هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆڵەکان

# 78

سالْ/ 2012 – بەرگی حەفتا و هەشت

---

چاپی یەکەم/ سالْ 2013

# پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/5/21 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/5/29 ل 33

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/5/30 ل 51

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2012/6/4 ل 55

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/6/5 ل 59

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2012/6/7 ل 107

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دووشەممە 2012/6/11 ل 141

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (25) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/6/12 ل 251

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (26) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوارشەممە 2012/6/13 ل 295

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (27) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2012/6/14 ل 387

12-قادر حسن

13-ئاواز عبدالواحد

14-قادر احمد

داوا لەسەرۆكايەتی پەرلەمان دەكەم ئاراستەی لیژنەكانی پەیوەندیداری بكات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەپێی ئیختیصاص ئاراستەی لیژنەكانی ناوخۆ، دارایی، یاسایی دەكرێت، ناسك خان، فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو بەرنامە كارەی كە بۆ ڕۆژی پێنج شەممە تەوزیع كرا، لەخوێندنەوەی یەكەمەكاندا یەك خاڵی تریش هەبوو، كەئەویش پرۆژە یاسای سندوقی داهاتی نەوت و گاز لەهەرێمی كوردستان، كەچی ئەمڕۆ لاچووە، تكایە ئەگەر پرۆژەیەكی وا هەیە با لەوە زیاتر دوانەكەوێت، چونكە خۆی 7 ساڵە دواكەوتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی كە جەنابت دەیڵێیت ڕاستە، بەس بەشێوەیەكی یاسایی نەهاتبوو سەرۆك وەزیران واژووی نەكردبوو، سكرتێری ئەنجومەنی وەزیران ئیمزای كردبوو، بۆیە ناردمانەوە تا بەشێوەیەكی ئصوڵی بۆمان بێتەوە، سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەم پەرلەمانەدا عورف ئەوە بووە، كە ناونیشانی یاساكە دەخوێندرێتەوە، چەند بڕگەو ماددەی تێدایە لەلایەن كێشەوە واژوو كراوە ئەوە دەخوێندرێتەوە، ئێمە لەسەروبەندی گفتوگۆكردنین لەسەر بودجە، یەعنی مەعقولە كە سێ یاسا پێشكەش كراوە خوا دەزانێت یەكی چەند ماددەیە، دابنیشین و هەمووی بخوێنینەوە، ئەی كەی دەست دەكەین بە بودجە؟، هەرچەندە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، دەبوایە هەموو گفتوگۆكانمان ڕابگرتایە دەستمان بە بودجە بكردایە، كەچی ئەبینم ئێمە هەر كات بەفیڕۆ دەدەین، ئیستاش ئەمە بووە بە مۆدێلێكی تازە یاساكە بەند بە بەندو ماددە بە ماددە دەخوێندرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوە یاساكە خۆی یەك لاپەڕەیە، لەبەر ئەوە كاتێكی ئەوتۆ ناكوژێت، فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەمان تێبینی سۆزان خانم هەبوو، پێویست نەبوو بەتەفصیل کاك عونی ئەوە بخوێنێتەوە، چونکە نووسراوە خوێندنەوەی یەکەم، تەنها ئیحالەکان کافیە لەگەڵ ناونیشانەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر بەس تەنها ناونیشانەکان بخوێننەوە.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی دووەم: بریتیە لە پرۆژە بڕیارێك دەربارەی پلە بەندی وەزیفی و شوێنی دامەزراندنی دەرچووانی زانستە سیاسیەکان، ئەم پرۆژە بڕیارە لە سێ بڕگە پێك هاتووە لەگەڵ هۆکارەکانی دەرچواندنی، کەلەلایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراوە کە ئەمە ناوەکانیانە.

1- د. عمر نورەدینی
2- د. سەروەر عبدالرحمن
3- شلێر محی الدین
4- لانە احمد
5- ئامینە زکری
6- د. دانا سعید
7- د. ثائر عبدالاحد
8- عمر هەورامی
9- ئەڤین عمر
10-سۆزان شهاب
11-د. بشیر خلیل

تکایە جەنابی سەرۆك ئاراستەی لیژنە پەیوەندیدارەکانی بکە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و دارایی، پەروەردە دەکەین، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژە بڕیاری ڕاگرتنی بڕیاری ژمارە(150)ی ساڵی 1987. ئەم پرۆژەیە بەزمانی کوردی پێشکەشکراوە لەسێ مادده پێك هاتووە، لەگەڵ هۆیەکانی دەرچواندنی ئەم بەڕێزانە واژوویان لەسەر کردووە.

1-شەونم محمد 2-کوێستان محمد 3-شلێر محمد 4-گەشە دارا 5-نەسرین جمال 6-کاردۆ محمد 7-عبداللە محمد امین 8-ئاهەنگ عارف 9-ئاشتی عزیز 10-پەیمان عبدالکریم 11-پەیام احمد 12-دڵشاد حسین 13-ئاسۆ کریم

14-هاژە سلیمان 15-رێباز فتاح 16-عبدالله مەلا نوری 17-پێشەوا تۆفیق 18-ڤیان عبدالرحیم 19-سیوەیل عثمان 20-پەیمان عزالدین 21-سەرهەنگ فرج 22-فەرمان عزالدین 23-نەریمان عبدالله 24-دلێر محمود.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەکانی کۆمەڵایەتی، دارایی، یاسایی، هەر سێ بڕگەکەش ئاراستەی حکومەت دەکەین، کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەی حەوتەمی بەرنامەی کاری ئەمڕۆمان خستنەڕوو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2012، داوا لەسەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم کە لیژنەی دارایی ئامادە بێت لەسەر مەنەصە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموون وەرنە سەر مەنەصە. بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری دارایی و وەفدی یاوەری دەکەین، کاک کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەسەرەتای قسەکردنین لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان، پێم وایە ئەرکی سەرەکی پەرلەمانە قسە لەسەر بودجە بکات و شەفافیەتی دەربخات و داهاتی دەربخات، کارێك بکات کە ڕەفتارێکی دادپەروەرانە لەسەر دابەشکردنی داهات بکات، ئێمە ئەزموونی دوو ساڵمان لەبەردەمدایە لەپەسەند کردنی بودجە لەهەرێمی کوردستان، لەم تەجوربەی خۆماندا چەندین بڕیارمان دەرکردووە، چەندین مادده هەیە، دوو یاسای پەسەند کردنی بودجەی ساڵی 2010 و 2011مان لەبەردەستدایە، کەبەپێی ماددەکانی لەیاسای بودجەکە دەستنیشان کراوە، سەرەڕای دواخستنی بودجە کە بودجەی ساڵانە دەکەنە چوار مانگ، سەرەڕای نەهێنانی حیسابی خیتامی ئەگەر بێت ناخرێتە موناقەشە کردنەوە، کە مومکین نیە موناقەشەی بودجە بکرێت بەبێ حیسابی خیتامی، بەبێ ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری، ئەمە گرفتێکی ساڵانەیە کەوا دەکات یاسای بودجە جێبەجێ نەکرێت، ئێمە لە پەسەند کردنی دوو ساڵی 2010 و 2011، کەیاساکانمان لەبەردەستدایە هەموو پەرلەمانتاران شاهیدی ئەوەن کە حکومەت بەهیچ شێوەیەك پابەندی هیچ مادده و بڕگەیەك نابێت بۆ پەسەند کردنی، بەڵکو پێشێلکاریش دەکات، هێنانی بۆ پەرلەمانیش پرۆسەیەکی ڕووکەشانەیەو شەرعیەتدانێکی ئیعلامیە،....

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ هێشتا یەك قسە نەکراوە، نەوەزیر قسەی کردووە نە لیژنەکانیش، قسەکانی خۆت لەزمنی موناقەشەکەدا بیکە، داواکارییەکەت یاسایی نیە، یەك قسە نەکراوە، یەك ڕاپۆرت نەخوێندراوەتەوە، با لیژنەی دارایی قسە بکات، ڕاپۆرت بخوێنێتەوە، تکا دەکەم دانیشە ئێستا ئێوە ناتانەوێ موناقەشەی بکرێت، ئەگەر دەتانەوێ ڕێگا بدەن با وەزیری دارایی ڕاپۆرتی خۆی بخوێنێتەوە، لیژنەش ڕاپۆرتی خۆی بخوێنێتەوە، ئینجا قسەکانی خۆتان بکەن، تکایە دانیشە، ئێستا هیچ نوقتەیەکی نیزامی نیە تا ڕاپۆرت نەخوێندرێتەوە، جەنابی وەزیر فەرموو ڕاپۆرتی خۆت بخوێنەرەوە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی حکومەتی هەرێم لە داهاتی حکومەتی فیدراڵ لە 17٪ یە پاش دەرکردنی خەرجیەکانی سیادی و نەفەقات و خەرجیەکان حاکیمە، کۆی بودجەی حکومەتی عێراقی فیدڕال بۆ ساڵی 2012 (117) تریلیۆن و(123)ملیار دینارە، بەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان (12) تریلیۆن و(604)ملیار دینارە، ڕێژەکەی دەکاتە 10،7٪، هاوپێچ لیستی ژمارە یەك حیساب کردنی بەشی حکومەتی هەرێم کەلەلایەن وەزارەتی دارایی فیدڕالەوە حیساب کراوە پیشان دەدات، مەبلەغ ڕێژەی لە 17٪ دەبڕن بەشی حکومەتی هەرێم کۆی بودجە لە 17،123٪ دەبڕن 91119 کۆی نەفەقاتی سیادی 30997 ڕێژەکەی دەکاتە 26,47٪کەدەکاتە 5,299 کۆی ماوە 86126 کۆی نەفەقاتی حاکیمە 8952کە ڕێژەکەی 7,65٪ کە دەکاتە 1522، کۆی ماوە 77174، کۆی نەتنمیەی پارێزگاکان 6184 کە دەکاتە 5,28٪ ، لە 17٪ دەبڕن کە دەکاتە تریلیۆنێك و 51 ملیار بەشی حکومەتی هەرێم کە دەکاتە 779 ملیار، کۆی ماوە، 70990 پترۆ دۆلای پارێزگاکان 1676 کەدەکاتە 1,43٪ لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری سەبارەت بە بودجەی ساڵی 2012.

**بودجەی ساڵی 2012**

وەك ئاشکرایە کە ڕێژەی داهاتی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێژەی (98٪) لە داهات لە بودجەی عێراقی فیدراڵ و بەشی حکومەتی هەرێم (17٪)یە، پاش دەرکردنی خەرجیەکانی سیادی (نفقات سيادية) خەرجیەکانی حاکیمە (نفقات حاكمة).

کۆی بودجەی حکومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ ساڵی 2012 (117123) ملیار دینارە (سەدو حەڤدە ترلیۆن و سەدو بیست ملیار دینار)، بەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان (12604) دوانزە ترلیۆن و شەش سەدو چوار ملیار دینارە، ڕێژەی دەکاتە (10,7٪) هاوپێچ لیستی ژمارە (1) چۆنیەتی حیساب کردنی بەشی حکومەتی هەرێم کە لەلایەن وەزارەتی دارایی فیدراڵ حیساب کراوە.

| | مبلغ | ڕێژە 17٪ | لە 17٪ دەبڕن | بەشی حکومەتی هەرێم |
|---|---|---|---|---|
| کۆی بودجە | 117123 | ...... | 19911 | .......... |
| کۆی نفقات سیادی | 30997 | ٪26,47 | 5269 | .......... |
| کۆی ماوە | 86126 | ......... | .......... | .......... |
| کۆی نفقات حاکمة | 8952 | ٪7,65 | 1522 | .......... |
| کۆی ماوە | 77174 | ......... | ........ | .......... |
| کۆی تنمیة المحافظات | 6184 | ٪5,28 | 1051 | 779 |
| کۆی ماوە | 70990 | ........ | ........ | ......... |
| بترودولار المحافظات | 1676 | ٪1,43 | 285 | 42 |
| کۆی ماوە | 69314 | ٪59,18 | 8127 | 11,783 |
| بەشی حکومەتی هەرێم | | | | 12,604 |

کۆی بەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی دارایی 2012 یەکسانە بە (12604) تەنها دوانزە ترلیۆن و شەش سەدو چوار ملیار دینار.

**گرفتەکانی پشکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بودجەی عێراقدا:**

**یەکەم: زیاد بوونی خەرجیەکانی سیادی و حاکیمە، واتە زیاد بوونی خەرجیە سیادی و حاکیمە پشکی حکومەتی هەرێم کەم دەبێتەوەو هەرچەندە پشکی حکومەتی هەرێم لە نەفەقاتی حاکیمە دیار دەکرێت.**

أ- خەرجیە سیادیەکان: کە (41) بڕگەیە کۆی گشتی دەکاتە (30,994) سی ترلیۆن و نۆسەدو نەوەدو چوار ملیار دینار، ڕێژەی لە بودجە دەکاتە 26,47٪.

ب- خەرجی حاکیمە: کە (7) بڕگەیە کۆی گشتی دەکاتە (8,952) هەشت ترلیۆن و نۆسەدو پەنجاو دوو ملیار دینار، ڕێژەی لە بودجە دەکاتە 7,65٪ بەپێی یاسای بودجەی عێراق 17٪ خەرجیەکانی حاکیمە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان تەرخان کراوە، بەڵام بەشێك لە خەرجیەکان لە ساڵانی رابردوودا نەگەیشتۆتە کوردستان.

1- سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا، ناکۆکی موڵکایەتی (نزاعات ملکیة) 100٪ نەگەیشتۆتە کوردستان.

2- نەفەقاتی هەڵبژاردن (نفقات انتخابات)، سەرژمێری دانیشتوان (التعداد السکاني)، پاڵپشتی کردنی جووتیاران (دعم المزارعین)، چاودێری کۆمەڵایەتی (الرعایة الاجتماعیة)، لابردنی مین (ازالة الالغام)، نەفەقاتی حەج ڕێژەی 20٪ تاکو 50٪ گەیشتۆتە کوردستان.

3- دەرمان و پسوولەی خۆراك (بطاقة المواد الغذائیة) ڕێژەی 85٪ بەسەرەوە گەیشتۆتە کوردستان.

ئەم خشتەیەی خوارەوە وردەکاری خەرجیەکانی حاکیمە لە عێراق و هەرێمی کوردستان روون دەکاتەوە:

| ت | العنوان | سنة 2005 مليون دينار | سنة 2006 مليون دينار | سنة 2007 مليون دينار | سنة 2008 مليون دينار | سنة 2009 مليون دينار | سنة 2010 مليون دينار | سنة 2011 مليون دينار | سنة 2012 مليون دينار | المجموع الكلي مليون دينار |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | البطاقة التموينية | 1020000 | 765000 | 667760 | 1187573 | 714000 | 595000 | 680000 | 680000 | 6309333 |
| 2 | الادوية | 147390 | 147390 | 22100 | 140047 | 213960 | 264690 | 264690 | 264690 | 1464957 |
| 3 | استيرادالطاقة الكهربائية | 76500 | 76500 | 51000 | 64337 | 96560 | 96560 | 96560 | 187000 | 745017 |
| 4 | نفقات الانتخابات | 47600 | 47600 | 64337 | | | 74601 | 31646 | 31646 | 297430 |
| 5 | التعداد السكاني | | 8108 | 10098 | 21454 | 16327 | 33892 | 28466 | | 118345 |
| 6 | دعم المزارعين | 51000 | 51000 | | | | | | 231200 | 333200 |
| 7 | الرعاية الاجتماعية | 7650 | | | | | | | | 7650 |
| 8 | ازالة الالغام | 5100 | | | | | | | | 5100 |
| 9 | نفقات الحج | 7650 | 7650 | | 10880 | 3690 | | | 8160 | 38030 |
| 10 | استيراد الوقود لمحطات توليدالطاقة الكهربائية | | 41650 | 123808 | 137190 | 102000 | 102000 | 102000 | 102000 | 710648 |
| 11 | نفقات حل النزاعات الملكية | 54740 | 51000 | 35190 | 51000 | 30753 | 17153 | 17153 | 17153 | 274142 |
| 12 | استيراد الوقود | 612000 | 653650 | | | | | | | 1265650 |
| | المجموع | 2029630 | 1849548 | 974293 | 1612481 | 1177290 | 1183896 | 1220515 | 1521849 | 11569502 |

**دووەم: کۆی دانیشتوانی عێراق (32,259,741) بیست و سێ ملیۆن و دوو سەدو پەنجاو نۆ هەزارو حەوت سەدو چل و یەك کەس.**

**ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە (4,189,702) چوار ملیۆن و سەدو هەشتاو نۆ هەزارو حەوت سەدو دوو کەس هەژمار کراوە، رێژەی 12,6٪ دەکات.**

**1- بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی عێراق بە هەرێمی کوردستانەوە:**

**بڕی پەرەپێدانی هەرێمەکان (6,184) شەش ترلیۆن و سەدو هەشتاو چوار ملیار دینار دەبڕن بڕی 17٪ دەکاتە (1051) ملیار دینار.**

**بەلأم بە ڕێژەی نفوسی هەرسێ پارێزگای کوردستان دەکاتە (779) حەوت سەدو حەفتاو نۆ ملیار دینار بە رێژەی 12,6٪ دەکات.**

**لێرە جیاوازی مەبلەغی (272) ملیار دینار = (1051 – 779) دینار دروست دەکات لە بڕی (1051) ملیار دینار، کە رێژەکەی دەکاتە 17٪ لە پشکی حکومەتی کوردستان دەبڕن و پاشان بڕی (779) ملیار زیاد دەکەن کە رێژەکەی دەکاتە 12,6٪، لێرە حکومەتی هەرێم رێژەی 4,4٪ زەرەر دەکات بە بڕی (272) ملیار دینار.**

**2- پترۆدۆلار:**

**بڕی (1,676) یەك ترلیۆن و شەش سەدو حەفتاو شەش ملیار دینار تەخصیص کراوە بۆ پترۆدۆلار لە هەموو پارێزگاکانی عێراق رێژە 17٪ دەکاتە (285) ملیار دینار، بەلأم بڕی تەرخان کراو بۆ هەرێمی کوردستان (42,4) ملیار دینارە، بەپێی یاسای بودجە ناردنی نەوت رۆژانە (175) هەزار بەرمیل نەوتی خاو حیساب بکەین دەکاتە (74,733) حەفتاو چوار ملیارو حەوت سەدو سی و سێ ملیۆن دینار، (175) هەزار بەرمیل نەوت × 365 رۆژ × یەك دۆلار بەرامبەر (1170) دیناری عێراقی.**

**کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کاریگەری لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان دەکات وەك لە خشتەی خوارەوە روون کراوە.**

| | ژمارەی دانیشتوان | پەرەپێدانی پارێزگاکان | پترۆدۆلار | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| هەموو عێراق | 33,259,741 | 6,183,838 | 1,676,187 | 7,860,025 |
| هەرێمی کوردستان | 4,189,702 | 779,164 | 42,400 | 821,564 |

**چەند ماددەیەك لە یاسای بودجە جێگای سەرنجە:**

ماددەی (14) بڕگەی چوارەم وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراقی فیدراڵ هەڵدەستێت بۆ تۆمار کردنی نرخی نەوت و غاز بەرهەمی هەرێم و پارێزگاکان دیار دەکات و پاشان تەسویەی دەکات، بەلأم لە خشتەی بودجەی عێراقی ئەمساڵ و، ساڵانی پێشتر هیچ بڕە پارەیەك دانەنراوە بۆ بەرهەمی خۆماڵی.

لە ماددەی (13) بڕگەی پێنجەم هاتووە، کە بە رێککەوتنێك لەنێوان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان خەرجیەکانی هێزی پاسەوانی هەرێمی کوردستان (پێشمەرگە) بۆ دابین کردنی مووچەو چەك و پێداویستیەکان لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە بەشێوەی پێشینە خەرج دەکرێت بەجۆرێك بگونجێت لەگەڵ دەستووری عێراق، تا یاسایەك دەردەچێت بۆ رێکخستنی پشکی پاسەوانی هەرێم.

لە ساڵی (2007)ـەوە ئەم بابەتە بەشێوازی جیاواز لە یاسای بودجەدا هاتووەو هیچ جێ بەجێ نەکراوە، بۆیە پێویستە بۆ بەدواداچوون و وەرگرتنی پشکی هەرێمی کوردستان و، لەسەر مستەوای بەرز لیژنەی بۆ دروست بکرێت:

1- وەرگرتنی 17٪ سەرجەم خەرجیەکانی نەفەقاتی حاکیمە، بەپێی یاسای بودجە کە ماڧی هەرێمی کوردستان بە ساڵانی رابردووشەوە.

2- وەرگرتنی بەشێك لە بودجەی بەرگری عێراق لە ساڵی 2007 تاکو 2011و، ساڵانە بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە لە پشکی بودجەی هەرێمی کوردستان دابین دەکرێت بەپێی خشتەی خوارەوە:

| ساڵ | کۆی گشتی بڕی پارە بۆ بەرگری/ ملیۆن دینار | 17٪ پشکی وەزارەتی پێشمەرگە/ ملیۆن دنیار |
|---|---|---|
| 2007 | 5,218,030 | 887,066 |
| 2008 | 6,351,944 | 1,079,831 |
| 2009 | 4,863,012 | 826,712 |
| 2010 | 5,733,825 | 974,750 |
| 2011 | 6,839,031 | 1,162,635 |
| کۆی گشتی تاکو 2011/12/31 | 29,005,842 | 4,930,994 |
| 2012 | 7,060,707 | 1,200,320 |
| کۆی گشتی | 36,066,549 | 6,131,314 |

3- دیار کردنی ژمارەی فەرمی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و جێ کردنەوەی لە بودجەی ساڵی داهاتوو تاکو کاریگەری نەبێت لە پشکی حکومەت لە پەرەپێدانی پارێزگاکان.

4- کار کردن بۆ وەرگرتنی هەموو خەرجیەکانی سیادی ساڵانی رابردوو، کە خەرج نەکراوەو دەگەرێندرێتەوەو تەدویر دەکرێت ساڵانە.

5- بودجەی تەواو کراو (موازنة تكميلية) پێشکەشی پەرلەمانی عێراقی فیدراڵ بکرێت، بەپێی ماددەی (23) لە یاسای بودجە لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2012 لە زیاد بوونی نرخی نەوت کە ئامادە دەکرێت، پاش دەرکردنی کورتهێنانی بودجە (عجز).

دەبێت پشکی حکومەتی هەرێم پاش دەرکردنی نەفەقاتی سیادی و حاکیمە، ئەگەر هەبێت دەربکرێت، پاشان رێژەی 17٪ بدرێتە هەرێمی کوردستان.

1- لابردنی کورتهێنانی بودجە (عجز) لە کۆتایی ساڵ دەربچێت.

2- بڕەکانی کە ئیشارەی پێدراوە هیچ پەیوەندی بە کوردستان نییە.

3- لە ماددەی (2/ثانیا/و) تەرخان کردنی 25٪ لە زیادەی داهاتی ناردنی نەوت لە ساڵی 2012 پاش دەرکردنی کورتهێنانەکە (عجز) ئیداع دەکرێت لە سندووق و دابەش دەکرێت نەقدەن بۆ هەموو دانیشتوانی عێراق.

6- لە یاسای بودجەی عێراق ساڵی 2011 ماددەی (24/ ثانیا)؛ وەزیری دارایی عێراقی فیدراڵ دەسەڵاتدارە بەگەڕانەوەی تەرخان کراوی داهاتەکانی فیعلی لە دەروازە سنووریەکان، کە داهاتەکانی سیادیش دەگرێتەوە لە ساڵی 2010ـەوە خستنەوەی بۆ سەر بودجەی پارێزگاکانی سنووری، بەڵام لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2011 بڕی (705) حەوت سەدو پێنج ملیار دانرا بوو، (305) سێ سەدو پێنج ملیار دینار بۆ ساڵ ی2010و (400) چوار سەد ملیار بۆ ساڵی 2011 خەملێندراوە، بەڵام وەزارەتی دارایی عێراقی فیدراڵ رێنمایی تازەی دەرکردووە بە نووسراویان ژمارە (10989) لە 2012/2/27 کە داهاتی گومرگەکانی دیار کردووەو ئیعادە دەکرێت بۆ پارێزگاکان، بەپێچەوانەی یاسای بودجەی عێراق: تەنها ئەم رسوماتانە ئیعادە دەکرێتەوە:

1- رسومی هێنانەوەی تەرمی بە رەگەز عێراقی کە جنسیەی تری وەرگرتووە.

2- رسومی گەشتیاران (مسافرين).

3- کرێی خزمەتگوزاری نیشتنەوەی فڕۆکە.

4- رسومی ئۆتۆمبیل کە دەردەچن بۆ دەرەوەی عێراق.

5- رسومی دووبارە ئاوەدانکردنەوە (اعادة الاعمار).

6- لە ساڵی 2010 بڕی (305) ملیار دینار، تەنها (8) ملیار دینار ئیعادە کراوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە رێژەکەی دەکاتە 2,6٪ بە رێنمایی سەرەوە.

حکومەتی هەرێم ئاگاداری هیچ یەکێك لەم خاڵانە نییە:

1- سیاسەتی دارایی عێراقی فیدراڵ، راستە بەپێی دەستوور ماددەی (110) سیاسەتی دارایی لە ئیختیصاصی پێشینەکانی فیدراڵ، بەڵام بەپێی ماددەی یەکەمی (114) لە دەستوور سیاسەتی تەواو و پەرەپێدان لە هەموو عێراق، دەسەڵاتی هاوبەشە لەگەڵ سەنتەرو بازرگانی و حکومەت و هەرێمەکان لەکاتی دانانی سیاسەتی دارایی.

2- سیاسەتی نەختینەی حکومەتی عێراقی فیدراڵ.

3- ئامادە کردنی پێداویستیەکان و یەکەکانی بودجە.

4- دانانی نرخی بەرمیلی نەوت، کە دەخەملێندرێت بە (85) دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك.

5- رۆژانە خەملێندراوە (2600000) دوو ملیۆن و شەش سەد هەزار بەرمیل نەوت دەرهاوێشتە بکرێت و، لە ناوەڕۆکی ئەم ژمارەیە (175) سەدو حەفتاو پێنج هەزار بەرمیل نەوت رۆژانە بۆ کوردستان خەملێندراوە.

6- نرخی خەرجی هەر دۆلارێك فرۆشتنی نەوت بۆ دەرەوە بە (1170) دینار حیساب کراوە.

7- قەرزەکانی دەرەوەو قەرەبووەکانی نێودەوڵەتی رۆڵی خۆی دەبینێت.

ئێمە لەرێگای نوێنەرمان لە وەزارەتی دارایی حکومەتی عێراقی فیدراڵ (فەرمانبەری حکومەتی هەرێم + وەزارەتی دارایی و ئابووری)، بودجەی عێراقی فیدراڵ و بەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەرمانگرتووە، کە پێشتر باسمان کردووە.

بە نووسراوی وەزارەتی دارایی فیدراڵ/ فەرمانگەی بودجەی ژمارە (29602) لە 2011/6/6 داوا کراوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشنیار کراو (تقدیراتي) بودجەی ساڵی 2012 بە پەلە روانە بکەن، وەك هەموو ساڵ بە نووسراومان ژمارە (12312) لە 2011/6/29 کە بەم شێوەی خوارەوە خەملێندراوە:

1- نفقات تشغیلیة (12401) ملیار.

2- نفقات استثماریة (6500) ملیار.

3- داهات (450) ملیار.

4- میلاکات (675849) کەس.

وەزارەتی دارایی و ئابووری پاش ئامادە کردنی پێداویستیەکانی بودجە بە نووسراوی ژمارە (152821) لە 2011/8/8، داوا لە هەموو فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم کراوە لەگەڵ رێنماییەکانی ئامادە کردنی بودجەی تەشغیلی دووبارە تەئکید کراوە بە نووسراوی ژمارە (17995) لە 2011/9/5 بە پەلە کردنی بە زووترین کات بودجەی ساڵی 2012 بۆمان بنێرنەوە، بە پێچەوانەی ئەوەش بەرپرسیار دەبن.

بە نووسراومان ژمارە (18600) لە 2011/9/28 خشتەی کاتی تاوتۆ کردن لەسەر بودجەی ساڵی 2012 دیار کرا لە 2011/10/2 تاکو 2011/10/30و بە نووسراومان ژمارە (18601) لە 2011/9/28 بڕیاردرا بە پێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا بۆ تاوتۆ کردنی بودجەی ئاسایی لەگەڵ وەزارەتەکان.

**بودجەی گشتی لە دوو سیستەم پێك دێت:**

1- سیستەمی یەکەم: بودجەی کەرتی حکومی کە بەشێوەی مەڵبەندی (مرکزي) تەمویل کراوە لە دوو بەش پێك دێت:

أ- بودجەی گشتی رەوان (جاري).

ب- بودجەی گشتی وەبەرهێنان (استثماري).

2- سیستەمی دووەم: بودجەی یەکگرتوو بۆ یەکەکانی چالاکی خزمەتگوزاری، یان ئابووری، یان بەرهەمهێنان، کە بەشێوەی مەڵبەندی تەمویل کراون و رەسیدی حیسابی ئەنجام بە دیار دەخات لە بودجەی گشتی.

**دابەشینی بودجەی رەوانی خستنەکار (تقسيمات الموازنة الجارية التشغيلية):**

1- دابەشینی کارگێڕی: دابەش دەکرێتە سەر ئەو یەکانەی کە بودجە جێ بەجێ دەکەن لەسەر باب (على الباب) وەك وەزارەت، یان فەرمانگەی نە بەستراو بە وەزارەت لە پاشان بەشی بەڕێوەبەرایەتیە گشتییەکان و پێکهاتەکانی سەرەکی بەستراو بە وەزارەت خشتەی هاوپێچ بۆ دابەشینە کارگێڕییەکەیە.

2- دابەشینی ئابووری: بەپێی ئەم دابەشینە خەرجیەکان دابەش دەکرێن، بەپێی کاریگەری ئابووری بۆ چەند بەشێك و هەر بەشێك پێی دەوترێت بەش (قسم)، بودجە لە قەرەبوو کردنەوەی فەرمانبەران، کاڵاو خزمەتگوزاری و پاراستن، باربووەکان، بەخشینەکان، سوودە کۆمەڵایەتیەکان، خەرجیەکانی تر، هەبووەکانی غەیری دارایی پێك دێت، خشتەی هاوپێچ بۆ دابەشینە ئابوورییەکە.

3- دابەشینی وەزیفی: بودجە دابەش دەکرێت بەپێی وەزیفە سەرەکییەکان وەك (ئاسایش، بەرگری، تەندروستی، فێرکردن، کشتوکاڵ، بازرگانی.............هتد).

4- بڕی (10745797) ملیۆن دینار تەرخان کراوە بۆ بودجەی ئاسایی و بەپێی کەرتەکان و چالاکیەکان (القطاعات والانشطة) دابەش کراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- نەفەقاتی بەرگری و ئاسایش (2981403) ملیۆن دینارە.

2- نەفەقاتی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی (1271720) ملیۆن دینارە.

3- نەفەقاتی بەڕێوەبەرایەتیەکان (التمويل المركزي) (465576) ملیۆن دینارە.

4- نەفەقاتی کەرتەکان (قطاعات):

أ- پەروەردەو خوێندنی باڵا (2233462) ملیۆن دینارە.

ب- وزە (کارەبا + سامانە سروشتیەکان) (1122613) ملیۆن دینارە.

ج- تەندروستی (534819) ملیۆن دینارە.

د- ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ (97945) ملیۆن دینارە.

هـ- کشتوکاڵ (276835) ملیۆن دینارە.

و- کەرتەکانی تر (1761424) ملیۆن دینارە.

شایانی باسە ئێمە وەك حکومەتی هەرێم هیچ بەشداریەکمان نەبووە تا ئێستا لە دانانی بودجەی عێراقی و، پاساوی ئەم بەشداری نەکردنە ئەگێڕنەوە بۆ دەستووری عێراق کە تیایدا سیاسەتی دارایی عێراقی فیدراڵیە، تەنانەت دوای ئەوەی بەشە بودجەی هەرێم دیاری دەکرێت، ئینجا رێگا دەدرێت پێمان کە گفتوگۆ بکەین لەسەری و لەو حاڵەتەدا بنەما سەرەکیەکانی بودجە تەواو بووەو نێردراوە بۆ سەرۆکایەتی

ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق، بۆیە دەستکاری کردنی ئەو خشتانە کارێکی ئاسان نییەو سالأنە تووشی گرفتمان دەکات، بەهەر حاڵ ئێمەش وەك وەزارەتی دارایی دوای گفتوگۆ لەگەڵ وەزارەتەکانی هەرێم و هەوڵدان بۆ دابین کردنی پێداویستیەکان بەپێی تواناو جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی کە لە خوارەوە دەیخەینە روو:

یەکەم: خەملاندنی بودجەی حکومەتی هەرێم کراوە بۆ ساڵی 2012ی دارایی لەلایەن وەزارەتی دارایی فیدراڵ:

1- خەملاندنی داهاتی هەرێم بڕی (6932) ترلیۆن دینار بۆ ساڵی 2012 مەبلەغی (6,265) ترلیۆن دینار داهاتی نەوت کە رۆژانە (175) هەزار بەرمیل نەوت رۆژانە وەردەگیرێت.

2- خەملاندنی خەرجی بەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕی (12604) ترلیۆن دینارە.

دووەم:

1- خەملاندنی داهاتی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2012ی دارایی

| بابەت | پەسندکراوی ساڵی 2011 دینار/ ملیار | خەملێنراوی ساڵی 2012 دینار/ ملیار |
|---|---|---|
| باجەکان | 277 | 236 |
| داهاتی جۆراوجۆر | 122 | 240 |
| فرۆشتنی هەبووەکانی نا دارایی | 1 | |
| کۆی | 400 | 476 |

2- خەملاندنی بودجەی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2012ی دارایی:

| بابەت | بودجەی ساڵی 2011 | | | بودجەی ساڵی 2012 | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | بودجە دینار/ملیار | ڕێژە٪ لە بودجەی ئاسایی | ڕێژە٪ لە بودجەی گشتی | دینار/ملیار بودجە | ڕێژە٪ لە بودجەی ئاسایی | ڕێژە٪ لە بودجەی گستی |
| مووچەی فەرمانبەران | 5959 | 64,42٪ | 42,72٪ | 6875 | 63,98٪ | 45,10٪ |
| شمەك و خزمەت و چاککردن. | 1511<br>126 | 16,34٪ | 10,83٪ | 1626<br>115 | 15,13٪ | 10,67٪ |
| باربوو (اعانات). | 655 | 1,36٪ | 0,90٪ | 630 | 1,07٪ | 0,75٪ |
| بەخشین (منح). | 345 | 7,08٪ | 4,70٪ | 633 | 5,86٪ | 4,13٪ |
| سوودە کۆمەلأیەتیەکان. | 506<br>148 | 3,73٪ | 2،47٪ | 727<br>139 | 5,89٪ | 4,15٪ |
| خەرجیەکانی تر. | | 5,47٪ | 3,63٪ | | 6,77٪ | 4,77٪ |
| مەوجوداتی نادارایی | | 1,60٪ | 1,6٪ | | 1,30٪ | 0,91٪ |
| کۆی بودجەی ئاسایی | 9250 | 100٪ | 66,31٪ | 10745 | 100٪ | 70,48٪ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بودجەی سەرمایەداری (استثماري) | 4700 | ٪33,69 | 4500 | ٪29,52 |
| کۆی بودجە | 13950 | ٪100 | 15245 | ٪100 |

**تێبینیەکان:**

**1- ئەو بڕە پارەیەی کە دابین دەکرێت بۆ هەرێمی کوردستان، تا ئێستاش بە وردی دیاری نەکراوەو ئەژمار کردنی کۆتایی بودجەی لە وەزارەتی دارایی فیدراڵ بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی دیاری کردووە بە (12604) ملیار دینار (دوانزە ملیارو شەش سەدو چوار هەزار ملیون دینار) بەم شێوازەی خوارەوە دابەش کراوە کە عیجزی لەگەڵدایە.**

**(10745) بودجەی بەکاربردن و مووچە.**

**(4500) بودجەی پرۆژەکان.**

**(15245) کۆی گشتی.**

**ئەگەر بەراوردێك بکەین لەنێوان ڕێژەی بودجەی بەکاربردن و بودجەی پرۆژەکان لە عێراق و حکومەتی هەرێم بۆمان دەردەکەوێت کە بەم جۆرەیە:**

| | عێراق فیدراڵ | | حکومەتی هەرێم | |
|---|---|---|---|---|
| | بڕ | ڕێژە | بڕ | ڕێژە |
| أ- بودجەی بەکاربردن | 8703 | ٪69 | 10745 | ٪70,48 |
| ب- بودجەی پرۆژەکان | 3901 | ٪31 | 4500 | ٪29,52 |
| کۆی | 12604 | ٪100 | 15245 | ٪100 |

**هاوپێچ وێنەیەك لەسەر ئاستی وەزارەتەکان، خشتەی ژمارە (2).**

**2- ئەگەر بێتو ڕێژەی خەرج کردنی مووچە دەربهێنن بە بەراورد لەگەڵ کۆی بودجەی ئاسایی، واتە بودجەی بەکاربردن بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی مووچە (٪63,98) دەکات لە کۆی بودجە وەك لە لیستەکانی بودجەدا دەرخراوە. زیاد بوونی بەشی مووچەی فەرمانبەران، لەمساڵدا بڕی (6875) دینار (شەش ترلیۆن و هەشت سەدو حەفتاو پێنج ملیار) دینار لەبەر ئەم هۆیانە:**

**أ- لە بودجە (17000) دەرەجە ئیستیحداس کراوە.**

**ب- زیاد بوونی بە ڕێژەی ٪50 لە مووچەی (پێشمەرگە – پۆلیس – ئاسایش) ژمارەیان (266) هەزار کەس.**

**ج- زیاد بوونی مەبلەغی (150) هەزار دینار وەك دەرماڵە بۆ هەموو فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە، کە ژمارەیان (160) هەزار کەس.**

**د- ترفیع و عەلاوەی فەرمانبەران لە ساڵی 2012.**

بەلاّم ژمارەی فەرمانبەران (2,750,322) دوو مليۆن و حەوت سەدو پەنجا هەزارو سێ سەدو بيست و دوو کەس لە بودجەی گشتی عێراقی فيدراڵ ساڵی 2012 بەم شێوەيە:

2087878 دەرەجە/ پارێزگاکانی حکومەتی مەرکەزی رێژە 76٪.

662444 دەرەجە/ حکومەتی هەرێمی کوردستان رێژە 24٪.

2750322 کۆی گشتی.

بۆ دابين کردنی کارەبا پێويستی بە (5000) پێنج هەزار مليار لتر گازوايل هەيە بۆ ساڵێك بە نرخی (1,200) دينار، کە گوژمەکەی دەکاتە (6) ترليۆن دينار، (5) ترليۆن دينار لە بەرهەمی ناوخۆ لە نەوت و غاز دابين دەکرێت.

3- بەشی باربووەکان (اعانات): پێداراوەکانی رەوەن بەپێی بەرامبەر کە فەرمانگەکانی حکومەت پێشکەشی دەکات بۆ بەرهەمهێنەرەکان، نەوەك بەکارهێنەرەکان، ئەگەر بێتو برو رێژەی خەرج کردنی باربوو (اعانات) دەربهێنن بە بەرارود لەگەڵ بودجەی ئاسايی، واتە بە بەکاربردن بۆمان دەردەکەوێت کە رێژەی باربووەکان (اعانات) مەبلەغی (115) کە بڕی (65) مليار دينار بۆ (کشتوکاڵ بۆ پشتگيری جوتيار)، وەك بەرهەمی کشتوکاڵی (پەڵەوەر، تۆ، سەماد، .......هتد)و مەبلەغی (50) مليار دينار بۆ ناوچە دابەرەکان.

4- بەشی بەخشين (منح)، (630) مليار دينار لە ئەنجامی کۆتايی بودجەی تەختيتی فەرمانگەکانی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| بانکەکانی بازرگانی و کۆمپانياکانی دڵنيايی | (44) مليار دينار. |
| فرۆکەخانەکانی هەولێرو سلێمانی | (29) مليار دينار. |
| شارەوانييەکان | (392) مليار دينار. |
| دەستەی وەبەرهێنان | (50) مليار دينار. |
| کۆی | (515) مليار دينار |

رێکخراوەکانی زانستی و رۆشنبيری و رێکخراوەکانی ترو ليژنەی ئۆلۆمپی و پارا ئۆلۆمپی و يەکێتيەکانی وەرزشی (115) مليار دينار.

کۆی گشتی (630) مليار دينار.

5- سوودە کۆمەلأيەتيەکان: پاراستنی کۆمەڵ بەگشتی، يان بەشێکی لە مەترسيەکانی کۆمەلأيەتی وەك پێشکەش کردنی خزمەتگوزارييەکانی فێرکردن، يان پزيشکی، قەربوو کردنەوەی بێ کاری، مووچەکانی دەستەبەری کۆمەلأيەتی و ئەو سوودانەی کە پێشکەش دەکرێن لەکاتی مردن.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (25)

## سێ شەممە رێكەوتی 2012/6/12

كاتـژمێر (10)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی سـێ شـەممە رێكـەوتی 2012/6/12 پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سورە جێگری سەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـداللە سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (25)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (25)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (10)ی پێش نیوەڕۆی رۆژی سێ شەممە رێكەوتی 2012/6/12 دا بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2012.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گـەلی كوردسـتان، دانیشـتنەكەمان دەكەینـەوە، پەرلـەمانی كوردسـتان، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (25)، رۆژی دانیشتن 2012/6/12 بەرنامەی كار:

بـەپێی حوكمـەكانی بڕگـەی (1)ی مـاددەی (20) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمـارە (25)ی ئاسـایی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كاتـژمێر (10)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی سـێ شـەممە رێكەوتی 2012/6/12 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2012.

ئێستاش بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە دەخوێنێتەوە، کە مۆڵەتن، یان ئامادە نەبوونە، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەو ئەندامانەی کە لە دانیشتنی ژمارە (24)ی ئاسایی لە 2012//6/11 مۆڵەت بوون، یان ئامادە نەبوون، دانیشتنی بەیانی، ئەمانەن:

1- پەیام احمد محمد/ مۆڵەت.

2- تارا تحسین یاسین/ مۆڵەت.

3- حازم تحسین سعید/ مۆڵەت.

4- برهان رشید حسن/ مۆڵەت.

5- بێریڤان سەرهەنگ/ ئامادە نەبوو.

6- خلیل عثمان حمدامین/ ئامادە نەبوو.

7- د.صباح محمد نجیب/ مۆڵەت.

8- محمد احمد علی/ مۆڵەت.

ناوەکانی مۆڵەت و ئامادە نەبووی دانیشتنی ئێوارە:

1- پەیام احمد محمد/ مۆڵەت.

2- تارا تحسین یاسین/ مۆڵەت.

3- حازم تحسین سعید/ مۆڵەت.

4- برهان رشید حسن/ مۆڵەت.

5- بێریڤان سەرهەنگ/ ئامادە نەبوو.

6- خلیل عثمان حمدامین/ مۆڵەت.

7- د.صباح محمد نجیب/ مۆڵەت.

8- محمد احمد علی/ مۆڵەت.

9- د.دانا سعید سۆفی/ مۆڵەت.

10- سۆزان یوسف خۆشابە/ ئامادە نەبوو.

11- عبداللە محمود محمد/ ئامادە نەبوو.

12- قادر احمد سمایل/ مۆڵەت.

13- گۆران ئازاد محمد/ مۆڵەت.

14- یاووز خورشید عثمان/ مۆڵەت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2012.

داوا لە لیژنەی دارایی دەکەم بێن بۆ شوێنی خۆیان، بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان و وەفدە یاوەرەکەیان دەکەین، فەرموو کاك عدنان.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو خاڵی یاساییم هەیە 100٪، ئەگەر لە 99٪ بوو قەبوڵی مەکە:

یەکەم/ من رەخنەیەك لە جەنابت دەگرم، جەنابت وەکو سەرۆکی پەرلەمان دەبێت لە سەرووی فراکسیۆنەکان و ئیتیجاهاتی سیاسی فراکسیۆنەکان بیت، دوێنێ لە ئاکامی ئەو وەزعەی کە دروست بوو ئاماژەت بەوەداو قسە لەسەر ئەوە دەکەی کە فراکسیۆنی گۆڕان دژ بە پەسند کردنی بودجەیە، یان نایانەوێ بودجە پەسند بکرێت، سەرۆکی پەرلەمان بۆی هەیە مولاحەزەی ئیداری بدات، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان بۆی نییە مولاحەزەی سیاسی بدات، بەتایبەت لەسەر راو بۆچوونی فراکسیۆنەکان، بۆیە من داوا لە جەنابت دەکەم دوو خاڵ تەوزیح بکەیت:

1- فراکسیۆنی گۆڕان لەگەڵ دژ بە پەسند کردنی بودجەو دواخستنی بودجە نییە.

2- جەنابت وەکو سەرۆکی پەرلەمان کە سەرپەرشتی تەنفیز کردنی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەکەی، دەبێت روونی بکەیتەوە، کە ئەوە حکومەتی هەرێمی کوردستانە (8) مانگە بودجەکەی تاخیر کردووە، کە مەفروز وا بوو لە مانگی (10)ی ساڵی رابردوو بهاتایە، ئەوە حکومەتە، هیچ فراکسیۆنێکی پەرلەمان و هیچ ئەندامێکی پەرلەمان هۆکاری دواخستنی بودجەکە نین، من داوای روون کردنەوەی رەسمی لە جەنابت دەکەم، ئەمە خاڵی یەك. دووەم نوقتەی نیزامی کاك فرسەت (20) ساڵە لە پەرلەمانە، لە کوێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان باس لە خوێندنەوەی راپۆرتی حکومەت دەکات؟ تەبعەن لە پەیڕەودا نییە، بەڵام ئەگەر عورفەو راهاتووین لەسەری، مەفروز وایە ئەم عورفە تەکمیلە بکرێت کەوا موناقەشە بکرێت، یەعنی حکومەت دێت راپۆرت و ستیراتیجیەتی خۆی روون دەکاتەوەو دیفاع لەسەر ستیراتیجیەتی خۆی دەکات، مەفروز وایە بوار بە ئەندامانی پەرلەمان بدرێت لەسەر ئەو راپۆرتە کەموکورتیەکان و تێبینیەکانی قسە بکەن، ئەگەر عورفە؟ دەبێت عورفەکە تەکمیلە بکرێت، ئەگەر عورفیش نییەو کارێکی ناقانونیە، راستیەکەی دەبێت روونی بکەنەوەو، هەیئەی سەرۆکایەتیش هۆکاری ئەو وەزعەن کە دوێنێ دروست بوو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به ڕەئی من شتێكی زۆر تەبیعیە، موخالەفەی قانونیش نییە، حكومەت میزانیە پێشكەش پەرلەمان بكات و بێت فەلسەفەی خۆی دیاری بكات، چۆن ئەو میزانیەی دارشتووە، ئینجا ئەگەر لە نیزامی داخیلی هەبێت، یان نا؟ دەمێنێت مەوزوعی موناقەشە، بە ڕەئی من حەقێكی سروشتی ئەندامانە موناقەشەی راپۆرتی حكومەت بكەن، بەڵام بە ڕەئی من باشترە راپۆرتی لیژنەی داراییش بخوێندرێتەوە، ئەو وەختە هەر ئەندامێك ئازادە مولاحەزاتی خۆی لەسەر راپۆرتی حكومەتیش دیار بكات، هەروەها لەسەر راپۆرتی لیژنەی دارایی دیار بكات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سەرۆكایەتی پەرلەمان مەسئوولە لە ئیدارە كردن و بەڕێوەبردنی كۆبوونەوەكانی پەرلەمان، هەر پەرلەمانتارێك، یان هەر فراكسیۆنێك گرفت بخاتە پێش بەڕێوەچوونی كۆبوونەوەكانی پەرلەمان، ئێمە ناچارین ئیعلانی بكەین، چونكە دوێنێ نە وەزیری دارایی بەڕێز، نە لیژنەی دارایی و راپۆرتی لیژنە یەك حەرفی نەخوێندراوەتەوە، هەندێك لە برادەرانی ئێوە باسیان لەوە كرد، كە دەبێت وەزیر ئیستیقالە بكات، ئێمە ناهێڵین ئەو بودجەیە بڕوات، لەبەر ئەوە ئێمە مەجبورین بۆ خزمەتی میللەتەكەمان، بۆ بەڕێوە چوونی كۆبوونەوەكان وا بكەین وەزیری بەڕێز راپۆرتەكەی خۆی بخوێنێتەوە، ئێستاش هیچ نوقتە نیزامیەك نییە، یەك كەس قسەی كردو تەواو، لیژنەی دارایی فەرموون راپۆرتی خۆتان بخوێننەوە.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو راپۆرتەی كە ئامادە كراوە بە كۆنووسی ژمارە (238) ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان كراوە، لێرە بە باشی دەزانین كە وردەكاری كۆنووسەكەش بخوێنینەوە، بەرچاو روونیەك نیشان دەدات بەرامبەر چۆنیەتی ئامادە كردنی كۆنووسەكە.

**بۆ بەڕێز سەرۆكایەتی پەرلەمان**

**بابەت/ كۆنووسی ژمارە (238)**

ئەم نووسراوە بە ژمارە (327) لە بەرواری 2012/6/4 ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان كراوە.

ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی كاروباری پەرلەمان ژمارە (ك/978) لە (2012/5/9)، هاوپێچ لەگەڵ وێنەیەك لە پرۆژە یاسای بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان - عێراق بۆ ساڵی 2012و وردەكاریەكانی و، بودجەی پرۆژە بەردەوامەكان و پێشنیارەكانو دواكەوتووەكانی خەمڵێنراو بۆ ساڵی 2012، كە بەنووسراوی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (4869) لە (2012/5/7) گەیشتۆتە پەرلەمان، كۆنووسی كۆبوونەوەی ژمارە (238)ی لیژنەكەمان بەرز ئەكەینەوە بۆتان، كە لە بەرواری

(2012/6/4) ئەنجامدرا، دەربارەی بابەتی کە لە سەرەوە ئاماژەی پێدراوە، تکایە بۆ وەرگرتنی وە ڕەزامەندیتان بۆ گفتوگۆکردن لەسەری بە مەبەستی بڕیاردان لە هۆڵی پەرلەمان.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەمەش دەقی کۆنووسەکەیە.

پەرلەمانی کوردستان - عێراق

لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری

کۆنووسی ژمارە: (238)

ڕێکەوتی: 2012/6/4

## کۆنووسی ژمارە ( 238)

ئاماژە بە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە (ك/978) لە (2012/5/9)، هاوپێچ لەگەڵ وێنەیەك لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ ساڵی 2012 و بودجەی پرۆژە بەردەوامەکانو پێشنیارەکانو دواکەوتووەکان خەملێنراو، کە بەنووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (4869) لە (2012/5/7)، ئاڕاستەی پەرلەمان کراوە، نووسراوی ناوبراو لەڕۆژی (2012/5/9) بە ژمارەی هاتووی لیژنەمان (724) گەیشتۆتە دەستمان.

بۆ ئەم مەبەستە لیژنەکەمان کۆبوونەوەی بەردەوامی ڕۆژانەی ئەنجام داوە بەمەبەستی ئامادە کردنی ڕاپۆرتی کۆتایی دەربارەی بودجەی خەملێنراوی حکومەتی هەرێم بەهەموو بەشەکانیەوە بۆ ساڵی 2012 و، مامەڵە کردنی فەرمی لەگەڵ ئەم بودجەیەدا بەپێی ماددەکانی (80، 81، 82) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، بودجەی ناوبراو پێکهاتووە لەم بەشانەی خوارەوە:-

- پوختەی بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2012.
- فۆڕمی ئامادەکردنی بودجەی خەملێنراو لەسەر ئاستی بەشو ئاستەکان بەپێی سیستەمی ((GFS)) بۆ ساڵی 2012.
- ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی لەسەر بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2012.
- وردەکاری دابەشکردنی بودجەی خەملێنراوی ساڵی 2012 بەسەر وەزارەتەکانو دەستەو دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە بریتیە لە (31) بەرگ.
- فۆرمی بودجەی خەملێنراوی پرۆژە پێشنیارکراوەکانی ساڵی 2012.
- فۆرمی بودجەی خەملێنراوی پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی 2012.
- فۆرمی بودجەی خەملێنراوی پرۆژە دواکەوتووەکانی ساڵی 2012.

بۆ ئەم مەبەستە لیژنەکەمان دوای گفتووگۆ کردنی ڕۆژانە لەگەڵ بەشەکانی بودجەو مامەڵە کردن لەگەڵ ڕاپۆرتی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان دەربارەی بودجەی ساڵی 2012 دوایین کۆبوونەوەی ئاسایی

**خـۆی ئەنجامـدا لەبـەرواری (2012/6/4) و کۆنووسـی ژمـارە (238) ئامـادە کـراو، بەزۆرینـەی دەنگـی ئامادەبووان گەیشتە ئەم بڕیارانەی خوارەوە:**

**دوای بەهەنـد وەرگرتنـی تێبینـیو پێشـنیارەکانی لیژنـە هەمیشـەییەکانی پەرلـەمان، بـەپێی پـەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان بڕیاردرا ڕاپۆرتی ناوبراو کە هاوپێچە لەگەڵ ئەم کۆنووسەماندا بکرێ بە دوو بەشەوە:**

**بەشی یەکەم/ تایبەتە بە پوختەی هێڵە گشتیەکانی بودجەی خەملێنراوی ساڵی (2012)، کە هاوپێچە.**

**بەشی دووەم/ بریتیە لە پوختەی تێبینیو پێشنیارەکانی لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلـەمان کـە گەیشـتۆتە لیژنەی دارایيو کاروباری ئابووری دەربارەی وردەکاریـەکانی بودجـەی خـەملێنراوی سـاڵی 2012و، پـرۆژە یاسای بودجە کە هاوپێچە.**

**لێرەدا لیژنـەکەمان ئاماژە بـەوە دەکـات کـە دەربـارەی پـرۆژە یاسـای بودجـەی سـاڵی 2012 بـەهۆی ئـەوەی چەندین ڕاو بۆچوون هەیە لەلایـەن لیژنەکانـەوە دەربـارەی ماددەکـانو بڕگـەکانی ئـەم یاسـایەو، هـەروەها بـوونی زیـاتر لـە یـەك ڕاو بۆچـوون لەسـەر چـەندین مـاددەو بڕگـەکانی یاسـاکە لەلایـەن خـودی لیژنـەی کاروباری یاساییەوە، بۆیە لیژنـەکەمان پێشنیار دەکات ئەم بابەتە لە هۆڵی پەرلەمان یـەکلا بکرێتـەوە دوای خستنە ڕووی بۆچوونەکانی هەردوو لیژنەی یاسايیو دارایی لە هۆڵی پەرلەمان.**

## بەشی یەکەم

## پوختەی هێڵە گشتیەکانی بودجەی ساڵی 2012

**یەکەم/ بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی:**

**دابەشکردنی بودجەی حکومەتی فیدراڵ پشـت دەبەسـتێ بـە بنـەمای کـۆی ژمـارەی دانیشـتوانی عێـراق بـە (33) ملیۆنو (256) هەزار کەس و، ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە (4) ملیۆنو (189) هەزار کەس بەڕێژەی (12.6٪) لە کۆی دانیشتوانی عێراق.**

**دووەم/**

**أ- کۆی بودجەی حکومەتی عێراقی فیدراڵ بۆ ساڵی 2012 بریتیە لە (117.123) سەدو حەڤدە ترلیۆنو سەدو بیستو سێ ملیار دینار.**

**ب- بەشی حکومەتی هەرێم بریتیـە لـە (12.604) دوانـزە ترلیـۆنو شـەش سـەدو چوار ملیـار دینـار، کـە ڕێژەکەی دەکاتە (10.7٪).**

**سێیەم/ چۆنیەتی حیساب کردنی بەشی حکومەتی هەرێم لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی فدراڵەوە بەم شێوەی خوارەوەیە:**

**1- کۆی بودجە = 117.123 (ترلیۆن دینار).**

**2- بڕی ڕێژەی (17٪)ی هەرێم =19.911 (ترلیۆن دینار).**

3- كۆی نەفەقاتی سیادی = 30.997 (ترلیۆن دینار).

4- رێژەی (17٪)ی نەفەقاتی سیادی کە دەبڕدرێت لە بودجەی هەرێم بریتیە لە:

30.997× 17٪ = 5.269 (ترلیۆن دینار).

5- کۆی نەفەقاتی حاکمە = 8.952 (ترلیۆن دینار).

6- رێژەی (17٪)ی نەفەقاتی حاکمە کە دەبڕدرێت لە بودجەی هەرێم بریتیە لە:

8.952 × 17٪ = 1.522 (ترلیۆن دینار).

7- کۆی پەرەپێدانی پارێزگاکان = 6.184 (ترلیۆن دینار).

8- بەشی هەرێم لەبڕی پەرەپێدانی پارێزگاکان بەڕێژەی (12.6٪) بریتیە لە:

6.184 12.6٪ =779 (ملیار دینار).

6.185 9- بڕی بترۆدۆلاری پارێزگاکان = 1.676 (ترلیۆن دینار).

10- بەپێ ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی رێژەی (17٪) لەبڕی پترۆدۆلار دەکاتە (285) دووسەدو هەشتاوپێنج ملیار دینار، بەلاَم بڕی تەرخانکراو بۆ هەرێمی کوردستان بریتیە لە (42.4) ملیار دینار بەپێی یاسای بودجەی ناردنی نەوتی خاو ڕۆژانە بەبڕی (175.000) سەدو حەفتاو پێنج هەزار بەرمیل.

پرسیاری لیژنەی دارایی:

داوای ڕوونکردنەوە دەکەین لە بەڕێز نوێنەری حکومەت، کە چۆن ئەم بڕە دەکاتە (42.4) ملیار دینار؟ ئایا لەسەر بنەمای رێژەی (17٪)، یان رێژەی (12.6٪) ئەژمار دەکرێ؟

11- کۆی ماوە لەبودجەی عێراقی فیدراڵ = 69.314 (ترلیۆن دینار).

12- بەشی حکومەتی هەریم بریتیە لە:

69314× 17٪ = 11.783 (ترلیۆن دینار).

13- کۆی گشتی بودجەی هەرێم دوای وەرگرتنی بڕی هەردوو (پەرەپێدانی پارێزگاکانو پترۆ دۆلار) بریتیە لە:

11783

779+

42+

کۆی گشتی = 12.604 (ترلیۆن دینار).

چوارەم/ بودجەی خەمڵێنراوی ساڵی 2012 لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمەوە بەم شێوەی خوارەوەیە:

1- تێچووی وەگەڕخستن = 10.745.797 (ترلیۆن دینار).

2- تێچووی پرۆژەکانی وەبەرهێنان = 4.500.000 (ترلیۆن دینار).

3- کۆی گشتی = 15.245.797 (ترلیۆن دینار).

پێنجەم/

أ- بودجەی وەگەڕخستن بەپێی سیستەمی ژمێریاری بەم شێوەی خوارەوە دابەشکراوە:

- قەرەبووی فەرمانبەران = 6.874.528 (ترلیۆن دینار).
- شمەك‌و خزمەتگوزاری چاککردنەوە = 1.626.421 (ترلیۆن دینار).
- باربۆ = 115.000 (ملیار دینار).
- بەخشین = 630.403 (ملیار دینار).
- سوودە کۆمەڵایەتیەکان = 632.916 (ملیار دینار).
- تێچووەکانی تر = 727.399 (ملیار دینار).
- مەوجوداتی نادارایی = 139.130 (ملیار دینار).

کۆی گشتی = 10.745.797 (ترلیۆن دینار).

ب- ڕێژەکانی بەم شێوەی خوارەوەن:

- قەرەبووی فەرمانبەران = 63.97٪
- شمەك‌و خزمەتگوزاری چاککردنەوە = 15.14٪
- باربۆ = 1.07٪
- بەخشین = 5.87٪
- سوودە کۆمەڵایەتیەکان = 5.89٪
- تێچووەکانی تر = 6.77٪
- مەوجوداتی نادارایی = 1.29٪

کۆی گشتی = 100٪

شەشەم/ بەم شێوەیە ڕێژەی هەردوو بودجەی وەگەڕخستن‌و وەبەرهێنان لەکۆی بودجەی گشتی بەم شێوەی خوارەوەیە:

- ڕێژەی بودجەی وەگەڕخستن = 70.48٪
- ڕێژەی بودجەی وەبەرهێنان = 29.52٪

کۆی گشتی = 100٪

تێبینی لیژنەی دارایی: تێبینی لیژنە دەربارەی خاڵەکانی (چوارەم)و (پێنجەم)و(شەشەم):

1- پێویستی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی ( 2012) لەلایەن دامودەزگاکانەوە بریتیە لە (20.827.063) ترلیۆن دینار بۆ بودجەی وەگەڕخستن، بەڵام توانراوە تەنها ڕێژەی نزیکەی (52٪) ئەو بودجەیە دابین بکرێت، واتە زۆر لە پێداویستیەکان ناتوانرێ دابین بکرێ بەهۆی سنوورداری بودجەوە.

2- بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2011 بودجە بەڕێژەی (9٪) زیادی کردووە بەهۆی بەرزبوونەوەی بڕی ئەو ڕێژەی کە بەشی هەرێمە لە بودجەی گشتی فیدراڵ.

3- بڕی بودجەی وەگەڕخستن بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2011 بەڕێژەی (14٪) زیادی کردووە، بەڵام بودجەی وەبەرهێنان بەڕێژەی (4.4٪) کەمی کردووە، واتە نەتوانراوە ئەو هاوسەنگییە لە بەرژەوەندی بودجەی وەبەرهێنان بێت بەبەراورد لەگەڵ ساڵی پار، ئەو ڕێژەیە تاکو ئیستا لەچوارچێوەی (70٪) بۆ وەگەڕخستنو (30٪) بۆ وەبەرهێنان چەقی بەستووە.

4- بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2011 ڕێژەکانی حیسابەکانی بودجەی وەگەڕخستن لەساڵی 2012 بەم شێوەی خوارەوە زیادو کەمی کردووە.

- قەرەبووی فەرمانبەران بەڕێژەی (15٪) زیادی کردووە.
- شمەك‌و خزمەتگوزاری چاککردنەوە بەڕێژەی (7٪) زیادی کردووە.
- باربۆ بەڕێژەی (9٪) کەمی کردووە.
- بەخشین بەڕێژەی (4٪) کەمی کردووە.
- سوودە کۆمەڵایەتیەکان بەڕێژەی (83٪) زیادی کردووە.
- تێچووەکانی تر بەڕێژەی (43٪) زیادی کردووە.
- مەوجوداتی نادارایی بەڕێژەی (6٪) کەمی کردووە.

تێبینی لیژنەی داریی: لیژنە داوای ڕوونکردنەوەی هۆی زیادبوونی ڕێژەی سوودە کۆمەڵایەتیەکان لە بەڕێز نوێنەری حکومەت دەکات.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەوتەم/

بودجەی ساڵی 2012 بەم شێوەی خوارەوە دابەش کراوە:

1- سەرۆکایەتی هەرێم (60.488 ملیار دینار)، ڕێژە (0.56٪).

2- پەرلەمانی کوردستان (68.280 ملیار دینار)، ڕێژە (0.64٪).

3- ئەنجومەنی داد (52.999 ملیار دینار)، ڕێژە (0.49٪).

4- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران (221.635 ملیار دینار)، ڕێژە (2.06٪).

5- وەزارەتی پەروەردە ( 1.791.485 ترلیۆن دینار)، ڕێژە (16.67٪).

6- وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن (97.945 ملیار دینار)، ڕێژە (0.91٪).

7- وەزارەتی کشتوکاڵ‌و سەرچاوە ئاوییەکان ( 276.835 ملیار دینار)، ڕێژە ( 2.58٪).

8- وەزارەتی ناوخۆ (1.441.517 ترلیۆن دینار )، ڕێژە (13.41٪).

9- وەزارەتی شارەوانیەکان‌و گەشت‌وگوزار (430.281 ملیار دینار)، ڕێژە (4٪).

10- وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن (94.348 ملیار دینار)، ڕێژە ( 0.88٪).

11- وەزارەتی ڕۆشنبیری‌و لاوان (111.407 ملیار دینار)، ڕێژە (1.04٪).

12- وەزارەتی تەندروستی (534.819 ملیار دینار)، ڕێژە (4.98٪).
13- وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی (456.973 ملیار دینار)، ڕێژە (4.25٪).
14- وەزارەتی شەهیدانو ئەنفالکراوەکان (457.107 ملیار دینار)، ڕێژە (4.25٪).
15- وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئاینی (109.440 ملیار دینار)، ڕێژە (1.02٪).
16- وەزارەتی پێشمەرگە (950.000 ملیار دینار)، ڕێژە ( 8.84٪).
17- وەزارەتی داراییو کاروباری ئابووری (1.111.034 ترلیۆن دینار )، ڕێژە (10.34٪).
18- وەزارەتی بازرگانیو پیشەسازی (74.719 ملیار دینار)، ڕێژە (0.70٪).
19- وەزارەتی داد (50.485 ملیار دینار)، ڕێژە (0.47٪).
20- دیوانی چاودێری دارایی (11.815 ملیار دینار)، ڕێژە (0.11٪).
21- وەزارەتی خوێندنی باڵا (441.977 ملیار دینار)، ڕێژە (4.11٪).
22- وەزارەتی کارەبا (608.405 ملیار دینار)، ڕێژە (5.66٪).
23- وەزارەتی پلاندانان (25.663 ملیار دینار)، ڕێژە (0.24٪).
24- وەزارەتی سەرچاوە سروشتیەکان (514.208 ملیار دینار)، ڕێژە (4.79٪).
25- دەستەی وەبەرهێنان (80.427 ملیار دینار)، ڕێژە (0.75٪).
26- دەزگای ئاسایشی هەرێم (455.022 ملیار دینار)، ڕێژە (4.23٪).
27- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم (134.864 ملیار دینار)، ڕێژە (1.26٪).
28- دەستەی مافی مرۆڤ (4.770 ملیار دینار)، ڕێژە (0.04٪).
29- دەستەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان (52.927 ملیار دینار) ڕێژە (0.49٪).
30- دەستەی پارێزگاری ژینگە (7.081 ملیار دینار)، ڕێژە (0.07٪).
31- دامەزراوەی مین (هەولێر/ سلێمانی) (16.841 ملیار دینار)، ڕێژە (0.16٪).

کۆی ڕێژە = (100٪)

تێبینی لیژنەی دارایی: ئەمساڵیش ڕێژەی وەزارەتی تەندروستی لە ئاستێکی نزمدایە بە بەراورد لەگەڵ وەزارەتەکانی پەروەردەو ناوخۆو خوێندنی باڵاو ....هتد

هەشتەم/

کۆی پلەکانی دامەزراندن بریتیە لە (17.000) حەڤدە هەزار پلە بۆ ساڵی 2012.

تێبینی لیژنە دارایی: ڕێژەی (62٪) لە پلەکانی دامەزراندن کە بریتیە لە (10482) پلە، تەرخان کراوە بۆ وەزارەتەکانی پەروەردەو ناوخۆو تەندروستیو خوێندنی باڵا بەبەراورد لەگەڵ وەزارەتەکانو دەستەکانی تری هەرێم.

نۆیەم/

باربۆی ساڵی 2012 بەم شێوەی خوارەوە دابەش کراوە:

1- وەزارەتی كشتوكاڵو سەرچاوە ئاوییەكان = 65.000 ملیار دینار

2-دەستەی ناوچە ناكۆكی لەسەرەكان = 50.000 ملیار دینار

كۆی گشتی = 115.000 ملیار دینار.

تێبینی لیژنەی دارایی:

بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2011 بڕی باربۆ بەڕێژەی (9٪) كەمی كردووە، بەڵام ڕێژەی باربۆی وەزارەتی كشتوكاڵ زیادی كردووە بەڕێژەی (15٪) كە لە بەرژەوەندی بووژاندنەوەی كەرتی كشتوكاڵە.

دەیەم/

حیسابی (بەخشین) بۆ ساڵی 2012 بەم شێوەی خوارەوە دابەش كراوە بەسەر وەزارەتەكان بەپێی گرنگی ژمارەكە:

1- وەزارەتی شارەوانیەكانو گەشتوگوزار = 378.799 (ملیار دینار).

2- وەزارەتی داراییو ئابووری = 151.837 (ملیار دینار).

3- دەستەی وەبەرهێنان = 50.000 (ملیار دینار).

4- وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن = 29.156 (ملیار دینار).

5- سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران = 13.801 (ملیار دینار).

6- سەرۆكایەتی هەرێم = 3.000 (ملیار دینار).

7- وەزارەتی ڕۆشنبیریو لاوان = 3.000 (ملیار دینار).

8- پەرلەمانی كوردستان = 810 ملیۆن دینار .

بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

تێبینی لیژنەی دارایی:

1-بەشێوەیەكی گشتی حیسابی بەخشین كەمی كردووە، پرسیاری لیژنەمان بۆ بەڕێز نوێنەی حكومەت، بڕی بەخشین لە (وەزارەتی شارەوانیەكانو دەستەی وەبەرهێنان) چۆن ئاراستە دەكرێ؟ بەپێی بۆچوونی لیژنەمان ڕێژەیەكی زۆرە لە حیسابی بەخشین.

2- لەهەمان كاتدا ڕێژەی بەخشین لە سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2011 بەبڕێكی زۆر زیادی كردووە، لە (999 ملیۆن دینار ) بۆ (13.801 ملیار دینار)، لیژنەكەمان داوای ڕوونكردنەوە دەكات لە نوێنەری حكومەت.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یانزە/

حیسابی (سوودە كۆمەڵایەتیەكان) ڕێژەیەكی بەرزی ئاراستەی ئەو لایەنانەی خوارەوە دەكرێت:

1- وەزارەتی کار = 400.285 (ملیار دینار).
2- وەزارەتی ناوخۆ = 110.726 (ملیار دینار).
3- وەزارەتی شەهیدان = 49.000 (ملیار دینار).
4- دەستەی ئاسایشی هەرێم = 5.500 (ملیار دینار).
5- وەزارەتی پێشمەرگە = 4.742 (ملیار دینار).

کۆی گشتی = 570.253 (ملیار دینار).

بەم شێوەیە ڕێژەی ئەم پێنج حیسابەی سەرەوە لەکۆی حیسابی (سوودە کۆمەڵایەتیەکان) بریتیە لە (٪90).

دوانزە/

بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2011 حیسابی (تێچووەکانی تر) بەڕێژەیەکی بەرز زیادی کردووە لە ساڵی 2012 لە (سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی هەرێم، وەزارەتی دارایی، دەستەی وەبەرهێنان) یەك لەدوای یەك بەپێی گرنگی بەهای زیادبوونەکە لیژنەمان پرسیار لە بەڕێز نوێنەری حکومەتی هەرێم دەکات هۆی ئەو زیادبوونە بەڕێژەیەکی بەرز.

سیانزە/

داهاتەکانو تێچووەکانو کورتهێنان لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2012 بەم شێوەیە:

1- بڕی داهاتەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:
أ- داهاتەکان لە بەغداوە = 12.604.950 (ترلیۆن دینار).
ب- داهاتەکانی هەرێم = 476.000 (ملیار دینار).
ج- پترۆ دۆلار = 120.000 (ملیار دینار).

کۆی گشتی = 13.200.950 (ترلیۆن دینار).

2- کۆی تێچووەکان = 15.245.797 (ترلیۆن دینار).
3- بەم شێوەیە کۆی کورتهێنان بۆ ساڵی 2012 بریتیە لە:
أ- کۆی تێچووەکان = 15.245.797 (ترلیۆن دینار).
ب- کۆی داهاتەکان = 13.200.950 (ترلیۆن دینار).

بڕی کورتهێنان = 2.044.847 (ترلیۆن دینار).

چواردە/

خەملاندنی داهاتەکانی یەکگرتووی حکومەتی هەرێم بەم شێوەی خوارەوەیە:

1- بڕی داهاتی خەملێنراوی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی( 2012) بریتیە لە (476) چواسەدو حەفتاو شەش ملیار دینار)و لەم سەرچاوانەی خوارەوە بەدەست دێت:

- کۆی باجەکان = 236.134 (ملیار دینار).
- داهاتەکانی تر = 239.866 (ملیار دینار).

کۆی گشتی = 476.000 (ملیار دینار).

**تێبینی لیژنەی دارایی:**

1- بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2011 داهاتی باجەکان نەخشە بۆ کێشراو بەڕێژەی (15٪) کەمی کردووە.

2- داهاتەکانی تر نەخشە بۆ کێشراو بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2011 بەڕێژەی (96٪) زیادی کردووە.

3- هەروەکو سالآنی (2010، 2011) کۆی گشتی داهاتەکانی خەملێنراو لەئاستێکی نزمدایە.

**پانزە/**

دەربارەی چۆنیەتی دابەشکردنی داهاتەکانی یەکگرتووی خەملێنراو بۆ ساڵی 2012 بەو جۆرەیە:

ڕێژەی سەرەکی داهاتەکان لەم وەزارەتانەی کە لەخوارەوە ئاماژەی پێدراوە بەدەست دێت بەپێی گرنگی ڕێژەکە:

- وەزارەتی دارایی = 49.41٪
- وەزارەتی ناوخۆ = 33.6٪
- وەزارەتی داد = 8.43٪

کۆی گشتی = 90.90٪

**تێبینی لیژنەی دارایی:**

1- ڕێژەی 90.90٪ لە داهاتەکانی خەملێنراو لەڕێگەی هەرسێ وەزارەتی سەرەوە بەدەست دێت.

2- ڕێژەی وەزارەتی شارەوانیەکانو گەشتوگوزار بریتیە لە (0.07٪).

**پرسیاری لیژنەی دارایی:**

لیژنە داوای ڕوونکردنەوە دەکات لە بەرێز نوێنەری حکومەت دەربارەی کەمی ڕێژەی داهاتەکانی وەزارەتی شارەوانیەکانو شێوەی مامەڵەکردنی وەزارەتی دارایی لەگەڵ داهاتەکانی هەردوو وەزارەتی تەندروستیو کارەبا، کە ڕێژەیان (سفر)ە لە فۆرمی خەملآندن.

**شانزە/**

خشتەی وەزیفەکان لەسەر ئاستی هەرێم بەو شێوەی خوارەوەیە:

1- میلاکی یەکگرتوو بۆ ساڵی 2012 بەم شێوەی خوارەوەیە لەسەر ئاستی هەرێم:

- ژمارەی وەزیفەکان بەهەموو پلەکانەوە = 650849 پلە.
- ژمارەی وەزیفە پڕکراوەکان تاکو 6/30 = 635858 پلە.
- ژمارەی پێشنیازکراو بۆ پلە بەرزکردنەوە = 66393 پلە.
- ژمارەی پێشنیازکراو بۆ گوزاندنەوە = 66393 پلە.
- ژمارەی پێشنیازکراو بۆ دامەزراندن = 17000 پلە.

- ژمارەی میلاك = 667849 پلە.

2- خشتەی سەرجەم (هێزی کار) لەهەرێم بەم شێوەی خوارەوەیە:

- دامەزراوان = 635858 پلە.
- دامەزراوی کاتی = 830 پلە.
- دامەزراوی گرێبەست = 18388 پلە.
- مستخدمی محلی لەدەرەوە = 429 پلە .

کۆی گشتی = 655505 پلە.

حەڤدە: دەربارەی بودجەی وەبەرهێنان:

1- لیستی پرۆژەکان (بەپێی راپۆرتی وەزارەتی دارایی) بەهاوکاری هەردوو وەزارەتی دارایی‌و پلاندانان ئامادەکراوە بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ ساڵی (2012).

- بڕی پێویست بۆ پرۆژە بەردەوامەکان‌و پێشنیارکراوەکان = 3.679 ترلیۆن دینار.
- بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان‌و پترۆدۆلار= 821 ملیار دینار

کۆی گشتی = 4.500 ترلیۆن دینار

1- شێوەی دابەشکردنی بودجە بەسەر پرۆژەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- بودجەی پرۆژە بەردەوامەکان بۆ ساڵی 2012= 3.245.229 ترلیۆن دینار.
- بودجەی پرۆژە پێشنیارکراوەکان=402.596 ملیار دینار.
- بودجەی پرۆژە دواکەوتووەکان= 30.611 ملیار دینار.
- بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان= 821.564 ملیار دینار.

کۆی گشتی = 4.500 ترلیۆن دینار

1- ژمارەی پرۆژەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

- ژمارەی پرۆژە بەردەوامەکان = 3167 پرۆژە.
- ژمارەی پرۆژە پێشنیارکراوەکان بۆ ساڵی 2012= 495 پرۆژە.
- ژمارەی پرۆژە دواکەوتووەکان= 34.

کۆی گشتی= 3.696 پرۆژە

تێبینی لیژنەی دارایی:

1- ژمارەیەك پرۆژەی بەردەوام هەیە، کە تاکو ئێستا نەچۆتە بواری جێبەجێکردن (پرسیاری لیژنەی دارایی بۆ بەڕێز نوێنەری حکومەت داوای روونکردنەوە دەکەین).

2- بەهۆی ئەوەی ژمارەی پرۆژە بەردەوامەکان زۆرن ڕێژەی (86٪) کۆی پرۆژەکان پێك دێنن، کە بڕی تەرخانکراو بۆیان بریتیە لە (72٪)ی بودجەی وەبەرهێنان کە بۆتە هۆی رێگر بۆ فراوانکردنی ژمارەی پرۆژەکانی پێشنیارکراو بۆ ساڵی (2012).

3- لیژنەمان داوا لە بەڕێز نوێنەری حکومەت دەکات بۆ روونکردنەوەی هۆی دواکەوتنی جێ بەجێ کردنی پڕۆژە دواکەوتووەکان چیە؟

هەژدە: لیژنەی دارایی‌و کاروباری ئابووری ئەم پرسیارانەی خوارەوە ئاراستەی نوێنەری حکومەت دەکات لە ڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە:-

پ1/ لە حیسابی (بەخشین) بڕێك پارە تەرخانکراوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- بانکە بازرگانیەکان بە بڕی (43820) چل‌و سێ ملیارو هەشت سەدو بیست ملیۆن دینار، ئایا ئەم بانکانە کامانەن و؟ هۆی پێدانی ئەو بڕە بەخشینە چیەو؟ بۆ چ بوارێك ئاراستەی دەکەن؟

ب- هەردوو فرۆکەخانەی (سلێمانی‌و هەولێر) بڕی (29156)بیست‌ونۆ ملیارو سەدو پەنجاو شەش ملیۆن دینار تەرخانکراوە، ئایا پێدانی ئەو بەخشینە بۆ چ مەبەستێکە و؟ ئایا داهاتی خۆی چەندەو؟ چۆن ئاڕاستە دەکرێ؟

پ2/ لە حیسابی (سوودەکانی کۆمەلأیەتی) ئەم بڕە پارانە بەم شێوەی خوارەوە تەرخانکراوە:

أ- تەرخانکراو بۆ حیسابی (التبرعات والإعانات) بە بڕی (231.959) دووسەدو سی‌ویەك ملیارو نۆسەدو پەنجاو نۆ ملیۆن دینار بۆ کوێ ئاراستە دەکرێ؟ ئایا جیاوازی چیە لە نێوان (حیسابی إعانات)ی سەرەکی لە بودجەو لەگەڵ ئەم حیسابە کە پەیوەندی بە بەشێك لە حیسابی سوودەکانی کۆمەلأیەتی هەیە؟

ب- لەهەمان کاتدا تەرخانکراو بۆ حیسابی (منح وتحویلات اخری) لە حیسابی (سوودەکانی کۆمەلأیەتی) بریتیە لە (278905) دووسەدو حەفتاو هەشت ملیارو نۆسەدو پێنج ملیۆن دینار، پرسیاری لیژنە ئەوەیە مەبەست چیە لەو حسابەو؟ بریتیە لە چ بوارێك و، بۆ چ بوارێك ئاراستە دەکرێ؟

نۆزدە: دەربارەی نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە (ك1081) لە (2012/5/27) هاوپێچ لەگەڵ نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (1244) لە (2012/5/27) کە دەقی نووسراوی وەزارەتی دارایی‌و ئابووری ژمارە (4872) لە (2012/5/27) ناردووە بۆ پەرلەمان، کە داوا دەکەن بەزیادکردنی بودجەی ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان - عێراق بەهۆی کەمی زانیاری‌و نوێیی ئەم ئەنجومەنە لیژنەی ئامادەکردنی بودجە هەستاوە بە کەمکردنی بودجەی ئەنجومەنی ئاسایش بەڕێژەیەکی زۆر ئەویش بۆ کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی گشتی هەرێم و، داوا دەکەن بودجەی ئەنجومەنی ئاسایش بکرێتە (318150) سێ‌سەدو هەژدە ملیارو سەدوپەنجا ملیۆن دینار لە بڕی (134864) سەدوسی‌و چوار ملیارو هەشت سەدو شەست‌و چوار ملیۆن دینارو، داوا دەکەن بڕی ئەم کورتهێنانە بخرێتە سەر کورتهێنانی گشتی بودجەی هەرێم.

ڕای لیژنەی دارایی:

لیژنە لاری نییە لەسەر ئەم داوایە بەهۆی هەستیاری بابەتەکەوە، بەلأم بەڕای لیژنەی دارایی دەتوانرێ بڕی پارەی پێویست بۆ ئەنجومەنی ناوبراو دابین بکرێت لەڕێی دەسەلأتی مناقەلەوە، بەڕای لیژنەکەمان لە دوای پەسندکردنی بودجە بە فەرمی ماوەیەکی کەم دەمێننەوە بۆ کۆتایی ساڵی (2012)و، وەزارەتو

دەستەکانو دەزگاکان لە توانایاندا نییە پارەی تەرخانکراو بۆیان بەتەواوی خەرج بکەن و، پێویست ناکات ئەم پارەیە بخرێتە سەر کورتهێنان.

بیست: پێشنیارەکانی لیژنەی داراییو کاروباری ئابووریی:

1- لیژنە پێشنیار دەکات ئەو پرۆژە پێشنیارکراوانەی ساڵی (2012) کە پرۆسەی جێ بەجێ کردنی قورسەو ئەگەری دواکەوتنی هەیە، باشتر وایە دوابخرێ بۆ ساڵی (2013) بەپێی توانای داراییو هونەری حکومەتی هەرێم و، زیاتر جەخت بکرێت لەسەر تەواوکردنی پرۆژە بەردەوامەکان.

2- بەگوێرەی پەیڕەوێك کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەربچێت حکومەتی هەرێم قەرز بەمەبەستی تەواوکردنی خوێندنی باڵا لەدەرەوەی وڵات بۆ خوێندکارانی هەرێمی کوردستان دابین بکات ئەوانەی لەسەر حیسابی خۆیان دەخوێنن و، لەلایەن بۆردی تواناسازی سەرپەرشتی بکرێت و، ڕێنمایی بۆ دابنرێت.

3- تەرخانکردنی بڕی (100) ملیار بۆ ئەو قەزاو ناحیانەی دووچاری سیاسەتی ڕاگواستنو کاولکاری هاتوون بۆ زیاتر ئاوەدانکردنەوەو پرۆژەی خزمەتگوزاری.

4- پێدانی پێشینەی خانووبەرە بەم شێوەیەی خوارەوە بێت:

أ- بۆ ناحیەو کۆمەڵگاو قەزاو سەنتەری پارێزگا (20) ملیۆن دینار.

ب- بۆ گوندەکان (25) ملیۆن دینار.

5- دابینکردنی بڕی 120 ملیار دینار بۆ هەڵمەتی نیشتمانی دروستکردنی قوتابخانەو، ئەم بڕە پارەیەش لە یەدەکی وەزارەتی دارایی دابین بکرێت.

6- پێدانی بەخشینێکی ساڵانە بەو خانەنشینو فەرمانبەرانەی مووچەیان سنووردارە بەم شێویەی خوارەوە:

أ- پێدانی بەخشینێك کە بڕەکەی (600) شەش سەد هەزار دینار بێت بۆ هەموو ئەو خانەنشینانەی کە مووچەی خانەنشینان لە (400) چوارسەد هەزارو کەمتر، ئەو بەخشینە بەشەش قست پێیان بدرێت.

ب- پێدانی بەخشینێك بەبڕی (480) چوارسەدوهەشتا هەزار دینار بەو فەرمانبەرانەی کە پلەیان (9، 10)یەو بەمەرجێك هیچ دەرماڵەیان نەبێت تەنها دەرماڵەی پیشەییو منداڵو خێزان.

7- کەمکردنەوەی بودجەی سەرۆکایەتیەکان بەم شێوەیە:

أ- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان لە (66.486) ملیارەوە بکرێتە (50) ملیار.

ب- سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان لە (68.28) ملیارەوە بکرێتە (60) ملیار.

ج- ئەنجومەنی قەزا لە (52.999) ملیارەوە بکرێتە (50) ملیار.

د- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە (221) ملیار بکرێت بە (200) ملیار دینار بەم شێوەی خوارەوە .

أ- 120 ملیار دینار بۆ تواناسازی.

ب- 90 ملیار دینار بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەن.

8- دەسەڵات بدرێتە وەزارەتی دارایی بۆ بەکارهێنانی ئەو پاشەکەوتەی بەدەست دێ لە دەرئەنجامی جێ بەجێ کردنی خاڵی (7) بۆ داپۆشینی زیادەی تێچووەکان.

9- لەبەر پابەند نەبوونی حکومەتی فیدراڵی عێراق بە پێدانی بڕی زیاتر لە 6 ترلیون دینار کە مستەحەقاتی حکومەتی هەرێمە بۆ وەزارەتی پێشمەرگەو، هەروەها بەشداری پێ نەکردنی هەرێم لە دانانی سیاسەتی ئابووری وڵات و، ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەی عێراق لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێوستە رێو شوێنی ئیداری و سیاسی و یاسایی بگرێتەبەر بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم پرسە بۆ وەرگرتنی مافی هەرێمی کوردستان لەو بارەیەوە.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**تێبینیو پێشنیاری لیژنە تایبەتمەندەکانی پەرلەمان دەربارەی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2012**

**یەکەم/**

ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری تەندروستیو ژینگە بە ژمارە (36) لە (2012/5/23)، ئەم پێشنیارو تێبینیانەی گرتۆتە خۆ:

(1) ڕێژەی بودجەی وەگەڕخستنی وەزارەتی تەندروستی بەبەراورد لەگەڵ ساڵی پار (2011) کەمی کردووە، بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان دەبێ ڕێژەی وەزارەتی ناوبراو لەکۆی بودجە لەنێوان (7 بۆ 10٪) بێت. ((پەسندە)).

(2) میلاکی تەرخانکراو بۆ ئەمساڵ کەمی کردووە، کە بریتیە لە (2150 پلە) کە ناگونجێت لەگەڵ زیاد بوونی چالاکیە هەمەجۆرەکانی وەزارەتی ناوبراو. ((پەسندە)).

(3) کەمی ڕێژەی پرۆژە پێشنیارەکان، کە تەنها (12) پرۆژەیە کۆبۆتەوە لە دروستکردنی بنکەی تەندروستی، نەك پرۆژەی گەورەو ستراتیژی. ((پەسندە)).

(4) بودجەی وەزارەتی تەندروستی لە بودجەی گشتی بەڕێزبەندی زنجیرە (6) دێت. ((پەسندە)).

(5) (دوو) نەخۆشخانەی کۆن هەیە لەشاری هەولێر کە نەشیاوە، پێویستە دوو نەخۆشخانەی تر لەشوێنی ئەوان دروست بکرێت. ((پەسند نییە)).

(6) لیژنەی تەندروستی پێشنیار دەکات کە مووچەو دەرماڵە لە وەزارەتی تەندروستی هاوتا بکرێت لەگەڵ حکومەتی ناوەند. ((لەلایەن بەڕێز نوێنەری حکومەت وەڵام بدرێتەوە)).

(7) هەندێ لە پرۆژە بەردەوامەکان تەواو بوون، بەڵام دووبارە بوونەتەوە. ((پەسندە، ئەگەر وا بێت نوێنەری حکومەت وەڵام بداتەوە)).

(8) پێویستە داهاتی وەزارەتی تەندروستی هەرێم بخرێتە بودجەی هەمان وەزارەت بۆ کڕینی دەرمانو خەرجی چاك کردنەوە. ((ئەو خاڵە کاری پێ کراوە)).

(9) دەبوایە حکومەت پرۆژەیەکی دروستکردنی گەنجینەی پاراستن و خەزن کردنی دەرمان لە پرۆژە پێشنیارکراوەکان پەسند بکردایە. ((پەسندە)).

(10)لیژنەی تەندروستی تێبینیان هەیە کە هاوڵاتیان زۆر بە کەمی سوود لە حیسابی سوودە کۆمەڵایەتیەکان وەردەگرن، بۆیە پێشنیار دەکەن کە ئەو بڕە پارەیە بەکاربێت بۆ پرۆژەکانی وەزارەتی تەندروستی. ((پەسند نییە)).

(11)لا مەرکەزیەت زیاد بکرێت لە وەزارەتی تەندروستیو بنکە تەندروستیەکان. ((پەسندە)).

(12)میلاکی وەزارەتی ژینگە هەروەکو ساڵی پار (15) پلەیەو ناگونجێت لەگەڵ فراوان بوونی چالاکیەکانی ئەم دەزگایە. ((بەڕێز نوێنەری حکومەت وەڵام بداتەوە)).

(13)بڕێك پارە تەرخان بکرێت بۆ ڕێکخستنی خولی وشیاریو ژینگەیی. ((پەسندە)).

(14)دابینکردنی پێداویستی تاقیگەکانی سەر بە دەستەی ژینگە. ((پەسندە)).

دووەم/

ڕاپۆرتی لیژنەی کشتوکاڵو ئاودێری بە نووسراویان ژمارە (24) لە (2012/5/23)، ئەم پێشنیارو تێبینیانەی گرتۆتە خۆ:

(1) دەسەڵات بدرێتە بەڕێز وەزیری کشوکاڵو ئاودێری بۆ خەرج کردنی پارەی (بارbۆی کشتوکاڵی) وەکو ساڵ پار. ((بە یاسا چارەسەر کراوە)).

(2) بودجەیەك دابین بکرێت بۆ کارەساتە کشتوکاڵیەکان بۆ قەرەبووکردنەوەی جوتیاران. ((پەسندە)).

(3) داهاتەکانی وەزارەت بدرێتەوە بە وەزارەت بۆ قەرەبوو کردنەوەی کارەساتە سروشتیەکان. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(4) بودجەی بانکی کشتوکاڵ بەردەوام بێت . ((لە بودجەکەدا بەردەوامە)).

(5) بەهۆی کێشەی پێدانی کۆنتراکت و زۆر بوونی، لیژنەی کشتوکاڵ پێشنیار دەکات بچێتە چوارچێوەی دەسەڵاتی بەڕێز وەزیری کشتوکاڵەوە. ((پێویستی بە روونکردنەوە هەیە)).

(6) دابین کردنی بودجەی پێویست بۆ پرۆسەی (تسویة وتملیك). ((پەسندە)).

(7) پێشنیار دەکەن بە دابین کردنی فرۆکەی ئاگر کوژێنەوە بۆ وەزارەت. ((پەیوەندی بە بودجەوە نییە)).

سێیەم/

ڕاپۆرتی لیژنەی وەرزشو لاوان بە نووسراویان ژمارە (4) لە (2012/5/23)، ئەم پێشنیارو تێبینیانەی گرتۆتە خۆ:

(1) پێشنیار دەكەن خالێك زیاد بكرێت بەڕیز بەندی (9) لە ماددەی (16) لەیاسای بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی 2012 ، بەم شێوەی خوارەوە:

9 : بەردەوام بوون لە پاڵپشتی كردنی وەرزش لەڕێگای:

أ. پاڵپشتی كردنی لیژنەی ئۆلۆمپیو پارا پۆلۆمپی.

ب. دروستكردنی ژێرخانی وەرزش و نۆژەن كردنەوەی.

ت. پاڵپشتی یانە وەزشیەكان.

پ. پاڵپشتی وەرزشوانە دێرینەكان.

((دەكرێ وەكو پێشنیار بەرزبكرێتەوە بۆ حكومەتی هەرێم)).

(2) زیادكردنی میلاكی وەزارەتی وەرزشو لاوان لە (300) پلە بۆ (500) پلە. ((گفتوگۆی لەسەر بكرێت لەگەڵ نوێنەری حكومەت)).

(3) پێشنیار دەكەن بە دروست كردنی شاری وەرزشی، كە تەنها دیزاین بێت بۆ ساڵی 2012 لە داهاتی نەوت یان پارەی یەدەگ. ((بكرێت بە پێشنیار بۆ حكومەت)).

(4) پێشنیار بوو بۆ دروست كردنی بنكەی لاوان لە قەزای چۆمان بۆ ساڵی 2011، بەلآم ئەو پرۆژەیە بوونی نەماوە لەپلانی ساڵی 2012. ((پەسندە، وەلآم بدرێتەوە لەلایەن بەڕێز نوێنەری حكومەت)).

(5) پێشنیار دەكەین بە بوونی هەماهەنگی لەنێوان وەزارەتە پەیوەندیدارەكان و ناوەندی پارێزگاكان، بەمەبەستی دەستنیشان كردنی پرۆژەكان بە شێوەیەكی زانستیانە. ((پەسندە، بكرێت بە پێشنیار بۆ حكومەت)).

چوارەم/

ڕاپۆرتی لیژنەی كاروباری پێشمەرگەو شەهیدانو قوربانیانی جینۆساید بەنووسراویان ژمارە (39) لە (2012/5/23)، ئەم پێشنیارو تێبینیانەی گرتۆتە خۆ:

(1) ژمارەیەك لەو پرۆژانەی كە دانراوە بۆ ساڵی 2012 بۆ وەزارەتی كاروباری شەهیدان پرس بە وەزارەتی شەهیدان نەكراوەو، هەندێ لەو پرۆژانە پێویست نین، بۆیە داواكارن گواستنەوە بكرێت لەناو پرۆژەكاندا. ((وەلآم بدرێتەوە لەلایەن بەڕێز نوێنەری حكومەت)).

(2) تجهیز كردنی ئەو مۆنۆمێنتانەی كە تەواو بوون بە كەلوپەلی پێداویستی . ((بكرێت بە پێشنیار بۆ حكومەت)).

(3) زیادكردنی ڕێژەی دروستكردنی خانوو بۆ وارسی شەهیدانی سەنگەر. ((پەسندە، بكرێت بە پێشنیار بۆ حكومەت)).

(4) داوادەكەن بە دابینكردنی زەوی لەلایەن وەزارەتی شارەوانی بۆ پرۆژەكان لە وەزارەتی شەهیدان. ((پەیوەندی بە بودجەوە نییە)).

(5) ئەو داواكاریانە دەخەنەڕوو:

أ) دروستكردنی دوو نەخۆشخانە لە هەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆك هاوشێوەی نەخۆشخانەی شۆرش لە سلێمانی . ((پەسندە، بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

ب) خەرج کردنی دەرماڵە بۆ ژنو منداڵانی شەهیدان بە جیاوازی لەگەڵ ئەو دەرماڵانەی خەرج دەکرێت بۆ فەرمانبەران. ((پەسندە، بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

ت) دابین کردنی تێچوونو کرێی خوێندن (بەتەواوی نەك بە نیوەیی) بۆ ژنو منداڵانی شەهیدان لە زانکۆو پەیمانگاو خوێندنی باڵای حکومیو ئەهلیەکان. ((پەسندە، بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

پ) دابین کردنی بودجە بۆ هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانو هێنانەوەی ڕوفاتی پیرۆزیان بۆ خاکی کوردستان. ((پەسندەو پێشتر داواکراوە)).

ج) دابینکردنی زەوی بۆ وارسی شەهیدانی سەنگەر بۆ ئەوانەی کە تا ئێستا زەویان پێ نەدراوە . ((پەسندە، بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

ح) زیادکردنی ئەو بڕە پارەی کە مانگانە تەرخانکراوە بۆ هاوکاری نەخۆشی بۆ کەس‌وکاری شەهیدان لە (75) بۆ (150) ملیۆن دینار. ((پەسندە ، بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

خ) دانانی ڕێژەیەك لە خانوو لە پرۆژەکانی نیشتەجێ بوون بۆ کەس‌وکاری سەربەرزی شەهیدان، کە تائێستا سوودمەند نەبوونو بەبێ قازانج. ((پەسندە، بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

د) بەکارا کردنی سندووقی هاوکاری بۆ شەهیدان. ((پەسندە، بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(6) پێشنیار دەکەن مووچەی شەهیدانی هاووڵاتیو تیرۆر بڕەکەی لە (180.00) بکرێ بە (300.000) دینار. ((پەسندە، بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(7) داواکارن ئەو بڕە پارەی کە وەزارەتی پێشمەرگە داوای کردووە لە بودجەی 2012 کەم نەکرێتەوە. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن بەڕێز نوێنەری حکومەت)).

(8) داوا دەکەن بڕی حیسابەکانی (( کاڵاو قەرەبووی فەرمانبەرانو تێچوونی نادارایی کەم نەکرێتەوە لە وەزارەتی پێشمەرگە . ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن بەڕێز نوێنەری حکومەت)).

(9) داوا دەکەن ئەو بڕە پارەیەی دەدرێت بە وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی دارایی بە (پێشینە) ئەژماری نەکات، بەڵکو ببێت بە بودجە، وەکو بودجەی وەزارەتەکاتی تر. (( پەسند نییە، وەکو پێشینە بمێنێتەوە وەکو قەرزێك لەسەر حکومەتی فیدراڵ)).

(10) داوای روونکردنەوە دەکەن لە بەڕێز وەزارەتی دارایی لە هۆی ئەو جیاوازیە لەنێوان بودجەی داواکراو لەلایەن وەزارەتەکانەوەو بودجەی خەمڵێنراو لەلایەن وەزارەتی دارایی بۆ وەزارەتەکان . ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن بەڕێز نوێنەری حکومەت)).

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێنجەم:

راپۆرتی لیژنەی رۆشنبیریو ڕاگەیاندنو شوێنەوارەکان بە نووسراویان ژمارە (99) لە (2012/5/23)، ئەم پێشنیارو تێبینیانەی گرتۆتە خۆ:

(1) ڕێژەی (10٪)ی حیسابی قەرەبووی فەرمانبەرانی وەزارەتی رۆشنبیری لەلای وەزارەتی دارایی ماوەتەوەو کاری کردۆتە سەر چالاکیەکانی وەزارەتی رۆشنبیری. (( ئەم حیسابە بەپێی خەملاّندن بووە)).

(2) پێشنیار دەکەن رەچاوی بارودۆخی پارێزگای دهۆكو ئیدارەی گەرمیان بکرێت لەکاتی خەملاّندنی بودجەی وەزارەتی رۆشنبیری. ((پەسندە))

(3) بڕێك پارەی زۆر دەدرێت بۆ کرێنی بیناکانی وەزارەتی رۆشنبیریو لاوان، لە کاتێکدا (47) بینای وەزارەت لەهەرێمی کوردستان لەلایەن حزبو کۆڕوکۆمەڵو لایەنەکانی تر داگیرکراوە. ((پەسندە))

(4) (115) ملیار دینار تەرخانکراوە بۆ رێکخراوەکانی زانستیو رۆشنبیریو ئەوانی ترو لیژنەی ئۆلۆمپیو پارا ئۆلۆمپی یەکتییەکانی وەرزشیی، پێشنیار دەکەن هەموو ئەو رێکخراوانە لە چوارچێوەی یەك وەزارەتدا ئەویش وەزارەتی رۆشنبیریو لاوانە کۆبکرێنەوە. ((پەیوەندی بەیاسای بودجەوە نییە)).

(5) بەهۆی دواکەوتنی پەسندکردنی بودجەو چالاکیەکانی وەزارەت، کە لە مانگی ئازارو نیسانی هەموو ساڵێکدا ئەنجام نادرێت، بۆیە داواکارن بەدەر لە رێنمایەکانیان بۆ خەرجکردنی لەو ماوەیەدا. ((ببێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(6) تەرخانکردنی دەرماڵەی هونەری بۆ هونەرمەندانو نووسەری فەرمانبەر لەسەر میلاکی وەزارەتی رۆشنبیریو لاوان. ((ببێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(7) پێشنیار دەکەن حیسابێکی تایبەتی بکرێتەوە بەناوی خەرجی چالاکیە رۆشنبیریو هونەریەکان لەسیستەمی بودجەدا. ((لەسەر ئاستەکانی سیستەمی بودجە ئەم بابەتە چارەسەرکراوە)).

(8) پێشنیار دەکەن لیستێك بەناوی پرۆژە تەواوبووەکان بۆ پەرلەمان بنێرن. ((پەسندە)).

(9) تێبینی دەکەن کە لەدانانی پرۆژە پێشنیارکراوەکاندا ڕەچاوی ئەولەویاتی وەزارەتی رۆشنبیریو لاوان نەکراوە، رێژەی پرۆژەکانیان لە کۆی پرۆژەکان زۆر کەمە نزیکەی (0.35٪) کۆی پرۆژەکانە کە رێژەکەی زۆر کەمە. ((نوێنەری حکومەت وەڵام بداتەوە)).

(10) پارەی خەرجکراو بۆ پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان بەڕێژەی (3٪) بۆ بواری رۆشنبیرییەو (97٪) بۆ بواری وەرزشە، ئەم رێژەیە دەبێتە رێگر بۆ دروستکردنی ژێرخانی رۆشنبیری. ((پەسندە، لەداهاتوودا ڕەچاو بکرێت)).

(11) پرۆژە بەردەوامەکان لەسەر بنەمای پسپۆڕی لە وەزارەتێکەوە ناگوازرێتەوە بۆ وەزارەتێکی تر. ((پەسندە)).

(12) پرۆژەکان لەبەر هەر هۆیەك بێت بەگشتی زۆر دوا دەکەونو ئامادەکردنی دیزاینەکانیان چەند ساڵێکی پێ دەچێت. ((ببێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(13) دەبوایە وەزارەتی پلاندانان داتاو زانیاریەکانی لەسەر پرۆژە بەردەوامەکان وردتر بوایە، بەلایەنی کەمەوە تا کۆتایی ساڵی 2011 زانیاریەکانی (ئەپ دەیت update) بکردایە. ((ببێت بە پێشنیار بۆ وەزارەتی پلاندانان)).

(14) هەندێ لە پرۆژەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەناو پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی 2012 هەن کە لەناو پرۆژە پێشنیارەکانی ساڵی 2011 دا نەبوون . ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن بەڕێز نوێنەری حکومەت)).

(15) پەلە کردن لە دروستکردنی کۆمەڵگەی هونەری لە قەزاو ناحیەکان لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان تەرخان بکرێت. ((ببێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(16) ئەم تێبینیەیان هەیە (شێوەیەك لە نارێكوپێکی بە پرۆژە بەردەوامەکان دیارە بە تێکەڵاوی پرۆژەکان لەنێوان وەزارەتەکاندا). ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن بەڕێز نوێنەری حکومەت)).

(17) ئەو کەسانەی لەوەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان دادەمەزرێن، تەنها لەپێناو دامەزراندنە، لەکاتێکدا ئەم وەزارەتە پێویستی بە پلەی پسپۆڕی هەیە، بۆیە پێشنیار دەکەن لە سیستەمی نوێی دامەزراندن نوێنەرێکی وەزارەت لە لیژنەی دامەزراندن هەبێت. ((ببێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(18) تا ئێستا ماستەرپلانی شوێنەوار لەهەرێمی کوردستان دەستی پێ نەکراوەو تا ئێستا چەند پرۆژەیەکی شوێنەوار هیچ پارەیەکی بۆ خەرج نەکراوە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە هەردوو ساڵانی (2011و 2012) هیچ پرۆژەیەك کە تایبەت بێت بە شوێنەوار لەناو پرۆژە پێشنیارەکاندا دانەنراوە، لەکاتێکدا لە کوردستان لەنێوان (3500 تا 7000) شوێنەواری کۆن هەیە. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن بەڕێز نوێنەری حکومەت)).

(19) دەربارەی پرۆژە یاساکە پێشنیار دەکەن مادەی (13) هەڵبگیرێت، چونکە پێچەوانەی یاسای خانەنشینی ژمارە (43)ی ساڵی (1940)ەو تەمەنی خانەنشینی (63) ساڵە. ((چەند پێشنیارێك هەیە دەربارەی ئەم مادده یاساییەو لەبەشی سێیەمی ڕاپۆرتی لیژنەمان دەخرێتە ڕوو)).

شەشەم/

ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری کۆمەڵی مەدەنی دەربارەی بودجەی ساڵی 2012 بەنووسراویان ژمارە (18) لە (2012/5/23)، کە ئەم پێشنیارو تێبینیانەی گرتۆتەخۆ:

(1) پێشنیار دەکەن ماددەی (15) لەیاسای بودجە، کە بریتیە لە تەرخانکردنی بڕی (200) ملیار دینار بۆ حزبو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی بکرێتە دوو بڕگە:

بڕگەی یەکەم: بڕی (185) ملیار دینار بۆ حزبەکان تەرخان بکرێت.

بڕگەی دووەم: بڕی (15) ملیار دینار بۆ پرۆژەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی. ((ببێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(2) پرسیار دەکەن کە لەڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی هاتووە بڕی (115) ملیار دینار تەرخان کراوە لە حیسابی (بەخشین) بۆ ڕێخراوە زانستیەکانو ڕێکخراوەکانی تر، پرسیار دەکەن کە ئەو ڕێخراوانە کێن؟

لەسەر چ بنەمایەك تەرخان كراوە؟ ئایا ڕێكخراوەكان حكومین یان نا؟ ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن بەڕێز نوێنەری حكومەت)).

(3) لە خاڵی شەشەمی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی، كە باس لە خەرجیەكانی تر دەكات لە بودجەی ئاسایی بڕی (200) ملیار دینار دانراوە بۆ بەخشینی سەندیكاو حزبو كۆمەڵەو سەنتەرەكان، بەڕای لیژنەی ناوبراو ئەو خاڵە ناگونجێت لەگەڵ پرۆژە یاسای بودجە، چونكە لەوێدا بە ئاشكرا باسی دەكات كە ئەو (200) ملیارە بۆ كێ تەرخان كراوە؟ ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن بەڕێز نوێنەری حكومەت)).

حەوتەم/

ڕاپۆرتی لیژنەی مافی بەكاربەر دەربارەی بودجەی ساڵی 2012 بە نووسراویان ژمارە(3) لە (2012/5/23) ئەم پێشنیارو تێبینیانەی گرتۆتە خۆ:

(1) دەربارەی بڕگەی (2) لە ماددەی (1) بڕی داهاتی ناوخۆ پێویستی بە ڕوونكردنەوەی زیاترە، بڕەكەی كەمە. ((پێشتر ئاماژەی پێكراوە)).

(2) سەبارەت بە بڕگەی(3) لە ماددەی (1) داوای ڕوونكردنەوەی زیاتر دەكەن لەسەر بەشی هەرێمی كوردستان لەبەشی پیترۆ دۆلار. ((پەسندە)).

(3) سەبارەت بە بڕگەی (2) لە ماددەی (6)ی یاساكە پێشنیار دەكەن دەستەواژەی (لمجلس الوزراء) بگۆڕێت بۆ (على مجلس الوزراء). (( بۆ گفتوگۆی ناو پەرلەمان))

(4) سەبارەت بە بڕگەی (2) لە ماددەی (11) گۆڕینی دەستەواژەی (لحين صدور قانون مجلس الخدمة العامة) بۆ (وفق قانون مجلس الخدمة العامة). ((پەسندە)).

(5) پێشنیار دەكەن بە لابردنی ماددەی (13) لە پرۆژە یاساكە بەهۆی ئەوەی پێچەوانەی یاسای ڕاژەو خانەنشینی یەكگرتووی عێراقییە ژمارە(26) بۆ ساڵی (2007) . ((بۆ گفتوگۆی ناو پەرلەمان)).

(6) پێشنیار دەكەن ڕێژەیەك لە بودجەی وەگەڕخستن كەم بكرێتەوە بەرەزامەندی وەزارەتی دارایی و بەم شێوەیە دابەش بكرێت:-

أ- قەرزی خانووبەرە بۆ گوندو ناحیەكان (30) ملیۆن دینار و بۆ قەزاو پارێزگاكان ببێتە (25) ملیۆن دینار . ((بۆ گفتوگۆ لەناو پەرلەمان لەگەڵ نوێنەری حكومەت)).

ب- دەربارەی بڕگەی (4) لە ماددەی (16) پێشنیار دەكەن وەكو پێشینەی كشتوكاڵو پیشەسازی، پێشینەیەك بدرێت بۆ پرۆژەكانی گەشتوگوزار، بەم شێوەیە داڕشتنی بۆ بكرێت: (منح قروض سياحية عن طريق المصرف السياحي لدعم المشاريع السياحية في الاقليم). (( بانكی گەشتوگوزارمان نییە بابەتەكەش بۆ گفتوگۆی ناو پەرلەمان)).

هەشتەم/

ڕاپۆرتی لیژنەی كاروباری پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، دەربارەی بودجەی ساڵی 2012 بە نووسراویان ژمارە(82) لە (2012/5/24) ئەم پێشنیارو تێبینیانەی گرتۆتە خۆ:

(1) تێبینی دەکەن بودجە بۆ هەڵمەتی نیشتمانی دروستکردنی قوتابخانە بۆ ساڵی 2012 تەرخان نەکراوە، پێشنیار دەکەن ئەمساڵیش بڕی (150) ملیار دینار تەرخان بکرێت بۆ بەردەوامی هەڵمەتەکە. ((پەسندە، بۆ گفتوگۆ لەگەڵ نوێنەری حکومەت)).

(2) تەرخانکردنی بڕی (40) ملیار دینار بۆ پرۆسەی پاك كردنەوەی قوتابخانەکان بۆ پاراستنی ژینگەی قوتابخانەکان. ((ئەمە کاری وەزارەتی پەروەردەیە)).

(3) داواکارن ژمارەی پلەی وەزیفی تەرخانکراو لەوەزارەتی پەروەردە لە (4000) چوارهەزار پلە زیاد بکرێت بۆ (8000) هەشت هەزار پلەو دانانی پێوەر بۆ دامەزراندنی مامۆستاو فەرمانبەران بەپێی فۆڕمی تایبەت. ((وەلاّم بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(4) داواکارن بە دابین کردنی تەمویلی مانگانەی پێویست بۆ وەزارەت، دانی دەسەلاّتی زیاتر بە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پەروەردە، سەربەخۆیی دارایی‌و کارگێڕی. ((پەسندە)).

(5) دەربارەی پرۆژەکان لەماوەی خۆیدا تەواو نابن، بۆیە پێویستە پارەو ماوەی پێویست بۆ ئەو پرۆژانە لەبەرچاو بگیرێت، پێویستە هەردوو وەزارەتی پلاندانان‌و دارایی بەشی هەر وەزارەتێك لە پارەی پرۆژە پێشنیارکراوەکان دیاری بکەن بەپێی خواستی وەزارەتەکان، پێشنیار دەکەن پرۆسەی دروستکردنی بیناسازی لە وەزارەتی پەروەردە لەڕێی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەو پارێزگاکانەوە جێبەجێ بکرێت. ((پەسندە))

(6) پێشنیار دەکەن بەشێك لە بڕی تەرخانکراو بۆ حیسابی (سوودەکانی کۆمەلاّیەتی) کەم بکرێتەوە، بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستیەکانی تاقیگەکان. ((ئەمە لەدەسەلاّتی وەزارەتی پەروەردەیە بە ڕاوێژ لەگەڵ وەزارەتی دارایی)).

(7) نەهێشتنی کێشەی جیاوازی مووچەی مامۆستایانی خانەنشین‌و بەردەوام‌و دەرماڵەیان، خەرج کردنی دەرماڵەی هاتوچۆی جوغرافی مامۆستایان لەسەر بنەمای دووری‌و نزیکی شوێن بێت. ((بە ڕێنمایی چارەسەر کراوە)).

(8) پێشنیار دەکەن بڕێك لە پارەی بەرنامەی تواناسازی تەرخان بکرێت بۆ ڕاهێنانی مامۆستاو فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە. (( بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(9) پێشنیار دەکەن بڕی تەرخانکراو بۆ بەرنامەی تواناسازی بە دەقێکی یاسایی لەناو پرۆژە یاساکەدا جێگیر بکرێت. ((وەلاّم بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(10)داوا دەکەن دووبارە پێداچوونەوە بکرێت لە تەرخانکردن‌و پێدانی دەرماڵە لە سنووری وەزارەتی خوێندنی بالاّ بەبێ جیاوازی بەشێوەیەك ڕێك بخرێت کە ببێتە مایەی بەرقەرار بوونی یەکسانی. ((پەسندە)).

(11) پێشنیار دەكەن پرۆسەی تەندەرین كردنی پرۆژەكانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بگەڕێنرێتەوە بۆ وەزارەتو زانكۆكان، ڕەچاوی پارەو كاتی پێویست بكرێت بۆ دیزاینی پرۆژەكان بە زیاد كردنیانو چالاك كردنیان لەم بوارەدا. (( بكرێت بە پێشنیار بۆ حكومەت)).

(12) پێشنیار دەكەن بۆ زیادكردنی بڕی بودجەی وەزارەتی خوێندنی باڵا لە بودجەی گشتی. (( بكرێت بە پێشنیار بۆ حكومەت)).

(13) سەبارەت بە دامەزراندنی میلاكەكانی وەزارەتی خوێندنی باڵا پرسو ڕاوێژ بە خودی وەزارەت بكرێت، پێوەری زانستیانە دابنرێت، ڕێژەی گونجاو دابنرێت بۆ زانكۆو پەیمانگا نوێیەكان، هاندانی هەڵگری بڕوانامەی (ماستەرو دكتۆرا) بۆ خزمەت كردن لە زانكۆو پەیمانگا نوێیەكان، پێدانی دەسەڵاتی داراییو كارگێڕی بە وەزارەتو زانكۆكان، سەربەخۆیی داراییو كارگێڕی زانكۆو پەیمانگاكان بەرجەستە بكرێت، پێویستە ئەنجومەنی وەزیران لەو بارەیەوە ڕێنمایی پێویست دەربكات. (( بكرێت بە پێشنیار بۆ حكومەت)).

(14) دیاری كردنی بەشە بودجەی تایبەت بۆ پرۆژەكانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بەپێی گرنگیو ڕیزبەندی پرۆژەكان بەهەماهەنگی لەگەڵ هەردوو وەزارەتی پلاندانانو دارایی، لەداهاتی نەوت پشتیوانی بۆ هەردوو وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا تەرخان بكرێت بۆ دروست كردنی كەمپی زانكۆو پەیمانگاو قوتابخانەو نیشتەجێ بوونی مامۆستایان. (( بكرێت بە پێشنیار بۆ حكومەت)).

(15) پێشنیار دەكەن كە حكومەتی هەرێمی كوردستان لە داهاتی نەوت سندووقێك دابمەزرێنێت بۆ پێدانی قەرزی خوێندن بۆ تەواو كردنی خوێندنی باڵا ( دبلۆم، ماستەر، دكتۆرا)و دانانی میكانیزمێكو ڕێنمایی بۆ پێدانی. (( پەسندە، بكرێت بە پێشنیار بۆ حكومەت)).

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نۆیەم/

ڕاپۆرتی لیژنەی ئەوقافو كاروباری ئاینی، دەربارەی بودجەی ساڵی 2012 بە نووسراویان ژمارە(85) لە (2012/5/27) ئەم پێشنیارو تێبینیانەی گرتۆتە خۆ:

(1) دواكەوتنی گەیشتنی بودجە بۆتە هۆی نیگەرانی ئەندامانی لیژنە، كاریگەری نێگەتیڤی هەیە بۆ باری ئابووریو دواكەوتنی پرۆژەكان. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حكومەت)).

(2) ئەم ساڵ چاوەڕوان دەكرا ڕێژەی تێچووی وەگەڕخستن كەمتر بێت لە ساڵانی ڕابردوو، بەڵام زیادی كردووە، ئەمەش خاڵێكی لاوازە لە بودجەدا، بۆیە داوا دەكەن ڕێژەی تێچووی وەبەرهێنان زیاد بكرێت. (( پەسندە، بكرێت بە پێشنیار بۆ حكومەت)).

(3) ئەم ساڵیش كورتهێنانی پلان بۆ كێشراو لەساڵی پار زیاترە. (( وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حكومەت)).

(4) تـەرخان كردنـی ڕێـژەی (14٪ ) لەبودجـە بـۆ بەشـەكانی (سـوودی كۆمەڵایـەتی، تێچـووەكانی تـر، مەوجوداتی نادارایی)، لەساڵی پار زیاترە، ئەمەش دەرگایەك دەكاتەوە بـۆ گەنـدەڵیو بەهـەدەردان. (( وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حكومەت)).

(5) گرنگـی نـەدراوە بـە ڕۆڵـی وەزارەتـی ئـەوقافو كاروبـاری ئـاینی لـە بودجـەی گشـتی دا، لەگـەڵ دابـین نەكردنی میلاكی پێویست بۆی. (( وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حكومەت)).

(6) لە بودجەی ساڵی 2012 بەشە بودجەی (دەسـتەی سـەربەخۆی مافـەكانی مـرۆڤ، دەسـتەی پاراسـتنو چاك كردنی ژینگە، دەزگای مین لـە هەولێروسـلێمانی) تـەرخان كـراوە وەكـو لـە ڕاپۆرتەكـەدا هـاتووە، ئـەم دەزگایانە كێشەی ئیداریو یاساییان هەیەو نازانرێ ئەم بودجەیە چۆن خەرج دەكرێت. (( وەڵام بدرێتـەوە لەلایەن نوێنەری حكومەت)).

(7) پێشنیار دەكەن كە پێویستە ( ناردنی بودجەی لـەكاتی یاسایی خۆیـدا بێـت، دەسـەلاتی خـەرج كـردن لەدەست وەزارەتەكان بێت بۆ ئەو بڕە پـارەی كـە تـەرخان كـراوە، ڕۆتـینی دارایـی نـەمێنێت، سەرچـاوەكانی داهـات لەهـەرێم بـە یاسـا ڕێـك بخرێـت، بودجـەی وەزارەتـی ئـەوقافو كاروبـاری ئـاینی زیـاد بكرێـت، چارەسـەركردنی كێشـە كـارگێڕیو داراییـەكانی دەزگاكـانی مـافی مـرۆڤو ژینگـەو مـین، لابردنـی حیسـابی سـوودەكانی كۆمەڵایـەتی لەهـەموو وەزارەتـەكان تـەنها لـە وەزارەتـی دارایـی بمێنێتـەوە، پێویسـتە وەزارتـی دارایی دەستكاری بەشـە بودجـەی وەزارەتـەكان نـەكات، دوای ئـەوەی ڕێك دەكـەون لەسـەر بـڕی بودجەكـە، بەخشینی مزگەوتو شوێنەكانی خواپەرستی لە كرێی ئاوو كارەبا، چونكە وەزارەتـی ئـەوقاف نزیكـەی بـڕی (2) ملیـار قـەرزارە، دووبـارە چاوخشـاندنەوە بـە شـێوازی كرێـدانو وەبـەرهێنانی موڵكـەكانی وەقـف لـە وەزارەتـی ئـەوقافو پرۆژەكـانی ئـەو وەزارەتـە و دابەشـكردنیان بـەپێی پێویسـت، ڕەچـاوكردنی بنـەمای دادگەری هاونیشتیمانی بوون بۆ پێدانی پرۆژەو بودجەی گونجاو بۆ هاووڵاتیانی ئێزیدی و مەسیحی). (( بێ كۆمێنت لەلایەن لیژنەی دارایی)).

دەیەم/

ڕاپۆرتی لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتیو منداڵو خێـزان، دەربـارەی بودجـەی سـاڵی 2012 بـە نووسـراویان ژمارە (3) لە (2012/5/28) ئەم پێشنیارو تێبینیانەی گرتۆتە خۆ:

(1) نـەبوونی هاوسـەنگی بـۆ ئـەو بـڕە پـارەی كـە وەزارەتـی كـارو كاروبـاری كۆمەڵایـەتی تـەرخان كـراوە بەرامبەر بە چالاكی یەكانی. (( وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حكومەت)).

(2) ئەو بڕە پارەی تەرخان كراوە وەكو مووچە بۆ ( شلل دماغو چاودێری كۆمەڵایەتی...هتد) كە بڕەكەی (400) چوارسەد ملیار دینارە، كە بڕەكەی كەمە، تـەنها پێداویسـتی پارێزگـای هـەولێر لـەم بـوارەدا سـالآنە بریتی یە لە (660) شەش سەدو شەست ملیـار دینـار، جگـە لـە سـلێمانیو دهـۆك. (( وەڵام بدرێتـەوە لەلایەن نوێنەری حكومەت)).

(3) پلانی وەزارەتی کار لە بواری پرۆژەکان جێبەجێ نابێت، چونکە هیچ پرۆژەیەکیان بۆ دانەنراوە لە بودجەی ئەمساڵ، بو نموونە ئەم وەزارەتە (6) شەش پرۆژەیان پێشکەش کردووە بۆ دروست کردنی سەنتەری ڕاهێنانی پیشەیی لە گشت قەزاکانو تەنها یەك پرۆژەیان بۆ ئەنجام دەدەن. (( پەسندە، وەلأم بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(4) لیژنە داوا دەکات پێداچوونەوەیەك بکرێت لە پرۆژەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاودێریو گەشەپێدانی کۆمەلأیەتی (6) پرۆژە، لە سنووری پارێزگای دهۆك (5)، لە سنووری ئیدارەی گەرمیان (4)، بۆیە لیژنە داوای پێداچوونەوە دەکات لەو پرۆژانە لەڕووی ئەولەویەتو هەماهەنگی لەنێوان پارێزگاو قەزاکان. ((پەسندە، بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(5) لەبەر هەستیاری کاری مامۆستاو فەرمانبەرو توێژەرە کۆمەلأیەتییەکان کە سەر بە وەزارەتی کارن، لیژنەی ناوبراو داوای خەرج کردنی دەرماڵەی مەترسی دەکات بۆیان. ((وەلأم بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(6) پارێزگای سلێمانی پێویستی بە دروست کردنی بینای ئۆتیزم هەیە. ((پەسندە، بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(7) داوا دەکەن بە چاك کردنەوەو سەرلەنوێ وەگەڕخستنەوەی ئەو وەرشانەی کە لەگشت فەرمانگەکانی چاکسازی هەن. ((پەسندە، بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(8) پێشنیار دەکەن پارەی بیمەی بێکاریو، قەرزی بچوك لە ئەستۆی وەزارەتی کار بێتە دەرەوەو بگوازرێتەوە بۆ شوێنێکی تر، بۆ کەم کردنەوەی بارگرانی لەسەر ئەم وەزارەتە. پێشنیار دەکەن بە چاك کردنەوەو سەرلەنوێ وەگەڕخستنەوەی ئەو وەرشانەی کە لەگشت فەرمانگەکانی چاکسازی هەن. (( پەسندە، بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)). ((وەلأم بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(9) پێشنیار دەکەن بڕێك پارەی دیاری کراو تەرخان بکرێت بۆ سەنتەرەکانی ڕاهێنانی پێشەیی. ((بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(10)میلاکی وەزارەت بۆ ساڵی 2012 (300) پلەیە، گونجاو نییە لەگەڵ فراوانی کاری ئەم وەزارەتە بۆیە داوای زیاد کردنی دەکەن. ((وەلأم بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(11)پێشنیار دەکەن بیمەی بێکاری دەرچووانی پەیمانگاو قوتابخانە پیشەییەکانو زانکۆ ئەهلیەکانیش بگرێتەوە. ((بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یانزە/

ڕاپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ بوون، دەربارەی بودجەی ساڵی 2012 بە نووسراویان ژمارە(43) لە (2012/5/29) ئەم پێشنیارو تێبینیانەی گرتۆتە خۆ:

(1) داهاتی خەملێنراو بۆ ساڵی 2012 کەمە. (( پێشتر ئاماژەی پێ دراوە)).

(2) پێشنیار دەکەن پرۆسەی اعلانو تەندەرینو احالەو فتح.....هتد لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکان، لە پارێزگاکان ئەنجام بدرێت تا زیاتر سوود لە کات وەربگرن. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(3) پێیان وایە بڕگەی (4) لەماددەی (8) جێبەجێ ناکرێت . ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(4) دەربارەی ماددەی (15)، هەموو فەرمانگەیەك پێویستی بە پلەی وەزیفی زیاترە، پێشنیار دەکەن فەرمانبەر بۆ ئەو شوێنانە دابین بکرێت کە تازە دەکرێتەوە. ((بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(5) بەپێی یاسای ژمارە (7) ساڵی (2008)ی هەموارکراو پێویست بوو گوژمەیەك لە بودجەی ساڵی 2012 دابنرێت بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بە بڕی (200) ملیار دینار. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(6) هەر پرۆژەیەك دیزاینی تەواو نەبوبێت ناکرێت گوژمەی بۆ دیاری بکرێتو بخرێتە خشتەی پرۆژەی پێشنیارکراوەکان . (( پەسندە، وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(7) پێشنیار دەکەن بودجەی گونجاو بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاك کردنەوەی ڕێگاوبان لە بودجەی گشتی تەرخان بکرێت بۆ چاك کردنەوەی ڕێگا گشتیەکان. ((پەسندە، بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(8) کردنەوەی حیسابێکی تایبەت بەناوی حیسابی جێبەجێ کردنی پرۆژە بەردەوامەکان. ((حیسابی تەرخانکراو و گوژمەکان هەیە)).

(9) پشکی بودجەی پرۆژە پێشنیار کراوەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لە بودجەی گشتی ساڵی 2012 کەمە. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(10) بەگوێرەی پلانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە پرۆژەی پێشنیارکراوی ئەو وەزارەتەی نەخستۆتە خشتەوە. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(11)دەبێت بودجەی پرۆژەکانی ناوچە دابڕاوەکان لە پرۆژە پێشنیارکراوەکانی ساڵی 2012 لەسەر بودجەی گشتی هەرێم بێت، نەك لەسەر بودجەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(12)بەپێی وردبینی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە بە خشتەی پرۆژە دواکەوتووەکان دەرکەوت کە بەشێك لە پرۆژەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بە پرۆژەی دواکەوتوو دانانرێت، بەڵکو بەردەوامن. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(13)کێشەی کوژانەوەی زەوی کشتوکاڵی و قەرەبووکردنەوەی جوتیاران ڕێگرە لە پرۆژەکانی یەکەی نیشتەجێ بوونو ڕێگاوبان لە پرۆژەکانی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە. ((بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(14)پێشنیار دەکەن بڕی ئەو ($7500) حەوت هەزارو پێنج سەد دۆلارەی کە بڕیارە وەکو بەخشیش بدرێت بەمەبەستی دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان ، پێویستە لە بودجەدا بچەسپێت. ((بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(15)بەپێی ئەو زانیاریانەی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە کە لە دەستەی وەبەرهێنان دەستیان کەوتووە، بڕی (40) چل ملیار ماوەتەوە لە حیسابی بەخشینەکانداو بڕی (50) پەنجا ملیار دانراوە، کۆی گشتی دەکاتە (90) نەوەد ملیار، پێشنیار دەکەن ئەو بڕە پارەیە بدرێت بە گوندەکان وەکو بەخشین، بەم شێوەی خوارەوە:

- گرنگی بدرێت بە گوندە دوورەکانو سنووریەکان.
- بە دوو ساڵ بدرێتە هاووڵاتی، واتە بە (2) قیست.

(( لیژنەی دارایی کۆمێنتی نییە لەسەر ئەو خاڵەو نوێنەری حکومەت وەڵام بداتەوە)).

(16)پێشنیار دەکەن گوژمەی پێویست لە بودجەی دەستەی وەبەرهێنان تەرخان بکرێت بۆ چارەسەرکردنی نەبوونی یەکەی سەرپەرشتیاران، کە بۆتە هۆی ئەوەی دەستەی وەبەرهێنان نەتوانێت سەرپەرشتی تەواوی ئەم یەکە نیشتەجێ بوونانە بکەن. ((بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(17)پێشنیار دەکەن ئەو بڕە پارەی لەبودجەی دەستەی وەبەرهێنان تەرخان کراوە بۆ گەیاندنی پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ یەکەکانی نیشتەجێبوون، لەڕێگای فەرمانگە پەیوەندیدارەکان لە پارێزگاکان جێبەجێ بکرێت. ((ئەم کارە پەیوەندی بە کارەکانی حکومەتەوە هەیە)).

(18)داوا لە حکومەت دەکەن لیستی ئەو پرۆژانە چینو لە کوێن کە پێویستە ئاشکرا بکرێن کە لەسەر شیرینی نەوت جێبەجێ کراوەو دەکرێت؟! ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(19)پێشنیار دەکەن بودجەی گشتی لەکاتی خۆیدا بێتە پەرلەمان. ((پەسندە)).

دوانزە/

ڕاپۆرتی لیژنەی خزمەتگوزاریەکانی شارەوانیو گواستنەوەو گەیاندنو گەشتوگوزار، دەربارەی بودجەی ساڵی 2012 بە نووسراویان ژمارە (76) لە (2012/5/30) ئەم پێشنیارو تێبینیانەی گرتۆتە خۆ:

(1) لە بڕگەی (2)ی ماددەی (1) لەیاسای بودجەدا ، بڕی داهاتی خەملێنراو بریتیە لە (472) ملیار، لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی جیاوازی هەیەو نووسراوە (450) ملیار، لە فۆرمی خەملاندنی بودجەدا بە بڕی (476) ملیار دینار نووسراوە، خەملێنراوی حکومەتی فیدراڵ بۆ داهاتی هەرێم (6.932) ملیار دینارە. ((پەسندە، وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(2) بەپێی یاسای بودجەی ساڵی 2012 ژمارەی فەرمانبەران بریتیە لە (667849) فەرمانبەر، بەڵام بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی بریتیە لە (662444) فەرمانبەر، بەم شێوەیە جیاوازیان هەیە بە ژمارە (5405) فەرمانبەر. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(3) پرسـیار دەكـەن بۆچـی ژمـارەی فەرمانبـەرە خانەنشـین كراوەكـان كـەم ناكەنـەوە؟ ((وەڵام بدرێتـەوە لەلایەن نوێنەری حكومەت)).

(4) سەبارەت بە پارەی مدەوەری گشت سلفەكان چـەندەو لەكوێیـە؟ بۆچـی دەستنیشـان ناكرێـت؟ ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حكومەت)).

(5) پرسیار دەكەن بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتـی دارایـی پـیترۆدۆلار بـۆ پارێزگاكـان تـەنها (42) ملیـار دینـار دیاری كراوە، لەكاتێكدا ڕۆژانە (175) هەزار بـەرمیل نـەوت لـە كوردسـتان دەردەهێنرێـت، دەبوایـە بڕەكـە (74) ملیار دینار بێت. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حكومەت)).

(6) پێشنیار دەكەن بە لابردنی ماددەی (13) لە یاساكە، بـەهۆی ئـەوەی پێچـەوانەی یاسـای خانەنشـینە. ((لە هۆڵی پەرلەمان یەكلا بكرێتەوە)).

(7) پێشنیار دەكەن بڕگەیەك زیاد بكرێت بە بڕگـەی (9) لـەماددەی (16) بـۆ دیـاریكردنی بڕێـك پـارەی سـاڵانە بـۆ لیژنـەی تـاپۆكردنی شـارو شارۆچـكە بـێ تاپۆكـان. ((ئـەم بابەتـە لـە بودجـەی وەزارەتـە پەیوەندیدارەكان چارەسەر دەكرێت)).

(8) پێشنیار دەكەن بـە زیـاد كردنـی ماددەیـەكی یاسایی وەك سـاڵی 2011 تایبـەت بـە سـندووقی پـارەی پرۆژە جێبەجێ نەكراوەكان بـۆ هـەڵگرتنی ئـەو بـڕە پارەیـەی دەمێنێتـەوە لـە حیسابێكی تایبـەت بـەناوی حیسابی جێبەجێ كردنی پرۆژە بەردەوامەكان. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حكومەت)).

(9) پرسـیار دەكـەن وەزارەتـی شـارەوانی داوای بەخشـینی نـەكردووە، بـەڵام وەزارەتـی دارایـی بـڕی (378.799.000) سێ سەدو حەفتاو هەشت ملیارو حەوت سەدو نـەوەدو نـۆ ملیـۆن دینـاری بـۆ دانـراوە. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حكومەت)).

(10)پرسـیار دەكـەن پـارەی تـەرخانكراو بـۆ حیسـابی قـەرەبووی فەرمانبـەران كـەمترە لـەوەی وەزارەتـی شارەوانی داوای كردووە. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حكومەت)).

(11)ڕێنماییەكانو دەزگا پەیوەندیدارەكان كێشەو تەگەرەی زۆر دروست دەكەن بۆ بەڵێندەران، كە وادەكات بەڵێندەر پرۆژە وەرنەگرێت، ئەوەش هۆی سەرەكی دواكەوتنی پرۆژەكانە. ((پەسندە)).

(12)كەمی ئەو بودجەی لە حیسابی بەخشین دەدرێت بە شارەوانیەكان گرفتێكی گەورەی دروست كـردووە لەبەردەم پرۆسەی استملاك كردنی ئەو موڵكانەی كە شارەوانیەكان پێویستیانە. ((پەسـندە، بكرێـت بـە پێشنیار بۆ حكومەت هەرچەندە بە پێچەوانەی خاڵی (9)یە لەسەرەوە)).

(13)بڕی (12) ملیار دینار بۆ دانانی (پێوەری زیرەكی ئاو) دانراوە، لەكاتێكدا (2) ساڵە ئـەم كارەیـان لـەم كۆمپانیایە وەرگرتۆتەوە كە پرۆژەكەی بۆ دەرچووە، داوا دەكەن پارەكەی بۆ پرۆژەیەكی تر خـەرج بكرێـت. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حكومەت)).

(14)پرسیار دەکەن بۆچی پرۆژەی سەنتەری تاقیگەی بیناسازی لە هەولێر ماوەی (2) ساڵە لە پرۆژەکانی وەزارتی داراییو ئابووری دادەنرێت، بۆچی وەزارەتی شارەوانی یان ئاوەدان کردنەوە بەم کارە هەڵناستن؟ چونکە ئەمە پێچەوانەی ماددەی (34)ە لەیاسای بودجەدا. ((وەلأم بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(15)پێشنیار دەکەن هەر گۆڕانکاریەك لە پرۆژەکان ڕوو بدات پەرلەمانی لێ ئاگادار بکرێتەوە بەزووترین کات. ((پەسندە، وەلأم بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(16)سیستەمی پەیڕەوی کراو لەساڵی پار بۆ دامەزراندنی فەرمانبەران ئامانجی خۆی نەپێکاوە، وەزارەتەکان پێیان باشە ئەم کارە بەڕای ئەوان بێت، داوا دەکەن گرنگی بەوانە بدرێت کە بەشێوەی گرێبەست دامەزراون بۆ دامەزراندن. ((وەلأم بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(17)پێشنیار دەکەن پێشینەی خانووبەرە بکرێت بە (25) ملیۆن دینار، لە حیسابی بەخشینی وەزارەتی شارەوانی بدرێت کە پێشتر ئاماژەیان پێ داوە، چونکە وەزارەتی شارەوانی پێویستیان پێ نییە. ((پەسند نییە، بەلأم وەلأم بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(18)پێشنیار دەکەن خەرج کردنی پارەی پرۆژەکان ڕاستەوخۆ بدرێت بە وەزارەتی پەیوەندیدار بۆ کەم کردنەوەی ڕۆتین، داوا دەکەن داهاتی وەزارەتی شارەوانی بدرێت بە خۆیان و لە بودجەکەیان دەرنەکرێت، هەروەها کرێی کارەباو ڕووناك کردنەوەی شەقامەکان لە وەزارەتی شارەوانی وەرنەگیرێتو بخرێتە سەر وەزارەتی دارایی. ((وەلأم بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(19) داوای دیاری کردنی ناوی کۆمپانیای جێبەجێ کار لە پرۆژە بەردەوامەکاندا دەکەن، لەگەڵ دابین کردنی پارەی پێویست بۆ هەڵمەتی تاپۆ کردنی خانووە بێ تۆمارەکان، پێویست ناکات بودجەی دیزاینی پرۆژەی دەستبەکار نەبوو بخرێتە بودجەوە . ((بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(20)داوا دەکەن ئەو ڕێژەی دیاری کراوە بۆ خەرج کردن لە (12/1) بکرێت بە (10/1) تا پەسند کردنی بودجە. ((وەلأم بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(21)وەزارەتی شارەوانی بە لیژنەی ڕاگەیاندووە کە زیاتر لە (100) بەرامبەر ئەو داهاتەی هەیە کە وەزارەتی دارایی بۆیان دیاری دەکات، ئەمە جێگەی پرسیارە بۆچی وەزارەتی دارایی بەم بڕە کەمە دەخەملێنێت؟ ((وەلأم بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(22)پرسیار دەکەن کەوا پرۆژەی فڕۆکەخانەی دهۆك وەکو پرۆژەی بەردەوام لەساڵی 2011و 2012 دانراوە، بەلأم نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە. ((پەسندە، وەلأم بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(23)لیژنەی ناوبراو بەپێی ئەو زانیاریانەی لە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بەدەستیان کەوتووە بڕی (7) ملیۆن دۆلار بە نووسراوێك لە ئەنجومەنی وەزیران خەرج کرا بۆ فڕۆکەخانەی دهۆك، بەلأم تا ئێستا هیچ کارێك ئەنجام نەدراوەو بۆ ساڵی 2012 بڕی (12000) ملیۆن دیناری بۆ دیاری کراوەو لە لیستی پرۆژەکانی وەزارەتی دارایی دانراوە ، ئەمەش پێچەوانەی مادەی (34)ی ساڵی 2011یە. ((وەلأم بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(24)پێشنیار دەکەن دامەزراندن لە وەزارەتی گواستنەوە بە پسپۆڕی تایبەت بێت.  ((بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(25)وەزارەتی گواستەوەو گەیاندن داوای هیچ برە پارەیەکی نەکردووە بۆ حیسابی بەخشین، لە کاتێکدا دەسەڵاتی خەرج کردن لای وەزارەت نیە ، کەچی وەزارەتی دارایی بڕی (94506) ملیۆن دیناری بۆ داناوە .    ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(26)پرسیار دەکەن کە داهاتی ئەم وەزارەتە بە دروستی دیار نییە، بۆ نموونە داهاتی فڕۆکەخانەکان لە هەولێرو سلێمانی، داهاتی وەزارەت لە کۆمپانیاکانی وەزارەت وەکو (ئینتەرنێتو تەلەفۆنو فایبەر ئۆپتیكو کرێی گەراجەکانو فرۆشتنی هێڵەکانی گواستنەوە......هتد)  ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(27)لەهەمان کاتدا وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بە لیژنەکەی ڕاگەیاندووە کە بڕی داهاتی خەملێنراویان لەوە زیاترە کە وەزارەتی دارایی دەستنیشانی دەکات.   ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(28) لیژنە پرسیار دەکات کە بۆچی وەزارەتی ناوبراو بێ ئاگایە لە پرۆژەکانو بەشە بودجەکانیان کە دەدرێتە فڕۆکەخانەکانی هەولێرو سلێمانی؟ بەپێی وتەی وەزارەتی ناوبراو ئەم دوو فڕۆکەخانەیە تا ئێستا سەر بە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن نین، هەرچەندە بەپێی یاسا دەبوایە سەر بە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بوونایە. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(29)لیژنەی ناوبراو ئەم پێشنیارانە دەخاتەڕوو:

ئاڵوگۆڕ لە پرۆژەکان بکرێت بەتایبەتی وەزارەت داوا دەکات یەکێك لە پرۆژەکانی فڕۆکەخانەی سلێمانی لابدرێت بۆ (2) پرۆژەی تر بەم شێوەی خوارەوە:

- پرۆژەی بەستنەوەی نووسینگەکانی پۆستە بەیەکتریەوە.
- دانانی بەدالەو تۆڕی نوێ بۆ (بازیان، هەڵەبجەی شەهید، عەربەت، پیرەمەگروون، شۆڕش، تەکیە، پێباز، دەربەندیخان، کەلار، ڕزگاری، سەرقەڵا، زەڕایین).  ((ڕای حکومەت وەربگیرێت)).

سیانزە/

ڕاپۆرتی لیژنەی پیشەسازی و وزەو سەرچاوە سروشتیەکان، دەربارەی بودجەی ساڵی 2012 بە نووسراویان ژمارە(11) لە (2012/5/29) ئەم پێشنیارو تێبینیانەی گرتۆتە خۆ:

(1)   ڕێژەی بودجەی تەرخانکراو بۆ وەزارەتی کارەبا لە بودجەی وەبەرهێنان بریتیە لە (2.28٪)و، ڕێژەی بودجەی وەگەڕخستنی وەزارەتی ناوبراو لە بودجەی گشتی بریتیە لە (5.66٪) کە بەڕێژەیەکی کەمی ئەژمار دەکەن بەرامبەر بە فراوانی داخوازیەکان لەسەر کارەبا.  ((پەسندە، وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(2) له كۆی (191) پرۆژه لەساڵی 2011، (118) پرۆژه هیچ پارەیەکی بۆ خەرج نەکراوە. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(3) دەربارەی بودجەی وەزارەتی بازرگانیو پیشەسازی ئەم خاڵانە دەخەنەڕوو:

أ- ڕێژەی تەرخانکراو بۆ وەبەرهێنان بریتیە لە (0.16٪)، ڕێژەکەی زۆر کەمە، ڕێژەی بودجەی وەگەڕخستنی وەزارەتی ناوبراو لە کۆی گشتی بودجە بریتیە لە (0.070٪). (( بێ کۆمێنت)).

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب- (150) پلە بۆ دامەزراندن تەرخان کراوە بۆ وەزارەتی پیشەسازی، بەڵام وەزارەت پێویستی بەم ژمارەیە نییە. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

ت- (12) پرۆژە لەلایەن وەزارەتەوە پێشکەش کراوە، بەڵام ڕەزامەندی تەنها لەسەر (5) پرۆژە دراوە. ((بێ کۆمێنت)).

پ- بڕی داهاتی خەملێنراو بۆ ساڵی 2012 وەزارەتی ناوبراو بەڕێژەیەکی کەم تەرخان کراوە، لەکاتێکدا بڕێکی زۆر لە فرۆشتنی چیمەنتۆ هەیە لە کارگەی تاسلوجە کە ڕاستەوخۆ بۆ وەزارەتی دارایی دەمێنێتەوە. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(4) دەربارەی بودجەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان:

أ- ڕێژەی بودجەی تەرخانکراو بۆ وەبەرهێنان بۆ ئەو وەزارەتە بریتیە لە (77٪). ((بێ کۆمێنت، ڕوونکردنەوەی پێویستە)).

ب- ڕێژەی بودجەی بەکاربەر بریتیە لە (4.79٪) لە کۆی گشتی. ((بێ کۆمێنت، ڕوونکردنەوەی پێویستە)).

ت- (70) پلەی وەزیفی بۆ وەزارەتی ناوبراو تەرخان کراوە، بەڵام پێویستیان پێ نییە. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

پ- داهاتی ئەم وەزارەتە بریتیە لە (3697) ملیۆن دینار، کە تەنها بریتیە لە داهاتی (ڕەسمو باج). ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(5) پێشنیارەکانی لیژنە:

أ- پێشنیار دەکەن ریزبەندی پرۆژەکان لە دەسەڵاتی وەزارەتی پەیوەندیدار بێت. ((پەسندە بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان)).

ب- پێشنیار دەکەن بە جێبەجێ کردنی پرۆژەی پێوەری زیرەك بۆ کۆنترۆڵ کردنی بەهەدەرنەدان لە وزەی کارەباو داهاتەکەی. ((پەسندە)).

ت- گواستنەوە نەکرێت لە بودجەی وەبەرهێنانی ئەو پرۆژانەی تەواو نابن بەهۆی دواکەوتنی بودجەوە. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

پ- وەزارەتی دارایی ئاسانکاری بکاتو ڕۆتین کەم بکاتەوە لەکاتی خەرجکردنی پارەی پرۆژەکان. ((پەسندەو داواکاری هەموو لایەکە)).

ج- دەبێت ڕێنمایی وەزارەتی داراییو بانکەکان ڕێك بخرێت سەبارەت بە قەرزی پیشەسازی. ((پەسندە)).

چواردە/

ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ دەربارەی بودجەی ساڵی 2012 بەنووسراویان ژمارە (19) لە (2012/5/30) ئەم تێبینیو پێشنیارانە دەخەنە ڕوو:.

(1) ئەم پرسیارە دەخەنەڕوو، ساڵ بەساڵ بڕی کورتهێنان زیاد دەکات، ئایا ئەم کورتهێنانە بە پلانە یان بە فعلیە؟ پلانی هەردوو وەزارەتی داراییو پلاندانان چییە بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنان؟ ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(2) داوا دەکەن بڕی بودجەی پرۆسەی تواناسازی دیاری بکرێت بۆ ساڵی 2012 . ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(3) داوا دەکەن کە بڕی گۆژمەی پێشینەکانی (خانووبەرە، هاوسەرگیری، کشتوکاڵ، پیشەسازی، گەشتوگوزار) لە یاسای بودجەدا تەرخان بکرێت. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(4) داوا دەکەن بە زیادکردنی دەستەواژەی دۆزینەوەی دەرفەتی کار بۆ گەنجان بۆ بڕگەی (5)ی ماددەی (16). (( بێ کۆمێت)).

(5) لیژنە داوای ڕوونکردنەوەی پێویست دەکات سەبارەت بە بڕی ئەو(49) ملیار دینارەی کە ساڵی پار پەسندکرا بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتی کەم دەرامەت، داوا دەکەن بەتەرخانکردنی گۆژمە بۆ جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە (7) ساڵی (2008) . ((پەسندە، وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(6) بەپێی ڕاسپاردەکانی یاسای بودجەی ساڵی 2011 وا بڕیاربوو کە چوار مانگ جارێك وەزارەتی پلاندانان ڕاپۆرتێك پێشکەش بە پەرلەمان بکات دەربارەی جێبەجێکردنی پرۆژەکان، ئایا وەزارەتی ناوبراو بەم کارە هەستاوە؟ ((پەسندە، وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(7) پرسیار دەکەن بڕی ئەو پارەی کە بەرێژەی (10٪) لە مووچەی پلە تایبەتەکان دەبڕدرێ بۆ سندووقی شەهیدان لە چی خەرجکراوە، چۆن شەهیدان لێی سوودمەند بوون؟ ((پەسندە، وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(8) پێشنیار دەکەن پێشینەکانی خانووبەرە بۆ گوندنیشینان زیادبکرێت بۆ (25) ملیون دینار بۆ زیاتر ئاوەدانکردنەوە. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت و پێشتر ئاماژەی پێدراوە لە ڕاپۆرتەکەدا)).

(9) پێشنیار دەکەن خاوەن زەوی (100)م سوودمەند بێت لە پێشینەی خانووبەرە بۆ کەمکردنەوەی کێشەی نیشتەجێبوون. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(10) داوا دەکەن دامەزراندن پێویستە بەشێوەیەکی دیراسەت کردن بێت لەسەر بنەمای پلانو پێویستی دابنرێت. ((پەسندە، بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(11) داوای ڕوونکردنەوە دەکەن لە کێشەو گرفتی پێك نەهێنانی دەستەی سەربەخۆ لە مافەکانی مرۆڤ لە دەست نیشانکردنی سەرۆکی دەستەو پەیکەری دەستە، کە لە دوو ساڵی رابردوو یاساکەی پەسندکراو بودجەکەش بەناوی دەستەی مافی مرۆڤە، بێ ئەوەی چالاکی ئەوتۆیان هەبێت، بەپێی برگە (2)ی یاساکە دەستەکە، بەستراوە بە پەرلەمانەوە، بەڵام لە ئێستادا لەژێر سەرپەرشتی وەزارەتی داد دایەو داوای(20) پلەی دامەزراندنیان کردووە بۆساڵی 2012، لە کاتێکدا کە فەرمانبەرانی بێ کارن. ((پەسندە، وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(12) لیژنە بۆیان دەرکەوتووە بڕی ئەو (10) ملیار دینارەی لە بودجەی ساڵی 2011دا تەرخانکراوە بۆ ئاوارەکانی کوردستان کە لە ئێران گەڕاونەتەوە، بە میکانیزمێکی ڕوون خەرج نەکراوە، دەبێت ئەم بابەتە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە ڕوون بکرێتەوە. ((پەسندە)).

(13) داوا دەکەن هەروەکو ساڵانی رابردوو کە بڕی (100) ملیون دۆلار تەرخانکرابوو بۆ هەڵمەتی تواناسازی، لەساڵی 2012 بەهەمان میکانیزم گوژمەی تەرخانکراوی بۆ دیاری بکرێتو چۆنیەتی خەرجکردنو دابەشکردنەوەی بێتەوە بەردەست پەرلەمانی کوردستان. ((پەسندە، وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت هەرچەندە ئەم بڕە پارەیە دیاریکراوە)).

(14) داوا دەکەن کە ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کەمپەکانی هەرێمی کوردستان سوودمەند بن لەچوارچێوەی تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی سەر بە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی. ((بێ کۆمێنت، وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پانزە/

راپۆرتی لیژنەی ناوخۆو ئاسایش دەربارەی بودجەی ساڵی 2012 بەنووسراویان ژمارە (40) لە (2012/5/30 ) ئەم تێبینیو پێشنیارانە دەخەنەڕوو:.

(1) تەرخانکردنی بودجەیەك بۆ ئیدارەی ڕاپەرین بەهۆی ئەوەی بووە بە ئیدارەی سەربەخۆ. ((پەسندە))

(2) میلاکی وەزارەتی ناوخۆ کەم کراوەتەوە لە (6557) پلە بۆ (2700) پلە. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(3) (45) وێستگەی کارەبا بێ پاسەوانە. ((پەیوەندی بە بودجەوە نییە، وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(4) (100) باڵەخانەیان پێویستە، بەڵام بڕێکی کەمیان بۆ تەرخان کراوە لە پرۆژە پێشنیارەکاندا. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(5) داوای بودجەیەك دەکەن بۆ نووسینگەی کۆچ و کۆچبەران. ((پەسندە، بکرێت بە پێشنیار)).

(6) دەزگای ئاساییش داوای زیادکردنی میلاك دەکەن لە ( 300) پلە بۆ (1000) پلە. ((پەسندە، بکرێت بە پێشنیارو وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(7) دەزگای ئاسایش داوای زیاد کردنی بودجەکەیان دەکەن. ((بکرێ بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(8) لیژنەی ناوخۆی پەرلەمان پاڵپشتی ئەو بودجە نوێیە دەکات، کە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە بۆیان تەرخان کراوە. ((پەسندە)).

شانزە/

راپۆرتی لیژنەی بەرگری لە ماڧ ئافرەت دەربارەی بودجەی ساڵی 2012 بەنووسراویان ژمارە(28) لە (2012/5/30 ) ئەم تێبینیو پێشنیارانە دەخەنەڕوو:.

(1) پێشنیار دەکەن بە پێکهێنانی سندووقێك لە وەزارەتی کار بۆ ئەو ژنانەی جیا بوونەتەوە لە هاوسەرەکانیان. ((یەکلایی بکرێت لە هۆڵی پەرلەمان)).

(2) تەرخانکردنی بودجەیەکی گونجاو بۆ ئەنجومەنی باڵای خانمان. ((نوێنەری حکومەت وەڵامبداتەوە)).

(3) بودجەیەك تەرخان بکرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەدواچوونی توندوتیژی لە وەزارەتی ناوخۆ. ((پەسندە)).

(4) دانانی بودجەیەکی تایبەت لە بودجەی وەبەرهێنان لە وەزارەتی کار بۆ دروستکردنی لانەی پاراستنی قوربانیانی توندوتیژی لە شارەکانی هەرێم (دهۆك، هەولێر ، سلێمانی). ((بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(5) داوا دەکەن هاوسەنگی هەبێت لە دامەزراندنی ڕەگەزی نێرو مێ لە دامەزراندن. ((پەسندە)).

(6) داواکارن بڕێك لە بودجەی ساڵی 2012ی تەرخانکراوی ئەنجومەنی وەزیران دیاری بکرێت بۆ ئەنجومەنی باڵای خانمان بۆ هاوکاری کردنی پرۆژەی (هاوکاری بێ هاوسەران). ((بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت))

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەڤدە/

ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری یاسایی دەربارەی بودجەی ساڵی 2012، بەنووسراویان ژمارە (71) لە (2012/5/27) ئەم تێبینیو پێشنیارانەی خوارەوەیان هەیە:

یەکەم/ دەربارەی بودجەکە بەشێوەیەکی گشتی ئەم پێشنیارانەی خوارەوەیان هەیە:

(1) پێویستە حکومەت پابەندی ماددەی (79) بێت لە پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمان بـە نـاردنی بودجـەی ساڵانە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم، پێش کۆتایی ساڵی دارایی. ((پەسندە)).

(2) پێویستە بەپێی یاسای (الادارة المالیة والدین العام) ژمارە (95) ساڵی (2004) حیساباتی کۆتایی ساڵی دارایی تاکو (2012/4/15) ئامادە کرابێت . (( پەسندە)).

(3) بەپێی یاسای دیوانی چاودێری دارایی ژمارە (2) ساڵی (2008) پێویستە ڕاپۆرتـەکانی پێشکەش بـە پەرلەمان بکرێت بۆ گفتووگۆ بەمەبەستی چاودێری کردنی دارایی. (پەسندە)

(4) لیژنە پێشنیار دەکات کە نابێت پێشنیاری (زیادەی تێچوو) بکرێتو (کەمکردنەوەی داهات) بکرێت لە بودجەی گشتی بەبێ بوونی ئامرازی بەدەستهێنانی و دەکرێت وەزارەتی دارایـی گواسـتنەوە (مناقلـە) بکـات لـە بـەشو ئاسـتەکان (الاقسـام والمسـتویات) بـەپێی مـاددەی (83) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمان. (( پەسندە)).

(5) زیادکردنی ئەو ڕێژانەی کە دیاری کـراوە لـە مـادەی (23/ ثانیـاً) لـە یاسـای بودجـەی فیـدراڵی سـاڵی 2012، دەربـارەی هـەناردەی نـەوتی خـاو لـە شـەش مـانگی یەکـەمی ئـەم سـاڵدا لـە پشـکی هـەرێم دوای داپۆشینی (کورتهێنان)و لابردنی تێچووەکانی (سیادی و حاکمە) ئەگەر هەبێت. (( پەسندە)).

(6) نابێت بڕی (پەرەپێدانی پارێزگاکان) بخرێتە چوارچێوەی بودجەی گشتی هەرێم . ((بۆ گفتوگۆی ناو پەرلەمان)).

(7) جەخت دەکەینەوە لەسەر دامەزراندنی (سندووقی کوردستان بـۆ داهاتـە نەوتیـەکان) بـەپێی مـاددەی (15) لـە یاسـای نـەوتو غـازی هـەرێمی کوردسـتان- عـیڕاق ژمـارە (22) لەسـاڵی (2007) . (( پەسندە)).

(8) نابێـت گواسـتنەوە بکرێـت لـەبڕی بودجـەی پەرەپێـدانی پارێزگاکـان لـەنێوان پارێزگاکانـدا. (( پەسندەو کار پێکراوە)).

(9) لیژنە پێشنیاری دابینکردنی بڕی بودجە دەکات بۆ دروست کردنی بینای دادگاکانو پێکهێنانی دادگا ئیداریـەکان بـەپێی مـادەی (12) لـە یاسـای ئەنجومـەنی شـورای هـەرێمی کوردسـتان ژمـارە (14) سـاڵی (2008). (( بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت)).

(10)دابینکردنی هاوسەنگیو یەکسانی لەپێدانی دەرماڵەی کارمەندان لە هـەرێم، بـۆ نموونـە لـە وەزارەتـی داد دەرماڵەی (50٪) تەنها (الاشراف العدلي والادعاءالعام) دەگرێتەوە. (( پەسندە)).

(11)تاکو ئێستا حکومەتی هەرێم پابەندی جێبەجێ کردنی ماددەی (30) لەیاسای بودجەی هەرێم ژمارە (6) ساڵی (2011) نەبووە بـۆ جێبـەجێ کردنـی یەکسـانی لـەنێوان (مووچەو دەرماڵە)ی هـەرێم لەگـەڵ حکومەتی فیدراڵ بۆ نموونە (المحققیین العدلیین). (( وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(12)پێویستی جێبەجێ کردنی برگەی (4) لەماددەی (دووەم) لە یاسای وەزارەتی پلاندانان ژمارە (7) ساڵی (2006) بۆ دەست نیشانکردنی ڕێزبەندی پرۆژەکان لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیدار بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان. (( پەسندە)).

(13)پەلەکردن لە پێکهێنانی ئەنجومەنی ڕاژەی گشتی بەپێی یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2011. ((پەسندە)).

(14)لیژنە تێبینی کردووە هەندێ لەو ڕێنماییانەی لەلایەن وەزارەتی دارایی هەرێمەوە دەردەچێ پێچەوانەی یاساکانەو ئەو ڕێنماییانە دەبێتە هۆی ئاڵۆزی لە جێبەجێکردنو زیادبوونی ڕۆتین، بۆ نموونە لە یاساکانی پێشینەی هاوسەرگیری و نیشتەجێ بوون. ((وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

(15 ) پێشنیار دەکەن بە پێکهێنانی (سندووقی نیشتەجێ بوون)و ساڵانە بڕی تەرخانکراوی بۆ دابین بکرێ) بەپێی یاسای ژمارە (16)ی ساڵی 2011ی هەموارکراو. (( لە بودجەی ساڵی 2012 پارەی بۆ تەرخانکراوە)).

(16) داوای لابردنی تەرخانکراو بۆ حیسابی (سوودە کۆمەڵایەتیەکان) دەکەن لەگەڵ گواستنەوەی بۆ بودجەی پرۆژەکان. (( وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت)).

دووەم/ دەربارەی پرۆژە یاساکە، ئەم تێبینیو پێشنیارانە دەخەنەڕوو:

(1) دیباجەکە لە سەرۆکایەتی هەرێم بگۆڕێت بۆ (سەرۆکایەتی پەرلەمان) پەیڕەوکراو لە دەرکردنی یاسا.

(2) دەربارەی (ماددەی یەکەم)، بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی لیژنەی یاسایی، پەسندە.

(3) دەربارەی (ماددەی دووەم)، سەبارەت بە (اولاً/ج) لە مادەکە، لیژنەکە پێشنیار دەکات بە زیادکردنی ئەم رستەیە: (ويتم الصرف بطريقة التمويل و يخول رئيس مجلس القضاء صلاحية الصرف مباشرةً ضمن الاعتمادات المخصصة لمجلس القضاء). (( پەسندەو کار پێکراوە)).

(4) دەربارەی (ماددەی سێیەم)، پێشنیار دەکەن وشەی ( تتولى وزارة المالية .....) بگۆڕێت بۆ ( على وزارة المالية.....). (( پەسندە)).

(5) دەربارەی (ماددەی چوارەم)، لیژنە پپێشنیار دەکات ئەم ماددە یاساییە ببێت بە دوو بڕگە (اولاً) و (ثانياً) ، پێشینەکەی ماددەکە بڕگە (اولاً) دابنرێت بۆی و، بەدەرەکان بڕگەی (ثانياً) بۆی دابنرێت. (( پەسندە)).

(6) دەربارەی (ماددەی پێنجەم)، وەکو خۆی بمێنێتەوە. (( پەسندە)).

(7) دەربارەی (ماددەی شەشەم)، لیژنەی یاسایی دوو ڕای هەیە:

ڕای یەکەم: بەزۆرینەی ڕا ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ڕای دووەم: دەقی ماددەکە بگۆڕێت وەکو لە کۆنووسەکەدا هاتووە.

((ئەم بابەتە لە هۆڵی پەرلەمان یەکلایی بکرێتەوە دوای وەرگرتنی ڕای نوێنەری حکومەت)).

(8) دەربارەی (ماددەی حەوت)، پێشنیاری زیادکردنی وشەی (واحد) دەکەن بۆ (القضاء الواحد). (( پەسندە)).

(9) دەربارەی (ماددەی هەشت)، لیژنەی یاسایی دوو ڕا دەخاتە ڕوو:

ڕای یەکەم: بەزۆرینەی ڕا ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

ڕای دووەم: ماددەکە لابرێ.

ڕای لیژنەی دارایی(( ماددەکە بمێنێتەوە)).

(10)دەربارەی (ماددەی نۆ)، وەکو خۆی بمێنێتەوە. (( پەسندە)).

(11)دەربارەی ( ماددەی دە)، لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکات بە لابردنی ڕستەی (عدا المكافئات الممنوحة للعاملين في المشاريع الاستثمارية من نسبة المتابعة و الاشراف).

(( پەسند نییە، بۆ گفتوگۆی ناو پەرلەمان)).

(12)دەربارەی (ماددەی یانزە)، لیژنەی یاسایی ئەم پێشنیارانە دەکات:

- دەربارەی (ثانیاً)، پێشنیار دەکەن دەستەواژەی کۆتایی بەم شێوەیە بێت: (لحين دخول قانون مجلس الخدمة العامة رقم (7) لسنة (2011) حيز التنفيذ). (( پەسندە)).

- دەربارەی (ثالثاً)، لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکات ئەم ڕستەیە زیاد بکرێت: (على ان تكون آلية التعيين وشروطها موحدة ومعلنة في وقت واحد) بۆ دوای دەستەواژەی (الصحف المحلية). (( پەسندە)).

- دەربارەی بڕگەی (خامساً): لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکات تێکەڵ بکرێت لەگەڵ ماددەی (بيست)و بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

(لا يجوز التعاقد للعمل في دوائر الاقليم الا بموافقة وزارة المالية والاقتصاد وتعطى الاولوية في التعين للعقود النافذة).

((یەکلایی بکرێتەوە لە هۆڵی پەرلەمان)).

(13) دەربارەی (ماددەی دوانزە)، وەکو خۆی بمێنیتەوە. ((پەسندە)).

(14) دەربارەی (ماددەی سیانزدە)، لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکات پووچەڵ بکرێتەوە.

((پەسند نییە بەهۆی ئەوەی ڕای جیاواز هەیە، یەکلابکرێتەوە لەهۆڵی پەرلەمان)).

(15) دەربارەی (ماددەی چواردە)، لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکات بڕی تەرخانکراو دیاری بکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە:-

أولاً: يحدد مبلغ قدره ( ) دينار لتنفيذ مشروع تنمية وتطوير قدرات....هتد. ((پەسندە)).

ثانياً: منح قرض قدره ( ) دينار لغير المشمولين باحكام الفقرة (أولاً) اعلاه. (پەسندەو پێشتر پێشنیارکراوە).

(16) دەربارەی (ماددەی پانزە)، لیژنەی یاسایی دوو ڕای هەیە:

ڕای یەکەم: بەزۆرینە پشتگیری لە ماددەکە دەکەن.

ڕای دووەم: لابردنی پڕۆژەکانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە مادەکە. ((پشتگیری لە مادەکە دەکەین وەکو خۆی)).

(17) دەربارەی (ماددەی شانزە)، لیژنەی یاسایی ئەم پێشنیارانەی خوارەوەی هەیە:

أ- دەربارەی بڕگەی (5) بەم شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

((الاستمرار في صندوق دعم المشاريع الصغيرة وفق قانون صندوق دعم المشاريع الصغيرة للشباب رقم (2) لسنة (2011). (( پەسندە)).

ب- دەربارەی بڕگەی (6) پێشنیاری دیاریکردنی بڕی پێشینەی هاوسەرگیری دەکەن ساڵانە بەم شێوەیەی خوارەوە:

( منح سلفة زواج البالغة ( ) ملاين دينار، ويعفى اولاد الشهداء والمؤنفلين من استردادها).

((پەسندەو یەکلا بکرێتەوە لە هۆڵی پەرلەمان لەگەڵ نوێنەری حکومەت)).

ج- دەربارەی بڕگەی (8)، لیژنەی یاسایی پێشنیاری زیاد کردنی (صندوق الاسكان) دەکەن و، دارشتنەوەی بەم شێوەیەی خوارەوە:

(( الاستمرار في دعم هيئة الاستثمار وصندوق الاسكان في وزارة الاعمار والاسكان لديمومة بناء الوحدات السكنية للمواطنين من ذوي الدخل المحدود مع اعطاء الاولوية للمشاريع السكنية المشمولة في النواحي والقرى). ((پەسندە)).

د- لیژنەی یاسایی پێشنیاری زیادکردنی بڕگەیەك دەكات بە زنجیرەی (9) بۆ ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە:

9- تخصيص مبلغ قدره ( ) دينار لمساعدة من التجأ في حينه الى ايران وتركيا وعاد او يروم العودة الى اقليم كوردستان ولم يتم تعويضهم سابقاً. ((پەسندە)).

(18)دەربارەی (ماددەی حەڤدە)، وەکو خۆی بمێنێتەوە. (( پەسندە)).

(19)دەربارەی (ماددەی هەژدە)، لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکات بە لابردنی بڕگەکانی (أ، د، هـ) لە (ثانیاً). ((یەکلا بکرێتەوە لە هۆڵی پەرلەمان لەگەڵ نوێنەری حکومەت)).

(20) دەربارەی (ماددەی نۆزدە)، لیژنەی یاسایی پێشنیار دەکات بە لابردنی ماددەکە. ((وەکو خۆی بمێنێتەوە)).

(21)دەربارەی ( ماددەی بیست)، لیژنەی یاسایی پێشنیاری کردووە ئەم ماددەیە لابرێ و تێکەڵ بکرێت لەگەڵ بڕگەی (5) لەماددەی (11). ((ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە)).

(22)دەربارەی (ماددەی بیست و یەك)، وەکو خۆی بمێنێتەوە. ((پەسندە)).

(23)دەربارەی (ماددەی بیست و دوو)، وەکو خۆی بمێنێتەوە. ((پەسندە)).

(24)دەربارەی (ماددەی بیست و سێ)، لیژنەی یاسایی دوو ڕای هەیە:

- وەکو خۆی بمێنێتەوە.

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (26)

# چوار شەممە ڕێكەوتی 13\6\2012

# خولی سێیەمی هەڵبژاردن

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (26)

## چوار شەممە رێكەوتی 2012/6/13

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چوارشـەممە رێكـەوتی 2012/6/13  پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سوره جێگری سەرۆك و، بـەڕێز فرست أحمـد عبـدالله سكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـاره (26)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـاره (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (26)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی رۆژی چـوار شـەممە رێكـەوتی 2012/6/13 دا بـەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆ كردنـی پـرۆژەو یاسای بودجـەی هـەرێمی كوردسـتان بـۆ سـاڵی 2012.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بـەناوی گـەلی كوردسـتان، دانیشـتنەكەمان دەكەینـەوە، خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی سـێیەم، خـولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن(26)ڕۆژی دانیشتن(2012/6/13) بەرنامەی كار

بـەپێی حوکمـەکانی بڕگـەی(1)ی مـاددەی (20) لەپـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە(1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(26)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لەکات 11 ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوار شـەممە ڕێکەوتی 2012/6/13 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆ کردنی پرۆژەو یاسای بودجـەی هـەرێمی کوردسـتان بـۆ سـاڵی 2012.

ئێستاش بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو پەرلەمانتارانە دەخوێنێتەوە کـە مۆڵـەتیان هەیـە یـان ئامادە نەبوون، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ئەندامانەی کە لەدانیشتنی ژمارە(25)ی ئاسایی لە 2012/6/12 مۆڵەت بوون یان ئامادە نەبوون.

1- پەیام احمد محمد مۆڵەت

2- تارا تحسين ياسين مۆڵەت

3- حازم تحسين سعيد مۆڵەت

4- بێریڤان سەرهەنگ ئامادەنەبووە

5- د. صباح محمد نجیب مۆڵەت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری دارایی و پلاندانان ووەفدە یاوەرەکانیان دەکەین، هەروەها بـەخێرهاتنی کـاك سعد مونەسقی نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێم دەکەین، پێش ئەوەی دەست بە ناونووسـین و گفتوگۆ بکەین، بۆ موناقەشەکردن لەسەر بودجەی ساڵی 2012 داوا لە ئێوەی بەڕێز دەکـەین کـە موداخەلـەکانتان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان بێت، چونکە هەر بابەتێك یان هەر پرسیارو موداخەلەیـەك لەو چوارچێوەیە چوە دەرەوە ئێمە ناچـار دەبـین کـەڕای بگـرین، ئێسـتا دەسـت بـەناوەکان دەکـەین، ئەگـەر نوقتەی نیزامی نەبێت کاك عبداللە ڕات دەگرم، فەرموو.

**بەڕێز عبداللە محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێ ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی خوێندرایەوە، کۆمەڵێك پرسیاری تێدایە، کە بەبڕوای من جەنابی وەزیر وەڵامی ئەوانە بداتەوە، ڕەنگە بەرچاو ڕوونی ئێمە زیاتر بێت، ڕەنگە بەشێك لە پرسیارەکانمان نەمێنێت، دوایی ئەشێت ئێمەش پرسیارەکانمان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی هەمان پێشنیارمان هەیە، چونکە ئەو بەرچاو ڕوونیە ئیحتیمالە ببێتە وەڵامی زۆر پرسیار و شتەکان ئاسانتر بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی خوێندرایەوە، ئەوەی کەماوە تێبینی و سەرنجەکانی پەرلەمانتارانیش وەربگیرێت، ئینجا پێکەوە جەنابی وەزیر وەڵامیان بداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك بیلال.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە کۆمەڵێك پرسیاری زۆری تێدا هەبوو، لەوانەیە ئەگەر جوابی ئەم پرسیارانە بدرێتەوە کۆمەڵێك لە ئەندامانی پەرلەمان پێویست نەکات دووبارە پرسیارەکانیان بکەنەوە، ئەگەرنا ئەو پرسیارانە هەموومان دووبارەی دەکەینەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە هەردوو وەزیر، جوابی پرسیارەکان وتێبینیەکان بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی هەمان ڕەئی دەكەم، كە دوێنێ لەڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و لیژنەكانی تریش كۆمەڵێك پرسیاری زۆری تێدایە، بێگومان ئەم پرسیارانە جارێكی تریش ئەندامانی پەرلەمان دەیكەنەوە، بۆیە ئەگەر لەسەرەتادا حكومەت وەڵام بداتەوە كۆمەڵێك وەڵاممان دەست دەكەوێتەوە، بۆیە جارێكی تر پرسیاری لێ ناكەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شوان، فەرموو.

**بەڕێز شوان كریم كابان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی تەنها تەعبیر لەڕای لیژنەكە خۆی ناكات، كۆكراوەی بیروڕای سەرجەم لیژنەكانە، پرسیارو سەرنجی تێدابوو بۆ نوێنەری حكومەت لەناو پەرلەماندا، ئەگەر بەڕێزیان وەڵاممان بدەنەوە پێم وایە زۆرشت ڕوون دەبێتەوە كە لەوانە نیە پێویست بكات ئەندامان دواتر ئاماژەی پێ بدەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ژمارەیەك ئەندام قسەیان كرد، دوو ڕەئی جیاواز هەیە، یەكێكیان دەڵێت باوەزیرەكان وەڵامی پرسیارەكان بدەنەوە، ئینجا ئەگەر پرسیاری تر بوو ئەو كاتە ئەندامان پرسیار بكەنەوە، یەكێكیشیان دەڵێن با وانەبێت، باشە كاك كاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارەكەم زۆر پێ ئاساییە، بەڵام وەزیر ڕاپۆرتی حكومەتی خوێندووەتەوە، هێشتا پەرلەمانتاران ڕەخنەیان لە ڕاپۆرتەكە نەگرتووە، وەڵامی چی دەداتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە كەس لەجێگای خۆی قسە نەكات، كاك سالار، فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشەکی پشتگیری بۆچوونەکانی برای بەڕێزم کاك عبداللە مەلا نوری و حاجی بیلال دەکەم، چونکە ئەو ڕاپۆرتەی لیژنەی دارایی کۆکراوەی سەرنج و تێبینی و ڕەخنە و کەموکوڕییەکانی پەرلەمنتارانە لەیەك ساڵدا، بۆیە خوێندنەوەی ڕاپۆرتی وەزیر وخوێندنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی، کە تەعبیرە لە ڕاپۆرتی لیژنەکانی پەرلەمان، پێش گفتوگۆش حاڵەتێك هاتە پێشەوە کۆمەڵێك پرسیار ئاراستەی وەزیر ئەکرا، بۆ ئەوەی تەسەلسولی گفتوگۆکان بەئاڕاستەیەك وبەمەسارێکی پیشەییدا بڕوات، ڕام وایە هەمان پرسیاری پەرلەمانتاران کۆکراوەی ئەو پرسیارانەیە کەلەچوارچێوەی لیژنەکاندا هاتوون، بۆیە دەرفەت بدرێتە وەزیرەکان وەڵامی بەشێك لەپرسیارەکان بدەنەوە، کە دڵنیام بۆ گفتوگۆ پرسیاری تر و سەرنجی تریش دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك خان، فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفيق عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە منیش پشتگیری هەمان ڕەئی دەکەم، چونکە دوێنێ کە کۆبوونەوەکە تەواو بوو، ئێمە وا کۆبوونەوەکەمان کۆتایی پێ هێنا کە وەزیر مەجالی هەبێت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی، بۆیە ئەگەر بێت و ئەو وەڵامانە هەمووی بداتەوە کە لە پرسیارەکاندا هەیە، ئەوە پرسیارەکانی ئێمەش کەم دەبێتەوە، ئەوکاتە بەشێوەیەکی تر پرسیار دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دەبوایە ڕەئیەکان بدرێتە دەنگدان ئەوەی پێ ناوێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەخێر کەس، کاك حمە سعید، فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەم بابەتە دوو خاڵ حەسمی دەکات، یەکەم: بزانین پەیڕەو وپرۆگرام دەڵێت چی؟ لەماددەی (84) دەڵێت ڕاپۆرتەکە بەشێوەیەکی گشتی گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، پێش چوونە سەر گفتوگۆکردنی

بابەتەکانی تری بودجە، مانای وایە گفتوگۆ لەسەر ڕاپۆرتی لیژنـەی دارایـی دەکرێت، دووەم: ئەگـەر ئەمـە پەێرەو وپرۆگرام حەسمی ناکات، ئەوە دەنگدان حەسمی دەکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله پێشنیارەکەت دووبارە بکەرەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکەی من ئەوەیە لەڕاپۆرتی لیژنـەی دارایـی و حکومەتـدا، کۆمـەڵێك شـت هـاتووە کـە بەشـێوەیەك لەشێوەکان لەڕاپۆرتی لیژنەی داراییدا لە پرسیارو ڕوونکردنەوەکاندا جۆرێك پەیوەسـتی هەیـە لـەنێوانیان، باوەڕم وایە بۆ ئەوەی بەشێوەیەك لەشێوەکان بەرچاوڕوونی زیاتر بۆ ئەندامانی پەرلەمان هەبێت، جەنابی وەزیرەکان وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە کە لەڕاپۆرتی لیژنـەی دارایـی هـاتووە، ئەمـە بـەو مانایـە نایـەت کەئێمـە دواتـر دەسـتمان بەسـترابێت و پرسـیار و سـەرنجی ترمـان نـەبێت، مـن بـۆ خـۆم تـا ئـەو کاتـەی کەپرسیارم هەبێت قسەی خۆم دەکەم و دەستبەرداری حەقی خۆم نابم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەدایە کـە سـەرەتا وەڵامـی ڕاپـۆرتی لیژنـەی دارایـی بدرێتـەوە، تکایـە بادەسـتی بڵنـد بکات؟، فـەرموون کێـی لەگەڵـدا نیـە؟، 11 کەسـی لەگـەڵ نیـە؟، بەزۆرینـەی دەنـگ وەرگـیرا، ئێسـتا مـەجال دەدەینە جەنابی وەزیری دارایی کەوەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، فەرموو جەنابی وەزیر، باشـە کـاك عومـەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با لیژنەی داراییش بێنە جێگای خۆیان بۆ سەر مەنەصە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

چونکە جەنابی وەزیر وەڵامی پرسیارەکان دەداتەوە لیژنە ئامادەش نـەبن لێـرە ئاسـاییە، فـەرموو جـەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بێمە سەر ئەوەی كە خاڵ بەخاڵ وەڵامی پرسیارەكانی لیژی دارایی و لیژنەكانی تـر بدەمـەوە، كە لەناو ڕاپۆرتەكەی لیژنـەی داراییدایـە، دەمـەوێت هەنـدێ شـتی هاوبـەش هەیـە باسـی بكـەم لـە پێشـدا، هـەموو جارێـك و ئـەمجارەش بـە تەئكیـد بـاس لەدواكـەوتنی میزانیـەو حسـاباتی خیتـامی دەكرێـت، مـن دەمەوێت باسی ئەوە بكەم هەموو ساڵێك ئێمە باسمان كردووە تكاشمان وایە، مەوزوعی میزانیە عیلاجێكی بۆ بكەن، لەنیزامی داخلی پەرلەماندا، بەڵام تا ئێستا ئـەوە نـەكراوە، ئێمـە وەكـو وەزارەتـی دارایـی دەبێـت ئیلتیزام بكەین بەو نیزامەوە، بەڵام كە ئێستا دواكەوتووە ئەسبابی خۆی هەیـە، ئەمـە ئـەوە نیـە كـە ئێمـە لەوەزارەتی مالیە بەكەیفی خۆمان بێین دوای بخەین و نەینێرین و ئیهمالی بكـەین، ئێمـە لـە ڕاپۆرتەكـەی وەزارەتـی داراییـدا باسمـان لـەوە كـردووە كـە لەكەیـەوە دەسـتمان پێكـردووە، نووسـراوی یەكـەممان بـۆ وەزارەتـەكان لـەمانگی $9$ بـووە، وەڵام دراوەتـەوە دوای ئـەوە لیژنـەمان دروسـت كـردووە، دەسـتمان بـەكار كردووە، هەموو شـتێكمان تـەواو كـردووە، بـەڵام ئێمـە وەكـو هـەمووجارێك كـە ئیعتیمادمـان كردۆتـە سـەر ئەوەی لە بیدائیش بێت ژمارەیەك وەربگـرین لەبەغـداد بـۆ ئـەوەی بتـوانین ئیسـتیناد بكەینـە سـەری، كـە ئەوە بەشی هەرێمی كوردستانە، بۆ ئەوەی ئەگەر تەجاوزیش هەبێت لەسەر ڕەقەمەكە زۆر بـەڕوونی دیـار بێت، بەڵام ئەو ڕەقەمە بەتایبەتی لەمساڵدا هەمووتان دەزانـن سـێجار دەسـتكاری كـرا، پـێش ئـەوەی بگاتـە پەرلـەمان هـەر لـە ئەنجومـەنی وەزیـران دەسـتكاری كـرا، هـەمووجارێك تریلیۆنێـك زیـاتر پـارەی هـەرێمی كوردستان كەم دەبوویەوە، بەهەرحاڵ ئێمە ئـەو میزانیەیـە ئەگـەر مولاحـەزە بكـەن پـێش ئـەوە تـەواومان كردبوو چەند جاریش بەدەسـت بردمانـە ئەنجومـەنی وەزیـران، لـەویش كۆبوونـەوەی لیژنـە تایبەتمەنـدی لەسەركراوەو گەڕاندوومانەتەوە دوای ئەوە لە $2/26$ سێ ڕۆژیش پێش ئەوەی پەرلەمان موصادەقەی بكات ڕەقەمەكەمان لەڕێگای پەرلەمانتارانی خۆمانـەوە بەتەلـەفۆن پێمـان گەشـت، یەكسـەر ئێمـە میزانیەكـەمان ناردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیـران، ئـەو نووسـراوەشمان لایـە كـە ناردوومانـە بـۆ ئەنجومـەنی وەزیـران، بـەڵام كەهاتە ئەنجومەنی وەزیـران، لـەوێ زیـاتر لـە سـێ كۆبوونـەوەی لەسـەر كـرد، دوودڵ بـوون لـەوەی كـە ئایـا بینێرن یان نەینێرن، ئەو حكومەتەی ئێستا كە حكومەتی تەسریف ئەعماڵە چۆنە لەو بابەتانـە مەسـئولی یاسایی لیژنەی یاسایی لەپەرلەمان تەسریحی داوە وتی ئـەم حكومەتـە ناتوانێـت ئـەم میزانیـە بنێرێـت بـۆ پەرلەمان، چونكە ئەم حكومەتە، حكومەتی تەسریفی، ئەعماڵە؟، میزانیەكەیان هێشتەوەو حكومـەتی تـازە تەشكیل بوو، یەكەم ئیشی ئەوە بوو كەمیزانیە جارێكی تر كەوتە دەستی حكومەتی تازە، كابینەی شەش و حەوت هەردوو كابینەكە زیاد لە سێ كۆبوونـەوە یـان چـوار كۆبوونـەوەیان كـردووە لەسـەر بودجـە، ئینجا ناردوویانە بۆ پەرلەمان، باس لەمەسەلەی حساباتی خیتامی دەكرێت، كە دواكەوتووەو نەنێردراوە، ئێمە لە ساڵی $2009$ حساباتی خیتامیمان ناردووە لەپەرلەمان مصادەقە كراوە، لەساڵی $2010$ ناردوومانە تا ئێستا

لەپەرلەمان بووە ئێمە پێشنیارمان كردووە بۆ پەرلەمانی بەرێز كە ئەوە دەبێت تـەدقیق بكرێت، پێشمان باشە تەدقیق بكرێت، ئیتر ئەوە پەیوەندی بەپەرلەمانەوە هەیە، تا ئێستا ئێمەش بانگ نەكراوین تا بزانین ئەو حساباتە بەكوێ گەشتووە، بەنیسبەت حساباتی خیتامی ئێستاشـەوە بـەپێی یاساكە دەبێت لـەمانگی 4 تەواو بێت وبێتە پەرلەمان، فیعلەن لەوەزارەتەكان ئێستا خەریكین لای ئێمە خەریكی تەوحیدین، خەریكە كۆتایی دێت و دەگاتە دەستی پەرلەمان، ئەوە بەڕای ئێمە وەكو ئـەو دەسـەلآتانەی كـەدراوە بەئێمـە بـەپێی یاسای ئیدارەی مالی تەجاوزێكی ئاوامان نەكردووە لەسـەر نـەناردنی، مـن پـێم سـەیرە ئایـا ئێمـە حساباتی خیتـامی یـان میزانیـە كەدوابخـەین یـان نـەینێرین چ ئیسـتیفادەیەكی لـێ دەكـەین، یـان بـۆ حكومـەت چـی تێدایە، چی لەمەسەلەكە دەگۆڕێت، بەعەكسەوە هەندێ شت هەیە ڕەنگە ئالۆزتر بێت، بەنیسـبەت ئێمـەوە ئەو فەترەیە هەندێ سەرفیات هەیە كۆببێتەوە لەفەترەیەكی دیاریكراودا كرابێت، هەرچەند ئێمـە دەسـتی وەزارەتەكانیشمان والآ كردووە، ئەوانەی بەتایبەتی پێویستیان بەوە هەیە لە یـەك تەقسـیم 12 حكومـەتی عێراقی لەسەری بڕیاری داوە، حكومەتی عێراقی ئیقراری كردووە لەوێ سالآنە بـەو شـێوەیە دەبێـت، ئێمـە بەعزێك وەزارەتیشمان ئیستیسنا كردووە، ....

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە موقاتەعەی وەلآمەكان مەكەن، لەسەر داوای خۆتان جەنابی وەزیر قسە دەكـات، تكایـە بهێڵن بودجـە بـە ڕێكـو پێكـی بـڕوات، پرسـیارتان كـردووە پرسـیارەكانتان وەلآم دەدرێتـەوە، لێگـەڕێن وەلآمتـان بداتـەوە، فەرموو جەنابی وەزیر بەردەوام بە.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارتان كردووە، ئەم وەلآمانـەش هـی ئـەو پرسـیارانەیە، زیـاد لـە 10 پرسـیار لـەم بابەتـە كـراوە، بۆیـە بەیەكەوە وەلآمی دەدەمەوە، ...

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەگـەر پـەیڕەوی نـاوخۆ پێشـێل بكـەن ئـەوە ئیجرائاتتـان بەرامبـەر دەكـەین، دەتـوانین ئیجرائـات بكـەین، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باسی هەندێ حسابات دەکەن دەڵێن لەکوێیە؟ لەکوێدا دەرکەووتوە؟، لەکوێدا دیارە؟، ئەم مینحانە چیە کەهەیە؟، فلان وەزارەت دەڵێت ئێمە مینحەمان داوا نەکر دووە لەناو ڕاپۆرتەکەدا هاتووە، لەحساباتدا، لەدانانی موازەنەدا موازەنەی عام هەیە، وە موازانەی هەندێ شوێن هەیە کەتایبەتمەندی خۆیان هەیە، لە عێراقدا وایە، ئەو ئیستیمارەیە ئیستیمارەیەکی عالەمیە، بۆ ئێمە هاتووە ئێمەش وەکو عێراق و هەموو عالەم بەپێی ئەوە ئیش دەکەین، مەسەلە کە دێتە سەر حساباتی شارەوانی دەبینین لەناو ئەو ئیستیمارەیەدا ئێمە دامان ناوە داهاتەکەیمان داناوە؟، سەرفیاتەکەیمان داناوە؟، ئیرادی خۆیان بۆ خۆیانە، لەبەر ئەوە ئێمە ئەو پارەی کە تەنها پێویستە ئەوەیان دەدەینێ مەبلەغی عەجزەکەیان دەدەینێ، ئەگەر سەیری حساباتی مینەح بکەین، مینەح بۆ ئەوە نیە کەوا وەزیرەکە لەبەردەستی خۆیدا سەرفی بکات بەکەیفی خۆی، ئەنواع و ئەشکال لەو حساباتانەی تێدایە، حساباتی بانقەکانی تێدایە، لە ئیعاناتدا بەعزێك حساباتی تێدایە، وەکو ئیعاناتی کشتوکاڵی، لەبەر ئەوە ئەو حسابات وئیعانات ومەسەلەی کاروباری کۆمەڵایەتیە، هی بەردەستی وەزیرەکان نیە، حساباتی وەزارەتەکانە، تکام وایە بگەڕێنەوە سەر جەدوەلەکە، بۆتانمان ناردووە زۆر بەباشی ئەگەر جەنابتان سەرنجی بدەن، باس لەوە دەکرێت هەمیشە دەڵێن داهاتەکە کەمە؟، ئێمە هەمووجارێك وتوومانە ئەوەی کەبیەوێت تەئکید بکات داهات لە ئەخیردا لە حساباتی خیتامیدا لەسەر ئەوە وەزارەتی مالیە موحاسەبە بکرێت، ئەمە تەقدیراتە، مەسەلەن ئێمە پار لەسەر تەقدیرات چیمان بەسەر هات، پار لەداهاتی ئێمەدا کەدامان ناوە، 305 ملیار بە 400 ملیارمان داناوە هی مەنافیزی حدوودی، کە مەفروز بووە، ئەوان بۆمان بگێڕنەوە، بەڵام نەیانگێڕایەوە، هەروەها پارەی پترۆ دۆلاریش 350 کە نەیانگێڕایەوە ئەوە بووە ئیراد لەسەر ئێمە موقابیل سەرفمان کرد، ئێستا بەعەجز دەردەکەوێت، لەبەر ئەوە ئێمە ئەمساڵ دەبینن لەداهاتەکەی کەهاتووە، ئەوەی مەنافیزی حدوودیمان لێ لاداوە، چونکە بۆ ئێمە نیە، ئەوان خۆیان لیژنەیان هەیە، ڕەقابەی مالی ئەوان، لەگەڵ ڕەقابەی مالی ئێمە، ئێستا ئەمریان دەرکردووە تەدقیقی داهاتەکانی مەنافیزی حدوودی وگومرگەکان بکەن، چونکە بۆ ئەوانە، ئێمە ئەوەی ئەمساڵیش دامان ناوە هەموو داهاتی ئەو شوێنانەی کەئەوان لێیان ونە بەنیسبەتی عامەوە، وەلەو جەدوەلێکیشمان کردووە، دەتوانن لەناو مینەح وئەوانەدا ببیننەوە، ئەوانی تریش بەعام ئێمە پیشانمان داوە، لەداهاتە گشتیەکانی خۆمان، پرسیار لەسەر سندوقی ئیستیسماری دەکرێت، ئەو سندوقەی کە پارەکە، بەڕاستی ئێمە پار وەکو حکومەت لەگەڵ ئەوەدا نەبووین کە ئەو سندوقە دابندرێت، ئەو سندوقەش لە عێراقدا نیە، یاسای ئیدارەی مالی و یاسای ئسولی موحاسەباتیش دەڵێت کۆتایی پێ دێت بەکۆتایی هاتنی ساڵی دارایی، دوای ئەوە دەبێت جارێکی تر بۆی تەخصیص بکرێتەوە، پەرلەمانی بەڕێز ئەو بڕیارەیدا ئێمە مولزەمین بڕیارەکە جێبەجێ بکەین، بەڵام کەتۆ خۆت عەجزی فیعلیت هەبێت، پارەشت نەبێت، لەکوێ ئەو سندوقە دابنێین، باشە خۆ دەتوانین بێین قەرزێك بکەین و بیخەینە ئەو

سندوقەوە، بڵێین ئەوە پارەی ئیستیسماری لەملاوە عەجزی نەقدیەکە زیاتردەکات، عەجزی نەقدیش ئێستا ئەو عەجزانەی کە هەیە، مەسەلەن ئەڵێن بۆ ئەم عەجزانە هەیە، ئەم عەجزانە بۆ دروست دەبێت، ئێمە هەتاکو ئێستا کە محاوەلات کراوە، بۆ وەرگرتنی پارەی پێشمەرگە کە ساڵانە لەم پەرلەمانە بەڕێزەوە موصادەقە کراوە، مەبالیغەکانی و عەجزەکەش دەستنیشان کراوە، تائێستا ئەو پارانەمان وەرنەگرتووە، مەسەلەن لەساڵی 2009، 574 ملیار بووە ئەمە پارەی پێشمەرگە، لەساڵی 2010 835 ملیار بووە، 2011 564 ملیاربووە، ئەمە عەجزەکان لەساڵی 2011، 244 ملیار بووە، ئەمانە کە ئێستا بە مەبالیغ حسابمان کردووە، لەو وەختەوە تا ئێستا کەوەرمان نەگرتووە لە سنووری 6 تریلیۆن دینار ئێمە پارەمان لەسەر حکومەتی عێراقیە، بەپێی یاسای موازەنە کەهاتووە دەبێت بە ئیتیفاقی سەرۆك وەزیرانی هەردوولاوە سەرف بکرێت هەتا ئێستا هیچ پارەیەکمان وەرنەگرتووە، لەساڵی 2009 خۆتان لەم پەرلەمانەوە مصادەقەی حسابی خیتامیتان کردووە، لەناویدا فروقات هەیە، لەسەر عەجزەکە موصادەقەتان کردووە، بەیەك تریلیۆن و 11 ملیۆن، پارەی مەنافزی حدوودی هەروەکو وتم 705ملیارەکە نەهاتووە، پارەی پترۆ دۆلاریش 350 ملیار ئەویش وەرنەگیراوە، پارەی پێشمەرگە ئەوەشم باس کرد، هەر لەم پەرلەمانەوە بڕیارێکتاندا کە ئێمە موعارز بووین لەسەر ئەوەی کە لە 10٪ ی پارەی تەشغیلیتان هێنایە خوارەوە، ئێمە تەشغیلی چەندەها جار دامانگرتبوو، ئێستا لەپرسیارەکاندا لێمان دەپرسن و تەئکید لەسەر ئەوە دەکەن، بۆچی وەزارەت ئەوەندەی داوا کردووەو تۆ دایناتێیت لەو لاوە پارەکەمان بۆ دراو لە 12٪ کەمکرایەوە، تەوزیع کرا بەسەر هەندێ ئەبوابی تردا، بەڵام ئەوەش سەرفکراو لە 10٪کەش بەشی ئەو وەزارەتانەی نەکرد، ئەو وەزارەتانەش تەجاوز دەکەن، چونکە ئیشوکارەکانیان دەوەستێت، چونکە ئێمە چەندجار خۆمان دامانگرتبوو، ئێمە لەگەڵ ئەوەشدا نەبووین، بەڵام پەرلەمانی بەڕێز سولفەی عەقاری لە 15 ملیۆنەوە کرد بە 20 ملیۆن، هاوسەرگیری وتمان بکرێت بە2 ملیۆن و نیو کەچی ئێوە کردتان بە 5 ملیۆن، چاودێری کۆمەڵایەتیش لە 75 کرا بە 150 هەزار، ئەو پارەی کەدانرا بوو ئەو 200 ملیارە فەرموو ئەوەتا جەدوەلەکانم لەبەردەستدایە هەتا ئێستا لەهەولێرو دهۆك یەك تریلیۆن 315ملیۆنمان سەرفکردووە، لەسلێمانیش 750 ملیارمان سەرفکردووە، ئەمە بەس بۆ قەرزی بانقی کشتوکاڵ وپیشەسازی وخانووبەرەو هەروەها سولفەی هاوسەرگیری، یەعنی ئەگەر بێت و موقارەنە بکەین ئەو فروقاتانە لەکوێن، ئایا کەس ئەتوانێت قەرارەکە بوەستێنێت و نەیدات، ئێمەش نەمانتوانی زیادەکە جێبەجێ نەکەین، پارەی پۆلیس ووەزارەتی پەروەردە، یەعنی بەڕاستی ئەمە یەکێکە لەو ئەسبابانە، کە ئێستا ئەوترێت پارەی پۆلیس هاتووە، پارەی وەزارەتی پەروەردەش هاتووە ئەو پارانەتان پێ دراوە، ئێمە پارەیەکمان بۆهات، بۆ 10 مانگ بۆ وەزارەتی ناوخۆ بۆ پۆلیس و ئاسایش، ئەوە بۆ وەزارەتی پەروەردەش بۆ دوو مانگ هاتبوو، ئەو پارانەی کەهاتبوو، یەکەم: هی ئەوێ تا مانگی 10 بوو، ئەصڵەن چەند هاتووە ئەوەندەشمان خستۆتە

سەری، ئەوەش کەبۆمان هاتووە، ئیعتیباریان کردووە بە سولفەو لێمان دەبڕن لەداهاتوودا، بەنیسبەتی پەروەردەش ئەوەی کەهاتبوو، پارەی 90 هەزار کەس هاتبوو، مونتەسبینی وەزارەتی پەروەردە 160 هەزار کەسن، لێرە لەپەرلەمان تەئکید کرایەوە بانگ کراین، وترا ئەبێت سەرف بکرێت، سەرفمان کرد، وتمان هەر هیچ نەبێت ئەو پارەی کەهاتووە تەقسیمی دەکەین قبوڵ نەکرا، ئێستا ئێمە ئەو پارانە هەمووی بەزیادە دەدەین لەوێ، بەنیسبەت پارەی گازوایل بۆ کارەبا ئێستا ئێمە نەمانتوانیوە ئەو پارەی گازوایل و کارەبایەی کەدانرابوو، ئەویش بە حدوودی 50 هەزار تەجاوزمان کردبوو، زۆرجار بەئێمە دەڵێن بەوەزارەتی مالیە ئەویش هەر لەناو پرسیارەکاندایە، ئایا ئەو پارەی بۆ ئەوانەی کەدامەزراون ئەم چەند مانگە چیتان لێکرد، خۆ ئەمانە لەئەخیری مانگەکاندا دامەزراون، ئەی ئەم هەموو تەجاوزاتە بەچی پڕ دەکرێتەوە، ئەگەر پارەی سندوقی ئیستیسماری نەبێت، ئەگەر پارەی ئەوانە نەبێت بمێنێتەوە، تەبیعی ئێستا وابزانم ئەوە زۆری دەوێت باسی بکەم، ئەمە بەشێکە لەوانەی کەباسی دەکەم، ئەگەر باسی بکەم زۆر زۆر لەوە زیاتر دەبێت و لامەو نووسیویشمە، هەموو بە موستەمسەکەوە هەیە، ئێمە تەجاوزمان نەکردووە ئێمە سەرفمان کردووە قەرارەکانی پەرلەمان هەموویمان جێبەجێ کردووە، قەراراتی ئێرە کە لەپەرلەمان دراوە، ئەوەیە کە من ئێستا پارە لە ئیستیسماری بێنمە ئێرە، بەس من یەك پرسیار دەکەم، وەزیری پلاندانان خۆی لێرەیە، لێرە من ئیعلانی دەکەم، چی سلفەیەك وەستاوە هی پار، چی پار هاتبێت، چ ئەمساڵ هاتبێت، هی ئیستیسماری بێت وئێمە ڕامانگرتبێت و نەماندابێت، ئەوەشمان کردووە، هی پرۆژەکان ئایا ئێمە سولفەیەکمان وەستاندووە، هەموو سولفەکان کە هاتووەتە وەزارەت بۆ سەرف کردن، ئێمە نەمانوەستاندووە، لەبەر ئەوە باس لەوە دەکرێت کەگوایە خوراوە، دیار نیە، ئەوە موحاسبی یاسایی ڕەقابەی مالی دەتوانێت تەدقیقی ئەو شتانە بکات، ڕەقابەی مالی سەر بەپەرلەمان خۆیەتی دەتوانێت هەر وەختێك بینێرێت، ئەتوانێت بێت و تەدقیقی بکات، دێمە سەر وەڵامی پرسیارەکان، بەس ئەگەر مەجالم بدەن، پرسیارێکی تر کە باسی ناوچە دابڕاوەکان زۆر دەکرێت، پرسیارە ئەویش، من دەمەوێت باسی ئەوە بکەم، ئەمە مەلەفێکە پێمە، ئەم مەلەفە هەمووی ئەوەیە، ئەگەر ڕێگام بدەن تکایە، هەموو وەختێك باسی ئەوە دەکرێت، کە ئەم حکومەتە چی کردووە بۆ ناوچە دابڕاوەکان، یەکەم: ئاوەدانکردنەوەی ناحیەی تەکیەی جەباری و ناحیەی شوان و کۆمەڵگای سمایل بەگی، ئەوە هەمووی بەچیمەنتۆ و بە پارە کە یەك ملیار و660 ملیۆن سەرف بووە، کۆی خێزانی سوودمەند 2857 کەس، هاوکاری کردنی 833 خێزانی ئاوارەی شاری سلێمانی ئەوانەی کە هی دەرەوە بوون، لەوێ بوون، هی کەرکوك، ئاوەدانکردنەوەی 101 گوندی دەورووبەری شاری کەرکووك کە 12661خێزان سوودمەند بوون، بە بڕی 5 هەزار دۆلار بۆ هەر خێزانێك، وە 100ماڵی برا مەسیحیەکان بە بڕی 10 هەزار دۆلار بۆ هەر خێزانێك، کۆی گشتی کۆمەك بۆ ئەمانە ئەکاتە 87ملیار و 832 و نیو و 5490 دۆلار دروست کردنی سەنتەری ڕۆشنبیری کەرکووك

بـەبڕی 14 ملیـۆن و200 هـەزار دۆلار، بەڕاسـتی ئەمـە ئـەتوانم بڵێم لـەهیچ دەوڵـەتێکی عەرەبیشـدا ئـەو سەنتەری رۆشنبیرییە نیە، جەنابتان فەرموون برۆن سەیری بکەن، هەموو کەسێك حەزەکەم برۆن سەیری بکـەن پارەکەشـی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان داویـەتی، لـەرێی کۆمەڵـەی فریاکـەوتنی ئـاوارەو پـرۆژەی خزمەتگوزاری بڕی 59ملیار 389ملیۆن سەرف کراوە، پرۆژەکانی رێگاوبان، ڤێرتاوکردن، تێکەڵە رێـژکردن بەبڕی 13 ملیار و394 ملیۆن کراوە، شوێنە ئایینیەکان نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکان بەبڕی 987 ملیۆن، پڕۆژەی ئاو، ئـاوەڕۆ تـانکی ئـاو بـەبڕی 2 ملیـار و673 ملیـۆن، پـرۆژەی تەندروسـتی، بنکـەی تەندروسـتی، نەخۆشخانەی 100 قەرەوێڵەیی بە بـڕی 4000 دۆلار هـەوەها یـەك ملیـار و267 ملیـۆن، پـرۆژەی کارەبـا کڕینی مۆلیدەو ڕاکێشانی هێڵی کارەبا 5 ملیار و684 ملیۆن، پرۆژەکانی پەروەردەو خوێندنی بالآ، بە بـڕی 9 ملیار و39 ملیۆن، پرۆژەی کۆمەڵگای وەرزشی و مەلەوانگەو یاریگا، یانەکان، بە بـڕی 110 هـەزار دۆلار و 17 ملیارو 588 دینار، پرۆژ ەی شاروانی، باخچە، هۆڵی بۆنەکان، ئـەوە بـەبڕی 844 ملیـۆن و 244 دینار، ڕەزامەندی 49 پرۆژەی خزمەتگوزاری لە لیستی ناوچە دابڕاوەکـان بـە بـڕی 9 ملیـار و429 دینـار، هەیە...

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەیارمەتیت کاك شێخ بایز بزانین مامۆستا عومەر نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتە نیزامیەکەم ئەوەیە کە ئێمە دەنگمان بۆ شتێکی دیاریکراو داوە، ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و لیژنەکانی پەرلـەمان وەلأم بداتـەوە، بـەڕێز جـەنابی وەزیـر و ئێمـەش هـەموومان مانـدوو دەبـین بۆیـە بچێتـە سـەر وەلأمەکان وەرەقە بەوەرەقە، ئەو کاتە ئەگاتە ئەو وەلأمە گشتیانەشی کە حـازری کـردوون، لیژنـەی دارایـی دەپرسێت بڕی پترۆ دۆلار چۆن بوو بە 42 ملیار ئەوە بە موحەدەدی جوابمان بداتەوە، ئەپرسێت جیاوازی بودجەی ئیستیسماری و تەشغیلی لەکوێوە هات؟ ئەوەشمان جواب بداتەوە، هۆی زیاد بوونی ڕێـژەی سـوودە کۆمەڵایەتیەکان، ئەمساڵ چیە؟ ئەوەشمان جواب بداتەوە، ئەپرسێ هـۆی کـەمی ڕێـژەی تەندروسـتی چـیە؟ جوابمان بداتەوە، ناهاوسەنگی پلەکانی دامەزراندن کە لـە 62٪ی دراوە بـە دوو، سێ وەزارەت و بـاقی تـری چیە؟ هۆی زیادی بەخشینی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران چـیە؟ ئـەم پرسـیارانە وەلأم بداتـەوە، ئـەو وەلأمانـەی جەنابیشـی یەکـە یەکـە دەگاتـە سـەری لـە ڕاپۆرتەکـەدا، چـونکە ئێمـە 80 لاپـەڕە ڕاپۆرتمـان نووسیوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو جەنابی وەزیر پرسیارەکان وەڵام بدەرەوە.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەس ئەوەندەم ماوە با تەواوی بکەم، لە خانەقین 94 ملیار دینار ئیشمان کردووە، حەتا ئێستا 18342 فەرمانبەرو مامۆستای هەرێمی کوردستان هەیە لەناوچە دابڕاوەکان، لەوێن و لە هەرێم مووچە وەردەگرن، ئێستا دێمە سەر وەڵامی پرسیارەکان، تەبیعی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، هەرکەسێك ڕاپۆرتەکەی لیژنەی دارایی لەبەدەرستتدا بێت، بۆ ئەوەی بچێتە سەری و وەڵامی دەدرێتەوە، وەڵامی بڕگەی 10 لە بەشی یەکەم، ماددەی 3 لاپەڕە دوو، دوای ئەوەی پرسیار کرا، لەوەزارەتی سامانە سروشتیەکان ڕوونکردنەوەی بەڕێز جەنابی وەزیری سامانە سروشتیەکان، ئەوەیە کە ئەم بڕە پارەیەی کەدانراوە لەلایەن حکومەتی عێراقی فیدڕالەوە، بە بڕی 42 ملیار دینار، بڕەکەی تەواوەو پەیوەندی بە ڕێژەی دانیشتوانەوە نیە، بەڵکو پەیوەندی بە بڕی بەرهەمهێنان و پاڵاوتنەوە هەیە، کە بە فیعلی لەکوردستان بەرهەم دەهێندرێت، بۆیە بڕی 42 ملیار دینار دانراوە، وەڵامی لاپەڕە 6 تێبینی لیژنەی دارایی لەسەر هۆی زیاد بوونی سوودە کۆمەڵایەتیەکان بۆ ساڵی 2012، بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2011 ، 144 ملیار دینار ئەگەڕێتەوە بۆ ئەم چەند خاڵەی خوارەوە:

بڕیاری خەرجکردنی بیمەی بێکاری بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکانی سەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان. زیادبوونی ژمارەی کەمئەندام بووان. زیادکردنی مووچەی چاودێری خێزانی. جێبەجێکردنی یاسای زیندانیە سیاسیەکان ژمارە(11)ی ساڵی 2011.

خەرجکردنی هاوکاری بەردەوام تایبەت بە خانەوادەی شەهید و ئەنفالکراوەکان.

هاوکاری کردنی ئەوانەی شەهید دەبن لەئەنجامی کردەوە تیرۆرستیەکان و هەروەها بریندار بوونیان.

هاوکاری کردنی پێشمەرگەی کەمئەندامی سەنگەر.

هاوکاری کردنی ئاوارەکانی سنووری تورکیا وئێران بە بڕی 100 ملیار دینار، کە تەرخانکراوە بۆیان لەساڵی 2012 بە بەراورد بەساڵی 2011 کە تەنها 10 ملیار دینار بووە.

وەڵامی لاپەڕە 7 تێبینی لیژنەی دارایی لەسەر وەزارەتی تەندروستی: بەر لەوەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە ئاگاداری بەڕێزتان دەکەینەوە، کە ئەم تێبینیە دژە بە تێبینی خاڵی هەشتەم کە لە لاپەڕەی 8دا هاتووە، کە ئاماژە بەوە دەکات میلاکی وەزارەتی تەندروستی یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە بەشێکی زۆری لەمیلاکی حکومەتی هەرێم بەرکەوتووە لەساڵی 2012، لەگەڵ ئەوەشدا تێبینی لاپەڕەی 7 زۆر ڕوون نیە لەلامان

ئایا هەڵسەنگاندنی بەڕێزتان ئەڵێن لە ئاستێکی نزمدایە چی وچی دەگرێتەوە؟، وەڵامی لاپەڕە 8 ڕێژەی لە 62٪ وەزارەتەکانی پەروەردەو تەندروستی وناوخۆ و خوێندنی باڵا زیاتر پێکهاتەی میلاك لە کارمەند و فەرمانبەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو چوار وەزارەتەی سەروەدان لەپێناو پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی خوێنەواری تەندروست، هەستان بە هەڵمەتی بینایاتی باڵەخانەی قوتابخانەکان لە شارو شارۆچکەو گوندەکاندا پێویستی بەدامەزراندنی مامۆستا وکارمەند و فەرمانبەر دەبێت، سێیەم، بەهۆی بەردەوامی هەڵمەتی ئاوەدانکردنەوەی شارو شارۆچکەکان وگوندەکان پێویستیان بە کردنەوەی بنکەی تەندروستی و نەخۆشخانەو بنکەی ئاسایش و پۆلیس هەیە، ئەمانەش پێویستیان بەمیلاك هەیە، بۆیە بۆی دابمەزرێت لەبواری تەندروستی و ئاسایشی ناوخۆدا، زیاد بوونی ژمارەی زانکۆکان بەکردنەوەی زانکۆ لە هەڵەبجەی شەهید وڕانیەو زاخۆ، وە کردنەوەی پەیمانگا لەشارو چارۆچکەکاندا، هەروەها کردنەوەی بەشی نوێ لەزانکۆ و پەیمانگاکان، ئەمانەش پێویستیان بەمیلاك دەبێت، وەڵامی لاپەڕە 9 تێبینی لیژنەی دارایی لەسەر خەرجیەکانی وەزارەتی شارەوانی و دەستەی وەبەرهێنان، کە لە بەخشین خۆی دەبینێتەوە بەنیسبەت وەزارەتی شارەوانیەکان لەژێر ناونیشانی مینەح مووچەو گشت خەرجیەکانە بودجەی وەگەڕخستن، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ دەلیلی موازەنەی عێراقی فیدڕاڵ، کەکوردستان بەشێکە لێی، بەڵام بەنیسبەت دەستەی وەبەرهێنانەوە دەگەڕێتەوە بۆ جێبەجێکردنی دەقی بڕیاری ژمارە(72) لە 2010/6/7 کە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنانەوە دەرچووە، بۆ دروست کردنی 7 هەزار یەکەی نیشتەجێ بوون لەشارو شارۆچکەکان و4 هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لە گوندەکان، وەڵامی بڕگەی 2 لەتێبینی لیژنەی دارایی لاپەڕە 9 بەم شێوەی خوارەوە:

زیاد بوونی بەخشین لەسەر بودجەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەبڕی 999 ملیۆن دینار بۆ بڕی 13 ملیار و 801 ملیۆن، ئەگەڕێتەوە بۆ بودجەی سەرۆکایەتی شارەوانی عەینکاوە، کەخراوەتە سەر بودجەی ئەنجومەنی وەزیران، کە بەپێی بڕیاری بەڕێزیان شارەوانی عەینکاوە سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، تێبینی 12 لاپەڕەی 10 بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاگاداری بەڕێزتان دەکەینەوە تەبیعی تێچووەکانی تر بەنیسبەت هەر سێ جێگای ئاماژە بۆ کراو، ئەم خەرجیانە دەگرێتەوە، سەرۆکایەتی هەرێم، بڕی 27 ونیو ملیار دینار بۆی دانراوە بۆ مەبەستی بەرەنگار بوونەوەی هەرێم بۆ ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، 120 ملیار تەرخانکراوە بۆ مەبەستی تواناسازی، وەزارەتی دارایی شمولی پارەی حزبەکان وسەندیکاو کۆمەڵەو یانە و سەنتەر، زیاتر لە 200 ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە، هەروەها بۆ بڕی 200 ملیار لە یەدەکدا تەرخانکراوە ئەو پارانە هەمووی لەناو وەزارەتی داراییدایە، بڕی 300 ملیار دینار لەڕسومی باجەکانی گومرگ تەسلیمی عێراقی فیدڕاڵ دەکرێت، داهاتی تر زیاد بووە لەئەنجامی چالاکی لەبواری ئابووری هەرێمی کوردستان لاپەڕە 15، ئەوەی

کەجوابم نەداتەوە لەدواییدا پێم بڵێن جوابتان دەدەمەوە، لاپەڕە 15 پرسیاری یەکەم، بانقە بازرگانیەکان کامانەن کە دەڵێن هۆی پێدانی بڕە بەخشین چەندە؟ تەبیعی یەکەم داهات و مەسروف ئەم بانقانە هەروەکو باسمان کرد لەناو مینەحدایە، میزانیەکەیان لەوێدایە، وەلاّم ئەو بانقانەی کەداهات و خەرجیان هەیە، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری هاووڵاتیان لەڕێگای کردنەوەی حسابی جاری وتەوفیر، پێشکەشکردن تەبیعی بۆ خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان لەڕێگەی کردنەوەی، ئەمە ئیشەکانیانە، دانی حسابی جاری بۆ فەرمانگەکانی حکومەت، دابەشکردنی مووچەی خانەنشین و شەهیدان وئەنفالکراوەکان، فەرمانبەران، وەلاّمی (ب) پێدانی بەخشین بریتیە لەجیاوازی بەپێی داهات و خەرجی، کەواتە عەجزیان دەخرێتە ناو بودجەوە بەشێوەی بەخشین، وەکو وتم ئەم حسابە لەناو بەخشیندایە، لەناو مینەحدایە، گرنگ داهاتەکەی بۆ خۆیەتی، حسابی دەکەین، خەرجیە متەوەقعەکانیش حساب دەکەین، یەك لەیەکی تەرح دەکەین، چەند ئەمێنێتەوە ئەو عەجزە وەزارەتی دارایی عەجزەکەیان دەداتێ، داهات و خەرجیەکانی فرۆکەخانەی سلێمانی وهەولێر، بڕی لە 37 ملیار دینار، بەلاّم خەرجیەکانی 66 ملیار دینارە، ئاراستەی ئەو بەخشینە بۆ داپۆشینی خەرجیەکان، واتە عەجزو کورتهێنان دەچنە ناو بودجەوە، واتە بەرهەمیش بەهەمان شێوە، ئەوەی فڕۆکەخانەکان زۆر باس لەوە دەکرێت ئەڵێن داهاتی فرۆکەخانەکان نەما، خورا، نایدەن، هەمووی لەناو مینەحدا دەستنیشان کراوە، ئەو داهاتانە داهاتەکانیان و خەرجیەکانیان و چەندیش عەجزیان هەبێت وەزارەتی دارایی دەیدات، وەلاّمی پرسیاری 2 ئەم بڕگەیە تەبەروعات و ئیعانات لەناو فەصڵی سوودە کۆمەلاّیەتیەکانە، بەلاّم حسابی ئیعانات پەیوەندی بەم بڕگەیەوە نیە، فەصڵی تایبەتی خۆی هەیە، وجیاوازی هەیە لەناو فۆڕمی ئامادەکردنی بودجەی جیاواز، جیاوازە لەبڕگەی ئیعانات و تەبەڕوعات، شێوازی ئاراستەکردنی ئیعانات و تەبەروعات بۆ گشت وەزارەتەکان بۆ پرسەو هاوکاری ونەخۆشی درێژخایەن لەوەزارەتی تەندروستی و مووچەی زیندانە سیاسیەکان وپێشینەی هاوسەرگیری وخانووبەرەو خانەوادەی شەهیدان تەرخانکراوە، بۆ بەخشینی حزبەکان سەندیکاو کۆمەڵەو یەکێتیەکان، سەنتەرەکان کەتەرخانکراوە بۆ مەبەستی بەرەوپێش بردنی و پاڵپشتی کردنی لە ژینگەی دیموکراسی تەندروست، بۆ زانینی بەڕێزتان مینەح و تەحویلاتی تر لەحسابی تێچووەکانی ترە، یەعنی مصروفات اخری، نەك لەسوودە کۆمەلاّیەتیەکان، چوار: دەستەی وەبەرهێنان تەعویزاتی جیاواز هەیە ئەمەش بەهۆی جێبەجێکردنی یاسای وەبەرهێنان دێتە کایەوە، لاپەڕەی 16 کورت هێنانی بودجەی ئەنجومەنی ئاسایش، بەنیسبەت ئەنجومەنی ئاسایشەوە کەئێستا بۆمان هاتووە داوایان کردووە بودجەکەیان بۆ زیاد بکەین، چونکە ئاسایش یەکی گرتووەتەوە ئەو بودجەیە لەکاتی خۆیدا ئێمە لەسەر ئەساسی یەکلایەنە دامان نابوو کەمکرابوویەوە، ئێستا داوای زیادەکەیان کردووە، ئێمە لەڕێگای ئەنجومەنی وەزیرانەوە بەرزمان کردۆتەوە دیارە هاتووەتەوە بۆ ئێرە بۆ پەرلەمان و پرسیاریان کردووە، بۆ ئەو بابەتەی ئەنجومەنی ئاسایش

کەبابەتێکی هەستیارە، ئەمانیش وەزارەتی دارایی بۆیە ناردوویانە تا لەکوێوە موناقەلەی بۆ بکەین، بەلام ئێمە تەبیعی باسمان کردووە کەچۆن چارەسەر بکرێت، ئەوە هەر دەبێت عەجزەکە زیاد بکرێت بۆ ئەو مەبەستە داوای چارەسەریان کردووە، بەس لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی هاتووە کەچارەسەریان بۆ داناوە، کەچۆن عیلاج دەکرێت، لاپەڕەی 17 وەلامی پرسیاری چوارەم، سەبارەت بەزیاد کردنی پێشینەی خانووبەرە، کە پێشنیار کراوە لە چ بوارێك بۆی دابین بکەین، دەبێت ئێمە بەڕاستی کە هەر زیادەیەك دەکرێت، ئەبێت پێمان بلێن لەکوێ هەلی بگرین، لەکوێ دای بنێین، وەلامی پرسیاری 7 سەبارەت بە بڕگەی أ بودجەی سەرۆکایەتی هەرێم60486 ملیار دینارە نەك 66486ملیار دینار، سەبارەت بە بڕگەی (د) شارەوانی عەینکاوە لەناو بودجەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیراندایە، کە بڕگەی 13801کە، لاپەڕەی 2 خالی 6 وەلامی لیژنەی تەندروستی، وەزارەتەکانی تریش داوا دەکەن، کە مووچە و دەرمالەکانیان بۆ زیاد بکرێت، ئەوەش بارگرانیەك لەسەر بودجە دروست دەکات، لەهەمان کاتدا ناتوانین ئەوەی لەعێراقی فیدڕال پەیڕەو دەکرێت لەهەرێمی کوردستان پەیڕەوی بکرێت، دووجار یەعنی لەوێش بکرێت ولێرەش بکرێت، هەر دەتوانین بڕیارەکانی پەرلەمان جێبەجێ بکەین، کەدەلێت ئێرەش وەکو بەغدای لێ دەکرێت، ئەوەی کەداوا کراوە لەوەزارەتی تەندروستی ئێستاکە هەندێ شت داوا کراوە لەبەغداد نیە، داوا دەکرێت بیدەین ئەوەیە مەسەلەکە، خالی 8 لە ماددەی 4 بڕگەی 1، لەیاسای بودجەی سالی 2012ئاماژەی پێدراوە، خالی 12 ژینگە دەستەیە نەك وەزارەت، ئێمە دەلێین ژینگە دەستەیە، پابەندین بە 17 هەزار پلە کەدانراوە لەڕێگای گواستنەوەی ڕاژە، سوود لەفەرمانگەکانی وەزارەتەکانی تر وەردەگیرێت، ئەگەر پێویستیان پێ بێت لەوەزارەتەکانی ترەوە بۆیان دەگوێزرێتەوە، لاپەڕە 3 خالی 3 لیژنەی کشتوکالی داهاتی ئەمان تەنها بریتیە لە 9 ملیار و796ملیۆن دینار، کە ئەویش بریتیە لەمووچەی فەرمانبەران، ئەمەش ناکرێت بدرێتە خۆیان کاری لەسەر بکەن، تا ئێستا لەپەرلەمانەوە هیچ بڕیارێك دەرنەچووە، کەهی ئەوانیش بۆ خۆیان بێت وەکو وەزارەتی تەندروستی و شارەوانی و کارەبا، وەلامی 5 پێویستە وەك وەزارەتەکانی تر حسابی بۆ بکرێت، لاپەڕە 4 وەلامی 2 لیژنەی وەرزش ولاوان، بۆ زانیاری بەڕێزتان وەرزش ولاوان وەزارەت نیە، بەلکو بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەزارەتی ڕۆشنبیری یە، دوو میلاك بەڕێژەی دانراو دەتواندرێت لەڕێگای گواستنەوەی ڕاژەوە فەرمانبەرانیان بۆ دابین بکرێت، 3 پێشنیار کراوی خۆیان 400 پلە بووە، لەوەزارەتمان 300 پلە دانراوە، یەعنی ئەمە دیارە ئەوان داوای 400 پلەیان کردووە، ئێمە 300 پلەمان بۆ داناون، بەو شێوەیە توانیومانە تەوزیعی میلاکات بکەین، لاپەڕە 6 بڕگەی(ب) وەلامی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە، خەرجکردنی دەرمالەی ژن ومندال، بەپێی یاسای ژمارە(22)ی سالی 2008 ڕێکخراوە، بڕگەی (ت) ئەم داواکارییە ناکرێت، چونکە بەپێی یاسایەك ڕێکخراوە، بڕگەی (ج) سەبارەت بە دابین کردنی بودجە بۆ هەلدانەوەی گۆڕە بەکۆمەلەکان و دابین کردنی

زەوی بەردەوام کراوەو کاریشی لەسەر دەکرێت، بڕگەی(ح) ئەگەر ئیمکانیاتی بودجە ڕێگا بدات، پێمان باشە، بەڵام سەرچاوەیەك دیاری بکرێت بۆ ئەوەی کەداوا کراوە، بڕگەی(خ)دەتواندرێت لەسندوقی نیشتەجێبوون وکەمدەرامەتەکان سوود وەربگیرێت، خاڵی 6 بەپێی یاسای شەهیدان وئەنفالکراوەکان ژمارە(9)ی ساڵی 2007 دیاریکراوە، خاڵی 7 تاوەکو ئێستا هیچ بودجەیەك لەلایەن حکومەتی عێراقی فیدڕالەوە بۆ پێشمەرگە تەرخان نەکراوە، ئایا ئەگەر بودجەیەك کەم نەکرێتەوە وەك وەزارەتەکانی تر ئەو بارگرانیە لەکوێ چارەسەر دەکرێت لەکاتێکدا چەند ساڵە هیچ پارەیەك بەناوی بودجە بۆ وەزارەتی ناوبراو وەرنەگیراوە، خاڵی 8 لەبەر ئەوەی لەدەستووری عێراقی فیدڕاڵ وەزارەتی پێشمەرگە بەشێکە لە سیستمی بەرگری لەعێراق هەندێ کاڵا هەیە، دەبێت لەڕێگای حکومەتی عێراقی فیدڕالەوە دابین بکرێت، لەهەمان کاتدا هیچ بڕە پارەیەك بە مووچەو دەرماڵە لەبودجەی حکومەتی عێراق تەرخان نەکراوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، خاڵی 9 لەسەر بنچینەی ئەو بڕە پارەیە دانراوە کە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە تەرخانکراوە، لەهەمان کات عەجز، کورتهێنان بەبڕی 2 تریلیۆن و488 ملیار و 847ملیۆن دینارە، لاپەڕەی 7 لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن، وەڵام ناکرێت لەفەصڵی مووچە موناقە بکەین بۆ داپۆشینی چالاکیەکانی تر، وەڵامی بڕگەی 5 پێمان باشە، بەڵام بەمەرجێك لەبودجەی تەرخانکراوی پەسەندکراوی وەزارەتی ناوبراو دەرنەچێت، خاڵی 5 مووچەو دەرماڵە بەپێی یاسای ژمارە(22)ی ساڵی 2008 ڕێکخراوە، گەورەترین کێشەی حکومەت داواکردنی دەرماڵەیە کە بارگرانیەکی گەورەی دروست کردووە بەبێ دیراسەکردن داوا دەکرێت، خاڵی 17 پێمان باشە وەزارەتی ڕۆشنبیری بەپێی تایبەتمەندی خۆی لەسەر بنچینەی بڕوانامەکان داوای دامەزراندن بکات، خاڵی 19، ئەوەی کەکاری پێ دەکەین، یاسای ژمارە(27)ی ساڵی 2006ی هەموارکراو کە بەپێی ڕێنمایی دارایی ژمارە 37 لەساڵی 2008 پێی دەرکراوەو جێبەجێ دەکرێت، لیژنەی کاروباری کۆمەڵەی مەدەنی، لاپەڕە 10 سەبارەت بەخاڵەکانی 1و2و3 لەلاپەڕەی 10 و 11 ، 200 ملیار دینار بۆ حزبەکان دانراوە، 78 ملیاریش بۆ کۆمەڵەو سەندیکاکان، 115 بۆ ڕێکخراوەکانی زانستی و وەزارەتی ڕۆشنبیری ولیژنەی پارائۆڵۆمپی ویانەکانی وەرزشی، لاپەڕە 11 لیژنەی ماڤ بەکاربەر، بڕی داهاتی ناوخۆ بڕەکەی زیاترە نەك کەمتر، تەنها وەزیری دارایی بەپێی یاسای ژمارە(25)ی ساڵی 1960 یاسای میلاك بۆی هەیە ڕێکخستنی میلاکی وەزارەتەکان بکات، بەڵام سەبارەت بەخانەنشین کردن لەسەر داواکاری فەرمانبەر خۆی دەبێت، 6 زیادکردنی قەرزی خانووبەرە لەتوانای بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نیە، (ب) پێمان باشە دیراسەت بکرێت لەلایەن هەردوو وەزارەتی پەیوەندیدارەوە، وەزارەتی دارایی و ئابووری و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار، بڕگەی (3) لە هەشتەم لاپەڕە 13 لیژنەی کاروباری پەروەردە، ئەم داواکارییە پێچەوانەی بڕگەی 8 ە لەتێبینیەکانی لیژنەی دارایی بەڕێزتانە، بڕگەی 4 ڕوونکردنەوەی زیاتر پێویستە لەو بارەیەوە، بڕگەی 6 لاپەڕە 14 پێویستی

بەڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە لەهەمان کاتدا ئەو بڕگەیە تەرخانکراوە بۆ سوودە کۆمەڵایەتیەکان خۆی لەخۆیدا کەمە، ئەگەر لەئاستی پێداویستی ئەو وەزارەتەدا بن، بڕگەی 8 بەموناقەلە چارەسەر دەکرێت لەنێوان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پەروەردە، بڕگەی 9 پێمان باشە، بڕگەی 10 ئێمەش پێمان باشە چیتر غوبن نەمێنێت، بڕگەی 12 لەتوانای حکومەتی هەرێمدا نیە، لەهەمان کاتدا ئەم پێشنیارەی بەڕێزتان پێچەوانەیە لەگەڵ ماددەی 7 تێبینی لیژنەی دارایی لەلاپەڕە 7، بڕگەی 13 دامەزراندن لەساڵی 2011 لیژنەی باڵای دامەزراندن لەپارێزگاکان ڕێکخراوە، پاڵپشت بە بڕیارێکی ڕەسمی سەرۆکایەتی ئەنجومەن لەو بارەیەوە، ژمارە 3336 لە2011/3/17 ئێمە دەسەڵاتمان داوە بەزانکۆ و پەیمانگا تازەکان بەپێی نووسراومان ژمارە( 5250)لە 2011/2/22 فەرمانی ڕەسمی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هەیە لەوبارەیەوە، ژمارەکەی(489)2012/1/9، بۆ وەڵامدانەوەی بڕگەی 4 لە 9یەم لاپەڕە 16 لیژنەی ئەوقاف، ئەو زیاد بوونە دەگەڕێتەوە بۆ ئیستیحداس بوونی سێ بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی و کردنەوەی یەکەی سەربەخۆ بۆ پەیمانگا ئیسلامیەکان، بڕگەی 5 کەمتەرخەمی نەکراوە لەو بارەیەوە، 600 پلە دانراوە بۆیان، بڕگەی 6 بەنیسبەت دەوائیری مینەوە چارەسەر کراوە، واتە دەزگای مین دروست بووەو یاسای خۆیان هەیە، لەو بارەیەوە بەڕەسمی پەیوەندییان نەماوە لەگەڵ وەزارەتی دارایی و فەرمانگەکانی ماڵی مرۆڤ و ژینگە هەڵوەشاوەتەوەو پێویست دەکات لەلایەن پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کار بۆ یەکلاکردنەوەیان بکرێت، بڕگەی 7 لاپەڕە 17، نەناردنی بودجە لەکاتی خۆی ئەوەم وەڵام دایەوە، بۆ وەڵامدانەوەی بڕگەی 10 لاپەڕە 18، ئەو بڕە پارانەی کەلەساڵی 2012پەسەند کراوە، 457 ملیار دینارە، بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2011، کە 309 ملیار دنیار بوو، کەواتە بڕی 148ملیار زیاتر پێشنیار کراوە، بەمەبەستی پەسەند کردنی لەلایەن بەڕێزتانەوە، بەنسیبەت خاڵی 8 ئیختیصاصی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بەپێی یاسا، بەنیسبەت خاڵی 9 گونجاوە، بەنیسبەت خاڵی 10 ئەم کێشەیە، بەگواستنەوەی ڕاژە لەوەزارەتەکانی ترەوە جێبەجێ بکرێت، بەنیسبەت خاڵی 11، بارگرانیەك لەسەر بودجە دروست دەکات، خاڵی 11 لاپەڕە 20 بڕگەی 1 داهاتی ئەم وەزارەتە بەڵێ کەمە، چونکە بڕێك داهاتی کەمی دەست دەکەوێت، لەئەنجامی ئەو فحوصاتانەی کە لەلایەن تاقیگەی بیناسازی لە سلێمانی ئەنجام دەدرێت, بەڵام بەڕێوەبەرایەتی تاقیگەی بیناسازی هەولێر ودهۆك سەر بە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانن، بەنیسبەت بڕگەی 7 پێمان باشە، پارەی غەراماتی مرووری دەعم بکرێت، بەپێی یاسای غەراماتی مرووری کە لە 50٪ جائیزە کە بەکار بهێندرێت بۆ سەلاماتی مرووری، بەنیسبەت بڕگەی 14 عائیدی دەستەی وەبەرهێنانە بەنیسبەت بڕگەی 15 بەکۆتایی ساڵ لەگەڵ هەر تەخصیصێکی مالی، ئەگەر کاری لەسەر نەکرا، لەو ساڵەدا تەدویر نابێتەوە بۆ ساڵی ئایندە، پاڵپشت بە یاسای ئسوڵی ژمێریاری گشتی ژمارە(28) ی ساڵی 1940 وە یاسای ئیدارەی مالی

و دەینی گشتی ژمارە(95) ی ساڵی 2004، ڕاپۆرتی خزمەتگوزارییەکان شارەوانی وگواستنەوەو گەیاندن، بڕگەی 1 بڕی داهاتی خەملێنراو کە ئەوتریێت لە ڕاپۆرتەکەدا (450)یە لێرە 478 تە، ئەو 450 یە لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی داراییدا هاتووە، ئەوەیە کە لەسەرەتا ناردوومانە بۆ بەغداد وەکو تەخمینێك، ئەوەی بۆ پەرلەمان هاتووە ئەو وەختە، تەخمینەکە گۆڕاوە، گۆڕاوە ئەو کۆنە، ئێستا گۆڕیومانە بە 478 ، بڕگەی 2 ئەو میلاکەی کەلەلایەن حکومەتی عێراقی فیدڕاڵەوە پەسەند کراوە، 662446 فەرمانبەرە، بەڵام بەپێی ڕاسپاردەی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ژمارەکە گۆڕاوە بۆ 667849 فەرمانبەر، بڕگەی 3 تەواوە ئەمە دەبێت بەرەو زیاد بوون بڕوات نەك کەم بوون، تەنها لەکاتی نەبوونی میراتگردا ژمارەکان کەم دەبێتەوە، دیارە ئەو مەسەلەی تەقاعودیە، بڕگەی 4 تایبەتە بە حساباتی ختامی نەك میزانیەی تەخمینی، بڕگەی 5 پێشتر لەلیژنەی دارایی وەڵام دراوەتەوە، بڕگەی 6 پێمان باشە لابرێت، کار بەیاسای ژمارە (25ی ساڵی 1960ی میلاکات بکرێت کە دەسەڵات دراوە بەوەزارەتی دارایی و ئابووری ئەمەش دووبارەیە، بڕگەی7 ئێمەش پێمان باشە، بەڵام دەکەوێتە سەر شانی فەرمانگەی پەیوەندیدار کە بودجەی ئەوساڵەی پێشکەش دەکات، بەئاگادار بوون لەکارو چالاکیەکانی ساڵانی ئایندە، بڕگەی 9 بۆ ئەو بڕە پارەیەی کە لەبەخشین تەرخانکراوە بە بڕی 378799 ملیار دینار، بۆ ئەو فەرمانگانەی کەداهاتیان هەیە، لە ئەنجامی جیاوازی نێوان داهات وخەرجیەکان لەکورتهێنانی بودجە خۆی دەبینێتەوە، بۆ مووچەو گشت خەرجیەکان بودجەی بەکار خستن، کە ئەوەش بەپێی دەلیلی موازەنەی عێراق پەیڕەو کراوە، ئەمە خۆشم لە پێشەوەش باسم کرد کەباسی مینەح و ئەو شتانە بوو، بڕگەی 10 لاپەڕە 24، ئەو بڕە پارەیەی کە پێشنیار کراوە لەلایەن گشت وەزارەتەکانەوە، بۆیان تەرخان بکرێت، لە فەصڵی مووچە بەڕێژەیەکی زۆر زیاترە لەوەی کە حکومەتی بەغداد بۆمان دەنێرێت، وەڵامی بڕگەی 12، لاپەڕە 25، پێویستیمان بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە، بڕگەی 16، دووبارەیە ئێمەش پێمان باشە کە ئەولەویات بدرێت بەگرێبەستەکان بەپێی پێویستی وەزارەتەکان لەجۆری پسپۆڕیەکانیان، بڕگەی 17، لەلایەن وەزارەتی داراییەوە پارە تەمویلی بانقی خانووبەرە دەکرێت نەك وەزارەتی شارەوانی، وەزیاد کردنی ئەو بڕە پارەیە لەتوانای حکومەتی هەرێمدا نیە، بڕگەی 18 لاپەڕە 26، سیستمی بەڕێکردنی ئەرکە داراییەکان لە وەزارەتی کارەباو فەرمانگەکان، سیستمی ژمێریاری یەکگرتووە، کەقبوڵی ئەوە ناکرێت لێخۆشبوونی هەبێت بەلەبەرامبەری خەرجیەکان بۆیە پێمان باشە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بڕگەی 20، لەیاسای ئسوڵی ژمێریاری گشتی ژمارە(38)ی ساڵی 1940 هاتووە لەهەمان کاتدا میزانیەی هەرێم کە تەمویل دەکرێت لەلایەن حکومەتی عێراقەوە، بە 1 تەقسیم 12 دەبێت، دوو تا سێ جار بۆمان ڕەوانە دەکەن بەمانگانە بەجارێك یان دوو، سێ جار پارەکە ڕەوانە دەکەن، مەسەلەی ئەو 1 تەقسیم 12 یە لە ساڵی 1940 ەوە لە عێراق پەیڕەو دەکرێت و ئاوایە، ئێمەش بەشێکین لەوێ، وەڵامی بڕگەی 21 داهاتی فەرمانگەکانی سەر

بەوەزارەتی شارەوانی دەکاتە 65میلیار 751 ملیۆن دینار، بەڵام داهاتی ناو وەزارەتی شارەوانی دەکاتە 340 ملیۆن دینار، حەز دەکەم ئەوە بزانن جارێ شارەوانیەکان جیاوازە، دیوانی وەزارەتیش جیاوازە، شارەوانیەکان یاسای ژمارە(6) ی خۆیان هەیە، بەڵام دیوانی وەزارەتەکان وەکو هەموو وەزارەتەکانی تر ئاسایی ئیش دەکەن، تەبیعی لەلایەن وەزارەتی داراییەوە کەئەویش بەپێی دەلیلی موازەنەی عێراقی تەصنیف کراوە، وەڵامی برگەی 23،لەبەر ئەوەی وەزارەتی گواستنەوە داخڵی بەرنامەی خوتەم نەکردبوو، وەزارەتمان ناچار بوو لە ختە داخڵی کرد، ئەو گوژمەیەی کەلەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تەرخانکراوە گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیایەکی کۆری ئەنجام دراوە بۆ سەرپەرشتیارو ڕاوێژکاری پرۆژەی ناوبراو، ئەویش لەکاتێکدا خەرج دەکرێت کە پرۆژەکە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، ئێستا پرۆژەکە لە بواری دیزایندایە، وەڵامی برگەی 24، ئەکەوێتە ئەستۆی وەزارەتی پەیوەندیدار کە ڕەچاوی بکات، وەڵامی برگەی 25، پێشنیاری خۆیانە بۆ ساڵی 2012، نەك تەرخانکراوی وەزارەتی دارایی، هەر برپارێك تەرخان بکرێت بۆ وەزارەتی ناوبراو دەچێتە ژێر تبیعی موحاسبی مینەحەوە، ئەویش دەبێت بەپێی برِی عجزی کاتی بێت، وەڵامی برگەی 26، لاپەرە 27، داهاتەکانی نەچووەتە زمنی داهاتی حکومەت، بەڵکو بە برِی عەجز جیاوازی نێوان داهاتەکانیان پارە دەستنیشان کراوە بۆیان، لەژێر تبیعی دەلیلی موحاسبی مینەح، کە ئەویش پاڵپشتە بە موازەنەی عێراق لەو بارەیەوە، وەڵامی برگەی 27، وەڵامەکە لە خاڵی 26 ی سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە، برگەی 13 لاپەرە 29، داواکاری پیشەسازی 295فەرمانبەر بووە کراوە بە 150 فەرمانبەر، لەلایەن وەزارەتمانەوە لەکاتێکدا کە وەزارەتی ناوبراو ژمارەیەکی زۆر فائیزی هەیە، دیارە وەزیری بەڕێز یان هەرکەسێك هاتووە لێرە وتوویەتی ئێمە داوای ئەو میلاکەمان نەکردووە، وەزارەتی دارایی خۆیان کردوویانە، دیارە جوابەکەی ئێمە ئەوەیە کە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین ئەو وەزارەتە فائیزی زۆرە، هەموو مەعامیل ومەصانیع وئەوانەیان وەستاوە، پێویست نەبوو کەداوا بکەن، بەڵام خۆیان داوایان کردووە لەلای ئێمە موسەبەتە کەداوای 295 فەرمانبەریان کردووە، ئێمە کەممان کردۆتەوە بۆ 150، ئێستا هاتوون لەپەرلەمان گوایە وتوویانە داوای 150مان نەکردووە، لەدامودەزگاکان لەشارەکانی هەرێمی کوردستان چونکە وەك ئاشکرایە لای بەڕێزتان ئەم وەزارەتە پێشتر وەزارەتێکی مونتج بووە، بەڵام حاڵی حازر موستەهلیکە، بۆیە ناکرێت ئەم هەموو هەڵئاوسانەیان بۆ بکرێت لەسەر میزانیەو میلاکی حکومەت، ئێمەش ڕەئیمان ئەوەیە کە نەکرێت، بەڵام ئیتر ئەوە دیارە خۆیان داوای ئەوەندەیان کردووە، برگەی (ب) 3 لاپەرە 29، تەئکید لەوەزارەتی ناوبراو دەکرێتەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا چەند ساڵێکە کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە، بەکرێ دراوە، برێك چیمەنتۆی کەم کە ڕۆژانە دەدرێت بە بەڕێوەبەرایەتی فرۆشتنی چیمەنتۆ لە سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی ناوبراو بە نرخێکی زۆر مەدعوم ئەیفرۆشێت بە هاووڵاتیان, ئەم داهاتە ئەبێت لەوەزارەتی پیشەسازی بپرسین بەڕاستی ئێمەش دەزانین کەبەشێك لە چیمەنتۆ دەدرێت بە

مەكتەبێك لە سلێمانی وئەفرۆشرێت، بەس بەشێك چونكە ئێستا خۆی مەعمەلەكە لەلایەكی تـرەوە ئیشی پێ دەكرێت، برگەی (ب) 4 لاپەرە 29، ئەو رێژەیە بەتەنها تایبەت بەكارو چالاكی دیوانی وەزارەتی سامانە سروشتیەكان، بـەلأم بەنیسبەت فەرمانگـەكانی سـەر بـەوەزارەتی نـاوبراو تـەمویلكردنیان لەسـەر ئەساسی بەراوردە لەنێوان خەرجی وداهاتەكانیان كە بڕی داهاتیان كردوویەتیە 1 ملیار و754 ملیۆن و330 هەزار دینار، ئەویش بەرامبەر بەوخەرجیانەی كە لەلایانـە، 4 لاپـەڕەی 29، داواكاری خۆیـان 138 كـەس بـووە، تەنها 70 كەسیان بۆپەسەند كراوە، دیارە وەزارەتی سامانە سروشـتیەكانیش بەهـەمان شـێوە هـاتوون لێـرە وتوویانە ئێمە داوامان نـەكردووە ئـەوان دایـان نـاوە، ئـەوەی موسـەبەتە لـەلای ئێمـە، لـەرۆژی موناقەشـەی میزانیە ئەوان داوای 138یان كردووە، ئێمە كردوومانە بە 70 من لێرەوە بۆ تەئكید بۆ ئەو براو خوشكە پەرلەمانتارانـە ئەمـەوێت باسـی ئـەوە بكـەم، یەكـەم: هـەردوو وەزیرەكـە لەهـەردوو كابینەكـەدا بـوون، لەكابینـەی شـەش و حـەوتیش، موناقەشـەی میزانیـەیان كـردووە، میزانیەكـە لەبەردەسـتیاندا بـووە، هەفتەیەك بەر لەوە دراوە پێیان، هەموو جارێك لە موناقەشەكەدا سێ جار وچوارجار دانیشتوون ئـەی بـۆ رۆژێك بەمنیان نەوت ئێمە داوای 70 مان نـەكردووە؟، بـەلأم لێـرە لـە لیژنـەكان وایـان وتـووە، لاپـەڕە 29 برگـەی 4 ئـەو داهاتـە تـەنها تایبـەت بـەدیوانی وەزارەتـی سـامانە سروشـتیەكان، وەلأمـی 30 وەزارەتـی پیشەسازی برگەی (پ) وەزارەتی دارایی بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان بەپێی یاساو رێنماییەكان پـارەی پرۆژەكـان خـەرج دەكـەن، نـازانین مەبەسـت لەكـەم كردنـەوەی رۆتـین چیـە؟ برگـەی چـی؟، بـەپێی رێنمایی دارایی ژمـارە(4)ی سـاڵی 2011 كـە بەنووسـراوی (5201) لـە 2011/5/17 دەرچـووە، كـار بـۆ ئەومەبەسـتە كـراوە، لاپـەڕە 31 لیژنـەی مـافی مـرۆڤ، وەلأم كورتهێنـان سـاڵ بەسـاڵ بەفیعلیـە، هۆیەكەشی دەگەڕێتەوە بـۆ زیـاد بـوونی مووچـەی فەرمانبـەران وهێزەكانی ئاسایش و نـاوخۆ، زیـاد بـوونی مووچـەی خانەنشین ووەزارتی پێشمەرگەو كەمئەندامانی سەنگەر، زیاد بـوونی خەرجیـەكانی وەزارەتـی پێشـمەرگەو فـەرمانی پێكهێنـانی 8 لیـواو، دوو فەرمانـدەی پشـتیوانی بـۆ سـاڵی 2012 كـەهیچ بودجەیـەك لـەعێراقی فیدراڵـەوە بۆیـان سـەرف ناكرێـت، زیـاد بـوونی فەرمانگـەو یەكـەی ژمێریـاری بـەهۆی زیـادبوونی چالاكی لەهەموو بوارەكاندا، بـڕی 120 ملیـار دینـار دانـراوە بـۆ پرۆسـەی تواناسـازی لـە سـەرۆكایەتی ئەنجومـەنی وەزیران، لەماددەی 16 لەیاسای بودجەی ساڵی 2012 دیاریكراوە، كە بەردەوامی پـێ بـدرێت و گوژمـەكان لەبودجـە دیـاری ناكرێـت، بـەڵكو بـەپێی یاسـاو رێنماییـەكان لـەكاتی جێبـەجێكردنی تـەرخانكردنی دیـاری دەكرێت، بەپێی یاسـای بودجـەی سـاڵی 2012 مـاددەی 16، برگـەی 5 دەستنیشـان كـراوە، لەسـاڵی 2011 لەسەر بودجەی وەگەڕخستن دانرابوو، بەلأم لەساڵی 2012 خراوەتە سەر وەزارەتی پلاندانان، لاپـەڕە 32، پەیوەنـدی بـەوەزارەتی شـەهیدانەوە هەیـە، 7 پەیوەنـدی بـەوەزارەتی شـەهیدانەوە هەیـە، 8 پەوەنـدی بەوەزارەتی شـەهیدانەوە هەیـە، 9 بـەپێی نووسـراوی 13740 لـە 2011/7/18 چارەسـەری ئـەم بابەتـە

کراوە ئەو زەویانەی کە 100 مەترە  دووجار تاپۆی هەبێت سوودمەند دەبێت لە پێشینەی خانووبەرە، بەڵام ئەوەی کە 200 مەتر بێت هاوبەشە وهەریەکە 10 ملیۆن دینار وەردەگرن، لەساڵی 2011 دامەزراندن بەپێی سستمێکی دیاریکراو لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەیڕەو کراوە، پەیوەندی بەپەرلەمان و وەزارەتی دادەوە هەیە، بڕگەی 12 ئەم پرسیارە ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ وفەرمانگەی کۆچ وکۆچبەران بکرێت، لەلایەن وەزارەتمانەوە پارەی بۆ تەرخانکراوە لەساڵی 2011، خاڵی 13 لە خاڵی 12 وەڵام دراوەتەوە، خاڵی 14، بەمەرجێك هیچ جۆرە مووچەیەکی تریان نەبێت، بڕیاری پێ دەربکرێت لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە، ڕێنماییەکانی وەزارەتمان ووەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بیانگرێتەوە، لاپەڕە 33، لیژنەی ناوخۆو ئاسایش، لەتێبینیەکانی لیژنەی دارایی هاتووە، وەزارەتی ناوخۆ یەکێکە لەو وەزارەتانەی کەئاماژە کراوە میلاکی زۆرە، بەڵام لەهەمان کاتدا لەم خاڵەدا وتراوە میلاکیان کەم کراوەتەوە میلاکی ئەم وەزارەتەش زۆرە، دوای ئەوەی یاسای ژمارە 18ی ساڵی 2011 جێبەجێ کراوە، مووچەو دەرماڵەکەیان زۆر دەبێت وبارگرانیەك لەسەر بودجە دروست دەکات لەکاتێکدا میلاکی فیعلیان 110126 کەسە، خاڵی 3 پەیوەندی بەوەزارەتی کارەباو ناوخۆوە هەیە، خاڵی 6 میلاکیان زۆرەو بودجە بارگرانی زۆری لەسەر دروست دەبێت لاپەڕە 35، لیژنەی بەرگری لەمافی ئافرەت، لەخاڵی شەش دیاریکراوە، لیژنەی کاروباری یاسایی، خاڵی 11 ناکرێت پەیڕەوی سیستمی دەرماڵە داواکراو لە هەرێم و عێراقی فیدراڵ جێبەجێ بکرێت، وە ناکرێت ئەوەی لەعێراق هەیە لە هەرێمیش جێبەجێی بکەین، 14 هەنگاوی بۆ نراوە بۆ چارەسەرکردنی لەگەڵ ئەنجومەنی شورای هەرێم، 16 ڕوونکردنەوەی پێویست پێشکەش بکرێت، چونکە پرسیارەکە ڕوون نیە؟، 35 و 36 بۆ زانیاریتان پێناسەکردنی سوودە کۆمەڵایەتیەکان شی کردنەوەی لە بڕگەی 5ی لاپەرە 14 و15 لەڕاپۆرتی وەزارەتماندا هاتووە، لە بودجەی ساڵی 2012 ڕوونکردنەوەی لەسەردراوە، ناکرێت تەنها بخرێتە وەزارەتی کارو پرۆژەی وەبەرهێنان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دوو ڕوونکردنەوەمان هەیە، بۆ برادەران ئەندامانی پەرلەمان، بەنیسبەت حسابی خیتامی حەز دەکەم ڕوونکردنەوەیەك بدەم وەك لیژنەی دارایی وئابووری، ئێمە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی کاروباری پەرلەمان ژمارە(1180) لە 2011/9/26، حساباتی خیتامی بەپێی ئەو نووسراوە گەیشتووەتە دەستی لیژنەی دارایی و ئابووری، لیژنەی داراییش ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل وڕێکوپێکی ئامادە کردووە، ڕەوانەی سەرۆکایەتی

پەرلەمانی کردووە، لە بەرواری 2011/12/18، بە نووسراوی ژمارە (266)، لە ئەم ئەخیرەدا دابەشکراوە لەسەر لیژنەکانی پەرلەمان، بەڵام ئێمە وەکو لیژنەی دارایی وئابووری ئەرکەکەمان بەتەواوی ئەدا کردووە، هەڵسەنگاندنمان کردووە بۆ حساباتی خیتامی وتێبینیەکانی خۆمان لەسەرداوە، لە ئەو ڕاپۆرتەدا دیارە کە ئێستا لەهەموو لیژنەکان هەیە، لەسەرۆکایەتیش هەیە، لەهەمان کاتدا، هەتا ڕاپۆرتی شەش مانگی یەکەم لە 2011ش ڕاپۆرتمان لەسەر ئامادە کردووە، کە لە 2012/1/24 ڕەوانەی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردووە، تێبینیەکانمان دیارە زیاد لەوەش هەر لەکاتی خۆیشیدا داوامان کردووە لە ڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کتابمان ڕەوانەی ڕەقابەی مالی کردووە، کە ڕاپۆرت لەسەر حساباتی خیتامی بنووسن، بەڵام ئەوان ئیعتیزاریان کرد وتیان ئێمە میلاکمان تەواو نیە، ئەنجومەنی تەواو نیە ناتوانین ڕاپۆرت بدەین، مولاحەزەی دووەم: بەنیسبەت دامەزراندن ئێمە لەلیژنەی دارایی تەنها ڕوونکردنەوەیەکمان داوە، موعتەرز نین لەسەرئەوەی بۆ ئەم وەزارەتە کەمە و ئەمەی تر زیادە، ئێمە تێبینی لیژنەی دارایی ڕێژەی 62٪ پلەکانی دامەزراندن کە بریتیە لە 10482 پلە تەرخانکراوە بۆ وەزارەتەکانی پەروەردە، تەندروستی ناوخۆ وخوێندنی باڵا بەبەراورد لەگەڵ وەزارەتەکان و دەستەکانی تر، قیمەتی ئەو وەزارەتانە، ئەهەمیەتی ئەو وەزارەتانە دەزانین و وەك لیژنەی دارایی ئەوە بەخاڵێکی ئیجابی دادەنێین، نەك ئەوەی کەگلەییمان لەو تەرخانکردنە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جەلال، فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەندێ تێبینیم هەیە لەسەر پرسیارەکانی جەنابی وەزیر، کە هەندێ شتی جواب نەداوەتەوە، یەکەم: دەربارەی مینەح بۆ وەبەرهێنان کەجواب نەدراوەتەوە، دووەم: لەلاپەڕە 11 تێبینی لیژنەی دارایی سێ دانەیە، ئەوەت جواب نەداوەتەوە، سێیەم: لەلاپەڕە 12 لیژنەی دارایی لە تێبینیەکان خاڵی 1 هەندێ مولاحەزەت پێدا، لەسەر داهاتی خەمڵێنراوەکان، بەڵام لە پرسیارێکی لیژنەی دارایی کەداوای ڕوونکردنەوەمان کردبوو، دەربارەی کەمی ڕێژەی داهاتەکانی وەزارەتی شارەوانیەکان وشێوەی مامەڵەکردنی وەزارەتی دارایی لەگەڵ وەزارەتەکانی تەندروستی وکارەبا، کە ڕێژەیان سفرە لە فۆڕمی خەملاندن، لاپەڕە 14، تێبینی لیژنەی دارایی، خاڵی 1 ژمارەیەك پرۆژەی بەردەوام هەیە، کە تا ئێستا نەچووەتە بواری جێبەجێکردن، ئەوە لای کاك عەلیە، لای وەزارەتی پلاندانان، 2 بەهۆی ئەوەی ژمارەی پرۆژە بەردەوامەکان زۆرن، ڕێژەی لە 86٪ ی کۆی پرۆژەکان پێك دێنن، کە بڕی تەرخانکراو بریتیە لە 72٪ی بودجەی وەبەرهێنان، کە بوەتە هۆی ڕێگری بۆفراوان بوونی ژمارەی پرۆژەکانی پێشنیارکراو بۆ ساڵی

2012، جەنابی وەزیر لەڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری داوای ڕوونکردنەوە کراوە لەسەر خاڵێکی داواکاری لیژنەی کشتوکاڵ وئاودێری کەدەڵێت پێویستی بەڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە، ئێمە کەکۆبوونەوەمان لەگەڵ بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ وبەڕێوەبەرە گشتیەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ کردووە، یەکێ لە کێشەکانیان ئەوە بوو کە زۆربەی مقاوەلاتەکان لە پارێزگای هەولێر کۆمەڵی کردووە، زۆر دوا دەکەوێت، وە داوایان کردبوو واتێدەگەم زۆربەی وەزارەتەکانی تریش ئەو پرۆژانەی کەزۆر فەنیەو فەنیاتی تێدایە، دەسەڵات بدرێتەوە بەوەزارەتەکان کەبیکەن، بەتایبەتی لەهەولێرو شوێنەکانی تر، تا ئەو کێشەیە حەل بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بەشێك لەوەڵامەکان لەلای وەزیری پلاندانانە با بفەرمووێت وەڵامیان بداتەوە، باشە فەرموو کاك حاجی بیلال.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێم وایە ئەوەی کە کاك جلال باسی کرد، تەنها لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی بوو لە لیژنەکانی تریش کۆمەڵێك پرسیار وەڵام نەدراوەتەوە، بەتایبەتی لیژنەکان دەزانن کە چ پرسیارێك وەڵام نەدراوەتەوە، هەندێ پرسیاریش داوای ڕوونکردنەوەی زیاتری کرد جەنابی وەزیر، بۆیە پێم وایە کەڕێگا بەلیژنەکانیش بدرێت کە ئەوەی جوابی پرسیاری خۆی وەرنەگرتووەتەوە پرسیارەکەی بکات، سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیری پلاندانان.

**بەڕێز د.علی سندی(وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەحەقیقەت من بێجگە لەم وەڵامانە هەندێ شتی تر هەیە کە دەیهێڵمەوە بۆ ئەخیر، چونکە پرسیاری تر دێتە پێشەوە، ئێستا تەنها تەرکیز دەکەمە سەر ئەو پرسیارانەی کەلە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری هاتووە، من لێرەدا وەکو مەسئولیەتێك کە لەسەر شانی ئێمەی نوێنەری حکومەتەو هەروەها لەسەرشانی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانیشە، ئەویش ئەوەیە کە لە کەشوهەوایەکی وەکو ئەمڕۆدا کە کوردستان لەدوای 2003 بەشێکە لە عالەم و خەڵکێکی زۆر و قونسوڵیات وکۆمەڵگای دەولی ئیحتیمالە موتابەعەی

کارەکانیشمان بکەن، ئێمە یاسای پەرلەمان و ئەو ڕاپۆرتە کە ئێستا پرسیارەکانی وەڵام دەدەمەوە هەر خۆی لەخۆیدا، لەسەرەتاوە ئاماژە بەوە دەدات کە لەزمنی چ ئیتارێکدا داڕێژراوە، کە ئەویش (G.F.S) کە جەنەراڵ فاینەڵ سیستمە، بەپێی ئەوەش ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی وردەکاری دابەشکردنی بودجە کەئەوان پێشکەشیان کردووە، هەروەها فۆڕمی ئامادەکردنی بودجەی خەمڵێندراو، کە بەپێی سستمی( G.F.S) ئەمانە لەخۆ دەگرێت، بەحەقیقەت بەپێی هەمان سیستم ئەم سێ تەوەرەی کە پرسیار لە من کراوە، پرۆژە بەردەوامەکان و پێشنیار کراوەکان و دواکەوتووەکان لەزمنی ئەم سیستمەدا هەر ئەمانە نایەنە پەرلەمان بۆ گفتوگۆ کردن، بەداخەوە ئەمە چەند ساڵێکە ئەمە وا دەبێتە عورفێك، ئەمەش هەر خودی موخالەفەی سیستمەکە دەبێت، هەرچەندە تەبیعی هەتا کۆتایی جەلساتی پەرلەمانیش من ئامادەم وەڵامی هەموو پرسیارێك بدەمەوە، بەهەر تەفصیلێك کە هەبێت، بەڵام پێشنیاری ئەوە دەکەم کە بۆ ئایندە موڕاجەعەیەکی ئەم بابەتە بکرێت، چونکە ئێمە واخەریکە لەئیتاری یاسایی خودی یاسای موازەنە کە هەتا لە پەیڕەو وپرۆگرامی خودی ئەم پەرلەمانە بەرێزە لە ساڵی 1992 هەموارکراو لە فەصڵی 9 لەماددەکانی (79و 80ە و81 وهەتا 89) موعەڕەفە، ئەو شتانەی کەباس دەکرێن لەئەسنائی موناقەشەکە ئەویش موعەرەفە، بۆ ساڵانی ئایندە پێشنیار دەکەم، کە پێداچوونەوەیەك بکرێت، سەبارەت بە پرسیارەکان، من دەتوانم لاپەڕەی ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێ بدەم ، لەگەڵ خاڵەکە، وەڵامەکە بخوێنمەوە، وە دەشتوانم خودی تێبینیەکە بخوێنمەوەو وەڵامەکەی بدەمەوە، جەنابتان چۆن ئەمر دەکەن.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرەتا تێبینیەکە بخوێنەرەوە پاشان وەڵامی بدەرەوە، فەرموو.

**بەڕێز د. علی سندی(وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامی پرسیارانەی کە پەیوەندی بە بودجەی وەبەرهێنانەوە هەیە، بەهەر سێ بەشەکەیەوە، یەکەم: لەلاپەڕە 5 خاڵی 3 پرسیارەکە ئەوەیە، کە بڕی بودجەی وەگەڕخستن بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2011، بەڕێژەی 14٪ زیادی کردووە، بەڵام بودجەی وەبەرهێنان بەڕێژەی 4,4٪ کەمی کردووە، واتە نەتوانراوە ئەو هاوسەنگیە لە بەرژەوەندی بودجەی وەبەرهێنان بێت، بەبەراورد لەگەڵ ساڵی پار، ئەو ڕێژەیە تا ئێستا لەچوارچێوەی 70٪ بۆ وەگەڕخستن و لە 30٪ بۆ وەبەرهێنان چەقی بەستووە، پرسیارەکە بەو شێوەیە، وەڵامەکە ئەوەیە بەڵێ ئەوە ڕاستە، بەڵام ئەوەی کە مەعلومە ئەولەویەت بۆ بودجەی تەشغیلیە، ئەو لەویەت بۆ مەعاشە بۆ تقاعدیە و بۆ ئەو شتانەن کە حکومەت کاروباری ڕۆژانەی پێوە دەبات، لەبەرئەوە یەکەمین ئەساس بۆ پرۆژە دانان و بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان ئەوەیە کە بودجەی تەشغیلی ئیحتیاجاتی خۆی ببات ئەوەی کە دەمێنێتەوە بۆ بودجەی وەبەرهێنان تەخسیس دەکرێت، دیاریشە کە پار

بەهۆی کۆمەڵێك زیاد کردنی موخەسەسات و مووچە و دەرماڵە و ئەوانەوە کە هەندێکی تەنانەت لە بەغداش وجودی نیە، بودجەی تەشغیلی زیاد بووە، لەبەرئەوە ئەم ساڵ 4,4٪ کەمتر تەنانەت لە موخەتەتەکەش بۆ بودجەی وەبەرهێنان دانراوە، پرسیاری دووەم لە لاپەڕە 13 ئەگەر جەنابتان تەماشا بکەن، خاڵی 17 پرسیارەکە ئەوەیە دەربارەی بودجەی وەبەرهێنان یەکەم شت لیستی پڕۆژەکان بە پێی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و بە هاوکاری هەردوو وەزارەتی دارایی و پلاندانان ئەمادە کراوە بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ ساڵی 2012 بڕی پێویست بۆ پرۆژە بەردەوامەکان و پێشنیار کراوەکان پێکەوە 3,679 ترلیۆنە، یەعنی 3,6 ترلۆین دینار، بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان وپترۆ دۆلار 821 ملیار دینارە، کۆی گشتی هەردووکیان 4,5 تۆلیۆن دینارە، شێوەی دابەش کردنی بودجە بەسەر پرۆژەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە، بودجەی پرۆژە بەردەوامەکان بۆساڵی 2012 3و2 ترلیۆن دینارە بودجەی پرۆژە پێشنیار کراوەکان 402 ملیار دینارە، بودجەی پرۆژە دواکەوتووەکان 30 ملیار دینارە، بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان 821 ملیار دینارە، کۆی گشتی 4,5 (چوار و نیو ترلیۆنە)، ژمارەی پرۆژەکانیش بەم شێوەی خوارەوەیە، پرۆژە بەردەوامەکان 3167 پرۆژەیە، ژمارەی پرۆژە پێشنیار کراوەکانیش بۆ ساڵی 2012 ی 495 پرۆژەیە، ژمارەی پرۆژە دواکەوتووەکانیش 34 پرۆژەیە، تێبینی لیژنەی دارایی ، تەبیعی کۆی گشتی هەر سێ فەقەرەی کە خوێندمەوە 3696 پرۆژەیە، تێبینی لیژنەی دارایی ئەوەیە کە، یەکەم/ ژماریەك پرۆژەی بەردەوام هەیە کە تاوەکو ئێستا نەچووەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، پرسیاری لیژنەی دارایی بۆ بەڕێز بەڕێوبەری حکومەت داوای ڕوونکردنەوە دەکەین، ئەمە پرسیاری لیژنەی داراییە، بەهۆی ژمارەی پرۆژە بەردەوامەکان، یان با وەڵامی پرسیاری ئەمەی یەکەم بدەمەوە، وابزانم واباشترە، سوئالەکە ئەوەیە و وابزانم پێشووتریش ئەمە ئاماژەی پێدراوە لە چەندین موناسەبات و تەنانەت لە هۆڵی پەرلەمانیش کە 1654 پرۆژە هەیە لە لیستی پرۆژە بەردەوامەکان کە خۆیان 3162 کە دەست بەکارنەبوون هی ساڵانی ڕابردوون، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، حەقیقەتێك هەیە کە ئەم لیستەی کە ئێستا لەبەردەستی بەڕێزتانە بۆ گفتوگۆ لەسەر کردن ئەم لیستە بە هەموو تەفسیڵەکانیەوە مەوقفی پرۆژەکانە و هی 2011/12/31 یە، ئێمە ئەم تەوزیحەشمان لە زۆر موناسەبات داوە، سەبەبەکەشی ئەوەیە کە دەبێت ئەم دواکەوتنەی موناقەشە کردنی بودجەی هەرێمی کوردستانە کە هەموو ساڵێك بووەتە زاهیرەیەك ئەسبابەکانیشی مەعلومن و بەعزێکیان هاوکارم بەڕێز وەزیری دارایی ئاماژەی پێدا و پێویستە چارەسەر بکرێت، ئەمە تەنها ئەرکی حکومەت نیە، بەڵکو ئەرکی پەرلەمانی بەڕێزیشە، ئێمە وابەستەی پەسەند کردنی بودجەین لە بەغدا ئەو کەسەی کە بڵێت ڕەبتێك نیە دەتوانین تەوزیحی ئەوە بدەین، بەڵام ئەو بابەتە با بۆ وەختی خۆی بێت، ئەم مەوقفەی کە هەیە مەوقفی نیهایەتی ساڵە، مەوقفی ئێستا ئەمڕو کە من قسە دەکەم یان هی پێشی چەند ڕۆژەك لە کۆی 3162 پرۆژە نزیکەی

350 پرۆژە دەست بەکارنەبوونە ئەوانەی تر هەر هەموویان دەست بەکاربوونە، من ئەمە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن دەیڵێم مەسئولم لە قسەکان، هەر تەفسیلێکیش پێویست بێت پێشکەشی بەڕێزتانی دەکەم، دووەم/ بە هۆی ئەوەی ژمارەی پرۆژە بەردەوامەکان زۆرن ڕێژەی 86٪ی کۆی پرۆژەکان پێك دێنن، کە بڕی تەرخان کراو بۆیان بریتیە 72٪ بودجەی وەبەرهێنان کە بووەتە هۆی ڕێگر بۆ فراوان کردنی ژمارەی پرۆژەکانی پێشنیار کراو بۆ ساڵی 2012، ئەویش ڕاستە یەعنی موعادەلەیەکی زۆر ئاسانە ئێمە ژماریەکی زۆر پرۆژەمان هەیە بەناوی پرۆژەی بەردەوام کە زۆربەی هەرە زۆری ئەگەر بڵێم هەرهەمووی یان بڵێم 95٪ ی پار ساڵ لەم هۆڵی پەرلەمانە پەسەند کراون، داخلی میزانیە بوون، سەڵاحیەتی ئێمە نیە، ئیللا مەگەر ئەگەرێکی فەنی یان ئەگەرێکی قانونی هەبێت بۆ لادانی یان لەسەر داخوازی خودی وەزارەتەکە بێت بە ئەسبابێکی با بڵێین سەبەبێکی کە پەسەند بکرێت، ئەگەر نا ئەو پرۆژە بەردەوامانەی کە باسیان دەکەین پەسەند کراون، ئێستا لە زمنی کاری حکومەتن، بەعزێکیان 90٪ی تەنفیز بووە و بەعزێکیان 5٪ ی تەنفیز بووە، بەهەر شێوەیەك بن، ئەمەش حەتمەن بۆ ئەمساڵ دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئێمە کەمتر بتوانین پرۆژەی نوێ داخڵ بکەین و هەم لەبەر ئەگەری کاتەکە و هەم لەبەرئەگەری کاری حکومەت قورس دەبێت بۆ ساڵانی ئایندە، دەبێت لەو خاڵە دەقیق بین و بتوانینبە بەرنامەیەکی ڕێك و پێك بەرەو ئاییندە بچین، خاڵی سێیەم/ لیژنەی دارایی و ئابووری کە پرسیار لە ئێمە دەکات داوا لە بەڕێز نوێنەری حکومەت دەکات بۆ ڕوونکردنەوەی، هۆی دواکەوتنی جێ بەجێ کردنی پرۆژە دواکەوتووەکان چیە؟ تەبیعی هۆ زۆرە، هۆیەکانیش ئێمە لێرە ئەگەر لەسەر هۆیەکان تەبعەن هەر یەکەو یەعنی بۆ ئەوەی تەسەور نەکەن کە ئەمە بەس وەرەقەیەکی ئەوەیە، ئەمە هۆیەکانە، ئەگەر کامێرا بتوانێ سەیری بکات، لێرە بۆ هەر مەشروعێك هۆیەکەی نووسراوە، بۆ نموونە دەتوانم ئەوتان بۆ بخوێنمەوە دواییش ئەم لیستەیە هی هەر 34 پرۆژەکە پێشکەشی دەکەم بە بەڕێز سکرتێری ئەنجومەن یان لیژنەی دارایی و ئابووری دەتوانن چاپی بکەن و کۆپی بکەن دوای سەعاتێکی تر دابەشی بکەنە سەر ئەندام پەرلەمانەکان، بۆ نموونە با من یەك پرۆژە وەکو میسال هەر بخوێنمەوە، دروست کردنی 500 خانوو لە تابین، تەبیعی تەفاسیلی پرۆژەکە یەعنی هەر بۆ ئەوەی بەڕێزتان ئاگادار بن کە ئێمە موتابەعەی دەکەین و ئەگەر ئەسبابی خۆی هەبێ، ئەسبابی خۆی هەیە، لێ سەندنەوەی کاری تێکراوە لە بەرواری 2009/2/19 دواتر هەڵوەشاوەتەوە، جارێکی تر لە 2009/11/1 دەست بەکاربووەتەوە، داوای ڕەزامەندی زیادبوونی نرخی کراوە لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕەزامەندی نەداوە، بۆیە جارێکی تر کار لە پرۆژەکە وەستاوە و ئەم وەستانە تا ئێستاش بەردەوامە، لە 2011/9/25 بە نووسراوی ژمارە 23 /70 سەرۆکایەتی ئەنجومەن داوای لە چاودێری دارایی کردووە کە وردبینی و لێکۆڵینەوە لە پرۆژەکە بکات، بەهەر حاڵ ئەمە تەسەلسولێکی هەیە، ئێمە هەم لەبەر مەسئولیەتی قانونی و هەم

لەبەرئەوەی کە پرۆژەکان کە لێمان داوا دەکرێت بیهێنین ئێمە بە شەفافانە و بە هەموو مەعلوماتەکان پێشکەش دەکەین، ئیتر ئەمانەلە کۆی 3162 پرۆژەی بەردەواکە کە 34 پرۆژە کێشەی هەبێت وابزانم ئەمە بەعکسەوە ئەگەر من بێم بڵێم 3162 پرۆژەمان هەیە بەردەوام و هیچ یەکێکیان کێشە لەسەری نیە مەفروزە وابزانم پەرلەمان ئەو وەختە گلەیی لە ئێمە بکات بڵێیت مومکین نیە، بێجگە لەوەش دیسانەوە مەعلوماتی پرۆژە کە دیسانەوە تێبینی لەسەری دراوە هی پرۆژە دواکەوتووەکان مەوقفی 2012/12/31 یە، ئێستا مەوقفی ئەمڕۆ چوار پرۆژەی تریش لەمانە تەواو بوون، یەعنی شەتب کراون، چونکە هەم ئیلتزاماتی مالی هەیە و هەم ئیلتزاماتی فەنی هەیە، تاوەکو غەلق نەکرێت ساڵی ئایندەش چەند دانە لەمانە مابن ئەگەر ئێمە بێینە ئەم هۆڵە بۆ موناقەشە کردنی میزانیە دیسان دەیان هێنمەوە ئەگەر مابن، ئێتسا مەوقفەکە ئەوەیە 30 پرۆژە ماوە، کاریش لەسەر ئەوە دەکەین کە هەتا کۆتایی ساڵ بەڵێنتان پێ دەدەین محاوەلە بکەین گەورەترین عەدەد لەمانە کۆتاییان پێ بێت، بەڵام مومکینە کە ئەمانە کۆتاییان پێ هات چەند پرۆژەیەکی تر کێشەیان تێ بکەوێ، کە ئەمەش دیسانەوە شتێکی تەبیعیە، لە کۆی گشتی 30 پرۆژە لە 3162 پرۆژە وابزانم حەجمەکەی خۆی لە خۆیدا دیارە، ببورن هەر لەسەر خاڵی پێشوو تر ئەگەر بەڕێزتان لەبیرتان بێت وابزانم لە پرۆتۆکۆڵی پەرلەمانیش تەسجیل کراوە، پرۆژە دوا کەوتووەکانی ساڵی ڕابردوو کە ئێمە لێرە قسەمان دەکرد بۆ پرۆژە یاسای بودجەی 2011 کە 68 پرۆژە بوون کە ئێستا ئەمساڵ بوونەتە 34، پرسیارێکی تر لە بەشی دووەم دایە، ئەویش لە تێبینی و پێشنیاری لیژنە تایبەتمەندەکان لاپەڕە 1 خاڵی 5 سوئالەکە ئەوەیە کە دوو نەخۆشخانەی کۆن هەیە لەشاری هەولێر کە نەشیاوەو پێویستە دوو نەخۆشخانەی تر لە شوێنی ئەوان دروست بکرێت، لیژنەی دارایی و ئابووری نووسیویەتی کە پەسەند نیە، من نازانم ئایا پێویست دەکات وەڵامی بدەمەوە یان نا؟ ئەگەر تەوزیحێکی ئەمە بدەم لە شاری هەولێر لە دوو شوێن دوو خەستەخانەی ڕەئیسی هەیە کە خەستەخانەی کۆنن، بەرنامەی ئەوە هەیە کە خەستەخانەی نوێ دروست بکرێت، بەڵام شەرت نیە لە هەمان شوێن بێت، یانیش ئاماژە بدرێت مومکینە بەرنامەیەکی تر هەبێت بۆ ئەو شوێنە و مومکینە تەعمیر هەبێت، بەعزێك تەوەسوعات هەبێ لەوێ، بەڵام بەرنامەی دروست کردنی خەستەخانەی تازە هەیە، لاپەڕە 2 ژمارە 7 لە هەمان ڕاپۆرتی لیژنە تایبەتمەندەکان، دەڵێ هەندێ لە پرۆژە بەردەوامەکان تەواو بوون، بەڵام دووبارە بوونەتەوە، پەسەندە ئەگەر وابێت نوێنەری حکومەت وەڵام بداتەوە، بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی دارایی و ئابووری و بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان، من ئەمە بە حەقیقەت لەلام وازح نەبوو، چونکە ئەمە دوێنێ ئەم تەقریرەمان بە دەست گەیشت دەڵێ هەندێك لە پرۆژە بەردەوامەکان تەواو بوون بەڵام دووبارە بوونەتەوە و بێ ئەوەی کە لیستی پرۆژەکانمان بداتێ، ئەو مەعلوماتەی کەمن هەمە کە شتی وانیە، ئەگەر شتێکی واهەبێ ئێمە حازرین بەدواداچوونی بۆ بکەین، بەڵام لەبەرئەوەی کە لێرە ئاماژە بەناوی هیچ

پرۆژەیەك نەدراوە هیچ لیستەیەكیش ئاماژەی پێ نەكراوە وەكو پاشكۆ من ناتوانم وەڵامی بدەمەوە، لاپەڕە 4 ......... .

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو لیژنەیەی كە ئەو پرسیارەی كردووە و كە دوایی دەتوانن لە كاتی پرسیار كردن لە وەزیرە بەڕێزەكان بیكەنە پرسیار بڵێن فلان پرۆژە و فلان تەواو بووە و ئێوە دووبارەتان كردووەتەوە، لە كاتی پرسیارەكان دەتوانن پرسیاری لێ بكەنەوە، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز علی سندی (وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لاپەڕە 4 لە ڕاپۆرتی لیژنەی وەرزش و لاوان بە نووسراویان ژمارە 4 لە 2012/5/23 خاڵی سێیەم/ پێشنیار دەكەن بە دروست كردنی شاری وەرزشی كە تەنها دیزاین بێت بۆ ساڵی 2012 لە داهاتی نەوت یان پارەی نەوت بكرێت بە پێشنیار بۆ حكومەت ئێمە زۆرمان پێ باشە ئەگەر مومكین بێت، چوارەم/ پێشنیار بۆ دروست كردنی بنكەی لاوان لە قەزای چۆمان بۆ ساڵی 2011 پێشنیار بووە، بەڵام ئەم پرۆژەیە بوونی نی یە و بوونی نەماوە لە پلانی ساڵی 2012؟ لەسەر ئەساسی ئەوەی كە لە ساڵی 2011 بنكەیەك هەبووە بۆ قەزای چۆمان بنكەیەكی لاوان و لەپلانی ساڵی 2012 دا ئێستا وجودی نیە، پەسەندە وەڵام بدرێتەوە لەلایەن بەڕێز نوێنەری حكومەت، بەڕێزان ئەوە ڕاستە، بەڵام كە لادراوە و موناقەلە كراوە بۆ پرۆژەیەكی تر لەسەر پێشنیاری وەزارەتی وەرزش و لاوان بووە، ئەم دۆكیۆمێنتەش هەر ئێستا پێویست ناكات وابزانم عەرز بكرێت، پێشكەشی دەكەم بە لیژنەی دارایی و ئابووری، ئەمەیە هۆی گواستنەوەی یان با بڵێین هۆی دیار نەمانی ئەو پرۆژەیە، تەحویل بووە لە ئاماژە بە بڕگەی 15 لە پلانی ساڵی 2011 ئەمە لە وەزارەتی ڕۆشنبیریەوە بۆ وەزارەتی ئێمە هاتووە، داوایان كردووە كە چوار ناوەندی وەرزش و لاوان ئەمانە تكایە ڕەزامەندی بفەرموون بەلابردنی ئەو پرۆژەیە و دابەش كردنی گوژمەكە لەسەر سێ ناوەندی تر حەتمەن ئەگەری خۆیان هەیە ئەوانیش، سەبەبی ئەگەرەكەش بەعزێك جار ئەگەرەكە فەنیە و لە شوێنێكی موعەیەن و تایبەتی لەو وەزارەتانەی كە وەزارەت ئیش و كاریان موتەخەسس نین لە مەسائیلی بینادا، كێشە دێتە ڕێ، مەسەلەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان مومكینە ئەو ئیمكانیاتە فەنی و هەندەسیەی نەبێت لە بەعزێك پرۆژەدا بەتایبەتی كەلە دەرەوەی شارە و لە شوێنێكە ئەم كێشەیە هەیە و ئێمە بە بەردەوام باسی دەكەین و بەدوای ڕێگەچارەسەر دەگەڕێین، ئەمە پێشكەشی لیژنەی دارایی و ئابووری دەكەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەش، ئەوەش دەدەین بە لیژنەی دارایی و ئابووری و ئەو نوێنەرانەی كە پرۆژەكەیان تەرح كردووە، لێرە ئێمە دەسكاریەك لە پرۆژە پێشنیار كراوەكان بكەین، ئەو پرۆژەیە داخڵ دەكەین، چونكە دیارە ئەسبابی لابردنەكەی ئەوەیە، بەڵام حەتمەن شوێنەكە ئیستحقاقی لەوەی هەیە، لاپەڕە 5 لە ڕاپۆرتی لیژنەی وەزارەتی كاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید بە

نووسراویان ژماره 39 له 2012/5/23 ئەم پێشنیاره و تێبینیانەی گرتۆته خۆی، مـن چۆن بـزانم ئەمـه پێشنیاره یان تێبینیه؟ یەعنی ئەوانه پێویست ناکات، چونکه ئەوه بۆ نموونه له مەسەلەی ئـەوەی کـه ئایـا خانوو و ژماریەك لەو پرۆژانـەی کـه دانـراوه وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدان پـرس بـه وەزارەتـی شـەهیدان نەکراوه، هەندێك لەو پرۆژانەش پێویست نین، بۆیه داواکارین گواستنەوەیان بۆ بکرێت لەناو پرۆژەکان دا، تـەبیعی ئەمـه نووسـراوی وەزارەتـی کاروبـاری شـەهیدانه، دەتـوانن بـەراوردی بکـەن لەگـەڵ لیسـتی ئـەو پرۆژانەی که بۆیان دانراوه، مومکینه ئەمـه بـۆ ئێمـه هـاتووه و لـه وەزارەتـی شـەهیدانەوه مومکینـه داوای هەزار خانوویان کردبێت بۆ شەهیدان له ئەنجامی موناقەشه و ئیمکانیاتی که هەبووه هەروەها ئیمکانیـاتی فەنی که وەزارەتی شەهیدان هەی بووه له هەزار خانووەوه بووبێته چوار سەد خانوو، بـەڵام ئـەوه نیـه کـه وەزارەتی شەهیدان داوای خانوویان کردبێت ئێمـه شـتێکی تریـان بـۆ ئـیقتراح کردبێت، ئەمـەش داواکاری خۆیانه و ئەوەش دیسانەوه پێشکەشی دەکەم به لیژنەکه، خـاڵی دووەمـیش هـەر هـەمان شـته، کـه ئـەویش تەجهیز کردنی ئەو مۆنەمێنتانەیه که تەواو بوون و پێویستیان به کەلوپـەل و پێداویسـتی هەیـه، دەبێتـه پێشنیار بۆ حکومەت، له هەمان لیست دا ئەگەر تەماشا بکەن داخڵ کراوه، لاپەڕه خـاڵی 5 دروسـت کردنـی دوو نەخۆشخانه لەهەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك هاوشێوەی نەخۆشخانەی شـۆڕش لـه سـلێمانی، ئێمـه پێمـان باشـه ئەگـەر مـومکین بێـت، ئەگـەر لـه زمنـی ئیمکانیـاتی حکومـەت دا هـەبێت، لاپـەڕه 8 خـاڵی 8 پێشنیار دەکرێت لیژنەی دارایی و ئـابووری بـەڕێز لـه پەرلـەمانی کوردسـتان پێشـنیار دەکـەن کـه لیسـتێك بەناوی پرۆژه تەواو بووەکان بۆ پەرلەمانی کوردستان بنێردرێت، ئەمه دوێنێ ئێوه ئـەمرتان فـەرموو ئەمـه لیستەکەیه بـه نووسـراوی ڕەسمـی هێناومـه بـۆ بـەڕێزان دەیخوێنمـەوه ئەوانـەی لـه پشـتەوەن، بـۆ بـەڕێز سـکرتاریەتی پەرلـەمانی کوردسـتان، 2012/6/12 ئامـاژه بـه پێشـنیاری لیژنـەی دارایـی و ئـابووری پەرلەمانی کوردستان سەبارەت به ڕەشنووسی یاسای بودجەیساڵی 2012 ی حکومەتی هەرێمی کوردستان خاڵی 8 لـه لاپـەڕه 8 کـه لیژنـەی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیانـدن و شـوێنەوارەکان بـه نووسـراویان ژمـاره 99 لـه 5/23/ داوایان کردووه که لیستێك بەناوی پرۆژه تـەواوبووەکان بنێردرێـت هـاوپێچ لیستی پرۆژەکـان کـه لەماوەی 2011/1/1 تـاوەکو 2012/5/1 تـەواو بـووه بۆتـان دەنێـرم، تـەبیعی نزیکـەی هـەزار پرۆژەیـه، دابـەش کـراوه بـه دوو قسـم، لـه 2011/1/1 هـەتا 1/1/ 2012 دوای ئـەوه لـه 2012/1/1 هـەتا 2012/6/12 یـەکێکیان 634 پرۆژەیـه، ئەمـەی وەجبـەی یەکـەم، وەجبـەی دووەمـیش 290 و شـتێك پرۆژەیه به هەمووی دەکاته نزیکەی 1000 پرۆژه پێویست ناکات هەموویان بخوێنمەوه نووسراوی ڕەسمی هێناومه و تەسلیمی بـەڕێز سکرتێری پەرلـەمانی دەکـەم، لاپـەڕه 8 خـاڵی 9 پرسـیار ئەوەیـه کـه تێبینـی دەکەن که له دانانی پرۆژه پێشنیار کراوەکانـدا ڕەچاوی ئەولـەویاتی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و لاوان نـەکراوه ڕێژەی پرۆژەکانیان له کۆی پرۆژەکان زۆر کەمه نزیکـەی کـەمتر یـەك لەسـەده و نوێنـەری حکومـەت وەڵام بداتەوه، هەمان پرسیار نـەك تـەنها لـه ڕێگـەی لیژنەکـەوه، بـەڵکو لـه ڕێگـەی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و لاوان خۆشـیانەوه بـه نووسـراویان 3125 لـه 6/11 پێشـی چـەند ڕۆژێـك وەڵامـان داونەتـەوه کـه جـوزئێکی

ئیمکانیاته و جوزئێکی تریشی ئەولەویەتە، هەڵبەتە هەموو وەزارەتەکان گرنگن و هەموو سەکتەرەکانیش گرنگن، بەڵام وابزانم کارەبا و ئاو ئیحتماله ئەولەویەتیان له پێشتر بێت، هەر ئەوەیە هیچ هۆیەکی تر نیە، ئەمەش ئەو وەڵامەیە کە داومانەتە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لەسەر ئەم بابەتە پێشی ئەوەی کە لیژنەی دارایی و ئابووری سوئالەکە تەرحیش بکات، چونکە ئەمە له 6/11 هی پێرێیە.

فەرموون ئەوەش پێشکەشی لیژنەی دارایی دەکەین کە وەڵامی ئەو پرسیارەیە، لە لاپەڕە 9 خاڵی 12 پرسیارەکە ئەوەیە دەڵێن پرۆژەکان لەبەر هەر هۆیەك بێ بە گشتی زۆر دوادەکەون ئامادەکردنی دیزاینەکانیان چەند ساڵێکی پێ دەچێ، ئێمەش پشتگیری دەکەین، شەرت نیە چەند ساڵێکی پێ بچێت، بەڵام دواکەوتنێك هەیە بە هۆی دیزاینەوە و بەهۆی گۆڕینی دیزاینەوە و دیسانەوە ئەمە یەکێك دەبینین ئەم زاهیرەیەش لەو وەزارەتانەی کە وەزارەتی هەندەسی نین زیاتر ڕوودەدات، وەکو لە وەزارەتەکانی کە ستافی هەندەسیان هەیە و ئیمکانیاتی هەندەسیان هەیە.

خاڵی 13 له لاپەڕە 9 دەڵێت دەبووایە وەزارەتی پلاندانان داتا و زانیاریەکانی لەسەر پرۆژە بەردەوامەکان وردتر بووایە، بەلایەنی کەمەوە تا کۆتایی ساڵی 2011 زانیاریەکان ئەپدەیت بکردایە، ببێ بە پێشنیار بۆ وەزارەتی پلاندانان، من زۆر لە لام واضح نیە، چونکە ئەو لیستەی کە لەبەردەستانە ئەمە ئەپدەیتی تا کۆتایی 2011 یە کە بەڕەسمیش پێشکەش بە پەرلەمان کراوە، ئەپدەیتی نوێش هەیە، ئەپدەیتی وەرزیشمان ناردووە، ئێستاش ئەگەر داوای ئەپدەیتی نوێ بکەن دەتوانین هەر ئەمڕۆ ئەپدەیتێکی نوێی مەوقفتان پێشکەش بکەین، بەڵام ئەوەی کە پەسەند دەکرێت لەناو بودجە وابزانم بە پێی یاسا و ڕێساکان ئەمەیە وا بە ئێمە گوتراوە، هەر کامەی داوا بکەن ئێمە ئەوەی تەقدیم دەکەین.

خاڵی 14 له لاپەڕە 9 هەندێ له پرۆژەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری لەناو پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی 2012 داهەن کە لەناو پرۆژە پێشنیار کراوەکانی ساڵی 2011 دا نەبوون و وەڵام بدرێتەوە، وەڵامی ئەو پرسیارە لە پارێزگای سلێمانی لە کاتی خۆی لە 2011 لەناو پێشنیارەکان لە پرۆژە بەردەوامەکان نووسرابوو دروست کردنی 13 یاریگای فودساڵ لە سلێمانی و گەرمیان، دواتر فودساڵ وابزانم یاریگای بچووکە مەعناکەی ئەوەیە، یەعنی فوتبۆڵ نیە من سەهو نیم لەوە، دروست کردنی 13 فودسۆڵ لە سلێمانی و گەرمیان بوو دواتر دابەش کرابوو بۆ یاریگای فودسۆڵ یەعنی ئەو تایتڵە عینوانەکەی کە داخڵ کرا دروست کردنی 13 یاریگای فودسۆڵ له سلێمانی و گەرمیان بوو، دواترکە دابەش کرا بوون بە پرۆژە بوون بە 13 پرۆژە هەریەکە و عینوانی خۆی وەرگرت، یەعنی له داخڵ کردنەکە هەمووی پێکەوە بوو، کە بووە پرۆژە من ناتوانم هەموویان پێکەوە تەرح بکەم، چونکە هەر یەکە و سلفەی خۆی هەیە و هەر یەکەو خەرجیاتی خۆی هەیە، بوون بە 13 یاریگای فودسۆڵ یەك لە ڕاپەڕین، یەك لە زێڕینۆك، یەك لەقرگە، یەك لە پێنجوین، یەك لە سەید سادق، هەتا دەگاتە کەلار، لەبەرئەوە، ئەوە هۆیەکەیەتی کە لەوێ لە 2011 نەبوون ئێستا له 2012 لەناو بەردەوامەکان هەیە، بەڵام کەس تێبینی ئەوەی نەکردووە کە ئەمە لە 2011 لەناو پرۆژە پێشنیارەکان شتێك هەبوو بەناوی سلێمانی و گەرمیان کە ئێستا نەماوە، لە پارێزگای

دهۆكیش بـه هـەمان شـێوه 5 دانـه پـڕۆژه هـەبووه لـه پـرۆژه پێشـنیار كراوەكـان كـه خـورد كرانـەوه بـۆ پرۆژەكان و یەك بە یەك، یەكێكیان پرۆژەیەك لە مەركەزی دهۆك ئەنجام دراو یەكێك له ئامێدی و یەكێك له دەركار و یەكێك له دینارته و یەكێكیش له تەناهی، لەناو پرۆژەكان تەفاسیلەكانیان هەیە.

خاڵی 15 له لاپەڕه 9 پەلەكردن له دروست كردنی كۆمەڵگەی هونەری لـه قـەزا و ناحیـەكان لـه بودجـەی پەرەپێدانی پارێزگاكان تەرخان بكرێت ببێ به پێشنیار بۆ حكومەت بەڵێ پەسەندە.

هەروەها لاپەڕه 9 خاڵی 16 ئەم تێبینیەمان هەیە كە شێوەیەك لەناڕێك و پێكی بە پرۆژە بەردەوامـەكان دیاره به تێكەڵاوی پرۆژەكان لەنێوان وەزارەتەكاندا، تەبیعی تێبینیەكە وازح نیە و میسالیش نەدراوە هەتا من وەڵام بدەمەوه دەترسم من میسالێك بێنم و جەوابی ئەمە نەبێت، وەكو بەرێزتان ئاگادارن له كاتی دوو ئیدارییەوە و له سالانی ڕابـردووەوە كۆمـەڵێك پـرۆژه هـەبووه كـه لـه وەزارەتـی دارایـی بـوون و كۆمـەڵێك پرۆژەش هەبوون له وەزارەتی ناوخۆ بوون و ئێمه ئەمە چەند ساڵێكە خەریكی ئەوەین كە هیچ پرۆژەیەك داخڵ نەكەین ئەگەر لەلای وەزارەتی مەعنی نەبێت، به تەسەوری خۆمان ئەوەی كه كردوومانه هەتا ئێستا كارەكان تەنزیم كراون، بـەڵام ئەگـەر هـەر تێبینیـەك هـەبێ بـەناو نـەك بـه شـێوازێكی گشـتی كـه تێكەڵاو بوونێك هەیە، چونكە ئەمە وازح نیـه، ئەگـەر هـەر تێبینیـەك هـەبێت لـەناو پرۆژەكـه ئێمـه ئامـادەین كـه چارەسەری بكەین، لاپەڕه 13 ...... .

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایه لەخۆتەوه قسه مەكە، كاك ئاسۆ ئیجازه وەرگره، بەردەوام دەبێ وەزیر، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز علی سندی (وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو خاڵەی كه ئاماژەم پێیدا كه خاڵی 16 هەمه بـەو شـكله هـاتووه لـه ڕاپۆرتەكـه ئەگـەر هـەر تەفسـیلێك هـەبێت مـن باسـم كـرد، مـن ئامـادەم تەفسـیلەكە وەربگـرم و مەسـئولم لەبەرامبـەر چارەسـەركردنی یـان چارەسەر نەكردنی، بەس ئەوەی كـه خوێندمـەوه ئـەو تێبینیـه كـه لێـره هـاتووه، ئینجـا ئـەوه، لاپـەڕه 13 خاڵی یەكەم، تێبینـی دەكـەن لیژنـەی دارایـی و ئـابووری لـه ڕاپـۆرتی لـه بەشـی هەشـتەم ڕاپـۆرتی لیژنـەی كاروباری پەروەرده و خوێندنی باڵا توێژینەوەی زانستی دەربـارەی بودجـەی سـاڵی 2012 بـه نووسـراویان ژماره 82 لـه 24/ 2012/5 ئـەم پێشـنیارانه ئـەو تێبینیانـەی گرتۆتـه خـۆ، یەكـەم/ تێبینـی دەكـەن كـه بودجەی بـۆ هەڵمـەتی نیشـتمانی و دروسـت كرنـی قوتابخانـه بـۆ سـاڵی 2012 تـەرخان نـەكراوه، پێشـنیار نەكراوه، پێشنیار دەكـەن ئەمسـاڵیش بـڕی 150 ملیـار دینـار تـەرخان بكرێـت بـۆ بـەردەوامی هەڵمەتەكە، پەسـەنده بـۆ گفتوگـۆ كـردن لەگـەڵ نوێنـەری حكومـەت، زۆر باشـه و تەنانـەت مومكینـه لـه بەرنامـەكانی حكومەت دا هەیە كه هەڵمەتەكە فـراوانتریش بكات و تەكنیكـەكانیش بگۆڕدرێـت و باشـتر بكرێـت، ئەگـەر داهاتی تریش هەبوو بەكاربهێندرێت بۆ هەمان مەبەست.

لاپەڕە 14 خاڵی 11 پێشنیار دەکەن پرۆسەی تەندەرین کردنی پرۆژەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بگەڕێندرێتەوە بۆ وەزارەت و زانکۆکان، ڕەچاوی پارە و کاتی پێویست بکرێت، ببورن لە خاڵی پێشووتر لە خاڵی 5 دا دوو بەش بوو بەشێکی تەرخان کردنی پارە بۆ دروست کردنی قوتابخانە، بەشەکەی تریشی ئەوە بوو کە پرۆژەکانی پەروەردە لە ڕێی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و پارێزگاکانەوە جێ بەجێ بکرێت، ئەم بابەتە ئێستا لەژێر گفتوگۆدایە لە ئەنجومەنی وەزیران و ئیتجاهەکەش بە ئیتجاهی ئەوەیە کە ئەو وەزارەتانەی کە ئیمکانیاتی هەندەسیان نیە کارەکانیان لە ڕێی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بە شێوەیەکی سەرەکی یان لەڕێی پارێزگاکان و شارەوانیەکانەوە ئەنجام بدرێت.

لاپەڕە 14 خاڵی 11 پێشنیار دەکەن پرۆسەی تەندەرین کردنی پرۆژەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بگەڕێندرێتەوە بۆ وەزارەت و زانکۆکان و ڕەچاوی پارە و کاتی پێویست بکرێت بۆ دیزاینی پرۆژەکان بە زیادکردنیان و چالاك کردنیان لەم بوارەدا و بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت، پەسەندە و زانکۆکان مومکینە وەزعیان فەرق بێت لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە، چونکە کولیاتی هەندەسەیان هەیە، مومکینە مەراکزی هەندەسی یان ئیستشاری هەندەسیان هەبێ کە ئیمکانیاتەکەیان هەبێت، لاپەڕە 15 خاڵی 14 دیاری کردنی بەشە بودجەی تایبەت بۆ پرۆژەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا بە پێی گرنگی و ڕیزبەندی پرۆژەکان بە هەماهەنگی لەگەڵ هەر دوو وەزارەتی پلاندانان ودارایی لە داهاتی نەوت پشتیوانی بۆ هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا تەرخان بکرێت بۆ دروست کردنی کەمپی زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانەو نیشتەجێ بوونی مامۆستایان بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت و پەسەندی دەکەن، ئەو بەشەی کە مومکینە لەناو پرۆژە پێشنیار کراوەکان و لەهەر داهاتێکی تریش کە لەبەردەست بێت.

لاپەڕە 18 خاڵی 3 پلانی وەزارەتی کار لە بواری پرۆژەکان جێ بەجێ نابێت، چونکە هیچ پرۆژەیەکیان بۆ دانەنراوە لە بودجەی ئەمساڵ بۆ نموونە ئەم وەزارەتە شەش پرۆژەیان پێشکەش کردووە بۆ دروست کردنی سەنتەری ڕاهێنانی پیشەیی لەگشت قەزایەکان تەنها یەك پرۆژەیان بۆ ئەنجام دەدەن، ڕاستە بەڵام ئیمکانیەت ئەوەندە بووە، دیسانەوە ئەولەویاتەکان و خۆ لیستەکان لەبەردەستی بەڕێزتان دایە و لە پرۆژە پێشنیار کراوەکانیش شی کردنەوەیەکی زانستیانە پێشکەش دەکەین لەسەر ئەوەی کە ئەمانە چۆن ڕیزبەندی کراون و ئەولەویەت چۆن دراوە بە سێکتەرەکان بەس ئێستا ئەوە دەهێڵمەوە بۆ کاتی پرێزنتەیشن و ئەوانە.

لاپەڕە 18 خاڵی 14 لیژنە داوا دەکات پێداچوونەوەیەك بکرێت لە پرۆژەکانی بەڕێوبەرایەتی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی شەش پرۆژە لە سنووری پارێزگای دهۆك پێنج لە سنووری ئیدارەی گەرمیان، بۆیە لیژنە داوای پێداچوونەوە دەکات لەو پرۆژانە لەڕووی ئەولەویەت و هەماهەنگی لە نێوان پارێزگا و قەزاکان، بەڵێ باشە تێبینەکە و پێشنیارەکە قەبوڵ دەکەین.

لاپەڕە 19 خاڵی 6 پارێزگای سلێمانی پێویستی بە دروست کردنی بینای ئۆتیزم هەیە، پەسەندە بکرێت بە پێشنیار بۆ حکومەت، بەڵێ ئێمەش پەسەندی دەکەین، دەزانین و بە زۆر زەروریشی دەزانین و کاری

لەسەر دەکەین، لاپەڕە 20 خاڵی 5 بە پێی یاسای ژمارە 7 ی ساڵی 2008ی هەموار کراو پێویست بوو گوژمەیەك لە بودجەی ساڵی 2012 دابنرێت بۆ دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون دوو سەد ملیار دینار، وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت، بەڕێزان دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ خەڵکی کەم دەرامەت بە دوو شێواز تەرح کراوە ئێستا، جوزئێکی کە ئێستا لەژێر جێ بەجێ کردن دایە لەسەر بودجەی تەشغیلیە، کە لە ساڵی ڕابردووەوە بایی 49 ملیار دینار کاری لەسەر کراوە و قۆناغێك چووەتە پێشەوەش، بەشی دووەمی کە تەخسیس کردنی 250 ملیار دینارە کە ئەمساڵ لەناو بودجەکە دا هەیە ئەگەر تەدقیق بکەن دابەش کراوە پارەکە لەسەر هەر سێ محافەزە و ئیدارەی گەرمیان بە پێی ڕێژەی سوکان و بە پێی ڕێژەی دانیشتوان و پارەکەش تەقسیمی دوو نەشات کراوە، نەشاتی یەکەم دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوونە بە مانایەکی تر لێرە باسی شوقە دەکرێت بۆ خەڵکی کەم دەرامەت، بەشی دووەمی پارەکەش جوزئێکی بە پێی معادەلەیەکی با بڵێین علمی تەخسیس کراوە بۆ خەدەماتی ئەو یەکە نیشتەجێ بووانەش، جوزئێك لە پارەکانی ئەمساڵ تەخسیس کراوە، بەڵام هەم لەبەر کات و هەم لەبەر حەجمی ئیشەکە، چونکە نزیکەی 5 هەزار وەحدەی سەکەنیە، ئێمە ناتوانین ئێستا هیچ بڕیارێك بدەین و هەڵمەتەکەش تازە دەست پێکراوە پاشی چەند مانگێکی تر تەقیمی دەکەین ئەگەر پێویستی کرد پارەی موخەسەسی بۆ زیاد بکەین ئەوا ڕێگەی قانونی خۆیەوە بە تەنسیق لەگەڵ وەزارەتی دارایی موخەسەسی پارەکە زیاد بکرێت.

لاپەڕە 20 خاڵی 6 ، هەر پڕۆژەیەك دیزاینی تەواو نەبووبێ ناکرێت گوژمەی بۆ دیاری بکرێت، بخرێتە خشتەی پڕۆژە پێشنیار کراوەکان، پەسەندە، وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەتەوە، ئێمەش دەڵێین هەر زۆر پشتگیری ئەم پێشنیارەش دەکەین، بەڵام پێویستمان بە یارمەتی هەیە لەوەی کە ئێمە زۆرجار کە پڕۆژە دێت تەنانەت لەهەر تەرەفێکەوە کە پڕۆژە پێشنیار دەکرێت چ لەلایەن خەڵکەوە چ لە لایەن دائیرەکانەوە، بەعزێك جار زەرورەتی پڕۆژەیەك وای لێ دەکات ئەولەویەتی چ لە مەسەلەی کارەبا بێت و مەسەلەی ئاو بێت کە ناچار دەبین لەو خاڵە دەرباز بین، ئەگەر نا دەبێت شێوازێکی تر هەبێت، دەبێت دیزاین بکرێت، کە دیزاین بە تەنیا بێت، نەك بەشێك لە پڕۆژە، ئێمەش پشتگیری دەکەین، وایە.

لاپەڕە 21 خاڵی 8 کردنەوەی حسابێکی تایبەت بەناوی حسابی جێ بەجێ کردنی پڕۆژە بەردەوامەکان، تەبیعی ئەمە وابزانم هەر دەمان باتەوە سەر هەمان خاڵ لە پڕۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2011 یش دا باسکرا، ئێمە وەکو وەزارەتی پلاندانان، ئێمە پێمان باشە بە شێوەیەکی تایبەت تەعامول لەگەڵ تەخسیسی پارە بکرێت بۆ مەشاریع، بەڵام ئەو حەقیقەتەش کە بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری پێشی ماوەیەکی کورت ئاماژەی پێدا کە پڕۆژەی سلفە و هیچ پڕۆژەیەك ڕانەوەستاوە، ئەویش حەقیقەتێکە، یەعنی ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان گلەییمان ئەگەر هەبێت بابڵێین لە ئەدای خۆمان یان لە ئەدای حکومەت بەشکلێکی گشتی ئەوەیە کە ژمارەی پڕۆژەکان لە زیادبوون دان و قودرەتی حکومەتیش مومکینە مەحدود بێت و ئیمکانیاتی فەنی بابڵێین، ئیمکانیاتی ماددی کە دەگاتە ئەو خاڵە کێشەکە کێشەی ئێمە نیە، بەڵکو کێشەی

وەزارەتی داراییە، لەسەر ئەوەی کە لەلای ئێمە مەتڵەبە و هەدەفە، ئەوەیە کە پڕۆژەکان ڕانەوەستن، ئیتر لەرێگەی سندوق دەبێت، چونکە ئەم ئیختراحەی کە پاریش کرا کە ئێمەش پێمان باش بوو، دیارە لە ناحیەی تەتبیقیەوە عەمەلی نەبووە، لە ناحیەی قانونیەوە بە غەلق کردنی سەنەی مالی مومکین نەبووە، بۆیە وەزارەتی دارایی نەیان کردووە.

لاپەڕە 21 خاڵی ژمارە 9 پشکی بودجەی پڕۆژە پێشنیار کراوەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لە بودجەی گشتی ساڵی 2012 کەمە وەڵام بدرێتەوە لەلایەن نوێنەری حکومەت، تەبیعی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە وەزارەتێکی گرنگە، هەموومان گرنگیەکەشی دەزانین، بەڵام هەر بۆ زانیاری بەڕێزتان وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە ئێستا لەم لەحزەیەدا 379 پڕۆژەی بەردەوامی هەیە، گوژمەی ئەم پڕۆژانە 2,8 ترلیۆن دینارە، کە دەکاتە نزیکەی 2,4 ملیار دۆلار، تیکراری دەکەمەوە 379 پڕۆژە بە گوژمەی 2,8 ترلیۆن دینار کە دەکاتە نزیکەی 2,4 ملیار دۆلار، لەمانە نزیکەی 1 ترلیۆنی با بڵێین ئەگەر بە حسابی پارە بکەم، حسابی ئینجاز لە ناحیەی وجهە نەزەری پارەوە، نزیکەی یەك ترلیۆن دیناری تا ئێستا دەفع کراوە هی ئەو پڕۆژانە، ئەمساڵیش ئەگەر سەیری لیستی پڕۆژە بەردەوامەکان بکەن، 574 ملیار دینارمان بۆ داناون بۆ ئەوەی کە تەکمیلە ببن، جوزئێکیشیان دەمێنێتەوە بۆ ساڵی ئایندە، ئەمەش شتێکی تەبیعیە، لەبەرئەوە من نازانم بە پێوەری ئیحتیاجاتی بونیەی تەحتی هەرێمی کوردستان بێت بەڵێ ڕاستە مومکینە ئەگەر مەبلەغەکە هەرچەندێکیش بێت، بەڵام خۆ ئەوەی کە لەبەردەستە ڕەقەمەکان لەبەردەستی بەڕێزتانە، خۆهەر لە حدودی ئیتاری ئەو ژمارەیەدا هەر ئەوەندە مومکینە، پڕۆژەیەکی زۆریان ئێستاش لەبەردەستە کە تەواو بکرێت، لە پێشنیار کراوەکانیش دا کە 51 پڕۆژەمان بۆ داناون، بە گوژمەی 583 ملیار دینار، کە دیسانەوە ئەمەش مەبلەغێکی زۆرە و موخەسەسی ئەمساڵیان کەمە کە 50 ملیار دینارە لەپێشنیار کراوەکان، بەڵێ ئەوە ڕاستە.

لە لاپەڕە 21، بەڵێ باشە کاك ئاسۆ تێبینیەکەت بە دەستم گەیشت، لەلاپەڕە 21 خاڵی 10 بە گوێرەی پلانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە پڕۆژەی پێشنیار کراوی ئەو وەزارەتەی نەخستۆتە خشتەوە، حەتمەن ئەم مولاحەزەیە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە یان لیژنەی دارایی لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە وەریان گرتووە، بەڵام وابزانم سوء تەفاهومێك هەبووە، چونکە ئێمە پەیوەندیمان بەخۆشیانەوە کرد لە پڕۆژە پێشنیار کراوەکان و خۆشیان وابزانم ئێستا ئەم قسەیە و ئەم مەوقفەیان نیە و مەوقفەکە بەو شکڵە نیە، مەوقفەکە ئەوەیە کە ئێمە هەر پڕۆژەیەکی ئەوان کە بە تایبەتی هی وەزارەتی پلاندانان کە لامان بردووە کە سیغەی نیهائی ئیختیاری 50 پڕۆژەکەی ئەمساڵمان کردووە بە ئیمزای خۆیان نووسراومان لەلایە و بە ئیمزای خۆیان کە ئەو 50 پڕۆژەیە بەو شێوازە ئیختیار کراوە کە خۆیان بڕیاریان لەسەر داوە.

لاپەڕە 21 خاڵی 11 دەبێت بودجەی پڕۆژەکانی ناوچە دابڕاوەکان لە پڕۆژە پێشنیار کراوەکانی ساڵی 2012 لەسەر بودجەی گشتی هەرێم بێت نەك لەسەر بودجەی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، لەسەر هەرێمە خۆی ئەگەر جەنابتان مولاحەزەش بکەن ئێستا جارێ نەچووەتە پڕۆژە پێشنیار کراوەکان بە تایبەتی هی

ناوچە دابڕاوەکان، وەکو ساڵی پار ئێوە لە هۆڵی پەرلەمان بەڕێزتان بڕیارتان دا کە گۆڕمەی گشتی پـڕۆژەی ناوچەدابڕێندراوەکان تەخسیس بکەن و ئێمەتان تەکلیف کرد کە دوایـی تەفسیلەکەی جێ بـەجێ بکـەین، ئێمە کە تەفسیلەکەمان جێ یەجێ کرد ئەگەر جەنابتان تەماشـای ئەوانـەی پـار بکـەن دەبیـنن کـە لەسـەر هەرێم دامان ناون و لەسەر هیچ پارێزگایەك دامان نەناون.

لـە لاپـەڕە $21$ خـاڵی $12$ بـە پێـی وردبینـی لیژنـەی ئاوەدانکردنـەوە بـە خشـتەی پـڕۆژە دواکـەوتووەکان دەرکـەوت کـە بەشـێك لـە پڕۆژەکـانی وەزارەتـی ئاوەدانکردنـەوە بـە پـڕۆژەی دواکـەوتوو دانانرێـت، بـەڵکو بەردەوامن، ئەمە باشە وابزانم هەر پشتگیری لە ئەو تەوزیحەی ئێمە دەکات کەلەسەر پڕۆژە دواکەوتووەکان دامان کە بەشـێکیان لـە وەزارەتـی ئاوەدانکردنەوەیـە، لاپـەڕە $24$ خـاڵی $8$، لیژنـە پێشـنیار دەکـات بـە زیـاد کردنی ماددەیەکی یاسایی وەکو ساڵی $2011$ تایبەت بە سندوقی پارەی پڕۆژە جێ بـەجێ نـەکراوەکان بـۆ هەڵگرتنی ئەو بـڕە پارەیـە دەمێنێتـەوە لـە حسابێکی تایبـەت بـەناوی حسابی جێ بـەجێ کردنـی پـڕۆژە بەردەوامـەکان، لـە پێشـووە وابـزانم هـەر سـیغەیەك هـەبێت وابـزانم هەدەفەکـە مـوهیم تـرە لـە سـیغەکە، هەدەفەکە ئەوەیە کە وەزارەتی دارایی و ئـابووری ئالیـەتی ئـەوە بگرێتەبـەر کـە تـەمویل کردنـی مەشـاریع ڕانەوەستێ، لەلای ئێمەش هەر ئەوەیە، ئالیەتی قانونیەکەی یان مالیەکەی چۆنە ئەوان باشتر دەیزانن.

لاپەڕە $25$ خاڵی $13$ بڕی $12$ ملیار دینار بۆ دانانی پێوەری زیرەکی ئاو دانراوە، لە کاتێك دا دووساڵە ئەم کارەیان لە کۆمپانیـاوە وەرگرتـووە کـە پڕۆژەکـەی بـۆ دەرچـووە، داوا دەکـەین پارەکـەی بـۆ پڕۆژەیـەکی تـر خەرج بکرێت، زۆر باشە ئێمەش لەبەرئـەوە جارێکی تـر پارەکـە ئیزهـار بـووە، لەبەرئـەوەی کـە وەزارەتـی شارەوانی و گەشتوگوزار مەوزوعی پێوەری زیرەك کە پارەیان بۆ تەخسیس کردبوو پێشتووتر دابوویان بـە کۆمپانایەك، کۆمپانیاکە موفەق نەبووە لە ئـەنجامی ئیشـەکە، ئـەوان ئێسـتا بـە تـەمان بیـدەن جارێکی تـر ئیعلانی بکەنەوە و بیدەن بە کۆمپانیایەکی تر، لەبەرئەوە داوایان لە ئێمە کـردووە کـە تەخسیسـی پارەکـە بمێنێتەوە لەسەر پێشنیاری خۆیان.

لاپەڕە $25$ خاڵی $14$، پرسیار دەکەن بۆچی پڕۆژەی سەنتەری تاقیگـەی بیناسـازی لـە هـەولێر مـاوەی دوو ساڵە لە پـڕۆژەکانی وەزارەتی دارایی و ئـابووری دادەنرێـت، بۆچـی وەزارەتـی شـارەوانی یـان ئاوەدانکردنـەوە بەم کارە هەڵناستن؟ چونکە ئەمە پێچەوانەی ماددەی $34$ لـە یاسـای بودجـەدا، مەبەسـت لێـرە ئەوەیـە کـە عائیدیەتی تاقیگـەکانی بیناسـازی کـە پێشـوو تـر بـەعزێکیان سـەر بـە ئەنجومـەنی وەزیـران بـوون و وەکـو سیغەی ئیداری مەشاریعەکانیشیان لەسەرووی وەزارەتی دارایی بوو، ئەمە مەبەستم هـی هـەولێر و دهۆکـە، لـە سـلێمانی و لـە کۆیـە پێشـی هـەتا بڵـێین پێشـی دوو سـاڵیش هـەردوو تاقیگـە سـەر بـە وەزارەتـی ئاوەدانکردنـەوە بـوون، ئێسـتا ئێمـە لـە $6/3$ بـە نووسـراومان ژمـارە $71$ لـە $2012/6/3$ مەوزوعەکـەمان کۆتایی پێهێناوە کە هەر چوار تاقیگەیەك لەگەڵ هەر تاقیگەکە نوێ هی بیناسـازی بخرێنـە سـەر وەزارەتـی ئاوەدانکردنەوە تەنها ماوە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری پـێ دەربکـەن، ڕێگـەش دەکەینـەوە بـۆ کردنەوەی تاقیگەی ئەهلی کە بە ئیجازەی کاربکەن، تاقیگەی ئەهلی لەبواری بیناسازی دا،چونکە ئێستا ئەو

حجمە زۆرەی مەشاریع کە هەیە ئەو زەخمەی کەلەسەر ئەم چوار تاقیگەیە هەیە وای لێ کردووە بووەتە یەکێك لە هۆیەکانی دواکەوتنی بەعزێك لە پرۆژەکان کە ئینتزاری فەحس دەکەن، ئەم نووسراوە تەسلیمی دەکەین بە بەڕێزان لیژنەی دارایی و ئابووری کە ئەمە وەلامی ئەو سوئالەیە.

لاپەڕە 25 خالی 15 پێشنیار دەکەن هەر گۆڕانکاریەك لە پرۆژەکان ڕووبدات پەرلەمانی لێ ئاگادار بکرێتەوە بەزووترین کات، وابزانم ئەمە پێشووتریش یەعنی تەبیعی ئێمە پشتگیری دەکەین سەد لەسەد، بەشتێکی باشی دەزانین، بەلام ئالیەتی ئەم کارەش دەبێ مەعلوم بێت، ئێمە پار جەنابتان بڕیارتان دا کە بە شێوەیەکی وەرزی ڕاپۆرت بنێرین، ئێمە ڕاپۆرتمان ناردووە، بەعزێك لە بەڕێزان گلەییان هەبووە، بەلام من دەتوانم هەر کاتێك کەپێویست بکات بە تەفسیلێشەوە ئاگادارتان بکەمەوە کە چۆن ڕاپۆرتەکان هاتوون، ئەوەی کە دەکرێت کە پەرلەمانی لێ ئاگادار بکرێتەوە وابزانم هەر ئالیەتێکی وایە دیسان کە بە شێوەیەکی وەرزی بە تاریخێکی موعەیەن ڕاپۆرتەکان بۆ پەرلەمان بێت لەو ماوەیەی کە دەکەوێتە بەینی پەسەند کردنی بودجە هەتا موناقەشە کردنی بودجەی سالی نوێ، پێمان باشە و جێ بەجێ ی دەکەین.

لاپەڕە 26 خالی 19 داوای دیاری کردنی ناوی کۆمپانیای جێ بەجێ کار لە پرۆژە بەردەوامەکان دەکەین، لەگەڵ دابین کردنی ... هەر ئەو بەشەی پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە، ناوی کۆمپانیاکان هەیە وابزانم لیستەکەش لەلای بەڕێزتانە، مومکینە لە شوێنێك ئەگەر سەبەبێك هەبێت کە ناوی کۆمپانیا نەبێ ئەگینا ناوی کۆمپانیا هەر بە حەقلێکی وازح هەیە لەناو لیستەکاندا.

لاپەڕە 26 خالی 22 پرسیار دەکەن کەوا پڕۆژەی فرۆکەخانەی دهۆك وەکو پرۆژەی بەردەوام لە سالی 2011 و 2012 دانراوە، بەلام نەچووەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، لە سالی 2010 وەکو پێشنیار لە سالی 2011 و 2012 هەبووە وەکو بەردەوام، سالی 2012 ئێمە ئێستا وا موناقەشەی ئەوەکان دەکەین، ئەو جیهەتەی کە ئێستا ئەرکی پرۆسەی ئیختیاری کردنی موسەمیم و دیزاین و دابین کردنی عەرد و قەرەبوو کردنەوەی عەرد و ئەوانەی لە ئەستۆ گرتووە پارێزگای دهۆکە.

لەناو پارێزگای دهۆك لیژنەیەك ئێستا وا ئەو کارە دەکات، ئێستا دیزاینەکە تەواو بووە و ئەوان ئێستا لە مەرحەلەی تەندەرین کردن دان بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکە، ئەمە ئاخر مەوقفی فرۆکەخانەی دهۆکە.

لاپەڕە 26 خالی 23 لیژنەی ناوبراو کە دەکاتە لیژنەی خزمەتگوزاریەکان و گواستنەوەو گەیاندن و گەشتوگوزار بە پێی ئەو زانیاریانەی کە لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بە دەستیان کەوتووە بڕی 7 ملیۆن دۆلار بە نووسراوێك لە ئەنجومەنی وەزیران خەرج کراوە بۆ فرۆکەخانەی دهۆك، بەلام تا ئێستا هیچ کارێك ئەنجام نەدراوە بۆ سالی 2012 ، ئەوە وابزانم تەوزیحم دا، ئەوە مەوزوعی دیزاین بوو، دیزاینەکە تەواو بووە ئێستا مەوزوعی تەندەرین دەکرێت 114 ملیار دینار ئەگەر تەماشا بکەن لە لیستی پرۆژەکان دا بۆ فرۆکەخانە ئێستا تەخسیس کراوە مومکینە ئێستا بە پێی ئەم دیزاینە ئەپەدەیتی تازەمان بۆ بێت، ئەگەر مەبلغەکە کەمە یان زیادە یان هەر تەغیرێکی تر کە لە مەبلغەکە دا پێویست بێت، ئێستا لە

تەندەرینگی تەنفیز دایە، هەتا ئێستا لە مەرحەلەی تەسمیم دا بۆ ئەو پارەیەش هەر بۆ ئەوە خەرج کراوە.

لاپەڕە 27 خاڵی 28 لیژنەی خزمەتگوزاریەکان پرسیار دەکات کە بۆچی وەزارەتی ناوبراو کە دیارە مەبەستیان وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنە، بێ ئاگایە لە پرۆژەکانیان کە دەدرێتە فڕۆکەخانەکانی هەولێر وسلێمانی بە پێی وتەی وەزارەتی ناوبراو کە دەکاتە وەزارەتی گواستنەوە، ئەم دوو فڕۆکەخانەیە تاوەکو ئێستا سەر بە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن نین هەرچەندە بە پێی یاسا دەبوایە سەر بە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بوونایە، تەبیعی ئێمە با وەزعەکە وەکو خۆی باس بکرێت، فڕۆکەخانەی هەولێر و فڕۆکەخانە سلێمانی سەر بە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن نەبوون، لە بیدایەتی تەئسیس کردنیان هەتا ئێستا بەکاربوونە، لەم ئەخیرە بڕیاردرا کە ڕەبتی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن بکرێن، دیارە ئەمەش وەختێکی پێ دەچێت هەتا لەم ئیستقلالیەتەوە بە تەواوەتی لەگەڵ هەیکەلی وەزارەت دەگونجێن، چونکە موئەسەسەیەك هەیە لەناو وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بەناوی موئەسەسەی فڕۆکەوانی کە هەموو فڕۆکەخانەکانی پێوە ڕەبت دەبێت ئەم موئەسەسەیە بە تەواوەتی هەتا ئێستا دانەمەزراوە، بەڵام هەروەکو لە ڕاپۆرتی لیژنەکان هاتووە بە شێوەیەکی ڕەسمی ئەوان ڕەبتیان بە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن هەیە، ئێمە وەکو وەزارەتی پلاندانان کە پرۆژە وەردەگرین، چ بۆ هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانیش چ بۆ فڕۆکەخانەی نوێ کە لە دهۆك بە تەمان دروستی بکەن وئێمە پرۆژەکان تەنها لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن وەردەگرین، نە ڕاستەوخۆ لە فڕۆکەخانەکان وەردەگرین، لە هیچ تەرەفێکی ترەوە بۆمان دێت، بەڵام پرۆسەی ئەوەی کە ئەوان وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بە تەواوەتی هەم لە ناحیەی فەنی و هەم لە ناحیەی ئیداری ئیستعابی ئەم فڕۆکەخانانە بکات، دیارە هێشتا ماویەتی ئەوەیە کە واقعی حالەکە بەو شکڵەیە.

لاپەڕە 28 لە هەمان لیژنە خاڵی 29 لیژنەی ناوبراو ئەم پێشنیارانە دەخاتەڕوو ئاڵوگۆڕ لە پرۆژەکان بکرێت بە تایبەتی وەزارەت داوا دەکات یەکێك لە پرۆژەکانی فڕۆکەخانەی سلێمانی لابدرێت بۆ دوو پرۆژەی تر بەم شێوەیەی خوارەوە، پرۆژەی بەستنەوەی نووسینگەکانی پۆستە بە یەکترەوە، دووەم/ دانانی بەدالە و تۆڕی نوێ بۆ بازیان و هەڵەبجەی شەهید وعەربەت و پیرەمەگروون و شۆڕش و تەکیە و دەربەندیخان و کەلار و رزگاری و سەرقەڵا و زەرایەن، ڕای حکومەت وەربگیردرێت، ئێمە هیچ مانعێکمان نیە و بەپێی یاسای بودجەش و تەعلیماتی تەنفیزی موازەنە سەڵاحیاتی موناقەلە بە ئێمە دراوە و وەزارەتی مەعنی داوا بکات بۆیان جێ بەجێ دەکەین.

لاپەڕە 28 راپۆرتی لیژنەی پیشەسازی و وزە کە 13 هەمین ڕاپۆرتە، بە نووسراویان ژمارە 13 لە 2012/5/29 یەکەم ڕێژەی بودجەی تەرخان کراو بۆ وەزارەتی کارەبا بودجەی وەبەرهێنان بریتیە لە 2,2٪ (دوو پۆینت دوو و هەشت لەسەد) وانووسراوە لە تەقریرەکە وابزانم وانیە، ئەگەر هەیە ئیحتمالە 2,2 نەبێ و 2,22 بێت، ئاخر نا زۆر زیاترە لەوە، دەڵێ ڕێژەی بودجەی تەرخان کراو بۆ وەزارەتی کارەبا

له بودجەی وەبەرهێنان بریتیە، چونکە کە دەڵێی بودجەی وەبەرهێنان هەمووی دەگرێتەوە، ئەگەر بڵێی پێشنیار کراوەکان کام بەشی ئەویش دەکرێت، گوژمە یان موخەسەس؟ ئەگەر بەردەوامەکانە گوژمەیان موخەسەسە، بەهەرحاڵ رێژەی بودجەی وەگەڕخستنی وەزارەتی ناوبراو لە بودجەی گشتی بریتیە لە 5,6 کە بەرێژەیەکی کەم هەژمار دەکەن بەرامبەر بە فراوانی داخوازیەکان لەسەر کارەبا........ .

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

توخوا بزانین گوژمەکە چەندە وەزارەتی دارایی نازانن؟، فەرموون.

**بەڕێز عمر هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی ئەو خشتەی کەلەلای ئێمەیە بڕی تەرخان کراو لە بودجەی سەرمایەداری یان بڵێین وەبەرهێنان بۆ وەزارەتی کارەبا بریتیە لە 774142 ملیۆن (حەوت سەدو حەفتا و چوار ملیار و سەدو چل و دوو ملیۆن) کە دەکاتە نیزکەی 21,10٪ (لەسەدا بیست و یەك و پۆینت سەدا دە) کە بەرزترین رێژەی تەرخان کراوە بۆ وەزارەتە دەست نیشان کراوەکە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز علی سندی (وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە تەسەوری من، چونکە پرسیارەکە بەو شکلەیە، بەڵام با ئەگەر سوئالەکە سیاغە بکەمەوە بە نەوعێکی تر لە پڕۆژە پێشنیار کراوەکانی ئەمساڵ ئەو مەبلەغە کەمەی کە هەیە شتێکی کەم بەر کارەبا کەوتووە لە مەجموع تەبعەن ئەویش هەر بە حوکمی ئەوەی خۆی کۆی گشتیەکە کەمە، بەڵام ئەگەر بێینە سەر خاڵی دووەم لە ڕاپۆرتی لیژنەکە دەڵێت لە کۆی 191 پڕۆژەی ساڵی 2011 هی وەزارەتی کارەبا 118 پڕۆژە هیچ پارەیەکی بۆ خەرج نەکراوە کە ئەمە تەبیعی مەوقفی 12/31 یە، بەڵام خۆی دواکەوتنێك هەیە لە جێ بەجێ کردنی پڕۆژەکانیان، وەزارەتی کارەبا دواکەوتنیان هەیە، کە ئەوەش بووەتە هۆی ئەوەی کە بێجگە لە مەحدودیەتی ئیمکانیەت کە ئێمە نەتوانین پڕۆژەی زیاتریشیان بۆ داخڵ بکەین بۆ ئەوەی باریان قورست تر نەبێت، ناحیەی عەمەلیەکەش، لەبەرئەوە وەکو کاك عمر ئەندامی لیژنەی دارایی و ئابووری ئیشارەتی پێیدا کۆی گشتیەکەیان باشە، بەڵام لە پێشنیارکراوەکانی ئەمساڵ نسبەتەکەی کەمە ئەویش ئەوەیە کە هەم پڕۆژەیان زۆرە و هەم نسبەتی ئینجازیشیان کەم بووە.

لاپەڕە 28 خاڵی 3 دەربارەی بودجەی وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی، ئەم خاڵانە دەخەنەڕوو، رێژەی تەرخان کراو بۆ وەبەرهێنان بریتیە لە 16 لە هەزار رێژەکە زۆر کەمە، رێژەی بودجەی وەزارەتی ناوبراو لە کۆی گشتی بودجەکە بریتیە لە رەقەمێکە کە کەمتر لەیەك لەسەدە، تەبیعی بودجەی وەگەرخستن بە تایبەتی بودجەی وەگەڕخستن ئیعتماد دەکاتە سەر ژمارەی فەرمانبەر، بە دەرەجە یەك تەعویزات موزەفی

که عادەتەن بەموعەدەل 65٪ بودجەی تەشغیلی تەعویزاتی موەزەفیە کە یەکێکە لە 7 کۆمپۆنێنتەکانی بودجەی تەشغیلی کە وەزارەتێك عەدەدی موەزەفینی کەم بێت بودجەی تەشغیلیەکەشی کەم دەبێت، یەعنی ناتوانی چونکە بەشی زۆری بودجەی تەشغیلی بۆ تەعویزاتی موزەفینە ئەوە وابزانم علاقەی بەوەوە نیە، بەڵام بەشەکەی تر ئەو پرۆژانەی کە هەیانە بە حەقەت یەعنی زیاتر خۆی لە بوارەکانی سایلۆ دا گرتووەتەوە، لەبواری ئەو بەشەی کە ئەرکی وەزارەتەکەیە، ئەگینا مومکینە بەشەکانی تری ئیحتیاجەن زۆر ئەوەندە زەرورەتێکی وانەبێت، ئەگەر موقارەنەیان بکەین بە سێکتەرەکانی تر.

لاپەڕە 29 خاڵی 4 دەربارەی بودجەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ڕێژەی بودجەی تەرخان کراو بۆ وەبەرهێنان بۆ ئەو وەزارەتە بریتیە لە 0,77 من ئەوە بە حەقیقەت تێ نەگەیشتم، وازح نیە، یەعنی سوئالەکە نە ئەوەبێت کە وەڵام نەبوو، بەس لە پرسیارەکە تێ نەگەیشتووم، یەعنی کەمتر لە یەك، وایە، من زۆر موتەبەهـ نیم کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لەژێر ئەوانەی کە با بڵێین مەشاریعیان کە تەقدیم کردبێت، وابزانم هەر ئەو کارانە دەکەن کە بە پێی یاسای وەزارەتەکەی خۆیان ئیحتمالە هەر زیاتر بودجەی تەشغیلیان هەبێت وەکو چالاکیەکانی ناو حکومەت، چونکە کارەکانی تر کە دەکەن، وابزانم بە پێی یاسای خۆیان تەنزیم کراوە، لەبەرئەوە پرۆژەکانیان و چ پرۆژەیەکیان نیە لەسە لیستی وەبەرهێنان، لاپەڕە 30 خاڵی 5 أ/ پێشنیار دەکەن، پێشنیارەکانی لیژنەی پیشەسازی، پێشنیار دەکەن کە ڕیزبەندی پرۆژەکان لەدەسەڵاتی وەزارەتی پەیوەندار بێت، تەقریبەن هەروابووە، یەعنی نەك وابووە بە سەد لەسەد، بەڵام ئەوان ئەولەویاتەکان تەقدیم دەکەن، هیچ تەریقەیەکی تر نیە، هەر مومکین نیە بە هیچ نەوعێکی تر، ب/ پێشنیار دەکەن بە جێ بەجێ کردنی پرۆژەی پێوەری زیرەك بۆ کۆنترۆڵ کردنی بەهەدەر نەدانی وزەی کارەبا و داهاتەکەی، ئێستا وا کاری لەسەر دەکرێت لە وەزارەتی کارەبا پرۆژەکەیان ئامادە کردووە و بیریش لەوە دەکەن کە موشارەکەی کەرتی تایبەتی پێ بکەن، لە پرۆسەی کۆکردنەوەی داهاتیش، تەفاسیلەکەشی لە وەزارەتی کارەبایە، تا گواستنەوە نەکرێت لە بودجەی وەبەرهێنان ئەم پرۆژانەی کە تەواو نابن بەهۆی دواکەوتنی بودجەوە ئێمە نایکەین تەبیعی، یەعنی ئەوەی کە موخەسەسە بۆ هەر پرۆژەیەك موناقەلەیەك دەکرێت حەتمەن دەبێ ئەسبابی موجبە هەبێ ئەوانەش هەمووی ڕیکۆرد دەکرێت و تەسجیل دەکرێت و تەنسیقێکی کامل هەیە لە بەینی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان، ب/ وەزارەتی دارایی ئاسانکاری بکات و ڕۆتین کەم بکاتەوە لە کاتی خەرج کردنی پرۆژەکان، ئێمەش پەسەندی دەکەین و پێمان باشە، ج/ ئەمە پەیوەندی بە ئێمەوە نیە.

لاپەڕە 31 خاڵی 14 ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ دەربارەی بودجەی ساڵی 2012 بە نووسراویان ژمارە 19 ئەم تێبینی و پێشنیارانە دەخەنەڕوو.

لاپەڕە 31 خاڵی 1 لیژنەی مافی مرۆڤ دەپرسن ساڵ بە ساڵ بڕی کورتهێنان لە بودجەی وەبەرهێنان زیاد دەکات، ئایا ئەم کورتهێنانە لە بودجە بە گشتی بە پلانە یان بە فعلیە؟، پلانی هەردوو وەزارەتی دارایی و ئابووری پلاندانان چیە بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنان؟ ئەمە یەکەمین پرسیاری لیژنەی مافی مرۆڤە، وابزانم

پڕکردنەوەی کورتهێنان ئەرکی وەزارەتی دارایی و ئابووری تەبیعی هەدەفی هەرە گەورە ئەوەیە کە لە میزانیەی تەکمیلی پڕبکرێتەوە، یان کۆی ئەو پارەیە کە هەموو ساڵ ئاماژەی پێ دەدرێت و ئیشی لەسەر دەکرێت بە نووسراوی ڕەسمی کە دەکاتە ئەو پارەی پێشمەرگە کە وەزارەتی پێشمەرگە و مووچەی پێشمەرگە کە ئەمە نزیکەی پێنج ساڵە نەدراوە لە بەغداوە و بڕەکەی لە 6 ملیار دۆلار زیاترە بە واتایەکی تر نزیکەی 6 ملیار دۆلار دەڵێم هەر بۆ تەبسیت، خۆی 6 ترلیۆن و کەسرێکە، بەواتایەکی تر ئێستا حکومەتی عیراقی فیدراڵ نزیکەی 6 ملیار دۆلار قەرزاری حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە ئەم مەوزوعەش لەساڵی 2007 ەوە تا ئێستا بەردەوامە، هەموو ساڵێکیش هەم لە یاسای بودجەی حکومەتی عیراقی فیدراڵ ئاماژەی پێدراوە وهەم لە یاسا، بودجەی حکومەتی هەرێم و نووسراویشی لەسەر کراوە، لەبەرئەوە کورتهێنانەکان وەکو باسم کرد دوو ڕێگای پڕکردنی هەیە، یا ئەما ئەو پارەیە لە بەغداوە بێت یان بودجەی تەکمیلی هەبێت و ئەمەش عەجزی موخەتەتە ئەمەی کە تەقدیم دەکرێت.

لاپەڕە 31 خاڵی 5 لیژنەی مافی مرۆڤ داوای ڕوون کردنەوە دەکات سەبارەت بە بڕی ئەو 49 ملیار دینارەی کە ساڵی پار پەسەند کرابوو بۆ دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت و داوا دەکات بە تەرخان کردنی گوژمە بۆ جێ بەجێ کردنی یاسای ژمارە 7ی ساڵی 2008، دیسانەوە وەکو پێشتر ئاماژەم پێی دا ئەو 49 ملیار دینارە کە ئێستا کەوتووەتە بواری جێ بەجێ کردن و لەسەر بودجەی تەشغیلی وەزارەتی داراییەوە بەردەوامیشە تەبیعی.

لاپەڕە 31 خاڵی 6، لیژنەی مافی مرۆڤ دەپرسێت کەوا بڕیار بوو کە هەر چوار مانگ جارێك وەزارەتی پلاندانان ڕاپۆرتێك پێشکەش بە پەرلەمان بکات دەربارەی جێ بەجێ کردنی پڕۆژەکان، ئایا وەزارەتی ناوبراو بەم کارە هەستاوە؟ وەڵامەکەی بەڵێ وێنەی نووسراوەکان هەیە کە پەرەسنتەیشنمان لە کۆتایی دا بەعزێك دۆکیۆمێنت هەیە کە عەرزی دەکەم، بەڕێزان ئەوەی کە هەیە، ئێمە کە ڕاپۆرت خۆی تەعامول کردنی ئێمە حەقیقەتێکی هەیە دەبێت تەوزیح بدەین، تەعامول کردنی ئێمە لەگەڵ پەرلەمانی بەڕێز لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان دوو شێوازمان هەیە، شێوازێکی ڕاستەوخۆ هەیە یان دەتوانم بڵێم، سێ: شێوازێك ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ کە پرسیارمان بۆ دەنێردرێت بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئێمەش دەبێت لەماوەی دوو هەفتەدا وەڵام بدەینەوە، شێوازەکەی تر ئەوەیە کە نووسراوی ڕەسمی کە دەکەین بۆ پەرلەمان یان پەرلەمان بۆ ئێمەی دەکات لەڕێگەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، شێوازی سێیەم، ئەو پەیوەندیانەیە کە هەموومان یەکتری دەناسین ویان دۆستین و یان خزمین ویان برادەرین و یان بەهەر شێوەیەك بێت زۆرجار هەیە بابەتێك هەیە ویەعنی تەبادولی مەعلومات بەو شێوەیە کراوە، ئێمە ئەوەی کەلە ڕاپۆرت و یاسای بودجەی ساڵی پار داهاتووە بە پێی پەیڕەو پڕۆگرامی پەرلەمانی کوردستان هەلسوکەوتمان کردووە، هەموو دۆکیۆمێنتەکانیشتان پیشان دەدەم.

لاپەڕە 32 خاڵی 7 لیژنەی مافی مرۆڤ پرسیار دەکەن بڕی ئەو پارەیەی کە بەڕێژەی 10٪ لە مووچەی پلە تایبەتەکان دەبڕدرێت بۆ سەندوقی شەهیدان لە چی خەرج کراوە؟ چۆن شەهیدان لێی سوودمەند

بوون؟ مەبەستیان کەسوکاری شەهیدانە وابزانم، ئەو پارەیە کە ئێمە هەر ئەوەندە ئاگادارین کە ئیشەکە ئەنجامدراوە وابزانم ئەو پرسیارە تەوجیهی بەڕێز وەزیری شەهیدان و وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالەکان بکرێت، ئەوان بە تەفسیلێ چیان ئەنجام داوە دەتوانن پێشکەشی بکەن، چونکە ئەمە لە زمنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان نیە، ئەمە لە زمنی سەندوقێکی تایبەتە کە خۆیان بەڕێوەی دەبەن، تەمویل کردنەکەی چۆتە ئەوێ و وابزانم بەڕێز وەزیری دارایی ئەگەر تەوزیحی زیاتری هەیە لەسەر ئەوە بە ئیجازەی بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، تەوزیحێکی زیاتری هەیە لەسەر ئەو پرسیارە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی وەزارەتی شەهیدان، ئەو 10٪یە کە دەبڕدرێت تەسلیم بە وەزارەتی شەهیدان کراوە ئێمە وەکو وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەو ئیستقتاعاتانە هەمووی بەرەو ڕووی حسابی خۆمان کردووەتەوە کە حسابەکەمان لە بانك داکردووەتەوە بۆیان و پارەکان چووەتە ئەو حسابەوە و لە بانکی فیدراڵ لەژێر ڕەقەمی 313 هی ئیستقتاعاتی 10٪ یە پارەکان گەیشتووەتە دەستیان و وەزیری شەهیدان جەنابی لە ئەنجومەنی وەزیران باسی لەوە کرد کەوا ئەو پارەیە گەیشتووەتە دەستیان و بە بەردەوام دەچێتە ناو سەندوقی ئەو حسابەی کە بۆیان دانراوە، ئەوەی کە من مەعلوماتێکی یەعنی دەقیق نیە بەس ئەوەی ئاگام لێیە (دوو ملیار و دوو سەدو سی و یەك و نۆ سەدو حەفتا و سێ و نۆسەد و حەفتا) دیناریان وەرگرتووە هەتاوەکو ئێستا، وە (یەك و پێنج سەد و بیست و چوار سێ سەد و دوانزە و پێنج سەد و پەنجا) یان هەر لە لای خۆیان سەرف کردووە بۆ نەخۆش و کەسوکاری شەهیدان، (1380) هەزار و سێ سەد و هەشتا کەسیش موستەفید بوونە لەو مەوزوعە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز علی سندی (وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لاپەڕە 34 ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش دەربارەی بودجەی ساڵی 2012 لاپەڕە 34 خاڵی 4 پرسیارەکە ئەوەیە کە سەد باڵەخانە کە وەزارەتی ناوخۆ دیارە بنکەکانی پۆلیس دەکات: دەڵێ سەد باڵەخانەیان پێویستە مەبەست لەوێ بنکەکانی پۆلیسە، بەڵام بڕێکی کەمیان بۆ تەرخان کراوە لە پرۆژە

پێشنیار كراوەكان دا وەڵامەكە ئەوەیە بە حەقیقەت ئاگادارین لەوەی كە زۆر بنكەی پۆلیس هەیە كە تا ئێستاش لە خانووی كێ دایە و ئەمەش كێشەیەكە هەم بە نیسبەتی كاروبارەكانیان و هەم بە نیسبەتی خودی دائیرەكە و هەیبەتی دائیرەكەش، بەڵام حەقیقەتێكی تریش كە ئێمە تەعامولی لەگەڵ دەكەین كە هەرێمی كوردستان ئێستا نزیكەی 3 هەزار قوتابخانەی نوقسانە، ئێمە ناچارین كە لەوێ بەراورد بكەین لە بەینی كارەكاندا، یەعنی ئێمە ئەگەر دوایی لە پرەسنتەیشنەكەش باس دەكەین، ئێمە ئەگەر بەم سورعەتەی ئێستا و بەم كەمیە پارەیەی كە لەبەردەستمانە كە تەرخان دەكرێت بۆ وەزارەتی پەروەردە بەم نسبەتی نموەی عەددی سوكان كە لە هەرێمی كوردستان داهەیە بمانەوێ ئیحتیاجاتی وەزارەتی پەروەردە 100٪ پڕبكەینەوە ماوەیەكی نزیكەی دە ساڵێكمان دەوێت، لەبەرئەوە ئێمە ناچارین سورعەتەكە زیاد بكەین بەوەی كەپارەی زیاتریان بۆ تەخسیس بكەین و بەڵكو بەدوای چارەسەری تریش دا بگەرێین بەوەی كە كەرتی تایبەت بە نەوعێك لە نەوعەكان بێنینە ناو مەوزوعەوە، لاپەڕە 37 خاڵی 8 لە ڕاپۆرتی لیژنەی كاروباری یاسایی دەربارەی بودجەی ساڵی 2012 نابێت گواستنەوە بكرێت لەبڕی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاكان لە نێوان پارێزگاكاندا ئێمەش دەڵێین نابێت و نەشمان كردووە و نەشكراوە، بە پێی علمی ئێمە، لاپەڕە 38 خاڵی 12 پێویستە جێ بەجێ كردنی برگەی 4 لە ماددەی 2 لە یاسای وەزارەتی پلاندانان ژمارە 7ی ساڵی 2006 بۆ دەست نیشان كردنی ڕێزبەندی پرۆژەكان لەلایەن وەزارەتە پەیوەندارەكان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان بێت حەتمەن وایە و ئێمەش پابەندین بە یاسای ژمارە 7 ی ساڵی 2006 و دوایی بە تەفسیلێش تەوزیح دەدەین كە چۆن كارەكان كراوە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەكان بە هیچ شێوەیەك وەزارەتی پلاندانان نە بەرنامەی ئەوەی هەیە كە ببێتە بەدیلی وەزارەتەكانی تر و نە بەپێی یاساش ئەو ڕێگەیەی پێدراوە، ئەو یاسایەش وابزانم موعەرەفە و ئێمەش پابەندین پێی، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان، من وابزانم ئەو خاڵانەی كە لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری دا هاتبوو ئەوانەی كە پەیوەندی هەبوو بە بودجەی وەبەرهێنان هەوڵم دا كە هەمووی جواب بدەمەوە، من هیچی ترم نیە ئێستا و قسەی ترم هەیە لەسەر بودجە، قسەم هەیە لەسەر بودجەی وەبەرهێنان، بەڵام دەیهێڵمەوە بۆ كۆتایی یان دوای وەرگرتنی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەر تەوزیحەك بۆ برادەران ئێمە لە لیژنەی دارایی و ئابووری 18 ڕاپۆرتمان بە دەست گەیشتووە، هەر ڕاپۆرتەك پرسیار و پێشنیار و ئەوانەی تێدایە، ئەم پێشنیار و پرسیار و ئەو شتانە هەمووی هەر

لیژنەیەك خۆی مەسئولە لەوەی کە ئەگەر تێبینی هەبێت لەسەر قسەکانی جەنابی وەزیر تێبینیەکان تۆمارکراون، وەڵام بدا و تەوزیح بدات، چونکە ئەمە ڕەئی لیجانە و ڕەئی لیژنەی دارایی و ئابووری نیە، هەر لیژنەیەك بە پێی تایبەتمەندی خۆی حەقە شتەکانی تۆمار کردبێت و وەڵامدانەوەی پاشان کە جەنابتان ڕێگە دەدەن بۆ پرسیار و وەڵامدانەوە ئەمە ئەرکی ئێمە بوو کە شتەکان وەکو خۆی بێننە خوار بە ڕاپۆرت، بەڵام ئەنجامەکان ڕوونکردن و تێبینی هەر لیژنەیەك تایبەتە بەخۆیەوە و ئەوە ئەرکی خۆیەتی و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

هەندێ پرسیار هەبوو وتیان وەزیری دارایی وەڵامی نەداوەتەوە، جەنابی وەزیر فەرمووە.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە باسکرا بە نیسبەتی مینەحی وەبەرهێنان باسکرا، 50 ملیار دینار دانراوەو مەوجودە، مەسەلەی کە لە لاپەڕەی 11 هاتووە ئەمساڵ گومرگ داخڵ نەکراوە، ئەمساڵ چونکە پار بۆتانم باس کرد، ئەو گومرکەی کە ئێمە داخڵمان کردووە هی ساڵی 2010 و 2011 پارەکەمانیان برد ونەگەڕاوەتەوە و نەیان دایەوە پێمان، ئێستا ئێمە دامانناوە مەوجودە و وسولات بڕاوە، هەمووی مەوجودە پارەکان و سجلات هەیە و ئەوان خۆیان ئێستاکە تەنسیقیان کردووە، گەر رەقابەی مالی لێرەن و بچن تەدقیقی بکەن و ئەو وەختە، چونکە بەو 300 ەکەی ئێمەش ڕازی نین، بە 400 ەکەی ئێمەش ڕازی نین، دەبێ تەدقیقی بکەن و ئەوجا ئەوەی کە دەردەکەوێ لەلای ئەوان ولە سجلاتە ئەوان دەیبەن، تەقدیری ئێمە 300 ملیارە بۆ ئەو مەوزوعە، بە نیسبەتی کارەبا و تەندروستی کە باسکرا لە سفرە داهاتیان، چونکە ئێمە ئەمانە هی خۆیانمان داوە بە خۆیان، ئێستا هەرچی داهاتیان هەبێ خۆیان وەری دەگرن و تەقدیراتیشمان هەیە بۆ داهاتەکانیان، داهاتەکان خۆیان وەری دەگرن و لە نیهایەتی ساڵدا ئەوان پێمان دەڵێن ئەمە داهاتمانە و ئەمە مەسروفمانە و لە حساباتی ختامی دا داخڵ دەکرێت، چونکە بڕیاری خۆتانە وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کارەبا و وەزارەتی شارەوانی ئەمانە هەمووی ئەڕوات بۆ ئەوان، بە نیسبەتی پترۆ دۆلارەوە کە پرسیار کراوە کە چۆنە بە نیسبەتی پترۆ دۆلارەوە هەر بەرمیلێکی ئینتاجی نەوتی خام یەك دۆلار وەردەگیردرێت، بۆ هەر بەرمیلێك موکەرەر یەك دۆلار وەردەگیردرێت و یەك دۆلاریش وەردەگیردرێ بۆ 150 م مکعب مونتەجی غاز، ئەو رەقەمە جارێکی تر تیکراری دەکەمەوە کە ئەوەی داخڵ کراوە لەلای ئێمەوە ئێمە پرسیارمان لە وەزیری سامانە سروشتیەکان کردووە دەڵێ ئەوە تەبیعیە و ئەوە ڕاستە، بە نیسبەتی 42,04.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوای ئەوەی هەر دوو وەزیرە بەڕێزەکان وەڵامی پرسیارەکانیان دایەوە ئەوەی کە لە لیژنەکانەوە بۆیان چوو بوو، دەمانەوێ ناو بنووسین بۆ ئەوەی یەك بە یەك قسەبکەن، کاك عبداللە حاجی محمود،

مامۆستا عمر عبدالعزیز، د.احمد وەرتی، کاک عبدالقادر بازرگان، کاک ئارام قادر، کاک سالم تۆما، هاژە خان، کاک کاروان صالح،سۆزان خان، کاک اسماعیل سعید، کاک کاردۆ، کوێستان خان، ئاشتی خان، کاک دڵشاد حسین، پەیمان خان، کاک پێشەوا، کاک عبداللە قەڵادزەیی، د.ڕێباز فتاح، ڤیان خان، کاک ئاسۆ، بێریڤان خان، پەروین خان، کاک جمال طاهر، ئاواز خان، کاک خلیل، کاک شێردڵ تحسین، د.جیهان اسماعیل، گوڵزار خان، بەفرین خان، کاک فاضل حسن، سەرگوڵ خان، بەیان خان، د.ثائر عبدالاحد، زکیە خان، ژیان خان، کاک سالار محمود، سمیرە خان، کاک سەدار، کاک امیر گوگە، د. سەوەر، شلێر خان، کاک شڤان احمد ، کاک اسماعیل گەڵاڵی، کاک اسماعیل، ئەڤین خان، صباح بیت اللە، قادر حسن، صبیحە خان، کاک شوان، مامۆستا کاوە، کاک سەرهەنگ فەرەج، سیوەیل خان، کاک عبداللە نوری، عظیمە خان، پەیمان عزالدین، مامۆستا فەرمان، کاک شێرزاد حافظ، کاک عدنان عثمان، نەسرین خان، کاک نەریمان عبداللە، ڕازاو خان ، کاک علی حسین، کاک قادری ئاسایش، د.ڕۆژان، کاک سمیر سلیم، ناسك خان، هاوڕاز خان، شەونم خان، کاک عماد محمد، کاک نەژاد عزیز، کەیلی خان، کاک گۆران ئازاد، گەشە خان، لانە خان، کاک محمد شارەزووری، ئاهەنگ خان، کاک عبدالرحمن حسین، امینە خان، د.عمر نورەدینی، نیشتمان خان، کاک فاضل، کاک شۆڕش، شیلان خان، حەمە سعید، کاک برهان، ئەم خوشك و برا بەڕێزانە ناویان نووسراوە، فەرموو.

**بەڕێز عبداللە مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵاهی بەس نوقتەیەکی نیزامی تەواو نیزامیم هەیە، ئینجا دڵنیابە حەز دەکەی سوێند دەخۆم، بەس ئومێد دەکەم دەرفەتم پێ بدەی ڕوونی بکەمەوە، ئێمە لەسەرەتاوە دەرفەتمان دا بە هەردوو وەزیری بەڕێز کە قسەی خۆیانیان کرد، یەعنی وەڵامی ئەو پرسیار و تێبینیانە کە لە ڕاپۆرتەکان هاتبوو، لای خۆیان وەڵامەکەیان داوەتەوە، بەڵام کەتۆ ناوەکان دەنووسی دەرکەوت کە ئەم وەڵامانە ڕۆڵێکی نەگێڕاوە تا ئاستێك کە بتوانێ ڕێژەی بەشداربووان کەم بکاتەوە، ببورن با قسەکەم تەواو بکەم، ......... .

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە ئیجازە بدەن با قسەی خۆی بکات، ئیجازەم بدەن، فەرموو.

**بەڕێز عبداللە مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەبەستی من لە عەدەدی پەرلەمانتارە، دەزانم ڕەنگە پەرلەمانتارێکی بەڕێز 5 پرسیاری هەبێ و وەڵامی یەکێکیانی وەرگرتبێتەوە، قسە لەسەر ئەوەیە نەیتوانی عەدەدی قسەکەر کەم بکاتەوە، ئەوە سەرنجەکەی منە، بەڕێزان بۆ ئەوەی بیزانن، لێرە من ئیجازەم بدەن بۆ ئەوەی ڕوونی بکەمەوە، لێرە من تەقیمی پرسیارەکانی ئەو بەڕێزانە ناکەم، چونکە خۆشم سەرنجم هەیە ، بەڵام دەمەوێ ئەم بابەتە گرێ بدەم بە مەسەلەیەکی ترەوە کە وادیارە ڕۆڵی کاریگەری گێڕاوە لەوەی کە وەڵامەکان موقنعکەر نەبن یان نەتوانێ ڕۆڵی هەبێ لە کەم کردنەوەی ....... بەڕێزان توخوا با قسەکانم تەواو بکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

تكایە با قسەی خۆی بكات فەرموو.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیجازەم دەدەن ڕوونی بكەمەوە با قسە بكەن ئەگەرنا قسە ناكەم، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەم ڕاپۆرتەی بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە 5/7/ 2012 هاتە پەرلەمانی كوردستان، لە 5/20/ 2012 بەڕێز عماد احمد یەكگرتنەوەی وەزارەتی دارایی ڕاگەیاند، واتە 17 ڕۆژ دوای هاتنی پرۆژەی بودجەكە، پرۆژە یاسای بودجەكە ئەم وەزارەتە یەكی گرتووەتەوە، پرسیارەكە لێرەیە، ئەم وەزیرە بەڕێزە كە بۆ خۆم من گومانی ئەوە دەكەم یەعنی من لێرەوە دەمەوێ لەدەرفەتێك دا پشتیوانی بكەم لە دەرفەتێكی تردا داوای شتێكی تر بكەم، ئەم وەزیرە بەڕێزە لە وەڵامەكاندا دەركەوت وەزیری 47٪ ی ئەو ڕاپۆرتەیە، عەفوم بكە........ .

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

نا بابە وانیە و تكا دەكەم ئەوە قانونی نیە، تكایە دانیشە، وەزیری سەرانسەری كوردستانە و تكایە نوقتە نیزامیەكە، تكا دەكەم دانیشی، دانیشتنی ئێستامان كۆتایی پێ دێنین و تا سەعات 5 ی پاش نیوەڕۆی ئەمڕۆ، بەڵام كە دەستمان پێی كرد لە سەرۆكی فراكسیۆنەكانەوە دەست پێ دەكەین، دوایی ڕێگە دەدەین بە ئەوانەی تریش.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان.**

ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆ ساڵی 2012، هەروەکو باسمان کرد پێمان باش بوو لە سەرۆکی فراکسیۆنەکانەوە دەست پێ بکەین، فەرموو سۆزان خان، ببورە، فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باشتر وایە لیژنەی دارایی بچنە شوێنی خۆیان، وا پێویست دەکات بۆ ئەوەی مولاحەزات و سەرنجەکان بنووسنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی دارایی فەرموون بۆ شوێنی خۆتان، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی دەکەم بۆ ئەو راپۆرتە تێرو تەسەلەی پێشکەشی کردووە، من لێرەدا داوا دەکەم کە پرسێك هەیە بەڕێزان لەلیژنەی دارایی ئاماژەیان پێداوە، بەلاَم دەبێت ئێمە ئالیەتێك بدۆزینەوە بۆ چارەسەر کردنی، ئەویش پرسی کەڵەکە بوونی ئەو بڕە پارانەیە کە هێشتا لای حکومەتی عێراق ماوەتەوە، بە هەموو تەخمینێك کە هەیە زیاتر لەو شەش ترلیۆن دینارەی کە باس دەکرێت ماوەتەوە، چونکە هەر لەناو راپۆرتەکەی ئەواندا هاتووە بێ لەو شەش ترلیۆنەی دانراوە سەرف بکرێت بۆ هێزەکانی پێشمەرگە، هەتا ئێستا ئەو نەفەقاتی حاکیمەی کە تەرخان کراوە دەبێت لە 17٪ی بۆ ئێمە تەرخان بکرێت، لە 20٪ هەتا 50٪ی گەیشتووە، ئەوە لەوێ چەند ملیارێك، دوای ئەوە لە پسوولەی خۆراك تاکو ئێستا لە 85٪ی گەیشتووە، لەوێش لە 15٪یان بۆ نەناردووین، بۆیە بەڕێزان من لێرە داوا دەکەم لەناو یاساکەی دەریدەکەین هی بودجەی ئەمساڵ ئالیەتێك بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی هەرسێ سەرۆکایەتی، سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کارێك بکات کەوا ئەو بڕە پارانەی ئێستا لەلای حکومەتی عێراق کەڵەکە بووە وەربگیرێتەوە، چونکە ئەمەش بەشێکە لەو داهاتەو، بەشێکە لەو بودجەیەی کە هەتاکو ئێستا ئێمە لێمان مەحروم کراوەو بەبیانووی جیا بە جیا لێمان گل دراوەتەوەو ناتوانین بەو شێوەی کە دەمانەوێت عەجزەکەش پڕ بکەینەوەو، بۆ هێزەکانی پێشمەرگەش بتوانین بەشێوەیەکی رێك و پێك کاریان لەسەر بکەین، بۆیە هەندێك پێشنیارم هەیە، ئەمەی یەکەمم پێشنیارە بۆ دۆزینەوەی ئالیەت و خستنە ناو یاساکەوە.

پێشنیارەکان:

1- بەهۆی ئەوەی کە هەموو چین و توێژەکانی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان داوای دەرماڵەیان کردووە، بەبێ دیاری کردنی هیچ میکانیزمێك، من لێرەوە داوا دەکەم و لەناو بودجەشدا، لەناو یاساکەشدا

ماددەیەك دابنرێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەریەتی لیژنەیەك دروست بکات بۆ پێداچوونەوەی هەموو ئەو دەرمالأنەی کە داوا کراوە زیاد بکرێت و، دۆزینەوەی ئالیەتێك بەدەر لە دەرماڵەی شەهادەو زەوجیە، ئەو دەرمالأنەی کە داوایان کردووە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێداچوونەوەیەك بکات، چونکە ئێستا نا یەکسانی هەیە، نا عەدالەتی هەیە، بەپێی ئەرك و کارەکان دابەش ناکرێت.

هەروەها داوا دەکەم دەرماڵەیەك بەناوی دەرماڵەی ئیعالە بۆ ژنی بێ هاوسەر، چونکە ئەو ژنانە ناتوانن دەرماڵەی زەوجیە وەربگرن، دەرماڵەی زەوجیە بەناوی خۆیەتی دەبێت ئەو کەسە هاوسەری هەبێت، بەلأم ئەو ژنانەی کە هاوسەریان نییە دەکرێت لە ژێر ناوی دەرماڵەی ئیعالە، لەگەڵ دەرماڵەی مندالأندا، ئەوسا ئێمە دەتوانین ژیانیان بەرەو باشتر بەرین.

2- پێشنیار دەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام بێت لە تەرخان کردنی 120 ملیار دینار بۆ توانا سازی، ئەو بۆردەی کە سەرپەرشتی کردووە تا ئێستا هەمان بۆرد بەردەوام بێت لە سەرپەرشتی کردنی.

3- تەرخان کردنی بڕی (120) ملیار دینار بۆ هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانەکان، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین هەنگاو بە هەنگاو، ساڵ بە ساڵ رزگارمان بێت لە حاڵەتی کەمی قوتابخانەکان.

4- حکومەتی هەرێمی کوردستان دەسەلأتی تەواو بدات بە وەزارەتەکان، بۆ سەرف کردنی بودجەی تەرخان کراو لەگەڵ بوونی چاودێری بەهێز، ئێستا ئەو کێشەیە هەیە، وەزارەتەکان دەسەلأتی تەواویان نییە، بۆیە ئێمە بە ماددەیەکی یاسایی داوا بکەین لە وەزارەتی دارایی ئەو دەسەلأتەیان بداتێ.

5- کەمکردنەوەی لە 10٪ی بودجەی هەر چوار سەرۆکایەتی، سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری، پاش دەرکردنی (120) ملیار دیناری تواناسازی، پارەی شارەوانی عەنکاوە، ئەوەی لێ دەربکرێت و لە مەبلەغەکەی دەمێنێتەوە لە10٪ی لێ کەم بکرێتەوە.

6- بەردەوام بوون لە تەرخان کردنی پارەو خزمەتگوزاری بۆ ناوچە دابڕاوەکان، کە ئەمڕۆ گوێمان لێ بوو لە راپۆرتی بەڕێز وەزیری داراییدا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان چ پرۆژەی کردووە لەوێ، چەند خەڵکی دامەزراندووە بە فەرمانبەر، لە بواری کارەباشدا، ئێمە داوایان لێ دەکەین بەردەوام بن لەو کارانەیاندا.

7- زیاد کردنی سولفەی عەقاری گوندەکان بۆ (25) ملیۆن دینار، چونکە ئەوە هەنگاوێکە، پشتگیرییەکە، بۆ ئەوەی گوندەکان زیاتر ئاوەدان بکرێنەوە.

8 -بەردەوام بوون لە سەرف کردنی بیمەی بێکاری بۆ دەرچووانی پەیمانگاکان و ئەوانەی وەزارەتی پەروەردەش بگرێتەوە.

9 -حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی (100) ملیار دینار تەرخان بکات بۆ ناوچە کاولکراوەکان و تەرحیل

كراوەكان، میكانیزمەكە بۆ خۆیان بەجێ دەهێڵین لە كوێ ئەو پارانەیان بۆ تەرخان بكەن.

10- حكومەت لە پێدانی بەخشینی ساڵانە بۆ خانەنشینكراوەكان و فەرمانبەرانی مووچە سنووردارەكان بكرێت، ئەویش:

1-پێدانی بەخشینێك كە (600) هەزار دینار بێت بۆ هەموو ئەو خانەنشینانەی كە مووچەی خانەنشینیان لە (400) هەزار دینار كەمترە، بە شەش قست پێیان بدرێت.

2- پێدانی بەخشینی(480) هەزار دینار بۆ ئەو فەرمانبەرانەی كە پلەیان(9)و (10)یە بە مەرجێك هیچ دەرماڵەیەكی تریان نەبێت، تەنها پیشەیی و خێزان.

11- پێداچوونەوە بە رێنماییەكانی مەسرەفی سیناعی، ئێمە دەزانین ساڵانە حكومەتی هەرێمی كوردستان برە پارەیەكی باش بۆ مەسرەفی سیناعی تەرخان دەكات، بەڵام رێنماییەكان بۆتە لەمپەر لەبەردەم ئەوانەی دەیانەوێت گەورە كاری و نۆژەن كردنەوەی ئالەتەكانی خۆیان بدەن و، هەروەها كۆمەڵێك رێگری دەهێنێتە بەریان، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی پرۆژەی مامناوەندن، ئەوخەڵكانەی كە پرۆژەی مامناوەندیان هەیە زۆر پێویستیان بە پشتگیری و هاوكاری حكومەتی هەرێمی كوردستان هەیە لە رێگەی مەسرەفی سیناعیەوە.

12- لەسەر حكومەتی هەرێمی كوردستانە بۆ ساڵی 2013، كە بودجە ئەمە دەبێت بخرێتە ناو یاساكەوە، لەناو یاسای بودجە، بۆ ساڵی 2013 لە وادەی دیاری كراوی خۆیدا بودجە بە خەمڵێنراوی بنێرێت بۆ پەرلەمانی كوردستان بەو بەندە یاسایە، هەروەها دەسەڵات بدرێت بە وەزارەتی دارایی لەحاڵەتی فەرقی ئەو برە خەمڵێنراوەو، ئەو برە دیاری كراوە لەلایەن عێراقەوە كە ئەوان بتوانن موناقەلە بكەن و ئەو برە تەعویز بكەنەوە.

13- بەردەوام بوون لە سولفەی زەواج .زۆر سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاتێك كە ئێوە داوای زیاد كردنی نەفەقات دەكەن، دەبێت بزانن لە چ سەرچاوەیەك، ئەو نەفەقاتە لە كوێ تەئمینی دەكەیت؟ زیاد كردنی نەفەقات لە هەوا نابێت، بەڕاستی دەبێت شوێنێكی تایبەتی هەبێت، ئینجا داواكارم كەس ئەو پرسیارانە دووبارە نەكاتەوە كە گوتراوە، فەرموو كاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای خوێندنەوەی راپۆرتی لیژنەی دارایی، بەڕێزان وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان وەڵامی هەندێك لەو پرسیارو سەرنج و تێبینیانەیان دایەوە، كە پەیوەندار بوون بە تێڕوانین، یان پرسیارەكانی هەم ئەندامانی پەرلەمان، هەم لیژنەی دارایی، بەلای ئێمەوە وەڵامەكان باوەڕ هێنەر نەبوون، بۆ ئەوەی بتوانن ئەو كەموكورتی و كێشەو كەلە بەرانەی كە لە بودجەدا هەیە وەڵامێكی مەنتقی و یاسایی و زانستی بۆ ئەو گرفتانەی كە باس كراون درا بێتەوە، بۆیە هەوڵ دەدەم لە قسەكانم ئەوە بسەلمێنم كە ئەمە راستیەو، پێشمۆایە ئەگەر بەم شێوازەی كە پێشتر تەئكیدیمان لێ كردەوە، ئێمە رەخنە بگرین و بەرپرسیارانی

یەکەم لە دارشتنی سیاسەتی دارایی کوردستان بەم شێوەیە وەڵام بدەنەوە، ئەگەر لە مانگی یەکیش هەر بە رێنمایی ئەم پرۆژە یاسای بودجە کە هاتۆتە پەرلەمان رۆیشتبا ئەوا هیچ کاریگەری نەدەبوو لەسەر ئەم دواخستنەی کە ئێستا کردوومانە، لە نەتیجەکەی بەبێ ئەوەی ئێمە هیچ وەڵامێك، یان گۆرانکارییەك لە بودجە بدەینەوە بۆ خەڵکی کوردستان، کە ئەرکی نوێنەرانی خەڵکە بەرگری لێ بکەن و ئەرکی پەرلەمانیش بە شەفافیەت بروات بەرێوە.

بودجە بریتیە لە پرۆگرامێکی دارایی حکومەت بۆ ساڵی ئایندە بەمەبەستی بەدەستهێنانی چەندین ئامانجی ئابووری و کۆمەڵایەتی و نیشتمانی دیاریکراو کە لە نێو چوارچێوەی گشتی پلانی داراییدا جێی بۆدەکرێتەوە.

شێوازی بەرێوەبردنی بودجە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هاوتەریبە لەگەڵ چەندین گرفتدا کە لەزۆربەی ساڵە داراییەکاندا بەدوای یەکدا دووبارە دەبنەوەو بوونەتە گرفتی هەمیشەیی بودجەکە، کە وایکردووە خودی بودجەکە لە بازنەیەکی داخراودا خول بخواتەوەو گرنگترین ئەو گرفتانەش ئەوانەی خوارەوەن:

1-تارمایی خستنە سەر داهات و ساڵ لەدوای ساڵیش خراپتر دەبێت وهەموو جۆرە بوارەکانی بەرهەمهێنان و دەستەبەرکردنی داهاتی هەرێمی گرتۆتەوە .بە نموونە پرۆژە بودجەی هەرێم هاتۆتە پەرلەمان دوای مانگێگ هاوپێچێك هاتۆتە پەرلەمان باس لە تەفاسیلی داهاتی 2012 دەکات، جگە لەو داهاتەی کە بە276 ملیار مەزندە کرابوو داهاتێکی تر هات بوو، بۆ نموونە، کە باسی تارماییەکە دەکەم، ئەمە جگە لە داهاتی بانکەکان و فرۆکەخانە، داهاتی سامانە سروشیتەکان یەك ترلیۆن و حەفتاو پێنج ملیارە، ئەمە بە لیستێکی هاوپێچ هاتووە، خۆی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە بودجە بۆ دانانی لە پێنج سەد ملیاری زیاتر بۆ تەرخانکراوە (30) هەزار فەرمانبەری هەیە، شەش بەرێوەبەرایەتی هەیە، یەك ترلیۆن و حەفتاو پێنج ملیاری بۆ شەش بەرێوەبەرایەتی داناوە، من ئەو پرسیارە دەکەم وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ئەو برە پارەی بۆ دانراوە خەرج بکرێت، ئایا ئەو بەرێوەبەرایەتیانەی تێدا نییە؟ چۆن دەبێت ئەم داهاتە بێتە ناو داهاتی کوردستان و خەرج بکرێتەوە؟ ئەگەر قسە لەسەر بەرێوەبەرایەتی داهاتی نەوتیش بکەین بڵێین بۆ بەشی سووتەمەنی، یان بەشی وێستگەکانی کارەبا لە پێنج سەد ملیارەکە بۆی دانراوە، بەشی نەوتیش لە بەغدا پشتیوانی دەکرێتن، نەك بەرێوەبەرایەتیەکان خۆیان تەئمینی نەوت بکەن لە کوردستاندا.

2- پێدانی زانیاری نادروست بە پەرلەمان، وەکو نموونە :رەنووسەکانی نێو ژمێرەی کۆتایی شەش مانگی یەکەمی2011 کە بەدوو شێوازی جیاواز هاتۆتە پەرلەمان، دژ بەیەکن و جیاوازی خەرجیەکان گەلێك زۆرە، تەبعەن زۆر زۆرم لایە، کە دوایی جیاوازەکانت دەدەمێ، بەڵام یەك جیاوازی باس دەکەم، تەنها لەداهاتی کەرتی کارەبا (200) ملیار جیاوازی هەیە.

3- کورتهێنان و هەڵەکردن لە هەژمارکردنی.

4- گەورە بوونی ساڵ لەدوای ساڵی قەبارەی بودجەی بەکارخستن لە غیابی پرۆگرامی ئابووری و

کۆمەڵایەتی .تەنها لە بودجەی وەکارخستن، بەکاربردن لە 96.6٪ بەس ئەوانەی پەیوەندی بە بەخشین هەیە، بە سوودی کۆمەڵایەتیە، بە هەبووە ناداراییەکانە، ئەمە جگە لە تەعویزی فەرمانبەران، کە ئەمە زیاد کردنێکی بێ سنوورە بۆ مەبەستێکی گەشەی ئابووری و بەڕێوەبردنی حکومەتیش نییە کە زەرورەتی هەبێت.

5- راهاتن لەسەر پلانی ساڵانە و بچووك کردنەوەی ساڵی دارایی لە هەرێمدا بۆ (6) مانگ .ئێمە پێمانوایە ئەم پاساوەی ساڵانەی بەڕێز وەزیری دارایی کە باسی دەکەن گوایە ئێمە لەبەر ئەوەی لە عێراقدا بودجە دوا دەخرێت، ناچارین ئێمەش راوەستین لەسەر عێراق تا بەشی 17٪ کەمان بۆ دێت، ئێمە پێمانوایە پاساوێکی راستەقینە نییە، چونکە بودجە خەملاندنە لە 17٪ دیارە، نەوتەکەش دیارە، لە کاتێکدا بودجە دێتە پەرلەمانی کوردستان لە دوو ترلیۆن زیاتر کورتهێنانی هەیە، ئەمە چ تەخمینێکە تۆ رادەوەستی لەسەری، تەخمین ناکەیت بەپێی پەیرەو لە مانگی (10) نایهێنیتە پەرلەمان بەم تەخمینە، کەمی کرد دەتوانیت لە هەندێك مەشاریع کەمی بکەیتەوە، زیادی کرد دەتوانیت لە عەجزدا پڕی بکەیتەوە، ئەوە جگە لەو وردەکارییەی کە ئەو عەجزەی دانراوە دوایی قسەی لێ دەکەین.

6- هاوتەریبکردنی کورتهێنان و زێدەڕۆیکردن لەگەڵ یەکتردا، سەرەڕای ئەوەی پەرلەمان ساڵانە پەسندی بودجە دەکات، حکومەت زێدەڕۆیی لە خەرج کردن دەکات، ئەمە جگە لەوەی کورتهێنانی هەیە.

7- زۆری و بۆری پرۆژەکانی وەبەرهێنان و نەبوونی پێوەری دابەشکردن بەسەر ناوچەکانی هەرێم .بۆ نموونە ساڵی پار 2011 رێژەی 17٪ پارەی تەرخانکراو بۆ بودجەکە خەرج نەکراوە، کە دەکاتە (2) ترلیۆن و 209 ملیار دینار، بۆ پرکردنەوەی کورتهێنان لە بودجەی بەکارخستندا بەکارهێنراوە، تەبعەن بە شاهێدی ئەوەی کە لە ریکۆرت خۆی هەیەتی وەزیری دارایی گوتی وا بەکارمان هێناوە، لە 2010 رێژەی5.50٪ گوژمەی پارەی پرۆژەکان خەرجکراوە، بەلاّم دیسان گوژمەی ماوەی سووڕاندندنەوەی (تدویر) بۆ نەکراوەو خرایە سەر کورتهێنان .لەکاتێکدا ئێمە بەدەقی یاسایی لێرە گوتمان ناکرێت بە دەقی یاسایی حکومەت تدویری ئەوە نەکات و بیگوازێتەوە، ئەمە یاساکەیە ماوەیەکە پێشێلکاری بەرپرسیاریەتی وەزیری دارایی و وەزیری پلانداناکی کرد لەوەی کە پابەند بن بە دەقەکانی یاسایی کە لە پەرلەمان دەدرێت.

8- گوێنەدان بەهەژمارکردنی دەرهاویشتەکانی بودجەی خەرجکراو کە پێی دەڵێن ژمێرەی کۆتایی، کەبەردەوام دوای رەوانەکردنی رەشنووسی بودجەی گشتی دەنێردرێتە پەرلەمان.

بەڕێز وەزیری دارایی ئەمڕۆ لە پەرلەمان باسی کرد گوتی ناردوومانە، ئێمە تا 4/15 کە بە دەقی یاسایی هەبوو، ئەمە نەهاتۆتە پەرلەمان، هی شەش مانگیان نارد بوو، هی ساڵی 2010 راستە هاتبوو، بەلاّم سەرۆکایەتی پەرلەمان نەیخستە بەرنامەی کار، من لە بەڕێز وەزیری دارایی دەپرسم کە بەرپرسیاری یەکەمە دەکرێت حیسابی خیتامی لە فیعلی سەرف نەکرد بێت، هەڵسەنگاندن بۆ بودجە بکەیت؟

ئەگەر هەندێ لە خاڵەکانی سەرەوە وەربگرین:

1-گرفتی کورتهێنان:

گوژمەی ئەو کورتهێنانی حکومەت (وەزارەتی دارایی) خەملاَندوویەتی بۆ ساڵی دارایی (( 2012) بریتیە لە (2) ترلیۆن و 44 ملیارو 847 ملیۆن دینار گوژمەیەکی زۆرەو پێویستە کار بە کورتهێنانی فیعلیەکە بکەین کە ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

| ز | جۆری کورتهێنان | گوژمەی کورتهێنانی فیعلی |
|---|---|---|
| 1- | پەرەپێدانی پارێزگاکان | 272 ملیار دینار |
| 2- | پترۆدۆلار | 243 ملیار دینار |
| 3 | مووچەی وەزارەتی پێشمەرگە | 952 ملیارو 980 ملیۆن |

کۆی گشتی کورتهێنانی فیعلی 1 ترلیۆن و 467 ملیارو 980 ملیۆن دینار

نەك ئەوەی ئەوان باسی دەکەن.

2 -ساڵی دارایی فیعلی لە هەرێمی کوردستاندا بۆتە (6) مانگ:

بچووك بوونەوەی ساڵی دارایی لەرێگای ئەو پرۆسێسانەی خوارەوە درێژەی پێدەدرێ:

-لەمانگی حوزەیرانی زۆربەی ساڵەکان بودجە پەسند دەکرێت و ئیتلاقی دارایی دەست پێدەکات.

-لەپێنج مانگی سەرەتای هەموو ساڵەکانیشدا پێشینەی هاوسەرگیری و خانووبەرە و بیمەی بێکاری و تەندەرینی پرۆژەکان رادەگیرێ .پێشنیار دەکەم هەر ئەمڕۆ وەزیری دارایی ئیتلاَقی ئەم رێنماییانە بکات و نەیکاتە کۆسپ لەبەردەم راگرتنی، چونکە ئەمانە سندووقیان هەیەو قەرزیان هەیە، قەرزەکە دێتەوە ناوی و ئەم پارەیەی هەیە.

-لە 12/15 هەموو ساڵێکیشدا حیساباتی بودجە لەلایەن حکومەتەوە دادەخرێ.

-هەموو ئەوانەی سەرەوەش کاریگەری خستۆتە سەر دواکەوتنی کاروبارەکانی کۆمەڵگەو پرۆژەکان.

3- زێدە خەرجی و کورتهێنان دوو جەمسەری دارایی دژ بەیەکن:

-لەبنەڕەتدا کورتهێنان دەبێتە قەرز بەسەر بودجەی گشتیەوە، بۆ پڕکردنەوەی پێویستە حکومەت لەماوەی ساڵە داراییەکەدا بەدوای سەرچاوەی تردا بگەڕێت، وەکو تەقەشوف و یان قەرزکردن لە ناوخۆ یان لە دەرەوە، کەچی لە هەموو ساڵە داراییەکاندا حکومەت زێدەڕۆیی لە بودجەی بەکارخستندا دەکات دوای پەسند کرنی پەرلەمان، یەعنی دوای ئەوەی پەرلەمان پەسندی دەکات زێدەڕۆیی لە سەرف کردنەکە دەکات.

زێدەرۆیکردن لەبودجەدا دەبێ پاساوی خۆی هەبێت و دوو جۆری هەیە:

-زیدەڕۆیی پۆزەتیف :بەوە ناسراوە کە لەکاتی کارەساتە سروشتیەکان و چڕی پرۆگرامە ئابووریەکان و

**کۆمەڵایەتیەکان پەنای بۆ دەبردرێ.**

**-زێدەڕۆیی نێگەتیف :کاتێك ئەو ناوەی لێدەنرێ کە پاساوەکانی پەنابردن بۆی لاوازبن و ئامانجی گشتی بەدەستنەهێنێ و بەرجەستەی نەکات .**

4- **زۆری و بۆری پرۆژەکانی وەبەرهێنان و نەبوونی پێوەری دابەشکردن بەسەر ناوچەکانی هەرێم:**

**-تاکو ئەمساڵیش** 2012 **وەکو ساڵانی رابردوو، پرۆژە پێشنیارەکان لەسەر بنچینەی پێوەر بەسەر ناوچە جۆراو جۆرەکانی هەرێمی کوردستان دابەش نەکراون.**

**-تەنانەت لەنێوان خودی وەزارەتەکانیشدا پێوەر لەبەرچاو نەگیراوە، بۆ نموونە لەنێوان وەزارەتی تەندورستی و وەزارەتی دارایی، یەعنی لە دابەش کردنی پرۆژەکاندا.**

**-ئەو دۆخە بۆتە مایەی بەردەوام بوونی بێکاری و کۆچکردن و چۆڵبوونی گوندەکان و نزم بوونی ئاستی بژێوی و پەرەسەندنی بازنەی هێڵی هەژاری لەوێدا و ناڕەزایەتی خەڵکی لە شوێنە بێبەشەکان.**

5 **-بودجەی بەکارخستن:**

**سەرەڕای گەورە بوونی قەبارەی ساڵ لەدوای ساڵی بودجەی بەکارخستن، وەزارەتی دارایی بڕی** 576 **ملیارو** 867 **ملیۆن دیناری وەکو کورتهێنان لە بودجەی بەکارخستن هەژمار کردووە .بۆیەش گۆژمەی کورتهێنان گەیشتۆتە(**2**) ترلیۆن و (**44**) ملیارو(**847**) ملیۆن دینار.**

**پێشنیارەکان:**

1 **-پێشنیار دەکەین کورتهێنانی فیعلی لەبەرچاو بگیرێت و بچەسپێنرێ کە بریتیە لە (**1**) ترلیۆن و (**467**) ملیارو (**980**) ملیۆن دینار لە جیاتی (**2**) ترلیۆن و (**44**) ملیارو(**847**) ملیۆن دینار.**

2 **-پەیڕەو کردنی سیستەمی لامەرکەزی لە پارەدارکردن و پێدانی بەشە خەرجی وەزارەتەکان و نەگەڕانەوە بۆ وەزارەتی دارایی، بۆ بچووکترین شت ئەو وەزارەتانەی کە گوایە ئەو بڕە پارە زۆرەیان لەبەر دەستەو خەرجی دەکەن، دەبێت بیگەڕێننەوە وەزارەتی دارایی، لەبەر ئەوەی یەکێکە لەو کێشانە کە سیستەمی ئێمە دروستی کردووە، بۆیە پێویستە ئەم سیستەمە لا ببەین.**

3 **-بەهۆی دواکەوتن و هاتنی رەشنووسی بودجەی گشتی بۆ پەرلەمانی کوردستان، کە لە دەرەنجامەکەیدا بچووك بوونەوەی ساڵی دارایی بەدوای خۆیدا هێناوە، پێشنیار دەکەین حیساباتی بودجە لەسەرەتای هەموو ساڵەکاندا بەکراوەیی بمێنێتەوە و دانەخرێ.**

4 **-زێدەڕۆیی کردن پێویستە پاساوی ئابووری و کۆمەڵایەتی خۆی هەبێت لەدەرەوەی پاساوەکانی خۆی، بەدەست بلاوی و بەفیڕۆدانی سەرمایەی گشتی هەژمار دەکرێت، بۆیە پێویستە لەمساڵەوە** 2012 **حکومەت چیتر ئەنجامی نەدات، بەتایبەتی لەدۆخێکدا کە کورتهێنان هەیە.**

5 **-پێشنیار دەکەین حکومەتی هەرێم لە بودجەی وەبەرهێنانندا ئەو هەنگاوانەی خوارەوە بهاوێ:**

**أ -لەسەروبەندی دانان و دارشتنی پرۆژەکانی وەبەرهێنانی حکومیدا پشت ببەستێتە گرێدانی چەندین**

کۆنفرانس بۆ هەموو ناوچەو دەڤەرەکانی هەرێمی کوردستان و بەپێی پارێزگاکان لە رێگای نوێنەرانی خەڵك لە ئەنجومەنەکان و بە ئامادە بوونی قائمقام و بەڕێوەبەری ناحیەکان بۆ تۆمارکردنی پرۆژە فیعلی و داواکراوەکان.

ب -گوژمەی ئەو پارانەی کە لە بودجەی وەبەرهێنانی ساڵی2010 و 2011 ماوەتەوەو خەرج نەکراوە بۆ پەرلەمان بەدیکیۆمێنت روونی بکاتەوە، کە گوژمەکانی لەکوێن؟ ماددەی 23ی یاسای بودجەی 2011 وەکو نموونە، کە لەوێ جارێکی تر تەئکیدیمان لێ کردۆتەوە.

ج -یاسای کۆمەکی ئەحزاب پەسند بکرێ، کە ئێمە لە ساڵی 2011- 2012 لە یاسای بودجە داوامان کردووە کە بە یاسا بکرێت، وەزیری دارایی گوتوویەتی ساڵانە ئێمە تەسویەی دەکەین، کەچی تاکو ئێستاش ئەم پرۆژە یاسایە پەك کراوە، کە ئەمە کاریگەریەکی گەورەی هەیە لە بەهەدەر دانی سامانی گشتی و لە ناعەدالەتی دابەش کردنی هەر سامانی گشتی بەسەر لایەنەکانی، یان پشتیوانی کردنی حزب و لایەنەکان لە پەرەپێدانی پرۆسەی سیاسیدا.

-5لە یاسای بودجەی ساڵی پار 2011 ماددەی سێیەم ئەوە چەسپێنرا، کە حکومەت بە رێژەی 10٪ لە بودجەی بەکارخستن جگە لە قەرەبووی فەرمانبەران کەمبکاتەوە، کە بڕەکەی بریتی بوو لە989 ملیارو 670 ملیۆن دینار، سوودی باشیشی بۆ کۆمەڵگا هەبوو، بەڵام دانانی بەشێك لە گوژمەکانی کورتهێنان لەمساڵدا لەسەر بودجەی بەکارخستن بە مانای ئەوە دێت کە وەزارەتی دارایی گوێ بە زیانەکانی گەورە کردنی قەبارەی ئەو بودجەیە نادات لەسەر بازاڕو هەڵاوسانی نەختی .

بۆیە پێشنیار دەکەین بۆ ساڵی دارایی2012 بودجەی بەکارخستن جگە لەو گوژمەیەی کە وەکو کورتهێنان خراوەتە سەری کە بریتیە لە 576 ملیارو 867 ملیۆن دینار دەربهێنرێ، گوژمەی ماوە کە بریتیە لە 10 ترلیۆن و 168 ملیارو 930 ملیۆن دینار بەرێژەی 10٪ دابشکێنرێ.

بڕی داشکاندنەکە دەکاتە 1 ترلیۆن و 16 ملیارو 893 ملیۆن دینارو، دابەش بکرێتە سەر ئەو پرۆژانەی خوارەوە:

1-بەهۆی ئەوەی گۆڕینی سیستمی مووچە لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمدا نییە، بەڵام دەکرێ رێگەی تر بگێرێتەبەر بۆ باشترکردنی بژێوی و ژیانی فەرمانبەرانی حکومی هەرێمی کوردستان، کە بەهۆی هەڵاوسانی نەختیەوە کە رێژەکەی لە مساڵدا بەراورد بە ساڵی 2007 بەپێی ئاماری فەرمی حکومەتی هەرێم بریتیە لە 29.91٪ واتە ئەگەر فەرمانبەرێك لە 2007 مووچەکەی 500 هەزار دینار بووبێت جگە لە پلە بەرزبوونەوەو سەرمووچە، ئەوە ئێستا بەبڕی (550،149)دینار لەبەهای مووچەکەی لەدەستداوە.

بۆیە پێشنیار دەکەین بڕی 50 ملیار دینار تەرخان بکرێت بۆ ئەو فەرمانبەرانەی لە پلە (10)وە بۆ پلە (4) لەسەر بنچینەی مووچەی بنەڕەت بەم شێوەیەی خوارەوە:

-لەپلە (10) بۆ پلە(7) لە ساڵێکدا دوو مووچەی زیاتری پێبدرێ، کە دەکاتە 14 مووچە لە ساڵێکدا.

-له پله 6 بۆ پله 4 له ساڵێکدا یەك مووچەی زیاتری پێبدرێ، کە دەکاتە 13 مووچە لە ساڵێکدا.

2- بڕی50 ملیار دینار بۆ دروستکردنی کۆمەڵگای دامـەزراوە حکومیـەکان تـەرخان بکرێـت، گوژمـەی ئـەو پارانەی حکومەت لە ساڵی دارایی 2009 داویەتی بـە کرێـی خـانوو بریتـی بـووە لـە 51 ملیـار دینـار .لـە 2010 هەڵکشانی زیـاتری بەخۆیـەوە بینیـوەو گەیشتۆتە57 ملیـارو 298 ملیـۆن و 243 هـەزار دینـار، ئێمەش دەزانین ئەم خانووانە حکومەت بۆچی بەکرێ دەگرێت؟ هەر هی کێ.

3-بڕی 50 ملیار تەرخان بکرێ بۆ زیاد کردنی دەرماڵەی مانگانەی خوێندکارانی زانکۆ کە ساڵانە 8 مانگ دەیاندرێتی .لایەنی پەیوەندیدار(وەزارەتی خوێندنی باڵا – وەزارەتی دارایی)، ئەمە جێ بەجێ بکات

3- تەرخان کردنی 50 ملیار دینار بۆ کەمکردنەوەی قەیرانی نیشتەجی بەپێی پلانێکی پێنج ساڵی لەهەر ساڵێکدا 20 هـەزار یەکـەی نیشـتەجێ لـە شـارەکانی هـەرێمی کوردسـتان و قـەزاو ناحیـەکان و گونـدەکان دروسـت بکرێـت و دابـەش بکرێتـە سـەر خـەڵکی کەمدەرامـەت و شایستە.لایـەنی پەیوەندیـدار :دەسـتەی وەبەرهێنان – وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار – وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە - وەزارەتی دارایی، ئەم کـارە جێ بەجێ بکەن.

4-تەرخانکردنی 50 ملیار دینار بۆ قەرەبووی دیپۆرت کراوان و گەڕانەوەی ڕەوەندی کـوردی بـۆ هـەرێمی کوردستان .لایەنی پەیوەندیدار :وەزارەتی ناوخۆ – فەرمانگەی پەیوەندیەکان – وەزارەتی دارایی.

4- سـندووقێك دابمـەزرێت بـۆ دۆخـە لـەناکاوەکان و پاراسـتنی ژینگـەو بـڕی 150 ملیـار دینـار ڕەسـیدی بـەردەوامی ئـەو سـندووقە بێـت و لەلایـەن وەزارەتـی دارایـی و وەزارەتـی پلانـدانان بـەڕێوە بـبردرێ و پەرلەمانی کوردستان /لیژنـەی دارایـی و ئـابووری سەرپەرشـتی بکـات و لەهـەر پرۆژەیـەك و پێشـنیارێکدا پەرلـەمانی کوردسـتان بەسەرچاوەی دەسـەڵاتی خـەرجکردن دابنـرێ .لایـەنی پەیوەندیـدار :پەرلـەمانی کوردستان - وەزارەتی دارایی – دەستەی گشتی ژینگە.

5- تەرخان کردنی بڕی 50 ملیـار بـۆ کرینـەوەی بـەروبوومی کشـتوکاڵی جوتیـاران .کـە ئەمـە یـەکێك لـە کێشەکان پلانی پێنج ساڵی هەیە بۆ پێشخستنی کشتوکاڵی و ئیکتیفای زاتی و ناردنە دەرەوە، کە ئێستا ئەو پرۆژە هی پلانی پێنج ساڵە لـە هـەرێمی کوردسـتان لـە پلـەی سـفر دایـە .لایـەنی پەیوەندیـدار :وەزارەتـی کشتوکاڵ – وەزارەتی دارایی.

6-بڕی 50 ملیار دینار تەرخان بکرێت بۆ پرۆژەی قەرزی خوێندن بۆ خوێندکاران.

7- بڕی 50 ملیار دینار بۆ پرۆسەی بەسەوزاییکردنی هەموو ئەو گۆڕەپانانەی لە نێو قولایی گەڕەکەکانی شارو شارۆچـەکەکانی هـەرێمی کوردسـتاندا هـەن، کـە لـە بنەڕەتـدا باخچـەو سـەوزایین، بـەڵام لـە ئێسـتادا زۆربەیان بۆ خۆڵ و خاشاك کەڵکیان لێوەرگیراوە، بۆ ئەم مەبەستەش گرێبەست بکرێت لەگەڵ شارەزاترین گرووپـی کۆمپانیاکـانی تایبەتمەنـد لـە دروسـتکردنی پارکـدا .لایـەنی پەیوەندیـدار :وەزارەتـی شـارەوانی و گەشتوگوزار – وەزارەتی دارایی.

8 -بـڕی 50 ملیـار دینـار بـۆ پشـتگیری گەڕەکـە هەژارنشـینەکانی شـارو دەوروبـەرەکانی و گونـدەکان

لەسەرتاسەری هەرێمی کوردستان تەرخان بکرێت بەشێوەی دابەزاندنی یەکەی فرۆشتنی وزەی کارەبا بۆ خانووەکانی نیشتەجێی هەژارنشین، نرخەکەی بەرێژەی 50٪ دابەزێنێ .لایەنی پەیوەندیدار :وەزارەتی کارەبا .

9 -بڕی 70 ملیار دینار بۆ زیادکردنی مووچەی خانەنشینان .لایەنی پەیوەندیدار :وەزارەتی دارایی.

10 -بڕی70 ملیار دینار بۆ بانکی کشتوکاڵی بەبێ سوو تەرخان بکرێت.

11 -بڕی 70 ملیار دینار بۆ بانکی پیشەسازی بەبێ سوو تەرخان بکرێت.

12 -بڕی70 ملیار دینار بۆ پێشینەی هاوسەرگیری دابنرێ و بەدرێژایی ساڵ ببەخشرێ و بەهۆی دواکەوتنی بودجە کارەکانی رانەگرێت .

13 -گوژمەی 50 ملیار دینار بۆ بیمەی بێکاری گشتگیر تەرخان بکرێت.

14 -گوژمەی 126 ملیارو 893 ملیۆن دینار بۆ پرۆژەی تەرامی هەرسێ شاری هەرێمی کوردستان (هەولێر – سلێمانی – دهۆك) لەسەر بودجەی 2012 تەرخان بکرێت .

لە کۆتایدا جارێکی تر تەئکید دەکەوە کە ئەم بەڕێزانە بەرپرسیاری یەکەمن لە تاریکی داهات و لە دابەش کردنی بەم شێوەیە، بۆیە پێویستە لێپێچنەوەیان لەگەڵ بکرێت، لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێزد. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەگەر داهات لە تاریکی بێت وا جەنابت بە ئارەزووی خۆت قسە ناکەیت، لەبەر ئەوە شەفافیەت دەگەیەنێت کە جەنابت بە ئارەزووی خۆت دە دەقیقەیە، پازدە دەقیقەیە قسە دەکەیت کەس موقاتەعەت ناکات، فەرموو مامۆستا عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاوالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان، من لە دوو تەوەردا قسەی خۆ دەکەم، تەوەرێکیان رەخنەو سەرنج و تێبینیەکانمانە بە گشتی لەسەر راپۆرتەکان و وەڵامی وەزیران بەگشتی لەسەر بودجە.

تەوەری دووەمیش هەندێك لەو ئەولەویاتەیە، کە بەپێویستی دەبینم، دڵنیاشم لە بابی موناقەلە بێت، لە ئاڵوگۆڕی ئەو بڕانە بێت دیاری کراوە نەتوانین دەستکاری بکەین، چونکە ئێمە ئێستا لە پەرلەمان موناقەشەی یاسای بودجەمان هێشتا دەست پێ نەکردووە، لەبەر ئەوە نابێت یەکسەر ئەو لەمپەرە بخرێتە بەردەممان، کە پارە نییەو ناتوانین، ئێمە لێرە بڕیار دەدەین چی سەرف بکرێت و چ سەرف نەکرێت، چۆن سەرف بکرێت و چۆن سەرف نەکرێت؟

لە تەوەری یەکەمم، من خاڵە سەرەکیەکانی ئەو سەرنجانە دەخەمە روو:

یەکەمیان /مەسەلەی ئەم دیاردەی دواکەوتنی ساڵانەی بودجە، کە من حەز دەکەم بە عەقارێکی تردا باسەکەم بەرم، کە ئەمجارە پرسیار لەخۆمان بکەین..........

**بەڕێزد. ارسلان بايز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێمە داوای لێبوردن دەكەین، دەڵێن خەلـەلێكی بچووك هەیـە لـە سـەرەوە، لەبـەر ئـەوە ئەگـەر نـەختێك جەنابت چاوەڕێ بكەیت، بۆ ئەوەی خەلەلەكە چاك بكرێتەوە، مەسەلەی فەنییە، ببوورن، تا سەعات شەش ئیجازەتان دەدەینێ، سەعات شەش دێینـەوە بـزانین ئـەو خەلەلـە چـیە، پـازدە دەقیقـەی تـر دێینـەوە، زۆر سوپاس.

## دانیشتنی سێیەم

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆکانمان، فەرموو مامۆستا عمر، لیژنەی دارایی فەرموون بۆ شوێنی خۆتان.

**بەریز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(بسم الله الرحمن الرحیم) سەبارەت بە ڕاپۆرتەکانی وەزارەتی دارایی و لیژنەکان حدودی 80 لاپەڕە گوێ لە ڕاپۆرت ئەگرین، وا ئەزانم ئەوەندە ئەهێنێ کە چەند دەقەیەك لەسەریان هەڵوێستە بکەین، ڕاو سەرنجی خۆمان بخەینەڕوو، من لە دوو تەوەر ڕاو سەرنجی خۆم عەرزی بەڕێزان دەکەم، تەوەری یەکەمیان ڕەخنەو سەرنجە بنەڕەتیەکانە لەسەر کۆی مەسەلەی بوجەو ڕاپۆرتەکانی وەزارەت و ڕاپۆرتی بەڕێز لیژنەکان لە پەرلەمان، تەوەری دووەمیش ئەولەویاتێکە کە بە گرنگی ئەزانین لای خۆمانەوە، بەپێی ئەو ڕاپۆرتە دواییانەی کە لە مولحەقەکانی بەڕێز وەزارەتەوە هاتووە، وا ئەزانین مەسەلەی عەجز جۆرێکی چارەسەر ئەبێ، تەختیە ئەبێ، لەبەر ئەوە مەجالێکی باش هەیە، هیوادارم ڕێ نەگیرێت لە پێشنیار و داوای بەعزێك لە پرۆژەی ئیزافی کە پێشکەش دەکرێت لە لایەن پەرلەمانتارانەوە، چونکە بەپێی ئەو دوا ڕاپۆرتەی کە هاتووە لە وەزارەتی داراییەوە لە 6/4 بەپێی ئەو مولحەقە ترلیۆنێك و هەشت سەدو پەنجاو پێنج هەزار تەختیە ئەبێ، کەواتە سەدو هەشتاو نۆ ملیار حەجزی فعلیمان هەیە، بڕێکی باش ئەمێنێتەوە بۆ ئەوەی کە بتوانین پێشنیار تەقدیم بکەین، تەوەری یەکەم لەسەر ڕەخنەو سەرنجە ئەساسیەکانە کە بەداخەوە ئەڵێم زۆربەیان دووبارە ئەبنەوە ساڵانە، ناچاریشین وەکو هەڵوێستێکی ئیختیساسی و میهەنی خۆمان ئاماژەیان پێ بکەین، مەسەلەی دواکەوتنی ساڵانەی بودجە کە ئەمساڵ لە دوو ساڵی ڕابردوو لەم خولەی ئێمە زیاتر دواکەوت، من ئاقاری پرسیارەکەم ئەمساڵ ئەگۆڕم، ناڵێم بۆ دوا ئەکەوێ؟ پرسیار لە خۆمانی پەرلەمانتار دەکەم، کە بۆچی ئێمە ئەم پێشێلکاریە وازحەی لە ماددەیەکی یاسایی خۆمان ئەکرێ و هەڵوێستمان وازح نیە، ئایا تەنها بە ئیسارە کردنی ئەم پرسیارە، بۆچی دوا ئەکەوێ؟، بەهێنانەوەی چەند پاساوێك لە لایەن حکومەتەوە، ئەمە هەڵوێستە بۆ پەرلەمان، من ئەڵێم ئەبوایە بمان پرسیایە، ئەبوایە کۆبوونەوەیەکی تایبەتمان تەرخان کردایە بۆ ئەم دیاردەی دووبارەبوونەوەیە، بە تایبەتی دوای مانگی 2 و 3 کە ئەمانزانی ئەوەندە دوا ئەکەوێ، بە نیسبەت وەزیرە بەڕێزەکان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ، بەلای کەم داوای لێبوردنیشیان لەخەڵکی کوردستان و پەرلەمان نەکرد، لەبەر هەر هۆکارێك بێ بودجە دوا دەکەوێ، ئەوەچەند ساڵە ئەو ماددە یاساییەی پەرلەمانی کوردستان پێشێل ئەکرێت، کەسێك ئیعتیزارێکیش ناهێنێتەوە بەڕێی ئەکەین بە هەندێ وەلام، بۆچی ئێمە بۆ بەغدا بودجە ئەخەملێنین، بەلام ناتوانین بۆخۆمان شتێك بخەملێنین، دەست بەکار بین لە مانگی 1 و 2 تا بتوانین یان لە مانگی 3 بەلای کەمەوە لە خولی بەهار بتوانین دەست بەکاربین و ئەوەندە دوا نەکەوین، ئەوە تێبینی یەکەم کە گشتیە و دووبارەیە، تێبینی دووەم، لەسەر نا ڕوونی لە پلان و سیاسەتی دارایی حکومەتی

هەرێمی کوردستانە بەرامبەر بە حکومەتی فیدرالی کە من ئەم بەشەی زەق دەکەمەوە، ئێمە بەو ئاشکراییە زیاتر لە شەش ترلیۆن دینار کە موستەحەقاتی هەرێمە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، لە لایەن حکومەتی بەغداد نادرێ، من پرسیارەکەم ئەوەیە چی بۆ ئەمە کراوە؟، لایەنە سیاسیەکانمان دەسەڵات لەکوردستان چ هەڵوێستێکی وەرگرتووە؟، لە دانوستانەکان لەگەڵ بەغدا چی وتراوە؟، چ مەرجێك دانراوە؟، چ فشارێك کراوە؟، ساڵانە بۆ دانانی سیاسەتی ئابووری عیراق، بۆ تاوتوێ کردنی بودجەی عیراق کە ئێمە بەشێکین لەم عیراقە، چ ڕاوێژێ لەگەڵ کوردستان کراوە؟، چەند ڕاو سەرنجەکانی حکومەتی کوردستان بەهەند گیراوە؟، بە ئیعتیرافی بەڕێزان لە وەزارەتەکان وخۆشمانەوە ئاگادارین، بەلاَم هیچ هەڵوێستێکی وازحمان نیە غەیری وەکو ئەدەبیاتێك ئەیلێین و بەسەریا ئەچین، ئایا ئەرکی پەرلەمان نیە لەمە بپرسێتەوە؟، کەبۆچی ئێمەی بەشێك لە عیراق کە کاتێك دێتە سەر باسی کوردستان، ئەوترێ بەشێکە لە عیراق بەپێی دەستوور، بەلاَم هیچ حیسابێك بۆ ئەم کوردستانە ناکرێ، پرسیار لەعیراق نیە بۆ نایکات، پرسیار لە خۆمانە بۆ هەڵوێستی وازحمان نیە لەسەر سیاسەتی گشتی هەریم، ئەوە چەند ساڵە کوردستان ئاوت ئەکرێ، بەبێ ئەوەی مەوقفێکی وازحمان هەبێ، من نازانم لە وتو وێژەکان ئەگەر شتێك گوترابێ، بەس ئەوەی من ئاگاداربم شتێکی وا نەوتراوە جەماوەری کوردستان قەناعەت پێ بێنێت، خاڵی سێهەمی ئەساسی مەسەلەی ئەو ڕاو سەرنج و تێبینیانەیە لەم پەرلەمانە عەرز دەکرێت، هەموو ساڵێك ژمارەیەکی زۆر ڕەخنەو سەرنج و تێبینی ئەدرێت، بەم وەزیرە بەڕێزانە وە بەم حکومەتە، کە حکومەتی کوردستانە، بەچاوێك سەیری ڕەخنەو سەرنج و تێبینیەکان ئەکرێت، من وەزیرێکی بەڕێز ڕاشکاوانە پێی وتم حەزناکەم لێرە ناوی بەرم، کە ڕاو سەرنج و ڕەخنەکان یان ناگەن ئەسڵەن بە حکومەت، یان شتێکی ئەوتۆ نین، ئێ باشە بۆ ئاش بەتاڵی لێ ناکەین؟ کاتێك پەرلەمانێك بە 18، 19 لیژنەوە بە دونیایەك پسپۆڕەوە چەند ساڵە 18، 19 ساڵە ئێمە ئەزمونی کاری پەرلەمانیمان هەیە، یاسا ناسمان هەیە، خەڵکمان هەیە، چوار تێبینی لەناو چوار سەد تێبینی بەهەند وەرنەگیرێ، ئیتر بۆچی ئەو کۆبوونەوانە ساڵانە ئەکەین وئەو سەر ئێشەیە بۆخۆمان و بۆ وەزارەتەکانیش دروست دەکەین، خاڵی چوارەم، من دەست خۆشیەکی زۆر لە ڕاپۆرتی لیژنەکان دەکەم، خستنەڕووی بەعزێك لە کەم و کورتیەکانی ناو ڕاپۆرتەکان، بەلاَم ڕەخنەیەك ئاراستەی لیژنەی یاسایی دەکەم، هیوادارم بە سینگ فرەوانی لێم وەربگرن، کە تەنها بە ئاماژەی پێویستە بکرێ، پێویست بوو وابکرابایە، ئەمە ئیشی پەرلەمان نیە بەڕێزان، لیژنەی یاسایی چاوی پەرلەمانە، پارێزەری پەرلەمانە، پارێزەری یاسایە لەناو پەرلەمان، ئەبوایە باسی ئەوەی بکردایە ئەم پەرلەمانە بەڕێزە لە ڕێگەی لیژنەی یاساییەوە بۆچی ماددەی 79 ی ئەم پەرلەمانە، چەند ساڵە پەیڕەوی ناوخۆی ئەم پەرلەمانە پێشێل ئەکرێت، ئێمە هیچ قسەیەکمان نیە، هەر ئەیلێین بە تایبەتی هەندێ لایەنمان زەقی ئەکەینەوە، هەندێکمان بێ دەنگ ئەبین لێی، ئەویش تێئەپەڕێ و ئەڕوات بەسەریاو قسەیەك ناکات، یاسای ژمارە (95) کارگێڕی دارایی، کە ئیلزاممان ئەکات 2012/4/15 حیساباتی کۆتایی بێ، ئەگەر نەکرا هەڵوێست چی ئەبێ، بۆ پارو پێرار چیمان کردووە؟ ئەمساڵ چی ئەکەین؟ خاڵی پێنجەم لەسەر جێبەجێ

نەکردنی پرۆژەکان کە ساڵانە ئەبێتە دیاردە، لە ڕاپۆرتەکانیش ئاماژەی پێ کراوە، ئەبێ لەهۆکارەکان بپرسینەوە، بەڵام وەڵامی زانیستیمان بدەنێ، وەڵامێکی موقنیعمان بەنێ، ئەو بودجە زەبەلاحە لەبەر دەستە، ئەم کارانە بۆ ڕاناپەڕێنن، بۆ ساڵ لە دوای ساڵ کەڵەکە ئەبن؟ گرفت لە حکومەتیش دروست ئەبێ، خاڵی شەشەم ئەو ناعەدالەتیەی کە لە دیاری کردنی ئەو گوژمە پارانە رووئەدات من ئاماژە بەچەند نموونەیەك ئەکەم بۆ ئەوەی بە بەڵگەوە قسە بکەین، بەڕێزان بۆ هەموو ئەحزابی کوردستانی کە نزیکەی 40 حزب ئەبێتەوە، نزیکەی 200 ملیار دینار تەرخان کراوە، بەڵام 115 ملیار کە نیوەی ئەوەی تۆزێك زیاترە تەرخان ئەکرێت بۆ هەندێ ڕێکخراو بەناوی ڕێکخراوی زانستی، لای ئەم پەرلەمانە بەڕێزە وازح نیە، هەموو ئەحزابی کوردستانی بە دوو حیزبی دەسەڵاتیشەوە بڕێکی زۆر پێویستیان بە پارەیە، 200 ملیار، بەڵام تەنها بۆ چەند ڕێکخراوێك کە گومانی لەسەر دروست کراوە لە ڕاپۆرتی ئەم پەرلەمانە، 115 ملیار تەرخان کراوە، ئەمە عەدالەتی تێدایە؟، بەشی بەخشین، مەبەستم حەقلی بەشی بەخشینەکەیە کە لە ڕاپۆرتەکە هاتووە، ئیدارەی گەرمیان کە دونیایەك گیرو گرفتی هەیە، پرسیار بکەن لە ئیدارەکە کە چەند لە داواکاریەکانیان جێبەجێ کراوە، تەنها بۆ کشتوکاڵ چەند داواکاریەکیان کردووە وەڵام نەدراوەتەوە، بڕێکی زۆر کەم نەبێ هەر بەڕێ کراوە، ناوچەی هەڵەبجە، ناوچەی شارەزوور، ناوچەی هەورامان، هەموو کە سەیری ئەو حەقلانە ئەکەی ناعەدالەتیەکی وازح لە تەوزیعەکە دیارە، دەیان پێویستی لە وەزارەتەکان هەیە، پارێز گاکان دەیان داواکاریان هەبووە، کەچی تەنها بۆ بەخشین 14 ملیار دانراوە بۆ سەرۆکایەتی حکومەت، یەعنی مەعقولە پار کەمتر لەیەك ملیار بوو، ئەمساڵ کراوە بە 14 ملیار، چواردە قات ئیزافە بووە، چی قەوماوە، پارو ئەمساڵ فەرقی چیە؟، پارەیەکی زۆر دانراوە بۆ کڕینی بینا بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێزان چەند بینای حکومەت داگیر کراوە لە لایەن حیزبەکانی کوردستانەوە، بۆ حیسابێك بۆ ئەمە ناکرێت، بۆ کەسێك لەمە ناپرسێتەوە، پەرلەمان وەکو پەرلەمان چی کردووە لەسەر ئەو بڕیارەی کە حکومەت دەری کرد؟ چەند ڕۆژێك سەر گەرم بووین بە گێڕانەوەی چەند بینایەك، ئەم پارەی خەڵکە بۆ ئەدرێت بە بینا بۆ وەزارەت، کاتێك بینای حکومەت لە لایەن حیزبەکانەوە داگیر کراوە و کەس لێی ناپرسێتەوە، خاڵی حەوتەم جیاوازی بڕی بەرهەم هێنان و بڕی وەگەڕخستن، ئەوە چەند ساڵە دووبارە ئەکرێتەوە، بەڕێزان ئەم بڕانە دیاریکراون هیچ پێوەرێکی ستانداردی جیهانی نایگرێتەوە، لەگەڵ ڕێزێکی زۆرم بۆ وەزارەتی پلان دانان، لەبەر دەمی ئێمە ئەوە لە لای خۆم نووسیومە ئەڵێ لەبەر ئەوەی تەشغیلی ئەولەویەتی هەیە، ئێ باشە ئێمە ئەم پرسیارە ئەکەین، هەتا کەی بڕی تەشغیلی ئەوەندە بەرامبەری بڕی ئیستیسماریە؟ مەعقولە ئەمساڵ وەگەڕخستن لە 14٪ ئیزافە ببێ؟ وەبەرهێنان لە 4.5٪ چوار و نیو لە سەدا کەم بێنێ؟ خاڵی هەشتەمم، نادیاری بەشێکی زۆرە لەداهات، ئەمە بەڵگەیەکی وازحە لەدەستی من لەخودی ئەو وەزارەتە بەڕێزەوە هاتووە، تا لیژنە هەڵای نەکرد، داهات وازح نەبوو، داهات لە چوار سەد و حەفتاو شەش ترلیۆنەوە گەیشتە دوو ترلیۆن وسێ سەدو سی ویەك ملیار، ئێ باشە بۆ ئەوەڵ جار بە وازحی ئەم ڕەقەمانە ناگەنە پەرلەمان، داهاتی نەوت، داهاتی بەشێکی زۆری گومرگ، خاڵە

سنووریەکان، داهاتی گەڕاوەی سولفەکان، داهاتی هەردوو فرۆکەخانەی هەولێرو سلێمانی، داهاتی باج و دەست کەوتی وەزارەتەکان، کارەباو سەحە، مەعقولە کارەباو سەحە لە داهات بنووسرێ سفر؟ لەگەڵ ئەوەش کە لە فرۆکەخانە ئێمە چاوەڕێی پارەیەکین کە بێتەوە 29 ملیاری بۆ تەرخان ئەکرێت لە لایەن وەزارەتی داراییەوە، 120 ملیار بۆ پترۆ دۆلار دانراوە کە بە 10 ترلیۆن ئەخەملێندرێت، لە لایەن ئەندامانی لیژنەی پیشەسازی و وزەوە، با موعادالەیەکی بەسیت مەعقولە 10 ترلیۆن بکرێتە 120 ملیار؟ لەبەر ئەوە بەڕاستی وەڵامی تەم و مژاوی بوونی داهات موقنیع نەبوو لای ئێمە، پێویستمانە کە بە وازحی داهاتی ئەم کوردستانە بۆ خەڵکی کوردستان ڕوون بکرێتەوە، خاڵی نۆیەم، مەسەلەی نەبوونی ڕاوێژ و ڕا گۆڕینەوە بەینی وەزارەتەکان خۆیان، وەزارەتەکان لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان، کۆی وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پارێزگاکان و ئیدارەکان، بۆ ئەمەش چەند نموونەیەکتان عەرز دەکەم کە لەخودی ڕاپۆرتەکان هاتووە، کە چ ناعەدالەتیەك لە سێکتەرەکان ولە مەجالە جیا جیاکانی وەزارەتەکان هەیە، یا ئەبێ ئێمە بپرسینەوە لەوەزارەتەکان و وەزیری وەزارەتی دارایی بە تایبەتی کە لای ئەوان قسەیەکیان کردووە، لای لیژنەکان قسەیەکیان کردووە، نەتیجە هەڵەیەك هەیە لێرە کە ئێمە لێرەوە کەس تۆمەتبار ناکەین، بەڵام وەزارەتی شەهیدان ئاماژە بەوە ئەکات کە پڕۆژەی بۆ دانراوە، بەبێ پرسی خۆیان، ڕاشکاوانە وتوویانە ئێمە ئەو پڕۆژانەمان پێویست نیە، باشە مەعقولە وەزارەتێك یان ئەبێ وابێ یان ئەبێ وانەبێ، بۆمان ڕوون بکەنەوە، 95 ملیار دانراوە بۆ بەخشین لە وزارەتی گواستنەوە بۆ داوای خۆیان، 379 ملیار دانراوە بۆ وەزارەتی شارەوانی بە پێی داوای خۆیان، مەسەلەی نا هاوسەنگی لە پلەکانی دامەزراندن، دوێنێش ئاماژەم پێی کرد، بۆ 17062 لە سەد ئەو وەڵامانە موقنیع نەبوون، چونکە زۆرێك لە وەزارەتەکان باس لەوە دەکەن کە داواکاریان هەبووە جێبەجێ نەکراوە، بەگشتی ئەم پرسیارە من ئەیکەمە یەك پرسیاری گرنگ، کە دامو دەزگاکان نزیکەی 21 ترلیۆنیان داوا کردووە، بەڵام نزیکەی لە 52٪ ی جێبەجێ کراوە، چۆن ئەم گرفتە چارەسەر دەکرێت؟، خاڵی دەیەم، نا هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگاکان و ئیدارە گشتیەکان بۆ دیاری کردنی پێویستیاتیان کە ناچمەوە سەری، ئێستا فەرمانبەرانی دهۆك تازە باسی مووچەی 2003 ئەکەن، تا ئێستا نزیکەی چەند ساڵ دەکات، فەرقیان ئەوێت کە لەو کاتەوە بۆ مامۆستایان ئەو مووچە سەرف نەکراوە، داوای قەرەبووی 9 ساڵ ئەکەنەوە، لەمەسەلەی دامەزراندنی فەرمانبەر بۆ وەزارەتەکان، ڕەقەمەکان لە ڕاپۆرتی لیژنەکان هەیە ناچمە سەری، حکومەت ڕەخنە ئەگرێت لە پەرلەمانتاران ئەڵێ داوای زیاد کردنی هیچ مەکەن، ئەو عجزە کە عەرزم کرد تەختیە بوو، لەو ڕاپۆرتە ئەبێ وەڵامێکی هەبێ، بەڵام 43 میار دائەندرێت بۆ بەخشینی بانکە بازرگانیەکان، 232ملیار دائەندرێت بۆ سوودی کۆمەڵایەتی، 272 بۆ ئەوەی ناونراوە مەساریف ئوخرە، بەپێی ڕاپۆرتی ئەو لیژنانەوە ئەڵێت هیچ مەبەستێك لەدوای ئەوە نیە، واتە 554 ملیار ئێمە پارەمان لەبەر دەستدایە کە دەیان پێویستی پێ چارەسەر دەکەین، سەبارەت بە وەڵامی بەڕێزان، من برگەی یەکەمم تەواوبوو، هەردوو وەزیری بەڕێز من ڕاشکاوانە عەرزیان دەکەم، کە وەڵامەکانیان زۆر ئینتیقائی بوو، ئەگەر قبوڵ بکەن ئێستا من کاتتان نەگرم،

خاڵ بەخاڵی ئەوانەی کە جوابیان نەدایەوە لەناو ڕاپۆرتەکە ئیشارەتم لێی داوە، بە پرسیارەکان کە وەڵام نەدراونەتەوە، لەحدودی دەیان پرسیار، سی، چل پرسیار وەڵام نەدرانەوە، ئەوەی وەڵامیان بۆ ئامادە کرابوو، بەڵگەیان پێ بوو خستیانەڕوو، بەلاًم ئەوەی کە لە لای ئێمە گرنگ بوو بێ وەڵام ماونەتەوە، تەوەری دووەمم داواکاریەکانە زۆر بەخێرایی ئەچم بەسەریا، چونکە زۆربەیان بەتایبەتی خوشکە سۆزان و کاك کاردۆ وتیان، بەڵێ ئەوانە دووبارە ناکەمەوە، هەمووی دوو دەقە، سێ دەقەی ترم بەسە، وابزانم دەرماڵەی کارمەندانی پلە نۆ و دە باس کرا، ئەوە هیچ، دەرماڵەی قوتابیان بەڕاستی دەرماڵەیەکی زۆر زۆر کەمە، 40 بە 60 هەزار هیچ نیە، داواکارین بکرێت بە 100 هەزار بەلای کەمەوە تا 150 هەزار، مەسەلەی سولفەی عیراق باسیان کرد، سولفەی زەواج هەر باس کرا کە زیاد بکرێت، مەسەلەی سولفەیەك بۆ قوتابیانی دەرەوە کە لەسەر خەرجی خۆیان ڕۆیشتوون، بەڕاستی ئەبێ حیسابێکی تایبەتیان بۆ بکرێت، لە ئێستاوە مەسەلەی نەوتی زستان وابزانم کەس ئاماژەی پێ نەکرد، بۆیە باسی ئەکەم، پێشنیار دەکەن حدودی 55ملیارێك دابندرێت کە تەقدیرمان کردو بۆهاوکاری هاووڵاتیان، بۆ ئەوەی یەکی سێ بەرمیل نەوت وەربگرن، ئەبێ ئێستا خەمی بخۆین بەڕاستی، چونکە لە ئێستاوە خەمی نەخۆین دووبارە زستان دێتەوە، ئەو هەموو تەنکەرە نەوتە بەلایان تێئەپەڕێ مەعقول نیە ماڵەکان بێ نەوت بن، مەسەلەی توێژی مامۆستایان باس نەکرا، من ئاماژەی پێ ئەکەم کە بەڕاستی داوای دەرماڵەی هاوسەر و منداڵ ئەکەن کە لەکاتی خانەنشینی ئەبڕێت، هەروەها 150 هەزارەکەی چوار مانگی ساڵی 2011 داوا ئەکەنەوە، نووسینیان ناردووە بۆزۆربەی فراکسیۆنەکان، بەنیسبەت ئاوارەکانەوە، ئەوە باس کرا کە 10 ملیارەکە تەرخانکراوە بەڕاستی، تەنها 500 خێزان موستەفید بوون، پرسیارێکە چی ئەکرێت لەو بڕە بۆچی بە وازحی میکانیزمێکی نیە، وەکو لە لیژنەی مافی مرۆڤیش هاتووە، پارەیەکی زۆر تەرخان کرا بۆ خانووی کەس و کاری ئەنفال کراوەکان، بەڕێزان ئەبێ ئێمە بپرسینەوە لێی لەم پەرلەمانە، کە ئەم ئیستیقتاعی لە 10٪یەمان بۆچی کرد؟ ئێمە ویستمان پرۆژەبێ بۆ خزمەتکردن، زۆر بە ڕوونی ئەوە دابەش نەکراوە یان وەکی دابەش کراوە پەخشان و پەخشنێکی پێوە دیارە، کە پێوەرەکان وازحن، من داوا ئەکەم بەو ئیعتیبارەی نوێنەری ناوچەیەکین لە پارێزگای سلێمانی، ناوچەی شارەزوورو هەورامان و هەڵەبجە، بەڕاستی خزمەتێکی زۆریان ئەوێ، سێ، چوار جار موتەزەرر بوون، لە شەڕی عیراق و ئێران، لەشەڕی ناوخۆ، لە شەڕی ئازاد کردنی عیراق، بەڕاستی زیانێکی زۆریان لێ کەوتووە، هەق وایە ئیستیسنا بکرێت لەسەر پێوەری ژمارەی دانیشتوان حیسابیان لەگەڵدا نەکرێ، ئەوە پێنج ساڵە باسی کارگەی تەعلیب ئەکرێت لە هەڵەبجە بەڕێزان، پێنج ساڵە بووە بە ماڵ بەسەر هەڵەبجەوە، بەردێکی لەسەر بەرد دانەنراوە، تاکەی هەر ئەمە بڕوات و ئێمە نەپرسینەوە؟ من داوا ئەکەم لە کۆتایی کە سیستەمی موچە پیاچوونەوەیەکی جدی پیا بکرێت، چونکە بەڕاستی فەرقێکی زۆر هەیە لە بەینی موچەکان لە کوردستان، من لێرەوە داوا ئەکەم و پشتگیری لە پرۆژەکەش ئەکەم کە تەقدیم کراوە بە سەرۆکایەتی بەڕێز، کە ئیعادە نەزەرێ لەمووچەی پلە باڵاکان بکرێت، لە وەزیران و پەرلەمانتاران و مودیر عامەکان، حیسابێکی جدی بۆ

پلەکانی تر بکرێت، کە مووچەیان زۆر زۆر کەمە، وابزانم موشکیلەی عجزمان ئینشائەڵلا نابێ بەپێی ئەو تەوزیحاتەی کەدراوە، بەپێی ئەو پێشنیارانەی کە پەرلەمانتاران تەقدیمی ئەکەن لە دەستکاری هەندێ لەو برانەی کە لە مەساریفی ئوخرە بەخشین و شتەکان دانراوە، لە کۆتایی زۆر سوپاستان دەکەم، من ئەو تێبینیانە بە نووسراویش ئەدەمە خزمەتتان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرەتا لە مەسەلەی دواکەوتنی بودجەوە دەروازەی تێبینی و ڕەخنەکانی خۆمان دەکەینەوە، کە بێگومان دواکەوتنی بودجە پێچەوانەی یاسایەو پاساوی یاسایی نیە، گۆڕینی کابینە پاساو نیە بۆ دواکەوتنی بودجە، چونکە لە چەند ساڵی ڕابردوشدا ئەم دواکەوتنە هەر هەبووە، بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی 2011/6/29خەملاندن کراوەو ناردراوە بۆ حکومەتی ناوەندی، لە 28/ 9 لیژنە دانراوە بۆ تاوتوێ کردنی ئەوخەملاندنە، کەواتە چ پاساوێك هەیە بۆ ئەم دواکەوتنە، لەکاتێکدا پێناسەی بودجە کراوە بەوەی کەچوار چێوەی خەرجی داهاتە بۆساڵی داهاتوو، ئیتر کە خەملاندن بێ لە پێناوی چی دوا دەخرێت، بە پێی پڕۆژە یاسای بودجەی 2012 نابێ دوا بکەوێ و لەکاتی خۆیدا ئامادە بکرێت، واتە بەپێی خودی یاساکە ئەبێ ئامادە بکرێت، کار بەماددەی 18 بڕگە (1) ی بڕۆژەکە بکرێت کە لە دەقی ماددەکە هاتووە، لەکاتی گۆڕینی بڕە بودجەی هەرێم، وەزیری دارایی تەخویل دەکرێت، بەشێوەیەکی ڕێژەیی بودجەکە کەم بکاتەوە، کەواتە دواخستنەکەی بەڕاستی هیچ پاساوێکی نامێنێت، یان ئەبێ برگەی ئەم ماددەیە بگۆڕین، بەلاَم ئەگەر بێتو بێینە سەر گۆڕینی برگەی ئەم ماددەیە، ئەوە پێچەوانەی هەموو یاسا کار پێکراوەکانی دونیایە، ئەوەش کە بەڕێز وەزیری دارایی باسی لەوە کرد کە گوایە لیژنەی یاسایی باسی لەوە کردووە کە حکومەت، حکومەتی تەسریف ئەعمالە، تەنها یەك ئەندامی لیژنەی یاسای ئەو ڕەئیەی دەربڕیوە، ڕەئی لیژنەی یاسای نەبووە، چونکە بێگومان ڕەئی لیژنەی یاسایی ئەبێ چەند ئەندامێك ئیمزای بکات و نووسراویش بێ، سەبارەت بە حیساباتی کۆتایی، کە بەڕێزیان باسیان کرد، حیساباتی کۆتایی 2010 لە 2011/9/18 حکومەت ناردوویەتی، واتە شەش مانگ دواکەوتووە، ئەمە هەر خۆی ڕاگەیاندنێکی ئاشکرای پێشێلکاری یاسای پەرلەمانە، سەرۆکایەتی پەرلەمان لە 2012/5/28 کە ئەویش بەهەمان شێوە زیاتر لە پێنج مانگی پێچووە تا گەیشتۆتە ناو لیژنەکان، بێگومان بەبێ موناقەشە کردنی حیساباتی خیتامیش بەڕاستی هەر موناقەشەیەکی بودجە بکرێت زانستی نابێ و سەرکەوتوو نابێ، خاڵی دووەم، ئەو جیاوازیە گەورەیەی خەرجی وەبەرهێنان و خەرجی وەگەڕخستن دەری دەخات کە حکومەتی کوردستان خاوەنی پلانی ستراتیژی نیە بۆ بەهێز کردنی ژێرخانی ئابووری و سیاسەتی ئابووری، سیاسەتی ئابووری کوردستان دیار نیە، کوردستان کراوەتە ناوچەیەکی بەکاربەر، بۆتە

کۆیلەی کاڵای ولاّتانی دەوروبەر، بەتایبەت بەرز بوونەوەی ئاستی بودجەی بەگەڕخستن و کەم بوونەوەی بودجەی وەبەرهێنان، بۆ نموونە، گەر بەراوردی ساڵی 2011 و 2012بکەین، بودجەی وەگەڕخستن لە 14٪ زیادی کردووە، بودجەی وەبەرهێنان لە 4.4٪کەمی کردووە، وەبەردەوام عجز زیاد دەکات، ئەگەر بێتو بەم شێویە بێ عجز زیاد بکات، بودجەی وەگەڕخستن بەردەوام زیاد بکات، وەبەرهێنان کەم بکات، ئەبێ ئاراستەی بارودۆخی کوردستان بەرەو کوێ بڕوات، تەنها دوو نموونە دێنمەوە سەبارەت بەم بارودۆخەی کوردستانیش کە داتاکەشمان لە وەزارەتی کشتوکاڵ وەرگرتووە، مانگانە 80 ملیۆن دۆلار لە کوردستان دەدرێتە سەوزەو میوە، ئەم پارەیەش دەڕواتە گیرفانی ولاّتانی دراوسێ، 10ملیۆن دۆلار دەدرێتە گۆشتی مریشك لەکوردستان، کە ئەمەش بە هەمان شێوە، ئێمە لەکاتێکدا، کوردستان وا دەناسێنین کە ولاّتێکی کشتوکاڵیە، بۆیە حکومەتی هەرێم پێویستەبە پەلە بایەخێکی زۆر بداتە بەهێز کردن و گەشە پێدانی کەرتی کشتوکاڵ وگەشت و گوزار و پیشەسازی، دەبێ ئەم کەرتانە گەشەی گرنگ بەخۆیانەوە ببینین لە پلانی داهاتووی کوردستاندا، نابێ کوردستان تەنها پشت بەداهاتەکانی نەوت و گاز و ڕێژەی لە 17٪ی حکومەتی ناوەندی ببەستێت، بەڵکو دەبێ هەوڵی فرە ڕەگەز کردنی داهاتەکانی بدات، خاڵی سێیەم لە لاپەڕە (9) ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی ئاماژە بەوە دەکات کە گوایەحکومەتی هەرێم هیچ بەشدار نیەلە گفتوگۆکانی بودجەی حکومەتی ناوەند، کە ئەمەش بە یەکێك لە کەم و کورتیەکان دادەنێت، بەلاّم ئەمە پاساو نیەو بەڵگەیە لەسەر خودی حکومەت، کە حکومەت بەپێی ئیستیحقاقی قانونی ئەبێ بەشداربێ، ئێمە پرسیار دەکەین بۆچی بەشدار نیە؟، ئەمە نیشانەی کەم و کورتی حکومەتە نەیتوانیوە بەشداربێ لەدانانی بودجەی حکومەتی ناوەندی، جگە لەوەش ئێمە دەپرسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کوردە، کە ڕاوێژکاری مەلەفی ئابووری حکومەتی ناوەندە، جێگری وەزیری دارایی حکومەتی ناوەند کوردە، ڕاوێژکاری ئابووری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەویش کوردە، پێنج وەزیری کورد لەحکومەتی ناوەند، پەنجاو حەوت ئەندام پەرلەمان، سەرۆك کۆمار، جێگری سەرۆك وەزیران، ئەم بەڕێزانە نوێنەری کوردن وئاگاداری بودجەن و دەتوانن فشار دروست بکەن، ئەگەر ئەمان نەتوانن کاریگەری دروست بکەن، ئەبێ هەموو کوردستان بڕوات ئینجا ئەو وەختە ئەتوانێت کاریگەری دروست بکات و بەشدار بێ لەبودجەدا، خاڵی چوارەم، لە هەموو دونیا کۆمەڵێك وەزارەتی بەرهەم هێن هەن و حکومەت پشت بەو وەزارەتانە دەبەستێت، بۆ بەهێز کردنی ژێرخانی ئابووری، بەلاّم ئەوەی لەبودجەی کوردستان لە ساڵی 2012 زۆر پێچەوانەیە، بۆ نموونە، وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بودجەی بۆ تەرخان کراوە، لە 4.74٪، بەلاّم داهاتەکەی لە 0.78٪، دەستەی وەبەرهێنان بودجەی بۆتەرخان کراوە و لە 0.75، بەلاّم داهاتەکەی لە 0.01٪، وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بودجەی بۆتەرخان کراوە لە 0.88٪، بەلاّم داهاتەکەی لە 0.39٪، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بودجەی بۆ تەرخان کراوەو لە 4٪، بەلاّم داهاتەکەی 0.7٪ کە ئەمە لە هەموو دونیادا ئەو وەزارەتانە سەرچاوەی داهاتی حکومەتەکانن، بەلاّم لێرەدا بە پێچەوانەیە، خاڵی پێنجەم بە پێی ماددەی (12) پڕۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان، ئاماژە دەکات بە نەقلی فەرمانبەر

له كەرتی گشتی بۆ كەرتی تایبەت بەپێی ئەو خشتەیەی كە حكومەت ناردوویەتی، ئەمە حكومەت لەساڵی ڕابردوودا لەپڕۆژە یاسای بودجەی 2011دا وەكو چارەسەرێك داینا بۆ هاندانی خەڵك لە كەرتی گشتیەوە بۆ كەرتی تایبەت، بەڵام ئەگەر سەرنجی خشتەكەی حكومەت بدەین كە ناردوویەتی لە ساڵی 2011 و 2012 یەك فەرمانبەر نەقل نەبووە، كە ئەمە دەریدەخات بەڕاستی ئەو پلانەی حكومەتی هەرێم بۆ هاندانی خەڵك لەكەرتی گشتیەوە بۆكەرتی تایبەت سەركەوتوو نەبووە، بۆیە ئێمە پێشنیار دەكەین لەوەی كە حكومەت بۆ ئەوەی كە ڕووبەڕووی ئەو شاڵاوەی داخوازی تەعین بوون نەبێتەوە، پێویستی بە پلانێكی نوێ هەیە، كە ئەویش بە یەك جۆر و لە یەك ئاستدا مامەڵە لەگەڵ فەرمانبەرانی كەرتی تایبەت و كەرتی گشتیدا بكات، ئەویش لە ڕێگەی پڕۆژە یاسایەكە وە دەبێ كە لە لایەن حكومەتەوە ئامادەبكرێت و پێشكەش بە پەرلەمان بكرێت، خاڵی شەش، یەكێك لە مەترسیە گەورەكانی ئەمڕۆی جیهان، پیس بوونی ژینگەیەو هەوڵدان بۆ پاككردنەوەی ژینگە یەكێكە لە ئەركە گرنگەكانی حكومەت، كوردستان یەكێكە لەوشوێنانەی رووبەرووی پیس بوونی ژینگە بۆتەوە، هەنگاوی جدی نەنراوە بۆ فەراهەم هێنانی ژینگەی تەندروست وە پشتگوێخستنی ژینگە پارێزی مەترسی گەورە دروست دەكات، بۆ تەندروستی خەڵكی كوردستان ،بەڵام بۆ هەموو دەستەی ژینگەی وەزارەتی پلان دانان چوار پرۆژە پەسەند كراوە، كە ملیارێك و دوو سەدو پەنجاو هەشت ملیۆن دینارە، بەڵام سێ پڕۆژەیان تەرخان كراوە بۆ باڵەخانە، تەنها یەك پڕۆژەیان بۆ مەسەلەی ژینگە تەرخان كراوە، خاڵی حەوت، میلاكات لە بودجەی ساڵی 2012 لە سەر بنەمای یاسای ئەنجومەنی ڕاژەی ژمارە (7) ی 2011 جێبەجێ ناكرێت، كە ئەمە خۆی بۆخۆی پێچەوانەی یاسایە، دووساڵە پەرلەمان یاسای ئەنجومەنی ڕاژەی پەسەند كردووە، جێبەجێ ناكرێت لە لایەن حكومەتەوە، كە بێگومان ئەنجومەنی ڕاژە ئەركەكەی تەعین كردن نیە، بەڵكو ئەركێكی تریشی هەیە، لەكاتێكدا ئەگەر بێتو ئەنجومەنی ڕاژە نەبێ، بەتایبەتی بەپێی ئەم فۆرمە، كۆمەڵێك كێشەی دروست كردووە، بۆ نموونە لە ساڵی پار فۆرمی دامەزراندنی قوتابیانی دەرچووی پۆلی شەش و خوار شەش لە سلێمانی تەوزیع نەكراوە، بەڵام لەهەولێر تەوزیع كراوە، ڕێژەیەكی زۆری مووچە خۆرانی دوو مووچە تا ئێستاش ماون لە حكومەتدا، هەروەها كۆمەڵێك فەرمانبەر كە دەوام ناكەن، بەناوی فەرمانبەری بن سێبەر، تائێستاش ماون و مووچە دەخۆن و دەوامیش ناكەن، كۆمەڵێك دام و دەزگا هەیە تاوەكو ئێستا زیاد لە پێویست فەرمانبەریان هەیە، هەروەها كۆمەڵێك موچە خۆر هەن بەناوی كادیری حیزبیەوە، تا ئێستاش موچەیان بۆ بڕاوەتەوەو بەردەوامن، مووچە وەرگرتن بەبێ ئەوەی لەدام و دەزگاكانی حكومەت دەوام بكەن، ئەمەش بە پرسیار لە ڕابردوودا بێگومان بەدواداچوونمان بۆ كردووە، بەڵام وەڵامێكی ئەوتۆمان وەرنەگرتووە، خاڵی هەشت وەزارەتی كشتوكاڵ هەڵدەستن بە دانی سولفە بۆ دروست كردنی خانووی پلاستیكی، ئەمە وەكو پڕۆژەیەك بۆ بەدەستهێنانی بەرهەمی خۆماڵی، بەڵام ئەم پڕۆژەیە بەڕاستی بەرەو فەشەل ئەڕوات، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر نەبوونی پلان لەلایەن وەزارەتی كشتوكاڵ، نەبوونی چاودێری لە لایەن حكومەتەوە، خانووە پلاستیكیەكان بێگومان تەنها بەوە ناكرێ، ئەبێ پڕۆژەیەكی تری لەگەڵ دابێ،

کە دروست کردنی بەڕادە، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئەو پڕۆژە تەواو کاریە جێبەجێ نەکراوە، ئێستا زۆرێك لەجوتیارەکان خەریکە واز لەخانووە پلاستیکیەکان دێنن، بەوەی کە بەرهەمەکانیان کاتێك کە وەبەردێن نرخەکەیان ئەوەندە نزمە زیاد لەوەی کە تێی دەچێ، هەروەها بۆ هەندێ ناوچە زیاد لە پێویست خانووی پلاستیکیان بۆ دابین کراوە، بۆ نموونە، ناوچەی هەڵەبجە کە بەڕاستی زۆر زیادە لە پێویستی ئەو ناوچەیە، خاڵی نۆ، بڕە پارەی تەرخان کراو بۆ پڕۆژە پێشنیار کراوەکانی 2012، بریتیە لە دابەشکردنێکی دوو ئیدارەیی، کە ئەمەش تا ئێستا سیمای دوو ئیدارەیی پڕۆژە پێشنیار کراوەکان هەیە، 53٪ بۆهەولێرو دهۆکە، 47٪ بۆ سلێمانیە، ئێمە داوای ڕوونکردنەوە دەکەین لە هەردوو وەزیری بەڕێز، هەروەها لەسەر بنەمای زیان گەیاندن بە ناوچەکان نیە، من تەنها نموونە دەهێنمەوە، خورماڵ لە 10هەزار یەك پڕۆژەی پێشنیار کراوی بەرکەوتووە، ڕزگاری ئەویش لە 10هەزار دێت، کە بێگومان ئەو دوو ناوچەیە کە ئەندامە بەڕێزەکانیش ئاگادارن دووناوچەن کە زۆر زیان مەند بوون، خەڵکێکی زۆر هەژاری تێدایە، کە پڕۆژەکانیشیان لە نێوان 220 بۆ 300 ملیۆن بۆیان تەرخانکراوە، خاڵی دە، ئەو پرسیارەی کە کرابوو لە بەڕێز وەزیری پلان دانان ڕاپۆرتی چوار مانگ جارێك بۆ پەرلەمان، من پێشتر ئەو پرسیارەم کردبوو، بەڵام وەڵامەکەی وەزیری پلان دانان من پرسیارەکەم لەسەر وەڵامەکەیەتی، کە باس لەوە دکات لە 5/12/ 2011 ڕاپۆرتێکی ناردووە، لە 2011/10/18 دوا ڕاپۆرتی ناردووە، خۆی ئەبێ سێ ڕاپۆرت بێ، چونکە لە چوار مانگ جارێ ئەو ڕاپۆرتانە بنێرێت، لە 1/17 نووسیویەتی ڕاپۆرتێکمان ناردووە، داوای ڕوون کردنەوە لەمە دەکەم لە بەڕێز وەزیری پلان دانان، ڕاپۆرتەکان پێویستە بە خولی بێ، تەواوی پڕۆژەکانی تێدابێ، خاڵی 11 لەکاتێکدا دەستەی مافی مرۆڤ و چاودێری دارایی کە دوو دەزگان، نەکەوتوونەتە کارو هیچ چالاکیەکیان نیە، لە هەمان کاتدا 70 کارمەندیان بۆ دیاری کراوە، هەروەها بودجەشیان بۆ تەرخان کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا بە دەستەی مافی مرۆڤ ڕاگەیەندراوە کە چالاکی ئەنجام نەدەن، چونکە هێشتا وەك دەستەی مافی مرۆڤ پێك نەهێنراون، بۆیە لەکاتێکدا پێیان وتراوە چالاکی نەکەن، بودجەشیان بۆ تەرخان دەکرێت و 70 فەرمانبەریشیان بۆ دادەندرێت، خاڵی 12، قەبارەی ئاڵو گۆڕی بازرگانی لە خاڵە سنووریەکان دەگاتە 20 ملیار بۆ ئەو کالأیانەی کە گومرگیان لەسەر نیە، ئەوە بڕی لە 5٪ی ئەو بڕە وەك داهات دەچێتە خەزێنەی حکومەت، کە دەکاتە یەك ملیار دۆلار، بەهێزترین خاڵی سنووری هەرێمی کوردستان، بریتیە لە خاڵی ابراهیم خلیل، بەڵام ئەو دەروازەیە تا ئێستا داهاتەکانی ڕۆشن و دیار نیە، وەك بەرپرسێکی پێشووی گومرگی ابراهیم خلیل ڕایگەیاند ڕۆژانە یەك ملیۆن دۆلار ناچێتە خەزێنەی حکومەت، داوا لە بەڕێز وەزیری دارایی دەکەین..، یەك ملیۆن ئەوە بەرپرسەی پێشووی ابراهیم خلیل ڕایگەیاندووە، داواکارین کە ڕوونکردنەوە بدات لەسەر ئەو تەسریحەی داهاتەکانی گومرگی ابراهیم خلیل، خاڵی 13، لەسەر چ بنەمایەك و بە چ یاسایەك پارە دەدرێتە تەلەفزیۆنە حیزبیەکان، کە تەلەفزیۆنی حیزبی هەیە مانگانە 500 ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، لە کاتێکدا کە زۆرێك لە حیزبە سیاسیەکان 350 ملیۆن بۆ 400 ملیۆنیان بۆ تەرخان دەکرێت بۆ هەمووحیزبەکان، خاڵی 14، نا ڕوون بوونی

داهاتەکانی نەوت، کە لەبڕگە 3 پرۆژە یاسای بودجەدا 120 ملیار دینار خەملێنراوە بۆ پترۆ دۆلار، بە پترۆ دۆلاریشەوە، کە پترۆ دۆلار 42 ملیارە، 78 ملیار دەمێنێتەوە، من لێرەدا ئەو بڕگانە باس دەکەم بۆ بەڕێز وەزیری دارایی, کە کۆمەڵێك سەرچاوەمان بۆ داهاتی نەوت هەیە, بەلاَم ئەو سەرچاوانە تا ئێستا داهاتەکانیان دیار نیە, بەپێی 30 بڕگەی 1 کە بریتییە لەو مولَکانە وەزیری سامانە سروشتیەکان تا 2009/10 ڕایگەیاندووە 5 ملیار دۆلار گرێبەستە نەوتیەکانمان دەست کەوتووە، بەپێی خەملاَندنی زیاد بوونی گرێبەستە نەوتیەکان تا ئێستا گەیشتۆتە 48 گرێبەست، بەپێی ئەو خەملاَندنەبێ 7500 ملیۆن دۆلار ئێستا داهاتی شیرینی گرێبەستیەکانە، کە پێویستە لەخەزێنەی ئەو سندوقەدا هەبێ کە تاوەکو ئێستاش دانراوە لە سندوقەکە، لە ماددەی 37 لە بڕگەی (10) دا هاتووە، کە بڕە پارەیەك دەدرێت بە هەرێمی کوردستان لە لایەن کۆمپانیایە وەبەرهێنانەکان بۆ پاڵپشتی ژینگەی هەرێم، من پرسیار دەکەم لە وەزیری دارایی کە ئایا ئەو بڕە پارەیە چەندە؟، کە بۆ ژینگەی هەرێم تەرخان کراوە لە لایەن ئەو کۆمپانیایانەوە، سەرچاوەی سێ، بەپێی ماددەی 40 بڕگەی 1 لە یاساکە، کۆمەڵێك باج دانراوە لەسەر کۆمپانیاکانی نەوت، چەندجارێك لە باجەکانی دەست نیشان کردووە، بەلاَم تا ئێستا بڕی ئەو باجانە چەندە؟، کە هاتۆتە خەزێنەی دارایی، چوار بڕی لە 20٪ بۆ 25٪ پشکی کۆمپانیاکانی کوردستانە بۆ دۆزینەوەی وەبەرهێنانی نەوت، ئەم بڕەش دیاری نیە، داوای ڕوون کردنەوە دەکەین لە بەڕێز وەزیری دارایی، داهاتی پالاَو گەکان، لە سێ پالاَوگەی فەرمی و زیاتر لە 100 پالاَوگەی نافەرمی هەیە لە کوردستان، کە داهاتەکانی ئەم پالاَوگانەش دەدرێتە حکومەت ڕوون نیە، داوای ڕوونکردنەوە دەکەین، ئەم داهاتانەش دەبێ لەم سندوقەدا دابندرێت، کە تاوەکو ئێستا نیە و لە ساڵی 2007 وە پێشێلکاری یاسای نەوت و غاز دەکرێت، خاڵی 15 بەردەوام نیشانەی دوو ئیدارەیی ماوە لەکاری ڕۆژانەی وەزارەتەکان، بۆ نموونە، ئەمە تەبعەن ئیمساڵ کراوە، پاداشتی بەڕێوەبەری هۆڵی تاقی کردنەوە بۆ پۆلی 12ی ئامادەیی لەهەولێر 20 هەزارەو یاریدەدەرەکەی 15 هەزار، بەلاَم لە سلێمانی هەردووکیان 14 هەزارە، خاڵی 16 پارە بەفیڕۆدان لە ڕێگەی جۆراو جۆرەو سوودێکی ئەو تۆی هەبێ بۆ حکومەتی هەرێم، بوارێکی زۆری بۆ گەندەڵی دروست کردووە، بۆ نموونە، کرێی شارەزایان بە بڕی 544 پێنج ملیار و چل و چوار ملیۆن دینار سەرف کراوە، لە خەرجیەکانی خزمەتگوزاری و چاککردندا، لە کاتێکدا حکومەت خاوەنی 450 ڕاوێژکارو خەبیرە، هەروەها لە پاداشتی شارەزایان لە خەرجی تر 14919 چواردە ملیارو نۆسەدو نۆزدە ملیۆن دینار سەرف کراوە، ئەمە بۆچی و چ پێویست بەم هەموو خەرجیە دەکات؟، لەکاتێکدا خۆمان شارەزاو خەبیرمان هەیە، هەرچەندە لەو خشتانەی کە ئێمە بینیومانە دەرچووی سەرەتایی و ناوەندی هەیە دامەزراوە بە پلەی شارەزا، پرسیارێکی گرنگ ئەوەیەکە ئێمەداوای ڕوونکردنەوە دەکەین، ئایا حکومەتی هەرێم ئەو هەموو ڕاوێژکارو شارەزایەی هەیە، شێوازی بەکارهێنانەکەی کوا لەکاتێکدا ئەمە پێچەوانەی یاسایە، کە هەموو وەزارەتێك لە یاساکاندا دیاری کراوە نابێ لە چوار ڕاوێژکاری زیاتر هەبێ، دوای ڕەخنەو تێبینیەکانمان کۆمەڵێك پێشنیارمان هەیە بۆ حکومەت بۆ چاك کردنی بودجە، یەکەم چاککردنی تەعلیمات بۆ وەرگرتنی

عەقار، ئەویش لەو بوارەی کە پێویست نەکات کە کەفیل لەو کەسەی کە سولفەی عـەقار دەکـات کـەفیلی لێ وەرنەگیرێت، بەڵکو لەڕێگەی ڕەهنی تەئمینی یان حجز بخرێتە سەر موڵکەکەی، چونکە بەڕاستی وەرگرتنی مەسلەی کەفیل بۆتە تیجارەتێك کە بۆتە بارگرانیەك بەسەر ئەو کەسـانەی کـە سـولفە وەردەگـرن، چـونکە ئەبێ مـوەزەف بـێ، چـونکە تەنانـەت ئێسـتا کـەفیلێك داوای 515 هـەزار دەکـات بـۆ ئـەوەی ببێتـە کـەفیل، لەکاتێکدا لە ڕێگەی ڕەهنی تەئمینی و حجزەوە دەتوانێت ئەو معامەلەیە بکرێت، ئەگەر بێتو موعامەلە بە خانوو ئەوەکە کرا دەتوانێ قەرزەکە بگوازێتەوە، پێشنیاری دووەم، سولفەی عەقار بکرێتە 30 ملیۆن، وەك ئەوەی لە بودجەی عیراقدا هاتووە، هەروەها ئەو بەڵێنەی کەکابینەی پێشوو بە هاووڵاتیانی گونـدەکانی دا، کـە 7500 دۆلار وەکـو مینحـە بـدرێت بـە گونـدەکان، کـە تـاوەکو ئێسـتاش چاوەڕێن بـۆ دووجـار لەلایـەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەو بەڵێنەدراوە، پێشنیاری سێیەم، لـە مەشـاریعی ئیسـکان لـە ڕێگـەی دەستەی وەبەرهێنان بوەستێ، هیچ بۆدجەی بۆدابین نـەکرێت، چـونکە ئـەو جـۆرە پـڕۆژانـە کۆمپانیاکـان و سـەرمایەدارەکان قـازانجی لێ دەکـەن، خـەڵکی هـەژار و کـەم دەرامـەت نـەیتوانیوە سـوودی لێ وەربگرێـت، بەڕاستی بۆتە بازاڕێك بۆ کاسبی کردن و بازرگانی کێشەی نیشتەجێبوونی چارەسەر نـەکردووە، بـەڵکو داوا دەکـەین ئـەو پارەیـەی کـەدانراوە بـۆ سـندوقی وەبـەرهێنان سـەبارەت بەنیشـتەجێبوون، بدرێتـە سـندوقی عەقاری وخانووی کرێنشینی بەپێی یاسای ژمـارە (16) سـاڵی 2011 ی هـەموار کـراو، پێشـنیاری چـوارەم، کەم کردنەوەی بڕی خەرجی ئیفاد، ئیفادی داخلی 165 هـەزاری بـۆ تـەرخان دەکرێـت، تـەنها لـە سلێمانی بۆهەولێر، هەروەها ئیفادی خارجی بەپێی نووسراوی وەزارەتی دارایی لەمێژووی 2009/1/28 دەرچـووە بۆ پلە بەرزەکان 600 هەزار بۆ یـەك ڕۆژ، بـۆ پلـەکانی خـوارەوە لـە 150 بـۆ 400 دۆلار تـەرخان کـراوە، زیـادە ڕۆییـەکی زۆری تێدایـە، پێویسـتە پێداچوونەوەیەکی زۆری تێـدا بکرێـت، بـۆ نموونـە، شـەش مـانگی یەکەمی ساڵی 2009، چوار ملیار سەرف کراوە، شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2011 بڕی ملیارێـك و شـەش سەدو شەش ملیۆن بۆ موخەسەساتی ئیفاد سەرف کراوە، پێشنیارمان ئەوەیە هەموو ئیفادەکانی خارج بڕی لـە 60٪ کـەم بکرێتـەوە، هـی داخلـی لـە 40٪ کـەم بکرێتـەوە، پێشـنیاری پێنجـەم، گـۆڕینی تـەعلیماتی تواناسازی بۆ قوتابیان، کە ڕێژەی پارەکەی بە ڕێژەی لە 20٪ زیاتر بـێ، چـونکە فەرمانبـەر و مامۆسـتا لـە کاتێکدا کە سوودمەند دەبن لە تواناسازی مووچەشیان بۆ حیساب دەکرێت، کاتەکەشیان بە خزمەت حیساب دەکرێت، زۆریشیان کە خێزانیان هەیە بەهەمان شێوە ئەویش فەرمانبەرە بـە مووچـەش و بـە خزمـەتیش بۆی حیساب دەکرێت، بەلاّم قوتابیان بە هەمان شێوە بە یەکسانی ئـەو بڕەیـان پـێ دەدرێـت، لەکاتێکـدا کـە بەدواداچوون کراوە، ئـەو بـڕە پارەیـە دانـراوە بۆقوتابیـان بەشـیان ناکـات و پێداویسـتیان زیـاترە، هـەروەها داواکارین لەسندوقی تواناسازی سیستەمی نەفەقەی خاصـە جێبـەجێ بکرێـت، کـە ئـەو قوتابیانـەی لەسـەر ئەرکی خۆیان دەخوێنن، ئەم سیستەمە لە عیراق جێبـەجێ دەکرێـت، لەکاتێکـدا قوتابیـانی کـورد سـەردانی مولحـەقی سـەقافی قونسـولیەی سـەفارەتەکانیان کـردووە، وتوویانـە ئێـوە شمولتـان ناکـات، بـڕۆن بەڕێـژەی لە17٪کە بەشی ئێوەی تێدایە، پێشنیاری شەشەم، دانـانی مووچـەو و مینحـە بـۆ زینـدانیانی سیاسـی پـاش

ڕاپەڕین، لەسەر بنەمای یاسای ژمارە (11) ساڵی 2011 ی یاسای ماف و ئیمتیازاتی زیندانیە سیاسیەکان، چونکە زیندانیانی سیاسی پاش ڕاپەڕین ئەوانیش هاووڵاتیانی کوردستانن، قوربانی شەڕی ناوخۆ و ململانێی حیزبەکانی کوردستانن، پێویستە پەرلەمانی کوردستان بڕیار بدات بۆ ئەوەی ئەوانیش بە هەمان شێوە سوودمەند بن لەو ماف و ئیمتیازاتانەی کە لە دەقی یاساکەدا هەیە، پێشنیاری هەشتەممان سووك کردنی ڕێنماییەکانی سولفەی کشتوکاڵی، بەجۆرێك کە جوتیاران سوودی لێ وەربگرن نەوەك سەرمایەدارەکان، بەشێوازێك بێت تەعلیماتەکە کە کێشە لەبەردەم جوتیار دروست نەکات بۆ وەرگرتنی سولفە، بەتایبەتی ئەگەر بێتو سەیری ڕێنماییەکانی کشتوکاڵی بکرێت، هەمیشە لەمپەر لەبەردەم جوتیار دروست دەکرێت، یەك نموونە دێنمەوە، بۆ نموونە ئەگەر بێتو یەکێك پڕۆژەیەك دابنێ، بەتایبەتی ڕۆژەیەکی باخداری، ئەبێ 20 دۆنمی هەبێ، لەکاتێکدا کە 20 دۆنم بەڕاستی زۆربەی جوتیارانی کوردستان 20 دۆنمیان نیە، بەڵکو سەرمایەدارەکان خاوەنی ئەو هەموو دۆنمە ئەرزەن، پێشنیاری نۆ لە ساڵی 1996 دوو مووچە نەدراوە بە فەرمانبەران، تەنها وەزارەتەکانی پەروەردەو تەندروستی پێیان دراوە، پێشنیار دەکەین کە حکومەت هەڵسێ بە قەرەبوو کردنەوەی فەرمانبەران بۆ ئەو دوومانگە، پێشنیاری دە، گەڕاندنەوەی دەرماڵەی بڕوانامە لە 2008 و نۆ و دە سەرف نەکراوە بۆ هەموو پارێزگاکان، کە لەکاتی قەرەبووکردنەوەی جیاوازی مووچەکانیادا لە کاتی قەرەبوو کردنەوەی مووچەکانیان حیساب بۆ مینحەی شەش مانگی خانەنشینی نەکراوە، داواکارین مینحەی شەش مانگ کە بۆ خانەنشینان دراوە ئەوان بەریان نەکەوتووە پێیان بدرێت، پێشنیارێکمان هەیە پێشنیاری 11، کەم کردنەوەی نەفەقاتی ئیجتیماعی بۆ هەموو وەزارەتەکان جگە لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەم دەقەش لەیاسای بودجەی عیراقدا هاتووە، تەنها چەند بڕگەیەکی جیا کردۆتەوە، هەروەها هەروەها مەسروفات ئوخرە بەڕێژەی لە100٪ ئەوەش بۆ دانانی لەسندوقی نیشتەجیبوون بۆ دروست کردنی خانوو بۆکرێ نشینان، بەپێی یاسای ژمارە16، چونکە ئەگەر بێتو بەم شێوەیەی ئێستا ئەگەر بێتو بەرنامە دابنێین، بۆ ئەوەی کە لە ئەزمەی نیشتەجێبوون ڕزگارمان بێ، 40 هەزار کرێ نشین هەیە ئێستا بەپێی ئاماری یەکێتی کرێ نشینان، بەڕاستی بە چەندین ساڵی تر ڕزگارمان نابێ، ئەگەر بێتو بودجەیەکی گەورەی بۆ دانەندرێت، ئێمەناتوانین کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەر بکەین، پێشنیاری 12 زیاد کردنی دەرماڵەی زانایانی ئیسلامی، چونکە ئێستا کەمترین مووچەیان هەیە لەچاو فەرمانبەرانی تردا، ناتوانن کاری تر بکەن بەهۆی ئەو بارە کۆمەڵایەتیەی کە هەیانە، بەردەوامیش ئەبێ پابەند بن بە شوێنی دەوام کردنیان، پێشنیاری 13 بەهرەمەند بوونی شەهیدانی هاووڵاتی، بەپێی یاسای ماف و ئیمتیازاتی شەهیدانی هاووڵاتی، شەهیدانی تر بەڕاستی بەپێی یاساکە تا ڕادەیەکی زۆر بەهرەمەند بوون، شەهیدانی هاووڵاتی تەنها مووچەکەیان هەیە، ئەوانیش بەهەمان شێوە منداڵ و خانەوادەکانیان بێ سەرپەرشتیارن، کۆتا فەقەرەی ڕاپۆرتەکەم، کۆمەڵێك سەرنج و تێبینیم لەسەر وەڵامەکەی هەردوو وەزیری بەرێز هەیە، داواکارم کە وەڵامەکەم وەربگرمەوە بەشێوەیەکی ڕوون، بەپێی یاسای بودجەی عیراقی ساڵی 2011 بەپێی ماددەی 22 خاڵی شەش وحەوت،

کە تێیدا هاتووە کەهەموو داهاتی خاڵە سنووریەکان و فڕۆکەخانەکان، ساڵی 2010 و 2011و 2012 دەگەڕێتەوە بۆ پارێزگاکان کەخاڵە سنووریەکانی تێدایە، من داوا دەکەم لە بەڕێز وەزیری دارایی ئەبێ هەرچی خاڵی سنووریە بگەڕێتەوە بۆ حکومەتی هەرێم، بۆ ئەو پارێزگایانەی کە خاڵە سنووریەکانی تیایە بە دەق هاتووە کە ئەبێ بۆ ئاوەدانکرنەوە بەکاربێت، خاڵی دوو، وەزیری دارایی بەڕاشکاوانە باسی لەوە کرد یاسای بودجەی هەرێمی پێشێل کردووە، ڕایگەیاندووە بۆ پڕکردنەوەی عەجز بەکاری هێناوە، یاساش نابێ تەفسیر و تەئویل بکرێت، هەروەها پڕکردنەوەی عجز دەبێ بەیاسا بێ، نەوەك بەئیجتیهاد، هەرچۆن لەیاسای بودجەی عیراقی هاتووە خاڵی دووەم، کە عجزی دەست نیشان کردووە، بڕگەکانیشی دەست نیشان کردووە چۆن پڕ دەکرێتەوە، بەلاّم وەزیری دارایی باسی لەوە کرد کە ئەو سندوقەی دانراوە بەکارمان هێناوە بۆ عجز، لەیاسای بودجەی کوردستاندا دیاری کردووە بەچی پڕ دەکرێتەوە، هەروەها لە وەلاّمی پرسیارێکی تردا باسی لە مووچەی فەرمانبەران کرد، ئەوەی کە نەدراوە ئەویش وتی لە عجز بەکارمان هێناوە، ئەمیش بەهەمان شێوە پێچەوانەی یاساکەیە، لەیاسادا عجزەکە بێتو چۆنیش پڕ دەکرێتەوە، پرسیارێکی تر وەزیری پلان دانان باسی لە فڕۆکەخانەی هەولێرو سلێمانی کرد، باسی لەوە کرد کە تاوەکو ئێستا نەخراوەتە سەر وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، کە ئەم یاسایەش لە ساڵی 2011 دەرچووە، ئەبێ لەوەقایعی کوردستان لەدوای بلاّوکردنەوەی ئەبێ جێبەجێ بکرێت، من ئەپرسم ئەگەر بێتو سەر بە وەزارەت نەبێ، وەزارەتیش خۆیان ئەوەیان ڕاگەیاندووە، کە سەر بە وەزارەت نیە، سەر بە دووکۆمپانیای ئەهلیە، داواکارین کە ئەو زانیاریانەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، کە ئەو کۆمپانیایانە چۆن ئەو دوو فرۆکەخانەیان وەرگرتووە، هەروەها سروشتی گرێبەستەکانیان چۆنە؟ هەروەها وەزیری پلان دانان باسی لەفڕۆکەخانەی دهۆك کرد، کە گوایە پڕۆژەکە لە لایەن پارێزگای دهۆکەوە سەرپەرشتی دەکرێت، ئەمەش پێچەوانەی یاسایە، ئەبێ لە لایەن وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنەوە سەرپەرشتی بکرێت، خاڵی کۆتایم وەزیری دارایی بەڕێز باسی لەوە کرد، داهاتی وەزارەتی شارەوانی باسی لەوەکرد کە دیوانی وەزارەتی جیا کردەوە لەبەڕێوەبەرایەتیەکان، کە ئەمەش پێچەوانەی یاسای وەزارەتی شارەوانیە، باسی دوو بودجەی کرد ئەمەش پێچەوانەی وەزارەتی شارەوانییە، دواکارم ڕوون کردنەوە بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بۆ ئەو ڕوونکردنەوەیە.

**بەڕێز د.علی سندی/ وەزیری پلان دانان:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، من وەلاّم نادەمەوە ئێستا چونکە دەزانم کاتی وەلاّمدانەوە نیە، بەس هەر تەوزیحێکم هەیە، چونکە ئەمە بابلێین هێشتا چەند بەڕێزێك هەتاوەکو ئێستا پرسیاریان کردووە، بەلاّم تەبیعی بە پێی پەیڕەوی پەرلەمان و فەسلی (9) ماددەی (81) و (82) وئەوانە پاریش هەر بەهەمان شێوە ئەو تێبینیە هەبوو، یەعنی وابزانم لەبەرژەوەندی گشتی و لە بەرژەوەندی کۆبوونەوەکە دایە، ئەو 30 ڕۆژە دراوە بە

لیژنەی دارایی و ئابووری بۆکۆکردنەوەی پرسیار بووە، بەڵام بە هەرحاڵ، لیجانەکانیش پرسیاریان هەبووە، ئێمە یەکەمین جار دوێنێ گوێمان لەو پرسیارانە بووە، لیژنەکە خۆشیان دەزانن ئەو هەقیقەتە، من ئێستا تەبیعی من لەگەڵ هەموو ڕێزم بۆ کاك عمر عبدالعزیز، ئەندامی پەرلەمان، کۆمەڵێك پرسیاری ناردووە، باسیشی کرد خۆشی، من لە جەلسەی بەیانی ئەمڕۆ 6/13/ ساڵی 2012، 48 خاڵم وەڵام داوەتەوە لە پرۆتۆکۆلیش هەیە، تەسجیلیش کراوە، لە تەلەفزیۆنیش پیشان دەدرێت، بەڕێزیان وتی وەڵامەکان ئینتیقائی بوون، ئەو هەقی خۆیەتی بەهەر شێوەیەك بڵێ، هیچ کۆمێنتم لەسەر ئەوە نیە، ئێستا بەڕێزی 28 پرسیاری تری ناردووە، من تەنها بەس یەك پرسیارم هەیە، زەمانی ئەوەی کەمن ئەمانە بەنووسراو هاتووە هەمووی وەڵام دەدەمەوە لەکۆتایی جەلسە، بەس زەمانم چیە کە دیسان نەگۆترێت دیسان وەڵامەکان نەدرانەوە و ئینتیقائی بوون؟ هیچ زەمانێك هەیە یان ئەوە هەر ئەوها دەبێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو یەك دەقە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك دانە پرسیارم ئاراستەی بەڕێز وەزیری پلان دانان نەکردووە، ئەوە بەڕێزی لێی تێك چووە ئەمە ڕاپۆرتە، داوای کردووە کە بەڕێز وەزیری دارایی نوسخەیەکی بدەینێ، بەهەڵە ئەو نوسخەیە ئاراستەی بەڕێزیان کراو، پرسیار نییە، ئەو فسانەیە کە کردم هیچی پرسیاری تێدا نیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم تۆما:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشەکی دەست خۆشی لە وەزیری دارایی دەکەم بۆ ئەو ڕاپۆرتەو کۆ کردنەوەی ڕاپۆرتی لیژنەکان و ڕێکخستنتی، دوو، سوپاسی هەردوو وەزیری پلان دانان و وەزیری دارایی دەکەم بۆ تەوزیحەکەیان، مومکینە لە لای خۆم تەحدیدەن لایەکی زۆر زۆر لەپرسیارەکانی منی کەم کردۆتەوە، ئێمە ئەو دەورەیە ئەوە سێیەمین بودجەیە موناقەشەی دەکەین، بە قەناعەفتی من ساڵی پار لە پێرار کەمتر بوو سوئالەکانمان، ئەمساڵ کەمترە، کەواتە موئەشرێکی ئیجابی هەیەلە ناو پەرلەمانی کوردستان، بۆ بەدواداچوونی حکومەتیشەوە، بەقەناعەتی من سێ فاکتەری گرنگ هەیە بەشی زۆری پرسیارەکان دەپرسێ، سەبەبی ئەوە یەکێکیان دوا کەوتنی بودجەیە، ڕاستە لە بەغدا دوا دەکەوێت، بەڵام لای خۆشمان دوا دەکەوێت، دەبێ دانی پێ بنێین و موعالەجەی بکەین، چونکە خۆمان دەزانین بودجە لەمانگی هەشت و نۆ دەست پێ دەکرێت، لە 70٪ی بودجەی ئێمە وەکو تەشغیلیە، تەقریبەن موناقەشەی ئەوەندە ناوێ، کێشەی ئێمە تەنها لەسەر بودجەی وەبەرهێنانە، کەنیوەی مومکینە یان لە 40٪ی بۆ بودجەی پێشمەرگە دەچێ، کە ئەو کێشەیەمان فاکتەری دووەمە کە

نەمانتوانیوە تا ئێستا سیاسیەن لەگەڵ بەغدا چارەسەری بکەین، بە هەموو لایەك دەبێ هەوڵ بدەین، بۆ چارەسەر کردنی کێشەی یەکەم و خاڵی یەکەم و فاکتەری یەکەم چارەسەر بکەین، دووەم، گلدانەوەی بەشێك لەسەلاحیاتی وەزارەتەکان، تەحدیدەن وەزارەتە هەندەسیەکان یاخود فەنیەکان لەوەزارەتی دارایی، کە وای کردووە تا ئێستا کۆمەڵێك کێشەمان بێتە پێش، ئەوانەش یەکێکیان ڕەزامەندی نەدان لەسەر جێبەجێ کردنی یان ڕەزامەندی دان لەسەر چەند پڕۆژەیەك، دوو، دەست بەکاربوونی چەند پڕۆژیەك و دوا کەوتنی جێبەجێ کردنی پڕۆژەی تر، چوار، تەسویەی ئەو پڕۆژانەی کە موعەلەق ماون بەینی وەزارەتی دارایی و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، ئەمەش وای کردووە مومکینە موخالەفاتی حیسابیش بێ، کە پارەکە بڕیارماندا بە دانانی سندوقێك بۆ حجز کردنی پارەی پڕۆژەکان، موخالەفەیەکی موحاسیبیە، غەڵەتێکە، لەبەر ئەوەی پێمان ناکرێ ئەو پارەیە ئێمە زوو بەزوو بیدەینە وەزارەتەکان ودەست بەکاری خۆیان بکەن، مەجبور بین ئەو موخالەفە موحاسیبیەمان لێرە کرد، تا بتوانین زەمانی ئەوە بکەین کە ئەو پڕۆژانە دوای تەواو بوونی ساڵیش دەستی پێ بکەین، لێرە من سێ، چوار پێشنیارم هەیە دەیخەمە بەردەستی جەنابتان، یەکێکیان موحاوەلە کردن لەگەڵ بەغدا بۆچارەسەر کردنی کێشەی بودجەی پێشمەرگە نەبێتە هۆی ئەو کێشانەی کە ڕووبەڕوومان دەبنەوە، بەشی زۆری ئەوە سەبەبیتیان، تەواو کردنی بودجە لەوەختی خۆی، بەتایبەتی بودجەی وەگەڕهێنان کە پێش مانگی $12$ بە قەناعەتی من دەبێ تەواو بێ، ئەوەی تر دەبێ چاوەڕوان بکرێ، ئەوەی تر کە گەیشت لە بەغدا لە خیلالی مانگێك $45$ ڕۆژ ئێمە خۆمان ئامادە کردبێ و بیدەینە پەرلەمان، موناقەشە لە مانگی $4$ بدرێتە تەنفیزەوە پێرار $6/28$، وە پار $8/14$، دووەم، دانی دەسەڵات بە وەزیرەکان گلنەدانەوەی لەوەزارەتی دارایی، بەشێکی زۆر وەکو وتم کێشەکانمان لەوەیە، بەتایبەتی وەزارەتە تەخەسوسیەکان و وەزارەتە هەندەسیەکان، کە ئەوان کادیری تەخەسوسیان هەیە، وەنەبێت وەزارەتی دارایی ببێتە بەدیلی حکومەت، حکومەتی خۆمان بەدەستی خۆمان شەلەل بکەین، پەیرەو کردنی سیستەمی لا مەرکەزی تەحدیدەن بۆ لایەنی وەبەرهێنان، چونکە زیاتر دەستی وەزیرەکان و دەستی وەبەرهێنانە گشتیەکان کراوە دەبێ بۆجێبەجێ کردن، ئەنجامدانی تەندەرین لە بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی پارێزگاکان، خاسەتەن ئەوانەی تەخەسوسین نەچێتە پارێزگا، چونکە پارێزگاش دیسان نەبێتە بەدیلی هەموو فەرمانگەکانی وەزارەتەکان، بەردەوام بوون لە دانی سولفەی کشتوکاڵی و ئاسان کردنی زیاتر لە سولفەی پیشەسازی، من دیسان وەکو پار پێشنیار دەکەمەوە سولفەی گەشت و گوزار بکرێتەوە، یاخود بدرێت، بانکی گەشت و گوزاریشمان نیە، بەڵکو لە ڕێگای بانکە بازرگانیەکان بدرێت، چونکە توێژی زۆری کۆمەڵگاکەمان دەکەوێتە کارەوە، زیاتر دەتوانێ سود وەربگرێت، چ لەوخیبرەی هەیەتی، چ لەشوێنە گەشت و گوزاریەکانی کە هەیە، چاو پێخشاندن بەدەرماڵەی دوو وەزارەت، وەزارەتی کارەباو، وەزارەتی تەندروستی گلەیی زۆر هەیە، یەکسان کردنی بەو دەرمالانەی کە لە بەغدا دەدرێت، هەروەکو پار ئێمە بڕیارمان وەرگرتووە، ئێمە بە یەکسانی موچەو دەرماڵەی بەغدا و حکومەتی هەرێمەوە، یەك خاڵ ئیشارەتی پێ درا تەوزیحیە، بەنیسبەت وەزارەتی پیشەسازی دەمەوێ

تەوزیحی پێ بدەم لە کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە، ڕۆژانە وەزارەتی پیشەسازی هەزار تەن چیمەنتۆ وەر دەگرێت، دابەشی دەکات بەسەر خەڵك بۆ دروست کردنی خانوو بەسعری کولفەوە، شتێکی ئەوەندە نیە، دوایی ئەوان داوای حەقتا فەرمانبەریان کردووە، مومکینە غەڵەت هاتووە لەتەقریرەکەی ئێمە، تەحدیدەن پرسیارێك لە وەزیری پیشەسازی کرا کە چۆن موەزەفی زۆرت هەیە تۆ داوای موەزەف دەکەی، ڕاستە ئەو فەرمانبەری هەیە لەو کارگانەی کەلە کار کەوتوون، کە ئیستیفادەیان لێ ناکەن، مومکینە 10 ساڵی ترمان پێدەوێت تاوەکو لەو میلاکە زۆرە ڕزگارمان بێ، کەهەمووی فەرمانبەری ئەو کارگانە بوون کە حکومەت وەختی خۆی لە سیستەمی ئیشتیراکیەوە دایمەزراندبوون، کە تاوەکو ئێستا بەرەو سیستەمی بازاڕی ئازاد دەچین لێیان قورتار بین، فەرمانبەری یاسایی و فەرمانبەری کۆمپیوتەرمان پێویستە ئەو حەفتا کەسە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالقادر بازرگان فەرموو.

**بەڕێز عبدالقادر اکرام جمیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەبودجەی ساڵی دارایی 2012، سوپاسی لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمانی کوردستان دەکەم، چونکە تا ڕادەیەکی زۆر چۆتە ناو بوارە جیاجیاکانی بودجە، کە لای هەموومان ئاشکرایە هەموو ساڵ بودجەی هەرێمی کوردستان عجزی موخەتەتی هەیە، هی ئەمساڵیش ساڵی 2012 دوو ترلیۆن و چل و چوار ملیارە، تەبیعی ئەم عجزەش تەعویز دەکرێ لەحیسابی وەزارەتی پێشمەرگە، لەناو نەفەقەی وەزارەتی بەرگری عیراق، بەڵام ئەم بودجەیە لەساڵی 2007 وە تاوەکو ئێستا لە حکومەتی فیدراڵی وەرنەگیراوە، کە بڕەکەی گەیشتۆتە 60ترلیۆن، پرسیاری من لەوەدایە کێ دەڵێ حکومەتی ئیتیحادی ئەم بڕە پارەیە لەداهاتوو سەرف دەکات، بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان چاو پێخشاندنەوە بکات، لەسەرفیات و لە نەفەقات و لە پڕۆژەکانیدا، چونکە نازانین پێشهاتە سیاسیەکان وئابووریەکان لە داهاتوودا چی دەبێ، بۆیە دەبێ بیر بکەینەوە لە کەم کردنەوەی عجزی موخەتەت، سەبارەت بە دواکەوتنی بودجە، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم بۆ ساڵانی داهاتوو زووتر ئامادەی بکات، مەسەلەی کابینەی شەش و حەوت نەبێتە بیانوو بۆ دواکەوتنی، چونکە خەڵکێکی زۆری هەرێمی کوردستان چاوەڕێی بودجەن، بەتایبەتی سولفەی عەقاری و هاوسەرگیری و خەرجیەکانی تر، لەبودجەی ئەمساڵدا پێشنیاری ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکەم:

1- زیاد کردنی سولفەی زەواج بۆ 7 ملیۆن دینار.

2-زیاد کردنی سولفەی عەقار بۆ 25 ملیۆن دینار بەبێ ڕەچاو کردنی شارو شارۆچکەکان.

3-تەرخان کردنی دارایی زیاد بکرێ، یەعنی تەرخانکراوی دارایی زیاد بکرێت بۆ سندوقی نیشتەجێبوون ئەویش بۆدابین کردنی نیشتەجێبوون بۆ ئەو فەرمانبەرانەی کە تاوەکو ئێستا سوودیان لە سندوقی نیشتەجێبوونی هەرێم وەرنەگرتووە.

4-پێداچوونەوە بکرێت بە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان.

5-زیاد کردنی تەرخانکراوی 400 ملیار دینار بۆ 600 ملیار دینار بۆنەخۆشیەکانی شەلەل دەماغ و تالاسیماو چاودێری کۆمەلأیەتی.

6-دابین کردنی بیمەی بێکاری بە بڕی 200 هەزار دینار بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان وە 150 هەزار دینار بۆ ئامادەییە پیشەییەکان.

7-داوا دەکەم کەوا بودجەی پەرلەمان لە 68280 شەست و هەشت ملیارو دوو سەدو هەشتا ملیۆن ببێتە شەست ملیار.

8-بودجەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لە221635 دوو سەدو بیست و یەك ملیارو شەش سەدو سی و پێنج ملیۆن ببێتە 200 ملیار.

9- نەفەقاتی وەزارەتی دارایی لەیەك ترلیۆن و سەدو یازدە ملیار و سی و دوو ملیۆن ببێتە یەك ترلیۆن و پەنجا ملیار.

10-داوا دەکەم نەفەقاتی مەجلیسی قەزا لە پەنجاو دوو ملیارو نۆسەدو نەوەت ملیۆن ببێتە پەنجا ملیار.

11- نەفەقاتی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان لە پەنجاو دوو ملیارو نۆسەدو چل و حەوت ملیار ببێتە پەنجا ملیار.

12- نەفەقاتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لە پەنجاو چوار و دووسەدو هەشت ملیارەوە ببێتە پەنجا ملیار.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، داوا دەکەم لەحکومەتی هەرێمی کوردستان، بە کەم کردنەوەی فەقەراتی سودە کۆمەلأیەتیەکان و خەرجیەکان و شمەك و خزمەتگوزاری و چاککردنەوە، تا حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکەوێتە ژێر زەختی سیولە، هەروەها ئەم کەم کردنەوەیە یارمەتی دەردەبێ بۆ کەم کردنەوەی عجزی موخەتەت، سەبارەت بە بودجەی وەبەرهێنان تێبینیم هەیە لەسەر ئەم خالأنەی خوارەوە:

16 پرۆژەی کۆنمان هەیە، هی سالأنی 203 و 204 و 205 تا دەگاتە سالی 209 تا ئێستا ئەم پرۆژانە تەواو نەبووینە، پرسیار لەنوێنەری حکومەت دەکەم کەی ئەو پرۆژانە تەواو دەبن، هەرچەندە سالی 2010، 18 مان هەبووە، یەعنی مەسەلەن 18کە هی سالی 2010یە، شەرت نیە زوو خەلاس بن، ئەم هی سالأنی زوو حەزدەکەین بزانین ئەوە کەی تەواو دەبن.

دوو: داوا لە حکومەت دەکەم تەعویز بدرێتە پرۆژەکانی وەزارەتی پەروەردە بەتایبەتی بۆ دروست کردنی قوتابخانە، چونکە لە ئێستادا بە کەمی 300 قوتابخانە لەناو هەرێمی کوردستان بە ئیجارە.

سێ: داوا لە حکومەت دەکەم زیاتر بایەخ بدرێتە وەزارەتی تەندروستی، بۆ دروست کردنی نەخۆشخانەو بنکەکانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، بە گشتی، دروست کردنی دوو نەخۆشخانەی گەورە لە هەولێر بە تایبەتی، هەرچەندە ئەمە لەراپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری لە پەرلەمانی کوردستان پەسەند کراوە، چوار: هەر ساڵ بودجە تەرخان دەکرێت بۆ پرۆژە پێشنیار کراوەکان و کۆنەکان و بەردەوامەکان، پاشان هەندێکیان یان تەواو ناکرێن، یانیش ناچنە بواری جێبەجێ کردن، ئایا تەسفیەی حیسابی کۆتایی ساڵ چۆن دەکرێت، دیسان بۆ ساڵێکی تر بودجەیان بۆ تەرخان دەکرێت، ئەم پرسیارە ئاراستەی وەزیری دارایی دەکەم.

لە کۆتایدا داوا دەکەم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە کەم کردنەوەی پرۆژە پێشنیار کراوەکان، ئیلغا کردنی هەندێکیان کە زۆر گرنگ نینە، یەعنی هەتا بۆ تەواو کردنی پرۆژە کۆنەکان و پرۆژە بەردەوامەکان، چونکە دەبێ بودجەی وەبەرهێنان بەهێزی دارایی خۆیدا زیاد بکرێت، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاروان صالح فەرمووو.

**بەڕێز كاروان صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من حەز دەکەم لەو خاڵانە پێدا بێمەوە، کە لە بودجەی ساڵی 2011 كۆمەڵێك ئیلتیزامات بەبڕگەی یاسایی لە پرۆژە یاسای بودجەی 2011 حکومەتی پێ مولزەم کراوە، بەشێکیان لەبەرچاو ناڕوونەو بەشێکیان دڵنیام کە حکومەت پەیوەست نەبووە پێی، من پێموایە ئەگەر بە ئەرك نەبێ برادەرانی جەنابی هەردوو وەزیر بۆمان ڕوون بکەنەوە، یەکێکیان لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەنێوان مووچەو دەرماڵەی هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایش و ئەوانە ئەوە من حەز دەکەم بەڕاستی، بەڕاشکاوی بیڵێم یەعنی چارەسەری پێشمەرگەو ئاسایش کرا، بەڵام هێزی پێشمەرگە تاوەکو ئێستا هەر لە شوێنی خۆی ماوەتەوە، بۆیە بەڕاستی حەز دەکەم وەڵامی ئەوە بدەنەوە، ئەوە ئیلتیزامێکە لەسەر ئەوحکومەتە بۆ جێبەجێی نەکردووە تاوەکو ئێستا پێشمەرگە بەدەست کەم مووچەیی و کەم دەرماڵەیی دەناڵێنێ، هەروەها پێشنیاریش دەکەم لەو بودجەیەی ئەم ساڵ حیسابێك بۆ ئەو زیادە مووچەیە بکرێت، بە هاوتا بکرێت وەکو جەیشی عیراقی، جا پاساوەکە هەرچیەکە بودجە هاتووە، نەهاتووە، چۆن بۆئەوانی تر عیلاجمان کرد، بۆ ئەوانی تریش با چارەسەرێك بدۆزینەوە، یان ئەگەر کراوەو نەکراوە ڕوون کردنەوەیەك بدەن سوپاسیان دەکەین، ماددەی (29) لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە یەکسانی لەنێوان مووچەی خانەنشینانی هەرێمی کوردستان و عیراقی فیدرال ئەویش نەکراوە، کە زوڵمێکی زۆر گەورەیە، خەڵكێك لەم هەرێمەی ئێمە 30 ساڵ خزمەتی کردووە، کارمەند بووە خانەنشین بووە بەمووچەیەکی وا کە ئێستا بژێوی ژیانی پێ تەواو ناکرێ، کە کرێی خانووی پێ تەواو ناکرێ، نازانم لەم مەسەلەیەش بۆ ئەو حکومەتە هەنگاوێکی نەناوە بۆ ئەوەی ئەو مەسەلەیە یەکلا بکاتەوە،

ڕوونکردنەوەمان لە بەڕێزیان دەویٚ ماددەی سێیەم، لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە یەکسانی لە نێوان مووچەو دەرماڵەی کارمەندانی ئەو هەرێمە بکات، بەڕاستی ئەوە بووەتە کێشەیەکی زۆر گەورە، بەخۆتان دەزانن ئێستا ژیان بەرەو زەحمەت دەچیٚ، فەرمانبەر ، موەزەف مەجبوورە دوو ئیش بکات، سیٚ ئیش بکات، هەیە پێی ناژی، هەیە بژێوی ژیانی نیە، زۆر ناخۆشە تۆ دەبینی فەرمانبەرێك لە وەزارەتێکی دیاریکراو یان جار جار نەقیبێك و ڕائیدێك دەبینی تەکسی لێدەخوڕیٚ، ئەوانە هەموو کاریگەری ئەوەیە کە ژیان زەحمەت بووە لەو هەرێمەی ئێمەدا، ئەوە بۆ نەکراوە؟، ڕوونکردنەوەمان بدەنیٚ زۆر سوپاسیان دەکەین، لە ماددەی (33) لە حاڵەتی خەرج نەکردنی پشتیوانەی تەرخان کراو بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لەکۆتایی ساڵی داراییدا، ئەوەی لێی ماوەتەوە لە حیسابێکی تایبەتی بەناوی حیسابی جێبەجیٚ کردنی پڕۆژە بەردەوامەکان دادەندرێت، ئایا ئەو حیسابە دانراوە؟، ئەو پڕۆژانە کامانەن؟، ئەو پارانە گەڕاوەتەو بۆ ئەو حیسابەو بۆ ئەوەی ئەو پڕۆژانەی پیٚ بەردەوام بکرێت، ماددەی (35) جەنابی وەزیری پلان دانان وەڵامێکی داینەوە، بەڵام من نەگەیشتمە قەناعەت بۆ وەڵامەکەی بەڕێزیان، ئەوەی کە دەڵیٚ پێویستە وەزارەتی پلان دانان هەرچوار مانگ جارێك ڕاپۆرتێك لەسەر جێبەجێکردنی پڕۆژەکان پێشکەش بە پەرلەمان بکات، من تێناگەم ئەگەر ئەو ڕاپۆرتەی داوەتە پەرلەمان، ئێمە 19 لیژنەی هەمیشەین، لە دوو لیژنە ئەندامم ئەو ڕاپۆرتەم نەبینیوە، ئەگەر لەلای سەرۆکایەتی پەرلەمانە ڕوونکردنەوەمان بداتیٚ، ئەگەر لە لای جەنابیانە، یان ئەگەر نەگەیشتۆتە پەرلەمان هیوادارین بۆمان بنێرێت، ئەگەر تەئخیریش بی هەر سوودمەند دەبیٚ لێی، لە حاڵەتێکی تر من دێمەوە سەر مەسەلەی بودجە، بەڕاستی کۆمەڵێك بەرپرسیارێتی هەیە لەو بودجەیە، کەمن پێموایە ئۆباڵەکەی بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ بودجە، ئێمە لە بودجەی 2010 و 2011 ش باسمان کرد، کە ئەگەر بودجە لەکاتی خۆی، لەکۆتایی ساڵ بێتە پەرلەمان ئەگەر پێشنیار کراویش بیٚ و خەملێنراویش بیٚ، پێموابیٚ حازر بە دەستیەك دەکەین تاوەکو بودجە بەتەواوی لەبەغدا بۆ ئێرە دیٚ، ئێمە مانگێکە خەریکی توێژینەوەین لەگەڵ لیژنەکان لەسەر ئەو بودجەیە، ئەگەر ئەوەمان بکردبایە تەنانەت چاوەڕێی ئەوەباین کە گوژمەکە بە تەواوی دیاری بکرابوایە، وابزانم بە ئەزیەتێکی زۆر کەمتر بودجەکەمان دابەش دەکرد بەسەر هەموو پڕۆژەکانی تر، دەمان توانی خزمەتێکی باشتر بکەین، ئەو هەموو پرس و سین و جیم و مشت و مڕەی کە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان لەنێوان پەرلەمانتارە بەڕێزەکان دەکرێت، کێشەکە ئەوەیە کە بودجە دوا دەکەوێت، مەسەلەن بۆ نموونە، ساڵی پار پێنج مانگ و نیو پێشینەی خانووبەرە دراوەتە هاووڵاتیان، ئەوساڵ تەسەوڕ دەکەم لە چوار مانگ کەمتر بدرێتە هاووڵاتیان، باشە لە حاڵەتێك لەساڵێك چوار مانگ پێشینەی خانووبەرە، پێشینەی هاوسەر گیری بدەیە هاووڵاتیان، ئایا ئەوە عەدالەتە؟، حکومەت هەموو بوارەکان لەهەموو لایەنەکان لەهەموو کایەکان ڕانەوەستاوە، لە 1/1 ەوە تاوەکو ئێستا پارەی خەرج کردووە بۆپڕۆژەکان، بۆ مووچە بۆدەرماڵە، باشە بۆ پێشینەی خانووبەرە و پێشینەی هاوسەرگیری ڕاوەستاوە؟، من تێناگەم ئایا حکومەت ناتوانیٚ ئەوەش درێژە پیٚ بدات؟، وەکو هەموو شتەکانی تر کەتاوەکو ئێستا کردوویەتی، ئەگەر یاساییە، ئەگەر نایاساییە، بۆ ئەو مەسەلەیە ڕابگرن ئەگەر هاووڵاتیان بەشێکی زۆریان

چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە سوودمەندبن لەو پێشینەیە، پرسیارێك لەسەر بودجەی تەواوکاری، بەڕاستی من کەسەیری بودجەکەی وەزارەتی دارایی دەکەم، ئەوەی وەزارەتی پلان دانانیشم خوێندۆتەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە، بەڕاستی بودجەی تەواوکاری تاوەکو ئێستا ڕوون نیە بۆ ئێمە، ئایا هاتۆتە هەرێمی کوردستان یان نا؟، ئەگەر نەهاتووە، بۆ نەهاتووە؟، بەپێی ئەو بودجەیەی کە وەزارەی دارایی نووسیویەتی کە دەڵێ حکومەتی هەرێم ئاگاداری هیچ یەکێك لەو خالآنە نیە، من تێناگەم ئایا ئێمە دوو نوێنەرین لە عیراق؟، ئایا ئێمە شەریك نین؟، ئایا وەکو هەموو هاوکارانم باسیان کرد نزیکەی 60 پەرلەمانتارمان لە عیراقە، ئەو بودجەیەی لەعیراق دەردەچێ بە دوو، سێی فلتەردا ڕەت دەبێ، یەکێکیان لە ئەنجومەنی نوێنەران، دوایی دێتەوە بۆ جەنابی سەرۆك کۆمار، هەرکێ لەوانە بتوانن ڕێ گری بکەن لەسەر ئەو بودجەیە بۆ وا دەڕوات؟، بۆ بودجەی تەواو کاری نایەتە هەرێمی کوردستان، کە مەزەندە دەکرێت بە زیاتر لە 10 ملیار دۆلار، ئەگەر ئەو مەسەلەیە هاتووە و ئێمە پێی نازانین، بۆ نەهاتووە؟، کێ بەرپرسیارە؟، ئەوانەی بەرپرسیارن بۆ بەو ئەرکە هەڵنەستاون، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان ناکرێ بەڕاستی ئەوها لەو برادەرانە بگەڕێین لەوێ بەخەم ساردی و بە کەمتەرخەمی داکۆکی لە بودجەی هەرێمی کوردستان نەکەن، بڕێکی زۆر لە بودجەی هەرێمی کوردستان، کە بەداخەوە دەڵێم لە بودجەی سیادی حکومەتی عیراق دەگێڕێتەوە کە 26٪ سەدا بیست و شەش و پۆینت کەسرێکە، ئەو سەدا بست و شەش و لەسەدا حەڤدەیە کێ لێی بەرپرسیارە؟، ئەو برادەرانە لە بەغدا چی دەکەن، بۆ لەوێ شەڕی خۆیان ناکەن لەسەر ئەو مەسەلەیە؟ ئەو خەم ساردیەی ئەوان، بۆ داکۆکی لەو بودجەیە ناکەن؟ بۆ بۆمان ڕوون ناکەنەوە خەلەل لەکوێیە؟ چونکە لێرەدا وەزارەتی دارایی زۆر بە ئاشکراو ڕوونی بێ ئاگایی خۆی لەوە دەردەبڕێت، دەڵێ من لە سیاسەتی نەختینەی حکومەتی عیراقی فیدڕاڵ بێ ئاگام، لەپێداویستی و یەکەکانی بودجە بێ ئاگام، لەسەر دانانی نرخی بەرمیلی نەوت کەدەخەملێندرێت بە هەشتاو پێنج دۆلار بێ ئاگام، خەملێنراوی دوو ملیۆن وشەش سەد هەزار بەرمیل نەوت دەرهاویشتە بکرێت، ئایا باشە وەزارەتی دارایی بێ ئاگایە؟ ئەی نوێنەرانی ئێمە لەبەغدا بۆ بێ ئاگان؟ ئێمە داوای ڕوونکردنەوە دەکەین لە حکومەت.

هەروەها داوا دەکەین لەسەرۆکایەتی پەرلەمانی بەڕێزیش لەو مەسەلەیە لەگەڵ پێکهاتەی کورد لە بەغدا بەڕاستی کۆبوونەوەیەك ساز بکات، هەموو ئەو پرسانە بەڕاستی گرنگە بۆ ئێمە، هەموو ساڵێ بەڕاستی کۆمەڵێك شتی نا ڕوون هەیە تێی ناگەین ئێمە، خاڵێکی ترم هەیە لەسەر سندوقی خانەنشینی، بەو پێیەی مووچەی خانەنشینی لە بودجەی هەرێم تەرخان دەکرێت و سەرف دەکرێت، هەموو فەرمانبەرانی حکومەت کە ژمارەیان بۆ ساڵی 2012 شەش سەدو شەست و حەفت هەزار و چل و نۆ فەرمانبەرە، ئەگەر بۆ هەر فەرمانبەرێك مانگانە 20 هەزار دینار لە مووچەکەی بېڕدرێت، وەك ئیستیقتاعی تەقاعدی زۆر کەمە لەچاو ئەوەی کە دەبڕدرێت، بەڕەئی من، شەش سەدو شەست و حەفت هەزارو چل و نۆ فەرمانبەر ڤی دوازدەمانگ دەکاتە زیاتر لە 160 ملیار، داوا دەکەم ئەو 160 ملیارەمان بۆ ڕوون بکەنەوە، ئەگەر کەمە یان ئەگەر زیادە، ئەگەر هەیە یان ئەگەر نیە، بەڕاستی ئێمە نا ڕوونیەك دەبینین لەو مەسەلەیە، خاڵی ئەخیرم، بەشێکی زۆر

لە برادەران باسی هەموو شتێکیان کردن بەڕاستی من حەزدەکەم بە کورتی شتەکانم کۆتایی پێ بێنم، ئەوەی کە ڕاپۆرتی لیژنەی داراییە بەڕاستی، کە لە بودجەکە هاتووە، دوو نەخۆشخانەی کۆن هەیە لە شاری هەولێر کە نەشیاون، پێویستە دوو نەخۆشخانەی تر لە شوێنی ئەوان دروست بکرێت، بە دەستەواژەی پەسەند نیە ئامادەکراوە، من پێم وایە ئەگەر هەر هەموو پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، ئەگەر ئەمڕۆ تاوەکو ئەو دوو، سێ ڕۆژەی بودجەمان لەبەر دەستە سەردانی هەردوو نەخۆشخانەی هەولێر بکەین، ئەگەر لە ڕووی پاك و خاوێنی لە ڕووی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان، لەڕووی ئەوەی کە هەندێك ژوورو هەندێك قسم بەنەخۆشخانەش چوو، هەق وایە ئەو پەسەندیە بنووسن، شارێکی وەکو پایتەختی هەرێم کە بەڕۆژ زیاتر لە سێ ملیۆن کەسی تێدا دەژی، بەشەو دووملیۆن و نیو خەڵکی تێدا دەژی، پێویست ناکات بەوەی کە ئێمە بڵێین نەخۆشخانەیەکی خراپمان هەیە، نەخۆشخانەیەکی باش لە شوێنی ئەوە دروست بکەینەوە، بۆیە من پێموایە لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە لەو پرسە لەو مەسەلەیە چاوپێخشاندنەوە بکات، لە لیژنەی دارایی بەڕاستی داکۆکی ئەو دوو نەخۆشخانەیە بکات، خۆتان دەزانن وەزعی هەردوو نەخۆشخانە زۆر خراپە لەهەولێر، شەوانە ئەگەر خۆتان بینیبێتان ڕاپۆرتێك پێشکەش کرا کە هاوولاتیەك خۆی پانکەی بردووە بۆ نەخۆشەکەی خۆی بۆ نەخۆشخانەی ڕزگاری، حەز دەکەم هەر لەسەر ئەو پرسەیە، ئەخیر خاڵم لەسەر مەسەلەی ژینگە بدوێم، ئەویش ئەوەیە بە ڕەئی من ئێمە لە هەرێمی کوردستان لە پیسترین ژینگەدا دەژین، کۆمەڵێك هۆکار هەیە کە ژینگەکەمان لێ پیس بووە، کۆمەڵێك هۆکار هەیە کە ئێمە نەمانتوانیوە تاوەکو ئێستا هەوڵ و تەقەلایەك بدەین، دەکرێ لەو بودجەیە پشکێکی باش، گوژمە پارەیەکی باش بۆ چارەسەر کردنی ژینگەی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنین، بەڕێزان گواستنەوەی ئەو کارگەو ئەو پالأوگەو ئەو تەپ و تۆزەی لەناو شارەکانی هەولێر و سلێمانی ودهۆکدا هەیە، کارێکی زۆر گرنگ هەیە کە دەبێ حکومەت بە هەندی وەربگرێت، پشتێنەی سەوزایی، زیاد کردنی ڕووبەری سەوزایی لەو هەرێمەدا، دابەش کردنی ئیرشاداتی پێویست بووە بۆ هاوولاتیان کە هاوکار بن لەوەی کەچیتر ژینگە پیس نەکرێت، ساغ کردنەوەی کەل و پەل و زبل و خاشاکی ئەو هەرێمە، کە دەیان جار ئێمە لەو پەرلەمانی کوردستانە لەگەڵ وەزیری تایبەتمەند باسمان کردووە، کە هەر یەکێکی بە شێوازێك چارەسەر دەکرێت، لە وڵاتانی دونیا، موختەبەری تایبەت هەیە بۆ ساغ کردنەوەی کەل و پەلەکانی نەخۆشخانە، هی کارگەو مەسنەعەکان، هەروەها زبل و خۆڵ و خاشاکی ناو ئەو شارەش، بۆیە داوا دەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان مەسەلەی ژینگە ئەوساڵ بە هەند هەڵبگرێت، پرۆگرامێکی بۆدابنێ بۆ ئەوەی بتوانین، لە ماوەی چەند ساڵێك ژینگەکەمان پاك بکەینەوە، هاوولاتیان بە ئاسوودەیی لەو هەرێمەدا بژین، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.احمد وەرتی فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پـڕۆژە یاسـای بودجـەی سـاڵی 2012 پێمـوایـە لیژنـەی دارایـی و کاروبـاری ئـابووری، لیژنەکـە دەستنیشـانی کۆمـەڵێك خەلـەل و کـەم و کوڕیـەکانیان کـردووە، هـەروەها پێشـنیاری بـاش خراوەتـە نـاو ڕاپۆرتەکە دەست خۆشیان لێ دەکەم، هەندێك لەو پرسیار و لەو سەرنجانەی لەناو ڕاپۆرتەکـەدا هـەبوون لـە لایەن بەڕێزان هەردوو وەزیـر وەلأم درانـەوە، بـەلأم هەنـدێکیان ڕەنگـە جێگـەی قەناعـەت نـەبن، بودجـەی هەرێمی کوردستان زیاتر پشت بە بودجەی حکومەتی ئیتیحادی دەبەستێت، کە ڕێژەی زۆرینەشی لەداهاتی نەوتەوە لە 98٪ نەوتە، بۆیە هەموو ساڵێك لەسـەر یـەك شـێوازی سیاسـەتی ئـابووری دەڕوات، دواکـەوتنی گەیشتنی پڕۆژە یاسای بودجە بە پەرلەمان، یەکێك لە گرفتەکانە کە ئەمساڵ دوومـانگ زیـاتریش لەسـاڵی ڕابردوو دواکەوت، کـە ئەمـەش بـە پێچـەوانەی مـاددەی 79 پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمانـە کـە دەڵـێ ئـەبێ موازەنە لەسەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ماڵی بگات بە پەرلەمان وەکو لە لیژنەی یاساییدا هاتووە، هەموو ساڵێك لە ڕاپۆرتی دارایی حکومەتی هەرێم هەموو ساڵێك ئەمە دووبارە دەکەنەوە، ئەی بۆ ئەندامی پەرلەمان دووبارەی نەکاتەوە، ڕەخنە نەگرێت کە بۆچی حکومەتی هەرێم پاساو دێنێتـەوە بـۆ دواخسـتنی، ئـەی بـۆ ئەنـدامی پەرلـەمان قسـە نـەکات لەسـەر ئـەوەی کـە ئایـا پاسـاوەکان یاسـاینە یـان یاسـایی نـین؟، حکومەتی هەرێم لە ڕاپۆرتەکەیدا هەموو ساڵێك ڕەخنە دەگرێت کە وەزارەتی دارایی عیراق، یان حکومەتی عیراقی لە داڕشتنی سیاسەتی دارایی، پرس بە حکومەتی هەرێم ناکات، پـرس بـە وەزارەتـی دارایـی ناکـات، ئەوان ئاگایان لە سیاسەتی دارایی و داڕشتنی بودجەی حکومەتی ئیتیحادی نیە، لە لایەن زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان پرسیار کرا، نوێنەرانی کورد لە بەغدا ڕۆڵیـان چیـە؟، لـە مەسـەلەی داڕشـتنی سیاسـەتی بودجـە، ئەگەر حکومەتی هەرێمیش ڕۆڵی نەبێ، ئەی نوێنەرانی ئێمە لەحکومەتی ئیتیحادی، لە پەرلەمانی عـیراق، لە حکومەتی عیراقی ڕۆڵیان چیە؟، تا ئێستا ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو نوێنەرانە نەهاتن ڕوون کردنەوە بۆ ئێمە بدەن، نـا هاوسـەنگی لـە بودجـە، ئەگەرچی بودجـە خەمڵانـدن و پێشـبینی کردنـی داهـات و خەرجیـەکان ئـەبێ، بـەلأم لەهـەمان کاتـدا دەبـێ پشـت ببەسـتێت بـە داتـاو زانیـاری و شـتی واقعـی، ڕێـژەی بودجـەی بەکاربردن کە زیاتر لە 70٪ بەرامبەر بە تەشغیلی و بەرامبەر لە 30٪ بۆ پڕۆژەکـانی وەبـەرهێنان، ئەمـە بەڕاستی نا هاوسەنگیەکی بەرچاوی پێوە دیارە لە پڕۆژە یاسای بودجە، پاساوەکان هەرچـی بـن، بـۆ بـەرزی ڕێژەی تەشغیلی بەرامبەر نزمـی ڕێـژەی پڕۆژەکـان نـا هاوسـەنگیەك دروسـت دەکـات، دەبـێ هاوسـەنگیەکی بەلایەنی کەمەوە ڕێژەیی بێ، بۆ ئەوەی سنووردار بوونی بودجەی وەبەرهێنانـەوە، ناتوانـدرێت زۆرێـك لـە پێداویستیەکان لە هەرێمی کوردستان دابین بکرێن، کێشەیەك کەدووبارە هەموو ساڵێك هەیـە، لـە ڕاپـۆرتی وەزارەتی دارایی ئاماژەی پـێ ئـەدرێت، ئـەویش بـەرزی و نزمـی خەرجیـەکانی سیادی، حاکمیـە کـە پشـکی هەرێمی کوردستان لە بودجەدا کەم دەکاتەوە.

هەروەها مەسەلەی تەخان کردنی بودجە بۆ هەڵبژاردن بۆ سـەر ژمێـری، بـۆ پێشـمەرگە، ئەوانـە هـەمووی گرفتن، چونکە ساڵانەدووبارە ئەبنەوە، بە چارەسەر نەکردن دەمێننەوە، دەبوایە ساڵ بەسـاڵ حکومـەت بـە ڕێژیەکی کەم هەوڵی کەم کردنەوەی خەرجیەکان و بواری تەشغیلی بدابوایە، بـۆ گەڕاندنـەوەی هاوسـەنگی

بۆ بودجه، بەڕێز وەزیری پلان دانان وتی، کە ئەولەویەت بۆ تەشغیلیە، ڕاستە، بـەلاّم بۆچـی ڕێژەکـە سـاڵ بەساڵ بەرز دەبێتەوە؟، ئەبێ پلان هەبێ بۆ کەم کردنەوە، ڕاستە ئەبێ ئەولەویەت بۆ بواری تەشغیلی بـێ، کـورت هێنـان هـەر لەبـەر بـەرز بوونـەوەی خەرجیـەکان کـورت هێنـان ڕوو دەدات، ئەمسـاڵ دوو ترلیـۆن و چوارسەدملیار و هەشت سەدو چل و حەوت ملیۆن دینار کورت هێنان ڕوویداوە، بەرامبەر بە سـاڵی 2011 کە یەك ترلیۆن و پێنج سەدو پەنجاو چوار ملیۆن و دوو سەدو نەوەت و شەش ملیۆن بووە، بەڕێز وەزیری پلان دانان وتی ئەمـە پەیوەنـدی بـە وەزارەتـی داراییـەو هەیـە، پەیوەنـدی بـە هـەموو حکومەتـەوە هەیـە، پەیوەندی بە وەزارەتی تەختیتیش هەیە، بە وەزارەتی دارایش هەیـە، هـەوڵ بـدرێت بـۆ چاککردنی کـورت هێنـان و عجـز، هـەروەها ئـەو کـەم و کوڕیانـەی کـە لـە بودجـە دروسـت ئـەبن، کـەم کردنـەوەی ڕێـژەی دانیشتوانی هەرێم، ئێمە ئەو پرسیارە ئەکـەین لەسـەر چ بنەمایـەك کـە چـوار ملیـۆن و سـەدو هەشـتاو نـۆ هەزار و حەفت سەدو دوو کەس هەژمار کراوە، بە ڕێژەی لە12.6٪ کە کاریگـەری دروسـت کـردووە لەسـەر کەم کردنەوەی پشکی بودجەی هەرێم، لەبەر ئەوەی تاوەکو ئێستا سەر ژمێـری نـەکراوە، ئـەم داتایـە چۆن دیاری کرا و پشتی بە چ بنەمایەکی زانستی بەستووە؟، پرسیار لەداهاتـەکان ئـەو چـوار سـەدو حـەفتاو دوو ملیار دینارەی کە بۆ ئیرادات و داهاتی هەرێم، لەوانەش خاڵە سنووریەکان مەنافزی حـدودی دیـاری کـراوە، کە ئەمە بەڕاستی پرسیاری زۆری دروست کرد بۆ ئەمساڵ، کـە ئەگەرچـی لەسـاڵی ڕابـردوو دیـاری کرابـوو، ئەمە دواتر لە ئەسڵی پڕۆژە یاسای بودجەدا ئەمانە نەهاتبوون، ڕاسـتە دوایـی بـە لیسـتێك هاتوونـە، بـەلاّم پێویست بوو لەناو پڕۆژە یاساکە هەموو دیاری کرابان بەڕاستی، پارەی گرێبەستە نەوتیەکان، داهـاتی خاڵـە سنووریەکان، فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی، هەروەها ئایا داهاتیان نەبووە، یان هەیانە؟، یـان ئەوەندەیـە کـە دیـاری کـراوە؟، ئـەوە پرسـیاری لەسـەرە بەڕاسـتی، داهـاتی وەزارەتـی کارەبـاو تەندروسـتی و رسـومات و داهاتەکانی تری قەرزەکانی کشتوکاڵی، پیشەسازی و عەقاری و زەواج، وەزارەتەکانی شـارەوانی و گواسـتنەوە وتوویانە، داهاتمان لەوە زیاترە، بەلاّم لێرە هەر ئەوەندە دەستنیشان کراوە، بەڕێز وەزیـری داراییـی وتـی کـە پارەکان مەوجودن داخلمان کردوون، بەلاّم دوای تەدقیقتان بـۆ ئـەنێرین، دەبوایـە لەگـەڵ پـڕۆژە یاسـایەکە ئەوانە بنێردرێن، هەروەها مینەح و ئیعانات و شمەك و خەدەمات و مەسـروفات ئـوخرە و مـەوجوداتی نـا دارایی بۆ ئێمە ئەوانە مەعلوم نـین بەڕاسـتی، چـۆن سـەرف دەکـرێن؟، کـە بەهـەمووی بـڕی سـێ ترلیـۆن و هەشت سەدو حەفتاو یەك ملیارو دوو سەدو شەست و نۆ ملیۆنی بۆ تەرخان کـراوە، ئەمانـە بەڕاسـتی بـوار دەکەنەوە بۆ گەندەڵی، نەهاتنی حیسابی خیتامی یەکێکە لـە گرفتـەکان، بـۆ ئـەوەی دروسـتی و نادروسـتی شێوازی بەکارهێنانی بودجەی ساڵی ڕابردوو دیار بێ، لەژێر ڕۆشنایی ئەوە بڕیار لە بودجەی ساڵی داهـاتوو بدرێت، هەموو ساڵێك پەرلەمان داوادەکات لیژنـەی یاسـایی لـە ڕاپـۆرتی خۆیـدا جـەختی لەسـەردەکات، کـە پێویست بوو وەزارەتی دارایی حیسابی خیتامی خۆی بەپێی یاسا پێش مانگی چوار بنێرێـت بـۆ پەرلـەمان، خۆ ئەگەر بۆ دواکەوتنی بودجە پاساو هەبێ، بۆناردنی حیسابی خیتامی ساڵی ڕابردوو پاساو نیە، نەبوونی ڕاپۆرتـەکانی دیـوانی چاودێری دارایـی گرفتێکـی تـر، بـۆ پەرلـەمان و پەرلـەمانتاران لـە زانینـی چۆنیەتی

خەرجی بودجە و داهاتەکان، بەپێی یاسای دیوانی چاودێری دارایی بەپێی ژمارە (2) ساڵی 2008، ئەبێ ڕاپۆرتەکان بدرێتە پەرلەمان و موناقەشە بکرێت، بەڕێز وەزیری پلان دانان وتی هەر چوار مانگ ڕاپۆرتمان سەبارەت بە پرۆژەکان ناردووە بۆ پەرلەمان، بەڵام ئێمە لە لیژنەکان ئەندامانی پەرلەمان ئاگادار نەبووین، یان ئەوەتا سەرۆکایەتی پەرلەمان پێی نەداوین، سەبارەت بە پرۆژەکان ئەوە کرا کە تێکەڵی هەیە، بەڕێز وەزیری پلان دانان وتی کە وازح نیە ئەو مەسەلەیە، من پێم وایە تێکەڵی هەیە لە نێوان وەزارەتەکان، هەروەها هی وەزارەتەکان لەگەڵ پارێزگاکان لە مەسەلەی جێبەجێ کران، بۆ نموونە، دوو پرۆژەی وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار بۆ ساڵی 2011 کە بۆ ناحیەی تەکیەی کاکە مەند لە سنووری قەزای چەمچەماڵ دانراون بە زنجیرەی 27، 34 لەسەر پارێزگای سلێمانی جێبەجێ کراون، یەعنی بودجەیان بۆ دیاری کراوە لەناو پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2011، بەڵام پارێزگای سلێمانی جێبەجێی کردوون، ئێمە کە پرسیارمان لە بەڕێز وەزیری شارەوانی کردووە، وەزیری شارەوانی بەو شێوەیە جوابی داوەتەوە ئەڵێت، سەبارەت بە خاڵی دووەم یەك پرۆژەمان هەیە کە لە زنجیرەی 17 هاتووە، لەلیستی پرۆژەکانی هاوپێچ کە ئیحالە کراوە بۆ کۆمپانیای سارینا، پرۆژەی تر کە لە لایەن پارێزگای سلێمانی ئەنجام دەدرێت لەسەر پەرەپێدانی پارێزگاکان پەیوەندی بەوەزارەتمانەوە نیە، یەعنی ئێمە دەستنیشانمان کردووە، ئێمە خۆمان لەسەردانی ناوچەکە وتیان فیعلەن ئەو پرۆژە هەیە، بەڵام پارێزگای سلێمانی جێبەجێی کردووە، نەوەك بەپێی ئەوەی لەپرۆژە یاسای ساڵی 2011 هاتووە، من لەگەڵ پێشنیاری لیژنەی ئاوەدانکردنەوەدام کە هەر پرۆژەیەك دیزاینی تەواو نەبێ، گوژمەی بۆ دیاری نەکرێت، نەخرێتە خشتەی پرۆژە پێشنیار کراوەکان، ئەمە بەڕاستی زۆر ناوچەی کە ئێمە سەردانمان کردوون، مەیدانی لە 90٪ی پرۆژەکانی جێبەجێ نەکراوە، بۆ نموونە لە قەزای چەمچەماڵ، لە قەزای پشدەر، هەروەها لە قەزای هەڵەبجە، سید صادق، لە قەزای ڕواندزو سۆرانیش بەهەمان شێوە ئەو گرفتانە هەیە، نا هاوسەنگی لە پرۆژەکان بۆ نموونە، ئەوەی کە لە ڕاپۆرتی وەزارەتی ڕۆشنبیری هاتووە لە 90٪ی بۆ بواری وەرزش، لە 3٪ی بۆ بواری ڕۆشنبیری تەرخان کراوە بۆ پرۆژەکان، ئەوە لە کاتێك کە شوێنەوار هیچ گرنگیەکی پێ نەدراوە، هیچ پرۆژەیەکی بۆ دانەنراوە کە بوارێکی گرنگە لە هەرێمی کوردستان، هەروەها لیژنەی ڕۆشنبیری، لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی لەباس کردنی ئەو دووسەد ملیارە و ئەو 115 ملیارە کەدیاری کراوە بۆ ئەحزاب بۆ ڕێکخراوەکان، بەڕاستی ڕوونکردنەوەی پێویستمان وەرنەگرت لە وەزیرانی بەڕێز، سەبارەت بە پرۆژەیەکی تر کە باس لە تێکەڵی ئەکرێت لە مەسەلەی پرۆژەکان، دروست کردنی هۆڵی پرسە لە کەرسۆنان، پشدەر پرۆژە پێشنیار کراوەکانی ساڵی 2011 کە ئێمە بەدواداچوونمان بۆی کرد، جێبەجێ نەکراوە قائیمقام و شاروانی وتیان هەر نایزانین ئەو پرۆژەیە، بەڵام لە هی ساڵی 2012 ش دانەنراوە، یەعنی نە لە بەردەوامەکان، نە لە دواکەوتووەکان نیە، کە لە ساڵی 2011 دانرابوو، وتیشیان ئێمە ئاگامان لێی نیە بەڕاستی، پرۆژەیەکی تر ڕووخاندن و دووبارە دروست کردنەوەی مزگەوتی گوندی ڕکارە، پار نووسراوە لە پرۆژە یاسای بودجە، لە هەولێر، ناوەندی حەریر، پار بەناوی گوندی ڕکارە، ئەمساڵ بەناوی

گوندی ڕکاوە هاتووە، لە پرۆژە پێشنیار کراوەکان، 125 ملیۆنی بۆدانراوە، ئەمساڵ لە پێشنیار کراوەکان لاپەڕە 2 بە 185 ملیۆن بەناوی گوندی ڕکاوە هاتووە، پرسیارەکەم ئەوەیە کە ئایا ڕکارە و ڕکاوە یەکن یان جیاوازن؟ لە پرۆژە پێشنیار کراوەکانی ساڵی 2012 وەزارەتی داد، زنجیرە یەك هاتووە دیزاین و دروست کردنی فەرمانگە دادیەکانی هەولێر، هەروەها لە لیستی پرۆژە بەردەوامەکانی 2012 بە زنجیرە یەکی لیستی پرۆژەکانی وەزارەتی داد هاتووە، دیزاین و دروست کردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادیەکان لە هەولێر، جیاوازیان چیە؟، یەکن یان نا؟، هەروەها من پاریش ئەو سەرنجەم خستەڕوو بەڕاستی هەندێك قەزا بە ناحیە لە قەلەم دراون لە یاسای بودجە، بۆ نموونە لە زنجیرە نۆی پرۆژە بەردەوامەکان، لە لیستی پرۆژەکانی وەزارەتی ناوخۆ هاتووە، دروست کردنی بەڕێوەبەرایەتی قەزای ڕواندز بنکەی پۆلیسی ڕواندز، پارێزگای هەولێر، قەزای سۆران، ناحیەی ڕواندز، لەکاتێکدا ئەمە لە سەردەمی ڕژێم کراوە بەناحیە، پاشان حکومەتی هەرێم ناحیەکەی گۆڕیوە کردی بە قەزا، ژمارە یەك و دوو و سێ....لە پێشنیار کراوەکانی وەزارەتی پێشمەرگە تەنها بڕی پارەی خەرجی بۆ دانراوە، لە بودجە نووسراوە فەوجی (2) یەکەی (104)، فەوجی (3) یەکەی (114)، فەوجی (3) یەکەی (106)، یەعنی مەبەست لەوە دروست کردنی بینایە، ئەمانە بۆچیە؟ روون نەکراوەتەوە، تەنیا نووسراوە فەوجی فلان، یەکەی فلان، هیچ روون نەکراوتەوە، پرسیارێکی تر لەسەر مەسەلەی بنکەی لاوان، کە لە چۆمان لابراوە، لەسەر داوای وەزارەتی رۆشنبیری کە بەڕێزیان وەزیری پلاندانان فەرموویان لەسەر داوای وەزارەتی رۆشنبیری موناقەلەی پێ کراوە، ئایا رای خەڵکی ئەو ناوچەیەو پێویستی ناوچەکە لەبەر چاو گیراوە لەو موناقەلەو لابردنەدا؟ کاتی خۆی لەسەر چ بنەمایەك دانراوە وپاشان لابراوە؟ وەزیری دارایی و ئابووری سەبارەت بە بانکە بازرگانییەکان باسی لەوە کرد لەناو مینح دەدرێت، بەلأم وەلأمی نەدایەوە ئەو بانکانە چین کە پرسیار کرا بوو لەبارەیانەوە، من هەر ئەوە لێی تێگەیشتم کەباسی مینحی کرد بۆ روون کردنەوەی زیاتر.

بەڕێزیان باسیان لەوە کرد کە تەخمینەکان گۆڕاون، بۆیە ژمارەکان بەجیاوازی هاتوون، ئەگەر تەخمین و خەملأندن گۆڕاوە بۆچی ژمارەکانیش دەستکاری نەکراون؟ دەبوایە ژمارەکان وەك خۆیان دابنرایە و بۆمان بهاتنایە، نەك دواتر ژمارەکان بە جیاو بەنارەسمی پێمان بگات، ئەو بابەتانە هەموویان پێویستیان بە روون کردنەوە هەیە، بۆ ئەوەی پەرلەمان لێیان ئاگادار بێت و بەرچاوی روون بێت.

پێشنیارەکان:

بەم پێشنیارنە کۆتایی بە قسەکانم دێنم:

1- سولفەی عەقار (خانووبەرە) زیاد بکرێت بەم شێوەیە (30) ملیۆن دینار بۆ ناحیەو گوندەکان و (25) ملیۆن دینار بۆ پارێزگاو قەزاکان و، زەوی (100) مەتریش بگرێتەوە، بەڕێز وەزیری دارایی وتی ئەمە چارەسەر کراوە، بەلأم چارەسەر کردنەکە بۆ ئەو کەسەیە کە تاپۆی هەیە، کە تەنیا یەك لە و دوو کەسە دەگرێتەوە کە خانوویەکی (200) مەتری بە (100) مەتر، (100) مەتر دابەش دەکەن و هەریەکەیان خانووی لەسەر دروست دەکەن کە هەریەکەیان (10) ملیۆنی پێ دەدرێت، داوا دەکەم رێنماییەکان کەم

بکرێتەوەو ئاسان بکرێن، کە هەردوولا بگرێتەوە بەجیا، هەندێ لە رێنماییەکان قورسن، بۆنموونە لە هەندێ گوندو ناحیە فۆرمێك بە هاوولاَتیان پڕ دەکەنەوەو تەعەهودیان لێ وەردەگرن کە نابێ داوای قەرەبوو کردنەوە بکەن، لە حاڵەتێکدا دواتر زەرەرمەند بوون یاخود خانووتان بەرجادە بکەوێت، ئایا ئەم رێنماییە لە وەزارەتی دارایی، یان لە کوێ دەرچووەو چۆن دەکرێت هاوولاَتی ناچاری پابەند بوون بە شتێك بکرێت پێش وەختە کە هێشتا رووی نەداوەو نەهاتۆتە پێش لە بەرامبەر وەرگرتنی پێشینەکەدا.

هەروەها داوا دەکەم رسوماتی وەرگرتنی سولفەی خانووبەرە کەم بکرێتەوە، چونکە مەعقول نییە (500) هەزار دینار بە ناوی رسومات وەربگیرێت، کە ئەرکی سەرشانی هاوولاَتیانی قورس کردووە، پرسیارمان لە بانکەکان کردووە دەڵێن لیژنەی کەشف هەیە بۆ ئەو مەسەلەیە، بەلاَم ئایا بۆ خەرجی لیژنەی کەشف ئەو برە پارەیە پێویستە؟ بۆیە داوا دەکەم رسوماتەکە کەم بکرێتەوەو کارئاسانی زیاتر بۆ هاوولاَتیان بکرێت، بەتایبەت لە بواری داواکردنی کەفیل و ئەو کەسانەش کە فەرمانبەر نین کە ساڵانە پارەکە لە سەریەك لێیان وەردەگیرێتەوە قورسایی دەخاتە سەریان وەك فەرمانبەر نییە کە مانگانە لێی وەردەگیرێتەوە.

2- میلاکی وەزارەتی ئەوقاف زیاد بکرێت لە (600) وە بۆ (800) بۆ ساڵی 2012، لە ساڵی رابردووشدا (800) پلەی بۆ پەسند کرا، بەلاَم دواتر حکومەت کەمی کردەوە بۆ (500) پلە، من پرسیارێکی یاساییم هەیە کە ئایا حکومەت ماڧی ئەوەی هەیە دوای پەسند کردنی بودجە لە میلاکی وەزارەتەکان کەم بکاتەوە؟ من پێموایە ماڧی ئەوەی نییە، چونکە پەرلەمان کە بودجە پەسند دەکات بە هەموو موفرەداتیەوە پەسندی دەکات بە میلاك و لیستی ئەو پرۆژانەشی کە حکومەت دەیاننێرێتەوە پەرلەمان، ئەو خالاَنەی لیژنەی ئەوقافیش خستبوونیە روو زۆریان لەلایەن لیژنەی داراییەوە بێ خاڵبەندی هەمووی ریز کراون، بێ کۆمێنت، تەنانەت نەینووسیوە با لەلایەن نوێنەری حکومەتەوە روون کردنەوەی لەسەر بدرێت، ئەمەش بۆ من جێگەی پرسیار بوو.

3- دابین کردنی دەرماڵە (مخصصات) بۆ مامۆستایانی ئاینی، چونکە مووچەکەیان لە ئاستی پێگەکەیاندا نییەو پێویستە دەرماڵەیەکیان پێ بدرێت.

4- سولفەی زەواج بۆ حەوت ملیۆن دینار زیاد بکرێت و رێنماییەکانی وەرگرتنی ئاسان بکرێن، داوا دەکەین پرۆسەی پێدانی سولفەی عەقارو زەواج نەوەستێت بەهۆی دواکەوتنی پەسند کردنی بودجەوە.

5- وەزارەت و دەستە سەربەخۆکان و پارێزگاکان راستەوخۆ دەسەلاَتی خەرج کردنیان هەبێت لە زیمنی بودجەی ساڵانەی خۆیان بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووریدا.

6- ئەولەویەت بدرێت بە دامەزراندنی گرێبەستەکان و مەرجی تەمەنیش بۆ ئەوانەی لە ساڵانی رابردوو بە گرێبەست دامەزراون لابرێت و ماوەی گرێبەستەکەشیان بە خزمەت بە مەبەستی بۆ هەژمار بکرێت.

7- بودجەی سەرۆکایەتیەکان کەم بکرێتەوە بە رێژەی (10٪)، هەروەها پێشنیار دەکەین تەرخان کراوی سوودە کۆمەلاَیەتیەکانی هەرسێ سەرۆکاییەتیەکەو وەزارەتەکان، جگە لە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاَیەتی ئیلغا بکرێن و هەڵبگیرێن.

8- بڕی (10٪) لە كۆی بودجەی وەگەڕخستن دابشكێنرێت.

9- ئەو بڕانەی كەم دەكرێنەوەو دەبڕدرێن بەم شێوەیە بۆ ئەو لایەنانە بگوزارێنەوەو تەرخان بكرێن:

- پێشینەی خانووبەرە كە وەك پێشتر وتمان بۆ ناحیەو گوندەكان (30) ملیۆن و بۆ پارێزگاو قەزاكان (25) ملیۆن دینار بێت.

- تەرخان كردنی (100) ملیار دینار بۆ ئەو قەزاو ناحیانەی زەرەرمەند بوونەو پێداچوونەوەش بكرێت بە میكانیزمی پێدانی بەو قەزایانە، چونكە وەك خۆیان دەڵێن جیاوازی هەبووەو هاوسەنگی نەپارێزراوە، لە ئەسڵدا ئەو پارەیە بۆ ئەو ناوچەو قەزایانەدانراوە كە لەسەردەمی رژێمدا زەرەرمەند بوونەو رووبەڕووی وێران كردن و ستەمكاری بوونەتەوە وەك هەڵەبجەو شارەزوورو هەورامان و پێنجوێن و پشدەرو چۆمان و رەواندز، بەڵام دراوە بە هی ترو شوێنی تریش و، یان بڕی كەمیان پێ داوە، بۆ نموونە قەزای پشدەر دەڵێن (5) ملیار دینار لەو پارەیە سوودمەند بووین، كە قەزایەكی زەرەرمەندەو رەنگە بڕی كەمیان بەركەوتبێت.

- 120 ملیار دینار بۆ دروست كردنی قوتابخانەكان لە هەرێمدا.

- 100 ملیار دینار بۆ ئاوارە گەڕاوەكان لە توركیاو ئێران و، میكانیزمی پێشوو و سوودمەند بووان لەو (10 ) ملیارەی لە بودجەی ساڵی رابردوودا بۆ ئاوارە گەڕاوەكانی توركیاو ئێران تەرخان كرا بوو بۆمان روون بكرێتەوە لەلایەن نوێنەری حكومەتەوە كە چۆن سەرف كراوەو چەند خێزان لێی سوودمەند بوونەو بڕی چەندیش بۆ ئەمساڵ پێویستە دابنرێت، بۆ ئەوەی بدرێت بە ئاوارەكان؟

- پێدانی بەخشینێك بە بڕی (600) هەزار دینار بەو خانەنشینانەی مووچەیان لە (400) هەزار دینار كەمترە.

- بڕێك پارە تەرخان بكرێت بۆ دروست كردنی بینای دادگاكان و دروست كردنی دادگا ئیدارییەكان لە پارێزگاكاندا.

- تەرخان كردنی بڕی پارە بۆ دابین كردنی خانوو و شوێنی نیشتەجێ بوونی هاووڵاتیانی كەمدەرامەت و سندووقی قەرزی بچووك.

10- هاوتا كردنی مووچەكان لەگەڵ بەغدا، هەموو ئەوانەی تا ئێستا مووچەو دەرماڵەیان هاوتا نەكراوە وەك وەزارەتی تەندروستی و موحەقیق عەدلییەكان، كە دەبوایە هەموویان هاوتا بكرانایە لە كاتێكدا ماددەی (30)ی یاسای بودجەی ساڵی 2011ی هەرێم، ئەمەی پێویست كردووە لەسەر حكومەت.

وەزیری داراییش لە وەڵامی پرسیارێكماندا كە بۆمان نارد بوون سەبارەت بە جیاوازی مووچە، دەڵێن هیچ جیاوازییەك نەماوە لە نێوانیانداو مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم هاوتایە لەگەڵ فەرمانبەرانی عێراقی فیدراڵ.

11- جیاوازی لە خانەنشینیدا نەهێڵرێت، بەڕێز وەزیری دارایی لە وەڵامی پرسیارێكی ئێمەدا نووسیویەتی بڕاوەكانی خانەنشینی بە رێژەی 7٪ لە مووچەی فەرمانبەران دەبڕدرێت و دەخرێتە حیسابی گەنجینە،

بەڵام ڕێژەی 12٪ کە پێویستە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دابین بکرێت، ئەمە تاکو ئێستا لە هەولێر جێ بەجێ نەکراوە لەبەر ئەوەی پارەی بۆ تەرخان نەکراوە لە بودجەدا لەکاتێکدا دەبێ پارەکان بخرێتە حیسابی سندووقی دەستەبەری خانەنشینی کە تاکو ئێستا دانەمەزراوە لە هەرێمی کوردستان کەچی لە سلێمانی ئەم پارەیە لە بودجە وەردەگرێت و دەخرێتە حیسابی ئەمانات.

12- بودجەیەك بۆ کارەساتە کشتوکاڵییەکان بۆ قەرەبوو کردنەوەی هاووڵاتیە جوتیارەکان دابین بکرێت.

13- (7500) دۆلاری بڕیار دراو بۆ هاووڵاتیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان لە بودجەدا جێگیر بکرێت، تا ئێستا ئەم پرسە، یان بڕیارە هەروا ماوەتەوەو جێ بەجێ نەکراوە.

14- بودجە بۆ ئیدارە سەربەخۆکان دیاری بکرێت مادام دەست بەکاربوونەو بە بڕیاری ڕەسمی کراونەتەوە، بۆ نموونە ئیدارەی (ڕاپەڕین) دەست بە کاربووە، بەڵام بودجەی بۆ دانەنراوە.

15- بودجە بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان دیاری بکرێت.

16- بودجەیەك بۆ ئەنجامدانی لەسەر پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بۆ ناوچە دابڕاوەکان.

17- بەردەوامبوونی پێدانی قەرزی کشتوکاڵی و پیشەسازی.

18- دەرماڵەیەك بۆ قوتابیان، هەروەها سولفەی بۆ قوتابیانی دەرەوە بە میکانیزمێکی گونجاو دابنرێت، کە داواکاری زۆری لەسەر هەیە لەلایەن ئەو قوتابیانەی لە دەرەوە دەخوێنن. ئیتر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك ئەمیر گوگە فەرموو.

**بەڕێز امیر گوگە یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی دەستخۆشی لە لیژنا دارایی و هەمی لیژنە دی دکەم کو بۆ ئامادە کرنا ڕاپۆرتێ بە شێوەیەکی جوان و ڕێك و پێك، هەروەسا سوپاس بۆ هەردوو وەزیرێت بەڕێز کو زۆر ژوان پرسیارێ کو مە دڤیا بەرسڤ وانە ئەم گۆهـ لێ ژوان بەرسڤا گۆهـ لێ بی.

بەڕێزان، تەبعەن بودجا گرێدانا یەکجار هەیە ژیانا هەمی خەلکێ، ژ بەر هندێ ئەم دبینین ناڤ هۆڵا پەرلەمانێ ئان ناڤ هەر جیهەتێ کو خەلکێك زۆر حیساب بودجە کر، چونکە گرێدانا ئیکجار ئیت گەل ژیانا خەلکی هەیە.

خاڵە یەکێ/ مە دڤێ بەحس بکەم، چونکی من دڤێت ب کورتی، بەری نوکە گەلەك خال ئیشارەت پێ هاتە دان پێویست ناکات، پێویست ناکا ڤان خالا دووبارە کرن، ئەویش خالا یەکێ کو بەرێ بونا بودجێ بۆ ئەڤ سالا، دڤیا چارەکێ بۆ گیرۆ بونا بودجەی هەبی، ئایا چارە چیە بۆ گیرۆ بونا بودجێ ئەم سالا دێ کو ئاریشێ دووبارە نەبن؟ تەنیا نە بەس گیرۆ بوون و توند بوون بۆچی، دڤیا چارەسەری ڤی ئاریشێ چ بیت، هەروەسا لاپەرە 7ێ بودجەدا دەڵێ حکومەتی هەرێم ئاگاداری هیچ یەکێك لەو حاڵەتە نییە، سیاسەتا دارایی عێراق هەتا هەتا، بەڕێزان وەکی هەڤالێت بەری نوکە بەحس کرین، کو وەکو پێنج وەزیر مە هەنەو

ژ بری چەندین ئەندام پەرلەمان وەختێ دانا سیاسەتا کو بودجا عێراقێ ئەڤ هەڤالێت بەرێز کو نینەرێ کوردستانی دکەن لێرەنە، بۆ نموونە، من نەڤێت زیاتر ئەز گەلەك بەحس کەم، پێنج وەزیر وەختێ گەنگەشە کرنا بودجا عێراقا فیدرال پێنج وەزیر تەنیا بۆ مەعلوماتێت من دوو وەزیر، وەزیرێ سەحەو تیجارە تنێ ل وێرێ بوینە، نوکە سێ وەزیر حازر نەبین دوو حازر بین، ئەو ژی تەنیا تێبینیا وان سەر بودجێ چ بین، نەفەقاتێت سیادی بی، ئان کو مەوزوعا بودجێ کوردستانێ و ڤان خالێ بەحس دکین، هیچ ئیشارەت ل وان نەهاتیە دان، ئایا ئەڤە خەلەل نیە؟ نەدڤێت ئەڤ پرسیارا بێتە کرن، چارەسەری بۆ سالێ بێت دووبارە نەبت، بەرێزان خالەك دی ئەز بێژم هەمی وەزیرێت بەرێز هەڤالێت ئەندامێت پەرلەمانی، یێ کو مە بەحس کری بەرێ نوکە ئەو ژی سەر پڕۆژا، گیرۆ بوونا پرۆژا، هەروەسا دواکەوتنا وان و هەندەك ژوانا دێنە بەحس کرن گشتی هێنانا جێ بەجێ کرن، ئەڤە دڤیا ئالیەتەك بۆ ڤی تشت پەیدا کرن، نە تەنیا هەر سالا بێژن فلان پرۆژا هەبی و نەهاتە جێ بەجێ کرن، بۆچی نەهاتە جێ بەجێ کرن؟ ئالیەتا جێ بەجێ کرن چیە چۆن ئەڤ تشتە دێتە چارەسەر کرن، دڤیا ئالیەتەك بێتە دانا، دیتنا مە دانێت لیژنا پسپۆری بۆ دیڤ چۆنا پرۆژا بەشێوەیەکی راستەوخۆ بۆ چارەسەر کرن و دواکەوتنا ناڤ پرۆژا دڤیا بێتە کرن، چونکە هەندەك پرۆژا سالا 2010، ئی ل بودجا سالا 2010 هاتبین تێدا دیار کرن، هەروەسا بودجا 2011 و، 2012 ژی هەتا نوکە دیزاین بۆی نەهاتیە دروست کرن، بۆ نموونە، مەسەلەن ئۆڤەر پاسا زاخۆ، سالا 2010 هاتە بەحس کرن، هاتە گۆتن، سالا 2011، ئەڤە سالا 2012 ژی تێدایە هەتا نوکە دیزاین بۆ ئەڤ پرۆژا نەهاتیتە کرن، هەندەك پرۆژا دی هەنە وەك پرۆژا پردا دەلال زاخۆ، سالا 2009 هاتە بەحس کرن، سالا 2010 و 2011 و 2012 هەتا نوکە هیچ یەك سەدی ڤی پرۆژا نەهاتیە جێ بەجێ کرن، هەندەك پرۆژا دی ئەڤە بۆ نموونە ئەز دبێژم ئەڤە یەك و من پێزانین لسەر هەنە پرۆژا دی هەنە مەسەلەن پرۆژا دوو مەزنا زاخۆ هەنە، سالا 2010، 2011، 2012 هەتا نوکە تەنیا نزیکی 25٪ وێ هاتینە جێ بەجێ کرن، ئایا پرۆژا پرێك هەبێت، پرێکی ئیستیراتیجی و زۆر زۆر ناخۆشی بۆ خەلکێك چێکت؟ ئایا کەینێ دێتە جێ بەجێ کرن؟ هەتا نوکە 25٪ هاتبێتە جێ بەجێ کرن، دڤیا هەندەك لیژنا تایبەت بۆ دیڤ چۆنا ناڤ کارا بێتە کرن، راستە پارە دێتە تەرخان کرن، پرۆژێت پلاندان هەنە، بەس ئایا جێ بەجێ کرنا وان هەتا چ حەدییە؟

بەرێزان، خالا دی من دێتە ئیشارەت کرن، بابەتێ شەهیدان، راستە شول بۆ شەهیدان هاتیە کرن، زۆر بڕیاری بۆ هاتیەدان، بەس خاڵەکی من دڤیت بۆ نموونە، ئەز بێژم ئەڤ ئیشە نە تەنیا لە زاخۆ بتنێ هەیە، بەس تەنیا لە هەمی کوردستانێ ژی ئیحتیمالە ئەڤ ئاریشە هەبیت، بۆ زاخۆ نموونە، پتر 2700 شەهید هەنە، هەتا نوکە یەك خانی بۆ شەهیدان وەکو حکومەتا هەرێما کوردستانێ بودجەدا نەهاتیتە تەرخان کرن، تەنیا پار ئەز بێژم 120 خانی بۆ خانێیت ئەنفالکراوان هاتیتە دەست نیشان کرن، بۆیە شەهیدێ دی هەتا نوکە یەك خانی بۆ شەهیدان نەهاتیتە دەست نیشان کرن، ئایا بەرێزان ئەندامێت پەرلەمانی ئەڤە نا ئەز بێژم تشتەکی زۆر زۆر نە ئەوێ دیە، نە عەدالەتە هەتا نوکە ڤیا تشتا هەتبا کرن؟ ئان ڤیا پێنگاڤ بێتە

ئاڤا كرن. خالەكی دی هەیە، ئەو ژی دەربارەی پرۆژا تایبەتی ێیت تری كا، ئەم خۆ دزانن ئاریشا رۆژانا ئەڤ حادیسێ ترێكا دەقەمێ ئەز بێژم چەندین بەرپرسێت حوكمی و هەروەسا سەرۆكایەتیا هەرێمێ و كەنالێت راگەهاندن رۆژانە چەند رێدانێت دێنە قەوماندن بەر ئەگەرێ كو ئەڤ رێگا مەیت هەین نەك بەشێوەیەكی جوان هەتا دروست كرنا وان راستە شولێت دێتە كرن، نەكو شول نایەتە كرن، بەس شولێت ئەڤ دێتە كرن دانانا ڤان پرۆژا گەلەك جار پێدە ڤینی كیلۆمەترێك ئی ل جیهەتێك وی كرن، پشتی دەه كیلۆمەترا دی دێتە دەست نیشان كرن، ئان كو گرێدانا ڤان پرۆژا گەل ئێك و دوو نینە، بۆ نموونە، گەلی زاخۆ سالێ و نیڤ هاتە گرتن، رێك هاتە تحویل كرن بۆ یەكی دی، سەدان حادیسە ل وێرێ چ بین، پشتی ڤە كرنا ناڤی گەلی زاخۆ، پشتی ڤە كرنا خیلال حەفتیا عەوەلی كا پێنج حادیسە نەفسی رێدا هاتیە چەندین خەلك هاتنە كوشتن وێرێ، ئایا ئەگەر چیە؟ ئایا تە دیتیە رێگاكە دوەلی پشتی سالێ و نیڤ بێتە گرتن، پشتی سالێ و نیڤ كەت ڤیەی شارع نەیەتە دروست كرن؟ كێ بەرپرسە؟ نوكە رێكەك هەیە كیلۆمەترێك ل زانكۆیێ تێدا چ كرن، ئەڤە زۆر زۆر تاخیر بوو، پتر شەش هەیڤا سەر بۆریا، بەلێ ئەڤ چێ كرنا بیرێك گەهیشت هەتا حەددێكی سەكن مانای چ فایدە نەهاتیە كرن، تەنیا زەرەرێ هاووڵاتیانە خیلالی ڤان سالێ و نیڤ بۆری، ژی بەر هەندێ ئێت ڤیا ئالیەتەك هەمی لایا بێتە دروست كرن بۆ ڤان پرۆژا، چونكە مەسرف دێتە كرن، پرۆژا هەیە، بەس ئالیەتا جێ بەجێ كرن، شێوەی جێ بەجێ كرنا وی ئەل ڤێرێ خەلەل ڤێرێ زۆر هەیە.

خالێ دی ئەز ئیشارەت پێ دەدەم قەرەبوو وان كەس زیان پێكەڤتیا، بەتایبەتی رێدانە دووی دۆزدا زاخۆ و بادینان، بەرێزان، ژی دووی دۆزدا هەتا نوكە یەك خەلك ژوان هاتیتە قەرەبوو كرن، بۆ زانین پەرلەمانێ بەرێز پشتی پازدە رۆژا ڤێرێ بریارا قەرەبوو كرنا وان خەلكی هاتیتە دان، بۆ زانین مە بودجە هەیە لە حكومەتا هەرێمێ بۆ قەرەبوو كرنا وان خەلكی كو زەزەرمەند بین، بریارا پەرلەمانێ ژی بی، بەس هەتا نوكە نەهاتیە قەرەبوو كرن، چەندین جار یاداشتنامە ژی هاتیە نوڤیسین و گەل جیهەتێ پەیوەندیدار ژی هاتینە بەحس كرن، بەس هەتا نوكە نەهاتینە قەرەبوو كرن، ئایا ئەڤە گونجاوە، ئەڤە تەمامە.

دەربارەی پێشنیارا، تەبعەن من ناڤێت ئەز وان پێشنیارا ئەز داكۆكی ل پێشنیارا خوشكە سۆزان خانێ دكەم، ئەز ژی دگەل رەئیا وان پێشنیارامە، هەروەسا پێشنیارێت هەڤالێ دی ب تایبەتی سلفا عەقاری، هەروەسا هندەك رێنمایی بێنە ساناهی كرن بۆ دانێن وەرگرتنا سلفا، ب راستی هندەك رێنما هەنە پیچەك زەحمەتی بۆ هاووڵاتیا هەنە، ئینجا ئەگەر وەزارەت دارایی هندەك ئاسانكاری دوان رێنماییا هەبیت، وەرگرتنا وان جۆرێت سلفا نەك بەس سلفەی عەقاری، سلفێ دی ژی زۆر زۆر باش بت، من نەڤێت زێدە تر درێژ بكەم، زۆر زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، عبدالله حاجی محمود فەرمووو.

**بەرێز عبدالله حاجی محمود:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەوڵ دەدەم بە کورتی باس بکەم، سوپاس بۆ لیژنەی دارایی و ئابووری، بەڕاستی هەم کۆکراوەی راپۆرتی لیژنەکانی ناو پەرلەمانە، هەم راپۆرتەکەی خۆیان بەگشتی لەلای من پەسندە، هۆی دواکەوتنی بودجە، وەڵامم وەرگرت، پترۆدۆلار، وەڵامم وەرگرت، وەگەڕخستن و وەبەرهێنان، سیاسەتی وەزارەت، وەڵامم وەرگرت، بەشی یەکەم لە برگەی دەیەمی راپۆرتەکەدا هاتووە لە لاپەڕە (8) سەبارەت بە بەخشین بۆ ساڵی 2012 کە هەشت خاڵی لەخۆ گرتووە لەسەر چ ئەساسێك ئاراستەیان کراوە؟ لە بەشی یەکەم سەبارەت بە داهاتی فرۆکەخانەکان پرسیار زۆر کرا، پێشنیار دەکەم لە جەنابی وەزیر روون کردنەوەی زیاتری لەسەر بدات.

سەبارەت بە پێشنیاری ژمارە یەك لیژنەی دارایی سەبارەت بە پرۆژە پێشنیار کراوەکان پرۆژەی جێ بەجێ کردنی قورس و درێژ خایەنە، بە رەئی من بەدەر بێت لەو پرۆژانەی کە لەسەر داهاتی وەزارەتەکە خۆیانە.

سەبارەت بە خاڵی سێ پێشنیاری لیژنەی دارایی بڕی 100 ملیار دینار بۆ ئەو قەزاو ناحیانەی کە دووچاری کاولکاری و راگواستن بوون، پشتیوانیان لێ دەکەم، بەلاَم بە بۆچوونی من لەبەر ئەوەی هەم وەزارەتەکان، هەم حکومەتی هەرێم سیاسەتی تایبەتی خۆی هەیە بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندو شارو شارۆچکەکان بەناو بهێنرێت.

سەبارەت بە پێشینەی خانووبەرە بۆ سەنتەری پارێزگاو قەزاو ناحیەکان، بەتایبەتی گوندەکان، بە رەئی من ئەگەر بکرێت زیاد بکرێت. سەبارەت بە دابین کردنی بڕێك پارە بۆ کردنەوەی قوتابخانەکان، وەڵامم وەرگرت.

سەبارەت بە پێدانی بەخشین بۆ یەك جار بۆ فەرمانبەران کە مووچەکەیان لە خوارووی (500) هەزار دینارەوەیە، ئەمە کارێکی باشە، بەلاَم سەر ئەنجام لە گیروگرفتی تر نەیەنە داخوازی لەلایەن فەرمانبەرانی ترەوە.

سەبارەت بەکەم کردنەوەی بودجەی سەرۆکایەتیەکان، لەبەرچی؟ بۆ؟ بەتایبەتی سەرۆکایەتی پەرلەمان. بەشی دووەم راپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری دەربارەی پرۆژە یاسای بودجە ساڵی 2012 لەلایەن لیژنەکانەوە، پشتیوانی لە خاڵی (9)ی راپۆرتی لیژنەی کاروباری تەندروستی دەکەین، بۆ دروست کردنی گەنجینە، پاراستن و خەزن کردنی دەرمان، بەو پێیەی کە خۆم لە لیژنەی کشتوکاڵم جەخت لەسەر خاڵەکانی لیژنەی کشتوکاڵ دەکەمەوە، بەتایبەتی بودجەی پێویست بۆ پرۆژەی تەسویەو تەملیك، پشتیوانی لەخاڵی (2)ی لیژنەی وەرزش و لاوان دەکەم لە (300) پلە زیاد کردن، بەتایبەتی ئەو لایەنەی کە لایەنی دارایی هەیە، بەو پێیەی کە لە لیژنەی پێشمەرگەم، جەخت لەسەر خاڵەکانی لیژنەی پێشمەرگە دەکەمەوە، وەڵامی گرفتی بودجەکشەمان وەرگرت.

سەبارەت بە پێشنیاری لیژنەی کاروباری کۆمەلاَیەتی، دەربارەی تەرخان کردنی بڕی (200) ملیار دینار بۆ حزب و رێکخراوەکان کە پێشنیاریان کردووە بکرێت بە دوو برگە، من لەگەڵ ئەوە نیم.

# پەرلەمانی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (27)**

**پێنج شەممە ڕێکەوتی 14\6\2012**

**خولی سێیەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژماره (27)

## پێنج شەممە ڕێكەوتی 2012/6/14

كاتژمێر (6)ی ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی 2012/6/14 پەرلەمانی كوردستان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (27)ی خولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەمواركراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (27)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە كات (6)ی ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی 2012/6/14 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕووی پڕۆژە یاسای بوجەی هەرێمی كوردستان بۆساڵی 2012.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەكەین،پەرلەمانی كوردستان خولی سێیەمی هەڵبژاردن،ساڵی سێیەم،خولی گرێدانی دووەم،ژمارەی دانیشتن(27)،ڕۆژی دانیشتن 2012/6/14،بەرنامەی كار،بەپێی حوكمەكانی بڕگە یەكی ماددە(20)لەپەیڕەوی ناوەوخۆی ژمارەیەكی هەموار كراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستانی عیراق،دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمارە(27)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لەكات(6)ی ئێوارە ڕۆژی پێنج شەممە ڕێكەوتی 2012/6/14 بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕووی پڕۆژە یاسای بوجەی هەرێمی كوردستان بۆساڵی 2012،ئێستاش بەرێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان ناوی ئەو پەرلەمانتارە بەرێزانە دەخوێنێتەوە كە مۆڵەتن یا ئامادە نەبوون و فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

ناوی ئەو ئەندامانەی لەدانشتنی ژمارە(26)ئاسایی لە2012/6/13 مولەت دراون یا ئامادە نەبوون:

1-پەیام احمد محمد- مولەت

2–تارا تحسین یاسین-مولەت

3-حازم تحسين ياسين-موڵەت

4-یاووز خورشید عثمان-موڵەت

5-صباح محمد نجیب-موڵەت

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆکی پەرلەمان:**

داوا لەلیژنەی دارایی دەکەین بێنە شوێنی خۆیان، بەخێرهاتنی بەڕێزان وەزیری پلاندانان و وەفدە یاوەرەکەی دەکەین بەخێربێن، فەرموو لیژنەی دارایی، لەسەرۆکی فراکسیۆنەکان ئەو ڕۆژە تەنیا هاژە خان نەبێ قسەی نەکردووە وباقسە بکا، باشە بەسەرچاو تۆش قسە بکە.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا دەست خۆشی لەلیژنەی دارایی دەکەم بۆ ڕاپۆرتەکەیان کەتێبینی باشیان پێشکەش کردووە، هەروەها دەست خۆشی لەهەردوو بەڕێزان وەزیری دارایی و وەزیری پلان دانان دەکەم کەزۆر ڕوونکردنەوەیان دا لەسەر بودجە و ئەو پرۆژانەی کەبۆ ئەمساڵ تەرخان کراون،بەڕێزان من تێبینیم دەست پێدەکا لەسەر وەزارەتی دارایی سێ تێبینیم هەیە لەوێ لەلاپەڕە سێ دا لە(استمارە حصە حکومة اقلیم کوردستان من النفقات الحاکمە من الاعوام(2005-2012)لەخانەی(4)دا هاتوە(نفقات الانتخابات)لەساڵی(2008-2009)نیە لەگەڵ ئەوەی کەلەساڵی 2009 لێرە هەڵبژاردن کراوە،لەساڵەکانی تر هەیە،بۆیا داوای ڕوون کردنەوە لەبەڕێز وەزیری دارایی دەکەم لەو دوو ساڵە بۆ نیە لەساڵەکانی تر هەیە؟؟لەگەڵ ئەوەی کەلە 2009 هەڵبژاردن هەبووە لەهەرێمی کوردستان،بەهەمان شێوە لەخانەی هەشتەم کەباس لە(ازالە الغام)دەکات بۆ ساڵی 2005 تەنها لە 2005 هەیە،لەلاپەڕە(7)دا هاتووە باس لەفەرمانبەری حکومەتی هەرێم دەکا،زائیدەن وەزارەتی دارایی و ئابووری،لەگەڵ وەزارەتی دارایی عێراق،لەڕاستی دا ئەو فەرمانبەرە تائێستا دیار نیە کەنوێنەری حکومەت دەکات،ئایا هەر بەڕێز وەزیری داراییە بەنوێنەرایەتی حوکومەت لەگەڵ بەغدا قسە دەکات لەسەر دانانی بودجە، یاکەسێکی ترە؟؟ئەگەر ئەوەش ڕوون بکرێتەوە باشە،لەلاپەڕە(15)هاتووە سوودە کومەڵایەتیەکان کە وەزارەتی ناوەخۆ دە ملیار و حەفت ملیۆنی بۆ پێدانی مووچەی موختارەکان و پێشینەی پارێزگاکان داناوە، لەڕاستی دا ئەو مەبلەغە نازانم یەعنی مووچەی مووختارەکان و پێشینەی پارێزگاکان تۆزێك لێکەوە دوورن،یەعنی چۆن تەقسیم کراوە مبلەغەکە لەنێوان ئەوە و ئەوە؟؟بەشێوەیەکی گشتی لەسەر تێبینیەکانی تر،بەڕێزان ئێمەش وەکو لیستی ئازادی و عدالەتی کۆمەلایەتی تێبینیمان لەسەر دواکەوتنی بودجە هەیە، هەرچەندە زۆر لەهاوکارانم باسیان کرد،بەلاّم لەڕاستیدا ئێمە هەر خەریکین،وەخەڵك بەبەردەوامی پەیوەندیمان پێوە ئەکا لەسەر مەسەلەی دواکەوتنی بودجە،بۆیە بەڕاستی دەبێ ئەمساڵ چارەسەرێك بۆ ئەوە بدۆزینەوە،یا ئایا لەناو یاساکە ئێمە تەسبیتی بکەین کەلەکاتی خۆیدا بەهەر شێوەیەك بێت،چونکە بەڕاستی دواکەوتنی بودجە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر جوڵەی بازار،لەسەر ژیانی خەڵك،بۆیە دەبێ چارەسەرێك بۆ ئەوە

بدۆزرێتەوە،دەربارەی داهاتی هەرێم بۆساڵی 2012 ی خەملێنراو تەنها بەشی هەرێم لەبودجەی حکومەتی ناوەند و داهاتی گشتی خەملێنراو کەلەناویاندا داهاتی دەروازە سنووریەکان بەشی پترۆ دۆلار لەپار ساڵدا لە 2011دا داهاتی فرۆشتنی کارەبا دیاری کراو بوو کەدەکاتە سەدو پەنجاو یەك ملیار دینار، لەگەڵ داهاتی بەدەست هاتووی بەفعلی لەدەروازە سنوریەکان کە سێ سەدوو پەنجا ملیار دینار بوو،بەلاّم لەم ساڵدا نەهاتووە لەپڕۆژەی بودجەدا،دەربارەی کورتهێنان لەبودجەدا،زۆر لەهاوکارانم باسیان کرد دەبێ بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەو کورتهێنانە چارەسەر بکرێ، چارەسەرەکەی ئایا بە چ ڕێگایەکە لەگەڵ حکومەتی ناوەندە یاچۆن ئێمە بتوانین چارەسەری بکەین؟؟دەربارەی پڕۆژە دواکەوتووەکان،(34)پڕۆژەیە،پڕۆژەی واهەیە لە 2003 یا 2004 دەستی پێکراوە، هەر بۆ نمونە یەعنی تاکو ئێستا تەواو نەبووە، هەر بۆ نموونە لەزنجیرەیەك وەزارەتی پەروەردە،دروست کردنی قوتابخانەی چوار پۆلی لەگەڵ چوار خانووی مامۆستایان لەقەلاّدزێ، لە 2004/6/1 دەستی پێ کردووە یەعنی بۆ ئەم دوا کەوتنە؟ یەعنی بڕوا ناکەم ئەو پڕۆژەیە ئەوەندە کاتی بوێ، چونکە تەنها قوتابخانەیەکی چوارِ پۆلییە لەگەڵ چوارِ خانوو بۆ مامۆستایان،ئەوەی تێبینی دەکرێ کەرێژەی سوودە کۆمەلایەتیەکان بەرێژەی 83٪ زیادی کردووە بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2011 وەك لەڕاپۆرتی لیژنەی دارایی دا هاتوە، بۆیا ئێمەش ئەو پرسیارە دەکەین هۆی زیادبوونی ئەو رێژەیە چیە؟ بەرێز وەزیری دارایی ئاماژەی پێدا کە بەهۆی زیادبوونی مووچەی زیندانیانی سیاسی و کەمئەندامان و هەندێ بابەتی کۆمەلاّیەتی تر هەیە کەئەو سودە کۆمەلاّیەتیە زیادی کردووە، بەلاّم من باس لەمووچەی زیندانیانی سیاسی دەکەم، ڕاستی ئێمە پار لێرە یاساییەکمان پەسند کرد بۆ پێدانی مینحە بۆ زیندانیانی سیاسی، بەلاّم تاکو ئێستا بەشێوەیەکی وا یاساکە جێ بەجێ ناکرێ لەلایەن حکومەتەوە،هەندێ لەوانە ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە بوو کەبۆیە ئەم یاسایە کەلەبەغداد هەیە لێرە ئیشی پێ نەکەین؟ کەیاسایەك هەبێ کەهەموو ئەوانە بگرێتەوە کەکاتی خۆی لەشەستەکانیش وەئەوانەی تریش زیندان کراون بەهۆی سیاسیەوە، بەلاّم ئێستا دیارە چەند شەرتێکی تەعجیزی بۆ ئەوە دانراوە کەناتوانرێ ئەو کەسانە لەرێگای لیژنەکە سوودمەند بن لەو یاسایە، بۆیە داوا دەکەین لەحکومەت کەئەم مەسەلەیە یەك لابکاتەوە،لەسەر ئاستی وەزارەتەکان، لەڕاستی دا تێبینی دەکرێ کەهەندێ وەزارەت پشکی شێری بەرکەوتووە لەبوجەدا،ئەو وەزارەتەی کەخەدەمین بەتایبەت من باس لەوەزارەتی تەندروستی دەکەم، بەڕاستی وەزارەتی تەندروستی هەمووومان دەزانین کەوەزارەتێکی زور زۆر گرنگە،هەمومان پێویستمان بەخزمەتەکانی هەیە، بۆیە بەڕاستی زۆر گرنگە ئەو بودجەیەی لەو ستانداردە جیهانیەی کەبۆی دانراوە کەمتر نەبێ، بۆ ئەوەی بتوانرێ لەرێگەی ئەو وەزارەتەوە خزمەت بەخەڵك بکرێ، بۆ نمونە ئەگەر یەك نموونە بهێنمەوە لەهەموو هەرێمی کوردستاندا دوو جیهازی کەوی هەیە بۆنەخۆشی شێرپەنجە،لەهەولێر و لە سلێمانی،بەڕاستی من زور سەردانی ئەو بەشەم کردووە لەنەخۆشخانەی ڕزگاری لێرە زوربەی زۆری جارەکان ئەو جیهازە تێك دەچێ، ئێمەش خۆمان دەزانین کەئەو نەخۆشیە ڕۆژ بەڕۆژ لەکوردستان زیاتر دەبێ، زۆربەی زۆری جارەکان جیهازەکە تێك چووە، ئەبێ

کەسێك بێنن لەدەرەوەی وڵات کەپسپۆڕ بێ لەم بوارە تاچاکی ئەکاتەوە، بۆیە 20 ڕۆژ، جاروایە 40 ڕۆژی بەسەر تێئەپەڕێ، بۆیە بەڕاستی زۆر زۆر گرنگە پشتگیری لەوەزارەتی تەندروستی بکرێ بەکڕینی ئەو ئەجهیزانە، بەکڕینی دەرمان بۆ ئەوەی خەڵك پێویستی بەوە نەبێ کەنەخۆش ڕەوانی دەرەوە بکات، چونکە بەڕاستی ئەو خەڵکانەی کەسەردانی نەخۆشخانەکانیش دەکەن هەموویان خەڵکی کەم دەرامەتن، بەهەمان شێوە لێرە بەڕاستی پشتگیری لەڕاپۆرتی لیژنەی تەندروستی دەکەم کەداوای کردبوو دوو نەخۆشخانە لەهەولێر بکرێتەوە، چونکە نەخۆشخانەی زۆر کۆن هەیە خۆم سەردانم کردوون بەڕاستی هی ئەوە نیە کە خزمەت بەخەڵك بکەن، چونکە نەخۆشخانە نیە زۆر کەم و کورتیان تێدایە بۆیە پێویستە دوو نەخۆشخانەی نوێ دروست بکرێ،دەربارەی ئەو(17000)پلە وەزیفیەی کەئێستا دانراوە بۆ بوجەی 2012، لەڕاستیدا ئێمە پار(25000)پلەمان دانا، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ تاکو ئێستا(25000)پلەکە یەك لایی نەبوویتەوە وەکو خۆی، چونکە(25000)پلەکە بەو سیستەمە دامەزراون تاکو ئێستا مووچەکانیان وەرنەگرتووە، زۆر خەڵکیش دامەزراوە تاکو ئێستا نەیتوانیوە دەوامی ڕەسمی بکات، بۆیە بەڕاستی ئەمە کێشەیەکی زۆری دروست کردووە، پێم وایە ئەمساڵیش(17000)پلەکە بەهەمان شێوە کێشە دروست دەکات بەهۆی دواکەوتنی بودجەوە،بەڕاستی خەڵکێکیش هەیە لەدەرەوەی ئەو سیستەمە دادەمەزرێ کەدەبێ ئەوەش چارەسەر بکرێ،بەبەراورد لەگەڵ ساڵی 2011 حسابی مەسروفات ئوخرا بەشێوەیەکی بەرز زیادی کردووە لەساڵی 2012، لەهەریەك لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی هەرێم، دەستەی وەبەرهێنان،ئەمەش هۆیەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟ دەربارەی پرۆژە پێشنیارکراوەکان بۆ ساڵی 2012 (445) پرۆژەیە، تێبینیم ئەوەیە جیاوازی هەیە لەچۆنیەتی دابەش کردن،ئەولەویەت نەدراوە بەو پڕۆژانەی کەزۆر زۆر گرنگن و دەبنە هۆی بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری،دەربارەی پرۆژە بەردەوامەکان بەڕاستی ژمارەیەکی زۆرە(3167)پرۆژەیە هەندێ لەو پرۆژانە تەواو نەبووە،یان تەواو بووە وەرگیراون کەچی بۆ ساڵی 2012 وەپارەیان بۆ تەرخان کراوە، بەنموونە لەزنجیرە (30) دروست کردنی قوتابخانەی دە پۆلی لەڕواندز کەئەمساڵ دەوامی لێ کراوە،بەڵام(102)ملیۆن دینار بۆ سالی 2012 تەرخان کراوە، بەهەمان شێوە گەیاندنی کارەبا بۆ پرۆژەی کۆمەڵگای نیشتەجێ بوون لەڕواندز، لەدەستەی وەبەرهێنان تەواو بووە و ئێستا خەڵکی تێدا نیشتەجێ کراوە، پرۆژە کارەباکە تەواو بوە (259000000) دیناری بۆ تەرخان کراوە لە 2012، دەربارەی ئەو بڕە بەخشینەی کەبۆ هەردوو پرۆژەی فڕۆکەخانەی هەولێر و سلیمانی تەرخان کراوە کەبڕەکەی(29156)ملیۆنە، ئایا بۆچی ئەم بڕەیە تەرخان کراوە؟ ئەگەر ڕوون کردنەوە بدرێ، تێبینی دەکرێ کەتاکو ئێستا حکومەتی هەرێم پابەند نیە بەجێ بەجێ کردنی ماددەی شەش لەیاسای بودجەی هەرێمی ساڵی 2011 بۆ یەکسانی لەدەرماڵەی هەرێم و ناوەند، بەهەمان شێوە و لەناو هەرێمیشدا ئەو جیاوازیە هەیە، بەڕاستی زور خەڵك پەیوەندی دەکا کەجیاوازی هەیە لەنێوان مووچەی پارێزگایەك بۆپارێزگایەکی تر، داواکارین لەحکومەت ئەوە چارەسەر بکات،دەربارەی پێشنیارەکان، پێشنیار دەکەین بۆ

کەمکردنەوەی بودجەی سەرۆکایەتی  پەرلەمان و ئەنجومەنی قەزاو ئەنجومەنی وەزیران وەبەهەمان شێوە تەرخان کردنی برێك بودجە بەپێی ئەو دابینکردنی خانوو بۆ هاوولاتیانی کەم دەرامەت بەپێی یاسایی ژمارە (7)ی ساڵی 2008 یاسای دابین کردنی خانوو و بەرەدا هاتووە،پشتگیری لەپێشنیاری ڕاپۆرتی دارایی دەکەین بەپێدانی بەخشینێك بەبڕی(480000)دینار بۆ فەرمان بەرانی پلە(9-10)،چونکە بەڕاستی ئەوانیش گلەییان هەیە کە پێش ماوەیەك کۆمەڵێك لەم فەرمانبەرانە پەیوەندیان بەمنەوە کردووە کە کێشەکەیان چارەسەر بکرێ،بەهەمان شێوە بەخشینی(600000)هەزار بۆ خانەنشینان ئەو بڕەی کەتەرخان کرابوو بەبڕی(100000000)سەد ملیۆن بۆ  پەنابەرە ئاوەرەکان ئەوانەی کەلە ئێران گەرابوونەوە بەردەوام بێ، چونکە خێزانە گەڕاوەکان بەبەردەوامی دەگەڕێنەوە وەئالیەتی خەرجکردنەکەی بەڕاستی ڕوون نیە،چونکە ئێمە وەکو لیژنەی مافی مرۆڤ لەگەڵ ئەو لیژنەیە دانیشتین کەبۆ یەعنی ئەو لیژنەیەی کە دانراوە بۆ گفتوگۆ کردن و سەرف کردنی ئەو پارەیە بەڕاستی ئالیەتی ئیش کردنەکەیان ڕوون نیە، لەهەندێ شوێن وەرگیراوە لەهەندێ شوێن وەرنەگیراوە، بەڕاستی حەقە گرنگی بدرێ بەپرۆژەکانی گەشت وگۆزار بەتەرخان کردنی برێك بودجەی هەرێم، چونکە بەراستی ئێمە دەزانین کەهەرێمی کوردستان ناوچەیەکی گەشتیاریە وەئەبێ زیاتر گرنگی پێ بدرێ،پشتگیری کردن بۆبڕینی 10٪ لە مووچە تایبەتیەکان،پشتگیری بۆ بەردەوام بوون لەسلفەی عقار و سلفەی زواج، پرۆژەی کشتوکالی و پرۆژە تایبەتیەکان ئەکەین،پشتگیری لەبەردەوام بوونی حکومەت دەکەین بۆ بەردەوام بوون لەو پرۆژانەی جێ ناکۆك لەسەرەکان کەپار بڕی(70000000000)تەرخان کرابوو لەساڵی 2011،وەئەگەر باس لەو ناوچانە بکەین بەڕاستی ئێمە لەڕۆژی شەشی مانگ بەئامادە بوونی جێگری سەرۆکی پەرلەمان و بەرێز سکرتێری پەرلەمان و ئاواز خان لەگەڵ دانیشتوانی کۆمەڵێك ناوچەی مەخمور دانیشتین بەڕاستی کێشەکانیان زۆرن و داوای هاوکاری لەحکومەتی هەرێم ئەکەن لەبەر ئەوەی ناوچەکەیان ناوچەیەکی کشتوکاڵیە وەبۆماوەی (8) ساڵە لەو ناوچەیە باران زۆر زۆر بەکەمی باریوە، بۆیە داوا دەکەن لەحکومەت کە هاوکاریان بکا بە پرۆژەی ئاودێری بۆئەوەی ناوچەکیان ببوژێتەوە لەڕووی ئابووری، پشگیری لەبەردەوام بوون لەتەرخان کردنی بڕی (20000000000) بۆ دامەزاوە وەرزشیەکان و پرۆژە وەرزشیەکان، پێشنیار دەکەین پۆلیس و پاسەوانی بارەگاکان کە هەندێکیان تائێستا ئەو مووچەیەی کە بۆ هێزەکانی ناوخۆ زیادبوو نایان درێتێ، بەراستی پێویستە کەئەوانیش مووچەکانیان هاوتا بکرێ لەگەڵ مووچەی هێزەکانی ناوخۆ، پێشنیار دەکەین کە ئەو بڕگەیە بچەسپێ، دەبارەی پاڵپشتی وەزارەتی دارایی بۆ داهاتەکانی سندوقی دەزگای خانەنشینی و دەستەبەر کردنی کۆمەلآیەتی کەلە  30٪ ئابوونەی دەزگاکە زیاتر  نەبێت، لەماوەی ساڵی داڕایی پێش و لەچوار چێوەی  تەرخان کراوی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلآیەتی، بەهەمان شێوە تەئکید لەسەر پێشنیاری پێك هێنانی ئەو سندوقە دەکەین کەبە پێی یاسای باری کەسێتی ژمارە(15)ی ساڵی 2008 بۆ ئەو ژنانەی کەلە هاوسەرەکانیان جیابوونەتەوە، لەمادەی(39)لەبڕگەی(4)دا هاتووە وە بەهەمان شێوە لەڕاپۆرتی لیژنەی بەرگری لەمافی ئافرەتدا هاتووە،پێشنیار دەکەین کە ئەو بەردەوام

بوونەش لەپشتگیری کردنی سندوقی پرۆژە بچووکەکان بەپێی یاسای پرۆژە بچووکەکان ساڵی 2011 بەردەوام بێت، هەروا تەئکید لەسەر ڕای لیژنەی مافی مرۆڤ دەکەم بۆ زیاد کردنی پێشینەی خانوو بەرە بۆ گوندنشینەکان بۆ (25000000)دینار بۆ ئەوەی گوندەکان زیاتر ئاوەدان بکرێنەوە و هاندانێك بێ بۆ گوندنشینان بۆئەوەی گوندەکانیان ئاوەدان بکەنەوە و سوپاس.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی هەردوو وەزیرە بەڕێزەکەو میوانە بەڕێزەکان دەکەین،من قسەکردنم لەسەر دوو تەوەر دەبێ، تەوەری یەکەم پشتگیری لەڕاپۆرتی دارایی دەکەم بەهەموو خاڵەکانیەوە،بەڵام چەند تێبینیەکم هەیە لەسەر راپۆرتەکە،یەکەمین تێبینیم ئەوەیە کەپشتگیری لەبرای بەرێزم کاك (کاروان) و کاك (عبدالقادر) و ئەو دوو خەستەخانەی کە لە هەولێرێ لە بۆ نۆژەنکردنەوەیان و چاك کردنەوەیان، پشتگیریان لێ دەکەم لەبۆ قسەکردن لەسەری، ئەوەی دووەمم پشتگیری لەڕاپۆڕتی لیژنەی ناوخۆ دەکەم بەهەموو خاڵەکانیەوە، کەیەك لەوانە گۆڕانکاری بەسەر بودجەی ئاسایشی ناوخۆ دا هاتووە کە هەڵەیان کردبوو لەحسابەکە،تەوەری دووەمم وەرزشە، تەبیعی من وەکو وەرزشوانێك پیشەی من ئەوەیە پشتگیری لە(هاژەخان) دەکەم کەباسی لەوەرزش کرد، تەمەنام دەکرد کەلیستە گەورەکانیش باسی وەرزشیان بکردبایە، وەرزش ئاوێنەی ڕاستەقینەی وڵات و میللەتە، هەروڵاتێك لەبزافی وەرزش پێشکوتوو بێ بەدڵنیای لەهەموو بوارەکانی تر پێشکەوتووە، کوردستان لەقۆناغی بنیات نانی وەرزشی تەندروست و زانستی دایە، نموونەش بەشداری کوردستان لەجامی ڤیڤا،دواین دەستکەوت سەرکەوتنی لەپێنجەم پالەوانەتی جامی ڤیڤا بەڕزکرنەوی جامی ڤیڤا و بەشداری کردنی کوردستان لە پاڵەوانیەتی باوەڕ پێکراوی ڤیڤا، (فیفا) لەگەڵ (ڤیڤا) فەرقی هەیە، (ڤیڤا) ئەو دەوڵەتانەیە کە هەموو عەلەمیان هەیە، تەقریبەن کوردستان دەتوانێ موشارەکات بکات لەسیباقاتی وودی، بوونی بەهەڵبژاردەی نموونەیی و بەدەست هێنانی پلەی سێیەم ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەندام بوون لە(فیفا) کەپێویستی بەپشتگیری و کارێکی زۆری وەك،

**بەڕێز د.ئەرسەلان بایز اسماعیل- سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ گیان باسی بودجە بکە بودجە،بردمانەوە دەستمان خۆشبێ و باسی بودجە بکە باسی ئەو ڕاپۆرتە بکە،بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

دکتۆر دێتەوە بودجەی، هەموو قسەیان کرد، قسەت نەکرد، بەس ئەوە وەرزشە،باکورتی کەمەوە ماتول وایە،بەشداری یانەی هەولێر لەجامی ئاسیاو سەرکەوتنی بۆ چوار گۆشەی زێرین و ئێستاکە لەقۆناغی هەشتەمی یانەکانە،بەداخەوە گرنگی دان بەوەرزش ئێستا لاوازە پێویستی بەپرۆژەی گەورە هەیە بەستاندەردی جیهانی دروست بکرێ وەرزش لەحەزازیات ڕزگار بێت،کارەکانی بکەونە ستاندەری ژێر

کاریگەری ئۆلمپی و جیهانی،بودجەی وەرزش زیاد بکرێ،رێزلێنان لەوەرزشکارە دێرینەکان،پێویستە یاسایەك دەربچێ بۆ خەڵات کردنی ئەو تیپەی کەخەڵات بەدەست دێنێ لەسەر ئاستی ئاسیەوی و عەربی و هەرێمی.
2-پەلەکردن بۆ پەسندکردنی یاسای ئۆلۆمپی کوردستان تا دەزگایەکی فەرمی هەبێ بۆ بەرێوەبردنی کاری وەرزش،گرنگی دان بەپارا وەرزشی ئۆڵمپی ئافرەتان،پێویستە یاسایەك دەربچێ کەشارەوانیەکان یاوەزارەتەکان وەزارەتی وەرزش سەرپەرشتی ژێرخانی ئاوەدان کردنەوەی بکات،هاوشێوەی وڵاتانی پێشکەوتوو، ئینجا ڕادەستی وەرزشوانان بکرێتن، تەبیعی لەهەمەموو عالم ئەو یاریگایانە بە (ریال مدرید و بەرشلۆنە) بەلەدیەت تەعمیری دەکا، ئینجا تەسلیمیان دەکات، داواکارین بودجەی تایبەت تەرخان بکرێ بۆ یانەکان یالەبودجە کەمکراوەکەی سەرۆکایەتی بۆ لیژنەی ئۆڵپی و پارا ئۆڵمپی بۆ وەرزشوانە دێرینەکان و ئافرەتان، پێویستە بودجەی وەرزش بچەسپێ نەك هەموو ساڵێك گفتوگۆی لەسەر بکرێ هەروەك لەرەشنووسی کوردستان و عیراق دا هاتووە،پشتگیری لەڕاپورتی لیژنەی وەرزشی دەکەم بەهەموو وردەکارییەکانیانەوە، داوا کارم ئەو ناوەندە وەرزشیەی لادراوە لەچۆمان بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، چونکە پێویستی پێ هەیە،لەم هۆڵەدا پار(20000000)دینارمان تەرخان کرد بۆ ژێرخانی وەرزشی و بتوولەی (ڤیڤا) بتووڵە تەواو بوو هەتاکو ئێستا ئەو یاریگایانە تەواو نەبووە و ڕاپۆرتیشمان زۆر نووسی هەتاکو ئێستا هیچ ئیجرائات وەرنەگیراوە، لەکۆتاییدا داوا دەکەم وەکو وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دارایی دامو دەزگاکانی تری چۆن لێکداوەتەوە وەرزشیش ئاوا لێکبداتەوە، بە دوو بودجەیی کار نەکا و سوپاس.

**بەڕێز اسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا ئەمەوێ دەست خۆشی لەدەستەی سەرۆکایەتی لیژنەی دارایی بکەم بەڕاستی زەحمەتی زۆریان کێشا بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە، زۆر هەوڵیان داوە بەتایبەتی بەڕێز (د.ئاراس)کەدەوری ئەساسی هەبوو زۆر سوپاسییان ئەکەم، بەڕێزان کاتی ئەوە هاتووە بەڕاستی قسەی جدی لەسەر بودجە بکرێ بودجەی کوردستان بەعەقارێکی ترسناك گەیشتووە، چیتر پینەو پاساو ڕازیکەر نین وەکێشەکان ساڵ بەساڵ گەورەتر ئەبێ، بودجەی کوردستان بەکورتهێنان گەیشتووە، ڕاستە کورتهێنانەکە حەقیقی نیە و کورتهێنانێکی موخەتەتیش نیە، بەڵام لەڕاستیا کورتهێنانێکی سیاسیە، لەپلانێکی سیاسی کوردستان تووشی کورتهێنان بووە، کەتۆ لەهەموو لەحزەیەکدا ئەم کورتهێنانەت تووش ببێ، لەبەر ئەوە کاتی ئەوەیە کەتۆ بەبێ پاساو هێنانەوە پەنجە بخەینە سەر کێشەکان وەچارەسەری بۆ بدۆزینەوە، خاڵێکی تری لاوازی بودجەی کوردستان هەڵاوسانی ئیداریە، هەڵاوسانی ئیداری جاران ئەگەر بەبیرتان بێ یەکێ لەڕەخنەکانی ئێمە لەحکومەتی عیراقی هەمیشە ئەمانووت حکومەتی عیراقی پەنا بۆ بەتاڵەی موقەنەعە ئەبا،بەس ئەوەی لەکوردستانە بەڕاستی لەبەتاڵەی موقەنەعە تێپەڕیووە، یەعنی نزیکی (700000) کارمەند ئێستا لەکوردستانە هەیە، 24٪ی مووچە خۆرانی عیراق ئێستا لەکوردستانایە، کە بەڕاستی ئەوە حاڵەتێکی زۆر مەترسی دارە، بەڕاستی چارەسەری بیریشی لێ نەکراوەتەوە، ئەگەر تەماشای سیاسەتی حکومەتی هەرێمی

کوردستان بکەین لەسێکتەرەکانی تر ئەوا ئەوەنە لاوازە لەئێستادا بەڕاستی هیچ ئاسۆیەکی چارەسەرکردنی ئەم هەڵئاوسانە ئیداریە نابینرێ،میزانیەی تەشغیلی ڕۆژ بەڕۆژ زیاد ئەکا، ڕاستە بەشێکی عیلاقەی بەهەڵاوسانە ئیداریەکەوە هەیە، بەڵام هەندێکی عیلاقەی بەو بەفیڕۆدانەوە هەیە لەوەزارەتەکان کەپێمان وایە زیادەڕۆیی تێدا دەکرێت، بەرێزان بودجەی کوردستان چۆن ئامادە ئەکرێ؟؟بەباوەڕی من پێداویستیەکانی خەڵکی کوردستان لەگەڵ پێداویستیەکانی وەزارەتەکان لەوەحدە ئیداریەکان کۆئەکرێتەوە و بەرز ئەکرێتەوە لەم لاشەوە پارە دێت دابەش ئەکرێ، ئەمە لەڕاستی دا هیچ پرۆگرامێکی ئیقتیصادی لەپشتەوە نیە،یەعنی بەڕاستی سەرف، عەمەلییەیەکی حسابیە، یەعنی عەمەلییەیەکی ئیقتصادی نیە، ئەمە نابێتە ئەمەل بۆ داهاتوو بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکانمان بۆ بکا،بودجە ئەبێ ئەم خاڵانە لەخۆی بگرێ هەمیشە، چارەسەری بونیەی تەحتی، ڕاستە ئێستا بودجەی ئێمە بەشداری ئەکا لەو سێکتەرە، بەڵام هەموومان تێبینیمان هەیە لەسەر ئەم خاڵە، تەنمییەی بەشەری، بودجە ئەبێ بەڕاستی دەوری کاریگەری هەبێ لەتەنمیەی بەشەری، بەتایبەتی بۆ کۆمەڵگایەکی وەکو ئێمە دیارە تەنمیەی بەشەری زۆر بەرفراوانە،لە ئێستادا وەختی قسەکردن لەسەری نیە،وەناتوانین بڵێین بەشداری ناکات،بەشداری کردنەکە مەنهەجی نیە، لەوانەیە لەشوێنێکا باش بەشداری بکات لەشوێنێکی تر هەربەشداری نەکات، لەبەر ئەوە بەقەناعەتی من بودجەی ئێمە خاڵیە تاڕادەیەکی زۆر لەتەنمیی بەشەریدا، چارەسەری سەرەکی ئەمە کێشە سەرەکیەکەیە، بودجەی ئێمە بەبڕوای من هیچ چارەسەرێکی پێ نیە، هیچ نەهجێکی پێ نیە بۆ چارەسەرکردنی بێکاری، تاقە ڕێگایەك کەساڵانە حکومەتی هەرێم پەنای بۆ دەبات تەعیناتە،وەك وتم بەتاڵەی موقەنەعە، بەڕاستی ئەبێ بەدوای موصتەلەحێکی کەیا بگەڕێین لەبەتاڵەی مەقەنەع خراپتر، چونکە بەڕاستی مەترسیدارە،ئێستا ئەگەر تەماشای بکەین وەبەئامار وەری بگرین ساڵانە لایەنی کەم($50000$)کاری دەستی نوێ دێتە بازاڕەوە، ئەمساڵ ئەو ئامارەی من وەرم گرتووە ($100000$)قوتابی ئیمتیحان ئەدا لەپۆلی شەش، بابڵێین $20$٪ی ئەوانەی کەئیمتیحان ئەدەنەوە، لایەنی کەم چوار ساڵی تر($75000$) داوای ئیشت لێ ئەکا، داوای کارت لێ ئەکا، ئەمە بەڕاستی زۆر مەترسی دارە، ئەگەر تەماشا بکەی پاریش یاسایەکمان دانا کەموەزەفینی کەرتی حکومی تەشجیع بکەین بچێتە کەرتی تایبەت، کەواتە ئێمە ئیعیتراف ئەکەین فیعلەن هەڵاوسانی ئیداریمان هەیە، ئێستا هەوڵ ئەدەین سیستەمی خانەنشینی ئاسان بکەین، کەمی بکەینەوە بەڵام عەجاییبەکە لەویا هەیە کەئێمە هەڵاوسانی ئیداریمان هەیە، کەکێشەی بەتاڵەمان هەیە، بەڵام لەبەنگلادیش و لەچین و ماچینەوە کرێکار ئیستیراد دەکرێ بۆ وڵاتی خۆمان، کەئەمە بەڕاستی هیچ سیاسەتێك، هیچ پرەنسیپێك ئەمە قبوڵ ناکا،بەرێزان من داوا ئەکەم لیژنەیەك لەپەرلەمانی کوردستان پێك بهێنرێ بۆ چارەسەر کردنی ئەم خاڵانە،یەکێکیان سەبارەت بەلیستی داهات کەبەداخەوە زۆر درەنگ گەیشتە پەرلەمان سەرەڕای ئەوەی کەبودجە شەش حەوت مانگ دوا کەوتووە،هەموو لیستەکان زەحمەتیان کێشاوە، ڕاپۆرتی خۆیان نووسیوە، ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی نووسراوە، ئینجا لیستی داهاتەکان بۆ ئێمە دێ، لەڕاستی دا ئەمە بەهای ئێمەی بەتایبەتی لەبەشی داهات خستە ژێر

پرسیارەوە، بەراستی حەقە بۆ ئەم مەوزوعە لیژنەیەك پێك بهێنرێ و ئەم خاڵە یەكێ بێ بەڕاستی لێپێچینەوەی لەگەڵ بكرێ، پارە و داهاتی سندوقی خانەنشینی ئیدارەی سلێمانی، من بۆخۆم لەگەڵ هاوڕێیەكی ترم سەردانی (مەلیحە خانم) كرد وەفیعلەن یاسای سندوقی خانەنشینی لە ئیدارەی سلێمانی جێ بەجێ كراوە و ئەم بڕە پارەش هەم لە موەزەف بڕیوە هەم حكومەتیش یاویەتی، بەپێی ئەو تقدیراتانە نزیكی (90000000000) دینار ئەبێ ئێمە لەناو ئەو بودجەیە لەهیچ شوێنێكا نەمان بینی ئیشارەت بەمە بدرێ ئەم بڕە پارەیە لەكویە؟ داهاتی چەند وەزارەتێك، بۆ نموونە كارەبا، شارەوانی و تەندروستی و فڕۆكە خانەكان، هەمیشە بەرێز وەزیری دارایی ئەوەمان پێ ئەڵێ، ئەڵێ ئێمە ئەوە بە مەقاصە ئەیاندەینێ، یەعنی نەفەقاتیان چەندە ئەوا حساب ئەكەین و باقیەكە بە مینەح دائەنرێ، بەس لەڕاستی دا چەند شتێك هەیە كەگومانی خستۆتە سەر ئەم عەمەلیەیە،لەڕاستی دا ئەمە عەمەلیەیەكی سەقەتە، عەمەلیەیەكی حسابیە، ئەبێ هەمووی بكرێتە داهات هەر وەزارەتێك بەپێی پێویستی خۆی بیان درێتێ، بەلاَم هەر ئەو وەزارەتانە ئەو داهاتانەیان خستۆتە ژێر گومانەوە بۆ پەرلەمانتار، بۆ نموونە كاتێ وەزارەتی شارەوانیەكان هاتوونەتە لیژنەی شارەوانی خۆیان ئەڵێن ئەو داهاتەی تەخمین كراوە لەداهات یەك لەسەر سەدی داهاتەكەی ئێمە نیە، باشە پەرلەمانتار چۆن گومان ناخاتە سەر ئەم داهاتە؟ بۆنموونە وەزارەتی بازرگانی كەئێمە باسی داهات ئەكەین ئەڵێ باشە بەس مەعمەلی تاسلوجەی سلیمانی ڕاستە دراوە بەشەریكەیەك، بەلاَم ڕۆژی(1000)تەن چیمەنتۆ ئەدات بەحكومەت كەئەی فرۆشێتەوە، ڕاستە بەسیعری كولفەیە بەلاَم ڕۆژی (1000) تەن چیمەنتۆ، مەبلەغە دیار نیە، یەعنی سەیر ئەكەین زۆربەی زۆری وەزارەتەكان لەو داهاتە خۆیان شكمان بۆ دروست ئەكەن كە بەڕاستی پێویستە ئەوانە لێكۆڵینەوەی لەسەر بكرێ، ئەو سیستەمەش بەڕاستی ئەبێ بگۆڕدرێ  هەموو داهاتەكانیان بخرێتە ناو سندوقی داهاتەوە و پێداویستیەكانیان دواجار وەك هەموو وەزارەتەكانی تر پێیان بدرێتەوە، ئەم چەند خاڵەش پێویستە لەلایەن وەزیرە بەرێزەكانەوە وەلاَم بدرێتەوە، پاریش و پێراریش یەكێ لەگلەیەكان ناهەماهەنگی بوو لەنێوان وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتەكانی تر، من ئەوەی لەبەر دەستمدایە دوو نموونەیە، پار ئەوەمان وت پێراریش ئەوەمان دووبارە كردەووە، بەلاَم دیسان دووبارە دەبێتەوە، وەزارەتی سامانە سروشتیەكان ئێمە پرسیارمان كرد لەسەر پرۆژەیەك وتی ئەوە لەڕاستی دا پێداویستی ئێمە نیە، ئێمە كە لیستێكمان تەسلیمی وزارەتی پلاندانان كردووە ساڵی 2009-2010 ساڵاَنە خۆیان لەو لیستەیا پرۆژەكان دائەنێنەوە، بەڕاستی ئێمە ئەوەندە پارەمان هەیە یان وزارەتی پلاندانان یان كاتی نەبووە بودجە ئەوەنە زوو هاتۆتە پەرلەمانی كوردستان كەجارێكی تر مشاوەرە لەگەڵ ئەو وەزارەتە نەكات بۆ تازەترین ئاڵوگۆڕ، هەروەها وەزارەتی شەهیدان لەناو ڕاپورتی وەزارەتی شەهیدانیشا دیسان ئەو خاڵە باس كراوەتەوە كەبەبێ هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان پرۆژەكانیان بۆ دانراوە،دانانی میلاك، من زۆر تەركیزم خستە سەر میلاك سەرەڕای ئەوەی كەبەتاڵەی موقەنەع هەیە ئەوەتا دوو وەزارەت گلەییان لەوە هەیە كەمیلاكیان زیاتر لەوە بۆدانراوە كەدەیانەوێت، ئەمە بەراستی موعجیزەیە، یەعنی وەزارەتێك ئەڵێ من داوای (70)

میلاکم کردووه (150)م بۆ دانراوه، ئەمە لەڕاستی دا جۆرێك لەبێ سەروبەری دەرئەخا لەناو ئەو وەزارەتە،خاڵێك هەیە تەعویزاتی موەزەفین، ئێمە چەندین باب و ئەقسامان هەیە کەبەڕاستی مەتاتیە، ئەکرێ مەجالی تیادا هەبێ، مەسەلەن کەوەزارەتێك داوای بڕێك پارەی زۆری کردبێ کەم کرابێتەوە، بەس تەعویزاتی موەزەفین یەکێکە لەو ئەقسامانە کەموحەددەدە، یەعنی مووچەی موەزەفێك، ئەگەر سەیری بکەی لەناو بودجەیا ئەڵێ تەعویزاتی موەزەفین ئەوەی لەلایەن وەزارەتەکانەوە دانراوە، (130) سەد و سێ ترلیۆنە، ئەوەی وەزارەتی مالیە موافەقەتی بۆ کردووە شەست و هەشت ترلیۆنە، بەقەناعەتی من ئەمە مەنتیقی نیە،شەمەك و خزمەت گوزاری و چاك کردنەوە ئەمساڵ ترلیۆنێك و شەسەد و بیست و چوار ملیۆن دیناری بۆ دانراوە، دەکاتە 15٪ وەپارساڵیش 15٪ ئەم ڕەقەمە، بەڕاستی جێگای پرسیارە بۆ شمەك هەموو ساڵێك دووبارە بکرێتەوە؟؟یەعنی نزیکی ملیارێك دۆلار،یەك خاڵی تر جگە لەوەی کەمیحوەرێکی ترم ماوە کەعیلاقەی بە پەیوەندی بەو سیاسەتەی، بەڕاستی پەیوەندی بەو جەنگە ئابووریەی عیراقەوە هەیە لەدژی ئێمە، بەلاّم پێش ئەوە دەمەوێ باسی ئەو نیزامە ئیقتصادیە بکەم کە ئێستا ئیشی لەسەر دەکەین، نەنیزامی ئیشتراکیە، نەنیزامی سەرمایە دارییە، لەڕاستی دا تێکەڵەیەکە، من خۆم پێی ئەڵێم نیزامی میزاجی، نیزامی سەرمایەداری دوورە لەئیحتیکارەوە نیهائیەن، یەعنی نیزامی ئیشیتراکی ئەسالیبی ئەساسیەکەی موونافەسەیە موونافەسە پێشی ئەخا، ئەوە نیزامی ئیشیتراکیە کە دەوڵەت ئیحتیکار ئەکا، بەلاّم هەمووومان شکمان لەوە نیە کە ئیحتیکار لەزۆر شوێنا هەیە، لەهەموو شوێنێك هەیە، ئێمە دە ملیار دۆلار لە بەغداد گیری خواردووە، بەرێزان دیارە داهاتی ئێمە 97٪ لەعیراقەوە دێ لە 3٪ لەکوردستان دێ، خۆی لەڕاستیا ئەو 3٪ یەش ئەبێ بیدەینەوە بە بەغداد بە مەقاصە بمانداتەوە، لەساڵی 2007 بەقەناعەتی من ئەوە جەنگێکی ئیقتیصادیە دژی هەرێمی کوردستان ئیعلان کراوە بۆ دوو مەبەست، یەکێکیان بۆ مەنزومەی ئێمەیە کەهێزی پێشمەرگەیە، دووهەمین بۆ لێدانی ئیقتیصادی ئێمەیە، کەدواجار بەداخەوە بە عیجز گەیشت، ئێستا ئەگەر تەماشای موقارەنەکە بکەین حکومەتی مەرکەزی شەست ملیار دۆلاری ئیحتیاتي هەیە، هەر ئەمساڵ سی و یەك ترلیۆن دیناری بۆ بودجەی سیادی داناوە، ئەگەر سەیری مەنزومەی دیفاعی بکەین کەهێزی پێشمەرگەیە دەبینین مووچەی کەم، بەبێ چەك، بەبێ دیفاع، تەبعەن بەقەناعەتی من سەبەبی رەئیسی ڕاستە حکومەتی ناوەندە، بەلاّم وەزارەتی مالیە زۆر لاواز بووە بەرامبەر ئەو جەنگە و نەیتوانیوە ئەو وێستگانە بەکاربێنێ بۆ ئەم تەحدایە کەمن هێواش هیواش دەچمە سەری وهیوادارم جەنابی سەرۆك ئیجازەم با، چونکە ئەمە مەسەلەیەکی هەم نیشتیمانیە هەم داهاتە، بڕینی بودجەی پێشمەرگە لە 2007ەوە بەبەردەوامی کەساڵانە لە شەش سەد ملیۆن دۆلار کەمتر نیە، سیاسەتی پترۆ دۆلار کە نەئەبوایە لەهیچ کاتێکا ئێمە ئەمەمان قبوڵ کردابایە،نەوت لەکوێ دەردێ؟؟نەوت هەر لەعیراق دەردێ، یەعنی بەڕاستی سیاسەتی پترۆ دۆلاری ئەمساڵ، یەعنی ئەگەر سیاسەتی پترۆ دۆلار نەبوایە ئێمە حیصەی خۆمان وەگرتایە تەنها لەمەدا دووسەد ملیۆن دۆلار قەرزارین، دووسەد ملیۆن دۆلار زەرەر دەکەین، ئەمە تەبعەن ئیدامەی دەبێت، یەعنی هەرچی عیراقە نیازی هەیە

سالأنه فرۆشی نەوتی لەڕۆژێکا بچێتە دەملیۆن بەرمیل نەوت، ئەمە ئەگۆڕێ، یەعنی لەساڵێکا بەملیار دۆلار زەرەر ئەکەین، لەڕاستیدا ئەمە سیاسەتێکی زیرەکانەیە و پلانێکی زیرەکانەیە،سیاسەتی مەنافیزی حدودی، ئەم سیاسەتەش لەئیستادا لەوانەیە دەرنەکەوێ، بەلأم ئەمە ڕەقەمێکی زۆر خەیاڵی ئەبڕێت، چونکە سەرچاوەی تیجارەتی عیراق بەصرەیە، لەبەصرە بەباخیرە ماڵ دێت، گومرگ لەبەصرە وەردەگیرێت، ئێمە لەئایندەدا زەرەرێکی زۆرگەورە دەکەین وەئەمانە خارجی دەستورە، هێواش هێواش حکومەتی عیراقی بەبەرنامە ئەمانە دائەڕیژێت و لەئایندەدا سالأنە ئێمە بەملیار دۆلار زەرەر ئەکەین کە بەداخەوە وەزارەتی مالی ئێمە بێئاگابووە، بەسەریا تێپەڕیوە،دەبوایە قبوڵی نەکردایە،سیاسەتی دانانی نرخی نەوت، سالأنە تەخمینی ئەکەن بە (20) دۆلار دوایش عەل ئەساس بەبودجەی تەکمیلی ئەماندەنێ، کە لەڕاستی دا ئەوەش جۆرێکە لەفێل، جۆرێکە لەزیرەکی و 67٪ نەوتی عیراق لەو سێ شارەی جنوب دەردێت، لەوەشا ڕەقەمی خەیاڵی زەرەر ئەکەین، زیاد کردنی قەبارەی بودجەی سیادی، ئەمساڵ (31) ترلیۆن دینار بودجەی سیادی ئەمساڵی عیراقە، نەدانی حیصەی هەرێم لەبودجەی حاکیمە، بودجەی حاکیمە (7) فەقەرەیە، لەهەر(7) فەقەرەکەیا پارەی تەواویان نەداوە پێمان، لەهەندێکیان هەر هیچان نەداوە، ئەوە بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی، لەهەندێکیان هیچیان نەداوە، لەهەندێکیان 20٪ یان داوە، لەهەندێکیان 58٪ یان داوە،لەهەندێکیش 85٪ یان داوە،تەبعەن لەناو بودجەی عیراقا سێ ماددەی ترسناکی تیایە بەداخەوە بەسەرماندا تێپەڕیوە و جیهەتی مەعنی بەقەناعەتی من وەزارەتی مالیە بووە، ئەو وێستگانەی کە چارەسەرن و وزارەتی مالیە یا حکومەتی هەرێم ئەبوایە بیگرێتە بەر یا پەنای بردایە بۆ دەستور، قبوڵی نەکردایە یەك لایەنە حکومەت داینێ.

2-ئەنجومەنی وەزیران، میزانیە دوای ئەوەی لەوەزارەتی مالیە ئەنێرێ لە ئەنجومەنی وەزیران موصادەقە ئەکرێ، وەزارەتی مالیە ئەبوایە ئەنجومەنی وەزیران ئاگادارکاتەوە کەڕازی نەبن وەزیرە کوردەکان لەسەر ئەو میزانیە،هەروەها پەرلەمانی عیراق، دەبوایە پەرلەمانی عیراق دواجار لەو پیلانانە، لەو فێلانە ئاگادار بکرایەوە، بەداخەوە دیارە ئەمە لە شانی پەرلەمانتارەکان لەم مەسەلەیا کەم ناکاتەوە، بەلأم جیهەتی مەعنی پێم وایە وەزارەتی مالیەیە، دواجار کەلە پەرلەمانی عیراقی موصادەقە ئەکرێ ئەچێ بۆ سەرۆك کۆمار کەئەکرا بەڕێز سەرۆك کۆمار بە(ڤیتۆ)ئەم یاسایەی رەفز کردایە، کەبەداخەوە بەقەناعەتی من دیسان وەزارەتی مالیە لێرەیا موقەصیرە ئەم هەموو وێستگانەی لەبەر دەمیا بووە نەیتوانیە ئەم پیلانە فەشەل پێبێنێ، دیارە لەڕاپۆرتی لیژنەی داراییشدا ئەم خاڵە ئیشارەتی پێدراوە وەداوای کردووە کەلیژنە بێ، ئەگەر لەڕووی یاساییەوە یاسایی بێت من بەڕاستی داوا ئەکەم (سحب الید) ئەگەر یاسایی بێت لەجەنابی وەزیر و جێگرەکەی بکرێ ئەگەر یاسایی بێت، ئەگەر یاسایی نەبێت لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە بکرێت، چونکە بەڕاستی ئەوە پیلانێکی مەترسیدارە وەلە ئایندەدا زەربەیەکی زۆر گەورەمان لێدەدا و سوپاس.

**بەڕێز بایز تالەبانی-وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی کەباسی رجات لێ ئەکەم بامن هەندی فەقەرە هەیە زۆر کەمە وەڵامی بەمەوە، دواتر پرسیارم هەیە، کەئەڵێن وەزارەتی دارایی ئیراداتەکانی نە ناردووە ئەگەر لیژنەی دارایی بڵێ ئەمە نەگەیشتۆتە دەستمان حیسابی مینەح ئەکا هەموو ئەو ئیراداتانەمان لەو جەدوەلە داناوە، ئەوە (یەك)، هەموو ئیرادەکانی تیایە و موازەنەی ئەو حیساباتانە هەمووی لێرەدایە ئەوەی کەئەوان ئەیلێن، (دووەم)کەداوا ئەکا سەحبی سیقە و کەداوا ئەکا وەزارەتی مالیە نەینووسیوە بۆسەرۆك کۆمار و ئەمانە، ئەمە کیتابی مەجلیسی وزەرائە لەلامە کۆنووس کە بۆ سەرۆك کۆمار نووسراوە و ئێمە ئەمانەمان کردووە، بەلأم ئەو برادەرە ئاگای لەو شتانە نیە کەکراوە یەك ئیزبارەم هێناوە فەرموو تەماشای بکەن، دەیەها کیتاب بەئیمزای رەئیس وزەرا و بەئیمزای خۆم و وەزیری پلاندانان بۆسەرۆکی کۆمار نووسراوە، بۆ وەزارەتی دارایی نووسراوە، بۆهەموو شوێنێك رۆیشتووە، وەفد ڕۆیشتووە بۆ بەغداد، من لەزمنی وەفدەکە بووم، وەکیلەکە لەزمنی وەفدەکە بووە، وەزیری پلاندانان لەزمنی وەفدەکە بووە، بەلأم ئێستا دێتە ئێرە وائەزانن هیچ نەکراوە،ئەمە یەك ئیزبارەیە وەبەدەیەها ئیزبارەی تریشم لایە ئەتوانن سەیری بکەن،تکایە ئەگەر بەم نەوعە ئەگەر لەسەر ئەم ئەساسانە ئەتانەوێ ئێوە باسی سەحبی سیقەو متمانەو ئیحالە بۆ مەحاکم هەموو شتێکمان هەیە ئێمە،ئاخیر کۆنووس بۆسەرۆکی کۆمار نووسراوە و لەرێگای مەجلیسی وزەراش ناردوومانە و هەرسێکیشمان ئیمزامان کردووە.

**بەرێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێخ ئیعتیادیە پەرلەمانتار باسی سەحبی سیقە بکا، بەلأم لەچوار چێوەی قانونی خۆی.

**بەرێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەوەی کەدیارە بودجەی ئەمساڵ جیاوازی هەیە لەگەڵ بودجەی ساڵانی ڕابردوو و ڕاپورتی لیژنەی داراییش ئەمساڵ جیاوازە لەساڵانی ڕابردوو.

پێش هەموو شتێك من دەست خۆشی لەوەزارەتی دارایی دەکەم بەتایبەتی بۆئەو پێشنیارانەی لەناو ڕاپورتەکەی خۆیان دا داناون کەوایان لێکردووە بەڕاستی ڕاپۆرتەکە ڕوویەکی جەماوەری وەرگرێ و زیاتر بۆ ناو کۆمەلأنی خەڵك شۆڕبێتەوە، بارودۆخ و گوزەرانیان باشتر بکات، بۆیە من پشتگیری تەواوم بۆهەموو ئەو پیشنیارانە هەیە لەهەمان کاتیشدا پێشنیاری لیستی کوردستانیشە.

بەڕاستی من لەمەسەلەی (عجز) کەساڵانە دەست پێ دەکا ئەمساڵیش ئەو کورتهێنانە زیاتر بووە بەداخەوە، ئەگەر حاڵ، بارودۆخی پەیوەندی پەیوەندی هەرێم لەگەڵ بەغداد و تصروفاتی بەغداد بەو شێوە بڕوا من تەوەقوع دەکەم لەساڵانی ئایندەدا کورتهێنان زیاتر بێ لەبەر ئەوە من ناوی نانێم (عجز) ئەگەر لەنیزامی موازەنەدا پێی دەگوترێ عجز من (ع) دەکەمە (ح) ئەمە بەڕاستی حجزە، ئەمە بەڕاستی زۆر لەوە زیاتر کاك (اسماعیل) ئاماژەی پێدا (10)ملیار دۆلار، نەك هەر شەش ترلیۆن دینارەکەی لەبەغداد ماوە، زۆر لەمە زیاترە، ئەمە عجز نیە، حجزە لەوێ، بۆیە پێویستە ئیتلاقی ئەو حجزە بکرێ،

من پێم وایە ئەمە بەوەسائیلی یاسایی و کیتاب ناکرێ، زیاتر پێویستی بە مەوقیفێکی سیاسی زۆر حاسم و حازم هەیە، هەتا ئەوە و زۆر شتی تریش لەبەغداد حجز بووە ئەمانە بگەرێتەوە، بۆیە من داوا دەکەم بەڕاستی ئێمە با قورسایی خۆمان لەپاش موناقشەی بودجە بخەینە سەر ئەو بوارە بۆئەوەی ئیلزامی دەستەلأتی کوردستان بکەین وەئیلزامی حکومەتی کوردستان بکەین بۆ ئەوەی بەسیاسەتێکی تر مامەڵە لەگەڵ بەغدا بکا بەتایبەتی بۆئەو مەسەلەی عجزە.

خاڵێکی تر بەرێزان ئێمە تائێستا نازانین نەوتی عیراقی چۆن دەفرۆشرێ و چۆن دەڕوا و بەچەند دەروا و دێ؟ ڕاستە مەسەلەیەکی عیراقیە، ڕاستە ئەنجومەنی نوێنەران لەبەغدا هەیە، بەس ئەوەی کەئێمە مەعلوماتمان هەیە لەعیراقدا کۆمپانیایەك هەیە بەناوی کۆمپانیای (سۆمۆ) ئەو کۆمپانیایە دەستەلأتی تەواوی بەسەر هەموو نەوتی عیراقەوە هەیە، ئەم کۆمپانیایە لەپێش 2003 هەبووە لەعیراق سەربە دەستەلأتی ڕژێمی بەعسی ئەوکات بووە، ئیستاش هەرماوە و هەر ئەوە مامەڵە بەنەوتی عیراقەوە دەکا، ئەوەی کەئێمە زانیاریمان هەبێ ئەو کۆمپانیایە نەسەر بەحکومەتی عیراقە نەسەر بەئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقە، بەڵکو سەربە چەند کەسێکی تایبەتەوەیە.

ئەگەر حکومەتی عیراقیش نەزانێ لەوانەیە زۆر لەئەندامانی ئەنجومەنی عیراقیش نەزانن کۆمپانیای (سۆمۆ) چۆن مامەڵە بەنەوتی عیراقەوە دەکا؟ باشە نوێنەرانی ئێمە، وەزیرانی ئێمە، برِیکاری وەزیرانی ئێمە لەبەغدا، ئەندام پەرلەمانەکانی ئێمە لەبەغدا کەی دەبێ بزانن (سۆمۆ) چ لەونەوتە دەکا؟ ئەو نەوتە بەچەند دەفرۆشێ؟ یەعنی ئەمە گومان لەوەدانیە کەسەقفی فرۆشتنی نەوتی عیراق لە(100)دۆلار بەسەرەوەیە،باشە ئەو فەرقەی کەلەوێ فرۆشراوە بەشی ئێمە، بەشی کوردستان لەو فەرقە کوا؟؟کەی داوا دەکری کەئەوە نەچۆتە ناو عجزەکەوە، نەچۆتە ناو 17٪ کەشەوە؟ رۆژێکیش نەمان بیست نوێنەرانی ئێمە لەبەغدا ئەو مەسەلە ئیشارە پێبکەن، بۆیە لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزم بۆیان ئەوە بەدوا داچوونی بۆبکەن، وەزیری دارایی بەرێز لەراپۆرتەکەی خۆیدا گوتی حیساباتی خیتامی 2009 لەو پەرلەمانە تەصدیق کراوە، بەلأم حیساباتی 2010 تائێستا تەصدیق نەکراوە، من پرسیارم لێیان و لەسەرۆکی پەرلەمانیش ئەوەیە، مادام تەصدیق نەکراوە چۆن ئێوە میزانیەی 2011 و 2012 شتان لەسەر دانا؟.

عیلاجی بێکاری کە هاوکارم کاك (اسماعیل)یش ئیشارەی پێدا ئەوە دەبێ یەك لەئامانجەکانی بودجەبێ و ژێرخانێکی ئابووری تەواو بۆ ولأت دابنێ، تاکە عیلاجی ئێمە تەعیناتە، دوو، سێ جۆر تەعینات هەیە، تەعیناتێك دەوام دەکا، تەعیناتێك دەوام ناکا، کە تائێستا ئەو وەزارەتانە بەدەست ئەوانەوە دەناڵێنن کەمیلاکن بەسەریانەوە و دەوامیش ناکەن، مەعاش وەردەگرن و لەسەر میزانیەی تەشغیلیش حیسابن و لەقوەی تەعیندا ئەوانە بەشدارن و هیچ ئیستیفادەشیان لێناکرێ، بۆیە پێویستە لەبودجەدا گرنگی بەکەرتی تایبەت بدرێ.

لەبودجەی لەساڵی 2012 من تەوەقوعەم دەکرد لەبودجەی کوردستان نیزامی (سێکتەرات)بەکاربێ، واتە لەبودجەی هەر ساڵێکدا موعالەجە بکرێ، یالەسەر ئاستی حاڵەت یالەسەر ئاستی پارێزگاکان، بۆنمونە ئێمە

بەردەوام مەجموعەك كێشەمان هەیە، وەك دروست كردنی قوتابخانە، كێشەی ئاو، كارەبا، نیشتەجێبوون، دەكرێ ساڵی یەكێكیان یادوانیان زیاتر قورسایی بودجە بۆ ئەو تەحویل بكرێ، مەسەلەن قورسایی زۆر لەبودجەی 2012 بۆ دروست كردنی قوتابخانە بوایە تالەساڵانی داهاتوو ڕزگاربایین لێی، ئەگەر وامان كردایە ئێمە بەڕاستی لەخیلالی سێ چوارساڵ دەمانتوانی لەزۆر لەم حاڵەتانە ڕزگارمان بێ، یالەسەر موستەوای پارێزگاكان، بۆ نموونە ساڵێك زۆرترین بودجە بۆپارێزگایەك بێ تاكێشەی ئەم پارێزگایە چارەسەر بكرێ، لەساڵی ئایندە بۆ پارێزگایەكی تر تادوایی،مەسەلەیەكی تر كەوا زۆر كەم باس دەكرێ بەداخەوە ئاسەوارەكەشی زۆر زۆر گەورەیە ڕۆژ بەڕۆژ ئاسەواری خراپی لێدەكەوێتەوە.

مەسەلەی ئەو هەموو سەیارانەی كەوا هاوردە دەكرێن، ناڵێم ساڵانە و مانگانە بەڵكو ڕۆژانە بەهەزاران سەیارە داخیلی كوردستان دەبێ،وەزارەتی بازرگانی دەڵێ لای من نایە، ناوخۆ دەڵێ لای من نایە، دارایی دەڵێ لای من نیە، گواستنەوە و گەیاندن دەڵێ پەیوەندی بەمنەوە نیە، باشە كێن ئەوانەی كە بەدەیەها هەزار سەیارە دەیهێنێتە ناو كوردستان؟ سەیری ئامارەكانی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ بكە كەوا ڕووداوەكانی گیان لەدەست دان و معەوەق بوون ڕۆژ بەڕۆژ لەزیاد بوون دایە، نەتیجەی خراپ بەكارهێنانی سەیارەكان و قەلەبالغی سەیارەكان، ژینگە پیس بووە، نەخۆشی زۆر زیاتر بووە، كەواتە نەجادە بەش دەكا نەبەنزین، هیچ شتێك بەش ناكا، نەكامیرە لەحەق دێ لەبەر زۆری سەیارە، ئێمە لەگەڵ ئەوەین خەڵك لەخۆشی بژی، بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو سەیارە زۆرە نین، ئەمە خەلەلێكی سیاسی ئیقتیصادی كۆمەڵایەتی پێویستە عیلاج بكرێ، پێویستە پەرلەمان سنوورێك بۆ هاتنی ئەو هەموو سەیارە دابنێت، بەسە تاكەی؟ هەرلەبەر ئەوەی داهاتمان دەبێ؟ ئی باشە داهات ساڵ بەساڵ كەم دەبێتەوە، ئاخیر خاڵم دەبێ حكومەت بەهەموو موخەصەصاتەكاندا بچێتەوە، لەبەر ئەوەی نیزامی موخەصەصات نا دادپەروەری تیایە، چینێك موخەصەصاتی باشە كە موستەحەق نیە، چینێك ڕۆژانە خۆپیشاندان دەكەن نایان درێتێ،من دەمەوێ یەك نموونە بێنمەوە، مامۆستایانی ئاینی مونتەسیبینی وەزارەتی ئەوقاف، ئەگەر هەموو موزەفی حكومەت ڕۆژی (7) سەعات دەوام بكەن ئەوان ڕۆژێ (18) سەعات دەوام دەكەن، لەنوێژی بەیانی تانوێژی عیشا، مامۆستای ئاینی مولزەمە لەمزگەوت بێ و دەوام بكا، نەجەژنی هەیە و نەجومعەی هەیە، بۆیە زۆر زۆر گرنگ و پێویستە ئەگەر بەنیزامی موخەصەصات دابچینەوە، بەڵام یەك لەو چینانەی كەپێویستە دەسكاری مووچەیان یان موخەصەصاتیان بكرێ مامۆستایانی ئاینیە، ئەویش لەبەر ئەوە مەسەلەیەكی ئاینیە، نەك بەزەیی پێداهاتنەوە، لەبەر ئەوەی پشوویان نیە، هەموو ڕۆژ دەوام دەكەن، بۆیە داوا كارم لەهاوكارانم هاوكاریمان بكەن تاموخەصەصاتێكی باش بۆ مامۆستایانی ئاینی دابین بكەین و سوپاس.

**بەڕێز كوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسەرەتا پشتگیری لەڕاپۆرتەكەی كاك (كاردۆ) ئەكەم بەتایبەتی بڕینی 10٪ی بودجەی بەكاربەر و بەو شێوەیەی كە دایرێشتۆتەوە بۆ سوود گەیاندن بەكۆمەڵگاكەمان، من تێبینیم لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی

داراییە بەتایبەتی بەشی یەکەم کەتایبەتە بەلیژنەی دارایی ئەخەمە ڕوو، سەرنج و تێبینیەکانم سەبارەت بەپڕۆژەکە لەڕۆژانی داهاتوودا ئەخەمە ڕوو سەبارەت....

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان ئەوانەی پێش تۆ قسەیان کرد، شمولی قسەیان کرد، تۆش شمولی قسە بکە، چونکە ئەوانەی دوێنێش قسەیان کرد هەرلە دروست کردنی مەکتەب و خانوو بەرجادە دەکەویٚ، موخەصەصات هەموو قسەیان کرد بەڕاستی.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ڕاپۆرتە ڕاپۆرتی هەموومانە ڕاپورتی ئەندام پەرلەمانەکانە،ڕاپۆڕتی لیژنەی دارایی نیە تەنها، سوپاس.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئیلتیزام بەپەیڕەوی ناوخۆ و شێوازی بەرێوەبردنی سالأنی ڕابردووەوە ئەکەم، لەبەر ئەوە سەرنج و تێبینیەکانم لەسەر ڕاپۆرتەکە ئەیەم،ڕۆژانی داهاتوو سەرنج و تێبینیەکانم لەسەر کۆی بودجە ئەخەمە بەردەمی وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان.

سەرەتا دەست خۆشیم بۆ لیژنەی دارایی ماندووبوونیان هەڵەسەنگێنم، بەلأم بەداخەوە کەموکورتی زۆر لەڕاپۆڕتەکەیانە هەیە، ئەگەر بەراوردی بکەی بەڕاپۆرتی سالأنی پار و پێرار، ڕاپۆرتی سالأنی پێشوویان زۆر تێرو تەسەلتر بوو،تێبینی یەکەمم ئەبوایە لیژنەی دارایی وەك لیژنەیەکی تایبەتمەند و پسپۆر بهاتنایە شیکاریەکی زانستی هەمەلایانەیان بکردایە لەسەر بودجەکە،ڕای خۆیان بدایە بۆئەم بودجە زەبەلاحە، ناتوانیٚ کێشەکانی (بێکاری،هەژاری،نیشتەجیٚ بوون) چارەسەر بکا؟ بۆئەم بودجە زەبەلاحە نەیتوانیوە ژێرخانی ئابووری ببووژێنێتەوە؟ بۆئەم بودجە زەبەلاحە چارەسەرەکانی بۆ (کەرتی کشتوکالی و کەرتی پیشەسازی) ئەوەندە لاوازە؟ تێبینی دووەمم ئەوەیە ئەگەر بەشە بودجەی هەرێم کەلەمەرکەزەوە دێت کۆبکەیتەوە لەگەڵ پترۆ دۆلار لەگەڵ داهاتی ناوخۆ، لەگەڵ ئەو عیجزەی هەیە وەزارەتی مالیە کەوتۆتە هەلەی چوار ملیۆن و چل ملیۆنەوە، ڕاستە ئەمە هەڵەیەکی زۆر نیە، بەلأم ئەبوایە لیژنەی دارایی ئەم هەڵەی تۆمار نەکردایەتەوە، لەناو ئەو ژمارانەیە کەنووسیویەتی، خاڵی سێیەم وەزارەت لەدیاری کردنی کورتهێنان بەهەڵەیا چووە، دیارە کورتهێنانی وەزارەتی پێشمەرگەی بە ترلیۆنێك و دووسەد ملیار و سیٚ سەد و بیست ملیۆن داناوە لەکاتێکا خۆی عیجزەکە نۆسەد و پەنجا و دوو ملیار و نۆسەد و هەشتا ملیۆنە، و فەرقەکە دوو سەد و چل و حەوت ملیار و سیٚ سەد و چل ملیۆنە، واتە عیجزە حەقیقیەکە یەك

ترليۆن و چوار سەد و و شەست و حەوت مليار و نۆسەد و هەشتا مليۆنە نەك دوو ترليۆن و چل و چوار مليار و هەشت سەد و چل و حەوت مليۆن، ئەبوايە ليژنەی دارايی ئەم هەڵەی بەسەر تێنەپەڕيايە و سەرنجی خۆی لەسەر بايە و ڕوون كردنەوەی بايە لەسەر ئەوەی ئێمە كەچۆن چارەسەرێك بكەين بۆ عيجزەكە.

تێبينيەكانم لەسەر داهاتی ناوخۆ، ڕاپۆرتی ليژنەی دارايی كەمترين وشەی نووسيوە لەسەر داهاتی ناوخۆ، ئەگەر سەيری ڕاپۆرتەكەيان بكەين هەريەك وشەشی نەنووسيوە لەسەر ئەو داهاتە زۆرەی نەوت.

ديارە هاوڕێكانم بەدرێژی لەسەر داهاتی نەوت قسەئەكەن، بەلاَم من تەنها يەك نموونە ئەڵێم، لەكۆتا عەقدی حكومەتی هەرێم لەگەڵ كۆمپانيای (ئيكس مۆبيل) پێنجسەد و هەژدە مليۆن دۆلاری وەرگرتووە حكومەتی هەرێم باس نەكراوە لەناو بودجەكەيا، ئەگەر باسی خاڵە سنووريەكان بكەين كەبەداخەوە زۆر كەم قسەی لەسەر كراوە لەڕاپۆرتەكەيا ئەكرێ ئەمە بەعەقلی كێيا ئەچێ كەتەنيا داهاتی پارێزگای ئەنبار يەك خاڵی سنوری هەيە سێ بەرامبەری هەموو خاڵە سنووريەكانی هەرێم بێت، ئايا ئەمە ڕاستە؟ بۆ ليژنە ئەمەی تاوتوێ نەكردووە؟ لەكاتێكا بەرپرسی گومرگی ئيبراهيم خەليل ئەڵێ تەنها داهاتی يەك ڕۆژی ئيبراهيم خليل يەك مليۆن دۆلارە، ئەبوايە ئەمە بەدوا داچوونی بۆ بكرايە لەلايەن ليژنەی داراييەوە، ئەمە تەنها دوان لەو نموونانەی كەناويان هاتووە لەناو بودجەيا.

من يەك نموونە ئەهێنمەوە لەو داهاتانەی كەباس نەكراون ديارە پێشتر باس كرا بەس من ڕوون كردنەوەی زياتری لەسەر ئەدەم، مەسەلەی چيمەنتۆيە (كارگەی تاسلوجە) ڕاستە دراوە بەكەرتی تايبەت، بەلاَم ڕۆژانە (1000)تەن ئەدا بەحكومەت، حكومەت بە(60)دۆلار ئەدا، داهاتی سالی 2011 هەژدە مليار و دووسەد و شەست و پێنج مليۆن بووە، هی ئەمساڵی تائێستا بەنزيكی(90000000000) مليارە وئەشزانم ئەو داهاتە ئەچێتە سەر حيسابی جاريەی حەرەكەی نەقدی وەزارەتی دارايی بەژمارە (15303) ی سليمانی و ئەشزانم چۆن سەرف كراوە،ئەبوايە ليژنەی دارايی بەدوا داچونی بكردايە ئەم داهاتە بۆئەچێتە ئەم بانكەوە و چۆن چۆنی سەرف ئەكرێ؟ تێبينيەكانم لەسەر پرۆژەكان، ديارە ئەمساڵيش بەهەمان شێوەی بابەتەكانی تر كەمترين ڕوون كردنەوە دراوە لەسەر پرۆژەكان من چەندين تێبينيم هەيە، بەلاَم تەنها ئەو كەمو كورتيانە باس ئەكەم:

1-خەرج نەكردنی پارەی پرۆژەكان بەشێوەيەك ساڵانە بودجەی بەكار بەر ئەبێ 85٪ و بودجەی وەبەرهێنان ئەبێ بە 15٪،ئەمە لەناو دۆكۆمێنتەكانی وەزارەتی دارايی خۆيان هاتووە كەپار ساڵ 16٪ بودجەی وەبەرهێنان چۆتە بواری جێ بەجێ كردنەوە، ئەويكەی تری چووە بۆ بودجەی بەكاربەر كەهەموو ساڵ ئەوە دووبارە ئەبێتەوە.

2-دابەش كردنی پرۆژەكان بەسەر وەزارەت و سێكتەرەكاندا بنەمايەكی تەندروستی نيە.

3-هەندێ پرۆژە بۆ وەزارەتەكان دانراوە كەكاری ئەو وەزارەتانە نين.

4-دانانی پرۆژە بۆكەرتی تايبەت.

5-نارِوونی لەهەندێ پرۆژەدا هەیە.

6-گرفت لەتەرخان کراوی پرۆژەکاندا هەیە،بەنموونە(257)پرۆژە هەیە کاتی تەواوبوونی لەساڵێك کەمترە ئەمانە یەك لەسەر سێی بودجەکەی بۆدانراوە واتە پرۆژەیەکی یەك ساڵی بەسێ ساڵ تەواو ئەبێ، لەناو ئەمانەیە (57)یان لەشەش مانگ و تیایەتی چوار مانگە یەك لەسەر سێی بۆدانراوە، کەواتە پرۆژەیەکی شەش مانگی یاچوار مانگی بەسێ ساڵ تەواو ئەبی کەئەبوایە لیژنەی دارایی ئەمانەی بەنموونە بهێنابایەوە و داوای لەلیژنەی پلاندانان بکردایە ئەم پرۆژانە کەساڵێك و ساڵێك کەمترە لەساڵێکا تەواوی بکات.

7-رەچاونەکردنی دابەشکردنی پرۆژەکان بەسەر ناوچەکاندا.

8-هەندێ خەرجی هەن ئەبوایە لەپرۆژەی بەکاربردنا بوایە وەك کڕینی سەیارە، کڕینی مەوادی پاکەرەوە، کڕینی سۆندە،ئەمانە هی بودجەی بەکاربەرن ئەبوایە لیژنە ئەمەی هەست پێکردایە و داوای لەوەزارەتی دارایی بکردابایە ئەمانە بگوێزێتەوە بۆبەکاربەر.

تێبینیەکانم لەسەر بودجەی بەکاربەر زۆر زۆرن تەنها دوو نموونەی باس ئەکەم،حکومەت زانیاری هەڵەی یاوە بە پەرلەمان، کەچی لەڕاپۆرتی لیژنەی داراییا یەك وشەشی لەسەر نەنووسراوە، بۆنموونە لەژمێرەی یەکەمی شەش مانگی پارساڵ بۆ پەڕاوگە شەش ملیار و سێ سەد و سی و یەك ملیۆن خەرج کراوە کەچی لەبودجەی ئەم ساڵ بۆ پەڕاوگەی شەش مانگی پارساڵ کراوە بەچوار ملیۆن و شەش سەد و و سیانزە ملیۆن کەواتە دوو ترلیۆن و سێ سەد و هەژدە ملیۆن هەڵەی کردووە وەزارەتی دارایی، کامیان ڕاستە بۆمان ڕوون بکەنەوە؟ پێویست بو تەبعەن ئەوە دەیان نمونەم لایە پێویست بو لیژنەی دارایی ئەم نمونانە تاوتوێ بکا لەگەڵ وەزارەتی دارایی لیێان بپرسێ، تکایە پێمان بڵێن حیسابی خیتامی ئەوەی پێشوتان ڕاستە یائەوەی کە لەبودجەکەیا بۆ ئێمەتان ناردووە؟ بەهەدەردانی زۆر هەیە کەلێرە تەنها یەك نموونەیان ئەخەمە ڕوو کەدەیان نموونەم لەبەر دەستایە، بۆکتێب چوار ملیار و سەد و شەست و حەوت ملیۆن دینار لەبودجەی 2010 تەرخان کراوە لەکاتێکا بۆ شەش مانگی پار سێ سەد و دوو ملیۆن دانراوە، ئەگەر بەراوردێك بکەین ئەوەی ئەمساڵ دانراوە حەوت ئەوەنەی پارە بۆ ئەم کتێبانە حەوت ئەوەنە زیادی کردووە لەکاتێکا ئەم کتێبانە هی وەزارەتی ڕۆشنبیرین و وەزارەتی پەروەردەش نین، چونکە بۆ وەزارەتی ڕۆشنبیری سێ سەد و یەك ملیۆن دانراوە.

بۆ وەزارەتی پەروەردە پێنج سەد و چل و هەشت ملیۆن دانراوە و بۆ کتێبی قوتابخانەکانیش هەشتاو حەوت ملیۆن دانراوە، ئەم کتێبانە چین کەئەم پارەی بۆدانراوە وەزارەتی دارایی پێویست بو هەموو ئەو بەهەردانە لیژنەی دارایی بیخاتە بەردەم وەزارەت و پێی کەمکاتەوە، تێبینیە گشتیەکانم لەسەر ڕاپۆرتی دارایی ئەوەیە لیژنە هیچی نەنووسیوە لەسەر حیسابی خیتامی، لەکاتێکا ئەبوایە ئەو بەرپرسیارەتیەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، بۆ حیسابی خیتامی 2010 لەپەرلەمان موناقەشە نەکرا؟ بۆ شەش مانگی ساڵی 2011مان پەسەند نەکرد؟؟یان ڕەتمان نەکردەوە هەتاکو بەرچاومان ڕوون بێتەوە؟کەوا ئەرکی ئەم لیژنە بەرێزە بوو، لەگەڵ ئەوەی هەندێ لیژنە پرسیار لەدوا کەوتنی بودجە ئەکەن بۆماوەی(8)مانگ، بەلاَم

ئەمە لەبەر ئەوەی لیژنەی دارایی لیژنەی تایبەت مەندە، ئەبوایە یەکەم خاڵ بەوە دەستتان پێ کردایە کەبۆچی وەزارەتی دارایی (8) مانگ بودجەتان تاخیر کرد؟ و دەستنیشانی ئەو ئاسەوارە خراپانەیان بکردایە لەئەنجامی دوا کەوتنی بودجە، لیژنە هیچی نەنووسیوە لەسەر ئەو ماددانەی کەوەزارەتی دارایی و پلاندانان لەبودجەی 2011 پێشێلیان کردوە یاوەك خۆی جێ بەجێیان نەکردووە یارێنماییان بۆ دەرکردووە کەرێنمایەکان پێچەوانەی یاساکە بووە هەندێك لەلیژنەکان دەست نیشانیان کردووە، ئەو ماددانە بریتین لە (15)برگەی سێ و پێنج لە ماددەی (16) (17) (24)(27) (30) (32) (33) (35) (36)، گرنگترینیان ئەوەیە کەوا ئەو حیسابەی کەوەزارەتی دارایی ئەبوایە بیکردایەتەوە بۆئەو دوو ترلیۆن و دووسەد و نۆملیار دینارەی کەلەپرۆژەکان ماوەتەوە کەئەمساڵ بیخاتەوە سەر پرۆژەکان، هەروەها هیچی نەوتووە لەسەر ئەو ماوەیەی کەماوەتەوە لەو چل و نۆ ملیار دینارەی بودجەی 2010 دەست نیشانمان کرد بۆ یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ خێزانە هەژارەکان کەئێستا کێشەیە لەنێوان وەزارەتی دارایی و وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەیە، کەئێستا وەزارەتی دارایی ئامادە نیە ئەو پارەیە تەرخان بکات بۆ وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە، لەکاتێکا 20٪ی پرۆژەکە چۆتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، راپۆرتەکە هیچی نەوتووە لەسەر پارەی ماوە و تەدویر لەگەڵ ئەوەی ئەو هەموو پارەی کەماوەتەوە کەس نازانێ تەدویر کراوە، چی لێکراوە؟.

من پێشنیاری ئەوە دەکەم 10٪ ی بودجەی تەشغیلی ببردرێ بەو شێوەی هاوکارم کاك (کاردۆ) باسی کرد و دابەش بکرێتەوە، سلفەی عەقار بۆ شار و گوندەکان و قەزاکان وەك یەك بێ و ببێ بە(30000000)ملیۆن دینار، لەبەر ئەوەی دەزانین قەزاو ناحیەکان تاپۆیان نیە، هەر بۆیان سەرف ناکرێ، خانەنشین راستە لەلیژنەی دارایی داوایان کردووە مینحەیەکی (600000)یان بدرێتێ، بەلام من لێیان ئەپرسم وەجارێکیش لەگەڵ وەزیری دارایی تاوتوێمان کردووە، ئایا لەم هەرێمە خانەنشینێك کە(30) ساڵ خزمەت ئەکا و تەمەنی تێئەپەرێ کار بکا (300000)یا(400000)هی ئەوەیە ژیانی پێ بەرێوە بچێ؟.

بۆیە من داوا ئەکەم کەئەم هاوکاریە یەکجار نەبێ، بابێین مووچەکانیان بەرز بکەینەوە یابیکەینە(600000) کەخوار(600000) هەزارن، یان دەرماڵەی ماڵ و مناڵ و خێزان و پیشەیی راستە ئەمە لەگەڵ یاسای خانەنشینی عیراق کۆك نیە، بەلام ئێمە لێرە ئەتوانین ئەو دەرمالانەیان بۆ بگێرینەوە، داوا ئەکەم دووسەد ملیار دابنرێ بۆ سندوقی نیشتەجێ بوون، بخرێتە سەر سندوقی وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە بۆ دروست کردنی خانوو بۆ خێزانە هەژارەکان.

هەروەها داوا ئەکەم ئەو چل و نۆ ملیارەی ماوەتەوە بخرێتە سەر ئەو سندوقە بۆ ئەوەی ئەو یەکانەی کەدەست کراوە بەدروست کردنی بکرێ، مەسەلەی فەرمانبەرە گرێبەستەکان لەبەر چاو بگیرێت لەکاتی ئەو (17000) کەدانراوە ئەولەویەتیان بدرێتێ، ئەخیر شتم ئەوەیە کەپشتگیری هاوکارانم کاك (کاردۆ) و کاك (اسماعیل) ئەکەم کەلیژنەیەك پێك بهێنرێ بۆ لێپێچینەوە لەوەزیری دارایی و بریکاری وەزیری

دارایــی، هــەروەها وەزیــری پلانــدانان لەســەر هــەموو ئــەو کەموکورتیانــە، لەســەر دووبــارە بوونــەوەی کەموکورتیـەکانی سـاڵانی پـار و پێـرار، هـەروەها لەسـەر ئـەو وەڵامانـەی کـە دوێـنێ بـۆمن موقنیـع نـەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د.علی سندی-وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەپێی پەیڕە و پڕۆگرامی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان فەصلی(9)، مـادەی/79،/80،/81، هـەتاکو /89، موناقەشەی میزانیە تەعریف کراوە، ئامـادە بـوونی ئێمـە لێـرە بـۆ ڕۆژی سـێیەم و چـوارەم و چـەند ڕۆژی تریش بەردەوام بێ تەنها بۆ ئەوەیە کەبەپێی ئەم یاسایە ئێمـەش لەخزمـەتی پەرلـەمان دابـین، بـۆ ئەوەی کە بودجەی 2012 کەدواکەتووە قوەتی خەڵکی کوردستانە بڕوات، بەڵام بەداخەوە ئەمەی کەئێستا داوا دەکـرێتن ئـەو بەرێزانـە دەتـوانن داوای جەلسـەی ئیسـتجواب بکـەن ، دوای بودجـە بمانهێننـەوە، بـەڵام کەئێستا بودجەیان ڕاگرتووە لێرە، جاتکام وایـە چـۆن لەسـەر ئێمـە پـەیڕەو و پڕۆگرامەکـە دەڕوات لەسـەر ئەندامانیش بڕوات، سوپاس.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەو بودجـەی کەلەبـەر دەمانایـە چ وەك پـڕۆژە یاسـاکە بەشـێوەیەکی گشـتی بەداخـەوە سـاڵی پـار و سـاڵی پێـراریش یـەعنی سـاڵی 2010 و 2011 مـن خـۆم وەك ئەنـدام پەرلـەمان کۆمـەڵێك تێبینـیم سـەبارەت بەبودجەکە هەبوو، بەڵام بەداخەوە ئەبینرێ کار ناکرێ بـە مولاحـەزەکانی ئەنـدام پەرلـەمان، ئەگـەر مـن تەنها داکۆکی لـەهی خـۆم بکـەم مـافی خۆمـە، ئەگـەر ئـەو سیاسـەتەی کەئـەم بودجەیـە لەسـەری داڕێـژراوە سیاسەتێك نـەبێ لەخزمـەتی هێنانـەدی کۆمـەڵێك ئامـانجی دیـاری کـراو، بـەبڕوای مـن دواتـریش بەبەڵگـە ئەیســەلمێنم لەخزمــەتی ئــەوەیا نیــە کــەبتوانین وەك پێشــتر باســم کــرد نــەبتوانێ کێشــە ئــابووری و کۆمەلأیەتیەکانی هەرێم چارەسـەر بکات وەك (هـەژاری، بێکاری، هەڵاوسان)، هـەموو بودجەیـەکی دارایـی پێویستە کۆمەڵێك سیاسـەت لـەخۆی بگرێ، ئـەم سیاسـەتانەش لەخزمـەتی کۆمـەڵێك ئامـانج کـەنزیك بـێ لەپێداویسـتی خـەڵك، ئەگـەر سیاسـەتی ئـابووری کـە دائەڕێـژرێ یائـەو بودجەیـە لەسـەر ئـە سیاسـەتە کـە دائەرێژرێت نەتوانێ ئەو پلانە بێنێتە دی بەبڕوای من ئەو سیاسەتە شکستی خواردووە.

لێرە لەڕاپۆرتێکی 2010 کەبەڕێز وەزیری دارایی ئەڵێت ئێمە ناڵێین توانیومانە هەموو پێداویستیەکانی خەڵکی کوردستان دابین بکەین، بەڵام داواکاری و خواستی ڕەوا شتێکەو توانای دارایی شتێکی ترە کەزۆرجار ئەبێ بەکۆسپ، ئەمە جۆرێکە لەدەست کێشان بەشـانی خـەڵکا، بەڕاسـتی کەئـەڵێی خـەم مـەخۆ مـن توانـای داراییم ئەمەنەیە، بەڵام لەملاوە ئەلێ، من ئێستا بەرەقەم ئەیسەلمێنم کەبرینی گەورە ئەم بودجە ئەیخاتـە دڵی خەڵکەوە، ئەگـەر سیاسـەتی بودجەیـەك کەدارێـژراوە لەخزمـەتی هەنـدێك شـتی دیـاری کـراوا نـەبێت

کەزۆر شتی بەبڕوای من ئـەلف و بێـی مناقەشـەکردنی بودجەیـە، نـەتوانێ کورتهێنـانی بودجـە موعالەجـە بکا،نەتوانێ کەمکردنەوەی بودجەی بەکاربردن بەردەوام لە هەڵاوسان بێت.

نەتوانێ پێشنیازی بەدیلی هەبێ بۆ عیجزێك کە هەموو ساڵێك دووبارە ئەبێتەوە، خۆنـاکرێ تـۆ حـەلێکت پێ بێ بۆ نەفسی موشکیلە هەموو ساڵێك دووبارەی کەیتەوە، ئەوە کێشەیەکی سیاسی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵە دروست بووە، ئەو وەعدەی کە دایانە و لەیاسای بودجـەی 2012ی عـیراق ئامـاژەی پـێ کـردووە بەبەنـدێکی سـەربەخۆ ئـەڵێ ئێمـە سـەرف کردنـی پـارەی مووچـەی پێشـمەرگە و تـەجهیزاتی ئەسلیحەیان هەڵئەگیرێ تاکو یاسایەك دەرئەچـێ جیـاواز نـەبێ لەگـەڵ دەسـتوری عـیراق، واتـە ئـەبێ ئێمـە بوەستین تاکو یاسایەك دەرئەچێ کەکێشەی پێشمەرگە چارەسەر بکا.

کەواتە ناکرێ ئێمە ساڵ بەساڵ هەمان کێشەمان هەبێ و بەهەموو عەقڵمان کەبیر ئەکەینـەوە پێشـنیارمان پـێ بـێ بۆمشـکیلەیەك کەبۆتـە مشـکیلەیەکی مـوزمین، ئـەوەی کەحـەلکراوە لەلایـەن وەزارەتـی داراییـەوە بڕیاری لەسەر دراوە لە بودجەی وەبەرهێنان کورتهێنان پڕئەکاتەوە، تـۆ لێـرە کێشـەیەك چارەسـەر ئەکـەی بـەردەوام دەفعـاتی صـەرفت هەیـە بۆئـەوەی پـرۆژە نەوەسـتێ، بـەڵام ئایـا لەبەرامبـەرا ئاوڕێـك بەیتـەوە لەژێرخانی ئـابووری کوردسـتان بـەرەو هەڵدێر ئـەڕوا، تـۆ پرۆژەیـەکی سـتراتیجی نـامێنێ، وەك هاوکـارانم پێشـتر باسـیان کـرد تۆخـۆت لەسیاسـەتە گشـتیەکانە کـە دائەرێـژی لەسـەدا بیسـت و نـۆ و پۆینـت پێنجـی دائەنێی بۆبودجەی ئیستیثماری، لەئەدای فیعلی حکومەتیش کەجێ بەجێی ئەکات بەپێی ئەو ڕاپۆرتانـەی کەبەرێزتان داوتانە بەئێمە لەسەدا بیست و نۆکەش نزیکەی لەسەدا شـانزەی حکومـەت توانیویـەتی ئـەدای پرۆژە ئیستیثماریەکان بکا، ئایا لەم لەسەدا شانزەیە کام لەم بونیـەی (تحتي) ئـابووری هـەرێمی کوردسـتان بکاتـە پایـەکی ئـابووری بـەقوەت کەسـبەینێ وەزعێکـی خـراپ ڕووبـات ئێمـە بتـوانین لەسـەر ئـەو پایانـە بوەستین یابەلایەنی کەمەوە ئـەبێ جارێکی تـر بگەڕێینـەوە بـۆ حەلـە کۆنـەکان، بەمامۆسـتا بڵێین لەبـەر ئەوەی تۆ مووچەت نیە بێ بەرامبەر وەك ساڵانی ڕابردوو کەتەکلیفمان لێکردن، دەبێ عیلاجمان پێ بـێ و ساڵ بەساڵ پێشنیاری جیاوازمان پێ بێ بۆ کێشەکان کەموزمینە.

ئەم سیاسەتی بودجەیە کە داڕێژراوە بەبڕوای من لەخزمەتی ئەوەدا نیە کە کۆنترۆلی نەبـەفیرۆدان بکـات نەزیادە ڕۆیی، ئەمە قسەی ئەندامێکی ئۆپۆزسیۆن نیە، من هیچ ڕەئییەك نادەم، دواتـر تـەنها ڕاپۆرتـەکانی بەرێزتان لەڕووی ڕەقەم بەراوردی یەکتری ئەکەم.

بەبڕوای من ئەگەر بەس هەڵە لەڕەقەمە، هەڵە لەنێوان مەزندەکانە، بەس بە بـەراوردی یـەکتری بەشـێکی گـەورە لـەداهات ئەگەڕێتـەوە، ئـەم بودجـە لەخزمـەتی ئـەوەدا نیـە کەبونیـەی تەنمیـەی ئیقتیصـادی لەکوردستان بەرزبکاتەوە، لەبەر ئەم خاڵانەی لەخوارەوە باسی ئەکەم.

لەبودجەی ساڵی دارایی کەهاتۆتە بـەر دەممـان لـەڕاپۆرتی 2010 دا لـە(موجودات غـیر مالیـە) لـەڕاپۆرتی بەرێزتان ئەڵێ دووسەد و پەنجاو هەشت ملیار و حەوسەد و حەفتاو دوو ملیۆن دینارم خەرج کردووە، هەر لەخشتەی پارەکانە کەلەموازەنەی 2011 لەسەرەتاکەی دا هاتووە، ئەڵێ بـۆ 2010 بـڕی دووسـەد و سـی و

دووملیار و پێنج سەد و شەست و یەك ملیۆن دینارم سەرف كردووە، لەیەكەم ئەڵێ دووسەد و پەنجا و یەك ملیار، دووهەمیان ئەڵێ دووسەد و سی و دووملیار، كامیان ڕاستە؟ لەژمێری كۆتایی شەش مانگی یەكەمی پار ساڵ دا بۆ كرێی بینا گرتن، حكومەت ئەڵێ یانزە ملیار و سەو و چل و چوار ملیۆن دینارم سەرف كردووە، لەڕاپۆرتی ئەمساڵ لەسەرەتای خشتەكەیا كەجارێكی تر سەرەتاكە بەخشتە دەست پێدەكاتەوە بەرێزتان ئاماژەتان كردووە پانزە ملیار و حەوسەد و حەفتاو چوار ملیۆن دینارتان سەرف كردووە، پانزە ملیارتان سەرف كردووە یا یانزە ملیار؟ كامیان ڕاستە؟ سەرفیات لەناو ئەم بودجەیە.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم شتانە لەحساباتی خیتامی بە دەرئەكەوێ.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

من نوێنەری(18000)كەسم، ئەگەر هەموویان بێن یەكی دوو دەقە قسەبكەن ئەبێ سەد سەعات قسە بكەین لێرە، دە دەقە بۆ من كافیە، سەرفیات بەپێی ئەولەویاتی خەڵك نیە، چونكە لێرە من ئەیسەلمێنم كە بەهەدەردان هەیە، چونكە پارە سەرف كراوە بۆ كۆمەڵێك شت كەهێشتا كۆمەڵێك گوند و ناحیەی هەرێمی كوردستان ئەناڵێنن بەدەست سەرفی صەحیەوە، بۆ ئاوی خاوێن.

بەبڕوای هەركەسێك ئەمانە زەرورپات نیە، لەژمێری كۆتایی شەش مانگی پارساڵ بۆ ئاهەنگ یەك ملیار و دووسەد ملیۆن دینار ئەڵێ سەرفم كردووە، بەڵام ئەڵێ لەشەش مانگی یەكەم بۆ كارەبا هەشت سەد و بیست و پێنج ملیۆن دینار خەرج كراوە، ئایا كامیان زەروری ترە ئەگەر موقارەنە بكرێن؟ لەكۆتایی پارساڵ ئەڵێ لەشەش مانگی 2011 بۆچاك كردنەوە (صیانە) چل و چوار ملیار و سەد و پەنجا و نۆ ملیار دینار سەرف كراوە، لەسەرەتای ڕاپۆرتی ئەمساڵدا ئەڵێ شەش مانگی ڕابردوو سی و پێنج ملیار و حەوسەد و هەشت ملیۆن دینارم سەرف كردووە، كامیان ڕاستە؟.

حكومەت لەبودجەی ساڵی 2011 ئەڵێ بۆ دۆخە لە ناكاوەكان لەشەش مانگی یەكەمی ساڵی 2010 سەد و سی و سێ ملیار دیناری سەرف كردووە، بەڵام لە كۆتایی 2010 ئەڵێ نۆ ملیار و هەشت سەد و شەست و شەش ملیۆن دینارم سەرف كردوە، واتە یەكەمجار مەزندەی ئەكا شەش مانگی یەكەم سەد و سی و سێ ملیاری سەرف كردوە، بەڵام لەكۆتایی ساڵدا ئەڵێ نۆ ملیارم سەرف كردووە، ئەم دابەزینە بۆ؟ بەحوكمی ئەوەی كەسەرۆكایەتی هەرێم كۆمەڵێك پێگەی ئیداری ئەكا كەئەكرێ لەناو یەكدا، لەناو یەك بینا كۆبكرێتەوە، بەتەنها بۆ دیوانی سەرۆكایەتی هەرێم یانزە ملیار و دوو سەد و حەفتاو شەش ملیۆن دینار مەزندە كراوە كەبینایەكی بۆ دروست بكرێ، لەم ساڵدا ئەو حیصەی كەبەر بودجەی ئەمساڵ ئەكەوێ، چوار ملیار دیناری بۆ دانراوە، ئایا بۆ ساڵی ئاینده یەعنی نزیكەی حەوت ملیار دیناری ئەچێتە سەر

**بودجەی ساڵی ئاینده، ئەمە چۆن تەزەخوم بەردەوام ئەم سیاسەتە لەخزمەتی ئەوەی نیە کە تەزەخوم بەردەوام بێ و چارەسەر نەکرێ؟.**

**لەشوێنێکی تر بۆ دروست کردنی دوو تونێل لەزاخۆ کەسەر بەوەزارەتی ئاوەدان کردنەوەی (دهۆك)ە، شەست ملیار دینار دانراوە، ئەمە هەڵەیەکی ترە لەموقارەنە کردن لەنێوان مەزندەی پارە و جێ بەجێ کردنی ڕۆژی پرۆژەیە، ئەو سەقفە زەمەنیەی کەدانراوە بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆژە، یەکسانە بە(700)ڕۆژ کەنزیکەی دووساڵ و بیست ڕۆژ ئەکا، لەبەرامبەر ئەو پارەیەی مەزندە کراوە بۆ پرۆژەکە شەست ملیار دینارە، بۆ ئەمساڵ سێ ملیار دیناری بۆ دانراوە، ئەم پرۆژەیە یەعنی ساڵی ئاینده ئەبێ کۆی بودجەکە دابنرێ بۆ ئەم پرۆژەیە، واتە لەبودجەی ساڵی ئاینده پەنجا و حەوت ملیار دائەنێین بۆ ئەم پرۆژەیە؟ ئەی چۆن تەزەخوم بەردەوام نابێ؟ هەڵە لەسەرەتای ئەم ڕاپۆرتە هەیە.**

**بۆ نموونە سەرەڕای ئەوەی پارساڵ بەبەڕێز وەزیری پلاندانانم وت، زۆر زەحمەتە بەم کۆپیە خراپە، نەناوی ناحیەکان، نەناوی گوندەکان دیارە، زۆر زەحمەتە بتوانی دەستنیشانی هەڵەکان بکەی.**

**بەڕاستی ئەگەر هەرێمی کوردستان وەزعی دارایی خراپ بوایە ئەموت ئەمە هەڵەیەکی مەقصود نیە، یامیکانیزم دواکەوتوو بوایە ئەموت مەقصود نیە، بەڵام بەڕاستی ئەمە هۆکارە بۆ سەرشێواندنی ئەندام پەرلەمان.**

**یەکێکی تر لەو هەڵانە ئەگەر بەسیستەمی ڕەقەمی بوایە ئەم هەڵانە دووبارە نەئەبۆوە، من پرسیارێك ئەکەم، گەڕەکی (بەکرەجۆ) سەر بە دەربەندیخانە؟ لەپرۆژەکان واهاتووە، (بەردەقارەمان) سەر بەدەربەندیخانە؟ زۆر هەڵەی تریش ئەگەر ویستان من بە (دۆکۆمێنت)ئەیخەمە بەردەمتان، هەڵەیەکی تر، بەڕاستی لەیاسای (ئیدارەی مالیە) و(دەینی عام) ژمارە (95) 2004 لەبەندی (8)نەصێکی تیایە (علی ان لاتتم المناقله من التخصیصات و نفقات المشاریع الراسمالیه الی النفقات التشغیلیة، ولا من تخصیصات الموجودات غیر المالیة الی الرواتب و بقیة النفقات) ئەگەر قانونێك هەبێ ڕێگە لەئێمە بگرێ کە نەتوانین لەمەشاریعی رەئس مالیەوە موناقەلەیەکی زۆر بکەین، ئەی ئەو هەموو موناقەلەیە لە مەشاریعی رەئس مالیەوە (عجز)ی پێ پڕئەکەینەوە، ئەیدەینە بودجەی بەکاربردن، ئەمە چۆن ئەکرێ؟ من ناتوانم هیچ پێشنیازەك بکەم وەکو ئەندام پەرلەمان، چونکە تاکو ئەم ڕەقەمانە مقصودیش نەبێ، گریمان من وائەیبەخشم کە مقصود نیە، هەرچەند ڕەقەمەکان لەهەڵەیە زۆر زۆر ئەکەوێتە بەرچاومان، ئەگەر ئەم ڕەقەمانە چاك نەکرێتەوە بەبڕوای من تەئسیری ئەبێ لەسەر(عجز)ەکە، داهات ئەگۆڕێ، سێکتەرەکان گۆڕانکاری بەسەردێ.**

**کەواتە ناتوانم پێشنیاز لەسەر داهاتێك بکەم کەمن گومانم هەیە لەڕەقەمەکانی، بەتەنها لەو ناوەندە ناوخۆیانە کەسەرچاوەی داهاتە، ئەگەر حانووت و کافتریاکان باس بکەین لەڕاپۆرتی 2010 دەڵێن حەوسەد و و پانزە ملیۆن داهات بووە، لە 2011 ئەڵێن سەد و سی و دوو ملیۆنە،چەند حانووت و قوتابخانە ئاو بردی لەکوردستان؟ بۆ دابەزی لە سەد و پانزە ملیۆن بۆ سەد و سی و دوو ملیۆن؟ هیچ**

کارەساتێك ڕووی دایە بەم دەرەجەیە دابەزیە؟ یەعنی فەرقەکە بەتەنیا لەو سێکتەرە پێنج سەدو حەفتاو و سێ ملیۆن دیناردایە، فەرقی داهاتی 2010 لەگەڵ 2011، هاوکارێکی بەرێزم باسی لەسیستەمی خانەنشین کرد، من یەك ئیزافە ئەکەمە سەری، لەمساڵ 2011 بەتەنیا بۆ تەخصیصاتی خانەنشینی چوار سەد و هەشتاو و حەوت ملیار دینار دانراوە بۆ ئەوەی کەمووچەی خانەنشین نەوەستێندرێ، چوار سەد و هەشتاو و حەوت ملیار و چوار سەد و سێ ملیۆن دینار دیاری کراوە، بۆ خانەنشینی سەربازی شەش سەد و یەك ملیار و نۆسەد و پەنجا و دوو ملیۆن دینار دانراوە، ئەی باشە مانگانە 7٪ ی مووچەی خانەنشین نابڕێت؟ ئەم پارەیە ئەگەر سەرچاوەی داهات نیە چی لێ دێت؟ سوپاس.

**بەرێز بایز تاڵەبانی-وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی نازانم میزانیە موناقەشە ئەکەن یا حیساباتی خیتامی؟ پێم سەیرە بەحیساباتی شەش مانگی یەکەم ئەڵێن حیساباتی خیتامی، شەش مانگی یەکەم، لەگەڵ ڕێزم دیارە ئەو برادەرانە نەیانزانیوە، حیساباتی خیتامی ئەبێ ساڵێك بەسەریدا تێپەڕێ، چوار مانگیش و پێنج مانگیش دوای ساڵەکە ئینجا حیساباتی خیتامی حیسابە، ئەو شەش مانگە بۆ تەقدیرە، ئەو شەش مانگە سەرفی فیعلیە، پارەی سەرفیاتی سیلەف نەچوویتە ناوی.

لەڕۆژێکدا دووجار سێجار ئەگۆڕێت، ئەگەر بێت و تەسویە بکرێ سیلفەکە، ئەوەی شارەزابێ لەمەسەلەی حیسابات ئەگەر لێرە هەن با بفەرموون بڵێن وانیە، ئەگەر لەدەرەوەن بەیانی بەنامە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئاگادار بکەن بڵێن وەزیری دارایی ڕاست ناکات، تکایە ئێمە میزانیەی تەخمینی موناقەشە ئەکەین، حیساباتی خیتامی 2010 جەنابی مامۆست بەشیر یش فەرمووی لەکوێیە؟ بەڵێ ئێمە ناردوومانە بۆ تەدقیق کردن، کەئەڵێن هەڵە هەیە لێرە سەد و سییە، لێرە چلە بۆ براو و خوشکانی دوای ئەمەش ئەڵێم تکا دەکەم حیساباتی خیتامی 2010 بنێرن بۆ تەدقیق، ئەمساڵیش ئەبێ حیساباتی خیتامی دوای بودجە ئەبێ بێتە پەرلەمان، کەدێتە پەرلەمان ئەویش بنێرن بۆ تەدقیق، تەنها شوێن کەڕاستی ئێمە یا درۆمان دەرئەخات دیوانی چاودێری داراییە، تکایە ئێمە موناقەشەی بودجە ئەکەین، شتێکی تەخمینیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. علی.

**بەرێز د.علی سندی-وەزیری پلاندانان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەموومان موتەفیقین لەوەی دواکەوتنێك هەیە لەپەسند کردنی بودجەدا، هەندێ ئەسبابیش باس کران، مومکینە لەکۆتایشدا موناقەشەی ئەوە بکرێت یاپێشنیاری ئەوە بکرێت کەچارەسەرێك بۆ ئەو کێشەیە دابندرێت، هەر لەپێناو هەمان مەبەست بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

پرۆژەیاسای بودجە لەمانگی (5)ەوە هاتۆتە پەرلەمانی کوردستان، ئێستا بەرەو مانگی (6)دەچین، پەرلەمان مانگێکی لەبەر دەست بوو تاکو دیراسەتی بکات و پوختەی دیراسەتەکە و پرسیارەکان لەخیلالی ئەو چەند ڕۆژە بدرێتە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ئەگەر بەو شکلەی ئێستا بڕوات دەبێتە هۆی دواکەوتنی پەسند کردنی بودجە، من پرسیارێکم هەیە، لیژنەی ئابووری و دارایی ئەو ڕاپۆرتەی کەخوێندیانەوە دوای زیاتر لە(30) رۆژ ئیش کردن لەسەری ڕای کێ بوو بەس ئەوەم پێ بڵێن؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

پەرلەمانتار حەقی خۆیتی ڕای خۆی بڵێ و موناقەشەی بودجە بکات بەهەموو شێوەکانیەوە.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

وەك جەنابت فەرمووت و بەپێی پەیرەوی ناوخۆ ماڧ پەرلەمانتارانە هەرچی ئەڵێن بابیڵێن مەگەر لەنیزام دەرچن،دووهەم،نەوەك عورف، نەوەك عادات هیچ وەزیرێکی بەرێز بۆی نیە وەڵامی پەرلەمانتار بداتەوە،موناقەشەی بودجەش دوائەکەوێ، باشتر وایە قەڵەم و دەفتەرێکیان بەدەست بێ تەواوی سەرنج و تێبینی پەرلەمانتار وەرگرن دوایی بەیەکجار وەڵامیان بەنەوە،بابەیەك وەڵام وەڵامان بداتەوە، بڵێ ئێوە لەخیتامی تێنەگەیشتوون، یالەبودجە تێنەگەیشتوون،ناکرێ لەگەڵ هەرپەرلەمانتارێك بەرێزیان وەڵام داتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

وەزیر کەپرسیاری ئاڕاستە بکرێ، دەتوانێ ئێستا یالەداهاتوو وەڵام بداتەوە.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ خەملاندنی داهات بۆشاییێکی گەورە هەیە لەنێوان داهاتی ڕاستەقینەو خەملێنراوە، دەبێ ئەمە چارەسەر بکرێ لەڕێگەی نزیك کردنەوەی خەملێنراو و ڕاستەقینە، ئەو داهاتەی کە نەهاتۆتە خەزێنەی گشتی بهێنرێ، چونکە تاداهاتی هەرێمی کوردستان نەخرێتە ناو بودجەی گشتی بەنادیاری خەرج دەکرێ و لەحکومەتی ناوەندیەوە داهاتی هەرێمی کوردستان کەنەچۆتە ناو خەزێنەی گشتییەوە لە هەرێمی کوردستان دەبڕێت و خەڵکی هەرێم دەبنە قوربانی ئەو حیساب نەکردنە.

لەگەڵ زیاد بوونی بودجەی ساڵ بەساڵی هەرێمی کوردستان نەبوونی پلان وای کردووە نەتوانرێ بەشێوەی پێویست سوود لەم زیاد بوونە وەرگیرێ، کەلەمیزانەی گشتی بۆمان تەرخان دەکرێ، چونکە زۆرینەی زۆری ئەم زیاد بوونە ئەخرێتە خزمەتی خەرجییەکانی بەکاربرنەوە، هەربەبەراورد لەگەڵ ساڵی پار ئەم بودجەیە بەیەك ترلیۆن زیادی کردووە، ئەو ڕێژەی کە بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان دانراوە بەبەراورد لەگەڵ ئەو وڵاتانەی کەبەرهەمی گەشەپێدانیان زۆر کەمە کەرێژەکەی بیست و نۆ و نیوە، بەڵام هەمووی خەرج ناکرێ بۆ پرۆژەکان.

هەر بۆ نموونە لەساڵی 2010 و 2011 نزیکەی چوار ترلیۆن خەرج نەکراوە بۆ پرکردنەوەی کورتهێنان و زیادە ڕەویەکانی بەکاربردن کراوە، واتە تەنها 16٪ لەبودجەی گشتی بۆ خەرجی پرۆژەکان بووە کەئەم رێژە کەمەش مەترسیدارە، پشتگیری خۆم دووبارە ئەکەم بۆ برادەرانم بۆ پێشنیارەکانی زیاد کردن ئیقتیراحیان کردبوو.

هیوادارم دەرماڵەی فەرمانبەرە پلە نزمەکان زیاد بکرێ، دابین کردنی قەرز بۆ خوێندکاران، بەتایبەتی خویندکارانی خوێندنی باڵا، زیاد کردنی دەرماڵەی قوتابیانی زانکۆ، بۆچی هەندێك مانگ وەریناگرن؟ هیوادارم بەرێز وەزیری دارایی وەڵامم بداتەوە، زیاد کردنی سولفەی عەقار، کۆنترۆڵ کردنی نرخەکانی بازار، ئەگەر بازار کۆنترۆڵ نەکرێ، زیادکردنی مەعاش سوودی نابێ.

ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە کێشەیەکی زۆرمان هەیە لەگەڵ بە هەدەردانی پارە لەکاتی چاپکردنی کتێبی خوێندن، کەساڵانە بڕە پارەیەکی زۆری لێ سەرف ئەکرێ، ئەوە بۆ سێیەم ساڵە من لەپەرلەمان باسی ئەوە ئەکەم کە ئەگەر بێت و ئێمە چاپخانەمان هەبێ لەکوردستان هەرچەند هەردوو وەزیریش زۆر پشتگیریان کردین و ئیشیان لەسەر ئەو بابەتە کردیە، چ کاك(سەفین)و چ کاك(د.عصمت)یش، بەلاَم ئەوە لەناو بودجەی ئەمساڵیش هیچ ئاماژەیەك بەوە نەکراوە کەبڕێك تەرخان بکرێ بۆ دروست کردنی چاپخانە لەهەر سێ شاری کوردستان، چونکە ئەوە تەنها زەمانێکە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە.

بەنیسبەت دامەزراندن، ساڵی پار هەرێمی کوردستان (25000) پلەی دامەزراندنی بەرکەوت، بودجەی ساڵێکیشی بۆ ترخان کرا لەبەغدا، بەلاَم ئەوەی ئەوان وەریان گرت تەنها مووچەی (3)مانگ بوو،دەبێ وەزیری دارایی ئاماژەی پێ بکا، هەرچەند سەرۆکایەتی پەرلەمانیشمان ئاگادارکردەوە، بەلاَم هیچ وەلاَمێکمان نیە تائێستا، لەساڵی 2010 زیادە ڕۆییێکی زۆر کرایە لەمووچەی فەرمانبەران کەبڕی چوار ترلیۆن و شەسەدوو حەوت ملیار و چوار سەد و هەشتا و یەك ملیۆنی بۆ تەرخان کرابوو، بەلاَم دواتر پێنج ترلیۆن و سێ سەد و نەوەد و یەك ملیار، لەگەڵ چوار سەد و نەوەد و هەشت ملیاری بۆ خەرج کرابوو، ساڵی 2011 پێنج ترلیۆن و نۆسەد و پەنجاو نۆ ملیار و سەد و چل و نۆ دیناری بۆ خەرج کرابوو، کەچی تەنها لەشەش مانگی یەکەمدا سێ ترلیۆن و حەفتاو دووملیار و حەوسەد و نەوەد و یەك ملیۆنی بۆ سەرف کرایە، ئەوە بەبێ دامەزراندن و بەبێ ئەو سەد و پەنجا هەزارەی لەبەغداوە زیاد کرا.

کێشەی گەورەی بودجەی هەرێم کورت هێنانە، ساڵانە بەدی دەکرێت و بەچەند ملیۆنێکیش دەخەملێنرێ، حکومەت ئەو گوژمەی کەدایناوە بۆ پرۆژەکان، پەرلەمانیش دوای ئەوەی گفتوگۆی لەسەر دەکاو (تصدیق) دەکرێ لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێم ئینجا دێ ئەو پرۆژانە تەواو ناکرێن، ماوەی چوار مانگ لەوانەیە دیزاینەکەی نەکرێ، هەڵدەستێ ئەو کورتهێنانە بەو پارە پڕدەکاتەوە، بۆیە هەم سەر لەئێمەش دەشێوێنێ، هەم لەخەڵکیش کەدەڵێن ئەو پرۆژانە چی لێهات؟ یەکێ لەداهاتەکانی تری بودجە کرێی بازار و دوکان و کافتریاکانە، لە 2009 تەنها سێ سەد و دوانزە ملیۆن دانراوە، بەلاَم ئەوەی جێگای سەرنجە لە 2011 لەجیاتی ئەوەی زیاد بکات کەمی کردووە، بۆ نموونە، ئەگەر ژمارەی ئەو کافتریاو

چێشتخانانەی حکومەت وەربگری لەڤوتابخانەو نەخۆشخانەو بەرێوەبەرایەتیە جیاوازەکان و سەرجەم فەرمانگە حکومیەکاندا، ئەوانی دراونە بەکرێ ئەوا چەندین ملیار دەکات، بەلاَم لەژمێرەی کۆتایی بۆ سەرجەم ئەوانە بۆ 2009 دووسەد و شەست و حەوت ملیۆن دانراوە، لەکاتێکدا ئەگەر حکومەت تەنها حانووتی هەزار ڤوتابخانەی بەکرێ دابێ لە هەریەکەیان یەك ملیۆنی وەرگرتبێ ئەوا ساڵانە یەك ملیار دەکات، واتە حەوت سەد و سی و سێ ملیۆن نادیارە.

جگە لەکافتریاکانی زانکۆ و نەخۆشەخانەکانیش، سەرجەم بەرێوەبەرایەتی وەزارەتەکان و دیوانی وەزارەتەکان لەخەرجی کۆتایی 2010 بە حەوت سەد و پانزە ملیۆن دانراوە، لەشەش مانگی یەکەمی 2011 کەمی کردووە بۆ سەد و سی و دوو ملیۆن، ئەمەش جێگەی پرسیارە، کەباس لەبودجەی ناوچە دابڕێنراوەکان دەکرێ کە پەنجا ملیاری بۆ تەرخان کراوە، بەلاَم لەسەردانمان بۆ ڤەزای (مەخموور)، یابۆ ناوچەی گەرمیان.

تێبینی دەکری مادەی(140)بەپێی دوور و نزیکی و بۆ مەسئولەکان خەرج دەکرێ، بەڕاستی دەبێ لێپێچینەوە هەبێ بۆ سەرف کردنی، بۆ نموونە لەڤەزای مەخموور خەڵك دەیان گلەیی و داواکاریان هەیە، دوای ئەوەی ئەندام پەرلەمانانی بەغداد سەردانیان کردن و داواکاریەکانیان بردۆتە بەغداد، لەوێ ئەمر دەرچوو بۆ دروست کردنی (کارگەی ئارد)، بەلاَم بەهۆی رێك نەکەوتن لەگەڵ هەرێمی کوردستان ئەو کارگەیە ئیشی نەکردووە و پەکی کەوتووە،تەعویزی وشکە ساڵی کەلە 2007 و 2008 ەوە هەیە، بەلاَم سەرف نەکراوە بۆیان.

داوا دەکەم وەلاَمم بدرێتەوە، بەنیسبەت دامەزراندن،ساڵی پار نزیکەی(400) تا(500) لەناوچەی گەرمیان،ئەوانە لەدەرەوەی پرۆسەی دامەزراندن فۆرمی دامەزراندنیان پڕ کردۆتەوە،دێتە ئەنجومەنی وەزیران، بەلاَم پێیان ڕادەگەیەنرێ کەئەو فەرمانە غیر تەبیعین،کێ ئەو فۆرمانەی پێ پڕکردونەتەوە، پاشانیش چەواشەی کردوون؟ سوپاس.

**بەڕێز دڵشاد حسین ڤادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەمەوێ ئێستا باسی شتە گشتیەکان بکەم پاشان باسی وردەکاریەکان بکەم لەدانیشتنەکانی ترا،یەکەم،(8)مانگە وەزارەتی دارایی و پلاندانان بودجەی دواخستووە دژی یاسا،بیانوویەکانیان موڤنیع نین.

بەپێی نووسراوی وەزارەتی دارایی بۆ وەزارەتی فیدراڵ ژمارە(12312)لە 2011/6/29 خەملاَندن کراوە بۆ بودجەی 2011 بۆ حکومەتی عیراڤی،هەربەپێی نووسراوی خۆیان(18601)کاتی تاوتوێی بودجە لەوەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە 10/2 تا 10/30 دانیشتوون لیژنەیان بۆ تەشکیل کردووە تاوتوێی بودجە بکەن.

ئەپرسم بۆ نەتان ناردووە بۆ پەرلەمانی کوردستان؟ ئەمە موخالەفەی یاسایە و مەقصودیشە، ئەبێ ڕوون کردنەوەی زیاترمان بدەنێ، هەرئەمەشە وای کردووە کورتهێنان رووبدات کەسلفەی زەواج و عەقاری بۆ چوار مانگ بدرێ بەخەڵکی، پرساری ترم هەیە، ئەگەر ئێمە سیستەمی مەرکەزین، لەعیراق ئەگەر بودجە پەسند کرا لێرە بۆ پرۆژەکان دەست بەکارنابێ و سەرف ناکرێ؟ ئەگەر لامەرکەزیشین پرسیارێکم هەیە، بەرێز وەزیری دارایی حکومەتی هەرێم لەتەخمینی خۆی ناردوویەتی بۆ حکومەتی عیراقی،وەزارەتی دارایی حکومەتی ناوەند تەخمینێکی ناردۆتەوە بۆ هەرێم کام تەخمین ڕاستە؟ هی حکومەتی هەرێم یابەغداد؟ ئەوان بۆ مووچەی موەزەفین بۆ مەسائیلی تر لەهەموو بابەکانە بەشیان داناوە، ئەوان دوو ترلیۆن و پینج سەد و پەنجاو پێنج ملیار زیاتر لەو پارەی لەبەغداد لەبابەکان دانراوە بۆمان روون بکەنەوە، بۆ لەبەغداد زیاتر دانراوە؟؟ئەوەی ئێوە ڕاستە یاهی ئەوان؟.

لەسەر کورتهێنان. بەرێزان کورتهێنان یەکێکە لەکێشانەی کەحکومەتی ولأتان لەسەری دەڕووخێن، ئەگەر بیرتان بێ پێش مانگێك کورتهینان لە(هۆڵەندا) روویدا کەحکومەت نەیتوانی بیکاتە 3٪، لەسوقی ئەورووپی وەرنەدەگیرا ئەبوو بەستاندارد رووخا،کورتهێنانی ئێمە گەیشتۆتە 20٪، لەکاتێکا هیچ شتێك ڕووی نەداوە، ئەو حکومەتانەی کەکورتهێنان زۆر تیایاندا ڕووئەدا، ئەوانە زیاتر سیاسەتی مەرکەزییان هەیە لەبواری بودجە، زیاتر پەنا بۆ کڕینی سیارە و خانوو و شتی گەورە ئەبەن، بۆیە تووشی (عجز)ئەبن، بۆ ئەوەی (عجز)یان کەم کەنەوە پەنا بۆ (تەقەشوف)ئەبەن، حکومەتی هەرێم نەك پەنا بۆ (تەقەشوف)ببا بەڵکو باری بودجەی هەرێمی کوردستان ئەوەندەی تر زیاد ئەکا، لەبودجەی بەکاربردن بەبەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو یەك ترلیۆن زیادی کردووە، کەئەبوایە (تەقەشوف) بکرایە، ساڵ بەساڵ خەرجی بەکاربردن زیاد ئەکا، یەکێ لەکێشە گەورەکانە لەداهاتوودا ڕووبەڕووی هەرێم دەبێتەوە.

نموونە، لەساڵی 2008 چوار ترلیۆن و شەسەد و حەفتاو پێنج ملیار بووە بۆ خەرجی بەکاربردن،ساڵی 2012 دە ترلیۆن و حەوسەد و چل و پێنج ملیار بووە،سەیرکەن خەرجی بەکاربردن چەند سەرکەوتووە،لەماوەی چوار ساڵ خەرجی بەکاربردن سەدا سەد و چواردە زیادی کردووە،ئەگەر بەم شێوە بەردەوام بین لەچوار ساڵی داهاتوودا بۆ بودجەی بەکاربردن پێویستمان بە بیست و پینج ترلیۆنە،لەکوێ بێنین؟.

دێمە سەر بابێك کە هەیە پێی ئەڵێن (تعویضات الموظفین)لەحکومەتی ناوەند شتێك دیاری کراوە،مووچەی خانەنشین بەجیا دیاری کراوە و هی فەرمانبەران بەجیا بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان نێردراوە، بەهەردووکیان شەش ترلیۆن و سەد و حەوت ملیار و پێنج سەد و پەنجاو پێنج ملیۆنی دیاری کردووە، لەپرۆژەیاسای وەزارەتی دارایی شەش ترلیۆن و حەوسەد و حەوتاو چوار ملیار و شتێکی داخیل کردووە، کامیان ڕاستن؟ ئەو فەرقە چیە؟ ئەوانەی زیادەن بۆکێن کەحکومەتی عیراقی ئاگای لێ نیە.

تکایە بۆمان ڕوون بکەنەوە، شتێك هەیە باوازیحی بکەین بۆ هەموولایەك، ئەویش ئەوەیە لەبودجەی گشتی مووچەی فەرمانبەران لەسەدا چل و پێنج و دەیە، نزیکەی 40٪ ی بۆ هێزە چەکدارەکان ئەڕوا،

پرسیار ئەکەم، بۆ ئەمساڵیش دەزگای هێزە چەکدارەکان (3800) میلاکی بۆ دانراوە، بەرێز وەزیری پلاندانان لەسەر چ ئەساسێك(3800) میلاکی بۆ دانراوە؟ لەکاتێکدا تەندروستی(2150) میلاکی بۆ دانراوە، ئەتانەوێ ئەم وڵاتە بەرەو وڵاتێکی عەسکەری بەرن؟ هەندێ میلاکتان بەهەندێ وەزارەت داوە کەپێویستی پێ نیە، بۆ نموونە وەزارەتی ڕۆشنبیری(300)میلاکتان بۆ داناوە کەپێویستی پێ نیە، ئەتانەوێ ئەو میلاکانەی دانراوە تەنیا جێی بکەنەوە یاپێویستان پێیانە؟.

پرسیارێکمان هەیە ئەویش پێشێلکردنی یاسایی بودجەیە، کەساڵانە وەزارەتی دارایی جێ بەجێی ئەکا، ئەویش لەساڵی 2010 یەك ترلیۆن و حەوسەد و نەوەد و دوو ملیار و لەساڵی 2011 دوو ترلیۆن و دووسەد و نۆ ملیاری پرۆژەکان خەرج نەکراوە، بەکارتان هێناوە بۆ پڕکردنەوەی زیادەڕەوی بەکاربردن، تکایە وەڵاممان بدەنەوە لەکوێ بەکارتان هێناوە و بۆچی بەکارهاتووە؟ پرسیارێکی ترم، لەڕاپۆرتەکەی بودجەی 2012 مولحەقێك  هاتووە کە لەساڵی 2010 و 2011 نەهاتووە، بۆ لەساڵانی پێشوو هاتووە ئەمساڵ نەهاتووە؟.

پرسیاری دووەم، دوو ترلیۆن و سێ سەد و سی و یەك ملیار دانراوە بۆ داهات، لەعەینی کات لەم لاوە خەرجی کردۆتەوە لەوەزارەتەکان، ئاخۆ ئەم وەزارەتانەی کەپارەکانتان بۆ خەرج کردوونەتەوە لەبودجەی بەکاربردن پارەیان بۆ تەخصیص نەکراوە؟ پرسیاری کۆتایی،لەدەستەی ناوچە دابڕێنراوەکان بۆ بودجەی بەکاربردن پارەی بۆ تەرخان کراوە، لەپرۆژەکانیشدا پرۆژەی بۆ تەرخان کراوە، پەنجا ملیار دانراوە بۆ ناوچە دابڕاوەکان، ئەمە بۆ خەڵکە،بۆ پرۆژەیە، یابۆ کاروباری حیزبیە؟ سوپاس.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی-وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تکایە ئەوانەی پرسیارەکانیان کرد نوسخەیەکمان بدەنێ بۆ ئەوەی بتوانین وەڵام بدەینەوە،چونکە ناتوانین هەمووی بنووسین.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەئەکەم لەسەر ئەو نووسراوەی کە وەزارەتی دارایی ناردوویەتی لەگەڵ ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری، من نازانم ناوی بنێم ڕاپۆرت یائەو مەغدوریانەی کەوەزارەتی دارایی و ئابووری باسی کردووە کە لەناوەرۆکی نووسراوەکەدا هەیە کەگرفتیان هەیە و سەرنجیان هەیە، بەشدارین لەسیاسەتی دارشتنی دارایی حکومەتی فیدراڵ، یاخود چەند ژمارەیەکە خستوویتیانە سەر چەند وەرەقەیەك و ناردوویانە بۆ بەردەستی ئێمە، لەسەرەوە نووسراوە بودجەی ساڵی 2012،نازانم ناوی بنێم چی؟؟ بەڵام هەوڵدەدەم لەسەر ئەو ناوەرۆکە قسە بکەم، گەورەترین گرفتی ئەو نووسراوەی ناردوویانە هیچ ئاماژەیەك بەهۆکاری دواکەوتنی بودجە نەکراوە.

لەخاڵی(8)ی نووسراوەکە هاتووە بەنووسراوی وەزارەتی دارایی فیدراڵ فەرمانگەی بودجەی ژمارە(29)(602)لە 2011/6/6 وەزارەتی دارایی فیدراڵ داوای لەهەرێم کردووە بودجەی خەملێنراو بەپەلە ڕاوانەی پەرلەمانی کوردستان بکەن،وەك هەموو ساڵ بەنووسراوی(12312)لە 2011/6/29 بەم شێوەی خوارەوە خەملێنراوە، دیارە وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێم خەملاندنەکەی بۆ کردووە (نەفەقاتی تەشغیلی، نەفەقاتی ئیستیسماری، داهات، میلاکات)، دواتر وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان پاش ئامادە کردنی پێداویستیەکانی بودجە بەنووسراوی ژمارە (152821)لە 2011/8/8.

داوا لەهەموو فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم کراوە لەگەڵ ڕێنمایەکانی ئامادەکردنی بودجەی تەشغیلی دووبارە تەئکید کراوە بەنووسراوی ژمارە(17995)لە 2011/9/5 بەزووترین کات بودجەی ساڵی 2012 بۆمان بنێرنەوە بەپێچەوانەی ئەوەش بەرپرسیار دەبن، ئەوە نووسراوی خۆتانە من دەیخوێنمەوە.

دواتر بەنووسراوتان ژمارە (18600) لە 2011/9/28 خشتەی کاتی تاوتوێ کردن لەسەر بودجەی ساڵی 2012 دیاری کراوە لە 2011/10/2 تاکو 2011/10/30،خۆتان بەرنامەیەکتان داناوە خشتەی کاتی تاوتوێ کردن و بەنوسراوتان ژمارە (18601) لە 2011/9/28 بڕیار درا بەپێکهێنانی لیژنەیەکی باڵا بۆ تاووتێ کردنی بودجەی ئاسایی لەگەڵ وەزارەتەکان، واتە ئێوە لەمانگی(9)ە لیژنەتان پێکهێناوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو ئەو بیانوویانەی کە ئێوە باسی دەکەن لە دوا کەوتنی بودجە پووچەڵ دەکاتەوە، چونکە لەمانگی (9) تامانگی(12) نزیکی(3) مانگ دەکات، ئایا ئێوە بە(3)مانگ نەتان توانیوە لەگەڵ ئەو لیژنەی کەپێکتان هێناوە خەملاندنێك بۆ بودجەی ئاسایی بکەن و بینێرن بۆ حکومەتی ناوەند؟ کەواتە بەپێی ئەم نووسراوە ئێوە وەکو وەزارەتی دارایی بەرپرسیارن لە دواکەوتنی بودجەو خەملاندنی بودجە،دواتر هەرخۆت لەڕاگەیەندنەکان ئاماژەت بەوە داوە بەڕێز وەزیری دارایی کەلە 2012/2/26 بودجەی خەملێنراوی حکومەت ئامادەیەو دەتانەوێ بینێرن بۆ پەرلەمانی کوردستان،ئایا ئێوە بەنووسراو داواتان لەسەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە دەتوانن لەڕووی قانونیەوە بودجەی 2012 بەخەملێنراوی ئامادەیە بینێرنە پەرلەمان؟ یان هەر لەسەر قسەی سەرۆکی لیژنەی یاسایی نازانم بەچ حەقێك ڕێگەی بەخۆی داوە بەناوی پەرلەمان یاخوود بەناوی چیەوە لێدوان بدا بەوەی ناتوانرێ بودجە بنێرێتە پەرلەمانی کوردستان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە پێشەوا حکومەتی موستەقیل ناتوانێ بودجە بنێرێ،ئەوە سەبەب بووە.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەشەفەهی ئەوەم ناوێ، حەزئەکەم بەنووسراو،وەزارەتی دارایی و ئابووری کەباس لەوە دەکا لە ( 26-2) بودجەی خەملێنراوی ئامادەیە، بەنووسراو داوا لەسەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بکات بۆ ئەوەی بودجە دوانەکەوێ، بۆ ئەوەی هۆکارەکەش نەخەنە ئەستۆی حکومەتی فیدراڵ.

لەلاپەڕە(2)ی ئەو نووسراوەی کەهی وەزارەتی دارایی و ئابووریە،خاڵی یەکەم زیادبوونی خەرجیەکانی سیادی و حاکیمە واتە پشکی حکومەتی هەرێم کەمدەبێتەوە،پلانی ئێوەی حکومەت چیە کە داڕێژەری سیاسەتی بودجەن لەهەرێمی کوردستان بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، لەخاڵی(ب)هاتووە دەڵێ (بەشێك لەخەرجیەکان لەساڵانی ڕابردوو نەگەیشتوونەتە حکومەتی هەرێمی کوردستان)کەمەبەستان خەرجی حاکیمەیە، بۆچی نەهاتووە؟ ئەی ئێوە چیتان کردووە؟ سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و ناکۆکی موڵکایەتی 100٪ نەگەیشتۆنە کوردستان،هۆکاری نەگەیشتنی ئەوانە چیە؟.

لاپەرە(4) ی نووسراوەکەتان کۆی دانیشتوانی عێراق سی و سێ ملیۆن و دووسەد و پەنجاو نۆهەزار و حەوسەد و چل و یەك کەس، ژمارەی دانیشتوانی کوردستان چوار ملیۆن و سەدوو هەشتاو نۆ هەزار و حەوسەد و دوو کەس کە هەژمار کراوە ڕیژەی لەسەدا دوانزە و پۆینت شەش دەکات، ئایا وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان، بەتایبەت وەزارەتی پلاندانان ئایا ئێوە بەراستی ئەزانن ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان چەندە؟.

لەخاڵی یەك بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان باستان لەوە کردووە کە بەپێی ڕێژەی نفووسی هەرسێ پارێزگای کوردستان دەکاتە حەوسەد و حەفتا و نۆ ملیار دینار،لێرەدا جیاوازی مەبلەغی دووسەد و حەفتا و دوو ملیار دینار کەخۆتان نووسیوتانە لەبری یەك ترلیۆن و پەنجاو یەك ملیار، کەئەوە موستەحەقی هەرێمی کوردستانە، لەبودجەی تەنمیەی ئەقالیمی پارێزگاکان، بەلاَم ڕەقەمێکتان نووسیوە دیارە ئەوە هەڵەی چاپە (9779)حەوت سەدو حەوفتاو نۆ ملیار دینارە نەك ئەوەی نۆ ترلیۆن و حەو سەدو حەفتاو نۆ ملیار دینارە، کەڕێژەکەی دەکاتە ئەوەندە، ئێوە واتان دەرخستووە کە کوردستان بەبڕی دووسەدو حەفتاو دوو ملیار دینار زەرەر دەکات، باشە ئەگەر ژمارەی دانیشتوان دەقیقە، حەقی خۆمانە بەپێی ژمارەی دانیشتوان بۆمان بنێرن، بەلاَم ئەگەر ئەوان لەوێ ژمارەیەکیان دەست نیشان کردووە ئەی هەڵوێستی ئێوە چیە؟ بۆ چارەسەری ئەو پارەی کە نەنێردراوە، بڕی یەك ترلیۆن و شەس سەدوو حەفتاو یەك ملیار تەخسیص کراوە بۆ پترۆ دۆلار لەهەموو پارێزگاکانی عێراق، کەڕێژەی 17٪ ی هەرێم ئەکاتە حەوت سەد و حەفتاو پینج ملیار دینار، بەلاَم ئەوەی کەئێوە نووسیوتانە چل ودوو ملیار و چوار سەد ملیۆن دینارە، کە لەوەش جیاوازییەك هەیە، نازانم پلانی ئێوە چیە وەك نوێنەری حکومەت؟.

لەلاپەڕە(5)ی نووسراوەکەتان نووسراوە (بەلاَم لەخشتەی بودجەی عیراق ئەمساڵ و ساڵانی پێشتر هیچ بڕە پارە دانەنراوە بۆ بەرهەمی خۆماڵی)دەپرسم بۆچی دانەنراوە؟ ماددەی(13)برگەی(5)هاتووە کەبەڕێکەوتنێك لەنێوان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان خەرجیەکانی پاسەوانی هەرێمی کوردستان(پێشمەرگە)بۆ دابینکردنی مووچەو چەك و پێداویستیەکان لەلایەن حکومەتی ناوەندیەوە بەشێوەی پێشینە خەرج دەکرێ، بەجۆرێك بگونجێ لەگەڵ دەستوری عیراق، تایاسایەك دەردەچێ بۆ ڕێکخستنی پشکی پاسەوانی هەرێم.

لەساڵی 2007 وە ئەم بابەتە بەشێوەی جیاواز لەیاسای بودجەدا هاتووەو یا پێویستە بەدوا داچوون و وەرگرتنی پشکی هەرێمی کوردستان لەسەر مستەوای بەرز لیژنەی بۆ دروست بکرێ، وەك ئەوەی ئێوە نوسیوتانە،نازانم مەبەستان کێیە لیژنەی بەرز دروست بکرێ؟ ئەگەر ڕێکەوتن هەیە بۆ جێ بەجێ ناکرێ؟ لە (2011/2010/2009/2008/2007)کۆی گشتی تاکو( 31-11-2011) چوار ترلیۆن و نۆسەد و سی ملیار نۆسەد و نەوەد و چوار ملیۆن دینارتان نووسیوە، کەئەمانە ئەبوایە حکومەتی عیراقی بینێرێ بۆ هەرێم، بەلاّم نەیناردووە، ئایا ئەمانەتان لەکوێ پڕ کردۆتەوە لەکاتی بودجەیە؟.

لەلاپەڕەی(6)خاڵی (3) (دیاری کردنی ژمارەی فەرمی دانیشتوان)ی هەرێمی کوردستان و جێ کردنەوەی لەبودجەی ساڵی داهاتوو، تاکو کاریگەری نەبێ لەپشکی حکومەتی لەپەرە پێدانی پارێزگاکان، ئایا ئێوە بەراستی دەزانن ژمارەی دانیشتوان چەندە؟ کارکردن بۆ وەرگرتنی هەموو خەرجیەکانی سیادی ساڵانی ڕابردوو کەخەرج نەکراوە و دەگەڕێنرێتەوە و تەدویر دەکرێ ساڵانە، بۆچی پێشتر تەدویر نەکراوە؟ کێ هەیە ئەمە بکات؟.

لەلاپەرەی(7)ی نووسراوەکەتان خاڵی(6) لەساڵی 2010 بڕی سێ سەد و پێنج ملیار دینار، تەنها هەشت ملیار دینار ئیعادە کراوە بۆ هەرێم، کەرێژەکەی ئەکاتە 2/6٪ بەرێنمایی سەرەوە، ئایا بۆچی لە سێ سەد و پێنج ملیار تەنیا هەشت ملیار ئیعادە کراوە؟.

لەلاپەڕەی (7)خاڵی (1) باستان لەوە کردووە سیاسەتی دارایی عیراقی فیدراڵ ڕاستە بەپێی دەستوور لە ماددەی (110) سیاسەتی دارایی لە ئیختصاصی پێشینەکانی فیدراڵ دایە.

لەخاڵی (5) یش باستان لەوە کردووە کەڕۆژانە خەملێنراو ئەرقامێکە دوو ملیۆن و شەست سەد هەزار بەرمیل نەوت دەرهاوێشتە بکرێت، لەناوەرۆکی ئەم ژمارەیە سەد و حەفتاو پێنج هەزار بەرمیل نەوت ڕۆژانە بو کوردستان خەملێنرایە، ئایا ئەمە وایە؟ لەخوارەوە نووسیوتانە باستان لەوە کردووە بەشدار نینە، بەلاّم لێرە لەخوارەوە نووسیوتانە ئێمە لەرێگەی نوێنەرمانەوە لەوەزارەتی دارایی حکومەتی عیراقی فیدراڵ بەشی هەرێمی کوردستانمان وەرگرتووە، کەواتە نوێنەرتان هەیە لەوێ، کەنوێنەرتان هەیە چۆن ئاگاتان لێ نیە؟.

لەلاپەرەی (9) باستان لەدابەشی وەزیفی کردووە کەخاڵی(1) بەڕاستی جێگەی تێبینیە، کەنەفەقاتی بەرگری و ئاسایش دوو ترلیۆن و نۆسەد و هەشتاو یەك ملیار و چوارسەد و سێ ملیۆن دینارە، لە دە ترلیۆن و حەوسەد و چل و پێنج ملیار و حەوسەد و نەوەد و حەوت ملیۆن.

لەلاپەڕەی(10)،خاڵی (1)،خەملاّندنی بودجەی حکومەتی هەرێم کراوە بۆ ساڵی 2012ی دارایی لەلایەن حکومەتی دارایی فیدراڵ، کەواتە حکومەتی فیدراڵ خەملاّندنی بۆ کردووە، خاڵی(1)خەملاّندنی داهاتی هەرێم بڕی شەش ترلیۆن و نۆسەد و سی و دوو ملیار دینار، بۆ ساڵی 2012 حکومەتی عیراق خەملاّندنی بۆ کردووە، کەوا داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لەو مەبلەغە شەش ترلیۆن و دووسەد و شەست و

پێنج ملیار دینار داهاتی نەوت کەرۆژانە سەد و حەفتاو پینج هەزار بەرمیل نەوت وەردەگیرێ، ئایا ئەو شەش ترلیۆن و دووسەد و شەست و پینج ملیار دینارە لەکوێیە؟.

هەر لەلاپەرەی(11)خشتەیەکتان ناردووە خەملاندنی داهاتی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2012ی دارایی، ئەوەش پرسیارە بەڕاستی، خەملاندنەکەتان، باجەکان هەشتاو شەش ملیار، داهاتی جۆراوجۆر کەنازانم چیە و چۆن دووسەد و هەشت ملیار دەکات، هەمووی دووسەد و نەوەد و چوار ملیارە، نازانم ڕەقەمی ئێوە ڕاستە یا هی حکومەتی عیراق؟.

لەتێبینیەکان نووسیوتانە لاپەڕەی(12)خاڵی(1)، ئەو بڕە پارەی کەدابین دەکرێ بۆ هەرێمی کوردستان تا ئێستاش بەوردی هەژمار نەکراوە، هەر دوای ئەوە نووسیوتانە هەژمار کردنی کۆتایی بودجە لەوەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ بەشە بودجەی هەرێمی کوردستانی دیاری کردووە بە دوانزە ترلیۆن و شەسەد و چوار ملیار دینار،هەرخۆتان دەڵێن دیاری کردووە، هەرخۆشتان دەڵێن دیاری نەکردووە.

لەلاپەڕەی(13)(ب) زیادبوونی بەرێژەی 13٪ی مووچەی (پێشمەرگە،پۆلیس،ئاسایش)، کەژمارەیان (266000)کەسە، ئایا ئەو ژمارەیە ڕاستە؟ چونکە ئێوە فۆرمێکتان ناردووە بە(ئاسایش،پێشمەرگە،پۆلیس) ژمارەیان (263450) کەسە، کەواتە جیاوازیەکەی (2550)کەسە، لەکوێیە ئەو (2550)کەسە؟.

خاڵی(ج) زیادبوونی مەبلەغی(150000) دینار وەك دەرماڵە بۆ فەرمانبەرانی وەزارەتی پەروەردە کەژمارەیان(160000)کەسە، ئێمە لەسەردانێکمان بۆ وەزارەتی دارایی کاك(ڕەشید تاهیر)باسی لەوە کرد ئەوان هی(90000)کەسیان ناردووە، بەلاَم ئێوە باس لە (160000) کەس دەکەن، ئایا بە فیعلی ئەوەی لەبەغداد دەینێرن هی (160000)کەسە یا هی(90000)کەسە؟ یان ئەوکات کەباست کردووە ئەوکات ئەوەندەیان ناردووە؟ دێمە سەر بەشی(باربووەکان)، نازانم بە چ پێوەرێك ئیعانات و مینەح و مەنافیعی ئیجتیماعی و مەصروفاتی ئوخرا دادەنرێت؟ بەپێی ئەو ئیستیمارەی کەناردووتانە، دوو وەزارەت ئیعاناتیان هەیە، وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، لەگەڵ دەستەی ناوچە جێ ناکۆك لەسەرەکان، کە شەست و پێنج ملیارتان بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ داناوە، پێنج ملیاریشتان بۆ دەستەی جێ ناکۆك لەسەرەکان داناوە، بەلاَم بەپێی ئەو ئیستیمارەیە وەزارەتی کشتووکاڵ شەش مانگی یەکەمی 2011 لە پەنجاو شەش ملیار دینار کەپار بۆی تەخصیص کراوە تەنها پێنج ملیاری سەرف کردووە لەشەش مانگی یەکەم، یەعنی لەشەش مانگەکەی تر پەنجا ملیار سەرف دەکات؟ دەستەی جێ ناکۆکەکان سەرفی هەر هیچ نیە، مەسروفی فیعلی شەش مانگی یەکەم هەر هیچ نیە، بەلاَم هاتوون لێرە پینج ملیاریکەتان بۆ تخصیص کردۆتەوە.

لاپەڕەی(14)بەشی بەخشین،کلێشەیەکی تێدایە،شارەوانیەکان سێ سەد و نەوەد و دوو ملیار، بەلاَم لەو ئیستیمارەی کەناردووتانە سێ سەد و حەفتاو هەشت ملیار و حەوسەد و نەوەد و نۆیە،کامیان ڕاستە؟.

لەسوودە کۆمەلاَیەتیەکان خاڵی(د) لاپەڕەی(15) وەزارەتی ناوخۆ دە ملیار و حەوسەد ملیۆنە، بەلاَم لەو ئیستیمارەی کەناردووتانە سەد و دەملیار و حوسەد و بیست و شەش ملیۆن دینارە، کامیان ڕاستە؟

لەلاپەرەی(16)کەدوایی لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی دێمە سەری، پرۆژە دواکەوتووەکانە کەهیچ پەیوەندی بە بودجەی 2012ەوە نیە نازانم چۆن تێپەڕیوە بەسەر لیژنەی دارایی، بەسەر وەزارەتی پلاندانان، ئەگەر ئەوە ئەبدەیتی تازەتان بێ بەڕاستی کارەساتە، خەرجی زیادەڕەوی لەبودجەی پەسندکراوی ساڵی 2011 دەکاتە چوار سەد و سی و پێنج ملیار دینار، چارەسەر چیە بۆ ئەو زیادەیەی ساڵانە وەك وەزارەتی دارایی؟ ڕێژەی جێ بەجێ کردنی بودجەی وەبەرهێنان لەساڵی 2011 دەکاتە 53٪ لە کۆی گشتی تەرخان کراوی چوار ترلیۆن و حەووسەد ملیار دینار، ئایا ئەو پارەیەی ماوەتەوە لەپرۆژە جێ بەجێ نەکراوەکان تەدویر کراوە؟ لەکوێیە؟ ئەوە بەنیسبەت ئەو نووسراوەی کەناوتان لێ نابوو ڕاپۆرتی دارایی.

سەبارەت بەڕاپۆرتی لیژنەی دارایی وەك هە هەژدە لیژنەکەی تری پەرلەمان ئەرکیان ئەوەیە کەبودجە دێتە بەردەستیان دەبێ چاوەڕێی هەموو ڕاپۆرتی لیژنەکانی تر بکەن.

هەروەها بەشە بودجەی وەزارەتی دارایی و ئابووریش موناقەشە بکەین، نازانم چۆن حەقتان بەخۆتان داوە لەناو ئەو ڕاپۆرتە کۆمەڵێك شت ئیزافە بکەن بڵێن پەسندە یاپەسند نیە؟ هەر لیژنەیەك خۆی ئامادە کردووە لەسەر بەشە بودجەی هەر وەزارەتێك لەگەڵ ستافی وەزارەت دانیشتوون، نەدەبوو ئێوە ڕاپۆرتەکان دەستکاری بکەن، چۆن بووە ئەوەها پێشکەش بکەن، سەبارەت بەپرۆژە دواکەوتووەکان، ئەوە دوو نوسخەیە، نوسخەیەکی هی 2011 یە، ئەویتر هی 2012 یە، نازانم ئامانجتان چیە لەوە هێناوتانە ئێرە؟ پرۆژە بەردەوامەکانی نێوان ساڵانی 2003 تا 2005، هیچ پەیوەندی بە 2012 وە نیە، (ناوی پرۆژە، ناوی وەزارەت، ناوی کۆمپانیا، پارێزگا، قەزا، ماوەی پرۆژە، گوژمە، خەرجی 2010، گوژمەی پێویست بۆ 2012)، کوا ئەو حەقلەی کەئاماژەتان پێداوە گوژمەی پێویست بۆ 2012؟ ئەوەی لەوە ڕاپۆرتەی لیژنەی دارایی و ئابووری جێگەی تێبینیە، ئێوە قسەتان لەسەر(باربوو، بەخشین، سوودە کۆمەلأیەتیەکان)نەکردووە، بەرێژەیەکی زۆر زیادی کردووە لەهەموو وەزارەتەکان، دوایی وەلأمم بدەنەوە.

کەمکردنەوەی ڕێژەی وەبەرهێنان بە ڕێژەی چوار و پۆینت چوار لەچاو و پارساڵ، بۆچی داواتان لەوەزارەتی دارایی نەکردووە چارەسەرێك بدۆزێتەوە؟ خۆ ناکرێ هەموو ساڵێك بودجەی تەشغیلی زیاد بکرێ و بودجەی وەبەرهێنان کەم بکرێ، بەراوردی نێوان وەزارەتەکان لەدابەش کردنی بودجە بەسەریان کەلەڕاپۆرتەکەی ئێوە هاتووە، سێ نموونە دەخەمە ڕوو، (وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو،وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی، وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە)، بەرامبەریشیان (دەزگای ئاسایش، ئەنجومەنی ئاسایش، وەزارەتی سامانە سرووشتیەکان)، (کشتوکاڵ) دووسەد و حەفتاو شەش ملیار و هەشت سەد و سی و پێنج ملیۆن دینار، (بازرگانی و پیشەسازی) حەفتاو چوار ملیار و حەوسەد و نەوەد ملیۆن، (ئاوەدان کردنەوە) نەوەد و حەوت ملیار و نۆسەد و چل و پێنج ملیۆن دینار، بەلأم (دەزگای ئاسایش) چوار سەد و پەنجا و پێنج ملیار دینار و بیست و دوو ملیۆن، (ئەنجومەنی ئاسایش)سەد و سی و چوار ملیار و هەشت سەد و شەست و چوار ملیۆن، (سامانە سروشتیەکان) پێنج سەد و چواردە ملیار و دوسەد و هەشت ملیۆن دینار،

نازانم بەچ پێوەرێك ئەو هەموو پارە بۆ ئەو وەزارەتانە تەخصیص دەکرێ لەکاتێکا سێ وەزارەتی گرنگ موقارەنە بەوانە سفرە، سەبارەت بەژمارەی فەرمانبەران.

لەلاپەڕە(13) ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری هاتووە کە ژمارەی فەرمانبەران (655505) کەسە، بەڵام لەو ئیستیمارەی کە حکومەت ناردوویەتی (650849)کەسە، واتە(4656) کەس فەرقی هەیە، لەکوێن ئەوانە؟ لەلاپەڕەی(17)سەد ملیار دینار بۆ قەزا و ناحیە ڕاگوێزراوەکان، شتێکی باشە بەڵام وەك ئەوەی پار نەبێ کە دە ملیار دانرا غەدریان لەهەندێ قەزا و ناحیە کرد، ئایا لیژنەی دارایی و ئابووری بەپێی داتا پارەیان داناوە یا لێگەڕاون وەزارەتی دارایی و ئابووری خۆی سەرفی بکا؟؟هیوادارم وەڵامی پرسیارەکانم بدرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەپێی پەیڕەوی ناووخۆ موناقەشەی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی دەکەین پاشان کەپرۆژەی بودجە هاتە بەردەممان موناقەشەی دەکەین، بۆ وەزیرە بەڕێزەکانیش نیە ئامۆژگاری پەرلەمانتاران بکەن. سوپاس.

**بەڕێز عبدالله محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بڕیارێکی تازە هەیە لەسەرۆکایەتی بۆ قسە کردن دەبوایە لەسەرەتاوە بوترێ نەك لەناوەڕاستەوە، داوا دەکەم هەر لەسەر شێوازی ساڵانی پێشوو بڕۆین کەقسەی پێ کراوە، من چەند هێڵێکی گشتی لەڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری کەکۆکراوەی ڕاپۆرتی لیژنەکانە قسەی لەسەر دەکەم، دیارە بابەتی بودجە بابەتێکی گرنگە و ئەرکی پەرلەمانتار و ئەرکی پەرلەمانیش لەم پرسەدا بەشێوەیەکی گشتی بەرجەستە دەبێ، بۆیە هەم ئەرکی پەرلەمانتارە کەبە دیقەت قسەی لەسەر بکەن.

ئەرکی وەزیران و سەرۆکایەتیشە کەتەحەمولی پەرلەمانتار بکا، پێم وایە ئەگەر ئێمە هەر قسە بکەین و قسەکانیشمان عەمەلی پێ نەکرێ لەلایەن دەستەڵاتی تەنفیزی،قسەکانمان دەچێتە بۆشاییەوە و دەچێتە قاڵبی ئیستیهلاك نەك ئینتاج.

بۆیە بەرلەوەی قسە بکەم من داوا لەسەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم چاودێری ڕاو بۆچوونەکانمان بکات بزانێ چەندێکی جێ بەجێ دەکرێ و چەندێکی جێ بەجێ ناکرێ؟ ناکرێ ئێمە قانون دانێین و قسە بکەین، بەڵام ئیشی پێ نەکرێ، خاڵی(1)مم دەربارەی داهاتەوەیە،هەندێك لەبرادەران لەسەر داهات بەشێوەیەکی گشتی قسەیان لەسەر کرد، بەڵام من دەمەوێ هەندێك ئیزافەی بخەمە سەر، ڕاستە داهات

بەپێی دەستوور لەدەستەلاتی حکومەتی فیدرالّیە، بەلاّم ئەم دەستەلاّتە دەستەلاّتێکی موتلەق نیە، ئەگەر چی حکومەتی عیراقی بەشێوەیەکی موتلەق بەکاری دێنێ، لەکاتێکا ئێمە زەماناتی دەستووریمان هەیە لەماددەکانی(105، 106) بەلاّم حکومەتی هەرێمیی کوردستان لەبەکارهێنانی ئەم زەماناتە دەستووریانە زۆر مەوقیفی زەعیفە.

من ڕاپۆرتی وەزارەتی داراییم لایە یەك وشە کەمنی زۆر نیگەران کردیە ئەویش وەزارەتی دارایی کەدەلّێ حکومەتی فیدرالّی غەدرمان لێ دەکات لەئەساس کردنی بودجە و هیچ ئاگاداری نین و سەرەڕای ئەوەی کەزەمانی دەستووریان هەیە، دەلّێ بەهەرحالّ،یەعنی پشکێکی گەورەی هەرێمی کوردستان لەبەغداد جێ دەمێنێ، ئەگەر کۆی بکەینەوە دەتوانم بلّێم 40٪ ی داهاتی هەرێم لەبەغداد جێ دەمێنێ، لەبەرامبەر ئەم جێمانە زۆرە وشەی بەهەرحالّ بەتەسەووری من زۆر شتی لێ دەخوێنرێتەوە، بۆیە ئەم نەرمی نواندنە بەتەسەوری من لەخۆڕا نیە، تەسەوور دەکەم جۆرێك بێ لەمعامەلە(بالمثل) لەگەلّ بەغداد، وەك چۆن ئێمە بەبەغداد دەلّێین داهاتی نەوتتان دیارنیە، کەس نازانێ سەرفیاتان بۆ کێ ئەچێ؟ ئەوانیش بەهەمان شێوە بەئیمە دەلّێن لەبەرامبەردا بێ دەنگبوونێکی دوولایەنە هەیە، چاوپۆشینێك هەیە لەحەجمی داهاتوو چۆنیەتی سەرفیات.

ئەم مەسەلەیە پێویستە بەئاسانی بەسەرمان تێنەپەڕێ، لەرێگەی لیژنەیەکی تەحقیقیەوە یەك لایی بکرێتەوە، ناتوانین رێگە بدەین ئەم بابەتە تەئجیل بکرێ بۆ سالّێیکی تر،ئەم سالّ ئەم بابەتانە بە موعەلەقی نەهێلّرێتەوە کەکۆکراوەی سالاّنی ڕابردووە،بابەتی دووەمم دواخستنی بودجەیە، ئەگەر بودجە تەخمینە و تەخمین لەعیراقدا ئاسانترین جۆری تەخمینە، لەبەر ئەوەی زۆرترین داهاتی عیراق و هەرێمی کوردستان 97٪ی لەنەوتایە، نەوتیش سعرەکەی دیاری دەکرێ بە($85)$، ئەم تەخمینە بۆ تەئخیر دەکرێ؟ بەتەسەوری من دەتوانرێ پێش بودجەی عیراق ئەم تەخمینە ئامادە بکرێ و بنێرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەلاّم دواخستنی دیارە هۆکاری هەیە.

من داوای ڕوون کردنەوەی ناکەم، چونکە پێم وایە هەموو شتێك ڕوونە، هۆکارەکەی ئەوەیە،یائەوەتا ئەو ژمارە و داتایانەی کەلەئەسلّدا هەیە،لەواقعدا بەجۆرێك دەستکاری دەکرێ کەناناسرێتەوە، بۆیە ناتوانرێ تەخمین بکرێ، یائەو مەبالیغانە بۆیە تەئخیر دەکرێ تەداولی پێوە دەکرێ، دەبێ لیژنەی تەحقیق ڕوونی بکاتەوە، ئایا تەداولی پێوە دەکرێ یانا؟ چونکە لەزانستی ئابووریدا کات پارەیە، ئەو کاتە کێ ئیستیفادەی لێ ئەکا؟؟خالّی سێیەمم بابەتی کورتهێنانە، تاکەی ئەم کورتهێنانە دەمێنێ؟.

من جاری پێشووش پرسیارم کرد لەبەرێز وەزیری دارایی،لەم ولاّتەی ئێمە کەهەموو سەرچاوەکانی داهات باش ئیش دەکەن، هیچ حالاّتێکی ناسروشتیش ڕووی نەداوە، مەبالغێکی گەورەش هەیە لەم ولاّتەدا، بۆچی کورتهێنان هەیە؟ شتێکی سەیر هەیە لەکوردستان کۆمەلّێك هاوکێشە هەیە کەناکرێ بەیەکەوە کۆ ببنەوە، بۆ نموونە ئێمە 52٪ داواکاری وەزارەتەکان وەلاّم دراوەتەوە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە، لەلایەکی ترەوە کورتهێنان هەیە، بەلاّم لەتەنیشتەوەش دا لەزۆر سێکتەر زیادە ڕەوی هەیە لەسەرفیات، لەلایەکی تریش

بەشێکی زۆر لەداهاتی هەرێمی کوردستان بەناوی دەعم و جۆرەها ناوی تر سەرف دەکرێ بۆ مەرفەقی خاص(خزمەت گوزاری کەرتی تایبەت)، بۆچی مەکتەبی فلاَن، نەخۆشخانەی فلاَن پارەی خەیالَی لێ سەرف دەکرێ بەناوی دەعمەوە؟ بەڕاستی ئەمە لەگەلَ ئەم هاوکێشەیە ناگونجێ، ناکرێ تۆ کورتهێنانێکی گەورەت هەبێ لەملاوە زیادە ڕەوییت هەبێ.

خالَی($4$)م نەبوونی میعیار و بنەمای دروست لەکارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەردوو وەزارەت ئیعتیماد دەکەنە سەر دوو بنەما لەئیش و کاریان دا، یەکەم بڕیتیە لەنەقلی حەلی موشکیلە، کورتهێنانی پێرار بۆ پار،پار بۆ ئەمسالَ، لەلایەکی تریش دواخستنی بودجەی پێرار بۆ پار،ئەمە حەلی موشکیلە نیە، ئەمە نەقلی موشکیلەیە، ئەم کەلَەکە بوونە وادەکا نەوەزارەت و نەهیچ حکومەتێك پێی چارەسەر بکرێ، ئەم هەموو موشکیلانە وەك ئەوەی یۆنانی لێدێ کەهەموو ئەوروپا پێی چارەسەر ناکرێ.

خالَی($2$) پاساو و هێنانەوە، یەك لەموشکیلەکانی وەزارەتەکانی هەرێم بریتیە لەپاساو هێنانەوە، تەنانەت بۆ خودی پاساویش پاساوێکیان حازرە، دەلَێی بودجە بۆ دواکەوت؟ دەلَێ لەعیراق تصدیق نەکراوە بودجە،کەتصدیقیش ئەکرێ دەلَێین بۆ دواکەوت؟؟ئەلَێ کابینە گۆڕاوە،ئەم پاساوانە هەمیشە بەردەوام دەبن، بۆیە دەبێ پەرلەمانتاران هەولَی خۆیان بدەن تاکو چیتر میللەت باجی ئەم کەم و کورتیانە نەدات.

من چەند پێشنیارێکم هەیە تاحەلی ئەو موشکیلانەی پێ بکرێ،یەکێ لەموشکیلەکان ئەوەیە تەوزیعی ئیمتیازات لەولاَتی ئێمە نابینرێ، هەمووی دەکرێتە یەك سەبەتەوە ، کەسێك تەعینە مووچە وەرئەگری، موخوصەصات وەرئەگرێ،ئیفاد ئەکرێ، بەشداری وورکشۆپات ئەکرێ، زەوی ئەدرێتێ، هەموو ئیمتیازاتی ئەکرێتە ئەو سەبەتەوە، لەم لاشەوە سەبەتەیەکی تر هەیە،سێکتەری تایبەت، بێ بەشە لەو هەموو شتانە، من گەنجێکم بینی لەشاری قەلاَدزی لەناو بازاڕ، دەستی گرتم وتی من شەهادەم نیە، واستەشم نیە، بەلاَم بودجەی $17$٪ بەشی منیشی پێوەیە، بۆ حکومەت بیر لەوە ناکاتەوە منیش سوود مەندبم بەڕێگەیەك لەڕێگاکان؟.

خالَی($2$)ەم ئەوەیە لەو ولاَتەی ئیمەدا پارە زۆرە، بەلاَم قیمەتی کەمە، مووچەی کەسێك لە($300000$)ئەکەیتە ($1000000$)، هیچ ئیستیفادەیەکی لێ ناکات، لەملاوە قوڕ دەکەی بەسەری ئەو کەسەی کەهیچ مووچەیەکی نیە،بۆیە ئەرکی وەزارەتی دارایی و حکومەتە بەشێوەیەکی گشتی بیر لەوە بکاتەوە بەپارەیەکی کەم ژیانێکی شایستە دابین بکرێ، پێشنیاری سێیەم بۆ سلفەیە، ئەم سلفانە شتێکە خەلَك بەشێوەیەکی ڕاستە و خۆ ئیستیفادەی لێ دەکات، (سلفەی عەقار، سلفەی زەواج، قەرزی بچووك)تادوایی، بەلاَم دەبینین دوو هۆکار وادەکات خەلَك خێر لەم سلفەیە نەبینێ، هۆکاری یەکەم کەشەش مانگ یا حەوت مانگ بودجە دوا دەکەوێ، ئەم سلفانە ڕادەگیرێن.

ڕێگەی دووەم ئەوەیە کەفیلێك داوا دەکەن، ئەرکی کەسەکە قورستر دەکەن، من وەك کەسێکی قانونی پێشنیار دەکەم کەفیل نەمێنێ، لەجیاتی کەفیل(حجز)بخرێتە سەر ئەو مولَکە، خالَی دووەم،دەکرێ

ئیستیفاده بکرێ لەماددەی (3)بڕگەی (3)یەم لەپەیڕەوی ناوخۆ، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ئەو شەش مانگەی تریش ئەو سلفانە ئیش بکەن تاخەڵك بتوانن ئیستیفادە بکەن لەو سلفانە.

خاڵی(5)مم تایبەتە بەوەزارەتی پلاندانان، چەند موئەشیرێکی سلبی هەیە لەوەزارەتی پلاندانان، کەساڵ بەساڵ زۆر دەبێ بێ ئەوەی حەلی بۆ بدۆزرێتەوە، بەخاڵ باسیان دەکەم:

1-جیاوازییەکی گەورە و ناهاوسەنگ لەنێوان پرۆژەی پێشنیار کراوی تازە و پرۆژە بەردەوامەکاندا هەیە.ئەمە وادەکات پرۆژەی بەردەوام دواتر پرۆژەی دواکەوتوو و پرۆژەی پەککەوتوو دواتر ئەمە وای لێدێ جیاوازیەکان بەجۆرێك زۆر دەبێ کە هیچ ئیستیفادەی نابێ.

2-زیاتر بوونی نەفەقاتی تەشغیلی لەسەر حیسابی نەفەقاتی ئیستیسماری، لەبەر ئەوەی بودجە دوادەکەوێ تۆ ناتوانی لەو مودە کەمە بودجەی ئیستیسماری سەرف بکەی، دواتر ئەو بودجە ئیستیسماریە نەقڵ دەکەن بۆ بودجەی تەشغیلی لەوێ لەسێکتەرەکاندا لەبابی زیادەڕەوی سەرفی دەکەن، ئەمە لەهیچ شوێنێکی دنیا وێنەی نیە.

3-ناکارایی و نەتوانایی سەرف کردنی بودجەی ئیستیسماری ساڵانە زیاد دەکات،هەروا سەرف کردنی پارەی مەدەوەری ئیستیسماری تر بەسێکتەری تر بەزیادە ڕەوی.

4-سێکتەرەکانی بونیادنانی ژێرخانی ئابووری،بەجۆرێکە ناتوانین بڵێین سیستەمێکمان هەیە خزمەت ئەکا بەژێرخانی ئابووری.

لەژێر رۆشنایی ئەم خاڵانەوە دەپرسم شوێنی پلان و هەنگاوەکانی ئێمە بۆ ئیسلاح و بەکارهێنانی بودجە کەئالەتێکی گەورەیە لەبەردەمی وەزارەت و حکومەت،بۆ ئەوەی هاوسەنگی ئیقتیصادی دروست بکات لەوڵات،ئەو هاوسەنگە ئابووریە دواتر سەر بکێشێ بۆ هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و ئاشتی کۆمەڵایەتی، من پرسیار ئەکەم شوێنی ئەم پلانە لەکوێیە؟ زۆرجار دەبینین ئاستی کۆمەڵایەتی لاسەنگ دەبێ لەوڵاتی ئێمە ڕەگەکەی لەنادادی کۆمەڵایەتیەوەیە،نادادی کۆمەڵایەتیش لەم بودجەدایە.

بۆیە من هیوادارم هەموو لایەنەکان تەئکید لەسەر نوقتەیەك بکەنەوە، ئەمساڵ ئێمە وەك پەرلەمانی کوردستان، تەجاوزی ئەوە بکەین کەئەوە فراکسیۆنی فلانە، حیزبی فلانە،دەستەڵاتی خۆمان بەکاربێنین، لیژنەی تەحقیقی دروست بکرێ، لێپێچینەوە بکرێ لەو کەموو کورتیانە،سنوورێك دابنرێ بۆ هەموو ئەو موئەشیرانەی کەئەم میللەتە پێیەوە زیانی پێ دەگات، سوپاس.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من یەك تێبینیم هەیە، هیوادارم هەموو ئەو ڕەخنەو و تێبینی هاوڕێکانم کە ئەیگرن دیارە هەموویان بەبەڵگەوە قسەئەکەن، داواکارم وەزیرەبەرێزەکانیش کەپەرلەمانتارێك رەخنەئەگرێ ئەوانیش بەداتاو و بەڕقەم وەڵام بدەنەوە، چونکە ئیمە وەك پەرلەمانتار لەسەر کارەکانی ڕابردووی ئەوان، لەسەر بودجە ئەم داتایانەمان کۆکردۆتەوە، نەك ڕێنمایی ئێمە بکەن، چۆن قسە بکەین؟ دیارە قسەکردن لەهەموو وڵاتێك

**کۆمەڵێك پرەنسیپی خۆی هەیە، کۆمەڵێك پلان هەیە ئەبێ هەماهەنگی هەبێ لەنێوان وەزارەتەکان، بەتایبەتی وەزارەتی پلاندانان و وەزیری دارایی،ئەبێ پەیرەو بکرێ، بەتایبەتی لەبارەی سیاسەتی دارشتنی ئابووری ئەو وڵاتە.**

**لەبارەی بەزانستی بوونی سیستەمی ئابووری، ستراتیجی ئابووری، دواتر بەرنامە بۆ چۆنیەتی کارکردن لەسەر ئەو بودجەیەی کەتۆ ساڵانە کاری لەسەر ئەکەی، دیارە هەموو ئەمانەی کەمن باسم کرد، هەموو ئەمانە بازنەی کارکرنیان لەناو بودجەی هەرێمی کوردستاندا بازنەیەکی بەتاڵە، چونکە تائێستا نەتوانراوە ئەو سیستەمانە پەیرەو بکرێ لەناو بودجەی هەرێمی کوردستان، تەنها ئەو سیستەمە پەیرەو ئەکرێ کەئەو راپۆرتەی وەزارەتی دارایی ئەینێرێ و ئەو راپۆرتەی لیژنەی داراییش ئەیخوێنێتەوە هەمان کۆپی ساڵانی پێشووترە، تەنها خوێندنەوەکەی شتێکی ترە، ئەکرێ لەناو هۆڵی پەرلەمانی کوردستان ئەخوێنرێتەوە نەك بەکۆمەڵێك پلان بوترێ کەلەساڵی پێشوودا ئێوە ئەم پێشنیارانەتان کرد، یاخود ئەم رەخنانەتان گرت، ئێمە پلانمان داناوە بۆ چارەسەر کردنی، ئەمە چارەسەریەکانیەتی، بەڵام هەموو ئەم پلانە زانستیانە بوونی نیە لەناو بودجەی هەرێمدا، دیارە پلانی زانستیش بۆ بودجە لەکۆمەڵێك خاڵدا خۆی دەبینێتەوە، لەوانە (شەفافیەت) کە(داهات، ئەرباح، قەرزەکانت روون بێ) بەروونی دیاری کرێ، بەروونی بزانرێ لەچ بابێك سەرف کراوە؟ دواتر داهات و خەرجیەکان، ئێمە ناکرێ کون بەکون بگەرێین بڵێین فلاَن داهات لەکوێیە، وەڵلاَ فلاَن مەبلەغم دۆزیەوە هی فلان شتە، ئەمە ناکرێ،ئەبێ ئەمانە لەناو بودجەی هەرێمی کوردستاندا داهات و خەرجیەکان بەشەفافی بهێنرێتە بەردەمی پەرلەمانتاران، دواتر دیاریکردنی کات،کەباس لەداهات و خەرجی ئەکەی ئەبێ داهات و خەرجی و دواتر سەرجەم پرۆژەکانی ساڵانت لەبەر دەم بێ.**

**واتە وەزارەتەکە روونی کردبێتەوە کەبەرێژەی چەند ئەمانەیان سەرف کردووە و کاریان لەسەر کردووە، هاوسەنگی لەنێوان بودجەی وەبەرهێنان و بەکاربردن دیارە، بەس هاوسەنگی بوون نیە لەناو بودجەی هەرێمی کوردستاندا،ئەوەی کەئێمە مەناقەشەی لەسەر ئەکەین، دواتر موناقەلە کردن خەریکە ئەبێ بەگرفت لەناو بودجەی هەرێمی کوردستاندا، بەتایبەتی دواتر دێم بەنموونەش ئەیخەمە بەردەستی هەردوو وەزیرانی بەرێز کەموناقەلە کراوە لەنێوان بودجەی بەکاربردن و بەکارهێناندا لەکاتێکدا ئەمە بەیاسا رێگەی لێ گیراوە.**

**لەناو بودجەی هەرێمی کوردستان هیچ دروشمێك نابینرێ کەبکرێ بەپلان بۆ ئەوەی لەئایندەدا کاری لەسەر بکرێ، ساڵانە کە کەموکوریەکانی بودجە دەرئەخەی ئەبێ لەساڵی ئاینده کۆمەڵێك لەو دروشمانە بکەی بەئامانج کەکاری لەسەر بکەی، بۆ نموونە بووژاندنەوەی ئابووری ناوخۆ، یاچارەسەری بێکاری،تۆ ئەگەر پلانت هەبێ بۆ چارەسەرکردنی یەکێ لەم وانەی من باسم کرد ئەتوانی تارادەیەك ئایندەی ئابووری وڵاتەکەت بەرەو بووژانەوە ببەی، لەسەر راپۆرتی وەزارەتی دارایی ئەوەی ئێمە تێبینی دەکەین بەراستی**

ساڵانەش دووبارە ئەبێتەوە تەنها ئەوەیە کەئاگای لەدارِشتنی سیاسەتی ئابووری بەغدا نیە، ئاگای لەداهاتەکانی نەوت نیە، ئاگای لەهەناردەی نەوت نیە.

کەواتە ئەوانە هەموو گرفتن، ئەی کەواتە هەرێمی کوردستان ئاگای لەچ شتێکە؟ تەنها ئەو سلفەیە کەدەهێنرێتە کوردستان و ئەویش بەو شێوازەی پێشتر پەیرِەو کراوە دابەش ئەکرێ بەسەر سێکتەرەکان و دواتریش ئەبێ ئێمە ساڵانە بێینەوە بڵێین ئەم برِە پارەیە بۆ فلاَن شوێن بەهەدەر درا، بۆ فلاَن شوێن بۆ نەکرا،ئەمە مەسیرەکەیەتی، دیارە لەسەر رِاپۆرتی لیژنەی دارایی ئەوەی ئێمە تێبینیمان کرد وەك ئەندام پەرلەمان کە خوێنرایەوە رِاستە لیژنەی دارایی رِاپۆرتی سەرجەم لیژنەکانی زۆر بەجوانی کۆکردۆتەوە بەدارِشتنێك دایرِشتووە و گەیاندویەتییە بەردەمی ئەندامانی بەرێز، بەلاَم نەتوانراوە رِاپۆرتی ورد لەسەر هیچ کام لەو شوێنانە بنووسێ کەئێستا باسیان ئەکەم، بۆ نموونە هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی هەرێمی کوردستان (پەرلەمان، سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران) نەتوانراوە لیژنەی دارایی لەسەر وەزارەتەکەی خۆی کەتابیعی لیژنەی داراییە نەتوانراوە بەوردی بخرێتە بەردەمی ئەندام پەرلەمان، لەکاتێکدا بۆ هەرسێ سەرۆکایەتیەکە داواکراوە بۆ برِینی 10٪، بێ ئەوەی ئێمە بزانین خەرجی ئەم سێ سەرۆکایەتیە چیە، لەکاتێکدا من لەگەڵ (پەیمان) خان چووین بۆ لای کاك(فرسەت) داوای بودجەی پەرلەمانمان کرد کە ئەمە یەکێکە لەمافەکانی خۆمان.

بەلاَم ئەو وتی ئەبێ لیژنەی دارایی کار لەسەر ئەمە بکات، بەلاَم ئەوەی کەئێمە ئەیبینین لیژنەی دارایی کاری لەسەر ئەمە نەکردووە، نەرِاپۆرتی هەیە لەسەر هەیئەی ئیستیسماری، لەسەر دەزگای چاودێری دارایی، نە لەسەر وەزارەتی دارایی خۆی، کەواتە ئەمانە هەموو گرفتن لەبەردەم پەرلەمانتار، چونکە زۆرترین بودجە لەم وەزارەتانەدا سەرف کراوە، ئێمە بینیمان ساڵی پار چ تەخشان و پەخشانێك بەپارەی پەرلەمانەوە کرا، ئەی نابێ ئەندامانی پەرلەمان بزانن ئەم پارەیە گەیشتووە بەکوێ؟ لەچی دا سەرف کراوە؟ سوودەکانی چی بووە؟ یەکێ لەو کێشانەی بەردەوام لەلایەن پەرلەمانتارانەوە دەوترێتەوە بریتیە لەداهات، لەوانەیە ئێستا زۆربەی کەس بوترێ ئەمە هەر نەبرِایەوە، هەرداهات، بەلاَم بەبرِوای من ئەمە شتێك نیە ئەندامانی پەرلەمان یاخود خەڵکی کوردستان لەسەری بێ دەنگ بێ، داهات چیە؟ تۆ لەسیستەمی هەموو دنیا ئەو بودجەیەی لەوڵاتەکەدا ئەتوانرێ دابەش بکرێ بەسەر سێکتەرەکاندا بریتیە لەم داهاتە، دواتر ئەم داهاتەیە تۆ پلان بۆ چۆنیەتی خەرج کردنی دائەنێی، بۆ پێداویستیەکانی ئەم وڵاتەیە، بۆ گەشە پێدانی ئابووری لەم وڵاتەدا.

ئەم رِقەمانەی کەئەیڵێم تەنها لەو رِاپۆرتانەی وەزارەتی دارایی یاخود لەو موازەنەی وەزارەتی دارایی ئەگەیەنرێ بەدەستی ئێمە، نەمن نەهاورِێکانم لەگیرفانی خۆمان دەرمان نەهێناوە، برِی داهاتی خەمڵێنراو لەیاسای بودجەدا کە بۆ ئێمە هاتووە چوارسەد و حەفتاو دوو ملیارە، ئەوەی لەرِاپۆرتی وەزارەتی داراییدا هاتووە چوارسەد و پەنجایە، ئەوەی لەفۆرمی بودجەدا هاتووە دواتر چوارسەد و حەفتاو شەشە، ئەوەی لەلایەن حکومەتی فیدراڵیەوە هاتووە شەش ترلیۆن و نۆ سەد و سی و دوو ملیارە، ئەوەی کەمن باسی

دەكەم قسەكردن نیە لەسەر خوێندنەوەی ڕەقەمەكان، بەڵام نابێ بۆمان ڕوون بكرێتەوە وەزارەتی دارایی تاكەی ئەم غەڵەتانە ئەكا؟ چونكە ئەمە تەنها غەڵەت كردن نیە لەكۆمەڵێك ئەرقام، ئەمە ئاییندەی وڵاتێكی لەسەر دەستە، ناكرێ تۆ بڵێی ئەمە هەڵەیە، یاخود بیرم چوو بینێرم.

لەكاتێكدا ئەو داهاتەی لەسەر ئاستی وەزارەتەكان ئەو داهاتەی بۆ پەرلەمانی كوردستان نێراوە چوارسەد و حەفتاو شەشە، كەخەمڵێنراوە، ئەمە دوورە لەداهاتی فەرمی،10٪ دوورە لەداهاتی هەرێمی كوردستان، لەكاتێكدا ئەم داهاتەی ئێمە هەمانە 30٪ بودجەی گشتی هەرێمی كوردستانی پێك هێناوە، ئەگەر كۆمەڵە ژمارەی تر بخەمە بەردەمی پەرلەمانتاران، ئەگەر بەراورد بكەین لەنێوان دوو ساڵدا، بەتایبەتی داهاتی ناوخۆ لەساڵی 2010 بەپێی ژمێرەی كۆتایی بەحەوسەد و چل و دوو ملیار خەمڵێنراوە، واتە داهاتی 2010 بڕی دووسەد و حەفتا ملیاری كەمترە لەوەی 2010، ئەمانە خۆ هەر ڕەقەمێك نیە بڵێین ئێمە نووسیومانە، ئەی نابێ بۆمان ڕوون بكرێتەوە ئەمانە لەكوێی ئەم بودجەدا دانراوە؟ لەكوێی ئەم وەزارەتانەدا دانراوە؟ خراوەتە خزمەتی كێوە؟

بەنیسبەتی داهاتی (پترۆ دۆلار) بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی بۆ پارێزگاكان چل و دوو ملیارە، لەكاتێكدا ڕۆژانە سەد و حەفتاو پێنج بەرمیل نەوت دەڕوات، كەدەبوایە حەفتاو چوار ملیار بێت، جگە لەوەی زۆربەی هاوكارانیشم باسیان كرد لەوەی كەدیارنەبوونی داهاتی گومرگ و باجەكان لەكاتێكدا وەزارەتی سامانە سروشتیەكان ئەو داهاتەی ناردوویەتی بەسێ ملیار و شەست سەد و نەوەد و حەوت ملیۆن، تەنیا هی باج و ڕەسمەكەیەتی، ئەی داهاتی هەناردەی نەوتی چەندە؟ لەكاتێكدا وەك برادەران باسیان كرد داهاتی بانكەكان، فڕۆكەخانەكان، شارەوانی، صەحە، كارەبا، من یەك پرسیار دەكەم لە هەندێ وەزارەتمان هەیە بەتایبەتی وەزارەتی صەحە، شارەوانی، كارەبا، ئەوترێ بەئەندامانی پەرلەمان ئەوانە داهاتەكانیان بۆ خۆیانە، بەڵام یەك كێشە هەیە لەلایەن وەزارەتی شارەوانیەوە كەمن خۆم لەلیژنەی شارەوانی ئامادەییم هەبوو، ئەو داهاتە هەمووی ناخرێتە خزمەتی ئەو وەزارەتەوە، بەڵكو ئەو داهاتەی كەهەیەتی لەگەڵ ئەو بودجەیەی كەداوای دەكات لەوەزارەتی دارایی تەكمیلەی بۆ ئەكرێ، نەك ئەو داهاتە بەجیا بخرێتەوە خزمەتی پرۆژەكانی وەزارەتی شارەوانی.

دواتریش بودجەیەكی تری بۆ تەرخان بكرێ، واتە تەكمیلە هەیە لەنێوان داهاتەكە بۆ ئەو بودجەی تر كەوەزارەتەكە داوای دەكات،ئەتوانم بڵێم بەهەموو ئەو داهاتانەی كەباسمان كرد لەخاڵە سنووریەكان چەندین خاڵی سنووری هەیە، دواتر هەموو ئەو داهاتانەی كە لەحكومەتی هەرێمی كوردستان بەتایبەتی داهاتی سندوقی خانەنشینی كەكارەبا، صەحە، نەوت، كافتریا، دوكانەكان، ئەگەینە ئەو دەرئەنجامەی كە سێ ترلیۆن و حەوسەد ملیار داهاتی ناوخۆ نادیارە، بەنیسبەت وەزارەتی پێشمەرگە، ئەتوانین بڵێین گەورەترین كێشە بەسەر ئێمەوە بوونی ئەو (عجز)ەیە كەلەوەزارەتی پێشمەرگە دروست بووە، بەڵام ئەوەی ئێمە بینیومانە لەموازەنەی حكومەتی هەرێمی كوردستاندا، داهاتی وەزارەتی پێشمەرگە زیاترە لەداهاتی

وەزارەتی شارەوانی، یەعنی ئەم ناهامەتاییانە ئەمانگەیەنەتە ئەوەی تاکەی جێ بەجێ ناکرێ بەسەر موازەنەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا؟ ئەمانە چ ئاماژە و چ داتا و چ ئامارێکە؟

بەنیسبەت بودجەی بەکاربردنەوە دیارە لەمەشدا ئەمەوێ بەکۆمەڵێك داتا قسەبکەم، لەهەر حەوت بابەکەی بودجەی بەکاربردندا ئەوەی ئێمە تێبینیمان کردووە ئەتوانم بڵێم ئەزموونێکمان هەیە لەدووساڵی ڕابردوودا، لە 45٪ی داهات ساڵانە لەم بابانە بەهەدەر دەدرێت، ئەمەش بەڕاستی ئەچێتە بابی بەفیڕۆدانی سامانی گشتیەوە.

ئەوەی ئێمە ئەیبینین ساڵ بەساڵ خەرجیەکان زیاد ئەکا بەشێوەیەکی مەترسی دار، بۆ نموونە لە 2008دا خەرجی بەکاربردن چوار ترلیۆن و شەسەد و حەفتاو چوار ملیار بووە، لە 2010 دا بووە بە دە ترلیۆن و حەوسەد و چل و پێنج ملیار دینار، ئەگەر جیاوازی ئەم چوار ساڵە وەرگری بەرێژەی لەسەدا سەد و چواردە زیادی کردووە، ئەمە ئاماژەیەکی خەتەرناکە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لەکاتێکدا خەرجی فیعلی 2010 پێنج ترلیۆن بووە نەك چوار ترلیۆن، یەعنی ئەمەشی لەسەر نیە،لە 2010 دا لە کۆی بودجەی گشتی کەیانزە ترلیۆنە، حەوت ترلیۆنی بۆ بەکاربردن بووە، لە 2011 لەسیانزەکە نۆی بۆ بەکاربردن بووە، لە 2012 لەم پانزەیەی بۆمان هاتووە دەی بۆ بەکاربردنە.

کەواتە لە حەوتەوە بۆ نۆ، بۆ دە، ئەمە ئاماژەیەکی ترسناکە بۆ سەر ئایندەی هەرێمی کوردستان، ئەی نابێ تۆ پلانێکت هەبێ کەبەو ئاراستەیە بودجەی بەکاربردنت بەرز ئەبێتەوە، ئەی تۆ چ پلانیکت هەیە بۆ ئەوەی ئەو زیاد بوونانە بەباشترین شێوە بخەیتە خزمەتی خەڵکەوە؟

واتە لە 2010 ەوە بەبەراورد بە 2009 بەرێژەی لەسەدا سی و یەك و سەدا نەوەد و نۆ زیادی کردووە، لە 2011 بەبەراورد بە 2010، 24٪ زیادی کردووە، بەبەراوردیش لەنێوان هەردوو ساڵی 2011 و 2012 دا یەك ترلیۆن جیاوازی هەیە لەنێوایان، یەکێ لەکێشەکانی تر ئەو خەملاندنانەیە کەلەلایەن وەزارەتەکان ئەکرێت و دواتریش لەلایەن وەزارەتی داراییەوە کەئەنێرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەمەیە کەئەم لێك تێنەگەیشتنە لەنێوان حکومەت و پەرلەمانیش دروست ئەکا، لەسەر ئاستی هەرێم بەپێی یاسای بودجەی 2012 ژمارەی فەرمانبەران وەك هاوکارم کاك (پێشەوا باسی کرد، بەڵام ئەوەی ئەبێ هۆکارەکەمان پێ بوترێ، ئەم هۆکارە چیە کەرێژەیەك ئەنێرێت بۆ حکومەتی عیراقی و دواتریش ژمارەیەکی تری فەرمانبەران ئەنێردرێت بۆ پەرلەمان؟

پێویستمان بەڕوون کردنەوەیە، یەعنی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دوو رێژە بۆ فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دائەنرێ؟ بەرێژەیەك تەعامول دەکات لەگەڵ حکومەتی عیراقی و بەرێژەیەکیش تەعامول دەکات لەگەڵ پەرلەمانی کوردستان، کامیان ڕاستە؟ چونکە تۆ ناکرێ تاهەتا لەسەر شتی نادیار بینا بکەی بەسەر کۆمەڵێك پێشنیار بۆ داهاتوو، وەزارەتی شەهیدان داوای شەسەد و نەوەد و یەك ملیاری کردووە بۆ ئەم وەزارەتە، لەکاتێکدا وەزارەتی دارایی موافەقەتی چوار سەد و پەنجاو حەوت ملیاری بۆ کردووە، وەزارەتی شەهیدان دیارە بەپێی پێداویستی خۆی داوا لەوەزارەتی دارایی دەکات، بەڵام وەزارەتی

هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆڵەکان
# 79

سالّ/ 2012 – بەرگی حەفتا و نۆ

---

چاپی یەکەم/ ساڵی 2013

# پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (28) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – هەینی 2012/6/15 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (29) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – شەممە 2012/6/16 ل 133

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (30) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2012/6/17 ل 267

5-سەرگوڵ رضا حسن-مۆڵەت

6-شەونم محمد غریب-مۆڵەت

7-د.صباح محمد نجیب-مۆڵەت

8-عبدالرحمن حسین ابابکر-مۆڵەت

9-عبدالسلام مصطفى صدیق-مۆڵەت

10-عبدالله محمود محمد-مۆڵەت

11-عمر عبدالرحمن على-مۆڵەت

12-فاضل محمد قادر-مۆڵەت

13-لیلى امیر عاض-ئامادە نەبوو

14-یاووز خورشید عثمان-مۆڵەت

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەخێر هاتنی وەزیرە بەرێزەکان و وەفدە یاوەرەکەی دەکەین، لیژنەی دارایی فەرموون بۆ شوێنی خۆتان.**

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من بیدایەتی قسەکانم بەوە دەست پێ ئەکەم ئێمە بە تەنها موناقەشەی ڕاپۆرت و قسەکانی بەرێز وەزیری دارایی ئەکەین، ئەوەی کە ماددە بە ماددە دوایی موناقەشە ئەکرێ، من داوا کارم موقەیەد بین تەنها بەڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و وەزارەتی دارایی،قسەکانی من لەسەر ئەوەیە ڕەخنەی یەکەمم ئەوەیە من لە پێنجی عەدادییە خوێندوومە میزانیە چوار مەرحەلەی هەیە، مەرحەلەی سێیەمی مەرحەلەی تەنفیزە، مەرحەلەی چوارەمی موتابەعە و ڕەقابەیە، بەداخەوە لە وڵاتی ئێمە ئەبینین مەرحەلەی سێ و چوار وجودی نیە، حیساباتی خیتامی 2010 و 2011 نەهاتووە، بەڕاستی نە ئیشی منە نە ئیشی پەرلەمانتارەکانی ترە بەدوای وردەکاری مەشاریعەکان بچین، ڕەخنەم لە پەرلەمانە کە ئەمە ئیشی جیهازی ڕەقابەی مالیە، ئیشی ئیدیعای عامە، ئیشی دەستەی نەزاهەیە کە وردەکاری ئەوانە بێنێتە پەرلەمان، ئەم موناقەشە زۆرە نەکرێ، گلەییم بە دەرەجەی یەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمانە**

**کە نەیتوانیوە زەخت بکات ئەم دەستانە دروست بێت تاکو تەقریرەکانی ئەوانمان پێ بگات، بەتایبەتی دیوانی چاودێری دارایی کە ئەبێ لە ساڵی 2008 ەوە تەقریرەکانی بێ بۆ بەر دەستی ئەندامانی پەرلەمان، ئەمە قانونی ئصولی محاسەباتی عیراقیم لایە کە تەحدیدی ئەکا پێویستە لە چ وەختێك میزانیە بێت و لە چ وەختێك کۆتایی پێ بێت، و سەنەی مالی لە کەی بۆ کەی دەست پێ دەکا؟ بە داخەوە وەزیرە بەرێزەکانی ئێمە مولتەزەم نین بە نەصی ئەم قانونانەوە، کە بە پێی قانون و قانونی عقوباتیش فەرزە لەسەر هەموو لایەك کە بە قانونەوە موقەیەد بێ کە لە ماددەی (329) لە قانونی عقوباتی (111) هاتووە، مەوزوعێکی ترم عەرزی جەنابتانی بکەم ئەوەیە کە حیساباتی خیتامی پێویستە لە 4/15**

هاتبێتە پەرلەمان، ئەگەر ئێمە حیساباتی خیتامیمان لە لابێ، ئەگەر میزانیەی مدەوەرەشیمان ئەزانی ئەو وەختە، بیرمان نەچێ ئێمە ماددەیەکمان نووسیوە لە پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2011 کە هیچ حیسابێکی ئیستیسماری نابێ نەقلی حیساباتی تەشغیلی بکرێ، ئەبێ لە سندوقێکی سەرفا بهێڵرێتەوە، ئێمە ئەبوایە وەك ئەندامی پەرلەمان، بامن وەك حیزبی قسە نەکەم، وەك قانونیەك، وەك نوێنەرێکی خەڵکی، ئەبێ ئێمە ئەمانەمان لابێ، ئەبێ ئێمە بەرچاو ڕوون بین بەو تەقریرانەی ئەو ئەجهیزانەی باسمان کرد، هەروەها بەو حیساباتەی کە ئێمە پێمان گوتووە لەسندوقێکی خاص دایبنێی، بزانین چەندی تیا ماوە؟ میزانیەی مدەوەرەش چەندە؟ لە 6/15 ەوە حیساباتی خیتامی بهاتایە، من ڕەخنەکانم بەوە دەست پێ ئەکەم، تەنها لە موناقەشەی تەقریری لیژنەی مالیەی پەرلەمانی کوردستان ئەکەم لەگەڵ قسەکانی بەرێز وەزیری دارایی و وەزیری (تخطیط)، لەوەوە دەست پێ ئەکەم، لە تەقریری ئەمساڵ ژمارەی ئەو پرۆژانەی پارەی تیا سەرف نەکراوە لیژنەی دارایی ئاماژەی پێ نەداوە، ئەمە خەلەلێکی گەورەیە ڕوو بەڕووی لیژنەی دارایی ئەبێتەوە، رەخنەکانی خۆشم نووسیوە نوسخەتان ئەدەمێ، بۆ لە تەقریری لیژنەی دارایی موناقەشەی داهات و تەفسیلاتی نەکراوە؟ موناقەشە بکرێت و ڕوون بکرێتەوە بۆمان بە خشتەی پێویست، لە بەر ئەوەی بەڕاستی ئەوەی لە لیژنەی دارایی لە لاپەڕە 10 لە تەقریرەکەیانە من دیقەتم کردووە داهاتی هەرێمی بە چوار سەد و حەفتا و شەش ملیار داناوە، من ئەمە ئەوراقێکە هەرخۆیان ناردوویانە بۆ پەرلەمان، کە باس لەوە ئەکا دوو ترلیۆن و سێ سەد و سی و یەك ملیارە، سێ سەد ملیاری ئەچێتەوە بۆ بەغدا، ئەم تەناقوزە بۆچی؟ بۆ لیژنەی مالیە لە تەقریرەکەیدا ئاماژەی بەمە نەداوە؟ ئەمە خەلەلێکی گەورەیە ئەگەر درەنگیش ئەمە هاتووە ئەبوایە تەصحیحان بکردایە، کە ئەگەر ئەمە وجودی ڕاست بێ حەقە لیژنەی دارایی ئەو تەقریرەی هەڵوەشێنێتەوە لەبەر ئەوەی (عجز) نامێنێ، ڕەخنەیەکی ترم لە لیژنەی دارایی و لە وەزارەتە مەعنیەکان ئەوەیە کە لەو تەقریرەیاندا ئاماژەیان پێ نەداوە ئەوە ئەکرێتە بیانوو کە بەغدا تەئخیر بودجە ئەنێرێ، بودجە خۆی یەکەم تەخمینە، تۆ کە داتنا لە 10/1 ساڵی ڕابردووەوە بتناردایە تا 1/1 ئێمە ئیقرارمان بکردابایە، ئەگەر کەمی کرد بە نیسبە داتبەزاندبایە، ئەگەر ئەوە بیانووە قەی چیە لە ئێران سەری ساڵی هەتاوی سەری ساڵی سەنەی مالیە، با لێرەش سەری ساڵی کوردی بێ (نەورۆز) بێ، ئەمە ئیقتیراحی من نیە، ئیقتیراحێکی پاری کاك (سەمیر سەلیم)ە قسەیەکی زۆر زۆر مەنتقیە و لە جێی خۆیەتی، سەنەی مالیش درێژ ئەبێتەوە لە وڵاتی ئێمە، زۆر موشکیلەش عیلاج ئەبێ، ئەوەش نامێنی بڵێی سەنەی مالی تەواو بووە و پرۆژەکانم بۆیە تەندەرینم پێ نەکردووە، ڕەخنەیەکی ترم خاڵی (7) با وەزیری پلاندانان و لیژنەی دارایی جواب داتەوە، وەفدی وەزارەتی شەهیدان کە هاتە لیژنەی پێشمەرگە ئەڵێ ئێمە پرسمان پێ نەکراوە لە دانانی ئەو پرۆژانەیە، برادەرانی لیژنەی پێشمەرگە ئاگادارن، ڕەخنەیەکی ترم لە تەقریری لیژنە و ئەم ئەوراقانە هاتووە دەزگای چاودێری دارایی یانزە ملیاری بۆ دانراوە، ئەم یانزە ملیارە بۆچی؟ یەك تەقریریانمان بە دەست نەگەیشتووە حەق نیە ئەم پارەیە سەرف کرێ، هەتا ئەگەر مووچەش بێ، بەڕاستی

كە من لە 2008 ەوە مولزەمم كردووە ئەگەر پەرلەمان مەرجەعە، گەورەترین دەستەڵاتی هەرێمە، ئەی تەقریرەكانیان كوا؟ بەرێز وەزیری دارایی باسی كرد لەگەڵ لیژنەی دارایی باسی هەشتا ملیار دینار ئەكەن كە بۆ دەستەی وەبەر هێنان دانراوە، كە باسەكەی شەرحیە بەڕاستی وەك بەخشین پەنجا ملیاری دانراوە، بەرێز وەزیری دارایی جوابەكانی غامز بوو، وازح نەبوون، لە تەقریری لیژنەی دارایی هاتووە بودجە 9٪ زیادی كردووە، كەچی پارەی تەخصیص بۆ وەبەرهێنان 4٪ كەمی كردووە، ئەمە جوابێكی ڕوون و موقنیع دەست ئەندام پەرلەمانەكان نەكەوت، لە لاپەڕە (16)ی تەقریری لیژنەی دارایی هاتووە بڕی سەد و سی و چوار ملیار دانراوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم، بەلام داوا ئەكەن بكرێتە سێ سەد و هەژدە ملیار دینار، بەداخەوە ئەمە عەیبێكی گەورەیە بەڕاستی لەگەڵ حورمەتما، لیژنەی دارایی دژی هەر سەرفێكە بۆ هەر سەرفێك، باسی دوو خەستەخانەی هەولێر كرا، موئەییدی نەبوو ، بەلام لەمەیا ئەڵێ لاری نیە دوایی موناقەلەی پێ بكرێ، ئێمە خۆمان دژی موناقەلەین بەڕاستی، بەلام لیژنەی دارایی وای نووسیوە، بەڕاستی ئەمە شتێكی گلەیی و ڕەخنەیەكی زۆر زۆرم لەسەر ئەمە لە لیژنەی دارایی هەیە، لە كاتێكدا بۆ ئاسایش چوار سەد و پەنجا و پێنج ملیار دانراوە لە تەقریری خۆیان ئاماژەیان پێداوە، ئەم پارەیە بۆ جیهەتێكیشە كە نازانین چۆن سەرف ئەكرێ،نە لە ژێر هیچ ڕەقابەیەكی پەرلەمان و نە هیچ ئەجهیزەیەكی ڕەقابیە، ئەم پارەیە بۆ چوار، پێنج مانگی ساڵیش كەماوە قسەیەكی زۆر هەڵدەگرێ، سێ سەد و هەژدە ملیار دینار، كە ئاسایشیش بودجەی جیاوازە، پرسیارەكەم ئەوەیە بۆ تونێڵە هەشت ساڵەكەی هەیبەت سوڵتان تەخصیص بكرێ باشتر نیە؟ بۆ دوو ساید كردنی ڕێگەی كۆیێ و هەولێر بكرێ باشتر نیە ڕۆژانە حادیسەی لێ ڕوو دەدات؟ ئەم پارەیە هێڵی ڤیتاری بەینی (دهۆك، سلیمانی، هەولێر)ی پێ ئەكرێ، ئەگەر دە ملیارە سەرچاو، بەلام سێ سەد و هەژدە ملیار مەعاشی پێشمەرگەی پێ چاك ئەكرێ، خانەنشینی پێ تەوحید ئەكرێ كە من خەڵكێكی زۆر هاتۆتە لام ئەڵێ سی و شەش ساڵ خزمەتم هەیە سێ سەد و بیست هەزار مانگی وەرئەگرم، فەڕاش بووم لە بەلەدیە، ڕەخنەیەكی ترم لە لیژنەی دارایی لە لاپەرە (9) هاتووە ئەڵێ بەخشینی وەزارەتی شارەوانی و ئیستیسمار چۆن ئاراستە ئەكرێ؟ وەزیری دارایی بەرێز هیچ جوابێكی وزوحی نەدایەوە، هەر لە لاپەڕە 10 لە تەقریری لیژنەی مالیە پرسیار كراوە لە لایەن لیژنەی داراییەوە تێچونەكان زیادی كردووە؟ باسی مەجلیسی وزەرا و تێچوونەكانی تر ئەكات، مەجلیسی وزەرا و ریئاسەی ئەقلیم و دەستەی وەبەر هێنان، بەرێز وەزیری دارایی بە وازحی پێی نەوتین ئەم زیاد بوونە كە لیژنەی داراییش پرسیاری كردووە، بە وازحی وەڵامەكەمان دەست نەكەوت، شتەكان مەنووسن دوایی ئیستینساخی ئەكەم و ئەتان دەمێ، دەستەی وەبەر هێنان و وەزارەتی دارایی بۆ ئەمە زیادی كردووە؟ دەربارەی ریئاسەی ئەقلیم وتی بیست و حەوت ملیار بۆ زروفی تاریئە دانراوە، من خشتەیەكم لە لایە هاوپێچی ئەكەم، نووسراوە لە شوێنێكی ترە و ئیغاسە و مەعونەی ئیجتیماعی موهاجیرین سەد ملیار، لە شوێنێكی تر نووسراوە لە خانەی (10) ئیحتیاتی تەواریی دوو سەد ملیار، من نازانم لە چەند شوێن پارەی تەواری دائەنرێ؟ لە وڵاتان بۆ نموونە وەزارەتی تەواریی هەیە، ئەمە لە كوردستان چەند ساڵە وەزارەتی دارایی و

لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەو ئیشەی کردووە، ئەم بیست و حەوت ملیارە بۆ بۆ سەرۆکایەتی هەرێم؟ بە سێ نەوع پارەی تەواری، جارێك بیست و حەوت ملیار، جارێك سەد ملیار، جارێك دوو سەد ملیار دانـراوە، ئایـە ئەمە ناتوانرێ کەلێنی تری پێ پڕ بکرێتەوە؟ ئەمە هەمووی وەك ساڵانی ڕابردوو لـە میزانیـەی ئیحتیـاتی تەواری وەزارەتی مالیەدا بێ؟ داوا کارم وەزارەتی دارایی و لیژنەی دارایی تەفسیرمان بداتێ، بەرێز وەزیـری دارایـی تـەواوی ئـەو پرسـیارانەی لـە لاپـەرە($14/13/12/11$)ی تـەفڕیری لیژنـەی داراییـە کـراوە هـەر پەڕاندی،لە ($10$)ەوە پەڕاندی چووە سەر ($15$)، داوا کارم ئەو پرسیارانەی لیژنەی دارایـی کردوویـەتی بـە وردی وەڵامان بداتەوە بە وازحی، بە غامزی نـا، لـە لاپـەڕەی ($11$)ی تەفڕیرەکە هـاتووە بـاس لـە ڕێـژەی $15$٪ کەمی کردووە، تەفسیـرمان دەسـت نەکـەوت بۆچـی؟ لـە لاپـەرەی ($11$) دا هـاتووە داهاتـەکانی تـر بـە بەراورد لەگەڵ $2011$ بە نیسبەی $96$٪ زیادی کردووە، بەڵام کە بە ڕێژەی $96$٪ زیادی کردووە خـۆ ئەمـە کەروێشك نیە بە جارێك ئەمەنە زۆر بـێ $96$٪، ئەمـە دەلالـەتی ئەمـە ئـەکا سـاڵانی ڕابـردووش بـەم شـێوە بووە، تەفسیرێکی موقنیعمان لە لایەن وەزیری دارایی و لیژنەی دارایی دەست نەکەوت، لە لاپەڕەی ($15$) دا چەند بابەتێك ورووژێنراوە لە لایەن لیژنـەی داراییـەوە کـە وەڵامـی دایـەوە بـەرێز (شـێخ بـایز تاڵـەبانی)، بەڵام وەڵامەکەی من هیچی لێ تێنەگەیشتم زۆر غامز بـوو، ورد نـەبوو، مـن داوا کـارم وەڵامێـك بـە خشـتە بمانداتێ، ئەوراقمان بدەنێ، تا گومان نەهێڵێ لە لای ئێمە، بۆ نموونە بانکە بازرگانیەکان کە لیژنەی دارایی پرسـیاری کـردووە، چـل و سـێ ملیـارە، بیسـت و نـۆ ملیـاری فرۆکـە خانـەکان، سـوودە کۆمەڵایەتیـەکان و جیاوازی لە حیسابی ئیعاناتە، مینح و تەحویلات ئوخرا، یەعنی شتێکی وای بۆ ڕوون نەکردینەوە ئێمە تێ بگەین لێی، گومانمان نەمێنێ، لە تەفڕیری لیژنە باس لە تەخصیصـی نـەوەت ملیـار ئـەکا بـۆ سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیر ڕوون کردنەوەی پێویستی نەدا نـەوەت ملیـار بـۆ؟ ئەمـە لـە تـەفڕیری لیژنـەی داراییە هاتووە، وەزیری دارایی بەرێز لە قسەکانیدا ووتی داهاتی پترۆدۆلار و مەنافزی حدودی نانێرێ، ئـێ نانێرێ حەقی خۆمانە بپرسین چیت کردووە؟ حکومەت چی کردووە بۆ ئەوەی بێت؟ حەقی خۆشمانـە کـە جەنابی ئەو قسەیەی کرد بپرسین بۆ نایێنێرێ، ئایا پەیوەندی بەو سیراعی نەوتـەوە هەیـە یـان نـا؟ بـەرێز وەزیری دارایی وتی سوودە کۆمەڵایەتیەکان $80$٪ زیادی کردووە، بوارێکی باس کرد وەك زیندانی سیاسـی و کەمئەندام بە بێ ئەوەی هیچ خشتەیەکی موصەدەقمان باتێ لە لایەن وەزارەتەوە، پرسیارێکی تـرم ئەوەیـە پارەی موخەصەص بۆ سەرۆکایەتی هەرێم لە سی و نـۆ ملیـاری $2011$ بەهەڵەدا نەچووبم بۆتـە شەسـت ملیار، ئەمەش تەفسیری ئەوێ، وەزارەتی ڕۆشنبیری سەد و یانزە ملیار، ئەم پارەیە زۆر زۆرە پێویستمان بـە وردە کاریەکەی هەیە بۆمان ڕوون کاتەوە، پارەی موخەصـەص بـۆ سـامانی سروشـتی پێـنج سـەد و چواردە ملیارە، یەعنی لیژنەی داراییش ئـەم پرسـیارەی کـردووە جوابێکمـان دەسـت نەکـەوت، ئەمـە چۆن ئاراسـتە ئەکرێ، چۆن تەوزیع ئەکرێ، بۆچی ئەم پارە زۆرە؟ مەبلەغێکی زۆر زۆرە بۆ وەزارەتێك، وەزارەتێکە ڕاستە مەهامی زۆر زۆرە، بەڵام ئەرکەکەی مەحدودە و دیاری کراوە و بەنیزامی عقـودی شـەراکەتدا ئـیش ئـەکات لەگەڵ شەریکاتە، ئەم پێنج سەد و چواردە ملیارە بۆچی؟ پێویستمان بەوە هەیە من وەك ئەندام پەرلـەمان

نەك بە قسە، خشتەمان بداتێ، دواى دوو ڕۆژى تر كە جواب ئەداتەوە خشتەم بداتێ بڵێ كاكە بۆ ئەوەيە، ڕەخنەيەكى ترم لە ليژنەى دارايى ئەوەيە، نە تەبەنى تەعينى حوكامى كردووە، كە ئێمە زۆرترين ڕەخنەمان لە قانونى عەفوى عام لەوە بوو ليژنەى قانونيش تەبەنى كردووە بەرێزەوە، ڕەخنەيەكى ترمان ئەوەيە لە ليژنەى دارايى باسى كرێچيەتى دەوڵەت ناكات كە بەس لە سلێمانى شەش بيناى مروور هەيە، هەر شەشى لە خانووى كرێچى دايە، هيچ عيلاجێكى بۆ ئەوە دانەناوە و هيچ تەرحێكى نەكردووە، ڕەخنەيەكى ترم ئەوەيە كە باسى تەخصيص كردنى دوو سەد مليار ئەكات بۆ دەعمى ئەحزاب، ماددەى (14) لە قانونى ساڵى 1993ى ئەحزاب باسى ئەوە ئەكات كە پێويستە بە زەوابت بێ، ئەمە هيچ ڕەخنەيەكى لە چۆنيەتى دانانى نەگرتووە، من زۆر سوپاستان ئەكەم و ئەمانە ئيستينساخ ئەكەم و ئەيدەم بە هەردوو لايەن،سوپاس

**بەڕێز خورشيد احمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

حەقى هەر پەرلەمانتارێكە ڕەخنە لە ئێمە بگرێ، بەلاَم حەقە ئێمەش بوارمان بدرێت وەلاَم بدەين، زۆر باسى دوو نەخۆشخانەى هەولێر كرا كە ليژنەى دارايى و ئابوورى نووسيتى پەسەند نيە، پەسەند نيەى ئێمە مەعناى ئەوە نيە ئێمە دژى ئەوەين نەخۆشخانە لە هەولێر دروست بكرێ، مەسەلەن بچيە بەيروت، مستەشفاى بەيروت لە ساڵى 1960 ەوە مستەشفايە، تەتويرى پێ دەكرێت، مەبەستمان ئەوەيە تەتوير بە شتەكە بكەين، نابێ هەڵيوەشێنين و مستەشفايەكى تر دروست بكەين ئەگەر قابيلى تەتوير بێ، ئەگەر قابيلى ئەوە بێ صيانە بكرێ، يەعنى ئەگەر دوو نەخۆشخانە قابيلى ئەوەبێ تۆ شتەكان تەتوير بكەى، جوانى بكەى، ڕێكوپێكى بكەى، پێويست ناكات تێكى بدەى، ئەمە (يەك)، (دوو)، باسى پارەى ليژنەى دارايى بۆ پەسەندى پارەى دەزگاى ئاساييش دەكرێ، ئەمە داواكارييێكە لە وەزارەت و ئەنجومەن هاتووە، ئيشكالەك دروست بووە لە موازەنەكە، ئێمە هەستيار ترين ئيش لەم ولاَتە مەسەلەى ئەمنيەتە، خۆ ناكرێ ئێمە هەر بە چاوى گومان و چۆن سەرف دەكرێ، چۆن سەرف ناكرێ؟ دەزگايەكە لە چوار چێوەى حوكمە لەو هەرێمە، خازيعى ڕەقابەيە، خازيعى هەموو شتەكە، ليژنەى دارايى مەعقولە بڵێين پارە بۆ دەزگاى ئاساييش تەخصيص نەكەن؟ يەعنى ئەمە چۆن دەبێ؟ ئەمە دوو، ئەمە سيستەمەكە وەزارەت كارى پێ دەكات، ديارە و ڕوونە و مەفهومە لاى ئێمە، ئەگەر لاى براەدەرەك مەفهوم نەبێ، وەزارەتى دارايى بۆيان ڕوون كاتەوە، بۆ چوارسەد و حەفتاو شەش لە ميزانيەيە لە مەجموعى دوو ترليۆن و ئەوەندە، ئەويتر لە موازەنەدا نيە؟ ئەمە شتەكى ئاساييە بەنيسبەت ئێمە، مەفهومە، لەسەر جەنابى وەزيرە ڕوون كردنەوە بدات، هيچ ئيشكالەكى تێدا نيە، جەنابى گوتى ليژنەى دارايى پرسيار دەكات ئەوجا دەڵێ ڕەخنەم هەيە، مەعقولە ڕەخنە لە پرسيار هەبێتن؟ سوپاس

**بەڕێز د.ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ئەوەی تێبینیم کرد کە زۆر لە ئەندامە بەڕێزەکان زیاتر ڕەخنە ئەگیرێ لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری، لە ڕاستی دا بە پێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان، بە پێی ماددەی (82) برگەی (2) ئەو ڕاپۆرتە ڕاپۆرتی هەموو ئەندامان و لیژنە بەڕێزەکانە، هەر بەڕێزێك شتێکی هەبوو بێ ئەیتوانی لە ڕێگەی لیژنەکەیەوە پێشکەشی بکات، تاکو ئێمە لە ڕاپۆرتەکە ئامادەی بکەین، من نازانم کێ ئەتوانێ بڵێ شتێکمان ناردووە بۆ لیژنەکەم، یا بۆ لیژنەی دارایی ئیزافە نەکرابێ؟ ئەتوانی ڕاپۆرتەکە ئیغنا بکەی، بەس تەوجیهی ئینتیقادات، من هەست دەکەم خۆ ئێمە موناقەشە لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان ئەکەین، نەك لەسەر ئەو ڕاپۆرتەی کە خۆمان ئامادەمان کردووە، ئەو ڕاپۆرتەی کە خۆمان ئامادەمان کردووە عەرزی مەوزوعەکەمان کردووە بە بۆچوونی هەموو لیژنەکان و بە بۆ چوونی لیژنەی دارایی و بە پێی ئەو توانایەی کە هەیە، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی تر ئەگەر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ڕێگەم پێ بدات ئێمە تەعاموول لەگەڵ سیستەمی بودجە ئەکەین کە پێك هاتووە لە حەوت حیسابی سەرەکی، جگە لە بابەتی وەبەرهێنان، ئەو حەوت حیسابە سەرەکیە لە ڕاستی دا دابەش ئەبێتەوە بۆ حیساباتی فەرعی، لەگەڵ هەردوو بەشەکەی (ئیرادات و نەفەقات) ، ئەگەر کۆی کەیتەوە نزیکەی (250) فەرعی حیسابیە، ئەو (250) فەرعی حیسابیە بە سێ ساڵ پیشان دراوە لە ناو بودجەکەدا، کە بە سێ ساڵ پیشان دراوە مەعنای ئەوەیە کە ئەو (250) فەرعی حیسابیە زەربی سێ ساڵی بکەین ئەکاتە (750) فەرعی حیسابی، بە پێی ساڵەکانی ( 2010/2011 /2012)، دوایی هەر ئەو حەوسەد و پەنجا حیسابە لە (31) بەرگ کە تەمسیلی وەزارەت و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم ئەکات جارێکی تر دووبارە بۆتەوە وردەکاریەکانی، ئەوکاتە ژمارەی حیسابەکان تەقریبەن (22500) حیسابە، یەعنی (22500) ڕەقەم، دوای ئەوە کە دێینە سەر بودجەی ئیستیسماری نزیکەی (350) مەشروعە بە هەموو مەشروعەکانەوە، ئەو (3500)ە هەمووی ڕەقەمی لەگەڵە، لەگەڵ ڕەقەمەکانی (22500) ئەکاتە (26000) حیساب، یەعنی (26000) ڕەقەم بە لایەنی کەمەوە، ئەگەر هاتو ئێمە لەسەر هەر ڕەقەمێك لەسەر ئەو (26000) ڕەقەمە، نیو لاپەڕەی بنووسین پێویستمان بە (13000) لاپەڕەیە، لەبەر ئەوە ئەو ڕاپۆرتەی کە هەیە ئیتیجاهێکی عامە، پیشانی ئەدا دەربارەی وەزعی موازەنەی خەمڵێنراو لە هەرێمی کوردستان، من سوپاستان ئەکەم، سوپاسی ئەندامانی بەڕێز ئەکەم، لە ڕاستیدا ئەو تێبینیانە ئیغنای ئەو تەقریرە ئەکات، بەڵام ئەگەر ئەمانە هەمووی ئیدخال بکرێ لە لایەن لیژنەی دارایی و لە لایەن لیژنە هەمیشەییەکانەوە ئەوکات ئەو ڕاپۆرتە بە ساڵێکیش ئامادە ناکرێ، تەنها بۆ بەرچاو ڕوونی بەڕێزان، جارێکی تر ئەیڵێمەوە لەو ڕاپۆرتەی ئێمە ئەگەر بەڕێزێك، یا لیژنەیەك ئاماژەی بە شتێك داوە، یا یاداشتێکی هێنابێ، یا بۆچوونێکی هەبووبێ و داخیلمان نەکردبێ ئەوکات ماڤی ئەوەی هەیە ڕەخنە لە ڕاپۆرتەکە بگرێ، بەڵام ئێمە هەرچی بۆچوون هەیە داخیلمان کردووە، و ڕاپۆرتەکە ڕەنگدانەوەی هەموو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکانە و سوپاس.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەم لەسەر ئەو تێبینی یەکەمی جەنابی لیژنەی دارایی هەیە، لە ڕاستی دا ئەوە قسەیەکی قانونی نیە، تۆ لیژنەی دارایی ڕاپۆرتی خۆی ئامادە ئەکات، تێبینی و تێگەیشتنەکانی خۆیەتی، (48) سەعات پێش ئەوە ئەیخاتە بەر دەستی ئەندامانی پەرلەمان، ئەندامانی پەرلەمان تاوتوێی ئەوە ئەکەن، گفتوگۆ کردن لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی ئەگەر تەنها دەست خۆشی و پێدا هەڵگوتن بێ ئەوە مەوزوعێکی ترە، تەنها ئیغنا کردن چیە؟ ئیغنا کردن بە ئینتیقادە، بە ڕەخنە گرتن و مولاحەزاتە، یەعنی ئێستا تەوەجوهێك هەیە لەم چەند ڕۆژەدا، لە ڕاستیدا جەنابی سەرۆکی پەرلەمان تەوەجوهێك هەیە بۆ قەتیس کردنی ڕەخنە گرتن و ئینتیقادات، یەعنی ئەگەر مەوزوعەکە وایە و قوتی خەڵك خەریکە ئەکەوێتە ناو گەرووی شێرەوە، ئێوە ئەتوانن ئێستا پێشنیازێك بکەن، سەرۆکایەتی پەرلەمان، تکایە باقسەکانم بکەم، یەعنی ئەم تەوەجوهە چیە بەڕاستی دەمەوێ تێبگەم، ڕەخنە نەگیرێ، مولاحەزە نەدرێ، کەس ئینتیقاد نەکات، ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی هەموو ساڵێك ڕەخنەی لێ گیراوە، لەبەردەم ئەندام پەرلەمان نەبووە، بەشدار نەبووە ئەندامانی لیژنەکانی تر، لیژنەی تر ڕاپۆرتی خۆی نووسیوە، لیژنەی دارایی ڕاپۆرتی خۆی نووسیوە، ئەندامانی پەرلەمان کە لەبەر دەستیدایە کۆمەڵێك مولاحەزاتی لەسەرە، کۆمەڵێك تێبینی لەسەرە، کۆمەڵێك ڕەخنەی لەسەرە، بۆچی نەتوانێ ڕەخنەکان و پێشنازەکانی بڵێ؟ ئەم حەساسیەتە بەرامبەر بە ڕەخنە، لەم خولەدا، لەم دانیشتنەدا چیە؟ من پێشنیاز ئەکەم، بمبورە، با پێشنیازێکی قانونی بکەم، پێشنیاز ئەکەم ئەگەر مەوزوعەکە بەم شێوەیەیە، وە حەساسیەتەکە بەم شێوەیە ئەڕوا، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەکەم، پێشنیازێك بخەنە بەردەمی ئەندام پەرلەمانان، کەوا بەهەند وەرگرتنی مولاحەزاتی لیژنەی دارایی، بەهەند وەرگرتنی مولاحەزاتی سەرۆکی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان، کە لەیەکەم ڕۆژدا گفتوگۆیان لەسەر کرد، لیژنەی دارایی صیاغەی ئەو پێشنیار و ئیقتیراحانە بکات و بخرێتە دەنگەوە و بودجەکە بەو شێوەیە بڕوا کە ئێستا زۆرینە ئەیەوێ تێی پەڕێنێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل- سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عدنان ئەوە سێ ڕۆژە ئێمە موناقەشە ئەکەین قسەمان بەکەس نەبڕیووە، بەتایبەتی برادەرانی فراکسیۆنی گۆڕان هیچ کامێکتان لە بیست دەقە و بیست و پێنج دەقە کەمتر قسەتان نەکردووە، بەلاَم کە تۆ پرسیارێك ئاراستەی لیژنەی دارایی ئەکەی، لیژنەی دارایی حەقی هەیە جواب بداتەوە، حەقی هەیە تەوزیحات بدات، کەس ڕێگەی لە ئێوە نەگرتووە ئینتیقاد بدەن، ڕەئی بدەن، قسەی خۆتان بکەن، لەبەر ئەوە حەق نیە تۆ ئەو ئینتیقادە بکەی، چونکە بنەمایەکی قانونی نیە بەڕاستی، کەس ڕێگەی لە ئێوە نەگرتووە، کامەتان قسەتان کردووە موقاتەعە کراون؟ هیچ کەسێکتان.

**بەڕێز بکر کریم محمد(ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرلەوەی تێبینی و پێشنیازەکانم بخەمە ڕوو لە سەرەتا پشتیوانی لە پێشنیازەکانی فراکسیۆنی کوردستان دەکەم کە لە لایەن (سۆزان) خانەوە خرانە ڕوو، هەروەها لە تێبینیەکانیشم سەرەتا بە گلەیەك لە خۆمان

دەست پێ دەکەم، گلەیەکە لە پەرلەمانی کوردستانە، برای بەڕێزم کاك (برهان) ئاماژەی پێ دا، کە تا ئێستا نەمانتوانیوە سەرۆکێکی کارا بۆ دیوانی چاودێری دارایی دابنێین، هەروەها ستاف ئەنجومەنی ئەو دیوانە تەواو بکەین، ئەگەر ئەوە بکرابایە، ئەگەر دیوانی چاودێری وردبینی لە حیساباتی خیتامی بکردابایە زۆر لەو شکۆ گومانانەی کە لەم هۆڵەدا خرانە ڕوو بەڕاستی کەم دەبوونەوە، هیوادارم بتوانین لەماوەی داهاتوودا سەرۆکێك بۆ ئەو دیوان و هەروەها ستافەکەی تەواو بکرێ، لە هەرێمی کوردستان دا بە گوێرەی داتای بەردەست بڕیار وایە ئەم ساڵ میلاکی وەزیفی بگاتە (667849) فەرمانبەر، لە دەرەوەی میلاکیش ژمارەی ئەو کەسانەی مووچە، دەرماڵە، هاوکاری وەردەگرن بریتیە لە (612863) کەس، کۆی هەموویان دەکاتە (1280712 ) کەس، هەرهەموویان بە یەکەوە حەفت ترلیۆن و سێ سەد و پەنجاو دوو ملیار و سەد و شەست و چوار ملیۆن دینار وەردەگرن، ئەو مەبلەغە پارەیە لە تەعویزاتی فەرمانبەران، لە سوودە کۆمەڵایەتیەکان، لە تێچووەکانی تر دابین دەکرێ، ڕاستە ئەوە ڕێژەیەکی زۆرە، هەندێ لە خوشك و برایان بە خەتی سووریان دانا، بە نیشانەیەکی نێگەتیڤیان دانا بەسەر بودجەی کوردستان، من پێم وایە لایەنێکی ئیجابیشی هەیە، بە ڕای من لایەنێکی ئیجابیشی هەیە، کە ئەو مەبلەغە زۆرە ڕاستەوخۆ ئەچێتە گیرفانی خەڵکەوە، بازاڕی پێ دەبووژێتەوە، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئاستی بژێوی لە کوردستان دادەنێ، جگە لە بەردەوام بوون لە سولفەی عەقاری، لە سولفەی زەواج، قەرزی بچووك، قەرزی کشتوکاڵی، ئەوانی تریش دیسان کە ڕاستەوخۆ دەکەونە دەست خەڵکەوە لەم بودجەیە دابین دەکرێ، هەروەها بە پێی ژمارەی دیسان بەردەست، لە بواری پرۆژەکانی وەبەر هێنان، بە دواکەوتوو، بەردەوام و پێشنیاز کراوەکانەوە، لەم ساڵەدا ڕێژەی تەرخان کراو بۆ هەولێر لە سەدا سی و سێ و پۆینت شەشە، بۆ سلێمانی بە گەرمیانیشەوە 41٪ ە، بۆ دهۆك بیست پۆینت نەوەت و شەشە، واتە نزیك لە بیست و یەك، بۆ ئەو پرۆژانەی کە تەواوی هەرێمی کوردستان سوودیان لێ دەبینێ لە سەدا چوار پۆینت حەفتا و یەکە، ئەگەر لە جێ بەجێ کردندا بەم شێوەیە پارە لە پرۆژەکاندا خەرج بکرێ، ئەوا عەدالەت لەنێوان پارێزگاکان تاڕادەیەکی گونجاو ڕەچاو کراوە، هیوادارین بە کردەوەش وا بکەوێتەوە، چونکە لە ساڵی ڕابردوودا و لە ساڵەکانی پێشتریش، دیارە لە ساڵی ڕابردوو ڕێژەی جێ بەجێ کردن 53٪ بووە، لەهەر سێ پارێزگاکەشدا ئەداو ڕێژەی جێ بەجێ کردن و پارە خەرج کردن بە گوێرەی ئیستیحقاقاتی دانیشتوان نەبووە، پێشنیازەکانم:

1-وەك دیارە لە 2007 ەوە تا ئێستا لە هەردوو بەشی نەفەقات و ئیرادات و حاکیمە غەدر لە کوردستان کراوە، کە چەندین ترلیۆن دینار دەبێ، بە بڕوای من بۆ چارەسەر کردنی ئەو نیزاعە لە نێوان هەرێم و حکومەتی ئیتیحادی ئێمە دوو ڕێگەمان لە پێشە، یا لە ڕێگەی وتووێژی ڕاستەوخۆ (وتووێژی سیاسی)، یا لە ڕێگەی قانونی و دادگاوە، واتە پەنا بۆ مەحکەمەی ئیتیحادی ببەی، تا ئێستا پەنا بۆ ئەمە نەبردراوە، ئەگەر ئێمە پێمان وایە حەقێکمان لە لایەن حکومەتی ئیتیحادیە وەك لێرە ڕوون کراوەتەوە، بەڕاستی پەنا نەبردن بۆ مەحکەمەی ئیتیحادی بۆ چارەسەر کردنی ئەم کێشانە من نازانم لە پای چیەوەیە؟

2-سەبارەت بە جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان و بۆ ئەوەی هێندە دوانەکەون، کە ڕەنگە ئەوە پەیوەندی زیاتر بە وەزارەتی پلاندانانەوە هەبێ، پێم باشە پرۆسەی دیزاین، تەندەرین، سەرپەرشتی جێ بەجێ کردنیان بە وەزارەتەکان بدرێتەوە، ڕاستە ئێستا هەندێکیان بە وەزارەتەکان دراوەتەوە، چونکە وەزارەتەکان شارەزان لە بواری ئیختیصاصی خۆیاندا، با بەرپرسیارەتی وەزارەتەکان خۆیان هەڵی بگرن، لە هەردوو بواری بودجەی کار پێ کردن و وەبەرهێناندا، لەکاتێکدا پارێزگا بە تەندەرینگی ئەو هەموو پرۆژە زۆرە ڕاناگات، ئەوەش بۆخۆی هۆکارێکی تری دواکەوتنە.

3-پێویستە حکومەت بڕیارەکانی خۆی جێ بەجێ بکات، ساڵی ڕابردوو حکومەت بڕیاری دا موڵك و ماڵی گشتی لە لای هەر چ لایەنێك بێت وەری بگرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە لیژنە پێك هات، بە داخەوە ئەو بڕیارە شتێکی کەمی لێ جێ بەجێ کراوە، هەر بۆ نموونە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، چل و حەفت بینایەی هەیە کە حیزب و ڕێکخراو و دەستە و دائیرەی تریان تێدایە، لە کاتێکدا بۆ ئەمساڵ، بڕی دوو ملیار و سێ سەد و دە ملیۆن دینار بۆ کرێی بینایە بۆ دەستە و دائیرەکانی ئەم وەزارەتە، لە کاتێکدا خۆی چل و حەوت بینایەی لە لای خەڵکی ترە، بڕیاری حکومەتە، ئەرێ بەڕاستی خەڵکێکی تر هەیە لە حکومەت بالا دەستر؟ ئەمە پرسیارێك.

4-هەروەها پێشنیاز دەکەم وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە چەند کۆمپانیایەك بۆ بینا و ئینشائات، بۆ پرد و ڕێگا دابمەزرێنێ، ئێمە ئەندازیار و ستاف تەکنیکیمان هەیە، ئالیەتمان هەیە، با وەك هەر کۆمپانیایەکی تر بچنە قۆنتەراتەوە، بەنیسبەت پرۆژەکان، پێشتر لە عیراق نموونەی وامان هەبووە پێم وایە ئەو خوشك و برا موهەندیسانەی کە لێرە دانیشتوون ڕەنگە زانیاریان هەبێ، پێشم وایە تا ڕادەیەکی باش سەرکەوتوو بوون، کۆمپانیای (ئاشوور) هەبوو، کۆمپانیای (تەحریر) هەبوو، چەندین کۆمپانیای تر هەبوو جێی دەستیان لە جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان لە عیراق دیار بوو.

5-دوا پێشنیازم ئەوەیە ئەگەر پرۆژەی وەبەرهێنان ستراتیجی نەبن، بە توانای مادی و تەکنیکی کۆنتراکتەری خۆماڵی جێ بەجێ نەکرێ، حەقە پرۆژە بە کۆمپانیای بیانی نەدرێ، بە تایبەتی کۆمپانیا تورکی و ئێرانیەکان، سەرجەم پێداویستی بیناکردن لە وڵاتی خۆیان دەهێنن، ستافەکان لە وڵاتی خۆیان دەهێنن، واتە هەموو ئەو پارانەی بۆ ئەو پرۆژانە تەرخان کراوە دەیبەنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، سەرباری ئەوەی قازانجیشی لێ دەکەن، بۆ بەڕاستی ئەگەر پرۆژەکان ستراتیجی نەبن، بە ئیمکانیاتی مادی و تەکنیکی خۆمان جێ بەجێ نەکرێن، بەس تەنیا ئەوانە بۆیە بەڕاستی پێویستە ئیهتیمام بە پرۆژە خۆماڵیەکان بدرێ، هەرلەم ڕێگەیەشەوە بەڕاستی تەراکومی مالی لە وڵاتی ئێمە دروست دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی قسەی دەکەم بەتایبەتی زیاتر لەسەر تەندروستی، چونکە من خۆم ئەندامم لە لیژنەی تەندروستی، ئەو ڕێژە بودجەی کە دانراوە بۆ وەزارەتی تەندروستی زۆر کەمە لە چاو

ڕێژەی بودجەی وەزارەتەکانی تر، بە تایبەتی پەروەردە و ناوخۆ و گەشتوگۆزار، هەروەها خوێندنی باڵا، بۆیە ئەو بودجەیە کە دانراوە بۆ وەزارەتی تەندروستی ناتوانێ ئەو خزمەت گوزاریە باشەی لە ئاستی پێویست خزمەتی نەخۆش بکات، نەك لە ئاستی پێویست، بەڵکو لە ئاستێکی زۆر نزم دەتوانێ پێشکەشی بکات، هەروەها کە من داوا دەکەم بودجەی تەندروستی زیاد بکرێ مەبەستم ئەو بودجەیە لە کوێ وەربگیرێ، دەبێ جێیەکەشی بڵێم، بە ڕەئی من لە پەرلەمان وەربگیرێ چونکە پەرلەمان بودجەکەی زۆرە، ئەگەر ئێمە تەندروستیمان خراپ بێ پەرلەمان پارەی بۆ چیە؟ هەروەها من ڕام لەگەڵ لیژنەی دارایی نیە، ڕاستە وەڵامم وەرگرتەوە لە لایەن لیژنەی دارایی، بەڵام دووبارە قسەی دەکەمەوە، بودجەی پاریش قسەم کرد لەسەری، هەروەها من ڕام لەگەڵ لیژنەی دارایی نیە چونکە پەسندی پێشنیاری لیژنەی تەندروستی ناکات، بۆ ئەوەی دوو نەخۆشخانەی پرۆفیشناڵ دروست بکرێ لەشاری هەولێر، لە جێگای ئەو دوو نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر و رزگاری، ئەگەر نەخۆشخانەی کۆماری هەولێری پایتەخت بینایەیەکی تازەی عەموودی لە شوێنی ئەودا دروست بکرێت بە پێی ستانداردی عالەمی، چونکە نەخۆشخانەی کۆماری هەولێر زۆر زۆر کۆنە، چەندین جار هەوڵدراوە نوێ بکرێتەوە، پارەیەکی زۆری لێ سەرف کراوە بەڵام هیچ سوودی نەبووە، شوێنەکەی زۆرباشە و سەنتەری شارە و عاردەکەی زۆر گەورەیە، بۆیە دەتوانین هەر لەهەمان شوێن باشترین و مۆدێرنترین نەخۆشخانەی لێ دروست بکەین، ئەمە نەك تەنیا داواکاری منە، بەڵکو داواکاری زۆر لە دکتۆر و پەرستارەکانە، کە دەچین سەردانیان دەکەین خۆیان داوامان لێ دەکەن دەڵێن ئەوە خەستەخانە نیە ئێمە ئیشی لە ناو دەکەین، ئێمە خۆمان دەڵێین ساڵی 2003 کوردستان بۆتە بەشێك لە عالەم، ئەوە ڕاستە، خۆشمان دەڵێین عالەم موتابەعەمان دەکات، ئەگەر عالەم ببەین بۆ خەستەخانەی کۆماری هەولێر سەردانی بکاتن، بیبینێ نەخۆش لە پێش باران و خۆڵ و سەرما و گەرما، لە قاوشەك دەگوازرێتەوە بۆ قاوشێکی تر چمان پێ دەڵێن؟ هەروەها کە بینی لە ساڵەی عەمەلیات مشك هەیە، سیسرکە هەیە، ئەوە چ نەخۆشخانەیەکە، چۆن تەعمیری بکەین و سوودی لێ وەرگرین؟ بۆیە من داواکارم دەرماڵەیەك، یاخود هاوکارییێکی مانگانە ببڕدرێتەوە بۆ دایکی خاوەن مناڵی بێ هاوسەر، مەبەست ئەوە نیە تاهەتایە، مەبەستم ئەوەیە تاکو ئەو دایکە ئیشێك دەدۆزێتەوە، ئەرکی حکومەتیشە کە ئیشێك بدۆزێتەوە بۆ دایکی خاوەن مناڵ و بێ هاوسەر، داوا دەکەم دەستەڵاتی تەواو بدرێ بە وەزارەتەکان بۆ سەرف کردنی بودجە، سیستەمی مەرکەزی نەمێنێت و سیستەمی لامەرکەزی هەبێت، داوا دەکەم دەرفەتی کارکردن هەبێت زیاتر بۆ گەنجان و بێ کاران، بۆیە پێشنبار دەکەم بودجەیەك دابنرێ بۆ سەنتەرێك بەناوی سەنتەری کارکردن، ناوی ئەوکەسانە بنووسێ کە بێ کارن، ئەو کەسانەی کە لەو سەنتەرانەش کار دەکەن فەرمانبەرانی وەزارەتی دارایی بن، هەوڵ بدرێ کار بۆ ئەو بێ کارانە بدۆزرێتەوە بە پێی بڕوانامە و شارەزاییان، داوا دەکەم دەرماڵەی پەرستاران ببێتە 100٪ وەك دەرماڵەی پزیشك، چونکە جگە لەوەی ئەوە داواکاری ئەوانە، بەڵام ئەوە مافی خۆیانە، چونکە پەرستار زۆر نزیکە لە نەخۆش، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە برینی نەخۆش هەیە، برین خاوێن دەکاتەوە، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە بەکتریا هەیە کە تووشی نەخۆشی

دەكات، لە صاڵەی عەمەلیات شان بەشانی دكتۆرە، هەروەها لەگەڵ نەخۆش كەلوپەلی نەخۆش بەكار دەبنی، چۆن دەبێ دكتۆر دەرماڵەی بەرزبێ و پەرستار كەم بێ؟ وەك یەك ئیش دەكەن بەبێ یەك ناتوانن، بۆیە داوا دەكەم دەرماڵەی ئەوانیش وەك دكتۆری لێ بێ، ئەو پەرستارەی كە كار دەكات لەناو شوێنی پڕ لە بەكتریا كار دەكات، مەترسی هەیە بۆ ژیانی كە تووشی نەخۆشی بێت، هەروەها داوا دەكەم بودجەی دەستەی ژینگە كە زۆر كەمە، فەرمانبەریان كەمە، كە دوای ئەوەی سەردانیانمان كرد دەبینم چالاكیەكان و ئەو كارانەی كە واجبە بیكەن، پێیان ناكرێ لەبەر كەمی بودجەو كەمی فەرمانبەر، داوا دەكەم بیر لەوە بكەنەوە بودجەیان بۆ زیاد بكەن، ئەگەر هاتو حكومەتەك لە وڵاتەكی پێشكەوتوو بیەوێ سەركەوتوو بێ لە سیاسەتەكەی، سیاسەتی ژینگە بەكار دەبنی، چونكە ژینگە خۆی سیاسەتە، ژینگە پێویستە بیری لێ بكەینەوە، پێویستە گرنگی پێ بدەین، لە زۆر لە وڵاتان حیزبەكان بیر لە حیزبایەتی خۆیان ناكەنەوە، بیر لە ژینگە دەكەنەوە بۆ پێشكەوتنیان، بەڕێزان، لە ڕاپۆرتی لیژنەی كاروباری كۆمەلایەتی كە لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی نووسیتیان، دەڵێ من لەگەڵ ئەو بڕگەیە نیم كە دەڵێ دەرماڵەی مەترسی بۆ مامۆستا و فەرمانبەر و توێژەرە كۆمەلایەتیەكان سەرف بكرێ، بۆ سەرف بكرێ؟ تێناگەم مامۆستا بۆ مەترسی هەیە لە ژیانی؟ ئایا لە تەڵەبە دەترسێ، ئایا نەیخوێندیە تەلەبە موعامەلەی چۆنە؟ فەرمانبەر بۆ بترسێ؟ خۆ بەكتریا نیە، خۆ نەخۆش نابێ؟ توێژەری كۆمەلایەتی لەگەڵ خوێندنەكەی، لەگەڵ بڕوانامەكەی خوێندوویەتی كە چۆن موعامەلە بكات لەگەڵ ئەو كەسە، لەكۆتاییدا دەڵێم من پشتگیری لە هەموو پێشنیارەكانی لیستی كوردستانی دەكەم، ئەوەی داومانە بە حكومەت، چونكە خۆم ئەندامێكم لەم لیستە، زۆر سوپاس

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشیم بۆ لیژنەی دارایی بۆ ئەو ئەرك و ماندوو بوونەی كە كێشایانە، پشتگیری تەواوی پێشنیارەكانی فراكسیۆنی كوردستانی دەكەم خاڵ بە خاڵی، ئێمە دیارە بوونی پەرلەمان و ئەمن و ئاسایشی ئەمڕۆكە كەتێیدا دەژین لە سایەی خوێنی شەهیدە سەربەرزەكانمانە، بۆیە من چەند پێشنیارێك دەخەمە ڕوو بۆ خزمەت كردنیان:

1-دروست كردنی دوو نەخۆشخانە لە هەولێر و دهۆك هاوشێوەی ئەو نەخۆشخانەی كە لە سلیمانی هەیە و باشتریش بێت.

2-خەرج كردنی دەرماڵەی منداڵ و خێزانی شەهید، دیارە ئێمە پارەكەش هەر داوامان كرد لە بودجە ئەم دەرماڵەیە سەرف بكرێ بەلام دیارە هەر سەرف نەكرا.

3-لە پرۆژەكانی نیشتەجێ بوون داوا دەكەم ڕێژەیەك بۆ كەس و كاری شەهیدان دابنرێت ئەوانەی كە سوود مەند نەبوون.

4-داوا دەكەم مووچەی شەهیدانی هاوڵاتی تیرۆر لە (180000) بكرێت بە (300000).

5-زیاد كردنی ئەو بڕە پارەیەی كە مانگانە تەرخان كراوە بۆ هاوكاری نەخۆشی كەس و كاری شەهیدان لە (75000000) بۆ (150000000).

6-دابینكردنی زەوی بۆ وارسی شەهیدانی سەنگەر، ئەوانەی كە تا ئێستا زەویان پێ نەدراوە.

7-زیاد كردنی (27000000) كە حكومەت تەرخانی كردووە بۆ (37000000) بۆ دروست كردنی خانووی خۆ كرد.

8-دابینكردنی بودجەیەك بۆ هەڵدانەوەی گۆڕە بە كۆمەڵەكان و هێنانەوەی روفاتی پیرۆزیان بۆ خاكی كوردستان،

9-كارا كردنی سندوقی هاوكاری بۆ شەهیدان.

10-ئەو بڕەی بۆ بەخێوكەری دایكی شەهید كە (75000)ە مانگانە بكرێت بە (200000) چونكە ئەو (75000)ە دابێنی ژیانی دایكی شەهید ناكات.

11-ئەو منداڵە شەهیدانەی كە لە جامیعە ئەهلیەكان دەخوێنن حكومەت موخەصەصاتێكی مانگانەیان بۆ ببڕێتەوە، چونكە بە پێی مەعلوماتم ئەو منداڵە شەهیدانەی كە لە جامیعە ئەهلیەكان دەخوێنن هیچ موخەصەصاتیان نیە.

12-لە ڕێگەی پرۆژەكانی وەبەرهێنان داوا دەكەم كە نیسبەیەك بۆ وارسی شەهیدان دابین بكرێت لە ڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

دیارە ئێمە بۆنە و یادەكانمان زۆر زۆرە، ساڵانە پارەیەكی زۆر سەرف دەكرێ بۆ ئەم مەبەستە، بۆیە من داوا دەكەم بۆ هەر پارێزگایەك ڕۆژێك تەرخان بكرێ بۆ ئەم بۆنانە، میزانیەی حكومەت بۆ پرۆژەی ئیستیسماری چوارسەد ملیار دینارە، وەزارەتی پلاندانان دەتوانێ هەر وەزارەتێك سەرپشك بكات بۆ ئەو پارەی بۆی دانراوە، لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتیەكانی دەستەی گشتی وەبەرهێنان چەند پرۆژەیەك ئیقتیراح بكەن بۆ خزمەت كردنی كەس و كاری شەهیدان، بۆ نموونە دروست كردنی كۆگا، ئەم كۆگایانە دروست بكرێ پاشان بە كرێ بدرێ، ئەو پارەی لە كرێی كۆگاكان وەردەگیرێتەوە بۆ خزمەت كردنی كەس و كاری شەهیدان بێت، پێویستە حكومەت مەكتەبێكی دیزاینی هەبێت بۆ هەموو وەزارەتەكان، پێیوە پابەند بن بۆ دیزاین كردنی پرۆژەكانیان، لە پرۆژە بەردەوامەكان دروست كردنی (734) خانووە بۆ كەس و كاری ئەنفال كراوەكان، بەلاّم بۆ دوو قەزای بەردەڕەش و ئاكرێ حیساب بۆ ئەو شوێنە نەكراوە، ئەگەر ئێمە سەیری هەولێر بكەین دیارە ئەنفالی كەمترە، بەلاّم شەهیدی زیاترە، ژمارەی شەهیدەكانیش (14525) شەهیدە، دیارە ئەو پێوەرەی كە دانراوە بە ڕای من زۆر زۆر كەمە، لە جیاتی دروست كردنی (مۆنۆمێنت) ئەو پارەیە خانووی پێ دروست بكرێت، ئەو (مۆنۆمێنت)انەش كە دروست كراوە و تەواو بووە تەجهیز بكرێن، دیارە وەزارەتی شەهیدان ساڵانە پرۆژە بۆ وەزارەتی شەهیدان دا دەنێت، بەلاّم دیارە وەك ئەوەی لە ستافی وەزارەتی شەهیدان بیستوومانە دیارە هەماهەنگی و تەنسیق لە نێوان وەزارەتی شەهیدان و وەزارەتی پلاندانان نەبووە، بەڵكو وەزارەتی پلاندانان بۆ خۆی وەزارەتەكانی ئیختیار كردووە، ئەو بڕە پارەی كە

وەزارەتی پێشمەرگە داوای کردووە لە هەرسێ بابی (سلع و تەعویزات و نەفەقاتی غیر مالیە) داوا دەکەم لە وەزارەتی دارایی بە هیچ شێوەك ئەوانە کەم نەکاتەوە، ئەو بڕە پارەی کە دەدرێتە وەزارەتی پێشمەرگە من داوا دەکەم وەك پێشینە نەبێ کە وەزارەتی دارایی دەیداتە وەزارەتی پێشمەرگە، بەڵکو وەك بودجە بێ، بۆ ئەوەی بتوانن بە باشترین شێوە خزمەتی پێشمەرگە بکەن، هەروەها پەلە بکرێ لە دروست کردنی هەشت لیواکەی تر کە ماوە، من لێرە دێمە سەر دۆڵی بالیسان دیارە من لە هەموو ئەو پرۆژانەی کە باسم کرد کە بەردەوامن یا پێشنیار کراون دیارە بەهیچ شێوەیەك ئاوڕێك لە دۆڵی بالیسان نەدراوەتەوە، دیارە کەم تەرخەمی زۆر هەیە، لێرە من ڕووی پرسیار دەکەمە وەزیری پلاندانان و ئەو گوندانەی کە سەر بە دۆڵی بالیسانن دیارە کەم تەرخەمی زۆر کراوە، یەك لەوانە (شیرێ) دیارە هەتا ئێستا تۆڕی ئاویان بۆ نەکراوە کە ژمارەی ماڵەکان (60) ماڵە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك تۆری ئاویان بۆ چاك نەکراوە، هەروەها پرۆژەی ئاودێری باخچەیان پێویستە، بەڵام ئەوە دەتوانرێ بە شێوەی جۆگەی کراوە بۆیان دروست بکرێتن، گوندی (خۆران) ئەویش پێویستی بە جۆگەی ئاودێریە، گوندی (بێراوە) تۆڕی ئاوی خواردنەوە بۆ ناو ماڵەکان پێویستە کە ژمارەی ماڵەکان (50) ماڵە، هەروەها یەك بینایەی مەکتەبی تێدایە کە ئەویش بینایەکەی ڕووخاوە، قوتابیان هەیە لە قۆناغی متەوەستە دەخوێنێ، ناچارن ئەو گوندە بەجێ بێڵن بچنە بالیسان لەوێ درێژە بە خوێندن بدەن، من داوا دەکەم ئەگەر بێت و ئەو قوتابخانە سەرەتاییە ئەگەر بێت و چاك بکرێتەوە ئەوکات دەتوانن دەوامێك بۆ ئەو ڕێژەی قوتابیانە دابنرێ کە لە قۆناغی ناوەندی دەخوێنن، گوندی (کەندە سۆر) مەکتەبێکی پێویستە کە شەش پۆل بێ، کە ژمارەی ماڵەکانی (30) تا (40) ماڵە، گوندی (کۆخان و دەراش) دیارە پێویستی بە ڕێگەیە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل-بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

(پەروین خان) گوند بە گوند ناتوانین یەك بەیەك بیان ژمێرین، فەرموو

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(کانی بەند) پێویستی بە تۆڕی ئاو و جۆگەی ئاودێریە، دیارە بالیسانیش پێویستی بە قوتابخانەیەکی هەژدە پۆلیە و پێویستی بە باخچەی ساوایانە و هەروەها بینایەی شارەوانیەکەشی پێویستی بە چاك کردنەوە هەیە و پێویستی بە مەجرا هەیە، لێرەوە پشتگیری (بێریڤان خان) دەکەم دیارە پەرستارانیش پێویستیان بە زیاد کردنی دەرماڵەکانیان هەیە بە شێوەیەکی بەرچاو، هەروەها ئەو دوو نەخۆشخانەی کە لە هەولێر هەن دیارە ئێمە ئەگەر سەیری هەولێر بکەین دیارە پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە لە هەموو لایەنێکەوە، بەڵام پێویستیشە لەم ڕووەوە دوو نەخۆشخانەی شیاوی هەبێتن، سوپاس

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەنـدامێت بـەرێز، پەرلـەمانتارێت بـەرێز، ئەڤرۆكـە ل ڤـێ هـۆلێ ئـەم ل بەرامبـەر بابەتـەكی دكـەین كـو پەیوەندی بـە ژیـانێ خەلكـەكی ڤـە هـەی، ئـەوژی بابـەتێ بودجەیـە، ئـەزێت دبیـنم ئەگـەر چـەند ڕۆژەكـە ئاڕاستە كردنا ئەڤێ گەنگەشێ بەرەو عاقارەكی تر یێت چێتن، ئەزێت دبینم زیاتر دێهنە مەرەمێت سیاسی ژڤان گەنگەشاو بۆچونێت هەنێت كەن، ئەزی وەك ئەندامـەك دە لیستـەكێ دا، كـو لیستـەكا دەسـتەلاَت، مـن ژی ئەو مافێن هەی وە ئەزی ماڤێ دەدەمە خوە ئـەڤرۆ گەنگەشـا مێـت ب ئاڕاسـتەكی دی دا بچیتن، ئەگـەر (مبدء) ب تنێ (فویل للمصلین) بێتن ئەز دبێژم ئەڤە تشتەكی نە باشە، ڤێتن (مبدء) (فویل للمصلین الذین هـم عـن صـلاتهم سـاهون) بێـت، بۆیـە دبـێتن ئـەم ئـەڤی بابـەتێ هـەنێ ژ بەرژەوەنـدیێت سیاسـی، ژ بەرژەوەندییێت سیراعاتێت تەسك، بەرەو عاقارەكی دی  ببەن، ئەگەر ئـەم بـێین ڕەقـەم ڕەقـەم بچـن، ژمـارە ژمارە بچن، ئەز دبێژم ئـەم ناگەنـە چ ئەنجامـەك، چـونكی كێشـەیات ڕەقـەمیت داهـەی بوچـی هنـدە نینـە، بوچی ئەڤ چـەندە نـابتن؟ بوچـی ئـەڤ پـرۆژە ڤێـرێ نـابتن؟ بوچـی ڤێـرە هـەنابت؟ ئـەزێ دەسـتت بودجـە تەشغیلی  دكەم كو هەندەكیش وان ئاخاڤتنە هەڤالێ من كاك (ئاسۆ) ل سەر ئاخفت، ئەگەر ئەم بێن بـەرێ خۆ بـدەنێ ژ بودجـە تەشـغیلی شێسـت و شـەس ژ سـەدێ و پۆینـت نۆهـەت و حـەفتی سـەدێ ئەڤـە هـەمی تەعویزاتێت،دێنە تەعویزاتێت ئەڤی موزەڤێ هەنێیە، ئەڤی مونتەسیبێ هەنێیە، كو هەمیت بنـە مووچـە و چ نەت بەڕیكا ئەڤێ خەلكێ هەنێدا ، ئەڤ خەلكە هەنێ ژی حەتمەن ئـەڤی پارێـت هـەنێ سـەرفێت كـەن، ل ڤێرە مەسەلەكی یا هەیت دبێژن (الناس  للناس من بدوین و حضر، بعضهم لایشعرون لـبعض وهـم خـدم) یەعنی ئەو پارە ئەگەر بچێتە بازارێ هەركەسەكی دێتاتـە یـەدی و بوژانـەوە بـازارێ بـەرەو پێشـتر ببـەیت، ئەگەرنا خەلكەك بەحسێ زێدەییا ئەڤا مووچەت دكات و ئەڤی پارەت زۆرە، و تـەعویزات زۆرە، و تەشـغیلی زۆرە، ئەی چی بكەن؟ خەلكەكا یێت دامەزرایی، خەلكەكا یێـت تـەعین بـووی، ئـەرێ ئـەم دەربێخـنش یێـت وەزییفێ؟ چ لێ بكەن؟ ئەم دەربێخنش وەزیفەی بێ فورسەت عەمەل بمینێتن؟ ئەگەر فورسەت عەمەل ژی نەما موستەوای جەریمە دێ بلند بیتن، سـەریقات دێ زێـدە بـن، تـا ئـاخیری، الحمدالله هەنوكـە بـەرێ خـۆ بدەنێ ل كوردستانێ بەراورد دگەل جهێت تر بكەن موستەوای جەریمێ و موستەوای دزیێ كێمترە، ئەڤـەش دگەرێتە چ؟ ڤە دگەرێتە ئەڤێت سیاسەتی هەن، ئەگەر ئەم بێین بۆ نموونە، بـابی (منـافع الاجتمـاعی) ئـەم باب (مصروفات اخری) ئەڤە شرۆڤە دكەین و بچیە بابێت مینـەح و مصـروفاتێت ئـوخرا دبـینی مەسـەلەن مەصــروفات ئــوخرا گەلــەكش مــە پرســیارێت كــەن مەصــروفات ئــوخرا بۆچــی؟ ل دڤــادا چ دا هەنــە، موخەصەصاتێت تولابا یەت هەین، بەعەساتێ تولابـا یـەت هـەین، تـەعویزاتێ زەحاییێـت هـەین، تـەعویزات موختەلیفە یێت هەین، ئیحتیاتی یێت تەوارییێت هەین، تا ئاخیر، ئەڤە هەمی ب چ ڤە گرێدایە؟ پەیوەندی ب چ ڤە گرێدایە؟ پەیوەندی ب ژیانا خەلكەكی ڤە گرێدایە، و هەدەفا مە ئەو چیە؟ باش كرنـا ژیانـا ئـەڤی خەلكێت هەنێ، ئەڤە یەك، خالە دی تر ئەگە ئەم بچنە بابەتێ بودجە وەبەرهێنانێ، بودجـە وەبـەرهینانێ بەس چەن ڕەقەم ژێ دەریێ خستین، ئەگەر ئەم بێن پێنج ویـزارەت كـو پەیوەنـدی ب ژیانـا خەلكـەكی ڤـە هەی، ئاڤادانكرنە، شارەوانیە، تەندروستیە، پەروەردەیە، كارەبایە، ل سالە 2011 مەصروڤێ ئەڤان ویزارە با

هەر پێنجێ تنێ حدودێ 70٪ بوو ژ بودجە وەبەرهێنانێ، و يێ پێويست بۆ سالە 2012 ب حدودێ 72٪ يە، ديسانەكى ب پێنج ويزارێت تەنێ كو ئەڤ ويزارێت تەنێ هەمى پەيوەندى پتر ب ژيانێ خەلكەكى ڤە هەى، ئەگەر ئەم بێين بۆ سالە 2012 مەشاريعێت موقتەرەح بەرێ خۆ بدەنێ، ئەڤێ بتەنێ حدودێ 57٪ ژ رێژا بودجە وەبەرهێنانێ يە، و پارێ پێتڤى بۆ سالە 2012 چارسەد و دوو مليارێن، پێنجى و هەشت پۆينت شەش ژ سەدێيە، بودجەيەكا هەيت، بودجەت تەنميە ئەقاليم، ئەڤە بتنێ پارە دهۆكێيە، حيسا دهۆكێيە، ژ ڤێت بودجە هەنێ، كو سەد و نۆهەد و نەهـ مليار ديناره، ئەڤ سەد و نۆهەد و نەهـ مليارە هەنێ يا هاتيە بەلاڤە كرن ل سەر هەر حەفت قەزايەت پارێزگاهەت دهۆكێ، زائيدەن شنگار، تلكێف، زومار، كو ئەڤە يێش دەرڤەێت هەرێمێنە، كو مەناتقێت موتەنازعە، كو رێژا وان پرۆژە بۆ هاتينە دانان بيست پرۆژە، و مەبلەغێت هەشت مليار و سێ سەد و بيست و چار و پێنج سەد هەزار ديناره، حەتمەن ئەڤا هەنێ چونكى ئەگە بەرێ خوت بدەنە ڤان پرۆژە تنێ هەمى ژى ڤان پرۆژانە يەت بچيكن، پرۆژەيەت هەيت دوو مليار و سێ مليار، ئەڤان پرۆژێ تنێ هەمى زێدەتر پەيوەنيا ب ژيانێ خەلكيەكى ڤە هەى، ئەم هەمى دگەل هەندێينە مەشاريعێ ستراتيجى هەبن ل كوردستانێ، بەلێ خەلكێت مە ئەڤرۆ زياتر چاڤێ وى ب دەرێ مالە وى، پتر خەدەمات بهێتە پێشكەش كرن، لەورا بودجە ما ڤێ ريكا هەندێت دهێتە خەرج كرن و بودجە ئەگەر ئەم بێين ب معايرێت علمى بچن ئيحتيمالە ئەزێ دگەل هەندەك بڕادەرا موتەفقم نيسبەى تەشغيلێ و نيسبەى بكارهينانێ و نيسبا كورتهێنانێ و مەفروزە كورتهێنان ئەوەندە بتن، بەس ئەمى بودجەكێ موناقەشەت دكەن، و بودجە هەرێما كوردستانێيا، هەرێما كوردستانێ واقعەكا هەى، يان ناوچەيەكا هەى پێتڤيا ئەگەر ئەم وەسا بيشێ هەنێ بچين موناقەشاتێت ئەڤێ بودجێ، ئەم كوردستانێ ڤێ پارچا جوغرافيێ راكەن ببنە ئۆروپا ب ڤيرێ وەسيلايێت هەن، ئەم وەسا پێداچوون و موناقەشە بودجێ بكەن، نەخێر دڤێت ئەم نە بەرێ خۆ بدەنە جوزئى بتەنێ، ئەم بەرێ خۆ بدەنە جوزئي (ضم الكل)، كوردستانێت دەور و بەرێت مە نە تشتەكى وەسا ئاسايە كو ئەم ب كەيفا خۆ كار بكەن و ئەو سياسەتا مە دڤيتن بەرێڤە بەن، و سياسەتا ئيقتصادى، و سياسەتا مالى، و سياسەتا نەقدى، كو ئەم حەتا هەنوكە پارچەيەكين ژ عيراقێ، هەر سياسەتەكا مالى،سياسەتەكا ئيقصتيصادى، سياسەتەكا نەقدى، ل عيراقێ بهێتە رويدان، هەر رويدانەكى ڤێ مەنتقێ بهێتە رويدان حەتمەن ڤێ تەئسيرێ ل بير و بۆچوون و ستراتيجيەت و پێشڤەچونا دێت ڤە كرن، كێشەيەكى هەيە ئەز دگەل بڕادەران موتەفقم كێشا دانانا بودجێ نەخاسمە ل بوارێ وەبەرهێنانێ، من پێشنيارێكيا هەى، مەوزوعێ بودجەى وەبەرهێنانێ، پرۆژێت بەردەوام ئەڤە تشتەكى ديارە و دروستە، و ليستێت هەنێ هەميت مەوجودن هێ پار و هێ پێرار و تا ئەخير، ئەز پێشنيارێت كەم، ويزارەتێ (تخطيط) ئەوان پرۆژێت هەنێ، ئەوان كۆما ليستا، ئەوا چل و پێنجى هەزار ڕەقەمە، چل پێنجى هەزار حيسابە، نەهنێرتە پەرلەمانى، ئەڤ پرۆژە مەوجودن، چونكى كێشەك بومە پەيدا بوو، ئەگە تو دير چوباى پرۆژێت بەردەوام تە بەرێ خۆ دابايێ حەتا 12/31 زۆر پرۆژە هەبوون، حدودێ هەزار و پێنج سەد، شەش سەد پرۆژە هەبوون كۆى خرج كراو بۆى حەتا 12/31 سفر بوو،

بۆچی؟ چونكی ئەڤ مەعلوماتە كەڤن بوو، ژی بۆمە هەنارد بوون، هەیڤا (10) و (11)، لڤێرێ گۆمانەكی لای پەرلەمانتارە پەیدا بوو، بۆچی حەتا ڤێ گاڤێ خەرج نەبویە، پشتی جەنابێ وەزیرێ ئەڤ ڕوون كرنێ دای، دیار بوو حدودێ پێنج سەد، شەش سەد پرۆژە مای كو نەكەتینە بوارێت جێ بەجێ كرن، هەر ل ڤێرێ پێتڤیت بوو ویزارەتی (تخطیط) نی ترین داتا بەری گەنگەشە كرنا بابەتێ بودجێ نی ترین داتا گەهیشت بانا پەرلەمانتارا، و هاتبانا گەنگەشە كرن، نسبەی بودجا موقتەرەح یا وەبەرهێنانێ، ئەز پێشنیارێت كەم، ویزارەت (تخطیط) بتنێ بێژێتن مە ئەڤ ساڵە سێ ترلیۆن، دوو ترلیۆن، چار ترلیۆن، چەندە؟ ئەم دكەینە پرۆژێت موقتەرەح بۆ ساڵێت 2012 یان بۆ 2013، بتنێ ئەڤ پرۆژێت هەنێ یان ئەو پارەی هەنێ، مەسەلەن سێ ترلیۆن دینارە، بێتە تەوزیع كرن، ل سەر ئاستێ ویزاراتا، و بێتە تەوزیع كرن ل سەر ئاستێ موحافەزاتا هەریەكی لدیف ڕێژە سوكانێ، و لڤێرێ دەستەلاتێ بدەتە جهێت پەیوەندیدارێ ل پارێزگاها ئەوان بكەنە پرۆژە، ئەوان پرۆژە بەس ڕەقەمی بۆ دیار بكەن، مەسەلەن هەندە بۆ دهۆكێ، بیست ملیار، سەد ملیار بۆ دهۆكێ، دوو سەد ملیار بۆ سلێمانیە، پێنج سەد ملیار بۆ هەولێر مەسەلەن، ل ڤێرێ بەس ڕەقەم بێتن، پشتی كە ببنە پرۆژە و پشتی ئەم بودجێت دێ موناقەشە كەن، ئەو پارێمە تەخصیص كری ببنە پرۆژە، و ئەڤ پرۆژە بێنە بەر دەستێ پەرلەمانتارێت بەرێز، و هەر پەرلەمانتارەكێ ل جێهێ خۆ،ل مەوقعێ خۆ پێداچوونێت بكاتن و دیڤ چونا ئەڤا پرۆژێت هەنێ بكاتن، ئەز دەست خۆشیێ ل تەقریرا لیژنێت دارایی دكەم و ئەندامێت لیژنا دارایی، و شیای تەقریرەكا ڤێ حەجمێت هەنێ، ئەز دبێژم ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەینێ ئیحتیمالە تەقریرا وەش ژ تەقریرا موناقەشە یا موازەنە ئەمریكی پتر یا حدودێ حەفتێ، هەشتێ ساڵ پێشی ئێستا تەفاصیل گەلێكی دای، گەلەك بیر و بۆچونێت داین، گەلەك رەئییێت داین، گەلەك موقتەرەحاتێت داین، ل ڤێرێ ئەز پێشنیار دكەم، و ئیحتیمالە بە پێشنیارێت لیژنە دارایدا ژییێت دا هەی، و پرۆژێت موقتەرەح بۆ ساڵێت 2012 هەرچەندە برای من (ئاسۆ) ئیحتیمالە ڕەقەمەك داو ،جەنابێ وەزیر (تخطیط)یش ژ بەرێدا ڕەقەمەك دای، ئەز دگەل ئەوە موتەفقم، بەس ئەگەر ئەم بێین ئەو پرۆژێت هاتینە پێشنیار كرن بۆ پارێزگەها دهۆكێ، بەس یەت موقتەرەح، و مەجموعێت ئەوان پرۆژێت هەی دوو ترلیۆن پۆینت هەشتە، و پارا پێدڤیت بۆ ساڵە 2012 چار سەد و دوو ملیارە، ئەز دبێژم خەلەلەك ل ڤێرێ دا هەی، هەرچەندە ئەوان هەوڵدان كو ئەمە تێبگەهینن بەلێ، بەس ئەڤان پرۆژێت تنێ موستەقل بەرێ خۆ بدەمێ نە پارەی گشتی یێ پێویست بۆ 2012 بێتە خەرج كرن، نە ئیحتیمالە ڤێ ڕێژێت دروستن، بەس كە پرۆژیت موقتەرەح ل 2012 ڕیژا وان ل سەر ئاستێ هەمی كوردستانێ حدودێ هەشت پۆینت شەشە، ئەگە بەس ئەم وە بتنێ نسبەی دەربێخین یەت بەردەوامن و دوا كەوتی بن، ئەز پێشنیارێت دكەم و، ئەز تەئیدی كەم، ئیحتیمالە لە پێشنیارێ لیژنە داراییدا هاتی، كو پرۆژێت ئەڤ ساڵە ئەوێت موقتەرەح و ئەمێت بینن هەنوكە پرۆژێت بەردەوام چەندێت كەتینە كارێت، سەرۆكێ پەرلەمانی باوربكە ل پارێزگەهێ دهۆكێ هەنوكە مە كێشا مقاول هەیە، یەعنی زۆر پرۆژەیەت مای موقاول نین كاری بكەتن، چەند پرۆژەیەت هەی ئیعادەت ئیعلان دووجار، سێ جار دێتە كرن، من

پەیوەندییت هەی دگەل لیژنە تەندەرا، و پرۆژەیەت ڕێڤەبەریا ڕێك و پرا دهۆکێ، کو ئەڤا کێشەیەکا هەی ڤێ مەجالێ هەندێدا، پرۆژەت زۆرن، پرۆژەت متەراکیمن، بۆیە ئەز پێشنیار دکەم، ئەڤان پرۆژێت هەنێ وەکی هاتی ئەوێت ئیمکانیاتێت هەنێ ئەوێت کو پارەکی زۆرت دڤێت، ژ دەستەلاتە حکومەتێ دا نەبیتن، نەشێتن، ئەڤ ساڵە جێ بەجێ بکرێتن ئەز موتەئەکیدم ژی گەلەکیش ڤان پرۆژە ناکەونە بوارێت جێ بەجێ کرن، ئەڤ پرۆژێت هەنێ ئەم دەستەلاتێت ددەنە ویزارەت (التخطیط)، ب تەنسیقێ دگەل محافزاتە ئەم محافەزاتە، ل ڤێرێ هەندەك پرۆژە ئیختیار بکەن جێ بە جێ بکەن، و پرۆژێ دی تر بێنە تەئجیل کرن، بۆ ساڵە بێت، و ئەم تەرکیزە جهودێ بکەینە سەر چ؟ سەر پرۆژێت بەردەوام، و کێشا پرۆژێت ئەڤێ دواکەتی، ئەوا چارەسەر بکەن، ل ڤێرە ئەز پشتەڤانیا پێشنیارێت لیستا کوردستانی دکەم، و ئەو پێشنیارێت لیژنە دارایی ژی، و هەر وەسا تەئکیدێ دکەم کو ئەو موفتەرەحێ کو لیژنەیەك بێتە چێ کرن، لدیڤ چۆنێت بکاتن ل سەر ئەوان کێشە و گرفتێت مە، ل گەل بەغداد، زویترین کات ئەو بابەت، ئەو کێشە بێنە چارەسەر کرن، و لڤێرێ من دڤێتن بیر ئانینا وان ژ برادەرانی بکەم کو ببنە لیژنە، مە کێشەیەکا هەی، کێشەیەکا کەونە هەرچەندە بەری دابێ دگەل ویزارەتێ مالیە مە ئاخافت بوون، بەس وەدیارە ڤی بۆچونێت وانە، ڤی شیانێت وانە بیتن، بەلکی ئەڤە پتر پەیوەندی ب حکومەتە مەرکەزی ڤە هەی، ئاوارێت مە یێت کوردستانێ ئێ تورکیا، ئێ ئیرانێ وەختێ خۆدا، وەختێ بیست و پێنج دینارێ سویسری ساڤیت کری گەلەك موهاجیر و گەلەك خەلکەکی فەقیر

و هەژار نەشیا ئەوی پارەی بگەیینتە کوردستانێ و بێتە تەعویز کرن، چونکی ل ئیرانێ بوون، ئەز دبینم کو ئەڤێ کێشا هەنێ بێخنە سەر ڤێ کێشێ، و دگەل بەغداد ئەڤی بابەتێ هەنێ ژی چارەسەر بکەن چونکی ئەڤە ڕزقێ خەلکەکی، ماندی بینا وەیە چەندین ساڵە بوو، و دیسا مەد ڤێت ئەز جارەکا دی تریش ژی ئەڤی بابەتێ، بابەتێ موازەنێ و بابەتێ، بەرەو عاقارەکی دی  بباتن، ئەز هیڤیدارم کو ئەڤێ بودجە زوی تەصدیق بکەن و بەرژەوەندیت خەلکەکی بجێ بینن، سوپاس

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی دەکەم، بۆ ئامادە کردنی ڕاپۆرتەکەیان، پشتگیری لە تەواوی پێشنیارەکانیان دەکەم، هەروەها پشتگیری لە وتەکانی (سۆزان) خان دەکەم سەرۆکی لیستی فراکسیۆنی کوردستانی کە زۆر بە باشی و زۆر بە ڕوونی خاڵ بە خاڵ پێشنیاری کرد بۆ خزمەت کردنی هاوولاتیان، بەڕێزان دەست خۆشیش لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم بۆ بەردەوام بوون لەسەر پێشینەکانی (هاوسەرگیری، خانووبەرە، قەرزی بچووك، قەرزی کشتووکاڵ) کە ئەمە ڕاستەوخۆ دەگاتە دەستی هاوولاتیان و جێگەی ئەوەیە کە بەردەوامی پێ بدرێت بۆ هەموو ساڵێك و جێگەی دەست خۆشیشە، وەك هەموو لایەك دەزانێ کە دواکەوتنی بودجە لە لایەن بەغداوە کاریگەری کردۆتە سەر بازاڕ و سەر سستی بازاڕ و کاروباری هاوولاتیان، بۆیە لێرەدا وێڕای پشتگیری کردنم بۆ پەسند کردنی بودجە بۆ دابین کردن و

هەروەها ئەو پێشنیارانەی کە لە لایەن لیژنەی داراییەوە کراون، هەروەها ئـەو پێشـنیارانەش کـە لـە لایـەن لیستی کوردستانیەوە کراوە، پاش جێ بە جێ کردنی ئەم تێبینیانە بودجەکە پەسند بکرێت و بۆ خزمەتی هاوولاَتیان کاری پێ بکرێ، بەو پێیەی کە ئەندامم لە لیژنەی ناوخۆ پشتگیری دەکەم لەو میزانیەی کە بـۆ ئەنجومەنی ئاسایش دانراوە، لەبەر ڕۆڵ و گرنگی کاری ئەم ئەنجومەنە، وەك دەزانـین کـە ئەمسـالٚ بـە پێـی یاسایەك ئەم ئەنجومەنە دەست بەکارەکانی خۆی دەکات، بۆیە هەر موئەسەسەیەك لە سەرەتای پێکهاتنیـدا پێویستی بە بودجەیەك هەیە بۆ ئەوەی هەیکەلیـەی موئەسەسـەکەی خـۆی دابمـەزرێنێ، و کارەکـانی خـۆی پێ ڕایی بکات، بەرێزان ئەو خاڵەی کە دەمەوێ باسی بکەم، دەمەوێ زۆر بە کورتی ئامـاژەی پـێ بـدەم وەك (هاژە) خانیش لە جەلسەی پێشتر باسی کرد، ئەویش کێشـەی قـەزا و ناحیـەکانی مـەخموورە، کـە بـە پێـی بڕیارێك، دەتوانم بڵێم ئێمە لێرە کۆ دەنگی لەسەر بدەین و بتوانین هاوولاَتیانی ئەم سنوورە بەشداری پێ بکـەین لـە سـلفەکانی عـەقار، ئەوانـەی کـە بـۆ هاوولاَتیـان تـەرخان کـراوە وەك سـلفەی هاوسـەرگیری، و خانووبەرە، و قەرزی کشتوکاڵ، لەبەر ئەوەی هیچ ڕێگریەکی یاسایی نیە کە ئەوانـە تێـدا مـەشمول بکـرێن، لەبەر ئەوەی زۆربەی فەرمانگەکانی ئەم قەزایانە سـەر بـە هـەولێرن، وەك هەرسێ لقـەکانی کشـتوکاڵ یـان فەرمانگەی خانووبەرە، شـارەوانی سـەربە بـەڕێوە بەرایەتیـەکانی هـەولێرن، قـەزای مـەخمووریش بـە پێـی بڕیارێك لە پاش ڕاپەڕینەوە خراوەتە سەر پارێزگـای موصـل، بۆیـە هاوولاَتیـانی ئـەم ناوچـەیە لەهـەر دوو ڕووەوە بـێ بەشـن، هـەم لـە لایـەن حکومـەتی فیدراڵیـەوە، هـەم لـە لایـەن حکومـەتی هەرێمـەوە، لەبـەر بارودۆخی ئەمنیش ناتوانن ڕوو لە پارێزگای موصل بکەن، کارەکانیشیان بۆ ڕایی ناکرێت، لێرەش ئێمـە بـە دەستی خۆمان ئەوانمان لەو سلفانەدا بێ بەش کردووە، بۆیە داوا لە هاوکارانیشم دەکەم کە لێرەدا پشتگیری بکەین کە هەر نەبێ جگە لەو پرۆژە ئاودێریەی کە زۆر گرنگە بۆ ئەو ناوچەیە لەبەر ئـەوەی خـاکێکی بـە پـیتی کشـتوکاڵی هەیـە، بـەلاَم لەبـەر جێ بـەجێ نـەکردنی ئـەم پـرۆژە ئاودێریەیـە نـەتوانراوە ئـەم خاکـە بەرهەم بهێنرێت بۆ سوودی کشتوکاڵی، بۆیە وێـرای جـەخت کـردنم لەسـەر پـرۆژە ئاودێریەکـەی سـنووری قـەزای مـەخموور داوا کـارم کـە زۆربـەی هاوکارانیشـم پشـتگیریم بکـەن بـۆ ئـەوەی کـە هاوولاَتیـانی ئـەم ناوچەیەش بۆ ئەوەی لەو سلفانەی کە لە پەرلەمانی کوردسـتان قـەراری لەسـەر دراوە و حکومـەتی هـەرێم پاڵپشتە، هەروەها هاوولاَتیـانی ئـەم ناوچـەیە و بەشـێکی زۆری هاوولاَتیـانی قـەزای بەردەڕەشـیش بتـوانین مـەشمول بکـەین بـەم سـلفانە و بـۆ ئـەوەی ئـەوانیش بتـوانن سـوود لـەو سـلفانە وەربگـرن، لـە کۆتایشـدا سوپاسـتان دەکـەم و جـەخت لـە پشـتگیری کـردنم بـۆ ئـەو پێشـنیارانە دەکـەم کـە لـە لایـەن فراکسـیۆنی کوردستانی کراوە.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە مەسەلەی بودجە مەسەلەیەکی هەستیار و گرنگە، بەتایبەتیش کە بودجەکە دوا کـەوتووە، مـن پـێم وایـە، بۆیـە بەرپرسـیارەتی هـەموو لایەکـە بەڕاسـتی هـەوڵ بـدەین چـونکە ژمارەیـەکی زۆر لـە هاوولاَتیـان

ئەمڕۆکە چاوەڕێن، بەو پێیەی بودجە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بە ژیان و گوزەران و هەروەها میکانیزمی کاری سەرجەم فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، بتوانین ئێمە هەوڵێکی باش بدەین بۆ ئەوەی بتوانین بودجە پەسند بکەین، ئەوە مەسئولیەتی ئێمەیە، بەلاَم ئەوە مانای ئەوە نیە کەوا کەم و کوڕیەکان، و ئەو کەلێن و کەلەبەرانەی کە هاتووە، و لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی کە هاتووە ئێمە نابێ لێی بگەڕێن، بەلاَم دەمەوێ ئەوە بلێم کە ئێمە پێویستە وەك بودجە مامەڵەی لەگەڵ بکەین، کەرەستەیەکە ئەمە ژیان و گوزەرانی خەڵکی پێوە بەندە، نەك بۆ هەر کێشەیەکی تری وەك هەر مەسەلەیەکی تر، پشتیوانی لە پێشنیار و سەرنجەکانی لیستی کوردستانی دەکەم بەتایبەتی ئەو خاڵەی کە دەڵێ بەرێژەیەك کە ڕێژەکەی لە 10٪ بێ بۆ کەم کردنەوەی بودجەی سەرۆکایەتیەکان (سەرۆکایەتی پەرلەمان، سەررۆکایەتی هەرێم، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی دادوەری) سەرنجێکی ترم ئەگەر بێت و ئێمە بەڕاستی بەراوردێك لە نێوان بودجەی وەزارەتەکاندا بکەین، من پێم وایە هەندێ لەو وەزارەتانە بەڕاستی بودجەی کەمیان بۆ دانراوە، بەتایبەتی وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی ئاوەدان کرنەوە، دەستەی ژینگە، کە ئەمڕۆکە بەڕاستی ئێمە دەتوانم بڵێم ئەم سێ وەزارەتە سێ وەزارەتی زۆر گرنگن، لە گرنگی وەزارەتەکانی تر کەم ناکەمەوە، بەلاَم وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە بۆ بونیاتنان، ژێرخان، پردەکان، هەروەها مەسەلەی ژینگە کە ئێمە لەبەردەم مەترسیەکی گەورەی پیسبوونی ژینگەداین، کە پێویست بوو ئێمە بەڕاستی باشتر، بە پشتگیریەکی دارایی باشتر ڕوو بە ڕووی هەموو ئەو مەترسیانە ببینەوە، ئەمڕۆکە هەڕەشە لە ژینگەی هەرێمی کوردستان ئەکات، بەنیسبەت وەزارەتی تەندروستیشەوە بەهەمان شێوە هاوکارانیشم باسیان کرد من نامەوێ لێرە درێژەی پێ بدەم، بەنیسبەت وەزارەتی ئاوەدان کرنەوە، من پێشنیار دەکەم بەڕاستی پارەیەك بۆ بەرێوەبەرایەتی صیانەی ڕێگاوبان تەرخان بکرێ، لەبەر ئەوەی بەڕاستی ئێستا حاڵی پرۆژەکان وایە بەڕاستی زۆر بە درەنگەوە تەواو دەبن، ئەوەتا خۆتانیش ئاگادارن کە ژمارەیەك پرۆژەی دواکەوتوومان هەیە، و ژمارەیەك لە پرۆژەکانیش بەردەوامن، ناتوانرێ بەڕاستی پرۆژەکان لە کات و ساتی خۆیدا جێ بەجێ بکرێ لەبەر هەر هۆیەك بێت، بۆیە من داواکارم وەزارەتی دارایی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان بەڕاستی کارێك بکەن کە ڕێگە چارەیەکی یاسایی لە ڕێگەیەوە بودجەیەکی باش بۆ بەرێوەبەرایەتی چاك کردنەوەی ڕێگاوبانەکان تەرخان بکەن، جا لە غەراماتی مروری کە ئێستا هەموومان دەزانین داهاتێکی گەورەی وەزارەتی ناوخۆیە، دەتوانرێ ئیستفادەی لێ بکرێت، خاڵێکی ترم بەرێز وەزیری پلاندانان یەعنی کێشەیەکە خەریکە لەگەڵ ئەو حکومەتەدا مواکەبە دەکات ئەویش کە خۆت ئاماژەت پێ کرد مەسەلەی دواکەوتنی پرۆژەکانە، یەعنی ئەوەندەی کە ئاگادارم پرۆژە هەیە تەندەری لێ دراوە هێشتاکە نەچۆتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، بەڵێندەر دەڵێ ئەو پارەی لێمداوە کەمە، کۆمەڵێك پرۆژەی تریش بەشێکی چۆتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، بەڵێندەر ئەڵێ من زەرەری لێ ئەکەم، بۆیە خەریکە ئیشەکە ڕائەگرێ، یاخود ئیشەکە بە سستی ئەڕوات، بەبێ ئەوەی کە هیچ گۆڕانکاریەکی گەورە لە نرخی کەرەستەدا، لە هێزی کار، یاخود هیچ گۆڕانکاریەك بەسەر پارەدا نەهاتووە،

پـرۆژە وەسـتاوە یـاخود خەریکـە ئەوەسـتێ، یـەعنی ئـەوە خاڵێکـە بەڕاسـتی بـەو پێیـەی ئێـوە ئێسـتا فەرمانگەیەکتان هەیە بەناوی فەرمانگەی گرێ بەستەکان، حەقە ئەمە بەڕاستی چارەسەر بکرێ، بۆیـە مـن لێرە ئیشارەتی پێ دەدەم، چونکە ئەمە لە دەستی وەزارەتەکاندا نیـە، لەبـەر ئـەوەی بەشـێکی زۆر لـە کـاری تەنـدەرین و ئیحالـەکردن و ئـیعلان کـردن ئەمرۆکـە لیژنەیەکـە لـە پارێزگاکانـدا دەیکـەن، خـاڵێکی تـرم بەڕاستی نەبوونی بودجەیە بۆ یەکەی سەرپەرشتیاری، یەعنی ئێمە دوو وەزارەتـی زۆر گرنگمـان هەیـە کـە وەحدەی ئیشراف هەندەسی هەم وەزارەتی ئاوەدان کردنەوە هەم وەزارەتی شارەوانی، ئێستا لە کاتی ئێستادا (190000) یەکـەی نیشـتەجێ بـوون دروسـت دەکـرێ بـەلاَم ئیشـراف هەندەسـی بـە پێـی پێویسـت نیـە، بودجەی پێویستی نیـە، ئـامێری هاتوچۆ کردنـی نیـە، ئەمـەش هۆکارێکـە بـۆ ئـەوەی یەکـەی ئیشـراف بـە شێوازێکی باش نەتوانن ئیشـراف یەکـەکانی نیشـتەجێ بـوون بکـەن، و کوالیتی یەکـەکانی نیشـتەجێ بـوون بەڕاسـتی وەکـو پێویسـت نیـە وەك ئـەوەی کـە داوا کـراوە، بۆیـە مـن داواکـارم تـەفعیلی وەحـدەی ئیشـراف هەندەسـی بکـرێ لـەو وەزارەتانـە بـۆ ئـەوەی ئێمـە بتـوانین چارەسـەری ئـەو کێشـە بکـەین، و لـە هـەموو ڕوویەکەوە ناکرێ بەڵێندەر خۆی پارەی ئیشراف بدات بە موهەندیس، من پێم وایە ئەمـە کـارێکی خراپـە، خاڵێکی تر بەڕاستی کە دەمەوێ بێمە سەری ئـەویش پـارەی پـترۆدۆلارە یـان هـەر پارەیـەکی نـەوت، ڕاسـتە دابەش کردنی بودجە بە پێی ژمارەی چڕی دانیشتوانە ، من پـێم وایـە ئەمـە سـتاداردێکی نێودەوڵەتیـە، و حاڵەتێکی باشە بۆ ئەوەی هەموو لایەك بە پێی چڕی ژمارەی دانیشتوان بەڕاستی ئیستیفادە لەو بودجەیـە بکەن، کە ساڵانە لە هەرێمی کوردستان و لە پەرلەمانی کوردستان پەسـند دەکـرێ، بـەلاَم مـن پـێم وایـە بـۆ پارەی نـەوت، یـان پـارەی پـترۆدۆلار هـەروەکو لـە دەسـتوری عیراقـیش و لـە زۆربـەی زۆری میساقەکانیشـدا هاتووە ئەمە موڵکی گشت خەڵکە، موڵکی هەموو خەڵکی کوردستانە، بەلاَم ئەولەویەت دراوە بە پارێزگاکان، من پێشم وایە بەڕاستی لە پارێزگاکانیشدا بەڕاستی ئەبێ ئەولەویەت بدرێ بەو ناوچـانەی کـە نـەوتیان لـێ بەرهەم دەهێنرێ، و من پێم وایە ئەم میعیارە، دابەش کردنـی ئـەو پارەیـە لەسـەر ئەساسـی بنـەمای چـڕی دانیشتوان جۆرێك لە ناعەدالەتی تیایە بۆ ئـەو ناوچـانەی کـە نـەوتیان لـێ بەرهـەم دەهێنـرێ، لـە کاتێکـدا تووشـی مەترسـی ڕوو بـەڕوو بوونـەوەی ژینگـە دەبـن، ڕێگـاو بانـەکانیان خـراپ دەبـێ، ژمارەیـەك پـرۆژەی سەرەتایی، وەك پرۆژەی ئاو، بنکەی تەندروستی کە تاکو ئێستاکە لەو ناوچـانە نەچـۆتە بـواری جـێ بـەجێ کردنەوە، من بە نموونەیەك بۆتی دەهێنمەوە، پرۆژەی ئـاوی خواردنـەوە ئێسـتاکە بـۆ شـەش گونـد لەسـەر چوارسـەد ملیـۆن دینـار وەسـتاوە کـە وەزارەتـی سامانە سروشـتیەکان تـاکو ئێسـتاکە دابـینی نـەکردووە کـە هەمووی لەوانەیە سێ کیلۆمەتر، چوار کیلۆمەتر لە کێڵگەی بەرهەم هێنانی نەوتەوە دووربن، خـاڵێکی تـر من گوێبیستی ئەوە بووم بەڕاستی بەرێز وەزیری دارایی ئەوەیە کە ئەوەندەی مـن بـزانم دامـوو دەزگاکـانی حکومـەت لـە سـنووری پارێزگاکـانی (هـەولێر، سـلێمانی، دهـۆك)، لـە سـنووری پارێزگاکـانی هـەولێر دامـو دەزگاکانی حکومەت چل و نۆ ملیار بۆ چل و هەشـت ملیـار پـارەی کارەبـا قـەرزارن، لـە سـنووری پارێزگـای سلیمانی یانزە ملیار قەرزارن، لە سنووری پارێزگای دهۆك حەوت ملیار قـەرزارە، یـەعنی مـن ئەپرسـم ئایـا

ئەم دامو دەزگایانەی ئێمە پارەی پێویستیان لەبەر دەستدا نیە بۆ ئەوەی دەفعی پارەی کارەبا بکەن و ئەم داهاتە بگاتەوە وەزارەتی کارەبا و بە دەیان پرۆژەی باشی گەیاندنی کارەبای بۆ گوند و دێهاتەکان پێ بکرێت؟ کە ئێمە لە سەردانێکی ئەم دوایەماندا لەگەڵ هاوکارانم لە پەرلەمان دەرکەوت پرۆژەی گەیاندنی کارەبا بۆ $(28)$ گوندی ناوچەیەك تەنیا سێ ملیار و نیوی تێ دەچێ کە تاوەکو ئێستاکە وەستاوە، یەعنی من ئەپرسم ئایا ئەم پارەیە بۆ ناگەڕێتەوە بۆ داهاتی گشتی، بۆ حکومەت؟ ئەی باشە ئەگەر ئێمە دامو دەزگاکانمان پارە نەگێڕنەوە ئەی چۆن ئێمە تەشجیعی هاووڵاتی بکەین ئەو پارەیە بگێڕنەوە؟ خاڵێکی تر ئەو $(7500)$ دۆلارەی کە بەڕاستی موقەرەڕ بوو کە بدرێ بەڕاستی قسەیەکی زۆری لە ناو هاووڵاتیان دروست کردووە، ئەنواع تەفسیری بۆ دەکرێ، بەڵام بەپێی مەعلوماتی من، و لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنانیش دانیشتین، ئەوان ئەڵێن ئێمە ئێستاکە حدودی چل ملیار لە سندوقی سوکان ماوە، و ئەمساڵیش پەنجا ملیارمان بۆ دانراوە، ئێمە ئەتوانین ئەم پارەیە بدەین، بەڵام بەمەرجی قیستەکە بە دوو ساڵ بێ، و گوندە دوورە دەستەکان، گوندە سنووریەکان، ئەو گوندانەی کە زیاتر کاولکاری گرتوونیەتەوە زیاتر لەوانە خەرج بکرێ، ئەوە بدرێ بە مینحە بەو هاوڵاتیانەی کە گوند نشینن، یاخود ڕێگایەکی تر هەیە بۆ ئەوەی ئێمە ڕێگە لەوە بگرین ئەویش ئەوەیە، لەو سلفەی پێشینەی خانوو بەرەیەی کە وەری دەگرن بەڕاستی لە $(75)$ی وەرەقەی ئەو هینە ئیعفا بکرێن و لێیان وەرنەگیرێتەوە لە پێشینەکە، خاڵێکی ترم تایبەتە بەو ڕێنماییەی کە دەرچووە بۆ قەرزی کشتوکاڵی، بەرێز جەنابی وەزیری دارایی، لەبەر قورسی ئەو ڕێنمایانەی کە دانراوە زۆر لە جوتیاران ناتوانن لەو قەرزە سوود مەند ببن، لەکاتێکا ئێمە پێویستی زۆرمان بە بووژانەوی کشتوکاڵی لادێیەکان هەیە هەم بۆ دەعمی ئیقتیصادی مەحەلی، هەم بۆ دۆزینەوەی هەلی کار، لە کاتێکا خۆمان ئەزانین ئەوە بودجەی تەشغیلیەکەمان ژمارەیەکی زۆریش خەڵك چاوەڕێی تەعین بوونە، ئەتوانرێ بەوە بەڕاستی بیئەی گوندەکانمان بووژێنینەوە، بەڕاستی ئێمە ئەتوانین ئەو دەستی کارە لەوێ بەکار بێنین، خاڵێکی ترم ئەوەیە کە ژمارەیەك یەکەی نیشتەجێ بوون دروست کراون، و خەڵکیش چۆتە ناوی، بەڵام تاکو ئێستا پرۆژەی خزمەت گوزاریان بۆ نەچووە، بە پێی پێشنیاری ئێمە و دەستەی وەبەرهێنانیش داوا دەکەین کە بۆ زوو ڕاپەڕاندنی ئەو ئیش و کارانە ئەو پارانە لە ڕێگەی فەرمانگە تایبەتمەندیەکانی سنووری پارێزگاکانەوە پارەیان بدرێتێ، بودجەیان بخرێتە بەردەست، بە تەنسیق و هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان ئەو پرۆژە خزمەت گوزاریانە بتوانرێ بگەیەنرێتە ئەو یەکەی نیشتەجێ بوونانە، بۆ ئەوەی هاووڵاتیانی ئەو یەکانەش لەو خزمەت گوزاریانە بێ بەش نەبن، سوپاس

**بەرێز جهان اسماعیل بنیامین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەرێ ئەز بچمە سەر تێبینیەت خو ل سەر تەقریرا لیژنەی دارایی ئەز حەز دکەم بەحسێ حصا دهوکێ بکەم، پارێزگاها دهوکێ ل بودجە گشتیا هەرێمێ، بەڕاستی بیست و سێ، حەتا بیست و چار ژ سەدێ ڤێ بودجا گشتی دیچتە سەرف کرن بۆ پارێزگاها دهوکێ، ئەوژی ئەز دبینم کێمە بەنیسبەت کو پارێزگەهێ،

ئەگەر ئەم موقارەنە بکەین کو زیادە سوکانی بەردەوامە، هەروەسا ناوچەیەت کێشە ل سەر گەلەك پێتڤیت وانە، بەتایبەتی پێتڤیت خزمەت گوزاری رێکا پارێزگەهێ دهوکێ نەکرن، ژ بەر هندێ ئەز هێڤیدارم نوێنەرێ حکومەتێ ل ڤێرێدا ئەڤ تشتە ل بەر چاڤ وەربگرن، و بشێن حەلەکی بووێ موشکیلە بکەن بۆ پارێزگەهێ دهوکێ، بەتایبەتی ئەز بەحسێ ڤێ نوقتە دکەم کو تەعیناتە ڤێ نەکرن بۆ پارێزگەها دهوکێ، گەلەکێ کێمە نیسباوە $11\%$ حەتا $12\%$ دایە ژ هەمی میلاکە هەرێما کوردستانێ، بڕاستی ئەڤەش گەلەکی کەمە، ڤیرێ ئەز پێشنیارەکی دکەم، ئەگەر نیسبەك ژ تەعیناتە بداتە پارێزگاهێت خو، ئەو بخو نیسبەك هەبیتن وەك $5\%$ بشێن هندەك تەعیناتە دیف، ئیحتیاجاتە دەوائیرا هەر پارێزگاهێ بکەن، خالێ دووێ ئەز ل سەر تەقریرا لیژنە دارایی هندە تێبینیم هەی، بەنیسبەت ڕای لیژنەی دارایی ل سەر تەقریرا لیژنە کاروبارێ ئەوقاف و ئاینی، د خالە (7) دا، تەبعەن لڤێرەدا لیژنەت ئەوقاف و کاروبارێت ئاینی گەلەك پێشنیار کرینە، ئێك ژوان پێشنیاری کە بوچی مەسەلەن پرۆژێت ئیستیسماری هندەك پێشنیار نەهاتینە کرن بۆ مەسیحیان یان بۆ ئێزیدی، لڤێرێ تەبعەن لیژنە دارایی هیچ تەعلیقەك نەدایە، ئەز حەز دکەم ڤیرێ ئەو تێبینی بدەم، ڕاستی ئەگەر ئەم مولاحەزەت بکەین کو موازەنێ ئیستیسماری ئەوێ هاتیە پێشنیار کرن بۆ ئەڤ سالە، بۆ وەزارەتێن کاروبارێن ئاینی، دێبینین سەد و چل و سێ ملیۆنە، بەس ئێك پرۆژە ژی نەهاتیە تەرخان کرن نەبۆ مەسیحیا نەبۆ ئێزیدیا، ئەڤ مولاحەزاتێ مە کرن ل لیژنە ئەوقافێدا ئەوە بو کە مە دیتی ئەڤە ناعەدالەتەکە، یەعنی ئەگەر پێشنیارەك هەبا، پرۆژەك هەبا، بۆڤان هەردوو موکەونێت ڤێ ولاتی کە ئەوژی حەقە یەعنی دڤێ وەزارەتێدا، ئەز بەس ئیتارا وەزارەتێ ئەوقاف و کاروبارێن ئاینی بەحس دکەم، چونکو ئەو شمولی سێ ئاینا دکات، پێتە ڤیا عەدالەت مابەینی هەرسێکا بکات، هەر نەفسی حالەت ژی بەنیسبەت تەعیناتا، پار (500) دەرەجەت وەزیفی هاتە تەرخان کرن بۆ وەزارەتا ئەوقاف و کاروبارێن ئاینی، ژوان (500) دا بەس سێ هەبوون ژبۆ رێڤەبەریا گشتیا کاروبارێن مەسیحی، ئەو ژی سەر ب دیوانا وەزارەتێ بوو، و سێ بۆ رێڤەبەریا گشتیا ئێزیدیا، ئەز حەزدکەم ئەڤ تشتا هەمی بەرچاڤ بگرن لای نوێنەرێت حکومەتێ، دێمە سەر بەنیسبەت ئەو بودجە کو هاتیە تەرخان کرن ژ بۆ وەزارەتا صەحێ، بڕاستی بەرێز سەرۆکێ پەرلەمانێ ئەگەر ئەم سەح کەینێ هەر ملەتەك، یان هەر دەولەتەك، حەزبکا پێش بکەڤیت ئەهەمیەت ددات ب سێ سێکتەران، (ئەمن و ئاسایش، زانست، تەندوستی)، ئەگەر تێبینیا ڤێ بودجە بکەین ڕاستە ئەهەمیەتا هاتە دان بۆ ئەم بێژین زانست کە ئەوژی رێکا وەزارەتا تەربیێ، وەزارەتا پەروەردە، کە رێژا شازدە پۆینت شەش و شەست و حەفت ژ سەدێیە، هەروەسا تەعلیم عالی ژ ئەوژی ڤێ کارێت ڕابیتن، و بودجا وەزارەتا نافخو دگەل جیهازێ ئاسایشێ، یەعنی بودجاوا گەلەکە، وەزارەتا داخلی سێزدە پۆینت ئێك سەدێیە، بەس ئەگەر ئەم سەح کەینێ بودجە تەرخان کری بۆ وەزارەتا صەحێ چار پۆینت نۆهەد و هەشت ژ سەدێیە، یەعنی وەك ئێك نینن، ئەڤە پێتە ڤیا بۆ وەزارەتا صەحێ بودجا وێ ئەگەر یا پەروەردەیێ ئێکی بو، یان نافخۆێ دوو بوو، پێتە ڤیا بۆ تەندروستیا سێ با، دا عەلەقەل ئەم بچین دیف مەعایرێت دوەلیێ بەرێڤە بچین، هەروەسا ئەز دبینم کو بودجا ڤێ وەزارەتێ یا کەفتیە

تەسەلسولێ شەشێ، ئەڤە ژی ل دیف سیستەما دوەلیت نینن، پار بودجا ڤێ وەزارەتێ پێنج پۆینت پێنج، پێنج و هەشت ژ سەدێ بوو، ئەڤ ساڵە کێمترە داهاتی، یا بویە چار پۆینت نۆهەد و هەشت ژ سەدێ، و دکەڤیتە تەقریبەن یەعنی ئەو ژ بۆ ئەو پێت ڤی ژ بۆ ئەو کیمتر ژ 7٪ نەبیتن بودجا وەزارەتا تەندروستی، بەس ئەم دبینین کو گەلەکا کێمە، و نەشێت ئەو خزمەت گوزاریا باش ژ بۆ خەلکی بکاتن، ژ بەر هندێ ئەز پێشنیار دکەم کە بێتە زێدە کرن ژ لای حکومەتێ، هەروەسا پرسیارەك ژ بۆ جەنابێ وەزیرێ دارایی ئەگەر موخەصەصات دێنە دان بۆ ئەو کارمەندێت ئیداری، ئەوێ تەندروستی، ئەگەر بۆوانە هاتیە تەرخان کرن دڤێت بودجێدا بوچی ئەڤ ساڵە بودجە کێمترە ژ پار؟ یەعنی ئەو هاتینە تەرخان کرن د ڤێرێدا، هاتینە پێشنیار کرن یان نا؟ و نوقتادیش ژ سەر میلاکات، میلاکاتە وەزارەتا تەندروستی گەلەك کێمە، ($2150$) نە، مەد تەقریرا خۆ ئیقتراح کر کو ببیتە ($3000$)، تەقریرا دارایی ئەڤ تێبینی نەکر بوو، ئەو ژی پتر پێویستە کو کارمەندێ تەندروستی بن، چونکو پێویستی ئەڤ وەزارەتا بۆ کارمەندێ تەندروستی پترە، هەر نیسبەت میلاکاتە، ئەگەر ئەز بەس بەحسێت ئەڤ میلاکاتێن کە دهوك پێتە ڤیا ئەڤ ساڵە دیف ئەو لیستە گەهشتە دەستێ من ($1647$) میلاکن، یەعنی پێتە ڤیا ئەڤ میلاکەیە، ژ بەر هندێ ئەم حەز دکەین کو، پێشنیار دکەین کو ئەڤ ($2150$) ی زیاد بیت بۆ ($3000$)، دا تەغتیا ئەڤ ئحتیاجاتا بکات، نیسبا فەقەرە ($5$) ژ تەقریرا لیژنا صەحێ کو لیژنا دارایی تەقریرا خۆ هاتیە نڤیسین، ئەوژی نەفسێ وی ئەز تەئیدا ئەو و هەموو هەڤاڵە دەکەم، کو بەحس کرن فیعلەن دوو نەخۆشخانە پێتە ڤینە ل هەولێرێ، و هێڤیدارم کو نوێنەرێت حکومەتێ ئەڤ تشتە بەچاڤ وەربگرن، و ئەهمیەتێ بدەنێ، نیسبەت فەقەرە ($9$) ژ تەقریرا مە، ئەز دێ بو هەوا دخینم چەوا هاتینە تەقریرا دارایی، خاڵە ($9$) (دەبوایە حکومەت پرۆژەیەکا دروست کردنی گەنجینەی پاراستن و خەزن کردنی دەرمان لە پرۆژە پێشنیار کراوەکان پەسند بکردایە)، هێڤیدارم وەزیرێت پلاندانان د ڤێرێت جابەك بومە بداتن، ژ ئیمکانیاتێ حکومەتێ دایە، چونکی بڕاستی ئەڤ کۆگایە دێ گەلەك موشکیلا دەرمانێ دێ حەلکاتن نیسبەت ئەو موشکیلێت کو هەین مابەینێ هەرێم و بەغدا، نیسبەت فەقەرا ($10$) د ڤێرێ لیژنا مە لیژنا تەندروستی مە پێشنیار کریە کو ئەو (منافع اجتماعی) پارەکیش وێ بچنە سەر پرۆژە، و تەکمیلەیەت هەی، تەبعەن لیژنە دارایی بەحس نەکریە، مە وەسا ئیقتراح کریە کو نیسبەکیش وان (منافع اجتماعی) بچنە سەر سندوقەك ئەو ئەگەر پرۆژە یاسا بێتە تەصدیق کرن ژ لایەن پەرلەمان، پرۆژە یاسای ئەوەی (صندوق اعانة مرضى السرطان و ذوي الامراض المستعصيه) ئەگەر ئەڤ پرۆژە هاتە پەسند کرن ژ لای پەرلەمان پارەکیش ڤێ (منافع اجتماعی) بچیتە سەر چ بۆ خزمەت کرنا ئەڤ نساغە، چونکو ئەڤ بڕاستی ئەڤ مەنافیع ئیجتیماعیە بەس بۆ هاوکارییێت چار نەوعێت نەخۆشیە دهێتە کرن، یەعنی ئیحتیمالە گەلەکی خەلك ئیستیفادە ژی نەکاتن، ئەگەر بچیتە سەر ڤێ سندوقی دێ رێك و پێکێت قانوونی بێتە تەرتیب کرن د ڤێ سندوقێ دا، تەبعەن لیژنا دارایی پەسند نەکریە ئەڤ فەقەرە، نزانم بوچی یەعنی؟ نیسبەت موازەنا ئیستیسمارین ئەگەر ئەز بێمە سەر وەزارەتا تەندروستی بڕاستی وەزارەتا تەندروستی بۆ یازدە ملیار و سەد

و پانزه مليۆن دينارى هاتيه تەرخان كرن بۆ ئەڤ ساڵە، بۆ پرۆژيت پێشنيار كرى، تەبعەن ئەوژى پتر ژوانە پرۆژێت نەت ستراتيجينە،يەعنى بنگەهێت تەندروستى وەك (ئى،بى، سى)، ياخود (ئەى، بى، سى)، يەعنى نەهێت ستراتيجينە، و ژوێ يازدە مليار و سەد و پانزە مليۆن، بەس مليارە و پێنجى ژ بۆ دهوكێ هاتيە تەرخان كرن، ئەوژى سێ بنگەهێ تەندروستى نە، ل ڤيرێ ئەز حەز دكەم وەزيرێ پلاندانان ئەگەر بشێتن روون كردنەك بداتن، بۆچى ئەڤ مەشاريعا هاتينە تەرخان كرن ژ بودجێ دهوكێ ئەو ل ديف ئەولەوياتە نەبوون، يەعنى ئەوانە ليستا خۆيێ تەقديم كرى ئەڤە نە ئەولەوياتە بوون، ئەوان پتر حەزدكەن مەشاريعێت ستراتيجى بێنە دان بۆ وان، وەلەو ئەو مەشاريعێت ستراتيجى ئەم بەحس دكەين ڕاستى ئەم پار گەلەك محاوەلە كرن كو سێ پرۆژە بێنە دان ژ بۆ دهوكێ، ئەوژى ئێك نەخۆشخانە ئافرەتا بوو يا زارۆك بونت بوو، يێ دووێ ئەوژى بۆ شێرپەنجە بوو، يێ سێيێ يێ بەردەڕەش بوو، هەرسێ حەتا هەنوكە سفرە، ئەڤە ژى تەبعەن پرسيارەكە بۆ نوێنەرێ حكومەتێ بوچى حەتا هەنوكە نەهاتينە جێ بەجێ كرن؟ نيسبەت فەقەرا (12) ژ تەقريرا ليژنا مە، مە بەحسێ ميلاكێ دەستەى ژينگە، تەبعەن مە بەحسێ دەستەى ژينگە كر بوو، بەس ب خەلەتى ديارە د ليژنە دارايى هاتيە، وەزارەتا ژينگە، ئەڤە ژى جەنابێ وەزير تەعليق ژ سەر دا گوتى وەزارەت نەمايە ژينگە دەستەيە، ئەكيد ئەم دزانين دەستەيە و وەك ليژنەكا تەخەصوصى دگەل ڤى دەستێ ئەم تەعامول دكەين، ئەكيد ئەم دزانين دەستەيە نە وەزارەتە، ئەڤ دەستەيە بڕاستى ئەڤ پارەيە بۆ هاتيە تەرخان كرن بۆ ئەڤ ساڵە گەلەك كێمە، سفر پۆينت سفر حەفت ژ سەدێيە، و ئەڤە ژى پێتە دڤێت ڤێ دەستەيێ، تەمام ناكاتن، چونكى ئەڤ دەستەيێ گەلەك گرنگە، ئەم لازمە گەلەك ئيهتيمام بدەينە ژينگە، كو ئەڤ تشتە ئەهميەت دان بۆ ژينگە تشتەكى هەنوكە عالەميە، هەمى دەولەتێ جيهانێ يێ بەحس دكەن، هەروەسا بۆ تەرخان كرنا ميلاك بۆ ڤێ دەستێ بەس (15) پلەنە، ئەوژى كێمن، و ئەگەر بۆوان زێدە كەن و ديف ئيختيصاصاتە بچن، ئاخر تشت ئەز پشتگيريا ئەو رەئيە دكەم كو زياد بوونا سلفەى عقار هەبيتن بۆ سى مليۆن، هەروەسا بۆ سلفەى زەواج ئەگەر ديف ئيمكانيەتا حكومەتێ دا بيتن، سوپاس

**بەڕێز گوڵيزار قادر اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

پشتگيرى لە قسەكانى كاك دكتۆر (احمد) دەكەم، لەگەڵ زۆر لە ڕاو و بۆچوونى ليژنەكان لەسەر پێشنيار و سەرنجەكانيان دەربارەى بودجە، دەربارەى كەم و كوڕيەكانى بودجە، هيوادارم كەم و كوڕيەكانى بودجە چاك بكرێت، بەنيسبەت ئەو كەم و كوڕيانەى كە پەيوەندى بە وەزارەتەكانەوە هەيە من جەخت لەسەر ڕاپۆرتى ليژنەى ئەوقاف دەكەم سەبارەت بە وەزارەتى ئەوقاف، ميلاكى وەزارەت زياد بكرێ بۆ (800) كەس، گرنگى زياتر بەو وەزارەتە بدرێ كە ئەركێكى زۆرى لە هەموو كوردستاندا لە ئەستۆ دايە، چەند ساڵێكە داواى ميلاكى پێويست دەكات بە داخەوە كە بۆى دابين ناكرێت، بۆ ساڵى پار داواى (800) كەسى كردبوو بۆى كرابوو بە (500) كەس، بەڕاستى زۆر لەو خاڵانەى كە وەزارەتى ئەوقاف نووسيويەتى لە

لایەن وەزیرە بەڕێزەکانەوە وەڵام نەدرایەوە، هەروەها لیژنەی دارایی کۆمەڵێك لەو خاڵانەی ریز کرد و هیچ تەعلیقێکی لەسەر نەداوە، تەنانەت ئاماژەی بەوەش نەکردووە کە نوێنەری حکومەت وەڵام بداتەوە، بۆچی؟ سەبارەت بە دروست کردنی قوتابخانەی تازە و دابین کردنی بودجە بۆ هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانەکان من بە تەواوی پشتگیری لێ دەکەم، بەڕێز وەزیری پلاندانان ئاماژەی بەوە کرد کە ئێمە لە هەرێمی کوردستان پێویستیمان بە (3000) قوتابخانە هەیە، بۆ نموونە ئێستاکە شاری ڕانیە زۆر گەورە بووە، پێویستی بە قوتابخانەی زۆر هەیە، قوتابخانەی وا هەیە سێ دەوامی تێدا دەکرێ، لە میانەی ئەم ماوە کورتەیەدا کەسێ دەوامی تێدا دەکرێ من نازانم قوتابی فێرە چ عیلمێك دەبێ؟ کێشە هەبوو لە ڕانیە کە چەند ئیمزایەکیان کۆ کردبۆوە، کێشەی قوتابی و قوتابخانە هەبوو، لیژنەکەی ئێمە بەدوا داچوونی بۆ کرد، سەردانی بەڕێوەبەری پەروەردەمان کرد، کێشەکەمان خستە بەردەم، لە وەڵامدا گوتی من ناتوانم ئەو کێشەیە حەل بکەم، چونکە کەمی قوتابخانە وای کردووە ئەم کێشەیە دروست ببێ، ئێستاش کێشەکەیان بەردەوامە، لە پڕۆژە بەردەوامەکاندا هاتووە تەنیا دوو قوتابخانە بۆ ڕانیە دروست دەکرێ، من داوا کارم ئەولەویەت بدرێ بە ڕانیە، چونکە بەڕاستی کێشەی زۆری هەیە لە قوتابخانەکان، پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری شەهیدان دەکەم بۆ زیاد کردنی ڕێژەی دروست کردنی خانوو یان زەوی بدرێ بە کەس و کاری شەهیدانی سەنگەر، بەڵام من پێشنیار دەکەم کەس و کاری شەهیدانی هاووڵاتیش بگرێتەوە و ئەوانیش بێ بەش نەبن، سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دانیشتنی ئەمڕۆمان لەسەر پێشنیاری کۆمەڵێك پەرلەمانتاری بەڕێز دوا دەخەین، دانیشتنی دوای نیوەڕۆمان لە (4) بۆ (7)، (7) بۆ (8) ئیسراحەت، (8) بۆ (11) و (12) ی شەو، سوپاستان دەکەین، تا سەعات (4)ی ئێوارە بە خواتان دەسپێرین.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەناوی خوای گەورە و میهرەبان. بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عیراق بۆ ساڵی 2012 ئێستاش بەڕێز لیژنەی دارایی فەرموون بۆ شوێنی خۆتان، سەرگوڵ خان فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی تێبینەکانی من لەسەر پڕۆژە یاسای بودجە لە هەرێمی کوردستان دا، ئێمە دەزانین ساڵ بە ساڵ زۆر جار تێبینی ئەوە دەکرێت ڕێژەی بودجە زیاد دەکات، بەڵام ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی چیە بۆ ئەم زیاد کردنە؟، ئایا وەك پێویست سوود لەم زیادەیە وەردەگیردرێت؟، ئەوەی کە سەیری بودجەی 2012 بکات کەسێکی بواری ئابووری یان شارەزا، ئەم زیادبوونە خراوەتە خزمەت خەرجی بەکاربردنەوە، لە کاتێك بە بەراورد بە ساڵی ڕابردوو ئەم خەرجییە یەك ترلیۆن زیادی کردووە، ڕاستە خەرجی بەکاربردن هەمووومان دەزانین کۆمەڵێك بابە، جگە لە مووچەی فەرمانبەران، بابی تری تیایە کە سیلەع و خەدەمات و مینەح و کۆمەڵێ بابی ترە، ئەوەی تێبینی دەکرێت 70٪ی بودجەی ئەمساڵ بۆ بەکاربردنە، لەم 70٪ یە 45٪ ی بۆ مووچەی فەرمانبەران و تەعویزی موەزفینە، ئەوەی تری 25٪ خراوەتە خزمەت بابەکانی دیکەوە کە ئەگەر بمانەوێ بەشێوەیەکی زانستیانە مامەڵەی لەگەڵ دابکەین دەتوانین ئەم 25٪ ئەگەر 10٪ یشی بۆ ئەو بابانە دابین بکرێت پێمانوایە دەتوانێ هەدەفی خۆی بپێکێ و، ئەو 15٪ی تر بخرێتە سەر خەرجی وەبەرهێنان، جگە لەوە ئێمە لە کاتێك دا کە باس لە بودجە دەکەین بێگومان بودجە داهاتە و دواتر خەرجیەو ئینجا زۆر جار ساڵانە لەهەرێمی کوردستان دا بابەتی کورتهێنان دووبارە دەبێتەوە، ئەو کورتهێنانەی کەلە هەرێمی کوردستان دا هەیە لەلایەن ڕاپۆرتی وەزارەتی داراییەوە باس لەوە دەکرێت کە ئەم کورتهێنانە هۆکارەکەی یان با بڵێین سەرچاوەکەی پارەی پێشمەرگەیەکە کەلە

حکومـەتی ناوەنـدەوە نـادرێ، لـە عـێراق دا کورتهێنـان ئامـاژە بـەوە دەکرێـت بـە دوو ڕێگـا کورتهێنـان پڕدەکرێتەوە، ساڵانە بە تەسدیق کردنی بودجەی تەکمیلی یان بە وەرگرتنی قەرزی خارجی، بەڵام ئەمساڵ لـەوە دەچـێت کورتهێنـانی هـەرێمی کوردسـتان کـە لـە نـاوخۆی بودجـەی عـێراق دا 17٪ ەکـەی دەتـوانرێ پڕبکرێتەوە، بە بودجەی تەکمیلی پڕ بکرێتەوە، چونکە ئێمـە دەزانـین ئـەو کورتهێنانـەی کـە لـە هـەرێمی کوردستان دا هەیە پێویستی بەوە هەیە لەگەڵ حکومەتی ناوەند دا بە پێی ماددەی 14 لە یاسای بودجـەی عێراق دا کە بڕگەی یەکەمە  باس لەوە دەکات کە کاتێك داهاتەکان کە لـە بـەینی هـەرێمی کوردسـتان و لـە بەینی حکومەتی ناوەندە لە 2004 ەوە بـۆ 2011 دەبـێ دیـوانی چاودێری دارایـی عـێراق لەگـەڵ دیـوانی چاودێری هـەرێمی کوردسـتان کـە تـا ئێسـتا نـەیتوانیوە دەسـتبەکار بێـت، کۆمـەڵێك کێشـە و گرفتـی هەیـە خۆمان دەزانین لەم پەرلەمانە کە تا ئێستا سەرۆکی ئەو دەزگایە دانەنراوە و پێـك نـەهاتووە، بـە پێـی ئـەو ماددەیە دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە تا 2012/10/15 دانراوە لە بودجەی گشتی عێراق دا کە دەبێ ئەم بابەتی داهاتە یەکلابکرێتەوە، واتە ئەمە بەڕای من کاریگەری دەبێـت بـۆ زیـادبوونی ڕێـژەی کورتهێنانەکـە کە ئێمە کورتهێنانەکە تەنها بە وەرنـەگرتنی حیسـەی پێشـمەرگە ئاماژەمـان پێیـداوە، ئـەو بودجەیـەی کـە ساڵانە کە ئاماژەم پێی کرد لە خزمەتی بودجەی بـەکاربردن دایـە، بودجەیـەکی گەورەیـە و ئـەم بودجەیـە ئەو ئامارانەی کە لە هەرێمی کوردستان داهەیە لەڕووی گەشەی ئابووری و کاریگەری ئەم بودجەیـە لەسـەر ژیانی هاووڵاتی، کۆمەڵێك ئامار هەیە ئاماژە بەوە دەکەن کە خەڵکی کوردستان لەبەردەم ترسـی گـەورە دان و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە حکومەت پلانێکی نیە بۆ ئەوەی ئەم ئاماژانە یان بڵێین ئـەم ڕێژانـە دابـەزێت، بـۆ نموونـە لـە دەزگـای ئامـارەوە وەرگـیراوە کـە 14٪ی خـەڵکی هـەرێم بـێ کـارە، 4٪ ی خـەڵکی کوردسـتان هەژارە، لەوە خەتەر تر 3٪ی لەژێری هێڵی هەژاری دایە، کە ئێمە دەزانین ساڵانە ئەو بودجە گەورەیە ئایا یەعنی ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی حکومەت پلانـی نـەبووە بـۆ دابەزانـدنی ئـەم ڕێژانـە؟، هـەموو سـاڵێك باس لە ڕێژەی تەعینات دەکرێت و زۆربەی ئەو دەرچووانەی زانکۆ و پەیمانگاکان کە لە هەرێمی کوردستان دان داواکاری دامەزراندنیان هەیە لەسەرجەم ئەو بوارانەی کە بۆ ئەوەی خزمەتی تیا بکەن، ئێمـە دەزانـین ئەو یاسایەی کە لە هەرێمی کوردستان دەرچووە یاسای ڕاژە کە بـۆ ئـەوە بـوو بـە پێـی بنـەمای ئـەو یاسـایە خەڵك دابمەزرێ، بەڵام دەبینین ئەو ساڵە بەدیلی ئەوە، ئەو ساڵ ئەو یاسـایەمان تەسـدیق کـرد ئـەو یاسـایە نەچووەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە یان پێشنیار نیە بۆ ئەوەی کە حکومەت یان بڵێین حکومـەت نیـەتی ئەوەی جێ بەجێ بکات ئەو 17 هەزارەی کـە دانـراوە بـۆ زیـادکردنی بـۆ میلاکـات، ئێمـە ئەگـەر ڕێژەیـەك

وەرگرین بۆ فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان دا بە پێی ئامارەکان 662 هەزار و 444 فەرمانبـەر هەیـە کە ڕێژەی دەکاتە 16٪ ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، ئەگەر ڕێژەکەی ئەمسالّ 17 هەزاریشـی بخرێتـە سەر ئەو ڕێژەیە بەرز دەبێتەوە بۆ 18٪ کە ئەمە بە پێی ستاندارد ڕێژەیـەکی گەورەیـە لەگـەلّ ئـەوەش دا کە من باس لەوە دەکەم کە خەلّك داواکاری تەعین بوونی هەیە، بۆیە دەلّێم حکومـەت پلانێکـی هـەبێ بـۆ ئەوەی خەلّك بەرەو وەزیفەی گشتی یان بلّێین بەرەو کـەرتی گشـتی زیـاتر هـەنگاو نـەنێ، بـەلّکو کۆمـەلّێك حەوافز یان کۆمەلّێك ڕێنمایی یان یاسا دەرچێ بۆ ئەوەی کەخەلّك ڕوو لە کەرتی تایبەت بکات، پارسالّ لـە یاسای بودجەی 2011 باس لە نەقلّ کردنی موەزەف کرا لە کەرتی گشتیەوە بـۆ کـەرتی تایبـەت، بـە پێـی ئـەو ماددەیـە کۆمـەلّێك حـەوافز دانـرا بـۆ ئـەوەی کـە کـەرتی تایبـەت ئـەم یاسـایە جـێ بـەجێ بکـەن بـە هەماهەنگی لەگەلّ حکومەت، بەلاّم بە داخەوە بە پێی ئەو ئامارانە یـان بـە پێـی ڕێـژەی فەرمانبـەران ئـەم یاسـایە لـەوە دەچـێ بـەهیچ شـێوەیەك جـێ بـەجێ نـەکرابێ و یـەك فەرمانبـەر نەچووبێتە سـەر کـەرتی تایبەت، ئەو کورتهێنانەی کە لە بودجە هەیە دەگەڕێمەوە سەر کورتهێنان زۆرجار ئەو زیادبوونـەی کـە لـە بودجـەی عـیراق دا هەیـە بـۆ کاریگـەری نـابێ لەسـەر زیـادبوونی یـان کاریگـەری بودجـە بـۆ سـەرهەرێمی کوردستان کە ڕێژەی نەفەقاتی سیادی هەموو سالّێ بەرز دەبێتەوە و زیاد دەکات، ئەم نەفەقاتـە سـیادیە لـە دوای دەرکردنی ئەو ئینجا ڕێژەی 17٪ ی هـەرێمی کوردسـتان جیـا دەکرێتـەوە، هـەمووماندەزانـین ئەمـە کاریگەری دەبێ بۆ سەرکەم بوونەوەی ڕێژەی هـەرێمی کوردسـتان، بۆیـە ئەمـە بەلّگەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە نوێنەرانی هەرێمی کوردستان لە حکومەتی ناوەند، ئەو وەزیرانەی کە هەمانە لەوێ پێداگریان لەسەر ئەوە نەکردووە کە زیادبوون خۆمان دەزانین نەفەقاتی سیادی زۆر کاریگەری گـەورەی نیـە، زۆر بـوونی بـۆ سـەر خەلّك نابێتە هۆی خزمەتی زۆربـەی چـین وتوێـژەکان، بـەلّکو لەخزمـەتی ئـەو بوارانەیـە کـە بـۆی دیـاری کراوە، نەفەقاتی حاکیمەش کە ڕێژەیەکی دێت بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دارایـی زۆربەی ئەو بوارانەی کە بۆی تەرخان کراوە، نەگەیشتووەتە هەرێمی کوردستان، کە بـاس لـەوە دەکـات لـە خشتەکە لەلاپەڕە 3 کە ئەو بڕانە زۆربەیان بـە ڕێـژەی 100٪ نەگەیشـتوون هەنـدێکیان بەڕێـژەی 50٪ و 20٪ گەیشتوون، ئەو ڕێژەی نەفەقاتی حاکمـە ئێسـتا لـە 2005 ەوە تـا 2011 ماوەتـەوە حیسـەی هـەرێم دەبێ وەرگیرێ زیاد لە 11 ترلیۆن و 569 ملیارە، کە ئەمە موسـتەحەقاتی هـەرێمی کوردسـتانە، تـا ئێسـتا سالاّنە ئەمانە بەجیا لە بودجە دەبێ دیاری بکرێت، پێویستە بخرێتە سەر ئیرادات، بەلاّم تا ئێستا ئێمە ئەم پارانەمان نەبینیوە، زۆرجـار هاوکـارانم لـە پەرلـەمان لـە بودجـەی ئەمسـالّ باسـیان لـەوە کـرد کـە زانیـاری

نادروست گەیەنراوە بە پەرلەمان لەلایەن حکومەتەوە، چەندین نموونە هەیە بۆ ئەوە، من نموونەیەك باس دەکەم لەخەرجی مانگی یەکەمی ساڵی 2010 ی باربووە، باس لەوە دەکرێت کە 512 ملیار و 586 ملیۆن بۆ باربوو خەرج کراوە، لەکاتێك دا خۆی خەرجی باربووی هەموو ساڵەکە 306 ملیارە، کەواتە شەش مانگی یەکەم 206 ملیاری زیاترە لە کۆی ساڵەکەیە، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەم هەڵەیە هەڵەی ژمێریاری نیە، بەڵکو ئەگەر بەوردی سەیری بکەین زیانیاری هەڵە هەیە و هاتووە بۆ پەرلەمان کە ئەمە بەداخەوە ئەمساڵ لە بودجە دا جێ بەجێ دەکرێ ئەو هەڵانە کە هاتووە بۆ پەرلەمان، ئێمە دەزانین کە پلانێك هەبێ بۆ ئەوەی حکومەت کەرتێك یان شوێنێك ببووژێنێتەوە، ئەو شوێنە بدرێت بە وەبەرهێنان، بۆ نموونە باس لە دوو شوێن دەکەم کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە کە لە 2005 ەوە دراوە بە کۆمپانیایەك، بۆچیە؟ کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو پلانەی هەیە ئەم کارگەیە بدات بە وەبەرهێنەر یان بڵێین کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی زۆرترین سوود و ئیستفادەی بۆ هاووڵاتیان هەبێ، بەڵام ساڵانە کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە 1 ملیاری بۆ تەرخان کراوە بۆ مووچەی فەرمانبەرانی کە ئەمە خۆی لە خۆیدا بە پێی ئەو گرێبەستە دەبێ مووچەی فەرمانبەران ئەو کۆمپانیایە بیدات کە لە 2005 ەوە تا ئێستا 2012 دەکاتە حەوت ملیار دینار، فەرمانبەرانی شوەیفات کە ساڵانی پێشووتر لە پرۆژەکاندا پارە بۆ شوەیفات دابین کراوە، کە هەرچەندی کۆمەڵێك لە پەرلەمانتار دژی ئەوە بوون کە دواتر ئەو 36 ملیارەی بۆ سەرف کرا، ئەمە باشە بۆ بنیادنانی قوتابخانە و بە کۆمەڵێك تەبریرات کە کۆمەڵێك خەڵکی بیانی لێرەن و دەتوانن سوود لەو قوتابخانەیە وەربگرن، بەڵام ئێستا ئەو قوتابخانەیە موڵکی کۆمپانیایە، ئەو فەرمانبەرانەی کە لەوێن دەبێ ئەو کۆمپانیایانە مووچەیان بدات، بەڵام ئێستا ئەو قوتابخانەیە پارەی لەلایەن حکومەتەوە بۆ فەرمانبەرانی دابین دەکرێت، ئەمە پێویستی بە وەڵام هەیە، لەسەر کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە خاڵێکی تریش هەیە ئێمە باس لە داهات دەکەین کە ئەوداهاتانەی لە بودجەی ئەمساڵ دا هەیە هیچ داهاتی تەواو فیعلی نین، کۆمەڵێك داهات هەیە نەهاتووەتە ناو ئەم بودجەیەوە یەکێ لەوانە کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجەیە، لە ڕوونکردنەوەکەی وەزیری داراییش دا ئاماژەی پێدرا کە لە مانگێك دا 6 هەزار تەن بەرهەم دەهێنێ کە هەزار تەنی دەدرێتەوە بە تەسویقی حکومەت کە ئەو هەزارە دەفرۆشێ بە خەڵکی و بە شوێنەکان بە سعرێك، بەڵام ئەو پارەیەی کە لە 2008 و 2009 و هەتا ئێستا هی فرۆشتنی ئەو چیمەنتۆیە کە دەدرێت بە وەزارەتی دارایی کە بە پێی وسوڵات دراوە 35 ملیار و نیوە کە داهاتی ئەو کارگەیەیە، بەڵام تا ئێستا لە داهات دا هیچ ئاماژەیەکی پێ نەدراوە، سندوقی خانەنیشینی

که ئەویش زۆر پێموایە قسە و باسی لەسەر کرا، ئەو سندوقە بە پێی ئەو ئیستقتاعەی کە لە فەرمانبەران دەبڕدرێت کە لە مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەران دەبڕدرێت و 12٪ شی کە حکومەت دەیدات بەو سندوقە بۆ تەمویلی ئەم سندوقە، ئەوەی کۆ دەبێتەوە لەم سندوقە پێویستە مووچەی خانەنیشینان لەم سندوقە بدرێت، واتە ئەم سندوقە ڕەسیدی هەبێ، بەڵام بە پێی هەندێ بەڵگەنامە و لێدوانی وەزیری دارایی ئەم سندوقە تا ئێستا نیە و وجودی نیە، لە ساڵانێك کە ئەم پارەیە لە فەرمانبەران دەبڕدرێت بۆ حسابی سندوقی خانەنیشینی چی لێ دێت؟ لە حکومەتی مەرکەزی موئەسەسەی تەقاعودی هەیە لەو موئەسەسەیە هەرچی تەقاعودە مووچە وەردەگرێ، بەڵام ئێمە دەبینین مووچەی خانەنیشیی لەسەر بودجەی بەکاربردنە لە وەزارەتی دارایی سەرف دەکرێت کە، ئەمە خەلەلێکە خۆی ئەو سندوقە بۆ دانراوە بۆ ئەوەی مووچەی خانەنیشین و ئەو زیادانەی لەسەر ئەو سندوقە بدرێت، کۆمەڵێك خەلەلی تر هەیە کە پێموایە ئەگەر باسی بکەم دووبارە هاوکارانم باسیان کردووە لە بودجە دا ولە داهاتەکاندا لەدوای ئەوەی کە بودجە گەیشتە پەرلەمان ئەو داهاتی خەملێنراوی ساڵی 2012 کەلەسەر ئاستی وەزارەتەکان نێردرابووە پەرلەمان سەرەتا 472 ملیار بوو دوای ئەوە لە 6/4/ لیستێکی دیکە هات بۆ پەرلەمان کە مەزەندەی کرد بە 476 ملیار، واتە داهاتی خەملێنراوی حکومەت لەسەر ئاستی وەزارەتەکان 3٪ی بودجەیە، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئێمە ئەگەر بەراوردی بکەین لە ساڵی 2010 داهاتی ناوخۆ 742 ملیار بووە، لە 2010 ەوە تا ئێستا خۆ دەزانین کۆمەڵێك گۆڕانکاری گەورە لە هەرێمی کوردستان ڕوویداوە بەرەو ئەوەی کە بودجەش لەو دوو ساڵە زیاتر بووە، ئەم دابەزینی داهاتە بۆ؟ ئەمە پرسیارە بۆ وەزیری دارایی، زۆر پرسیار و زۆر ناڕوونی هەیە لە داهاتی سنووری گومرگەکان و ئەو داهاتەی کە زۆرجار باس دەکرێت کە باس لە داهاتی ناوخۆیی دەکەم ئەگەر من باسی داهاتی هاتنە ناوەوەی ئۆتۆمبیل بۆ هەرێمی کوردستان بکەم، کە هەر ئۆتۆمبیلێك کە دێتە ناو هەرێمی کوردستانەوە ڕێژەیەك لە گومرگی لێ وەردەگیرێ جگە لەوەی کە ئەو تابلۆیەی کە وەری دەگرێت بۆ ژمارەکە ئەویش دەبێتە داهات بۆ هەرێمی کوردستان، لە ساڵی 2011 ( 149669) ئۆتۆمبیل هاتووەتە ناو هەرێمی کوردستانەوە کە ئەو گومرگەی لێی وەرگیراوە لەگەڵ پێدانی ژمارە، هەر هەمووی کۆکراوەتەوە و 378 ملیارە، لە کاتێك دا حکومەت داهاتی گومرگ و باجەکانی بۆ ئێمە بە 300 ملیار مەزەندە کردووە کە ئەمە جیاوازیەکە کە ئەمە تەنها ئەو داهاتە ئەوەندە بێت داخوا داهاتەکانی دیکە چەند بێت؟، بۆیە ئەمە پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە لەلایەن وەزیری داراییەوە، کۆمەڵێك پێشنیار هاوکارانم کردیان بۆ ئەوەی کە لە ساڵانی ڕابردوو دا پەرلەمانی کوردستان

یاسای بودجه بـه تایبـەتی 2011 بڕیـاری لەسـەر هاوتـاکردنی مووچـەی خانەنیشـانی هـەرێم و ناوەنـد کردووە کە ئەمە بە هیچ شێوەیەك جێ بەجێ نەکراوە، هاوتـاکردنی دەرماڵـەی فەرمانبـەران کـە پێویسـتە ئەمە لەم ساڵە بڕیاری لێ بدرێت و میکانیزم دابندرێت بۆ جێ بەجێ کردنی، ئێمـە وەکو لیژنـەی کۆمـەڵی مەدەنی باسمان لەو 115 ملیارە کرد لە ڕاپۆرتەکە، بەڵام وەزیری دارایی وەڵامی ئەوەی نەدایەوە لە کاتێك دا 200 ملیار تەرخان کراوە بۆ مینحەی حیزب و پڕۆژەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان، لە شوێنێکی تردا بـاس لە 115 ملیار دەکرێت بۆ ڕێکخراوە زانستیەکان و ڕێکخراوەکـانی تـر، داوای ڕوونکردنـەوەمان کـرد لەسـەر جیـاوازی ئـەم دوو بـڕە لـە دوو شـوێنی جیـاواز دا ئامـاژەی پێکـراوە، خـاڵێکی تـر دێمـەوە سـەر ژمـارەی فەرمانبـەران کـە بـە پێـی ئـەو جەدوەلـەی بۆمـان هـاتووە لـە نێـوان فەرمانبـەرانی ژن وپیـاو دا هـیچ هاوسەنگیەك ڕانەگیراوە، بە پێی ئەوە بێت ئەو جەدوەلەی کە لەلایـەن وەزارەتـەوە بۆمـان هـاتووە ژمـارەی فەرمانبەرانی پیاو لە گەڵ ژنـان سێ ئەوەندەیـە، بۆیـە ئێمـە کـە بـاس لـە هاوسـەنگی دەکـەین نـەك بڵێین یەکسـانی، هاوسـەنگیەك ڕابگـیرێ لـە کاتێـك دا کـە ژمـارەی دەرچـووانی ئـافرەت لەگـەڵ پیـاو دا هـیچ جیاوازیەکی ئەوتۆیان نیـە، پێویسـتە لـە کـاتی تـەعیناتیش دا ئـەو هاوسـەنگیە ڕابگـیرێ وەکـو لـە ڕاپـۆرتی لیژنـەی ژنانـدا ئامـاژە بـەوە کـراوە، کۆمـەڵێك پێشـنیار بـۆ ئـەوەی کـە ئێمـە بتـوانین ئـەو داواکاریانـەی هاووڵاتیـان هەیانـە لـە بودجـە جێـی بکرێتـەوە مـن پـێم باشـە بودجـەی هـەر سێ سـەرۆکایەتیەکە کـەم بکرێتەوە بەڕێژەیەك کە 10٪ بـۆ ئـەوەی کـە ئێمـە بتـوانین یەکسانی مووچـەی خانەنیشـانی پـێ بکـەین، دواتر ئەو پێشنیارەی کە کراوە بۆ زیادکردنی سلفەی زەواج و سلفەی خانووبـەرە ئێمـە بتـوانین بـەم کـەم کردنەوەیە تەغتیەی بکەین، لە یەکێ لە وەڵامەکانی وەزیری پلاندانان دا کە باس لە تـەرخان کردنـی پـارە کرا بۆ پڕۆژەی باڵەخانەی بنکەکانی پۆلیس کە 100 باڵەخانەی پێویستە، بەڕێزی وتی ئێمە لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە فوتابخانەمان پێویستە ناچارین واز لەم پڕۆژەیە بێنین بۆ زیاد کردنـی فوتابخانـە، ئێمـە هەمووومان لەگـەڵ زیـادکردنی فوتابخانـە دایـن کـە هەڵمـەتێك هەیـە بـۆ بینـاکردنی فوتابخانـە لـە هـەرێمی کوردستان دا، بەڵام ئێمە باس لە هاوسەنگی، تەوازون دەکـەین لەبـەینی پـڕۆژەی سـەرجەم سـێکتەرەکان دا، ئێمە لە سلێمانی چووینەتە زۆربەی ئـەو بنکانـە کـە بنکـەی پۆلیسـە و کۆمـەڵێك ڕاپۆرتیشـمان بـۆ هـاتووە لەلایەن ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە کە ئەم بنکانە بە کەڵکی ئـەوە نایـەن کـە ئـەو ئەرکـە گەورەیـەی کـە پۆلیس جێ بەجێ ی دەکات لەم شوێنە جێ بەجێ بکرێت کە جگە لەوەی زۆربەیان لە شوێنی کرێ دان کە ئەوان داوای ئەوەیان کردووە کە شوێنەکەیان هاوشان بێت بۆ ئەوەی کە بتوانن ئەو ئەرکە گەورەی تیا جێ

بەجێ بکەن، بۆیە من پێموایە دەتوانرا شوێنێکیش بۆ پڕۆژەکەی ئەوان بکرێتەوە لە پاڵ ئەو پڕۆژانەی تر کە کراوە، نەبوونی هاوسەنگی لەبەینی پڕۆژەی شوێنەکاندا، من تەنها یەك نموونە دەهێنمەوە بۆ پڕۆژەکانی شارەوانی عەنکاوە من لەگەڵ ئەوەم لە هەموو شوێنەکان پڕۆژەیان بۆ بکرێت، بەڵام بە شێوەیەکی یەکسان مامەڵە لەگەڵ ئەو پڕۆژانە بکرێت، پێموایە 17 ملیاری بۆ تەرخان کراوە، بەڵام بۆ هەموو پڕۆژەکانی قەزای قەرەداغ 2 ملیار تەرخان کراوە، یەعنی ئەمە نابەرامبەریەکی زۆر گەورەیە کە پێویستە حکومەت هەوڵ بدات هاوسەنگی لەبەینی ئەو شوێنانە بکات کە زۆرجار دەوترێ پڕۆژەکان بە پێی ژمارەی دانیشتوانە، لە کاتێك دا قەزا ژمارەی زیاترە لە ناحیە، پێویستە ئەو هاوسەنگیە بکرێت لەبەینی پڕۆژەی شوێنەکان دا، کۆمەڵێك خاڵ و تێبینی تر هەیە پێموایە بۆ ئەوەی کاتی زیاتر نەگرم سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، وێڕای دەستخۆشی و ماندوونەبوون بۆ لیژنەی دارایی لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل، سەرباری ئەوەی کە توانیویەتی بچێتە وردەکاریەکانەوە و لە هەمان کاتیش دا توانیویەتی سەرجەم ئەو کەموکورتیانەی کە لە نێو بودجە داهەیە بیخاتەڕوو، بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان نازانم هەڵسەنگاندن و شیکاریەکانی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە ڕاپۆرتی لیژنەکانی دیکە سەبارەت بەو دیدوبۆچوون و پێشنیار و ڕەخنانەی کەوا هەیانە لەنێو خودی بودجەکە بەشێوەیەکی گشتی ئەمە لەسەر بنەمای ئەمە پەسەندە و ئەمە پەسەند نیە، ئەمە بێ کۆمێنتە و ئەمە بۆ حکومەت بکرێت بە پێشنیار و نازانم چی، من ئەو پرسیارە دەکەم ئایا ئەمە لەسەر چ بنەمایەکە کە ئەمە کاری حکومەتە و کە لە نێو هۆڵدا وەڵامی سەرجەم تێبینی و سەرنج و داواکاری ڕاپۆرتی لیژنەکان بداتەوە کە سەرنجی سەرجەم پەرلەمانتارانە؟، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان سەرباری خاڵە باشەکانی بودجە، لەبەردەوام بوون لەسەر پڕۆژەکانی قەرز و پێشینەکانی خانووبەرە و هاوسەرگیری و کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار و بیمەی بێ کاری و تواناسازی وهەروەها کۆمەڵێك خاڵی تری باش، بەڵام لە هەمان کات دا بودجەکە دەتوانم بڵێم چەمکێکە لە کەموکورتی، چەمکێکە لە کەلێن، بەڵام هاتنیشی بۆ پەرلەمان مانای ئەوەیە کە لە موناقەشەی پەرلەمانتارە بەڕێزەکانەوە بتوانرێ

ئەو كێشانەی كە لە نێوانیاندا هەیە لە بێژەنگ بدرێت و كەموكورتیەكان كەم بكرێتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ساڵانە گفتوگۆ و موناقەشەیەكی زۆر لەسەر بودجە دەكرێت و لەلایەن پەرلەمانتارانی بەڕێزەوە سەرجەم سەرنج و تێبینی و كەموكورتیەكانی پڕۆژەكان ئەخرێتە ڕوو، بەڵام لە ساڵی داهاتوو كە بودجە دێتەوە هیچ ئەمانە ڕەچاو نەكراوە بە هەمان كەموكورتی دەهێندرێنەوە پەرلەمان، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان لە وەڵامی پرسیارێك بۆ وەزیری دارایی سەبارەت بە دواكەوتنی بودجە كە ساڵانە دووبارە دەبێتەوە، بەڕێزیان ئاماژە بە دوو هۆكاری گرنگ دەكەن ئەوانیش بریتیە لە یەكەم/كە ئەوان بە پلەیەكی زۆر گرنگ باسی دەكەن دواكەوتنی پەسەند كردنی بودجە لەلایەن حكومەتی عیراقەوەو ئاڵوگۆڕی كابینە واتا پێكهێنانی كابینەی شەشەم، ڕاستە ئەمانە هۆكاری گرنگن كابینە بەس ئەمساڵ گۆڕاوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكەشەوە ئێمە ئەگەر لەدوای چارەسەردا نەگەڕێین و ساڵانە چاوەڕێی حكومەتی مەركەزی بكەین تا پەرلەمانی ئەوان بودجە پەسەند دەكات و دواتر دەینێرێتەوە و تا حیسەی هەرێم دابین دەكرێت، بە حقیقەت ئەمانە ڕێگروپاساوێك بەردەوام دەبن لەبەردەم ئامادە نەكردنی بودجە و ناردنی بۆ پەرلەمان، ئەمەش بە زەرەر بۆ پڕۆژەكان دەشكێتەوەو وا دەكات كە پڕۆژەكان ببنە پڕۆژەی بەردەوام و كەڵەكە بوو و دواتر پشكی شێر لە بودجەی وەبەرهێنان بۆ ئەو پڕۆژانە سەرف بكرێت، بۆیە ئەگەر كارمان وابچێ من وا دەڵێم و پێم باشە كە ئێمە سەری ساڵی دارایی بگۆڕین، لەبەرئەوەی زۆرێك لە وڵاتان سەری ساڵی داراییی لەوانەیە لە $4/1$ بێ یان لە $6/1$ بێت، بۆنموونە لە وڵاتی كۆریا لە $4/1$ دەست پێ دەكات بە تایبەتی ئێستا ئێمە لەسەروبەندی هەمواركردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانین و ئەمە باشترین دەرفەتە بۆ ئاڵوگۆڕ كردن لەسەر بابەتی سەری ساڵی دارایی، خاڵێكی دیكە لە بودجەی دوو ساڵی ڕابردوو یەكێك لەو خاڵە باشانەی كە لەنێو بودجەدا دەهات دروست كردنی قوتابخانە و هەڵمەتی نیشتیمانی بۆ دروست كردنی قوتابخانەی نموونەیی بوو لە لەناوچەكانی كوردستان، خۆشبەختانە گوژمەی باشی بۆ دابین كراو ڕێژەی باشیشی لێ دروست كرا، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج وتێبینیە كە ئەمساڵ شتێكی ئەوتۆ بەدی ناكرێت، بە پێی ئەو داتا و زانیاری و ئامارانەشی كەوا هەن، هەرێمی كوردستان پێویستی بە ڕێژەیەكی زۆر لە قوتابخانە هەیە، هەروەك جەنابی وەزیری پلاندانانیش وتی نزیكەی $3$ هەزار قوتابخانە پێویستە، بەڵام كە ئێستا باسی ئەمە نەكراوە نازانم ئێمە كێشەی قوتابخانەمان نیە یان قوتابخانەمان زۆرە؟، خاڵێكی دیكە پار ساڵ لە بودجەی ساڵی $2011$ بڕی $10$ ملیار دینار تەرخان كرا هەروەك ئێمە لە لیژنەی خۆشمان وەكو لیژنەی مافی مرۆڤ ئاماژەمان پێ كردووە، بەڵام نیەتی من لە دووبارە كردنەوەی ئەم پرسیارە ئەوەیە كە

وڵامێکی ڕوونترم لە جەنابی وەزیر دەستکەوێ، وەکو لیژنە بەدواداچوونمان کردووە، سەردانی بەڕێزیانمان کردووە، لەگەڵ وەزیری دارایی و بریکاری وەزارەت کۆبووینەتەوە، سەبارەت بە بڕی ئەو 10 ملیارەی قەرار بوو کە وەکو هاوکاری قەرەبووکردنەوە بدرێت بە ئاوارە گەڕاوەکانی تورکیا و ئێران ئەوانەی گەڕاونەتەوە ئەوانەشی کە نیەتیان هەیە لە داهاتوو بگەڕێنەوە کە ئەمەش بە پێی یاسای بودجە لە یەدەگی وەزارەتی دارایی وئابووری دەبێت، بەلام هەتا ئێستاشی لەگەڵ دابێت چارەنووسی ئەم دەملیارە دیار نیە، بە ئێمەیان ڕاگەیاندووە لە وەزارەتەوە کە لیژنەیان پێکهێناوە بۆ ئەوەی کە بڕی ئەو 10 ملیارە مەسەلەن سەرپەرشتی بکەن و ڕێوشوێنەکان بگرنەبەر، بەلام خودی ئەو لیژنەیە کۆبووینەتەوە، ئەوان ڕای دەگەیەنن کە ئەو کارەی ئەوان دەیکەن، سەرپەرشتی دەکەن بڕی ئەو پارەیەی کە گەیشتووەتە لای ئەوان هیچ ڕەبت و پەیوەندیەکی بە بڕی ئەو 10 ملیار دینارەوە نیە کە پار ساڵ لە بودجە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئاوارەکان دانرا، بەڵکو ئەوان ڕایان گەیاندووە ئەو پارەیە بۆ دروست کردنی یەکەی سەفەری و کەرەڤانە و خانوو خزمەتگوزاری پێویستە بۆ ئەو هاووڵاتیانەی لە کاتی بۆردومان کردنی ناوچە سنووریەکان دا ئاوارە و پەڕاگەندە بوون و لە شوێنی خۆیان دوورکەوتوونەتەوە، بۆیە من دەمەوێ وەڵامی تەواو لەبەڕێز وەزیری دارایی سەبارەت بە بڕی ئەو 10 ملیار وەربگرم و زۆریشم لا گرنگە، خاڵێکی تر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان دیارە بە پێی ڕێژەی دانیشتوان ژمارەی دانیشتوانی هەرێم بە 4ملیۆن و 189 هەزار کەس خەملێنراوە، ئەوەندەی بەبیرم بێت دەتوانم بڵێم من منالٚ بووم هەتا ئێستا هەر دەڵێن ڕێژەی هەرێمی کوردستان 5 ملیۆن کەسە، نازانم چما خێرەکە نازانم چووەتە ئاو، ڕێژەی نەگۆڕە و زیاد ناکات؟، ئێستا بە چوار ملیۆن کەس هەژمارکراوە، بۆیە ئەوەش شەڕێ جدی نوێنەرانی ئێمەیە لە حکومەتی ناوەندی لە ئەنجومەنی نوێنەران کە دەستپێشخەری بکرێت لە هەڵبژاردن و لە ئەنجامدانی پرۆسەی سەرژمێری بۆ دیاری کردنی ژمارەی تەواوی دانیشتوانی هەرێم دیارە بە پێی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی لەبڕی ئەو 6 ترلیۆنەی کە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانە گوژمەی 779 ملیار بە پێی ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دابین کراوە و دیارە ئێستا بودجەکە کراوەتەوە، پێشنیاری من کە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان لە نێو بودجەی گشتی دەربهێندرێت و ئەم دەسەڵاتەش زیاتر بە پارێزگاکان و ئەنجومەنی پارێزگاکان بدرێت، چونکە ئەوان خۆیان دەزانن پێداویستی پارێزگا و قەزا و ناحیەکان لەڕووی پرۆژەوە چیە و چی نیە، قەرار وابوو کە بڕی $7500 وەکو مینحە بدرێت بە گوندنشینان، بەلام نە ئەو جێ بەجێ کراو، نە دەنگوباسیشی ماوە وەکو کورد دەڵێ هەمووی خۆی لێ کەڕکردووە، من پێشنیار دەکەم

یان ئەوەتا بڕی ئەو 75 وەرەقەیە بدرێت بە گوندنیشینان یان ئەوەتا سلفەی عەقاری بۆ گوندنیشینان بکرێت بە 25 ملیۆن دینار، بەڵام بە بۆچوونی من لەوانەیە 25 ملیۆن دینارەکە لە قازانجی حکومەت بێت، لەبەرئەوە سبەی ڕۆژ قەرزە و دەگەڕێتەوە خەزێنە، بەو پێیەی کەوا گوندەکان بڕبڕەی پشتی ئابووری هەرێمی کوردستانن و سەرچاوەی داهاتی گرنگی هەرێمی کوردستانن، گوندەکانیش لەڕابردوو پاڵپشتێکی بەهێزی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان بوون، بۆیە پێویستە حکومەتی هەرێم خۆی نەك گوندنیشین داوای ئەوە بکات خزمەتگوزاری بۆ بگەیەنێ، بەڵکو خۆی دەستی گوندنیشینان بگرێت و لەسەر زێدی خۆیان داینێ و گوندی هاوچەرخیان بۆ دروست بکات و پێداویستیەکانی کێڵگەشیان بۆ دابین بکات، وێڕای دەستخۆشی کە پرۆسەی قەرزی کشتوکاڵ بەردەوامە، بەڵام ئێمە پێویستمان بە دڵنیایەك هەیە بۆ گوندەکان، ئێمە نامانەوێ بڵێین ئەم بڕی 25 ملیۆن دینارە بۆ ئەوەیە کە پرۆسەی پێچەوانە کردنەوەی کۆچ کردن لە شارەکانەوە بەرینەوە بۆ گوندەکان، بەڵکو جۆرێك لە دڵنیایی دەدات بە گوندنیشینان کە بیر لە چۆڵکردنی گوندەکانیان نەکەنەوە و دەستی کاریش لەڕووی گەشتیاری و باخداری و کشتوکاڵەوە ڕوولە زیادبوون بکات، کە ئێستا زۆر زۆر کەمی کردووە و دەتوانم بڵێم خەڵکی تاقەتی لێی چووە، لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی لاپەڕە 14 لە بەشی بەخشین باس لە وابزانم سەرگوڵ خانیش ئاماژەی پێی کرد بڕی 115 ملیار دینار کراوە بۆ ڕێکخراوە زانستی و ڕۆشنبیری و ڕێکخراوەکانی تر بەم نەسە لەگەڵ لیژنەی ئۆڵۆمپی و پارا ئۆڵۆمپی و یەکێتیە وەرزشیەکان، ئێمە قسەمان لەسەری نیە و دەست خۆشیان لێ دەکەین، بەڵام دەپرسین کە ڕێکخراوەکانی تر چیە؟ ڕێکخراوە ڕۆشنبیریەکان چین لە کاتێك دا کە بڕی 200 ملیار دینار دابین کراوە بۆ پشتیوانی کردنی حیزب و پڕۆژەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان؟ بۆیە ڕوونکردنەوەمان دەوێت، هەتا ئێستا ئەو پێوەرەی کە دانراوە بۆ دابەش کردنی پڕۆژەکان یان بۆ دابەشکردنی هەردوو بودجەی وەگەڕخستن و وەبەرهێنان بۆ ناوچەکانی کوردستان، لەسەر ئەساسی ژمارەی دانیشتوان و زەرەرمەند بوونی ئەو ناوچانەیە، بەڵام بە بۆچوونی من هەدەفی دووەم واتە زەرەرمەند بوونی ناوچەکان هەتا ئێستا ئامانجی خۆی نەپێکاوە و نەتوانراوە بە شێوەیەکی فیعلی خزمەتی پێویست بە ناوچە زەرەرمەندەکان بگەیەنرێت، دیارە بەش بەحاڵی خۆم هەر شوێنێك بۆنی کوردستانی لێ هاتبێ دەستی وێرانکاری ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی بەرکەوتووە، من نموونەیەك دەهێنمەوە، مەسەلەن ناوچەی شارەزور و هەڵەبجە و هەورامان، بە حەقیقەت هەڵەبجە پێویست ناکات من باسی بکەم لەبەرئەوەی دۆکیۆمێنتێکی زیندووە بۆ خۆی و پێویست بە هیچ نموونەیەك ناکات، ناحیەی سیروان کە

شەش، حەوت دەقیقە لە هەڵەبجەوە دوورە لـە سـاڵانی 63ـ68 بـە دوو قۆنـاغ لەلایـەن ڕژێمـی ئـەو کاتـەی عیراقەوە بە پرۆسەی تەخت کردن و سووتاندن داڕۆیشتووە و تا خەڵکەکەی ئاوارە بوون و پەراگەندە بوون و دەریش کران، یەعنی دەبینین هەتا ئێستا خزمەتگوزاری لە ئاستێکی زۆر زۆر نزم دایە وشـتێکی ئـەوتۆی بـۆ نـەکراوە، قـەزای سەیدسـادق، بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان، پـاش کیمیابـاران کردنـی هەڵەبجـە دەسـت بـە پرۆسەی تەخت کردنی ئەم قەزایە کرا هەتا سەرەتای ساڵی 1989 پرۆسەکە بە بەردەوام بـوو تـەخت کـرا و سووتێنـرا خەڵکەکەی ئاوارە بوو، دەبینین هەتاوەکو دوو هەنگاو قیرتاو بۆ ئەو شارە کرا لە ساڵی رابـردوو گیان گەیشتە کونـەلووتیان، ئێسـتاش هـەتا سایدی ئەوبـەر تـەواو دەبێت دەبـێ دوعـا بکـەن ئـەوەی تریـان هەڵنەوەشێـتەوە و تێکی نەدات، بۆیە پێویستە ئاوڕدانەوەکان زۆر زۆر جدی بێت، تەنها پێوەری دانیشـتوان ئەساس نەبێ بۆ دابەش کردنی پرۆژەکان و، ناوچە زەرەرمەندەکان زۆر زۆر پێویستیان بە دەستی هاوکاری و پرۆژەی خزمەتگوزاری هەیە، ناوچەیەکی وەکو هەڵەبجە کە لە دەرەوە بـاس لـە هەڵەبجـە دەکرێـت وەکـو کورد دەڵێ ناوی گەورە و دێی وێرانەیە، کە دەچیتە ناوەوە زۆر زۆری فەرقە، ئەوە دۆکیۆمێنتێکی زیندووە پێویست بەوە ناکات کە من لێرەوە باسی بکەم، بۆیە حکومەت هەرچی بۆ بکات هێشتا هەر کەمە و حـەقی خۆی پێ نەدراوە، لە وەڵامی بەڕێز وەزیری پلاندانان بۆ هەندێ لە داواکاری و سەرنج و تێبینی هەندێ لە لیژنەکان لەسەر بنەمای دەڵێ پەسەندە و دەڵێ باشە و دروست کردنـی سـەنتەری ئـۆتیزم لـە سلێمانی، بـۆ نموونە دروست کردنی دوو نەخۆشخانەی هاوشێوەی نەخۆشخانەی شۆڕش لە هـەردوو پارێزگـای هـەولێر و دهۆك، بۆ نموونە دروست کردنی دیزاینی شاری وەرزشـی، دەڵـێ پێمـان باشـە و یـان دەڵـێ پێمـان پەسـەندە دەمانەوێ ڕوونی بکاتەوە و بزانین لەسەر بنەمایەکە ئایا موناقەلەی بـۆ دەکات لـە پـارەی پـرۆژەی دیکـەی یـان لـە یـەدەگ هەیـە؟، ئەمانـە میکانیزمەکـەی چـۆنیەتی جـێ بـەجێ کردنـی ئـەم پـێ بـاش و ئـەم پەسەندەیەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، دیارە لە بودجەی پار ساڵ لـە کۆتـایی گفتوگۆکـان چـەند ماددەیـەك زیـاد کرا بۆ یاسایەکە و جێگیرکراو دەنگیشیان هێنا، یەکێك لەو خاڵانە گەڕانەوەی فەرمانبەرە سزادراوەکان بـوو بۆ شوێنی خۆیان لەگەڵ هەژمارکردنەوەی مووچەکە بۆیان و من لە وەزیری دارایی دەپرسم ئەوەنـدەی کـە پەیوەندی بە ئەوەوە هەیە، ئەم پرۆسەیە هەتا چەند سەرکەوتوو بووە، ئایا ئەو فەرمانبەرانەی کـە فەسـڵ کراون، بڕی مووچەکەیان بۆ گەڕاندراوەتەوە یان نا؟ واتە ئەوماددەیە لە پرۆژە یاسای بودجـە جـێ بـەجێ کراوە یان نـا؟ زۆر بـاس لـە کورتهێنـان کـرا، مـن داوای لێ بـوردن دەکـەم زۆر دووبـارە دەکرێتـەوە، ئێمـە لـە دووبارە کردنەوەی ئەو شتانە بۆ ئەوەیە کـە حکومـەت ئاگایی هـەبێ زۆر موسـیرین لەسـەر ئـەو شـتانە بـۆ

ئەوەی لە بودجەی ساڵی داهاتوو هەوڵ بدەن ئەو سەرنج وتێبینیانەی کە پەرلەمانتاران هەیە بە هەند وەری بگرن ببێ بە پێوەرێك و ببێ بە ئەساسێك لە داڕشتەکردن و ئامادەکاریەکان بۆ بودجەی ساڵانی داهاتوو بەهەند وەربگیردرێت و پشت گوێ نەخرێت، مەسەلەی کورتهێنان ڕاستە ئاماژەکان هەمووی ڕوون کرانەوە و هۆکارەکانیش هەموو، بەڵام من بەراوردێك دەهێنمەوە لە ساڵی 2010 کە ئێمە بودجەمان پەسەند کرد بڕی کورتهێنان 835 ملیار بوو، پار ساڵ بوو بە (ترلیۆنێك و 564 ملیار و کەسرێك)، بۆ ئەمساڵ (دوو ترلیۆن و 44 ملیار و 847 ملیۆن) یەعنی ئەگەر کار وابڕوات دەبێ ساڵ بە ساڵ بڵێین خۆزگەمان بە پار، لە کاتێك دا داهاتی ناوخۆمان زۆر زۆر کەمە من ئومێد دەکەم کە ڕوونکردنەوەی زیاترمان لەسەر مەسەلەی کەمی داهات بۆ ڕوون بکەنەوە، سەرباری جیاوازیەکان کە لە نێوان بودجەی وەگەڕخستن و وەبەرهێنان داهەیە لەبڕی ئەو تێچووەی 15 ترلیۆن و شتێکە کە دانراوە زیاتر لە 10 ترلیۆنی بۆ بودجەی وەگەڕخستنە و 4 ترلیۆن و نیوی بۆ بودجە وەبەرهێنانە، مەبەستی من لە باس کردنی ئەم جیاوازیە ئەوەیە کە لە کۆی ئەو بودجەیەی کە بۆ تێچووەکانی وەبەرهێنان سەرف کراوە واتە لەو 4 ترلیۆن و 4 سەد ملیارە زیاتر لە 3 ترلیۆن و 245 ملیاری بۆ خەرجی بودجەکانی پڕۆژە بەردەوامەکانە، واتە ئەو پڕۆژانەی کە کەڵەکە بوون و جێ بەجێ نەکراون سەرف دەکرێت کە ژمارەیان زیاتر لە 3 هەزار دەبێت، لە کاتێك دا کە بودجەی پڕۆژە پێشنیار کراوەکان زۆر زۆر کەمە و واتە ئەوەی کە ساڵانە دابین دەکرێت بۆ بودجەی وەبەرهێنان ناچار دەبین بیدەین بە بودجە و تێچووی پڕۆژەکانی بەردەوام، ئەمەش وا دەکات کە پرۆسەی فراوان کردن و بووژانەوە لەبەردەم پڕۆژە پێشنیار کراوەکان زۆر کەم بێت و دواتریش گلەیی و گازاندە لەلایەن هاووڵاتیانەوە بۆ حکومەت و داواکاری ڕۆژانەی سەر شەقام و ئەمانەی لێ بکەوێتەوە، بۆیە بە بۆچوونی من واباشە کە ئێمە بیر لەوە بکەینەوە هەرچەندە وابزانم شتێکی واش لە لیژنەی دارایی باسکراوە کە بە پێی پێویستی پڕۆژە پێشنیار بکرێت، بەڵام ڕاموایە ساڵی داهاتوو هیچ پڕۆژەیەك پێشنیار نەکرێت هەتا ئەو کاتەی بودجەی پڕۆژە بەردەوامەکان تەواو دەبێت، بەڵام بەمەرجێك لە کاتی دیاری کراوی خۆیاندا تەواو ببن، چونکە ئێمە چەند پڕۆژەمان هەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پار ساڵ بودجەی پێویست بۆ ساڵی 2011 بۆی دابین کراوە، ئێستا دەبینین خشتەکان هەمووی سفرن، یەعنی ئاماژە بەوە نەدراوە بۆچی ئەمانە سفرن ماوەی دەستبەکاربوون و ماوەی تەواوبوونی پڕۆژە ئیتر ئاماژە بەوە نەکراوە ئایا ئەمە مەسەلەن دواخراوە، تەندەرێنە ئیحالەیە و چیە و چی نییە، بۆیە ئەو کەموکورتیانەی کە ساڵانە بە خشتەی پڕۆژە بەردەوامەکانەوە بەدی دەکرێت ساڵانە

دووباره دەبێتەوە ونیەتی چاککردنیشی نیە، بەڕێز سەرۆکی پەلەمان، لە خشتەی پڕۆژە بەردەوامەکاندا زۆر پڕۆژە هەیە خۆی لێی نووسراوە ئەمساڵ ئەنجام نادرێت، لە هەمان کاتدا بۆ ساڵی 2012 بودجەی بۆ دابین کراوە، هەروەها پڕۆژە هەیە هەر لە خشتەی پڕۆژە بەردەوامەکان لە ماوەی تەواوبوونی پڕۆژەکەدا نووسراوە ئەمە پڕۆژەیە تەواو بووە، بەڵام بودجەی بۆ ساڵی 2012 بۆ دابین کراوە، ئەگەر بەڕێزیشتان دەفەرموون من دەیخوێنمەوە یەك یەك بۆ نموونە لاپەڕە 39 لە خشتەی پڕۆژە بەردەوامەکان زنجیرەی 9 ئاودێری دۆلکان ئینجا لە خشتەی بەرواری دەست بەکاربوون نووسراوە ئەمساڵ ئەنجام نادرێت، لە هەمان کاتدا لە گوژمەی پێویست بۆ ساڵی 2012 گوژمەیەکی بۆ دابین کراوە و ئەنجامیش نادرێت، ئەمە نموونەیەکە شتی دیکەم زۆر ئەوە کردووە دوایی بۆ جەنابی وەزیری ڕەوانە دەکەم، بە هەمان شێوە وەکو وتم ئەوانەی کە نووسراوە تەواو ئەمساڵ تەواوو بووە و گوژمە پارەی بۆ دابین کراوە، بۆ نموونە لاپەڕە 90 بە زنجیرەی 107 نووسراوە ئەم پڕۆژەیە لە 2010/10/26 تەواو بووە لە هەمان کاتدا بۆ ئەمساڵیش بودجەی بۆ دانراوە، چەندانی دیکەش، ئێستا کات نیە هەمووی بخوێنمەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەخیر خاڵم تەئکید کردنەوەیە لەسەر دوو خاڵی گرنگی ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ ئومێد دەکەم کە بەڕێز وەزیری دارایی هەر ئێستا ئەگەر گونجا وەڵامان بداتەوە سەبارەت بە ئەو خاڵانە، لە پێشنیار کردن بە پێدانی سلفەی عەقار بە زەوی سەدمەتری، ئێمە دەزانین زۆربەی زۆری ئەو کێشانەی کەوا هەن و ئەو کەسانەی کە گرفتیان هەیە زەویەکانیان سەد مەترە و نە ئیجازەی بینایان هەیە و نە تاپۆیان هەیە، جەنابی وەزیر دەڵێ ئەگەر دوو کەس بن، مەسەلەکە پارەکە بەش دەکرێت لە نێوان هەردووکیان، دەبێ ئیجازەی بینای هەبێ و دەبێ مۆڵەتی بینای هەبێ و شتی ئاواهی، بەڵام من دەڵێم ئەگەر بێتو ئەم سلفەیەش بە ئەمانەش بدرێت ئەو کاتە هاوکارێکی باش دەبێت بۆ کەم بوونەوەی ژمارەی ئەو کەسانەی کە گرفتی نیشتەجێ بوونیان هەیە، هەر لە ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ خاڵی 14 داواکراوە کە ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە کەمپەکانی کوردستان نیشتەجێ بوون، ئەگەر ئیمکان هەبێ لە تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی سەر بە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی سوودمەند بن، من لەبەڕێز وەزیر دەپرسم ئایا لە توانایان دا هەیە ئەمە بکەن؟ ئەگەر وەڵامان بدەنەوە سوپاستان دەکەین، زۆر مەمنون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

داواتان لێ دەکەین هەندێك هێمنی هۆڵەکە بپارێزن و یەکێکیان/ لەبەرئەوەی گوێمان لە دەنگی یەکتر بێ و بزانین دەڵێین چی، دووەمیان/ بۆ ئەوەی پرسیار و موداخەلەکان تیکرار نەبنەوە ئەگەرچی بەشێکی زۆری تیکرارە، سێیەمیان/ بۆ ئەوەی وەزیرە بەڕێزەکان گوێیان لە پێشنیارەکان بێت، هەر بۆ چارەسەری

ئەمەش پێم باشە ئەو خوشك برا بەڕێزانەی کە قسە دەکەن پرسیار و پێشنیاریان هەیە بە نووسین بیاندەنێ، چونکە بەڕاستی من خۆم بەشێکی زۆرم گوێ لێ نەبووە، بەیان خان فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد کۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بناڤێ خودێ مەزن و دلۆڤان، دەسپێکێ تەبعەن دەستخۆشی بۆ لیژنا دارایی خالا دوهێ پشتەڤانیا ل وان گوتنێت بەڕێز کاك عمر عبدالعزیز دکەم، من ناڤێت ئەز بچمە سەر وانە، خالا دی ترێ بڕاستی من دڤێت ئەز ئاماژەیێ ب ڤێ بکەم کو ئەڤ سەرەداریا هەمی کو ئەڤرۆکە بودجێ دکەین، ئەز دبێژم ژ راڤەکی ڤە خەلەتیەکا مەزنە چونکی نە بەشێوەیەکی زانستی و نە بشێوەیەکی واقعی ئەم عمق نەچینە ڤێ بودجێ دا ئیحتمالە هەدەردانە وەقتیە بۆمە بێ کو ئەم موناقەشا حساباتێت ختامی بکەین ڕاستی موناقەشەیەکا بۆ حسابێتێت خیتامی و تەعاملەکا درست لسەر هەندەك ئسسێت سەلیم و روئیایەکا وازح مە هەبیتن، ژنیکا موازەنەتا بشێوەیەکی جان دێتە کرنێ، یەك ژی خالێت گرنگ ئان قۆناغێت گرنگ یێت ئامادەکرنا موازەنێ مەرحەلە حساباتێت ختامی نیە، بەلێ ئەڤ حساباتێت هەنێ ڕاستە دگەنە پەرلەمانێ بەلێ ناگەنە تەڤایێ ئەندامێت پەرلەمانێ، ناگەهنە هەمی لیژنا ژی وەکو پسپۆر کو بشێن ئەرکی خۆ ڕابن و تێبینیا لسەر ئەساسەکی درست تەبعەن تەعاملێ دگەل بکەن، بتنێ ئەڤ حساباتە دێت بۆ لیژنا دارایی دگەل ڕێزێت من بۆوانە، بەس بۆچی تەبعەن لوێرێ دمینێت و ناچیتە لیژنەیەت دی، ناچێتە دەستێت پەرلەمانتارا و بۆچی موناقەشە ژی نایەتە کرنێ، خالەکا دی یا مەرحەلەیەکا دی ئەم بێژین قۆناغەکا دی یا بودجەیێ ئەڤەیە کو دڤێت چاڤدێریەکا گرنگ تەبعەن بۆ ڤێ موازەنە هەبیتن، کو جهێ داخێیە، نەوەکو پەرلەمان نە شیاینە ڕۆڵێ خۆ ببین، چاڤدێریەکا بۆ ڤێ موازەنێ بکەین و نە حکومەت خۆ ژی شیایە ئەڤە هەندێ بکاتن، تەبعەن لدیڤ مەفهومێ نێ یێ سەردەم ئەم بێژین بۆ چاڤدێری بەحسا چاڤدێریا هەمەلانە تێتە کرن، کو گرنگیێ چاڤدێریا دارایی یا یاسایی لسەر ئەساسێ کەفائەتێ و لسەر ئەساسێ فەعالیاتێ ئەڤە هەمی ئەز دبێژم یا لاوازە لدیڤ مە، رەقابە ئان چاڤدێریێ مەعنەوییە سەلامەتی تەنفیزە، جێ بەجێ کرنا پرۆژا و کەفائەتێ لئەدائا و تەرشیدی ئینفاقە، ئەڤە دبێژم گەلەکا لاوازە لدیڤ مە، لبەر هەندێ ئەز دبێژم ئەڤرۆ پەرلەمانێ کوردستانێ برامبەر مەسئولیەتەکا مێژوویە کو بڕۆڵێ خۆ ڕاببیتن، ڕۆڵێ چاڤدێریا زێدەتر تەبعەن کارا بکاتن، ئەڤرۆ ئەم پێتڤیا شۆڕشەکینە بۆ چاکسازی کرنا دارایی یا ئیداری ژی، لبەر هەندێ مەنهەجیا ئامادەکرنا موازەنێ ئەز دبێژم هێڤیا مراجەعەت ڤێ موازەنێ دا بێتە کرن ئان ئامادەکرنا ڤێ موازەنێ ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەینە ئەدائا وەزارەتا دێ بینین بڕاستی ئەدائەکا گەلەکا لاواز

بۆ ڤێ بودجێی یا تێته کرن، ئیحتماله وەزارەت هەبووینه سێ ژسەدێ ژ وی پارەیێ هاتیه تەخسیس کرن نەهاتیه تەبعەن جێ بەجێ کرن، وەزارەت ئیحتماله ب حوکمێ هەندێ کو ئەم دگەل وانه رینینه خوارێ گەلەك گازاندەیت هەی کو براستی هەماهەنگیەکا درست بەینا وەزارەتا دارایی و ئەوانه دا نینه گازاندە دکەن ئیحتماله موەزەفەکی ل وەزارەتا دارایی دێت دگەل وانه رینیتن، وەختێ کو ئامادەکاریا بودجێ دکەن، لبەرهەندێ تەبعەن دێ گەلێ و کەموکەسی دبودجەیێ دا هەبێت، فعلەن مەتالێببێت وەزارەتا بەرچاڤ و گرنگی ناهێنه وەرگرتنێ، خالا دی ئەم ئەڤرۆکه پێتڤینا مه دیتنەکا یا ئابووری یا هەمەلایەنه هەبیتن بشێوەیەکی وەختێ کو ئامادە دکەین ستراتیجیەتەکا دارایی یا وازح مه هەبیتن، لبەر ئێك ئەم چاکسازیەت سیاسەتا دا مه حکومەتێ دا بکەین، گەشەپێدانا کەرتێ تایبەت بکەین، پێشکەش کرنا خزمەت گوزاریا د هاوولاتیان ئەم بکەین، ئەڤرۆکه زێدەتریش هەر وەختەکی پێتڤیا ئەم شەفافیەتێ بەرقەرار بکەین دامودەزگەهێت مه دا بتایبەتی تر ل وارێ دارایی دا چونکی براستی ئەڤرۆکه شەفافیەت مەتڵەبەکی نێڤ دەوڵەتیه ژی، بەر هەندێ ئەز داخازێ دکەم ئەڤرۆکه پەرلەمانێ کوردستانێ دڤێتن هەندەك ئالیاتێت وازح هەبن بۆ چاڤدێری کرنا موازەنێ، ئەڤ موازەنه هەنه ڤێتن هەندەك ئالیاتێ دی هەبن پێت سەردەمانه کو ئەم بشێین فعلەن لسەر عەردەکی و لسەر ئەساسەکی وازح موتابەعەی بکەین، ئەز دبینم ئەڤه تەقریبەن سێ، چار ساڵه ئەمن له پرلەمانێ تەنسیقەکا تەمام ئان دشێم بێژم تەنسیقا لناڤ بەینا پەرلەمانێ و حکومەتێ دا یا لاوازه براستی، نه له ئاستەکی دایه کو مه بدرستاهی ئاگاهیێ یەکێ ودوو هەبیتن، بابەتێ داهاتی گەلەك بەحس لێ هاته کرن، بەس فعلەن داهات هێشتا یێ مایی و فعلەن نەیەته سجل کرن، کو بێته ناڤ موازەنا هەرێما کوردستانێ دا، خالا دی ترێ ئەز من دڤێت ئاماژەیێ بابەتێ میلاکاتا ئەز بدەم براستی ئەڤرۆکه وەختێ هەندێ یە کو ئەم ڕاوەستیانەکی لسەر ڤێرێ بکەین کو پلەیێت وەزیفی دڤێتن بێنه دابەش کرن لسەر بنەمایا عەدالەتێ وخاڵەکا گەلەکا گرنگە تەبعەن، لڤێرێ من دڤێتن ئەز بێژم ئاماژە بهەندێ بکەم کو د حسه دهۆك وەکو پارێزگەها دهۆك $11\%$ یێیه، تەبعەن دگەل هەندێ دا ئەگەر ئەم هەندەك ژێیت هەی بەتاڵەکا وەزیفی یا زێدە هەی، هەندەك جهێت هەین مەحرومن، ڤێرێ پێتڤیا مراجەعەت ڤێرێ دا بێته کرنێ، د وەختەکی دا وەختێ ئەم باسێت پارێزگەها دهۆکی دکەین، مەزنترین ڕێژەیا بێکاریێ کو ($14\%$)ل پارێزگەها دهۆکێیه، ئەڤه ژی ئەگەرێت وی هەی کو فعلەن تەعاملەکا درست دگەل دهۆکێ نەهاتیه کرنێ، لەوما ئەز ڤێرێ داخاز دکەم زێدە تر ژ مافێ یاسایی یێ پارێزگەها دهۆکێ زێدەتر ئەم داخاز ناکەین، بەلکی دڤێتن $24\%$ بۆ پارێزگەها دهۆکێ بێته تەرخان کرن ئەڤ ساڵه بۆ پلەێین

وەزیفی، پرسیارا دی ترێ من دڤێتن ئەز ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی بکەم کو ئەو ئیستقتاعەت خانەنیشینیێ کو 7٪ یێیە، هەتا نوکە ئەڤە کێڤە دچیتن و بۆچی؟ تەبعەن بەرسڤێ نادادتن، پار ل بودجێ 2011 دا 25 هەزار پلەیێین وەزیفی تەبعەن هاتنە ئیستحداس کرن، ل هەیڤا (9) دەست پێ کرد، بەری هەندێ، ئەو 8 هەیڤێت دی موخەسەسێ وان هەر هەشت هەیڤا کانێ، کیڤە چوو؟ خالا دێ تری من دڤێتن ئاماژەیێ پێ بکەم سەبارەت پرۆژێت ئیستسماری، تەبعەن دەست پێکێ من دڤێتن ئاماژە بهەندێ بکەم کو ئەو پارەیێ هاتیە تەخسیس کرن بۆ پرۆژەیێت پێشنیار کری گەلەکی کەمە، گەلەکا گرنگە وەختێ پرۆژەیێ دێنە دانان لسەر ئەساسێ ئەولەویەتێ بیتن و پێتڤیێ و دابەشکرنەکا عادلانە لسەر هەمی جها، ئەگەر ئەم بەرێ خۆ بدەینێ ئەڤ ساڵە ژی پرۆژێت بەردەوام دا بەرێز سەرۆکی پەرلەمانێ، پرۆژێت پارێزگەها دهۆکێ 19٪ یێیە، ئەڤە سێ ساڵە ئەم بەحسێ ڕاست ڤەکرنا ڤێ ڕێژەیێ دکەین، بەس هەتا نوکە براستی ئەڤ ڕێژە هەنێ وەسایە تێتە تەعامولێ دگەل دێتە کرن ئەز نزانم لسەر چ ئەساسیە، ئەڤرۆکە خەڵکێ پارێزگەها دهۆکێ گرنگی بەرە کۆمبونێت پەرلەمانێ و گەشبینی ڤە چاڤەرێیە کو پەرلەمانێ کوردستانێ براستی هەڵوێستەیەکا لسەر ڤێرێ هەبیتن و فعلەن وەکو نینەرێ راستەقینەیێ خەڵکێ هەرێما کوردستانێ، ئەڤ ڕێژە هەنێ خەڵکێ دهۆکێ ژی تەبعەن گەهیتە حەقی خۆ دڤێت لێرێ دا، ئەگەر بەحسێ پرۆژێت پێشنیار کری بکەی بۆ دەڤەرا ئامێدیێ ڕاستی گەلەکی کەمن، پرۆژێت ئاوەدانکرنێ و پرۆژێت تەندروستی گەلەکی کێمن لوێرێ، مە هەندەك پرۆژێت هەین براستی لسەر ئاستێ پارێزگەها دهۆکێ ئەز تەرکیزێ تێدا بکەم هەندەك پرۆژەیێت گرنگن، پرۆژەیێت ئەز دشێ بێژم ئیستراتیجینە، خزمەتەکا مەزن دێ بۆ خەڵکێ کەن، بەس هەتا نوکە دنێ تەئجیل کرنێ و ئەز نزانم موبەرر چیە، کییە یەعنی ئەگەرێ ڤێ بیروبۆنا هەنێ بۆچی دیف چوونەك تەبعەن بۆ ناهێتە کرنێ، ئەڤ پرسیارا ئاراستەی بەڕێز وەزیرێ پلاندانانێ یە، بۆ نموونە فرۆکەخانا دهۆکێ خەستەخانا بەردەڕەشی، کو هەتا50 هەزار نەفەرێ لوێرێ هەین، ئیحتماله بۆ حالەتەکی ناساغیێ سەعات و نیڤە هەتا دگەینە دهۆکێ بۆ چارەسەر کرنێ، ئەڤە هەنێ ژی تەبعەن پێچەوانەی هەندێیە کو دڤێتن حکومەت خزمەتگوزاریت هەژی پێشکەشی خەڵکێ خۆ بکاتن، هەروەسا دوو تونێلێت گەلیا زاخۆ کو ئەڤە هەنێ ژی خاڵەکا گەلەکا گرنگە، مەشروعەکی ستراتیجیە و خزمەتەکا بەرچاڤ دێ بۆ خەڵکی کاتن کو ڤۆناغا دوویێ بەسەرهەندێ ڕا ئەڤ ساڵە سێ ملیار دینار هاتینە تەخسیس کرنێ، هەروەسا خەستەخانا پەنجەشێرێ و خەستەخانا یا زارۆك بوونێ ل دهۆکێ جهێ داخێیە براستی ئەڤە 3 ساڵە ئەم ئاماژەیێت پێ ددەین هەتا نوکە هێشتا چ تشت بۆ نەهاتیە کرنێ، هەروەسا ئەگەر

بەحسێ پرۆژا بکەین ل دەڤەرا ڕانیە کو ئەم بێژین دەڤەرا ڕانیە، دەڤەرا ڕاپەرینێ یە و گەلەکا گرنگە سنووریێت ڤێ قەزا ڕانیا تەبعەن یەك پرۆژە و یەك فەرمانگەها وەزارەتا کارو کاروبارێ کۆمەلایەتی لوێرێ نینە، کو ئەم پێتڤیا زانین گەلەك و گەلەکا گرنگە لوێرێ تەبعەن بەرچاو بێتە وەرگرتن، ئەز دبێژم پێتڤیا مراجەعەیێ د قائیمە پرۆژەدا بێتە کرنێ، چونکی فعلەن هەندەك پرۆژەییێت هەین فعلەن دیماهیك هاتین، هەندەك پرۆژەییێت هەین سەر بە قەزا ئامێدیە ڤەنە بەحسێ مە هاتیە و بەحسێ سمێلێ تێدا کرنێ پێتڤیا ئیحتمالا خەلەتیەت مەتبەعیەت ژی بن، ئەز پێتڤی مراجەعەکا تەبعەن لوێرێ بێتە کرنێ، موازەنە جهێ خۆشحالیەیە تەبعەن سالێ بە سالێ زێدەتر لێ تێت، بەس خزمەتا پرۆژە و بونیا تەحتی یا ڤی وەلاتی دا ئەز دبینم یا لاوازە و ناهێتە تەخسیس کرن، هەلمەتا ئاڤاکرنا ئەم دشێن بێژین یەکەیەت نیشتەجێ بوونێ جهێ خۆشحالیە کو بشێتن خزمەتەکا بەرچاڤ بگەینیتە هاوولاتیەت کوردستانێ، بەلێ ئەز دشێ بێژم ئەڤ پرۆژەیەت هەنێ بتنێ ل داخلی سەنتەریێت بازێریێت مەی نەگەهەشتینە قەزا و ناحیە ڤە ژی پێتفیا هەندێیە کو مراجەعەیەت تێدا بێتە کرن، ئیحتمالە تاخەکا مەزن یا خەلکێ پێتڤی قەزا و ناحیە پێتڤیا یا چەندێیە ئەڤە لوێرێ بێتە بەرچاڤ کرن و لوێرێ ژی تەبعەن بێ بەش نەبن لێی، ئەڤرۆکە ئەم دبینین حەرەکەیەکا عمرانی ئەز دشێم بێژم ئاڤەدانکرنێ بەرچاڤ یا هەی، ئیحتمالە هەتا حەدەکی نە گەلەکا نەخشەدان بیتن، موقابلی وی سێکتەرێ دی ئیهتمامەکا مەتلوب تەبعەن پێ ناهێتە دانان، بۆ نموونە کەرتێ سناعەتێ، لبەر هەندێ ئەم دبینین وەلاتێ مە مەزنترین ئەم بێژین ولاتەکا موستەهلك بە ئیمتیاز تەبعەن مەنتقێ دا هەمی تشت ئەمێ دکرین و ئیعتمادی ئەم لسەر خۆ ناکەین ئەڤە ژی یەعنی ئەم دشێین بێژین بۆ موستەقبەلی خالەکا یا خرابە بۆمە، داخازێ دکەم پەرلەمانێ بەرێز تەبعەن دەرکەڤیتن ئەڤرۆکە ڤان کۆم بوونێت هەی تایبەتە جهێ ڤە کو کێشەیا گیرۆ بوونا یا ڤێ بودجێ ئەم چارەسەر بکەین ب چ ئالیەت بیتن بێتە چارەسەر کرن، خالا دی تر ڤێرێ مەسەلە ڤان سولفا چ سولفا عەقاری بیت و زەواج بیت و کشتوکالێ بیتن، ئەڤ سولفێت هەمی کو حکومەت داتن و ئەز بێژم ژ روحەکا پەیوەندیەکا بهێز ناڤ بەینا هاوولاتی و حکومەتێ دا دڤێتن ئەڤ سلفەیەت هەنێ نەهێنە قەتع کرنێ چ شێوەی چ حجەتا بیت نابیت بێتە قەتع کرنێ، پارەیەکی مدەوەرە بەردەوام بیت تا کو فعلەن خزمەتا خەلکی بێتە کرنێ، دگەل هەندێ دا داخازێ دکەم ئەڤ سولفێت هەنێ تەبعەن زێدە ژی ببن، خالا دی ترێ داخازێ دکەم ئەڤە سێ سالە ئەم بەحسێ هەلمەتا ئاڤاکرنا قوتابخانا دکەین، ئەم بەحسێ تواناسازی دکەین، ئەم بەحسێ سندوقا نیشتەجێ بوونێ دکەین، بەس گەلەکا گرنگە ڕاپۆرتەك مە هەبیتن، ئەڤە سالا سێیە

تەخسیسات بۆ هەندێ بێنە دانان، بەس ئایا هەتا نوکە چەند قوتابخانە تەمام بووینە؟ هەتا نوکە چەند یەکەیەت نیشتەجێ بوونێ، چەند قوتابیەت مە ل دەرەڤە ولاتی زڤرینە؟، یەعنی ئەڤە بەرچاڤ ڕوونیەك مە هەبیتن، گەلەك وگەلەکا گرنگە ئەڤ تەوزیحاتێت هەنێ هەبن، پێشنیارەکا دی پێشکەشی پەرلەمانێ بەڕێز دکەم کو ماددەیەکی یاسایی ل موازەنێ دا ئاماژە پێ بدەین وەختێ کو پرۆژە یاسا ئان هەر مەبلەغەکی موخسەس بۆپرۆژەیەکی وەختێ کو د خیلالی شەش هەیڤا دا نەهێتە جێ بەجێ کرن تەقریبەن نسبە 25٪ دڤێتن ڕاپۆرتەکی وەزیرێ دارایی و دگەل وەزیرێ پلاندانانێ بۆ ئەنجومەنی وەزیران ئەسبابێت ڤێ تەخیریێ بێتن دیار بکەن، هەروەسا بۆ پەرلەمانێ هەبیتن، ئیستجوابا وەزیرێ بکاتن، وەختێ کو 60٪ یش ژ وان تەخسیساتێ پرۆژا بۆ وەزارەتێ تەبعەن جێ بەجێ نەکربن، خالا دی تری پرۆژێ بودجێ 2011 دا تەبعەن چ ئاماژا بیمە بێ کاری نەهات بووە دانان، تشتی وەسا تێدا نەبوو، بەلێ مە دیت تەبعەن جهێ دا خۆشیە ژی کو ئەو بەس دگەل هەندێ دا ئەڤ پارەیێ لکیری هاتە سەرف کرن داخازا ڕوونکردنێ دکەین ڤێ چەندێ ژی، مامۆستایەت پارێزگەها دهۆکێ ژی تەبعەن داخازەکا یا بۆمە دی کری، بۆ سەرۆکایەتیا پەرلەمانێ ژی ڕەوانە بکەین، داخازا هەندێ دکەین کو ئەو جیاوازیەت بودجێ وان دا ل 2003 هەتا نوکە تەبعەن ئەڤ جیاوازیە نەهاتیە سەرف کرن بەلێ ئەم دشێین بێژین 20 هەزار دینارن بۆ خێزانەکا هەژار گەلەکە لەوما داخازێ دکەین ئەڤ جیاوازیە هەنێ ژی بێتە ڕاست ڤەکرن چونکی گرنگیەکا هەی کو گرنگەیا خۆ هاوولاتیەك و خێزانەکی، خالا دی ترێ دڤێتن حکومەتا مە پشتی زێدە بوونا یا بودجەیێ گەلەکا گرنگە گرنگی دانەکە هەژی بخانەنیشینا بداتن، کو خانەنیشین ئەڤرۆ ئەم ژی دوەلی هەین، عمرێ خۆ خرەکی سەرف کری بۆ خزمەتا ڤی میللەتی، ئەڤرۆکە مستەوایەکی مەعیشی دابن کو یەعنی نە ل مستەوایەکی مەتلوب بیتن، بڕاستی کەسیش مەژی قەبیل ناکاتن لەوما داخازێ دکەم بڕە پارەیەکی هەژی بۆ وان بێتە تەخسیس کرنێ کو فعلەن ل ئاستێ خزمەتا وان بیتن کو عمرێ خۆ خڕ سەرف کری، هەروەسا داخازێ دکەم سندوقا خانەنیشینیا فەرمانبەرێت هەرێمێ بێتە دامەزارندن کو خالەکا یەعنی گەلەکا گرنگە، ژ 2008 هەتا نوکە تەقریبەن برێ نەه سەد ملیار دۆلارا هاتیە ڤە بڕین ژ فەرمانبەرێ حکومەتێ بناڤێ سندوقا خانەنیشینێ بەلێ ئەڤی مەبلەغێ ئەڤرۆکە چ وجودا خۆ نینە، خالا دی تر ئیحتمالە گەلەك ئاماژە وی پارەیێ دا کو تەخسیس کرن بۆ ڕێکخراوێ زانستی و ڕۆشنبیری، ئەڤ 2011 پارەیەك هاتە تەخسیس کرن تەقریبەن 84 ملیار بوون، ئەز دشێم بێژم ئەڤە چ ڕێکخراون؟، چونکە 200 ملیارێ دی ژی تێنە سەرف کرن بۆ ڕێکخراو پارتێن سیاسی، دگەل هەندێ دا بەڕێزان

سەرۆكايەتيا هەرێمێ 3 مليار دينار بۆ ڤان رێكخراوا زانستى و رۆشنبيرى سەرف كرن، ئەنجومەنى وەزيران 999 مليۆن دينار يەت سەرف كرى بۆ هەمان رێكخراوێ زانستى و رۆشنبيرى، هەروەسا ئەڤ سالا ژى تەبعەن ئەنجومەنى وەزيران يەك مليار و پێنجى مليۆنى سەرف كرن، ئەڤە بۆ؟ ئەڤ رێكخراوێت هەنە كينە و ئەو دوو سەد مليارێت دى ئەوى تێنە سەرف كرى يەعنى راستى جهێ پرسياريەكا مەزنە، هەروەسا ئەم بشێين بێژين داخازێ دكەم وەزارەتا كار ل هەمى ولاتا وەزارەكا سياديە گەلەكا گرنگە و گرنگيەكا باشتر بێتە دانان ئەو رێژا بۆ تێتە تەخسيس كرنێ دڤێتن دێ ستانداردێ جيهانى بيتن و خزمەت بۆ تاخ و شەريحەيەكا گرنگ دكاتن ڤێ ولاتێ دا، لبەر هەندێ ئەڤ رێژا هەنێ 4,25 گەلەك رێژەيەكا كەمە ئەز داخازێ دكەم مراجعەيەك دڤێ دا بێتە كرنێ، هەروەسا پشتەڤانى وان داخازا دكەم ئەوێ راپۆرتا ليژنەيا كۆمەلايەتى دا تەبعەن هاتين پشتەڤانيا لێ دكەم كو بێنە جێ بەجێ كرن، ئاخر پرسيارا من بەرێز سەرۆكى پەرلەمانێ لسەر ئەوى برێ پارەيێ ئەڤێ كو بۆ دەڤەرێت ناوچەيەت دابڕاوەكان كو 2010 ئەز دبێژم چ برێ پارەيەكى بۆ ڤان دەڤەرا نەهات بوو تەخسيس كرن، پار حەفتێ مليار بۆ هاتنە تەخسيس كرن، ل شەش هەيڤێت ئەوەلى دا تەبعەن تشتەك نەهاتيە سەرف كرن ژ وى پارەيێ، ل 2012 دا جهێ خۆشحالەيێ پێنجى مليارێت دى هاتنە تەخسيس كرن، بەس پێتڤيا روون كردنێ براستى لسەر چ ئەساسێ چەوا پرۆژە ژى بەحسێ بۆ وان دەڤەرا هەى ئەم تەئكيدێ دكەين ئەم وەكى كوردستانێ تەعامولێ دگەل وانە ژى بكەين، هەروەسا ئەو خزمەتگوزاريێ كو هەرێما كوردسانێ هاوولاتێى خۆ پێشكەش دكاتن هەروەسا بۆ دەڤەرێت ناكۆكى ژى لسەر وان ژى بێتە تەخسيس كرنێ چونكى هاوولاتيەت هەرێما كوردستانێنە، داخازێ سەركەفتنێ بۆ وە دكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكى پەرلەمان:**

د.ثائر فەرمووو.

**بەڕێز د.ثائر عبدالاحد:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

بەرێزان ئەندامانى پەرلەمان، پێشەكى دەست خۆشى و پشتگيرى لە راپۆرتى دارايى دەكەم و پشتگيرى لە قسەكانى سۆزان خان و بەڕێز كاك شێردڵ وهاژە خان و عبداللە حاجى محمود دەكەم، باس لەو خاڵانە دەكەم كە مينحەى يانەكانى وەرزشيە، كە بريتيە لە 528 مليۆن دينار مانگانە كە ئەمە هەمانە 78 يانە، پار كێشەيەك هەبوو حەل كرا بە تەرخان كردنى 8 مليار دينار ئيزافە بكرێتەوە لەسەر ئەو پارەيە بە بڕيارى بەڕێز سەرۆكى حكومەت، داوا دەكەم لە وەزارەتى دارايى ئەو بڕە پارەيە هەر بمێنێتەوە، سەرفى

بکەنــەوە لەســەر ئــەو پارەیــە، خــاڵی دووەم داوا دەکــەم لەســەرۆکایەتی پەرلــەمان و ئەنــدامانی پەرلــەمان پشتگیریمان بکەن بۆ دروست کردنی دیزاینی شاری وەرزشی لە پایتەختی هەرێم بکرێت، خاڵی دیکـە بـاس دەکەم کە هاتیە لە ئیستمارەی (اعداد الموازنــە التخمینیــە لوزارە المالیــە والاقتصاد) لــەژێر بابــەتی لیژنــەی ئۆڵــۆمپی کوردســتان، (متفــق الــوزارە المالیــە لســنە 2012) کــە بریتیــە 22 ملیــار و 400 ملیــۆن، ئەگــەر بەراوردی بکەینەوە لە ساڵی پار کە 2 ملیار و 400 ملیۆن بــوو، ئێســتا 20 ملیــار زیــادی کــردووە، پرســیار لێرە لە بەڕێز وەزیــری دارایــی وەڵامەمــان بداتــەوە کــە ئــەم  پارەیــە چیــە و تەفاســیلی چیــە؟ خــاڵێکی دیکــە دەست خۆشــی لــە حکومــەت و وەزارەتــی دارایــی دەکــەم کــە بــڕی 60 ملیــۆن دینــار تــەرخانیان کــردووە بــۆ لیژنەی پارا ئۆڵــۆمپی کــە تایبەتــە بــە خــاوەن پێداویســتی تایبــەت، خــاڵێکی دیکــە داوا دەکــەم لــە وەزارەتــی پلانــدانان پــرۆژەی دروســت کردنــی بنکــەی لاوان لــە چــۆمان ئیعــادە بکرێتــەوە، ئــەوە دەربــارەی وەرزش، لەلایەکی دیکە بە نیسبەتی پرۆژەکانی وەزارەتی ئەوقاف کە بەڕاستی هیچ پرۆژەیەکی بـۆ مەسـیحیەکان و ئیزیدیەکان نەهاتووتە کردن، داوا دەکەم لەبەرچی ئەو شتەی تێدا نیە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامێن پەرلەمانێ، دیارە ئەم دانوستاندنێ لسەر بودجا هەرێما کوردستانێ دکەین، کو هــەرێما کوردستانێ جزئەکە ژ عیراقێ و دەسەڵاتێت وێ ل دیڤ دەستوورێ هاتینە دیار کرن و سنووردار کــرن، ئــەو دەستوورەی هاتیە دانان و ئەو دەسەڵاتێت هاتینە بۆ هەرێما کوردستانێ دیسان بەربەست و کۆسپێت هەین بۆ مومارەسە کرنا وان دەسەڵاتا ژی، ژ بــەر هەنــدێ ئــەز دزانم کــو ئــەم میکانیزمــەکێ دانــین بــۆ لابرنــا وان کۆسپێت یێ هەی، چ سیاسی بن چ کارگێڕی بن، چ ئیداری بــن بــۆ هەنــدێ کــو بشــێین ئــەو پــارەیێ مایــت ل حکومەتا عیراقی هەرێما کوردستانێ ڤەگەڕینەڤە بۆ هەنــدێ بشــێین وێ عــەجزا هــەرێمیا ل نــاڤ بودجــەیێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ دا کو دیارە چیە پێ پڕ کەینەڤە، ئێك ژ وان خالا ئەڤەیە یــا دیــتر ئــەم هــەمی دزانین کو ئەگەر مــە ببێتن ژینگەهەکا یا ئابووریا باش مە هــەبیتن پێتڤیــا مــا ژینگەهــەکا یــا سیاســیا بــاش هەبیتن، وێ ژینگەها سیاسیا باش ژی ئەم هەمی دزانین چەوا چارەسەر بکەین، ئەو ژی لادانا وان کۆســپ و تەگەرێت یەت هەی گەل حکومەتا یا فیدراڵە عیراقێیە، ئەڤــە گەلــەك گەلــەکیا تەبیعیــە کــو ل وڵاتــەکێ ژێ دەرێــی ئێکــێ داهــاتێ مــە ژێــدەرەکی سروشــتی بنێــت هــەر وەڵاتــەکی واتــا ئــەو خــەڵك مەســئولیەتا وێ

حکومەتێیە کو خزمـەتگوزاریا بـۆ وی هـاووڵاتی دابـین بکـاتن، ژ بـەر هەنـدێ ژی ئەگـەر ئـەم بهـێین سـەح کەینێ ئەو لاسـەنگیە هـەی مابـەینا نەفـەقاتێت تەشـغیلی و یـە بەرهـەمێ وەبـەرهێنانێ لایـی تەشـغیلی دا شکەستی بۆ هەندێ کو بشێتن حکومەتا هەرێما کوردستانێ وان خزمەتگوزاریەت هاوەڵاتیا فەراهـەم بکـات، لێ پێتڤیـا هـەرێما کوردسـتانێ ژێـدەرێ دی بگەڕهینـە داهـاتێ، کـو تـا ڕادەیـەکی ژی حکومـەتا هـەرێما کوردستانێ پێنگاڤێ هاڤێت بۆ پەیداکرنا وان ژێدەرێ ناڤخۆیی هەرچەندە بەربەست و دوژمنکاریـەت هـەی بۆ پەیدا کردنا یا وان ژێدەرا ژی بەس تاڕادەیەکی ئەگەر ئەم بێین سەح کەینێ پەیدا بوونا وان ژێدەرا ژیـا شیای ئێك ژ مشکلێت یەت یان ژی ئێك وان مافێت سەرەتاییەت ئەڤرۆکە هـەرێما کوردسـتانێ کـو کاهرەبـا بۆ خەڵکێ کوردستانێ دابـین بکـاتن، لێ ئەڤـە نـە جهێـت تـەماحا مەیـە، بـەس پێتڤیـا ئـەم ژێـدەرێ ژی دی دگەڕین وەکو ئێك ژوان خاڵایا کو دبێتن ئەز ئاماژە پێ بدەم، ئینانا وان فـەرعێت وان بانکـا ڕافیـدەین و یـا رەشیدا بۆ هەرێما کوردستانێ هەروەسا بانکێ دی تر ژی، کو هەم پێتڤیا حـەوافزێ یـەت حکومـەتا هـەرێما کوردستانێ بۆ وان زۆر تر بن هەم حەوافز ژ لایێ هاوولاتی ژێ ڤە هەبیتن بۆ هەندێ بشێتن ئەو سلفا کـو ئەم لڤێ درکێ ساڵانە تێن بەحس کەین کو ژ 15یێ بکەینە 20 و 20 ی بکەینە 25 و ئەڤ بارگرانیا سـەر بودجە حکومەتا هەرێما کوردستانێ بهێتە لادان بۆ هەندێ کو بوارێت تەشغیلی بچیتن نـەکو بـۆ بـوارێ یـا وەبەرهێنانێ بچیتن نـەکو بـۆ بـوارێ تەشغیلی بچیتن، دیسان ژی ئێك ژ چارەسـەریێ دی کـو ئـەز دبیـنم پێتڤیا ئەم ئاماژە پێ بدەین ئەو حەوافز و ئیمتیازاتێ ێت حکومەتا هەرێما کوردستانێ دداتە کەرتێ گشتی پێتڤیا هەندەك ژ وان حەوافز و ئیمتیازاتە داتـە کـەرتێ تایبـەت ژی بـۆ هەنـدێ کـو بشـێین ئـەم ڤەژانـدنا ئابووری یـان ژی کـەرتێ ئـابووری ل هـەرێما کوردسـتانێ باشـتر لێ بکـەین، دهێمـە سـەر ڕاپۆڕتـا یـا لیژنـەیا دارایی کو ڕاپۆرت جهێ دەست خۆشیێ یا دەوڵەمەندە وڕاپۆرتا هەمی لیجانێت یـەت پەرلـەمانی ڤـە دەسـت پێکێ د ڕاپۆرتا وان دا ڕوون کردنێت یت پێتڤی تاڕادەیەکی هاتین کو مرۆڤێ وە لێ دکاتن کو بـۆ جیهەتـەکا دی تر نەڤاتن ئەو ڕوون کرن مرۆڤێ دێخیتە سەر وان ئەرقامێت تێدا هەی کو موناقەشە لسەر وان ئـەرقام و سەر وان داتایە بکاتن، ئەوێ ل ناڤێ ڕاپۆرتێ دا هـاتی، هەرچـەندە ژی جهێ پرسـیارێ یـە ڤـێ درکـی مـن دبێژم، دێمە سەر ڕاپۆرتا یا وەزارەتا یا دارایـی کـو بۆمـە هـاتی، ئـەوە جهـێ پرسـیارێ ڤـێ درکـێ بـۆ هـەمی ئەندامێت پەرلەمانێ کو ئاماژە پێدای پێتڤی بۆ وێ ڕاپۆرتێ ژی دا هاتبا بەحس کرن، کو تاخیر گەهەشتنا بودجەیا هەرچەندە ئەڤە سێ ڕۆژە ئاماژەیا پێ هاتیە کرن و ڕوون کرنا بەڕێز وەزیرێ دارایی ژ داهاتی کو بۆ چ تاخیر گەهشتیە پەرلەمانێ، بەس پێتڤی بوو د ڕاپـۆرتێ ژی دا بنڤیسـین هاتبـا بەردەسـتێ ئەنـدامێت

یـەت پەرلـەمانێ، پرسـیار مـن لڤـێ درکـێ ئەڤەیـە ئایـا ئـەو ئەولەویـەتێت بـە هـەر سـێکتەرەکی هەنـدەك ئەولەویاتێت هندەك سەکتەرا هاتینە دان، بۆ نموونە پار ل سێکتەرەکا کاهرەبێ دا هاتبوو دان کو جهێ دلێ خۆشیێ بوو، ئەڤ ساڵە پەروەردەیا هاتیە دان ئایا ئەڤەیە پلانکریا کو بۆ ساڵێ بهێت ژی سـێکتەرەك بهێـتە بەرچاڤ وەرگرتن؟ کو ئەگەر ڤێ ڕەنگێ بیتن جهێ دڵخۆشیا و هێڤی دکەین ئەم ژی پارەیـەکی باشـتر بهێتـە دەست نیشان کرن بۆ هەندێ کو بشێ تاڕادەیەکی کیماسیەتێت وی سێکتەری چارەسـەر بکـەن، دهـێین سـەر ئەو تەخسیساتێت ساڵا بوری بۆ هەروەزارەتەکی هاتینە کرن، دیارە هەندەك وەزارەتا گەلـەك ب باشـی ئـەڤ تەخسیساتا یەت جێ بەجێ کرین، بەس هەندەك وەزارەتێت هەین کو کـەم تەرخـەمیا وێ وەزارەتـێ و یـان ژی یا وێ فەرمانگەهێیە، ئایا د حالەتێت وەسا دا ئەگەر هاتو دیار بکێت کو کەم تەرخەمیا یا وەزارەتێ یان وێ فەرمانگەهێ وەزارەتا پلاندانانێ چ ئیجرائات هەنە بۆ ڤێ یەکێ، دیسان هەرچەندە هەڤاڵێت من گەلەکا ئاماژە بهەندێ کر هۆکارێت یەت کەم بوونایا ڕێژا یـا دهـۆکێ پـرۆژێـت پێشـنیار کـری تایبـەتن ب هەنـدەك وەزارەتا کو ژ 7٪ ی نابوریتن چنە ئەمە دڤێتن پێدرکێ بۆمە بهێنە دیـار کـرن دیسـا ژی چارەسـەر هـین چ دادبینن وەکو وەزارەتا پلاندانانێ، دیسا ژی ئەز دبیـنم ژ بـەرێ هەنـدێ کـو ئـەو ڕێـژەیا دهـۆکێ نەهاتیـە بەرچاڤ کرن نسبەتا قەزا و ناحیەت یەت دهۆکێ ژی ئـەو عەدالـەتا یـان ژی ئیحتمالـە گەلـەك جهێ دی ل هـەولێرێ و سـلێمانێی ژی هـەبیتن نەهاتبیتـە بەرچـاڤ کـرن، وەکـی بـەڕێز بـەیان خـانێ ئامـاژە پـێ کـری هەندەك شاشیەت هەین کو هەندەك ناحیەیەت سەر هەندەك قەزایێ دی ڤەنە یـان ژی هەنـدەك ناحیـەیێ نڤیسـین سـەر بـە ناحیـەکی ڤـە کـو ئەسڵەن ناحیـە نینـە قەزایـە، هیڤـی دارم کـو ئەڤـە خەلـەتا شاشـێت مەتبەعی بن و بهێنە چارەسەر کرن، دهێمە سەر ڕاپۆرتا لیژنا دارایی، تێبینی لسەر ڕاپۆرتا لاپەڕێ شەشـێ ل حەوتەم دا هاتی کو بودجا ساڵا 2012 بەم شێوەی خوارەوە دابەش کـراوە، لێ ئەڤـە نـەکو ئـی بودجەیـە بەڵکو بتەنێ بودجا تەشغیلیا هێڤی دارم ئەڤە ڕاست بکەنەڤە، بەلێ ئەڤە یا لیژنا دارایی بوو، ئەز پشـتگیریا پێشنیارێت یەت لیژنا دارایی دکەم کـو ل پێشـنیارێت یـەت لیسـتا یـا کوردسـتانی ژینـە، دیسـا ژی پشـتگیریا پێشنیارێت یەت لیستا کوردستانی ژی دکـەم کـو خـول ڤەگریتەڤـە تـەرخان کرنـا یـا 120 ملیـار دینـارا بـۆ تواناسازیە و 150 ملیار دینارا بۆ هەوە چێکرنایە ڤوتابخانەیە و دیسا بەردەوام بوون بۆ هاریکاری کرنا یـا ناوچەیەت ڤەڤەتیا و سلفا عەقاری بۆ گوندا کو نوکە وەکو پێشنیارەکە لبەر چاڤ ببیتە 25 ملیۆن دینـار و دیسا ژی 100 ملیار بۆ وان دا بەرێت زەرەرمەند، چونکو پار ژی ئیستفادەکا باشـی هاتـە کـرن تایبـەت وان قـەزایێ یـەت زەرەرڤـێ کـەفتی، دیسـا ژی بـۆ وان فەرمانبـەران و موچـە خۆرێـت یـەت کـو موچـەیێ وان

سنووردارن و ئەو کەسێت یەت خانەنیشینن، بە نیسبەتی لیژنا چاندنێ کو ئەم ئەندامەك ژ وێ لیژنەیا دا پشتگیریا یا ڕاپۆرتا لیژنا چاندنێ دکەم تایبەت مەسەلەیا قەرەبوو کرنا یا جوتیارا دا، هەروەسا مەسەلەیەت تەسویە و تەمیلکێ دا کو ئەم هەمی دزانین مەسەلە تەسویە و تەملیکێ بویە ئێك ژ ئەسبابا کو تەجاوز سەر عەردێ میری و عەردێ یا چاندنێ ژی بهێتە کرن، بەرهەندێ پێتڤیا ئەم هەوڵدانەکا جدی بۆ بکەین هەتا ئەگەر بودجا سالا بهێت جدی بۆ بهێتە کرن بۆ هەندێ کو ڤێ مەسەلەیێ ڕاوەستینن و چارەسەریا ڤێ یەکێ بکەین دیسا ژی بەردەوام بوونا یا بانکا کشتوکاڵی دیڤ مەعلوماتێت مە هەی بانکا کشتوکاڵی ل پارێزگەها دهۆکێ 5 ملیار پارەیێ تەدویر کری، کو ئەڤە وەکی بەردەوامیەکی دبیت، ژ بەر هەندێ ژی هەندەك معامەلات نوکە ڕاوەستا بین ئەگەر ئەم لڤێ درکێ بڕیارەکی دەربێخەین کو یا بەردەوام بیتن، ئەڤە تایبەت بی بۆ قەرزێ جوتیارا ب تایبەت بۆ هەندەك وان قەرزا کو دداتێ مەسەلەیا بیستانایە کو ئەڤەت وەرزینە و پێتڤیا ئیهتمام پێ بهێتە دان، مەسەلەیا فرۆکێت یە ئاگرڤەمراندنێ هەرچەندە بەڕێز جەنابی وەزیرێ ئاماژە پێدا کو د سەلاحیەتێت مە دانینە، بەس پێتڤیا ژی کو ئەم وەکو پەرلەمانێ کوردستانێ و وەکو حکومەتا هەرێما کوردستانێ میکانیزمەکی ببینیتەڤە بۆ هەندێ کو ڤان فرۆکا دابین بکەین، چونکو سالانە سەدان دۆنمێت عەردیێ کشتوکاڵی هەروەسا دارستانێت یەت هەرێما کوردستانێ تێنە سۆتن کو زیانێ بژینگەها هەرێما کوردستانێ و عەردێ چاندنێ و ئاسایشا خراپا هەرێما کوردستانێ دگەهینن، بنسبەت لیژنا کۆمەڵی مەدەنی دیسا ئەز پشتگیریا یا هەمی وان خالێت یەت ڕاپۆرتا ڤێ لیژنێ دا هاتین دکەم و دیسان ژی پشتگیرێ لوێ پێشنیارێ دکەم کو بۆ شەهیدێت هاووڵاتی پێتڤیا موچەیا وان زێدەتر لێ بهێتن ئەڤی موچەیێ هەی ئەگەر بهێت و ئەم ژ وان وی ڕێژەیا هاتیە دەست نیشان کرن پێشنیارێت یەت لیستا کوردستانی و دیسا ژی پێشنیارا دارایی دا ئەم دچین تاڕادەیەکی بشێین پارەیەکی تەدویر بکەین بۆ هەندێ کو بشێین ئەڤێ مەسەلێ پێ چارەسەربکەین و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ژیان خان فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە پێشەکی پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی داریی و پێشنیارەکانی سۆزان خان و کاك عبداللە حاجی محمود دەکەم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لەگەڵ ئەو هەموو خاڵە پۆزەتیفەی کە لە پرۆژەی بودجە هاتووە لەبەردەوام بوون لەگەڵ سلفەی زەواج و سلفەی عەقار و لە قەرزی کشتوکاڵی و پیشەسازی و تواناسازی

لاوان و یارمەتی دانی ناوچە دابڕێنراوەکان کە من هیوادارم ئەوە هەر بەردەوام بێ لە تەعین بوون و لە خزمەتگوزاری و لە کارەبا، تا ئەو ڕۆژەی انشاللە ماددەی 140 بە یەکجاری جێ بەجێ دەکرێ و ئەم ناوچانە دەگەڕێنەوە بۆ باوانی خۆیان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دیارە سێ ڕۆژە باسی ئەو کورتهێنانە دەکرێ و هەمووشمان دەزانین ئەو کورتهێنانە کە سەبەبەکی حکومەتی ناوەندە کە پابەند نابێ بە پێدانی بودجەی پێشمەرگە، جا من لێرەوە داوا دەکەم کە هەموومان بە پەرلەمان و بە حکومەت و بە هەموو حیزبەکان شان بەشانی سەرکردایەتی کورد فشار بخەینە سەر حکومەتی بەغدا و لەوە زیاتر ئەو غەدرە قبوڵ نەکرێت، دیارە منیش چەند پێشنیارێکم هەیە و چەند پرسیارێکیشم هەیە، بە نیسبەت ئەو پشتگیریانە من پشتگیری لیژنەی شەهیدان و جینۆساید دەکەم کە داوای ئەوە دەکەن کە خانوو دروست بکرێت بۆ وارسی شەهیدانی سەنگەر، بەڵێ ئەوە من وەکو خۆم وەکو نوێنەری سلێمانی حالیەن 1800 عائیلەی شەهیدی سەنگەر تاوەکو ئێستا نە ئەرزی بۆ دابین کراوە نە خانووی بۆ دروست کراوە، دیارە ئێمە هەموومان دەڵێین ئەو دەستکەوتانە هی خوێنی شەهیدانە دەبێ و پێویستە کەم توێژ و یەکەم کەس کە دەڵێین خێزانی شەهیدان بن، ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکرێت و سوودمەند بن لە خانوو یان لە زەوی، هەروەها شەهیدی هاووڵاتی مووچەکەی 180 هەزارە کە ئەوانیش پێویستە کە مووچەکەیان زیاد بکرێت و داواکاری لیستی کوردستانیشە کە بڕێك لەو مووچەیان بۆ زیاد بکرێت یان بەلایەنی کەمەوە لە 300 هەزار کەمتر نەبێت، هەروەها بە نیسبەت من کە خۆم ئەندامم لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی دیارە کاك علی وەڵامی داینەوە کە ئەوان ئامادەن بۆ سەنتەری ئۆتیزم ئەوە زۆر گرنگە لەبەرئەوەی سەنتەرەکەیان زۆر زۆر بچووکە ئەو نەخۆشیەش لە زیاد بوونەدایە وئێستا بە پێی ئیحسایەکان 500 مناڵ نەخۆشی ئۆتیزمی هەیە لە هەرێم، بەڵام وەکو ئێمە کە سەردانی ئەوێمان کرد لەوە دەچێت لە هەزار زیاتر بێت نەخۆشەکە نەخۆشیەکی تازەیەو جارێ تویبیش نازانێ ولە جیهانیش دا ئەو نەخۆشیە ڕوون نەبۆتەوە بۆ خێزانەکان ئەمانیش خێزانەکان هیچ جیاوازیەکی نیە، خێزانی دکتۆر هەیە و خێزانی وەزیر هەیەو خێزانی فەقیر هەیە مناڵەکەی تووشی ئەو نەخۆشیە بووە و نەخۆشیەکیشە غەریبە و باش نازانرێ، پێویستی بە سەنتەرێك کە تەشخیسی ئەو نەخۆشیە بکات کە ڕاهێنانی مامۆستاکان بکات لەوێ بۆ چۆنیەتی مامەڵە کردن دیارە ئێمە وەڵامەکەمان لە کاك علی وەرگرت بەس حەز دەکەم زیاتر تەوزیحمان بداتێ کەی دەست بەکاردەبن و چۆنی چۆنی ئەو سەنتەرە دروست دەکرێت، هەروەها بە نیسبەتی من داوا دەکەم وەکو سۆزان خانیش داوای کرد کە لیژنەیەك دروست بکرێت بۆ پێداچوونەوەی دەرماڵە، تەبعەن

هەموو دەزانین ناعەدالەتیەك هەیە لە دابەش بوونی دەرماڵە، ئێستا بۆ نموونە من هەر خۆم لە لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتیم سەنتەری (CRC) کە سەنتەرێکە چەندین منالّی ئیفلیجی دەماغ و ئۆتیزم و ئەو نەخۆشیانەی کە ڕوو دەدەن وکە زۆر غەریبن لەلای ئێمەهەیە ، ئێمە خۆمان سەردانمان کردووە 500 منالّ یەك توێژەری کۆمەڵایەتی هەبووە، یەك توێژەری کۆمەڵایەتی ناتوانێ بە تەنها کەسوکاری ئەو منالآنە وشیار بکاتەوە، منالّی وا هەبووە یەکەم جار ڕۆیشتووە ئەو منالّە تەنها تایەکی هەبووە وەکو پەرکەمێ، لەبەرئەوەی توێژەر نەبووە ئاگاداریان بکاتەوە لە دوای سێ مانگ ئەو منالّە تووشی ئیفلیجی دەماغ بووە، هۆیەکەشی چیە، توێژەری کۆمەڵایەتی لە وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی موخەسەساتی نیە و تەربیە هەیەتی، هەر هەموویان نەقلّ دەبن بۆ تەربیە وئەو شوێنانەی کە زۆر موهیمە یان لە خەلّوەتگەی پیری کە پیرە چەند پێویستی بە توێژەرێك هەیە لەوێ توێژەرەکان دانانیشن وهەموویان نەقلّ دەکەن و جا ئیتر بە واستە بێ یان هەر شتێ بێ، لەبەرئەوەی کە موخەسەسات لە تەربیە هەیە، ئەویش کێشەیەکە کە من داواکارم کە چارەسەر بکرێت، بە نیسبەت زەکیە خان فەرمووی و کە من پشتگیری ئەکەم بە نیسبەتی ئەوە بوو کە داوا دەکەم داهاتی وەزارەتی کشتوکالّ وەك خۆی بێت چۆن بۆ سحە بۆ خۆیەتی و ئەویش بۆ خۆی بێت، بۆ قەرەبوو کردنەوەی کارەساتە سروشتیەکان، لە پڕێکا لافاوێك دەبێ و ڕەشەبایەك دەبێ هەتا قەرەبوو دەکرێتەوە ئەوا کار لە کار دەترازێ و جوتیاریش تەشجیع نابێ بۆ کە مالّە پلاستیکەیەکەی سووتا کە قەرەبوو نەکرایەوە تەشجیع نابێتەوە بۆ کارکردن، هەروەها پرسیارەکەم ئەوەیە ئایا سەلاحیەتی کێیە کرینی فڕۆکەی ئاگر کوژێنەوە؟ هەموو دەیبینین لە هەڵەبجە چەندین دۆنم ئەرز سووتا، جوتیاری داماو بە چاکەتەکەی یان بە گەلاّ ئاگرەکە دەکوژێنێتەوە، چەندین کەس سووتاوە، چەندین هێلانەی بالّندە سووتاوە، بیئە پیس بووە، بە سەتلێ ئاو ناکوژێتەوە، لەبەرئەوە پێویستیمان بە فڕۆکە هەیە داوا دەکەم کە لە سەلاحیەتی کێیە و سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەم بودجەیەی کە گفتوگۆ دەکرێت تا ئێستا پرۆژەیە و پرۆژەش هەلگری کۆمەلّێك سەرنج و کەموکوڕی و کەلێن و تێبینیە، دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی دەکەین کە توانیویەتی تا ئاستێکی باش سەرنج و تێڕوانیەکانی لیجانەکان کۆ بکاتەوە، بەلاّم دەبوو سەرلەبەری تێڕوانینەکان جێ

بکرایەتـەوە ئـەو کاتـە وەزیـرە بـەڕێزەکانیش بـە نەفەسـێکی هـێمن تـرەوە وەڵامـی تـەواوی تێـڕوانین و تێبینیـەکانی لیژنـەکانیان بدایەتـەوە، چونکە تێـڕوانین و تێبینـی لیژنـەکان هـەڵگری زیـاتری مـەهامێکی پیشەییە و گفتوگۆی شێنەیی تر لەناو لیژنەکاندا بۆ جەرد کردنی ئەو تێبینیانـە کـراوە، کەهـەموو لایـەك ئیدعای ڕیفۆرمی مالی و ئابووری دەکەین لە هـەرێمی کوردسـتان دا و دامودەزگـا دەسـتوریەکان حکومـەت و پەرلەمان وسەرۆکایەتی هەرێم و ناوەندەکانی دەرەوەی حوکمڕانی و حیزبەکان و کۆمەڵێك ناوەندی تر کە بانگەشەی ڕیفۆرم دەکەین لەڕاستی دا مەسەلەی میزانە و موازەنە دافعێکی باش دەبێ بـۆ بـەدیهێنانی ئـەو ئامانجانە کە بە شێوەیەکی باش دابڕێژرێتەوە، بۆیە ئێمە پێویستمان بە تەحەمولێکی زیاتر هەیە هەم بـۆ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلـەمان و هـەم بـۆ نوێنـەرەکانی حکومـەت و هـەم بـۆ پەرلـەمان بـۆ ئـەوەی بتـوانین پێکەوە ئەو ئامانجانە بەدی بهێنین، من سەرەتا کۆمەڵێك تێڕوانینی گشتی لەسەر بودجەکە دەخەمـە ڕوو، هیوادارم هەر بـەو تەحەمولـەوە بـەردەوام بـین، لـە ڕاسـتی دا بودجـەی گشـتی پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی بـە تەنمیەی گشتیەوە هەیە، لە عیراق دا کە بودجە موناقەشـە دەکرێـت یـان ئـەو سەرچاوەی کـە بـۆ هـەرێمی کوردستان لە عیراقەوە دەخەڵێندرێ پشت ئەسـتوورە بـە بنەمایـەك کـەتا ئێسـتا بنەمایـەکی زانسـتی نیـە، لەوەشەوە دەچێتە سەر ژمارەی دانیشتوان بۆ دابەشکاری لـە ڕێـژەی پارێزگاکـان وهـەرێم و شـارەکانی تـری حکومەتی ئیتحادی، من لە وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی بەڕێز دەپرسم، ئیقرار کردنی چوار ملیـۆن وسەد وهەشتا و نۆهەزار دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لەسەر چ بنەمایەکی زانستیە؟، لـە کاتێـك دا ئێمـە لەڕووی ژمارە ولەڕووی ئامار و ڕێژەی دانیشتوانەوە گرفتێکی گەورەمان هەیە، ئەم وڵاتـەی کـە ئێمـەی پـێ لکێنـراوین تـا ئێسـتا ترسـی لـە دەرخسـتنی ژمـارەی حـەقیقی دانیشـتوانی ئـەم هەرێمـە هەیـە، ترسـی لـە سەرژمێری هەیە، تەنمیەی ئابووری و تەنمیەی ژیاری چۆن لـەم کۆمەڵگایـە بـەم جـۆرە وئێمـەش بـبین بـە بەشـێك لـەو پرۆسـەیە، بۆیـە تەسـەورم وایـە کـە ئـەم مەحەکـە مەحـەکێکی نازانسـتیە ئێمـە لـەڕووی پرۆسەکانی هەڵبژاردنیشەوە بۆ ئەنجومەنی پارێزگاکان و بۆ پەرلـەمانی عـیراق زەرەری گـەورەمان کـرد لـە حسەی نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لە ئەنجومەنی نیشتیمانی عیراق، پرسیار دەکەم ئایا ئاگادار نەبوون لە دارشـتنی میزانیـەی گشـتی لـە عـیراق دا تـەنها بـەو موبەررانـە کۆتـایی دێـت کـە پرسمـان پـێ نـاکرێ یـان ڕاپۆرتمان ناردووە یان بەشداریمان کردووە لە کاتێك دا ئەو مەواقفانەی کە ڕووبەڕووی هەرێمی کوردسـتان بووەتەوە دەبوو پەرلەمانی کوردسـتان لـە ساتەوەختی خۆیـدا لێـی ئاگـادار بایـە بـۆ ئـەوەی ڕەئـی عـامی لێ ئاگادار بکرێتەوە، چونکە بـۆ نموونـە کـاتێ لـە نەفـەقاتی سـیادی دەبـڕدرێ و بودجـەی گشـتی عـیراق 117

ترلیۆنە و بەشی هەرێمی کوردستان بەو پێوەرە بێ 19 ترلیۆن دەکا و دواجار لە نەفەقاتی سیادی زیاتر لە 5 ترلیۆن دەبڕدرێ و 31 ترلیۆن لە بودجەی گشتی عیراق دەچێتە بودجەی سیادیەوە ولە بودجەی سیادی بەشی هەرە زۆری دەنێرێ بۆ کڕینی چەك و جبەخانە، ئایا ئەمە خزمەت بە بەرژەوەندیە دیموکراسی و بەرژەوەندیەکانی هەرێم و عیراق دەکات لە ڕووی پێکەوە ژیان و کارکردنەوە؟ ئەمە یەکێکە لەو ئەساسیاتانەی ئایا ئێمە لەگەڵ ئەم دەوڵەتە دا تا چەند بڕدەکەین؟، لەگەڵ ئەم حکومەتانە دا تا چەند درێژە دەدەین، لە کاتێك ئەو بودجەیەی کە تەرخان دەکرێ بۆ نەفەقاتی سیادی باشە بۆ تەرکیز ناکرێتە سەر ئەوەی بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکان ئیقراری کردووە بە تەعویز کردنی قوربانیانی جینۆساید کە 95٪ی قوربانیانی جینۆساید بەشی خەڵکی کوردستانە، شەڕ لەسەر ئەم سێکتەرانە بەردەوامی حزوری هەمەلایەنەی پێویستە، نەك ناردنی فایل بۆ سەرۆکی کۆمار و جەنابی مام جەلال ئەمە لەڕاستی دا پێم وایە موبەررێکە لە جێی خۆی دا نیە، چونکە ئێمە لە ناو کابینەکە لە پەرلەمان و لە خودی ئەو وەزارەتانەی کە پلانی داڕشتنی بودجە دادەنێن خەڵکی کاریگەرمان هەیە و مەوقعی کاریگەریش، نازانین خەڵکەکان و مەوقعەکان تا چەند کاریگەرن؟ پێگەی کاریگەر هەیە و حسەی کوردە، حسەی خەڵکی کوردستانە، بەڵام تا چەند توانراوە بەشێوازێك کە هەماهەنگی هەبێ و ئەو بابەتە بپچڕێندرێ، من تەسەورم وایە لە هەرێمی کوردستان دا ئەوەی پەیوەندی بە پلاندانانەوە هەیە ئێمە ناتوانین بڵێین پلان نیە لە کوردستان دا، بوونی ئاوەدانی و پرۆژەکانی ئیستسمار، کۆمپانیا بیانیەکان و کۆمپانیا گەورەکانی کانزاکان کە ڕوو دەکەنە کوردستان دەزانن ئاییندەی ئەم هەرێمە بە ئاقاری ڕێکخستن دا دەڕوات، بەڵام کەموکورتیەکی زۆر لەو پلانانە دا هەیە لە نێوان هەبوون و نەبوون کەموکورتی زۆردا گلەییە زۆرەکە لێرەیە، پلان لە هەرێمی کوردستان دا تێرکەری داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان نیە، تێرکەری پێداویستیەکانی ئەوانە نین کە دەعمی حوکمڕانی ئەم هەرێمەیان کردووە و بەشێکن لە حوکمڕانی و پێکهێنەرەکانی حکومەت، بۆیە دەبێ ئەو گرفتانە بە شێوەیەکی شەفاف تر یەکلا بکرێتەوە و پەرلەمانی کوردستانیش بەشێکە لە چارەسەر کردن بۆ ئەو بابەتە، ئیمکان نیە لەهەر وڵاتێك دا قسە لەسەر ئەوە بکرێت بۆ نموونە بە بەراورد بە پار ساڵ میزانیە 9٪ زیادی کردووە، بەڵام بودجەی وەگەڕخستن 14٪ سەرخراوە، پار ساڵ بەشێکی زۆری گفتوگۆکانمان بۆ هاوسەنگ ڕاگرتنی ئەم دوو سێکتەرە بوو، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین هەر هیچ نەبێ نەك بە شێوەی ئەو ستانداردە نێودەوڵەتیەی کەلە دنیادا پێویستە کە ڕاستەوخۆ دەبێ پێچەوانەی ئەو دوو ڕەقەمە بێ، ئیستسماری لە 70٪ بێ و وەگەڕخستن 30٪ بێ بەلای

کەمەوە، بەڵام ئەم بابەتە تیکرار بوونەوەی بەم جەدەلەشی کە لە پەرلەمان هەیە کۆمەڵێك ئاماژەی مەترسیدارمان پیشان دەدات ئایا گوێ لە تێروانیەکانی پەرلەمانتار ناگیرێ؟ ئایا دیراسەی ورد بۆ ئەم بابەتە ناکرێ؟ ئایا ئێمە هەر بەدوای شەپۆڵی داخوازیە عەفەویەکان دەچین؟ تا ئەو کاتەی حکومەت بە جۆرێك بار دەکرێ و بەجۆرێ بکەوێ خەڵکی تریش لە دەرەوەی حکومەتە و جارێکی تر پێی ڕاست نەکرێتەوە، ئەگەر حاڵەتێکی لەو بابەتەش بوو، من پرسیار دەکەم ئایا ئەمساڵ بە بەراورد بە پار ساڵ بودجەی سەرۆکایەتیەکان، سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری لەسەر چ پێوەر و چ بنەمایەکی زانستی زیاد کراوە؟؟ تەجروبەمان سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانە، ئێمە پار ساڵ ئیدعامان کرد بە کۆمەڵێك هۆکار بودجەکە زیاد بکەین، یەکێ لە هۆکارەکان ئەم قاعەیە بوو بەڵام ئێمە لە جێگەی خۆمانەوە دانیشتووین نەشمان توانی ئیستسماری ئەو زیاد کردنە بکەین، بۆیە پرسیارەکە لەوەدایە ئەم پێوەرانە چین کە وا دەکەن؟ ئەگەر بۆ نموونە قسە لەسەر ئەنجومەنی وەزیرانە و بودجەی شارەوانی عەنکاوەی هاتۆتە سەر من بەدیوێکی تردا پێی دەڵێم ئەوە دژی بنەماکانی شۆڕکردنەوەی لامەرکەزیەتە لە هەرێمی کوردستان، بودجەیەك بێ لە پارێزگا بێ لە نزیکترین قائیمقامیەت بێ سەر بە عەنکاوە، با لە قائیمقامیەتی مەرکەزەوە تەمویلی ئەم بابەتە بکرێت بۆ ئەنجومەنی وەزیران؟ لە کاتێك دا بۆ من عەنکاوە جێگەی بایەخێکی زۆرە، چونکە کۆمەڵێك پێدراو وامان پێ دەڵێ کە عەنکاوە خزمەتی زیاتر بکرێت و تایبەتمەندیەکەی ڕەنگدانەوەی هەبێ لە بودجەی هەرێمی کوردستان دا، دواکەوتن و ناردنی بودجە بۆ پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر یەکێك بە هۆکارەکان ئاڵوگۆڕی کابینە بێ من قەناعەتم وایە یەکێکە لە پاساوە هەرە لاوازەکان، بۆ؟ چونکە مەوقفی حکومەت ئەگەر لە ئێستادا بێتە بەردەستی ئێمە بە پێی جەداولەکان بە پێی پرۆژەکان مەوقفی $12/31$ یە نەگۆڕاوە، ئێ باشە با لە کاتی خۆیدا بهاتایە من تەسەورم وایە لە نێوان دوو کابینە دا هەر یەك بەرنامە هەیە کە بەرنامەی لیستی کوردستانیە درێژەدەری یەکترە بە کابینەکان بەیەك ئاراستەش کاردەکەن، ئێمە لەسەر ئەو بنەمایەش دەعمی ڕاستەوخۆی دەکەین، یەکێك لە گرفتەکانی ئەو پرۆژانەی کە ئیقرار دەکرێن لە پەرلەمانی کوردستان ئەوەیەکە وەکو ئەوەی مەتلۆبە بە پێی ئەو جەداولەی کە زەمەنی بۆ دانراوە ناچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، دەلیل بۆ ئەوەش کەڵەکە بوونی پرۆژە بەردەوامەکانە، باشە لە وەزارەتی پلاندانان دەپرسم کە پار ساڵ ئێمە ئیقرارمان کرد بۆ پرۆژە پێشنیار کراوەکان پێویستە دیزاین ئامادە کرابێت، بۆ ئەوەی ئەو کاتەی کە لە پەرلەمانی

کوردستان ئیقرار دەکرێت ڕاستەوخۆ پرۆسەی تەندەرین و ئیحالە وئەمانە بێتە کایەوە، چونکە هەموو ساڵێك لە دواکەوتنی ئەم پرۆسەیە ئێمە دەبێ ئەو تایبەتمەندیانە لەبەرچاو بگرین و ئەو ماوەی لەبەر دەست دایە دەبێ ئیستغلال بکرێت، ئایا دیزاین بۆ پرۆژە پێشنیار کراوەکان کراوە یان نا؟ ئەگەر نەکراوە من لێرە پێشنیار دەکەم ئەمساڵ پرۆژەی پێشنیار کراو نەبێ، هەوڵ بدەین بۆ ئەوەی ئەمەش نەچێتە سەر باری بەردەوامەکانی تر و بەردەوامەکان درێژەی پێ بدرێ و بۆ ئەوەی کە دەخوێندرێتەوە لە هۆڵی پەرلەمان بە بەرجەستە کراوی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تەمەتوعی پێوە بکەن، دەلیل بۆ کەم پلانی، لە هەرێمی کوردستان دا دوو سێکتەری زۆر گرنگ هەیە، یەکێکیان ئاماژە پێ ناکەین ویەکیان ئاماژە پێ دەکەین، بۆ نموونە سێکتەری تەندروستی یەکێکە لەو سێکتەرە گرنگانەی ئێستاکە بە حوکمی کۆمەڵێك هۆکار زیادبوونی نەخۆشی سیل، سەرەتان، شەلەلی دەماغ، پیس بوونی ژینگە، هەموو ئەمانە وادەکات ئێمە تەرکیزی زیاتر لەسەر خزمەتگوزاری تەندروستی بێت، ئێمە پار ساڵ کە بە حاڵێکی خراپ توانیمان ئەو ڕێژەیە بەرینە 5٪ کە بە پێی ستانداردی نێودەوڵەتی بەلایەنی کەمەوە 7٪ بێت بۆچی ئەمساڵ هاتووەتە خوار 5٪ ەوە؟، لە کاتێك دا بودجەی هەندێ وەزارەت و حسەی هەندێ وەزارەت کە هەموو وەزارەتەکان جێگەی بایەخن، دەبینین بە بەراورد بەمە لەڕاستی دا کارەساتە، چونکە لە نێوان سێکتەرەکان دا پرسی ژیان و مان، پرسی تەندروستیەکی باش لە هەموو پرسەکانی تر بە بایەخ تر و گرنگتر و بە هەیبەت ترە، ئێمە گرفتمان هەیە لە گەڵ بەغدا کەسیش نەیشاردۆتەوە، گرفتەکان بە جۆرێك بەرجەستە بووە خەریکە هەڵایەکی گەورە لەناوخۆی عیراق دا دروست دەکات، بەڵام ئایا ئەم گرفتانە دەبنە باعیسی ئەوەی کە ئێمە پەردە لەسەر هەموو ئەو هۆکار و گفتانە دەرنەخەین بە تایبەتیش ئەوەی پەیوەندی بە داهاتەوە هەیە؟، بەشێك لە حسەی بەغدا بە حوکمی ئەو کاردانەوەیە لێرەوە نادرێت، ئەمە لە نێوان ئەم هاوکێشەیە دا کۆمەلانی خەڵکی کوردستان زەرەرمەند دەبن، ئێمە نامانەوێ بچینە چوارچێوەی ئەو ململانێیەی کە دواجار خەڵکی عیراق بە گشتی و خەڵکی کوردستان بە تایبەتی زەرەرمەند دەبێ تیایدا بۆ ئەوەی ئەو سیستەمە بە وازحی جیاواز بێ لەگەڵ ئەو پرەنسیپەی لە بەغدا پەیڕەودەکرێت، ئەو پاشاگەردانیەی کەلە بەغدا هەیە ئێمە دەبێ ئەو داهاتانەی کە لە هەرێمی کوردستانەوە بە دەست دەکەون تێکڕا بێتە هۆڵی پەرلەمان بچێتە چوارچێوەی موازەنەوە و خەڵکی کوردستانیش بە ئاگا بێ لێی و چاودێرێکی حەقیقی بین بەسەریەوە، بۆ ئەوەی هەر کات کاربەدەستێکی حکومەت دەچێتە قەزایەك و دەچێتە پارێزگایەك خۆی بۆ خۆی وەعدی پرۆژە و وەعدی پێدانی تەمویل

نەدا، ئەمە یەکێکە لەو گرفتانەی کە هەیە و بەرجەستەیە لەڕابردوو دا هەبووە و لە ئێستاش دا هەستی پێ دەکرێت، ئەمە بارگرانیەکی گەورە دروست دەکات، بۆیە ئەم بابەتە کە ئێستاکە جێگەی جەدەلە لە نێوان خەڵك و لە نێوان پەرلەمانتاران و نوێنەرانی خەڵك دا بەڕاستی ئەویش ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەر لە هەموو لایەك قازانج مەند دەبێ لەوەی کە ئەگەر فلسێکیش لە داهات دەست ئەم هەرێمە دەکەوێت بهێندرێتە ناو موازەنە، بە هەر شێوەیەك موبەرر نەبێ کە عیراق داوا دەکا و لێمان وەردەگرێ گرفتەکان بە جۆرێك تەجاوزی کردووە لەم بابەتانە تێ پەڕی کردووە، من پێموایە پارەیەك تەرخان دەکرێ لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بۆ کەرتی کارەبا، ئێستا لە هەرێمی کوردستان دا خزمەتگوزاری کارەبا لە ئاستێکی زۆر زۆر باشە، دەست خۆشیەکی زۆر بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و بۆ وەزارەتی کارەبا پێویستە ئەو دەعمەی کە بۆ کڕینی سووتەمەنی بۆ کارەبا دەکرێت نسبەتێکە کە هاتۆتە موازەنە پێویست دەکات هەموو ئەو پشتیوانیانەی کە حکومەت لەڕێگەی پارەوە بۆ بەگەڕخستنی کارەبا بۆ هاووڵاتیان لەویەدا بیهێنێتە ناو موازەنەوە، چونکە ئەوە جوهدە، ئەوە مەسرەف کردنە، ئەوە پارە تیا خەرج کردنە بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵك و بە وازح تر و ڕوونتر بزانن ئەو تێچوونەی ئەو بەردەوامیەی کە هەیە چ حەجمێکە، هەر سەبارەت بە کارەبا و قەرزی حکومەت لای کەرتی گشتی و لای کەرتی تایبەتی ئەمە یەکێکە لەو گرفتانە لەڕاستی دا، من نازانم حەجمی قەرزەکانی حکومەت لای خەڵك چەندە؟ کە لەوانەیە بە ملیار مەزەندە بکرێت، بەڵام دەبێ حکومەت ئەو هەنگاوە بگرێتە بەر، چونکە حکومەت دواجار ئیلزامی خەڵك بە پێویستیەکان لە ڕێگەی حکومەتەوە بۆی دابین دەکرێت، هەروەها ئەم داهاتەش داهاتێکی گرنگە و نابێ نادیدە ببێ، ئێمە ئیعتماد بکەینە سەر سەرچاوەکانی تری داهات و تێکەڵاوکردنی زیاتری بەرژەوەندیەکانی خەڵك و حکومەت و حکومەت و خەڵك، بۆیە ئیسرار کردنەوە لەسەر وەرگرتنەوەی ئەو قەرزانە کارێکی گرنگە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە چوارچێوەی چەند خاڵێك دا وەکو پێشنیار چەندخاڵێك عەرزی جەنابتان دەکەم، بۆ پڕکردنەوەی عجز و کەلێنەکان، ئایا هەرێمی کوردستان دەتوانێ لە بانکی نێودەوڵەتی یان سندوقی دراوی نێودەوڵەتی قەرز بکات؟ بۆ ئەوەی بتوانێ پرۆسەی پەرەپێدان کە ئێستا دەرفەتێکی گونجاوە و ئایندە نازانێ دۆخ بە چی دەگات؟ دەتوانین لە ڕێگەی قەرزەوە ئەم پەرەپێدانە خێراتر بکەین و هەوڵ بدەین ئەو عجزەی کە ئێستاکە هەیە پڕبکرێتەوە، چونکە ئەم هەرێمە بە حوکمی گرێدانی بەرژەوەندی و عەقد لە نێوان کۆمەڵێك کۆمپانیای گەورەی نەوت، ئایا دەتوانین ئەمە بەدی بێنین یان نا؟، کە تەسەورم وایە دەتوانرێ،

خاڵی دووەم تەفعیل کردنی دیوانی چاودێری دارایی و دەزگای چاودێری دارایی یەکێکە لە گرەنتیەکانی بەدی هێنانی شەفافیەت و خەرج کردنی ئەو داهاتەی لە هەرێمی کوردستان دا هەیە بۆ تەواوی سێکتەرەکان بە شێوەیەك لە چوارچێوەیەکی مالی و ئابووری و سیاسەتێکی درەوشاوە دا ڕەنگدانەوەی هەبێ، نەبوونی دیوانی چاودێری دارایی وای کردووە گلەییەکی زۆر لە سەر پەرلەمان و لەسەر پەرلەمانتاران هەبێ، لەسەر لیجانەکانی پەرلەمان هەبێ، قبوڵ کردنی ئەمە لاواز کردنی هەیبەتی پەرلەمانە بە دەرەجەی یەك، دواجاریش هیلاك کردنی ئەدائی حکومەت و هەردوو وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی مالیەشە لە ڕاستی دا تەفعیل کردنی ئەو دەزگایە تەفعیل کردنی کۆمەڵێك مەهامی گشتیە بۆ هەرێمی کوردستان، بەڵام لەڕاستی دا غیاب بوونی ئەم جیهازە کۆمەڵێك ئیستفهامی گەورە لەسەر ناعەدالەتی و لەسەر نا شەفافیەت لەسەر بەهەدەردان دێنێتە کایەوە، لەو ڕوانگەیەوە مەتڵەبی گشتیە، هەموو ساڵێك با ئەمە دووبارە نەبێتەوە، ئێمە دەستوبرد بکەین لە تەفعیل کردنی دەزگایەکی چالاکی بێ لایەن، ئەگەر بێ لایەنیش نەبێ بێ گومان ئەو مەهامانە بەدی ناهێنێ، من پێموایە و باشتر وایە سەرنج و تێڕوانینەکانی پەرلەمانتاران کە لێرەدا ئەوەی جێی ئەکرێتەوە، جێگەی دەست خۆشیە ئەوەشی جێی ناکرێتەوە بکرێتە تەوسیات بۆ حکومەت و بۆ وەزارەتەکان بۆ ئەوەی بە نەزەری ئیعتبار وەربگیرێ تا ئەو کاتەی ئەو دیوانی چاودێریەی دروست دەبێت ئێمە خۆشمان چاودێری دەکەین بۆ ئەوەی بتوانین ئەو تەوسیاتانە بچنە باری جێ بەجێ کردنەوە، لەڕاستی دا دەعم کردن و پشتیوانی کردنی کۆمەڵێ ناوەندی دیراسات و توێژینەوە بۆ مەسەلەی کاری پەرلەمانی، بۆ نموونە ئێمە 3 ساڵە لەم هۆڵی پەرلەمانە دا موناقەشەی میزانیەی گشتی دەکەین، جەدەلێکی گەرم و گوڕ هەیە و هەندێك جار ململانێی سیاسی دێنێتە کایەوە، هەندێك لە پەرلەمانتاران بۆ نموونە خۆم باس دەکەم دەمەوێ بە نوێنەرایەتی ناوچەیەك لە کوردستان دا کۆمەڵێك تروحات بکەم بۆ بەدی هێنانی ئەو ئەرکانەی کە بە پێی یاسا لە ئەستۆمانە کاری لەسەر بکەین، بەڵام دەزگایەکی توێژینەوەی بێ لایەن نیە، ئەم چالاکیانە و ئەم ڕۆڵە کە تەڵەب بکات هەڵبسەنگێنێ بۆ ئەوەی ساڵی داهاتوو لە بەردەست دابێت بە شێوازێکی گونجاو تر و بە میکانیزمێکی پیشەیی تر بتوانین خواستە گشتیەکان بەدی بێنین، کۆمەڵێك پێشنیار کە پەیوەستە بە کوردستان بەشێوەیەکی گشتی و بە دەڤەری گەرمیان دەخەمە بەردەست هەردوو وەزیری بەڕێز و لیژنەی دارایی بەڕێز کە لە محتەواش دا بۆ کۆمەڵێك لە ناوچەکانی تری کوردستان هاوبەشە، ئەوەی کە لەڕێگەی پرۆژەکانەوە دابەش دەکرێت بەسەر پارێزگاکان بێ گومان لەسەر بنەمای فۆرمی خۆراکە، واتە لەسەر

ژماوەی دانیشتوانە، ئەمە بۆ گەرمیان بەشێوەیەکی گشتی نـا عەدالـەتی لێ دەکەوێتـەوە، بـۆ نموونـە قـەزای کەلار کە ناوەندی ئیدارەی گەرمیانە، بە جۆرێك لە جۆرێك لە هەندێ لـە یاساکانی هـەرێمی کوردسـتان دا کە پەسەند کراوە بە هاوشـێوەی پارێزگایـەك تـەعامولی لەگـەڵ دەکرێـت، ژمـارەی دانیشـتوانی 236 هـەزار کەسە، بەڵام بە پێی ئەو بنەمایەی کە پرۆژەی بۆ تەرخان دەکرێت لەبەرئەوەی لەسەر هەرێمی کوردسـتان هـەر خـودی قەزاکـە 72 هـەزاری لەسـەر کـەلار و هـەرێمی کوردسـتان، دەبینـین لێـرەدا ناعەدالـەتی دێتـە کایەوە، چونکە فۆڕمی خۆڕاکی دانیشتوانی ئەو مەنتیقانە بەشێکی زۆری گەڕاوەتەوە بۆ کەرکووك و بەشی زۆری گەڕاوەتـەوە بـۆ دیالـە، بەشـێکی تـری گەڕاوەتـەوە بـۆ تکریـت و دوبـز و ئـەو مەنتیقانـە، بـۆ شـاری خانـەقین 65 هـەزار دانیشـتووی کـەلار فـۆڕمی سـەر بـە دیالـەیان لـە ڕێگـەی خانەقینەوەیـە کـە ئەمـەش لەڕاستی دا بەو پێوەرە ناتوانێ خزمـەت بـەو مەنتیقەیـە بکات، بـۆ نموونـە ئەگـەر دەوتـرێ شارێکی وەکو کەلار خزمەتێکی بەرچاو کراوە خەڵك کە تێ دەپەڕێ لە واجیهە و دیکۆر دا بـەڵێ کـەلار شـارێکە ئێسـتاش جوانە و خزمەت کراوە و ڕەنگدانەوەکانی ئاوەدانی پێوە دیـارە و سیمای شـاری وەرگرتـووە بـەڵام کـە شـۆڕ دەبیتــەوە بــۆ نــاوەڕۆکی شــارەکە کــە 31 گەڕەکــە ئــەو شــارە 17 گــەڕەکی هێشــتاکەش شۆســتە و قــیڕ و پێویسـتیەکانی گـەڕەکی بـۆ نـەکراوە، ئەمـە یەکێکـە لـە پێویسـتیە هـەرە بنەڕەتیـەکانی ئـەو شـارە و ئـەو ناوچەیە داخوازی سەرەکین ئەمساڵ لە پرۆژەی بودجە ئەوەیە ئەوە جێ بەجێ ببێ، چونکە هێشتاکە ئـەو شارە بەو جۆرە ناتوانێ ئەو سیمایەی کـە مەتلۆبـە پێـوەی دیـار بـێ، مەسـەلەی ژینگـە و گرفتـی ژینگـەیی، بەشێوەیەکی گشتی لەناوچە گەرمـەکان و بـە تایبـەتی لـە گـەرمیان دا گرفتێکـی گەورەیـە، دوێنـێ و پێـرێ پلەی گـەرما 48 و 47 بـووە، لەڕاسـتی دا بـۆ چـەند پلەیـەکی تـری پەنجـەی دەسـت تـێ نەپـەڕێ کارەسـات دروست دەبێ، ئەمە جگە لەوەی بۆ مەسەلەی ژینگەیی، بـۆ مەسـەلەی نەخۆشـی هـەموو ئەوانـە کاریگـەری ڕاستەوخۆی کردووە، من پێشنیار دەکەم بودجەیەکی تایبەت تـەرخان بکرێـت بـۆ مەسـەلەی سـەوز کردنـی ناوچە گەرمەکان، بە دارستان کردنی ناوچە گەرمەکان، ئەمە لـە کۆمـەڵێك سـێکتەر و لـە کۆمـەڵێك بـواردا ڕەنگدانەوەی جیا جیای ئیجابی دەبـێ هـەروەها بـۆ نموونـە لـە قەزایـەکی وەکـو دەربەنـدیخان کـە شـارێکی جوانـە هەنـدێ سـیمای گەشـتوگوزاری پێوەیـە، بـەڵام بـە حـوکمی گرنگـی ناوچـەکەی کۆمـەڵێك مـەعاملی دروست کردنی بەردو مەڕمەڕ و گەچ لەسەرووی شارەکە و لە خوارووی شارەکەوە دروست کراوە، با لە هـەر کوێیەکەوە هەڵبکات ئەو شارە ژینگەکەی لەبەردەم مەترسی دایە ڕۆژانـە، پێویسـت دەکات موعالەجەیـەکی ئەمە بکرێت، فلتەرێك هەبێ، بۆ ئەوەی بتوانێ ژینگەی ئەو شارە بپارێزرێ و بودجەیـەك تـەرخان بکرێـت

بۆ دەعم کردنی سێکتەری پیشەسازی لەڕێگەی وەزارەتی مەعنیەوە، پاك کردنەوەی شارو شارۆچکەکان لە خۆڵ و خاشاك بۆ نموونە ئەگەر گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکان تەعامولی لەگەڵ بکرێت دەبینین سێ پارێزگای سلێمانی و هەولێر و دهۆك شارەکان لە ڕێگەی کۆمپانیاکانەوە لە خۆڵ و خاشاك پاك دەکرێتەوە، بەڵام بۆ نموونە مەرکەزی ئیدارەی گەرمیان لەو حاڵەتە بێ بەشە لە کاتێك دا ئیمکانیەتی فەنی شارەوانیەکانی ئەوێ ناتوانێ ئەو مەهامانە بەدی بهێنێ بۆیە پێشنیار دەکەم هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستان ئەم بابەتە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرن، پرسی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی و بۆ گەرمیانیش بە شێوەیەکی تایبەتی زۆر زۆر پەراوێز خراوە، پار ساڵ لە پێشینەکان دا و لە قەرزەکان دا گەشتوگوزار مەبلەغێك تەرخان کراوە پرسیار ئەوەیە ئایا ئالیەتەکە گونجاو نیە کە خەڵکی کوردستان نەیتوانیوە سوود لە ئەم سێکتەرە وەربگرێ؟. یان نا؟ بۆ نموونە لە گەرمیان دا بە حوکمی هەبوونی ڕووبار و کۆمەڵێ شوێنەواری گرنگ ئیمکانی دەعمی گەشتوگوزاری زۆر زۆرە، بەڵام ئەمە هەست پێ کراو نیە ئومێدەوارین لەم بارەیەوە حکومەت ئەم بابەتە لەبەرچاو بگرێ، کردنەوەی زانکۆی گەرمیان لە پرۆسەی کردنەوەی زانکۆکانی کوردستان یەکێك بووە لە بەرنامەکانی لیستی کوردستانی لە چوارچێوەی فراکسیۆنی کوردستانی دا کاری لەسەر کراوە و بەدی هاتووە، چونکە گەرمیان هەم وەکو مەنتیقە لەڕووی ستراتیجەوە و هەم وەکو ژمارەی خوێندکار و کەفائاتی عیلمی ئێستا بەرەو زانکۆیەکی کامڵ دەچێ، بەڵام لەڕووی پێداویستیەکانی ترەوە لە بیناو شوێن و موستەلزەماتەوە لەڕاستی دا زۆر کەموکوڕی هەیە، ئەو کەموکوڕیانە پێویست دەکات لەبەرچاو بگیرێ، چونکە تموحێکی گەورە تر هەیە لە ئایندە دا ئەم جامیعە و خەڵکی ناوچەکانی تری دەوروبەر لە بەغدا و لە دیالە و تەنانەت لە کرماشان، لە کەرکووك و لە شوێنەکانی ترەوە بێن لەوێ بخوێنن، لە ساڵانی ڕابردوو دا بۆ دەعمی ئەو ناوچانەی کە نزیکن لە ناوچە کێشە لەسەرەکانەوە بۆ نموونە شارۆچکەیەکی وەکو جەلەولای تەعریب کرا و دروست کردنی 600 خانوو لە کوڵەجۆی نزیکی جەلەولا پشتیوانیەکی بەهێزە بۆ نزیك بوونەوەی کوردستانیان بە ئاڕاستەی کەم کردنەوەی تەعریب، دەعمێکی زۆر زۆر باش بوو و مەهامی خۆی پێکا، بەڵام لە تەنیشت ئەوەوە دوو شارۆچکەی تری تەعریب کراو هەیە قەرەتەپە و جەبارە، قەرەتەپە و جەبارە ئێستاکە حسەی کورد لەوێ نزیکەی دە لەسەد بۆ پێنج لەسەدە، دوو ناوچەی گرنگ هەن کە هیچیان کەمتر نیە لە قەرەتەپە و جەبارە کە ناوچەی نارین و قەرەیاتاغن، ئەگەر هاوشێوەی کوڵەجۆ پرۆژەی دروست کردنی خانوو بۆ ئەو مەنتیقانە بێتە کایەوە من تەسەورم وایە لەڕووی نەتەوەیی و

لەڕووی بەدی هێنانی مەهامەکانی ماددەی 140ی ستراتیجیەوە کە هەموومان ئیدیعای دەکەین دەتوانێ خزمەتێکی باش بکات، لە دابین کردنی بودجە بۆ ناوچە زیان لێ کەوتووەکان تەرحێکی زۆر زۆر باش بوو پار ساڵ بە مەبلەغێك ئیقرار کرا، بەڵام ئەمە بەشێکی زۆر لە شار و شارۆچکەکانی گەرمیان ڕەنگدانەوەی نەبوو، هۆکارەکە هەر چیەك بێ، بۆ نموونە بۆ ناحیەی قۆرەتوو وناحیەی مەیدان، ناحیەی بەمۆ، شێخ تەویل و کۆمەڵێ ناوچە و شار و شارۆچکەی تر بۆ سێکتەری کارەبا ئەو گوژمەیە تەرخان کرا، بەڵام دوای ئەوەی سێ جار ئیعلانی بۆ کراوە و سێ جار ئاڕاستە کراوە نەتوانراوە بچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە بۆ دابین کردنی کارەبا بۆ گوندنیشینەکانی ئەومەنتیقەیە، ئەگەر ئالیەتێکی باشتر نەبێ تەسەورم وایە تەرخان کردنی ئەو گوژمەیە تەدویر دەبێتەوە بۆ شوێنێك کە دواجار لە دەرەوەی ئیرادەی پەرلەمانی کوردستان خەرج دەکرێت، زیاد کردنی سولفەی عەقار بۆ گوندەکان بۆ 25 ملیۆن یەکێکە لە مەتڵەبە گشتیەکان، زۆربەی ئاڕاستەی گوتارەکانمان بۆ ئەوەیە کە بودجەی وەبەرهێنان زیاد بکەین و ئەوەی تر کەم بکرێتەوە، بەڵام بۆ مەسەلەی پێدانی 25 ملیۆن دینار بۆ گوندەکان لەڕاستی دا خزمەتی کەرتی کشتوکاڵی دەکات و خزمەتی کەرتی ئاژەڵداری دەکات، مەسەلەی بەرفرە بوونی بەرهەم و دۆزینەوەی کار و بە تایبەتی بۆ ناوچەیەکی وەکو گەرمیان ئەمە یەکێکە لە مەتڵەبە گشتیەکان و یەکێکە لە مەتڵەبە سەرەکیەکان و گوندەکانی گەرمیان بە بەراورد بە هەموو گوندەکانی کوردستان کاول تر و وێران ترین گوندی کوردستانن، بۆیە یەکێکە لە چاوەڕوانیە گرنگەکانی پەرلەمانی کوردستان کە ئەم بابەتە ئیقرار بکات، چونکە دواجار ئەمە قەرزیشە و تەدویر دەبێت و دەگەڕێتەوە، بۆیە ئومێد دەکەم تەرەدودی تێدا نەبێ، دامەزراندن بە سیستمی نوێ کە دوو ساڵە پەیڕەو دەکرێت ئەمە دەعمێکی باشە توانیویەتی تا ئاستێکی باش عەدالەت بهێنێتە دی، لەوەی کە تەزکیەی حزبایەتی ئەو بابەتەی کە نامەقبولە کەمتر ڕەچاو بکرێت، بەڵام ئەم بابەتەش بێ گرفت نیە، لێرەو لەوێ کەلێن هەیە، بۆ نموونە لە گەرمیان 239 دەرچووی زانکۆ هەن پار ساڵ لەم پرۆسەیە موقابەلە کراون و موونافەسەیان هەبووە و سیڤیان کراوە و دەرچوون، بەڵام گرفتێك هەیە هێشتا لە نێوان وەزارەتی پەروەردە و ئەنجومەنی وەزیران دا نازانین لەسەر چ بنەمایەکە بۆیە داخوازیمان ئەوەیە لەو 17 هەزار میلاکەی کە ئەمساڵ پەرلەمانی کوردستان بە نیازە ئیقراری بکات جێ بکرێتەوە، کەرتی شوێنەوار لە سیاسەتی حکومەت دا من تەسەورم وایە زۆر پەراوێز خراوە، دەلیل بۆ ئەوە قەزایەکی وەکو کفری لە گەرمیان دا یەکێکە لە قەزا هەرە دێرینەکانی کوردستان و ناوچەیەکی شوێنەواری زۆر زۆر گرنگە سێ کابینەی حکومەتە بەڵێنی ئەوە دەدرێت قەیسەری کفری

نۆژەن بکرێتەوە، ئێستاش نۆژەن دەکرێتەوە، ئەمە بۆ؟ هەمووشمان بیستوومانە لە کاتێك دا ئیمکانیەتێکی ئەوەندەی تێ ناچێ، ئەمە دەرخەری حەقیقەتێکە کە مەسەلەی شوێنەوار جێگەی بایەخ نیە، بۆ خودی کفری بە بەراورد لەگەڵ هەموو شارەکانی تری کوردستان دا کە بە پێی پلان، بە پێی ئەو فرسەتەی کە هەیە ئاوەدانیەکی زۆر و قەرەباڵغیەکی زۆر لە شارو شارۆچکەکان داهەیە تاکە شار لەم کوردستانە کفریە ژمارەی دانیشتوانی کەم بێتەوە، خەڵك چۆڵی دەکات، داوا کراوە کۆنفرانس ببەسترێ، داوا کراوە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمە دیراسە بکات، ئێمە خۆمان وەکو چەند پەرلەمانتارێك وەکو خەڵکی مەنتیقە لەڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانەوە چەند مانگێك پێش ئێستا داوامان کردووە و داوامان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، بەڵام هێشتا کاری پێ نەکراوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە پار ساڵ لە تەسدیق کردنی موازەنەی گشتی دا 10٪ی مووچەی پەرلەمانتارانمان کەم کردەوە بۆ سندوقی شەهیدان، بەڵام ئایا ئەم بابەتە توانی جێی خۆی بگرێ، بە تێڕوانینی من لەلایەن وەزارەتی شەهیدانەوە باش بەکارنەهێنرا، نەیتوانی جێی خۆی بگرێ، ئێمە بەو مەهامە ئەوەمان دابین کرد بۆ ئەوەی خزمەتی کەسوکاری شەهیدان بکات، بەڵام دەبینین بەحوکمی کۆمەڵێك ئالیەت کە پەیڕەو دەکرێت لە هۆڵێك دا 60 ـ70 وارسی شەهید کۆ دەکرێتەوە لە زەرفێك دا مەبلەغێکی بەسیتیان دەدرێتێ، دەدرێنە کە ناڵەکانی ئیعلام و من ئەمە بە ئیهانە دادەنێم بۆ کەسوکاری شەهیدان، بۆیە ناکرێت ئەو بابەتە ببێتە مادەیەکی ئیعلامی، کەسوکاری شەهید و خاوەنی قوربانیەکان زۆر لەوە گەورەترن، دەبوو ئەوە بۆ پرۆژەیەك بایە و بە جۆرێکی تر ئیستیسمار بکرایە، من پشتیوانی ئەو بۆچوونە دەکەمەوە ئەگەر ئەمساڵیش ڕێژەکە زیاتر بێ لە مووچەی تایبەتەکان بە پەرلەمانتاریشەوە ببڕدرێت، بەڵام دڵنیا بین لەوەی بۆ سێکتەرێکی گونجاو تر بەکاربهێندرێ، نەك ئەوەی کە ساڵی پار بینیمان، گەرمیان بە حوکمی نەبوونی تاپۆ، کۆمەڵێك گرفتی گەورەی هەیە، ئێستا بۆ پێدانی سلفەی عەقار پشکی سەرەکی دەبەسترێ بە هەبوونی تاپۆ، ناحیەیەکی وەکو باوەنور، ناحیەیەکی گەورەی وەکو رزگاری بەشی هەرە زۆری قەزای کەلار و شوێنەکانی تر، بەشێکی چەمچەماڵ، هەموو ئەمانە بێ بەشن لە تاپۆ، دە ساڵە ئەم پرۆسەیە نەیتوانیوە جێی خۆی بگرێ، لە کاتێکدا ساڵ بە ساڵ ئەو چاوەڕێیە بۆ ئەوەی بتوانێ ماڵی خۆشتر بکات و سوود لەو ئیمکانیەتە وەربگرێ کە حکومەت لە ڕێگەی پەرلەمانەوە کە ساڵانە ئیقراری دەکات، ئەم بابەتە گرفتێکە و پێویستە چارەسەر بکرێت، وەزارەتی دارایی بەڕێز دەتوانێ هاوپشك بێ لە جێ بەجێ کردنی ئەو مەهامانە و بەدی هاتنی ئەو مەهامانە، لەڕاستی دا قسە زۆرە، بۆیە دوا

پێشنیارم ئەوەیە لەبەرئەوەی هێشتا کات ماوە سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەڕێز بودجەی پێشنیار کراوی ئەمساڵ و ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و لیجانەکانی تر لە سایتی پەرلەمان دا داببەزێنێ بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کورستان بتوانن باشتر لە گفتوگۆکانی ئێرە تێ بگەن و ئەوەش بەشێك بێ لە پرۆسەی شەفافیەتو سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سمیرە خان یەك دەقە ئیجازە بدە، کاك دکتۆر فەرموو.

**بەڕێز د.علی سندی (وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، وابزانم بە پێی پەیڕەوی ناوخۆش ئەگەر پرسیارێك ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی وەزیرەکان کرا بۆمان هەیە بەس ئەو پرسیارە جواب بدەین، چونکە بەڕێز کاك سالار تێبینی و پرسیاری زۆر بوو، مومکینە لە کۆتایی دا وەڵام بدرێتەوە، بەڵام یەك پرسیاری ئاڕاستەی ئێمە کرد وەکو وەزارەتی پلاندانان، ئەویش مەسەلەی دیزاین لە نەبوونی و ئەوەی کە پار لە کاتی موناقەشە کردنی میزانیەی ساڵی 2011 ئەو شتە باسکرا وبڕیار درا کە هیچ پرۆژەیەك نەیەت ئەگەر دیزاینی نەبێت، بە حەقیقەت من لێرە دەمەوێت وەڵامی ئەو خاڵە بدەم، بە تەنها ئەو خاڵە، ئەویش ئەوەیە کە بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان حەقیقەتێك هەیە کە دەبێت پێکەوە کاری لەسەر بکەین ئەویش بە نیسبەتی هەر پرۆژەیەك کە لە سەرەتاوە دابین کردنی زەویە کە کۆمەڵێك کێشە هەیە و ئەوە حەقیقەتە و دەبێ لەبەرچاوی هەموو لایەك بێ و تەنانەت لیجانی موختەس لە لیجانی بەڕێز پەرلەمانیش هاوکار بن و چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، ئینجا دوایی ئەوە مەسەلەی دیزاینە، ئینجا دوای ئەوە مەسەلەی تەندەرینگە، ئینجا بێجگە لەمانەش ئەو یاسا و ڕێسا و ئەو قەوانینانەی کە هەن تەنزیم دەکەن چ لە ڕێنمایی ژمارە 1ی ساڵی 2011 ی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان و چ لە شروتی عامەی مقاوەلات، یان هەر یاسایەکی تری کە پەیوەندی پێوە هەبێت، ئەمە خۆی لە خۆیدا ئێستا کە ژمارەی پرۆژەکان زیاد بووە، بووە بە کێشەیەکی گەورە لە ئەدای کاروباری حکومەت دا و پێویستی بە چارەسەری هەیە، کە دێینە سەر مەوزوعی دابین کردنی زەوی، چونکە بەڕێزیان پرسیاری کرد گوتی ئەگەر پرۆژە پێشنیار کراوەکانی ئەمساڵ دیزاینیان هەیە یان نیە ئەگەر هەیە پێشنیاری ئەوەی کرد کە ئەو پرۆژانە

لابرێن، پێشنیارەکەش لە جێی خۆیەتی و حەقیقەتەکەش دەبێ تۆزێك تەوزیح بکرێت، کە دێینە سەر مەسەلەی زەوی بەرێزان زۆربەی زەوی هەرێمی کوردستان ئێستا کە لەژێر ئیدارەی هەرێم دایە، کێشەی تەسویەی هەیە و ئەمە مەوزوعێکە کە زیاتر لە50 ساڵە کێشەیە لە ناو هەرێمی کوردستان داو تەنانەت بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی تری عیراقیش تەسویە پێشی ساڵی 61 لە شوێنەکانی تر دەستی پێ کردووەو ساڵی 61 کە گەیشتە هەرێمی کوردستان ڕاگیرا لەبەر بارودۆخی سیاسی و وەکو بڕیارێکی سیاسیش بۆ ئەوەی کێشەی زەوی لە هەرێمی کوردستان بمێنێتەوە، ئێستاش هەر دائیرەیەك وهەر وەزارەتێك کە پرۆژەیەك دەست پێ دەکات وەکو ئاگادارن یەکەمین مەوزوعیان چارەسەر کردنی کێشەی زەویەکەیە و تەعویزاتەکەیەتی ئینجا دوای ئەوە هەتا دێیتە سەر مەسەلەی دیزاین، کە دێیتە سەر مەسەلەی دیزاینیش ئێمە وەکو جەنابتان دەزانن خۆ ئەگەر ئێستا ئەو پرۆژانەی ئەمساڵ کە پێشنیار کراوەکان ئەگەر هەر هەمووشیان فەرەزەن بێ دیزاین بن، کە دیزاینیان بۆ دروست دەکرێت خۆ دەبێت بودجەیان بۆ تەخسیس بکرێ، ئەگەر بۆچوونێکی وا هەبێت کە دیزاین لەسەر تەشغیلی چارەسەر دەکرێت ئەوە دەبێت بەرچاو ڕوونیەك هەبێت، چونکە ئەوە ئەو وەختە ئەویش ئیزافە دەبێتە سەر تەشغیلی، ئەو خوشك و برا بەرێزانەی کە پەیوەندیان بە کاروباری هەندەسیەوە و تەجروبەیان هەیە و ئەندامی پەرلەمانی بەرێزن حەق وایە کە ئیش لەسەر ئەم بابەتە زیاتر بکەن نەك تەنها لە کاتی بودجە دا، چونکە ئەمە کێشەیە، ئێستا پرۆژە هەیە کە داخل کراوە وەکو جەنابتان دەزانن ئێستا بەعزێك لە موئەسەساتی حکومەت کە پرۆژەکە تەقدیم دەکات پرۆژەکە هەم دیزاینە و هەم جێ بەجێ کردنە، یەعنی هەردوو کۆمپۆنێنتەکەی لەخۆ گرتووە، رەقەمی کۆی گشتی پارەکە زۆرە ئەوەی کەتەخسیس دەکرێ تەنها دیزاینە و بۆ مودەتێکی موعەیەن وایان داناوە، تەبیعی ئەمەش بە مەراحلی خۆی تێ دەپەڕێ و ئینجا حەق وایە، بەڵام ئێستا لیستی پرۆژەکان دێنە بەردەم پەرلەمانی بەرێز، حەق وایە لیجانی موختەس چ لە مەوزوعی ئەرازی چ لە مەوزوعی دیزاین لە لیجانی هەندەسی لەناو پەرلەمان دا ئەو شتانە یارمەتی حکومەت بدەن و یەعنی شتەکان لێك جودا بکرێنەوە، ئەگەر مەقبول نیە پرۆژە بە دیزاین وجێ بەجێ کردنەوە وەکو پرۆژە پێشنیار بکرێت بۆ ئەوەی ئێمە لەسەر ئەوە بچین، ئەگەر ئەوە مەقبولە هەندەسیەن و بەشێوازی کارکردنی ئەم سەردەمە، ئەمە شتێکی تەبیعیە و ئەوە دەبێ تەبیعی بمێنێتەوە، ئەگەر تەنها ئێمە 495 یان 496 پرۆژەی پێشنیار هەیە، من موتەئەکیدم یەعنی بە دڵنیایەوەش بە جەنابتان دەڵێم بە دەقیقی ئێستا ناتوانم بڵێم بەڵام هەیە کە دیزاینی تێدا نیە، بەڵام هەیە کەدیزاین لە زمنی پرۆژەکەشە، هەیە

مومكینـه پرۆژەكـه بچووك بێـت و بـەو شـكڵەی كـه كەلیمـەی دیـزاین پێویسـت دەكـات كـه مەبلـەغی بـۆ تەخسـیس بكرێـت و ئـەوە پێویسـت بكرێـت ئەوانـەی كـه دیزاینیـان هەیـە حەقـە لیجـانی موختـەس لـە پەرلەمانی بەڕێز بە درێژایی ساڵیش بەرچاوی ئێمـەش ڕوون بكەنـەوە، هـەروەها وەزارەتـە مەعنیـەكانیش یارمەتیان بدەن كە ئەو مەوزوعە چارەسەر بكرێت و حەسم بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالار تەنها یەك دەقیقە فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە ئیجازەی جـەنابتان، بـەڕێز وەزیـری پلانـدانان، پەرلـەمانی كوردسـتان بەدواداچـوونی كـردووە، هـەم لـە ڕێگەی لیژنەكانەوە و هەم لەڕێگەی ئەندامانیشەوە و ئەو بابەتەشمان لەیەك جودا كردووەتـەوە، بۆیـە پـار ساڵ لە میزانیە دا داوامان كـرد كـە میزانیـە پەسـەند كـرا لەسـەر جێ بـەجێ بـوونی میزانیـە و داخـوازی پەرلەمانتاران ڕاپۆرتی 4 مانگی لەڕێگەی وەزارەتی بەڕێزتانەوە بێتە پەرلەمانی كوردستان، بەڵام ئێمـە لـە لیژنەكان ئەو ڕاپۆرتانەمان نەبینیوە، بۆ نموونە چەندین جار داوامان كـردووە گرفـت و یـەعنی مەسـەلەی تاپۆ نا، ئەو زەویانەی كە سەد مەترین سـەهمیان هەیـە و خـەڵكی خـاوەن مـوڵكی سـەد مـەتری بـێ گومـان دەخلی كەمترە بە پێی مەنتق، بۆ خەڵكی خاوەن زەوی دوو سەد مەتری بیگرێتەوە پێشینەكە سەد مـەتری نەیگرێتەوە، ئەم بابەتە بۆ عیلاج نەكرێ؟، ئایا پلان هەیە بۆ ئەمە یان نا؟ بێ گومان كە نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سـەرەتا پشـتگیری پێشـنیارەكانی فراكسـیۆنی كوردسـتانی دەكـەم و دەسـت خۆشـی لـە هاوكـارانم دەكـەم لـە لیژنەی دارایی و ئابووری بۆ ماندوو بوون لە ئامادە كردنی ڕاپۆرتی خۆیـان و هەڵسـەنگاندنی ڕاپۆرتـەكانی لیژنەكانی پەرلەمان لـە هـەمان كاتـدا جێگـای خۆیـەتی دەسـت خۆشـی لـە وەزارەتـی دارایـی و هـەموو ئـەو

بەڕێزانە بکەم کە دەستیان هەبووە لە ئامادە کردنـی بودجـەی سـاڵانەی وەزارەتـی پلانداناتیشـەوە، کـە بـێ گومان ئامادەکردنی بودجـەی سـاڵانە جگـە لـەوەی کـە کـاتێکی زۆر و فراوانـی دەوێـت بـۆ خـۆی هونـەرێکی گـەورە و گرانـە خـوای گـەورەش لـە وتـاری پڕحیکمـەت و مـەغزای خـۆی فەرمویـەتی (لا تبخسـوا النـاس اشـیاءهم) نـابێ ئێمـە مانـدووبوونیان بـە سـووك وەربگـرین یـان بەهەنـدی وەرنـەگرین، جـەنابی سـەرۆکی پەرلەمان من دەمەوێ لەم دەرفەتـە دا ئامـاژە بـە چـەند ڕاسـتییەك بکـەم هیـوادارم بتـوانم لـەم مـاوەی کـە تەرخان کراوە بۆم چەند خاڵێك بخەمـە سـەر پیتـەکان، یەکـەم/ سـاڵانە ئێمـە بـاس لـە دواکـەوتنی بودجـە دەبینەوە، لە حاڵێك دا پاریش ئەو هۆشیاریەمان دا کە پێویستە لە کاتی خۆی دا پێش تـەواو بـوونی سـاڵی دارایـی بودجـە بگاتـە پەرلـەمان، ئەمـە بۆخـۆی پێچـەوانەی پرنسـیپەکانی پەرلـەمان و عـورفی دانـانی بودجەیە، لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە پێش کۆتایی ساڵی دارایی بودجەی خەمڵێنراو بنێرێتـە پەرلەمان، دووەم/ سەبارەت بە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی وێڕای دەست خۆشی لە جەنابی وەزیر دەکەم، ئەو ڕاپۆرتە دەبووایە بە ژمارە و داتاو بەیاناتی ناو بودجەکە بگاتە گوزارشـتی کـاری بنیـات، تـا سـەرئەنجام تـێ بگەین کە حکومەتی هەرێم بە پلەی یەکەم وەزارەتی دارایی ئـەو سـامان و داهاتـە چـۆن بـەکاردەهێنێ، بـە ئاڕاستەی بناغەدانان بۆ ئابووریەکی نیشتیمانی پتەو چی دەکات؟، سێیەم/ کە دێینە سەر ڕاپۆرتی لیژنـەی دارایـی ئـەویش بـە هـەمان شـێوە بـە حـوکمی پیشـەیی و ئاسـتی ڕەوشـی داتایەکانـدا هـاتووە لـە هەنـدێ کەموکوڕتی بێ دەنگ نەبووە، بەشێوەیەکی کوردی ڕاپۆرتەکەی لە هەڵسەنگاندنی ڕیشەیی بودجەی هەرێم دابێ دەنگ نەبووە، کە قاعیدەیەکی بنەڕەتیشە کە دەڵێت (لاینصب لساکت القول) لەگەڵ ئەوەشـدا لیژنـەی دارایی کۆمەڵێك پێشنیازی لە ڕاپۆرتەکەدا کردووە کە بـێ گومـان پشـتگیریان لێ دەکـەم، چـوارەم/ ئایـا سـوڕ بوونمان لەسەر ماڵ و سامانی خـەڵك تەئکیـد لەسـەر بنـەمای شـەفافیەت ئـەوە نـاخوازێ بڵێین بودجـە بـە شەفافیەت دەڕوات، ئێمە تەگبیر و ڕاوێژ لەسەر ماڵ و سامانی نەتەوەییمان دەکەین و هەروەها کە قەولـەك هەیە و دەڵێت (لا مال لمن لا تدبیر له) گەورەترین تـەگبیر ئەوەیـە دەبـێ ئێسـتا هاوسـێ لـە نێـوان داهـات و خەرجیەکان ڕەچاو بکەین، پێنجەم ساڵانە تێبینی دەکەین کە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگـانی لـە بڕی بودجەی و پێگەیاندنی دا نـەخشـەی ئـابووری کوردسـتان لاواز ولاواز تـر دەبـێ، بەڵگـەشمان ئـەو ڕێـژە کەمەیە کـە تـەرخان کـراوە بـۆ وەزارەتـەکانی کشـتوکاڵ و پیشەسـازی و بازرگـانی، هـەروەها گەشـتوگوزار و شـوێنەواریش زۆر ئیهمـال کـراوە، گەشـتوگوزار، هەرێمەکـەمان هـەر بـە خـۆی هـەرێمێکی گەشـتوگوزاری و کشتوکاڵیە و پێویسـتە زۆر گرنگـی پـێ بـدەین، چـونکە نـەفت هـەتا سـەری بـۆ مـان نامێنێتـەوە، شەشـەم/

گرنگی دان به کەرتی پەروەردە و خوێندنی باڵا لە بودجەکە دا کە پێکەوە 16,67٪ کە دەکاتە (یەك ترلیۆن و حەفت سەد و نەوەد و یەك ملیار و چوار سەد و هەشتا و پێنج ملیۆن) بودجەیان بۆ دابین کراوە مایەی دڵخۆشیە، بەڵام تەنها ئەو گرنگی دانە بەس نیە بۆ بەهێز کردنی ئەو دوو وەزارەتە گرنگە، لە هەمان کاتدا پێویستە ئاوڕێکی جدی لە گوزەران و ژیان و حورمەتی زیاتر بەخشین بە مامۆستایانی پەروەردکاران و فەرمانبەرانی پەروەردە و خوێندنی باڵا و قوتابیان و خوێندکاران و خێرخوازان بدرێتەوە، لەگەڵ پاك و خاوێنی و پاراستنی ژینگەی قوتابخانە، حەوتەم/ سەرنج بدەین بە پرۆژە بەردەوامەکان ئەگەر بەو شێوەی ئێستا کار بکەین واتە بودجەی ساڵانە لە مەوعیدی خۆی دا دوابکەوێ واتە هەمیشە جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان بکەویتە بەر ڕەحمەتی زەمەن و تەندەر و مقاول و موهەندس و ڕۆتینی ئیداری ئەوە دەبێت ساڵی داهاتوو پرۆژەکانی ئەم ساڵیش بچێتە ڕیزی پرۆژە بەردەوامەکان کە ئەمەش نیشانەی ناکارا بوون و بەهەدەرچوونی کات و کارە، زۆرێك لە پرۆژەکان لە کاتی جێ بەجێ کردنیان زیاتر لە یەك ساڵی زیاترە کەچی ئێستاش بەسەرەوە دەست بەکار نەبوون، بەشێك ئیحالە نەکراون و بەشێکیان تازە تەندەریان بۆ کراوە، بۆیە پێشنیار دەکەم وردەکاری زۆر و زۆرتر چاودێری تەواوی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان بکرێت، چونکە دووبارەبوونەوەی ئەم دیاردە دەبێتە مایەی نیگەرانی، نموونەش زۆرە لەسەر ئەوەی کە موستەشفاکان هەیە و سایلۆ هەیە و کوا تا ئێستا جێ بەجێ نەکراون، هەشتەم/ میلاکات وەك ئەوەی کە دیاری کراوە 17 هەزار دەرەجەی وەزیفی هەیە ئەگەر بەشێوەیەکی هاوسەنگ و بە پێی پێویستی دابندرێت خزمەتێکی باشی گەلەکەمانی پێ بکەین، لەم ئاراستەدا داواکاری لە بەشی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا و ئەوقاف و تەندروستی و ڕەچاوی ڕەگەزی نێر و مێ بکرێت، هەر لە موازەنەی ساڵی 2012 ی حکومەت ئیراداتی حکومەتی هەرێم نووسراوە کەواتە وەزارەتی ئەوقاف 836 ملیۆن دینار داهاتیەتی، لەکاتێك دا وەزیری ئەوقاف ڕای گەیاندووە کەوا داهاتی وەزارەتی لە ساڵی 2011 زیاتر لە ملیارێك و چوار سەد ملیۆن دینار بووە، وە ساڵی 2012 ش ئەم داهاتە لە دوو ملیار دینار نزیك دەبێتەوە، بۆیە نازانم ئەم داهاتەی وەزارەت بە چ پێوەرێك بۆ ساڵی 2012 جێگیر کراوە؟ لە ئیراداتی وەزارەتی ناوخۆ کە زیاتر لە 33٪ ی ئیراداتی ساڵێکی حکومەت پێك دەهێندرێ، تەنها لە حەقلی زەرائیب دا بەڕوونی مەبلەغی داهات هاتووە، ئیتر هەموو داهاتی ئەم وەزارەتە لە حەقلی ئیراداتی ئوخرا دیاری کراوە، ئەمەش ڕەنگە جۆرێك لە ناشەفافیەتی پێوە دیار بێ، بۆیە باشترە داهاتەکانی وەزارەتی ناوخۆ بە تایبەتی رسومات و غرامە ڕوونتر دیاری بکرێت، لە خەمڵاندنی داهاتی حکومەتی

هـەرێم بـۆ سـاڵی 2012 داهـاتی وەزارەتێکـی کشـتوکاڵ بـە نزیکـەی 2٪ گشـتی حکومـەت خـەملێنـراوە، لەبەرامبەر داهاتی وەزارەتێکی وەکو وەزارەتی داد بەزیاتر 8٪ خەملێنراوە، ئایا ئەمە جێگای سـەرنج نیـە؟ لە کاتێك دا خەڵك چاوەڕوان دەکات داهاتی حکومەت لـە وەزارەتـی کشـتوکاڵ ڕێژەیـەکی زۆر داهـاتی گشـتی حکومەت بێ، هـەروەها پێشـنیارەکانم دانـانی میکـانیزمێکی گونجـاو و دیـاری کـراو بـۆ وەرگرتنـی ئـەو بـڕە پارانەی کە هەتا ئێستا لـەلای حکومـەتی عیراقـە، حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان لیژنـەیـەك دروسـت بکـات پێداچوونەوە بۆ ئەو هەموو دەرماڵانە و ڕەچاوی داواکاری چین و توێژەکانی بە عەدالـەت بکـات، بـەردەوام بـوون لەسـەر خزمـەت کردنـی ناوچـە دابڕاوەکـان وەکـو زمـار و شـنگال و مـەخمور و هتـد.. دابـین کردنـی خزمەتگوزاریەکان و کارەبا و تەعین کردنی هاووڵاتیان و جێ بـەجێ کردنـی پێداویسـتیەکان، زیـاد کردنـی سلفەی عەقاری و گوندەکان بۆ 25 ملیۆن، بـەردەوام بـوون لـە سـەرف کردنـی بیمـەی بـێ کـاری و بـە پێـی پەیمانگای وەزارەتی پەروەردە و ئەوقاف و تەندروستی و کشتوکاڵیش بگرێتەوە، پشتگیری ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان دەکـەم، زیـاد کردنـی ڕێـژەی دروسـت کردنـی خـانوو یـان زەوی بـۆ وارسـی شەهیدانی سەنگەر، شەهیدانی هاووڵاتیش بێ بەش نەبن لەم خانوو و زەوییە و ئەو ئیمتیازاتە، ئـەوانیش هـەر بـە هـەمان شـێوە منداڵـەکانیان مـەحرومن لـە حـەنانی بابیـان هـەر بابیـان شـەهید بـووە، پشـتگیری پێشنیازی لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئـاینی دەکـەم بـە ڕەچـاو کردنـی بنـەمای دادگـەری و هاونیشـتمانی بوون بۆ پێدانی پرۆژە و جێی گونجاو بۆهاووڵاتیانی برایانی ئێزیدی و مەسـیحی، داوا دەکـەم لـە بودجـەی ئەمساڵ دا زیاتر گرنگی بە ڕێگاوبان و قەزا و ناحیەکان بدرێت، هـەروەها گونـدەکانیش ببەسـترێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دیارە منـیش وەکـو هاوکـارانم زۆر سـوپاس، دەسـت خۆشـی لیژنـەی دارایـی و ئابووری دەکەم بۆ ئەو ڕاپۆرتە تێروتەسەلەی کە بەڕاسـتی خسـتیانەڕوو، هاوکـارانم ڕای زۆر ئیجـابی و ڕای زۆر باشیان دەربڕی، هەرچەندە هەندێ لە ڕایەکان لـە نـاوەڕۆك دا یـەك بـوون، بـەڵام بـە سـیاغەی جیـاواز هیوادارم سەرجەم ڕاکان لە خزمەتی نەهێشتنی کەموکوڕیەکان داین، سەرەنجام بودجـە دەدرێتـە خزمـەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، دیارە جەدەلێکی زۆر لەسەر بودجەی تەشغیلی و هەڵاوسـان و دامەزرانـدن لـە

دامودەزگاکـان و هۆکـاری ئەمــە جـەنابی وەزیـری پلانــدانان گەڕاندیــەوە بـۆ ئــەوەی کـە ئەولەویــەت لـە کوردسـتان دا دراوە بـەوەی کـە فەرمانبـەران و مووچـەی فەرمانبـەران و تەئسـیرێکی زۆری لـەو مەسـەلەیە کردووە، بەڵام لە ڕاستی دا جەنابی وەزیر چارەسەری ئەو حاڵەتەی دەست نیشان نەکرد لـە کاتێکـدا سـاڵانە ئەو ڕێژەیە ڕوو لە زیادبوونە و هەزاران هەزار دامەزراوی تازە بخرێتە سەر ئەو سوپا گەورەیەی کـە ئێسـتا لە دامودەزگاکانی حکومەت هەیە وبەداخەوە دەیڵێم کە مووچە وەردەگرن لـە دامودەزگاکـان و لـە دەرەوەی دامودەزگاکانیش بە بێ ئـەوەی کارێکی بەرهـەمهێن بـێ، ئـەوە مەعلومـە لای هـەموو لایـەك، دیـارە ڕژێمـی بەعس سیاسەتێکی تایبەت بـە کوردسـتانی هـەبوو، کـە خـەڵکی بەرهـەمهێنی لـە شـوێنەکانی کوردسـتانەوە دیـارە ئـەم سیاسـەتە تایبـەت بـوو بـە کوردسـتان، دەیهێنـان لـە دامودەزگاکـان مووچـەی بـۆ دەبڕینــەوە و کەڵەکەی دەکردن بۆ ئەوەی کاتی خۆی ئـەو بەرهەمـەی کـە هـەیان بـوو ئێسـتا نـەمێنێ و بـبن بـە خـەڵکی موستەهلیك، فعلەن وای لێ کردن، بەداخەوە دەیڵێم ئیدامـەی ئـەم سیاسـەتە پـێم وایـە یـەعنی هەرچـەندە ئەوە ناکرێ، لەگەڵ ئەم سیاسەتەی حکومەتی خۆماندا هین بکەین، بەڵام ئەو دامەزراندنە تـا ئـەم سـاتەش کـە مـن قسـەی تیـا دەکـەم بەردەوامـە، لەڕاسـتی دا مـن دوو حاڵـەت دەسـت نیشـان دەکـەم ئەگـەر بکرێـت ، جەنابی وەزیر لێمان وەگرێت من زۆر سوپاسی دەکەم، لە بودجەی ئەمساڵ دا لە بڕگەی 13 خاڵێکی دەست نیشان کردووە کە زۆر گرنگە بۆ چارەسەری ئەو حاڵەتە، کە دەڵێت بۆ وەزیری موختـەس هەیـە هەرکەسـێ تەمەنی 50 ساڵ بوو 15 ساڵ خزمەتی هەبوو ئیحالەی تەقاعودی بکات یاخود خانەنیشینی بکات، من داوا دەکەم مەرجی تەمەن دانەنرێت، کە تۆ دەتەوێ معالەجەیەکی ئەو حاڵە بکەی و ئەو لۆدە لەسەر حکومەت کەم بکەیتەوە، تۆ دەتەوێ بەڕاستی بەمە ئەمە میفتاحی حەل بێت بۆت، حەقە ڕەچاوی تەمەن نەکرێت و ئەو حاڵەتـە 15 سـاڵەکە شـتێکی زۆر زۆر باشـە موعالەجەیـەکی زۆر تەندروسـتە، ئـەوە حاڵەتێکـە کـە مـن پێموایە و حەقە برادەرانی لیژنەی دارایی ئەگەر لێم وەربگرن و جەنابی هەردوو وەزیریش لێرەش بن من پێموایە حاڵەتێکی زۆر تەندروستە، جگە لەوە بۆ هاوکاری ئەو حاڵەتە ئێمە چەند ڕۆژێك لەمـەوپێش لـەم پەرلەمانە بەرێزەدا و لەم هۆڵەدا ئێمە یاسای خانەنیشینی و دەستەبەری کۆمەڵایەتیمان بەڕاستی پەسـەند کرد، کە خاڵێکی زۆر گەش و ئیجابی تیایـە و ئـەویش هانـدەرە دەتـوانم بڵێم تەواوکـەری ئـەو خاڵەیـە کـە ئێستا باسم کرد بۆ برادەران، ئەویش ئەوەیە کە هـەر کەسـێك لـە کـەرتی گشـتی واتـە کـەرتی حکومەتـەوە بیەوێ بگوێزرێتەوە بۆ کەرتی تایبەت کە هەم هاندەرێکە بۆ گەشانەوەی کەرتی تایبەت و هەم ئەو حاڵـەت و ئەو لـۆدە گەورەیـەی لەسـەر شـانی حکومـەت هەیـە کـەم دەکاتـەوە، ئەگـەر بیـەوێ بـە ڕاژەکـەی خۆیـەوە

دەچێتە کەرتی تایبەت، بۆ خۆمان دەزانین کەرتی تایبەت ئەمڕۆ لە دونیای پێشکەوتن و لە هەموو تەواوی دونیا چ دەورو تەئسیر و ڕۆڵێکی هەیە، دیارە ئەو دوو حاڵەتە من پێموایە ئەگەر بە هەندی وەربگرین یان لای خۆیان بینووسن من زۆر سوپاسیان دەکەم، لەپاڵ ئەمەشدا دیارە ئیهتمام دان بە کەرتی تایبەت و ئیهتمام دان بە گەشتوگوزار و بە کەرتی کشتوکاڵی و بە کەرتەکانی دیکەش، ئەوە لەڕاستی دا یەکێك بوو لە پێشنیارەکانی من کە بۆ کەمکردنەوەی ئەو حاڵەتە من باسم کرد، مەسەلەیەکی دیکە کە دەمەوێ لێرە باسی بکەم کە مەسەلەیەکی زۆر زەقە و گلەیی و گازاندەی خەڵکیشە لەڕاستی دا، مەسەلەی نا یەکسانی، من ناڵێم نا عەدالەتی، نا یەکسانی لە بەینی مووچەی خانەنیشینی دا کەسێك هەیە لەم هەرێمەی ئێمە دا مەسەلەن 60 هەزار وەردەگرێت، 60 هەزار مووچە نیە لە تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتیش کەمترە، بەڵام کەسێکیش هەیە لەسەرووی ملیۆنێکەوە وەردەگرێت، چونکە ئەمە زۆر باس دەکرێت، حەقە بەڕاستی جەنابی وەزیر چاوێك بەو حاڵەتە دا بخشێنێتەوە، حاڵەتێکی دیکەشمان هەیە بەڕاستی زیندانیانی ململانێی ناوخۆ من وا وەسفی دەکەم، زیندانیانی ململانێی ناوخۆ کە لەڕاستیدا ئەوانەش زەرەرمەند بوون خەڵکیان تیایە تووشی پەککەوتە و ئەوانە بووە، حەقە بەڕاستی قەرەبوو بکرێنەوە و حەقە لایەکیان لێ بکرێتەوە و بخرێنە بەرنامەی کار، زائیدەن ئەوەی پار وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کۆمەڵێ یەکەی نیشتەجێ بوونی ئیقرار کرد بۆ خەڵکی کرێکار و فەقیر و کەم دەرامەت، من داوا دەکەم ئەمساڵیش بەڕاستی ئیدامەی ئەو حاڵەتە بدرێت، لەبەرئەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پیکهاتەیەکی گەورەی لە کرێکار و خەڵکی فەقیر و خەڵکی کەم دەرامەتە من دەتوانم بڵێم بنیادنەری ئەم حکومەتەی ئێمەش کە ئێستا لێرەین ئەو خەڵکانەیە کە لەڕۆژە سەختەکاندا پشت و پەنای شۆڕش بوون و ئەمڕۆش دەتوانم بڵێم پێشمەرگەی ئاوەدانکردنەوەی ئەم وڵاتەن، من لەسەر مەسەلەی هەڵەبجە بەڕاستی دەمەوێ قسەیەك بکەم، هەڵەبجە چەند جارێك وێران کراوە، دواجاری ساڵی 88 بووە کە بە کیمیایی، عومقی ئەو کارەساتە لە تەواوی دنیا ئەو کارەساتە زانراوە، ساڵانە چەندین وفودی عالەمی ڕووی تێ دەکات، ئەوە بووەتە سومبلێك بۆ خەڵکی کوردستان من وای دەبینم ئەمساڵ نایەکسانیەك لە دابەش کردنی پرۆژەکان دا هەیە بۆ ئەو ناوچەیە کە ئەو پرۆژانەی کە بۆ ئەوێ دانراون یەك، یەك وەزارەتەکانم لایە و لە وەزارەتی کاروباری شەهیدانەوە دەست پێ دەکەم کە ئەو شارە خۆی ناوی هەڵەبجەی شەهیدە، یەك پرۆژەی نیە بۆ ئەوێ، کە گوژمەی هەشت ملیار و چوار سەد و پەنجا دینار پرۆژەی هەیە لە تەواوی کوردستان دا بەڵام پرۆژەیەکی بۆ ئەو شارە شەهیدە نیە، کاروباری کۆمەڵایەتی نیەتی و ئەوقاف نیەتی وەزارەتی داد نیەتی، سامانە سروشتیەکان

نیەتی، گواستنەوە و گەیاندن، یەك پرۆژەی نیە، وەزارەتی ڕۆشنبیری یەك پرۆژەی نیە کە زۆر زۆر زەرورە بۆ ئەو شارە لەڕووی نەفسی و لەڕووی کردنەوەی سەنتەری رۆشنبیری و ئەوانە، من نامەوێ یەعنی هەموویانم نووسیوە نامەوێ هەموویان بخوێنمەوە و هینی بکەم، بەڵام تەنها بۆ ئەوەی کە بیخەمە بەرچاوی ئەو بەڕێزانە لە کۆی 495 پرۆژەی پێشنیار کراو تەنها شەش پرۆژە بۆ ئەو ناوچەیە هەیە جگە لەوەی کە مەنتقەکانی دیکەش کە سیدسادق و پێنجوین و شارەزوورە شوێنەکانی دیکەش بەڕاستی هەموو پرۆژەکانی ناگاتە 10 پرۆژە، بۆیە داواکارم ئەگەر بکرێت چاوێك بەو وەزعە دابخشێندرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د. سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان دیارە قسەی زۆر کرا لەسەر ئەو بودجەیە بەڕاستی پێشنیاری زۆر باشکران و ڕەخنەی بەجێ گیران، خوانەخواستە لەگەڵ ڕێزم بۆ هاوڕێکانم ناڵێم ڕەخنەی نابەجێ، بەڵام هەندێك حاڵەتیش هەبوو کە پێموایە جۆرێك لە ناهەقی بوو و یاخود بەدحاڵی بوون بوو یان هەر مەبەستێکی تر بووبێ، بەڵام بودجە کە قوتی خەڵکە و مایەی گەشانەوەی ئەم وڵاتەیە بەڕاستی ناکرێت نە لەلایەك ناهەقی بکرێت و شێواندن هەبێ و لەلایەکی تریش بە هەمان شێوە لەبەرامبەر دا ناکرێت شاردنەوەش هەبێ، بۆیە ئەگەر گوێ لەقسەی هەڤاڵەکانم نەگیرێ بەڕاستی پێم وانیە گوێ لە قسەی منیش بگیرێ و من شتەکانی ئەوان دووبارە ناکەمەوە، بۆیە زۆر بە کورتی هەوڵ دەدەم چەند خاڵێك هەیە و بیخەمەڕوو، سەرەتا من پشتگیری لە هەموو ئەو ڕایە باشانە دەکەم کە دەربڕدران هەر لە لیستی کوردستانیەوە کە سۆزان خان دەری بڕی و هەروەها پشتگیری لە هەموو ئەو ڕایە باشانە دەکەم کە برای بەڕێزم کاك کاردۆ دەری بڕی، بەڵام ئێمە ئەو بابەتانەی کەوا دەیانخەینە ڕوو، ئەو داواکاریانەی کەوا دەیکەین هەر لە زیادبوونی مووچە و دەرماڵە و هەر بابەتێکی تر بێت بەڕاستی لە پەرلەمانی دونیاش ئەوەیە کە پێویستە شوێنی بکرێتەوە، ناکرێت ئێمە هەر لە خۆمانەوە ڕەقەم لێ بدەین، بۆیە من بە پرسیارێك دەست پێ

دەکەم لەبەڕێز وەزیری دارایی کە تا چەند لەو بودجەیەدا شوێنی ئەو بابەتانە دەکرێتەوە؟ تا چەند ئەو پێشنیارانە پەسەند دەکرێت کاتێك کە من دێم ڕایەك دەردەبڕم و داوا دەکەم دەرماڵەی خوێندکاران بۆ نموونە لە 40 هەزارەوە بکرێت بە 100 هەزار دینار بەڕاستی حەقە شوێنی ئەوەم کردبێتەوە کە لە فلان شوێن بێنین و بەو جۆرە بخرێتەڕوو بۆ ئەوەی سەر بگرێت، بەڕێزان من چەند خاڵێکی کورت هەیە کە قسەی لەسەر دەکەین و یەکێك لەو بابەتانە مەسەلەی تواناسازی کە زۆر گرنگ بوو لە دوو ساڵی ڕابردوو دا پەیڕەو کراوە، ئەمساڵیش دانراوە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم پرۆسەیە بەردەوام بێت و گەنجانی ئەم وڵاتە لێی سوودمەند بن پشتگیری لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی پەروەردە دەکەمەوە کە نووسراوە کە نووسیومانە حەقە بە دەقی ئاشکرا لە یاسایەکە دا وەکو چەند ساڵە دەست نیشانی ئەوە کرابێت نەوەکو لەنێو بودجەی ئەنجومەنی وەزیران دا بێت بۆ ئەوەی هیچ مەجالێکی دەستکاری کردن و لادان و نەهێستنەوەی نەبێت و یاخود لادانی ئەوە نەبێت بچێتە سەر بوارێکی ترەوە، لەبەرئەوەی کۆمەڵێك کەموکوڕیش هەبووە لە بواری تواناسازی دا کە ئێمە لە ساڵی پاریش دا داوامان کرد و پێراریش لە بودجەکە بەو جۆرە هاتبوو حەقە ئەوانە چاك بکرێت، بۆ نموونە تواناسازی دابین کردنی کورسی لە کردنەوەی دەورات و هەروەها لە مەسەلەی توێژینەوە، بەڵام دوو دانەی دواییان هیچی کاری لەسەر نەکراوە، خاڵێکی تریان هەر لە بواری تواناسازی دا کە دەمەوێ لێرە دا بیخەمە ڕوو ئەویش ئەوەیە بەڕێزان لە تواناسازی یەکەم ساڵ دا کە کاری پێکراوە لە بەرواری 2010/5/4 دا بڕیارێك دراوە لە لیژنەی باڵای تواناسازیەوە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە کە بڕی 23 ملیۆن و 970 هەزار دۆلار تەرخان کراوە بۆ ئەو خوێندکارانەی کە بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندن لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە چوونەتە دەرەوە، بەر لەو مێژووە، من پرسیارێك دەکەم لێرەکە بەڕێز وەزیری پلاندانان یەکێکە لە ئەندامانی ئەو بۆردە ئایا ئەو 23 ملیۆن دۆلارە کە 23 ملیۆن و 970 هەزار دۆلارە چۆن سەرف کراوە ئەم پارەیە؟ چونکە بەڕاستی ئێمە داواشمان کردووە بەڵام نەخراوەتە بەردەستمان و شێوازی سەرف کردنەکانی چۆن بووە و کێی گرتووەتەوە؟، ئەمە بابەتێکە بۆ ئەوەی تواناسازی لەو ڕێچکە باشەی کە گرتوویەتی بەردەوام بێ و حەقە شەفاف تر بین تیایدا، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بابەتێکی تر کە من دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم مەسەلەی توێژینەوەیە، هەموو وڵاتێك ئەگەر بیەوێ بەرەو پێشەوە بڕوات و پلانی هەبێ و داهاتوویەکی گەشی هەبێ، بەڕاستی بە توێژینەوە بەرەو پێشەوە دەچێ، من ئەوەی دەیبینم لەو بودجەیەدا ئەوەی حسابی بۆ نەکرابێت مەسەلەی توێژینەوەیە، چۆن؟ لە مەسەلەی تواناسازی دا کە بەشێکی بۆ توێژینەوە بووە بەڕاستی وەکو باسم کرد

پێش ئێستا لە ساڵانی ڕابردووش دا كار لەسەر ئەوە نەكراوە ئەو بەشەی بۆ توێژینەوە بوو سەرف نەكراو هیچ كەسێك بۆ ئەم مەبەستە نەنێردراوە، دەستەیەكمان هەیە بەناوی دەستەی كوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی جگە لەو بودجەیەی بۆی دەست نیشان كراوە لە مەسەلەی كارمەندەكانی و وەكو نەسریە و پارەی بەردەستە بۆ كرینی چا و شەكر و پێداویستی خۆی بۆ توێژینەوە دانەنراوە، زانكۆكان دەبینین پارەیەكی وا دانەنراوە بۆ توێژینەوە، ئەكادیمیای كوردی كە لە چەند ڕۆژی ڕابردوو دا یاسایەكەمان دووبارە لێرە هەموار كردەوە دیسانەوە بە هەمان شێوازی كۆنە كە یەكە لەو دەزگایانەی كاری توێژینەوە دەكات پارەیەكی ئەوتۆی بۆ تەرخان نەكراوە بۆ ئەوەی پرۆژەكانی پێ جێ بەجێ بكات، لە پترۆ دۆلار دا $250$ ملیۆن دۆلار تەرخان كرا بۆ زانكۆكان، كەمایەی دەست خۆشیە بۆ حكومەتی هەرێم كە هەر یەكێك لە زانكۆكان لە $20$ ملیۆنەوە تا $10$ ملیۆن دۆلاریان پێدرا، بەلام دەبینین لێرەدا دەستەی كوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی كە یەكێكە لە دەزگا گرنگەكان كە حسابی زانكۆیەكی بۆ دەكرێت یەك تاكە سەنتیشی بۆ تەرخان نەكراوە لە كاتێك دا $15$ ملیۆن دۆلاریش وەكو ئیحتیات ماوە لەو پارەیە و لە زانكۆكانیش ئەو پارانەی كەوا تەرخان كرابن تەنها بۆ دروست كردنی بینایە و بابەتی تر بووە نەوەك كە توێژینەوە، لێرەدا پرسیارێك لە بەڕێز وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی دەكەم كاتێك دەبینین پارە بۆ توێژینەوە تەرخان ناكرێت، بەلام لێرەدا $115$ ملیار كە دانراوە و دەڵێ بۆ ڕێكخراوە زانستیەكان ئەم ڕێكخراوە زانستیانە كە هەندێك لە هەڤالانی تریشم پرسیاریان كرد كێن؟ من دەزانم بەڕێزیشتان دەزانن ئەو شوێنانەی كە توێژینەوە دەكەن زانكۆیە و سەنتەرە زانستیە دان پیانراوە حكومیەكانن، ئەكادیمیای كوردیە و كە دەڵێی زانستی واتە توێژینەوە، بەلام بۆ ئەوان تەرخان نەكرێت و $115$ ملیار بۆ ڕێكخراوی زانستی تر تەرخان بكرێت كەمن لێرەدا ناوی یەك ڕێكخراویان نازانم، پێمان خۆشە لەمەیان ڕوون كردنەوە هەبێت، بەڕێزان بابەتێكی تر كە دەمەوێ قسەی لەسەر بكەم كە مایەی شانازی هەموومانە ولاتەكەمان كەلانكەی شارستانیەت بووە، ئەویش بە هەزاران شوێنەواری مێژوویی تیایە، بەلام لێرە دا ئەوەی كەوا حسابێكی ئەوتۆی بۆ نەكرابێت ئەویش مەسەلەی شوێنەوارە تا چەند كار كراوە بۆ پێشەوەچوونی شوێنەوار؟، پلانمان چیە؟ ئێمە بۆ ئەوەی هەم ناوچە شوێنەواریەكانمان بپارێزین و نۆژەنیان بكەینەوە و پلانمان چیە بۆ ئەوەی كادیر پێ بگەیەنین لەم بوارانەدا؟، پەیوەندی نێوان وەزارەتی شارەوانی گەشتوگوزار كە شوێنەوار بەشێكە لێی لەگەڵ زانكۆكاندا، چیە ئەو بەشانە لە زانكۆكان بكەینەوە، چەند كادیری پسپۆڕمان لە دەرەوە هێناوە چی دەكەین بۆ ئەوەی كادیری خۆمان پێ بگەیەنین لەم بوارە؟، بەڕاستی ئەمەش

یەكێكە لەو لایەنانەی كە پێویستە پێداچوونەوەی بۆ بكرێت، خاڵێكی تریان بـەڕێزان مەسـەلەی هەڵمـەتی نیشتیمانی دروست كردنی قوتابخانەكانە ئێمە لەبەرئەوەی لـە كوردسـتان دا نزیكـەی 150 مەكتـەبی دوو دەوام و سـێ دەوامـمـان هەیـە 1770 مەكتـەبی دوو دەوام و سـێ دەوام هەیـە و زۆر گرنگـە ئەمەشـیان لـەم هەڵمەتەدا هەر بەردەوام بێ و هەروەكو ئەوەی لـە سـاڵانی ڕابـردووش هـەبووە و ئەمساڵیش دووبـارە بـۆی دابندرێتەوە، نەوەكو تەنها لێرە ئێمە بە جۆرێكی تر بەڵێنێك بدەین و بڵێین لـە فلان بابـەت دا دەیكـەین حەقە بخرێتە یاسای بودجـەوە، بـەڕێزان خـاڵێكی تریـان مەسـەلەی كۆنتڕۆڵی جۆریـە، كۆنتڕۆڵی جۆریش لەمەدا هەست دەكەین دیسانەوە ئەو حسابەی بۆ نەكراوە، ئێمە ڕۆژانە لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن دەبیستین كەوا چەندین دوكان و سوپەرماركێت و چێشتخانە دادەخرێن لەبەرئەوەی مەوادی بەسەرچوویان هـەبووە، بەڵام نەمان بینی لە خاڵە سنووریەكانەوە ئەو بابەتە بەسەرچوانە و ئیكسپایەرانەی كـەوا دێنـە نـاوەوەی وڵات چیان بۆ كراوە، چەندی گیراوە، هەر لـە مەسـەلەی مەكائینـەوە، ئامێرەكانـەوە و بابـەتی خۆراكـەوە و لایەنەكانی تریش ئەمە پێموایە یەكێك لە كەموكوڕیەكانمان ئەوەیە كـە دەسـتەی كۆنتڕۆڵی جۆری لێـرەدا ئـەو جـۆرە حسـابەی بـۆ نـەكراوە، كارمەنـدی وەكـو پێویسـتی نیـە، ئـامێری نیـە و هـەروەها بودجـەی پێویستیشی بۆ تەرخان نەكراوە، خاڵێكی تریان بەڕێزان پرسیارێكە لە بەڕێز وەزیری دارایـی لـەو لیسـتەی كەوا بۆ ئێمەی ناردووە چەند ڕوونكردنەوەیەكی داوە دەست خۆشـی لێ دەكـەم، بـەڵام خاڵێكیـان كـە دەسـت نیشانی كردووە، مەسـەلەی پارمـەتی و هاوكـاری ئـەو ئاوارانەیـە كـەوا لـە دەرەوە دەگەڕێنـەوە لـە توركیـا و ئێرانەوە كە بڕی 100 ملیار نووسراوە، ئەمە خۆی لە یاسایەكەدا ئێمە ساڵی پار پەسەندمان كرد بڕی 10 ملیار دانرابوو، ئەم 100 ملیارە ئایا هەڵەی چاپە یاخود بە فعلی 100 ملیار سەرف كراوە؟ خاڵێكی تریـان بەڕێزان مەسەلەی ناجۆری و نا هاوسەنگیە كە لـە نێـوان سێكتەرەكان و وەزارەتەكانـدا ئـەوەی كـەوا ئێمـە دەیبیـنین دیـارە بـە پێـی لیژنـەی پەیوەنـدار هـەر بـەڕێزێك لەهـەر لیژنەیـەك بـێ بـەرگری لـەوە دەكات بودجەی وەزارەتەكـەی كـە پەیوەنـدی بـە لیژنەكەیـەوە هەیـە و كـاری لەسـەر دەكات ئەمـە زیـاد بێـت، بـۆ نموونە، بەڵام من هەست دەكـەم نـا هاوسـەنگیەك هەیـە ئـەوەی باسـی لێوە دەكـەین بـۆ نموونـە وەزارەتـی پلاندانان كە وەزارەتێكی گرنگە من ئـەو پرسـیارە لـە بـەڕێز وەزیـری پلانـدانان خـۆی دەكـەم 25 ملیـار و 663 ملیۆنی بۆ تەرخان كراوە، وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی 74 ملیـاری بـۆ تـەرخان كـراوە، ژینگـە 7 ملیاری بۆ تەرخان كراوە، ناوچەی جێ ناكۆكی لەسەرەكان 52 ملیارە لە كاتێك دا وەزارەتـی ئـەوقاف 109 ملیـارو 440 ملیۆنـە، ئـەم جـۆرە نـا هاوسـەنگیە لـەكاتێك دەبیـنین لەگـەڵ ڕێـزی زۆرم نـاڵێم ئـەوقاف و

مەسەلەی ئاینی گرنگی نیە، نەخێر گرنگی زۆر زۆرە، بەڵام خۆ ئەوان داهاتیشیان هەیەو، چۆن دەکرێت ئێمە گرنگ هەیە و گرنگ تریش هەیە و بەو جۆرە ئەو دابەش بوونە کرابێت، بەڕێزان من دوا خاڵم ئەوەیە ئەگەر ئێمە دەمانەوێت بودجەیەکی باش پەسەند بکەین و لە خزمەتی خەڵك دابێت و ئەگەر دەمانەوێ کەمترین ڕەخنەی لێ بگیردرێت بەڕاستی حەقە سەرچاوەکانی داهات بە تەواوی دیار بن و بڕی داهات بە تەواوی دیار بێت، لە مەسەلەی نەوت دا و هەروەها داهاتەکانی تریش ئەوەی من تێبینی دەکەم پرسیارێکە لە بەڕێز وەزیری دارایی ئەگەر بۆمانی ڕوون بکاتەوە ئەو لێڵیە نەمێنێ بۆچی داهاتەکان ئەم ساڵ هەموو داهاتەکان بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پاردا کەمی کردووە، خاڵێکی تر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بۆ ئەوەی ئێمە تووشی ئەو کێشانە نەبینەوە لە ساڵەکانی داهاتوو دا وەکو هاوڕێم کاك سالاریش ئیشارەتی پێیدا مەسەلەی دیوانی چاودێری کە زۆر گرنگە ئەو دەزگایە کە سەر بە پەرلەمانی کوردستانە بەکاری خۆی هەڵبستێ، ئێمە سێ ساڵە لەم خولەدا بودجە پەسەند دەکەین، لە ساڵی یەکەم دا هەمووومان گلەییمان لەسەر ئەوە بوو کە دیوانی چاودێری یەکی نەگرتووەتەوە، کارمان لەسەر ئەوە کردو یەکی گرتەوە، ساڵی پار دووبارە یەکی گرتەوە و بەڵام یەك تاکە وەرەقەش، یەك دێریش ڕاپۆرتێکی نەنووسی لەسەر بودجە و لەسەر حساباتی ختامی بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونیەك بۆ ئێمە هەبێ، ئەمساڵ سێیەم ساڵە ئەوەمان نەبینی بۆ ئەوەی ئەم کێشانە دووبارە نەبێتەوە بەرچاومان ڕوون بێت کەموکوڕیەکان دەست نیشان بکرێت و حەقە کەوا دیوانی چاودێری بەکاری خۆی هەڵبستێ و ئەگەر بێتو کەموکوڕیش هەبێ حەقە لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت و سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشەکی دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی دەکەم، زۆر خۆشحالم لەوانەی کە سۆزان خان باسی کرد، پشتگیری لێ دەکەم بۆ ئەم بودجەیە، بەڵام لەم بودجەیە بەلای منەوە باشە کە ساڵێکی تر بەڕاستی لیستی ئەو پرۆژانە بەو شێوەیە هەر نەیەتە ناو پەرلەمانەوە، بەڵکو 4 مانگ جارێك بۆ خولی وەرزێك نسبە تەقەدومی عەمەل بێنێ و ئیتر پێویست ناکات لە وەختی موناقەشە وئەو هەموو موناقەشەیە هەموو ئەندام پەرلەمانێك دەتوانێ خۆی ئیتر بەدواداچوون بۆ ئەو پرۆژانە بکات کە تایبەتە بە لیژنەکەی یان بە ناوچەکەی، چونکە ئەمە جێگیریش بکرێ لەناو هیچ ئیشارەتێ نەدراوە لەناو ئەو بودجەیە ئەوەی

وەزارەتی مالیە کە ئەو هەر چوار مانگ جارێك بێت، دووەم هیچ ئیشارەت نەدراوە بۆ ئەو مادده 13 یەی کە پار بۆ پێدانی نیو مووچە بۆ ماوەی سێ ساڵ و ئەسڵەن بشکرێ بە 5 ساڵ بۆ ئەو کەسانەی کە لە کەرتی گشتیەوە دەچن بۆ کەرتی تایبەت و بە تایبەتی بۆ ئەندازیاران، چونکە بەڕاستی ئەندازیارێکی زۆر هەیە هیچ ئیجازەیان نادرێتێ و دەیانەوێ لە کەرتی تایبەت ئیش بکەن و هەموو جارێکیش مان دەگرن و داوای موخەسەساتێکی زۆر دەکەن و کە هەر چەندێك بۆیان زیاد بکەی قەت ئەدائیان باشترنابێ لەبەرئەوە مەجالیان بدەنێ با لە دەرەوە کاری خۆیان بکەن، چونکە ئەندازیار ئەگەر بە لێهاتوویی و بە ئیبداعی خۆی لەهەر شوێنێك دا ئیشی کرد هەر خزمەت بەگەلەکەمان دەگەیەنێ، بە نیسبەتی ئەو ماددەیە زۆر گرنگیشە، چونکە لە عیراقیش ئیشارەتی پێی کراوە لە بودجەکە بە نیسبەت گوندەکانەوە ئێمە بەڕاستی قەرارێکی زۆر سەرپێی درا کاتی خۆی کە گوتمان بۆ گوندەکان پێشینە بکەن و تاپۆی ناوێت، چونکە لە گوندەکان تاپۆ نیە، ئێستا زۆر کەس هەیە بەناوی ئەوەوە بەڕاستی سوودی لێ وەرنەگرتووە بە تایبەتی خێزانە کەم دەرامەتەکان کە بە هیچ شێوەیەك ناتوانن ئەو ئیشە بۆیان بکرێت، چونکە لە شوێنی خۆیاندا دەبێ خانووەکەیان بکەنەوە و خانووەکانیان 200م نیە، بە نیسبەتی ئەوە ئەگەر ڕێنماییەکان وابێت کە لە گوندەکان دا لە شوێنی خۆیان بیکەن و زۆر گرنگیش بدرێت بەو خەڵکەی کە بەڕاستی کەم ئەندامن لە نەتیجەی ئەڵغام و ئەوانە بەو شێوەیە هیچ دەرامەتێکیان نیە، ئەو بێوەژنانەی کە لەبەر کەم دەرامەتی لە گوندەکانیان ماونەتەوە و نەك لەبەر ئەوەی لە کشتوکاڵ دا ئیش دەکەن، بە نیسبەت ئەوەی ئەگەر ئێمە زیادی بکەین کە بە دواداچوون دەکەین زیای دەکەین، یەعنی هەر پار خەریکی 3200 معامەلە بووین بۆ ئەو زیاد کردنە، یەعنی خەڵکێکی تازە کە تەقدیمی کردووە، دەبینی سوودی لێ وەرناگرێ و سەرەی زۆر بە درەنگەوە دێتە سەر، دوایی بەڕاستی وەزارەتی دارایی مەفروزە کە ڕێنماییەکانی دەردەکات بۆ ئەوەی دوای بودجە ئیشارە بۆ چالاکی ئیفادات بدات، چونکە بەڕاستی دەبێ زەوابتی تازەی بۆ دانێت، چونکە بۆ نوخبەیەکە کە خۆی مەعاشی و خەڵکێکی تر لەناو دەوائیردا دەبینی کە چاویان لەوەیە دەڵێ بۆ ئەو خەڵکە هەم مەعاشی زۆرەو هەم لە بەڕێوەبەر بەرەو ژوورترە لە ئیفاداتیش دائیمەن پشکی شێری بەردەکەوێ، وای لێهاتووە خەریکە وەکو بازرگانی کردنێکی لێ دەکرێت لە جیاتی ئەوەی ئەو کەسەی کە ئیفاد دەکرێت بێتەوە وڵاتەکە ئیستفادەی لێ بکەی یان دەورەیەك بکاتەوە یان چوار کەسی تر فێر بکات و هیچ ئیستفادە نەبووە لەو ئیفادانە، بە نیسبەت ماددەیەك هەیە لە ڕێنمایەکانی وەزارەتی دارایی دوای بودجە هەموو ساڵێك باسی بۆ پرۆژەکان دیراسەی جەدوای ئابووری دەکرێت، بە ڕەئی من هەر بنووسرێ

بۆ پرۆژە خزمەتگوزاریەكان ڕاپۆتی تەكنیكی بێت و وەزارەتی پلاندانانیش ئەگەر پرۆژەكانی هاتە لای، ئەگەر سورەت قەیدی زەویەكەی تیا نەبێ یاخود مەحزەرێك كە لە لایەن ئیدارەی ئەو شوێنەوە بە هیچ شێوەیەك ئەو پرۆژەیە نەخاتە بواری جێ بەجێ كردنەوە، هەر ناوچەیەكیش ڕێگری كرد لەوەی كە ئەو پرۆژەیە زەوی تیا نیە حەقە نەقڵ بكرێت بۆ شوێنێك كە بەڕاستی زەوی تیا بێ بۆ ئەوەی ئە خەڵكە بزانن كە ئەوان ئەگەر زەویەكی نەبێ ئامادە بكرێت پێویست ناكات ئیتر بۆ ئەو شوێنە ئیش بكرێت، بەڕاستی كێشەیەكیش هەیە لە پرۆژەكان كە ئێمە ئەو پرۆژەیە كە كولفەی بۆ دادەنێنین بەڕاستی ئەو كولفەیە حەدی ئەدنایە، دوایی دەبینی ئەو وەزیرە یان ئەو دائیرەیە تووشی ئەنواعی مەشاكل دەبێ لە گەڵیا بەس لەگەڵ ئیحتیات و موراقەبەیە، بەڵام خۆی كولفەی مەشروع مەفروزە زۆر بە تەفسیلی باس بكرێت لە ناو پرۆژەكە كولفەیەكی یەكجار زۆری بۆ دانرێ، یەكێك لەوانە قەرەبووە كە بۆ تەعویزاتی زەویە چونكە هەر پرۆژەیەك تۆ ئیعلانی بكەی موشكیلەی زەوی تیا بێت حكومەت زەرەمەند دەبێ، چونكە دوایی مقاولەكە داوای تەعویزات لە حكومەت دەكات ڕاویژكاری ئێستالە زۆربەی پرۆژەكاندا دەیبینی دوای پرۆژەكە نووسیویەتی نا با هەر لەگەڵ كولفەی پرۆژەكە بێت، تەجهیز و تەشغیل و ئیدارە لەگەڵ سیانە وەزارەتی دارایی دەتوانێ كە پرۆژەیەك تەواو بوو یاخود لە بیدایەتیش دا ساحبی زەویەكە یەكسەر لەوێ تەعین بكرێت وەكو حەرەس ئەوە موشكیلەیەكە زۆر لەلای حكومەت كەم دەكاتەوە، وەزارەتی پلاندانان ئەگەر دەسەڵاتی تەواوی هەبێ نەك وەكو ئێستا زۆربەی جار ئەنجومەنی وەزیران ئیش دەكات ئەگەر بە پێی پرۆژەی یاسای وەزارەتەكەی ئیش بكات بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دارایی و ئابووری و ئاوەدانكردنەوە و شارەوانی كە ئەم دوو وەزارەتە زۆر گرنگن بۆ پرۆژەكان، دەستەیەكی شارەزا دابنرێ لە بواری ئەندازیاری و دارایی ویاسایی لەسەر ئاستی حكومەت بە بەشداری نوێنەرایەتی یەكێتی بەڵێندەران بە پێی پێویست پیادچوونەوە و هەڵسەنگاندن و هەمواری مەبەست بۆ ئەم خاڵانە، یەكەم، مەرجە گشتیەكانی بەڵێندەرایەتی بۆ كارە ئەندازیاریەكان و بۆ پرۆژە گەورەكانیش بە پێی ئەو مەرجانەی عیراق ئیش نەكرێت بەڵكو بە پێی فیدیك ئیش بكرێت كە بۆ مقاولاتی گەورە و ستراتیجیە، دووەم/ ڕێنماییەكانی جێ بەجێ كردنی گرێبەستە گشتیەكانی ژمارە 1ی ساڵی 2011 ئەویش هەر موراجەعەیەكی بكەن، سێیەم/ ڕێنماییەكانی جێ بەجێ كردنی بودجەی هەرێم كە پەیوەستە بە بودجەی وەبەرهێنان بۆ پرۆژەكان، چوارەم/ ڕێنماییەكانی جێ بەجێ كردنی بەدواداچوونی پرۆژەكان كە لە پلاندانانەوە دەكرێت، پێنجەم/ پەیڕەوی تۆمار و پۆلین و پلە بەخشینی بەڵێندەرانی ژمارە 1ی ساڵی

2007 هەمووی دەبێ موراجەعە بکرێت ئەگەر وانەکەین ئەو پرۆژانە هەر ئاوا دەبێ و لە شوێنی خۆیدا دەبێ وهیچ بەرەو پێش چوونێك نابێ، بەڕاستی ئەو بڕیارانە دەبێ دابەزاندنی دەسەڵاتەکان بۆ بەڕێوبەرە گشتیەکان و پارێزگاکان و قائیمقامی تیا بێ و بۆ ئەوەی بتوانن ئیشی خۆیان بکەن، دوای ئەوە پار لە بودجەی 2011 ی ئێمە لە حوکمە کۆتاییەکان ئیشارەتمان بە ماددەیەك دا زۆر گرنگ بوو ماددەی 31 دەڵێین دامەزراندنی هیچ وەزیفەیەکی تایبەت بە بەڕێوبەری گشتی و بەسەرەوە نەکرێت بۆ وەزارەتەکان، بەڵام من دەڵێم هەر سێ سەرۆکایەتیەکەش ئەو دەسەڵاتەیان نەبێ، چونکە بەڕاستی بۆ زاهیرەیەك هەمووی بە دەرەجەی تایبەت دەبینی هیچ خزمەتی نیە و هیچ مەرحەلەیەکی وەزیفی خۆی نەبردووەتە سەر بە دەسەڵاتێك کاتێ دەبینی لە موەزەفێکی ئیعتیادیەوە یەکسەر دەکرێت بەموستەشار یان بە دەرەجەی وەکیل وەزیر ئەوانە خەڵکی وا لێ کردووە تووشی ئیحباط بوون بەڕاستی موزەفی ئیعتیادی وای لێ هاتووە هەموو هەوڵێك دەدات بۆ ئەوەی بگات بەوە، بە هەموو واستەیەك بێ وهیچ نەبێ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران یان جێگرەکەی و یان وەزیرەکان ئیتر لەو مەوزوعەش ئیسراحەت دەکەن، یەعنی ئەگەر تۆ دەسەڵاتیان نەبێ با نەتوانن ئەو کارە بکەن بەو شێوەیە، وەختێ شاغری هەبێ و لە هەیکەلی وەزارەتەکە ئینجا ئەو کەسە دامەزرێت، نەك ئەم هەموو ڕاوێژکار وبە پلەی وەکیل وەزیر و یان مدیری عام کە ئیشیش ناکەن، بە نیسبەتی یاسای ژمارە 7ی ساڵی 2008 ئێمە هەموارمان کرد ساڵی 2011 بەڕاستی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دەڵێ ئەوە خانووی کەم دەرامەت، ئێمە سندوقێکان دانا، بەڵام ئەوەی ئەمساڵ بەدی دەکرێت خراوەتە ناو پرۆژەکانەوە، ئەو سندوقە دەبێ بەردەوام بێ کە تۆ پارەکە وەردەگریتەوە لەو خەڵکە و حکومەتیش هەموو جارێك دەعمی دەکات ئیتر ئەو وەزارەتە سەرپشك دەبێ و خۆی بە موستەمری وەحدەی سەکەنی دروست دەکات، بە نیسبەت دامەزراندن، دامەزراندن هیوادارم وەزیری دارایی ئەگەر ئەو لیجنەیەك کە لەگەڵ وەزارەتی پلاندانانە بۆ ئەو شارو شارۆچکانەیە کە تازە دروست دەبن دەکرێتەوە لە شارێك و یان دەکرێت بە ناحیەیەکی تازە ئێمە کە بەدواداچوونیان بۆ دەکەین سەیر دەکەین هیچ موەزەفی نیە، باشە ئەمانە ئەم دامەزراندنە بۆ لەناو شارەکاندا کۆمەڵیان دەکەن، با وا نەبێ چونکە ئەو موقەنەعەیە لەناو شارەکان دایە، بەڵام ئەگەر تۆ تەوزیعت کرد بۆ شارەوانیەکان و بۆ ئەو ناحیانە ئەو وەختە موەزەفی خۆشیان دەبێت و مشکلیلە نابێ، بە نیسبەتی وەزیری پلاندانان بەڕاستی زۆر باسی نەخۆشخانە دەکرێت، دروست کردنی نەخۆشخانەی لە دایك بوون لە باشووری هەولێر سێ ساڵە لەناو پرۆژەکان دایە و هەر دەنووسرێ و پارەی زیاد داوا دەکات، ئەی ئەمە کەی حەلی موشکیلەکەی

دەكرێت؟ كۆمپانیایەك كە من موتەئەكید نەبم دوای سێ ساڵ قەت بەو كولفەیە نایكات هەر ئێستا دەتوانن دوای ئەوە ئیجرائاتی لەگەڵ بكەن و بە وەزارەتەكەی خۆی بڵێ كە وەزارەتی تەندروستیە، چونكە ئەوەتا داوای خەستەخانەی تر دەكرێت بۆ هەلێر، ئێ باشە تۆ سێ ساڵە قەتیست كردووە و هیچ پارەی لەسەر سەرف ناكرێ و ناوی كۆمپانیاكەش هەیە، لە سلێمانی سێ خەستەخانە هەیە چەند جار باسم كردووە لەگەڵ لیژنەی سحەشدا دانیشتووین ئەم سێ خەستەخانە دوو سەد قەرەوێڵەییە بۆ منداڵ بوون و بۆ ڕۆماتیزم و چارەسەری سروشتی و بۆ جوملەی عەسەبی من بەدواداچوونم كردووە ئەمانە كولفەكانیان 20 و 25 و 30 نیە تەنیا دیزاینە و یەكی بایی 200 هەزار دۆلارە، بۆ ئەم بودجەیە دائەنرێ با لەگەڵیاندا بەدواداچوون بكەن ئینجا شەش مانگیشە مودەكەی، ئەو كۆمپانیایە كە كۆمپانیایەكی لوبنانیە بە هیچ شێوەیەك ئیش ناكات تیایدا، یەعنی هەر باشترە بۆ سحە خۆیان سەحبی بكەنەوە، بە نیسبەتی دیزاینی توبی عەدلی لە سلێمانی لەگەڵ فەرمانگەی خۆپاراستن لەگەڵ دیزاینی 80 قەرەویڵەكەی شێر پەنجە هەم نەفسی موشكیلەیە، پارەیەكی زۆری بۆ دانراوە، بەڵام من موتەئەكیدم ئەمانە هەمووی پارەی دیزاینە قەت ناچێتە بواری جێ بەجێ كردنەوە تا دیزاین تەواو نەبێ، لە شارەوانی بە جەنابی وەزیرم ڕاگەیاند 86 ملیار دانراوە بۆ هاوكاری جاكای یابانی كە قەرزی دەكات بۆ پرۆژەی ئاوی هەڵەبجە لەگەڵ ئاوی زاخۆ وئاوی ئیفرازی سێ نووسراوە خەتیب و عەلەمی، جەنابی وەزیر ئەو پرۆژەیە كە موقاولەكەی ناوی خەتیب عەلەمی نیە، وەزارەتی شارەوانی بە ئێمەی وت كە وتی من پرۆژەی وام نیە كە پرسیارم كرد چیە وتیان ئەمە دوایی كە چووە بواری جێ بەجێ كردنەوە موهەندسەكان پارەیان بۆ سەرف دەكرێت لەلایەن حكومەتەوە بەو شەرتە جاكای یابانی قەرزی دەكات، بەڵام ئەو 292 ملیۆنە لە 2009 ەوە جارێ نەچۆتە بواری جێ بەجێ كردنەوە، بە نیسبەتی گەشتوگوزار تكا دەكەم وەزیری دارایی دەڵێ مەسرەفی نیە پار ئێمە وتمان لەسەر مەسرەفی سیاحی، فعلەن مەسرەفی سیاحیمان نیە، بەڵام گەشتوگوزار خۆی سناعەیە، لەبەرئەوە با لەسەر مەسرەفی سناعی بنووسرێ كە خۆی دەڵێ سناعەت سیاحە با پارەیەك دا بندرێت بۆ قتاعی خاس بۆ داوامان لێ دەكەن كە پشتگیریان بكرێت، بە نیسبەتی بیمەی بێ كاری بۆ ئەو كەسانەی كە دەرچووی تازەن، تكایە با نەبێ بە سلفەی زەواجەكە بۆ هەموو عالەم دەركرا كە غەڵەتێك بوو لە پەرلەمانەوە كردمان، بەس بۆ خەڵكی كەم دەرامەت بێ ئەوە، یەعنی ئەو كەسە كە كەم دەرامەت بوو ئینجا ئەو بیمەی بێ كاریە شمولی بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

دانیشتنی ئێستامان کۆتایی پێ دێنین یەك سەعات ئیسراحەت و سەعاتی 8 دێینەوە بۆ بەردەوام بـوون بـۆ گفتوگۆکانمان بە خواتان دەسپێرین.

## دانیشتنی سێیەم

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆکان، فەرموو کاك شڤان،

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت تێبینیەك لەسەر پرۆژە یاسای بودجەی ئەمساڵ بدەم، کە پرۆژەی بودجەی ئەمساڵ خاڵە گرنگ و بەهێزەکانی یەکجار زۆرن، بەو مانایەش نیە کەخاڵی لاوازی تێدا نەبێت، بەڵام بەش بەحاڵی خۆم ئەو پرسیار و تێبینیانەی کە لیژنەی دارایی خستیەڕوو بۆ برا وەزیرەکان، وەڵامی هەندێ لەو پرسیار وتێبینیانە بەش بەحاڵی خۆم ئەو کەموکوڕیانە زۆربەیان لای من ڕۆشن بوونەوە، ئەوانەی تریش لەو پرسیارو تێبینیانە لەوەڵامدانەوەدا بەگشتی جوابەکەی وەردەگرین، من بەش بەحاڵی خۆم وەکو هاوڕێکانم دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی دەکەم، لەسەر ئەو ڕاپۆرتە تێروتەسەلە کەڕوانگەو بیروبۆچوونی هەموو لیژنە پەیوەندیدارەکان بەشێوەیەکی چڕوپڕ، زۆربەی هەرە زۆری لەنەتیجەی ئەو ڕاپۆرتە بەدەرکەوت کە

بەئەمانەتەوە گواستراییەوە، ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل و زۆر کامل بوو، دیسان دەستخۆشیان لێدەکەم کەڕووی ئەو ئەم پرۆژە بودجەیە بەکۆمەڵێك پێشنیاری بەجێ گەشتر کراوە، کە ڕووەکەی درەوشاوەتر بووە بۆ خەڵکی کوردستان لە خزمەتی خەڵکی کوردستان بێت، دیسان پشتگیری لەهەموو ئەو پێشنیارانەی لیستی کوردستانی دەکەم، بەتایبەتی سۆزان خان کەخۆی خستیەڕوو، زۆربەی خوشك وبرایانی پەرلەمانتار خستیانەڕوو، من لەڕوانگەی ئەو لیژنەی کەبەشداریم تێدا کردووە، یان ئەندامم لەو لیژنەیەدا، تەنها لەو ڕوانگەوە من ناچمە ناو تەفاصیلی بوارەکانی تر، تابوار بۆ هەموو خوشك وبرایانی تر هەبێت، چەند پێشنیارێك دەخەمە ڕوو بۆ بەڕێزتان و پەرلەمانتاران و وەزیرەکان کەدانیشتوون، لەڕاپۆرتی ئێمەدا وەکو لیژنەی پێشمەرگەو شەهیدان و جینۆساید، داوای دەرماڵەی زەوجیەو مناڵمان کردووە بۆ شەهیدان، بەحەقیقەت ئەمە مەوزوعێکە هیچ دواخستنێك هەڵناگرێت، ئەگەر فەرمانبەرێك، ئەگەر پێشمەرگەیەك، ئەگەر کارمەندێك، ئەگەر هەر مووچە خۆرێك بێت، مەشمول بێت بە دەرماڵەی زەوجیەو مندالْ نازانم بۆ شەهیدێك کامیان ئەولا ترە کەمەشمول نەبێت؟، بۆیە بەحەقیقەت ئەوە هیچ دواخستنی ناوێت بە بەهانەی ئەوەی کە دەبێت لەیاسادا چارەسەر بکرێت، لەم پەرلەمانە ئێمە 75 هەزار دیناری چاودێری کۆمەڵایەتیمان کرد بە 150 هەزار هیچ یاسایەکی تایبەتیشمان بۆ دەرنەکرد، پێشنیاری دووەم: دەربارەی شەهیدانی هاووڵاتیە، شەهیدانی هاووڵاتی خوشك وبرایان هەندێکیان باسیان کرد، من پشتگیریان لێدەکەم، بەس من دەمەوێت ڕوونکردنەوەیەك بدەم بەتایبەتی بۆ جەنابی وەزیر، من 180 هەزار دینار بە مووچە دانانێم بەلای خۆمەوە، ئەمە هاوکارییەکە، دەبێت ناوی بنێین هاوکاری، بۆیە ئەم 180 هەزار دینارە قابیلی ئەوەیە کە ئێستا بڕیاری بۆ بدەن بیکەینە پێشنیار ودەنگی بۆ بدەین، هیچ نەبێت لە 250 هەزار کەمتر نەبێت، چونکە 180 هەزار دینار هەر بەپێی هەموو معیارێك لەژێر هێڵی فوقر دەبێت، ناویشمان لێناوە شەهیدی هاووڵاتی، ئەمە بەحەقیقەت دوو شتی لێك جیان، موتەناقزن، پێشنیار دەکەم هەرچی زووە ئەو پێشمەرگانەی کە هێشتا ڕێکنەخراون لە لیواو فەوجەکانی نیزامی، مووچەیان هەمواربکرێت وهاوشانی ئەو پێشمەرگانە بکرێت کە هیچ نەبێت بەشێوەیەکی مەفتوع بێت، تا ئەوکاتەی تەنزیم دەکرێت، ئەو بڕە ناوی بنێین هاوکاری باشترە، پێیان بدرێت کە حەقێکی خۆیانەو تەبیعیە، پێشنیار دەکەم لەبواری تەندروستی کە مانگانە 75 ملیۆن دینار بۆ وەزارەتی شەهیدان بۆ بواری تەندروستی دەدرێت

کەشتێکی یەکجار کەمە، بەرامبەر بە دەیان هەزار شەهید کە گەورەترین موشکیلەیانە وەك ئێمە لەنزیکەوە ئاگادارین، داوا دەکەم ئەو 75هەزارە بکرێت بە 150، حەدی ئەدنا کە دابەشدەکرێت بەسەر شەهیدانی هەولێر، کەرکووك، دهۆك، سلێمانی، گەرمیان، کەشتێکی زۆر جوزئیان بەردەکەوێت کەئەمە کەمێك لە کێشەکانیان چارەسەر دەکات، پار ساڵ و ئێستاش دووبارەی دەکەمەوە کە کێشەی شەهیدان لەبواری تەندروستی نە بە 150 حەل دەبێت نە بە 75 حەل دەبێت، بەڵکو بە چارەسەری بنەڕەتی حەل دەبێت، کەدەبێت پرۆژەی ستراتیژی بۆ دابندرێت، ئەو لە 10%ی پلە تایبەتەکان کەچووە سندوقی شەهیدان بەو نیازە بوو کە مەشروعی کەسوکاری شەهیدان بێت نەك بەو شێوەی کە کاك سالاریش ئیشارەتی پێکرد، بەو شێوە دابەشبکرێت، بۆیە لێرەدا بەپێویستی دەزانم هەردوو نەخۆشخانەی شەهیدان لەهەولێر ودهۆك، لە مەشروعە تازەکان دابندرێت و حسابی ئەم کێشە گەورەیە لەسەرانسەری کوردستان بکرێت، کە گەورەترین کێشەیەو چەندین ساڵە چارەسەر نەبووە، من دەبینم لەم پەرلەمانە یاسایەکمان دەرکرد، کێشەیەکی زۆر گەورەمان لەدوای ئەو یاسایە دروست کرد، یاسای ماف وئیمتیازاتی زیندانیانی سیاسی، لەوانەیە زۆربەی خوشك وبرایان پێیان وابێت کە چ کێشەیەکە، کێشەیەکمان بۆ کەسوکاری شەهیدان دروست کرد، بەو ماف وئیمتیازانەی کەبەزیندانی سیاسیمان درا، نازانم کامیان ئەولاترە، یەعنی حەدی ئەدنا دەبێت لەڕووی ماددی ومەعنەوی لە زیندانیانی سیاسی کەمتر نەبێت وارسی شەهید، ئەمە گەورەترین کێشەیە کە رۆژانە فشارێکی زۆر لەسەر وەزارەت، لەسەر لیژنەی ئێمەو ئەندامانی لیژنەی ئێمە دروست بووە، هەر ڕۆژێك تەسریحێك لە دەزگاکانی ئیعلام دەربچێت بۆ ماف و ئیمتیازێك کە بەشەهیدان نەدراوە بە زیندانیانی سیاسی دراوە، فشارەکە زیاتر قوڵتر دەبێت، پێشنیار دەکەم کە کچ وکوڕی شەهیدان کە لەکۆلیژ وزانکۆ ئەهلیەکانن وەکو قوتابیانی تری زانکۆکان ئەو بڕە هاوکارییەی کەوەك هاوکاری قوتابیان پێیان دەدرێت ئەوانیش بگرێتەوە هەرچەند لەزانکۆ ئەهلیەکان دەوام دەکەن، چونکە ئەمانە کچ وکوڕی شەهیدن، من تەنها باسی کوڕ وکچی شەهید دەکەم، باسی هەموو قوتابیان ناکەم لەزانکۆ ئەهلیەکان، ئەوانە فەزڵیان هەیە لەسەر ئێمە، نە خێریان پێ دەکەین نە منەتیان لەسەر دەکەین، ئەو 100 ملیارەی کە بۆ ئاوارەکان دانراوە، من پێشنیار دەکەم ئەگەر لەوەش نەبێت بۆ ساڵی دادێ، حسابێك بۆ هەموو ئەو ئاوارانەی بەحرکەو دەووروبەری بکرێت کەهیچ فەرقێکی وایان نیە، لەگەڵ ئاوارەکانی ئێران وتورکیا، کە

هەموو ئەوانە بوون کە پێشمەرگە بوون وبەدەیان گۆڕستانیان لەدەوروبەری بەحرکە هەیە لە برسان و لەبێنازیدا لەوێ مردن، بۆیە ئەوانە مافێکی خۆیانە وەك وارسی ئەوانە و وەك ئەوەشی کەئاوارە بوون لەوێ نیشتەجێ کران بەزۆری وەك ئاوارەکانی تر حسابیان بۆ بکرێت، پێشنیار دەکەم بۆ ئەو گرفتە گەورەیەی کە حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی هەیەتی ئەو غەدرە گەورەی کەلەحکومەت ووەزارەتی پێشمەرگەو خودی پێشمەرگە کراوە، پێشنیار دەکەم برای بەڕێزم کاك ئاسۆ باسی دوو ڕێگای کرد بۆ چارەسەری ئەم گرفتە، بەس من ڕێگای دووەم هەڵدەبژێرم کە ڕێگای گفتوگۆ ومفاوەزات دەتوانم بڵێم فەشەلی هێناو سەری نەگرت، کەماوە چەند ساڵێکە لە 2007 تا ئێستا بەردەوامە بۆیە من بەپەسەندی دەبینم لێرەدا وەکو پێشنیار بۆ حکومەت و بەتایبەتی بۆوەزارەتی شەهیدان، لەڕێگای ستافێکی لێهاتوو لە حکومەتی ئیتیحادیەوە بەتایبەتی لە مەحکەمەی ئیتیحادی دەعوایەکی یاسایی لەسەر مالیکی وحکومەتەکەی بەرز بکەنەوە، بۆ گەڕانەوەی ئەو هەزارەها ملیۆن دۆلارە یان دینارە کە هەیە بۆ هەرێمی کوردستان و ئەو گرفتە گەورەیە لەسەر خەڵکی کوردستان لابکەوێت، من پرسیارێك لەجەنابی وەزیری پلاندانان دەکەم، بۆ هەتا ئێستا یەکەی دیزاین لە حکومەتی هەرێم دروست نەکراوە؟، کە دەبینم تەماشای تەنیا پارەی دیزاین دەکەین بۆ هەر مەشروعێك، ئەگەر بەراوردی بکەین بەکۆی هەمووی دەتوانم بڵێم هیچ نەبێت 30٪ی پارەی وەبەرهێنان بۆ دیزاین دەچێت، ئەگەر چی هەمان ئەو برا وخوشکە ئەندازیارانەن کە دامەزراون لە ئێواران لە مەکاتبەکانی خۆیان بەو پارە زەخمە دیزاین دروست دەکەن، ئەمە بەحەقیقەت پارەیەکی یەکجار زۆرە، حەقە مشوری ئەوە بخورێت وئەو پارەیە بگەڕێتەوە بۆ خودی مەشروعەکان، دەکرێت ڕێگایەکی وا دابندرێت کەخوشك وبرایانی ئەندازیار دەعمیان بکرێت و ئیمتیازاتیان پێ بدرێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەك دیزاین بۆ مەشاریعەکانی کوردستان بکەن، من تەنها ئەو مەشاریعانە دەڵێم کەزۆر ستراتیژی نین، چونکە ئەوانەی کە ستراتیژین بەتەئکید لەڕێگای دەزگاکانی تر یان مەکتەبەکانی تر دەکرێت کە دەتوانم بڵێم خارجی بن یان دەرەکی بن، بۆ بەرتەرف بوونی کێشەی دواکەوتنی بودجە کە هەمووومان کۆکین لەسەر ئەوە کە گرفتێکی دروست کردووە، کێشەی لێ دروست بووە لەوەختی خۆی نەهاتووە، من پێشنیار دەکەم کە سولفەی زەواج و عەقار بەردەوام بێت وەك پرۆژە بەردەوامەکان، چونکە ئەمە ڕاستەوخۆ بەستراوە بەخەڵکەوە، خەڵك چاوەڕوانی بودجە ناکات، ئەگەر

سولفەی هەبێت، سولفەکەی بەردەوام بێت وئەو فشارەش لەسەر حکومەت وپەرلەمان دروست نابێت،! دوا پێشنیارم کە سەڵاحیات بەوەزارەتی پلاندانان ودارایی بدرێت بۆ ساڵی داهاتوو مخەوەل بن، وەك وتم بودجە خەملێنراوە ئەو بودجە خەملێنراوە، ئەوپەڕی ملیۆنێك زیاد یان کەم دەکات، بۆیە پرۆژە بودجەکەمان بۆ بنێرن لەکاتی موناسب تا ئەو کیشەیەی کەهەیە لەسەر دواکەوتنی ئەوکاتەدروست نەبێت ونەمێنێت، هەرکاتێك کەزیاد وکەم بوو تەنها لەبودجەی وەبەرهێنان لەوانەیە گرفتمان بۆ دروست بێت، ئەویش بەیەك دانیشتن چارەسەر دەکرێت، من نابینم کەهیچ گرفتێکی تێدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، شلێرخان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی دەستخۆشی لەلیژنەی دارایی وئابووری دەکەم، بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە کە کۆکراوەی ڕاپۆرتی هەموو لیژنەکانە، بەڕاستی خاڵی گرنگ وتێبینی باشیان خستەڕوو، هەروەها سوپاسی خۆم ئاراستەی هەردوو وەزیرەکان دەکەم، چونکە ڕوونکردنەوەکەیان بەشێك بوو لەوەڵامی پرسیارەکانم، هەروەها پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیستی کوردستانی دەکەم کە لەلایەن سۆزان خانەوە خوێنرایەوە، خاڵەکانی زۆر شتی باشی تێدا بوو، یەکەم: خاڵی بەردەوام بوون لەسەر 150ملیار دینار بۆ هەڵمەتی نیشتمانی دروست کردنی قوتابخانە، ئەوە پشتگیری لێدەکەم کە هەر بەردەوام بێت، بۆ بنبڕ کردنی گرفتی نەبوونی بینایەو دوو دەوامی و سێ دەوامی، هەروەها پشتگیری لەو پرۆژە بەردەوامانەی وەزارەتی پەروەردە دەکەم لەدروست کردنی قوتابخانە کەلەکاتی خۆی ئەنجام بدرێت وتەواو بکرێت، بەڵام من لەگەڵ ئەوەدا نیم لەپرۆژە پێشنیارکراوەکان دیسانەوە داوا کراوە کە قوتابخانەی شەش پۆلی دروست بکرێت، قوتابخانەی شەش پۆلی لەهیچ کاتێکدا من پشتگیری لێ ناکەم، چونکە لەئایندەیەکی نزیك تووشی گرفتی ئەوە دەبین کە هیچ قۆناغێکمان نیە بەشەش ساڵ تەواو بێت، بنەڕەتی کە یەکەم قۆناغە 9 ساڵ خوێندنی دەوێت، کە شەش ساڵەکە تەواو بوو پۆلەکانی 7 و8 و 9 ناتوانن لەو قوتابخانەیە دەوام بکەن، بۆیە لەئێستاوە لەهیچ پرۆژەیەك بۆ قوتابخانە لە 12 پۆلی کەمتر نەبێت، بەردەوام بوون لەسەر بەرنامەی تواناسازی دابین

كردنى بودجەى پێویست بۆ هەردوو وەزارەتى خوێندنى باڵاو پەروەردە، بەڵام بەمەرجێك ئەو پارەیە تەنها بۆ بەدەستهێنانى پلەى ماستەر ودكتۆرا نەبێت و بۆ ناردنە دەرەوەى كەسانێك بۆ بەدەستهێنانى ئەو دوو پلەیە، بەشێكى باش لەو پارەیە بۆ مەشق وڕاهێنانى مامۆستایان بێت، سەبارەت بەوەزارەتى پەروەردە مەشق وڕاهێنانى مامۆستایان وبەڕێوەبەرى قوتابخانەكان وكارمەندان بێت بۆ پەرەپێدان بەتواناكانیان، بەپێى پسپۆڕ وبوارەكانیان بەشێوازى ڕاست ودروست بەبێ بەهەدەردانى پارە، هەروەها بەشێكى بۆ توێژینەوەى زانستى بێت، خاڵى سێیەم: گرنگیدان بە پەروەردەى تایبەت لەهەردوو وەزارەتى خوێندنى باڵاو پەروەردە، بەڕێزان لەبەر ئەوەى كوردستانى ئێمە هەڵگرى دروشمى بەیاننامەى جیهانیە خوێندن بۆ هەمووان، بەبێ جیاوازى لەڕەگەزو ڕەنگ و جۆر وئایین، بۆیە خاوەن پێداویستى تایبەتیش بەشێكن لەو پرۆسەیە، مافى خوێندنیان هەیە، لەبەرنامەى تواناسازى هیوادارم مامۆستایانى پەروەردەى تایبەت بێبەش نەبن لەمەشق وڕاهێنان وناردنیان بۆدەرەوەى وڵات، ئەوەندەى من ئاگادارم لەساڵى 2007 تا ئێستا مامۆستایانى پەروەردەى تایبەت تەنها لەساڵى 2007 یەك خول یان دوویان بینیوە، لەسەر فێركردنى خاوەن پێداویستى تایبەت، لەو پرۆسەیە با بێبەش نەبن، بەڵام لێرە دەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم كە ئێمە وەكو لیژنەى پەروەردەو خوێندنى باڵا وخۆشم وەك ئەندامى لیژنەى پەروەردە، لەسەر پێشنیارى خۆم، پشتگیرى تەواوى ئەندامانى لیژنەى پەروەردەو خوێندنى باڵا، وەزارەتى خوێندنى باڵا ڕەزامەندى داوە لەسەر كردنەوەى بەشى پەروەردەى تایبەت لەزانكۆى سەلاحەدین، كەجێگاى دەستخۆشى و دڵخۆشى ئێمەیە، ئەوە دەستكەوتێكە كە تائێستا لەكوردستان نەبووە، بەشى پەروەردەى تایبەت بۆ ئامادەكردنى مامۆستاى پەروەردەى تایبەت، بۆیە هیوادارم لەو بودجەى وەزارەتى خوێندنى باڵا، بڕێك پارە تەرخان بكرێت بۆ دابین كردنى پێداویستیەكانى ئەو بەشە، پێویستى بەتاقیگەو ئامێرو ئەو شتانە هەیە، هەروەها دیسان لێرە سوپاسى وەزارەتى خوێندنى باڵا دەكەم، كەڕەزامەندى داوە بۆ پێدانى چەند كورسیەك لەتواناسازى لەماستەر ودكتۆرا بۆ ئەو كەسانەى كە دەیانەوێت لەبوارى پەروەردەى تایبەت بخوێنن، كەتائێستا ئەوە نەبووە، وە تا ئێستا هیچ پسپۆڕێكمان لەو بوارەدا نیە كە بتوانێ لەو بەشانە وانە بڵێتەوە، ئەگەر هەشبێت ئەوە زۆر كەمە، هەروەها پشتگیرى لەخاڵى بەردەوام بوون لەخزمەتى ناوچە دابڕێنراوەكان دەكەم لە هەموو خزمەتگوزارییەك وبێبەش نەبوونیان لەبەرنامەى دامەزراندن ولەو

پلانەی کەبۆیان دانراوە، لەڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی وخێزان ومنداڵ هاتووە، کە پارێزگای سلێمانی پێویستی بە سەنتەری ئۆتیزم هەیە، بەڕێزان ئەوە زۆر زۆر گرنگە، من ئەو سەنتەرەم بینیوە و سەردانم کردووە، کە سەنتەرەکە زۆر بچووکەو نەگونجاوە زۆر پێویستە بۆ منداڵی ئۆتیزم، منداڵی ئۆتیزم بۆ زانیاری ئەوانە ژمارەیان ساڵ بەساڵ لەهەموو جیهاندا زیاد دەکات، پێویستیان بەسەنتەر هەیە، ئۆتیزم حاڵەتێکە کە ئەو نەخۆشانە ناتوانن لەهیچ قوتابخانەیەکی ئاسایی دەوام بکەن، هیچ مامۆستایەك ناتوانێت فێریان بکات، تەنها پێویستیان بەسەنتەری ڕاهێنان هەیە، حاڵەتی زۆر قورس وگرانن، تەنها یەك حاڵەتیان هەیە کە پێی دەوترێت، (طیف التوحد) کە دەتوانێت لەقوتابخانەکان تۆزێك، ئەگەر مامۆستای پەروەردەی تایبەتی هەبێت بتوانێت لەو قوتابخانانە بەشدار بن، نەك هەر لە سلێمانی ئەوەی سلێمانی ئێستا پێویستە بکرێت، بەڵام لەهەموو کوردستان بەپێی ئامار لەو شوێنانەی کەمنداڵی ئۆتیزم هەیە پێویستی بەو سەنتەرە هەیە، هیوادار بووم و ئێستاش پێشنیار دەکەم بۆ وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی بۆ پەرەپێدان بە پەیمانگای نابینایان و نابیستان وبیرکۆلان، بڕێك لەبودجەیان بۆ دابندرێت، لەبەر ئەوەی لەهەموو کوردستان تەنها لەسلێمانی و هەولێر ودهۆك ئەو پەیمانگایانە هەیە، بەپێی ئامارێك کە بەدەستمان گەیشتووە، نابینایان لەهەموو ناوچەکانی کوردستان هەیە، هەروەها بیرکۆلان و  نابیستانیش، هەموو بێبەشن لەخوێندن، تەنها لە مەرکەزی ئەو سێ شارە هەیە، ئەویش شێوازی فێرکردن وئامێرەکانیان هەمووی زۆر کۆنەو هی 26 ساڵ پێش ئێستایە، زۆر پێویستیان بە تەتویر کردن هەیە، پشتگیری ئەو خاڵەش دەکەم پێداچوونەوە لەرێنماییەکانی دەرماڵە ئەوخاڵە دیسانەوە لە ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی هاتووە، کە دەڵێت بۆ مامۆستایانی کاروباری کۆمەڵایەتی دەرماڵەی مەترسی دابندرێت، من پشتگیری تەواو لەوە دەکەم، کەئەو مامۆستایانەی ئەو پەیمانگایانە دەرماڵەیان هەبێت، بەڵام لەلایەکی تر پشتگیری لەبەڕێز بێریڤان خان دەکەم، کە نابێت ئەو دەرماڵەیە ناوی دەرماڵەی مەترسی بێت، چونکە دەرماڵەی مەترسی نیە بەڵکو دەرماڵەیەکی تایبەتە بەمامۆستایانی پەروەردەی تایبەت و بەمامۆستایانی ئەو پەیمانگایە، ئەو خاڵانەی تر دووبارەن، بۆیە منیش حەزناکەم دووبارەی بکەمەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك اسماعیل محمود، فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من دەستخۆشی و پشتگیری لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم، پێشەکی من باسی ڕاپۆرتەکەی لیژنەی ناوخۆ دەکەم کە لەڕاپۆرتەکەی لیژنەی دارایی دووبارە بووەتەوە، وەزارەتی ناوخۆ چەند پێشنیارێکیان هەبوو بۆ ئەوەی کە ئێمە لەگەڵیان کۆبووینەوە، میلاکاتیان 6576 کەسیان داوا کردووە، بەڵام بەداخەوە لەوەزارەت 2700 کەسیان بۆ دەستنیشان کراوە، دیارە ئەوە ژمارەیەکی زۆر کەمە بەنیسبەت وەزارەتی ناوخۆ، خۆمان دەزانین وەزارەتی ناوخۆ ئەهەمیەتی چیە؟ وە پێویستیشی زۆرە؟، باسیان لەوە کرد کە 45 وێستگەی کارەبا ئێستا بێ پاسەوانە، لەبەر ئەوە زەروورن بۆ پاسەوان، پێویستە ئەو نیسبەیان بۆ زیاد بکرێت تابتوانن پاسەوانیی وێستگەی کارەبا بکەن، پێشنیارێکی تریان هەبوو کە تا ئێستا زیاتر لە 40 – 50 بنکەی پۆلیس لەشارو شارۆچکەکان لە بینای بەکرێدان، ناکرێت بۆ هەیمەنەی حکومەت ووەزارەتی ناوخۆ بنکەی پۆلیس لەخانووی کرێدابن، بۆیە پێویستیان بەچەند بنکەیەکەو داواکارین کەوەزارەتی پلاندانان و دارایی هەوڵ بدەن بەزووترین کات وەزارەتی ناوخۆ لەکرێچیەتی نەجات بدات و بنکەی پۆلیسەکانمان لەخانووی بەکرێدا نەبن، سەبارەت بەدەزگای ئاسایش ئەوانیش بەهەمان شێوە لەبەر ئەوەی ئەمساڵ هەردوو دەزگاکە یەکیان گرتۆتەوە، بۆیە پێویستیان بەخەڵکی تازەیە، بەتایبەت کەئێستا ئێمە یاسایەکمان هەیە، یاسای ژمارە(18)ی هێزەکانی ناوخۆ کەبەپرۆژە یاسایەك پێشکەشی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوەو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، ڕەنگە بەهۆی یەکگرتنەوەی ئەو دوو دەزگایەو ئەو دوو وەزارەتی ناوخۆیە کۆمەڵێك لەکارمەند وئەفسەرانی وەزارەتی ناوخۆ ودەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان چاوەڕوانی هەموارکردنی ماددەی 44 لەیاسای ژمارە (18) دەکەن بۆ ئەوەی بتوانن بەشێکی زۆر لەوانەی کەخزمەتی زۆریان هەیە خانەنشین بکرێن، تا ئێستا نەیانتوانیوە خۆیان خانەنشین بکەن، چونکە بە بڕێکی کەم پارە خانەنشین دەبوون، بۆیە پێشنیار دەکەین بۆ دەزگای ئاسایشیش کە 300 کەسی میلاکی بۆ دانراوە، داوای 1000 کەس دەکەن، ئەگەر بکرێت هاوکاری بکرێن ولەشوێنێك لەو شوێنانەی کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دەڵێت من میلاکم بۆ دانراوەو پێویستم پێی

نیە، دەکرێت لەوێوە ئەو میلاکەی بۆ ئەوان دیاری کراوە بیدەن بەدەزگای ئاسایش، دووەم: تەرخانکردنی بڕە بودجەیەك بۆ ئیدارەی ڕاپەڕین، ئیدارەی ڕاپەڕین ئێستا کە بەڕەسمی دەستبەکارە لەڕاپەڕین بودجەی بۆدابین نەکراوە، داواکارین وەکو ئیدارەیەك تەعامولی لەگەڵ بکرێت وبودجەیەکی بۆ دەستنیشان بکرێت، هەندێ تێبینیم هەیەلەسەر بودجەی ساڵی 2012 ئاراستەی وەزیرە بەرێزەکانی دەکەم، یەکەم: هۆی جێبەجێ نەکردنی پرۆژە بەردەوامەکان، وەڵامەکانی حکومەت ڕوون نەبوون، پێویستە زیاتر ڕوون بکرێنەوە، بەڕای من کۆمەڵێك هۆکار هەیە بۆ ئەوەی کە نەتواندراوە ئەو پرۆژە بەردەوامانە بچنە بواری جێبەجێکردن، لەباڵەکایەتی قەزای چۆمان 64 پرۆژە هەیە، لە 64 پرۆژە 32 پرۆژەی سفرە، 32کەی تریش هەندێکی تەواو بووە، هەندێکی دووبارە بووەتەوە، تەنها ماوە سولفەی ئەخیری ماوە، بەڵام داخڵی بەرنامە کراوەتەوە، لەساڵی پار تەنها یەك بنکەی وەرزش ولاوان هەبوو، کە ساڵی پاریش لەگەڵ جەنابی وەزیری پلاندانان قسەمان کرد، بەداخەوە ئەو بنکەشیان بەڕەوا نەبینی وگواستراوەتەوە بۆ شوێنێکی تر، داواکارم لەوەزیری پلاندانان کە هیمەتێك بکەن و ئەو بنکەیان بۆ بگێڕنەوە، چونکە ناوچەکە پێویستی پێیەتی، هۆی دواکەوتنی پرۆژەکان من بۆ چەند خاڵێکی دەگەڕێنمەوە، یەکەم: زۆر لەپرۆژەکان پاش ئامادەکردنی نەخشەو دیزاینی برو نرخی بڕگەکانی دەرخستەی پرۆژە تا دەگاتە ئەوکاتەی کە بە بڕیار دەردەچێت، لەسەر جێبەجێکردنی مومکینە زیاد لەساڵێك دەبات، ئەگەر زیاتریش نەبێت، کەواتە نرخ دەگۆڕێت، دووەم: بانگهێشت کردنی گشت بۆ بەشداری پێکردنی لە مقاولات، یەعنی هەموو مقاولێك بانگهێشت دەکرێت بۆ ئەو تەندەرە، ئەوەش یەکێك لە هۆکارەکانە کە پرۆژەکان دوا دەکەون، هەموو مقاولەکان ناتوانن ئەو پرۆژانە وەربگرن، هەموو مقاولێك لەئاستی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژانە نیە، حەقە سنوورێك بۆ ئەوانە دیاری بکرێت، کە ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەنرخێکی خراپ تەندەر لێ دەدەن و دەبێتە هۆی ئەوەی کە تەندەرەکە بە نرخێکی خراپ بۆ مقاولەك دەردەچێت و ئەویش ئامادە نیە لەدوایی بەباشی جێبەجێی بکات ودوایی پرۆژەکە بەجێ دەهێڵێت، سێیەم: نرخی خراپ، نرخەکان زۆر خراپن پێویستە حکومەت بەڕاستی نرخەکان دیاری بکات، ئەو نرخانەی کە بۆ پرۆژەکان دیاری دەکرێت، مەسەلەن ئێستا هەر لەقەزای چۆمان ئەوەی کەمن بەدواداچوونم بۆ کردووە، کارەبا، کارەبا بۆ سێ شوێن دەرچووە، شیوەڵۆك، مەڕان، ناوبەرگە، لەو سێ شوێنە ئەوە دووەم جارە تەندەری دەکرێتەوە بەهۆی نرخی

خراپییەوە، بۆیە داواکارم کەهەوڵ بدرێت نرخەکان باشتر بکرێن، کەدواش دەخرێتەوە ئەمساڵ کەدوا دەخرێتەوە لەبەر ئەوەی کەوەرزەکە وایە لەمانگی 7 ین و دەچینە مانگی 8 لەم مانگەش جارێکی تر تەندەرین دەکرێتەوە، تا ئیحالە دەکرێت سێ مانگی پێ دەچێت دوای ئەو سێ مانگەش دەکەوێتە ساڵێکی تر، یەعنی ئەگەر ئەمساڵ بتەوێت پرۆژەیەك بکەیت ئەوە بەسێ ساڵ لەناوچەیەك پرۆژەیەك جێبەجێ دەکرێت، لەبەر ئەوە پێویستە وەزارەتی پلاندانان، پلانی هەبێت بۆ ئەو مەسەلەیە، خاڵێکی تریش ئەوەیە کە بەڕاستی هەموو پارەکان لەلای وەزارەتی مالیە کۆبووەتەوە، پێویستە ئەو پارانەی کەتەخصیص دەکرێن بۆ وەزارەتەکان، بەتایبەتی ئەو وەزارەتانەی کە موتەخەصیصن بە کارەکان، پێویستە وەزارەتەکان پارەکە لای خۆیان بێت، نەك هەمووی بێتەوە لای وەزارەتی دارایی، لەبەر ئەو ڕۆتینە کۆمەڵێك لە مقاولەکان ئێستا وازیان لە مقاوەلات هێناوە، بۆیە پێویستە ئەو پارانەی کە تەخصیص دەکرێت بۆ وەزارەتەکان بچێتەوە وەزارەتەکانی خۆیان، پرسیاری دووەم: ئەو پارەی کە لەپرۆژە تایبەتەکان دادەندرێت ساڵی پار ئێمە بڕیارماندا سندوقێك هەبێت بۆ مدەوری پرۆژە دواکەوتووەکان، ئەو پارەیە لەکوێیە تا ئێستا؟، حەقە وەزیری دارایی بۆمان ڕوون بکاتەوە، ئەو پارەیە لەکوێیە؟، سندوقی نەوت، ئایا هەیە؟، ئەگەر هەیە پارەکەی لەکوێیە، چ لایەك لێی مەسئولە، کێ تەسەڕوف بەو سندوقە دەکات؟، پێویستە ئەوە جەنابی وەزیری دارایی بۆمان ڕوون بکاتەوە، پارەی ئەنجومەنی وەزیران ئەمساڵ زۆر زیادی کردووە، لەچاو ساڵانی پێشوو، بەڕەغمی ئەوەی کەبەڕێز جەنابی وەزیری پلاندانان باسی کرد، کەشارەوانی عەینکاوەی لەسەرە، بەڵام ئەویش جیا بووەتەوە، هێشتا ئەگەر ئەوەشی لێ جیا بکەیتەوەو سولفەی تواناسازیشی لێ دەربکەین، پارەیەکی یەکجار زۆرە، پێوستە جەنابی وەزیری دارایی ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، قەرزی مەسرەفی عەقاری وسولفەی زەواج لەلای خەڵکە، قەرزەکە چی لێدێت پێویستە ئەو قەرزەی کەوەردەگیرێتەوە دیار بێت، بۆیە پێویستە جەنابی وەزیری دارایی ئەوەشمان بۆ ڕوون بکاتەوە، شەشەم، ئایا حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی چیە بۆ وەرگرتنەوەی ئەو پارانەی کەلەلای حکومەتی عێراقە؟، من پێم وایە ئەو پارەیە، بەتایبەتی کێشەی کورتهێنان هەمووی لەو پارەیەدا خۆی دەبینێتەوە، ئەگەر بێت وحکومەت پلانی هەبێت بۆ وەرگرتنەوەی ئەو پارەیە دەتوانن بودجە لە هەرێمی کوردستان کورت نەهێنێت وبتوانێ کاری زۆر باشی پێ بکەین، کورتهێنانی بودجە پەیوەندی بەو پارەیەوەیە کە

لەبەغدادەوە دێت، ئەو پارەی کەلەبەغدایە، حکومەت چ پلانی هەیە پێوستە جەنابی وەزیری دارایی بۆمان ڕوون بکاتەوە، بەڕای من پێویستە بەر لەوەی کە بودجە موصادەقە بکرێت، زۆر لەخوشك وبرا پەرلەمانتارەکان باسیان لەوە کرد، کە پەیوەندی بەنوێنەرانمانەوە هەیە لە بەغداد، بەڵام من بە تەحدید دەڵێم پەیوەندی بەئەنجومەنی وەزیرانەوە هەیە، لە بەغدا وەزیرە بەڕێزەکانمان لەبەغدا ئێمە خۆمان دەزانین پارە ئێستا لەحکومەتی عێراق، لەهەرێمی کوردستان ئەنجومەنی وەزیران بودجە دادەنێت ودەینێرێتە پەرلەمان، لەوێش بەهەمان شێوە ئەنجومەنی وەزیران بودجە دەنێرێتە پەرلەمان، لەوێ وەزیرمان هەیە، وەزیرە بەڕێزەکان بەتایبەتی وەکیلی وەزیری دارایی لەعێراق، پێویستە بەر لەوەی کەبودجە موصادەقە بکرێت، بێت لەگەڵ هەرێمی کوردستان موناقەشە بکات، سیعرەکان باس بکات، چی بۆ هەرێمی کوردستان دیاری کراوە، بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونیەك هەبێت لەهەرێمی کوردستان، هەموو ساڵێك بەپێی ئەوەی کەموتابەعەمان کردووە، دوای ئەوەی کە بودجە لەئەنجومەنی وەزیران ڕەد دەبێت دەچێتە پەرلەمان، لەوێ مشتومڕی لەسەر دروست دەبێت، نەمانبینیوە لەو 5، 6 وەزیرەی کەلەبەغدان قسە بکەن لەسەر ئەو بودجەیەی کەهەیە، بۆیە پێویستە پەرلەمانی کوردستان بانگهێشتی ئەو وەزیرە بەڕێزانە بکات، بۆ ڕۆژێك لەڕۆژان موناقەشە لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان ناکەن؟، پرسیارێکی تر، دانی کارەبا بۆ ناوچە دابڕاوەکان بە تایبەتی بۆ کەرکووك، بەتایبەت لەسەر حسابی بودجەی هەرێم، بەڵام پارێزگاری کەرکووك لەلێدوانێکیدا باس لەوە دەکات کە دەڵێت ئێمە کارەبا دەکڕین، ئایا ئەمەیان ڕاستە، کارەبامان لێ دەکڕن؟، یان هاوکاری دەکرێن پێویستە وەزیری دارایی ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، چەند پێشنیارێکم هەیە، دەمەوێت باسیان بکەم، یەکەم: هەندێ لەخوشك وبرا بەڕێزەکان باسیان لەوە کرد، کە دوو نەخۆشخانە لە هەولێر پێویست وگرنگە، چونکە نەخۆشخانەکان زۆر کۆنن وسەردەمیان بەسەر چووە، پێویستە نەخۆشخانەی سەردەمی دروست بکرێت، زۆر ڕاستە من پشتیوانی ئەوە دەکەم، بەڵام لەویشیان گرنگتر زێرابی شاری هەولێرە، ئەو زێرابە بەڕاستی وای کردووە کە شار غەرقی بۆن بووە، بەتایبەتی کەئێستا دەچینە مەتاری نێودەوڵەتی هەولێر ئەو هەموو پارەی بۆ سەرفکراوە، ئەو هەموو خەڵکە بیانیە سەردانی دەکات، کەدەچیتە مەتار پێشوازیان لێدەکەیت یان دەچیتە دەرەوە، لەبەر بۆن ناتوانیت لێی دەربچیت، پێویستە وەزارەتی پلاندانان پلانی هەبێت بۆ ڕزگار کردنی شاری هەولێر لەو بۆگەنیە، بەتایبەتی

دەووروبەری ئەو مەتارە گەورەیە، دووەم: بایەخ بدرێت بە ڕاکێشانی هێڵی ئاو، بۆ ناوشاری هەولێر بەتایبەتی لەئاوی ئیفرازو زێ، لەبەر ئەوەی نەحاتمان بێت لەئاوی ژێر زەوی بۆ خواردنەوە، بۆ پارکەکان وبۆ بەکار هێنانی لەشوێنەکانی تر، پێویستە وەزارەتی پلاندانان پلانی هەبێت بۆ گەیاندنی ئاو بۆ ناو شاری هەولێر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ئەڤین خان، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەزەکەم سەرەتا قسەکانم بەرەخنەیەك بێت لەسەر خۆمان، ئێمە وەکو پەرلەمان، چونکە ئێمە لێرە نەبووینەتە پشتگیرییەك بۆ ئەوەی تا ئێستا سەرۆکی چاودێری دارایی و ئەنجومەنەکەی لێرە سوێندی یاسایی بخۆن، بۆ ئەوەی ئەو دەزگایە بکەوێتە کار وفەعال بێت، تاکو ئێمەش لەپەرلەمان ئەوە چەند ڕۆژێکە دانیشتووین بەگومانەوە ڕەقەمەکان لێك دەدەینەوە، هەندێجار ڕێزم هەیە بۆ هەموو پەرلەمانتارانی بەڕێز، هەندێجار هەڵەش دەکەین، چونکە ئەو ژمارانەی لەبەردەستی ئێمەدان، لەوانەیە بەو شێوەیە نەزانین تەعامولی لەگەڵ بکەین، یان بەو شێوە تەندروستە نەبێت لەژێر دەستی ئێمە، بۆیە وای لێمان کردووە، هەندێجار گومانمان بۆ دروست بێت، ئەگەر بێت وئەو دیوانی چاودێرییە کاری خۆی بکات، لەسەر حساباتی خیتامی ڕاپۆرتی خۆی هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ناو بەناو ڕاپۆرتی خۆی بنێرێت بۆ ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان، هەڵبەتە ئەم دوورودرێژییە، ئەم حیسابات و لێکدانەوەیە لەناو پەرلەماندا بەم شێوەیە نەدەبوو، پاشان من دێمە سەر بودجەی حاکیمە، هەمووومان دەزانین کە ئەمساڵ بودجەی حاکیمە بودجەیەکی زۆر باش بووە، کەخۆی لە نزیکەی 8 تریلیۆن 952ملیار داوە، ئیستیحقاقی ئێمە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵبەتە لە 17٪یە، من ناچمە سەر هەموو بەشەکان، چونکە هاوکارانم بە تێروتەسەلی باسیان کردووە، ئەوەی کە دەمێنێتەوە کەمن باسی بکەم بەشی کڕینی سووتەمەنیە، بۆ وێستگەی کارەبا، هەروەها کرێی کارەبایە، کە ئەو پارەی دەدرێت بۆ کڕینی کارەبا، کەخۆی لە 102 هەزار ملیارو 187 ملیۆن دەگرێتەوە، کە ئەمە مەبلەغێکی زۆرە، ئەگەر ئەم مەبلەغە

بگەیشتایەتە ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان، هەڵبەتە ئێمە دەمانتوانی ئەو 350 ملیارەی کە بۆ کڕینی کارەبا تەخصیصمان کردووە، ئەو بڕە پارەی کەئێمە پێویستیمان پێیەتی لە بودجەی خۆمان دیاری بکەین، دەمانتوانی لەوێ تەکمیلەی بکەین وپێویستی نەدەکرد ئەم بڕە پارە زۆرە لەو بابەدا سەرف بکەین، سەرفی فیعلی ئێمە بۆ کڕینی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەبا، 4 تریلیۆن دینارە، هەڵبەتە ئەم 4 تریلیۆنە 3تریلیۆن و500 ملیاری وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دابینی دەکات، چ لەغازە، چ لە گازوایلە، بەڵام ئەوەی کە دەمێنێتەوە ئێستا لەجەدوەلی بودجەی ئەمساڵدا دیاری کراوە، 501 ملیار دینار تەخصیص کراوە، ئێمە هەمووومان دەزانین کە 935 مێگاوات بەغاز کار پێدەکەین، وێستگەکانی ئێمە بەغاز کار دەکات، کە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان دابینی دەکات، بەڵام 480 مێگاوات کارەباشمان بە گازوایل ئیش دەکات، وە موحتەمەلە لەم نزیکانەدا زیاد بکرێت بۆ 750 مێگاوات، کەواتە ئێمە پێویستیمان بە بڕێکی زیاتر پارە هەیە، بۆ کڕینی گازوایل، کەئەمەش وادەکات ئێمە هەمووومان دەزانین هەڵبەتە ناتوانین بۆ چەند سەعاتێکیش لەمەودوا دەستبەرداری کارەبا بین، بۆیە وادەکات کە وەزارەتی دارایی موناقەلەی بۆ بکات، بۆ ئەوەی تەکمیلەی ئەم پارەیە بکات، کە تریلیۆنێك دەکات، ئێمە پێویستی ئیستیحقاقی فیعلی وەزارەتی کارەبا بۆ کڕینی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی تریلیۆنێك دینار دەکات، بۆیە وادەکات ئەعبایەکی گەورەتر بخاتە سەر وەزارەتی دارایی، کە موناقەلەی بۆ بکات لە جێگەکانی تر، بۆیە من پێشنیار دەکەم هەر لێرەدا وەزارەتی مالیە خۆی بڕیار بدات، ئەو بڕە زیاتر بکات، چونکە ئەو بیەوێت یان نەیەوێت لە پێشی ئەو حاڵەتە هەیە کەئەو پارەی هەر دەبێت بۆی زیاد بکات، بۆیە لێرە بیکەین باشترە، نەك ئەوەی کە سبەینێ لەپرۆژەکان یان لەبودجەکانی تر ببڕین، چونکە هەمووومان دەزانین کە کارەبا یەکێکە لەپێویستیە هەرە گرنگەکانی هەموو وڵاتێك، لەگەڵ ئەوەشدا دەزانین کە ئێمە باسی ئەوەمان کردووە لەبودجەدا لەداهاتی وەزارەتی دارایش ئاماژەی پێکردووە، کەداهاتی وەزارەتی کارەبا سفرە، ئەوەی وەزارەتی کارەبا فیعلەن، هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ خۆیان، خۆیان خەرجی لێ دەکەن، کە 157 ملیار دینارە، بەڵام 117 ملیار دیناری قەرزە، کە لەسەر حکومەت وهاوبەشیشە بەپەرلەمانەوە، بۆیە لەمانگی 4ی ئەمساڵ کە لە ساڵی2008ـەوە دەکات گەیشتووەتە 130 ملیار دینار کە حکومەت و پەرلەمان و هاوبەشە! هاووڵاتیەکان قەرزاری کارەبان، کە 78ی هی حکومەتە، 52ی هی هاووڵاتیە، بۆیە من لێرەوە داوا دەکەم،

کە ئەم قەرزە بەهیچ شێوەیەك لێخۆش بوونی نەبێت، بۆچی؟، لەبەر دوو هۆکار، یەکەم: ئێمە هەموومان دەزانین ئەگەر هەر کەسێك لە وەبەرهێنانی کارەبا، لەپێدانی ئیشتراکی خۆی بۆ بەکارهێنانی کارەبا لێخۆشبوونی هەبوو، هەڵبەتە دەست بەکارەباوە ناگرێت، بەفیڕۆدانێکی زۆر لەو وەزەدا دەبێت، کەزۆر گرنگە، هەروەها ئەم پارەیە کەوتوومانەو باسیش کراوە، ئەمە بۆ پرۆژەیەکی تایبەتی تەخصیص دەکرێت، هەڵبەتە خۆشبەختانە من دەستخۆشی لە وەزارەتی دارایی وحکومەت هەمووی دەکەم، بۆ ئەوەی کە ئەوان موافەقەتیان کردووە لەسەر ئەوەی کە پارەی داهاتی کارەبا خەرج بکرێت لە پێوەری زیرەك، چونکە پێوەری زیرەك لەگەڵ ئەو پرۆژەی کەدانراوە، تەنها بۆ پێوەری کارەبا نیە، بۆ پێوەری کارەبا و ئاو بەیەکەوە دادەندرێت، کەبەڕاستی ئەمە وامان لێدەکات کەئێمە لەکێشەی کارەباو! بەهەدەردانی کارەبا و قەرز وکۆکردنەوەی داهاتی کارەبا ئەم کێشە موزمینە چارەسەری بکرێت وڕزگارمان بێت، ئەمە چارەسەرێکی جەزریە بۆ ئەم کێشەیە، تەنها نەك کارەبا، بەڵکو ئێستا ئاویشی هاتووەتەسەر، خۆمانیش دەزانین کەئێستا ئاو چەند لەنزم بووندایە لەهەرێمی کوردستاندا، هەڵبەتە لەگەڵ ئەوەشدا بەتێکەڵکردنی پرۆژەی کارەباو ئاو بەپێوەری زیرەك، 100 ملیۆن دۆلار ئەگەڕێتەوە بۆ خەزێنەی کوردستان، بەڵام ئەم داهاتە پێشتر خەرج دەکرا بۆ تۆڕەکانی دابەشکردنی کارەبا، لەگەڵ فیدەرەکانی ناو شارەکان، هەڵبەتە ئەمە وەك چۆن دەوترێت بارسووکیەك بوو بۆ تەخصیص کردنی پارە بۆ پرۆژەکانی کارەبا، بەڵام دەبێت لێرە ئێمە بیربکەینەوە، ئایا ئێمە ئەو پارەمان تەخصیص کرد بۆ پرۆژەکان ئەی باشە ئێمە ئەوکارانەی کەپێی ئەنجام دەدرا لەداهاتی کارەبا، لەمەودوا بە چ شێوەیەك حکومەت بیری لێکردۆتەوە کەپارە تەخصیص بکات بۆ چارەسەرکردنی کیشەکانی تۆڕەکانی کارەبا، دابەشکردنی کارەبا، فیدەرەکانی گەڕەکەکان، لەگەڵ ئەوەشدا من پێشنیار دەکەم کەوەزارەتی دارایی حسابێکی تایبەتی بکاتەوە بۆ داهاتی کارەبا، چونکە هەمووما دەزانین لە 12/31 وەزارەتی مالیە بە پێی ئەو سیستمەی کەهەیەتی ئیتر بۆی نیە وەزارەتی مەعنی لەداهاتەکە خەرج بکات، ئەبێت بگەڕێتەوە بۆ خەزێنە، بۆیە ئەگەر حسابێکی تایبەت ولەژێر چاودێری و موتابەعەی وەزارەتی مالیە بێت، ئەتوانن ئەوان پرۆژەکانیان ڕانەگرن و دەستبەکار بن لێی لەم پارەیە بۆی خەرج بکەن هەرچەندە وابزانم بەڵێنی ئەوە دراوە کەپارەیان پێ بدرێت، بەڵام وابزانم ئەمە کێشەی ئێوەو وەزارەتی کارەباش ئاسانکاری تێدا دەکات، هەروەها من پێشنیارێکیش دەکەم، لەڕێگای وەزارەتی سامانە

سروشتیەکانەوە کەحکومەت چی زووترە هەوڵی ئەوە بدات کەئەو وێستگانەی کەبەگازوایل کاردەکەن، بگۆڕێت بۆ گازی تەبیعی، لەبەر ئەوەی ئەزانین کەوا تەشغیلی کارەبا بەگازوایل ئیقتیصادی نیە، بۆیە پێویستە بەزووترین کات هەوڵی ئەوە بدرێت، من پشتگیری تەواو لە پێشنیارەکانی لیژنەی دارایی دەکەم، تەنها خاڵی دووەم نەبێت، چونکە هەمووومان دەزانین کەساڵانە ئەوە سێ ساڵە بڕی 120 ملیار دینار تەخصیص دەکرێت بۆ تواناسازی، وابزانم کە بەرنامەیەك هەبێت وەك تواناسازی پێویست ناکات ئێمە جارێکی تر بڕێکی تر قەرز تەخصیص بکەین بۆ خەڵکێك کە بڕوات لەدەرەوە بخوێنێ، ئەمە بەرنامەیەکە لەژێر ئیشرافی بۆردێکدایە زۆر بەمونەزەمیە وابزانم، ئەگەر ئەو قەرزەش بدرێت لێرەدا ئالۆزییەك ئەکەوێتە ئەم بەرنامەیە، بۆیە پێویست ناکات حکومەت ئەم سەرئێشەیە بۆ خۆی دروست بکات، من پشتگیری ئەو ڕەئیە دەکەم کەوابزانم هاوڕێیانیشم باسیان کرد، داوای ئەوە دەکەن کە خانوو وزەوی بۆ کەسوکاری شەهیدان دابین بکرێت، من لەوە ئاگادار بووم چونکە خۆم خەڵکی گەرمیانم ئەوەی کەمن زانیومە تا ئێستا 1500 خانەوادەی شەهیدی سنەگەر هەیە لە گەرمیان و سلێمانی کەتا ئێستا موستەفید نەبوون، نە لەزەوی وەرگرتن نە لەخانووش، هەڵبەتە لەشارەکانی تریش هەیە، بەس من خەڵکی ئەو شوێنەم، بۆیە مەعلوماتم هەیە، بۆیە هەرچی پێویستە خانوو وزەوی بۆ کەسوکاری شەهیدانی سەنگەر دابین بکرێت، من دێمە سەر وەزارەتی ئەوقاف، کە ئەوە سێ ساڵە لەبودجەی هەرێمی کوردستان دەبینین کەوەزارەت هیچ پرۆژەیەك نە بۆ ئیزیدییەکان نە بۆ برا مەسیحیەکان تەخصیص ناکات، من پشتگیری ڕەئیەکەی دکتۆرە جیهان دەکەم، کە فیعلەن ئێمە سەیری پرۆژە پێشنیارکراوەکانی ساڵی 2012 دەکەین، لەگەڵ پرۆژە بەردەوامەکانی 2011 بۆ 2012 تەنها یەك پرۆژە هەیە بۆ نۆژەنکردنەوەی کەنیسەیەك لە دهۆك، کە ئەویش 195 ملیۆنە لە ساڵی 2012 یەك دیناری بۆ خەرج نەکراوە، بەڕاستی ئەمە پرسیارە ئێمە لەوەزارەتی ئەوقاف بکەین، باشە بۆ وەزارەتی ئەوقاف بەم شێوەیە تەعامول لەگەڵ برا مەسیحیەکان و ئیزیدیەکان دەکات، کە ئەصڵەن ئەمە ڕەوایی تێدا نیە، لەگەڵ ئەوەشدا کەپارەی وەقفێکی زۆریان هەیە، ئەویش بە بڕی ملیارێك و514 ملیۆن دینارە، کەتەنها 164 ملیۆنیان تا ئێستا خەرج کردووە، هەڵبەتە ئەویش بۆ نۆژەنکردنەوەی چەند بینایەکە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین کەئەوان قەرزاری کارەبان بە 6 ملیار دینار، باشە ئەگەر ئەو بودجە زەبەلاحە لەژێر دەستیاندایە بۆ قەرزی خۆیان نادەنەوە، بەڕاستی ئەمە

زیاتر جێگای پرسیارە، من حەز دەکەم کەڕوون کردنەوەیەکم پێ بدەن سەبارەت بەو داهاتە، سەبارەت بەناوچە دابڕاوەکان، هەموومان دەبینین کەئەمساڵ تەنها 50 ملیار تەرخانکراوە بۆناوچە دابڕاوەکان، لەگەڵ ئەوەشدا دبینین کەئەمساڵ لەهەموو ساڵێك زیاتر ناوچە دابڕاوەکانی ئێمە تووشی هەڕەشەی ڕاگوازتن بوون، ئەویش لەبەر دوو هۆکار، یەکەم: ڕاستە ئەمنی وئاسایشی ناوچەکە موساعد نیە بۆ ئەوەی ئەو خەڵکە لەوێدا ژیان بەسەر بەرن، تەهدیداتیان لەسەرە، دووەم: نەبوونی خزمەتگوزاری، بەڕێزان لەبەر نەبوونی کارەباو ئاوو پرۆژە خزمەتگوزارییەکان خەڵکەکە ئەو ناوچەیە چۆڵ دەکەن، دەبینین لێرەشدا ئەو مەبلەغەمان بەڕاستی تەخصیص نەکردووە بۆ ئەو ناوچانە، بەتایبەتی شارەکانی جەلەولا، سەعدیە، دوز، قەرەتەپە، جەبارە، شوێنەکانی ترکەئێمە شارەزاین لەناوچەکانی خۆمان، بۆیە داوا دەکەم، ئەگەر ئیمکان هەیە زیاتر بایەخ بەو ناوچانە بدرێت، پرۆژەیان بۆ دابین بکرێت تاکو خەڵکەکە بەلانی کەمی ئەگەر لایەنی ئەمنیشی نیە بەس خزمەتگوزارییەکەی وای لێبکات کەناوچەکانی خۆیان چۆڵ نەکەن، چونکە سیاسەتی ئێمەش وەك هەرێمی کوردستان پشتگیری کوردەکانی خۆمان بکەین وئەرزو حاڵی خۆمان بۆ عەرەبەکان چۆڵ نەکەین، خانووەکانمانیان پێ نەفرۆشین، ئێمە لەپارەوە کۆمەڵێك دەرچووی گەرمیان هەیە، کە دیار بوو دوای ئەوەی کەناوەکان دەرچووبوو، کۆمەڵێك گەنجی تر بەڵێنیان پێ درابوو کە دابمەزرێن، ناوەکانیان دیارە ئەنجومەن فۆڕمیان پێ پڕ کردبوونەوە، تەنانەت گەیشتووەتە ئەنجومەنی وەزیران، بەڵام دیار بوو دوای ئەوە ڕاگیرابوو، من خۆم چەندجارێك بەدواداچوونم بۆ ئەو مەسەلەیە کرد، بەڵام بەڕاستی لە حەڵەقەیەکی موفرەغدا دەسووڕامەوە تا ئێستا منیش وەڵامێکم دەست نەکەوت، بۆیە ئەگەر بکرێت بۆ ئەمساڵ ئەوان ئەولەوێتێکیان پێ بدرێت، لەم 17 هەزار کەسە ئەوانیش دابمەزرێن، لەبەرئەوەی کە پار وەعدیان پێ درابوو وە فۆڕمیان پڕ کردەوە، ئەڵبەتە ئەمساڵ قەرەبووی ئەوەیان بۆ دەکرێتەوە، من پشتگیری ڕاپۆرتی لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن دەکەم لەخاڵی 18 کە داوای ئەوە دەکات لەکوردستاندا لە نێوان 3500 تا 7هەزار شوێنەوار هەیە لەکوردستان، کەیەك پرۆژە چیە بۆیان دانەنراوە، بەڕێزان کفری شارێکی زۆر کۆنە لەعێراقدا، نەك تەنها لەهەرێمی کوردستاندا، یەکێکە لەوشارانەی کەقیدەمێکی زۆر کۆنی هەیە، کە ئەڕۆیتە شاری کفری، من زۆر سوپاسی کاك سالار دەکەم کەئەویش باسی قەیسەری کرد، منیش پشتگیری دەکەم، تەنها قەیسەری کفری نیە، کفری چەند شوێنێکی شوێنەواری زۆر

کۆن وگرنگی لێیە، کەدەتواندرێت ئەگەر حکومەت نۆژەنی بکاتەوە و ئاورێکی لێ بداتەوە بەڕاستی ئەبێتە شوێنێك، کەبەڕاستی هەموو شارێك نفوسی زیاد دەکات بەس تەنها کفریە کە دەبینین نفوسی لەکەم بووندایە، ئەویش بەهۆی کەمی خزمەتگوزارییەکانی کەبەپێی پێویست نیە، باوەڕم پێ بکەن ئەوشارە ئەو ڕەسیف وجادانەی کەکراوە هەمووی هی ساڵەکانی پێش 80کانە، هەتا ئێستا نابینین کەشتێکی تازە لەو شارە کرابێت، جیگای ئەوە بێت کە بڵێین لەم شارە دەستی خزمەتگوزاری بەپێی پێویست گەیشتووەتە ئەم شارە، لەگەڵ ئەوەشدا بەنداوێکی هەیە کەجێگای دەستخۆشیە لەحکومەت کە ئەو بەنداوەی لێکردووە، کە دەتواندرێت لەگەڵ شوێنەوارەکاندا ئیستغلال بکرێت بۆ ئەوەی گەشتیار بچێت بۆ ئەو ناوچەیە، ئەو ناوچە تەنها لەبەر بێ خزمەتگوزاری چۆڵی ناکەن، بەڵکو لەبەر بێکاریش خەڵکەکە ئەوێ بەجێ دێڵن، بەڵام ئەگەر هاتو کاری سیاحەت و شوێنەوار بکرێتەوە لەوێ، خەڵکەکە ئەبێتە سەرمایە و وەکو قوتێك ئەبێت بۆیان کەبتوانن لەوێ بمێننەوەو لەبێکاری نەجاتیان بێت، سەبارەت بایەخدان بەگەرمیان بەگشتی، بەڕاستی ئەو پڕۆژانەو ئەو بایەخدانەو ئەو ئاوڕلێدانەوەی لەگەرمیان دەکرێت جێگای تموح نیە، بەڕێزان ئێمە هەموومان دەزانین ئەو خەڵکەی کەنیشتەجێی گەرمیانە، کەلار ، کفری ، چەمچەماڵ، زۆربەی زۆری لەبەر ئەوەی کەنفوسیان لەسەر دیالە، کەرکوك وئەو ناوچانەیە زۆربەیان مەشمولن بەماددەی 140، بەڵام کە پڕۆژەکانیان بۆ دیاری دەکرێت و دادەندرێت، بەپێی ئەو پێوەرەی کە دیاری کراوە بۆ پڕۆژە هەڵبەتە پێوەری ژمارەی دانیشتووانە کە بەپێی پسوولەی خۆراك دیاری دەکرێت، بەڵام ئەوان بەپێی پسوولەی خۆراك ڕاستە تابع بەهەرێمی کوردستان نین، بەڵکو لەسەر ماددەی 140 ن، بۆیە وایان لێکردوون کە بەپێی پێویست خزمەتگوزارییەکان و پڕۆژەکانیان بۆ دابین نەکرێت، بۆیە ئەگەر بکرێت ئێمە لەپەرلەمان ئەو پێوەرە وەکو ئەڵێن ئەوانەی لەسەر ماددەی 140 ن لەو ناوچانە ئێمە حسابێکیان بۆ بکەین، چونکە ئەوانیش بەڕاستی دانیشتووی هەرێمی کوردستانن، خەڵکی ئەم وڵاتەن پێویستیان بەوە هەیە کەخزمەتگوزارییەکان بۆ ئەوانیش فەراهەم بکرێت، سەبارەت بەگوند ولادێکانی گەرمیان، هەمووکمان دەزانین کە ئەنفال پشکی شێری لەگەرمیان بوو، وای لێهات کە هەموو گوندەکانی گەرمیان خاپوور کران، تەنانەت ئەوانەشی کەلەسەر جادە بوون، هیچ گوندێکی بەپێوە نەما، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا ئێمە بڕۆین یەك گوند بەپێی پێویست ئاوەدان نەکراونەتەوە لەو ناوچەیەدا، هەندێکیان خۆیان ئاوەدانیان

کردۆتەوە، بەڵام خزمەتگوزارییەکان بەو شێوەیە نەگەشتووە بەئەوان تاوەکو خەڵکەکە تەشجیع بن بگەڕێنەوە بۆ ئەوەی گوندەکانی خۆیان ئاوەدان بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەر پێوەرێك بێنین بۆ ئەوەی بڵێین ئەو خەڵکە لەو ناوچەیە پێویستی بەوەیە یان موستەحەقی ئەوەیە کەوا ئاوڕی لێ بدرێتەوە، هەڵبەتە هەموو پێوەرەکان ئەیانگرێتەوە، هەمووشمان شاهیدین کەوا گۆڕە بەکۆمەڵەکان هەڵدەدرێتەوە، یەکسەر پشکی شێر دەدرێت بەگەرمیان، سەبارەت بەپرۆژەکانی شاری کفری، دیارە شاری کفری لەپرۆژەکاندا، پرۆژەیەکی زۆر کەمی بەرکەوتووە، ئەوەی کەئەمساڵ لەپرۆژە پێشنیار کراوەکاندایە، من خۆم جەدوەلێکم کردووە، تەنها ملیارێك و700 ملیۆنی بۆ تەرخانکراوە کە تەنها 4 پرۆژەیە، بەڕێزان ئەو شوێنە بەراستی پێویستی بە پرۆژە هەیە، بۆیە بەم ڕێژە کەمە ئەمە ئیکتیفا ناکات، کەوا تۆ بتەوێت شارێك لەشارەکانی خۆت سیمای شاری پێوە دیار بکەیت، دێمە سەر داهاتی سامانە سروشتیەکان، دیارە لەداهاتی سامانە سروشتیەکان ئەوەی کەلەخشتەکەدا بۆ ئێمە هاتووە، تەنها ملیارێك و75 ملیۆن دینار دیاری کراوە، ئێمە هەمووومان دەزانین کەلەنەفەقاتی سیادی بڕێکی زۆر پارە لەئێمە دەبڕدرێت، کەئەگەر بێت و حسابی بکەین بە 10 تریلیۆن و 750 ملیار دینار تەخمین دەکرێت، لەسێ تەوەردا کە ئەویش لە کولفەی ئینتاجی نەوت، لە ئجوری نەقڵە بۆ تورکیا، لەگەڵ مەشاریعی شەریکاتی نەفتی ئەجنەبی، کەئیستیحقاقی ئێمە لە 17٪ ئەکات، کە دەکاتە تریلیۆنێك و 830 ملیار دینار، ئێمە لەمەدا لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانە حکومەتی عێراقی 700 هەزار بەرمیل سووتەمەنی ئیستیراد دەکات بۆ عێراق، بەڵام حسەی ئێمە لەم بەشانەدا کە دیاریم کرد هی ئێمە سفرە، ئەمە ئیستیحقاقێکی خۆمانە، بەڵام ئەو داهاتەی کەئێمە ئێستا دیاریمان کردووە لەجەدوەلی وەزارەتی دارایی کەبۆمان هاتووە، ئەمە تەنها و تەنها داهاتی ئەو بەرێوەبەرایەتیانەیە کە دابەشی سووتەمەنی دەکەن، لەگەڵ کارگەی غازدا، دیارە ئەم بودجەیە ئەوە نیە کەباسی دەکرێت وپرسیاری لێ دەکرێت، هەڵبەتە هەموومان دەزانین ئەو بودجەیەی کەباس دەکرێت لە فرۆشتنی موشتەقاتی نەوتدا لێرە باس نەکراوە، بەڵام پار ساڵ لەبودجەدا بۆمان هاتبوو، کە بۆ پرۆژەکانی پارێزگاکان بوو، بەڵام وابزانم ئێمە خۆمان بووین داوامان کرد کە جارێکی تر ئەو پرۆژانە بۆ پەرلەمان نەیەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا من پێشنیار دەکەم بۆ ساڵی داهاتوو، ئەو بڕە پارەی کە تەخصیص کراوە یان ئەو بڕە پارەی کەدەستمان دەکەوێت لە فرۆشتنی موشتەقاتی نەوتدا، چونکە

بەڕێزان ئێمە نەوتی خاو نافرۆشین لەهەرێمی کوردستان، تەنها موشتەقاتە دەیفرۆشین، ئەو داهاتەی لەو موشتەقاتە دەستمان دەکەوێت بەڕاستی بێتە پەرلەمان، یان ئەگەر نایەتە پەرلەمان لەچەند پرۆژەیەکی ستراتیژیدا سەرف بکرێت، بۆ نموونە وابزانم بیرۆکەیەك هەیە بۆ فوتابخانەکان ئەویش بیرۆکەیەکی زۆر زۆر باش وتەندروستە، با لە پرۆژەیەك بێت، نەك وەك برای بەڕێزم کاك سەروەر باسی کرد، 10 ملیۆن بۆ زانکۆیەك و20 ملیۆن بۆ زانکۆیەکی تر، بەڵکو ئەگەر بێت وئەو حصە پارەیە، یان ئەو بڕە پارەیە لەپرۆژەی ستراتیژی هەرێمی کوردستان سەرف بکرێت، جێگای خۆشی دەگرێت ودیاریش دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، مامۆستا کاوە، فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵێك من دەمەوێت باسی بکەم بەسەرپێیی بەشێك لەهاوکارانم باسیان کرد، ئەویش پەیوەندی بەناهاوسەنگی لەنێوان بودجەی وەبەرهێنان وبودجەی تەشغیلیە، ئەگەر ئێمە تەماشا بکەین، بودجەی تەشغیلی لەگەڵ بودجەی وەبەرهێنان ناهاوسەنگیەکەی یەکجار زۆرە، بەگوێرەی ئەوەی کەچاودێرانی ئابووری و پسپۆڕان کەباسی دەکەن یان لەو کۆڕو سیمینار و چاوپێکەوتنانەی کە خۆمان گوێمان لێی بووە، ئێمە ئەگەر سەرنج بدەین ئەو ناهاوسەنگیە ساڵ بەساڵ زیاد دەکات، بەس ئەمساڵ لەگەڵ ساڵی پار بودجەی تەشغیلی لە 14٪ زیادی کردووە، بودجەی وەبەرهێنان لە4٪ کەمی کردووە، باشە ئەگەر چەند ساڵێکی دواتر هەر بەم شێوەو بەم سیاسەتە، بەو جۆرە پلانە بڕۆین لەئاکامدا بودجەی تەشغیلی ئاستەکەی زۆر بەرز نابێتەوە لەسەر حسابی بودجەی وەبەرهێنان، منیش دەزانم ئەو وەزعە ئابووریەی کە ئێستا ئەو ناهاوسەنگیە لە نێوان بودجەی تەشغیلی و بودجەی وەبەرهێنان بەساڵێك و دوو ساڵ دروست نەبووە، بەچەندین ساڵ بە بارودۆخێکی سیاسی ولەپێشە کەوای کردووە بۆتە وەزعێك کەئەمڕۆ خۆی سەپاندووە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، کەناچار بوون بەو شێوەیە ئەو بودجەیە ئاوا دابرێژن، بەڵام پرسیارەکەی من ئەوەیە ئێستا هەموو لایەك هەست دەکەین، هەموو کەسێك لەکوردستان بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن مووچەیەك دابین بکات لەبودجەی هەرێمی کوردستان، هەتا ئەگەر جوتیار بێت بیر

لەوە دەکاتەوە کەمووچەیەکی هەبێت، ئەگەر دوکاندار بێت داوای دابین کردنی مووچە دەکات، خوێندکار لەئامادەییەوە داوای مووچە دەکات، دەریش بچێت یەکسەر خۆپیشاندان دەکات وداوای دامەزراندن ومووچە دەکات، ئەو ژینگە وتێگەیشتنەی کەدروست بووە بۆ ئەوەی هەموو تاکێکی کوردەواری، هەموو تاکێکی هەرێمی کوردستان داوای مووچە بکات، ئایا ئەوە واناکات ڕۆژێك لە ڕۆژان ئێمە تووشی هەڵاوسانێکی ئابووری ببین، ئەو هەموو بودجەی تەشغیلیە هەندێکی بەسولفەی عەقار، هەندێکی بەزەواج، هەندێکیشی بچێتە مووچە، ڕاستە باروگوزەران زیاد دەکات، بەڵام لەهەمان کاتدا نرخی پارەش دێتە خوارێ ودائی مەعیشە دروست دەکات، لێرەدا پرسیارەکەی من ئەوەیە لەهەردوو وەزیری بەڕێز، یان نوێنەرانی حکومەت ئەوەیە، ئایا ئێوە وەکو حکومەتی هەرێمی کوردستان، هیچ پلانێکی درێژخایەنتان هەیە، پلانی ستراتیژی بۆ ئەوەی لەداهاتوودا ئەو ناهاوسەنگیە بێتە سەر ڕێگای ڕاستی خۆی؟، چونکە بەڕاستی ئێمە لەئاکامدا تووشی قەیرانێکی گەورە دەبین، تووشی دارمانێکی ئابووری و حەتا تووشی قەیرانی بازاڕو کۆمەڵایەتیشمان دەکات، من لەگەڵ ئەوەدا نیم کەئێمە مووچەی خەڵك ببڕین یان ژیانی خەڵك دابین نەکەین، بەڵام دەتوانین لەڕێگای ترەوە ژیانی خەڵك دابین بکەین، خۆ زۆر وڵاتی لەئێمە پێشکەوتووتر ودەوڵەمەند تریش هەیە، کە بودجەیان لەئێمە زەبەلاح ترە، بەڵام ئەوەندە فشار ناخەنە سەر حکومەتەکەی خۆیان و بودجەی حکومەت، لەلایەنی ترەوە چارەسەری دەکەن، ئەویش بەکارا کردنی کەرتی تایبەت وبەوەی خەڵك ئیشوکار بکات، یەعنی وابکەین ئێمە خوێندکارانی ئێمە دەرچوون لەزانکۆ یان لە ئیختیصاصێك دەرچوون بیر لەوە بکەنەوە کە بچنە کەرتی تایبەت، نەك بیر لەوە بکەنەوە کەداوا لەحکومەت بکەن چۆن تەعینیان بکات، بەڕاستی من ئەوە ناڵێم بەکۆبوونەوەیەك و قەراراتی سەر کاغەز دەکرێت، ئەوە پێویستی بە کۆنفرانس و کۆبوونەوەی فراوان هەیە، پێویستی بەپلانی درێژخایەن هەیە، پێویستی بەوە هەیە بەدەیان کۆڕ وسیمیناری لەسەر بکرێت، پێویستی بەوە هەیە پسپۆڕان وشارەزایانی ناوخۆ وبیانی بێن هاوکارمان بن بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لەپاشەڕۆژدا تووشی گرفتێکی گەورە نەبین کەئەویش ئەو ناهاوسەنگیەی لێ بکەوێتەوە لەنێوان بودجەی وەبەرهێنان وبودجەی وەگەڕخستن، کە لەپاشەڕۆژدا من پێم وایە دەبینە کۆمەڵگایەکی مشەخۆری نابەرهەم هێنەر، لەجیاتی ئەوەی ببینە کۆمەڵگایەکی بەرهەم هێنەر، خاڵەتی دووەم: ئەوەیە کەبەڕاستی ئێمە وەکو لیژنەی پێشمەرگەو شەهیدان،

هەر هەموو لایەکمان چ لەئێمەی ئەندامانی پەرلەمان وهەتا هەر بەرپرسێکیش لەم هەرێمە دەیبینین کەباسی کەسوکاری شەهیدان بکەین دەڵێین شایەنی زۆرترین خزمەتن و شایەنی ئەوەیە زۆرترین هاوکارییان بکرێت، بەڵام ئەگەر بێت وموقارەنە بکەین بەبەرزبوونەوەی ئاستی ژیان لەم سەردەمەدا، تەکلیفی ژیان زۆر قورس بووە، کەسوکاری شەهیدانمان لەئاستێکی ئاوا باشدا نین کە موقارەنە بکرێت بەو وەزعی ژیان وگوزەرانەی کەئێستا هەیە، لەمانگی 2 کۆنفرانسێکمان کرد لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان وهەندێ پسپۆڕ کە هەتا یەکێتی پەرلەمنتارانیش ئامادەبوون بۆ هەموارکردنی یاسای ژمارە(9) بۆ دیاریکردنی دەرماڵەی خێزان ومنداڵی شەهیدان وهەروەها زۆر خاڵی تری تێدا بوو کە ژیان و گوزەرانی کەسوکاری شەهیدانی چاك دەکرد، لێرە داوا دەکەم لەوەزارەتی دارایی و حکومەتی هەرێم دەتوانن ئەوان بە بڕیارێك بە سەلاحیەتی خۆیان ئەو دەرماڵەیە سەرف بکەن، بۆ ئەوەی تۆزێك لە بارگرانی ژیانیان کەم بکاتەوە، هەروەها ئەو پارەی کەتەرخانکراوە بۆ خوێندنی منداڵی شەهید هەمووی بدرێت لەجیاتی ئەوەی کە نیوەی بدرێت، یاخود ئەو بڕە پارەی کە برادەرانم هەندێکیان باسیان کرد، لە 10٪ی مووچەی پلە تایبەتەکان دەبڕدرێت خرایە سەر حسابی سندوقی وەزارەتی شەهیدان، بەڕاستی ئێمە بۆ پرۆژەمان داوا کرد بۆ ئەوەی کەسوکاری شەهیدان ئیستیفادەی لێ بکەن، ئەگەر هەر نا بۆ نەخۆشخانەیەك بێت کەپەیوەست بوایە بە کەسوکاری شەهیدان، ئێستا بەجۆرێك دەدرێت بەکەسوکاری شەهیدان کەبەڕاستی هەموومانی نیگەران کردووە، نەخۆشێك لە کەسوکاری شەهیدان، ئەگەر لە نەشتەرگەرییەك پێویستی بە ملیۆنێك بێت نیوەی دەدەن، نیوەکەش دوای چەند مانگێك دەیدەنێ وەك ئەوەی خێریان پێ بکەن، ئەوە بەڕاستی شتێکە کە شایستە بەکەسوکاری شەهیدان نیە، حەقە پێداچوونەوەیەك لەو مەوزوعە بکرێت، خاڵێکی تریش کە پەیوەندی بەباشتر کردنی ژیان وگوزەرانی کەسوکاری شەهیدانەوە هەیە، بەڕاستی ئێمە تا ئێستا شەهیدانی سەنگەرمان زۆر ماوە کەسوودمەند نەبوون لەزەوی وخانوو، ڕاستە حکومەتی هەرێم زۆر هەوڵیداوە بۆ ئەوەی کەسوکاری شەهیدان لەو بوارەوە سوودمەند بکات، بەخانوو وزەوی، بەڵام دەتواندرێت بەشێوەیەکی تر ئێمە هاوکاریان بین، لەپاڵ ئەوەی کەزەوی دەدرێت، یان خانوویان بۆ دروست دەکرێت، یان خانوویان دەدرێتێ، دەتوانین ئێمە ئیستیفادە لەو کۆمپانیایانە وەربگرین کە لەپرۆژەی وەبەرهێنان پرۆژەکانیان بۆ نیشتەجێبوونە، ئەوە زیاتر وەزارەتی پلاندانان لەگەڵ وەزارەتی مەعنی بەو

بواره دەتوانن ئیستیفادە بکەن، ئێمە هەندێ هاوولاتی خۆمان هەیە موتەمەکینن کۆمپانیای نیشتەجێبوون دروست دەکەن، شوقەو خانوو دروست دەکەن، ئێمە دەتوانین بەپارەیەکی کەم و بەقیستی کەم بۆیان دابین بکەین، ئەوانیش هاوکارمان دەبن، ئیستیعدادیش هەبووە زۆرجار لەچاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی باسیان کردووە، ئێمە دەتوانین کە ئیستیفادە بکەین لەو پرۆژانە، هەندێ لەو کەسوکاری شەهیدانەی کە پێویستیان بە خانوو هەیە بۆیان دابین بکرێت، خاڵێکی تریش ئەوەی پەیوەندی بە پێشمەرگەوە هەیە، ڕاستە چاك کردنی باروگوزەرانی پێشمەرگەو ئەو ئیمکانیەتەی کە پێشمەرگە پێویستی پێیەتی پارەیەکی یەکجار زۆری دەوێت، بەو پارەش حکومەتی فیدڕاڵ تا ئێستا سەرفی نەکردووە بۆمان وەك هەرێمی کوردستان، کە 6 تریلیۆنە، بەڵام دەکرێت وەلەو هاوکارییەکی باش کراون، بەس دەکرێت زیاتر ئەوانەی کە لەچوارچێوەی یەکە نیزامیەکان ڕێکنەخراون بخرێنە سەر لیواو فەوجەکان بۆ ئەوەی بتوانین هەروەك کاك شڤان باسی کرد، ئەوانیش خاوەن ماڵ و خێزانن هەندێ لەمووچەکانیان باشتر بکرێت، بۆ ئەوەی بتوانن کەمێك باروگوزەرانیان باشتر بێت، ئەوەی تریش برادەران زۆر تەئکیدیان لێکردەوە، بەڕاستی هەوڵ بدرێت کە ئێمە بەچ شێوازێك ئەو پارەیەی کە پەیوەندی بەوەزارەتی پێشمەرگەوە هەیە، چۆن لەحکومەتی فیدڕالی وەربگرین، کەئەوە زۆر لەکێشەکانمان حەل دەکات، کە ئەوەش مەوزوعێکی سیاسیە زیاتر بتوانین ئەوە جێبەجێ بکەین ئێمە دەتوانین کێشەی پێشمەرگەو ژیان وگوزەرانی پێشمەرگە باشتر بکەین، لەڕووی تەجهیزو تەدریب و سەکەنات دەتوانین زیاتر بۆ پێشەوەی بەرین، زۆر پشتگیری ئەو هاوکارانەم دەکەم کەداوای چاککردن ودروست کردنی نەخۆشخانەن، بەڕاستی ئێمە نەخۆشخانەمان هەیە، ئێستا لەهەولێری پایتەخت هەندێ نەخۆشخانەی کۆن هەیە، بەڕاستی پێویستە پێداچوونەوە بکرێت لە نۆژەن کردنەوەیان، خەستەخانەی زۆر زۆر گەورەن، دەتوانێت زۆر هاوکاری هاوولاتیان بکات، بەڵام ئەگەر وا بمێنێتەوە بڕوا بکەن لەجیاتی ئەوەی خەڵك بچێت لەوێ چارەسەر بکرێت، تووشی نەخۆشی دەبێت، لەبەر ئەوەی نەخۆشخانەی زۆر کۆنن وبینایەکانیان باش نیە، خەدەماتیان باش نیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەڕاستی پێویستە ئەو ئەجهیزە تازانەی کەدێنە نەخۆشخانەکان کارمەندەکان بنێرن بۆ دەوراتی پێشکەوتوو، چونکە ئەو ئەجهیزانە زۆر پێشکەوتوون من مەعلوماتم هەیە لەهەندێ نەخۆشخانە ئەجهیزەی باش و پێشکەوتوو هەیە، بەس کارمەندەکە بەباشی بەکاری ناهێنێت بۆ فحوصات وئەو شتانە،

حەیفە ئەو بودجە زۆرە لە نەخۆشخانەکان سەرف بکرێت بۆ کڕینی ئامێری پێشکەوتوو، کەچی کادیرەکانی لەسەر ئەو ئاستە نەبن کە بەباشی ئیش بەو ئامێرانە بکەن، خاڵێکی تر بەڕاستی ئەوەی پەیوەندی بەئاوەدانکردنەوەو بواری کشتوکاڵەوە هەیە، هەمووولایەك دەزانین یەکێك لەکۆڵەکە سەرەکیەکانی ژێرخانی ئابووری کشتوکاڵە، کوردستانیش بە هەرێمی کشتوکاڵی بەناوبانگە، ئەو قەرزە بچووکەی کە درا بەجوتیاران ئیستفادەی زۆر زۆری لێکردووە، ئەو پێشینەی خانووبەرەیەی کە دەدرێت بەگوندەکان بۆ ئاوەدانکردنەوە سوودی زۆری لێبینراوە، بەردەوام بوون لەسەر ئەو قەرزە بچووکانەو ئەو سولفەی خانووبەرەیە، پێم وایە خزمەتێکی زۆر بەجوتیاران دەکات، بەڵام شتێکی تریش کە تائێستا ئیهتیمامی پێ نەدراوە لەساڵی پارەوە تا ئێستا ئەویش دروستکردنی بەنداو وبەند وبەربەستەکانە، کە زۆر زۆر خزمەتێکی باش دەکات، پێویستە گرنگی پێ بدرێت، زیاتر تەرکیز بخرێتە سەر ئەو بوارەو هەم بۆ ئەوەی ئاوی باران و ئەو ڕووبارانەی کە لەکوردستاندا هەیە بەفیڕۆ نەچێت، وە ئێمە دەتوانین سوودی زۆری لێ ببینین ئەوەش وادەکات لەئەنجامدا بواری کشتوکاڵ وئاودێری بەرەو پێش بڕوات، ئەوکاتە زیاتر بەرهەمی خۆماڵی زیاد دەبێت، کەئێستاکە ئێمە هەست دەکەین، لەم یەك، دووساڵە ئەو پێداویستیانە کەپێشان لەدەرەوە بۆمان دەهات ئێستا لەکوردستان پەیدا دەبیت و کەم بووەتەوە، بەوەی کەجوتیاران بەرهەمی خۆماڵی وخۆمانە بەرهەم دێنن، ئەو خاڵانەی کە سۆزان خان وەکو فراکسیۆنی کوردستانی خستیە ڕوو من پشتگیری لێ دەکەم، بەتایبەتیش کە تەئکید دەکەینەوە لەسەر ئەو هاوکارییەی کەبۆ تواناسازی و پێداچوونە بەسەر دەرماڵەی فەرمانبەران کە بەڕاستی پێداچوونەوەی بۆ بکرێت، بۆ ئەوەی عەدالەتێك هەبێت لەو دەرماڵەیەدا، بەتایبەتی هی فەرمانبەران، هەندێ فەرمانبەر هەیە کەمووچەکەیان زۆرکەمە، ئەو هاوکارییەی کەوەك بەخشینێك دەیاندرێتێ بەقیست شتێکی زۆر باشە هەتا بۆ ئەو خانەنشینانەشی کەمووچەکەیان زۆر کەمە، حکومەت حەقە پشتگیری خەڵکی مووچە کەم وکەم دەرامەت بکات، هەروەها هەڵمەتی قوتابخانە کە ئێستا وادیارە، هەم لەو بودجەی کەبۆی تەرخانکراوە بیکاتە ئەولەویاتی بودجەی ئەمساڵ، کەبەڕاستی شتێکی زۆر باشە، ئێمە ڕزگار بکات لەکەمی بینایەی قوتابخانەوزانکۆکان، کەئەمە وادەکات یەکێك لەو کێشە گەورانەی کە ئێستا لەکوردستان هەیە کەمی بینایەیە، کەئەوە زۆر باشە تەئکیدی لێ بکرێتەوە، خاڵێکی تر بەڕاستی لەوانەیە چەند برادەرێك پێش

منیش باسیان کردبێت، بەس بۆ تەئکید کردنەوە حەقە حکومەت پشتیوان بێت بۆ ئەو دامودەزگایانەی کەحکومین وکرێی کارەبا نادەن، حەقە ئەو هەموو قەرزەی کەکۆبووەتەوە ببێتە داهاتێك بۆ بودجەی هەرێمی کوردستان، کە بەڕاستی لەپەرلەمانەکەی خۆمانەوە داوا دەکەم، کە ئەو قەرزە لەسەریەتی بیداتەوە بە حکومەتی هەرێم بۆ ئەوەی دامودەزگاکانی تری حکومەت چاومان لێ بکات، کە ئەوە شتێکی یاساییەو حەقی خۆیەتی وەزارەتی کارەبا کەداوای بکات، زۆر پشتگیری ئەو پێشنیارەش دەکەم، کەمکردنەوەی بودجەی سەرۆکایەتی هەرێمی وپەرلەمان وئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی دادوەری، بەڕاستی حەقە کەم بکرێتەوە..

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاوە پێشنیاری چەند دەکەیت کە لەپەرلەمان کەم بکرێتەوە، بەجدیمە چەند کەم بکرێتەوە، من وەك پەرلەمان پێشنیار دەکەم کە لە 20٪ کەم بکرێتەوە، باشە؟.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیتر منیش بەو ئیستیعدادەی سەرۆکی پەرلەمان کۆتایی بە قسەکانم دێنم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك سەرهەنگ، فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم بەهەندێ قسەی عام دەست پێدەکەم لەسەر بودجە، بودجە ئەتوانێت چی بکات، بەبڕوای من بێگومان بودجە دەتوانێت داهاتووی هەر وڵاتێك دیاری بکات، هەرێمی کوردستانیش بودجەیەکی زەبەلاحی هەیە، ساڵ بە ساڵ لەهەڵکشاندایە، بەڵام ئەوەی کەجێگەی نیگەرانیە ئەوەیە کەپلانێك نیە بۆ ئاراستە کردنێکی دروستی ئەم بودجەیە لەڕووی ئابووریەوە بەبڕوای من، ساڵانی ڕابردوو پرسیومانەو ئەمساڵیش دەپرسین، بودجەی ئەمساڵ دەتوانێت بەنیسبەتی چەند گرفتەکانی ئێمە چارەسەر بکات، لەسەدا چەند دەتوانێت گرفتی کارەبا چارەسەر بکات، لەسەدا چەند دەتوانێت گرفتی ڕێگاو بان و ئاو وئاوەڕۆ، قوتابخانە، سەوزایی وژینگە، کشتوکاڵ چارەسەر بکات کەخوتەیەکی پێنج ساڵی بۆدانرا، لەکۆنفرانسێکدا لەساڵی 2008، ئەم بودجەیە چەند بەئاراستەی جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکانی ئەو کۆنفرانسە ئیشی کردووە؟،

هەروەها ئەم بودجەیە دەتوانێت لەبواری کەرتی تایبەت بۆ پەرەپێدانی کەرتی تایبەت بۆ ئاراستە کردن ودروست کردنی هەلی کار چی بکات؟، بۆ دروست کردنی ژێرخانێکی ئابووری بەگشتی، ئەم بودجەیە دەتوانێت چی بکات؟، ئەمە کۆمەڵێك پرسیاری گشتیە، کە بەڕاستی بەنەزەری من دەبێت دیراسەیەکی ورد هەبێت لەلایەن حکومەتەوە، وە ئاماری وردی لەلا بێت بۆ ئەوەی بزانێت بودجەی ئەمساڵ چۆن ئاراستە دەکات بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتانە، من پێم وایە بەر لەموناقەشەکردنی بودجە بەڕاستی پێویستە ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی لەبەردەستی هەموومان بێت، دەستەی نەزاهەت دابمەزرێت، ئەمە مەسئولیەتی سەرۆکایەتی پەرلەمانە بەدەرەجەی یەکەم وپێویستە ئەم دامودەزگایانە تەفعیل بکرێن وڕاپۆرتی فیعلیان هەبێت لەسەر ساڵانی پێشوو، لەسەر هەربودجەیەك کەتازە دێتە پەرلەمان، بۆ ئەوەی بەرچاوی ئێمە ڕۆشن بێت لەسەر چی موناقەشە دەکەین، هەروەها دەبوو بەبڕوای من پەرلەمان بەر لەموناقەشەکردنی بودجە موناقەشەی حساباتی خیتامی ساڵەکانی پێشووی بکردایە، بۆ ئەوەی ئێمە بزانین ئەو بودجەیەی کەلەساڵانی پێشوو ئەم پەرلەمانە تەصدیقی کردووە، چۆن سەرفکراوە؟، نیسبەتی ئەو لادانە چەندە؟، موقارەنەی ڕەقەمەکان بکەین بەهەرحاڵ، هەروەها بەبڕوای من ئەمە مەسئولیەتی حکومەتیشە، تەنها پەرلەمانی کوردستان نیە، حکومەت لەم مەجالەدا دامودەزگای هەیە، ئەنجومەنی وەزیران فەرمانگەیەکی هەیە بەناوی فەرمانگەی شەفافیەت ونەزاهەت، ئەوەندەی من مەعلوماتم هەبێت ئەم فەرمانگەیە لەگەڵ ڕێکخراوێکی ئەمریکی عەقدی هەیە، 4 ملیۆن دۆلاری داوە بەو ڕێکخراوە بۆ ئەوەی لەم مەجالە تەتویر بکات، بەڵام لەسەر ئەرزی واقیع لەمەسەلەی بودجە ئێمە ئەمە نابینین، لەکاتێکدا لەئەنجومەنی وەزیرانیش 182 ڕاوێژکار هەیە، ئەوەندەی من مەعلوماتم هەبێت، ئەم 182 ڕاوێژکارە دەبێت جێگا پەنجەیان بەتەواوەتی دیار بێت لەمەسەلەی دانانی بودجەو میزانیەی ئەم وڵاتە خوتەیان هەبێت، ئەوەی کەمن مەبەستمە بیڵێم گرنگ بێت هەموو وەزارەتەکان ئێمە ساڵانە لەگەڵیان دادەنیشین لەسەر موناقەشە کردنی بودجە، ئەوان موعاناتێکیان هەیە، موعاناتی مەرکەزیەتی داراییە، ئەم مەرکەزییەتی داراییە بەڕای من گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتەی کە ئەمە بەتەنها لەدەستی وەزارەتی داراییدا نیە، ئەمە لەدەستی ئەنجومەنی وەزیراندایە، پێویستە ئێمە پێداگری لەسەر ئەوە بکەین کەلامەرکەزیەتی دارایی بۆ وەزارەتەکان دەستەبەر بکەین، ئێستا وەزارەتەکان خۆیان ئەوەیان کردووە، هەندێکیان دەسەڵاتی شۆڕکردۆتەوە لەوەزیرەوە بۆ مودیر عامەکان وبۆ مودیری دائیرەکان، بەڵام ئەمە کافی نیە، ئێمە ئەبێت پێ لەسەر ئەوە دابگرین کەلامەرکەزیەتی دارایی بۆ ئەم وەزارەتانە دەستەبەر بکەین، ئەو وەزارەتانە وەحدەی دارایی خۆیان هەبێت، بودجەی خۆیان بەخۆیان خەرجی بکەن، ئەتوانن ڕەقابەیەکی توند لەسەر چۆنیەتی سەرفکردنی ئەو پارەیە لەپەرلەمان وحکومەتیشەوە دابندرێت، ئەمە بەبڕوای من بەشێکی زۆری کێشەی وەزارەتەکان چارەسەر دەکات، لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی، برادەران زۆر باسیان کرد، من تەفاصیلی نادەمێ بەس دەبوایە حکومەت قەناعەتمان پێ بکات، کەمەسەلەی زیادکردنی بودجەی ئەمساڵ کەزیادی کردووە، بۆ بودجەی تەشغیلی زیادی کردووە، هیچ شتێك ڕوویداوە

که بودجەی تەشغیلی زیادی کردووە، لەبەرامبەر ئەوەدا پارە کە بۆ پرۆژەکان دانراوە کەمی کردووە، ئەمە پێویستی بەوەڵامێکی جدی هەیە، موقنیع هەیە، شتێك هەیە بۆ مەسەلەی پرۆژەکانی ساڵی پار، لەپرۆژەکانی ساڵی پار 1154 پرۆژە یەك دیناریان بۆ سەرف نەکراوە، ئەو پارەی کەبۆیان دانراوە بەرامبەرەکەی سفرە، ئێمە دەبێت وەك پەرلەمانی کوردستان لەکۆی 3167 پرۆژە 1654 پرۆژەیە ئەوەی کەباسم کرد، ئێمە ئەبێت بزانین پارەی ئەم پرۆژانە چی لێهاتووە؟، ئەبێت بۆمان ڕوون بکاتەوە، لەسەر مەسەلەی بەشی شمەك و خزمەتگوزاری، لیژنەی دارایی لەڕاپۆرتەکەیاندا باسیان لەسەر زیاد بوونی ئەم بەشە نەکردووە، کەبەرێژەی لە 7٪ زیادی کردووە، دوای قەرەبووی فەرمانبەران زۆرتری بەشە پارە بۆ ئەم بەشە دانراوە، ئەو لادانانەی کەلەم بەشەدا هەیە، ئەوەندەی کەمن دیاریم کردووە، هەر لەم بەشەدا بۆ گواستنەوەی ڕاستەوخۆ لەڕێگای مانگی دەستکردەوە بڕی 480 ملیۆن دینار تەرخانکراوە، ئایا ئەم گواستنەوە ڕاستەوخۆیە بۆچیەو بۆ کێیە؟، ئەمە یەکێکە لەنموونەکان کەبەڕاستی لەبەشی شمەك وخزمەتگوزاریدا هاتووە، هەروەها لەم بەشەدا لەبەشی خزمەتگوزاری تۆڕی زانیاری بڕی 14 ملیار و 222 ملیۆن دیناری بۆتەرخانکراوە، کە 9ملیار و976 ملیۆن دینار بۆ وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندنە، لەم بەشەدا ئێمە دەپرسین وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن ئێمە بۆ خۆمان لەو لیژنەیەین کە وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن لە 28٪ی شەریکەی کورد تێلی هەیە، لە 30٪ کەدواتر دابەزی بۆ 13٪ ی شەریکەی نەورۆز تیلیکۆمی هەیە، بورجەکانی هەیە، کەداوێتی بەدامودەزگاکانی حکومەت بەکاریان دەهێنن، وەزارەتی گواستنەوە وگەیاندن خۆی مەعنیە بەم کارە، خۆی داهاتی هەیە، یەعنی چی ئەم پارەی بۆ سەرفکراوە، بۆ مەسەلەی تۆڕی زانیاری، ئەمە چیە؟، پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە، بابەتێکی تر، مەسەلەی باربووە، لەژمێرەی شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2011 حکومەت وتوویەتی 75 ملیار و834 ملیۆنم بۆ باربوو خەرج کردووە، بەڵام لەپرۆژە بودجەی ساڵی 2012 ئاماژە بەوە کراوە کە لەشەش مانگی یەکەمی ساڵی 2011، 5 ملیار و589 ملیۆن دینار خەرجکراوە، واتە زانیارییەکانی حکومەت بۆ شەش مانگی پار ساڵ کەتایبەتە بەخەرجکردنی فیعلی بەبڕی 70 ملیار و245 ملیۆن دینار لەیەکتریەوە دوورە، بۆیە ئەمە پێویستی بەڕوونکردنەوە هەیە، چونکە ئەم بەشانەن کە باسم کردووەو ئێستاش باسی دەکەم، ئەمانەن کەقورساییان لەسەر بودجەی بەکاربردن دروست کردووە، ئەم نموونانەیە کە ئێمە پێویستیمان بە ڕوونکردنەوەی هەیە، بەپێی ڕاپۆرتی بودجەی ئەمساڵ لە شەش مانگی یەکەمی پار ساڵ 5 ملیار و589 ملیۆن دینار خەرجکراوە بۆ باربوو، بەڵام بۆ ئەمساڵ 115 ملیار دینار تەرخانکراوە بۆ باربوو،واتە خەرجیەکان 10 هێندە زیادی کردووە، ئەمەش قورسایی دەخاتە سەر بودجە، لەبەشی مینەح ئەوەی لیژنەی دارایی پرسیاری لەبارەوە نەکردووە، ئەوەیە لە بودجەی گشتی عێراقدا 200 ملیار دانراوە بۆ بەخشینەکان لەهەرێمی کوردستان، بەڵام حکومەتی هەرێم لەبودجەی ئەمساڵدا بڕی 630 ملیار و 403 ملیۆن دیناری بۆ مینەح تەرخانکردووە، واتە 430 ملیار و403 ملیۆن دینار زیاترە لەوەی بودجەی گشتی عێراق کە بۆی تەرخانکراوە، نموونە لەسەر ئەم بەشە، لەساڵی پار 654ملیار و 750ملیۆن دینار

تەرخانکرا بۆ مینەح، بەڵام لەشەش مانگی یەکەمدا تەنها 192 ملیار و955 ملیۆن دینار خەرجکراوە، لەناویاندا بڕی 44 ملیار دینار تەرخانکراوە بۆ بانقەکانی بازرگانی وکۆمپانیای دڵنیایی، ئایا ئەو بانقانە کامانەن؟، هەروەکو بەڕێز وەزیری دارایی باسی ئەوەی کرد کە بۆ مووچەیە، ئەگەر بۆ مووچەیە دەبێت مووچەی فەرمانبەران لە تەعویزی فەرمانبەراندا هەبن، بەکام یاساو بەکام پێوەر دەدرێت بەم بانقانە؟، لەگەڵ کۆمپانیای دڵنیایی، ئەو بانقانە سوودیان چیە بۆ بەرژەوەندی گشتی؟، فرۆکەخانەکانی هەولێر وسلێمانی ساڵی پار 44 ملیار و48 ملیۆنی بۆ تەرخانکراوە، ئەمساڵ بڕی 29 ملیار و256 ملیۆنی بۆ تەرخانکراوە، ئەگەر ئەمە خەرجیە بۆخەرجی فڕۆکەخانەکان، لەگەڵ بەشی مینەحدایە؟، لەساڵی پار 90 ملیار دینار، لەم ساڵیشدا 50 ملیار دینار تەرخانکراوە بۆ مینەح بۆ دەستەی وەبەرهێنان، بەخشین چ پەیوەندییەکی بەکاروباری دەستەی وەبەرهێنانەوە هەیە؟، ئەگەر ئەم پارەیە بۆ گوندەکانە کەساڵی پار بڕیار بوو هەر گوند نشینێك 75 وەرەقەی پێ بدرێت، ئەم پارەیە نەدراوە بە گوند نیشینەکان، ئەگەر نەدراوە بۆچی؟ وە بۆ چ مەبەستێك ئەم بەخشینە دانراوە؟، بۆ بەخشینەکانی ئەنجومەنی وەزیران، 13 ملیار و 801 ملیۆن دینار تەرخانکراوە کە بۆ دامەزراوەکانی شارەوانیە، ئێمە باسی عینکاوەمان کرد، بەڵێ لەکاتێکدا کەساڵانی ڕابردوو ئەنجومەنی وەزیران هیچ پارەیەکی وەك بەخشین بۆ دامەزراوەکانی شارەوانی تەرخان نەکردووە، ئەگەر مەبەست لەمە شارەوانی عینکاوەیە، خۆ شارەوانی عینکاوە ئەمساڵ نەخراوەتە سەر ئەنجومەنی وەزیران، بەڵکو لەساڵانی پێشووش هەر لەسەر ئەنجومەنی وەزیران بووە، ئەوە بۆ تەوزیح، کە 5 ملیار و400 ملیۆن لەو پارەیە بەناوی مووچەوەیەو 8ملیار و401 ملیۆنیشی بەناوی خەرجی بەکاربردنەوەیە، هەرچەندە لەهەمان کاتدا بۆ هەمان خەرجی دامەزراوەکانی شارەوانی لەبەشی بەخشینی شارەوانی و گەشتوگوزار، 227 ملیارو 709 ملیۆن دینار بۆ بەخشین تەرخان کراوە، ئایا بەخشین بۆ دامەزراوەکانی شارەوانی ئەرکی ئەنجومەنی وەزیرانە یان ئەرکی وەزارەتی شارەوانیە؟، بۆ بەخشینەکانی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار 378 ملیار و709 ملیۆن دینار تەرخانکراوە، ئەم پارەیە پارەیەکی زۆرە پێویستی بەڕوونکردنەوە هەیە، خەرجیەکانی دیکە، حکومەتی ناوەندی لەبودجەی ئەمساڵی عێراقدا، بۆ ئەم بەشە بڕی 321ملیار و 664 ملیۆن دیناری تەرخانکردووە، بەڵام حکومەتی هەرێم ئەم بڕەی زیاد کردووە بۆ 727 ملیار و399 ملیۆن، واتە بڕی 405 ملیار و735 ملیۆن دیناری بۆ زیاد کردووە لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی پار، حکومەتی هەرێم دەڵێت 167 ملیار و156 ملیۆنم خەرج کردووە، بەڵام بۆ ئەمساڵ دەڵێت 727 ملیار و399 ملیۆن دینار دانراوە، ئەگەر شەش مانگی یەکەمی ساڵی پار بکەین بە پێوەر ئەوە خەرجی ئەم بەشە، بەڕێژەی 7 ئەوەندە زیادی کردووە، نموونەکان لەسەر ئەم بەشە، بەناوی بەخشین و تەحویلاتی دیکەوە بڕی 278 ملیار و905 ملیۆن تەرخانکراوە، ئایا مەبەست لە بەخشین و تەحویلاتی دیکە بۆ کێیەو بۆ چیە؟، ئەم بڕە لە شەش مانگی یەکەمی پارساڵ کەخەرجکراوە 40 ملیار و 702 ملیۆن بووە، بۆ ئەمساڵ بڕەکە زۆر زیادی کردووە سەبەب چیە؟، لەو بڕەش بڕی 247 ملیار و839 ملیۆن دینار بۆ وەزارەتی دارایی تەرخانکراوە، نموونەیەکی تر بڕی 200 ملیار دینار بۆ

ئیحتیاتاتی تەواری دانراوە لەشەش مانگی یەکەمی ساڵی پار، 54 ملیار و432 ملیۆن دینار خەرجکراوە، ساڵی 2010 بڕی 8 ملیار و95 ملیۆن دینار تەرخانکراوە؟، واتە بۆ ئەمساڵ بە بەراورد بەساڵی 2010 ئەم بڕە 25 ئەوەندە زیادی کردووە، پرسیار ئەوەیە ئەم دۆخە لەناکاوانە کامانە بوون کە لەشەش مانگی یەکەمی ساڵی پار بڕی 54 ملیار دیناری بۆ خەرجکراوە، بۆ ئەمساڵیش بڕی 200 ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوە، هەر لەسەر ئیحتیاتاتی تەواری حکومەت لە بودجەی ساڵی 2011 دەڵێت بۆ ئیحتیاتی تەواری لەشەش مانگی یەکەمی ساڵی 2010، 133 ملیار و143 ملیۆن دینارم خەرجکردووە، بەڵام دواتر لەژمێریاری ساڵی 2010 دەڵێت لەکۆی ئەو ساڵەدا بڕی 9ملیار و 866 ملیۆن دینارم سەرفکردووە، واتە لەشەش مانگی یەکەمی ساڵی 2010، 13 ئەوەندەی کۆی ساڵی 2010 ی خەرجکردووە، ئەمە چیە؟، پێویستی بەڕوونکردنەوە هەیە، مەوجوداتی نادارایی، ئەم بەشە خەرجیەکانی بینای نیشتەجێبوون ونا نیشتەجێبوون دەگرێتەوە، یەکەکانی گواستنەوە دەگرێتەوە، بڕی 139 ملیار و130 ملیۆنی بۆ تەرخانکراوە، نموونە لەسەر ئەم بابەتە، بۆ بینای نیشتەجێبوون بڕی 14 ملیار و142 ملیۆن دینار تەرخانکراوە، ئەم بینا نیشتەجێبوونانە کەپار ساڵ 13 ملیار و753ملیۆن دینار و ساڵی 2012 بڕی 43 ملیار و428 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، بۆ کێن وبۆ کام مەبەستە؟، بۆ بینای نا نیشتەجێبوون کە من نازانم چیە؟، لە ئەمساڵدا بڕی 26 ملیار و883 ملیۆنی بۆ تەرخانکراوە، ساڵی پار بڕی 23 ملیار و236 ملیۆنی بۆ تەرخانکراوە، ساڵی 2010 بڕی 19 ملیار و899 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، ئەم بینا نیشتەجێبوونانە چین وبۆ کێن؟، لیستی ناوەکانیان کوان؟، ئەگەر بینان نابێت لەبودجەی بەکاربردندا بن، سەیارە لەساڵی 2010، 54 ملیار و364 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، لەساڵی 2011 بڕی 27 ملیار و463 ملیۆنی بۆ تەرخانکراوە، لەساڵ ی2012، 39 ملیار و299 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە، بڕی 50 ملیار بۆ سووتەمەنی ئەم ئۆتۆمبیلانە تەرخانکراوە، هەمووشمان ڕۆژانە سەیارە حکومیەکان دەبینین کەبەداخەوە لەدوای دەوام چۆن بەکار دەهێندرێن، لەژمێرەی کۆتایی شەش مانگی یەکەمی ساڵی پار بۆ بینای نیشتەجێبوون حکومەت دەڵێت 11 ملیار و395ملیۆن دینارم خەرجکردووە، بەڵام لە بودجەی ئەمساڵدا ئاماژە بەوە کراوە کە خەرجی فیعلی شەش مانگی یەکەمی ساڵی پار 7 ملیار و15 ملیۆن دیناری خەرجکردووە، ئەم فەرقە چیە؟ لەژمێرەی کۆتایی شەش مانگی یەکەمی ساڵی پار حکومەت دەڵێت بۆ بینای غەیرە نیشتەجێبوون ملیارێك و50 ملیۆن دینارم خەرجکردووە، بەڵام لە بودجەی ئەمساڵدا حکومەت ئاماژەی بەوە داوە کە خەرجی فیعلی شەش مانگی یەکەمی ساڵی پار، بۆ بینای غەیرە نیشتەجێبوون 14 ملیار و607 ملیۆن بووە، لەسەر پرۆژەکان، پرۆژە پێشنیازکراوەکانی ساڵی 2012، لەکۆی 495 پرۆژە 231 پرۆژە لەو پرۆژانە ماوەی پرۆژەکانیان بەڕۆژ 360 ڕۆژ بەرەوخوارەوەیە، بەڵام گوژمەی پێویست بۆ ئەوەی کەئەمساڵ بۆی دانراوە، بەتەواوی بۆی دانەنراوە، واتە ئەم پرۆژانەی کەجیام کردوونەتەوە لە495 پرۆژە، 231 پرۆژەی لە 360 ڕۆژ ماوەکەی بەرەوخوارترە، لەساڵ کەمترە، بەڵام گوژمەی پێویستی بۆ دانەنراوە ئەمە خەلەلێکی گەورە دروست دەکات، ئەمە دەبێتە هۆی دواکەوتنی ئەو

پرۆژانە، دەبێتە هۆی جێبەجێ نەکردنی ئەو پرۆژانە کەدەبێت حکومەت موبەڕیرێکی مەنتقیمان لەسەر ئەمە بداتێ؟، وە ئێمەش دەبێت قسەیەکی فیعلی لەسەر ئەمە بکەین، نموونەیەکی تر دروست کردنی سایلۆی 40 هەزار تەنی ماوەی پرۆژەکە 1080 رۆژە، ئەمە وەکو نموونەیەك وەرمگرتووە، 23 میلیار ونیوی بۆ دانراوە، بەڵام بۆ ساڵی 2012، 2 ملیار ونیوی بۆ دانراوە، ئەمە لەسەید صادق بریارە جێبەجێ بکرێت، ئەگەر وابێت بە 10 ساڵ ئەم پرۆژەیە تەواو دەبێت، ساڵی 2010 بەداخەوە وەزیری پلاندانانیش لێرە نیە، دروست کردنی بینای دادگای شارەزوور وسەید صادق لەناو پرۆژەکاندا هەبوو، بەبڕی یەکی یەك ملیار، ساڵی 2011 خانووی دادوەران لەهەردوو قەزای شارەزوور و سەید صادق هەبوو، ئێستا نەپرۆژەکان جێبەجێ کراوە، نە لەلیستەکەشدا هەیە، ئێستا ئێمە کوێ بگەڕێین بۆ ئەو پرۆژانە؟، ساڵی پار ئێمە بڕیارماندا لەم پەرلەمانە، کە 100 ملیار دینار دابنێین بۆ ناوچە سنووریە زیان لێکەوتووەکان، دوای ماوەیەکی زۆر زۆر من موتابەعەم کرد، بەداخەوە 43 بە 57 لەنێوان هەولێر وسلێمانیدا تەوزیع کراوە، ئەوەی کەمن موتابەعەم کردبێت هەتا ئێستا شوێن وجێگەی ئەو پرۆژانە دیار نیەو جێبەجێ نەکراون، لەناوچەی سەیدصادق ڕێگەی گوندی نەوێ وبەردەبەل یەکێکە لەو پرۆژانە، ڕێگەی گوندی وەڵەسمت یەکێکە لەو پرۆژانە کەچی تا ئێستا جێبەجێ نەکراون، ئێمە بڕیاماندا ئەم پارەیە بۆ قەزاو ناحیە زیان لێکەوتووە سنووریەکان بێت، بەڵام بۆ قەزای ناوەند سەرفکراوە لە سلێمانی، هەروەها لەناوچەی پێنجوێنیش ئەوەندەی کە لە ئەنجومەنی پارێزگا ئەخیر پرسیارم کردووە، ئەو پرۆژانە لەناوچەی پێنجوێنیش کەدانراوە بڕی نزیکەی 4 ملیار وشتێکە، یەك دیناریان بۆ خەرج نەکراوە، حکومەت دەڵێت ئێمە عجزمان هەیە، لەسەردانێك لەچەند ڕۆژێك لەمەوپێش بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران سەردانی ناوچەی گەرمیانی کرد، وا باسکرا ڕاگەیاندنەکان کە بەڕێزیان بڕیاریان داوە 200 ملیار دینار بۆ ناوچەی گەرمیان تەرخان بکرێت، دیارە گەرمیان زۆر لەوە زیاتری قبوڵە، بەڵام ئەبێت ڕوون بکرێتەوە ئەم 200 ملیار دینارە لەکوێوە هاتووە؟، ئەگەر شیرینی نەوتە، بۆ بەجدی، بۆ بەفیعلی حکومەتی هەرێم نایخاتە ڕوو بڵێت ئەوەندە شرینی نەوتمان وەرگرتووە، بۆ ئەوێ وئەوێ تەرخانی دەکەین، ئەگەر بەتەنها بۆ ئەوێ تەرخان دەکرێت بەراستی حەقە ئاوڕێکیش لەناوچەی پێنجوێن بدەینەوە، حەقە ئاوڕێك لەناوچەی چۆمان بدەینەوە، چونکە ئەو ناوچانە لەمەسەلەی فرۆشتنی نەوتدا زیان مەندترین شوێنن، ڕێگاوبانیان نەماوە حاڵی خەڵك خراپ بووە بەڕاستی، حەقە ئەو ناوچانەش لەبەرچاو بگیرێن، من پشتیوانی پێشنیازەکانی برای بەڕێزم کاك کاردۆ دەکەم، مەسەلەی عەقاری لادێکان باسکرا، لەگەڵ کاك شێخ بایزیش باسم کرد، لەهەندێ لەگوندەکان خەڵك لەبەر ئیمکانیەتی ماددی نەیتوانیوە خانووەکەی دروست بکاتەوە، خانووی کۆنی هەبووە تەعمیری کردۆتەوە، من پێشنیاز دەکەم ئەم حاڵەتانە لەبەرچاو بگیرێت، چونکە بۆ هەندێ خەڵك کراوە بۆ هەندێکی تر نەکراوە، ئەگەر نموونەشی دەوێت ئێستا نموونەی دەدەمێ، مەسەلەی خانەنشین وپاکەوانانی شارەوانی مەوزوعێکە حەقە ئێمە لەبەرچاوی بگرین، لەپەرلەمانی کوردستان ئاگامان لێیان بێت، تەعیناتی عەقدەکان وابزانم زۆربەی لیژنەکان پێشنیازیان

کردووە لەمەسەلەی وەزارەتە، لە تەعیناتدا، مەوزوعی ئـەو کەسـانە لەبەرچـاو بگـرن کـە عەقـدن، هەنـدێ شتیش هەبوو کە وەزیرە بەڕێزەکان وەڵامیان دایەوە، بەس من لەئەنجامی وەڵامەکەی ئەوان پرسیاری تـرم بۆ دروست بوو، زۆر بەکورتی دەیخەمە ڕوو، مەسەلەی دواکەوتنی بودجە بەڕێز وەزیری دارایی باسـی لـەوە کرد کە حکومەتی ئەمساڵ حکومەتی تەصریفی ئەعمال بووە، بۆیە بودجە دواکـەوتووە، منـیش لەبـەڕێزی دەپرسم ئەی ساڵی 2010 بۆ دواکەوت بودجە؟، ئەی ساڵی 2011 بۆ دواکەوت؟ خۆ حکومـەتی تەصـریفی ئەعمالمان نەبوو، سندوقی ئیستیسماری ناتوانین دابنێین، چونکە عجزمان هەیە، عجزی پێ پڕ دەکەینـەوە، ئەی پارەی پرۆژەکان بۆ دادەنێن، ئەگەر وایە با حکومەت ئەو نیسبەتە نەنێرێت بەڕاستی نیسبەتی 29 بە 71 دەنێرێت بۆ ئێمە بـۆ پـرۆژەی ئیستسماری وبـۆ تەشغیلی، بـا ئـەوە نـەنێرێت دوایـی ئێمـەش تووشـی ئیشکالیەت بکات، دوایی لەوسەر سەیر دەکەین لە 85٪ی بودجـە چـووە بـۆ مـەجالی تەشغیلی، جـەنابیان باسی بیمەی بێکاری کرد، بیمەی بێکاری چـەند کـەس دەگرێتـەوە، بـڕە پارەکەشـیان چـەندە بێزەحمـەت؟، بەخشـین، بـۆ مـەعاش لەبەخشـیندا دانـراوە، ئەمـە شـتێکی سـەیرە بەڕاسـتی، ئێمـە بـابی تـەعویزی فەرمانبەرانمان هەیە، بۆ لەو بابە ئێمە مەعاشات دانەنێین، بۆ لە بەخشین دای بنـێین، شـارەوانی عینکـاوە چەندی بۆدانراوە بۆ پرۆژەکان، پارەی حزبەکان چۆن سەرف دەکرێت؟، ئێمە لەپەرلەمان بڕیارمانـدا سـاڵی پار، کە پێویستە میکانیزمێکی گونجاو بـۆ چـۆنیەتی سـەرفکردنی ئـەو پارەیـە دابنـدرێت، مـن لەبـەڕێزان وەزیرەکان دەپرسم ئەو میکانیزمە چیە؟، کەئەوان لەساڵی ڕابردوو پارەی حزبەکانیان پێ سـەرف کـردووە، هەروەها هـی یانـەو سـەنتەرەکان، نـاوی یانـەو سـەنتەرەکان دەبێـت بـۆ پەرلـەمان وازح و دروسـت بێـت، تـا بزانین چۆن سەرفکراوە، ناوی بانقەکان ئەوە باسم کرد، زیادکردنی عجز یـەعنی بردنـی پـارەی پرۆژەکـانی وەبەرهێنان، ئەوە لەسەر ئەو خاڵەی کە برادەران باسیان کرد، ئەوەی ئەنجومەنی ئاسایش کەپارەکەی زیـاد کراوە، زیاد کردنی ئەوپارەی کەداوا کراوە یەعنی بردنی پارەی پرۆژەکـان، چونکە تـۆ دەڵێـی عجـزم هەیـە دەبێت لەپارەی وەبەرهێنان پڕی بکەمەوە، پارەی فڕۆکەخانەکانی دهۆك وهەولێر ئەوپارەی کەباسمان کرد وەکو لیژنـەی گواسـتنەوەو گەیانـدن، کـە لەئەنجومـەنی وەزیـران 7 ملیـۆن دۆلاری بـۆ سـەحب کـراوە، بـۆ ئەنجومەنی وەزیـران، پێویسـتە ئـەو لایەنـەی کـەپارە سـەرف دەکـات وسەرپەرشـتی فڕۆکەخانـەکان دەکـات، وەزارەتـی گواسـتنەوە گەیانـدن بێـت بەڕاسـتی، وەزارەتـی گواسـتنەوەو گەیانـدن خۆیـان دەڵێن ئاگامـان لـە فڕۆکەخانەکان نیە، خۆیـان دەڵێن ئێمـە هـیچ پەیوەندیـەکمان بـە فڕۆکەخانەکانـەوە نیـە، فڕۆکەخانـەکان هیچ ئیلتیزامێکیان بەئێمەوە نیە، ئەوە نەصی قسەیانە، وتیان هەندێ کیتاب هەیە فڕۆکەخانەکان ناتوانن ڕاستەوخۆ بیکەن بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەوەندە ئیشیان بە ئێمە هەیە، کەئێمە بەکار دێـنن وکیتابـەکان تەوجیهی ئێمە دەکـەن وئێمـەش بۆیـان ڕەفـع دەکـەین، ئەوەنـدە پەیوەنـدی هەیـە لـەنێوان فڕۆکەخانـەکان ووەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر باسی بودجەی ئەمساڵ بکەین، نازانین کام بودجەیان ڕاستە، ئەوەی کەدێتە پەرلەمان یان ئەوەی کە بۆ حکومەت دەچێت، یان ئەوەی ڕاستەوخۆ بۆ وەزارەتی دارایی دەچێت؟، ئەو قسەی کەدەیکەم لەباخەڵی خۆم نەمهێناوە، ئەو قسەی کەدەیکەم ئەو بودجەی کەهاتووەتە پەرلەمان بودجەیەکی تەواو نیە، ئەوەی لەوەزارەتی داراییە ئەو بودجەیە تەواوە، دەبوایە ئەوە بێتە پەرلەمان، ئەوەم لەزاری بەرپرسێکی حکومی بیستووە، بۆیە من ئەو قسەیە دەکەمەوە، سەرەتا ئەگەر باس لە بودجەی تەشغیلی بکەین نازانم پرسیارێك لەوەزیری دارایی دەکەم، بودجە بەچ ئەساسێك دادەندرێت، ئەگەر بودجە بەتایبەت هی فەرمانبەران، فەرمانبەران ئەگەر حسابی ئەوە بکەین کە مووچەیان چەندە؟، شەش مانگی یەکەمی چەندی وەرگرتووە، جارانی 2 ی دەکەین، ئەگەر زیادە دابنێین ساڵی دواتر فەرمانبەران مووچەیان یان تەرفیع دەکات یان عەلاوەی بۆ دێت، یان ئەگەر ژمارەی فەرمانبەرەکان زیادی کرد، مووچەکانیان زیاد دەبێت، نموونەیەکی بەسیت دێنم بۆ ئەوەی فەرمانبەران، هەمانە سەرۆکایەتی هەرێم، لەبەر چی سەرۆکایەتی هەرێم بەنموونە دێنمەوە، لەبەر ئەوەی ژمارە 1 کە لە لیستەکە، سەرۆکایەتی هەرێم 600 فەرمانبەری هەیە، ئەو 600 فەرمانبەرە، مووچەی 6ملیار و390 ملیۆن بووە، ئەگەر بەفیعلی شەش مانگی یەکەم مووچەیان چەند بووە، 3ملیار و 455 ملیۆنیان سەرف کردووە، ئەگەر جارانی 2 ی بکەین، واتە 12 مانگ بێت 6 ملیار و910 ملیۆن، کەچی لەسەرۆکایەتی هەرێم داوا کراوە کە 8 ملیاریان بۆ دابندرێت، واتە ملیارێك وهەندێك زیاتر، ئەوەندەی کەزیاترە بابڵێین بۆ تەرفیعە یان شتێکە، لێرە 1 ملیار دینار زیاد حساب دەکرێت، هەروەها پەرلەمانیش بەهەمان شێوە، ئەو پارانەی کەسەرۆکایەتی هەرێم وسەرۆکایەتی پەرلەمان وئەنجومەنی وەزیران و دادوەری و هەموو وەزارەتەکان زۆر زیادتریان وەرگرتووە لەحەدی خۆی کەنووسراوە، (المصادقه علیه) في 2012 دوایی المصروفه لە 1/1 تا 6/30 دیاری کراوە، پارەیەکی یەکجار زۆر دانراوە، بۆ هەموو وەزارەتەکان ئینجا بەسەرۆکایەتیەکانیشەوە، ئەگەر لێی دەربێنین و لێشم دەرهێناوە ئەو پارەی کە موصادەقە لەسەری کراوە، بەو پارەشی کە سەرفیان کردووە بە فیعلی بۆ شەش مانگ جارانی دووم کردووە، لەو پارەیە 1 تریلیۆن و697 ملیار و 47 ملیۆن دینار زیادە لەو بودجەیەی ساڵی 2011، واتە ئەوپارانەی کەلەوەزارەتەکان وسەرۆکایەتیەکان دەمێنێتەوە ئەی ئەوە ناخرێتە سەر عجزەکەو پێی پڕ ناکرێتەوە، ئەوپارەیە چی لێ دێت؟، بەنیسبەت پەرلەمانی کوردستانەوە پار سەرۆکی پەرلەمان پێش ئەوەی بڕوات پارەیەکی زۆری سەرفکرد، کەس نەیزانی ئەوپارەیە پەخشان وتەخشان کرا، ئێمە پێمان خۆشە بۆ فەرمانبەران بێت، بەڵام دەبوایە ئالیەتەکەو شێوازەکەی خولاصەیەکی حسابی بوایەو بەو شێوەیە سەرف بکرایە، بەو پێیەی کەئەو پارەی من دەرمهێناوە ئێستا سەرۆکایەتی پەرلەمان لەوانەیە 50 ملیاری سەرف نەکردبێت، لەوپارەیە کەچی ئێستا دەبیستم کەسەرۆکایەتی پەرلەمان عجزی هەیە، ئەگەر عجزی هەیەو ئەوەندە پارەش من دەڵێم ماوە، ئەوەندە پارە سەرفکراوە، حەق وابوو خولاصەیەکی

پێ بکەن هەتا ئەندامانی پەرلەمان بزانن، ئەوە بەنیسبەت ئەو تریلیۆن وئەوەندە ملیارە دەرچوو، پارەی پرۆژەکان دەمێنێتەوە پار باسمان کرد وتمان سندوقێك دابمەزرێت بەرێز وەزیری دارایی پێی وتین ئەو سندوقە ئێمە هەڵەیەکمان کرد لەپەرلەمان نەدەبوایە باسی لێوە بکەین، ئەگەر وەزیری دارایی لەبەغداوە هاتووە، قسەی لەگەڵ کردووم باسی ئەو سندوقەی کردووە، کەگوایە وتوویەتی ئەو سندوقە چیە ئێوە دای دەنێن؟، لەبەر ئەوەی دامەزراندنی سندوقەکە هەڵە بوو، یاسایی نەبوو، دوای ئەوە حسابی پارەی پرۆژەکان 2 تریلیۆن ماوەتەوە، ئەوەش پارەی پرۆژەکان، پارەی دامەزراندنی 25 هەزار پلەی وەزیفی، تریلیۆنێك و596 ملیاری بۆ دانرابوو، تەبعەن ئێمە دەزانین هەر 25 هەزار فەرمانبەرەکە، مانگی 6 یش تەواو بوو دانەمەزرابوون، واتە ئەگەر حسابی بکەین 1 تریلیۆن و150 ملیار دینار بەزیادە دەمێنێتەوە، ئەوەندەی کەمن حسابم کردووە 4 تریلیۆن دینار زیاتر ماوەتەوە، ئەگەر ئێمە 4 تریلیۆن زیادمان هەبێت لەپارەی پرۆژەکان وزیادەی سەرۆکایەتیەکان لەپارەی 25 هەزار پلەی وەزیفیەکە 4 تریلیۆن زیاد دەبێت، ئەی لەبەر چی ئەو عجزە پڕ نەکرایەوە، لەبەرچی ئەو عجزە 2 تریلیۆن زیاترە؟، جگە لەو پارانەی کە وەفری پرۆژەکان دەمێنێت پارەی پرۆژەی نادیار، پارەی پرۆژەی دووبارە، کەچی چەند ملیارێك دەکات، پارەی پرۆژەی فڕۆکەخانەی دهۆك دووساڵە دادەندرێت، من ناڵێم بۆی دانەندرێت، بەڵام دەڵێین ماوەی دوو ساڵە دیزاینی تەواو نەبووە، ئەو پارەیە بۆ هەمان پارێزگا بۆ دهۆك سەرف بکرایە، بەڵام بۆ پرۆژەی تر بوایە تا دیزاینەکەی تەواو دەبوو ئینجا جێبەجێ بکرایە، ئەو پارانەی کەلە قەرزی سولفەی زەواج و عەقاری لەهاووڵاتیان وەردەگیرێتەوە دەبوایە ئەویش بەخوڵاصەیەك بۆمان بێت، ئەو پارانە لەکوێ سەرف دەکرێت، بەچ شێوەیەك وەردەگیرێتەوەو گوژمەکەشی چەندە؟، ئێمە ساڵانە دەبینین کە چەند بودجە زیاد دەکات، کە بودجە زیاد دەکات نەزەرییەك هەیە کەدەبوایە لێرەدا قەرز کەم ببێتەوە، نەك قەرز زیاد بێت، چونکە کە پارەت زۆر بوو قەرزت کەم دەبێتەوە، کەچی کورتهێنان هەر زیادی کردووە، هیچ کەمی نەکردووە، ساڵی پار لەوەزیری دارایی پرسیارێکم کرد، وتم 53 ملیار دینار هی کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە دیار نیە، پێی وتم ئەمساڵ زیاتری هاتووەتە سەر کە وابزانم 18 ملیارە، وەڵامەکەمان وەرنەگرتەوە، ئایا وەزیری دارایی بەدواداچوونی بۆ ئەوپارەیە کرد، لێرە بەڵێنی پێدام وتی ئێمە بەدواداچوونی بۆ دەکەین، 900 ملیار دیناری سندوقی خانەنشینی سلێمانی دوای ئەوەی کەهەردوو وەزارەت یەکخراوەتەوە مەسیری ئەوان چی لێهاتووە، بڕە پارەیەکی ترمان هەیە، مانگانە وەزیری دارایی و وەزارەتی دارایی مانگانە 10 ملیار دینار دەدات بە بەرپرسێکی حزبی، لەبودجەی گشتی باشە بەچ حەقێك وەزیری دارایی ئەو پارەیە دەدات بە بەرپرسێکی حزبی، کە دەکاتە 120 ملیار دینار، ئەو پارەی 120 ملیار دینارەی کەدەدرێت بەو بەرپرسە، حەق وابوو لەبواری تەندروستی سەرف بکرێت باشتر بوو، من سەیرم پێ دێت کەئێمە قسە دەکەین وەزیرەکان تەحەمول ناکەن، تەحەمولم بکەو دوایی وەڵامم بدەوە، ئەگەر ڕاست نیم بڵێ ڕاست نیە، من ئەو قسانە لەزاری خۆم وگیرفانی خۆم ناهێننم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەنیسبەت وەزارەتی شارەوانی زۆر باسکرا، لەسەر زاری خۆیان بیستوومانە کەداوای مینەحیان نەکردووە، فۆڕمیشیان بۆ هێنایین وتیان

تەماشا بکەن ئەو تەمویلەی بۆمان هاتووە لەم فۆڕمە مینەحی تێدا نیە، لەوەی بودجەی وەزارەت، کەچی بۆیان دانراوە، دەکاتە 407 ملیار دینار، ئەگەر خۆیان پێویستیان پێی نیە، باشتر نیە ئەو عجزەی پێ پڕ بکەینەوە، یەك نموونە دێنمەوە لە پرۆژەکانی کە دووبارە پارەی بۆ دانراوەتەوە، چەند ساڵیشە تەواو بووە، باسی پرۆژەکان ناکەم، لە یاسای بودجە ماددەکانی تێدایە، لەشەقڵاوە سەردانمان کرد، وەکو لیژنەی شارەوانی چوینە قائیم مەقامیەت پرسیمان وتمان 723 ملیۆن دینارتان بۆ دەرچووەتەوە بۆ موجەمەعی دەوائیر هەر هەموو سەرۆکی شارەوانی وکشتوکاڵ و گەشتوگوزار هەمووی لەویٚ بوون سەریان سوڕمان، وتیان ئەو پارە نەبیستومانە نە بینیویشمانە، بەچ شێوازێك ئەوپارەمان بۆ هاتووە، 115 ملیار دینار بۆ سەندیکاو ڕێکخراوەکان دانراوەو سەرفکراوە، کام ڕێکخراو، ئەگەر ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنین یان ئەوەی کە 200 ملیار دیناریان بۆ دانراوە وەك مینەح بۆ ڕێکخراوەکان و سەندیکاکان ئەوە قەیناکە، بەڵام ئەگەر ڕێکخراوی حزبیە، حزبەکان هەر لایەنێك بێت بە ئۆپۆزسیۆنیشەوە حەق وایە ئەوان بۆ خۆیان مەسروفی ئەو ڕێکخراوانە بکەن، داهاتی وەزارەتی شارەوانی پێیان وتین 67 ملیار هەر زۆر زۆر کەمە، لەچاو ئەوداهاتەی کەئێمە هەمانە، بێینە سەر داهاتی نەوت، بڕیارە بەپێی ئەو نووسراوانەو لەگەڵ حکومەتی ناوەند 175 هەزار بەرمیل ڕەوانەی دەرەوە بکرێت، 95 هەزار بەرمیلی بۆ دەرەوەی وڵات بێت ئەوەی بۆرییەکان 53 هەزار بەرمیل بۆ پاڵاوگە ناوخۆییەکان بێت، لێرەدا چەند هەزار بەرمیلێك دەمێنێتەوە پارەکەی دیار نیە، کاتی خۆی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ژمارەیەکی ناردووە، وا تەسەور دەکەم ژمارەیەکی هەڵەی ناردووە لەبەر خاتری ئەوەی بڕی پترۆ دۆلاری زیاتر بەر بکەوێت، بەتەسەوری من ئەو ناخۆشیەو ئەو گرژیەو ئەو ئاڵۆزیەی کەلەبەینی حکومەتی ناوەند و هەرێمدا هەیە، هەر لەسەر ئەو گرێبەستە نەوتیانەیەو هەر لەسەر ئەو پارانەیە کە دیار نیە، 5 ملیار دیناری ئەوەی شیرینی نەوتەکە هەر نەمانزانی چی لێهات، جگە لەوەی ئەو عەقدانەی کەکراوە پارەکانی گەر حسابی بکەین چەند زۆر دەکات، بێینە سەر داهاتی خاڵە سنووریەکان، داهاتی خاڵە سنووریەکان ئێستا با بڵێین ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەیە لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان وڵاتەکانی تورکیا و ئێران وتاگەشتووەتە ئیمارات، بەڵام ئێمە ناڵێین هەر 20 ملیار هەر 30 ملیار بۆ حکومەتی هەرێمە، ئێمە دەڵێین باجی لەسەرە، ئەگەر لە 5٪ی بۆ حکومەتی هەرێم بێت، بیژمێرین پارەکەی دەکاتە نزیکەی 1 ملیار دۆلار، داهاتی کرێی بازاڕەکان و فرۆشگاکان وحانووتی نەخۆشخانەو زانکۆکان وپەیمانگاکان ساڵ بەساڵ سەیرەکە لەوەدایە کە بەرەو کەمی دەنووسن، کەچی ساڵ بەساڵ شت گران دەبێت، کرێی دوکان، هی عەقارات گرانتر دەبێت کەچی کەمتر نووسراوە، بێینە سەر داهاتی ئۆتۆمبێل ساڵانە دکتۆر بەشیریش باسی کرد، ساڵانە چەند هەزار سەیارە دێتە هەرێمی کوردستان، لەساڵی 2009، 110 هەزار سەیارە هاتووە، لە 2010وە 1815 سەیارە هاتووە، 2011، 149669 سەیارە هاتووە، ئەگەر داهاتی ئەو سەیارانە کەس نازانێت سەر بەکێیەو بەکێ نیە؟، نزیکەی یەك تریلیۆن دەکات، لەوداهاتانەی کەوەردەگیرێت، وەزارەتی ناوخۆ، لە50٪ی داهاتی خۆی وەردەگرێت، بەڵام ئەو داهاتانەی کە وەری دەگرێت حەقە دیاری بکرێت، بۆ کام پرۆژەیە، کە ئەو داهاتی لە

50٪ وەردەگرێت مەفروزە بۆ پرۆژە بێت، کەچی هیچ پرۆژەیەك دیار نیەو ئەو داهاتەش دیار نیە، کە بەچ شێوازێك وەزارەتی ناوخۆ سەرفی دەکات، داهاتی گومرگی ابراهیم خلیل ئەوە زۆرباش دەزانین کەناچێتە خەزێنەی حکومەت، پشکی حکومەت لەهێڵەکانی ئەنتەرنێت ونەورۆز تلیکۆم وکورد تێل وهەتا دواتر، هەتا ئێستا وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن نە دەزانن چەندە؟، نە دەشیان درێتێ؟، نەئاگاشیان لێیە؟، ئەمە سەیرە، داهاتی پارێزگایەك لەباشوری عێراق پارێزگای ئەنبار کەئەو سنوورە زۆری خەتی تیرۆریستانیشە، کەچی داهاتی ئەو پارێزگایە بەتەنها 3 هێندەی داهاتی هەر سێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستانە، بڕی 318 ملیار دینار دانرا بۆ هەر دوو دەزگای ئاسایش و ئەوانە کەداوا کراوە، نازانم بەچ حەقێك بۆیان زیاد کراوە؟، کەداوا دەکەن، بەڵام جاری واهەیە یەکێك نەخۆشە داوای هاوکارییەك دەکات، سێ، چوار مانگ دێت ودەچێت کەچی هیچیشی بۆ ناکرێت، باسی عجزمان کرد من تەسەور دەکەم کورتهێنانمان نیە، کورتهێنانمان لەو بڕە پارانەی کەماوەتەوە، ئەگەر کورتهێنان هەیە، ئەو 4 تریلیۆنەی کەدیاریمان کرد، زیاتریشە با پێمان بڵێین لەو بوارانەی سەرف دەکەین، جارێك لەوەزیری دارایم پرسی عاجز نەبێت، ئەوپارانە چۆن سەرف دەکرێت، ئەو تریلیۆنانە بابڵێین پارەکان، چۆنتان سەرف کردووە،چی لێهاتووە؟، ئەوەی 25 هەزار پلە وەزیفیەکە، پێی وتین لەپەرلەمانی کوردستان پارەی ئاسایش وپۆلیس زیادی کرد، لەومان داوە، دەرماڵەی ئەو 150 هەزارەی کەبۆ کارمەندانی وەزارەتی پەروەردە زیاد کرا، 90 هەزاری عێراق ناردوویەتی، 60 هەزارەکەی تری ئێمە داومانە، ئەوانە ڕاستە، بەڵام ئەگەر ئێستا دەری بێنین ناکاتە ئەو 4 تریلیۆنەی کەئێستا هەمانە، بەهەمووی هی وەزارەتی پەروەردە من بەحساب دەرم هێناوە ئەگەر هەڵە نەبم، چونکە ڕەقەم زۆرجار ئینسان هەڵە دەکات، دەکاتە 108 ملیار، هی 60 هەزار کارمەند جارانی 150 ی بکەین، ئینجا جارانی 12 ی بکەین دەکاتە 108 ملیار، هی پۆلیس وئاسایش با بکاتە 1 تریلیۆنی، ئەی ئەو پارانەی کەدەمێنێتەوە پێمان خۆشە بزانین؟، من ناڵێم وەزیری دارایی یان وەزیری پلاندانان دەیبەن، دەیخۆن بۆ خۆیان، بەس ئێمە دەڵێین بابزانین داهاتەکە لەکوێیەو دیار بێت؟، تا ئێمەش قسەمان نەمێنێت، دوایی پرسیارێك هەیە ئەو گرژی وئاڵۆزییە کەلەنێوان حکومەتی هەرێم وحکومەتی بەغدا هەیە، حەق بوو ئەوە چارەسەر بکرێت لەساڵی 2007وە نوێنەرانمان، بەرپرسەکانمان، وەزیرەکانمان لەوێ هەوڵیان بدایە ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن، وابزانم گەلێك زەحمەت نیە، لەم شەوانە بریکاری وەزیری دارایی لەکەناڵی (کەی، ئین ، ئێن) چاوپێکەتنێکی هەبوو، گوێم لێڕاگرت باس لەخانەنشینی کرا، بودجەی تەشغیلی گەلێك زۆرە، بەڕێز بریکاری وەزیری دارایی وتی ڕاستە بودجەی تەشغیلی زۆرە، هۆکارەکەشی ئەوەیە خانەنشینی پەرلەمانتاران زۆر زۆرە، حەق وایە پەرلەمانتاران کە خانەنیشین دەکرێن بچنەوە سەر وەزیفەکەی خۆیان ومووچەکەی خۆیان، ڕاستە من لەگەڵ ئەوەدام خانەنشینی پەرلەمانتاران زۆرە، ئەمەش لەپەرلەمانی کوردستان پرۆژە یاسایەکمان پێشکەشی سەرۆکایەتی کردووە، کەئەو خانەنشینی پەرلەمانتاران کەم بکرێتەوەو یەك بخرێت لەناو پەرلەمان هەرچۆنێك بێت،

بەڵام باسی لەوە نەکرد کەچەند هەزار کادیرو خەڵك هەیە کەخانەنشین کراون بەپلەی لیواو عەقیدی و نەقیب.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە تەجاوزە پێشمەرگە کەسوکارو ماڵ ومناڵی خۆی خستۆتە سەر لەپی دەست، ئێستا ئەوانەن کە تەقاعودن، تکا دەکەم کە ئیهانە بە پێشمەرگە مەکە، ئەوە ئیستیفزازە بە پێشمەرگە ئێمە ئەوە قبوڵ ناکەین، لەپرۆتۆکۆل بسڕێتەوە ئەو قسانە، قبوڵمان نیە بەو شێوەیە قسە بکەیت، ئەوەی کە بەدەستی چەپ وڕاست نازانێ تەحیە بکات تەنها پێشمەرگەیە، تکایە باسی ئەوە شتانە مەکە، فەرموو قسەکانت بکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هیچ مەبەستێکم نیە و مەبەستیشم پێشمەرگە نیە، بەغەڵەت لەمنی وەرمەگرن، لەبەر ئەوە من بەهیچ شێوەیەك ئیهانەی پێشمەرگە ناکەم، حەزدەکەم بزانیت لەو کاتەی کەتۆ پەیوەندیت بەپێشمەرگە کردووە لەساڵی 1976 منیش پەیوەندیم بەرێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کردووە، پێشتریش لە قوتابیانی پارتی ئیشم کردووە، من ئیهانە بە پێشمەرگە ناکەم، بەڵام ئەو کادیرانەی کەموالیدیان بچووکەو بەحەیاتی خۆیان یەك رۆژ پێشمەرگایەتی نەکردووە، بەو پلانە خانەنشین کراون، واتە بودجەی تەشغیلی کەزیادە لەپەرلەمانی کوردستان و هەموو ساڵێکیش زیاد دەکات تەنها هی پەرلەمنتاران نیە، هی وەزیرانە، هی پەرلەمانتارانە، هی ئەو کادیرانەیە، با پێشمەرگەی لێدەربچێت من هیچ کاتێك لەگەڵ ئەوە نیم کەهی پێشمەرگە بێت، چونکە پێشمەرگە تەمەنی دیارە، بەس ئەوانەی کەموالیدی 70 کان و 80 کانن، ئەوانە بەحەیاتیان پێشمەرگایەتیان نەکردووە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ڕەشی دەکەیتەوە ئەوە کەیفی خۆتە بەس ئەوە ڕاستیەکەو واقیعە نابێت پێت ناخۆش بێت..

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوەی سەلام دەکات پێشمەرگەیە، عەسکەرییە، زۆر تەبیعیە لەو شاخانە بووە، نەخوێندەوار بووە، با نەزانێت سەلامی عەسکەری بکات، فەرموو قسەکانت بکە.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەپرۆتۆکۆل بیهێنەرەوە ئەگەر وتوومە پێشمەرگە، ئەوە حەقی خۆتە، من بەهیچ شێوەیەك ناڵێم پێشمەرگە، بەس دەزانی چیە، لێرەدا لەپەرلەمانی کوردستان هەندێجار ئەگەر ڕاستی بڵێیت بۆ پێتان ناخۆشە؟، لەبەرچی پێتان ناخۆشە؟...

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

خوشکی من واز لەو قسانە بێنەو بچۆرە سەر مەوزوعەکەی خۆت، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باسی پێشمەرگەم نەكردووەو خۆم لەگەڵ پێشمەرگە بووم، قسەكانم تەواو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالله مەلا نوری، ببورە كاك عبدالله جارێ كاك شێخ بایز یەك، دوو وەڵامی هەیە، با جواب بداتەوە باشە، فەرموو كاك شێخ.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی وئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەو بەرپرسەی كەئەم خوشكە دەیلێت جارێ ئەو پارەیە ئەوەندە نیە، مانگی یەك ملیارە، بەو شێوەیەش نیە، پەرلەمانی بەڕێز ئیستیفساری كردووە، جوابی پەرلەمانم داوەتەوە، بەلگەكان وئەمرەكانیشم بۆیان ناردووە، كە بەچ ئەمرێك دراوەو چۆنیش دراوە؟، چۆن تەعدیلی تێدا كراوە، چۆن سولفەی حزبەكە دراوە بەسكرتارییەتی یەكێتی نیشتمانیی كوردستان، ئەو ئەگەر ڕوونی ناكاتەوە من ڕوونی دەكەمەوە، بەو شێوەیە نیە كە ئەو دەیلێت، بەلام ڕەنگ هەیە یەكێتی نیشتمانیە كوردستان سكرتێرەكەی مەعلومە كە كێیە؟، بۆ مەكتەبی ئەو سكرتارییەتە ڕۆشتووە، بەشێكە لە بودجەی حزب، تەجاوزی نەكردووە لەبودجەی ئەو حزبەی كەدانراوە، زۆر بەداخەوە كە 1 دەكرێت بە 10 بەو شێوەیەش تەفسیری دەكرێت، ئەمە یەكێكە لە شتانەو بەنووسراوی ڕەسمی ناردوومە بۆ پەرلەمان، دەتوانن بیخوێننەوە لەگەڵ بەلگەكان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەوڵ دەدەم زیاتر لەچوارچێوەی ڕاپۆرتەكەی حكومەت قسە بكەم، چونكە وا هەست دەكەم ئەو ڕاپۆرتە هەلگری پەیامی حكومەتە، یان دەربڕی سیاسەتی حكومەتە لەبواری دارایی وئابووریدا بۆ ساڵی 2012، ئەوەی كەزۆر بەلامەوە گرنگە ئەوەیە كەپێم وایە ئەركێكی نیشتمانیە دەبێت هەموومان داكۆكی لەسەر بكەین و كاری لەسەر بكەین، بۆ چارەسەركردنی ئەو مەسەلەیە وەك لەڕاپۆرتەكەدا هاتووە، باس لەوە دەكرێت لەسەر بنەمای ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی كوردستان بە 4 ملیۆن و 190 هەزار كەس ئەژمار كراوە، ئەمەش وای كردووە كە لە 17٪ كەی ئێمە لەسەر ئەو بنەمایە دانراوە، پێویست دەكات ساڵانە بڕێك پارەمان بۆ بنێردرێت، بەلام لەبری ئەوەی لە 17٪مان بۆ بێت وەكو لەڕاپۆرتەكە هاتووە نزیكەی لە 12٪ لەو پارەیە بە ئێمە دەگات، لەڕاستیدا ئەوەی لەڕاپۆرتەكەدا هاتووە تەنها ئاماژە بەوە دراوە كەحكومەت لەسەر بنەمای دەستوور سیاسەتی دانانی ئابووری قۆرخ كردووە، واتە هەرێمی كوردستانی لە بەشداری كردن لەسیاسەتی دارایی وئابووری پەراوێز خستووە، ئەم مەسەلەیە بۆ من

مەسـەلەیەكەو هـەر یەكـە لەئێمـە دەزانـین بەشـێك لەكەسـایەتی و لایەنـە سیاسـیەكانی عێـراق، ئەمـە حەقیقەتێكە ئەگەر پێیان بكرێت ناهێڵن وەك كورد دەڵێت (نینۆكمان هەبێت بۆ ئەوەی سەری خۆمانی پێ بخورێنین) بەڵام ئەوەی كە گرنگە لەڕاستیدا ئێمـە نـایزانین وەكـو پەرلـەمانتار ئەوەیـە كـە مەسـەلەی ئـەو پاساوانەیە كە وای لەحكومەتی عێراق كردووە، كەزاتی ئەوە بكات لەبەشـی هـەرێمی كوردسـتان لـە بودجـە ببڕێت، یەعنی ئەبێت دوو مەسەلە هەیە لەیەكی جیا بكەینەوە، مەسەلەی قۆرخ كردنی سیاسەتی دارایـی و ئابووری، لەلایەن حكومەتی عێراقەوە، ئەبێت جیای بكەینەوە لەوەی كەبەشی هەرێمی كوردستان ناگات لە بودجە، ئەمە دوو مەسەلەی جیاوازە، ئەشـێت ئەمـە خیلافێكـی یاسـایی بێـت وجـەدەلی زیـاتر هـەڵبگرێت، بەڵام ئەوەی كە پەیوەندی بە بەشی هەرێمی كوردستانەوە هەیە لەبودجـە، ئەمـە مەسـەلەیەكە لەڕاسـتیدا ئەركی هەموو لایەكمانە وا بكەین وەك چۆن لەڕاپۆرتەكەی حكومەت هاتووە، نزیكەی 6 تریلیۆن دینار كە ئەكاتە نیوەی بودجەی ئەمساڵ چەند ساڵێكە بۆ نموونە لەبـەر بودجـەی وەزارەتـی پێشـمەرگە بـڕاوە، ئـەم پرسە پرسی هەموومانە كە كار لەسەر چارەسەركردنی بكەین، یەعنی لەڕاستیدا بۆ ئێمـە زۆرگرنگـە مـادام حكومەتی هـەرێمی كوردسـتان ڕاپۆرتێـك دەنێرێتـە پەرلـەمان و لـەو ڕاپۆرتـەدا ئامـاژە بەكێشـەیەك دەدات كەئێستا لەگەڵ كێشەكاندا زانیـاری زیـاتر بنێرێـت بـۆ ئێمـە، كەباسـی كیشـەی بـڕینی بودجـەی پێشـمەرگە دەكات پێمان بڵێت كەپاساوی حكومەتی عێراقی چیە؟، باسی ئەوە دەكەین، ئێمـە دەزانـین كۆمـەڵێك وەفـد رۆشتوون بۆلای حكومەتی عێراقی، بـەڵام ئـەم كێشانە هەمیشـە بەناڕۆشـنی ماوەتـەوە، ئێمـە نـازانین ئـەو هۆكارانە چین كەوای كردووە عێراق زاتی ئەوە بكات بودجەی ئێمە ببڕێت؟، ئێوە دەزانن بەقەناعـەتی مـن ئەگەر حكومەتی عێراق زاتـی ئـەوە بكـات لـەماوەی چـەند سـاڵێكدا 6 تریلیـۆن دینـاری ئێمـە بـەبێ پاسـاو ببڕێت، دڵنیاتان دەكەمەوە لەساڵی ئاینـدە زاتـی ئـەوە دەكـات هـەموو بودجـەی هـەرێمی كوردسـتان ببڕێـت، یەعنی ئەگەر پاساوێك نە بێت بەدەست عێراقەوە، قسەكانی من لێرە بۆ پشتیوانی كردن نیە لە حكومەتی عێراقـی، بـەڵكو بـۆ ئەوەیـە كـە پێویسـت دەكـات ئێمـە لەپەرلـەمانی كوردسـتاندا، لەگـەڵ عـەرز كردنـی كێشـەكاندا پاسـاوەكان بـزانین، هۆكارەكـان بـزانین، یـەعنی بـۆ نموونـە مـادام سـاڵانە حكومـەتی عێـراق لەبودجەی حاكیمەو بودجەی سیادی دەبڕێت، بۆ نموونە ئـەو بـڕە گازوایلـەی كەپێویسـتە بـۆ وێسـتگەكانی كارەبا بێتە هەرێمی كوردستان ناگات، دەبێت من بزانم هۆكارەكەی چیە؟، كاتێك كەبەڕێز وەزیری دارایی و پلاندانان، سەرۆكی حكومەت پار ڕۆشتوون بۆ ئەوێ، ئەبێت ڕوونی بكەنەوە لەپەرلەمان بۆ ئـەوەی بـزانین عێـراق لەسـەر چ بنەمایـەك زاتـی ئـەوە دەكـات پـارەی خـەڵكی كوردسـتان ببڕێـت، بـۆ ئـەوەی لەپەرلـەمانی كوردستان منـیش وەك ئەنـدامێكی پەرلـەمان بەشـێك لـەو بەرپرسـیارێتیە بخەمـە ئەسـتۆی خـۆم وهـەوڵی چارەسەر كردنی بدەم، كاتێك كەمن بەرچاوم ڕوون نەبێت، بەڕاستی جێگای گومانە قسـە لەسـەر بابـەتێكی لەو جۆرە بكەین، ئێستا ئێمـە دەزانـین لـەتازەترین لێدوانیـدا بـەڕێز سـەرۆكی هـەرێم ئامـاژە بـەوە دەكـات ئەڵێت ئێمە تاكۆتایی ساڵی 2012 هەوڵ دەدەین هێزی پێشمەرگە یەكبگرێتەوە، یەعنی كەوابێ ئەم هێـزە هێشتا هێزێكی یەكگرتوو نیە دابەشكراوە لەسەر بنەمای حزبی، ئەی من چۆن بزانم هۆكارەكە ئەوە نیـە؟،

کە بۆ نموونە حکومەتی عێراقی زاتی ئەوە دەکات، لەبەر ئەوەی ئامارێکی دروستی لەبەردەستدا نیە، لەبەر ئەوەی ئەم هێزە بەگەڕانەوە بۆ لێدوانەکانی بەڕێز سەرۆکی هەرێم بە هێزێکی حزبی تەماشای بکات و بودجەکەی نەنێرێت، بۆیە زۆر گرنگە ئەم مەسەلەیە لێرە ساغ بکەینەوە و پشتیوانی بکەین بۆ ئەوەی چارەسەری بکەین، بۆیە هیوادارم ڕوونکردنەوەی تەواو لەسەر ئەو بابەتە بدرێت، بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونیمان هەبێت بەئومێدی ئەوەی چارەسەری بکەین، چونکە لەئەنجامدا ئەوە قوتی خەڵکە، بابەتێکی تری گرنگ کەبەلای منەوە زۆر گرنگە، من نالێم حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی نیە، بێگومان پلان هەیە، بەس ئەو پلانەی کە حکومەت هەیەتی، پلانێکی زۆر زانستی نیە، پلانێکی پێشکەوتوو نیە، پلانێك نیە کەبتوانێت بەشێوەیەکی باش قوەتێك بدات بە گەشەکردنی ئەم وڵاتە لەهەموو بوارە جیاوازەکاندا، یەعنی سەیر دەکەین لەحکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە بۆ مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی عجز وەك برادەران باسیان کرد، پەنای بۆ دوو حاڵەت بردووە، ئەمە بووە بە عورف، یەعنی بووە بە بنەما، من ئێستا گومان دەکەم کە ئەمە پلانەکەی حکومەت بێت، پلانەکەی حکومەت لەبەر ئەوەی پلانێکی دروستی نیە بۆ چارەسەری کێشەی عجز، پەنای بۆ پلانێکی تری ئاسا، بەڵام مەترسیدار بردووە، ئەوەیە کە ساڵی دارایی لە $12$ مانگەوە کراوە بە $6$ مانگ، یان $5$ مانگ، کاتێك کەپارەی پرۆژەکان تەواو نابن، ئەم پارانە خەرج دەکرێن بۆ بودجەی بەکاربردن، یەعنی پارەی بەڕێوەبردن، پارەی قوتابخانە، پارەی نەخۆشخانە، ڕێگاوبان، ئاودێری، ئەمانە کەڕاستەوخۆ پەیوەندی بەخەڵکەوە هەیە، لەبەر ئەوەی لەماوەی ئەو شەش مانگە تەواو نابێت ئەو بڕە پارەیە دەمێنێتەوە، وەکو جەنابی وەزیر لێرە دانی پێداناو باسی کرد، ئەیگوازێتەوە بۆ خەرجی بەکار بردن، یەعنی ئەوەی لێرەدا بۆ من مایەی سەرسوڕمانە، ئەوەیە کەئێمە لە پەرلەماندا بەدەقی یاسایی پێشتر ساڵی پار، ئەوەمان چەسپاندووە کەناکرێت و قەدەغەیە، پارەی پرۆژەی وەبەرهێنان بۆ بودجەی بەکارهێنان بگوازرێتەوە، کەچی وەزیری دارایی لێرە خۆی ئاماژەی پێدا، بەس پەرلەمان ڕاناچەڵەکێ، هیچ ڕوونادات، یەعنی یاساییە، ئەمە خەتەرێکی زۆر گەورەیە لەسەر پەرلەمان، نەپرسێت ئەی خێرە ئێمە یاسایەکمان داناوە ماددەیەکی تێدایە کەتۆ پێشێلی دەکەیت، دەبێت هەڵوێستی پەرلەمان چی بێت؟، ئەمە جێگای پرسیارە، ئەوەی کەمن لێی تێگەشتووم لەبەر ئەوەی حکومەت پلانێکی سەرکەوتووی نیە، پەنا بۆ ئەو ڕێگا مەترسیدارە دەبات، بەڵام حەقیقەتێك هەیە کە بەڕێز وەزیری پلاندانان لەم ڕۆژانەدا ئاماژەی پێکرد، هەر دوێنێ بوو باسی ئەوە دەکات کە لەمەسەلەی کورتهێنان ئەوە تەنها ئێمە نین کەکورتهێنانمان هەیە، بەڵکو عێراقیش کورتهێنانی هەیە، ئەمە ڕاستە زۆربەی وڵاتان هەیانە، ئەمریکاش هەیەتی، ئەمە شتێکەو ئاساییە، بەڵام ئەوەی کەئێمە هەستی پێدەکەین لەهەرێمی کوردستان، کەساڵانە زیاتر لە $10$ تریلیۆن دینار پەسەند دەکرێت لەپەرلەمانی کوردستان، ئەمساڵ زیاتر لە $13$ تریلیۆن دینارە، ئەوەی کە دەیبینین لەڕاپۆرتەکەی حکومەت کەتەماشای دەکەین، من ناچمە سەر پەڕەکان، کەسەیری ڕاپۆرتەکەی حکومەت دەکەین، یەعنی چۆن مامەڵەی لەگەڵ بودجەدا کردووە، بودجەی هێناوە پارەی وەرگرتووە، پارەی هێناوە

دابەشی کردووە، لەڕاپۆرتەکەدا هیچ پلانێکی تێدا نیە، هیچ هونەرێکی تێدا نیە، منیش دەزانم ئەوە بکەم، یەعنی بۆ نموونە ئەم بڕە پارەیە هاتووە لە عێراقەوە، دابەشی کردووە ئەوەندەی بۆ وەزارەتی تەندروستی، ئەوەندەی بۆ پەروەردە، ئەوەندەی بۆ وەبەرهێنان، یەعنی لەڕاپۆرتەکەدا پەیامێکی ئابووری، پەیامێکی دارایی تێدا نیە، یەعنی گرفتی سەرەکی ئەوەیە، یەعنی ئێستا من دەڵێم گریمان کورتهێنان ڕاستە، ئەمساڵ $2$ تریلیۆن کورتهێنان هەیە، بەڵام ساڵی پاریش هەبوو، ساڵی پێراریش هەبوو، بەڵام پرسیارەکە لێرەدایە یەعنی وەزارەتی پلاندانان، وەزارتی دارایی، چ پەیامێکی بۆ ئێمە پێیە بڵێت لەسەر بنەمای ئەم خاڵەو ئەم خاڵە هەوڵ دەدەم کورتهێنان لەساڵی $2013$ پڕبکەمەوە، بۆ منی پەرلەمانتار، بۆ منی هاووڵاتی، ئەم خاڵە گرنگە، تا باسی ئەوەم بۆ بکەیت کەچەند پارەت بۆ وەزارەتی پەروەردە دابین کردووە، ئەمە فەنی تێدا نیە، ئەمە ئاسانە، چ پێویست دەکات، دەستی خۆش بێت، ئەگەر منیش بم هەر ئەوە دەکەم، بەڵام ئەوەی کەگرنگە بۆ وەزارەتی دارایی و پلاندانان لەچوارچێوەی پلانێکدا پێم بڵێت لەسەر ئەم بنەمایە ئەم کورتهێنانە پڕ دەکەمەوە، بەڕێزان یەعنی ئێمە نەتوانین لەماوەی $3$ ساڵدا کورتهێنانی $2$ تریلیۆن پڕ بکەینەوە، یەعنی هەرچاوەڕێی ئەوە بکەین کەحکومەتی عێراقی پارەمان بۆ بنێرێت تا پڕی بکەینەوە، بەڵام خۆ ئێستا هەموولایەکمان بیر لەوە دەکەینەوە کە دەوڵەتی کوردی دروست بکەین، دەوڵەتی کوردی دروست بکەین، ئەوکاتە $15$ تریلیۆن دینارەکەی بودجە ئەبێت هەمووی لەکوردستانەوە بەدەست بێت، ئەی ئێمە نەتوانین $2$ تریلیۆن لەماوەی $3$ ساڵدا پڕبکەینەوە، ئەی چۆن دەتوانین بیر لەدروست کردنی دەوڵەتی کوردی بکەینەوە، کەخەونی مێژینەی هەموو لایەکمانە، یەعنی ئەمە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە، بۆیە تکایە دەرفەتم پێ بدەن، کەقسەکانم بکەم، گەر گوێش نەگرن ئاساییە، یەعنی بەپێی زانستی دانانی بودجە، وەکو لەسەرەتاوە ئاماژەم پێکرد مەسەلەی کورتهێنان، ئێمە یەکەم وڵات نین کە بودجە دادەنێین، یەکەم وڵاتیش نین کەکورتهێنان ڕووبەڕوومان بووەتەوە، هەرچی وڵات هەیە بودجە دادەنێت وزۆریشیان کورتهێنانیان هەیە، مەسەلەی کورتهێنان بۆ نموونە وەزارەتی دارایی، وەزارەتی پلاندانان، حکومەت، یەعنی لەزانستی دانانی بودجەدا تۆ $2$ ڕێگات هەیە، لەسەر دوو ئاست هەوڵ بۆچارەسەری کورتهێنانی بودجە بدەیت، بەڵام لەڕاپۆرتەکەی حکومەتدا نیە، یەعنی تۆ پلانی کورتخایەنت ئەتوانی هەبێت، ئەتوانیت پلانی درێژخایەنیشت هەبێت، لەپلانی کورتخایەندا حکومەت لەکوردستان بێت، لەبەغدا بێت، لەسۆماڵ بێت، لەبەریتانیا بێت، ئەتوانێت لەماوەیەکی زۆر کورتدا هەوڵ بدات کۆمەڵێك لەو خەرجیانەی کەبۆ شتی ناپێویست دەڕۆن، ئەتوانێت کەمی بکاتەوە، یان بیبڕێت، بەڵام لەهەرێمی کوردستان قەت ئەمە ناکرێت، یەعنی بۆ نموونە با پرسیار بکەین، لەهەرێمی کوردستان وەکو من بەتەواوی لەسەر ئەوە ساغ بوومەتەوە کەساڵی دارایی لێرە بەپلان بووە بە $6$ مانگ، بەڵام سەیربکە ئەو بڕە پارەی کەدادەنـدرێت بۆ کڕینی ئەساس بۆ دامودەزگاکانی حکومەت، زیاتر لە $20$ ملیار دینار دانراوە، بەس من لەخۆتان دەپرسم و خۆشتان بچن بپرسن، بڕۆن لەمەخزەنەکانی وەزارەتەکان بگەڕێن، بزانن لەمەخزەنەکان چەند سەیارەو چەند قەنەفەو چەند سۆپاو چەند سپلیت وچەند سەلاجەو موبەریدەو شتی تێدایە کەزۆر ئاسان

دەتواندرێت چاك بكرێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی پلانێك نیە بۆ كۆنترۆڵ كردنی ئەم بابەتە، ئەمە پلانێكی ئابووریە، یەعنی چۆن من لەماڵی خۆم خەمی پارەكەی گیرفانی خۆمە، دەبێت حكومەتیش وابێت، بەس حكومەت بیر لەوە ناكاتەوە كەچۆن هەوڵ بدات، كە ئامادەیە زۆر بەئاسانی 20 ملیار دینار دابنێت بۆ ئەساس، بەڵام بیر لەوەناكاتەوە هەوڵی ئەوە بدات كەبەد مەسرەفی یان دەست بڵاوی نەبێت، جۆرێك لەبەرپرسیارێتی هەبێت بەرامبەر بەو كەرەستانەی كەلەبەردەستدایە بەكاری دەهێنێت، یەعنی هاوڕێیەكم لەم ڕۆژانە پێم گەشت، باسی ئەوەی كرد تازە دامەزراوە چووەتە یەكێك لەدەوائیرەكانی حكومەت، لەم زستانەدا باسی ئەوەی كرد كەسۆپا نەبووە بەكاری بهێنن، وتوویەتی بۆ سۆپا نیە؟ وتوویانە بۆمان ناكڕن، وتوویەتی ئەی كۆنەتان نیە، وتوویانە باهەمانە، كەڕۆشتووەتە مەخزەنەكە بینیویەتی 5 سۆپای تازەی تێدایە، بەس لەبەر ئەوەی پلیتەكەی كۆن بووە، كەس نیە چاكی بكات، ئەمە نموونەیەكە، مشتێكە لەخەروارێك، دڵۆپێكە لەدەریایەك، حكومەت وەك وتم بەرپرسیارێتیە، پارە پارەی خەڵكە دەبێت دەستی پێوە بگرێت، یان نموونەیەكی تر، ئێمە مادام خەمی وڵاتەكەمانە، مادام وڵات وڵاتی ئێمەیە، ئەبێت دەست بەپارەكەیەوە بگرین، دەبێت وابكەین كە ڕەزیل بین بەرامبەر بەو پارەیە، یەعنی ئەبێت وابكەین كەبەم پارەیە بەشێوەیەكی باش پەرە بەوڵات بدەین، ئێمە یەك ساڵ نەبوونی پلان لە بودجەی یەك ساڵدا دەبێت ئەم مەترسیەمان لەبەرچاو بێت، نەبوونی پلان لەبودجەی یەك ساڵدا ڕەنگە 10 ساڵ دوامان بخات لەپێشكەوتن، یەعنی ئەبێت لەكاتی ئیشكردنمان ئەوەمان لەبەرچاو بێت، یەعنی جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، سەرۆكایەتی حكومەت زۆربەی وەزیرە بەڕێزەكان، زۆربەی بەرپرسەكان ئەمە مەسەلەیە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت، كاتێك كەلەشوێنێكەوە سەردانی شوێنێكی تر دەكەیت، با 10 سەیارەت بەدواوە نەبێت با 2 سەیارە بێت، كاكە بەنزینەكەی پارەی خەڵكە با فێر بین ئەمە بكەین، نموونەیەكی تر پێم خۆشە باسی بكەم، هەر ئەوەی كەدەچێتە خانەی ڕێگرتن لە بەهەدەردان و دەست بڵاوی، ئەمساڵ نزیكەی 20 ملیار دانراوە بۆ پاككردنەوەی دامودەزگاكانی حكومەت، ئێ توخوا دەزگایەك شەش مانگ ئیش بكات، وەزارەتێكی وەك وەزارەتی پیشەسازی كە یەك پرۆژەی جێبەجێ نەكردووە، توخوا گوناح نیە پارەی بۆ تەرخان بكەیت تا وەزارەت پاك بكاتەوە، لەكاتێكدا 5 تا 6 هەزار فەرمانبەری هەیە، ئەبێت مەسەئەلەی پاك ڕاگرتن وپاكوخاوێنی دەبێت بیكەیت بەكولتوور، تۆ ئەبێت بنەمای دەوڵەت دابنێیت، جا ئەگەر حكومەتێك پلانی نەبێت ئەمە بكات بەكولتوورێك كەخەڵك سەر مێزەكەی خۆی پیس نەكات، ژوورەكەی خۆی پیس نەكات، ئەی دەوڵەتداری چۆن وادەكرێت تۆ هەر پارە دابەش بكەیت؟، گرفتێكی تر كەلەڕاپۆرتەكەی حكومەت نەهاتووە، مەسەلەی دۆزینەوەی هەلی كارە، یەعنی هەلی كار زۆر گرنگە، بەپێی ئامارێك كەلەلای منە، ئامارێكی زۆر فەرمیە، ڕێژەی بیكاری لە ئێستادا 15٪ یە، ئاخر ناكرێت لەڕاپۆرتێكی حكومەتدا پێم نەڵێت ڕێژەی بیكاری 15٪یە وەعدتان پێ دەدەم ئەمساڵ 5٪ی چارەسەر بكەم، یەعنی ئەمە ئەركی ڕاپۆرتەكەی حكومەتە كە ئەمە بڵێت، ڕێژەی هەژاری، لەگوندەكان لە 13٪ یە لە ناحیەو قەزاكان نزیكی لە 10٪یە، ئەركی حكومەتە بەمن بڵێت باسی ئەوەم بۆ نەكات چەند پارەی

داوە بـەوەزارەتی تەندروسـتی، چـەندی داوە بـەوەزارەتی پێشـمەرگە، باسـی ئـەوەم بۆبکـات، ئەمـە کـاری پەرلەمانە، پێم بڵێت لەماوەی ساڵی 2012 لە 13٪ی هەژاری لەگوندەکان ئەکەم بە لە 10٪ کە 3٪ی کەم دەکەمەوە، لەهەلی کاردا، وەزارەتێکمان هەیە بەناوی وەزارەتی پیشەسازی وبازرگانی، ئەم وەزارەتە زۆربەی پەرلەمانتارە بەرێزەکان دەزانن 6 هەزار فەرمانبەری هەیە، وەزارەتێکە کە پیشەسازی وبازرگانی کۆڵەکەی پشتی وڵاتـانی پێشکەوتووە، ئـەمریکا، ئـەڵمانیا، وڵاتـانی تـری پیشەسـازی، ئـەم وەزارەتـەی ئێمـە 6 هـەزار فەرمانبـەری هەیـە، 70 ملیـار دینـاری بـۆ دانـراوە، 5 ملیـار دینـاری بـۆ دانـراوە بـۆ پـرۆژە، سـاڵی پـاریش بەهەمان شێوە، ساڵی پار کۆمەڵێك پرۆژەی بۆ دانرابوو وتی جێبەجێ نەکراوە، هەموو ساڵێك ئەم وەزارەتە وا دەکات لەحکومەتی هەرێم بە 50 ملیار دینار یان زیاتر بەزیانەوە دەربچێت، ئـەم وەزارەتـە بـووە بـەبار بەسـەر شـانی خەڵکـەوە، یـەعنی گرفتەکـە لێرەدایـە، ئەگـەر ئـەم وەزارەتـە نـەتوانێت لەچوارچـێوەی پیشەسـازیدا دەرفـەتی کـار بـۆ خـەڵك بدۆزێتـەوە ئـەی کـاری حکومـەت وپـلان لەکوێیـە؟، یـەعنی ئەمـە ئیشکالەکەیە، ئەگەر وەزارەتیکە هـەر بـۆ ئەوەیـە کـەنازانم بـۆ چیە، ئـەوە لەگـەڵ وەزارەتێکـی تـر تێکـەڵی بکەن، بۆ ئەوەی سەیارەکانیان وکۆمەڵێك لەبیناکانیان چۆڵ بێت، خۆ من نازانم چۆنە، بەس چارەسـەرێکی بکەن بۆ ئەوەی حکومەت تۆزێك بچووك بکرێتەوە، یەعنی کارەساتە بـیر بکەنـەوە لـەوەزارەتی پیشەسـازی یەك لەحزە، دەزانن وەك چی وایە، حەز دەکەم نموونەیەك بێنمەوە، وەك ئەوە وایە کارگەیەك دابنێیت بە 100 ملیۆن دینار، 20 کرێکاری بۆ بگریت، هەموو مانگێك 2 ملیۆن دیناری پێ بدەیت، بەڵام بە مۆلیـدەو بەئیشوکارەکانیەوە هەموو مانگێك 10 ملیۆن دینار خەرجی بکەیت، بەڵام لەکۆتایی مانگدا 2 ملیۆن دینار قازانجت بۆ بکـات، ئـەی مـن کارگەیـەکی وام بۆچیە؟، ئـەبێت هـەوڵی چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـەیە بـدەن، ئەبێت حکومەت لەم مەسەلەیەدا ڕابچڵەکێت، ئەبێت خەمی ئەم مەسەلەیە بخوات، من هەنـدێ شـت هەیـە دەیخەمە ڕوو کەڕەنگە ئەگەر چارەسەر بکـرێن نـەك هـەر عجزەکـە نامێنێـت ڕەنگـە داهاتیشـی هـەبێت بـۆ حکومەت، یـە عنی لـەڕاپۆرتی حکومەتـدا پێمـان ناڵێـت ئەمسـاڵ دەتـوانین سەرچـاوەکانی داهـات لەئەوەنـدە بگوازینەوە بۆ ئەوەندە، بۆ نموونە ساڵانە 10 ملیۆن دینارمان دەست دەکەوێت، بـەڵام بـەحوکمی بودجـەی ئەمساڵ سەرچاوەکانی داهات زیاد دەکەین بەوەی کەکۆمـەڵێك کارگـە زیـاد دەکـەین، بـەوەش سەرچـاوەکانی داهات ساڵانە دەکەین بە 20 ملیۆن دینار، حکومەت دەبێت ئـەم پلانـەی هەبێـت، بەداخـەوە نیـەتی، نـەك هەر ئەمەی نیە، بەڵکو وەکو بـرادەران ئاماژەیان پێکـرد، هـەرێمی کوردسـتان نـەك حکومـەت ئـەوەی کـەمن هەستم پێکردووەو پێی گەیشتووم، نەك هەوڵ بۆ ئەوە نادات سەرچاوەی داهات زیاد بکات، بەڵکو گرفتـاری دیار نەبوونی داهاتەکانی تریشە، ئێستا ئەمە سیدیەکە لەبەرچاوە ئاماژە بە بڕەکەی نادەم بەس ئـەو ڕێـژە نەوتەی کەلەمەدا هەیە، لەڕێگەی مەرزەکانەوە ڕۆشتووە، بەس باجەکەی وداهاتەکەی ئەوەندە زۆرە، ڕەنکە کەس بڕوا نەکات، دە ئەمە مەنتقی تێدا نیە کەئەم پەرلەمانە ئاگاداری ئەمـە نـەبێت، ئـەوەی کەهاتووەتـە پەرلەمانی کوردستان لەداهاتی وەزارەتـی سـامانە سروشـتیەکان بڕێکـی زۆر کەمـە، لـەداهاتی وەزارەتـەکانی تریش لەکۆی داهاتی هەرێمی کوردستان زۆر کەمە، ئەوەی کەلەم سیدیەدا هەیە 10 بەقـەدەر ئـەوە کەمـە

کەهاتووەتە پەرلەمانی کوردستان، ئەگەر حسابی بکەین، وەزارەتی سامانە سروشتیەکانمان هەیە، ئەم وەزارەتە زۆرمان لەسەر داهاتەکەی وتووە، کەوەکو پێویست دیار نیە، بەس ئیشکالێکی تر ئەوەیە کەئەمساڵ لە بودجەی تەشغیلی نزیکەی زیاتر لە 500 ملیار دینار بۆ بودجەی تەشغیلی دانراوە، بەڵام لە لیستێکی تردا تریلیۆنێك و75 ملیار دینار هاتووەتە پەرلەمان، کەئەمیش هەر داهاتی ئەو وەزارەتەیە، بەڵام جارێکی تر ئەم داهاتە بەسەر بەڕێوبەرایەتیەکانی دابەشکردنی سووتەمەنی لە سلێمانی، دهۆك، هەولێر دابەشکراوەتەوە، یەعنی پرسیارەکە لێرەدایە، بۆچی ئەم بەڕێوەبەرایەتیانە ئەم دامودەزگایانەی سەر بەوەزارەتی سامانە سروشتیەکان دووجار خەرجیان بۆ دابنـدرێت؟، ئەمە پرسیارێکە دەبێت ڕوون بکرێتەوە، ساڵانە پارەیەکی زۆر، ئەوەی پێی دەڵێن سوودی کۆمەڵایەتی، بەخشین، ئەمانە زیاد دەکات، ساڵی دارایی حکومەت خۆشبەختانە هەر کورت دەبێتەوە، بەخشین وسوودی کۆمەڵایەتی هەر زیاد دەکات، ڕێك وەکو ئەوە وایە کەسێکت گرتبێت ئیشت بۆ بکات، رۆژانە لەباتی ئەوەی کەلە 100٪ی ئیشەکەت بۆ بکات 10٪ی ئیشەکە بۆ ئەوەی تۆ 100٪ ی کرێکەی پێ بدەیت، رۆژی دووەم 9٪ی ئیشەکە بکات، بەڵام تۆ 110٪ ی کرێکەی پێ بدەیت، ئێمەش لەباتی ئەوەی لێپرسینەوە لەحکومەت بکەین، کەچی سەیر دەکەین نەلێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت، ئەوەشی کەپێویست بکات بۆ هەرشتێك بۆی زیاد دەکرێت، لەبەخشین، لەسوودی کۆمەڵایەتی، لەخۆشگوزەرانیدا، بەڵام پرسیارێکی زۆر گرنگ، بەخشین لەگەڵ سوودی کۆمەڵایەتی هاتووە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بێکاری و کێشەی نەخۆش، بەڵام پرسیارێك هەیە زۆر جدی، یەعنی ئێمە رۆژانە لەکەناڵی زۆربەی حزبەکانەوە لەکەناڵە سەربەخۆکانەوە دەبینین کەچەندین نەخۆش پیشان دەدرێت کە داوای کۆکردنەوەی پارەیان بۆ دەکرێت، ئەی ئەم پارەیە بۆ ئەمانە نەبێت بۆ کێیە؟، پرسیارەکە ئەوەیە؟، دەبێت ئەگەر ئەم پارەیە بۆ ئەم خەڵکە نەبێت بۆ کوێ دەچێت؟، ئەگەر پێیان دەدرێت بۆچی داوا لەخەڵکی تر دەکەن؟، یەعنی ئێستا من ئەمرۆ کاك ئاسۆ ئاماژەی بەوەکرد کە ملیۆنێك و180 هەزار کەس لە بودجەی هەرێم مووچە دەخۆن بەشێوەیەك لەشێوەکان، کە ئەو پێی وابوو ئەمە دەستکەوتێکە، بەڵێ لەسەر ئاستێك لەئاستەکان ئەمە دەستکەوتە، بەڵام لەسەر ئاستێکی تر ئەمە کارەساتە؟، وای دابنێن کەمن ئەمرۆ پەرلەمانتار نیم، پەیامی بۆیاخچیەکی بازاڕم پێیە، من کرێکارێکم یەعنی لەوەزارەتی دارایی و پلاندانان و حکومەت دەپرسم، بەشە بودجەی من لە بودجەی ساڵی 2012 لەکوێدایە؟، مەسەلەی بودجەی ئەوە بودجە هی هەمووانە، یەعنی ئەبێت لەدابەشکردنی بودجە عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەستەبەر بکرێت، یەعنی ئەبێت بەشێوەیەك لەشێوەکان کەسێك لەگوندەکانە، بڕۆ زۆربەی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان گەڕاون لەگوندەکان چاوتان بەچەند کەسی هەژار کەوتووە، کەنە مووچەخۆری حکومەتە نەخانووەکەی بەکەڵك دێت، نەسەیارەشی هەیە، نە ساڵی جارێك دێت بۆ شار، هیچ حەقێکی لەم بودجەیەدا نیە، بۆیە دەبێت حکومەت عەدالەتێکی هەبێت ئەم بودجەیە لەسەر بنەمای عەدالەتی کۆمەڵایەتی دابەشبکات، ئەبێت لەسەر ئەم بنەمایە ڕاپۆرتی حکومەت بێت بۆ من، ڕاپۆرتی حکومەت من متمانەی تەواوم هەیە، 50 ملیار دیناری داناوە بۆ دەستەی وەبەرهێنان کەدڵنیام خۆ ڕەقەمێکە ئەمە

ئاسانە، هیچ گرنگیشی بۆ من نیە، بۆ خەڵکیش گرنگی نیە بڕوا بکەن، دیارە نموونـە زۆرە بـەس پێویست ناکات باسی بکەم، چونکە تا ئاستێك پەیامەکەم گەیشت، کۆمەڵێك شت هەیە دەمەوێت لەکۆتاییدا ئامـاژەی پێ بکەم، سەرچاوەیەك چ بۆ حکومەت، چ بۆ خەڵك، چ بۆ زیاد کردنـی سەرچـاوەکانی داهـات، چ بـۆ خـەڵك بێـت، چ بـۆ حکومـەت بێـت، ڕاسـتە مەسـەلەی ئاوەدانکردنـەوەی گوندەکانـە، ئاوەدانکردنـەوەی گونـدەکان بـەڕێزان بەپێـدانی $25$ ملیـۆن دینـار بەگوندنشـینێك گونـدێك قـەت ئـاوەدان نابێتـەوە، پـەرە بەکشـتوکاڵ وئاژەڵـداری نادرێـت لەگونـدەکان، ئەگـەر $25$ ملیـۆن دینـار بـدەیت بەگونـد نشـینێك، ئـەبێت حکومـەت لەچوارچێوەی پلانێکدا هەوڵی ئەوە بـدات جیاوازی لـەنێوان شارو گونـد نـەهێڵێت، تـۆ بـۆ گونـد نشـینێك قەڵایەك دروست بکـە، بـەڵام ئەگـەر لەتەنیشـت قەڵاکـەی ئـەودا قوتابخانـەیـەك نـەبێت، ئەگـەر لەتەنیشتی نەخۆشخانەیەکی باش نەبێت و کارگەیەك نەبێت ئیشی تێدا بکات، ئەگەر ئالیك وپێداویستی تـری نـەبێت بۆ حەیوان و کیماوی نەبێت بۆ کشتوکاڵی، گوند بەمـە ئـاوەدان نابێتـەوە، خـەڵك هەیـە ئێستا لەگونـدەکان خانووی دروست کردووە لەسەر سلفەی عەقار، بەڵام ئێستا پارەی نیە کەساڵانەی سلفەکە بداتـەوە، یـەعنی تۆ ناکرێـت تـەنها لەیـەك ڕووەوە سـەیری ئـەم پرۆسـەیە بکـەیت، سـەیری ئـەم مەسـەلەیە بکـەیت، دەبێـت سەیری هەموو ڕووەکانی بکەیت، تۆ کەسێك یان هاووڵاتیەکی خۆت قەرزار دەکەیت، بەڵام ئەبێت پلانێکـی بۆ دابنێیت دوایی چۆن ئەم قەرزە بداتەوە، ئەبێت وای لێبکەیت کەدڵی بەخانووەکەی خۆش بێـت، ئـەبێت لەسایەی ئەو خانووەدا سەرچاوەکانی تری داهات وخۆشگوزەرانی بۆ دابین بکەیت، بۆیە من لەگەڵ ئـەوەدام کە نەك $25$ ملیۆن بەڵکو $100$ ملیۆنیان پێ بدرێت، بەڵام ئەم پارەیەش هیچ ناکات، چونکە پلانـی لەگـەڵ نیە، بۆیە تکا دەکـەم بـا پـلان هـەبێت، مەسـەلەیەکی تـر پێـدانی قـەرزە، قـەرزی پیشەسـازییە یـان قـەرزی بچووکە بۆ گەنجان، کارێکی زۆر باشە چەند بکرێت قەرز بەخەڵك بدرێت بـۆ ئـەوەی کـەئیش بکـات، بـەڵام زۆر خەتەرە بەشێوەیەك بیدەیت کە ئەم کەسە بخەیتە ژێر قـەرزەوەو دواتـر لـەژێری دەرنـەچێت، گـەنجی واهەیە بۆ قەرزی بچووك چووە دوکانێکی گرتووە، لەمانگی $11$ ساڵی $2011$، چـونکە بـەپێی ڕێنماییـەکان دەبێـت دوکانەکـە بگریـت، ئـەبێت هـەموو ئەساسـێکی تێـدا دابنێیـت، هـەموو پێداویسـتیەکانی هەبێـت، لیژنەیەك دێتە سەری ئینجا قەرزەکەی پێ دەدرێت، دوکانەکەی دانـاوە سـاڵی $2012$ هـاتووە، دەڵـێن قـەرز نادرێـت، تا ئێستاش ئەم بەدبەختە هەر کرێ دەدات، ئێ باشە ئەمە مەنتقی تێدایە، سەدجار هاوار دەکەیت بۆ حکومەت، لە تەلەفزیۆن هاوار دەکەیت، کابرا هاوار دەکات بەس چارەسەر ناکرێت، ئەمە ئیشکالە دەبێت حکومەت چارەسەری ئەم مەسەلانە بکات، مەسەلەی قەرز جارێ هەر بووە بەکێشـەیەکی زۆر گـەورە، بـووە بەنەخۆشی نەفسی بۆ هاووڵاتیان، یەعنی بەڕێز وەزیری دارایی لێرەیە، ئاگادارە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان حەزدەکـەم تـۆ ئـەم مەسـەلەیە دیفـاعی لـێ بکـەیت، قـەرز بەپیشەسـازی بـدرێت، بەخوێنـدن بدرێـت، بەکشتوکاڵ بدرێت، بە سلفەی زەواج و عەقار بدرێت، یان دەبێت کەفیل بێنیت، سـەیرکەن ئـەبێت کـەفیل بێنیت، تۆ سەیری ئەم حیکایەتە بکە، مـن فەرمانبـەرم، ئەمـەوێت بچـم سـولفەی عـەقار وەربگـرم، ئـەبێت بڕۆم داوا لەفەرمانبەرێکی تر بکەم کە ببێـت بـە کـەفیلم، خـۆم نـاتوانم بـبم بـە کـەفیل، ئەگـە پـۆلیس بم

نـاتوانم بـبم بـه كـەفیل، پێشمەرگە بم نـاتوانم بـبم بەكـەفیل، ئاسایش بم نـاتوانم، ئـیلا ئـەبێت بچـم داوا لەیەكێكی تر بكەم، یـەعنی ئەمـە دروسـت كردنـی كێشـەیە بـۆ خـەڵك، ئـەم وڵاتـە هـەموو بـووە بەكـەفیلی یەكێكی تر، كەس نایكات بۆ كەس، ئێستا ئەمە ڕێگریە حكومەت دروستی دەكات بۆ خەڵك، یەعنی تۆ قەرز دەدەیت بەخەڵك دەڵێی من پارەكەت پێ دەدەم، بەڵام دونیایەك كێشەت بۆ دروست كـردووە، بەیـەك دونیـا ڕۆتینیات دەسـتی پـێ ناگات، پەشیمانیشـە لـەوەی كـەوەری بگرێـت، یـەعنی سـەیر بكـە لەقـەرزی سـولفەی عەقار، لـەم ماوەیـە گـەڕاوین زۆربـەی بـرادەرانم چـوونەتە گونـدەكان، لەگونـدەكان كابرایـەكی گوندنشـینی داماو یەك فەرمانبەر ناناسێت لەشاردا، هیچ سەرچاوەیەكی داهاتیشی نیە، خەڵك متمانـەی پێناكـات ببێـت بەكەفیلی، وەڵڵاهی ڕۆشـتووە بـۆلای خـەڵك ببێـت بـە كـەفیلی وتوویانـە نـابین یـان وتوویانـە دەبـین بـەس دەبیت نیوەی قەرزەكە بدەیت بە ئێمە كەلامان بێت، دە وڵات ئـاوا ئـاوەدان نابێتـەوە، بەمـە كێشـە دروسـت دەكەیت، ئەمە گەندەڵی بەدوادا دێت، یەعنی ئەبێ چارەسەری ئـەم كێشانە بكرێـت، یـەك دونیـا ڕۆتینیـات هەیە، بودجە نەك ناگات بەخەڵك ئەوەشی كـە بەحسـاب دەگـات بەخـەڵك یـەك دونیـا سەرئێشـەیە، بـەڕێز سەرۆكی پەرلەمان بەپێی ئامارێك كەلەبەردەستی مندایە، ئەو كەسانەی كەكرێچین لەگـەڵ ئـەو كەسـانەی كە زیاتر لەخێزانێك لەخانوویەك دەژین، زیاتر لە 300 هەزار كـەس هەیـە، كـە شـوێنی نیشـتەجێبوونیان نیە، یەعنی ئامارەكە دەڵێت 400 هەزار، بەس من دەڵێم 300 هەزار، حكومەتی هـەرێمی كوردسـتان پـێم ناڵێت لە 2012 من چەند لە٪ ی ئەم بێ شوێنیە چارەسەر دەكەم، ئـەتوانم چـەند جێگـای نیشـتەجێبوون دروست بكـەم بـۆ خـەڵك، دەسـتەی وەبـەرهێنانیان دروسـت كـردووە، زەوی خـەڵك دەدرێـت بـەكۆمپانیاكان، زەوییـــەكی جـــوان دەدرێـــت بـــەكۆمپانیا، مـــن نموونەیـــەكتان لەكـــەلار بـــۆ دێنمـــەوە، زەوییـــەك دراوە بەوەبەرهێنێك، زەوییەكە بفرۆشە، ئـەتوانی 200 خـانووی پـێ دروسـت بكـەیت بـۆ خـەڵكی هـەژار، بـەڵام وەبەرهێنەكە كردوویەتی بە 100 خانوو، بە نرخێك دەیفرۆشێت كەدەوڵەمەندیش ناتوانێت بیكڕێت، ئێ توخوا ئەمە پلانە، هەموو وەبەرهێنانێك وایە.

یەعنی ئەمە لەسلێمانی وایە، لە هەولێر وایە، لەدهۆك وایە، ئیشكالەكە ئەوەیـە حكومـەتی هـەرێم لەبـەر ئەوەی پلانی سەركەوتووی نیە، نەك هەر نـەبووە بەمایـەی خێروخۆشـی بـۆ خـەڵك، بووەتـە مایـەی خـەم وخەفەت بۆ خەڵك، بووە بەمایەی بەهەدەردان، یەعنی دەبێت ئەمانـە چارەسـەر بكـرێن، ئەمـە خەمـە مـن باسی دەكەم، من پێم خۆشە ئەم حكومەتەمە زۆر بەتوانا بێت، من پشتیوانی هـەر پـرۆژەو پلانێـك دەكـەم كە بەدڵی خەڵك بێت، وەعـدتان پـێ دەدەم، ئـەوەی كەدەمێنێتـەوە باسـی بكـەم، تـەنها خاڵێكـە كەبەلامـەوە گرنگە، منـیش گـوێم لـەو چاوپێكەوتنەی بـەڕێز بریكاری وەزیـری دارایـی بـوو، بـەڵێ باسـی ئـەوەی كـرد كەمووچەیەكی زۆر بۆ خانەنشینی پەرلەمانتار دەڕوات، بەڵێ منیش دەڵێم دەڕوات وحەقە ببڕدرێت، بـەڵام سیوەیل خان زۆر ڕاست دەكات، لەهەرێمی كوردستان منیش كەسوكارم پێشمەرگەیە، قوربـانی گـەورەشمان داوە، جـەنابی سـەرۆك ئیجـازەم بـدە، بـەڵام بـەڕێز سـەرۆكی پەرلـەمان، حـەقی پەرلەمانـە، حـەقی بـەڕێز بریكاری وەزارەتە، نزیكەی 70 تا 80 هـەزار كـادیری حزبـی تەمـەنی نەگەشـتووەتە تەمـەنی خانەنشـینی

بەمووچەی گەورە خانەنشین کراون، ئەمە بەهەدەردانە، کەسێك یەك ڕۆژ خزمەتی گشتی نـەکردبێت، تـۆ مووچەی گشتی پێ بدەیت، پارەی خەڵکی پێ بدەیت، من لەوە ناترسم پارەی خـەڵك دەبـات، لـەوە دەترسـم بەها بۆ خزمەتی گشتی نامێنێت، فەرمانبـەرێکی دامـاو 30 سـاڵ خزمـەت دەکـات، بـە 700 هـەزار دینـار خانەنشین دەکرێت، لەولاوە کادیرێکی حزبی بە ملیۆنێك خانەنشین کراوە، بێ ئەوەی یـەك ڕۆژ خزمـەتی کردبێت، ئەمە وادەکات کە فەرمانبەر ئیتر وەلائی بۆ ئیشەکەی خۆی نەمێنێت، دڵسۆزی بۆ ئیشەکەی خۆی نەمێنێت، یەعنی خەمخۆری نامێنێت، ئەمە ئیشکالەکەیە.

بۆیە ئەگەر قسە لەسەر ئەوەی کەچارەسەری بەهەدەردان بکەین، بەڵێ ڕاستە، ئەگەر بڕیارمانـداوە دڵسۆز بین و قوربانی بدەین و ئیش بۆ خەڵك بکەین، لێرە خەمخۆر بین، بەبێ بەرامبەر بەڵێ ڕاسـتە حـەق وایـە مووچەی خانەنشینی وەزیر، ببڕدرێت، هی پەرلەمنتار ببڕدرێت، هی کادیری حزبـی ببڕدرێـت، لـەڕابردوودا چ شتێکی خراپ کراوە پێیدا بچینەوە، ئەگەر ئەمانە پێیـدا بچینەوە بەدڵنیاییـەوە ئەوەنـدە پـارە بـۆ ئـەم هەرێمـە دەگەڕێتـەوە ڕەنگـە کێشـەی هـەژاری، کێشـەی ئاوەدانکردنـەوەی گونـدەکان، زۆر کێشـەی تـریش چارەسەر بکرێت، بۆیە خەمەکەی سیوەیل خان و هی منیش و هی هاووڵاتیانیش ئەمەیە کە عەدالەت نیە، ئەوەیە کەپلان نیە، بۆیە تکا دەکەم هەموو ساڵێکیش ئەم قسانە دووبارە دەکەینەوە، هەموو سـاڵێك بـەڕێز وەزیـری دارایـی سـەری دەئێشێندرێـت، هـەموو پەرلـەمنتارەکان سـەریان دێشـێت، خـەڵك تاقـەتی نیـە بەدیارمانەوە دانیشێت، وەزارەتی پلاندانانیش بەهەمان شێوە، دەناکرێت ئـەم قسانە بەرهـەمێکی هـەبێت، تاکەی وڵات ئاوا دەڕوات بەرێوە؟، وەڵلاهی ئەگەر وا بڕوات بەڕێوە 5 ساڵی تـر تووشـی داڕووخانێـك دەبـین هیچمان پـێ ناکرێت، یـەعنی ئەگـەر چاومان لەنەوتـە، کاکـە گیـان نـەوت مەسـەلەیە نیـە ئێمـە پشـتی پـێ ببەستین، ئەبێت بیر لەوە بکەینەوە کـە کـەرتی کشـتوکاڵ ئـاوەدان بکەینـەوە، کـەرتی گەشـتوگوزار ئـاوەدان بکەینەوە، نیشتەجێبوونە، پیشەسازییە، ئەبێت بـیر لـەوە بکـەین مەعقولـە هـەموو سـاڵێك مـن 17 هـەزار کـەس دابمـەزرێنم، هـەتا هەتایـە عجزمـان دەبێـت ئەوکاتـە لـەبری ئـەوەی ئێسـتا 2 تریلیۆنـە، ئەوکاتـە بودجەکـە خـۆی دەبێـت بـە 2 تریلیـۆن بـەس عجزەکـە دەبێـت بـە 10 تریلیـۆن، هاوکێشـەکە پێچـەوانە دەبێتـەوە، یـەعنی دەبێـت مەسـەلەکە خـەمی بخۆین، چارەسـەری بکـەین، بۆیـە مـن پێشـنیار دەکـەم لێـرە بەدواوە، لەکاتی بودجەدا، ڕەقەم با بۆ من نەنێرن، بەس پلانم بـۆ بنێـرن، گـەر بـەدڵمان بـوو، پشـتیوانیان دەکەین، لەگەڵ ڕێزمدا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان، فەرمووو، باشە عظیمة خان ئیجازە بدە جەنابی وەزیر یەك موداخەلەی هەیە، فەرمووو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی( وەزیری دارایی وئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من حەز دەکەم هەندێ شت هەیە بەکورتی باسی دەکەم، بۆ ئەوەی زیاتر تەوزیح بێت لەلای بـراو خوشکانی ئەندام پەرلـەمان، یەکـەم: بەنیسـبەت عـەجز کەئەوەنـدە بـاس دەکرێـت، ئـێ خـۆ سـاڵی پـار لـەم

پەرلەمانـە، تریلیۆنێـك و 564 ملیـۆن عـەجز لێـرە موصـادەقە کـرا، خـۆ هـەر ئەوەیـە لەگـەڵ ئـەوپارەی کەنەدراوە بەئێمە لەبەغدا ئێستا تەدویر بووەتەوە هاتووەتـەوە بـەڵکو کـەمی کـردووە، بەوانەشـەوە کـەمی کردووە نەك زیادی کردووە، چونکە یەك تریلیۆن 564 کە 705یشی نەدراوە، بێجگە لەپارەی پـترۆ دۆلار، ئەی پارەکە بۆ ئەم نیقاش وئەم بەزمە لەسەری نەبوو، وەکو ئەمساڵ بـەم شـێوەیە تـەرکیز دەخرێتـە سـەر ئەم عەجزە، من لەوەیان بەڕاستی خۆم وەك وەزیری دارایی داماوم لەمەسـەلەکەدا، نـازانم چیە؟، بەدەسـت منیش نیە ئەوە هاتووە، دوای ئەوە مـەوزوعی دانـانی بودجـە، ئـەم بودجەیـە لەعێراقـدا چـۆن دادەنـدرێت لێـرەش بـەو شـێوەیە دادەنـدرێت، ئەوەشـی کەدایـدەنێت کۆمـەڵێکن یـەك شـەخص نیـە، بـۆ یـەك مـەرامی موعەیـەنیش نیـە، ناچـمە ئـەو تەفاصیلانەوە، باسـی ئـەو سـندوقی ئیستیسـمارییە زۆر زۆر دەکرێـت، مـن جارێکی تر دەڵێم پارەکە بۆ کوێ ڕۆشت؟، دزرا؟ ڕۆشت؟، خورا؟، من یەك شت دەڵێم تکاتان لێدەکەم، ئـەوە وەزیری پلاندانان لێرەیە، ئەوە هەموو وەزیرەکان لێرەوە گوێیان لێمە، ئایا چ سـولفەیەکی مقاویـل و ئـیش وشەریکە تا ئەم کاتە هی مەشروعە بەردەوامەکان وهی مەشروعەکانی تریش، هاتووەتە وەزارەتی دارایی چ لە 2011 و چ لە 2012، چی وەستاوە، باشە ئەگەر ئێوە ناوتان لێنـاوە سـندوق، ئەگـەر مـەوزوع سـندوقە کوا یاسای سندوقەکە، مەفروزە حسابی هەبێت، نـەك سـندوق، خـۆ مـن ئێسـتا دەتـوانم باشـە یـەك ئـەمری موناقەلەم بۆ بکەن، کەبـە ئیمـزای مـن یـان جێگرەکـەم، موناقەلـەم کردبێـت لەبودجـەی خوتـەوە بـۆ سـەر بودجەی تەشغیلی، ئەمە شتێکە هەردوو پارەکـە پـارەی وەزارەتـی داراییـە، ئەمـە تەحصـیل حاصـلە، بـەڵام دانانی سندوقەکە بەو شێوەیە، ئەوە مەعلومە وئێستاش ڕەنگ هەیە زۆربەی زۆری خوشـك وبرایـان بـزانن لەدوای ئەوەی کەپرسیاریان کردووە بزانن مەوزوعی ئەو سندوقە.

ئێستا ڕەنگە ئەمساڵ بوایە وابکرایە کەدانەنرایە، خۆ پار هەتا برادەرانی موعارەزە مـن ئاگـام لێیـە زۆریـان دەنگیان نەدا بۆ ئەو مەوزوعە، لێرە مەوزوعێکی تر تکاتان لێدەکـەم پارەکـە بـەو شـێوەیە مـەوجودە، هـەر سولفەیەك بێت تەئسیری نەکردۆتـەوە سـەر وەسـتانی هـیچ ئیشـێك، بفـەرموون تـەحقیق بکـەن بچـن لـە مقـاولین، لەشـەریکات لەهـەموو شـوێنێك بپرسـن، بەنیسـبەت عـەجزەوە کەئێمـە دەڵـێین چـۆن چارەسـەر دەکرێـت، بابە عەجز یاسایە، بەدوو شێوە چارەسەر دەکرێـت، یـان ئـەوەتا بەمیزانیـەی تـەکمیلی چارەسـەر دەکرێت، ئێمە دەوڵەت نین تا میزانیەی تەکمیلیمان هەبێت، ئەبێت مەرکەز هەیبێت بۆ مان بنێرێـت، یـان ئـەوەتا دەبێـت نیسـبەتەکان دابگـرین، بـەداگرتن، یـان سـەنەدات تـەبع بکـەین، تـەوزیعی بکـەین، ئـەویش لەدەسەڵاتی ئێمەدا نیە، ئایا ئێستاکە هیچ وەزارەتێك بەبەشەکەی خۆی ڕازییە؟، هەمووی نایەن، لای ئێوەو شکایەت ناکەن ناڵێن وەزارەتی مالیە بەشەکانمانی داگرتووە، ئـەی ئێـوە چـۆن دەڵـێن بـێن تەقەشـوف بکـەن وئەمانە دابگرن؟، یەعنی ئێوە دەبێت لەسەر یەکێکیان ئیتیفاق بکەن، ئێستا من لێرەوە بەجەنابتان دەڵـێم ئەم عەجزە چیە؟، ئێستا دەتوانن لای بدەن، بەڵام ئێوە فەرموو وەکو پەرلەمان ئێرە لیژنەی تایبەتی خۆی هەیـە، ئـەوان زەختیـان لەسـەر ئێمـە کـردووە، ئێمـەش بـەو شـێوەیە دامانـنـاوە، چـەندجاریش کـەممان کردۆتەوە، فەرموو لیژنەکان ئیتیفاق بکەن 5 ڕۆژ ناخایـەنێت باوەزارەتـەکان بـێن وبڵـێن ئێمـە رازیـن دای

بگرن، ئێمەش حەلی دەکەین، یان هەر دەسەڵات بدەنە خۆمان دایدەگرین، بەڵام بەیانی شکاتیان کرد بانگمان مەکەن بۆ موحاسەبە، خۆ عەجز داگرتن چیە؟ ئاوایە، بەڵام وەزارەتەکان دێنە ئێرە هەرچی وەزارەت هەیە نەپار ڕازی بووە، نە پێرار ڕازی بووە، نە ئەمساڵیش پار ئەصڵەن بەوەی ئێمە ڕازی نەبوون کەدامان نابوو، ئێوەش لە 10٪ تان داگرت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیری پلاندانان.

**بەڕێز د. علی سندی(وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی دیسانەوە پرسیار ئاراستەی ئێمە کرایەوە، ناچارم بەکورتی وەڵام بدەمەوە، بەڕێز کاك عبدالله مەلا نوری، ئاماژەی بەهەندێ ژمارەداو هەندێ ڕێژەی بێکاری، هەژاری کە بەحەقیقەت ئەوکارە لەوەزارەتی پلاندانانە، من نازانم سەرچاوەکانی ئەو بەڕێزە لەکوێوە بوو، چونکە ئاماژەی بەهیچ سەرچاوەیەك نەکرد، زیاتر بابڵێین بەشێوەیەکی عام قسەی کرد، هەر بۆ نموونە تەبیعی ئیحتیماله، ئەگەر پێویست بکات زیاتر باسی ئەم بابەتە بکەم، بەڵام لێرەدا خۆی لەبەر ئەوەی بابەتەکە بابەتی موناقەشەی بودجەیە، حەزناکەم زۆر بچمە ناو تەفصیل، بەس باسی دوو شتی سەرەکی دەکەم، هەر زۆر بەکورتی، کوردستان وڵاتی هەموومانە، ئەگەربشیشە باشتر ببێت، ئەگەر کەموکورتیش هەیە، باشی بکەین وچارەسەری بکەین، بەڕێزیان دەڵێن کەڕێژەی بێکاری 15٪ یە لەکوردستان، ئەمە نازانم ئەگەر بشمێنێتەوە لەناو پرۆتۆکۆل، چونکە هەر لەسەر وێب سایتەکانی (یوئێن) و ئەوانە هەیە، ئەو شتانە ئێستا نیسبەتی ڕێژەی بێکاری لە کوردستان ئێمە هێشتا بڵاومان نەکردۆتەوە، چونکە کۆمەڵێك نصائیحمان کردووە، کە ئەنجامەکانی بەشێوەیەکی عیلمی ورێکوپێك ئیعلان دەکرێت لەم ماوەیەدا، ڕێژەی بێکاری ئێستا لەهەرێمی کوردستان 6٪ ـە ئینجا ئەگەر بە ڕێزیان یان هەر کەسێکی تر بەنەوعێکی تر دەیخوێنێتەوە ئەوە من نازانم، ئەوە وێب سایتەکەی (یوئێن) هەیەو دەتوانن سەیری بکەن، ئیعلان کردنیشی بەو شێوەیە لەدانیشتنی پەرلەمان و لەناو پرۆتۆکۆل نازانم ئیحتیمالە سوودێکی وای نەبێت، خاڵی دووەم: پرسیارێك دووبارە دەبێتەوە کەگوایە ئەم بودجەیە ئەولەوێتی چیە؟، یانیش چ سوودێکی هەیە بۆ بێکاری، باشە خۆ ئەولەویاتەکان تەبیعی ڕوونن، کارەبا، ئاو، جادە، ئاوەڕۆ، ئەوانەی کەهەیە، هەتا ئەگەر بەنیسبەتی کاملیش سەرف نەکرابێت ئەولەویەت وەك خۆیەتی، هەلی کار ئەوە مەعلومە ئیحتیماله باشترین ڕێگا نەبێت، بەڵام ئەوە یەکێکە لەڕێگاکان، بەڵام بەداخەوە کەس بەرجەستەی ئەوەش ناکات، ئەگەر ساڵی پار بودجەی وەبەرهێنان هەر ڕەقەمێك بووبێت، کەهەمووی خەرج نەبووبێت، ئەو ئەگەرانەی کەمەعلومەو باسکراوە، بەڵام ئەو بەشەی کەسەرف کراوە، ئایا ئەوە هیچ هەلی کاری دروست نەکردووە، وەڵامەکەی ئەوەیە کەهەلی کاری دروست کردووە، هەم بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان، تەنانەت خەڵك لەوڵاتانی دراوسێش هاتوون لەهەرێمی کوردستان ئیشیان کردووە، مەسەلەکەش ئەوە نەبووە کەئەوانە هاتوون، خەڵکێك ئەوانیان هێناوە،

ئەوانیان فەرز کـردووە، نـەخێر بـەعزێك کـار هەیـە کەئـەوان هـاتوون کردوویانـە، بـەعزێك کـاریش هەیـە کەخەڵکی هەرێمی کوردستان کردوویانە، هەم لەساڵی پارو هەم لەساڵانی ڕابردووش، لەکۆتاییـدا بـۆ ئـەوەی زۆر نەچمە ناو ئەو تەفصیلە، کەی وەڵامی پرسیارەکانم دایەوە، شەرحی ئەوەش دەکەم، بەڕەقەم بەداتا کە ئەو بودجەی وەبەرهێنانەی کەخەرج کراوە چ تەئسیرێکی هەبووە لەسەر هەلی کار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو عظیمة خان.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەسەرەتاوە من قسەم لەسەر ئەوەیە، بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی کـە وەزارەتـی دارایـی وپلانـدانان، بـەڕێز وەزیـری پلانـدانان دەڵێـت ئـەو کارانـەی کەلـەوەزارەت کردوومانـە ڕێـژەی بێکـاری و هـەژاری، بـەپێی ئەوئامارانەی کەلای ئەوە، با پێمان بڵێت تاچەند ڕێژەی بێکاری وهـەژاری کـەم بووەتـەوە، مـن ئەچمە نـاو تەفاصیلی ئـەو پلانانـەی کەحکومـەتی هـەرێمی لـەماوەی دووسـاڵی ڕابـردوودا بـۆ پـرۆژە، پلانـەکانی بـۆ کەمکردنەوەی هەژاری وبێکاری وخزمەتگوزاری لەهەرێمی کوردستاندا، بەڕاستی ئـەوەی مایـەی نیگەرانیـە لەم هەرێمەدا لەماوەی 2 ساڵی ڕابردوودا من پێم وایە حکومەت تەنها حکومەتی کار بەڕێکەر بووە.

یەعنی لەکابینەی شەش و حەوتیش ئەگەر بەم شێوەیە کار بکرێت وبێ پلانی هەبێت لەدانانی پرۆژەکان ولەدانی ئەو سێکتەرە گرنگانەی کە کار بۆ بووژانەوە وگەشەکردن و بەرەوپێش بردنـی وڵات دەکات، بـەڵام بەداخەوە لەلای ئێمە تەنها پارەکان بۆ پڕکردنەوەو سەرفکردن ولەکۆڵ کردنەوەیە، بەڕاستی هیچ پلانێکی ستراتیژی نیە، یەك وەزارەتم پێ بڵێ لەم حکومەتەدا پلانێکی ستراتیژی هەبێت بۆ ماوەی چەند ساڵ کاری لەسەر بکات، مەرحەلە بەمەرحەلە، من لەوکاتەی کە بۆ خۆم ئەندام پەرلەمانم، لـەماوەی ئـەم سـێ ساڵەدا ئـەوەی کەموتابەعـەی ئیشـی وەزارەتـەکانم کردبێـت، بەڕاسـتی هـیچ پلانێـك نیـە، تـەنها پڕکردنـەوەی بۆشاییەکە پڕکردنەوەی پارەیەکە بەدەستیانەوە بـۆ دانـانی چـەند پرۆژەیـەك، تەنانـەت پرۆژەکـانیش کـە ساڵانە دادەندرێت لەکۆی پرۆژەکان بەبەڵگەوە من دەیان پرۆژەت پێ دەڵێم کە تێیدایـە تـەواو بـووە، هەیـە ڕەنگە بڵێم زۆر لەوە پرۆژەی پێویست تـر هەیـە، لەدابەشـکردنی پرۆژەکـان بەسـەر ناوچـەکان وشـوێنەکان بەڕاستی هیچ عەدالەتێکی تێدا نیە، ئێمە لە خزمەتگوزاری بەڕاستی شەریحەیەکی گـەورەی کۆمەڵگاکـەمان کەلەسەرچاوەی گەشە کردنی کشتوکاڵ وبەرەوپێش چوون و بووژانەوەی لادێکانی کوردسـتاندا پشـتگوێمان خستووە، بەڕاستی ئەو پرۆژانەی ساڵی پـار وئەمساڵیش ئەگـەر سـەیر بکـەین کـەمترین پـرۆژە بـۆ لادێکـان وناحیەکان وقەزاکان دانراوە، زۆرترین پرۆژەی ئەم حکومەتە لەماوەی ئەم 2 سـاڵەدا پـارەی زل و زەبـەلاح لەناو سەنتەری پارێزگاکاندا پرۆژەی پێکراوە، من بەنموونە پێت دەڵێم لەشوێنێکی وەك شارەکەی خۆم نـا، بڵێم تەنها لەچەمچەماڵ کەژمارەی دانیشتوانەکەی 200 هـەزار کـەس دەبێـت، لـەکۆی پرۆژەکـانی کـەبۆی

| | |
|---|---|
| **سەردار رشيد** | **ئامادەنەبوو** |
| **شوان عبدالكريم** | **ئامادەنەبوو** |
| **صباح محمد نجيب** | **مۆڵەت** |
| **عبدالرحمن حسين** | **مۆڵەت** |
| **عبدالسلام مصطفى** | **مۆڵەت** |
| **عمر عبدالرحمن** | **ئامادەنەبوو** |
| **فاضل محمد** | **مۆڵەت** |
| **كوێستان محمد** | **مۆڵەت** |
| **هاژە سليمان** | **مۆڵەت** |
| **ياووز خورشيد** | **مۆڵەت** |

**دانيشتنى ئێوارە:**

| | |
|---|---|
| **امير گۆگە** | **مۆڵەت** |
| **برهان رشيد** | **ئامادەنەبوو** |
| **پەيام احمد** | **مۆڵەت** |
| **تارا تحسين** | **مۆڵەت** |
| **حازم تحسين** | **مۆڵەت** |
| **د.صباح محمد** | **مۆڵەت** |
| **عبدالرحمن حسين** | **ئامادەنەبوو** |
| **عبدالسلام مصطفى** | **مۆڵەت** |
| **عمر عبدالرحمن** | **ئامادەنەبوو** |
| **فاضل حسن** | **مۆڵەت** |
| **فاضل محمد قادر** | **مۆڵەت** |
| **محمد دلێر** | **ئامادەنەبوو** |

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكى پەرلەمان:**

**ئێستاش بەردەوام دەبين لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ كردنى پڕۆژە ياساى بودجەى هەرێمى كوردستانى عيراق بۆ ساڵى 2012، فەرموون ليژنەى دارايى بۆ شوێنى خۆتان، بەخێرهاتنى وەزيرە بەڕێزەكان و ياوەرەكانيان دەكەين، عظيمة خان فەرموو.**

**بەڕێز عظيمة نجم الدين:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

**دیارە دوێنێ قسەی یەکەمم تەواو کرد لە خاڵی یەکەم چوومە سەر خاڵی دووەم و کۆتایی پێهێنرا، ئێستا لەسەر وەڵامدانەوەی ڕاپۆرتەکەی لیژنەی دارایی کە پرسیار ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم لەسەر ئەوەی کە وەڵامی دایەوە، لەو پێشنیارەی لیژنەی پەروەدەو خوێندنی باڵا بۆ وەزارەتی دارایی کە داوای سەلاحیەتی زیاتر و سەربەخۆیی زیاتر بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان دەکات، دەست کراوەتر بن لەسەرف کردنی پارە بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان، وەڵامی وەزیری دارایی ئەوە بوو کە ئەوان بڕیاریان داوە وەڵامی داوە کە ئەوە جێبەجێ کراوە و ناردراوە بە بڕیاری ژمارە 5250 لە 2011/5/22 ئەو بڕیارەمان جێبەجێ کردووە، بەڵام ئەوەی کە ئێمە ئاگادارین لە زانکۆ و پەیمانگاکان لەبڕی ئەو پارە دیاریکراوەی 100 ملیۆن دیناری ساڵانەیە، زیاتریان بۆ نیە کەتەنها ئەوەش بۆ ڕێپێدراوی سەرەکیەکانی بەردەستی خۆیانە، بۆیان هەیە هەمووی بکەن بەچەند وەسڵێکی خواردن و بە چەند پێویستیەکی وردەکاری ناو زانکۆ و پەیمانگاکان، تەنانەت ناتوانن کۆمپیوتەرێکی پێ بکڕن، ئەوەی کە کڕین بێ، من لێرە لە وەزیری دارایی ئەپرسم ئەو سەلاحیەتە 100 ملیۆن دینارەی ساڵانەیە، یان سەلاحیاتەکە، سەلاحیەتی تەواوە بۆ سەرف کردنی پارەی وەزارەتی دارایی لە بەردەستیان، میزانیەی خۆیان لەبەر دەستیان، ئەوە پرسیارێك بۆ وەزیری دارایی پرسیارێکی ترم ئاراستەی وەزیری پلان دانان دەکەم، ساڵی پار ئەوەبوو 120 ملیار دینار پارە دانرا بۆ تواناسازی جێگەی خۆشحاڵیە کە هەرێمی کوردستان ئەو بڕە پارەیەی بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و بۆ ناردنە دەرەوەی خوێندکاران، لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، هەروەها لە وەزارەتی پلان دانان بۆ ئەوەی کە لەناو دام و دەزگاکانی حکومەت بۆ ئەوەی خەڵك خیبرەیەکی باشی هەبێ، بەپێی بوارە جیا جیاکان لە وەزارەتە جیا جیاکانی حکومەتی هەرێمدا، ئەو پرسیارە ئاراستەی وەزیری پلان دانان دەکەم، ئەو کەسانەی کە لەوەزارەتی پلان دانانەوە نێردراون بە چ پێوەرێك نێردراون؟، ژمارەیان چەندە؟، لەبەر ئەوەی ئێمە وەکو ئەندامانی لیژنەی پەروەردە بەرپرسین لە بەدواداچوون، بۆ ئەو پارانە ئەوەی کە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەدواداچوونمان بۆ کردووە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا هاتۆتە لیژنەی پەروەردە، هەموو ئەو ژمارانەی کە ناردوویەتی لە کۆی 120 ملیار دینارەکە، تاوەکو ئێستا 4225 کەس ناوی دەرچووە لە تواناسازی، 1800 کەس تاوەکو ئێستا سەفەری کردووە، 17 خوێندکار تەواوی کردووەو گەڕاوەتەوە، ئەمە بۆخۆی کۆمەڵێ مەعلومات بووە کە لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، لەگەڵ ئەوەش بڕی پارە لە وەزارەتی خوێندنی باڵاش دەست نەکەوتووە، بەڵام ئەوە جێی گومانە ئێمە چەند جارێ پەیوەندیمان کردووە بە وەزیری پلان دانانەوە بۆ بەرچاو ڕوونی، کە وەکو ئەندامی پەرلەمان مەفروزە وەزارەتەکان دەرگایان واڵا بێ بۆ ئەندامی پەرلەمان، بەڵام بەداخەوە وەزیری پلان دانان جارێك وەڵامی دایەوە کە توانای نیە، نازانم کاتی نیە، جارێکی تر ئەوەبوو کە من بە شەخسی خۆم تەلەفۆنم بۆ سکرتێرەکەی کردووە کاك زانا، وتوویەتی وەزیری لێرە نیە، جارێکی تر وەزیر خۆی وەڵامی داوەتەوە ئیشەکەی چیە، جارێکی تر لەگەڵ کاك شێرزاد چووینە بە دواداچوون بۆ پڕۆژەکان لە وەزارەتی پلان دانان وتراوە، بچن بۆ لای بەرپرسی بەشی پڕۆژەکان بۆ لای وەزیر مەچن، با بزانین ئەو ڕێ گریە چی بووە؟، کە وەزیری پلان دانان تاوەکو**

ئێستا نەیهێشتووە ئەندامی پەرلەمان پرسیارەکانی خۆی یان بەدواداچوونەکانی خۆی وەلآمێکی دەست کەوێ، خاڵێکی تر پەیوەندی بە وەزیری پلان دانان و بریارێکی ئەنجومەنی هەرێمیە بۆ کاروباری نەوت و غاز، بە نووسراوێ ئاراستەی پەرلەمان کراوە وەکو ئاگادار کردنەوە، لە ڕاستی دا پەرلەمان مەرجەعێکە کە ئەبێ هەموو ئەو برە پارانەی کە داهاتی هەرێمی کوردستانە لە پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدرێت و لە پەرلەمان یەکلا بێتەوە، بەلآم ئێمە لە هەرێمی کوردستان وەك ئەوەی کە لە کۆی ئەو داهاتانەی کەبرادەران باسیان کردووە، لە پارەی نەوت و داهات و ئەوانەیە، بەلآم لێرە ئەوەی کە جێگەی پرسیارە، ئەو برە پارەیەی کە 135ملیۆن دۆلارە، کە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی هەرێمی بەکاروباری نەوت و غاز لە دوای دوو مانگ ئاراستەی پەرلەمان کراوە، بەبێ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ پەرلەمان و ئەو پێشنیارە بێتەبەردەستی ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە لە وەزیری دارایی و وەزیری پلان دانان و جێگری وەزیری دارایی کە لە لێدوانەکانیان گوێمان لێیە، ئەڵێ بە بێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان ئێمە ناتوانین هیچ برە پارەیەك سەرف بکەین، بەلآم ئایا بە ئاگادار کردنەوە بۆ پەرلەمان هاتووە، ئەوە نووسراوەکەیە لە دوای دوو مانگ لە بەرواری 2011/12/21 ئەم نووسراوە بۆ لیژنەی پیشەسازی و وزە و پەروەردەو فێرکردنی بالآ نێردراوە بۆ ئاگاداریتان، بەڕێزان ئەگەر پەرلەمان مەرجەعی شەرعیە بۆ بڕیار دان لە پارەو داهاتی ئەم وڵاتە 135 ملیۆن دۆلار پارە تەرخان دەکەین، من لەگەڵ ئەوەدام بڕی پارەی دیاریکراو دە ئەوەندە سەرف بکرێت بۆ وەزارەتی خوێندنی بالآ و پەروەردە کە خۆم لەو لیژنەدام ، داکۆکی لە بڕی پارەی دیاریکراو دەکەم، بەلآم ناڕوونی و شاردنەوە لە ئەندامانی پەرلەمان، ئەو برە پارە نادیارەی کە لە سندوق دایە لە هەرێمی کوردستان. ساڵی پار لە 2011 حکومەت دەڵێت لە 2011 بۆ دۆخە لە ناکاوەکان لە شەش مانگی یەکەمی 2010 133143سەدو سی و سێ ملیارو سەدو چل و سێ ملیۆن دیناری خەرج کردووە، بەلآم دواتر لە ژمێرەی کۆتایی ساڵی 2010 ئەڵێت لە کۆی ساڵەکە نۆ ملیارو هەشت سەدو شەست و شەش ملیۆن دۆلار خەرج کراوە، وەك ئەوەی لە شەش مانگی یەکەم لە 2010 سیانزە ئەوەندەی کۆی ساڵەکە خەرج کراوە، لە شەش مانگی یەکەمی وەزارەتی دارایی، بەڕاستی ئەمە ئاماژە نیە بۆ ئەو برە پارانەی کە دارایی خەملآندوویەتی و ناردوویەتی بۆ بەردەست ئەندامانی پەرلەمان، ئەگەر ئێمە لە دیاریکردنی ئەوبرە پاریەی کە لە پارەی نەوت دادەندرێت بۆ هەر سێکتەرێك لە سێکتەرەکان، ئەگەر پەروەردەبێ، خوێندنی بالآ بێ یان هەر کاروبارێکی کۆمەڵایەتی بێ، ئێمە گرفتمان نیە، بەلآم گرفت لەوەدایە کە لە کوێ زۆر زەروریەتت هەیە بە پارە، لەکوێ گرفتێکت هەیە پێیەوە ئەناڵێنی، ئەم هەرێمی کوردستانە، هەمووومان ئەزانین لە پەرلەمانی کوردستان، لە چەند ساڵی ڕابردوو لەماوەی 20 ساڵ تاوەکو ئێستا کێشەی قوتابخانە لە هەرێمی کوردستان، کێشەیەکی بنەڕەتی سیستەمی خوێندنە، ئەوە لە 2007 ئێمە بڕیاری گۆڕینی سیستەممان داوە، بەلآم لەبەر نەبوونی بینای خوێندن هەتاوەکوئێستا حکومەت نەیتوانیوە وەکو پێویست بینا دابین بکات، نەتوانراوە سیستەمی خوێندن هەنگاوێك بەرەو پێش بچێت، من لێرە ئەو پرسیارە ئەکەم ئەو برە پارەیەی بۆ خوێندنی بالآ دانراوە، خۆ وەزارەتی خوێندنی بالآ پار کە پارەکەی بۆ دانراوە ئەکرا سەرف کرایە، پارەیەکی کەم نەبووە، لە

هەولێر 132211 ملیار دانراوە، لە سلێمانی 165474لە کۆی ئەم پارانە لە دهۆك 95983 ئەگەر کۆی ئەو پارانەی کە خەرج کراوە، دانراوە بۆی بە تەواوی سەرف کرابێ من پێم وایە کۆی پرۆژەکانی وەزارەتی خوێندنی بالاّ لەهەموو پرۆژەکان کەمتر چۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئایا ئەو پرسیارە ڕووبەڕووی کێ بکەینەوە کەمتەرخەم بووە لە جێبەجێ کردنی ئەو برە پارە زۆرەی لە بودجەی 2011 بۆ وەزارەتی خوێندنی بالاّ دانراوە، نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، کە 62 پرۆژەی وەزارەتی خوێندنی بالاّیە، ئەکاتە یەك ترلیۆن و شەش سەدو شەست و هەشت ملیارو شەش سەدو حەفتاو سێ ملیۆن دینار، بەڕێزان باسی دامەزراندن بکەین، دامەزراندن لە حکومەتی هەرێم سالاّنە، پار 25 هەزار کەسی دامەزراند، ئەمسالیش بڕیارە 17 هەزار کەس دابمەزرێنێت، بەڕاستی ئەوەی کە لە دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەم ولاّتە ئەکرێت کارەساتە، یەعنی ئەو پێشنیارانەی کە حکومەت بەرزی ئەکاتەوە، وەزارەتەکان بەرزی ئەکەنەوە بۆ خوێندن هیچ بەپێی پلان و بەپێی پێویستی نیە، ئەوەی کە وەزارەتی پەروەردە داوای کردووە لە ساڵی پار هیچ ئەو پسپۆرێتیانە نەبووە کە پەروەردە پێویستیەتی، هیچ ئەو ژمارە نەبووە کە وەزارەتی پەروەردە پێویستیەتی لەوەزارەتی پەرەوەردە.....

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

خوشکی من، رەجا دەکەم شێوەی قسەکانت بە شێوەیەك قسەکانی خۆشت بکەی، فەرموو بەردەوامبە.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خاڵێکی تر ئەو برە پارانەی کە ساڵێکی وەزارەتی پەروەردە لە بابێکی میزانیەی پەروەردە دانراوە، برێك پارەیە کە بۆتەغزیەی مەدرەسی دانراوە، بەڕاستی جێگەی پرسیارە کە ئەو برە پارەیەی بۆ تەغزیەی مەدرەسی دائەندرێت، ئەوەی کە من بەدواداچوونم بۆ کردووە، ئەو بەدواداچوونەی من کە سالاّنە برێ پارە بۆ تەغزیەی مەدرەسی، بەناوی تەغزیەی مەدرەسی کە هەر هەمووومان بچین پرسیارو بەدواداچوون بکەین، یەك دینار لە قوتابخانەیەکی هەرێم سەرف نەکراوە لە ساڵی 2008، 28000 بیست و هەشت هەزار دینار بەناوی تەغزیەی مەدرەسیەوە، لە 2009 دووسەدو چل و هەشت ملیۆن لە وەزارەتی پەروەردە بەناوی تەغزیەی مەدرەسیەوە، لە 2010 دوو ملیۆن دیناری تیا خەرج کراوە، ئەویش تەنها بۆ یەك ناوچە، تەنها لە چۆمان و مێرگەسۆر برێك خواردن بۆ موشریف و پەروەردەی ئەوێ سەرف کراوە، ئەگینا برِی ئەو پارانە ئێستاش لە 2011 جارێکی تر 111ملیۆن دینار پارە بۆ تەغزیەی مەدرەسی، من وەکو ئەندامی ئەو لیژنەیە ئەوەی کە پەیوەندی بە میزانیەی وەزارەتی پەروەردەوە هەیە، وەکو ئەندامی پەرلەمان بۆم هەیە بەدواداچوون بکەم، بۆم هەیە لەو نا ڕوونیانە و نەبوونی شوێنی ئەو پارانە قسەی لەسەر بکەم، بەڕاستی ئەوەی کە سەرف کراوە، تەنیا لە مێرگەسۆر و چۆمان ساڵێك دوو ملیۆن دینار سەرف کراوە، برِی ئەو پارانە چۆتە بابی تر و سەرف کراوە و ئەوی تر ماوە، ئەوەی کە من بەدواداچوونم بۆی کردووە، خاڵێکی تر کە لە پرۆژە دووبارەکانی ناو پرۆژەکانی ئەمساڵ هاتووە لە وەزارەتی پلان دانان، پرۆژەیەکە بۆچەمچەماڵ دانراوە،

کە ساڵی پار چل ملیارو حەفتاو شەش ملیۆن بووە، ئەمساڵیش برەکەی 16 ملیار دیناری بۆ دانراوە، پڕۆژەی پەرەپێدانی ئاوی دوکان چەمچەماڵ، ئەو پڕۆژەیە لە 2009 ئەو ئاوە ئەگوازرێتەوە چەمچەماڵ و پڕۆژەکە هیچی نەماوە، بەڕاستی دانانی ئەم برە پارە زۆرە، دیار نەمانی لە ساڵی داهاتوو، ئەم پارەیە ئەچێتە کوێوە؟، بەپێی ژمارەی دانیشتوانیش بێ بڕی ئەو پارەیە زۆرە کە دائەندرێت و پڕۆژەکە تەواو کراوە، من لێرە یەك پێشنیاری تر ئەکەم، هیوادارم لەداهاتوو ئەو بڕ پارانەی کە بڕی پارەی مینحەی نەوتە یان بەخششە، شیرینی نەوتە لەهەرێمی کوردستان، بڕێکی دیاریکراویشی بۆ پڕۆژەکانی پەروەردە بۆ ئەوەی کە گرفتمان نەمێنێت، تاوەکو ئێستا 152 قوتابخانەی سێ دەوامی لە کوردستان هەیە، 300 قوتابخانەی دوو دەوامیمان هەیە، بۆ ئەوەی کەحکومەت دڵسۆزانە کارەکانی خۆی بە باشی بکات، وەزارەتی پەروەردە ئەو گرفتەی نەمێنێت، خوێندکارانیش لەناو ئەو تەزەخومە زۆرە لەناو ئەو فەوزایەی کە ئێستا هەیە، بەڕاستی کێشەکە چارەسەر بێ، من پێشنیار دەکەم لەو برە پارەیەی نەوتی بەخشینانەی، نازانم کە چۆنە، بەلأم بڕێکی دیاری بکرێت لە داهاتوو بۆ قوتابخانە دروست کردن، لەگەڵ ئەو 150 ملیارەی کە ساڵانە لیژنەی پەروەردە پێشنیاری کردووە بۆ حکومەت دابینی بکات، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەر لە قسەکانم لەسەر بودجە، داواکاریەکم هەیە بۆ سەرۆکایەتی، بۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، کە داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان ئەکەم پابەند بن بە ماددەکانی 17 لە پەیڕەوی ناوخۆ لەگەڵ 26 لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، کە لە ماددەی 17 ئەرك و دەسەلأتەکانی سەرۆکی پەرلەمانی خستۆتەڕوو، لەهیچ کامیان باسی ئەو حاڵەتانەی نەکردووە، کە ڕێگە بە سەرۆکی پەرلەمان ئەدات قسەی ئەندامانی پەرلەمان لە پرۆتۆکۆل بسڕێتەوە، ماددەی 26 کە ئازادی ئەداتە ئەندامانی پەرلەمان بۆ دەربڕینی ئەو ڕایانەی لەسەر هەر بابەت و مەسەلەیەك بێ کە لە پەرلەمان ئەیانەوێ ڕای خۆیانی لەسەر دەربڕن، ئەمە چەند رۆژە پابەندێتی بەو دوو خاڵەوەنیە بەداخەوە...

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

هەموو قسەیەك لە چوارچێوەی قانون بچێتە دەرەوە لە پرۆتۆکۆل دەیسڕینەوە، فەرموو بەردەوامبە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەو حاڵەتە ئەبێ قائیمەیەك بەتەشهیرەکان بکرێت، چونکە شێر و ڕێویش بوو بە تەشهیر....

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەی خۆت بکە تکایە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم لەسەر بودجە سەرەتا بە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی دەست پێ دەکەم، بەڕێزیان لەو ڕاپۆرتە کە بەشێکی لەژێر ناونیشانی حکومەتی هەرێم ئاگاداری هیچ یەکێك لەم خالآنە نیە، باسی دووخاڵی گرنگیان کردووە، سیاسەتی دارایی عیراقی فیدراڵە، سیاسەتی نەختینەیی حکمومەتی عیراقی فیدراڵە، من قسەم لەسەر ئەم خاڵەیە لەسەر ئەوە نیە کە ئەمە عەیبەیەکی گەورەیە بۆ ئێمە، بەو هەموو ژمارە زۆرەوە لە عیراق، هێشتا ژمارە نەبین، یان لە موعادەلەی سیاسی و ئیقتیسادی عیراق، چونکە برادەران زۆر قسەیان لەسەر کرد، قسەی من لەسەر ئەوەیە کە وەزارەتی دارایی ئەم ئیعتیرافەیان دوو دیوی هەیە، دیوێکیان ئیعتیرافە بەوەی کە بوونی ئەو دوو سیاسەتە خاڵێکی گرنگە لەدارِشتنی بودجە ، بە دیوێکی تریش ئیعتیرافە بۆ ئەوەی ئەوان هەمان هەڵە دووبارە ئەکەنەوە کە لە دابەش کردنی بودجەی هەرێمی کوردستان هیچ کام لەو دوو سیاسەتەی تیا نیە، بۆیە من ئەپرسم ئەو دوو سیاسەتەی کە وەزارەتی دارایی ناڕازیە لە ئاگادار نەبوونی چۆن ڕەنگی داوەتەوە لە بودجەی هەرێمی کوردستان، ئایا ئێمەش پێشنیاز بکەین بۆ لیژنەی دارایی پەرلەمانی کوردستان، کە ئەوانیش هەمان ئەم خاڵە، کۆپی پەیست بکەن، بڵێن بەهیچ شێوەیەك پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری سیاسەتی دارایی، سیاسەتی نەختینەیی هەرێمی کوردستان نیە، خاڵی دووەم بەپێی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی باسیان لە سیستەمی بودجە کردووە، سیستەمی بودجە لە دوو سیستەم پێك دێت، حکومی و موەحەد، من پرسیارەکەم ئەوەیە بۆ بە دوو سیستەم ئیش ئەکەن؟، دوو سیستەمیەکە چیە؟، ئایا هیچ مانعێکی ئیقتیصادی یان ئیداری هەیە بۆ ئەوەی یەك سیستەم پەیرە و بکەن؟، لەکاتێکدا کە زۆرینەی ئەوحیسابانەی کە پەیوەندیان بەداهاتەوە هەیە، داهاتی تیایە، یان پارە سەرف کردنی تیایە، بە شێوازێك لە شێوازەکان، خراوەتە سیتەمی موەحەدەوە، کە ئێمەش ئەزانین سیستەمی موەحەد ڕەبتی بە بانکەوە نیە، لێرە پرسیارەکە ئەوەیە بۆ ئەو حیسابانەی کە رەبتی بەداهاتەوە هەیە، لەو حیسابە دایدەنێن؟، چونکە ئەگەر سیستەمەکە حکومی بێ، پێش ئەوەی من ئەو حکومیە باس بکەم، گرفت نەئەبوو، یان نەئەبوو بە پرسیار بۆ من، ئەگەر سیتەمی حیسابی لە وەزارەتەکان لەحکومەتی هەرێم سیستەمێکی ئەلیکترۆنی بوایە، بەلاًم لەغیابی سیستەمی ئەلیکترۆنی ئێمە هەتاوەکو ئێستا تەعامول بە دەست نووس و بە نووسین ئەکەین، لەمە گومان دروست ئەبێ، بۆیە سەیر ئەکەی ئەگەر ئێمە هەموو حیسابەکەمان حیسابی حکومی بێ، پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە بانکەوە ئەبێ، ئەو پەیوەندیە ڕاستەوخۆیە بە بانکەوە ڕێگر ئەبێ لەوەی ئەگەر هەر لایەك بە نموونە، ئێمە گرفتمان و پرسیارمان دایمەن لەتێکەڵ بوونی بودجەی حیزب بە حکومەتەوە هەیە، ئەوسا هەر حیزبێك حیسابی بانکی نەبێ، هیچ وەزارەتێك، هیچ دەسەلآتێك ناتوانێ پارەی بۆ سەرف بکات، لەبەر ئەوەی لەبانك رەسیدی نیە بەناوی ئەو حیزبەوە، حیسابەکان ئاشکراتر ئەبێ، بۆ ئێمە دڵنیایی زیاتر ئەبێ، پرسیارەکە ئەوەیە بۆ بۆ ئەو حیسابانەی کە داهاتی هەیە سیستەمی موەحەد

بەکارئەهێنن؟، ئەگەر من نموونەیەك بۆ ئەوە بێنمەوە، یەکێك لە نووسراوەکانی وەزیری دارایی کە نووسراوێکی نهێنیە، بۆ ڕێکخراوێك، بۆ تەنیا ڕێکخراوێك لەکاتی پەسەند نەکردنی بودجە کە هێشتا بودجە پەسەد نەکراوە، پێش چەند مانگێك لەمەوپێش بەتەنیا بۆ یەك ڕێکخراوی ناحکومی پێنج سەد ملیۆن دیناری سەرف کردووە، کە ئەمە حیسابەکە لە بانك بوایە، دڵنیام کە ئەوسەرفە بەو جۆرە نەئەبوو، چونکە ئەم جۆرە ڕێکخراوەبەپێی ئەو میزانیەی کەدائەندرێت، لەو بەشەکەمەی لە 200 ملیار بۆ دەعمی ئەحزابەکان دائەندرێت، ئەو ڕێکخراوە ئەوەندە بەشە بودجەی بەرناکەوێ، لە ڕەسیدەکەی ئەگەر بەپێی قانونەکە دابندرێت، خاڵی سێهەم، لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی لە بەشی خەمڵاندنی داهات، خەمڵاندنی داهات ئەسڵ ئەوەیە ئەو ڕاپۆرتەی بەڕێزیان کە هاتۆتە بەردەستی ئێمە، دوا نووسراوی ڕەسمی وزارەتەکە بێ، لە دوای ئەوەی تێکڕای بودجەکە لەبەردەستیان دایە،خەمڵاندنەکان و هەمووی تەواو بووە، داهاتەکان بەدەرکەوتوون، بەڕێزیان ئەم ڕاپۆرتەیان ناردبێ بۆ ئێمە، بەڵام ئەو ڕاپۆرتەی ئەوان، لەبەشی خەملاندنی داهات، کە زۆر لە هاوکارانیش باسیان کرد بە چوار سەدو حەفتاو شەش ملیار خەمڵێندراوە، دواتر مولحەقێك بە دوو ترلیۆن و سێ سەدو سی و یەك ملیار ئەمەی خەملاندووە، ئەم داهاتە کۆمەڵێك پرسیار ئەهێنێتە ئارا، یەکەم، ئەو جیاوازیە چیە وەزارەتی دارایی ئاگای لێ نیە لەداهاتەکە؟، چەندێك دوای ڕاپۆرتەکە، بۆ نەخرایە ناو ڕاپۆرتەکە؟، ئەمە پرسیارێکی ئەساسیە ئەم جیاوازی داهاتە لەچیە؟، ئێمە دوو ئیستیمارە لەبەردەممان دایە، یەکێکیان داهاتی ساڵی 2012 یە کە ئاوا نێردراوە، یەکێکیان ئیستیمارەی تەقدیراتی ئیراداتە، هاوڕێم کوێستان خان باسی داهاتی چیمەنتۆی کرد، کە لەمە نیە، لەمەیا هەیە، یەعنی ئەم موفارەقەیە سەیرە، لەم ئیستیمارەیە کۆمەڵێك داهات هەیە، کە لەو ئیستیمارەی تر نیە، لەم ئیستیمارە کۆمەڵێك داهات هەیە، لەمەیان بە کەمتر دانراوە، بە نموونە، داهاتی وەزارەتی شارەوانی لەم قائیمەیە بە شەست و حەوت ملیۆن دانراوە، بەڵام لەم ئیستیمارەی تر کەهەیە بە سێ سەدوچل ملیار دانراوە، داهاتی وەزارەتی کارەبا لەمەیا 182 ملیارە، بەڵام لەم ئیستیمارەیە هیچی تیا نیە، بە سفر دانراوە، یەعنی ئەم جیاوازیەی دووداهاتە لە دووئیستیمارەی وەزارەتی داراییەوە کە بۆیان ناردووین سەبەبەکەی چیە؟، جگە لەوەی کە کۆمەڵێك سەرچاوەی تری داهات دیسانەوە کە زۆر باسیان کردبە دیار نەبوونی هەیە، بە ناڕۆشنی هەیە لەم داهاتی ساڵی 2012 کە بۆمان هاتووە، کاك اسماعیل باسی خانەنشینانی کرد، خانەنشینان ئەو لە 19٪ی کە بەهی حکومەت و پارەی مووەزەف خۆیەوە ئەبڕدرێت، بڕێکی زۆرە، کە تاوەکو یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی وەزارەتی دارایی سلێمانی و وەزارەتی دارایی هەولێر، ئەم پارەیە جیاواز بوو لە هەولێرە 12٪کە نەئەبڕدرا، لە سلێمانی ئەبڕدرا، نووسراوێکی ڕەسمی ژمارە 2291 هی وەزارەتی دارایی هەیە، کە ئەڵێت و باسی ئەوەی کردووە کە ڕێژەی لە 7٪ی فەرمانبەران لە 12٪ی حکومەت کە هەتا وەکو ئێستاو لەگەنجینەکان پاکتاو بکرێت، بەپێی ئەوەی (م/ اذن تسویة) لەگەڵ حیسابی (جاری مع وزارة المالیة) بەم شێوەیەی خوارەوە، مەسروفات دانراوە (صندوق تقاعد ایرادات) بە ڕەسمی ئەمر دەرکراوە ببێت بە ئیرادات، کە ئیرادات بوو ئەبێ لە خشتەی بودجە دەربکەوێتەوە، بۆیە من پرسیار ئەکەم لە جەنابی وەزیری دارایی ئەم کیتابەی جەنابیان،

له دواشەوە خاڵێکی تری تیایە، لەمەودوا لە تاریخی 2011/11/29 لەمەودوا لە 11٪ کە لە ئیدارەی سلێمانی نەبڕدرێت، بەتەنیا لە 7٪ی موەزەفین ببڕدرێت، کەواتە پێشتر داهاتێکی زۆر بووە، ئەسل ئەوەیە کە بە خشتەیەك لەناو داهات هەبێ، وەکو پارەی سندوقەکانی تر کەدیار نیە، بەشێکی تری ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی، باس لەهۆکاری بودجەی تەشغیلی ئەکات، زیاد بوونی مووچەی فەرمانبەران و ئەو دەماڵانەی کەدراوە بە یەکێك لەو هۆکارانەی داناوە، ڕاستەئەمە هۆکارێکی گرنگە، بەڵام ئەبێ ئێمە لە ناو مووچەی فەمانبەران تەرکیز لەسەر چەند خاڵێك بکەین، من نموونەیەك ئەهێنمەوە هەر دیسان ئەچینەوە سەر ئەوە، چونکە فەرمانبەرانیش لەناو ئەو کارگەیە هەیە، کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە لەدوای ئەوەی کە گرێبەست کراوە لەگەڵ ئەوکۆمپانیایەی کە ئیشی کارگەکە ئەکات، ئیتیفاق کراوە لەسەر ئەوەی 700 فەمانبەر بمێنێتەوە لەناو کارگەکەیا، ئەوانەی تر تەوزیع کراون بەسەر وەزارەتەکانی تر، ئەم حەوت سەد فەمانبەرە مووچەیان و ناویان لەناو لیستی فەرمانبەران هەیە، بەپێی ئیتیفاقەکەش لە ئەسل کارگەکە ئەیدات، کۆمپانیاکە ئەیدات، بە زیادەی فروقاتی فەرمانبەرانیش کارگەکە داویەتی، ئەمە زیادەیەکی بێ بنەمایە لەسەر مووچەی فەرمانبەران، جۆرێکی تر کە مووچەی فەرمانبەرانی تووشی هەڵاوسان کردووە، بە تەنیا ژمارەی فەرمانبەران نیە، ئەگەر ئێمە سەیری تەوزیعی شێوازی ...، کە ئەمە پەیوەندی بە وەزارەتی پلان دانانەوە ئەبێت، شێوازی تەوزیعی فەرمانبەران لە وەزارەتەکان، ئێمە بۆ ساڵی 2012 کۆی فەرمانبەران، ئەو فەرمانبەرانەی کە ئیزافەش کراوە ئەو داوا کراوە ئەو میلاکانە، شەش سەدو شەست و حەوت هەزارو شەش سەدو چل و نۆیە، ئەگەر سەیر بکەین بە تەنیا وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئاسایش، ئاسایشی هەرێم، دوو سەدو شەست و حەوت و حەوت هەزارو دووسەدو پەنجا فەرمانبەرە، وەزارەتەکانی پەروەردە، خوێندنی باڵا سەدو یەك هەزارو چوارسەدو حەفتاو هەشت هەزارە، یەعنی ئەگەر ئێمە ئەو دوو ژمارەیە دەر بکەین، لە کۆی فەرمانبەران بە تەنیا دوو سەدو نەوەت و نۆ هەزارو دوو سەدو بیست و یەك فەرمانبەر بۆ 23 وەزارەت و دامەزراوەی تر ئەمێنێتەوە، ئەگەر ئێمە جیا لەوەی کە ڕەنگە سەبەبی ئاسایش و ئەوانە بمێنێتەوە بۆ ئەمنیەتی و پاراستنی ئەمنیەتی هەرێمی کوردستان بێ، بەڵام بەدیوێکی تر تێکڕای ئەو حەوت وەزارەتە، سەبەبەکەی خراپی دابەش کردنی موخەسەساتە، ناعەدالەتی دابەش کردنی موخەسەسات لە بەینی ئەم حەوت جێگەیە باقی بیست و سێ وەزارەتەکەی تر، کەوای کردووە، واستەیەکی زۆر بکرێت، هەوڵێکی زۆر بدرێت، ڕێژەیەکی زۆری فەرمانبەران لە باقی وەزارەتەکانەوە هەوڵی گوێزانەوە بدەن بۆ ئەو حەوت وەزارەتە، کە بە پلەی ئەساس لەبەر موخەسەساتەکەیە، کەواتە ئەگەر بمانەوێ هەڵاوسان مەسەلەی مووچەی فەرمانبەران پیا بچینەوە، بەر لەوەی قسە لەسەر ئەوەبکەین کە ئێمە فەرمانبەرێکی زۆر دائەمەزرێنین، مەفروزە قسە لەسەر ئەوە بکەین، ما عەدا لە موخەسەسەتات دابەشکردنی ئێمە، وای کردووە هەڵاوسان دروست بێ لە مووچەی فەرمانبەران، بەشێکی تر باس لە بەخشین و خەرجیەکانی ترتان کردووە، لە ڕاپۆرتی وەزارەت، بەنموونە، 29 ملیاریان بۆ فرۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی داناوە، پارەیەکی تریان بۆ ڕێکخراوە زانستی و ڕۆشنبیری و ڕێکخراوەکانی تر، ڕێکخراوەکانی تر نازانین ئەمانە ئەوانەن کە لەناو

بودجەی ئەحزاب و ڕێکخراوەکان، ئەم ڕێکخراوانەی تر چین؟، بەخشینی حیزبەکان و سەندیکاکان و کۆمەڵەکان و (ئیحتیات) هەموو ئەمانە بە تەنیا ئاسانە نووسینەوەو ڕیز کردنی، پەرلەمان بۆ ئەوەی بەرچاوی ڕوون بێ، ئەم داهاتە دابەش کراوە ئەبێ بزانێ ئەم ڕێکخراوانە کێن، چۆن پارەیان دراوەتێ؟، لەسەر چ ئەساسێك پارەیان دراوەتێ؟، لەو دوو سەد ملیار دینارەی کەدانراوە لە خانەی بەخشینی حیزبەکان و سەندیکاکان و کۆمەڵەکان، چەندی ماوەتەوە؟، چەندی بە زیادە سەرف کراوە؟، ئێمە لەسەر چ ئەساسێك تەخمینی ساڵی داهاتوو دەکەین؟، چونکەلە ئەسل وایە ئەم برگەیەش کە ئەمساڵیش هاتۆتەوە، دووسەد ملیار دیسان دانراوەتەوە بە سولفە هەتاوەکو ئەو کاتەی تەسویە ئەکرێت، باشە حیزبەکان تەسویەی دووساڵی پێشتریان لەسەرە، ئەم تەسویە کەی ئەکرێت؟، ئێمە لەسەر چ ئەساسێك، چۆن قەرزەکەیان لێ وەرئەگرینەوە؟، چۆن خەملاندنی ساڵی داهاتوو دائەنێین؟، لە خاڵێکی تر باسیان لە زیادە ڕۆیی وەزارەتی کارەبا کردووە، بەبێ دیاریکردنی هۆکاری زیادەڕۆیی، کە ئەمە وەزارەت، زیادەڕۆیی دیویێکی تری عجزە، یەعنی یەکێکە لە هۆکارەکانی عجز، بەشێکە چونکە عجز لە هەرێمی کوردستان تەنیا مووچەی پێشمەرگە دروستی نەکردووە، باشە ئەم زیادە ڕۆییە هۆکاری چیە؟، ئەبوایە وەزارەت لە جیاتی ئەوەی بەتەنیا بە جوملەیەك بنووسێت زیادەڕۆییان کردووە، بەداخەوە لیژنەی دارایش لە ڕاپۆرتەکەیان هەر سەردێکی ئەوەیان کردۆتەوە، بەبێ ئەوەی ئێمە بپرسین لەوەی کە ئەم زیادە رۆییە بۆ کراوە، پرسیارەکەی من لەوەیە کە هەم بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، هەم بۆ وەزیری پلان دانان و وەزیری دارایش، کێ بەرپرسە؟، پەرلەمان یان حکومەت، بۆ لێپرسینەوە لە زیادە ڕۆیی؟، چونکە هەروەکو باسم کرد ئەمە یەکێکە لەهۆکارەکانی عجز لە میزانیە، لە هەموو میزانیەیەك مەفروزە لە رسم کردنی سیاسەت ئیحتیاتاتی مالی هەبێ، ئەمە سێ ساڵە من نازانم لەکوێی بودجەکە ئیحتیاتاتی مالی هەیە، کە لەکاتی کورت هێنان ناکرێ ئێمە هەموو خەیاڵمان لەسەر بودجەی تەکمیلی بێ، دەستەو دوعا بین بەرمیلی نەوت لە 85 دۆلار زیاتر بکات، بۆ ئەوەی لە تەکمیلەکەی ئێمە عجز پڕبکەینەوە، ئەمە بەڕاستی لە هیچ شوێنێکی سیاسەتی بودجە جێگەی نابێتەوە، جگە لەوەی کە مەفروز بوو هەم وەزارەتی دارایی، هەم لیژنەی دارایی لە ڕاپۆرتەکەیان ئیشارەتیان بە کۆمەڵێك زیادەڕۆیی بکردایە، کە ئەو هۆکارانە وەکو کاك عبدالله دوێنێ لە قسەکانیا باسی کرد، کۆمەڵێك بابن کە مەفروزە تووشی عجز ئەبێتەوە، تەقەشوفی تیا بکەی، ڕەزیلی تیا بکەی، ڕێکی بخەیتەوە، ئەگەر بەتەنیا ئێمە سەیارەی دائیرەکان بەنموونە بێنینەوە، نازانم چەند سەیارە هەیە لە کۆی وەزارەتەکان، بەلام بە تەقریبی هەر سەیارەیەك مانگی ملیۆنێك بە مەسروفی چاککردنەوەو بە بەنزین لەسەر وەزارەتەکان ئەکەوێت، کە ئەگەر ئێمە ئاواهی خۆمان سەیری بکەین، ئێمە زۆر دەست بلاویمان نەکردووە لە بەکارهێنانی سەیارە، لەدابەش کردنی سەیارە بەسەر هەموو فەمانبەران و زۆربەی بابلێین پلە بالاکان، کە ئەمە زۆر زۆر ئەکەوێت لەسەر حکومەت، مەفروزە لەکاتی عجز یەکێك بێت لەو خانانەی کە تەقەشوفی تیا ئەکەی، لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی بە داخەوە من لەگەڵ ئەوەی ئەزانم کە

زۆرماندوو بوون لەگەڵیا، بەڵام جگە لەوە دەستنیشانی مەسئولیەتیان .....، بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان من ڕێگە نادەم مەفروز نیە قەتعم بکات، بەنموونە کەباسی مینەحیان کردووە......

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

دوای تەوزیح بدە، فەرموو بەردەوامبە.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

کە باسی مینەحیان کردووە، بابڵێین بۆ ئەمساڵ بەشەش سەدو سی ملیارو چوار سەد ملیۆن خەملێنراوە، ئەمە مەفروزە لیژنەی دارایی لە ڕاپۆرتەکەی ئێمە کۆمەڵێك پرسیاریان بکردایە، مینەح لەسەر کۆمەڵێك ئەساس بۆ ساڵێك دایدەنێ، بۆ نموونە، ئەبێ وەزارەتی پلان دانان بزانێت چەند فەرمانبەر لەم ساڵە خانەنشین ئەبێ، مینحەی ئەوانە لەکوێ مینەح چەند ئەبێ؟، بۆ ئەوەی ئێمە بزانین چەنێك مینەحی ئەمساڵ دادەنێین، هەموو ئەو مینەحانەی تر کە لە پرۆژە یاسای بودجە دەستنیشان کراوە، ئەبوایە لیژنەی دارایی داوای پێشینەکانیان بکردایە، بیان وتایە بۆ ئەوەی بەرچاو ڕوونیمان هەبوایە لە دانانی مینحەی ئەمساڵ، لە تێبینیەکان لەسەر ئەو دابەش کردنی بودجەی وەگەڕخستنە، بە تەنیا باسیان لە زیاد بوونی سوودە کۆمەڵایەتیەکان کردووە لیژنەی دارایی، نە باسیان لە زیادەی لە 15٪ی قەرەبووی فەرمانبەران کردووە، نە باسیان لە زیاد بوونی لە 7٪ی شمەك و خزمەتگوزاری کردووە، نە لەزیاد بوونی لە 43٪ی تێچوونەکانی تر کردووە، کە تێچوەکانی تر.......

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بێ دەنگ، کە قسەکەی تەواو بوو، دوایی جواب بدەوە، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جارێکی تر داوا لە بەڕێزان د.ئاراس و کاك دلێر ئەکەم کە پابەند بن بە ماددەی 26 ی پەیرەوی ناوخۆوە، چونکە هیچ ئەندام پەرلەمانێك لێیان قبوڵ ناکات.......

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تکایە بێ دەنگ، قسە لە بەینی دوو پەرلەمانتارە، ئێوە تەداخول مەکەن، کەس تەداخول نەکات، موناقەشە لە بەینی دوو پەرلەمانتار ئێوە گەورەی مەکەن، هەمووتان هەڵمەستنە سەر پێ تکاتان لێ دەکەم، ناکرێ، ئیشەکە ئاوا ناڕوات، دوو پەرلەمانتار قسە دەکەن، موناقەشە هەیە، ئێوە تەداخول مەکەن، ئێمە ئیدارەی جەلسەکە دەکەین، خۆ ئێوە نایکەن، فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوایی قسەی خۆت بکە د.ئاراس، لە خاڵی 13 لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی باس لەداهاتەکان و تێچووەکان و کورت هێنان کراوە، ئەمانیش هاوشێوەی وەزارەتی دارایی داهاتیان بە چوار سەدو حەفتاو شەش ملیار خەملاندووە، کە ئەبوایە جارێکی تر ئەمانیش لەبەر ئەوەی بە مولحەق هاتووە، داهاتە ئەسلەکەی وەزارەت خۆیان تێگەیشتوون داهاتەکەیان بە هەڵە ناردووە، یان لێیان تێکچووە یان بەرچاویان ڕوون نەبووە، بەڕێزان لیژنەی دارایی ئەسڵەکەیان بخستایە ڕاپۆرتەکەوە، نەوەك ئەوەی مولحەقێك بۆ ئەندامانی پەرلەمان دابندرێت، کە باسیان لە بڕی کورت هێنان کردووە، ئەبوایە لەوە پرسیار بکرێت، هیچ وەزارەتێك لە 100٪ی ئەو میزانیەی بۆی دانراوە سەرفی نەکردووە، هەر پێش ڕاناگەن، چونکە دوێنێ بەڕێز وەزیری دارایی باسی کرد، کە ئەو شەش مانگەی دانراوە، تەخمینی نیە، ڕاستە ئەوان یەك لەسەر دوانزەی بودجە سەرف دەکەن، کە ئەمە شەش مانگ تێپەڕیوە، بە ئەکیدی باقیەکەی بۆ شەش مانگی تر فریا ناکەون، وەکو ئەوەی لە ساڵانی پێشووش فریا نەکەوتوون، کەواتە زیادە ڕۆیی لەبودجەکەیان نیە، فریای سەرف کردنی ناکەون، باشە، ئەی ئەم عجزە لە کوێوەیە؟، باشە ئەی ئەمە نەئەبوایە پرسیاری گرنگی لیژنەی دارایی بوایە؟، لە کۆتایدا من حەز دەکەم ئیشارەت بەشتێك بدەم، بەڕێزان وەزیر و بریکاری وەزارەتی دارایی ئەو قاعیدە داراییە ئەزانن، ژووری ژمێریاری بچووکترین ژووری فەرمانگەیە، بە گەورەیی نووسراوە پارەکەت بژمێرە پێش ئەوەی بچیتە دەرەوە کە ژمێریار بەرپرس نیە لێی، من لەمەوە حەز دەکەم ئەگەر بیشوبهێنین بە بودجە، بەو مووچەیەی کە خۆمان لە فەرمانگەیەکان وەری ئەگرین، ئەگەر جەنابی وەزیر و بریکار ژمێریار بن، ئەوە ئێمە مەفروزە چاوی ئەو فەرمانبەرانە بین، ئەوخەڵکانە بین کە لەناو پەرلەمان ئەبێ بودجەکە بە تەواوەتی بژمێرین ئینجا بچێتە دەرەوە لێی، لەسەر ئەم ئەساسەوە من پێشنیاز دەکەم کە لیژنەیەك پێك بهێندرێت، یەکەم، ئێمە چەند ڕۆژی گفتوگۆ کردن قسەیەك هەیە لەبەینی ناعەدالەت دابەش کردنی بودجە کە زۆر لە پەرلەمانتارانی بەڕێز باسیان کرد، ساغ بوونەوەو ساغ نەبوونەوەی داهات، ئەو گومانانەی کە هەیە، ئەو هەلاَنەی کە هەیە، لیژنەکە یەکەم ئیشی ئەوە بێ بۆ کۆمەلاَنی خەڵك، چونکە وەکو باسم کرد ئێمە چاوی خەڵکین، بۆ ژماردنی بودجەکە ساغ ببێتەوە، کە کام لەم قسانە ئایا سامانی گشتی تیا بە هەدەر دراوە یان نا، ئەو بەڵگانە چین بۆ بە هەدەر دانی سامانی گشتی؟، لەدوای ساغ بوونەوەی ئەوە ئیشی ئەو لیژنەیە ڕاست کردنەوەی ئەو هەڵە ژمێریاریانە بێ کە هاوڕێکانم باسیان کرد، عەدالەت دابەش گێڕانەوەی دابەش کردنی عادیلانە بێ، بۆ ئەو پڕۆژانەی کە کاك سالار محمود و کۆمەڵێك لە برادەرانی تر باسیان کرد، کە ناعەدالەتی زۆری تیایە، ئەم لیژنەیە ئەرکی ئەوەبێ کە دوای ئەوەی بەئەمانەتەوە هەموو ژمێریارەکان لێی بەرپرس بن لەکەم و کوڕیەکان، نە ئێمەش ویژدانمان نا مورتاح بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

با لیژنەی دارایی جواب بداتەوە، دوایی تۆ جواب بدەوە، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەم ڕۆژانە زۆر باش لە هەندێ شت دەکرێ، من بەڕاستی نازانم ئەو مەوزوعانە چۆن وا باس دەکرێت، چونکە ئێمە هەموو ڕوونکردنەوەکانمان لەسەر ئەساس داوە، مەسئولین بەرامبەر هەموو ڕوونکردنەوەیەك، بەلأم ئەگەر مەسەلە ئەوەبێ تۆ بیلێیت و منیش نەتوانم لە عەینی وەخت جواب بدەمەوە، وەلەو مەجالم پێ دراوە بەڕاستی، بەلأم ئەوەندە زۆرە ڕەنگ هەیە پێویست بکات، تاوەکو ئێستاش داوام کردووە هەندێ لەبرادەران، خوشك و برایان تاوەکو ئێستا پرسیارەکانم نادەنێ، منیش نەمتوانیوە هەمووی تەسجیل بکەم، بەس بۆ ئەم مەوزوعەجارێ یەکەم، کە باسی سیاسەتی دارایی و سیاسەتی نەقدی دەکەن، جارێ سیاسەتی نەقدی سیاسەتێکە عیلاقەی بەبانکی مەرکەزی بەغداو بە موحافزی بانکی بەغدا وە هەیە، هەموو کەسێك ئەمە ئەزانێت، لەهیچ وەختێك هیچ هەرێمێك بۆی نیە تەداخولی تیا بکات، تەنانەت وەزارەتی مالیەی عیراقیش عیلاقەی بەم مەوزوعەوە نیە، بەنیسبەتی سیاسەتی دارایی، ئەویش لە دەستوور هاتووە، ئەوان دایئەڕێژن، ئێمە داوامان کردووە ئاگامان لەو بەشانە بێ کە عیلاقەی بەخۆمانەوە هەیە، هەموو ساڵێکیش ئێمە خۆمان داوامان کردووە، خۆمان بۆ ئێوە ڕوونمان کردۆتەوە، خۆمان شکایەتەکەمان هێناوەتە ئێرەو بردومانەتە ئەنجومەنی وەزیران، ئێستا موستەمسەکێکی زۆرمان هەیە، دوایی ئەتوانن بیبینن، لەسەر ئەوەشەوە ئێستاکە دێتەسەر ئەوەی کە ئێمە موحاسەبە بکرێین، کەچیمان کردووە، من پێم سەیرە هەتاوەکو ئێستا خوشك و برایانی پەرلەمان نازانن حیساباتی مەرکەزی و حیساباتی موەحەد چیە، حیساباتی مەرکەزی، حیساباتی حکومیە کە لە خەزێنەکان ئێستاکە کاری پێ ئەکرێت، خەزێنە فلتەرێکە بۆهەموو سەرفێك، فلتەرێکی تەتقیقیە، حیساباتی موەحەد ئەو حیساباتەیە کەوا شەریکات و موئەسەساتی کە روبح و خەسارەیان هەیە ئەو حیساباتانە بەکارئەهێنن، نەوەك خەزینە حیساباتی موەحەد بەکارئەهێنێت، مەسەلەن مەعمەلی چیمەنتۆی سەر چنار، مەعلومە ئێستا حیساباتی مەوەحەد بەکارئەهێنێ، ئەوە گەورەترین حیساباتە لە ناو لامەرکەزی و حیساباتی مەرکەزی حیساباتی حکومیە، شێوەی خۆی هەی، مەوزوعی حیساباتەکەی جیاوازە لەگەڵ حیساباتی تر، بەنیسبەتی بانقەکانیشەوە بە هەمان شێوە حیساباتی تایبەتی خۆیان هەیە ، وە خەزینەش حیسابی هەر لە بانقدایە، بەنیسبەتی داهاتەوە ئەمە هەر یەعنی بەڕاستی باس دەکرێ، ئێمە دیارە خۆمان نامانەوێت یەعنی لە پەرلەمانە داوای لێبوردن دەکەم زۆر زۆر نازانم بۆ نەگەیشتۆتە دەستیان،نەهاتووە، ئێمە ئیرادەکانمان باس کردووە، ئەم جۆرە ئیرادانەی کە ئێستا لەم جەدوەلە داومانە ئێمە ئێستا لە ئەخیرە لە جەدوەلەکەمان داوە، پێشتر لەگەڵ بودجە ناردوومانە، بەلأم پێم سەیرە ئیستا ئەڵێن لە ئەخیرەوە هاتووە نەیانزانیوە یا ویستوویانە کە ئەنواع وئەشکال تەفسیراتیان بۆ دەکرێ، ئایا کەس ئەم ئیستمارەیەی خوێندوەتەوە؟، ئێستاکە کەوا بانقەکان و شەریکاتی تەئمین، تەکنەلۆجیای بانق ،بانقی سلێمانی، مطاری هەولێر، مطار سلێمانی، تەوزیعی مونتجاتی نەوتی، تەوزیعی مونتجاتی نەوتی شارەکان، مەعمەلی غاز، هەتا ئەخیری کە ئەڕوات، شارەوانیەکان لە ناو حیساباتێك تێدایە

ئەمە پێی ئەوترێ حیساباتی مینەح، ئەمە جیایە لەناو وەزارەتی شارەوانیدا کە باس ئەکرێت، وەزارەتی شارەوانی دوو حیسابی هەیە، وەزارەتی مواسەلات دوو حیسابی هەیە، حیسابێکیان هەیە هی دیوانی وەزارەت و هی خۆیانە وەکو هەموو وەزارەتێکی تر، حیسابێکی تریان هەیە، بە نسبەتی شارەوانیەکان دووبارە دوێنێش باسم کرد، قانونی رقم (6) بەکار دێنن، حیساباتی تایبەتی خۆیان هەیە، هەروەها مەتارات، هەروەها هەموو ئەو شوێنانەی کە ئێمە لێرە باسمان کردووە، لێرە ئیرادەکان دەرکەوتوون ئێمە ئەو ئیرادانەیە بۆمان نقلمان کردووە بۆ ئەوێ، زائیدەن تەسوراتی خۆمان لەسەر ئیرادی وەزارەتی کارەبا کە ئێستاکە بە صفر هاتووە، چونکە ئیرادەکە بۆ خۆیانە، وە هەروەها وەزارەنی تەندروستی کە بە صفر هاتووە چونکە ئیرادەکە بۆ خۆیانە، من تکام وایە جارێکی تر ئەم مەوزوعە بەو شێوەیە بخوێندرێنەوە، بۆ ئەوەی بەم شێوەیە تەفسیری وای بۆ نەکرێ ، وە ئێستا باس لەوە دەکرێت ئەڵێن، فلان وەزارەت ئەڵێ من داوای مینحەم نەکردووە، مینحەیان بۆ داناوم، مینحە قانونەکە بەم شێوەیە، بپرسن سندوقی نەقدی دوەلی، بپرسن ئەوە عیراق ئەگەر بەم شێوەیە جێ بەجێ ناکات، ئەگەر ئێوەش ئەتانەوێ ئێمە بەم شێوەیە جێ بەجێی نەکەین، فەرموون لە پەرلەمانە حیساباتێکی تازەمان بۆ ئیقتراح بکەن، تا ئێمە جێ بەجێی بکەین بە پێی پێویستی ئێوە بێت، بۆ ئەوەی ئێوە باشتر لێی تێبگەن دیارە منیش نەمتوانیوە بەرێزتان تێبگەیێنم لەم مەوزوعە ، باسی چیمەنتۆی سەر چنار ئەکرێ وپارەکەی لە کوێ ماوە، پارەی مەعمەلی تاسلوجە مەکتەبی فرۆشتنی چیمەنتۆ کە بەشێکە ئەیفرۆشن، موجودە ئێستاکە لەناو حیساباتی موەحەدی وەزارەتی پیشەسازی دەرکەوتووە، لە2012/5/24 ناردوویانە بۆ وەزارەتی دارایی، لە حیساباتی جاری وەزارەتی داراییە، لەبەر ئەوەی دوای موازەنە هاتووە، لە حیساباتی خیتامی دەرئەکەوێ، وە بۆ ئەوەی ئەم قسەیە راست بێت یاخود درۆ، جنابت لوتف بکە وەکو سەرۆکی پەرلەمان تەلەفۆن بۆ رقابەی مالی بکە، بڵێ وەزیری دارایی وا ئەڵێ بزانن راست دەکا یاخود درۆ ئەکات، بە نیسبەتی ئەوەی باسی پارەی کارەبا دەکرێت، ئێمە ئەو میزانیەی کە بۆ کارەبا دامانناوە بۆ گازوایل وبۆ پارەی قەرزی کارەبا، بۆ پارەی کارەبا، ئەوەی کە عیلاقەی بەوشوێنانەوە هەیە کە کارەبا ئینتاج دەکەن، عەقدمان لەگەڵیان کردووە، ئێمە پار ساڵ تەجاوزمان کردووە، ئەو پارەی کە دامانناوە ئەمە سێیەمین جارە شەرح دەکەم، کە تەجاوزمان کردووە، ئاگاداری هەموو شوێنێکمان کردۆتەوە لەو تەجاووزە، کەسیش نەیتوانیوە کارەبا لە عیراق لەکوردستان رابگرێ، سەرەڕای ئەوەش ئەوەی خۆمان بەم شێوەیە، د. نجم الدین گوایە تەسریحی داوە کەوا پارەی کارەبا ئەدا، بەڵێ، ئەو پارەیە ئەدا، کە ئەیدا بە احمد اسماعیل وەکو ئینتاجی کارەبا، بەڵام مەسروفاتەکەی ساڵی چوارسەد ملیۆن دینارە، بە نیسبەتی ئێمەوە بەس بۆ کەرکوك پارەی گازوایل دەدەین لە ساڵێك، لە حدودی سەد ملیاری تریش پارەی کارەباو گازوایل بۆ شوێنانی تر ئەدەین، لەبەر ئەوە ئەمساڵیش بۆ مەعلوماتی جەنابتان ئەو پارەیەی کە ئیستا دامانناوە لە ئێستاوە تەجاوزمان کردووە، مەعلومە هەر کەسێکیش ئەیەوێت بیسەلمێنێ کە ئەم قسەیە وایە هەموو موستەمسەکات موجودە لە خەزینەی هەرێمە، لێرە لە هەولێرە، باسی ئیحتیات دەکرێت، هەمو ساڵێك ئیحتیات دانراوە بۆ وەزارەتی مالییە، ئەو ئیحتیاتانە بۆ کارەساتە، بۆ فەیەزاناتە وە ئەمساڵی ئەوانە هی خۆی هەیە، لە ناو

ئوخره دانراوه، له ناو مەسروفات ئوخره دانراوه، هەموو ساڵێکیش دانراوه مەوجوده، ئەگەر مەوجود نیە ئەوه ئیستمارەکه بگەڕێنەوه سەری، لە تەقریرەکەش ئێمە نووسیومانە، ئەمە بە نیسبەتی ئەوەوە بە نسبەتی تەقاعودەوه کە باس له مەسەلەی تەقاعود دەکرێ، ئەم پارەیە چی لێهاتووه؟، بۆ کوێ ڕۆیی؟، چیتان لێکردووه و ئەمانە؟، خۆ مەوزوع مەعلومە ئەوەی کە ئیستیقتاع دەکرێ لەگەڵ 12٪ کە، فەرموون سەیری ئیستمارەکان بکەن کە ئێستا هی ئەمساڵ مەوجودە لەناوی، ئەوەی کە باسی لێ ئەکرێت، ئەو تەسویەیە کەئەو تەسویە قەیدیەی کەباسی دەکات ئێستا، خوشکە پەیمان باسی ئەکات، بەڵێ، ئەو تەسویەی قەیدییە کە بە ئیمزای من کراوه، ئەوه تەسویەی ئسولی حیسابیە ئێمە کردوومانە، مەوجوده لە حیساباتی خیتامی دەرئەکەوێ، باس لە حیساباتی خیتامی ئەکرێت، ئەڵێن ئەبوایە پێشی موازەنە لێرە بوایە، بۆ ئەوەی ئێمە بەرچاومان ڕوون بێ، هەموو کەسێکیش باس لەوه ئەکا قانونەکەی لە 4/15 دەست پێدەکات، حیساباتی خیتامی 4/30تەواو بووه لە وەزارەتەکان، ئێستا لە حاڵەتی تەوحیدە لە وەزارەتی دارایی، تەسویاتی قەیدی لەسەرئەکرێ بە پێی قانون، ئەم هەموو ئیستیمارانەی کە ئێوه ئەڵێن خیلاف هەیە لە ڕەقەمەکان، هەمووی لە تەسویاتی قەیدی ئەم شەش مانگە، تەسویاتی قەیدی تیا ئەکرێت، هەر کەسێك موحاسیب بێت، هەر کەسێك حیساباتی خوێند بێت، هەر کەسێك شارەزا بێ ئەم مەوزوعانە ئەبێ بزانێ، ئەلف و بێی حیساباتە ئەمە، تەسویاتی قەیدی لەسەر ئەکرێت، تەواو ئەبێ، دوای ئەوەی کە تەواو ئەبێ لەوەزارەتی مالیە، ئەبێ بچێت بۆ ئەنجومەنی وەزیران، لە ئەنجومەنی وەزیران بچێت بۆ دیوانی رەقابەی مالی، لەوێوه بێتەوه بۆ پەرلەمان، بیخوێننەوه قانونی ئیدارەی مالیەکە، تکاتان لێ دەکەم، ئەمەش قەیناکا، ئێستا کە ئەڵێ پێشی ئێستا بێت، باشە چۆن ئەبێ حیساباتی خیتامی پێشی موازەنە بێتە کوردستان، ئەوه حیساباتی خیتامیە هی ساڵی 2011، خۆی لە مانگی شەش تەواو ئەبێ و دوای مانگی شەش دێتە ئێره، ئەی چۆن ئەبێ پێش میزانیە بێتە ئێره، بەڵام ئەگەر بمانەوێ هەر باسی مەسەلەکان بکەین، بمانەوێ مەوزوعەکان بڵێین ئەمە وایە، ئەمە وایە، من بەڕاستی نازانم، بەڵام خۆزگە ئێستاکە هەموو کەسێك بەلای کەمەوه ئەم مەعلوماتانەی هەبوایە، ئەو وەختە ڕەنگ هەیە منیش بەوشێوەیە بمتوانیایە موناقەشەکان باشتر بکەم، زۆر داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر بە نەوعێك، یەعنی وەڵامەکانی من بەو شێوەیە بتوانم وەڵام بدەمەوه، ئەوانی تریش وەڵام ئەدەمەوه، یەعنی ئێستاکە هەر وایە هەموو شتەکان موکەڕەڕ دێتەوه، پێمان ئەوتریتەوه ئەمە وایە، ئێمە یەکجار ئەڵێین، بودجەی هەرێمی کوردستان، بەپێی قانونەکەی خۆتان فەرموون بیخوێننەوه، ئەڵێن وەزیری دارایی مخەوەلە کە بودجەکە تەخویل بکات لە مانگی 11بینێرێت، بەڵام ئەڵێت ئەگەر ئەو بودجەیە کەمی بوو دایگرێت دوایی، ئەگەر زیادیشی بوو بینێرێتەوه بۆ پەرلەمان، یەعنی من هەمووجار ئەبێ بودجەکە بنێرمەوه پەرلەمان، دوای ئەوه من نازانم چەند زیادو کەم دابنێم؟، دوای ئەوه بەس وەزارەتی داراییە کە بودجەکە لەلای ئەمێنێتەوه، ئێوه لەسەر وەزارەتی دارایی ئەخوێنن و ئەخوێنن، باشە فەرموون من ئەوه لە کتابەکانی خۆم دامناوه، وتوومە من لە مانگی 9 دەستم بە بودجە کردووه، تەواویش بووه، جارێ ئەسڵەن بودجە دوو بەشە، چۆن من لیژنەم هەیە، چۆن من تەخمین دەکەم، چۆن من دایدەنێم وەزارەتی

پلان دانانیش بەهەمان شێوە دایدەنێت، فەرمووون بزانن وەزارەتی پلان دانان کەی هێناویەتی و منیش کەی هێناومە، ئینجا کە دێتە ئەنجومەنی وەزیران، لە ئەنجومەنی وەزیران بزانن لەکەیەوە لەوێیە، من لە 2/26 داومە بەئەنجومەنی وەزیران، پێشی 2/26 سێجار لە مانگی یەك کەوتە ئەنجومەنی وەزیران بۆ موناقەشە، بەلاّم ئەگەر بمانەوێ بەو نەوعە باسی بودجە بکەین، بەم نەوعە لێکی بدەینەوە، دوای ئەوە ئەبێ مەسلەحەتی وەزارەتی دارایی چی بێ، بۆ ئەوەی بودجە تەئخیر بکات، ئەو ڕەقامانەش کە ئەخوێندرێتەوە بە داخەوە نوسخەکانیان نەداوە پێم سوئالەکان جواب بدەمەوە، ئەوەی کە من لە 99٪و زیاتری هیچی ئەساسی نیەو وانیە، هەمووی قابیلە بۆ جواب دانەوە، بمدەنێ و جوابی ئەدەمەوە، هەموو جوابێکیش ئەگەر ئێوە موقنیع نین بە جوابەکانی من، ڕەجاتان لێ دەکەم، دەزگایەکی خۆتان هەیە، دەزگای چاودێری دارایی، بڵێن وەزیری دارایی ئەمەی نووسیوە، بزانن ڕاست ئەکات یان درۆ ئەکات؟، ئەی بۆ نایکەن؟، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیری پلان دانان.

**بەڕێز علی سندی/ وەزیری پلان دانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزی تریش ئیشارەتیان پێی داو دیسان وابزانم تێبینیەکە تەوجیهی ئێمە کرا، لە وەزارەتی پلان دانان، سەبارەت بە پرسیاری ئەو بەڕێزەی کە پرسیاری لەسەر بەرنامەی تواناسازی هەبوو، کە گوایە ئێمە بەشێوەیەك مەعلوماتمان نەداوە، یان ئەوان لە وەزارەتی خوێندنی بالاّ مەعلوماتیان بەدەست کەوتووە، ئامادەبوون وەزارەتی خوێندنی بالاّ لە کۆبوونەوەکانی لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاّ، بەلاّم ئێمە ئامادەنەبووین، من بەهەقیقەت وابزانم ئێستا لە هۆڵی پەرلەمان بۆ نموونە، پەیمان خان لە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاّ، من ئامادەبووم، پەیمان خان لە لیژنەی پەروەدەو خوێندنی بالاّ، من حازر بووم، لە جەلسە، ئێوە منتان بانگ کردووە، هەموو مەعلوماتێکیشم داوە لەسەر تواناسازی، بێجگە لەوە بەشێوازی ڕەسمیش ئەو مودیر عامەی کە لە وەزارەتی پلان دانانە کە فایلەکەی لە لایە، بەڕێز کاك د.عمر نورەدینیە وابزانم لە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاّ بوو، هەموو مەعلوماتەکان هەموو فایلەکەی داوەتێ، لە لیژنەش هەیە، هەر پرسیارێکی تریش هەبێ وەلاّم دەدەینەوە، کێشەمان نیە لەسەر ئەوە، دووەم، سەبارەت بە بەڕێزیان ئاماژەی بەوە دا کە هەوڵی ئەوەیان داوو کە سەردانی ئێمە بکەن، پرسیارمان لێ بکەن، وەلاّممان نەداوەتەوە، بە هەقیقەت ئەوە مومکینە سوء تەفاهمیش بێ، من پێشی هەموو شتێك لە بەڕێزیشیان و لە هەر ئەندام پەرلەمانێکی تر کە هەوڵی دابێ وەلاّمی دەست کەوێ لە ئێمە، ئامادەنەبووین یان بەهۆی مەشغولیەتەوە بەهەر هۆیەکەوە نەمان توانیوە موەفەق بین لەوە، داوای لێبوردن دەکەم، چونکە هیچ قەسدێك نەبووە، کە مەسەڵەن بەڕێزیان و یان هەر کەسێکی تر ئێمە دەرگا قەپات بکەین، بەلاّم مادەم جەنابیان باسی کرد، با من هەقیقەتەکەش بڵێم، جەنابیان هاتووە سەردانی وەزارەتی ئێمە بکات بۆ ئەوەی کە موتابەعەی هەندێ لە ئیش و کارەکان بکات، من لە دەرەوەی وڵات بووم، هەرلە کوردستان نەبووم، نازانم

سوء تەفاهومەکە بە چ سەبەبێك دروست بووە، بەلاّم ئەوە موشکیلە نیە، جەنابیان کە پێیان وتووە کە وەزیر لێرە نیە، من ئەسڵەن لە مەکتەبی خۆشمەوە نەم بیستوە، یەکسەر پەیوەندی بە ئیعلامەوە کردووە، ئەڵێ وەزیری پلان دانان خۆی دەشارێتەوە، هەر ڕۆژی دووەم خۆی لە سەحافە بلاّو بۆوە، یەعنی من زۆر تەعەجوبم کرد، دوای ئەوەی کەهاتمەوەش ئەوە خۆشیان لەوێن، ئەو بەڕێزەی کە ئاماژەش بەناوی درا، کە لە مەکتەبی منە کاك زانا، ئەوەتە لێرە لە تەنیشتم دانیشتووە، ئێمە هەوڵمان داوە پەیوەندی بە جەنابیان بکەینەوە ئەویش بەردەست نەبووە، مەشغول بووە، دوای ئەوە ڕێك نەکەوتووە، ئێستاش، لە ئایندەش هەر پرسیارێکی هەبێ، هەرچەندە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستانیش هەر پرسیارێك کە ئاراستەی ئێمە بکرێت، کە زانیاری تێدابێ، بەشێوەیەك بێ، حەتمەن هەر دەبێ بە نووسراوی ڕەسمیش وەلاّم بدەینەوە، بەلاّم خۆ بەڕێزی تر هەیە سەردانی ئێمەی کردووە، ئێمەشی بینیوە، زۆر تەبیعی بووە، پەیمان خان بەڕێزیان ئاماژەی بە تەوزیعی میلاکات دا لە مەسەلەی تەعینات و ئەوانە، ئێمە ئێستا لە حاڵی حازردا، بە فەرمانێك لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، لیژنەیەك بۆ موتابەعە کردنی ئموری دامەزراندن دانراوە، بە سەرۆکایەتی بەڕێز وەزیری دارایی، ئەندامێتی من و هەندێ بەڕێزی تریش، ئەم کارە بۆ ئەمساڵ بڕیارەکە بەو شێوەیە کە لە ئێستاوە هەتاوەکو ئەو ڕۆژەی کە مەجلسی خدمە دەست بەکاردەربێ، ئێمە سەرپەرشتی کارەکان بکەین، بەلاّم تەوزیعی دەرەجاتی وەزیفی، بابڵێین لەسەر وەزارەتە جیاجیاکان و لە سەر دەرەجاتی موختەلیف، حەتمەن بەڕێوەبەرایەتیەك هەیە بەناوی میلاکات لە وەزارەتی دارایی، کە ئەرکەکەی ئەوەیە بەدرێژایی ساڵ کە تەلەبات وەردەگرێت، شێوازە تەوزیعێك دەکات کە ئەگەر 100٪ دەقیق نەبێ، حەتمەن مومکینە ئەتوانم بڵێم 80٪ و 90٪ش موراعاتی ئەولەویاتی دەوائیر دەکرێت، ئەگەر جەنابتان سەیری تەوزیعی 17 هەزار دەرەجە پلە وەزیفیەکە بکەن، بزانن ئایا وەزارەتی پەروەردە کە ئێمە دەڵێین سێ هەزار قوتابخانەیان نەقوستانە، نیزکەی 500 قوتابخانە لەژێر جێبەجێ کردن دایە ئێستا، ئایا وەزارەتی پەروەردەو تەعینی مامۆستا ئەولەویەتی وەرگرتووە یان نا؟، حەتمەن هەر وایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو د.ئاراس.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە هەقیقەت دەبێ لێمان ببووری ئێمە گلەییەکمان لە بەڕێزت هەیە، زۆرجار یەعنی ئەوەی بەقەدەر بەرامبەر هاوکارمان پەیمان خان نەبوو، بەقەدەر ئەوەی بەرامبەر بە جەنابت ڕێگەمان پێ نادەی کە زۆر شت ئەبێ و ئەمە عیلاقەی بە رەئی عام هەیە، قسە ئەکرێت و جواب بدەینەوە، لەبەر ئەوە داوا لە بەڕێزت دەکەم کە بەو شێوەیە وەلاّممان دایتەوە، داوای لێبووردن لە جەنابت دەکەم، ئەگەر بکرێت ئەوەش لە پرۆتۆکۆل بسڕێتەوە بە ڕەئی جەنابت، لەبەر ئەوە من ئەو هینەم بەرامبەر هاوکارم نەبوو، بەقەدەر ئەوەی بەرامبەر بە ئسولی جەنابت بوو کە ڕێگەت پێنەداین وەلاّمی قسەکان بدەینەوە، بەڕێزان من جارێکی تر تیکراری

ئەکەمەوە، ئەو ڕاپۆرتە ڕاپۆرتی هەموومانە، ڕاپۆرتی لیژنەی داراییش 10 کەسین، هەموو فراکسیۆنەکانیشی تیایە، بە فراکسیۆنەکانی ئۆپۆزسیۆن هەموو، ئێمە ئەو 10 کەسە کە هەندێکیان ئێستا لێرە دانیشتوون، تەنها ئەوەمان توانیوە بکەین، دوای ئەوە تەنها ئیشارەت ئەدەین بە سیاسەی عامی دەوڵەت بە چەند خاڵێک، ئەگەر بچینە ناو تەفاسیلەوە وەکو باسم کرد، بیست و شەش هەزار ڕەقەممان هەیە، لەسەر هەر ڕەقەمێك یەك دێر قسە بکەین و کولی لاپەڕەیەك 25 دێر بنووسین، پێویستمان بە 13 هەزار لاپەڕەیە، ئەمە ناکرێ، لەبەر ئەوە زۆرجاریش من داوا لە ئەندامە بەڕێزەکان دەکەم، ئایا لیژنەی دارایی بە هەر 10 کەسەکەیەوە، بە ئەندامانی لیستی کوردستانی و ئەندامانی لیستی موعارەزەوە ڕێگەمان لەکەس گرتووە شتێکی هێنابێ و داخلمان نەکردبێ؟، یان ئەندامێکی بەڕێز؟، ئەگەر وانیە، ئێمە تەقریرەکەی خۆمان سەحب دەکەینەوە، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، ماددەی 82 بڕگەی (2) لە ڕاستیدا ئەوە ڕاپۆرتی هەموومانە، لەبەر ئەوە ئەو بەڕێزانەی لەسەر ڕاپۆرتەکەی ئێمە قسە ئەکەن، بە هەقیقەت وایە کە لەسەر خۆیان قسە بکەن، چونکە هیچیان نەهێناوە داخلی بکەن، هەر بۆ بەرچاو ڕوونی بەڕێزتان چەند جارێکی تریش پێش ئەو ئەندام پەرلەمانە بەڕێزە، چەند کەسێکی تر ئەڵێ ئیشارەت بەوە نەدراوەو ئیشارەت بەوە نەدراوە، من حەز دەکەم بۆ بەرچاو ڕوونی بەڕێزتان، تەنها لە ڕاپۆرت هەر ئاوای ئیشارەت لێ ئەدرێت، ناتوانی بچیتە تەفاسیلەوە، ئەچیتە تەفاسیلەوە تۆ بە بیست، سی هەزار ئەو قسانەی کە کرا بکەینە ناو ڕاپۆرتەوە، بە بیست، سی هەزار لاپەڕە کۆتای پێ نایەت، بەڕێزان بۆ شایەتی ئێوەو، بۆ بەرچاو ڕوونی بەڕێزتان، ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی کە ڕاپۆرتی هەمووتانە، ڕاپۆرتی هەر دە ئەندامە بەڕێزەکەی لیژنەی داراییشە بە هەموو فراکسیۆنەکانەوە، سەیری بڕگەی 4 بکەن، لاپەڕە (5) بڕگەی (4) بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر ڕێگەم پێ بدەی تەنها نیو دەقەیە بیخوێنمەوە، تەعلیقەکەش کە داومانە، دوایش بەڕێز نوێنەرانی حکومەت، وەڵامی تەعلیقەکەیان داوەتەوە کە چەند جارێکی تر...، لە بڕگەی (3) دەست پێ دەکەین، کە خوێندراوەتەوە پێشتریش، بڕی بودجەی وەگەڕخستن، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2011 بەڕێژەی 14٪ زیادی کردووە، بەڵام بودجەی وەبەرهێنان بەڕێژەی چوار و لە دەیا چوار کەمی کردووە، چەندین ئەندام پەرلەمانی بەڕێز لەسەر ئەو خاڵە قسەی کردووە، ئێمە تەنها ئەتوانم ئەو ئیشارەتە بدەم، ئیتر لەمە زیاتر واتە نەتوانراوە ئەو هاوسەنگیە لەبەرژەوەندی بودجەی وەبەرهێنان بێ، بەراورد لەگەڵ ساڵی پار، ئیتر ئەم تەعلیقە زۆر ئەگەیەنێ، ئەگەر ئەندامانی لیژنەی بەڕێز هەر 10 ئەندامەکە لەسەری بڕۆن، کەواتە بەم خاڵەوە ئێمە ئەبێ چەند لاپەڕەیەك بنووسین، شێوەی نووسینی ڕاپۆرتیش وایە بەو شێوەیە نابێ، لە هەموو جیهان لە ڕاپۆرتی دارایی هێڵە گشتیەکان و سیاسەی عامی دەوڵەت پیشان دەدەی، لەمە زیاتر کە پیشانمان داوە، ئەوە ئیتر مەجالی قسەی تیا نەماوە، چونکە ئێمە ئیشارەتمان پێی داوە، ئەو ڕێژەیە کە هەیە هاوسەنگی لە بەرژەوەندی بودجەی وەبەرهێنان بێ، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پار، ئەم ڕێژەیە تاوەکو ئێستا لە چوارچێوەی 70٪ بۆ وەگەڕخستن، لە 30٪ بۆ وەبەرهێنان چەقی بەستووە، ئێوە ئاماژەتان پێ داو ئێمەش باسمان کردووە، دێینە سەر چوارەم، ئەوەی کە چەند بەڕێزێك ئەڵێ ئاماژەی پێ نەدراوە، ئاماژەمان پێی داوە، دوایی داواشمان لە حکومەت کردووە

بۆمان ڕوون بکاتەوە، ئیتر خۆ لەوە زیاتر ناتوانین ئەوە بکەین، بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2011 ڕێژەکانی حیسابەکانی بودجەی وەگەڕخستن لە ساڵی 2012 بەم شێوەیەی خوارەوە زیاد و کەمی کردووە، قەرەبووی فەرمانبەران بەڕێژەی 15٪ زیادی کردووە، لەگەڵ هەموو تەفاسیلەکانی، لەگەڵ هەموو حیسابە فەرعیەکانی قەرەبووی فەرمانبەران کە لە میزانیەکە هاتووە، بە تەئکید ئەمە ڕەقەمە سەرەکیەکەیەتی، ئەگەر بچینە ناو تەفاسلەوە وەکو وتمان بە چەندین لاپەڕە کۆتایی پێ نایەت، شمەك و خزمەتگوزاری، چاك کردنەوە، بەڕێژەی لە 7٪ زیادی کردووە، کە زیاتر لە چەند ئەندام پەرلەمانی بەڕێز ئیشارەتی پێداوە، ئێمەش ئیشارەتمان پێی داوە، بە ڕێژەی لە 9٪ کەمی کردووە، بەخشین بە ڕێژەی لە 4٪ کەمی کردووە، تێبینیتان ڕائەکێشم بۆ ئەم خاڵە، سوودە کۆمەڵایەتیەکان بەڕێژەی 83٪ زیادی کردووە، تێچووەکانی تر بە ڕیژەی لە 40٪ زیادی کردووە، مەوجوداتی نا دارایی بەڕێژەی لە 6٪ کەمی کردووە، چەندین ئەندام پەرلەمانی بەڕێز تێبینیم کرد، ئاماژەی پێ نەداوە، هەر 10 ئەندام پەرلەمانەکەی لیژنەی دارایی ئاماژەیان پێ داوە، لە هەمووی گرنگتر ئەو تێبینیانەی کە ئێوە بەڕێزتان ئاراستەی حکومەت و نوێنەری حکومەتتان کردووە، ئاراستەی ئێمەشتان کردووە، ئێمە ئەگەر سەیری بکەین، بۆ لاپەڕە شەش تێبینی لیژنەی دارایی کە مەبەستمانە حکومەت جواب بداتەوە، لیژنە داوای ڕوونکردنەوەی هۆی زیاد بوونی ڕێژەی سوودە کۆمەڵایەتیەکان لە بەڕێز نوێنەری حکومەت دەکات، ئیتر ئێمە لەوە زیاتر نابێ بچینە ناو تەفاسیلەوە، جارێکی تر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان داوای لێبووردن دەکەم لەو شێوەیەی کە بەکارم هێنا بەرامبەر بەڕێزت، هیوادارم ئەو حاڵەتەی کە ڕوویدا لە پرۆتۆکۆل بکوژێتەوە، سوپاست دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز د.عمر حمدامین (نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها بۆ یەك ڕستەی پەیمان خان هاوکارمان لەوەی لیژنەی دارایی ئاگادارە یان ئاگادار نیە، لە چۆنیەتی ئامادەکردنی موازەنە، بۆهەر کەسێ کە شارەزایی هەبێ لە ئامادەکردنی موازەنە، کە تەماشای بەس تەنها ئەو جەدوەلە بکات، ئەزانێ حیسابی 2010، حیسابی 2011 خەرجیەکانی 2011 تا 6/30 نووسراوە، بۆیە بۆ ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان لە لیژنەی دارایی زۆر ڕوونە کەحکومەتی هەرێمی کوردستان ئەڵێ، بە بڕی لە 15٪ لە ڕاپۆرتەکەیان هاتووە، لە کۆی تەعویزاتی موەزەفین زیادەکە بۆم ڕوونە کە تەعویزاتی موەزەفین لە چیەوە دەست پێدەکات؟، چونکە من لەبەردەستم دایە، خوێندەواریشم هەیەو لەو مەجالە ئیختیساسم هەیە، کە تەعویزاتی موەزەفین، لە راتب، لە ئجوراتی موتەقاعدین، لە ئجوری موحازەرە، لە ئجوری ئیمتیحانات، موخەسەساتی ختورە، موخەسەساتی سەکەن، موخەسەساتی زیافە، موخەسەساتی خدمەی جامیعە، موخەسەساتی ئەرزاق، موخەسەساتی ئەتفال، موخەسەساتی میهەنی، موخەسەساتی هەندەسی، موخەسساتی خاسە، ئەمە تەنها من عەناوینی رەئیسی ئەخوێنمەوە، کە بە دەیان موخەسەسات و تەرخان کراوی تر هەیە،

هەر لە موكافەئاتی تەقاعدی هەتا كۆتاییەكەی، لەبەر ئەوە ئێمە وەكو ئەندامانی لیژنەی دارایی سەر بەوەی كە جەدوەلەكانمان لەبەر دەستە، لەگەڵ بەڕێز نوێنەری حكومەت چەندجارێك كۆبوونەوەمان هەبووە، دانیشتنمان هەبووە، موناقەشەمان لەسەر ئەوە كردووەكە بۆ ئەم بڕە زیاد ئەكات، كە بە ڕێژەی 15٪ زیادی كردووە، ئەوانیش ڕوونكردنەوەی خۆیان خستۆتە پێش چاو بەوەی كە لە ڕاپۆرتەكە هاتووە، كە باس لە تەعین كردنی 17 هەزار كەسی نوێ ئەكات، پێدانی دەرماڵەی زیاتر بەهەندێك پیشەو میهنەی تر، هەندێك پێشنیاری تر كە لەناو لیژنەكانەوە هاتووە، هەموو ئەوانە كاریگەری ئەبێ لەسەر زیاد بوونی ڕێژەی تەعویزاتی موەزەفین، لەبەر ئەوە من تكا كارم، كاتێ كە پرسیار ئاراستە دەكرێت، یان ڕەخنە ئاراستە دەكرێت، بە ئیهانەوە نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حاجی بیلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان (بیلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ دەست خۆشیم بۆ لیژنەی دارایی بەڕاستی ماندوو بوون، هیچ ڕاپۆرتێكیش بێ كەم و كورتی نابێ، بەتایبەتی ڕاپۆرتێكی وا موفەسەل، بەس من پێمwایە نابێ ئەوان ئەوەندە زوو نارەحەت بن لەوەی كە ڕەخنەیەكیان لێ دەگیرێ، ئەوانەیە ئەو ڕەخنە گرتنە یان ئەو پرسیار كردنە بۆ ڕوونكردنەوەی زیاتربێ، لەبەر ئەوە من داوایان لێ دەكەم جارێكی تر ئەوەندە زوو عەسەبی نەبن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەزانی كاك حاجی، ڕەخنە ئاراستەی كێ دەكرێ هەقی هەیە وەڵام بداتەوە، كاك د.احمد مولاحەزەیەكت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو مولاحەزەم هەبوو، یەكیان، بەڕێز وەزیری دارایی باسی لە حیسابی خیتامی كرد، ئەگەر ئیجازەم بدەی، نیزامیە، حیسابی خیتامی بەپێی قانونی (الادارە المالیە والدین العام) ئەبێ تا 4/15 ئامادە بكرێ، هی 2011یە، خۆ هی 2012 نیە، بەڵام بەڕێزیان باسی لەوە كرد كە هی 4/30 ئامادەكراوە، باسی مانگی شەشی كرد، ئەمە یەك، دەربارەی ڕاپۆرتەكەی لیژنەی داراییش، بەڕێز د.ئاراس كە فەرمووی ڕاپۆرتی هەموو لیژنەكانە، تەبعەن ئەم ڕاپۆرتە دوو بەشە، بەپێی ماددەی (82)ئەم ڕاپۆرتە ڕاپۆرتی لیژنەی داراییە، چونكە باس لەوە دەكات كە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی دابەشی سەر ئەندامان دەكرێت، بەشێوەیەكی گشتی قسە لەسەر ڕاپۆرتەكە دەكرێت، دوو بەشە ڕاپۆرتەكە، بەشی یەكەم، ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابوورییە، ڕاو بۆچوونەكانی خۆیانە، بەشی دووەم، ڕاو بۆچوونی لیژنەكانی دیكەی پەرلەمانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك خورشيد.

**بەڕێز خورشيد احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی ليژنەی دارايی و ئابووری ڕاستە دوو بەشە، بەشێكی لەليژنەی داراييەو بەشێكی ليجانە، ڕاپۆرتەكە بۆيە بە يەك ڕاپۆرت پێشكەش بە ئەندامان كراوە، ئەمە يەك، دوو، ئێمە بە هەموو نيەت پاكيەوە، بە هەموو ئيخلاسەوە، بەهەموو ويژدانەوە لەسەر ئەو بودجەيە دانيشتين ئەوەی پێمان كراوە لە ڕاپۆرتەكە تۆمارمان كردووە، بەبێ ئەوەی گوێ لەوە بگرين بۆچوونەكی سياسی يان بير كردنەوەيەكی ئەم لاو ئەولا، خوا لەسەر شاهێدە بە هەموو ميهەنيەت، بە هەموو ويژدان، بەهەموو دەست پاكی، ئەو ئيشەمان ئەنجام داوە، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی هيچ شتێك بكەين، ئێمە لەوە گلەييمان نيە برادەرێك ڕەخنەيەك بگريت، بەلأم كە شتێك لەناو ڕاپۆرت هاتبێت و ديار بێ و ئێمە ئاماژەمان پێيدابێ، ئەوجا برادەرێك بڵێت ليژنەی دارايی هەقە ئەمەی كردبا، ئاخر كردوويەتی يان نەت خوێندۆتەوە، يان حەز ناكەی وەكو پێويست شتەكە هەڵسەنگێنی و مافی بدەيێ، ئەمە ئەگەر يەعنی ڕەخنە گرتن و زەنگين كردنی ڕاپۆرت بە ڕاو بۆچوونی جياواز شتێكی زۆر ڕەوايە، مەقبولی دەكەين، ئامادەشين تەعامول لەگەڵ هەر ڕايەك بكەين، لەهەر برادەرێك بێت بەبێ جياوازی، لەهەر فراكسيۆنێك وله هەر لايەنێك بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزير.

**بەڕێز بايز تاڵەبانی/ وەزيری دارايی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم مەوزوعە باس دەكەم ئەگەر غەلەت بم، با ليژنەی دارايی ..، بەنيسبەتی ئەوەی حيساباتی خيتامی ئامادە دەكرێت، ئێمە لەهەموو ئەوەكان دوای ئەوەی وەزيری دارايی ئەو دەسەلأتەی هەيە كە تەحديدی بكات كەی لە وەزارەتەكان دێت، چونكە ئەوان لە 4/15 دەست بە ئامادەكردن دەكەن، كە دێت ئينجا ئەنێردرێت، لە لای ئێمە تەسفياتی لەسەر دەكرێت و دەنێردرێت، تا ئێستاش وايەو لەعيراقيش ئەوەهابووە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

پەيمان خان تۆ پرسيارت كرد ئەوان جوابيان داويەتيەوە، ئەو هەموو موداخەلەيە دوايی ناكرێ، رەجات لێ دەكەم، تۆ سوئالت كرد ئەويش جوابی دايتەوە، تۆ قسەت كردووە، دوايی بۆی بنێرە، مامۆستا فەرموو.

**بەڕێز فەرمان عزالدين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ديارە من قسەكانم ڕەنگە زياتر لايەنی پلان بگرێتەوە، پاشانيش دێينە سەر وردەكاريەكانی ناو ئەوەی پەيوەندی بە بودجە هەيە، خۆی ئەگەر پێناسەيەكی زانستيانە بكەين، وەگەڕخستنی كۆمەڵێك دەرامەتمان هەيە، دەرامەتە مرۆييەكان و دەرامەتە داراييەكانە، هەروەها دەرامەتە ماددييەكانە، بەلأم ئايا تاوەكو ئێستا

ئەو وەزارەتە بەڕێزە سەرکەوتوو بووە لە وەگەڕخستنی ئەودەرامەتانەی کە باسمان کرد بۆ بەرەو پێش چوونی ئابووری لەکوردستان، هەروەها دانانی ژێرخانێکی ئابووری پتەو بۆ ئەوەی کوردستانی پێ ببووژێنێتەوە، پاشان دەپرسین دەڵێین لەکوێی دونیا هەیە بودجەیەکمان هەبێ بەوقەبارە؟، وەزارەتێك کەچارەنووسی هەموو خەڵکی کوردستانی لەسەرە، کەپلانی ئیستیراتیجی نیە بۆ بەرەو پێش بردنی ئابووری لەکوردستان، ئەگەر لە کوردستان تەنها پێشکەوتن باڵەخانەبێ، من لێرە دەڵێم پێشکەوتن تەنها باڵەخانە نیە، لەبەر ئەوە دوو جۆرە پێشکەوتن هەیە، یەکیان ئاسۆیی، ئەوەی تریان ستوونی، ئەوەی کە لە کوردستان دەبێ لە بارەی دروست کردنی باڵەخانە، بەڕاستی ئەوەستوونیە، ئێمە پێویستیمان بەو پێشکەوتنە ئاسۆییە هەیە، کەئەو باڵەخانانە پان ببنەوە لەسەر زەوی ببن بە کێڵگە کشتوکاڵیەکان بۆ بووژانەوە، هەورەها ببن بە کارگە بۆ ئەوەی هەم هەلی کار بڕەخسێ بۆ ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، هەم خۆشمان پشت ببەستین بەو بەروبوومانەی کە بەخۆمان چ لە لایەنی کشتوکاڵی یان لە لایەنی پیشە سازی بەرهەمی دەهێنین، لەبەر ئەوەی ئێمە بەڕاستی هەموو، فاکتەرەکانمان، هەموو هۆکارەکانمان زۆر لەبارن، بۆ پێشکەوتنی کوردستان لە ڕێگەی پیشەسازی، نازانم لەبەرچی تاوەکو ئێستا، مەبەستم لە پیشەسازیە ستراتیژیەکانە، سۆندە دروست کردن و مەسینە دروست کردن نیە بەڕاستی، مەبەستم لێرە دامەزراندنی کارگەیە، ئەو کارگەی کە داهاتێکی زۆر بۆ کوردستان دەستەبەر دەکات، نازانم کاتی ئەوە هاتووە؟ یان نەهاتووە، 20 ساڵە فەرمانڕەوایی دەکەین، ئەوە بۆ 10 ساڵ دەچێ کە ڕژێمی عێراقی ڕۆیشتووە، بەلاّم تاوەکو ئێستا ئێمە بەدەست کورت هێنانەوە دەناڵێنین، ئێمە ئەو بڕە بودجەی کە دێتە دەستمان نازانین چۆن تەسەروفی پێوە بکەین، بەڕاستی ئەوە یەکێکە من بە کارەساتی دەزانم، ئەو وەزارەتە بەڕێزە نازانم کەی هەوڵی ئەوە دەدات ئاستی گشتی نرخەکان لەبازاڕەکانی کوردستان جێگیر بکات؟، ئەوەکێشە سەرەکیەکانی ئێمەیە کە تووشی هەلاّوسانی کردووین، ڕاستە ئەوە لەگەڵ وەزارەتی داراییە، دەبێ هەماهەنگ بن، بەلاّم پلانەکە دەبێ لە لایەن وەزارەتی پلان دانانەوە بێ، چۆن بتوانین ئاستی گشتی نرخەکان بپارێزرێن، بەتایبەی بەرامبەر بەو کالاّیانەی کەبنەڕەتین، ئێمە بەناوی بازاڕی ئازاد، بەڕاستی بازاڕەکانی کوردستانی کوشتووە، هەرچەندە مووچەو دەرماڵەی فەرمانبەران و کارمەندان بەرز دەبێتەوە، بازاڕ سێ بەقەد ئەوە بەرز دەبێتەوە، کێشەی ئێمە لەزیاد کردنی دەرماڵەنیە، کێشەی ئێمە بێ پلانیە، کێشەی ئێمە لەو ئاستەیە کە دەبێ لەئاستی ئەو نرخەکان جێگیر بکرێن، ئەوانەی کە پێیان دەگوترێ کالاّی بنەڕەتی، وەکوخواردەمەنیە سەرەکیەکان، بەلاّم کالاّ کەمالیەکان، هەرکەسێك ئازادە کە سەیارەیەکی زۆر جوان دەکڕێت، خانوویەکی زۆر جوان دروست دەکات، خاڵی ترمان، کەواتەئێستا تۆپەکە لە گۆڕەپانی وەزارەتی پلان داناندایە، پێویستە لەسەر پلان دانان، یاخود پلان دانان چ هەنگاوێکی ناوە بۆ ئەوانەی خوارەوە؟/یەکەم: کەم کردنەوەی بێکاری بە ڕێژەیەکی شیاو، بەڕێزان من لە کەم کردنەوەی بێکاری، مەبەستم نیە کە 25 هەزار پار دامەزراوەو ئەمساڵ 20 دادەمەزرێ و ساڵی ئاینده 16 دادەمەزرێ، مەبەستم کورسی و مێزی دانیشتن نیە، مەبەستم لە کەم کردنەوەی بێکاری، دۆزینەوی هەلی کارە بۆ هەموو تاکێکی ئەوکۆمەلگەیە بۆ ئەوەی داهاتی خۆی هەبێ،

مەبەستیشم لێرە زیاتر ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و بووژانەوەی ژێرخانی ئابووریە، خاڵێکی تر، ئایا ئەو وەزارەتە بەڕێزە کاری بۆ ئەوە کردووە، داهاتی تاکەکەس لە کوردستان بەرز بکاتەوە؟، یان بەس چاومان لەو بودجەیە بێ کە زۆر جار دەڵێ لەوسولفەیە بێ کە لە بەغدا بۆمان دێت، سێیەم/ئایا ئەو وەزارەتە بەڕێزە توانیویەتی بەجۆرێك لە جۆرەکان دادو یەکسانی لەنێوان ئەندامەکانی کۆمەڵگا دابین بکات؟، چوارەم/ یەکێك لە فاکتەرە هەرە گرنگەکان بۆ ئەنجامدانی پلان ڕەهەندی کارە، ئایا ئەو وەزارەتە بەرێزە ئەو هەموو پرۆژە پێشنیار کراوانە، ئەوهەموو پرۆژە بەردەوامانە چ جۆرە ئیجرائاتێك لەگەڵ ئەوانە دەکات کە پرۆژەیەك وەردەگرێت وکاتەکەی بەسەر دەبات و جێبەجێ ناکرێ؟، ڕەنگەلێرەو لەوێ ئەوبەڵێندەرو ئەوخاوەن کۆمپانیایانەی کە دەسەڵات و هێزیان نیە، یان بە شێوەیەکی تر بڵێین خەڵکیان لەدواوە نیە، ئەوانە سزا دراون، بەڵام ئەو کۆمپانینا زەبەلاحانەی کەبەڕاستی خەڵکەکیان لە دواوەیە، ئەسڵەن پارەکەش دەخۆن و دەڕۆن و پرۆژەکەش جێبەجێ ناکەن، بەڕاستی هیچ ئیجرائاتیان لەگەڵ نەکراوە، لەوانەیە لەکوردستانیش لەو جۆرە زۆر هەبێ، لێرە گوتمان بەڕاستی ڕەهەندی کارزۆر گرنگە، ئێستا ئەگەر کار بۆ ڕەهەندی کار نەکرێت، بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکان، لەداهاتوودا ئەو هەرێمەی ئێمەدەبێتە هەرێمی پرۆژە بەردەوامەکان، لەبەر ئەوەی کە پرۆژەکان لەکات و ساتی خۆیان جێبەجێ ناکرێن، بە بەردەوامی پرۆژەکان زیاد دەکەن، هەرێمێك دەبێ، دەبێ ناوی لێبنێین هەرێمی پرۆژە بەردەوامەکان، خاڵێکی ترمان هەیە، پرۆژە پێشنیار کراوەکان، کاتێ کە لە لایەنێکەوە کە پرۆژەیەك دەردەچێت، بەڕاستی کاتی بەسەردا دەڕوات و دیزاینی بۆ نەکراوە، کاتی دیاریکراو  هەیە تازە گوتمان، دەبێ لەکاتی دیاریکراو دیزاینی بۆ بکرێت، پاشان بکەوێتە بواری جێبەجێ کردن، هەر بەناوی دیزاین خاڵێکی تر هەیە کە زۆر گرنگە، کە بەڕێزانیش ئیشارەتیان پێیدا، مەسەلەی دیزاینە، بەڕێزان بەڕاستی مەسەلەی دیزاین ساڵانە دەیان ملیار دینارو دەیان ملیۆن دینار لەو هەرێمە بە هەدەر دەبا، من دەپرسم ئەو وەزارەتە بەڕێزەی پلان دانان کە لەگەڵ تواناسازی سەر بە وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێك فەرمانبەری ڕەوان کرد، هەندێکیان بەڕاستی شایەنی ڕەوانکردن نەبوون، لەبەر ئەوەی هیچ بنەمایەك نەبوو بۆ ڕەوان کردنەکە، لەبەر ئەوەی لەتواناسازی دەرچووبوون وەکو ئەوانەی خوێندنی باڵا، هەر بە جۆرێك لە جۆرەکان، بەجۆرێك ڕێکەوتن، بەجۆرێك دەتوانین بیخەینە قالبی ئەوەی بە ناسینیش ئەو خەڵکانە ڕەوان کران، بەڵام ئەو وەزارەتە بەڕێزە دەیتوانی لەڕێگای تواناسازیەوە کۆمەڵێك موهەندسی زۆر کارا ڕەوانەی دەرەوەی بکردبایە، دیزاینەر بن بێنەوە کوردستان، بەڵام نازانم ئەوە کراوە یان نا؟، ئەگەر کراوە جەنابی وەزیر وەڵامی ئەوەم بداتەوە، ئەگەر نەشکرایە پێشنیار دەکەین وەکو پرۆژەیەك، یاخود ئەو خەڵکانە ڕەوان بکەن، یاخود بە دەیان کۆمپانیا لە کوردستانە، یەکجار کۆمپانیایەك بانگ بکەن بۆ دیزاین، هەم دیزاینی کۆمەڵێك پرۆژەی پێ بکەن، کە لە پێشنیاری ساڵی بۆ نموونە 2011دا هەیە، هەروەها کۆمەڵێك لەو موهەندسانەی خۆماڵی فێرە کارەکەیان بکەن، تاوەکو ئێستا بۆ ئەوەی ئێمەش مەرکەزێکی نیشتیمانی و کوردستانی دابمەزرێنین بۆ دیزاین، دیارە دیسان مەسەلەکە هەر پلان دانانە، کاتێك پرۆژەیەك پێشنیار دەکرێت، لە لایەن وەزارەتی پلان دانانەوە جا لە شارۆچکەکان دێت، لە لادێکان دێت،

لەهەر جێگایەك دێت دێتە وەزارەتی پلان دانان، پاشان لە وەزارەتی پلان دانان بەپێی ئەولەویەت لێرە مەبەستم بەپێی ئەولەویەتە، بەپێی ئەولەویەت ئەو پڕۆژانە دابەش بکرێنەوە، بەسەر ئەو شارو شارۆچکانەی کە هەنە، من لێرە بەڕاستی کێشەیەك دەهێنمەوە، کە ڕەنگە لە ئیرادەی وەزارەتی پلان دانان دانەبێ، ئەویش کێشەی زەویە، ئایا کە ئێمە پڕۆژەیەك پێشنیار دەکەین بۆ بەشێك خزمەتگوزاری، پێشتر پێموایە دەبێ دیراسەی زۆر چاکی شوێنی پڕۆژەکە بکرێت، یەکەمجار پڕۆژەکە دەردەچێت، پاشان دێن بۆ شوێن دەگەڕێن، شوێن نیە بۆ جێبەجێ کردنی پڕۆژەکە، لەوەنموونەمان هەیە، یەکەم/ دروست کردنی یاریگا لە چۆمان، لەگەڵ ئەوبودجەی کە بۆی دانراوە، ئێستا بوویتە شوێنی ترای، شوفێرانی لێی فێر دەکەن، یەك کەسیش هاتو و چۆی ئەو یاریگایە ناکات بە مەبەستی وەرزش، دووەم/ ئەو سەنتەرە ڕۆشنبیریەی کە دانراوە لە شوێنێك لە قەزای مێرگەسۆر بەناوی شێخ سەیدا، ماوەی 18 مانگە تەواو بووە، تاوەکو ئێستا دەرگای ئەوسەنتەرە ڕۆشنبیریە نەکراوەتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو شوێنە هیچ خزمەتگوزاریەکی لێ نیە، لە مابەینی چوار گوند دروستیان کردووە، ئەوەی من زانیم هەر لەپێناوی ئەوەی زەویەکە قەرەبوو وەربگرێتەوە لەو شوێنە دروست کراوە، لەبەر ئەوە شوێنی دروست کردنی سەنتەری ڕۆشنبیری لەناو شار دروست دەکرێت، لە چۆلایەتیەك دروستیان کردووە، ئیتر بۆ قەرەبوو کردنەوەی زەوی، هی کێیە؟، نازانم، قسەم پێ قەتع مەکە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، قبوڵ ناکەم هیچ کەسێك قسەم پێ قەتع بکات....

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

عەزیزی من پەلەمانتار نابێ وا قسە بکات، قەیناکا بڵێ سەرۆکی پەرلەمان موقاتەعەم نەکەن، برای خۆم تۆ پەرلەمانتاری، مامۆستای، فەرموو.

**بەڕێز فەرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سێیەم/ دروست کردنی پەیمانگا لە چۆمان، لە پێناو ئەوەی کە زەوی نیە پەیمانگا جێبەجێ ناکرێت، بەڕاستی ئێمە هەر پڕۆژە جێبەجێ بکەین و نەکرێت، بەڕاستی ئەوە یەکێك لە کارەساتەکانە، بەڕاستی خاڵێکی تر، ئەوەی کە دەمەوێ باسی لەسەر بکەم، کێشەی بودجەیە، بودجەش بەو شێوە وردەکاریەی کە برادەران هەموو ئەوەیان کرد، بەڕاستی دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی هەر هەموویان، بەلاَم کێشەکە لێرە ئەوەیە، ئێمە دەڵێین کورت هێنان و ...، دوو دەستەواژە زۆر دووبارە دەکەینەوە، یەکەم/ کورت هێنان لەبودجە، یان بودجە درەنگ دەگات، ئایا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، تاوەکو ئێستا ئێمە هەوڵمان داوە هەم وەکو پەرلەمان و هەم وەکو ئەنجومەنی وەزیران، میکانیزمێك بدۆزرێتەوە بۆنەهێشتن و بن بڕ کردنی ئەو دوو ڕواڵەتە، کە بوەتە نەخۆشیەکی بەڕاستی هەمیشەیی لە هەرێمەکەمان بەتایبەتی لایەنی دارایی، بەڕاستی ئێمە هەموومان دەزانین بودجە خەملاندنە، کە ئێمە دەڵێین بودجە خەملاندنە بەمانای قەت و قەت پێش ساڵی دارایی کە هاتوو، ئێمە ژمارەیەکی دیاریکراومان نیە کە پشتی پێ ببەستین، لەبەر ئەوەی پێگەی یەکەمی بودجە خەملاندنیەتی، کەواتە دەکرێ ئێمە لە هەرێمی کوردستان ئێمەش بە خەملاندن کار بکەین، ئێمە لەهەرێمی

کوردستان بۆ پشت ببەستین بەو بودجەی کە تەفاسیلێکی دەقیق لە عیراقەوە بۆمان دێت بەژمارە، بۆ نموونە، بە هەزارو سەد، ئەو هەزارو سەدە دابەش دەکەین بە سەر سێکتەرەکان لە هەرێمی کوردستان، بەڕاستی من پێشنیار دەکەم توێژینەوەیەکی لەگەڵ بکرێت، لەسەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران و ئەو لیژنانەی کە لە پەرلەمان پەیوەستن، ئەو بودجە تەخمینیە من پێموایە زۆر ئاسانە تەخمین بکرێت، دیارە تەخمینیەش هەر بەو شێوەیەی خوارەوە دەکرێت، ئێمە لە کوردستان و لە عیراق، لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری ئەو داهاتانەی کەلە کوردستان عیراقدا هەیە، داهاتی نەوتە، ئەو داهاتە خۆجێییانە کە دێتەناو بودجە، بۆیە بەڕاستی من پێشنیار دەکەم ئێمە ئەگەر ئێستا لەعیراق 2012 ڕۆژانە دوو ملیۆن شەش سەد هەزار بەرمیل نەوت دەڕوات، بەپێی هەموو لێکدانەوەکانی وەزارەتی نەوتی عیراقی لە2013 دوو ملیۆن و هەشت سەد هەزار بەرمیل نەوت دەڕوات بۆ سێ ملیۆن، ئەگەر هەر بەرمیل نەوتێك ئەوان دەڵێن 85 دۆلار، ئێمە دایدەبەزێنین بۆ 80 دۆلار، یەکسەر دەتوانی ئێستا لە 17٪ی بودجەی عیراق، ئێمە بودجەی خۆمان هەبێ و کاری پێ بکەین، کەواتە بودجەکە لەسەر ئەو خەملاندنە بکەین، ئەگەر هاتوڕێژەکە زیادی کرد، دڵنیام ڕێژەکە کەم ناکات، لەبەر ئەوە دڵنیام توێژەرە نەوتیەکان و ئابووری ناسان لەسەر ئەو ئاستە، لەو باوەڕە دانین لە ساڵی 2013 نرخی بەرمیلی نەوت دابەزێ، کەواتە ئەگەر هاتو زیادی کرد، ئێمە دەبێ بەبودجەی تەواو کاری چارەسەری ئەوەش بکەین، خاڵی دووەم/ ڕەنگە بەڕاستی ئەوەیان کۆمەڵێك قسەی زیاد هەڵبگرێت، فکرێکە نازانم نامۆیە یان نا، لەبەر ئەوە بەڕاستی تەمەنی پەرلەمانتاریم کەمترە لەوانەی کە دانیشتوون، نازانم ئەوە باس کرایە یان وترایە؟، ئەوە ئاگادار نیمە بەڕاستی، ئەگەر هاتو ئەو یەکەمان پێ ئەنجام نەدرا، تەخمینی فرۆشتنی نەوت لەسەر ئەساسی حکومەتی عیراقی، ئەوەی دووەم دەگرینە بەر، ئەوەی دووەم: بریتیە لە ئێمە دەکرێ، ئێمە کێشەمان زۆر هەیە لەگەڵ ناوەند، ئەوەش یەکێك لە کێشەکان بێ، ساڵی دارایی هەرێم بگۆڕین، وای لێ بکەین بۆ نموونە، لە 21سەری ساڵی کوردی ببێتە 21 سەری ساڵی دارایی لەهەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی بودجە خەملێندراوە، باوەڕناکەم، ئەوە ڕەنگە کێشەبێ، بەلاّم دەکرێ لە ڕێگای گفتوگۆ وە چارەسەر بکرێ بۆ ئەوەی بودجەمان دوانەکەوێ ئەمە دەکرێ، بەڕاستی لە پەرلەمان ئەوە ئیقرار بکەین، پێشنیاری ئەوە دەکەم ئەوە باسی لەسەر بکرێ، ساڵی دارایی بگۆڕدرێت، بۆ ئەوەی چیتر بودجەمان دوا نەکەوێ، بەتایبەتی بودجەی وەبەرهێنان، تاوەکو ئێستا لە کوردستان شەش مانگە، با هەر شەش مانگیش نەمێنێت، داببێتە ساڵە تەواوەکە لە ڕێگای گۆڕانکاری، ئێستا بەڕاستی دەمەوێ هەندێك ئیشارەت بەو وردەکاریانە بدەم، کە هاوڕێیانیشم باسیان کرد بەڕاستی، من خۆشم مەبەستمە باسیان بکەم، بزانم ئەو 115 ملیار دینارەی کەدنراوە بۆ ڕێکخراوی زانستی و کۆمەلاّیەتیەکان، ئەو ڕێکخراوە زانستی و کۆمەلاّیەتیە کامانەن؟، من پێشنیاری ئەوەش دەکەم ئەو 115 ملیۆن دینارەی کە دانراوە، بەڕاستی 100ملیاری دابندرێت بۆ نۆژەن کردنەوەی ئەو هەردوو نەخۆشخانەی کە لە هەولێردا هەیە، لەبەر ئەوەی یەکێك لە ژێرخانەکانی پتەو بوونی ئابووری و گەشەدان تەندروستیە، ئەو نەخۆشخانانەی کەلە هەولێرن بەڕاستی هی ئەوە نین کە ئێستا هیچ نەخۆشێك چارەسەری لێ بکرێت، یان ئەگەر ئەو نەخۆشخانە دانرابێ بۆ پڕۆژەیەکی کەرتی تایبەت لە

موستەقبەلدا ئەوە ئیحتیمالی دووەمە، ئەگەر ناشکرێ ئەو 115 ملیار دینارە بۆ نەخۆشخانەکە، بەو پارەیە دەکەم 65 قوتابخانەی 18 پۆلی لێ دروست دەکرێت، پێشنیار دەکەم ئەو 65 قوتابخانەیە دروست بکرێت، باشترە ئەو پارەیە بدرێت بەو رێکخراوانەی کەس نازانێ کێن، خاڵێکی تر کە جێگای سەرنجە، ئەوەیە کە هەر وەزارەتێك بەڕاستی کاتێك دەستنیشانی بودجەی فەرمانبەران دەکات ئەوانەی سەوابتیان پێ دەگوترێ، بریتیە لە بودجەی فەرمانبەرانی ساڵی پێشوو، فەرمانبەرانی هاتو، لەگەڵ ئەو دەرماڵانەی کە زیاد دەکرێت، ئەمە بڕیاری پەرلەمانە بەپێی رێنمایی تاوەکو دوایی، بەلاّم ئەوەی لەبەر دەستم دایە بەڕاستی وەزارەت تەخمینێکی کردووە، بەلاّم نیوەی کارەکە گەڕاوەتەوە بۆ وەزارەتە کە لە لایەن وەزارەتی دارایی بەڕاستی بڕاوە، بەڕاستی ئەوە کارەساتە، یەعنی وەزارەت دووقاتی خۆی پارە تەخمین بکات بۆ وەزارەتی دارایی، وەزارەتی دارایش بیبڕێت و بیگەڕێنێتەوە بۆ وەزارەتەکەی، بۆ نموونە، من تەنها دوو نموونە دەهێنمەوە چونکە زۆرە، بەلاّم من دوو نموونە دەهێنمەوە، وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوە ئاوییەکان، داوای پەنجاو پێنج ملیار و سێ سەدو بیست و نۆ ملیاری کردووە، بەلاّم وەزارەتی دارایی کەمی کردۆتەوە بۆ پێنج سەدو هەشتاو دوو ملیۆن و سەدو هەشتاو شەش هەزار دینار، هی دووەمیان، چاودێری دارایی، چاودێری دارایش بە مەرتەبەی وەزیرە، دیوانی چاودێری دارایی داوای هەشت ملیارو سێ سەدو شانزە ملیۆن دیناری کردووە، بەلاّم وەزارەتی دارایی کەمی کردۆتەوە بۆ شەش سەدو چل و یەك ملیۆن دینار، نازانم کێ بەرپرسە لەو جۆرە تەخمینە؟، باشە کاتی ئەوە نەهاتووە بەڕاستی لێپرسینەوە لەگەڵ ئەو جۆرە وەزارەت و پلان دانانە لەخودی وەزارەتەکان بکرێت؟، لێرە مەبەستم وەزارەتی پلان دانان نیە خودی وەزارەتەکانە، لە خاڵێکی تر کە جێگای سەرنجە بەڕاستی، خزمەتی تۆڕی زانیاری، بەڕاستی ئەوەهاتووە خزمەتی تۆڕی زانیاری بە بڕی چواردە ملیۆن و سەدو بیست و دوو ملیۆن دینار تەرخان کراوە، باشە تۆڕی زانیاری لەگەڵ ئەوەش لەهەر وەزارەتێك لەوەزارەتەکان، دیسان بودجە تەخمین کراوەتەوە، بۆ نموونە وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن نۆ ملیۆن دینار و نۆسەدو شەست و پێنج ملیۆن دیناری بۆ تەخسیس کراوەتەوە، جارێ پرسیارەکە لێرە ئەوەیە ئایا بۆ خزمەتی ئەنتەرنێتە ئەو تۆڕی زانیاریە؟، هەموو وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی کوردستان بەیەکەوە ببەستێتەوە، هەرێمەکەمان ببێت بە هەرێمێکی ئەلیکترۆنی، ئەو خەرجیە زۆرە دابین کراوە بەڕاستی، نموونەی ترمان لەسەر ئەوە وەزارەتی ئاوەدانکرنەوە 60ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە، وەزارەتی پەروەردە 565ی بۆتەرخان کراوە، هەروەها وەزارەتی گواستنەوەشمان کرد نۆملیارو نۆسەدو شەست و پێنج ملیۆنی بۆ تەرخانکراوە، خاڵی تر، دەربارەی بەخشینەکان پار ساڵ نەوەت ملیاری بۆ تەخسیس کراوە بۆ بەخشین، دەستەی وەبەرهێنان دیارە هیچ پەیوەندی بە بەخشینەوە نیە، لە ساڵی 2011 بۆ 2012 دیسان 140 ملیاری دیکەی بۆ تەرخان کراوەتەوە، بەڕاستی من پێشنیار دەکەم دووبارە، 140 ملیارەکە دەمێنێ دووبارە، بەلاّم ئەو 100 ملیارە دووبارە پێشنیاری دەکەمەوە بۆ هەردوو نەخۆشخانەی هەولێر تەخسیس بکرێ، کۆمەڵێك تێبینی و وردەکاری ترم هەیە، ئەگەر بە سینگێکی فرەوان لێمان قەبوڵ بکەن، هەر تێبینیەك هاتووە لەسەر بودجە، ئێمە نازانین بەڕێز وەزیری دارایی چ پڕۆژەمان هەیە بەناوی پڕۆژەی ڕۆڵی یاسا، کە

مەبلەغی هەشت سەدو نەوەت ملیۆن دیناری بۆ تەخسیس کراوە، دیارە خاڵێ ترمان هەیە بەڕاستی هاتووە دروست کردنی دەروازەی خانەی میوانان لە ڕێگای 100 مەتری، بە گوژمەی هەشت سەدوشەست و پێنج ملیار دینار لەسەر وەزارەتی دارایی، ببوورن ئەگەر ئەوە غەڵەت بێ لەمابەینی ملیارو ملیۆن، ئەمە ڕوونکردنەوە نیە هەر ئەوەی تیایە، ملیار نیە ملیۆنە هی ڕۆڵی یاسا، خاڵی ترم هەیە لەگەڵ بوونی لەشکرێك لە ڕاوێژکارو شارەزا لە هەرێمی کوردستاندا کە ژمارەیان لە 450 ڕاوێژکار خۆی دەبینێتەوە، ئێمە دەبینین لەهەرێمی کوردستان ڕاوێژکار بەڕاستی بەکرێ دەگرین، بەڵام مەبلەغەکەشی زۆرە بایی یەك ملیار و سەدو بیست و دوو ملیۆن دینار، کە ئەمساڵیش پێنج ملیارو چل و چوار ملیۆن دیناری بۆ تەخسیس کراوە، لەگەڵ ئەوەی ڕاوێژکاری بۆ لایەنی دارایی و ئابووری و یاسایی زیاتر لە دوو ملیارو نیو دیناری بۆ تەرخان کراوە، خاڵی ترمان هەیە، گەیاندنی کارەبا بۆ خانووی ئیتالی، زۆربەی زۆری ئەوبەڕێزانەی لەخانووی ئیتالی دان کارەبایەکەی زۆر ساغ و سەلامەتە، بودجەی بۆ تەخسیس کراوە، لێرە پرسیارێکمان هەیە دەربارەی وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی پێشمەرگە یەکێك لە پرۆژە بەردەوامەکانی بەنزینخانەیەکە لە دارە شەکران، ئەو بەنزینخانەیە لەدارەشەکران هی وەزارەتی پێشمەرگەیە، بەڕاستی ڕوون نەکراوەتەوە ئایا وەزارەتی پێشمەرگە، چونکە ئێمە دەزانین کە شارۆچکەیەکی یان گوندێکی وەکو دارەشەکران، ئەگەر بەنزینخانەك دابندرێت ئەو بەنزینخانە دەبێ کەرتی تایبەت بێ، ئەگەر کەرتی تایبەتە بەڕاستی نابێ وەزارەتی پێشمەرگە، ناکرێ ئەوبەنزینە...، ئەگەر هی خۆشیەتی دەبوایە ڕوون بکرابایەوە بۆ ئەوەی هەم سەر لە پەرلەمانتاران نەشێوێندرێت، جێگای خۆشی بگرتبا، دەبوایە وەزارەتی پێشمەرگە لەو شێوێنە بەنزینخانەك دابمەزرێنێ ئەگەر یەکە سەربازیەکانی لەو دەورە بلاّو ببنەوە، بەڵام دانانی بەنزینخانەیەك لە ناوەندی گوندی زرارەتی بەڕاستی ئەوەجێگای پرسیار کردنە، دیسان هاتووە لە پرۆژە پێشنیار کراوەکان، یەکەی 104 دیسان وەزارەتی پێشمەرگە، فەوجی دوو یەکەی 104، فەوجی سێ یەکەی 114، فەوجی سێ یەکەی 116، یەك ملیارو نەوەت و شەش ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، بەڵام بەرامبەری نەنوسراوە ئەم تەرخان کراوە بۆ چ مەبەستێکە، بەڕێزان مەبلەغەکەی گەلەك زۆرە، دەبێ تەفاسیلەکەی بەرامبەر بنووسرێ، دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی دەکەم کە پێشنیارێکیان داوا دەکات بیمەی بێکاری ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتیش بگرێتەوە، جێگای دەست خۆشیە، بەڵام ئێمەش پێشنیار دەکەین ئاوارە لەهەرێمی کوردستان تەنها کوردانی ڕۆژهەڵات نین، بەڵکو کەمپی مەخمورو هەروەها ڕۆژئاواش بگرێتەوە، داوا لە وەزیری داراییش دەکەین کە بۆ ماوەی شەش مانگە مامۆستایانی کەمپی مەخموور مووچەیان وەرنەگرتووە، مامۆستانە، فەرقی مووچەکەشیان پێ بدەن، خاڵی ترمان هەیە، لەسەر پێوەری زیرەك بۆ کارەبا، شەش ملیاری بۆ تەخسیس کراوە، ئەگەر ئەو پێوەرە زیرەکەی کە لە پرۆژەکە هاتووە وەك ئەو پێوەرە زیرەکەیە، کە لە گەڕەکی بەختیاری لە هەولێر دانراوە، بەڕاستی لە ئێستاوە نەیکەن باشترە، چونکە ئەوەی گەڕەکی بەختیاری فاشل بوو، بەڵام ئەگەر لەسەر ئەساسەکی ستانداردی جیهانی یان مونافەسەك لەنێوان کۆمەڵێك کۆمپانیا کە باشترین خزمەتگوزاری لەو بوارە پێشکەش بکەن، ئێمە لەگەڵ دانانی پێوەری زیرەکین بۆ بەهەدەر نەدانی سامانی کارەبا لە کوردستان،

خاڵی ترمان هەیە، پڕۆژەی کەرتی تایبەت لە پڕۆژەی وەبەرهێنانە ئەوە دیارە بەپێی یاسا ئەوە وایە، بەڵام گەیاندنی خزمەتگوزاری لەسەر دەوڵەت پێویستە تا کەناری پڕۆژەکە ببات، نەوەك بچێت کۆمەڵێك پڕۆژە لەناو پڕۆژە وەبەرهێنانەکەدا بکات، لە ئەنجامی سەردانی کردنێکی مەیدانی بۆ سێ شوێنم وەرگرتووە، یەکێکیان ناوچە دابڕاوەکانە، یەکێکیان چۆمانە، ئەوەی تریان مەخموورە، پێشم خۆشە بەڕاستی وەك ئەوەی لەویێ هەیە بیزانی، سەرەتا دەست خۆشی لەکاك اسماعیل دەکەم کە دوێنێ باسی کرد، ئەو پڕۆژانەی چۆمانە سەرەتا مەبەستم، ئەو پڕۆژانەی کە لە چۆمان دروست کراون بەڕاستی تاوەکو ئێستا ئەو پڕۆژانە ئامانجی خۆیان نەپێکایە، بەڵکو پڕۆژەکان هەر هەموویان بەخراپی جێبەجێ کراون، لەکاتی ئێستاش کە لە بواری جێبەجێ کردنن پڕۆژەکان ئەمانەن، یەکەم/ ڕێگای قەسرێ –گۆجار، بەڕاستی ئەوە ڕێگایەکی زۆر گرنگە، هێشتا سێ سەیارەی بەسەردانە چووە ڕێگایەکە هەڵوەشاوەتەوە، بە پینە کردن دەیانەوێ ئەو ڕێگایە چاك بکەنەوە، دوای بەدواداچوون و قسە کردن لەگەڵ ئەندازیاری پڕۆژەکە لەگەڵ خەڵکانی شارەزا لە ڕێگاو بان، فەرموویان ئەو ڤیرەی کە هاتووە بۆ ئەو شوێنە پێیدا بکرێت هی 13 کیلۆمەتر نەبووە، بەڵکو هی چوار کیلۆمەتر بووە، بۆیە ئێستا ڕێگایەکە هەمووی تێکچووە، هەقە پەرلەمانی بەڕێز بەدواداچوون بۆ ئەو پڕۆژانە بکات، بەڕاستی لیژنەیەکی زۆر بێ لایەنە بەڕاستی ئەوە بە هەدەردانی سەروەت و سامانی ئەو خەڵکەیە، ئەو پڕۆژانەش وەکو پێویست ناگەنە دەستی ئەو خەڵکانە، دووەمیان، ئەو پڕۆژەیەی کەهەیە ئێستا لە چۆمان و حاجی ئۆمەران پڕۆژەکە زۆر بە سستی دەڕوات، پێویستە خێراتر بکرێت، ئەو یاریگایەی کە لەچۆمان دروست کراوە، بەڕاستی یاریگایەکە بە کەڵکی هیچ نایەت، چوارەم، پڕۆژەی ئاوی خواردنەوە، هەر خەڵکەکان لەوێندەرەوە لە دەزگا ڕەسمیەکان، لە خەڵکی سەر جادە، لایەنە پەیوەندیدارەکان هەموویان تەئکیدیان لەوە کردەوە، هەر دوو ڕۆژ جارەك هەر سێ ڕۆژ جارەك بەڵکو هەفتەی دووجار سێجار ئەو ئاوە بۆڕیەکانی دەتەقێ، دیارە ئەوەش پێویستی بەچارەسەر کردنە لەبەر ئەوەی ئەوە ئاوی خواردنەوەیە، لەسەردانێکی مەیدانی بۆ قەزای کفری لەگەڵ هاوکارانمان لە پەرلەمان، بەڕاستی پێشەکی دەمەوێ دەست خۆشی لەئەڤین خان بکەم، دوێنێ باسی لەوئێش و ئازارە کرد کە خەڵکی کفری بەدەستیەوە دەناڵێنن، باسی لەنوێ کردنەوەی قەیسەریە کۆنەکەی کفری کرد، ئەگەر پەڕاوەکانی مێژوو هەڵبدەینەوە لە زۆر کۆنەوە باسی ئەو قەیسەریەی کفری کراوە، بەڕاستی لە جیاتی ئەوەی پارە تەرخان بکرێت بۆ ڕێکخراوی لا بەلا، بەڕاستی بچن ئەو شوێنەوارانە لە کوردستان نوێ بکەنەوە، کە سەروەت و سامانی نەوەکانی داهاتوومانە، بەنداوێکمان هەیە لە کفری، خۆشبەختانە بەنداوێك دروست کراوە لە کفری، بەنداوی شاسوار گوژمەکەی هەشت ملیارو نۆسەد ملیۆن دینارە، وەکو پێویست سوودی لێ وەرنەگیراوە، بەنداو کە دروست دەکرێت دەبێ ئامانج لە بەنداو هەبێ، یان بۆ کارەبایە، یان بۆ ئاودێرییە، یان بۆ گەشت و گوزارە، نازانم ئەگەر هیچ کێشەیەك هەبێ بەڕێزان پێم بڵێن ئەوە باشترە، بەڵام من لە ڕووی ئابووری و بووژانەوەی ناوچەکە دەڵێم ئەو سێیە گرنگە، لە پڕۆژە دروست کردن لە کفری، یەکەمیان، پڕۆژەکە دروست کراوە لە مەرکەزی کفریەوە ڕەنگە سێ کیلۆمەتر ببێ، سێ ساڵە ئەو پڕۆژە

ئەنجام دراوە جادەکەی ئەسفەلتەو قیر نەکراوە، تاوەکو ئێستا ڕێگایەکی خاکیە، خاڵی تـر دەکـرێ بەڕاسـتی، لە ڕێگای وەزارەتی پلان دانانـەوە ئـەو گەرمیانـە کـاکی بـە کاکیـەی وشـکە سـاڵی بـەردەوام ڕووی تێـدەکات، پرۆژەیەکی ئاودێری ڕێك و پێك دابنێنن، بتوانن سەدان بەڵکو هەزاران دۆنم زەوی لەو زەویە بەراو بکـەن، هـەروەها هـەلی کـار بدۆزنـەوە بـۆ خەڵکەکـە، ناوچـەکەش لـە ڕووی ئابووریـەوە ببووژێتـەوە، خـاڵێکی تـری گرنگ هەیە کە دەمەوێ ئیشارەتی پێ بدەم، لەسەر شیرینی نەوت دووسەد ملیـۆن دۆلار تەخسـیس کـرا بـۆ گەرمیان، لە زمنی دووسەد ملیۆنەکە دوو پرۆژە کرا، دوو پرۆژەی ڕێگـاو بـان بـوون، یـەکیان پـرۆژەی سـەر قەلا، هەزار کانی تاکو خان، ئەوەی تریان کفری سەنگاو سلێمانی، بەڕاستی ئەو دوو پـرۆژە ئـەنجام نـەدراوە لە کابینەی پێنجەوە بودجەی بۆ دەرچووە، ئەوەش بەڕاستی پێویسـتی بـە وەڵامدانـەوە هەیـە، چـونکە بـە تەواو کردنی ئـەو دوو ڕێگایـە، زۆربـەی زۆری گونـدەکانی گـەرمیان بەیەکـەوە دەبەسـتێتەوە، کـە ژمارەیـان ڕەنگـە 100 گونـد بکـات، خـاڵی تـر بەڕاسـتی مـن دێمـە سـەر مـەخموور، ئەگـەر ئێمـە بمانـەوێ ناوچـە دابڕاوەکان ئەو ناوچە دابراوانە بەڕاستی ناوچەی دابڕاون لە ئێمە دابڕاون، دەبێ لەوە زیاتر گرینگیـان پـێ بدەین، قەت نابێ ناوچەیەك من بە مافی خۆمی بزانم، کە بەشێکە لە من، بەڕاستی بەو شێوەیە فەرامۆش بکرێت، شارۆچکەی مەخموور کە زیاتر لە خـاوەنی سـەدان شـەهیدە ئـاو نیـە بخۆنـەوە، شارۆچکەیەك بـەو شـێوەیە بـێ چۆن؟، ئـاوی خواردنـەوە نـەبێ بخۆنـەوە؟، لەبـەر ئـەوە دوو سەرچـاوەی ئـاوی خواردنـەوە لـە شارۆچکەی مەخموور هەیە، ئاوی گوێڕ کە تێکەڵە لەگەڵ پاشەڕۆی شاری هەولێرەوە، دووەمیان ئاوی گاورە، ئـاوی گـاورە بـەپێی توێژینـەوەکان دوو مـاددەی کلس و ئاسـنی زۆرە کەواتـە بەکـەڵکی خواردنـەوە نایـەت، خەڵکی مەخموور بەڕاستی ئاو نیە بخۆنەوە، خاڵی دووەم، تاکـەی پرۆژەیـەك دادەنـدرێت بـۆ بـەراو کردنـی ئەو دەشتە دیسان کاکی بە کاکیەی کەندێناوە و زورگە زراو، بۆ ئەوەی بتوانن بەڕاستی ببێتە یەکێك لە بە پیت ترین شوێنەکانی عیراق و لە ناوچەکە، بەڕاستی ئەگەر زێدە ڕۆیـی نەکـەین بڵـێین لـەجیهانیش، پـاش دەشـتی شـارەزوور، بـەو شـێوەیە بمێنێتـەو لەبـەر ئـەوەی وشـکە سـاڵی بـەخۆمان دەزانـین چ دەبـێ، بـەڕێز سەرۆکی هەرێم کاتێك کـە سـەردانی ئـەو شارۆچکەیەی کـردووە بـەڵێنی ئـەوەی پێـداون، هـەروەها لەگـەڵ دروسـت کردنـی سـێ پشـدێنەی سـەوزایی لـە دەوری شـاری مـەخموور، بـۆ ئـەوەی پارێزگـاری لـە ژینگـەی مەخموور بکرێ، نـازانم تـا چ ڕادەیـەك وەزارەتـی دارایـی، پـلان دانـان ئاگایـان لـەوە نـەبووە، تـا چ ڕادەیـەك دەچــێتە بــواری جێبــەجێ کــردن، دەربــارەی خزمــەتگوزاری تەندروســتی دیســان هــەر لەمــەخموور، نەخۆشخانەکی لێ دروست کراوە لە لایەن ڕێکخراوێکی خێرخوازی بێگانە، ئەو نەخۆشخانەیە تاوەکو ئێستا بەس لەکاتی کردنەوە دکتۆرەکان چوون، کـەل و پـەلیان بـرد، لـە بەرامبـەر تەلـەفزیۆن تەسـویر کـرا، هـەر ئێستا لیژنەیەك بنێرە خەستەخانەکە چۆڵە، یەك کارمەندنیشی لێ نیە، دەرگای قـەپات کـراوە، دووەمیـان، خێرخوازێك لە سلێمانیەوە هاتووە نەخۆشخانەیەك لە مەخموور دروست دەکـات، دیـارە کـە لـە تەلـەفزیۆن باس کراوە، زۆر زگی بە خەڵکی ئەودەڤەرە سووتاوە، ئەو خەستەخانەیان بۆ دروسـت دەکـات، جـا پێویسـتە ئەو خەستەخانەیەی کە ئێستا ئامادەیە بەڕاستی هەر بە زووترین کات کەل و پەلی بۆ دابین بکرێ، لەگەڵ

پزیشـك و كارمەنـدان ئـەو خەسـتەخانەیە پێویسـتیەتی ناوچـەكەیە، بۆیـە بۆیـان جێبـەجێ بكرێـت، پێشنیارەكان، دیارە ئێمە ساڵانە وەكو هاوكارم پەیمان خـان ئیشارەتی پێیـدا، ئێمـە لـە وەزارەتـی پـەروەردە ساڵانە بەدەیان ملیـۆن دۆلار دەدەینـە چـاپ كردنـی پەرتووكـەكانی قوتابخانـە، داوا دەكـەین بەڕاسـتی چـاپ خانەیـەكی زۆر زۆر سـەردەمیانەو پێشـكەوتوو لـە پایتـەختی هـەرێم بكرێتـەوە، هـەم بـۆ چـاپ كردنـی پەرتووكەكانی قوتابخانەكان، هەم وەكو پرۆژەیـەكی وەبـەرهێنان بـۆ وەزارەتـی پـەروەردەو دام و دەزگاكـانی تر، خاڵی دووەم، زانكۆی سەلاحەدین دوو بیست و پێنج ملیاری بۆ تەرخانكراوە، یەكیان لە لایەن وەزارەتی داراییەوە كەمپی زانكۆ هەتاوەكو ئێستا نەچۆتە بواری جێبەجێ كردنـەوە، ئـەوەی لامانـە بیسـت و پێنجی دیكە هەیـە، ئەوبسـت و پێـنج ملیۆنـەی دووەم، كەتـەرخانكراوە داوا دەكـەم تـەنها و تـەنها بـەس بـۆ بەشـە ناوخۆییەكان بێ، بەڕاستی ئەوەی زیارەتێك و سەردانێكی مەیدانی ئەوخوێندكارو جگەر گۆشـانەی خۆمـان بكات لەبەشەناوخۆییەكان گریانی بۆ دێن، دەبێ تازیەیان بۆ دابنێ بەڕاستی، نازانم تـاوەكو چ كاتێـك، كـەی كاتی ئەوە هاتووە باسی هەموو شتێك دەكەین لە ڕووی پێشكەوتنەوە، خوێندكارەكانمانیش بەو شێوەیە لـە بەشـە ناوخۆییـەكان بـن، بۆیـە پێشـنیار دەكـەم ئـەو بیسـت و پێـنج ملیـارە تـەرخان بكرێـت بـۆ بەشـە ناوخۆییەكان، خاڵی ترم، هاوڕام لەگەڵ كاك د.سەروەر بەڕاستی، بودجەیەكمان داناوە لە هەرێمی كوردستان بـە گوژمـەی 13 ترلیـۆن، یـەك دینـاری تەخسـیس نـەكراوە بـۆ توێژینـەوەی زانسـتی، ئەگـەر بـاس لـەو توێژینەوەی زانستیە دەكرێ كە لە زمنی تواناسازیە، مەبەستم ئەوەنیە، لەو كوردستـانە بەڕێـژەی خۆمـان پێویستیمان هەیـە بـەدانانی مەركـەزێكی زۆر گـرنگ بـۆ توێژینـەوەی زانستی، لەبـەر ئـەوەی توێژینـەوەی زانسـتی ئـەم كارانـەمان بـۆ ئاسـان دەكـات، یەكـەمیان، چارەسـەركردنی كێشـەی بێكـاری، چارەسـەركردنی ئابووری، ئاو، ئاوەڕۆكان ئێستا، ئەگەر توێژینەوەی زانستیمان هەیە؟، ئێمـە خـەڵكی ئەوهـەولێرەین سـەدان ملیۆن دۆلار تەخسیس كرا بۆ ئاوەڕۆی شاری هەولێر، هـەتاوەكو ئێسـتا وەكـو پێویسـت نیـە، ئـەوە دووبـارە تەخسیسـاتی نـوێ بـۆ ئـاوەڕۆی هـەولێر، لەبـەر ئـەوەی توێژینـەوەی زانسـتی نـەكراوە، لەبـەر ئـەوەی بـە میزاجی چەند موهەندسێك و چەند كەسێك كـراوە، ئێـرە هەڵكۆڵـەو وای لێ بكـەو سـندوق دابنـێ و سـەبی بكەو پارەی لێ سـەرف بكـە، بـەڵام ئەگـەر بـە توێژینـەوەی زانسـتی بـێ لایـەنی بەرپرسـیار، لایـەنی ئـەوەی كەشكست دەهێنی ئەو پرۆژەیە دەبێ دیاری بكرێـت، كـام لـە پرۆژەكـانی ئێمـە كـە شكسـتی هێنـاوە لایـەنی بەرپرسـیاری تێـدا دیـاری كـراوە، ئەمـەش یـەكێك لـە كێشـەكانمانە، دەبـێ لایـەنی بەرپرسـیار لـە هـەموو پرۆژەكان دیاری بكرێت، ئەگەر چاكی كرد با پاداشت بكرێ، ئەگەرهاتو كەم و كوڕی لـە پرۆژەكـەدا هـەبوو دەبێ لێپێچینەوە بكرێ و هەتابگاتە ڕادەی سزادانیش، وەكـو بـرادەران زۆر باسـیان كـرد لیژنـەی پـەروەردە بەتایبـەتی دووبـارە داوای 100 ملیارەكـە دەكەینـەوە، بـۆ هەڵمـەتی دروسـت كردنـی قوتابخانـە، قسـەو پێشنیاری ئەخیرم ئەگەر هیچم نەمابێ لەو وەرەقانە، دیسان لە زیارەتێكی مەیدانیمان لەگەڵ بەڕێزان هەر هـەموو ئەنـدامانی لیژنـەی پـەروەردە بـۆ دەڤـەری ڕانیـە، ئێمـە كـە پرۆژەیـەك دەكەینـەوە لەلایەنـە پەروەردەییەكە باس دەكەم، كەم و كوڕیەكە زیاتر لە لایەنە پەروەردەییەكەیـە، پاشـان دێینـە سـەر لایـەنی

پـلان و تـەرخان كردنـی بودجەكە، ئێمـە پـەیمانگا لـە پێنـاو پـەیمانگا نەكەینـەوە، كۆلێـژ لـە پێنـاو كۆلێـژ نەكەینەوە پێمان بڵێن ئەوەندە كۆلیژەو ئەوەندە زانكۆیەتان هەیە، ئێمە بەپێی پێداویستی ناوچەكە دەبێ كۆلیژ و پەیمانگا بكەینەوە، لەو ڕانیەی كە ئێمە هەموومان لە بۆنەو موناسـەبەكانی گشتی و تایبەتیـەكان بەدەروازەی ڕاپەڕینی دەزانین، سێ پەیمانگا هەیە خاوەن بینایەی خۆی نیە، بـەخۆی سـێ پـەیمانگای لێیـە، یەك لەو پەیمانگانە خاوەنی بینایەی خۆی نیە، پەیمانگای وەرزشی، كۆمپیوتەر، لەگەڵ هونـەرە جوانـەكان، بەڕاسـتی داوا دەكـەین هـەر بەلایـەنی كەمـەوە ئـەوە بخرێتـە بـەردەم....، هـیچ نـەبێ ئەوسـاڵە یـەكێك لەوپەیمانگایانـە بینایـەیان بـۆ پێشـنیار كرێـت و دەربچێت بگاتـە بـواری جێبـەجێ كـردن، ساڵی ئاینـدەش پەیمانگایـەكی تـر، لەبـەر ئـەوەی پـەیمانگا هەیـە لـە كۆنـە ئیسـتیخباراتەكەی ڕانیـە هەیـە، توخـوا كۆنـە ئیستیخباراتەكە شوێنی پەیمانگای هونەرە جوانەكانە؟، كە هـەمووی بریتیـە لـە مۆسـیقاو گـۆرانی و فـەنی تەشكیلی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شێرزاد فەرموو، كاك شێرزاد ببوورە جەنابی وەزیر وەڵامێكی هەیە فەرموو.

**بەڕێ علی سندی/ وەزیری پلان دانان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر ئەنـدام پرسـیاری ئاراسـتەی ئێمـە كـرد، لەبـەر ئـەوە پێویسـت دەكـات وەڵام بدەمـەوە، بـەڕێز سـەرۆكی پەرلەمان، بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان، بەڕێز سكرتێری پەرلەمان، بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان، مـن لە ئاخرین پرسیارەوە دەچمەوە، لە ئاخرین مولاحەزەی بەرێزیانـەوە، ئـەو دەڵێـت باڵەخانـەی ئیسـتیخبارات یان هەر چیەك كراوە بە مەعهەدی مۆسیقا، من تێبینیەكەبەهەقیقەت تێنەگەیشتم، دەبێ بكرێتەوە هەر بـە بینایەتی ئیستیخبارات، ئەوە باشە كە كراوە بە ئەوە، من ئەو هەقیقەتە تێنەگەیشتم، چونكە بـەڕێزیان وتـی ئەو بینایە هی ئیستیخبارات بوو، شوێنی تەعزیب بووە، ئێستا ئـەوە مۆسـیقای تێـدا لێـدەدرێت، نـازانم ئـەوە باشە یان خراپە؟، باشە تێگەیشتم، دووەم، سەبارەت بە هەندێك شت چونكە بەهەقیقـەت ئیحتیمالـە تۆزێـك زەحمەت بێ هەموو ئەو شتانە بە موفەسەلی وەڵام بدەمەوە چونكە درورو درێژ بوون، داوا لە بەڕێزیان دەكەم ئەو پڕۆژانەی كە ئاماژەی پێیدا، چ لە ڕێگاو جادەو بان و چ لە سەنتەری ڕۆشـنبیری، ئەوانـە ئەگـەر زەحمـەت نەبێ بە نووسراو بدات بە ئێمە، بۆ ئەوەی هەر لە هۆڵی پەرلـەمان وەڵامـی بدەینـەوە لـەكاتی وەڵامدانـەوەدا، خاڵێكی تر، سەبارەت بە مەوزوعی بێكاری و هـەژاری، چـونكە ئـەوە چـەندین جـارە بـاس دەكرێـت، بـەڕێزان مەوزوعی بێكاری یان هەژاری موعەرەفە، یان شتێك نیە ئێمە ئێستا لـەم هۆڵـە بـەڕێزەدا دانیشـین تـەعریفی بكەین، كە بێكار كێیە؟، یان هەژار كێیە ؟، ئەو مەعیارانەی كە ئێمە لەسـەری دەچـین، یـان ئـەو تەعریفانـەی كە ئێمە لەسەری دەچین، تەعریفی مونەزەمەی دوەلیە، ئینتەر ناشیۆنال لێیڤەر ئۆرگەنایزەیشن، بـۆمن نیـە ئیجتیهادی تێدا بكەم، بۆ كەسێكی تریش نیە، ئیلا ئێمە لە هەرێمی كوردستان دابنیشین كۆمـەڵێك مـەعایری نوێ دابنێین، كۆمەڵێك تەعاریفی نوێ دابنێین، بێكار ئەو كەسـەیە كـە لـە خـیلالی هەفتـەی ڕابـردوو بـەدوای

ئیش دا گەڕابێ، ئیشی دەست نەکەوتبێ، تەنانەت بۆ یەك سەعاتیش، هەندێ تەفسیلی تریش هەیە، ئەمانە موعەرەفن، ئەو کارەش بۆ هەر ژمارەیەکیش کە ئێمە ئاماژەی پێ دەدەین، چ لە بێکاری چ لە هەژاری، لە دوای ساڵی 2003وە، بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان، لە عیراقدا نە هیچ جیهەتێکی حکومەتی عیراقی فیدراڵ، یان هیچ جیهەتێك لە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆی نیە ژمارە ئیعلان بکات، ئەگەر ژمارەکە مەدعوم نەبێ، موسادەقە نەکرابێ لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان، بەعزێك جاریش لە بەنکی نێودەوڵەتی کەبەشدار دەبێ لەو چالاکیە، یەعنی ئەگەر هەر ژمارەیەك گوترا، من بۆم نیە بۆمەبەستێکی بۆ نموونە، خوانەخواستە بۆ مەبەستێکی سیاسی من بچم ژمارەکان دەستکاری بکەم، ئەوە ناکرێ، مەقبول نیە، جاران پێشی ساڵی 2003 زەمانی حکومەتی پێشووی عیراق، ئەو ژمارانە مردنی منداڵ، مردنی نەخۆش، سوء تەغزیە دەستکاری دەکرا بۆ مەبەستی سیاسی، بەڵام هەموومان دەزانین عیراق حساری لەسەر بوو، ئومەم موتەحیدەو ئەوانە موقاتەعەیان کردبوو بەنیسبەتی ئەو نەوعە چالاکیانە، تەنها بەرنامەیەکی ئیغاسەی نەوت بە خۆراك هەبوو، لەبەر ئەوە ژمارەکانی عیراقی ئەو ساتەش هیچ ژمارەیەکیان وەکو پێوەر و وەکو ئەوە موسداقیەتی نەبووە، لێرە بەڕێزیان کە دەپرسێت دەڵێ حکومەت چی کردووە بۆ بێکاری، مەبەستیشم مێزو کورسی نیە، بێکاری جوزئێکی مومکینە بە مێزو کورسی، جوزئێکی تریش بواری تر هەیە، وەکو دوێنێ ئاماژەمان پێیدا، لەکۆتایش بە تەفسیل باسی دەکەین، هەقیقەتی تریش زۆرن، بەڵام تکاشم وایە، رەجا دەکەم دیسانەوە دێینەوە سەر بەرنامەی تواناسازی، لەبەرنامەی تواناسازی بەڕێزیان یان هەر بەڕێزێکی تر کە ئاماژە بەوە دەدەن، لە لای ئێمە هەتاوەك ئێستا، دوو خول لە لای ئێمەهەبووە، خولێکی تەواو بووە، ئەوەی دووەم ئیشی لەسەر دەکەین، ئێستاش بەڕێز کاك د.سەروەر لەگەڵ ئێمە موتابەعە دەکات، پرسیاری ناردووە بەڕێگای جەنابتانەوە بەرنامەی ڕەسمی، ئەوە وەڵامەکەی ئامادە دەکەینەوە، بەڵام ئەو خەڵکەی کە لای ئێمە ئیختیار کراون نزیکەی 400 کەسێکن، لە ڕێگای وەزارەتەکانەوە دام و دەزگاکانی حکومەتەوە ئیختیار کراون، رەجام وایە، تکام وایە لەم هۆڵی پەرلەمانەدا کەس نەڵێت ئەمانە کە چون شیاو نین؟، یەعنی نازانم ئەمانە کەچون بۆچی شیاو نین؟، کێ لەکێ شیاو ترە؟، مەسەلەی پێوەرو مەعایر هەبووە، مەسەلەی مونافەسە بووە، مەسەلەی دەرەجە هەبووە، مەسلەی خواستی ئەو دائیرەیە بووە کە ئەوخەڵکە بچێت، کە یەکێك چووە، یەکێکی تر نەچووە، بە هەر سەبەبێك بێت، وابزانم پێویست ناکات ئەوانەی کە هەڵبژێردراون یان دەست بەکار بوون، بخرێنەبەر تۆمەتی ئەوەی کە شیاو نین، قابیلیەتیان نیە، چونکە ئەمانیش وەکو خەڵکی تر موستەهەقن، هەر هەموو بەیەکەوەو هەموو وەزارەتەکانیش، سەبارەت بە داهاتی تاکەکەس بۆ نموونە، تەبیعی ئەمانە بە هەموو پێوەرێکیش پەیوەندی بەپرۆژە یاسای بودجەوە نیە، بەڵام بەهەر حاڵ کەجەنابیان پرسیار دەکات، ئێمە حازرین وەڵام بدەینەوە، داهاتی تاکەکەس لە هەرێمی کوردستان لە پێش ساڵی 2003 وە تاوەکو ئێستا کە ساڵی 2012یە کە نزیکەی 9 ساڵە، زیاتر لە دە بەرامبەر بووە، دیسانەوە من دەتوانم ئیدیعای ئەوەبکەم کە موسەبەت نەبێ، لە لایەن ئەوئەترافە دوەلیانەی کەئێستا لەناو عیراقدا بەشدارن، لە هەموو مەفاسیلی ئیقتیصادی موتابەعە کردنەکانیان، لەو بەرنامە موشتەرەکانەی کە

بـەعزێکیان لـە لیسـتی پڕۆژەکانـدا ئەگـەر تەماشـا بکـەن، ئێمـە کۆمـەڵێك پڕۆژەمـان هەیـە، ئێمـە تـەمویلی کۆمەڵێك پڕۆژە دەکەین بە هاوبەشی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی نەتـەوە یـەکگرتووەکان و بـانکی نێودەوڵـەتی کـە ئەوکارانە لەعیراقدا ئەنجام بدرێن، ئەگەر جەنابیان پرسـیاری زیـاتر لەسـەر پلانـی سـتراتیژی نیـە، باڵەخانـە دروست دەکرێت، ئـێ فوتابخانـە کـە سێ هـەزار فوتابخانـە نیـە، ئـەبێ باڵەخانـەی بـۆ دروسـت بکرێـت، 500 فوتابخانە لە ژێر جێبەجێ کردندایە، یەعنی ئەمە بە چ پێوەرێك ستراتیژیە؟، بەچ پێوەرێك ستراتیژی نیـە؟، ئێمـە بیخەینـە چ ئیتارێکـەوە نـاوی لێ بنـێین سـتراتیژی، باڵەخانـە بـۆ وەزارەتـی پـەروەردە بـۆ فوتابخانـەکان پێویستە، زۆربەی هەرەزۆری ئیشی ئێمە لەناو باڵەخانەکان بێت، جەنابت دەتوانی تەماشا بکەی، سبەینێ یان ئەمڕۆ بەنیسبەتی میئەوی پیشانت دەدەم لەسەر سلاید لەبەرچاوی ئێوە، بزانن ڕێـژەی لـە سـەد زیـاتر کامـە باڵەخانەیە، ئایا باڵەخانەی نا زەروریەو نا پێویستە، یـان باڵەخانـەی پێویسـتە کـە زۆر ئیشـێکی سـتراتیژیە؟، بەڕێزیان دەڵێن ئەم هەرێمە لە ئایندەدا ناوی لێدندرێت بە هەرێمی پـڕۆژە بەردەوامـەکان، خـۆ ئەگـەر ئێمـە خوا هاوکاریمـان بکـات، ئێمـە بتـوانین لـە ئایندەشـدا ئیمکانیـەتمان هـەبێ، ئـەو ئیسـتیقرارەی کـەوا ئێسـتا لـە هـەرێمی کوردسـتان هەیـەو باشـتریش بـێ، بتـوانین بـەردەوام پـڕۆژە تەقـدیم بکـەین، ئـەوا مۆفەقیـەتێکی زۆرگەورەیە، ئەوە مانای ئەوە نیە کە ئەمسال کۆمەڵێك پڕۆژە دەست پێکران، ساڵی ئاینده ئەوانـە ئـەبێ ئـیتر نەمێنن، تەبەخور بکەن لە سفرەوە جارێکی تـر دەسـت پـێ بکـەین، ئـەو موعادەلەیـە لـە هـیچ شـوێنێك نیـە، بێجگە لەوەش ئێستا زۆربەی وڵاتانی دونیـا ، بـۆ ئـەو بەڕێزانـەی کـە ئـابووری ناسـن، بـۆ ئـەو بەڕێزانـەی کـە لەگەڵ مەسائیلی ئابووریدا کاردەکەن، مەسەلەی (سیستەم دیڤ لۆپ مێنت) تەنمیە موستەدامە کە بەردەوامی بێت ئەوە ئێستا شیعارێکی عالەمیە، من چۆن ئەبێ لێرە تەعن لەوە بدەم بڵێم ئەوە چۆن ئـەبێ هـەموو سـاڵ دێم پڕۆژە هەر هەیە، هەر دەڕوات، ئێمە بۆ پڕۆژەی دواکەووتومان جودا کردۆتـەوە، چونکە ئـەو پڕۆژانـەن کە کێشـەیان لەسـەرە، سورعەتی تـەنفیزی پڕۆژەکـانی تـر کێشـەی لەسـەرە، هـەمووومان موتـەفقین لەسـەر ئەوەی چ بکەین چارەسەری بکەین، بـەڕێزیان دەڵێـت، بودجـەی پڕۆژەکـانی حکومـەتی هـەرێم، هـی شـەش مانگە، من لە موداخەلەیەکی پێشتر وەڵامدانەوەی تێبینیەکانی لیژنـەی ئاوەدانکردنـەوەو ئـابووری کـە زۆر بـە دەقیقانــە خاڵــەکانیان خســتبووە ڕوو، مــن باســی ئــەوەم کــرد، کــە تــەنها لــە 2012/1/1 تــاوەکو 2012/6/1 لەشەش مـانگی ڕابـردوو کـە بودجـە دواکـەتووە، زیـاتر لـە 267 پـڕۆژە تـەواو بـوون، لیسـتی پڕۆژەکانیشم پێشکەش کرد بە بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، داواشم کرد لەسەر شاشەی تەلـەفزیۆن دابەشـی بکات بەسەر ئەندامانی پەرلەمان، ئینجا من چۆن بڵـێم پڕۆژەکـانی حکومـەتی هـەرێم تـەنها شـەش مـانگ کـاری لەســەر دەکرێــت، نــەخێر وا نیــە، بەدرێــژایی ســاڵ کــاری لەســەر دەکرێــت، پــڕۆژەی نــوێ دەســت بەکارنەبووە ئەوە دروستە، بەڵام 3167 پڕۆژەی تر، هەتاوەکو ئەو لەحزەیەی کە ئێمە قسە دەکەین، کاری لەسـەر دەکرێـت، بـەدەیان هـەزار هـەلی کـاری ڕەخسـاندووە، نـەوەك تـەنها ئـەوە، بـۆ مـەعلوماتی بـەڕێزتان لەهەندێك ئیختیساساتیشدا لەناو ئەو پڕۆژانە خەڵك لە وڵاتانی دەرەوە دێت لێرە کار دەکات، چونکە یەك، ئیحتیاجەکە زۆرە، دووەم، ئیحتیمالە بەعزێك ئیختیساسات هـەبێ هێشـتا ئێمـە نەگەیشـتبینە ئـەو ئاسـتە،

بەهەر حاڵ ئیتر ئەوانەی تریش جارێکی تر داوا لە بەڕێز کاك فەرمان دەکەم، ئەو پڕۆژانە ئەگەر بەلیستە بماندەنێ، بۆ ئەوەی بتوانین هەم وەڵام بدەینەوە هەم کاری لەسەر بکەین، ئەگەر هەر ئەگەرێك یان تێبینیەکیان لەسەر هەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیری دارایی.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆر باسی ئەوە ئەکرێت 115 ملیار دینار کەدانراوە بۆ ڕێکخراوەکان، ئەڵێن ئەو ڕێکخراوانە کێن؟، من حەزدەکەم لێرەوە ئێستا بۆیانی باس بکەم کە کێن ئەوانە، یەکەم ڕێکخراوە ڕۆشنبیریەکان، پێکهاتووە لە سەنتەرەکان کە ژمارەیان 75 سەنتەرە، دەزگاکان 14 یە ژمارەیان، کۆی گشتی ئەکاتە 89، ڕێکخراوە زانستیەکان و سەندیکاکان 21، ڕێکخراوەکان 180، کۆمەڵەکان 85، کۆی گشتی ئەکاتە 286، ڕێکخراوەکانی تر یەعنی یەکێتیەکان 19، یانەکان 4، جۆراو جۆرەکان 12، کۆی گشتی ئەکاتە 35، لیژنەی ئۆلۆمپی و پارا ئۆلۆمپی 2، یانە وەرزشتیەکان 77، سەنتەرو تیپە ڕۆشنبیریەکان 153، کۆی هەر هەمووی ئەکاتە 742، بۆ ئاگاداری جەنابتان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێرزاد فەرموو، برای خۆم تۆ پرسیارت کرد ئەو وەڵامی دایەوە، موداخەلە نابێ، فەرموو کاك شێرزاد.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نووسینیش بۆ جەنابتم نووسی کە ئێمە پێشتر وا موتەبع بوو دوایی ڕاپۆرتەکەی وەزیر ئەخوێندرایەوە، لیژنەی مالیە، دوایی ئێمە موناقەشەمان ئەکرد ئەوان جوابیان ئەدایەوە، موناقەشە لەسەر ئەوی تر یاساکە، بەس ئەمجارە وا تێکەڵ و پێکەڵمان کردووە بەڕاستی ببوورن ئەگەر هەر یەکەو لە ئاوازێك بخوێنێت، ئەوەی کە ئێستا جەنابی وەزیر باسی کرد، وەزیری مالیە، باسی ئەو ڕێکخراوانەی کرد، من داوا لە وەزیری مالیە ئەکەم ئەگەر ئەو ڕێکخراوانە بە ناو بماندەنێ، یان شەرت نیە ئێستا، هەر کاتێ بەناو بۆمان بنێرن بە سوپاسەوە ئێمەش ئەتوانین ئیشی زیاتری لەسەر بکەین، پار لەگەڵ بەڕێز وەزیری پلان دانان باسی ئەوەمان کرد، کە بە ئەلیکترۆنی کردنی بودجە کارێکی زۆر ئاسانە، کاری زۆر ئەکات، بودجە دواناخات، وەکو ئەوەی ئێستا ئەم هەموو موناقەشەیەمان کرد، ئەگەر ئەوە ئەلیکترۆنی بکرابایە یەك پەنجەمان پیا ئەنا، هەرچی شتێك لەسەر نەوت هەبوایە بۆمان ئەهاتە پێشەوە، ئەو پرسیارانەی کە ئێمە ئەیکەین، ئێستا کە وەزیرە بەڕێزەکان جوابمان ئەدەنەوە ئەوکاتە ئەو کۆمپیوتەرەی کە لەبەردەست

وەزیری پلان دانان دایان نایە، یەك پەنجە ئەكات بە دوگمەیەك ئەیوت ئەوە جوابەكەیەتی، ئیتر ئـەوە دوو ڕۆژە ئێمە لەسەر بودجە هین ئەكەین، وای كردووە كە بودجە ئەوەندەی تر دوا بخات، بۆیە من داوا دەكەم ئەمجارە بۆ ساڵی داهاتوو بودجە بەتەكنەلۆجیا بكرێـت، تەئكیـد لەسـەر ئـەوە دەكەینـەوە، مـن باسـی ئـەوە دەكـەم كـە ئێمـە هـەموو سـاڵێك باسـی ئـەوە دەكـەین، عجـز لـە هینەكـەمان بەدەرەجـە یـەك لەكوردسـتان پێشمەرگەیە كە وای كردووە حكومەت ئەو پارەیەی كە قەرارە بیدات بەهێزی پێشمەرگە، نایـدات، تەبعـەن ئەسبابەكانی زۆرجار ڕوونكراوەتەوە، وەزیری پێشمەرگە پار لە لیژنەی ناوخۆ باسی ئەوەی كـرد، بەڕاسـتی ئەوەی ئەو باسی كرد، خۆمانین ئەوان نین، بەلاَم ئێستا سەبەبێكی تـری خۆشمـان هەیـە كـە بـە ئیعتیرافـی كاربەدەستانی عیراقی كە باسی ئەكەن، لە ئەنجومەنی عیراقی كە بـاس لـە بەشـی 17٪ی كوردسـتان كـراوە، یەك وەزیری كورد لەو شوێنە بەشداری نەكردووە، بەڕێزان، وەزیری كوردمان بۆچیە ئەگـەر بەشـداری لـە شتێكی ئاوا نەكات؟، كە بودجەیە قوتی ئەوخەڵكەیە، بۆیە من داوا دەكەم پەرلەمانی كوردستان بانگی ئـەو وەزیرانـە بكـات لێـرە لـەم پەرلەمانـە لێپێچـینەوەیان لەگەڵدا بكرێـت، یـان موناقەشـەیان لەگەڵدا بكرێـت، ئەگەر ئەوانیش ڕاست بوون ئێمە ئەوسا شتێكی تر ئـەڵێین، لـە بودجـەی ئەمسـاڵ هـەروەكو سـاڵەكانی تـر، سولفەی عەقار و سولفەی زەواج زۆر ئەوەستێندرێت، قەرار وایە كاتی خۆشی وابـزانم باسـێكی وامـان كـرد، ئەو سولفەیەكە پێویست ناكـات بوەسـتێندرێت، بـەڕێز وەزیـری مالیـە واتێگەیشـتم كەلـە ئـەوەڵی قسـەكانی باسی ئەوەی كرد، كە قەراری پەرلەمان وابووە بۆ یەك ساڵ بێ ئەو سولفەیە، یەك ساڵ ئەوەندەی بـدرێتێ، یەك ساڵ هیچ مەعقول نیە پەرلەمانی كوردستان بڕیاری دابێ بۆ پێنج ملیۆن، جارێكی تر بیكاتـەوە یـەك ملیۆن، وەزیر ئەكرا دوو و نیو دابنێ مەسەلەن، دوایی دوو نیوەكەی تر لەفەترەیەكی تـر بودجـە تەسـدیق كرا دایبنێ، بۆ ئەوەی ئەو خەڵكە بـێ بودجـە نـەبن، بودجـەی سـولفەی عـەقارو سـولفەی زەواج كـە ئێسـتا كۆمەڵێك خەڵك هەیە بەقەرز خانووەكەی تەواو نەكردووە، چاوەڕێیەتی و ئەگەرێ ئەوەمان زووتر بكردایە، لەناو بودجە كۆمەڵێك شت هەیە بەڕاستی كە پێـی ئـەڵێن، پـاریش و پێـراریش كـە باسمـان كـردووە، بـەلاَم ئەمە هەر دووبارە ئەبێتەوە، شت و مەك بۆ خۆڕاو نازانم چی و چی و ئەمانـە، كۆمـەڵێك شـتن نـەجێگای دیارە، نەئەزانین بەكێ دراوە، نە ئەزاندرێت بۆ كێ سەرف كراوە، ئەمـە تێچوویەكن بەڕاسـتی وای كـردووە تەئسیری زۆری لە بودجەی هەرێمی كوردستان كردووە، كە ئـەكرا ئـەو عجـزەی كـەباس دەكـەن بـەس لـەوە قەرەبووی ئەو عجزە بكرێتەوە، زۆر سەیرە ئەمجارەش هەر تەشغیلی لە 4٪ زیادی كردووەو بەرهەم هێنان لـە سـەدا چـوار و پۆینـت چـوار كـەمی كـردووە، ئێمـە پـار تەئكیـدمان لەسـەر ئـەوە كـردەوە كـە لـە 10٪ی تەشغیلیمان هێنا بۆ بەكاربردن، بەلاَم دوای ئـەوە هـەم دیسـان بـوە بـە 130 جـارێكی تـر گەڕاوەتـەوە، بـێ ئەوەی بیگەڕێننەوە بۆ پەرلەمان و پرس بە پەرلەمان بكەن، پێم سەیرە بودجەی وەزارەتـی دارایـی بـۆ لـە سەدا دەو پۆینت سـی وچوارە كـە تەقریبـەن نزیـك وەزارەتـەكانی نـاوخۆ ئـەو وەزارەتانـەی تـرە، بەڕاسـتی وەزارەتی مالیە نازانم نە بودجەی وەبەرهێنانی هەیە، نـازانم بودجـەی چـی هەیـە، ئەگـەر گومـان ئەخاتـە سەر ئەوەی كە كۆمەڵێك مووچە هەبێ بدرێ بە كۆمەڵێك خەڵكی تر كە نەكرێت ناوەكانیان بـوترێ، بۆیـە

مـن داوا لـه وەزارەتـی مالیـه دەكـەم ئـەو بودجـەی خۆیـان كـه 10٪یـه، بـه وردەكاریەكەیـەوە بـدرێت بـه پەرلەمان، كه ئەو پارەیەی بۆ سەرف دەكرێت، وەزارەتی سامانه سروشتیەكان چوار پۆینت حەفتاو نۆی بـۆ دانراوە، وەزارەتی سامانه سروشتیەكان خۆیان پارەیان هەیە، خۆیـان ئیمكانیـەتی باشـیان هەیـە، دەوڵـەتی عیراقی ئێستا لەسەر سامانه سروشتیەكان ئەژی، ڕاسته ئەو پارەیـه ئـەو نسـبەی ئـەدرێت بـه عـیراق، بـەلاّم ئێمه بەچاوی خۆمان ئەیبینین كەوا ئەوتەنكەرانـه ئـەڕوات، بەچـاوی خۆمـان ئـەیبینین كـەوا ئـەو جادانـه هەموو تێكچووە، بەچاوی خۆمان ئەیبینین كەوا له سەیتەرەكان چی وەستاوە، باشه ئەمه بۆ كوێ ئەڕوات؟، باشه ئەی نەوته، ئەی نازانم چیه كـه ئـەڕوات و دێتـەوە؟، بەحیسـاب ئـەڕوات بـۆ توركیـاو دێتـەوە ئێـران، ئەكرێت به بەنزین و و موشتەقاتی و دێتەوە، ئەی ئـەو موشـتەقاتە ڕۆژ بـەڕۆژ لـه بـازاڕ گـران ئـەبێ، خـۆ هەمووتان ئاگاتان لەوەیه ئەی باشه تەفسیری ئەمه چیه؟، تكایه بۆمان ڕوون بكەنەوە، ئەنجومەنی ئاسایش خۆتان ئەزانن ئه لەم ساڵه لێره دروست بووە، یەك پۆینت بیست و شەش له سەدا بۆی دانراوە بودجەكەی، كه ئێستا دوای ئەوە زەربی دوو بۆی زیاد كراوە، یەعنی بـووە بـه سـێقاتی ئـەو بودجەیـە، كـه ئەمـه نـازانم وەزیری مالیه پێموایه ئەگەر ڕوونكردنەوەیەكمان بداتێ دوایی، چونكەله قسەكانی وای گـوت، نـەكرا ئێمـه بـه نوقتـەی نیزامـی داوای ڕوونكردنـەوەی زیـاتری لێ بكـەین، كـه وەزیـر شـتێكی وای گـوت، كـه ئـەڵێت ئەوبودجەیه لەكاتی خۆی یەك لایەنه دانراوە، یەكلایەنه بەڕاستی من لەوە تێنەگەیشتم، ئەگەر كرا دوایی بۆمـان ڕوون بكاتـەوە مـن سوپاسـی ئەكـەم، جـا ئـەو بودجـه زۆرەش بەڕاسـتی بوجەیـەكی زۆر زۆرە كـه بەڕاستی دانراوە، بۆ ئەنجومـەنی ئاسـایش، چـونكه گوتمـان تـاوەكو ئێسـتا دروسـت نـەبووە، كۆمـەڵێك شـتی دانـاوە كارمەنـدنی ئێسـتا بـەو شـێوەیه نیـە، ئـەو هـەموو پـارە زۆر و ئیمكانیەتـە، بەڕاسـتی ئـەمان خاتەگومانەوە كه بەڕاستی هەر بۆ لایـەكی تـر دابچـێ كـه بـۆ لای دەزگـای زانیـاری و دەزگـای پاراسـتن ئـەم پارەیه بچێت، كه كاتی خۆی لەبودجه ناویان نەهاتووە بەهیچ جۆرێك، تەبعـەن ئـەو پـڕۆژە بەردەوامانـەی كه پار باسم كرد، دوایی دێمه سەری، پاریش هەر لەگەڵ بەڕێز وەزیری پلان دانان باسم كرد، كـه ئەوانـەی چەمچەماڵم بینی، چەمچەماڵ هیچی ئەو پڕۆژانەی تەواو نەبووە، ئێستا یەكه یەكه ناوی پڕۆژەكـان دواتـر دێمـه سـەری و باسـی ئەكـەم، لەگـەڵ لاپەڕەكـەی و لەگـەڵ تێچـوون و شتەكەشـی، ئێمـه پـار كۆمـەڵێك پێشنیارمان كـرد لـه بودجـەی پـار، بـۆ حكومـەت كـه ئـەو پێشـنیارانه جێبـەجێ بكـات، تەبعـەن حكومـەت پێشنیارەكان بەگوێرەی ئیمكانیەت ئەتوانێ جێبەجێی بكات یان نەیكات، بەلاّم ئەوانـه لـه پەرلەمانـەوە نـه ڕۆیشتووە، ئەسلەن هەر نەچووە بۆ حكومەت، تا بتوانێ جێبەجێی بكات یان نا؟، من دانەیەك لەوانه بـاس دەكەم كه پەنجاو نۆ ئەندام پەرلەمانی بەڕێز لەهەموو لیستەكان ئەلەم پەرلەمانه ئیمزایان لەسـەری كـرد، كه وەكو پێشنیار درا بۆئەوەی كه كەمئەندامانی سەنگەر بوو، نەوەك هـەر باسـی نـەكرا، هـەر نـەنێردراوە، لەلیژنەی یاسایی جارێك پرسیار كرا، گوتیان لێره مـاوە شـتەكانتان، ئـەوان نـەیان نـاردووە بەڕاسـتی ئـەبێ بنێردرێت تەئكید لەوە ئەكەمەوە، لیژنەی پێشمەرگە له ڕاپۆرتەكه لـەوێ بینـیم نـازانم ئـەوی لای خۆیـان چـیه، چـونكه لەوەئەچـێت لیژنـەی دارایـی ڕاپۆرتـەكانی هـەموو لیژنـەكانی بـه تـەواوەتی وەكوخـۆی

نەخستبێتە هینەکەیانەوە، بۆیە بەهیچ جۆرێك باسی کەم ئەندامانی سەنگەر نەکراوە لە ڕاپۆرتی لیژنـەی پێشمەرگە، کە بەهیوام ئەگەر هاتە سەر ئەوە، ئەوان بەخۆیان باسی بکەن، هەموو ساڵێك کێشـەمان لەسـەر بودجەیە کە مانگی 10 ئەبێ بگات، بەڵام مانگی پێنج وشەش و حـەوت و نـازانم ئەوانـە ئـەگات، زۆر بـاس کرا نازانم جەنابی وەزیری دارایی باسی کرد، جەنابی وەزیری پلان دانانیش هەر باسی کرد، کە کێشەکەیان چیەو بەغداو ئەوانە کێشەیان هەیە، بەڵام ئەکرێت بەتـەخمینی بینێـری، ئـەکرێ بڵێـی ئەمساڵ وەزارەتـی ناوخۆ لە 10٪ی بەر ئەکەوێت، کە بودجەکە هات ئەوکاتـە تەفسیمی ئەکـەیت ئەگـەر لـە 10٪ بێـت یـان 11٪ بێت پارەی بۆ دابنێی ئەم کێشەیەمان تووش نابێ بەڕاسـتی، موزایـەدە بەسـەر یەکتریـدا بکـەین، ئـەو بڵێ بودجە نایێ و ئەو بڵێ بودجە بۆ تەئخیر بوو، کاکە ئەکرێ خۆمان لەو مەسـەلەیە بپـارێزین بەڕاسـتی، پەرەپێدانی پارێزگاکان ئەوە پارەیەکە هـی حکومـەتی عیراقیـە، ئەگـەر لـە 17٪ یەکـە هـەر چیەکە، ئـەوە پارەیەکە کە پێویستە ئەنجومەنی پارێزگاکان خۆیان سەرفی بکەن، پێویست ناکـات وەزارەتـەکان تـەداخولی تیا بکەن، ئەوەیان بۆ جێبەجێ بکەن، من لەم قاعەیا دوێنێ گوێم لێ بوو کە شتێکی وا باس کرا کە ئـەوان سەرفی بکەن، بەرێز وەزیری مالیە ئەڵێت 500 ملیار تەجاوز بۆ کارەبا هەیە، مـن پێموایـە داهـاتی کارەبـا خۆی زۆر زۆرە، تـەجاوزی چـی هەیـە؟، وەزیـر ئـەڵێ تەکیـەی جـەبای لـە بودجـەی ناوچـە دابراوەکـانی بـۆ سەرف دەکرێت، بەڵام هەموو پرۆژەکانی تەکیەی جەباری لەسەر چەمچەماڵە، کە دوایـی یەکـە یەکـە دێمـە سەریان، 999 ئەمەش هەر باس کرا، بەڵام من تەئکیدی لەسەر دەکەمەوە 999ملیۆن دینار، پـار بودجـەی سەرۆکایەتی وەزیران بووە، ئەمساڵ سیانزە ملیارو هەشت سەد، یـەعنی تەقریبـەن سـیانزە جـار لـە ئـەوەی پار زیاترە، بە بیانووی ئەوەی کە عەنکاوە شارەوانیەکە سەر بەئەنجومەنی وەزیرانەو پێویستی بـە ئـەوەی زیاترە، یان لەگەڵ بودجەی تواناسازیش، من وا ئەزانم کە عەنکاوە ئیلغا بۆتەوە لەسەر وەزارەت نیە، ئەگەر لەسەر وەزارەتیش بێ، ئەو پارەیـە مەبلەغێکـە بەڕاسـتی ئـەبێ هەڵوەسـتەی لەسـەر بکرێـت هەشـتا ملیـارو هەشتا لەوەی پار زیاتر بووە، ئـەوەش زۆر زۆرە، بۆیـە ئـەبێ ئـەوەش هەڵوەسـتەی لەسـەر بکرێـت، مـن پـار لەگـەڵ جـەنابی وەزیـری پـلان دانـان عەینـەن شـتم بـاس کردۆتـەوە، لەسـەر 600 خانووەکـەی وەزارەتـی شەهیدان بۆ چەمچەماڵ و بۆ هەڵەبجە، ئەوە نووسراوە بە ساڵێك تەواو دەبێ، ئەو مەبلەغە بڵێین سی، چل ملیـار، پێـنج ملیـاری بـۆ دانـراوە، بزەبـت ئـەوەی کـەدانراوە چـەندە گوژمەکـە؟، کـە باسـی ئـەوەی کـردووە کۆمپانیـا، هـیچ کۆمپانیایـەك ئامادەنیـە ئـەوە وەربگرێـت، وابـزانم جـەنابی وەزیـر جـوابی داینەتـەوە، ئەمساڵیش عەینەن شت کۆمـەڵێك لـەو شـتانەی تیایـە دوایـی دێمـە سـەری یـەك، یـەك عـەرزی جـەنابتانی ئەکەم، کە عەینەن غەڵەت کراوەتەوە لێرە، بۆ کەس و کاری شەهیدان 75 بۆ 150 هەزار، بۆ ئەو کەسـەی کە بەخێوی دەکات ئەوە بە زۆر ئەزانـدرێ، ئـەو بودجـە زەبەلاحـە کـەس و کـاری شـەهیدێك کـە کوڕەکـەی بەخوێنی ئەو ئێمە لێرەین، یەعنی 75هەزار بۆ 150 هەزار بە زۆر بزانین بۆ کەس وکاری شەهیدێك، من سـەرەڕای باسـەکەم، تەئیـدی قسـەکانی کـاك شـڤان دەکـەم لەسـەر شـەهیدان و پێشـمەرگە و ئەوانـە مـن دووبارەی ناکەمەوە تەئیدی هەموو قسەکانی ئەکەم، یەکەم شتمان ئەوەبێ ئاوڕێ لەو شەهیدانە بدەینـەوە،

پێویستیەکانی دایك و باوکیان دابین بکەین، ئینجا بێینە سەر ئەساسیەکانی ناو هەرێمی کوردستان، لە لاپەڕە بیست و نۆ پەڕەی سێ داهاتی چیمەنتۆی سلێمانی تەبعەن زۆر کەمە، لەکاتێکدا بڕێکی زۆر بۆ وەزارەتی دارایی ئەمێنێتەوە، وەزیر دوێنێ بوو یان پێرێ بوو باسی کرد، بەڕێز وەزیری مالیە باسی ئەو فرۆشتنە ئەکات ئەڵێ ئینجا ئیتر وایە، ئیتر وایە، یەعنی نازانم جواب ئیتر وایە چۆن ئەبێ جەواب بە حکومەت و پەرلەمان وا بوترێ؟، بۆمانی ڕوون بکاتەوە، ئەو پارەیە بۆ کوێ ڕۆیی، بەکێ فرۆشرا، چی لێهات؟ با بچین لە پرۆتۆکۆل تەماشا بکەین بزەبت ئەو قسەیە کراوە، من بەڕاستی لێرەوە ئەوە ئەکەم بانگهێشتی وەزیری شەهیدان بکرێت بۆ ئێرە، ئەو لە 10٪یە قەرار بوو پار لە مووچە بەرزەکان کۆبکرێتەوە بۆ ئەوەی لە سندوقی شەهیدان و شەهیدان سەرف بکرێت، کە سەرفەکەی چۆنەو چی لێ هاتووە؟، خۆ ئەگەر بەلیستێك پێمان بڵێن کە ئەوە چۆن سەرف کراوە، بۆ کێ سەرف کراوە، چونکە ئەگەر وانەبێ من بەش بەحاڵی خۆم ڕازی نیم لە 10٪ی مووچەکەم ببڕن، خۆم ئەچم ئەزانم کێ پێویستی پێیەتی، ڕەنگە لە 10٪ تا لە 20٪ی بدەمێ، من تێناگەم ئێمە پار و پێرار ئەمساڵیش وا کۆمەڵێك هەڵە هەیە لەبودجە، تاکەی ئێمە لێپرسینەوە لە حکومەت ناکەین؟، ئەی باشە ئێوە ئەوەتان کردووە، بزانین بۆ ئەمەتان کردووە؟، جوابمان بدەنەوە، جوابەکانیش وابێ کەموقنیعمان بکەن، ئێمە قەت ئەوەمان نەکردووە، پێوەری ئاو، کارەبا زۆر باس کراوە، دووساڵ لەسەر یەکتری هەر باس دەکرێت و پارەی بۆ دائەندرێت، پاریش مەبلەغێك پارەی بۆ دانرا ئەمساڵیش بۆی دانراوە، لە سنووری ئیدارەی پێشووی یەکیەتی هیچم نەبینیوە، نازانم لێرە باسیان کرد گوایە لە بەختیاری شتێك دروست کراوە، نۆژەن کردنەوەی بینای وەبەرهێنان دوو ملیار کە ئەوان داوایان نەکردووە، سەرۆکایەتی هەرێم بینای خۆیان هەیە، ئەمساڵیش بینایەکیان بۆ ئەکەن، ئەمە نازانم بۆ چیە، باسی ئەوە کرا لە بودجە ئامێری پەیوەندی کردن بەکرێ بگیرێت، ئامێری پەیوەندی کردن خۆ ئەو پەڕی ئێستا مۆبایلە هاندێك ئەگەر بۆ موەزەفێك بکڕی ئەوسا 200 دۆلاری تێئەچێت، بەکرێ بۆ دەیکڕی نازانم هاندێك چیە؟، هەقە ئایکۆن بکرێ، بەلام کارمەندێك وابزانم نایکرێ ئەگەر بکرێ بۆ خۆی ئەکڕێت، هەشتاو چوار ڕاوێژکار لەم حکومەتەی ئێمەهەیە، هێشتا پێنج ملیارو چل و چوار ملیۆن دینار دراوە بە ڕاوێژکار بۆ کرێ، باشە بڕۆنە ئەوروپا تەماشا بکەن چ موەزەفێکە، ڕاوێژکارێکە یەعنی ئەوپەڕی بە100 هەزار دۆلار با 150 یا 200 دۆلار ئیش ئەکات، پێنج ڕاوێژکار بێنە بۆ پێنج مەجال، لێرە عەقدی بۆ بکەن نیوەی ئەو پارەیە ناکات، ئەم پارەیە بدرێت بە ڕاوێژگار، ئەمە شتێکە بەڕاستی جێگەی عەلامەتی ئیستیفهامە، جێگەی ئەوەیە بیری لێبکەینەوە، کارگە لە کوردستان هەموومان باس دەکەین کە کارگە نیە، بەلام هەموو ساڵێك پارەی بۆ تەرخان دەکرێت، ئەم پارەیە چیە؟، ببورن زۆر بەکورتی شتەکان بەتێپەڕ باسی ئەکەم، نامەوێ زۆر شەرحی بدەمێ، چونکە شتەکان دیارن کە چیە؟، نووسراوە لەبودجە جل وبەرگی دیکە، جل و بەرگی دیکە من بەش بەحاڵی خۆم نازانم ئەوە چیە؟ چاك کردنی سێ ملیاری بۆ دانراوە، برادەرینە هەر کەسێکی تر بێنی نەوەك ئەندام پەرلەمان کە مووچەیان باشە، هەر کەسێکی تر بێنی بڕۆن ئەوانەی کە قەنەفە چاك دەکەن لەکوردستان،

کێ قەنەفە چاك ئەكاتەوە ئێستا؟، چاك كردنی ئەساس، كەی باوی ئەوە ماوە خەڵك ئەساسی چاكی بكاتەوە؟، ئەوە پارەیەكی زۆرە، ئیعاناتی ناوچە دابڕاوەكان پەنجا ملیار دانراوە نازانم ئەوە بۆ كێیە؟، فرۆكەخانەكان 25 ملیار بەخشینی بدرێتێ، خۆی فرۆكەخانە داهاتی باشی خۆی هەیە، دەستەی وەبەرهەم هێنان بەخشینی ناوێ، ئەمساڵ پەنجا ملیارو پاریش پەنجا ملیاریان بۆ سەرف كراوە، خۆیان نایانەوێ، من دێمەوە سەر وەزارەتی ناوخۆ، دوایی دێمەوە سەر پرۆژە هینەكان بە تیژ تێپەڕ باسی ئەكەم، ڕاپۆرتێكی تایبەت لەسەر وەزارەتی ناوخۆ ئەو بودجەیەی كەداوایان كردووە، وەزارەتەكانی ناوخۆ دەزگای ئاسایش و ئەنجومەن وئاسایش و پێشمەرگە، نووسیومەو ئەیخوێنمەوە بۆتان، لە بودجەی گشتی لە خەرجیەكانی بەكاربردن یەك ترلیۆن و سەدو چل و یەك ملیاروپێنج سەدو حەڤدە ملیۆن دینار لە سەدا سیانزە بودجەی بەكاربردنە، ئەمە پێش ئەوەی كە ئەنجومەنی ئاسایش زیادی كردووە، ئەنجومەنی ئاسایش داوای ئەوەیان كردووە كە فی سێ بكرێت پارەكەیان، لەبودجەی گشتی بۆ خەرجیەكانی بەكاربردن بۆ پێشمەرگە 950 ملیار دینار تەرخان كراوە كە لە سەدا هەشت و پۆینت چل و هەشت بودجەی بەكاربردنە، لە بودجەی گشتی بۆ خەرجیەكانی بەكاربردن چوارسەدو پەنجاو پێنج ملیارو دوو سەدو بیست و پێنج ملیۆن دینار تەرخان كراوە كە چوار لەسەدو بیست و سێی بودجەی بەكاربردنە، ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز ئێوە هەمووتان ئەزانن هەموو ساڵێك ئێوە وەكو لیژنەی ناوخۆ وئەندامانی پەرلەمان چاومان نوقاندووە بۆ ئاسایش و پێشمەرگە ئیمزامان كردووە، كێشەكان نەبووە، بەلاَم یەك شت هەیە كە ئێمە بیری لێ بكەینەوە هاوولاَتیان لەبیر نەكەین، چونكە هاوولاَتیانن هەر ئاسایش نیە ئەتوانێ ئەو ئەمنیەتەی كە ئێستا هەیە ئەوەی بكات، زۆر كەس هەن بەبێ ئەوەی چاوەڕێی دەوروبەر بكەن، بێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ شتێك بكەن، خۆیان دێن هەواڵمان بۆ دێنن ئاسایشەكان ئەو شتانە ئەكەن، ئیعتیرافی ئاسایش خۆیان كە لیژنەكە هاتووە قسەمان لەگەڵ كردوون وتوویانە ئەوە ڕاستە، لەبودجەی گشتی بۆ خەرجیەكانی بەكاربردنی ئەنجومەنی ئاسایش، سەدو سی و چوار ملیارو هەشت سەدو شەست و چوار ملیۆن دینار تەرخان كراوە كە یەك پۆینت بیست و شەش بودجەی گشتی ئەكات، بەم پێیە لە سەداحەفت و پۆینت حەفتاو چواریش بۆ خەرجیەكانی هێزی ئەمنی و سەربازەكان تەرخان كراوە، لەكۆی شەش سەدو پەنجا هەزار وهەشت سەدو چل و نۆ فەرمانبەر، وەزارەتی ناوخۆ سەدو دە هەزار و پێنج سەد فەرمانبەر، وەزارەتی پێشمەرگە سەدو هەژدە هەزار و دووسەدو چل و دوو، كە ئەمە یەكێكە كێشەكان لەسەرە لەگەڵ حكومەتی عیراقی بۆ ناردنی بوجەكەیان تەبعەن، دەزگای ئاسایش بیست و نۆ هەزاروسەدو سی و دوو فەرمانبەر، ئەنجومەنی ئاسایش كە تازە دروست دەبێ، پێنج هەزارو شەش سەدو حەفتاو شەش فەرمانبەری هەیە، بەم پێیەش ژمارەی هێزە ئەمنیە چەكدارەكان، حەز ئەكەن من ئەوەستم تا قسەكانتان تەواو ئەكەن، دوایی قسە ئەكەم، چونكە ئەگەر وابێ من قسە ئەكەم بۆخەڵك، خەڵك گوێی لێیە كەمن ئەڵێم چی، ئەگەر هین نەكرێت، سانسۆری لەسەرنەبێ، بەپێی ژمارەی ئەمن، هێزە چەكدارەكان سێ سەدو شەست و سێ هەزار و چوار سەدو پەنجا كەسە واتا لە سەدا چل پۆینت چل و حەوتی فەرمانبەرەكانی

هەرێمی کوردستان هێزی ئەمنی چەکدارن، من وەکو کاك دڵشاد ئەو قسە ناکەم کە لە پرۆتۆکۆل لایبەرن، بەڵام ئەبێ خۆتان بزانن ئەوەی ئەزانێ ئەوەی ئاگای لە بودجە بێ، ئەزانێ بودجە لە سەدا چل ئەگەر بودجەی هێزی چەکدار بێ، مانای چیە لەو وڵاتە؟، لەو 17 هەزار کەسەی کە بڕیارە دابمەزرێت، دوو هەزار و حەوت سەد کەس بۆ وەزارەتی ناوخۆ، چوار سەد کەس بۆ ئەنجومەنی ئاسایش، چوار سەد کەس بۆ دەزگای ئاسایش، چوار سەد بۆ پێشمەرگە، واتە سێ هەزارو حەوت سەد کەس کە سەدا بیست و یەك و پۆینت حەوت دەکات هێزی ئەمنی و سەربازیەکان دادەمەزرێن، من لەگەڵ ئەوەدام پێویستیمان بەهێزی چەکدار هەیە، هێزی چەکدار پێویستیان بە خەرجیە، ئەوە ڕاستە، لە سەدا چل و پۆینت چل و حەوت فەرمانبەرێکی هەرێم لە دەزگایەکدا کە پارەی خەڵك لە ساڵێکدا، ترلیۆنێك و نۆسەدو هەشتاو یەك ملیارو چوارسەدو سێ ملیۆن دیناریان بۆ خەرج دەکرێت، هەقی وانیە ئەندامانی پەرلەمان لە ئێوە ئەپرسم، هەقی وانیە ئەم هێزە هێزێکی نیشتیمانی بێ؟، یان هێزێك بێ تاوەکو ئێستا هەندێکی لای ئەوحیزب و هەندێکی لای ئەو حیزب، خوا ئەیزانێ ئەوەی باسی ئەکەن سەری ساڵ و نازانم هێزی پێشمەرگە یەك بگرێتەوە، ئەوەش چەند ساڵە هەر وائەڵێن چاوەڕێ ئەکەین یاخوا گەر وابێ زۆر باشە، ئەم هێزە چەکدارانە کە لەسەدا چل و پۆینت چل و حەوتی ژمارەی فەرمانبەرانی هێزی کوردستان پێك دێنن، بەشێکی زۆریان بەشێوەیەکی نایاسای کراون بەپاسەوانی چەند کەس و لایەنی بەرپرس، کە قەرار وابوو بەبڕیاری سەرۆکایەتی هەرێم بڕیاری وەزیری ناوخۆ هەموویان دەرکرێن، یان نەقل بکرێن و بەلایەك ببرێن، تاوەکو ئێستا ئەوە هەر لە جێگەی خۆی ماوە، مەلایەك ئەناسم مەلایەکی ئیعتیادیە، هەشت حیمایەی هەیە، هەشت حیمایەی بۆ چیە؟، من ڕێزی زۆرم بۆ مەلا هەیە، ڕێزی زۆر و ئیحتیرامم بۆیان هەیە، بەڵام نموونەیەکە، نموونەیەکی زۆر بەسیتە، ئەو نوێژ ئەکات، پێش نوێژ ئەکات حیمایەی بۆ چیە؟، من ئەزانم ئیشی چی بەو حیمایانە ئەکات، لەپار ساڵدا ئەنجومەنی ئاسایش بوونی نەبووە، بەڵام ژمارەی فەرمانبەرەکانی لە ساڵی 2011 دا پێنج هەزارو شەش سەدو حەفتاو شەش کەس بووە، ئەمە جێگای پرسیارە، ئەنجومەنێك دروست بووە ئەوهەموو فەرمانبەرە یەعنی چی؟، چەندین خەرجی سەیر لەنێو بودجەی بەکارهێنانی ئەم ئەنجومەنەدا هەیە، بۆنموونە، هێشتا دروست نەبووە یەك ملیارو چوارە ملیۆن دیناری بۆ ئەم دەزگایەی تەرخان کردووە، ئەنجومەنێکی وا گرنگ چۆن دەبێ لە بینای کرێ دابێ، کە سێ سەد ملیۆن دینار بۆ کرێی بینا تەرخان کراوە، ئاهەنگەکانی ئەم ئەنجومەنە چین کە چل ویەك ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە، ئەم ئەنجومەنە دروست نەبووە، تا ئاهەنگی هەبێ، بۆ تەبەروعات و ئیعانات یەك ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، بۆ موکافەئەی شارەزایان و هاوکاران یەك ملیارو سەدو بیست و دوو ملیۆن دینار تەرخان کراوە، تەبعەن ئەمە لە پارەکەی یەکەمە، بەپێی خوێندنەوەی ئێستا ئەمانە دوو دەزگای حیزبین ئەو پارانە بەکارهێنراوە، ئەوە لائەبەم، دەزگای ئاسایش لە پار ساڵدا ژمارەی فەرمانبەرانی ئاسایشی هەولێرو سلێمانی سی و شەش هەزارو چوار سەدو نەوەت و حەوت کەس بووە، لە هەژدە هەزارو هەشت سەدو نۆزدە کەس لە ئاسایشی هەولێر، 17 هەزارو چوار سەدو نەوەت و حەوت کەس لە ئاسایشی

سلێمانی، بەڵام ژمارەی فەرمانبەرانی ئاسایشی گشتی لە کوردستان لەم ساڵدا کەم بۆتەوە و بۆتە بیست و نۆ هەزارو سی و دووکەس، واتە زیاتر لە حەوت هەزار کەس کەمی کردووە، ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەو سەرجەمەی کە ئەو کەسانەی پێشتر لەنێو پاراستن و زانیاری بوون، وەکو فەرمانبەر ئاماژەی پێ دراوە، لە لیژنەی ناوخۆ خۆیان ئیعتیرافیان کرد وتیان ئەمە زۆر ڕاستە، ئەمساڵ بڕە پارەیەکی زۆر بۆ شمەك و خزمەتگوزاری ئەم دەزگایە تەرخان کراوە، بەشێکی بەفیڕۆدانی سامانی گشتی بۆ نموونە، بۆ کڕینی سووتەمەنی پێنج ملیار و چل ملیۆن دینار تەرخان کراوە زۆر زۆرە بۆ ئوتومبێلەکانی کاری کەسی بەکاردێت، کە هەموومان ئەوەمان بینیوە بەتایبەتی لە سەیرانگاکان، پێنج ملیارو دوو سەدوحەفتا ملیۆن دینار بۆ چاك کردنەوەی ئامێر وئامرازەکان تەرخان کراوە، لە کاتێك ساڵانە پارەیەکی زۆر بۆ کڕینی ئامێرو ئامراز تەرخان دەکرێت، لەگەڵ ئەمە ئەم بودجە پارەی وەبەرهێنان بۆ نۆژەنکردنەوەی بینا پارە تەرخان دەکرێت، بەڵام لە بودجەی بەکاربردن یەك ملیارو نۆسەدو نەوەت و پێچ ملیۆن دینار بۆ نۆژەکردنەوەی بینای ئاسایش تەرخان کراوە، لە خەرجیەکانی سوودی کۆمەڵایەتی، پێنج ملیاو پێنج سەد ملیۆن دینار بۆ تەبەروعات و ئیعانات تەرخان کراوە، لەکاتێکدا لە شەش مانگی ڕابردوو یەك ملیارو سەدو سی و نۆ ملیۆن دینار تەرخان کراوە، 11 ملیۆن دینار بۆ هاوکاری شارەزایان و هەواڵ نێران تەرخان کراوە، ئایا ئەم پارەیە چۆن و لەکام بنەما خەرج دەکرێت، چونکە لە ڕابردوودا بەشێکی زۆری ئەم پارەیە بۆ چاودێری کردنی ئەو هێزانە بەکارهاتووە، کە کێ بڕکێی نەیارەکانیان کردووە، دوو ملیارو سەدو دوانزە ملیۆن دینار بۆ بینا تەرخان کراوە، مەبەست چیە لەمە؟، چونکە دروست کردنی بینا دەبێ لە بودجەی وەبەرهێنان بێ، وەزارەتی پێشمەرگە هەرچەندە لەماوەی ڕابردوودا بەرپرسانی پێشمەرگە لێدوانی ئەوەیان داوە، ژمارەی پێشمەرگە 200هەزار پێشمەرگەیە، بەڵام سەرجەم کارمەندان و فەرمانبەرانی وەزارەتی پێشمەرگە لە ئێستادا بە ئیعتیرافی خۆیان هینەکە هاتووە، سەدو هەژدە هەزار و دوو سەدو چل ودوو کەسە ئایا ئەم ژمارە هێزە چەکدارانەی یەکیەتی و پارتی تێدایە، یان تەنیا ئەو پێشمەرگانەن کە لە لیواکانی وەزارەتی پێشمەرگەو فەرمانبەرانی وەزارەتن؟، ئایا تێیدایەتی بەو ژمارەی کەلەوە کەمتر وەکو پێشوو تر وەزیری پێشمەرگە ڕایگەیاندبوو، ئەگەر هێزە چەکدارەکانی یەکێتی و پارتی تێدایە، ئەی لەکوێ پارەیان بۆ خەرج دەکرێت، نۆملیاو شەش سەدو نەوەت و نۆ ملیۆن دینار بۆ سووتەمەنی وەزارەتی پێشمەرگە تەرخان کراوە، لەکاتێکدا ڕۆژانە بەدەیان ئۆتۆمبێل لە وەزارەتە دەبینـدرێن بۆ کاری کەسی بەکاردێت، من نموونەی زۆرم لایە، بۆ سەنگ و قورسایی هێزەکانی پێشمەرگە کارێکی شیاو نیە، وەزارەتی پێشمەرگە لە بینای کرێ بێ، لە یەك ساڵدا یەك ملیارو دووسەدو بیست و حەوت ملیۆن دینار بۆ کرێی بینا تەرخان کراوە، ئەوە جێگای سەرنجە، وەزارەت خۆی داوای پێنج ملیار دیناری کردووە، ئەگەر وەزارەت خۆی، وەزارەتی پێشمەرگە کرێچی خەڵك بێت، بزانێت کرێکەی پێنج ملیار دیناری پێویستە چۆن کەم دەکرێتەوە، بۆ یەك ملیارو دووسەدو بیست وحەوت ملیۆن، ئەمەش هی ئەوەیەکە دەبێ جواب بدرێتەوە، چۆن دەبێ وەزارەتی پێشمەرگە ئۆتۆمبێل بە کرێ بگرێت کە زۆربەی ئۆتۆمبێلەکانی ڕۆژانە دەبینـدرێت ئەویش هەر بۆ کاری

کەسی بەکارهاتووە، ساڵ بەساڵ لەگەڵ ئەو ئامێرو ئامێرانەی کە بۆ وەزارەت دەکرێن، بەڵام پارەی تەرخان کراو بۆ خەرجیەکانی وەزارەت زیاد دەکات، ئەمساڵ بۆ چاك کردنەوەی ئامێرو ئامرازەکانی وەزارەتی پێشمەرگە نۆمیارو سێ سەدو نۆ ملیۆن دینار تەرخان کراوە، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئۆتۆمبێلەکان بۆ کاری کەسی بەکاردێن جارێکی تر، زوو خراپ دەبن، ئەمساڵ سێ ملیارو چوارسەدو هەشتا ملیۆن دینار بۆ چاك کردنەوەی ئۆتۆمبێلەکان تەرخان کراوە، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی ئۆتۆمبێلەکان بۆ سوودی گشتی بەکارنایەن بۆ کاری کەسی بەکاردێن، بەڵام ئەمساڵ نۆ ملیارو سێ سەدو حەفتاو هەشت ملیۆن دینار بۆ تەرخان کردنی کرێی ئۆتۆمبێل وەرگیراوە، هاوشێوەی دەزگای ئاسایش و ئەنجومەنی ئاسایش، وەزارەتی ناوخۆ بۆ تەبەروعات و ئیعانات چوار ملیارو حەوت سەدو چل ودوو ملیۆن دیناری تەرخان کردووە، ئایا ئەم پارەیە بۆکام مەبەست بەکاردێت؟، ئەم وەزارەتە دوو ملیارو بیست و حەوت ملیۆن دینار بۆ قەرەبوو و غەرامەکان تەرخان کردووە، ئایا ئەم قەرەبووانە هی کێن؟، ئایا ئەم سەرپێچیانە چین؟، وا غەرامەکانیان دەدات، ئەو پارەیە بۆ قەرەبوو کردنەوەی قوربانیەکان نیە، بەناوی قەرەبوو کردنەوەو ...، وەزارەتی ناوخۆ، فەرمانبەرانی وەزارەتی ناوخۆ لە ئێستادا سەدو دە هەزار و پێنج سەد فەرمانبەرە، لەمساڵیش دوو هەزارو حەوت سەد کەس دانراوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ، بوونی فەرمانبەری وەزارەتی ناوخۆ لە پێناو پاراستن و ئاسایشی گشتی پێویستە، بەڵام بەدەیان هەزار کارمەندی وەزارەتی ناوخۆ بەبێ ئەوەی بەپێی یاسا ڕابگیرێن، بویتە پاسەوانی حیزبەکان کە جارێکی تر تەئکیدی لێ دەکەمەوە، ئەوەی تێبینی لەسەرە لەمساڵدا پارەیەکی زۆر وەکو خزمەتگوزاریەکانی ئەم وەزارەتە تەرخان کراوە، کە شەست و شەش ملیارو نۆسەدو دە ملیۆنە، حەڤدە ملیارو پێنج سەدو شەست ملیۆن دینار بۆ سوتەمەنی بەشێکی زۆری ئەو ئۆتۆمبێلانەی کە سوتەمەنیان بۆ دەکرێت بۆ کاری کەسی بەکاردێن، وەزارەتی ناوخۆ پارەیەکی زۆر دەداتە کرێی بینا کە بڕکەی دوو ملیارو سەدوپەنجاو هەشت ملیۆن دینارە، یەك ملیارو سەدو سی و چوار ملیۆن دینار بۆ میوانداری وەفد و ئاهەنگ تەرخان کراوە، کە سەدو سی و حەوت ملیۆن دیناری بۆ ئاهەنگە، بەشێك لەمە خەرجی نا پێویستە، بەڕاستی من پێشنیار دەکەم ئەم ئاهەنگە کە هیچ نەبێ بۆ هینی خۆمان سومعەی بودجەکە ئەم کەلیمەیە لا ببرێت باشە، بۆ وشەیەکی تر بگۆڕێت، وەزارەتی ناوخۆ هاوشێوەی وەزارەتەکان و دامەزراوەکانی حکومەت ساڵانە پارەیەکی زۆر بۆ ئامێرەکان خەرج دەکات، لەم ساڵدا نۆ ملیارو چوار سەدو چل و چوار ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە کە چوار ملیارو هەشت سەدو پەنجاو پێنج ملیۆن دیناری بۆ چاك کردنەوەی ئۆتۆمبێلە، ئەمە جگە لەوەی یەك ملیارو حەوت سەدو چل و پێنج ملیۆن دینار تەرخان کراوە بۆکڕینی ئۆتۆمبێلی نوێ، خەرج کردنی ئەم پارەیە ساڵانە بۆ ئامێرو ئامرازەکانی هاوکاتە لەگەڵ خەرج کردنی ملیۆنان دینار بۆ ئامێری نوێ، سەدو دە ملیارو حەوت سەدو بیست و شەش ملیۆن دینار بۆ سووده کۆمەڵایەتیەکانی تر تەرخان کراوە، کەبەم شێوەیە دە ملیارو حەوت سەدو بیست و شەش ملیۆن دینار بۆ تەبەروعات و ئیعانات، ئایا بۆ کێیە ئەم تەبەروعاتانە، سەد ملیار دینار بۆ هاوکاری کردنی خۆراکی کۆمەڵگا کۆچ کردووەکانە، ئایا ئەم کۆمەڵگایانە کامانەن؟، بۆچی شەش مانگی یەکەمی پار ساڵ هیچی بۆ خەرج نەکراوە، من لەوەزارەتی ناوخۆ لێرەوە ئەپرسم ڕووی

پرسیارەکەم بۆ جەنابی وەزیری مالیەشە، لەسەر ئەو ڕێکخراوانەی کەباسی کرد، ناوەکەم نەخوێندەوە تەبعەن کەداوام کرد ناوەکەمان بۆ بنێرێ، یەکێ لەوانە کۆمەڵەی کەم ئەندامانی سەنگەرە کە لە حیزبەکانی کوردستان پێك هاتووە بە غەیری حیزبی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەوانی تری هەموو تیایە، ئەم کۆمەڵەیە ساڵانە چل هەزار دۆلار لەوەزارەتی ناوخۆ وەردەگرن، پەیڕەوی خۆیان هەیە، لە پەیڕەوەکە تیایەتی کە ئەم کۆمەڵەیە بۆ ئەوکەسانەیە کە لە شۆڕشی ڕزگاری نیشتیمانی لە سەنگەر کەم ئەندام بوون، بەلاّم ئێستا بەشێك لەو کۆمەڵەیە هەندێ لە ئەندامەکانیان دەرکراون، سزای سیاسی دراون لەبەر ئەوەی ئەوانە سەر بە گۆڕانن، لەگەڵ کاك د.بەرهەم کە سەرۆکی وەزیران بوو، قسەم لەگەڵی کرد وەعدی دا کە جێبەجێی بکات، تەبعەن ئەوە ئەنجومەن گۆڕاو جێبەجێی نەکرد، بۆیە من لە وەزارەتی ناوخۆ داوا دەکەم کە قەرار بوو مەوعیدێکیان لەگەڵ بکەم ئەم بودجەیە نەیهێشت بچم قسەیان لەگەڵدا بکەم، لەسەر ئەوەی بزانین ئەو پارەیە ئەیاندرێتێ، ئەوە بەس بۆ ئەوەیان نیە بۆ هەموو ئەوانەیە کە لە سەنگەری پێشەوەی بەرگری لەنیشتیمان، بریندارو کەم ئەندام بوون، ئەوەی ماوەتەوە ئەمڕۆ بەڕاستی خەبەرێکی سەیرم بە دەست گەیشت، بیست هەزار شوقە بۆ کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ دروست دەکرێت، کە ئەمە لە 2012/6/11 لە سایتی (NNA) بلاّو کراوەتەوە، تەبعەن ئەم پڕۆژەیە لە پڕۆژەیەکی نیشتەجێی گەورەیەو حکومەت پارەکەی دابین دەکات، بەپێی هەواڵێکی مالپەڕی ئاژانسی هەواڵی ناوخۆ کەلە ڕێکەوتی 2012/6/11 بلاّوی کردۆتەوە، کە دەقەکەی هاوپێچی ئەم نووسراوەیە، ئەویش ئەوەیە کەوەزارەتی ناوخۆی حکومەت بیست هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بۆ کارمەندانی خۆی لە مەدەنی و سەربازی وەزارەتەکە دروست دەکات، بەنرخێکی کەم دەیداتە کارمەندانی هەرسێ پارێزگاکە، هەڵسەنگاندن لەم بارەیەوە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

یەکەم/ زۆر ئاساییە وزارەتێك خانوو و شوقە بۆ کارمەندانی دروست بکات بەشێوەیەك بە قەرزی درێژخایەن لێیان وەربگرێتەوە، ئەمە بەشێکە لە کەم کردنەوەی گرفتی نیشتەجێ کەتێیدا کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ بەشێکن لەهاوولاّتیانی ئەم کۆمەڵگەیە مافی ئەوەیان هەیە شوێنی نیشتەجێبوون و شیاوی خۆیان هەبێ، لەسەرزاری بەڕێوبەری گشتی بەڕێز (کامەران مەحمود عبدالرحمن) کە ئامادەکاری ڕاپۆرتەکەیە بە بەڕێوەبەری خۆجێیەتی هەولێر ناوی هێناوە، هاتووە بڕیاری جێبەجێ کردنی ئەم پڕۆژەیە تەنها لەسەر ڕەزامەندنی ئەنجومەنی وەزیران ماوە، پرسیارەکە لێرەدایە، ئایا ئەنجومەنی وەزیران پاش ڕەزامەندنی لەسەر ئەو پڕۆژەیە دەینێرێتە وەزارەتی پلان دانان بۆ دابین کردنی بودجەی پێویست لەنێو بودجەی بەرهەم هێنان بۆساڵی ئاینده 2013، بۆ ئەوەی بخرێتە ناولیستی پڕۆژە پێشنیار کراوەکان، یان ئەو پڕۆژەیە تەنها ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆ پێیەوە ئاگادارن؟.

دوو/ ئەگەر بودجەی ئەم پڕۆژەیە لەدەرەوەی بودجەو ڕەزامەندی پەرلەمانی کوردستان بێت، ئەوە پێشێل کردنێکی ڕێکارە یاسایەکانی خودی یاسای بودجەشە، چونکە ئەگەر پڕۆژەیەکی لەم شێوەیە لەدەرەوەی یاسای

بودجـەی جێبـەجێ کـردن بکرێـت، بـەبێ ئاگـاداری پەرلـەمان و لـە سەرچـاوەیەکی دارایـدا پارەکـانی دابـین نەکرێت، ئەوە سەرچاوەیەکی ڕوون نیە.

چوار/ خـودی بەڕێوەبـەری گشـتی چـەندین کۆمپانیـا لـە ئێسـتادا لـە کێبڕکێـدان بـۆ جێبـەجێ کردنـی ئـەو پرۆژەیە، ئەمە ئاماژەی ئەوەی لێ هەڵئەکرێندرێت کە دیارە ئەمساڵ بەم زووانە ئەم پرۆژەیە دەچێتە بـواری جێبەجێ کردنەوە، لەکاتێکدا پاش سەرنج دان لە لیستی پـڕۆژە پێشـنیار کراوەکانی 2012 پشکی وەزارەتـی ناوخۆ هیچ پرۆژەیەکی لەم جۆرەی تیا نیە.

پێنج/ کۆی گشتی پرۆژەکانی وەزارەتی ناوخۆ بۆ ساڵی 2012 لە بودجەی وەبەرهەم هێنان، بریتیە لە شەش پرۆژە بە گوژمەی چوار ملیۆن و چوارسەدو سی و پێـنج ملیـۆن دینـار، گوژمـەی پێویسـتی بۆتـەرخان کـراوە، ئەویش بۆ 2012 بریتیە لە یەك ملیارو نۆسەدو نەوەت و هەشتاوپێنج ملیـۆن دینـار، کەچـی تێچـووی کـۆی گشتی هەرخانوویێك بەم شێوەیەی سەرەوە بریتی بوو، لە شەست و دوو ملیارو دووملیۆن و پێنج سەد هەزار دینار، ئەگەر جارانی بیست هەزار یەکەی نیشتەجێبوون بکەین، دەردەچێت یـەك ترلیـۆن و دوو سـەدوپەنجا ملیۆن دیناری پیویستە.

شـەش/ خـەرجی گوژمـە پـارەی بـۆ پـڕۆژەی لـەم جـۆرە خـودی سـوودمەندان و کارمەنـدانی وەزارەتـی نـاخۆ ڕووبەڕووی ئەگەری جێبـەجێ نـەکردنی پرۆژەکـە دەکاتـەوە، چـونکە لـە دەرەوەی یاسـای بودجـە پرۆژەیـەك جێبەجێ بکرێت، لە ڕێگەی تەمویلەوە گرفتی بۆ دروست دەبێت، لە کاتێکدا دەیان پرۆژە بـەهۆی تەمویلـەوە ڕاگیراون، یان سێ ئەوەندەی خـۆی کـاتی ویسـتبێ بـۆ تـەمویل کردنـی بـەپێی دوا کۆپلـەی هەواڵەکـەش، زەوی پێویست بۆ ئەو پرۆژەیە دابین کراوە، لەسەر وەزارەتی ناوخۆش تاپۆ کراوە، من دێمە سـەر ئەوپرۆژانـەی کـە باسم کرد، پرۆژە پێشنیار کراوەکان بۆ ساڵی 2012، تەبعەن وەزارەتی شەهیدان لە یەکەم لاپەڕە باسـی ئـەوە ئەکات، باسی پرۆژەیەك ئەکات کە نازانین چیە بەڕاستی، نەنووسروە پرۆژەکە چیە، بەس ئەڵێ بە هەزار ڕۆژ تـەواو ئـەبێ، بـە شـەش مـانگ تـەواو ئـەبێ، ئەمسـاڵ حـەوت سـەدو پـەنجا ملیـاری بـۆ دانـراوە، گوژمـەی پـارە ملیارێکی تری بۆ دائەندرێت، باشە ئەمە هەر عەینەن ئەوەیە کە لەگەڵ بەڕێز وەزیری پلان دانان باسم کرد، کە پرۆژەیەك بۆ شەش مانگە چۆن ئەمساڵ کۆمپانیایەك بۆت ناگرێ، پارەی خـۆی بخاتـە قـەرزەوە، وەزارەتـی داد خـانووی دادی بـەکرەجۆ بـە سـێ سـەدو شەسـت و پێـنج ڕۆژ تـەواو ئـەکات، لـە دووملیـارو پێـنج سـەد بـۆ ئەمساڵ، پێنج سەد ملیۆن ماوەتەوە بۆ ساڵێکی تر، یـەعنی خـۆ ئـەیتوانی ئەمسـاڵ ئـەوەش بکـات، سـێ سـەدو شەست ڕۆژەکە بە ساڵێك تەواو بـێ، وەزارەتـی ئاوەدانکردنـەوە چاککردنی جـادەی ڤـیری گـۆپ تەپـە کەلـەناو قۆناغی دووەم، پێنج سەدو پەنجا ڕۆژە نۆ ملیار و هەشت سەدو دە پارەکەیەتی، ئێستا دوو ملیاری بۆ دانـراوە، قۆناغی یەکەممان نەبینی تا قۆناغی دووەم ببینین، ئەمە ئێستا باسی قۆناغی دووەم ئەکات، ئەوەی یەکەممان نەبینیوە، ئەو پرۆژەیەی بۆ قەرە هەنجیر ئەکرێت، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار سـەر بـە چەمچەماڵ نیە، بەڵام لەسەر حیسابی چەمچەماڵە، زۆر شت لەسەر حیسابی چەمچەماڵ کراوە کە ئێسـتا هـەمووی یەکـە، یەکە دێمە سەری، کە بەڕاستی بودجـەی چەمچـەماڵ هـەموو سـاڵێك ئـاوای لێهـاتووە، لەبـەر ئـەوەی لەناوچـە

سنووریە  دابڕاوەکان، ئەو کێشانەمان هەیە کە کاك سالار هەندێ ئیشارەتی بەهەندێکی کرد منیش دێمە سەر هەندێکی، دروست کردنی ئاوەڕۆی بەشی دووەمی تەکیەی جەباری دووسەد و پەنجا ڕۆژە، گوژمەی دووسەد ملیۆن دووسەدو پەنجا ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە، کە پەنجا ملیۆنی ماوە ، ئەو پەنجا ملیۆنە ئەکرا بخرێتە سەر ئەو حیسابە، ئەوە شتێکی وا ئەوەندە زۆر نیە، پرۆژەی ئاوی گۆپ تەپە، چەمچەماڵ هاوکارم باسی کرد، حەوت سەد ڕۆژی بۆ دانراوە، گوژمەی 130 ملیار ئەمساڵ 5 ملیاری بۆ دانراوە، کە بەشەش ساڵ تەواو ئەبێ، نەخۆشخانەی فریاکەوتنی چەمچەماڵ حەوت سەد ڕۆژی بۆ دانراوە، ئەمانەی کە باسی ئەکەم هەمووی ئاوان، پارەکەی بۆ دانراوە بەساڵێك تەواو ئەبێ، پارەکەی بۆ سێ ساڵ تەواو ئەبێ، کۆمپانیا ئەوە ناگرێت، وەکو خانووەکانی شەهیدانی لێ دێت، کەدوای ناچار بوون چۆن پارەی سولفەیان دا پێیان وتیان بڕۆن ئەوە پانزە ملیۆن، بیست ملیۆن بڕۆن خۆتان خانووەکان دروست بکەن، دروست کردنی بەنداوی باسەڕە بە پێنج ساڵ تەواو دەبێ، بە گوژمەی 108ملیار دۆلار، ئەمساڵ 6ملیاریان بۆ داناوە کە ئەبوایە 18 ملیاریان بۆ دانایە، تەبعەن ئەمە بەس سنووری چەمچەماڵە ئەبێ شارەکانی تر چۆن بێ؟، من نەگەڕاوم بۆ شارەکانی تر، پرۆژە بەردەوامەکان، لاپەڕە 20 ژمارە 75، ڤیری گۆپ تەپە سیانزە کیلۆمەتر، ئەمساڵ یەك ملیاری بۆ دانراوە، ئەوە دووساڵە ئەو پرۆژەیە هەر تەواو بووە، هەر نەماوە، ئەمساڵیش یەك ملیاری بۆ دانراوە، ڕێگای گوندی بنگرد، ئەوە پار تەواو بووە کە ئەمساڵیش هەر پارەیەکی بۆ دانراوە، نازانم ئەو پارەیە بۆ چیە؟، لاپەڕە 21 ژمارە 88 ڕێگای قادر کەرەم، دووز خورماتوو پەیوەندی بە چەمچەماڵەو هەر نیە، لاپەڕە 37 ژمارە 8 ڤیرتاو کردنی گەڕەکی سەنگاویەکان لەشۆڕش پار تەواو بووە، ئەمساڵ چوارسەدو حەوت ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کراوە، لاپەڕە 38 ژمارە 25 پەرە پێدانی پرۆژەی ئاوی دوکان- تاسلوجە-چەمچەماڵ ئەوە پار تەواو بووە، ئەمساڵ شەش ملیاری بۆ دانراوە، هەقی وایە بپرسین ئەو شەش ملیارە، ئەگەر تەعمیری ساڵانەش بێ شەش ملیار زۆرە، ڤیرتاو کردنی شۆشتەو کۆنکرێت، لە 14و 17 شەهیدان و دوو باخچە لەچەمچەماڵ ئەوانە تەواو بوون، ئەمساڵیش ملیارێك و سێ سەت و هەشتی بۆ دانراوە، لاپەڕە 42 ژمارە 99 پرۆژەی تەواوکاری خزمەتگوزاری لە شارۆچکەی تەکیەی جەباری تەواو بووە، ئەمساڵ سێ سەدوبیست و نۆ ملیاری بۆ دانراوە، پرۆژەی ئاوەڕۆی گوڵە جۆ لە کفری نەوەك چەمچەماڵ، ئەمە کفری نیە، کفری لەکوێ چەمچەماڵ لە کوێ؟، ئاوەڕۆی سندوقی لولەیی و ڕێگا سازی لە شوان ئەمە سەر بەکەرکووکە، دروست کردنی بینای شارەوانی سەرگەڵو هی ئێمە نیە، پاریش عەینەن لەگەڵ نووسراوی شارەوانیەکانی سەرگەڵو، سەرگەڵو لەکوێ چەمچەماڵ لەکوێ؟، لە لاپەڕە 42 ژمارە 16 ئاوەڕۆو ڕێگاسازی بەشێك لە گەڕەکەکانی شارۆچکەی کاکەمەند ئەوەتەواو بووە، ئەمساڵ پارەی بۆ دانراوەتەوە، کڕینی کەل و پەل بۆ تەعقیمی ئاوی گەرمیان ئەمە هی کەلارە، نەوەك چەمچەماڵ، لاپەڕە72 ژمارە 27 قوتابخانەی 12 پۆلی لەهەزار کانی، ئەمە یەك ماڵە، هەزار کانی یەك ماڵە، قوتابخانەیەکی 12 پۆلی بۆ دانراوە، پێنج سەدوهەشتاو یەك ملیۆنی بۆ دانراوە، هەقی وایە بەڕاستی ئەوانە بیری لێ بکەینەوە، لاپەڕە 74 ژمارە 57 دوو قوتابخانەی 18 پۆلی لە چەمچەماڵ- شۆڕش، بەلاَم نەنووسراوە چ گەڕەکێك ئەتوانین بەدواداچوونی بۆ بکەین، لاپەڕە 98 ژمارە 98  دروست کردنی

پـرۆژەی ئـاودێری بچـووك 20 پـرۆژە ئـەوە هـی گەرمیانــە هـی چەمچـەماڵ نیــە، لاپـەڕە 98 ژمـارە 102 توێژنەوەو نەخشەسازی هەشەزینی، ئەمە گوندێکە نازانم ئەو نەخشەسازیە نەنووسراوە بۆچی؟، سێ سـەدو بیست و هەشت ملیۆنی بۆ دانراوە، لاپەڕە 98 ژمارە 106 دروست کردنی بەنداوی شیوەسوور، ئەمە ئیشی لێ نەکراوە، ئەمە ئەوەیە کەلـە نزیـك گونـدی بـێ دەرە، دووملیـارو هەشـت سەدوبیسـت وپێـنج پـار بـۆی سـەرف کراوە، ئەمسالێش چوار ملیۆنی بۆ دانراوە، دروست کردنی پارکی دارستان لە چەمچەماڵ زۆر گەڕاین لەگـەڵ قائیمقام و لەگەڵ مودیری شارەوانی شتی وا هەر نیە، گەیاندنی کارەبا بـۆ گونـدەکان، لاپـەڕە 109 ئەمـە هـی گەرمیانە نـەوەك چەمچـەماڵ، گەیانـدنی کارەبـا بـۆ گونـدەکانی چیا ڕەزاو سـەر سـەعۆ ئـەوە هـی گەرمیانــە، نەوەك هی چەمچـەماڵ، لاپـەڕە 121 ژمـارە 25 پینجوێن دەربەنـدیخان، هەشـتاو چـوار لەسـەر چەمچـەماڵ ئەوەش هی چەمچەماڵ نیە، ناڵپارێزو دوکان، ئاخر ناڵپارێز کورد نیـە نـەزانێ لـە کوێیـە؟، بـۆ چەمچـەماڵیان نووسیوە، ئەگەر ئەمە کاتبێکیش نووسیبێتی ئەبێ بزانێ ناوپارێز لەکوێیـە؟، بەڕاسـتی هەنـدێ پێشنیاریشـم هەیە، جارێ ئەوەی کـەم ئەنـدامان بـە گشـتی کوردسـتان پارەکـەیان زۆرکەمـە، 150 خۆشـیان نـازانن بیـدەن بەچی لە ئێستاوە بەشیان ناکات، من پێشنیارێکی ترم هەیە بەڕاستی داوای لێبوردن دەکەم، ئەمڕۆ باسم کـرد گـوتم هـەموو شـتەکانمان تێکـەڵ و پێکـەڵ کـرد بەیەکـەوە، چـاو ئەنێمـە سـەر پێشـنیارەکان، پێشـنیار دەکـەم گوژمەیەك بۆ ئەو خوێندکارانە دابندرێت ئەوانەی تواناسازی نالێم، ئەو خوێندکارانەی کە خۆیان دەرەجـەی باشیان هەیە، ئەیانـەوێ بچـن لـە ئـەورووپا بخـوێنن، بـە قـەرز بیـان درێتـێ بـۆ ئـەوەی وەکـو سـولفەی زەواج و سولفەی عەقار جارێکی تر بێتەوە ناو بودجەی حکومـەت، سـولفەی عـەقار بـۆ گونـدو ناحیـەکان، بەتایبـەتی گوندو ناحیەکان بکرێت بە سی ملیۆن، من پێشنیاری ئەوە دەکەم، لەبەر ئەوەی من بەش بەحاڵی خۆم چومە گوندم زۆر بینیوە، ئەزانم گوندەکان چۆنن وەزعیان لەچی دایە، مووچەی بەخێوکەری کەس و کاری شـەهید، زیاد بکرێت لە 70 بۆ 150 زیاتر بکرێت، چونکە ئـەوان باسـم کـرد وەسـفێکیانم کـرد لـە پێشـەوە، پێویسـت ناکات جارێکی تر باسی بکەمەوە، ئەو پێشـمەرگە دێرینانـەی کـە پـێش ڕاپـەڕین پێشـمەرگە بـوون، بەڕاسـتی هەقی وایەبە مەدالیایەك شتێکی وا بکرێت کە ڕێزیان لێ بنـدرێت، ئەمانـە لـەناو خـەڵك دیـار بـن کـە ئەمانـە سەردەمێك خوێنی خۆیان خستۆتە سەر لەپی دەستیان تاوەکو ئەمڕۆژە بێتە پێشەوە، بەلام بەختیان نەبووە کـە شـەهید نـەبوون، ئەگـەر شـەهید بوونایـە ئەوەشـتێکی تـر بـوو، نیـوە قیمـەتی شـتە حکومیـەکان، کـە لـە حکومـەت ئـەدرێت بـەوان بـۆ ئـەو پێشـمەرگە دێرینانــە کـەم بکرێتـەوە، یـان هـیچ نـەبێت قازانجەکـەیان لێ نەسەندرێت، گوژمەیەك پارە دابنـدرێت بـۆ لـە سـندوقێك بـە شـەفافانە سـالانە بـوترێ ئـەم پارەیـە ئەوەنـدە خراوەتە ئەو سندوقەوە، سندوقەکە حیسابەکەی ئەوەندەیە، ئاوایە بۆ ئەو لێقەوماوانەی کـە لـە ولاتەکـەمان وەکو کوردستان، بۆ شتێکی درێژخایەن دروست دەکەن، مەسـەلەن بـۆ نموونـە، بـەڕێز سـەرۆکی هـەرێم باسـی ئەوە ئەکات، ئەڵێت ئەگەر کوردستان بۆ ساڵێك تەحەمولی برسیەتی بکەن، ئەوە من ئیعلانی حکومەت دەکەم، ئەگـەر پـارەو هـەبێ پێویسـت بـەوە نیـە ساڵێك تەحـەمولی برسـیەتی بکـەین، فـەرموو ئەمسـاڵە ئـەو پارەیـە لەوەبدە، بۆیە ئەوە کارێکە کە من پێشنیار دەکەم ئەو پارەیە لـەو ئیعانـات و مینـەح و ئـەو نـازانم چیانـە کـۆ

بكرێتەوەو لابرێت، بدرێتە ئەو سندوقەوە بۆ ئەو کارە، من داوا لە وەزارەتی پلان دانان و لە وەزارەتی ئابووری دەکەم، پاش ئەوەی کە لێرە وەڵامەمان وەرگرتەوە وەڵامی هەموو شتەکان، ئەوە ئێمە ئەندام پەرلەمان نەسکرتێرمان هەیە نە کەسمان هەیە، هەرچی هەبێ خۆمان بەدەستی خۆمان ئەینووسین، بەلأم ئێوە ماشەئەڵلا لە وەزارەتەکان هینتان زۆرە، کارمەندتان زۆرە، ئەتوانن ئەو جوابانەمان هەموو بە نووسین بۆ بنووسن، ئێمە خۆمان کۆپی دەکەین لێرە، بۆ ئەوەی بتوانین لەم ساڵە ئیشی لەسەر بکەین و بەدواداچوونی لەسەر بکەین، بۆ ئەو وەڵامانەش بکەین کە ئێوە وەڵامەمان ئەدەنەوە، من پێشنیار دەکەم بۆساڵی داهاتوو بودجەی سولفەی زەواج و سولفەی عەقاری نەوەستێندرێت، دەرماڵەی مامۆستایان نەبرڕێت، چونکە لێرە گوێم لێ بوو لە ئەندامێکی بەڕێز وتی موخەسەساتی مامۆستایان ببڕێت، بخرێتە سەر شتێکی تر، لەبەر ئەوە من داوای ئەوە دەکەم کەس بەلای ئەوەدا نەچێت، چونکە ئەوە هینی هەیە، منالأنی کەم ئەندامی سەنگەر وەك منالأنی شەهید حیسابیان بۆ بکرێت لە سولفەی زەواج، ناعەدالەتی، ئەمە کاك سالار باسی کرد، ناعەدالەتی لە عەدەدی سوکانی، پاریش باسمان کرد لەگەڵ سەرۆکی پەرلەمانی پێشوو، باسمان کرد قەرار بوو ئەگەرنەرۆشتایە، ئەمساڵ لەگەڵ وەزیری پلان دانان باسی بکردایە، حکومەت قەناعەت پێ بکەین ئەمساڵ بودجەیەك زیاتر بۆ کەلار و کفری و چەمچەماڵ سەرف بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەمانە فۆرمی بایەعیان لە کەرکووکە، کاك سالار باشی ڕوون کردەوە من زیاتر ڕوونی ناکەمەوە، ئەوان حیسابێکی تایبەتیان لە بودجە بۆ بکرێت، بەداخەوە پارو پێراریش باسمان کرد، ئەمساڵیش باسمان کرد، شتێك و خەبەرێك نیە لەو بابەتە، ڕێزلێنانی هونەرمەندان، بەڕاستی هەندێکیان زۆر کەمە، 60 هەزارە، 60 هەزار ئەگەر لەخانەقین بچێت پارەکە وەرگرێت ئەوە ئەبێ لەسەریشی قەرزار بێتەوە، بۆیە ئەگەر ئەوەش چاوێکی پێدا بخشێندرێتەوە، من سوپاستان دەکەم ئەگەر سەرم ئێشاندبن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە زۆرجار باس لەوە ئەکرێت، کەوا ئەم حیسابە چیەو ئەمە چ نیەو ئەمە بۆچیە؟، ئێمە ئیستیمارەمان تەوزیع کردووە، لەو ئیستیمارانەیان هەموو حیسابات لەسەر ئەساسی فەسل، لەسەر ئەساسی مادده، لەسەر ئەساسی ئیرادات تەوزیعمان کردووە، ئەگەر بخوێندرێتەوە ئەوە مەعلومە ئەو پارانە بۆچی سەرف کراوە، لەناو ئەم ئیستیمارانەیا، کەباسی حیسابی سلەع ئەکرێت، بەس سلەع 49 حیسابی هەیە، خۆ ئەوە هەروا هین نەبووە مەسەلەن، لەحدودی 300 حیسابە، ئەو 300 حیسابەش وەکو جەنابی دکتۆر ئاراس شی کردەوە، ئەچێت بۆ هەزارو ئەو حیسابانە، هیچ شتێك نیە وەکو ڕەقەمێکی موعەیەن کەتۆ بیهێنی وەکو ڕەقەمێکی گەورەو بەجێی بێڵیت و بڕوات، هەموو شی کراوەتەوە لەسەر ئەساسی ئەرقام، بەنیسبەتی ئەو بودجەیەی کەوەزارەتی دارایی ئێستا پێتان زۆرە بەعزێك لە برا پەرلەمانتارەکان یان خوشکەکان، من ناڵێم زۆرە یان

كەمـە، بـەڵام ئايـا خوێنـراوەتـەوە ئەوانـە بۆچـيە؟، هەرچـی پارەيـەك كـە لـە وەزارەتـەكان سـەرف نـەكرێت و پێويست بێ سـەرف بكرێـت، ئەوانـە لـەناو وەزارەتـی داراييدايـە، مەسـەلەن لەوانـە ئيحتيـات لـەناو وەزارەتـی دارايدايە، مينەح لەناو وەزارەتـی دارايدايـە، مەسـەلەن ئـەحزاب لـەناو وەزارەتـی دارايدايـە، ئەمانـە هـەمووی يەعنی ڕێكخراوەكان لەناو وەزارەتی دارايدايە، تەقاعود مەعاشی تەقاعود لەناو وەزارەتی دارايدايە، بە هەموو بەشەكانيەوە، تەقاعودی پێشمەرگە، مەدەنی يەعنی ئەمانە لەناو وەزارەتی دارايدايـە، بۆيـە ئـەو بودجەيـەی كە بۆ وەزارەتی دارايی دائەندرێت ئـاوا زۆرە، مـن تـەنها هەنـدێك لەوەڵامـەكان ئێسـتا ئەدەمـەوە، بەنيسـبەتی ئەوەی ئاسايشەوە، بەراسـتی وەختـی خـۆی كەئاسـايش ميزانيەكـەی دانـراوە، ئـەوە ئيسـپاتە بـۆ ئـەوەی ئێمـە زووتـر ميزانيەمان داناوە، كە دامان ناوە ئەمەمان بۆ نەهاتووە، ئێمـە تەسجيليشـمان كـردووە پـارەی ئاسـايش، بەڵام لە دوای دروست بـوونی دەزگـای ئاسايشـی گشـتی، ميزانيەيـەكی تـر هـات بـۆ ئێمـە، ئێمـە واجبمانـە كـە هاتووە، ناتوانين لە خۆمانەوە تەسەروف بكەين، ئـەبێ بينێرينـەوە بـۆ جارێكی تـر، بـۆ ئێـرە بـۆ پەرلـەمانی كوردستان، ئەويش لـەدوای ئـەوەی كـە ئـەمری تەوحيـدی دەرچـوو، ئيسـتيحداسـی دەوائـيری تـری تيـا كـراوە، دەزگای ئاسايش خۆی وەكو دەزگای موستەحدەسە، بەفيعلی كە دەستی بەكار كردووە، ئێستاكە ئێمە ئـەوەمان بۆ هاتووە، بە نووسراوێك هاتۆتە ئەنجومەنی وەزيـران و موناقەشە كراوە، لـەوێ هاتۆتـە پەرلـەمان، خراوەتـە پێش پەرلەمان، پەرلەمانی بەڕێز ئەتوانێ ڕەفزی بكات، ئەتوانێ ئيدخالی بكات، ئـەوە ئـيتر ئەمێنێتـەوە سـەر موناقەشەی بەڕێزتان، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عدنان.

**بەڕێز عدنان عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستيدا من پێم وانيە قسەيەك مابێ من نەيكەم، بـەنيازيش بـووم بڵـێم هاوڕێيـانم قسـەكانی منيـان كـرد، وتيان لە بودجـە ئەمـە هـين نيـە جـائيز نيـە، بۆيـە هـەر شـتێك ئـەڵێم، بۆيـە يـان پاشـەو پێشـی ئەكـەم، يـان حەماسـی پـێ ئـەدەم، هـيچ شـتێكی وا نـەماوە بـۆم، مـن قسـەكانم ئەكـەم بـە دوو بەشـەوە، يەكـەمی، هەنـدێ وردەخاڵ كە پێموابێ گرنگە كاری لەسەر بكەين بۆ ئەم چەند ڕۆژەی داهاتوو كە بودجەكە پەسـەند دەكـەين، ديارە لە پێشنيازی چ فراكسيۆنی گۆڕان چ ئەندامان چ فراكسيۆنەكانی تر، كە جێگای دەست خۆشـيە، شـايەنی ئەوەيە كە بە هەند وەربگيرێت و ليژنەی داراپش سياغەی بكاتەوە، بۆ ئەوەی بە زووتـرين كـات كـاری لەسـەر بكرێت، تەبعەن زۆر قسە لەسەر موخەسەسات كرا، لەسەر سولفەكان و عەقار و بانكەكان و ئەوانـە كـرا، ئـەوە گرنگە كاری لەسەر بكرێت، قسەيەك كەدەمەوێ بيكەم لەسەر مەوزوعی مووچەيە، لە ڕاستيدا ئەمە پێموايـە دەبێ لەم بودجەيە كاری جدی لەسەر بكرێت، يەعنی هەندێ موعالەجاتی لابەلا كراوە تاوەكو ئێستا، جگە لـە كێشە دروست كردن، ديارە ئەبينين چەندين مان گرتن و خۆپيشاندان و ئەوانەی لێكەوتـەوە، بۆيـە دەبـێ بـە ئەساسێكی زانسـتانە چارەسـەر بكرێـت، تەبعـەن مووچـە بـەعام لـەوڵاتانی لـە چەشـنی خۆمـان دەبـێ لەسـەر

بنەمای لایەنی کەمی ژیان دابندرێت، لایەنی کەمی ژیان دەبێ بکرێتە قیاس بۆ دانی مووچە، بەتایبەتی لە وڵاتێکی وەکو کوردستان، کە داهاتەکەی نەوتەو ئەوی تر موڵکی هەموویەتی و دەبێ بۆ هەمووی بێ، مووچە دەبێ ئەوە لایەنی کەمە وەربگیرێت کە دیارە ئەگەر هەر بە سادەیی سەیری بازاڕ بکەین، پێم وابێ لایەنی مووچە ئێستا لە ملیۆن کەمتر نیە، بەلاَم ئەگەر تەقدیری وەزعی بازاڕ و ئەوانەو ئێستای موستەواکە بکەین، پێموایە دەبێ کار لەسەر ئەوە بکەین یان دەبێ مەبلەغێ، کە لە 600 هەزار کەمتر نەبێ بۆ لایەنی کەمی مووچە دابنێین، یان ئەگەر نەتوانین ئەوە بکەین، بیکەین بە قاعیدەیەك بەڕاستی دەبێ چەند مووچەیەکی ئیزافی بە فەرمانبەران بدرێت، بەخانەنشین تەبعەن، بۆ ئەوەی جۆرێك لە هاوسەنگی لە ژیان و مەعیشەتیان دروست بکرێت، ئێمە ئێستا ڕووبەڕووی کێشەیەکی گەورە دەبینەوە، کە بەرەو چۆڵ کردنی شارۆچکەکان، ئەوەی دێهاتەکانمان گوێ لێ بووە، بەلاَم هەندێ لە شارو شارۆچکە هەیە لە موعاناتێکی گەورەدان، ئێمە دوو نەوعە شارو شارۆچکەمان هەیە، کە لە کێشەدان، هەندێکیان ئەوانەن کە لە ئەترافان، لە کەناردان، هەندێکیشیان بابلێین لە عومقان، لەڕاستیدا ئەمانە دوورن لەمەرکەزەکان، کێشەیەکی گەورە لە ئیستیسماری ئەو شوێنانە هەیە، وەکو ئەوەی دوێنێ کاك عبداللە باسی کرد، ڕاستیەکەی تەنها بە دیاری کردنی سولفەی دروست کردنی خانوو چارەسەر نابێ، زۆر لەم بەرێزانە لەوانەیە هەندێ وڵاتیان بینیبێ، لەهەندێ شارۆچکە یان هەندێ شوێنی دورە دەست یان شوێنێك موستەشفایەکی گەورەی نموونەیی دەکەیتەوە، یان ئوتێلێك دەکەیتەوە، یان مەعاهدی زانستی دەکەیتەوە، حکومەت دەبێ بەرنامەیەکی هەبێ بۆ گرینگیدان بەو شارۆچکانە، من هەر نموونەی شاری کفری بێنمەوە، ئێستا تووشی ئەزمەو قەیرانێکی گەورە ئەبێتەوە، وردە وردە خەڵکەکەی باس لەوە ئەکەن کە ئێستا کۆچ کردن هەیە، لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر، دەبێ ئەمە قسەی لەسەر بکرێت، من پێموایە نازانم وەزارەت چەند لەگەڵ ئەوەدا ئەبێ، پێویست بەوە دەکات بۆ ئەوە شارانە تەشخیس بکرێ، ئەوەی کە لەئەتراف و لە عومقەوەیە و دوورە دەستن و کاری خزمەتگوزاریەکان زۆر نیە، دەبێ مەبلەغێك دابندرێت بۆ کۆمەڵێك کاری پێویست، کە لایەنی کەم بە موەقەتیش بێ ڕێگە بگرێت لەو حاڵەتەی کە ئێستاکە ئەیبینین، لەو حاڵەتە کۆمەلاَیەتیەی کە ئێستا ئەیبینین، لە گەرمیان پێشتر کاك عبداللە مەزبەتەیەکی هێنایەوە کەلە لیژنەی دارایی درا بە ئەندامانی تر، کێشەی دوو سەدو شەست و سێ کەس هەیە کە ئەمە دوای ئەوەی لەمەوزوعی تەعینات لە گەرمیان، غەدرێك کرا سەرۆکایەتی حکومەت بڕیاریدا کە قەرەبووی بکاتەوە، فۆرمی سێ سەدو شەست و سێ کەس وەرگیراوە، هەموو ئیجرائاتی تەعین بوون و قەراری تەعین بونیان کراوە، لە فەحسی توبیەوە هەتا دوایی، دواتر وەزارەتی دارایی ڕایگرتووە، دواتر وەزارەتی دارایی ڕازی بووە، وەزارەتی پەروەردە ڕایگرتووە، یەعنی کێشەیەکە ئەو خەڵکە باجی ئەدەن، من هیوادارم کە لیژنەی دارایی بتوانن لە ڕاپۆرتەکەیان، یان بابلێین وەزارەتی دارایی کێشەی ئەم دووسەدو شەست و سێ کەسە کە ئامادەن، هەموو موستەمسەکات و یان پێش وەختیەکانی تەعین بوونە، هەموو فەراهەم بووە، دەبێ بیریان لێ بکرێتەوە لەو ڕێژەیەی کە بۆ تەعین بوون دانراوە، چونکە کاتی خۆی بەغەدر بابلێین جۆرێك لە ناعەدالەتی لە ڕاستیدا لەتەعینەکە هەبوو، من دەمەوێ پێش ئەوەی بڕۆمە سەر خاڵە

ئەساسیەکان، قسەیەکی تر لەسەر مەوزوعی...، دواتر قسەلەسەر بودجە ئەکەم، قسە لەسەر ئەوە ئەکەم کە ئێمە وەکو پەرلەمان، بە گرنگی دەزانم لەم یاسای بودجەیە لە ئێستادا دەقێك تەسبیت بکەین، حکومەت ئیلزام بکەین لەوەی کارکردن بە بودجە، چونکە بودجەکەمان بووە بە شەش مانگی، کار کردن بەبودجە لە ڕۆژی پەسەند کردنی بودجە، تا ڕۆژی پەسەند کردنی ساڵی داهاتووی بودجە، پێشم وایە ئەوە تەنها پێشنیازی من نیە، چەند بەڕێزێك باسیان کرد، ئەمە زۆر گرنگە، بودجە لە هەموو عالەمدا بۆ ساڵێکە، ناکرێ تۆ بۆ پێنج مانگ، بۆ شەش مانگ، چونکە لە مانگی 12 وەزارەت زۆر لەکاروبارەکانی خۆی ڕادەگرێت، ئێمە دەبێ لێرانە ئیلزامی حکومەت بکەین لەوەی تەخسیساتی بودجە دەبێ سەرف بکرێت، تا ڕۆژی پەسەند کردنی بودجەی ساڵی داهاتوو، جا ئیتر ئەگەر توانیان لە کاتی خۆی بیهێنن، توانیان زووتر بینێرن مانگی شەش ئەینێرن، حەوت ئەینێرن، نابێ بازاڕو ژیانی خەڵك پەکی بکەوێت، ئەم خاڵە پێموایە گەورەترین دەستکەوت ئەبێ بۆ ئەم پەرلەمانە، لەم پلەی گفتوگۆکان بتوانین ئەم نوقتەیە پەسەند بکەین، من هەندێ قسە ئەکەم پێموایە وەزارەت دیسانەوە نەختێ پێی سەخلەت ئەبن، بەڵام ئەمەوێ بەدیوێکی تر قسەی لەسەر بکەم، لەسەر مەوزوعی دواکەوتنی بودجەیە، وەزارەت خۆی لە ڕاپۆرتەکان ئاماژە بەوە ئەدەن، کە لە 2011/6/29 بودجەی خەمڵێنراویان ناردووە بۆ وەزارەتی دارایی عیراق، لە ڕاستیدا ئەو ڕاپۆرتە کە ئەخوێنینەوە، ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی ئەخوێنینەوە، تێدەگەین لەوەی کە بڕیاردەر لەسەر بودجەی هەرێم، پەرلەمانی کوردستان نیە، وەزارەتی دارایی عیراقە، بەگوێرەی کۆمەڵێك لەو بڕگانەی کە قسەی لەسەر کراوە، لە تەخسیساتەکانیش، هەتا لە تەخسیسات بۆ ئیستیسماری و بۆ تەشغیلی دەرئەکەوێت، ئەمە وەزارەتی دارایی عیراقە نەوەك پەرلەمانی کوردستان، تەحدی بوجەکان ئەکات، ئێمە لەوانەیە هەندێك مکیاج و وردەکاری و ئەوانەی بکەین، کە تۆ لەمانگی شەش بودجەی خەمڵێنراوی خۆت دەنێری بۆ وەزارەتی دارایی عیراق، ئێمە داوامان کردووە لەمانگی 10 بێت، بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ باسی مانگی 10 ئەکات، نەئەکرا لە ماوەی ئەم فەترەیە، ئەو بودجە خەمڵێنراوە جارێکی تر بێتە پەرلەمانی کوردستان، یان لەگەڵ لیژنەی دارایی قسەی لەسەر بکرێت، باس لەو چوارچێوە گشتیە بکرێت، بۆچی بۆ حکومەتی عیراقی ئەنێری؟، بۆچی بۆ پەرلەمانی کوردستانی نانێری؟، لەمانگی 6 ی 2011 بۆ حکومەتی عیراقی ئەنێری، لەکۆتایی مانگی 5ی بودجەی 2012 بۆ پەرلەمانی کوردستانی ئەنێری، جەنابی وەزیر چەند جارێك ئاماژەی بەوە دا کە ئەوان پێشتر ئامادەیان کردووە، لە ڕاستیدا ئەگەر بیانووی دەستاو دەست کردنی حکومەت بێ، بەڕاستی لەگەڵ حورمەتمان ئەوە بیانوویەکی زۆر تکایە ئەوە با هین نەکرێت، بیانوویەکی باتڵە، گۆڕانی چی؟، چ ئینقیلابێك ڕوویداوە لە هینی سیاسیدا؟، حکومەت هەر ئەو حکومەتە بووە، هەر ئەو تەشکیلەیە بووە، هەر ئەوە وەزعیەتە بووە، سەرۆکەکەیان گۆڕیوە، یەعنی بۆ چی وەزارەتی هەر وەزارەتی دارایی بووە، بودجەیەکی داناوە، سیاسەتی حکومەت، ستراتیژی حکومەت یەك شت بووە، خێرە تۆ دوو، سێ مانگ بودجەکە نانێری کە گوایە حکومەت گۆڕانکاری تیایدا کراوە، هیچ گۆڕانکاریەك ڕووینەداوە لە ڕاستی، گۆڕانکاریەك کە کار بکاتە سەر بودجە، پێشم وایە یەعنی جگە لەوەی کە هەندێ تەخسیساتی تر کە بۆ ئاسایش و ئەوانە باسیان کرد،

گۆڕانكاریەكی زۆر جەوهەری، لە بودجەكە ڕووینەداوە بەو دەستاو دەست كردنی حكومەتە، ئەم بیانوو بیانوویەكی باتڵە، هیچ عوزرێكی بۆ نادۆزمەوە، لە وڵاتێكدا كە بە سیستەم ئیش بكات، بودجە كە دواكەوت، وەكو عورفێك وەكو ستانداردێك، كە دواكەوت مانگێك ئەو پەڕی، بۆ حاڵەتێكی زۆر تارئ خوا نەخواستە شتێكی سروشتی بێ، یان ڕێك نەكەوتنی فراكسیۆنەكانی ناو پەرلەمان بێ، هەر كێشەیەك بێ، كێشەیەك بێ كە عیلاقەی بە عجز و ئەوانە بێ، بەهەرحاڵ كە بودجە دوا دەكەوێ بۆ ماوەی مانگێك، حكومەت لەگەڵ پەرلەمان تەنسیق دەكەن بۆ ئەوەی لەسەر قیاسی بودجەی ساڵی ڕابردوو ئەو مانگە سەرف بكرێتەوە، بۆ ئەوەی كار نەوەستێت، بازاڕ نەوەستێت، خۆ هیچ مەكرومەیەك و ئینجازێك نیە تۆ بڵێی بودجەم ڕانەگرتووە، ئێمە قسە لەسەر بازاڕ دەكەین، قسە لەسەر تەخسیسات و موخەسەساتی خەڵكی دەكەین، ئیستیحقاقاتی خەڵك، ئەوەی كە پێی ئەوترێ قوتی خەڵك، قسە لەسەر قوتی خەڵكە، كە بوو بە دوو مانگ پێویستە بەهەمان شێوە یەك لەسەر دوانزە، دوو لەسەر دوانزە بەقیاسی بودجەی ڕابردوو، تۆ كار بكەی، ئەم حكومەتەی ئێمە هاتووە لە مانگی 12 ساڵی پارەوە هەموو حیسابات و نەشاتاتی خۆی تەجمید كردووە، تاوەكو ئەم ساتە وەختە، بە بیانووی پەسەند نەكردنی بودجەوە، كە مەفروز وابوو كە حكومەت بڵێ من بودجەكەم دوا دەكەوێت، لەبەر ئەو ئەسبابانە، ئەسبابەكانی پێمان قبولە كەیفی خۆمانە، پێمان قبول نیە موشكیلەی خۆمانە، لەبەر ئەسبابەكانی كە لای خۆی مەقبولە، بێت داوا لە پەرلەمانی كوردستان بكات، بڵێت دەبێ بۆ ئەوەی بازاڕ نەوەستێت، بۆ ئەوەی كەسابەتی خەڵك، بۆ ئەوەی كێشە بۆ قوەتی خەڵك دروست نەبێت، تكا دەكەم ڕازی بن بەوەی كە لەسەر قیاسی بودجەی ساڵی 2011 جارێكی تر كار بەو بودجەیە بكرێت تا پەسەند كردنی بودجەكە، بەلایەنی كەمی ئەم واجبە سیاسی و ئیداریەی كە دەبوایە حكومەت بیكردایە، بەداخەوە تا ئەم ساتە وەختە نەیكردووە، بەڵام بالمقابل یەعنی قوتی خەڵك لە سولفەی عەقار لە سولفەی زواج، لە كۆمەڵێك مەسائلی تر ئەمانە ڕاگیراوە، بەڵام قوتی حیزب ڕانەگیراوە، تەخسیساتی حیزبەكان ئەم چەند مانگەی كە بودجە پەسەند نەكراوە، كاری لەسەر كراوە و ئیشی خۆی كردووە و ڕۆیشتووە، بەڵام تەخسیسات بۆ ژیانی خەڵك، ئەم چەند مانگە ڕاگیراوە بە بیانووی پەسەند كردنی بودجەو پەسەند نەكردنی بودجەوە، كە من ئەمەش پێموایە بیانوویەكی باتڵە، دێمە سەر نوقتەكی تر كە بەداخەوە وەزارەت زۆر پێی ناڕەحەت دەبێ، من جارێكی تر هەوڵ دەدەم قسەی لەسەر بكەم، ئەویش عیلاقەی بە حیسابی خیتامیەوە هەیە، من تەنها لەو دیوەوە كە بەحوكمی ئەوەی كە لە لیژنەی دارایم، لایەنی كەمی مەعلوماتێكی موتەوازعم لەسەر بودجە و سیستەمی بودجەو دانانی بودجە هەیە، مومكین نیە لە وڵاتێكدا بودجە دابندرێت بەبێ لێكۆڵینەوەیەكی وردی حیسابی خیتامی، مومكین نیە ئەمە، ئەگەر بودجەی 2012 دابنێی دەبێ حیسابی خیتامی 2010 ت لابێ، هی سیانزە دابنێی ئەبێ هی یانزەت لابێ، واتە ساڵێكی لە بەینایە، ئەم ساڵە لە بەینایە بۆ ئەو وڵاتانەیە كە بودجە لەكاتی خۆی دەنێرێت، بەڵام بودجەی 2012 لەناوەڕاستی ساڵی 2012 بۆ پەرلەمانی دەنێری مەفروز وابوو حیسابی خیتامی لە مانگی سێ، وە بە گوێرەی یاسا لە مانگی چوار لەبەر دەستی پەرلەمان بوایە، لە ڕاستیدا من هیچ بیانوویەك نادۆزمەوە بۆ

نـەهێنانی حیسـابی خیتـامی، چـونکە تـۆ لـە عالـەمی تەکنـەلۆجیاو ئـەم لەشکرە موەزەفـەت هەیـە نـەتوانی حیسابی خیتامی...، من پێموایە لە مانگی 2 حیسابی خیتـامی حـازر ئـەبێ، دوومـانگ بـەگوێرەی یاسـا بیخـە سەری لـە مـانگی چـوار مـەفروزە حـازر بوایـە، واتـە بەلایـەنی کـەم دبوایـە دوو مـانگ پـێش پەسـەند کردنـی بودجە، ناردنی بودجە بۆ پەرلەمان، حیسابی خیتامی دەبوایە بگەیشـتایە پەرلـەمان، کـەناینێری مـن لەگـەڵ ڕێز و حورمەتێکی زۆرمان تەنها و تەنها بۆیـەك مەبەسـتە، بـۆ ئـەوەی لێـرە قسـە لەسـەر هـەر سـەرفیاتێك و خەرجی و زیادە ڕۆیی و ئەوانە ناکرێ، جارێکی تر وەکو موناقەشەی پارمـان بـوترێ کاکـە چاوەڕێی حیسابی خیتامی بکەن، چاوەڕێی حیسابی خیتامیشمان کـرد، هیچمان لێـی هەڵنەکرانـد، ئەمـە تـەنها بیانوویەکـە بـۆ ئەوەی لە ڕاستیدا هەر قسـەیەکمان کـرد لەسـەر هـەر ئیشـکالیەتێك، هـەر خروقاتێـك لـەم بودجەیـەدا هەیـە، هاوکارانم لەم چەند ڕۆژە بە وردی باسـیان لـە وردو درشـتی کـردووە، پێمـان بـوترێ کاکـە چـاوەڕێی حیسـابی خیتـامی بکـەن، بـۆ چـاوەڕێی حیسـابی خیتـامی بکرێـت، ئەمـە دەبـێ حکومـەتی لەسـەر موحاسـەبە بکرێـت، حکومەت بەبێ یاسایی بـەبێ هـیچ عوزرێـك ....، بودجەکـەت چـاوەڕی بەغـدا دەکـەی بودجەکـەت حکومـەت دەستاو دەستی کردووە، نازانم خوا نەکردە چی ڕوویداوە لەم ولاتـە، باشـە حیسـابی خیتـامی چـی ڕوویـداوە؟، دائیرەکانم دەبێ حیساباتی خۆیان بکەن، میزانی حیسابات هەموو سەرەمانگێك تەواو ئـەبێ، کەواتـە تـۆ هـیچ بیانوویەکت نیە لە نەناردنی حیسابی خیتامی، تەنها ئەو بیـانووە نـەبێ بـە ڕەئـی مـن کـە لـە ڕاسـتیدا ئەمـە یەکێکە لەو خالانەی کە پێویستە چ وەزارەتی دارایی و چ کابینەکەش لەسەری موحاسەبە بکرێـت، لەسـەر نـە ناردنی حیسابی خیتامی، تەبعەن دیارە مەفروزە ئەمەش بەشێکی ترە لە ڕەخنەکانمان، وەکو ئەوەی جـەنابی وەزیریش چەند ڕەخنەیەکی زۆر جدی لە پەرلەمان گرت، من جارێکی تـر ئەیلێمـەوە، دیـوانی چاودێری کـە سەر بەم پەرلەمانەی ئێمەیە، دەستەی نەزاهە، دیوانی چاودێری ئەگەر لێکۆڵینەوە لە حیسابی خیتـامی و لـە بودجەکەش و لە سەرفیات و لە خەرجی لەم ماوەیە نەکات، ئەندامی پەرلەمان چۆن ئەتوانێ بـڕواتە نـاو ئـەو وردو درشتە، لە هەموو پەرلەمانەکان کۆمەڵێك دەزگای حیسابی و ڕەقابی و تەدقیق کردن هەیە کە یارمـەتی پەرلەمان و پەرلەمانتاران ئەدات، سەر بە دەوڵەتن یان سەربەخۆن، هاوکاری پەرلـەمان ئەکـەن بـۆ مـەوزوعی بودجە، خۆ بودجە هەر تەنها قسە کردنێك نیە لەسەر وردە خاڵ، چاودێری کردنـی ئەوەیـە کـە سـەرف بـووە لەساڵی ڕابردوو، من کە لیستێك هاتە پەرلەمان و دوای نووسینی ڕاپۆرتەکان و ئەوانە باس لە داهاتێك ئەکات، کە دوو ترلیۆن و ئەوانەیە لە ڕاستیدا کۆڵێك دڵ خۆش بووم لەوەی مـن بـەوەهمی خۆمـان و پێمـوابێ زۆرێـك لەهاوکارەکانی تر، ئەمە بودجە سێبەرەکەیە، ئەوەیە کە ئێمە قسەی لەسەر دەکەین، بودجەیەکە کە دیار نیە ئەم بودجە کەمە چیە؟، ئەمە بودجەیەکی تری فیعلی و هەقیقیـە کـە ئێمـە ئەمانـەوێ بـۆ خزمـەت کردنـی هەرێمەکەمان بەکاری بهێنین ناخرێتە ناو بودجەی گشتیەوە، بەلام ئەمڕۆ بـە وازحـی دیـارە جـەنابی وەزیـر چەند ڕۆژێکە قسەی لەسەر ئەکات، بەلام ئەمڕۆ بە وازحی قسە لەسەر ئەمە کە ئەمـە بەشـێکە لـەو داهاتـەی کە بەشێکە لە بودجەی گشتیەوە، ئەمە داهاتێکی تر کە کاری لەسەر بکەین، چونکە بەڕاستی ئەگەر داهاتێکی تربێ، بەم شێوەیە کاری لەسەر بکرێـت، ئەمـە موسـیبەتە، ئەگـەر داهـاتی تـریش نیـەو بەشـێکە لـە بودجـەی

گشتی ئەمە موسیبەتێکی گەورە تـرە کـە سـەرجەمی بودجـەی ئێمـە ئەخاتـە پرسـیارێکی گـەورەوە، کـە ئـەم بودجە چ نا هاوسەنگییەکی تیایە، چ نەبوونی تەوازونێکی تیایە لە بەینی ئیرادات و نەفەقات و خەرجیاتەوە، خاڵێك کە من ئەمەوێ سیحری بودجەکەی تیا بەتاڵ بکەمەوە، چونکە هەمیشـە ئـەو قەناعەتـەم هـەبووە کـە ئەمە دێتە پەرلەمانی کوردستان هیچ بودجـە نیـە، بودجـە نیـە، بودجـە بـۆ سـاڵێکە، ئـەلف و بێـی سیاسـەتی بودجە ئەوەیە بودجە بۆ ساڵێکە، پێش ساڵی دارایی دائەندرێت، لـەناو سـاڵی دارایـی ئەمـە کوفرێکـە لـە هـیچ وڵاتێـك ئەمـە دووبـارە نابێتـەوە، مەگـەر بـۆ حاڵـەتێکی تـارئ بـۆ مانگێـك و دوومـانگ وەکـو باسـم کـرد، لـە وەحدەکەی گەڕێ لە بەینی داهات و خەرجی، ئەلف و بێی بودجە کە ئەوەیە کە بودجە نەخشـەیە، پلانـە بـۆ داهاتوو، ئەم بودجەی ئێمە ئەم سەرو ئەوسەری بکە لایەنی کەم 80٪ی بە دڵنیاییەوە تا 85٪ ئەڕوات، 80٪ی سەرفیاتە، تەشغیلی نیە، تەشغیلی چی کردووە؟، سەرف ئەکات، بودجەیەکە بەبێ پلان بەبێ نەخشە، ئەمری واقع فەرز بووە بەسەر ئەم حکومەتە، لەمووچەیە، لـە سیانەیە، لـە چیە؟، ئینجا بـەو داواکاریـە کـە پـڕ لـە موبالەغەیـە، مـن تێناگـەم، مـن باسـی دوو وەزارەت ناکـەم، بـەڵام ئێمەحکومـەتێکمان هەیـە یـان چـەند حکومەتێکمان هەیە، دائیرە باسی 10 ترلیۆن ئەکات، حکومەت پێنـج، شەش ترلیۆنی بۆ دائەنێ، دائـیرە داوای ترلیۆنێـك ئـەکات، حکومـەت چوارسـەد، پێـنج سـەد ملیـاری بـۆ دائـەنێ، یـەعنی ئـەم جیاوازیـە خەیاڵیـە لەمەوزوعی داواکاریەکانی دائیرەکان، کە مەفروز وایە موەزەفی حکومەت بن و حیسابات و کیتابات بەگوێرەی ئەوەوە بێ، ئێمە بیستومانە کـە بودجـە لەجیهانـدا لەسـەر بنـەمای بەرنامـە دائەنـدرێت، ئەهـدافێکی دیـاری کراوی هەیە، بەڵام ئەم بودجەیەی ئێمە نەئەهدافێکی هەیە، نە پلانێکی هەیـە، ئەمـە بودجـەی تەسـریفاتە، سـەرف کردنـە، نـە تەشـغیلە نـە ئیستیسـماریە، هاوکـارانم باسـی خاڵێکیـان کـرد، یـەعنی ئێمـە خۆشـبەختانە لەسەرو بەندی قسە کردنمان لە یاسای تیرۆر قسەمان لەسەری کرد، مەوزوعی ئەمنیە، یەعنی بۆچی بودجەی هەرێمی کوردستان کە ئێمە ئەڵێین وەزعێکی بە ئەمنی زۆر جیاوازمان لەگەڵ بەغدا هەیە، دەقـاو دەق کـۆپی بەغدابێ، ئەو پارە مەبالیغ و زەخمانەی لە بەغدا بۆ مەسائیلی ئەمنی سەرف دەکرێت، ئەزانی وەزعی ئـەمنی بەغـدا چـەند خراپـەو بەغـدا مەبەسـتم عیراقـە، بـەڵام هـەمووومان ئـەڵێین خۆشـبەختانە بـەدڵیش ئـەڵێین خۆشبەختانە هەرێمەکـەمان جیـاوازە، وەزعـی ئـەمنی ئەوهایـە، ئـێ باشـە کـە لـە وڵاتێـك وەزعـی ئـەمنی بـۆ ماوەیەکی موەقەتیش باش بێ، گرنگی بە کشتوکاڵ ئەدەی، گرنگی بە پیشەسـازی ئـەدەی، گرنگـی بـە دروسـت کردنی سەدو سدود ئەدەی، گرنگی بە کۆمەڵێك شت ئەدەی کە ژێرخانی ئابووریەکەت بەهێزە بکـەی، نـەوەك ئەوەی تۆ بیست و حەوت و لەژێر سەدی، کاك شێرزاد و برادەران باسیان کرد، ئەمە بـۆ مەسـائلی ئـەمنی بـێ، من کێشەم نیە بۆ مووچەی پێشمەرگە، یا ئاسایش، هەمووومان داکۆکیمان لەسەری کردووەو داکۆکی گەورەمان لە مووچەیان کردووە، چونکە من عیلاقەم بە عونسری ئەوە نیە کـە نـاوی ئاسایشـە یـان نـاوی پێشـمەرگەیە، عیلاقەم بەوەیە کە گەنجێگە یان خەریکە زەواج ئەکات، یان زەواجی کردووە پێویستی بەوەیە کە ماڵ پێکەوە بنێ، بۆیە پارو پێرارو ساڵێکی تریش داوا دەکەینەوە کە مووچەکانیان زیـاد بکرێـت، مووچـەیەك بـێ شـیاوی ژیانی ئینسانیانەبێ، لە بودجەی پارو پێراریش باسمان کرد کە هاوتا بکرێتەوە لەگەڵ عیراق، ئەمە یەکێکە لە

خەڵەلە گەورەکانی وەزارەت، بێ حیساب کردنی بڕیاری پەرلەمان و داواکردنی پەرلەمان و بڕیاری پەرلـەمان، لە یاساکە تەسبیت کراوە هاوتا ناکرێتەوە، بەتایبەتی مووچەی پێشمەرگە لە ئەسفەلی سافلینی مووچەیە، کە بەشی هەفتەیەکی ژیانی ئینسان ناکـات، بـەلاَم مـن قسـەم لەسـەر ئـەم بودجـە زەخمەیـە کـە بـۆ ئـەم قیتـاعی ئەمنیە دانراوە، 27٪ی بودجەی هەرێم، تەنها بۆ کەرتـە ئەمنیـەکان دابنـدرێت، ئەمـە کێشـەیەکی گەورەیـە، ئەمجا ئەمە نوقتـە گرنگەکەیـە، قسـە لەسـەر ئـەوە ئـەکرێت نزیـك بـە شـەش ترلیـۆنی ئێمـە، ئیسـتیحقاقاتی پێشمەرگە لە بەغدایە چەند ساڵە کەڵەکە بووە، قسەی ڕاستە، دروسـتە، قسـە لەسـەر ئـەوە ئـەکرێت بەشـێکی ئێمە لە حاکمینـەوە نازانم چی بەغدایە، دروستە، ڕاستە، کاك اسماعیل باسی کرد برادەرانـی تـر باسـیان کـرد، بە داتا لەبەر دەستماندایە، کورد بەهرەمەند نیە لەمە، نزیك بە هەشت ملیـار دۆلار داهـاتی ئـەم هەرێمـە لـە بەغدایە، ئێمە بە بڕی ئەوەی، ئەمە قوتی خەڵکە، ئەمە ژیانی خەڵکە، حیساب بکـەین بـە هەشـت ملیـار چـی ئەتوانین بکەین؟، هێڵی شەمەندەفەر ئـەتوانین دروسـت بکـەین، چـەندین بەنـداو ئـەتوانین دروسـت بکـەین، چۆن ژێرخانی ئابووری بەهێز ئەکەین، ئەمە لە بەغدایە، ئێمە موشارکین لە عەمـەلی سیاسـی لـە بەغـدا، لـە گـەورەترین پۆسـتەوە هـەتاوەکو خـوارترین پۆسـتمان هەیـە، چ ڕۆژێـك بـۆ ئـەو هەشـت ملیـارە فشـارێکمان کردووە؟، چ ڕۆژێك بۆ ئەم هەشت ملیارە کێشەیەکمان دروست کردووە؟، چ ڕۆژێك بـۆ ئـەو هەشـت ملیـارە کـە قوتی خەڵکەلە کوردستان ئێمە هەڕەشەی ئینسیحاب کردنـی پرۆسـەی سیاسـیمان لـە عـێراق کـردووە؟، ئـاخر هەشت ملیار ئەوە ناهێنێ؟، هەشت ملیاری خەڵکی کوردستان ئەوە ناهێنێت؟، ئەگەر کێشەکە پەیوەستە بە نا شەفافیەت و نا دروستی نـا علمیـەتی ئەرقامـەکانی هەرێمـەوە کـە ئەیـدات بـە بەغـدا، ئـەوە حکومەتەکـەمان بەرپرسیارە، بەرپرسیارە بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان، کە بۆتـە هۆکارێـك بـەبێ هـیچ بیانوویـەك، لەشـکر دەبێ لەشکری هەمووومان بێت، پێشمەرگە پێشمەرگەی هەمووومان بێ، بۆچی داتاکان و بۆچی ئەرقامـەکان بـە دروسـتی نـادەی بـە بەغـدا؟، بۆچـی بـەگوێرەی یاسـا کـار ناکـەی؟، ئەگـەر ئەمەیـە، ئـەوە حکومـەتی هـەرێم بەرپرسیارە بەرامبەر بەوە، ئەگەر ئەمە نیە، عەقلێکی شۆڤێنی و نازانم چی لە بەغـدا زاڵـە، کـە دڵنیـام زاڵـە، هۆکاری ئەم وەزعەیە، هەشت ملیار دۆلاری ئێمەی خەواندووە لـە بەغـدا، ئەمـە دەبـێ شـەڕی لەسـەر بکـەین، ئەمەیە دەبێ بەهەموومانـەوە پەرلـەمانی کوردسـتان ئیلیزامـی هـەموو نوێنـەرەکانی کـورد بکـات لـە بەغـدا، بەماوەیەکی کورت دا هەموو ئیستیحقاقاتی خـەڵك بگەڕێننـەوە ئێرانـە، نـەوەك وردە شـەڕی لابـەلاو ئەمانـە، پێموایـە شـەڕی گـەورەی ئێمـە دەبـێ لەسـەر ئیقتیسـاد بـێ، لەسـەر قـوتی خەڵکەکـە بـێ، لەسـەر داهـاتی میللەتەکەمان بێ، باسی عجز بکەم، دیارە عجز لەهەموو ولاَتێکدا هەیـە، حکومـەت کـە حکومەتـداری ئـەکات، عجز بەکۆمەڵێك شت پڕ ئەکاتەوە، یا قەرزی بـۆ ئـەکات، ئەمـە لایەنـە سلبیەکەیەتی، یـان تەقەشـوف ئـەکات لەمەساریف و ئەوانـەی خۆیـدا، یـان باجێـك زیـاد ئـەکات بـۆ ئـەوەی ئـەو عجـزەی خـۆی پـڕ بکاتـەوە، یـەعنی سیاسەتێکی هەیە بۆ پڕ کردنـەوەی عجـز، ئـەم عجـزەی ئێمـە، جـا مـن قسـەم لەسـەر ئـەوە نیـە کـە عجزێکـی هەقیقی، یان عـەجزێکی ئەوەیـە، عەجزەکـە فعلیـە پەیوەسـتە بـە نەخشـەی ئیقتیسـادیەوە، یـات عـەجزێکی سیاسیە پەیوەستە بە ئیلتیزاماتی سیاسی ئێمەوە، حکومەتی ئێمە لـەبری ئـەوەی سیاسـەتێکی تەقەشـوف لـە

کۆمـەڵێك وردە خـەرجی کـەمالیات بکـات، بـۆ پـڕ کردنـەوەی ئـەم عـەجزە، دێـت تـەجاوز لەسـەر حیسـەی ئیستیسماری ئەکات، بابڵێین پڕۆژەکان ئەکات، کە هـەمووومان پێمـان وابـوو کەمـە، ئـەو حسـەیەی بـۆی دیـاری کراوە کەمە، ڕێـك نزیـك بـە 50٪ی سـەرف کـراوە، لـەبری ئـەوەی بێـت تـەجاوز لەسـەر کەمالیاتـەکان و وردە سەرفیاتەکان و ئەو بڕە زۆرانەی کە بۆ سەرۆکایەتیەکان دانراوە، بۆ سیانە دانراوە، بۆ کڕین دانراوە، بـۆ وردە خەرجی و مینەح و چی دانراوە، دێت تەجاوز لەسەر پڕۆژەکان ئەکات، لەسەر ژیـانی خـەڵکی ئـەکات، ئەمـە چ مـەنتقێکی تیایـە، ئەمـە چ مەنتقێکـە لـە سیاسـەتداری حکومـداری، دێـی لێـرە عجـزت هەیـە، تەخسیسـاتی پڕۆژەکان کەم ئەکەیتەوە، ئیستیحقاقاتی خەڵك ڕائەگری، بەڵام لەهەمان کات ئەڕۆی کۆمەڵێك کەمالیاتی بـێ کەڵك بۆ دائیرەکان ئەکڕیت، زۆربەی دائیرەکانی کوردستان جوانـترین و گـرانترین و بەبـەهاترین سـەیارەی بـۆ هاتووە، کە حاڵەتێکی ئیقتیسادی هەبوو، تەقەشوف دەبێ بکەی، تەقەشوف لـە ژیـانی خـەڵك نـا لـە مووچـەی خەڵك نا، بەڵام تەقەشوف لە وردە سەرفیاتێك و لە مەسائیلێکی تر، دێی باج بەسەر کۆمـەڵێك کۆمپانیـا زیـاد دەکەی، بەڵام دێی لەسەر ژیانی خەڵکی تەقەشوفەکەت فەرز دەکـەی، ئـەوە چ مـەنتقێکی حوکمـداری تێدایـە، بۆیە تەنها ئەوەی کە باجی عجز ئەدات، کوردستانە، ئێستاکە بـەم شـێوازە کۆمـەڵێك ئیسـتیحقاقاتیان هەیـە، ڕاگیراوە بەهیچ وەجهێکی هەق، زۆر لە هاوکارانم قسەیەکی زۆر گرنگیان کرد، کـە ئەگـەر بتـوانین لـەم یاسـای بودجەی ئەمساڵ جێبەجێ بکرێت، کارێکی گرنگە، سەرۆکی حکومـەت سـەرۆکی کابینـەی تـازە لێـرە باسـی لا مەرکەزیـەتی کـرد، پێموایـە ئەنـدامان بەشـێکی زۆریـان قسـەیان لەسـەر لامەرکەزیـەت و شـۆڕبوونەوەی دەسەڵاتەکان و ئەمر بە وەزارەت ئەوانە بکرێت، ئـەم سیاسـەتی لا مەرکەزیـە کـە ئێمـە پـەیڕەوی نەکـەین لـە ڕاستیدا کۆنترۆڵ کردنی وەزارەتی دارایی بەو شێوازەو بەو شکلە، لە ڕاستیدا ئەمە کوشتنی قودرەت و ڕوحـی موبادەلـەی دائیرەکانـە، بەتایبـەتی لـە شارۆچکەکان و وەزارەتـەکانیش لـە مەرکـەز، مـن تەبعـەن لـە دواجـار سـەرباری تەئیـد کـردنم بـۆ قسـەی هاوکـارانم دیـارە لـە فراکسـیۆنەکەی خـۆم، بـەڵام کۆمـەڵێك قسـەی تـری هاوڕێیانم زۆر بەرزی ئەنرخێنم لە فراکسیۆنەکانی تـر، بەتایبـەت کـاك اسماعیـل محمـود، کـاك کـاروان، کـاك د.سەروەر، لەسەر کۆمەڵێك خاڵ کە من پێموایە ئەو خاڵانە هاوبەشن هـەموومان دەبـێ کـاری لەسـەر بکـەین، هەموو ئەو وردەکاریانە دەبێ ئیشی لەسەر بکرێت، هەوڵ بدرێت بە کورت ترین ماوە ئەو خاڵە گرنگە بەسەر وەزارەتی دارایی و حکومەتی هـەرێم فـەرز بکـەین، کـە دەبـێ بودجـە بـۆ سـاڵێك بـێ، یاسـای بودجـە تـەدویر بکرێتەوە، ئەگەر واریدات تەدویر ناکرێتەوە، دەبێ یاسای بودجە تەدویر بکرێتەوە، لەگەڵ ڕێزم سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم بودجەیەی کە ئێستا هاتۆتە ئەم پەرلەمانە، لێرە بەم نەوعە موناقەشە ئەکرێت، ئێمە لە ڕووی فەنی و حیسابیەوە ئەڵێین بەڵێ ئەمە بودجەیە، هیچ نوقوسانیەکی نیە، لەگەڵ بودجەیەك کە لە عیراق لە

دەوڵەتەكانی هاوسێمان، كە بەكاردێت ئەمە بەپێی قانونە، بەپێی ئیستیماراتەو هەموو تەوزیحێكی هاتووە، ئەم بودجەیە بەهیچ شێوەیەك نەكراوە، من ئیسپاتی ئەكەم، باس لەوە ئەكرێت كەوا پارەی هاوولاَتیان ئەخورێت و قوتی خەڵك، ئێستا باشە مووچە هەمووی دراوە، تەعویزی موەزەفین هەمووی دراوە، پارەی پرۆژەكان، من حەز دەكەم جەنابی وەزیری پلان دانان قسە بكات، چی پارەی پرۆژە وەستاوە لە لای ئێمە، چی لەكوێ وەستاوە پارە نەمان داوە، چ موقاویلێك هاتووەو بڵێ وەڵلاَ پارە حكومەت نایدا، چ كەسێك هەیە كە بڵێ من لەدوای ئەوە بەپێی قانون هەتاوەكو بودجە تەسدیق ئەبێ بۆ چەند فەقەرەیەك، بۆ چەند فەسلێك ئێمە ئەیكەینە یەك تەقسیم 12، ئەو فەسلانە كە ئەوەی ئەوا باسی دەكەن، ئەو فەسلانە كە یەك تەقسیم دوانزە شمولیان ئەكات، كە ئێستا ئەمان ئەڵێن دایگرن هەر لەسەر نیوە لایدەن، چی لێ ئەكەن بیكەن، لەو بابەتانە كە ئێستا باس ئەكرێت؟، من نازانم بۆچی موناقەشەكان بەو شێوەیە ئەكرێت، بۆ یەكێك نایەت بڵێ تۆ ئەم ئیستیمارەیە خۆت دەرت كردووە، بۆ یەكێك نایەت بڵێ ئەم قانونە یەك تەقسیم دوانزەت لەكوێ هێناوە، بۆچی باسی ئەمانە ناكرێت؟ من نازانم، بودجە بەهیچ شێوەیەك نەكراوە، ئەوە قەت وانیە، ئێمە ئێستاكە باسمان كردووە، نیهائیەن هیچ خەلەلێك دروست نەبووە، خوشك و برایانی پەرلەمان باس لەوە ئەكەن ئێمە پارەی سلەفی سناعی و زراعی و عەقاریمان ڕاگرتووە، ئێوە جەنابتان ئەوە فەرموون ئێستاكە لێرە مەوجودن ئەو ئیقرارەی كراوە بۆ یەك ساڵ نیە؟، باشە قەیناكە ئەویش قەیناكە بۆ ئێمە، ئایا ئێستا ئێوە پارەكەو ئەمساڵ ئەوەنیە لە موناقەشە ئەو ئەڵێت 30 ئەدەین، ئەو ئەڵێت 35 ئەدەین، ئەو ئەڵێت ئەبێ 25 بدەین، ئەی ئەمانە هەمووی ئەو كێشانەی كە ئێستا هەیە، من چۆن ئەتوانم لە خۆمەوە حكومەت ئیقراری ئەوە بكات ئەو سلەفانە بڕوات، دوای ئەوە ئێوە جەنابتان ئەزانن ئەوە لەسەر بودجە نیە ئەسلەن، جارێكی تر شەرحی ئەكەمەوە لە عیراق پارەی ئەو مەساریفانە عەقاری و ئەوانە، بانك ئەیدات، تاوەكو ئێستا فائیدەی وەردەگرت، ئێستا قەرارێك درا كە فائیدە وەرنەگیرێت، فائیدەكە وەزارەتی دارایی عیراق ئەیدات، بەنیسبەتی ئێمەوە وەزارەتی دارایی خۆی ئەیدات، هیچ عیلاقەی بە بانكی ئێمەوە نیە تەحەمولی ئەو پارەیە بكات، هیچ فائیدەیەكیش نیە، ئەوەتا لەسەر رسوماتەكانیشی ئیختیلاف هەیە، پەرلەمان ئەڵێ زۆرە ئەبێ لایدەن، ئەگەر بودجە هاتۆتە ئێرە، ئەگەر یەك خەلەل هەیە لە نەوعیەتی دانانی بودجەكە، ئەگەر بودجەیەك بۆ دوو هەزار بكرێتەوە، ئەمە ئیتر بۆچی شەفافیەتی تیا نەبێ، بۆچی ئەمە ببێ بە دزی و وازی، باسی پارەی حیزبەكان، بەڵێ پارەی حیزبەكان ئەوە بە دوو، سێ جار باس كراوە، ئێوە بگەڕێنەوە سەر حیسابی ئەوەل جار كە قەرارتان كردووە، پارەی حیزب سەرف دەكرێت بە سلەف، نەوەك سلەفی تەزدیدی ئیعتیادی، بە سلەف سەرف ئەكرێت هەتاوەكو قانونی ئەحزاب دەرئەچێت، قانونی ئەحزاب كە دەرچوو زیادی وەرگرتبێ لێی وەرئەگیرێتەوە، كەمی وەرگرتبێ پێی ئەدرێت، ئێمە وەكو وەزارەتی دارایی مولزەمین ئەمە بدەین، یەعنی ئێستاكە ئەوە ئیقرار كراوە، بەردەوام ئەبین ئێمە لەم مەوزوعە، ئیقراری تیا كراوە، بەلاَم ئەوانی تر ئێمە ناتوانین، چونكە گۆڕانكاری تیا هەیە، بەهەموو ئەو حیزبانەی ئەدەین كە ئێستاكە مەعلومن، ئەوەی مۆڵەتی یاسایی هەیە هەمووی وەری ئەگرێت، لە ئەنجومەنی وەزیران ئەوە مەبالیغەكان لەوێ مەعلومە،

یەعنی بەڕاستی بەم شێوەیە ئەگەر موناقەشەی میزانیە بکەین، بڵێین وەزارەتی دارایی کردووە، وەزارەتی دارایی نایدا، ئەگەر مەخسەد ئەوەبێ کە مەوزوعەکە بەم شێویە ئیسارە بکرێت، ئەوە جیایە، بەلاّم ئەگەر...، دوای ئەوە باس لە عجز ئەکرێت، جارێکی تریش ئەڵێم پارەکە خۆتان موسادەقەی عجزەکەتان کرد، عجزەکە ئەوەی هاتۆتە سەری ئێمە نین، کوا پارەی مەنافیزی حدودی؟، ئەوجاکە ئەڵێن بۆ ناچن لە بەغدا وەری بگرنەوە؟، ئەمە ئیزبارەیەکە من هێناومە کەس لێی نەپرسیوە تەوە، ئێمە لەکابینەی پێنج من و بریکارەکەمان، چەند وەفد لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران چوینە بۆ بەغدا، چەند وەفدی تر ڕۆیشتووین بۆ بەغدا، لە کابینەی شەش بە هەمان شێوە، نووسراو، چەنەها نووسراومان نووسیوە، هەمووی بە رەقەم و تاریخ، هەروەها بە نیسبەتی نەفەقاتی حاکیمەوە، لەکوێ غەڵەتیان کردووە داوامان کردووە، وەفدمان ڕۆیشتووە، مەوەزەفێکمان ناردووە، هەمووومان تەئکیدمان لێی کردووە، ئێ کاکە نایکەن، ئەمەتا ئەمە هەقیقەتەکەیە، ئیتر ئەبێ تەقسیر لە وەزارەتی مالیە چی بێ؟، تەقسیر لە حکومەت چی بێ؟، ئەخیر جار ئا ئەمەیە کە لەگەڵ سەرۆکی هەرێمەوە بۆ جەنابی مالیکیمان ناردووە و وەلاّممان داوەتەوە، لەسەر قسەکانی کە کردویەتی، تەنانەت ئەوەشمان کردووە ئاخیر شت ئەوەتا مەوجودە لە لای ئێمە ئەوەیە، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، من پێتانم وت، ئێوە لەسەر ئەوە زۆر تەئکید دەکەنەوە، نووسراویشتان نووسیوە بۆ جەنابتان، وەلاّمی جەنابتانم داوەتەوە، برای عزیزم خوشکەکانم، من بە ڕەسمی وەلاّمم داوەتەوە، دەڵێم ئەنجومەنی وەزیران ئەو پارەیە دەزانن، ئەوان دایان ناوە، نە دەسەلاّتی ئێمەیە، موباشیر لەگەڵ خەزێنەی هەرێم دایە، رەجاتان لێ ئەکەم بە رەسمی بۆتانم نووسیوە، ئێ باشە بۆچی سەیری ئەو رەسمیاتەی ئێمە ناکەن کە ناردومەتەوە؟، بۆ ئەنجومەنی وەزیرانم نووسیوە، نووسیومە داوای ئەمە کراوە، ئەم شتە لای ئێمە نیە فەرموون جواب بدەنەوە، ئێستا من لە خۆمەوە رەقەمێك بدەم، بەلاّم ئێستا ڕەنگە بزانم ئەوە چەند وەرئەگرێ، باشە بۆتان ئامادە دەکەین و بۆتان ئەنێرین، خۆ ئێوە خۆتان لەمن باشتر ئەزانن، ئەمە حیساب نیە لەگەڵ من ئەیکەن، پێتان ئەڵێم یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، پارتی دیموکراتی کوردستان، حیزبی شۆسیالیست، حیزبی زەحمەت کێشان هەردوو باڵەکە، گۆڕان، یەکگرتوو وکۆمەڵ، بزووتنەوەی ئیسلامی، مەسیحی، تورکمان، ئیتر هەموو ئەوانەی تیایە براکەم، بەلاّم من بە ڕەقەمیش حەز دەکەم بۆتانی ئەهێنمەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیری پلان دانان.

**بەڕێز علی سندی/ وەزیری پلان دانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەو تێبینیانەی کە بەڕێز کاك عدنان ئاماژەی پێیدا، بە هەقیقەت من دوو تەعقیبی لەسەر دەدەم، یان وەلاّمی بەڕێزیان دەدەمەوە، یەکەمیان بەڕاستی باسی شتێکی زۆر جەوهەری و گرنگی باس کرد، ئەوویش مەوزوعی چۆنیەتی تەعامول کردن لەگەڵ بودجەی هەرێمی کوردستان، تەوقیتەکانی، شێوازی ئامادەکردنی،

لە چ ئیتارێکدابێ، تەوقیتەکانی سەبارەت یان بە بەراورد لەگەڵ شێوازی ئامادەکردنی بودجە لە بەغداوە، لە حکومەتی عیراقی فیدراڵ، ئەوەی کە هەمووومان وابزنم موتەفقین لەسەری، ئەوەیە کە لە بەغدا لە حکومەتی فیدراڵ وەزعێکی تایبەت هەیە، کارەکان ئەوەندە موسەیەسن، کە تەئسیری کردۆتە سەر بەرژەوەندی خەڵکی، بۆ نموونە، حکومەتی عیراقی فیدراڵ، تەوقیتی بودجەکە کە قەراری لەسەر دەدەن، خۆ ئەوانیش بە هەمان شێوە لە پەیڕەو وپرۆگرام و دەستوری عیراقی بەپێی هەموو یاساو ڕێساکانی کە لەسەری کاردەکەن، تەوقیتێکی موعەیەنیان هەیە لەسەر ئەوە تەوقیتە بچن، کە دوا دەکەون تەئسیر لەسەر زۆر شت دەکات، کەدێنە سەر تەنفیزیش، تەنفیز وەکو دیارە ڕێژەکانی جێبەجێ کردنی پرۆژەکان، ئەگەر ئێمە گلەییمان لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، کە زۆرجار دێینە سەر ئەوە خۆشمان باسی دەکەین و کۆمەڵێك چالاکی دەکرێت، بۆ ئەوەی چۆن ئەمە باشتر لێ بکرێت، بەڵام بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان ئەگەر ڕێژەکان لە هەرێمی کوردستان، بە موعەدەلێك لە دەوروبەری 60 بێت، سالێك کەمتر بێ لە 60٪، لە حکومەتی عیراقی فیدراڵ هەموو کاتێك، لە 30٪ تێنەپەڕیوە، ئەو بەراوردەی کەبەرێز کاك عدنان کردی، چۆن چارەسەری تەوقیتی موناقەشەکردنی بودجە بکەین، ئێمە بۆ مانگی 10 نەیەین، مادام تەخمینینە بۆچی زووتر نەیەین؟، بۆخۆمان ڕەبت دەکەین بە بەغداوە، حکومەتی عیراقی فیدراڵ، کە 30٪ی بودجەی وەبەرهێنان سەرف دەکات بۆ مەشاریع، وابزانم زۆرجار سوء تەفاهوماتیش دروست دەکات، بڵێین مەشاریعی بونیەی تەحتی، ژێرخانی ئابووری ناو لێدەنێین، کە 30٪ی ئەوەی موخەتەتە تەنفیز دەکەن، موحاوەلە دەکەن بەهەموو شێوازێك پارەکە لە بودجەی تەشغیلی بەکاربهێنن، دەست دەکەن بە زیاد کردنی موخەسەسات و تەوزیع کردنی پارە بە هەموو شێوەیەك، بۆ ئەوەی دەنگی خەڵکی بکڕن، بۆ ئەوەی کە سەدی فەراغەکەی پێ بکەن، کە ئەمەش زاهیرەیەکی زۆر نا تەندروستە لە حوکم ڕانیدا، کە ئەوان ئەو شتە دەکەن، لە هەرێمی کوردستانیش ئەوە ئینعیکاس دەکات، خەڵکیش چینە جیا جیاکان داوا دەکەن، ئێمەش تووش دەبین، تەنانەت دەچینە ژێر باڵی پەیڕەوی دەکەن، کە وازحە سیاسەتەکە ناجح نیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، تکامان وایە ئەم بابەتە نەوەك لەدانیشتنی بودجەدا، لە ئایندەیەکی نزیکدا، زۆر بە وردی دیراسەت بکرێتەوە، چونکە ئێمە ئێستا کێشەیەکی سەرەکیمان ئەوەیە، ئێمە لەسەر شێوازێك دەچین کە پێشی 2003یە، لە 1992 هەتاوەکو 2003 جۆرە حوکم ڕانیەکمان هەبووە، چ بەیەك ئیدارەیی چ بە دوو ئیدارەیی، موسادەقە کردنی موازەنە هەبووە، بەهەر شێوەیەك کەهەبووبێتن، بەڵام دوای 2003 وەکو وەزعێکی تر ئیزافە بوویتە سەر مەوزوعەکە کە تەعقیداتی دروست کردووە، بۆ زانیاری بەڕێزتان بۆ هەموو ئەندام پەرلەمانەکان، بەپێی تەقاریری سەندوقی نەقدی دوەلی (ئینتەر ناشناڵ مۆنیتمەری فەن) بانکی مەرکەزی عیراق ئێستا نزیکەی 62 ملیار دۆلار ئیحتیاتی دۆلاری کاشی تێدایە، یەعنی لەبەر ئەوە کە عیراق، تەبعەن ئەو پارەیە چۆن کۆ دەبێتەوە؟، زیاترین بەشی ئەوەیە کە فەرقی نەوتە، کە سعری نەوت تەقدیر دەکرێت بە سعرێك لە میزانیەدا، کە زیاتر دەفرۆشرێت، کە وەکو ئەوەی بە 85 دوای ئەوەی خۆیان بە 120 دەیفرۆشن، ئەو 35

دۆلاره فەرقه، هەرهەمووی تەنهاو تەنها لەژێر دەسەڵاتی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی عیراقی فیدراڵ دایه، کە بەپێی قەناتە تەبیعیەکه، ئەمە لە خیلالی سالآنی ڕابردوو، ئێستا ئەمساڵ بە تایبەتی شتی تر کراوه، هەتاوەکو ئێستا موحافزی بانکی مەرکەزی عیراقی دەسەلآتێکی سەربەخۆ بوو کەس هەقی نەبوو تەداخول بکات، ئێستا تەنانەت لەویش دەسەلآتەکە دراوه بە نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی وەزیرانی حکومەتی عیراقی فیدراڵ، بەهەرحاڵ ئەو پارەیەی کە ئێستاش لەوێیه، کە زیادیش دەبێتەوه، خۆ لەو پارەیەشدا مەفروزه کە بەشی هەرێمی کوردستانیشی تێدابێ، ئەگەر بەهەر شێوازێك ئەگەر میزانیەکەی ئێمه، موسادەقە کردنی میزانیه لە پەرلەمان، دروست بێ یان شتێکی زیادەبێ، بەهەر شێوازێك بێ ئەو ئیحتیاتەی کە لەوێیه مەفروزه کە دەعمی هەرێمی کوردستانیش بکات، لە سەد کردنی عجز، لە تەمویل کردنی پڕۆژەی ستراتیژی ئەگەرهاتو لە توانادا نەبوو، ئەمە بابەتێکە کە من بەڕاستی تەئیدی بەڕێز کاك عدنان دەکەم، کە ئێمه موراجەعەیەکی وردی وەزعی ئەو رەبتەی کەئێمە ئێستا یەعنی بووه بە واقع حاڵێك لەگەڵ بەغدادا، کە بزانین ئەگەر ئێمە بودجەی خۆمان مانگی 10 هێنا، من پرسیاری ئەوه دەکەم، ئەگەر جەنابتان ئەمر بفەرموون، بە یاسا بێ بەهەر شێوازێك حکومەت مولزەم بکەین مانگی 10ی ئەمساڵ بێین میزانیەی 2013 تەقدیم بکەین، هەر لە ئێستاوه دەبێ باسی بکەین، یەعنی بەشێوەیەکی کورت، ئێمە ئەگەر بێین مانگی 10، بودجەی ساڵی 2013 بێنین، 650 هەزار هەر بۆ تەفسیل دەڵێم، ئیحتیماله کەسری لەگەڵە 650هەزار موەزەف هەیه، باشه ئێوه تەوەقوع دەکەن کە ئێمە مانگی 10 بێین بووبنە 400 هەزار، یان بووبنە 200 هەزار، ئەگەر گوترا ئەم بودجەیه هیچ فەرقی نیه، بوجه ئێ خۆ ئەوه وابزانم ئەوه شتێکی سروشتیه، ئەمە کێشەیەکە ئێمە 650 هەزار موەزەفمان هەیه، 17 هەزار عەقدمان هەیه، خۆی 18 هەزار موەزەفی عەقدمان هەیه، خۆی شێوازی تەندروست دەبوایە 650 هەزار عەقدمان هەبوایه، 18 هەزار موەزەفی دائیمیمان هەبوایه، ئەوه دەمان گوت ئەو حکومەتێکە کە زۆر بە مورەتەبی موراجەعەی هەموو شتێکی کردووه، بەلآم ئەم تەزەخومەی کە هەیە ئێمە هەموومان ئەسبابەکەی دەزانین، ئێمە ئەگەر هاتو لەمانگی 10 ی 2012 هاتین، بودجەی 2013 مان هێنا، ئەگەر ئێمە بودجەکەمان بە ڕەقەمێك تەخمین کرد، کە رەقەمێکی کەم بوو، حکومەتی عیراق بودجەکەی کە 17٪ بوو، 17٪نیه، خۆی دە پۆینت حەوت لە سەدە، بە رەقەمیش دەتوانین ئیسباتی بکەین، ئەگەر هاتوو بودجەی ئەوان زیاتر بوو، ئەوه تەفسیری بودجەکەی ئێمە چی لێدێت، ئایا ناڵێن ئیحتیاجاتی ئێوه ...، کۆمەڵێك پرسیارن ئەمانه، خاڵێکی تر کە دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم، کە بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووریش ئاماژەی پێیدا، مەسەلەی ئەوەیه تەبیعی کە عەفوم بکەن، هەر لەسەر خاڵی یەکەم کە بەڕێزیان وتی لە موسادەقەی بودجه هەتاوەکو موسادەقەی بودجه، ئەگەر یاسا ڕێگه بەوه بدات، من دەڵێم ئەوه چارەسەرێکی زۆر باشه، بۆ هەمووشمان بۆ ئەوەی بتوانین کارەکانمان باشتر ئەنجام بدەین، نەوەك ئیلتیزام بە سەنەی مالی بکەین، کە لە 12/31 غەلق دەبێ، (بانتهاء السنة المالية) ڕێگا ئاساییەکەی نازانم، مەسەلەی ئەوەی کە دوا کەوتنی بودجه تەئسیری کردۆتە سەر قوتی خەڵکی، ئێمە با پرسیارەکە بە نەوعێکی تر بکەین، لەم شەش مانگەی کە بودجە دوا کەوتووه، چین ئەو شتانەی کە سەرف

نەكراون؟، ئەو شتانەی تر هەمووی سەرف كراون، لە مەعاشات بگرە، لە بەڕێوەبردنی دەوائیر بگرە، لە هەندێك لە ئیعاناتی زراعی و ئەوانەش هەمووی بەشێوازێكی سولفە، هەمووی دراوە، ئەو شتانەی كە نەدراون چی بوون؟، پرۆژەكان هەر هەمووی تەمویل كراوە، بە لیستیش تەقدیمان كردوون، ئەو شتانەی كە لە شەش مانگی ڕابردوو هەتاوەكو ئێستا ئەنجام نەدراون چین؟ با بەناو ناوی ئەوانە بێنین، یەكەم بە نیسبەتی پرۆژەكان، پرۆژە پێشنیار كراوەكانن، كەخۆشی مشت و مڕێكی زۆری لەسەرە، هەم لە بەینی خۆمان و هەم لەگەڵ پەرلەمانی بەڕێزیش، كە دەڵێن ئێوە لیستێكی زۆری پرۆژەی بەردەوامتان هەیە، ئایا تاقەتی حكومەت ئەو تەراكومەی كە دروست دەبێ لە تاقەتی حكومەت دایە، بەردەوام بن بەگوێدان بەو هەموو تەلەباتانە، یانیش دەبێ بەشێوازێكی تر موراجەعەی بكرێت، پرۆژەی پێشنیار دەست پێ نەكراوە، ڕاستە، لە بودجەی تەشغیلیدا، سولفەی زەواج نەدراوە، سولفەی عەقاری نەدراوە، سولفەی زراعی نەدراوە، بەلام ئیعاناتی سەمادات و موبیداتی حەشەری ئەمانە هەمووی دراوە، لەبەر ئەوە شتەكان موحەدەدن، ئەگەر مەبەستیش ئەوەیە هەر هیچ نەبێ، وەكو كاك عدنان وتی بۆ ساڵی ئایندە ئەمە تیكرار نەبێ، ئێمە تەركیز بكەینە سەر ئەو سێیانە، لە زمنی ئەوە چارەسەری پێویست ئیقتراح بكەین، خۆ تازە ئێمە ناچینەوە ساڵی 2011، ئێمە دەبێ باسی 2013 بكەین، خۆی ئەوەیە كە دەبێ فیعلەن لە خزمەتی هەموو چینەكانی خەڵكی كوردستان بەو شێوازە بیر بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

دانیشتنی ئێستامان كۆتایی پێ دێنین، ئێوارە سەعات پێنج بەخواتان دەسپێرین.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆكردن لەسەر پرۆژە و یاسای بودجەی هەرێمی كوردستانی عیراق بۆ ساڵی 2012، لێژنەی دارایی فەرموون بۆ شوێنی خۆتان، نەسرین خان، فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە چەند ڕۆژە ئێمە گفتوگۆ لەسەر بودجەی هەرێمی كوردستان دەكەین، لە سەرەتاوە دەمەوێت لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی چەند قسەیەك بكەم، لای هەمووومان ئاشكرایە لیژنەی دارایی ماندوو بوون، ئێمە ماندووبوونەكەیان بە هەند وەردەگرین، بەڵام دەبێ ئەو هاوكارانەشمان پێیان ناخۆش نەبێ كە یەكێك ڕەخنەیان لێ دەگرێ لە كەم و كورتی ڕاپۆرتەكەیان، هەر لەو ڕاپۆرتەی لیژنەی دارایی كە كۆمەڵێك كەم و كورتی تێدایە، دیارە چەند پرسیارێكی تیا ئاراستەی وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان كراوە، ئەو كەم و كورتیانە و ئەو پرسیارانەی كە بەڕێزیان كردوویانە لە وەزارەتی دارایی، ئەوە ڕاستییەك دەسەلمێنێ كە من ئەم خاڵەیان لە كۆتایی قسەكانم دا ئاماژەی پێ دەدەم، دیارە ئێمە سێ ساڵە یەك لە دوای یەك 2010، 2011، 2012 لەسەر بودجەی هەرێمی كوردستان گفتوگۆ دەكەین، لەسەر ئەو بودجە زۆرەی كە هەیە ساڵ بە ساڵ زیاد دەكات، بەڵام كورتهێنان كەم دەكات، لەسەر ئەو بە هەدەردان و خەرج كردنەی كە لە داهاتی هەرێمی كوردستان دا هەیە، دەبوایە وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی ئەو كەم و كوڕییانەی كە ئەم چەند ساڵی پێشوو ئاماژەی پێ كراوە و گفتوگۆی لەسەر كراوە، دەبوایە بە هەندیان وەرگرتایە و كاریگەرییەكی هەبوایە لەسەر ڕاپۆرتەكانیان، بەڵام بەداخەوە لەوە دەچێت كاریگەرییەكی ئەوتۆی نەبووبێ ئەو هەموو گفتوگۆیەی كە لەو چەند ساڵە كردوومانە، ئەمساڵ داهاتی هەرێمی كوردستان داهاتێكی زۆری هەبووە، بەڵام ڕێژەكەی نادیارە، بودجەیەكی زۆرمان هەیە، بەڵام كورتهێنانێكی زۆر، ئەم كورتهێنان و بودجە زۆرییە، ئەم نادیاری داهاتە لە ڕاستی دا عەقڵ قبوڵی ناكات داهاتی ناوخۆیی هەرێمی كوردستان ئەوەندە كە بێت، بەداخەوە من خۆم پێم شەرمە لە سەدەی بیست و یەك، لە سەردەمی پێشكەوتن، لە

سەردەمی عەولەمە هاووڵاتیانی ئەم هەرێمی کوردستانە بێ بەش بن تا ڕاددەیەك لە داهاتی هەرێمی کوردستان، نەزانن داهاتی هەرێمی کوردستان چەندە، تا وایان لێ بێت یەعنی بەدوای قوتی لە داهاتوودا دەبێ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بۆ قوتی ڕۆژانەی خۆیان بەداخەوە بڵێن ساڵ بە ساڵ خۆزگەمان بە پار، دیارە بودجەی هەرێمی کوردستان لە وڵاتانی تر کە جیا دەکرێتەوە، جیاوازی هەیە، ئەو داهاتە ناوخۆیی هەرێمی کوردستانە کە بە زۆری ناچێتە ناو خەزینەی گشتی هەرێمی کوردستانەوە، لەم بوارەدا بە فیڕۆدانێکی زۆر و بە هەدەردانێکی زۆری داهاتی هەرێمی کوردستان هەیە، من لەو فۆرمەوەی کە وەزارەتی ناوخۆ یەکەم جار تەسلیمیان کردووین لەوە دەست پێ دەکەم کە باسی داهات دەکات بە چوار سەد و حەفتا و شەش ملیار، کە لە سەرەتاوە تەسلیمیان بە ئەندام پەرلەمانەکان کرد، چوار سەد و حەفتا و دوو ملیار بوو، کاك شێخ بایز بەڕێزی وتی ئێمە چوار سەد و حەفتا و شەشەکە ئەم فۆرمەمان زوو ناردووە، بەڵام حەز دەکەم هەموو لایەك ئاگادارین لەوە، کاك شێخ بایزیش ئاگادار بێ، ئەو چوار سەد و حەفتا و شەش ملیارە لە کاتێك دا ئەم فۆرمە گەیشتووە بە دەست ئێمە لە دوای ئەوەی کە وەزیرە بەڕێزەکان هاتوونەتە لیژنەکانەوە و موناقەشەی لەسەر کراوە، دوای ئەوە ئەو فۆرمی چوار سەد و حەفتا و شەش ملیارە گەیشتۆتە لامان، خۆ ئەگەر بە چوار سەد و حەفتا و دوو ملیارەکە بوایە هەروەکو هاوکارم کوێستان خان ئاماژەی پێدا، چوار ملیار و چل ملیۆنی کەم دەبوو، کە ئەوە لەسەر کورتهێنانەکە نەبوو، دیارە کە من دەڵێم ساڵ بە ساڵ خۆزگە بە پار، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بودجەی ساڵی 2010، لە بودجەی ساڵی 2010 بۆ ئێستا دوو سەد و حەفتا ملیار دینار زیاترە لە بودجەی ساڵی 2012، ئەوە سەبارەت بەو داهاتە، سەبارەت بە داهاتی فرۆکەخانەکان، من دەمەوێ تەنها ئاماژە بە یەك فرۆکەخانە بدەم، فرۆکەخانەی سلێمانی یە، کە ئەویش لە فرۆکەخانەی سلێمانی ئەو دیاردە هەیە، یەعنی لە دەرەوە شت دێت و گومرگی خۆی هەیە، باجی خۆی هەیە، تەنها لێرەدا هی فرۆکەخانەی سلێمانی ئاماژە دەدەن بە هاتنی ئاڵتوون، کە ئەوە خۆی لە خۆیدا بەڕاستی کاریگەرییەکی زۆری هەیە، باسی فرۆکەخانەی هەولێر ناکەم، دڵنیام فرۆکەخانەی هەولێر زیاتریش لە فرۆکەخانەی سلێمانی داهاتی هەبووە و ڕێژەی هاتنی ئاڵتوون بۆ هەردوو لایەن زۆرە، من تەنها ئامارێکی پێنج مانگی ساڵی 2012تان بۆ دەخوێنمەوە، لە ساڵی 2012 بڕی ئەو ئاڵتوونەی کە هاتۆتە فرۆکەخانەی سلێمانییەوە دوو هەزار و پێنج سەد و سی و سێ کیلۆغرام بووە، واتا دوو تەن و نیو زیاتر، ئەوە تا مانگی پێنج، ئەم ئاڵتوونە کە دێتە ناو فرۆکەخانەکانەوە بۆ هەر یەك کیلۆغرام بیست و پێنج هەزار دینار گومرگی هەیە، بۆ هەر یەك کیلۆغرام پانزە هەزاری لێ وەردەگرن بۆ فەحسی ئاڵتوونەکەی، ئەگەر ئەوانە هەموو کۆ بکەیتەوە زەربی بیست و پێنج هەزاری بکەی، شەست و سێ ملیۆن و سێ سەد و بیست و پێنج هەزار دەکات، زەربی پانزە هەزار دینارەکە بکەی سی و حەوت ملیۆن و نۆ سەد و نەوەد و پێنج هەزار دینار دەکات، ئەگەر تەنها ئەم دوو هەزار و پێنج سەد و سی و سێ یە زەربی دوو بکەین بۆ داهاتی ساڵی 2012 حیسابی بکەی، کە من دڵنیام هاتنی ئاڵتوون بۆ فرۆکەخانەی سلێمانی لە ساڵی 2011 زیاترە لە شەش تەن و نیو، بەڵام من تەنها بۆ بەرچاو ڕوونی ئەو

دوو هەزار و پێنج سەد و سی و سێ کیلۆیەم حیساب کردووە، بۆ ماوەی ساڵێك دوو سەد و دوو ملیۆن و شەش سەد و چل هەزار دینار دەکات، کە ئەوە دڵنیام لە فرۆکەخانەی هەولێر زیاتر هاتۆتە ناو هەرێمی کوردستانەوە، لەگەڵ ئەوەش دا مینحەی بۆ دادەنێن، خاڵێکی تر کە دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، لەسەر مەسەلەی داهاتی سامانە سروشتییەکانە، داهاتی سامانە سروشتییەکان ئەوەی کە لێرەدا تۆمار کراوە لە ڕاستی دا زۆر لەوە کەمترە کە هەیە، یەعنی ڕێژەی داهاتەکەی زۆر زۆر زیاترە، ئەگەر هەر وەکو هاوکارم کاك شێرزاد ئاماژەی بە تەنکەرەکان دا، هاتوچۆی تەنکەرەکان، من یەك حیسابی بچووکتان بۆ دەکەم، ئەویش لە ماوەی کەمترین لە سەعاتێك کە لە پردی تاسلوجەوە بۆ سەیتەرەی کەرکووك، یەعنی سەیتەرەی سلێمانی-کەرکوك لە ماوەی یەك سەعات دا سێ سەد و نۆ تانکەر سووتەمەنی هاتۆتە سلێمانی یەوە، لە ماوەی یەك سەعات دا، ئەم تانکەرانە ئەگەر بێت و نەوت بێ هەر داهاتێکی زۆرە، ئەگەر بێت و ئاو بێ هەر پارەی ئەو داهاتە، خۆ ئەگەر هیچیشی تیا نیە و بەتاڵە ئەم تانکەرانە بەڕاستی حەقە ئیجرائات بکرێ بەرامبەر بە تانکەرەکان کە دەبن بە هۆکاری تێکدانی ڕێگە و بانەکان، خاڵێکی تر کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم، لەسەر داهاتی وەزارەتی کارەبایە، دەچمە سەر ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی، دیارە لە خاڵی 80 باس لە تەرخان کردنی کارەبا دەکات، کرێی کارەبا و سووتەمەنی بۆ ساڵی 2012، کارەبا پەسند کراوەکەی سێ سەد و حەفتاو نۆ ملیارە، بەڵام خەرجییەکەی شەش سەدو سی و دوو ملیارە، لێرەدا فەرقی دوو سەد و پەنجا و چوار ملیار هەیە کە بە زیاد بۆی صەرف کراوە، سووتەمەنی سێ سەد و شەش ملیارە، خەرجییەکەی چوار سەد و هەشتا و حەوت ملیارە، لێرە فرقەکەیان سەد و هەشتا و یەك ملیارە، هەروەکو خۆیان ئاماژەیان پێداوە، کەواتە چوار سەد و بیست و پێنج ملیاریان زیاد صەرف کردووە بۆ کارەبا، من دەپرسم دەڵێم وەزیری دارایی ئەو زیادەیەی کە بۆ ئێوە صەرفت کردووە هێناوتە لە چ بابێك هێناوەتە بۆ ئەوێ، خەرجت کردووە؟ خاڵێکی تر کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم لەسەر داهات، لە ڕاستی دا ئەوەی کە هەیە داهاتی ناوخۆ زۆرە، بە بەردەوامیش زۆرجار حکومەتی هەرێمی کوردستان مومتەلەکاتی هەیە دەیفرۆشێت، ئالیاتی هەیە کە تێك دەشکێت دەیفرۆشێ، زەوی کشتوکاڵی دەفرۆشێ، کارگە دەفرۆشێ و کارگە بە کرێ دەدات، من بۆیە لە ژمارە بچووکەکانەوە دەست پێ دەکەم، چونکە هەموو کۆکردنەوەی ژمارە بچووکەکان ژمارەیەکی گەورە دەردەچێ، دەڵێم ئەگەر نەتوانین چارەسەری ژمارە گەورەکان بکەین، بەڵکو بتوانین چارەسەری ژمارە بچووکەکان بکەین، کە دەکاتە ژمارەیەکی گەورە، دیارە ئەوەی من پرسیارێ لە بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم، چەندین کارگەمان هەیە، ئەم کارگانە هەندێکی لە ئیش کەوتووە، هەندێکیشی ئیش دەکات، هەندێ لەو کارگانەی کە لە ئیش کەوتوون بە کرێ دراون، بۆ نموونە کارگەی جل و بەرگی سلێمانی کە ئێستا ئیش ناکات، بەڵام دراوە بە کرێ بە کۆمپانیایەك، کە بووە بە مەخزەنی جگەرە، ئایا کرێی ئەم کارگەیە دەچێتە چ بابێکەوە؟ دیارە کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار هەبووە، کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار چەند ساڵێ پێش ئێستا فرۆشراوە، بەڵام لە هیچ داهاتێك دا نازانین ئایا پارەی ئەم کارگەیە کە فرۆشراوە بە دوو سەد و هەشتا هەزار دۆلار، واتا دوو سەد و هەشتا دەفتەر کە

تەنها پارەی زەوییەکەی نیە، ئەم پارەیە لە کوێ یە؟ فرۆشتنی زەوی کشتوکاڵی، تازەترین فرۆشتنی زەوی کشتوکاڵی ئەو شەش سەد و حەفتا و حەوت دۆنم زەوییەیە کە فرۆشراوە بە زانکۆی جیهانی ئەمریکی بەبڕی پێنج سەد هەزار دۆلار، واتا نیو ملیۆن دۆلار، ئایا ئەم پارەیە وەرگیراوە؟ یان وەرنەگیراوە؟ ئەگەر بێت و پارەی کارگەی سەرچنار و فرۆشتنی شەش سەد و حەفتا و حەوت دۆنم زەوییەکە، لەگەڵ ئەو سەد و بیست ملیۆن دۆلارەی کە گروپەکانی دەواجن چەند ساڵە لەلایانە، وەریان گرتووە بۆ ئەوەی کە پرۆژەی پەلەوەری پێ بکەن، ئێستا سەد و بیست ملیۆن دۆلارەکە وەرگیراوەتەوە، کۆی ئەوانە نۆ سەد ملیۆن دۆلار دەکات، ئایا ئەو نۆ سەد ملیۆن دۆلارە هەیە یان نیە؟ خاڵێکی تر کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم، مەسەلەی پێشینەی هاوسەرگیری، پێشینەی خانوو و بەرە، قەرزی کشتوکاڵ، قەرزی پیشەسازی، قەرزی بچووك، پێشینەی هاوسەرگیری جگە لە منالی شەهید هەموو ئەوانەی تر، هەموو قەرزەکان و هەموو پێشینەکان هەمووی قەرزە بە هاووڵاتی پێی دەدەین، ئەم قەرزانەش وەردەگیرێتەوە، ئایا تا ئێستا من پرسیار لە بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم، بڕی گەڕانەوەی ئەم قەرزانە تا ئێستا چەندە؟ ئایا ئەم قەرزانە تا ئێستا چەند هاووڵاتی لێی سوودمەند بووە؟ ئایا ناکرێ ئەم قەرزانە کە وەردەگیرێتەوە مانگانە لە سندووقێك دا دابنرێت و کۆبکرێتەوە؟ لەو سندووقە صەرف بکرێتەوە جارێکی تر بۆ ئەوەی ئەم پێشینە و قەرزانە زەغت کەم بکەنەوە لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان دێمە سەر پلاندانان، بەڕێزینە پلاندانان لەم هەرێمەدا بەداخەوە تا ڕاددەیەك سەرکەوتوو نەبووە، ئەگەر بێت و ئێمە سەیری دابەش کردنی ئەو پرۆژانە بکەین و دابەش کردنی ئەو بودجانە بکەین کە بۆ پرۆژەکان دانراوە، بەڕاستی شتی زۆر سەیر دەبینین، کەم و کوڕی زۆر سەیر دەبینین، ئەوانەش هەموو کاریگەری خۆی هەیە لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان، بە دەرەجەی یەکەم ناهەوسەنگی هەیە لە نێوان پرۆژەکانی ئاودێری و کشتوکاڵ، دیارە هەموو لایەکمان هەمی ئەوەمان هەیە کە کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان دا ببووژێتەوە، بەڵام بەداخەوە بەو بودجەیەی بۆی دانراوە کە بڕی ‎2.58٪‎ بەوە کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان دا نابووژێتەوە، بۆیە من لێرە پرسیار لە بەڕێز وەزیری پلاندانان دەکەم، چەند پرۆژەیەك بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ دانراوە، ئەم پرۆژانە لەلاپەرەی (93) زنجیرەی (‎2،4،5،6‎)، ئەوانە هەمووی کۆمەڵێ ناوە، لە زنجیرەی (2)دا دەڵێ/ کەڵەکان و بناویلە، ئەوی تریان دەڵێ گڵە زەردە و کوڕە داوێ، گردە نازێ و چەمرگە، چالگەی خواروو، ئایا ئەوانە چین؟ من دەزانم ئەوانە ناوی گوندن، بەڵام ئەوە ئایا پرۆژەکانیان چیە؟ بۆ هەر یەکێك لەو پرۆژانە موددەی دوو سەد و دە ڕۆژ یاخود دوو سەد و چل ڕۆژ یان زۆرینەیان دوو سەد و چل ڕۆژە، بڕی پارەکانیشیان دانراوە، کە دەبێت لەو ماوەیە تەواو بکرێ، ساڵ وا 160 ڕۆژی تەواو بووە، کەواتە دەبێ بۆ ئەم ساڵ 160 ڕۆژی تری بۆ قەرز بکەین، ئینجا ئەو پرۆژانە تەواو ببێ، بە مەرجێ لە ساڵی 2011 ئەوەی کە بۆی دانراوە سفرە، کۆی ئەو چەند پرۆژە بچووکە یەك ملیار و چوار سەد و سی و پێنج ملیۆن دینار دەکات، ئایا ئەو پرۆژانە پار نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەم ساڵ چۆن دەتوانن تەواوی بکەن؟ و پارەی پاری لە کوێ یە؟ خاڵێکی تر کە هەندێ لەسەر پلاندانان، لە ڕاستی دا پرۆژە دواکەوتووەکانە، لە

پرۆژە دواکەوتووەکانە دروست کردنی سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵی، کە یەکێکە لە پرۆژە هەرە دواکەوتووەکانی سەر بودجەی هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی 2005ەوە ئەم پرۆژەیە هەیە، بە بڕی دوو ملیار و دوو سەد و شەست و پێنج ملیۆن دینار کە موددەی تەواو بوونەکەی دەبێ چوار سەد و بیست ڕۆژ بێ، ئێمە هەموومان دەزانین بە تایبەتی ئەوانەی کە لە لیژنەی کشتوکاڵی و ئاودێریداین، دەزانین ئەو پرۆژەیە کێشەی لەسەر بووە، دەزانن ئەو پرۆژەیە مەحکەمەی لەسەر بووە، مەحکەمەکەشی تازە وەرگیراوەتەوە، بەڵام هەموو ساڵێك ئەو بڕە پارەی بۆ دانراوەتەوە، کە ئەگەر بێت و حیسابی بکەین لە ماوەی ئەم هەشت ساڵە بڕی زیاتر لە 15 ملیار و هەشتا و دوو ملیۆن دیناری هەبووە، نەدەکرا ئەم پارەیە دابنرێت لە بانقێك دا، لە سندووقێك دا بۆ ئەوەی کە مەحکەمەکەی تەواو ببێت زوو بە زوو ئەو بینایە جێبەجێ بکرێ، ئایا بڕی پارەی ئەو چەند ساڵەی لە کوێ یە؟ خاڵێکی تر کە دەمەوێ پرسیار لە بەڕێز وەزیری پلاندانان بکەم، مەسەلەی مزگەوتی نموونەیی یە، بەڕێزینە هەموومان مەکتەبی نموونەییمان بیستووە، بەڵام من حەز دەکەم یەکێك بۆم ڕوون بکاتەوە، هەرچەندە بەڕێز دکتۆر بشیر لێرە نیە، پرسیارم لێ کرد وتم مزگەوتی نموونەیی چیە؟ بەڕاستی وتی من نازانم، مزگەوتی نموونەیی دانراوە بۆ یەکێك لە قەزاکان بە ڕووبەری 18 بە 10 مەتر دووجا، ئایا ئەم مزگەوتە نموونەیی یە چیە کە تاوەکو ئێستا دەست بەکار نەبووە؟ نەچۆتە بواری جێبەجێ کردن، ئەو پارەی پاریش و ئەم ساڵیشی هەر وەکو خۆیەتی، خاڵێکی تر کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم، ناهەوسەنگی و نەشارەزایی لە شوێنەکان دا، لە قەزاکان دا، لە ناحیەکان دا، لە گوندەکان دا، دیارە هەموو قەزا و ناحیەکان خۆیان پێویستیان بە بودجە هەیە، بۆیە من پارساڵیش باسی ئەوەم کرد تکایە با بودجەی قەزاکان و ناحیەکان، هەر قەزا و ناحیە با بودجەی خۆی بۆ خۆی سەرف بکرێ، نەك لەو قەزا بۆ ئەو قەزا، لەو ناحیە بۆ ئەو ناحیە، من پرسیارێ دەکەم لە بەڕێز وەزیری پلاندانان، دیارە جەنابی دوورە دەستە، بەڵام ئەو پرۆژانەی کە دانراون پرسیار کراوە لە ڕەئیسی وەحدەی ئیداری محافەزە و قەزا و ناحیەکان دا، من دەپرسم قەرەچەتان و قەرەداغ چی یەکیان پێك دەگرێتەوە، کە بە مەرجێ پرۆژەیەك بۆ قەرەچەتان دانراوە لەسەر بودجەی قەرەداغ، کە قەرەچەتان لە سنووری ناحیەی پیرەمەگروونایە، تەصەور دەکەم ئەوەی کە داوای لێبووردن دەکەم، قەرەچەتان و قەرەداغ دوو شت لە یەکتریان نزیك دەکاتەوە، یەك/ هەر دوو ناوەکە تورکی یە بە قەرە دەست پێ دەکات، دوو/ وەزن و قافییەکەشیان لەوە دەچێ ڕێك بێت، کە هەر قەرەچەتانەکەیان بینیوە وایانزانیوە لەسەر قەزای قەرەداغە، پرسیارێکی تر لە بەڕێز وەزیری پلاندانان، دیارە بەڕێزی لە سەرەتاوە ئاماژەی پێدا کە بۆ موناقەلە کردنی هەر پرۆژەیەك ئێمە پرسیار دەکەین، بە تایبەتی لەو قەزایانە ئەگەر پرۆژەیەك دانرا موناقەلەمان پێ کرد ئەو پارەی هەر بۆ ئەو قەزایە سەرف بکەینەوە، ئەوەی کە هەبێت لە پرۆژە پێشنیار کراوەکانی ساڵی 2010، پێنج بینای دادگا بۆ قەزای سەید سادق، پێنجوێن، شارەزوور، قەرەداغ دانرابوو، هەر یەکەیان بە بڕی پێنج ملیار دینار، لە ساڵی 2011 پرۆژەکەی قەرەداغ چووە سەر ئیدارەی گەرمیان، بەڵام لە ساڵی 2012 ئەم پرۆژەیە نەماوە، ئایا پرۆژەکە چی لێهات؟ ئەگەر دەڵێن لە قەزای قەرەداغ زەوی

نەبووە ئەو بینایەیە بکەین، لە دوای ئەوە چەند بینایەکی تر کراوە، ئەگەر دەڵێن لە ئیدارەی گەرمیان دامانناوە، بەڵام لە ساڵی 2012 ئەم بینایە لە ئیدارەی گەرمیان دا نەماوە، بودجەی پاریش و بودجەی پێراریش کە بە هەردوو ساڵەکە دەکاتە 10 ملیار دینار، ئەم 10 ملیار دینارە لە چی دا صەرف کرا؟ پرسیارێکم هەیە سەر لە نوێ بۆ بەرێز وەزیری دارایی، پەرەپێدانی پارێزگاکان، ئەوە دیارە ئەم پرسیارە بۆ هەردوو بەرێز وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی یە، پەرەپێدانی پارێزگاکان بە چ پێوەرێك دانراوە؟ ئەگەر بێت و بە سەرژمێری هاووڵاتیان دانرابێ، کەواتە دەبێت بودجەی پەرەپێدانی پارێزگای سلێمانی لە پارێزگاکانی تر زیاتر بێت، چونکە ڕێژەی دانیشتووان لە پارێزگای سلێمانی زیاترە لە پارێزگاکانی تر، من یەك ئاماری بچووکم دەرهێناوە لە کۆی سێ وەزارەت، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی ئەوقاف، وەزارەتی شەهیدان، بەم سێ وەزارەتە 16 پرۆژەی هەیە، 16 پرۆژەکە لە سنووری هەولێر و دهۆك و سلێمانی، حەوت پرۆژەیان هی هەولێرە، پێنجیان پرۆژەی دهۆکە، چوار پرۆژەی سلێمانی یە، پرۆژەکانی هەولێر پانزە ملیار و حەوت سەد و سی و شەش ملیۆنە، پرۆژەکانی دهۆك بیست ملیار و نۆ سەد و حەفتا و پێنج ملیۆنە، پرۆژەکانی سلێمانی بیست و شەش ملیار و چوار سەد و حەفتاو حەوت ملیۆنە، بە هەر سێ ئەوانە شەست و سێ ملیار و سەد و هەشتا و هەشت ملیۆن دەکات، ئەوە لە کۆی بودجەکە ئەم سێ وەزارەتەم دەرهێناوە، کە کەمترین پرۆژەیان هەیە، ئەم پرۆژانە تا ئێستا نەچوونەتە بواری جێبەجێ کردنەوە، واتا دەست بە کار نەبوون لە کارەکان دا، هی ساڵی 2011 بۆ ساڵی 2012، ئایا ئەو شەست و سێ ملیار و سەد و هەشتا و هەشت ملیۆنە چی لێ دەکرێ؟ ناکرێ ئەوانە لە بابێك دا کۆ بکرێتەوە، تەدویری پێ بکرێ بۆ داهاتوو، لە کۆتایی دا من ئەوە دەڵێم، چەند پێشنیارێکم هەیە، دیارە ساڵی پار، واتا 2011 و 2012 لە یەکێ لە ماددەکانی بودجە ئاماژەمان دا بەوەی کە دەبێت مووچە و موخەصەصاتی فەرمانبەرانی وەکو ناوەندی لێ بکرێ، جگە لە موخەصەصاتی مامۆستایان، چونکە موخەصەصاتی مامۆستایان لە هەرێم جیاوازە تاوەکو بەغدا، ئەوەش بۆ ئەوەی هاوسەنگییەك و یەکسانییەك لە نێوان مووچەکان دا هەبێت، بۆ ئەوەی هاوسەنگییەك هەبێ لە نێوان ئەو موخەصەصاتانەی کە لێرە نیە و لەوێ هەیە، من بچووکترین نموونە و تازەترین نموونەتان دەدەمێ کە موخەصەصاتی کارمەندانی بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخانە، ئەوانە هەتاوەکو لەسەر حکومەتی عیراق بوون موخەصەصاتیان هەبووە، کۆمەڵێ پێداویستیان بۆ دابین کراوە، بەڵام لەوەتی هاتوونەتەوە سەر وەزارەتی کشتوکاڵ و هاتونەتەوە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ موخەصەصاتێکیان نیە بە مەرجێك زۆرترین هیلاك بوون هیلاك دەبن، شوێنەکانیشیان زۆر خەتەرە، کە ئەوانە پێویستیان بەوە هەیە موخەصەصاتیان بۆ دابین بکرێ، هاوکاریان بکرێ، پێشنیارێکی ترم کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم، مەسەلەی دروست کردنی لێژنەیەکە، بەڕاستی پێویستمان بە لیژنەیەك هەیە لە شارەزایانی وەزارەتی دارایی، لە وەزارەتی پلاندانان، لە سەرجەم ئەو ڕاویژکار و شارەزایانەی کە شارەزاییان هەیە لە بواری ئابووری، لە بواری دارایی، لە بواری ژمێریاری دا، بۆ پیادا چوونەوەی ئەم بودجەی هەرێمی کوردستان و

دەرهێنانی کەم و کورییەکان و کەم کردنەوەی خەرجییەکان، بۆیە زۆر پێویستە بەوەی کە ئەو لیژنەیە دروست بکرێ، من یەك پرسیارم لە بەڕێز وەزیری دارایی هەیە، دیارە هاوکارێکم، هاوکارانم زۆر باسی ژمارە گەورەکانیان کرد و زۆر باسی کەم و کوری بودجە و کەمی داهات و لە هەمان کات دا کورتهێنانیان کرد، بەڕێز وەزیری دارایی لە وەڵامێ لە وەڵامەکانیان وتی من فریا نەکەوتووم ئەو ڕەقەمانە بنووسم، بەڵام بە ڕەئی من ئەوە قسەی من نیە، قسەی بەڕێز وەزیرە، وتی بە ڕەئی من ئەوانەی کە وتوویانە ئەو ژمارانە لە 99,5٪ وانیە، من لە بەڕێز وەزیری دارایی دەپرسم بۆمان ڕوون ناکاتەوە بە چ پێوەرێك ئەو بە ئەندام پەرلەمانەکان دەڵێ لە 99,5٪ ئەوە وانیە، هەڵەیە، خاڵێکی تر پرسیارێکە بۆ بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، دیارە ئێمە زۆرجار داوامان کردووە کە بودجەی حیزبەکان ئاشکرا بکرێ، بەڕێز وەزیری دارایی ئاماژەی پێدا و وتی ئەوە ئێمە وەڵامەکەمان ناردۆتەوە بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام ئایا سەرۆکایەتی پەرلەمان تا ئێستا کە وەزیری دارایی بە ڕەسمی وەڵامی سەرۆکایەتی پەرلەمانی داوەتەوە و بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان تاوەکو ئێستا پەرلەمانتارانی لێ ئاگادار نەکردووە؟ بۆ ئەوەی ئەوەندە پرسیار لە وەزیری دارایی نەکەین، لە کۆتاییدا من دەمەوێ ئەوە بڵێم وەکو لە خاڵی یەکەم دا ئاماژەم پێدا، ئەو ڕاپۆرتەی لێژنەی دارایی بە کەم و کورییەکانیشەوە کە کۆمەڵێ کەم و کورتی دەرهێناوە، کۆمەڵێ پرسیاری کردووە لە حکومەت، ئەوە دەردەخات و ئەوە دەسەلمێنێ بۆ ئێمە، ئەو بودجەیە نادروستە، ئەم بودجەیە کەم و کوڕی هەیە، ئەوەش دەسەلمێنێ، ئەو ڕاستییەش دەسەلمێنێ بۆ ئێمە، کە ناڕەزایی یەکەم ڕۆژی فراکسیۆنی گۆڕان ناڕەزاییەکی حەق بوو، ناڕەزاییەکی ناحەق نەبوو، هەرچەندە تۆمەتبار کراین بەوەی کە ئێمە دەمانەوێ بودجە دوا بکەوێ، بەڵام ئەوە ئێمە نین بودجەمان دواخستووە، ئەوە لە سەرۆك کۆمارەوە بۆ جێگری ئەنجومەنی وەزیران، بۆ وەزیرە بەڕێزەکان، بۆ پەرلەمان....

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پێی خۆشە ناوی خەڵك بێنێ، پێی خۆشە دیارە، پەرلەمانتارە پێی خۆشە ناوی خەڵك بێنێ، تکایە ئەو ناوانەی کە هاتن بسڕنەوە، دانیشە، تکایە دانیشە، تکایە دانیشە، تۆ حەقت نیە ناوی کەس بێنی خوشکی من، حەقت نیە ناوی کەس بێنی، دانیشە، قسەکەی خۆت بکە و حەقت نیە ناوی کەس بێنی، فەرموو کاك نەریمان، دەبێ بە عەکسەوە تۆ هەستی بڵێی ناوی خەڵك مەهێنە، قسەی خۆی کرد و کەس موقاتەعەی نەکرد، بۆ ناوی خەڵك دێنی؟ دەبێ بڵێی ناوی خەڵك مەهێنە برام، کاك کاردۆ با قسە بکات، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

با ئێمە دەستەواژەکان، ڕەخنەکان ئەوەندە بە هەستیاری وەرنەگرین، با پەرلەمانتارەکە قسەکەی تەواو بکات، بزانە چ دەڵێ؟ با ناوی هێنا، چی وت؟ خۆ ئەوە پەیڕەو کاکە، بە پێی پەیڕەو پەرلەمانتار ئازادە، ئازادە بیر و ڕای خۆی دەربڕێ، کاکە ئەوە سەرۆکایەتی بەرپرسیارە لە زەبت کردنی جەلسە بە پێی پەیڕەو، ئەوە ماددەی 59.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاكە ئازادی و كۆنترۆڵ كردنی جەلسە ئەوە نیە تۆ ناوی خەڵكی تر كە پەیوەندی دوور و نزیكی پێوە نیە، سەرۆك كۆماری عیراق، سەرۆك كۆماری عیراق عیلاقەی بە بودجەی كوردستانەوە چیە كاكە ناوی ئەو دێنی؟ ئەگەر مەقصەدی سیاسی نەبێ حەقی نیە ناو بێنێ، مەقصەدی سیاسی یە، ئەو قسەی كرد كەس موفاتەعەی كرد؟ قسەی كرد، كەس موفاتەعەی نەكرد، ناوی سەرۆك كۆمار دەینی بە چ حەقێك؟ هیچ رەبتێكی بە مەسەلەكانەوە نیە، بەڵێ تەواو فەرموو دانیشن، فەرموو كاك نەریمان، كاك كاردۆ قسەی خۆت كرد و فەرموو كاك نەریمان قسەت بكە، تەواو، ببوورە كاك نەریمان، جەنابی وەزیر وەڵامی هەیە بۆ نەسرین خان، ببوورە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

باسی بكەم جارێ ئەوە چوار سەد و حەفتا و شەشە، چوار سەد و حەفتا و دوو نیە ئەو داهاتە، ئەوە مەعلومە لەلای لێژنەی دارایی، بە نیسبەتی داهاتی مەتارەكانەوە ئەوە سی و حەوت ملیارە لەلای ئێمە، ئەو باسی چەند ئەو ملیۆنانە دەكات كە لە ئالتوون وەرگیراوە، ئەوە نازانم بەڕاستی لە مەتارات دا ئەنواع و ئەشكال ئیراداتی تری گومرگی هەیە، هەر ئالتوون نیە، ئێمە تەقدیراتمان بۆ مەتارات سی و حەوت ملیار دینارە بە نیسبەتی داهاتەكانیانەوە، بە نیسبەتی داهاتی وەزارەتی كارەبا ئەوە كە دەڵێت ئەوە، عەفو، بە نیسبەتی مەصاریفی وەزارەتی كارەباوە كە دەڵێت ئەوە لە كوێ صەرف دەكرێ؟ ئێ ئەوە یەكێكە لە ئەسبابی عەجز، ئێمە پێشانمان داوە دەڵێین پارەكە تەجاوزمان كردووە و ئەمساڵیش تەجاوزمان كردووە، كارگەی جل و بەرگی سلێمانی و فرۆشتنی ئەرازی وەزارەتی پیشەسازی و ئەوانە، بەڕاستی بەیانیش باسم كرد، لە حیساباتی وەزارەتی صناعە حیساباتێكی موەحەدە، عیلاقەی بە خۆیانەوە هەیە، ئەوە لە ئەخیردا، لە ئەخیری ساڵ دا هەرچی ئیجاریان هەبێ، هەرچی داهاتیان هەبێ، هی ئەوە ئەوەی كە عیلاقەی بە ئینتاجەوە هەبێ، لە 85٪ی بۆ وەزارتی داراییە، لەبەر ئەوە ئەو پرسیارە چونكە حیساباتەكە موەحەدە، دەبێ لە خۆیان بپرسی من وەكالەتەن من پرسیاری بۆ دەكەم هەر بەیانی ئینشائەڵلا، پارەی ئەوەی كە باسمان كرد، باسی گەڕاندنەوەی پارەی عەقاری، هەموو پارەیەكی سلەف دەگەڕێتەوە بۆ هەمان دائیرە، بۆ مەصرەفی عەقاری، بۆ مەصرەفی صناعی، بۆ مەصرەفی زراعی و دەبێتەوە بە داهات و بۆ هەمان شت بە كار دێتەوە، واتا دێتەوە ئیزافە دەبێت بۆ ئەو ڕەئس مالە، بۆ ئەو پارەی كە هەیانە، تەوزیع دەبێتەوە، حیساباتیش مەعلومە، هەموو پارەیەك بە وەصلی قەبز لە هاووڵاتی وەردەگیرێتەوە، بە ئیشعاراتی تەحویل دەڕوات، لە سیجیلات دا مدەوەنە، بە نیسبەتی ئەوەی تەنمیەی ئەقالیم هەبووە، بۆ برای بەڕێزم د. علی بەجێ دەهێڵم وەزیری پلاندانان، بە نیسبەتی موخەصەصاتی بەنداوەكانەوە بەڕاستی لە بەغدا وەختی خۆی موخەصەصاتیان هەبووە، هاتوونەتە سەر وەزارەتێكی تر لێرە، ئەوە عیلاقەی بە پەرلەمان و بە

ئەنجومەنی وەزیران و بەو داواکاری خۆیانەوە هەیە، بۆ ئەو دوو شوێنە، کە ئاخیر جار قەراری لێ بدرێ لای ئێمەوە سەرف دەبێ، وەزیری داراییش دەسەلاتێکی نیە بۆ سەرف کردنی موخەصەصات، بە نیسبەتی ئەوەی ئێستاش دەڵێم/ ئەو یەك، دوو برادەرەی کە بە زۆر ئەو رەقەمانەیان خوێندیەوە، ئەوە وایە و ئەوە وایە، ئێستا دەیڵێم، من ئەوەی کە موقارەنەمان کردۆتەوە لای خۆمان ئەو ڕەقەمە وایە، ئەو ڕەقەمانە غەڵەتن، زۆری ڕەنگ هەیە (سوء تفاهم)ی تێنەگەیشتنی تیا هەبێ ئەو مەوزووعانە، دەبێ شەرح بکرێتەوە، دەبێ بێت لەگەڵم دانیشێت، لەگەڵمان دانیشێت لە وەزارەتی مالیە، ئیقناع بوو ئەوانە وایە، ئەوە باشە، ئیقناع نەبوو ئەو وەختە دەتوانێت تەشهیری وەزارەتی دارایی بکات بەوەی کەوا ئەوە وانیە، من بەڵێ وام وتووە، لێشی پاشگەز نیم، بەلام خۆ با بێت مقارەنەی بکەین، ئێمە تەقریرێکمان نووسیوە هەر جارێ ئەوەی کە خوشکە نەسرین کە باس دەکات، ئێمەش هەر لە خۆمانەوە نەمانکردووە لەوەزارەتی مالیە مودیریەتی عامی موازەنە هەیە، موستەشاری موختەص هەیە، (خبراء) هەیە لەوێ، تەدقیق دەکرێ، ئەوە چەندەها جار هاتووە و ڕۆیشتووە، بۆچی ئەوانە وا تەصەور دەکرێ وەزیر دایدەنێ؟ بۆ مەعلوماتتان ئەوە یەك رەقەمی وەزیر دایناێ، دێتە بەردەست وەزیر و وەزیر حەواڵەی دەکات، ئەوە خۆی ئصولی دەوائیر وایە، هەمووشتان دەزانن، من دامنەناوە هەتا من، تەبیعی منیش گلەییم کردووە لە موازەنەی خۆمان، لە دائیرەکانی خۆمان، وتمان ئەوە واتان پێ دەڵێن، جوابەکانیان ئاوهایە بۆ من، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەریمان.

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی سەرەتا دوو گلەیی ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم، یەك لەوانەی ساڵانی پێشوو ئێمە کۆی بودجەکەمان لە سایتی پەرلەمانی کوردستان دادەبەزاند، دەبوو ئەمساڵ بەڕوونتر و بە باشتر و بە تەفصیل تر دامانبەزاندایە، بەلام بەداخەوە ئەمساڵ داتانەبەزاند، کە ئەوە بەڕاستی خەلەلێك بوو کە برای بەڕێزم کاك سالاریش باسی کرد، داواکارین ئێستاش بخرێتە سەر سایتی پەرلەمان، لەبەر ئەوە هەموو هاووڵاتیان ئاگاداری بودجەکەیان بن، لەبەر ئەوە ئەمە بودجەی خەڵکە لە نەتیجە، بۆخەڵکیش پێویستە بەکار بێ، دەبێ خەڵکیش ئاگادار بێ، بە دیوێکی تریش دا خەڵك بتوانێ بەراوردێك بکات لەسەر ئەو قسانەی کە ئەندام پەرلەمانەکان و نوێنەرەکانی خۆیان لە هۆڵەکانی پەرلەمان دا دەیکەن، بۆ ئەوەی هەتا هەندێك لە ڕاستییەکانیش دەرکەوێ کە ئایا ئەو قسانە تا چەندی مەنتیقی یە؟ تا چەندی وایە؟ تا چەندی هەڵەیە؟ چەندی راستە؟ بەڕاستی ئەوە خەلەلێك بوو، ڕەخنەی دووەمم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەوەبوو ساڵی پار ئێمە لە کۆتایی بودجەی ساڵی پار دا کۆمەڵێك ڕاسپاردە واتا تەوصیەمان ئیقرار کرد بە دەنگی پەرلەمانتاران، لەم پەرلەمانە، ئەو تەوصیانە بەڕاستی لە پەرلەمان بە پێی زانیارییەکانی من نەگەیشتۆتە سەرۆکایەتی حکومەت، ئەگەر گەیشتووە داوا دەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو وەلامەم

بداتەوە، من دێمە سەر ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی، هیلاکی و ماندووبوونیان دیارە لێژنەی دارایی، هۆکاری ئەساسیش ئەو پەلە پەلە بوو کە بودجە هاتۆتە پەرلەمان و بە هۆی دواکەوتنییەوە ، لە کاتێك دا پەرلەمان موقەصیر نیە لە دواکەوتنی ئەو بودجەیە، کە هەموو ئەو دواکەوتنە لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە هەشت مانگە، ئەوە سێیەم بودجەیە بێتە هەرێمی کوردستان هەر سێکەی چەند مانگ دواکەوتووە، کە ئەوەیان زۆرترین دواکەوتنی بەخۆوە بینیوە، ئەو ڕاپۆرتەی کە بەڕێزان لە لیژنەی دارایی ئامادەیان کردووە، بەڕاستی کۆمەڵێ پرسیاری باشیان کردووە، بەڵام وەکو لە ڕاستی دا ئەو پرسیارانەی یان ئەو وەڵامانەی کە داوایان کردبوو لە سەرۆکایەتی حکومەت بە شێوەیەکی ئینشائی داڕێژراوە، هۆکارەکەشی چیە؟ هۆکارەکەشی ئەوەیە لەبەر ئەوە ئەو لیژنەیە کە ئیش و کاری ئەوەیە بەڕاستی بێجگە لەوەی لە ناو پەرلەمان دا کە تاوتوێی بودجە دەکرێ، دەبێ لە دوای بودجەش سەردانی هەموو ئەو ئۆرگانانە بکات لە حکومەت، لە خاڵە سنوورییەکان، لە هەموو ئەو شوێنانەی کە داهاتی لێ دێتە ئەم هەرێمە، بۆ ئەوەی لە کاتێك دا کە ڕەخنەیەك دەگرن، پرسیارێك دەکات سەنەدی پێ بێت کە بەرامبەر بە حکومەت بەکاری بهێنێ، من داوا دەکەم تا ئێستا سەردانی چەند شوێنیان کردووە کە ئەوراقی ئەو داهاتانەی کە لەو شوێنانەیە، دۆکیومێنتەکانی تێدایە، چەندێکیان بینیوە؟ چەندێك ڕاستییەکانیان بۆ دەرکەوتووە؟ لەوانەیە ئەگەر کۆمەڵێ لە ڕاستییەکان دا بۆ دەرکەوتبایە خۆشیان هەندێك لەو پرسیارانەیان نەکردایە، یان ئەو پرسیارانەی کە وەڵام دەدرێتەوە ئەگەر ناڕاستن وەڵامی ڕاستیان پێ بوایە، بۆیە ئەوەش ڕەخنەیەکە کە بۆتە نەریتێك، لیژنەی دارایی کە دەبێ سەرتاپای سنوورەکانی هەرێم و دەزگاکانی بگەڕێ، بۆ ئەو شوێنانەی کە داهاتی دێتێ، بۆ ئەوەی هەموو دۆکیومێنتەکان وەرگرێ، بگەڕێتەوە پەرلەمان ولەلای خۆی هەبێ، لە کاتێك دا کە دەیەوێ موقارەنەیەك بکات، دەیەوێ بەراوردێك بکات، دەیەوێ ڕاستییەکی بۆ دەربکەوێ بگەڕێتەوە بۆ دۆکیومێنتەکانی خۆی کە ئەوە نیە بەداخەوە، بۆیە ڕاپۆرتەکان بەڕاستی هەر لەسەر شێوەی بەشێوەیەکی ئینشائی داڕێژراوە، هەر کەسێکیش بیەوێ دەتوانێ وەڵام بداتەوە موهیم یەك دۆکیومێنت بێ، ئێمە پەرلەمانین و ئەوەش حکومەتە بودجەی ناردووە، لە ڕاستی دا خاڵی ئەساسی لە نێوان ئێمە بریتی یە لە سەلماندنی ڕاستییەکان بە نووسراو، لە کاتێك دا ئەوە بەڕاستی زۆر کەمە بەداخەوە، من دێمە سەر بابەتێکی تر کە کورتهێنان بۆ لە حکومەتی هەرێمی کوردستان؟ لە کاتێك دا وەزارەتی دارایی و پلاندانان ئەو بڕە پارەیەی کە وەزارەتەکان داوایان کردووە، بەڕێزان ئەگەر پلانێك، من مەبەستم لەسەر پلانە لە هەرێمی کوردستان کە زۆرێك لە هاوڕێکانم باسی ئەوەیان کردووە، گلەیی و گازندەیان کردووە کە پلان نیە لەم هەرێمە، ئەگەر هەشبێ پلانێکی سەرپێیی و عابرە، دیراسە نەکراوە، یان نا دروستە، بەڵگەشم بۆ ئەوە ئەو گوژمەیەی کە وەزارەتەکان داوایان کردووە لە وەزارەتی دارایی کە بۆیان دابین بکرێ، لە 52٪ی ئەوەیان بۆ تەصدیق کراوە، موافەقەت کراوە، ئایا ئەو وەزارەتانە لەسەر ئەساسی گۆترە داوای پارە دەکەن لە وەزارەتی دارایی؟ مەنتیقیان چیە لە کاتێك دا 48٪ ئەو داواکارییانەیان لەلایەن وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانانەوە لێ بڕدراوە، کەواتە ئەگەر وابێ و

ئەوە حەقیقی بێ، ئەوە مەدروس بێ، کەواتە دەبێ ئەم وەزارەتانە تووشی شەلەل بن، کەواتە دەبێ نەتوانن کار بکەن، بۆیە من دەڵێم لێرەوە دەردەکەوێ چەند نازانن صیانە و بە شێوەیەکی نا مەنتیقی دارێژراوە داوای بودجەکانیان کردووە، بەرێزان من دێمە سەر ساڵی دارایی کە یەکێکە لە کێشە هەرە گرنگەکانی هەرێمی کوردستان، بەڕاستی بێ چارەسەر دەمێنێتەوە، هەمیشە پاساویشی بۆ دروست دەکرێ، بڕیاردان لەسەر بودجە لە پەرلەمان دا کە نوێنەرایەتی خەڵکی کوردستان دەکات، یاساکانی پێ دەردەکات، بەڕاستی ئەوە متمانەیەکە دەدرێت بەو یاسایە، دەبێ حکومەتی هەرێمی کوردستان یان هەر حکومەتێکی تر، کە بودجەی بۆ تەصدیق دەکرێ، دەبێ ئەو متمانەیە لە دەست نەدات، ئەگەر هاتو تەجاوزی کرد یان موخالەفەی کرد، یان پێشێلکاری کرد لەو یاسایە، بەڕاستی پێویستە لێپێچینەوەی لێ بکرێ، چی لە سەرۆکی حکومەتەوە، چی لەو وەزیرانەی پێشێلکارییان کردووە، کە وەزارەتی دارایی بە نموونە لەسەری هەموویانەوەیە، بەرێزان هەر یاسایەك دەردەچێ ئەو یاسایە کاری پێ دەکرێ، من دەمەوێ ئەو پاساوانە ڕەت بکەمەوە کە دەوترێ بۆچی بودجە دەوەستێت؟ لە $12/15$ی هەموو مانگێك دا بە تەعلیماتێك بڕیار دەردەچێ بۆ وەزارەتەکان کە صەرفیاتە ئەساسییەکانیان دەوەستێ، $12/1$ سەرف دەبێ، ئەوە بەڕاستی شەلەلێکی گەورەی دروست کردووە لە هەموو بوارەکان دا، کە یاسایەك دەردەچێ ئەو یاسایە یان یەکجار دەوەستێ و کاری پێ ناکرێ، یان ناکرێ کار بە بەشێکی بکەی و کار بە بەشێکی نەکەی، بۆیە ئەو مەنتیقە ڕەت دەکەمەوە کە دەڵێ دەبێ لەوێ بوەستین و کاری پێ نەکەین، واتا ئێمە بودجە ئێستا ئەوە ئەمڕۆ ئێمە $6/16$ پێموایە بۆ مانگی حەوتیش ئەو بودجەیە ناچێتە بەر کار کردن، باشە ئێمە چەند مانگمان، کەواتە بۆ پێنج مانگ ئێمە تەصدیقمان کرد، ئەی ئەو حەوت مانگەی کە تەصدیقمان کردووە بۆ کوێ دەچێ؟ لە کاتێك دا مودەوەرەکان دیار نیە وەکو باس دەکرێ، دەڵێن هەیە بەڵام بە دۆکیومێنت پێویست دەکات بوترێ، بەداخەوە زۆر بەداخەوە کە وەزارەتی دارایی و پلاندانان کە ئێمە لەگەڵ ڕەقەم دا تەعامول دەکەین، کە بە ڕەقەم تەعامول دەکەین دەبێ بە نووسراوی ڕەسمی و بە ڕەقەم وەڵاممان بدرێتەوە، کە لە کاتێك دا ئەوانە نیە، داواکارم لە هەردوو بەرێز ئەگەر وەکو هەیە با بیخەنە بەردەستی پەرلەمانتاران، لە کاتێك دا ئەم یاسایە بەشێکی کاری پێ دەکرێ، تا وەکو ئێستاش کە ئێمە لە ناو پەرلەمانین کاری پێ دەکرێ، وەکو ئەو بەشانەی کە کاری پێ ناکرێ، بەڕاستی ئەو بەشانەیە کە پەیوەندی بە ڕاستەوخۆی خەڵکەوە هەیە، وەکو پێشینەی هاوسەرگیری، پێشینەی خانووبەرە، زراعی، ئەو پارانەی کە دەدرێ بۆ پرۆژەی بچووك، ئەوانە بە زۆری ڕادەگیرێ، کاری ئەوانەی کە لە ناو یاساکە مەبەستن لەلایەن حکومەتەوە ڕاناگیرێ، کەواتە ئەم یاسایە ناکرێ کار بە بەشێکی بکرێ و کار بە بەشێکی نەکرێ، کەواتە ئەوە نامەنتیقیە، ئەو پارەیەی کە ئێمە تەصدیقی دەکەین لەو بودجەیەدا، بەرێزان ئەو پارەیە متمانەی وەرگرتووە، ڕەصیدمان داناوە، کە بۆمان داناوە چ مەنتیقێکە کە ڕابگیرێ و سەرف نەکرێ، ئەگەر وەکو بوترێ ئەوە ساڵی دارایی، من پرسیار دەکەم لە بەرێز وەزیری دارایی ئەو یاسایەمان پێ بڵێ کە ئەوە دەوەستێنێ، لە یاسای کوردستانەوە و چی لە دەستووری عیراقیش دا، ئەو یاسای موازەنەی عیراقیش شتی

وای تیادا نیە، بەس تەنها بە تەعلیماتێك ڕادەوەستێ، من نموونەیەك دەخەمە بەردەست كە ئێمە لە وڵاتی ئەلمانیا پێشكەوتووتر نین، كە لە كاتێك دا بودجە تەصدیق دەكەن ئەوان، ئەگەرچی ئەوان پێناچێ تەئخیر بێ، بەڵام هەر وەكو ئیحتیاتێك كە ئەو بودجانەی تەصدیقی دەكەن لە دەستووری ساڵ 1949ی ئەلمانیا كە لە ماددەی 11 بڕگەی (1) ئاماژەی داوە بەوەی كە ئەو پارەیە لەبەر ئەوەی كە مەرصودە دانراوە لە بانق دایە هیچ مەنتیقێكی تێدا نیە تۆ بیوەستێنی، ئەبێ كاری پێ بكرێ بۆ ئەوەی ئیش و كاری خەڵك نەوەستێ و پرۆژەكانیش، بۆ نموونە لە بڕگەی (أ) دەڵێ (تنفيذ الإجراءات التي تم إقرارها قانونياً)، ئەوە هینی عەرەبییەكەی، خاڵی (ب) دەڵێ (الإيفاء بالإلتزامات القانونية)، كەواتە ئەو ئیلتیزاماتە قانونیە دەبێ بەردەوام بێ و نەوەستێ، بەڕێزان ئێمە ئەوە سێ ساڵە گوێمان لەوە دەبێ كە ئێمە لە ڕاپۆرتەكەی وەزارەتی دارایی دا بەڕاستی زۆربەی كاتەكان كەم و كورتییەكانی خۆمان دەخەینە سەر بەغداد، بەڕێز وەزیری دارایی كۆمەڵێك دۆكیومێنتی بەرز كردەوە بۆ ئێمە، كە ئێمە ئەوەمان كردووە لە ئەنجامی ڕەخنەی پەرلەمانتاران كەچی كراوە، نوێنەرەكانی ئێمە لە هەرێم یان لە بەغدا چییان كردووە؟ بەڕاستی ناكرێ ئەو دۆكیومێنتانە بەرز بكرێتەوە و نەدرێ بە پەرلەمانتاران، من داوا دەكەم لە سەرۆكایەتی پەرلەمان كە وەریگرێ و هەمووومان بە دەستمان بگات، داوا دەكەم لە وەزارەتی دارایی تەنها نووسراوەكانی هەرێم نەبێ كە بۆ بەغدا نراوە، وەڵامەكانی ئەوانیش بێ، بۆ ئەوەی بزانین چی گوزەراوە؟ ئەوان ڕەئیان چیە؟ بۆ ئەوەی بزانین ڕاستییەكان لە كوێدایە، بۆیە ئەوە بەراستی با بە موبهەمی و با بە هین نەمێنێتەوە، ئێمە ڕاستییەكانمان بۆ دەركەوێ، بۆ ئەوەی هەموومان پێكەوە دیفاع لەو ڕاستییە بكەین، لە كاتێك دا ئێمە ئەو ڕەخنانە كە دەدەینە پاڵ حكومەتی فیدراڵ، بەڕێزان ئێمە با ئەوەمان لە بیر نەچێ، ئێمە بەشدارین، شەریكین لەو حكومەتە، ئەوەی كە بەڕێزان وەزیری دارایی كە باسی دەكات، ئەو غەدرەی كە لێمان دەكرێ، ئەو تەجازوەی لێمان دەكرێ، من بێگومانم لەوەی كە ئەو عەقلییەتەی شۆفێنی لە عیراق دا تا ئێستا ماوە، بۆیان بكرێ ناهێڵن دینارێك بێتە هەرێمی كوردستان، بەڵام ئەوە بە خواستی ئەوان نیە، بە دەستوورە و بە قانونە و بە كۆمەڵێ ئیلتیزاماتە، چی لەسەر هەرێم و چی لەسەر ئەوان، بە خواستی ئەوان نیە، بە یاساش هەیە، لە كاتێك دا ئەم وتانەی بەڕێز وەزارتی دارایی لە حكومەتی هەرێمی كوردستان بەڕاستی لە نوێنەرەكانی خۆمان لە بەغدا، لە وەزیركانمان، لە سەرۆكایەتی كۆمار، لە پەرلەمان، لە ئەوانەی كە هەمانە، ئێمە بەشدارین لە حكومەتی عیراقی دا، ژمارەیەكی زۆر خەڵكمان لەوێ یە، تا ئێستا ئەم مەنتیقی قسە كردنە لەوێ گوێمان لێ نەبووە، داوا دەكەین داوایان لێ بكرێ بۆ ئەوەی ئەوان ڕوونكردنەوەمان بدەنێ، بە نووسراو ئاگادارمان بكەنەوە، بەڕێزان من پێم سەیرە بودجەیەك كە لەعیراق تێپەڕیوە كە ئێمە ئێستا بەڕێزان وەزارەتی دارایی ئەو هەمووو ڕەخنەیەیان لەسەری هەبوو، كە هات دێتە ئێرە و هەمووو ساڵ دووبارە دەبێتەوە، لە كاتێك دا ئێمە لە بەغدا جێگری وەزیری دارایی كوردە، لە كاتێك دا ئێمە لە چوار قۆناغ دا بۆمان هەیە تەحەفووز بكەین لە ئەو ناعەدالەتیانەی، ئەو ناحەقیانەی كە بە هەرێمی كوردستان دەكرێ، یەك/ لە وەزارەتی دارایی، دوو/ لە سەرۆكایەتی حكومەت، سێ/ لە پەرلەمان، چوار/ لە

سەرۆكایەتی كۆمار، یەعنی چوار تەحەفووزمان هەیە، بەڕێزان ئێمە وەكو كورد لەوێ، باشە ئێمە نەمانبینی ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم چوار جیهەتە بێن بڵێن ئەم تەحەفووزانەمان هەیە و بە گوێمان ناكەن و ئەوە قانونی یە، پاشان بەڕێزان لە ڕاستی دا ئەگەر ئەوە كێشەكی زۆر گەورەیە وەكو بەڕێزان باسیان كرد، نزیكەی هەشت ملیار دۆلاری ئێمە لە بەغدا گیری خواردووە، بەڵێ گریمان وایە، بەس ئێمە ئەم هەشت ملیارە كە گیری خواردووە، دووەم/ نابێ بپرسین لە نوێنەرەكانمان ئێوە چیتان بۆ ئێمە كردووە؟ نووسراوەكانتان بخەنە بەردەستی پەرلەمانی كوردستان، لە كاتێك دا بە پێی زانیارییەكانی من لە كاتی ئەو ڕۆژەی كە تەصدیقی بودجەی عیراق دەكرێ لە ئەنجومەنی وەزیران، لە كاتێكدا كە تەصدیقی بودجە دەكرێ لە ئەنجومەنی وەزیران، ئێمە لە حەوت نوێنەری كورد لە وەزارەتەكان و جێگری سەرۆك وەزیران، بەڕێزان یەك وەزیرمان لە ئەنجومەنی وەزیران بووە، یەك وەزیرمان لەوێ بووە كە لە كاتێك دا ئەوە چارەنووسی گەلی كوردستانی پێوە بەندە، ئەو وەزیرەشمان تەخەفووزی لەسەر بەشە بودجەی هەرێمی كوردستان نەكردووە، تەحەفووزی لەسەر بودجەی وەزارەتەكەی خۆی كردووە تەنها، كە بودجەی وەزارەتەكەی خۆی كەمە، بەڕێزان یەكێك لە هۆكارەكانی زیادبوونی بودجەی تەشغیلی، بەڕاستی گوێم لێ بوو بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی فەرمووی كە ئێمە یەكێك لە هۆكاری زیادبوونەكان ئەوەیە كە مووچەی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆمان زیاد كردووە، بەڕێزان ئەگەرچی ئێمە بودجەیەكی تەكمیلیمان بۆ هات، بەداخەوە بە دەنگ بیستوومانە چەندێكمان بۆ هاتووە، بەڵام وەكو ئێستا بە دۆكیومێنت نەسەلمێنرا كە چەندێك لە بەغداوە هاتووە، ئەوەی من ئاگاداری بوم وەكو لێژنەی تایبەتمەند، ئێمە كە پرسیارمان كرد، وتیان لەوێش دا كەممان بۆ هاتووە، بەش ناكات، وتمان بەچی پڕی دەكەنەوە؟ وتیان لەو 30 ملیارەی كە دامانناب‌وو ساڵی پار بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاكان، پڕی دەكەینەوە، بەڵام ئەمڕۆ ئێمە شتی ترمان گوێ لێ دەبێ، لە كاتێك دا ئەو پارەیە ئێمە ئینتیخاباتمان نەكرد، دانرابێ بۆ ئەوە، داوا دەكەم بەڕێز وەزیری دارایی وەڵامی ئەوەمان بداتەوە و ڕاستییەكەمان پێ بڵێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك نەریمان دەڵێ ئەوەمان بۆ دووبارە بكەوە زەحمەت نەبی بۆ وەزیری دارایی.

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كە باسی لە بودجەی تەشغیلی كرد كە بۆچی زیادی كردووە؟ یەكێك لە هۆكارەكان زۆری باس كرد، بەس یەكێكیان ئەوەی من ئاگاداری بم پەیوەندی بە لێژنەكەی خۆمەوە هەیە، زیاد كردنی مووچەی هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆی هێنایەوە بە نموونە كە زیاد بووە، ئەوەی ئێمە ئاگادار بووین بودجەیەكی تەكمیلیمان بۆ هات، مەبلەغێكی تەكمیلیمان بۆ هات، نازانین چەندە؟ بە هەر حاڵ وتیان نوقصانمان هەیە، وتمان چۆنی پڕ دەكەنەوە؟ وتیان 30 ملیار دامانناب‌وو ساڵی پار، لە بودجەی ساڵی پاردا، بۆ ئێرە هەڵبژاردنی پارێزگاكان، هەڵبژاردنەكەمان نەكرد، لەوێ دەتوانین پڕی بكەینەوە، وەڵاممان بداتەوە جەنابی وەزیر، ئایا

ئەوە تا چەند ڕاستە؟ بەڕێزان ئەو کەم و کورتیانەی کە باس کرا، بەڕێز وەزیری دارایی ئەوە سێ ساڵە باس دەکرێ، بۆیە من لێرەوە داوا دەکەم و لە لێژنەکانیش دا چەندین جار داوامان کردەوە، ئێمە ئەو بەشە بودجەیەمان لە بەغدا دەبرێ، ئێمە زۆر وەسیلە هەیە کە بەکاری بێنین، بە کارمان نەهێناوە، یەك باسی نوێنەرەکانمان کرد، دوو/ ئێمە لە ڕێگای دادگای فیدراڵییەوە ساڵی پاریش داوامان کرد لە بەڕێز وەزارەتی دارایی، هەروەها ئێمە لە وەزارەتی پێشمەرگەش داوامان کرد ساڵی پار، وەعدیشیان پێداین کە لە مەحکەمەی دەستووری، ئەوە وەزارەتی پێشمەرگە وەعدی پێداین، وەزارەتی دارایی وەعدی پێ نەداین، بەڵام داوامان کرد، کە ئێمە بۆ لە خەمی دەستوورین؟ ئەگەر ئێمە ڕەواین و لە حەقین بۆ هەڵلایەکی لەسەر دروست ناکەین؟ ئەوە کەم نیە، بەشە بودجەیەکی زۆر زۆرە، شتی گەورەی زۆر پێ دەکرێ، بۆیە من داوا دەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەمساڵ لەبەر ئەوە من بۆ خۆم بێ هیوا بووم لەوەی کە حکومەت بیکات، وەزارەتی پێشمەرگە بیکات، وەزارەتی پلاندانان بیکات، وەزارەتی دارایی بیکات، داوا دەکەم لە پەرلەمانی کوردستان ئەمساڵ ئێمە کۆمەڵێ محامی نیشتمان پەروەری دڵسۆزی شارەزا بگرین، لەسەر حیسابی پەرلەمان بەدواداچوونمان بۆ بکات لە مەحکەمەی دەستووری لە عیراق، بۆ ئەوەی ئەو ڕاستییانەمان لا ڕوون ببێتەوە، نەبێتە هۆی کێشەیەك لە ناو خۆمان دا کە بێ متمانەیی دروست بێ بەڕاستی، با ڕاستییەکەمان بۆ ڕوون ببێتەوە، ئەگەر پەرلەمانیش نایکات من داوا دەکەم لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بەڕاستی ئەوە بکات، بەڕێزان لە داهاتی هەرێمی کوردستان من ڕەخنەیەکی زۆر گەورەم هەیە، لە کاتێکیش دا کە قسە دەکەم بە بەڵگەوە دەتوانم بیخەمە بەرچاوی بەڕێزتان، من ئەوەی کە باسی دەکەم بەڕاستی باسی خاڵە سنوورییەکان دەکەم، کە ئێمە لە هەرێمی کوردستان نزیکەی شەش تا حەوت دەروازەی سنووریمان هەیە، بە هەردوو مەتارەکەوە تەبعەن، بۆیە من کۆمەڵێ بەڵگە و دۆکیومێنتی ڕەسمی دەخەمە بەردەستی هەموو پەرلەمانتاران و هەموو هاووڵاتیان کە بە چاوی خۆیان ببینن، ئەوەی کە من دەیخەمە ڕوو زیندووە، بە مۆری زیندوو، بە تەوقیعی زیندوو، ژمارەی یەك بە یەکی تەنکەرەکان و ژمارەی پارێزگاکان دەخەمە بەردەستی بەڕێزتان، لەو دۆکیومێنتانەی کە دەیخەمە بەردەستتان ئەوانەی تێدایە، چەند تەنی بار کردووە و چەند کیلۆی بار کردووە؟ هەروەها چەند بەرمیلە؟ سەر بە چ کۆمپانیایەکە؟ لە چ ڕۆژێك دا و لە چ سەعاتێك دا نەوتیان بردووە؟ لە چ مەرزێکەوە چوون؟ ژمارەی وەصلەکانی لەسەرە، ناوی کارمەندی خەزنەداری لەسەرە، ناوی فەرمانبەری وردبینی وەصلەکانی لەسەرە، جۆری مادده کە هەڵیان گرتووە، نەفتاو، کۆندێس، نەوتی ڕەش کە نووسراوە، ئێمە گریمان باوەڕمان هێنا بەوەی کە دوکەڵ هەیە بێ ئاگر، کە نابێت، وتمان نەفتاومان هەیە، کۆندێسمان هەیە، نەوتی ڕەشمان هەیە، بێ نەوتی سپی، بێ بەنزین، کە ئەوە حیسابی دەکەم، بەڕێزان من ئەم خشتەیە دەخەمە بەردەمی پەرلەمانی کوردستان و داوا دەکەم بەراستی لێژنەیەکی تەحقیقی لەسەر ئەم بابەتانە پێك بێ بۆ هەموو سنوورەکان، ئێمە ماوەیەك پێش ئێستا نزیکەی 50 پەرلەمانتار داوامان کرد لێژنەی لێکۆڵینەوە پێك بێت لە پەرلەمانی کوردستان بەڕاستی، داوای لە ئێمە کرد لەبەر ئەوە بەڵگە نیە دۆکیومێنت نیە، بۆیە ئێمە ناتوانین،

بەڕێزان، ئەوە هی یەك ڕۆژە، ئەوە هەمووی هی یەك ڕۆژە، ئەوە 355 وەصلە کە ئەوە هی یەك ڕۆژە بەڕێزان، (حي) بە تەوقیع، بە مۆری حەقیقی، داوا دەکەم لە ئیعلام نزیکی بکاتەوە بەڕاستی، بۆ ئەوەی خەڵکی خۆمان ببینن، ئەوە هی یەك ڕۆژە، تەنکەرەکانی یەك ڕۆژە بەڕێزان کە من دەستم کەوتووە، 355 وەصلە، بەو ڕاستیيانەی کە وتم ئێستا هەمووی تێدایە، هەر هەمووی تێدایە، ئەوەش کە 700، ئەوە بچووکم کردۆتەوە، ئیستینساخم کردووە، ئەصلییەکانم لەلایە، دەتوانم 5500 تا 6000 وەصل لەمانە بخەمە بەردەستی ئەو لیژنەیە، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە بکات، ئەوە هەر لە وەصلێك دا دوو تەنکەر ڕۆیشتووە بەڕێزان، هەر لە یەك وەصل دا دوو تەنکەر ڕۆیشتووە لەوە، ژمارەی تەنکەرەکەش شارەکەی، هەمووی، سەعاتەکەی، کە ئەو هەشت بەڵگەیە کە وتم هەمووی تێدایە، دەیخەمە بەردەمی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی لیژنە پێك بهێنێ کە داوای لیژنەی کردبوو، ئێستا تەنها دیراسە و ڕوونکردنەوە لەسەر یەك ڕۆژ باس بکەم، کە ئەوە لەلایەن کۆمپانیاکانی کۆرمۆر و پەیوەند و عیراق ئۆیل و سەهەند و ئەناناسەوە دەبرێ، لە سنووری مەرزی پەروێزخان، بەڕێزان، ڕۆژ/ 2011/9/12، بڕی تەن/ 80 کە براوە 6669 تەن و 53 کیلۆ، کە دەکاتە 3347 بەرمیل و 65 لیتر، نرخی هەر یەك تەن لە نەوت دا، بە پێی قسەی خۆیان 680 دۆلارە، بە دۆلار قسە دەکەم، بڕی پارەکەی دەکاتە (455280) چوار سەد و پەنجا و پێنج هەزار دوو سەد و هەشتا دۆلار، بەڕێزان، ئەوە تەنها بۆ نەفتە کە یەك، کۆندێس کە جۆرێکی موشتەقاتی نەوتە، هەر لە هەمان ڕۆژ حەوت سەد و پێنج تەن ڕۆیشتووە، بەرپرسیارم لەسەر ئەو قسانەی دەیکەم، وەصلی حەقیقی یە ئەوە، نرخی یەك تەن/ 680 دۆلارە، کە کە دەکاتە (479400) چوار سەد و حەفتاو نۆ هەزار و چوار سەد دۆلار، نەوتی ڕەش/ (6921) تەن و 890 کیلۆ، نرخی یەك تەن نەوتی ڕەش/ 408 دۆلارە، کە دەکاتە 282413 دوو سەد و هەشتاو دوو هەزار و چوار سەد و سیانزە دۆلار، کۆی گشتی لە یەك ڕۆژدا بەڕێزان، ئەوە گومرگەکەی لەگەڵ نیە، ئەوە تەنها ئەو نرخەیە کە پێی دەکرن لە حکومەت و دەیبەنە سنوورەکانی تر، یەك ڕۆژ (3758811) سێ ملیۆن و حەوت سەد و پەنجا و هەشت هەزار و هەشت سەد و یانزە دۆلارە، بەڕێزان، کۆی ئەوانە لە ڕۆژێك دا کە زەرب، یان جارانی 30 دەکەی پاشان زەربی دەکەی کە ڕەتی سێ سەد و شەست ڕۆژی دەکەی، سێ سەد و شەست و پێنج ڕۆژیشە، بەس سێ سەد و شەست ڕۆژ، دەکاتە لە ساڵێك دا ئێمە ئەو داهاتەی کە من باسی دەکەم لەو سنوورەی کە من باسی دەکەم، لە کاتێك دا لەو سنوورە ڕۆژانە 430 تا 500 تانکەر دەچێ، لە کاتێك دا ئەوەی کە من حیسابم کردووە 355 تەنکەرە لەبەر خاتری ئەوەی وەصلە حەقیقییەکانم لەلایە کەوا دەڵێم، بە بێ گومرگەکەی دەکاتە یەك ملیار و سێ سەد و شەست و چوار ملیۆن و سەد و بیست و پێنج هەزار و پێنج سەد و حەوت دۆلار، ئەوە لە ساڵێك دا بەڕێزان، من دەپرسم ئەو داهاتە لە کوێ یە؟ ئەوە لە یەك مەرزەوە ئەوەیە، لە کاتێك دا پێموایە ئەم مەرزە دەرەجە 3 یان دەرەجە 2 وە لە هەرێمی کوردستان دا لە مەرزەکان دا، نازانم بە بێ بەراورد کردن لەگەڵ مەتارەکان، لە مەرزە سنووریەکان با بڵێم، بەڕێزان، چەندین دیراسەی ترم لەلایە بە هەمان شێوە وەك ڕۆژەکانی تر، ئەوانە، بۆیە بەڕاستی من داوا دەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان

**لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی تەواو پێك بهێنێ بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییانە، بەڕێزان، لەو تەنەکەرانەی کە باسمان کرد، هەر تەنکەرێك بیست و هەشت تەن هەڵدەگرێ بە موعەدەلی، هەر تەنێك پێنج هەزار دیناری تەبعی عیراقی گومرگەکەیەتی، جا ئەوە کە زەربی دەکەی بە ئەو تەنکەرانەی کە باسمان کرد نزیکەی لە ڕۆژێك دا شەست ملیۆن و دوو سەد هەزار بە پارەی عیراقی دەکات، ئەوە کە باسم کرد بێجگە ئەوە بوو، ئەوەم نەخستۆتە سەر ئەو ملیارەی کە باسم کرد، بۆیە بەڕاستی ئەوە دەمانگەیەنێتە قەناعەتێك ئەو داهاتەی کە لە هەرێمی کوردستان باسی دەکرێ زۆر زۆر کەمترە لەوەی کە دەخرێتە بەردەستی پەرلەمانتاران و نوێنەرەکانی خەڵك، بەڕێزان دێمەوە سەر ئەوەی کە بەڕاستی پشتگیری لە برای بەڕێزم کاك سالار دەکەم کە باسێکی باشی گەرمیانی کرد و ئەو کەم و کورتیانەی کە لە گەرمیان هەیەن گەرمیان وەك گەورەترین ناوچەی کارەساتبار لە کوردستان، پێویست بوو حکومەتی هەرێم زیاتر گرنگی پێ بدا و زۆرترین پرۆژەی بۆ ئەو ناوچانە دابنایە، لە پرۆژە پێشنیارکراوەکان، بەڵام بەداخەوە بیست و حەوت پرۆژەی بۆ دانراوە، ئەوە بەبێ چەمچەماڵ، چەمچەماڵ نۆ پرۆژەی بۆ دانراوە، ئەو بیست و حەوت پرۆژەیە مەبەست لە ئیدارەی گەرمیانە تەنها، کە لەگەڵ فراوانی ناوچەکە و ژمارەی دانیشتووان دا زۆر ناکۆکە، لەگەڵ ئەوەی کە ئەوەی برای بەڕێزم کاك سالار باسی کرد، ئەو کێشەیەی کە باس کرا، کەلار هەیەتی، لەگەڵ کفری هەیەتی، چەمچەماڵ هەیەتی، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی سنووری خانەقین و سنوورەکانی تر کە هاوسنوورن لەگەڵ ئەو سێ قەزایە، بەڕاستی لەم قەزایانە دادەنیشن، بەڵام فۆرمی خۆراکیان لەو قەزانایە، بۆ نموونە لە شارێکی وەکو خانەقین نزیکەی پەنجا هەزار کەس فۆرمی خۆراکی لە خانەقینە، بەڵام دانیشتووی کەلارە، بێجگە لە ناوچەکانی جەبارە و قەرتەپە و ئەوانە کە نزیکەی حەفتا و پێنج هەزار تا حەفتا و شەش هەزار نفوس لە کەلار دادەنیشێ، لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دا بە پێی ژمارەی دانیشتووان ئەو حیسابەی بۆ ناکرێ، چەمچەماڵیش هەمان کێشەی هەیە، کفریش هەمان کێشەی هەیە، تکا دەکەم لیژنەیەك پێك بێ بۆ ئەوە، بە بێ ئەوەی هێشتا ڕەچاوی ئەو هەموو کارەساتەی تر بکەی کە پێویست دەکات دەست بگرێ بە گەرمیانەوە، بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێ، بەراستی ناکرێ بەس لە ڕاگەیاندنەکانەوە گۆرانی بە باڵاوە بڵێین، بۆیە پێویست دەکات ناکرێ گەرمیان بە دوو سەد و سی و شەش هەزار کەسەوە کە بەس سنوورەکەی خۆی، بێجگە لەوەی کە هەندێك خانەقینی دێتە سەر هەندێ پرۆژە، شوێنەکانی تریشی لە دەستە، بیست و حەوت پرۆژەکە بە کۆی پرۆژەکان هەمووی 57 ملیارە تەبعەن ئەوە بەبێ چەمچەماڵ، ئەگەر چەمچەماڵی بێتە سەر دەکاتە سی و حەوت پرۆژە کە حەفتا و سێ ملیار دەکات، بەڕاستی زۆر کەمە، کە پرۆژە لە 90٪ی ئەنفال لەو سنوورەیە، بۆیە داوا دەکەم خەمێکی ئەوە بخورێ، کاری لەسەر بکرێ، سەرباری ئەوانە بەڕێزان، عەفوو، بە پێی ئەو ژمارەیەی کە من باسم کرد ئەگەر خاتری ئەوەش نەگیرێ کە کارەساتبارە، کە هاوسنوورە لەگەڵ ناوچەکانی کێشە لەسەر و ئەوانەی کە ئەویش بەڕاستی کاریگەری خۆی هەیە لەسەری، نزیکەی 70 بۆ 80 پرۆژەی دەبوایە بەربکەوتایە، لە کاتێك دا پرۆژەکانیشی بچووکە، بەڕێزان سەرباری ئەو نەهامەتیانەی کە باسم کرد ئەمساڵ گەرمیان بە**

تایبەتی تووشی وشکەساڵییەکی زۆر خراپ بووە، جوتیارانی گەرمیان ئەوەی کە دەیمی کردبێ بەڕاستی بەرهەمی هەڵنەگرتۆتەوە، من داوا دەکەم بەڕاستی پەرلەمانی کوردستان ڕێژەیەك پارە دابنرێ بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو جوتیارانەی کە هیچ نەبێ بنەتۆیان بۆ بگەڕێتەوە، ئەو خەسارەی کە کردوویانە پێیان بدرێتەوە، لەبەر ئەوە کەس هیچی دەست نەکەوتۆتەوە، سەرەڕای ئەوانە بەڕێزان ئیدارەی گەرمیان بەڕاستی پێویستە گرنگییەکی زیاتری پێ بدرێ، هەموومان دەزانین کە چ کێشەیەکی سیاسی و نیشتمانی هەیە لەو سنوورە، لەسەر ئیدارەی گەرمیان بەراستی فورسایی هەیە، بۆ ئەوەی ئێمە هاووڵاتیانی کوردی ئەو ناوچانەی کە کێشە لەسەرەکان بەڕاستی کۆچ نەکەن ئەوندەی تر سەرباری بارە ئەمنییەکەی کە بەسەریانەوەیە، خزمەتگوزاریش بۆتە کێشەیەکی گەورەتر بۆیان، کە کۆچ دەکەن، بەڕاستی ئەوە لە ڕووی سیاسییەوە زۆر کاریگەری دەبێ لەسەر جێبەجێ کردنی ماددەی 140، ئەگەر وەکو بەڕێزان ئێمە بمانەوێ پارێزگاری لە سنووری هەرێمی کوردستان بکەین، بەڕاستی دەبێ پارێزگاری لە سنووری حەقیقی هەرێمی کوردستان بکەین، کە کێشە لەسەرەکانە، بۆ نموونە ئێە بەڕاستی بمانەوێ پارێزگاری لە کەلار بکەین، دەبێ پارێزگاری لە سەعدیە بکەین، لە مەندەلی بکەین، لە جەلەولا بکەین، لە جەبارە بکەین، لە قەرەتەپە بکەین، لە خانەقین بکەین، بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین ئەو ناوچانەی کە ئەصلی ڕەسەنی کوردین بگەڕێنەوە سەر شوێنەکانی خۆیان، بۆیە داوا دەکەم بەڕاستی ئەو ڕێژە پارەی کە دانراوە بۆ سەرتاپای ناوچە کێشە لەسەرەکان کە 52 ملیارە، بەراستی زۆر کەمە، داوا دەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان بەڕاستی بودجەی ئەوانە زیاد بکات، لە دواتر دا من جێی بۆ دەکەمەوە لە بابەتێکی تردان کە پێویست دەکات بۆی دابین بکرێ، 52 ملیار بۆ هەموو ناوچە کێشە لەسەرەکان زۆر کەمە، بەڕاستی داوا دەکەم زیاد بکرێ، بودجەی ئیدارەی گەرمیانیش بخەنە سەر بودجەی ئیدارەی گەرمیان بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە بەڕاستی ئەگەر وەکو کەسێکی ئێمە بچێتە ئەوێ وا دەزانێ ئەوە لەو وڵاتە نیە، بڕۆیتە جەبارە، قەرەتەپە، مەندەلی، بڕۆیتە سەعدیە، جەلەولا، حەمرین، بەڕاستی پێویست دەکات، خانەقین هەندێکی بۆ کراوە، ئەگەر چی کەمە، ئەویش ناو شارەکەی گرتۆتەوە، قەزا و ناحیەکانی نەگرتۆتەوە، بەڕێزان دوێنی لە میانەی قسەکان دا بەرێز وەزیری پلاندانان بەڕاستی من ئەو پرسیارانە ئاراستەی بەڕێزی دەکەم، کە داوای لە ئێمە کرد بەڕاستی پرۆژەکانمان بدەنێ بە ئەرقام، ئەو پرۆژانەی کە دووبارە بۆتەوە، ئەو پرۆژانەی کە بودجەی بۆ تەرخان نەکراوە، یان وەکو ئەو پرۆژانەی کە خەلەل و ئەوانەی تێدایە، من تەنها وەکو لیژنەی ناوخۆ دەیبەمەوە سەر بڕگەی (16)، (17)، (18)، (19) کە ئەوە بریتی یە لەو خانووانەی کە دروست کرا بۆ 42 ناحیە، لە سنووری ئیدارەی سلێمانی و گەرمیان، ئەوانە یەکی بیست خانووی بۆ دانراوە، یەکیان بۆ مودیری ناحیە، ئەوی تریان بۆ بیست موەزەفی تر، بەڕێزان لە 2008 و 2009وە ئەو خانووانە تەواو بووە، لە 2010 بیست و دوویان جارێکی تر دانرایەوە لە 840 خانووەکە، داوامان کرد، ئیدارە مەحەلی وتیان پەیوەندی بە ئێمەوە نیە، پارێزگا وتیان ئێمە داوامان نەکردووە، ناحیەکان وتیان ئێمە داوامان نەکردووە، هەر پارەی بۆ دانرایەوە، ساڵی پار شەش دانەیان پارەیان بۆ دانراوەتەوە، ئەمساڵ جارێکی تر لە

2012 ناحیەی بەکرەجۆ و باسنێ، بەڕاستی جارێکی تر پارەی بۆ دانراوەتەوە، لە کاتێك دا ئەوە پێنج، شەش ساڵە ماڵی تێدایە، نازانم بۆچی لە بودجە نابێتەوە ئەم ژمارانە؟ بڕگەی یەك لە پرۆژەکانی 2012 دروست کردنی بینایەکی تایبەت بە مێوانان، (دار الضیافة)، بەڕێزان لە ڕاپۆرتی لێژنەی ناوخۆدا هاتووە کە داوا کراوە ئەوەی کە وەزارەتی ناوخۆ داوای کردووە بە زیادەوە، یەعنی پشتگیری کراوە، بەڵام پرۆژەیەك هەیە بە ناوی پرۆژەی، پەنجا و چوار، پرۆژەی ساڵی پار جێبەجێ نەکراو بۆ وەزارەتی ناوخۆ بەڕێزان، لە کاتێدا پێمان ناڵێن ئەوەی کە جێبەجێ نەکراوە بۆ ئەو پێداویستییانەی کە پێویستە کە داوای سەد بینای مەرکەز و بینای تر دەکەن، بۆ ئەوانە ناتوانن جێبەجێ بکەن و لە کاتێکدا زەرووراتی تریان هەیە کە پارەی بۆ تەرخان کراوە، داوا دەکەن پارەی زیاتری بۆ تەرخان بکرێ؟ بۆیە ئەمساڵ پێویست دەکات تەقەشوف بکەین وەکو بەڕێزان وتیان، من بڕگەی یەك لە بودجەی ئەمساڵی 2012، عەفوو پرۆژەکان، بڕگەی یەك/ دروست کردنی بینایەکی تایبەت بە میوانان (دار الضیافة) لە بڕگەی یەك دا، لە 2011 جارێکی تر دانراوەتەوە، لە 2012 دانراوەتەوە، کە یەك ملیاری بۆ دانراوە، لە کاتێك دا دەپرسین کاکە ئێوە کە داتانناوە بۆ جێبەجێی ناکەن؟ دەڵێ وەڵلا ئەرزەمان نەبووە، بەڕاستی ئەوە چ مەنتیقێکی تێدایە؟ تۆ ئەرزت نەبووە چۆن پرۆپۆزەلت بۆ کردووە؟ چۆن توانیوتە ئەوە بکەی؟ لە کاتێك دا دوو ساڵە داتناوە، هێشتا ئەمساڵیش هەر دەست بەکار نەبووە، ئێ باشە کاکە ئەوە سێ مەرکەزی پۆلیسی پێ دروست دەکرێ، نۆژەنکردنەوەی باڵەخانەی کتێبخانەی گشتی هەولێر، بەڕێزان، چ پەیوەندییەکی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە؟ لە کاتێك دا لە 2009دا دەست بەکار بووە، نۆژەنکردنەوە لە 2009 دەست بەکار بووە، لە بڕگەی 4ی ساڵی پاریش دا هەر دووبارە هاتۆتەوە، کە دوو ملیار و حەوت سەد و شانزە ملیۆنی بۆ تەرخان کردووە، بڕگەی 4 گۆڕینی کۆگا و سەب کردنی ڕێگاکانی نێوان خاڵی پاسەوانی لە بڕگەی 11ی پاریش دا هاتۆتەوە، دەست بەکار نەبووە لە ساڵی پار، لە بڕگەی 5 دا دروست کردنی بنکەی پۆلیسی عەنکاوە لە بڕگەی 12 لە ساڵی پاردا هاتۆتەوە جارێکی تر، هێشتا دەست بەکار نەبووە، ئێ ئەگەر ئەوە زەرووریاتە، بۆ دەست بەکار نابن؟ لە کاتێك دا ئەوە، بارەگای بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس بڕگە 13 لە بڕگەی 20 ساڵی پاردا هاتووە، دوو ساڵە تازە نووسراوەتەوە، تەندەرین یەك ملیاری بۆ دانراوە، بڕگەی 14 دروست کردنی فەرماندەی پۆلیسی مەشق و یاری یەك ملیاری بۆ دانراوە، پار ئەڵێ ئیحالە نەکراوە، ئەمساڵ دەڵێ لە تەندەرینە، بە هەمان شێوە بڕگەی 13 و بڕگەی 14 و ژمارەیەکی زۆر بڕگە دەتوانم خۆم بیدەم بە دەست بەڕێز وەزیرەوە، بڕگەی 38 دروستکردنی باڵەخانەی دادی تێهەڵچوونەوەی هەولێر، دادوەری، من دەپرسم چ پەیوەندییەکی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە؟ بەڕێزان لە کاتێك دا ئێمە وەزارەتی دادمان هەیە، ئەنجومەنی دادوەریمان هەیە، بودجەشیان بۆ تەرخان کراوە، ئەگەر وەزارەتی ناوخۆ پارەی ئەوەندە زۆرە کاری باشی پێوە دەکات بۆ وەزارەتەکانی تر، ئەوە ژمارەیەکی کەم نیە، 12 ملیار و نیوی بۆ دانراوە لە 2010 دەست بەکار بوونە، ئێ باشە کاکە دادگای تێهەڵچوونەوە چ پەیوەندییەکی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە؟ داوا دەکەم بەڕاستی ئەو بودجەیەی کە تەرخان کراوە، زۆرە، کەچی لە پرۆژە بەردەوامەکانی ناوخۆ

جارێکی تریش هاتۆتەوە، بڕگەی 34 دروست کردنی عەنباری کۆنکریتی ئاو لە بانقی گەشت و گوزاری ڕەواندوز، ئێ چ عیلاقەی بە گەشت و گوزارییەوە هەیە؟ وەزارەتی ناوخۆ ئەگەر پارەی ئەوەندە زۆرە با بینا ئەساسییەکانی خۆیان، کە ئێمە نوێنەرەکانیان هاتن، 50 نوێنەر بوون، بەڕاستی هەموویان هاواریان دەکرد کە وەزعیان زۆر خراپە، لە کاتێك دا ئەوەش هەیە لە بودجەکە، بڕگەی 5، 7، 8 هۆڵی وەرزشی لە قالاوە، دروست کردنی یاریگای رانیە، مەلەوانگەی ئۆلۆمپی دانراو لە بەختیاری، من دەپرسم ئەوانە چ پەیوەندییەکیان بە وەزارەتی ناوخۆ هەیە، دەست بەکاریش نەبوونە، لە بڕگەی 8 و 10 و 14 دا دوو ساڵە دادەنرێتەوە، پرۆژەیەکی تر کە لە 2011 لە پرۆژە بەردەوامەکانە لاپەڕەی 35 بڕگەی 5 دانانی بەستنی هێڵی 132 کەیڤی بۆ بەستنی وێستگەی کەلار، هێڵی باشووری سلێمانی بە بەرهەمهێنانەکانی چەمچماڵ 140 کیلۆمەترە، وەزارەتی کارەبا 360 ڕۆژی بۆ دانراوە لە کاتێك دا کە 43 ملیار و 400 دیناری بۆ دانراوە، بەڕێز وەزیری پلاندانان، گوژمەی پێویست لە 2011 (17) ملیار و 360 ملیۆنی بۆ دانراوە، لە کاتێك دا ساڵی پار دەست بەکار نەبووە و سفرە، ئەمساڵ جارێکی تر لە 2012 داوای بیست ملیاری تر دەکەن، داوا کراوە، بەڕێزان ئەگەر ئەمساڵ داوای بیست ملیار دەکەن ساڵی پار حەڤدە و سێ سەد و شەستی بۆ دانراوە، بۆی دانراوە، ئەی ئەو حەڤدە و سێ سەد و شەستە چووە کوێ تا ئەمساڵیش بۆی دابین دەکەی؟ لە کاتێك دا هیچیشی لێ صەرف نەکراوە بە پێی ڕاپۆرتی خۆتان، بەڕێزان باس لەوە کرا کە ژمارەیەکی زۆر هێزی چەکدار لە هەرێمی کوردستان دا بەڕاستی هەیە، بەردەوامیش لە زیادبووندایە، بەڕێزان ئێمە لەو کاتەی کە یەك ئەندامی هێزە چەکدارەکان دادەمەزرێنین وەکو ئەوە وایە دوو کارمەند تا سێ کارمەندی مەدەنیمان دامەزراندبێ، یەك کارمەندی ئاسایش یان پۆلیس دوو مووچە، دوو مووچە و نیو، تا سێ مووچەی یەك مەدەنی دەبات، بەڕاستی هێزێکی زۆرمان هەیە فائیز، من دەپرسم یەعنی لە وەزارەتی ناوخۆ ئێمە بەس تەنها ژمارەی بەرگری و فریاکەوتن لەگەڵ هێزی زێرەڤانی کە ئەم دوو هێزە تا ئێستا نە یاسایەکیان هەیە، نە نیزامێکیان هەیە، نە پێناسەی یاساییان هەیە، کارەکەیان چیە لە ڕووی ئیدارییەوە؟ وە چی دەکەن؟ ئەوانەیان نیە، 70 هەزار چەکدارن، لە کاتێك دا وەزارەتی ناوخۆ دەتوانێ زۆر بە ئاسانی داوای کردووە دەڵێ 45 وێستگە پاسەوانی نیە، ئەی ئەوانە پاسەوانن، زێرەڤانی پاسەوانن، فریاکەوتن پاسەوانە، لە 70 هەزار تۆ نەتتوانی 45 وێستگە کە لەوانەیە یەکی چوار کەسی پێویست بێ، سێ کەسی پێویست بێ بۆ دابین کردنی، ئەوە کراوەتە بیانوو بۆ ئەوەی 2700ی تریان بۆ موافەقە کراوە کە داوای شەش هەزار و پێنج سەد و قسوریان کردووە، بەڕێزان ئەوە بەڕاستی ئەو شێوەیە نابێ، تەنها گواستنەوە لە نێوان ئەم هێزانە بۆ 10 ساڵی تر ئەم وەزارەتە پێویستی بە یەك کارمەند نابێ، ئەگەر ژمارەیەکی کەمی بۆ دابنرێ، هەندێ حاڵەتی تایبەتن بەڵام ناکرێ بەڕاستی ئێمە تا ئێستا بە نازداریش تەعامولمان لەگەڵ دا کردوون بەڕاستی، ئەوە دوو ساڵە ئێمە هیچمان نەوتووە، هەر چیان وتووە بۆمان کردوون، بەڵام ئیتر کاتی خۆیەتی بودجەکەمان بەو شێوە نیە، بۆیە پێویست دەکات بەڕاستی ئەوە سنوورێکی بۆ دابنرێ، یان ئەو پارەی کە دابین کراوە کە بگەڕێتەوە بۆ کاری تر، ئەو ژمارە دامەزراندنەی لە بۆ ناوخۆ، بۆ ئەنجومەنی

ئاسایش کە 400 کەسی بۆ دابین کراوە، لەگەڵ ئاسایش بەڕاستی هەموویان 3400 کەس موافەقەتی بۆ کراوە، بەڕێزان 3400 کارمەندی ئاسایش و پۆلیس، واتا نزیکەی 10 هەزار مەدەنی پێ دادەمەزرێنی، لە کاتێك دا ئێمە وەزارەتی تەربیە، وەزارەتەکانی تر زۆر پێویستیان بەو میلاکاتانە هەیە، کە ئەوان زیادەیان هەیە، ئەوان نوقصانیان هەیە، بۆیە لە ڕووی ئەمنیشەوە هەرێمی کوردستان شوکر لە حاڵەتێکی باش دایە، زۆر پێویست ناکات، ئەو پارەیەی کە داوا کراوە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، بەڕێزان، بەڕاستی پارەیەك داوا کراوە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم کە پارەیەکی زۆر خەیاڵییە، لە کاتێك دا کە وەزارەتی دارایی لە 134 ملیار و 864 ملیۆنی موافەقەت کردووە، جارێکی تر وتیان هەڵە ڕوویداوە، کردیان بە سێ ئەوەندە، بەڕاستی ژمارەی ئەو بودجەیەی کە دانراوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش لە کاتێك دا بەڕێزان ئەنجومەنی ئاسایش ئێمە یاساکە لەم پەرلەمانە تەصدیقمان کرد، دەزگایەکی ڕاوێژکاری یا دەزگایەکی ئیجرائی یاسایی نیە، مەیدانی نیە، ڕاوێژکارییە، واتا لە شوێنێك بارەگایەکی دەبێت، لە دوو شوێن بارەگایەکی دەبێ، ئەم هەموو بودجەیەی ئەگەر موقارەنە بکەین بە ئاسایشی هەرێمی کوردستان کە نزیکەی 30 هەزارە، بودجەکە لە یەك نزیك دەبێتەوە کە فەرقێکی زۆر کەمی هەیە، لە کاتێك دا دەزگاکانی ئاسایش ئێمە دەزانین هەزاران بنکە و بارەگایان هەیە، دەیان هەزار کاری مەیدانیان هەیە، ئیجرائات دەکەن، 30 هەزار کەسیشن، لە کاتێك دا ئەنجومەنی ئاسایش شەش هەزار کەسن ئێستا، بە چوار سەدەکەوە دەبنە شەش هەزار و شەست و حەوت کەس، بودجەکەیان ئەگەر موقارەنە بکەی ژمارەیەکی زۆر کەم، لە کاتێك دا ڕاوێژکارییە، پێکهاتووە لە چی ئەم ئەنجومەنی ئاسایشە؟ پێکهاتووە لە سێ، چوار بەش، کە هەموویان خۆیان لە سێکتەرەکانی خۆیان، لە وەزارەتەکانی خۆیان دا بودجەیان هەیە، بۆ نموونە پێك دێ لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئیستیخباراتی سەربازی کە ئەوە لە وەزارەتی پێشمەرگە خۆی بۆ خۆی بودجەی هەیە، پێك دێ لە دەزگای ئاسایش کە ئەوە دەزگای ئاسایشە 29 هەزار و سێ سەد و قسوورە، کە ئەوە بودجەی خۆی هەیە، پاشان پێك دێ لە دەزگای زانیاری و پاراستن، کە ئەوانە بۆ خۆیان تەشکیلەیان هەیە، میلاکیان هەیە، ئەو شەش هەزارە میلاکی ئەوانەیە کە چوونەتە سەر ئەوێ، بۆیە ئەوە دەزگایەکی مەیدانی نیە، بۆیە ئەو پارەیە زۆرە، من داوا دەکەم دوو سەد ملیار بەڕاستی لەو پارە بگەڕێنرێتەوە، بۆ ئەو خەلەلانەی کە باسمان کرد، بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان دابنرێ، بۆ وەزارەتەکانی تر دابنرێ، بۆ پرۆژە پێشنیارکراوەکان دابنرێ، لە کاتێك دا ئەوە بودجەیەکی زۆرە بەڕاستی، بە هەدەر دەچێ، بۆیە من پێشنیار دەکەم کە ئەو پارەیە بەڕاستی پەرلەمان موافەقەتی لەسەر نەکات، کە 318 ملیار و 150 ملیۆن داوا کراوە بۆ ئەنجومەن، بەڕێزان، بۆ شەش هەزار کەس، من قسە لەسەر بەڵگەیەکی تری داهاتەکان دەکەم لە هەرێمی کوردستان، ئەگەرچی باس کرا لەلایەن بەڕێز کاك شێرزاد و خوشکی بەڕێزم نەسرین خانیش هەندێك بە شێوەیەکی سەریع باسی کرد، بەس من بە داتا کۆمەڵێك باس دەکەم لە وەزارەتی ناوخۆ کە ئەوە داهاتی ناوخۆیە بەڕاستی، باجی گومرگی بەڕێزان لەسەر سەیارە دوو جۆرە، باجی خاڵە سنووریەکان کە گومرگە، پێدانی ژمارەی تابلۆ کە رەقەم دەدا بە سەیارە، ئەم دوانە بەڕاستی ئەوە داهاتی هەیە، بەڕێزان لە 2009 (110) هەزار ئۆتۆمبێل

هاتۆتە کوردستان، یەك سەیارە لە نێوان ملیۆنێك تا دوو ملیۆن و حەوت سەد و پەنجا هەزاری لێ وەردەگیرێ بە موعەدەلی، سەیارەی بچووك تا سەیارەی گەورە، ئەوە دوو سەد و نەوەد ملیار دینار دەکات، لە کاتێك دا یەك دیناری ئەم پارەیە وەك لە ژمێرەکەی کۆتایی دا هاتووە سفرە، ئەم مەبلەغە بێجگە لە غەراماتی مروری، لە کاتێك دا غەراماتی مروری بەس من تەنها یەك قەزاتان بۆ باس دەکەم، لە مانگێك دا 33 ملیۆن دینار بووە ساڵی پار، لە کاتێك دا ئەمساڵ کامیرا پەیا بووە، موراقەبەی زیاتر پەیا بووە، غەراماتی زیاتریش دەکرێ، لە 2010 (159) هەزار و (815) ئۆتۆمبێل هاتۆتە ناوەوە، کۆی داهاتیان بە گومرگ و ژمارەی سەیارە و تابلۆ دەکاتە 420 ملیار و 446 ملیۆن، تەنها پێنج ملیار و 462 ملیۆنی خراوەتە خەزێنە، بەڕێزان، لە (2011) 149 هەزار و 669 ئۆتۆمبێل هاتۆتە کوردستان، داهاتی دەکاتە 378 ملیار دینار، بەڕێزان بۆ ئەم سێ ساڵە یەك تریلیۆن و هەشت سەد و هەشتا و نۆ هەزار و نەوەد ملیۆن دینار دەکات، لە کاتێك دا ئەوە داهاتێکی زۆرە، کە دەبوو وەزارەتی ناوخۆ بۆ ئەو داهاتەی کە داوای دەکات لە بودجە بەکاری بهێنایە، دەیتوانی زۆر لە ئیشەکانی خۆی جێبەجێ بکات، بۆیە من داوا دەکەم بەڕاستی پێداچوونەوەیەك بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین ڕێگەیەك بدۆزینەوە بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی کە هەیە لە بودجەکە، ئەویش کورتهێنانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر، با وەزیر قسە بکات.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من زۆرم پێ خۆشە ئەم وصولاتانە ئێستا هاتووە، چونکە ئەوە دەلیلی ئەوەیە، دەلالەت لەوە دەکات لە مەنفەزەکانی کوردستانەوە هەرچی شتێك کە دەردەچێ، هەمووی بە وصولات دەردەچێ، هەمووی تەسجیل دەکرێ، هەمووی مەعلومە لە ڕووی نەوعییەتەوە، لە ڕووی کەمییەتەوە، لە ڕووی پارەی وەرگیراوەوە، ئەوە شتێکی زۆر باشە، دەمەوێت ئەوەش بۆ جەنابتان باس بکەم مەوزووعی نەفتاو، یاخود نەوت، ئەوە نەوتی خام نیە، ئەوە موشتەقاتی نەوتە، ئەم موشتەقاتی نەوتەی کە دەڕوات دیارە هی ئەو شەریکاتانەیە، ئەوەی کە جەنابی باسی کردووە، لە وەصلەکان دا مەعلومە، هەموو وەصلێکیش لە سەری نووسراوە بە پێی چی موافەقەتێك دەردەچێ، دیارە هیچ تانکەرێکیش ئەگەر لەسەر وەصلەکەش نەنووسرابێ، لەسەر سجل مەوجوودە، دەرناچێت لە هیچ نوقتەیەکی حدودی ئێمەوە، ئەگەر موافەقەتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی نەبێت، هەتا بە نیسبەتی ئەوەی سۆماشەوە کە تێیدایە، هی ئەوێ یە، ئەوانەش موافەقەتی ئەوێ، یاخود خۆیان لەوێوە موافەقتیان داوە، بە نیسبەتی ئەو داهاتەی ئەوەی کە ئەوان باس، یەعنی ئەوەی کە ئەو داهاتە مەفرووزە بچێتە ئەوێوە، بەڵێ ئەوە حیسابێکی بۆ کراوەتەوە بە ناوی وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە، ئەو حیسابە هەتاکو ئێستا پێنج سەد ملیۆنی لێ دەرکراوە، دراوە بە وەزارەتی تەختیت، 250ی خۆت بەڕێزتان ئاگاداربوونە کە هاتۆتە ئێرە، 250ی تری کراوە بە

مەشاریع، وەزیری سامانە سروشتییەکان ئێستا دەڵێ پارەی تریشمان هەیە لە ناو ئەو حیسابەدا، مەعنای ئەوەیە ئەو تانکەرانە بە ڕەسمی کە لەوێوە تەسجیل کراون، هەموو مەعلوماتێکی رەسمی تیایە، چۆتە ئەو حیسابەوە، ئەگەر موقارەنە بکەن لەگەڵ حیسابەکانی تر لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دا ڕەنگە ئەو وەختە ئەو شتانە دەربکەوێ، یەعنی بەڕاستی، ئەوە بە نیسبەتی ئەوەوە، بۆ ئەوەی ئەوە بە نەوعێکی تر، ئەوە ئەوەیە من کە بۆ بەڕێزتان باسی دەکەم، کاك نەریمان بەڕاستی باسی لەوە کرد کە پارە دادەنرێت، ئێمە وەکو وەزارەتی پلاندانان و ئێمە بە کەیفی خۆمان دەیبڕین، وەڵلاهی ئێمە بە کەیفی خۆمان نایبڕین ئەو پارانە، بەڕاستی ئەو پارانە بە ئیتیفاق دەبڕدەرێ، دوای ئەوە کە تۆ 10 دینارت بۆ دادەنێ، 10 دینار تەوزیع دەکەی، کە بووە 12 عەجزە، کە عەجزیشت بۆ دەستنیشان کرا لە ئەنجومەنی وەزیران، دەڵێ تێناپەڕی لەوەندە، ئەوەندە عەجزەکەتە، دوای ئەوەی موناقەشات دەکرێ، خۆ تۆ ناتوانی زیاتر دابنێی، لەبەر ئەوە یەعنی ئێمە جارێ بە کەیفی خۆمان ئەو پارانە نابڕین یەعنی، ئەوجار باس لەوە دەکات جەنابی دەڵێت ئێمە لە 12/15، زۆر برادەرانی تریش دەڵێن لە 12/15 صەرف ڕادەگرین، یەك نووسراوی ڕەسمی هەبێ بەئیمزای خۆم و بریکارەکەم و هیچ مودیر عامێك کە ئێمە ئەوەمان ڕاگرتبێ، ئێمە ئەوە ڕاناگرین، لە 12/31دا حیسابات ڕادەگیرێت، دوای شەش مانگ کۆتایی حیساباتی خیتامی و ئەوانەی لە سەر دێت، خەزینەکانیش تەماشا بکەن ئەگەر لە 12/31 دا وصولاتی قەبز و موستەنەدات صەرف ئەگەر نەبێت ئەوە دیارە ئێمە ئەو مەوزووعە ڕاست ناکەین، بەڕاستی کە جارێکی تریش باسی کێشەی ئێمە، ئێمە کێشەکان وەکو وەزارەتی دارایی و حکومەت لەگەڵ حکومەتی عیراقی و وەزارەتی مالیەی عیراقدایە، ئیتر ئێمە ئەوانەی کە هەیە لەلای ئێمە و داوامان کردووە، لە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراق داوامان کردووە، لە وەزارەتی مالیەی عیراقی داوامان کردووە، چی بە نیسبەتی نەفەقاتی حاکیمەوە، چ بە نیسبەتی نەفەقاتی سیادییەوە، چی بە نیسبەتی پارەی بە تەحدید پارەی پێشمەرگەوە، ئێمە داوامان کردووە و گفتوگۆمان کردووە، چەند جاریکێ دیکەش باسم کردووە، ئیتر ئەگەر ئەم قسانە، ئەگەر هەر شەکی تیابێ کەوا نیە، یان ئێمە ڕاست ناکەین، خۆ هەر هیچ نەبێ هەموو لایەکتان گوێتان لە ئیعلام بووە کە هەموو ساڵێك وەفدەکانی ئێمە کە ڕۆیشتووە، بۆچی ڕۆیشتووە؟ باسی پارەی ئینتیخابات، هەڵبژاردن و باسی ئەو پارەیە کە لە بەغداوە هاتووە، ئەو پارەی بۆ هەڵبژاردن دانراوە 30 ملیار بووە، ئەو پارەی کە هاتووە بۆ ئاسایش بۆ 10 مانگ، پارەکە بە سلفەش هاتووە 29 ملیار و کەسر بووە، ئەوە ئێستا مەوجودە، لە حیساباتی وەزارەتی دارایی دا مەوجودە، ئێمە ئەوەندەی تریشمان خستۆتە سەری، ئینجا کە باسی بەشی ساڵەکەی کردووە، یەعنی بەشی ساڵێك ئەوەندەمان خستۆتە سەری، نا نا، 29 یەعنی لە 1/1وە ئێمە کردوومانە بە 60، ئەو 29ی ناردووە، 29 و کەسر، ئێمە کردوومانە بە شەست ملیار صەرفمان کردووە، ئیللا بەش ناکات، بە نیسبەتی تەربیەشەوە، بە نیسبەتی وەزارەتی پەروەردەشەوە 15 هاتووە، ئەو پارەیە هاتووە بۆ چەند مانگێکی موحەدەد هاتووە، لای ئێمە بە 50 و مەعلوومە ئێستا لە سجل دا ئێمە بیزەبت بۆ ئەوەی نەکەوێ لەسەرم کە دەڵێم 50، ڕەنگ هەیە 49 و کەسر بێت، یان 51 و

کەسر بێت، بۆیە دەڵێم، بەڵام ئەوە لەو حدودانەیە هەمووی، مەوجودە لە سجیلات دا کە ئێمە ئەوەندەمان خستۆتە سەری، دەیەها ئەوەندەمان خستۆتە سەر ئەو 30 ملیارەی کە صەرفمان کردووە، من لێرە هەر ئەوەندە ئێستا جەواب دەدەمەوە، دواییش ئەگەر شتێك هەبێت لە عامەکە....

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری پلاندانان، فەرموو.

**بەڕێز علی سندی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حەقەت پێشەکی داوا لە بەڕێزان هەردووك ئەندام پەرلەمان کە پێشتر قسەیان کرد، ئەگەر زەحمەت نەبێت لیستی مەشاریعەکان زۆر بوو ئەوانەی کە تێبینیان لەسەر هەبوو، ئەگەر دوایی بماندەنێ، ئەگەر زەحمەت نەبێت مومکین بێت، دوو خاڵ هەبوو، چونکە ئەوانە تەفاصیلە، لە تەفاصیلەکان دوایی پێکەوە هەموویان بە یەکجار جەواب بدەینەوە، بەڵام دوو خاڵ هەبوو، بە حەقەت خۆی مەعلومە چەند جاریش تیکرار بووەوە کە ئەو مەوقیفەی کە هەیە هاتۆتە پەرلەمان بە نیسبەتی پرۆژەکان مەوقیفی 12/31یە، لەبەر ئەوە بەعزێك تێبینی کە درا، تێبینییەکان بیزەبت هی شەش مانگە، یەعنی لە مانگی حەوتەوە ئەگەر بودجە موصادەقە کرابێت مومکینە لە مانگی هەشتیشەوە دەست پێکرابێت بۆ نموونە، یان لە مانگی 9وە، بۆ 12/31 هی سێ مانگ بێت، دووەم/ بە نیسبەت ئەو جۆرە پرۆژانەی کە لە هەر پارێزگایەك ئەگەر مولاحەزە بکرێت کە لەسەر وەزارەتی ناوخۆ بێت، وابزانم پاریش باسمان کرد، شتێك هەیە بە ناوی (الإدارة المحلية) کارگێری ناوخۆ، کە شتێکی تەبیعی یە، لەبەر هەر هۆیەك بێت، ئینجا هۆیەکە فەنی بێت، هۆیەکە ئیداری بێت، لەبەر هەر هۆیەك بێت، بەتایبەتیش لەو وەزارەتانەی کە کادیری هەندەسیان نیە، یەعنی ئەگەر کادیری، ئەگەر باسی وەزارەتی دادە وەزارەتێکی زۆر تەخەصوصییە، زۆر تەبیعی یە ئەگەر بە رەسمیات کە جیهەتێکی تر لە ناو حکومەت دا، چ ئیدارەی محەلی بێت، چ وەزارەتێکی هەندەسی بێت، ئیشراف بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لێژنەی دارایی.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تۆ روخسەتی بدەی، حەقیقەت من دڤێت ئەز چەند خاڵەکا، تێبینییەکا بەرچاڤ ڕوونییەکی بدەمە چەند برادەرێت ئەندام پەرلەمان لەسەر کارو ئەرکێت لیژنا دارایی و ئابووری کە ب حەقیقەت ئەرکەکێ یەعنی بەرچاڤ و گرانە، من دڤێت ئەڤ لێرە بکەمە دەرفەتەك بۆ ڕوونکرنا ڤێ چەندێ، لیژنا دارایی و ئابووری یەکیش وان لوجانەیە کو دائیم دەرکە ڤێ کریا، هەر جارەکا هەر ئەندام پەرلەمانەکی بیت، هەر وەختەکیدا ئەزبێژم ئەڤە بەرچاڤ ڕوون بوویا هەندەك برادەری کو لیجنا دارایی و ئابووری ئەندامێت

مەوجود بووینە، تایبەت، کارێ سەرەکی خۆ ئەنجام بدەن برادەرێ من د.ئاراس کو هەمی جارا مەوجود بویە، ئەرکەکێ پێ قورس سەر ملێت پیاو زەحمەت دەکا زێدەت کێیت، بەردەوام ئەم هەمی پێك هاتیت لیجنە هاوکار و هاریکار بوینە لەگەڵ ئەندامی پەرلەمانی ژ داخازا هاریکارییەکی کردبیت، داخازا رێنماییەکی کردبیت، داخازا پێزانینەکی کردبیت، بەردەوام مەڤ هاریکاریا کری، یا دوی ئەرکەکی زۆر سەر ملیت لیجنا دارایی و ئابووری، بدلیل حەتا بێ لیجنا دارایی و ئابووری 254 کۆنووس پێت نڤیسین، پێت ئامادەکرین، سەرۆکایەتیا پەرلەمانی، ئەڤ کۆنووسە چل داخازی خەلکێك بیت، د بێت وەڵام بدەین، پرسیار بێت د بێت وەڵام بدەین، پرۆژە یاسا بیت د بێت وەڵام بدەین، زێدەبارێ پێ هەمیێ لیجنا دارایی و ئابووری مەجبوورە ئەرکا ڕاپۆرتا دروست بکات لەسەر بودجەی ساڵانە، سەر ڕاپۆرتا شەش مانگی وەزارەتا دارایی و ئابووری تێت، لسەر ڕاپۆرتەکی ئامادە کە لسەر حیساباتێت خیتامی، هەڵسەنگاندن بۆ پرۆژە دوو هەزارێ تا پلاندانانێ، هەڵسەنگاندن بۆ پرۆژێت گەشەپێدان یا پارێزگا، ئەڤ کارە هەمی لیجنا دارایی و ئابووری ئەنجام دات، کارەکی نە ئاسانە، کارەکی علمی، فەنی و زەحمەتە، ئەڤە ئەرکە، ناتانن یەعنی ئەڤە ئەرکێ مەیە، بەس حەقە یەعنی هەکو نابێژن بێنە هەڵسەنگاندن و تەقیم کرن، برایێ بەڕێز کاك نەریمان پرسیاری کرد، وتی ئەرێ سەرا وان جیهات بەن کو پەیوەند ب داراییێ و دام و دەزگایێت حکومەتێ، بەلێ، ئەز وەکی ئەندام پەرلەمانەکی پارێزگەها دهۆك، بەردەوام سەرەدانا دائیرێت باج، گومرگ، خەزینە، بەنکا صناعی، هەر لایەنەکا تری پەیوەندیدار بێت ب داراییڤا ئەم سەرەدانا وە دکەین، بەڕێوەبەرایەتیا گشتیا داهات ل وەزارەتا دارایی، پەیوەندییەکا ڕۆژانە دگەل بەڕێز وەزیری دارایی، دگەل جێگری وی، دگەل وەزارەتا پلاندانانێ د. علی شاهدە، یەعنی وەبەرهێنان، بەردەوام یەعنی ئەڤ کارە نایێتە کرن ئەوی من ئاماژە پێدای 250 هەزار کۆنووس تۆ نەشی ئەنجام بدەی، ئەگەر پەیوەندی بە هەمووانا نەکەی، پێزانینا ژ وەرنەگری، تۆ نەزانی چاوا کارێ خۆ ڕێك پێخی، بەڕێزان لیجنا دارایی و ئابووری شوان لیجانایە یەك تو کارێ خۆ هەماهەنگی برادەرینی ئەنجام دات، هەمی ئەندامێت لیژنە، بە هەمی پێکهاتەوە، بە هەمی فراکسیۆنا هاوکاری هاریکاریا دکات، زۆرا بەرچاڤیا دا هەی، روحەکا برایینی و هەڤاڵینی ئەڤ کارە ئەنجام دەن، ئەز باوەڕ ناکەم کێشەیەك ئەوسا تناڤ لیجنا دارایی و ئابووری هاتبێتە ڕوودان، ئەم ڕەخنە مە قابیلە، ڕەخنە قەبولە، ئاماژە پێشکەفتنێ یە، ڕەخنە نەبیت پێشکەفتن نابیت، بەلاّم ئەز هێڤیدارین پیچەکی ویژدان، یەعنی وەختی ڕەخنە لە ئێمە دگرن با پیچەکا ویژدانا تیدا هەبیت، ئەرك و کارێ ژ مەشی بێننە بەرچاڤگرتن، ئەڤە جارەکی دی دووبارە دەکەمەوە، ئەوە ئەرکێ مەیە هیچ منەتێك تێدانینە، بەس با دژی یەك و بە نەزانین و بەحس لێ دێتە کرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عونی، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێگومان بودجە و پەسند کردن و ئیقرار کردنی بودجە یەکێکە لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی پەرلەمانی کوردستان، لیژنەکانی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان نزیکەی 40 ڕۆژە سەرقاڵی گفتوگۆ کردنی بودجەنە، لە ڕۆژانی ڕابردوو لە نێو لیژنەکانی پەرلەمان دا، شەش ڕۆژە لە ناو ئەم هۆڵەی پەرلەمان دا، چونکە بابەتێکی هەستیارە، پەیوەستە بە قوتی هەموو خەڵکی کوردستان، هەموو ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان مەبەستیان ئەوەیە ئەگەر هەر کەم و کورتییەك یان کەلێنێك هەبێ لە پرۆژەی بودجەی ساڵی 2012، بتوانن بودجەکە دەستنیشانی بکەن، پڕی بکەنەوە، بۆ دەرچوواندن و ئیقرار کردنی بودجەیەکی کەوا بە شێوەیەك، ڕێك و پێك و عادیلانە لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان دا بێت، گفتوگۆکردنی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمان بەڕاستی دەبێ بە ئینسافەوە تەقییم بکرێ، کەوا ئەو برادەرانە توانیویانە لە زۆربەی زۆری تێبینی و سەرجی لیژنەکانی پەرلەمان پێشکەشیان کردبوو بۆ لیژنەی دارایی و ئابووری پەرلەمان بە مەبەستی وەرگرتنی سەرنج و تێبینییەکان، توانیویانە زۆربەی زۆری ئەو سەرنج و تێبینیانە جێگیر بکەن لە ڕاپۆرتەکەیان دا، لێرەدا جێگای خۆیەتی دەستخۆشیان لێ بکەم، لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەیان و پشتگیریان دەکەم، چونکە دەستخۆشی کردن لە ڕاپۆرتیان دەستخۆشی کردنە لە ڕاپۆرتی هەموو لیژنەکانی پەرلەمان، تەعبیر لە ڕای زۆربەی زۆری لیژنەکان و ئەندامەکانی پەرلەمانە، مەبەستی هەر بۆچوونێك، سەرنجێك بەرژەوەندی میللەتەکەمانە و خەڵکی کوردستانە، سەبارەت بە بودجە و چۆنیەتی دابەش کردن و خەرج کردنی، لە هەمان کات دا جێگای خۆیەتی دەستخۆشی لە وەزارەتی دارایی و ئابووی و وەزارەتی پلاندانانی هەرێمی کوردستان بکەین، هەموو ئەو بەڕێزانە کە دەستیان هەبووە لە ئامادە کردنی بودجەی ساڵانەی هەرێم، ئاشکرایە کە بودجەی ئەمساڵ بە وردەکارییەکی زیاتر پێشکەشی پەلەمان کراوە، کە تەعبیر لە سیاسەت و ئەولەویاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بودجەی ساڵی 2012 دەکات، ئەگەر کەم و کورتیشی تێدا بێت، یان نوقصانی تێدا بێت ئیشی ئێمەیە لە پەرلەمان کەوا چاکی بکەینەوە، پێویستە بە هەموو لایەکمان هەوڵ بدەین کەوا بودجەیەکی وا پەسند بکەین لە خزمەتی گەلی کوردستان بێ، لە دانانی بودجەدا هەوڵی زۆر دراوە کە خزمەتی خەڵکی کەم دەرامەتی کوردستان بکات، جگە لە خزمەتگوزارییەکان کە لە پرۆژەکان دا هەیە، ئەویش لە ڕێگای بەردەوام بوون لەسەر پێدانی سلفەی عەقار، سلفەی هاوسەرگیری، پێدانی پارەی تۆڕی کۆمەڵایەتی، بەردەوام بوون لەسەر بەرنامەی تواناسازی و هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانە، پێدانی قەرزی بچووك بۆ پرۆژە تایبەتەکان، تەرخان کردنی پارەی پێویست بۆ دۆزینەوەی هەلی کار لە کەرتی تایبەت بۆ کەم کردنەوەی بێکاری گەنجان، چارەسەرکردنی مووچەی خانەنشینانی مەدەنی و عەسکەری، بەردەوام بوون لەسەر دابین کردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت و داهات سنووردار، بە پێی یاسای دابین کردنی یەکەی نیشتەجێبوون، ژمارەی 7ی ساڵی 2008ی هەموارکراو بە یاسای ژمارە 16ی ساڵی 2011، کە حکومەت گوژمەیەکی ساڵانە لە ناو بودجەی گشتی هەرێم دا دابین دەکات، بۆ دروست کردنی یەکەی نیشتەجێبوون، جگە لە بوارەکانی تر لەوانەش تەرخان کردنی 17 هەزار پلەی وەزیفی بۆ بواری

تەندروستی، پەروەردە، خوێندنی باڵا، کارەبا، کەرتی کشتوکاڵی، پیشەسازی، گەشت و گوزار، بایەخدان بە ناوچە دابڕاوەکان، بەرقەرار کردنی زیاتری ئەمن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان، باسی زۆر کرا کەوا بودجە بۆ ماوەی پێشتریش دوا کەوتووە، لە کاتی دیاری کراودا لە ماددەی 79ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، بەڵام دەبێ ئەوەی بزانین کەوا هۆکاری دواکەوتنی ئەو بودجەیە هۆکاری خۆی هەیە، دیارە بە پێی ماددەی 110 بڕگەی سێیەم لە دەستووری هەمیشەیی عیراق، کوردستان هەرێمێکە و بەشێکە لە عیراقی فیدراڵی، نەخشەکێشەکانی سیاسەتی دارایی و دانانی بودجەی گشتی دەوڵەتی عیراق لە دەسەڵاتی حەصری حکومەتی عیراقی فیدراڵ دایە، وا دیارە لەو هۆکارانەش دواکەوتنی بودجەی عیراق کە لە ڕۆژی 2012/3/7 بودجەکە پەسند کرا بە قانونی ژمارە 22ی ساڵی 2012ی عیراقی، ئەوەش بووە هۆیەك لە هۆیەکانی کەوا بودجەی هەرێمیش لە کاتی خۆی نەگاتە پەرلەمان، چونکە چەند ماددە و بڕگەیەك هەیە لە ناو یاسای بودجەی عیراقی فیدراڵ دا وا دەکات حکومەتی کوردستان نەتوانێ بودجەکە لە کاتی خۆی دا ڕەوانەی پەرلەمان بکات، جگە لە ماددەکان و ژمارەکان و ئیستیحقاقی هەرێم لە ناو بودجەدا، بۆ نموونە ماددەکانی 9، 13، 14، 15، 27، ماددەکانی تریش لە بودجەی عیراقی دا، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، تێبینی ئەوە دەکرێت کە ساڵانە لە بودجەی وەگەرخستن، وەبەرهێنان جیاوازییەکی زۆر هەیە، بودجەی وەگەرخستن بەشێکی زۆری سەراپای بودجەکە دەبات، ئەوەش ساڵانە بەرز دەبێتەوە، بڕی بودجەی وەگەرخستن بە بەراورد لەگەڵ بودجەی ساڵی 2010، 2011 بەڕێژەی 14٪ زیادی کردووە، بەڵام بودجەی وەبەرهێنان بە ڕێژەی 4.4٪ کەمی کردووە، واتا نەتوانراوە ئەو هاوسەنگی یە لە بەرژەوەندی بودجەی وەبەرهێنان بێت بە بەراورد لەگەڵ ساڵی پار، ئەو ڕێژەیەی هەتا ئێستا لە چوارچێوەی 70٪ بۆ وەگەرخستن، 30٪ بۆ وەبەرهێنان ماوەتەوە، ئەوە بەڕاستی پێویستی بە چارەسەرکردنی زانستی و دارایی هەیە بۆ ئەوەی لە ساڵانی داهاتوودا زیاتر کێشە و گرفت دروست نەکات بۆ بودجەی هەرێم، لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا بە چ ڕێکارێکی زانستی و دارایی بۆ چارەسەرکردنی هەیە، چونکە دەبێ هاوسەنگی لە نێوان بودجەی تەشغیلی و بودجەی ئیستیسماری دا هەبێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، لەبەر پابەند نەبوونی حکومەتی فیدراڵی عیراق لە پێدانی موستەحەقاتی حکومەتی هەریم، کە زیاتر لە شەش تریلیۆن دینارە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، هەروەها بەشداری پێنەکردنی هەرێم لە دانانی سیاسەتی ئابووری وڵات و ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەی عیراق، حکومەتی هەرێم پێویستە ڕێ و شوێنی زیاتر ئیداری و سیاسی و یاسایی بگرێتە بەر بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو پرسە، بۆ وەرگرتنی مافی هەرێمی کوردستان لەو بارەیەوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە/ ئایا چ نوێ لە بەرنامەی حکومەت دایە بۆ بە دەستهێنانی مافی زەوت کراوی هەرێم، هەروەها ئەگەر تەماشای ماددەی 14ی بڕگەی یەکەم بکەین لە قانونی بودجەی عیراقی فیدراڵ ماوەیەك دیاری کراوە کەوا نابێ لە 2012/10/15 تێپەڕ بکات، دەقی ماددەکە بەو شێوەیە:

المادة (14)

1-أ/ يقوم ديوان الرقابة المالية الإتحادي بالتنسيق و التعاون مع ديوان الرقابة المالية لإقليم كوردستان بإحتساب و تحديد الإيرادات الإتحادية المستحصلة في الإقليم لهذه السنة و تقوم وزارة المالية في الإقليم بتحويلها إلى وزارة المالية الإتحادية شهرياً.

ب/ يتم تسوية المستحقات بين إقليم كوردستان و الحكومة الإتحادية للسنوات من 2004 لغاية 2011 و السنوات اللاحقة لها بعد تدقيقها من قبل ديوان الرقابة المالية الإتحادي بالتنسيق و التعاون مع ديوان الرقابة المالية لإقليم كوردستان في موعد أقصاه 2012/10/15.

لێرەدا دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکەین کە یاسای دیوانی چاودێری دارایی ژمارەی 2 ساڵی 2008 لە هەرێمدا بە تەواوی جێبەجێ بکرێ، دامەزراندنی سەرۆکی ئەم دەزگایە و تەفعیل کردنی دیوانی چاودێری دارایی، بۆ پێشکەش کردنی ڕاپۆرتەکانی خۆی بۆ پەرلەمانی کوردستان بە تایبەتی ئەم دەزگایە پەیوەستە بە پەرلەمانەوە، هەروەها بۆ بەدواداچوونی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی بودجەی ئیتیحادی بە گوێرەی ماددەی ئاماژە پێکراو لە قانونی بودجەی عیراقی دا، کەوا نابێ لە 2012/10/15 دا تێپەڕبێت، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، سەبارەت بەو بەشانەی کە پەیوەستە بە لیژنەکەمان لێژنەی یاسایی پەرلەمان، سەبارەت بە ئەنجومەنی دادوەری و وەزارەتی داد، مەعلومە پەرلەمانی کوردستان یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە 23ی ساڵی 2007 لە هەرێم دەرچوواند، دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی جیا کردەوە بە پێی یاساکە، ئامانجی ئەم دەسەڵاتە پاراستنی شکۆمەندی دادوەری بەدیهێنانی دادپەروەری یە لە هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای دەستوری هەمیشەیی عیراق، لەسەر بنەمای جیا کردنەوەی دەسەڵاتەکان، واتا (مبدأ الفصل بين السلطات)، جەخت دەکرێت کەوا دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە، بۆ ئەوەی سیستەمی قەزائی وەکو پێویست زیاتر حزووری هەبێت، هەیبەتی پارێزراو بێت، چونکە ئەم دامەزراوە پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە ژیانی ڕۆژانەی هاووڵاتیان و کایەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە، بۆ ئەوەی بچەسپێت کەوا دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە، بودجەی بۆ تەرخان کراوە لە خەرجییەکان دا وەك دەسەڵاتێکی جیاواز و سەربەخۆ، تەئکید لەسەر ئەو پێشنیارە دەکەم کەوا جەخت لەسەر ئەوە بکرێت کە ئەو پارەیە تەرخان کراوە بۆ ئەنجومەنی دادوەری وەکو خۆی پەسند بکرێت، سەرۆکی ئەنجومەی دادوەری دەسەڵاتی خەرج کردنی ڕاستەوخۆی هەبێت لەو ئیعتیمادانەی کە تەرخان کراوە بۆ ئەنجومەنی دادوەری، چونکە دابینی تەرخان کردنەوەی پێویست بۆ دامەزراندنی دادوەری تازە، پەرەپێدانی توانای لێهاتووی دادوەرەکان و ئەندامانی داواکاری گشتی بە کردنەوەی دەورات، بەشداری کردنیان لە کۆنگرەی نێودەوڵەتی تایبەت بە دادوەری، وەزارەتی دادیش بە هەمان شێوە، وەکو وەزارەت پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەیە بە ژیانی خەڵك، بەشێکە لەو دامەزراوەی کە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بەدیهێنانی دادپەروەری لە هەرێم دا، ئەو دەزگایانەی کە پەیوەستە بەو وەزارەتەوە وەکو داواکاری گشتی، لە کاتێك دا سەرۆکی داواکاری گشتی ئەندامە لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی دادوەری دا، ئاکرایە کەوا داواگاری گشتی لە ڕووی پەیوەندییەوە سامانی گشتی و داکۆکی کردنی لە مافی گشتی، چاودێری کردنی یاسا و چۆنیەتی جێبەجێ کردن، لێکۆڵینەوە لە

گەندەڵی، نوێنەرایەتی ماڤ گشتی دەورێكی زۆر گرنگی هەیە، لە بودجەدا تێبینی ئەوە دەكرێت كە بەشێكی بینا و باڵاخانەكانی دام و دزەگاكانی وەزارەتی داد بەكرێ گیراون، كە ئەوەش قورساییەكی زۆر دەخاتە سەر بودجەی هەرێم، لە كاتێك دا وەزارەت واریداتێكی زۆری هەیە، بۆیە دەبوایە ئەو بینایانە مولكی حكومەت بن، نەك بە كرێ گیرابن، ئاشكرایە بنەمای هەموو سیستەمێكی حكومڕانی دروست و عادیلانە بریتی یە لە بەرقەرار كردنی سیستەمێكی قەزائی سەربەخۆ و توكمە و بەهێز، بە مەبەستی چەسپاندنی سەروەری یاسا ، چەسپاندنی دادپەروەری لە كۆمەڵگەدا، جێبەجێ كردنی یاساكان، بۆیە دەبێ دوەرێكی گرنگی پێ بدرێت لە هەموو بوارەكان دا، لەوانەش لە ماف و ئیمتیازاتی ماددی و مەعنەوی، چونكە ئەگەر بمانەوێ یاسا بەرقەرار بێت، سەروەر بێت، دەبێ دەسەڵاتی دادوری، دام و دەزگاكانی وەزارەتی داد، ئەو لایەنانەی كە بواری جێبەجێ كردنیان، یان تەتبیق كردنی یاسا، ئەوكەسانە كە یاسایین و یاساناسن دەبێ بایەخێكی تایبەتیان پێ بدرێت، بۆیە دووبارە جەخت لەسەر ئەوە دەكەم كەوا دەرماڵەی یاساییەكە لە هەم و دام و دەزگاكانی بچەسپێت لە بودجەدا، لە هەمان كات دا دەرماڵەی هەموو پیشە و میهەنی تر بۆ فەرمانبەرانی كوردستان بچەسپێت لە یاسای بودجەدا، لە كۆتایی قسەكانم دا پشتگیری لەو پێشنیارەی خوارەوە دەكەم:

1-دانی سلفەی عەقار بۆ ئەو خاوەن زەوییان كە 100 مەترن و هاوبەشن لەگەڵ كەسانی تر، نەوەك وەكو ئێستا كە سلفەی دابەش دەكرێت لەسەر دوو كەس كە هاوبەشن لە زەوییەكی دوو سەد مەتری، واتا تەنها نیوەی سلفەكە دەدرێت.

2-زیاد كردنی سلفەی عەقاری بۆ گوندەكان بۆ 25 ملیۆن دینار بۆ ئاوەدان كردنی زیاتری گوندەكان.

3-جێبەجێ كردنی یاسای وەزارەتی پلاندانان سەبارەت بە بڕگەی چوارەم ماددەی دووەم، یاسای وەزارەتی پلاندانان ژمارە 7ی ساڵی 2006 بە دیاری كردنی ئەولەویەتی پرۆژەكان لەلایەن وەزارەتی پەیوەندیدار بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

شیلان خان، فەرموو.

**بەڕێز شیلان عبدالجبار:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ژ بەری هەر تشتەكێ ئەز دستخۆشی لێژنا دارایی و ئابووری دكەم، كو لەسەر بودجە هەرێمی كوردستان بۆ ساڵا 2012 ڕاپۆرتەكا تێرو تەسەل، ڕێك و پێك ئامادە كریە، تێدا ئاماژە كریە تێبینی و پێشنیارێ هەردوو لێژنێن، پەیوەندی و ڕۆشنبیر و ڕاگەهاندن و هەروەسا لیژنا باژێڕڤانی و گەهاندن و گواستن و گەشت و گوزار، سەبارەت پرۆژەی بودجێ پشتگیری ڕاپۆرتێ دكەم منیش هەندەك پرسیار و تێبینی هەنە:

1-پرسیارا من ئەوە ڕێژا 10٪ ل مووچێن پلە تایبەت ساڵا 2011 هاتبوون برینا بۆ سندووقی شەهیدان چ هاتیە خەرج كرن؟ بەڕێزێ وەزیری دارایی ل ئاخافتنا خۆدا لە دەستپێكێ دانووستاندنا سەر پرۆژە بودجە

ئاماژە ڤە كرنا رەقەم حیسابەكا تایبەت لە بانقا فیدراڵ، لێ پرسیار ئەو بوو/ ئەو برە پارە (بالتحدید) لە چ هاتیە صەرف كرن؟ ئایا وەزارەتا كاروبارێن شەهیدان راپۆرتا خەرج كرنا وەزارەتێ نانێرێتن بۆ وەزارەتا داراییێ؟ پرسیارا دووێ/ ئەویش سەبارەت هەندەك پرۆژێت گرێدانی ناو پاژێری زاخۆ ل بودجا ساڵا 2010دا دلێ مە گەلەكو خۆشبی كو پێنجا و شەش پرۆژە تەرخان كرینە بۆ باژێرێ، لێ وەكو هاڤكاری من بەرێز ئەمیر گوگا بەحس كریە، گەلەكی ژ ڤان پرۆژا یان دەست پێ نەهاتیە كرنێ یانیژی لە پرۆژەیا بەردەوامن، ئو ساڵ دیز ساڵێ ئەم پرۆژە دێنە پەرشی خستن، هەرچەندە گەلەكی ژ ڤان پرۆژە چێكرنا ئەڤ رێژین ئێك شوا پرۆژە هەرە گرنگن زاخۆ هاتیە پاشێ خستن ئەوژی پرۆژا پردا دەلالا، بەرێز سەرۆكی پەرلەمانێ بابەتی ساڵی 2010هێ و 2011 من ئاماژە پێ كریە، بەردەوامیژی ئەز ئاماژە پێ كەم، هەندێ ئەز ئەندام پەرلەمانم، هندی ئەو پرۆژە دوماهیكێ نەهێتە كرن، چێكرنا پرا دەلال سیمبولا باژارێ زاخۆیە، وەكی چەوا قەلات و منارە سیمبولێ باژارێ هەولێرێیە، چێكرنا پرا دەلال دیرۆكا پرا دەلال گەلەك درێژە، لێ ئەز ب كورتی ئاماژەی پێ دەدەم، پرا دەلال ل پرۆژە بودجەی ساڵی 2010ێ دا هاتبی، هەتا 2011 ێ ئەو كەتبی موناقەشێ دا، هات و چون ل سەر موناقەشێ كو بدنە كی شەریكەكێ، ئایا شەریكا توركی یان ژی شەریكا ئیرانی، هەتا هەیڤا سێ 2011 ێ بریار هاتە دان كو تەندرێ ئیرانی ئەو ژی شەریكا (منار سپێك ستار) شەریكا هاتنە بۆ زاخۆ، سەر پرا دەلال، نە پلان هەی نە شارەزایی نە جیۆلۆجی، ب تنێ هەتا 2012 ب تنێ ئەو پرا دەلال هاتە تەقیم كرنێ ئەو ژی دەستێ موهەندسەكی مەدەنی خەلكێ زاخۆ، هەتا دوماهیكا ئەو ژی پێشنیار هاتە كرنێ سەحب العمل ل شەریكێ بكەن، لێ كەفیلێ شەریكێ هات عەلەساس سەر پەرشتیا وێ پرۆژەی بكەتن و ئەو ژی چ چێ نەكر، هەتا گەیشتە وەزارەتێ نوكە نزانن چارەسەریا پرۆژەی چەوا بت، پرسیار ل ڤێریە، ئەرێ بۆ موحاسەبا موقاولی ناهێتە كرنێ، بۆچی ژ بوارەكێ هندە گرنگ، بەرپێ دچیتن ل مەزاجێ هندەك كەسان، ترسا من ئەوەیە ئەو پرا دەلال ب هەرفتن هەتا حكومەت فریا وێ بكەویت، هندەل پرۆژێ دی ژی یا ژمن ب شاشی هاتنە كرن، بۆ نموونە، دروست كرنا بینایەی بانك ل زاخۆ، هەم ل پرۆژێ بەردەوام ژی هاتیە هەم ل پرۆژێ پێشنیاریشی هاتیە، دوو، پرۆژەكی دیە راوێژكاری و سەر پەرشتیا پرۆژێ دروست كرنا تونێلێ بۆ زاخۆ، دگەل دیزاین بورین كرنا زاخۆ و دهۆكێ، ل پرۆژێ پێشنیار كری هاتیە كو ئەو پرۆژە نەهاتیە ئیحالە كرن، پرۆژا پێشنیار كری هاتیە وەكی قۆناغا دووێ، پرسیار، ئەرێ كەنگی قۆناغا ئێكێ خەلاس بیە هەتا پێشنیارا قۆناغا دووێ بێتە كرن، سێ، دروست كرنا مزگەوتەكێ ل ناحیا كانی ماسێ، ئەو پرۆژا ل زاخۆ هاتیە ل ناحیا كانی ماسێ سەر ب قەزا ئامێدیڤە، ژ بلی چەند تێبینیا من پشتگیری ژی هەی، ئێك پەلە كرن ل جێبەجێ كرنا سندوقا نیشتەجێ بوون، ساڵانە برێ پارە تەرخان كری بۆ دابین كرن، دوو، پەلە كرن ل پێكهینانا ئەنجومەنێ راژەی گشتی، سێ، بەردەوام بوون ل هەڵمەتا دروست كرنا قوتابخانە هاڤچەرخ و سەردەمیانە، هەروەسا بەردەوام ل سەر دانا سولفا خانووبەرا و دانێن زەوی 100 مەتری یان 125 مەتری سودمەند بن ل وێ سولفێدا، ئەو ژی بۆ كەم كرنا ئاریشا نیشتەجێ بوونێ، ب رێنماییا وەزارەتا ئەوەدانیێ دێتە چارەسەر كرن،

هەروەسا پشتگیری ل سەر سولفا دانا هاڤژینیێ تەرخان کرنا 120 ملیار بۆ هەڵمەتا تواناسازی، دامەزراندن پێویستە ب رێکا دیراسەت کرن بیتن، گرنگی بدەن بە یەکسانی ڕەگەزا نێر و مێ، هەتا دانانا پلەی وەزیفیشی بیتن موستەهەقا ئەو کەسانە بیتن، هەروەسا دبەرچاو بگرن یەکسانیا ناڤ پارێزگەها هەرێمێ کوردستانێ، ئەو ژی ب پێی ژمارا دانیشتگەهێ پارێزگەی، د.جیهان و بەیان خانێ نموونە دهۆکێ ئینا، کو دانیشتنێن دهۆکێ 24٪نە ل ڕێژا مووچە خارێ ل 11٪یە، ئەم ژی بینین لێ وەکی بەشێ دهۆکێ مافێ خۆ نەهاتیە وەرگرتن، پشتگیریێ دەرمالێ هاڤژینی ل سەر بچوکا پێشمەرگەی و شەهید بێنە سەر مووچەی وان ئەو ژی ب پێی ڕێنمایی زیاد کرنا ڕێژا دروست کرنا خانێ بۆ وارسێ شەهیدێ سەنگەر، دابین کرنا زەوی بۆ وارسێ شەهیدێ سەنگەر، بۆ ئەوێن تانوکە زەوی وەرنەگرتینە، ئەو ژی وەکی هاتیە ل ڕاپۆرتا لیژنا کاروبارێ شەهیدا، ئاریشێ هەرە مەزن ل کوردستانێ، ئاریشا تەسویا تاپۆیە، پشتیگری پێشنیارا بۆ دابین کرنا بوجەهەکێ بۆ وێ مەبەستێ، پشتگیریێ ل بایەخدان ل کەرتێ تایبەتی کارو بەردەوام بوون ل سەر قەرزێن گەشت و گوزاری پیشەسازی و کشتوکاڵ، گەلەك سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ل بەرایێ ب خێرهاتنا هەردوو وەزیرێ بەڕێز و شاندا یاوەراوان دکەم، دەست خۆشی ل لیژنەی دارایی و ئابووری دکەم، ڕاپۆرتەکا تێرو تەسەل ئامادە کریە بۆ دانوستاندنێ، دیسان پشتەڤانی ل پێشنیار فراکسیۆنا کوردستانی دکەم، ئەو پێشنیارێت کو سۆزان خانێ پێشکەش کری پشتەڤانی لێ دکەم، ل پەڕێ 16 ڕاپۆرتا لیژنا دارایی هاتیە خالا 20 بێژیتن، پڕۆژێ بەردەوام بێنە تەمام کرن، ئەوێ پێشنیار کری بۆ سالا 2013 بێنە پاش ئێخستن، هەقیقەت پێشنیارەکا گەلەك مەعقولەو جهێ خۆدایە، مەگەر ئەو پڕۆژە نەبن ئەوێ کو گەلەك زروری ئەڤ سالا بێنە جێبەجێ کرن، چونکی وەکی بەرێ خۆ دەدەینێ سێ هەزارو سەدو شەست و حەوت پڕۆژە یێ بەردەوام، ئایا تو بێژی پڕۆژە خزمەتا خەلکێ کوردستانێ دا نەبن، کە حکومەتا هەرێمێ کوردستانێ پێشکەش کرینە، هەروەسا پشتەڤانی ل ئەڤان پێشنیارێ دکەم کو د ڕاپۆرتا لیژنا دارایی هاتینە، ئێك، تەرخان کرنا 100 ملیار دینار بۆ ئەوان قەزاو دەڤەرێت هاتینە کاڤل و وێران کرن و تەرحیل کرن، هەرچەندە ئەوە ل سەر حکومەت عیراقا فیدرال بوو بۆ تەعویزا وانە بداتن، ئێ دگەل ئاوارێت ئیرانێ و تورکیاو سوریا هەتا ئەو خەڵکێ کوردستانێ ل جهێ خۆ هاتیە دەرئێخستن، هاتیە تەرحیل کرن بۆ ناڤەڕاستی و ژێریا عیراقێ، ئەڤە دبیا حکومەتا عیراقێ تەعویزا وان دابایە، چونکی ل سەر دەستێ ڕژێما عیراقێ ئەڤان مال وێرانیاو سەرەڕای هندێ حکومەتا هەرێما کوردستانێ ئەڤێ ل ئەستۆیێ خۆڤە دگریتن، دابین کرنا 120 ملیار دینار بۆ هەلەتا دروست کرنا قوتابخانا، ئەز بێژم ئەڤە پێنگاڤەکا گەلەك پیرۆزە و جهێ خۆدایە، دەست خۆشی ل حکومەتا هەرێمێ کوردستانێ دکەین، کە ڤێ چەندێ ڕەنگە گوندەکێ ل کوردستانێ نەمینێتن، کو

قوتابخانه تێدا نههێنه جێبهجێ کرن، که بهری نوکه ڕژێمێت ئێکهتیا عیراقێ قوتابخانه کاڤل و وێران کرن بۆ هندێ خهلکێ مه یێ نهخویندهوار بیتن، که ئهڤ پێنگاڤا هاتیه کرن تشتهکێ گهلهك باشه، وان بینین حکومهت ههر سالێ یان گرنگی ب سێکتهرێکێ داتن، پار سال بۆ کههرهبایێ، ئهڤ سالێ بۆ قوتابخانهیه، سالێکا دیکه بۆ جادهو ئێکهدیکه بۆتهندروستیێ، ههقیقهت ئهڤه جهێ دهست خۆشیه، دابین کرنا 100 ملیار دینارا بۆ وارێت ئێرانێ و تورکیا، ئهز بێژم ئهڤ پارهیێ هاتیه تهرخان کرن ههر کهسهکێ پێشنیار کردبیتن پێشنیارهکا ل جهێ خۆیه دهست خۆشی لێ دکهین، چونکی ههتا ئاوارێت مه که دهربهدهری وڵاتێ دهوروبهریش بوین، دروسته لێ ئهڤێ ههیڤێ سالا ههشتێ و پێنجێ باله فرێت ڕژێما عیراقێ 133 هاووڵاتییێت بێ گوناه دئوردوگا زێوه شههید کرن، پتر ل سی دا بریندار کرن، که ئهوی وهختێ قوتابی چون شههادێت خۆ وهرگرن، سهرهندێ ڕا ئهوه ههقیقهت ڕێزگرتنهکا بۆ بهرخودانا وان، ڕێزگرتنهکهو بهرسڤ کرنه بۆ ئێش و ئازارێ وان ئاوارهو دهربهدهرا، بهردهوامی سولفهی عهقاریو زهواجێ بێته دان، ههروهکی ئامارێ ل بهر دهستێ مهنه، نزیکهی 60 ههزار چهکێ سلفهی عهقاری خهڵکێت وهرگرتین، پتر ل سهدان خهڵك چاوهرێی سولفهی زهواجێیه، کو حکومهتا کوردستانێ ئهڤێ پێشکهش بکهتن، ئهرێ ب ڕاستی ئهوه د خزمهتا خهلکێ ههژار و فهقیر دانینه، ئهو فهرمانبهرێت مووچێ وان ل چار سهد کهمتر مینحه بۆ وان بێته دان، دروسته ئهم دگهل پێشنیارێینه، حکومهتا کوردستانێ ئهڤێ جێبهجێ بکهتن، بودجهك بێته دان بۆ قهرهبوو کرنا کشتوکالی ببیته دهعمهك بۆ جوتیارێ کوردستانێ بۆ هندێ پتر گرنگی ب کشتوکالێ بداتن، چونکی وهڵاتێ مه وهڵاتهکی کشتوکالیه، بهردهوامی بێته دان ل سهر تواناسازی کو ب سهدان گهنجێت مه چاڤهرێنه بچنه دهرهڤهی وهلاتی بۆ هندێ پلهیێت بلند وهکی ماجستێر و دکتۆرای بینن، سبهی خزمهتا وڵاتێ خۆ بکهن، چ وهکی دکتۆر و چ وهکی موههندس و چ وهکی بابهتێکی تر، بهردهوامی بێته دان ل سهر فرهکرنا بهرنامێ چاڤدێریا کۆمهلایهتی، کو پتر خهڵکێ ههژارێ کوردستانێ ل خۆڤه بگریتن، ئهز وهکی ئهندامهکی د لیژنا پێشمهرگهو شههیدا دا ئهڤه تێداهاتیه، که پێشنیارهکا لیژنهی ههر چهنده حکومهتا ههرێمێ کوردستانێ ل ڤی بارهی به کێم باسی نهکریه، بۆ دروست کرنا خانیا بۆ کهس و کارێ شههیدان، بهس ئهگهر مابن هێڤی دکهم حکومهتا ههرێمێ کوردستانێ ئهڤێ چهندی ل بهرچاڤ بگریتن، ئهو پارهیێ کو هاتیه دانان بۆ زارۆکێ شههیدان، د قوتابخانێ ئههلی دخوینن نیڤه بۆ دێنه سهرف کرن، ئهگهر حکومهتا ههرێمێ کوردستانێ پارهیێ ههنێ بۆ سهرف بکهتن، پشتهڤانی ل ئهڤێ پێشنیارێ دکهم ئهڤێ ل ڕاپۆرتا لیژنهی کاروباری پێشمهرگهیدا هاتیه، لیژنهی دارایی دهستخۆی لێ دکهم کو پهسهند کریه، دوو نهخۆشخانه ل ههولێرێ و دهۆکێ بۆ کهس و کارێ شههیدان بێنه دروست کرن، زێده کرنا ئهڤی پارهی بۆ چارهسهرێ نهخۆشێ کهس و کارێ شههیدان هاتیه دانان، ل 75ملیۆن بۆ 150 ملیۆن، ئهز داخازێ دکهم بهردهوامی بێته دان ڤێ هاریکاری حکومهتا ههرێما کوردستانی بۆ ناوچه دابڕاو، ل سهرهدانێت مه بۆ دهڤهرا گهرمیان و خانهقین و بۆ دهڤهرا شنگال، که دگهل چهند ئهندامێت بهرێزێ پهرلهمانی سهرهدانا ئهڤێ دهڤهرا کر، ئهم بینین حکومهتا عیراقا فیدرال هیچ گرنگی پێ ناداتن، مهبهستێ تایبهتییێت خۆ پێ ههی، مهبهستێ سیاسینه، بۆ ههندێ ئهڤ دهڤهره هیچ گهشه کرنا بخۆڤه

نەبینن، مە سەرەدانا دەڤەرا شنگال کر، پێنج سەد هەزار نفوسێت د ناڤدا، هەتا ڤێ گاڤێ موجەمەعێت وان کە 40 هەزار و پێنجێ هەزار نفوسن ئاڤێ ب تانکەرا بۆ دبەن، جهێ دەست خۆشیا ل حکومەتا هەرێمێ کوردستانێ وەفدەکا پایە بەرز ب سەرۆکایەتای جێگرێ سەرۆکێ حکومەتی نارده دەڤەرا شنگال، چەندان ملیۆن دۆلار بۆ وان هاتنە تەرخان کرن بۆ هندێ وان خزمەت کرن، ئەرێ ئایا ئەوە خزمەت نیە بۆ خەلکێ دەڤەرێ تیای؟ هێڤی دارم پتر گرنگی پێ بێتە دان، کەرکووك و خانەقین و شنگال و دەڤەرێ دیتر ، نیسبەتا پێشمەرگەی ئەز داخازێ دکەم شیانا حکومەتا هەرێمێ کوردستانێ دایە، هەر چ بۆ پێشمەرگەی بێتە کرن هێشتا کێمە، ئەم باش دزانین حکومەتا عیراقا فیدرال ل سالا 2007 ێ هەتا ڤێ گاڤێ کە چەندین جارە دگەل وەزارەتا پێشمەرگەی مە کۆمبین کرینە، ئەڤ پارا ل پەرلەمانا عیراقێ هاتیە موسادەقە کرن، لێ حکومەتا عیراقێ نەهاتیە ئیتلاع کرن، ئەڤ پارە نە پارەیێ بەس یارمەتیێ پێشمەرگەیە، تەسلیحە، تەجهیزە، هەمی تشتەکە، بەرێ هندێ حکومەتا عیراقا فیدرال نەبێتن مە پێشمەرگەهێ خۆوە هەبیتن، مە پێشمەرگەهێ موسەلەح هەبیتن، مە پێشمەرگەکێ مودەرەب هەبیتن، چونکی مەرامەکا سیاسی ل پشت، ل بەر هندێ ئەز داخاز دکەم، کە حکومەتا مەیە هەرێمێ کوردستانی فشارێ بێخیتە سەر بەغدا ل مەحکەما ئیتیحادی شکایەتێ ل حکومەتا عیراقێ فیدرال بێتە کرن، بۆ ئەوەی ئیتلاقا پارەی بێتە کرن، کە نزیکەی 10 ملیار دۆلارایا، ئەگەر ئەڤ دە ملیارە بێنە سەرف کرن، هەمی موشکیلێ و ئاریشێ حکومەتا کوردستانێ دێنە چارەسەر کرن، لێ مەبەست یا دیارە کە بودجە سەرف ناکەتن، پێشنیار دکەم ئەو پرۆژێ کو د وەزارەتا کاروبارێ شەهیدان هاتیە پێشنیار کرن، ئەڤ سالا چ دروست کرنا مێنۆمێنتا یان کۆگایە یان ئەمە هەمی بێتە لەغو کرن، ببنە دروست کرنا خانی بۆ کەس و کارا شەهیدان، چونکی تشتێ فەرزتریش هەی، دروست کرنا خانیا بۆ کەس و کارێ شەهیدان فەرزترە، یان دروست کرنا کۆگایەکێ، یان ڕێڤە بەرایەتیا بۆ ڤێ قۆناغێ؟ پێشنیار دکەم ئەو پێشنیارێ کو هاتینە کرن، بۆ دابین کرنا پێشنیارێ وەزارەتا ناوخۆ و دەزگەهێ ئەمنی، من پشتەڤانی لێ دکەم بێنە جێبەجێ کرن، پێشنیارەکا دی منا هەی سولفەی سناعی، چاڤ گێرانەك پێ بێتە کرن، چونکی ب هەڤیقەت ئەو مەرجێت بۆ هاتینە دانا گەلەك ب زەحمەتن، ئەز داخازێ ل حکومەتا هەرێمێ کوردستانێ دکەم کو جارەکا دی ئیعادە نەزەرەکێ ب سولفێ سناعیدا بکەتن، قەرزێ بچووك بۆ گەنجا پێ بەردەوام بیتن، چونکی گەلەك گەنجا سودا لێ وەرگرتی، پێ بویە ئەگەرەك بۆ کەم کرنا بێ کاری ل کوردستانێدا، بەس داخازێ دکەم دگەل هندێ دەورە بۆ بێنە کرن، بۆ هندێ شارەزایی تێدا هەبی، ببیتە پاڵدەرەك بۆ کێم کرنا بێ کاری و بەرسڤەك بۆ حکومەتاهەرێما کوردستانی، ئیهتیمام نیزامێ جبایات و واریداتێ و میلاکێ بێتە کرن، دەبی ببیتە پاڵدەرەك بۆ گەشە کرنا ئابووری ل کوردستانێ، من گەلەك پێشنیاری دی هەبوون ل قەزا ئاکرێ و بەردە ڕەش، لێ بەرسڤ ژ لایا وەزیرێ دارایی و بەرێز وەزیرێ پلان دانان وەرگرتن، دەستخۆشی لێ دکەم چ ل مەتارێ دهۆکێ، هەردوو خەستەخانا سەرەتانێ و ل دایك بوونا پارێزگەها دهۆکێ، پرۆژێ ئاڤا ئاکرێ ل مێژە خەڵك چاڤەرێیە، دیسا سایلۆیا بەردە ڕەش و خەستەخا بەردە ڕەش، هیڤی دکەم زوو بچیتە بوارێ جێبەجێ کرنێدا، پێشنیار دکەم بەردەوامی بێتە دان ژ بۆ سەرف کرنا

بیما بێکاری بۆ دابین کرنا دەچوییێت پەیمانگەهاو زانکۆیا، هەروەسا ئەوێ پەیمانگەهێ کو گرێدای ب وەزارەتا پەروەردێ ڤە، ئەویش بێنە شمول کرن، ئەم کە بەحسی وان هەمی دەستکەوتا دکەین، ئەگەر ل هەردوو قەزایێ ئاکرێ بەردەڕەش ئەزێ ڤێ گاڤێ بەرێ خۆ بدەنێ یان ئەو کو خەلکێ سەردانا هەردوو وەزارەت دکەتن، ئەغلەبێ جادێت وان بینە جۆت ساید یێ کەلەکێ هەتا بەردە ڕەش، بەردە ڕەش هەتا ڕۆڤیە، بەردە ڕەش هەتا ئاکرێ و هەتا قەندیل ئەڤە جهێ دەست خۆشیە کا ئەم جادە هەمی بوینە جۆت ساید ، ل سەر هندێ ڕا ئەز پێشنیار دکەم کەماسیەکا هەی، جادا بشیریان و بەنێنان و دێتە بەردە ڕەش هەڤی پێویستی بە چاك کردنەوە هەیە، دگەل جادە ئاکرێ پێویستی بە چاککرنێ هەیە، دەڤەرا ئاکرێ دوو گەڕەك هەنە تەبیعەتا جوگرافیێ وان هۆتۆ دروست بوی ، خانی ل سەر خانی هاتیە ئاڤا کرن، عەردێ وان ل سەد مێترا کێم ترە، چەندین جار داخازا ل من کری، ئەوخانی بەرەڤ هەرەڤینێ چن، بۆ هندێ ئەڤ دەڤەرە بێتە پاراست، جوانیێ ئاکرێ ل وان هەردوو گەرەکایە، عەردێ وان ل سەد مێترێ کێم ترە، ئەز داخازێ ل حکومەتاهەرێمێ کوردستانێ دکەم، ب تایبەتی وەزیرێ دارایی و ئابووری کو سلفەی عەقاری شمولی وان بکەتن، چونکی تەبیعەتێ دروست کرنا ئەوان خانی نیە، عەردێ وان ل سەد مێتر کێم ترە، دوماهی من چەند پێشنیارەك هەنە ب هەقیقەت پشتی ڕاپۆرتەکا تایبەت، ئاراستەی جەنابێ وەزیرێ دارایی و وەزیرێ پلان دانانی دکەم، دەربارەی هەردوو قەزای ئاکرێ و بەردە رەش و هەر شەش ناحییێت وان بۆ هندێ گەش کرنەکا هەمی لایەنە ب مەنتقەی خۆ ببینیت، سوپاسیا وە دکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سەبیحە خان، فەرموو.

**بەڕێز صبیحە أحمد مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش هەموو شتێك من دەستخۆشی لە بەڕێزان سەرۆكایەتی پەرلەمانی کوردستان دەکەم بۆ ئەو سینگ فراوانییەی کە لەگەڵ ئێمەی ئەندام پەرلەمان هەیانە، کە بەڕاستی جێگەی دڵخۆشی و هەروەها جێگەی دەستخۆشی یە، من پشتگیری لە پێشنازەکانی فراکسیۆنی کوردستانی دەکەم، کە لەلایەن بەڕێز سۆزان خان سەرۆكی فراکسیۆنەکەمان پێشکەش کران، لەلایەکی تر دەستخۆشی لە لێژنەی دارایی دەکەم و پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەکەیان دەکەم، کە بەڕاستی ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەل و گشتگیریان ئامادە کردووە، دەستنیشانی هەموو خاڵە ئیجابییەکان و سلبییەکانی بودجەیان کردووە، هەروەها ڕاپۆرتەکەیان سەرنج و تێبینی و پێشنیاری هەر 19 لێژنەی پەرلەمان لەخۆ دەگرێت، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، هۆکاری سەرەکی لە دواکەتن و کورتهێنانی بودجە کە کراوەتە چەقی گفتوگۆکان، دیارە پەیوەندی بە سیاسەتەکانی حکومەتی بەغداوە هەیە، چونکە ئێمە لە ڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆییمان نیە، بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان مانگانە لە شێوەی سلفە لە بەغداوە دێت، بۆیە هەر دواکەوتنێك لە پەسند کردنی بودجە لە بەغدا دەبێتە مایەی دواکەوتنی بودجە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام دواکەوتنی بودجە خۆی لە خۆی دا

دەبێتە هەندێك خاڵی سلبی، هەروەکو وەزیری داراییش زۆر بە ڕێك و پێکی بۆمانی روون کردەوە، کە ئەوانیش موبەریراتی خۆیان هەیە لە ناردن یان دواکەوتنی بودجە، کە بۆ هەمووومان ڕوون و ئاشکرایە کاتێ کە بودجە دوا دەکەوێ ئەویش بۆ ماوەی چەند مانگێك تەئسیرێکی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵك، لەسەر ئابووری کوردستان، لەسەر مەشاریع، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی وەڵامەکانی بەڕێزان وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان بە بەڵگە بۆ من موقنیع بوون و سوپاسیان دەکەم، هەمووومان دەزانین بودجەی هەر وڵاتێك بڕبڕەی پشتی حکومەتی ئەو وڵاتەیە، لێرەدا من دەڵێم کە ئەو بودجەیە کە ئێستا لە ماوەی زیاتر لە $40$ ڕۆژە لەبەر دەستمان دایە خاڵی ئیجابی زۆر لە خۆی دەگرێ، بەڵام بەدەریش نیە لە کەم و کوڕی، من لێرەدا ئیشارەت بە هەندێك لە خاڵە ئیجابییەکانی ئەم بودجەیە دەکەم، کە بەڕاستی تایبەتە بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵك، کە ژیانی ڕۆژانەی جەماوەری کوردستان لەلای من گرنگترین خاڵە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، هەر بۆ وەبیر هێنانەوە زۆرێك لە پێشنیازە گرنگەکانی بودجەیساڵی $2011$ پێشنیازی فراکسیۆنی کوردستانی بوون کە دواتر بوونە بڕیار و حکومەتی هەرێم جێبەجێی کرد، واتا ئەمساڵیش لە بودجەی ساڵی $2012$ دا بەردەوامن، بۆ نموونە دەتوانم بڵێم سلفەی عەقار، سلفەی زەواج، پارەی تواناسازی فوتابیان، قەرزی بچووك بۆ گەنجەکانمان کە لەسەرتاسەری کوردستان بە هەزاران گەنج لێی موستەفید بوون، مینحەی زیندانیانی سیاسی، سلفەی کشتوکاڵی، قەرزی صناعی، زیادکردنی بەشی بودجەی تۆڕی کۆمەڵایەتی لە $30$ هەزار دینار بۆ $150$ هەزار، بەردەوام بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانەکان، پێداچوونەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە خانەنشینی برا پێشمەرگەکان کە خانەنشینیان زۆر کەم بوو، زیاد کردنی بە پێی پێویست، هەروەها سلفەی عەقار یەکێکە لە خاڵە ئیجابییەکانی ئەو بودجەیە، بەڵام من لێرەدا پێشنیاز دەکەم کە سلفەی عەقار بۆ گوندەکان بکرێتە مەبلەغی بیست و پێنج ملیۆن دینار، ئەو بەخشینەی کە قەرار بوو گوندەکان بگرێتەوە ئەگەر بکرێت لەم سلفەیە ئەویش بە بەخشین تەتبیق بکرێت، چونکە بەڕاستی هەموو کاتێك ئێمە خۆمان بە قەرزاری دانیشتووانی گوندەکان دەزانین، بۆیە لێرەدا من داوا دەکەم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە هەموو ڕوویەکەوە زیاتر ئیهتیمام بە گوندەکان بدەن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بە نیسبەت خاڵێکی تر کە ئەویش قەرەبوو کردنەوەی ئاوارەکانی ئێران و تورکیا و سوریایە کە لە ساڵی $1974$ ئاوارە بوون، بە ڕەئی من هەرچی بۆ ئەو ئاوارانە بکرێت هەر کەمە، لە بودجەی ساڵی $2012$ دا ئیشارەتی پێدراوە کە مەبلەغەکە لە $10$ ملیار بوویتە $100$ ملیار، بەراستی جێی دڵخۆشی یە و داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە زیاتر بایەخ بە ئاوارەکانی ئێران و تورکیا و سوریا بدات، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یەکێك لە خاڵە هەرە گرنگەکان کە تایبەتە بە ژیانی خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت ئەویش دروست کردنی شوقەی نیشتەجێبوونە بۆ خەڵکی کەم دەرامەت، کە لە کابینەی پێنجەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی ڕێزدار کاك نێچیرڤان بارزانی ئەم خاڵە چۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، تاکو ئێستاش هەر بەردەوامە، بۆیە لێرەدا من داوا دەکەم کە کابینەی حەفتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر ئیهتیمام

به خەڵكی كەم دەرامەت بدات، لە بێ شوێنی نیشتەجێبوون ڕزگاریان بكات، هەرچەندە حكومەتی هەرێمی كوردستان لە بودجەی ساڵی 2012 دا بڕی 200 ملیاری داناوە بۆ دوست كردنی یەكەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵكی كەم دەرامەت لە هەر سێ پارێزگا و ئیدارەی گەرمیان بە پێی ڕێژەی دانیشتووان، بۆ ئەمساڵ لەم مەبلەغە 27 ملیار دەچێتە بواری جێبەجێ كردنەوە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، من پشتگیری لە دانانی ئەو بودجەیە دەكەم كە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش داندراوە، چونكە دەزگایەكی گرنگە، ئەمساڵ بە پێی ئەو یاسایە كە لە پەرلەمانی كوردستان دەرچووە، بۆیە هەموو دەزگایەك لە سەرەتای دامەزراندنییەوە پێویستی بە بودجە و پاڵپشتی هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی ئەركەكانیان، پشتگیری لە دانانی بڕی 100 ملیار دینار دەكەم بۆ ناوچە ڕاگوێزراوەكان كە كاتی خۆی تووشی تەرحیل و ڕاگواستن بوون، بەردەوام بوون لە سلفەی عەقار و سلفەی هاوسەرگیری، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، یەكێك لە پێشنیازەكانم كە ئاراستەی حكومەتی هەرێمی كوردستانی دەكەم ئەوەیە كە سلفەی عەقار و سلفەی زەواج و سلفەی كشتوكاڵی، هەروەها سلفەی صناعی مەناتیقی ناوچە دابڕاوەكان بگرێتەوە، بۆ نموونە پارێزگای كەركووك و ناوچەكانی مەخموور و دەوروبەری و شنگار و خانەقین و جەلەولا و سەعدیە و هەموو شوێنەكانی تر كە بە ناوچە دابڕاوەكان ناسراون، تەمەنا دەكەم كە حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەم خاڵە بە جیددی وەربگری، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، پێشنیاز دەكەم بە نیسبەت قەزاكانی سۆران و ڕەواندووز و چۆمان و مێرگەسۆر كە وەكو ئیدارەیەكی سەربەخۆ بڕیار بۆ قەزای سۆران دەرچووە، كە لە بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەگەر بكرێت بودجەیەكی تایبەت بۆ ئیدارەی سەربەخۆی سۆران دابنرێت، پێشنیاز دەكەم كە راتبی شەهیدی هاووڵاتی لە مەبلەغی 90 هەزار دینار بكرێتە مەبلەغی 300 هەزار دینار، چونكە بەڕاستی مەبلەغی 90 هەزار دینار بەشی هیچ ناكات، هەندێك ماڵ هەیە كە داهاتیان فەقەت مەبلەغی 90 هەزار دینارە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، هەروەكو دەزانین كە ئێمە یەك ئەنجومەنی باڵای خانمان و ژنانمان هەیە كە تایبەت بە ئیش و كاری ئافرەتان و ژنانە، بەڵام تاكو ئێستا ئەم ئەنجومەنە خاوەنی بودجەیەكی سەربەخۆ نیە، بۆیە داوا دەكەم ئەگەر بكرێت بودجەیەكیان بۆ دابین بكرێت، بۆ ئەوەی ئەو ئەنجومەنە كەمێك هەست بە سەربەخۆیی ئابووری بكات، هەرچەند دەزانم خاوەن یاسای تایبەت بە خۆیان نینە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، هەموومان دەزانین كە جاددەی سۆران بۆ حاجی ئۆمەران كە جاددەیەكی سەرەكییە و بە جاددەی هاملتۆن ناسراوە، دەرگایەكی سەرەكی تیجاری كوردستانە لەسەر ئەم جاددەیە، كە لە سنووری حاجی ئۆمەران دا دەست پێ دەكات، زۆر حادیسەی دڵتەزێن لەم جاددەیە ڕوویداوە، بۆیە پێشنیاز دەكەم كە ئەم جاددەیە بكرێتە جووت ساید، لەبەر هەستیاری جاددەكە زیاتر گرنگی بە تەواو بوونی بدرێت، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، داوا لە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەم بۆ چاككردنی بار و گوزەرانی فەرمانبەرانی خانەنشین كە مووچەكانیان سنووردارە بە بەخشینی مەبلەغی 600 هەزار دینار بۆ هەموو ئەو خانەنشینانەی كە مووچەیان لە 400 هەزار دینار كەمترە، داوا لە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەم بۆ چاككردنی بار و گوزەرانی فەرمانبەرانی مووچە سنووردار بە بەخشینێكی ساڵانە كە

بڕەکەی لە 480 هەزار دینار کەمتر نەبێت بۆ فەرمانبەرانی پلە 9 و پلە 10، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بە نیسبەت تەعینات یان کە هەندێکمان دەڵێین شاڵاوی تەعینات، کە ئاماژەی پێ دەدەین دەبێتە هۆی بارگرانی لەسەر بودجەی تەشغیلی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پرسیارم لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر بێت و ساڵانە تەعینات نەبێت، ئایا ئەم کوڕ و کچانەمان کە ساڵانە لە کۆلیژەکان تەخەروج دەکەن ڕوو لە کوێ بکەن؟ یان چ کاسبییەك بکەن؟ بە تایبەت بە نیسبەت کچەکانمان، ئەگەر لە دەوائیری حکومی تەعین نەکرێن، من دەپرسم لە چ شوێنێك تەعین بن؟ بەڕێزان هەر یەك لەم کوڕ و کچانەمان زیاتر لە 16 ساڵ لە تەمەنی خۆیان بە خوێندن بردۆتە سەر، هەمووومان دەزانین کە کۆمەڵگای کوردەواری ئێمە تاکو ئێستا زۆر مەجال بە ئافرەتان نادات کە لە کەرتی تایبەت ئیش بکەن، من لێرەدا دەپرسم، ئەگەر ئەم تەعیناتە نەبێت ئافرەتانی ئێمە کە ساڵانە بەلایەنی کەم بە هەزاران کەس تەخەروج دەکەن ڕوو لە کوێ بکەن؟ بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە هەموو دونیا ئەو وڵاتە پێشکەوتووترە کە ئافرەت تێیدا پێشکەوتووترە، بەتایبەتی لە ڕووی سەربەخۆیی ئابوورییەوە، بۆ نموونە من دەتوانم بڵێم لە وڵاتی ئیتاڵیا 99٪ی مامۆستایانی ڕەوزە، ئیبتیدائی، ناوەندی، دواناوەندی و زانکۆکانییان ئافرەتن، تەمەنا دەکەم کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەم پێشنیازەمان بە هەند وەربگرێ، بە نیسبەت تەعیناتی ئافرەت، لە ناو دام و دەزگاکانی حکومەت دا، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پێشنیاز دەکەم کە دەرماڵەی قوتابیان کە مانگانە هەندێکیان مەبلەغی 40 هەزار دینار یان 60 هەزار دینار وەردەگرن بکرێتە مەبلەغی 100 هەزار دینار بەلایەنی کەمەوە، چونکە هەمووومان دەزانین قوتابی ئێستا نەوەی دواڕۆژی ئەو وڵاتەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پێشنیاز دەکەم بە دانانی میکانیزمێکی گونجاو و دیاریکراو بۆ وەرگرتنەوەی ئەو پارانەی کە مەبلەغی 6 ملیار دۆلار قەرزی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەلای حکومەتی ناوەند، بە دانانی لێژنەیەکی خاوەن بڕیار بۆ یەکلا کردنەوەی ئەم قەرزە، داوا دەکەن کە مووچەی بەخێوکەری کەس و کاری شەهیدە سەربەرزەکانمان لە مەبلەغی 75 هەزار دینار بکرێتە مەبلەغی 150 هەزار دینار، هەروەها دابین کردنی دەرماڵە بۆ منداڵی شەهید، ئەوانەی کە تەمەنیان لە خوارووی تەمەنی 18 ساڵیدایە، هەروەها لەلایەکی تر ئەوانەی کە تەمەنی یاساییان تەواو کردییە بەڵام لە خوێندن بەردەوامن، داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم کە بەردەوام بیت لە صەرف کردنی بیمەی بێکاری بۆ دەرچووانی پەیمانگا و زانکۆکان، هەروەها پەیمانگاکانی وەزارەتی پەروەردەش بگرێتەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە کۆتایی دا داواکارم کە ساڵی ئایندە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پێش کۆتایی ساڵی دارایی بودجە بە خەملێنراوی بنێرێتە پەرلەمان، هەروەها دەسەڵات بدرێت بە وەزیری دارایی لە بوونی جیاوازی لە نێوان بودجەی تەرخانکراو و خەملێنراودا گۆڕانکاری بکات، پەرلەمانی کوردستانیش لەو گۆڕانگارییانە ئاگادار بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕازاو خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕازاو محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە هەموو دەزانین كە بودجە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیان و گوزەرانی خەڵكەوە هەیە، ئێمەش لە خەمی ئەوە داین، كە لە بەرژەوەندی هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان پەسند بكرێت، سەرەتا پشتیوانی لە پێشنیارەكانی فراكسیۆنی كوردستانی دەكەم كە بەڕێز سۆزان خان ئاماژەی پێدان، بە تایبەتی بڕینی 10٪ لە بودجەی هەر سێ سەرۆكایەتییەكە و ئەنجومەنی دادوەری، كە دەكرێت ئەو بڕەی كە دەبڕدرێت پاڵپشت بێت بۆ ئەو پێشنیارانەی كە دەكرێت، هەروەها دابین كردنی دەرماڵەی ئیعالە بۆ ژنی بێ هاوسەر، ئەوەی پەیوەستە بە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی، ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی كە كۆی كاری 19 لیژنە و ئەندامانی پەرلەمانە لە ماوەی یەك مانگی ڕابردوودا هەندێك لەو پرسیارانەی كە لەلام دروست بوو لەو ڕاپۆرتەدا وەڵامەكەیم لە هەردوو بەڕێزان وەزیری دارایی و پلاندانان وەرگرت، تەنها یەك پرسیار ماوە كە لێرەدا ڕووبەڕووی بەڕێزیانی دەكەمەوە، لە ڕاپۆرتەكەدا هاتووە لە لاپەڕە 5 دا فراوانی پێداویستییەكان بەرامبەر كەمی توانای دارایی، دیاری كردنی پێداویستییەكان لەلایەن دام و دەزگا و وەزارەتەكان لەسەر چ بنەمایەكە؟ كاتێك كە پێویستی حكومەت دیاری دەكرێت و دواتر بەهۆی كەمی بودجەوە دابین ناكرێت، دام و دەزگاكان ڕووبەڕووی چ كێشەیەك دەبنەوە؟ بۆ نموونە پێویستی حكومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2012 بریتی یە لە بیست تریلیۆن و هەشت سەد و بیست و حەوت ملیار و شەست و سێ ملیۆن بۆ بودجەی تەشغیلی، بەڵام لە 52٪ی ئەو بودجەیە دابین كراوە، ئایا ئەو دام و دەزگایانە پتر لە پێداویستی خۆیان داوا دەكەن؟ وەزارەت بە چ ئاراستەیەك مامەڵەیان لەگەڵ دەكات؟ چونكە لێرەدا ناڕوونییەك هەیە، مامەڵەیەكی ناتەندروست هەیە كە پێویستی بە ڕوون كردنەوەیە، ئایا پلانێك هەیە كە لە داهاتوودا كاری لەسەر بكرێت و كۆی پێداویستییەكان و توانای دارایی دیاری بكات؟ بێمە سەر كاری لیژنەكان ئەوەی ماوەتەوە ڕاو سەرنجم لەسەر ڕاپۆرتی هەندێ لە لیژنەكانە، كە زۆرێك لە ئەندام پەرلەمانە بەرێزەكان ئاماژەیان پێ كرد، بۆیە من تەنها ئاماژەیەكی كورت دەكەم و ناچمە تەفاصیلەوە، لیژنەی كاروباری تەندروستی و ژینگە بڕی بودجەی تەرخانكراو بڕێكی زۆر كەمە، هەروەها نەبوونی پرۆژەی ستراتیجی لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە كە لەو بودجەیە شوێنی بۆ نەكراوەتەوە، هەروەها بابەتی ژینگە كە هەردوو هاوكارانم بەڕێزان كاك خلیل و كاك سالار ئاماژەیان پێدا، بابەتی ژینگە و مەترسییەكانی بابەتێكی هەستیارە، كە دەكرا لە بودجەی ئەمساڵدا شوێنی بۆ بكرایەوە، لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بكەم كە هەندێ ناوچە لە كوردستان بەڕاستی لە ژێر هەڕەشەی پیس بوونی ژینگەدان، بە تایبەتی دەربەندیخان كە ئێمە سەردانمان كردن، دووەم لیژنە لیژنەی كاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانییانی جینۆساید، وێڕای پشتیوانیم لەسەرجەم داواكاری و پێشنیارەكانیان كە بەڕێزان كاك شڤان و كاك صباح و هەندێ لە ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەكان ئاماژەیان پێدا، من لێرەدا دووبارەی ناكەمەوە، چەند سەرنج و تێبینییەكم هەیە لەسەر پرۆژەكان، وەك هەندێ لە ئەندام پەرلەمانەكانیش ئاماژەیان پێدا، بەڕێز وەزیری پلاندانان نەبوونی

هەماهەنگییە لە نێوان وەزارەتی شەهیدان و پلاندانان هەرچەندە بەڕێزی بە نووسراو ختستیە ڕوو کە وەزارەتی شەهیدان ئاگادارە لەم پلانە، بەڵام ئەو بەڕێزانەی کە هاتنە لیژنە لەلای ئێمە بێ ئاگایی خۆیان دەربڕی لە پلانی وەزارەتی پلاندانان کە بەلای وەزارەتی شەهیدانەوە پرۆژەی گرنگ و گرنگتر و گرنگترین هەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی ڕاوێژ لە نێوان ئەم دوو وەزارەتە ڕەچاوی ئەوە نەکراوە، بە هەمان شێوە نوێنەرانی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕۆشنبیری هەمان تێبینیان دووبارە کردەوە، کە ساڵانە لە پرۆژە پێشنیار کراوەکان دا هەماهەنگی نیە لە نێوان وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتە تایبەتمەندەکان دا، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم پرسیارە بۆ بەڕێز وەزیری پلاندانان، سەبارەت بە پرۆژە پێشنیار کراوەکانی ساڵی 2012، ئەوەی تایبەتە بە وەزارەتی شەهیدان، بەڕێوەبەرایەتی شەهیدانی سلێمانی چوار پرۆژەیە، کە هەر چواریان ناوەکەیان دیاری کراوە، واتا دووان لەو پرۆژانە ماوەی ساڵێکی بۆ دیاری کراوە بۆ جێبەجێ کردن، دوانەکەی تر ماوەی شەش مانگ، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو بڕە پارەی کە دیاری کراوە بەرامبەر ماوەکەی نیە، بۆ نموونە دروست کردنی سەنتەری کۆمەڵایەتی ماوەکەی ساڵێکە و بڕەکەی یەك ملیارە، گوژمەی ساڵی 2012 (750) ملیۆنیان دیاری کردووە، دروست کردنی (250) خانوو بۆ کەس و کاری شەهیدان کەوا بڕیارە بە ساڵێك تەواو ببێت، بڕەکەی شەش ملیار و هەشت سەد و حەفتاو پێنج ملیۆنە، گوژمەی 2012 تەنها دوو ملیارە، بەڕێزان، ئەوەی پەیڕەو دەکرێت لە وەزارەتی شەهیدان پێدانی مینحەی بیست و حەوت ملیۆن و نیوە بە خانەوادەی شەهیدان، وەك هاوکارییەك بۆ دروست کردنی خانوو، واتا ئەگەر هەر خانوویەك ئەم بڕەی بۆ تەرخان بکرێت ئەوە لە ماوەی ئەم ساڵەدا تەنها 72 خانوو جێبەجێ دەکرێت، پرسیارەکەم لێرەدایە، ئەم پرۆژەیە یەکساڵی بۆ دیاری کراوە، بەڵام بە یەك گوژم پارەکەی بۆ دابین ناکرێ، کە ئەوەش خەلەلە، چونکە دەبێت ئەو پرۆژەیە دوا بکەوێت تا جارێکی تر لە 2013 تەصدیق دەکرێت بۆ گوژمەکانی تری، کە ئەوەش لە ڕاستی دا هۆکارێکە بۆ دواکەوتنی پرۆژەکان، چونکە ئەوە جیاوازیە لە پرۆژەکانی تر، واتا ئەم بڕە پارەیە کە خۆکردە، واتا بۆ دروست کردنی خانووبەرە ڕاستەوخۆ دەدرێ بە خانەوادەی شەهیدەکان، واتا پێویستی نە بە دیزاینە و نە بە تەندەرینە و نە بە کۆمپانیای جێبەجێکارەوە هەیە، واتا دەکرێ ئەو گوژمە پارەیە بۆ ئەو ماوەی ئەو ساڵە دیاری بکرێت و ڕاستەوخۆ لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شەهیدانی هەر سێ پارێزگاکانەوە بدرێ بە خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان، خاڵێکی تر پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی 2012، هەمان وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتی، واتا سلێمانی خاڵی سێ، دروستکردنی 777 خانوو لە خانەی ئەو فۆرمەی کە هاتووە لە پرۆژە بەردەوامەکان، لە خانەی دەست بەکاربوون ئاماژە بەوە دراوە کە دەست بەکاربوونی بۆ نەکراوە، واتا ئەو 777 خانووە هیچ هەنگاوێکی بۆ نەنێردراوە، بەڵام لە ڕاستی دا وانیە، ئێمە لە بەدواداچوونمان دا بۆمان دەرکەوت کە ئەم پرۆژەیە دەست بەکاربووە، بەردەوامیشە و هەموو ئەو نووسراوانە لەلای منە کە بە چەند بڕ ئەو پارەیە دراوە بە خانەوادەی شەهیدان لە پیرەمەگروون و چەمچەماڵ و عەربەت و قەڵادزێ و چەند ناوچەیەکی تر، واتا بڕی پارەی خۆکردە بیست و حەوت ملیۆن

خەرج كراوە، هەموو ئەولەویاتەكەش لای منە كە بەچەند سلفە پێیان دراوە، پرسیارێك لە خاڵی پێنجی هەمان ئەو پرۆژە بەردەوامەكان/ دروست كردنی 96 خانووی خۆكردە لە گەرمیان، ئەم پرۆژەیە جێبەجێ كراوە یان نا؟ ئەوە پرسیارە بۆ بەڕێز وەزیری پلاندانان، چونكە ئاماژە نەدراوە بە دەست بەكاربوونی، ئەوەندەی بەدواداچوونیشمان بۆ كردووە دەست بەكار نەبووە، ئەگەر وانییە تكایە وەڵامی بەڕێزیان بۆ ڕوونكردنەوە و بەرچاوڕوونی زیاتر، هەروەها پرسیارێكمان هەیە سەبارەت بە پرۆژە پێشنیار كراوەكانی ساڵی 2011 كە پێشنیار كرابوو بە دروست كردنی بینایەك بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی شەهیدان لە سلێمانی، لە بودجەی 2011 پەسند كراوە، بەڵام ئەو پرۆژەیە جێبەجێ نەكراوە و لە پرۆژە بەردەوامەكانی 2012شدا ئاماژەی پێ نەدراوە، تكایە ڕوونكردنەوە لەبەرنامەیان دا هەیە، ئەم پرۆژەیە جارێكی تر بخرێتەوە بەرنامە و جێبەجێ بكرێ، یاخود نا؟ دوا پرسیاری لیژنەی شەهیدان كە بۆ بەڕێز وەزیری دارایی یە، وا بڕیارە تا كۆتایی ئەوە پەیوەستە بە لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدانیش، وا بریارە تا كۆتایی ساڵ 2011 هەموو هێزی پێشمەرگە یەك بخرێتەوە،ئەوە لە كاتێكدایە كە تەنها بڕی 950 ملیار دینار تەرخان كراوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، ئایا ئەم كارە بەو ئیمكانیەتە دەكرێت؟ تكایە وەڵامی بەڕێزیان، ئەوە تێبینی و سەرنجەكانم بوو سەبارەت لێژنەی كاروباری پێشمەرگە و شەهیدان، ئەوەی پەیوەندی بەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی ڕۆشنبیریە، كە پشتیوانی لە سەرنج و پێشنیارەكانی لیژنەی ناوبراو دەكەم، دەمەوێت ئاماژە بە خاڵی 3ی ڕاپۆرتەكە بكەم، كە باس لەوە كراوە كە 47 بینای وەزارەت لە هەرێمی كوردستان لەلایەن حزب و كۆمەڵە و لایەنەكانی تر داگیر كراوە، ئەوە لە كاتێك دایە ئەو وەزارەتە خۆی لە چەندین جێگە كرێچی یە، بەڕێزان ئەم 47 بینایە 12 بینا لە دهۆك، 18 لە هەولێر و دەوروبەری، 17 لە سلێمانی و دەوروبەری، ئەوە لە كاتێكدایە هەندێ لە دام و دەزگاكانی ئەم وەزارەتە لە كرێچیدان، كە ئەگەر كار بە گەڕانەوەی موڵك و ماڵی گشتی بۆ حكومەت بكرێت كە بڕیاری لێ دراوە، ئەوە ساڵانە بڕێكی زۆری ئەو خەرجییانە دەگەڕێتەوە بۆ حكومەت، هەروەها لە هەمان ڕاپۆرت دا خاڵێكی تر كە دەمەوێ سەرنجتان ڕابكێشم، ئاماژەشی پێدراوە بەڕاستی نەبوونی هاوسەنگی یە لە نێوان دابەش كردنی بودجەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، پشتیوانی تەواوم بۆ هەموو پرۆژەكانی كە تەرخان كراوە بۆ وەرزش، بەڵام لە 97٪ی بۆ بواری وەرزشە و لە 3٪ بۆ بواری ڕۆشنبیری یە، كە بەڕاستی ئەوە دەبێتە ڕێگر بۆ دروست كردنی ژێرخانی ڕۆشنبیری كە ئەگەر تێڕوانین و بەدواداچوونمان هەبێ بۆ گەلەری، بۆ هۆڵ، بۆ شانۆ، ژمارەیەكی زۆر كەم لە پارێزگاكان دا هەیە، تێبینی سێیەمم لەسەر ڕاپۆرتی لێژنەی بەرگری لە مافی ئافرەتە، كە بەڕێز وەزیری دارایی هیچ كۆمێنت و خوێندنەوەیەكی نەبوو بۆی، لێژنەی دارایی پێشنیاریان كردووە لە هۆڵی پەرلەمان یەكلایی بكرێتەوە، سەبارەت بە پێشنیاری یەكەم كە پێكهێنانی سندووقێكە لە وەزارەتی كار بۆ ئەو ژنانەی كە جیابوونەتەوە لە هاوسەرەكانیان بەڕێزان، لە یاسای ژمارە 15ی ساڵی 2008، یاسای هەمواركراوی یاسای باری كەسێتی ژمارە 188ی ساڵی 1959 لە ماددەی 39 بڕگەی 2 و 3ی هەمواركراو بە ماددەی 17 دووەم بڕگەی 4 ئیلزامی حكومەت كراوە، كە دەڵێ (تلتزم حكومة الإقليم

بالرعاية المطلقة التي لا تملك دخلاً شهرياً و يخصص المبلغ الشهري لها من قبل الرعاية الإجتماعية لغاية إيجاد فرصة عمل لها أو زواجها)، واتا ئەركی حكومەتە كە چاودێری ژنی جیابوو بكات كە مانگانەیەكی نیە، ئەوەی كە دەمەوێت ئاماژەی پێ بدەم بەڕاستی بەرچاو ڕوونییەكە لە نێوان جیاوازی ئەم سندووقە، واتا جیاوازی سندووقی چاودێری كۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەو بودجەیەی كە تەرخان دەكرێ بۆ چاودێری خێزانی لە وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی، بەڕێزان، ئەم تۆڕی چاودێری خێزانە تایبەتە بە هەژاران و كەم دەرامەتان، ڕاستە ئێمە خەڵكانێكی زۆر ئەوانەی كە لە هاوسەرەكانیان جیابوونەتەوە، سوودمەندن لەم تۆڕی چاودێری خێزانییە، بەڵام ئەوە بڕێكی زۆر كەمە، هەروەها هیچ منداڵ واتا بوونی دەرماڵەیەكی تایبەت بە منالً ڕەچاو نەكراوە، كە زۆرێك لەو ژنانەی كە جیا دەبنەوە بێگومان ئەركی بەخێو كردنی منالً، واتا نەفەقەی منالًەكەشیان لەسەرە، بۆیە پێشنیار دەكەین بەڕاستی كە سندووقی چاودێری كۆمەڵایەتی بۆچی تا ئێستا دانەنراوە؟ پرسیارەكە لێرەدایە، كە بۆ تا ئێستا ئەم مادده جێبەجێ ناكرێ؟ ئەم سندووقە نیە؟ بۆچی وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی ئەم سندووقەی دانەناوە؟ كە ئەركی وەزارەتی ناوبراوە و وەزارەتی داراییشە، چونكە بێگومان دەبێ وەزارەتی دارایی لە دەركردنی ڕێنماییەكان كار بۆ ئەم بابەتە بكەن، ئەوە تێبینی و سەرنجم بوو دەربارەی كاری ئەو لێژنانە، وەكو ئاماژەشم پێدا بەڕاستی زۆرێك لەو پرسیارانەی كە لەلام دروست بوو، لە هەردوو بەڕێزان وەڵامەكەیم وەرگرت، كۆتایی قسەكانیشم بە خستنەڕووی پێشنیارێكە، پشتیوان لەوەی كە پێشووتر ئاماژمان پێكرد لەوەی كە 10٪ی بڕینی بودجەی ئەو سێ سەرۆكایەتی یە پشتیوان بێ بۆ هەندێ لەو پێشنیارانەی دەیكەین، بۆیە پێشنیار دەكەم بە تەرخان كردنی بڕی 100 ملیار دینار ساڵانە بۆ زیندانیانی ململانێی ناوخۆ، هەرچەندە یاسای زیندانیانی سیاسی لەم پەرلەمانە دەرچووە، بەڵام ئەو یاسایە بەسەر ئەوان دا جێبەجێ ناكرێت، ئەوانیش ناگرێتەوە، پێشنیاری دووەمیشم بەڕاستی زیادكردنی مینحەی خۆكردە، واتا ئەو مینحەیەی كە بۆ دیاری كراوە، وەكو مینحەیەك دەدرێت بە بنەماڵەی كەس و كاری شەهیدان لە 27 ملیۆنەوە بۆ 36 ملیۆن، چونكە ئەوە تەنها بەشێكە لەوەی كە ئێمە بیر لەوە بكەینەوە ئەو خێزانانە كاتێك بیر لە دروست كردنی خانوو دەكەنەوە بە تایبەتی لەم بار و دۆخە، یان كە چەند ئەرك دێتە سەریان بۆیە پێشنیار دەكەم بە زیادكردنی بڕی مینحەی خۆكرد لە 27 ملیۆنەوە بۆ 36 ملیۆن، ئەوەش وەكو ئاماژەم پێدا لەو 10٪یەی كە پێشنیار كراوە لە هەر سێ سەرۆكایەتییەكە ببڕدرێن، شوێنی ئەو پێشنیارانە بكرێتەوە، جارێكی تریش پشتیوانی خۆم بۆ هەموو ئەو پێشنیارانەی كە لیستی كوردستانی پێشنیاری كردووە دەردەبڕم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك علي، فەرموو.

**بەڕێز علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

به ناوی ئەو خوایەی کە هەموومانی خۆش دەوێ، ڕێگریش نیە لە باس کردنی بودجە بەم چڕ و پڕییە، بەڕێزان بە حوکمی ئەوەی ئیمکانات و ئەولەویەت تەنانەت لە مەسەلەیەکی هەستیار وەکو بودجە پێوەری سەرەکی یە دڵنیاتان دەکەم، هیچ وەزارەتێك و لایەنی پەیوەندیدار بە بڕە بەشی خۆی لەو بودجەیە ڕازی نابێ وەکو بڵێی لە 100٪، ئێوە دەزانن بڕە بەشی بودجەی هەرێمی کوردستان دەڵێن 17٪ە لە بڕە بەشی بودجەی هەموو عیراق، بەڵام حەقیقەت ئەوەیە ژمارەکە زۆر کەمترە، جا ئەگەر بێت نیاز و چاوەڕوانی و خواستی هاووڵاتیان لە 17٪ی بودجە بە بڕە پارەی واقیعی ئەو کە دەکاتە 10.7٪ی هەموو بودجەی عیراق، کەواتە 12 تریلیۆن و 604 ملیارە، دیاری بکەین دیارە فەراغێك دروست دەبێ، دیارە بودجە کورت دێنێ، هەموو نیازەکان پڕ ناکاتەوە، وەزاراتی مەعنی ناچار بە موناقەلە دەکات، عەجز دەکات، هەندێکیش لە پرۆژەکان دوا دەکەون و پێیان دەوترێ پرۆژەی بەردەوام، دیارە لە هەندێ بابەتیش بەرچاو ڕوونی کەمتر دەبێ، بەڕێزان پێم خۆشە ئەم حکومەتەی ئێمە ئیعلام یان ڕاگەیاندنێکی وەهای بوایە کە بۆ هاووڵاتیان ڕوونی بکردایەتەوە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرباری هەموو کەم و کوڕییەکان بە داتا و بە بەڵگەوە بیگوتایە بە بڕە پارەی 10.7٪ لە بودجەی هەموو عیراق، ئە بڕە پارەیەی بودجەی هەرێم لە ساڵانی ڕابردوو ئەم هەرێمەی گەیاندۆتە چ ئاستێك؟ پرسیاری من ئەوەیە ئایا سیاسەتی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نەهێشتنی دیاردەی هەژاری و بێکاری تا چ ڕاددەیەك سەرکەوتوو بووە؟ لە قسەکانی سەرگوڵ خان دەرس وەردەگرم، بە حەقیقەت ڕێژەکە زۆر زۆر مایەی دڵخۆشی یە، بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە دەڵێن لە عیراقی فیدراڵ بەدەر لە هەرێمی کوردستان 35 تا 40٪ خەڵکی هەژارمان هەیە کە لە ژێر هێڵی نەداریدان، بە تەبیعەتی ئەوەش دەزانن هێشتاش هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عیراقی فیدراڵ، من حەقە لێرە بپرسم حکومەتی فیدراڵ بە بودجەیەکی زیاتر لە 80٪ چی بۆ هاووڵاتیانی خۆی کردووە؟ ئایا بە گێڕانەوەی ئیستیحقاقاتی هەرێمی کوردستان دۆخی خۆش گوزەرانی لە دەڤەرەکانی تری عیراق باشتر بووە؟ من وەکو نموونە بەغداتان بۆ دەهێنمەوە، پایتەختی عیراقە، دەڵێن 7 ملیۆن و نیو نفووسی هەیە، دیارە لە دیاری کردنی بودجە، پێوەرێك ڕێژەی دانیشتووانە، کەوابوو یەك و نیو تا دوو ئەوەندەی هەموو بودجەی هەرێمی کوردستانی بۆ تەرخان دەکرێ، بەڵام لەوێوە دەپرسم پایتەختێك کە لە شەو و ڕۆژێکدا چوار سەعات کارەبای نیە، کێشەی ئاو و ئاوەڕۆ، ڕێگاوبان، هەموو ئەو دیاردانەی کە نیشانەی ژیارین، کراونەتە قوربانی پرۆسەیەك بە ناوی پرۆسەی ئەمنی، پرۆسەی بەرەنگاری توند و تیژی ئیرهاب، ئەندامە بەڕێزەکان ئایا پایتەخت لە هەموو دونیا هەیە هێندەی بەغدا نا ئەمن بێ؟ بێ خزمەتگوزاریی بێ؟ پڕ لە سەرباز و پۆلیس بێ؟ هەڵبەت ئەوە پاساو نیە، بۆ کەم و کوڕییەکان لە بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ نادیاری و ناڕوونییەکانی بودجەی هەرێمی کوردستان، من لێرە پرسیار دەکەم، لەو 28 ملیار دۆلارەی کە بۆ چاککردنی سەکتەری کارەبا لە عیراقی فیدراڵ دیاری کراوە، گرفتەکەش هەر وەك خۆی ماوەتەوە، هەرێمی کوردستان چەندی بەرکەوتووە؟ لە حاڵەتێك دۆخی کارەبا لە کوردستان دەبینین چۆنە، تەبعەن کاتێك کە بڕە پارەی بەشی خۆتت نەداتێ، بارگرانییەکە دەکەوێتە سەر ئەستۆی خۆت،

هەروەك حكومەتی هەرێمی كوردستان بۆ چارەسەركردنی كێشەی كارەبا خۆی دەبێ شانی هیممەت و باڵی هیممەتی لێ هەڵبكا، ئێوەش دەزانن هەر لە شنگالەوە تا مەندەلی حەق وابوو بەلاُجۆ و زرباتییەشی لەسەر بێ، بارگرانییەكەی، خەرجییەكانی كەوتۆتە سەر ئەستۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان، هەموو ناوچە بێ ناز كەوتووەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان، بە حوكمی ئەوەی حكومەتی ئێستای بەغدا و حكومەتەكانی رابردووش پشتی لێ كردوون، دەبێ حكومەتی هەرێمی كوردستان ئاوڕیان لێ بداتەوە، دەبێت دەیان ملیار، سەدان ملیار دۆلار، دینار لە بودجەی هەرێمی كوردستانی عیراقی بۆ خەرج بكرێ، ئەوەش بە بڕوای من سیاسەتێكی حكومەتی ناوەندی یە، كە هەرێم نەتوانێ بە تایبەت لە بواری ئابووری هەناسە هەڵكێشێ، بارگرانی ئەو ئەركەش لە شەڕێكی ڕانەگەیەنراوی ئابووری، بەردەوام كە ئەوی پاراستنی گیان وماڵی هاووڵاتیانی ئەو دەڤەرانەیە دەخوازی بخاتە سەر شانی حكومەتی هەرێم، دیارە ئەو مەصاریفەش دێتەوە ناو ئەو بودجەی كە ئەمڕۆ ئێمە موناقەشەی دەكەین، ئەوەی كە نووسراوە و نەنووسراوە، ئەوەی كە وتراوە و نەووتراوە، من پرسیار دەكەم ئایا ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی كوردستان 4 ملیۆن و ئەوەندە كەسەیە؟ یان نەخێر؟ ئەو 35 تا 40 تا 45٪ لەو كوردانەی كە لە دەرەوەی هەرێمن لە ناوچە كێشە لەسەرەكانن، چونكە ئێمە لە موناقەشەی ئەو بودجەیە زۆر پرۆژەكانمان دی بۆ ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستانە، واتا لانی كەم ئێوە دەبێ دوو ملیۆن كەس زیاتر لەو ژمارە، لەو ڕێژەی كە لێرە حیسابی بۆ دەكەین، لەبەر چاو بگرن، ڕەچاو بكەن، كە خەرجی دەكەوێتە سەر ئەستۆی حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەڕێزان من دەپرسم لەدەیان ملیار دۆلار كە بۆ نۆژەنكردنەوە و پرچەكردن و تەیار كردنی سوپا و هێزە ئەمنییەكانی عیراق تەرخان كراوە چەندی دراوەتە هەرێمی كوردستان؟ تەبعەن دیارە بۆ بەرگری لە ئاسایش و ئەمنی هەرێمی كوردستان بە حوكمی ئەوەی بە تایبەت دۆخی ئەمنی دەرەوەی هەرێمی كوردستان نالەبارە، ئێمە ناچار دەبین دوو هێندە خەرج بكەین، دیارە دەبێ خۆت مووچەی پێشمەرگە بدەی، لەوێش لێت دەبڕێ، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان حەقیقەتێك هەیە، حكومەتی ناوەند تەنیا لە یەك شت ڕێگری ناكات لە حكومەتی هەرێمی كوردستان، ئەویش چونكە خۆی گرفتی هەیە، خۆی ناتوانێ بودجەی وەبەرهێنان خەرج بكات، ڕێتان دەدات كە تەعین بكەن، دامەزرێنن، دیارە مانعی نیە هەموو بودجە بكاتە موخەصەصات، بەڵام ئێمە ئایا دەخوازین و دەتوانین هەمان كار بكەین؟ واتا ئیلتیزامێكی ئەبەدی بۆ حكومەتی هەرێم دروست بكەین؟ ئێوەش دەزانن كە كەسێك دامەزرا و مووچەی بۆ دیاری كرا ناتوانی مووچەی ببڕی، بەڕێزان، ئەندامانی پەرلەمان، نوێنەرانی حكومەت، من لێرە ناچمە سەر باسی چەند هەزار پرۆژەی ناو ئەم بودجەیە، باسی مسۆگەر كردنی دادگەریش لە بودجە حەقیقەت شتێكی زۆر ئەستەمە، ئێوە دەزانن دروست كردنی پرد لە ناوچەیەكی شاخاوی زۆر جیاوازە لە پێ دەشتێك، كەواتە ناكرێ تەنیا ڕێژەی دانیشتووان یان ئەوە بكەینە پێوەرێك، هەندێ خصوصیەتی تر خۆی فەرز دەكات، من لێرە ئەوەی سەرنجتان بۆی ڕادەكێشم بۆ ئەو پرۆژە نەنووسراوانەیە، بۆ ئەو پرۆژانەیە كە لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوو بە هیچ شێوەیەك لە شێوەكان باسی نەكرا، ئەمساڵیش وەك ساڵانی رابردوو

لەم بودجە لە دوور و نزیك ئاوڕی لێ نەدرایەوە، بە بڕوای من ئەویش پرۆژە نەتەوەییەکانە، بەڕێزان هەرچەند دروشمی نەتەوەییمان زۆرە، بەڵام لە زۆر حاڵەت ئەگەر بێ خەرج بوو، من وای دەبینم ئاوڕدانەوە لە ناوچە کێشە لەسەرەکان کە ساڵی پار 70 ملیار بوو، ئێستا 50 و ئەوەندە و پێشنیار کراوە بکرێتە 100 ملیار، ئەوە پرۆژەیەکی نەتەوەیی یە، ئەوە ئەرکێکی پیرۆزە، چونکە ئەو ناوچانە دوای ئەنفال و هێشتاش بە دەست نائەمنی، بە دەست هەژاری و دەست کورتی و دیاردەی بێ ئیشی دەناڵێنن، هێشتاش غەزەبی وشکەساڵیان لە کۆڵ نەبۆتەوە، وەك وتم لە هەر حیساباتێك 35 تا 45٪ لە خاك و لە نفووس، ل ژمارەی دانیشتووانی کوردستان و لە ڕووبەری کوردستان زیاد بکەن لە تەرخان کردنی بودجە، لە موناقەشە کردنی بودجە، چونکە ئەوە حەقیقەتێکی فیعلی یە، ئەندامانی بەڕێز باسی کێشەی ئاوارەکانیان کرد، لە 100٪ لەگەڵیاندام، تەصەور دەکەم ئەوە مەسەلەیەکی، پرۆسەیەکی بەردەوامە، بەمزوانە تەواو نابێ، لە هەموو ساڵێك دەبێ ئیهتیمامێکی زیاتری پێ بدەین، چونکە نەهێشتنی دیاردەی تەعریب، وەك وتم دیاردەی ئاوارەیی و دەربەدەری پێویستی بە بودجەی زیاتر و زیاتر هەیە، من لێرە دەڵێم ئێوە کە پەیجوری ڕاگەیاندن و سیاسەتی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ڕەسمی و نا ڕەسمی پەیوەست بە حکومەتی ناوەندی بکەن، شتێکتان لێ مەعلوم دەبێ، بە تایبەت لەم دواییانە، حکومەتی ناوەندی بۆ پاساوی کەم تەرخەمییەکانی خۆی، قصوری خۆی بەرامبەر بە ناوچە دابڕاوەکان لە ئیعلامی خۆی وا دەنوێنن، وا دەڵێن کە هەرێمی کوردستان ئەو 17٪ بودجەیەی کە وەری دەگرێت واتا حەقی ئەوانیشی تێدایە، واتا هەرچی کوردە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەو بڕە پارەیەی کە پێی دەڵێن 17٪ کە دەرچوو واش نیە، 10.7 دە تریلیۆن پۆینت حەوت ملیارە، دەڵی ئەوە ئێوە لێی بێ بەشن، بە پاساوی ئەوەی کە دەڵێ ڕێژەی دانیشتووانی کوردستان 17٪ نیە، بە بڕوای من حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ وەڵامی ڕوون و ئاشکرای هەبێ، چونکە ئەوە حەقیقەت نیە، کە بودجەی دراو 17٪، نە بڕە پارەی بەشی کوردانی دەرەوەی هەرێمیش لەو بودجەیەدا ڕەچاو کراوە، بە پێچەوانە دەبێ ئەو بڕە پارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانی ڕابردوو بەم ساڵێشەوە بۆ ئەو ناوچانە خەرجی دەکات، وەکو قەرز لەسەر حکومەتی ناوەندی بکرێتە ماڵ، چونکە ئەوە ماڨی هاووڵاتیانی کوردستان و ماڨی ئەو دەڤەرانەشە، دوا خاڵی جێ سەرنجیشم ئەوەیە، وەك کوردێکی فەیلی جیا لە ناوخۆی هەرێم، جیا لە ناوچە کێشە لەسەرەکان، باسی هەندێ شوێنی دوورە دەستتان بۆ دەکەم، بۆ وێنە وەك بەغدا، بەرەچاوکردنی داخوازی بۆ زیاد کردنی پرۆژە نەتەوەییەکان، دابین کردنی گوژمەیەك لەو پرۆژانەی کە بەردەوامن، پێموایە نابێ لاتان سەیر بێ، بەڵکو دەبێ ئەندامانی بەڕێز پشتیوانیشمان بن، بۆ ئەوەی کە بۆ ئێمە کورد وەك نەتەوە کە لەو چەشنە حاڵەتانە زۆرن، کە پێویستە یارمەتی ماددی لە تەنیشت یارمەتی مەعنەوی بێ، بۆ ئەو کەیسانەی کە بە ئەنفال و جینۆسایدی کورد ناسراون، تەبعەن زۆر ئاسایی یە داوامان و تەمەنامان لەو بودجەیە هەبێ، کە چەند تریلیۆنە، هەر نەبێ بەشی کوردیی زانکۆی بەغدا لەبەرچاو بگرن، لە مەترسی داخراندایە، مادام کوردانی فەیلی سلفەی عەقار، پێشینەی هاوسەرگیری، بەرنامەی تواناسازی، پێدانی

زەوی، ئەو ئیمتیازاتانەی تر بە حوکمی هەندێ ڕێکاری قانونی نایانگرێتەوە، من دەڵێم هەر نەبێ باخچەیەکی ساوایان، قوتابخانەیەك، بنکەیەکی تەندروستی، یانەیەکی وەرزشیمان بۆ دروست بکەن، ناڵێم لە کوت، لە زرباتیە، بەڵکو لە بەغدا، وەك چۆن دۆستانی گەلەکەمان دێنەوە لە کوردستان ئەو چەشنە ناوەندانە دروست دەکەن، ئەوە حەقیقەتێکە خەڵکی ئێمە نە بە شێوەی عەفەوی، بەڵکو بە بەرنامە لەو ناوچانە بێ بەش کراون، مەحروم کراون، دواجاریش دەتوانم بڵێم بە تەمای خوا و بە تەمای ئەو بڕیارەین کە ئێوە ئەندامانی بەڕێز بە پەسندکردنی بودجە بۆ پرۆژە نەتەوەییەکان، دەتوانین دەست گیرۆییمان بکەن، هەر نەبێ زەکاتی خۆشگوزەرانی ئەم هەرێمە بۆ ئەو کوردە دوورە وڵاتە خەرج بکەن، دیسانەوە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دانیشتنی ئێستامان کۆتایی پێ دەهێنین، یەك سەعات ئیسراحەت، سەعات 9 دێینەوە، بە خواتان دەسپێرین تا سەعات 9.

## دانیشتنی سێیەم

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆکان، فەرموو لێژنەی دارایی بۆ شوێنی خۆتان، فەرموو کاك قادر.

بەڕێز قادر احمد سمایل:

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشی لە لێژنەی دارایی و سەرجەم لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانی کوردستان دەکەم، کە لە ماوەی مانگی ڕابردوودا هەر یەکێ لە لیژنەکان پەیوەندیدار بووە بە وەزارەتێکەوە، بۆ هەڵسەنگاندنی بودجە و دابین کردنی پێداویستییەکانی ئەو وەزارەتە هەر هەموو لایەك ماندوو بووە، دەمەوێ لە پرۆژە بودجەی ئەمساڵدا هەندێ باری سەرنجی خۆم پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان بکەم، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا موناقەشەیەکی زۆر لەسەر بودجەی هەرێمی کوردستان کراوە، زۆرجار گوێ بیست دەبین کە بودجەی هەرێمی کوردستان وەکو ئەوەی کە زۆر پێویست بێ پلانی تێدا نیە لە دابەش کردنی بودجەدا، من بەش بە حاڵی خۆم چەند نموونەیەك پێشکەش دەکەم کە بودجەی هەرێمی کوردستان توانیوێتی تا ئاستێکی باش خزمەت بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکات، ئەگەر نموونە بە

وەزارەتی پەروەردە بهێنمەوە، بە پێی ئامارێك كە لەبەر دەستی مندایە 110 هەزار مامۆستا لە وەزارەتی پەروەردە هەیە، ملیۆنێك و پێنج سەد و چل هەزار خوێندكار هەیە لە ڕەوزەكانەوە تا ئامادەییەكان، پێنج هەزار و حەوت سەد و پەنجا خوێندنگا هەیە، دابین كردنی بودجەی پێویست بۆ 110 هەزار مامۆستا لە ڕووی ژیان، خوێندنگا بۆ ملیۆێك و پێنج سەد و چل هەزارخوێندكار، دابین كردنی لە ڕووی بیناوە، پێنج هەزار و حەوت سەد و پەنجا خوێندنگا، ئەوە بەڕاستی بودجەیەكە، خزمەتێكە كە زۆر جێگای دەستخۆی یە لە حكومەتی هەرێمی كوردستان، لە پێش خستنی پرۆسەی خوێندن لە هەرێمی كوردستان، نموونەی دووەمم بە وەزارەتی خوێندنی باڵا دێنمەوە كە تا ئاستێك لە هەرێمی كوردستان خزمەتی بەپرۆسەی خوێندن كردووە و بەرەو پێشی بردووە، پێش ڕووخاندنی ڕژێمی عیراق یاخود بڵێین پێش ڕاپەڕین ئەم هەرێمەی ئێمە تەنها یەك زانكۆی تێدابوو لە هەرێمی كوردستان، خۆشبەختانە ئێستا بە زانكۆ ئەهلییەكانەوە، بە زانكۆ حكومییەكانەوە 21 زانكۆ لە هەرێمی كوردستان هەیە، ئەم 21 زانكۆیە نزیكەی 100 هەزار خوێندكاری لەخۆ گرتووە، 5000 مامۆستا لە پلەی دكتۆرا و ماستەر دەرس لەو خوێندنگایانە دەڵێتەوە، ئەگەر دوژمنێك بانگ بكەین پێی بڵێین چۆن دەڕوانیتە پرۆسەی خوێندنی باڵا لە هەرێمی كوردستان، ئەم ژمارەیەی بخەینە بەر دەست بە دڵنیاییەوە نەك دڵخۆش نابێ بەو گەشەكردنە، بە پێچەوانەوە زۆر ناڕەحەت دەبێ، زۆر بێزار دەبێ، كە هەست دەكات لە سنوورەكە، لە جیرانی ئەو خوێندن و ئاستی پرۆسەی خوێندنی باڵا لە هەرێمی كوردستان بەو شێوە گەشەی كردووە، لە بودجەی هەرێمی كوردستان وەك 120 ملیار دینار دیاری كراوە وەك هەڵمەتی نیشتمانی، لەسەرجەم پرۆژەی بودجە بە بڕوای من زیاتر لە 70 تا 80 خوێندنگای تر هەیە، ئەگەر ئەو 120 ملیارە بۆ هەر خوێندنگایەك تا ملیار و نیوێك پارەی تێ بچێ كە بە بڕوای من ئاگام لەوەی نیە، زیاتر یان كەمتری تێ دەچێ بۆ خوێندنگای 18 پۆلی، زەربی 25 خوێندكاری بكەین بۆ هەر پۆلێك، هەر خوێندنگایەك 450 خوێندكار دەگرێ، ئیزافەتەن بۆ 70 تا 80 خوێندنگا كە لە ناو پرۆژە بودجەكەدا هەیە، حەز دەكەین حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەمساڵ و لە ساڵی داهاتووش، ئەمساڵیش هەموو ساڵێ نزیكەی 70 هەزار جێگای خوێندنی هەزار خوێندكار دەكاتەوە، من بەش بە حاڵی خۆم هەم وەك هاووڵاتی، هەم وەكو ئەندامی پەرلەمان زۆر دڵخۆشم بەوەی كە حكومەتی هەرێمی كوردستان بە پلانی باش، بە بەرنامەی باش، بە دڵسۆزی باش توانیوێتی تا ئاستێكی باش لە پرۆسەی خوێندن دا خزمەت بە هەرێمی كوردستان بكات، تێبینی دووەمم لەسەر ژیان و گوزەرانی هاووڵاتییانە، ئەگەر تەماشای ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان بكەین، لە پێش پرۆسەی ئازادی عیراق ئاستی بژێوی هاووڵاتی لە ئاستێكی زۆر نزم دابوو، ئاستی خۆشگوزەرانی زۆر نزم بوو، ئومێدی زۆر بە ئایندەی هەرێمی كوردستان نەبوو، بۆیە دەماندیت بەردەوام ڕێگاكانی هەندەران جمەی دەهات، لە ڕۆیشتنی گەنجان و لاوانمان، خێزانی هاووڵاتییەكانمان بۆ دەرەوی وڵات، بەڵام ئێستا شتەكە تەواو پێچەوانە بۆتەوە، هەرێمی كوردستان ئاستی بژێوی لە ئاستێكی باشدایە، خۆشگوزەرانی بەرەو پێش دەچێ، ئەگەر بە پێی ئامارێك كە باس دەكرێ، هەندێك دەڵێن لە 7٪ی هاووڵاتیان هەژارن،

هەندێکیش دەڵێن لە 14٪، هەر چ یەکێك لەو رەقەمانە وەربگرین کە بە ژمارەی نفوسی هەرێمی کوردستان تا چوار ملیۆن و نیو ئەوە دەکرێ بڵێین 300 بۆ 400 هەزار هاووڵاتی لە هەرێمی کوردستان ئاستی بژێوی وەك پێویست نیە، بەڵام ئەگەر چەند ساڵی پێشووتر وەربگری پێش پرۆسەی ئازادی عیراق، ئەوە لە سەرووی دوو ملیۆن هاووڵاتی زیاتر ئاستی بژێوی ژیانی لە ئاستێکی زۆر نزم دابوو، بۆیە ئومێدم وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان موئەسەساتی پێشخستنی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان لە هەرێمی کوردستان دەتوانێ بە شێوەیەکی باش ئاستی بژێوی ئەو چەند سەد هەزار هاووڵاتییەی کە ماویشە بەرەو بەرزکردنەوەی بەرێ، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان یاسای کەم ئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەتمان دەرکردووە، یاسای خانەنشین و دەستبەری کۆمەڵایەتیمان دەرکردووە، ئەم یاسایانە هەمووی بەشێك دەبێ لە پرۆژەیەك کە بەرەو هەژارەکان دەڕوات، بەرەو دابین کردنی بژێوی ژیانی هاووڵاتیان دەڕوات، لە هەمان کاتیش دا بودجەیەکی زەبەلاحی تر بە پێی ئەو پرۆژە یاسایانە دەخەینە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، شوێنی نیشتەجێبوون لە ساڵانی ڕابردوودا زۆر زەحمەت بوو، بە پێی ئامارێك کە لە وەزارەتی دارایی دەستمان کەوتووە سلفەی عەقار ساڵی پار بۆ ئەم شەش مانگەش دراوەتە 71020 حەفتاو یەك هەزار و بیست کەس، واتا حەفتا و یەك هەزار خانووی نیشتەجێبوون لە کوردستان دا کراوە، ئەوە رەقەمێکە بە دوو ساڵی ئاییندە هەرێمی کوردستان بە ئاستێك دا دەڕوات کە ڕەنگە هیچ کەس نەبێ لە خانوویەکی نیشتەجێ بوون دابێ بە کرێ، ئەو کولفەیەی لە خانووی نیشتەجێ بوون صەرف کراوە، لە بودجەی هەرێمی کوردستان بریتی یە لە یەك تریلیۆن و چوار سەدو بیست ملیار و چوار سەد ملیۆن دینار، من دەپرسم ئەوە بودجەی هەرێمی کوردستانە، ئایا 71020 حەفتاو یەك هەزار و بیست کەس سلفەی عەقاری وەرگرتووە، تریلیۆنێك و چوار سەد و بیست ملیار و چوار سەد ملیۆن دینار پارە صەرف کراوە، ئەوە بودجەی هەرێمی کوردستان نیە؟ ئەوە پلان نیە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گەشەپێدان، بۆ ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی کوردستان صەرفی کردووە؟ سلفەی زەواج 167191 سەد و شەست و حەوت هەزار و سەد و نەوەد و یەك کەس وەری گرتووە، ئەگەر زەربی پێنج ملیۆن دیناری بکەی، پێنج ملیۆن دینار بەو پارەی ئێستا کە هەمانە 835 ملیار و 955 ملیۆن دینار دەکات، زۆر جێی دڵخۆشی یە کە پێك هێنانی خێزان لە هەرێمی کوردستان بە پشتیوانی بودجەی هەرێمی کوردستان، بە پێی ئەو پلانەی کە داندراوە بۆ هاوسەرگیری لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی 12 مانگ، 15 مانگ، 18 مانگیش حیساب بکەین، 167191 حاڵەتی زەواج هەبووە، دەعمێکی باشی لە پشت بووە، ئەوەش جۆرێکە لە خزمەتێکی گرنگ کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشکەش بە هاووڵاتیانی خۆی دەکات، بە درێژایی 30 ساڵی ڕابردوو من لە شاری ڕانیە ژیاوم، ئەوەندەی دیتوومە تا کۆتایی، نزیك کۆتایی هەشتاکانیش کارەبا لە وڵاتەکەی ئێمە، بەتایبەتی لە قەزاکان، تەنها شەوانە چەند سەعاتێك هەبوو، بەداخەوە دوای ڕاپەرینیش ئاستی کاربا پێدان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هاووڵاتیان لە ئاستێکی زۆر نزم دا بوو، جێی دەستخۆشی یە بڵێین حکومەتی هەرێمی کوردستان بە پلانێك کە ئاستی کارەبا پێدان زیاد بکات لە

هەرێمی کوردستان بە بودجەیەکی باش، وەك خزمەتگوزارییەك کە یەکێکە لە پێویستییە سەرەکییەکانی هاووڵاتی، توانیویێتی ئێستا 24 سەعات کارەبا بدات، پرسیار ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان قودرەتی هەبێ، توانای هەبێ ئاستی بەرهەمهێنانی کارەبا و پێدانی بە هاووڵاتی 24 سەعاتدا مسۆگەر بکات، بۆیە ئەگەر من هاووڵاتی بم لەو بوارە خزمەتگوزارییانەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان ببینم، نەك جارێك دەیان جار دەستخۆشی لەم حکومەتە دەکەم، ئومێدم ئەوە دەبێ ئەم حکومەتە بەرەو پێش بچێ، بەرەو باشتر بڕوات، بەرەو خزمەتی باشتری هاووڵاتیان بڕوات، تێبینییەکی ترم لەسەر ئاسایشی هەرێمە، ئەگەر وڵاتێك باش ببینی، بتەوێ سەردانی بکەی، تێیدا ئاسوودە بی، پێش هەر شتێك باس لە ئاسایشی ئەو وڵاتە دەکەین، من هیچ کەسێ نابینم لە هەرێمی کوردستان بیر لەوە بکاتەوە بچێتە صۆمال، بیر لەوە بکاتەوە بچێتە وڵاتێك کە لە شەڕ و کوشت و کوشتار بترازێ هیچ شتێکی تری لێ نیە، ئاسایشی هەرێم نەك بۆ هاووڵاتیان جێگای دڵخۆشی یە، بەوەش زیاتر دڵم خۆشە کە سەرجەم هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانیش هاوڕان لەگەڵ ئەوەی کە ئاسایشی هەرێمی کوردستان لە ئاستێکی زۆر باش دایە، هەر چ وڵاتێك ئاسایشی تێدا بوو، ئارامی سیاسی هەبوو، ئارامی کۆمەڵایەتی هەبوو، ئینسانەکان ئازاد بوون لە سووڕان و گەڕان لەم وڵاتەدا، ئەو وڵاتە بە دڵنیاییەوە دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە گەشتیار بۆ ناوچەکە ڕاکێشێ، پرۆژەی وەبەرهێنانی بیانی لە ناوچەکەدا بەرەو پێش بەرێ، زۆر جێی دڵخۆشی یە ئەگەر ئێستا سواری سەیارەی بی بچیتە دهۆك، لەوێشەوە بگەڕێیتەوە بچیتە خانەقین بستێك لە هەرێمی کوردستان نیە ئینسان گومانی لێ بکات کە شەو بەو ڕێگایە تێنەپەڕێت، ئەوە خزمەتێکە کە ئینسان، کە هاووڵاتی، کە ئێمەی پەرلەمانتار و هێزە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان لە پێش خواردن پێویستیتمان پێیەتی، لە پێش کارەبا پێویستیمان پێیەتی، لە پێش ڕێگاو بانیش پێویستیمان بە ئەمن و ئاسایشە، جێی دڵخۆشی یە ئەم ئارامییەی هەرێمی کوردستان بۆتە هۆکارێکی باش بۆ هاتنی کۆمپانیا بیانییەکان بۆ هەرێمی کوردستان و هەوڵدان بۆ دەرهێنانی نەوت لەو هەرێمە، هەرێمی کوردستان بەو حوکمەی لە سیستەمی سیاسی هەیەتی، لە دابین کردنی ئازادی، لە مەسائیلی فرەیی، لە جۆرێکی زۆر باش لە مەسائیلی دیموکراتی، لە خۆش گوزەرانی پێکەوە ژیانی سیاسی، بە ڕەغمی ئەو خیلافانەی کە لە نێوان هێزە سیاسییەکان دا هەیە، کە ئەوە حاڵەتێکی زۆر ئاسایی یە، هێزی سیاسی لە هەر وڵاتێك دا، لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی نیشتمانیدا، بە خیلافی سیاسییەوە پێکەوە بژین، ئێستا دەبینین هەرێمی کوردستان کۆمپانیا گەورەکانی وەبەرهێنانی نەوت وەکو ئیکسۆن مۆبیل دێتە هەرێمی کوردستان، لە بواری دەرهێنانی نەوتدا دەست بەکار دەکات، هاتنی ئەو کۆمپانیا گەورانە بۆ هەرێمی کوردستان چەند ئەهمیەتی ئیقتیصادی هەیە، بە قەدەر ئەوەش ئەهمیەتی سیاسی هەیە، من لە ماڵپەری ڕۆژنامەکان دا لە یەك لە سایتەکان وتارێکی تەرجومەکراوی نووسەرێکی تورکیم خوێندەوە لەسەر هەرێمی کوردستان و پرۆسەی دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان، بە ئاشکرا دەڵێ پرۆسەی دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان لە ڕووی یاساییەوە هیچ خەلەلێکی تێدا نیە، بەڵام لە ڕووی سیاسییەوە کێشەی هەیە، باس لەوە دەکات ئەو

پرۆسەی دەرهێنانی نەوت ساڵ بە ساڵ چۆن بەرەو پێش دەچێ؟ بە پێی بەرنامەیەك كە لە هەرێمی كوردستان هەیە ئەگەر من غەڵەت نەبم هەندێك برادەر پێیانوایە لە ساڵی 2014دا، منیش پێموایە ئابی 2013 دەبێ هێڵی ناردنی نەوت لە تەقتەقەوە بەرەو توركیا تەواو ببێ، بە تەواو بوونی ئەو هێڵە نەوتە هەرێمی كوردستان یەكێك دەبێ لەو شوێنانەی كە نەك 175 هەزار بەرمیل نەوت نانێرێتە دەرەوە، بەڵكو بە 500 هەزار و بەرەو سەرەوەش دەڕوات، پرسیارەكە ئەوەیە ئەو شوێنانەی نەوتی زۆریان تێدایە، ئەو شوێنانەی بەرهەمهێنانی نەوتیان زۆر تێدایە، ئەو شوێنانەی كە وڵاتە زل هێزەكانی دونیا دێن نەوتی تێدا دەردەهێنن، قەت گومان دەكرێ پشت لەو دەستكەوتانەی خۆیان بكەن و بەجێی بهێڵن؟ بە دڵنیاییەوە دەرهێنانی نەوت یەكێكی ترە لە هۆكارە سیاسییەكان كە پارێزگاری لە هەرێمی كوردستان دەكات، بۆیە جێی خۆیەتی دەستخۆشی لە دەزگاكانی ئاسایش، لە دەزگاكانی هێزی ناوخۆ، لە هێزی پێشمەرگەی كوردستان بكەین، ئەگەر وردبینەوە لە زرووفی سیاسی هەرێمی كوردستان، لە چوار دەورمان ئەوە هەرگیز ئەو ژمارە هێزەی كە هەمانە لە هەرێمی كوردستان، ژمارەیەكی زۆر نیە، موقارەنەتەن بە كێشە سیاسییەكانی لە ناوچەكەدا هەیە، بە كێشەكانی ئێمەش لەگەڵ دەوروبەر هەمانە، بۆیە دابین كردنی بودجەی پێویست لە هەرێمی كوردستان بۆ وەزارەتی ناوخۆ، بۆ دەزگای ئاسایش، بۆ دەزگای ئەنجومەنی ئاسایش، بۆ هێزی پێشمەرگە، ئەوەش یەكێكی ترە لە ئەركە گرنگەكانی حكومەتی هەرێم كە ڕێژەیەكی زۆرباش، كە بە بڕوای من لە 25٪ بودجەی هەرێم بەرەو سەرەوە بێ، واجیبێكی باشی جێبەجێ كردووە بۆ بەردەوام بوونی ئەمن و ئاسایشی هەرێمی كوردستان، شتێكی تر كە لەسەر هێزی پێشمەرگە دەمەوێ بە سەرجەم ئەندامانی پەرلەمانی بڵێم ئەوەیە/ لەگەڵ ئەوەی بەشێكی زۆری هێزی پێشمەرگە لە لیواكانی هێزی پێشمەرگەدا ڕێكخراون، مووچە و پێداویستییەكانی سەربازیان دابین كراوە، بەڵام جێی داخە یەكەكانی 70 و یەكەكەكانی 80 كە ڕەنگە ژمارەكانیان بۆ 30 تا 40 هەزار پێشمەرگەی تر بچێ، تا ئەم ئاستە مووچەكەیان نزیكەی 490 هەزارە، كە بەشی لانی كەمی ژیان ناكات، شتێكی تر كە دەمەوێ لەم كۆبوونەوەیەدا باسی بكەن شەهیدانە، كەس و كاری شەهیدان پیرۆزترین كەسی خۆیان بەخشیوە بە ڕزگاری نیشتمانی، بە سەركەوتنی میللەتەكەمان، بۆ پاراستنی میللەتەكەمان، لە كاتێك دا بژێوی ژیانی شەهیدان دابین كرا، ئاستی ژیان، نرخی بازاڕ لە ئاستێكی نزمتردا بوو، بەڵام ئێستا دەبینین نرخی بازاڕ لە بەرزبوونەوەدایە، مووچەی كەس و كاری سەربەرزی شەهیدانیش لە جێگای خۆی وەستاوە، بۆیە پێشنیارم بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەوەیە كە هەوڵێكی جیددی بدات، بە پێی ئاستی بژێوی هاووڵاتیان، ئەو نرخەی ئێستا لە بازاڕ هەیە، ئاستی ژیانی كەس و كاری شەهیدان باشتر و بەرەو باشتری ببات، ڕێژەی بودجەی وەگەڕخستن بە پێی پرۆژەی بودجە لە 70٪ و لە دەیا 48، ڕێژەی بودجەی وەبەرهێنان لە دەیا چوارو لە دەیا چوار، بودجەی وەگەڕخستن 14٪ بەرز بۆتەوە، دڵنیام ئەو بەرزبوونەوەی ڕێژەیە بەهۆی دابین كردنی پێداویستییەكانی زیاتر كە لە ناكاو دێ، بەشێكیشی بەهۆی ئەو پرۆژە یاسایانەیە كە لە پەرلەمانی كوردستان ئێمە خستوومانەتە وەك ئەركێك لەسەر حكومەتی هەرێمی كوردستان، بەڵام

دیسانەوە پێشنیار دەكەم واجیبی حكومەتی هەرێمی كوردستانە تەنها لە چوارچێوەی نەوت دا بژێوی ژیانی هاووڵاتیان دابین دەكات، لە چوارچێوەی بودجەی عیراق دا وەكو گرنگییەكی گەورە و باش بدات بە كارگەی بچووك، بە دەستی كار، بە پرۆژەی بچووك، بە قەرز، بەردەوام بێ قەرزی بچووك بۆ پێدانی بژێوی ژیان، یان بۆ كاری دەست لە هەرێمی كوردستان، منیش وەك هاوكارانم داوای ئەوە دەكەم بۆ پڕ كردنەوەی لایەنی كەمی ئەو عیجزەی لە كوردستان هەیە، لە بودجەی هەر چوار سەرۆكایەتییەكەی هەرێمی كوردستان ڕێژەی لە 10٪ ببڕدرێ، بەم چەند ڕۆژەی موناقەشە كرا تێبینیم نەكرد هیچ یەكێك لە ئەندامە بەڕێزەكانی پەرلەمان لای بكاتەوە بەلای كێشەیەك دا كە ڕۆژانە مەئساتی بۆ هەرێمی كوردستان پێوەیە، بە هۆی شەڕی عیراق و ئێرانەوە زۆرترین سنوورەكانی هەرێمی كوردستان، ناوچە شاخاوییەكان پڕە لە لوغم، كە مەزندە كراوە بە نزیكەی 20 ملیۆن لوغم لە هەرێمی كوردستان هەبێ، بەداخەوە دەزگای مین لە هەرێمی كوردستان وەكو دەزگایەكی زۆر لاوەكی تەماشا كراوە، كە بودجەكەی تەنها 16 ملیار و 841 ملیۆنە، بۆیە من پێشنیار بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەم كە بودجەی دەزگای مین و خودی دەزگای مینیش زۆر چالاك بكەین، چونكە ساڵانە دەیان شەهید و بریندار، دەیان دەست و قاچ بڕاو بە هۆی شەڕی عیراق و ئێران و ئەو لوغمانەی لە ناوچەكەدا هەیە ڕوودەدات، شتێكی تر دەمەوێ جەنابی وەزیری پلاندانان و وەزیری دارایی لێرەیە باسی بكەم، ئەگەر ئەمساڵ بچینەوە زستان ئەوە 3 ساڵە پردێك لە نێوان گوندی قەرەنی ئاغا و كانیماران ئاو بردوویەتی، ئەو پردە لەسەر ڕێگای دوو قەزای زۆر گرنگە كە ڕانیە و قەڵادزێن، لە هەمان كاتیش دا ئەو ڕێگای دۆڵی بالیسان كە لە دهۆك و زاخۆوە كاروانی سەیارە دێ و باریان پێیە بۆ سلێمانی هەر بەو ڕێگایە دا دەڕۆن، بەڵام بەداخەوە ئەوە 3 ساڵە چاوەڕوانی چاككردنی ئەو ڕێگایەن، تا ئێستا نەتوانراوە ئەو پردە بەرەو باشتری ببرێ، ئەگەرچی پردێكی زۆر زۆر قورس نیە، لە ڕێگایەكی زۆر گرنگە، بۆیە حەقە لەو بوارانەدا ڕەخنە لە حكومەت بگرین، ڕەخنە لە وەزارەتی پەیوەندیدار بگرین، بە مەعنای چی پردێك كە تەنها درێژییەكەی 15 تا 20 تا 25 تا 30 مەترە بە 3 ساڵ تەواو نەبێ، هەردوو قەزای ڕانیە و پشدەر بە پێی فەرمانێكی سەرۆكایەتی هەرێم، هەروەها سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران كراونە یەك ئیدارە، قەزای ڕانیەو قەزای پشدەر ژمارەی دانیشتووانی بە 350 هەزار كەس بەرەو سەرە، ڕەنگە بەشێك لە وڵاتانی خەلیجی عەرەبی ژمارەی دانیشتووانی هەر بە قەدەر سنووری ڕاپەڕین بێ، بۆیە پێشنیار دەكەم بەداخەوە لە بودجەی ئەمساڵ هیچ پارەیەك وەكو بودجە بۆ ئیدارەی ڕاپەڕین دانەنراوە، داوا لە حكومەتی هەرێم و وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلاندانان دەكەم بودجەیەكی پێویست بۆ قەزای ڕانیە و ئیدارەی ڕاپەڕین دابنێ، لە پێدانی سلفەی عەقار كێشەیەك لە گوندەكان دا دروست دەبێ، نەخشەیەكی كۆن هەیە كاتی خۆی ئینگلیزەكان هاتوون، لە كاتی دروست كردنی دەوڵەتی عیراقی دا بۆ گوند و ناوچەكانی هەرێمی كوردستان كێشراوە، ئێستا كاتێ سلفەی عەقار دەدرێ ئەو شوێنەی من تێیدا دەژیم دەبێ لە چوارچێوەی گوندە كۆنەكەدا بێ، ئەوە وای كردووە ئەگەر ماڵێك لە شوێنێكی لادێیەك دوو هەزار مەتر ئەرزی هەیە، پێشتر یەك خانووی لەسەر بووە، ئێمە حیساب

بۆ هەموو کوڕەکانی لەم $2$ هەزار مەترە خانوودا دروست بکات، ئەوە وای کردووە دێهاتەکانی کوردستان بە هۆی سلفەی عەقارەوە، ئەگەرچی ئاوەدان دەبنەوە، بەڵام بە داخێکی زۆرەوە چیمەنتۆ و بەرد ئەوەندە دەکەوێتە سەر یەك، هیچ مەنزەری جوانی لادێیی بە گوندەکانمانەوە نامێنێ، بۆیە پێشنیار بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەم سلفەی عەقار لەسەر ئەساسی نەخشەی ئێستای گوندەکان بدات، پێشنیارێکم هەیە ئەگەرچی وەڵامەکەی جەنابی وەزیری پلاندانان و وەزیری داراییش باسی کرد، من نازانم عیلاج دەبێ یان نا؟ ئەگەر ناتوانن ئەم دوو وەزارەتە بەڕێزە حکومەتی هەرێمی کوردستان، بودجە لە مانگی $10$دا بهێنین، ئەوە پێویستە چارەسەرێك بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی هەموو ساڵێکی دارایی ئەم کێشمە کێشمە دروست نەبێ لەسەر بودجە، کە بودجە دواکەوت کێشەی هاووڵاتیان دروست بێ، بۆیە حەقە ئەم دوو وەزارەتە بەڕێزە ئەگەر ناتوانن بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ، بە پێی ماددەی $79$ی پەیڕەوی ناوخۆ بودجە لە مانگی $10$دا بێنن، شێوازێکی تر بۆ پێشکەش کردنی بودجە بۆ پەرلەمانی کوردستان بدۆزنەوە، باسی کارەبا و ئەهمیەتی کارەبام کرد، بەڵام ئەگەر تێبینی بکەین لە هەرێمی کوردستان پارەی کارەبا نرخێکی زۆر لەسەر حکومەتی کوردستان دەکەوێ، من پێشنیار دەکەم ئەگەرچی پێموایە ئەوە پەیوەندی بە حکومەتی ناوەندەوە هەیە، هەرێمی کوردستان لە زۆر شوێن توانای ئەوەی هەیە سەددی ئاو دروست بکات، هەم وەك سەیرانگا تەماشا بکرێ، هەم بەشێك لە بەرهەمهێنانی کارەبا مسۆگەر بکات، ئاسان نابێ بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان تەنها بە غاز و بە گاز بتوانێ بەردەوام بێ لە پێدانی کارەبا، بە تەکنەلۆژیا، پێداویستییانی هاووڵاتیان، هاتنی ئەم هەموو کەرەستەی خۆشگوزەرانی بۆ نێو هەرێمی کوردستان، بتواندرێ کارەبا دابین بکرێ، لە سەرەتای قسەکانم دا باسم لە وەزارەتی پەروەردە و ئەرکە گرنگەکان و کارە خزمەتگوزارییەکانی کرد، بەداخەوە ئەوەی من دەیبینم پێدەچێ زۆرتر پلانی پەروەردەی ڕانیە بێ، یان بێ ئاگایی پەروەردەی ڕانیە بێ، یان کەم و کورپییەکانی پەروەردەی ڕانیە بێ، تا ئەم لەحزەیەی من قسە دەکەم هیچ خوێندنگایەك لە ناو خودی قەزای مەرکەزی دا نیە لە ڕانیە سێ دەوام نەبێ، کە ژمارەی خوێندکارانی لە $40$ تا $50$ هەزار خوێندکار دەبێ، بۆیە پێشنیار دەکەم بۆ وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی لە بودجەی ئەمساڵ کە بۆ خوێندنگاکان دانراوە ئەوەیان لەبەرچاو بێ، ناکرێ قەزایەکی گەورەی وەك شاری ڕانیە خوێندنگاکانی سێ دەوام بن، بتواندرێ سیستەمی نوێی خوێندنی لێ جێبەجێ بکرێ، جێی دڵخۆشی یە قەزاکەی ئێمە بە پشدەریشەوە سیمایەکی جوانی زانکۆی پێ بەخشراوە، وەکو کۆلێژەکانی پشدەر، لە هەمان کاتیشدا زانکۆی ڕاپەڕین ئومێدێکی باشی بە قەزای ڕانیە و پشدەر بەخشیوە، هەموو ئەو پەیمانگایانەی کە لە سنوورەکەمان دا هەن تاکە یەك کێشەیان هەیە دیسانەوە پێویستی بە دوو بینای باشی خوێندنگا هەیە بۆ پەیمانگاکان، مامۆستا فەرمان باسی ئەوەی کرد کە یەکێ لە خوێندنگاکان لە دائیرەی ئیستیخباراتدایە، ئەوە ئێمە پێکەوە لەگەڵ جەنابی مامۆستا فەرمان لە سەردانی پەروەردەی ڕانیەدا بووین، جەنابی ئەو مەعلوماتەی هێنا من تەئیدی دەکەم، دائیرەی ئیستیخباراتی ڕانیە دروست کراوە کاتی خۆی بۆ قیسمی داخیلی، ئێستا پەیمانگای هونەرە جوانەکانی تێدایە، بە هیچ شکلێك لەگەڵ هونەرە

جوانەکان ناگونجێ، پێمان خۆشە حکومەت بیریش لەوە بکاتەوە، باس لە خانەنشینی کادیر و پێشمەرگە دەکرێ لە هەرێمی کوردستان، من بەش بە حاڵی خۆم کەمێکم ئاگا لێیە، بەڵێ کادیر و پێشمەرگە کە لە خەباتی ڕزگاری نیشتمانی دا بەشداریان کردووە، لە هەرێمی کوردستان خانەنشین کراون، بەڵام ئەوە تەنها کادیری یەکێتی و پارتی نین لە هەرێمی کوردستان دا خانەنشین کرابن، کادیری بزووتنەوەی گۆڕانیش و کۆمەڵی ئیسلامیش و بزووتنەوەی ئیسلامیش و سۆسیالیستیش و زەحمەتکێشانیش خانەنشین کراون، ئەگەر قسە لەسەر ئەوە بێ جیاوازییەك لە نێوان ڕەقەمەکان دا هەیە، هی یەکێتی، هی پارتی لەگەڵ حزبەکانی تر ئەوەیان شتێکی ترە، بەڵام لە خانەنشینیدا ڕەچاوی ئەوە کراوە تێکۆشەرەکانی ئەو هێزە سیاسیانەش لەبەرچاو بگیرێ، لیستی کوردستانی کۆمەڵێك پێشنیاری کردووە لە 13 خاڵ دا، بەڕاستی جێگای دڵخۆشی یە، لەبەر ئەوەی زۆر کاتتان نەگرن دەنا حەزم لێ بوو بیانخوێنمەوە، بەش بە حاڵی خۆم پشتیوانی لە سەرجەم پێشنیارەکانی لیستی کوردستانی دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی و ئابووری دەکەم، کە هەموو تێبینی و پێشنیاری لێژنەکانی لەخۆ گرتیە، تێبینییەکانم دوو بەشن، بەشی یەکەم/ تێبینی گشتی یە، واتا لەسەر بودجە بە گشتی، کێشەی سەرەکیمان کێشەی دواکەوتنی بودجەیە، کە ساڵانە ئەو کێشەیە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە، ئەندامانیش ئاماژەیان پێ کرد، ئێمە هەموو ساڵ گلەیی لە حکومەت دەکەین، ئەوانیش هۆکارەکان دەگەڕێننەوە بۆ بەغدا، کاتی ئەوە هاتووە ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێ، پێشنیارەم بۆ حکومەت ئەوەیە کە بودجە تەخمینیە، لەسەر ئەساسی بودجەی سێ ساڵی پێشوو بودجەی 2013 بخەملێنن، یانیش ئەوەتا بودجەی 2012 بکەنە بنەما لە کۆتایی ساڵی 2012 بودجەی ساڵی 2013 لەو ماوەیەی کە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دیاری کراوە بیهێننە پەرلەمان، تاکو پەسند بکرێ، دواتر کەلە بەغدا پەسند کرا، ئەگەر بڕە پارەیەك زیاد بوو ئەوە دووبارە بێتەوە پەرلەمان، پەرلەمان پەسندی بکات، بودجەی وەبەرهێنان لە لاپەڕە 16ی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی باس لەوە کراوە کە تەنها بڕی لە 53٪ی بوجەی وەبەرهێنان خەرج کراوە، واتا 47٪ی بودجەی وەبەرهێنان ماوە و خەرج نەکراوە، ئێمە چەندین پرۆژە لە پەرلەمانی کوردستان پەسند کرا، پارەی بۆ داندرا، هۆکارەکان چین کە ئەو پارانە خەرج نەکراوە، پلان هەیە، پرۆژە هەیە، کێشە لە وڵاتان ئەوەیە کاتێك پارە نەبێ، بەڵام ئێمە پارە ماوەتەوە و خەرج نەکراوە، هۆی چیە؟ پرسیارم بۆ

حكومەت ئەوەیە کە وەڵامم بدەنەوە، ئەو پارەیە لەبەرچی خەرج نەکراوە؟ ئەوەش یەك مانای هەیە پلانمان هەیە، پابەندنین بەو پلانەی کە دایدەڕێژین، کێشەیەکی تر کێشەی دەرماڵەیە، لە هەرێمی کوردستان حکومەت پەنای بۆ دەرماڵە برد بۆ ئەوەی مووچەی خەڵك و فەرمانبەران زیاد بکات لە ڕێگای دەرماڵە، بەڵام ناعەدالەتییەك هەیە لە خەرجکردنی دەرماڵە، هەندێك توێژ هەیە کە بڕێکی زۆر دەرماڵە وەردەگرن، من باس لە دەرماڵە جێگیرەکان ناکەم، وەکو دەرماڵەی بڕوانامە، دەرماڵەی هاوسەری، دەرماڵەی منداڵ، بەڵام هەندێك توێژ هەنە کە بێ بەشن، وەك موحەقیق عەدلی کە هیچ دەرماڵەك وەرناگرن، ڕۆژانەش خۆپیشاندان دەکرێ، مانگرتن دەکرێ، پشکی شێری ئەو خۆپیشاندانە بەر پەرلەمان دەکەوێ، کە خەڵك داوای دەرماڵە دەکاتن، بۆیە حکومەت پێویستە پێداچوونەوە بە گشت دەرماڵەی فەرمانبەران بکات، تێبینییەکی ترم پابەندنەبوونی حکومەت بە بڕگە و ماددەکانی یاسای بودجەی ساڵی 2011دا، بۆ نموونە ماددەکانی 28 و 29 و 30 کە تا ئێستا لە ساڵی 2010 ئەو ماددانە زیاد کرا، 2011 جەختمان لەسەر کرد، تا ئێستا حکومەت بە تەواوی پابەند نەبووە پێیان، هەروەها جێبەجێ نەکردنی ماددەی 21 لە یاسای بودجەی ساڵی 2011 کە باس لەوە دەکات سەرۆکی فەرمانگا ئەگەر حیساباتی خیتامی دواخست، ئەوە دەدرێتە لێژنەی لێکۆڵینەوە، ئیحالەی تەحقیق دەکرێ، من پرسیارم ئەوەیە تا ئێستا سەرۆکی چ فەرمانگەك ئیحالەی تەحقیق کراوە لەسەر ئەوەی حیساباتی خیتامی لە کاتی پێویست نەگەیاندووە؟ سوودە کۆمەڵایەتییەکان پێشنیار دەکەم کە کەم بکرێتەوە بە ڕێژەیەکی زۆریش 10٪، 15٪ لە هەندێك وەزارەتیش ئەگەر نەمینێت باشترە، بۆ نمونە مینەح کە بڕێکی زۆری بۆ داندراوە، هەندێك وەزارەت داوای نەکردووە، وەکو وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی پیشەسازی، بەڵام بڕە پارەیان بۆ دانراوە، ئەوانە هەمووی پێویستە لابدرێ، لەبەر ئەوەی پێویستییان پێ نیە وەزارەتەکان، ماددە 35ی یاسای بودجەی ساڵی 2011 دەبێت وەزارەتی پلان هەر چوار مانگێك ڕاپۆرت پێشکەش بە پەرلەمان بکات، بەڕێز وەزیری پلان باسی ئەوەی کرد دوێنێ دەڵێ ڕاپۆرتەکانمان ئامادە کردووە و پێشکەشی پەرلەمانی کردووە، ئێمەش لە پەرلەمان ئەو ڕاپۆرتانەمان نەدیتییە، پرسیارم ئەوەیە ئەو ڕاپۆرتانە لە کوێن و چیان لێ هاتووە؟ بە پێی ماددەی 26 لە یاسای بودجەی ساڵی 2011 بڕی 10٪ لە مووچەی پلە باڵاکان بڕا، ئێمە ئەو کات گفتوگۆی زۆرمان لەسەر ئەو ماددە کرد، کە ئەو بڕە پارەیە دەبڕێ بۆ چی خەرج بکرێ؟ ڕازی بووین و ئەو ماددەمان پەسند کرد لەسەر ئەوەی بچێتە سندووقی شەهیدان، بۆ مەبەستێکی تایبەت بەکار بێت، بەڵام دوای بەدواداچوونمان بۆ ئەو بڕە پارەیە، بۆمان دەرکەوت کە ئەو بڕە پارەیە نەچویتە ئەو سندووقە، سندووقێکی تایبەتی بۆ کراوەتەوە، ئێمە کاتێك کە وتمان سندووقی شەهیدان مەبەستمان هەبوو، لەبەر ئەوەی ئەو سندووقە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی هەیە، ئەوان دەسەڵاتی خەرج کردنیان هەیە، بەڵام کە چووە سندووقێکی تایبەت تەنها وەزیر بۆی هەیە بە تەنها ئەو بڕە پارەیە خەرج بکات، پرسیارەکەم ئەوەیە پارەکە خەرج کراوە، بەس ئایا بۆ ئەو مەبەستە خەرج کراوە کە ئێمە لە یاسای 2011 پەسندمان کرد؟ بودجەی وەزارەتی تەندروستی/ سەرەڕای پشتگیریم بۆ هەموو پێشنیارەکانی لێژنەی تەندروستی،

هەمووومان دان بەوەدا دەنێین کە کەرتی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان وێرانە، بەڵام بڕی بودجەیەکی زۆر کەمی بۆ دانراوە، 4.98٪ لە کۆی بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان بۆ وەزارەتی تەندروستی دانراوە، پرسیارم لە حکومەت ئەوەیە، ئایا بەو بڕە پارەیە، بەو ڕێژە کەمە دەتوانین چاکسازی لە سیستەمی تەندروستی بکەین؟ پێویستە ئەو ڕێژەیە زیاد بکرێ، بڕی تەرخان کراو بۆ وەزارەتی تەندروستی زیاد بکرێ، هەروەها بڕە بودجەیەك دابندرێ، بڕە پارەیەك تەرخان بکرێ بۆ ئەو نەخۆشیانەی کە پێویستیان بە چارەسەرکردنی بەردەوام هەیە، وەکو تالاسیمیا و ئۆتیزم کە لەو ساڵانەی دوایی لە کوردستان بەڕێژەیەکی بەرچاو بڵاو بۆتەوە، لە راپۆرتی لێژنەی تەندروستی باس لەو دوو نەخۆشخانەی هەولێر کرا نەخۆشخانەی فریاکەوتن و نەخۆشخانەی کۆماری، هەرچەند لێژنەی دارایی کە ئەو پێشنیارەی پێ پەسند نەبووە، پێشنیاری لێژنەی تەندروستی یە، بەڵام پێویستە بڕە پارەیەك بۆ ئەو نەخۆشخانە دانێن، ئەو نەخۆشخانە تەنها خەڵکی کەم دەرامەت سەردانیان دەکات، داوای چارەسەر دەکات، ئایا دەتوانی لەو سەردەمە ئەو نۆخۆشخانەیە بەو وێرانییەی، بەو بینایە کۆنە، دەتوانێ چ خزمەتگوزاریی تەندروستی پێشکەش بە هاووڵاتییەکی کەم دەرامەت بکات؟ ئەگەر بە نۆژەنکردنەوە کێشەیان چارەسەر دەبێ ئەوە پێویستە وەزارەتی دارایی بڕێك پارە بزانن لە کوێ موناقەلە دەکات، بۆیان دابین بکات بۆ نۆژەنکردنەوە، ئەگەر نا پێویستە پێشنیارەکەی لێژنەی تەندروستی لەبەرچاو بگیرێ، لە کاتی گفتوگۆ کردنی وەزارەتی دارایی لەگەڵ وەزارەتەکان بۆ تەرخان کردنی بودجە بۆ وەزارەتەکان ڕەچاوی پێداویستی وەزارەتەکان وەکو پێویست نەکراوە، بۆ نموونە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، کە ئێمە هەر لە ساڵی 2011 چەند یاسامان پەسند کرد لە پەرلەمانی کوردستان ئەرکی وەزارەتمان قورستر کرد، خۆشیان پار ئەو ئەرکانەمان کە پێ ڕاسپێردران، بە وەزارەتمان ڕاسپارد، بودجەکەیان بەشی نەکرد، وەزارەتی دارایی نازانم لە ئیحتیاتی، لە کوێ کێشەکەی بۆ چارەسەرکردن؟ کە یاسای قەرزە بچووکەکان کە 1830 کەس لەساڵی 2011 سوودمەند بووینە لەو قەرزانە، هەروەها بیمەی بێکارییان کە 30 هەزار کەس سوودمەند بووە، پێویستە ڕەچاوی پێداویستی ئەو وەزارەتە بکرێ، ئەرکەکانی کە پێی ڕاسپێردراوە ئەو یاسایانەی کە لە پەرلەمان پەسند کراوە، بودجەی تەرخان کراو بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە ساڵی 2011 بڕی 35 ملیار دینارمان تەرخان کرد، هەڵبژاردن ئەنجام نەدرا ئەو بڕە پارە لە چ بەند و بابێکی بودجەایە؟ چونکە زۆر گەرام نەمدۆزییەوە، ئەگەر حکومەت وەڵامم بداتەوە، بەشی دووەمی تێبینییەکانم تایبەتە بە سیستەمی GFS کە سیستەمێکی جیهانی باوەڕ پێکراوە، لە عیراق و لە کوردستان ئەو سیستەمە پەیڕەو کراوە لە کاتی ئامادەکردنی خشتەی بودجە، بنەمای ئەو سیستەمە ڕوونی واتا شەفافیەتی داهات و خەرجییەکانە، بڕگە و بەندەکانی خەرجییەکان دەبێ بە هەموو وردەکارییەوە زۆر ڕوون بێ، جێبەجێ کردنی ئەم سیستەمە متمانەی خەڵك بە دەسەڵات و بە حکومەت زیاد دەکات، بانکی نێودەوڵەتی دانی بەو سیستەمە ناوە، ئەو وڵاتانەی کە ئەو سیستەمە پەیڕەو دەکەن واتا داهات و خەرجییان شەفافە، کە بەوردی لە خشتەی بودجە ورد دەبینەوە، بە وردی سەیری دەکەین من وەکو نموونە تەنها خشتەی بودجەی

ئەنجومەنی دادوەریتان بۆ دەینمەوە، کە هەموو بڕگەکانی لەگەڵ ئەو سیستەمە سیستەمی GFS ناگونجێ، هەمان کێشە لە وەزارەتەکانی تریش هەیە، بەڵام من نموونە تەنها لەسەر ئەنجومەنی دادوەری باس دەکەم، پارە بۆ هەندێك بوار تەرخان کراوە کە بۆ ئەو بوارە پێویستی پێ نیە و خەرج ناکرێ، لە خەرجی فیعلی ساڵانی پێشتریش پێویستیان پێ نەبووە و صەرفیان نەکردووە، بۆیە ئەوە پێچەوانەی یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی سیستەمی GFSە کە حکومەت گوایە خشتەی بودجەی لەسەر بینا کردووە، بڕی زۆر پارە تەرخان کراوە بۆ هەندێك بوار کە لەو بوارە خەرج ناکرێ، نموونە لەسەر ئەنجومەنی دادوەری، پاداشت، لە ساڵی 2011 تەنها شەش مانگی یەکەم 22 ملیۆن وەکو پاداشت موکافەئە خەرج کراوە، 22 ملیۆن لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2011، بەڵام ئەوەی بۆیان دانراوە 239 ملیۆنە، باشە ئەگەر شەش مانگی یەکەم بە 22 ملیۆن خەرج کرابێ، خەرجی فیعلی بە پێی خشتەکەی کە حکومەت بۆ ئێمەی ناردووە، با شەش مانگی دووەم سێ ئەوەندەی صەرف کردبێ، دوو ئەوەندە، هەرچەند خۆیان داوای 305 ملیۆنیان کردبوو، من وامزانی ژمارەکە هەڵەیە (35)ە، بەڵام باش بوو حکومەت هەر 239، ئەویش گەلەك زۆرە، کرێی وانەبێژی، لە ساڵی 2011 یەك ملیۆنی بۆ دانرابوو یەك فلسی لێ خەرج نەکراوە، ئەو ساڵ 15 ملیۆنیان بۆ دانراوە، کتێب و گۆڤار لە ساڵی 2011 پێنج ملیۆن خەرج کراوە، کەچی ئەو ساڵ 96 ملیۆنیان بۆ دانراوە، جگە لەوەی ئەعمال ئیزافی کە 64 ملیۆنی بۆ دانراوە، پار 3 ملیۆنی لێ خەرج کراوە، ئەو بڕە پارە زۆرە بۆ ئەوەندە زیاد کراوە، ئەنواعی موخەصەصات جگە لە موخەصەصات ئیستیسنائی، ئەفلامی مایکرۆ فیلم، نازانم ئەفلامی مایکرۆ فیلمیان بۆ چیە ئەنجومەنی دادوەری؟ کە 24 ملیۆنیان داوا کردووە، بەس حکومەت ڕەزامەندی تەنها لەسەر 2 ملیۆن داوە، ئەوەندەش هەر زۆرە چونکە بەکار نایێ، جل و بەرگی فەرمانبەران، نەمزانی یە لە هیچ دام و دەزگایەکی هەرێمی کوردستان فەرمانبەر (زی موحد)ی هەبێ، جل و بەرگ لەسەر دام و دەزگاکەی بێ بۆی بکڕن، 7 ملیۆن داندرایە، جل و بەرگی تر 3 ملیۆن، خۆراك 15 ملیۆن، خۆراکی تر، دەرمان 7 ملیۆن، (لوازم الغسیل) 18 ملیۆن، بەڕێزان ئەو ئەنجومەنە، دادگاکان وێرانە، بڕی ئەو پارانە پێشنیار دەکەم ئێستاش هی تر هەیە وا باسی دەکەم 627 ملیۆن تەنها نەفەقاتی سەفەر، تەرفیهی ڕەسمی 181 ملیۆن، وفود و مێوانداری 141 ملیۆن، ئیستیشاراتی قانونی 418، ئجوری ئیستیشاری 462 ملیۆن، صیانە 905 ملیۆن، لە هەمووی سەیر تر صیانەی ئەسلیحەیە، ئایا ئەوە ئەرکی وەزارەتی ناوخۆیە؟ یان ئەرکی ئەنجومەنی دادوەری یە صیانەی چەك بکات، نازانم هەتا شورتەی قەزائیشمان لە کوردستان نیە، نازانم صیانەی ئەسلیحە چیە؟ بڕە پارەیەکی زۆر تەرخان کراوە، موکافەئات (لغیر المنتسبین)، کە پرسیم ئەو بڕە پارەیە بۆ چ داندراوە؟ گوتیان ئەو فەرمانبەرانەی کە گرێ بەستن، باشە خۆی لە خشتەکە دەڵێ 59 فەرمانبەرمان هەیە بە گرێ بەست، بڕی پارە 95 ملیۆن دانراوە، 95 ملیۆنی دابەشی 59 کەس بکە بزانە هەر یەکە و چەندیان بەردەکەوێ؟ هەموو دادگاکان وێرانە، دادگامان هەیە لە بینای ناحیە دەوام دەکات، ئەوەیە سەربەخۆیی دادگا؟ ئەوجا ئەو پارەی بۆی تەرخان کرابوو لە ساڵی 2011 (319) ملیۆن تەنها (120) ملیۆن صەرف کراوە، باشە

ئەی پارەکەی تر؟ پێویستیان پێ نی یە؟ دادگاکانمان هەمووی بینای مۆدێرنن؟ پێشنیار دەکەم ئەو ژمارانەی کە باسم کرد ئێستا بە تایبەتی موخەصەصاتی سەفەر و تەرفیهی رەسمی و مێوانداری هەمووی بچێتە سەر ئەوەی نۆژەنکردنەوەی دادگاکان، ئەو هەموو کەم و کورتی یە بەڕێزان لە بودجەی دەسەڵاتی دادوەری کە دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە، کاریگەری دەبێت لەسەر متمانەی خەڵك بە دادگاکان و بەو دەسەڵاتە، بۆیە پێشنیار دەکەم بۆ حکومەت ئەو ژمارانە چاك بکاتەوە، هەمووی بچێتە سەر نۆژەنکردنەوەی دادگاکان، تاکو بینایەی سەربەخۆمان هەبێ، بینایەی ڕێك و پێك کە بتوانن کاروبارەکانیان بەڕێك و پێکی بەڕێوە ببەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان یوسف خۆشابا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەمی دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی دەکەم بۆ ئەم ڕاپۆرتە و هەروەها پشتگیری لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی دەکەم، پرسیارم ئەوەیە بە کەم و کورتی بە مەبەستی ئەو فەرمانبەرانی لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان خزمەتیان نەقل کراوە بۆ هەرێمی کوردستان، بە تایبەتی فەرمانبەرانی مەسیحییەکان، لەبەرچی خزمەتیان بۆ حیساب نەکراوە و ئیستیحقاقی خۆیان وەرنەگرتووە وەك فەرمانبەرانی تر؟ ئەو فەرمانبەرانەی ماوەیەکی زۆرە موراجەعەی وەزارەتی دارایی دەکەن، هیچ جەوابی رەسمیان وەرنەگرتووە، ئایا ئەم مووچەکان تەئسیری لەسەر بودجەی هەرێم هەیە؟ من داواکارم چونکە موعانات ئەو خەڵکەکانی زۆرە، داوای جەواب لە جەنابی وەزیر دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سمیر، فەرموو.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیەکانم بە دوو پێشنیار دەست پێ دەکەم، بۆ ئەوەی پێشنیارەکان پێشخەم، یەکەم/ ئیسلوبێکی تازە بۆ پەرلەمانیش و بۆ حکومەتیشە لە ئامادەکردنی بودجە، کۆی ئەو موناقەشە تەفصیلیانەی کە دەکرێ لە پەرلەمانەوە یەك: خەلەلە لە ئالیەتی ئامادەکرنی بودجە، ئەویش ئەوەیە حکومەت بە تەنها بودجە ئامادە دەکات، پەرلەمان تەنسیق و موشارەکەی ئامادەکردنی بودجەی نیە، ئێمە لە بەیروت لیژنەی دارایی دەورەیەکمان بینی، لە دەورەکە یەکێك لە ئیسلوبە تازەکان کە ئەمڕۆ ئەمریکا و بەشێك لە وڵاتانی ئەوروپا تەنانەت ئوردنیش پەیڕەوی دەکات، ئامادەکردنی بودجە بە تەنسیق لەگەڵ پەرلەمان دا دەبێت، بۆ ئەوەی ئوسوسەکان و معیارەکان و داتاکان لای پەرلەمانیش وازح بێ، سەرنج و بۆچوونەکانی پەرلەمانیش دەچنە ناو سیاقی ئامادەکردنی بودجە و ئەم موناقەشە تەفصلیە ڕوو نادات، جا پێشنیاری

یەکەمم بۆ حکومەتیش و پەرلەمانیش ئەوەیە بۆ ساڵی داهاتوو لە ئامادەکردنی بودجە بە تەنسیق لەگەڵ پەرلەمان دا ئامادە بکرێت، پێشنیاری دووەمم پەیوەندی بە ساڵی ئابووری و ساڵی داراییەوە هەیە لە هەرێمی کوردستان دا، تەبیعی بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان $1/1$ ە ساڵی داراییمان، ئێمە لە $92$وە پەیڕەی ناوخۆ دانراوە، ئەو کاتەش داهاتەکانی هەرێمی کوردستان یان باج و رسومات بووە، یان گومرگەکان بووە، هەمووی بە دەست حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بووە، ئێستا عەمودی فەقەری داهاتی کوردستان پەیوەندی بە $17$٪کەی بەغداوە هەیە، لەبەر ئەوە ئێمە دەکرێ ئەم بڕگەیەی پەیڕەوی ناوخۆ ئەگەر بە ئیستیسنائیش بێ لە پەرلەمان دا قسە لەسەر ئەوە بکەین، ئێمە سەری ساڵی کوردی کە نەورۆز دەکات، بیکەینە سەری ساڵی دارایی بۆ هەرێمی کوردستان، بۆچی؟ چونکە لە بەغدا لە ئیقرار کردنی بودجە دەبنەوە، ئەو پاساوەی کە حکومەت هەموو ساڵێ تیکرارە دەکاتەوە، کە ئێمە لەبەر ئەوەی بەغدا درەنگ ڕەقەمەکە تەسبیت دەکات، درەنگ ئیقراری بودجە دەکات، ئێمە ئەگەر بیکەینە سەری ساڵی کوردی تا نەورۆز، بەغدا لە ئیقرار کردنی بودجە بۆتەوە، تەسبیتی رەقەمەکە لە متەوەقیعەوە دەبێ بە موتەحەقیقیش، نەك هەر تەنها بە متەوەقیعی بمێنێتەوە، لەبەر ئەوە پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئیقتیراحی ئەوە دەکەم پەرلەمانی بەڕێز دەنگ بدات بۆ ئەوەی کە ساڵی دارایی لە هەرێمی کوردستان دا ببێتە سەری ساڵی کوردی، بۆ ئەوەی لە کێشەی دواکەوتنی ساڵانەی بودجە لە هەرێمی کوردستانەوە نەجاتمان ببێ، ئەگەر ئەوە تەصحیح بکەین لەو کێشەیەش کە بەشێك لە موناقەشاتی ئێمە پەیوەندی بەوەوە هەبوو ڕزگارمان دەبێ، خاڵی سێیەم ئیقتیراحێکی ترە هەر بۆ حکومەتە ئەوەیان، باسی عەجزی دارایی یە هەموو ساڵێ تیکرار دەبێتەوە، تەبیعی ئەم عەجزە هەمووومان سەیری دەکەین سیاسی یە، حەقیقی نیە، رەقەمی نیە، ئیقتیصادی نیە، باسی ئەوەیە تەبیعی عەجز لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ؟ بەراوردکردنە لە نێوان نەفەقات و لە نێوان داهات دا، سەرچاوەکانی داهات و بڕەکانی داهات لە هەرێمی کوردستان دا بە ئیعتیباری سیاسی، لەبەر مەسەلەی نەوتە، لەبەر مەسەلەی گومرگەکانە، لەبەر مەسەلەی زەرائیبە، ئەوانە کە مەرکەزین و دەستووری عیراقی قسەی تیا دەکات، بۆ ئەوەی لەو عەجزە نەجاتمان بێ حکومەت ساڵانە پێش بودجە پاکێجێك لە داهاتەکانی هەرێم بە داخراوی بێنێتە ئەو پەرلەمانە، بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان وەکو نوێنەرانی گەل ئامادە بن، بەبێ ئەوەی بخرێتە سیاقی دەرەوەو ئاشکرا کردن و ئەوانە، ئێمە ئیتمیئنانێك وەربگرین لەم مەوزووعی داهاتانە کە دوایی دێمە سەری بە تەفصیلی، ئەو عەجزەی کەئێمە هەمانە لە ڕاستی دا عەجزی سیاسی یە نەك عەجزی حەقیقی بێ، مولاحەزاتەکانم لێرەوە دەست پێ دەکەم، یەکەم/ نەفەقات کە تەرخان دەکرێ لە بودجەدا بۆ بە دەستهێنانی ڕەزامەندی پێشکەشکراوانی خزمەتگوزاریی یە، واتا ئێمە حکومەت نەفەقاتێك کە تەرخان دەکات بۆ ئەوەی چ لە وەبەرهێنان بێ، چ تەشغیلی بێ، چونکە وەبەرهێنانیش هەر نەفەقاتە، فرص عەمەلە، پێشکەشی دەکات بۆ ئەوەی زەبوونەکانی، بۆ ئەوەی مواتینەکانی، بۆ ئەوەی موەزەفەکانی ڕازی بکات، ئەگەر لەسەر دروستی و نادروستی لە دونیادا یەکێك لە پێوەرە سەرەکییەکانی دروستی و نادروستی صەرفی نەفەقات پەیوەستە بە

ڕەزامەندی مواتینەکانییەوە لەگەڵ فەرمانبەرەکانیەوە، من دەڵێم حکومەت بچێت، پەرلەمانتارانی بەڕێز بچن بپرسن، لە کەرتی عەسکەری، لە کەرتی مەدەنی، لە هاووڵاتیان چەندە لە صەرفی بودجە ڕازین؟ بە تایبەتی ئەم ڕەقەمانە کە دەبیستن، ئەم ڕەقەمانە کە دەبینن چەندە صەرفی حکومەتی ئێمە لە جێ ی ڕەزامەندی هاووڵاتیانی ئێمەیە؟ بە جیاوازی بیر و ڕاکانیانەوە، پرسیارێکم لە بەڕێز وەزیری دارایی هەیە لە نەفەقاتی حاکیمە کە بەشی هەرێمی کوردستان تریلیۆنێك پێنج سەد و بیست و دوو ملیۆن دینارە، بەشێکی بە زایع دێت، بەشێکی ئەدویەیە، بەشێکی خۆراکە، ئەوە تێدەگەم، بەڵام لە ناو داهات دا، چونکە دەبێتە داهات بۆ ئەو هەرێمە، نەفەقاتی حاکیمە، سیادی ناڵێم، لە ناو داهات دا ئەو بەشە جێی نەبوو، نازانم لە کوێ دا بیدۆزمەوە؟ بەشێکی دەوترێ نایەت، بەس ئەو بەشەی کە دێت چەندە و لە کوێ یە لە داهات دا؟ بە پێی ئەو مولحەقەی کە وەزارەتی دارایی لە 6/4دا ناردوویانە، داهات لە 472 ملیار دینارەوە بووە 2 تریلیۆن و سێ سەد و سی و یەك ملیار دینار، داهات لە 472 ملیارەوە حکومەت ئیعلامییەکی داوە بە پەرلەمانی کوردستان لە 6/4دا، ئیعلامییەکە ئەوەیە داهاتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ئەوسا 472 بوو، ئێستا بۆتە دوو تریلیۆن و 331 ملیار دینار، بە پێی ئەم ئیعلامییە کە داویەتی عەجزی ئەمساڵ لەو دوو تریلیۆن و چل و چوار ملیارە نامێنێت، ئەگەر عەجز بریتی بێ لە لێ دەرکردنی داهات لەگەڵ نەفەقات دا، داهاتمان بە بێ ئەو دوو تریلیۆنە دەبێتە 15 تریلیۆن و 55 ملیار و 950 ملیۆن دینار، نەفەقاتیشمان چەندە؟ 15 تریلیۆن و 245 ملیار و 797 ملیۆن دینار، لە یەکیان دەردەکەیت، عەجزەکە بە پێی ئەو ڕەقەمە کە وەزارەتی دارایی خۆی داویەتی عەجزی ئەمساڵمان دەبێتە 189 ملیار و 847 ملیۆن دینار، لەبەر ئەوە ئەو ڕەقەمە نامێنێ کە ئەوان داویانە، پرسیارێکی ترم لە بەڕێز وەزیری دارایی لە ڕاپۆرتەکەدا هەیە، ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی 43 ملیار دینار تەرخان کراوە بۆ خەدەماتی بانقی بازرگانی، من نەمزانی ئەو خەدەماتانە چین تەقدیمی دەکات؟ جەنابیان ئاماژەی کرد بە تەوزیعی رەواتب، بێجگە لە تەوزیعی رەواتب چیە؟ تەوزیعی رەواتب 43 ملیار دیناری دەوێ باسی بانقی بازرگانی بۆی تەرخان بکرێ، پرسیارێکی ترم لە وەزیری دارایی بەڕێز هەیە، لە تەرخان کراوی ئەنجومەنی ئاسایش دا نووسیشمە، دوایی بە نووسین ئەتدەمێ جەنابی وەزیر بۆ ئەوەی ئەگەر هین بێ، ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێم 145 ملیار و 500 ملیۆن دینار تەرخان کراوە بۆ تەعویزاتی موەزەفین، بۆ قەرەبووی فەرمانبەران؟ سەیرم کرد بە چوار سەدەکەی ئەمساڵیشەوە 6000 فەرمانبەریان هەیە، ئەگەر کەرەتی دەکەی بە موعەدەل ملیۆن و نیوێك بۆ هەموو فەرمانبەرێك کە دەتوانم بڵێم موستەحیلە بە موعەدەلی ملیۆن و نیوێکی بەرکەوێ، ئەگەر ئەو شەش هەزارە کەرەتی ملیۆن و نیوێکی بکەی، کەرەتی 12 مانگی بکەی 100 ملیار دینار دەکات، ئەو 45 زیادە لە کوێ؟ یەعنی لەسەر چ ئەساسێك ئەم تەرخان کردنە دەکرێ؟ چونکە ئەوە ڕەقەمە، ئەوە شتێك نیە بڵێی وەڵلا خەملاندنە، دەچیتە خەزێنە ئاخیر راتب ڕادەکێشی، کەرەتی 12ی دەکەی، رەقەمەکە بە موحەدەدی دەتداتێ، ئەوە تەخمین و خەملاندن هەڵناگرێ، من پرسیارێکی تر دەکەم لو موقارەنەکردنم و ئیستیقرا کردنم بۆ بودجەی سێ ساڵ، لە 2010ەوە تا ئەمساڵ بڕی داهاتی

ناوخۆ کەم کردنی پێوە دیارە، واتا تەنازوولیە بڕەکە لە جیاتی ئەوەی تەصاعودی بێ، لە حەوت سەد و چل و ئەوەندەوە هاتووە بۆ چوار سەد و ئەوەنە، ئەوە موئەشیرە (2) حاڵەتمان دەداتێ، دوو موئەشیرمان دەداتێ کە زۆر مەترسیدارن، یان ئەوەتا ئەوە شکستی سیاسەتی ئابووری حکومەتی هەرێمە، کە قەناعەتم پێی نیە چونکە لە ماوەی سێ کابینەی ڕابردووی حکومەتی هەرێم دا 5 و 6 و 7 هەرێمی کوردستان چۆتە سەر نەخشەی تاقەی جیهانی، هەرێمی کوردستان قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە 10 ملیار دۆلارەوە هاتۆتە سەر 30 ملیار دۆلار، قەناعەتم نیە ئەوە شکستی ئیقتیصادی بێ، لە دابەزینی داهاتی ناوخۆ لە پرۆژە یاسای بودجە کە تەقدیم کراوە، کەواتە نوقتەی دووەم دێتە پێشەوە، ئەویش بریتی یە لە شاردنەوەی سەرچاوە و بڕی داهاتە ناوخۆییەکان، کە ئەوەش زۆر مەترسیدارە، دەبێ حیسابی وردی بۆ بکەین، ئەم موئەشیرە لە ئەرقامی وەزارەتی دارایی خۆی حیسابی بۆ کراوە، دێمە سەر ئەو مولاحەزانەی کە تەدوینم کردووە، نەچووم لە ڕاستی دا لە فەرمانگەکان و لە دام و دەزگاکانی حکومەت دا وصولات بێنم و تەحقیقی مەیدانی بکەم و (sample) وەربگرم، ئەوە سێ شت حکومەتی هەرێم ئاراستەی پەرلەمانی کردووە، یەکەم تەقریری صەرفی شەش مانگی یەکەم، دووەم/ ئیستیمارەی موازەنە، سێیەم/ پرۆژە یاسای بودجە، تەنها بەراوردم لە نێوان ئەو سیانە کردووە، هیچی تر، یەعنی لەبەر ئەوە خوێندنەوەیەکی ڕەقەمیم بۆ ئەو سێ دۆکیومێنتە کردووە کە حکومەت ئاراستەی پەرلەمانی کردووە لە بودجەی ساڵی 2012، خاڵی یەکەم/ لە فەصلی یەکەم دا کە فەصلی واریداتە سێ بڕگە هەیە لە ماددەی یەکەم دا، یەکەمیان باسی داهاتی ناوخۆیی کە سێ حاڵەتی داوە، من دەچمە سەر زنجیرە 3ی ماددەکە کە بریتی یە لە 120 ملیار دینار باسی پیترۆ دۆلاری مەحەلی یە، ئەم 120 ملیار دینارە، ئەگەر تەحویلی ئەوە پارەی پیترۆدرلارە بکرێ، کە خۆشیان نووسیویانە هەر بە نەصی عەرەبییەکە (عن المنتوج و المستهلك محلياً "بترودولار")، پیترۆدۆلارێك کە لە عیراقەوە بۆمان هاتووە لە موقەدیمەی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی ئاماژەی پێ کردووە 43 ملیار دینارە، ئەوە حیسابێکی تری هەیە، ئەو نەوتەیە کە لە هەرێمی کوردستانەوە لە ڕێگەی بۆڕی ڕەئیسییەوە فرۆشراوە چۆتە بەغدا، لە حصەی بەغداوە ئێمە ئەوەی بەر هەرێمی کوردستان دەکەوێ 42 ملیارە، بەڵام ئەو 120 ملیار دینارە بەحسی مەنتوج و موستەهلەکی ناوخۆی هەرێمی کوردستانە، ئەگەر ئەوە پارەی پتۆدۆلارەکە بێ، پارەی فرۆشی نەوتەکە خۆی کوا؟ چونکە تەحویلی دەکەی بە ژمارە و ڕەقەم دینار و دۆلار، دەکاتە 110 ملیۆن دۆلار، 110 ملیۆن دۆلار دەکاتە 110 ملیۆن بەرمیل، ئەگەر نەوت و غازەکە دەزانم/ غاز بە مەتر سێجایە تەحویلێکی ڕەقەمی بیرکاری بکەی دەکاتە یەعنی بە 85 ملیۆنی بەغداش دابنێین،دەکاتە نزیکەی 9 ملیار دۆلار، ئەو پارەیە لە کوێ یە؟ لە ڕاپۆرتەکەدا ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی خۆی لە لاپەڕە 13 زنجیرە 2 ئاماژەی کردووە، ئێمە بۆ دابین کردنی نەوت و سووتەمەنی، گازوایل بۆ وێستگەکانی کارەبا 5 تریلیۆن دینار دابین دەکەین لە بەرهەمی نەوت و غازی ناوخۆیی، واتا لە ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی خۆیدا دەڵێلە بەرهەمی نەوت و غاز 5 تریلیۆن دینار دابین دەکرێت بۆ گازوایل بۆ وێستگەکانی کارەبا، واتا حکومەت ئیعتیراف دەکات کە پارەی

فرۆشی نەوت و غازی هەیە، خۆی بۆ دابین کردنی گازوایل 5 تریلیۆنی صەرف کردووە، باقیاتەکەی تری نیە لە داهات دا نەبوو،......

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک سمیر دەڵێن ئەوەمان بۆ ئیعادە بکەوە، زەحمەت نەبێ.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی لەگەڵ پڕۆژە یاسای بودجە هەردووکیان دا، لە بەشی داهات دا فەصلی یەکەم ماددەی 1 زنجیرە 3 دەڵێ 120 ملیار دینار پترۆدۆلارە، ئەم 120 یە ئەگەر تەحویلی بکەی دەکاتە 110 ملیۆن بەرمیل، زەربی 85 ملیۆن دۆلارەکەی بەغدایشی بکەیت دەکاتە 8 ملیار دۆلار زیاتر، ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووهەم کە حکومەت خۆی ئیعتیراف دەکات  لە لاپەڕە 13 بڕگە (د) زنجیرە 2ی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی، لە لاپەڕە 13 بڕگە (د) زنجیرە 2ی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی دەڵێت/ لە بەرهەمی نەوت و غاز 5 تریلیۆن دینار دابین دەکرێت بۆ گازوایل، بۆ دابین کردنی سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەبا، ئەوە ئیعتیرافە کە پارەی فرۆشی نەوت هەیە لە مەحەلی، حکومەت 5 تریلیۆن بۆ دابین کردنی گازوایل صەرف دەکات، باقیاتەکەی تری کوا؟ چونکە 8 ملیار و نیوەکە دەکاتە نزیکەی 10 تریلیۆن دینار، داهاتی خاڵە سنوورییەکان کە بەشێکی ترە لە سەرچاوە نادیارەکانی داهاتی ناوخۆیی کە لە ڕاسیتی دا لە جێی خۆی دا دەبێ حیسابی بۆ بکەین، یەکەم/ 30 ملیار دینار حکومەت خۆی لە ڕاستی دا ئەوە زانیاری من نیە، زانیاری حکومەتە لە ڕاگەیاندنەکان دا بڵاو بۆتەوە، لەگەڵ تورکیا قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی بۆتە 12 ملیار دۆلار، لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دا بۆتە 8 ملیار دۆلار، لەگەڵ ئیماراتی عەرەبیە بۆتە 6 ملیار دۆلار، ئەم ڕەقەمانەم کۆ کردۆتەوە، تەقریبەن بە ئیقراری حکومەت خۆی 30 ملیار دۆلارە، 30 ملیار چەندی دەبێتە ئەوە دەزانم ئاڵوگۆڕی بازرگانی یە، چەندی دەبێتە داهات بۆ هەر وڵاتێك کە هەبێ قەبارەی حەجمی تەبادولی تیجاری زەربی لە 5٪ی بکە، دەکاتە داهات بۆ ئەو وڵاتە خۆی، واتا کابرا 100 هەزار دینار بفرۆشێ 5 هەزار دینار قازانج دەکات، ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکە 30 ملیارە، کەڕەتی لە 5٪ی بکە دەکاتە ملیارێك و پێنج سەد ملیۆن دۆلار لە داهاتی سەنەوی، یەکێکە لەوانەی کە لە سەرچاوەکان دا دیار نیە، مەوزووعی ئۆتۆمۆبیل، برادەران باسیان کرد ناچمە سەری، ئەگەر هەر ئۆتۆمبیلەك 1000 دۆلاری بۆ حیساب بکەین، بچۆ بۆ ئەو کۆمپانیانەی بۆ ئەوەی نەوترێ زانیارییەکان لە کوێوە دەست دەکەوێ؟ بچۆ بۆ ئەو کۆمپانیانەی کە سەیارە دەکڕن و دەفرۆشن، بچین لە خاڵە سنووریەکانەوە و هەموو ئەوانە ئەو ڕەقەمانە دەست دەکەوێ، نزیکەی 150 هەزار ئۆتۆمۆبیل داخیلی کوردستان بووە لە ساڵی 2011دا، 150 هەزار، ئەگەر یەکی 1000 دۆلاریشیان لێ بسێنی بە چوار پستۆنی قەبارە بچووك حیسابی بکەی 150 ملیۆن دۆلار دەکات، ئەم پارەش یەکێکە لەو پارانەی کە لە ناو داهات دا دیار نیە، خاڵێکی تر ئاماژەی پێ کرا و تەئکیدی دەکەمەوە، سندووقی خانەنشینی لە بودجەی هەرێم بۆی صەرف دەکرێ، واتا مووچەی

خانەنشینان لە ناو میزانیەدایە، نەك بڵێی سندووقێکی تایبەتە، حکومەت موساهەمە دەکات، لەوێ پارەکە کەمە لە ناو میزانیە تەغتیەیەی دەکات و تەعزیزی دەکات، نەخێر ئەگەر سەیری ئیستیمارە تەخمینییەکە دەکەی بۆ موتەقاعیدینی مەدەنی، بۆ موتەقاعیدینی عەسکەری کە تەرخان کراوە خودی پارەکان، راتبەکان لە ناو بودجە خۆی دا هەیە، ئەو پارانەی کە لە موەزەفینی دەولە دەبڕێ و دەچێتە سندووقی خانەنشینەوە تا ئێستا چارەنووسی دیار نیە، یەکێکە لەو داهاتانەی کە دیار نیە، پارەی وەزارەتی ئەوان ناچمەوە سەری، هەمووی دەچم زائیدەن تەصفیەی سولەف، تەبعەن یەکێکە لەو شتانەی کە دەبێ لە داهات دا دیار بێ، دەمەوێ تەصفیەی سلفەی عەقاری یە، سلفەی زەواجە، سلفەی مەشاریعی بچووکە، هەموو ئەوانە ئێستا کاك قادر وتی 107، 108 هەزار نەفەر سوودمەند بووە لە سلفەی، کە بەڕاستی ڕەقەمێکی زۆر گەورەیەو زۆر دڵخۆشی کردم لە سلفەی زەواج، بەس ئەوانە دەگەڕێنەوە، ئەوان ناچن بۆ خاوەنەکانیان مینحە بێ و پێیان بدرێ، چەندێکی دەگەڕێتەوە؟ چۆن مامەڵەی لەگەڵ دا دەکرێ؟ دەبێ بە وردی حیسابی بۆ بکەین، دێمە سەر بودجەی وەبەرهێنان، تەبیعی بە پێی تەقریری وەزارەتی دارایی خۆی لاپەڕە 16 لە زنجیرە 9دا دەڵێت لە ساڵی 2011 دا حکومەت لە بودجەی پرۆژەکان، لە بودجەی وەبەرهێنان، لە 53٪ی صەرف بووە، واتا لە 47٪ی صەرف نەبووە، ئەم ڕەقەمە 4 تریلیۆن و حەوت سەد ملیار دینارە، کەڕەتی لە 47٪ی کە دەکاتە 2 تریلیۆن و 209 ملیار دینار، ئەوە پارەیەکی زەخمە کە صەرف نەبووە، من پرسیارم لە بەڕێز وەزیری پلاندانان هەیە، ئەو پرۆژانە کامانەن کە ئەم پارەیان بۆ صەرف نەکراوە؟ چونکە کە پارە صەرف نەبوو یەعنی پرۆژە جێبەجێ نەبووە، ئەو پرۆژانە کامانەن؟ حیسابم کردووە ئەگەر هەر بۆ یەك پرۆژە ملیارێك و پێنج سەد ملیۆن دینار تەخمین بکەین، 1472 پرۆژە دیار نیە، دەبێ ئەم هەزار و چوار سەد پرۆژەیە کامانەن کە جێبەجێ نەکراون و نەچوونەتە بواری جێبەجێ کردنەوە؟ ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی هەیە، لە 47٪ی جێبەجێ نەکراوە، جا پرسیاری دووەمم ئەوەیە لە حکومەتی بەڕێز، ئەگەر وەزارەتێك، ئەگەر حکومەتێك نەیتوانی بێ لە 50٪ی تەخصیصاتی مالی جێبەجێ بکات لەسەر چ بنەمایەك جارێکی تر دێیتەوە هەمان قەبارەی بۆ تەرخان دەکەیتەوە؟ بە چ پێوەرێك جارێکی تر چوار تریلیۆن و پێنج سەد ملیار دیناری تری بۆ تەرخان دەکەیتەوە؟ تەبیعی لە ساڵی ڕابردوودا ئێمە لەم پەرلەمانە بەڕێزە بڕیارمان دا سندووقێك بۆ پارەی وەبەرهێنان دابنرێت، بۆ ئەوەی تەدویر بکرێت و نەچێت موناقەلەی پێ بکرێت، حیساباتی هەر بۆ پرۆژەکان خۆیان بێ، بەڵام ئەوەش دیسان جارێکی تر ئەو پرسیارە دەکەمەوە، ئایا ئەم پارە ماوە یان وەکو تەغتیەی عەجزی پێ کراوە؟ خاڵێکی ترم لەسەر دۆکیومێنتەکانی حکومەت، تەبیعی جیاوازی لە ژمارەکان دا وەختێك لە حیساباتی مالی دا، خۆیان با دەزانن وەزارەتی دارایی، لە حیساباتی مالی دا دوو ڕەقەم جیاوازی هەبوو گومان لەسەر کۆی پرۆسێسی حیسابییەکە دروست دەبێ، دوو نوقتەم بەراورد کردووە، یەکێکیان ئەو ڕاپۆرتە صەرفی فیعلی شەش مانگیەکەیە کە ناردوویانە بۆمان، دەرخستەی ژمارە 5 لای خۆیان هەیە، دەرخستەی ژمارە 5 لەگەڵ ئیستیمارەی موازەنە یەکێك لە حەقلەکانی ئیستیمارەی موازەنە

صەرفی فیعلی شەش مانگی یەکەمە، تا 2011/6/30، ئەم دووانە لەم حاڵەتانە موقارەنەم کردووە، (سلع و خدمات) بە دەرخستەی ژمارە 5ی تەقریری وەزارەتی مالیە بۆ صەرفی فیعلی 861 ملیار و 618 ملیۆن دینارە، لە ئیستیمارەی موازەنەدا 864 ملیار و 200 ملیۆنە، واتا قەبارەی جیاوازییەکە چەندە؟ 2 ملیار و 582، لە ئیعانات دا 75 ملیار لە دەرخستەی ژمارە 5 داویەتی، 75 ملیار 834 ملیۆنە، لە موازەنە، ئیستیمارەی موازەنە کە هەر هەمان جیهەت ئامادەی کردووە، دەڵێ 5 ملیار 589 ملیۆنە، واتا 70 ملیار و 245 ملیۆن دینار فەرقی هەیە، لەم مینەحە لە دەرخستەی ژمارە 5دا دەڵێت ئەوەندە، کۆتاییەکەی فەرقی جیاوازی پارەکان کە دەڵێم حیساباتەکە هەمووی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، 141 ملیار و 410 ملیۆن دینار هەیە کە ئەم حەقڵانەم موقارەنە کردووە، (سلع و خدمات)، ئیعانات، مینەح، مەنافعی ئیجتیماعی، (مصروفات أخری)، لەگەڵ (موجودات غیر مالیة)، ئەوانە لە دەرخستەی ژمارە 5 لەگەڵ ئیستیمارەی موازەنەکە موقارەنەم کردووە 141 ملیار و 410 ملیۆن دینار فەرقی هەیە، ئەوە بۆ؟ لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی دا لە موازەنەی ساڵی 2012 دا دەڵێ چی؟ لەلاپەڕە 14ی زنجیرە 4 دا لە بەشی بەخشینی وەزارەتی دارایی دەڵێت 192 ملیار تەرخان کراوە بۆ شارەوانییەکان، بەڵام لە موازەنەی ساڵی 2012 دا دەڵێت لە ئیستیمارەی موازەنەکەدا، واتا ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی دارایی کە شەرحی کردووە لە بەخشین و ئەوانە، وتوویەتی 392 ملیار، لە ئیستیمارەی موازەنەکە کە سەیرم کرد لە بەخشینەکان دا 378 ملیار و 799 ملیۆن دینارە، 13 ملیار و 201 ملیاری فەرقە، ئەوە کۆی سیستەمی حیسابی و کۆی ئیعدادی موازەنە هەمووی دەخاتە ژێر پرسیارەوە، ئاخیر تەوەرم لە مولاحەزە لە ڕاستی دا مەقیاس لە ئامادەکردنی بودجە موحەدەد دیار نیە، من لێرەدا لە ئیستیمارەی موازەنە دوو حەقلم بەراورد کردووە، هەر ئیستیمارەی موازەنە خۆی، یەکێکیان (مقترح من قبل الدائرة)، یەکێکیان (متفق وزارة المالیة)، یەکەم (تعویضات الموظفین)، موقتەرەح چەندە؟ 10 تریلیۆن و 397 ملیار و 51 ملیۆن دینارە، تەبیعی تەعویزاتی موەزەفین ناتوانی بڵێی راتب نادەم، تەعویزاتی موەزەفین موقتەرەح، تۆ باسی موخەصەصاتت نەکردووە، باسی شتی تازەت نەکردووە، لەبەر ئەوە دائیرە چی داوا کرد لە شتی تر دەتوانی ئیجرائات بکەی، بەس لە دائیرە وەکو خۆی بێ، ئەو دائیرە داوای کردووە 10 تریلیۆن و ئەوەندە بێ، حکومەت چەندی داوا کردووە؟ 6 تریلیۆن و 874 ی بۆ تەرخان کردووە، باشە لەسەر ئەساسی چی؟ ئینجا لە سەدا چەندە بڕەکە؟ با بڵێین ئەگەر بەغدا یەکەم جار لێکم دایەوە وتم لەسەر حیسابی 117 تریلیۆنەکەی بەغدایە، حیسابی نەفەقاتی سیادی و نەفەقاتی حاکیمە نەکراوە، ئەم ڕەقەمە گەورە دەبڕدرێ لە لە بەغداوە دێتە خوارەوە، تەصەورم کرد لەسەر ئەو حیسابە بێت، کە سەیرم کرد ڕێژەکان بە یەکسانی جیاوازی نیە، لە تەعویزاتی موەزەفین دا 40٪، دێیتە سەر (سلع و خدمات) 4 تریلیۆن و 282 ملیار و 867ی داوا کردووە، کراوە بە تریلیۆن و 626، دیسان ئەویش 3/1 بۆ تەرخان کراوە، ڕەقەمێکی تر کە حیسابی دەکەی ئیعانات 230 ملیار بڕیار دراوە، بەڵام ئەو 115ی لە 50٪ی بڕیوە، نیسبییەتی دابەزینی تەخصیصەکە دیسان یەکێکە لەو هەڵە گەورانەی کە موتەوازی نیە، ئەوەش من دڵنیام لە ناو حکومەت دا کەسانی پسپۆڕ و شارەزا لە ڕاستی دا لە

بواری حیسابی دا هەیە، بەڵام ئەوە گومانێکی گەورە هەر لە هەمان ئیستیمارەی موازەنەدا لە بەینی دوو ستووندایە موقارەنەم کردووە، بەراوردێکی گەورە بێ پێوەری و بێ بناغە دەردەکەوێ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك خان، فەرمووو، ببوورە ناسك خان، جەنابی وەزیر قسەی هەیە، ببوورە.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەڕاستی نازانم ئەگەر گوێ لە قسەکانم ناگیرێ، گوێ لەو مولاحەزاتانە ناگیرێ کە من دەیڵێم، بۆچی پرسیارم لێ دەکەن؟ با پرسیارم لێ نەکەن، چونکە من ئەو مەوازیعانە من ئەوە شەش ڕۆژە لە پەرلەمانم من جواب دەدەمەوە، مەعنای ئەوەیە ئیتر پرسیارم لێ نەکەن باشترە، برادەران خوشك و برایانی پەرلەمان، باشە، جارێ یەکەم ناچمە سەر ئەوانە، باسی ئەوە دەکەم بە نیسبەتی ساڵی تازەوە کە دادەنرێ 3/31، ئەم مەوزووعە منیش پێم باشە، بۆ ئێمەش زۆر باشە، بۆ وەزارەتی مالیەش باشە، بەڵام ئێوە دەبێ مولاحەزەی ئەوەش بکەن لە عیراق دا (سنة)ی مالی کەی تەواو دەبێت؟ کەی دەست پێ دەکات؟ ئێمە بەڕاستی ئەوە چەند جار من باسی ئەو مەوزووعەم کرد، وتم داهاتی ئێمە هاتۆتە ناو کوردستان، لە ناو پەرلەمان بەس بە دوو نەوع هاتووە، نەك ئەوەی کە ئێمە بێین فێڵ بکەین، قائیمەیەکی تر بنێرین، ڕجاتان لێ دەکەم، داهاتەکەی کە مەعلومە ئێمە پارەکە پارەی مەنافزی گومرگیمان، حدودیمان وەرنەگرتووە، لەبەر ئەوە بە شەرع داومانە، ئەمساڵەکە ئەو داهاتە داهاتی عامە، ئەو 476، ئەوە یەك، چونکە پارەکە پارەکەیان لێمان بڕی و نەیاندایەوە پێمان، ئەمساڵ دامانناوە ئەوەتا ئیشارەتمان پێی داوە جوابی لێژنەی داراییمان داوەتەوە بۆ ئەو مەوزووعە و لە جوابی پێشووترمان دا ئیزاحمان داوە، بەداخەوە دیارە کەس گوێی لەو ئیزاحە نەبووە، جارێکی تریش دەڵێم بۆ هەمووتان بێجگە لەو داهاتە ئەی ئەو داهاتانە چیە لەم ئیستیمارەیە دامانە لە ناو مینەح دا هەیە، ئەوە ئەو داهاتانەیە کەوا باسی دەکەین، بەڵام ئەوەتا کەس نازانم (علی کلٍ) نازانم بۆ؟ کە دەڵێم ئەوە ئەگەر وابێ عەجز نیە، وەڵلاهی ئەگەر عەجز نەبێت ئێمە غەڵەت بین، خۆزگە غەڵەت بین، خۆزگە نەمانزانیبایە ئەو حیسابە بکەین، شارەزایش هیچ، من خۆم ڕەنگ ئەوەیە شارەزا نەبم، بەڵام خۆزگە وەزارەتی مالیەش ئەو شارەزاییەی نەبوایە، بۆ ئەوەی ئێستا ئەو عەجزە دەرنەچووبایە، من نازانم بەڕاستی ئەم عەجزە چۆن دەڵێن عەجز نیە؟ خۆ ئەوە بەس بۆ ئەوەیە کە بڵێین وەڵلا وا وترا، نەخێر، ئەو عەجزە هەیەو عیلمیەن مەوجودە، فەرموون موختەص بێنن، بەیانی دێینە ئەم قاعەیە نە من نایێمە ژوورەوە، نایەڵم یەك کەسی برادەرانی وەزارەتی دارایی بێتە ژوورەوە، فەرموون میزانییەکەیان بدەنێ با دیراسەتی بکەن، بزانم عەجز هەیە یان نیە؟ بەڵام ئێوە کە بتانەوێ بڵێن کە عەجز ئەوەندە نیە، عەجز نیە و عەجز نیە، ئەوە شتێکی ترە، عەجز چۆن نیە؟ عەجزە و جەنابیشتان هەر لەو قاعەیەوە ساڵی ڕابردوو یەك و پێنج سەدو شەست و ئەوەندەتان عەجز ئەوە کردووە، ئەوە هی تەراکوماتی عەجزی ساڵی ڕابردووە کە ئێستاکە دێتە پێشەوە، براکانم، خوشکەکانم، ڕجاتان لێ دەکەم ئەم

مەوزووعە بە ویژدان تەماشای بکەن، ڕجاتان لێ دەکەم، ڕجاتان لێ دەکەم، باسی بانقی بازرگانی دەکەن، باسی ئەوە هەمووی لە ناو مینەح دا ئەو شتانە هەمووی دەرکەوتووە، یەعنی ئەوە بەڕاستی من نازانم بۆچی نایخوێننەوە؟ یان بۆ ناتانەوێ ئەو مەوزووعە بزانن، یەعنی داوای لێبووردن دەکەم، پارەی مەنافزی حدودی کە ئێستا بەو شێوەیە باس دەکرێ، کە حیساب دەکرێت، ئەوە ئەوەندەیە و بەو شێوەیە و بەو شێوەیە، خۆ ئەوە زۆر گران نیە، هێشتا موازەنە موصادەقە نەکراوە، ئێمە لێرەین، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئێستاکە هەیئەتێکی ڕەقابەی مالی بنێری بۆ ئەو مەنفەزە حدوودیەی کە جەنابت ئەو مەعلوماتەت تیادا دەرکردووە، ئەگەر ئێمە ڕاست بووین ئەوە قسە ناکەین، ئەگەر ڕاستیش نەبووین لە ناو عالەم دا تەشهیرمان بکەن، بزانین ئەمەمانە لە کوێ هاتوون؟ یەعنی ئەوەی کە جەنابتان بەم شێوەیە دەیڵێن، یەعنی ئەوە چیە مەوزووعی بودجە بەم نەوعە ئێمە بێین دایبنێین، بەڕاستی من پێم خۆشە ئەم مەوزووعانە ڕجاتان لێ دەکەم فیعلەن با رەقابەی مالی بچێ تەدقیق بکات، با بزانێ ئەم حەقائیقانە هەیە یان نا؟ ئەوە ئیش و کاری ڕەقابەی مالیە، خۆ ڕەقابەی مالی تەدقیقی هەموو مەنافیزەکانی کردووە بۆ مەعلوماتتان لە سلێمانی دا، لە سلێمانی تەدقیق کراوە، تەقاریری هەیە، لە ئیبراهیم خەلیل حەفتەك، 10 ڕۆژ پێش ئێستاکە لە ئیبراهیم خەلیل بوون لە تەدقیق، با نەتائیجی تەدقیقەکان بۆ ئەم مەوزووعەش بێت، هەیئەتێکی پەرلەمانی بڕۆن بڵێن باوکم ئەوە لە تەقریری وەزارەتی دارایی دا دەڵێن، ئێمە دەڵێین بە تریلیۆن هەیە، ئەوانیش دەڵێن نیە، ڕجاتان لێ دەکەم ئێمە لە تەقریرەکەمان دا وا وەیلای ئەوەمان کردووە کەوا پارەی مەنافزی حدودیان نەداوەتەوە بە ئێمە عیراق، ئێمە ئەو پەرلەمانە وەکو ئەوەی کە بەشێکە لە داهات و ساڵی ڕابردوو حیسابمان کرد، هەمووتان ئاگاتان لێیە، 405 بە 300 بوو، هەموو کۆی دەیکردە 705، ئەو 705یان نەدایەوە بە ئێمە، لە ئەخیردا حکومەتی عیراقی پەشیمان بووەوە، چەند فەقەرەیەکی داناوە رسومی دخولیە و ئەوانە، دەڵێ ئەم چەند فەقەرەیە دەدرێتەوە، ئەوەکانی تر نەدراوەتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە پارەکەمان داخلی ئیرادات نەکرد ببێتە ماڵ بەسەرمانەوە، بەڵام ئیشارەتمان پێیداوە، مەوجودە ئەو مەوزووعە، باسی 120 ملیار پترۆ دۆلار دەکرێ، باسی 42کە دەکرێ، 42 کە هی ساڵی 2012 کە پارەکەیان داناوە لە ناو موازەنەدا بۆ ئێمە هاتووە کە ئەوە حصەی ئێمەیە، لە ساڵی 2011دا پارەی پترۆ دۆلاریان نەدا بە ئێمە، 350مان داوا کردبوو نەیاندا بە ئێمە، وەزیری نەوت وتی/ ئێمە نەوتمان کردووەتە بۆڕییەکەوە دەڕوات بۆ خاریج موقابیل بەو ئینتاجە، بەوەی کە لەو بۆڕییەوە چوویتە خاریج، من دەتوانم ئەوەتان بۆ تەعویز بکەمەوە و وابکەین بتاندەینێ، ئەمساڵ یەعنی هی پارەکە ئەمساڵ بیدەن، خۆ ئێمە ئەگەر مەبەستمان لە بەعزێك ئەوە بێت کەوا ئەو تەفصیلاتانەی بۆ دەکرێ، دەمانوت کاکە کەی هێناتان ئێمە ئەو وەختە داخلی دەکەین، ئەوە بە موقەدەریش ئەویش هاتووە، باسی وێستگەکانی کارەبا، ڕجاتان لێ دەکەم من چەند جار مەسەلەی ئەو گازوایلی کارەبام باس کرد، یان مومکینە جەنابی کاك سەلیم نەبێت، یەعنی دەبێ ئەو وەختە لێرە نەبێت کە من ئەو شتانەم باس کردووە، نازانم، بەڕاستی جارێکی تریش باسی دەکەمەوە، ئەو پارەیەی کە ئێمە دامانناوە بۆ پارەی کارەبا و

ئجوری کارەبای کە دەیدەین بە کۆمپانیاکەی أحمد إسماعیل لەگەڵ پارەی گازوایل دا ئەو دوو پارەیە ئێمە تەجاوزمان لەسەری کردووە، کە تەجاوزمان لەسەری کردووە ئێستاکە دەردەچێ بە عەجز، جارێ هەر ئەوە بەس پارەی کارەباکە لەو عەجزە زیاترە کەوا کاك سەلیم بە سەد و نازانم چەنێك حیسابی کرد، هەر زۆری دڵخۆش کردم، بەڕاستی ئەگەر عەجزەکە ئەوەندە بێت، خاڵە سنوورییەکان و تەبادولی تیجاری و هاتنی سەیارە و ئەوانە، یەعنی ئێوە هەموو کەس و هەموو خەڵك ڕەنگ هەیە پێشتر شکی هەبێت لە مەنافیزی حدودی بڵێن ئەو ئیراداتانە، ئەو شتانە دەرناکەوێ، واتا ئەمڕۆ کاکە نەریمان کۆمەڵێك وصولاتی هێنابوو هی نەوت کە تێپەڕیوە لەوێ و پارەکەی چۆن وەرگیراوە، مەعقولە پارەی ئیراداتی حدودی بێت و گومرگ پارەکەی وەرنەگرێت، یاخود لە شوێنێکی ترەوە وەری بگرێت و بینێرێ بۆ شوێنێکی تر؟ نازانم وەڵلا ئەوە یەعنی من بەڕاستی نازانم، یەعنی ئەگەر ئەوە وابێت وەڵلاهی وەبیلاهی من لێرە بۆتان ئیمزا دەکەم، من بە بێ مەحکەمە ئیمزای دەکەم (فی سبیل الله) من ئیعدام بکەن،.......

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دڵمان نایێ، چۆن دڵمان دێ ئیعدامت بکەین؟ ناوەڵلا دڵمان نایێ، ئێمە دەچینە سەر پەتەکە قەی چی دەکات لە جیاتی تۆ.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسی مەسەلەی خانەنشینی، ئەرێ توخوا بەیانی شەرحم نەکرد؟ ئەم بەیانییە شەرحم نەکرد، وەڵلاهی شەرحم کرد، وەڵلاهی باسم کرد، توخوا کەس هەیە بتوانێ پارەی خانەنشینی دەبڕێ لە قائیمەی مەعاش دا تەحویل خەزینە دەکرێ، تۆ بڕۆی ئەم پارەیە سەحب بکەی بیخۆی؟ ئەم پارەیە سەحب بکەی بیدەی بە یەکێك، بە حیزبێك، ئەم پارەیە بدەی بە فلان شوێن، دیار نیە، دیار نیە ئەوە شتێکی بەڕاستی نازانم، ئەگەر وەڵلاهی ئێ باشە ئەگەر وایە یەعنی من بەڕاستی حەقە بە جیددی فیعلەن حەقە ئێمە ئیجرائاتمان لەگەڵ دا بکەن، حەق نیە ئەصڵەن هەر قسەم لەگەڵ دا بکەن لێرە، حەقە هەر نەهێڵن بێمە ئەو قاعەیە، باسی ئەوەی کەوا ئیستیمارات ئەو ئیستیماراتانەی کە هەیە هی شەش مانگ، ئەو شەش مانگە شەش مانگی فیعلی عەقدی صەرفە، ڕجاتان لێ دەکەم بڕۆن بپرسن، ئەوە تەسویاتی لەسەر دەکرێ، ئەوە سولەفی لەسەر دەکرێت، ئەو دەقیقەیەی کە تۆ ئیستیمارەکەت پڕ دەکەیتەوە بە تەقدیر دایدەنێی، لە دوای سەعاتێك یەك سولفە دێت، تەسویەی دەکەی دەچێتە سجلاتەوە، ئەو ئیستیمارەیە دەگۆڕێ، ئەوجا سەیری دەکەی بەعزێك هەیە دەڵێ ئەوە کەمی کردووە، بەعزێکی دەڵێ ئەوە زیادی کردووە، ئەگەر کەمی کردبێت ئەوە لە نەتیجەی موناقەلاتە، ئەی لەم پەرلەمانەوە دەسەڵاتتان نەداوە بە وەزیری دارایی چۆن موناقەلە بکات؟ بە وەزیری تەختیت چۆن مەناقەلە بکات؟ وەزیرەکان چۆن موناقەلە بکەن؟ ئێ باشە ماتوڵ وایە ئەگەر ئێوە دەتانەوێ ئەو مەوزوعانە هەمووی وەکو خۆی بیزەبت، وەکو حیسابات دوورخەیتەوە لێی، ئەوەی ئێوە دەتانەوێ دەبێ موناقەلاتی دەسەڵاتی وەزیرەکان و هی وەزیری داراییش چیتر دەسەڵاتیان مەدەنێ،

مەسەلەی ئەوەندە بۆ شارەوانییەکان و فەرقەکەی 13 و ئەوەندەیە، ئەو فەرقە فەرقی شارەوانی عەنکاوەیە، ئەوە 13 و کەسرەکە فەرقی شارەوانی عەنکاوەیە لە ناو ئەنجومەنی وەزیران دا دانراوە ڕجاتان لێ دەکەم، دوای ئەوە بۆ جارێکی تریش دەڵێم ئێستا پێشی ئێستاش یەکێك قسەی کرد وتی ئەویش هەر وای وت، وابزانم د. ڕۆژان بوو باسی مینەحی کرد، وتی ئەو مینحانە بۆچی؟ من ئەوە چەند جارە مەسەلەی ئەو مینحانە صەرف دەکەم، ئەگەر ئێوە دەتانەوێت موازەنەی شارەوانییەکان و بانقەکان و مەتارەکان و ئەوانە نەهێڵین، ئێستا فیعلەن ناهێڵم، فەرموون ئێوە مینحەکان، ئەوەی کە بەو ناوە هاتووە ئیلغای بکەنەوە، بەو ناوە هاتووە ئیلغای بکەینەوە بەڵام بشزانن لەعیراق دا چۆن صەرف دەکرێ؟ ئەی تۆ دەتەوێت وەکو عیراق، عیراق حکومەتە لەوێ ئێمە ئێستاکە هەمان سیاسەتی دارایی، تۆ دەتەوێت من بێم وەکو ئێرە ڕێکی بخەم کە لێرە چۆن بتەوێت بۆ خۆت سەیری بکەی، یان وەکو حکومەت و وەکو نیزام و وەکو قانون بیکەم؟ ئەوە قانونە، ئەوە نیزامە، ئەوە ئیستیمارەیە بۆ ئێمە ناردراوە، برام، باوکم خۆ من لە گیرفانی خۆم دەرم نەکردووە، دوای ئەوە مەصلەحەتی ئێمە چیە وەزارەتی دارایی بێین ئەم شتانە وا لێ بکەین؟ ڕجاتان لێ دەکەم، بەڵێ من باسم کردووە بەس عەجزەکە دەچێتە ناو موازەنەوە، کاکە شەرحم کردووە، من دەڵێم داهات دادەنێین، نەفەقاتیش دادەنێین، یەك لە یەکی تەرح دەکەین، فەرقەکە دەچێتە ناو میزانییەوە وەکو نەفەقات، ئێ ئەگەر ئەوە باوکم وا نیە بپرسن، ئەی هاوار، خۆ ئێستاکە موازەنە هیچی نەکردووە، بپرسنلە عیراق بڵێن ئەوە شارەوانییەکان لە کوێ دادەنرێ؟ مەتار لە کوێ دادەنرێ؟ ئاخر مەصلەحەتی وەزارەتی دارایی دەبێ چی بێت تا بێت ئەم ئیستیمارەیە لە خۆیەوە تەبع بکات و بێت بەم شێوەیە بیکات؟ ئەی ئێمە ڕەقابەی مالی عیراق ئەوە نیە تەدقیق حیساباتمان دەکات؟ باشە شتێکی تر، ئەی ڕەقابەی مالی دوەلی تا ئێستا هەموو ساڵێ نایێ حیساباتی ئێمە هەمووی تەدقیق بکات؟ ئەی باشە کە تەدقیقی دەکات بۆ بە ئێمەی نەوت ئێوە غەڵەتن؟ ئێوە نایزانن؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك خان، فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بسم الله الرحمن الرحیم**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من حەز دەکەم پێش ئەوەی بچمە سەر خاڵەکانی خۆم بە پێشنیارێك دەست پێ بکەم، ئێمە لەو دوو ڕۆژە جەنابت باسی تەخفیزاتی لە 10٪ی نەسریەی، یان با بڵێین بودجەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرا، جەنابت زۆر بە سینگێکی فراوان وتت لە 20٪ش تەبیعی یە، ئەوە زۆر جێگەی دڵخۆشی و دەستخۆشی یە، من حەز دەکەم ئێستا ئێمە شتێك بکەین، چونکە بەڕاستی من گوێم لە ڕاگەیاندن بوو بریکاری وەزیری دارایی وتی ئەوە پەرلەمانە وەستاندوویەتی مەسەلەی سولفەی عەقار و سولفەی زەواج، ئەگەر بێت و پەرلەمان بڕیار بدات کە ئێمە بەردەوام بین، هەر بەردەوام دەبین، ئەوە پەرلەمانە وەستاندوویەتی ئەگینا

**ئێمە دەیدەین، بەردەوام دەبین لە پێدانی ئەو سولفەیە، بۆیە من دەڵێم تا ئەمماددانەی تر تەواو دەکەین و تا پرۆژە یاساکە تەواو دەکەین لەوە دەچێ 15 ڕۆژی تری پێ بچێ و ئینجا دوای ئەوەش تا تەصدیق دەکرێ و تا لە وەقائیع بڵاو دەبێتەوە، من پێموایە ئەگەر دەنگی لەسەر بدەین وابزانم هەموو فراکسیۆنەکان لەگەڵ ئەوەدان کە ئیدامە بدرێ، زیاد کردنەکە واز لێ بینین، چونکە ئەگەر ئێستا بەیانی وەزیری دارایی بڕیارێ دەرکات بە بەردەوام بوونی سولفەکان، نەوەستێ بەدیار تەصدیقی بودجەوە، ئەگەر هاتو ئەم پەرلەمانە بەرێزە ئیقراری زیادەیەکی کرد ئەوە زۆر تەبیعی یە، دوایی زیادەکەیان بۆ صەرف دەکرێ، خۆ ئەگەر ئیقراریش نەکرا ئەوە ئەو خەڵکە لە ماوەی ئەم مانگە ئەو 60 هەزارەی کە ئێستا چەکی وەرگرتووە و چاوەڕوانە، یان ئەو هەموو گەنجەی کە لە مانگی یەکەوە چاوەڕوانی ئەو 5 ملیۆنەیە، با دوو مانگی تر ئێمە سەبەب نەبین، بۆیە حەز دەکەم ئەم پێشنیارە بەرێز سەرۆکی پەرلەمان بیخەیتە دەنگدان بۆ ئەوەی وەزیری دارایی مادام لەسەر بڕیارێکی پەرلەمان وەستاوە، بۆ ئەوەی ئێمە نەبینە مایەی تەئخیر بوونی سولفەی زەواج و عەقاری ئەو خەڵکە، بڕیارێك دەرکەین کە پێش ئەوەی بودجە تەصدیق بکرێ وەزارەت دەستکاتەوە بە پێدانی ئەو سولفەیە، دوایی ئەگەر زیادمان کرد زیادەکە دەفع دەکات، من دێمە سەر خاڵەکانی خۆم زۆر بە کورتی و بە سەریعی، ئەوەی کە باس زۆر لە دواکەوتنی بودجە دەکرێ، لەگەڵ ڕەئیەکەی د.ڕۆژانم کە بەڕاستی ئێمە دەتوانین هەر لە ئێستاوە من دەڵێم بودجەی ساڵێکی ترمان لە 13 تریلیۆن کەمتر نیە، کەواتە با تەخمینی بکات، لە مانگی یەك دا ئێمە ئەو بودجەیە تەصدیق بکەین، دواتر ئەم موناقەشە گەرم و گوڕە لەسەر حیساباتی خیتامی بکەین، مادام ئێمە هەر پرسیارێك دەکەین بەڕێ وەزیری دارایی دەڵێ پەیوەندی بە حیسابی خیتامییەوە هەیە، کەواتە خۆزگە ئەم عورفەمان بگۆڕیایە، بودجە بە تەخمین کراوی بیکەین، بەم ئەم موناقەشە دوور و درێژە لەسەر حیساباتی خیتامی بکەین، مادام ئەوێ ڕەقەمی موحەقەقە و ئەوە تەخمین کراوە، مادام تەخمین کراویشە دەتوانی هەر بە موخەمەنی لە مانگی یەك دا بودجە تەصدیق بکەین، سەبارەت بە وەڵامەکانی وەزیری دارایی لەسەر ڕاپۆرتی لێژنەی دارایی، لەسەر مەسەلەی ئەو جیاوازییەی لە ژمارەی فەرمانبەران دا هەیە، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، 5405 کە لێژنەی دارایی لەگەڵ دەستخۆشیمان ئیقراریان پێ کردووە، چونکە ئێمە لە 3، ئێمە وەکو لێژنەی پیشەسازی 3 وەزارەت پەیوەندی بە لیژنەکەی ئێمەوەیە، من هەستم بەو فەرقە کرد لە هەرسێکیانم دەپرسی نەیاندەزانی ئەو فەرقە سەبەب چیە لە ڕەقەمی فەرمانبەرەکانیان دا، بەڵام لیژنەی دارایی زۆر جوان دیاری کردووە، دەڵێ 5405 نەفەر، فەرمانبەر جیاوازە لە بەینی ڕەقەمەکان دا، بەڵام وەزیری دارایی وەڵامەکەی ئەوە بوو وتی ئەنجومەنی وەزیران ئیقراری ئەو ژمارەی کردووە، ئێ تەواوە، قابیلە هەموو بودجەیەك بە بێ تەصدیقی ئەنجومەنی وەزیران، بەس دەڵێین بۆ؟ ئەم 5405 فەرمانبەرە زیادەیە بۆ؟ لە کوێن؟ وەڵامی ئەوە بداتەوە نەك بڵێ ئەنجومەنی وەزیران، دەزانین ئەو بودجەیە هەتا لە ئەنجومەنی وەزیران تەصدیق نەکرێ نایێتە ئێرە، لەبەر ئەوە وەڵامی ئەوە بەڕاستی بەشێکی ماوە دەبێ تەواوی بکات، بزانین ئەو 5405 ڕەقەمە جیاوازەی کە لیژنەی داراییش ئیقراری کردووە لە کوێ یە؟ یەك**

خاڵی کورت لەسەر داهات ئەوەی کە وەزیری دارایی ناردوویەتی، ئەوەی دووهەمیان نا کە ئێستا ئیشارەتی پێدرا، یەك تریلیۆن و ئەوەندە، هەر 476 ملیارەکە زۆر جیاوازە لەگەڵ 2010، نووسراوە لیژنەی دارایی نووسیوویەتی لە 15٪ی باج کەمی کردووە، خۆزگە بمانزانیایە بۆچی کەمی کردووە؟ خۆ لە 2010 کامیرای سەر جاددەکان نەبوو هینی مرور، ئێستا لە 2012 هەیە، خۆ ڕێگەکانی سنوورمان دانەخستووە لەبەر ئەوەی سەوزەواتی خۆمان صەرف بێ، بۆچی ئەم مەسەلەی باج ئەوەندە کەمی کردووە؟ جەوابی ئەوەشی بدابایەتەوە، ئێستا دێمە سەر ئیختیصاصی خۆم، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من سەرەتا وەکو ئەندامێکی لیژنەی ژنان پێش ئەوەی بچمە سەر لیژنەی پیشەسازی و وزە، دیارە پاریش و پێراریش ئیشارەتم دا بە ڕێژەی فەرمانبەران، ئەمساڵ لە 24٪ی ڕێژەی فەرمانبەران مێیینەیە، بەڕاستی دیسان ئەو تەرحەی پار دەکەمەوە، ئەولەویەت بدرێ بە کچان لە کاتی تەساوی بوون و یەکسانی بوونی کەفائەتەکان دا، یەعنی لە کاتێك دا دوو کەس، کوڕێك و کچێك هەردووکیان 100 پلەیان هەیە بۆ نموونە، با ئەولەویەت بدرێ بە کچان بۆ ڕێککردنی ئەو بالآنسە، چونکە بەڕاستی وەکو بەیانی ئیشارەت پێدرا خەریجینی کولیات و مەعاهد زۆربەی زۆری، ئەگەر زۆرتر نەبن لە کوڕان، بە قەدەر کوڕانن، جا ئەگەر ئەوە بکرێ بۆ ڕێکخستنەوەی ئەو ڕێژەیە شتێکی باشە، ئەوە خاڵێك، خاڵی دووهەم هەر لەلیژنەی ژنان دا ئیشارەتمان داوە بە بودجەیەك بۆ پرۆژەی هاوکاری بێ هاوسەران، بەڕێزان، ئەم پرۆژە یاسایە لە 2010 تەقدیممان کردووە، لە 2011/1/16 خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، لیژنەی ژنان ئاراستەی حکومەتی کردووە، ئەو ساڵێك و شەش مانگە، لە پلانی کاری هەرێمی مافەکانی مرۆڤ دا ئیقرار کراوە کە ئەوە پلانێك بوو بۆ چوار ساڵ لە ژێر چاودێری سەرۆکی هەرێم ئیعلان کرا ئەو پلانە هەرێمیە، ئیقرار کرا کە ئەم یاسایە دەبێ لە 2011 لەبەر گرنگییەکەی ئیقرار بکرێ، جا بۆ ئەوەی دواتر ئیقرار کردنی ئەو یاسایە بە پاساوی بودجە، بودجە بۆ ئەوەی دوا نەخرێ، من پێشنیار دەکەم لیژنەی ژنانیش لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی دارایی دا پەسند کراوە، بودجەیەکی تایبەت دادەنرێ بۆ ئیعانەی، هاوکاری بێ هاوسەران، ئینجا دێمە سەر لیژنەی پیشەسازی و وزەو سامانە سروشتییەکان، دیارە ئەم لیژنەیە سێ وەزارەتی هەیە، پیشەسازی، بازرگانی لەگەڵ کارەبا، لەگەڵ سامانە سروشتییەکان، زۆر قسە کرا لەسەر مەسەلەی پیشەسازی، وەزارەتی پیشەسازی، بەڕێزان ئەم وەزارەتە پارو پێراریش من ئیشارەتمدا بەوەی ساڵانە 21 ملیار بەس فەقەت نموزەجێکی چیمەنتۆ کە هەموو باسیان کرد 21 ملیارە، ئەمساڵ وەزارەت وتی 19 ملیار و 500، وەزارەت خۆی ئیقراری کرد کە ئەو ڕاستەوخۆ دەچێتە وەزارەتی دارایی، بەڵام لە کاتی وەڵامەکان دا وەزیری دارایی وتی هەر نییە، وتی ئەوە شتێکی وانی یە باس کرێ، یەعنی (کأنە) ئاگای لێ نەبوو، من دەڵێم بۆ وەزارەتی پیشەسازی مادام ئەوە صەرفی خاصی خۆیەتی، ئەی بۆ وەزارەت، دیارە وەزارەتەکان مەعلوماتی هەڵە بە ئێمە دەڵێن، یان مەعلوماتی هەڵە بە بەڕێزیان دەڵێن، بۆچی ڕاستەوخۆ ئەندامانی لیژنە دەزانن، ڕاستەوخۆ وتی ئێمە ساڵانە ئەم 19 ملیار و 500 دەچێتە وەزارەتی دارایی، بەڕێزان کارەبا ئێمە لە لیژنە ئیقرارمان کرد کە ئەو داهاتەیان بۆ خۆیان بێ، تەبعەن ساڵی پار داهات

نووسرابوو بەڵام وتمان بگەڕێتەوە بۆ خۆیان، ئەمساڵ صفر دانراوە، لەبەر ئەوەی وەزارەت دەڵێ دەیگرێنەوە بۆ خۆیان، بەراستی من دوای موناقەشەیەکی زۆر لەگەڵ ئەندامی لیژنەی دارایی بەدەرکەوت کە ناکرێ تۆ، قەینا ئەم داهاتە، ئایا وەزارەتی تەندروستی بێ یاخود وەزارەتی کارەبا بێ، قەینا داهاتەکە دەچێ بۆ خۆی، بەڵام خۆ دواتر ئەم صەرفی دەکاتەوە، یەعنی لە صەرف دا وجودی هەیە، ئەی چۆن تۆ لە داهات دا نایینووسی؟ کەواتە ئەصڵ وایە لە داهات دا تەدویر بکرێ ئەم داهاتەی کارەبا، بەڵام دواتر بۆ خۆی صەرف بکرێتەوە، بۆ ئەوەی دوایی ئەگەر صەرفی بکات، ئەگەر بێت و صەرف لە داهات دەرکەی دەبێ بە عەجز، ئەی ئەو پارەیەی داهاتەکە بۆ کوێ چووە؟ ئەی نابێ لە داهات دا هەبێ؟ داهاتی فیعلی وەزارەت بەڕێزان وەزیری کارەبا دەڵێ 157 ملیاری فیعلیم دەستکەوتووە، بەڵام 117 ملیار ئەوە جەدوەلی خۆیانە، قەرزە، بەڕێزان 46 ملیار 672 ئەوە هی هاووڵاتیانە، 70 ملیار و 989 ملیۆن هینی حکومی یە، من لەوە تێناگەم بۆ لە ناو جەدوەلەکە بەڕێز وەزیری دارایی ئەگەر ئەو مولاحەزەیە، لە 2012 نووسراوە لە سجلەکانی کە لای ئێمەیە 380 ملیار و 690 ملیۆنی داناوە بۆ ئجوری کارەبا، هی دەوائیر، باشە ئەی بۆچی ئێستا دەوائیر پارە نادەن، بۆ ڕاستەوخۆ ئەوە ناچێتە داهاتی وەزارەتی کارەبا، یەعنی ئەو 368 ملیارە صەرف دەکرێ بۆ دەوائیری حکومی بۆ کارەبا، کەچی دەوائیر کارەبا نادەن بە وەزارەتی کارەبا، یەعنی لەوە تێناگەین، ئەگەر ئەو 368 ملیارە بخەیتە سەر ئەو داهاتەی خۆی نزیك دەبێتەوە لە 700 ملیار دینار داهاتی وەزارەتی کارەبا، بەڕاستی من ناڵێم ئەم پارەیە بۆ کوێ چوو؟ چی لێهات؟ من دەڵێم ئەگەر کۆنترۆڵی داهاتمان بۆ ناکرێ، ئەگەر فەلەتات زۆرە، پێویستی بە کۆنترۆڵە، ئەوەش وەزارەتی کارەبا بە تەرحی پرۆژەی پێوەری زیرەك کە پێموایە دەبێ وەزیری پلاندانان ئەوەی لە بیر بێ کە ئەم پرۆژەیە بە پێی قسەی وەزیری کارەبا 3 ساڵی دەوێ، ئەو تەرحی کردووە کە دەتوانێ لەسەر داهات بتوانێ ئەو پرۆژەیە ئیقرار بکات، بۆیە دەکرێ بەو حاڵەتەوە بتوانین کۆنترۆڵ بکەین، بە مەرجێ دیسان دەیڵێمەوە ئەم 368 ملیارەی کە دانراوە لەسەر بودجەی هاووڵاتیان بۆ دەوائیری حکومی، دەدرێ بە دەوائیری حکومی بۆ کارەبا کەچی دواتر نایدا بە کارەبا، وەزارەتی پیشەسازی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دەڵێ ئێمە ماوەی هەشت مانگ یەك دۆسیەی دەرهێنابوو زیاتر لە بەندێك وەرەقەی A4ی تیابوو، ئەی وت ئێمە هەشت مانگ هاتوچۆی وەزارەتی داراییمان کردووە بۆ 69 ملیۆن بۆ پرۆژەیەك، دەکرێ وەزارەتێك یەك هەشت مانگی بێت و بڕوات بۆ دەستخستنی 69 ملیۆن دینار بۆ پرۆژەیەك؟ ئەگەر 69 ملیۆن دینار هەشت مانگ هاتوچۆ و ئەو هەموو نووسراوەی بوێ، ئەم ڕۆتینە زۆرە یەکێکی تر نیە لە ئەسبابی تەئخیر بوونی پرۆژەکان؟ کە ئەوان زۆر تەئکید دەکەنەوە لەوەی کە بەڕاستی ماندوون بە دەست وەزارەتەوە، یەك خاڵی تر کە حەز دەکەم ئیشارەتی پێ بدەم، لە 2009 دا لە 2009/7/7 بە نووسراوی وەزارەتی پلاندانان پرۆژەی سایلۆی سلێمانی لە پیرەمەگروون ئیقرار کراوە کە بۆ 80 هەزار تەن گەنمە، هەتا ئێستا ئیشی لێنەکراوە، بۆتە گرفتێ لە بەینی وەزیر و ئەنجومەنی وەزیران، دەکرێ مافی هاووڵاتیان، مافی شارێکی وەکو سلێمانی لە بەینی وەزیرێك و حکومەت دا گیر بخوا؟ ئەی ناکرێ ئەو ئەنجومەنی وەزیرانە هەرچی

تەرحێکی هەیە بیوەستێنێ؟ یاخود ئەگەر ئەم وەزیرە بەڕێزە ناکرێ سێ ساڵ پرۆژەیەکی وەکو سایلۆیەك بۆ شارێکی وەکو سلێمانی کە لە سەردەمانێك دا بە پایتەخت دادەنرا، دەکرێ سایلۆیەکی هەبێ؟ سایلۆکەشی لە 2009وە بە نووسراوی وەزارەتی پلاندانان ئیقراری بۆ کراوە هەتا ئێستا هیچی بۆ دانەنراوە؟ دێمە سەر وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، وەزیری سامانە سروشتییەکان لە 5/29 هاتە لیژنەی ئێمە، بەڵام بەڕاستی هەر یەکەم جوملە وتی من تەنها یەك سەعات دەتوانم لەگەڵ ئێوە بم و بەم نزیکانە دێمە پەرلەمان خۆم و سەرۆکی حکومەت سەرجەم داهاتەکان و شیرینییەکان و مینەح هەموویتان بۆ ڕۆشن دەکەم، ئەوە وای کرد بەوەی ئێمە وەکو ئەندامانی لیژنە هیچ پرسیارێ لەسەر داهات نەکەین، هەتا من لە لیژنەکە وتم کەواتە دەبێ ئەو هاتنەت پێش بودجە بێ، چونکە بەڕاستی لە بودجە پرسیارێکی زۆر دەکرێ لەسەر نەوت، دەبێ جەنابت پێش بودجە بێی، بەڵام ئەوە لە 5/29وە ئەوە ئێستا بەرەو چەندی شەش دەڕۆین دیار نیە، بەڵام ئەوە ڕێناگرێ لەوەی ئێمە دوو وەزیری بەڕێز لێرەن کە بەرپرسیارێتیان هیچی کەمتر نیە لە بەرپرسیارێتی وەزیری سامانە سروشتییەکان، چونکە بە یاسای 22ی 2007 ئەم دوو بەڕێزە ئەندامی ئەنجومەنی هەرێمی کاروباری نەوتن، ئەنجومەنی باڵای هەرێمی نەوت و گازی هەرێمی کوردستانن، کەواتە هەر بەرپرسیارێتییەك ڕوو دەکاتە وەزیری سامانە سروشتییەکان، ڕوو دەکاتە وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانانیش، دەبوو وەزیری پلاندانان ئێمە ساڵی پار هاوارمان بوو کوا لیستی پرۆژەکانی مینەح و بۆنسی گرێبەستەکان؟ لە 2010 پێنج ملیار دۆلار لەم پەرلەمانە ئیعلان کرا، ڕاستە پێنج ملیار دۆلارەکە هەمووی پارە نیە، بڕێکی پارەیە و بڕێکی پرۆژەیە، ئێ باشە، وەزیری سامانە سروشتییەکان دەڵێ ناکرێ من پارە پەیدا بکەم کەچی گلەییشم لێ بکەن، بڕۆن ئێوە موتابەعەی پرۆژەکان بکەن، ئێ پرۆژە لای کێیە؟ لای وەزیری پلاندانانە، ئێمە پار وتمان لیستێك بە پرۆژەی مینەحی گرێبەستەکان با بێت لە کاتی بودجە، بەڵام ئەوە ئەمساڵ نەهاتووە ئەو لیستە، ئەمساڵ دەبوو لەگەڵ لیستی پرۆژەکان دا، بۆ ئەوەی ئەو پرسیارە نەکەینەوە جارێکی تر، لیستی پرۆژەکان کە لەسەر حیسابی بۆنس کراوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ناکرێ ئێمە پرۆژە هەبێ بکرێ لەسەر بۆنس، بەس ناوەکەی نەزانم، نەشزانم لە کوێ یە، دواتر لێرەش لە پرۆژە بکرێ، دیارە یەکێك یەعنی تەزاروب دەکات، ئەوە یەك، دوو/ هیچ گرێبەستێك ئیمزا نەکراوە بە بێ موافەقەی ئەندامانی ئەنجومەنی هەرێمی، کە ئەم دوو بەڕێزە دوانیان ئەندامن لە ناو لیژنەدا، هیچ ئاڵوگۆڕێك، هیچ ئیتیفاقێك، هیچ فرۆشتنێك، هیچ سیاسەتێکی نەوتی لە هەرێمی کوردستان دا ناکرێ ئەگەر ئەنجومەنی هەرێمی ئاگای لێ نەبێ، ئەوە بە پێی یاسا، جا ئەگەر ئەم مافەی دراوە بەم بەڕێزانە بە یاسا، ئەم دەسەڵاتەی دراوە بەم بەڕێزانە بە یاسا تەمەتوعی پێوە ناکەن، بەڕاستی هەق وایە یەعنی هەڵوێستێکی بنوێنن، بڵێن ئێمە ئاگامان لێ نیە، بڵێن ئەوە پەیوەندی بە ئێمەوە نیە، بۆ ئەوەی ئێمە بەرپرسیارێتی نەخەینە ئەستۆی ئەوان، بەڕاستی من لەدوای کۆبوونەوەی لیژنەی خۆمان لەگەڵ وەزیردا بڕیارم دا لەمەولا تەرکیزم لەسەر چوارەکەی تر بێ، تەرکیز لابەم لەسەر وەزیری سامانە سروشتییەکان بیخەمە سەر چوارەکەی تری ئەندامی ئەنجومەنی هەرێمی، چونکە

ئەوانیش بەرپرسن لەم نەوتەی کە لەم هەرێمی کوردستانە دەردێ، ئەرزی کشتوکاڵیمان فەوتا، ژینگەمان فەوتا، لادێکانمان بێزار بوون، دوێنی دوو کەس لە شێراوە و نازانم کوێ ڤیرتاو دەکەن دەڵێن هەتا 100 مەتری دەوری ئێمە گیراوە، دەڕۆین لای مودیر ناحیە دەڵێین بەس ئەوەندە زامنمان بکەن ئەگەر ئەوانە بوون بە بیر ئێمە چۆڵی ناکەین، چونکە خانوومان کردووە بە دنیایێ پارە لەسەر 300 مەتر، یەك کەس زەمانمان ناداتێ، کەواتە تۆ خەوفێکت دروست کردووە،ڕاستە سەروەتێکی گەورەیە، ڕاستە سیاسیەن ئیستیفادەی لێ دەکەین، ئەوە لە کاتێك دا ئیستیفادەی لێ دەکەین ئێمە شەفاف بین، یاسایی بین، ئەوانەی کە بەرپرسن لەو قەزییە، لە ئاست بەرپرسیارێتی قەزییەکە بن، ناکرێ ئێمە هەموو ڕۆژێك، هەموو بودجەیەك، هەموو کاتێك لە ئیعلام، لەملا لەسەر ئەم مەوزووعە قسە بکەین، تۆ شەڕێکی گەورەت بۆ دروست بووە لەگەڵ بەغدا، ئەگەر ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان بەرچاوڕوون نەبین لە سیاسەتی نەوت لەم هەرێمی کوردستانە، چۆن ئەم شەڕە بکەین لەگەڵ بەغدا؟ ئەی نابێ بزانین داهاتەکەمان چەندە؟ ئەم سیاسەتی نەوتە ڕاستە؟ دروستە؟ با دوو کەسی تر غەیری وەزیری سامانە سروشتییەکان کە ئەنجومەنی هەرێمی پێنج کەسە، با دوو کەسی تر قسەی لەسەر بکات، بلێ زۆر بە قوەتە، ئەوە بەڵگەکەی، ئەوە گرێبەستەکان، ئەوە داهاتەکەی، ئەوە لیستی پرۆژەکان، بۆ ئەوەی ئێمەش دڵخۆش بین پێی، دیفاعی لێ بکەین، خاڵێکی تر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پاڵاوگەیەکمان هەبوو لە سلێمانی تا شەهیدێکمان لێ نەدا نەمانزانی داهاتی هەیە، ئەوە لیستی پاڵاوگەی سلێمانی یە، لە یەك ساڵ دا 19 ملیار داهاتی هەبووە، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان دەڵێ ئاگام لێ نیە، یەعنی یەك ساڵ، بەس تەنها لە 2011، تەبعەن ئەمجارە ئێمە لە لیژنە هەموویان پێکەوە بوون، ئەوی ڕاستەوخۆ دەچێ بۆ وەزارەتی دارایی، کوا ئەو 19 ملیارە؟ کە هی یەك ساڵی پاڵاوگەی سلێمانی یە، بۆچی ئەو 19 ملیارە بۆ ئەو پاڵاوگە صەرف ناکرێ؟ کە نەك بە کەڵکی ئەوە نەیێ مامەڵە لەگەڵ نەوت دا بکەی، بە کەڵکی ئەوە نایێ مامەڵە لەگەڵ ئاو دا بکەی لەم شوێنە، تا شەهیدێکمان لێ نەدا ئێمە وەکو لیژنە نەمانزانیوە ئەم پاڵاوگەیە ئیش دەکات، لەبەر ئەوە بەڕێزان ئەم مەوزوعی سامانە سروشتییانە مادام ئەنجومەنێکی هەرێمی هەیە، پێویستە هەموومان وەکو پەرلەمان تەرکیزمان لەسەر ئەم ئەنجومەنە بێ ئەمجارە، سندووقێك هەیە بۆ داهات، ئەم سندووقە دروست نەکرا، بەڵام خۆ دەبێ وەزیری سامانە سروشتییەکان ئاگای لە داهاتەکە بێ، 250 ملیۆن دۆلار هاتە ئەم پەرلەمانە، کرا بە پرۆژە، تەصدیقمان کرد، بەڵام 250 ملیۆن دۆلاری تر هاتووە ڕاستەوخۆ چووە پارێزگاکان بە بێ ئەوەی پەرلەمان ئاگادار بێ، بۆچی ڕاستەوخۆ ڕۆیشتووە بە بێ ئەوەی پەرلەمان ئیقراری بکات؟ خۆ ئەوە پارەی نەوتە، دەبێ ئیقرار بکرێ، بۆ ئەوەی بزانین پرۆژەکانی کە ناوی دێ بۆ موحافەزە، لەم پرۆژانە نیە؟ بزانین پرۆژەیەك دووجار لە دوو شوێن پارەی بۆ دانەنراوە؟ ئەی تۆ چۆن وەکو پەرلەمان موتابەعەی دەکەی؟ چۆن بەسەر تۆدا 250 ملیۆن دەڕوا بۆ ئەوێ؟ ئینجا ئەوە نووسراوێکی وەزارەتە، ئەم نووسراوە 615 ملیۆن دۆلاری تیایە، تەبعەن بە ئیمزای وەزیری سامانە سروشتییەکانە بۆ وەزیری دارایی، دەڵێ لە ئەخیر دا دوای ئەوەی باسی هەموو پارەکان دەکات دەڵێ جا پێویستە ئەو داهاتانە

به هیچ شێوەیەك مامەڵەی لەگەڵدا نەكرێت تەنها بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی هەرێمی، ئەم دوو بەڕێزەش ئەندامن لەوێ پێمان بڵێن ئایا ئەو 615 ملیۆن دۆلارە چی لێ صەرف كرا؟ بۆ كوێ چووە؟ ئایا ماوە؟ ئەگەر صەرف كراوە پرۆژەكان لە كوێن؟ لە كۆتاییدا بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئێمە داواكارییەكی زۆری خەڵك ڕوومان تێ دەكات، بەڕاستی هەمووی لە ڕاپۆرتەكەی سەرۆكی فراكسیۆن دا ئیشارەتمان پێداوە، نامەوێ دووبارەی بكەمەوە، بەعزێك لەوانەی كە بەخۆم گەیشتووە لەگەڵ سوپاس و دەستخۆشی زۆرم بۆ سەرۆكی لیژنەی مافی مرۆڤ، زۆر بە جوانی ئیشارەتی بە مەوزووعی كفری و كەلار دا، كە بەڕاستی جێگەی ئەوەیە ئەو وتانەی بەڕێزی بە هەند وەربگیرێ، ئەوەی كاك سالار وتی لەسەر هەڵەبجە، بەڕاستی هەتا ئێستا عەمبارێك دانراوە عەمباری سووتەمەنی، لە پرۆژەی 2010 هەیە، لە 2011 هەیە صفری بۆ دانراوە، لە 2012دا هەڵەبجە ئاگای لێ نییە، موتابەعەی دەكەم لەگەڵ قایمقام دا، تەبعەن وەزارەتی سامانە سروشتییەكان وتیان ئەرز نیە، لەگەڵ قایمقام دەڵێ یەك كەس قسەی لەگەڵ نەكردووین، كاتێ كە سەیری پرۆژەكان دەكەی دەڵێی زۆرباشە هەڵەبجە پرۆژەیەكی هەیە، ئەم پرۆژە دوو ساڵ دەیباتە سەر، چونكە لە 2011 من هەروا دەزانم هەڵەبجە پرۆژەی هەیە، كەچی كاتێ سەیر دەكەم لەسەر ئەرزی واقیع هیچی بۆ نەكراوە، بەڕێز وەزیری پلاندانان وابزانم مەسئولیەتی جەنابتە، وەكو چۆن پرۆژەكان دادەنێی ئاواش دەبێ موتابەعەی جێبەجێ كردنی بكەی، دەبێ بزانی هاوسەنگی لە بەینی شارەكان دا، نابێ تەنها ڕێژەی دانیشتووان بێ، بە پێی دەستووری عیراق دەبێ زیان لێ كەوتوو و زەرەرمەندەكان بەرچاو بگیرێن، نەك تەنها ڕەقەم و ژمارەی دانیشتووان، ئەو دەڤەری هەورامان و تەوێلە و بیارەیە یەك پرۆژەیان نیە، سیروان لە 2007وە پرۆژەیەكی شارەوانی بۆ دانەنراوە، هەموو ئەو شوێنانەی كە سەردانیان دەكەین بەڕاستی دەری دەخات كە ئەم بەڕێزانەش زۆر قسەیان كرد هاوسەنگی نیە لە شوێنەكان دا، ئومێدەوارم ئەم قسانەی كە دەكرێ بە هەند وەرگیرێ لەلایەن وەزیرە بەڕێزەكان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز اسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز د.علی سندی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بە حەقەت ئەو بەڕێزە ئەندام پەرلەمانە دیارە زۆر تێبینی هەبوو، لە زۆر شتیش مەشكوك بوو، یەعنی بە وازحی قسەكان دیاربوون، من تەنها دوو خاڵ وەڵام دەدەمەوە، چونكە بەعزێكی وابزانم پەیوەندی بە پرۆژە یاسای بودجەوە نەبوو، ئەوە ئیحتیماله زۆر موناقەشەی بوێت، بەڵام خاڵی یەكەم بەڕێزیان ئاماژەی بەوەدا كە بەڕێز وەزیری سامانە سروشتییەكان یان بە جەنابیانی وتووە، یان لە هۆڵی پەرلەمان وتوویەتی ئەوە من پارەم هێناوە ئەوە لیستی پرۆژەكان برۆن لەگەڵ وەزارتی پلاندانان بۆ خۆتان موتابەعە بكەن، ئەوە ئەصڵ و ئەساسی نیە، پرۆتۆكۆلی پەرلەمان هەیە، تەصویر كراوە، جەنابیشیان قسەكەی زۆر بە وازحی كرد، ئەگەر لەوێ وتوویەتی یان لە هەر شوێنێكی تر ئەوە شتی وا نیە بە

# پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (30)

## یەك شەممە رێكەوتی 2012/6/17

کاتـژمێر (10)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی یـەك شـەممە رێکـەوتی 2012/6/17 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سورە جێگری سەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـکرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (30)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (30)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە کـات (10)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی یـەك شـەممە رێکـەوتی 2012/6/17 دا بـەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردسـتانی عـیراق بـۆ ساڵی 2012.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گـەلی کوردسـتان. دانیشـتنی ئـەمڕۆمان دەسـت پـێ دەکـەین، پەرلـەمانی کوردسـتان، خـولی سـێیەمی هەڵبژادن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (30)، ڕۆژی دانیشتن 2012/6/17.

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1) یەکی ماددە (20) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1) ی هـەموار کـراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا، بەرنامەی کاری دانیشتنی (30) ی ئاسـایی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، لـە کـات 10 ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی یـەك شـەممە ڕێکـەوتی 2012/6/17بەم شێوەیە بێ:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردسـتانی عـیراق بـۆ ساڵی 2012.

ئێستاش بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان، ناوی ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە دەخوێنێتەوە کە مۆڵـەتن یـان ئامادەنەبوون، بابفەرمووی.

**بەڕێزحسن محمد سورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەو ئەندامانەی لە دانیشتنی ژمارە (29) ی ئاسایی لە 6/16 مۆڵەت بوون یان ئامادەنەبوون،

| | |
|---|---|
| بەفرین حسین | مۆڵەت |
| بەیان احمد حسن | مۆڵەت |
| پەیام احمد محمد | مۆڵەت |

تارا تحسين ياسين مۆڵەت

حازم تحسين مۆڵەت

ڕێباز فتاح محمود مۆڵەت

سەمیر سەلیم مۆڵەت

صباح محمد نجيب مۆڵەت

عبدالسلام مصطفى مۆڵەت

یاووز خورشيد مۆڵەت

يشار نجم الدين مۆڵەت

ئێوارە

بەفرین حسين مۆڵەت

پەیام احمد محمد مۆڵەت

جمال طاهر مۆڵەت

حازم تحسين مۆڵەت

ڕێباز فتاح مۆڵەت

د.دانا سعيد سۆفی ئامادەنەبوو

د.صباح محمد مۆڵەت

عبدالسلام مصطفى مۆڵەت

محمد موسى ئامادەنەبوو

یاووز خورشيد مۆڵەت

**بەڕێز د. ارسلان بايز/ سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆی پڕۆژە ویاسای بودجەی هەرێمی كوردستان، فەرموو كاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوێنێ لە خوێندنەوەی لیستی نەهاتووی پێرێ دا، بەیانیەكەی كە بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلەمان خوێندیەوە، ناوی من بە نەهاتوو هاتبوو، بەڵام من و كاك جلال بەیەكەوە لەسەر یەك وەرەقە مۆڵەتمان پێشكەش كرد، بەیەكەوە ئیمزامان لەسەر كرد هەر بۆ تێبینی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/ سەرۆكی پەرلەمان.**

دوایی ڕاستی دەكەینەوە بەسەرچاو، لیژنەی دارایی فەرموون بۆ شوێنی خۆتان، هاوڕاز خان فەرموو.

**هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من پێم باشە بە شتێك دەست پێ دەکەم، کە لە لای من بەڕاستی هەم جێگای تێبینیە، هەم جێگای سەرنجەو پرسیاریشە بەڕاستی، ئەوەی کە بودجەی تەندروستی بەداخەوە، ئێمە دوو ساڵە وەکو لیژنەی تایبەتمەند، وەکو ئەندام پەرلەمانانی بەڕێزی تریش داوای زیاد کردنی ئەم بودجەیە دەکەین، چونکە بەپێی مەعیاری نێودەوڵەتی، بەپێی پێوەرە نێودەوڵەتیەکان، ئەم بودجەیە بودجەیەکی یەکجار کەمە، بەلاّم لەگەڵ ئەوەدا نەوەك هەر زیاد نەکراوە، کە ساڵی پار پێنج و پۆینت پەنجا و هەشت بووە، ئەمساڵ بەداخێکی زۆرەوە، بوەتە چوارو پۆینت نەوەت و هەشت، ئەم پەراوێز خستنەی وەزارەتی سەحە، کەرتی تەندروستی بەڕاستی جێگای پرسیارە بۆ ئێمە، لە کاتێکدا بەڕێزان، کەرتی گشتی لەبەرامبەر کەرتی تایبەتی متمانەی لەدەست داوە، لە کاتێکدا کەرتی گشتی لە هەرێمی کوردستان لە لایەن کەرتی تایبەتیەوە ئیستیغلال کراوە، لەکاتێکدا ئەو نەخۆشخانەی کە لە هەرێمی کوردستان فشارێکی یەکجار زۆریان لەسەرە، نەخۆشێکی یەکجار زۆریان بۆ دەچێت، بەلاّم ئەم نەخۆشانەی کە بۆ نەخۆشخانە گشتیەکان دەچن لە کەرەتی گشتی بۆ ستی سکانێك دەبێ نۆرە بگرن، بۆ نەشتەرگەریەك دەبێ نۆرە بگرن، بەڕێزان ئەم ئامێرانەی کە تێك دەچن، دوومانگ و سێ مانگی دەوێ تاوەکو سیانە دەکرێن و چاك دەکرێنەوە، هاوولاّتیەك کە پێویستی بە ستی سکانێك بووە، لە بێ تاقەتی دەڵێ دەبێ بگەمە ئەوەی کە نۆرەی ستی سکانەکەم بێتو نەمرم، یەعنی بەڕاستی ئەمە وەزعی هەرێمی کوردستانە لە ڕووی تەندروستیەوە، لە ناو خەڵکا لە واقعی خەڵکا، بەڕاستی موعاناتی زۆر هەیە لە کەرتی تەندروستیەوە، کێشەی زۆرمان هەیە لەکەرتی تەندروستی، لەگەڵ ئەوەی ئامێرەکان زۆر کەمن، کاتێك کە ئامێرێك لەکار دەکەوێ بەدیلی ئەو ئامێرە نیە، لە هەمان کاتیشدا بەڕێزان ئامێری زۆر پێشکەوتووشمان نیە، ئێمە لەکاتێکدا دێین پیشانگایەکی نێودەوڵەتی دەکەینەوە بۆ ئامێرە پێشکەوتووەکان و بۆ پێداویستیەکانی تەندروستی، بەلاّم لە نەخۆشخانەکانی خۆمان بەڕاستی وەکو پێویست نیە، هەر یەکێکتان ئەگەر سەردانی کەرتی گشتی بکەن لە نەخۆشخانەکان دەزانن چ بێزاریەك، چ ناڕەحتیەك بۆ نەخۆش هەیە، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەوەی کە لە واقعی کوردستان دەیبینن، ئەم پەراوێز خستنەی کەرتی تەندروستی، بەلای ئێمە جێگای پرسیارە، لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە مەیدانیەن بەدواداچوونمان کردووە، کەرتی گشتی تەندروستی کێشەی کەمی دەرمان هەیە، کێشەی پەرەپێدانی توانای زانستی، ستافی تەندروستی بە پزیشکەوە، بە کارمەندەوە، بە پەرستیارەوە هەیە، کە ئەمانە لە ولاّتان وەکو ئێرە نین، کۆلیژەکەی تەواو کرد ئیتر تەواو، بەردەوام تواناکانیان پەرەی پێ دەدرێت، ئێمە شتێکمان نیە وەکو پێویست، کۆنتاکێکمان نیە لەگەڵ زانکۆکانی ولاّتانی تر، ئەمە لەکاتێکدا کە هەمووومان کۆکین لەسەر ئەوەی کە سیستەمی تەندروستی، پێویستی بە گۆڕانکاری و چاکسازیەکی بنەڕەتی هەیە، لە هەموو ئەو حالەتانە، ئایا جێگای پرسیار نیە کە بودجەی تەندروستی، میزانیەی تەندروستی بەو شێوەیی کە زیاد بکرێت، گوێ لە قسەی ئێمە بگیرێت، کەمیش بکرێتەوە، ئەمە

لای ئێمه جێگای پرسیاره، یەعنی نازانین بۆچی ئەوە دەبێ وابێ، بەڕێزان ئەگەر ئێمه هەر قەراره پاره بە هەدەر بدەین، پاره لە شت خەرج بکەین و دوایی نەتیجەو دەرئەنجامی نەبێ، من نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە، ساڵی 2011 ئێمه یاسای ژماره 15 ی ساڵی 2007مان هەیە، لەخاڵی 22 دەڵێ، دەبێ سیستەمی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان چاکسازی تێدا بکرێت، لە ساڵی 2011 بۆ ئەم مەبەستە کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی دەکرێت، وەزیری دارایی دەزانێ چ پارەیەکی زەبەلاحی تێچووە ئەم کۆنگرەیە نێودەوڵەتیە، شارەزایان لە وڵاتان هێنراون بۆ ئەوەی لەسەر سیستەمی تەندروستی کوردستان قسە بکەن، ئەم کۆنگرەیە بە ڕاسپاردەی باش دەرچوو، بەلاّم یەکێك لەم خاڵانە من لەو ڕاسپاردانە دەڵێم، بەلاّم ئیشیشی لەسەر نەکراوە، ئەو ڕووە سلبیەکەیەتی، لەیەك لە ڕاسپاردەکان دەڵێت، میزانیەی تەندروستی نابێ لە 10 تا 15 کەمتر بێ، ئەوە یەکێکە لە ڕاسپاردەکانی، هەر ئەو دووە بەراورد بکەن، 4 لەکوێ 10 لەکوێ؟، من 10کە دەڵێم 15،کە نالێم، بەڕێزان ئەمە جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە، بەچی پەراوێز خستنی کەرتی تەندروستی، لەکاتێکدا بەڕاستی ئێمه نەمانتوانیوە ئیستیفادە وەکو پێویست لە کەرتی تایبەتی بکەین، بۆ خزمەتی کەرتی تەندروستی، شتەکە پێچەوانەیە بەڕاستی، سەبارەت بە پڕۆژەکانی تەندروستی، من پێموانیە شتەکە هەروا سادەو سانا بێ، بەلای من کێشەیە کە ئێمە لە پڕۆژەکانی تەندروستی 82 پڕۆژەمان هەیە، دیاره پڕۆژە پێشنیار کراوەکانی تەندروستی بۆ ئەمساڵ زۆر کەمن 12 پڕۆژەن، بەلاّم ئەو پڕۆژە بەردەوامانەی کەهەن 82 پڕۆژەن، لەو 82 پڕۆژەیە 31 هەر دەست بەکارنەبوون، 41 خەرجی 2012 یان سفر بووە، من بۆیە ئەمە دەڵێم، ئێمه شتێك بکەین بۆ ئەوە، میکانیزمێکمان هەبێ بۆ ئەوە، زۆرجار باسی ئەوە دەکەین ئەولەویاتی پڕۆژە، یان پڕۆژەی ستراتیژی، من پێم باشە بەڕاستی وەکو پێشنیارێك هەندێ لەو پڕۆژانەی کە دەزانین دانراون، بەلاّم لەوانەیە لەحالەتێك دانرابن زۆر پێویست نەبن بۆ ئێستا، هیچیشیان بۆ نەکراوە، دار لەسەر بەرد دانەنراوە بۆ ئەم پڕۆژانە، بێین بە میکانیزمێك ئەو پڕۆژانە لە جێگای ئەوانە پڕۆژەی ستراتیژی باشتر و چاکتر و پێویست تر دابێین بەڕاستی، ئەوە زەرورە یەعنی ئێمه هەر مانەوەو هەر درێژە کێشانی ئەم پڕۆژانە، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە شتێکی هەروا سانا نیە، خاڵێکی تر سەبارەت بە پڕۆژەکان، دیاره من لە ڕاپۆرتی لیژنەی تەندروستیش ئاماژەم بەوە کردبوو، بەوەی کە هەندێ لەو پڕۆژانە تەواو بوون، دواتر هاتوونەتەوە ناو بودجە، یان بڵێین هاتوونەتەوە ناو پڕۆژە بەردەوامەکان، من هەر ئەو ڕۆژەی ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی خوێندرایەوە، ئەو پڕۆژانەم بۆ بەڕێز وەزیری پلان دانان نارد، ئەو پڕۆژانە بەشێکیان..، من باسی هەولێر دەکەم بەڕاستی، چونکە مەیدانیەن زیاتر موتابەعەی هەولێرم کردووە، سەبارەت بە پڕۆژە بەردەوامەکانی هەولێر، خاڵی 2-5-8-9، خاڵی 2 کڕینی ئامێرە لە هەولێر کە لە 2010/4/4 دەست بەکار بووە و تەواو بووە، تەبعەن من مەیدانیەن موتابەعەم کردووە، لەکەڵ کەسی بەرپرس قسەم کردووە، خاڵی 5 بنکەی تەندروستیە لە باپشتیان، لە 2004/11/4 دەست بەکاربووە، خاڵی هەشت، کە گوتوومە تەواو بووە، تێکدان و دروست کردنی بنکەی نەجدی حەیدەرە لە 2010/11/25 تەبعەن بنکەیەکی تەندروستیە تێك دراوەتەوەو چاك کراوەتەوە

وتەواو بووە، شەش مانگ زیاتریشە هەر تەواو ئیشی تێدا دەکرێت، خاڵی نۆیەم، تێکدان و دروست کردنی بنکەی شەهیدان لە 2010/10/14، ئەمانە تەواو بوون، جگە لەوەی نەخۆشخانەی 59 تەختەیی لەکۆیە، کە کۆمپانیای ئاسنگەران لە دەستی گرتبوو، ئەم پڕۆژەیەش تەواو بووە، بەپێی بەدواداچوونەکانی ئێمە، سەبارەت بەهەولێر بەڕێزان لە ڕووی پڕۆژە پێشنیار کراوەکان،  دوو پڕۆژەی هەیە، بەلاَم بەڕاستی لاتان سەیر نەبێ کە دەڵێم ئەم دوو پڕۆژەیە ڕاستە دوو پڕۆژەی باشن، بەلاَم هەر وەکو نەبێ وایە بۆچی؟، چونکە پڕۆژەی یەکەمیان کەنەخۆشخانەیەکی 200 قەرەوێلەییە، بە مەزەندەی وەزارەتی تەندروستی تەبعەن، ئەوە لامە بە ئیمزای دکتۆر طاهر، ئەم پڕۆژەیە کە نەخۆشخانەیەکی 200 قەلەوێرەییە، بە 127 ملیار مەزەندە کراوە، بەلاَم لە پڕۆژە پێشنیار کراوەکان 35 ملیاری بۆ دانراوە، نەخۆشخانەی دووەم، کە لە خەبات دروست دەکرێت 100 تەختەییە، لە وەزارەتی تەندروستی بە 64 ملیار مەزەندە کراوە، بەلاَم 20 ملیاری بۆ تەرخان کراوە، ئایا ئەوە مانای ئەوەناگەیەنێ ئەم پڕۆژانە بەس دێنە ناو پڕۆژەکانی دواتر و جێبەجێ  ناکرێن، خاڵێکی تر من بەڕاستی سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کە تەئکیدیان لەسەر کردەوە، حەز دەکەم زیاتر وردتر بین لەسەر ئەو بابەتە، باسی دوو نەخۆشخانەکەی هەولێرە، کە دوو نەخۆشخانەی زۆر کۆنن، کاك خورشید باسی لەوە کرد ئەگەر بۆ نموونە بچینە نەخۆشخانەی بەیروت، جا ئەگەر دوو نەخۆشخانەکەی هەولێر وەکو بەیروت بانایە، من هەر مافی ئەوەم نەبوو لێرە قسە بکەم، چونکە منیش نەخۆشخانەکەی بەیروتم بینیوە، بەلاَم ئەو دوو نەخۆشخانەی ئێمە، ئەسلەن بۆ نەخۆش ناشێن، نەخۆش بەڕاستی تووشی حاڵەتێکی نەفسی زۆر خراپتر دەبێ کە دەچێتە ئەو نەخۆشخانە، هیچ مەرجێکی تەندروستی تێدانیە، یەعنی هەتا گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتەی کە زەویەکەی و کە شوێنەکەی پاك ناکرێتەوە، ئێمە لەگەڵ بەڕێوەبەرەکەی قسەمان کردووە، دەڵێ هەر چەند پاك بکەینەوە پاکی پێیەوە دیار نیە، گەیشتۆتە حاڵەتێك، تۆ چۆن نەخۆش دەبەیتە ئەو شوێنە، لەکاتێکدا دیوارەکانی هەمووی دەرەزی بردووە، دیوارەکانی هەمووی تێکچووە، یەعنی نازانم ئەو دوو نەخۆشخانە شایەنن بە شارێکی وەکو هەولێر، پایتەختێکی وەکو هەولێر، ئەگەر شایەنن من هیچ قسەیەکم نیە، بەلاَم من وا دەزانم زوڵمێك دەکەین لەو شارە، ئەو دوو نەخۆشخانە زۆر بەناوبانگانەی لە هەولێر بەو شێوەیە بمێننەوە، یەعنی کە بچی ئەو نەخۆشخانەیە لە شوێنێکی وێرانە دەچێ، بەس لە نەخۆشخانە ناچێ، بەڕێزان خاڵێکی تر بەڕاستی تێبینی زۆرمان هەیە لەسەر بنکەی تەندروستی و نەخۆشخانەکان، من نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە لە شاری هەولێر بنکەیەکی تەندروستی هەیە بەناوی بنکەی میللی مەلافەندی، ئەم بنکە تەندروستیە ئەگەر بچنە ئەو شوێنە، ئەو شوێنە شوێنی چاوەڕوانکردنی نەخۆشە، لە زستان هیچ فێنك کەرەوەیەکی نیە، یەعنی شێوەی ئەم بنکە تەندروستیە وا دروست کراوە، هیچ مەجالێکی نیە، هیچ شتێکی بۆ دروست نەکراوە بۆ فێنك کەرەوە لە هاوین، بۆ گەرم کەرەوە لە زستان، نەخۆش لە زستان ڕەق هەڵدێ، لە هاوین نازانێ چی بکات، یەعنی ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، تا ئەو کاتەی ئێمە چووین کێشەی ئەوەیان هەبوو بانگەشیان بۆ دابین نەکرابوو، بۆ ئەوەی بۆ نەخۆشەکان بەکاری بهێنن، ئەمە کەی بەپێی

**ستاندارده؟، ئەمە کەی بەپێی مواسەفاتە؟، ئەمە کەی مواسەفاتی نەخۆشخانەیە بەڕاستی؟، نەخۆش چۆن دەتوانێ لەشوێنێکی ئاوا چاوەڕێ بکات؟، ئەوە نموونەی نەخۆشخانەوە بنکەکانی تەندروستیە، بنکەی مەلافەندی بنکەیەکە زەختێکی زۆری لەسەرە، فشارێکی زۆری لەسەرە، من کە پرسیارم کرد لە بەڕێوەبەری ئەم نەخۆشخانەیە چ تویژێك زیاتر سەردانی ئەم نەخۆشخانەیە دەکەن؟، فەقیرو هەژار لەدوای ئەوە خەڵکی ناوەندیش سەردانی ئەم نەخۆشخانەیە دەکەن، لەبەر پێداویستی و بوونی هەندێ شت لەوێ، بەڵام بەڕاستی مواسەفاتی تێدانیە ئەم بنکەی تەندروستیە، ئەمە هەموو پەیوەندی بە بودجەی تەندروستی هەیە بەڕاستی، ئێمە هەندێ بەدواداچوونمان کردووە، کۆمەڵێك بنکەی تەندروستیمان هەیە، خەریکە پەکیان دەکەوێ دەڕوخێن، بەرواری دروست کردنی ئەوان کۆنە، نەوژەن نەکراوەتەوە، لەبەر ئەوە خەریکە نامێنن و دەڕ وخێن، من بەڕاستی لە ڕاپۆرتی خولی شەش مانگی وەزارەتی دارایی شتێکی سەیرم بینی، کە ئەوە هەرگیز قەناعەت بە من نایەنێ، تەبعەن لە خاڵی پێنج دەڵێ لەبواری تەندروستی خەستەخانەکانی هەرێم لە ئاستێکی زۆر باش دان، بەڕێزان موبەریری ئەو دەڵێ لەبەر ئەوەی خەڵك لەناوەڕاست و شارەکانی خوارو سەردانی نەخۆشخانەکانی هەرێم دەکەن، لەکاتێکدا ئێمە خۆمان ....، تەبعەن دەزانم ئەو مەبەستی چیە، مەبەستی ئەو نەخۆشخانەی هیوایە، کە کۆمەڵێك دەرمانی شێرپەنجە بەناوی نەخۆشەکانی غەیری کوردستان دابین دەکات، لەکاتێکدا نەخۆشەکانی خۆمان دەرزیەکیان دەست دەکەوێ دوو دەرزیان بەدەست ناکەوێ، بە پارەیەکی گران دەیکڕن ئەوە بەڕاستی چ بەدواداچوونێکە، ئەمە چ تەقیمێکە کە تۆ لەو وەزعە ئەگەر بە مەیدانی بچیتە ناو هەرێمی کوردستان، بەڕاستی ئەمە هەڵسەنگاندنێکی دروست نیە، سەبارەت بە شێوە گشتیەکەی، تێبینی ئێمە لەسەر ژینگە جارێ ئەو ڕوونکردنەوەیە بدەم، دیارە بەڕێزان ئێمە لە لیژنەی تەندروستی و ژینگە، کاتێك ڕاپۆرتمان ڕەوانەی لیژنەی دارایی کردووە، ڕاپۆرتەکەشم لایە، ئەم ڕاپۆرتەی ئێمە نووسراوە دەستەی ژینگە کە وەزیری دارایی تێبینی لەسەردا، نووسراوە دەستەی ژینگە ئەم یاسایە لەم خولە دەرچووە، ئێمە مامەڵەی بەردەوام لەگەڵ ئەوە دەکەین، ئەگەر هەڵەیەك لەوێ بێ و نووسرابێ وەزارەتی ژینگە، ئێمە بە سیدیش ناردوومانە، لە ڕاپۆرتی خۆشمان دەستەی ژینگەیە، وەزارەتی ژینگە نیە، دەزانین ئەمە دەستەی ژینگەیە، سەبارەت بە ژینگە، بەڕێزان قسە لەسەر ئەوەیە باسی میلاك، ئەم دەستەیە ملاکی هەندێ جار کەمە، سوپاسی ئەوانە دەکەم کە بەڕاستی وەکو گرنگی باسی ژینگەیان کرد، دەستەی ژینگە کۆمەڵێك کێشەی ئیداری هەیە، کۆمەڵێك کێشەی دەرماڵەی هەیە، کێشەی سەیارەی هەیە، ئەم کێشانە هەموو قوڵ بوونەتەوە لەناو ئەو دەستەیە، ئەم دەستەیە لەوانەیە لە هەندێ حاڵەتدا پەکی بکەوێت، کێشەی نەبوونی تاقیگەی وەکو پێویست هەیە، بۆچی دەبێ ئەم دەستەیە بە کەم تەماشا بکرێت؟، ئەو بودجەیە ئەو میزانیەی بۆ دادەندرێت لەئاستێکی زۆر کەم دابێ، یەعنی بەڕاستی گلەیمان هەیە، ئەم قسەیە دووبارە دەکەمەوە، چەند سەیرە بۆچی هەمان جەدوەل هەمان شت دەنێریتەوە هی ساڵی پار، بە میلاك و دەرماڵەو بەهەموو شتێك ئەو جەدوەلەی پار بۆ من دەنێریتەوە، بۆچی لەگەڵ دەستەی ژینگە دانانیشن بزانن ئەوان چیان دەوێ،**

ئێمە کە قسەمان لەگەڵ کردن کێشەیان هەیە لە میلاکات، کێشەیان هەیە لە دەرماڵە، بۆچی دانەنیشتن تاوەکو شتێکی تر، بە ڕوویەکی تر بەڕاستی، بۆچوون و تێبینی تریش بۆ ئێمە بنێرنەوە، یەعنی هەمان ئەو خشتەیەی پار ئیستینساخ کراوەتەوە بۆمان ناردراوەتەوە بۆ پەرلەمان، میلاکات 15 هەر 15یە، بودجەکە هەروەکو خۆیەتی، یەعنی ئەمە جێگای هەڵوێستە لەسەر کردنە، لەکاتێکدا ئێمە لە ڕاپۆرتی خۆمان بۆ لیژنەی دارایی نووسیبومان، لەبەر ئەوەی فەرمانبەرێکی زۆر بەهۆی کێشەی دەرماڵە لەو دەستەی ژینگەیە، تەبعەن ئەوەمان نەنوسیبوو، بەلاَم ئەوەی کە دوایی دێمە سەری نووسیبومان، بەهۆی کێشەی دەرماڵە لەم دەستەیە، گوازراونەتەوە بۆ شوێنی دیکە، بۆ دام و دەزگای دی، ئەمساڵ خەریجی علومی ژینگە هەیە، ئەوا دەکرێ دابمەزرێنن، بۆ ئەوەی دەستەی ژینگە ئاوەدان ببێتەوە، دەستەی ژینگە بتوانێ چالاکتر و باشتر ئیش بکات، من ساڵی پار پرسیارێکم لە وەزیری دارایی کرد سەبارەت بە یاسای ژمارە (8) 2008 کە تێیدا باسی سندوقێك دەکات بۆ چاك کردن و پاراستنی ژینگە، بێ ئاگایی خۆی لەوە دەربڕی، بەڕێزان ئێمە لە یاسای ژمارە (8) ی ساڵی 2008 سندوقێکمان هەیە، بەناوی سندوقی پاراستن و چاککردنی ژینگە، بۆیە من ئێستا دەیڵێمەوە، ئەم سندوقە ئەوەندەی من موتابەعەم کردبێ بەدواداچوونم کردبێ، ئێستا تەفعیل کراوە، بەلاَم ئەوەی جێگای پرسیارە لەهیچ شوێنێکی بودجە، لەهیچ جێگایەکی بودجەدا شوێنی نیە، لەهیچ جێگایەکی ئەو میزانیە وجودی نیە، بۆچی؟، ئەم سندوقە بۆچی لەهیچ جێگایەك بوونی نیە لەناو بودجەی هەرێمی کوردستان؟، تەبعەن لەکاتێکدا، خاڵی یەکەم، لەداهاتی ئەم سندوقە ئەڵێ بریتیە لە بودجەی هەرێم بۆ ئەو سندوقە، ئەوە خاڵی یەکەمیەتی، خاڵی دووەم، باسی ئەوە دەکات دەڵێ داهاتی ئەم سندوقە پێك دێت لە بەخشینی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و کۆمەڵگاو ئەوانە، خاڵی سێیەم، دەڵێ داهاتی ئەم سندوقە پێك دێت لە رسوم و غەرامات کە بەپێی یاسا وەردەگیرێن، ئەم سێ خاڵەی تێدایە، بەلاَم ئەوەی جێگای پرسیارە بۆچی لەناو بودجەدا وجودی نیە؟، بۆچی هیچ ئاماژەیەکی پێ نەکراوە؟، بۆچی هیچی بۆ دانەنراوە؟ کە دەبوایە بڕێك پارەی بۆ تەرخان کرابوایە، سەبارەت بە تێبینیە گشتیەکانم، تەبعەن من ئەوەندەی پڕۆژەکانم خوێندەوە، زۆربەی پڕۆژەکان یان بڕێك لە پڕۆژەکان سادەن، لە ڕووی نەوعیەت و تێچوونەوە بەڕاستی، ئەو پڕۆژانەن کە دووبارە دەبنەوە، زیاتر نۆژەنکردنەوەن، پاك کردنەوەن، ڕاکێشانی تۆڕی ئاون، دارچاندنن، ماددەی پاك کەرەوەن، ئەو بابەتانەی یەکجار زۆر تێدایە، ئەمە پارەیەکی زۆری ناوێ، بەلاَم بەردەوام ساڵانە دووبارە دەبنەوە، سەبارەت بە لاپەڕە 33 لە پڕۆژە پێشنیار کراوەکان، خاڵی 2 باس لە دروست کردنی کۆگایەکی گەورە دەکات لە دهۆك، بەلاَم ئەو کۆگایە باسی نەکردووە بۆچیە؟، لەکاتێکدا لە پڕۆژە بەردەوامەکان چەند کۆگایەکی گەورەمان هەیە، نووسراوە کۆگای گەورە بۆ پاراستنی خواردەمەنی، پرسیار لەسەر ئەوەیە ئەم کۆگایە، کەدەڵێ کۆگایەکی گەورە، کۆگا بۆچی؟، بۆچی بەکاردەهێنێ؟، من پرسیارکەم لەوەیە، بەو شێوەیەی کە کۆگایەکی گەورەیە، چۆن بە 750 ملیۆن کۆگایەکی گەورە دروست دەکرێت؟، وەکو خۆی دەڵێت کۆگایەکی گەورە، ئەوە پرسیارە بۆ وەزیری دارایی، پرسیارێك لەسەر ئەوە، من هەروەکو وەلاَمێك دەمەوێ، گەیاندنی

خزمـەتگوزاری بـۆ شـاری ئیتـالی، لـە لاپـەڕە 36 دەڵـێ لـە خـاڵی پێـنج هـاتووە، دەڵـێ 183 ملیـۆن بـۆ خزمەتگوزاری کارەبا بۆ گوندی ئیتالی، ئێمە دەزانین گوندی ئیتالی ئیتر هیچ پێویستیەکی نیە، نازانم ئـەوە گونـدی ئیتـالیش، ئێمـە دەزانـین گونـدی ئیتـاڵی هـیچ پێویسـتیەکی تـری نیـە، گونـدی ئیتـالی 2 تـازە پڕۆژەیەکەو دەست پێ دەکات، ئەمە بۆکامیانە؟، لەسەر چ ئەساسێکە؟، خاڵێکی تر کە بەلامەوە زۆر گرنگـە بەڕاستی، زۆر جێگای تێبینیم بوو، دەرماڵەی قوتابیان لە ساڵی پـار 60 ملیـارە، ئەمساڵ حکومـەت هـاتووە کردوویـەتی بـە 48 ملیـار، لەکاتێکـدا کـە قوتابیـان پێداویسـتیەکانیان زەرورەتیـان بـەردەوام زۆر دەبـێ، لەجیاتی ئەوەی زیاتر پارمەتی بـدرێن، زیـاتر پێداویستیەکانیان پـڕ بکرێتـەوە، ئـەم کـەم کردنەوەیـە بـەم ڕێژە زۆرە بۆ؟، یەعنی لەجیاتی ئـەوەی 60 ملیارەکـە زیـاد بکرێـت و یـان وەکـو خـۆی بهێڵدرێتـەوە، چـۆن بکرێت بە 48 ملیار، ئەمـە جێگـای پرسـیارە بەڕاسـتی، ئـەم زۆر کـەم کردنەوەیـە کاریگـەری ناکـات لەسـەر ژیـانی قوتابیـان، لەسـەر خوێنـدنی قوتابیـان، لەسـەر پێداویسـتی قوتابیـان، باجـەکان بەڕاسـتی تێبینیمـان کـردووە کـەمی کـردووە، مـن لەسـەری نـاڕۆم، بـەلاَم ئـەوە وەکـو تێبینیەکـە، سـاڵی 2012 لەگـەڵ 2011 باجەکان یەکجار کـەمی کـردووە، مەسـروفات ئـوخرا هـەر ئـەو دووسـاڵە بـەراورد دەکـەم یـەعنی، بەڕاسـتی یەکجار زیادی کردووە، ساڵی پار پێنج سەدو سی و نۆ ملیارو حەوت سەدو حەفتاو پێنج ملیۆن بووە، بەلاَم ئەمساڵ ساڵی 2012 بوەتە حەوت سەدو بیست و حەوت ملیارو نۆسەدو نـەوەت و نـۆ ملیـۆن دینـار، ئەمـە جێگای پرسیارە بۆچی ئەوەندە پارە لەوێ دەڕوات، بەڕاستی دیسان تێبینیان لەسەرە، جارێ نازانین بـاربوو کە بەسەر دوو بەش دابەش کراوە، سەرچاوە ئاویەکان و جێگا ناکۆکەکان، بـەلاَم کۆمـەڵێك خانـەو خشـتەی دیکەش هەیە هەر باسی ئەوە دەکات، لەکاتێکدا ساڵی پار 85 ملیار بووە، بەلاَم ئەمساڵ بوەتـە 115 ملیـار، ئەمە ناوازحیەکی تێدایە، ئێمە کە خۆمان ئەو شتانەی کەگوتوومانە لەساڵی پار کەم بکرێتەوە زیاد کـراوە، بەبێ ئەوەی بەرچاو ڕوونی بۆ ئێمە هەبێ، تێبینیەکی تر لەسەر پـرۆژە بەردەوامـەکان، دیـارە ئێمـە سـاڵی پار پرۆژە بەردەوامەکان دوو هەزارو سێ سەد و سی و چوار پرۆژەمان هەبووە، تەبعەن باسـی ئـەوە ناکـەم، وەزیری پلان دانان باسی ئەوەی کـرد کەخـەرجی چەندیان سـفر بـووە، چـونکە ئـەو باسـی کـرد مـن باسـی ناکەمەوە، بەلاَم پرسیارەکەی من لەوەیە، تێبینیەکەی من لەوەیە، کـە ئـەوە دوو هـەزارو سـێ سـەدو سـی و چوار پرۆژەیە، نۆ ترلیۆن و سـێ سـەدو نـۆزدە ملیـارو دوو سـەدو چـل و حـەوت ملیـۆنی بـۆ دیـاری کـراوە، کەچـی ئەمسـاڵ پرۆژەکـان زیـادی کـردووە، بوویتـە سـێ هـەزار و سـەدو شەسـت و حـەوت پـرۆژە، بـەلاَم گوژمەیەك دیاری کراوە بۆ ئەوە پرۆژانە، بوویتە چوار ترلیۆن و پێنج سەد ملیار، ئەمە مانایەك ناگەیەنێ کە پرۆژەکان بەردەوام لە دواخران دان، بەردەوام پارەی کەمیان بۆ دیـاری دەکرێـت، بـەردەوام دوادەخـرێن، ناکەونە سەر ڕێ بـۆ ئـەوەی دروسـت بکـرێن، بـۆ ئـەوەی کۆتاییـان پـێ بێـت و تـەواو بـن، ئەمـە پرسـیارێك دروسـت دەکـات، ئەگـەر کـەمترین پـرۆژە ئەمەنـەت بـۆ دیـاری کردبـێ، ئـەم هـەموو پرۆژەیـە چـۆن ئـەم گوژمەیەت بۆ دیاری کرد؟، ئێمە هەقیقەتێکیش دەزانـین هەنـدێ لـەو پرۆژانـە بەڕاسـتی ئەگـەر وەزارەتـی پلان دانان، میکـانیزمی گونجـاوی نـەبێ، کێشـە دروسـت دەبـێ، چـونکە ئـەو پرۆژانـەی لـە شـەقلاَوە بـەرەو

سەرن، من وەکو هەولێر باس دەکەم، لە شەقلاوە بەرەو سەر ئەم پرۆژانە لەسەرەتای زستان هەموویان دەوەستن، دەبێ میکانیزمێك هەبێ بۆ ئەوەی زیاتر ئیش لەو پرۆژانە بکرێت، چونکە لە وەرزی زستان ئیشیان تیا ناکرێت، خاڵێکی تر سەبارەت بە کۆمەڵێك پرۆژە کە لەسەر وەزارەتی ناخۆ هاتوون، من پێم سەیرە وەکو باس دەکات نەوژەن کردنەوەی کتێبخانەی گشتی هەولێر، چ پێویستی بەوەیە لەسەر وەزارەتی ناوخۆ بێ؟، دروست کردنی شەقامی بانکی گەشت و گوزار، دروست کردنی عەمباری کۆنکریتی ئاو، دروست کردنی کتێبخانەی ئەکادیمی کوردی، ئەمە هەر زۆر جێگای سەرنجە، پەرەپێدانی شەقامی سەرەکی هەولێر- مەخموور، جارێ پەرەپێدان مانای چیە؟، من نازانم نەوژەن کردنەوە هەیە دروست کردن هەیە، نازانم پەرەپێدان مانای چیە؟، جا پارەیەکی زۆریشی بۆ تەرخان کراوە، نۆ ملیارو سێ سەدو شەست و شەش ملیۆنی بۆ تەرخان کراوە ، ئەمە پارەیەکی یەکجار زۆری بۆ تەرخان کراوە، دروست کردنی پارکی لاوان، دروست کردنی پردی ڕێزان، مەلەوانگەی ئۆلۆمپی داخراو، جوانکاری شەقامی مەلیك مەحمود، سیاج بۆ گۆڕستان، ئەمە هەموو ئیشی وەزارەتی ناوخۆن، من پێموایە زۆربەی وەزارەتەکانی لەخۆ گرتووە، خاڵێکی تر، هەندێ لەو پرۆژانەی کە خەرجی 2011 یان سفر بووە، من نموونەیەك دێنمەوە، تەبعەن پرۆژەی ئاوی مەخموور یەکێکە لە پرۆژە گرنگەکان بۆ مەخموور.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕاز خان باش بوو فورسەتێکیش بوو بۆ ئیسراحەت، هاوڕاز خان فەرموو دەست پێ بکە.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پرۆژانەی کە خەرجی 2011یان سفر بووە، دواتر ئەو بڕە پارەیەی کە لە 2011 بۆیان دانراوە بەڕێژەیەکی یەکجار زۆر کەم کراوەتەوە، ئەمە جێگای پرسیارە بەڕاستی، چ مانایەك دەگەیەنێ، نموونەیەکتان بۆ دێنمەوە، لەکاتێکدا پرۆژەی ئاوی مەخموور، پرۆژەیەکی زۆر گرنگە، خەڵکی ئەو ناوچەیە زۆری ئەو کێشەیان هەیە، کێشەی ئاویان هەیە، ئەم پرۆژەیە لە 2011 پێشنیار کرا، بڕی پێنج ملیاری بۆ دانرا، ساڵی 2011 دوو ملیارو نیوەی بۆ تەرخان کرا، بەلاَم خەرجی 2011 ی سفر بوو، ئێستا بۆ ساڵی 2012 بڕی گوژمەی پێویست یەك ملیارە، یەعنی زۆر کەمی کردوو، بەتەمای بەچەند ساڵ ئەم پرۆژەیە تەواو بکەی، پێموایە ئێمە ئەگەر پرۆژەیەکمان دواکەوت دەبێ لە ساڵانی پاشتر باشتر ئیشی لەسەر بکرێت، باشتر گوژمەی بۆ دابندرێت، باشتر تەفعیل بکرێت بۆ ئەوەی زووتر تەواو ببێ، کەچی ئەوە بە پێچەوانەیە، لەبەر ئەوە من ئەوەندەی تێبینیم کردووە، حکومەت پێی وابێ لیستی پرۆژەکان زۆر قەبەی بکات و زۆر بنووسێت، بڵێ پرۆژە زۆرە، بەڕاستی ئەمە تەندروست نیە، ئەسل وایە هەر پرۆژەیەك وەکو نموونە من هەولێرم باس کرد، هەر پرۆژەیەك گوژمەی پێویستی..، من وەلەو ئەو تەنسیق و هەماهەنگیە نابینم لە بەینی وەزارەتەکان، ئەگەر تەنسیق و هەماهەنگی هەبێ ئەو گوژمەیە دیاری دەکەن، چونکە هەر پرۆژەیەك کە کەشف دەربچێ جارێکی تر دەبێ دووبارە بێتەوە، دەجاری تر کەشف دەربچێ دەبێ دەجاری

تر دووباره ببێتەوە، ئەمە کێشەیە، لەبەر ئەوە ئەگەر هەماهەنگی هەبێ لە بەینی وەزارەتەکان پێموایە ئەو کێشە چارەسەر دەبێ، بە گوژمەیەك بەپێی پێوەرێکی زانستی بۆ ئەو پرۆژانە دیاری دەکرێت و ئەو کێشەیەش نامێنێ، دەیان نموونە لەناو ئەو پرۆژەیە هەیە، نموونەی دروست کردنی قوتابخانەیەکی شەش پۆلی و خانووی مامۆستایان، بە گوژمەی 450 ملیۆن دینار، ئەوەی تەماشا دەکەم بەڕاستی چۆن قوتابخانەیەکی شەش پۆلی لەگەڵ خانوویەکی مامۆستایان بەو پارەیە دروست دەکرێت، لە جێگایەکی تر دەڵێ قوتابخانەیەکی شەش پۆلی، دروست کردنی دایەنگە، خانووی مامۆستایان، سێ گوندیشی ژماردووە ئەمجا شەش سەدو پانزە ملیۆنە، ئەمە بەڕاستی جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە، چیە پرۆژە بێنین و دواتر نەتوانین تەواوی بکەین؟، پرسیارم لەسەر ئەوە من شتێکم کەوتە بەرچاو هیچ مەعلوماتێکم لەسەر دەست نەکەوت، پرۆژەی نیشتەجێ بوون بۆ هاوولاتیانی کەم دەرامەت لە هەولێر، بە بڕی 68 ملیار، بۆ ماوەی 720 رۆژ، تەبعەن ئەمە خەرجی 2011 ی سفرە هیچ ئەسل و ئەساسێکی نیە، یەعنی شتێکی بۆ کرابێ، لەوانەیە هەبێ، بەلاّم ئەوەی کەخەرجیەکەی هیچی بۆ دیاری نەکراوە، لەخاڵی پاش ئەو دەڵێ 17 ملیار بۆ خزمەتگوزاری ئەم پرۆژەیە، ئەم بڕە پارەیە دیاری کراوە، بەلاّم یەك دیناریشی بۆ سەرف نەکراوە، نازانم ئەم پرۆژەیە چیە؟، ئەمە پرۆژەیەکی باشە، بەلاّم پرسیارەکە ئەوەیە لەکوێ یەو چۆنە مەعلوماتێکمان هەبێ باشە، هەندێ لە پرۆژەکان تێبینیمان لەسەر ئەوەیە، بەرواری دەست بەکاربوونیان نەنووسراوە، باسم لەو پرۆژانە نیە کە ساڵی 2011 بن، چونکە کاتێ ساڵی 2011 خەرجیەکەی سفر دەبێ، وا هەر دەزانی دەست بەکارنەبووە، بەلاّم پرۆژەی کۆن لەناو پرۆژە بەردەوامەکان، بۆ سەر لێ شێواندنە کاتێك کە بەرواری دەست بەکاربوونی دیار نەبێ، ئەوە تێبینیە لەسەر پرۆژەکان بەڕاستی، من سەبارەت بەو چەند شتەی هەیە، حەز دەکەم هەر پشتگیری قسەکانی مامۆستا عمر و ئەو بەڕێزانەی هەموو باس لە کەلێنەکان و پێشنیاری جوانیان دا بۆ بودجە، من لەگەڵ ئەوەدام پێشینەکان زیاد بکرێن، چ پێشینەی هاوسەرگیری بێ، چ پێشینەی خانووبەرەیە زیاد بکرێن، لەگەڵ ئەوەش ئیدامەیان پێ بدرێت، مەسەلەی خانەنشینان، من نازانم زۆر .......

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

تۆمار نابێ، فەرموو تەواوی بکە.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خانەنشینان، من نازانم یەعنی ئەو مینحەیەی کە باسی لێ دەکرێت، ئەو شەش سەد هەزارەی کە پێیان دەدرێت، وەکو خێرێك بەدیار دەکەوێ، زۆر بەداخەوە خانەنشینان لەکاتێکدا ئەو تەمەنەی پێویستیان بە پارەیە، ئەو تەمەنەی کە پڕ لە نەخۆشیە، تەمەنێکە کە پڕ لە پێداویستیە لەو وەزعەی کە لێی دەژین، پارەیەکی زۆر کەمیان بۆ دیاری کراوە، مووچەی خانەنشین ئەو پێویستی بەو شەش سەد هەزارە نیە وەکو مینحەیەك پێی بدەی، مووچەی خانەنشین لە 500 هەزار کەمتر نەبێ، بۆ ئەوەی کە

کرێچیش نەبێ بتوانێ تۆزێك وابژی کە پێویستی بە خەڵك و دەوروبەری نەبێ، تەنها دوا شتم کێشەی ئاوەڕۆی هەولێر، کێشەیەکە زۆر دووبارە دەبێتەوە، ساڵانێکە هەموو ساڵێك کێشە دروست دەکات، ئەمە ئەکرێت دوایی پێ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

شەونم خان فەرموو، شەونم خان بە ئیجازەی خۆت، جەنابی وەزیر یەك، دوو ڕوونکردنەوەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر نوسخەیەك لە ڕاپۆرتەکەیم بداتێ بۆ ئەوەی جوابی بدەمەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

هاوڕاز خان داوای ڕاپۆرتەکە دەکەی یان پرسیارەکان؟، فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیەی لیژنەی دارایی و ئابووری لەسەر دوو نەخۆشخانەی هەولێر خەریکە ببێتە کێشەیەك، بڕادەران نازانم بە چ مەبەستێك ئەو بابەتە هەر دووبارەو سێ بارە دەکەنەوە، پێشی ئێستا ڕوونکردنەوەمان دا وتمان وەکو دوو نەخۆشخانە، ئیحتیمالە لە بەشێك لە بەشەکان، لە قسمێك لە قسمەکانی ئەو دوو نەخۆشخانە، مومکینە ئیستیفادەی لێ بکەین، هەڵوەشاندن و ڕووخاندنی موستەشفاکە هەموو، ئەگەر یەعی بکرێت بەشێك یان قسمێك مەجالی ئەوەی تێداهەبێ تەلیح بکرێت، تەسلیح بکرێت، تەتویر بکرێت باشە، مەبەستمان ئەوەیە، هیچ مەبەستێکی ترمان نیە، نەخۆشخانە لە هەولێر دروست بێ، ئێمە لەگەڵ ئەوەین لە هەموو شارێك ،لە هەموو گوندێك ، لە کوردستان باشترین خزمەتی تەندروستی و پەروەردەیی پێشکەشی بە هاوولاتیانی کوردستان بکەین، شایستەی ئەوەنەو زیاتریش، ئەمە یەك، دوو، لە ڕووی عەمەلیەوە ناکرێت ئەم دوو نەخۆشخانە بچنە ناو بودجەی ئەمساڵەوە، دوو نەخۆشخانە پارەیەکی یەکجار زۆری دەوێ، مەجالی ئەوە نیە لە بودجەی ئەمساڵ جێگای ئەو پارەیە بکرێتەوە، ئەکرێت ئەوە ببێت بە پێشنیار بۆ حکومەت، حکومەت ساڵی ئایندە، لە بودجەی ئایندە ئیشی لەسەر بکات، شتەکە عەمەلی بێت بۆ تەنفیز، خۆ مەسەلە ئەوەنیە بڵێین بابیکات، ئێوە وەکو ئەندام پەرلەمان، دوو نەخۆشخانە گوژمەیەك و پارەیەکی زۆری ئەوێت، وەزیری دارایی مەجال هەیە ئەمساڵ دوو نەخۆشخانە لە بودجەی ئەمساڵ بکرێتەوە؟، دەبێ ئەو شتانە بکەین بە بەرنامە و پێشنیار بۆ حکومەت، حکومەت حیسابێکی بۆ بکات، ئەمە بە نیسبەت نەخۆشخانەی خەبات و هەولێر، گوژمەیەکی زۆری بۆ تەرخان کراوە، بەلام هی

ئەمساڵ پارەکە کەمە، خۆ ئەمە بە ساڵێك تەواو نابێ، ئەوساڵە پارەی کەمە ساڵێکی تر پێویست بوو، دوو ئەوەندە، سێ ئەوەندە، چوار ئەوەندە حکومەت پارەی بۆ تەرخان بکات، کە بووە ئیلتیزام بکات لەسەر حکومەت، حکومەت موکەلەفە ئەو پڕۆژە بەردەوامی پێ بدات هەتا کۆتاییەکەی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەو بودجەیەی کەهاتۆتە پەرلەمانی کوردستان، لەبەر دەستی ئێمەدایە ئێستا گفتوگۆی لەسەر دەکەین، بێگومان لەخزمەتی خەڵکی کوردستاندایە، چ لە پڕۆژەکانەوە، چ لە مەعاشەوە، چ لەو هاوکاریانەی کەبۆ خەڵك دەکرێن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو بودجەیە بێ کەم و کوڕی نیە، هاوڕێیانم زۆر لەکەم و کوڕیەکانی بودجەیان باس کرد، ئەو کەم و کوڕیانە ئەتواندرێ لەبودجەی ئەمساڵدا جێگەی بکرێتەوە، ئەوانەی کە سوودی لێ وەرئەگیرێ، بۆ باش کردنی بودجەکە، ئەوەی کە ئەمێنێتەوە ئەگەر سوودبەخش بوو بۆ ساڵانی داهاتوو، بودجەی داهاتوو، هیوادارم لەساڵی داهاتوو رەچاوی ئەو خاڵانە بکرێتەوە، کە بەڕاستی ڕەچاو نەکردنی هەندێ خاڵ، لەو دووساڵەی پێشوو لەسەر بودجە هاتووە، لەلایەن حکومەتەوە بوو بەهۆی ئەوەی کە ئەم هەموو موناقەشەیەی ئەندامانی پەرلەمان، ئەو هەموو کاتە زۆرە ئێمە بۆ بودجە قسەی لەسەر بکەین، موناقەشەی لەسەر بکەین، ڕەنگە هەندێ لەو شتانە بە دوو جوملە نووسین کۆتایی بە مەوزوعەکە بێ ئەگەر تەوزیحی لەسەر بێ، لە ڕاستیدا هەندێ تێبینیم هەبوو لەسەر پڕۆژەکان، جێبەجێ کردنی و هەروەها کاتەکانی، ئەوە لە لایەن وەزیری پلان دانان، بەڕێزان لە وەزیری پلان دانان و وەزارەتەکانەوە وەڵامەکانمان وەرگرتەوە، خاڵێکی تر لە بودجە کە تێبینیم لەسەری هەیە، کێشەی داهاتە، بەڕاستی داهات لەوخاڵانەی کە لە گفتوگۆی زۆربەی زۆری ئەندامەکان، قسەو باسی لەسەر کراو، تێبینی هەبوو لەسەری، هەرچەندە بەڕێزان وەزیری دارایی و وەزیری پلان دانان ڕوونکردنەوەیان دا لەسەر داهات و جۆری کۆکردنەوەکەو جۆری سەرف کردنەکەشی دا، بەڵام وابزانم هێشتا پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاترە، لەبەر ئەوەی لە لای هەموو ئەندامانی پەرلەمان ڕوون و ئاشکرا بێ ئەو داهاتە چۆن دەڕواو چۆن ئیشی لەسەر دەکرێت؟، ئەمەش خاڵێکی ئیجابی ئەبێ لە بودجە ڕەچاو بکرێت و کاری لەسەر بکرێت، تێبینیەکی ترم هەیە هەر لەسەر پڕۆژەکان، لە ڕاستیدا کێشەیەکی گەورە لە پڕۆژەکانە، دابین کردنی زەویە بۆ پڕۆژەکان، هەروەکو بەڕێز وەزیری پلان دانان ئیشارەتی بەوەدا، دابین کردنی زەوی یەکێکە لە کێشەکان، ئەبێتە هۆی دواکەوتنی جێبەجێ کردنی پڕۆژەکان، لەبەر ئەوە پێشنیار دەکەم لێرەوە وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پلان دانان، میزانیەکی تایبەت دابنرێت بۆ ئەو قەرەبووانەی کە ئەدرێت بە خەڵك بۆ پڕۆژەکان، ئالیەتێکی ئاسانکاری هەبێ، بۆ ئەوەی نەبێتە تەئخیر کردنی پڕۆژەکان لە داهاتوودا، جگە لەوە خاڵێکی تر هەیە لەسەر پڕۆژەکان، تاوەکو ئێستا ئەو پڕۆژانە قانونی موقاوەلاتی

عیراقی بەکارئەهێندرێت، قانونی موقاوەلاتی عیراقی لە عیراقەوە دەرچووە، ئەو قانونانە ساڵانێکی زۆری بەسەردا ڕۆیوە، ئێستا شتەکان هەمووی گۆڕاوە بازاڕ گۆڕاوە، نەوعیەتی پڕۆژەکان گۆڕاوە، جۆری ئیشی موقاویلەکان گۆڕاوە، لەبەر ئەوە پێم باشە ئەم قسەیە بە هەند وەربگیرێ، پیاچوونەوە بەو پڕۆژە بکرێت، لەساڵی پاریش هەمان قسەمان کردو بەس ئیشی پێ نەکرا، پیاچوونەوە بەو قانونە بکرێ، بۆ ئەوەی لە سوودی پڕۆژەکان و حکومەت بێ، هەروەها سوودی موقاویلەکان بێ کە بتوانن ئیشەکانیان بە ڕێك و پێکی بەرن بەڕێوە، ئەو تەئخیر و دواکەوتنەی کە ئێستا هەیە، چونکە زۆربەی ئیشەکان، بۆ نموونە، بازاڕ بەرز ئەبێتەوە، پڕۆژەکان یەکێك لە دواکەوتنەکانیان ئەوەیە، بازاڕ بەرز ئەبێتەوەو یەکێك لە دواکەوتنەکانیان موقاول دەڵێت من جێبەجێ ناکەم، لەبەر ئەوە سیعر زۆر بەرز بۆتەوەو زەرەرمە، پڕۆژە ئەمێنێتەوە زەمەنێکی زۆر جاری وا هەیە ئەگاتە دادگا، زۆربەی زۆری ئەو پڕۆژانە ئەمانە هۆکانی دواکەتنیەتی، خاڵێکی تر دامەزراندنە، لە بودجە 17 هەزار کەس دادەمەزرێ بەپێی ئەو سیستەمە تایبەتیەی کە ساڵی پار پەیڕەوی کراوە، هیوادارم ئەمساڵیش پەیڕەو بکرێتەوە هەمان سیستەم، هەندێ تێبینیم لەسەری هەیە، پێویستە ڕەچاوی یەکسانی جەندەری بکرێ بۆ دامەزراندنی ژنان، لە ڕاستی ئەو خەڵکانەی کە لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەرئەگیرێن هیچ جیاوازیەك نیە لە بەینی ژنان یان پیاوان، بەڵام سەیر ئەکەی لە کاتی دامەزراندن جیاوازیەکە دروست ئەبێ، لە دائیرەکانی دەوڵەت، نسبەی ژنەکان دائیمەن کەمتر دائەمەزرێن لە پیاوەکان، لەبەر ئەوە هیوادارم لەو بودجەدا ڕەچاوی ئەوە خاڵە بکرێ، چونکە هەموو تواناکان ئەگەر بخرێتە گەڕ بۆ خزمەتی وڵاتەکەی خۆمانە، ئەو کەسانەی کە بە عەقد دامەزراون لەدائیرەکان، هیوادارم ڕەچاوی ئەو خاڵەش بکرێ، چونکە ئەوانە شارەزاییەکی زۆریان لە ئیش و کاری دائیرەکان پەیدا کردووە، ئەتوانن زیاتر خزمەت بەدائیرەکان بکەن، هەروەها ئەو ڕێنماییە تایبەتەی کە بەدامەزراندن دائەندرێت، بەپێی ئەو ڕێنماییە تایبەتانە ئەوانیش بخرێنە لیستەکانەوە، ئەگەر ڕێنماییەکە نەیگرتەوە، خۆ ئەوە حاڵەتێکی تەبیعیەو قانونەو شمولی ناکات، خاڵێکی ترم هەیە هەر لەسەر هەمان بابەت، ڕەچاو کردنی دامەزراندن و گەڕاندنەوەی ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی وڵاتن، ئێمە ژمارەیەکی زۆرمان لە گەنجەکان چوونە دەرەوەی وڵات، بەڕاستی لەوێ هەموو شتێکیان لە دەستدا، خۆیان و خێزانەکانیان پارەیەکی زۆریان سەرف کردووە و گەیشتوونەتە ئەوێ، تائەگەڕێنەوە لەکاتی گەڕانەوەیان سەیرەکەی نە ئیش هەیە نەکارێك هەیە، هیوادارم لەم دامەزراندنە ڕەچاوی ئەو خاڵە بکرێ، گەڕاندنەوەو تەعین کردنی ئەو کەسانەی کە لە دەرەوە بەزۆر ئەنێردرێنەوە بۆ ناو کوردستان، بڕگەیەکی تر ئاشکرایە وڵاتەکەمان وڵاتێکی گەشت و گوزاریە، بەڵام ئەوەی کە تێبینی دەکەم لەم بودجەیەدا هیچ ئیهتیمامێك و تاوەکو ئێستاش حکومەت هیچ ئیهتیمامێکی بە سێکتەری گەشت و گوزار نەداوە، گەشت و گوزار بەڕاستی پیشەسازیە، هەر شتێك ئینتاجی هەبێ و بەرهەمی هەبێ و پارە بێنێتە ناو وڵاتەوە ئەوە پیشەسازیە، گەشت و گوزاریش سناعەیە، هەر بەو ناوەش ناسراوە، صناعە السیاحە، لەبەر ئەوە بەباشی ئەزانم پێویستە حکومەت هەوڵێکی تەواو بدات بۆ ئەوەی کە هاوکاری کەرتی تایبەت بکات، چونکە بەڕاستی بووژانەوەی گەشت و

گوزار به حوكمەت و بەم بودجەيە ناكرێ، ئەبێ كەرتى تايبەت هەڵبستێ بەم كارە، كەرتى تايبەت هاوكارى بكرێت لە لايەن بانكى سناعيەوە، هەندێ ڕێنمايى تايبەت دەربكرێت بەو بانكەوە، بۆ ئەوەى شمولى ئەوانيش بكات، بۆ نموونە دابين كردنى زەوى و خزمەت گوزاريەكان بگەيەندرێتە ئەو جێگايانە، شلێرخانى هاوڕێشم هەمان بابەتى باس كرد و هەمان ڕەئى هەبوو، من پشتگيرى دەكەم، خاڵێكى ترم هەيە، لە بودجە تێبينى ئەوەمان كردووە كە پارەيەكى كەم تەرخان كراوە بۆ بەكرێ گرتنى تەلار و خانووەكان بۆ دائيرەكان و بۆ وەزارەتەكان، بەلام ئێمە ساڵى پار حكومەتى هەرێمى كوردستان بڕيارێكى دەركرد، بيست و چوار سفر هەشت لە 2010/10/27 بە گەڕاندنەوەى موڵكە گشتيەكان بۆ خاوەنەكانيان، ژمارەيەكى زۆر لەو زەويانە لە لايەن خەڵكانەوە، لە لايەن حيزبەكانەوە دەستى بەسەردا گيراوە، ئێستا ئيش و كارەكانى خۆيان تيا ئەكەن، هيواداريـن حكومەت سەرلەنوێ دەست بكات بە گەڕاندنەوەى ئەو موڵكانە، نموونەيەكم لەبەردەستدايە بەس وەزارەتى ڕۆشنبيرى نزيكەى 47 جێگا هەيە، ڕەنگە لەوە زياتريش بێ، لەوەى كە لەبەر دەستى منداية، كە داگير كراوە ئەو جێگايانە هەقى خۆيانە كە بۆيان بگەڕێندرێتەوە، بۆ ئەوەى پێويست نەبێ ئەو بڕە پارەيان لە بودجە بۆ دابين بكرێت، لە لايەكى تر ئەو پارەيە بەكاربهێندرێت، تێبينيەكى ترم لەسەر ژينگەيە، ئاشكرايە ژينگە پەيوەندى ڕاستەوخۆى ژينگە جۆرى خواردن لەگەڵ كۆنترۆلى خواردن، واتە كواليتى كۆنترۆلى خواردن لەگەڵ تەندروستى هەيە، واتە ئەوە كاريگەريەكى ڕاستەوخۆى هەيە لەسەر ژيانى هەريەكێ لە ئێمە، بەڕاستى تاوەكو ئێستا ئەوەى كە ئێمە حيسابى بۆ ناكەين ژينگەيە، ژينگەى كوردستان ئەوەندە پيس بووە، وابزانم زۆربەى ئەو نەخۆشيانەى كە شەوانە ئەيبينين لە تەلەفزيۆنەكان، لە لايەن دكتۆرەكانەوە كە قسەو باسى لەسەر ئەكرێت، نەخۆشيەكانى سەرەتان، نەخۆشيە درێژخايەنەكان، يەكێ لە هۆكارەكان ژينگەيە، هۆكارى دووەم خواردنە، ئێمە ڕۆژانە ئەبينين چەندين لە مەتعەمەكان دائەخرێت، لەبەر ئەوەى خواردنەكانيان پيسە، ئەو خواردنەى كە دێتە بازاڕەوە، لەم ڕۆژانە ئيعلان كرا ئەو شيرانەى كە دێتە بازاڕ كە مناڵەكانى پێ بەخێو ئەكرێت، شيرێكى خراپە، ئەگەر كواليتى كۆنترۆلى خواردن هەبێ بەڕاستى ئەم شتانە نابێ، ئێستا گەيشتۆتە ئەو حەدەى ئاوى خواردنەوە كە ژيانى هەموومانى پێوە ڕەبتە، ئاوى خواردنەوە خراپە، ئينجا ئەبێ خەڵك ڕوو لەكوێ بكات؟، لەبەر ئەوە حكومەت ئەبێ زۆر بە زوويى، زۆر بە كارايى ئيش لەسەر ئەم بابەتە بكات، بێگومان ژينگە لە بيرەكانى نەوت كە لێ ئەدرێت، بابەتێكى تايبەت هەيە لەسەر پيس كردنى ژينگە، بڕێك پارە دائەندرێت بۆ ژينگە، بەلام ئەو سندوقە تاوەكو ئێستا لە لايەن حكومەتە هيچى بۆ نەكراوە، زۆر گرنگە ئەوە كارى پێ بكرێت، بەڕێزان وەزيرى دارايى و وەزيرى پلان دانان هەردووكيان كە ئەندامن لە ئەنجومەنى باڵاى هەرێمى داواكارين بە زووترين كات تەفعيلى ئەو سندوقە بكەن، ژينگە خۆيان سندوقێكيان هەيە بەپێى ياساى خۆيان، تاوەكو ئێستا واريداتەكەى مەعلوم نيە، نازانم چەنە بزەبت واريداتەكەى، بەس واريداتێكى ئەوتۆى تێ نەچووە، كە بتوانن برادەرانى ژينگە سوودى لێ ببينن، هەروەها لە پاش پەيوەندى كردن پێيان، موشكيلەيەكيان هەيە ئەوان ئەڵێن كە دەسەلاتەكانمان كەمە، بۆ نموونە لە

ئـیعلام پرۆپاگەنـدە بـڵاو کردنـەوە یەکێکـە لـە تەوجیهـەکانی ژینگـەیی، لـە ڕێگـەی پـڕو پاگەنـدە بـڵاو کردنەوەی ئیعلامن ئەکرێت، داوا کارم لە وەزارەتـی دارایـی ئـەو خاڵـە بەهەنـد وەربگرێـت ودەسـەڵات زیـاد بکات بۆ سەرف کردنی ئەو پارەیە، خانەنشینان، هاوڕێکانم لە پێشی منەوە زۆریان باسیان لـە خانەنشـینان کرد، بەڕاستی خانەنشین ئەو کەسانەن کە هەموو ژیانیان سەرف کردووە، تەمەنی لاوێتیان سەرف کـردووە بۆ دروست کردنی ئەم کۆمەڵگایەو بەخێو کردنی ئەجیالەکانی کۆمەڵگا، تاوەکو گەیشتوونەتە ئـەو عـومرە، خەڵك کە خانەنشین ئەبێ ئەگاتە ئەوەی کە ئەسلەن ئەو مەعاشەی کە پێویستیەتی زۆر زیاترە لـەوەی کـە لە تەمـەنی گـەنجێتی دا پێویسـتی پێـی هـەبوو، چـونکە نەخۆشـیەکان زیـاد ئـەکات، خـۆی زەعیـف ئـەبێ و ناتوانێ خزمەتی خۆی بکات، پێداویستیەکانی زیاتر ئەبێ، لەبەر ئەوە من بەباشی ئەزانم خانەنشین، بـەو بڕەی کە ئێمە بۆمان دیاری کرد، کە لە پێشەوە سۆزان خان لە ئیقتیراحەکانی باسی کرد، بەڵام ئـەوە کـافی نیە بۆ خانەنشینان، پێویستە مەعاشی خانەنشینان جارێکی تر چاوی پیا بخشێندرێتەوە، هەتاوەکو بتوانن ئەو ماوەیەی کە ماویانە لە ژیان، ژیانێکی شایستە بەرنـە سـەر، بێگومـان مـن لـە قسـەکانم لـە رەقـەم دوور کەوتمەوە، لەبەر ئەوەی زۆربـەی زۆری رەقـەم بـاس کـرا، بۆیـە تێبینیـەکانم بـە گشـتیە لەسـەر بابەتـەکان، پـڕۆژەی توانـا سـازی یەکێکـە لـەو پـڕۆژە جوانانـەی کـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان کردوویـەتی و ژمارەیەکی باش لە قوتابیان ئێستا لە دەرەوەن، لە داهاتوویەکی نزیك ئەو کادیرە پێگەیشـتوانە دێنـەوە بـۆ ئەم وڵاتەو خزمەتی ئەم وڵاتە ئەکەن، بەڕاستی جێگـەی دڵخۆشـیە، هیـوادارم لـەم سـاڵەش بەرنامـەی توانـا سازی هەر بەردەوام بێ، بەڵام ئەو برگانەی تر کە لـە تواناسـازی هـاوڕێم د.سـەروەریش باسـی کـرد، چـەند برادەرێکی تریش، ئەو دەورانـەی کـە هەیـە، بـۆ نموونـە ناردنـە دەرەوە مامۆسـتایان و فەمانبـەران بگرێتـە خۆی، بۆ تەدریب پێ کردنیان و بـەهێز کردنـی تواناکانیـان، هـەروەها ئـەو کەسـانەی کـە ئەیانـەوێ، ئێسـتا ژمارەیـەکی زۆر لـە قوتابیـان هەیـە، لـە زانکۆکـان لـە قەتابخانـەکان ئەیانـەوێ بـەحس بکـەن، لـە کۆلیـژی بەهرەداران چەند منالێك هەیە ئێستا بەحس ئەکەن و دیراسەت ئەکەن، مشکیان بـەخێو کـردووە، مـوخی مشکەکەیان دەرهێناوە دیراسەی لەسەر ئەکـەن، بـۆ ئـەوەی بـزانن شـەکر لـە لـەش کـەم بـۆوە چ تەئسیرێك ئەکات، تەبعەن بەحس هەیـە لەسـەر ئـەم بابەتـە، بـەس ئـەمان بەحسـی تـازە ئەکـەن، ئەگـەر ئـەو منالانـە ئیهتیمامیان پێ بدرێت لە ئێستاوە بنێردرێنە دەرەوە، بەتەئکید لە داهاتوو خەڵکانێکی زۆر باش و کارایـان لێ دەردەچێت، بیمەی بێ کاری یەکێك لـە خاڵـەکانی تـرە، هیـوادارم بیمـەی بـێ کـاری هـەموو ئـەو کەسـانە بگرێتـەوە، کـە تـاوەکو ئێسـتا تـەنها بـۆ دەرچـووی زانکۆکانـە، هیـوادارم دەرچـووی پـەیمانگاکان، هـەروەها قوتابخانە پیشەییەکان بگرێتەوە، بەڵام زۆر گرنگە ئاسـتی ژیـان حیسابی بـۆ بکرێـت لـەم بیمـەی بێکاریـە، یەکێك ئەگەر ئاستی خێزانەکەی باش بێ پێویستی بە بیمەی بێ کاری نیە، لەبەر ئەوە زۆر گرنگـە ئاسـتی ژیان رەچاو بکرێت لەمە، من ئەمەوێ پرسیار بکەم ئایا ئەوانەی لە قیتاعی خـاس ئـیش دەکـەن، ئەوانـەش ئیحسـائیەك هەیـە ئەگـەر بتـوانێ وەزارەتـی دارایـی ئیعتیمـادی بکاتـە سـەر، یـان وەزارەتـی پەیوەندیـدار ئیعتیمادی بکاتە سەر، لەکاتی بەخشینی بیمەی بێ کاری بۆ خەڵك، چونکە ئەوانەی کـە لـە قیتـاعی خـاس

ئیش دەکەن وەزعیان باشە، ئەتواندرێت ئەوان وەری نەگرن، زیاتر خەڵکە کەم دەرامەتەکان بتوانن بیمەی بێ کاری وەربگرن، ئەو کوردانەی کە لە پێشتر باسم کرد ئەگەڕێنەوە، دیپۆرت ئەکرێن و ئەگەڕێنەوە، بەزۆر ئەنێردرێنەوە لە هەندەرانەوە، لە ڕاستی ئەمانە پێویستە حکومەت رەچاوی ئەمانە بکات، بودجەیەکی تایبەتیان بۆ دابین بکات، هەروەها لە پرۆژە بچووکەکان هاوکارییان بکات، کە بتوانن ژیان دابین بکەنەوە و جارێکی تر بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگا، ئیتر ئەو پارەیە وەزارەتی دارایی لە جێگایەك جێگای بۆ بکاتەوە، هەرچەند ئەزانم ئەو کارە پەیوەندی بە حکومەتی مەرکەزیەوە هەیە، بەلاٌم ئەمانە کوردن، هاووڵاتی ئەم وڵاتەن و هەقی خۆیانە لە بودجەی خۆیان بەشێکیان هەبێ، ناوچە دابڕێنراوەکان، بێگومان ئەوەی کە لە بودجەیە مایەی دەست خۆشیە بڕێك پارەیان بۆ دەست نیشان کراوە، بەس پێویستە زیاتر ئیهتیمامیان پێ بدرێت، بەتایبەتی لە پارەی نەوت، ئەو پارەیەی نەوت کە هەیە، پێم باشە زیاتر ئیهتیمام بە ناوچە دابڕێنراوەکان بدرێت، بۆ ئەوەی هەستی پابەند بوونیان بە کوردستانەوە زیاتر ببێ، هەورەها هەقی خۆیانە وەکو هاووڵاتیەکی کورد کە خزمەتگوزاریەکانیان لە لایەن حکومەتی کوردستانەوە بۆ زیاتر بکرێت، پشتگیری لە پێشنیارەکانی سۆزان خان دەکەم بۆ بڕینی لە 10٪ لە هەرسێ سەرۆکایەتیەکە و ئەنجومەنی دادوەری، دەست خۆشی کاك ئەرسەلانیش دەکەم کە وتی من ئامادەم پەرلەمان بکرێت بە 20٪، هیوادارم بڕینەکانی ئەو پارانە لە سەرۆکایەتیەکانی تریش نسبەکەی لە 5٪ بکرێ، بۆ ئەوەی هەندێ لەو بڕگانەی کە هاوڕێ ئەندام پەرلەمانەکان باسیان کرد لە خیلالی ئەو پارەیە و چەندین پارەی تر کە دابین ئەکرێت لە بودجەکە، بتواندرێت جێگای بکرێتەوە، بابەتێکی تر هەیە کە ئەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، ئەویش کێشەی کارەباو سووتەمەنیە، لە ڕاستیدا کارەبا کە بەرهەم ئەهێندرێت ئێستا ئەم هەرێمەی ئێمە گەیشتۆتە ئاستێکەوە، مایەی دڵخۆشیە کە کارەبا لەو وەزعە باشەی ئێستادایە، هیوادارین هەر بەردەوام بێ و بەرەو باشتریش بڕوات، هەر وەحدەیەکی کارەبا کە بەرهەم ئەهێندرێت لەم وڵاتە نزیکەی 200 دیناری تێ ئەچێت، بەلاٌم حکومەت دەعمی ئەو پارەیەش ئەکات بە 15 دینار تەقریبەن، کە بەهاووڵاتیانی ئەفرۆشێتەوە، لەگەڵ ئەمەش ئەو هاوکاریەی حکومەت، بەلاٌم ئەبینین قەرزێکی زۆر لە لای خەڵك و لە لای دائیرەکانی دەوڵەت ماوەتەوە، بەڕاستی وەزارەتی کارەبا وەزارەتێکی زۆر حەیەویە، وەزارەتێکە کە ڕۆژانە ئیش و کاری بەردەوامی هەیە، لەبەر ئەوەی کارەبا ئەچێتە وردەکاریەکانی ژیانی هەر کەسێکمانەوە، لەبەر ئەوە بەباشی ئەزانم ئەو قەرزانەی کە هەیە، نزیکەی 130 ملیارە لە لای هاووڵاتیان، ئەو قەرزانە 78 لەلای حکومەتە، هیوادارم دام و دەزگاکانی حکومەت ئیعفا نەکرێن لەو پارەیە، بە زووترین کات ئەوە قەرزانە بگێڕنەوە بۆ کارەبا، چونکە چەند تەئخیر بوون ببێ لە گەڕانەوەی پارەکان و قەرزەکان بۆ سێکتەری کارەبا، ئیشەکانی سێکتەری کارەبا ئەوەندە تەئخیر ئەبێ، ئەمەش بە زەرەر ئەشکێتەوە بۆ هاووڵاتیان، جگە لەوە لە ئێستادا 930 مێگاوات کارەبا بە غاز کار دەکات لە هەرێمی کوردستان، 480 مێگاواتی بە گازوایل کارئەکات لە ئێستا، کە لە بودجە پارەی بۆ دابین کراوە، بەلاٌم لە کۆتایی ئەمساڵ و ساڵانی داهاتوو بە تەئکید ئەو بابەتە بەرەو زیاد

بوون ئەڕوات، ئەكرێ ئەمساڵ بگاتە 750 مێگاوات، كەواتە بەكارهێنانی سووتەمەنی هەر ڕوولە زیاد بوونە، لە بودجەكە هاتووە سێ ترلیۆن و پێنج سەد هەزار لە وەزارەتی سامانە سروشتیەكان دابین كراوە، پێنج سەدو یەك ملیار بۆ سووتەمەنی دابین كراوە، هەر لە بودجەكە هاتووە، بەلاَم ئەبینین ئەگەر ئەم حەوت سەدو پەنجا مێگاواتە زیاد ببێ، بە تەئكید پارەی زیاتری ئەوێت و سووتەمەنی زیاتری ئەوێت، هیوادارم وەزارەتی دارایی لە ئێستاوە لەگەڵ وەزارەتی تەختیت حیسابێك بۆ ئەوە بكەن، ئەو پارەیە دابین بكرێت، نەوەك وەكو پاری لێ بێت، لە ئێستاوە تەندەرەكانی كڕینی سووتەمەنی ئامادە بكرێت، ئاشكرایە ئەو سووتەمەنیەی لە كوردستان بەرهەم ئەهێندرێت بەشی هەموو وەحدەكانی كارەبا ناكات، ساڵی پار كێشەیەك دروست بوو هەموومان ئەزانین لە پڕێكا كارەبا وەزعی زۆر تێكچوو، كێشەكەش ئەوەبوو كە وەزارەتی سامانە سروشتیەكان عەقدێكی كردبوو، بەلاَم سووتەمەنیەكە نەئەگەیشت، بۆیە باشترە ئەگەر وەزارەتی سامانە سروشتیەكان، وەزارەتی تەختیت پێشتر كار بۆ ئەو بابەتە بكات، تاوەكو نەبێتە هۆی ئەو دواكەوتنەی كە پار ڕوویدا، چەند پێشنیارێكی ترم هەیە هەر لە ناو بودجەكە هیوادارم جێگەی بكرێتەوە، چارەسەر كردنی عجزی میزانیە كە ئەمە بووە بەكێشەیەك، یەكێك لەو كێشانەبوو كە لە پەرلەمان زۆر قسەمان لەسەری كرد، هەروەها ئەوە هەقێكی تەبیعی خۆمانە ئەو پارەیە لە لای عیراق هەیە بۆمان بگەڕێتەوە، ئالیەتێكی چاك هەیە بگیرێتە بەر، بۆ ئەوەی ئەو پارانە لە عیراق بە زووترین كات كاری لەسەر بكرێت، بە تایبەتی لە لایەن وەزارەتی دارایی هەرێمی كوردستانەوە، دۆزینەوەی ئالیەتێك بۆ ناردنی بودجە لە كاتی خۆی، بەرێز وەزیری دارایی قسەی لەسەر ئەو بابەتە كردو، پەرلەمانتارە بەرێزەكان هیوادارم بگەینە ئالیەتێك، كە بتواندرێت بودجە لە كاتی خۆی بنێردرێت، چونكە نەناردنی لە كاتی خۆی هەموومان ئەزانین چ كاریسەیێ لە دائیرەكانی دەوڵەت دروست ئەكات، ڕاستە لە 12٪ی بودجە سەرف ئەكرێت، بەلاَم پڕۆژەكانی كە ئیعلان ئەكرێت كێشە لە پڕۆژەكان دایە، لەبەر ئەوەی بودجە نەهاتووە، زۆربەی پڕۆژەكان تەئخیر ئەبێ، زۆربەی پڕۆژەكان كە پێشنیار كراون لە كاتی خۆی جێبەجێ ناكرێن، دابین كردنی دەرماڵە بۆ ژنی بێ هاوسەر، هاوڕێكانم ناسك خان هاوڕاز خان، سۆزان خان، قسەیان لەسەر ئەم بابەتە كرد، هیوادارم ئەم بابەتە بەهەند وەربگیرێت، چونكە پێشترین لە قانونەكانی عیراق ئەو بابەتە هەیە، ئەبێ ئەو ژنانەی بێ هاوسەرن پارەیەكی تایبەتیان بۆ دابین بكرێ، هیواداریین حكومەتی كوردستان رەچاوی ئەو هاوكاریە بكات، بۆ دابین كردنی پارە بۆ ژنانی بێ هاوسەر، چونكە ئەم ژنانە زۆربەی زۆری ژنان ئەزانین منداڵەكانیشیان بەخێو ئەكەن، ئەو مەسئولیەتە، مەسئولیەتی دایكە نەوەك باوك، لەبەر ئەوە ئەگەر مناڵەكانیشی بەخێو بكات، بودجەیەك یان مەعاشێكی نەبێ، نەتوانێ مناڵەكەی بە باشی بەخێو بكات، هەم زەرەرە بۆ كۆمەڵگاكەمان و هەم ئەو مناڵەی بەخێوی ئەكات ناتوانێ بەشێوەیەكی تەندروست بەخێوی بكات، تەركیز كردنە سەر هەڵمەتی دروست كردنی قوتابخانەكان، بێگومان هەموو یەكێمان لەگەڵ ئەو بابەتە داین، چونكە مەفروزە هەموو قوتابخانەیەك دەوامی مەزبوتی هەبێ، قوتابخانە ئەساسی باشی تیابێ، قوتابخانە بەشێوەیەكی تەندروست دروست كرابێ، بۆ ئەوەی قوتابییەكان دەوامی تیا

بکەن و جیلەکان پێ بگەیەنین، دانی دەسەڵات بە وەزارەتەکان لە ڕاستی وەزارەتەکان کێشەیەکیان هەیە، ئەوەی کە لە ئیدارە ئیشی کردبێ ئەزانێ کێشەیەکی گەورە لەوە هەیە، تۆ مودیر عامێکی یاخود وەزیرێکی کە دەسەڵاتی سەرف کردنی پارەت نەبێ بەڕاستی عەرقەلەت بۆ دروست ئەبێ، ئیشەکانت لە مودیریەی عامەوە سەرئەکەوێ بۆ وەزارەت، لە وەزارەت بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی وەزیران بۆ وەزارەتی دارایی، جارێکی تر هەمان پرۆسە ئیعادە ئەبێتەوە لەبەر ئەوە ئەمە ئەبێ بە هۆی ڕاوەستانی زۆربەی ئەو کارانەی کە هەیە، هەتاوەکو سولفەی موقاولەکان یەکێك لە سەببەبەکان تەئخیر بوونی ئەم بابەتەیە، ئەگەر هاتو دەسەڵات لە لای وەزیر نەبێ، لەبەر ئەوە پێمان باشە دەسەڵاتەکان بدرێت بە وەزیرەکان، ڕەقابە بەهێز بکرێت، کە خاڵێکی زۆر زۆر گرنگە تەفعیلی ڕەقابەی مالی بکرێت، چونکە لەو حالەتە هەموو بابەتەکان، هەموو پرۆژەکان خازع ئەبن بۆ ڕەقابە، کە ڕەقابەش تەفعیل کرا، هەموو شتەکان ڕەقابەی کرا، بەڕاستی بودجەش ئەم موناقەشە زۆرەی ناوێ، چونکە ڕەقابەی وەزارەتی داراییش ڕەقابە ئەکات، ئەم کێشانە زۆربەی چارەسەر دەکرێت، زیاد کردنی سولفەی عەقار بۆ گوندەکان، ئەگەر مەجالی تیا هەبێ لە بودجەی ئەمساڵ، بەڕاستی هاوکاری گوندەکان بکرێت، بابەتێکی زۆر گرنگ و زۆر هەستیارە، هیوادارم جێگەی بکرێتەوە لە بودجەو سولفەکەیان بۆ زیاد کردبێ، خاڵێکی ترم هەیە کۆتاییە، ئەویش بریتیە لەوەی کە بە پێویستی ئەزانم لە وەزارەتی تەختیت داوا ئەکەم کە لە ئێستاوە کار بکات بۆ دابین کردنی پرۆژەیەکی ستراتیژی بۆ دابین کردنی گازی سروشتی، لە ئێستاوە کار بکەن لە بودجەی داهاتوو، لە ساڵی داهاتوو، پرۆژەی دابین کردنی بۆڕی گازی سروشتی، بۆ مەحەتەکانی کارەبا، چونکە ئەگەر گازی سروشتی سەرچاوەی هەیە، زۆرە لە کوردستان، گازی سروشتی دابین بکرێت ئەو هەموو پارە زۆرە کە لە ترلیۆنێك تێپەڕ ئەکات، لەم ساڵ بۆ سووتەمەنی و کارەبا دابین بکرێ، ئەو بابەتە چارەسەر ئەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك عیماد فەرموو.

**بەڕێز عماد احمد/ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا بەخێرهاتنی میوانە بەڕێزەکان دەکەین، وە دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەین بۆ ماندی بوونیان، سەبارەت بە ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتە کە بەشێوەیەکی زۆر ڕێك وپێك ئامادە کراوە، وە توانیانە کۆمەڵێك خاڵ لەو بودجەیە دەست نیشان بکەن، وە دیسان کۆمەڵێك پێشنیاریان هەیە سەبارەت ئەو بودجەیە کە بە بڕوای ئێمە پێشنیاری معقول و مەنتقینە، وە لە بەرژەوەندی هاووڵاتیانی کوردستان، کە پشتگیری لێدەکەین وە بە خۆش حاڵیەوە لیستی کوردستانیش پشتگیریان لێکردووە، بەڵام من بە پێویست دەزانم سەبارەت پێشنیاری یەکەم وچوارەم تەوزیحێك و هەندێك ئیضافە زیاد بکەم، سەبارەت بە پێشنیاری یەکەمی لیژنەکە کە پەیوەستە بە پرۆژە پێشنیارکراوەکانی ساڵی 2012، کە تێیدا پێشنیاری

دواخستنی جێبەجێ کردنی پـڕۆژە پێشـنیارکراوەکان کـراوە، کـە پێیـان وایـە پرۆسـەی جێبـەجێ کردنیـان قورسەو ئەگەری دواکەوتنیان هەیە، منیش پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم لەبەر ئەو هۆیانەی خوارەوە:

1- تاکو بودجەی ئەو ساڵ دەکەوێتە بواری جێبـەجێ کردنـەوە لەوانەیـە مـانگی حـەوت تـەواو بێـت، بۆیـە ئەگەری دواکەوتنی پڕۆژەکان واردە.

2-ئەگـەر تەماشـەی پـڕۆژە بەردەوامـەکان و دواکـەوتووەکانی سـاڵی 2012 بکـەین، کـە ژمارەیـان دەگاتـە 3201 پـڕۆژە، وە گوژمـەی پێشـنیارکراو بـۆ جێبـەجێ کردنیـان بریتیـە لـە دوازدە ترلیـۆن و چوارسـەدو حەفتاو شەش ملیارو سێ سەدو سی و دوو ملیۆن دینار، کە بۆ سـاڵی 2011 بـڕی سـێ ترلیـۆن و نۆسـەدو هەشتاو یەك ملیارو سێ سەدو چل و چوار ملیۆن دینار خەرج کراوە، بۆ ئەمساڵیش بڕی سێ ترلیۆن و دوو سـەدو حـەفتاو پێـنج ملیـارو هەشـت سـەدو چـل ملیـۆن دینـار تەخسـیس کـراو، واتـە حکومـەتی هـەرێمی کوردستان پێویستی بە پێنج ترلیۆن و دوو سەدو نۆزدە ملیارو سەدو چل و هەشت ملیۆن دینارە، بۆ سـاڵی داهاتوو بۆ جێبەجێ کردنی پڕۆژە بەردەوامەکان و دوا کەوتووەکانی ساڵی 2012، بۆیە پێویسـتە دەرفـەت بدرێتە حکومەت ئەو پڕۆژانە جێبەجێ بکات، پێویست ناکات چیتر باری حکومەت زیاتر قـورس بکەینـەوە بە پێشنیار کردنی پڕۆژەی تازە، ساڵی 2012 حکومەتی هەرێمی کوردستان بە بڕی دوو ترلیـۆن و هەشـت سەدو حەفتا ملیارو نۆسەدو هەشتاو شەش ملیۆن دینار پڕۆژە پێشنیار کراوە، بەلأم تەنها بڕی دووترلیـۆن وهەشت سەدو حەفتا ملیار و نۆسەدو هەشتاو شەش ملیۆن دینار پڕۆژە پێشـنیار کـراوە، بـەلأم تـەنها بـڕی چوارسەدو دوو ملیارو پێنج سەدو نەوەت و شەش ملیۆن دینار بۆیـان تەخسـیس کـراوە، واتـە تەخسیسـاتی ئەمسـاڵ زۆر کەمـە، ئەمـە وای لێ دەکـات ئـەم پڕۆژانـەش هـەموویان ببنـە پـڕۆژە بەردەوامـەکان بـۆ سـاڵی داهاتوو، واتە ئەگەر ئەم بڕە پارەیەش بۆ ئەمساڵ تەخسیس کراوە هەمووی خەرج بکرێ، دیسـان بـڕی دوو ترلیۆن و پێنج سەدو شەست و هەشت ملیارو سێ سەدو نـەوەت ملیـۆن دینـار ئـەمێنێت، بۆیـە ئەگـەر ئـەم پڕۆژانەش بمێنن، بـۆ سـاڵی داهـاتوو حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان پێویسـتی بـە حـەوت ترلیـۆن و شـەش سەدو هەشتاو حەوت ملیارو پێنج سـەد و سـی و هەشـت ملیـۆن دینـار هەیـە، بـۆ جێبـەجێ کردنـی پـڕۆژە بەردەوامەکان و دوا کەوتووەکان و پێشنیار کراوەکانی ساڵی 2012، بۆیە لەبەر ئەم هۆیانە ئێمە پشـتگیری پێشنیاری لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەین، سەبارە بە جێبەجێ کردنی پـڕۆژە پێشـنیار کراوەکـانی سـاڵی 2012 ، دەسـەلأت بدرێتـە بـەڕێز وەزیـری پـلان دانـان، دووبـارە پێداچـوونەوەیەك بـە پـڕۆژە پێشـنیار کراوەکـانی سـاڵی 2012 دا بکرێـت، دەستنیشـانی ئـەو پڕۆژانـە بکـات، کـە قـابیلی جێبـەجێ کـردنن، بـە پرەنسـیپی عەدالـەت و لـە دابـەش کردنـی پڕۆژەکـان لـە نێـوان پارێزگاکـان و قـەزاکان بکـات، سـەبارەت بـە پێشنیاری چوارەمی لیژنەکە، کە پەیوەستە بە زیاد کردنی سولفەی خانووبەرە، بۆ گونـدەکان بـۆ بیسـت و پێنج ملیۆن دینار پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەین، بەلأم پێمان باشە دوو خاڵی تری بۆ زیاد بکرێـت، یـەك، پێشـنیار دەکـەین ئـەم زیادەیـە شمـولی قـەزا سـنووریەکان بکـات، ئەوانـەی تووشـی سیاسـەتی ڕاگواسـتن و کاولکاری بووینەوە، چونکە ئەم ناوچانە جگە لە ڕاگواستن و کاولکاری بووینە، دوورن لە سەنتەرەکان، واتـە

گەیاندنی کەرەستەی بیناسازی و پێداویستیەکانی ئاوەدانکردنەوە، لەسەریان دوو قات ڕادەوەستێ، بەهۆی کرێی گواستنەوە، پێمان باشە ئەم خاڵە ڕەچاو بکرێت، دوو، دیسان پێشنیار دەکەین پرۆسەی پێدانی قەرزی خانووبەرە وەکو پرۆژە بەردەوامەکان تەعامولی لەگەڵدا بکرێت، هەروەکو برای بەڕێزم کاک شڤان ئاماژەی پێی کرد، ئێستا دێمە سەر بودجەی تەشغیلی، ببوورن بەرێ بچمە سەر بودجەی تەشغیلی، سەبارەت بە بودجەی وەبەرهێنانەوە، لە ساڵی 2012 کە من ویستم چەند تەوزیحێك لەسەری بدەم، چونکە هەستم کرد هەندێ ئامارو ڕێژە بە هەڵە وتراوە، سەبارەت بە ڕێژەی هەر پارێزگایەك بە تەرخان کراوی کۆی بودجەی وەبەرهێنانەوە، بە پرۆژە پێشنیار کراوەکان و بەردەوامەکان و دواکەوتووەکان، بەم شیوەیەی خوارەوە دابەش کراوە، بۆ پرۆژەکانی سەر ئاستی هەرێم، سەدا چوار فاسیلە سی و هەشت کە بڕی سەدو شەست و یەك ملیارو حەفتاو دوو ملیۆن دینار تەرخان کراوە، بۆ پرۆژەکانی پارێزگای هەولێر سەدا سی و سێ فاسیلە سفر سێ کە بڕی یەك ترلیۆن و دووسەدو پازدە ملیارو دوو سەدو حەفتاو شەش ملیۆن دینار تەرخان کراوە، بۆ پارێزگای سلێمانی سەدا چل و یەك فاسیلە بیست و نۆ کە بڕی یەك ترلیۆن و پێنج سەدو یانزە ملیارو شەست ملیۆن دینار تەرخان کراوە، بۆ پارێزگای دهۆك سەدا بیست و یەك و فاسیلە بیست و حەوت کە بەبڕی حەوت سەدو هەشتاو دوو ملیار و حەوت سەدو بیست و هەشت ملیۆن دینار تەرخان کراوە، ڕێژەی هەرسێ پارێزگاکە کەم بووە، بەهۆی تەرخان کردنی ڕێژەی چوار فاسیلە سی و هەشت، بۆ پرۆژەکانی سەر ئاستی هەرێم لە بڕی هەرسێ پارێزگاکە بڕیوە، دیسان سەبارەت قەزای ئامێدی، من بە وردی بەدواداچوونم بۆ پرۆژەکانیان کردووە، بەتایبەتی بۆ ساڵی 2012 تەنها بەشی ئەم قەزایە لە پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگای دهۆك، بڕی بیست و دوو ملیاری بۆ دانراوە بۆ ساڵی 2012، واتە نزیکەی ڕێژەی سەدا دوانزە بەرکەوتووە، لە کۆی تەرخان کراوی پارێزگای دهۆك لە پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگای دهۆك، کە من دڵنیام خوشکی بەڕێزم بەیان خان ئەم ئامارەی لەبەرە دەست نەبووە، بۆیە ئەو قسەیەی کردووە، دیسان جگە لە بەشی ئەم قەزایە لە تەرخان کراوی ناوچە زیان لێ کەوتووەکان، کە دەکاتە نزیکەی 12 ملیار دینار، لەکۆی بەشی پارێزگای دهۆك، کە بیست و سێ ملیار دینارە، تەنها بۆ ئەم هەردوو تەخسیسە سی و چوار ملیار دینار بۆ قەزاکە تەخسیس کراوە، جگە لە بەشی قەزایەکە لە پرۆژە بەردەوامەکان و پێشنیار کراوەکان ساڵی 2012، ئەمە تەنها بۆ تەوزیح بوو، ئەمە نە پاساوە .....

**بەڕێز عماد احمد/ جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی ناکرێ ئێمە هەندێ ڕێژەو ئامار یەعنی بە هەڵە بڵێین، مەسەلەکە ئەوەیە من هیچ شتێکم لەگەڵ ئەو خوشکە بەڕێزە نیە، بەڵام گوناحە یەعنی ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان سی و چوار ملیار دینار بۆ جێگایەکی تەخسیس کرد ئێمە ئاماژەی پێ نەدەین، من بۆخۆم زۆر دیفاع لە و دەڤەرە دەکەم، زۆر داکۆکی ژی لەسەرە، ئێستاش پێویستی بەو بڕە پارە زیاتر هەیە، بەڵام ئەمە ئامارە، ڕێژەیە، دەبێ ئێمە ڕێژەکان بۆ خەڵکی کوردستان بە ڕوون و ئاشکرا بڵێین، زۆر قسەو باس لە لایەن ئەندامانی پەرلەمان کرا

لەسەر بودجەی تەشغیلی و هۆی زیاد بوونی و چۆنیەتی سەرف کردنی و تەعامول کردن لەگەڵی، هەموومان دەزانین هەروەکو لە پڕۆژە یاسای بودجە و ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری هاتووە، ڕێژەی بودجەی تەشغیلی دەکاتە سەدا حەفتا فاسیلە چل و هەشت لە کۆی بودجەی هەرێمی کوردستان، کە هەمووامن کۆکین لەسەر ئەوە، کە ئەم ڕێژەیە، ڕێژەیەکی بەرزە خزمەت بە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان و گەشەی ئابووری ناکات، بۆیە منیش بە پێویستم زانی وەکو هاوڕێیانم ڕای خۆم لەسەر ئەو خاڵە بدەم، کۆی بودجەی تەشغیلی ساڵی 2012 بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوو بەڕێژەی لە سەدا چواری کردووە، کە دەکاتە نزیکەی یەك ترلیۆن و نیو ملیۆن دینار، هەروەکو لە ڕاپۆرتی لیژنەکە هاتووە، بەم شێوەیە دابەش کراوە لەسەر بەشەکان کە پێویست ناکات ئەو ژمارانە دووبارە بکەمەوە، چونکە لەبەر دەستی هەمووامنە، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت لە ڕاپۆرتەکە، بەشەکانی قەرەبووی فەرمانبەران، شمەك و خزمەتگوزاری و چاککردنەوە، سوودە کۆمەڵایەتیەکان، تێچووەکانی تر بە ڕێژەی جیا جیا بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ڕابردوودا زیادیان کردووە، بەڵام دیسان ئاماژە بەوە کراوە کە بۆ بەخشینی مەوجوداتی نادارایی، بەڕێژەی جیا جیا کەمی کردووە، دیسان ئەوەشی دیاری کردووە، کە حکومەتی هەرێم سەدا پەنجاو دووی پێداویستیەکانی وەزارەتەکان و دام و دەزگاکانی حکومەتی دابین کردووە، واتە حکومەتی هەرێم پێویستی بە دوو ئەوەندەی بودجەی تەرخان کراو هەیە، بۆ تەختیە کردنی نەفەقاتی کراو، ئەمەش سنوورداری ئیراداتی ئەمساڵە، بۆ ئەوەی بزانین بودجەی تەشغیلی چۆن دابەش کراوە، بەسەر بەشەکان و دەستنیشان کردنی هۆیەکانی بەرز بوونەوەی بودجەکە بکەین، ئەمەی خوارەوە شێوازی دابەش کردنیانە بەتایبەتی ئەو بەشانەی کە زیادیان کردووە، سەبارەت قەرەبووی فەرمانبەران، بەم شێوەیە دابەش کراوە، مووچەو کرێیەکانی ئەساسی دوو ترلیۆن و هەشت سەدو چل و پێنج ملیارو سەدو هەژدە ملیۆن دینارە، بەس تەنها دەرماڵەکان، دوو ترلیۆن و نۆسەدو سێ ملیارو نۆسەدو بیست و حەوت ملیۆن دینارە، موساهەماتی ئیجتیماعی کە راتب و موکافەئاتی تەقاعدینە یەك ترلیۆن و سەدو بیست و پێنج ملیارو چوار سەدو هەشتاو سێ ملیۆن دینارە، سەبارەت بە سوودە کۆمەڵایەتیەکان، بەم شێوەیە دابەش کراوە، تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی دوو سەدو نەوەت و نۆ ملیارو هەشت سەدو هەشتاو سێ ملیۆن دینار، مووچەی خانەنشینی فەرمانگەی کاروباری کۆمەڵایەتی دە ملیارو حەفتاو چوار ملیۆن دینارە، ئاوارەکانی تورکیاو ئیران 100 ملیارە، تەبەروعات و ئیعانات کە بەڕێز وەزیری دارایی یەعنی بە تەفسیل باسی کرد، دوو سەدو سی و یەك ملیارو نۆسەدو پەنجاو نۆ ملیۆن دینارە، سەبارەت بە تێچووەکانی تر بەم شێوەیە دابەش کراوە، موکافەئاتی مونتەسبین، موکافەئاتی موخبرین و موتەعاونین سی و یەك ملیارو سێ سەدو چل و چوار ملیۆن دیناری داناوە، موخەسەسات وەبیعسات، بەس دەرماڵەو بەرنامەی تواناسازی سەدو حەفتا ملیارو نۆسەدو یانزە ملیۆن دینار تەخسیس کراوە، تەعویزات و غەرامات بیست و هەشت ملیار و نۆسەدو چل و پێنج ملیۆن دینار تەرخان کراوە، رسوم و زەرائیب سەدو بیست و چوار ملیۆنە، مەساریف ئوخرا کە ئیحتیاتی تەواری و نەشاتات کەشفیەو زەرەر بەدەل عوملەیە، نەشاتات ریازیەیە، نەشاتات

مەدرەسینە، ئەمەش چوارسەدو نەوەت و شەش ملیارو حەفتاو پێنج ملیۆن دینار تەخسیس کراوە، سەبارەت بار بۆ ئەوەش وازحە لە ڕاپۆرتی دارایی دابەش کراوە لەسەر دوو تەوەر، یەکێکیان، ئیعانات زراعیە، ئەوەی تریش مەناتق موتەنازع علیهایە کە 15 ملیار دینارە، سەبارەت بە بەخشین بەم شێوەیە دابەش کراوە، نەفەقات لیژنەی ئۆلۆمپی بیست و دوو ملیار و چوار سەد ملیۆن دینار، مینەح مونەزەمات علمیە وسەقافیە، نەوەت و یەك ملیارو حەوت سەدو حەوت ملیۆن دینارە، موئەسەسات بەلەدیە کە ڕەواتب و نەفەقاتی تەشغیلی دوو سەدو پەنجاو یەك ملیارو پێنج سەدو دە ملیۆن دینارە، مودیریە مەجال عامە، سەدو چل و یەك ملیارو نەوەت ملیۆن دینارە، نەفەقات لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستانی حەوت سەدو بیست ملیۆنە، مەتاری ئەربیل و سلێمانی بیست و نۆ ملیار و سەدو پەنجاو شەش ملیۆن دینارە، بەرنامەی تەنمیەی ئەقالیم و موحافەزات ئەویش پەنجا ملیارە، بۆیە لە دەرئەنجامی ئەم شی کردنەوەیە بۆمان دەرکەوت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەداڕشتنی ئەم بودجەیەدا کۆمەڵێك دەستکەوت بۆ هاوولاتیانی هەرێمی کوردستان تۆمار کراون، لەوانە بەردەوام بوون لەسەر پێدانی سولفەی خانووبەرەو هاوسەرگیری، بەردەوام بوون لەسەر پێدانی قەرزی کشتوکاڵ و پیشەسازی، بەردەوام بوون لەسەر پێدانی سولفەی پڕۆژە بچووکەکان بۆ لاوان، پاڵپشتی کردنی پڕۆژەکانی گەشت و گوزار، سەد ملیار دینار بۆ ئاوارەکانی گەڕاوەی ئیران، 100 ملیار دینار بۆ پاڵپشتی کردنی پڕۆژە خزمەتگوزاریەکانی ناوچە سنووریەکان، بەردەوام بوون لەسەر تواناسازی، تەرخانکردنی بودجە بۆ ڕێکخراوەکان، دەرماڵە بۆ قوتابیان، یارمەتیەکاتی تۆڕی کۆمەلأیەتی، یارمەتیەکانی زیندانیە سیاسیەکان، سندوقی نیشتەجێبوون، کەم کردنەوەی ڕێژەی سەدا دە لە مووچەی هەرسێ سەرۆکایەتیەکان و پەرلەمانتار و وەزیرە بەڕێزەکان و خاوەن پلە تایبەتیەکان بۆ سندوقی شەهیدان، پێدانی 150 هەزار دینار دەرماڵە بۆ مامۆستایان، یارمەتیدان و هاوکاری کردنی ناوچەکانی ناکۆکی لەسەر، بەردەوام بوونی بیمەی بێکاری، تەخسیساتی تایبەتی دروست کردنی قوتابخانە، جگە لەو پێشنیارانە کە لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووریدا هاتوون وە کۆمەڵێك بابەتی تر، بۆیە ئەگەر بێین و تەماشای ئەو دابەش کردنە بکەین، دەبینین نزیکەی هەشت ترلیۆن دینار هەروەکو برای بەڕێزم کاك ئاسۆ ئاماژەی پێدا، لە بودجەی تەشغیلی بۆ گیرفانی هاوولاتیان دەچێ، لە ڕێگای ئەم چەند خاڵە مووچە، دەرماڵە، یارمەتیەکان، سولفە، قەرزەکان، تەقریبەن ئەم پێنج شەش بوارە نزیکەی هەشت ترلیۆن دینار لە ڕێگای یەکێك لەم خاڵانە بۆ هاوولاتیان دەچێت، ئەمە وادەگەیەنێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان، سیاسەتی داڕشتنی بودجەی هاوولاتیان ڕەچاوی کردووە، بەتایبەتیش کە گرنگی ئەو خاڵانە کەم کردنەوەی ڕێژەی بێکاری، چارەسەر کردنی قەیرانی نیشتەجێبوون، بووژانەوەی سێکتەرەکانی کشتوکاڵی و پیشەسازی و وزە، بەڕێزان لە دەرئەنجامی شی کردنەوەی بودجەی تەشغیلی بۆمان دەرکەوت، هۆیەکانی زیاد بوونی بودجەی تەشغیلینە، دەتوانین لەم حەوت خاڵەدا کۆی بکەینەوە، یەك: زیاد کردن و پێدانی دەرماڵەی نوێ بە فەرمانبەران و بڕیاردان لەسەر پێدان و زیاد کردنی کۆمەڵێك لە یارمەتیەکان، دوو: ئیستیحداس کردنی 17 هەزار پلەی دامەزراندن لە

دام و دەزگاکانی حکومەت لەساڵی 2012، سێ: ئەو فشارەی پەرلەمانی کوردستان دەخاتە سەر حکومەت بۆ زیاد کردنی هەندێ تەخسیسات، کە هەموویان دەکەونە چوارچێوەی ئەو بابەتە، حکومەت ناچار دەبێ لە ڕێگای بودجەی تەشغیلی چارەسەری بکات، چوار: زیاد بوونی تەخسیساتی سووتەمەنی بۆ دابین کردنی کارەبا، چونکە داواکاری لەسەر کارەبا لە زیادبووندایە، پێنج: وەرنەگرتنی پشکی وەزارەتی پێشمەرگە لە بودجەی حکومەتی فیدراڵدا، شەش: یارمەتیدان و هاوکاری کردنی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، تەرخان کردنی بودجەیەکی تایبەت ساڵانە بۆیان لە بودجەی هەرێمدا، حەوت، واقعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان کاریگەری هەبووە لەسەر ئەم زیاد بوونە، چونکە بەدرێژایی مێژوو هاووڵاتیانی کوردستان تووشی ماڵ وێران کردن و ئاوارە بوون و ئەنفال کردن بوون، ئەمە ئەو هۆیانەنە کە بوونە هۆی ئەوەی کە بودجەی تەشغیلی زیاد ببێ، بەڕێزان دەگوترێت ئەم حکومەتە هیچ پلانێکی پێنەبووە سەبارەت بە دارشتنی بودجەکە، من تەنها باسی یەکێك لەو خاڵانە دەکەم کە پێش ئێستا من باسم کردووە، لەناو بودجەکەدا هاتووە، ئەویش قەرزی خانووبەرەیە، لە بەرواری 2012/1/14ئێمە ژمارەیەك لە پەرلەمانتارانی پارێزگای دهۆك سەردانی بانکی خانووبەرەمان کرد لە دهۆك، بە مەبەستی بەدواداچوونی کارەکانمان، ئەم بابەتانەی خوارەوە بەدەستمان گەیشت، لە ساڵی 2011 تاوەکو سەردانەکە هەشت هەزارو دوو سەد هاووڵاتی لە وەرگرتنی قەرزەکە سوودمەند بوون، واتە ئەگەر هەشت هەزارو دوو سەد زەربی 20 ملیۆن دینار بکەین، بۆمان دەردەکەوێت سەدو شەست و چوار ملیار دیناری خەرج کردووە، بۆ ئەوەی بزانین ئەو بڕە پارەیە چەند لە قازانجی هاووڵاتیان دا بووە؟، ئایا حکومەت چ پلانێکی هەبووە لە پشت خەرج کردنی ئەم بڕە پارەیە بۆ هاووڵاتیان؟، ئەمەی خوارەوە بۆمان دەردەخات، یەك/ هەشت هەزارو دوو سەد هاووڵاتی لە کێشەی کرێچی و بێ خانوو ڕزگار دەبن، دوو/ بۆ هەر سولفەیەك کە 20 ملیۆن دینارە زیاتر لە 25 کەس هەلی کاری بۆ دەرەخسێت، واتە ئەگەر هەشت هەزارو دوو سەد سولفە زەربی 25 کەس بکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە 205 هەزار کەس سوودمەند دەبن، چونکە کار بۆ کرێکاران، شوفێرەکان، خاوەن مەحەلاتی فرۆشتنی کەرستەی بیناسازی و پێداویستیەکانی ئاوەدانکردنەوەش پەیدا دەبێ، جگە لە خاڵێکی تری زۆر گرنگ، ئەویش جوولەیەك لە بازاڕی عەقارات دروست دەبێ، ئەمەم بەس وەکو نموونەیەك، باشە من دەپرسم ئایا چۆن حکومەت پلانی نیە؟، سەبارەت عجزی موخەتەت کە بە دوو ترلیۆن و چل و چوار ملیۆن و پێنج سەدو چل و حەوت ملیۆن دینار خەملێنراوە، کە هەموومان ئەسبابەکانیش دەزانین لە 2007 تاوەکو ئێستا، ئیستیحقاقاتی وەزارەتی پێشمەرگە لە زمنی تەخسیساتی وەزارەتی بەرگری عیراقی نەدراوە، هەرچەندە لە بودجەی ساڵانی 2007تاوەکو 2012 هی ئیتیحادی ئاماژەی پێ کراوە، بەڵام بە پاساوی نەبوونی یاسایەك بۆ ڕێکخستنی ئەو ئیستیحقاقە من ئەم بابەتە لە دوو خاڵدا ڕوون دەکەمەوە، یەك، زۆر باس لەوە دەکرێت کە گوایە تەفسیر لە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانە، کەتاوەکو ئێستا ئەم کێشەیە چارەسەر نەکراوە، من دەپرسم ئایا ئەو عەقلیەتەی کە تەنها فێری ماف لێ سەندنەوە ببێ، فێری ئەوە نەبووبێ ماف بە خەڵك ببەخشێت، ئەو عەقلیەتەی تەنها زمانی

هەرِەشەو چەك لەسەری دابێ بۆ چارەسەر كردنی كێشەكان، نەوەك دیالۆگ ودانیشتن لەسەر مێزی موفاوەزات، ئەو عەقلیەتەی كە تاوەكو ئێستا قبولی جیاواز و مافی پێكهاتەكانی تر نەكات، ئەو عەقلیەتەی تاوەكو ئێستا دەرئەنجامی سیاسەتێكی نزیكەی ملیۆنەها خەڵك بووینە قوربانی، ئەمە شتێكی سەیرو عەجیبە، ئەگەر شەش یان حەوت و هەشت ملیۆن دیناری ئێمەش حجز بكات، من ئەو قسانە دەڵێم نەوەكو لەبەر ئەوەیە كەدەبێ لە مافەكانی خۆمان نەپرسین، یان دەست بەرداری مافەكانی خۆمان بین، بەڵێ من باسی عەقلیەت دەكەم، كە ئێستا دەسەلأت بەدەستیەتی بەرەو تاك ڕەوی دەچێت، پرەنسیپی شەراكەت و بەشداری پێ كردنی پێكهاتەكانی تر بەلایەوە موهیم نیە، دوو، لە ولأتی ئێمە خەریكە هەموو شتێك ببێتە عەیب و عەیبداری، چ قەوماوە ئەگەر لە یاسای بودجەی ئێمەش عجزی موخەتەت هەبێ، كە ئەسبابەكان ڕوون و ئاشكرانە، ئێمەش بەشێك نین لەو ولأتەی كە لە یاسای بودجەكەدا عجزی موخەتەت زیاتر بە چوارده ملیۆن دینار خەملێنراوە، كەتاوەكو ئێستا نەیتوانیوە كارەباو ئاوی خواردنەوە بۆ هاوولأتیانی خۆی دابین بكات، ئایا ولأتێكی وەكو ئەمەریكا كە عجزی موخەتەت بە چوارده ترلیۆن و دووسەد و هەشتا ملیار دۆلار خەملێنراوە، لە بودجەی ئەمساڵ دا كە هەموومان دەزانین بەهێزترین ولأتی جیهانە لە ڕووی ئابووریەوە، بۆیە من دەڵێم دەبێ بیر لە میكانیزمێك بكرێتەوە كە چارەسەری ئەو كێشانە بكات، ئەوەندەی پێشنیار كراوە لە لایەن لیستی كوردستانیەوە پێموایە پێشنیارێكی مەعقولە، ئەگەر بێین و تەماشای كۆی بودجەكە بكەین، بەتەشغیلی و وەبەرهێنانەوە كە بریتیە لە پانزە ترلیۆن و دوو سەدو چل و پێنج ملیارو حەت سەدو نەوەت حەوت ملیۆن دیینار، ئەگەر پشكی پەرەپێدانی پارێزگاكان و عجزی موخەتەتی لێ دەربكەین، دەبێتە دوانزە ترلیۆن و سێ سەد و حەفتاو نۆ ملیارو سێ سەدو هەشتاو حەوت ملیۆن دینار، ئایا حكومەتی هەرێمی كوردستان ئەم بودجەیەی چۆن دابەش كردووە، بەسەر دام و دەزگاكانی هەرێمی كوردستان، ئەولەویەتی بەكام بوار داوە؟، ئایا پلان هەبووە یان نا؟، دوای دەمج كردنی بودجەی تەشغیلی و وەبەرهێنانەوە، بۆ هەرە وەزارەتێك بە جیا جیا ئەمەی خوارەوە بۆمان دەركەوت، كە حكومەت چۆن ئەولەویاتی خۆی ڕێزبەند كردووە، یەك، بۆ وەزارەتی پەروەردە دوو ترلیۆن و پەنجاو دوو ملیارو حەوت سەدو دوو ملیۆن دینار دانراوە، بۆ وەزارەتی كارەبا یەك ترلیۆن و نۆسەدو نەوەت و سێ ملیار شەش سەدو شەست و نۆ ملیۆن دینار دانراوە، بۆ وەزارەتی ناوخۆ یەك ترلیۆن و سەدو شەست و هەشت ملیارو نۆسەدو سی و سێ ملیۆن دینار دانراوە، بۆ وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوە ئاویەكان یەك ترلیۆن و دوو سەدو بیست و یەك ملیار و سەدو حەفتاو سێ ملیۆن دینار دانراوە، بۆ وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار یەك ترلیۆن و سەدو شەست و هەشت هەزارو نۆ سەدو سی و سێ ملیۆن دینار دانراوە، بۆ وەزارەتی پێشمەرگە نۆسەدو شەست و یەك ملیارو دوو سەدو دە ملیۆن دینار دانراوە، بۆ وەزارەتی تەندروستی هەشت سەدو سی و هەشت ملیار و پێنج سەدو سی ملیۆن دینار دانراوە، بۆ وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەو نیشتەجێبوون حەوت سەدو بیست و هەشت ملیارو سەدو چل ملیۆن دینار دانراوە، بۆ وەزارەتی خوێندنی بالأ شەش سەدو دە ملیارو سەدو بیست و دوو ملیۆن دینار دانراوە، بۆیە بەڕێزان دەرئەنجام ئەم داتایانە كە لەبەردەستمان

دایە بۆمان دەرکەوت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە سیاسەتی دابەش کردنی کۆی بودجەکەدا بەسەر سێکتەرەکان موافق بووە، چونکە ئەو سیاسەتەی کە پەیڕەو کراوە دەقاو دەق لەگەڵ ئەو بەرنامەیە بوو، کە کابینەکانی شەشەم و حەوتەمی هەرێمی کوردستان بە خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاندبوو، دیسان بۆمان دەرکەوت لە پەیڕەو کردنی ئەم سیاسەتەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگی بە کێشەو گرفتەکانی هاووڵاتیان داوە، چونکە لە لای ئێمە ڕوون بووە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کام بوار بۆتە ئەولەویاتی کارەکانی کە ئەتوانین بەم شێوەیە ڕێزبەند بکەین، یەك، گرنگیدان بە کەرتی پەروەردەو فێرکردن، دوو، چارەسەر کردنی قەیرانی کارەبا، سێ، دابین کردنی ئارامی و سەقامگیری بۆ هاووڵاتیانی کوردستان، چوار، کەم کردنەوەی ڕێژەی بێکاری لە ڕێگای هاوکاری کردنی هەموو تاك و توێژەکانی کۆمەڵگا لە ڕێگای زیاد کردنی مووچەو دەرماڵەو پێدانی قەرزو سولفەو دۆزینەوەی هەلی کار، پێنج، گەیاندنی خزمەتگوزاری ئاو پاك کردنەوەی شارو شارۆچکەکان و خزمەت گوزاری گەشت و گوزار، شەش، بووژاندنەوەی کەرتی کشتوکاڵ و سەرچاوە ئاویەکان و هاوکاری کردنی گوندەکان، حەوت بەردەوام بوون لەسەر خزمەتکردنی پێشمەرگەی کوردستان و ڕێکخستنیان تاوەکو کێشەکانیان چارەسەر بکرێت لەگەڵ ناوەند، دیسان خزمەتکردنی کەس و کاری شەهیدان و ئەنفال کراوەکان و پەککەوتووەکان و زیندانیە سیاسیەکان، هەشت، بەردەوام بوون لەسەر گرنگیدان بە کەرتی تەندروستی، نۆ بەردەوام بوون لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون و گەیاندنی خزمەتگوزاری ڕێگاو بان بۆ هەموو شارو شارۆچکەکانی کوردستان، گرنگیدان بەکەرتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بۆیە لە کۆتاییدا پشتگیری ئەم سیاسەتە دەکەین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پەیڕەوی دەکات، لەداڕشتنی بودجەدا، پێموایە خزمەتێکی باش بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەگەیەنێت، دیسان دووبارە پشتگیری لە پێشنیارەکانی لیژنەی دارایی و ئابووری لیستی کوردستانی دەکەین، بە ئومێدی پەسەند کردنیان و سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاشکرایە هەمووومان بە خەمی ئەو بودجەوەین، پێشمان خۆشەو هەمووشمان هەڵوەستەی لەسەر دەکەین، و لەخزمەتی هەموو تاکێکی کۆمەڵگاکەمان بێ، خاسیش نیە بە فیئەتێ بە خەڵکێك، ئەوەندەی گرنگە بودجەکە قوتی خەڵك و بژێوی خەڵك و بازاڕیش و ئیقتیسادی وڵاتەکەی پێوەیە، ئەوەندە پێموایە گرنگ نیە لێرە زیاتر لەمە موناقەشەی زیاتر و کارێکی زیاتری تیا بکەین، پێموایە ئەمە ئەرکێکی سەرەکی پەرلەمانە، بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان یەکێك لە ئەرکەکانی ئەوەیە کە تەسدیقی میزانیە بکات، دوای ئەوەی کە گفتوگۆی لەسەر ئەکرێت و موناقەشەی لەسەر ئەکرێت، لە لایەن هەموو ئەندامەکانی پەرلەمان و لیژنە تایبەتمەندەکانەوە، موناقەشەکان بریتین لە لێکۆڵینەوە لەو بابانەی کە لە

ناو پڕۆژەکە هاتووە، ڕاست کردنەوەیە، هەندێ گواستنەوەی ئیعتیماداتە لە ماددەیەك بۆ ماددەیەکی تر، لە بابێك بۆ بابێکی تر، بە گوێرەی ماددەی (83) لە پەیڕەوی ناوخۆ، بەدواداچوونی چۆنیەتی خەرج کردنی ئەم بودجەیە، ئەرکی سەرشانی ئەندامانی پەرلەمانە، ئەوەندەی کە ئێستا بە قەدەر گرنگی ئەو موناقەشەیەی کە ئێستا لەسەر ئەم پڕۆژەیەی میزانیە ئەکرێت لەناو پەرلەمانی کوردستان، لەوە گرنگتر کاتێك هەڵوەستە لەسەر کاتی حیساباتی خیتامی بکەین، کە وەزارەتی دارایی حیساباتی خیتامی ئەنێرێتە پەرلەمان، لێرە گرینگیەکەی ئێمە لە حکومەت بکۆڵینەوە، لە دارایی و ئابووری بکۆڵینەوە لە بەرپرسان، چۆن چۆنی ئەو بودجەیە سەرف کرا، چۆن خەرج کرا، ئەو پڕۆژانە بۆ بەردەوام بوون، بۆ بەردەوام نەبوون، نیسبەتی تەواو کردن و ئینجازیان گەیشتۆتە کوێ، بۆچی تەواو ناکرێ، ئەو موناقەلەیە چی کراوە بە گوێرەی ئەو سەلاحیەتانەی کە ئەدرێتە دەست وەزیری دارایی بۆ نەقلی باب و فەسلەکان، بودجە بەڕەئی من ئەوەندە زانستێکی مالی گرنگە، پێویستە بەڕاستی زیاتر ئەوانەی کە لەو بوارە زانستە مالیانە موتەخەسیسن وردەکاریەکی زۆر تیا بکەن، ئەوەندەی تر من بۆخۆم ئەڵێم تەنیا لە عمومیاتەکەی باس بکەم، بەڕاستی من لەم بوارە موتەخەسیس نیە، ئەوەندە وردەکاری تیا ئەکرێت، بە عمومیاتی پڕۆژەکە قسەی لەسەر بکەین، من وێرای دەست خۆشی خۆم لە لیژنەی دارایی و ئابووری لەناو پەرلەمان، بۆ نووسینەوەی ڕاپۆرتەکان کە لەسەر زەوئی ڕاپۆرتەکانی تری ناو پەرلەمان، نووسراوەتەوە ڕاو سەرنج و تێبینیەکان هی خۆیان دەرخستووە بۆمان بەتایبەت، من پێش ئەوەی قسەکانم تەواو بکەم، بەتایبەت هاوکارم لەگەڵ ڕاپۆرتەکان دەست خۆشیان لێ دەکەم، ڕاپۆرتێکی تێرو پڕو چڕ و پڕە، هەم بریتیە لە ڕاو بۆچوونی ئەندامانی لیژنەکانی تر، هەم بریتیە لە ڕەخنەکانی کە بەرامبەر بە وەزارەتی دارایی و ئابووری و حکومەت ئەگیرێ، بەڵام لە هەمووی گرینگتر لەناو ڕاپۆرتەکە بڕگە (20) ی کە باس لە گەلێك تێبینی ئەکات، باس لە گەلێك داواکاری ئەکات، پێموایە ئەوەیە کە زیاتر بە ژیانی هەموو تاکێکی کۆمەڵەکەمانەوەیە، لە خزمەتی سەرتاسەری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دایە، تەنیا لە بڕگە (20) کە لە پێشنیارەکانی لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری باسی لەسەر ئەکات، بڕگە (1) ی کەباس لەوە ئەکات، پێویستە ئەو پڕۆژە پێشنیار کراوانەی ساڵی 2012 کە کنی قورسەو ئەگەری دواکەوتنی هەیە، بە تەئکیدەوە هەمووومان ئەزانین پێنج، شەش مانگی بەدەستەوە ماوە، ئەو پڕۆژانەی کە زۆر گرنگ بن بە تەئکید دیزاینی تایبەتی یاساییان ئەوێ، قەت ناکرێ ئەمساڵ بچنە بواری جێبەجێ کردن، زۆر ڕاستە ئەو تێبینیە ئەکرێت جەخت بکرێ لەسەر تەواو کردنی ئەو پڕۆژانەی کە بەردەوامن، کە ساڵی پارو پێرار لە میزانیەکان بڕی بودجەی بۆ دانراوەو تەسدیق کراوە، چاکترە لەوەی کە پڕۆژەیەك باسی لەسەر بکرێت و خۆمانی پێیەوە مەشغول بکەین، بڕێ پارەیشی بۆ تەخسیس بکەین و نەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، هەروەها من هاوڕام لەگەڵ ئەو بڕگە چوارەی کە باسی لەسەر کردووە، کە بریتیە لەدوو فەقەرە، یەکێکیان ئەوەیە کە بۆ ناحیەو قەزاکان و سەنتەری پارێزگاکان باس لە پێشینەی خانووبەرە ئەکات، دواتر بۆ گوندەکان بکرێتە 25 ملیۆن، دواتر بڕی 1 20 ملیۆن دینار بۆ هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانە، ئەو

بڕە پارەیەش لە یەدەگی وەزارەتی دارایی سەرف بکرێ، ڕاستە ئێمە قوتابخانەمان هەیە، سێ دەوامی تیایە، لەخانووی خەڵکدان لەکابینەن، شوێنەکانیان خراپە، ئەو پێشنیارەی لیژنەی دارایی و ئابووری، پێشنیارێکە ئەکرێت بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، هەروەها پێدانی ئەو بڕە پارەیەی کە باس لە خانەنیشین کراوە، هەرچەندە من پێموایە ئەو بڕە پارەیە ناتوانێ ئیسعافی خانەنشینەکان بکات، بۆ ئەوەی باری ئابووریان باش بێ، هەندێ لە برا بەڕێزەکانی پەرلەمان باسیان لەسەری کرد، کە پێویستە پارەی خانەنشین بە شێوەیەك زیاد بکرێ هاوتەریب بێ تەقریبەن لەگەڵ سیعر و پێداویستیەکانی ئەم ڕۆی ژیان، ژیان بەرەو قورسی ئەڕوات عادەتەن ئەو کەسەی کە خانەنشین ئەبێ، لەوانەیە پێداویستی ژیانی وای بەسەر فەرز ئەکات، کارەکانی زیاتر بە حوکمی ئەو بڕە پارەیە و تەقاعودیەی کە وەری ئەگرێت، لەبەر ئەوە ئەگەر بکرێت، داواکاریشم کەبکرێت، مووچەی خانەنشینان بەپێی یاسایەك، بەپێی بڕیارێك کە لە پەرلەمانەوە دەربچێت، زیاد بکرێ بۆ ئەوەی بتوانن ئەوانیش بە ژیانێکی ئاسوودەیی بژین، چونکە هەموو ژیان و گەنجێتی خۆیان لەکاتی خۆی بردۆتە سەر لەدروست بوونی ئەم فەرمانگەو دام و دەزگایانەی کە ئێمە هەمانە، هەروەها لەو ڕاپۆرتەی لیژنەی دارایی پێم باشە، ئەو هەڵوەستەیەی کە لەسەر مەبلەغی 120 ملیار بۆ تواناسازی دانراوە ئەوە بە بەردەوامی خۆی بمێنێت، چونکە ئەمە یەکێکە لەو بەرنامانەی کە توانراوە سەرەتا سەر خوێندکارانی کوردستان سوودی لێ وەربگرن، بەتەئکید پاش چەند ساڵێك ئەو سوودە هەمووی ئەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، هەموولایەکمان سوودی لێ وەرئەگرین، یەکێکە لەو بەرنامانەی کە بەنارمەیەکی سەرکەوتوو بووە، پێویستە بە هەند وەربگیرێت، هاوکاری بکرێت و بەردەوامی خۆی بەخۆیەوە ببینێت، ئەمە بەنیسبەت ڕاپۆرتەکەی لیژنەی داراییەوە، من باقی تری بڕگەو ماددەکانی پێموایە لەخزمەتی خەڵکدان دەست خۆشیان لێ دەکەم، هەروەها من دەستخۆشی لەهەردوو بەڕێزان وەزیری دارایی جەنابی کاك (شێخ بایز) و ( علی سندی) وەزیری پلان دانان ئەکەم، بۆ نەخشەکێشانی ئەم بودجەیە کە لەلایەن بەڕێزیانەوە ڕێك و پێك کراوە، دواتر چۆتە مەجلسی وزەراو قسەی لەسەر کراوە، ئەم دوو وەزارەتە بە دوو وەزارەتی سەرەکی لە مەسەلەی بودجە سەیر دەکرێن، دەست خۆشیان لێ ئەکەم، پێموایە لە ڕێگەی وەلآمەکانیانەوە من کۆمەڵێك پرسیارم لە لا دروست وەستێنرابوو، هەر چەندە من نامەوێ بچمە ئەو تەفسیلاتی ئەرقام و ژمارەی پڕۆژەو ئەو وردەکاریانە، چونکە ئەمە هەمووی عیلمێکی مالیە، موستەنەداتی قەوائیمە، نەقلە، ئەبوابە، ئەمانە عیلمێکە تایبەتە زیاتر بەو وەزارەتە تایبەتمەندانە، بەلآم توانرا لە ڕێگەی هەردوو وەزیری بەڕێزەوە بەتایبەت جەنابی کاك (شێخ بایز) من بگەمە قەناعەتێ لە هەندێ لەو پرسیارانەی کە لەلام مابوو، هەروەها من پێموایە ئەم بودجەیە ڕاستە کە من وەسفی ئەکەم پێی ئەڵێم ئەم بودجەیە، دەست خۆشی لە وەزیرەکان ئەکەم، بەلآم خۆ ناکرێ ئەم بودجەیە بێ کەم و کوڕی بێ، بە تەئکید هەموو پڕۆژە یاساکان و ئەمەش هیچ لەگەڵ پڕۆژە یاساکانی تر فەرقی نیە، بەتەئکید کەم و کوڕی تیایە، یەکێك لەوانە کە قسەی زۆری لەسەر ئەکرێت و هەموومان ئەیڵێینەوە، لەهەموو شوێنێك باسی لەسەر ئەکرێت و برادەرانیش باسیان لەسەری کرد، ئەوەیە کە ئەم بودجەیە

دواكەوتووە ئەمساڵ، پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمان ئـەڵێ ئـەبێ لـەمانگی تشرین بودجـە بێـت، ئـەبێ زوو تەسدیق بکرێ، ئەبێ پرۆژەکان بکەونە ئیش، ئەبێ سولفەکان نەوەستێندرێن، ڕاستە، بـەلاّم بـا ئێمـە بـێین وەکو ناحییـەکی یاسایی بـیر لـەم بودجەیـە بکەینـەوە، بـەڕای مـن بۆخـۆم ئـەڵێم، ئـەم بودجـەی هـەرێمی کوردسـتان مـن پێموانیـە سـیفات و مومـەیزاتی بـەگوێرەی یاسـاکانی مـالی، پێـی بـوترێ بودجـە بـەمانای کەلیمەی بودجە، بە مانای کەلیمەی میزانیـە، ئـەم بودجەیـەی ئێمـە هەنـدێ ئـەرقامی تەخمینیـە، لەسـەر زەوئی ئەو ڕەقەمانەی کە لە بەغدا تەسـدیق دەکرێـت، ئـەو ڕەقەمـە تەخمینیانـەی وەزارەتـی دارایـی هـەق بەخۆی ئەدات، لەوانەیە بڵێم زاتی ئەوە بکات بیکات بە یاساو بینێـرێ بـۆ پەرلـەمان بـۆ موسـادەقە لەسـەر کردن، ئێمە ئەگەر بێینە سەر پڕۆژە بودجەی عیراقی ئیتیحادی کە تەسدیق کراوە لە چەند مانگی پێشوو، لـەماددەی نـۆ ئەگـەر سـەیری بکـەین، بەڕاسـتیەکەی بـە ئینسافەوە شـەرحی بکـەین، هـەرێمی کوردسـتان حوکمی، حوکمی یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە لە عیراقی ئیتیحادیایە، چونکە لە بیدایەتی ماددەی نۆی ئـەم بودجەیە باس لەوە ئەکات ئەڵێ، ئاشکرایە ماددەی 9 لە پڕۆژە بودجەی عیراقی ئیتیحادی تەسـدیق کـراوە، باس لەوە ئەکات ئەڵێت، ئـەبێ هـەموو وەزارەت و فەرمانگـەکان میزانیـەی موراجەعـەیان مانگانـە تەقـدیم بکەن، ئەڤسا حەدیان دە ڕۆژە دوای کۆتایی مانگ، وەبیما فیهی وەزاراتی ئیقلیمی کوردستان، بـە واتـا ئەمـە سیفەتی بودجە بە یاسای نابینێت، ئەمە بابەتێکە پێی ئەوترێ سولفە، ئەم سولفەیەش ئاشـکرایە جـەنابی وەزیر باشی ئەزانێ، بە 30 قیستە کـە وەکو باسـی لەسـەر ئەکـەن ئـەو پارەیـەمان بـۆ بگـات، بـەلاّم لەگـەڵ ئەمـەش ئەمـە پاساو نیـە بـۆ لێ نەپێچینەوەو لێ نەپرسـینەوەی جـەنابی وەزیـر و پـڕۆژە بودجەکـەی کـە ناردوویەتی بۆ پەرلەمان، چونکە ئەم بودجەیە وەکو باسمان لەسەری کرد، ڕەبتی بە قوتی هـەموو تـاکێکی کۆمەڵەکەمانەوە هەیە، ڕەبتی بە هـەموو ژیـانی هـەرێمی کوردسـتانەوە هەیـە، ڕەبتـی بـە بونیـەی تـەحتی ئیقتیسادی ئەم وڵاتەوە هەیە، کە لە تەئسیسی حکومەتی عیراقیەوە لە ساڵی 22 وە وێران کاری بەخۆیەوە ئەبینێت، پێویستە لە ڕێگەی ئەم بودجانەوە، ئەم پارانە لەخزمـەتی هـەموو تـاکێکی کۆمـەلاّنی کوردسـتان بێ، پێویستە وەزیرە بەڕێزەکانیش بە سینگێکی فراوانەوە ڕەخنـەکانمان لێ وەربگـرن، وەحلـولی سەلیمیشـی بـۆ بدۆزنـەوە، ڕاسـتە پـڕۆژە هەیـە دواکـەوتووە، پـڕۆژە هەیـە دوا ئەکـەوێ، پـڕۆژە هەیـە نەچـۆتە بـواری جێبەجێ کردن، ڕاستە لەناو یاساکان هەقی موناقەلـە کـردن دراوە بـە جـەنابی وەزیـر، بـەلاّم پێویسـتە بـە ڕوون و ئاشکرایی وەکو ئەو بودجەیەی کەناردوویانە من پێموایە بە پلان ئـەو بودجەیـە هـاتووە، پلانێکـی باشی تیایە، ئەکرێ زۆر باشتریشی بکەن، لەم بودجەیە باشترین پارە بۆ بـواری پـەروەردە دانـراوە، باشـترین پـارە بـۆ کارەبـا دانـراوە، بـە روغمـی ئـەوەی کـە پارەکـەی خـۆی بۆخۆشـی سـەرف ئـەکرێت، ئـەکرا بـۆ وەزارەتەکانی تـریش وەکـو وەزارەتـی ئاوەدانکردنـەوە، وەکـو وەزارەتـی تەندروسـتی کـە ئەمانـەی زیـاتر لـە خزمەتی هەموو خەڵکە، لەخزمـەتی ئـەو خەڵکەدان کـە دەرامـەتیان کەمـە، نیسـبەتەکانیان زیـاتر بکـرێ، جەنابی وەزیر ئەتوانێ دواتر حەل بـۆ ئەمانـە بدۆزێتـەوە، مـن کـورتی ئەکەمـەوە قسـەکانم، نامـەوێ ئـیتر قسەی برادەرانم تیکرار بکەمەوە، زۆریان وت دەستیان خۆش بێ، زۆریان ڕەخنـە لـە بودجـە گـرت، ئـەوەش

پێموایە هەمووی لەدڵسۆزیە، چونکە هەموو برادەران ئەیانەوێ ئەو بودجەیە لەخزمەتی هەموو تاکێکی کۆمەڵ بێ، لەبەر ئەوەی ئەرقام و وردەکاری زۆرە، من بۆ لیژنە تایبەتمەندەکان بەجێی دێڵم دوای، دواتر بۆ حیساباتی خیتامی کە بۆ هەمووومان ئەوێ ئەوکاتە قسەی لەسەر بکەینەوە و باس لە چۆنیەتی سەرف کردنەکان بکەین، بەڵام من هەندێ پێشنیارم هەیە، هەندێ دواکاریم هەیە پێشکەش بە جەنابی وەزیری دارایی ئەکەم بۆ جێبەجێ کردنی، پێشموایە ئەکرێت و ئەتوانن جێبەجێی بکەن، پێموایە هەروەکو ئەوەی لە ڕاپۆرتی دارایی لە بڕگەی (20) باسی لەسەر کراوە، پڕۆژە گرنگەکان هیوای بەردەوامی بۆ ئەخوازین بەردەوامی سەرف کردنیان و ئیدارە کردنیان بۆئەوەی خەڵك بە تەواوەتی سوودی لێ وەربگرێت، من پێموایە جەنابی وەزیری دارایی ئەکرێت چاوێك بە موخەسەساتەکانی فەرمانبەران بخشێنێتەوە، ڕاستە فەرمانبەران هەموویان خەڵکی ئەم وڵاتەن، هەموویان هاونیشتیمانین، هەمووشیان پێویستیان بەو دەرماڵەیە، بەڵام بە گوێرەی یاسا، بەشێوەیەکی عەدالەت، بە تەحقیقێکی تەوازونێك تەحقیق بکرێ لە بەینیان، بەگوێرەی پلەو پایەکانیان، بە گوێرەی ئیختیساس و وەزیفەکانیان، ئاشکرایە ئەوەتا موەزەفین بە ڕۆژگار بە هۆی سەندیکاکانیانەوە زۆر جار ناچارن بەهۆی تەلەبەوە کە ئەینێرن بۆ پەرلەمانی کوردستان، داوای موخەسەسات ئەکەن، ئەمە چاکتر وایە وەزارەتی دارایی ئەو موخەسەساتانە بە یاسایەك ڕێکی بخات و کۆتایی پێ بهێنێت، بەتایبەت موخەسەساتی یاسا ناسەکان، جیاوازیکاریەك هەیە لە بەینی موخەسەساتی یاساکارەکان، کە هەمووشیان وەکو یەك شەهادەیەکی قانونیان هەیە، ڕاستە ڕەنگە داد وەرێك مەسئولیەتی گرنگتر بێ وەکو لە موەزەفێکی حقوقی، بەڵام ئیشەکەی ئەمیش کەم نیە، چونکە ئیشەکەی موەزەفە حقوقیەکەش، ئیشەکەو هەم قەزایەکەش تەکمیلەی ئیشی جەنابی دادوەر ئەکات، ئیشەکەی لە ئیشی ئەو کەمتر نیە، لەوانەیە لەو گرنگتر بێ ئەگەر موعاون قەزائی و موحەقیقەکان نەبن دادگاکانیش ناتوانن کارەکانیان بەن بەڕێوە، من پێموایە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانێکی زۆر باشی داناوە، بەتایبەت بۆ سولفەکان، لەبەر ئەوە داواکارین جەنابی وەزیر لە سەر سولفەکان بە بەردەوامی خۆیەوە کە بە سینگێکی فرەوانەوە بەردەوام بوون، هەر بەردەوام بن، لێشمان وەربگرێت ئەگەر بڕەکانیان زیاد بکرێ، بۆ ئەوەی خەڵك سوودمەند بن، ساڵانە نرخی شتومەکەکان لەناو بازاڕەکان گۆڕانکاری بەخۆیەوە ئەبینێت، زیاتر بە زیاد کردنی بازاڕەکانیش زیاتر ئەبووژێنەوە، ئەوەش کە لێی وەرئەگرێت زیاتر سوودمەند دەبێ، من داواکارم ئەو داواکاریەی کە لە لیستی کوردستانی باسی لەسەر کرد، بەتایبەت بۆ دابەزاندنی بڕێك لە هەرسێ، چوار سەرۆکایەتیەکە، ئەو بڕەی کە لە مەجلسی قەزا دائەبەزێندرێت ڕاستە، منیش هاوڕام لەگەڵ ئەوەی کە دابەزێندرێت، چونکە هەندێك بابی تیا بوو وەکو جل و بەرگ و موکافەئات و حەفەلاتی نازانم چی، ئەمانە ڕەنگە زۆر نەتوانێ جێگەی خۆی بگرێ، وە ڕەنگیشە ئەگەر سەرف نەکرێت بمێنێتەوە، بە واتا ئەگەر مایەوەو سەرف نەکرا سوود لەوە چی بینرا کە دانەنراو بۆی سەرف بکرێ، پێموایە دەسەڵاتی دادوەری پێویستی بە چاکسازیەکی زۆر باش هەیە، پێویستی بە تەتویر هەیە، بڕێك لەو پارانە تەخسیس بکرێ بۆ تەئویل کردن و تەتویر کردنی کەفائەتی دادوەرەکان، چ

لەناوخۆ چ لە دەرەوە، دەورات ببینن بۆ ئەوەی موستەوای قازیەکان، حاکمەکان لایەنی کەم بگاتە مستەوای ئەو حاکمانەو قازیانەی کە لە دەرەوە پێشکەوتوو ترن، چونکە ئێمە یاسایەکمان بۆ داناون یاسای دەسەڵاتی دادوەریە، هەمووشمان هەڵوەستەی لەسەر دەکەین بە هەموو فراکسیۆنەکانمانەوە، دائیمەن ئەڵێین یاسا ئەبێ سەروەربێ، یاسا ئەبێ پاك بێ، نەزیە بێ، بێ تەئسیر بێ، ئەبێ کەفائەتی هەبێ، تەبعەن ئەوە خۆ بەدەم ناکرێ، ئەکرێ دەوراتیان بۆ بکرێتەوە، تەئهیل بکرێنەوە، زانیاری زیاتریان پێ بدرێت، ساڵی پار ئێمە بە یاسای ژمارە(11) یاسای زیندانیانی سیاسیمان دەرکرد، ماف و حقوقی زیندانی سیاسی لەو یاسایەدا بڕگەیەکی تیابوو کە پێویستە تەعلیماتی بۆدەربچێت، ئاشکرایە تەعلیماتەکەی بۆ دەرکرا بە ژمارە (10) ی ساڵی 2012، لەو تەعلیماتە جەنابی وەزیری دارایی ڕاو بۆچوونی خۆی لەسەر باس کردووە، لاریان لێی نەبووە کە چۆن خزمەتی زیندانیانی سیاسی بکەن، بەوەی کە زیندانیانی سیاسی هیچ کەمیەکیان نیە لە سەرجەم ئەو توێژانەی کە خزمەتیان بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردستان کردووە، جەنابی وەزیری مالیە لەو پەیڕەوی ژمارە (10) ی ساڵی 2011 کە لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە، هاوکار بوون لەدەرچوونی، بەڵام لە ماددەی (3) لە بڕگەی (3) باس لە سەرف کردنی بڕی 250 هەزار دینارێك ئەکات، بۆ ئەو زیندانیانە، ئەوەندەی من ئاگادارم واقعیش وەهایە، زۆر لە زیندانیەکان هاتونەتە لامان و پرسیارمان لێ ئەکەن، هەتاوەکو ئێستا بەرێوەبەرایەتی زیندانیانی سیاسی کە سەر بە وەزارەتی شەهید و ئەنفالە، بڕی 2010 هەزاریان بۆ سەرف ئەکات لە کاتێك ئەم پەیڕەوە کە لە مانگی سێی 2012 دەرچووە، کۆتایی هەموو ئەو ڕێنماییانەیە کە ئیتر هیچ ڕێنماییەکی تر کاری پێ ناکرێ تەنیا ئەو ڕێنماییە نەبێ، کە لەسەر یاسای ژمارە (11) ی ساڵی 2011 دەرچووە، داوا لە جەنابی وەزیر دەکەین، جوابێکی ئەوتۆمان بدەنەوە، ئایا وەزارەتی دارایی بڕە پارە بۆ ئەم وەزارەتە سەرف ناکات، ئەم زیندانیانە پارەی خۆیان وەربگرن، یاخود ئەمە سەر بە وەزارەتی شەهید و ئەنفالە نایانەوێ سەرفی بکەن، سەرپێچی لە پەیڕەوە ناوخۆکەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەکەن، من هاوڕام لەگەڵ ئەوەی کە ئەو بڕگەیەی کە لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری نووسراوە، سەبارەت بە داواکردنی بڕە پاریەك، میزانیەیەك بۆ ئەو وەزارەتە، بۆ ئەوەی کاروباری تەسوییەو تەملیك کردنی دێکان کۆتایی پێ بێنن، جەنابی سەرۆکی پەرلەمان مەسئەلەی تەسویە لەکوردستان لە لای ئێمە، لەکاتی خۆی بەهۆی بزووتنەوەی ڕزگاری گەلی کوردستانەوە لیجانی تەسویەکان وەستێنران، زۆر لە زەوی و زارەکانی کوردستان ماونەتەوەو بەبێ تاپۆ ئەو کێشانەی لێ ئەکەویتەوە کە ئێمە ڕۆژانە ئەیبیستین، بۆ حەل کردنی ئەو کێشانە پێویستی بە لیجانی تەسویەیە، لیجانی تەسویەش پێویستی بە پێداویستی تایبەتی خۆی هەیە، پێویستی بەوەیە کە بڕە پارەیەکی وای بۆ تەخسیس بکرێ، کە بتوانن لە لیژنەیەك و لە دووان و سێیان و لە دە زیاتر تەخسیس بکەن بۆ کوردستان، بۆ ئیعادە کردنەوەی تەسویەو هەندێجار بۆ تەملیك کردنی ئەو زەوییە زراعییانەی کە بەر جاددەکان و بەر پرۆژەکان و بەر مەشرووعەکان دەکەون بۆ کۆتایی پێ هێنان بەو کێشەیە، دواتر جەنابی سەرۆکی پەرلەمان من پێم باشە جەنابی وەزیری دارایی هەندێك لە صەلاحییەت و دەسەڵاتی

وەزارەتەكان و دام و دەزگاكانی تر زیاد بكەن بۆ صەرف كردن، بۆ ئەوەی پرۆژەكان چیتر لەسەر هەندێك ڕۆتین كە زۆر زەرووور نەبێ بۆ صەرف كردن بوەستێ، هەروەها صەلاحییەتی ئیدارە دروست كراوەكانی وەكو گەرمیان دەسەڵاتیان زیاتر بدرێتێ، بۆ ئەوەی بتوانن لەو بودجانەیان بۆیان تەخصیص دەكرێ صەرفی زیاتر بكەن و بەهیوای ئەوەم كە میزانییەكەمان تەصدیق بكرێ، لە خزمەتی كۆمەڵانی خەڵك دا بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان.**

كاك نەژاد، فەرموو.

**بەڕێز نەژاد عزیز سورمێ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وا دیارە بە عام قەدەری حكومەت وا كەوتۆتەوە كە خۆشەویست نەبێ، یەعنی لە هەموو دونیادا حكومەت خۆشەیست نیە بە حەقیقەت، یەعنی حكومەت بە كۆمەڵێك یاسا و ڕێسای تایبەتییەوە ئیش دەكات، كە لە چوارچێوەیەكی دیاری كراودایە بۆ بەڕێوەبەردن و ڕێكخستنی كۆمەڵگە و وڵات، تەبیعی زۆرجاران وا دەبێت كە ئەم كەش و هەوایەش ڕەنگە هەندێك هاووڵاتی وا تێبگات كە بەشێك لە ئازادییەكانی یان بەشێك لە مافەكانی پێشێل دەكرێ، هەر بۆیەش دەبینین لە هەموو وڵاتانیش هەروایە، كە زۆرجاران خۆپیشاندان دەكرێ جا بەڕەوا و ناڕەوا، بە حەق و ناحەق، بۆ ئەوەی داوای شتێك یان مەسەلە حكومەتیش لە عەینی كات بەردەوام دەبێ لە ئیش و كارەكانی، ڕاستی زۆر قسە لەسەر بودجە كرا بە حەقیقەت هیچ شتێك نەماوە كە ئێمە بیڵێین، یەعنی ئەوانەی كە ماونەتەوە، بەتایبەتی برای بەڕێزم كاك عماد و كاك عمر و كاك صباح و ئەوانە بەڕاستی قسەی جوانیان كرد، من پشتگیری قسەكانیان دەكەم، بەڵام هەندێك قسەش كرا بە حەقیقەت كە وەكو ڕەخنە بوو لە بودجە، بێگومان بودجە دەهێنێت كە ڕەخنەشی لێ بگیرێ، ئەوە شتێكی زۆر ئاسایی دەبینم كە ڕەخنەشی لێ بگیرێ، لایەنەكانیشی ڕوون بكرێتەوە، بێگومان ئێمە لێرە دانیشتووین بۆ ئەوەی كە لێبكۆڵینەوە كە بودجە لە خزمەتی كۆمەڵانی خەڵكی كوردستاندابێ، لە خزمەتی خەڵكدابێ، لە خزمەتی ئابووری كوردستان دابێ، لە خزمەتی ئایندەی كوردستان دابێ، بەڵام من دەپرسم داخۆ كە ئەگەر بودجە بەو شكلەیە كە بە حەقیقەت كە هەندێك (آراء)م گوێ لێ بوو كە بەو شكلەیە، ئەدی باشە ئەو ئاشە هەتا ئێستا چۆن گەڕاوە؟ ئەو وەزعە چۆن بەڕێوەچووە؟ ئەو بارودۆخە سەقامگیرە، ئەو ئەمن و ئاسایشە چۆن تەرتیب بووە؟ یەعنی بەڕاستی ، ئەو هەموو با بڵێین قوتابخانە و زانكۆ و نەخۆشخانە و بنكە تەندروستییانە یەعنی چۆن بەڕێوەچوون؟ یان سەنتەری ڕۆشنبیری، ئێمە وەك دەزانین كە ئەو بودجەیە بودجەی یەعنی دەوڵەتێك نیە كە دەوڵەتێكی سەربەخۆ و خاوەن قەوارەیەكی تایبەتی بێت، ئەوە بودجەیەكە كە زۆر لە برادەرانیش ئیشارەتیان پێدا بە بچڕ بچڕی وەكو سلفەیەك لە حكومەتی فیدراڵەوە دێ كە ئەویش لە زۆر لایەنەوە تەئسیراتی سیاسی لەسەرە، كە درێژكراوەی ئەو وەزعەیە كە حكومەتە یەك لە دوای یەكەكانی بەغدا، بەڕێز سەرۆكی

پەرلەمان، تەبیعی گوتمان کە ئەو بودجەیە لە حەقیقەت دا بودجەی حکومەتێکی خاوەن قەوارە نیە، یەعنی کە بڵێی قابیلی ئەو هەموو، یەعنی دەبێ بە قەدەر خۆی تەعامولی لەگەڵ بکرێ بەڕاستی، ئەو پارەیەش کە دێ لە بەغدا، ئەو وەزعەی کە بە بچڕ بچڕی، ئەو دەستی دەستییەی لەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە کە سیاسەتێکی جیاوازی نیە بەڕاستی، من وای نابینم سیاسەتێکی جیاوازی هەبێ، چ لە ڕووی سیاسییەوە، چ لە ڕووی ئابوورییەوە بەرامبەر کوردستان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەبەر ئەوە بەڕاستی عجزیش بێگومان شتێکی ئیعتیادی دەبێ، ئاسایی دەبێ لەو حاڵەتانە، ئەو عیجزەی کە باس دەکرێ، دیارە بودجە یەعنی ئەو تەخصیصاتەی کە بۆ وەگەڕخستن داندراوە مەعلومە لە حاڵەتێك دا کە کوردستان بە فەترەیەکی ئینتیقالی دا تێدەپەڕێت  ئەو هەموو مەئساتەی بەخۆوە دیوە، مەعلومە بودجەی وەگەڕخستن زیاتر دەبێت، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئێمە دەبێت هەموو هەوڵێکمان بۆ ئەوە بێ کە هەوڵ بدەین لە ئایندەدا ژێرخانی ئابووری کوردستان لە ڕێگای بودجەی وەبەرهێنانەوە وردە وردە زیاد بکرێبە حاڵەتی کە بکرێت، ئەو بینای یەعنی ژێر خانی ئابووری کە با بڵێین لە چەندی دەرووخێ، یەعنی هەر رووخان و رووخان و رووخان و کاولکاری، حیسابێکی بۆ بکرێ، ئەو موماتەلەی بەغدا و حکومەتی فیدراڵ دەربارەی ئەو قەرزانەی کە لە لای ماوە، پێویستە سنوورێکی بۆ دابنێ کە ئەوە بەوە دەکرێ بە حەقیقەت، بە پارە دەکرێ ئەو مەوزوعانە، بەو مەبالیغانە دەکرێ کە لە لایەن حکومەتی فیدراڵەوە وەکو بڵێی راگیراوە، پێویستە سنوورێکی بۆ دابنرێ ئینجا بە ڕێگای یاسایی بێ یان بە رێگای سیاسی بێ، حەلێکی بۆ بکرێ، راستی برادەران زۆر مەوزوعیان باس کرد، هیچیان نەهێشتەوە بە حەقیقەت کە بۆ ئێمە باسی بکەین، بەڵام چەند پێشنیارێکی بەسیت کە ، پێش ئەوەش من بە حەقیقەت دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی دەکەم کە لە بیرم چوو ئێستا بیڵێم، کە برادەران هەندێکیان هەر خوێندەوە بەراستی، لێژنەی دارایی و ئابووری نەك هەر ئەو راپۆرتە هەر ئی لێژنەی دارایی و ئابووریە، کۆی هەموو لێژنەکانە، کە ئەوە بەراستی زۆر پێوە ماندوو بوون، ئەوەی کە خوێندیتیەوە بێگومان دەزانین کە چەند پێوە ماندوو بوون و چەند ئیقتیراحات و پێشنیاری چاکی تێدایە، من هیوادارم ئەو ئیقتیراحاتە و پێشنیارانە بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ، هەروەها هەر بەو بۆنەیەوە دەمەوێ دوو پێشنیاری بەسیتم هەیە بێجگە لەو پێشنیارانەی کاك صباح و کاك عومەر تەقدیمیان کرد، بەراستی نامەوێ دووبارەیان بکەمەوە، ئەویش کە پێموایە زۆر گرنگە، یەکێکیان بەنیسبەت عیلاج کردنێك لە هەردوو نەخۆشخانەی هەولێر بەراستی، من رەئیم لەگەڵ هەموو ئەو رەئیانەیە، پشتگیری دەکەم کە ئەو پێشنیارانەی کە پێشکەش کران دەربارەی هەردوو نەخۆشخانە، نەخۆشخانەکان بە حەقیقەت پێویستیان بە علی الاقل نۆژەنکردنەوە هەیە، بە زووترین کاتیش بەراستی، دەکرێ نۆژەن بکرێنەوە، شەرت نیە تێك بدرێن و دروست بکرێنەوە، بەڵام دەکرێت نۆژەن بکرێنەوە، ئەگەر جەنابی وەزیری دارایی نازانم، من بەراستی کابرایەکی ئابووری ناس نیم، ئەگەر ئەو بزانێت، بتوانێت عیلاجێك لەو مەسەلەیە بکات لە ڕێگای موناقەلەوە بێت، لە شوێنێکی تر و هەروەها، هەر لە بابەتی تەندروستیەوە بەراستی مەسەلەی دروست کردنی کۆگایەك بۆ داکردنی دەرمان،

بەراستی یەك لەو شتانەی کە، ئـەو دەرمانانـەی کـە دێنـە نـاو هـەرێمی کوردسـتان هەنـدێکیان دەمێننـەوە، رەنگە هەندێکیان لەو دەرمانانە ئێکسپایەریش نەبن وەکو ئێکسپایەر، بەڵام چونکە داکردنەکـەیان کـوالیتی تەواو نیە و، چونکە داکردنەکەیان بـە پێـی کـەش و هـەوای نییـە، چـونکە هـەر دەرمانێـك کـەش و هـەوای خـۆی دەوێ، زۆر جـاران ئـەو دەرمانـە هێشـتا ئێکسـپایەر نـەبووە، بـەڵام سـوودی خـۆی لـە دەسـت داوە و ئێکسپایەر بووە بە هۆی خراپی داکردنیان، یەعنی تەخزین، بەراستی پێشنیاری ئـەخیرم ئەوەیـە دەربـارەی شوێنە شوێنەوارەکانی کوردستان، بەداخەوە هیچ شتێك دەربارەی شـوێنەوارەکانی کوردسـتان نـەهاتووە کـە زۆر زۆر گرنگـە، دەزانــین کوردسـتان بێشـکەی شارسـتانیەت بـووە لـە هـەموو جیهانـدا، هـەموو چـاخە بەردینیەکان لە چاخە بەردینیەکانی کۆنەوە بگرە هەتا دەگاتە چاخە بەردینیەکانی نوێ کە زیراعەتی لـێ پەیدا بوو، شوێنەواری نزیك چەمچەماڵ، تەقریبەن 15 کیلۆمەترێك ماوە، یەعنی بێجگە لـەوەی نزیکـەی 7000 زیاتر شوێنەوار هەیە لە کوردستان کە هەمووی تەسجیل کراوە لە ئاساری عیراقی کە کاتی خۆی کە بەراستی بەداخەوە هـیچ ئیهتیمـامێکی پـێ نـەدراوە و رەنگـە ئـەوە مەسـەلەی شـوێنەوار سـوودی هـەبێ لـە لایەنی گەشت و گوزارەوە، یەعنی سوودی هەبێ کە گەشت و گوزار بە حەقیقەت دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە موستەقبەلدا و لە زۆر جێگا دەڵێن نەفتی بەردەوام، یەعنی تـۆ تەماشـای وڵاتـانی وەکـو بـاکووری ئـەفریقیا بکە، ئەغلەبیان لەسەر گەشت و گوزار دەژین، ئێمە پێویستە ئیهتیمامێکیش بە گەشـت و گـوزار بـدەین کـە شـوێنەواریش بەشـێکی گرنگـە لـە راکێشـانی گەشـتوەران بـۆ کوردسـتان، لـە دوا قسـەمدا تـەبیعی بـرادەران هەموو قسەیان کردیە، من نازانم ئەو برادەرانەی ماون چ دەڵێن؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك فازڵ فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێش ئەوەی بچمە سەر قسـە و بابەتەکـەم، یـەك پێشـنیار دەکـەم، دوو سـەعات جارێـك، بـە حەقیقـەت لەبەر ئـەوەی ئەندامـە بـەڕێزەکان زۆر شـەکەت دەبـن و مـاوەی کۆبوونـەوەکان زۆریـش درێـژە، ئەگـەر دوو سەعات جارێك پشوویەك بدرێ بۆ ئەوەی لـە کـاتی قسـە کـردن زۆربـەی، ئێسـتا سـەیر بکـەن لـەکاتی قسـە کردن زۆربەی ئەندامەکان لە دەرەوەن، ئەگەر بکـرێ یـەعنی ببێتـە بڕیـار دوو سـەعات جارێـك پشـوویەکی چـارەگێك یـان 20 دەقـە بـدرێ، ئـیتر بەراسـتی هـەموو ئەنـدامان ئامـادە دەبـن لـە کـاتی قسـە کـردن و مولاحەزات.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێوە هەمووتان ئیسراحەت دەکەن و چای خۆتان دەخۆنەوە و جگەرە دەکێشن و ئاو دەخۆنەوە، بەس ئێمـە لێی مەحرومین، فەرموو بەردەوام بە.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە هەموو ساڵێك، بە تایبەتی لەم خولەی سێی پەرلـەمانی کوردسـتان، ئیستیعرازێکی بـاش بـەناو هەموو ڕەوتی ڕووداوەکاندا دەکەین بە موناسەبەی بودجەوە، ئەو ڕا و پێشنیارانە، یـان ئـەو ڕەخنانـەی کـە لەناو موناقەشەی بودجە پێشکەش کران، پێموایە واریدە و ئـەبێ بـبێ، بـەڵام لـە حەقیقەتـدا نـاکرێ ئێمـە ئەگەر کەم و کوڕیەکمان بینی دەوری حکومەت سفر بکەینەوە، بەڵام ئەوەندەی کە من مولاحەزەم کردبـێ، لە زۆربەی موناقەشـەکان دەوری حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان سـفر کراوەتـەوە، لـەو هـەموو دەسـتکەوتە باشە و لەو هەموو دەستکەوتە بە کەڵکەی کە سەرجەم خەڵکی کوردستان لێی سوودمەند بوون، یـەکێك لـە دەستکەوتە زۆر باشـەکان کـە ئـەمڕۆ هـەموو تـاکێکی کوردسـتان و خـەڵکانی بیـانی، گەشـتیاران کـە ڕوو لـە کوردستان دەکەن و لێی سوودمەندن، پێشم وایە نوقتەی سەروەری هەر وڵاتێك لە دونیا، ئەویش مەسائیلی ئەمنیە، کە ئەمڕۆ لە هەرێمی کوردسـتان، هـەر چـەندە کـە لـە یـەك، دوو حەفتـەی رابـوردوو موناقەشـەی پرۆژەیەکمان کرد، پرۆژەی یاسای تیرۆر، کە زۆر موناقەشە کرا نەمینێ، بەڵام خۆشبەختانە دەنگی هێنا کە بمینێ، ئەم ئەمنیەتەی کە ئـەمڕۆ لـە هـەرێمی کوردسـتاندا هـاتووە، یەکێکـە لـەو دەسـتکەوتانەی کـە ئێمـە دەتوانین لە هەموو بوارەکاندا مومارەسەی ژیـانی خۆمـانی تێـدا بکـەین، مومارەسـەی سیاسـی تێـدا بکـەین، مومارەسەی بواری ئیقتیصادی و ئابووری تێدا بکەین، مومارەسەی باری کۆمەڵایەتی و ئیجتیماعی خۆمانی تێدا بکەین، لە هەموو ڕووداو و لایەنەکانەوە ئەوە یەکێکە لە دەستکەوتە باشەکان کـە حکومـەتی هـەرێمی کوردستان بە دەستی هێناوە، هەر چەند بە داوای لێبوردنەوە ئەڵێم لە لیژنەی دارایی ئـەوەم لـە یـاد چـوو، کە بە حەقیقەت لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان پێموایە لە ساڵان باشتر وردەکارییەکی زۆر باشیان لەناو ئەم پرۆژەیەدا کردووە، هـەموو لایەنـەکانیان خسـتووتە پـێش چـاو، یـەعنی ئەوانـەی کـە پێویسـتە و مولاحەزاتی وردیـان داوە، بەشـێك لـە راپـۆرتی تێکـرای لیژنـەکانی پەرلـەمان کـە مولاحـەزاتی خۆیـان داوە لەناو ئـەو راپۆرتـەدا تۆمـار کـراوە، ئەمـە بەراسـتیەکەی جێگـای دەستخۆشـیە، بـە تەئکیـدیش زۆر مانـدوو بوون، بەڵام من ئومێدیشم دەخواست و لەلای خۆمەوە دەستخۆشـی و مانـدوو نـەبوونیان لـێ دەکـەم کـە تـا ئێستاش لەناو ئەو ماندووبوونەن، ئێمە لە هەرێمی کوردستان دیارە ساڵانە موناقەشەیەکی چڕ و پڕ لەسەر مەسەلەی بودجە دەکرێ، ئەو موناقەشانەی کە دەیکەین، مـن لـە لای خۆمـەوە ئومێـدم دەخواسـت، چـونکە موناقەشەی بودجە دەکەین، موناقەشەی پارە دەکەین، پارە کە ڕەبتی بە ژیانی کۆمەڵگاوە هەیە، لە هـەموو ڕوو و لایەنەکانەوە، بەڵام ئەوەندەی من تێبـینی دەکـەم، زۆربـەی سـاڵ و ئـەم سـاڵ زیـاتر دوو حاڵـەتی زۆر خراپمان ئیسارە کرد، چونکە ئێمە لەناو هۆڵێکی داخراودا قسە ناکەین، ئێمە قسە دەکـەین بـۆ بـەردەم ڕای گشتی کەناڵەکانی راگەیاندن و تێبینی ڕای خەڵکانی کوردستان و موتابەعەی ئەم موناقەشانە دەکـەن کـەوا

ئێمە لەناو هۆڵی پەرلەمان دەیکەین، بەڵام ئەوەی کە لە لای من نیگەرانی دروست کردووە دوو خاڵە، یەکێکیان بە حەقیقەت زیاتر ئێمە گومان دروست دەکەین لەسەر ئەم دەسەڵات و حکومەتە کە ڕۆژانە یان با بڵێین ساڵانەو مانگانە دەبینین چەند ئێسك و پروسکمان بۆ دێتەوە کە ئەنفال کراون لە ئەنجامی بە دەستهێنانی ئەو دەستکەوتەی کە لە هەرێمی کوردستان بە دەست هاتووە، بۆیە بەراستی حەقە کە ئێمە ئیشارەت بە لایەنە خراپەکانی خۆمان دەدەین، حەقیشە ئیشارەت بە لایەنە ئیجابییەکانی خۆمان بدەین، چونکە ئەم دەستکەوتە و ئەم ئەزموونە لەسەر چ ئەساسێك ئێمە بە دەستمان هاتووە؟، ئایا لەسەر ئەساسی روح و قوربانی خۆمان بە دەستمان هێناوە؟، یان هەدیە و دەست و دیاری خەڵکێکە بۆ ئێمەی داوە کە تا ئێستاشی لەگەڵ بێ ئینکارییەکی تەواو لەسەر مافە رەواکانی خەڵکی کوردستان دەکرێ، ئەمە حەقە ئێمە، من بەش بە حاڵی خۆم یەکێکم لەوانەی زۆربەی کات لەناو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن رەخنەم لە دەسەڵات گرتووە، بەڵام رەخنە گرتن جیایە، گومان دروستکردن جیایە کە گومان لەسەر ئەم دەسەڵاتە دروست بکەین کە لەبەرچاوی خەڵك، چونکە ئێمە نوێنەری میللەتین، هەر کام لەم ئەندامە بەڕێزانەی کە لێرە دانیشتووین خەڵکێکی ئاسایی نین، یەعنی هەر یەك لە ئێمە نوێنەری 18 هەزار نفوسین، نوێنەری خەڵکی کوردستانین و قسەکانمان بە نەزەری ئیعتیبار وەردەگیری، بۆیە کە من بەش بە حاڵی خۆم ئەڵێم، زۆر ئاساییە پەنجە بخەینە سەر ئەو کەم و کورپیانەی کە هەن، پەنجە بخەینە سەر ئەو مولاحەزاتانەی کە هەن و لە راپۆرتی لێژنەی داراییدا هاتووە، یان رەخنە و ڕا و تێبیینکانی خۆمان ئاراستەی حکومەت بکەین بۆ ئەوەی حکومەت وەڵاممان بداتەوە و حکومەت بە دەم ئەو کەم و کورپیانەوە بچێ کە لە لایەنی ئەندامە بەڕێزەکانەوە تەقدیم بکرێ یان پێشکەش بکرێ، دراوەتە حکومەت بۆ جێبەجێ کردن، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوانەی کە ئێمە ئیشارەتی پێ دەدەین زۆر واریدە بیڵێین، بەڵام وەکو مەفروزیشە بیڵێن، من کە ئەڵێم باری ئەمنی یەکێکە لە دەستکەوتە باشەکان کە لە هەرێمی کوردستان بە دەستمان هێناوە، شتێکی زۆر باشە و هەموو تاکێك لەم وڵاتە لێی موستەفیدە، من پشتگیری لە سەرتاپای ئەو ڕا و پێشنیارانە دەکەم کە لە فراکسیۆنی کوردستانی پێشکەش بە لێژنەی دارایی یان بە پەرلەمانی کوردستان بە راپۆرتەکیش پێشکەش کراوە، من کامل لەگەڵ ئەو ڕا و پێشنیارانەم، یەکێك لە پشتگیریەکان بۆ لێژنەی دارایی کە دەخەمە روو، پێشنیار دەکەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان کە ئەمە گرفتێکی هاووڵاتیانە، مەسەلەی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان، کە پێموایە خاکی پیرۆزی کوردستان یەکێکە لەو خاکانەی کە ئێمە دەتوانین باشترین دەستکەوت لە بواری کشتوکاڵدا تێیدا بە دەست بێنین، کە ئێستا تەنها من دەتوانم بڵێم لە یەك بواردا ئێمە پێشکەوتنی باشمان بە دەست هێناوە، لە بواری کشتوکاڵ، ئەویش لە بواری دانەوێڵە، هەر چەندە لێرە بە حەقیقەت کۆمەڵێك گرفت هەیە، ئێمە ساڵی رابوردوو باسمان لە گرفتی سایلۆ کرد، گرفتی سایلۆ لە هەرێمی کوردستان، ئەمساڵ ئاسانکارییەك دروست کراوە بۆ جوتیاران، بەڵام بەراستیەکەی هێشتا ئەم گرفتە هەیە، چونکە بەداخەوە ئەوەی کە من بیستوومە و لە جوتیارانم گوێ لێ بووە، لە ساڵی رابوردوو دانەوێڵەی هەرێمی کوردستان ڕۆیشتووە بۆ بەسرە، ئەمە بەراستی گرفتە کە ئێمە هەمانە لەگەڵ

ئـەو بودجـەی کـە بەدەسـتمانەوەیە دەتـوانین ئـەم گرفتـە چارەسـەر بکـەین، هـەم دانەوێڵەکـە لای خۆمـان بمێنێتەوەو ئاسانکارییەکی باش بۆ جوتیاران دروست بکەین کە ساڵانە لـە کـاتی تەقـدیم کردنـی دانەوێڵـە هەیانـە، لایـەنێکی تـر کـە مـن ئیشـارەتی پـێ دەکـەم، کـە ئەمـە بڕیـاری بـۆ دەرچـووە، مەسـەلەی پـرۆژە بەردەوامەکان، یان هەندێك لەو پرۆژانە بەراستی هەتا ئێستا وەکو پێویست کاری لەسـەر نـەکراوە، مـاوەی تەقریبەن چوار ساڵە پرۆژەیەك لە قەزای هەڵەبجە ئیعلان کراوە، پـرۆژەی دۆشـاوی تەماتـە، ئـەو پرۆژەیـە تـەنیا سـیاجێکی بـۆ کـراوە هـەتاوەکو ئێسـتا، چـونکە ئەمـە بودجـەی بـۆ دەرچـووەو دراوەتـە لایـەنی پەیوەندیـدار کـە کـاری لەسـەر بکـات، دراوەتـە مقـاول و هـاتووە سـیاجێکی بـە دەوریـدا کـردووەو بـە جێـی هێشتووە، ئەمە داخوازی خەڵکی ناوچەکەیە، ئەمە زەرووریاتی وڵاتەکەیە پێویستە حەقیقەت ئەو کەس و ئەو لایەنەی کە پرۆژەکەی وەرگرتووە، بێـت بـە دەمیـەوە، خەڵکەکـە و ئێمـەش هـەتا وەکـو ئـەم لەحزەیـە نازانین مەسەلەی کار نەکردن لەو پرۆژەیە چیە؟، هاوەڵانم ئیشارەتیان بە مەسەلەی کەرتی تەندروستی دا، کەرتی تەندروستی بە حەقیقەت منیش لەگەڵ ئەو ڕایـەم کـە بودجەیـەکی زیـاتری بـۆ تـەرخان و تایبـەت بکرێ، چونکە مەسەلەی کـەرتی تەندروسـتی یـان وەزارەتـی تەندروسـتی یەکێکـە لـەو کەرتانـەی کـە زیـاتر خەڵکە هەژارەکە، بە هەقیقەت هەمووومان ڕێمان بەوێ دەکەوێ، بـەڵام زیـاتر خەڵکـە هـەژارەکان و خەڵکـە کەم دەرامەتەکان ڕێی تێدەکەوێ، بە حەقیقەت ئێستا دوو نەخۆشـی زۆر لـە کوردسـتان پـەرەی سـەندووە، بۆیە وەزارەتی تەندروسـتی ئەگـەر بودجـەی زیـاتری بـۆ تـەرخان وتایبـەت بکـرێ، ئـەوەش دەچـێتە بـواری خزمەت کردن بە هاووڵاتیان، ئەویش نەخۆشی تالاسیما و نەخۆشی شـێرپەنجەیە، ئـەم دوو نەخۆشـیە زۆر پەرەی سەندووە لە هەرێمی کوردستان و چارەسەرکردنیشیان لـە دەرەوەی هـەرێمی کوردسـتان سـەختە بـۆ هاووڵاتیان، بۆیە داواکارم زیاتر بودجە بۆ وەزارەتی تەندروستی زیاد بکـرێ، پێشـنیار دەکـەم لـەو بودجـەی کە داندراوە بۆ دامەزراوەی مین کە بە حەقیقەت ئەمە گرفتێکە، چونکە بە هۆی حەربی ئێران و عیراقەوە لە کوردستان ڕێژەیەکی زۆر، هەر چەندە ئەو بەرێزانەی پێشوو باسیان لە 18000 و 20000 مـین کـرد، بەڵام زۆر لەو ڕێژەیە زیاترە کە لە هەرێمی کوردستان چێندراوە و هـەتا ئێسـتاش خـەڵك دەبێتـە قوربـانی دەستی ئەو چەکە، بۆیە پێشنیار دەکەم کە ئەمە بودجەیەکی زیاتری بۆ پێشنیار بکرێ، خاڵێکی ترم هەیـە کە ئاراستەی جەنابی وەزیری دەکـەم، وەزیـری دارایـی، ئێمـە لـە حەقیقەتـدا هـەتاوەکو ئێسـتا مەبلـەغێکی زەبەلاح پارەمان لە بەغدا حیجز کراوە، بەڵام ئەم فەراغە جگە لە هەنـدێك، ئـەویش لـە مەسـەلەی ژیـان و گوزەرانی پێشمەرگە، ئەوە پاشان دێمە سەری، باسی دەکەم، مەبلەغێکی زۆر لە پارە هینە حیسەی هەرێمی کوردستان حیجز کراوە، بەڵام ئەم پارەیە لە هەرێمی کوردستان فەراغەکەی پڕ کراوەتەوە، چونکە دائیمەن گومان لەسەر مەسەلەی بودجەو لەسەر مەسەلەی داهات، لەسەر مەسەلەی سەرف لـە هـەرێمی کوردسـتاندا سەرف دەکرێ، داواکارم جـەنابی وەزیـری دارایـی شـێوەی سـەرفکردنیان یـان پڕکردنـەوەی ئـەو فەراغـە لـە هەرێمی کوردستان روونکردنەوەیەکمان بداتێ، روونکردنەوەیەکی تر یان پێشنیارێکی ترمان هەیە، مـاوەی دوو ساڵە پرۆژەی ئاوی هەڵەبجە بڕیاری بۆ دراوە کە گوایـە شـەریکەیەکی یابـانی دێ ئـەو پرۆژەیـە ئـەنجام

دەدات، هەتاوەکو ئێستا نەچوویتە بواری جێبەجێکردنەوە، بۆیە من لێرە ئیشارەتی پێ دەدەم، بەراستی لە فەصڵی هاویندا خەڵکی هەڵەبجە گرفتێکی زۆری هەیە، هەر چەندە ئەم پرۆژەیە دوو قەزاو ناحیەیەکی ئێمە دەگرێتەوە، بۆ قەزای هەڵەبجەیە و بۆ ناحیەی سیروانە و بۆ قەزای سەید صادقە، چونکە ئەم ئاوە لە دەریاچەی سیروانەوە هەڵئەگەرێتەوە بۆ قەزای هەڵەبجە تا ئێستا نەچوویتە بواری جێبەجێ کردنەوە، داواکارم بچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، من چەند خاڵێك دەخەمە پێش چاو کە ئەمانە نوقتەی زۆر گرنگن یاخود با بڵێین حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی سەرکەوتنێکی باشی تێدا بەدەست بێنێ، بۆیە ئەم خاڵانە دەخەمە ڕوو، لەگەڵ خاڵ و لایەنەکانی تر باسی مەسائیلی ئەمنیم کرد کە ئەمانە حکومەت ئەتوانێ بیکاتە پێوەر بۆ ئەوەی بتوانێ لە خاڵەکانی تردا سەرکەوتنی تێدا بە دەست بێنێ، بەکار هێنانی سیاسەتی نەوت و غاز ئەتوانم بڵێم ئەمە سیاسەتێکە، یان دەستکەوتێکە بۆ هەرێمی کوردستان بە پێی ئیعتیراڤی خەڵکە بیانیەکانیش ئەم سیاسەتە، گەلی کوردستان، هەرێمی کوردستانی بردە ڕیزی هەموو گەلانی دەسەڵاتدارانی دونیاوە، بۆیە ئەمە یەکێکە لەو خاڵانەی کەمایەی سەروەریە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆ دەسەڵاتداران لە هەرێمی کوردستان کە هیوادارم ئەم سیاسەتە زیاتر بەرەوی پێ بدرێ، چونکە زیاتر گەلی کوردستان بە دونیای دەرەوە دەناسێنێت و زیاتر کوردستان دەکاتە بازارێکی بەقوەتی توجارەت کە سوودەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گەل و خەڵکی کوردستان، لایەنێکی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان، زیاتر ئەو هاوەڵانەم باسیان لە مەسەلەی کەم و کوڕی نەخۆشخانەکان کرد، ئەمە ناگەڕێتەوە بۆ کەم و کوڕی لە بواری تەندروستی یان پێشکەوتنی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان، دیارە کەم و کوڕی لە بینای نەخۆشخانەکان هەیە، بەڵام بواری تەندروستی ئەوەی کە دەبینین ئێستا، ئەو نەخۆشانەی کە لە سالآنی پێش پرۆسەی ئازادی عیراق، نەك لە کوردستان دەتوانم بڵێم لە وڵاتی عیراقیش زۆر بە دگمەن ئەنجام دەدا، بەڵام ئێستا خۆشبەختانە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دێن بۆ چارەسەرکردن لە هەرێمی کوردستان، کەواتە ئەمە دەستکەوتێکی زۆر باشە لە بواری تەندروستی، من داواکارم، لەبەر ئەوەی تا ئێستا ڕێژەیەك خەڵکی هەژار لەناو گەلی کوردستاندا ماوە، زیاتر بەرەو بەو لایەنە بدرێ، بۆ ئەوەی خەڵکی فەقیرو هەژارو خەڵکی کوردستان پێویستیان بە چوونە دەرەوە و چوونە عیلاج بۆ وڵاتانی دەرەوە نەبێت، کە ئەم لایەنە زۆر گرنگەو دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان توانیویەتی سەرکەوتنێکی باشی تێدا بەدەست بێنێ، لایەنێکی تری کە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرکەوتنی تێدا بە دەست هێناوە، بە حەقیقەت من دەڵێم بە ڕەغمی کەم و کوڕیەکانیان و بەرغمی ئەو مولاحەزانەش کە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان گیراوە بە حەقیقەت مەسەلەی خوێندن، یان پەروەردەو خوێندنی باڵا لە هەرێمی کوردستان، کە دەتوانم بڵێم ئێستا هیچ عائیلەیەك لە هەرێمی کوردستان نیە تەخەروجێکی زانکۆ یان تەخەروجی پەیمانگاکانی نەبێ، ئەمە یەکێکە لە دەستکەوتە مەزنەکان کە هەرێمی کوردستان، یان حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم هەرێمە بە دەستی هێناوە، بەڵام من لێرە یەك پێشنیار دەکەم، لە پاڵ ئەم دەستکەوت و سەروەریانەی کە لە بواری خوێندن و خوێندنی باڵای حکومەتی کوردستان بە دەستی هێناوە، پێموایە ئێستا

خوێندنگایەکی زۆر، یان بڵێین زانکۆیەکی زۆری ئەهلی لە کوردستاندا هەیە، داواکارم بە پێی ئیمکان، بە پێی ئیمکانی وەزارەتی دارایی و حکومەتی هەرێمی کوردستان، کولفەی ئەو خوێندنگایە ئەهلییانە لە ئەستۆی خۆی بگرێ، یەکێك لە دەستکەوتەکانی تر کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە دەستی هێناوە، بۆ شتی وانیە کاکە هەموو شتێك قابیلی بوونە، یەکێك لە دەستکەوتەکانی تری، ئەو مەسەلەی ئازادی سیاسی و رۆژنامەوانی و راگەیاندنەی کە لە هەرێمی کوردستان بە دەست هاتووە، ئەمانە کۆمەڵێك دەستکەوتن کە لە هەرێمی کوردستان بە دەست هاتووە، هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر بەرەوی پێبدا، ئەو خاڵانەی کە پێشتر وەکو بڕیار تەقدیمی دەکەم، پێشنیاری مووچەی شەهیدانی هاووڵاتیان بکرێ بە 300 هەزار، هەر چەندە هاوەڵانم پێشتریش ئیشارەتیان بەو لایەنە دا، چونکە بە حەقیقەت زۆربەی زۆری ئەو هاووڵاتیانە ئەو خەڵکە دڵسۆزانە کە لە رێگەی پێشمەرگەیاتی یان لە رێگەی دڵسۆزی یان بە هۆی دیکتاتۆریەتی رژێمی یەك لە دوای یەکی عیراقەوە شەهید کراون، بەڵام لە کۆمەڵێك ئیمتیازات تا ئێستا مەحرومن، هیوادام ئەو ئیمتیازاتانە بیانگرێتەوە، هەروەکو لە پێشنیارەکەی فراکسیۆنی کوردستانی هاتووە، پێشنیار دەکەم کە سولفەی خانووبەرەی گوندەکان بۆ ئەوەی گوندەکان بە حەقیقەت هەم حەقێکی زیادەیان بەسەر ئێمەوە هەیە لە هەرێمی کوردستان، و لەسەر دەسەڵات و لەسەر لایەنی سیاسی و شۆرشگێری سەردەمی شاخ هەیە، چونکە بە حەقیقەت گوندەکان هەمیشە سەنگەرێکی ئەساسی خەبات و پێشمەرگایەتی ئێمە بوون، پێشنیار دەکەم ئەو پێشنیارە، مەسەلەی سولفەی خانووبەرەی لادێیەکان بکرێ بە 25 ملیۆن، چونکە بەراستی لادێیەکان نوقتەیەکی ئەساسین هەم لە بواری ئاوەدانکردنەوە و هەم لە بواری بە دەستهێنانی کەرتی کشتوکاڵ و لە بواری رزگارکردنی هەرێمی کوردستان لە هاوردەی دەرەکی، بۆیە زۆر زەرورە ئەم لایەنە زیاتر پەرەی پێ بدرێ و بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەتا ئێستا گرفتێك هەیە لە مووچەی پێشمەرگە، پێشنیار دەکەم مووچەی پێشمەرگە و پلەدارەکانیان چارەسەر بکرێ، چونکە بەراستی مووچەکە دەدرێ، بەڵام عەدالەت لە دانی مووچەکاندا نیە، هەتاوەکو ئێستاش بەشێك لە پێشمەرگە مووچەیەك وەردەگرن کە بەراستی نەك قابیلی بەرێوەبردن و ئیدارەی ژیانی عائیلەیەك نیە، بەڵکو چارەسەری گرفتی گەنجێکیش ناکات، بە تایبەتی هی بارەگا حیزبیەکان، بۆیە داواکارم ئەم لایەنەش لە لایەنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی دارایی و وەزارەتی پێشمەرگەوە چارەسەر بکرێ، چونکە ناکرێ مولازم ئەوەڵێك مووچەکەی لە 600 و 700 هەزارێکدا بێت، چونکە ئێستا فیعلەن وایە لە هەندێك لەو پلەدارانە هیوادارم چارەسەر بکرێ، پێشنیار دەکەم ئەو سەیرانگانەی تێکڕای کوردستان، بەڵام من ئەوەی سنووری هەڵەبجە و دەوروبەری گەرمیان دەڵێم، کە پێموایە گەورترین سەیرانگا لە کوردستان ئەحمەد ئاوایە، هەتاوەکە ئێستا راستە لە بودجەیساڵی 2011 مەبلەغێکی بۆ دەرچوو، بەڵام بەراستی زۆر زیاتر لەوەی پێویستە، چونکە بە حەقیقەت سەیرانگاکان، هەر چوار دەوری شاری هەڵەبجە سەیرانگایە، جگە لە ئەحمەد ئاوا هەتاوەکو ئێستا ئیهتیمامێکی وایان بەو سەیرانگایانە نەداوە، چونکە ئێمە ساڵانە باس لە هاتنی گەشتیار دەکەین بۆ هەرێمی کوردستان، ئەم گەشتیارانە کۆمەڵێك لایەنی

ئيجابى تێدايە، يەكێك لەو لايەنانە كە داهاتێكى گەورە بۆ هەرێمى كوردستان دروست دەكات، ئەگەر ئێمە زياتر ئيهتيمام بە سەيرانگاكانى خۆمان بدەين كە سەيرانگاى زۆر باش و قەشەنگ و هەر سروشتێكى خوايەو هەمانە، بەلأم پێويستە زياتر تەعمير بكرێن يان جوانكاريان تێدا دروست بكرێ، يان شوێنى حەوانەوەيان بۆ دروست بكرێ، ئەمە زۆر زەرووره، بۆيە پێشنيار دەكەم ئەم سەيرانگايانە بيريكيان لێ بكرێتەوە، خاڵێكى تر كە لە پێشنيارەكانمدا هاتووە، هەر چەندە هاوەڵانم ئيشارەتيان پێدا، مەسەلەى زيادكردنى مووچەى خانەنشينە، بەراستى خانەنشين بۆ هەر تاكێك لە كاتێكدايە كە هەموو ژيانى ئەو بە مادده دەچێ بەرێوە، بۆيە لەو كاتانە زەرووورياتەكانى فراوان دەبن، تەمەنى لەكار دەكەوێ و ناتوانێ خۆى بژێوى خۆى دابين بكات، بۆيە پێشنيار ئەكەم مەسەلەى خانەنشينى بەساڵاچوان يان كەمئەندامان ئەوە بەراستى زۆر زەرووره، زياد بكرێ بە شێوەيەك كە چارەسەرى گرفتەكانيان، يان چارەسەرى ژيانى ئەوان بكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/ سەرۆكى پەرلەمان.**

فەرموو كاك جلال

**بەڕێز جلال على عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان:**

چەند جارێك باسى گرفتى سايلۆكان كرا، حەز دەكەم روونكردنەوەيك هەيە بۆ خوشك و برايان روونى بكەمەوە كە لە لێژنەى كشتوكاڵ و ئاودێرى ئێمە ميواندارى بەڕێزان وەزيرى پيشەسازى و بازرگانى و وەزيرى كشتوكاڵمان كرد بۆ تاوتوێ ئەم كێشەيە، دوايى رۆژێك چووينە وەزارەتى پيشەسازى و بازرگانى، بۆمان دەركەوت كێشەيەكى بچووك هەبوو لە مەسەلەى جێبەجێ كردنى ئەو چوار سايلۆيە، سايلۆى سلێمانى، سايلۆى رانيە، كەلار، بەردەرەش، كێشەكەش كە پێويستيان بە مەبلەغێكى كەم بوو بۆ مەسەلەى فەحصى توربە و فەحصى خاكەكە كە لەناو عەقدەكاندا هەبوو، بەلأم پێشەكى ئەو كۆمپانيانە نايەنە پێشەوە ئەگەر فەحصى توربە نەبێ، كێشەى ئەو پارەيە لەگەڵ بەڕێز كاك سالم بە سوپاسەوە لە ماوەى رۆژێكدا يان دوو رۆژ كێشەى ئەو پارەيە كە 69 مليۆن دينار بوو، كێشەكە چارەسەر كراو وەزارەتى دارايى دابينى كرد، ئێستا بە نيسبەت سێ سايلۆ كە باسم كرد ئەو كێشەيان نەماوەو كەوتە بوارى تەندەرينەوە، كێشەى سايلۆى سلێمانى كاتى خۆى بۆ كۆمپانيايەك دەرچووە كە چەند كۆمپانيايەك چوون، كۆمپانياى دووەم دەعواى قەيد كردووە لە مەحكەمەو لە مەحكەمە دواى ماوەيەكى زۆر نەتيجەى مەحكەمەكە دەرچووە، ئێستا كێشەيەكى بچووك ماوە لە بەينى بەشى ياسايى ئەنجومەنى وەزيران و وەزارەتى پيشەسازى و بازرگانى، ئەوكێشەيەش جێبەجێ ئەبێ و سايلۆى سلێمانيش ئەچێتە بوارى جێبەجێكردنەوە، بۆ مەسەلەى مەعمەلى دۆشاوى تەماتە، كاتى خۆى عەقدێك كراوە لەگەڵ مقاولێكدا كە لە ماوەى سێ ساڵدا ئەو پرۆژەيە جێبەجێ بكات، بەلأم ئێستا ئێمە ناتوانين هيچ ئيجرائاتێك بكەين تا سێ ساڵەكە تێنەپەرێ، ئێستا وا بزانم سێ ساڵەكە تەواو بووە و تەندەرين ئەكرێتەوە و ئەو كۆمپانيايەى كە جێبەجێ نەكراوە ئەچێتە ليستى رەشەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/ سەرۆكى پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی کارەبای ئەمڕۆ خراپە، دانیشتنەکە تەئجیل دەکەین بۆ سەعات 4، بەڵام دوو دەورە دادەنیشین، سەعات 4,30 لێرە ئامادە دەبین ئینشاءاللە.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆکانمان، کاك عدنان، نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو نوقتەی نیزامیم هەیە، عەرزی جەنابت و برادەرانی دەکەم، یەکەم: لەموتابەعەکردنی ئەم چەند ڕۆژەدا بۆ پەخشکردنی دانیشتنەکانی پەرلەمان لەسەر بابەتی بودجە، زۆربەمان بەتایبەت خۆم وەك ڕۆژنامەنووسێکیش، مولاحەزە دەکەین سانسۆرو جۆرێك لەمۆنتاجێکی زۆری قسە وباسەکان هەیە، جامن مافی جەنابتان دەزانم پێش ئەوەی وەڵامم بدەنەوە، حەقی ئێوە دراوە کە ئیدارەی کۆبوونەوەکان و زەبت وڕەبتی کۆبوونەوەکان بکەن، مافی ئەوە هەیە هەر ئەندامێك ئەگەر پێشێلکاری کرد تەنبیه بکرێت، دوای تەنبیهەکە قسەکانی ئۆتۆماتیکی لە پرۆتۆکۆل بسڕێتەوە، پرۆتۆکۆل ئەو وەسیقە ڕەسمیەیە کەقسەی ئەندامانی تێدا تۆمار دەکرێت، تەبعەن من لەگەڵ ئەمەش نیم، چونکە ئەندامی پەرلەمان بۆخۆی کەسایەتیەکە، کەسایەتیەکی خۆی هەیەو خۆی بەرپرسە لەقسەکانی خۆی، ئەگەر قسەکانی نایاسایی بوو یان خوانەکردە یان جۆرێك تەشهیر بوو بە ئەندامێکی بەڕێزی پەرلەمان، ئەوە دەتوانێت وەڵام بداتەوە، ئەگەر بۆ سەرۆکایەتی بوو دەکرێت وەڵام بداتەوە، ئەگەر بەکەسێکی تری دەرەوەی ئەم قاعەیە بوو دەتوانێت ئیجرائاتی یاسایی بکات، ئەگەر لەبابی تەشهیر وناو زڕاندن بوو، بۆیە ئەندامی پەرلەمان مافی خۆیەتی، ئازادە لەرادەربڕین و تێڕوانین وبیروبۆچوونی خۆی، بەڵام با ئێمە هەر موقەیەد بین بەم نەصەی پەیڕەوی ناوخۆ تا دەیگۆڕین، پەیڕەوی ناوخۆ نەیوتووە نارەزایی دەربڕین و چەپڵە لێدان، لەتەختەدان، هەستان، قسەکردن، دەرچوون ئەمانە هەڵوێستە، هەڵوێست هەندێکی بەقسە دەکرێت، هەندێکی بەحەرەکاتی تر دەکرێت، بۆ نموونە بایکۆت کردن و دەرچوونە دەرەوە، نارەزایی دەربڕین وهەستانە سەرپێ، ئەمە لەهەموو پەرلەمانەکانی جیهان دەیبینین، بۆیە من لام سەیرە دەبێت حیکمەتی ئەوە چی بێت، کە ئەم حەرەکاتانە سانسۆر بکرێت وپیشان نەدرێت، ئەگەر وشەیەکی ناوزڕاندن یان خوانەخواستە، وشەیەك بوو هەم لەمستەوای پەرلەمان و ئەندامی پەرلەمان کەم بکاتەوە، ئێوە پێتان وابێت کە دەبێت بسڕێتەوە لەپرۆتۆکۆل با بسڕێتەوە، لە تەلەفزیۆن عەرز نەکرێت، باعەزر نەکرێت، بەڵام قەتع کردن ومۆنتاج کردن بەڕاستی لەپرسی بودجە پێم وایە دەبێت ڕاستەوخۆ هەموو دانیشتنەکانی پەرلەمان بەهەموو حەرەکات و سەکەناتیەوە، پیشانی خەڵکی کوردستان بدرێت، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی

دووەم: ئیجازەم بدەیت چونکە ڕێك ڕووبەڕووی بەڕێزتانە، بۆیە تکام وایە بەسنگ فراوانی ئەمەم لێ قبوڵ بکەیت، چونکە نوقتەیەکی نیزامیەو ئصوڵیشە، من دوێنێ لەو بارگرژییەی کەدروست بوو لێرەدا، بەوازحی بەهاوکارەکانی خۆمم وت لەفراکسیۆنەکەمان، هەمووشیان گوێیان لێبوو، وتم ئەگەر دەنگ بەرزکردنەوەو بڕینی قسەکانی ئێمەو موقاتەعەکردنمان بەم شێوەیە بەردەوام بێت، ئەبێت هەڵوێست وەربگرین، پێشم وتن کەهەڵوێستەکە چۆن بێت، کەدەبێت هەستینە سەرپێ و هەرچی حەرەکەی پێویستە بیکەین، بەس نابێت بێدەنگمان بکەن بەشێوەیەکی نایاسایی، دواتر من ئەم نامەیەم بۆ برادەرانم نارد گەر ئیجازەم بدەیت دەیخوێنمەوە..

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

نا برام ئەو نامەیە پێویست ناکات بیخوێنیتەوە، چونکە بۆ برادەرەکانی خۆت نووسیوە نامەیەکی تایبەتی خۆتە، پێویست ناکات، فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم نامەیە کەواتە بۆ برادەرەکانی خۆم ناردووە، ئەمە بەشێکە لەو حەقەی خۆمان کە تەوجیهات بۆ یەکتری و مولاحەزات بۆیەکتری و ڕەخنە لەیەکتری بگرین، لەخیلالی نامەیەکی لەو چەشنە، ئەم نامەیە کەمن بۆ هاوڕێکانم ناردووە ئەمڕۆ لەڕێگای جەنابتەوە بە من گەیشتووە، واتە هاتووە بۆلای جەنابت وبۆ منت ناردووە، وەسیلەکەی چۆنە؟ ئێمە وەك ئەندامی پەرەلەمان نامەیەك لەسەر مێزەکەمان جێ دەمێنێت، مەفروز وایە بەکارمەندەکان بڵێن ئەو نامەیە تەسلیم بەئەندامی پەرلەمان بکرێت، ئەگەر ئەو نامەیە بەهەر ڕێگایەك بەجەنابت گەیشتبێت وەکو سەرۆکی پەرلەمان وسەرۆکی هەموو لیستەکان، پێم وانیە ئەوە شتێکی یاسایی بێت جەنابت پیشانی ئەندامانی لیستەکەی خۆت بدەیت، ببورە کەدەڵێم لیستەکەی خۆت، چونکە من مولاحەزەی خۆمم هەیە جەنابت ئێستا وەك سەرۆکی لیستێکیش تەعامول دەکەیت، نەك تەنها پیشانی لیستەکەی خۆتی بدەیت، مەفروز وابوو خۆم بانگ بکەیت، یان سەرۆکی فراکسیۆنەکەم بانگ بکەیت، قسە لەسەر ئەم نامەیە بکەیت، کەنامەیەکی زۆر ئسوڵیویاساییە، من ئەمڕۆ بڵاوی دەکەمەوە لەسایتەکاندا، بەڵام جەنابت پێش ئەوەی کەبەخۆم بڵێیت یان بەسەرۆکی فراکسیۆنەکەم بڵێیت یان مولاحەزە بەخۆم بدەیت، پیشانی چەند بەڕێزێکی تری دەدەیت لە فراکسیۆنەکەی خۆت، من ئەمە تێناگەم چیە؟ ئەگەر پێشتان وایە لەمەودوا ئسوڵی نامە بگۆڕین من لەمەودوا هەر نامەیەکم بۆ هاوڕێکانم نارد لەخوارەوە دەڵێم کۆپیەکی بۆ سەرۆکی پەرلەمان, سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

جارێ مەسەلەی قەتع وسانسۆڕ، هیچ سانسۆڕێك نیە، تەنها لەسەرپێشێلکردنی مافی بەرامبەر نەبێت، یان باسکردنی کەسانێکی تر کە مەفروز نیە باسی بکەیت، چونکە مافی ئازادی ودیموکراسی لەوێوە کۆتایی پێ دێت کەتۆ مافی بەرامبەرەکەت پێشێل دەکەیت، لەبەر ئەوە ئێمە لەکاتێکدا ئەوەمان کردووە،

کەسرپومانەتەوە لەپرۆتۆکۆڵ کەتەجاوز کراوە لەسەر مافی کەسانی تر، لەسەر هەموو فراکسیۆنەکانیش کراوە، لەسەر کوردستانی کراوە، لەسەر ئێوە کراوە، لەسەر فراکسیۆنەکانی تریش هەر کراوە، ئەمە یەکێکیان، دووەمیان: مەسەلەی ئەو نامەیە، من نامەکەم بۆ خۆت ناردۆتەوە، یەك پەرلەمنتاریشم پێ بڵێ ئەو نامەی خوێندبێتەوە، بەڵام تۆ دوو، سێ پەیامت بۆ من ناردووە لەڕێگەی ئەو برادەرەی کەپەیامت بۆ ناردبوو، من هەر لەڕێگەی ئەوەوە نامەکەم بۆ ناردیتەوە، ئەمە قانونیە یان قانونی نیە؟، دوایش کەتۆ نامەدەنووسی بۆ ئیحتیفازی پێوە ناکەی؟، خەڵك دەیبینێت نامەکە هەرچی بێت، من لەڕێگەی ئەو برادەرەی کەپەیامت بۆ ناردبووم، هەر لەڕێگەی ئەوەوە بۆم ناردیتەوە، جا ئەمە نایاساییە؟ تەواو، لیژنەی دارایی تکایە وەرنە جێگای خۆتان، کاك قادر فەرمووو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو دیارە دانیشتنەکان وەکو فستیڤاڵی وتارخوێندنەوەی لێهاتووە، بۆیە با ئێمەش کورتە وتارێك پێشکەش بکەین، سەرەتا بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان وبریکاری وەزارەت وکاك سەعد دەکەم، ئینجا دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی دەکەم بۆ ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە تێروتەسەلەیان، وە بەهەند وەرگرتنی ئەرك وماندووبوونیان بەڕاستی زۆر ئەرکیان کێشا بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی لەم چەشنە، سەرەڕای ئەوەش لەڕاپۆرتەکەی خۆیان جێگای سەرجەم ڕاپۆرتی هەموو لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمانیش کراوەتەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، خەڵکی هەرێمی کوردستان زۆر بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی پەسەند کردنی بودجە دەکەن، چونکە پەیوەندی بەژیانی خەڵك وبازاڕ وحەرەکەتی ئابووری ژیانەوە هەیە، بۆیە سەرەتا پێشنیار دەکەم هەرچی زووترە پەسەندی بکەین وبیخەینە بواری جێبەجێکردنەوە، بەتەسەوری خۆم لەوڵاتانی دونیا موناقەشەی بودجە تەنها ختووتە عامەکان وسیاسەتی بودجەکە دەکرێت، ئەگینا وڵاتی وەکو ئەمریکا کەبودجەکەی بە تریلۆنەها دۆلارە، ئەگەر وردەکارییەکانی موناقەشە بکرێت ئەوە ساڵەکە تەواو دەبێت وموناقەشە تەواو نابێت، کاری ئێمە وەکو پەرلەمان وپەرلەمانتاران زیاتر بەدواداچوون و چاودێرکردنی بودجەکەیە، لە دامودەزگاو پرۆژەکاندا ئالەوێدا کەموکورتیەکانمان بۆ ئاشکرا دەبێت، ئەگەر هەبن، بەڵام بەو مانایەش نا ئەگەر کەموکورتیەکی تێدا بێت باسی نەکرێت، هەروەها پێشنیار دەکەم حکومەتی هەرێم هەرکە بەرچاوڕوونیەکی لەسەقفی بودجەی عێراق بۆ گەڵاڵە بوو، بابەشێوەی تەخمینی زوو پرۆژەکە بنێرێتە پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی گفتوگۆکانی لەسەر ئەنجام بدرێت، هەرکات ئەگەر کەم وزیادیشی تێدابوو ئەو دەسەڵاتە لەپەرلەمانەوە بدرێتە وەزارەتی دارایی بۆ ئەوەی ئەم کارە بکات، بۆ ئەوەی پەسەند کردنی بودجە ئەوەندە دوا نەکەوێت، هەروەها پشتگیری لەپێشنیارەکانی لیستی کوردستانی دەکەم، بەتایبەتی تەرخانکردنی 100 ملیار دینار بۆ قەزاو ناحیە ڕاگوێزاوەکان و100 ملیۆن دینار بۆ ئاوارە گەڕاوەکانی ئێران وتورکیا، بۆ ئەوەی ئەو هەموو ساڵە دوای ئاوارەیی و دوورە وڵاتی بتوانن جێگاو ڕێگاو ژیانێکی شایستە بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن، هەروەها

دەستخۆشی لە حکومەتی هەرێم دەکەم، بۆ ئەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەی کەلەناوچە دابڕێندراوەکان ئەنجامی داون وپێشنیاریش دەکەم کەبەردەوام بن لەم کارە پیرۆزەیاندا، هەروەها پێشنیار دەکەم یارمەتی چاودێری کۆمەڵایەتی، ئاوارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش بگرێتەوە، چونکە دەردی ئاوارەیی قورسە، بەڕەئی من ئەگەر ئێمە وەکو پەرلەمانتار بەویژدانەوە قسە بکەین، خۆمان بەرپرسیارین بەئەندازەیەکی زۆر لە بودجەی وەگەڕخستن، چونکە ئەگەر قسەکانی یەکە بەیەکەمان ئەمساڵ وپار ساڵ وپێرار ساڵ لێبدەینەوە، دەردەکەوێت کەزۆربەمان لەسەر حکومەتمان فەرزکردووە، کەبۆ فلان شەریحەو بۆ فلان شەریحەی تر ئەوەندە زیاد بکرێت، بۆ فلان وفلان مووچە دابین بکرێت باشە ئەمە هەمووی سەقفی بودجەی تەشغیلی بەرز ناکاتەوە، بۆیە پێویستە هەموومان هەوڵ بدەین کەخەڵکی خۆمان لەجیاتی ماسی خواردن، فێری ماسی گرتن بکەین، بۆ ئەوەی کۆمەڵگەمان لە کۆمەڵگەیەکی ئیستیهلاکیەوە بکەینە کۆمەڵگەیەکی بەرهەم هێن، کەبێگومان ئەو ئەرکەش دیسان لەئەستۆی خۆمانە وەك پەرلەمان و جێبەجێکردنەکەشی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە کەرتی تایبەت وپیشەسازی وکشتوکاڵ بەهێز بکات و هەلی کاری زیاتر بۆ خەڵکی بڕەخسێنێت، سەبارەت بەبودجەی پێشمەرگە و موستەحەقاتی ترمان کەلەلایەن حکومەتی فیدراڵەوە نەدراوەو دەستی بەسەردا گیراوە، هەموو ڕێگایەك بگیرێتە بەر کەئەو مافەی هەرێمی کوردستان وەربگرینەوە، بەتایبەتی لەڕێگای نوێنەرانمان لەبەغدا، گوشار بخرێتە سەر مالکی کەچی تر ئەو پێشێلکارییە دەستووریە نەکات، هەروەها پێشنیار دەکەم لە بودجەی دامودەزگا ئەمنیەکان درێغی نەکرێت، چونکە ئەگەر ئەم بارە سەقامگیرەو ئەمن وئاسایشەی هەرێمی کوردستان نەبێت نەئاوەدانکردنەوەو نەتونێل و نە بازاڕ ونەژیانیش وەك پێویست بەردەوام نەدەبوو، هەروەها پێشنیار دەکەم گرنگی زیاتر بدرێت بە وەزعی پێشمەرگەو کەسوکاری شەهیدان وگرنگیدان بە کەرتی تەندروستی، چونکە ئەویش پەیوەستە بەژیان وسەلامەتی کۆمەڵگا، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من پرسیار دەکەم ئایا ئەو پێشکەوتنە هەموو لایەنانەی هەرێمی کوردستان لەسایەی خزمەت وسیاسەتی سەرکەوتووانەی سەرکردایەتی سیاسی کوردو کابینە یەك لەدوای یەکەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەبووە؟، ئایا ئەو وەرچەرخانە گەورە هەمەلایەنەی لەژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان هاتووەتە ئاراوە هی ئەم بودجەیە نیە؟، ئایا ئەو حەرەکەتە بازرگانی ودیبلۆماسیەی هەرێمی کوردستان لەئەنجامی سیاسەتی ژیرانەی حوکمڕانی کوردستان نەبووە؟، ئایا ئەو سەقامگیرییە ئەمنیەی هەرێمی کوردستان لەئەنجامی شەونخونی و فیداکاری دامودەزگا ئەمنیەکانی هەرێمی کوردستان نەبووە؟، ئەرێ بۆ کەس پرسیار لەخۆی ناکات کە حکومەتی عێراق 83٪ی بودجەی عێراق ئەوەی کەبەڕەسمی دیارە بێجگە لە شتی شاراوە، کەهەمووی لەبەردەستدایە بۆ کەس لەخۆی ناپرسێت کوا پێشکەوتنەکانی عێراق؟، چ لەبواری ئەمنی، چ لەبواری ئاوەدانکردنەوە، لەبواری ئەمنی ڕۆژانە خەڵك دەکوژرێت، لەبواری ئاوەدانی یەك پرۆژەشیان ئەنجام نەداوە, لەبواری گەندەڵی لەڕیزی هەرە پێشەوەی وڵاتانە، دەوەرن باهەڵسەنگاندن و بەراوردێکی هەرێمی کوردستان و پارێزگانی عێراق بکەین، لێرە وەزع چۆنە ولەوێ چۆنە؟، هەموو خاوەن

ویژدانێك دەزانێت كە جیاوازی ئێرەو ئەوێ بەقەد ئاسمان و ڕێسمانە، كەچی زیاتر لە 83%ی بودجەی عێراق لەبەردەستی مالكیە، تاكەی ئێمە بەویژدانەوە باس لە دەستكەوتەكان وپێشكەوتنەكانمان نەكەین، تاكەی هەوڵ بدەین خەڵكی خۆمان نائومێد بكەین، تاكەی كارێكی وابكەین كە خەڵك تام وچێژ لەم ئازادی ولەم هێمنی وئاسایش وقۆناغە زێڕینە وەرنەگرن، وڵاتانی پێشكەوتوو ودیموكراسیش شاهیدی دەدەن بۆ پێشكەوتنەكانی هەرێمی كوردستان، لەسەرجەم بوارەكاندا و پێی سەرسامن، عەجیبە كەخۆمان نكۆڵی لێ دەكەین، هەر كەپێرێ هەینی بوو من تێبینیم كرد و بەتەلەفۆنیش موتابەعەم كرد، هەر لەهەولێر تاسۆران قافیلەی سەیارە بەدوای یەكەوە بوو، كەخەڵكی بۆ گەشت و سەیران چووبوون، ئەمە تەنها لەهەولێر بێگومان سلێمانی و دهۆكیش بەهەمان شێوە بوون، من دەپرسم ئەمە مانای بەرزبوونەوەی ئاستی ژیان وبژێوی خەڵك نیە؟، ئایا ئەمە نیشانەی ئازادی وئاسایش نیە؟، ئایا ئەمە لە ئەنجامی كاریگەری بودجەی هەرێم نیە بەسەر تاك بەتاكەی خەڵكی هەرێمەكەمان؟، مانگ لەچواردەبێت ئاماژە پێكردنی بۆ چیە؟، بەڵام ڕەخنەگرتن وپرسیار كردن كارێكی زۆر ئاساییە، بەڵام ئەوەی من لێی تێبگەم هەمیشە پرسیاركردن وڕەخنە گرتن لەجێبەجێكردنەكەی زەحمەتترە، پرسیار ئاسانە، بەڵام كاركردنەكە ئەوەندە ئاسان نیە، بۆ نموونە هەركەسێك دەتوانێت پرسیاری وابكات كەوەڵامی نەبێت، یەكێك بڵێت چەند ئەستێرە بەئاسمانەوەیە، كێ دەزانێت؟، یەكێ بڵێت ئۆقیانووسەكان چەند لیتر ئاوی تێدایە؟، ئەمەش كێ دەزانێت؟، یەكێك بپرسێت كێشی گۆی زەوی چەند تەنە؟، كێ دەزانێت؟، بێگومان كەس ئەم وەڵامانە نازانێت، بۆیە من دەڵێم پێویستە هەموومان بەدڵسۆزی ومەسئولیەتەوە مامەڵە، لەگەڵ خۆمان وئەزموونەكەمان و وڵاتەكەمان بكەین، هەموومان دەستخۆشی كارە باشەكان بكەین، هەمووشمان بەدڵسۆزی ومەسئولیەتەوە هەوڵی چارەسەری كەموكوڕیەكانیش بدەین، دوا وتەشم بەرێز سەرۆكی پەرلەمان، هەزار گوتار بەقوربانی یەك كردار، زۆر وسوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، كەیلی خان، فەرموو.

**بەڕێز كەیلی اكرم احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لەڕاپۆرتی لیژنەی دارایی دەكەم، پشتگیری لەزیادكردنی سولفەی عەقار دەكەم بۆ گوندەكان وناحیەكانیشی لەگەڵ بێت، پالپشتی كردنی بەردەوام لەدانی قەرزی بچووك بۆ لاوان و بەرنامەی تواناسازی، پاڵشتی بەردەوام بۆ لیژنەی پارائۆلۆمپی كە مینحەكەیان لەلایەن وەزارەتی دارایی بێت، هەروەها پاڵپشتی كردنی بەردەوام لەسەر پێشكەش كردنی خزمەتگوزارییەكان لەناچە دابڕاوەكان، هەروەها پاڵپشتی كردنی بەردەوام بوون لەهەڵمەتی نیشتمانی بۆ دروست كردنی قوتابخانەكان، لەڕاپۆرتی لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی پشتگیری لەدروست كردنی بینایەی ئۆتیزم لەشاری سلێمانی، وە خەرجكردنی دەرماڵەی تایبەت بەمامۆستاو فەرمانبەر و توێژەرە كۆمەڵایەتیەكان كە تەنها سەر بەوەزارەتی كارن،

لەڕاپۆرتی لیژنەی وەرزش ولاوان پێشنیار دەکەین بەدروست کردنی شارێکی وەرزشی کەلەشاری هەولێر بێت، هەروەها لەگەڵ دروستکردنی بنکەی لاوان لەقەزای چۆمان، لەکۆتاییدا پشتگیرییەکی تەواو لە لیژنەی کاروباری پێشمەرگەو شەهیدان دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، کاک گۆران، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە دوای یەك هەفتە قسەکردن ئەمە حەوتەم ڕۆژە قسەم بەردەکەوێت، دوای ئەوەی کە 100 پەرلەمانتار قسەیان کرد، پێم وایە بەشی زۆری سەرنج وتێبینی وڕەخنەکانم وتراوە، بەڵام بەپێی لۆژیك، بەپێی مەنتق، دوای نزیکەی 36 سەعات قسەکردن و ئەو هەموو پرسیار و وەڵامە، ناکرێت من هەمان ئەو لائیحەی کە لەسەرەتای هاتنی بودجەدا دیراسەم کردبوو، وەلەلام دروست بوو، وە ئامادەم کردبوو، بێم هەمان شت جارێکی تر لێرەدا بخوێنمەوە، بۆیە تا سەرەم هات لەوانەیە 10 جار زیاتر ئەو پرسیارانە لای من گۆڕانکاری بەسەردا هاتبێت، بەشێك لەوەڵامەکانم دەستکەوتبێتەوە، سەرنجەکانی من وەك لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە، بەسەر دوو تەوەردا دابەشی دەکەم، یەکەم: سەبارەت بەڕاپۆرتی بودجە، کەلیژنەی دارایی ئامادەی کردووە، خاڵی یەکەم وئەساسی کە هەموو ساڵێك ئێمە لێرە دووبارەی دەکەینەوە، بریتیە لەدواکەوتنی بودجە، من پێم وایە دواکەوتنی بودجە جگە لە حکومەت، جگە لەکۆمەڵانی خەڵك هیچ کەس تێیدا سوودمەند نابێت، جگە لەڕەخنەگرانی حکومەتیش تێیدا تەنها ئەوان سوودمەند دەبن تێیدا، بۆیە هەموو ساڵێکیش ئەم حیکایەتە دووبارە دەکەینەوە، لەبەرامبەر ئەوەدا چەند پێشنیارێك کرا لەسەر چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەی، یەکێك لەپێشنیارەکان، ئەوەیە کەسەنەی مالی لێرەدا بگۆڕین، بەڵام بەپێی مادده 110 ی دەستووری عێراقی، سیاسەتی مالی سیاسەتێکی فیدڕالیە، واتە لامەرکەزییە، واتە ئێمە پێم وانیە بتوانین بەگوێرەی بەدواداچوونی من وقسە کردن لەگەڵ لیژنەی دارایی عێراقی و لیژنەی یاسایی عێراقی ئێمە بتوانین ئەمە دەستکاری بکەین، لەموقابیلدا حەلێکی تر هەیە ئەوەیە بە تەخمینی بۆمان بێت لەکاتی زیاد بوونی موازەنەدا جارێکی تر بێتەوە دەست پەرلەمانی کوردستان، بۆ ئەوەی ئێمە موصادەقەی بکەینەوە، ئەوکاتە پێم وایە پەرلەمانی کوردستان لەبەردەم موصادەقەی دوو میزانیە دەبێت، خۆشمان دەزانین مەسەلەی میزانیە چۆن دەڕوات، لەبەرامبەر ئەوەدا من پێشنیاری ئەوە دەکەم، ئەگەر حکومەت ئەو کار ئاسانیە بکات و لەکاتی خۆیدا بێتە پەرلەمانی کوردستان و دەسەڵاتی ئەوەی پێ بدەین، هەر کاتێك کەمکردنەوە کرا دایببەزێنین وبەڵام لەکاتی زیادبووندا بۆ ئەوەی دەستی حکومەت نەکەینەوە کەدابەشی بکاتەوە سەر بودجەی تەشغیلی، ئیلزامی بکەین لەهەر زیادبوونێك بیداتە وەزارەتی پلاندانان و غەیر موباشر دەکاتە ئەم سندوقەو تەوزیع بکرێت بەشێوەی ڕێژەی دانیشتوان بۆ پرۆژەی ئیستیسماری، جاچ وەزارەتی پلاندانان بێت یان پارێزگاکان بێت، پێم وایە لەم گرفتە ڕزگارمان دەبێت، پێم وایە ئەم

نەصە دابنێین، ئەگەر دەستکراوەیەکی تری وەزارەتی مالی تێدا بێت، بەڵام ئیمکانیەتی جێبەجێکردنی تێدا باشترە، لەوەی کەنەصێك دابنێین وەك ساڵی پار کەحکومەتمان ئیلزام کرد لەسندوقێکدا حکومەت وتی من ناتوانم ئەمە جێبەجێ بکەم، بەفیعلی ئێستا دەیبینم کە جێبەجێ نەبووە باشترە لەم نەصە، قسەیەك لەسەر ئەمە کرا، من وەك یاساییەك حەزدەکەم باسی بکەم، بەڕاستی بودجە حکومەتی تەسریفی ئەعمال ئەیتوانی بینێرێت، یاخود نەیدەتوانی نەینێرێت، بەڵام بەڕێزان ئێمە لەموناقەشەی بودجەدا هیچ کەسێکمان ناتوانی نکوڵی لەوەدا بکەین کەوا بودجە لەناو پرۆسەیەك و موعادەلەیەك وموناقەشەیەکی سیاسیدا بەڕێ دەچێت لەهەرێمی کوردستان، ساڵی یەکەم پرسیاری ئەوە کرا، کەئەم بودجەیە بەمەجلسی شورادا ڕۆشتووە یان نا بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە، جا ئەمساڵ ئەگەر ئەم بودجەیە بهاتایەتە پەرلەمانی کوردستان وحکومەتی تەسریفی ئەعمال بیناردایە، من دڵنیاتان دەکەمەوە کە لەیەکەم کۆبوونەوەدا دەوترا ئەم بودجەیە دەبێ بگەڕێتەوە، چونکە بەپێی یاسا حکومەتی تەسریفی ئەعمال قەت ناتوانێت کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران بکات لەبەر ئەوەی کۆبوونەوە واتە دانی بڕیاری گرنگ، بۆیە ناتوانێت تەنانەت کۆبوونەوەش بکات، تا ئەوکارە ڕۆژانەییە بەڕێ دەکات، جا چ جای ناردنی پرۆژە یاسای بودجە کەبەگوێرەی ئەم پرۆژەیە ئیلتیزامات لەسەر ئەم حکومەتە دادەنێت، من وەزیری تەندروستی سێکتەری کەمی بۆ دانراوە، بەیانی دەتوانین بێین موحاسەبەی بکەین لەسەر هەندێ شت، بەڵام ئەم وەزیرە، ئەگەر گۆڕا بودجەکەشمان پێش ئەو پەسەند کرد، تۆ چۆن دێیت لەڕووی یاساییەوە ئیلزامی دەکەیت و مەسئولی دەکەیت، موحاسەبەی دەکەیت، بۆیە بەڕاستی ئەم ڕەئیە هەرچەند برادەرێکی تر باسی کرد کەسەرۆکی لیژنەی یاسایی بوو، بەڵام ڕەئیەکی یاسایی وازح بوو، ئەگەر بهاتایە من دڵنیاتان دەکەم لەیەکەم کۆبوونەوە لەدوای خوێندنەوەی یەکەم داوای گەڕاندنەوەیمان دەکرد، من هەندێ پرسیارم لا دروست بووە، لەدابەشکردنی بودجەدا کەدابەشکراوە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە 97 ملیاری بۆ دانراوە، وەزارەتی ئەوقاف 109 ملیاری بەرکەوتووە، بەڵام ئەوەی کەمن زیاتر هەڵوەستەی لەسەر دەکەم، ئەوەیە کەشارەوانی 430 ملیارە، سامانە سروشتیەکان 514 ملیارە کە هی ئەم وەزارەتە زۆر زیاترە، ئەگەر ڕێژەی مووچەخۆری وەزارەتی شارەوانی دەربێنم 31500 ی هەیە، بەس سامانەسروشیتیەکان 3 هەزار فەرمانبەری هەیە، ئەگەر ژمارەی پرۆژە بێت ئەو 742 پرۆژەی هەیە، بەبەردەوام و پێشنیار کراوەکان، ئەو تەنها نزیکەی 16 پرۆژەو 150 بەردەوامی هەیە، بۆچی ئەم جیاوازییە هەیە؟، ئایا ئەمە ئەو پرسیارەیە کە دەوترێت داهاتەکەی لەناو بابی مینەحدایە، هی وەزارەتی شارەوانی، لەڕاپۆرتەکەدا لەخاڵی 13 بڕگەی (ج) باسی ئەوە کراوە، کە حکومەتی هەرێم بایی 120 هەزار داهاتی پترۆ دۆلاری هەیە، پێم وایە ئەم وشەیە لەیاساکەدا بەتەواوەتی هاتووە، باسی مونتەجی نەوتی کردووە، چونکە پێمان وایە 120 ملیارە پارەی موشتەقاتی فرۆشتنی نەوتە، پارەی پترۆ دۆلار بەگوێرەی یاسای بودجەی عێراقی، بەگوێرەی ماددەی 23 ئالیەتێك کەدانراوە بۆ ئەو نەوتەی کەهەناردە دەکرێت، هەر بۆیە دوێنێش پێم وابوو، کاك سەمیر کەوتە ئەو پرسیارەوە کەوترا ئەو 120 ملیارە پارەی داهات بێت ئەی پارەی فرۆشتنەکەی چیە؟، لەبەر ئەوە

تەنها ئەوە پارەی موشتەقاتی نەوتە، بۆیە پێم باشە لیژنەی دارایی ئەم مولاحەزەیە بەنەزەری ئیعتیبار وەربگرێت، واتە پارەی پترۆ دۆلار نیە؟، ئێمە لە لاپەڕە 13ی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی هەیە، کەئێمە بۆ حسەی گاز نزیکەی 6 تریلیۆن دینارمان پێویستە، 5 تریلیۆن لەڕێگای وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە دابین دەکرێت، من دەپرسم کەواتە ئەم 5 تریلیۆنەش بریتیە لەداهاتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، بەلاَم پێشەکی تەخصیص کراوە بۆ ئەوەی کارەبای هەرێمی کوردستانی پێ بدرێت وپێی بەردەوام بێت، پێشم وایە کارێکی زۆر باشە، بەلاَم ئەمە بۆ بەجەدوەلێکی مولحەق لەگەلْ بودجەکە نەهاتووە، بۆ موناقەشە نا بەس بۆ ئەوەی ئەندامان عیلمیان پێی هەبێت، چونکە کەتۆ دەلێی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان 120 ملیاری داهاتە، ئۆتۆماتیکیەن ئەندامی پەرلەمان پرسیارێکی لا دروست دەبێت، بەس کەئەوەت بەجەدوەل نارد ودیاریشت کرد کەلەچ بابێکدا سەرف دەکرێت، کەپالْپشتیەکە بۆ بەردەوامی کارەبا لەهەرێمی کوردستان، پێم وایە ئەم گرفتە زیاتر دروست نەدەبوو، من دەستخۆشی دەکەم بۆ ئەو خالاَنەی کەڕۆژی یەکەم وەزیری دارایی ڕوونی کردەوە لەو دەعم ومەشاریعانەی کە ئێمە بۆ ناوچە دابڕاوەکانمان کردووە، بۆ پێدانی کارەبا کە 400 ملیار پارەی کرێی کارەبایان بۆ دەدەین، بەلاَم لەگەلْ ئەوەشدا تەنانەت بۆ دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر مامۆستاو فەرمانبەر لەسەر میلاکی هەرێمی کوردستان، بەلاَم لەگەلْ ئەوەشدا بۆ تەشجیعێکی زیاتر ئەو هاوولاَتیانەی کەفۆڕمی بایعیان دەگوازنەوە دەگەڕێنەوە بۆناوچەکان، بەتایبەت ئەوانەی دەسەلاَتی حکومەتی هەرێم وەکو شوان، ئەو ناحیانەشی کەتێیدا موسەیتەرە، پێویستە سولفەی عەقار وزەواج بیانگرێتەوە، بۆ نموونە ئێمە لەتەقتەق لەنێوان ئیدارەی تەقتەق وئیدارەی کەرکووك تەنها یەك جسرمان بەینە، لەمبەر بۆ ئەوبەر ئەم فەرق وجودابیە دەکرێت، هیچ نەبێت بۆ ئەو ناوچانەی کەحکومەتی هەرێم تێیدا بالاَ دەست وبڕیار بەدەستەو ئیدارەی خۆیەتی بتوانێت لەم سولفانە بەرێنمایی تایبەت کەوەزارەت چۆن پێی گونجاو وباش بێت دەریبکات، ئێمە سالْی پار 10 ملیارمان دانا بۆ گەڕاوەکانی ئێران، بەلاَم بەڕاستی من زۆر تەعقیبم کرد، خۆ دەبێت ئەم پارەیە بە ڕێنماییەك دەرچووبێت، ئەگەر ڕێنماییەکە دەرچووە، پێم باشە وێنەیەکمان پێ بگات، هۆکاری زیاد کردنی ئەم بودجەیە بۆ 100 ملیار چیە؟، خۆ دەبێت فاکتەرێك هەبێت ئایا بەنیازن لەسالْی چەندەوە بیدەن؟، وەچی وای لێکردن وەزارەتی مالیە ئەم مەبلەغە بگەیەنێتە 100 ملیار، لەسەر زیاد بوونی بودجەی تەشغیلی، کەباس دەکرێت بەڕاستی من پێم وایە قسەکردنی ئێمە لەسەر میزانیە ئەمە خالێکی گرنگە، کە بودجەی تەشغیلی زیاد بووە، بەلاَم لەگەلْ ئەوەشدا من وەك خۆم دەلێم وەك ئەندام پەرلەمانێك بەشێك لە مەسئولیەتی زیاد بوونی بودجەی تەشغیلی و دەتوانم تەحەمولی بکەم، لەبەر ئەوەی بەشێك لەو یاسایانەی کەبودجەی تەشغیلی پێ زیاد بووە، لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، هەر لەیاسای زیادکردنی مووچەی کەمئەندامان، هەر لەیاسای مینحەی زیندانیانی سیاسی، لەزەواج، لەعەقار، لەهەموو ئەوانە لەپەرلەمانی کوردستانەوە زیاد بووە، من بەڕاستی پشتگیری کەمکردنەوەی بودجەی هەر سێ سەرۆکایەتیەکە دەکەم بەڕێژەی لە 10٪، بەتایبەتی هی ئەنجومەنی دادوەری، ئەگەر بکرێت کەم

بكرێتەوە، ئەگەر بێینە سەر حساباتی خیتامی ساڵانی پێشووی ئەنجومەنی دادوەری ئەم بودجەیە زۆر زۆر کەمتر سەرفکراوە، جگە لەوەش ئەنجومەنی دادوەری دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە، وەزارەتی مالیە هیچ دەسەڵاتێکی کەمکردنەوەی نیە، هەموو ئەو بابەتانەی کەهاوڕێم دکتۆرە ڕۆژان باسی کرد، لە دانانی ئەم پارانە هەمووی بەڕەزامەندی و بەدەسەڵاتی خۆیان بووە، ڕاستە وەزارەتی مالیە ئەخیری موافەقەتی بۆ کردوون، بەڵام موافەقە بکەن یان نەیکەن ئەوان لەسەر نیسبەکەن، بەڵام ناتوانن بڵێن لەکام باب دایبنێن و لەکام باب داینەنێن، بینیشمان ئەنجومەنی دادوەری لەچ بابێك دایناوە، دواتر ئەو بابانەی کەپێویستی پێی نیە موناقەلە دەکرێت بۆ کۆمەڵێك حاڵەت بەکاری دێنێت کەپێی دەوترێت بەفیڕۆ دانی پارە، من بەشێوەیەکی گشتی لەکۆی موناقەشەکانم پێم وایە لەسەر داهات زۆر موناقەشەمان کرد، بەڵام ئەوەی کەمن لێی تێگەشتم لەوەڵامی وەزیری دارایی ئەوەیە، کەوا داهاتی مەنافزی حدوودی کەئەوەی لەبودجەدا باس نەکراوە، یان باسکرا بوو ساڵی پار و ڕێژەکەی کەمە، لەو ڕسوماتانە ڕێژەیەکی کەمە، دەڵێت ئەم داهاتە بەهیچ شێوەیەك نایەتە ناو هەرێمی کوردستان وحکومەتی عێراقی دەیبرێت، من پێم وایە لێرەدا تا ئەوکاتە من وەك خۆم دەڵێم وەك پەرلەمانتارێك دەتوانم بەڵگەیەك دژی ئەو قسەی جەنابی وەزیر بخەمە ڕوو، دەبێت بچین تەعقیب بکەین لەڕێگەی نوێنەرکانی خۆمان، لەڕێگەی لایەنە پەیوەندیدارەکانی خۆمان کە لەحکومەتی عێراقین، واتا ئەوکاتە دەبێت بەو بڕەی کەوا بۆ مەنافزی حدوودی دانراوە، من قەناعەت دەکەم تا ئەوکاتەی کەوا دەتوانم بەڵگەیەك دژی ئەم بۆچوونە لەگەڵ ڕێزمدا بخەمەڕوو، لەسەر مەسەلەی داهاتی نەوت، ئەوەی من بەدواداچوونم کردووە، ئێمە تەنها یەك ساڵ پارەی فرۆشتنی موشتەقاتی نەوت هاتە پەرلەمانی کوردستان، ئەویش لەبەر ئەوەی لەیاسای ساڵی 2010 ئەوەمان جێگیر کرد کە پێویستە سندوقێك بکرێتەوە لەوەزارەتی مالیەو پارەکە بێتە پەرلەمانی کوردستان ئیقرار بکرێت، بەڵام لەساڵی 2011 ئێمە ئەم دەسەڵاتەمان دا بەحکومەتی هەرێمی کوردستان، لەڕێگەی ئەوەی کە وتمان سندوقی کوردستان دروست بکات و داهاتەکانی تێ بکات، بەڵام دیارە ئەم پارەیە ئێستا لەڕێگەی پەرەپێدانی پارێزگاکانەوە دەدرێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا کەمن پێم کارێکی باشە، چونکە تا ئێستا من ئالیەتی پرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بەسەریع ترین ئالیەت و باشترین ئالیەت دەزانم، بەڵام ئەوەی کەگرفتە ئەم پارانە لەدوو کاتی جیاواز، واتە دوو مەصدەری مالی لەهەرێمی کوردستاندا زۆرجار هەیە، بۆ دەعمی مەشاریع کەدەبێتە هۆی ئەوەی ئەو پارێزگایانە لە پێشکەشکردنی مەشاریع زۆرجار لێیان تێك بچێت، مەشروعێك لەیەك کاتدا لەدوو شوێندا پێشکەش دەکەن، بۆیە ئەگەر دەعمی مەشاریع لەهەرێمی کوردستان هەموو یەك بخرێت وئەو داهاتانە لەیەك بانق دابندرێت بۆ دەعمی مەشاریع، پێم باشترە، دێمە سەر پرۆژەکان بەڕاستی من پێم باشە ئەوە موقتەرەحی خۆمە، ئێمە مادام سیاسەی مالی عێراق موەحەدە، وەمادام ناردنی خشتەی ئەو مەشروعانە لەحکومەتی عێراقی نیە، من پێم باشە هیچی تر حکومەتی هەرێم خۆی نەینرێت، بۆچی؟، لەبەر ئەوەی ناردنی ئەو خشتانە بۆ هەدەفی شەفافیەت و بۆ بەرچاوڕوونی ئەندام پەرلەمان بوو، بۆ بەدواداچوونی ئێمە بوو، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەوەی لەناردنی ئەم خشتانە ئەوە بوو،

گوتمان پرۆژەی وەهمی، وتمان پرۆژەی دووبارە، وتمان پرۆژە ساڵانە دووجار پارەی بۆ تەرخان دەکرێت، وە دەستکەوتنی خشتەی ئەم پرۆژانە بۆ من گرنگە، بەڵام نەك بێین موناقەشەی لەسەر بکەین، دەکرێت وەزارەتی پلاندانان بێت ئەو پرۆژانەی کە ساڵانە قەراری لەسەر دەدرێت وموصادەقەی لەسەر دەکرێت، بنێردرێتە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان، لەرێگەی لیژنەکانەوە بێت بۆ هەموو ئەندامی پەرلەمان، تالەلای بێت وموتابەعەی بکات، چونکە ئەوەی کەمن، ئەگەر چی زۆری لێنازانم، بەڵام پرۆژە زانستێکی تایبەتەو کۆمەڵێك یاسای مقاوەلات وتایبەتی لەسەر جێبەجێ دەبێت، پێم وایە کاری من وەك ئەندامی پەرلەمان نە لەوەوە دەست پێدەکات منیش بێم لێرە باسی سنووری قەزای کۆیە و ناحیەکانی دەوروبەری بکەم، کەچەند پرۆژەیان پێویستە ولەچیدا مەغدوورن، وە نەپێشم وایە مەسئولیەتی من لەوەدا کۆتایی پێ دێت، ئەم پرۆژانە ئەوەی کەدانراوە کۆتایی پێهاتووە، لەبەر ئەوەی من هەر پرۆژەیەکی نوێ بڵێم دەبوایە بەر لەهاتنی بودجە ئەوە ئەرکی من بوو وەك پەرلەمانتار بەدواداچوون بکەین، من پێم وایە ئەوە ئەرکی منە وەك پەرلەمانتارێك لەزەروریاتی پرۆژەکان، لەگەڵ مەسئولی وەحدەی ئیداری، لەگەڵ وەزارەتی مەعنی هەوڵ بدەین ساڵانە لەپلاندا ئەو پرۆژانە داخڵ بکەین، ئێستا من ئەو پارەی کەدانراوە تەقسیم کراوە، چ ناوچەیەك وچ ئەندام پەرلەمانێك قبوڵ دەکات، تەنانەت یەك پرۆژە لابدرێت بۆ ئەوەی من بتوانم پرۆژەیەك دابنێم، بۆیە من باسی ئەو حاڵەتەو ئەو زەروریەتانەی ناوچەی خۆم ناکەم، چونکە پێم وایە ئێستا کاتی نیەو ئەمە ڕۆشتووە، بەڕاستی من پشتگیری بەشێکی قسەکانی هاوڕێم کاك عبدالله دەکەم، کە باسی لەوە کرد کە ئەم بودجەیە لەدانانی ستراتیژدا پێویستە پلانێکی ڕوونی هەبێت، وە پێویستە پلانێکی درێژخایەنی هەبێت لەهەموو سێکتەرەکاندا، بۆ نموونە ئێمە لەبواری پەروەردەدا چی دەکەین؟، بۆ نموونە لەبواری خوێندنی باڵادا چی دەکەین؟، لەبواری کارەبادا چی دەکەین؟، بە داتاو بە ئامار لەلامان بێت، بەڵام من پێشم وانیە بەو دەرەجە، بودجە بەتایبەتی لەم دوو ساڵەی کە من لەم پەرلەمانەم و گفتوگۆمان کردووە، بەو دەرەجە بێ پلان بێت، دانانی $120$ ملیار بە ئیتیفاقی هەموو ئەندامانی پەرلەمان لەبودجەدا بۆ هەڵمەتی نیشتمانی بۆ دروست کردنی قوتابخانە، ئەمساڵیش هەمووومان پشتگیری لێ دەکەین، پێم وایە بەشێك بووە لەپلانی وەزارەتی پەروەردە، پار موناقەلەیەکی زۆرمان کرد لەپارەی پرۆژەکان بۆ کارەبا، کە گوترا پلانێکی پێویست هەیە بۆ ئەوەی کێشەی کارەبا کەم بکەینەوە، بەڵام ئەم پلانانە من پێم وایە بەهۆی بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان، ئەگەر دوور مەودا نەبن و بکرێت دوور مەودا تر بن وباشتر دابڕێژن ئەوە جێگای دەستخۆشیە، من پرسیارێکم هەیە بۆ وەزیری پلاندانان، کەدەوترێت ئەم پرۆژانە لەسەر ئەساسی عەدالەت دابەشدەکرێت، من ئەگەر پرۆژەی سنوورەکەی خۆم باس بکەم، کاتێ کەتۆ دێیت ئەم پرۆژانەی سنوورەکەی خۆت کۆ دەکەیتەوە، پرۆژەی بەردەوام دێم کۆی دەکەمەوە، بابڵێین وەزارەتی شەهیدان ئەمساڵ بۆ سنوورەکەی من هیچ پرۆژەی دانەناوە، بەڵام ساڵی پار لەبەردەوامەکان $3$ پرۆژەی داناوە، تەندروستی ئەمساڵ هیچ پرۆژەی دانەناوە، بەڵام ساڵی پار $4$ پرۆژەی داناوە، کەدێم من نابێت ئەمەی بەردەوامەکان پشتگوێ بخەم، بۆ ئەوەی عەدالەتی ناوچەکەی خۆم بەدی بهێنم وبەراوردی بکەم

بەچەند ناوچەیەكی تر، بەڵام ئەم پرۆژە بەردەوامانە كە من دواكەوتنی پرۆژە لەزۆر حاڵەتدا كە دێمە سەری هۆكاری خۆی هەیە، بەڵام پرۆژە هەیە لەساڵی 2010 كە ئێمە هاتینە ئەم پەرلەمانە، داخڵمان كردووە ئێستا دەستبەكار نەبووە، بەنموونە پاركێكی گەورە بوو لە تەقتەق، بەنموونە هۆڵێكی وەرزشی بوو لە تەقتەق، بەنموونە بینای وەرزشی بوو لەشاری كۆیە، كەتازە حاڵەتی عەقدەكەی تەواو كراوە، بەڵام من لەهەمووساڵێك لە 2010 وە ئەو مەبلەغەی كە بۆ ئەم بینایە دانراوە، كەكۆی دەكەمەوە دەڵێن ئەوەتا تەخصیصی تۆ كەواتە تۆ لەچاو چەمچەماڵ ئەوەندەت بۆ دانراوە، ئەوەندە لەپێشی یان ئەوەندە لەدواتری، بۆیە پێم وایە چاكترە ئالیەتێكی باشتر لەڕێگەی پرۆژە پێشنیاركراوەكان بێت یان هەر شتێك بێت، بەڵام ئەم ئالیەتە كەمن كۆی دەكەمەوە وانیە كەبتوانم عەدالەتەكە وەك خۆی بێت، ئەگەرچی من پێم وایە بەدیهێنانی عەدالەت قورسە، چونكە تەوزیعاتی مەشاریع تەنها لەسەر ژمارەی دانیشتوان ناكرێت، پێم وایە ناوچەی موزەحی كە هەیە زۆر زۆر زیان لێكەوتووە، نەك تەنها لەسەر ڕێژەی دانیشتوان، لەڕاپۆرتی بودجە هاتووە كە هەندێ پرۆژە هەیە دەبێت لابرێت، بەڕاستی من بەهەموو شێوەیەك پێچەوانەی ئەو ڕەئیەم، چونكە من پێم وایە ئەو پرۆژەیە ئەگەر ستراتیژی بێت وزۆر گرنگیش بێت، تازە داخڵ كراوەو هیچمان موتەفق نابین لەسەر لادانی، دواكەوتنی پرۆژە ڕەبتی بەوەوە نیە كەبڵێین ئەو پارەی تەرخانكراوە بۆ وەبەرهێنان كەمە، ئەصڵەن ئێمە دەبینین ساڵانە ئەوپارەی هەر سەرفیش ناكرێت، بەڵكو كێشەكە لەدواكەوتنی پەسەند  كردنی بودجەدایە، ئەو ڕۆتیناتەی كە لەتەنەدەرەكاندا هەیە بۆیە بەهەموو شێوەیەك ئەم بۆچوونە ڕەد دەكەمەوە، لێرەشدا سەرنجێكی ترم هەیە، كاك دكتۆر عەلی وتی بەشێك لەپرۆژەكان كەنەچووەتە بواری جێبەجێكردنەوە ئێستا چووەتە بواری جێبەجێ كردنەوە، بەفیعلی وایە من لەسنوورەكەی خۆم 30 پرۆژە كەئەو ڕاپۆرتە هاتووەتە لای من سفر بووە، بەڵام ئێستا كەموناقەشە دەكەم دەتوانم بڵێم ژمارەیەكی كەم لەم پرۆژانە ماوەتەوە بچنە بواری جێبەجێكردن، لەكۆتاییدا من كۆی قسەكانی زیاد كردن وكەمكردنەوەكانم هەڵدەگرم بۆ یاسای موناقەشە، چونكە پێم وایە بودجەدا كە لە 5 فەصڵ پێك هاتووە، جارێكی تر ئێمە قسە لەسەر ئیرادات دەكەین، لەسەر میلاكات دەكەین، قسە لەسەر زیاد كردنی سولفەی عەقارو زەواج دەكەین، بۆیە ئەوكاتە وردەكاری ئەم زیاد كردنانە باس دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس، گەشە خان، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشەكی دەستخۆشی لەڕاپۆرتی لیژنەی دارایی دەكەم بۆ ئەرك و ماندووبوونیان، دەستخۆشی لە فراكسیۆنی كوردستانی وسۆزان خان دەكەم بۆ خوێندنەوەی لائیحەكەی لیستی كوردستانی و پشتیوانی كردنی خاڵ بەخاڵەكانی، بەتایبەتی لەبەر ئەوەی كارێكی یاسایی و موئەسەساتی و سیستماتیكی كردووە، ئەو خاڵانە و ئەو داواكارییانەی كەكردوویەتی لەسەر ئەساسێك و مەخرەجی بۆ دۆزیوەتەوە لەسەر ئەساسی ماددەی

79ی پەیڕەوی ناوخۆ، لەسەرۆکایەتیەکان ببڕدرێت و جێگای ئەو داواکارییانەی تێدا بکرێتەوە، تا حکومەت کێشەی بۆ دروست نەبێت لەجێبەجێکردنی ئەو داواکارییانەدا، بەڕێزان من لەوەوە دەست پێدەکەم ئێمە پرۆژەیەکی بڕیاری تەسلیم کردنەوەی موڵکی گشتی حکومەت لەلایەن ڕێکخراو وحزب وهەندێ لەهاووڵاتیانەوە کەدەستی بەسەردا گیراوە، لە تەموزی 2010 پێشکەشی پەرلەمانمان کردووە، وەخوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە لە 2011/2/28، ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و یاسایی لەسەر نووسراوە، لە مانگی 2 ی 2011، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نەخراوەتە بەرنامەی کارەوە، حکومەت بڕیاری لەسەر ئەم بابەتە دەرکردووە، ئەگەرچی هەندێك ژمارەی بینا تەسلیمی حکومەت کرانەوە بۆ خزمەتی خەڵك، بەڵام هێشتا زۆری ماوەو لەسەرەتایەتی، من بۆیە دەچمە سەر ئەم خاڵە، لەوەوە دەست پێدەکەم کەحکومەت کرێچیە، زۆرجار ئێمە باسی ئەوە دەکەین کەحکومەت کرێچیەو کرێچیەتی حکومەت بووە بەهۆی زیاد بوونی بودجەی تەشغیلی کە کاك ئاسۆ ئاماژەی پێکرد، بەس وەزارەتی ڕۆشنبیری 47 بینای داگیر کراوە، هەروەها شەونم خان بەهەمان شێوە ئاماژەی پێکرد، کە بەپێی ئاماری وەزارەتی پەروەردە 150 بینای قوتابخانەکان دەستی بەسەردا گیراوە، کە بەس لەساڵی 2009، حکومەت 51 ملیار دەدات بەکرێی خانوو لە ساڵی 2010ش 57 ملیاری داوە، موڵك هەیە لەناو جەرگەی شاردا بە دەیان دۆنم دەبێت، لەناوجەرگەی شاردایە داگیر کراوەو تەلبەن کراوە، لەکاتێکدا کە ئەم موڵکە جێی گەورەترین یادگاری منداڵانی شارێك بووە، ئێستا دەستی بەسەردا گیراوەو لەپێناو خزمەتی لایەنێك و ڕێکخراوێك بەکار دەهێندرێت، من ئەم قسەیەم لەسەر هەموو ئەو لایەنانەیە کە ئەو بینا حکومیانەیان لایە، کەدەستی بەسەردا گیراوەو بۆ لایەنی تایبەتی بەکار دەهێندرێت وناخرێتە بەرژەوەندی گشتیەوە، لەبەر ئەوە ئەو بەشە چاکسازیەی کەلای خۆمانەو کەداوای کەمکردنەوەی بودجەی تەشغیلی دەکەین، با هەریەکەو لەلای خۆمانەوە دەست پێ بکەین، خاڵێکی تر کەدەبینم لەپرۆژەی بودجەدا حکومەت گرنگیەکی ئەوتۆی نەداوە بەبواری ژینگە، لەئەمساڵدا 7ملیارو ە 81 ملیۆنی بۆ دانراوە، لەو مەبلەغە 3 ملیار و 199ی بۆ مووچەیە، ئایا ئەم دەستەیە لەناوەڕۆکی کارەکەی خۆی چی دەتوانێت بەو بڕە پارەیە جێبەجێ بکات؟، ئەوەی کەئێمە دەبیستین لەدەستەکە، بەداخەوە یەعنی حکومەتی هەرێم هیچ گرنگیەکی ئەوتۆی پێ نادات، لەکاتێکدا کە سندوقی پاراستنی ژینگە لە ساڵی 2008 کە لەیاساکەدا تەصدیق کراوە، سندوقێك دائەندرێت لە غەراماتی ئەو کارگەو شەریکاتانەی کە ژینگە پیس دەکەن، ئەبێت بخرێتەوە بەردەستی دەستەی ژینگە، بەڵام من لەوەزیری دارایی دەپرسم بۆ ئەو بڕە پارەیە ناخرێتەوە بەردەستی دەستەی ژینگە بۆ خزمەتی ژینگە، لەکاتێکدا کەکاری ژینگە لەڕووی ڕاگەیاندنەوە لەڕووی تیباعەو نەشرو میدیاکانەوە ئەبێت کاری خۆی بکات، باس لەوە دەکات کەمانگی 37 هەزار دیناری بۆ سەرف دەکرێت، دیارە هەر لەمەسەلەی ژینگەدا پرۆسەی بەرهەم هێنانی نەوت کارێکی زۆر گرنگە کەحکومەتی هەرێم کردوویەتی وبووەتە هۆی بووژانەوەی ئابووری کوردستان، بەڵام بەداخەوە کاریگەری سلبیشی هەیە، لەهەموو وڵاتێکیشدا بەو شێوەیە کەپرۆسەی نەوت بەرهەم دەهێندرێت کاریگەری سلبی دەبێت، بەڵام چارەسەریشی هەیە، کە ئێمە

لەیاسای نەوت وغازدا چارەسەرمان بۆ دۆزیوەتەوەو سندوقێك دانراوە بۆ پاراستنی ژینگە، من دەپرسم ئایا لەو سندوقە چی سەرفکراوە بۆ ژینگە، لەکاتێکدا کەخۆم لەگەڵ چەند هاوکارێکم، دکتۆر سەروەر وکاك سالار سەردانی موقیعێکی دەرهێنانی نەوتمان کرد لەبازیان، هەرچەند دەقەیەك لەوێ وەستاین خۆمان پێ نەگیرا، خەریك بوو دەکەوتینە زەوی، یەعنی لەکاتێکدا کەئەمەخەڵکەکە باسی ئەوەیان دەکرد لەکاتی سووتانی غازەکەدا چەندین خەڵك بووراوەتەوە، ئەو ناچەیەی پیس کردووە، خەڵك تووشی نەخۆشی دەبێت، بەڵام نازانم بۆ لەو سندوقە وەکو پێویست کار بۆ ئەوە ناکرێت ئەو ژینگانە بپارێزرێت لە پرۆسەی بەرهەم هێنانی نەوتدا، بیمەی بێکاری یەکێك بوو لەوکارانەی کەحکومەت ساڵی پار بڕیاری لێدا، دەستخۆشی لەحکومەت دەکەین کەئەمساڵیش بەردەوامی هەیە لەو کارەدا، بەڵام ناعەدالەتی تێدایە، ئێمە لەنووسینگەی پەرلەمان پێشوازیمان لەخەڵك کردووە، بەتایبەتی لە دەرچووانی خوێندنگا پیشەییەکان کە ئەم بیمەی بێکارییە نایانگرێتەوە، نازانم بەچ پێوەرێك دەرچوویەکی زانکۆ فەرق بکرێت، لەگەڵ دەرچوویەکی خوێندنگا پیشەییەکان لەکاتێکدا گەنجێکەو هەمان پێداویستی هەیە، ڕاستە لەئاستی خوێندندا ئەو پلە علیمیەکەی باڵاترە، بەڵام بۆ ژیان پێویستیان بەو بڕە پارەیە وەك یەکە کە پێویستە ڕەچاو بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو بڕە پارەیەی کەمەحدودەو زۆرترین ژمارە بگرێتەوە، با ئاستی داهاتی خێزانەکان لەبەرچاو بگیرێت، زیاتر کوڕ وکچی هەژار بگرێتەوە، واتە حکومەت زیاتر بە سیستەماتیك بیکات، بۆ ئەوەی عەدالەتی لێ بکەوێتەوە، دامەزراندنی 17 هەزار میلاك، جێگای دەستخۆشیە کە حکومەتی هەرێم ئەمساڵ بڕیاری لێداوە، بەڵام لەکاتێکدا کەئێمە دەبینین لە هەرشوێنەو بەشێوازێك جێبەجێکراوە، هەموو ساڵێکیش ئەمە دووبارە دەکەینەوە دەڵێین زۆر خەڵك دامەزراوە، بەڵام بۆ خەڵك ناڕازییە لەم دامەزراندنە، لەبەر ئەوەی کەناعەدالەتی هەیە، لەبەر ئەوەی کە سیستمێك نیە کە خەڵکی پێ دابمەزرێت و پێوەری هەبێت، ئێمە ئەنجومەنی ڕاژەمان پەسەند کرد لەپەرلەمانی کوردستان من دەپرسم لەحکومەت بۆچی تا ئێستا ئەو ئەنجومەنەی پێك نەهێناوە، خاڵێکی تر داوا دەکەم کە حکومەت ڕەچاوی بکات، مەسەلەی گرێبەستەکانە، کە ئەوانەی لە کەرتی خاص لەگەڵ حکومەت بە عەقد ئیش دەکەن، بەڕاستی زوڵمێکی زۆریان لێدەکرێت بەتایبەتی ژنان لەکاتێکدا کە 1 ڕۆژ زیاتر مۆڵەتیان نیە، ئەگەر منداڵیشیان ببێت، چ ژنێك دوای یەك ڕۆژ دەتوانێت بچێت بۆکار کردن یان دەبێت واز لەکارەکەی بهێنێت یان دەبێت منداڵی نەبێت، کامیان هەڵبژێرێت؟، بەڕاستی ئەگەر ئێمە کار بکەین بۆ ئەوەی خەڵك بەرەو ئەوە بڕوات زیاتر نەبێت بە بارگرانیەك بەسەر حکومەتەوە هەر داوای دامەزراندن بکات، یان دەبێت مەرج و ڕێنماییەکانی عەقدەکان بگۆڕین یان دەبێت ئەو گرێبەستانە بکەین بە دائیمی و دابمەزرێن، زۆر لە هاوکارانم باسی سندوقی ئەو ژنانەیان کرد کە لەهاوسەرەکانیان جیا بوونەتەوە، ئێمە لەڕاپۆرتی لیژنەی بەرگری لەمافی ئافرەت بۆ دووەم ساڵە ئەیڵێین، من خۆم سێیەم جارە لەم هۆڵەدا لەموناقەشەی بودجەدا باسی پێکهێنانی ئەو سندوقە دەکەم، کەبەڕێز وەزیری کارکاروباری کۆمەڵایەتیش هاتووە پرسیارم لێکردووە، بۆ ئەو سندوقە پێك نەهاتووە، کە بەپێی ماددەی 39 ی بڕگەی 4 لە یاسای ئەحوالی شەخصی

ساڵی 2008ی هەموارکراو تەصدیق کراوە، بەڕێز وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی وەڵامەکەی ئەوە بوو کە تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی شمولی ئەو ژنانە دەکات، بەڕێزان ئەمە زۆر جیاوازە، ئەمە تایبەت بۆ ئەو ژنانەی کە لەهاوسەرەکانیان جیا بوونەتەوە، بۆ ئەو ژنانەی کە پیاوەکانیان نەفەقەیان ناکێشن، وە دادگا قەراری ئەو نەفەقەیان بۆ دەدات، حکومەت پێویستە ئەو نەفەقەیە بدات، تا ئەوکاتەی کە حکومەت کارێکیان بۆ دەدۆزێتەوە، یان خۆیان کارێك دەدۆزنەوە، بەڵام ئەگەر ئێمە بیخەینەوە تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتی ئەو بڕە پارەیە هەر مەحدوودە، بەشی هەموو ئەو ژنانە ناکات کە لەهاوسەرەکانیان جیا بوونەتەوە، لەبەر ئەوە داوا دەکەم ئەو سندوقە پێك بهێندرێت تکایە، مەسەلەی گەشتوگوزار کەگرنگیەکی خۆی هەیە، ئەڵێین سروشتی کوردستان گەشتیارییە زۆر شانازی پێوە دەکەین، بەڵام بەداخەوە وەکو پێویست نەمانتوانیوە بیگەیەنینە ئاستێك کەببێتە داهاتێك بۆ خەڵکی کوردستان، لەبەر ئەوە پێویستە حکومەت ئەم گەشتوگوزارە بدات بە کەرتی تایبەت و لەڕێگەی خزمەتکردنی بەدانی زەوی و تەسهیلات لە مەسرەفی صناعیدا بۆ بکرێت وەك هاوکارم شلێرخان و شەونم خان باسیان کرد، هەروەها بۆ ئەوەی ببێت بە داهاتێکی گرنگ بۆ خەڵکی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، لانە خان، فەرموو.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی هەردوو وەزیرە بەڕێزەکە دەکەم، وە بریکاری وەزارەتی داراییش، لەسەرەتادا پشتگیری لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی دەکەم، بەڵام ناچمە ناو ناوەڕۆکی بودجە، لەبەر ئەوەی چەندەها جار کۆبوونەوەمان کردووە لە لیژنەی دارایی، وە زیاتر لە 30 ڕۆژ و چەندەها جار لەگەڵ وەزیری دارایی وپلاندانان و بریکاری وەزارەتی دارایی کۆبوونەوەمان کردووە، خاڵەکانیش لەلامان وازحەو زۆر تێبینیمان هەبووە لەڕاپۆرتەکەدا نووسراوە، هەموومان دەزانین بودجە تەعبیر لەسیاسەتی حکومەت و چالاکیەکانی دەکات، لەخیلالی بودجە بتوانین ئامانجی خەڵکی کوردستان جێبەجێ بکەین، پشتگیری لە پێشنیارەکانی لیستی کوردستانی دەکەم، بەڵام سەرۆکی پەرلەمان لەسەرەتا حەزدەکەم خەڵکی هەرێمی کوردستان دڵیان خۆش بکەن، بێ ئومێد نەبن لەم بودجەیە، نەك لەمونتەڵەقی دیفاع کردن، بەڵام ئینسان دەبێت حەق بڵێت، کەشتی زۆر باشی تێدایە، کەخەڵکی هەرێمی کوردستان سوودی لێ وەردەگرن، هیچ بودجەیەك لەدونیا بێ کەموکورتی نابێت، بۆیە حەزدەکەم بۆ نموونە ئیشارە بەشاری هەولێر بدەم، هەروەها ئەوە نموونەیەکە کەشاری هەولێر وەردەگرم، بەڵام شارەکانی تریش وەك سلێمانی ودهۆك، قەزاکان بەس من ئیشارەت زیاتر لەسەر هەولێر دەکەم، شاری هەولێر کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە، ئەگەر بەراورد بکەین بە پێش ڕاپەڕین وپاش ڕاپەڕین، لەهەموو بوارەکان، چەند گۆڕانکاری بەخۆی بینیوە، گەشەی کردووە، بۆ نموونە لەڕێگاو بانەکان، ئەو جسرانەی کەدەکرێت، ئەو گەڕەکە نوێیانە کە دەکرێت، چەند

کۆمپانیایەکی ئەجنەبی کەلێرەن، ئەو هەموو مۆڵە، ئەو هەموو سۆپەرمارکیتانە، ئەوە هەموو دەلالەت لە بەرزبوونەوەی دەخلی خەڵك و قوەی شیرائی دەکات کەبەرز بووەتەوە، هەروەها ئەگەر بزانین بەنیسبەت برایانی عەرەب هەموو ڕوویان لێرە کردووە، ئەمەش دەلالەتە لەسەر ئەوەی کەئەمن و ئاسایش لێرە بەرقەرارە، پێشان گەنجەکانمان ڕوویان لەدەرەوە دەکرد، بەڵام ئێستا گەنجەکانمان وخەڵکەکانی تریش هەموو ڕوویان لەهەرێمی کوردستان دەکەن بەپێچەوانەوە، ئەو پێشکەوتنە لەسایەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، هەموومان دەزانین کە کۆمەڵگا لەچەند تەبەقاتێك پێك دێت، کەلە تەبەقەی دەوڵەمەند پێك دێت و لە تەبەقەی ناوەند پێك دێت، لە تەبەقەی فەقیر وهەژار پێك دێت، ئێمە هەموومان هەوڵ بدەین کە تەبەقەی هەژار کەم بکەینەوە، ئەوان زیاتر سوودمەند بن لەم بودجەیەی هەرێمی کوردستان، هەروەها هەموو خەڵکی کوردستانیش، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، هەندێ تێبینی وهەندێ پێشنیارم هەیە، بەنیسبەت ئەم بودجەیە، یەکەم: تێبینیەکەم ئەگەر بنواڕینە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی عێراق بەکوردستانەوە، بڕی 6 تریلیۆن و184 ملیار دینارە، بەپێی 17٪ بەشی هەرێمی کوردستان دەکاتە 1051 ملیار دینار، بەڵام بەڕێژەی نفوسی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەکاتە 779 ملیار دینار، کە ڕێژەکەی دەکاتە 12,6٪ ، بەنیسبەت پترۆ دۆلار بڕی 1 تریلیۆن و676 ملیار دینارە کە تەخصیص کراو بۆ پترۆ دۆلار بۆ هەموو پارێزگاکانی عێراق، وە ڕێژەی لە 17٪ی هەرێم دەکاتە 285 ملیار دینار، بەڵام ئەوەی کەتەرخانکراوە بۆ هەرێمی کوردستان 42,4 ملیار دینارە، بۆیە کەمکردنەوەی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان کاریگەری زۆری هەیە لەبودجەی پەرەپێدان وپترۆ دۆلاری پارێزگاکان، ئەگەر سەیری پرۆسەی تەعدادی سوکانی بکەین، ئەوەی کەئەنجام دراوە لەعێراق، دەبینین ئاخر تەعدادی گشتی لەسەر ئاستی عێراق، لەساڵی 1987 ئەنجام درابوو، ئەوەی کە لەساڵی 1997 ئەنجام درا، پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی نەگرتەوە، بڕیار بوو ساڵی 2009 تەعدادی گشتی بکرێت، بەڵام ئەنجام نەدراو چەند جارێك دواخرا، بۆیە پێشنیار دەکەم کە زەختێك بکرێت لەسەر حکومەتی عێراق بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی تەعدادی سوکانی بەزووترین کات، تاکو موستەحەقاتی هەرێمی کوردستان دیاری بکرێت، بەگوێرەی نفوسی هەرێم بەفیعلی، خاڵی دووەم: پێشنیار دەکەم، ساڵانی پێشتر دامەزراوی کاتیمان هەبوو لە فەرمانبەر، وە دامەزراوی گرێبەستیشمان هەبوو، کەهەردووکیان بوون بە دائیمی، بەنیسبەت دامەزراندنی کاتی خزمەتی ساڵانەی بۆ ئیزافە کرا، بەڵام دامەزراندن بەشێوەی گرێبەست خزمەتەکەی بۆ ئیزافە نەکرا، وە کاری فیعلیشیان کردووە، بۆیە داوا دەکەم بۆ ئەوەی عەدالەت بێتەدی، ئەوانیش خزمەتەکەیان حساب بکرێت وئیزافە بکرێت، چونکە لەڕووی یاسایی وئیدارییەوە گرێبەست نابێت بەدامەزراوی دائیمی، بەڵام مادام وای لێهات باخزمەتەکەشیان بۆ حساب بکرێت، هەروەها دەستخۆشی دەکەم لەدامەزراندنی لیژنەیەك بۆ پێداچوونەوەی دەرماڵەی هەموو فەرمانبەران، بۆ ئەوەی عەدالەت بێتە دی، ئیشارەت بەوە دەدەم بە تەرخانکردنی بڕی 120 ملیار دینار بۆ تواناسازی کە خەڵکی فەقیرو هەژار و خوێندکاران و قوتابیانمان سوودمەند بن لێی، وە تەرخانکردنی بڕی 150 ملیار دینار بۆ هەڵمەتی دروست کردنی قوتابخانە، کە

وەزیری پلاندانان ئیشارەتی پێدا، کە 500 قوتابخانە لەبواری جێبەجێ کردندان، لەساڵی پار گرنگیەکی باش بە بواری کارەبا درا، پارەیەکی باشی بۆ تەرخان کرا، هەروەها گرنگی بدرێت بە سولفەی زەواج وعەقاری، ئەگەر بزانین لەڕووی یاساییەوە ڕێی پێ بدرێت کە سولفەی عەقار وزەواج ڕانەگیرێت، ئەگەر لەڕووی یاساییەوە بکرێت باشە بۆ ئەوەی بدرێت بە هاووڵاتیان، هەروەها گرنگی بەکەرتی کشتوکاڵیش بدرێت، وە هەوڵ بدەین کە ڕۆتین کەم بکرێتەوە لەناو دامودەزگایەکانی حکومەت، هەروەها گرنگیەکی زۆریش بدرێت بە تەنمیەی مەواردی بەشەری، بەڕاستی عنصری بەشەری فەرمانبەران و کارمەندان زۆر گرنگن، چونکە ئەوان موحەریکن بۆ دامودەزگاکانی حکومیمان، بتوانین بەشداری بکەن لەدەوراتی تەدریبی وتەنمیەیان پێ بکرێت، هەروەها بەنیسبەت دەسەڵاتی لامەرکەزی، ئەویش گرنگی پێ بدرێت، وەلەو ئێمە لەڕووی ئیداری دەزانین بەنیسبەت مەرکەزی ئیجابیاتی خۆی هەیەو سلبیاتی خۆشی هەیە، وە لامەرکەزیش بەهەمان شێوەیە، بەنیسبەت گرنگی زۆر بەکەرتی تەندروستی بدرێت، چونکە بەڕاستی دەبێت وابکەین خەڵکی فەقیر وهەژار سوودمەند بن لێیان، لەهەمان کاتیشدا هەوڵ بدەین بەنیسبەت نەخۆشخانەکانمان کە ئامێر و ئەداوەتی پێشکەوتوویان لەناودا هەبێت، بۆ ئەوەی هەموو خەڵك لێی سوودمەند بێت، هەروەها کاراکردنی چاودێری دارایی هەتا بتوانین لە بواری دارایی بەنیسبەت ڕاپۆرتەکانیان حازر بێت وبتوانین سوودی لێ وەربگرین، وەئیستیفادەشی لێ بکەین لەکاتی بودجەدا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، نیشتمان خان، فەرموو.

**بەڕێز نیشتمان مرشد صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی میوانەکان دەکەم، دەستخۆشی لە لیژنەی دارایی دەکەم بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەیان، من چەند پێشنیارێکم هەیە دەمەوێت بیخەمە بەردەم هەردوو وەزیرە بەڕێزەکان، بۆ سوودی گشتی هاووڵاتیان، بۆیە داواکارم کەئەگەر بکرێت جێبەجێی بکەن ئەوە زۆر باشە، پێشنیاری یەکەم: داواکارم لە 10٪ لەبودجەی هەر سێ سەرۆکایەتیەکە ببڕدرێت، مەبلەغێك لەم پارەیە تەرخان بکرێت بۆ زیندانیانی شەڕی ناوخۆ، لەبەر ئەوەی ئەوانە لەهەلومەرجێکی نەشیاودا تووشی زەرەر بوون، داواکارم بۆ یەکجار ئەوانە قەرەبوو بکرێنەوە، داوایەکی ترم ئەوەیە: ئەو کرێکارە کاتیانەی کەزۆر لە پەرلەمانتاران باسیان کرد، ئەوانە بکرێن بە ڕەسمی کەهەندێکیان نزیکەی 15 ساڵە خزمەتیان کردووە، ئێستا تەمەنێکیان بردۆتە سەر، بۆیە داواکارم بکرێنە ڕەسمی لەبەر ئەوەی زۆر گرنگە ئەوانە بەو شێوەیە بەڕێ نەکرێن بێ ئەوەی بکرێن بەڕەسمی، زۆر زۆر گرنگە ئەوانە بێنە ناو ئەو دامەزراوانەی کە ئێستا 17 هەزار کەس دائەمەزرێت، با ئەولەویەت بدرێت بەو کرێکارانە، پشتگیری لەهاوڕێیانم دەکەم کەباسی ژینگەیان کرد، بودجەکەیان زیاد بکرێت، دەمەوێت وەك ئەندامێکی لیژنەی تەندروستی کەزۆر لەهاوکارانم باسیان لەو

دوو نەخۆشخانەی شاری هەولێر کرد، بەس من باسی یەکێکی تر دەکەم کە خەستەخانەی لەدایك بوونە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە دەبینین کە هەر سێ نەخۆشخانەکە وێرانن، سەیر دەکەین کە نەخۆشخانەی ڕزگاری هیچ کەڵکی نەماوە، نەخۆشخانەی جمهوری کەلەناو شاری هەولێرە ئەو نەخۆشخانانە هی خەڵکی فەقیر وهەژارن، تەنها خەڵکی فەقیر و هەژار ڕوو لەو نەخۆشخانانە دەکەن، تەماشا دەکەین کە لەدایك بوون لەهەر چوار دەوری هەولێر و بگرە بەسۆران وشەقڵاوەو دەوروبەری بەکەرکوکیشەوە دێنە ئەوێ، نەخۆشخانەی جمهوری خۆزگە یەکێك لەئێوە سەردانی ئەوێتان دەکرد، ناڵێم نەخۆش بن بەس بچوونایە لە ئینعاش بەس یەك شەو لەوێ بوونایە، بەس ناو ئەو نەخۆشخانەیە ببینن کەچۆن وێرانە، بەڕاستی هاووڵاتی خوارەوە زۆر نیگەرانە لەو حاڵە، بەس خەڵکی لەسەرەوە تۆزێك وەزعی ماددیان باشە ناچنە ئەو نەخۆشخانەیە، چونکە بەکەڵك نایەت، من شەوێك لەو نەخۆشخانەیە بووم، دوو جیهازی ئیش دەکات، 50 نەخۆش دانراوە، پیرەژنێك لەسەر جیهازەکە دانیشتبوو، یەکێکی گەنج زۆر شڕ بوو نەیهێشت بچێتە جێگاکەی ئەو وتی تەنها دەبێت خۆم لێرە بم، یەعنی هەر کارەساتە ئەوەی لەو نەخۆشخانەیە ڕوو دەدات، بەس بڕۆ سەیر بکە بیریڤان خان دەڵێت مشك وسیسرکەی لێیە، بەخوا من دەڵێم مار و دووپشکیشی لێیە، ئەوەندە خراپە هەتا بڵێی، چونکە خەڵکی ئەم هەولێرە ئەوانەی کە فەقیرن ڕوو لەو نەخۆشخانەیە دەکەن، داواکارم ئەو نەخۆشخانەیە بە شۆفلێ تەخت بکرێت وخەستەخانەیەکی نوێی ستانداردی جیهانی لێ دروست بکرێت، کەخەڵکی فەقیر وهەژار سوودی لێ ببینن، من باسی سلکی تەندروستیش دەکەم بەڕاستی زۆر زۆر وێرانە، تەماشا دەکەی ئەو نەخۆشخانە ئەهلیانە بەڕاستی قۆڵی خەڵکی دەبڕن لەپارە، هەموو کەس ناتوانێت بچێتە نەخۆشخانەی ئەهلی، نەخۆشخانەکان پارەیەکی زۆرت پێ سەرف دەکەن، تەماشا دەکەین دەچیتە لای دکتۆرێك کە چوار چوار و پێنج پێنج لەلای خۆی نەخۆشی داناوە، وات لێدەکات ئەوپارەی کەهەتە بەشی ئەو دکتۆرە ناکات، تەماشا دەکەیت ئەو حەب ودەرمانەی کە دەتداتێ بەکەڵکی خواردن نایەت، ئەو حەبە پاراسیتۆڵەی کەجاران دەتخوارد سێ ڕۆژ ئازار لە گیانت نەدەما، ئێستا یەك دەستە حەب بخۆی ژانە سەرت چاك نابێت، لەبەر ئەوەی هیچ دەرمانیکی تێدا نیە کەبۆ نەخۆشیەکە سوودی هەبێت، هەمووی گەچە، بەڕاستی داوا دەکەم لە وەزیرەکان چاوێك بەو سلکانە بخشێننەوە، سلکی تەندروستی، زۆر زۆر خراپە، چونکە نیوەی ژیانی هاووڵاتیان لەسەر تەندروستی بەڕێوە دەچێت، ئەو خەڵکە دەبینین هەمووی نەخۆشە، تا نەچیتە عیادەکان نازانین چەند خەڵك نەخۆشە، لەبەر ئەوەی دەرمانەکە خراپە، بۆیە داواکارم شتێکی وا بکرێت کە تەندروستی ڕاستەوخۆ دەرمان بهێنێت لە دەرەوە، دەرمانەکە ئیستیراد بکات، نەیدات بەخەڵکێك کە ئەو دەرمانەی دەیهێنێت نیوەی دەرمانەکە بەس ئاوە، شریقە هاتووە بەس ئاوە، دەرمانی تێدا نەبووە، بۆ لەسەر خەڵکی تاقی دەکەنەوە، بۆ ئەو خەڵکە وای لێبێت، بەڕاستی من زۆر نیگەرانم، داواتان لێدەکەم کەچاوێك بەو شتەدا بخشێننەوە، چونکە پەیوەندی بەژیانی هەموو خەڵکەوە هەیە، چەند داواکارییەکیشم هەیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە لێرە یاسایەکمان دەرکرد بۆ کەمئەندام و شەلەل دەماغەکان، کەئەوانەی دایکەکان بەخێویان دەکەن، ڕاستەوخۆ

مووچەکەیان پێ بدرێت و لەماڵەوە خزمەتی منداڵەکەیان بکەن، بەس من لێرە چەند هاوارم کرد، با بۆ ئەو کەسانەش مووچەکەیان بەتەواوەتی بدرێتێ تا منداڵەکەیان بەخێو بکەن کە لەسلکی کارەباو ناوخۆن، ئەوانە دەرماڵەی مەترسیان هەیە، ناکرێت تۆ بەتەنها مووچەکەیان بدەیتێ، مەترسی ناگرێتەوە کە 180 هەزار دینارە بەس کەس جوابی نەدامەوە، کە ئەوە زۆر گرنگە، ئەوەتا دایکەکان هەموویان ئیجازەکەیان ئیلغا دەکەنەوەو دەچنەوە دەوام دەکەن، چونکە ناتوانن بە 180 هەزار دینار بژین، مووچەکەیان بە ختورەکەوە 1 ملیۆن دینار دەکات، ئەوە زۆر تەئسیری لەخەڵك کرد، بەس بەداخەوە کاك ڕەشید و کاك شێخ بایز گوێیان نەدامێ، شتێکی ترم هەیە، مووچەی تۆڕی کۆمەڵایەتی کە 150 هەزار دینارە، ئێمە دەبینین 150 هەزار بۆ ئەو کەسانە دابین کراوە کە هیچ داهاتێکی تریان نیە، بەس ئێستا چەندین خێزان هەیە لەم کوردستانە ئەژین، ئەو 150 هەزارە بەشیان ناکات 7 منداڵیان هەیە، یان 8 منداڵیان هەیە، باشە ئەو پارەیە چی لێ بکەن؟، چی پێ بکڕن؟، کەئەوەی باسم کرد تەنها لەسەر تەندروستی بوو، چ پارەیەکی دەوێت ئەگەر نەخۆشیەکی بچووکی هەبێت، باشە ئەی ئەو پارەیە بەچی بدەن؟، داواکارم چاوێك بەوەدا بخشێندرێتەوە، وابکەن ئەو خەڵکە هەژارە حساب بۆ منداڵەکانیان بکرێت، وا بکەن تۆزێك پارەکەیان بۆ زیاد بکرێت تا بتوانن بژێوی ژیانی خۆیان پێ دابین بکەن، کەئەوە زۆر زۆر گرنگە لەژیانی ئەو خەڵکە، شتێکی تریش، کە یەکێك پیر دەبێت یەکسەر 200 هەزار دیناری بۆ دەبڕدرێتەوە، مووچەی خانەنشینی 220 هەزار کەناڵێن باشە ئەو ژنە یان ئەو پیاوە پیر بووە، چەند پێویستی بەپارە هەیە؟ چەند پێویستی بەخزمەت هەیە؟، ئێمە دەبێت پارەی ئەوانە زیاد بکەین، نەك یەکێك کەبتوانێت کاربکات یان بتوانێ بژێوی ژیانی خۆی دابین بکات، بۆیە داواکارم کە چاوێك بەمووچەی خانەنشینی بخشێندرێتەوە، وابکەین کەمووچەکەیان هەندێك بۆ زیاد بکەین، یان لەلایەکی تر تەعویزیان بکەینەوە ئەوە زۆر زۆر گرنگە، شتێکی تر پار لە بودجەیدا 10 ملیار دینار بۆ ئاوارەکانی ئێران دانرا، ئەوانەی کە دەگەڕێنەوە لەوێ، باشە من دەپرسم ئەو 10 ملیار دینارە بۆچی ئەو ئاوارانەی کە 1991 گەڕانەوە ئەوانیشی نەگرتەوە، ئەدی ئەوانیش لەوێ نەبوون؟، ئەی ئەوانیش پێشمەرگەو ئاوارە نەبوون، لەبەردەستی ئەو ڕژێمە هەڵنەهاتبوون؟، خۆ ئەوانیش زۆر گرنگ بوو کەبڕێك پارەیان پێ بدرایە، خەڵکێکی زۆر تەلەفۆنمان بۆ دەکەن پێمان دەڵێن ئەی ئێمە چی بووین؟، فەرقمان چی بوو لەگەڵ ئاوارەکانی تر؟، بۆیە داوا دەکەم کەوا ئەوانیش بگرێتەوە، داوایەکی تر، بەردەوام بوون لەسەر بیمەی بێکاری بۆ دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان بەوەزارەتی پەروەردەشەوە، شتێکی تریش ئەو زانکۆ ئەهلیانە ئەوانیش هەر کوڕ وکچی ئێمەن، لەشوێنەکانی تر وەرنەگیراون کەدەرەجەیان کەم بووە، بۆیە داواکارم کەئەوانیش بگرێتەوە، چونکە ئەو زانکۆیانەش هەر خۆمان مۆڵەتمان پێداون کە بکرێنەوەو خزمەتی کوڕ وکچی ئێمە بکەن، لەبودجەی ساڵی 2011 ڕەزامەندی درا بۆ دەعمی مەشاریعی سیاحی، بەڵام تا ئێستا یەك کەس لەو دەعمی مەشاریعە سوودمەند نەبووە، لەبەر ئەوەی کە بانقی نەبوو، ڕێنماییان دەرنەکرد، نازانم بۆ؟، بۆیە داواکارم ئەمساڵ ئەو بڕەپارەی کە بۆ مەشاریعی سیاحی دادەندرێت، بخرێتە سەر بانقی پیشەسازی بۆ ئەوەی ئەو

خەڵكانەی كەدەیانەوێت مەشاریعی سیاحی بكەنەوە سوودی لێ ببینن، چونكە گرنگە كەبایەخ بە سیاحە بدرێت، چونكە وڵاتەكەمان وڵاتێكی سیاحیە، سیاحەكەی ئێمە سروشتیە، ئێمە دەچینە شوێنێك كە سیاحەیان دەستكردەو پارەی دونیای لێ دەدەن، بەس ئێمە خۆمان هەمانە، پێویستە گرنگی پێ بدەین، با باسی شەقڵاوە بكەین، ئەبینین كە شەوانەو ڕۆژانە بە بەردەوامی نزیكەی 5 هەزار میوانمان هەیە، بۆیە پێم باشە داوا لە وەزیری دارایی وپلاندانان بكەم كەئەولەویەت بدرێتە ئەو شوێنانەی كەسیاحین، حەقە لەو شوێنانە تەماشا بكەین، دەبینین كەكارەبا دەبڕدرێت، تۆ میوانت هەیە دانیشتووە، ئاو نیە، تەماشا دەكەین كە جادەكان باش نیە، شەوێ تەماشا بكەن لەهەولێرەوە ئەو هەموو خەڵكە دەچنە ئەو شوێنانە، لەشوێنەكانی ترەوە دێن، لەتوركیاو ئێران، كەچی لەسەر شۆستەكان دادەنیشن، كارەبا نیە بەلایتی سەیارە ڕۆشنایی دەكەن، ئەوە زۆر شتێكی باشە كەلەسەر ئەو مەشاریعانە جێبەجێ بكرێت، داوا لەوەزیری پلاندانان دەكەم كەپاركێك بۆ ئەو ناوچەیە دروست بكات، زۆر زۆرگرنگە ئەو پاركە، هەموو  گردەكانیش سیاج كراون، بۆیە با پاركێك بۆ ئەو خەڵكە دروست  بكەین، هەتا ئێستا پاركی نیە خەڵكەكە لەسەر شەقام دادەنیشن، داوا دەكەم كەوا پەلە بكەن لەئاوی مەصیف شەقڵاوە، كە لەقەندیلەوە دێت، ئێستا تۆڕی ئاوی شەقڵاوە دەرچووە، بۆیە داواكارم بەزوویی ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بكرێت، تا هاووڵاتیان سوودی لێ ببینن، ئێمە یاسایەكمان هەیە ئەو شوێنانەی كەسیاحین لەهەموو كوردستان داواكارین كەئەوانە دار نەبڕن، كەئەوانە بەسەوزایی بمێننەوە، بۆ ئەوەی وەكو سیاحە بمێننەوە، كەئێمە داوا لەو خەڵكە دەكەین كەدار نەبڕن ئەی نابێت شتێك بەرامبەر ئەوە بكەین، كەتۆ باخچەیەكت هەیە كەلەباوك وباپیرانەوە بۆت بەجێ ماوە، كەوەرەسەیە بۆ 5 منداڵە یان 3 منداڵە ئەی نابێت تۆ شتێك بەرامبەر ئەوە بۆیان بكەیت، تا نەتوانن دار ببڕن، بۆیە داواكارم لەبەڕێز وەزیری پلاندانان لەوەزیری دارایی كەیەكەی نیشتەجێبوون لەو شوێنانە دروست بكەن، بۆ ئەوەی خەڵكەكە سوودی لێ ببینێت، تا باخچەكەو شوێنەكەی بە سەوزایی بهێڵێتەوە، هەر لەشەقڵاوە دەبینین ئەوە نزیكەی شەش تا حەوت ساڵە زەویی دابەشكراوە بەناو زەوی كرێچیەكان، هەتا ئێستا ژمارەیەو داویانە بەو خەڵكە، خەڵكەكە بەرامبەر بەو زەویانە خەریكە تووشی شۆك دەبن، باشە ئەو زەویە بۆ تاپۆ ناكرێت؟، بۆیە داواكارم ئەو موشكیلەیە چارەسەر بكرێت، تاخەڵكەكە بتوانێ خانووی لەسەر بكات وعەقار وەربگرێت، شتێكی تر لەسەر ڕێگای شەقڵاوە هەولێرە ئەبینین ئەمبەرو ئەوبەری خەڵكێكی زۆر دادەنیشێت، كە گرنگە وەكو سیاحەت، خەڵكێك هەیە لەناو هەولێر لە 100 مەتردا دەژی، ئەو 100 مەترە وای لێدێت، كە ئێواران بۆخۆیان دەردەچن ولەسەر ئەو جادەیە دادەنیشن، بەڵام هەتا ئێستا ئیهتیمامێك بەو سەر جادەیە نەدراوە، بۆ ئەوەی شوێنەكە خۆش بكەن و ئەو خەڵكە بتوانێ لێی ئارام بێت، ئەو سیاجانەش ئەوەندە هاتوونەتە پێش تا سەر جادەی سەرەكی هاتوون، داواكارم ئەو شوێنانە خۆش بكرێن تا هاووڵاتی سوودی لێ ببینێت، داوا دەكەم لەوەزیری پلاندانان كەبیخاتە بەرنامەی خۆی، لەهەموو ساڵێك لەپرۆژەكاندا هۆڵی تەعزیە دروست بكەن بۆ هەموو شارو شارۆچكەكانی كوردستان، كەئەوە زۆر زۆر گرنگە، خەڵك جێگاو ڕێگای نیە، خەڵك لەخانوویەكی 100

مەترى دانيشتووە، زستانە تەعزيەكت هەيە نازانى لەكوێ دابنيشيت، بۆيە داواكارم ئەوە دروست بكرێت، پشتگيرى لەوەش دەكەم كەسولفەى عەقار بكرێت بە 25 مليۆن بەس لەپاڵ ئەوەشدا لادێكان گرنگيان پێ بدرێت نەك هەر بەعەقار، بەڵكو بە قوتابخانە، بنكەى تەندروستى، چونكە كەتۆ خانووت كرد دەبێت هەموو خزمەتگوزارييەكانى ترى لەگەڵ بێت، داواكارم كە ڕێگاى مەصيف كەدەچيت زۆر قەرەبالغە، ئەگەر بتەوێ دەربچيت دەبێت 6 سەعات چاوەرێ بيت، بۆيە داواكارم كە ئەو تونێلە زوو تەواو بكرێت، داواكارم ئەو جادە دوو سايدە بەزوويى جێبەجێ بكرێت، هاوينان بەنيسبەت ئەو شوێنانە زۆر قەرەباڵغە وابكرێت بنكەى تەندروستى فرياكەوتنى خێرا لەسەر جادەكان دابندرێت، ئەگەر ڕووداوێك هەبێت ئەو خەڵكە ناتوانێت زوو بگاتە خەستەخانە، بۆيە جارى واهەيە هاووڵاتيەكە گيان لەدەست دەدات بەهۆى زوو نەگەشتنى بە نەخۆشخانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/ سەرۆكى پەرلەمان.**

سوپاس، كاك محمد شارەزوورى، فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد على:**

**بەريز سەرۆكى پەرلەمان.**

سەرەتا دەستخۆشى لە ڕاپۆرتى ليژنەى دارايى دەكەم، ئەرك وماندووبوونيان لەم ماوەيەدا بەرز دەنرخێنم، يەك سەرنجى بچووكم هەيە، ئەزانم كەهيلاك بوون، وەك پێشنيارێك كەوابێ هاتمە سەر ڕاپۆرتەكە پێشنيارەكان باس دەكەم، لەهەمان كاتدا بەخێرهاتنى هەردوو بەڕێزان وەزيرى پلاندانان و وەزيرى دارايى دەكەم.

دياره ئێمە ئەمڕۆ قسە لەسەر پرۆژە ياساى بودجەى هەرێمى كوردستان دەكەين، كەهاتووەتە پەرلەمان بۆ ساڵى 2012، زياتر لە 40 ڕۆژە لەپەرلەمانى كوردستاندايە، هەموو ليژنە تايبەتمەندەكان و سەرجەم ئەندامانى پەرلەمانى بەڕێز، گفتوگۆيەكى تێروتەسەليان لەسەر كردووە، لەناو ليژنەكان ولەناو هۆڵى پەرلەمانيش، ئەوەى كەمن تێبينيم كردبێت ئەم پرۆژە ياسايە، 3700 پرۆژە لەخۆى دەگرێت، ئەوانيش پرۆژەى بەردەوام و پرۆژەى پێشنيار كراوە بۆ ساڵى 2012، كە خۆى دەبينێتەوە لەئاوەدانكردنەوە، خزمەتگوزارييەكانى تر كەهەموو بوارەكانى خزمەتگوزارى لە كوردستاندا دەگرێتەوە، لەپاڵ ئەوەشدا ئەم بودجەيە خزمەتى چەند چين وتوێژێك دەكات، لەوانە: پێدانى سولفەى زراعى، صناعى، قەرزى بچووك، پێشينەى هاوسەرگيرى، پێشينەى خانووبەرە، زۆر شتى تريش، كە هەر يەكەيان خزمەتى خەڵكى كوردستان دەكەن، ڕاستە بودجە كەموكورتى هەيە، لەهەموو دونياشدا كە بودجە دەنێردرێت بۆ پەرلەمان، بۆ ئەوەى ئەندامانى پەرلەمان سەرنج وتێبينيەكانى خۆيان لەسەر بودجەكە بدەن و كەلێنەكانى پڕ بكەنەوە، لەهەمان كاتدا ئەركى پەرلەمانى كوردستانيشە كەبەدواداچوون بۆ كەموكورتيەكان بكات دواى پەسەند كردنى بودجە.

من ئەمەویێت بڵێم هاوکارانم باسی ئەوەیان کرد کە نەوت گرنگیەکی خۆی هەبووە، لەبەر ئەوەی کەناوی کوردستانی بردۆتە سەرخەریتەی ئیقتیصادی هەموو عالەم، بەڵام شانازییەکی تریش کە لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، ئەویش ئەوەیە کەهەردوو فرۆکەخانەی هەولێر وسلێمانیە، ئەویش شانازییەکی گەورەیە بۆ هەرێمی کوردستان، کە بەهۆیانەوە هەرێمی کوردستان بەستراوەتەوە بە هەموو وڵاتانی دونیاوە، هەمووومان ئاگادارین ئەوانەی کەسەفەرمان کردبێت، یان خزم وکەسوکارمان سەفەری کردبێت، پێش بوونی ئەم دوو فرۆکەخانەیە کە سەفەر دەکرا، لەرێگەی وڵاتانی دەوروبەر چەند نارەحەتی و چەند چەرمەسەری ئەهات بەسەرماندا، بەڵام کەئێستا فرۆکەخانەکان هاتووەتە ئێرە ئەوەش یەکێکە لە ئاسانکارییەکان وشتە باشەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە بۆ خەڵکی کوردستانی دابین کردووە، لەسەرووی هەموویانەوە دابین کردنی ئاسایش.

ڕاستە برای بەڕێزم کاك شێرزاد دوێنێ باسی ئەوەی کرد کەخەڵکی کوردستان هاوکارە، منیش پشتگیری و پشتیوانی ئەوە دەکەم، بەڵام نیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێش دابین کردنی هەموو شتەکان دابین کردنی ئەمن وئاسایشە، چونکە ئەمن وئاسایش لەوڵاتدا نەبێت هەرچی ئاوەدانکردنەوە، هەرچی خزمەتگوزارییەك بکەیت پێم وایە هیچ سوودێکی نابێت، هەر ئەو ئەمن وئاسایشەشە وای کردووە، کەئێستا لەپایتەختی هەرێمی کوردستاندا ئێمە دەبینین کە 17 قونسوڵیەتی وڵاتانی دەرەوە لێرەن، ژمارەکەش ڕۆژانە لە زیادبووندایە.

من قسەم لەسەر دوو تەوەرە، تەوەرێکیان تایبەتە بەو ڕاپۆرتەی لیژنەکەی خۆمان، تەوەرەکەی تریشیان سەرنج وتێبینیمە لەسەر بودجەی ئەو چوار قەزایەی کەمن لەسنوورەکەیدام، سەرەتا ڕاپۆرتی لیژنەکەی ئێمە لەگەڵ لیژنەی دارایی، پێشنیارەکەم بۆ لیژنەی دارایی ئەوە بوو کەئێمە کۆمەڵێك شتمان نووسیوە، لەجوابی ڕاپۆرتەکە کەداخڵیان کردووە نووسیویانە پەسەند نیە، ئەبوایە لیژنە ڕەئی حکومەتی وەربگرتایە، بەقەناعەتی من ئینجا ئەوەی بنووسیایە، بەڵام من نازانم کە ڕای وەزارەتی داراییان وەرگرتووە یان نا؟، من ئەوە بۆچوونی خۆمە، ڕاپۆرتی لیژنەکەی خۆمان کەدوایی دێمە سەری، ئێمە کێشەمان چۆنە لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتەدا.

سەرەتا ئێمە ڕاپۆرتی لیژنەکەمان کەنووسیومانە، دیارە ئێمە کۆبوونەوەمان لەگەڵ هەردوو ستافی وەزارەتی شەهیدان وپێشمەرگە کردووە، کە قسەمان لەگەڵ کردوون لەسەر بودجە ئەوان تێبینی وقسەکانی خۆیان وتووە، ئێمەش ڕەخنەو تێبینی وقسەکانی خۆمان لەسەر بودجە لەڕاپۆرتەکەدا نووسیوە، من ئەو نووسراوەی کەبەڕێز وەزیری پلاندانان وتی ئەوە پێشنیاری وەزارەتی شەهیدانە.

ڕاستە ئەوە لەلای منیش هەیە، بەڵام ئەمە 25 خاڵە ئێمە لەڕاپۆرتەکەدا نووسیومانە ئەولەویات نەدراوە بەشتەکانی وەزارەتی شەهیدان کە ئەولەویات نەدراوە من بۆ بەرێز وەزیری شەهیدانیشی باس دەکەم، کە ئەمە25 خاڵەو ئەو سێ خاڵی یەکەمی نووسیوەو دوایی هاتووە بۆ خاڵی 25، یەعنی ئەوەیە کەپرس بەوەزارەتی شەهیدان نەکراوە، لە ئەولەویەتی پرۆژەکانە، نەك هەر پرسی بەوەزارەتی شەهیدان

نەکردبێت، بۆ دانانی پرۆژە، دیارە وەزارەتی شەهیدان ساڵی پار یەکێك لەبەرنامەکان وئەولەویاتەکانی حکومەتی هەرێم لەڕێگەی وەزارەتی شەهیدانەوە دابین کردنی خانوو بوو بۆ کەسوکاری ئەنفال وکیمیا باران بەڕێژەیەکی باش، ئەو خانووانە دروست کرا، ئەمساڵ بەرنامە هەبوو، کە بۆ شەهیدانی سەنگەر خانوو دروست بکرێت، هەندێ لەهاوکارانم کۆمەڵێك ڕەقەمیان دا بەس من ڕەقەمی تەواوەتی دەدەم، ئێمە لەسنووری پارێزگای هەولێر، 1020 شەهیدی سەنگەرمان هەیە، کەتا ئێستا خانووی بۆ نەکراوە، وەزارەتی پلاندانان موافەقەی لەسەر 255 خانوو کردووە، ئەو خانووانە چۆن دابەش دەکرێت، بڵێین کێ پێش ئەوی تر شەهید بووە، یەعنی بەچ پێوەرێك دابەش دەکرێت، تەنها پێوەریش ئەوەیە کە بڵێین کێ پێشتر شەهید بووە، لەبەرئەوە 1020 شەهید لە 255 خانوو ئەبێت بەموشکیلە بۆ وەزارەتی شەهیدان و بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان.

دووەم: لەسنووری پارێزگای سلێمانی 1250 شەهیدی سەنگەر ماوە، 250 خانووی بۆ داناوە، ئەمانیش بەهەمان شێوە، لەسنووری دهۆك 690 شەهیدی سەنگەر ماوە کەخانووی بۆ نەکراوە، 100 خانوویان بۆ داناون، بۆیە ئێمە پێشنیاری ئەوەمان کردووە، بۆ وەزارەتی پلاندانان کە تەنسیقێك هەبێت لەنێوان وەزارەتی شەهیدان وپلاندانان بۆ موناقەلە، چونکە کۆمەڵێك پرۆژە هەیە پێویست نیە، وەك مەسەلەی سیاج، کۆمەڵێك شتی تر کەبکرێت بەخانوو باشترە.

لەپاڵ ئەوەدا کۆمەڵێك پێشنیارم هەیە بۆ بڕینی هەندێ شت، کەلەوەشدا چارەیەکی کێشەی شەهیدانی سەنگەر بکەین، کۆمەڵێك پێشنیارمان کردووە بۆ وەزیری دارایی وپلاندانان لەوانە، تایبەتە بەوەزارەتی شەهیدان دوایی دێمە سەری، یەکێك لەپێشنیارەکانی ئێمەو یەکێك لەگلەییەکانی ئێمە بەڕاستی وەستاندنی مۆنۆمێنتە، کیمیاباران هی هەموو کوردە، ئەنفال هی هەموو کوردە، بەڵام بەداخەوە دروست کردنی مۆنۆمێنت لەهەموو ناوچەیەکدا وای کردووە کە ئەو بۆنە نیشتمانی ونەتەوەییەی کردووە بەناوچەیی، بۆیە ئێمە پێنشیاری ئەوە دەکەین، ئەگەر بکرێت مۆنۆمێنت لەهەمو پارێزگایەکدا لەو شوێنانەی کەکارەساتەکەی زۆر تێدا بووە بکرێتەوە، بەڵام وای لێهاتووە خەریکە لەهەموو گوندێك لەهەموو ناوچەیەك دەکرێتەوە، کەئەوەش بەڕاستی کیمیاباران وئەنفال هی هەموو نەتەوەی کوردە، حەقە هەمووومان شانازی وفەخری پێوە بکەین، بۆیە ئێمە داوای ئەوە دەکەین کەپارە بۆ مۆنۆمێنت، کردنەوەی مۆنۆمێنت لەمەودوا لەجیاتی ئەوە بکرێت بەخانوو بۆ کەسوکاری شەهیدو بۆ خزمەتی خانەوادەکەیان باشترە، دوو: خەرجکردنی دەرماڵەی ژن ومنداڵ.

ڕاستە بەڕێز وەزارەتی دارایی ئەمرێکی دەرکردووە بۆ خەرجکردنی دەرماڵە بۆ ژن ومنداڵی شەهید، ئەوە ئەوانەیە کەفەرمانبەرن، ئێمە داوا دەکەین ئەوانەی کەفەرمانبەر نین، ژنی شەهید، منداڵی شەهید ئەوانەی کە ژنەکە فەرمانبەر نیە، دەرماڵەی ژن ومنداڵی بۆ سەرف بکرێت، چونکە مووچەی شەهیدان بەڕاستی ئێستا 550 هەزار دینارە، ژیان وگوزەران وای لێهاتووە بەو پارەیە ناڕوات، هەرچەندە ئێمە خەریکی ئەوەین کەتەعدیلی یاسای ماف وئیمتیازاتی کەسوکاری شەهیدان بکەین.

بەداخەوە تا ئێستا نەکراوە، بەس بۆ ئەم مەرحەلەیە بۆ ئەوەی قوەتێك بدەین بە مووچەی شەهیدان دەرماڵەیان بۆ سەرف بکرێت، سێیەم: تێچوونی خوێندنی منداڵی شەهید لەزانکۆ و پەیمانگا ئەهلیەکان بووە بەیەکێك لە کێشەکانی لیژنەکەی ئێمە، بەڕاستی وەزارەتی دارایی بەڕێز ئێمە سوپاسیان دەکەین، کە ساڵانە نیوەی تێچوونی کرێی خوێندنەکەیان بۆ سەرف دەکات، ئینجا ئەمانەی کە لەزانکۆو پەیمانگای ئەهلی ئەخوێنن دەرماڵەیان نیە، بۆیە ئێمە داوا دەکەین کە حکومەتی هەرێم بڕی تێچوونی تەواوەتی خوێندنەکەیان بۆ دابین بکات، لەولاوە کە دەرماڵەی نادرێتێ، با تێچوونەکە حکومەت بۆی سەرف بکات.

پێشنیەی هاوسەرگیری ئێمە سوپاسی پەرلەمانی کوردستان دەکەین، کە پار ساڵ هەموو پشتگیری وپشتیوان بوون بۆ ئەوەی پێشینەی هاوسەرگیری بەبێ موقابیل بدرێت بە کوڕ وکچی شەهید، بەڵام ئێمە کەمئەندامی سەنگەرمان هەیە، بەڕاستی ئەوانیش جەستەی خۆیان لەدەستداوە، ئەمساڵ پێشنیارمان کرد ژمارەیەکی کەمە ئەگەر جەنابی وەزیری دارایی لێمان قبوڵ بکات، کە کوڕ وکچی کەمئەندامی سەنگەریش بەڕاستی پێشینەی هاوسەرگیری وەك منداڵی شەهید بیگرێتەوە.

دێمە سەر ئەوەی کە برادەرانی لیژنەی دارایی بەسوپاسەوە ڕاپۆرتەکەیان نووسی، بەڵام لەوە دەچێت ناتێگەیشتنێك هەبێت، دابین کردنی زەوی بۆ وارسی شەهیدان و هەندێ پرۆژەی شەهیدان، ئێمە لەساڵی 2009 لەحکومەتی هەرێم ئەمری زەوی دەرچووە بۆ وەزارەتی شەهیدان کەنزیکەی 17 هەزار زەوییە، تا ئێستا نەچووەتە بواری جێبەجێ کردنەوە لەبەر ئەوەی کە لەسنووری شارەوانیەکان، لەسنووری قەزاو ناحیەکان ئیفرازی زەوی نیە، لەهەمان کاتدا پرۆژەمان هەیە، ئێستا پرۆژەیەکمان هەیە لەناوچەی سیمێل لە ساڵی 2010 پارەکەی بۆ دانراوە، بەڵام زەوی ئیفراز کراو نیە پرۆژەکەی لەسەر جێبەجێ بکرێت، ئەوە یەکێکە لەکێشەکانی ئێمە پار دووبارەمان کردەوە.

بۆیە لێرەوە داوا دەکەم لە پەرلەمانی کوردستان چارەسەری کێشەکە بکات، پێشنیار دەکەم مانگانە 75 ملیۆن دینار لەبەردەستی وەزیری شەهیدان بێت بۆ هاوکاری کەسوکاری شەهید وئەنفال وکیمیاباران، بۆ مەسەلەی نەخۆشی کەئەوە بەڕاستی بڕێکی کەمە، هەم کەسوکاری شەهید، ئەنفال، کیمیاباران زۆرەو خۆشتان دەزانن نەخۆشی زۆر بووە، مووچەکەشیان کەمە، داواکارین ئەو بڕە لە 75 ملیۆنەوە بکرێت 150 ملیۆن دینار بۆ ئەوەی ئەو وەزارەتە دەستکراوە بێت.

یەکێکی تر لە پێنشیارەکانمان بۆ ئەوەی سوقلێك لەسەر ئەم حکومەتە کەم بێتەوە، پرۆژەی وەبەرهێنان دەدرێت بەوەبەرهێن، کە شوقەی نیشتەجێبوون دەکرێتەوە، حکومەت هاوکاری دەکات و زەوییەکەشی پێم وایە، بامن ئەوە نەڵێم کەبەبێ موقابیل دەیداتێ بەس لەوانەیە شتێکی ڕەمزی بێت، ئێمە پێشنیارمان کردووە لەو شوقانەی کەدەکرێتەوە، 500 شوقەو 600شوقە ئەکرێتەوە، ناڵێین نیوەی دانێن بۆ کەسوکاری شەهیدان، بەڕێژەیەك دابندرێت وبدرێت بەکەسوکاری شەهید، بەبێ قازانج، ناڵێین بەبێ موقابیل، یەعنی شوقەکە چەندی تێ دەچێت بەبێ قازانج بیاندرێتێ، هەم لەسەر حکومەتیش کێشەکە کەمتر دەبێتەوە، هەم کەسوکاری شەهیدیش سوودمەند دەبێت، یەکێك لەوکێشانەی کەلە لیژنەکەی ئێمە هەیە، ڕۆژانە

بەرەورووومان دەبێتەوە شەهیدی هاوولاتی وشەهیدی دەستی تیرۆرە کەهاوکارەکانم باسیان کرد، ئەمانە تا ئێستا مووچەکەیان 180 هەزار دینارە، من دەیهێنمە بەرچاوی ئێوە کێ بە 180 هەزار دینار دەژی؟، ئەوە نیە کە یەك حاڵەت ودوو حاڵەت بێت، بەلاّم زۆری ئەمانە منداڵی گەورەیان نیە ئیشیان بۆ بکات، مەعیشەتێکی تریان نیە، بۆیە ئێمە داوامان کردووە مووچەکەیان بکرێت بە 300 هەزار دینار.

دێمە سەر وەزارەتی پێشمەرگە کەبەڕاستی دەبێت من هەڵوێستەیەك بکەم، سەرنجی پەرلەمانی بەڕێز بۆ مەسەلەی پێشمەرگە ڕابکێشم، من زۆر زۆر سوپاسی پەرلەمانی بەڕێز دەکەم کە هەموو ئەندامانی پەرلەمان پشتگیری و پشتیوان بوون بۆ هێزی پێشمەرگەو زیاد کردنی مووچەیان، زۆر قسە لەسەر ئیستیحقاقاتی پێشمەرگەو زیاد کردنی مووچەی پێشمەرگەو یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە کراوە، قسەکانم دەکەم بەدوو تەوەر.

من قسەیەکی کاك اسماعیل گەلاڵی بەنموونە دێنمەوە، باسی کرد ئەو ڕۆژە منیش پشتگیری دەکەم، کێشەی پێشمەرگە نەك خەریکە دەبێت بەکێشەیەکی سیاسی، بووە بەکێشەیەکی سیاسی، بەڕاستی کێشەی پێشمەرگە هیچی کەمتر نیە، لە ماددەی 140 و کێشەی نەوت وغاز لەنێوان عێراق و هەرێمی کوردستان، من دوو نموونە دێنمەوە، ئەندامانی پەرلەمان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەمە هەموو ئەو ڕێکەوتن نامانەیە کەلەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان وحکومەتی عێراقی فیدڕالدایە کە موافق بوون پارەی پێشمەرگە سەرف بکەن، لەملاوئەولا قسە دەکرێت، ئەڵێن وەڵلا ئەوە لەسەر عەددەد ڕێ نەکەوتوون، لەسەر ئەوە ڕێ نەکەوتوون، من عەددەدیشتان دەدەمێ، کە ئەخیر کیتابی حکومەتی هەرێم لە 2011/10/27 ناردوویەتی، ئەڵێت ئەوەی داواتان کردووە بۆتان دەنێرین، حکومەتی عێراقی موافەقەت ناکات، 4 ساڵە لەمەجلسی نەواب کە بودجەی عێراق پەسەند دەکرێت مەرجی تێدا نەبووە، ئەمساڵ 5 مەرجی تێدا دانراوە، بۆ ئەوەی کە پارەی پێشمەرگە نەدات، لەماددەی 17، لە برگەی 5 و 7، لەماددەی 18 بڕگەی7و 9، لەماددەی 20، بڕگەی 5 یەعنی لەهەموو ماددەکان ئەڵێت بەشەرتێك ئەم پارەی دەدرێت، ئەگەر سەرۆك وەزیرانی عێراق موافق بێت.

بۆیە من لێرەوە داوا لەپەرلەمانی بەڕێز دەکەم، هەموومان دەنگمان بخەینە پاڵ ئەوەی کە لیژنەیەك دروست بکرێت وبچینە دادگای فیدڕالی شکایەت لە حکومەتی ناوەند بکەین، یەعنی چار نەماوە، لیژنەیەکی موختەصی یاسایی، چارەسەری بکات، چونکە ئێمە دەڵێین 2007 ئەمە حکومەتی عێراقیە خۆی بەقسەی خۆی دەڵێت لە 2006، لەزەمانی مەجلسی حوکمەوە لەکاتی برێمەرەوە، کەئەو موافەقەتی کردووە پارەی 70هەزار پێشمەرگە بدات بەس نەیانداوە، حکومەتی عێراقی لە ماددەی 17 لە بڕگەی 5 خۆی ئیعتراف دەکات، بۆتان دەخوێنمەوە بە عەرەبی دەڵێت( يقدم اقليم كوردستان تقديراً للايرادات المتوقعة خلال سنة 2007، و كشف ب....، يتم الاتفاق بين رئيس الوزراء و رئيس الاقليم حول، النفقات و تسليح و تجهيز حرس الاقليم كجزء من منظومة الدفاع العراقي) ئەمە بووە بەکێشەیەکی سیاسی.

بۆیە من داوا لەپەرلەمانی بەڕێز دەکەم بەڕاستی لیژنەیەکی 3 ، 4 کەسی بنێرن، مەحکەمەی فیدڕالی هەیە شکایەت لە حکومەتی عێراقی بکەین، بۆ ئەوەی بزانین ئەم موستەحەقاتی پێشمەرگەیە دەدرێت یان نادرێت، دوو: جارێکی تر سوپاسی برایانی پەرلەمان دەکەم، پەرلەمانی کوردستان و هەموو ئەندامانی پەرلەمان هەماهەنگ بوون لەسەر ئەوەی کە هێزی پێشمەرگە یەك بخرێتەوەو هەموو ژیان و ئیستیحقاقاتی پێشمەرگە باش بکرێت، وەزارەتی پێشمەرگە داوای بودجەیەکی کردووە بۆ یەکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە تەنها بۆ مووچە نیە، خۆتان دەزانن کەهێزی پێشمەرگە یەك دەخرێنەوە لەلیواکاندا، جل وبەرگی دەوێت، چەکی دەوێت، مەعەسکەراتی دەوێت، خواردنی دەوێت، چونکە ئەم لیوایانەی کەئێستا دامەزراون هەموو لیوایەك 3012 کەسە، لە ئامر لیواکەوە بۆ ئەخیرەکەی، 20 ڕۆژ لەوێ دەمێنێتەوە هەموو شتێکی دەوێت، بۆیە داوای بودجەیەکی کردووە کە تریلیۆنێك و 850 ملیار و کەسرێك ملیۆنە، بەڵام وەزارەتی دارایی کردوویەتی بە 950 ملیار دینار، ئەگەر بەو پارە بێت بەتەما نەبن کەهێزی پێشمەرگە یەك بخرێتەوە، چونکە ئێمە کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزارەتی پێشمەرگە کردووە، ئەڵێن ئێمە بەو پارەیە ئەمساڵ 8 لیوا تەشکیل بووە، 4 لیواش حازرە بۆ تەشکیل بوون، دەیانەوێت 8 لیوای تریش تەشکیل بکەن، بەپێی ئیتیفاقی حکومەتی عێراقی تا ببێت بە 20 لیوا، 2 لیوای پشتیوانی 70 و 80 بچنە سەر هێزی پێشمەرگە، ئیتر چەکدارێك نەمێنێت لەدەرەوەی هێزی پێشمەرگە، بۆ ئەوەی ئێمە گلەییمان نەبێت لەئێوە.

بۆیە من داوا دەکەم کە پشتگیری وپشتیوانمان بن، ئەگەر ئەو بڕە لە 950 ملیارەکە تۆزێك زیاتر بکرێت بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە یەك بخرێتەوە، لەبڕی حساباتەکەی ڕاپۆرتەکەشماندا نووسیومانە، کاڵاو قەرەبووی فەرمانبەران و تێچووی نادارایی، داواکارین لەوەش کەم نەکرێتەوە، چونکە ئەوان داوای 300 ملیاریان کردووە، وەزارەتی دارایی بەڕێز کردوویەتی 127 ملیار دینار، یەعنی نیو بەنیویش نیە، وەزارەتی پێشمەرگەش وادەڵێن، بۆیە داوا دەکەین کەهاوکاریمان بکرێت.

ئەخیر خاڵم بۆ پێشمەرگە، یاسای ژمارە(38) دەرچووە، لە پەرلەمانی کوردستان ساڵی 2007کە بۆ ڕێزلێنان و خانەنشین کردنی پێشمەرگەیە، ئەم یاسایە کە پێشمەرگە پێی خانەنشین بووە، پێشمەرگەی کۆن حەقی خۆیانە ئەڵێن چۆن فەرمانبەرێکی ئەم دەوڵەتە، کە تەقاعود دەبێت 6 مانگی یەکسەر داوای ئەوە دەکەن بۆیە پێشنیار دەکەین وداواکارین حکومەتی هەرێمی کوردستان ووەزارەتی دارایی چارەسەری ئەو کێشەیەش بکات.

من دواتر دێمە سەر بەشی دووەمی قسەکانم، کەتێبینیم لەسەر پرۆژەکان هەیە، تەنها لەبەر ئەوەی کە خەڵکی سنوورێکم 407 گوندی تێدایە، بەس لەسەر ئەوانە قسە دەکەم، من سەرەتا پرسیارم لەبەڕێز وەزیری پلاندانان ئەوەیە، 8 وەزارەت ودەستەی وەبەرهێنان لەسنووری 4 قەزا، قەزای پێنجوێن، هەڵەبجەی شەهید، سەید صادق، قەزای شارەزوور، لەگەڵ 7 ناحیەدا، 8 وەزارەت و دەستەی وەبەرهێنان یەك پرۆژەیان بۆ ساڵی 2012 نیە، پرسیارم بۆ بەڕێز وەزیری پلاندانان ئەوەیە، هۆکارەکەی چیە؟،

لەهەمان کاتدا 2 لەو وەزارەتانە، وەزارەتی داد و سامانە سروشتیەکان، ساڵی 2011 دوو پرۆژەیان هەبووە، یەکێکیان لە هەڵەبجەی شەهید دروست کردنی تانکیەك بە 20 هەزار لیتر سووتەمەنی، یەکێکی تریان لەسەید سادق، کە وەزارەتی داد دروست کردنی خانەی داد ودوو خانوو بوو، ئێستا لە بودجەی پێشنیارەکانی ساڵی 2012نەماوە، پرسیارم ئەوەیە، وەزارەتەکانی تریش کە دەمێنێتەوە هەر یەکێکیان نەك لەسنووری قەزاکانی تر، بەجیاجیا هەر یەکێکیان پرۆژەیەکیان هەیە لەسنووری قەزایەکدا.

دێمە سەر وەزارەتەکان، لەوەزارەتی کشتوکاڵەوە دەست پێ دەکەم کە هەمووومان ناوبانگی دەشتی شارەزوورمان بیستووە، کەیەکێکە لەدەشتە بەپیت و بەرەکەتەکان، ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵی حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی هەبێت پێم وایە لەڕووی بەرووبومەوە بەشی کوردستان ودەرەوەش دەکات، بەڵام دوو ساڵە من خۆم لە لیژنەی کشتوکاڵم، عەقڵیەتێکی ئاودێری لەوەزارەتی کشتوکاڵ هەیە پرۆژە بۆ کشتوکاڵ نیە.

ئەمساڵیش لەسنووری ئەو قەزاو ناحیەیە، کە قەزای پێنجوێنە، هەڵەبجەیە، سەید صادقە، شارەزوورە، لەگەڵ ناحیەکە پرۆژەی هەیە دوانیان دیزاینە بۆ ئاودێری، یەکێکیشیان بەنداوێکی بچووکە بۆ ئاودێری، بۆیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم، بەڕێز وەزیری پلاندانان لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵدا قسە بکرێت کە سەبەبی چیە؟، ئەم عەقڵیەتی ئاودێرییە لەوەزارەتی کشتوکاڵ چیە، کاك جلال خۆی لێرە نیە، ئەگینا موعاناتمان هەیە بۆ مەسەلەی کشتوکاڵ، لەپرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی کشتوکاڵیش حەزم دەکرد بەڕێز وەزیری پلاندانان لێرە بووایە، تەمەنا دەکەم هەڵەی چاپ بێت.

دوو نموونە دێنمەوە، لەلاپەڕە 93 لە حەقلی 6 نووسراوە گوندی چالگەی خواروو سەر بە قەزای شارەزوور، پێم وایە کە چالگە لای مێرگەپانەو سەر بەقەزای شارباژێڕە، بەس ئەمیش بەش نەکا، ڕەنگە لێی تێکچووبێت، ئەمە یەکەمیان.

دووەمیان: نووسراوە گوندی گردە نازێ سەر بە قەزای شارەزوور، هەمووی کیلۆمەترێك گردەنازێ لە سەید صادقەوە دوورە، ئەگەر هەڵەی چاپ بێت باشە، ئەگەر نا ئەوە دوو زیانی تێدایە، یەك پرۆژەی وەزارەتێك دەچێت بۆ وەزارەتێکی تر.

دوو: بەڕاستی ئەو قائیم مەقامە، یان وەحدە ئیدارییە بەدواداچوون ناکات، بۆیە هیوادارم ئەوەش چارەسەر بکرێت، وەزارەتی پەروەردە لەسنووری ئەو چوار قەزایە، ئێمە 2 جار سەردانی ئەو شوێنانەمان کردووە، جارێکیان لەگەڵ هاوکارانم کاك فازیل وکاك سەردار رشید، چووینەتە پێنجوێن و هەموو شوێنەکان، جارێکیشیان لەگەڵ شلێرخان هەر سەردانێکمان کردووە، بەدەست بێ قوتابخانەییەوە دەناڵێنن، تەسەور بکەن ئەمساڵ سێ قوتابخانە دەرچووە، دوانیان لەسنووری سەید صادقدایە، شەش پۆلیە، یەکێکی تریان لەسنووری دوو ناحیەی پێنجوێن وقەزای پێنجوێن وخۆی و سێ قەزای ترە، یەك قوتابخانە دەرنەچووە تەنها نۆژەنکردنەوە نەبێت، بۆیە یەکێك لەو قوتابخانانەش کەدەرچووە بۆ سنووری سەید صادق، من ئەمڕۆ قسەم لەگەڵ قائیم مەقامی سەید صادق و بەڕێوەبەری پەروەردە کردووە، بەڕاستی

قوتابخانەیەك لەو دێیەدا گەشتووەتە سەقف، ئێستا قوتابخانەیەکی تری بۆ دەرچووە، بۆ گوندی وەڵە سەمت.

داواکارم کە وەزیری پلاندانان کە وابوو بێ ئاگاییەك هەیە لە نێوان وەزارەتی پلاندانان وئەنجومەنی پارێزگادا، لەو گوندە قوتابخانەکە خەریکە دەگاتە سەقف لێرەش لەوەزارەتی پەروەردە قوتابخانەی بۆدانراوەتەوە، با ئەو قوتابخانە بگۆڕدرێت یان بۆگوندی گردەنازێ، یان گوندی تەپی کەرەم، ئەو دوو گوندە هەردووکیان قوتابخانەیان نیە، لەسنووری قەزای سەید صادقن، وەزارەتی تەندروستی جارێکی تر دەیڵێمەوە لەسنووری ئەو 4 قەزاو 7 ناحیەیەدا، یەك بنکەی تەندروستی دەکاتەوە لەگوندی باشماخ ئەویش لەبەر مەرزەکەیە، لەجۆری (ئی) بڕۆ ناوچەی پێنجوێن وناوچەی هەورامان وئەوانە بەڕاستی ڕێگاو بانیان خراپە، دوورن لەمەرکەزی شارەکانەوە بەدەست بێ بنکەی تەندروستیەوە دەناڵێنن.

بۆیە داواکارم لەحکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕووی تەندروستیەوە ئاوڕێك لەو شوێنانە بداتەوە، وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، ئەویش بەهەمان شێوە لەو سنوورەدا یەك لقی هەیە، لەهەمان کاتدا ئەگەر سەیری ناوچەی هەورامان و پێنجوێن بکەین، بەبۆنەی شەڕی عێراق – ئێران وبەهۆی ئاسەواری مین وبەبۆنەی ئەوانەوە کۆمەڵێك خەڵك کەم ئەندام بوون، پێویستە زیاتر ئاوڕیان لێ بدرێتەوە.

ئەخیر شتم دێمە سەر وەزارەتی شارەوانی وگەشتوگوزار، بەداخەوە من وای لێ تێ دەگەم کە بەس وەزارەتی شارەوانی هاوکارانم زۆر باسیان کرد، یەعنی گەشتوگوزار لەو شارەوانیە، چۆن لەوەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری زاڵترە، لەوێش شارەوانی زاڵترە، چونکە ئیهتیمامێك بەگشتوگوزار بدرێت، ئەگەر حکومەت خۆی خەریکی نابێت با تەسلیمی کەرتی تایبەتی بکات، تا بتوانێت هوتێل، چێشتخانە، شوێنی ئیستراحەت بۆ گەشتیاری دروست بکەن، هەم سوودێکی بۆ خەڵکی هەیە، لەسنووری لای ئێمە لەناوچەی هەڵەبجە کۆمەڵێك مەسایفی باشی تێدایە، کە بەڕاستی شوێنی خزمەتگوزاری کەمی تێدا بۆ ئەوەی خەڵك تێیدا بمێنێتەوە، من ناڵێم هەر تێیدا نیە، بەس شوێنی مانەوەی شەوی تێدا نیە، لەپێنجوێنیش بەهەمان شێوە.

من ئەخیر جار کۆمەڵێك پێشنیارم هە یە، جگە لەوەی پشتگیری وپشتیوانیم بۆ ئەو داواکارییانەی کە فراکسیۆنی کوردستان لەڕێگەی سۆزان خانەوە پێشکەشی کرد، وەك زیاد کردنی سولفەی عەقار بۆ لادێکان، بەردەوام بوونی هەڵمەتی نیشتمانی بۆ کردنەوەی قوتابخانە، بەردەوام بوونی تواناسازی، پێدانی سولفەی عەقاری بەزەوی 100 مەتری، دوو، سێ پێشنیارم هەیە، یەکەم: دانانی برێك پارە بۆ کارەساتە سروشتیەکان لەبواری کشتوکاڵ، زۆرجار کارەساتی سروشتی ڕوودەدات، پارە نیە کە وەك پێویست هاوکاری خەڵك بکرێت، بۆیە داواکارم برێك پارە بۆ ئەو مەبەستە دابندرێت، ئەمساڵیش وەك ساڵی پار ئەو 100 ملیار دینارەی کەدانرا بۆ ئەو یەکە ئیدارییانەی کە لەسنوورەکان لەکاتی خۆی بەزۆرەملێی ڕاگوێزراون پار سوودێکی باشی هەبوو، ئەمساڵیش ئەو بڕە پارەیە دابندرێتەوە، کەمکردنەوەی ڕۆتین بۆ پێدانی سولفەی زراعی و صناعی، بەتایبەت صناعی، بۆیە بەو هۆیەوە زۆر کەم خەڵك سوودی لێ دەبینێت، ئەو ڕۆتینە

کەم بکرێتەوە جا بەهەر شێوەیەك بێت، ئەخیر پێشنیارم پشتیوانی کەمکردنەوەی بودجەی هەر سێ سەرۆکایەتیەکە دەکەم، بۆ ئەوەی کە ئەو بوارانەی پێشکەشمان کردووە بتوانین پڕی بکەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە لیژنەی دارایی تێبینی کرد لەدوێنێوە تا ئەمڕۆ چەند کۆمێنتێك هەبوو، لەسەر دیاردەی پەسەندە؟، پەسەند نیە؟، لەحەقیقەتدا ئەم کارە لەم خولەی پەرلەماندا وابزانم بووە بەعورف، ئەگەر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ڕێگام بدەی ڕوونی بکەمەوە، لە پار ساڵ کەهاتین ڕاپۆرتمان ئامادەکرد، ڕاپۆرتەکەمان برد بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمان بانگیان کردین، وتیان پێمان باشە ئێوە وەکو لیژنەیەکی موختەص.

لەبەر ئەوەی لەوانەیە لەهەندێ بوار زانیاری لەلای ئێمە زیاتر بێت وەك لە لیژنە بەڕێزەکە، هەر خاڵێك کەدەبینن ئەتوانن کۆمێنتی خۆتانی لەسەر بێت، یاخود ئەگەر بکرێت بە پەسەندەو بەناپەسەندە وەڵامی بدەنەوە، یان هەر وەڵامێکی تر، پشت بەستوو بەو مەبدەئە، هەر ئەوەتان دێنینەوە بیر ئەو پرۆژەی کاتێك کە ڕاپۆرتەکەمان ئامادە کرد، پاش ڕۆژێك گەڕایەوە بۆ لیژنەی دارایی، دوو ڕۆژ بۆ سێ ڕۆژ کارمان لەسەر کرد، لەسەر ئەوەی کۆمێنتی لیژنەی دارایی لەسەر ئەو بابەتانە تۆمار بکەین، هەرچەندە وەکو سەرۆکایەتی لیژنە ئێمە لەگەڵیان نەبووین، بەڵام وتیان وەکو عورفێك دەبێت پێڕەوی بکەین، ئێمەش بەپێی ئەو زانیارییە کەمەی کەلامان هەیە، یان بەپێی ئەو شارەزاییە کەمەی کەلای ئێمەیە، دێین سەیری بۆچوونەکان دەکەین کەلە لیژنەکانەوە دێت.

بەپێی بۆچوونی خۆمان دەڵێین پەسەندە؟ یان پەسەند نیە؟، یان زۆرجار لێی تێنەگەیشتووین وەکو پێویست نووسیومانە بێ کۆمێنت، یان زۆرجار وەڵاممان پێ نەبووە، وەڵامەکە لەلای بەڕێز نوێنەری حکومەت بووە، وتوومانە بەڕێز نوێنەری حکومەت وەڵام بداتەوە، یان هەندێکی ئەکرێت بکرێتە پێشنیار، دوایی بەرز بکرێتەوە بۆ حکومەت تا جێبەجێ بکرێت، یان ئاستی جێبەجێکردنی چەند بێت؟، بەڕێزان هەر بەپێی ئەو شارەزاییە کەمەی کەلای ئێمەیە، لەڕاستیدا زۆر لەو بابەتانەی کە ئیسارە دەکرێت لەلایەن لیژنەکانەوە، زۆرجار دوورە، زۆرجار پەیوەندی بەگفتوگۆ نیە لەسەر پرۆژە یاسای بودجە.

ئەگەر بەڕێزتان ئەو تێبینیە لەلای خۆتان تۆمار بکەن، ئەزموونی هەندێ وڵات هەیە دەتوانن سەیری بکەن، لەهەموو وڵاتێکدا ئەو موازەنەیە دائیمەن ئاماژە دەکرێت بە (مەیجەر ئین دی کەیتەرس) ئەو موئەشیراتانەی کە سەرەکین، لەسیاسەتی مالی دەوڵەت، موئەشیرە سەرەکیەکانیش سیاسەی کۆکردنەوەی داهاتە، لەگەڵ سیاسەی چۆنیەتی خەرجکردنی نەفەقات.

هەندێ ئەرقامی سەرەکی هەیە، یان هەندێ پرۆژەی سەرەکی هەیە، یان هەنـدێ بابـەتی سـتراتیژی هەیـە، کە هاوسەنگی میزانیەکەی ڕاگرتووە، تەعلیق لەسەر ئەوە دەدرێت، بەڵام بەم وردەکارییە بەپێی بۆچوونی ئێمە هیچ وڵاتێـك ناچێتە نـاو ئـەم وردەکارییـەوە، بـەڵام ئـەوە ئەنـدام پەرلـەمانی لیژنـەی بـەڕێز ئـازادە، ئێمەش وەك لیژنەی دارایی ملکەچ دەکەین بۆ ئەو بۆچوونانەی ئەوان، ئەمەلەلایەك ،لەلایەکی تر کەپێیان ڕاگەیاندین سەرۆکایەتی پەرلەمان، وتیان لەکاتی خۆیدا تەعلیقی خۆتان بدەن.

ئێمـە تـەعلیقی خۆمـان لەسـەر چـوار مەبـدەء داوە، ئەگـەر هـەر فـەرزە لەسـەرمان سـەرۆکایەتی داوامـان لێـدەکات، لـەکاتی خـۆی ڕاپۆرتەکـەی گەڕاندووینەتـەوە چـەند ڕۆژێـك تـەئخیری کـردووین لەسـەر چـەند مەبـدەئێك، ئـەم تەعلیقانـەمان داوە، بـەڵام ئـەم تەعلیقانـە تـەنها تـەعلیقی لیژنـەی داراییـە بـەپێی ئـەو شارەزاییە کەمەی کەهەیەتی، خۆ دوایی هەموو بابەتەکان بەجێ دەهێڵین بـۆ بـەڕێز ئەنـدامانی پەرلـەمان وبڕیاردان لەسـەری ئـەوەی کەپەسـەند دەکرێت، ئەوەشـی کەپەسـەند ناکرێت، لەسـەر چ مەبـدەئێك ئێمـە وتوومانە پەسەندە؟، لەسەر چ مەبدەئێکیش وتوومانە پەسەند نیە؟.

مەبـدەئی یەکـەم: هەنـدێکی مـن داوای لێبـووردن دەکـەم، بـەپێی بۆچـوونی ئێمـە جارێکی تـر دووبـارەی دەکەمەوە، بەپێی ئەوشارەزاییە کەمەی کەهەمانـە، نـە لـەدوورەوە نـە لەنزیکـەوە پەیوەنـدی بـە بودجـەوە نیە، بۆ نموونە(10 ) وێستگەی فلان پۆلیسی کەمە، ژمـارەی پـۆلیس وپاسـەوان کـە بـۆی دانـراوە کەمـە، بـۆ نموونـە کەچـەند غاباتێـك هەیـە پۆلیسـی کەمـە، ئەمانـە لەڕاسـتیدا دوایـی ئـەو لیژنـە بـەڕێزە دەتوانێـت بەدواداچوونی بۆ بکات، لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار، بەڵام داوای لێبـووردن دەکـەم شـەرت نیـە ئێمـە ڕاسـت بین، بەس تەنها ڕوونکردنەوەیە.

مەبدەئی یەکەم بەپێی بۆچوونی ئێمـە ئـەو بابەتـە پەیوەنـدی بـە موازەنـەوە نیـە، مەسـەلەن بـۆ نموونـە وتوومانە پەسەند نیە؟، یاخود بەجێی دێڵین وەك پێشنیار.

خـاڵی دووەم: هەنـدێکی پەیوەنـدی هەیـە بەتـەداخول لـەنێوان سـوڵتەی تەشـریعی وتـەنفیزی، کـەدەبێت سوڵتەی تەشریعی پەرلەمان خۆی لێ دووربخاتەوە، بەڵام دواتر لیژنەی بەڕێز دەتوانێت بەدواداچـوونی بـۆ بکات، بـەڵام لەچوارچێوەی موازەنەکـە جێگـای نابێتـەوە، مەسـەلەن بـۆ نموونـە، تەنسیق بکرێـت لـەنێوان وەزارەتی شارەوانی وپێشمەرگە بۆ تەوزیعی زەوی، ئەمە ئیشێکە عائیدی سوڵتەی تەنفیزیە، نـەك سـوڵتەی تەشریعی، بەڵام لەچوارچێوەی میزانیەشدا نیە، بەڵام داوا لەبەڕێزتان دەکەم کەئەمە دواتر خۆی دەتوانێت بەدواداچوونی بۆ بکات، لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار.

خاڵێکی تر هەیە، هەنـدێ بۆچـوون هەیـە، بـەپێی ئـەو بۆچـوونانەی کـەلای ئێمەیـە، پەیوەنـدی بەئسـوڵی موحاسەبەو ئسوڵی دانانی موازەنەوە هەیە، مەسەلەن داوا کراوە حسابێك یـان دوان یـان سـێیان لـە حـەوت حسابە سـەرەکیەکەی کـە ئیقـرار کـراوە نـەمێنێت، کەئەمـەش ناکرێـت، نیسـبەتەکە کـەم بکرێتـەوە ئـەوە دەبێت، یان زیاد بکرێت ئەوە قەیناکە، بەڵام ئیلغـا بکرێـت ئـەوە ئێمـە وەك لیژنـەی دارایـی ناکەوینـە ئـەو هەڵەیـەوە، بڵـێین ئیلغـا بکرێـت، وتوومانـە پەسـەند نیـە، بـەجێی دەهـێڵین یـەکلایی بکرێتـەوە لـەهۆڵی

پەرلەمان، لای ئێمە کۆمێنتمان نیە، بەجێی دەهێڵین بۆ هۆڵی پەرلەمان، ئەگەر ئەو بەڕێزانە بڕیاریاندا ئێمەش ملکەچ دەبین، خۆ ئێمە هەمووی 10 کەسین، ئەوە مەبدەئێکی تر بوو.

مەبدەئێکی تر کە دەکاتە مەبدەئی چوارەم: هەندێکی داوای چی دەکات، داوای زیاد کردنی نەفەقات دەکات، کە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ماددەی 83، خاڵی یەك(لایقبل اقتراح زیادة النفقات او احداث النفقات الجدیدة او تخفیض الواردات مالم یکن المقترح مشروعاً ببیان وسائل تحقیق الاقتراح) کەدەبینین ئەو ئامرازەی تێدانیە کەئەوە نەمێنێت.

ئێمە وەك لیژنەی دارایی لیژنەیەکی موختەصین، ئەگەر ئێمە کۆمێنتمان نەبێت کەواتە بوونی ئێمە پێویست ناکات، ئەوکاتە هەمووی لەسەر ئەساسی ئەو چوار مەبدەئە ئێمە نووسیومانە، پەسەندەو پەسەند نیە، بەڵام ئێمە تەنها 10 کەسین لە 111 کەس، هەر شتێك پەسەندە یان پەسەند نیە، لەڕێگەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە بەجێی دەهێڵین بۆ بڕیاری بەڕێزتان، ئەوە بۆچوونی ئێمە بوو لەسەر ئەو پەسەندەو پەسەند نیەو ئەو چوار مەبدەئەی کە لەسەری ئیشمان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز . حسن محمد سورە(جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك محمد تازە قسەت کرد، ئاهەنگ خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەخێرهاتنی وەزیری دارایی دەکەم ودەستخۆشی لە لیژنەی دارایی دەکەم، بەڕاستی کاك دکتۆر ئاراس دەورێکی زۆری هەبوو، وەك ئوستازێك سوپاسی دەکەم.

بەڕێزان من لە مێژووی خۆم کە موهەندیس بووم هەڵبەتە بەدوورو نزیك هەندێك لەمیزانیەو کێشەمان لەگەڵی هەبووە، حیسابات، حساباتی خوتەی هەیە، حساباتی میزانیە هەیە، حسابی تیجاری هەیە، موازەنەی عام هەیە، ئەو کێشانەی کەئێستا ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز باسی دەکەن، ئێمە لە سولفەکان تووشمان دێت زۆرجار، کە موهەندیس وەکو سولفەی دەکەین، ئێمە کەسولفە دەکەین، کەڕەقەمی گەورەمان لێ ون بوو هیچ موشکیلەمان نیە، دەڵێین ئۆخەی، چونکە ئەوە لە فەقەرەیەك زۆر زوو دەبینرێتەوە، زۆر زوو جواب دەدرێتەوە، بەڵام ئەگەر بە سفر وفاریزە لێمان ون بوو، خوا وەکیل مێشکمان تێك دەچێت، چونکە زۆرجار حاسیبە ڕەقەمی پۆینت ( 1 و2 و3) کە تەفاروبی پێ دەکەین دەڵێین خوایە دەبێت موقابیل چۆنی حساب کردبێت، ئێمە چۆنی حساب دەکەین؟، بەڵام زۆرباش وەزیری دارایی دەزانێت، ئەگەر من سولفەیەکم تەقدیم کرد، یەك ملیار دینار بوو، 2 هەزاری لێ نەقص بوو سولفەکە ڕەد دەبێتەوە دەڵێین کاکە موتابقی نیە، من بەدرێژایی ژیانی خۆم، کە لەدەشتی قەتەوی دەستم بە ئیش کردووە، کە لەگوندەکانی تەلی هەواو، دۆمی ئیدریس هەتا قۆرەتوو، سەید مستەفا، هۆرێن سۆڵاوە، بەدرێژایی هەموو پانی ئەو دەشتە گەورەیەی کوردستانی لێ سنوورە، بەو هەموو بەرهەمهێنانە، شەرەفی ئەوەم نەبووە لەدهۆك ئیش بکەم، زۆر حەزدەکەم مەشروعێکیش لە دهۆك وەربگرم وئەو شەرەفەم پێ بدرێت.

بەڕێزان ئەو سستمە لەخۆی، ئەو تەفائوتەی کەئەندامانی پەرلەمان ئێستا بـەوەزیری دارایـی دەڵـێن ئـەوە بۆخۆی خەلەلێکە لەو سیستمەی کەدکتۆرە ڕۆژان ئاماژەی پێکرد، (جی، ئێف، ئێس)ـە من لەدکتۆر ئاراسـم پرسی( جی، ئێف، ئیس) بەمنی وتی (جەنەڕاڵ فاین سیستم) نیزامێکی ئەمریکیە، من خۆم سێ شەوە یـان چوار شەوە لەوەتەی بودجە دەستی پێکردووە، (جی، ئیف، ئێس)م بینیوە بەسێ، چوار تەعریف بۆم دێت.

یەکەمیان: (گڵۆبەڵ فاین سیستمە) یەعنی نیزامێکی مالی زۆر زۆر فراوان.

دووەمیان( گەڤەرمێنت فاینەڵ سیستم) .

سێیەمیان: (گەڤەرمێنت فاینەڵ ستاتیستیك) ئەوانە هەموو وەکو دارێك دێتە پێشچاوم ڕەگەکەی هـەمووی یەك بێت، پەلکەکان وفەرعەکانی جیاواز بێت، کەتەماشای سندوقی نەقـدی دەولـی دەکـەین، ئـەوەی بـەڕێز وەزیری پلاندانان وتی، (ئای، ئێم، ئیف)ـە ئەو کێشەیە لەسـندوقی نەقـدی دەولـی هـەموو مانگێـك جارێـك تەعدیلی لەسەر دەکرێت، خەبیری ئیقتصادی تەعدیلی لەسـەر دەکـات، کێشـەکە لـەنێوان وەزارەتـی دارایـی، لەگەڵ شەفاف بوونی ئەو کێشەیە ئەو فۆڕمەیە، ئەو فۆڕمە شەش عەیبی هەیە، ئەو عەیبانە چین؟.

یەکەمیان: تەختیەی هەموو مەصاریفێك ناکات، مـن سـولفەیەکم ئـەمڕۆ تەقـدیم کـرد سـبەینێ تەصـدیق کرا، دوو سبەی ئەگەر ئەو فۆڕمە دەرچوو تەختیەی ناکات، تەفاوتێك پەیدا دەبێت.

دووەمیان: وەختێ ئەو قەیدەو ئەو فۆڕمە دەکرێت، ئەو وەختە کە دەکرێت، لەگـەڵ وەخـتی تـر زۆر زۆری فەرقە، تەصنیفی زۆرجار تۆ مەجبوری ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان ئیتیبـاعی هەنـدێ ئـەعراف وەتـەنی بکـەین، بـەڵام مـەبادئی عـامیش، چـونکە نـەوتمان هەیـە، خۆتـان دەزانـن نـەوت لـە سـاڵی 1973 لـەکاتێ کـەئۆپیك دەسـتی لەسـەر فرۆشـتنی هـەڵگرت، موشـکیلەیە تـا ئێسـتا، چـونکە کەوتـە دەسـت بـازاڕی ڕەش، حەقیقەتێکە کەس ناتوانێت ئینکاری لێ بکات، ئەو تەفاوتەی نرخی نەوت لێرە دێتە دەرەوە.

سـێیەم: تـەقیمی موعامـەلات، بـەگوێرەی ئسـوڵی هـەموو بانقـەکانی دونیـا، ئـەوەی کـەوەك خیـوتی عەنکەبووتـە، تەشـابوکێکی کـردووە، چـونکە هـەر بانقێـك سسـتمی خـۆی هەیـە، دەبێـت هەمووشـی یـەك بگرێتەوە.

چوارەم: ڕەصیدی صافی وتەدقیقیەتی، ئەو ڕەصیدە نایەتـە سـەری موسـتەحیلە هـەموو کاتێـك تـۆ بتـوانی فۆڕمەکەی بۆ بکەیت، پێنجەم: دەوریەو نوێ کـردن، یـەعنی هـەموو سـێ مـانگ و چـوارمانگێك ئـەو دەورە ئەو فۆڕمانە تەعدیل بکرێت، ئەوە نوێ کردنەوەی پێ دەوێت، بەڵام من دەڵێم وەزیری دارایی ئێمە دەڵێین کورتهێنـان، کورتهێنـان وزیـاد هێنـان لەبودجـەدا لـەو فۆڕمـە بـەدی دەکرێـت، ئەگـەر ئێمـە پێشـی بخـەین، لەسیستمەکەی کەدەڵێم(گەڤەرمێنت فاینەڵ ستاتیستیك) فۆڕمێکی نوێیان دەرهێناوە، هەر سندوقی نەقدی دەولی بەتأریخی( 17ی مـەی) یـەعنی 6 تـا 7 ڕۆژ پـێش ئێمـە دەسـت بـەگفتوگۆی پەرلـەمان بکـەین، ئـەو فۆڕمە بڕواتان هەبێت بە دەقیقە لەماڵەوە چی دەخۆی هەتا نانی لێ حیسابە، ئینجا ئەو فۆڕمە من ناڵێم ئـەوە تـەتبیق بکـەین، چـونکە ئیمکـان نیـە بـەم کاتـە تـەتبیق بکرێـت، بـەڵام ئەگـەر تـەتبیقمان کـرد، یـان هەوڵماندا کەهەندێك ئەو فۆڕمە تەتویری پێ بکەین.

ئەو هەموو جوابانەی کەبەڕێز وەزیری دارایی هەندێك گرانە لێی وبـرادەرانیش بـە حەساسـیەت سـەیری دەکەن، وا بزانم هـەمووی حـەل دەکرێـت، جەنابیشـی هـەر لەمەکتەبەکـەی خـۆی بەئینتـەرنێت دەتوانێـت مانگانە چەند داهات دێتە سەر ئەو حسابانەی کە جەنابی مەسئولی جوابدانەوەکەیە، بەڕێزان ئەگـەر ئـەو فۆڕمە بەشەفافیەت تەتبیق بکرێت، جەنابی بیداتە سەر شاشە لەباتی ڕەسمەکانی ئێمە با ئەوە بداتە سـەر شاشەکە، کەدەڵێین ئێمە وەصڵ ئـەوەی کـەکاك نـەریمان باسـی کـرد، ئـەو وصـولاتانە ئێمـە هـەموو ڕۆژێـك کامێرەی مروور، هاووڵاتی دەڵێت پارە حساب دەکات، هەمووکەسێکش دەڵێت پارەکـەی مـن کـەوەرتان گـرت چووە کوێ؟، ئەگەر ئەو فۆڕمە بەدەقیقی بە ئینتەرنێت بدرێت کاك شێخ زۆر بەجوانی جوابمان دەداتـەوە دەڵێت کاکە ئەوە لە فلان سندوقە بەفلان مێژوو، چووە فلان جێگا؟، ئێمەش بـە هەڵـە ناچـین نیگـەرانیش نابین.

دووەم: کارەبا، ئێستا هەموو عالەم دەڵێت (احمد اسماعیل) کارەبای بەچەند دەفرۆشێت بەحکومەت؟، یـەك پۆینت 2 سەنت، حکومەت بە 4 سەنت ونیو دەیفرۆشێتەوە، ئەگـەر ئـەو فۆڕمـە هـەبێت و ڕەچـاو بکرێـت من لەماڵی خۆم کلیکێـك لەسـەر کارەبـا دەکـەم، بـزانم چـەندم سـەرف کـردووە، حکومـەت ئـەو ڕۆژە چـەند گازوایلی بەو وێستگانەداوە، هەموو ئەوانە دێتە سەر حسابات و شەفافیەت دەبێت.

سێیەم: ئاو کردن ئێمە کەدەڵێین مەبدەئی تەقەشووف، بەڵێ وایە پێشان لـە هـەولێر یـەك مەشـروعی ئـاو هەبوو، مەشروعی مەرحوم شەریف جامباز بوو کە150 بیر ئینتاجی ئاوی هەبوو، ئەمڕۆ ئەو بوتڵە ئاوانە مەلاین کانی هەیە کە ئاو پڕ دەکات ودەیفرۆشێت، ئەو لیتری ئاوەی کەمن لەساڵی 1982 تەسـویەم دەکـرد لەم هەولێرە، کەنرخی لەسەر من بەچەند بووبێت، ئـەمڕۆ ئـەو لـیترە ئـەو نرخـە نیـە کـە ئێسـتا دەدرێـت بەئێمە، بۆیە من بەکەیفی خۆم ئاو سەرف دەکەم، بەکـەیفی خۆشـم ئـاو دەکـرم، نـە مـن دەزانم تەقەشـوف چیە؟، نە حسابەکەش لەحکومەت دیارە، یەعنی دەبێت ئێمە ئەو ڕاستیە لەبیر نەکـەین، حکومـەتێکی وەك ئیسرائیل لەساڵی 1948 تەوە، ئەگەر کلیکێك لەسەر حکومەتی ئیسـرائیل بکـەیت بڵێیـت حکومـەت چۆن ئیش ئەباتـە سـەر؟، لەسـاڵی 1948 دەڵێت هـاووڵاتی مـن چـەند حـەقتان هەیـە ئـاو سـەرف بکـەن، چـەند موکەعەب حەقتان هەیە ڕۆژانە ئاو سەرف بکەن؟، من بەچەند لەسەرمە بەپارە؟، چەندیش لەسەر ئێوەیە بە تەکلیف؟، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوە هەمووی شەفافیەتە، ئەگـەر ئـەو شـەفافیەتە، ئـەو مەعلوماتـە بۆ هاووڵاتی هەبێت، بەخوا هەموو هاووڵاتیەکیش لەجێگای خۆی دادەنیشێت، زۆر بە باشی لـە سیسـتمەکە تێدەگات، ئیشکال لەوە نیە کەمن یەکێك ئیتیهام بکەم و ئەویش من ئیتیهام بکات، کارەکە لە سیستمەکەیە، سیستمەکە دەبێت گۆڕانکارییەکەی لەسـەر بکرێـت، چـونکە ئـەمڕۆ ئینتـەرنێت بـووە بـە عالـەمێك لـەماڵی خۆت دادەنیشیت ئەمریکا دەکەیتەوە، مەرکەزی (سی، ئای، ئەی) دەکەیتەوە دەزانی چی لێقەوماوە.

بەڕێز ئەوە بەنیسبەت ئەو خاڵانەی کەویستم ئاماژەی پێ بدەم کەهاووڵاتی باسـی ئـەوە دەکـات، ئیتیحـادی ئـەوروپی ئـەمڕۆ بـە یـورۆ تـەعامول دەکـات، یـورۆ هـەموو ڕۆژ لـە ئەزمـەی ئیقتیصـادیدایە، هـەموو ڕۆژ

لەوڵاتێك سەر دەكەوێت و دێتە خوارێ، ئێمە ناچار بەكوالێتی كۆنترۆڵی خۆمان تەعامول بەیورۆ بكەین، ئەو بانقانەی كە تەعامول بەیورۆ دەكەن.

ئەو ڕۆژەی كەدۆلار موقایەزەی پێ دەكرێت، ئێمە كە یوورۆی پێ دەكڕین، كەئەوە قازانجی حكومەتی هەرێمە، ئەوەش دێتە سەر ئەو حسابە، ئەگەر ئەو فۆرمە بە شەفافیەت هەبێت، ئەو سستمە خەلەلێك هەیە لەوەزارەتی دارایی دەبێت تەتویری پێ بكرێت، بۆ ئەوەی مەركەزی شەفافیەتی لێ هەبێت وهەموو ئینتاجەكانی لێ بێتە پێش، دێمەوە سەر موشكیلەی مقاوەلات و موهەندسین، بەڕاستی كاك شێخ دەڵێت موهەندسین هیچ سولفەی مقاولێك لای ئێمە نەماوە.

بەڵام كاك شێخ من دەتوانم یەك لیستت پێ بدەم، بزانم كەی ئەوانە ئەو سولفەیان داوا كردووەو كەی پێیان دراوە، ئەوە فەرقی دۆلاری پێ دەگۆڕدرێت، ئەو مقاولە دەمرێت دەبێت بە وەرەسە، كۆمەڵێك مەشاكیلی لەناوە، ئەو فەرقی دۆلارە، كاكە مقاوەلات و ئیش كردن عیلمە، كەپەیڕەویشی دەكەیت دەبێت بە عیلم، بەدەقیقی حسابات لەگەڵی بڕۆیت، غەرامە، ئسلوبی گۆڕینی غەرامە، قەوانینی مقاوەلات، فەرقی دۆلار، موهەندیس و دەرماڵە و پارە، ئەوەی كەئێستا من ئاگاداربم بەڕێز كاك دڵشاد شەهاب، شتێكی لەبەردەستدایە، كە سەنگێك یان بەلانسێك بدات بە مووچەی موهەندیسەكان، توخوا وەزارەتی دارایی دەستی مەبەستنەوەو هاوكاری بكەن، بۆ ئەوەی ئەو كێشەمان لەكۆڵ ببێتەوە، بواری ئاوەدانكردنەوە، هەلێكی پێ بدرێت.

پرسیارێكی ترم هەیە، فەرقی موعامەلات، زۆرجار دەبینین فەرقی موعامەلات لەپارە، سەنەویەك تازە دەكەیتەوە، لە سلێمانی فەرق هەیە لەپارەكە لەگەڵ هەولێر، خدمەی مامۆستایان زۆرجار هەیە لەسلێمانی دەرچووە وەزارەت دەڵێت چونكە هی هەولێر نیە ئیعتراف پێ ناكەم، هەروەكو كێشەكەی جەنابت ئەو هاووڵاتیە بەڕێزە دوو ساڵە نە تەقاعودە نە مامۆستایە، ئەو كێشانە هەمووی هاووڵاتی وا لێدەكات، ئەگەر ئەوە ئینتەرنێتێك و شەفافیەتێك هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

......... هەندەك موشكیلە عیلاقەی بە وەزارەتی پلاندانانەوە هەیە كە لە 5 خاڵ من نووسیوومە بۆ وەزیری پلاندانان، جارێ بیدایەت من لە باتی وەزیری ئیعمار و وەزیری بەلەدیات بم ئەو پارەیەم ناوێت دەڵێم ماڵتان ئاوابیت، چونكە هیچم پێ ناكرێ، زۆر كەمە من دەزانم بودجە تەقدیری موحەددەدە، من دەزانم كێشە لەگەڵ بەغدا چیە و ناشڵێم ئێوە هەموو پارەی حكومەت بێنن و بیدەنە دەست ئیعمار و ئاوەدانكردنەوە، بەڵام من لە وەزیری بەلەدیات داوای سیستمێكی نوێ دەكەم.

سیستمی نویٚ ئەمڕۆ لە دونیادا کۆد دەکرێت و پێی دەڵێن (ستی بایلۆ) جەنابی وەزیـری پلانـدانان ئەگـەر لێرە موناقەشە بکەین ستی بایلۆ ئەو کۆدەیە کە دەردێت لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە چەند شـۆفەڵ هەیـە و چەند حەفارە هەیە و لە بەلـەدیات چـەند کـەس ئـیش دەکـات؟ چ وەختـە سـەعاتێك ئـیش دەکـەن؟ ئـەو تایانەی کە دەیگۆڕن کەنگینە و کەنگی دەبی بیگۆڕی؟ یەعنی سیانەی ئەو نەوعە مەکائینانە هەمووی لـەو کتابەی هەیە و کە من دەیکەمەوە و دەزانم تەلەفۆن ئەمڕۆ ئەمن دوور بێ خوایە دوور لە هـەموو کەسـێك مردوویەکمان لێ مـرد، تەلـەفۆنی سـایەق حـەفارەکی دەکـەم ودەڵـێم کاکـە دەڵـێم بـە گـوێرەی ئـەو نیزامـی بەلەدیەی ئەتو مەجبوری بێی قەبرەکەم بۆ لێ بدەی.

ئەو سیستمە بەڕاستی خەڵکی ئیسراحەت پێ دەکـات، سـایەق تەکسـیەك لـە جـادەی دەڕوات و یـەکێکی دی دەڵێ ئەریٚ کاکە نەقلیاتی بەغدایە لە کوێیـە؟ ئەگـەر ئـەوە بێـت خەریتـەکی ڤیـدیۆیی لـە نـاو سـەیارەکەی خۆی هەبێ زۆر بە ئاسـانی ڤیدیۆیەکـەی دەداتـێ و خەریتـە و جادەکـانی پـێ نیشـان دەدرێـت، مـن دەچـمە مەتاری حادیسەیەك لەڕێیە پیشان دەدات و دەڵێ، کاکە گیان حادیسە لەو ڕێیەی هەیـە و ڕێیەکـەت بگـۆڕە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوانە هەموو دەتوانی ئەتو بڵێی ئەوە تەختیتە دەبـێ بـە تـەختیت بـڕۆم ئـەوە بەنیسبەت وەزارەتی بلەدیات و وەزارەتی پلاندانان.

$2$. کە بۆ وەزارەتی پلاندانان شتێك هەیە پێی دەڵێن (بۆردە ڕۆت) ئەوەم بە بەڕێز وەزیری ئیعمارم گۆت کاك کامەران، کاکە گیان ئێمە هەندێك مەشاریعمان هەیە لە بودجە لە تەوری موجامەلاتە، ئەو تەوری موجامەلاتە بۆ هاوولاتی دەبێ بێتە دەریٚ، من جادەکی دەکەم لە حدودی پێنج میل، هەر کیلۆ مەترێکی لەسەرە من بە سەد هەزار دۆلار بێ، بە ملیون دۆلار بێ، کاکە گیان ئەوە ئێرانیش ئیستیفادەی لی دەکات و تورکیاش ئیستیفادەی لی دەکات، بۆچی ئەوان نیوەی ئەو پارەیە نەدەن کە لە هەموو ئەعراق دونیایێ ئەوە هەیە، دوو ولات کە ئیستیفادەی لە یەك مەشروع دەکات هەردوو ئیستیفادە تەخمین دەکرێت، وە ئەوە قەت بودجەی بۆ دانانریٚ، موستەشاری مالی هەیە ئەوەی تەخمین دەکات هەڵیدەسەنگێنێ وە پەیڕەوەکی تیجاری دادەنێ.

گریمان ئەوە موجامەلاتە قەیدی ناکات ئەوە زروفی سیاسیە، زروفی کوردستانە، هەموو تەزحیییەکی بۆ دەدریٚ، بەلام ئێوەش ئەوەی لەبودجەی بۆی هاوسەنگ بکەنەوە، ئەگەر ئەو فایل و ئەو سیستەمە هەبی پێی دەڵێم کاکە من ئەوەندە پارەم لە گیرفانی خۆم بۆ تورکیا سەرف کردووە یان بۆ ئیرانم سەرف کردیە، موقابیلی موقایەزەی شتێکی ترم لەگەڵ دەکات، ئەوەیان کێشەك.

کێشەکی تر من دەڵێم نیشتەجێبون و کەمئەندام لە هەموو دونیادا پەیڕەوی کەمئەندامی مواصەفاتی بینا فەرقی هەیە، لە دەرکەی دەگری، لە پەنچەرەی دەگری، لە پلاکی کردنەوەی ئۆتۆماتیك دەگری، حەتتا ئێستا لەم کوردستانەی ئەو هەموو کەم ئەندامەمان هەیە بە کەم ئەندامی تەبیعی بە کەمئەندامی شەڕ هەتتا ئێستا قەت کەس نەبووە یەك کەس $(10)$ خانی بۆ کەمئەندامی پەککەوتە بکات و بڵێ بابە ئەوە بە

مواصەفاتە كە ئەتو لەدونيايى پيشان بدە بلَى ئەوە مواصەفاتى كەمئەندامى لەسەرە ئەوە ديسان نەقصەكە لە پلان.

دێمەوە سەر نوقتەكى دى گەرميان برادەران ئەوەندە باسيان لێ كرد من خۆم پێنج ساڵ لەو ميحوەرەى ئيشم كرديە يەك بە يەكى بڵێن توون بە توون چى، ئەمە لە هەولێرى دوعاى لە يەكەكى دەكەين دەڵێن توون بە توون چى، يەعنى بە توونى بابا چى، توونى بابا خۆى لە خۆى دا مەلحەمەكە، ئەو مەلحەمەيە چ ساڵ نيە بەشەر وەكى دەچێتە هەر دوو ژن، ئەوى ساڵێ وەكى من لەوێ بووم كەنگريان دەكرد لەناو ئەو توونە ژيانيان لە دەستدا.

ئايا ئەوە هەندەى نايىنى ئێمە تەلە فريكێكى بۆ بكەين بيكەينە پێوەرێك كە ئێمە دانيشتين بڵێين ئەوە گەشتيارە مەلحەمەكەشى نيشان بدەين بڵێين ئەوەتە بە تەبيعەت و بە فيزيائى ئەوە لە گەرميان هەيە پارەى بيتاقەى بۆ ببڕين من موتەئەكيدم ئەجنەبى لە ئەمەريكاش بێ دەچێ دەيبينێ، ئەو مەلحەمەى ئەنفالى كە لە گەرميان كرايە دەركەى هەر ماڵێكى گەرميان بكەيەوە سێ شەهيدى تيدايە، بە هەموو فيئەتەكانى ئايا هيچ ئەوە هەندەى نايىنى پانۆڕامايەك بكەين لەپێش سەرتەكى بەمۆ، بڵێين كاكە گيان ئەوە مەلحەمەكەى ئەنفال و بەشەرەكانى هەر بيتاقەى ئەگەر بە هەزار دينار بێ، ئەمە دەتوانين تەختيەى نەفەقاتى منداڵى ئەنفال و شەهيد بكەين ئەوانە هەموو پلان و بودجەنە، بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.

ئەگەر بێن باسى(بيلادێنگ كە پاستى) بكەين لە كفرى نەوعە بينايەك هەيە من خۆم كە لەوێ بووم (80) خانوو(450) خانوومان كرديە، ساڵى( 2002، 2003 ) كە لە (un) ئيشمان دەكرد ئەو خانيانە تەبيعەتەكيان هەيە عەيرانى پێ دەڵێن ئەو كانە بەردانەى كفرى لە هيچ جێ نيە ئەو عەيرانە كە بە خۆى بێ چيمەنتۆ بێ كولفە دەتوانى خانووەكەى بكەى، خۆى لە خۆى بە قوەت دەبى، دەبێتە چيمەنتۆ ئايا قەت نەبوو سێ خانى نموزەجى ئێمە ئەوها بكەين، ئەو كەسى كە دەچى ئەوە ببێتە پێوەرێك، ببێتە گەشتيارێك يان مەصدەرێكى رزق بۆ گەرميان، بەڕێز وەزيرى پلان دانان كە دەڵێ (بيلادێنگ كە پاستى)، (بيلادێنگ كە پاستى) ئەوەيە كە ئەتو مەنتيقەك لێى بگەڕێى بەخۆى پێ ڕابگا، بە خۆى بە پارەى خۆى پێى بژى، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڕێزكاك عبد الرحمن فەرموو

**بەڕێز عبد الرحمن حسين ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

ويڕاى دەست خۆشى لە ليژنەى دارايى بۆ ئەو ماندووبوونەى كە ئەم ڕاپۆرتەى دروست كرديە، خستيە بەردەستى ئێمە وە بەتايبەتى دەستنيشانكردنى خاڵە لاوازەكانى ناو پڕۆژە بودجەى هەرێمى كوردستان،

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان دوای زیاتر لە (100) ئەندام پەرلەمان قسەی كردیە، (110) ئەندام دوایی گەیشتە من.

لێرە هەموو قسەكانی من كرایە، نازانم چی بڵێم وەكو بڵێم دار بڕینیش بەمن ڕانەگەیشتووە، ئەویش نەماوە، بەڕاستی بودجە بابەتێكی ئەوەندە گرنگ و چارەنووسسازە پەیوەستە بە قووتی ژیانی ڕۆژانەی خەڵكی كوردستان، داهاتەكانی نیعمەتی خوای گەورەیە، ناكرێ بەهەدەر بدرێ، پێویستە لە سەر حكومەتی هەرێمی كوردستان پلانی داڕشتنی پڕۆژەی گەورەو ستراتیژی لەكوردستان جێبەجێ بكات بەمەبەستی پێش خستنی وڵات و ژێرخانی ئابووری بەتایبەتی لە بوارەكانی كشتوكاڵ و پیشەسازی و گەشت و گوزار، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان بەدوا كەوتنی بودجە هەموو ساڵێك زەرەرو زیانی یەكجار زۆر دەگەیەنێتە خەڵكی كوردستان، دەبێتە هۆی ئیفلیچ بوونی بازاڕو كارو جووڵانەوەی گوزەرانی خەڵكی كوردستان، چونكە ئێستا شەش مانگ تێپەڕیوە لە ساڵی 2012، نزیكەی نیوەی بودجە لە دەرەوەی یاسای بودجە لەوانەیە خەرج بكرێت.

سەبارەت بە پڕۆژە دوا كەووتوەكان یان بەردەوامەكانی مانەوە ئەوانەی كە كرانەوە، یەعنی بە فكری مانەوە بەردەوام پارەی دەدەنێ، ئەمەش بۆ تەواو كردنی ئەم پڕۆژانە پارە دەدەن، ئەو پڕۆژە ئەمەش دەبێتە هۆی بەربلاّو بوونی بودجە، كە بودجە بەربلاّو بوو، دەبێتە هۆی دروست بوونی كێشە بۆ دەزگای چاودێری دارایی و وەزارەتی دارایی كە ناتوانن بە ئاسانی تەصفیەی حیسابی خیتامی خۆیان دروست بكەن و بینێرن بۆ پەرلەمان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بێ بەرنامەیی حكومەت و پچڕانی پەیوەندی نێوان چاودیری دارایی و وەزارەتەكان.

بۆیە پێویستە لەسەر حكومەت پارەی ئەو پڕۆژانە كە دواكەوتوونە یان نەچوونە بواری جێبەجێ كردن بگەڕێنێتەوە بۆ خەزێنەی حكومەت تاكو پارەی ئەو پڕۆژانە بەهەدەر نەچێت، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان سەبارەت بە پەروەردە بەڕاستی چەند ساڵە ئەم بودجەیەی ئێمە هەمانە، پەروەردە ئەگەر سەیر بكەین ویرانە، یەعنی لە ڕووی بیناوە، لەڕووی خزمەتگوزاری لە ناو مەكتەبەكان مەسەلەن بۆ نموونە بۆ هەر مەكتەبەكی بچین دوو دەوامی تێدایە یان سێ دەوامی تێدایە، لەناو ئەو مەكتەبەش ئاوەكەی بۆگەنە، پیسە، تانكی لەسەر بانەكە هەیە ئەوەی مورەبەعەكە پێش سی ساڵە لەسەرە كەس نەبووە پاك بكاتەوە یان بگۆڕی، بەلوعەكان یان حەنەفیەكان زۆر ڕێك و پێك نیە، منداڵەكان، تەڵەبەكان ناتوانن ئاوی لێ بخۆنەوە، حەتتا جێی دەستشۆر پیسە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە كە نە فەڕاشی هەیە نە حەرەسی هەیە، یەعنی زۆربەی مەكتەبەكانی ئێمە فەڕاشی نیە كە منداڵەكان دەگەڕێنەوە لە مەكتەب دەبینین پیس و چڵكن و تۆزیان لە سەرە، بۆ وایە؟ دەڵی وەڵلا ئەمڕۆ سرەی من بوو مەكتەبم پاك كردیە، ئەرێ باشە بۆ ئێمە پلانێك دانانین بۆ هەموو مەكتەبێك فەڕاشێك دابنین، حەرەسێك دابنین ئەمە هەر پێویستە زرورەتێكی ئەساسی بۆ پەروەردە، خاڵێكی دڵخۆشكەرە ئەمساڵ بودجەیەكی باشی بۆ پەروەردە داناوە.

بەڵام لێرە پێشنیار دەکەم بۆ وەزیری پلاندانان و بۆ وەزیری دارایی حیصەی ئەسەد بدەنە ئەوانەی کە دایمەزرێنن بۆ فەڕاشەکان، فەڕاش زۆر زەرورپە بۆ مەکتەب هەموو رۆژێ قوتابی ناتوانێ مەکتەب پاك بکاتەوە، سەبارەت بە ئەوانەی دەردەچن، ئەوانەی تەخەروج دەکەن، ئەوانەی لە مەکتەب لەوانە نزیکەی (30)هەزار دەبێ لەگەڵ مەدرەسەکانی ئەهلی، ئەمە لەکوێ دادەمەزرێن؟

حکومەت ناتوانی هەموویان دامەزرێنی، بەڵام ئەگەر حکومەت پلانی ستراتیژی، یەعنی پڕۆژەی گەورەی ستراتیژی هەبێ، لەرووی پیشەسازیەوە لەرووی کشتوکاڵیەوە، ئەوانە لەوانەیە دەوری خۆی ببێ و دامەزراندن و لەکۆڵ حکومەتیش ببێتەوە، حکومەت باری سووك بێ.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان سەبارەت بە گرێبەستەکان ئەوانەی کە لەناو دائیرەکان گرێبەستیان هەیە ساڵی پاریش ئێمە تەئکیدمان لەوە کرد یەعنی ئەولەویەت بدەنە ئەوان، دامەزرێنن، هەرچەندە هەندێك دامەزران، بەڵام ماون خزمەتیان بۆ حیساب نەکردیە، ڕاستە وەختی دامەزرا بوو بە گرێبەست فۆڕمێکی پێ پڕ دەکەن دەڵێن ئەو خزمەتە بۆ تۆ حیساب نیە، داوا دەکەین لە وەزیری دارایی ئێستا لێرەیە ئەوانە هەموویان بۆیان بە خزمەت حیساب بکرێ، وەکو عەدالەتی پەروەردە، وەکو شتێکی ئینسانی بێ، عەدالەتێ بێ بۆ ئێمە ئەو خزمەتە لەبیر نەکەین، کەسانێك هەیە پیر بووە یان گەورە بووە عومری چووە بە چ سی ساڵی تر پڕ دەکاتەوە تەقاعود بێ؟ سەبارەت بە پڕۆژەکانی زاخۆ من باسی دەکەم، پردی دەلال دوو لە ڕەفیقەکانم باسیان کرد، پردێکی کۆنە ئەوە خەریکە دەڕووخێ لە ساڵی 2010 بودجەی بۆ دانرابوو نازانم وەزارەتی ڕۆشنبیری چاکی دەکا؟ یان وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە چاکی دەکا؟ یان شوێنەوارەکان چاکی دەکا؟ پڕۆژەك پارەی داناوە، پڕۆژەکە ماوە لە بەینی هەر سێکیان ڕۆژەك چووینە ئەوێ سیاجی داناوە، سیمی تێخستووە، ناهێڵن کەس بچێتە سەری کابینەکی داناوە، گوتمان ئەوە چییە؟ گوتیان ئەوە خەریکین چاکی دەکەین، تا ئێستا چاکی نەکردیە ئەوە ساڵێك دەبێ هەروا ماوە، یەعنی نازانی ئەوە لە کوێ بووە؟ کێ بەرپرسە لێی؟ زانکوی زاخۆ نزیکەی سێ سەد مەتر لە بەر دەرگای زانکۆکە پڕۆژەیەکی لێ هەڵکەندیە شۆفەڵی دایە پێشی سێ، چوار مەتری هەڵکەندیە ئەوە ساڵێك دەبێ کەس نیە چارەی بکا، هەموو ڕۆژی دێن خۆڵی هەڵدەگرن، جارێکی تر خۆڵەکە تێدەکەنەوە، ئەیگێڕن، یەعنی نایزانی' کێ بەکێیە و چی لێ دەکا؟ ئەوێی ئیزدیحام کردیە، زستانان قوڕوچڵپاوە ناتوانێ تێپەڕی، ئەمەش نازانم پرسیار لە وەزیری پلاندانانە بە کوێ گەیشتووە و چۆن چۆنیە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەڕاستی لە زنجیرە (37)ی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە چاکردنی ڕێگای زاخۆ ـ کانی ماسێ و دێریشکێ بە درێژایی (86) کیلۆمەتر گوژمەی پڕۆژە سێ هەزارو شەش سەد ملیار دیناری بۆدانابوو، بۆ ساڵی 2010 دووملیاری سەرف کردیە، هەمان پڕۆژە لە زنجیرەی (47) لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە هاتووە چاکردنی ڕێگای زاخۆ - کانی ماسێ بۆ دێریشکی هەر (86) کیلۆ مەترە بۆ ساڵی 2012 لە پڕۆژە پێشنیارەکان هاتووە (650) رۆژی بۆ داناوە گوژمەی دوو ملیارو سێ سەدو حەفتاو پێنج ملیۆن دیناری بۆ داناوە، بۆ ساڵی 2011، ملیارێك و شەش سەدو چل وهەشت ملیۆنی سەرف کردووە، بۆ

ساڵی 2012 دووسەدو سی حەوت ملیۆنی پێویستە، من لێرە پرسیار لە وەزیری پلاندانان دەکەم ئەوەی لەو ڕێگا تێپەڕیوە، لە باتووفە تێدەپەڕی چیایەك هەیە کە لۆفەی زرێزەی پێ دەڵێن ئەو پارەیە یان دوو ئەوەندەی ئەو پارەیە لەو لۆفەیە سەرف بکەن هەموو ساڵێ تێك دەچێ، چونکە خوێ و ئاوی لە ژێرە هەموو ساڵێ دروستی دەکەن، دیوار دابووە بەرێ بەقەت ئەم بینایە بەرزە، هەمووی رووخاوە، تێکچووە، من پێشنیار دەکەم بۆ وەزیری پلاندانان ئەو ڕێگەیە بگۆڕێ بۆ خوارێ لای گەلی زرێزە هەمووی نابێتە چوار، پێنج کیلۆ مەتر، باشتر دەبێ یەکجار مەسرەفێ تێدا دەکرێ بەیەکجار لەکۆڵ دەبێتەوە، ئەمە هەموو ساڵێ ئەو پارەیە بەهەدەر دەچێ، یەعنی چەند تیدا سەرف بکرێ هەر تێکدەچێ، ئاوی لە بنە خۆی ناگرێ، لە زنجیرەی (79) وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دیزاینی تونێلی چیای مەتین، کاتی خۆی لێرە باسی کرد پڕۆژە بوو(380) ڕۆژی بۆ دانابوو، چوار ملیارو پێنج سەد ملیۆنی بۆ دانابوو، پێویست بوو بۆ ساڵی 2011 ملیارەك و نیو سەرف بکرێ لە پڕۆژەکانی بەردەوامی ساڵی 2011 هاتبوو، بەڵام هەمان زنجیرە لە هەمان پڕۆژە لە زنجیرەی دوو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لە پڕۆژە پێشنیارەکانی 2011، هەزارو هەشتا ڕۆژی بۆ دانابوو، گۆژمەی سی ملیاری بۆ دانابوو کە لە ساڵی 2011 چوار ملیاری بۆ سەرف کردبوو، بەڵام تا ئێستا نەهاتیە جێبەجێ کردن و لە پڕۆژەکانی بەردەوامی ساڵی 2012 نەهاتووە، نازانین چی بەسەر هات؟ ئەگەر وەزیر بۆمان روون بکاتەوە، لە زنجیرەی دووی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان گەڕان بەدوای نستوون، ئاسن، قەزای ئامیدی ناحیەی کانی ماسی گوندی بناڤێ، گۆژمەی پڕۆژە چل ونۆ ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کرابوو بۆ ساڵی 2010، نازانم بۆچی ئەم پڕۆژەیە جێبەجێ نەبوو، بە کۆی گشتی لە پڕۆژەکانی 2012 نەهاتووە، ز نجیرەی چوار سامانە سروشتیەکان هەم تیڕوانینی بۆ پشکنین لە نیشتووی قوڕقوشم (ڕصاص)، زینك لە باشووری گوندی بناڤی قەزای ئامیدی نۆهەت و نۆ ملیۆن دیناری بۆ دانابوو، بەڵام ئەویش نەهاتە جێبەجێکردن نەچووە بواری جێبەجێکردن وەنازانین لە پڕۆژە بەردەوامەکانی 2012 نەهاتووە نازانین چی لێ هات؟ ئەمەش ئەگەر جەواب وەربگرین باشە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەڕاستی کورت هێنان باسی دەکرێ، وجودی هەیە، لەساڵی 2010 هەشت سەدو سی و پێنج ملیار بوو، لەساڵی 2011 ملیارێك وپێنج سەدو شەست وچوارو دووسەد و نۆهەت و شەش ملیار بوو، لەساڵی 2012 بووە دوو تریلۆن و چل و چوار ملیار و هەشت سەد و چل و حەوت ملیۆن، ئەگەر ئاوا بەردەوام بێ هەموو ساڵێ زیاد بکرێ، چارەسەری نەکەین (10) ساڵی تر لەوانەیە نیوەی بودجە بڕوا، ئێمە لێرە پێشنیار دەکەین، حکومەتی هەرێم بەرنامەیەك وەربگرێ، تەقەشوف بکا وەیان لە بودجەی تەواوکاری ئەم کورت هێنانە تەواو پڕبکاتەوە ئیتر نەمێنێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان منیش هەروەها پشتگیری لە سولفەی عەقاری دەکەم زیاد بکرێ (25) تا (30) ملیۆن دینار بێ فەرق و جیاوازی، لە گوند و شار و ناحیە هەمووی وەکو یەك بدرێ فەرقی نەبێ، وەهەر دیسان پێشنیار دەکەم سولفە بۆ گەشت و گوزار دابنین، چونکە ئەویش زۆر پێویستە گەشت و گوزار زۆر موهیمە، من لێرە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەنیسبەت خانەنشینی ڕاستی پارەکەیان زۆر کەمە مەعاشیان زۆر کەمە ژیانیان باش نابێ بەتایبەتی ئەوانەی لەدوای

(1991) ئەوانیش هەر خەڵکی ئێمەنە، خەڵکی کوردستانن، ڕاستە لەلای حکومەت خانەنشین بوونە، بەڵام خەڵك هەیە (150) هەزار دینار وەردەگرێ، خەڵك هەیە (200) هەزار دینار وەردەگرێ، ژیانێکی باشی نابێ، من داوا دەکەم هاوسەنگیەکی لە بەینی ئەم هەردوو خانەنشینەبکرێ ئەوەی لە دوای (91) و ئەوەی ئێستا لە حکومەتی هەرێمدا هەیە، بڕە پارەیەك زیاد بکات یانیش وەکو ئەوانە هاوسەنگی بکرێت و بەبێ فەرق و جیاوازی، من لێرە پێشنیارەکی ترم هەیە، داوا دەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان وە بەڕێز نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێگای یاساو هەوڵەکانیان چڕ بکەن، بۆگێڕانەوەی بودجەی تەواوکاری لەبەغداو بودجەی پێشمەرگە ئەو پارانەی کە عێراق دەستی بەسەر داگرتووە، نزیکەی هەشتا ملیار دەکا، ئەگەر ئێمە ڕێگا یاساییەکان نەگرین و خۆمان پێوە ماندوو نەکەین و خۆمان توند نەبین لەسەر مەوقیفەکەمان، ئەوا قەت ئەو پارەیە ناگەڕێتەوەو لەوانەیە توندتریش بێ و زیاتریش ببڕێتەوە، و تەواوی پێکهاتە کوردستانیەکان و پێویستە نوێنەرانی کورد لە بەغدا بێ دەنگ نەبن لەو زوڵمانەی کە لە بودجەی هەرێمی کوردستان دەکرێ، ئێمە کە خۆمان هەمووممان دەبینین ئەوەی لە بەغدا دەکرێ بەرامبەر هەرێمەکەمان ئەمڕۆ زوڵمێکی زۆرە، چ لە بودجەو چ لە یاساو چ لە ماددەی سەدو چلەوە، ئەبێ ئێمە هەمووومان پێداگیری لێ بکەین و توند بین لەسەر ئەوە کە ئەو پارەیە بگەڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان زۆر خەڵك داوا دەکەن کە لە ساڵی 2010 بوو وابزانم لە هەڵبژاردن کاك د. بەرهەم قسەی کردبوو (75) گەڵا هەدیە دەدەم بۆ ئەو کەسانەی کە لە گوند خانوو بکەن، (75) گەڵا تا ئێستا خەڵك داوا دەکەن و لە ئینتیزارن لەو بەڵگە ئەخەون، خەونی پێ دەبینن، هەموو جارێ بە ئێمە دەڵێن چی لەو (75) گەڵایە هات و بەچی گەێشت؟ من داوا دەکەم وەزیری دارایی ئەگەر ڕۆنکردنەویەکمان بداتێ، ئەگەر بکرێت ئەمساڵ بۆیان سەرف بکرێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان نازانم مەکتەبەیەکی گشتی لە زاخۆ هەبوو کاتی خۆی پێش پەنجا ساڵ، مەکتەبەیەکی عام بوو لە ناوەڕاستی شار بوو، ئێستا ڕووخاندیان، جێگاکەیان کردووتە زەوی، لەناو پرۆژەکان هاتبوو کە عەلئەساس مەکتەبەیەکی تر بکەن، بەڵام جێیەکی دووری پێدراوە، ئەو جێگایەش زەویەکەی زۆرە، بەڵام جێی خۆی ئەصڵی زۆر باشترە بینای لێ بکەن، ئێستا نازانم پرۆژەکەی ون بووە، دیار نیە نازانم کەی تەواو دەبێ بۆ کێ چووە و چی بەسەر هاتووە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزکاك امینە خان فەرموو.

**بەڕێز امینە زکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وڵاتی من کۆ ژمارە ئاکنجی وی پتر، ژ چوار ملیۆن کەسە، بودجە کو تەرخان کریە پانزە تریلۆن و دوو سەد و چل و پێنچ ملیارو و حەفت سەدو نەوەت و حەفت ملیۆن دینارە، ڤی وەڵاتی هەندی کەس کو خودان یان ژی نوێنەری ڕاستەڤینە خەڵکی دزانن ڕاستی هەندێك زانیاری نەدروست سەر ڕاگەیاندنی بلاۆدەکەنەوە کو دیتنا من ئەڤە ژی خەڤاندنە خەڵکی کوردستانە، خەڵکی بیانیە، ڤی هەرێمی کۆ چوار

مليۆن كەسە زۆربەی ئەوان زاروكی بن ژی (18) سالّی، پیرەمێرد و پیرێژن و پەككەفتینە، بۆ شەسەدو دوانزە هەزار و هەشت سەدو شەست و سێ كەسە مووچەو دەرمالّە و هاوكاری بۆ دەرەوەی میلاك دێیتە مەزاغتن، ئو شەسەد وشەست حەفت هەزارو هەشت سەدو چل و نۆ كەس، ژی فەرمانبەری حكومەتێنە، بودجە كوردستانی (17٪) بودجە تەشغیلیە.

لێ ڤی ئەمەش ژ بیر نەكەین كو حەفت تریلۆن و سێ سەد و پەنجاو دوو ملیار و سەد و شەست و چوار مليۆن دینار وەك بودجەی تەشغیلی بۆ گیرفانە ڕاستەوخۆ بۆ بەرینكە خەلّكی دچیتن، ئەو خەلّكی فەرمانبەر ئیدی ئەو فەرمانبەر چ پێشمەرگە بیت و پاسەوانی پەرلەمانتاری گوڕان بی، یان ژی موحاسیبیك بیتن، مەحكەمە حەلەبجە شوول بكات، موهیم كوردستانیە ئو ئەڤ حكومەتە مووچەی وی دداتن، ئەڤ ڕێژە هەندێ بلّند یان مووچە كۆ پتریە خەلّكی كوردستانی ڤەگریدا د چاوی هەندێ لایەنی پوپۆلیستە مرێین ڕاگەیاندنی تشتەكی خراپە ودڤێت كەم ببیت، كا بلا بێن ئەم ژ چ كیم بكەین و ژ كێ كیم بكەین؟ هەندێك بێژن ڕێژە (27٪) نزیكەی (28٪) ژ بێ بودجە تەشغیلی بۆ دەزگای ئەمنی و عەسكەری دچیت، ڕاستە بودجەیەكی زێدەیە لێ ڤێد ئەم ژێ باش دزانم، یەعنی بلا ئەو بەرێزێت خودانی ڤێت هەلّویستی ئەو بلا حكومەت بن، ئو بلا بین بۆمە فەصلێ بكەن، وان پێشمەرگە فەصلێ بكا بەس بەدیل بۆ ژیانا وان چییە؟ چ بەدیل بۆ وان هەیە؟ كۆ زۆربەیە خزم و كەس و كارێ دەنگدەرێ موستەفیدێ وێ مووچەینە، تۆ وەك لایەنەكا سیاسی تە چ بۆ ژیانە وان كەی؟ جێی داخیە كو ئەڤرۆكە هەندێك لایەن كو حكومەتە هەرێمە كوردستانی كو مووچەی وی و دەنگدەرێ وان ددات ڤەكی نەیار بزانی، لە هەمی وڵاتی دونیایی لایەنی دەسەلاّت و ئۆپۆزسیۆن ئاڤاكەرێ وڵاتینە، ئەڤە ژی دنفشەكی برا كوژیە هزر دروست كات، ادڤێد بزانین كۆ هەرێمی دا حكومەتی تەنها بۆ سولفەی خانووبەرە سالا 2010 ئو 2011 كەسێ كو سوودمەند بوون هەشتی وچوار هەزار و سەدو بیست و حەوت كەس، بەرێز سەرۆكی پەرلەمان. ئەز قەبیل ناكەم كەس نوقتە نیزامی ناو ئاخافتنی من بگرێ، كا چۆن تەعامول تە گەل وان كریە ئەو توعامولیش ژ گەل من بهێتەكرن، لە هەرێمی ئەگەر بین سەح كەینێ سالا 2010 ئو 2011 ئەو كەسێ كو سولفە خانووبەرە سوودمەند بوون هەشتی وچوار هەزار و سەدو بیست و حەوت كەس بیە، یەعنی ئەڤە وی مەعنا دا هەشتا و چوار هەزار كەس ما بەینە سالّەك و نیوە خودان خانی كەفتی، ئەڤە ژی ئاماژەیەكی پۆزەتیفە بۆ سالا 2012 ژی موعاملێ بیست و یەك هەزارو دووسەدو سی و نۆ كەسە كو حەتتا تاریخا 5/31 /2010 بەردەستی حكومەتی ئەڤە وی نیشان ددات كو ڤەیرانە ئاكنجیبوونە بەرەڤ نەمانی دچیت، كو ئەڤە هەمی ژی وڵاتەكی چوار ملیون كەسی كێم تر ژ دووسالّە هاتیە كرن، سولفە هاڤژنێی سەدو شەست و حەوت هەزارو سەدو نەوەت و یەك كەس حەتتا تاریخا 2011/12/31 موستەفیدن كو هەر ئیك ژوان ناڤبەرە پێنج مليۆن موستەفیدبوون، قەرزی بچیك هەزار و هەشت سەدو سی كەس موستەفید بوون ئو سالانە بیست و پێنج ملیار دینار دێتە تەرخان كرن، قەرزی كشتوكالی (418) موعاملە حەتتا 2012/5/31 بۆ سەرف كرن یی بەردەستی حكومەتی ئەڤە ژی گوژمین خەیالینە

کو بۆ خەلکی دێتە مەزاغتن، یەعنی ئەڤە بۆ باشتر ئو خوشکرنا ژیانا خەلکیە، یەعنی بودجە هەرێمی سەر وی ئاماژە دا کو چ خێزانەك کوردستانی دا نینە کو موستەفید نەبیت بودجە هەرێمی  بە هەر شیوازیك بێ بە هەر ڕەنگەکی بیتن، تۆڕە کۆمەلایەتی سەدو بیست و چوار هەزار و هەشت سەدو یانزە کەس مفادارن ئەو خودان بێتڤی تایبەتن بیمە بێکارێینە وە تۆڕە کۆمەلایەتی مەبلەغی سێ سەدو نۆهەت و نۆ ملیار و دووسەدو یانزە ملیۆن کەڤی ئەڤە ژی دیسان ولاتێکی چوار ملیۆنیە تێدا ئەنجام دان، نۆهەت و یەك هەزار و سێ سەدو بیست وچوار هەزار قوتابیە خوێندنا بلند هەژدە هەزار و دووسەدو بیست و سێ قوتابین وەزارەتا پەروەردێ هەزارو پێنج سەدو پەنجاو حەوت قوتابین وەزارەتا کار، گشتی هەمی بوونە سەدو یانزە هەزارو سەدو چوار کەس قوتابی، موخەصەصاتی قوتابی وەردەگرن، دیسان ئەڤ پارە دچیت بۆ خەلکی کوردستانی، ئەڤە هەمووو ڕێنیشاندانن بۆ خەلکی کوردستانی باوەری ژ ژمارە ئەو واقعی ڕۆژانە ئەم تێدا د ژین دکات و دیار دکات کو هەرێم ئو خەلك ژیانەکە بەرەو پێشڤەچوونی ئو مفاداربوونی دا هەی، بەرێزان گەلەك باسی رێکخراو و دەزگای ڕۆشەنبیری و ژ لای هاڤکاری من هاتە کرن.

ئەز حەز دکەم باسی هەندێ ئامارو داتای بەردەستێ من هەی بکەم، ژ هەرێمی دا (89) دەزگایی ڕۆشەنبیری و (286) سەندیکاو ڕێکخراو کۆمەلە (35) یەکیتی و یانە (253) سەنتەرو تیپێن ڕەوشەنبیری و هونەری (77) یانەی وەرزشی ئو دوو لیژنەی ئۆلێپی و پارا ئۆلمپیەت هەین وە هەمی پێکڤە دبنە (742) ئو بگوژمێ سەدو پانزە ملیار دینار بۆ دێنە خەرج کرن، ئەڤە ژی سیاسەت ئۆ پلان و گرینگیدانە حکومەتە هەرێمی بۆ لایەنی ڕۆشەنبیری و هونەری و مەدەنی و وەرزشی و نیشانددات گرینگیدان  ڕۆلی رێکخراوی کۆمەلگاها مەدەنی ئو بەر بەلاڤ کرن و فێرکرنا وەلاتیان بۆ ئازادیە دەربڕینی و ب یاسایی کرنا مومارەسە وان مافە ژ لای حکومەتە هەرێمی جێی دەست خۆشیە، ئەوە وەکو بەردەوام ئەم پەرلەمانتاری بەرێز ڤێ پەرلەمانی مە بانگەوازی بۆ کری، ئەڤ ژمارە هەندێ هەیە کو ئەم لێکدانێکی بکەین ڤان (742) دەزگا هەن چەند وەلاتی کوردستانی کەفتینە بازاڕی کاری دا ئەڤە بلێ ئەو ئاماری بەری نووکە ئاماژە پێدای ئو بەر بلاڤ کرنا سیاسەتە ئازادیە ڕادەربڕینی ل گور ئەڤ داتەین ئەم ژ (un) ی وەرگرتین ڕێژە بێکاریی لە هەرێما کوردستانی سالە 2007 ی (14٪)ی بویە، لە سالا 2012 ی بووە (6٪)ی دیسان ئەڤە ئاماژەیەکی باشە کو دیار کەت حکومەتا هەرێما کوردستانی پلانەکە ستراتیژی ئو پلانەکە بۆ سیاسەتە ئابووری هەی پلانەکە بۆ کیم کردنا ڕێژا بێکاری هەی.

ئەڤە هەمی من ئاماژە پێدای لێ نەپێی مەعنایی کو مە دیتنی خو بۆچوونی خو ڕەخنەی خو سەر بودجە یا هەرێمی نەبیتن، هەندێك تێبینی من هەنە پڕۆژە پێشنیار کرنی بۆ سالی 2012 ڕێژە تەرخان کریە بۆ پارێزگاها دهوکی یەکسانی و سەر پیڤەرێ ئاکنجی، بویە نەهاتە دابەش کرن ئەو پڕۆژەی تەرخان کری گوژمی یان ژی ڕێژە (8٪)ی بۆ پارێزگاها دهوکی یا هاتیە دەست نیشان کرن گور تیکرن و ئیستحقاقە پارێزگاها دا نینە، بەرێز وەزیری پلان دانانی جەنابێتە د گەل بۆچونە دەنگدەری خۆین دهوکی ئیکی کو ڕێژە دهوکی ل گور هەمی ئەو ژماریت هەی (23٪) یە نەك (8٪)ی، ئایا جەنابی وەزیری دگەل بۆچوونا

**من دا ئێكه كو كەسێك نەشێ پارێزگاها دهوكى ئیدى نەش من وەك پەرلەمانتارا یا پارێزگاها دهوكى وە نەجەنابى وەزیرى، وەزیرێكه وى دەڤەرى من قەبیل كا یا پلاندانانى قەبیل كا بڕاستى، ئەڤە (3) ساڵە بەردەوام ئەڤى مەوزوعە ناو پەرلەمان تەرح كەن.**

**بۆ گوژمى پێ تڤى یى دیار كرى بۆ ئەم ساڵە پرۆژە تەرخان كرى داى ڕێژا وى (8٪) مە دڤێت جەنابى وەزیرى بۆمە دیار بكە كو بۆمە بۆ خەڵكى پارێزگاها دهوكى ئەو نایەكسانیە د ژمارە بودجەدا دایە، جەنابى سەرۆكى پەرلەمان، جەناب وەزیرى خەڵكى پارێزگاها دهۆكى بێژن هەر ساڵ ئەم نایەكسانیە گەل مە دێتە كرن سبب چنە؟ خەڵكى پارێزگاها دهۆكى دبێژن بۆچى حكومەتى هەرێمى كوردستانى و پەرلەمان چ حیسابە بۆ پارێزگاها دهوكى ناكات؟ وەزیرى پلاندانان بۆمە دیار بكا دابەش كرنە بودجە سەر پارێزگاها چەوە دێتە كرن وە لەسەر چ ئەساس، ئایا بودجە سیادى ل تیدا ڕاكرن ئەڤ پرسیارە ساڵە چوهى من كرى بەس من حەتتا نوكە حەتتا ڤێ لەحزێ من بەسەرخوڤە نەكریە، ئو ئەوا مینیتن، یەعنى ئایا بودجە سیادى دێتە ڕاكرن ئەوە مینیت سەر پارێزگاها دێتە دابەش كرن یان ژى دابەش بى بەس ئەو بەشەى كو بۆ سیادیە پارێزگاها دهۆكى دێتە برین سبب چنە داخازى دكەم من بەرسڤەكە رون یا وازح سەر ڤى بابەتە بێتن، سەبارەت بیمە بێكاریى داخازى ژ هەردوو وەزیرى دارایى و پلاندانانى دكەم بومە رون بكەن، كو ئارمانجى دانە وى پارەى بۆ بیمەى بێكاریى چییە؟ چ میكانزمێك بۆ بیمەى بێكارى هاتە دانان، هەرچەند دزانم ژى ئەو بیمە بێكاریە كو بۆ دەرچووى پەیمانگاو زانكۆیى دانى ئیجابیاتى خۆشى هەین نیگەتیڤیژ هەین، ئایا هەدەفە مە ڕێژەى بێكارى كیم بكەین؟ ئەگەر ئەو كەسى كو بیمە بێكارى وەردەگرن ناو دەزگایەكى حكومەتى دێنە ڕاهێنان، ئایا حكومەت وان كەسە بۆخو دەتا شولى؟ چونكە دڤیتن ئەم فێرێ ئەم بكەین خەڵكى مە بێ بەرامبەر نابێ شۆل بكات پارە تۆ دەى بەس دبێ شولیش بۆ حكومەتە بكەى، من د ڤێت بزانم چ پلان هەیە بۆ وان؟ چونكە دەرچووى پەیمانگەها حكومەتى ساڵانە بەرەو زیدەبوونى چن، یان ژى بەرى هەى حكومەتى پلان هەى خەڵكى بەرنە كەرتى تایبەت، پرۆژە ستراتیژى هەڤالى من بەحس كر، بەڕێز كاك صباح باسى ئاڤا ئاكرێ و ئامێدى و یا فرۆكەخانە كرو جەوابى خۆ وەرگرت.**

**بەس من جەوابێ خۆ نە وەرگرتینە، ئەز باوەرم ژى خەڵكى دهوكى ژى ئینتزارە هەندى كو وان ئیجابە ڤى هەندێ وەربگرن، پرۆژە ستراتیژى ل دهوكى وەك فرۆكەخانەى دهوكى كو گوژمى (12) ملیار دینارە حەتتا نوكە لە چاوەرێ جێبەجێكرنى دا(120) پەلێ، هەروەسا ئاڤا ئاكرێ ئەڤە دوو ساڵە هەر مەزاغتنە وى سفرە، وەزیرى پلان دانانى خێرە یەعنى ئەڤە دوو ساڵە پرۆژە ئاڤا ئاكرێ حەتتا نوكە ڤۆناغە شرۆڤەكردنى دا، پرۆژە ئاڤا ئامیدى 2011/4/4ى گوتە دەست بشولەكى بەس دیسان حەتتا نوكە مەزاغتنە وى سفرە دیسان بابەتى گەلێكى گرێداى بگەلێ مەڤە، پەرلەمانتارى هێژا بابەتى مەسەلە مەسیحى و ئێزدیە ئەڤە سێ ساڵە ڤێ هۆلێ دا ئەم بەردەوام موناقەشەى سەر هندى دكەین، وەزارەتە ئەوقافێ هەتانوكە هیچ پرۆژەك ، ژ پرۆژەى پێشنیاركرى خۆدا بۆ مەسیحى و ئێزیدیە تەرخان نەكردیە.**

ڕاستە حکومەتا هەرێمی ئەگەر ئەم سەح کەینی پرۆژە پێشنیارکری دا حکومەتی بەشێ وان لی بەرچاو گرتی پرۆژەیت بۆ هەی، بەس ئەوە من د ڤێت بەحس بکەم، وەزارەتەك تایبەتمەندە لە بواری ئەدیانە ڤە بۆ حەتتا نوکە مە تێناگەین سیاسەتە ڤێ وەزارەتە ئەوقافی جێیە، ئەگەر وەزارەتە تایبەتمەندە، بەس بە ئیسلام ڤە، وەرە ئەم هەمی پێکڤە سەح بکەینی ئەلتەزناتیڤەك بۆ بێنین، یەعنی هزرەك بۆ مەسیحی و ئێزدیە بکەین کە چەوا هزرەك بۆ بێتە کرن بڕاستی؟ یەعنی نە چ پرۆژە بۆ کەنیسە نە بۆ پەرستگەهی ئێزدیە حەتتا نوکە ناڤ پرۆژەیە یت حکومەتە هەرێمی بەشی وەزارەتە ئەوقافی دا مە نەدیتیە.

خاڵەکادی کو من دی بەحس بکەم بەڕێز وەزیری پلاندانانی ژ پرۆژەین بەردەوامی ساڵا $2012$ی لاپەڕە ($78$)ی بەشی پەروەردی زنجیرە ($6$) حەتتا ($21$)ی دبنە ($16$) پرۆژە، ئەڤ پرۆژە پشتی من دیڤچوونەکە بەر یەعنی هەمی لایەنی بۆ کری ئەڤ پرۆژەیە خەلاس بوو، هەندە مەدرەسە هەیت ئەڤە سێ، چوار ساڵە دەوامی خۆ دێتە کری، بەس دیسان ساڵا چووی ئەڤ ساڵە بەردەوام ئەڤ پرۆژە یت بەردەوام ناو پرۆژەیی بەردەوام دایی هاتیە حیساب، وان ژی قفل بووی، یەعنی من پرسیارا پەروەردەیی دهوکی کر حیسابە وان قفلە بەس دیسان پرۆژەی بەردەوام هاتی مە ڤێ روونکردنەوەیەکی بوومە بدەن بۆچی حەتتا نوکە ئەڤ پرۆژە هەر بەردەوام ناڤ پرۆژی بەردەوامی دهوکی دا یت هەین، خاڵا دی من بەحس بکەم ڕێژە بێکاریی پارێزگا دهوکیە، ڕێژە پارێزگا دهوکی ژ دامەزراندنی بەر نوکە بەراورد د گەل ڕێژە دامەزراندنی د گەل هەولێری و سلیمانی کیم بووی ل گۆڕ ئەو ئاخافتنە کو جڤاتا یا پارێزگاها دهوکی دکات، یەعنی بەرامبەر هەمی ڕێژە یا دامەزراندنە حکومەتە هەرێمە کوردستانی دهوکی ($11\%$)یە، هەروەسا ڕاپۆرتی فەرمی دیارکە کو ڕێژە بێکاریی ل دهۆکی بەرامبەر پارێزگاها هەولێر و سلیمانی کێمە، ئەو بیژن هەولێر ($13\%$) یە سلیمانی ($11\%$)یە دهوکی($17\%$)یە، داخازی هەمی ژ پەرلەمانتارە دکەین، داخازی سەرۆکی پەرلەمانی دکەین، کو دەمێ هاتە پارێزگاها دهوکێ سۆزەك دایە خەلکی دهوکێ، بەشی وان دامەزراندنی دا حیسابەکی دی بۆ بێتە کرن ئەوی بەر چاڤ وەربگرن و ڕێژەکا تایبەت ئەڤ ساڵا تایبەتیەکە بدەنە پارێزگاها دهۆکی ڕێژا وی ژی بۆ دامەزراندنە پتر لێ بێ. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز فەرموو د. علی سندی.

**بەڕێز د. علی سندی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ بەرسڤ دانە خوشکە بەڕێز امینە خان، حەقیقەت جەنابی وی ڕاست بیژیتن پار ساڵ هەر عەینەن پرسیار هەبی و حەتتا حەددەکی مە بەرسڤ دا، من نەڤێت بەرسڤە ئەو پرۆژیت کو جەنابی وی ئیشارەت پێ دای ئەوانە پاشی دوماهی جەلسەی د گەل بەرسڤە با پرسیاری دی ئەو پرۆژەی کو ئیشارە پێ دای ل بەرسڤە وان پرسیارە ئەمە بەنیسبەتی نیسبەتە گوژمی هاتیە تەرخانکردن بۆ پارێزگاها دهوکی و جەوانیە قەرار دان ل سەر هندی کا ب چ شێوازەکی دێنە دابەش کرن.

ليستى پرۆژە ل سەر فەرمانى جەنابى وە يت هاتينە پەرلەمانى وە يّت دابەش بوينە سەر ئەندام پەرلەمانى دوو مەعلوماتى سەرەكى ئەو ليستە هەى ئەو وەكو مەجموعى پارەى پيّويست بۆ هەر پرۆژەكى، وە پشتى هندى كو ئەو پارەيەى هاتيە تەرخانكرن هەر سالّەكى دا وە بۆ نموونە ئەڤ سالّە 2012 ل سەر ڤى ئەساسى جەنابى سەرۆكى پەرلەمانى مومكينە كو چەند مەعادەلەك جىّ ببن بەس ئەز خوشكە امينە پشت ڕاست دكەم كو موتەئەكيد بيت كو ئەگەر مەجموعى پارى موخەصەص ئەڤ سالاّ، سالّە 2012 بۆ ئەو مەشاريعە كو بەردەوامن بۆ پرۆژە كو بەردەوامن ئيزافە بكاتە سەر پارەى موخەصەص ئەڤ سالّە بۆ پرۆژە پيّشنيار كرى ئەگەر هاتنە پەسند كرن نسبەتا پاريّزگاها دهوكى بيست و ئيك و كەسر لە سەدە ئەمە ئەگەر تەنها پارەى وان پرۆژە وەربگريتن ئەوى كو پرۆژە هاتينە پيّشنيار كرن وە ئەو موخەصەصە وان پرۆژى بۆ سالاّ 2012 وە موعادەلەيەكى سەر وى ئەساسى جىّ بكەتن، حەتمەن دە سورەتى بەشكلەكى ديّتن، وە ئەز دى ڤى بابەتى دىّ تەفصيل ديرو دريّژى وە ختى بە رسڤ دانە هەمى پرسيارە دا تەوزيح كە، چونكە ئەمە بابەتەكى گرنگە وە سالاّنى بەرى هنگىّ مومكنە هندەك پرۆژى ستراتيژى وەكو فرۆكەخانە هەوليّرى تەئسيريّك كردبيّت، هەرچەندە فرۆكەخانە هەوليّرى مومكنە خزمەتە هەمى كوردستانى ژ كرى وە ئەگەر زەڕوڕەت بيت بۆ هەمى كوردستانى زەڕووڕە، بەس د گەل هندى ئەز جەنابى وە هەروەسا خەلّكى پاريّزگاها دهۆكى وە امينە خانيش موتمەئينى دكەم بە هيچ شكلەكى ڤان بەرنامەجى پاردا يان ئەڤ سالاّدا جانبى هندىّ كو نسبا ڕيّژە سەدى ميئەويە پاريّزگاها دهوكى يا هاتيە موراعات كرن حەدل ئيمكان وە ئەو نسبەتە كو ڤيّگاڤى هەى بيست و ئيّك و تشتەكى سەديە كو نزيكە حەقى وان مومكينە دەبىّ هيّشتا زيدەتر بيّتن (23) يان (24) بيّتن ئەو ڕاستە، پرسيارا دووى يا كو امينە خان پرسيار كرى ئايا ڕيّژە دهوكى چەوا ديّتە حيساب كرن، ئايا تشتەك هەيە بەناوى سيادى كو ديّتە برين ژ هەموو پاريّزگاها؟ نەخيّر تشتەكى هەى، ليستەك هەى مەوجودە ليستى كو بەردەستى جەنابىّ وە تشتەك هەيە پىّ دەلّيّن هەريّم، يەعنى هەتتا ڤيّگاڤىّ ئەم وەختى پرۆژە ديّتە دابەش بوون، دابەش دەبنە سەر چوار جوزئا هەوليّرو سليمانى و دهوك تشتەكى تريش هەيە پىّ دەلّيّن هەريّم كو ئەگەر پرۆژەك قەرار هاتە دانى كو ئەو پرۆژە پەيوەنديە هەيە هەر سىّ پاريّزگاها ئيدارە گەرميان ژ تەبيعيە لە زمنى پاريّزگاها سليمانيى دا حەتتا ڤيّگاڤىّ شيوازى ريزبەندى كرنە كو ل دەڤ مە هەى ئەم وەسا حيسابيّت كەين، هەر چەندە ئەم بۆ ئيدارە گەرميان ژ ناڤ پاريّزگاها سليمانيى دا بەپيّى عددى سوكان بەپيّى ژمارەى دانيشتوانى گەرميان ئەم موراعاتا هەندى كەين، مومكينە 100٪ موافق نەبين، بەس حەتمەن ئەڤە پڕەنسيپە نسبەتى هەريّمى ئەو تشتىّ كو ديّنە برين وەديّنە تەخسيس كرن دىّ ناونيشانى پرۆژەى ليستە هەريّم دا ديّن ئەڤە هەرسىّ پاريّزگاها تيّنە برينى نە بتنىّ پاريّزگاها دهۆكى، بەلىّ تشتەكى ديّنە بەرچاڤ ئەڤ پرۆژەى بناوى هەريّم ديّن بۆ نموونە وان پرۆژە مەصاريفى ديوان وەزارات يان هەر مەصرەفەكى كو هەر خەرجيەك وە پەيوەندى ب ديوان وەزارەت هەبىّ ديوان وەزارات ل هەوليّرى نە ل دهۆكيّنە وە نە ل سليّمانينە، ڕاستە هەرسيّك ديّنە برين، بەس ئەگەر تۆ بەشكلەكى دى ئەگەر بە ريزبەنديە هەريّم، هەوليّر، سليّمانى، دهۆك تەماشا بكەين، دەبينين كو دروستە

کو هەر سێ کا هاتیە برین، ئەگەر تەماشا بکەین بەپێی پارێزگەها بیژین کا کی ژ پاریزگەها چەند پرۆژە لێنە پرۆژەیت هەرێم حەتمەن د ناڤ پارێزگەها هەولێری دا ئیزهار بن، یەعنی هیچ پاریزگاهەك نینە بناڤێ پاریزگاها هەرێم ژ بەر هەندی ئەم ریزبەندیە هەنی ئەم دێ پتر بێ ب تەفصیل هەروەختەکی جەنابی وە دەرفەت دا مە کو ئەم بەرسڤە بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان دەین، زۆر سوپاس،

**بەرێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز د. فەرموو د. ڕێباز

**بەرێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە سەرەتا لە داهاتەوە قسە ئەکەم هەوڵ دەدەم قسەکانم جیاواز بێ، هەرچەندە کەوتمە دوای نزیکەی سەدو ئەوەندە کەس، لە داهاتی وەزارەتی تەندروستی ئەگەر چی لە لیستەکانی پێشووتر نەهاتووە بەوەی کە گوایە ئەم داهاتە بۆ وەزارەتەکەی خوی سەرف دەکرێتەوە، بەڵام من لە قسەکانی وەزیری دارایی تێگەیشتم کە ئەو پارەیە یاخود ئەو بودجەیە بۆ وەزارەتی تەندروستی دائەنرێ بریتیە لە لێ دەرکراوی وەزارەتی تەندروستی بۆ ئەو بڕەی کە دانراوە واتا داهاتەکە لە (4،9)کە دەرئەکرێ ئەوەش دوو زەرەری هەیە، یەکیان ئەوەیە کە بڕی بودجەی وەزارەتی تەندروستی جارێکی دیکە کەم دبێتەوە لە (4،9) کەش دێتە خوارەوە وە جارێ دیکەش بڕی داهاتی وەزارەتی تەندروستی بڕە پارە دیار نامێنێ وە نازانرێ دواتر لە کوێ بەکار دەهێنرێ؟ ئەوە وەکو پرسیارێك بۆ وەزیری دارایی، چونکە بۆ خۆی لە ڕوونکردنەوەکەیا باسی لەوە کرد وەتەئکیدیشم لە لیژنەی دارایی کردەوە ئەوانیش هەمان بۆچونیان هەبوو، هەر لەسەر داهاتی وەزارەتی تەندروستی لە ڕاستیدا ناو هێنانی زەرورە ئەگەر چی بیانوو ئەوەیە کە بۆ وەزارەتەکە خۆی سەرف دەکرێتەوە و ئەمە لە وەزارەتی کارەباش وایە، چونکە کۆمەڵێ دام و دەزگا هەن وەزارەتی تەندروستی لە ڕاستیدا داهاتی زۆر باشیان هەیە وەخزمەتگوزاری تەندروستی بە پارە پێشکەش دەکەن، بەڵام جگە لەو بڕە پارەیەی کە بۆ حەوافزی فەرمانبەرەکان دائەنرێتەوە ئەو بڕەی تر کە ئەکاتە نزیکەی (60٪) بڕە پارەکە نازانرێ بۆچی سەرف دەکرێت تەنانەت وەزارەتی تەندروستی بۆ خۆشی پرسیارم لێ کردوون وەڵامی گونجاویان پێ نیە، ئەگەر قسەکە ئەوەیە بۆ ئەم پارەیە بۆ خۆیان سەرف دەکرێتەوە بۆ ئەم دام و دەزگایە سەرف دەکرێتەوە، لەماوەی ڕابوردوو یەکێك لەم دەزگایانە گرنگترین ئامێری دەزگاکە خراپ ببوو، بەڵام پارەیەکی پێویستیان نەبوو و نزیکەی سێ مانگ چاوەڕێیان کرد تا وەکو ئەو ئامێرە چاکبکرێتەوە، زۆر کەس باسی صندوقی خانەنشینی کرد من یەك ئیزافە بۆ ئەوەی دەکەم ئەو بڕە پارەیەی کە بەناوی صندوقی خانەنشینیەوە ئەبڕێت، بڕێکی بۆ بیمەی تەندروستیە، بەڵام لە ڕاستیدا لە کوردستان شتێك نیە بەناوی بیمەی تەندروستی، وە نە من نە هیچ فەرمانبەرێکی دیکە کە ئەو بڕە پارەیەمان لێ ئەبڕێت، یەعنی تا ئێستا هیچ سوودێکمان لەو بڕە پارەیە وەرنەگرتووە و تەنانەت ئەو کەسانەش کە زۆر پێویستیان بەو بڕە پارەیەیە، چونکە لە کەرتی تایبەت خزمەتگوزاری تەندروستیان

دەست دەکەوێ، ناتوانن بڕۆن ئەو بڕە پارەیەی وەرگرن، پرسیارەکە ئەوەیە کاتێك کە ئەم پارەیە بۆ کەسەکە سەرف ناکرێ بۆچی وەردەگیرێ و چ سوودێکی هەیە؟ لە ناو داهاتەکاندا داهاتی ژینگە بە سفر دانراوە لەڕاستیدا زۆرترین جوولەی بازرگانی لە ئێستادا لە کوردستاندا لە سەر حیسابی ژینگەیە، هێنانی ژمارەیەکی زۆری ئۆتۆمبیل زۆر کەس باسی کرد لێدانی بیرە نەوتی زۆرلە کوردستان کارگەکانی وەك جیمەنتو، ئاسن، کۆمەڵێ کارگەی تر وەتەنانەت کۆمپانیاکانی موبایل سەرجەم ئەوانە کارەکانی لە سەر حیسابی ژینگەیە، ئایا دەکرێت یەعنی بەڕاستی کارەساتە کە ژینگە نەتوانێت لە کاتێکدا ئەم کۆمپانیایانە وێرانی دەکەن ژینگە، بەڵام لە بەرامبەرا یەك دینار نەدەن بە ژینگە وە ئامادە نەبن بۆ ئەوەی سەرف کەن بۆ ئەوەی کە ئەو ژینگەی کە ئەوان تێکی دەدەن بەرامبەر بەکاری بێنین بۆ چاکردنی، تەنانەت ئەمە نا یاساییشە من بۆ خۆم یەك ساڵ لەمەو پێش هەرچەندە جارێکی تریش باس کرا صندوقی ژینگە، ئەم پرسیارەم ئاڕاستەی حکومەت کردووە تا ئێستا وەڵام نەدراوەتەوە کە بەگویرەی یاسای نەوت و غاز بڕێك لە داهاتی نەوت دەبێ بچێتە صندوقی ژینگە، بەڵام لە ڕاستیدا دەستەی ژینگە ئاگای لەمەیە، نەشتێکیش لەم بابەتە هەیە، ئیتر نازانم ئەوە مەسەلەیەکی یاساییە؟ نا یاسایی کراوە، سەرپێچی یاسا کراوە، سەرەڕای ئەوانەی من باسم کرد کۆمەڵێك دەرگای تر لێرە باس کرا کە گومان دەخاتە سەر داهات و نەبوونی پارەیەك بەناوی پارەی مەدەور لەو بەشە جیاوازانەی کە باس کراوە، سەرەڕای ئەوەی لە کۆمەڵێك لە بەشەکان بڕێکی زۆر پارە سەرف نەکراوەلەنموونەی پڕۆژەکان و نموونەی مینحەکان، بەڵام بەردەوام گوێ لە پرسیارێکی (مطاطی) دەبین کە گویمان لە پرسیارێکی (مطاطی) دەبین، ئەمە عیجزی پێ پڕکراوەتەوە یاخۆد زیادەڕەوی پێ پڕکراوەتەوە، من دەڵێم بودجە ڕەقەمە، لە ڕاستیدا ئەرکی وەزیری دارایی ئەوەیە بە ڕەقەم وەك چۆن عیجزەکە دیارە، ڕەقەمیش پێمان بڵی ئەوەندە زیادەڕەوی لەوێ کراوە، ئەوەندەمان پارەی فەرمانبەر زیادە داوە وە ئەوەندە لە شوێنی تر پارەی زیاترمان سەرف کردووە، وە ئەمەش پارە مەدەوەرەکەیە، نەك ئەوەی کە بەشێوەیەکی گشتی ناوی هەر بابێك بێنین هەر ئەوترێ ئەمە عیجزی پێ پڕکراوەتەوە، لەبەر ئەوە دەبێ بە ڕەقەم قسە بکات، نەك بەو شێوەیە، لە لاپەڕە دووی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی هاتووە دەڵێ (85٪)ی دەرمان و خۆراك لە بەغداوە هاتۆتە کوردستان، بڕی گەورەی بودجە کڕینی دەرمانی هەرێمی کوردستان لە بەغدایە، بەڵام من بۆ خۆم گویم لە وەزیری تەندروستی عێراق بوو کە کوردە، دەڵێ لەو ڕێژەیەی کە دانراوە من زیاترم سەرف کردووە بۆ هەرێمی کوردستان، وەزارەتی دارایی دەڵێ لە(85٪) پێ گەیشتووە، وەزارەتی تەندروستی هەندێك لە بەر پرسەکانیان لە تەسریحاتەکانیان دەڵێن زۆر کەممان پێویستە، لەبەر ئەوە بودجەیەکی زۆر لە دەرمان سەرف دەکەین، من دەپرسم یەکەم: ئەم تەسریحاتانە کامیان ڕاستە؟ دووەم: ئەگەر قسەی وەزارەتی دارایی ڕاستە بە ڕاستی ئەو وەزیرانەی کە هەم وەزیری بازرگانی هەم وەزیری تەندروستی، نەك هەر کوردن هەمان لایەنی سیاسین کە وەزیری داراش ئەوانە، وەهەمان لایەنی سیاسین کە وەزیری تەندروستی کوردستانیش ئەوانە، یەعنی بەڕاستی ئەمە کەم تەرخەمیە، دەبێ لێپرسینەوە بکرێ، وەئەگەر قسەی وەزیری تەندروستی عێراقیش ڕاستە،

یەعنی کەواتە ئەم برِە پارە زۆرەی کە بۆ دەرمان دانراوە، بۆ؟ وەئەم تەسریحاتانەی کە دەوترێ ئێمە برِی خۆمان بۆ نایێ، خۆ ئەمە مەسەلەکە دیسانەوە عەقلیەتی شۆڤێنی و نازانم عەقلیەتی بەعسی شتی لەو بابەتە وجودی نیە، ئەمە پارە نیە تا لە دەستی وەزارەتی دارایی بێ، ئەمە دەرمانە لە دەستی وەزیری تەندروستی عێراق دایە، وەزیریش کوردە، برِی ئەو پارەیەش دووسەد و شەست و چوار ملیار و شەسەد و نەوەت ملییۆن کە خۆیان دیاریان کردووە، یەکێك لە پێشنیارەکانی لیژنەی تەندروستی باسی سوودە کۆمەڵایەتیەکان کراوە، هەر لە راپۆرتی وەزارەتی دارایی بۆ خۆی ئاماژەی بەوە داوە کە سوودە کۆمەڵایەتیەکان لە ئەمساڵ بۆتە دوو ئەوەندەی ساڵی رابوردوو، ئەمە بۆ خۆی پرسیارە وابزانم کۆمەڵێك کردی، بۆچی ئەم برِە وا بەو شێوەیە زیادی کردووە و هەر بۆ خۆشیان پێناسەی سوودی کۆمەڵایەتیان کردووە کە پاراستنی کۆمەڵ لە مەترسییەکانی کۆمەڵایەتی وەك پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریەکانی فێرکردن یان پزیشکی، قەرەبووکردنەوەی بێکاری، یەعنی بەگوێرەی ئەم پێناسەیە بێت ئیشی سوودە کۆمەڵایەتیەکان  بەراستی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیە، بەشێکی ئەم پارانە کە لە سوودە کۆمەڵایەتیەکان بۆ سەرۆکایەتیەکان، بۆ وەزارەتەکانی تر دانراوە بە حیساب بۆ پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری پزیشکی و بۆ هاوکاریکردنی خەڵکی فەقیرە، ئەگەر ئێمە دوو وەزارەتمان هەیە، ئەرکیان ئەوەیە خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ سەرجەم هاووڵاتیان پێشکەش بکەن، کەواتە ئیشی سەرۆکایەتی هەرێم چییە پارە بدات بە خەڵك؟ ئەوەی چارەسەری پزیشکی بکات؟ ئیشی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان چییە کە پارە بدات بە خەڵك؟ ئەگەر ئێمە متمانەمان بە وەزارەتی تەندروستی هەیە، یەعنی پێویست ناکات وەزارەتەکی دیکە بێنین تەداخولی ئیشی ئەم بکات، با وەزارەتەکە ئیشی خۆی بکا وە پێشنیارمان کردووە کە سەرجەم ئەو برِە پارانەی لە سوودە کۆمەڵایەتیەکان بۆ مەبەستی پزیشکی دادەنرێ  بخرێتە سەر وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی تەندروستی بیر هەم کەرتی تایبەت بکاتەوە کە ئەم سوودە کۆمەڵایەتیانە بەشێکی پارەکە بۆ ئەوە دەچێت و هەم وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی ئەرکی ئەوە بێ کە هاوکاری پێشکەش بکا، لە زۆربەی خەستەخانەکان کە خەستەخانەی زۆر راقین، هەندێ کەس لەسەر حیسابی نووسینگەی فلان، مەکتەبی فلان خزمەتگوزاریەکی زۆر باشیان دەست دەکەوێ، هەندێ کەسیش ناچارن کە پەنابەرنە بەر تەلەفیزیۆنەکان و  خۆیان بکەنە سینەمای خەڵك و داوا لە خەڵك بکەن کە خیریان پێ بکەن، پارەیان پێ بدەن، ئەگەر پارەیەك هەیە لەم کوردستانە بۆ ئەوەی کە هەموومان خزمەتگوزاری تەندروستیمان دەست کەوێ، پێویستە هەمووومان بەقەدەر یەکمان دەست کەوێ نەك ئەوەی یەکێك تەواوی خزمەتگوزاریەکەی لە کەرتی تایبەت بە تەواوی دەست کەوێ و کەسێ دیکەش مەجبوری ئەوە بێ خێری دینارێك بکات، یەعنی بەراوردی نێوان پێناسەکەی دانراوی سوودە کۆمەڵایەتیەکان وەزارەتی تەندروستی (7) ملیاری بۆ دانراوە، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران (22) ملیاری بۆ دانراوە، وەزارەتی رۆشەنبیری (11) ملیاری بۆ دانراوە ، هەرچەندە وەزیر باسی هەندێ بابی کرد، بەڵام ئەو شتانەی لەگەڵ ئەو باسی کرد لەگەڵ پێناسەی سوودی کۆمەڵایەتیەکە نارِوا بەراستی، پێشنیاری من و

پێشنیاری لیژنەش و تەصەورم ئەوەیە کە واز لەم سیستمی خێر پێکردنە بهێنین و ئەگەر ئەو پارەیە وجودی هەیە بدرێتە دەست ئەو دوو وەزارەتە، چونکە ئەرکی ئەم دوو وەزارەتەیە کە هەم خزمەتگوزاری تەندروستی پێشکەش بە هاووڵاتیان بکا لە هەردوو کەرتی تایبەت و کەرتی گشتی، و لەگەڵ وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی کە لە ڕێگەی تۆڕی چاودێری کۆمەڵایەتیەوە خزمەتی هاووڵاتیان بکا، هەر لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی لە لاپەڕە دوانزەو سیانزە باسی هۆکاری زیادبوونی ئەو بڕە پارەی کە دانراوە بۆ فەرمانبەران، چەند خاڵێکی باس کردووە، بەڵام من پرسیارم ئەوەیە ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی دارایی بۆ خۆیان بەڵێنیان بە کارمەندانی ئیداری وەزارەتی تەندروستی دابوو کە لە (30٪) یان بۆ سەرف بکەن، بەڵام لەناو ئەو خاڵانە وجودی نیە، ئایا لەو بەڵێنە پاشگەز بوونەتەوە یاخود نەخێر سەرف دەکرێت، هەر سەبارەت بە مووچە ئەم پرسیارە تەصورەکەم موشتەرەك بێ لە نێوان وەزارەتی دارایی و پلاندانان، وەزارەتی پلاندانان عەقدی هەیە لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەمریکی بۆ چاکسازی لە سیستمی تەندروستی، پێم وایە بڕە پارەیەکی زۆرە ئەو بڕە پارەیەی کە عەقد کراوە، بەڕێز د. حسن ئاگاداری ئەم مەسەلەیە، زۆریش ئیشمان لەسەر کردووە، یەکێك لە پێشنیارەکانی ئەم کۆمپانیایە ئەوەیە کە یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانی خراپی ئەدائی کارمەندان و پزیشکانی وەزارەتی تەندروستی ئەو شێوازی پێدانی مووچەیە کە پەیڕەو دەکرێت، قسەکەی من ئەوەیە کە لە بودجەی ئەمسالێش بە هەمان شێوەوی ساڵەکانی ڕابوردوو چۆن هەر فەرمانبەرێك مووچەی پێ دەدرێ، بەهەمان پێوەریش پزیشکێك و کارمەندێك پێی دەدرێ، لە کاتێکدا ئەم کۆمپانیایە پێشنیاری کردووە بۆ حکومەتی هەرێم وە زیاتر لە پێنج ڕێگای دیاریکردووە کە دایناوە بۆ ئەوەی کە بەم ڕێگایانە دەتوانرێ ئەدائی کارمەندان و پزیشکانی وەزارەتی تەندروستی چاك بکرێ وە ئەدائێکی باشیان هەبێ، باشە ئەدی ئێمە ئەم پارە زۆرە دەدەین بەم کۆمپانیایە بۆ ئەوەی تەئسیری هەبێت، خۆ ئەگەر ئیش لە سەر پێشنیارەکانی ناکەین بۆ عەقد لەگەڵ کۆمپانیایەکی وا بکەین.

لە ژمارەی فەرمانبەران کە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی دیاریکردووە بە (266) هەزار فەرمانبەر دایناوە، کەچی لە لاپەڕەکانی دیکەی موازەنە ئەگەر حیسابی ئەو ژمارەی فەرمانبەرانە بکەین (5) هەزار دیار نامێنی، چونکە لەوی (2500) کەس، (266) هەزار کەسی داناوە، دواتر لە کۆی ئەو فەرمانبەرانەی لە موازەنە هاتووە دووسەدو شەست وسێ هەزارو چوار سەدو پەنجا کەسە، (2500) کەس لەوێ دیار نیە، مەبەستم لە پێشمەرگە، پۆلیس، ئاسایش، زۆر باس لەوە دەکرێ کە ئێمە ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەرمان هەیە، ڕاستەوخۆ لەم ڕێگەیە پارە دەچێتە گیرفانیان، هەرچەندە لێکدانەوەی ئابووری لەوانەیە شتێکی تر بێ، بەڵام ئەگەر ئەو قسەیەش ڕاست بێ کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕێگەی مووچەوە کە پارە دەچێتە گیرفانیان، بەڵام پرسیارە موهیمەکە ئەوەیە ئایا ئەم ڕێژە زۆرە فەرمانبەرە لە سەر چ بنەمایەك دامەزراون، لە سەر چ بەرژەوەندیەك دامەزراون، وە ئایا لەبەر بەرژەوەندی گشتیە دامەزراون یاخود هۆکارێکی تر، لە بەشی بەخشین بە هەمان شێوە لە هەمان لاپەڕە وەزارەتی دارایی باس کراوە، پەنجا ملیار دانراوە بۆ دەستەی وەبەرهێنان، پرسیار کرا.

بەڵام وەڵامی وەزیری دارایی ئەوە بوو کە بۆ شوێنی نیشتەجێبوون بەکاردێت، بەڵام ئێمە ئەو یاسایەی کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرمان کرد دەسەڵاتەکەمان داوە بە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە نەك دەستەی وەبەرهێنان، ئەگەر پێشتر صندوقی نیشتەجێبوون هەبوو، وە پێم وایە لە دەستەی وەبەرهێنان بوو ئێستاش ئەم صندوقە یەك دینار بە خەڵك نادات، کەواتە ئەم پەنجا ملیارە بۆ چییە؟ چونکە وەڵامەکەی وەزیر وەڵامێکی نایاساییە، تەنانەت لە ساڵی پاریش (90) ملیار بۆ هەمان بەش دانرابوو، بەڵام لەبەر شەش مانگی یەکەم دیاریکراوە کە هیچی لێ سەرف نەکراوە، لە بەخشین بڕی (22) ملیار بۆ لیژنەی ئۆڵمپی دانراوە بەڕاستی ئێمە وەکو لیژنەی وەرزش و لاوان وابزانم بەڕێز د. سعید، پرسیاری کرد نازانین ئەو پارەیە بۆ چی؟ ئەگەر ڕۆنکردنەوەی هەبێ. سوپاس. لەسەر وەزارەتی پلاندانان من چەند نموونەیەك دەهێنمەوە تەصەور دەکەم پێویست ناکات کە من هیچ کۆمێنتی لە سەر بدەم، نەخۆشخانەی (400) قەروێلەیی لە بودجەی ئەم ساڵیش (58) ملیار دینار لە بودجەی کوردستان دەبات، ئەوە یەك، دیواری ڕاگری نەخۆشخانەی چاو لە سلیمانی پێش ئەوەی بەردی بناغەی زانکوی ئەمریکی لە سلیمانی دابنرێ، بڕیار بوو ئەم دیوارە، دیوارێکی ڕاگرە بۆ نەخوشخانەی چاو لە سلیمانی دروست بکرێت، زانکوی ئەمریکی تەواو بووە، بیناکانی تەواو بووە وا خەریکە خویندکار تەخەروج پێ دەکا، دیواری ڕاگرەکە تەواو نەبووە، نەخۆشخانەیەك لە هەڵەبجە دەیەوێ مونافەسەی (400) قەروێلەیی سلێمانی بکات، بە هەمان شێوە وەزیر بۆ خۆی ئاگای لێیە، باسی نەخۆشخانەی هەولێر کرا زۆر باسیان کرد.

لەبەر ئەوە تیکراری ناکەمەوە، بەڵام تەنها هەر ئەوەندە دەڵێم حەق بوو لیژنەی دارایی پێش ئەوەی کە بڕیار لە سەر پەسەند بوون و پەسەنەند نەبوونی بدەن، بیریان لەوە بکردایەتەوە کە ئەم نەخۆشخانەیە ئیشی ئەوەیە کە خزمەتگوزاری دووەمی و سێیەمی پێشکەش کە، تا ئێستاش سیاسەتی تەندروستی حکومەتی هەرێم، سیاسەتی ئەوەیە کە لە ڕێگەی کەرتی گشتی خزمەتگوزاری دووەمی و سێیەمی پێشکەشی خەڵك بکات، کەی ئێمە بیرمان لەوە کردەوە بیمە دابنێین یاخود بیرمان لەوە کردەوە هاوکاری هاووڵاتیان بکەین بۆ ئەوەی لە کەرتی تایبەت خزمەتگوزاری دووەم و سێیەمیان دەست کەوێ، ئەو کاتە دەتوانین بڕیاری ئەوە بدەین کە نەخێر ئێمە پێویستمان بە نەخۆشخانەکی لەو شێوە گەورە نیە، وە تەنانەت کۆمێنتم هەیە لە سەروەڵامەکەی وەزیری پلاندانان ئەگەر ئێستا بڕۆی سەیری نەخۆشخانەی فێرکاری لە سلیمانی بکەی کاتی خوی کە دروست کراوە تەنها یەك بینایەی گەورە بووە وە چوار دەوری سەوزایی بووە، ئێستا بڕۆ سەیر بکە لەوانەیە بڵێی بە دەیان ملیار دینار سەرف کراوە هەمووی لە نەخوشخانەی بچووك بچووکی بێ کەڵك کە لە زیندان زیاتر لە هیچیتر ناچێ و تەنانەت هەموو زەویەکەیان داوە.

لەبەر ئەوە تکام وایە تەصەور دەکەم وەزارەتی تەندروستیش بێ تەنانەت ئەو داواکاریەش داهێنانی خەیاڵی لیژنەی تەندروستی نیە، بەڵکو بەریوبەرایەتی تەندروستی هەولێر بۆ خۆیان داوایان کردووە، داواکارم کە ئێمە نەخوشخانە دروست بکەین لەگەڵ دروستکردنی نەخوشخانەکەش شوێنی حەوانەوەی

نەخوش بێ، نەك تەنها زیندانێك بێت و حەب و گولاج بكەین بە دەمی نەخۆشەوە، زۆر باسی ناوچەی شارەزوور كرا، بەڵام یەك بابەت باس نەكرا ئەوانی تر تیكرار ناكەمەوە، سێ ساڵە بەناوی وێستگەی كارەباو ڕاكیشانی كارەبا لە ئێرانەوە بۆ ئەو مەنتیقەیە، بڕی (32) ملیار دینار بۆ هەڵەبجە دادەنرێ، وەئەمە ئەگەر بەگویرەی ژمارەی دانیشتوانی بڕی بودجە تەوزیع كرابێت، ئەمە غەدرە لە هەڵەبجە دەكرێت، لەبەر ئەوەی كە سێ ساڵ لە دوای یەك (32) ملیار دادەنرێت وە یەك دیناریشی لێ سەرف ناكرێ، ئەگەر ئەم پرۆژەیە جێبەجێ ناكرێ و تەصەورم وایە وەزارەتی كارەبا بۆ خۆیان لێی پەشیمان بوونەتەوە، با ئەمە ببێتە پرۆژەیەكی دیكە نەك هەموو ساڵ ببێتە بار بە سەر ئەو ناوچەیەوە دواتریش جێبەجێ نەبێ، پێش مانگێك وەزیری تەندروستی بەڵێنی چارەسەركردنی كێشەی دەرمانی بە ئێمەو بە خەڵكیش داوە، یەكێك لە پلانەكانی لە دروست كردنی كۆگای دەرماندا، بەڵام لەناو ئەو بودجەیە هیچ شتێك لەو بابەتە بوونی نیە، ئەگەر باسی تەنها پرۆژەكانی وەزارەتی تەندروستی بكەم نزیكەی (44) پرۆژە جێبەجێ نەكراوە یان پارەیان بۆ سەرف نەكراوە، ساڵی ڕابوردوو ئەگەر چی كۆمەڵێك هۆكار هێنرایەوە پێش ئەوەش بە مولحەقێك وابزانم ئەمڕۆ هاتووە كۆمەڵێك پرۆژەی تێدایە، ئەم پرۆژانە تەواو بوون هی ساڵی ڕابوردوون، بەڵام بەداخەوە ئەوەش هەر هەڵەی تێدایە، وە ئەوە ژمارەیەك لەو پرۆژانەن كە لە ناو ئەو لیستە ناوی هاتووە گوایە تەواو بوون، بەڵام بەهەمان شێوە لەناو پرۆژە بەردەوامەكان ناویان هاتۆتەوە بڕە پارەیان بۆ دانراوە، یەعنی ئەم دوو لیستەش كامیان ڕاستە، ئەگەر تەواو بووە بۆ پارەی بۆ دانراوە؟ ئەگەر تەواویش نەبووە بەردەوامە بۆ لە ناو ئەو لیستە هاتووە؟ دروستكردنی ناوەندی شیتەڵ كردنەوەی تاوان (dna)یەكێكە لەو پرۆژانە، بینای بەریوەبەری ناحیەو (19) خانووی فەرمانبەران لە ناحیەی باسنێ، من لە كۆتاییدا دەڵێم وەزیری پلاندانان باسی لەوە كرد هۆكاری ئەنجام نەدانی ئەو پرۆژانە یاخود ئەوەی كە وای كردووە ئەم پرۆژەیە ئەنجام نەدرێت، كۆمەڵێك هۆكارن و نموونەی زۆری هێنایەوە، بەڵام من دەڵێم هۆكارەكان هەرچی بن لە ڕاستیدا ئەمە كەم و كوڕیە و ئەمە كەم تەرخەمیە و خراپی بەریوەبردنە، چونكە بەریوەبردنێكی باش و بەریوەبردنێكی خراپ جیاوازیەكەی ئەوەیە كە بەریوەبردنێكی باش، هۆكارەكان كەم دەكاتەوە و وا دەكات كە كەمترین هۆكار هەبێ بۆ ئەوەی پرۆژەكان دوا بكەون، بەڵام ئەگەر ئێمە، هەر پرۆژە دوا بكەوێ ساڵ لە دوای ساڵ پرۆژەكان جێبەجێ نەكرێ ببێتە پێنج ساڵ و شەش ساڵ پرۆژە جێبەجێ نەكرێ، دوایش بڵێین هەر هۆكار هەیە، ئەی كەواتە ئیشی ئەو كەسەی كە ئەركی بەریوەبردنە چییە و جیاوازی لە نێوان بەریوەبردنێكی باش و بەریوەبردنێكی خراپ چییە، و دواتریش دەپرسم ئێمە ساڵی پار بە هەمان شێوە لەوانەیە لە ئێستاش زیاتر قسەمان لە سەر بودجە كرد و پێشنیارمان كرد و یاساشمان بۆ دانا بەبەرچاوی هەمووومانەوە یاساكە پێشیل دەكرێ، یەعنی هەم زەمان لەوەی كە چییە دیسانەوە لەو قسانەی كە دەكرێ ئەو چاكسازیانەی كە دەكرێ، ئەو یاسانەی كە دەریئەكەی دیسانەوە پێشیل نەكرێ وە پرسیارێكی دیكە ئەوەیە لە بەرامبەر ئەوەی كە ساڵی ڕابوردوو كە یاسا پێشیل كراوە و حكومەت كە خۆی ویستوویەتی بەبێ گوی دانە پەرلەمان بودجەی سەرف كردووە،

ئەرکی پەرلەمان ئەگەر لێپرسینەوە نەبێ بەڕاستی ئەرکەکەی چییە یەعنی بە هەمان شێوە ساڵێکی تریش دێنەوە و دەڵێن وەڵلا حکومەت پرۆژەکەی جێبەجێنەکردو کۆمەڵێك هۆکار هەبوو. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز فەرموو د.علی سندی.

**بەڕێز د. علی سندی/ وەزیری پلاندانان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی دەست خۆشی لە کاك د. ڕێباز دەکەم بۆ ئەو تێبینیانەو کە بە دەقیقی موتابەعەی ئەوانەی کەرتی تەندروستی کردبوو نازانم بۆ من بەس تەعقیب لە سەر یەکێکیان دەدەم، چونکە ئەوانی تر حەزدەکەم بەدەقیقی وەڵام بدەمەوە ناچمە ناو ئەو تەفصیلە، بەڵام جەنابی ئیشارەتی بە ڕەئیەك دا بەڕێز جێگیری سەرۆکی پەرلەمانیشی کردە شاهد لە سەر ئەوەی کە پرۆژەیەك هەیە پارەکەی زۆرە، ئەوە بە تەصەوری من تەقیم کردنی نرخی کارێك بەتایبەتی ئەگەر کارێکی ئیستیشاری بێتن ئەوانە بەو شکلە ئیحتیماله زۆر عادلانە نەبێتن، چونکە لە هەمان کاتدا بەڕێزیان ئیشارەی بەوەشدا کە تێبینی زۆر باشیان داوە، بەڵام حکومەت تا ئێستا تێبینیەکانی بە کارنەهێناوە یان هێشتان هەموو ئەو موقتەرحاتەی کە داویەتی جێبەجێنەبوون، تەبیعی لێرە شتێك هەیە، ڕاستە هەموو جیهەتێکی حکومی مەفروزە دەست بە خەرج کردنی پارە دا بگرێت، بەڵام کە دیتە سەر بابەتی ئیستیشارات هەر جیهەتێك کە بیەوێتن جیهەتێکی ئیستیشاری بە کار بینێتن، دەبێ پارەی تێدا خەرج بکا، کە پارەی تێدا خەرج کرد، ئەوە تەنها و تەنها مەعنای ئەوە نابێتن مادام پارەت لە جیهەتێکی ئیستیشاری دا خەرج کرد دەبێ 100٪ هەرچی موقتەرحیان گوتووە موقتەرەحەکە تەتبیق بکەی یان لە ئاخیرا بپرسی بڵێی مادام تۆ موقتەرەحاتی ئەمان تەبیق ناکەی، بۆچی پارە دەدەی؟ بۆچی داوای دیراساتیان لێ دەکەی؟ چونکە ئەگەر بە تەنها تەفکیرکردن و تەنها بەدوای حەل گەڕان بۆ خودی حکومەت بۆ ئەو موئەسسەسەیەی کە خەریکی کارەکەیە لی بگەڕێن، حەتمەن مومکینە زۆر مۆفەق نەبین، هەر بۆ ئەوەشە جیهاتی ئیستیشاری لە هەموو عالەم هەیە، وە بۆ مەعلوماتی بەڕێزیشتان شێوازی ئیختیار کردنی موئەسسەسە کە بۆ کارێکی ئیستیشاری بۆ چەند وەزارەتێك دەکرێتن لە سەر ئاستی ئەنجومەنی وەزیران موناقەشە دەکرێتن، ئەنجومەنی وەزیران بە هەر هەمووی پێکەوە قەرار لە سەر ئەوە دەدەن کە کارێکی گەورە یان جیهەتێکی ئیستیشاری بە کار بێنن بۆ چەند مەبەستێك، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز فەرموو بایز تالەبانی

**بەڕێز بایز تالەبانی / وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دەمەوێ هەندێك ڕوونكردنەوە لە سەر تێبینیەكانی كاكە د. بدەم، بەڕاستی بەنیسبەتی دەرمان و خۆراك ئەوانە ئێمە لە نەفەقاتی حاكیمە لە یەكەم ڕۆژی تەقریرەكەمە خوێندنمەوە ئەوە بوو وتیان ئەوە پێویست ناكات ئێستا ئەوەیە مەسەلەكە كە سوئالەكەی لێوە دێت ئێستاكە ئەمە من لە ساڵی 2005 وە من بە جەداول داومە ئەوە نیسبەتە لەوێ نیسبەتەكانمان دەركردووە كە 85٪ هاتووە، ئەوە ئەرقامە، ئەوە ئیحصائیەیە ئەوە، بەنیسبەت دەرمانیشەوە بە هەمان شێوە نیسبەتەكەی بەو شێوە دەردەچێ، وەزیری تەندروستی ئێستا بە عەكسەوە دەڵێ پارەیەكی زۆر ئێمە لەسەر ئەوان هەمانە نەیان داوە بە ئێمە، زەرەریشمان كردووە تێدا، بەنیسبەتی سوودە كۆمەڵایەتیەكانەوە دیارە جەنابی بەس خاڵی ئەوەی خوێندەوە، سوودە كۆمەڵایەتیەكان پاراستنی كۆمەڵ بە گشتی یان بەشێك لە مەترسیەكانی كۆمەڵایەتی وەك پێشكەشكردنی خزمەتگوزاریەكان، فێركردن یان پزیشكی قەرەبووكردنەوەی بێكاری مووچەكانی دەستەبەری كۆمەڵایەتی و ئەو سوودانەی كە پێشكەش دەكرێن لە كاتی مردن،

أ. لە وەزارەتی كاروباری كۆمەڵایەتی بڕی (400) ملیار دینار دەدرێت بۆ دانی مووچەی شەلەل دەماغ، نابینایان، كورتە باڵاكان، نابیستەكان، تالا سیما، هیمۆفیلیا، چاودێری خیزان، كەمئەندامان، نەخۆشی ئۆتیزم، و مووچەی خانەنشینی كار و دەستەبەری كۆمەڵایەتی.

ب. وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالەكان (49) ملیار دینار بۆ زیندانە سیاسیەكان و مینحەی پێشینەی هاوسەرگیری و بۆ خەرجی خوێندنی كوڕ و كچی شەهید لە زانكۆكان،

ج. وەزارەتی ڕۆشەنبیری(11) ملیار دینار بۆ مووچەی ڕێز لێنان و ڕۆژنامەنووسان و هونەرمەندان و وەرزشكاران،

د. وەزارەتی ناوخۆ دە ملیارو حەوت بۆ پێدانی مووچەی موختارەكان و پێشینەی پارێزگاكان،

هـ. وەزارەتی تەندروستی خەرجی حەوت و لە سەدە شەش ملیار بۆ چارە سەركردنی نەخۆشی،

بە نیسبەتی ئەوەی كە پێنج هەزاروچوار سەد فەرق هەیە، میلاكاتی ئێمە لە بەغدا شەش سەد و شەست و دوو هەزارو چوار سەد و چل و چوارە، ئێمە ئەم ساڵ ئەوەی كە تەعینی دەكەین (17)یە، بۆیە لەلای ئێمە شەسەد شەست و حەوت و هەشت سەد و چل و نۆیە، فەرقەكە پێنج و چوارسەدو پێنچە، لەوێ هاتووە فەرقەكە، وە ئەو فەرقە بە قەرارە وە ئێمە میلاكمان بۆ هاتووە بە(11)و قسوور، ئێمە كردوومانە بە (17)ە لە كوردستانا، گوایە ئەوەی كە نا یاساییە (50) ملیار دانراوە بۆ وەبەرهێنان دیارە ئەوە جارێكی تریش فیعلەن بۆ وەبەرهێنان دانراوە، (50) ملیار، ئەوە بۆ صندوقەكەیانە بۆ پێشكەشكردنی دەعمە، لە هەمان كاتدا بۆ خەدەماتی ئەو شوێنانەیە ئەوانەی كە كراون خەدەماتی لە سەر حكومەتە وە بۆ ئەوەی كە جەنابی باسی دەكات ئەوەی كە قەراریان داوە، ئەوە لە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوەیە (49) ملیاری بۆ تەخسیس كراوە وەدەستی پێكراوە وە ئێستا ئیشی تێدا دەكرێ، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز د. تارا فەرموو.

**بەڕێز د. تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەتا دەست خۆشی لە لیژنەی دارایی دەكەم بۆ ڕاپۆرتەكەیان، هەوڵیش دەدەم ئەو شتانەی كە گوتراوە دووبارەی نەكەمەوە، بەس بەكورتی كەمی بودجەی وەزارەتی تەندروستی كە هیوادارم وەزیر چارەسەرەكی بۆ بدۆزێتەوە، چونكە ئەو بودجە كەمە ناتوانی خزمەتگوزاری پێویست پێشكەش بە هاووڵاتیان بكات، هەروەها پێشنیارێكیشم هەیە بۆ وەزیری پلاندانان كە پلانێكی ستراتیژی دابنێن بۆ دروستكردنی نەخۆشخانە و نۆژەنكردنەوەی نەخۆشخانەكان، ئەویش لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاكان بێت كە ساڵی پار بڕیارمان دا نەگەڕێتەوە پەرلەمان، بۆیە لێرەدا پێشنیار دەكەم بەشێكی زۆری ئەم بودجەیە بۆ دروست كردن و نۆژەنكردنەوەی نەخۆشخانەكان دابنرێت، پێشنیارەكەی تریشم بۆ دەرمانە كە هەر چەند وەزیر لێرە ئێستا باسی كرد، بەشێوەیەكی ڕێك وپێك نایەتن، هەروەها ئەو جورانەی كە دێ لە كاتی پێویستە نایێت، یان نەوعیەتەكانی باش نین، بۆیە پێشنیار دەكەم ئەو پارەیە بگەڕێتەوە هەرێمی كوردستان، لێرە دەرمانی پێ بكڕدرێ، باشترە لەوەی لە بەغداوە بۆمان بێت، هەروەها سەبارەت بە درماڵەی ترسناكی كە كارمەندانی تەندروستی دكتۆر و پەرستیارەكان چاوی پێبخشرێنتەوەو هاوشێوەی بەغدای لێ بكرێتن، هەروەها سوودە كۆمەڵایەتیەكان كە لە وەزارەتی تەندروستی كە بە بڕی(7.6) ملیار دینار دیاریكراوە، پڕۆژە یاسایەك هەیە لە لیژنەی ئێمە كە خوێندنەوەی دووەمی بۆ نەكراوە لە كاتی دەرچوونی ئەو پڕۆژە یاسایە ئەو سوودە كۆمەڵایەتیانە بچێتە ئەو صندوقەوە كە بۆ چارەسەركردنی نەخۆشی شیر پەنجەكان، نەخۆشە گرانەكانە هەروەكو هاوكاریشم دكتۆرە جیهانیش ئاماژەی پێ كرد، پشتگیری ئەو بۆچوونە دەكەم، هەروەها كەمی بودجەی وەزارەتی ژینگەش ئەوەش دەبێ چارەسەرێكی بۆ بدۆزنەوە دەستەی ژینگە، ئا ببورن ئەوە لە ڕاپۆرتەكەش كە بە دەستە هاتبوو، بەڵام لەكاتی نەقل كردنی بۆ ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی هەڵە كرابوو، هەروەها پرسیارێكم هەیە لە سەر پڕۆژەكان كە بۆ ماوەی دوو ساڵە پڕۆژەی نەخۆشخانەی (80) قەرویڵەیی شێر پەنجە لە سلێمانی، لەگەڵ (200) قەرویلەیی لە شاری هەولێر هی لە دایك بوون دوا دەكەوێ، هاوكارم شلێر خانیش ئاماژەی پێ دا، هیوادارم جەوابمان بداتەوە وەزیری پلاندانان، هەروەها وەك ئەندامێكی لیژنەی وەرزش و لاوانیش پێشنیار دەكەم بە دروستكردنی دیزاینی شارێكی وەرزشی لە هەولێر كە بكەوێتە پلانەوە، ئەگەر بۆ ئەمساڵیش نەبێ، ساڵی داهاتوو ئەم پڕۆژەیە دروست بكرێت، پشتگیری هەموو ئەو داواكاریانەش دەكەم كە سۆزان خان وەك لیستی كوردستانی كردی لە ئەلفی تا یائی حەزناكەم دووبارەی بكەمەوە، هەروەها بەردەوام بوون كەلە ناوچە دابڕاوەكان دەكەن، ئەكرێت و بەردەوام بن لە سەری، هەروەها سەبارەت بە شەهیدان پشتگیری ڕایەكانی كاك محمد دەكەم كە هەمووی بە ڕێك و پێكی روونكردەوە، حەز ناكەم دووبارەی بكەمەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز فەرموو جەنابی وەزیری دارایی.

**بەڕێز بایز تالەبانی / وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە جەوابی کاك دکتۆرو جەوابی ئەو خوشکەشم ئەوەم لە بیر کرد، ئێستا بەنیسبەتی 30٪ ئیداریەکانی وەزارەتی تەندروستیەوە ئەم کێشەیە تەبیعی هاتە ئەنجومەنی وەزیران، وە دوای ئەوەی ئەنجومەن بۆی دەرکەوت لە ڕێگای وەزارەتی داراییەوە چەند کۆبوونەوەیەك کرا، بینرا کەوا ئەو موخەسەساتە لە بەغدا دەدرێت، ئەنجومەنی وەزیران قەراری دا بەپێی بڕیاری پەرلەمان ئەو موخەسەساتەیان پێ بدرێ، وە کتابەکەمان بۆ هاتووە، بەڵام ئەو کتابە هەفتەی ڕابوردوو هاتووە، ئەم تەقریرە ئەوا تەقریبەن سێ مانگە زیاتر، چوار مانگە نووسراوە

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز د. دانا فەرموو

**بەڕێز د. دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم دوای نەك سەدو پەنجا، بەڵام دوای سەدو لەوانیە پێنج کەس، کە ئەندام پەرلەمان قسەیان کردووە چی بۆ من ماوەتەوە، بە هەرحاڵ زۆر مەحاوەلەم کرد کە شتێکی وا بڵێم کە بە شێوازێکی تر دایبڕێژمەوە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

حەز دەکەم بزانی چوار کەس ناوی خۆی نەنووسیوە لەو سەدو یانزە کەسەی، تا ئێستا شەش ناو ماوە، فەرموو. بەڕێز د. دانا فەرموو .

**بەڕێز د. دانا سعید صوفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بودجە بریتیە لە سیاسەتی حکومەت بۆ ساڵێك، یەعنی ئەو سیاسەتە کاریگەری دادەنی لە سەر ئەوەی کە بە شێوەیەیەك دەتوانم بڵێم چۆن ئاڕاستەی بوارە جیا جیاکانی کۆمەڵگای دەکەن، بۆیە پێویستە ئەو سیاسەتەی بودجە بە شێوەیەك بێ کە ڕەچاوی دادپەروەری بکات، ڕەچاوی هاوسەنگی بکات لە نێوان بوارەجیا جیاکاندا، و بەهەمان شێوەش دەبێ پلان و ئامانجێکی دیاریکراوی هەبێ، بە ڕای من بۆ ئێستای هەرێمی کوردستان پێویستە چوار ئامانجی سەرەکی هەبێ، ئامانجی یەکەم: ئەوەیە کە چۆن ڕووبەڕووی بێکاری ببینەوە، یان چۆن وابکەین کە بازاڕی کار ببووژێنینەوە، ئەوە یەکێکە لەو ئامانجانەی با بڵێین بودجە حیسابی بۆ بکا، ئامانجی دووەم: باشترکردنی ئاستی بژێوی هاووڵاتیانە، واتا ستانداردی ژیان بەرز بکرێتەوە، ئامانجی سێیەم: دەتوانم بڵێم دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانە، لە بابەتی با بڵێین مەسەلەی کارەبا، تەندروستی، و هەتا کۆتایی، ئامانجی چوارەم: بریتیە لە پرۆژەی ستراتیژی بۆ ئەوەی بتوانین پشت بە خۆمان ببەستین، ئەوەی من دەبینم پێویستە ئەو چوار ئامانجە لە بودجەدا ڕەنگ

بداتەوە، بەڵام ئەگەر ئێستا خاڵ بە خاڵ پێدابچین بزانین بە چ شێوەیەك ڕەنگی داوەتەوە ئەو ئامانجە لە ناو بودجەی ساڵی 2012؟ سەبارەت بە ئامانجی یەکەم: مەسەلەی ڕووبەڕووبوونەوەی بێکاری، دەتوانم بڵێم ئەو بودجەیە پلانەکەی ئەوەیە بۆ نموونە یەکێك لەو پلانانە ئەوەیە کە (17) هەزار هەلی کار دامەزراندنی پێشنیار کردووە، دەکرێ ئەوە چارەسەرێکی وەقتی بێ، بەڵام ئەوە چارەسەرێکی بنەڕەتی نیە، لەبەرئەوەی ئێمە هەمووومان باسی ئەوە دەکەین کە لە دام و دەزگاکانمان جۆرێك لە هەڵئاوسانی ئیداری هەیە، بەپێی تێرمە ئابووریەکان باسی دەکەین، یەعنی جۆرێك لە بە تاڵەی موقەنەعە هەیە، ئەوەش دەچێتە زمنی ئەوەوە، مەسەلەیەکی تر دەکرێ لە ڕێگەی ئەو سولفانەی کە مەسەلەی سولفەی پاڵپشتی بۆ پرۆژەکانی کشتوکاڵی، قەرزی کشتوکاڵی، قەرزی پیشەسازی، هەروەها سولفەی عەقار، دەکرێ ئەوانە ببنە هۆی ئەوەی جۆرێك لە بووژاندنەوەی ئابووری لە بازاڕدا، یان هەلی کار دروست بکا، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەکرێ ببنە هۆی ئەوەی کە پێی دەڵێن تەزەخومی مالی دروست دەکاتن، ئەوەش جانبێکی سلبی هەیە، کە با بڵێین مەسەلەی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاکانە، ئەوەش بەدیلێکی ترە یان لایەنەکی سلبی ترە، سەبارەت بە ئامانجی دووەم: کە باشترکردنی ئاستی بژێوی هاووڵاتیان ئایا تا چەند لەو بوارەدا دادپەروەری ڕەچاو کراوە؟ یەعنی ئەوە بەڕاستی یەکێکە لەو ئامانجانەی دەبێ هەموو بودجەیەك بەدی بهێنی، بەڵام ئەوەی ئێمە ئێستا دەیبینین لەو بودجەیە دا هەندێك چین و توێژ لێی سوودمەند بوون، ڕاستە کۆمەڵێك با بڵێین مەسەلەی ئەوەی باسی دەکرێ ئەوەیە دەدرێ بە خانەنشینان ئەوە جێی دڵخۆشیە لە وانەیە هەندێ شتی تریشی تێدا بێت، بەڵام بەڕاستی وەك گوتم مەسەلەی دادپەروەری ڕەچاو نەکراوە لە مەسەلەی ئەوەی کە لە نێوان چین و توێژە جیاوەزەکاندا، سەبارەت بە ئامانجی سێیەم: مەسەلەی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانە، یەعنی ئێمە دەیبینین کۆمەڵێك پرۆژە هەیە، بەڵام بەداخەوە پرۆژەکان وەك خۆی جێبەجێ ناکرێن، بەڕێز وەزیری پلاندانان، هەروەها بەڕێز وەزیری دارایش بۆ خۆیان ئاماژەیان بەوەدا کە لە خیلالی با بڵێین زۆر لە پرۆژەکانی پار ساڵ، ئێستا وا خەریکە هەندێکیان جێبەجێ دەکرێ، یەعنی جۆرێك لە تەئخیر بوون هەیە، ئەمەش خۆی لەخۆی دا ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە پەرش و بڵاوییەك هەیە، کە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانە، سەبارەت بە ئامانجی چوارەم: مەسەلەی پرۆژە ستراتیژیە بۆ ئێمە ئیکتیفازاتی بکەین بۆ ئەوەی بتوانین پشت بە خۆمان ببەستین، لە ڕاستیدا لەو پرۆژانەی کە پێشنیار کراون ئێستا دەتوانم بڵێم پرۆژەی ستراتیژی وای تێدا نیە کە ئێمە چاوەڕێمان دەکرد، هەر یەك نموونە دەهێنمەوە پارێزگارەکانی خۆمان زۆر جار باسی ئەوەیان کردووە کە تا ئێستا ئەوان ناتوانن ئیجازەی ئەوە بدەن پاڵاوگەی گەورە لە هەرێمی کوردستان بکرێتەوە لە کاتێکدا ئێمە ناوچەیەکی نەوتاوی گەورەیە، با بڵێم بۆ خۆمان بەرهەم هێنانی ناوخۆییمان هەیە، بەڵام بۆ ئێمە نەتوانین پاڵاوگەی گەورە دابمەزرێنین کە ئیکتیفازاتی بکات لەبری ئەوەی بنێرین بۆ تورکیا، بۆ ئێران، بۆ خۆمان بتوانین بەشە سووتەمەنی خۆمان دابین بکەین، هەروەها لەو وا بەستەیەی بەغداش با بڵێین هیچی تر وابەستە نابین لەوەی کە چاوەڕیی ئەوەی بکەین لە بەغدا بەشە سووتەمەنیمان بۆ بێ، لە

کاتێکدا ئەوە ئیمکانی هەیە، نازانم حیکمەت چییە لەوەی کە ڕێگە نادەین پاڵاوگەی گەورەی سووتەمەنی بکرێتەوە لە هەرێمی کوردستان؟ من ناچمە سەر لایەنە باشەکانی ئەو بودجەیە بێگومان یەعنی شتێکی بەدیهیە پێویستە بودجە ئیجابی بێ لە خزمەتی هاووڵاتیان بێ، وەهەروەها ئەو ئامانجانەی کە باسم کرد بیهێنێتە دی یان ئیشی لە سەر کردبێ، بەڵام چەند خاڵێك باس دەکەم کە بە لای منەوە خەلەلە گەورەکانی ئەو بودجەیە، خاڵی یەکەم: لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی داراییدا هاتووە وەکو پرسیارێك خراوەتە ڕوو، مەسەلەی داهاتی ناوخۆیی بە بڕێکی زۆر کەم خەملێنراوە بە ڕاستی ئەوە پرسیارێکی جدیە چاوەڕێ دەکەین وەزیرە بەڕێزەکان وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە، ئەگەر کێشەکە لەوەدایە ئێمە نامانەوێ داهاتەکانی ناوخۆی خۆمان بخەینە بەردەستی بەغدا، و ئەگەر ئەو خەمڵاندنەی کە لە بودجەدا هاتووە حەقیقیە، ئێمە پێویستە باجەکان لە سەر هاووڵاتیانی خۆمان کەم کەینەوە، بۆ ئەوەی نەچێتە بەغدا، ئەوە یەك لە پێشنیارەکانە، بەڵام ئەگەر حەقیقی نیە ئێمە دەمانەوێ بیشارینەوە، من پێشنیار دەکەم نامانەوێ لە ناو پڕۆژە یاسای بودجەدا هەبێتن من پێشنیار دەکەم وەکو مولحەقێك هەبێ، یەعنی تۆ ناکرێ داهاتێك هەبێ لە ژێر چاودێری پەرلەماندا نەبێ، ڕاستە مولحەقێك هاتووە باس لەوە دەکات کۆمەڵێك پڕۆژە بەهەندێك داهاتی تر کە لە بودجە گشتیەکەدا نەهاتووە تەنفیز دەکرێ، بەڵام ئێمە نازانین بەڕاستی ئەو داهاتە تا چەند حەقیقیە، تا چەند حەقیقی نیە، سەبارەت بە خەلەلی دووەم: ئەوەی دەیبینین جیاوازیەکی زۆر لە نێوان سەکتەرە جیاوازەکاندا هەیە، من تەنها یەك نموونە دەهێنمەوە، دەتوانم بڵێم چەند بوارێك بە تەواوی ئیهمال کراوە لەو بودجەیە، مەسەلەی مافی مرۆڤ ، مەسەلەی ژینگە، مەسەلەی ڕۆشەنبیری، یەعنی ئەگەر ئێمە لە بودجەدا نەتوانین ئیهتیمام بەو بوارانە بدەین بەرنامەمان نەبێ پلانمان نەبێ بۆ ئەوەی کە بۆ نموونە ئێمە بەرەو بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی دیموکراسی بچین، بونیاتنانی کۆمەڵگایەك کە سەروەری یاسای هەبێ، کە مافی مرۆڤی تێدا پارێزراو بێ، بەڕاستی دەتوانین ئەو بودجەیە بخەینە ژێر پرسیارەوە لەوەی کە هاوسەنگی نیە لە نێوان سێکتەرە جیاوازەکاندا هەموو ئەوانی تر پێویستن، بۆ نموونە (سێکتەری سەربازی، سێکتەری ئەمنی، پەروەردە) ئەوانە هەموو پێویستن، بەڵام پێویستە جۆرێك لە هاوسەنگی هەبێ لە نێوان سێکتەرە جیاوازەکاندا، ناکرێ تۆ لە بەر خاتری سێکتەرێك، سێکتەرێکی تر ئیهمال بکەی، سەبارەت بە خەلەلی سێیەم: ئەوەی کە زۆر لە هاوکاران باسیان کرد کە هاوسەنگی نێوان بودجەی تەشغیلی و بودجەی وەبەرهێنانە، بەڵام کاتێك ئەگەر بەم شێوەیە بێ، یەعنی ئەوەی کە ئێستا لە بودجەدا هاتووە (70٪)ی بۆ بودجەی تەشغیلیە تەرخانکراوە تەنها (30٪)ی ماوە بۆ حکومەت کە بتوانێ سیاسەتی ئابووری خۆی پێ جێبەجێ بکات لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام بەو نا هاوسەنگیە دەتوانم بڵێم حکومەت ناتوانێ بەڕاستی سیاسەتێکی ئابووری تۆکمەی هەبێ، پلانێکی هەبێ بۆ ئەوەی بازاڕ ببووژێنێتەوە بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی بێکاری ببێتەوە، و پڕۆژەکان بەکەمی دەتوانێ جێبەجێ بکات، دوا خاڵم پەیوەندی زۆر بە مەسەلەی بودجەوە نیە، بەڵام کەمێکیش پەیوەندی پێوە هەیە، لە ڕووەی کە ئێمە ساڵی پار، یاسای ڕێکخراوە نا حکومیەکانمان دەرکرد، یاسای ژمارە یەکی 2011

لەویٚ بە ئاشکرایی هاتووە کە پێویستە لە سەر حکومەت بودجەیەکی تایبەت تەرخان بکات بۆ تەمویل کردنی پڕۆژەی ڕێکخراوەکان، بەڵام بەداخەوە ئەوە بۆ چەند جارە لەگەڵ ئەوەی کە با بڵێین تێبینی پەرلەمانتاران، بە حکومەت ڕادەگەیەنرێ لەوەی کە پێویستە بودجەیەکی تایبەت بۆ ئەوانە تەرخان بکرێ، کە دوای ئەوەش کە یاساکەمان دەرکرد دەبینین دیسان بودجەی ڕێکخراوە نا حکومیەکان لەگەڵ بودجەی ئەحزاب تێکەڵ کراوە، واتا جیا نەکرایتەوە، پرسیارەکە لێرە ئەوەیە ئایا تا چەند ئەهمیەتی ئەو یاسایانەی ئێمە هەیە کە لێرە لە پەرلەمان دەری دەکەین، ئایا ئەوە زەنگێکی خەتەرناك نیە لە بۆ ئەوەی کە ئێمە یاسا دەردەکەین بەبێ ئەوەی حکومەت جێبەجێی بکات، ئەوە زەنگێکە بۆ ئەوەی ئایا لەم وڵاتە، لەم هەرێمە، ئاستی سەروەری یاسا لە چ ئاستێك دایە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز فەرمو کاك حەمە علی.

**بەڕێز حەمە علی حەمە سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، بێگومان مەسەلەی بودجە وەکو خۆتان دەزانن، مەسەلەیەکی گرنگ و ئەرکێك و واجبێکی سەرەکی پەرلەمانە کە بەدواداچوونی بۆ بکا، و دیراسەو لێکۆڵینەوەی زۆری لە سەر بکا، بەڵام من بەداخەوە کە سەیر دەکەم ڕاپۆرتی وەزارەتی داراییە ئەوە هیچ مفهوومێکی بودجەی تێدا نیە، کە خەڵکە ئەکادیمیەکان پرسم پێکردوون پسپۆڕەکان، مامۆستایانی زانکۆ ئەوەی کە ئەکادیمین و خاوەنی شەهادەی بەرزن، چونکە چوار قاعیدە هەیە لە بودجەدا، ئەو چوار قاعیدەیە ڕەچاو نەکراوە (سنوية الموازنة، شمولية الموازنة، وحدة الموازنة، توازن الموازنة) کە ئەمە ڕەچاو نەکراوە ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر کە میزانیە و بودجە بریتیە لە بەرنامە و پڕۆگرام و پلان و سیاسەتی حکومەت بۆ بەدیهێنان و گەیشتن بە ئامانجە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و خزمەتگوزاری و ئاوەدانیەکانی، من دەڵێم ئایا لە ناو ئەو بودجەیە چ سیاسەتێك هەیە، چ ئامانجێ لەو ئامانجانەی کە ئامانجی بودجەن دیایکراوە، ئەمە بەڕاستی وەکو سولفە تەوزیعی ئەرقامە، تەنها ئەرقام تەوزیع کراوە، بەداخەوە دەبوایە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی کە لیژنەیەکی پسپۆڕن کە تایبەتمەندن، دەبوایە ڕەخنەکانیان نەچووبایەتە ناو جوزئی تەفاسیلەوە، بەڵکو بەهاتایە تیشکی بخاتایە سەر ئەم خاڵە، و ئەم خاڵەی موعالەجە بکردایە، کە دانانی سیاسەت و ستراتیژی مالی حکومەتی هەرێم، و ئایا حکومەتی هەرێم لە ئەمساڵی بودجەیە دەیەوێ ئیهتیمامی بە چ سێکتەرێ، بە چ ناوچەیەك، چ کێشەیەکی ئەم کۆمەڵگەیە و ئەم حکومەت و ئەم وڵاتەی ئێمە چارەسەر بکا، و ئەولەویەت بۆ چی دابنێ، ئەمە خاڵێك، خاڵی تر، بێگومان خەلەلی تر کە لەناو بودجەکە لە سەر چ بنەماو ئەساسێك بودجەی بەگەڕخستن و بودجەی وەبەرهێنان دانراوە، چونکە تا ئێستا ئەوەی تێبینی دەکرێ ئەم دوو بودجەیە لە نێوان ڕێژەی لە (30٪) و (70٪)یە چەقی بەستووە پۆینتێك زیاد دەکا و پۆینتێك کەم دەکا کە بە ڕاستی لە وڵاتە پیشکەوتووەکانە پیچەوانەیە لە (30٪) بۆ وەگەڕخستنە و لە

(70٪) بۆ وەبەرهێنانە کە ئەمە گرنگە بۆ وڵاتێك کە بەرنامەی هەبێ، پلانی هەبێ، بیەوێ پێشکەوێ، تەنمیەی کۆمەڵایەتی و تەنیمیەی ئیقتیسادی و بواری پیشەسازی و بواری بازرگانی و بواری کشتوکاڵ گەشە پێ بداو وڵات بەرەو پێشەوە بەرێ، تەبعەن خاڵێکی تر گرفتێکە کەساڵانە گرفتی کورت هێنان لە بودجە بەردەوامە و بەرەو زیادبوون دەڕوات ئەگەر ئێمە ئەم زیادبوونە حکومەت چارەسەرێکی علمی و زانستی بۆ نەدۆزێتەوە، بەڕاستی ئەم بودجە کورت هێنانە لە چەند ساڵی دا هاتووە پێم وایە ئەرکێکی گەورە دەبێ بە گرفتێکی سەرەکی وەچارەسەری ئەستەم دەبێ، خاڵێکی تر ئەگەر سەیر کەین من هەر حکومەت بە ئەرقامەکانی خۆیان و بە لیستەکانی خۆیان مەحکوم دەکەم، بۆ نموونە خەملآندنی بودجەکانی شمەك و خزمەتگوزاری چاکردن، باربوو بەخشین و سوودە کۆمەڵایەتیەکان و خەرجیەکانی تر لەلایەن دائیرەکەوە زۆر بەزۆری خەملێندراون، و لەلایەن وەزارەتی داراییەوە کەم کردنەو ڕوویداوە، یەعنی ئایا ئەم کەم کردنەویە بە گۆترەکاری دیارە نازانستیە، و گۆترەکاریە، و هەڕەمەکیە، بۆ نموونە بۆ شمەك و خزمەتگوزاری چاکردنەوە (4)تریلۆن و قسور دانراوە، وەزارەت کردوویەتی بە تریلۆنەك و نیو، یەعنی (63٪) کەمی کردووە، بۆ ئیعانات (50٪) کەمی کردۆتەوە، بۆ بەخشین دیسان (63٪) کەمی کردۆتەوە، یەعنی دائیرەکە پێشنیارێکی کردووە، ئایا ئەم دائیرانە لە خۆیانەوە لە سەر چ بنەمایەك وەزارەتەکان و دائیرەکان و پەیوەندارەکان، ئەوە هاتووە لە(73٪) کەمی کردۆتەوە، بۆ سوودە کۆمەڵایەتیەکان لە (50٪) کەمی کردۆتەوە، بۆ خەرجیەکانی تر دیسان لە (50٪) کەمی کردۆتەوە، بۆ مەوجوداتی نا دارایی لە (90٪) کەمی کردۆتەوە، یەعنی ئەو تریلۆنێك و چوار سەد و حەفتا و حەوت ملیار و هەشت سەد و پەنجا و دووی داناوە، ئەم سەد و سی و نۆ ملیاری بۆ داناوە، ئەو فەرقە زۆرە ئەمە خاڵێك، خاڵێکی تر، بۆ دیسان هەر لە خەملآندنەکانە کە گۆترەکاری و نازانستی نا واقیعی پێوە دیارە، بۆ نموونە بۆ سەرۆکایتی هەرێم نەوەت و شەش ملیار دانراوە، ئەم کردوویەتی بە شەست ملیار، بۆ ئەنجومەنی دادوەری (77) ملیار دانراوە، کردوویەتی بە (52)، بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران (265) کردوویەتی بە (221)، واتا بە مەعەدەل بە ڕێژەی (25٪) کەمی کردۆتەوە، ئەمە دیارە نا زانستیە، خاڵێکی تر، دوای کەمکردنەوەی وەزارەتی دارایی ئەگەر سەیرکەین بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی بۆ شەش مانگی 2010 و 2011 لە شەش مانگی یەکەمی ساڵ تەمویل کراو لەلایەن بەغداوە بۆ پرۆژەی ئیستیسماری، بریتیە لە تریلۆنێك و پێنج سەد ملیار، بەڵام خەرجکراو (953) ملیارە ، واتا بڕی (551) ملیار زیادە لە وەبەرهێنان، یەعنی لە پارەی وەبەرهێنان زیادە، ئایا ئەم پارە زیادە چی لێ هاتووە؟ ئەگەر گواستوویەتیەوە بۆ خەرجی تەشغیلی و بۆ عیجز، ئەمە پێچەوانەی یاسایە، پێچەوانەی ماددەی (32)وە لە 2011 و لە 2010 ماددەی (25) خۆ ئەگەر هەر با بڵێین ئەو موخالەفە یاساییەی کردبێ، بۆ فەرقی تەمویل کراوی تەشغیلی (94)ە، یەعنی لە هەموو حاڵەتەکە (457) ملیار هەر زیادە، لە بودجەی وەبەرهێنان ئەمە بۆ ساڵی 2010، لە ساڵی 2011 بودجەی تەمویلکراو بۆ وەبەرهێنان (2) تریلۆن و (48) ملیارە، بڕی خەرجکراو تریلۆنێك و سەد و بیست و سێ ملیارە، واتا بڕی ماوە (925) ملیار دینار زیادە، هەر لە وەبەرهێنان زیادە خەرج نەکراوە لەو شەش

**مانگە، لەوەی کە تەمویل لە بەغدا وەریگرتووە پارەکە، بەس (925) ملیاری خەرج نەکردووە، دیسان ئەمە چی لێ هات؟ ئەگەر بۆ کورت هێنان و بۆ تەشغیلیە هەر موخالەفەی یاسایە، چونکە نابێ بەپێی یاسا هەر دوو ساڵەکە، هەر شەش مانگەکە، کۆ کەینەوە یەك تریلۆن و نیو دینار زیادە، لەو دوو شەش مانگە، لە قەرزی کشتوکاڵی شەش مانگی 2010 پەنجا ملیار دانراوە، بەڵام بەپێی وەزارەتی دارایی خۆی دەڵێ (13) ملیارم سەرف کردووە، (37) ملیارەکە چی لێ هات؟ قەرزی کشتوکاڵی بەپێی ڕاپۆرتەکەی خۆتان لە ساڵی 2010 شەش مانگی یەکەم دەڵێ پەنجا ملیار دانراوە، بەڵام (13) ملیارتان سەرف کردووە، ئەو خوروقاتە یاساییانەی کە لەلایەن حکومەتەوە کراوە، خوروقاتی یاسایین، لە صندوقی کوردستان بۆ داهاتی نەوت لە ساڵی 2010 و 2011 بەپێی ماددەی(15)ی یاسای نەوت و غازی ژمارە 22ی ساڵی 27 هاتووە و بە پێی ماددەی(17)ی بودجەی ساڵی 2011 وەبەپێی ماددەی (21)ی ساڵی 2010 کە دەبێ صندوقێك دروست کرێ، یەعنی بەپێی دوو ماددەی 2010 و 2011 وەبەپێی ماددەی یاسای نەوت و غاز، دەڵێ ئەو صندوقە دەبێ دانرێ، داهاتەکەی دیار بێ، وە پەرلەمانیش پەسندی بکات، زەحمەت نەبێ ئەم صندوقە چەندە؟ وە پەرلەمان چەندی پەسند کرد؟ ئەمە خوروقاتێکی یاساییە، خاڵێکی تر کردنەوەی حیسابی جێبەجێکردنی پڕۆژە بەردەوامەکانە، بەپێی ماددەی (33) ی یاسای بودجەی ساڵی 2011 جێبەجێ نەکراوە، ئەمە خوروقاتێکی تری یاساییە، خاڵێکی تر با قسەیەکی لەسەر خۆشمان بکەین پەرلەمان، بەپێی ماددەی (89)ی پەیڕەوو پڕۆگرامی پەرلەمان دەبێ دەزگای ژمێریاری پەرلەمان حیسابی ساڵانەی خۆی بێنێ بۆ سەرۆکی پەرلەمان و دوایی بۆ لیژنەی دارایی و دوایی ئەو حیسابە خیتامیە لە ناو پەرلەماندا موناقەشە بکرێ، ئەوە سێ ساڵە نەکراوە، حیسابی خیتامی پەرلەمان چۆن سەرف دەکرێ؟ بۆ ئەوەی قسە لەسەر حکومەت دەکەین، قسە لە سەر خۆشمان بکەین، خاڵێکی تر ناردنی حیسابی خیتامی و ڕاپۆرتی شەش مانگی وەزارەتی دارایی لە کاتی خۆی دا دەبوایە بە پێی ماددەی (79) بڕگەی دوو، و ماددەی (80)،و ماددەی(81) لە پەیڕەوو پڕۆگرامی پەرلەمان، هەروەها بەپێی ماددەی (21)ی یاسای بودجەی ساڵی 2011 و ماددەی (14)ی ساڵی 2010، ئەمە بهاتایە، وە دەڵێ کە نەهات دەبێ فەرمانگەی بەرپرس ڕەوانەی لێکۆڵینەوە بکرێ و ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵدا بکرێ، ئەوە سێ ساڵە نە حیسابی خیتامی لە کاتی خۆیدا دێ، نە ڕاپۆرتی شەش مانگی، نە ڕاپۆرتی ساڵانەی کۆتایی، و ئەم یاسایە هیچ ئیجرائاتێك نەکراوە، هەروەها دەڵێ دەبێ گرنگی بدرێت بە ڕاپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی بەپێی ماددەی (24)ی بودجەی 2011 و ماددەی (29)ی 2010 کە دەبێت ئەم دەزگای دیوانی چاودێری داراییە ڕاپۆرتی خۆی لە سەر بودجە بنێرێت، و موناقەشە بکرێت، نەنێنراوە، و دیسان بەپێی یاسای بودجەی 2011 و 2010 دەڵێ دەبێ ئەم دەزگایانە یەك بخرێنەوە، ئەگەر دەزگاکان یەك نەخرانەوە، بودجەکانیان ڕا دەگیرێ، دەڵێم دەزگاکان یەکنەخرانەوەو بودجەکانیشیان بۆ سەرف کراوە، خاڵێکی تر جێبەجێنەکردنی ماددەکانی (28، 29، 30) یاسای بودجەی ساڵی 2011 بەشێوەیەکی نا تەواو، بە جوزئی کراوە کە یەکخستنی مووچەو دەرماڵەی هێزەکانی پێشمەرگەو ئاسایشە لە 2010/1/1 وە ئەبوایە بکرایە، بەداخەوە شەش مانگی کراوە،**

یەعنی لە ماوەی دوو ساڵە شەش مانگی جێبەجێ کراوە، خانەنشینەکان زۆر کەم کراوە، کارمەندان ئەو قەرەبووە دەبوایە لە 2010/1/1 ەوە بۆیان نەکرابایە، هەروەها ماددەی(35)ی ساڵی 2011 و ماددەی(28)ی ساڵی 2010 کە دەبێت وەزارەتی پلاندانان (4) مانگ جارێك ڕاپۆرتێك لە سەر ڕێژەی جێبەجێکردنی پڕۆژەکان بەجەدوەلێك کە ماوەکەی تێدا بێ، بڕی گوژمەی پڕۆژەکەی تێدا بێ، شوێن و کاتی دەست بەکاربوونی تێدا بێ، و تەواوبوونەکەشی تێدا بێ، بەداخەوە ئەمە زۆر بەکەمی جێبەجێکراوە، خاڵێکی تر بەپێی ماددەی(22)ی ساڵی 2010 و 2011 دەبێ ئەنجومەنی وەزیران دەرخستەیەك بە حیسابی ئەو بەخشینانە کە پێی دەدرێ، پێشکەش بکا، لەگەڵ دەرخستەیەکی لایەنی خەرجی ئەو پڕۆژانەی بۆی تەرخان دەکا پێشکەش بە پەرلەمان بکات، ئایا زەحمەت نەبێ پێشکەشی کردووە؟ ئەگەر سفریش هەبێ، بیگوتبایە سفرە، خاڵێکی تر چارەسەری پارە کەڵەکەبووەکان کە خۆی زیاتر دەدا لە (8) تریلۆن دینار، ئەمە لەئەستۆی کێیە؟ مەسئولیەتەکەی لای کێیە؟ کە ئەوە وەکو باس کرا نەفەقاتی حاکیمە کە لە جەدوەلەکەی وەزارەتی دارایی خۆیانە باسی دەکات کە لە (20) تا (25) یەك تریلۆن دینارە، پارەی خۆراك لە (15٪)کەی دەبێ ئەمە چارەسەر بکرێ، وئەرك و مەسئولیەت لە ئەستۆی کێیە؟ کەم و کورتیەکی ئەم بودجەیە خەملاندن لە نێوان وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندارەکاندا فەرقێکی زۆرە کە ئەمە خشتەکەی خۆیانە خشتەی وەزارەتی دارایی لە میزانیەکە هاتووە، خاڵێکی تر ئەو بابانەی بۆ نموونە خەرجیەکانی بەشەکانی باربوو، بەخشین، سوودە کۆمەڵایەتیەکان، مەسروفات ئوخرا، هەموو من بە جەنابی وەزیر دەڵێم، و بە حکومەت دەڵێم بەڕاستی تا 2010/6/30 و تا 2011/6/30، یەعنی هەر دوو ساڵەکە ڕوبعێك سەرفکراوە، یەعنی لە (25٪)ی سەرف کراوە، لەو شەش مانگە کە مەفروزە بەشێوەیەکی زانستی لە (50٪)ی سەرف بکرێ، کەواتە ئەم پارانە دیارە زیادن بۆ ئەو بوارانە تەخسیس دەکرێ، و حەق نیە بەو بڕە زۆرانە، ئەوە بە هەدەر دانی بودجەیە، و بە هەدەر دانی ئەو سەروەت و سامانەیە، چونکە خوی بە واقیعی دەڵێ من لە (25٪)م کەمتر سەرف کردووە، نەفەقاتی حاکیمەو سیادی کە بەشی هەرێم دیاریکراوە، تەبعەن ئەویش بە خشتەیەکە خوی وەزارەتی دارایی ناردوویەتی، دەڵێ بۆ ئینتیخابات بۆ نموونە بۆ ئینتیخاباتی ساڵی 2006 و 2007 و 2010 و 2011 هەمووی مەجموعەکەی دەکاتە (297) ملیار دینار و قسوورێك، ئێمە لەو ساڵانە ئایا ئینتیخاباتمان کردووە، (2006، 2007 ،2011) مەسەلەن بۆ 2006 (47) ملیار دانراوە، بۆ 2007 (64) ملیار دانراوە، بۆ 2011(96) ملیار دانراوە، ئەم پارەیە بۆ ئینتیخاب دانراوە، ئینتیخابات نەکراوە چووە بۆ کوێ؟ پارە بۆ سەرژمێری، ئایا سەرژمێری لە کوردستانا کراوە تا ئێستا؟ کە بڕەکەی دەکاتە تەبعەن بۆ ساڵی 2006 (8) ملیار، بۆ ساڵی 2011 (10) ملیار، 2005 و 2012، ئەوە نیە، بۆچی نیە؟ بۆچی بۆ ئەوانی تر هەیە، بۆ ئەو نیە؟ کە مەجموعی هەمووی دەکاتە (118) ملیار، ئینجا پشتیوانی جووتیاران لە ساڵی 2005 (51) ملیارە، 2006، (51) ملیارە، 2012 (231) ملیارە، هەمووی دەکاتە (331) ملیار، لە بەغداوە دەعمی مزارع و جووتیار هاتووە، ئەمە چی لێ هاتووە، چۆن سەرف کرا؟ پشتیوانی جووتیاران و یارمەتی جووتیاران،

تەبعەن بۆ ریعایەی کۆمەڵایەتی بۆ ئەمانەش هاتووە، خاڵێکی تر تەسفیەی حیسابی بودجەی تەرخانکراو بۆ ئەحزاب و مونەزەمات، من دەڵێم یەکەم: دەبێ بودجەی ئەحزاب و مونەزەمات بە یاسایی بکرێت، بەداخەوە کە تا ئێستا لە سەر معیار و ستانداردێکی نێو دەوڵەتی و یاسایی و مەنتقی و واقیعی نیە، بە ئارەزووە، بە میزاجە، چۆن تەوزیع دەکرێ، ئەوە نازانم، بەڵام دەبێ تەسفیەی ئەم حیسابە بێتە پەرلەمان، و پەرلەمان لێی ئاگادار بێ، خاڵێکی تر گەڕاوەکانی قەرزی عەقار و سولفەی زەواج و قەرزی بانکی کشتوکاڵی و قەرزی صناعی و قەرزی دەعمی صندوقی گەنجان و صنوقی ئیسکان، کە ئەمانە هەمووی قەرزن، ئەگەر ئێمە بێین بیخەملێنین بەڕاستی بە ملیارەها دینار نادیارەو نازانین، بڕینی خانەنشینی، یەعنی ئەو پارەیەی کە لە خانەنشین دەبڕێ، ئێمە (650) هەزار موەزەفمان هەیە، هەر موەزەفێك (20) هەزار دیناری لێ ببڕی بۆ خانەنشینی کە کەمترینە تەبعەن زۆر زۆر لەوە زیاترە دەکاتە (150) ملیار دینار، بۆیە من پێشنیار دەکەم، ئەوە کەم و کوڕیەکانی ناو بودجە تەبعەن بە ئەرقام لە ناو جەدوەلەکانی وەزارەتی دارایی خۆیدایە، بەداخەوە سێ نەوع جەدوەلی ناردووە بۆ ئێمە، بەداخەوە لە ناو سێ نەوع جەدوەلەکە فە رقی زۆر هەیە، بۆ نموونە ئەو فەرقانە بڵێم، سیلەع و خەدەمات بە پێی دەرخستەی ژمارە (5)ی ڕاپۆرتی شەش مانگی یەکەم دەڵێ (861) ملیارم خەرجکردووە، بەڵام بەپێی موازەنە دەڵێ (864) ملیار، ئەوە سێ ملیار لەوی فەرقە، لەباربوو بەپێی خشتەی ژمارە پێنج دەڵی (75) ملیارم خەرجکردووە، بەڵام بە پێی خشتەی موازەنە دەڵی (5) ملیارم خەرجکردووە، ئەوە (70) ملیار و قسور زیادە، یەعنی دیار نیە، بە پێی بەخشین دەڵی (167) ملیارم خەرجکردووە، بە پێی خشتەی موازەنە دەڵی (192)م خەرجکردووە، لەویش پێنج دیار نیە، سوودە کۆمەڵایەتیەکان دەڵێ (110) ملیارم خەرجکردووە، لەوی دەڵێ (111) یەعنی ملیارێك، خەرجیەکانی تر تەبعەن (450) ملیۆنە فەرقەکە، هەبووی نا دارایی بەپێی خشتەی ژمارە پێنج، شەش مانگی یەکەم دەڵێ (47) و قسور ملیارم سەرف کردووە، بەڵام بەپێی موازەنە دەڵێ (110) ملیار، مانای (62) ملیار زیاترە، کۆی گشتی هەموو ئەوانە دەکاتە (141) ملیار جیاوازی، خۆی یەك وەزارەت ڕەقەمی ناردووە بە دوو خشتەی جیا، ئەم جیاوازیانە بۆ؟ ئەگەر سەیرێکی هەموو ڕەقەمەکان و هەموو جەدوەلەکان بکەین بە وردی کەسێك وردەکاریەکی ژمێریاری تێدا بکا، وتم ئەمە تەوزیعی ئەرقامە، بودجە نیە، سیاسەتی تێدا نیە، بە ئەکادیمی دانەڕێژراوە، بەڵام ئەگەر سەیرێکی ئەرقامەکان بکەین یەعنی کەسێك وردەکاری بە کار بێنی تەناقوزێکی زۆر لە ئەرقامەکانە، جیاوازی زۆرە، بەهەدەر دانی زۆر، سەرفی زۆر، و ئەمانەی تێدایە، خاڵێکی تر داهاتەکان بەرێزان، ئەو داهاتانە کە گرفتێکی زۆرە، سەر ئێشەیەکی زۆری تێدایە بۆ پەرلەمان، کە ئەمە ئیشێکی گەورەی پەرلەمانە بە دواداچوون بۆ ئەم داهاتانە بکات، بۆ نموونە داهاتی نەوت، هەر بەخششی گرێبەستەکان، وەزیری سامانە سروشتیەکان خۆی تا ساڵی 2009 وتی (25) عەقدمان هەیە ، (5) هەزار دۆلار، ئێستا (48) عەقدیان هەیە، بە پێی زانیارییەك لای منە دەکاتە (8) ملیار دۆلار، ئەو (8) ملیار دۆلارە گرێبەستەکە، بەخششەکە، ئەم بەخششە زەحمەت نەبێ لیستی بەخششەکان بۆچی سەرف دەکرێ، لیستی پڕۆژەکان بۆ چ

ناوچەیەك چووە، لە کوێیە؟ داهاتی خاڵە سنووریەکان هەر زۆر بە کورتی، ئەگەر هەر ڕۆژێکی داهاتی ئیبراهیم خەلیل یەك ملیۆن دۆلاربێ، مانای ئەوەیە ساڵەکە (365) ملیار دۆلارە، ئەو سەیارانەشی کە هاتوون بی خەملێنین (150) هەزار سەیارە دێت، (150) هەزار دۆلاری، دەکاتە (150) ملیۆن دۆلار، تابلۆیەکی بۆ دەبەستن (150) ملیۆن دۆلار، مانای وایە ئەوە کۆی هەردوو داهاتەکە دەکاتە تەقریبەن (700) ملیار دینار، کە ئەوە دیار نیە بەداخەوە، تەبعەن داهاتەکانی کارەبا ئێمە ملیۆنێك بەشداری کارەبامان هەیە، ئەگەر ئەم ملیۆنە یەکی (30) هەزاری لێ وەربگری مانگانە، زەڕبی دوانزەی بکا (360) ملیار دیناری کارەبای هاووڵاتی، وەزارەتی دارایی خۆی دەڵێ من (370) ملیار دەدەم بۆ کرێی کارەبا بۆ فەرمانگەکان ئەمە مانای ئەوەیە (700) ملیار، بێجگە پارەی کارەبای بازرگانی و کارەبای کۆمپانیا و کارەبای مەعمەلەکان هی کارەبا بەس ئەوە زەحمەت نەبێ، ئەگەر بۆ خۆشی سەرف دەکەی بلێی ئەوەندەیە، و بۆ ئەوە سەرفم کرد، و یان ئەوە، ئەوە لیستێکی پانزە لاپەڕەییە لە سەر نادیاری داراییەکان، و کەم و کوڕی بودجە کە پانزە لاپەڕەیە بە بەڵگە و بە دیکۆمێنتەوە، من دێمە سەر پێشتیارەکان، تەبعەن کەم وکوڕیەکان بەڕاستی وەك گوتم پانزە لاپەڕە ناخوێندرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەوە نموونە بوو لە سەر کەم و کوڕیەکان، ئەو پێشنیارانە کە من دەیکەم یەکەم: کەمکردنەوەی بودجەی هەر چوار سەرۆکایەتیەکە، سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی دادوەری بە لە (20٪) کە (80) ملیار دینارمان بۆ دەگەڕێتەوە، وەکەم کردنەوەی سوودە کۆمەڵایەتیەکان بەتایبەتی بواری ئیعانات، مینەح، سوودە کۆمەڵایەتیەکان، مەسروفات ئوخرا، ئەویش بە لە (20)، (700) ملیارمان بۆ دەگەڕێتەوە، (700) و قسورە، یەعنی بەم بڕینە (800) ملیار دینار بۆ ئێمە دەگەڕێتەوە، کە ئەم تەخمینە زۆر مەنتقیە بۆ، چونکە ئەگەر ئێمە لە (20٪)ی بوارەکانی خەرجی سوودە کۆمەڵایەتیەکان و باربوو و بەخشین و خەرجیەکانی تر ببڕین هیچ کەم ناکات، چونکە ئەوان ڕوبعێکیان خەرجکردووە، یەعنی ئەم لە (20٪) بڕین مانگی نیوەی خەرجکەن، هێشتا ناتوانن، چونکە لە عیلمی ئیدارەو لە عیلمی بودجە، دەبێ توانای فەرمانگەو وەزارەتەکانیش ڕەچاو بکرێ چەندێ دەتوانێ خەرج بکا، تۆ بودجەیەکی بۆ دیاری بکە کە چەندێك دەتوانێ خەرج بکا؟ ئەمەش ئێستا ئەو لە (20٪) کەم کەیتەوە، بە موقارەنە بەرامبەر 2010 و 2011 ناتوانن خەرجی بکەن، ئەم (800) ملیارە عیجزی پێ پڕکەینەوە زائیدەن بۆ ئەو بوارانەی کە دوایی پێشنیار دەکەم بۆ ئەو بوارانە سەرفی کەی، خاڵێکی تر پێم باشە ئەو بودجەی ئەحزابە بە یاسایی بکرێ، کە (200) ملیار بۆ مونەزەمەو ئەحزابە لەلایەك، لەلایەکی تریش (115) ملیار بۆ مونەزەماتی زانستیە ئەمە دەکاتە (315) ملیار، ئەمە دەبێ یەکەم: بە یاسایی بێ، دووەم: لیستی سەرفەکەی بێت، چونکە ئەمانە بودجەیەکی قەبەن، پێشنیارێکی ترم دیاریکردنی بڕەکانی بۆ سولفەی عەقار، سولفەی زەواج، پلانی پەرە پێدانی کشتوکاڵی و یارمەتی جوتیار، بانکی کشتوکاڵی، قەرزی خوێندن بۆ خوێندکاران، بانکی پیشەسازی، بیمەی بێکاری بۆ ناوچە دابڕاوەکان، زیادکردنی مووچەی فەرمانبەرانی پلە (6) تا پلە (10)، بۆ ناوچە سنووریە زیان لێکەوتووەکان، زیادەی مووچەی خانەنشین، خانەنشینی وا

هەیە (200) هەزار دیناری هەیە، مووچەیان زیاد کرێ، دەرماڵەی قوتابیان، قوتابیانی زانکۆ کە دەرماڵەیان هەیە، یەکەی نیشتەجێبوون بۆ خەڵکی کەم دەرامەت، خەڵکی هەژار، ئاوارەکانی تورکیا و ئێران، بۆ توانا سازی، بۆ دروست کردنی قوتابخانە، قەرەبووی خەڵکانی دیپۆرتکراو، ئەمە علمیە دەبێ لە ناو بودجە دیار بێ، بە مەتاتی نەڵێ دیاریکردنی برێك بۆ بانکی کشتوکالی، بۆ سولفەی عەقار، بۆ؟ ئەگەر مەبلەغەکە دیار نەبوو ئیلتیزام لە سەر حکومەت درووست نابێ، دەبێ ئێمە ئیلتیزاماتی یاسایی و مالی لە سەر حکومەت دروست بێ، ئەگەر تۆ وتت (100) ملیار بۆ عەقار، یەکەم: مەفروزە ئەو (100) ملیارە سەرف بکا، دووەم: خشتەی سەرفەکە بێنێ، بەس ئەگەر دیاریت نەکرد ئارەزووی خۆیەتی ئەتوانێ (50) سەرف بکا، و دەتوانێ (150) سەرف بکا، وەهەروەها بۆ ئەو بوارانەی تر کەواتە ئیلتیزامێکی مالی و یاسایی بۆ حکومەت دروست بکەین، دەبێ ئەو بڕانە دیاری بکەین، خاڵێکی تر، کەمکردنەوەی ئیفادی ناوخۆ، ئەم ئیفادە بوارێکە پێم وایە بەهەدەر دانی پارەیە، لە (50٪) کەمی کەینەوە، چونکە لە ساڵی 2009 (4) ملیار بۆ ئەو بوارە دیاری کراوە، لە ساڵی 2011 (1) ملیار دیاری کراوە، بۆیە لە (50٪) کەمی کەینەوە، ئیفاد واتە پارەیەکە دەڕوات، خاڵێکی تر، پێشنیار دەکەم کە مووچەیەك دیاری کرا بۆ زیندانیانی سیاسی، شمولی زیندانیانی سیاسی پاش ڕاپەڕینیش بکا، خەڵکێك بووە چەند ساڵێك، خاڵێکی تر پێشنیار دەکەم بۆ وەزارەتی دارایی، کە ڕێنماییەکانی سولفەی عەقار و سولفەی زەواج و سولفەی کشتوکاڵ، چاك بکا بە شێوەیەك بێ کە شمولی خەڵکی هەژار بکا، و بە شێوەیەك بێ کە ئەو عەقارە ئاسانکاری بێ بۆ هاوولاتیان، و ڕێگری و ڕۆتینات کەم بکاتەوە، بەتایبەتی داوا دەکەم ساڵانە ڕانەگیری، چۆن زەحمەت نەبێ نەسریەی وەزارەتەکان و خەرجی وەزارەتەکان و نەسریەی سەیارەی وەزارەتەکان و مووچەی فەرمانبەران و چۆن ئەو بوارانەی تری سەرفی ڕا نەگرتووە، با بواری سولفەی عەقار و سولفەی زەواج و سولفەی کشتوکاڵ، دەعمی گوندەکان و خەڵکی گوندنشین ڕانەگرێ، بە چ پێوەرێ، بە چ مەنتقێك، بە چ شێوەیەك؟ میکانزمی ئەوەی ڕا نەگرتووە، ئەویش ڕا نەگرێ، خۆ تەبعەن ئەوە شەش مانگە پارە دەدرێ، یەعنی هەندێ بواری سەرف هەیە، بۆ ئەوانەی ڕا گرت، خاڵێکی تر پێشنیار دەکەم دانی مووچەی دوو مانگی فەرمانبەرانی ساڵی (96)ی سلێمانی، فەرمانبەرانی دەڤەری سلێمانی دوو مانگیان فەوتاوە، ئەو مووچەیە بگەڕێتەوە، پێشنیار دەکەم دەرماڵەی ترسناکی بۆ فەرمانبەرانی چاکسازی کۆمەلایەتی کە چاکسازی کۆمەلایەتی وەکو دەزانن مانیان گرت ئەو فەترەیەی پێشوو، و خەڵکانێکن ماندوو دەبن و ئەرکێکی پیرۆزیشیان هەیە، ئەو دەرماڵایان بۆ سەرف بکرێ، پێشنیار دەکەم سیستمی لامەرکەزی لە خەرجی وەزارەتەکاندا، بەلام لەگەڵ موراقەبەیەکی بەهێز لامەرکەزیەت بۆ وەزارەتەکان کە کاری ڕۆتینیات کەم دەکاتەوە، پێشنیارێکی تر داهاتی دەروازە سنووریەکان دەگەڕێتەوە بۆ پارێزگاکان بەپێی یاسای بودجەی عێراق، با بۆ هەرێمی کوردستانیش ڕەچاو بکرێ، ئەو داهاتە سنووریانە، بۆ پارێزگای دهۆك، هەولێر، سلێمانی، ئیدارە سەربەخۆکان سەرف بکرێ، چونکە ئەرکی ئەو سنوورانە لە سەر ئەو دانیشتوانەیە، لە سەر ئەو خەڵکەیە، خاڵێکی تر چارەسەری پارەی کەڵەکە بووەکان ئەمە ئەرکی پەرلەمانە بەڕاستی لەگەڵ

حکومەتە، و مەسئولیەتەکە دیاری بکرێ، موقەسیر کێیە؟ بۆیە وەکو مامۆستا عمر پێشنیاری کرد، من پشتگیری ئەو پێشنیارە دەکەم، کە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بکرێ، لە نێوان پەرلەمان و حکومەت، ونوێنەرانمان لە بەغدا وەمیکانیزمێك بدۆزرێتەوە لە چوارچێوەی یاسا و دەستورا و، ئەوە چارەسەر بکرێ، (8) تریلۆن دینار، کەم نیە، زۆرە، بۆیە دەبێ لە چوارچێوەی دەستور و لەچوارچێوەی یاسا ئێمە چارەسەری بکەین، خاڵێکی تر پێشنیار دەکەم ئەمەش هەر پیشتگیری پێشنیاری مامۆستا عمرە، دیاریکردنی میکانیزمێك وە دانانی سەقفێکی زەمەنی بۆ چارەسەری هەموو ئەو کەلێن و کەم و کوڕیانەی کە لە بودجەدا هەیە، لیژنەیەك دروست کەین ئەو هەموو کەم و کوڕیانە چارەسەر بکا، یەعنی ئێمە وەکو کورد دەڵێ هەفتەیەکە ئاسنی سارد دەکوتین ئەو هەموو قسانە. ماء بالماء، ئەی ئایا ئەم کەموکوڕیە گرنگانەی داهات نادیارە، بوارەکانی سەرف، ئەو پێشنیارانە، من داوا ئەکەم لیژنەیەك بۆ چارەسەر کردنی پێك بهێنرێت، خاڵێکی تر بەڕاستی ئەرکی پەرلەمانە لێپێچینەوە و لێپرسینەوە بکات لەو دەزگا و فەرمانگا و کەسایەتیانەی کە مەسئولن لە کەموکورتیەکان، لە دواکەوتنی بودجە، لە حیسابی خیتامی، کێنە ئەوانە؟ پێویستە لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دا بکرێ، خاڵێکی تر، یەکێك لە ئامانجەکانی بودجە ئەوەیە کە عەدالەت بەرجەستە بکات، بەلاّم ئەگەر سەیری دابەش کردنی میلاك بکەی لەگەڵ دابەش کردنی پرۆژەکان، هەم بۆ دابەش کردنی میلاك بۆ وەزارەتەکان و فەرمانگەکان، هەم بۆ پارێزگاکان، هەم دابەش کردنی پرۆژەکان ناعەدالەتی زۆری تیایە، بۆیە پشتگیری ئەو پێشنیارەی (بەیان) خان ئەکەم کە دەڵێت دهۆك لە 11٪ی بەرکەوتووە، پێم وایە بە پێی ڕێژەی سوکانیش بێت، بە پێی پێداویستی دهۆك بێت، پێویستە ڕەچاوی ئەو عەدالەتیە بکرێتن، و ئێمە لە کاتێك کە سەردانی دەڤەر و قەزاکان ئەکەین، بەڕاستی چاومان هەم بە بەرپرسانی دامودەزگاکان ئەکەوێ، هەم چاومان بە خەڵکەکەی ئەکەوێ، سەیر ئەکەین لە ناو بودجە، لەناو پرۆژەکانیشدا ئەولەویەت نەدراوە هەتا بە خواستی فەرمانگەکان، هەتا بە پێداویستی و کەموکوڕی ناوچەکان، خاڵێکی ترم پێشنیار ئەکەم لە لایەن ئەم پەرلەمانە بەڕێزەوە لیژنەیەکی تەحقیقی دروست بکات بۆ داهات، داهات تەحقیق بکەین لەم داهاتاندا، بوارەکانی داهات وەکو وتم دیاریم کردووە بە (15) لاپەڕە، تەحقیق بکرێ لەم داهاتانە، با حکومەت بێت، نوێنەری پەرلەمان، خەڵکی پسپۆڕ، دانیشین بزانین ئەو داهاتە، من ئەڵێم داهاتی نەوت حەوت تریلۆنە، ئەوەندەیە، ئەو با بیسەلمێنێ وانیە، من ئەڵێم داهاتی کارەبا هەشت ئەوەندەیە، هەشت سەد ملیارە، با ئەو بڵێ وانیە، موناقەشە بکەین، دانیشین، بۆیە پێشنیار ئەکەم لیژنەی تەحقیقی دروست بکرێ، بۆ تەحقیقی داهاتەکان، بەتایبەتی بۆ داهاتی نەوت و داهاتی سنوور، پێشنیارێکی ترم بۆ وەزارەتی دارایی، بیمەی بێکاری هەموو خەریجەکان بگرێتەوە، خەریجی میهەنی، و خەریجی دیراساتی ئیسلامی، ئێستا بەس خەریجی جامیعە و مەعهەدەکان ئەگرێتەوە، هەندێ مەعهەدیش ناگرێتەوە، بۆیە داوا ئەکەم کە ئەو بیمەی بێکاریە ئەوانیش بگرێتەوە، چونکە هەموو خوێندکارن، هەموو قوتابی و ڕۆڵەی خۆمانن، کە دەرئەچن تا ماوەی چەند ساڵێك لە صەناعە تەخەروجی کردووە، لە دیراسەی ئیسلامی تەخەروجی کردووە، لە کوێیە؟ با ئەویش بیمەی بێکاری بیگرێتەوە،

خاڵێکی تر، کێشەی قەرەبوو کردنەووەی زەوی کشتوکاڵ بۆ جوتیاران، کە ئێستا ئەم کێشەی قەرەبووە بووە بە گرفتێك هەم بۆ حکومەت، هەم بۆ هاووڵاتیان، حکومەت گرفتی ئەوەیە کە قەرەبووی جوتیاران ناکاتەوە، جوتیاران ناهێڵن پرۆژەکان جێ بەجێ بکرێت، ڕێگایەکە زەوی کشتوکاڵی بەرئەکەوێ، یان پرۆژەیەکی ئیستیسماریە، هەر پرۆژەیەکە ڕێگری ئەکەن، حەقی خۆیتیان، بە پێی یاسا مافیانە، کەواتە هەم کێشەی هاووڵاتیان چارەسەر ئەبێ، هەم کێشەی حکومەتیش چارەسەر ئەبێ، بۆیە داوا ئەکەم کە بڕێك لە بودجە دیاری بکرێ بۆ قەرەبووی زەوی کشتوکاڵی، و بۆ قەرەبووی جوتیاران، خاڵێکی تر، کێشەی تاپۆ کردنی زەوی و خانوو بەتایبەتی لە قەزا و ناحیەکان کە ئەویش گرفتێکی هاووڵاتیانە، ئەخیر پێشنیارم ئەوەیە کە ڕۆژانە بە سەدەها تەنکەر نەوت ئەڕوا لە (پەروێزخان، باشماخ، حاجی ئۆمەران) کە دەچێت، و قورساییەکی زۆری دروست کردووە لەسەر ناوچەکان، لەسەر هاووڵاتیان، داواکارم لە داهاتی ئەو ناوچەیە بۆ ناوچەکانی (شارەزور، هەورامان، پێنجوێن، سەید صادق، عەربەت) ئەوەی سنووری باشماخە، پارەیەك سەرف بکرێت بۆ خزمەت گوزاری، و بۆ ئاوەدان کردنەووە، و بۆ بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری، و لە داهاتی ناوچەکانی پەروێزخان بۆ ناوچەکانی (کەلار، دەربەندیخان، کفری، خانەقین) کە ئەو خەتە قورسایی لەسەر ئەوانە، و ناوچەکانی حاجی ئۆمەران و سۆران و چۆمان و ئەوانیش قورسایی لەسەریانە، لەو پارەی داهاتی نەوتە بۆ ڕێگە و بانەکانیان، بۆ ئاوەدان کردنەووە، بۆ پرۆژەی خزمەت گوزاری بۆ ئەو ناوچانە دابین بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمە بودجەیە، هەموو ڕەخنەیەك قابیلە، چونکە ئیحتیماله ئەو بودجەیە کەموکورتی تێدا بێت، چونکە مەسەلەی حیساباتە، بەڵام تو ئەو خوایەی کە هەردووکمان قەناعەتمان پێی هەیە و موسوڵمانین، ئەو بودجە گەورەیە هەروا بە هەڕەمەکی، و لە خۆڕایی، و ئاوا دادەنرێت؟ فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە چەند تێبینیەکمان هەیە لەگەڵ هاوڕێیانم لە لیژنە ئەگەر ڕێگەمان پێ بدەی، زۆرجار باسی ئەو کێشەیە دەکرێت لە 70٪ و لە 30٪، ڕاستە لە 70٪ و لە 30٪ ئێمەش وەکو لیژنە ئیشارەتمان پێداوە، پێشتریش ئاماژەمان پێدا ئەمە حاڵەتێکی (مەورووسە) لەو ولاَتانەی کە ئیدارەی ئیقتیصادی بەدەست دەوڵەتەوەیە، یەعنی ئێمە لە لایەکەوە داوا لە حکومەت ئەکەین کە خەڵك تەعین بکات، بودجەی تەشغیلی زیاد ئەکا، خەدەمات زیاد ئەکات، لە لایەکی تر ئەڵێین بۆ ئەوە لە 70٪ یە، ئەو ولاَتانەی کە ئیدارەی ئیقتیصادی (دامەزراندن، بەڕێوەبردنی کەرتە ئابووریەکان) لە دەست حکومەتدایە، بەو شێوەیە تەشغیلیەکەی زۆرە، بەڵام بە پێچەوانەی ولاَتانی ترەوە کە سەرمایەدارن، حکومەت دەوری نزمە لە چالاکیە ئابووریەکان، کەرتی تایبەت هەڵدەستێ بەو کارە، دامەزراندن بەدەست ئەوە، پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری لای کەرتی تایبەتە، لەبەر ئەوە لەو ولاَتانە بەو شێوەیە، یەعنی ئەو حاڵەتەی کە ئێستا لە

هەرێمی کوردستان هەیە، تەعبیر لەو حاڵەتە ئەکات کە لە عیراق هەیە، مەبەستم حکومەتی مەرکەزیە، ئەو وڵاتانەش کە سیستەمی بەڕێوەبردنی ئابووریەکەی وەکو هی ئێمە وایە، لەبەر ئەوە هەرکەسێك بێتە سەر حوکم لە هەرێمی کوردستان، یان لە عیراق، هەر جۆرە بۆچوونێکی هەبێت، هەر جۆرە فەلسەفەیەکی هەبێت، بە ئاسانی لەو لە 70٪یە بۆ بەگەڕخستن، و لە 30٪ بۆ وەبەرهێنان دەرناچێ، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان تێبینیەکی ترمان هەیە، ئێمە سێ، چوار ڕۆژە لێرە داوا لە حکومەت ئەکەین مەوجوداتی نادارایی کەم بکاتەوە، بەڕاستی مەوجوداتی نادارابیەکە ئەوە بوو کە هەندێك بەڕێز ئیشارەیان پێدا ئەوەی کە ناویان نا تەخشان و پەخشان، یەعنی ئێستا لێرە کە کەمی کردووە، ئەو پرسیارەی کە ئاڕاستە ئەکرێ، ئەوە لەبەرژەوەندی ئەو بۆچوونانەی ئێمەیە بەڕاستی کە مەوجوداتی نادارایی کەمی کردووە، چونکە بەشێك لە مەوجوداتی نادارایی ئۆتۆمبێل و ئەساس و ئەو بابەتانەیە کە ئێمە دژین لە بەرامبەر هەموو پەرلەمانتارەکان، سوپاس.

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند ڕوون کردنەوەیەك لەسەر ئەو قسانەی بەڕێز کاك (حمه سعيد) دەدەم ، تەبعەن ڕوون کردنەوەکان لە ئامانجی ئەوەی کە ئیستیفادە لە پێشنیارەکان وەربگرین، بەڕێزیان باسی لەو مەبدەئانە کرد کە هەر موازەنەیەك پێویستە لەسەری بنیات بندرێت، یەك لەوانە (سنوية الموازنة)، ئێ خۆ ئەم پرۆژەیەی کە هاتووە ئەم مەبدەئەی تەحقیق کردووە لە ئەصڵدا، چونکە لە 1/1 ەوە دەست پێ ئەکات تا 12/31، هەروەها بۆ مەبدەئەکانی تریش، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم، ئەوەی کە بەڕێز کاك (ئاراس) ئاماژەی پێدا، مەفڕوزە ئەوەی کە وەزارەت داوایان کردووە، یەك ترلیۆن و نزیکی پێنج سەد ملیۆن دینارە، مەفروزە دەست خۆشی لە وەزارەتی دارایی بکەین کە بە ڕێژەیەکی زۆر ئەو داواکاریانەی ئەوانی دابەزاندووە، چونکە مەوجوداتی نادارایی بریتیە لە چی؟ بریتیە لە کڕینی سەیارە، و هەموو ئەو شتانەی کە ئێمە زۆرجار موعارزین لەوەی کە حکومەت ئەم جۆرە خەرجیانە بکات، ڕوون کردنەوەی سێیەمم تایبەتە بە ئەو ئیستیمارەی کە هاتووە، تایبەتە بە نەفەقاتی سیادی، و نەفەقاتی حاکیمە، ئەم ئیستیمارانە تەنها بۆ تەوزیح لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی دا هاتووە، چونکە ئەم نەفەقاتانە هی حکومەتی عیراقین، بۆ ئەوەی ئێمە بەرچاومان ڕوون بێت، چەند ڕێژەی ئەم نەفەقاتانە، ئەم خەرجیانە چەندی بەر هەرێمی کوردستان ئەکەوێ، چەندی دراوە؟ چەندی نەدراوە؟ خاڵی سێیەم تایبەتە بە سوودە کۆمەڵایەتیەکان، سەیری سوودە کۆمەڵایەتیەکان بکەین، ئەم سوودە کۆمەڵایەتیانە چ وەزارەتێك بەری کەوتووە یان تەرخان کراوە بۆی، سەیر ئەکەین وەزارەتەکانی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، و وەزارەتی شەهیدان زۆرترینی بەر ئەو دوو وەزارەتە کەوتووە، چونکە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی، و ئەو هاوکاریانەی تر کە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستەبەری ئەکات بۆ هاووڵاتیان، ئەوانەی کە بۆ خانەوادەی شەهیدانە، لە ڕێگەی ئەم دوو وەزارەتەوە ئەدرێت، ئایا ئەکرێ ئێمە پێشنیاری ئەوە بکەین بڵێین لە 20٪ یان زیاتری ئەم خەرجیانە کەم

بکەنەوە؟ کێ جورئەتی ئەوە ئەکات، لەبەر ئەوە من تەصەوڕ ئەکەم ئەگەر پێشنیارێك ئەکەین مەفڕوزە وردەکاری ئەو جەداولانەی کە لە بەردەستمانە بیخوێنینەوە، بۆ ئەوەی پێشنیارەکانمان لە خزمەتی هەموو لایەك بێت، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی- وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هەرئەبێ بەو شێوەیەی دوێنێ قسە بکەم، و دەست کەمە تکاکردن جارێکی تر، توخوا من بە هەموو پەرلەمانتاران ئەڵێم ئەوانەی کە باس کران چەندی موکەڕەڕە؟ و چەندجارم شەرح کردووە؟ بەس ئێوە بە ویژدانەوە قسە بکەن، ئەمە جارێکی تر باس ئەکرێ، ئیعتیماد کردن لەسەر ئیستیمارەی شەش مانگی یەکەمی ساڵی ئەوەندە، و شەش مانگی دووەمی ساڵی ئەوەندە، ئەی باشە بۆ تەتەڕوق ناکات بۆ حیساباتی خیتامی ساڵی 2009 کە لەبەر دەستیدایە،؟ساڵی 2010 کە لەبەر دەستیدایە؟ ساڵی 2012 ەش کە بەپێی قانون ئەبێ بێتە پەرلەمان، بۆ تەتەڕوق بۆ ئەوانە ناکات؟ دوای ئەوەی عەرزی بودجە بەم شێوەیە موناقەشە کردن، من بەڕاستی نازانم،بە هەرحاڵ ئەوە حەقی خۆیانە، و ئەندامی پەرلەمان هەرچی پرسیارێك بکەن ئێمە لەسەرمانە وەڵام بدەینەوە، و من ناچمە ناو ئەو هینانەوە، ئەوەی کە ئەو باسی ئەکات ئەڵێ ئەو شتانەی کە داگیراوە لە فلاّن فەصڵ، ئەوەی کە باسی شمەك ئەکات و ئەوانە، ئەی باشە ئەگەر داینەگرین بودجەکە چۆن بەش ئەکات؟ چۆن عەجزەکە کەم بکەینەوە؟ ئەی باشە ئەگەر ڕاتب دابگرم، لە تەعویزی موەزەفین دابگرم، لە کوێ دایبگرم؟ و بودجەکە خۆی مەعلومە چۆنی دابگرین؟ ئێستا دایئەگری ئەڵێ دایگرت، دایناگری ئەڵێ بۆ دایناگری؟ یەعنی بەڕاستی من نازانم چی بڵێم؟ ئەمە ئەگەر بەس ئیعتیرازە و لە ئێمە ئەگیرێت ئەمە شتێکی ترە، باسی خروقاتی یاسایی ئەکات، بەڕاستی خروقاتی یاسایی من نازانم نەوت و غاز و ئەو حیساباتانەی کە باسی ئەکات، هەر ئەو ڕۆژەی جەنابی سەرۆکی حکومەت کە دەعوەت کرابوو ئەم باسە کرا، ئەویش بە وازحی جوابی دایەوە، بەلاّم من لێرەوە وەکو وەزارەتی مالیە ئەڵێم دەبێ بگەڕێینەوە سەر قانونەکان، ئێمە ئیشمان چی بووە؟ ئیشمان کردنەوەی حیساب بووە، چ حیسابێك پارەی هاتۆتە ناوێ، ئێمە ئەو جیهەتە نینە پارە لە حیسابەکە دەربکەین، ئەبێ وەزارەتی نەوت خۆی پارەکە دەربکات و تەسلیمی وەزارەتی دارایی بکات، و فیعلەن وەجبەی یەکەمی لە نەوتی خاودا بەو شێوەیە کردووە، عەفوەن لە نەوتی موشتەقاتدا بەو شێوەیە کردووە و بۆمانی ناردووە، و دراوەتە وەزارەتی تەختیت، یەعنی ئێمە بەعزێك شت هەیە بەس بەو شێوەیە ئیسارە کردن یەعنی ئەمە بۆ تەشهیری بودجەکەیە، من وای تێئەگەم، باسی یەکخستنی دەزگاکان ئەکات و ئەمانە، خۆ پارەکەش لەم پەرلەمانە ئەمانە باس کرا یەکخستنی دەزگاکان، باشە خۆ منیش باسم کرد وتم وەزارەتی دارایی یەکی نەگرتووە، ئەڵێن مووچەی ببڕن، توخوا کەس ئەتوانێ مووچەی فەرمانبەر ببڕێت؟ بە هەزاران فەرمانبەر، هەر خۆتان وەکو پەرلەمان ئەوە قبوڵ ئەکەن؟ ئەوە قبوڵ ئەکەن ئەو قەرارەی کە داوتانە ئێمە جێ بەجێی بکەین؟ ئیستاش نەڕۆیشتووە و بڕوا، ئەگەر ئەزانن، ئەگەر دەزگایەك هەیە وەلەو هەمووی یەکی

گرتـووه، بڵـێن تـا بیـبڕین، یـەك جـەدوەلی خوێنـدەوە، کـە ئـەڵێ ئەمانـەیان چـی لێکـردووە، و پـارەی ئینتیخاباتمـان بـۆ چیە، و کورە بابـە ئـەوە هـی عیراقـە بـۆ خـاتری خـوا، یـەك فلسـی ئەحمـەری بـۆ ئێمـە نەهاتووە، بەس ئەوە ئێستا وا تەصەور ئەکات ئێستا هەموو کەسێك گوێی لێ ئـەبێ لـە دەرەوە ئـەڵێ ئـەوە هـەمووی هـاتووە بـۆ وەزارەتـی مالیـە، و حکومـەتی هـەرێم و هـەموویان خـواردووە، بردیـان، و تەخشـان و پەخشانیان پێ کردووە، ئەوە لێرە ئیعلان ئەکەم ئەڵێم ئەوانەی کە وتراوە، هیچی ئەساسی نیە، و فـەرموو من لەگەڵ لیژنەدام، کاکە باسی لیژنە ئەکرێ مـن پـێم سـەیرە، ئـەی ئێـوە لیژنـەی ڕەقابـەی مالیتـان نیـە؟ ڕەقابەی مالی عایدی پەرلەمان نیە؟ ئەو جیهەتە نیە کەوا تەدقیق ئەکات؟ بابێت بزانێـت ئێمـە لـە ڕووی ئەکادیمیـەوە چـۆن بودجەکـەمان دانـاوە؟ و ئـەو فەرقانـەی کـە ئـەوان ئـەڵێن چـۆنە، و ئیسـتیمارەی شـەش مانگی چۆنە، قانونەکەی چۆنە، دانانی بودجە چۆنە، حیساباتی خیتامی چۆنە، موخالەفاتی قانونی چـۆنە کە ئەو باسی ئەکات؟ بەڕاستی من لە.....

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جەنابی وەزیر تکایە بڕۆ سەر ئەصڵی پرسیارەکان.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی-وەزیری دارایی و ئابووری:**

من ئەصڵی پارەکان ئەوەیە، ئەوە جوابەکانە قوربان، ئەوەی کە وتوومە ئەوەیە جوابەکـەم، ئێـوە کۆمـەڵێك شت ئەڵێن ئەم حکومەتەی ئێمە ئەوەی نەکردووە، ئەمە جوابەکانە کاکە، جواب ئەبێ ڕەقابـەی مـالی بێـت تەدقیقی من بکات، ئەو جیهەتەی کە بە ڕەسمی دانراوە تەدقیقی ئەم حیساباتەی ئێمـە بکـات، ئـەوەی کـە تەدقیقی ئەم حیساباتەی ئێمە ئەکات ڕەقابەی مالیە، ڕەقابەی مالی هەیە، نیە، ئەوە عیلاقەی بەخۆتانـەوە هەیە، ئێوە دێن ئێستاکە من موحاسەبە ئەکەن لەسەر ئەوەی دوو دەزگا یەکی نەگرتۆتـەوە، ئـەی باشـە بـۆ ڕەقابەی مالی تەفعیل ناکەن؟ ئەی باشە ئێـوە ڕەقابـەی مـالی بـۆ تائێسـتا یـەکی نەگرتۆتـەوە؟ ئـەی بۆچـی پەرلەمان دائەنیشێ من موحاسەبە ئەکات لەسەر ئەم مەوزوعە؟ توخـوا باسـی بـڕینی خانەنشـینم نـەکرد؟ توخـوا چـەندجارم بـاس کـرد؟ نـەموت لـە فـلان صـەفحەدایە؟ لـە فـلان شـوێنە لـە موازەنەکـە، لـە فـلان خەزینەیە پارەکەی؟ بودجەی ئەحزابم باس نەکرد؟ بەنیسبەت ئەو پارانـەی کـە ئەگەڕێتـەوە لـە عـەقاری، لە زراعی، لە صناعی، لەوانە، توخوا باسم نەکرد؟ نەموت بۆ کوێ ئەگەڕێتەوە؟ نەموتووە دائیـرەی مـەعنی خۆی هەیە ئەچێتەوە ئەوێ؟ داهاتە سنووریەکان دوێنێکـە باسـم کـرد، ئـەم مەوزوعـەم بـە دوور و درێـژی باس کردووە، لە تەقاریری ئێمەدان، لە وەڵامی لیژنەی دارایی کە لەیەکیانی پرسیوە، یەکێك لـە وەڵامـەکان وەڵامان داوەتەوە، و ئێمەش خۆمان باش شەرحمان کردووە، باسی ئەو هەموو داهاتانە ئەکرێت، ئەڵێن لـە فلانـە شـوێن ئەوەنـدە داهاتـە هەیـە داخیـل نەکرایـە، کاکـە داهـاتی سـنووریەکان بـۆ ئێمـە نیـە، مـن وەکـو حکومەت قسە ئەکەم، داهاتی سنووریەکان بۆ بەغدایە، ئەوە یەك، فـەرموون بپرسـن لـە وەزارەتـی مالیـەی عیراقـی، بڵـێن ئـەوەی کـە دێـت لـە میزانـی موراجەعـەی کوردسـتان هـەموو سـەرە ساڵێك ئێـوە ئـەیبڕن و مەقاسەی پێ ئەکەن یاخود نا؟ ئەگەر وانیە، کێ ئەبێ پرسیار بکات، ئەمەوێ سەرۆکایەتی پەرلەمان لوتـف

بفەرموێ، و کیتابێك بنووسێت، بڵێ وەزارەتی مالیە ئەمە مەقاسەی پێ ئەکەن یان ئەوەتا وەزارەتی مالیەی ئێمە بۆخۆی ئەیبات؟ داهاتەکان کاکە بەشێکی داهات قانونەن لەناو مینەح دایە، لێرە حەساسیەت هەیە، زۆرێك لە برادەران حەساسیەتیان هەیە لەگەڵ ناوی مینەح دا، ئێ من بڵێم چی ئەو قانونە عیراقیە وایە؟ فەرموو ئێوە بڕیارێك دەربکەن، تکادەکەم پەرلەمانی بەرێز، تکام وایە بڵێن بەهیچ شێوەیەك ساڵی داهاتوو ئەو حیساباتانە مەخەنە ناو مینەحەوە، و لەناو بودجەی ئەصڵی دا ئەوەی ڕەئیسی دەری بخەن، ئیرادەکانیان وەربگرن، مەصروفەکانیان وەربگرن، هەردووکیان متەساویە،(اذا اضیفت کمیات متساویة الی اخری متساویة فالنتائج تبقی متساویة)، هیچ فەرقێك ناکات، ئێمە ئەوەتا ئێستا بۆتانمان حازر کردووە، ئەوەی کە ئەو هەموو شبوهاتەی لەسەرە، ئەوەتا ئیرادەکەمان حازر کردووە، ئەوە مەصروفەکەیەتی، فەرموو داخیلی بودجەی بکەن، بەس بە شەرتێك بیکەن بە قانون، بزانن هیچ فەرق ئەکات لە مەسەلەکە؟ و بزانن ئیرادەکانیش ئەوانە هەمووی دەرئەکەوێت؟ دوای ئەوەی ئێمە وتمان بابە ئیرادی کارەبا بۆ خۆیانە، ئیرادی بەلەدیە بۆ خۆیانە، ئەو ئیرادانەی کە بۆ خۆیانە ئەوانە هەمووی بۆ خۆیان دەرئەکەوێ، ئێستا پرسیارێك کرا،هی دە ملیار دیناری وەزارەتی تەندروستی، ئێ باشە خۆی میزانیەی وەزارەتی تەندروستی جیایە، دە ملیاریشمان بۆیان داناوە، لەگەڵ وەکو ئیرادی خۆیان تەقدیرات، ئەوە لە حیساباتی خیتامیدا ئەبینی دەرئەچێت، دوای ئەوە یەعنی ئەمانەی کە ئێستا باس ئەکرێت لە 70٪ ئیعتیرازات لەسەر ئەوەیە کە لە حیساباتی خیتامیدا دەرئەکەوێ، من ناتوانم ئێستاکە بێم ئیستیمارەیەکی شەش مانگی تەقدیرات بۆ دانانی بودجە بەنەزەری ئیعتیبار وەربگرم و بێم حیسابی لەسەر بکەم ، و مسەلەی وەزارەتی مالیەی پێ لەسەر موحاسەبە بکەم، ئێ من زۆرجار ئەوەم شەرح کرد، ئەمە حەرەکەتی تێدایە، عەینی سەعات ئەگەر مەعامەلەیەك بێتە ئەوێ، ئەو ئیستیمارەیە ڕەقەمەکەی ئەگۆڕێ، ئەگەر عەینی ڕۆژ موناقەلەیەکی لەسەر بکرێ ئەو ئیستیمارەیە ئەگۆڕێت، سوپاستان ئەکەم، مەمنوونم.

**بەرێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لاپەڕە (6)ی ڕاپۆرتەکەی خۆیان، ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی، دەست نیشانی کردووە کە ئەمساڵ داهاتی سنووری ئەگەڕێتەوە بۆ هەرێم، ناگەڕێتەوە بۆ مەرکەز، ئەتوانێ خۆیان راپۆرتەکەی خۆیان لە لاپەڕە (6) بخوێنێتەوە ئەوە دەرئەخات، بۆ مەسەلەی دیوانی چاودێری، دیوانی چاودێری یەکەم نیە، دووەم خۆم چوومەتە دیوانی چاودێری ئەڵێ نە بودجە، نە حیسابی خیتامی هیچ شتێکی نایەتە لای ئێمە، و سوپاس

**بەرێز بایز تاڵەبانی-وەزیری دارایی و ئابووری:**

یەکەم، ئێمە ئەڵێین ئەگەڕێتەوە بۆ خۆمان وتیان پارەکە، بەس ئەمساڵ وتیان نا، چونکە ئیسپات بوو ئەوە هی پار و پێراریشیان نەدراوەتەوە پێمان، لەبەر ئەوەیە، ئەوە واناڵێت، ئەمە یەك، بەنیسبەت ڕەقابەی مالیەوە بودجە ناچێتە رەقابەی مالیەوە بۆ تەدقیق، بودجە تەخمینە، من وتوومە ئێوە کە بڕواتان بە بودجەکە نیە بینێرن بۆ رەقابەی مالی با تەدقیقی بکات، من وتوومە ئەگەر ئێوە ئەڵێن خەلەل هەیە،دزی

و وازی هەیە، کون و قوژبن هەیە لە بودجەکەدا، فەرموو بینێرن بۆ دیوانی رەقابەی مالی بۆ تەدقیق، بودجە تەخمینە، چۆن تەدقیق ئەکرێ؟

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(بسم الله الرحمن الرحیم)، پێشەکی دەمەوێ تەئیدی قسەیەکی جەنابی وەزیر بکەم، کە ئێمە دەستەی نەزاهە، و دیوانی رەقابەی مالیمان هەبا، پێویست نەبوو ئەو هەموو ڕەقەمانە ئێمە بەراوردی بکەین، و قسەی لەسەر بکەین، و خەریکە بە ئەرقام بەخۆشمان نەزانین چی بەسەر دێت؟ لەسەرەتا بەڕاستی من پشتیوانی لەپێشنیارەکانی برای بەرێزم کاك (ئارام) دەکەم، کۆمەڵێك پێشنیاری هەبوو، پێشنیاری کۆمەڵی ئیسلامیە، و دەمەوێ بە پێشنیارەکانم دەست پێ بکەم، پێش ئەوەی بچمە سەر تێبینیەکانم لەسەر بودجە، پێشنیاری بەندە بۆ ئەوەی کە بەڕاستی دواتریش باسی ئەکەم کە ئێمە رێژەی هەژراریمان ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بووندایە، زیاتریش هەژرای ڕووی لەو خەڵکانە کردووە کە هیچ مووچەیەکیان نیە، بۆیە من پێشنیار ئەکەم لەو بڕە پارەیەی کە لە داهاتی نەوت هەمانە و هەڵگیراوە، خۆشبەختانە ئەمڕۆ بیستم کە پارەکان مەوجودە، من پێشنیار ئەکەم دوو ملیار و نیو دۆلار تەرخان بکرێ لەو پارەی نەوتە بۆ ئەم هاووڵاتیانەی کە هیچ مووچەیەکیان نیە، کە ئێمە بە پێی ئەو ئەحصایەی کە لەبەر دەستمانە، کە دەگوترێ بە شێوەیەکی نارەسمی کە یەك ملیۆن و نیو مووچە خۆرمان هەیە بە فەرمانبەر و خانەنشینەوە، دەمێنێتەوە دوو ملیۆن و نیو، ئەو دوو ملیۆن و نیوە ئەگەر یەکی وەکو مینحە لەم ساڵدا هەر هاووڵاتیەك (1000) دۆلاریشی پێ بدەین، دەکاتە ئەو دوو ملیار و نیوەی کە لە پارەی نەوت، لە داهاتی نەوت بۆیان صەرف بکرێ، بۆیە من پێشنیارەکەم ئەوەیە، بۆ هەر هاووڵاتیەك کە مووچە خۆر نیە بڕی (1000) دۆلاری پێ بدرێ وەکو مینحە بۆ ئەمساڵ، سەبارەت بە سلفەی زەواج زیاد کردنەکەی بۆ حەفت و نیو، و ناوچە دابڕێندراوەکانیش بگرێتەوە، چونکە بەڕاستی ئەوانیش حەقی خۆیانە، هەروەها سلفەی خانووبەرەش هەم بکرێ بە سی ملیۆن، هەم ناوچە داڕێنراوەکانیش بگرێتەوە، کارئاسانی بۆ ئەو هاووڵاتیانەی کە سلفەی کشتوکاڵ وەردەگرن، لە ڕێنمایەکان یەك برگەی تێدایە، بەتایبەتی بۆ ئەوانەی ساڵانی ڕابردوو، نازانم بۆ ئەوانەی ئێستا، ئەوانەیە کە بە سێ ساڵ ئەم سلفەیە بدەنەوە، ئەوەش بەڕاستی بۆ جوتیارەکان قورسە، بکرێ بە پێنج ساڵ ڕێنمایەکان بۆ دانەوەی قەرزەکە، چاو بخشێنرێتەوە بە مووچەی پێشمەرگە، زیاد کردنی مووچەی مامۆستایان و موخەصەصاتیان، وەکو پێشتریش باس کرا، چەند بەرێزێك باسیان کرد، کەم کردنەوەی مووچەی هەرسێ سەرۆکایەتیەکە لەگەڵ مووچەی دادوەریش، و دەست خۆشیش لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم کە پێشنیاری کرد لە 20٪ بودجەکەیان کەم بکرێتەوە وەکو سەرۆکایەتی پەرلەمان، کە من پێم وایە پێشنیارێکی باش بوو، و لەبڕی هەموو ئەوانەی تریش وا لێ بکەین، قەرەبوو کردنەوەی هاووڵاتیانی ئێران بەردەوام بێت وەکو لە پێشنیارەکانی حکومەتیش هاتووە، قەرەبوو کردنەوەی هاووڵاتیانی ئاوارە بووی دەستی ڕژێم، ناوچەکانی (شارەزوور، چۆمان، پێنجوێن،

پشدەر، بارزانیەکان)، هەموو ئەوانەی تریش کە ئاوارە کراون بگرێتەوە، داواکارم هەرچی زووە سلفەی عەقار و زواج و پیشەسازی و کشتوکاڵ، چاوەڕێ نەکەین تا بودجە پەسند دەکرێ، و جارێکی تر دەچێتە سەرۆکایەتی و دوای ئەوەش ماوەیەکی پێ ئەچێت تا ڕێنمایەکان دەرئەچێ، چاوەڕێی ئەوە نەکرێ هەرچی زووە ئەو سلفانە دەست پێ بکاتەوە، چونکە تەنها سلفەکان وەستێنراوە، وەکو خوشکی بەڕێزم (ناسك) خان و پێشتریش کاك (کاردۆ) و چەند بەڕێزێکی تریش لەوانەیە باسیان کردبێ، من تەئیدی ئەوە ئەکەم هەرچی زووە ئەم سلفانە دەست پێ بکاتەوە، و ڕاوەنەستێنرێت تا ئەوکاتە، خەرج کردنی دەرماڵە بۆ توێژەرانی زانستی وەك چەند بەڕێزێکی تریش باسیان کرد پشتیوانی لێ دەکەم، پێشنیار دەکەم کە ئاوڕدانەوەیەکی زیاتر بکرێ لە ڕووی پرۆژەکانەوە بۆ سنووری (ڕانیە، چوارقورنە)، دەوروبەر، وەکو پێشتریش باس کرا، بەتایبەتی فوتابخانەکان، زۆربەی زۆری فوتابخانەکان تا ئێستا سێ دەوامیان تێدایە، کە شتێکی زۆر نابەجێیە، و پردەکان، ئەم چەند پردەی کە هەیە لە سنووری چوارقورنە و ڕانیە هەیە، ئەوە چوار، پێنج ساڵە ئاو بردوویەتی تا ئێستا هاووڵاتیان بۆیان بۆتە ئەرك بۆ پەڕینەوە لە پردەکە، دێمە سەر ستراتیژیەتی ئەم بودجەیە، دیارە بە تەئکید من پێم وایە کەموکورتی زۆر هەیە لە پلانی بودجە، و بەتایبەتیش پلان بە شێوەیەکی گشتی لە حکومەتی ئێمەدا، ئەگەرچی بودجە ساڵ بە ساڵ بەرەو زیاد بوونە، بەلأم بەداخەوە ئەم زیاد بوونە نەبۆتە هۆکارێك بۆ کەم بوونەوەی بێ کاری، نەبۆتە هۆکار بۆ کەم بوونەوەی فەقیری و هەژاری، بە پێچەوانەوە ئەگەر بەراوردێك بکەین لە بەینی ساڵی 2011 و 2012 بە پێی ئەو ئەحصایەی کە لەبەر دەستی من دایە کە چەند کۆمەڵگایەکی مەدەنی کردوویانە، هیواردارم ئەوە وەزارەتی پلاندانانی بەڕێز ئەم ئەرکەیان بگرتبایە سەر شانی خۆیان، و بلأویان کردبایەوە بۆ هەموو لایەك و ئێمەش و هەموو هاووڵاتیانیش، بەس هی ئەوانمان لەبەر دەست نیە، هی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیمان لەبەر دەستە، بۆ نموونە ئەوەی لەبەر دەستی منە ئەڵێ ڕێژەی بێکاری لە ساڵی 2011 تەنها لە 11٪ بووە، بەلأم لە ساڵی 2012 بۆتە لە 14٪ە، من ناچمە سەر ئەوەی کە چەند ڕاستە، چەند ڕاست نیە، گرنگ ئەوەیە ئەمە ئیحصایەکە کراوە کە چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵگای مەدەنی کردوویانە، بلأویان کردۆتەوە، ڕێژەی هەژاری لە ساڵی 2011 تەنها لە 3٪ بووە، لە ئێستادا لە 4،7٪ ڕێژەی ئەوانەی کە لە ژێر هەژرای دان، کە بە داخەوە قەت نەدەبوو لە وڵاتی ئێمە شتی وا هەبێ، لەگەڵ ئەو هەموو پارە و ئەو هەموو نەوتە، لە ساڵی 2011 لە 2٪ بووە، لەم ساڵدا بوە بە لە 3٪، کەواتە ڕێژەی ئەو خەڵکە هەژار و نەهامەتی بۆ خەڵکی هەژار، بە ڕێژەی لە 30٪ ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی وەریبگرین زیادی کردووە، بۆ ئەوانەی بەرەو هەژاری ڕۆیشتوون؟ کەم و کورتی لە پلاندا بەڕاستی وای کردووە وەزارەتەکانیش بەڕاستی پەی پێ نەبەن، بۆ نموونە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان بۆ بودجەی ئەمساڵ کە پێشنیاریان کردووە، داوای پێنج ترلیۆن و حەوسەد و پەنجا ملیار دیناریان کردووە بۆ پرۆژەکانیان، لەکاتێکدا هەموو پرۆژەکانی ئێمە بە بەردەوامەکان و بەوانەشەوە کە پێشنیار کراون تەنها چوار ملیار و نیوە بۆ ئەمساڵ، کەواتە ئەگەر حکومەت پرۆژەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان جێ بەجێ بکات، ئەبێ نەك هەموو پرۆژەکان ڕابگرێ،

هەموو وەزارەتەكان، هەموو پرۆژەكان بەشـێوەيەكی گشـتی ڕابگـرێ، تـەنها پـرۆژەی وەزارەتـی ڕۆشـنبيری و لاوان جێ بەجێ بكات، لەوەش دەبێ يەك ترليۆن و دوو سەد و پەنجا مليار دينار قەرز بكات، بەڕاسـتی زۆر تەعەجوبە، چۆن دەبێ وەزارەتەكان ئەوەنـدە لـە پـلان بـێ ئاگـابن؟ و كێشـەی بـێ پلانيمـان لـە هەلأوسـانی ئيداری، ئەو هەموو موەزەفينە لە ئيدارەدا بەڕاستی پێم وايە شتێكی نەگونجاوە، ئەگەر بـەراوردێك بكـەين لە بەينی مووچە خۆرانی هەرێمی كوردستان لەگەڵ حكومەتی فيدراڵی، سەير دەكەين لە هەرێمـدا (667) قسورێك فەرمانبەرمان هەيـە، دەكاتـە ڕێـژەی لـە 16٪ە لـە هـەرێمی كوردسـتان، لـە حكومـەتی فيـدراڵ دوو مليۆن و هەشتا و حەوت هەزار تەقريبەن، دەكاتە ڕێژەی لە 7٪، كەواتـە هـەرێم زيـاتر لـە دوو بەرامبـەری حكومەتی فيدراڵ مووچە خۆری هەيە، ئەوە جگە لەوەی كە بەشێوەيەكی ڕەسمی پێمان دەگات كە مووچـە خۆر بە خانەنشين و بە هەموويانەوە كە زياتر لە يەك مليۆن و پێنج سەد هـەزارە، كـە دەكاتـە ڕێـژەی لـە 36٪ هاووڵاتيان كە مووچـەخۆرن، مـن پـێم وايـە بەڕاسـتی ئەمـەش ديسان ئەگەڕێتـەوە سـەر ئـەم وەزعـە سياسيەی كە لە هەرێمی كوردستان هەبوو، و هـەر لايـەنێك بـۆ خـۆی هـەوڵی داوە زۆرتـرين خـەڵكی خـۆی بكاتە مووچەخۆر، بۆ ئەوەی كە لە داهاتوو ئەركی لەسەر حيزبەكەی خۆی كەم بكاتەوە، هەر سەبارەت بـە پلان، ساڵانە نزيكەی لە 30٪ بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ بـواری وەبـەرهێنان تـەرخان دەكرێـت، بـەڵام بەداخەوە كەمتر لە 16٪ تا لە 18٪ لەوە زياتر سەرف ناكرێ، ديارە ئەمەش بۆ ساڵی 2009 ڕێژەكە بە لە 16٪ سەرف كراوە لەو پارەی كە بۆ وەبەرهێنان دياری كراوە، ساڵی 2010 لە 15٪ و نيو، ساڵی 2011 لە سەدا 8، 16٪ پۆينت هەشت سەرف كراوە، كەواتە تەنها لە ساڵی 2011 بـڕی دوو ترليـۆن و دوو سـەد و نۆ مليار دينار سەرف نەكراوە، و ژمارەی ئەو پرۆژانەی كە پارەشيان بۆ سەرف نەكراوە هـەزار و شەسـەد و پەنجا و چوار پرۆژەيە، بەڕێز جەنابی وەزير فەرمووی كـە ئـەم ژمارەيـە كـەمی كـردووە بـۆ ئێسـتا، ئـاخير ئەپدەيتی كە كردوويانە، منيش دەڵێم ڕاستە، بەس ئێمەش قسەمان لەسەر ئەم پارەيە كە لە سـاڵی 2011 بۆ سەرف نەكراوە؟ ئەم پارە سەرف نەكردنە بۆتە هۆكارێك بۆ زياد بوونی فەقيری، بێكاری، هەژاری، ئـەوە تـەئسيری هەبووە لەسەر ژيـانی خـەڵك، چونكە ئەگـەر ئـەم پارەيـە سـەرف بكرابايـە ئـەوا پرۆژەكـان زيـاتر دەچوونە بواری جێ بەجێ كردنـەوە، خـەڵكيش زيـاتر كـاری دەسـت دەكـەوت، سـەبارەت بـە داهـات، ديسان داهاتيش بەڕاستی زۆر قسەی لەسەر كرا، بەڵام من زۆر بە كورتی باسی دەكەم، نەك ئـەوەی كـە نووسـيومە هەمووی بخوێنمەوە، ئەوەی كە داهاتی هـەرێمی كوردسـتانە تـەنها لـە 3٪ لـە لايـەن وەزارەتەكانـەوە دابـين دەكرێت، بەڕاستی ئەمەش لە لايەن وەزارەتەكان و حكومەت خۆيەوە دابين دەكرێت، ئەوەی كە لە بودجەدا ئێستا هاتووە، كە ئەمەش بەڕاستی ئاماژەيەكی مەترسی دارە، بە شێوەيەكی گشتی، داهاتەكان ئەوەی كە بـۆ من ڕوون نيە، داهاتی نەوت، بە شێوەيەكی گشتی بـە پێـی ئـەم ئەحسابەی كـە كـراوە و لەبـەر دەسـتی مـن دايە، نزيكەی چواردە مليار دۆلار داهاتی نەوتە، ئەم داهاتانە بە پارەيە، بە پرۆژەيە، بەهەر شتێكە، گرنـگ ئەوەيە ئەم بڕە پارەيە بۆ نەوت هەيە، بە پێـی ئـەم ئەحصايانەی كـە پێشـتر بـاس كـراوە، بـەڕێز وەزيـری سامانە سروشتيەكان كە لە مانگی 10ی ساڵی 2009 ەوە هاتە پەرلەمان باسـی كـرد كـە پێـنج مليـار دۆلار

هەیە، هەندێکی وەرگیراوە، هەندێکی وەردەگیرێت، هەندێکی بۆ پرۆژەیە، ئەگەر ئێستا سەیر بکەین (48) گرێبەست ئیمزا کراوە، بە پێی ئەم ئەحسابیە بێت دەبێت پارەی شیرینیەکان بگاتە حەوت ملیار و پێنج سەد ملیۆن دۆلار، تەبعەن جگە لەوەی کە ئەم پارانە لە بانك دانراون و سوودیان چۆتە سەر، و جگە لە پرۆژەکانی نەوت، دەستکەوتەکان، لەوانە فرۆشتنی نەوت و گاز و پاداشتی ئیمزا کردن و بەرهەم هێنان و لەو گرێبەستانەی نەوت کە لە نێوان کۆمپانیاکانی دەرەوە و ناوەوە بەستراوە، دەبێت لە سندوقی کوردستاندا هەڵبگیرێت بە پێی یاسا، و جگە لەوەی کە بەرێز جەنابی وەزیری سامانە سروشتیەکان بە نووسراوێك لە شوێنێك باسی ئەوەی کردووە کە ئەڵێ ئێمە هەموو ئەو کۆمپانیایانەی کە لە کوردستان بەرهەم دێنن توانیومانە ڕێژەی لە 20٪ تا 25٪ بچەسپێنین بۆ کۆمپانیای کوردستان، کە ئەوەش شتێکی باشە، کۆمەڵێك لەم کۆمپانیایانە کەوتوونەتە بواری وەبەرهێنان، بەلاّم تا ئێسا داهاتەکانیان بۆ ئێمە ڕوون نیە، بەڕاستی حەقە دیار بێت، و جگە لەوەی کە سێ پالاَوگەی فەرمی لە ناوچەکانی (بازیان، خەبات، زاخۆ) هەیە ڕۆژانە توانای پالاَوتنی (65000) بەرمیل نەوتیان هەیە، ئەمە جگە لە نزیکەی (100) پالاَوگەی بێ مۆڵەتیش، و نەوتی ڕەش و گازوایل و بەنزین، دیارە ئەمەش پێشتر تەنها دوو سەد و پەنجا ملیۆن دۆلاری هاتووە بۆ پەرلەمان، بۆ تەکمیلەی پرۆژەکانی پارێزگاکان بووە، داهاتی نەوتی خاو، نەوتی خاویش ئەگەر بچمە سەری، کۆمەڵێك شتی زۆرە، نامەوێ بە تەفاصیل باسی بکەم، هەر تەنها بەوە واز دێنم، دێمە سەر داهاتی شارەوانی، وەزارەتی شارەوانی هەڵبەت مەبەستمە، نەك شارەوانیەکان، مەبەستم بەس شارەوانیە، وەزارەتی شارەوانی کە ئێمە بانگمان کردن، پێشتریش لە ڕاپۆرتەکە ئیشارەتمان پێ کرد بەس بە ڕەقەم نەبوو، وەزارەتی شارەوانی داهاتیان کە نووسرابوو (340) ملیۆن، بۆ ئێمە غەریب بوو، دیارە ئێمە باسی شارەوانی دەکەین نەك شارەوانیەکان کە هی پارە دەیلێمەوە، چونکە پاریش ئەم پرسیارەم کرد جەنابی وەزیر بە شارەوانیەکان جوابی دامەوە، جەنابی وەزیری دارایی ئەڵێ تەنها (340) ملیۆن داهاتیەتی، بەلاّم بە نووسراو ئەوەتا لەبەر دەستی منە وەزارەتی شارەوانی ئەڵێ ئێمە (41107) ملیۆن دینارمان ئیعلان کردووە بۆ وەزارەت، بە نووسراویش داویەتی، ئەوەتا لەبەر دەستمە، کەواتە ئەم بڕە پارەیە زۆری فەرقە، (340) ملیۆن لەگەڵ (41107) ملیۆن، ئەمە تەبعەن جگە لە کرێی دوکان و بازاڕ و کافتریا و دوکانەکان، هەتا داهاتی ئۆتۆمبێل، داهاتی نەخۆشخانەکان، بەڕاستی ئەوانە هیچیان لە لای من ڕوون نین، بەڵی کەمێکی دیارە بەس وەکو پێویست نیە، داهاتی فڕۆکە خانەکانی هەولێر و سلێمانی، بەرێز جەنابی وەزیر چەندجار ئەو وەرەقەی بەرز کردەوە کە ئەڵێ ئەوەتا داهاتەکان لێرە نووسراوە، بەڵی نووسراوە داهاتی فڕۆکە خانەکان (37) سی و حەوت ملیار، بەس ئەوەتا من لەبەر دەستمە بە بەڵگە هەردوو فڕۆکەخانەی هەولێر و سلێمانی، ئەوە نووسراوەکانم لەبەر دەستە بەهەردووکیان ئەڵێ (94506) ملیۆنە، نەك (37) ملیار، ئەمە ڕەقەمەکەی سێ بەرامبەری ئەوەیە، گواستنەوە و گەیاندن، گواستنەوە و گەیاندن بڕی داهاتەکەی نووسراوە بە پێی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی ئەڵێ (1866) ملیۆن، بەلاّم بە پێی ئەم نووسراوەی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن کە لەبەر دەستی منە، بۆیان ناردووین بۆ لیژنەکەمان،

ئەڵێ داهاتەکەمان ئیمە بۆ وەزارەت ئیعلانمان کردووە (250) ملیۆنە، کەواتە ڕەقەمەکان زۆریان فەرقە لەوێش، ئەوەش تەبعەن بە بەڵگەوە کە لەبەر دەستمە، تەبعەن جگە لە داهاتەکانی ئینتەرنێت، فایبەر ئۆپتیك، کرێی گەراجەکان، فرۆشتنی هێڵەکانی گواستنەوە و هەتا دوایی، داهاتی خاڵە سنووریەکان، زۆر باس کرا، نایەمەوە سەری، تەنها ئەوە باس ئەکەم کە ئەم داهاتانەش چونکە من هەموویم نووسیوە بە تەفاصیل، بەس کە باس کراوە دووبارەی ناکەمەوە، داهاتی خاڵە سنووریەکان بە پێی ئەوەی کە لە لای منە نەك سی ملیار، بیست ملیاریش داهاتی ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەرێمی کوردستان بووبێت ئەوە زیاتر لە، بە پێی ئەوانەی کە گومرگ نایان گرێتەوە دیارە بڕێکی باش پارە دێت کە پارەکەی تەقریبەن یەك ترلیۆن دەکات، جگە لە داهاتەکانی حاجی ئۆمەران، باشماخ، پەرویز خان، و ئیبراهیم خەلیل، ئەوانە هیچیان ئەگەر حیساب نەکەین یەك ترلیۆن دینار دەکات، داهاتی کارگەکانی چیمەنتۆ و هەموو کارگەکانی تر، بەڵی جەنابی وەزیر باسی کرد کە دەڵێ لە سندوقێك دانراوە، بەڵام ئەم سندوقە چەندە و چی تێدایە؟ بابزانین، و چەند پرسیارێکیشم هەیە هەرچەندە مەشغولن جەنابی وەزیر، چەند پرسیارێکیشم هەیە بۆ بەرێزیان، لە بودجەدا هاتووە پارەی فەرمانبەرانی شوەیفات، کە بۆ فەرمانبەرانی شوەیفات سەرف دەکرێت، شوەیفات کۆمپانیای ئەهلیە، بۆ دەبێ حکومەت پارە بدات بە فەرمانبەر لە شوەیفات؟ پرسیارەکەم ئەوەیە، ئایا بۆچی ئەم پارەیە ئەدەن بەم کارمەندانە لە کۆمپانیای شوەیفات؟ کە لە کۆمپانیای ئەهلی کار دەکەن، کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە بەهەمان شێوە، ئەگەرچی ئەو کارگەیە کۆمپانیایەکی فەرەنسی بەرێوەی دەبات، و عەقدی لەگەڵ کراوە، بەڵام ساڵانە یەك ملیار دادەنرێت بۆ ئەم کارگەیە، بۆچی ئەم ملیارە؟ بۆ فەرمانبەرانە، یا بۆچیە؟ یا بۆچی سەرف دەکرێت؟ و دەمانەوێت لە جەنابیشی بپرسین کە داهاتەکەی چەندە کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە؟ لە پرۆژە یاسای ساڵی 2011 ژمارەی فەرمانبەرانی جەنابی سەرۆکایەتی هەرێم (800) فەرمانبەر بوو، بەڵام لە ئێستادا بۆتە (600)، (200) فەرمانبەر کەمی کردووە، بەڵام کە فەرمانبەران کۆ دەکەیەوە هیچ فەرقی نەکردووە، وەك ئەوەی یەك فەرمانبەری ئێمە نە خانەنشین بووبێ، نە وەفاتی کردبێ، نە هیچی بەسەردا هاتبێ، هەمووی وەکو خۆیەتی، بەڵام تەنها لە سەرۆکایەتی (200) فەرمانبەر کەمی کردووە، بەپێی یاسای بودجەی ساڵی 2011 نابێ هیچ پارەیەك سەرف بکرێ بە بێ ڕەزامەندی پەرلەمان، ئایا چۆن پارەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی، بۆ قوتابیانی زانکۆکان و پەیمانگاکان بە بێ ڕەزامەندی پەرلەمان، لێرەوە من دەڵێم ئەمساڵیش سەرفی بکەن، بەڵام تکایە سەرچاوەی ئەم پارەیەمان پێ بڵێن لەکوێتان هێناوە؟ چونکە لە بودجەدا نەبوو، (150000) تان سەرف کرد بۆ بیمەی بێکاری زانکۆ و پەیمانگاکان بۆ قوتابیان، دەمەوێ ئێوە بەردەوامبن لە سەری، بەڵام سەرچاوەی داهاتەکەمان پێ بڵێن، لە 7٪ ی مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەران دەبڕدرێت، و حکومەتیش دەبێ لە 12٪ ی بدات، بۆ مووچەی خانەنشینی، کە مووچەی خانەنشینان دەبێ لەم سندوقە بدرێت، بە پێی نووسراوی وەزارەتی داریی ژمارە (22991) لە مێژووی 2011/11/29 ڕایگەیاندووە کە تائێستا ئەم سندوقە دانەنراوە، واتە ڕەسیدی ئەم سندوقە دەبێ دیار بێت، چونکە لە بودجەی 2011 چوار سەد و

هەفتا و هەشت ملیار و کەسرێك تەرخان کراوە بۆ خانەنشینی مەدەنی، و بۆ سەربازی شەش سەد و یەك ملیار و کەسرێك، و بۆ موکافەئەی خانەنشینی مەدەنی نۆ ملیار، و سەربازی چوار ملیار، پرسیارەکەی من لێرە ئەوەیە دەپرسم ئەم سندوقە بۆ دانەمەزراوە؟ پاشان پارەی کۆ کراوە بۆ ئەم سندوقە چەندە؟ و ئەگەر ئەم سندوقە دانەنراوە ئەوە مووچەی خانەنشینان لە کوێ دەدرێت؟ بە پێی ماددەی (11) بڕگەی (6) کە دەقەکەی هاتووە، نابێت پلەی هیچ تایبەتێك دابمەزرێت ئەگەر لە یاسای وەزارەتەکەدا نەبێت، ئەم دەقەش بەهەمان شێوە لە یاسای بودجەی ساڵی 2011 دا هاتبوو، بەڵام لە کاتی گۆڕینی وەزارەتەکان چەندین بەڕێوەبەری گشتی و ڕاوێژکاری تر لەکار خراون، و پلەی تایبەتی تر دامەزرێندراون، ئەوانەی لەکار خراون نە دەوام دەکەن و نە خانەنشینیشن، پرسیار، ئایا ئەم سەرپێچیە یاساییە بۆچی؟ سەبارەت بە ژمارەی فەرمانبەران دەمەوێ دیسان قسە بکەم، ژمارەی فەرمانبەران بۆ ئێمە هاتووە، کە ژمارەیەکیان بۆ ئێمە ئیعلان کردووە، جەنابی وەزیریش کە دەڵێ ژمارەی فەرمانبەران (667849) فەرمانبەرمان هەیە، و بۆ حکومەتی بەغدای ناردووە ئەڵێ (662000) فەرمانبەرە، کەواتە (5405) فەرمانبەر فەرقی هەیە، لە هەمانکاتدا نووسیوتانە لە ساڵی 2012/2011/2010 دا نووسیوتانە ئێمە فەرمانبەری پلە (ا) (33) فەرمانبەرمان هەیە، بۆ ئێمەتان وا ناردووە، بەڵام بۆ بەغداتان ناردووە (70)یە، و دیارە ڕەقەمەکانی تریش هەمووی فەرقی هەیە، ئەوە بە نموونە دەهێنمەوە، هەمووی فەرقی هەیە و هەمووشم لەبەر دەستە، لە حیسابی خیتامی 2010 دا هاتووە (منح للجمعيات الخيريه والدينيه) بڕەکەی پێنج ملیار و نۆ سەد و چل ملیۆنە، یەعنی 2010، حیساب خیتامی 2010، بڕەکەتان نووسیوە پێنج ملیار و نۆ سەد و چل ملیۆن، ئێستاش داواتان کردووە سەد و پانزە ملیار دینار، پرسیارەکەی من ئەوەیە ئایا ئەم جەمعیاتانە کێن، و بە چ پێوەرێك ئەم بڕە پارەتان پێداون؟ داوا کارم ناوی جەمعیەکان و بڕی پێدانی پارەکە بۆ هەر یەکێکیان دیاری بکرێت، و پێمان بڵێن چۆنتان پێداون؟ بە ڕوونی ناوی جەمعیەکە، بڕە پارەکە کە پێتان داون، و ئەو سەد و پانزە ملیارەش کە ئەتانەوێ بیدەن بە کێ؟ ئەوەشمان پێ بڵێن، سەبارەت بە مینەحی ئەحزاب، هەمووجار کە جوابت داوەتەوە بە نەوعێك جوابت داوەتەوە کە وەڵامی منت نەداوەتەوە، هەموویشیم لەبەر دەستە، ئەم دوو سەد ملیارە جارێکی تر داوا دەکەمەوە بە چ پێوەرێك تەوزیعتان کرد؟ و داتان بەکام ئەحزاب؟ هەر حیزبەو چەنتان پێدان؟ من بەڕاستی بۆ برای بەڕێزم جەنابی وەزیر ڕێز و ئیحتیرامێکی زۆرم بۆی هەیە، برایەکی بەڕێزە، گەورەیە، خۆشەویستە، بەڕاستی من پێم وایە جەنابیان وەکو خۆشیان باسیان کرد زۆر ماندوون، و من بەڕاستی وەکو برایەك بۆ بەڕێزیان و دڵسۆزیش بۆی، کە ئەو ناتوانێ بەرگەی ئەو هەموو ڕەخنە و تێبینی و ئەو هەموو ئەرکەی کە پەرلەمان و حکومەت دەیخاتە سەری، ناتوانێ ئەمە جێ بەجێ بکات، من بەڕاستی بۆی پێشنیار دەکەم وەك برایەك کە دەست لە کار بکێشێتەوە، بۆ خۆی باشە، بۆ ئێمەش باشە، ئێمەش تووشی غەیبەت نابین، چونکە پیاوێکی موسڵمان و ئەهلی دینە، سوپاس.

**بەرێز بایز تاڵەبانی-وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی سوپاسی ئەکەم بۆ ئەو هەموو ڕێز و تەقدیرە، زۆر زۆر سوپاسی ئەکەم، ئەوەش نەبێت من بە زۆر هاتبێتم، دیارە کاك (بیلال) باسی داهاتی نەوتی کرد، من ئێستا شەرحم کرد مەسەلەی داهاتی نەوت، داهاتەکانی شارەوانی و مینەح و ئەوانەی باس کرد، ئەڵێ ئەمە وایە، وەزیرەکان وا ئەڵێن، کە ئەڵێ وەزیرەکان وا ئەڵێن من حەزئەکەم بە بەڵگەوە وام پێ بڵێن، ئەوە خۆیانیش دائیمەن داوای بەڵگە ئەکەن، بزانین ئەو بەڵگەیە چیە کە ئەوان وا ئەڵێن؟ لە لای ئێمە شتەکان دیارە بەڕاستی، باسی پارەی شوەیفات ئەکات، من نازانم شوەیفات پێشتر، بەڵام تەئکیدم کردووە، چونکە ئەو ڕۆژەش پرسیارێکی ترم لێ کرابوو لەناو پرسیارەکاندا، لەبەر ئەوە تەئکیدم کرد من دڵنیای ئەکەم ئێستا، هیچ فەرمانبەرێك، یان هیچ کەسێك نیە لەوێ مووچە وەربگرێت ئێستا، بەڕاستی خۆشم لەلام سەیر بوو ئەم پرسیارە، لەناو پرسیارەکانی تریشدا هەیە، بە نیسبەتی (700) و ئێستا (600) ە ئەوەی سەرۆکایەتی هەرێم، یان (800)ی هەبووە ئێستا (600)ە، ڕەنگە یەك فەوج گوێزرابێتەوە سەر وەزارەتی پێشمەرگە مەسەلەن ، ئەو حیسابە (حیمایە) و ئەوانە لەوانەیە ئەوە لەوێدا بێت، هەرچەندە تەئکیدیش ئەکەم لەسەر ئەو مەوزوعە، بەنیسبەت کارگەی تاسلوجەوە بەخوای سێجارم باس کرد، و دوێنێکە ئەم مەوزوعەم باس کرد، و پارەکە هەروەك گوتم ئەو پارەیە لە ناو حیساباتی موەحەدی صناعە و تیجارە لە کارگەی تاسلوجە، لەوێ بووە، لەوێشەوە سەری ساڵ بەو حیسابە حیسابیان کردووە 85٪ی بۆ دارایی دوای سەری ساڵ لە 2012/5/24 دوێنێکە کە باسم کرد، پارەکە هەژدە و قسورە، هاتۆتە ناو حیسابی جاری وەزارەتی داراییەوە، یەعنی پێشی ئەم تەقریرە و پێشی هەموو شتێك، ئەمەیە کە حیساباتی ئەوانەی تێدا دەرئەکەوێت، باسی سندوقی خانەنشینی، دوێنێکە باسم کرد، ئەگەر جارێکی تر سەرتان نەئێشێنم باسی ئەکەمەوە، هەیە لەناو حیساباتدا، هی ئەوە مەوجودە ئێستاکە لەناو جەداویلەکاندا، و ئەویتریش چووە بۆ خەزینە، و بەڕاستی ئەمە هەمووی تەحویلاتە، ئەتوانی لە ڕاتبدا بیبڕی، تەحویلی ئەکەیت و ڕەقەمەکە لە خەزینەدا دەرئەکەوێت، یەعنی چۆن ئەتوانی تۆ بێیت پارەی خانەنشینی ببەی؟ باسی ئەوە ئەکات کە سەندوقەکە دانەنراوە، فیعلەن سەندوقەکە دانەنراوە، شەش مانگ و قسورە سندوقی خانەنشینی دانراوە، چونکە لە عێراقیش ئەوە نەبووە، و ئەو سندوقەش ئەبێ قانونێکی پێ دەر بکرێت، و قانونەکەی بێتە پەرلەمان، بەڵام ئێستا پارەکان لە حیسابێکدا دانراوە، باسی ژمارەی فەرمانبەرانی کرد، من جوابم دایەوە، ئەمە حکومەتی عێراق یانزە و سەدی دانابوو، دوایی ئەنجومەنی وەزیران بە حەڤدە ئەوەی شکاندەوە، لەبەر ئەوەی خەڵك ئیتسیفادە زیاتر بکات، ئەوە فەرقەکە بوو لە بەینی عێراق و لە بەینی ئێمەدا، و پێش ئێستا ڕەقەمەکان بە جەمع و تەرح حیسابم کردووە، باسی حیساباتی ختامی ئەکات، من بەڕاستی نازانم حیساباتی ختامی پێشی تەدقیق تەوزیع کراوە دیارە، بەڵام بەنیسبەتی ئێمەوە کەی حیساباتی ختامی تەدقیق کرا لە دیوانی چاودێری دارایی، و گەڕایەوە بۆ لای ئێوە، یان ئێوە بانگمانتان کرد بۆ حیساب

لەسەری، ئەو وەختە ئێمە باسی ئەکەین، و ئەگەر خەلەلیشمان هەبێت تەبیعی ڕەقابە تەدقیقی کردووە، و مەعلومە، ئەگەر نەشی کردووە و ئێوەش ویستان بێ ڕەقابە موناقەشە بکرێت ئەو وەختە قسەی لێ ئەکەین، من بەڕاستی نازانم، ئەبێ بگەڕێمەوە سەر ئەو حیساباتی خیتامیە، بەڵام هیچ شتێك نابێ بڵێین ئەو وای وت و ئەمە وا دەرکەوتووە، ئەو کە وای گوت ئەبێ بە ڕەسمی پێم بڵێ، هەموو داهات تەقدیرە، هەموو ساڵێك ئێمە موازەنە بە تەقدیر دا ئەنێین، نەفەقاتیش، لەبەر ئەوە ئەوەی کە دەرئەکەوێت لە موازەنەدا، ئەوەی کە دەرئەکەوێت لە ئەخیردا لە حیسابی خیتامی دا، زۆر جیاوازە، داهات فەرقی هەیە، نەفەقات فەرقی هەیە، ئەمانە هەمووی وایە، لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەبێ ئەمانە لە حیساباتی خیتامیدا هەمووی دەست نیشان بکرێت، باسی مینەحی ئەحزاب ئەکات، جارێکی تریش من باسم کردیە، دوێنێکە یان پێرێکە بوو باسم کرد، بەنیسبەتی مینەحی ئەحزابەوە، دوێنێکەش باسم کردو وا جوابمان داوەتەوە، ئێمە جوابمان داوەتەوە ئەڵێین ئەو ڕەقەمانە لە لای ئێمە نیە و ناتوانین ئێمە بچین وەری بگرین و بینێرین، نەمان وتووە ناتوانین وەری بگرین، وتوومانە لە دەستەڵاتی ئەنجومەنی وەزیراندایە، جوابمان داوەتەوە بەو شێوەیە، ئیتر مەفروزە ئێوە لە ڕێگەی پەرلەمانی بەرێزەوە بگەڕێنەوە سەر ئەنجومەنی وەزیران و داوایان لێ بکەن، هەر ئیشارەت بدەن بە نووسراوەکەی ئێمە، بڵێن ئەوە وەزیری دارایی وا ئەڵێ، فەرموو ئەنجومەنی وزیران پێمان بڵێن، ئایا من وتوومە لە نووسراوەکەمدا ئەم ڕەقەمانەت نادەمێ؟ تەبیعی شتی وا نیە یەعنی، بەنیسبەتی ئەوەی ئێستا موناقەشەیەك هەبوو بە نیسبەتی داهاتی خاڵە گومرگیەکانەوە، دیارە کاکە (بیلال)یش هەر پرسیاری کرد، دیارە من باسم کردووە و ئێستاش ئەڵێم ئێمە داهاتی...

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك دەقە توخوا کاك شێخ، فەرموو کاك (عمر).

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من نامەوێ موفاتەعەی بەڕێز کاك شێخ بکەم، بەس پرسیارم شەخصەن دووجار ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کردووە بۆ ئەو پرسیارەی جەنابت کە ئەڵێی، بەڵام وەڵاممان نەدراوەتەوە، ئێوە نوێنەری حکومەتن لێرە، ئەی لە کێ بپرسین؟

**بەڕێز بایز تاڵەبانی-وەزیری دارایی و ئابووری:**

.....من وتوومە ئەو داهاتە مەقاسەی پێ ئەکرێت و ئەبڕێت، برادەران ئەڵێن تۆ لە نووسراوەکەی خۆتدا وا هاتووە، فەرموون نووسراوەکە بە تەواوی ئەخوێنمەوە، لە یاسای بودجەی عێراق ساڵی 2011 ماددەی (24) بڕگەی (2) وەزیری دارایی عێراقی فیدراڵ دەستەڵاتدارە بە گەڕانەوەی تەرخانکراوی داهاتەکانی فیعلی لە دەروازە سنووریەکان، کە داهاتەکانی سیادیش دەگرێتەوە لە ساڵی 2010 ەوە، و خستنەوەی بۆ سەر بودجەی پارێزگاکانی سنووری، بەڵام لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2011 بڕی

حەوت سەد و پێنج ملیار داندرابوو، سێ سەد و پێنج ملیار بۆ ساڵی 2010، چوارسەد ملیار بۆ ساڵی 2011 خەملێنراوە، بەڵام وەزارەتی دارایی عێراقی فیدراڵ ڕێنمایی تازەی دەرکردووە بە نووسراویان ژمارە ئەوەندە کە داهاتی گومرگیەکانی دیاری کردووە، و ئیعادە دەکرێت بۆ پارێزگاکان، بە پێچەوانەی یاسای بودجەی عێراق تەنها ئەم ڕسووماتانە، یەعنی تەنها ئەم ڕسووماتانە ئیعادە ئەکرێت بۆ پارێزگاکان:

1-ڕسوومی هێنانەوەی تەرمی بەڕەگەز عێراقی کە جنسیەی تری وەرگرتووە.

2-ڕسوومی گەشتیاران(مسافرين).

3-کرێی خزمەت گوزاری نیشتنەوەی فڕۆکە.

4-ڕسوومی ئۆتۆمبێل کە کە دەردەچن بۆ دەرەوەی عێراق.

5-ڕسوومی دووبارە ئاوەدانکردنەوە (ئیعمار).

لەساڵی 2010 کە بڕی سێ سەد و دە ملیارەکە هی ساڵی 2010 تەنها هەشت ملیار دیناری تازە ناردووە، تێگەیشتی؟ کە ڕێژەکەی ئەکاتە لە سەدا دوو و شەش، و ئەو دوایی هەمووی برد، لەبەر ئەم مەوزوعە ئێمە نەمانتوانی ساڵی 2012 کە ئەو بیبات ئێمە داخڵمان نەکردووە، وتمان لە نەتیجەی تەدقیقی ڕەقابەی مالی کە دێت ئەوە ئەوان ئەو وەختە ئەیبەن، دایئەنێن، دەگەنە چ نەتیجەیەك، بە تەئکید خۆی ئیراد بووە، خۆ مەوجودە، خۆ هیچ ئیرادێك نیە وەسڵی (37)ی پێ نەبڕێت، هەموو پارەیەك وەسڵی (37)ی پێ ئەبڕێت، من زیکری بکەم و نەکەم ئیرادەکە مەوجودە و کەسیش ناتوانێ نە بیدزێ و نە بیخوا، و لە حیساباتی خیتامیشدا دەرئەکەوێت، بەڵام ئێستا تۆ بینێریت و بەغدا نەیداتەوە ئەوەیە کێشەکەی ئێمە لەگەڵ بەغدا، بەس یەك شتی ترم ماوە، تەبیعی من سوپاسم کردی کاك (بیلال)، بەڵام کاك (بیلال) من الحمدالله زۆر بە توانام و زۆریش بە ئیمکانیەتم، ئەتوانم وەڵامیش بدەمەوە، ئەتوانم ئیشەکانیشم بکەم، و برادەرانم ئەوانەی شارەزای دارایین ڕەنگە توانا و ئیمکانیەتی منیش بزانن کە چۆنم لە ئیشەکانمدا، بەڵام من زۆر سوپاسی شعورت ئەکەم بەڕاستی بەلەزەتە.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەرەتا من دەمەوێ دەست خۆشانە و پێزانینی خۆم ڕابگەیەنم بە لیژنەی دارایی کە لە ماوەی مانگی ڕابردوودا زۆر ماندوو بوون، هەوڵیاندا کە ڕاپۆرتێك ئامادە بکەن کە بابەتیانە و هاوسەنگ بێت، هەروەها سەرنج و تێبینی ورد و باشی تێدابێت، کە ڕوو بە ڕووی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی بکەنەوە.

من پشتیوانی لە پێشنیارەکانی فراکسیۆنی کوردستانی ئەکەم، دەمەوێ ئاماژەش بەوە بدەم کە ڕاستە بیروبۆچونی جیاواز هەیە، بەڵام لە پێشنیاری فراکسیۆنەکان خاڵی هاوبەشیش هەیە کە دەکرێ ئەمەش سوودی لێ ببینین.

پێشنیارەکانی فراکسیۆنی کوردستانی لەسەر دوو بنەما دارێژراون، یەکەمیان، لە پێشنیاراکاندا چارەسەری پێیە بۆ بەشێك ئیشکالیەتە گەورەکانی ناو بودجە، یەکێك لەوانە دواکەوتنی ساڵانەی بودجە کە ئەوە کاریگەریشی هەیە لەسەر گفتوگۆ کردن و پێشکەشکردنیشی، کە پێشنیارەکە ئەوەیە، پێویستە لەکاتی خۆیدا بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجە بە خەمڵێنراوی بنێرێت بۆ پەرلەمان، هەرکاتێك لە بەغدا بودجەی ئەوان پەسەند کرا، هەر کورت هێنان، یان زیاد خستنە سەرێك هەبێت، دەستەڵات بدرێت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان کە بە هەمان ڕادەی زۆرکردن ئاستی بودجە بەرز بکەنەوە، یان ئەگەر کەمی کرد، کەمی بکەنەوە، پێشنیاری دووەم، ئەوەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵ بدات کە ڕێگە دەستوری و قانونیەکان بەکاربهێنێت بۆ وەرگرتنەوەی ئەو قەرزەی کە لە لایەن حکومەتی ئیتیحادیەوە لە ساڵی 2007 ەوە دەستی بەسەردا گیراوە، و ئەرقامەکان جیاوازن، بەڵام لە ڕاپۆرتی ڕەسمی دا زیاتر لە شەش ترلیۆن دینارە، ئەگەر ئەمە بگەڕێنرێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، ئەوکات ئەم کورتهێنانەی کە ئێستا لەناو بودجەدا هەیە چارەسەر دەبێت، هەروەها پێشنیارەکەی فراکسیۆنی کوردستانی جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە لەکاتی گەڕانەوەی ئەم پارەیە لە لایەن حکومەتی ئیتیحادیەوە جگە لەوەی کە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە و مووچەی پێشمەرگە و دابینکردنی بۆ وەزارەتی پێشمەرگە تەرخان دەکرێت، هەمووی دابنرێت بۆ پرۆژە و بخرێتە سەر باڵی وەبەرهێنان لە بودجەدا، واتە ئەگەر بخرێتە سەر لایەنی وەبەرهێنان، دەبینین هەنگاو بە هەنگاو هاوسەنگیەکە لە نێوان هەردوو باڵی بودجەدا (وەبەرهێنان، بەکارخستن) دەگەڕێتەوە، یەکێك لە ئیشکالیەتەکانی تر مەسەلەی دەرماڵەیە، ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە دەرماڵە بۆ هەموو چین و توێژەکان لەناو فەرمانبەران و مووچە خۆراندا هەبێت، بۆ مامۆستایان هەبێت، بۆ پەرستاران هەبێت، بۆ پزیشکان هەبێت، بۆ ئەندازیاران لە بوارە جیاجیاکانی پیشەی ئەندازیاری دا هەبێت، بەڵام دەبینین کە ئەمە جۆرێك لە ئاڵۆزی تێدایە، جۆرێك لە ناڕێکی تێدایە، جۆرێك لە ناڕەزایەتی هەیە، پێشنیاری فراکسیۆنی کوردستانی بۆ مامەڵە لەگەڵ ئەم ئیشکالیەتە بریتیە لەوەی کە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەیەکی باڵا پێك بهێنێت لەسەر بنەمای تازە، لەسەر پرەنسیپی تازە، دووبارە پرسی دەرماڵە دانان و پێدانی بە شێوەیەك ڕێك بخاتەوە کە عەدالەت و یەکسانی بۆ چین و توێژەکان بهێنێتە ئاراوە، ئیشکالیەتێکی تر بریتیە لە کەڵەکە بوونی پرۆژەکان، بەشێوەیەك کە لە ماوەی یاسایی خۆیاندا جێ بەجێ نابن، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان ئاماژەیان پێدا، بۆ ئەمەیان پێویستە هەوڵ بدەین بەدوای چارەسەرێکی واقیعیانەدا بگەڕێین، کە هەم ببێتە مایەی ئەوەی کە پرۆژەکان لە ماوەی یاسایی خۆیاندا جێ بەجێ بن، هەمیش ئەم دواخستنەی کە باسمان کرد، و تیشکی خرایە سەر، ئێمە دەرباز ببین، پێشنیارەکەش بریتیە لەوەی کە لەمساڵدا بەشێك لەو پرۆژانەی کە پێشنیار کراون، پارەیان زۆر بۆ دانراون، ماوەی جێ بەجێ کردنیان زۆرە، دوابخرێن بۆ ساڵی ئایندە، تا حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکان باقی دامودەزگاکان بتوانن پارە و توانای ماوەی کارکردنیان تەرخان بکەن بۆ ئەو پرۆژانەی کە لە ساڵی

ڕابــردووەوە پەســند كــران و ئێسـتا پــرۆژەی بــەردەوامن، بنــەمای دووەم كــە پێشـنیارەكانی فراكسـیۆنی كوردستانی لەسەر بنیات نراوە، بریتیە لە هێنانە ئارای هەندێك لـە ئـاڵوگۆڕی ئیجابی لـەناو بودجـەدا بـە مەبەستی ئەوەی كە زیاتر بودجە بخرێتە خزمەتی چین و توێژەكانی جەماوەرەوە، یەكێك لەو پێشـنیارانە بریتیە لە بەخشینی ساڵانە بۆ هەموو ئەو مووچە خۆرانـەی كـە مووچـەی خانەنشـینیان لـە (400000) دینار كەمترە، هـەروەها بەخشـینێكی تـری ساڵانە بـۆ مووچـە خۆرەكانی كـە پلـەیان (10/9)یـە و گـرفتی دەرماڵەیان هەیە، پێشنیارێكی تر بریتیـە لـەوەی كـە زیـاد كردنـی پێشـینەی خانووبـەرە بـۆ گونـدەكان بـۆ (25000000)، پێشنیارێكی تر بریتیە لەوەی كە تـەرخان كردنـی بـڕی سـەد و بیسـت ملیـار بـۆ دروسـت كرنی قوتابخانە، وەك چۆن لە ساڵانی ڕابردوودا ئەوە كراوە، چونكە ئێمە تائێستاش لە هـەرێمی كوردسـتان لەگـەڵ ئـەم هەڵمەتـە نیشـتیمانیەی كـە بـۆ قوتابخانـە بڕیـاری لێـدراوە و جـێ بـەجێ كـراوە و ئێسـتاش بەردەوامە، (157) قوتابخانەی سێ دەوامی و نزیكی (1700) قوتابخانەی سێ دەوامیمان هەیە، ئەگەر ئەم پارەیــە تــەخان بكرێــت و ئــەم هەڵمەتــە بــەردەوام بێــت، بێگومــان كاریگــەری ئیجــابی دەبێــت لەســەر كەمكردنەوەی ژمارەی ئەو قوتابخانەی كە دوو دەوامی، و سێ دەوامیـان تێدایـە، بەمـەش گرفتێكی گـەورە لەبەر دەم سیسـتەمی تـازەی پـەروەردە چارەسـەر دەبێـت، ئـەویش گـرفتی وەختـە كـە بـەپێی سیسـتەمەكە پێویستە قوتابیان و خوێندكاران بە لایەنی كەمەوە شەش سەعات تا حەوت سەعات لـە قوتابخانـە بخـوێنن، هەروەها گرفتی دووەم ئەوەیە كە ژمارەی قوتابیان لەناو پۆلەكانی خوێندندا كەم دەبێتەوە، بەو شێوەی كە سیستەمەكە داوای دەكات، پێشنیارێكی تری فراكسیۆنی كوردستانی بریتیە لە تەرخان كردنی هاوسەرێتی و مناڵ بۆ كەس و كاری شەهیدان، لەگەڵ زیاد كردنی مووچەی شەهیدانی هـاووڵاتی لـە (180000) ەوە بـۆ (250000)، هەروەها پێشنیارێكی ترمان بریتیە لە تەرخان كردنی بڕی سەد ملیـار دینـار بـۆ ئـەو قـەزاو ناحیانەی كە لە ڕابردوودا تووشی سیاسەتی تەرحیل كردنی قەسری بوون، بە ئامانجی ئەوەی كە پرۆسـەی ئاوەدان كردنەوە و پێشكەش كردنی خزمەتی زیاتر لە بوارە جیاجیاكاندا، بگەیەنرێت بەو قەزا و ناحیانە، خاڵێكی تر من دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم كە پێشتریش تیشكم خستە سـەری بریتیـە لـە سـێ ئیشكالیەتی گەورەی بودجە، دواكەوتن، كورتهێنان، ناهاوسەنگی، ئەگەر ئێمە بێین بەدوای هۆكارەكانـدا بگـەڕێین، ڕەنگـە لە چوارچێوەی هەرێمی كوردستاندا هۆكار بدۆزینەوە، بەڵام هۆكاری سەرەكی بریتیە لەو سیاسەتەی كە لە لایەن حكومەتی ئیتیحادیەوە بەرامبەر بە هـەرێمی كوردسـتان پـەیرەو دەكرێـت، وەك چـۆن بـرای بـەڕێزم كاك (علی) ناوی لێ نابوو جەنگێكی ڕانەگەیەندراو، كە بە فیعلی جەنگە، لەم جەنگە ڕانەگەیانـدراوەدا لـە ڕووی ستراتیژیەوە هەوڵی ئەوە لە ئارادایە كە هێزی ئابووری ئێمـە لاواز بكرێـت، هـەروەها هێـزی دیفـاعی ئێمـە لاواز بكرێـت، بـە دەربڕینێكـی تـر، ئێمـە بكـەن بـە جـەنگاوەرێكی برسـی بـێ چـەك تـا بتـوانن لـەم ململانێیەدا بە ئاسانی بەدیلمان بگرن، و لە شەڕەكەدا گرەومان لێ ببەنەوە، بۆیە بۆ مامەڵـە كـردن لەگـەڵ ئـەم ئیشـكالیەتە كـە بـۆ هـەرێمی كوردسـتان، هـەروەها لـە پرسـی بودجـەدا هاتۆتـە ئـاراوە، پێویسـتمان بـە بیركردنەوەی تازە، لە ڕێگە چارەی تازە هەیە كـە ڕەنگـە بـۆ ئەمـەیان، و بـۆ ئیـدارەدانی عیلاقـە، و بـۆ ڕوو

بەڕوو بوونـەوەی تەحـەدیات لـە دەرووەی هـەرێمی کوردسـتان پێویسـتمان بـە سـتراتیژیەتێکی نیشـتیمانی نووسراو بێت، کە لەوێدا بنـەماکان، میکانیزمـەکانی کـارکردن دیـاری بکرێـت، کـە ئەمـە ئـەرکی هەمووانـە، نـاکرێ لەمەیانـدا مەسـئولیەتەکە دابـەش بکرێـت، ڕاسـتە لـەناو پرۆسـەی سیاسـی و ژیـانی سیاسـی ڕەنگـە مەسئولیەتێکی لایەنێکی سیاسی گەورەتر بێت لە لایەنێکی سیاسی تـر، بـەلاَم ئـەوە بـەوە چارەسـەر نابێـت ئێمە پێشنیاری ئەوە بکەین بلێین لـە دادگـای ئیتیحـادی دەعـوا لەسـەر هـەرێمی کوردسـتان قەیـد دەکـەین، بـەڵکو بـەوە دەکرێـت هـەمووومان بـە یەکـەوە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، پەرلـەمانی کوردسـتان، نوێنەرانمان، هەموو فراکسیۆنەکان لە پەرلەمانی ئیتیحادی، نوێنەرانمان لەناو حکومەتی ئیتیحادی، هـەوڵ بدەین بە یەکەوە دەعـوا لەسـەر حکومـەتی ئیتیحـادی لـە مەحکەمـەی ئیتیحـادی قەیـد بکـەین، یـان ڕێگـە میکانیزمەکانی تری دەستوری و قانونی بەکار بهێنین، سەرنجمان هەیە لەسەر بودجە، پێمـان وایـە کـەم و کوڕی تێدایە، بەلاَم ئەم بودجەیە لەبەر ئەم هۆکارانە پەسند کردنـی بـەڕەئی ئێمـە ئـەرکێکی نیشـتیمانیە، نەك تەعبیری تر، لەبەر ئەوەی لەم بودجەیە دا چوار هەزار پرۆژەی تێدایە، ئەم پرۆژانە لە چ بوارێکدان؟ لە بواری کارەبا دایە، لە بـواری ئاودایـە، شەسـەد قوتابخانـەی تێدایـە، کـە ئێمـە وەکـو لیژنـەی پـەروەردە و خوێندنی بالاَ سەردانی ناوچەکانمان کردووە، نموونەی زۆر باشمان لـە دروسـت کردنـی قوتابخانـەدا بینیـوە، هـەموو پرۆژەکـانی ئـەوەی پەیوەنـدی بـە لیژنـەی ئێمـەوە هەیـە موتابەعـەمان کـردووە، پـرۆژە نیـە نەکەوتبێتە بواری جێ بەجێ کردنەووە، لە بواری نەخۆشخانە و تەندروستی تێدایە، لە بواری ڕێگەوبان و پردی تێدایە، لە بواری کشتوکاڵ و ئاودێری تێدایە، چۆن دابەش کراوە؟ برای بەڕێزم کـاك ئاسـۆ ڕێـژەکانی خستە ڕوو، کە هاوسەنگی و عەدالەتیشی تێدایە لە نێوان پارێزگاکان، من نامەوێ ئەمـە دووبـارە بکەمـەوە، هەروەها ئەم پرۆژانە ناوچە کێشە لەسەرەکانیشی فەرامۆش نەکردووە، بۆ ئەوانیش دەیـان پـرۆژە هەیـە و هەندێ داتاش لە لایەن وەزیرە بەرێزلەکانەوە نیشان دران کە چ بـۆ ئـەو ناوچـانە کـراون، لەمساڵیشـدا ئـەم سیاسەتە لە بودجەدا بۆ بایەخدان بـە ناوچـە کێشـە لەسـەرەکان بەردەوامـە، ئەگـەر بـێین سـەیری بودجـە بکەین لە پەیوەندی بە سێکتەرەکانەوە، کە ئـەم خوێندنـەوەیـە، کـە ئـەم هەڵسـەنگاندنانە ئـەرکی سـەرەکی پەرلەمانە، لە پەرلەمانی ولاَتانی دیموکراسی لەسەر پێوەری سێکتەرەکان بودجە هەڵدەسەنگێنن، چەند بـۆ پەروەردە دانراوە، چـەند بـۆ دیفـاع دانـراوە؟ و بـەم شـێوەیە، ئەگـەر بـێین بـەو شـێوەیە سـەیری بودجـەی هەرێمی کوردستان بکەین، دەبینین بودجەی (ئاسایش، دیفاع، کارەبـا، تەنـدروسـتی، ئـاو، خوێنـدنی بالاَ)یـە، کە ئەم سێکتەرانە هەر هەموویان پەیوەندیان بە شادەماری کۆمـەڵگای کـوردی و ژیانیانـەوە هەیـە، ئەگـەر ناهاوسـەنگیەکیش هـەبێت، ڕاسـپاردە دەنێـرین، پێشـنیار دەنێـرین، بڕیـار دەنێـرین، مـاددە لـە نـاو پـرۆژە یاساکەدا زیاد دەکەین بۆ ئەوەی ئەو نا هاوسەنگیە نەهێڵین، لە لایەکی ترەوە بەهۆی دواکەوتنی بودجـە، چ ئەوەی پەیوەندی بە مەسئولیەتی حکومەتی ئیتیحادیەوە هەیە، چ ئەوەی بە هەرێمی کوردستانەوە هەیـە، چ بەوەی کە ئێستا ئێمە لێرە گفتوگۆی لەسەر دەکەین، بە تەئکیـد دواکـەوتنی بودجـە لـەوە زیـاتر دەبێتـە مایەی چەق بەستنی بازاڕ، دەبێتە مایەی دواکەوتنی سەرف کردنـی سلفەی عەقار، پێشـینەی هاوسـەرگیری،

کە ئەمە عیلاجی لێرە دەکرێت، چونکە ئەمە ساڵانە پێویستی بەوە هەیە لە لایەن پەرلەمانەوە شەرعیەتی پێ بدرێت، ڕەنگە قابیلی زیاد کردن و کەم کردن بێت، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵانە تا ئەم پێشینانە لێرە سەرف نەکرێ، ناتوانرێ ئەوان سەرفی بکەن، پێویستی بە ڕەزامەندی پەرلەمان هەیە، لە لایەکی ترەوە تەنها نموونەیەك باس دەکەم کە لە مەسەلەی ئەوەی کە زیاتر لە حەوت ترلیۆنی بودجە دانراوە بۆ مووچەی ناو میلاك و دەرەوەی میلاك، و هەروەها گەیشتنی بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان، من تەنها نموونەیەك باس ئەکەم، لە ساڵی ڕابردوودا بیست و نۆ هەزار و هەشت سەد و نۆەد و هەشت دەرچووی زانکۆ و پەیمانگا لە بودجەی هەرێمی کوردستان سوودی وەرگرتوە، بە پێی پێشبینیەکانیش ئەمساڵ بەردەوام دەبێت، لەگەڵ پەسند کردنی بودجە، بیمەی بێکاری دەبێت بە (40000) دەرچووی زانکۆ و پەیمانگا، کە ئێمە داواکارین بۆ دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان، تەنها هی وەزارەتی خوێندنی باڵا نەگرێتەوە، بەڵکو دەرچووی پەیمانگاکانی سەربە وەزارەتی پەروەردەش بگرێتەوە، هەندێ پێشنیاری تر دەخەمە ڕوو، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من لە خۆمان دەپرسم، لە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری بودجەدا دەپرسم، لەو پەرلەکانتارانە بەڕێزانەی وڵاتانی ئەوروپا دەپرسم کە کوردن، لە کاتی گفتوگۆ لەسەر بودجەدا، لەناو پەرلەماندا، ڕووەوچوون بەناو تەفاصیلدا، دەگاتە ئەو ڕادەیەی باسی (سۆبا، سۆندە، پلیکان) بکرێت، دەکرێت لەسەر یەك بابەت نەوەد تیکرار هەبێت؟ من پێم وایە لە زۆری قسە کردن و ڕۆچوون بە ناو تەفاصیلدا، لە موناقەشەی بودجەدا، ئەگەر بەراوردی پەرلەمانی کوردستان لەگەڵ پەرلەمانی وڵاتانی تر بکەین، من دڵنیام یەکەم دەهێنین و پێویستە بخرێتە ناو کتێبی (گینس) ەوە، بۆ چارەسەری ئەمە من پێشنیاری ئەوە دەکەم بەڕێزان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کاتێك پرۆژەی بودجە ئامادە دەکەن بێن گفتوگۆ لەگەڵ فراکسیۆنەکانی پەرلەمان و لیژنە پەیوەندیدارەکان بکەن، گفتوگۆی تێرو تەسەل لەگەڵ وەزارەتەکان بکەن، تا ئێستا لە کاتی گفتوگۆی بودجە وەزیرە بەڕێزەکان و وەزارەتەکان نەڵێن داهاتی ئێمە ئاوایە، نەڵێن ئاگامان لێ نیە، نەڵێن ئەولەویەت بۆ پرۆژەکانی ئێمە دانەنراوە، دوای ئەم گفتوگۆیە، پێشینەیە، هەموو لایەك هەوڵ بدەین ڕێك بکەوین کە بودجە لە وڵاتانی تری دیموکراسی چۆن پێشکەش دەکرێ و دەنێردرێت بۆ پەرلەمان بە هەمان ستاندارد و پێوەر بینێرین، وردبینی و تەحقیق لە بودجەدا لە ڕاستی دا ئیشی دیوانی چاودێریە، ئەگەر کەموکوڕی هەبێت، ئەگەر گەندەڵی هەبێت، چارەسەر کردنی ئەوەش ئیشی ئیدیعای عامە، ئیشی دادگایە، پاشان ئەگەر ئێمە دەستەی نەزاهەمان هەبێت، لە ڕاستیدا ئیشی منی ئەندام پەرلەمان نیە بچم وردبینی بکەم، بچم تەحقیق بکەم، ستراتیژیەن بودجە هەڵدەسەنگێنم بزانم لەوسەر خزمەتی چم بۆ دەکات لە وڵاتدا؟ بۆیە لە ڕاستیشدا ئەم پرسیارەش ڕوو بە ڕووی ئێمەش دەبێتەوە، ئەویش ئەوەیە مەسەلەی دیوانی چاودێری دارایی، پێویستە پەرلەمانی کوردستان هەوڵ بدات ئەم ئیشکالیەتە چارەسەر بکات، لە ماوەی ڕابردوودا بە ئامانجی ئەوەی کە لامەرکەزی ئیداری بە فیعلی پیادە بکرێت، هەندێ ئیدارەی سەربەخۆ دامەزراوە، یەکێك لەوان (ئیدارەی ڕاپەڕین)ە، کە ئێستا سەرپەرشتیاری هەیە، هەیکەلی ئیداری بۆ دانراوە،

من پێشنیار دەکەم بە گوێرەی دانیشتوانی سنووری پارێزگای سلێمانی، لەو نەفەقاتەی کە بەنیسبەت هەرێمی کوردستانەوە پێی دەگوترێت (نەفەقاتی سیادی)، بۆ نموونە هی حاڵەتی تەواری و چەند بوارێکی تره، چەند بەشێکی ئیدارەی ڕاپەڕین، کە هەردوو قەزای (ڕانیە، قەڵادزێ) دەگرێتەوە، بۆیان بخرێتە ناو گەنجینەی خۆیانەوە، تا لەوێ بتوانن ئیدارەی ئەوێ، سەرپەرشتیاری ئەوێ، بتوانن سوودی لێ وەربگرن، چونکە بەبێ ئەمە لە ڕاستی دا ئەوان ناتوانن لەوێ باش جووڵە بکەن، یان ئیش بکەن، هەر سەبارەت بە سنووری ئیدارەی ڕاپەرین، من لە ڕابردووشدا قسەم کردووە، دوو پرۆژەی ئاوی گەورە، یەکێکیان هی دەربەندە و بۆ ڕانیەیە، یەکێکیان هی خاسێ یەو بۆ قەڵادزێیە، من لەماوەی ڕابردوودا لەگەڵ بڕای بەرێزم کاك (دڵشاد) ئەم پرسەم باس کرد وەزیری شارەوانی، خۆشبەختانە لەم ڕۆژانەدا ئەوەی ئاوی ڕانیەی چارەسەر کردووە، وەعدیشی داوە ئەوەی قەڵادزێ چارەسەر بکات، بەڵام بە پشتیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی دایە، بە صەراحەت و ڕاشکاوانە من، و ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان، ئەمساڵ تەواو کردنی پرۆژەی ئاوی (خاك)مان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەوێت، کە پێویستی بە سێ ملیار دینارە، داواکارم لە وەزیرە بەرێزەکان ئەگەر ئێستاش وەڵاممان نەدەنەوە، لە داهاتوودا وڵامان بدەنەوە، چونکە (120000) کەس موشکیلەی ئاوی خواردنەوەی هەیە، و چاوەروانی تەواو بوونی ئەم پرۆژەیە، کە لە ساڵی 2007 ەوە دەستی پێ کردووە، و دەمێکە ماوەی یاسایی تەواو بووە، لە کۆتاییدا بە خێرایی هەندێ پرسیار دەخەمە ڕوو، زۆر گوترا کە ئەم عینوانی حیساباتە، ئەوەی (سوودە کۆمەڵایەتیەکان، بەخشین، مەصروفاتی ئوخرا) ئیتر لە کوێ هاتوون، وەکو ئەوەی کە وەزیرە بەرێزەکان لە گیرفانی خۆتان دەرتان هێنابێت، تا ئەو ڕادەیەی کە لێرە باس کرا، و منیش چوومەوە سەر سەرچاوە زانسیەکان، وموتابەعەم کردووە، ئەمە بە پێی سیستەمێکی نێودەوڵەتیە کە بە ناوی (ج س ف)ە، هەرچەند من گوێم لە چەند وەڵامێکتان بوو، بەڵام تکایە تیشکی زیاتری بخەنە سەر، خۆ ئەگەر ئێمە ئێستا دیوانی چاودێری داراییمان نیە، ئەی ئەوە نیە چاودێری دارایی نێودەوڵەتی کە ئەمە مەوقیعەکەیەتی کە ئێستا بەشێکی لای بەرێزان ئەمڕۆ دابەش کراووە؟ تەقریری هەیە، و لەسەر عێراق لە لاپەڕە (171 تا 180) وردبینی لەسەر بودجەی عێراق، هەروەها بۆ بودجەی هەرێمی کوردستان کردووە، پرسیارێکی ترم لە بەرێز وەزیری پلاندانان هەیە، ئەگەر ئەو پرۆژە پێشنیار کراوانەی ئەمساڵ دوا بخرێن بۆ ساڵی ئاینده، ڕەئی ئەو چیە؟ بە چ شێوازێك بێت؟ ئایا ئاسانکاری پێشکەش بە کاری ئەوان دەکات لە کاتی جێ بەجێ کردنی پرۆژەکاندا هی حکوومەتی هەرێمی کوردستان یان نا؟ خاڵێکی تر هەیە، دیسان پەیوەندی ڕەنگە بە کاك (د.علی سندی)ەوە هەبێت، ئەویش ئەوەیە کە لە پرۆژەکاندا گرفتێك هەیە لە نێوان ماوەی دیاری کراو، و بڕە پارەی دیاری کراو، تکامان وایە کە وەڵاممان بداتەوە بۆ چارەسەر کردنی ئەمە لە داهاتوودا پێویستە ئەوان ئەم پرسە چارەسەر بکەن، وەکو ئاماژەی پێدرا پرۆژە هەیە شەست ملیاری بۆ دانراوە، ماوەکەی سێ ساڵە، بەڵام ئەمساڵ پێنج ملیاری بۆ دانراوە، ئەمە دووبارە دەبێتەوە، ئومێدەوارین کە لە داهاتوودا چارەسەری بکەن، دەربارەی ئەو پێشنیارەشم سەبارەت بە جیاکردنەوەی

بودجەی (دەڤەری ڕاپەڕین) لەسەر بنەمای ژمارەی دانیشتوان بۆ ئەوەی بچێتە ژێر دەستی خۆیان و گەنجینەی خۆیان، دەمەوێ ڕای بەرێز وەزیری دارایی بزانم، زۆر سوپاس.

**بەرێز عبدالله محمد نوری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من زۆر سوپاسی جەنابت ئەکەم، هەروەها زۆر سوپاسی جەنابی کاك (عمر) ئەکەم، تەعلیقێکی لەسەر قسەی من دا کە باسی پلیتەی سۆپا و سۆندە و ئەوانەم کردووە، قسە کردن لەسەر (گسکێك)، لەسەر (بێلۆکەیەك)، لەسەر (هەموو نەوتی هەرێمی کوردستانیش قسە کردنە لەسەر داهاتی هەرێمی کوردستان، ئەوەی کە من باسم کرد بۆ ئەوە نەبوو خوانەکا تانەدان بێت لە حکومەت، یاخود لە لایەنێك، قسە لەسەر ئەوە بوو داهاتی خەڵك ئەبێ دەستی پێوە بگیرێت، ئەبێ بە شێوەیەکی عیلمی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، ئەگەر دینارێکە یاخود سەد ترلیۆن دینارە، ئەمە مەسەلەکەیە، لە خەمخۆریەوەیە، بەلآم من یەك شت ئەڵێم، کاك (عمر) دەستی خۆشبێ قسەی زۆرباشی کرد، باسی پلیتە نەوتەکانی ناو سۆپاکان ئەکات کە من وەکو نموونەیەك ختسوومەتە ڕوو، بەس بە یەك جوملەش باسی ئەو داهاتە زۆرە ناکات کە ئەکرێتە ناو سۆپاکانەوە، دەبوا باسی ئەوەشی بکردابایە.

**بەرێز جلال علی عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەلاّ من بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، خوشکان، برایان، لەوانیە هیچ شتێك بۆ من نەمابێتەوە بەڕاستی باسی بکەم، سەد و ئەوەندە کەس قسەی کرد، بەلآم من بەڕاستی چەند بەراوردێك ئەکەم، ئەمە بۆ مەدحی بودجە، و بۆ مەدحی  هەندێك وەزع نیە، هەندێك بەراوردم هەیە، زۆر شتم هەبوو باسی بکەم، بەلآم ئەو بەراوردانە تکائەکەم ئەو بەراوردانە وەکو شتێکی شەخصی خۆم باسی ئەکەم، بەنیسبەت عێراقەوە 88٪ی بودجەی عێراق ئەبات لە هەموو شتێکدا، لە خزمەت گوزاریدا، لە ئەمن و ئاسایشدا، لە ڕێژەی بێکاریدا، لە یەك ولآت ناچن، هەرێمی کوردستان و عێراق لە یەك ولآت ناچن، من باسی ڕێژەی بێکاری عێراق بکەم کە بە پێی ئیعلانی جیهازی مەرکەزی ئیحصا پێش دوو مانگ باسی کرد، ئەڵێ پێش چوارساڵ ڕێژەی بێکاری لە عێراقدا لە 21٪ بووە، ئەمساڵ ساڵی 2012 گەیشتۆتە 31٪ بۆ 34٪ دا، من بەراوردێکی تر ئەکەم خوشك و برایان، تکام وایە لەبیرمان نەچوبێتەوە برسیتیەکەی ساڵانی 1998، و پێش 1998 بۆ 2003، بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتوەکان کە مەجلیسی ئەمن دەری کرد (986) نەوت بەرامبەری خۆراك، کورد لە 13٪ی نەوتی هەبوو خوشك و برایان، سەد دۆلاری ئەوکات چوار خانووی پێ ئەکرا لە کوردستان، مەعاشی موەزەف با پێتان بڵێم، ئەمە 100٪ وایە، چونکی خۆم مودیر عام بووم ئەوکات، مەعاشی فەرمانبەرانی کوردستان، هەرێمی کوردستان، بیست بۆ بیست و پێنج دۆلار بوو، مەعاشی مودیر عام خوشك و برایان سەد دۆلار بوو، مەعاشی وەزیر کە شەڕی لەسەر ئەکرا سێ سەد دۆلار بوو، من بۆ تەئکیدی ئێوە بەراوردی

ئەوانە بکەن لە ئێستا و لەگەڵ ڕابردوو هی مەعاش، داوای لێبووردن ئەکەم، جوابت نادەمەوە، خوشك و برایان، ئەوەی کە کاك حاجی بلال باسی کرد کە لە 36٪ ی خەڵك مەعاش وەردەگرێت، ئەگەر هەرێمی کوردستان چوار ملیۆن و نیو بێت، ملیۆنێکی بە تەئکید لە (18) ساڵە کە پێویستی بە مەعاش نیە، لەسەر ئەو ئەساسە، کولی پێنج کەسێك دوو، بۆ سێ کەسێك مەعاشی هەیە، و ئێمە کە ئەڵێین ملیۆنێك و سی سەد هەزار کەس مەعاشی هەیە مانای ئەوەیە کە لە ماڵێکدا چەند مووچە خۆرێك هەیە، نەك یەك مەعاش هەیە، من هیچی تر ناڵێم، و زۆر سوپاس

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی وائەزانم ئەخیر کەسم کە قسە ئەکەم، لێرە زۆر پێناسە کرا بۆ بودجە، زۆر باس لەسەر بودجە و موازەنە کرا، من بە خێرایی هەندێك خاڵ لەسەر هێڵە گشتیەکان باس ئەکەم، چونکە بەڕاستی ئێمە وەکو پەرلەمانتار، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بەڕێزان، ئەگەر بودجە بریتی بێت لە دەرخستەیەکی تەقدیری نەك فیعلی، تەقدیری گشتگیر بۆ داهات، و خەرجیەکانی وڵات، کە تێیدا لەسەر ئەساس و پلانی میکانیزمی ژمێریاری، و کارگێری خرابێتە ڕوو، بۆ بەدیهێنانی چەند ئامانجێکی ئابووری، سیاسی دیاری کراو، ئەوە خۆشبەختانە، من وەکو پەرلەمانتارێکی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، ساڵ لە دوای ساڵ ئەوە بەرجەستە ئەکەم کە لە دارشتن و خستنە ڕووی ئەم پرۆژەیە خۆشبەختانە هەرێمی کوردستان بەرەو پێش ئەچێت، بەڵام ئەو بزاوت و ئەو جوڵە عیلمی و واقیعە سیاسی و ئابووریەی کە هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، داوای زیاترمان لێ ئەکات، لەوەی کە ئێمە ڕوون تر لەگەڵ یەکتر مامەڵە بکەین، و دەزگاکانی ئەوەی کە پەیوەندیدارن بە مامەڵە کردن لەگەڵ ئەم پرۆژەیە کەحکومەت و پەرلەمانە بە دەرەجەی ئەساس، هەماهەنگیان زیاتر بێت، و لەیەك تێگەیشتن و ڕوونیان لە بەیندا زیاتر هەبێت، بۆیە یەکێك لە پێشنیارە موحەددەدەکانم لە بارەی ئامادە کردنی موازەنەدا، پێشنیاری موحەددەدم بۆ بەڕێزان وەزارەتی دارایی، لە پاڵ ئەوەی کە ئێمە موازەنە ئامادە ئەکرێت لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لەسەر ئەساسی (ئیستیمارەی ئێعدادی بنود)، پێشنیار ئەکەم بۆ ساڵی داهاتوو یەك یان دوو وەزارەت وەربگیرێت، لەپاڵ ئەوەی کە ئامادە ئەکرێت وەکو بنود، لەسەر ئەساسی مەشاریع یان نەوعی ئیجتیماعی، بۆ ئەوەی ئێمە زیاتر لەم بابەتە تێبگەین، و بەرچاو ڕوونی زیاترمان هەبێت، چ وەکو حکومەت، چ وەکو پەرلەمانتار، چونکە ئامادە کردنی موازەنە لە عێراقدا لەسەر ئەساسی موازەنە بنودە، بەڵام لە پاڵ ئەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندە بەوەی کە ئەمە ئامادە بکات، پێشنیار ئەکەم بۆ وەزارەتێك یان دووان، لەسەر شێوازە تازەکانی ئامادە کردنی بودجە هەوڵێك لەم بارەیەوە بدات، هەرچەندە تێچوونی مادی، مرۆیی هەیە، بەڵام بۆ ئێمە ئیستیفادەی ئەبێت، چونکە ئێمە وەکو هەرێمی کوردستان کە چاومان بڕیوەتە پێشکەوتنی زیاتر لەم مەجالەدا، پێویستمان پێیەتی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە لە ماوەی نزیکی سی ڕۆژی ڕابردوو هەروەکو لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانشیدا هاتووە، لە لیژنەکانی پەرلەمان، و

بەتایبەت من وەکو ئەندامێکی لیژنەی دارایی، چووینە ناو وردەکاری ئەو ژمارانەی کە هەن، لەناو بودجەکەدا، بە ورد بوونەوە لە کۆی خەرجی موازەنەکانی ساڵانی 2011/2010/2009 ئەم هێڵە گشتیانە لە ستراتیژ و بنیاتنانی ژێرخان و سەرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان دەبینم:

1- بەردەوام بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە پاراستنی ئاسایش و سەلامەتی گیان و ماڵی هاووڵاتیان،
2- پەرەپێدانی کەرتی نەوت و سامانە سروشتیەکان، دابین کردنی کارەبا و سووتەمەنی پێویستە.
3- پەرەپێدانی کەرتی بازرگانی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم.
4- بونیاتنان و چاککردنی هۆکارەکانی گواستنەوە و گەیاندنە.
5- پاڵپشتی کردنی ژینگەی دیموکراسی و مەدەنیە لە هەرێم کوردستاندا.
6- پەرەپێدانی مرۆیی و کەمکردنەوەی ڕێژەی نەخوێندەواریە.
7- بەردەوام بوونی حکومەتە لە دروست کردنی هێزی سەربازی یەکگرتوو و نیشتیمانی.
8- دروست کردنی پەیوەندی دبلۆماسی و سیاسی و ئابووریە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر و جیهان بە شێوەیەکی گشتی.

ئەوەی کە من وتم، ڕاستە سیاسەت و شەن، بەڵام ئەمانە بە فیعلی لە موازەنەکانی ساڵانی 2011/2010/2009 پارەیان بۆ خەرج کراوە، بۆیە ئەبینین ئێستا ئەگەر هاووڵاتیەك بەراورد بكات لە نێوان ساڵانی 2009 بۆ ساڵانی 2010 هەر لە دابینکردنی کارەبا و سووتەمەنی جیاوازیەکی زۆر ئەبینێت، ئەمە لەسەر ئاستی ستراتیژ و بنیاتنانی ژێرخانی ئابووری و سەرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان، وەکو هاوکارانم ئاماژەیان پێدا ئەمساڵیش وەکو دوو ساڵی ڕابردوو کە لە خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان ئێمە کار ئەکەین، بودجە لە کاتی خۆیدا وەکو لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان هاتووە، نەهات بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی پەرلەمانی کوردستان گفتوگۆی لەسەر بکات، و دواتر پەسندی بکات، کە ئەمە بەلایەن هەمووومانەوە کاریگەری نێگەتیڤی هەبووە لەسەر هەم ئیدارە، و هەم لایەنی ئابووری هەرێمی کوردستان، پێشنیاری موحەدەدی من ئەوەیە ئێمە دوو ئەگەرمان لە پێشە، یان دوو هەڵبژاردنمان لە پێشە بۆ ئەوەی بۆ ساڵی داهاتوو حکومەت بڕیار بدات لەوەی کە کەی بودجە بنێرێت؟ یان ئەوەتا بە خەملێندراوی لە کاتی خۆیدا بینێرێت، کە ئەمە بۆ ئێمە، بۆ هەرێمی کوردستان، بە باوەڕی من ئیمکانە بە هەر زیاد بوونێك، یان کەم بوونێك، لە ئەو بودجەیەی کە تەرخان ئەکرێت بۆ هەرێمی کوردستان لە لایەن عێراقەوە جیاوازی دروست بكات لە بودجەکەدا، ئەمە وا ئەکات بڵێین ئەو خەرجیە ماددی و مرۆیانەی کە لە پێناوی ئامادە کردنی بودجەدا لە لایەن حکومەت و لە لایەن پەرلەمانەوە سەرف ئەکرێت زیاتر ببێت.

یەعنی بێنینە پێش چاوی خۆمان ئێمە نزیکی مانگێك و چەند ڕۆژێکە موناقەشەی ئەم موازەنەیە ئەکەین، ئەگەر زیاد بوون، یان کەم بوون، لە بەشی بودجەی هەرێمی کوردستان ڕوو بدات ئەبێ جارێکی تر ئێمە بێین موناقەشەی بکەینەوە.

ئەمە ئیختیاری یەکەمە، ئیختیاری دووەم، ئەوەیە کە ئێمە تەجروبە لە وڵاتانی تر وەربگرین، ساڵی ڕابردوو پەرلەمانی کوردستان وەفدێکی پەرلەمانی بەریتانی و سکوتلەندی میوانداری کرد، ئەو بەڕێزانە دوو ڕۆژ لەسەر چۆنیەتی ئامادە کردنی موازەنە بۆ ئێمە پێشنیاریان هەبوو، کە قسەیان کرد لە بارەیەوە، پرسیارمان لێیان کرد وەکو هەرێمی سکوتلەندا ئێمە چۆن مامەڵە لەگەڵ موازەنەدا ئەکەن؟ دیارە ئەوان شتێکی نووسراویان نیە، بەڵام ئەوەی کە موتەبەعە وەکو عورف ئەوەی کە لە دوای ماوەیەکی دیاری کراو، دوو تا سێ هەفتە، حکومەتی هەرێمی ئەو ناوچەیە پابەند دەبێت بەوەی کە بودجەی هەرێمەکە بنێرێتە پەرلەمانی خۆی.

بۆیە پێشنیاری من ئەوەیە، ئەگەر ئێمە ئیختیاری یەکەم هەڵنەبژێرین بیکەین بە بڕیار لێرە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دوای ئەوەی کە موازەنەی عێراقی تەصدیق ئەکرێت بە دوو تا سێ هەفتە پاش ئەوە موازەنەکەی بنێرێتە پەرلەمان بۆ ئەوەی ئێمە موناقەشەی بکەین، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لەبەر ئەوەی ئیعدادی موازەنە لە هەرێمی کوردستان وەکو عێراقی فیدراڵ لەسەر ئەساسی بنودە، موازەنەی بنودە، ئەبینین ئەوەی کە هەیە تەنها ژمارەیە، ئایا ژمارەکانیشمان پێ ئەڵێن؟ هەموو ئەو ژمارانەی کە هەن لەناو کۆی پڕۆژەکەدا، کە وەکو مامۆستای بەڕێز، و سەرۆکی لیژنەی دارایی ئاماژەی پێ کرد، ئەگەر ورد بینەوە ئیمکانە ژمارەیەکی زۆربێت، بەڵام لە پشتەوەی ئەم ژمارانە، کە دابەش بوونی ژمێریاری و دارایی تێدایە، بەو ئیستیمارانەی کە هاتوون، کۆمەڵێك چالاکی ئیداری دروست ئەکەن دواتر جێکەوتی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەبێت لەناو هەرێمی کوردستاندا، من تەنها بەکورتی لەسەر هێڵە گشتیەکان و جێکەوتەکانی ئەم ژمارانە شتێك ئەخەمە بەر دەستی پەرلەمانتارانی بەڕێز.

پێشنیاری موحەدەدم بۆ ئەو کەم و کوڕیانەی کە هەن، چ لەناو موازەنەی تەشغیلی، چ لە بەشی بودجەی ئیستیسماری، ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە موازەنەی تەشغیلی، دیارە ئەگەر سەیری تەرخان کراوی بڕی هەردوو وەزارەتی (ئاسایش، ناوخۆ)، و دەزگاکانی تر بکەین ژمارەیەکی زۆر ئەکات، بەڵام لە پشتەوەی ئەم ژمارانە چی ئەبینین ئێمە وەکو هاووڵاتیەکی کوردستانی؟ ئەمن و ئاسایش ئەبینین بۆ گیانمان، بۆ ماڵمان، و بۆ سەلامەتیمان، هاووڵاتیەکی کوردستانی زۆر بە سەربەخۆیی و زۆر بە ئازادانە هاتوچۆ ئەکات، و ڕۆژانە، مانگانە، ساڵانە، ئەو پارەی کە هەیەتی خەرجی ئەکات، لە مەعامەلەی ئابووریدا بەکاری ئەهێنێت، ئەوە یەك.

دوو، ئەمە هەر جێکەوتەکانی بەشی موازەنەی تەشغیلیە، کە پرسیارێك بکەین ئایا ئەم موازەنەی تەشغیلیە بۆ ئێمە ئیستیفادەی هەیە یان نا؟ لە پاڵ ئەوەی کە ئەو بڕە پارانە وەکو مووچە بەشێك

زۆری، یـان وەك خـەرجی دامـەزراوەکان خـەرج ئـەکرێن ،بـەڵام خزمـەت گـوزاری لـێ دروسـت ئـەبێت، دووەمیان، دابینکردنی وزەی کارەبا و سووتەمەنیە، بۆ زیاتر لە پێنج تا شەش ملیۆن هاووڵاتی، من بـۆ ئەڵێم شەش ملیۆن؟ چونکە بە پێی ئەو زانیاریانە و ئەو واقیعەی کە هەیە لەبەر دەسـتمان دا، ڕاسـتە ئەگەر هەرێمی کوردستان پێـنج ملیـۆن هـاووڵاتی بـن، بـەڵام خۆشـبەختانە ئێسـتا هـەرێمی کوردسـتان کارەبا ئەدات بە کەرکوك، و بڕیارە بیدات بە شوێنی تریش، ئەمە مانای ئەوەیـە ئـەو خەرجیانـەی کـە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مەجالی موازەنـەی تەشغیلی سـەرفی دەکـات بـۆ وەزارەتـەکانی سـامانە سروشتیەکان و کارەبا، باشە، ئێمە وەکو هاووڵاتیان بـە شـێوەیەکی عادیلانـە ئیسـتیفادەی لـێ ئەکـەین، من وەکو هاووڵاتیەك لە ماڵەکەی خۆم، وەزیرێکیش وەکو هاووڵاتیەك لـە ماڵەکـەی خـۆی ئیسـتیفادەی لێ ئەکات، سێ، پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری پەروەردەیی و خوێنـدنی بـاڵا، ئەگـەر وردبینـەوە بـە پێی ئەو داتایانەی کە هەیە و ئیعلانیش کراون، نزیکی یەك ملیۆن و پێـنج سـەد هـەزار هـاووڵاتی کـە زۆرینەیان گەنج و هاووڵاتی ئەم هەرێمەن، سوود لە خەرجیەکانی وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵ ئەبینن.

بەهـەمان شـێوە ئـەوەی کـە پێـی ئـەوترێت گەشـەی دیموکراسـی و ژیـانی مـەدەنی، خۆشـبەختانە حکومەتی هەرێمی کوردستان جگـە لـەوەی کـە یاسـای هەیـە، سـاڵانە بـڕی تـەرخان کـراوی بـۆ دەعمـی ئەحزابی سیاسی، و مونەزەماتی موجتەمەعی مەدەنی، و ڕێکخراوەکان و سەندیکا و کۆمەڵەکان هەیـە، کە ئەگەر موقارەنەیەك بکەین لە نێوان 2009 تا 2012، گۆڕانکاری بەرچاو لەم بوارەدا ئەبینین، بە هەمان شێوە بۆ وەزارەتەکان، و بۆ ئەو خزمەتگوزاریانـەی تـر ئەگـەر بڕۆینـە خـوارەوە، ڕیزبەندیەکـە بەو شێوەیە کە باسم کرد.

پێشنیارەکانم لەبەر ئەوەی ئێمە وەکو ئەندامی لیژنەی دارایی پاش ئەوەی زیاتر لە چەند دانیشـتنێك لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی، و بەڕێز وەزیری پلانـدانان، و موتابەعـەمان بـۆ دەوائیرەکـان و ڕاوێـژمان لەگەڵ ئەو وەزارەتانەی کە لە مـاوەی سـی ڕۆژی پێشـوو دەسـتمان پێڕاگەیشـتن، ئەگـەر بـە ڕاسـتەوخۆ بێت یان لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە.

ئەم پێشنیارانە ئەخەمە ڕوو بۆ ئـەوەی کـە ئێمـە زیـاتر ئیسـتیفادە لـە خـەرج کـراوی بـڕی تەشـغیلی وەربگـرین، ئەوانـەی کـە ئێمـە بـە کـەموکوڕی ئـەزانین لـە لایـەن حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانەوە چارەسەریان بۆ بکرێت، ئەوەی کە بەڕێزان لە لیژنەی دارایی وەکو ئەنـدامێکیش پشـتیوانی لـێ ئەکـەم جارێکی تر کەمکردنەوەی بڕی تەرخانکراوی سەرۆکایەتیەکان. من تەفاصیلەکەی ناڵێم، لەبەر ئـەوەی بەشێکی زۆر لە پەرلەمانتاران و هاوکارانم خستیانە ڕوو، و بەهەمان شێوە بۆ پێشنیارەکانی تر ئـەوەی پەیوەندیدارە بە بەردەوام بوونی حکومەت، و جیاکردنەوەی ئەو بڕەی کە تەرخان کـراوە بـۆ پـڕۆژەی تواناسازی.

بەهەمان شێوە هەڵمەتی نیشتیمانی دروست کردنی قوتابخانەکان، و زیاد کردنی سولفەی عەقاری گوندەکان بۆ بیست و پێنج ملیۆن، چونکە لە ساڵانی ڕابردوو ئەوەی کە دەرکەوتووە، خۆشبەختانە لەوانەیە بەدەم ئاسان بووبێت نزیکی چوار هەزار گوند لە هەرێمی کوردستان وێران کراون، بەڵام خۆ ئاوەدان کردنەوەی بە ئاسانی نەبووە و ناشبێت، لەگەڵ تەسبیت کردنی ئەو پێشنیارەم بۆ بەخشینی بڕی (600000) بۆ ئەوانەی کە بڕی کەمتر لە (40000) وەرئەگرن مانگانە، بەهەمان شێوە (480)ەکە بۆ فەرمانبەرانی پلە (9) و پلە (10).

بەڕێز وەزیری دارایی، بەحوکمی ئەوەی کە زانیاریمان پێگەیشت، و جەنابیشت ئاماژەت پێدا، ئەم پێشنیارەم دیاری کراوە بۆ دەرماڵە، من پێشنیار ئەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان و جەنابیشتان وابزانم ئاماژەتان پێدا، هەوڵێك هەیە بۆ پێداچوونەوە بە دەرماڵەکان، لیژنەیەك دروست کراوە، پێشنیار ئەکەم پاش ئەوەی پێدا ئەچنەوە، هەموو ئەو بڕیارانەی کە هەن بە زیاد کردن و کەم کردن، یان بە تەرخان کردنی دەرماڵەی فەرمانبەران، هەمووی هەڵبوەشێندرێتەوە، بە مەرجێك تەنها ئەو قرارە ئیشی پێ بکرێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حەتمەن بە ئاگاداری پەرلەمانی کوردستان، بۆچی؟ بۆ ئەوەی ئێمە ساڵانە تووشی ئەوە نەبین لە بودجەی تەشغیلی لەسەر بنەمای ئەوەی کە موخەصەصاتێك لە بەغدا زیاد بکرێت، لێرەش بە هەمان شێوە هەوڵ بدەین بۆ زیاد کردنی، چونکە ئەو واقیعە ئابووریەی کە هەیە.

ئەو واقیعە کۆمەڵایەتیەی کە هەیە لە هەرێمی کوردستاندا، زۆری فەرقە لەگەڵ ناوچەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق، ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە چارەسەر کردنی کێشەی زۆری فەرمانبەران، بەڕێزتان لە یاساکەدا پێشنیارێکتان خستۆتە ڕوو کە لە ماددەی (13)یە، بەڵام من وەکو سیاسەت باسی ئەکەم، لەبەر ئەوەی هێڵی گشتیە، ئەمە کێشەیەکە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا هەیەتی، بۆ داهاتوو ئەگەر چارەسەری بکات، بەوەی کە ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەری هەیە.

پێشنیار ئەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوەڕێی تەعدیلی قانونی تەقاعودی نەکات، ئەوەی کە لەلایەن عێراقەوە هەیە، هەروەکو چۆن چاوەڕێی نەکرد بۆ یاسای کار، هەوڵێکی هەمەلایەنە بدرێت، چ وەکو حکومەت، چ وەکو پەرلەمانیش بۆ ئەوەی تەحقیقی عەدالەت بکەین، ئەمە یەك، دوو، ژمارەی فەرمانبەران کەم بکەینەوە، ئیمکانە بە چەند هێلێکی گشتی ئەم کێشەیە حەل بکەین، بێ ئەوەی کە تەمەنی تەقاعودی کەم بکەینەوە، بۆ ئەوەی دەورانی عەمەل خێراتر بێت، مووچەی تەقاعودی بەرز بکرێتەوە، ئەو ڕێژەیە کە پێی ئەدرێت، و چەند سیاسەتێکی تر ئەکرێت لەناو یاساکەدا جێ بەجێ بکرێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە بڕی تەرخان کراوی بودجەی ئیستیسماری.

تەبعەن پێش ئەوەی بڕۆمە سەر بڕەکە، پێشنیارێکم هەیە بۆ و بە پێویستیشی ئەزانم بۆ وەزارەتی دارایی، لەبەر ئەوەی ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی تەعبیرە لە ڕاو سیاسەتی حکومەتی هەرێمی

کوردسستان، پێویستە بۆ ساڵی ئایندە ئەگەر بوو دوو لاپەڕە بێت، یان بە چەند دێرێك بێت هێڵە گشتیەکان و ساسیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە بودجەی ئیستسماری بیخاتە ڕوو، چونکە ئەوەی کە هەیە لەناو ڕاپۆرتەکەی ئەمساڵدا بە هەڵەدا نەچووبم لە نیو لاپەرەدا خراوەتە ڕوو، کەباس لەوە ئەکات چەند بڕە پارە بۆ بەشی ئیستسماری تەرخان کراوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ ئەوەی بەچاوی ئێمەی پەرلەمانتار، و ئەوانەی کە موهتەمن بە ئیعدادی موازەنە و خەرج کردنی پێویستە هێڵە گشتیەکان و سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەناو ڕاپۆرتەکەیدا بێت، چونکە ئەم ڕاپۆرتە تەعبیرکەری حکومەتی هەرێمی کوردستانە، و ئەکرێ بە تەنسیق لەگەڵ بەرێز وەزیری پلاندانان ئەم سیاسەتە بخرێتە ڕوو.

چونکە ئەوەی کە لەبەر دەستی منە وەکو وتم، ئاماژەم پێدا، هێڵە گشتیەکانی حکومەت لە ساڵانی 2009 هەتا ئێستا هەر ئەو هێڵە گشتیانەن، ئەگەر ئێمە یەك تۆز ورد بینەوە لەو بڕە پارانەی کە تەرخان کراون بۆ کەرت و وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بوارە جیاجیاکانی ئەمساڵدا، بە خێرایی ئەیخەمە ڕوو، ڕیزبەندیەکانیان بەم شێوەیەیە، بە پلەی یەکەم ئیهتیمامی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی کارەبایە، کە بڕی تەرخان کراوی بۆ پرۆژەکانی بریتیە لە حەوت سەد و حەفتا و پێنج ملیار دینار و سەد و چل و دوو ملیۆن، کە ئەکاتە لە سەدا بیست و یەك پۆینت دە لە بڕی تەرخان کراوی کۆی بودجەی ئیستیسماری ئەوەی کە لە لایەن وەزارەتەکانەوە خەرج ئەکرێت، جگە لەوەی لە لایەن پارێزگاکانەوە خەرج ئەکرێت، بە پلەی دووەم وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزارە، بە پلەی سێیەم وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەیە، بە پلەی چوارەم وەزارەتی پەروەردەیە، بە پلەی پێنجەم وەزارەتی تەندروستیە، کە بڕی لە سەدا پێنج پۆینت پەنجاو چواری بۆ دانراوە، دوای ئەو وەزارەتی کشتوکاڵ، ئینجا وەزارەتی خوێندنی باڵا، دواتر وەزارەتەکانی تر. هەندێك کەموکوڕی لە بڕی ئەم تەرخان کراو و پرۆژەکان ئەبینین پێشنیار کراوی دیاری کراوی من بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، و لەلایەن وەزارەتەکان کە ئەگیرێتە بەر بۆ جی بەجێ کردنی ئەم بڕە پارەیە، و بە تایبەت بۆ بەرێز وەزارەتی پلاندانان، پێشنیار کراوەکانمان پاڵپشتی کردنە لەو پێشنیارەی کە بەرێزان لە لیژنەی دارایی نووسرابوو، ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە پرۆژە پێشنیارکراوەکان. پێشنیاری حکومەت لە ئەنجامدانی پرۆژەکانی زیاتر تەرکیز و ئاڕاستەی ئەو ناوچانە بکات کە تووشی کاولکاری و پرۆسەی ئەنفال و کیمیا باران بوونە، ئەو پرۆژانەی کە هەن لەو ناوچانە، چونکە ئێمە مەبەستمانە جۆری ژیان لە کۆی هەرێمی کوردستان، و لە سەنتەری پارێزگاکان، و لە قەزاکانیش تا ڕادەیەکی باش لێك نزیك بن، ئەگەر بکرێت ئەو بڕە پارانەی کە ئەمێنێتەوە لە پرۆژە پێشنیار کراوەکان، پاش ئەوەی کە پەرلەمانی کوردستان ئەم پرۆژانە بە نەزەری ئیعتیبار وەرنەگرێت بۆ ئەمساڵ، ئەو بڕە پارانە زیاتر ئاڕاستە بکرێت بۆ وەزارەتەکانی تەندروستی و کشتوکاڵ، بۆ ئەوەی ئەو خەرج کردن و ئەو پلانانەی و ئەو چالاکیانەی کە حکومەت هەیەتی لەم مەجالەدا بە ئاڕاستەیەك بڕوات متەوازن بێت

لەگەڵ وەزارەتەكان و كەرتەكانی تردا.ئەوەی كە من خستمە ڕوو تەنها هێڵە گشتیەكان بوو، تەصەوڕ ئەكەم كەمترین ئاماژەم بە ژمارە دابێت، چونكە ئێمە وەكو ئەندامی لیژنەی دارایی لە ماوەی ڕابردوو ژمارەیەكی زۆر كۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزیرە بەڕێزەكان كردووە، و بە پێی پەیڕەوی ناوخۆش من وا تێگەیشتووم كە لێرە هێڵە گشتیەكان موناقەشە بكرێت، و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین یاسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش هەموو شتێك دەمەوێ دەست خۆشی خۆم لە سەرۆكی پەرلەمان و سەرۆكایەتی پەرلەمان بۆ دەرفەت دان و ڕێك خستنی كەشێكی زۆر ئارام، كە بەڕاستی چاندنی داری ئازادی ڕادەربڕین لەناو پەرلەمان بەفیعلەن چەسپاوە، هەروەها دەست خۆشی خۆم لە لیژنەی دارایی دەكەم بۆ هەموو ماندووبوون و هەموو تێبینیە وردەكانیان كە دەست نیشان كراوە.

من لێرەدا چەند تێبینیەك و چەند داواكاریەكم هەیە زۆر بە كورتی دەریان دەبڕم، چونكە بەڕاستی نەبوونی من لە پێشوو وای كرد هاوكارانم كارەكە زیاتر باس بكەن، لەبەر ئەوە من بەس بۆ پشتگیری كردن و زیاتر گرنگی دان بەو خاڵانەی كە لام گرنگە، بەگشتی بودجەی هەرێمی كوردستان.

ئەمساڵ وادەبینرێ كە ئەولەویەتی پێوە دیارە، كە ئەولەویەت و شەفافیەتی ئەو بودجەیە لەوەدا دیارە كە بایەخ دان بە لایەنی نوێبوونەوە لە فیكر و لە لایەنی ڕۆشنبیری و پەروەردە كە ئەساسی هەموو بوارەكانی ترە، بوونی و بایەخ دان بەلایەنی كۆمەڵایەتی و ئەمن و ئاسایش و ڕێز گرتن لە هەموو چین و توێژەكان بەتایبەتی لایەنی پێشمەرگە و هەموو سێكتەرە گرینگەكانی تری ژیان و دابین كردنی كارەبا و بوارەكانی تر هەمووی جێگای دەست خۆشیە.

تێبینی دووەمم بەوە دەكرێ كە ڕاستە تا ڕادەیەكی باش بایەخ دراوە بە زۆر لایەن، بەڵام بەداخەوە، وەك دەڵێن موخابن پار ساڵ و ئەمساڵیش كە ئێمە لەگەڵ ئەوەین هەموو عەقلێكی سەلیم لە جسمێكی سەلیمدایە. ئێمە بوونی ئەوەی كە بایەخ نەدانی زۆر بە لایەن و كەرتی تەندروستی نەبوونی ئەو هاوسەنگیە تاڕادەیەك بۆ كەرتی تەندروستی جێگای نیگەرانیە بەڕاستی، كە وابزانم لەگەڵ پێوەری نێودەوڵەتی كە وابزانم زۆر كەمە هیوادارم ساڵی ئایندە ئەمەش پڕ بكرێتەوە كە زیاتر بایەخ بە لایەنی تەندروستی بدرێت.

لە بواری كۆمەڵایەتی كە زیاتر بواری لیژنەكەی خۆمە پاڵپشتی خۆم بۆ ئەو هەموو پێشنیازیانە دەكەم كە لەناو لیژنەكەی خۆمدا پێشنیاز كرابوو، و زیاتر لەوەدا داواكارم كە یەكەم زیاد كردنی ئەو بڕە پارەیە كە وەكو مووچەیەك بۆ چاودێری كۆمەڵایەتی كە بەڕێژەی چوار سەد ملیارە زیاد بكرێ بەڕاستی، چونكە ئەوە

هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 80

سالّی/ 2012 – بەرگی هەشتا

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2013

# پێرست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (31) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – دووشەممە 2012/6/18 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (32) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2012/6/19 ل 57

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (33) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/6/20 ل 121

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (34) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2012/6/21 ل 127

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (35) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – هەینی 2012/6/22 ل 201

1- پەیام احمد مۆڵەت

2- بەیان احمد ئامادەنەبووە

3- حازم تحسین مۆڵەت

4- زکیە صالح مۆڵەت

5- سمیر سلیم مۆڵەت

6- د. صباح محمد مۆڵەت

7- عبدالسلام مصطفى مۆڵەت

8- یاووز خورشید مۆڵەت

ئێوارەکەی

1- پەیام احمد مۆڵەت

2- اسماعل سعید ئامادەنەبووە

3- حازم تحسین مۆڵەت

4- هاژە سلیمان مۆڵەت

5- سمیر سلیم مۆڵەت

6- د.صباح محمد مۆڵەت

7- عبدالسلام مصطفى مۆڵەت

8- یاووز خورشید مۆڵەت

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر خستنەڕوو وگفتوگۆکردنی پرۆژەو یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان – عێراق بۆساڵی 2012. لیژنەی دارایی فەرموو بۆ شوێنی خۆتان، بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان دەکەین، شێخ بایز ودکتۆر عەلی، وەفدە یاوەرەکانیان، مامۆستا سعدیش بەخێر بێت، مونەسقی نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەکو دوێنێ باسمان کرد بۆ بەڕێزتان هەموو ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانەی کەناوی خۆیان نووسیبوو بە ئارەزووی خۆیان قسەی خۆیان کرد، لەماوەی 7 ڕۆژی ڕابردوو ئێوەی بەڕێز قسەتان کرد، دیارە بەشێك لەقسەکانتان ئاراستەی وەزیرە بەڕێزەکان بوو، ئێستا داوا لە وەزیرەکان دەکەین کەوا یەك، یەك ڕوونکردنەوەو تێبینیەکانی خۆیان بدەن، کاك شێخ بایز، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەمەوێت ئێستا وەڵامی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان بدەمەوە، بەڕێز سۆزان خان، سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی، داوای لیژنەیەکی کردووە بۆ دەرماڵە دابمەزرێت، ئەو لیژنەیە لە ئەنجومەنی وەزیران دامەزراوە، بەئەندامێتی چەند وەزیرێك وئەندامێکی پەرلەمانیش داوا لەبەڕێزتان کراوە بۆ ئەوەی دەستنیشان بکرێت و لەو لیژنەیە بێت، لیژنەی دەرماڵە کە پێیدا بچنەوە، زەوجیەو منداڵ بۆ ژنی بێ پیاو کەوایان کردووە، ئەوە لەدەسەڵاتی پەرلەماندایە کە هەر بڕیارێك لەو بارەیەوە بدرێت، حکومەت بەردەوام دەبێت و بەردەوامە لەمەسەلەی تواناسازی، پارەی بۆ تەرخانکراوە.

پێشنیارەکان بۆ ئەوەی کە نەچێتە وەزارەتی خوێندنی باڵا ئێمە دەیخەینە بەردەستی ئەنجومەنی وەزیران، پرسیاری چوارەم، بەڕێز وەزیری پلاندانان وەڵام دەداتەوە، مەسەلەی شۆڕکردنەوەی دەسەڵات ئەوە تەوجیهی حکومەتەو ئێستاش فیعلەن جێبەجێ دەکرێت، ئێستا هەر وەزارەتێك خەریکە دەسەڵاتەکانی خۆی زیاتر شۆڕ دەکاتەوە بۆ خوارەوەی خۆی، حکومەت بەتەئکید بەردەوام دەبێت لەخزمەت ناوچە دابڕاوەکان.

زیادکردنی سولفەی عەقاری ئەوە لەدەسەڵاتی پەرلەماندایە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەر زیاد کردنێکی پارە دیارە لەکوێ بمانەوێت زیادی بکەین، هەر بارگرانی دەخاتە سەر بودجەی هەرێم، سەرفکردنی پارەی بێکاری بۆ دەرچووانی وەزارەتی پەروەردە، ئەویش هەر لەلای پەرلەمانی بەڕێزە، بەنیسبەت پرسیارەکانی تر کە پەیوەندی بە 100 ملیار دینارەوە هەیە، وەزیری پلاندانان وەڵام دەداتەوە، بەنیسبەت 600 هەزار دینار و 480 هەزار دینار ئێمە وەکو بڕیاری پەرلەمانی بەڕێز جێبەجێی دەکەین هەموو وەختێك بەنیسبەت مووچەو دەرماڵە، لەبەغدا چۆن بێت ئێمەش لێرە جێبەجێی دەکەین، ئەو سولفانەی کەئێستا لەتەعلیماتەکان وادیارە لەڕێنماییەکان ئێستا گلەیی هەیە لەهەندێ ڕێنمایی بەتایبەتی ڕێنمایی سولفەی پیشەسازی، بەتەئکید ئێمە هەوڵ دەدەین کە ئەو ڕێنماییانە ئیعادەی نەزەری تێدا بکەینەوە.

وەڵامی بەڕێز کاك کاردۆ، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، یەك: تەبیعی هاتووە لە پرسیارەکەدا کەوا تارمایی هەیە، لەسەر داهات، ئێمە دەڵێین هیچ تارماییەك لەسەر داهات نیە، ئەگەر بەوردی سەیری بودجە بکەین، دەبینین داهات بەوردی دانراوە لەحەقلی خۆی، وەکو داهاتە گشتیەکان و لەناو بابەتی مینەحیش داهات هاتووە، کە حیسابەکانیان بەو شێوەیەیە تەبیعەتەکەی وایە، بۆ ئەو شوێنانەی کە بەمینەح مەشمولن، لەعێراقیش بەهەمان شێوەیە.

بەنیسبەت پارەی مەنافزی حدوودیەوە کەباس دەکرێت، ئەوەی کەدەڵێین هەیەو دانەنراوە، ئێمە ساڵی پار دامان نا، 305 ملیار دینار بوو، هی ساڵی ڕابردوو تریش 400 ملیار بوو، ئەی کردە 705 ملیار دینار، بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق و وەزارەتی دارایی ئەبوایە ئەو پارەیە بگەڕێتەوە بۆ ئێمە، ئێمەش ئەوەبوو لەئیرادی ساڵی پاردا داخڵمان کرد، بەڵام دوای ئەوە حکومەتی عێراق بڕیارەکەی خۆی

لاداو بڕیارێکی تری دانا، کەچەند فەقەرەیەك شمولی ئەکات، ئـەوەی کـە دەینێـرن بـۆ پارێزگاکـان، ئـەوەش تەنها $8$ ملیار دینار هاتووە، کەئەوانی تری بەهیچ شێوەیەك بە ئێمە نەدرا، بۆیە ئەمساڵ پارەی مـەنافزی حدوودی دانەنرا و پارەی گومرگیش، چونکە ئەوان خۆیان دێن وەك ڕەقابە تەدقیقی دەکەن ودەیبەن، ئیتر لەهەموو دەروازەکان بەپێی ئیتیفاق کراوەو ئەو کیتابە هاتووە، لەگەڵ ڕەقابەی مـالی کوردسـتاندا مـەنافزە حدوودیەکان و گومرگەکان تەدقیق دەکرێن، گوایە زانیاری نادروستمان داوە بەپەرلەمان، هـیچ زانیارییـەك بە نادروستی نەدراوە بەپەرلەمان، ئێمە ئەمە ڕەد دەکەینەوە، ئەو نموونەیەی کەباس دەکـەن لـەناو ڕێـژەی شەش مانگی یەکەم.

بەڕێزان خۆی ناو لێنان لە شەش مانگی یەکەم لەهەر ساڵێکدا بەژمێرەی کۆتایی ئەمە ڕاست نیـە، چـونکە جارێکی تریش شەرحی دەکەمەوە ئەوە تەنها ئیستیمارەیەکە ئـەو شـەش مانگـە دەستنیشـان دەکرێـت وەك پێوەرێك، ئەوە خۆی وانیە، بۆیـە دەڵێم تکایـە ورد ببنـەوە لـە بودجـە، چـونکە ئـەو حسـابی شـەش مانگـە سەرفی فیعلیە، لەو بەروارەی کەدروست کراوە بۆ ڕێکخستنی بودجە وەك پێوەرێك، ئـەو ڕەقەمانـەی کـە لـە ئیستیمارەکەدا هاتووە، تەسویەی سولەفی تێدا نیە، هەموو سـولفەیەك لەهـەر ڕۆژێـك کـە تەسـویە دەکرێـت سەرفە فیعلیەکەی دەچێتە ناو ئەو ڕەقەمانەوە، بۆیە ئەو ژمارانە بەبەردەوام ئـەگۆڕێن، لەگـەڵ تەسـدیدی سولفەکان ولە حساباتی کۆتایی ئیستیقرار دەکات.

ئەمە ئیجتیهادی وەزارەتی دارایی نیە، ئەمە بەم شێوەیەیە لەهەموو عێراقیش هەر وایە، ئەو مەسەلەیەی کە حساباتی کۆتایی ئەو سەرفە فیعلیانە دەردەخات، ئەوە یاسایە، کورتهێنان لەئـەنجامی چالاکی حکومـەت و وەزارەتەکان، وە خەرجی زیاتر دێت بۆ ئێمە لەپێشەوە باسمان کرد چۆن کورتهێنـان دروسـت بـووە، ئـەو پارەی کەدەینێرن بۆمان، لەگەڵ ئەو داهاتەی کەبۆ خۆمانە بەشی خەرجی حکومـەت ووەزارەتـەکان ناکـات، پارەی وەزارەتەکان زیاد لەلازم کەمکراوەتەوە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە، خۆتانیش گلـەییتان لـەوە هەیـە، ڕەنگـە ئـەوانیش گلـەییان لێـی هـەبێت، وە پێیـان نـاخۆش بێـت، بـەڵام کـاری گـرنگ لەبودجـەدا ئەگـەر ئیمکانیەتەکـەش موحـەدەد بێـت، ئەبێتـە هـۆی عـەجز، ئەگـەر داهـات بەرامبـەر بـە خـەرجی داواکـراوی پێویست گرنگ ویەکسان بێت، هەڵبەتە عەجز نابێت.

لەبـەر گـەورە بـوونی سـاڵ بـەدوای سـاڵ قـەبارەی بودجـەی بەکارخسـتن لـەغیابی پرۆگرامـی ئـابووری وکۆمەڵایەتی هەرێم، ئەویش یەکێکە لە پرسیارەکان، وەزارەتی دارایی و ئابووری، لەگەڵ هەموو وەزارەتێك سـاڵانە لەڕێگـەی لیژنـەی تایبـەت موناقەشـە، لەگـەڵ وەزارەتـە تایبەتمەنـدەکان دەکـات، وە میزانیەیـەك تەرخان دەکات بەپێی ئیمکانیەت، بەڵام زەروریەت لەلای ئەو وەزارەتانە زۆر زۆرە، کـەخویان دوایـی داوای دەکەن و دەبێتە هۆی گەورەبوونی عەجز، پاشان کەکۆی زەروریاتی خەرج، لەگەڵ داهات لەبودجە تاوتوێ دەکـەین، بـەو شـێوەیە دەرئەچـێتن چـونکە سـاڵانە فەرمانگـەکان ئیسـتیحداس دەکـرێن، فەرمانبـەران

دادەمەزرێن، دەرماڵەی تازە سەرف دەکرێت، فەرمانبەران عەلاوەو تەرفیع وەردەگرن، چالاکی وەزارەتەکان زیاتر دەبێت.

پێنج: لەسەر بچووك كردنەوەی ساڵ بۆ شەش مانگ، دیارە باسمان لەوە کردووە، کەچۆن موازەنە دوادەخرێت کەپەیوەندی بەعێراقەوە هەیە، ئەمساڵ پەیوەندی بەگۆڕینی حکومەتیشەوە هەبوو، وەکو هۆیەکی تر.

باشە پەرلەمانی بەڕێز با بفەرموویت یەك بڕیار دەربكات ئەوە موازەنە بێ چاوەڕوانی کردن و دەستنیشان كردنی موازەنەی كوردستان لەعێراق، بەپێی خەملاندنی وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ وەزارەتی دارایی یەکسەر مانگی $11$ بێتە پەرلەمان و چەند تەخمینی میزانیە دێت بەپێی ئیتیفاق ورێنماییەکان، ئێمە یەکسەر جێبەجێی دەکەین، بەمەرجێك هەرزیاد وکەمێکی تێدا هەبێت، دەسەڵاتەکە بدرێتە حکومەت، یان لەهەمان کاتدا لەگەڵ وەزارەتی دارایی، نەك تەنها دەسەڵاتی کەمکردنەوە بدرێت بە حکومەت، بۆ زیاد کردنەوەش جارێکی تر میزانیە بێتە پەرلەمان، هاوتەریب کردنی کورتهێنان زیادەڕەویەکان ئەمە وانیە، هەموو زیادەڕەوییەك کەڕوویداوە، هەمووی لەئەنجامی ئەو بڕیارانەیە کەدراون وزانستیانە نەبوون، دابەزاندنی لە $10$٪ی تەشغیلی و زیاد کردنی سولفەی عەقار، هاوسەرگیری، تۆڕی کۆمەڵایەتی، سەرفکردنی دەرماڵە کەپارەکەی نایەت لەبەغداوە، ئەبێت سەرف بکرێت، پارەی مەساریفی کارەباو گازوایل، کەیەکجار زۆرەو لە ساڵێکدا لەسنووری $500$ ملیار دینار بۆ ناوچە دابڕێندراوەکان سەرەڕای ئەوەی لەلای خۆمان سەرف دەکرێت، هەروەها پارەی پێشمەرگە لەسنووری $6$ تریلیۆن دینار نەهاتووە لەبەغدا، نەدانی پارەی مەنفەزە گومرگیەکان بۆ پارێزگا تایبەتمەندەکان، هەروەها نەدانی پارەی پترۆ دۆلاری ساڵی پارو چەندەهای تر، بەڵام قەت هەردووکیان بەیەك شێوە نین وهاوتەریب نین، حەوتەم: بەڕێز وەزیری پلاندانان وەڵام دەداتەوە.

بەنیسبەت حساباتی خیتامیەوە، حساباتی خیتامی ساڵی $2009$ هاتووە، بڕیاری لەسەر دراوە، حساباتی خیتامی ساڵی $2010$ لەپەرلەمانی بەڕێزە، حساباتی خیتامی ساڵی $2011$ بەپێی یاساکە، ئەوە بەزووترین کات ئەگات، بەڕێزتان دەڵێن ئەبێت حساباتی خیتامی ساڵی $2011$، پێش ناردنی میزانیەی $2012$ بێتە پەرلەمان، لەکاتێکدا کەبەڕێزتان دەڵێن بەرچاومان ڕوون نیە، بەڵام لەهەمان کاتدا داوا دەکەن کەمیزانیەی ساڵی $2012$ لەمانگی $11$ بێتە پەلەمان، خۆی حساباتی خیتامی هەمیشە لەدوای مەوازەنە دێتە پەرلەمان، من تکام وایە کەلوتف بفەرموون تەعلیمات و باسی حساباتی خیتامی بخوێننەوە وەك یاسای ئسوڵی موحاسەبات و یاسای ئیدارەی مالی، ئەبێت لەمانگی $4$ ئامادە بکرێت، لە $4/15$ لەوەزارەتەکانەوە بێت بۆ وەزارەتی دارایی، لەوێش تەوحیدی دەکات وهەموو موناقەلات وتەسویات وپێویستیەکانی دیاری دەکرێت و دەدرێتە ئەنجومەن وپاشان دیوانی چاودێری دەبێت تەدقیقی بکات،

دواجاریش بۆ پەرلەمان بێت، کورتهێنان بەڕاستی ئێمە لەسەرەوە باسمان کردووە چۆن ئەم کورتهێنانە ڕوویداوە.

من نازانم ئەو ژمارانەی کە بەڕێزیان دەستنیشانیان کردووە، لەکوێوە هاتووە؟، ئەو جۆرە حسابە بەڕاستی نازانم کاتێ بودجە دادەندرێت داهات لەگەڵ خەرجیەکان پێویستە موقارەنە بکرێن، جیاوازییەکی ئەگەر هەبێت بەفیعلی و بەپێویست بزاندرێت، بەعەجز دادەندرێت، ئەوە موقارەنە دەکرێت، بەڵام ئێستا ئێمە ئەو حساباتەی کەتەقدیممان کردووە، بێی بڵێیت داهات و مەسروفاتەکەی کە تەشخیص کراوەوە دانراوە، تۆ بێیت ڕەقەمێك بڵێیت، بەڕاستی من زۆر گەڕام نەمانتوانی ئەو ڕەقەمە دەربکەین، لەبەڕێزیشیمان پرسی ئەوەی کەبۆ ئێمەی ناردووە، ئەڵێت ئەوەی لێ تەرح بکە، ئەوەی تری لێ دەردەچێت، یەعنی ئەویش بەو شێوەیە نیە.

دەیەم: بەهیچ شێوەیەك وەزارەتی دارایی وئابووری نە ویستوویەتی ونە ئەیەوێت، نە هیچ مەسڵەحەتێکی هەیە لەوەدا کەساڵی دارایی بچووك بکرێتەوە، سولفەکانی عەقار وهاوسەرگیری و کشتوکاڵ وپیشەسازی تادوایی، موافەقەت کراوە، بۆ یەك ساڵ و یاسای پێ دەرچووە، چونکە بەردەوام پەرلەمان داوای گۆڕانکاری دەکات، پار گۆڕاو ئەمساڵیش داوای گۆڕانی دەکەن، حساباتی بودجە لە $12/15$ داناخرێت، ئەو فەترەی کەدەڵێن لە $12/15$ دادەخرێت، بەڵام هەندێ فەرمانگە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ داخستنی، لە $12/31$ ڕێنمایی وەزارەتی دارایی ئەبێت لە $12/31$ پێش نیوەڕۆ ئەبێت دابخرێت، بەنیسبەت زیادە خەرجی و کورتهێنان کەدوو جەمسەری دارایی و تەریب بەیەکن.

بەڕێزان ئێستا ئێمە چەند ساڵە وەك وەزارەتی دارایی و حکومەت، تەواو دەبینین کە کورتهێنان هەیە، تەقەشوف چۆن دەکرێت، ئێستا ئەوەتا لەم پەرلەمانەوە چەند داواکاریی هەیە، ئیلحاح دەکرێت لەسەر ئەو داواکارییانە، هەر بەڕێزیان داوا دەکات وخۆیشی ئەم کۆمەڵە پێشنیارەی هەیە، لە ڕاپۆرتەکەیدا جێبەجێکردنی قورساییەکی زۆرە لەسەر ئەم بودجەیە.

بابەتێکی تر باسی قەرز کردن دەکات، قەرز کردن لە دەسەڵاتی حکومەتی هەرێم نیە، تەنها لەدەسەڵاتی حکومەتی مەرکەزییە، وەزارەتی دارایی پاساوی کورتهێنانی داوە، لەچیەوە دێت؟، هەموویمان باسکرد کە کورتهێنانەکە لەکوێوە هاتووە؟، ئەمانەی ئێستا کەلەنەتیجەی میزانیەی وەزارەتەکان کەناردوویانە بۆ ئێمە ومونافەشە کراوە، داگیراوە؟، بەگرنگ زانراوە، لەگەڵ داهاتەکە کە موقارەنە کراوە، هەروەکو باسمان کرد ئەمە کورتهێنانەکە لێرەوە دەست پێدەکات، بەڵام ئەگەر تۆ بێیت جارێکی تر کورتهێنانەکە بەرز بکەیتەوە، کەئەوان بەوە ڕازی نین، حەقە لەلیژنەکانی پەرلەمان لەو وەزارەتانە بپرسن، ئایا ڕازین ئەوەی کەباس دەکرێت لە $10$٪ی دابگیرێت؟ مانای وایە ئەم وەزارەتانە مەشلول دەبن بەنیسبەت ئەو فەصڵ ومادانەوە، چوارەم: ئەم بابەتە جەنابی وەزیری پلاندانان وەڵامی دەداتەوە.

پێنجەم: بودجەی بەکارخستن بەڕاستی نازانین ئەم ژمارانە لەکوێوە هاتووە؟، حکومەت ساڵی ڕابردوو تریلیۆنێك و 564294 عەجزی هەبووە، ئەمساڵیش بووەتە 2 تریلیۆن 44847 عەجزی هەیە، پێشنیارەکە ئەو ژمارەیە ئێمە نازانین چۆن حساب کراوە بۆ کورتهێنان هەروەکو لەپێشەوە باسمان کردووە، کورتهێنان مەعلومە چۆن دەستنیشان دەکرێت، لای ئێمە بەپێی ئیستیمارات و ڕێنماییەکان عەجزی تەخمینی موخەتەت کراوە بە 2 تریلیۆن 44847 ملیار، پێویستە عەجز کەم بکەینەوە، ئەگەر بمانەوێت کەمی بکەینەوە ئەبێت خەرجیەك لاببەین وهەڵی بگرین بۆ ئەوەی عەجزەکە کەم ببێتەوە، ئێستا تەوصیەی حکومەتی هەرێم بەعەمەلیش دەستی پێکردووە، بۆ شۆڕکردنەوەی دەسەڵات بۆ خوارەوە، هەوڵدەدەین پێداچوونەوە بەو گیروگرفتانە بکەین، کەبووەتە هۆی زیاد کردنی ڕۆتین و فیعلەن ئێستا ئەو لیژنانە ئیش دەکەن، دەستبەکارن.

سێیەم: ڕوونکرایەوەو وەڵام دراوەتەوە، چوار: هەموو زیادە ڕەویەك پاساوی خۆی هەیە، ئەگەر هەبێت، زۆرجاریش باسمان کردووە، پاساوی تەسبیتمان لایە، بەهیچ نەوعێك دەست بڵاوی و بەفیڕۆدانی سەرمایەی گشتی تێدا نیە.

پێنج: جەنابی وەزیری پلاندانان وەڵام دەداتەوە، داگرتنی لە10٪ی ساڵی پار، دووبارە لابردنی لە 10٪ی بودجەی تەشغیلی ودابەشکردنی بەو شێوەی کەدانرابوو، ئێمە وەك وەزارەتی دارایی وئابووری وەك خۆی جێبەجێمان کرد، بەڵام ئێمە داوامان کرد کەئەوە نەکرێت، چونکە ئەو بودجەیە تەشغیلیەو وەزارەتەکان دایان ناوە کەمەو بەش ناکات، چەندجار کەم کراوەتەوە وەزارەتەکان ڕازی نەبوون وئیعتڕازیشیان هەبوو، بەڵام هەرکرا، لەبەر ئەوە بەشی وەزارەتەکانی نەکرد.

بۆیە هەمان سەرفیات دەستی پێکردو بەهەمان شێوە سەرفیات کرا، چونکە حسابەکە بەشی نەکردن، ئەوەی کەبۆیان دانرابوو بەشی نەکردن، مەجبور خۆیان تەجاوزیان کردو ئێمەش خۆ ناکرێت ئیش وکاری ئەو وەزارەتانە بوەستێنین، چونکە بەحەقمان زانیوە، ئەو لە 10٪ی تەشغیلیە کەلەو بەشانە هەڵساوە، وە لەحساباتی خیتامی دەردەکەوێت، جارێك نازانین ئەو ژمارانە لەکوێوە هاتوون؟، ئەمجارەش کەم بکرێتەوە بەهەمان شێوەی پاری لێ دێت بۆ ئێمە، بۆیە پێمان باش نیە، دواکەوتنی بودجەی ساڵانە، باسم کردووە لەچیەوە هاتووە، ئێمە وەکو خۆی هەموو ساڵێك کە ژمارەی پارەی بڕی کوردستانمان دەستکەوت، تەواومان کردووەو یەکسەر ناردوومانە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، ئەمساڵ پێش مانگی 2 سێجار ناردوومانە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، لە 2012/2/26 بەڕەسمی ڕەوانەمان کرد، ئێمە پارەمان لەبەغداوە بۆ دێت وئەوان خۆیان بۆ ئێمە تەقدیری دەکەن، هەروەکو باسمان کردن، ئێمە بەشداریمان پێ ناکەن، چۆن ئەتوانین هەروا لەخۆمانەوە ژمارەیەك بڵێین وتەخمینی بکەین؟.

ئێمە لەوەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم، هەتاکو ئێستا چەندەها داواکاری وپێشنیار وتەئکید کردنمان ناردووەو وەفدی حکومی ڕۆشتووە بۆ بەغدا، وەزارەتی دارایی مانگ بەمانگ بەلانی کەمەوە وەفدێکی هەبووە، چی حکومەت خۆی ڕۆشتووە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، یەکێك لە ئێمە چ وەزیر یان بریکار ڕۆشتووە، مانگانە وەفدمان لەوێ بووە، ئەوانەی کە موعامەلەکانی ئێمە تەعقیب دەکەن، هاتوچۆمان کردووە، لەسەر هەموو پارەیەکی ئێمە کەنوقسان بووە، کیتابمان نووسیوە داوای نەفەقاتی حاکیمەمان کردووە، داوای ئەو پارانەمان کردووە کە لەحسابی پترۆ دۆلاردا بەهەڵە حسابیان کردووە، ئەوانەمان هەمووی داوا کردووە، تەعقیبمان کردووە، بەلام تائێستا ئێمە نەمانتوانیوە بگەینە نەتیجە لەگەڵیان، هەمووشتان دەزانن مەسەلەکە چیە؟، ئەمە جگە لەوەی کە ئەو وەفدانە هەموو جارێك کەڕۆشتوون ئێمە ئەو نووسراوانەشمان لایە، واتە سورەتی ئەو نووسراوانەی کە بۆمان دێت، کەلەسەر مستەوای ئەنجومەنی وەزیرانیش کە نێردراوە.

هەروەها لەگەڵ برای بەڕێزم وەزیری پلاندانان وچەند برادەرێکی تر لەوەزارەت، کە تەکلیف کراوین مەحزەرمان لەسەر حساباتی ساڵی 2012 نووسیوە، ناردوومانە بەڕەسمی بۆ بەغداد.

سێ: پەیوەندی بە پەرلەمانی بەڕێزەوە هەیە، دیارە لەسەر ئەوەیە کەساڵانە پەرلەمانتاران سەدان ڕەخنەو سەرنج وتێبینی هەیە، ئەوە تەوجیهی پەرلەمان کراوە، باسی حساباتی کۆتاییم کرد، کەهی ساڵی 2011 کەی دێتە پەرلەمان؟، لەوەلامەکانی تردا جوابم داوەتەوە، پێنجەم: بەڕێز جەنابی وەزیری پلاندانان وەلامی دەداتەوە، شەش: 200 ملیار دانراوە بۆ حزبەکان، بەلام 115 ملیار دانراوە بۆ هەندێك ڕێکخراوی زانستی کەلای پەرلەمان دیار نیە؟، وادیاری دەکەین و قائیمەکەمان بۆ جەنابتان خوێندەوە.

دیارە داوای ناوەکان کرا کە قائیمەکەمان خوێندەوە، ئەویش وا ئیعلامان داوە بەوەکیلی وەزیر کەگەڕایەوە وەزارەت جێبەجێی بکات وبۆتان بنێرێت، بەلام ئێمە بۆمان دیاریکردبوون کەڕێکخراوەکان بۆ 89 ڕێکخراوی ڕۆشنبیری و286 ڕێکخراوی زانستی و35 ڕێکخراوی ئۆلۆمپی وپارائۆلۆمپی و بۆ 253 سەنتەری ڕۆشنبیریە، پێویستە ئیدارەی گەرمیان داوا بکات وداکۆکی لەسەری بکات، لەلای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، ئەوە مەفروزە ئەو داواکارییانەی ئیدارەی گەرمیان بەرز بکرێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و ئێمەش لەلای خۆمانەوە پێیان ڕادەگەیەنین، پێم باشە هەموو جارێك مینەح شەرح دەکەم، بەلام لەپەرلەمان وادەزانن ئەو مینحەیە وەزیر یان سەرۆك وەزیران دابەشی دەکات و بەکەیفی خۆی لێی سەرف دەکات، شارەوانی عەینکاوە پارەکەی لەناو ئەنجومەنی وەزیران دانراوە، وە حسابی مینحەیە، تکایە ئیستیمارەی مینحەکان کەهاوپێچمان کردووە، دەری بکەن وتەماشای بکەن، کە لەناو مینحەکاندا بوونی هەیە، لەناو مینحەی شارەوانیەکانیش بوونی هەیە، کەهەڵگیراوە لەناو ئەنجومەنی وەزیران پارەکەی دانراوە.

بەنیسبەت بودجەی تەشغیلی بەو شێوەیە ئیتیفاق کراوە لەگەڵ وەزارەتەکاندا، ئەبێت ئەوەی کەداواکراوە، ئەوە خۆیان وەزارەتەکان دەزانن ئێمە کەممان کردۆتەوە چەندجار، بەڵام ئیتیفاق لەسەر ئەو مەبلەغە کراوە کەئێمە ناردوومانە، داهاتی نەوت پێشتر باسم کردووە، من جارێکی تر باسی دەکەم.

بەنیسبەت داهاتی نەوت، ئێمە ئەو حساباتانەی کە پەرلەمان ئەمری پێکردووین و لەیاساکەدا هاتووە، حساباتەکانمان کردۆتەوە، بەنیسبەت موشتەقاتی نەوتیەوە، باسم کرد پێویست ناکات باسی بکەمەوە، حساباتەکانی تریش مەوجودە، ئەوەی کەوا دەسەڵاتی سەحب وئیداعی تێدایە، وەزارەتی نەوتە، تا ئێستا ئێمە ئەوەی کەبۆمان هاتووەو ئاگامان لێیە، وەك وەزارەتی دارایی ئەو دوو مەبلەغە بوو کەباسم کرد، بەنیسبەت ئەمانەوە خۆی تا ئێستاو خۆشتان ئەندامانی پەرلەمان وسەرۆکی فراکسیۆنەکان ئاگادارن ئەمە نەهاتووەتە ناو موازەنەوە، پترۆ دۆلار و چۆنیەتی حساب کردنی، نەهاتنی لەساڵی 2012 باسمان کردووە، هەتا ئەو ڕۆژەش باسم کرد کەچۆن حساب دەکرێت؟، باسی داهاتی خاڵە سنووریەکان وگومرگەکانم کرد کەچۆن بۆ حکومەتی عێراقی دەڕوات، چاودێری دارایی تەدقیقی دەکات، پێش ئێستاش باسم کرد، هەرچی داهاتی کارەبایە بۆ خۆیانە، پارەکەش بەڕێز وەزیری کارەبا دەڵێت زیاتر لە 151 ملیار دینارمان کۆکردۆتەوە هی ساڵی ڕابردوو، ئەمساڵ تەقدیراتی ئێمە 182 ملیارە، بەنیسبەت ئەوەی کە بەسفر دانراوە، باس دەکرێت بۆ سفرەو داهاتەکە لەکوێیە؟.

ئێمە تەئکید دەکەینەوە کە ئەو داهاتە بۆ خۆیانە، بەو شێوەیە حسابی دەکەین، هەتا لەکۆتاییدا ئیرادو مەسروفەکانیان لەسەر ئەو پارەیە کە دەردەچێت لەحساباتی کۆتاییدا دەردەکەوێت، نۆ: بەڕێز جەنابی وەزیری پلاندانان وەڵامی دەداتەوە، باسی بەخشین، تەماشای ئیستیمارەی مینەح بکەن، کەئەوانە دەستنیشان کراوە، شارەوانیەکان، بانقەکان، فرۆکەخانەکان، ئەو مینحانە بریتیە لەمیزانیەی ئەو شوێنانە، بەڵام ئێمە سێ ساڵە ئەم مەسەلەیە شەرح دەکەین، وە تێیشیدایە تەعویزی فەرمانبەران چەندە، ئەوی تر چەندە، کەکاملی نەفەقاتەکە دەستنیشان کراوە، ئینجا ئیرادە تەقدیرییەکەشی دەستنیشان کراوە، ئینجا فەرقەکەی دەستنیشان کراوە، ئەو فەرقەیە کەدەچێتە ناو سەرفیاتی ئەوانەوە، لەناو موازەنەدایە، بەڵام بەو شێوەیە، ئەوەی کەداخڵی موازەنەی عام دەبێت لەوێیە، ئەوەشی کەموازەنە خاصەکەیە کە عیلاقەی بە مینەحەوە هەیە، لەوێدا دەرکەوتووە، ئەمە لەعێراقیش هەر وایە، ئەگەر باس لەوەش دەکرێت کەئەم مینحانە عەدالەت نیە.

وەزیر دەڵێت ئەم مینحەیە من داوام نەکردووە، بەداخەوە ئەو وەزیرە بەڕێزە ئیحترامم هەیە بۆی دیارە ئەویش نەیزانیوە کە تا ئێستا وەزارەتەکەی پارەی میزانیەکەی چۆن سەرف دەکرێت، تەئکیدیش دەکەمەوە هەرچەندە جارێکی تریش باسم کردووە، لەوەزارەتی شارەوانی و گەیاندن، یان لەوەزارەتی

دارایی میزانیەی خۆیان جیایە، دەچێتە ناو میزانیـەی حکومەتـەوە هـی عامەکـە، هەریـەکێك لەوانـەی کـە ئەو دەوائیرانە عائیدیانە فرۆکەخانە سەر بە گواستنەوەیە، بانقەکان سەر بەداراییە.

هەروەها شارەوانیەکان سەر بەوەزارەتی شارەوانین، ئەمانە حساباتەکانیان جیاوازە بۆ وەزارەتـەکانیان نیـە بۆ خۆیانە، بەڵام حکومەتی هەرێم ئەبێت چەند مەساریفیان زیاتر بێت لەداهاتیان ئەبێت دەعمیـان بکـات وتەحەمولی ئەو عـەجزە بکـات، ئـەوە ئەچـێتە نـاو مینەحـەوە، بۆیـە پێـی دەوترێـت مینـەح، ئەگـەر بێـت دوێنیش جەدوەلێکم پیشاندان، ئەگەر بێـت وتـۆ حسابی بـۆ بکـەیت، ئیرادەکـەی ئیزافـەی ئـیرادات بکـەیت، مەسروفەکەشی ئیزافەی مەسروفات بکەیت هەمان شت دەردەچێتەوە.

بەنیسبەت ئەوەی کەوا سیستمی مووچە ئێستا لێرە گۆڕانکاری تێدا بکرێت، هەر دەرماڵەیەکی تـر بـدرێت ئێمە بڕیارەکەی پەرلەمانمان جێبەجێ کردووە، ئەوەش بریاری خۆتانە کەدەڵێن دەبێـت مووچـەو دەرماڵـە وەکو بەغداد بێت، هەر زیاد کردنێك داوا دەکەن لاریمان نیە، هەرچەند بارگرانیـە لەسـەر ئـەم میزانیەیـە، بەمەرجێك لەکوێ هـەڵی بگـرین؟، لەشـوێنێك ئـەبێت هـەڵی بگریـت ولەشـوێنێکی تـر دای بنێیـت، عێـراق سیلەف لەپارەی بانقەکانی خۆی دەدات.

هەتا ئێستا بەنیسبەت عێراقـەوە هـەموو سـولفەکان لەبانقـەکان ئەیـدات، هـەموو بـانقێکیش ئـیلا دەبێـت قـازانجی هـەبێت، وە بـەبێ فائیـدە هـیچ پارەیـەك نـادات، بـەڵام ئێسـتا بانقـەکانی عێراقـی کەئـەمریان بـۆ دەرچوو، قازانـج لەهاووڵاتیان نەسێنن، سـوویان لـێ نەسـێنن، ئێسـتا ئـەوان بـەردەوام پـارەی خۆیـان دەدەن، وەزارەتـی دارایـی عێـراق ئـەو فائیدەیـە تەحـەمول دەکـات ودەیـدات، ئێمـە موشـکیلەمان لێرەدایـە کـە ئـەو زیادکردنانـە ئـەبێت تەئسـیرمان لێـدەکات، بەتایبـەتی بانقـەکانی ئێمـە هیچیان تەحـەمولی ئـەو مەبالیغـە زۆرانە ناکەن، کـە هەیـە بـۆ ئـەوەی بیـدەن، بۆیـە ئێمـە دەبێـت لەسـەر میزانیەکـە بیـدەین وئەبێتـە هـۆی عەجزیش.

بەنیسبەت یاداشتی خوێندکاران کەداوایان کردووە، ئەمانە دیارە لەموقتەرەحەکاندایە، بەنیسبەت ئێمـەوە موشکیلە نیە، هەروەختێك پەرلەمان تەوصیەیەکی نارد بۆ حکومەت ئەوکاتە بەتەئکیـد حکومـەت ئـەبێت دیراسەتی بکات، ئەمە دیارە، مەسەلەی وەزارەتـی سـامانە سروشـتیەکان مـن جارێکی تـر دەڵـێم پەیوەنـدی بەمەسـەلەی نـەوتی هاووڵاتیانەوەیـە، نـەوتی هاووڵاتیـان پەیوەنـدی بـەوەزارەتی داراییـەوە نیـە، ئـەوە پەیوەندی بە وەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوە هەیە، ئەو بەشـەی کـەخۆی دەتوانێـت دابـینی دەکـات، ئـەو بەشەشی کەخۆی ناتوانێت وەزارەتی دارایی تەحەمولی پارەکەی دەکات ودەیدات.

بەنیسبەت پارەی ئاوارەکانەوە، دیارە ئەمە زۆر باسی دەکرێت، 10 ملیار دینارەکە چۆن سـەرف دەکرێـت؟، لەکوێیـە؟، ئێسـتاش بـووە بـە 100 ملیـار، ئـەو 10 ملیـار دینـارەی کـەباس دەکرێـت، ئـەوەی پـار ئێمـە تەرخانمان کرد، وە بووە بە عائیدی وەزارەتی ناوخۆ و لیژنەی تایبـەتی هەیـە، وەزارەتـی نـاوخۆ بـەو کـارە

هەڵدەستێت، ئەمساڵ کە بووە بە 100 ملیار دینار، ئێمە لەئەنجومەنی وەزیرانەوە ئاگادار کراوینەتەوە کە بەش ناکات، پێویستی بەو مەبلەغە هەیە.

ئەو مەبالیغانەی کە بەنیسبەتی هیجرەو موهەجرین کەباس دەکرێت هەمووجارێك ئەوە پەیوەندی بە ئێمەوە نیە، پەیوەندی بەبەغدادەوە هەیە، چونکە ئەم 10 ملیارەی ئێمە وەك نەقدی دابەش ناکرێت، بەڵکو ئەوەی کە لەبەغدا هەیە هاتووە، خۆیان یەکسەر دابەشی دەکەن، پەیوەندی بەوەزارەتی دارایی و حکومەتی هەرێمەوە نیە؟، ئەوە بەپارەی نەقدی دابەش دەکرێت.

بەنیسبەت ئەو پارەی کە بڕاوە بۆ شەهیدان لە 10٪ هەتا ئێستا لە سندوقی شەهیدان دیارە ئەوەی کەکۆبووەتەوە تا 6/1 دوو تریلیۆن و 2 ملیار و 331 ملیۆن و973 هەزارە کە ئەمە داهاتەو وەرگیراوە،وە 1ملیار و 524 ملیۆن و313 هەزاریش سەرفکراوە، 7661ی ماوەتەوە، وە 1380 کەس لەماڵە شەهید سوودمەند بوون، ئەمە پەیوەندی بە وەزارەتی شەهیدانەوە هەیە، نە پارەکەو نە مەسروفەکەی لەلای وەزارەتی دارایی نیە، بەڵام ئێمە توانیمان کەداواتان کردبوو ئەو ڕەقەمانەتان بۆ وەربگرین.

دەیەم: وەزیری پلاندانان وەڵامی دەداتەوە، هەموو ئەو خاڵانەی یاسا داینـاوە لە میزانیەی حکومەتدا، بەلابردنی پێویستی بە یاسا هەیە، ئەو کات دەبێت چارەسەریشی بۆ دابنـدرێت بۆ سەرفی وەزارەتەکان، بەڕێز کاك ئارام، ئێمە لەکاتی خۆیدا موازەنەمان تەواو کردووە، دیارە هەمووی هەر دووبارەیە ئەو مەوزوعە، بەڵام پێم وایە باسی نەکەم، چونکە زۆر زۆر باسی ئەمەم کرد.

بەڵام لێرە ئێمە لەم مەسەلەی موازەنەیە داوام لەپەرلەمان هەیە ئەو نیزامەی کەوەختی خۆی دانراوە، داهاتی عێراقی نەبووە، ئەو وەختە تەنها لەسەر داهاتی خۆمان بووە، ئێستا داهاتی عێراقیش هەیە، تکام وایە ئەمجارە ئەو نیزامەی کەدادەنـدرێت، جاری پێشووش ئەو تکایەم کرد ئەمە لەبەرچاو بگیرێت، بۆ ئەوەی ئەگەر بتوانن چارەسەرێکی وابکەن کە موشکیلە نیە لەمانگی 11دا بێت، بەڵام ئەبێت ئێمە ئەوە هەر چارەسەری بۆ بکەین لەو نیزامەدا، دیارە باسی ئەوە دەکات کە دەڵێت ئێوە خۆتان ئیلتیزامتان نەکردووە بە یاساکەوە، باسی داگرتنی دەکات، کەگوایە لەپەرلەمان لەیاساکەدا هاتووە، بەڵێ وایە بەس لەکاتی زیادکردنیش دەبێت بیهێنینەوە بۆ پەرلەمان، یەعنی دەبێت دووجار ئەو میزانیە بێتە پەرلەمان، باسی وەستانی سولفەی عەقار و هاوسەرگیری دەکرێت.

هەروەها سولفەکانی تریش بەڕێزتان لە موازەنەی ساڵی 2011، کە دەڵێن بۆ سەرفتان نەکردووە، کۆمەڵێك گۆڕانکاریتان کرد لەسولفەکان، ئەمەشم جوابدایەوە، ئەمساڵیش دیارە داوای ئەوە دەکەن کە گۆڕانکاری بکرێت، لە سولفەکان، ئەوەش بۆ ساڵی 2011 تەواو بوو ئەو یاسایە، لەبەر ئەوە ئێمە دەستمان بەسەرف نەکردووە، ئێستا دەنگ بدەن لەسەری هەر ئێستا من دەڵێم دەست بەکار بن، چونکە ئەوە نەبێت کەهەر ئاوا دانیشتبین.

حەز دەكەن من ئێستا هەندێ شتتان بۆ دەخوێنمەوە لەسەر ئەم مەوزوعە، بۆ ئەوەی بەرچاوتان ڕوون بێت، ئێستا بەنیسبەت عەقارییەوە ئێمە 84127 مان داوە، سولفەی زەواجیش 167191 مان داوە، ئێستا ئێمە كەلەلامان حازر كراوە موعامەلات هاتووەتە لامان كە نزیكەی 75 هەزار كەسە، یەعنی ئەوە نەبێت ئێمە وەستابین و موعامەلەكەمان وەرنەگرتبێت، بەڵكو خۆمان حازر كردووە بۆی، كە 25 هەزار لەوانە تەقدیمی كردووە، یەعنی بەڕەسمی تەقدیمیان كردووە.

سولفەی زەواجی كوڕ وكچە شەهید، 627 مان سەرف كردووە، ئەمە بەنیسبەت سولفەوە، یەعنی ئێمە وەزارەتی دارایی بەنیسبەت ئەو سولفانەوە لەبەر ئەوەی كە خۆمان گرنگی بەوە دەدەین، خزمەتی هاووڵاتیان دەكەین، ئێمە ئەو شتانەشمان كردووە لەپاڵەوە، چاوەڕوانی ئەوەشین كە ئەو مەوزوعە دەست پێ بكات وهەر بڕیارێك لای بەرێزتانەوە دەربچێت ئێمە یەكسەر دەست پێ دەكەین، هیچ تەئسیرێكیش ناكاتە سەر ئەوەی كە ئێمە بڵێین ئەم موعامەلاتە زۆرە، چۆنە؟، هەمووی جێبەجێ دەكەین، جیاوازی بودجەی تەشغیلی و وەبەرهێنان، هەموو وەختێك لەهەموو وڵاتێك كەوەك كوردستان و دەوروبەری بودجەی تەشغیلی زیاتر بووە، لە وەبەرهێنان، خۆ من ناڵێم ئەمە ڕاستەو دەبێت وابێت، بەڵام ئیتر ئەمە وایە، ئەكرێت تەعویزاتی فەرمانبەران كە لە 60٪ ە كەم بكرێتەوە.

ئەوانەی تر كەباس لەكەمكردنەوەی دەكرێت بە لە 50٪ ولە 60٪ و لە 70٪ ئایا دیراسەتان كردووە؟، وەزارەتەكان چۆن دەتوانن كارەكانیان ببەن بەڕێوە؟، ئایا لیژنەیەكی پەرلەمانی لەم مەوزوعە تەحقیقی كردووە؟، كە وەزارەتەكان چەندیان پێویستە لەوەو چۆن دەبێت؟، ئایا ئەوان ڕازی دەبن؟، یان نا؟، چونكە هەر لیژنەیەكی پەرلەمانی لێپرسراوە لەچەند وەزارەتێك، بەتەئكید دەبێت لەگەڵ وەزارەتەكان قسەیان كردبێت؟، كە ئێمە دەمانەوێت لە 10٪ و لە 15٪ لەم بودجەیەتان دابگرین، كە هی ئەوەو ئەوەو ئەوەیە، ئایا ئەو موناقەشەی كراوە، یان ئەگەر وانیە ئیتر بۆ لۆمەی ئێمە دەكەن؟، ئەڵێن وەزارەتی دارایی لەخۆیەوە دای دەگرێت.

بەنیسبەت داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتیەكانەوە، بەپێی یاسای بودجە داوا لەئێمە كراوە، وەڵامیشم دایەوە، بەس چار نیە، داوامان لێكرا بۆ كردنەوەی حساب، ئەو حسابانەمان كردۆتەوە جارێكی تریش دەیڵێمەوە كە ئەو حسابانە لای خۆیانە، ئەو پارانە نەهاتوونەتە ناو موازەنەی حكومەتەوە، خۆشتان سەرۆكی فراكسیۆنەكان كۆبوونەوەتان كردووە لەو بارەیەوە، دیارە دەزانن.

خاڵی پێنج: منیش پێم باشە ئەم خاڵە بنێردرێت بۆ حكومەت ودوای پەسەندكردنی لەلایەن پەرلەمانەوە بۆ بڕیاردان لەسەری، یەعنی ئێمەش پێمان باشە، خاڵی شەش: بەڕێز جەنابی وەزیری پلاندانان وەڵامی دەداتەوە، خاڵی حەوت: ئەویش هەر پێم باشە بنێردرێت بۆحكومەت، دوای پەسند كردنی لەلایەن

پەرلەمانەوە، پێمان باشە کە وەزارەتی کشتوکاڵ هەنگاوی بۆ بهاوێت ئێمەش هاوکاریان دەبین، هەر کاتێک داوای حیمایەی گومرکیان بۆ هەر بەرهەمێکی خۆیان کرد، ئێمە بۆیان دەکەین.

ئێمە ئێستا خۆی فیعلەن ئەمە مولاحەزەیەکە، هەندێ لەبەرهەمە خۆماڵیەکانمان ئێستا لەکوردستان دێتە بازاڕەوە ئەو وەختانە دێت کە ئەوەندە موونافیسی زۆرە لەدەرەوە دێت کەس ئەو پارەی پێ نادات، لەسەدا سەد جوتیارەکانی خاوەن ئەو بەرووبومانە هەمووی زەرەر دەکەن، ئێمە چاوەڕێی وەزارەتی کشتوکاڵ دەکەین، هەموو ساڵێك بۆ هەر بابەتێك بۆ ئێمەی نووسیبێت ئێمە حیمایەی گومرکیمان داناوە، یەکسەر مەنعمان کردووە کە ئەو بابەتە بێت، بەو ماوەی ئەوان خۆیان دەڵێن، ئیتر ئەوە پەیوەندی بەوەزارەتی کشتوکاڵەوە هەیە.

دیارە بەنیسبەت خاڵی 9 و10 پەیوەندی بەوەزیری پلاندانانەوە هەیە، خاڵی 11 ئەو میلاکانەی کەئێستا دەڵێن بەداخەوە ئێمە ئاگامان لەو میلاکانە نیە، ئاگامان لەوە نیە کە ئەو حیسابانە چۆنە؟.

بەنیسبەت میلاکەوە و حساباتی تریشەوە ئێمە ئەو ئیستیمارانەی کە ئامادەی دەکەین لەخۆمانەوە ئامادەی ناکەین، بەڵکو ئەگەر کورتیشمان تێدا کردبێتەوە خۆ دوای ئەوە ئەو لیژنەیە هەر لەلای ئێمە نیە، هەمان لیژنە لەوەزارەتی پلاندانانیش هەیە بۆ ئەو مەوزوعە، بەڵام ئێمە بودجەی تەشغیلین، ئەوان بودجەی وەبەرهێنانن، یەعنی کەدادەنیشین بابڵێین بودجەی خوتە کەجاران وایان پێ دەوت، بەڕاستی خۆ ئێمە کەدادەنیشین ئەوان خۆیان موقتەرەح دەهێنن، چۆن مەعقولە ئێمە بێین میلاکیکیان بۆ زیاد بکەین لەخۆمانەوە؟، مەوجودیشە ئەو رۆژە ڕەقەمەکانم بۆ خوێندنەوە، خۆیان داوای چەندیان کردووە وئێمەش چەندمان بۆ داناون، ئێمە ئەوەی کەداوایان کردووە کەممان کردۆتەوە، بەڵام جەنابی وەزیر دەڵێت من ئاگام لێی نیەو دێت لەپەرلەمان قسە دەکات، من جارێکی تریش لێرەوە ئەڵێم بۆ ئەو برا وەزیرانەم، ئەی باشە خۆ هەموو جارێك کە نیقاشی بودجە دەستی پێکردووە، بەلانی کەمەوە 2هەفتە بودجەکە لەلایان بووە، خۆ دیراسەتیان کردووە ئەی بۆ نەیانوت کاکە وەزیری مالیە من کەی داوای میلاکم کردووە، بۆچی بۆت داناوین؟.

بەنیسبەت پترۆ دۆلار و چۆنیەتی حسابەکەی؟، ئەو ڕۆژە زەرب وتەرحەکەشم وت، ودیسانیش باسم کردەوە، کەباس لە ڕێنماییەکان دەکرێت کە مووچە لەدهۆك کەمترە، لێرە زیاترە، بەڕاستی ئێمە وەکو وەزارەتی دارایی لە 5/20 وەزارەتی دارایی یەکی گرتەوە، ئێستا یاسای ژمارە(5)ی ساڵی 2010 جێبەجێ دەکات وەك خۆی، ئێستا فیعلەن هەموو میلاکاتەکانمان دەسنتیشان کردووە، هەیکەلەکە دەستبەکار بووە، ڕێنماییەکانیشمان دەرکردووە، ئەوانەی لەو بابەتەن، من ناڵێم لە سەدا سەد هەمووی تەواو بووە، بەڵام بەنیسبەت یەکخستنی بودجەوە، هەمووی دەرکراوە بەنیسبەت ئەوەوە تەعمیمیان کردووە، وتوومانە فەرمانبەرێك مووچەکەی بەپێی یاساکە لەدهۆك چۆنە دەبێت لەگەرمیانیش ئاوا بێت، ئەگەر جێبەجێ

نەکرابێت ئەوە دەگەڕێتەوە سەر وەزارەتەکە خۆی، ئەو وەزارەتانەی کەئێمە تەعمیمەکانمان بۆ ناردو، ئێمە تەعمیم دەردەکەین موتابەعەکردنی تەعمیم چ ڕێنمایی دارایی بێت، یان ڕێنمایی ئیداری بێت کەلەوەزارەتی داراییەوە دەردەچێت، خۆی یەکێك لە ئیشە سەرەکیەکانی دیوانی چاودێری دارایی ئەوەیە کەدەبێت موتابەعەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی بکات، باس لەشارەزاو ڕاوێژکارێکی زۆر دەکرێت، کەوا لەناو حکومەتدا هەیە، خۆ من نالێم نیە، مەعلوم شارەزایەکی زۆرمان هەیەو ڕەنگ هەیە ئەوەی کەباستان کردووەو باسی ئەوەش دەکەن کەبڕوانامەکەیان نزمەو ناگونجێت، خۆی تەبیعی تەعلیماتی ڕاوێژکار ئێستا لەئەنجومەنی وەزیران ئەوەی کە دەبێت بەلانی کەم خزمەتی 15 ساڵی هەبێت ودەرچووی کولیە بێت، ئەو بوارەی کەدەبێتە موستەشار تێیدا دەبێت شارەزایی تێدا هەبێت، بەڵام لەکاتی خۆیدا تەعین کراوەو هەیە، موستەشاریش زۆرن.

بەڵام ئێستا نموونەیەك دێنمەوە لەوەزارەتی دارایی ڕاوێژکارێکی یەکجار زۆری تێدا بوو، ئێستا ئێمە یاساکە دەڵێت دەبێت چوار موستەشار هەبێت، ئێمە چوارەکەمان دەستنیشان کردووە، ئەوانی ترمان هێناوە لەوەزارەت دامان ناون، کیتابێکیشمان بۆ ئەنجومەنی وەزیران نووسیوە، بۆ ئەوەی چارەنووسیان دیاری بکات، چ خانەنشینیان دەکەن، یان نقلیان دەکەن بۆ شوێنێکی تر، ئەوە حکومەت خۆی دەزانێت، ئەوەی کەئەوان باسی دەکەن ڕەنگ هەیە ئیختیصاصەکەیان وشارەزاییەکەیان جیاواز بێت لەگەڵ موستەشارێك کە تۆ لەدەرەوە دەیهێنیت، یان موستەشارێك کە خۆی هەر لەدەرەوەیە، پارەی بۆ سەرف دەکەیت، ئەو پارە بۆ ئەوانە سەرف دەکرێت، شەرت نیە لەسەر ئەساسی موستەشار بێت، ئەوە شەریکاتی ئیستیشاریش هەیە، ئێستا ئێمە شەریکەی ئیستیشاری هەیە بۆ مەوزوعی موازەنە.

بۆ هی ئیدارە، بۆ مەوزعی پلاندانان، وابزانم ئێستا لەلای جەنابی دکتۆر علی دەوام دەکەن، ئەوە چەند ساڵە ئێمە عەقدمان کردووە لەگەڵیان، خەریکن تەوجیهمان دەکەن، شەرتمان بۆ دێنن و کۆبوونەوەی بەردوامامان لەگەڵ دەکەن، پێشنیار، پێمان باشە ئیعادەی نەزەر لەو حاڵەتە بکەینەوە.

ئەوە بەنیسبەت عەقارییەوەیە بۆ خانووی 100 مەتری و ئەوەی کە200مەترەو کراوە بە دوو بەش، دیسان دەیڵێمەوە فیعلەن وایە، ئەمە کێشەیەکە دروست بووە، ئێمەش وەك وەزارەتی دارایی هەوڵمان داوەو هەوڵیش دەدەین، وا خەریکین ئێستا نووسراو ئامادە دەکەین و ئیقتراحەکانی خۆمان دەنێرین بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەگەر بەو شێوەیە ڕازی بوون بەپشتیوانی خوا، ئەوە ئێمەش ڕێنمایی دارایی لەسەر دەردەکەین، بەڕێز کاك کاروان، هاوتاکردنی مووچە بەپێی بڕیاری پەرلەمان دەبێت، وەك بەغدادی لێ بێت.

هەروەها دەرماڵەی وەزارەتی پێشمەرگە هەرچیەکیان ناردبێت لەدارایی کراوە، دیارە هاوتاکردنی مووچە، بڕیاری پەرلەمان ئەوەیە کە دەبێت هەمووی وەك یەك بێت، چ فەرمانبەری ناوخۆی هەرێم وەك یەك بن بەپێی یاساکە، چ وەك بەغداد چۆنە ئێمەش وای لێ بکەین.

بەنیسبەت وەزارەتی پێشمەرگەوە بەهەمان شێوە، بەڵام ئەمە لەخودی ئیشی وەزارەتەکە خۆیەتی، ئێمە دەڵێین کەی وەزارەتی پێشمەرگە، مەسەلەن کەی ناردوویەتی بۆ ئێمە بڵێت ئەمانە پێشمەرگەن لەناو وەزارەتدا دەوام دەکەن، وە ئێمە وتوومانە ئەو مووچەی نادەینێ، ئەوە تەختیتی خۆیان هەیە، دیارە مەسەلەکە پەیوەندی بە فەلەك و فەرماندەییەوە هەیە، نازانم ئەوە پەیوەندی بەخۆیانەوە هەیە، بەس ئێمە ئەو جیهەتە نین کەدەستنیشانی ئەو پارەیە بکەین بۆ هاوتاکردنی، ئەگەر لەپەرلەمان بڕیار دەربکەن وبڵێن لەساڵی تازە بەردەوام دەبین بێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان ئێمە جێبەجێی دەکەین، ئەوەش هەر بەنیسبەت موازەنەکەوەیە، یەعنی ئێمە وەکو باسم کرد پەرلەمان چی دەڵێت ئێمە پێوەی پابەند دەبین، بەڵام دەبێت چارەسەری وەزعەکەشمان بۆ بکات، ئێمە تووشی ئەوە نەبین جارێکی تر بودجەکە تێك بچێتەوەو بیهێنین وبیبەین.

سێ: پەیوەندی بەوەزارەتی پلاندانانەوە هەیە، چوار: بەڕاستی مەسەلەی ژینگە زۆر باس کرا، دیارە ژینگە سندوقی هەیە، ئەو ڕۆژەی کەلێرە موناقەشەی سندوقی ژینگە کراوە، جارێکی تر ساڵی ڕابردوو بەمن وترا بۆ مەسەلەی ژینگە، هاتنەلام و من تەلەفۆنم بۆیان کرد، هاتن دانیشتین تەماشای ئەمرەکانمان کرد، تەماشای ئیشەکانمان کرد، کەچی کراوە؟، ژینگە بەڕاستی سندوقی بۆ دانراوە، بەڵام بەداخەوە ئێمە لەموناقەشەکاندا بەهیچ شێوەك لەموناقەشەی پەرلەمان بانگ نەکراین وەك وەزارەتی دارایی کەپەیوەندیمان بەپارەوە هەبوو، بۆ مەسەلەی ئەو سندوقە، ئەبوایە لەبڕیارەکەشدا لە یاساکەشدا دەڵێت ئەنجومەنی وەزیران تەعلیماتی پێ دەربکات.

بەهەرحاڵ ئێمە وەکو دارایی هەر مەفروزە ئەو ئیشەی خۆمان بکەین، ئێمە لەگەڵیان قسەمان کرد، بەڵام ئەوەی کەپارە دەخاتە حسابی ئەو سندوقەوە یەکێك لەوانە وەزارەتی نەوتە، ئیتر وەزارەتی نەوت مەفروزە پارەی حصەی ژینگە لەداهاتی خۆی لەهەر داهاتێك بێت کەپەیوەندی بەنەوتەوە هەیە دەبێت بخرێتە ئەو سندوقەوە، ئێمە پێشمان وتوون وتوومانە ئێمە لەگەڵتان دەبین، هاوکاریشتان دەبین وئەوەشی کەعیلاقەی بەوەزارەتی داراییەوە هەیە جێبەجێی دەکەین، ئەوە فیعلەن ئەو موعامەلات و شتانەی کەداواکاریان هەبووە لەلای ئێمە هەموویمان کردووە بەپێی ئیمکان، باس لە هاتنی بودجەی تەواوکاری دەکات، هیچ بودجەیەکی تەواوکاریمان بۆ نەهاتووە.

مەسەلەی هەڵوێست وەرگرتن، زیاتر لەلای پەرلەمان وحکومەت ولایەنە سیاسیەکان، ئەوەمان باس کرد کەئێمە چیمان کردووەو گەشتووین بەچی؟ مەوزوعی ئێمە کەتەعاونمان لەگەڵ ناکەن، لە بەغداد ئەوەی

کـە پارەکـان بـەو شـێوەیە دێـت، بـەو شـێوەیە حسـاب دەکرێـت؟، ئێمـە خۆمـان سـاڵانە ئیسـارەی ئـەم مەسەلەیەمان کردووە، ئەوە نەبێت ئێمە شاردبێتمانەوە، بەعەکسەوە هەموو ساڵێك هاتووین ئەمەمان باس کردووە، هەتا ساڵی ڕابردوو، ئێستا هەیەو تەسجیل کراوە.

مـن داوام کـردووە کـە پەرلـەمانیش دەسـتبەکار بێـت بـۆ ئـەم مەسـەلەیە، دیسـانەوە دەگەڕێمـەوە باسـی وەزارەتـی پێشـمەرگەو فەرمانـدەیی وفەلـەك، ئـەوە پەیوەنـدی بـەوەزارەتی پێشـمەرگەوە هەیـە، فیعلـەن پەیوەندی بەوانەوە هەیە، خاڵی هەشت: پەیوەندی بەوەزیری پلاندانانەوە هەیە.

خاڵی نۆ: بەڵێ ئەوانەی نووسیوتە 1 و2و 3و 4 ئێمە ئاگامان لێی نیـە، ئـەوەی کەباسـی سیاسـەتی دارایـی دەکەیت، نەخێر کاکە کاروان ئێمە ئاگامان لێی نیە، دواکەوتنی بودجە ئەوەشمان باس کرد، کـاك عبـدالقادر بازرگان.

یەك: زیـاد کردنـی هاوسـەرگیری و عـەقاری بارگرانیـە لەسـەر بودجـە، ئـەوەم پێشـتر بـاس کـرد، هـەروەها بڕیاری پەرلەمان هەیە ئەبێت مووچـە وەك بەغـداد بێـت، پـارەی زیـادکردن ئـەبێت بـزانین لـەکوێ هـەڵی دەگـرن؟، تـەبیعی ئـەوەی کەجـەنابت بـاس دەکـەیت، بیمـەی بێکـاری، ئێمـە ئیشـمان تێـدا کـردووە، بـەڵام زیادکردنی ئەویش دەبێت ڕێ وشوێنی بۆ دابنێین، دابەزاندنی لە 10٪ی مووچـەکانی ئـەو سـەرۆکایەتیانە، ئـەوە لەدەســەڵاتی پەرلەماندایــە؟، خــاڵی پرۆژەکــان پەیوەنــدی بــەوەزیری پلاندانانــەوە هەیــە، ئــەوەی کەجـەنابت باسـی دەکـەیت، ئەگـەر وەزارەتـەکان ڕازی بـن بـەو داگرتنـەو بڵێن ئێمـە ئیشـەکانمان دەڕوات، ئێمەش پێمان خۆشە؟، کاك سالم، دواکەوتنی بودجە ئەوە باسکرا.

بەنیسبەت سندوقی پرۆژەکانەوە، ئـەوەی بـەڕێزت دەیڵێیـت ڕاسـتە پەرلـەمان بـە موخالەفـەی موحاسـیب داینـاوە، ڕاسـتە موخالەفـەی موحاسـیب ئەوەنیـە لـەهیچ شـوێنێکدا، بـەڵام لەسـەر ئەوەشـەوە مـن دەڵـێم وباسیشم کردووە، جارێکی تریش تەئکید دەکەمەوە، ئێمە هیچ سـولفەیەکی مقاوەلاتمـان ڕانـەگرتووە، ڕاش ناگیرێت لەمەودواش هەر ڕاناگیرێت، بەڵام وەکو سندوقەکە بەو شێوەیە کەباسمان کرد، پێشنیارەکان ئەوەی کە کردووتە، بەڕاستی پێشنیارەکانت بەجێن؟، دیراسە دەکـرێن؟، ئـەوەی ئیمکـان بێـت و لەدەسـەڵاتدا بێـت جێبەجێی دەکـەین و ئـەوانی تـریش دەخەینـە بەردەسـتی سـەرووی خۆمـان، کـاك ئـەمیر، داوای لێبـووردن دەکەم ئەگەر زۆرباش لە لەهجەکەت تێناگەم، زۆر داوای لێبـووردن دەکـەم، دواخسـتنی بودجـەمان باسـکرد، مەسەلەی کاری بەغداو بەشداری نەکردنمان باسکرد.

مەسـەلەی پرۆژەکـان بـەڕێز وەزیـری پلانـدانان وەڵام دەداتـەوە، قـەرەبووەکان ئـەوەی کەجـەنابت باسـی دەکەیت، هەندێك ئەوامرمان بۆ هاتووە لەئەنجومەنی وەزیرانەوە وابزانم بەردەوامیش دەبێت، ئێمەش ئەو ئیجرائاتانە دەکەین، بەڕێز دکتۆر احمد..

سەبارەت بەپرۆژەی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان و دواکەوتنی بودجەکە ئەوە دیارە هەموویمان باسکرد، ئەسبابی ئەو هەموو زیادەی تەشغیلی وئەوانە ئیستیحداسی دەوائیرە، دامەزراندنی فەرمانبەرانە، دەرماڵەی تازەیە، پێداویستی تازەی وەزارەتەکانە، دامەزراندنی زانکۆکانە، دامەزراندنی قوتابخانەکانە، ئەمانە هەمووی هۆکارن بۆ ئەوەی کە ساڵ بەساڵ ئەو خەرجیانە بەرز ببێتەوە، ئەمە بەشێکە لە هۆکارەکان.

مەسەلەی کورتهێنان ئەویشمان باسکرد، باسی داهاتەکانیشم بە تەفصیل کرد، باسی داهاتی مەنافزی حدوودی وئەوانە هەموویم باسکرد، مینەح و ئیعانات ومەنافزی حدوودی، نەهاتنی حساباتی خیتامی ئەوەشم باسکرد، باسی 4/15 ی حساباتی خیتامیشم کرد، ئەوە لەو کاتەدا ئامادە دەکرێت، پرۆژەکان پەیوەندی بەوەزیری پلاندانانەوە هەیە.

بەنیسبەت پارەی حزبەوە ئەوەشم هەر باس کرد بە 150 ملیارەکەشەوە، جارێکی تر پرۆژەکان پەیوەندی بەوەزارەتی پلاندانانەوە هەیە.

سەبارەت بە بازرگانیەکان، پرسیارەکەت کاك احمد، هەرچەند ئەویشم جواب داوەتەوە بەس دەڵێی وازح نیە، ئێمە لە کوردستان ئێستا دوو جۆر بانقمان هەیە، هەر جۆرێکیان مودیریەتی عامی هەیە، مودیریەتی عامی ئیختیصاصیەکان کە ئیشرافی سەر بانقی صناعی وزراعی وعەقاری دەکات، ئەو بانقەکانی تر کە لەکوردستاندا دەیبینن حکومیەکان، هەمووی بانقی تیجارین، ئەو بانقانە پارەکانیان وەك باسم کرد لەناو مینەحدایە.

لەسەرەتاوە ئیستیمارەکان چۆن هاتووە بەهەمان شێوە بووە، گۆڕانکاری تێدا نەکراوە، داهاتەکانیان دەستنیشان کراوە، مەسروفەکانیشیان دەستنیشان کراوە، سولفەی خانووبەرە زیاد بکرێت، ئەوە عیلاقەی بەپەرلەمانەوە هەیە هەرچەند باسی بارگرانیەکەشم کرد، خانووی 100 مەتریش کەخۆی 200 مەتر بێت، هەر 100 مەترێك گەر تاپۆکانیان هەبێت، ئێمە بۆ هەر 100 مەتری 10 ملیۆنی دەدەینێ، بۆیە فیعلەن وتوومە چارەسەر کراوە، بەڵام ئێمە ئێستا کێشەی ئەوەمان هەیە، 100 مەتر بەتەنها سەرف ناکەین، پێم وایە ئەوە دەکرێت سەرف بکرێت، واتە گەر پارچەکە 100 مەتر بێت و تاپۆی هەبێت، حەقە ئەوە پێی بدرێت، وەختی خۆشی هەوڵمانداوە، بەڵام خۆی موشکیلەی هەولێر بەتایبەت ئەو زەویانەی کە ئیفراز کراون، بەو شێوەیە زۆری 300مەترە، دیارە وەزارەتی شارەوانی وەختی خۆی لەسەر جیاکردنەوەیان هەندێ تەحەفوزی هەبوو، ئێمە هەوڵیش دەدەین ئەو ڕێنماییانەی کەلێرە لەپەرلەمان بەقورسی دەزانن، ئێمە هەوڵ دەدەین، فیعلەن جارێکی تریش بە هەموو ئەو ڕێنماییانەدا دەرۆینەوە.

باس لەو پارەیە دەکرێت کەوەك ڕسومات وەردەگیرێت، هەموو لایەك دەزانین کەئەوە ئەرکی سەرشانی هاووڵاتیانی قورس کردووە، پرسیارمان لە بانقەکان کردووە دەڵێن لیژنەی کەشف هەیە، ئەوە بۆ کۆمەڵێك

شته تەنها بۆ لیژنـەی کەشـف نیـە، بـەڵام لەسـەر ئەوەشـەوە ئێمـە قـەرارمان داوە ئـەو مەسـەلەیە ئیعـادەی نەزەری تێدا بکەینەوە، کەموناقەشەی میزانیە تەواو بوو گەڕاینەوە وەزارەت ئەو شتانە هـەمووی ئیعـادەی نەزەری تێدا دەکەینەوە، میلاکی وەزارەتـی ئـەوقاف زیـاد بکرێـت، لـە 60 کەسـەوە بـۆ 80 کـەس بـۆ سـاڵی 2012، وەڵڵاهی ئەمە ئێستا پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە، لەکوێ هەڵی دەگرن ولەکوێ دایدەنێن، چۆن دەستکاری دەکەن ئەوە لەپەرلەمان دەتوانن دەسەڵاتی خۆتانە؟.

باسی ئەوە دەکرێت کە لەدوای ئەوەی میلاك تەصدیق کراوە لەوێ دەستکاری کراوە، من ناتوانم بڵێم وانیە بەڵێ لێرە تەصدیق کرا، لەحکومەت ئەمرێکیان پـێ دەرکـرد لەئەنجومـەنی وەزیـران ناردیـان بـۆ وەزارەتـی دارایی و تەوزیعیان کردەوە، وتیان ئاوا پێویست دەکات بەو شێوەیە دابەش بکرێت، فیعلەن بودجەو مـیلاك بەیەکەوە پەسەند دەکرێت.

دەرماڵە بـۆ مامۆسـتایانی ئـاینی، وەڵڵاهـی مـن بەنیسـبەت مامۆسـتایانی ئایینیـەوە، ئیشـی ئـەوان ئیشـێکی موقەدەسە، بەڕاستی من ڕێزو تەقدیرم هەیە بۆ ئەوان، حەقـە ئـەوان پـڕۆژەیـەکیان هـەبێت بـۆ پەرلـەمان، ئەمانیش قسەی تێدا بکەن، ڕاستە وەکو خۆشـیان باسـی دەکـەن، جـەنابی دکتـۆر بەشـیر دیـارە زۆر داکـۆکی لەسەر دەکات، دائیمەن داوامان لێدەکات، بەس ئەوە ئیشی پەرلەمانە، من خۆشم حەقی ئـەوەم هەیـە وەکـو ئەوان داوا بکەن، منیش وەك تاکە کەسێك داوا دەکەم، حاجیم وخۆم بە موسوڵمان دەزانم، باسی دواکەوتنی سـولفەی عـەقارم کـرد کەنەوەسـتێت، وەزارەت و دەسـتە سـەربەخۆکان و پارێزگاکـان ڕاسـتەوخۆ دەسـەڵاتی خەرجکردنیان هەبێت، لەزمنی بودجەی ساڵانەی خۆیان، وەڵڵاهی لەسەدا سـەد مـن تەئیـدی ئـەوە دەکـەم، تەئیدیش دەکەم کە دەسـەڵات هـەم شـۆڕ بکرێتـەوە، هـەم کەسـیش نەگەڕێتـەوە بـۆ وەزارەتـی دارایـی، ئـەو میزانیەی بۆی دادەندرێـت بادەسەڵاتی خۆیان بێت سەرفی بکەن.

ئەولەویـەت بـدرێت بـە دامەزرانـدنی گرێبەسـتەکان و مـەرجی تەمـەنیش بـۆ ئەوانـەی لەسـاڵی ڕابـردوو دامەزران، ڕەنگ هەیە خیلاف هەبێت لەم مەوزوعەدا لەحکومەت، لەنێوان وەزارەتـی پلانـدانان و داراییـدا، من نامەوێت بڵێم کێ تەئیدی ئەو فیکرەیە دەکات؟، کـێش تەئیـدی ناکـات؟، بـەس ئەگـەر وەکـو خـۆم لـێم بپرسن منیش تەئیدی ئەوە دەکەم، کەئەو عەقدانە لەبەرچاو بگیرێن، چونکە هی واهەیە 15 ساڵە عەقـدە تا ئێستا دەرچووی زانکۆشە، تائێستا تەعین نەبووە، هەر عەقدە، ئەو حاڵەتە هەیە پەرلەمانیش دەتوانێـت من ناڵێم هەموو دەرەجاتەکان بەوان بدرێت، بەڵام ئەتواندرێت ئـەویش بەتـەفزیل، تـەفزیل بکـرێن، بـەڵام بەچەند خاڵێك تـەفزیل بکـرێن، بائـەوانیش فـۆڕم پـڕ بکەنـەوە، دیـارە هـەموو سـاڵێکیش پـڕی دەکەنـەوە، ئەوانیش داخلی فۆڕمەکە بن و پڕی بکەنەوەو تەفزیل بکرێن.

باسی لە 10٪ی کۆی بودجەی وەگەڕخستنم کرد، تەبیعی دیارە ئەو دەڵێت بـا ئـەو لـە 10٪ یـە ببڕدرێـت وتەرخانی کردووە بۆ شتی تر، 100 میلیار و 10 ملیارەکەشم باس کرد، باسی 480 و 600 هەزارەکەشـم

کرد، تەرخانکردنی بڕی پارە بۆ دابین کردنی خانوو و شوێنی نیشتەجێبوونی هاوولاتیانی کەم دەرامەت، ئەویش پەیوەندی بەوەزارەتی پلاندانانەوە هەیە، تواناسازی باسمان کرد، بەلام بەنیسبەت تواناسازییەوە من بۆ جەنابی دکتۆری بەجێ دێڵم بە ئیعتیباری ئەوەی کە هەر خۆی ئەندامە لەبۆردەکەدا.

کاکە دکتۆر من ناڵێم هیچ جیاوازییەك وەك هەموو کەس جیاوازی مووچە و فەرمانبەری نەماوە، بەلام بەگشتی بەپێی ڕێنماییەکان ئەڵێم کراوە، بەلام وەڵلاهی بە 10 کەسیش ماوە بە 5 کەسیش ماوە بە 3 کەسیش ماوە، خەڵك ماوە، ئێستا موشکیلەکەی من ئەوەیە بەس مەسەلەی پارە بێت ئەڵێن دارایی، ئەمە لەخودی وەزارەتەکان خۆی دەبێت بکرێت، ئێمە دەسەلاتمان داوە بەوەزیرە بەڕێزەکان وڕێنماییەکانیش مەعلومە کەڕۆشتووە، ئەو 7500 دۆلارەی کەباسی دەکەیت ئەوە وەختی خۆی بڕیاری پەرلەمان بوو نەبوو بەماددەیەك لەیاساکە، ئێمەش بەڕاستی ئەم مەبلەغە بەقورسی دەبینین، لەسەر بودجەو ئیمکانیش نیە بتوانین بەسەراحەت بەو شێوەیە جێبەجێی بکەین.

وەلەو ئەوە ئەمر وبڕیار لەلای پەرلەمانە، خۆ ئەگەر خۆتان بڕیارێك بدەن ئەوە پەیوەندی بەجەنابتانەوە هەیە، بودجە بۆ ئیدارە سەربەخۆکان، بەڕاستی ئێستا ئەو ئیدارە کە بەتەنها تەفعیل کراوە، لەدوای ئیدارەی گەرمیان ئیدارەی ڕاپەڕینە، ئەمری ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە، هاتووەتە وەزارەتی دارایی دەڵێت بەشە بودجەکەیان لە پارێزگای سلێمانی هەڵبگرن، بیخەنە سەر حسابی خۆیان، ئێستا ئێمە خەریکی ئەو ئیجرائاتەین، بەردەوام بوون لەسەر پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری بۆ ناوچە دابڕاوەکان، وەڵلاهی بەردەوامین وهەرچیشمان پێ بکرێت تەقصیر ناکەین، بەردەوام بوونی پێدانی قەرزی کشتوکاڵی وپیشەسازی، نەك هەربەردەوام دەبین، بەڵکو دەگەڕێینەوە سەر تەعلیماتەکانیش دووبارە چاوی پێدا دەخشێنینەوە، دەماڵەیەك بۆ قوتابیان هەروەها سولفە بۆ قوتابیان، میکانیزمێکی گونجاوی بۆ دابندرێت وداواکاری زۆر لەسەر هەیە، من هەر ئەوەندە دەتوانم، ئەگەر ئێوە لەپەرلەمانەوە پێشنیارەکە بنێرن بۆ حکومەت، یان من ئەوەندە دەتوانم ئەم مەوزوعە بگەیەنمە ئەنجومەنی وەزیران، کاك دانا، کۆمەڵێك شتی خوێندەوە دوێنێ، من ئەمەوێت ئێستا لێرەوە جوابی بدەینەوە، هەرچەندە نوسخەیەکیشمان لەوەلامەکە بۆ ناردووە، بەلام بەعام بیخوێنینەوە باشە، چارەسەر کردنی بێکاری، تەبیعی ئەوە یەکەم: دامەزراندنی 17 هەزار کەس، دووەم: دابین کردنی بیمەی بێکاری بۆ نزیکەی 3هەزار کەس، سێیەم: دانی قەرزی بچووك بۆ 1830 کەس، چوارەم: دانی مووچە بۆ تۆڕی پاراستنی کۆمەلاتی و قوتابیان، پێنجەم: دانی قەرزی عەقاری وصناعی، زراعی و هاوسەرگیری، شەشەم: دروست کردنی هەلی کار بۆ زیاتر لە 700 هەزار تا ملیۆنێك کەس، حەوتەم: بەردەوام بوونە لەسەر پرۆژەکان هەلی کار کارێکی وای کردووە کەئێستا ئێمە کرێکار لەشوێنی ترەوە بهێنین، باشتر کردنی ئاستی بژێوی هاوولاتیان، یەکێك بوو لەوانەی کەباسی کرد، وەلام دانی مووچەو دەرماڵە بۆ 667 هەزار فەرمانبەر، بایەخدان بەکەرتی تایبەت لەڕێگای دەستەی

وەبەرهێنان، زیاتر لە 20 ملیار دۆلار لەناو بازاڕ کار دەکەن، جگە لە بودجەی حکومەتی هەرێم، ئاسانکاری هاتوچۆی کەل وپەل وهاووڵاتیان بۆ دەرەوەی وڵات لەڕێگای دەروازەکانی سنووری وفڕۆکەخانەکانی هەولێر وسلێمانی، چوار: پاڵپشتی کەرتی کشتوکاڵ لەڕێگای ئیعاناتی کشتوکاڵی کەساڵانە بڕە پارەیەکی بۆ تەرخان دەکرێت بۆ ئەمساڵیش 65ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە، ،هەروەها بەردەوام بوون لەدانی قەرزی کشتوکاڵی لەلایەن بانقی کشتوکاڵیەوە، دەستەبەرکردنی خزمەتگوزاری سەرەتاییەکان، وەلام دابین کردنی ئاو بۆ هەموو شارۆچکەکان، دابین کردنی کارەبا لە 4 کاتژمێر بۆ 20 کاتژمێر بۆ هاووڵاتیان، هەروەها ناوچە دابڕاوەکانیش دەگرێتەوە، گەیاندنی کارەبا بۆ هەموو گوندەکانی هەرێمی کوردستان، بایەخدان لەبواری پەروەردە بەدروستکردنی قوتابخانەو بینای زانکۆ وپەیمانگاکان، هەروەها زیاد بوونی ژمارەی قوتابیان لەگەڵ دابین کردنی بەشە ناوخۆییەکان بۆ قوتابیان، خەرجکردنی دەرماڵەی قوتابیان، بایەخدان بەڕۆڵی تەندروستی ودروستکردنی نەخۆشخانەو بنکەی تەندروستی و دابین کردنی دەرمان و پێداویستیەکانی تەندروستی، کردنەوەی شەقام وڕێگاوبان لەهەموو ناوچەکانی کوردستان، فراوانکردنی ڕێگاکان ودروست کردنی نەفەق وپردەکان.

هاندانی کەرتی تایبەت بۆ کردنەوەی زانکۆ و پەیمانگاو قوتابخانەی دوەلی وهەروەها دروست کردنی نەخۆشخانەی تایبەت، پرۆژەی ستراتیژی بۆ نیشتەجێ بوون، خەرجکردنی قەرزی خانوو بەرە بۆ هاووڵاتیان و فەرمانبەرانی شارو گوند وناحیە وقەزاکان، بۆ نموونە لەساڵی 2009 71 هەزار کەس سوودمەند بووە، دابەشکردنی زەوی بەسەر هاووڵاتیاندا بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون، دروستکردنی خانوو وشوقەی نیشتەجێبوون لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان بۆ هاووڵاتیان، کە گەیشتووەتە 138376 یەکەی نیشتەجێبوون، دانی زەوی بەشێوەی موساتەحە بۆ کۆمپانیاکان بۆ دروست کردنی خانوو وشوقەی فرۆشتن بەهاووڵاتیان بە شێوەی ئەقسات.

پێنج: داهاتی ناوخۆ، کەم خەملێندراوە، وەلام، بڕی 2 ملیار و31 ملیۆن دینار تەرخانکراوە، ڕاستە ئیحتیماله لەحسابی خیتامی کە دەردەکەوێت ڕەنگە زیاتریش بێت، جگە لەو پارانەی کەلەبەغداوە لێمان دەبڕن، ناهاوسەنگی لەنێوان سێکتەرە جیاوازەکان، ڕاستە ئەمە سیاسەتی حکومەتی هەرێمە هەر، ساڵێك بایەخ بە سێکتەرێك دەدات، لەساڵی داهاتوو بایەخ بەسێکتەرێکی تر دەدات، بۆ نموونە ئەمساڵ بایەخی بە بەرگری وپەروەردە وکارەبا داوە، ناهاوسەنگی نێوان بودجەی ئیعتیادی و وەبەرهێنان، وەلام، ڕاستە لەهەموو جیهاندا دەبێت ساڵ بەساڵ بودجەی وەبەرهێنان زیاد بکات و بودجەی ئیعتیادی کەم بکات، بەلام لەعێراق کە ئێمە بەشێکین لەو وڵاتە بودجەی ئێمە لە 70٪ی ئیعتیادیەو لە 30٪ی وەبەرهێنانە، بودجەی ئیعتیادی لە کوردستان زیاد بووە، بە هۆی 1- تەرحیل کردنی 4500 لە گوندەکانی کوردستان ونیشتەجێبکردنیان لە کۆمەڵگا زۆرە ملێکان ودامەزراندنیان لەفەرمانگەکانی حکومی، 2- شەڕی ناوخۆ

بـووه هـۆی دامەزرانـدنی ژمارەیـەکی زۆر لـە دامودەزگاکـانی حکومـەت، ژمارەیـەکی زۆری فەرمانبـەران و خانەنشینان لەبەر بارودۆخی عێراق ڕوویان لەکوردستان کردووە.

مووچە لەبودجەی حکومەتی هەرێم وەردەگرن، 3- دەرکردنی چەند بڕیارێك لەلایەن حکومـەتی عێراقـی فیدڕال بۆ دانی چەند دەرماڵەیەك بۆ چەند چینێك و حکومەتی هـەرێمیش پابەنـدن بەجێبـەجێ کردنـی ئـەم بڕیارانـە لـەناو هـەرێمی کوردسـتان، بودجـەی ڕێکخراوەکـان تـەرخان کـراوە؟، وەڵام بودجـەیان بـۆ تـەرخانکراوەو مینحـەیان تەحدیـد کـراوە لەلایـەن لیژنەیـەکی پسـپۆڕ و دوای ڕەزامەنـدی سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆیان خەرج دەکرێت، کەمکردنەوەی بودجـەی هـەر سـێ سـەرۆکایەتیەکە؟، وەڵام ئـەم بڕیارە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە دەدرێت، ڕاپـۆرتی لیژنـەی دارایـی پەرلـەمان، ئـەوەش هـەر خۆیـان وەڵام دەدەنەوە، سوپاس.

بـەڕێز کـاك اسماعیـل محمـود، تێـبنی لەسـەر بودجـەی سـاڵی 2012 دیـارە یەکـەم خـاڵی هـۆی جێبـەجێ نەکردنی پرۆژە بەردەوامەکان، ئەوە وەڵامەکەی لای وەزیری پلاندانانە، پارەی پرۆژە جێبەجێ نەکراوەکان بۆ کوێ دەڕوات؟، وەڵڵا تـەبیعی ئـەوە مەعلومـە پارەکـە لـەوەزارەتی داراییـە، سـندوقی نـەوت ئایـا هەیـە؟، پارەکەی لەکوێیە؟، چ لایەنێك بەرپرسە لە تەسەڕوف کردن بەداهاتی نـەوت؟، تـەبیعی ئەوەشـم بـاس کـرد مەسەلەی نەوت پەیوەندی بەوەزارەتی سامانە سروشتیەکانەوەیە، شرینی نەوتیش بەهەمان شێوە، قـەرزی مەسرەفی عەقاری وسولفە، دیارە ئەمە زۆر پرسیاری لەسەر دەکرێت، ئەڵێن ئایا ئەو پارانەی کەدەگەڕێتەوە لە سولفەی ئەو مەسرەفانە بۆ کوێ دەچێ؟، دەچێتەوە ناو هەمان پارەی خۆیان وە جارێکی تـر دەدرێتـەوە بـەهاووڵاتیان، ئـەو پرسـیارەکانی تـری هـەمووی عیلاقـەی بـە پرۆژەکانـەوە هەیـە، مـن بەڕاسـتی داوای لێبووردن دەکەم، ئەمە من لە لەهجەکە تێناگەم بۆم حازر بکەن بێزەحمەت کاك ڕەشید.

تێبینیەکانی دکتۆر بەشیر، مامۆستا گیان پێویستە دەرماڵەیەك بۆ مامۆستایانی ئایینی بڕیاری لێ بـدرێت، وە یان مووچەیان بەرز بکرێتەوە، چونکە لە هەفتەیەکدا 126 کاتژمێر دەوام دەکـەن، لـە 7 ڕۆژەکـەدا بـێ پشـوو و جـەژن لەکاتێکـدا کـە فەرمانبـەری ئاسـایی 35 کاتـژمێر لـە 5 ڕۆژی هەفتـەدا دەوام دەکـەن، ئایـا ناکرێت وەك دەرماڵە دەوامی ئیزافی وسەعاتی ئیزافیان بۆ سەرف بکرێت.

خـۆی بەنیسـبەت دەرماڵـەوە کـاری سـەرەڕایی لەهـەموو وەزارەتـەکان هەیـە، وە دەسـەڵاتیش دراوە بەوەزیرەکان خۆیان، کاری سەرەڕایی سەرف دەکەن، ئەوە پەیوەندی بەوەزیری ئەوقافەوە هەیە، بەنیسبەت کاری سەرەڕایی، ئەوامری پێ دەردەکات، ئەگەردەسەڵاتەکەشی نەبێت داوای دەسەڵات دەکات لە ئەنجومـەنی وەزیران، ئەوەشی کەداوای دەرماڵەی تایبەت دەکات، ئەوە پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە، ئایا هـاتنی ئـەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبیل بۆ ناو هەرێم بەبڕیاری کام وەزارەتە؟.

ڕاستە کەوەزارەتی دارایی لەبەر وەرگرتنی گومرك پێشنیاری کردووە کەهاتنی ئەم سەیارانە بەردەوام بێت؟، ئەوە من لێرەوە بەناوی وەزارەتی داراییەوە دەڵێم هەر وەختێك وەزارەتی ناوخۆ کە وەستانی سەیارە بێت ئێمەش لاریمان نیە، فەت نەمانوتووەو هیچ داوایەکیشمان پێشکەش نەکردووە، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین کە ئەم هەموو سەیارەیە دێتە ناو کوردستان زۆرە، بۆ داواناکەن کە تەصدیقی حساباتی خیتامی بکات، وەڵلاهی من ئەوەندەی باسی حساباتی خیتامیم کردووە، ئەمڕۆش وا جەنابیشت وا دەڵێی، پلان وئیجرائاتتان چیە سەبارەت بە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەری بن دیوار لەهەندێ دامودەزگاکانی حکومەت؟، لەگەڵ ئەوەش داوای پلەی دامەزراندن دەکەن، گریمان ساڵێك بودجە لەبەغداوە نەهات، حکومەتی هەرێم تاچەند مانگ دەتوانێت کاروباری وڵات ببات بەڕێوە؟، وەڵلاهی مامۆستا گیان، من حەز دەکەم جەنابت بزانیت ئەو فەرمانبەرانەی بن دیوار پەیوەندی بەوەزارەتەکانەوە هەیە، ئەبێت زەبت وڕەبتی فەرمانبەرانی خۆیان بکەن، بەڕاستی ئەمە لەوەزارەتەکاندا ڕوودەدات، ڕەنگە لەوەزارەتەکەی منیش هەبێت کەدەوام نەکات، لەیەکێك لەدائیرەکانەو من ئاگام لێی نیە، بەلام من وەك وەزیرێك، ڕەنگە هەر وەزیرێکی تریش کەهەیە ئێمە دائیمەن جەخت لەسەر ئەوە دەکەینەوە کە هەموو کەسێك دەوامی خۆی بکات، بەپێی یاسا هەرکاتیش زانیمان ئەوە دڵنیابن وەزارەتەکە ئیجرائاتی لەگەڵ دەکات بەنیسبەت بن دیوار، من ناتوانم بڵێم ئەوەی کەجەنابت بەو شێوەیە ناوت لێناوە من ناتوانم بڵێم نیە؟، ڕەنگە هەبێت بەنیسبەت ئەوەشی کەساڵێك بودجە لەبەغداوە نەهات، مامۆستا ئەوەتا خۆمان ئێستا عەجزمان هەیە، خۆمان ئەوە وەزعە مالییەکەمانە، ئێستا لەسەر ڕینگ دەڕۆین خۆ ئەگەر نەیەت ئەوە ناتوانین مەعاشی مانگێکیش بدەین.

ناسك خان، داهاتی گرێبەستە نەوتیەکان مەبەستم مینحەیان وەك وەزیری سامانە سروشتیەکان دەڵێت شرینی 48 ملیۆنە، وەلا ئەوەمان باس کرد، داهاتی فرۆشتنی بەرهەمە نەوتیەکان، باسم کرد، داهاتی کارگەی وەزارەتی پیشەسازی هەر باسم کرد، داهاتی وەزارەتی کارەباشم باسکرد، کەچۆن بۆ خۆیانە، هاوڕاز خان، بەشێکی زۆری پرۆژەکان، ئەوەش هەر پەیوەندی بەوەزارەتی پلاندانانەوە هەیە.

سەبارەت بەلاپەڕە 23ی پرۆژەکان ئەوەش پەیوەندی بەوەزارەتی پلاندانانەوە هەیە، گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ شاری ئیتالی، هەروەها دەرماڵەی قوتابیان لە 60 ملیار لە ساڵی پار گەیشتووەتە 48 ملیار، وەڵلاهی من ئەوەم لێ پرسین، وتیان پەیوەندی بە مانگ وساڵەوە هەیە، بەلام ئێمە لەهیچ کاتێکدا دەرماڵەی خوێندکاران ناوەستێنین، نە نیەتیشمان هەیە بیوەستێنین وناشکرێت بیوەستێنین بەپێی تەوجیهاتی حکومەت، باجەکان کەمی کردووە، ئەوەشم باسکرد، مەسروفاتی تر، خەرجیەکانی تر بۆ ساڵی 2012 زیادی کردووە، دیارە ئەگەر جەنابت ئەوانە بخوێنیتەوە، ئەوە هەموو حەقلەکان مەوجودە لەناو ئیستیمارەکاندا، کەبۆچی دانراوە؟، وە پێویستی وەزارەتەکان بەو شێوەیە بووە کەدانراوە، بەلام ئەگەر

بگەڕێیتەوە بۆ جەدوەلەکان ئەو سێ جەدوەلەی کە هی ئیرادات و دابەشکردنی پارەیە، لەسەر مستەوای فەصڵ وپارە، لەسەر مستەوای شیکردنەوەی زیاتر، ئەگەر ئەو حسابە بگەڕێتەوە سەری هەمووی مەعلومە، ئەو زیاد بوونانە لەچیەوە هاتووە؟..

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەمە باشە بۆ ماوەی نیو سەعات پشوو دەدەین و سەعات 8 ونیو دێینەوە ناو هۆڵەکە، فەرموون.....

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی وئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز هاژە خان، لاپەڕەی سێ ئیستیمارەی حصەی هەرێمی کوردستان، لەنەفەقاتی حاکیمە بۆ ساڵی 2005، دوایی لە خاڵی 4 نەفەقاتی هەڵبژاردن، ئەڵێت ئەمە نیە بۆچی؟، ئەوانە ئەو دوو ساڵە تەخصیص نەکراوە ئەو پارەیە، بەهەمان شێوە خاڵی هەشت، بۆ هەڵگرتنی مین، ئەویش بەهەمان شێوەیە، لاپەڕەی حەوت خاڵی حەوت، باس لەفەرمانبەرانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی دارایی دەکات، کە نوێنەرەکەی، لەگەڵ نوێنەری وەزارەتی دارایی عێراق.

جارێ بەنیسبەت حکومەتی هەرێمەوە نیە، ئەوە نوێنەرێکی وەزارەتی داراییە کە فەمانبەرێکی ئێمەیە، وەك فەرمانبەرێکی ئاسایی، موتابەعەی موراسەلات وبەرید وئەو ئیشانەی ئێمە دەکات لەناو وەزارەتی دارایی عێراق، لاپەڕە 15 لە سوودە کۆمەڵایەتیەکان کەوەزارەتی ناوخۆ بۆ پێدانی مووچەی موختارەکان وپیشەیی بازرگانەکان، تەبیعی ئەو دوو حسابە ئێمە ئەوانەیان دەدەینێ، دەربارەی دواکەوتنی بودجە، ئەوە جوابمان دایەوە، دەربارەی داهاتی هەرێم بۆ ساڵی 2012، ئەوەش جواب درایەوە، دەربارەی کورتهێنان ئەوەشمان جواب دایەوە.

دەربارەی دواکەوتنی پرۆژەکان، ئەوە پەیوەندی بەوەزیری پلاندانەوە هەیە، سوودە کۆمەڵایەتیەکان بگەڕێرەوە سەر جەدوەلەکان ئەوە مەعلومە لە ئیستیمارەکاندا، لەکوێ زیادەکە هاتووەو سەبەبەکەشی هەر مەعلومە، دیارە پێویستی وەزارەتەکان بەو شێوەیەیە، لەئاستی وەزارەتەکان تێبینی دەکرێت کە وەزارەتی تەندروستی، مەسەلەی وەزارەتی تەندروستی ئەوە ئێمە باسمان کرد، ئێمەش بەهەمان شێوە پشتگیری

لەڕای لیژنەی تەندروستی دەکەین کەئەو وەزعە وابێت، دیارە ئەمە بە ئیتیفاق هەردوو وەزارەت دانـراوە، ئێوە خۆتان، ئەگەر بتانەوێت ئەوە زیاد بکەن ئـەوە لەشـوێنێك هـەڵی بگـرن وبیخەنـە سـەر شـوێنێکی تـر، دەربارەی ئەو 17 هەزار پلە وەزیفیەی کە لەڕاستیدا نەتواندراوە ئەو 25 هەزار پلە وەزیفیەی کە تائێستا دابمەزرێت، بەتەئکید باسی ئەوە دەکات کەپارەی ئەوانەی کە دانەمەزراون پارەکەیان بۆ کوێ چوو؟، ئەوەم وەختی خۆی جواب دایەوە.

ئێستا ش هەر مەعلومـە ئـەوە لـە حساباتی خیتـامی دەردەکەوێت، کـەبۆ کـوێ چـووە؟، بەبـەراورد لەگـەڵ مەسروفاتی تر بەرێژەیەکی زۆر زیادی کردووە، لەسـاڵی 2012 لەهـەر یـەك لـە سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران وسـەرۆکایەتی هـەرێم ووەزارەتـی دارایـی و دەسـتەی وەبـەرهێنان، ئـەوەم دوێـنی هـەمووی جـواب دایەوە، مەسـەلەی 120 ملیـاری تواناسازییە، مەسـەلەی مینحـەی عەینکاوەیـە لەسـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران، سـەرۆکایەتی هـەرێمیش بەهـەمان شـێوە، دەسـتەی وەبـەرهێنان ووەزارەتـی دارایـی، هەریـەکێك شـتێکی دیـاریکراو لـەوێ دانـراوە، بووەتـە هۆکـار کەئەوانـە زیادیـان کـردووە، دەربـارەی بەخشـینەکانی فرۆکەخانـەی هـەولێر وسـلێمانی تـەرخان کـراوە بـە بـڕی ئەوەنـدە ملیـارِ ئایـا بۆچـی ئـەم بەخشـینە بـۆ میزانیەکەیان تەرخانکراوە؟، ئەوە میزانیەکەی ئەوانـە، ئێمـە وەکـو حکومـەتی هـەرێم کـە دەڵێت پابەنـد نین، ئێمە پابەندین ڕێنماییشمان دەرکردووە، ئەگەر تاکو تەراکێك هـەبێت لەشـوێنێك ئـەوانیش بەهـەمان شێوە ئیشەکانیان جێبـەجێ دەکرێت، پـێش ئێسـتاش هـەر باسـم کـرد، کەمکردنـەوەی بودجـەی هـەر سـێ سەرۆکایەتیەکە، ئەوە پەیوەندی بەپەرلەمانەوە هەیە، ئەوانی تریش پشتگیرییە کە هەمووی پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە.

بەنیسـبەت ئـەو پاسـەوانانەی کـەداوا دەکرێـت، بودجەکـەیان زیـاد بکرێـت، ئـەوە بەڕاسـتی پەیوەنـدی بەوەزارەتی ناوخۆوە هەیە، ئیشی ئەوانە، ئێمە وەزارەتی دارایی تەخصیصاتی خۆمـان داوە، ئێسـتا لـەزمنی ئیختیصاصەکە لەئەوەلەوە ئیش دەکەن، کاك عبداللە حاجی محمـود، هـۆی دواکـەوتنی بودجـەمان باسـکرد، پترۆ دۆلارمان باس کرد، هاوتاکردنی هەردوو بودجەکە ئەویش باسکرا، بەخشینی سـاڵی 2012 ئەویشـمان هەر باسکرد، ڕوونکردنەوە لەسەر داهاتی فرۆکەخانەکان ئەویشمان باسکرد.

سەبارەت بەدانی پارە بۆ قەزاو ناحیەکان، ئەویش هەر لای من نیە، لای وەزیری پلاندانانـە، سـەبارەت بـە پێشینەی خانووبـەرە بـۆ سـەنتەری پارێزگـا، قـەرزی ناحیـەو گونـدەکان ئەگـەر بکرێـت، ئـەویش هـەر لای وەزیری پلاندانانە، پێشینەی خانووبەرە لای ئێمەیە، ئەوەشمان باسـکردووە، کـە ئەگـەر ببێـت بەقورسـایی لەسەر میزانیەکەمان ئێمە ناتوانین بڵێین بکرێت، بەڵام بڕیار لای پەرلەمانە، گرنگی بدرێت بە کردنەوەی قوتابخانە بۆ گوندەکان، ئەوە لای جەنابی وەزیری پلاندانانە.

سەبارەت بەبەخشین بۆ یەکجار، 400 بە 600 ئەوەشمان باسکرد، وتووشمانە وەك بەغدای لێ دەکەین، بودجەی سەرۆکایەتیەکان پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە، مەسەلەی دروستکردنی گەنجینە، بەڕاستی خەزنکردن ئەوە تەندروستی دەزانێت، ئەوە جێبەجێ بکات وداوای پارەی بۆ بکات، لەزمنی میزانیەی خۆشی ئەتوانێت سەرف بکات، ئەوە عیلاقەی بە پرۆژەکانەوە هەیە، ئەڵێت ئەو بودجەیەی کەتەرخان کراوە بۆ حزب و ڕێکخراوەکان من ڕام وایە وەك پێشوو بێت، جیانەکرێتەوە تا یاسای ئەحزاب دەردەچێت، هاوڕاز خۆشناو، دەرماڵەی قوتابییان لە 60 بووە بە 48 ئەوەم جواب دایەوە، باجەکان ئەویشم جواب دایەوە، خوشکە پەروین، داوای دەرماڵەی ژن و منداڵی شەهید دەکەن، ئەوەم جواب دایەوە، دیارە ئیقتراحی فراکسیۆنی کوردستانیە، داوای تێچوونی خوێندن لەزانکۆکان بۆ کەسوکاری شەهید، زیاد کردنی ئەو 75 هەزار دینارەی کە دەدرێت بەدایکی شەهید ببێت بە 200 هەزار، شەهیدی هاووڵاتی ببێت بە 250، دەرماڵە بۆ منداڵانی شەهید ئەوانەی لەزانکۆ ئەهلیەکان دەخوێنن، وەڵڵاهی ئەمانە هەمووی بۆماڵی شەهید و کەسوکاری شەهید بەڕاستی کەس ناتوانێت بڵێت نا، لەبەر ئەوەی پەرلەمان چۆن بڕیاری لەسەر دەدات ئێمەش جێبەجێی دەکەین، ئێمەش ناتوانین بۆ کەسوکاری شەهید هیچ ڕەد بکەینەوە، بەڵام دەبێت عیلاجی ئەوەش بکرێت کە لەکوێوە دەیهێنیت ولەکوێوە دای دەنێیت.

بەڕێز ئەڤین خان، زیادکردنی بڕی پارەی سووتەمەنی ئەوەمان باسکردووە، کردنەوەی حسابێك بۆ داهاتی کارەبا، تەبیعی داهاتی کارەبا خۆیان حسابی تایبەتی خۆیان هەیە، بەنیسبەت ئەوپارەی کەئێستا وەردەگیرێت، ئەوەی پێوەری زیرەك ئەویش لەحسابێکی تایبەتدا دەبێت، دەبێت بەزووترین کات هەوڵ بدرێت وێستگەی تەولیدی کارەبا بەگازوایل کار بکات، ئومێدەوارین وەزارەتی کارەبا بیریان لەوە کردۆتەوە، هیواخوازین زوو ئەو کارە جێبەجێ بکرێت.

مەسەلەی زەوی تەوزیع کردن بۆ کەسوکاری شەهیدان، ئەوە زۆر باشە، بەس ئەوە پەیوەندی بەوەزارەتی شەهیدانەوە هەیە، باسی داهاتی ئەوقاف کردووە، هەروەها وەزارەتی ئەوقاف بڕی یەك ملیارو 514دینار داهاتی وەقفیان هەیە، لەگەڵ ئەوەش تەنها بڕی 164ملیار خەرج کراوە، وەڵڵا خۆیان ئەوەندەیان خەرج کردووە، وابزانم بۆ وەقفی هەولێریان سەرف کردووە، بودجەی تەرخانکراو بۆ ناوچە د ابڕێندراوەکان، باسمان کردووە، 50 ملیارەکە.

مەسەلەی ئەو کۆمەڵە گەنجەی کە گرفتی دامەزراندنیان هەیە لەگەرمیان، ئەوە زیاد کراو فۆڕمیان پڕۆ کردۆتەوە، ئەوە ئەمێنێتەوە لەسەر ئەوەی کەپەرلەمان چۆن بڕیاری لەسەر بدات، ئەمە فیعلەن ئەو مەوزوعە وایە، ئەگەر بەڕێزتان بیکەن بە تەوصیەیەك بۆ لیژنەی دامەزراندن، بۆ ئەوەی ئەوانیش تووشی ئەشکالیەتێك نەبن، بەیانی بڵێن ئەمەتان بۆ والێکردووە، تا ئێمەش بتوانین شتێکیان بۆ بکەین، وئاگادار بین و عیلاجێکیان بۆ بکەین، ئەوداهاتەی کەباسی دەکەیت ئێمە باسمان کرد.

مەسەلەی قەرزی کارەبا کە دەڵێن لێی خۆش مەبن، بەڕاستی ئەوە دەسەڵاتی من نیە، نە لێی خۆش بم نە لێشی خۆش نەبم، قەرز هەرچی هەیە ئەوە بەتەشریع دەکرێت، کاك برهان، باسی حساباتی ختامی دەکات، ئێمە باسمان کرد، هەموو مەرحەلەکانیمان باس کرد، باسی پارەی ئەو پرۆژانە دەکات کە پارەیان سەرف نەکراوە، پارەکە لە ئەستۆی حکومەتدایە، ئێمە باسمان کرد، ئەگەر مەبەستی سندوقەکەیە ئێمە ئەویشمان باس کردووە، ئەگەر قەصدی ئەو پرۆژانەیە کەپارەی سەرف نەکراوە، هەر پرۆژەیەك پارەی سەرف نەکرێت و بوەستێت ئەوە پارەکەی لەناو حساباتی وەزارەتی مالیەدا دەمێنێتەوە، ..

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

با بزانین کاك کاردۆ چ تێبینیەکی هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی جوابەکانی بەڕێز وەزیری دارایی دووبارەی تێدایە، بۆیە من پێم باشە جوانەکانی بەنووسراو بێت بۆ ئەوشتە دیاریکراوانەی کە هەیە، مەسەلەن سەبارەت بەداهات، ئێمە بڵێین وایە، ئەو بڵێت نەخێر وایە، سەبارەت بەداهاتی نەوت، سەبارەت بەحسابی ختامی بۆ نموونە، ئەو دەڵێت حساباتی ختامی نەهاتووە، من دەڵێم شەش مانگەکەی هاتووە لەسەر ئەو ئەساسە ئەوی تر دادەنێین، سەبارەت بەهەڵەی زانیاری نادروست بۆ پەرلەمان، من ئەڵێم ئەوە ڕەقەمە تۆ زانیاری لە ئیستیمارەی موازەنە شتێکەو، لە حسابی شەش مانگەکەش شتێکی ترە، بۆ نموونە دەڵێم کاکە ئەمە یەك تریلیۆن زیادە، لەکورت هێناندا، ئەڵێت نەخێر زیاد نیە، من پێێ ئەڵێم ئەو کەرەستەو کەلوپەلانەی کە جگە لە تەعویزی فەرمانبەران سەرف دەکرێت بەڵێ زیادە ڕۆیی لێ دەکرێت زیاتر لە 500 ملیارە، یەعنی ئەو شتانە بەنووسراو پێمان بدات، بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە لەکاتی جواب دانەوە قسەی لەسەر بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی وئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە جواب دەدەمەوە وابزانم مولزەمیش نیم بەنووسراو جواب بدەمەوە، بەس من هەندێك نووسراو کەخۆم داوام کرد، لەبەر ئەوە بوو کەمن تا ئێستاش تێنەگەشتووم ئەم ڕەقەمە ئەوەندە نیە، ئەوەندەیە، ئەوە ئەوەندەیە، بۆیە ئێمە ئەصڵەن هەر سەرمان لێشێوا، یەعنی بەو حسابە بێت ڕاپۆرتە داراییەکەی

ئێمە هیچی تەواو نەبوو، کە یەك، دوو برادەر لە پەرلەمان خوێندیانەوە، بۆیە من وتم بەنووسراو پێمان بدەن، هەرچەند هەندێکیش پێیان نەداین، ..

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر عەلی دەڵێی تێبینیم هەیە، فەرموو.

**بەڕێز د. علی سندی(وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم مەبەست لە ئامادە بوون لەناو هۆڵی پەرلەمان، ئەمە 8 ڕۆژە کەئێمە حازرین بۆ ئەوەی وەڵام بدەینەوە، ئەگەر هەر بەنووسراو وەڵام بدەینەوە، دەتان توانی بەڕێزتان داوا بکەن وئێمەش لە شوێنی خۆمان بین و بەنووسراو وەڵامتان بدەینەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیری دارایی، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باسی دواکەوتنی بودجە دەکات، کە پەیوەندی نیە بە حکومەتی تازەوە، بەنیسبەت ئێمەوە، وەك وەزارەتی مالیە لەسەر حکومەتی کۆن عەرزمان کرد، لەسەر حکومەتی تازەش هەر عەرزمان کرد، هەردوو حکومەتەکە ئیقراری کردووە لە ئەنجومەنی وەزیراندا، کابینەی پێشوو، کابینەی ئێستاش ئینجا هاتووەتە پەرلەمان، لەڕاپۆرتی لیژنەی داراییدا بڕی داهاتی هەرێم 476 ملیارە، کەچی هاوپێچ خشتەیەك هەیە، کە 2 تریلیۆنە، وەڵلاهی نازانم ئەوەشم باس کردووە، باشە کاکە جوابت دەدەمەوە دەڵێم وانیە، دەزگای چاودێری دارایی 11 ملیاری بۆ دانراوە، من یەك شت هەیە ئەبێت بیزانین بەنیسبەت دەزگای چاودێری داراییەوە، خۆی دەزگا نیە، تەبیعی دیوانی چاودێری داراییە، ئەو دیوانە ئێستا وا پەیوەندی بەپەرلەمانەوە هەیە، بەڵام لەیاساکانی پێشوو تریدا، نازانم ئێستا داوای لێبووردن دەکەم کە لەیاساکەیاندا چۆن هاتووە، موازەنە خۆیان دای دەنێن بۆ خۆیان، وەزارەتی مالیە بەس مەفروزە پەسەندی بکەن، سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی، دەسەڵاتی وەزیری دارایی هەیە، لەڕووی میلاك وسەرفەوە، حەز دەکەم جەنابتان ئەوە بزانن ئەو مەوزوعە پەیوەندی بەخۆتانەوە هەیە وەك پەرلەمان، باسی 50 ملیار دینار لەبابی بەخشین هاتووە، جاری 80 ملیار ئەمساڵ بووە بە 50 ملیار، تەبیعی کەهاتووە، بۆ ئەوە هاتووە کەئیشوکاری خەدەمات وسندوقی نیشتەجێی هاووڵاتیان بێت، عەلاکولین خۆ 50 ملیار دانراوە، لەموازەنە ئەو 50 ملیارە ئێستا مەوجودە ئێمە لە موازەنە

دامان ناوه، بۆ دەستەی وەبەرهێنان، ئێمە بەو شێوەیە دامان ناوە، کە پێتان باش نیە هەڵی بگرن و پێیان مەدەن، هیچ موشکیلەیەکمان نیە ئێمە، ..

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

برادەران لێرە 111 کەس دانیشتووە، ئەگەر هەر 111 کەسەکە موداخەلەی وەزیر بکات چی دەبێت، ها جار جارە ڕێگا دەدەین بەسەرۆکی فراکسیۆنەکان کە موداخەلە بکەن، بەڵام ناکرێت هەموو موداخەلە بکەین، ئەوە ئیشەکە بەو شێوەیە چۆن دەڕوات، فەرموو جەنابی وەزیر بەردەوام بە.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی(وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی بۆ خۆیان بەجێی دەهێڵم، دەڵێت لە لاپەڕە 10 پرسیاری کردووە دەڵێت تێچووەکانی تر زیادی کردووە لە ئەنجومەنی وەزیران وسەرۆکایەتی هەرێم، وەزارەتی دارایی، دەستەی وەبەرهێنان، دیارە ئەوەی وەزارەتی دارایی دیارە بۆچیە، ئەوانی تریش هەمووی مەعلومە، بەنیسبەت ئەنجومەنی وەزیران، ئەویشمان باسکرد کە 120ی تواناسازی تێدایە، سەرۆکایەتی هەرێم پێویستیان بەوە هەبووە کەدانراوە، دەستەی وەبەرهێنانیش ئەوە پارەکەیانی تێدایە، ئەوانە هەمووی باس کراوە کەچەندە، بەڵام ئەگەر تۆ بتەوێت کەبۆ لەویٚ دانراوە، ئەوە من تەبیعەتی وەزارەتی دارایمان پیٚ وتوون کە من خۆم ئاگادارم کە ئەو پارانە پێویستە لەوێدا دامان ناوە، کە زیادیان کردووە پێویستیان بەو پارەیە هەبووە بۆمان داناون، بەتەئکید ئەوانی تریش پێویستیان پێیەتی، بۆیە بۆیان دانراوە، ڕوونکردنەوە لەسەر دەستەی وەبەرهێنان بۆ زیادی کردووە، هەروەها وەزارەتی دارایی لێرەدا پرسیارەکە کراوە، لێرەشدا یەکسەر دەڵێت ڕوونکردنەوە نەدات، من لەوەش زیاترم نیە کەباسم کرد.

دەربارەی سەرۆکایەتی هەرێم ئەڵێت 27 ملیار بۆ زروفی تاریئە دانراوە، دیارە سەرۆکایەتی هەرێم پێویستی بەوە هەیە کەئەو پارەیە لەناو حساباتی دابندرێت، چونکە ئەوان سەرۆکایەتی هەرێمن یەکێك لە ئیشەکانیش ئەوەیە ئەوان بۆ ئەو مەوزوعانە پارە سەرف دەکەن، دەڵێت وەزیر ئەو پرسیارانەی پەڕاند، لە لاپەڕە 11 و12 و13و 14وابزانم ئەگەر هەمووتان ئەو شاهیدیە دەدەن کە نەمپەڕاندووە.

ئێستا واجارێکی تر دەیخوێنمەوە، ئەمە لاپەڕە 11 بڕگەی سیٚ لە خاڵی 8، لیژنەی کاروباری پەروەردە ئەم داواکارییە پێچەوانەی تێبینیەکانی لیژنەی دارایی بەڕێزە، بڕگەی چوار ڕوونکردنەوەی زیاتر پێویستە لەو بارەوە بدرێت، بڕگەی 6 لە لاپەڕە 14، پێویستی بەڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە، لەهەمانکاتدا ئەو بڕگەیە تەرخانکراوە بۆ سوودە کۆمەڵایەتیەکان خۆی لەخۆیدا کەمە، ئەگەر لەئاست پێداویستی ئەو وەزارەتانەدا بێت، بڕگەی 8 بە موناقەلە چارەسەر دەکرێت، لەنێوان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی پەروەردەدا، بڕگەی 9 پێمان باشە، بڕگەی 10 ئێمەش پێمان باشە کە چیتر غوبن نەمێنێت، بڕگەی 12،

لەتوانای حکومەتی هەرێمدا نیە، لەهەمان کاتدا ئەم پێشنیارەی بەڕێزتان پێچەوانەی ماددەی 7 ە لە تێبینیەکانی لیژنەی دارایی.

بڕگەی 13، دامەزراندن لەساڵی 2011 لەلایەن لیژنەی باڵای دامەزراندن لەپارێزگاکان ڕێکخراوەو پشت بەبڕیارێکی ڕەسمی سەرۆکایەتی ئەنجومەن لەو بارەیەوە ژمارەی 3136، لە 2011/3/17، ئێمە پێدانی دەسەڵات بەزانکۆ و پەیمانگاکان نوێکان ژمارە5250 لە 2011/5/22، وە فەرمانی ڕەسمی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هەیە لەو بارەوە ژمارەی 479 لە 2012/1/9، وەڵامی بڕگەی چوار خاڵی نۆیەم لاپەڕە 16 لیژنەی ئەوقاف، ئەو زیاد بوونە دەگەڕێتەوە بۆ ئیحداس کردنی 3 بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی، لەگەڵ کردنەوەی یەکەی سەربەخۆ بۆ پەیمانگا ئیسلامیەکان من ئەمانەم هەمووی خوێندوەتەوە، بڕگەی 5 کەمتەرخەمی نەکراوە لەو بارەیەوە 600 پلە دانراوە بۆیان.

بڕگەی 6 بەنیسبەت دەوائیری مینەوە چارەسەر کراوە، واتە دەزگای مین دروست بووە، یاسای خۆیان هەیە لەو بارەیەوە، بەڕەسمی بچڕێندراون لە وەزارەتی دارایی و ئابووری و فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەتی مافی مرۆڤ وژینگەی هەڵوەشاوەتەوە، پێویست دەکات لەلایەن پەرلەمانی کوردستان وسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کار بۆ یەکلایی کردنەوەی بکرێت، بڕگەی 7 لاپەڕە 17، ناردنی بودجە لەکاتی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتنی پەسەند کردنی بودجەی عێراقی فیدڕاڵ و گۆڕانکاری لە کابینەی حکومەتدا، یاسا ورێنمایی بودجە زۆر ئاسانکاری تێدا کراوە بۆ ئەوەی وەزارەتەکان هەستن بە کار وچالاکی خۆیان ووەزیرە بەڕێزەکان بۆیان هەیە بۆ هەر حاڵەتێك خەرجی تا بڕی 350 ملیۆن دینار خەرج بکەن، بەمەرجێك بڕی تەرخانکراوی هەبێت لە بودجەداو یاسا ورێنماییەکان پەیڕەو بکەن لەو خەرجیانەدا، بۆ وەڵامدانەوەی بڕگەی 1 لە 10 ەم لە لاپەڕە 18 ئەو بڕیارانەی کە لەساڵی 2012 پەسەند کراوە، 457 ملیار دینار بە بەراورد لەگەڵ ساڵی 2011، کە 309 ملیار دینارە کەواتە بڕی 148ملیار دینار زیاتر پێشنیار کراوە، بەمەبەستی پەسەند کردنی لەلایەن بەڕێزتانەوە.

بەنیسبەت خاڵی 8 ئیختیصاصی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیە بەپێی یاسا، بەنیسبەت خاڵی 9 گونجاوە، بەنیسبەت خاڵی 10، ئەم کێشەیە بەگواستنەوەی ڕاژە لەوەزارەتەکانی تر جێبەجێ بکرێت، بەنیسبەت خاڵی 11، بارگرانیەك لەسەر بودجە دروست دەکات، خاڵی 15 لاپەڕە 20، بڕگەی 1 داهاتی ئەم وەزارەتە بەڵێ کەمە، چونکە داهاتی کەمی دەست دەکەوێت لەئەنجومەن لەئەنجامی ئەو فحوصاتانە کە لەلایەن تاقیگەی بیناسازی لە سلێمانی ئەنجام دەدرێت، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی تاقیگەی بیناسازی هەولێر ودهۆك سەر بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانن.

بەنیسبەت بڕگەی 7 پێمان باشە لەڕێگەی غەراماتی مروروری دەعم بکرێت بە پێی یاسای غەراماتی مروروری کە لە 50٪ جائیزە کە بەکار بهێندرێت بۆ هۆکاری سەلامەتی مروروری، بەنیسبەت بڕگەی 14

سەر بە دەستەی وەبەرهێنانە، بەنیسبەت بڕگەی 15 بەکۆتایی ساڵ لەگەڵ هەر تەخصیصێکی مالی، ئەگەر کاری لەسەر نەکرا لەو ساڵەدا تەدویر نابێتەوە بۆ ساڵی ئاینده، پاڵپشت بەیاسای ئسوڵی ژمێریاری گشتی ژمارە (28)ی ساڵی 1940، وە یاسای ئیدارەی مالی و دەینی عام ژمارە (95)ی ساڵی 2004، ڕاپۆرتی لیژنەی خزمەتگوزارییەکان وشارەوانیەکان وگواستنەوە وگەیاندن، بڕگەی 1 بڕی داهاتی خەملێندراو 474 ملیار دینارە، ئەوە تەواوە نەك 450 ملیار دینار، ئەو 450 ملیارە کە یەکەمجار لەمانگی 6ی ساڵی 2011دا ئەو ڕەقەمە نێردراوە بۆ بەغداد ئەوە.

بڕگەی 2 ئەو میلاکەی کەلەلایەن حکومەتی عێراقی فیدراڵەوە پەسەند کراوە، 662444 فەرمانبەرە، بەپێی فەرمان و ڕاسپاردەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەڕێژەی ژمارەکەی گۆڕاوە بە 667849 فەرمانبەر، بڕگەی 3 تەواوە ئەمە ئەبێت بەرەو زیاد بوون بڕوات نەك کەم بوون، تەنها لەکاتی نەبوونی میراتگر ژمارەکان کەم دەبێتەوە، ئاخر لاپەڕە، لاپەڕەی 14 بڕگەی 4 تایبەت بە ئموری حساباتی خیتامی نەك میزانیەی تەخمینی، بڕگەی 5 پێشتر لە لیژنەی دارایی وەڵام دراوەتەوە، بڕگەی 6 پێمان باشە لاببرێت و کار بە یاسای ژمارە 25ی ساڵی 1960ی میلاکات بکرێت، کە دەسەڵات دراوە بە وەزارەتی دارایی، بڕگەی 7 ئێمەش پێمان باشە، بەڵام نەکەوێتە سەر شانی فەرمانگەی پەیوەندیدار کە بودجەی ئەو ساڵە پێشکەش نەکات، با ئاگابوون لەکارو چالاکی ساڵی ئاینده.

بڕگەی 9 ئەو بڕە پارەیەی کە لەبەخشین تەرخانکراوە بەبڕی 378799 ملیار دینار، بۆ ئەو فەرمانگانەیە کەداهاتیان هەیە لە ئەنجامی جیاوازی نێوان داهات وخەرجیەکان لەکورتهێنانی بودجە خۆی دەبینێتەوە، بۆ مووچەو گشت خەرجیەکانی بودجەی بەکارخستن، کە ئەوەش بەپێی دەلیلی موازەنەی عێراق پەیرەو کراوە، بڕگەی 10 لاپەڕەی 24، ئەو بڕە پارەیەی کەپێشنیار کراوە لەلایەن گشت وەزارەتەکانەوەیە، بۆیان تەرخانبکرێت لەفەصڵی مووچە بەرێژەیەکی زۆر زیاتر لەوەی کەحکومەتی بەغداد بۆمان دەنێرێت، وەڵامی بڕگەی 12 لاپەڕە 25، پێویستمان بەڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە، لاپەڕە 11ی ڕاپۆرت تێیدا هاتووە باج بەرێژەی لە 15٪ کەمی کردووە، ئەوە باجەو کەمی کردووە من لەوە زیاتر ناتوانم بڵێم، گەر بەڕوون تر دەتانەوێت ئەوە نوسراو دەکەین بۆ زەریبە با پێمان بڵێن بۆچی وایە، ئەوی تریش بەنیسبەت زیادەکەی ترەوە، ئەویش زیادی کردووەو باسیشمان کرد، کە 300 ملیارەکەیە، لاپەڕە 15 ی ڕاپۆرت وەڵامی وەزیری دارایی وەڵامێکی ناڕوون بوو، بەوردی ئەگەر بکرێت بۆمان ڕوون بکاتەوە دەربارەی ئەو پرسیارانە، بڕگەی 16 دووبارەیە، ئێمەش پێمان باشە کە ئەولەویات بدرێت بەگرێبەستەکان، بەپێی پێویستی وەزارەتەکان لەجۆری پسپۆڕییەکان، بڕگەی 17 لەلایەن وەزارەتی داراییەوە دووبارە تەمویلی بانقی خانووبەرە دەکرێت نەك وەزارەتی شارەوانی، زیاد کردنی ئەو بڕەش لە توانای حکومەتی هەرێمدا نیە.

بڕگەی 18 لاپەڕە 26، سیستمی بەڕێکردنی ئەرکە داراییەکان، لەوەزارەتی کارەبا و فەرمانگەکانی سیستمی ژمێریاری یەکگرتوو کە قبوڵی ئەوە ناکرێت کە لێخۆش بوون هەبێت، بەرامبەر خەرجیەکان، بۆیە پێمان باشە وەك خۆی بمێنێتەوە، دیارە ئەمە لەسەر خەرجیەکانی وەزارەتی کارەبایە، پێمان باشە بمێنێتەوەو کەسیش حەقی لێخۆش بوونی نەبێت، بڕگەی 20 لەیاسای ئسوڵی ژمێریاری گشتی ژمارە(28)ی ساڵی 1940 هاتووە، لەهەمان کاتدا میزانیەی هەرێمی کوردستان کە تەمویل دەکرێت لەلایەن حکومەتی عێراقی فیدڕالەوە، بە 1 تەقسیم 12 دەبێت، بەدوو، تا سێ جار بۆمان ڕەوانە دەکەن لەمانگێکدا، دیارە ئەمە باسی 1 تەقسیم 12 دەکات کە لە عێراقیش هەیە و ئیشارەتیشی بەو یاسایە داوە، کە دەبێت وابێت، پارەش لە عێراقەوە بە دوو، سێ جار بۆمان دێت.

وەڵامی بڕگەی 21، داهاتی فەرمانگەکانی سەر بەوەزارەتی شارەوانی دەکاتە 65751 ملیار دینار، بەڵام داهاتی ناو دیوانی وەزارەتی شارەوانیەکان، دەکاتە 340 ملیۆن، خەرجیەکان دیارە ئەمە دوێنێش ئیعتیراز لەسەری هەبوو، برایەك ئیعتزازی گرت وتی وانیە، ئەمڕۆ ئاگادار کرامەوە کە ئەوە فیعلەن وایە، خەرجیەکانی ئاماژە بۆکراو لەسەرەوە بە بەراورد لەگەڵ داهاتی خەملێندراویان بڕی 378799 ملیار دینار پێویستە تەمویل بکرێت لەلایەن وەزارەتی داراییەوە کە ئەویش بەپێی دەلیلی موازەنەی عێراقی تەصنیف کراوە، وەڵامی بڕگەی 23، لەبەر ئەوەی وەزارەتی گواستنەوە داخڵی ختەی نەکردبوو وەزارەتمان ناچار بوو، لەختە داخڵی کردو ئەو گوژمەیە لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تەرخانکراوە، بانقە بازرگانیەکان 43 ملیاریان بۆ دابین کراوە.

پرسیار هۆی زیادی بڕەکە بۆچی بوارێك کراوە؟، وەڵاهی بوارەکان هەر لەناو ئیستیمارەکەدا مەعلومە کە تەعویزاتی فەمانبەرانە، شمەکە، ئەوانە هەمووی دیاری کراون، وەڵامیشم داوەتەوە پێشتر، تەرخان کردنی 29 ملیار دینار بۆ فرۆکەخانەی سلێمانی، ئەمانەم هەمووی جواب داوەتەوە، پرسیاری سوودە کۆمەڵایەتیەکان ئەویشم جواب داوەتەوە.

دەربارەی مینەح و تەحویلات ئەویشم جواب داوەتەوە، لەراپۆرتی لیژنەدا باس لە تەخصیصی 90 ملیار کراوە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، وەزیر ڕوونکردنەوەی پێویستی نەداوە، پارەکە زیاترە لەوە 120ی تواناسازی بوو لێمان دەرکرد، پارەی عەینکاوەمان لێی دەرکرد، ئەوەندە ماوەتەوە، ئەوەش پێویستیەکانی ئەنجومەنی وەزیرانە کە بەپێی ئیستیمارات و لەناویدایە کە بۆچی دانراوە، باسی ئەوە دەکات حکومەتی عێراقی پترۆ دۆلاری نەناردووە، هەروەها داهاتی مەنفەزەکانیش، ئەمڕۆ باسم کردو ڕۆژەکانی تریش هەر باسم کرد.

بەڕێز وەزیری دارایی وتی سوودە کۆمەڵایەتیەکان لە 80٪ زیادی کردووە، ناوی چەند بوارێکی هێنا، داوام وایە بە خشتەی ورد پێمان نیشان بدات، ئەو خشتەی وردە من لێرەوە دەڵێم ئەوە لەوەزارەتی دارایی داوا

دەکەم خشتەیەکی وردی بدەنێ، لەلاپەڕە 6 لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی هاتووە، وەزارەتی ڕۆشنبیری 111 ملیار دیناری بۆ تەخصیص کراوە، بەخشتە پێمان بدات، داوا لەوەزارەتی ڕۆشنبیری بکەن ئەو پارەیەی کەداوایان کردووە، بەخشتە بیدەن بە کاك برهان، پرسیار لەوەزیری دارایی وپلاندانان بکەن، بۆ پارەی موخەصەص بۆ سەرۆکایەتی هەرێم لە 39 ملیاری ساڵی 2011، بۆ 60 ملیار ئەمە دیارە ئەوان خۆیان میزانیەیان پێشکەش کردووە، لە نەتیجەی موناقەشەدا ئەو پارەیان پێویستە، پرسیار لەوەزیری دارایی وپلاندانان بکەن.

بۆ پارەی موخەصەص بۆ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان 514 ملیارەو چۆن ئاراستە دەکرێت، تکایە خشتەی ڕەسمیمان پێ بدەن، مەوجودە هەموو ئەم پارانەی کەدانراوە ئێستا خۆ دیارە بۆ چیە؟، بگەڕێنەوە سەر ئیستیمارەکان لەوێ بیخوێننەوە، مەعلومە کە بۆ چیە؟، ئێمە سێ ئیستیمارەمان پێ داون، ئیستیمارەی ئیرادات، ئیستیمارە لەسەر ئەساسی فەصڵ وماددە، لەسەر ئەساسی هەموو شیکردنەوەیەك، بە 300 حساب داومانە پێتان، پارەکان مەعلومە کەبۆ چیە؟، بەڵام تکام وایە لوتف بکەن بیخوێننەوە، جارێ ئەوە بۆ مەعلوماتت کەئێمە باسی پارەی گازوایل وئەوەی کارەبا دەکەین، کە دەڵێین وەزارەتی کارەبا ئەوەندە تەجاوزی کردووە، خۆی یەکێك لەوانە 501 ملیاری هی پارەی گازوایلە، ڕەخنەیەکی ترم لە لیژنەی دارایی ئەوەیە، ئەوە پەیوەندی بەخۆتانەوە هەیە، ڕەخنەیەکی ترم لەوەزارەتی پلاندانان و دارایی ولیژنەی دارایی هەیە، کە یاسای ئەحزاب باسی زەوابت دەکات، بڕی 200 ملیار تەخصیص کراوە بێ ئەوەی ڕەخنە لەچۆنیەتی و تەوزیع کردنی بگیرێت؟ ئەو مەوزوعەم باس کردووە، ڕەخنەیەکی ترم لە لیژنەی دارایی و وەزارەتی دارایی و پلاندانان ئەوەیە، کە لەوەزارەتی پێشمەرگە بۆ تەوحید کردنی پێشمەرگەو دروست کردنی 8 لیوا دوو هێزی پشتیوانی لەو هێزە داوای 1 تریلیۆن و911 ملیاریان کردووە، کەچی 950 ملیار دانراوە، وەڵڵاهی ئەگەر ئەوەشمان پێ زیاد دەکەن ئەوە عەجزەکەش تریلۆنێك زیاد دەکات، ئێمە بڵێین چی ئەوە ئاوایە، ئەوە لەنەتیجەی موناقەشە بووەو لەسەری ڕێککەوتن بەپێی ئیتیفاق ئەوە کراوە، ئێمە ڕوونکردنەوەیەکمان هەیە، ئەو مەبلەغەی کە دائیمەن باس دەکرێت.

مەسەلەی ئیحتیفالات کەباس دەکرێت، ئەمانەویێت ئەمەتان بۆ باس بکەم، ئەو مەبلەغەی کە بۆ ئیحتیفالات باسکراوە، بەس ئەو بۆنە نیشتیمانیانەیە بۆ زانیاری ئەندامانی پەرلەمانی بەرێز بریتیە لە یادەکانی ڕاپەڕین، نەورۆز، کیمیاباران، ئەنفال، لەدایك بوونی پێغەمبەر(ص)، جەژنی سەری ساڵ، جەژنی برا ئێزیدییەکان، ئاهەنگی دەرچوون ویەکتر ناسین لە کۆلێژو پەیمانگاکان، بەڕێز کاك شێردڵ، بەڕاستی ئەوەی کەباسی کردووە، زیاتر پەیوەندی بە وەرزشەوە هەیە، بەخوا ئەگەر من خۆشم وەرزشم بکردایە، ئێستا ئاوام بەسەر نەدەهات.

دیارە کاك شێردڵیش بەهەمان شێوە ئەویش هەر قەڵەوە، بەس باشە ئەو حەزی لێیەتی، هەموو ئەو داواکارییانەی کەمەعقولە دەمێنێتەوە سەر پەرلەمان، کە داوای چەند خاڵێکی کردووەو خوێندیشیەوە، ئیتر بۆ وەرزش پێویستە کەهاوکاری و یارمەتی بدرێن، بەڕێز کاك اسماعیل، لێرە نیە، بۆ شێخ بایز پارەی سندوقی خانەنشینی ئیدارەی سلێمانی چی لێهات، دوای یەکگرتنەوە، ئەمەم ڕوونکردەوە دوو، سێجاریش باسم کرد، بۆچی شمەك و چاککردنەوە هەموو ساڵێك ئەو برە پارە زۆرەی دەوێت؟، ئەوە لە موناقەشاتی وەزارەتەکانەو ئێمەش کەممان کردۆتەوە، گلەیشیان لێمان هەیە، بۆچی تەقدیراتی تەعویزاتی فەرمانبەران لەلایەن وەزارەتەکانەوە ئەوەندە زۆرە، وەڵڵاهی ئەویش بەڕاستی تەقدیراتی ئەوان زۆرە بەهۆی تەعویزاتی فەرمانبەرانەوە، نازانم چ تەحلیلێکی بۆ ئەکرێت، بەڵام ئەوان ئەبێت خۆی یەکەم مووچە موقەنەنە، یەعنی ئەوە هەر دەبێت بدرێت، لەبەر ئەوە پێم وایە ئاساییە کە ئەوان پێویستیان پێیەتی وداوای دەکەن مەسەلەکە تەقدیرە.

لەکاتێکدا کێشەی بەتاڵەمان هەیە، هەڵئاوسانیش تەبیعیە، دەڵێت چیتان کردووە بۆ ئەوەی کە هەڵئاوسانی گەورەمان هەیە؟، کەچی کرێکاری بێگانە دێتە وڵاتەکەمانەوە، وەڵڵاهی بەنیسبەت ئێمە وەك حکومەت، کێشەی بەتاڵە من ناڵێم نیە، ڕەنگە هەبێت بەس بەو شێوەیە نیە، بەڵام هەندێك ئیش هەیە کە ڕەنگە کرێکاری خۆمان نەیکەن، بۆیە مەجبور دەبن بچن لەدەرەوە بیهێنن، بەڵام بەتاڵە هەیە، بەس بەو شێوەیە نیە، منیش بۆچوونم وایە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئەم مەوزوعە لە ئیختیصاصی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیە، بۆچی نەتانتوانیوە ئەو دەستدرێژیانەی حکومەتی مەرکەزی ڕابگرن، لەسەر حسەی بودجەی هەرێم، وەڵڵا ئەوە باسم کردووە زۆر.

سەمیرە خان، لە موازەنەی ساڵی 2012، ئیراداتی حکومەتی هەرێم نووسراوە کەوەزارەتی ئەوقاف 836 ملیۆن دینارە لەکاتێکدا کە وەزیری ئەوقاف ڕای گەیاندووە کە داهاتی وەزارەت لەساڵی 2011 زیاتر لە ملیارێك و400 ملیۆن دینار بووە، ساڵی 2012 ش ئەم داهاتە لە 2 ملیار دینار نزیك دەبێتەوە، بۆیە نازانم ئەم داهاتەی وەزارەت بەچی پێوەرێك بۆ ساڵی 2012 جێگیر کراوە.

وەڵامی داهاتی وەقف داخڵ بووەو نزیکەی 2 ملیار دینارە ساڵانە لە ئیراداتی وەزارەتی ناوخۆ لە زیاتر لە 33٪ی ئیراداتی ساڵێکی حکومەت دەهێنێت، تەنها لە حەقلی زەرائیبدا بەڕوونی مەبلەغی داهات هاتووە، ئیتر هەموو ئیرادەکانی تر لە حەقلی ئیراداتی تر دیاری کراوە، ئەمەش ڕەنگە جۆرێك بێت لە ناشەفافیەت، داهاتی ناوخۆ ئەوانەی غەراماتی مروورییان هەیەو داهاتی خۆشیان هەیە، لە 50٪ی غەراماتی مروورییەکان لەسەر داهاتەکانیان داخڵ دەکرێت، ئەوانەی تا ئێستا مەعلوم نین لە حساباتی خیتمایی هەموو ساڵێکدا، بۆ حساباتی خیتامی بگەڕێنەوە سەر جەدوەلەکە هی وەزارەتی ناوخۆ هەمووی دیاری کراوە، لە خەملاندنی داهاتی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی 2012.

داهاتی وەزارەتی کشتوکاڵ بەنیسبەی لە 2٪ی داهاتی گشتی حکومەت خەمڵێندراوە، لەبەرامبەردا داهاتی وەزارەتێکی وەك وەزارەتی داد، کە بە زیاتر لە 8٪ خەمڵێندراوە، ئایا ئەمە جێگای سەرنج نیە؟، لەکاتێکدا خەڵك چاوەڕوان دەکات داهاتی حکومەت لەوەزارەتی کشتوکاڵ ڕێژەیەکی زۆری هەبێت، ئەوە داهاتی وەزارەتی کشتوکاڵ بەو شێوەیە، بەڵام کە دەڵێین بۆ وەزارەتی داد ئەو پارەیە زۆرە، ئێوە هەر تەماشا بکەن موعامەلەی کڕین و فرۆشتنی خانوو وزەوی چۆنە؟، ئەوە لەوێوە هاتووە، سەرگوڵ خان، لەساڵی 2005 تا 2012، بڕی 11 تریلۆن و569 ملیار و 502 ملیۆن بەشی هەرێمی کوردستان بووە لەنەفەقاتی حاکیمە، هەوڵی ئێوە بۆ وەرگرتنەوەی ئەم پارانە چیە؟.

دیارە ئەمە لەجەدوەلەکە دیارە کەئێمە ئەوەندەیە حصەکەمان، ئێمە ئەوەی کەهاتووە ئەوە موسەبەتە، تەبیعی ئەمانە هیچی وەکو پارەی نەقدی زۆربەی زۆری نەهاتووە، ئەوەشی کەهاتووە موسەبەتە، پەیوەندی بەوەزارەتەکانەوە هەیە، خۆی نەفەقاتی حاکیمە بەنیسبەت ئێمەوە، وەزیرەکانی ئێمە لەگەڵ وەزیرەکانی بەغداد، وەزیری موختەص لێرەو لەوێش پێکەوە ڕێك بکەون وخۆیان موتابەعەی بکەن، ئێمە دەلیلمان هەیە بۆ ئەوە.

ڕەنگە بۆ پارەی وەرگرتنی کارەبا کیتابی ڕەسمیشمان لای خۆمانەوە ناردووە وتوومانە وەزارەتی کارەبا بڕۆن پارەکەتان لەبەغدا داوا بکەن، ئەوەی کە ئێمە موتابەعەمان کردووەو نووسراوی ڕەسمیشمان هەیە، موخاتەباتمان هەیە، موتابەعەشمان کردووەو وەزارەتەکانیش بەهەمان شێوە، ناردنی زانیاری هەڵە بۆ پەرلەمان ئەوەمان باس کرد، بۆچی پارەی فەرمانبەران وشوەیفات، ئەوەشم باسکرد، داهاتی کارگەی چیمەنتۆ ئەویشم باسکرد، سندوقی خانەنشینی ئەویشم باسکرد، داهاتی هێنانی ئۆتۆمبێل ئەویشم باسکرد.

ئەمەش هی خوشکە گوڵێزارە، ئەویش هەر لەسەر مەلەسەی وەزارەتی ئەوقاف و دروستکردنی مزگەوت دەروات، وەزارەتی ئەوقاف ئێستا لەڕووی دەرماڵەیانەوە، لەڕووی میلاکاتیانەوە، داواکاری چەند ئەندام پەرلەمانێکە، بەڕاستی ئەوە پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەیە، هەر هەمووی هاتووە، دەڵێت هۆی چیە میلاکی وەزارەتی ئەوقاف هەموو ساڵێك کەم دەکات، وەڵڵا ڕاستە میلاك لەلای ئێمەیە، بەڵام ئەوان لەدابەشکردنی میلاك داوای ڕەقەمێك دەکەن ولەوەزارەتی مالیەش ئەو ڕەقەمە دەدەن، ئەوە لەنەتیجەی موناقەشە وای لێدێت، ئێمە دوو ساڵە داوای دەرماڵەیەك بۆ مامۆستایانی ئایینی دەکەین، باسم کرد هەموو ساڵێك بودجەی ئەوقاف لەهەموو وەزارەتەکان کەمترە، هۆی چیە حکومەت بایەخ نادات بە مزگەوت دروست کردن؟، وەڵڵا خۆ شوکر ئێستا ئەوەندە خەڵك وهاووڵاتی مزگەوت دروست دەکات، بەڵام حەقە حکومەتیش لەپاڵیدا دروستی بکات، مزگەوتی دارەبەن لەپارەوە نۆژەنکردنەوەی بۆ دەرچووە، بەڵام وەزارەت ڕای گرتووە، ئەوە لای جەنابی دکتۆر عەلی یە.

بەیان خان، ئیستیقتاعی تەقاعودی هی فەرمانبەران ئەوەمان باسکردووە، پار 25 هەزار وەزیفە پەسەند کرا، ئەوەشمان باسکرد، گشت قەرزەکان کە دەدرێت بەهاووڵاتیان و وەرگرتنەوەی، ئەوەشمان باسکرد، دوا ڕاپۆرت لەسەر پێشکەوتن لە هەڵمەتی دروستکردنی قوتابخانە، ئەوە لای جەنابی دکتۆر عەلی یە، لەکۆی ئەو بڕە پارەیەی کەسەرف کرا بۆ بیمەی بێکاری لەدەرچوانی زانکۆو پەیمانگاکان کەلەناو یاسای بودجەی ساڵی 2011 نەبوو، ئێستا دەڵێین 29898 بۆی سەرف کراوە، داوا چاککردنی مووچەی مامۆستایان لەسنوری پارێزگای دهۆك لەگەڵ شوێنەکانی تر، ئەوەشم باسکرد، لەساڵی 2008 تا ئێستا بڕی 900 ملیار دینار لەفەرمانبەران بڕاوە بەناوی سندوقی خانەنشینەوە باسمان کرد، ئەو ڕێکخراوانەی زانستی و ڕۆشنبیری کێن؟، ئەوەشمان باسکرد.

سەبارەت بەناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کە لەساڵی 2010 هیچ بڕە پارەیەك سەرف نەکراوە بۆیان، نەخێر پارە چۆن سەرف نەکراوە؟ من بەلیست خوێندمەوە کە چەندمان بۆ سەرف کردوون و ئەمساڵیش بۆیان دانراوە، لەساڵی 2011 بڕی 70 ملیار تەخصیص کرا کە لەشەش مانگی یەکەم هیچ سەرف نەکراوە، من تەبیعی بە لیست خوێندمەوە کەچەندمان بۆیان سەرف کردووە، پرۆژەی ئێستاشمان چیە؟ کە بۆیان دەکرێت، مەبەستەکانیش نووسرابوو لەو پارانەی کەسەرفمان کردبوو، هیوادارم بەیاسا مافی هاووڵاتیانی ئەو ناوچانەو ئەوانەشی کە ئەمڕۆ لەهەرێم نیشتەجێن، بەڵام خەڵکی ئەو ناوچانەن بچەسپێت تا مەحرووم نەبن لە گشت ئەو خزمەتانەی کە بۆ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دابین دەکرێت، ئێمەش هیواداریین.

بەفرین خان، ساڵانە کێشەی دواکەوتنی بودجە، ئەوەمان وەڵام داوەتەوە، سیاسەتی ئابووری بووژاندنەوەی، باسی پرۆژەکان دەکات، ئەمە پەیوەندی بە دکتۆر عەلی یەوە هەیە، کورتهێنانی بودجە، ئەوەشم وەڵام داوەتەوە، ناهاوسەنگی و جیاوازی لەنێوان هەردوو بودجەی تەشغیلی ووەبەرهێنان، ئەوەشم جواب داوەتەوە.

خاڵی 9و14 ی ڕاپۆرتی لیژنەی مافی مرۆڤ لاپەڕە 32، ئەویش ئەوەیە من لێرەوە دەڵێم بەنیسبەت سندوقی شەهیدانەوەیە، لە 2331973 ئەوە وتمان پارەیان بۆ ڕۆشتووە،154212855 سەرف کردووە، 707 و قسور ماوەتەوە، 1380 کەس موستەفید بووە، مەسەلەی 10 ملیاری ئاوارەکانمان باسکرد، بەپێی یاسای بودجەی ساڵی 2011 بڕیار درا، بەگەڕاندنەوەی فەرمانبەرانی سزا دراوان و گەڕاندنەوەی مووچەکانیان، پاش سەلماندنی ڕاست و دروستی، تا ئێستا ئەم پرۆسەیە چەندی جێبەجێ کراوە، لەگێڕانەوەی مووچەکانیان؟، وەڵاهی ئەوەی کەهاتووەتە وەزارەتی دارایی و پەیوەندی بەوەزارەتی داراییەوە هەیە لەوانەیە هەندێکیان لێ جێبەجێ کرابێت، ئەوەی وەزارەتی دارایی بەس ئەوەشی

کەمابێتەوە ڕەنگە تاك و تەرا بێت، بەڵام ئێمە ئەمرمان پێکراوە لەسەرۆکایەتی هەرێم، لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، کە ئەو مەسەلەیە دەبێت جێبەجێ بکرێت، نابێت دوا بخرێت.

ئێمەش هەرچیەك هاتبێتە بەردەستمان جێبەجێمان کردووە، هەتا خۆم وەك وەزیری دارایی ئەو نووسراوەی کەهاتووە نووسیومە بەپەلە ئەبێت جێبەجێ بکرێت وەك خۆی، ئەگەر هەشبێت حەقە داوا بکرێت ناوەکان پێشکەش بکرێت بۆ ئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکرێت، مەسەلەی 7500 دۆلارەکە، ئەمڕۆ باسم کرد کە بدرێت بەگوند نشینەکان وەك هاوکاری بۆ بینای خانوو، کاك سالار محمود، هەرچەندە ئەوە هەردووکی پەیوەندی بە برای بەڕێزم دکتۆر عەلی یەوە هەیە، کەداوای مەبلەغێکی کردووە بۆ سەوز کردنی گەرمیان، نۆژەنکردنەوەی قەیسەری کفری، تکام وایە بەنەزەری ئیعتیبار وەربگرێت، منیش وەك گەرمیانیەك پێم خۆشە کە ئەوە بکرێت، کاك عبداللە محمد.

دیارە ئەم پرسیارانە ئێستا هاتووە بۆم، بۆچی زەماناتە دەستووریەکان بەکار نەهاتووە لەدادگای فیدڕالی باڵا سکاڵاکاتان لەسەر حکومەتی عێراقی تۆمار نەکردووە، لەبەرامبەر ئەوەی کە بەشێکی زۆری داهاتی کوردستان لە عێراق نادرێت بەکوردستان، من پێم وایە ئەوەی موراعاتی مەبدەئی (معاملة بالمثل) دەکەن، وەچاوپۆشی لەیەکتری دەکەن، وەڵڵاهی من بەڕاستی ئەو چاوپۆشیە نازانم کە دەیکەن یان نا؟.

بەنیسبەت منەوە ئەوەی کەواجب بێت کردوومەو باسیشم کردووە، ئەنجومەنی وەزیرانیش لەهاتووچۆدا بووە بۆ ئەم مەسەلەیە، ئیهتیمامێکی گەورەشی پێداوە؟، من تا ئەنجومەنی وەزیران ئاگام لەو مەسەلەیەیە؟ ئاگام لە وەفدەکانە، ئاگام لەوەعدەکانە کەدراوە، ئاگام لەوانەیە کەوەعدەکانیان جێبەجێ نەکردووە، ئەم مەوزوعە ئەمە چەند ڕۆژە ئێمە باسی دەکەین، ئەمە دیارە جارێکی تر بەهەمان شێوە هاتووەتەوە ئامانجتان چیە لەدواخستنی بودجە؟، ئایا داهاتی کوردستان تەداولی پێ ناکرێت بەناشەرعیەت، ئەگەر وانیە بۆچی دوادەخرێت؟، لەکاتێکدا کەجێگای تەخمینە، بەداخەوە بەو شێوەیەیە، من ئەوە شتێکە قەت تەسەور ناکەم شتی وا هەبێت نە هەیە نە بووە، نە دەشکرێت، بۆچی تەوزیعی ئیمیتازات ناکەن؟، هەموو ئیمتیازاتەکان دەخەنە سێکتەری کەرتی گشتیەوە، ئەم پرسیارانە تازە هاتووە من هیچ قسەیەکم لەسەری نیە، مەفروز بوو پێشتر بێت، لەدواییدا جوابەکەی دەنێرینەوە، ئەگەر لەڕێگای پەرلەمانەوە بە پرسیار بۆمان بێت، ئەوە جوابەکەی دەنێرینەوە، نەخێر من پێم وتن ئەو شتانە ئەوەی کەپرسیارەکانی بۆم نەهاتووە، یان ئەوانەی کە دوێنێ بیستم تەسجیلم کرد، ئێستا ئەوەتا وەڵامیان دەدەمەوە، بەڵام لەملاو ئەولا هەندێ شت هەیە گوێم لێ نەبوو، سێجاریش بە سەرۆکی پەرلەمانم وت و ئیعلانی کرد، وتی پرسیارەکان بنێرن، نەیان نارد، بەڵام هەر پرسیارێکی تر هەبێت لەڕێگەی پەرلەمانەوە بێت ئێمە ئامادەین وەڵامی بدەینەوە، سوپاس سەرۆکی پەرلەمان، ئەوانە وەڵامەکانی من بوون بۆ ئەو پرسیارانەی کە لێم کرابوون، وە ئەو پرسیارانەی کە لەبەردەستمدایە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیری پلاندانان، فەرموو وەڵامەكانی خۆت بدەرەوە، باشە كاك حاجی بیلال قسەی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوێنی پرسیارم كردووە، ئەمڕۆش بەنووسین كە دوێنێ ئێوارە تەواو بووین خۆم بەنووسین دامە دەستیان، كەچی جوابیان نەدامەوە، ناردوومە كاك سەعد وەریگرت، كەدوێنێ داوای كرد لەبەردەستم نەبوو دوایی بە تایپ بۆم هێنا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حاجی بیلال، دەبوایە دوێنێ بیدەیتێ تا ئەمڕۆ خۆی بۆ وەڵام دانەوەكەی حازر بكردایە، فەرموو جەنابی دكتۆر علی.

**بەڕێز د. علی سندی(وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەكەم، كە پرسیارەكان دووبارە بكەنەوە، گەر جەنابت ڕازی بیت، باشە، جەنابی سەرۆكی پەرلەمان، من سەرەتا دەمەوێت داوای ڕوخست بكەم لەجەنابتان كەوا بەدانیشتنەوە وەڵامی پرسیارەكان بدەمەوە، چونكە وەڵامەكان زۆرن، باشە سوپاس.

پێشەكی سوپاسی ماندووبونی هەموولایەك دەكەم، كە لە 8 ڕۆژی ڕابردوودا بۆ ماوەیەكی دوورو درێژ هەموو ڕۆژ تەقریبەن لەسەعات 10 ی بەیانی تا 11 شەو، ماندوبوون لەگەڵمان و هەوڵی ئەوە درا كە بودجەكە دەوڵەمەند تر بكرێت، سوپاستان دەكەین كە ئەم 8 ڕۆژە تەحەمولی ئێمەتان كرد، بەو پرسیارو تێبینیانەتان هەموو پێكەوە حەتمەن لەبەرژەوەندی گشتیدا بوو، بەڕاستی ئەمە ساڵی سێیەمە كەئێمە بەم شێوازە موناقەشەی بودجە دەكەین، لەسەر ئەوە ناچم، بەڵام حەقە بۆ ساڵی ئایندە هەموومان پێكەوە بیرێكی لێ بكەینەوە، چونكە وابزانم هەر هەموو پێكەوە تێبینیمان هەیە لەسەر ئەو شێوازە، لەلایەكی ترەوە ئەو پرسیارانەی كەكران.

بەحەقیقەت هەر بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، بەهەموو شێوازێك ئەگەر سەیری هەموو فەقەرەو ماددەكان بكەم، تێبینی دان لەسەر بابڵێین هەموو پرۆژەكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان كە بە بەردەوام و بە پێشنیارەوە خۆی لە نزیكەی 5 هەزار پرۆژەیەك دەدات، تێبینیدان لەسەری لەماوەی چەند

ڕۆژێك ووەڵام دانەوەی كارێكی ئاسان نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ڕاو بۆچوونی ئەندامانی پەرلەمان زۆر بەجدی وەردەگرین وكاری لەسەر دەكەین، محاوەلە دەكەین هەر تێبینیەك كەدێت چارەسەر بكرێت، بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی كوردستان ماددەی 86.

كاتێ پرۆژە یاسای بودجە موناقەشەی لەسەر داهات و خەرجیەكانی دەكرێت، لەهیچ شوێنێك باسی پرۆژەكان نیە، بەڵام لەبەر ئەوەی بەڕێزتان پێتان پەسەندە ئێمەش مولزەمین و وەڵام دەدەینەوە، هەندێ لەو بەڕێزانەی كەقسەیان كرد لەماوەی 8 ڕۆژی ڕابردوودا، لە 6/11 تا ئەمڕۆ كە 6/18 سەعات 15/10 شەوە، هەندێكیان پرسیار بوون، هەندێكیان تێبینی بوون لەسەر پرۆژەكانی وەبەرهێنان، هەندێكیشیان پێشنیار بوون بۆ چارەسەركردن، بەشێوازێكی گشتی من محاوەلە دەكەم یەك بەیەكی بەڕێزان كە پرسیاریان ئاراستەی ئێمە كردووە، وەڵام بدەمەوە.

هەندێكیان لەئەسنائی پرسیاركردنیان و تێبینی دانیان دەیان وت ئەو پرسیارە بۆ وەزیری پلاندانانە، لەكاتی دانیشتنی پێشووتر محاوەلەی ئەوەمان كردو وەڵاممان دانەوە لەكاتی خۆیدا، ئەوەی كەوەڵام نەدراوەتەوە هەوڵ دەدەم كەوەڵامی بدەمەوە، ئەوەشی كە دووبارە بێت عەفومان بكەن كە جوابی نادەینەوە، ئەگەر پێشنیار بێت، وە مومكین بێت ئەوە وەڵامی دەدەینەوە، ئەگەر پێشنیارەكەش مومكین نەبوو ئەوە وەڵامی نادەینەوە، پێویستیش ناكات ناوی ئەو بەڕێزە بهێنین و بڵێین ئەوە مومكین نیە، وەكو ئەوەی كەدیارە بەڕێزان هەموویان چەند شتێكی گشتیان هەبوو كەلەسەرەتادا وابزانم كە پێویست دەكات باسی بكەم، من دوو شتم ئامادە كردووە كە تێبینی و ڕەخنەو پێشنیارەكان وەڵام بدەمەوە، یەكێكیان پرسیارەكانی بەڕێزانە، كەوەڵامەكانیان ئامادە كراوە، ئەوی تریش مومكینە شێوازێكی گشتی بەچەند سلایدێك كەهەم باسی بودجە بكەین هەم باسی ئەو شتانە بكەین كە موشتەرەكە، وابزانم هەموومان موتەفقین لەسەر ئەوەی كە كێشەی لەسەرە دەبێت پێكەوە بیر بكەینەوە بۆ چارەسەركردنی، ئەگەر جەنابتان ئیجازە بدەن لە پرسیارەكانەوە دەست پێدەكەم.

بەڕێز سۆزان خان، كۆمەڵێك پێشنیاری هەبوو زیاتر لە پرسیار، من پشتگیری هەمووی دەكەم، بەتایبەت لەبواری قوتابخانە دروست كردن، كە بەردەوام بێت، هەروەها ناوچە سنوورییەكان، هەروەها ناوچە دابڕێندراوەكان.

بەڕێزان ڕاستە كەساڵی 2011 ش لە یاسای بودجەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بڕێك كە 70 ملیار دینار بوو، بێجگە لەوەی كە بەماددەیەكی جیا، بە فەقەرەیەكی جیا، بۆ ناوچە دابڕێندراوەكان تەرخان كرا، بەڵام حەقیقەتێكیش هەیە كە لەڕێگای وەزارەتی پلاندانانەوە بۆ وەزارەتەكانی تر دابەشكرا بەسەر هەموو ئەو ناوچانەدا، بەس حەقیقەتێك هەیە ئەگەر بەڕێزتان دیقەت بدەنە لیستی پرۆژە بەردەوامەكان،

بێجگە لەو 70 ملیار دینارەش، کۆمەڵێك پرۆژە هەیە کەوەزارەتەکان وەکو پرۆژەیەکی تەبیعی نەك بەشێوەیەك کەناوی لێ بنێێن پرۆژەی ناوچە دابڕێندراوەکان.

کۆمەڵێك پرۆژە هەیە کەنزیکەی 160 ملیار دینارە کەوەزارەتەکان ئەو شوێنانەیان بە ماڵی خۆیان زانیوە پرۆژەیان بۆداناوە، بەهیچ شێوەیەك ئێمە لە ڕیزبەندی کردندا ئەوانەمان جیا نەکردۆتەوە، کەواتە ساڵی پار 70 ملیار دینار بۆناوچە دابڕێندراوکان دانرابوو لەگەڵ ئەوەی کەهەر وەزارەتێك کەشتێکی دانابوو کۆی گشتی کردییە 160 ملیار دینار، بێجگە لەوەش لەپرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان دیسان جارێکی تر بەشێوەیەکی تەبیعی تەعامول لەگەڵ ئەو شوێنانەدا کراوە، بێجگە لەوەش لەو پارەی کە تەکمیلەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بوو، لەپارەی موشتەقاتی نەوت، کە پار جاری یەکەم هاتە پەرلەمان جاری دووەم لەسەر ئەساسی پرۆژە یاسای بودجە ئێمە تەخویل کراین کە موصادەقەی لەسەر بکەین، لەوێشدا پرۆژە بۆ ناوچە دابڕێندراوەکان دانرایەوە.

لەبەر ئەوە دیسانەوە دەستخۆشی لە پێشنیارەکانی سۆزان خان دەکەم، بەڕێز کاك کاردۆ، ئەو پرسیارانەی کەپەیوەندی هەبووە بە بودجەی وەبەرهێنان چوار پرسیار پەیوەندی بە منەوە هەبوو، یەکێکیان: پرسیارەکە ئەوە بوو کەساڵی پار پارەی پرۆژەکان سەرف کراوە، یەکەم: نەبوونی عەدالەت لەدابەشکردنی پرۆژەدا، دووەم: بەوەی کە تەنەدەرین ڕاگیراوە، سێیەم: پرسیاری ئەوەی کردووە کە زۆری وبۆری پرۆژەکانی وەبەرهێنان ودابەش نەکردنیان بەشێوازێکی عادیلانە، بووەتە هۆی زیاد بوونی بێکاری وبێزاری، پرسیارێکی تری بەڕێزیان دەڵێت پلانی 5 ساڵەی کشتوکاڵ لە پلەی سفردایە، یەکێك لە ئەهدافەکانی ( اکتفاء الذاتي)بوو کە جێبەجێ نەکراوە.

بەڕێزان سەبارەت بەو پرۆژانەی کە لە لیستی پرۆژەکان لەبەردەستی بەڕێزتاندایە، چونکە کاك کاردۆ ئەوەی ئیسارە کرد دواتریش زۆر لەخوشك وبرایان هەمان پرسیاریان کردەوە، بەڵام من لەڕێگای وەڵامدانەوەی بەڕێزیانەوە هیوادارم وەڵامەکە بۆ خوشك وبرایانی تریش کافی بێت، ئێمە لیستی پرۆژەکان کەپێشکەش بەپەرلەمان کرا.

هەروەکو برای بەڕێز وەزیری داراییش ئاماژەی پێکرد، ئێمە لەکاتی پێویست پرۆژە یاسای بودجە چ لەتەشغیلی چ لە ختەو مەشاریع ئامادەمان کردبوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە حکومەتی تەصریفی ئەعمال بوو، چووە ئەنجومەنی وەزیران و دوو جاریش گفتوگۆمان لەسەر کرد.

هەموو ئەو خوشك وبرایانەی کە لەئەنجومەنی وەزیرانن هەموویان مەوجودن دووجار موناقەشەی پرۆژەکە کرا بۆ ئەوەی بنێردرێتە پەرلەمان، هیچ مەبەستێکیشی لەپشت نەبووە بەهیچ شێوازێك، بەڵام پرسیاری وجهە نەزەری پەرلەمانیش کرا، ئینجا پرسیارەکە تەمسیلی ڕەئی چۆن دەکات، پرسیارەکە تەنانەت لەمیدیاکانیش بڵاو کرایەوە، ڕەئی یاساییەکە ئەوە بوو وابزانم برای بەڕێزم کاك گۆران ئاماژەی

بەوجهە نـەزەری یاسـایی دا، کـە نـەدەبوو بنێردرێت، لەبـەر ئـەوە دواکـەوت بۆمـانگی 5 لـە 2012/4/5، کابینـەی نویٚ سوێندی خوارد.

لەسەرەتای مانگی 5 ئێمە پرۆژە یاساکە بەو شێوازەی کەئامادە کرابوو ڕەوانەی پەرلـەمانمان کـرد، لەگـەڵ برادەرانی لیژنەی دارایی و ئابووری چەندین دانیشتن کرا، ئێمە هەر لەڕۆژی یەکەمەوە، لەیەکەم دانیشتن لەگەڵیان تەوزیحماندا، وتمان ئـەم لیسـتە لیسـتی 2011/12/31یـە، لیسـتەی نـویٚ هەیـە، بـەپێی بڕیـاری پەرلـەمانی کوردسـتان، بـەپێی یاسـای بودجـەی سـاڵی 2011 ئێمـە مـولزەمین کەبەشـێوەیەکی وەزری ڕاپۆرتێکی تر بنێـرین، ئەمـە 12/31 یـە لـەدوای 12/31 لـەمانگی 4 ئێمـە ئەبـدەیتمان هەیـە دەتـوانین ئەبدەیتەکـە بنێـرین، زۆریـش بەدیقـەت گفتوگۆمـان لەسـەر ئـەوە کـرد، هـیچ مەبەسـتێکی تـریش نـەبوو، بەعەلەنی وئاشکرا دەیڵێم بەڕێزیشیان دانیشتوون.

ڕەئی بەڕێزیان لەناحیەی فەنیەوە ئەوە بوو دەیانووت، ئەگەر ئێوە هاتو دوو لیستەکە ئێستا لەپەرلـەمان بێـت ڕاسـتە پەسـەند کردنـی بودجـە دواکـەوتووە، بـەڵام ئەگـەر دوو نوسـخەی لیسـتی پرۆژەکـان هـەبێت لەبەردەستی ئەندام پەرلەماندا، ئیحیتماله تۆزێك تێکەڵ و پێکەڵیەك دروسـت بکـات، بـۆ نموونـە خـەڵکێك بڵێن ئێسـتا تـۆ مـەوقیفی پرۆژەکانـت ئەوەیـە، بـەس بـۆ داوای ئـەو پارەیـە دەکـەیت، مەسـەلەن لەکاتێکـدا کـەوەزارەتی دارایـی وئـابووری بەئاشـکرا لەهـەموو مەجلسـێك، لەهـەموو ئامـادە بوونێـك، کەهاتوونەتـە پەرلەمان ئاماژەیان بـەوە داوە کـە ساڵی دارایـی لـە 12/31 تـەواو دەبێت، لەبـەر ئـەوە لەسـەر پێشـنیاری ئەوان، لەسەر پێشنیاری لیژنەی دارایی وئابووری، ئێمە ئیکتیفامان بـەوە کـرد، دەنـا ئەگـەر لـەبیرتان بێـت ساڵی 2011، لەکاتی موناقەشەی بودجەدا ئێمە تەوزیحماندا کەپرۆژە بەردەوامەکان حەرەکـەتیان تێدایـە، داینەمیکیان تێدایە، پارە لەسەریان سەرف دەکرێت بەبەردەوامی، هەفتە بـۆ هەفتـە مەوقیفەکـە جیـاوازە، پێشنار کرا کە ئەبدەیتێکی تازە بهێـنین، ئەبـدەیتێکمان هێنـا لـە ئەسـنائی موناقەشـەکردنی پـرۆژە یاسـای بودجـەی سـاڵی 2011، خـۆ ئەمسـاڵیش پێمـان دەکـرا بیهێـنین، بـەڵام لەسـەر تەوصـیەی لیژنـەی دارایـی وئابووری، ئیکتیفائمان بەوە کرد کەموناقەشەی ئەوە بکرێت بۆ پەسەند کردن، ئینجا ئەوە کارێکی تۆزێـك زەحمەتە بچینەوە 12/31 بەو چاوە سەیر بکەین، بەڵام واقیعی حاڵەکە وایە، لەبەر ئەوە ئێمـە وتمـان بـا نەبێتە دوو نوسخەو بەرچاو ڕوونیەك هەبێت.

نەبوونی عەدالەت لەدابەشکردنی پرۆژەکان بەحەقیقەت ئێمە هەموو سـاڵێك ئـەو کەلیمەیـە وابـزانم زۆر نسبیەتی تێدایە، من دوایی دەتوانم لە سلایدەکان پیشانی ئێوە بدەم، ئەگەر ڕێـژەی دانیشـتوانە ئەمـە بـەم شێوەیەیە، ئەگەر مەغدوورییەتێك بۆ نموونە لە پارێزگایەکی موعەیـەن وەك هەنـدیٚ لـە خوشـك وبرایـان باسـیان کـرد لـەپارێزگای دهـۆك هـەبێت، سـاڵانی پێشـووتر کۆمـەڵێك پـرۆژەی سـتراتیژی هـەبووە، ئێسـتا بەرنامەی چارەسەرکردنی هەیە، وە تاحەدێکیش چارەسـەر کـراوە، ئەگـەر باسـی قەزاکانـە، ئێـوە جـەنابتان

بەمەوادی جیاو بە فەقەراتی جیا قەزای سنووری و قەزای زیان لێکەوتوو بڕێك پارەی بۆ دانراوە، تەنانەت ئێستا بۆ ناوچە دابڕاوەکانیش بەهەمان شێوەیە.

ئێمەش بەش بەحاڵی خۆمان ناڵێین ئێمە لەوێ پێرفێکتین یان لەسەدا سەد عادیلانە ئیشەکان بەڕێوە دەبەین، بەس موتەئەکید بن کە ئێمەش هەروەك جەنابتان و هەروەك کاك کاردۆش ئاماژەی پێدا، ئێمەش لەلامان مەتڵەبە کە عەدالەتەکە تەحقیق ببێت لەدابەشکردنی پرۆژەکان، بەڵام هەموو شتێکیش لەسەدا سەد ئینسان ناتوانێ تەحقیقی بکات، زۆرو بۆری پرۆژەکان کە بووەتە هۆی بێکاری وبێزاری، بەڕاستی خۆی بەتەسەوری من یان بەبۆچوونی من شتەکە بەعەکسەوەیە.

زۆری پرۆژەکان بووەتە هۆی کەمی بێکاری، هەروەها زۆری پرۆژەکان بوونەتە هۆی هیواو ئەمەل بۆ خەڵك کە تموحێکی بۆ دروست بووە کەئێستا داوای زیاتر بکات، پلانی 5 ساڵەی کشتوکاڵ لە پلەی سفردایە، وابزانم ئەوە غەدرێکە لەپلانەکە دەکرێت، پلانەکە کەموکورتی تێدایە، بەتایبەتی لەناحیەی تەمویل، وەزارەتی کشتوکاڵ، وەزارەتی پلاندانان ئێمە ئیعتراف بەوە دەکەین، پلانێك دانرابوو کەکۆمەڵێك ئەهدافی هەبوو لە 2009/1/1 دەست بەکار کرا، بۆ ئەوەی لەماوەی 5 ساڵ کۆمەڵێك ئەهداف تەحقیق بکات، لەکەمیەی ئینتاجی گەنم، لە کەمیەی ئینتاجی کۆمەڵێك بەرووبومی کشتوکاڵی، لەژمارەی ئاژەڵ کە بەخێو دەکرێت، بەڵام وابزانم غەدرێکی گەورەیە، ئەگەر بڵێین پلانەکە لە مەرحەلەی سفردایە، بەڵام ئەگەر بەرێژەی مومکینە بڵێین هەر بۆ عەدالەتیش بێت دیسان لەوێوە لە 30٪ یان 40٪ ی پێوەرەکانی خۆی تا ئەمساڵ تەحقیق کردبێت، بەڵام خۆی کەپلانێك دانراوە 10 ملیار دۆلاری بۆ لەبەرچاو گیراوە، کەدەکاتە نزیکی 12 تریلیۆن دینار، ئەو بڕە پارەیە لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەخیلالی ساڵانی ڕابردوو بەردەست نەبووە، لەبەر ئەوەی وابزانم ئەسبابەکانی مەعلومە، وەزارەتی کشتوکاڵ وئیمەش ساڵانە موراجەعەی پلانەکە دەکرێتەوە، دەسکاری تێدا دەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا سوپاسی تێبینیەکانی بەڕێزیان دەکەم.

بەڕێز مامۆستا عمر عبدالعزیز، 9 پرسیاری پەیوەندی بە ئێمەوە هەبوو، لەلاپەڕە 2 خاڵی 5 ئەڵێت هەڵوێستەیەك نیە لەسەر جێبەجێ نەکردنی پرۆژەکان، کەساڵانە بووە بەدیاردە، کە دەبێت لەهۆکارەکانی بپرسینەوە، ئەو بودجە زەبەلاحە لەبەردەستە بۆچی کارەکانی و ڕاپەڕاندنی سست و لاوازە، تەبیعی ئەمە پرسیارێکی عامە، وابزانم بەڕێزیان و هەموو ئەوانەشی کە لەموناقەشەی بودجە ئامادەن، هەر هەموو فیکرەیەکیان هەیە کە لەنێوان لە 50٪ تا 60٪ ی کۆی گشتی بودجەی وەبەرهێنانی ساڵی 2011 تەحقیق بووە، ئەوانەی کەتەحلیلیان کردبێت و دیقەتیان دابێت، پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی 2011 کەدوای 30ی حوزەیرانی 2011، کە لەوەقائیعی کوردستان پرۆژە یاسای ساڵی 2011 بڵاو کرایەوە، لەوکاتەوە تا 12/31 نزیکەی لە 80٪ی پارەی موخەصەص بۆ پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی پار خەرج بووە، ئەوەی کە

کەمی تێدا خەرج کراوە پارە پێشنیار کراوەکانی ساڵی 2011 بوون، بۆ هۆکارەکەی ئەوەیە کە لە 7/1 تەوە تا 12/31، کە دەکاتە 5 مانگ ماوە هەبووە بۆ پرۆژە پێشنیار کراوەکان، کە نزیکەی لە 23٪ی پارەی موخەصەص بۆ پرۆژە پێشنیارکراوەکان خەرجکراوە.

لەبەر ئەوەش ماوەی سەرەکی بووە، ئینجا ئەگەر هۆکاری تریش هەبێت، ئەگەر هۆی هونەری هەبێت یان هۆی تری یاسایی، بەڵام کە ساڵی پار ئەگەر کۆی گشتی بودجەی وەبەرهێنان 4,2 تریلیۆن دینار بووە، ئەگەر نزیکەی 55٪ یان 60٪ی تەنفیز کرابێت، ئەوە دەکاتە 2,1 یان 2,2 تریلیۆن دینار، کە دەکاتە نزیکەی 2 ملیۆن دینار کەلە پرۆژە خەرجکراوە لە ساڵی 2011، جا 2 ملیۆنیش ڕەقەمە وابزانم بەهەموو پێوەرێك، تەبیعی هۆی تریش هەیە کە بەعام وابزانم لەناو سلادیدەکان باسی دەکەین، چونکە هۆی تریش هەیە بۆ دواکەوتن ئەویش حەقیقەتێکە.

خاڵێکی تر کە بەڕێزیان ئاماژە بەوە دەکەن و دەڵێن بۆچی بودجەی تەشغیلی بە بەراورد لەگەڵ بودجەی وەبەرهێنان ساڵ بەساڵ لەزیاد بووندایە، بەڕێزان یەکێك لەو هۆیانەی کە میزانیەی تەشغیلی زیاد دەکات، کە پرۆژە دروستکرا ئەویش ئەگەرێکە کە دەبێتە هۆی زیاد بوونی میزانیەی تەشغیلی، ئەگەر 500 قوتابخانەی تازە دروستکران ئایا ئەمە هۆکار نابێت بۆ زیاد بوونی میزانیەی تەشغیلی، ئەمانە هەمووی پێکەوە ڕەبت دەبێت پێکەوە زیاد بێت، بۆیە دەبێت زانستیانە باسیان بکەین، ئەگەر بمانەوێت خەڵکی کوردستان تێبگەن و سورەتێکی وازحیان لەلا دروست بێت، کەبۆچی میزانیەی تەشغیلی بەو شێوەیەیەو میزانیەی پرۆژەکان بەو شێوەیەیە، ئێ ئەوانە ڕەبتیان بەیەکەوە هەیە، کە قوتابخانە دروست بکەین دەبێت مامۆستا دابمەزرێنین، کەئەوەش میزانیەی تەشغیلی دەوێت، لەنەخۆشخانە.

هەروەها لەپرۆژەی تریش پرسیاری ئەوەی کەئایا پرس بەوەزارەتەکان دەکرێت، هەماهەنگی هەیە؟، وەڵام بەڵێ بەپێی یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2006ی پەرلەمانی کوردستان، کە وەزارەتی پلاندانان لەسەر ئەساسی ئەو دامەزراوە، وەزارەتی پلاندانان مولزەمە، یەعنی ئێمە موخەیەر نین، ئێمە مولزەمین و پیشانی دەدەین و ئیسپاتی دەکەین، کە ئێمە مولزەمین هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان بکەین، بەڵام لەناو وەزارەتەکان شەرت نیە ئێمە ئەو ئیلتیزامەی کەهەمانە لەکاتی پیادەکردندا، ئەو هەماهەنگیە لەگەڵ شەخصی وەزیری مەعنی بکرێت، بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان لەزۆربەی وەزارەتەکان هەیە، یان شتێك هەیە بەناوی ڕەدیف ئەوان بەکارەکە هەڵدەستن، داخلی هەر وەزارەتێك چۆن بەڕێوەدەچێت، پەیوەندی بەئێمەوە نیە، ئەگەر نا سەد دەرسەد دڵنیا بن کە هەماهەنگیەکە هەیە، خانوو بۆ کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوکان بەردەوامە لەدروست کردن، وابزانم پێویست ناکات بچمە ناو تەفاصیلەوە.

دیسانەوە پرسیار لەسەر ناوچە سنووریە زیان لێکەوتووەکان هەیە، پرسیارێکی تری لەسەر ناوچەی شارەزوورە، لەپرۆژە پێشنیارکراوەکانی ساڵی 2012 سایلۆیەکی 40 هەزار تەنی بۆ ئەو ناوچەیە پێشنیار

كراوە، بەلاّم لەحەقیقەت ئەبێت ئەوەش بلێین كە پرۆژە پێشنیار كراوەكان لیژنەی دارایی كۆمەلێك تێبینیان هەیە، بەتایبەتی لەكاتی تەوقیتی كاتەكەی ئێستا، كە ئێمە ئێستا وانزیك دەبینەوە لەكۆتایی مانگی 6.

بەڕێز ئارام قادر، چەند تێبینیەكی هەبوو لەسەر بودجەی تەشغیلی، بەلاّم دواخستنی بودجە دەلێت هیچ پاساوێكی نیە، دەتواندرا كەزووتر بنێردرێت، وابزانم كەهەموو موتەفقین كە ڕەئی بەڕێزیان دروستە، ئێمەش هەروا دەلێین، وابزانین كە هەموو موتەفقین كەبۆ سالانی ئایندە ئەوە چارەسەر بكەین، بەڕێزیان ئاماژەی بەهەندێ ژمارە كردووە، كە بە حەقیقەت نامەوێت بچمە سەر ئەو تەفاصیلە دەقیقانەی كە موقارەنەی نێوان بودجەی تەشغیلی لەگەلّ بودجەی پرۆژەكان بكەم، بەلاّم بەڕێزیان شتێكی زۆر سەرنج ڕاكێشیان باسكرد.

كاك ئارام پرسیارێكی باس كرد، كەوابزانم بەنیسبەت حكومەت و پەرلەمانیش، بەنیسبەت خەلكی كوردستان مەوزوعێكی گرنگە، ئەویش دەلێت لەهەموو عالەم هەندێ وەزارەت هەیە، كەوەبەرهێن وەبەرهێنن وداهاتیان دەبێت بۆ حكومەت، بۆ وەزارەتەكانی ئێمە ناگەنە ئەو ئاستە، من دەمەوێت لەوەلاّمی ئەوەدا ئەوە ڕوون بكەمەوە، هەموو ولاّتە پێشكەوتووەكانی جیهان داهاتی ژمارە یەكیان باجە لەسەر هاوولاّتیان، كە ئەم باجە بگرە لەسەر كڕینی قەلەمێك باجی لەسەرە كە هەموو هاوولاّتیەك بەشداری تێدا دەكات، تا دەگاتە هەموو شتێكی تر، تەنها لەولاّتانی ئەم ناوچەی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاستە، ولاّتی عێراقیش بەهەرێمی كوردستانەوە كە ئێستاش ئێمە پێشووتر تا سالّی 2003 پشتمان بە داهاتی خالّە سنوورییەكان بەستبوو، لە سالّی 1992 تا 2003 بەو شێوازە ولاّت بەرێوە دەچوو، بەشێكیشی كەوتبووە سەر بڕیاری نەوت بەرامبەر بە خۆراك، لە سالّی 2003 تا ئێستا هەرێمی كوردستان تەبیعی عێراق بەهەرێمی كوردستانیشەوە، پشتی بەستووە بەداهاتی نەوت، وەهیچ باجێك لەسەر هاوولاّتیان نیە، ئەگەر هەشبێت لەچەند بوارێكی دیاریكراو هەیە، مەقصەدم ئەوە نیە كە سفرە، بەلاّم ئەگەر بەراوردی بكەین لەگەلّ ولاّتانی تر كەداهاتیان هەیە، بە ولاّتە پێشكەوتووەكان بە ئەلمانیا، ئەمریكا، سوید، بە هەر ولاّتێك كەدەلێن داهاتی سەرەكی باجە.

بەڕێز كاك عبداللە حاجی محمود، پرسیار دەكات بۆچی پرۆژەی قورس ودرێژخایەن بەمانای گەورە وستراتیژی بۆچی ئەو پرۆژانە لەناو لیستی پرۆژەكاندا نین؟، بەراستی هەر لەبەر ئەوەیە كە بودجەیان زۆرە، ئێمەش پێمان باشە كە وەزارەتی ئێمە لەگەلّ وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە ماستەر پلانێكی ڕێگاو بانمان هەیە، ماستەر پلانی ڕێگاو بان بۆ هەموو هەرێمی كوردستان، بەستنیان بە های وەیەوە، بەخەتی سەریعەوە، بەلاّم نزیكەی 3,3 ملیار دۆلار تەكلیف دەكات، مومكینە تەنها دیزاینەكەی چەند ملیۆن دۆلارێكی تێ چووە، تا گەیشتووینەتە ئەو مەرحەلەیە، پشتگیری بەڕێزیان دەكەین، بەلاّم سەبەبەكە

مەحدوودیەتە نەك ئەوەی کەئێمە بیرمان لێ نەکردبێتەوە، کە پرۆژەی ستراتیژی هەبێت، لە پلانی کشتوکاڵیدا دەڵێت چی هەیە.

بەڕاستی برادەری تریش کاك عدنان و چەند برادەرێکی تر پرسیاریان لەسەر بەنداوەکان هەبوو، ئەگەر غەڵەت نەبم، بەڕێز کاك عبدوڵای حاجی مەحمودیش پرسیار دەکات، دەڵێت لە پرۆژە پێشنیار کراوەکانی ساڵی 2012 ی وەزارەتی داد، زنجیرە یەك هاتووە دیزاین و دروستکردنی کۆمەڵگای فەرمانگە دادییەکانی هەولێر، هەروەها لە لیستی پرۆژە بەردەوامەکانی 2012، زنجیرە یەکی لیستی پرۆژەکانی وەزارەتی داد هاتووە دیزاین ودروستکردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادییەکان لەهەولێر، ئەڵێت ئەمانە جیاوازن یان یەکن، وەڵامی بەڕێزیان ئەم دوو پرۆژەیە لە دیزاین و دروستکردنی کۆمەڵگەی فەرمانگە دادییەکانی هەولێر، بەگوژمەی 2 ملیار و 500 ملیۆن دینار، بەڵام ئەم پرۆژەیە کە لەبەردەوامەکانی ساڵی 2011 هەیە ئەوە لە پێشنیارە، بەس ئەمەی دووەم کەناوی پرۆژەی دیزاین ودروستکردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگە دادییەکانە، بەگوژمەی 4 ملیار دینار، کەوا دوو پرۆژەی جیاوازن.

لاپەڕە 10 پرسیاری کردووە، بنکەی لاوان لەچۆمان لاچووە، دەڵێت ئایا ڕەئی خەڵکی ئەو ناوچەیەو پێویستی ناوچەکە لەبەرچاو گیراوە، لەو موناقەلەو لابردنەدا؟، کاتی خۆی لەسەر چ بنەمایەك دانراوەو پاشان لابراوە، بەڕێزان دیسان دەگەڕێمەوە سەر یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2006ی پەرلەمانی کوردستان ئەرکی ئێمە ناسراوە، پرۆژە سەر بەوەزارەتێکە، هەر پرۆژەیەك لەهەر ناوچەیەك دائیرەی خۆی هەیە، وەزارەتی مەعنی خۆشی هەیە، ئەسبابی موجەبە بۆ ئەوەی پرۆژەیەك داخڵ بکرێت، مەعلومە کەداواکاری خەڵکە، یان داواکاری ئیدارییەکانە، ئینجا دائیرەی مەعنی هەڵدەستێت بە بەرزکردنی داواکە بۆ وەزارەتی خۆی و وەزارەتیش تەنسیق دەکات لەگەڵ وەزارەتی پلاندانان بەو شێوازە پرۆژە داخڵ دەکرێت، یانیش مومکینە لەرێگای سەرۆکی یەکەی ئیداری بگات، چ بەرێگای پارێزگا بێت، یان وەزارەت، یەعنی یان دائیرە یان سەرۆکی یەکەی ئیداری، کە پرۆژە لادەبرێت وەك لە ئەسنائی موناقەشاتی رۆژانی ڕابردووش عەرزی ئەو کیتابەم کرد، وەزارەتی مەعنی خۆی داوای لابردنی پرۆژەکەی کردووە، ئەگەریشیان هەبووە بۆ ئەوە، کە پرۆژەکە لا دەبرێت وەزارەتی مەعنی ئەو دائیرەی کەلەوێیە، وابزانم حەتمەن دەبێت ئەسبابی موقنعی هەبێت.

بەڵام لەبەر ئەوەی کە چەندین خوشك وبرا لە ئەسنائی پرسیارەکان تێبینیان لەسەر ئەو بابەتە هەبوو، بەنیسبەت قەزای چۆمان، من پێشنیار دەکەم بۆ لیژنەی دارایی و ئابووری، چونکە ئێستا بڕیار بەدەست جەنابتانە، کە ئەو پرۆژەیە بگەڕێندرێتەوە جێگای خۆی، چونکە جەنابیشیان کاك دکتۆر ئەحمەدیش ئەوەی لا مەتڵەبە، زۆر بەڕێزی تریش باسی کرد، ئێمەش پشتگیری لێ دەکەین، بەڵام سەبەبەکەش وەزارەتی مەعنی بووە.

لەلاپەڕە 10 دیسان پرسیار، بەڕێزان ئەڵبەتە ئێمە دڵمان بەوە خۆشە کەلیژنەی دارایی و ئابووری لەماوەی زیاتر لە 30 ڕۆژ پرسیاریان ئامادە کردبوو، وتمان کەئەمە هەموو پرسیارەکانە، بەڵام وەڵڵاهی پرسیارەکانی کاك دکتۆریش هەر بەقەد نیوەی پرسیارەکانی لیژنەی دارایی وئابوورین، لاپەڕە 10ی پرسیارەکانی دەڵێت لەزنجیرەی 9 ی پرۆژە بەردەوامەکان، لە پرۆژە بەردەوامەکانی وەزارەتی ناوخۆ دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتی قەزای ڕەواندوز، لەگەڵ بنکەی پۆلیسی ڕەواندوز، هەولێر، سۆران، ڕەواندوز، واتە ڕەواندوز لێرەدا بووە بەناحیە، لەکاتێکدا کە ئێستا ڕەواندوز قەزایە و پار ساڵیش دووبارە ببوویەوە، من پاریش ئەم سەرنجەمدا، کاتی خۆی ڕژێم ئەویی لەقەزاوە کرد بە ناحیە، بەڵام دوای ڕاپەڕین حکومەتی هەرێم جارێکی تر کردییەوە بە قەزا، پرۆژەی دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتی قەزای ڕەواندوز لە هەولێر، لەقەزای ڕەواندوزە، ڕاستە، لەبەر ئەوەی ئەو هەڵەیەی کەجەنابیان تێبینیان کردووە لەجێگای خۆیەتی، ئێمە داوای لێبووردن دەکەین خۆزگە بمانتوانیایە زۆر زیاتر پرۆژە بۆ قەزای ڕەواندوز دابین بکەین، ئەگەر نا لە هەڵەیەکی مەتبەعی وابزانم کێشەیەکی گەورە نیە.

ژمارە ( 1و 2و 3) لە پرۆژە پێشنیارکراوەکانی وەزارەتی پێشمەرگە نووسراوی فەوجی 2 یەکەی 104، فەوجی 3 یەکەی 114، فەوجی 3 یەکەی 106، مەبەست چیە هیچ پێشگر و پاشگریان نیە، ئایا پرۆژەکە دروستکردنە یان نۆژەنکردنەوەیە؟، یان شتی ترە، هیچ ڕوونکردنەوەیەکی لەگەڵ نیە، تەنها وانووسراوە بۆیە داوای ڕوونکردنەوە دەکەین، وە داوای پلان بۆ دواکەوتنی پرۆژەکان دەکەین؟، وەڵام لە زنجیرە ( 1و 2و 3)ی پرۆژەکانی وەزارەتی پێشمەرگە:

یەکەم: دروستکردنی بینای فەوجی 2 یەکەی 104 ـە.

دووەم: فەجی 3 یەکەی 114 دروستکردنی بینایە.

سێیەم: دروستکردنی بینای فەجی 3 یەکەی 106، پرسیاری لاپەڕە 11 بنکەی لاوان لەچۆمان ئەوەمان باسکرد، پرسیاری لاپەڕەکانی تر دیارە پەیوەندی بەوەزارەتی داراییەوە هەیە، لاپەڕە 17 تەرخانکردنی بڕی پارە بۆدابین کردنی خانوو و شوێنی نیشتەجێبوون بۆ هاووڵاتیانی کەمدەرامەت و سندوقی قەرزی بچووك، ساڵی 2011 بڕی 250 ملیار دینار بۆ دروستکردنی خانوو وشوێنی نیشتەجێبوونی هاووڵاتیانی کەم دەرامەت تەرخانکرا، بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، تەفعیل کردنی یاسای ژمارە(7)ی ساڵی 2008 و دابەشکردنی بۆ کرا لەسەر هەر سێ پارێزگاکە و ئیدارەی گەرمیان، کە لە لیستی پرۆژە بەردەوامەکان، ئاماژە بە گوژمەکان و خزمەتگوزاری پێویست بۆ خانووەکان کراوە.

پرسیارەکانی کاك عبدالقادر بازرگان، بەڕێزیان دەڵێت حەقە وەزارەتی دارایی نەبێتە بەدیلی وەزارەتەکانی تر، وە خیبرەکانی ناو وەزارەتەکانی تر، ئێمەش پشتگیری لێ دەکەین، وابزانم وەزارەتی داراییش ئەو بەرنامەجەی نیە، ئەگەر هەندێ پرۆژە هەبووبێت لەوێ ئێستا وردە وردە تەسفیە دەکرێت،

پرسیاری دووەم: هەندێ پرۆژەی کۆن هەیە هی ساڵانی 2003 و 2005 و تا 2009 ئەم پرۆژانە تا ئێستا تەواو نەبوون، تکا لەنوێنەری حکومەت دەکەم ئەم پرۆژانە کەی تەواو دەبن، بەڕێزان ئێمە 3162 پرۆژەمان هەیە، ئەمانەی کە لەبەردەستی ئەندامانی پەرلەمانن ئێمە لەوێ 34 پرۆژەمان جیا کردۆتەوە، ناویشمان لێ ناون پرۆژە دواکەوتووەکان، مەبەستیشمان ئەوە بووە کە ئەمانە وەزعێکی تایبەتیان هەیە، پرۆژە هەیە هی ساڵی 2009 یە، هەیە ساڵی 2010 یە، هی ساڵی 2011 یە، بەڵام یان ئەمە لەزمنی ماوەکەیەتی، یان دواکەوتنێکی هەتا حەدێك مەعقولی تێدا هەیە، بەڵام ئەو 34 پرۆژەیە وەزعێکی تایبەتیان هەیە، هەیە لەو پرۆژانە لە دادگایە، کەقەزییەی لەسەرە نە وەزارەتی دارایی، نە ئێمە، نە وەزارەتی مەعنی ناتوانین لای بدەین، بەڕێزیشتان داوای لیستی پرۆژەکان دەکەن، من ناتوانم بۆتان نەنێرم، لەبەر ئەوە ئەگەر ساڵی ئایندەش هەندێ پرۆژەی لەو بابەتە هەبوو، تکام وایە سەبەبەکە مەعلوم بێت، هیچ سەبەبێکی تر نیە، بەرێزی دەپرسێت، زیاتر بابەخ بە پرۆژەکانی وەزارەتی پەروەردە بدرێت، چونکە لە ئێستادا بەلانی کەم نزیکەی 300 قوتابخانە حکومەت بە ئیجاری گرتووە، من ئیزافەتەن بۆ پرسیارەکەی جەنابی دەڵێم بێجگە لەو ئیجارانەش حکومەت ئیحتیاجی بە 3000 قوتابخانەی تر هەیە، یەعنی 30 ئیجارە و 3000 هەزاری تریش بەلانی کەمی مەتڵەبە، بەپێی هەموو داتاو ئیحصائیەکان، پرۆژەش هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەوە کە کاتی دەوێت و پارەشی دەوێت، حاڵی حازر نزیکەی 500 قوتابخانە لەژێر دروستکردندایە، بەرێزیان ئەڵێت پرۆژە هەیە پێشتووتریش هەبووە لەساڵانی ڕابردوو کەچی ئەمساڵیش هەر هەیە، پارەشی بۆ دانراوە لە پار و لە ئەمساڵیش، بەعزێکیان چووەتە بواری جێبەجێکردن، هەندێکی تریان نەچووە، بەرێزان کەناوی پرۆژە چووە ئەم لیستەوە، لەبەرامبەریدا پارەی بۆ دانرا، حەق وایە کە بەو شێوەیە تەرح بکرێت، کە ئەم پارەیە مانای وانیە حجز کرا، لەناو قاسەیەك دانرا یان، ئەم پارەیە یەکەم: بابڵێین بودجە شتێکی تەخمینیە، ئەم ڕەقەمەی کەلەبەرامبەری دادەندرێت مومکینە سەرف بکرێت یان سەرف نەکرێت، کە سەرفکرا، تەئشیر دەکرێت، کۆمەڵێك موستەنەدات دەبێت لەوەزارەتی دارایی و لە لیستەکانیش تەئشیر دەکرێت، لەبەر ئەوە چەند پرۆژەیەك هەیە، ساڵی 2011، سێ ملیاری بۆ دانراوە، بابڵێین خەرج نەکراوە، ئەمساڵیش هێشتا دەست بەکار نەبووە، ئەگەر ئەمساڵ 3 ملیاری بۆ دانراوە، مانای ئەوە نیە کە سێ ملیار دیناری پار هی ئەو پرۆژەیە کەدانراوە پارەکەی خوراوە جارێکی تر بۆی دادەندرێتەوە، نەخێر؟، ئەگەر ئەو پرۆژەیە سورعەتی خۆی وەربگرێت، پارەکەی خەرج بکات مومکینە پارەی تریشی بۆ سەرف بکرێت، لە ئەمساڵدا بەپێی موناقەلات بەپێی یاسا و ڕێساکان، بۆ ئەوەی کە کارەکانی ڕانەوەستێت، بەڵام کەدواکەوتن هەبێت بەهەر ئەگەرێك بێت دێینە سەر خاڵەکانی دواکەوتنیش بەشێوەیەکی گشتی.

بەڕێز کاك کاروان صالح، پرسیاری لەسەر دیسان ڕاپۆرتەکانی وەرزی هەیە، کەدوایی باسی دەکەین، ئەوانەی کە پەیوەندی بەئێمەوە هەبووە لەسەر پێشینەی خانووبەرەو پرۆژەی دروستکردنی دوو نەخۆشخانە لە هەولێر دەکات، کە پێداویستیەکی گرنگە، وابزانم هەمووشمان موتەفقین کەشاری هەولێر پێویستی بەنەخۆشخانەی زیاتر هەیە، ئەوانەشی کەهەن پێویستە نۆژەن بکرێنەوە، بەپێی ئیمکان بەشێوازێك کەکار لەسەر خزمەتگوزارییەکانیان نەکات.

بەلاّم حەتمەن ئیتیفاقێك هەیە وابزانم لەنێوان زۆربەی ئەندام پەرلەمانەکان کە لەناو بودجەی ئەمسالّدا بەشێوازێکی زیاتر ئەو مەوزوعە باس بکرێت، بەلاّم حەقیقەتێکیش هەیە دیسانەوە کە لەئەسنائی وەلاّمدانەوەکانیش ئاماژەم پێدا لەڕۆژانی ڕابردوودا، کە وەزارەتی تەندروستی یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە کۆمەلّێك پرۆژەی زۆری هەیە کەدواکەوتووە، دواکەوتووە نەك بەمانای 2003 و2005، بەلّکو بە مانای 2009 و 2010 و2011.

ئێمە شتەکان وەك خۆی باس دەکەین، کەباسی دەکەین مەبەستمان لێی چارەسەرکردنە، ئەگینا مومکینە ئەگەری خۆی هەبێت، وەزارەتی تەندروستی لەلیستی پرۆژە بەردەوامەکانی خۆی نزیکەی 940 ملیار دینار پرۆژەی بەردەوامی هەیە، تەنها لەشاری هەولێر 3 پرۆژەی نەخۆشخانە هەیە، کە لەسالّی پارەوە پەسەند کراون، هەتا ئێستا نەچوونەتە بواری جێبەجێکردن، لەشاری سلێمانیش پرۆژەی وا هەیە، لەشاری دهۆکیش هەیە، ئێمە ئێستا لەئەنجومەنی وەزیران بەشێوازێکی موکەسەف کاری لەسەر دەکەین، کە چۆن پارەی وەزارەتی تەندروستی بدرێت، مومکینە ئیمکانیاتی هەندەسی ئەوان زیاتر کێشە لەوێ هەبێت، لەبەعزێك حالّەتدا کێشەی نرخ هەیە، پرۆژەیەك کەسالّی 2009 دیزاین کراوە، لەسالّی 2010 چووەتە تەندەرین نرخەکەی بەرز بووەتەوە کەس ئەو نرخەی نەداو، بەهەرحالّ ئەمە کێشەیەکە کە بەشێوازێکی گشتی دەبێت چارەسەر بکرێت، تەنها کێشەی هەردوو نەخۆشخانەی کۆماری ورزگاری نیە، کە ئەوانیش تەبیعی ئیحتیاجیان بەوە هەیە کە چارەسەر بکرێن.

بەڕێز کاك اسماعیل گەلاّلی، پرسیاری یەکەم: گەڕانەوەی بنکەی وەرزش و لاوانە لەچۆمان، پشتگیری پێشنیارەکە دەکەین، پێشتریش باسمان کرد، دووەم: ئایا نا هەماهەنگی هەیە لەنێوان وەزارەتی پلاندانان ووەزارەتەکانی تر، وەلاّم نەخێر هیچ ناهەماهەنگیەك نیە؟، سێیەم: وەزارەتی شەهیدان دەلّێن پرۆژەمان بۆ دانراوە بێ ئاگاداری ئێمە لەلایەن وەزارەت دانراوە، تەئکید بن و پشت ڕاستتان دەکەمەوە یەك دوو نموونەش باسکرا، نووسراوەکانی وەزارەتی شەهیدانمان پیشانی خۆتان دا کەلەسەر داوای خۆیان بووە، تەبیعی ئێمە بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان لەکاتی هەماهەنگی کردندا لەگەلّ وەزاراتی مەعنی ئێمە بە تەنها لەگەلّ وەزارەتەکان دانانیشین ئێمە سێ لایەنە دادەنیشین، وەزارەتی دارایی و پلاندانان وئینجا وەزارەتی مەعنی، چونکە ئێمەش بەتەنها بۆمان نیە ئیتیفاق بکەین لەگەلّ وەزارەتێکی مەعنی و پرۆژەیەکی بۆ

داخڵ بکەین، ئەگەر وەزارەتی دارایی موعتەرز بێت تەبیعی وەزارەتی دارایی لەم حاڵەتەدا ناکاتە شەخصی بەڕێز وەزیری دارایی، بەڵام دەکاتە شەخصێکی موخەوەل لەوەزارەتی دارایی چ بەڕێوەبەری گشتیەکە، یان هەر ئاستێکی هەبێت، کەبەشدار دەبێت لەو کۆبوونەوانە، وەزارەتی شەهیدانیش هەروەها شەرت نیە کە شەخصی بەشداربوو لە کۆبوونەوەکە وەزیری شەهیدان بێت.

بەڕێز هاژە خان، پرسیاری لەسەر پرۆژە دواکەوتووەکان هەبووە، وەڵامی سەبەبی دواکەوتنی یەك بەیەکی 34 پرۆژەکەمان بەنووسراوی ڕەسمی تەسلیم بە سکرتارییەتی پەرلەمان ولیژنەی دارایی و ئابووری کردووە، هیوادارم کە پێی بگات و بیبینێت، هەندێ هۆ هەیە یاساییە، هەندێکی تریان هەندەسیە، بەڕێزیان پرسیاری لەسەر پرۆژەکانی وەزارەتی تەندروستی هەبوو، کە باسم کرد پێشتر، لەپرۆژە پێشنیارکراوەکان دوو سایلۆ لەبەرچاو گیرابوو، کەلەپارێزگای هەولێر وپارێزگای سلێمانی، ئەوە دەمێنێتەوە لەسەر ئەوەی کە پرۆژە پێشنیارکراوەکان چ بڕیارێکی لەسەر دەدرێت.

هەروەها چەند ڕێگایەك کەئاماژەی پێدا لە ڕەواندوز، کە دیسان چەند پرۆژەیەك هەیە لەپێشنیار کراوەکان، دروستکردنی ڕێگای هەولێر – مەخمور، بەدرێژی 16 کلیۆمەتر لەئارادایە، دروستکردنی سایدی دووەمی ڕێگای دەربەندیخان – کەلار، لەگەڵ پردەکان 65 کلیۆمەترە، لەگەڵ نۆژەنکردنەوەی سایدە کۆنەکە، لەقۆناغی یەکەم 35 کلیۆمەتر داخڵ کراوە، یەکەی چارەسەرکردنی ئاو ژمارە 4 شاری هەولێر بڕی 260ملیار دینارە، قۆناغی یەکەمی داخڵ کراوە.

دروستکردنی ئاوەڕۆی قورس لە شاری هەولێر قۆناغی یەکەم کە گوژمەکەی 240 ملیارە داخڵ کراوە، لەپرۆژە بەردەوامەکان ڕاستە هەندێك پرۆژە تەواو بوون و ئیستلامی سەرەتاییان بۆ کراوە، ئیستلامی سەرەتایی دەکاتە ئیستلامی هەندەسی، لیژنەی هەندەسی، بەڵام لەڕووی داراییەوە پاکتاوی بۆ نەکراوە، بۆ نموونە قوتابخانەی 18 پۆلی کاوڵکان لەڕەواندوز کەتائێستا حسابی دارایی تەسویەی دارایی خیتامی بۆ نەکراوە، هەتا ئەو لەحزەیەی کەتەسویەی دارایی بۆ نەکرێت، تەنانەت ئەگەر بەکاریش بێت قوتابخانەکە ئێوە هەر لەلیستی پرۆژە بەردەوامەکان دەیبینن، چونکە وەزعێکی مالی موعەیەنی هەیە، بەڕێز ئاسۆ کەریم، پرسیاری لەسەر پرۆژە تەواو بووەکان هەبوو، کە ئەو پرۆژانەی خەرجیان سفرە، ئەوە وابزانم تەوزیحمان داوە بۆ سکرتارییەتی پەرلەمان و بەنووسراوی ڕەسمیش لەڕۆژی 2012/6/12 ئاگاداری سکرتارییەتی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستانی بەڕێز وسکرتارییەتی پەرلەمانمان کردووە، لەلیستی ئەو پرۆژانەی کەتەواو بوون، وە لیستی ئەو پرۆژانەی کەئێستا دەستبەکار بوون کە مەوقیفەکە گۆڕاوە، هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان باسکرا.

بۆچی دیزاین و پرۆژەی چاکسازی نەوجەوانان گواستراپەوە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لەدهۆك، سەبەبەکەی ئەوەیە کە وەزارەتێکی پسپۆڕەو لەسەر داواکاری وەزارەتی مەعنی بووە، ئاماژەیان

بەپرۆژەیەك داوە لە سلێمانی کە دەڵێت چەندجار دواکەوتووە، بەڵێ ڕاستە هەر لەمەرحەلەی دیزایندا دیارە ئەو کۆمپانیایەی کە خەریکی دیزاین بوو بۆ پرۆژەکە کارەکەی بەدروستی ئەنجام نەداوە، غەراماتی تەئخیری کەوتووەتە سەر، کارەکەی لێ سەندراوەتەوە.

بەڕێز کاك برهان، ئەڵێت چ جۆرە ئیجرائاتێك هەیە بۆ ئەو پرۆژانەی کە جێبەجێ نەکراون لەوەزارەتەکان، تەبیعی ئیجرائات من تەسەور ناکەم کەهیچ وەزارەتێك هەبێت کەخۆی تەمەنای ئەوە بکات کە پرۆژەکانی دوا بکەوێت، بەڵام لەدوو لایەنەوە موتابەعەی لەسەرە، یەکێکیان لە فەرمانگەی بەدواداچوونی پرۆژەکان، لێرەدا باسی جێبەجێکردن دەکەین، مومکینە جانبی مالیەکەی بەتایبەتی قەنەواتی تری هەبێت، بەڵام جانبی هەندەسی پرۆژەکان فەرمانگەی بەدواداچوونی پرۆژەکان و هەروەها وەزارەتی پلاندانان فەرمانگەی بەدواداچوونی گشتی پرۆژەکان کە بەدواداچوون دەکەین، ئەگەر کارەکەی مەعلوم بێت، ئەگەر ئەگەرەکەی موقنع بێت لەلایەن وەزارەتەکەوە ئەوە مومکینە داوای تەمدید بکات، لە ئەو ماوەی کەبۆی تەخصیص کراوە، ئەگەر پەیوەندی بە کۆمپانیاو بەڵێندەرو جێبەجێکارەوە هەبێت، ئەوە ئیجرائاتی یاسایی لەگەڵ دەکرێت، کە لە ئینزارەوە دەست پێدەکات، هەتا دەگاتە لیستی ڕەش و کارەکەی لێ دەسەندرێتەوە، ...

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

هەندێ لە برادەران دەڵێن هیلاك بووین، تەرکیزمان نەماوە، ئێمەش پێمان باشە کە دواى بخەین بۆ بەیانی سەعات 10 تا ئەوکاتە بەخواتان دەسپێرم.........

| | | |
|---|---|---|
| **فرست احمد عبدالله** | **د.حسن محمد سوره** | **د. ارسلان بایز اسماعیل** |
| **سکرتێری پەرلەمانی** | **جێگری سەرۆکی پەرلەمانی** | **سەرۆکی پەرلەمانی** |
| **کوردستان – عێراق** | **کوردستان – عێراق** | **کوردستان - عێراق** |

کاتـژمێر (10)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێکـەوتی 2012/6/19 پەرلـەمانی کوردسـتان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سورە جێگری سەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـکرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (32)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەموارکراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (32)ی خـولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی 2012/6/19 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بووون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە و یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عیراق بۆ ساڵی 2012 .

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بـەناوی گـەلی کوردسـتان، دانیشـتنی ئـەمڕۆمان دەسـت پـێ دەکـەین، پەرلـەمانی کوردسـتان خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن، سـاڵی سـێیەم، خـولی گرێـدانی دووەم، ژمـارەی دانیشـتن 32، ڕۆژی دانیشـتن 2012/6/19

بەرنامەی کار:

بە پێی حوکمەکانی بڕگە 1ی ماددەی 20 لە پـەیڕەوی ناوخۆیـژمارە 1ی هـەموار کـراوی سـاڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیـاری دا بەرنامـەی کـاری دانیشـتنی ژمـارە 32 ی ئاسـایی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە کـات 10 ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی سـێ شـەممە ڕێکـەوتی 2012/6/19 بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بووون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە و یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عیراق بۆ ساڵی 2012 .

ئێستاش بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە دەخوێنێتەوە کە موڵـەت بـوون یان ئامادە نەبوون با بفەرموێ.

**بەڕێز د.حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەو ئەندامانەی لە دانیشتنی ژمارە 31ی ئاسایی لە 6/18/ 2012 مۆڵەت بوون یان ئامادە نەبوون:

شەش ئەندام بوون و هەموویان مۆڵەت بوون ناوەکانیان ئەوانەن:

پەیام احمد محمد

حمە سعید حمە علی

حازم تحسين

عبدالسلام مصطفى

یاووز خورشید

صباح محمد.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

دێینە سەر گفتوگۆکردنی پڕۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عیراق بۆ ساڵی 2012 ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆکردنی پرۆژە و بودجەی هەرێمی کوردستانی عیراق بۆ ساڵی 2012 لیژنەی دارایی فەرموون بۆ شوێنی خۆتان بەخێرهاتنی وەزیرە بەڕێزەکان و وەفدە یاوەرەکەی دەکەین بەخێر بێن، بەڕێز جەنابی وەزیری پلاندانان بەردەوام بە لەسەر تێبینی و ڕوونکردنەوەکانت.

**بەڕێز علی سندی (وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئیجازەم بدەن بەهەمان شێوەی دوێنێ بەردەوام دەبم لەسەر وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، بەڕێز کوێستان خان کۆمەڵێك پرسیاری هەبوو کە:

یەکەمیان/ ئەوەبوو کە بۆچی کەمترین زانیاری دراوە لەسەر پرۆژەکان.

دووەم/ دابەش کردنی بودجە بەسەر وەزارەتەکان بە پێی ئەولەویەتی چی دەبێت؟.

سێیەم/ پرۆژەیەك هەیە و ساڵێکە بە سێ ساڵ تەواو دەبێت هۆی چیە؟.

چوارەم/ دابەش کردنی پرۆژەکان بەسەر ناوچەکان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە نیە، تەبیعی ئەو لیستەی کە ئێمە دەینێرینە پەرلەمان کۆمەڵێك زانیاری تیادا هەیە، لە وەزارەتی پلاندانان کۆمەڵێك زانیاری زیاتر هەیە، لە وەزارەتی مەعنی تەفاسیلی موفەسەڵ هەیە با بڵێین بە هەموو ئەوەلیات و ئەوانەوە، بەڵام ئێمە ئەوەی کە دەینێرین و ئەوەی کە موتەبەعە و چەند ساڵێکە هەر ئەو زانیاریانەیە ئەگینا ئەگەر هەر زانیاریەکی تر پەرلەمانی بەڕێز بڕیاری لەسەر بدات مانع نیە و دەینێرین، وابزانم ئەوەی کە دەشی نێرین کافیە بۆ موناقەشە کردن و بۆ ئاگاداری.

دابەش کردنی بودجە بەسەر وەزارەتەکان بە پێی ئەولەویەتی چی دەبێت، ئەولەویەتەکان وازحن لە کارەبا و پەروەردەوە دەست پێ دەکات و هەتا ئاو و ئاوەڕۆ و جادە و ڕێگاوبان، پرۆژە هەیە ساڵێکە بە سێ ساڵ تەواو دەبێت هۆی چیە؟ بەڵێ ڕاستە دواکەوتن بەشێوەیەکی گشتی تێبینی دەکرێت کەم و زیاد لە وەزارەتەکان دا، بەڵام هۆکارەکانی، مەجموعەیەك هۆکارن کە پێشتریش باسمان کرد هەر لە مەسائیلی دیزاین و دابین کردنی زەویەوە بگرە هەتا شێوازی با بڵێین قابیلیەتی ئەو لایەنانەی کە کار ئەنجام دەدەن ئێستا لە کوردستان دواتر لە پرەسنتەیشنەکەش بە تەفسیلێ دێینە سەر ئەو بابەتە هۆکارەکانی دواکەوتن بە گشتی چین.

دابەش کردنی پرۆژەکان بەسەر ناوچەکان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە نیە، ئێمە وەکو پێشتریش باسمان کرد بە هەموو شێوازێك ڕەچاوی ئەوەمان کردووە کە سیستمێکی عادیلانەلەبەر بگرین ئەویش بە موتابەعە کردنی یان لەبەرچاو گرتنی ڕێژەی دانیشتوانە کە، ئێستا هەر ئەوە هەیە و زائیدەن ئەو بڕانەی کە لە یاسای بودجە دا بە جودا بۆ ناوچە زەرەرمەندەکان دادەندرێت.

بەڕێز پەیمان عزالدین پرسیارەکەی ئەوەی کە پەیوەندی بە بودجەی وەبەرهێنانەوە هەبوو دروست کردنی چاپخانە، هیچ بودجەیەکی بۆ تەرخان نەکراوە، من بە حەقیقەت لە مەبەستی بەڕێزیان تێ نەگەیشتم کە وەزارەتی پەروەردە یان ڕۆشنبیری کە داوای پرۆژە دەکەن ئەمە زیاتر بابڵێین پەیوەندی بە وان هەیە، داوا نەکراوە ئەوەندەی کەمن ئاگادار بم تەبیعی ئەوان چاپەمەنیەکانیان لەو چاپخانانەی کە کە هەیە لەناو دامودەزگاکانی حکومەت و بەعزێك جاریش چاپخانە ئەهلیەکان چاپ دەکەن کە ئیحتمالە هەندەك جار بۆ ئەوانیش خێراتر و ئیقتسادی تریش بێت.

بەڕێز ڤیان عبدالرحیم پرسیارەکەی ئەوەیە کە یەکەم پڕۆژەی وەزارەتی شەهیدان گوژمە و ماوەکەی کە بۆ دانراوە لە پارێزگای سلێمانی و چەمچەماڵ ناوی پرۆژەکە چیە و لە پرۆژە پێشنیارەکانی ساڵی 2012؟ بەڵێ جەنابیان ڕاست دەفەرموون، چونکە ناوەکەی لە تەبعەکە دەرنەچوو بوو، ناوی پرۆژەکە پرۆژەی یەکەمی چەمچەماڵ لە بانی مەقان نەنووسراوە ناوی پرۆژەکە بەم شێوەیە تەجهیز کردن و دابین کردنی کەلوپەلە، پەیکەر وتابلۆی شەهید وئەنفال بۆ باڵەخانەی مۆنۆمێنتی بانی مەقانە، بەڕێز عظیمة خان سێ پرسیاری هەیە ئەوەی کە پەیوەندی بە ئێمەوە هەبێت دەڵێ 62 پرۆژەی خوێندنی باڵا نەچوونەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، هۆکارەکەی چیە؟.

پرسیاری دووەم/ دەڵێ 40 ملیار دینار بۆ پەرەپێدانی ئاوی چەمچەماڵ _ گۆپتەپە دانراوە کە پرۆژەکەش تەواو بووە و سێیەم/ دەڵێ دروست کردنی قوتابخانەکان لەسەر بودجەی نەوت چەندە؟ پرۆژەکانی خوێندنیباڵا کە ئێستا کەوتوونەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، لە 62 ەوەوە ئێستا 23، مەبەستم موقارەنەتەن لە بەینی 2011/12/31 لەگەڵ 2012/6/1 دا ئێستا 23 پرۆژە ماوە کە نەچووەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، لە 62 ەوە کەم بووە بۆ 23 پرۆژەکانی ئاوی چەمچەماڵ گوژمەکەی 59 ملیار دینارە، تەنها 16 ملیار ماوە بۆ پاکتاوکردن و سلفەی کۆتایی، لەبەرئەوە مەوزوعێکی ئیداریە زیاتر، ئەو قوتابخانانەی کە زیاتر لە بودجەی نەوت دروست کراون لە پارێزگای هەولێر 4 قوتابخانەی 18 پۆلی لە پارێزگای هەولێر دوو قوتابخانەی 4 پۆلی، لە ئیدارەی گەرمیان دوو قوتابخانەی 4 پۆلی و لە ئیداری گەرمیان یەك قوتابخانەی 18 پۆلی، لە ئیدارەی گەرمیان دوو قوتابخانەی 6 پۆلی، ئەمە لە وەجبەی یەکەم لە وەجبەی دووەم، دروستکردنی قوتابخانەکان لە بودجەی نەوت لە پارێزگای هەولێر دوو قوتابخانەی 4 پۆلی، لە پارێزگای هەولێر یەك قوتابخانەی 6 پۆلی، لە پارێزگای سلێمانی یەك قوتابخانەی 4 پۆلی، لە پارێزگای سلێمانی 1 قوتابخانەی 6 پۆلی، لە ئیدارەی گەرمیان 2 قوتابخانەی 4 پۆلی، لە پارێزگای دهۆك 4 قوتابخانەی 4 پۆلی ، 2 قوتابخانەی 6 پۆلی، پرسیاری بەڕێز ئاشتی عزیز پرسیارەکەی لەسەر تونێلی

زاخۆیە ودەڵێ مەزەندەی پارەو ڕۆژی جێ بەجێ کردنی، دەڵێ پارەیەکی کەمی بۆ دانراوە، بەڵێ ئێستا پرۆژەکە مەوزوعی دیزاینە، ئێستا لەمەرحەلەی دیزایندایە، لەبەرئەوە ئەگەر نەك تەنها لەم پرۆژەیە لە هەموو پرۆژەیەکی تریش ئەگەر مەبلەغەکە زۆر بێت بڕی پارەکە کەم دیسانەوە وەکو پار تیکراری دەکەمەوە و مەعنای ئەوە نیە کە پرۆژەکە تەقسیمی ئەو بودجەی تەرخان کراو دەبێت، بەڵکو هەتا مەوزوعی دیزاین تەواو دەبێت مومکینە لە ساڵی دووەم یان لە ساڵی سێیەم زۆربەی پارەکە لەو ساڵەدا سەرف بکرێت، بەڕێز پێشەوا سێ پرسیاری هەبوو کە پەیوەندی بە ئێمەوە هەیە.

یەکەمیان/ دەڵێ ئایا وەزارەتی پلاندانان دەزانن کە ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان چەندە؟ دووەم/ دەڵێ پرۆژە دواکەوتووەکانی 2003 بۆ 2005 نوسخەی پار وئەمساڵ هیچ پەیوەندیەکی بە 2012 ەوە نیە.

سێیەم/ دەڵێ ڕاستە 100 ملیار تەرخان کراوە بۆ ناوچە سنووریە زیان لێ کەوتووەکان ئەوە باشە، بەڵام دەبێت بەشێوەیەکی دادپەروەرانە بێت، وەڵامی یەکەم دەڵێم ئێمە دەزانین ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان چەندە هەروەکو جەنابتان ئاگادارن ئەوانەی کە پێشووتریش، ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە ساڵی 2007 و 2008 ەوە پرۆسەی تیعداد سکان لە عیراق دەستی پێ کرد و بە چەند قۆناغێك دا تێدەپەڕێت کە ئاخرین قۆناغ پێشی ئەنجامدانی خودی سەرژمێریەکە مەسەلەی حەسر و تەرقیمە، ئەو زانیاریانەی کە ئێستا لەبەردەستی ئێمە هەیە، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری بەڕێزیان ئێمە حەسر وتەرقیم بەدەقیقی لەبەردەستمانە و دووجاریش ئەپدەیتمان کردووە، هەموو لایەکیش دەزانین کە حکومەتی عیراقی فیدراڵ، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی پلاندانانی عیراق شەخسی سەرۆك وەزیران چەندین دانیشتنمان لەگەڵ کردووە بۆ ئەم بابەتە چووینەتە بەغدا بە داخەوە لە کۆتایی دا سەرژمێری کە نەکرا ئەوان سەبەبی ئەوە بوون، ئەوان باعسی ئەوە بوون کە سەرژمێری نەکرێت، ئەگینا ئەوساش لە هەرێمی کوردستان.

ئێستاش داواکارین کە سەرژمێری ئەنجام بدرێت، هەرچەندە بەعزێك کەس ئەنجامدانی سەرژمێری بەوە دادەنێن و دەڵێن مومکینە ڕێژەی دانیشتوانی خەڵکی کوردستان لە 17٪ کەمتر دەربچێت، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئەوەی کە بۆ ئێمە زۆر گرنگە بواری پلاندانانە کە ئەگەر سەرژمێری کرابا کاری ئێمە ئاسانتر دەبوو بە دەقیق تر دەمانتوانی پلان دابنێین لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، لە بوارەکانی ئابووری، لەبەرئەوە ئێمە هەموو وەختێك موشەجع و مودافعی ئەوە بووین کە سەرژمێری ئەنجام بدرێت، بەڵام کە ئەنجام نەدراوە حەسرو تەرقیم هەیە، حسر و تەرقیمیش بەواتایەکی تر ژماردنی باڵەخانەکان و پرسیار کردن لەسەر ژمارەی دانیشتوانی هەر باڵەخانەیەك ئینجا خانوو بێت یان هەر باڵەخانەیەکی تر بێت، ئەمەی کەلەبەردەستمانە ئێمە بەدوو شێواز حسابی هەرێمی کوردستان دەکەین، چونکە زۆر جار وەکو لە لیستەکانی بەر دەستی بەڕێزیشتان و لە تێبینیەکان هەیە.

زۆرجار ئێمە ناوچە دابڕێندراوەکانیش ئەوانەی وەکو ناوچەکانی هەر لە شنگالەوە بگرە تا خانەقین، ناوچەیەکی دابڕێنراو هەیە بە مەخمورەوە، ئێمە بە بەشێك لە کوردستانی دادەنێین، ئەگەر تەماشای بکەین نفوسی کوردستان ئێستا لە (5 ملیۆن و 300 هەزار)ی داوە ئەگەر تەنها ئەو حدودە ئیدارەی کە حکومەتی عیراقی فیدراڵ ئێستا بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو ئیدارەیە دادەنێت ئەگەر بەس ئەوە لەبەرچاو بگرین 4 ملیۆن و 620 هەزار کەسە، ئەمەش نەتائیجی حەسر و تەرقیمە نەك تەنها ئێمە و حکومەتی عیراق تێیدا بەشدارین، بەڵکو لیژنەیەکی نێودەوڵەتی کە لە 40 لایەن پێکهاتووە ئیشراف لەسەر ئەم عەمەلیە دەکات و سەرژمێریش لە حەسر و تەرقیم دا راستاوە، ئێمە ئێستاش داواکارین کە سەرژمێری ئەنجام بدرێت،.

ئەوەی کە بودجەی هەرێمی کوردستان کە دەخەملێنرێت هەم بۆ وەزارەتەکان و هەم کە لەناو وەزارەتەکان ئەوان بە تەبیعی زۆرجار ئەو پرسیارەش دێت کە ئایا پارەی تەنمیەی ئەقالیمیش چۆن حساب کراوە، وەکو لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و ئابووری و لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی و ئابووری و یاسای بودجەی ساڵی 2012 ی حکومەتی عیراقی فیدراڵ دا هاتووە ئەوان هەرێمی کوردستانیان بە کەمتر لە 4 ملیۆن و 200 هەزار تەقدیر کردووە، کە ئەمەش دیسان یەکێکە لەو کێشانەی کە موعەلەقن و ئەوان دەڵێن هەتا ئەوەی کە سەرژمێری دانەنراوە ئێمە بەو شکلە حسابی دەکەین، لە تەنمیەی ئەقالیم بەو شکلە حسابیان کردووە، هەرچەندە بەڕێزان دەبێت لێرە جەخت لەسەر ئەوە بکەمەوە کە تەنمیەی ئەقالیمیش هەر بەشێکە لە17٪ هیچ شتێکی ئیزافی تێدا نیە و بەڵام ئەویش هەر بە کەمی حساب کراوە.

پرسیاری دووەمی بەڕێزیان دەڵێت لەسەر پرۆژە دواکەوتووەکانە وەکو پێشتر باسمان کرد ئەم پرۆژانە ساڵی ڕابردوو من ئەو ڕۆژە بە دەقیقی لەبیرم نەبوو دیارە 61 پرۆژە بوون، ئێستا 34 پرۆژەن ئیختلافی هەیە، لیستی ئەمساڵ لەگەڵ لیستی پار هەم لە عەدەدەکە هەم مومکینە یەك، دوو پرۆژەش ئیختلافیان هەبێ، وابزانم ئەوە تەبیعیە، 100 ملیار دیناریش کە تەرخان کراوە بۆ ناوچە سنووریە زیان لێ کەوتووەکان شێوازی تەوزیع کردنەکەی بە پێی ڕێژەی دانیشتووان بووە هەم لە پارێزگا و هەم بە نیسبەتی قەزاکانەوە، بەڕێز شیلان خان دوو پرسیاری هەبووە کە یەکەمیان/ لەسەر چاککردنەوەی پردی دەلال ساڵی 2010 و 2011 و هەروەها زیاد کردنی خزمەتگوزاری بۆ ناوچە دابڕێنراوەکان وەکو شێخان چاککردنەوە پردی دەلال ئەم پرۆژەیە لەسەر وەزارەتی شارەوانی و بەڕێوبەرایەتی گشتی شوێنەوارەکانە، ئیحالەی کۆمپانیا بووە، دەست بەکاربوونیشی هەیە، کێشەیان هەبووە لەسەر جۆریەتی ئەو بەردو ئەو مەوادانەی کە ئیستعمال دەکرێت، چونکە پردەکە، پردی دەلال، پردێکی ئیعتیادی نیە، ناکرێت بە هەموو ماددەیەك تەرمیم بکرێت، تەنانەت لە قەڵای هەولێریش ئەو کێشەیە هەیەو ئەمە چوار، پێنج ساڵە خودی ڕێکخراوی یۆنسکۆ قبوڵ ناکات کە شێوازی (ئارتیتەکچەری) ئەو شوێنەوارە بە هەموو ماددەیەك تەعمیر بکرێتەوە، تەنانەت خودی دیزاینی دانانی مەوادەکانیش دەبێ بە شێوازێکی تایبەت بێت، ئەوە هۆی دواکەوتنەکەیەتی، کۆمپانیاکە لە 2012/6/2 جارێکی تر دەست بەکاربووەتەوە، بەڕێزیان دەپرسێ و

دەڵێ کە دواکەوتن هەبێت ئیجرائات چیە؟ ئیجرائات مەعلومە ئەگەر دواکەوتنەکان لە ئیجرائاتی ئیداریەوە دەست پێ دەکات و غەرامە و لە ئینزار و غەرامەوە دەست پێ دەکات هەتاوەکو لیستی ڕەش.

بە نیسبەت قەزای شێخان ئەگەر هەر پارەیەك و هەر بودجەیەك دادەنرێت ئەمسالّیش بۆ ناوچە دابڕاوەکان بە پێی نیسبە حەتمەن قەزای شێخانیش لەخۆ دەگرێت، بەڕێز کاك عونی بەزاز پرسیارەکەی لەسەر یاسای ژمارە 7 ی ساڵی 2006ی پەرلەمانی کوردستان کە وەزارەتی پلاندانانی پێ دامەزراوە، پرسیارەکەی ئەوەیە دەڵێ لەناو یاسایەکەدا هاتووە کە وەزارەتی پلاندانان دەبێ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەیوەندار پرۆژەکان ئامادە بکات.

ئێمەش پشتڕاستی بەڕێزیان دەکەین و پشتڕاستی ئەو مەعلومەیەش دەکەین کە ئێمە بە هەماهەنگی لەگەڵی دەکەین، هەروەکو لە یاسایەکە داهاتووە، مومکین نیە بە هیچ شێوازێکی تر، بەڕێز کاك شێرزاد حافز کۆمەڵێك پرسیاری هەیە و دەپرسێت پارەی ئەنجومەنی پارێزگاکان دەبێ خۆیان سەرفی بکەن، پێوەری ئاو و کارەبا بینایەی سەرۆکایەتی هەرێم و وەزارەتی شەهیدان و پرۆژەکانی کە وەزارەتی شەهیدان نازانێ پرۆژەکانی چیە؟ زۆربەی پرۆژەکانی ناوچەی چەمچەماڵ و گەرمیان بە یەك ساڵ تەواو دەبێ و بەڵام تەرخان کراوە بۆ دووساڵ.

قوتابخانەی گوندی هەزار کانیان کە 12 پۆلیە، وەڵامەکانی بەڕێزیان تەبیعی خەرجی سەرفیاتی پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان لە دەسەڵاتی خۆیانە، لە پارێزگاکان دەسەڵاتی تەواویان هەیە لەسەر پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان، من لێرە دەمەوێ تەوزیحێك بدەم لەسەر ئەو بابەتە، وابزانم بابەتێکی گرنگە بەعزێك تەنانەت هەتا لەناو دامودەزگاکانی حکومەتیش داهەندێ برادەر هەن کە تەسەورێکی وا هەیە کە پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکان عیلاقەی بە هەرێمی کوردستانەوە نیە و هیچ منەتێکی کەسی تێدا نیە و پارەیەکە لە بەغداوە دێت و خارجی بودجەی حکومەتە، تەبیعی ئەم بۆچوونە سەد لە سەد دروست نیە، چونکە پەرەپێدانی پارێزگاکان جەنابتان ئەگەر سەیری یاسای بودجەی حکومەتی عیراقی فیدراڵیش بکەن، خۆی وازحە، فەیدی ناکات ئەگەر لە حاکمەش بێت و ئەگەر لەهەر شوێنێك بێت کە چووە زمنی گۆژمەی گشتی کە دێتە هەرێمی کوردستان لە بودجەی عیراق ولە پارەی نەوتی عیراقەوە و لە داهاتی عیراقەوە دەبێت بگاتە 17٪ تەبیعی ناگاتە 17٪ لەگەڵ پەرەپێدانی پارێزگاکان دەبێ بە 12 و شتێك لەسەد نیزکی 13٪ بە بێ پەرەپێدانی پارێزگاکان دەبێتە 10,7٪ی یەعنی کەمتر لە 11٪، لێرە ئەوەی کە مەخسەدمە بە هەر شێوازێك بێت ئەو بۆچوونەیە کە پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکان شتێکە کە لە خارجی 17٪، ئەوەی کە موهیمە ئەوەیە کە پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکان پارەیەکە هی بەشی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانە، هیچ منەتێکی حکومەتی عیراقی تێدا نیەو بەشێکە لە پارەی کوردستان، ئەو بڕیاردانە لەسەری لەبەغدا بە ڕەئی من شتێکی زۆر غەڵەتە.

چونکە ئێمە لە هەرێمی کوردستان مەفروزە بڕیاری ئەوە بدەین ئەگەر پێمان باش بوو هەموو پارەکەمان بکەینە پەرەپێدانی پارێزگاکان، ئەگەر بینیمان باش نیە پارەکە ڕابگرین بە شێوازێکی تر سەرفی

بکەین،مەبدەئی دانانی پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بەرێزان مەبدەئەکەی لە کاتی خۆشی دا زیاتر مەبدەئی لامەرکەزیەت بووە دەسەڵاتدان بە پارێزگاکان و بۆ هەرێمەکان بۆ ئەوەی کە بتوانن باشتر کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوە ببەن، مەبدەئەکە مەقبولە بەڵام کە مەبدەئەکە مەقبولە بەرامبەرەکە وا دەبێت موتابەعەی تەنفیزەکەی بکرێت، بەراوردێك بکرێت و بە پێی ئەو بەراوردە ئەمما کەم بکرێت یان زیاد بکرێت.

بۆ نموونە ئەمساڵ لە حکومەتی عیراقی فیدراڵ لەلای خۆیەوە لەبەرئەوەی کە پارەی وەزارەتەکان بۆ نموونە سەرف نەبووە نەگەیشتووەتە 30٪ یش بە پێی ڕاپۆرتێکی وەزارەتی پلاندانانی عیراق نەگەیشتووەتە 30٪ یش، لەبەرئەوە حکومەتی عیراقی فیدراڵ ئەمساڵ بڕیاری داوە کە بودجەی پەرەپێدان هی پارێزگاکان سێ بەرامبەر بکات، هەمان بڕیاریشی لەسەر هەرێمی کوردستان دا سەپاندووە و وەزارەتی دارایی و ئابووریش من تەبیعی لەوە ئیختلافێکمان هەیە، یەعنی بەڕەئی من پەرەپێدانی پارێزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان دەبێت بڕیاری لەسەر بدات، نەك لە بەغداوە، چونکە ساڵی ئایندە مومکینە سەرۆك وەزیرانی عیراق بڵێت هەموو پارەی هەرێمی کوردستان دەچێت بۆ پەرەپێدانی پارێزگاکان، ئەگەر بۆی بچێتە سەر، ئەمساڵ بە بەراورد بە ساڵی پار پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان سێ بەرامبەر بووە، بە بێ ئەوەی کە دیراسەتێکی دەقیق هەبێ ئایا ئەمانە ئەو تاقەتەیان هەیە کە ئیستعابی ئەوە بکەن، تەبیعی بەڕێزیشتان ساڵی پار بڕیاری ئەوەتان دا کە پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگاکان دەسەڵات درا بە وەزارەتی پلاندانان بۆ ئەوەی موسادەقەی لەسەر بکات، مەبدەئەکەش دیسانەوە ئەوە بوو کە ئەگەر دواکەوتن هەبوو لە بودجە بۆ ئەوەی دوا نەکەوێ ومەبدەئەکەش دروست بوو فعلەنیش ئەمساڵ وەکو دەبینین بودجە دواکەوتووە هەتا ئێستا و پرۆژەکانی پەرەپێدان کە مەبدەئیەن مەفروزە پرۆژەی سەریع بن و پرۆژەی وابن کە لە مودەتی ساڵێك دا جێ بەجێ بکرێن.

ئێستاش ئێمە ئەو بۆچوونەمان پێ باشە، چونکە لە بەغداش ئەو دەسەڵاتە دیسانەوە دراوە بە وەزارەتی پلاندانانی عیراق کە موسادەقەی لەسەر بکات، هەر بۆ مەسەلەی تەسهیلە لەوێش، بەڵام من لێرەدا داواکارم کە ئەم مەوزوعەش بە ڕێك و پێکی ئێمە دیراسەتی بکەین بۆ ساڵانی ئایندە و ئەمە هیچ ئەوەش ناگرێتەوە کە پەرلەمانی کوردستان بۆی نەبێت بەدواداچوون بکات، ئێمەش بەدواداچوون دەکەین و ئەوانیش دەتوانن بەدواداچوون بکەن.

ئەوەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستان ئەگەر بەڕێز کاك شێرزاد کە پرسیاری دەکات و سوئالەکەی لەسەر ئەوەیە کە مەجالسی موحافەزات هەتا چەند بڕیار دەدەن لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، وابزانم هەموومان دەزانین وەزعی پارێزگاکان ئێستا لە ناو ئەنجومەنەکان بە چ شێوازێکە ویاسای نوێی مەجالسی موحافەزات کە لە پەرلەمانی کوردستانەوە دەرچووە، وابزانم تەفعیل نەبووە هەتا ئەو کاتەی کە ئینتخاباتی ئایندە دەکرێت و مومکینە پەیوەندی بەوەوە هەبێت، بەڵام بە هەرحاڵ چ محافز و چ مەجالسی

موحافەزات 100٪ سەد لە سەد ئێستا ئەوانن کە بڕیار دەدەن لەسەر پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، پرۆژەی پێوەری زیرەك بۆ ئاو و کارەبا لەلایەن وەزارەتی کارەباوە بە حەقیقەت پێشنیارێك ئامادە کراوە بە پرۆژەیەك ئامادە کراوە بە موشارەکەتی کەرتی تایبەت، ئێستا بە تەمایە بچێت بۆ تەندەرینگ و پێشنیاری ئەوەشیان کردووە کە ئەو پێوەرەی کە دایدەنێن ئەو سیستمەی ئاو و کارەبا موشتەرەك بێت لیژنەیەکیش بۆ دیراسەت کردنی ئەو بابەتە دانرابوو کە بەڕێز وەزیری دارایی و خۆشم و لە ئەنجومەنی وەزیرانیشەوە سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران لەناو لیژنەکە بووین بە نیسبەتی پێوەری با بڵێین بێجگە لەو پێوەرانەی کە سالانی ڕابردوو لە بەعزێك گەڕەك لە هەولێر و لە شوێنی تر وەکو پایلۆت وەکو تەجروبە دانرابوون.

ئێستا پرۆژەیەکی گشتی هەیە بۆ هەموو کوردستان بۆ دانانی پێوەری کارەبا و پێوەری ئاو پرۆژەکە هی وەزارەتی کارەبایە وەکو باسم کرد کولفەکەی نزیکەی 300 ملیۆن دۆلارە سیستمەکەش بەو شێوازەیە کە دوو پێوەر دادەنرێت، بەڵام بە یەك سیستەم پێوەرێك بۆ ئاو و پێوەرێك بۆ کارەبا و بە یەك سیستەم مەعلوماتەکان کۆ دەکاتەوە لەسەنتەرێك کە ئەویش لە مەرحەلەی تەندەرینگ دایە ئێستا، ئێمە گلەییەکمان لەسەرە ئەوە هەبوو کە ئەم ماوەیەی کە بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆژەکە دانراوە تۆزێك درێژە، حەزمان دەکرد کە سەریع تر ئەنجام بدرێت، هەر ئەپدەیتێکی تازەش هەبێت بەڕێزتان ئاگادار دەکەینەوە، پرۆژەی دروست کردنی باڵەخانە بۆ دیوانی سەرۆکایەتی هەرێم وابزانم شتێکی تەبیعیە، ئەگەر سەیری نیسبەت و رەقەم و شتەکانیش بکەین دیسانەوە یەعنی وابزانم زۆر پێویست بە تەوزیح ناکات، ئەگەر پەرلەمانی بەڕێزیش سبەینێ ئێمە کە لەو هۆڵە دانیشتووین و وابزانم بەرنامەتان هەیە هۆڵێکی تر دروست بکرێت کە ئێستا خۆ هۆڵیش هەیە، بەڵام وەڵڵاهی نە کورسیەکانی موریحە و وابزانم زۆر کەم و کورتی تریشی تێدایە، بە تایبەتی کە ئاوا دووردرێژ میوانداریمان دەکەن.

پرسیاری چوارەمی بەڕێزیان وابزانم وەڵامم دایەوە ناوی یەکەمین پرۆژەی وەزارەتی شەهیدان کە پەیکەرو تابلۆی شەهید و باڵەخانەی مۆنۆمێنتی شەهیدانی بانی مەقان بوو، بەڕێزیان تێبینی لەسەر پرۆژەکانی چەمچەماڵ و گەرمیان هەبوو کە دەڵێ بەعزێکیان کە بە یەك ساڵ تەواو دەبن، دوو ساڵیان بۆ دادەندرێت.

وەڵڵا من لەوە بەشێوەیەکی گشتی من تەبیعی دیسانەوە دەڵێم و دواتر دێینە سەر مەسەلەی دواکەوتن بە شێوازێکی گشتی، چونکە دوو جۆرە دواکەوتن هەیە هەندێکی هەیە وەکو ئەوەی بەڕێزیان دەڵێت تەوەقوع وایە بە ساڵێك تەواو بێ و بە دوو ساڵ تەواو دەبێ، هەندێکیش هەیە چەند ساڵێکی بەسەر دا تێ پەڕیوە، وەکو ئەو 34 پرۆژەیەی کە جودامان کردوونەتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئێمە وابزانم هەموومان موتەفقین لەسەر ئەوەی کە دەبێ موعالەجەی سورعەتی تەنفیز بکەین و باشتری لێ بکەین، پرۆژەی دروست کردنی ئەو فوتابخانەی بەڕێزیان ئیشارەتیان پێی داوە ئیشارەی بە ژمارەی دانیشتوانی گوندەکە داوە، بە حەقیقەت بەڕێزان ئەوە من هەر بە ڕاشکاوانە بڵێین مەسەلەن بە تایبەتی لە دروست کردنی

قوتابخانە و ئەوانە وەزارەتی پەروەردە وەزارەتێکی ڕەسمیە، کە داوای پرۆژەیەك دەکات حەقی خۆیەتی و حەقی خۆیەتی ئێمەش بەپێی یاساکان و بە پێی یاسای ژمارە 7 ی ساڵی 2006 ئێمەش لەسەرمان ئەرکە کە تەنسیقیان لەگەڵ بکەین، لەبەرئەوە ئەوان ئەو قوتابخانەیان داوا کردووە، ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە کە بەڕێزیان دەڵێن کە ئیحتیاجیان بە مەدرەسەیە بە حەقیقەت من وەڵامی ئەوەم نیە.

بەڕێز صبیحە خان دوو پرسیاری هەبوو کە پەیوەندی بە ئێمەوە هەبوو دروست کردنی شوقەی نیشتەجێ بوون بۆ کەم دەرامەتەکان ودووەمیش جادەی سۆران ـ حاجی ئۆمەران، بکرێتە جوت ساید و گرنگی زیاتری پێ بدرێت، بە نیسبەتی پرۆژەی دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون، پرۆژە ئەوەی کەلە ژێر دەست دایە بۆ جێ بەجێ کردنی لە وەزارەتی ئاوەدانکرنەوە بڕی 250 ملیار دینار بۆی تەرخان کراوە بۆ هەر سێ پارێزگای هەولێر و دهۆك و سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان ئەم 250 ملیار دینارە بە پێی یاسای ژمارە 7 ی ساڵی 2008 وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە داوای تەفعیلی ئەو یاسایەی کردووە داوای کارپێکردنی کردووە لە زمنی پارەکانیش نیزکەی 5 هەزار وەحدەی سەکەنی ڕەچاو کراوە کە زۆربەیان ئەگەر هەموویان نەبێ بەشێوازی شوقە دەبن و بەشێك لە پارەکە بۆ دروست کردنی بینایەتەکانە و بەشێکی تریشی بۆ تەقدیم کردن و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاریە.

من هەر لێرەدا دەمەوێ چەند بەڕێزێکی تر ئەگەر بە دەقیقیش نەیەتە یادم لێم ببورن پرسیاری ئەوەیان کرد کە ژمارەی وابزانم ئامینە خانیش ئەو سوئالەی هەبوو کە ژمارەی وەحداتی سەکەنی کە پێویستە ئێستا لەهەرێمی کوردستان چەندە و چۆن دەژمێردرێت و چ داتایەك لەبەردەستی وەزارەتی پلاندانان هەیە؟ تەبیعی وەحداتی سەکەنی ئەوەی کە بەو مەسحانەی کە ئێمە کردوومانە لە ساڵانی ڕابردوو دا نزیکەی پێشی چوار ساڵ یان لە ساڵی ڕابردوو 2008 ئیحتیاجاتی کوردستان بە 120 هەزار وەحدەی سەکەنی لە ئانێك دا تەقدیر کرا، لەو وەختەوە تا ئێستا زیاتر لە 70 هەزار وەحدەی سەکەنی تەنها لەو پرۆژانەی کە بە ئاگاداری با بڵێین کە موسەجەلن دروست کراون، هەرچەندە هەندێ کەس مومکینە ئاماژە بەوە بدات و بڵێت ئەو وەحدانە کەدروست کراون ئەو وەحداتی سەکەنیەی کە هەیە هەمووی خزمەتی خەڵکی هەژار و کەم دەرامەتی نەکردووە.

بەڵام لە هەمان کاتدا وەکو بەڕێزتان ئاگادارن تەنها لە سولەفی عەقاری کە لە شار و گوندەکان لە دوو ساڵی ڕابردوو کە دراوەتە خەڵك کە ئەویش بۆ هەمان مەبەستی وەحداتی سەکەنی دروست کردنی وەحداتی سەکەنی بووە نزیکەی یەك ترلیۆن دینار لەو بوارە خەرج کراوە، کە هەڵبەتە ئەمەش بەهەر پێوەرێك بێت ئەگەر حسابی بکەین مومکینە بە دەیان هەزار وەحداتی سەکەنی لە نەتیجەی دروست بووبێت، بەشێوازێکی گشتی تەریقەی حساب کردنی ئیحتیاجی هەر کۆمەڵگایەك یەعنی موعادەلەیەك هەیە کە نەك تەنها بە نیسبەتی کوردستان بەڵام هەر شوێنێکی تر خۆی عەدەدی سوکان کە وەردەگیرێت عەدەدی سوکانی کوردستان بۆ نموونە ئەگەر بڵێین هەر بۆ تەبسیت بڵێین 5 ملیۆن کەس وەربگرین و موعەدەلی حساب کردنی موعەدەلی ژمارەی ئەندامانی خێزان بە 5 کەس حساب بکەین ئەو وەختە

ڕێژەیەك دەردەچێت با بڵێین 5 ملیۆن ئەگەر تەقسیمی 5 کەس بکەین ئەوە دەکاتە یەك ملیۆن، یەك ملیۆن خێزان، یان خانەوادە، یەك ملیۆن خێزان زەربی موعەدەلی نمووی ساڵانەی ئەو کۆمەڵگایە دەکرێت نسبەتی نمووی کوردستان مەسەلەن کە 3٪ بێت ئەوە دەکاتە ساڵانە نزیکەی 30 هەزار وەحدەی سەکەنی، پێویستە، جا لەو 30 هەزار وەحدەی سەکەنیە ڕەچاوی ئەو پرۆسەیە بکرێت کە بەردەوام دەبێت، بەو شکلە وەحداتی سەکەنی ئەو وەختە حسابی ئەوەی دەبێت بۆ بکرێت کە هەموو موجتەمەع کەم دەرامەت نیەو هەموو موجتەمەعیش ئیحتیاجی بەوە نیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان یان با بڵێین حکومەت ئەوە لە ئەستۆی خۆی بگرێت.

لەبەرئەوە ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانە حساب بکەین کە بڵێین موعەدەلی دەخلیان لە مامناوەندیەو بگرە هەتا خوارەوە و ئەگەر وا حساب بکەین کە ئەمانە 50٪ یان 60٪ن، کەواتە نیزکەی 15 هەزار وەحدەی سەکەنی وەکو ئەرکی حکومەتە کە ساڵانە لەبەرنامەکانی خۆیدا حسابی بۆ بکات و تەقدیراتی بۆ بکات، چ لەڕێگەی سەندوقی وەبەرهێنان بێت چ لە ڕێگاکانی یاسای ژمارە 7 ی ساڵی 2008 بێت کە بۆی جێ بەجێ بکرێت، بەڕێزیان پرسیاریان لەسەر پرۆژەی ڕێگای سۆران و حاجی ئۆمەران و سۆران چۆمان وەڵام بۆ پرسیاری بەڕێزیان پرۆژەی ڕێگای سۆران - چۆمان کرد، نەخشەسازی بۆ کراوە و دیزاینی بۆ ئامادە کرابوو پێشتر و ئێستا لە ژێر جێ بەجێ کردن دایە بە درێژی 36 کیلۆ مەتر، لەگەڵ دروست کردنی تونێلی پێویست، دراوە بە کۆمپانیاش بەرواری دەست بەکاربوونیشی 2012/2/22 یە، پرۆژەی دروست کردنی جوت سایدی چۆمان _ حاجی ئۆمەران کە بە درێژی 18 کیلۆمەترە لەژێر جێ بەجێ کردنە، گوژمەکەی 43 ملیار دینارە و خەرجیشی لێ کراوە، دەست بەکاربووە، لە مانگی 7 ی ساڵی 2011 ەوە دەست بەکاربووە، ڕێژەیەکی لێ جێ بەجێ کراوە کە نزیکەی 15٪ ەو کە ئەگەرەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەختی کارکردن لەو ناوچەیە، بەڕێز کاك عدنان عثمان چەند تێبینیەکی گشتی هەبوو لەسەر بودجە بە شێوازێکی گشتی لەسەر تەوقیتەکان و وابزانم پێشتریش ئاماژەم پێیدا ومنیش تەئیدی بۆچوونی بەڕێزیان دەکەم کە ئەم بابەتە بە هەموو جیاوازیەکانی کە لە ناو ئەم هۆڵەدا هەیە دەبێت هەموو پێکەوە چارەسەری بۆ ببینیەوە بۆ ساڵانی ئایندە بۆ ئەوەی بودجە لە کاتی خۆیدا موسادەقە بکرێت و ئەگەر رسکیشی تێدایە لەو شێوازەی کە بەغدا تەعامول لەگەڵ ئێمە دەکات دەبێت پێکەوە بەشێوازێکی موتەفق عەلەیهی وەکو دەڵێن بڕیاری لەسەر بدرێت، پرسیاری لەسەر بەنداوەکان هەبوو بەڕێزیان، چەند بەنداو هەیە، خۆی ئێستا بە کۆی گشتی بە تەنفیز و دیزاینەوە 31 بەنداو هەیە لە پرۆژە بەردەوام و لە پێشنیارەکانیش با بڵێین، چونکە لە پێشنیارەکان 5 دانە پێشنیار کراوە بەڵام دیسانەوە دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی کە مەسیری بڕیاردان لەسەر پرۆژە پێشنیار کراوەکان بەشکلێك دەبێت، 14 بەنداو لە هەولێرە و 12 ی لە سلێمانیە و 5 یش لە دهۆکە، بەڕێز نەسرین جمال چەند پرسیارێکیان هەبوو دەڵێ دابەش کردنی پرۆژەکان کەموکورتی هەیە کە بووەتە ناهاوسەنگی بە تایبەتی لە بواری ئاودێری و کشتوکاڵ کە زۆر کەمی بۆ تەرخان کراوە، وابزانم بەڕێزیان مەبەستیان ئەوەیە کە لە بەینی ئاودێری و لە بەینی

کشتوکاڵ دا، مومکینه من هەتا حەدێکیش تەئیدی بۆچوونی بەڕێزیان دەکەم، خۆی ئیحتماله خەلەلێکیش هەبووبێ لەو بوارەدا کە وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری دوو وەزارەتی جیا بوون.

لە سەرەتای کابینەی شەشەمەوە دوو وەزارەتەکە دەمج کرا و هەندێك لە دەوائیری وەزارەتی ئاودێری مومکینە بەشێوازێکی موناسب جێی خۆیان بە تەواوی نەکردبێتەوە وهەروەها ئەوەی کە لە ئاودێری دا بە تایبەتی لە پرۆژە بچووکەکانی ئاودێری ئەگەر موتابەعە بکەن هەم لە پەرەپێدانی پارێزگاکان و هەم لەو ئیعاناتانەی کە لەبەردەستی وەزارەتی کشتوکاڵ دایە و لە هەموو گوندەکانی کوردستان بە نیسبەیەکی زۆر باش پرۆژەکانی ئاودێری بەڕێوە چوون، تەنفیز کراون، بەڵام پرۆژەی بچووك مومکینە لە پرۆژەی گەورەی ئاودێری دا هێشتا کێشە هەبێت، سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵی دەڵێ پرۆژەیەکیان هەبووە کە هەموو ساڵێك پارەی بۆ دادەندرێت لە کاتێك دا کە ماوەی بەسەر چووە، پرۆژەکە بەڕێزان پرۆژەی دروست کردنی بینایە بۆ سەندیکای ئەندازیارانی کشتوکاڵ کێشەی هەبووە و کێشەکەش لەدادگایە و بەم ئاخرانەش کێشەکە یەکلایی کراوەتەوە لە بەرژەوەندی حکومەت، لە بەرژەوەندی جیهەتی حکومی و ئێستا کار دەکرێتەوە بۆ جارێکی تر بۆ دەست بەکاربوونەوەی.

بەڕێزیان گلەیی هەبوو و تێبینی هەبوو لەسەرئەوەی کە ئێمە لە لیستی پرۆژەکان دا گوندی قەرەچەتان و قەرەداغ لە کوێ یەکتری دەگرنەوە؟ کە زۆر دووریشن لە یەك، ئێمە داوای لێ بوردنیان لێ دەکەین و بەڕێزیان ڕاست دەفەرموون، گوندی قەرەچەتان سەر بە ناحیەی سووررداشە و سەر بە قەزای دوکانە، بەس دیارە ئەوە غەڵەتیەکی مەتبەعی بووە ئەگینا وابزانم ئێمەش دەزانین لە کوێیە گوندەکە، بەڵام ئەگەر بەو شکلە نووسرابێت داوای لێ بوردن دەکەین و مەبەستیش لەوێ پرۆژەیەکە کە لەوێ ئەنجام دەدرێت، دەڵێ 5 ملیار دینار دانرا لە ساڵی 2011 بۆ جادەی سەید سادق - قەرەداغ - پێنجوین ئایا بۆ ساڵی 2012 پارەکە، ببوورە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەگەر جەنابتان موافەقە بکەن نەسرین خان لێرە پرسیارەکە تەوزیح بکات؟.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری پلاندانان ئەو پرسیارەی من مەبەستم دروست کردنی بینای دادگا بوو کە 4 بینای دادگا لە سەیدسادق و شارەزوور و قەرەداغ و پێنجوین ئەم چوارە کە هەر یەکەی بە بڕی 5 ملیار دینار بووە لە پرۆژە پێشنیار کراوەکانی ساڵی 2010 دابووە، بەڵام لە پرۆژەکانی ساڵی 2011 بینای دادگای قەرەداغ خراوەتە سەر ئیدارەی گەرمیان، بە هۆکارێکی دیکە وتیان زەوی نیە، بەڵام لە دوای ئەویش خانووی تر کراوە، بەڵام لە پرۆژە بەردەوامەکانی ساڵی 2012 لەسەر ئیدارەی گەرمیانیش نەماوە، ئەم پرۆژەیە چۆن

چووە گەرمیان من پێم خۆشە چووبێتە گەرمیان، بەڵام چووبێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، بەداخەوە لە سەر پرۆژەکانی گەرمیانیش نەماوە، ئەوە پرسیارەکەی منە بۆ لەسەر پرۆژەکانی گەرمیان نەماوە؟.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز علی سندی (وەزیری پلاندانان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز بۆ ئەوەی بە دەقیق تر وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، من دوایی بە نووسراوی ڕەسمی وەڵامی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەدەمەوە بۆ ئەوەی تەوزیحی کاملی لەسەر بدەم، بۆ ئەوەی مەوزوعەکە بە تەواوی حەقی خۆی وەربگرێت، بەڕێزیان پرسیار دەکات کە پەرەپێدانی پارێزگاکان بە چ پێوەرێك دانراوە؟ ئایا سەرژمێری هەیە؟ پارێزگای سلێمانی دەبێت لە هەموویان زیاتر بێت.

وەکو پێشتر تەوزیحم دا لەسەر مەوزوعی پەرەپێدانی پارێزگاکان من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە هەم لە پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بڕیار لەسەر ئەوە بدەن و شێوازی تەقسیم کردنی پارە و کەمیەتەکەی و ئەو ڕێژەی عەدەدی سوکان و نفوس کە لە هەرێمی کوردستان بڕیاری لەسەر بدرێت، هەرچەندێك بێت پارەکەی، ئەوەی کە ئێستا مەعلومە لە بەغدا بڕیاری لەسەر دەدرێت بە پێی ڕێژەیەکی دانیشتوان کە کەمترە لە حەقیقی و ئەوان لە سەر ئەو ڕێژەیە دەچن، پارێزگای سلێمانی حەتمەن ڕێژەی زیاترە بە ئیدارەی گەرمیانەوە چونکە بەو شکلە کە دێت ڕێژەکەی زیاترە لە هەولێر و دهۆك بە تەنیا یەعنی لە هەولێر زیاترە و لە دهۆکیش زیاترە، دەڵێ پرۆژەکانی وەزارەتی شەهیدان کە نزیکەی 63 ملیار دینارە یان زیاترە لە 63 ملیار دینار کەچی زۆربەی پرۆژەکانیان نەچووەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، ئەو بۆچوونە ڕاستە هی بەڕێزیان، دروستە هەتا 2011/12/31، بەڵام لەوکاتەو تا ئێستا بە ئەپدەیتە تازەکەشەوە کە دەیخەینە بەردەستی بەڕێزتانەوە کۆی گشتی پرۆژەکانیان ئێستا زۆربەی زۆری پرۆژەکانیان دەست بەکاربوون و لەبەرئەوەی زۆربەشیان دروست کردنی خانوون و خانووی خۆکردیشی زۆر تێدایە بە ڕێژەیەکی باشیش تەنفیز بووە.

وەڵامەکانی بەڕێز کاك نەریمان، کۆمەڵێك تێبینی و پرسیاری هەبووە ئەگەر پرۆژەی زیاتر بۆ گەرمیان دانەنراوە لەبەر مەحدودیەت بووە و لەبەرئەوەی کە نەمانتوانیوە زیاتر لەوە لە پرۆژە پێشنیار کراوەکان مەجالی تێدا نەبووە، پرۆژەی دروست کردنی بینایەی بەڕێوبەر و ناحیە و 19 خانووی فەرمانبەران لە بەکرەجۆ و ناحیەی باسنێ، ئەم ساڵ تەواو بووە و پاکتاوی دارایی بۆ کراوە و هەردوو پرۆژە لە مانگی ئایاری ئەم ساڵ 2012 بووە بە پرۆژەی تەواو بوو، لە لیستەکانیش داهەیە کە پێشکەشمان کردووە بە بەڕێز لیژنەی دارایی وئابووری و سکرتاریەتی پەرلەمان، پرۆژەی داری زیافە بۆ وەزارەتی ناوخۆ کێشەی زەویان هەیە لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی دا کە ئێستا لە چارەسەر کردن دایە و لە شوێنێك دەگەڕێین کە هەتا ئێستا کێشەی زەویەکە بووە کە ئەوە بووە، بەڵام بە پێی ئەو ئیستفسارەی کە کردوومانە لە

مەرحەلەی چارەسەر کردن دایە، پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی کتێبخانەی گشتی لە هەولێر پارێزگای هەولێر (الاداره المحليه) کارگێڕی ناوخۆ بەڕێوەی دەبات و چاك کردنەوەکەشی لە سەر پارێزگایە و جیٚ بەجیٚ دەکرێت، بۆیە لەسەر پارێزگا دانراوە، چونکە ئیدارەی مەحەلی بەڕێوەی دەبات و تەنفیزی دەکات، بنکەی پۆلیسی عەنکاوە دەست بەکاربووە.

پرسیاری بەڕێزیان ئەوە بوو کە پارەی بۆ دابین کراوە و تا ئێستا هیچ پارەیەکی تێدا خەرج نەکراوە، لە 2012/5/2 ەوە دراوە بە کۆمپانیایەك بەناوی کۆمپانیای گەشە و داوای فەرقێکی سیعر هەبوو لەبەر هەندەك ئەعمالی دەفن وپڕکردنەوەی خۆڵ، بەڵام ئێستا بە پێی مەعلومات نیسبەتێکی باش تەنفیزیش بووە، گەیشتووەتە بادلۆ بە حسابی جەدوەل تەقەدومی عەمەلی ئەوان، دادگای تیٚ هەڵچوونەوەی هەولێر پرۆژەی ئەنجومەنی دادوەری بووە ئەوانیش لەبەرئەوەی کەستافی ئەندازیاری هونەریان نەبووە پرۆژەکە بەڕەسمی داوایان لە ئێمە کردو، گواستراوەتەوە سەر پارێزگا بۆ جیٚ بەجیٚ کردن وسەرپەرشتی کردن، لە کاتی تەواو بوونی پرۆژەکەش و تەواوبوونی بینایەکە تەسلیم بە ئەنجومەنی دادوەری دەکرێتەوە لە لیژنەی ئیستلام و تەبیعی ئەنجومەنی دادوەری بەکاری دێنن، خۆی زۆربەی پرۆژەکانی داد ودادوەری پارێزگاکان کێشەیان هەیە لە جیٚ بەجیٚ کردنیان بەڕێزان، لەبەرئەوە گواستنەوەیان بۆ دەکرێت بۆ سەر وەزارەتێکی تر.

مەبەست ئەوە نیە کە ئەمە دادگایە و بۆچی لەسەر کارگێڕی ناوخۆیە و لەسەر وەزارەتی ناوخۆیە و یان لەسەر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە، مەبەستەکە تەنها تەنفیزە، پرۆژەی هۆڵی وەرزشی قالاوە ئەگەر ناوەکە دروست بێت؟ باشە، تەواوە، بەڕێزیان دەڵێت کە ماوەیەکی زۆرە ئەو پرۆژەیەش لە 2012/4/13 ەوە دەست بەکاربووە ئێستا خەرجیشی لەسەر کراوە، دیسانەوە دەڵێم هەر جارێکی تر ئەو تێبینیانەی کە ئەو بەڕێزانەی ئەندام پەرلەمانانی بەڕێز کە تێبینیان داوە لەسەر شێوازی ئەنجامدانی پرۆژەکان حەقی خۆیانە و تێبینیەکان دروستن، بەڵام هەر ئەوەندەی نوقسانە کە دەبێت بگوترێت کە ئێستا ئەمڕۆ 2012/6/19 ئەو تێبینیانە بۆ 2011/12/31 هەمووی دروستن، بەڵام ئێستا کەمەوقف گۆڕاوە، هەر ئەوەندەیە و ئیختلافەکە لەسەر ئەوەیە.

بەڕێز کاك نەژاد عزیز سورمیٚ، دوو تێبینی گرنگی هەبوو ئەویش یەکێکیان کە گرنگی زیاتر بدرێت بە شوێنەوار، بەڵیٚ ڕاستە ئێمەش پشتگیری بەڕێزیان دەکەین و پشتگیریەکەش تەنها مەسەلەی بودجە نیە بە حەقیقەت کە لە شوێنەوار لەناو بودجەکانی وەبەرهێنان دا ئینعکاس بکات، کەچی پارەی بۆ تەخسیس کراوە خۆی مەوزوعەکە لەوە گەورەتریشە شێوازی ئیهتمامەکە ئێستا لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە و لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران و هەروەها لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئابووریش دا باس لەوە کرا کە بە چ شێوازێك و ئالیەتێك بدۆزرێتەوە کە زیاتر بەرجەستە ببێت و خۆی مومکینە یەکەمین ختوە ئەوە بێت کە دائیرەی شوێنەوار لەو شکلەی کە هەیەتی و لەو بزربوونە لەناو وەزارەتی شارەوانی کە بەعزێك لەگەڵ سیاحە دانراوە یانیش لە وەزارەتی سەقافە کە دیسانەوە وەکو شتێکی سانەوی دانراوە،

یەعنی ئیهتمامەکە وابزانم دەبێ لەوێوە دەست پێ بکات، ئینجا مەسەلەی پرۆژەکانی کە پەیوەندیان هەبێت بە شوێنەوارەوە، بەڕێزیان هەروەها دەڵێ کە گرنگی زیاتر دەبێت بدرێت بە گەشتوگوزار ئەویش هەروەها هەمان بۆچوون لەسەر ئەویش تەتبیق دەبێت و ئێستاش پرۆژەی جوداکردنەوەی دەستەی گەشتوگوزار لە وەزارەتی شارەوانی لەبەردەست دایە و تەنانەت پرۆژە یاسایەکی بۆ ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی کە دیراسەت بکرێت و دوایی پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەڕێز بکرێت، بۆ ئەوەی کە زیاتر بەرجەستە بکرێت و ئیهتمامی پێ بدرێت.

بەڕێز کاک جمال پێشنیاری ئەوە دەکات کە لیستی پرۆژەکان بۆ ئەوەی کە کارئاسانی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان بکرێت و نەیەتە پەرلەمان بەڵکو تەنها بڕی پارەکە حەتمەن ئەگەر چ بەو شێوەیە بێت وچ ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمانی بەڕێز و ئەندامانی پەرلەمان هەر بڕیارێك بدەن ئێمە ملکەچی ئەوە دەبین، بەڵام ئەگەر بە هەر شێوازێك بێت چ لە مەوزوعی لیستەکە چ لە مەوزوعی پارەکە هەر ئالیەتێکی تر کە ئیقتراح بکرێت کە ئەم هەموو تەفسیلاتانە لە یەك كات دا لە كاتی پرۆژە یاسای موناقەشەکردنی پرۆژە یاسای بودجە بکرێت، ئێمەش پێمان باشە و پێمان خۆشە کە شێوازێکی با بڵێین ئاسانتر بگرینە بەر ئەگەر سەرۆکایەتی پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر بدات.

بەڕێز کاک خلیل پرسیاری لەسەر مەوزوعی گرێبەستەکانە و بە تایبەتی دەڵێت کە ئێستا بەڕێوبەرایەتی گرێبەستەکان لە وەزارەتی پلاندانان دا هەیە و هەروەها پرسیاری ئەوەش دەکات و دەڵێت ئیشراف یان موتابەعەی پرۆژەکان لە ئاستی پێویست دا نیە، بەڕێزان کە باسی گرێبەستەکان دەکەین (العقود) شایەنی باسە کە لێرە ئاماژەیەك باگراوندێکی ئەو مەوزوعە بدەم کە لە حکومەتی عیراقی فیدراڵ دا و هەروەها لە هەرێمی کوردستان دا ئێستا بۆشاییەك هەیە بەناوی بۆشایی نەبوونی (قانون العقود)، ئەمە مەوزوعێکە کە بەنکی نێودەوڵەتیش لە گەڵ ئێمە لە ساڵانی ڕابردوو و لەگەڵ حکومەتی عیراقی فیدراڵیش کاری کردووە بۆ ئەوەی کە ئەم مەوزوعە بە تەعلیماتێك ڕێك بخات، ئێمەش تەعلیماتی ژمارە 1 لە ساڵی 2011 کە بە تەنسیقێکی تەواو لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتی و لایەنی موختەسە لەو بوارەدا، تەعلیماتەکانمان دەرکردووە کۆمەڵێك تێبینی هەیە لەسەر ئەو تەعلیماتانەش، یەعنی تەعلیمات خۆی بۆ ئەوە دادەندرێت کە جێی قانونەکە بگرێت هەتا ئەگەر قانون نەبێت هەتا قانونەکە بە تەواوەتی دادەمەزرێت دەنووسرێتەوە و لە پەرلەمان پەسەند دەکرێت ئەو تەعلیماتانەی کە ئێمەش دەرمان کردووە ئیستنادی کردووە لەسەر نیزامێك کە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند کراوە، بەڵام کۆمەڵێك تێبنیی لەسەری هەیە و شتێکی تەبیعیشە کە ئەو تەنانەت ئەو نیزامەش ئەگەر یاساش دەرنەچێت لە پەرلەمانی بەڕێزەوە دەبێت نیزامەکە جارێکی تر موراجەعە بکرێتەوە و شتێکی تەبیعیشە کە هەرچەند ساڵێك قانون یان نیزام یان تەعلیمات جارێکی تر موراجەعەی پێدا بکرێتەوە بە پێی زروفی ئەو کاتە و بە پێی شێوازی بەڕێوەچوونی کارەکان، چونکە ئێمە یەکێك لە ئەگەرەکانی هەندێ جار یەکێك لەئەگەرەکانی دواکەوتنی تەندەرینگ یان دواکەوتنی دیزاین و یان دواکەوتنی ئیحالە، بەعزێك جار فەقەرەیەکی موعەیەنە لە

تەعلیماتێك یان لە نیزامێك دا، مەوزوعی ئیشراف کە بەڕێزیان دەڵێن لە ئاستێکی موناسب دانیە، خۆی لە تەعلیماتی تەنفیزی موازەنەش و هەروەها لە تەعلیماتی تەنفیزی عقودیش ئالیەتی ئیشراف دانراوە و تەنانەت لە ناحیەی حەوافز و ئەوانەش تەعریف کراوە، مومکینە دەبێت زیاتر ئیهتمام بەو جانبە بدرێت، بەڵام خۆی بەشێوەیەکی گشتی بە تەسەوری من زیاتر لە کێشەکان لە ئیشراف دانیە، زیاتر کێشەکان لە سورعەتی تەنفیز دایە.

بەڕێز د.جیهان ئاماژەی بەوە دا کە هیچ پرۆژەیەك بۆ خوشك و برا مەسیحی و یەزیدیەکان لە پرۆژەکانی وەزارەتی ئەوقاف دانەنراوە دیارە ئێمەش پرۆژەکان بە حەقیقەت لە وەزارەتی ئەو قاف نین، یەعنی ئەگەر جەنابتان دەبینن کە هەرچەندە لەگەڵ هەموو وەزارەتەکان هەماهەنگیمان کردووە، پرۆژەکانمان لەوان وەگرتووە ئینجا هەندێك لەو بەڕێزانە لەلای لیجانی تایبەت گلەیی دەکەن و دەڵێن ئێمە ئاگامان لەو پرۆژانە نیە، ئینجا تۆ وەرە مەسەلەن هەندێك پرۆژە بۆ خوشك وبرا مەسیحی و یەزیدیەکان دابنێین و وەزارەتی ئەوقاف ئاگای لێ نەبێت ئەو وەختە دەبێ وەزارەتی ئەوقاف چی بڵێت، لەبەرئەوە ئەمە ئینعکاسی ئەوە دەکات کە ئێمە پرۆژەکانمان لەوان وەرگرتووە، ئێمەش ئەو تێبینە بە پەسەند دەزانین بەڕاستی کە حەقە ڕەچاو بکرێت، هەرچەندە لەسەر ساڵانی ڕابردوو کە هێشتا هەندێ پرۆژە لەسەر وەزارەتی دارایی هەبووە و بۆ نموونە پەرستگای لالش، وابزانم لەسەر میزانیە تەشغیلی یان لەسەر وەزارەتی دارایی هەندێ شتیان بۆ کرابوو، بەڵام لەلای ئێمەیە، ڕاستە کە هیچ شتێکی تیا نیە.

بەڕێز د.جیهان ئاماژە بە کەمی پرۆژەکانی وەزارەتی تەندروستی دەدات و زۆر بەڕێزی تریش لە حەقیقەت دا ئاماژەیان بەوە دا کە چۆن دەبێت کە بابڵێین لە دنیای ئەمڕۆ دا کە نیسبەت لە دنیای حکومڕانی مۆدێرن دا خەڵك ئیهتمام زیاتر بە تەندروستی و پەروەردە و ئەوانە دەدات بۆچی لەلای ئێمە نیسبەتەکانی وەزارەتی تەندروستی چ لە تەشغیلی و چ لە وەبەرهێنان 6٪ کەمترە خۆی ئێمە بە دوو نەوع دەتوانین باسی ئەو تێبینیە بکەین و دەتوانین وەڵامی بدەینەوە یەکێکیان ئەوەیە کە بڵێین ئێمە با سەیری ژمارەکان بکەین وەزارەتی تەندورستی یەکێکە لەو وەزارەتانەی ئێستا کە ژمارەیەکی زۆر پرۆژەی هەیە و پرۆژەکانی نسبیەن بە چاو هەندێ وەزارەتی تر دواکەوتووە، نزیکەی 850 ملیۆن دۆلار ئێستا پرۆژەی بەردەوام بایی 850 ملیۆن دۆلار پرۆژەی بەردەوام لە هەرسێ پارێزگا لە وەزارەتی تەندروستی پرۆژەیان هەیە و نسبەتی تەنفیزیشیان لە ئاستێکی پێویست دانیە، بێجگە لەوەی کەهەندێ پرۆژە هەیە وەکو د.ڕێباز ئاماژەی پێیدا وەکو نەخۆشخانەی 400 قەرەوێڵەیی کە ماوەکەی کۆنتریشە، بەڵام بێجگە لەوانە تەنانەت ئەو پرۆژانەی کە لە ساڵانی ڕابردوو دا لە دوو، سێ ساڵی ڕابردووش بۆیان تەخسیس کراوە و موسادەقەی لەسەر کراوە سورعەتی تەنفیزیان بەو شێوازە نەبووە و مومکینە ئەگەری سەرەکیش کە بێتە بەرچاو بێجگە لە هەموو شتێکی تر توانای هەندەسی بێت، چونکە وەزارەتەکە ئەرکی سەرەکی وەزارەتەکە ئەگەر تەنانەت ئەگەر سەیری یاساکەشیان بکەین پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری تەندروستیە نەك دروست کردنی باڵەخانە، تەنانەت ئیحتماله ئەگەر سەیری یاسایەکە بکەین ئیحتماله دروست کردنی

باڵەخانـەی تێـدا نـەبێت، بـەو پێـوەرە وەزارەتـی تەندروسـتی پارەیـەکی زۆری بـۆ تـەرخان کـراوە، چـونکە ئەمسالێش رەقەمەکان لەبەردەستی بەڕێزتانە بە پێوەری ئەوەی کە ئایا 5٪ یان 6٪ ئەمە ڕێژەیەکی کەمە ئـێ خـۆ ئـەم نیسـبەتە چـۆن حساب دەکرێـت لـە مـەجموعی پرۆژەکـانی وەزارەتـی تەندروسـتی زائیـدەن میزانیەی تەشغیلیە، میزانیەی تەشغیلی وەزارەتی تەندروستیش ئەوەی کە مەعلومە لە چەند شتێك پێك دێـت وەکـو هـەموو وەزارەتـەکانی تـر نزیکـەی 65٪ میزانیەکـە لـە مـەعاش و مووچـە وموخەسەسـاتی فەرمانبەرەکانیەتی، ژمارەی فەرمانبەرەکانی کە هەیەتی ژمارەیـەکی زۆریشی هەیـە یـەعنی ئـەوە نیـە کـە بڵێین وەزارەتێکە کە نوقسانیەکی زۆریان هەیە وەکو وەزارەتی پەروەردە هەر ئەوەنـدەی کـە هەیـە یـەعنی ئەمە واقعی حاڵێکە، لەبەرئەوە ئەو رەقەمە خـودی ئـەو رەقەمـە لـە حەقیقـەت دا زۆر ئینعکاسـی باشـی و خراپی وەزعـی تەندروسـتی ناکـات، هـەتا ئـەوەی کـە خـودی سیسـتمی تەندروسـتی ئینعکاسـی ئـەوە بکـات، چونکە تۆ لێرە ئەگەر موشارەکەی کەرتی تایبەت حساب بکـەی کـە لـە کـۆی گشـتی (G.D.P) یـان داهـاتی تاکە کەس و داهاتی هەرێمی کوردستان بەشێکی لە پارەی حکومەتی هەرێمە و بەشێکیشـی لـە داهـاتی تـرە لە کەرتی تایبەت دا لە کاسبی خەڵکە با بڵێین، ئەمە ئەگەر ئیزافەی ئەو بەشەش بکەین کە کەرتی تایبەت لە خزمەتگوزاری تەندروستی (کۆنتربیوشـن) موشـارەکەت دەکـات، ئـەوە پێکـەوە ئـەو وەختـە دەبـێ حساب بکەین کە دەبینین ئەو وەختەش هـەر کەمـە، بـەڵام حکومـەت لـە وەزارەتـی تەندروسـتی دەبـێ بگاتـە ئـەو ڕۆژەی کە قەناعەت بەوە بکات کە ئیمکانیاتی حکومەت حدودی هەیە و دەبێت ئیستفادە لە کەرتی تایبەت بکات وەکو هەموو وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان خزمەتگوزاری تەندروستی لە کەرتی تایبەت بکرێت و بە سعرێکی مەدعوم پێشکەشی هاووڵاتیانی بکات.

بەڕێز سەرگوڵ خان پرسیاری ئەوەی کرد کە بودجە زیاد دەکات، حەقە بودجـەی ئیستسـماری زیـاد بکـات، خۆی هەر ئەوەش موتەبعە وتەنانەت لە عیراقیش و لە هەرێمی کوردستانیش کە بودجە زیاد دەبێت زیاتر هەر مەوزوعی مەشاریعە، چونکە خۆ هیچ ئەوەیەکی تر نیە ئەگەر تەشغیلی کـە بـا بڵـێین ئەولەویـەت بـۆ مەعاشـاتە، ڕاسـتە، بـەڵام کـە تـەعیناتی نـەبێت پارەکـە دەبـێ بچێـت بـۆ میزانیـەی ئیستسماری، هـەروەها بەڕێزیان دەڵێن کە من لە وەڵامەکانم دا ئامـاژەم بـە ژمـارەی کـە ئێمـە دەزانـین کـە زیـاتر لـە سـەد بنکـەی پۆلیس لە خانووی کرێدان، ئاماژەشم بەوە دا کە ئەوە حەقیقەتێکە و پێشـمان ناخۆشـە، بـەڵام بەرامبـەری ئـەوە نەقسـی سـێ هـەزار قوتابخانـەش هەیـە، لەبەرئـەوە کۆمـەڵێك کێشـە لـە بونیـەی تـەحتی هـەرێمی کوردستان هەیە ئێمە تەئیدی بەڕێزیان دەکـەین و دەڵێـت کـە ئـەو بنکانـەی کـە لـە خـانووی کـرێ دان زۆر ناشـیاون و نابەرامبەریـەك هەیـە لـە وەزیفـەی ئـەو بنکانـەی پـۆلیس و ئـەو شـوێنانەی کـە تێیـدان، بـەڵام ئـەوەش هـەر لەبـەر مەحدودیـەت بـووە و تێبینیەکـەش زۆر بـە هەنـد وەردەگـرین، بـەڕێز بـەفرین خـان پرسـیاری ئـەوەی کـرد کـە باشـە ئەگـەر 3 هـەزار قوتابخانـە چ کێشـە هەیـە لـە کوردسـتان کێشـەکە چـۆن چارەسەر دەکەن؟ و پێوەری دابەش کردنی بودجە لە هـەرێمی کوردسـتان دا دەڵێـت پێـوەری دابـەش کـردن هەتا ئێستا هەر پێوەری ژمارەی دانیشتوان بـووە، کـە ئەمـەش بـە بۆچـوونی بـەڕێزیان ئەمـەش پێـوەرێکی

عادیلانە نیە لەبەرئەوەی هەندێ ناوچە هەیە کە موتەزەررن و هەنـدێ ناوچـە هەیـە کـە ئـەم پێـوەرە بـە تەواوەتی کێشەکانیان چارەسەر ناکات، هەروەها دروست کردنـی سـەنتەری ئـۆتیزم لـە سـلێمانی و هـەروەها پێشنیاری ئەوەش دەکـات کـە سـاڵی ئایینـدە هـیچ پرۆژەیـەك پێشـنیار نـەکرێت تـاوەکو ئـەو کاتـەی پـرۆژە بەردەوامەکان تەواو دەبن، بە نیسبەتی کێشەی قوتابخانەکان، بەڕێزان ئێستا ئـەوەی کـە ئـەو ژمارانـەی کـە تیکرار دەبێتەوەو کە باسیشی دەکەین هەندێکی بۆ ئەوەیە کە وەزعەکـە مـەعلوم بێـت و بـە پێـی ژمـارە و داتا و ئامار مەعلوم بێت کە ئێمە کێشەیەکی گەورەمان هەیە لە قوتابخانە و هەمووش پێکـەوە کـار بکـەین لەسەر حـەل کردنـی، بـەڕێزیان دەپرسـێت چـۆن چارەسـەر دەکرێـت، خـۆ بـەم مەحدودیـەتی بودجـەی کـە هەیە، یەعنی ئەگەر حساب بکەین ئەگەر بڵێین سێ هەزار قوتابخانە ئەگەر ئەوانـەی کـە پێیـان دەگوترێـت قوتابخانەی نموونەیی موعەدەل دوو ملیۆن دۆلاریان تێ دەچێت، ئەگەر ئێمـە ئـەوەش وەرنـەگرین و تـەنها بڵێین شتێکی وەسەت تریش لەوە وەرگرین بڵێین یـەك ملیـۆن دۆلاری تـێ دەچێـت، قوتابخانـە ئەگـەر سـێ هەزار زەربی یەك ملیۆن بکەین دەبینین دەکاتە سێ ملیار دۆلار، یەعنی ئەگەر ئەمڕۆ بمانـەوێت هەڵمـەتی ببنبڕکردنی کەمی قوتابخانە دەست پـێ بکـەین دەبێـت سـێ ملیـار دۆلار تـەنها بـۆ مـەوزوعی قوتابخانـەکان هەبێت بەلایەنی کەمیـەوە ئەگـەر 5 ملیـار نـەبێت، چـونکە ئەمـە وەکـو باسمـان کـرد هـەر قوتابخانەیـەکی نموویی دوو ملیۆن دۆلار مەزەندە بـۆ سـیعرەکەی کـراوە، لەبەرئـەوە ئێمـە ئێسـتا وا دیراسـەتی پرۆژەیـەك دەکەین کە پێویستیمان بە دەعمی پەرلەمانی بەڕێزیش دەبێـت، حەتمـەن ئـەویش مـەوزوعی (PPP) یـان (Public private partnership)، کە موشارەکەی کەرتی تایبەت وکەرتی حکومیە لە چارەسەر کردنی کێشـەکان دا کـە ئێسـتا بووەتـە بـەدیلێك بـۆ مـەوزوعی خەسخەسـە و لـە هەنـدێ وڵات بـە تایبـەتی لـە دەوروبەری ئێمە تورکیا بۆ نموونە ئەو کێشەیە ئەو سیستمە زۆر بـە سـەرکەوتووانە پیـادە کـراوە، ئـەویش مەفهومەکەی بە کورتی ئەوەیە، مەفهومی ئەو سیستمە کـە مـادام مـن پـێم نـەکرێت سـێ هـەزار قوتابخانـە ئەمڕۆ دەست پێ بکەم و بەڵکو 12 ساڵم بوێت هـەتا هـەر سـێ هەزارەکـە تـەنفیز بکـەم، ئەڵتـەرناتیڤێك و بەدیلێك ئەوەیە کە کەرتی تایبەت بێت لەباتی ئەوەی پارەی لە بانك دابنێت و قوتابخانە دروست بکات 25 ساڵ حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان ئـەو بینایـە بـە کـرێ لـە کـەرتی تایبـەت وەربگرێـت و بـە شـێوەیەك کەقازانجی کەرتی تایبـەتیش موراعـات بکرێـت و دوای 25 سـاڵەکە ئـەو بینایـە ببـێ بـە مـوڵکی حکومـەت، بەشێوازێك کە تەوافوقێك یان ئینسجامێکی تەبیعی و نۆرماڵ هـەبێت لـە بـەینی کـەرتی تایبـەت و کـەرتی حکومی دا ئەمەش ئەوەی کە ئێستا باسم کرد بەو شکلە بە کورتی فکرەیەك کە ئێستا ئێمـە وا دیراسـەتی دەکەین حەتمەن پێویستی بە تەوافوق، تەنزیم کردنیش دەبێت و پێویستی بە یەکێکـە لـەو ڕێگەچـارانەی کە بە ئیزافەت ئەو پـرۆژە قوتابخانانـەی کـە لـەژێر جـێ بـەجێ کردنـە ئێسـتا دیراسـەت دەکـەین، حتمـەن هـەمان سیسـتەمی (Public private partnership)) ئێسـتا لـە زۆر وڵاتـان بـە نیسـبەتی جـادەی سەریعیش بە نیسبەتی (های وەی)ش بەکاردێت، چونکە مومکین نیە ئەگەر ئیمکانیاتی حکومەتی هەرێمی بـەڕێز ئەگـەر ئێمـە تەماشـای بکـەین ڕاسـتە زۆر کـەس دەڵێـت ئـەم بودجـە زەبەلاحـە، ئەمـە بۆچـی

مەفعولەكەی دیار نیە؟ بەڵام خۆی بەڕێزان 10 ملیار دۆلار بـۆ هـەرێمی كوردسـتان كـە تـەنها موحافـەزەی دهۆك لە وڵاتێكی وەكو لوبنان گەورەترە هەرێمی كوردستانێك كە بە حەجمی ئەو ئیدارەیەی كە تـەنها بـە بێ ناوچە دابڕاوەكان لە سویسرا گـەورەترە و 5 ملیـۆن كەسـە، ئەگـەر بـە مەقایسـی ئـابووری ئـەم زەمانـە سەیری بكەی 10 ملیار دۆلار بۆ 5 ملیۆن كەس بە هیچ شێوازێك و بە هیچ پێوەرێـك پارەیـەكی زۆر نیـە، بەڵام پارەیەكی زۆرە بۆ هەرێمی كوردسـتان تـەنها و تـەنها بـە موقارەنـەكردن لەگـەڵ سـاڵانی نـەوەدەكان و پێش 2003، بەڵێ ساڵان لە پێش 1991 ەوە تا 2003 مومكینە زۆربەی خەڵكی كوردستان جلی لـە بالـە كڕی بێت، مومكینە زۆربەی خەڵكی كوردستان هەبووە ئەگەر تەنانەت پێشی مەوزوعی نەوت بەرامبەر بە خۆراك كێشەی خۆراكی هەبووە، یەعنی كێشەی دابین كردن و كێشـەی تێـر بـوونی ئەگـەر تەنانـەت پێشـی مـەوزوعی نـەوت بەرامبـەر بـە خـۆراك كێشـەی خـۆراكی هـەبووە، یـەعنی كێشـەی دابـین كردنـی خـۆراك وكێشەی تێر بوونی هەبووە، بە بەراورد لەگـەڵ ئـەو سـاڵانە بودجـەی هـەرێمی كوردسـتان زیـادی كـردووە، بـەڵام بـە بـەراورد لەگـەڵ ئیحتیاجـاتی بونیـەی هـەرێمی كوردسـتان كـە زیـاتر لـە 50 هـەزار كیلۆمـەتری مورەبەع یەك جادەی خەتی سەریعی های وەی بە ستانداردی نێودەوڵەتی لێ نیە ئەمـە لـە كاتێـك دایـە كـە لەعیراق دا تەنها لە ساڵانی هەشتاكان دا نزیكەی 1350 كم خەتی ئۆتۆبان و جادەی سـەریع لـە تریبیلـەوە دەست پێ دەكات بۆ بەغدا و هـەتا دەگاتـە لای بەسـرەوە و هەنـدێ لـە ئەنـدازیارە بـەڕێزەكان ئەوانـەی كـە وەكو بـەڕێز شـلێر خـان وەكـو كـاك شـێروان و وەكـو كـاك رەنـج و وەكـو كـاك دارا تەنانـەت مـەعلوماتی موفەسـەڵیان هەیـە كـە عـیراق ئـەو بونیـەی تەحتیـەی لـە سـاڵانی هەشـتاكان دروسـت كـردووە، هـەرێمی كوردستان نیەتی، ئەگەر ئەوان ئێستا جادەكانیان خـراپ بێـت تـەنها مەسـەلەی ئیدامـە و سـیانەیە، ئـەگینا بونیەی تەحتیەكە هەیە، شارێكی وەكو بەغـدا كـە یەكێكـە لـە گـەورەترین شـارەكان لـە عالـەم بـەوەی كـە شارێكی ئوفوقیە بونیـە تەحتیەكـەی تەنانـەت زیـاتر لـە 60٪ ی شـاری بەغـدا دوو نەوعـە سیسـتمی ئـاوی هەیە، ئەوەی كە بۆ خواردنەوە ئەوەی كە بۆ ئاودانی حەدیقەیە، كە پێی دەڵێن ئـاوی خابـت، كـە بـۆ ئـاوی حەدیقەیە و ئەگەر سیستەمەكەیان ئێستا باش كار ناكات تەنها مەسەلەی بەڕێوەبردنە و مەسەلەی ئیدامە و سیانەیە كە موەفەق نین ئەوان بەڕاستی لە بـەڕێوەبردنی ئـەو موئەسەسـاتانەی دامودەزگـای دەوڵـەت دا، لەبەرئەوە كێشەی قوتابخانە بەڕێزان و كێشەكانی تریش بونیەی تەحتی كوردستان پێویستی بە پارەیـەكی زۆرتـر هەیـە و بەتەئكیـد ئێمـەش دەبـێ بـە دوای چارەسـەر و شـێوازی نـوێتر دا بگـەڕێین ئەگـەر تـەنها ئینتزاری ئەوە بكەین كە پەنجا ملیار دۆلاری حازر بێتە بەردەستمان و خەرجی بكەین لە بونیـەی تـەحتی مومكینە ساڵانێكی زۆر ئینتزار بكرێت، پێوەری دابەش كردنی بودجە لەسەر ئەساسـی ژمـارەی دانیشـتوان، خوشـكی بـەڕێز بـەفرین خـان وابـزانم ئەمـە تەقریبـەن موتـەفق عەلەیهیـە، ئەمـە یەكێكـە لـە شـێوازێكی تـەوافوقی لەسـەر هەیـە، ئـەگینا ئێمـە لـە وەزارەتـی پلانـدانان زۆر یـەعنی ئەگـەر بـە دەسـتی ئێمـە بێـت مومكینە ئیقتراحی ئەوە بكەین و بڵێین نەك تەنها بڵێین هەرێم با بودجەكەی موشتەرەك بێت لـە بـەینی هەر سێ پارێزگا و ئیدارەی گەرمیان، بەڵكو هەرچی پرۆژەی ستراتیجیە ئەگەر دروست كردنـی فڕۆكەخانـە

بێت لە پارێزگای دهۆكیش بە پارێزگای سلێمانیشەوە پارێزگای گەرمیانیش و پارێزگای هەولێریش موشارەكەی تێدا بكات، چونكە پرۆژەیەكی ستراتیجی هەیە بۆ هەرێمی كوردستان، یەعنی خۆ من ناتوانم بڵێم فرۆكەخانەیە كە لە پارێزگای دهۆك تەنها و تەنها خەڵكی پارێزگای دهۆك بۆیان هەیە لەوێ سواری تەیارە ببن، یان لە تەیارە دابەزنن، ئەوەیە كە خزمەتی هەموو لایەك دەكات، بەڵام ئایا ئەگەر من ئێستا پارە بە پێی هەمان شت، چونكە منیش تەئیدی بەفرین خان دەكەم لەو مەوزوعەدا، بەڵام من ئێستا ئەگەر پارە لە پارێزگای سلێمانی لە پرۆژەكان ببڕم و بۆ فرۆكەخانەی دهۆكی دابنێم و كە دەبێت زۆر زۆر مەنتقی و عادلانەش بێت، ئایا ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێز ئەوە لەمن قبوڵ دەكەن؟ یان لە ئێمە قبوڵ دەكەن؟ كە ئیمانیشم هەیە و ئەمەش شتێكی دروستە، هیچ شتێكی غەڵەتی تێدا نیە، بەهەرحاڵ لەسەر ڕێژەی دانیشتوان دەچین حاڵی حازر ئەوەیە كە موتەبەعە، سەنتەری ئۆتیزم لە سلێمانی، زۆر كەس باسیان كرد و ئیشی لەسەر دەكەین بەهەر شێوازێك بێت چارەسەرێكی بۆ ببیننەوە چ لە شێوازی موناقەلە لە پرۆژەكانی وەزارەتی تەندروستی بەهەر شێوازێكی تر بێت، من پشتگیری بەڕێز بەفرین خان دەكەم لەو بۆچوونەی كە دەڵێت مەفروزە ئێمە سورعەتی پرۆژە پێشنیارەكان كەم بكەین و تەنانەت ساڵی ئاینده ئەگەر پێویستی كرد هیچ پرۆژەیەكی تر پێشنیار نەكەین هەتا پرۆژە بەردەوامەكان تەواو دەبن و من مەسەلەی تەواو بوونەكە مەبەستە لەلام، بەڵام زیاتر مەبەستەكە خودی تەنزیمی ئیشەكەیە، یەعنی بەڕێزان ئێمە كە گفتوگۆ دەكەین كە ڕەخنە لەیەكتری دەگرین، حەتمەن هەر هەموو ئەو بەڕێزانەی كە لەم هۆڵەن یەك شت كۆمان دەكاتەوە ئەویش بەرژەوەندی گشتیە، ئێمە دەبێت حسابی ئەوە بكەین، ڕەچاوی بكەین بە هەموو لایەكمانەوە بزانین ساڵانی ئاینده مومكینە چەند پارەمان بۆ بێت لەسەر ئەساسی ئەوەش هەم پرۆژە پێشنیار بكەین ئێمە هەم بەڕێزیشتان پرۆژە پەسەند بكەین، لەبەرئەوە من پشتگیری بەڕێزیان دەكەم و پێشنیاریش دەكەم بۆ لیژنەی دارایی و ئابووری كە بەشێوەیەكی زۆر مەنتقیانە وعادلانە و بەهەر شێوەیەك كە بەڕێزیان پێیان باش بێت، باسی پرۆژە پێشنیار كراوەكان ئێمە ئامادەین و حازرین بڕیارێك ئەوان پێشنیاری بكەن بۆ ئەندامانی پەرلەمان ئێمە ئامادەین كە پەسەندی بكەین، بەڕێز بەیان خان پارەی موخەسەس بۆ پرۆژە پێشنیار كراوەكان كەمە و تەوزیعەكەی عادلانە نیە، تەوزیعەكەی وابزانم تەوزیعی تەنها پرۆژە پێشنیار كراوەكان ناكرێت تەنها پرۆژە پێشنیار كراوەكان بە تەنیا تەوزیع بكەین و پرۆژە بەردەوامەكانیش بە تەنیا تەوزیع بكەین لە كاتێك دا كە هەم پرۆژە پێشنیار كراوەكان پارەیان دەوێت وهەم پرۆژە بەردەوامەكانیش پارەیان دەوێت، تەنها و تەنها یەك موعادەلە هەیە لە تەوزیع كردنی پارە دا و لە سەر دهۆكیش تەتبیق دەبێت و لەسەر سلێمانی و هەولێریش و لەسەر ئیدارەی گەرمیانیش، پارەی موخەسەس تەرخان كراو بۆ ئەو ساڵە كە موخەسەسە بۆ ئەوەی خەرج بكرێت لە بەردەوام و پێشنیار جەمع بكەن و بەو شێوازە تەماشای بكەن، ئەگینا ئەگەر هەر یەكێكیان بە جودا تەماشا بكەین موعادەلەی جوداتان بۆ دروست دەبێت، چونكە هەردووكی ناوی پرۆژەیە و هەردووكی پارەی تەرخان كراوەكەی موهیمە نەك پارەی گوژمەكە، چونكە پارەی گوژمەكە لە ساڵێك بۆ ساڵێك فەرق

دەكات، بەڕێزیان دەڵێت كە پرۆژە بەردەوامەكان تەنها 19,0 لە سەدی تەنفیز بووە دەبێت نیسبەتەكە زیاد بكرێت، یانیش مەبەستی پارێزگا بێت، دوایی تەوزیح دەدەین بە دەقیقیش، بە رەقەم حسابی دەكەین وبە موعادەلەیەكی ئاسان و مەجموعی تەرخان كراوی پرۆژەی پێشنیار كراو، مەجموعی تەرخان كراوی پرۆژەی بەردەوام ئەوەیە كە موعادەلەی كە مەفعولە، بەڕێزیان ئاماژەی بە پرۆژەیەكی زۆر گرنگ دا كەمنیش لێرەوە هەرچەندە جوزئێكی مەسئولیەتەكە هەر لەلای ئێمەشە، جوئەكەی تریشی لە وەزارەتی مەعنیە، بەڕێزیان دەڵێت پرۆژەی نەخۆشخانەی بەردەڕەش كە پار موسادەقەی لەسەر كرابوو بۆچی نەچووەتە بواری جێ بەجێ كردنەوە؟ ئێمەش هەمان گلەییمان هەیە گلەییەكەش بە دەنگی بەرزەوە دەڵێین و مەوزوعەكە ئەوە نیە كە ئێمەش دابنیشین تەنها گلەیی بكەین، ئیجرائاتیشمان كردووە لەسەر ئەوە، بەڵام من ئیجرائات ئەگەر من مواتن بم، من حەقم بەسەر ئیجرائاتەوە نیە، من حەقم بەسەر ئەوە هەیە كە نەتیجەكە چی دێتە دەستی من، خزمەتگوزاریەكە كەنگی پێشكەشی من دەكرێت، پرۆژەی نەخۆشخانەیەكی 50 قەرەوێڵەیی لە بەردەڕەش، چونكە دوورە لە ئاكرێ و چونكە دوورە لە هەولێر و دهۆك حەقی خۆیانە كە باسی ئەوە بكەین، بەڵام وەزارەتی تەندروستی و هەروەها ئیدارەی پارێزگای دهۆك كە پرۆژەكە با بڵێین شێوازی ئیعلان كردنی پرۆژەكە و شێوازی ئیحالە كردنی پرۆژەكە، بەڕێزان ئەمانە هەمووی خەتەواتن كە دەبێ پێیدا بچین، چونكە مەوزوعەكە ئەوە نیە تەنها لەبەر ئەوەی كە پارەی بۆ تەخسیس كراوە كۆمپانیایەك هەڵدەبژێرێ و كۆمەڵێك بیرۆقراتیەت لەناو دامودەزگاكانی حكومەت هەیە كە بە تایبەتی پرۆژە زۆر بووە دەبێتە هۆی دواكەوتنی، ئێمە زۆر بە جدی بە بەیان خانیش دەڵێم زۆر بەجدی لەسەر ئەو پرۆژەیە كار دەكەین، تەنانەت دوێنێش گفتوگۆیەك هەبوو لە بەینی وەزیری تەندروستی و من دا لەسەر ئەو بابەتە تەنها ئەو خەستەخانە نیە، سێ خەستەخانەی تریش هەن دەبێت چارەسەر بكرێت بۆ مەوزوعی دەست بەكاربوونیان و بە زووترین كات ببنە پرۆژەی خزمەتگوزاری بۆ خەڵكی ئەو دەڤەرە، پارەمان بۆ تەخسیس كردووە و كاری لەسەر دەكەین بۆ ئەوەی جێ بەجێ بكرێت، فڕۆكەخانەی دهۆك پێشووتر باسمان كرد كە لە ئەپدەیتە تازەكان دا دیزاینەكەی تەواو بووە لە پارێزگای دهۆكە و ئەو بەڕێزانەی كە بە كارەكە هەستاون و دیزاینەكە تەواو بووە ئێستا لە تەندەرینگی تەنفیز دایە، لەبەرئەوە ئەوە بە پێوەری بەرەو پێش چوون كەوتووەتە سەر سكە، پرسیاریان لەسەر ئەوە بوو كە ساڵی پار دانرا بۆ ناوچە دابڕێنراوەكان بە چ شێوازێك تەوزیع كرا بەو شێوازە تەوزیع كرا، كە ئێمە نووسراومان كرد و سەلاحیەت درا بە ئێمە بە پێی یاسای بودجەی ساڵی 2011، سەلاحیەت درا بە وەزارەتی پلاندانان ئێمە نووسراومان كرد بۆ هەموو وەزارەتەكان و پرۆژەكانمان لە وەزارەتەكان وەرگرت دیراسەتی ئیحتیاجات و دانانی ئەولەویات لەلای ئێمە بوو، پێوەرە هەرە سەرەكیەكان مەسەلەی ئاو و كارەبا بوو، چونكە بەڕێزان لە هەندێ شوێن هەیە بۆ نموونە لە قەزای شنگال بەعزێك موجەمەع هەیە كە ئێستا 40 هەزار نفوسی هەیە و هەتا 50 هەزار كەسیش، هەتا ئێستاش ئاو بە تەنكەر بۆیان دەچێت، لەبەرئەوە ئەگەر ئێوە هەرچی پارەیەك دابنێن بۆ ناوچە دابڕاوەكان ئەگەر جەنابتان كە پرسیار

دەكەن پێوەر چیە؟ ئەگەر ئێمە هەمووی تەنها بۆ ئاو بۆ ئەو ناوچانە خەرج بكەین مومكینە كافیش نەبێ، بەڕێز كاك د.ثائر دوو تێبینی هەبوو یەكێكیان لە بنكەی لاوان لە چۆمان وابزانم كە باسكرا هەوڵی چارەسەر كردنی دەدەین، بە ئیتفاق لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان وهەروەها پرۆژەی دروست كردنی هیچ بینایەیەك یان پرۆژەیەك بەناوی خوشك و برا مەسیحیەكان دیسانەوە دەڵێم ئێمە وەكو ئەوەی كە مەعلومە ئێمە پرۆژە لە وەزارەتەكان وەردەگرین و هیچ پرۆژەیەكیش نەهاتووەتە لای ئێمە بۆ خوشك و برا مەسیحیەكان كە ئێمە ڕەدمان كردبێت یان ئەولەویەتمان نەدابێتێ، بەڵام ئێمەش تەئیدی بەڕێزیان دەكەین كە ئەگەر پرۆژەیەك هەبێت چ لە لایەن وەزارەتی ئەوقافەوە و چ لەلایەن وەزارەتەكانی ترەوە ئەگەر پێشكەش بكرێت ئێمەش حەتمەن تەبەنای ئەو مەوزوعە دەكەین، بەڕێز زكیە خان پرسیارت كرد ئەگەر پاشكەتن هەبێ جێ بەجێ كرنا پرۆژا، ئایا وەزارەتا پلاندانانێ رۆڵی وی چیە و چ ئیجرائاتەت كریە؟ بەری ڤێ گاڤێ ژی مە ئاماژە ب هندێ دا ئیجرائاتێت كو تێنە كرنێ ئاگادار كرنێ و هەر ئینزارەكی دەست پێ بكەتن و هەتا غراماتا و لیستا ڕەش و ئێك ژ ئەرك و ئێك چ واجباتێت وەزارەتا پلاندانانێ بە پێێ یاسایێ ژمارە 7ی ساڵا 2006 مەوزوعی لیستا ڕەشە ئەو كۆمپانیایەت كو ببنە سەبەبێ هندێ كو پرۆژە نەیەنە جێ بەجێ كرن، ئان پاش كەڤن هەتا لیستا ڕەش دێتن ئیجرائات، جەنابێ وی ئیشارەت بە هندێ دا خەلەتیا هندەك و ناڤێ هندەك گوند و ناحیە و ئەوانە دا ئەگەر خەلەتیەك هەبێت وێ بابەتێ دا من ئیعتزارێت دخوازم ڕاستی، یەعنی مومكینە خەلەتیەكا مەتبەعی بێتن ئان هەتا هندێ جارا ژی ب حەقیقەت بەرچاڤ بگرین هەمی خەلەتی ژی نەك تەنها وەزارەتا پلاندانان بوونە پرۆژەكە ژی پرۆژە ژ وەزارەتا تێن، یەعنی تو تەوەقوعا هندێ بكە مومكینە ژ دائیرەیەكی هەر پارێزگایەكیش ژ دهۆكێ و ژ هەولێرێ و وەختێ سلێمانی تێت ژی وی ناڤی بێتن ژ بەر هندێ لسەر مە ژی دەرباز ببێتن، بەس ئەو تێبینیە جهێ خۆ دایە و دێ چارەسەر كرنێ انشاللە، بەڕێز ژیان خان تێبینی زۆر ڕێك و پێك لە جێی خۆیدا لەسەر ئۆتیزم بەڕاستی ئەو شەرحە كە جەنابتان كردتان، چونكە جەنابیان لە جێی خۆیدا بوو و وەكو پێشتر باسمان كرد، چارەسەری دەكەین، مەسەلەی كڕینی فڕۆكەی ئاگر كوژێنەوە. نازانم، چونكە تا ئێستا ئێمە موشارك نەبووین لە پرۆسەی كڕینی فڕۆكە لە وەبەرهێنان لە تەشغیلیە، بەڵام حەتمەن تەئیدی دەكەین، بەڕێزان شێوازی ئاگر كوژاندنەوە كە بەڕێزیان تەفسیڵەكەی زۆر بەڕێك و پێكی و بەجوانی كە شەرحی كردو دەبینین لە شوێنێك حەریق دەبێت و گەنم و ئەوانە، یەعنی ئەو خەڵكەی كە لەوێیە دەبینی مەسەلەن خەڵكی دڵسۆز و خەڵكی خەمخۆر و هاووڵاتی دەبینی بە چاكەت و بە بەتانی و بە نازانم چی، ئاخر ئەوە بەو شێوازە كۆنترۆڵی ئاگر ناكرێت، ساڵانی پێشووتریش ئێمە مەحدودیەتێك كەم و ئیمكانیەت نەبوو هەم لە ناحیەی موافەقات و رەسمیات و مومكینە لە ناحیەی پارەش هەتا حەدێك، مەفروزە ئیتر ئێمەش بیر لەوە بكەینەوە و پێشنیارەكە زۆر لە جێی خۆیەتی، بەڕێز كاك سالار، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان من زۆر سوپاسی دەكەم بۆ تێبینیەكانی، ئاماژە بەوە دەدات ژمارەی دانیشتوان لە بەغدا كە كراوە بە ئەساسێك بۆ دانانی حسەی

هـەرێمی کوردسـتان، 4 ملیـۆن و 190 هـەزارە شـتێکی نزیکـی ئـەو ڕەقەمەیـە، بـەڵێ ئـەوەی کـە هەیـە ڕەقەمەکە حکومەتی عیراقی فیـدراڵ و وەزارەتـی دارایـی و وەزارەتـی پلانـدانان ئـەو ڕەقەمـە بـەکاردێنن و غوبنێکی تێدایە بەرامبەر بە هەرێمی کوردستان تەنانەت لە هەمان ڕەقەم کە لە هەموو تەقسیماتەکانیش ئینعکاسی کردووە، بەڵام ئەوەیە سەبەبەکەی یەعنی ئەوەش نیە کە ئێمە ئیعتزازمان نەکردبێت و ئێمە بە نووسـراوی ڕەسمـیش چـەندین جار داوای موعالەجـە کردنـی ئـەو مەوزوعـەمان کـردووە، بـەڕێزیان دەڵـێ بودجـەی شـارەوانی عـەنکاوە بـۆ نموونـە دەڵـێ کـە سـەیری تەقسیمی بودجـەکان دەکـەین دەڵێـت سـەیری بودجـەی ئەنجومـەنی وەزیـران دەکـەن دەبیـنن ڕەقەمەکـەی گەورەیـە و ئەسـبابی خـۆی هەیـە، بودجـەی شارەوانی عنکاوە بۆچی لەسـەر سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران بێـت؟ هەرچـەندە پێشـی وازبـزانم دوو مـانگ لەمەوبـەر یـان مـانگ و نیوێـك لەمەوبـەر بڕیـارێکی سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیـران هەیـە کـە بودجەی سەرۆکایەتی شارەوانی عنکاوە بچێتە سـەر وەزارەتـی شـارەوانی ئـەوە ئەمرەکـە تـەنفیزیش بـووە، کەواتـە دوایـی لـە پەسـەند کردنـی بودجـەش دا وەزارەتـی دارایـی حەتمـەن ئیجرائـاتی ڕەسمـی دەکـات بـۆ ئەنجامدانی موناقەلەی پێویست کە بچێتە ئەوێ، بەڵام وەختی خـۆی کـە لەسـەر سـەرۆکایەتی ئەنجومـەنی وەزیرانیش دانرا ئەسبابی زۆر لە جێ و زۆر مەعقولی هەبووە، چونکە ناوچەی عەنکاوە، ناحیەی عـەنکاوە بە حەقیقەت خسوسیەتی خۆی هەیە و ئیحتماله من بـەش بـە حـاڵی خـۆم و بـە ڕەئـی مـن ئێسـتاش هـەر دەبێت ئەو خسوسـیەی هـەبێت لەبـەر چـەند هۆیـەك، نـەك تـەنها لەبەرئـەوەی زۆربـەی دانیشـتوانی ئـەو ناحیەیە خوشك و برای مەسیحیەکانن، بەڵام لەبەرئەوەی کە خەڵکێکی زۆریـش لـە مەسـیحیەکانی هـەموو عیراق ڕوویان لەو ناوچەیە کردووە، ئەوەشتێکی تەبیعیە کە مەسەلەن بە شێوازێك ئیهتمامێکی زیاتری پێ بدرێت بۆ ئیدارە کردنی شوێنەکە و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی، بەهەرحاڵ ئێستا چۆتە سـەر وەزارەتـی شارەوانی، تێبینی بـەڕێزیان دەڵـێ کـە لیسـتەکە هـاتووە و لـە 12/31 دەڵـێ بـۆ زووتـر موناقەشـە بودجـە نەدەکرا وابزانم زۆر لە خوشـك و برایـان باسـیان کـرد و تەقریبـەن ئیتفـاقێکیش هەیـە لەسـەر ئـەوەی کـە دەبێت زووتر بێت، پرسیاری بەڕێزیان دەڵـێ باشـە خـۆ پـاریش ئـەو پرسـیارە کـرا کـە باشـە ئەگـەر پـڕۆژە دیزاینی نەبێ بۆ داخڵی دەکەن، ئێ وەڵڵاهی خۆ ئێستاش باسکرا و هەموو ساڵێکیش ئەو مەبدەئە ڕاسـتە و ئـەو مەبدەئـە دروسـتە، هـەر ئـەوەش دروسـتە، بـەڵام وەڵڵاهـی ئیحتمالـە سـاڵی ئاینـدەش حاڵـاتی وا بێتـە پێشەوە لێتان ناشارمەوە، ئێستاش لە پرۆژە پێشـنیار کراوەکـان مومکینـە حـاڵاتی وای تێـدا هـەبێت، بـەڵام ئەمەی ئەمساڵ دیسانەوە دەڵێین لیژنەی دارایی و ئابووری کامل و هەرچی پێشـنیار بکـات چ بـە نیسـبەتی ئەوانەی و چ بە نیسبەتی ئەوانـەی کـە دیزاینیشـیان هەیـە و تەسـەور دەکـەن کـە مودەتەکـە درەنـگ ساڵە تەسجیل بکرێت بۆ ساڵی ئاینـدە ئێمـەش بـە باشـی دەزانـین، تێبینیـەکی زۆر گـرنگ کـە هـەم بـەڕێزیان و هەنـدێ بـەڕێزی تـریش ئاماژەیـان پێیـدا ئـەویش مەسـەلەی حساب کردنـی ڕێـژەی دانیشـتوانی ئیـدارەی گەرمیان و ناوچەی گەرمیانە لەسەر ئەساسی ئەوەی کە کۆمەڵێك خەڵك لەو ناوچـەیە بیتاقـەی ئـەرزاقیان لە شوێنی ترە، ئەوان لەوێن و یـەعنی حاڵەتەکە بـەو شـکلەیە کـە تـەنها بـە کورتی عینـوانی مەوزوعەکـە

ئەوەیە کە تەنها ژمارەی دانیشتوان لە ناوچەی گەرمیان بە پێی ئەو بیتاقانە نابێ بکرێتە پێوەر، ئێمە زۆر بەجدی بەدواداچوون بۆ ئەو مەزوعە دەکەین چەند بەرێزێکی تریش ئاماژەیان پێ دا، محاوەلە دەکەین کە بەشێوەیەکی زانستیانە مەسحێکی ئەو مەنتقەیە بکەین و بزانین کە چ پێوەرێك باشترین پێوەرە بۆ ئەوەی کە تەعامول لەگەڵ ژمارەی دانیشتوانی ئەوێ بکەین، ژینگە و زیاد کردنی ناوچە دارستانیەکان، ئێمەش پشتگیری لەبەرێزیان، ئەگەر ئیمکان بێت، بەرێزیان ئاماژەی بە پرۆژەی قەیسەری کفری داوە، من تەبیعی هەندێك خوشك وبرای تریش ئاماژەیان کرد بەو پرۆژانەی کە بۆ قەزای کفری دانراون، بەڵام من لیستێکم ئامادە کردووە، من دواتر هەر دەشیخوێنمەوە لە پرۆژە بەردەوامەکان کۆمەڵێك نزیکەی 30 پرۆژە هەیە کە لە قەزای کفری دایە، ئەوەش ناگەیەنێت کە ئێمە بڵێین ئیحتیاجات نیە، من موتەئەکیدم کە چۆن باسی شنگالم کرد بە تایبەتی ئەو ناوچە دوورەدەستانەی کوردنیشین لە هەردوو لاوە چ لە شنگالەوە و لە هەموو شوێنێکی تر مەغدور ترن، لەبەرئەوە هەر تێبینیەك بگوترێت ئێمە بە هەندی وەردەگرین و ئیشی لەسەری دەکەین، هەروەها بابەتێکی تری زۆر گرنگ ئێمە بە حەقیقەت بە نیسبەتی گەرمیان دوو بابەت لە بەرنامەمان هەیە لە کاتێکی نزیکیش دا نەتیجەکان بە بەرێزتان دەگەیەنین یەکێکیان مەسەلەی بیتاقەی ئەرزاقە و ئەوانە کە لەوێن و کە حساب دەکرێن ژمارەی دانیشتوان بەهەردوو حاڵەت دا، دووەم نەبوونی تاپۆ لە ناوچەی گەرمیان لە زۆر شوێندا کە بووەتە هۆی وەرنەگرتنی کێشەی سولفەی عەقار، چونکە بەرێزیان ئەم تێبینیە بەراستی، بە حەقیقەت من ئەو مولاحەزەیە لە هۆڵی پەرلەمان لە ئەسنای گفتوگۆکان گوێم لێ بووە، ئەگینا پێشتر ئاگاداری ئەو کێشانە نەبووم کێشەکە پەیوەندی بە وەزارەتی دارایی و ئابووریەوە هەیە، زیاتر لە ناحیەی سەرف کردنی شێوازی سەرف کردنی سولفە و پێشنیار دەکەم هەتا ئەو کاتەی کە ئێمە بەدواداچوون بۆ ئەو بابەتە دەکەین و وەزارەتی دارایی و ئابووریش کێشەکە لەبەرچاو بگیرێت و موتەئەکیدم کە هەروا دەبێت کە چارەسەرێك بۆ ناوچەی گەرمیان بۆ مەوزوعی سلفەی عەقار بگرێتەوە، سەمیرە خان دیسانەوە تێبینی لەسەر ئەو پرۆژانەی کە جێ بەجێ نەکراون لە پارەوە تا ئێستا کە نەکەوتوونەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە کە نیزکەی 390 پرۆژەیە کە ئێستا لە کۆی گشتی 3162 پرۆژە کە هێشتا دەست بەکارنەبوون، پێشتریش باسمان کرد کاری لەسەر دەکەین، کاك سەردار مەوزوعێکی زۆر گرنگی وروژاند و ئیسارەی کرد ئەویش مەوزوع و مەسەلەی یاسای خانەنیشینی یان با بڵێین مەرجەکانی خانەنیشینی کە وابزانم بەرێزیان زۆر بەراستی وەکو دەڵێن پەنجەی خستە سەر برینێك کە لە ناو برینەکانی بودجە دا هەیە کە مەوزوعی زۆری یان تەزەخومی ژمارەی موەزەفینە لە دامودەزگاکانی حکومەت دا کە ئەو ژمارەی کە دەگوترێت زیاتر لە 650 هەزارە بۆ 5 ملیۆن کەس کە ژمارەیەکی زۆر زۆرە، ڕاستە مومکینە بەدائیلی تر هێشتا لە هەرێمی کوردستان دا دروست بووە بۆ خەڵکی، لەبەرئەوە ئەوە مەسدەری ڕەسمیانە، ئەوە مەسدەری مەعیشەتیانە، بەڵام هەر لە ئێستاوەش ئێمە لە کاتێك دا کە هەموو ساڵیش دە هەزار کەسێك یان با بڵێین چەند هەزارێك تەعین دەکرێن لە هەمان کاتدا بیر لەوە دەکەینەوە کە چۆن خەڵك تەشجیع بکرێن کە کەرتی گشتی بەجێ

بێلْن یەكێك لەو سیاسەتانەی كە لەو جۆرە حاڵەتانە پەیڕەو دەكرێت ئەو پێشنیارەیە كە كاك سەردار كردی چ بەو شێوازەی كە بەڕێزیان وتی كە ئاماژەی بە 50 ساڵی داو 15 ساڵی لە خزمەت چ بەهەر شێوازێكی تر بێت دەبێت ئەو مەوزوعە كاری لەسەر بكرێت، بەڕێز كاك د.سەروەر ئاماژەی بە بەرنامەی تواناسازی دا؟ كە دەڵێ حەقە بە وازحی پارەكەی مەعلوم بێت و دەڵێ لەو بەدواداچوونەی كە كردوومانە 23 ملیۆن دۆلار چۆن سەرف كراوە بۆ قوتابیانی تواناسازی توێژینەوە لە كوێیە لە بەرنامەی تواناسازی دا؟ هەروەها پرسیارێكی هەبوو بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری وابزانم وەڵامیان داوەتەوە، بە نیسبەتی بەرنامەی تواناسازی لە بەرنامەی كاری كابینەی حەوتەمی حكومەتی هەرێمی كوردستانیش دا هەتا ئێستا بە شێوازێك دیراسە كراوە هەندێ بڕیاریش هەیە كە دەدرێت لە ئایندەش دا خودی مەبدەئی تواناسازی مەبدەئەكە مەقبولە و پەسەندە، چین؟ بەو شێوازەی كە كاریشمان كردووە پێشوو تر لە هەندێ شت دا سەركەوتوو بوو، لە هەندێ شت دا كەموكوڕی هەیە كە دەبێ چارەسەری بكەین، من بە حەقیقەت پێشتریش چەند بەڕێزێك باسی ئەوەیان كرد كە پارەكان كە دەڵێین بەردەوام دەبین لە پرۆژەی تواناسازی بە چ شێوازێك بەردەوام دەبین، خۆی ڕاستە ئێمە مەبلەغێكمان داناوە بە ماددەیەكی جودا و پارەیەك تەخسیس كراوە تەنانەت شێوازی سەرفەكەشی كە جودا كراوەتەوە ئالیەتی تەبیعی وەزارەتی خوێندنی باڵا هەندێ جار كێشەش دروست بووە بەهۆی ئەوەوە، چونكە ئێستا دوو ئالیەتی سەرف هەیە لەناو وەزارەتی خوێندنی باڵا بعثات و زەمالات و ئەوانە بە فەسڵ و بە ماددە لە جەداولەكانی ئەوان هەیە و بەردەوامیشە و پارەشی لەسەر خەرج دەكرێت، پارەی تواناسازی بە شێوازێكی تر با بڵێین بە مونفەسەڵ خەرج كراوە، ئێستا كۆی گشتی ئەو كاندیدانەی كە ناویان دەرچووە لە بەرنامەی تواناسازی دا گەیشتووەتە 4700 كەس، ئەگەر ئێمە موعادەلەیەكی سادە و بە موعادەلەیەكی بەسیت ئیحتیاجاتی تەڵەبە لەو 4700 كەسە نیزكەی 2300 كاندید دەست بەكاربوون، كەس لەوانە كە بڵێین بە تایبەتی لەوانەی كە باسی دكتۆراش دەكەن جوزئێكی ماجستێر و جوزئێكی دكتۆران نەگەڕاونەتەوە، بڵێین ئەمە دەست بەكاربووە وتەواو بووە بەرنامەكەی سەد لەسەد تەواو كردووە، چونكە لە خیلالی ئەو ساڵی ڕابردوو بەرنامەكە بۆ ماجستێر بووبێت و چ ئەگەر یەك ساڵ بووبێ ساڵێكی لوغەی لەگەڵ بووە و چ بە دكتۆرا بوو بێ ئەگەر ماجستێری دووساڵی بووبێت دیسان ساڵێكی لەگەڵ بووە كە دەكاتە سێ ساڵ، ئەمە با بڵێین حەدی ئەقەل كە دكتۆراش زیاترە، ئێمە ئەگەر بە شێوەیەكی زانستیانە سەیری ئەو بەرنامەیە بكەین و تەحلیلی بكەین و ئیلتزاماتی حكومەتی هەرێمی كوردستانیش حەقە لیژنەی دارایی و ئابووریش لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا، چونكە ئێمە لە دانیشتنەكانمان لەگەڵ ئەوانیش دا باسی ئەوەمان كردووە حەقە تۆزێك لەسەر ئەوە ڕابوەستین، چونكە ئێمە كە دەڵێین 4700 كەس و 2300 ی ناوی دەرچووە و ئەوەی تریش بەڕێگاوەیە یەعنی ببورن ئەوەی تریش بەڕێگاوەیە كە دەست بەكاربن، مەبەست لە دەست بەكاربوون ئەوەیە كە موباشەرە بكات بە بەرنامەجەكەی ماجستێر یان دكتۆرا یان خوێندنی زمانەكە، تەبیعی ئەمانە تەقدیرێك هەیە كە ئەم كاندیدانە ئەگەر بڵێین هەر 4700 ەكە بە سێ ساڵ تەواوی بكەن، كە وانیە

زۆریان دەچنە پێنج ساڵیش، چونکە دکتۆرا زۆریان مومکینە بەهۆی هەر سەبەبێکەوە بێت زیاتر لە سێ ساڵ بمێننەوە، بەڵام ئێمە ئەگەر تەنها سێ ساڵ وەربگرین، سێ ساڵەکەش زەربی مەبلەغێك بکەین کە بڵێین ئەم مەبلەغە پێویستە بۆ ئەم سێ ساڵە هەتا ئەم قوتابیە ماجستێرەکەی تەواو دەکات یان خوێندنەکەی تەواو دەکات، یان خوێندنی باڵاکەی تەواو دەکات ئەگەر ئێمە ئەوەی کە هەیە لەبەردەست دوو رەقەمە، $150$ هەزار دۆلار بۆ ماجستێرە لەگەڵ $250$ هەزار دۆلار بۆ دکتۆرایە و کە بە موعەدەل وەرگیراوە بە بێ ڕەچاو کردنی وڵاتەکە، چونکە وڵات هەیە گرانترە و وڵات هەیە هەرزانترە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ئەمەیە پێوەرەکان ئەگەر ئێمە تەنانەت $4700$ کەسەکەی کە دەست بەکاربوون حساب بکەین و زەربی بڵێین هەر هەمووشی حەدی ئەقەل هەر هەمووی $150$ هەزار دۆلاری مەسرەفەکەیان بکەین، بەڕێزان کۆی گشتی پارەی پێویست بۆ تەواو کردنی ئەم بەرنامەیەی کە ئەمانەی ئێستا وەرگیراون خۆی لە نزیکەی $700$ ملیۆن دۆلار دەدات، ئەگەر ئێمە بڵێین $100$ ملیۆن دۆلاری سەرف بووە دەبێ تەوزیعەکە بۆ ساڵانی ئایندە وا بکەین کە تەوزیعەکەی مەزموون بێت کە ئەم $4700$ کەسەی کە ناویان دەرچووە هیچ ئەگەرێکی وا نەیەتە پێش کەتەمویلی ئەوانە ڕابوەستێ، لەبەرەئەوە دەبێ زیاتر دیقەت لەسەر ئەمە بدەین کە ئەمانەی کە وەرگیراون چۆن زامنی ئەوە بکەین کە لە ساڵانی ئایندە پارەیان لێ نەبڕێت موتابەعەی تەنفیزی بەرنامەجەکەش بکەین، لەبەرئەوە بەرنامەجەکە بەردەوامە، حەتمەن ئێمە لە وەزارەتی پلاندانان چەند وەزارەتێك هەیە وەجبەی ئەخیر با بڵێین خولی دووەم لەلای ئێمە کە ئێستا ئیعلانی ناوەکان دەەکەین و ئیعتزازاتەکان وەردەگرین، بەڕێزیان هەروەها ئاماژەی بە مەسەلەی کۆنترۆڵی جۆری دا کە چ دەکرێت لە وەزارەتی تەندورستی و وەزاەتی کشتوکاڵ و وەزارەتی پلاندانان، بەعزێك شت کراوە، بەعزێك شت بکرێت، بەڕاستی بە حەقیقەت لەم ئەخیرە ئیستعانە بە شەریکاتی فاحسەش کراوە، نەك وەکو تەجروبەیەك، بەڵام وەکو چەند ماددەیەك کە ئیختیار کراوە نەك هەموو ماددەکان ئەگەر سەرکەوتوو بوون لەو مەوادانە ئیحتمالە تەعمیمیش بکرێت، ئەمە بە نیسبەتی خاڵە سنووریەکان، بە نیسبەتی ناو بازاڕەکانیش وابزانم حەملەیەك هەیە لەلایەن هەموو دامودەزگاکانی حکومەتەوە بۆ ئەوەی کە باشتر مەسەلەی کوالیتی کۆنترۆڵ پیادە بکرێت، بەڕێز شلێر خان ئەویش پێشنیاری ئەوە دەکات کە پێویست ناکات لیستی پرۆژەکان بێن بۆ پەرلەمان، بەڵکو هەر چوار مانگ جارێك بێت ئێمە هەر بڕیارێك کە لە پەرلەمانی کوردستان بە پەسەندی بزانێت جێ بەجێ ی دەکەین، پێداچوونەوە بە ڕێنماییەکان، منیش پشتگیری بەڕێزیان دەکەم، نەخۆشخانەی لە دایك بوون پرۆژەیەك کە سەر بە وەزارەتی تەندروستیە و فەرمانگەی تەندروستی هەولێر $27$ ملیار دینار بووە لەو کاتەی کە دیزاین و شتەکان دروست کراوە دوایی لە ئیعلان کێشە لەسەر مەبلەغەکە هەبووە کە کەمترین سیعر هەر لە ڕێژەی $10\%$ ی ئەو سیعرە زیاتر بووە، ئێستا بە پێی ئاخر ئەپدەیت کە لەلای من هەیە بڕیارە لەماوەیەکی کورت دا لە خیلالی ئەم مانگە بکەوێتە سەر سکە و ئیحالە بکرێت، بەڕێزیان تێبینیەکی لەسەر پرۆژەی ئاوی هەڵەبجە و چەند پرۆژەیەکی ئاوە لە هەر سێ پارێزگا لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی کە هی قەرزی یابانیە پرۆژەی

لەڕێگەی ڕێکخراوی (جایکا)یە ناوی کۆمپانیایەکی ڕاوێژکاری هێنا کە ئەم کۆمپانیایە جێ بەجێ کار نیە، بەڵکو دیزاینە، ڕاستە ئەو کۆمپانیایە تەنها دیزاینەرە و تەمویلی پرۆژەکە 75٪ی لە قەرزی یابانیەوە دێت و 25٪ پشی موشارەکەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کۆپی نووسراوەکان هەیە و دەتوانم عەرزی بکەم کە وەزارەتی شارەوانی لە هەر دوو کابینەی پێشووتر ئاگادارن لەو بابەتە، نازانم ئەو بەڕێزەی کە لە وەزارەتی شارەوانی کە وتوویەتی ئێمە ئاگامان لێی نیە وابزانم پەیوەندیمان کرد ئەوانەی لایەنی پەیوەندار بوون موتەلیعن، پارەیان بۆ تەخسیس کراوە، سەبەبی دواکەوتنی پرۆژەکەش لایەنی قەرزەکەیە کە بەڕێگەی بەغداوە دێت، مەسەلەی قەرزی یابانی، برای بەڕێز کاك شڤان کۆڤلی کێشەی شەهیدا، جەنابی دبێژیت کو ب ڕێکا پرۆژەیەن ستراتیجی دێ حەل بن ئەم ژی تەئیدی دکەین بەس هەتا ڤێ گاڤێ ئەو پرۆژەیت کو تێنە تەقدیم کرن زێدە تر دیارە ئەولەویەت هەتا ڤێ گاڤێ چێکرنا خانیا هاتنە دانێ، چونکو دیارە کێشەیا مەزن ژ وێرێ دەس پێ کەتن، بەس ئەگەر ئالیەتێك هەبێت بۆ پرۆژە ستراتیجی ئەم ژی تەئیدی دکەین، مەوزوعی چێکرنا نەخۆشخانا ل هەولێر و دهۆك بۆ خانەوادا شەهیدا تەبیعی هەر ئالیەتێك هەبێت بۆ چارەسەرکرنا خانەوادێن شەهیدا و بۆ یارمەتی دانا خانەوادێن شەهیدا ل بواری تەندروستیێ ئەم پشتگیریێ لێ دکەین، نە زەرورە ئیللا چێکرنا نەخۆشخانەیەکی بیتن ناڤێ شەهیدا و جودا کرنا خانەوادێت وانا، چونکە ئەڤە ژی موکینە ژ هەندەك لایەنێن مافی مرۆڤ دا گەلەك موناسب نەبێتن کو چینەك ئان توێژەك بێتە جودا کرن بەڵکو بێتە خزمەت کرن باشتر ب هەندەك ئالیەتێ دی دا، وەحداتێ دیزاینێ ل حکومەتا هەرێمێ ئایا هەنە یان نا؟ ل هەندەك دەوائیر حەتمەن یەت هەین، بەس زۆبەی ڤێ گاڤێ بەهرا پتر ئەو دیزاینێت کو تێنە کرن ب ڕێکا کەرتی تایبەت دا تێنە کرن حەتمەن، دیارە کەرتێ تایبەت ئیستعابا حدودەکی هەی بۆ ئیستعاب کرنا ژمارا پرۆژێت کو هەین ڤێ گاڤێ ئەو ژی ئەگەرەکە، یەعنی هەم دبێ حکومەت دامودەزگەهێن حکومەتێ قوەتر و باشتر بن لە ئاستەکی باشتر بن، هەم کەرتێ تایبەت ژی، بەڕێز کاك شڤان دەعوا سەلاحیاتێت پتر ژی دکات بۆ وەزارەتا پلاندانانێ و دارایێ وەختی موناسب دا ئەم ژی پشتگیرا وێ داوایەت دکەین، ئەم وێ داخوازیا هەیە، بەڕێز کاك اسماعیل بنکەکانی پۆلیس نابێ لە خانووی کرێ دابێت، وەڵلاهی منیش هەر دەیخوێنمەوە ئەو پرسیارە، چونکە ئەوەندە موئەیدین و بەڵام ئەو ئیمکانیاتانەی کە هەشە بەو شێوەیە، بەڵام هەر بۆ ئەوەی بە بیری خۆمان بێنینەوە کە ئەوە کێشەیەو دەبێت هەموو پێکەوە کاربکەین بۆ چارەسەر کردنی، بنکەی لاوانی چۆمان باسمان کرد، شێوازی تەندەر دەبێ چارەسەر بکرێت، ئێمەش تەئیدی ئەوە دەکەین زێرابی شاری هەولێر بە تایبەتی لە دەوروبەری لەبەرنامەی پرۆژە پێشنیار کراوەکان بەشی یەکەمی قۆناغی یەکەمی پرۆژەکە داخڵ کراوە، ئێستا وا بەجدی کاری لەسەر دەکرێت، هەروەها بەرنامەی چارەسەر کردنی ئاوی هەولێر، ئاوی ئیفراز قۆناغی چوارەمی ئێستا لەبەردەست دایە کە ئەویش هەروەکو دەزانن ئێستا بە بەراورد لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو ئاوی هەولێر زۆر باشترە و زۆر فەرقی کردووە، بەڵام هێشتا هەندێ ناوچە ماویەتی کە چارەسەر بکرێت، بەڕێز ئەڤین وابزانم پرۆژە بۆ خوشك و برا یەزیدیەکان بەڕاستی پێوەری زیرەك و

کۆمەڵێك ئەفكار و پێشنیاری زۆر ڕێك وپێكی بۆ ناوچەی خانەقین هەبوو كە بە هەندی وەردەگرین و كاری لەسەر دەكەین، هەروەها بەڕێزیان باسی پسوولەی خۆراكی كرد لە ناوچەی گەرمیان و كە دیارە ئینعكاسی ژمارەی فعلی ناكات ئیقتراح دەكات پێوەرێكی تر بۆ ئەو بابەتە بەكاربێت، بەڕێز مامۆستا كاوە پرسیار دەكات كە وابزانم زیاتر بۆ وەزارەتی دارایی بوو كە هەرچەندە بەڕێزیان پرسیاری ئەوەیان كردو وتی كە پرسیارەكە موەجەهە بۆ هەردوو وەزیر و وەزیری دارایی بەڕێز و وەزیری پلاندانان، هیچ پلانێك هەیە بۆ چارەسەركردنی تەزەخومی موەزەفین لەناو حكومەت، من لێرە دیسانەوە جارێكی تر هەر دەبێ باسی ئەو مەوزوعە بكەم، چونكە ئەو مەوزوعە وابزانم ئەركی هەموو لایەكە و ڕاستە بە ژمارە یەك حكومەت و لەناو حكومەت دا وەزارەتی دارایی و ئابووری و ئینجا هەتا حەدێكیش وەزارەتی پلاندانان، بەڵام وابزانم پەرلەمانی بەڕێزیش دەبێ ڕۆڵی خۆی بگێڕێت ئەمە بەڕێزان مەوزوعێكی مەسیریە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەم ژمارەی تەزەخومی وەزیفیە ساڵی پار موقتەرەحێك هەبوو كە پێشنیارێك هات كە چۆنیەتی تەشجیع كردنی خەڵك بۆ ئەوەی لە كەرتی گشتیەوە بچن بۆ كەرتی تایبەت، بەڵام دوای ساڵێك تێپەڕ بوون لەسەر ئەو موقتەرەحە كە لە یاسای بودجەی ساڵی $2012$ی حكومەتی هەرێمی كوردستان دا هات، ئەگەر تەمەشای دواوە بكەین و بزانین چەند كەس سوودی لەو ئیقتراحە بینی و چەند كەس بەهۆی ئەو ئیقتراحەوە لە وەزیفەی حكومیەوە حەرەكەتی كرد بۆ كەرتی تایبەت، دەبینین ئیحتماڵە زۆر كەمە یان بە تەسەوری من دەبینی كە موقتەرەحەكە پێویستی بە دەوڵەمەند كردن هەیە و پێویستە موقتەرەحی تر هەبێ و داوا دەكەم، و پێشنیار دەكەم، تكام لە لیژنەی دارایی و ئابووریشە كە ئەم ساڵیش پرۆژە یاسای بودجەی $2012$ بەوە دەوڵەمەند بكرێت كە ئەگەر هەر بەڕێزێكی ئەندامی پەرلەمانیش ئیقتراحی هەبێ و بەهەند وەربگیردرێت، چونكە ئەوە كێشەیەكە لە كاتێك دا كە ئێمە موراعاتی خەڵكی خۆمان دەكەین و ئیحتیاجاتی خەڵك لەبەرچاو دەگرین لە دامەزراندن و كە حەقی خۆیانە مووچەیان هەبێ و لە هەمان كاتدا بەو شێوازە ئیستمراریەتە مومكینە باش نەبێت، بەڕێز كاك سەرهەنگ فرج بەڕێزیان ئاماژەیان بەوە داو دەڵێت ئایا ئەم بودجەیە لەسەدا چەندی كێشەكان چارەسەر دەكات؟ چ لە كارەبا و چ لە جادە و لە ئاو و لە مەدرەسە و ئەو پرسیارە زۆر گرنگە من زۆرم پێ خۆش بوو بەڕاستی پرسیار بەو شێوەیە تەحەدای حكومەت بكرێت بۆ ئەوەی دەقیق تر كێشەكان بێنینە بەر دەست و بزانین ئێمە بەم بودجەیەی كە هەیە و بەم لیستەیەی كە هێناومانە ئەوەندە لە سەدی ئەو كێشانە دەتوانین چارەسەر بكەین، لە حەقیقەت دا ئێمە ئێستا خەریكین مەجموعەیەك زانیاری و داتا و ئەوانەمان لەبەردەستە و لەسەر ئیحتیاجات بۆ نموونە ئەگەربێینە سەر كەرتی ڕێگاوبان وەزارەت ماستەر پلانێكمان لەبەردەستە بۆ هەموو ڕێگا و بۆ وەكو دەڵێن حەدی ئەقەلی ڕێگاوبانی پێویست بۆ هەموو ناوچەكانی هەرێمی كوردستان كە بە نزیكەی $3,0$ ملیار دۆلار تەقدیر كراوە، ئێمە دەتوانین بڵێن ئەمساڵ ئەوەندە پارەمان كە تەخسیس كردووە بۆ جادەكان ئەمەش ئیحتیاجەكەیەو ئەوە تەقسیمی ئەوەدەكەین یان ئەوە ناقسی ئەوە دەكەین بۆمان دەردەچێت كە چەند دەمێنێتەوە، بەڕاستی ئەگەر تەنها ئەو میسالەی كە باسم

کرد ڕەچاوی بکەین و بزانین کە ئێمە چەند لەسەدی ئیحتیاجاتی هەرێمی کوردستان تەحقیق دەکەین بەم بودجەیەی ئەمساڵ و لەمەوزوعی ڕێگاوباندا مومکینە ڕێژەکە ئەوەندە کەم بێت هەر شایەنی باس نەبێت لە ئیحتیاجە حەقیقیەکەدا، چونکە ئەگەر ئێوە تەماشا بکەین لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە وابزانم رەقەمەکە ئەگەر بە دەقیقی بیڵێین بۆ نموونە ئەگەر من چونکە نموونەی جادەکانم هێنا ئیحتیاجاتی کوردستان هەر دیسانەوە بۆ تەبسیت و بۆ ئەوەی لەبەرچاوی بەڕێزیشتان و هەروەها لەبەرچاوی هەموو کەسێك وازح بێت و ئێمە بۆ تەبسیت ئیحتیاجاتی هەرێمی کوردستان لە جادە ئێستا حەدی ئەقەلی پارەی پێویست بۆ ئەو ماستەر پلانە 3 ملیار و نیو دۆلارە، ئێمە ئەم پارەیەی لە بودجەی ئەمساڵ دا بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەمان تەخسیس کردووە ئەگەر حساب بکەین کە هەموو پرۆژەکانیشیان تەنها جادە و ڕێگا و پرد بن کە مومکینە ئەوان هەندێك پرۆژەی تریشیان هەبێ و، بەڵام ئەگەر بڵێین هەموو پرۆژەکانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە تەنها دروست کردنی ڕێگاوبان و پرد بێت ئێمە لە بەردەوامەکان نزیکەی 575 ملیار دینارمان بۆ داناون و لە پێشنیار کراوەکانیش نزیکەی 50 ملیارمان بۆ داناون کە کۆی گشتی دەکاتە 625 ملیار دینار، ئەمە پارەی موخەسەسە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، 625 ملیار دینار دەکاتە نزیکەی 500 ملیۆن دۆلار، کەواتە ئێمە ئەمساڵ ئەو پارەیەی کە بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دامانناوە لەسەر 3ملیار و نیو، یەك لەسەر حەوتی ئیحتیاجاتی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە، تەبیعی لەگەڵ نسبەتی نموی ساڵانەش لەگەڵ ئەو جادانەی کە هەشن و ئیحتیاجیان بە سیانەیە کە بەشێکی پارەش دەبێ تەخسیس بکرێت بۆ سیانە بە بەردەوامی مومکینە ئێمە بڵێین نزیکەی یەك لەسەر دە یان دە لە سەدی ئیحتیاجاتی ڕێگاوبان بەهۆی ئەم بودجەیە دەتوانین تەحقیق بکەین لەبەر ئەوە دەبێ بۆ شێوازی تریش بگەڕێین، چونکە ئیحتیاجاتەکان زۆرن، بەڕێزیان پرسیاری کرد لەسەر هەندێ پرۆژە کە لە (گود گەڤەنەنس) یان با بڵێین لە مەوزوعی شەفافیەت و ئەوانە کە ئایا تەفاسیلەکانی چیە بەڕێزان خۆی مەوزوعی شەفافیەت و مەوزوعی (الحکم الرشید) نەك تەنها لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە وڵاتانی دەوروبەریش و لە هەموو عالەمیش و وەکو هەموو کارەکانی تر جیهەتی ڕاوێژکاری هەیە کە بەرنامەی بۆ دادەنێن و کە بۆ چوونی تازە هەیە، شێوازی تازە هەیە، کە دەبێ لەبەربگیرێت، لەبەرئەوە لایەنێکی ڕاوێژکاری هەیە بەناوی (رایس وۆتەر هاوس کوپەر) کە ئەوانەی کە مەعلوماتیان هەبێت لەسەر لایەنی ڕاوێژکاری ئەمە یەکێکە لە لایەنە ڕاوێژکاریە هەرە بەناوبانگەکانی جیهان کە ئێستا ئەمە چەند ساڵێکە بە پێی پرۆژەیەك لەناو سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کار دەکات و کۆمەڵێك پێشنیار بە بەردەوامی دەدات لە بوارەکانی شەفافیەت و لە بوارەکانی باشتر کردنی شێوازی حوکمڕانی، بەڕێز مامۆستا فەرمان چەند پرسیار و تێبینیەکی هەبوو ئێمە با نەگەڕێینەوە سەر ئەوەی بەڕاستی تێبینیەکانی بەڕێزیشیان شتی زۆر گرنگی تێدایە وەکو هەموو ئەوانەی تریش، بەڵام بەعزێك جار لە تروحاتەکان کە دەگوترێت هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی نیە، ئێمە موتەئەسر دەبین بەوە، چونکە ئێمە هەر وەکو بەڕێزتان دەزانن ئێمە بە درێژایی ساڵ کە کارەکان دەکەین ئێمەش لەلامان مەتڵەبە کە بە

باشترین شێوە کارەکان بەڕێوە بچن، ئێمەش ساحبی ئەمماڵەین و خاوەنی ئەم ماڵەین و کەسمان میوان نین کارەکانیشمان بە پێی پلانە و ئەو شێوازی موناقەشە کردنە و ئەو شێوازی هێنانی بودجەش بۆ پەرلەمانی کوردستان ئەمە شتێکە موتەبەعە لە هەموو عالەم مومکینە شێوازی موناقەشە کردنەکە موختەلف بێت، مومکینە پەرلەمانی بەڕێزی کوردستان داوای تەفاسیلی زیاتر دەکات موقارەنەتەن بە پەرلەماناتی تر، ئەویش بڕیار بڕیاری ئێوەی بەڕێزە، کۆمەڵێك پلان هەیە وا لەسەری دەڕۆین دوایی لە پرەسنتەیشنەکەش بە دەقیقی دێمە سەر ئەو قسەیە کە مەبەستم چیە و لە چ بوارێك دایە و چۆن ئینعکاسی کردووە ئەو پلانانە و چی تەحقیق بووە؟، هەروەها بەڕێزیان پرسیاری لەسەر ئەوە بوو کە بۆچی هەر تەنها باسی باڵەخانە دەکرێت؟ ئێمە لە بودجەی وەبەرهێنان چەند جارێکیش باسمان کردووە وابزانم ئەو ڕۆژەش وەڵامی بەڕێزیانم دایەوە کە ئێمە لە هەندێ سێکتەر دا هەر تەنها کێشەی باڵەخانەمان هەیە وەکو کێشەی قوتابخانە، ژمارە 1 کێشەکە نەبوونی باڵەخانەیە ئان کو بینایەیە؟ بەڕێزیان پرسیار دەکات لەسەر پلانەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئاستی نرخەکانیان با بڵێین بە پێوەرێکی تر مەوزوعی ئینفلەیشن و تەزەخومی ئەسعار، خۆی بەڕێزان ئێمە کۆنترۆڵکردنی ئەسعار لە بازاڕێك و لە کۆمەڵگایەکی وەکو هەرێمی کوردستاندا ئەمڕۆ کارێکی ئاسان نیە، مەوزوع تەنها مەوزوعی بازاڕی ئازاد نیە کە بڵێین ئێمە بازاڕێك بە کەیفی خۆیەتی چۆن قەرار دەدات و چۆن تەسعیر دەکات، کۆمەڵێك تەسعیرات هەیە و کۆمەڵێك لجان هەیە لە ئاستی موحافەزەکاندا لە ئاستی پارێزگاکان و قەزاکاندا کە بەدواداچوون دەکرێت و ئەسعار دەکرێت و بە شێوەیەکی بەردەوام، بەڵام مەوزوعەکە مەوزوعی مونافەسەیە، بوار بەوە دراوە و تەنانەت لە هەندێ شوێندا حکومەت ئیجرائاتی لەبەر گرتووە بە تایبەتی لە هەندێ مەوزوع وەکو مەوزوعی گەنم و وەکو مەوزوعی هەندێ بەروبوومی کشتوکاڵی کە محاوەلە دەکات ماددەیەك کە لە دەرەوەی هەرێمەوە دێ و زۆر بە ئاسانی مونافەسەی ئینتاجێکی مەحەلی دەکات ڕێی لێ گرتووە کە ئەمەش بە پێوەرە ئیقتسادیە مۆدێرنەکان شتێکی سەرکەوتوو نیە، بۆ نموونە ئێمە کە دەڵێین شت لە بازاڕەکان وا هەر گران دەبێت، خۆ مومکینە ئەو شتە ئەگەر ئینتاجی مەحەلی بێ و هی هەرێمی کوردستان بێ سعرەکەی بە پێی کولفەی ئەو کارە ئەگەر با بڵێین بەرهەمێکی ناوخۆیی بێت کولفەیەکی هەیە و لەسەر ئەساسی ئەو کولفەیە دەگاتە بازاڕ و مومکینە هەمان بەرهەم ئەگەر لە دەرەوە بێت مومکینە سعری زۆر کەمتر بێت، بەڵام حکومەت هەندێ جار ئیجرائات دەکات بۆ ئەوەی ئەو بەرهەمە ڕێی لێ بگیرێ، بۆ ئەوەی بەرهەمی ناوخۆیی با بڵێین تەسویق بکرێت، لەبەرئەوە لە کاتێك دا کە جۆرە کۆنترۆڵێك هەیە لەسەر بازاڕ نەك کۆنترۆڵی 100٪، بەڵام حەقیقەتێکیش هەیە کە بازاڕ لە تەزەخومی ئەسعار دایە، هەر بۆ مەعلوماتی بەڕێزتان لە هیچ شوێنێکی عالەم بە تایبەتی ئەو خوشك و برایانەی کە ئابووری ناسن و کە مەعلوماتیان هەیە و کە خەبیرن لەو بوارەدا هەر ئەوان بە ئێمەش دەڵێن زۆرجار لەناو ئەوانەی کە لە هەرێمی کوردستانن و ئەوانەی کە دەیاناسین و تەعامولیان لەگەڵ ئێمە هەیە لە هیچ شوێنێك لە عالەم ئەم شێوازەی بەرزکردنی مووچە و موخەسەسات ئەوەی کە عیراق دەستی پێ دەکات و ئێمەش بە

دەردیەوە تووش دەبین لە هیچ شوێنێکی عالەم ئەم شێوازە پەیڕەو ناکرێت، لەبەرچیش پەیڕەو ناکرێت خۆ مەسەلەکە ئەوە نیە ئێمە خەڵکی خۆمان خۆش دەوێت حکومەتەکانی تری جیهان خەڵکی خۆیان خۆش ناوێت، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان بەرزکردنی مووچە و بەرزکردنی دەرماڵە یەکەم تەئسیر کە دەیبێت بەرزکردنی ئەسعارە لە بازاڕ، بەرز کردنەوەی سعری کرێی خانووە و بەرزکردنی شتی ترە کە لەمانەش دا کە خەڵك کە شێوازی بەڕێوەبردن بڕیار لەسەر ئەوە بدات و ئێمە ئەگەر لەناو حکومەت بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە دەرماڵە زیاد بکەین بۆ چینێك، بەڵام ماددەیەك لە بازاڕ گران ببێت تەئسیر لەسەر هەموو کۆمەڵگا بکات دەبێت دیراسەتی ئەوەش بکرێت، لەبەرئەوە تەنها هەر ئەوەندە دەڵێم کە بەڵێ گران بوونێك هەیە لە ئەسعاری بازاڕ هۆی هەرە سەرەکی زیاد کردنی مووچە و دەرماڵەیە، لەبەرئەوە تکام وایە لە کاتی ئیقتراح کردنی زیاد کردنی هەر مووچە و دەرماڵەیەك دیراسەتی ئەوە بە دەقیقی بکرێت، بەڕێزان چونکە ئەمە تەئسیرێکی عەکسیشی هەیە بەعزێك جار، بەڵام وابزانم لە کاتی خۆیدا وەڵامتم دایەوە کە داهاتی تاکە کەس ئایا باش بووە؟ بەڵێ باش بووە لەپێش ساڵی 2003 کەمتر لە سێ سەد دۆلار بوو ساڵانە، ئێستا نزیکەی 4 هەزار دۆلارە، ئەگەر بە دۆلار حسابی بکەین نەك بە دیناری عیراقی، موعەدەلی داهاتی تاکە کەس لە هەرێمی کوردستان دا، بەڕێزیان دەپرسێت کە مەشاریعەکان دوا دەکەون و پارەکە دەخورێت، پارەکە ناخورێت، چونکە مەشروع سەرف کردنی پارە لەهەر مەشروعێك دا کۆمەڵێك خەتەواتی هەیە چۆن ئەو هەموو خەتەواتە موعەقەدە هەندێ جار دەبنە هۆی دواکەوتنی پرۆژە و تەنفیز کردنی پرۆژە لەو بیروقراتیە دا بەهۆی هەمان خەتەوات و بەهۆی هەمان ئالیەتیش مومکین نیە کە مەشروعێك دوا دەکەوێت مەوزوعی دواکەوتنەکەیە پارەکە لە وەزارەتی دارایی دەمێنێتەوە، بەڕێزیان بە حەقیقەت پێشنیارەکە زۆربەیان تەنانەت موتەفقیشم لەگەڵی، بەڵام لە یەك شت دا موتەفق نین ئەویش بەڕێزیان ناوی سەنتەرێکی ڕۆشنبیری لە گوندێك گوندی شێخ سەیدا، سەنتەرەکەش تەنها بۆ ئەوە دروست دەکرێت کە ساحبی عەرزی ئەو شوێنەی سەنتەرەکەی دەهێنا قەرەبوو بکرێتەوە، تەبیعی من بەدواداچوونم بۆ ئەو مەوزوعە کرد، تەئکیدم لەسەر ئەوە کردەوە، چونکە بە حەقیقەت تێ نەگەیشتم لە گوندێك کە قتعەیەکی عەرد با بڵێین پێنج سەد مەتر یان شەش سەد مەتر و یان دوو سەد مەتر یان هەرچەندێك بێت، کە بدرێت بە سەنتەرێك تەعویزەکەی بە حەقیقەت تەعویزەکەی دەبێ چی بێت دەبێت چەند بێت هەتا کۆمەڵێك لایەن ڕێك بکەون لەسەر ئەوەی ئەو عەمەلیەیە ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی قازانجێك بگاتە چەند لایەنێك، بە حەقەت کە بەدواداچوونم بۆی کرد، لەبەرئەوەی وازح نەبوو وەڵامم نەداوە ئەو کاتە بەدواداچوونم بۆ کرد بەڕێزان من نامەوێ ناوی هاووڵاتی بڵێم یان ناوی خەڵك بڵێم، چونکە مەعلوماتی دەقیقیشم پەیدا کرد ئەسڵەن ئەو سەنتەرە ساحبی عەردەکەی تەبەروع کردووە، بە موستەمسەکاتی ڕەسمی بۆ ئەو کارە، لەبەرئەوە بابەتی قەرەبوو کردنەوە بە هیچ شێوەیەك لە گۆڕێ دانەبووە، بەڕێز خاتو ئامینە زکری، هەندێ پرسیار هەبن ئەز دبێژم پرسیارێت جەنابێ وێ پرەسنتەیشنێ بەحس کر ئەوێت نسبەتا جارەکا دی تیکرار کەمە، ڕێژا تەرخان

کری بۆ پارێزگەها، ڕێژا تەرخان کری نەك تەنها بۆ پارێزگەها هەولێرێ و سلێمانێ ژی باس معیارە نەفسی پێـوەرە، ل سـالێت بـوری دا ڕێـژا تـەرخان کـری بـۆ پارێزگـەها دهـۆکێ 2006 و 2007 ژ بـەر هەنـدێ پرۆژەیەت ستراتیجی و ڕێژەکا کەمتر ژ حەقێ وانە پرۆژیت حکومەتێ دا هەبێ تەقریبەن سێ سالە و چوار سالە محاولا هەندی دکەم کو ئەوێ ڕێژێت تەعویز بکەین، تەبیعی مومکین نیە ئێـك سـالدا بێتـە چارەسـەر کرن، بەشی ڤێ گاڤێ ڕێژا تەرخان کری ئەڤ سالەش پرۆژەیەت حکومەتا هەرێما کوردسـتانێ پـارێ تـەرخان کری بۆ پارێزگەها دهۆکێ پارێ تەرخان کری پرۆژەیەت بەردەوام و پـرۆژێت پێشـنیار کـری دا کـو هـەردوو پێگڤە تێنە حساب کری، یەك مەبلەغە و پاشی تەقسیمێ هەردوو کری نیزکی 21٪ و ئـەم دێ تـەوزیحیش ددەینـە رەقەمـە زێـدەتر، حەتمـەن ئـەز دبێـژم 21٪ بـۆ مـەعلومات ئـەز ئاگـادارم کـو ڕێـژا دانیشـتوان یـا پارێزگەها 23٪ یە بەس مومکین نینە ئێك سالدا ئەڤە بێتە معالەجە کـرن، ئەگـەر بـیرا جـەنابێ وە بـێتن پار وەختێ ئەڤ موناقەشە کـری ڕێـژا موخەسـەس بـۆ پارێزگـەها دهـۆکێ گەیشـتە 17٪ یـە، ژ کـەمتریش ژ سەدێ گەهاند بی ژ 17٪ ئەڤ سالە گەهەشتە 21٪ ی موتەئەکید بن سـالا بیـت، ئـەڤ ڕێـژە هـەنێ سـەد لـە سەد وەکی ڕێژا دانیشتوان، ئەز دبێژم پرسیار دی ئامینە خانێ بێ کارێ بۆ وەزارەتا، پرسـیارا وی ئاراسـتە هەردووکیان کری بەس زێـدەتر پەیوەنـدی ب وەزارەتـا دارایـی ڤـە هەیـە، پـرۆژا فرۆکـەخانا دهـۆکێ وەکـی پێشتر من ئاماژە پێ دای لایەنی کو مەتابەعەت کر ڤێ گـاڤێ هەرچـەندە حـەمی پرۆژەخانێـت کوردسـتانێ فەرمانەکێ یەت ڕەبتی وەزارەتا گواستنەوە و گەیاندن، بەس ڤێ گاڤێـت پرۆژەیـەت پارێزگـەها دهـۆکێ پـێ موکەلەفە بۆ دیزاینێ وێ خلاس بی، ڤێ گاڤێ مەرحەلا تەنـدەرینگێ بـۆ مەسـەلا تـەنفیزێ ئـەو پـارەی بـۆ هاتیە تەخسیس کرن سیکرینگ ئەگەر هاتو حەسەب جەدوەلی تەقـەدومی عەمـەل و ب  پێـی تـەعلیماتێت تـەنفیزی موازەنـە کـو پشـتی پەسـەند کرنـێ بـودجێ کـەڤن ئەگـەر  هـە ر پـارەکێ لازم هاتـە پـێش و کـو موخەسـەس نـەبیتن، ب پێـی موناقەلـە سـەلاحیەتا هاتیـە بـەرێز وەزیـرێ دارایـی و هەروەسـا وەزیـرێ پلاندانانێ بۆ چارەسەر کرنا وی، بـەس هێشـتا نەکەتیـە بـوارێ جێ بـەجێ کردنـێ دا ئـەم قـەرارا هەنـدێ ددەین کە سورعەتا تەنفیزیێ ب چ شکلەکێ بیتن، مەسەلا خوشك و برایەت مەسـیحی و یـەزیزدی جـەنابێ وێ بەحس کـری ئـەم ژی پشـتەڤانیەت دکـەین، ئەگـەر میزانیـا تـەکمیلی هـەبیتن ل ئاینـدە دا ئەگـەر هـەر میزانیەکا دی بێت ئەم ژی یەك شولێ لسەر هەندێ دکەین کو وەزارەتا ئەوقافێ ئەڤی داخازێ لبەرچاڤ بیت بۆ خوشك و برایەت مەسیحی و ئێزیدی، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ئەوانەی ئەگەر لەمرۆوە حساب بکـەین بەمرۆوە 9 ڕۆژی ڕابردووەوە ئەو پرسیارانەی کە کرا لە خیلالی ئەم ڕۆژانەی  بەعزێك لـە پرسـیارەکانیش هەر لە کاتی پرسیار کردن وەڵاممان دانـەوە هـەم بـەڕێز وەزیـری دارایـی و منـیش، لەبەرئـەوە  بـەوەی کـە کۆمەڵێکی تر پێشنیار و تێبینی و با بڵێین ئامۆژگاری وبەهەر شـێوەیەك بـووە کـە شـتی زۆرن، ئەمانـە بـە تەسەوری من ئەگەر ئیجازەم پـێ بـدەن  ئێمـە ئەمانـە هـەمووی زۆر بـە جـدی وەردەگـرین و کـاری لەسـەر دەکەین، ئەوەی کە پەیوەندی بەوە هەبێت ئەوەی کە پەیوەنـدی بـە وەزارەتـەکانی تریشـەوە هـەبێ دەبـین بەو وەسیلەیە کە ئەو تێبینیانە بگەیەنین، لەبەرئەوە ئەگەر هەر پرسـیارێکی تـر هـەبێت کـە چ لـەڕۆژانی

ڕابردوو چ له دوێنێوه و ئەمڕۆ له قسەكانم دا ئەگەر وەڵام نەدرابێتەوه یان بەڕێزێك ئیحساس بكات كه وەڵامی پرسیاری كردووه ئەگەر ناوم نەهێنا بێت من داوای لێ بوردن دەكەم و هیچ مەبەستێك بۆ هیچ پرسیارێك نەبووه و بۆ هەموو پرسیارەكان ئێمه ئامادەین و بەعزێكیان هەر لەبەرئەوەی تیكرارن به تەسەوری ئێمه و بەعزێكیان لەبەرئەوەی پێشنیارن و بەشێوازێكی تر دەبێ به هەندی وەربگرین، لەبەرئەوە داوا له بەڕێزتان دەكەم كه ئیجازەم پێ بدەن كه دەست پێ بكەم به پرەسنتەیشنەكه و من داوا له ڕاگەیاندن دەكەم نازانم به چ شێوازێك دەتوانن، چونكه ئەو بەڕێزانەی كه بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەو بەڕێزانەی كه له دواوه دانیشتوون مومكینه وازح نەبێ لەلایەن و شاشەكه زۆر گەوره نیه، نازانم ئەگەر دەتوانن بیخەنه سەر شاشه، ئەگەر بەڕێزتان ڕەزامەندی بفەرموون، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان ئەگەر ئیجازەم بدەنێ چەند دەقیقەیەك هەتا تەنزیمی دەكەمەوه، چونكه هەندێ زانیاری تازەش دەمەوێ عەرزی بكەم به روخسەتی بەڕێزتان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بۆ ماوەی نیو سەعات ئیسراحەت دەكەین، دانیشتنەكەمان هەڵدەگرین بۆ سەعات (1)ی پاش نیوەڕۆ، فەرموون.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عیراق بۆ ساڵی 2012 داوای لیژنەی دارایی دەکەین بێنە شوێنی خۆیان، جەنابی وەزیر فەرموو.**

**بەڕێز د.علی سندی (وەزیری ئاوەدانکردنەوە):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەگەر ئیجازەم بدەن من لەم پریسنتەیشنە ناچمەوە سەر ئەو پرسیارانەی کە وەڵام درانەوە یان با بڵێین ئەو زانیاریانەی کە لەناو لیستەکانی پرۆژەکان دا هەیە و دابەش کراوە، بەڵکو بە کورتی دەچمە سەر بودجە بە گشتی و هەم بودجەی وەبەرهێنان و بودجەی بەکاربردن و هەروەها بەشی پارێزگاکان و چ میکانیزمێك هەیە کە ئەوە زامن دەکات کە ئێستا ئەوەی کە ئێمە پەیڕەوی دەکەین لە ڕێژەی دانیشتوان، هەروەها سیاسەت و پلانی ئەو بودجەیە چی بوو کە زۆر لەبەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان پرسیاریان لەسەری کرد، هەرچەندە وەڵام درایەوە لەلایەن بەڕێز وەزیری دارایی و لەلای ئێمەشەوە، بەڵام بەشێوەیەکی زانستیانە عەرزی دەکەین، هەروەها مەوزوعی هەلی کارکە ئەم بودجەیە وەکو بەعزێك تێبینی هەبوو کە ئەمە تەنها دابەش کردنی پارەیە و هەلی کار دروست ناکات و مەوزوعی کار زۆر لە بەڕێزان پرسیاریان لەسەری هەبوو و ژمارەی جۆراوجۆر وترا، لەبەرئەوە بە پێویستم زانی کە مەوقفی ڕەسمی هی ئەو بابەتە دیاری بکەین، هەروەها هەندێ نیشاندەری تر بێجگە لە مەوزوعی بێ کاری و هەژاری و وەکو کەرتی تەندروستی و کەرتی پەروەردە کە وەزعیان چۆنە و چۆن هەڵدەسەنگێندرێت و مەوزوعی (Kurdistan Development manger system) کە بەڕێز کاك شێرزاد حافز ئیشارەی پێیدا و پرسیاری لەسەری کردو هەروەها شلێر خانیش لە دەرەوەی پەرلەمان پرسیاری لەسەر هەبوو، ئینجا بەراوردێك جارێ لە بەینی خۆمان و لە بەینی دەوروبەری خۆمان کە ئایا بودجەکەی ئێمە بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر بە چ شێوازێکە، ئەگەر بگەڕێینەوە تەنها بۆ تەسەلسولی ئەحداس کە بە چ شکلێك باس کراوە ئێمە لە مانگی 5 ی 2011 ساڵی پار لە کاتی باس کردنی ئەوەی لە 2011/5/12 ئێمە ئەپدەیتەکمان نارد بۆ پەرلەمان بە لیستی بەردەوامەکان و پێشنیار کراوەکان و دواکەتووەکان و هەروەها پرۆژە تەواو بووەکان، من دێمە سەر ئەمە بۆ ئەوە باسی دەکەم هەر بۆ ئەوەی ئەم جوزئە تەواو بێت و ئینجا باسی خاڵەکانی تر بکەم محاوەلە دەکەم لە سەعاتێك یان کەمتر لە سەعاتێك تەواو بم، ئەوەی کە ناوی لێنرا پار لە یاسای بودجەی ساڵی 2011 لە ڕاپۆرتی وەرزی ئەگەر لە بیرتان بێت پرۆتۆکۆڵەکانیش مەوجودن، ئێمە خۆمان موافق بووین لەسەر ئەوەی تەنانەت پێشنیاریشمان کرد کە زووتر لە 4 مانگ ئەگەر پێتان باش بێت ڕاپۆرت بنێرین، چونکە ئێمە ڕاپۆرتەکان ئامادە دەکەین هیچ**

کێشەیەکمان نیە لەسەر ئەوەی کە موشارەکەی بکەین لەگەڵ هەر تەرەفێکی تری ڕەسمی، ئێمە ئەمەمان بە ڕاپۆرتی یەکەم داناوە بۆ ئەوەی لە شوێنێکەوە دەبێ دەست پێ بکەین، دواتر تەبیعی 30 حزیران ئەگەر دیقەت بدەن لە وەقائیعی کوردستان یاسای بودجەی ساڵی 2011 بڵاوکرایەوە کە ئێمە لەو وەختەوە ئیتر دەست بەکاردەبین، ئێمە دوای حزیران لە 9/12 بە نووسراوی ژمارە 3894 لە 2011/9/12 داوامان لە وەزارەتەکان کردووە کە دەست بکەین بە گفتوگۆ ئەو پرسیارەی کە زۆر لە بەڕێزیان پرسیاریان کرد ئایا ئێوە هەماهەنگی دەکەن لە کاتی دانانی بودجەی وەزارەتەکاندا، بەو نووسراوە ئێمە وەزارەتەکانمان ئاگادار کردووەتەوە کە خشتەیەکی تایبەت هەیە کات و ناوی وەزارەتەکانی تێدا تەحدید کراوە کەئامادە بن بۆ موناقەشە کردنی بودجە، ئەمە بە مەبەستی ئامادە کردنی پرۆژەی هێڵی گشتی دابەش کردنی بودجەی ساڵی دارایی 2012 کە دەبێت تا سەرەتای مانگی تشرینی یەکەمی 2011 ئامادە بکرێت هاوپێچ خشتەی تایبەت بەکات و ڕۆژی دیاری کراو بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژە بەردەوامەکانتان کە ئێمە بە وەزارەتەکان دەڵێین ئامادە کردنی پرۆژە پێشنیار کراوەکانتان بە لەبەرچاوگرتنی ئەولەویەت و گرنگی پرۆژە و پێداویستیەکان تکایە لە کاتی دیاری کراو بە هەموو ئامادەکاریەکەوە بۆ پرۆژەکان ئامادەبن، ئەمە شێوازی کارکردنە، پاریش ئەمەم پیشان دا ئەم نووسراوەش هی 2011/9/12 یە، ئەمەش ئەو خشتەیەیە کە هەر وەزارەتێك لە کاروکاروباری کۆمەڵایەتیەوە ئەگەر سەیری لیستەکەی بەردەستی بەڕێزیشتان بکەم بە هەمان تەسەلسول دێتە خوارەوە، بەو شکلە هەر یەکە و بەرواری گفتوگۆ و ڕۆژەکە تەحدید کراوە و سەعاتەکەش تەحدید کراوە، لە 10/18 بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی دیوان، ڕاپۆرتی وەرزی پرۆژەکان، ئاماژە بە نووسراوتان ژمارە ( ) لە بەرواری 10/6 هاوپێچ ڕاپۆرتی وەرزی لەسەر سەرجەم پرۆژەکانی وەزارەتەکان کە دوا خەرجی تیادا نیشان دراوە تاکو مانگی 2011/8 ڕاپۆرتەکە و نووسراوەکە هی مانگی 10 یە عادەتەن ئێمە کە دەینێرین هی دوو مانگ پێشتر کە کۆدەبێتەوە و دوای 2 مانگ کە جەرد دەکرێتەوە ئینجا بڵاوی دەکەینەوە، ئەمە ڕاپۆرتی دووەمە کە ڕاپۆرتی وەرزیە دیارە من کە بەدواداچوونم کردووە ئەم ڕاپۆرتە نەگەیشتووەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام ئەوە بەڕێزان کە نووسراو دەکەین و کە ڕاپۆرت دەنێرین ئەگەر ئێوە بەڕێزتان وابزانم ئەوەی کە موتەبەعە ئەوەیە کە ئێمە بە نیسبەتی ئەم جۆرە ڕاپۆرتانە دەبێت بینێرین بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئێوەی بنێرێت، ئەگەر جەنابتان ئەمر دەفەرموون کە ئێمە موباشەرەتەن موفاتەحەی پەرلەمان بکەین ئێمە مانعمان نیە،ئێمە ئەمە کە موتابەعەمان کرد کە لە کوێ ڕاوەستاوە؟ ئەوە نیە کە بڵێی شتێکی مەقسود بووبێ، بەڵام زانیمان کە لەکوێ ڕاوەستاوە، ئەمە لە فەرمانگەی پلاندانانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران مابووەوە و نەنێردرا بوو بۆ ئێرە، نەك بڵێین کە شتێکی مەقسود بووە، ڕاپۆرتی سێیەم بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، سەرۆکایەتی دیوان، ڕاپۆرتی وەرزی، هاوپێچ لەگەڵ نووسراومان دا ڕاپۆرتی وەرزی بەردەوامەکان تا 12/31 بۆتان ڕەوانە دەکەین بە مەبەستی ڕەوانەکردنی بۆ پەرلەمان، تەئیکیدمان لەوە کردووە، چونکە ڕاپۆرتی پێشووتر کێشەی لەسەر بووە، لە

نووسراوەکەشمان دا تەوزیحمان دا کە مەبەستمان لە ناردنی بۆ ئەنجومەنی وەزیران ئەوەیە، تەبیعی ئەگەر تەماشا بکەن ئەمە مانگی 2012/3 یە ئێمە ئەو کات ڕاپۆرتی وەرزیەکەمان ناردووە و هەرچەندە ئێمە پێشووتر ئەو لیستەیەی کە تەقدیممان کردووە ڕاستە بە شێوازێکی تر هاتووەتە پەرلەمان، بەڵام ئێمە وەکو ڕاپۆرتی وەرزی، ڕاپۆرتی وەرزیەکەمان ناردووە، ئینجا ئەگەر بگەڕێمەوە دواوە تۆزێك و ئەگەر باسی ئەوە بکەم لێرەدا ڕاپۆرتەکان ئەگەر مەبەست بێت و بڵێین دوای ئەم بەرواره ڕاپۆرت بەچ شێوازێك دەنێرین، دوای ئەم بەرواره هەتا ئەمڕۆ ئێمە چاومان لەوە بووە کە دێینە پەرلەمان و لیستی پرۆژەکان کە موناقەشە دەکرێن ئەپدەیتێکی نوێ بنێرین، نەمان دەزانی تاوەکو بەڕاوێژ لەگەڵ لیژنەی دارایی و ئابووری پرسیاری ئەوەمان کرد کە ئایا هی دوایی 12/31 یش بنێرین یان ئینتزار بکەین بزانین لە چ بەروارێك دا یاسای بودجە پەسەند دەکرێت بۆ ئەوەی تەسەلسولی لیستەکانمان تێك نەچێت؟ لەبەرئەوە پار ئێمە لەناو پەرلەمان دا هێنامان لە کاتی گفتوگۆکاندا، ئەمساڵ نەمان هێنا، ئێستاش ئێمە نووسراومان کردووە من نازانم کە ئایا دەبێتە تەجاوزی قانونیش یان نا؟ بەڵام ئێمە ڕاستەوخۆ ئەمجارە موفاتەحەی سەرۆکایەتی پەرلەمانمان کردووە، لەمەودواش کە ڕاپۆرتی وەرزی دەنێرین بەو شێوەیە دەینێرین ئەگەر جەنابتان ڕەزامەند بن لەسەر ئەوە، بودجەی عیراق باس کرا، بەڵام هەر تێڕوانینێکی گشتی لەسەر بودجە بەو شێوازەی کە تەشغیلی و کە هەرێمی کوردستان بە چ شکلێك 15,2 ترلیۆن کە بووەتە بودجە و ئەو بەشەی کە بۆ تەشغیلی دانراوە و ئەو بەشەی کە بۆ وەبەرهێنان دانراوە وەبەرهێنان لە دوو بەشی سەرەکی پێك دێت کە پرۆژەکانی وەبەرهێنانە و پەرەپێدانی پارێزگاکانە 821 ملیار کە لە چوار و نیوەکە کەم بکرێتەوە، جا بەدەر دەکەوێت کە 3,67 ترلیۆن دەبێتە بودجەی وەبەرهێنان بۆ بەردەوام و پێنشیار، مەوزوعی ژمارەی دانیشتوان پێشتریش ئاماژەم پێیدا بوو ئەوەی کە بە پێی پرۆسەی گەمارۆسازی و ژمارە دانان (عملیە الحصر والترقیم) کە لەبەردەستمان هەیە، بڕیارە کە بڵاوی بکەینەوە، چونکە ئێمە بڵاو نەکردنی نەتائیجی حەسر و تەرقیم هەیە، لە بەڕێوبەرایەتی ئامارەکانی پارێزگاکان هەیە ئەو بەڕێزانەی کە لەگەڵ ئەو دائیرەیە کار دەکەن یان تەعامولیان لەگەڵ دەکەن دەزانن کە ئەم ئەرقامانە مەوجودە ئێمە بڵاونەکردنی مەبەستمان لێی ئەوە بووە کە هیوایەك و ئەمەلێکمان بەوە هەبوو کە پرۆسەی سەرژمێری ئەنجام بدرێت، ئێمە هیچ شتێکی تر نەکەین بە بەدیلی پرۆسەی سەرژمێری، چونکە پرۆسەی سەرژمێری بۆ ئێمە جانبی ئیقتسادی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا تەبەعاتی سیاسیشی هەیە، لەلامان مەتڵەبە کە ئەنجام بدرێت، ئەم خشتەیە هی وەزارەتی دارایی بەغدایە، ئەگەر تەماشا بکەین بە چ شکلێك تەنمیەی ئەقالیم بڕیاری لەسەر دەدەن، ئەو تێبینیە لەسەری کە 821 ملیار بۆ هەرێمی کوردستان دانراوە تێبینیەکەم تیکرار ناکەمەوە، من پێم باشە ئەو پرۆسەیە بە نیسبەتی تەنمیەی ئەقالیم لە هەرێمی کوردستان بێت، ئێمە خۆمان قەرار بدەین کەم و زیاد هەرچیەك بێت و مومکینە بگەینە ئەو ئاستەی بڵێین پێمان باشە کە زۆربەی پرۆژەکانمان لەوێ بن و پێمان باشە بە شکلێکی تر بێت و ئەو تێکەڵاویە لێك جودا ببێتەوە، بەڕێزان من ناچمە ناو تەفاسیلەکانیەوە، بەڵام ئەگەر سەیری ترێندە و ئەم شێوازە

بکەین، ئەمە بودجەی ئاساییە، بودجەی تەشغیلی ساڵی 2012 یە بە پێی وەزارەتەکان، ئەگەر سەیری ئەم سەر بکەن وەزارەتی پەروەردەیە، لەبەر ئەوە هەر لێرەوە دەتوانن سیاسەتی حکومەت تۆزێك بە ئاشکرایی تەماشا بکەین، ئەگەر لە کۆتاییشەوە تەماشا بکەین کە هاتووەتە ئەوێ، دیوانی چاودێری و دەستەی ژینگە ودەستەی مافی مرۆڤ وازحە کە تەسەلسولەکە بە چ شکڵێك هاتووەتە خوارەوە، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی دارایی و پێشمەرگە و کارەبا و تەندروستی و سامانە سروشتیەکان و وەزارەتی شەهیدان و وەزارەتی کار و دەزگای ئاسایش، ئەمە بە نیسبەتی بودجەی تەشغیلی، ئەگەر بودجەی تەشغیلی لەگەڵ بودجەی وەبەرهێنان هەردووکیان پێکەوە سەیری بکەین، چونکە ئەوەش گرنگە هەر یەکە و ئینتباعێکمان دەداتێ، تەماشا دەکەین دیسانەوە هەر پەروەردە لە پێشی پێشەوەیە، دوای ئەوە ناوخۆ و کارەبا و دارایی و ئەنجومەنی وەزیران و شارەوانی و پێشمەرگە و تەندروستی و ئاوەدانکردنەوە، بەو شکلە دەیبینین کە لە سەرەوە دێتە خوارەوە، ئەگەر تەنها سەیری بودجەی وەبەرهێنان بکەین ئەمجارە بودجەی وەبەرهێنان لەسەری سەرەوە لەدەستی چەپ ئەگەر تەماشا بکەین وەزارەتی کارەبا یەکەم و شارەوانی دووەم و ئاوەدانکردنەوە و پەروەردە سێیەم و چوارەمن، سەرۆکایەتی هەرێم لەکۆتایی دایە، ئەمە لیستی پرۆژەکان ئەگەر بە شکلێکی عام ئینسان تەماشای بکات هەر لە سەرەوە دیسانەوە ئەمە حەدی ئەقەل ئەوە روون دەکاتەوە کە ئەولەویاتی حکومەتی هەرێم لە وەبەرهێنان و لە مەشاریع چی بووە و لە تەشغیلی چی بووە؟، لە تەشغیلی زائیدەن مەشاریعیش بە چ شێوازێکە، دیسانەوە ئاماژە بەئێرە دەدەم و مەبەستیشم لێی ئەوەیە کە خورد کردنەوەی چوار و نیو ترلیۆن کە بۆ وەبەرهێنان دانراوە کە 3,2 بۆ پرۆژە بەردەوامەکانە، ئەو مەساریفانەی کە ئەمساڵ دەیان بێت 402 ی بۆ تەرخان کراوەکان دانراوە، 821 بۆ پەرەپێدانی پارێزگاکانە، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان لەلام زۆر مەتلەبە کە بەرێزان ئەندامانی پەرلەمان تەرکیز بکەنە سەر ئێرە، چوار و نیو کە دانراوە ئەمساڵ بەو شکلە با بڵێین خورد دەکرێتەوە، گۆژمەی پرۆژەکان بابەتێکی ترە، پرۆژە بە چەند ساڵێك تەواو دەبێ بۆ نموونە، لەبەرئەوە بە هیچ شێوازێك ئێمە کە باسی گوژمەشمان خستۆتە بەردەستی بەرێزیان تەنها بۆ زانیاریە، خەرجی مەسروفی ئەمساڵ ئەمانەن کە ئەوانەن دەبێ ڕێژەی عەدەدی سوکان و دانیشتوان و شێوازی تەوزیع کردنەکە لەسەریان تەتبیق دەبێ، هیچ رەقەمەکانی تر هەمووی دیسانەوە گرنگن، بەڵام تەنها بۆ زانیاری خەرجی ئەمساڵ لەم سلایدە دا بەدەردەکەوێ، ئەم کۆی گشتی پرۆژەکانی کەلە ژێر جێ بەجێ کردن دان کە 3196 کە بەکۆی گوژمەی 12,7 ترلیۆن گوژمەی خەرج کراو هەتا ئێستا 4,2 ترلیۆنە لەو برە پارەیە، ئەمساڵیش لەبەردەوامەکان با بڵێین لە تەرخان کراوی ئەمساڵیش 3,2 ترلیۆن تەرخان کراوە بۆ تەکمیلە کردنی ئەم پرۆژانە، هەروەکو باسمان کرد کارەبا زۆرترین برە بودجەی بۆ تەرخان کراوە کە 791 ملیارە کە 21٪ دوای ئەوە شارەوانیە کە 669 دینارە و دوای ئەوە ئاوەدانکردنەوەیە کە 583 ملیار دینارە، وەزارەتی داد کەمترین پرۆژەی بەرکەوتووە و دوای ئەوە ئەوقافە و دوای ئەوە وەزارەتی پێشمەرگەیە، ئەمانەش ئەوانەی کە کەمترین نسبەیان بە بەرکەوتووە، ئێستا ئەگەر بێمە سەر ئەو خاڵەی کە زۆر لە بەرێزان پرسیاریان کرد چ

ئەمانە یان با بڵێین بودجەی وەبەرهێنان و بودجەی تەشغیلی ئەگەر بە شێوازێکی تر سەیری بکەین بزانین چ ئامانجێك بەدی دێنن و چ سیاسەتێك پەیڕەو دەکەین ئێمە، چ ئەهدافێك تەحقیق دەکات؟، خۆی هەرچی خەرجیاتی کە تەخمین کراوە لە زمنی پلانی ئەم بودجەیەدا سێ بواری گرنگ لەخۆ دەگرێت، یەکەمیان/ پەرەپێدانی ئابووریەی، دووەمیان/ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتیە، سێیەمیان/ کارگێڕی گشتیە، یەعنی بەڕێوەبردنی گشتی و ئیدارە با بڵێین، زائیدەن ئاسایش، ئەم سێ خاڵەیە کە پرۆژەکان و میزانیەی تەشغیلی کار دەکەن لەسەر تەحقیق کردنی و بەرەوپێش بردنی، لە پەرەپێدانی ئابووری باسی کارەبا و کشتوکاڵ و گواستنەوە و پەیوەندی و بازرگانی و پیشەسازی و سامانە سروشتیەکان دەکەین، لە پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی باسی پەروەردە و تەندروستی و لاوان و کار و شەهیدان و ئەوانە دەکەین، لە بەڕێوەبردنی گشتیش سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان، چونکە وابزانم هیچ کەسێك تەنانەت لە ڕێزبەندی کردن دا کە ئایا ئەو پارەیەی کە بۆ پەرلەمان تەخسیس دەکرێت خزمەتی چ مەبەستێك دەکات؟ ئەویش مەبلەغێکە ئێمە مەفروزە ئەویش لە شوێنێك دابنێین، وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی پێشمەرگە، ئەمانە هەموویان پێکەوە خزمەتی بەڕێوەبردنی گشتی و ئەمن و ئاسایش لە هەرێمی کوردستان دا دەکەن، وەزارەت هەیە بەشێك لە چالاکیەکانی لە پەرەپێدانی ئابووری دەبێت، بەشێکی تری لە پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی دەبێت، بەڵام ئەمە بە پێی نەشاتات بەم شێوازەیە، من ناچمە ناو تەفسیلەوە، بەڵام بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە دابەش بکرێت نزیکەی (بیست و شەش پۆینت حەوت لە سەدی) بۆ پەرەپێدانی ئابووری تەرخان کراوە، (چل و دوو پۆینت سێ لە سەدی) بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی تەرخان کراوە، (سی و یەك لەسەدی) بۆ بەڕێوەبردنی گشتی و ئاسایش بەکارهێنراوە، ئەمە بە هەموو پێوەرە نێودەوڵەتیەکان پێوەری مەقبولن و مومکینە بەڕێوەبردنی گشتی و ئاسایش مەفروزە کار لەسەر ئەوە بکرێت، بۆ ئایندە کە هەرچی پارە هەیە هەمووی بچێتە پەرەپێدانی ئابووری و پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی، بەڵام بەڕێزان ئەم عەمودە لە هیچ کاتێك دا نابێت بە سفر، دائیمەن ئەمەش خەرجی خۆی دەبێت، جهازی حکومی و جهازی ئەمن و ئاسایش لە هەموو وڵاتانی جیهان خەرجیەکی خۆی دەبێت بە کەم و بە زیاد، بەڵام ئەمە بزەبت ئەو ڕەقەمانەن کە ئەم بودجەیە خزمەتی دەکات، تەبیعی ئەمە ئەوەیە کە دەبێ تەجەنوبی بکەین، ئەمە گۆژمەکانە، لە گۆژمەکانیش دا بزانین ئاوەدانکردنەوە هاتۆتە پێشەوە، شارەوانی ئینجا کارەبا و ئینجا دارایی و کشتوکاڵ، بەڵام ئەمانە گۆژمەن، ئێمە ئەوەی کە ئێستا موناقەشەی دەکەین تەرخان کراوی ئەمساڵە، ئەم گۆژمەیە هیساڵی مومکینە 2010 و 2011 و 2012 یان مومکینە 2011 و 2012 و 2013 بێت، لەبەرئەوە لە کاتی تەقسیم کردن و لە کاتی موراعات کردنی نسەبی موحافەزات تکام وایە کە ئیعتماد لەسەر ئەوە نەکرێت، ئەمە جارێکی تر تەرخان کراوی ئەمساڵە کە وابزانم پێشتریش باسمان کرد، ئەمە گۆژمەکانە کە مومکینە لە بەعزێك لە بەڕێزان ئاماژە دەدەن بە دهۆك وکە باسی گۆژمە دەکەن ئاوا تەماشای دەکەن بەو شکلە، بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئەم سلایدەیە بەم شێوازە پارەی ئەمساڵ دابەش کراوە، کە سلێمانی 1,3 ترلیۆنی بۆ پرۆژەکان هەیە و هەولێر 1,1 ی بۆ

پرۆژەکان هەیە، دهۆك 749 ی بۆ پرۆژەکان هەیە، هەرێم ئەوانەی کەموشتەرەکە لەبەینی هەر سێ پارێزگا 101 ملیاری بۆ پرۆژەکان هەیە، ئینجا ئەمانە لە کۆتایی ساڵ دا بەڕێزان بە چ نیسبەتێك و بە چ ڕێژەیەك تەنفیز دەکرێن، ئەوە ئەرکی وابزانم هەر هەمووومانە کە کار بۆ ئەوە بکەین کە ئەم ڕێژانە تا دەکرێت نیسبەتەکانیان بەرز ببێتەوە، بە حەقیقەت نموونەی پارێزگای دهۆکم وەرگرت، بەڵام لەسەر هەموو پارێزگانیش دەبێت، چونکە پرسیار کرا با سەیرێکی موعادەلەکە بکەین کە هەمووی چوار، پێنج ڕەقەمێکە جەمع و تەرحێك دەکرێت، ئێمە چوار و نیو ترلیۆن هەیە بۆ هەموو هەرێم، 821 ی لێ دەربینی بۆ پەرەپێدانی پارێزگاکان 3,6 ترلیۆن دەمێنێتەوە بۆ هەموو هەرێم، ئەم 3,6 تەغزیەی چی وچی دەکات؟ هی بەردەوام 3,2 بەردەوامەکانە، 402 ملیار بۆ پێشنیار، 31 ملیاریش بۆ دواکەوتووەکان، ئێستا لێرەدا شتێکمان هەیە بەناوی هەرێم، کە 110 ی لەبەردەوام هەیە و 55 یشی لە پێشنیار هەیە، دواکەوتوو هیچ شتێکی نیە ئەوانە زیاتر لەسەر پارێزگاکانن، هەر سێ پارێزگا ئەگەر ئێستا بەردەوام 110 یەکەی هەرێمی لێ دەربێنین، یەعنی بڵێین 3,2 ەکە 110 ملیاری لێ بڕوات، 3,1 ترلیۆن دەمێنێتەوە لەبەردەوام، ئەگەر پێشنیاریش کە 402 ەکە 55 ی پێشنیاری هەرێمی لێ دەربێنین یەعنی 402 ناقسەن 55 دەکاتە 347 ملیار دەمێنێتەوە، ئەگەر بەردەوام و پێشنیار دوای ئەوەی کە بەو شکلە حسابی بکەین، دواکەوتووەکانیش کە 31 ملیارە دەکاتە سێ و نیو ترلیۆن کە ئەمە کۆی بودجەیە کە تەقسیم دەکرێت، ئەمە کۆی بودجەیە کە پەرەپێدانی پارێزگاکان دوای ئەوەی کە هەرێم لێی لابراوە، دوای ئەوەی کە 3,6 ئەم 3,6 دوای ئەوەی کە پەرپێدانی پارێزگاکان لێی دەرچوو، دوای ئەوەی کە هەرێمی لێ دەرچوو سێ و نیو دەمێنێتەوە، سێ و نیو ترلیۆن کە ئەمە تەقسیم دەبێ بەسەر سێ پارێزگادا ئەگەر سەیری بەشی دهۆك بکەین کە بۆ ئەمساڵ قەیناکە ناوی پرۆژەی بەردەوامە، بەڵام ئەمساڵ مەساریفی هەیە، خۆ مەساریفی ئەمساڵی لەم ساڵدایە، وازحە، لە بەشی دهۆك 655 ملیاری لە بەردەوام هەیە، لیستەکانی بەردەوام لەبەردەستی بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمانیش هەیە، 655 بۆ بەردەوام دانراوە 92 یش بۆ پێشنیار دانراوە، 2 ملیاریشی بۆ دواکەوتووەکان هەیە، کە کۆی گشتی دەکاتە 749 ئەگەر دابەشی سێ و نیو ترلیۆنی بکەین دەکاتە 21,3٪ کە ئەمەیە بەشی دهۆك بەو شێوەیەی کە هەندێك لە بەڕێزان ئاماژەیان پێیدا کە دیارە تەنها باسیان لەسەر پرۆژە پێشنیار کراوەکان دەکرد دەیانگوت لە پرۆژە پێشنیار کراوەکان بەشی دهۆك نیسبەتەکەی کەمترە، بەڵام پێشنیار کراوەکان بە تەنها وەرناگیرێن، پێشنیار و بەردەوام مەجموعی هەردووکیان موخەسەسی ساڵی 2012 ئەوەیە کە حساب دەکرێت، ئەگەر ئەوە وازح نەبێت بەو شکلە حەز دەکەی جارێکی تر تەوزیحی دەدەینەوە، چوار و نیوەکە 821 ی لێ دەرچێ 3,6 دەمێنێتەوە، 3,6 تەقسیمی سێ شت دەبێت، بەردەوام و پێشنیار و دواکەتوو، ئەگەر بێینە سەر بەردەوامەکان، چونکە بەردەوامەکان لەناوی هەرێمیش هەرێمەکەی لێ دەربێنی 3,1 دەمێنێتەوە، بەشی دهۆك 655 لێرە، ئەگەر لە پێشنیار کراوەکانیش دیسانەوە هەرێمی لێ دەربێنین 347 ملیار دەمێنێتەوە کە بەشی دهۆك دیسانەوە 92 ئەمە و ئەمە جەمع دەکەین و ئەوەش جەمع دەکەین ئەو دووانەش جەمع

دەکەین بەو شکلە سێ و نیو کۆی بودجەیە 749 شی پارێزگای دهۆکە، هیوادارم ئەو تەوزیحە کافی بێت، ئەو تەوزیحە بەهەمان شێوە و بە هەمان موعادەلە لەسەر هەردوو پارێزگای هەولێر و سلێمانیش تەتبیق دەکرێت، ئەگەر بێمە سەر هێزی کار یان با بڵێین کاریگەری بودجەی وەبەرهێنان و هەلی کار لە هەرێمی کوردستان دا، بەڕێزان زۆر باسی بێ کاری دەکرێت و زۆر باسی ئەوە دەکرێت کە حکومەت چ سیاسەتێکی هەبووە لە دابین کردنی هەلی کار بۆ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، تەبیعی ئەوەی کە چاوی خەڵکێکی زۆریش لێیەتی مەوزوعی تەعیناتە، ئەو دەرەجاتانە و ئەو پلانەی کە ئیعلان کراوە ئەو 17 هەزار پلە وەزیفەیەی کە وەزارەتی دارایی و ئابووری ئیعلانی کردووە و ئێستا ئالیەتی بۆ دادەندرێت بۆ ئەوەی دامەزراندن دەست پێ بکات، بەڵام مەسئولیەتی ئێمەیە و وادەزانم مەسئولیەتی هەموو دەزگایەکی رەسمیە لە هەرێمی کوردستان کە بە شێوەیەکی زانستیانە ئەو پارەیەی کە خەرج دەکرێت بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان تەوزیحی بدەین، بە پێی سەندوقی دراوی نێودەوڵەتی (IMF) ساڵانە خەرج کردنی هەر یەك ملیار دۆلارێك پرۆژەکان دا نزیکەی 40 هەزار هەلی کار ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دروست دەکات لەو شوێنەی کە پارەکەی سەرف دەکرێت، ئێ خۆ ئەوە مەنتقیشە مەعقولە 1 ملیار دۆلار لە وڵاتێك دا لە شوێنێك هیچ فورسەت عەمەلێك دروست نەکات بۆ هیچ لایەنێك، بە پێی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی (IMF)، خەرج کردنی هەر یەك ملیار دۆلارێك لە هەر شوێنێك لە بواری پرۆژەکاندا نزیکەی 40 هەزار هەڵی کار (فرصە عمل) دروست دەکات بە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بە پێی وێڵدەنگ بانکی نێودەوڵەتی یان بانکی جیهانی ساڵانە خەرجکردنی یەك ملیار دۆلار لە هەر وڵاتێك لە وڵاتەکانی ناوچەی باکوور و رۆژهەڵاتی ئەفریقیا بەتەحدید ئەوان دەقیقتر بۆی چوون، 49 هەزار هەلی کار لەو وڵاتە دروست دەبێت بە خەرجکردنی یەك ملیار دۆلار، لە مەسەلەی پرۆژەکاندا، لەبەر ئەوەی ئێمە بەراستی غەدەر دەکەین ئەگەر تەنها ئەوەی کە هەیە، تەنها کە باسی وەزائیفی حکومی بکەین کە ئەمە مومکینە ئەصڵەن زۆربەمان قەناعەتمان پێ نەبێت، تەنانەت ئەو خەڵکەی کە تەقدیمیش دەکەن، خەڵکەکەش وازیحە کە مەسەلەکە مەسەلەی بژێوی ژیانە، حەقی هاووڵاتیانە کە بە هەر شێوەیەك بێت ژیانیان تەئمین بکات، بەڵام لە حەقیقەتدا ئەو پەرەپێدانەی کە ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا هەیە کەس ناتوانێت و کەسێش بۆی نیە کە بەشێوەیەك لە تەئسیر و خەرجکردنی ئەو پارانە لە ناو هەرێمی کوردستان کەم بکاتەوە، ئێمە گلەییمان لەوە هەیە کە پار پارەی پرۆژەکان هەمووی خەرج نەبووە، هەمووشمان موتەفیقین لەسەر ئەوە، بەڵام خۆ هەر هەموومان موتەفیقین لەسەر ئەوەی کە پار زیاتر لە یەك ملیار دۆلار خەرج کراوە، لەبەر ئەوەش ئەوەم باس کرد، چونکە دواتر کە من باسی بێکاری دەکەم کە دەڵێین بێکاری دێتە خوارەوە، هەندێك لە بەڕێزان دەڵێن بە چی دێتە خوارەوە؟، ئێ بەم شتانە دێتە خوارەوە، خۆ شەرت نیە بێکاری هەر هەموو خەڵکی هەرێمی کوردستان تەعین بن لە حکومەت و لە دەوائیرەکان بۆ ئەوەی بڵێین بێکاری هاتووتە خوارەوە، تەبیعی ئەمەش تەفاصیلی زیاتری هەیە، لە سێکتەرێکەوە بۆ سێکتەرێکی تر فەرق دەکات، بۆ نموونە لە بەعزێك سێکتەر وەکو دروست کردنی ڕێگاوبان و پرد، دوو جار بە قەدەر هەلی کار

دروست دەكات كە لە هەندێ سێكتەری تر داههیە، ئەمەش وەكو دیارە لە سێكتەری ئاوەدانكردنەوە بەشی شێری بەركەوتووە، حسەی ئەسەد سێكتەری ئاوەدانكردنەوەیە، تەماشا بكەن لە (فرانس فۆرت كۆمنیكەیشن) بڵێین كە جادە و شتەكان كەوا دواتر كارەبا دێت كە زیاترین فورسەت دروست دەكات و دوایی دروست كردنی باڵەخانە، ئەگەر هەبێت لە زمنی پرۆژەكاندا فورەسی عەمەل بە تەسەلسول بەو شكلە دروست دەكات، لە هەرێمی كوردستان دا بەهەر شێوەیەك سەیری بكەی ئێمە ئەگەر حسابی ئەوە بكەین و بڵێین نە 40 هەزارە و نە 49 هەزارە، 10 هەزار كارمەندی بیانیشی تێدایە و كە واش نیە، ئەگەربڵێین خەڵك لە شنگالەوە هاتووە لە سێ پارێزگاكە ئیشی كردووە، بڵێین خەڵكی عەرەب هاتووە، ئەگەر بڵێین خەڵك لە سوریاوە هاتووە و لە ئێرانەوە هاتووە ئیشی كردووە، هەموو ئەمانەشی لێ دەربكەین 30 هەزار هەلی كار بەیەك ملیار دۆلار پرۆژەكان لە هەرێمی كوردستان بۆ خەڵكی هەرێمی كوردستان دابین دەكرێت، ئەگەر بێینە سەر وەزارەتەكان لە كاروباری وەزارەتەكان لە هەر وەزارەتێك كە بودجەیان بۆ داندەرێت جوزئێكی كە وەزارەت بە وەزارەت پێیدا بچن هەندێ وەزارەت بەرێزان ئەم كۆلۆمە زەردە، ئەمە نیشاندەری بەشەكەی كە هەلی كارە، ئەمانەی تر با بڵێین ئەگەر بەشی سوور تەماشا بكەین ئەمە زیاتر ئەم وەزارەتە با بڵێین وەزارەتی زراعە و وەزارەتی كشتوكاڵ كە پارە خەرج دەكات، پارەكانی پەخش دەبێت بەسەر چەند لایەنێك دا یەكێكیان بەسەر لایەنی مرۆیی، بەلایەنی هەلی كار پەخش دەبێت كە ئەم زەردەیە، سوورەكەش با بڵێین زیاتر بەشداری كردنی خەرجیاتی ئەو وەزارەتەیە لە بەرەوپێش بردنی باری ئابووری وڵاتەكە، ئەم سەوزەش خودی خەدەماتی با بڵێین بەرەو پێش بردنی ئاستی زراعەیە، یەعنی چەند پارە لێرە خەرج بكرێت ئەوەندە بەو شكلە تەوزیع دەبێت، ناچمە سەر وەزارەتەكانی تر لەبەر كەمی كات، ئەمەش بە شێوازێكی گشتی بەڵام قەیناكا با واز لەوەش بێنین، با بچمە سەر هێزی كار من ئێستا وازم لە پرۆژەكانی وەبەرهێنان هێناوە هاتوومەتە سەر تەئسیری ئەم بودجەیە لەسەر هێزی كار لەسەر بێ كاری و لەسەر هەژاری، بەرێزان كە دەڵێین ڕێژەی بێ كاری لە شوێنێك دا چەندە زۆر بە كورتی ئەگەر تەعریفی بكەم بە هیچ پێوەرێك بێ كاری دەژمێردرێت هەموو دانیشتوان ناگرێتەوە، چونكە هەموو دانیشتوانی هەرێمی كوردستان یان هەر كۆمەڵگایەك لەناو هێزی كاردانین، بێ كاری رەقەمێكە كە دەردێت بێ كارن نسبەت بە هێزی كارەوە، هێزی كار شەریحەیەكە كە یەكەم شت لە عمری كاركردندایە و تاقەتی كاركردنیان هەیە، ئەوە موعەرەفە و ئێستا دێمە سەر تەعریفەكەی، هەرێمی كوردستان پێكهاتەی دانیشتوانی هەر زۆر بە كورتی ژێر 15 ساڵی ئەم نیسبەتەیە كە ئەمانە لە هێزی كاردانین، لەبەرئەوە بێ كاری لەسەر ئەمانە تەتبیق نابێت بڵێ ئەمانە بێ كارن، خاوەن كار كە ئەم شەریحەیەیە كە كاریان هەیە، دەرەوەی هێزی كار ئەو كەسانەن كە بەدوای كاردا نەگەڕێن كە كاریان نیە و بەڵام بە دوای كاردا ناگەڕێن، ژنێكی ماڵەوە ئەگەر بەدوای كاردا نەگەڕێت كە لە ماڵەوە منداڵی هەیە ئەوە دەرەوەی هێزی كارە، بەو تەعریفە دێت، تەعریفەكەشی (ئینتەرناشناڵ لەیبڵ ئۆرگەنازەیشن)(منظمة العمل الدولية)، ئێمە لێرەدا بۆمان نیە هیچ ئیجتهادێكی تێدا بكەین، هێزی كار ژمارەی خاوەن كارە لەگەڵ بێ كارەكان ئەمانە پێكەوە

هێزی کارن، ڕێژەی بەشداربووی هێزی کار ژمارەی لە هێزی کار ئەو کەسانەی لـە 15 سـاڵن و بەسـەرەوەن، تەنانەت حدودیشی نیە، ناتوانین بڵێین هەتا 65، مومکینـە شەخسـێك عمـری 70 سـاڵ بێـت، بـەڵام ئـیش بکات، لەبەرئەوە لە زمنی هێزی کاردایە، ژمارەی بێ کارانیش ژمارەی بێ کارانە لەسەر ژمارەی هێـزی کـار، خاوەن کارەکانیش ئەگەر لە ڕێژەی دانیشتوان ئەمە ئاماژەی ترە، بـا واز لـەوە بێـنین هـەر تـەرکیز بکەینـە سەر بێ کارەکان بە نیسبەتی هێزی کارەوە، لە هەرێمی کوردستان دا بە بەراورد لە بەینی ساڵی 2006 بـۆ ئێستا ڕێژەی بێ کاری لە 15٪ دابەزیوەتە سەر 6٪، ئێمە کۆمەڵێك ڕووپێومان هەیە لـە ماوەیـەکی نزیـك لە ئاییندە دا بە تەفسیلێ ئیعلانی دەکەین، بەڵام مەبەستیشم نەبوو کە لێرە باسی بکەم، بەڵام کە بـەڕێزان ئاماژەیان بە تەئسیراتی بودجە دا لەسەر بـێ کـاری ئەمـە یەکێکـە لـە تەئسـیراتی بودجـە، ئەمـە تەئسـیراتی بودجەی هەموو ساڵانی ڕابردووە هەتا دەگاتە ئەمساڵیش کە لە 15 ەوە بووەتە 6٪، ڕووپێوەکەش هـەر بـۆ ئەوەی بەڕێزتان ئێسـتا بـە کـورتی باسـی دەکـەم لـە ئایندەیـەکی نزیـك دا ئەمـە بـە موئتەمـەر سـحوفیەك هەموو تەفسیڵەکانی ئیعلان دەکرێت، ئێمە بە تەنیا نین لە ئەنجامدانی ئەم ڕووپێوانە بـەڕێزان، ئەمـە بـە پێی ڕووپێوی (ئیراکی نۆڵێج نێت وۆرك)ە کە پێی دەڵێن (IKN) لە ئەنجامدانی ئەم ڕووپێوەدا ڕێکخراوی (UNDP) سـەر بـە نەتـەوە یـەکگرتووەکان، ڕێکخـراوی (WFP) سـەر بـە نەتـەوە یـەکگرتووەکان، ڕێکخراوی(FPA) سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخـراوی (UNFP) سـەر بـە نەتـەوە یـەکگرتووەکان، ڕێکخراوی(ILO)ی منەزەمەی عەمەلی دوەلی، جهازی مەرکەزی ئیحسائی عـیراق، ڕێکخـراوی یونسـیف سـەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، هەموو ئەمانە لەگەڵ ئێمەدان و ئـەم نەتائیجانـەش لـە وێبسایتی (ئینتـەر ئـەی جی ئەنالیسیس) کە وەحدەیەکی سەر ئومەمی موتەحیدەیە بڵاوکراوەتەوە ئێمـە بڵاومـان نەکردووەتـەوە، سەبەبەکەشی ئەوەیە کە چەند زیاتر بەدوای تەفاسیڵەکاندا دەچین، بۆ ئـەوەی کـە باسـی شـتەکان دەکـەین کۆمەڵێك ئەهداف هەیە دەمانەوێ تەحقیق ببێت لە خـیلالی بودجـە ئـەو سیاسـەتانە و ئـەو پڕۆژانـەی کـە حکومەتە، هەر یەك لەو ڕێکخراوانەی کە باسیشم کرد تەبیعی ئەو ڕووپێوە تەنها بۆ بێ کـاری نـەبووە، بـۆ سێ شت بووە، بۆ مەسەلەی سەکەن بووە، بۆ مەسەلەی بـێ کـاری بـووە، هـەروەها بـۆ مەسـەلەی دەسـتپاکی لـەناو دەزگاکـانی حکومـەتیش بـووە، لێـرەش کـراوە لـە شـوێنەکانی تـری عیراقـیش کـراوە، ئێمـەش ئـەو ڕێکخراوانەی کە باسم کرد هەموویان بەشداریان کردووە، هـەم لـە تـەمویلی ڕووپێوەکـان هـەم لـە تـەحلیل کردنی زانستیانە، یەعنی ئەم نەتائیجانە تەنها حکومەتی هەرێمی کوردستان بەدەستی نـەهێناوە، بـە پێـی ئەم ڕوپێوە و بە بـەراورد لەگـەڵ ئامـاری ڕەسمـی بـێ کـاری لـە ناوچـەکەدا هـەرێمی کوردسـتان ئێسـتا بـەم شکڵەیە شوێنەکانی تری عیراق بەو شکڵەیە و ئەمە بێ کاریە لە تورکیا، ئەمە بێ کاریە لـە مصـر، ئەمـەش بێ کاریە لـە سـوریا، هـەر هـەموو سەرچاوەی ئەمانـەش بـەڕەسمی لـە ئەنێکسـەکە دا هـەن، ئێسـتا ئەمەیـە وەزعی بێ کاری لە هەرێمی کوردستان دا، ڕێژەکان لە هەرێمی کوردستان 6 بوو لە شوێنەکانی تـری عـیراق 8,6 ئێستا، لـە وڵاتـی تورکیـا 9,8 لـە وڵاتـی مصـر 12,4 لـە وڵاتـی سـوریاش 14,9 یـە، ئەمـە ئیحتمالـە تەوزیحی هەموو وەزعەکەمان دەداتێ کە ئێمە لێرە بە حەقیقەت کە باسی ئەوە دەکـەین مومکینـە زۆرێـك

تەنانەت لەو كەسانەی كە ئەم ژمارانە ببينين ژمارەكانی هەرێمی كوردستان ئەی خەڵكی بێ كار، بەڕێزان گەورەترين كێشەی ئێمە لە هەرێمی كوردستان ئەوەيە كە ئێمە ڕێژەيەكی زۆر بێ كاريمان هەيە لە ناو دەرچووانی زانكۆ، خۆی ئەمە حەقيقەتە كە ئەوان ئەو تەبەقەيە و مومكينە حەقی خۆشيان بێت و ئەوانە مومكينە بە هەموو ئيشێك قانع نەبن يان بە هەموو ئيشێك ڕازی نەبن زياتريش چاويان لە فرسەتی ئيشی حكومی بێت، كە ئەمەش ئەگەر وەكو سياسەت تەماشای بكەين لە ئێستا دا و لە ئايندەشدا ئەمە مەوزوعێكە كە دەبێت چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، وەلاتێكی وەكو ئەڵمانيا بەو هەموو پێشكەوتنەی خۆيەوە هەموو كارەكان تەنها خەريجی زانكۆ نايكەن، مەدارسی ميهەنی و ئيشی ميهەنی زۆربەی كارەكان بەو شكلە بەڕێوە دەچن، بەلام ئەگەر ئێمە سەيری زياتر ناچمە ناو تەحليلی بێ كاريەكەوە، بەلام ئەگەر لە هەرێمی كوردستان تەماشا بكەين، ئەو 6٪ ەی كە باسمان كرد زياترين ڕێژەيان لە چ فيئەتێكی عومريە، دەبينين زياترين ڕێژەی لە بەينی 15 بۆ 24 ، كە دەگاتە خەريجينی زانكۆ، خەريجی ئەعداديە، دەنا لە شەريحەكانی تر لە 25 بۆ 34 و لە 35 ەوە بۆ 44 لەوانە زۆر كەمترە، بەلام كە تەركيزەكە ئەگەرهەر بەرنامجێكيشمان هەبێت دەبێت تەركيز بكەينە سەر ئەم شەريحەيە، ئەمەش بۆ ئەوەيە دەيكەين بۆ ئەوەی كە لە بەرنامەجەكانی حكومەت لە ئايندەدا زياتر بتوانين ئيستهدافی ئەم شەريحەيە بكەين بۆ دابين كردنی هەلی كار، كۆمەڵێك نيشاندەری تری كە بەسەری دا دەچمەوە كە لە چەند ڕووپێوێكی كە ڕووپێوی نيكس فۆرە كە ئەويش بە عەرەبی پێی دەڵێن (المسح العنقودی المتعدد المؤشرات) ئەوانەی كە لە تەندروستی لە گەڵ ڕێكخراوی يونسيف ئەنجام دەدرێت هەر 5 ساڵ جارێك لە 55 وڵات لە جيهان دا كە بڵێين ئەو وڵاتانەی كە لە مەرحەلەی نمو دان، كۆمەڵێك پێوەر و كۆمەڵێك نيشاندەری گرنگ ديراسەت دەكرێت تێيدا، لە هەرێمی كوردستاندا لە ساڵی 2006 ەوە ......... . ئەمە يەكەميان هێشتا هەر هی بێ كاريە لە نسبەتی مردنی مندالّ كەمتر لە 5 ساڵ (ئەندەر فايف مۆرتالّتی رەيت) كە نيشاندەرێكی زۆر گرنگە لە پێوانی خزمەتگوزاری تەندروستی دا، خزمەتگوزاری تەندروستی ئێمە كە گلەييمان هەيە لە خەستەخانەكان و لەوانە، بەلام خۆی خزمەتگوزاری تەندروستی لە سێ مەرحەلە پێك دێت، ريعايەی سحيە ئەوەڵی كە بابڵێين تەلقيحات و سوئی تەغزيە و ئەو نەخۆشيانەی وەكو تايفۆی دوو، كۆلێرا كە بڵاودەبێتەوە، ريعايەی سحيەی سانەوی هەيە، ريعايەی سحيەی ثالثی هەيە كە لە خەستەخانە گەورەكان پێشكەش دەكرێت، ئێمە لە ريعايەی سحەی ئەوەڵی كە پاراستنی منداڵ و دايكە لە وەختی حەمل دا و لە وەختی لە دايك بووندا هەتاوەكو پێنج ساڵی، لە ساڵی 88 ەوە بۆ ساڵی 2009 لە 1996 ەوە بۆ 34 دابەزيوە، ئێمە ساڵی 2009 ڕوپێوێكمان هەيە و ئەمساڵ ڕوپێوێكی ترمان هەيە كە لێرەوە گەيشتووەتە 31٪ لەبەرئەوە ئێمە نيسبەتی مردنی مندالّی كەمتر لە 5 ساڵ لە هەرێمی كوردستاندا كە نيشاندەری وەزعی تەندروستيە بە ئاستێكی دروست دا بەڕێوەدەچێت، ئەمەش بەڕێزان ئەم ژمارانە و ئەم نيشاندەرە هی ڕێكخراوی يونسيفە كە بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەكانی حكومەتی هەرێم ئەنجامی دەدات، ئەگەر تەمەشای هەژاری بكەين لە هەرێمی كوردستان دا لە بەينی ساڵی 2006 بۆ 2011 لە ساڵی 2006 دا 5٪

بووە، لە ساڵی 2011 بووەتەی 3٪، شایەنی باسە کە باسی ئەمەش بکەین، چونکە ئەمە لەگەڵ بیّ کاری پێکەوە رەبت دەکرێن، هەژاری بەرێزان لە هەرێمی کوردستاندا و لە عیراقیش دا مقیاسی هەژاری یان (خط الفقر) کە بانکی نێودەوڵەتی لەگەڵ حکومەتی عیراق دایناوە خەتی فوقر بەوە تەعریف کراوە کە خەتی فوقری جیهانی یەك دۆلار بۆ یەك کەسە بۆ یەك ڕۆژ، لە عیراق دا لەبەرئەوەی وڵاتێکە کە بڵێین وڵاتێکی فەقیر حساب نیە لە دەوڵەمەندەکان حسابە و یان با بڵێین ئەگەر لە ناوەندیش بێت نیزکی دەوڵەمەندەکان بێت، دوو دۆلار بۆ یەك کەس لە یەك ڕۆژدا بە خەتی فوقر دانراوە، ئەم پێوەرە دیسانەوە ئەمە پێوەرێکی دەولیە کە دادەندرێت بۆ وڵاتێك، وەختی خۆشی ئێمە ئیعترازمان دەمانگوت کە ئێمە وەزعمان لە شوێنەکانی تری عیراق باشترە و ئەمنیەت و ئیستقرارێکمان هەیە، ئێمە حەزمان لێیە کەخۆمان دەپێوین خەتی فوقرەکەمان بەرزبکەینەوە، بەڵام معیارەکە بەو شکلەیە، 5٪ بووە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2006، ئێستا 3٪ بەو خەتی فوقرەی کە باسم کرد، ئەمە مەعنای ئەوەنیە کەواتە ئەم خەڵکەی کە لە سەرووی 3٪ ن هەر هەموویان با بڵێین هیچ کێشەیەکی ژیانیان نیە، بەڵام لەسەرووی خەتی فوقرن، ئەوە معیارەکە بەو شکلەیە، تەبیعی لە بەشەکانی تری عیراق دا لە 25٪ ەوە بووە بە 19٪ ، یەك نیشاندەر تری گرنگ هەیە کە حەزدەکەم ئاماژەی پیّ بدەم ئەویش ڕێژەی نەخوێندەواریە لە هەرێمی کوردستان دا کە دیسانەوە بە هەموو ئەو پرۆژانەی کە ئەنجام دەدرێن لە بودجەی هەرێمی کوردستاندا بە هەموو ئەو میزانیە تەشغیلەیەی کە لە وەزارەتی پەروەردە خەرج دەکرێت و بە هەموو ئەو کەموکورتیانەی کە ئێمە باسی دەکەین و هەموومان حەز دەکەین چارەسەر بکرێن و باشتر بکرێن، بەڵام ڕێژەی نەخوێندەواری بەرێزان دیسانەوە بە پێی ڕوپێوی میکس چوار کە ڕێکخراوی یونسیف لە گەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدات، ڕێژەی نەخوێندەواری 36٪ ەوە بۆ 21٪ کەم بووەتەوە، کە ئەمەش شیکردنێکی زیاتری هەیە، چونکە هەر گروپێك و هەر تەمەنێك دوایی با بڵێین تەحلیلی زیاتری هەیە کە لە چ تەمەنێك دا زیاترە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە 36٪ بووەتە 21٪، من ئەوانەی کە لەلام مەبەست بوو پەیوەندی بە بودجەوە هەبوو باسم کرد، ئەمە کاك شێرزاد و شلێر خانیش پرسیاریان لەسەر ئەو سیستمە کرد کەمن ساڵی پار لێرە ئاماژەم پێیدا کە گوتم بۆ موتابەعە کردنی مەشاریع انشاللە لە خیلالی ساڵێك دا دەگەینە ئەو ئاستەی کە بەرێزتانیش بتوانن متابەعەی مەشاریع بکەن، ئۆن لاین، ئێمە ئێستا بە نیسبەتی خۆمان دەستمان پیّ کردووە و ئەسزمان هەیە، لە (کوردستان دیڤیلۆپمێن مانجمەن سیستمەم) بە یوزەر نەیم و پاسوۆرد داخڵ دەبین و کۆمەڵێك ئیشمان بۆ دەکات، بەڵام هەتا ئێستا نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستەی کە ئەو خزمەتگوزاریە بخەینە بەردەستی ئێوەی بەرێزیش، هیوادارم کە لە ئێستاوە هەتا کۆتایی ساڵ ئەوەمان پیّ بکرێت، ئەوەش مەوزوعێکی تەکنیکیە زیاتر لەوەی کە هیچ سەبەبێکی تر هەبێت، هەرچەندە مومکینە ئەگەر هەبێت لەبەردەست، مومکینە هەموو کەسێك پێی باش نەبێت زیاتر ڕاپۆرتی وەرزیان پیّ باش بێت، ئێمە ئێستا کە کاری پیّ دەکەین، بەو شکلە و بەو شێوازە کۆدە پرۆژەکان ڕێزبەندی دەکەین دوای ئەوە دەکرێت بیانکەین بە چارت و یەکسەر خۆی چارتەکمان

دەداتێ ل بەرزەوە بۆ خوارەوە، یەعنی بۆمـان ڕیزبەنـد دەکات، ئینسـان ئەگـەر نیـو دەقیقـە سـەیری بکات فکرەیـەك وەردەرگرێـت کـە وەزعەکـە چـۆنە و کـێ لـە پێشـی پێشـەوەیە و کـێ لـە دوای دواوەیـە و کـێ لـە ناوەڕاستە؟ ئەگەر پارێزگایە، ئەگەر وەزارەتـە، هـەروەها یارمەتیشـمان دەدات کـە زۆر بـە ئاسـانی تـەوزیعی بکەین لەسەر خەریتـە ئینسـان ئنتباعێـك وەربگرێـت کـە ئـەم پرۆژانـە لـە کوێ پـەخش کـراون، هـەروەها ریپۆرتیش دەدات، کەی ڕیپـۆرت پێویسـت بـوو کۆمـەڵێك خەتـەوات هەیـە کـە ڕیپۆتـت دەداتـێ و هیـوادارم بتـوانم و وەکـو باسـم کـرد، ئێمـە ئێسـتا بـە نیسـبەتی خۆمـان بـەکاری دێـنین، بـەڵام وەزارەتـەکانی تـر و پەرلەمان مومکینە هەتا نیهایەتی ساڵ بیخەینە بەردەستی ئێـوەی بـەڕێزیش و بڕیـاری لەسـەر بـدەین کـە چۆن بەکاربێت، هەندێ دەست پێشخەری ئێمە کە کردوومانە بەڕاستی لە زمنی بودجەکەش دا هەیە و من زۆر تەعـەجوبم کـرد تەسـەورم کـرد زۆر لـە بـەڕێزان ئەنـدامانی پەرلـەمان لـەو کۆسشـێرینگە و لـەو پـارە موشتەرەکەی کە ئێمە و ڕێکخراوە نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەندێ پرۆژە سەرفی دەکـەین تەسـەورم کـرد پرسیارم لێ بکرێـت و کـەس پرسـیاری لێ نـەکردم، مەعـەل عـیلم ئەمـە مـەوزوعێکی زۆر ساخنیشـە کـە لـە لامەرکەزیـەت و لـە تـەتبیق کردنـی پرۆژەکـان دا ئێمـە دەسـتمان پێـی کـردووە و ئەمـە تەنانـەت سـاڵی دووەمیشە و پارەکەش ساڵ بە ساڵ وا زیاد دەکەین و هیواداریین بگەینە ئەو ئاستەی کە زۆربەی پارەکانمـان بەو شێوازە خەرج بکەین کە ئەویش مەسەلەی بەرنامەی خزمەتگوزاری بە ڕاوێژە، کە ئەمە بەرنامەیەکـە ئێستا بـەڕێز سـەرۆکی پەرلـەمان لـە زۆر لـە وڵاتـەکان کـە سیاسـەتی لامەرکەزیـەتیان گرتووەتـە بـەر، ئـەم شێوازە پـەیڕەو دەکرێـت کـە پـرۆژە لەسـەر ئاسـتی ناوچـەکە بڕیـاری لەسـەر دەدرێـت تەنانـەت حەلەقـەی ئیـداری ئـەو ناوچـەیەش تـەنها ملکەچـی خواسـتی خـەڵکی دەبێـت، کـە پـرۆژە هەڵدەبـژێردرێت، بـۆ ئەمـە کۆمـەڵێك وڵات دەسـتیان پـێ کـردووە لـە پێشـی پێشـەوەیان وڵاتـی مەغربـە کـە ئێسـتا تەقریبـەن 3/1 پرۆژەکانی وەبەرهێنانی بەم شێوازە خەرج دەکات ئەویش بـەکورتی شـێوازەکەی ئەوەیـە کـە ئینتخاباتێکی بەسیت دەکرێت نەك مەجلسی بەلەدیە و نەك مەجالسی حزبی کۆمـەڵێك خـەڵك ئینتخابـات ئەوانـەی کـە خۆبەخشـن حـازرن ودەیانـەوێت بڕیـار بـدەن لەسـەر مەسـیری پرۆژەکـانی ئـەو ناوچـەیە و ئینتخاباتێکی بەسـیت دەکرێـت بـانکی نێودەوڵـەتی و ئێمـە پێکـەوە ئـەو کـارە دەکـەین و پرۆژەکـان ئیختیـار دەکـەین و پرۆژەکان دەخەنە دەنگدانەوە و کۆمەڵێك خەڵك ئەوەی حەزی لێ بێت دەچێت دەنگی لەسەر دەدات دوایـی پرۆژەکان ڕیزبەندی دەکرێن، ئەگەر محەویلەی گەڕەکێك بێت، ئەگەر قیرتاو کردنی کۆڵانێك بێـت دەیبـەن و دەیخەنـە بەردەسـتی مـودیر ناحیـە یـان قائیمقـام دەڵێـت ئـەم پرۆژەیـەمان دەوێـت پارەکـە هەیـە؟ ئـەم پرۆژەیەمان بۆ جێ بەجێ بکەن، پرسیار بە هیچ قەنەواتێکی تر ناکات، ئێمە ئەمەمان دەست پێ کـردووە، من زۆر ترسم لەوە بوو کە گلەیی لە من بکرێت و بڵێن هـەموو ئیعلامـەکانیش ئـەم مەوزوعـەیان تەقـدیر کردووە، بەس یەك پرسیاریش بۆ ئەوە کەس نەیکرد، هیوادارم بۆ سـاڵی ئاینـدە زیـاتر بێـت، چـونکە ئێمـە خۆمان ئێسـتا موشـەجعی ئـەو بەرنامجـەین زیـاتر ئـەوەی لەسـەر بکرێـت، ئێمـە تـەبیعی ئـەم ساڵ هەشـت ملیارمان بۆ داناوە بانکی نێودەوڵەتیش عادەتەن تەشجیعەن بۆ ئێمە و ئێمە چەند پارە دابنـێین ئـەوانیش

ئەوەندە دادەنێن هەتا ئەو ڕۆژەی کە خۆمان پارەکە دابنێین، مەخسەدی ئەوان زیاتر ئەوەیە، یەعنی هاندانی ئەم وڵاتانەیە، مەبەستەکانیشی کەم کردنەوەی ئاستی هەژاری و ڕەخساندنی هەلی کارە و پەرەپێدان بە ئەزموونی دەسەڵاتی لامەرکەزیە و بەشداری کردنی کۆمەڵگا لە هەڵبژاردن و دەست نیشان کردنەوەی پرۆژەی خزمەتگوزاریە و هاوبەشی لە بەرپرسیاریەتی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگایە، لیژنەیەك ئینتخاب دەکرێت بۆ ئیشراف کردن لەسەر پرۆژەکە و لەناو خودی ئەو کۆمەڵگەیەدا، کەم کردنەوەی بۆشایی لە نێوان حکوت و هاووڵاتیان بە باشتر کردن و گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ کۆمەڵگایە و ئەم ڕۆژنامانەو ئەم کەناڵانەی ڕاگەیاندن هەر هەمووی دیدار و گفتوگۆیان کردووە، هەر هەموو ڕاپۆرتیان لەسەر ئەم بەرنامەکانی ئێمە بڵاوکردووەتەوە لە الجزیرەوە بگرەو هەتا هاووڵاتی وخەبات و KDP قەناتی جەزیرە لەولاوە و لە کەناڵەکان قەناتی KNN هەموو ئەم کەناڵانەی ڕاگەیاندن باسی ئەم پرۆژەیان کردووە، بەڵام زۆر وابزانم تیشکی نەخرایە سەر، شوێنەکانیش کە تا ئێستا لێمان ئەنجام داون لە هەر سێ پارێزگا و لە ئیدارەی گەرمیانیش و لە پارێزگای هەولێر لە سۆران و قوشتەپە و بنەسڵاوە و ڕواندوز و مەخمور، لە سلێمانی لە بیارە و سەید سادق و گوندی گرێژە و ڕانیە و لە دهۆك لە سێمیل و شێخان و بەردەڕەش و گردە سیناو لە ئیدارەی گەرمیان و لە چەمچەماڵ و کەلار، ئەمەش ئەو شوێنانەن کە پرۆژەکانیان تێدا ئەنجام دراوە، عادەتەن خەڵکێکی زۆریش خەریکی پرۆژەکانن لە کاتی ئینتخابات و دەنگدان بۆ ئەوەی ئەو لیژنەیەی کە بڕیار دەدات لەسەر ئیختیاری پرۆژەکان و شۆرت لیستی پرۆژەکان، ئەمە هەمووی پرۆسەکەیە کە پێی دەڵێن (کۆمیونتی سێرڤس دیلیڤەری پرۆگرام) پرۆگرامی خزمەتگوزاری بە ڕاوێژ، لە کۆتایی دا دیسانەوە بەراورد کردنی بودجەی وەبەرهێنان و ئاسایی چەند وڵاتێکی دەوروبەر بۆ ساڵی 2012 لە گەڵ هەرێمی کوردستان بکەین و وابزانم تەبیعی لە ئیمارات دوو نەوعە بودجە هەیە و بودجەی فیدراڵ هەیە لەگەڵ هی ئیماراتەکان، ئەمە هی فیدراڵ خۆیەتی و 86٪ نەچوومەتە سەر ڕەقەمەکان و بە حەقیقەت نەچوومە سەری، 86٪ ی بۆ تەشغیلی بووە و 14٪ی بۆ وەبەرهێنان، لە سوریا 72 و بە 28 بووە، لە سعودیە 80 بە 20 بووە، لە سەڵتەنەی عومان 83 بە 17 بووە، لە ئوردن 85 بە 15 بووە، لە مصر 94 ونیو بە 5 و نیو بووە، ئەمەش ئەو وێبسایتە ڕەسمیانەن کە ئەو مەعلوماتانەی لێ دەرهاتووە، هەر بۆ ئەوەی بزانن کە ئێمەش تەقیدمان کردووە و ئەوەی کە لەم ڕۆژانەش گفتوگۆ کراوە، ئێمەش وەکو بەشێکی ئەو مەنتقەیە و ئەو ژمارانە زۆر تەبیعین و ئیمکانیات مەحدودە و تموحات زۆر لەوە زیاترە، بەڵام هەر ئەوانەش دەکرێت و من وابزانم هەر لێرە ئیکتفا دەکەم بە باسکردنی بودجەی وەبەرهێنان و بودجەی گشتی و هیوادارم ئەم زانیاریانەش سوودمەند بووبێت لە شەرح کردنی کە بودجەکەی ئێمە بە چ شکلێك کە ئەولەویاتەکانی چیە و خزمەتی چی دەکات؟ و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش جەنابی وەزیر، جەنابی وەزیری دارایی كاك حاجی بلال باسی لەوە كرد كە پرسیارەكانی ئەو وەڵام نەدراوەتەو پرسیارەكانی داوامان لە جەنابت كرد دوای تەواو بوونی وەزیری پلاندانان جەنابت ئەگەر ئێستا وەڵامەكان بدەیتەوە سوپاست دەكەین، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی (وەزیری دارایی و ئابووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەرچەندە بەڕاستی من خۆمم ئامادە نەكرد بوو بۆ وەڵامدانەوە، بەڵام لەسەر ئەوەشەوە من بەشێكم لە پرسیارەكان وەڵام دایەوە، ئەوە بوو خۆشتان گوێتان لێ بوو كە چەندێك كاك حاجی دەڵێت و ئێستاش ئەگەر ئەوانەی كە پەیوەندی هەیە بە ئێمەوە بە نیسبەتی ژمارەی فەرمانبەران لە كوردستان ئەوە وایە و بە نیسبەتی ژمارەی فەرمانبەرانی حكومەتی فیدراڵی بەغدا وایە و ئەوە جگە لەو هەموو خانەنیشینیەی كە زۆربەی هەرە زۆری كادیری حزبین سەرچاوە نا ڕەسمیەكان پێمان دەڵێن زیاتر لە یەك و نیو كەسە، ئەوەش بە ڕێژە دەكاتە 36٪، وەڵڵاهی ئێمە باسی كادیری حزبی و ئەوە ئێمە هەمووی فەرمانبەرمان لەلا هەیە، وەكو كادیری حزبی، كادیری حزبیمان لەلا نیە، ئەوەی كە فەرمانبەرە و ئەوانەش كە مەعاش وەردەگرن بە عینوانێكی وەزیفی مەعاش وەردەگرن ئەوانە ئێستاكە، بە پێی قانونەكە وەری دەگرن، بەڵام ڕەنگە خۆ كادیری حزبیان زۆر تیا هەیە، یەعنی بەناوی كادیری حزبیەوە ئێمە كەسمان نیە بڵێین مەعاش وەربگرێت، ساڵانە نزیكەی 30٪ی بودجەی هەرێمی كوردستان بۆ بواری وەبەرهێنان تەرخان دەكرێت و خەرج ناكرێت، بەڵێ ئەوە وایە، ئەو پارەیەش كە بۆ پرۆژەكانی وەبەرهێنان خەرج دەكرێت تەنها لە نێوان 16٪ بۆ 18٪ی بودجەی گشتیە و لە ساڵێك دا بۆ نموونە ساڵی 2009 و 16٪ و ساڵی 2010 لە 15٪ و ساڵی 2011 لە 17٪ وەڵڵا ئەوە زیاتر لەلای جەنابی كاك دكتۆرە، ساڵی پار 4 ترلیۆن و 700 ملیار دینار بۆ پرۆژەكان و ئەوانە هەمووی لە لای جەنابیەتی، ژمارەی ئەو پرۆژانە بەڕێز جەنابی وەزیری پلاندانان ئەوە هەر منیش دڵنیام، ئەوانەی كە نایخوێنمەوە عایدی كاك دكتۆرە و دەیدەمە ئەو، داهاتی فەرمی هەرێمی كوردستان لەسەر ئاستی وەزارەتەكان تەنیا 3٪ی بودجەی گشتی هەرێمی كوردستان پێك دێت، ئەمەش ئاماژەیەكی مەترسیدارە لە چەندین ڕێگاوە داهاتەكانی هەرێمی كوردستان بە دەست هاتوون، بەڵام تاوەكو ئێستا هەموو داهاتەكان نەهاتوونەتە ناو خەزینەی گشتی و بۆ بەرژەوەندی گشتی بەكارنەهاتوون، بۆیە حەقی تاك بە تاكی ئەم هەرێمەیە بپرسێتەوە لە داهاتەكان، یەكەم/ داهاتی نەوت بە هەموو بەشەكانی بە 14 ملیار دۆلار دەخەملێندرێت، یەكەم بە پێی وتەی بەڕێز د.ئاشتی، تەبیعی ئەمانە هەمووی باسكرا مەسەلەی پێنج ملیار دینارەكە و منیش باسی مەسەلەی داهاتی نەوتم كردووە كە نەهاتووەتە ناو ئەم بودجەیەوە، خۆشتان دەزانن ئەو مەوزوعە، من لەسەر هەموو داهاتەكانی نەوت كە جەنابی ئیشارەتی پێیداوە، وەختی خۆی باسم كردووە چۆنە مەوزوعەكان نامەوێ جارێكی تریش ئەوە

باس بکەمەوە، داهاتی شارەوانی و حکومەت بە 340 ملیۆن دینار خەملێنراوە لە کاتێك دا وەزارەت دەڵێت ئێمە بە نووسراوی ڕەسمی بڕی خەملاندنمان 41,107 ملیۆن دینارمان هەیە، بە وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕاگەیاندووە، ئێستاکە داهات لە شارەوانیەکان 67 ملیار دینارە، یەعنی بەڕاستی فەرقەکەی ئەمەیە 67 ەکەش لەو مەبلەغە زیاترە یەعنی، ئەمساڵ 67 ملیار دانراوە، باسی داهاتی کرێی بازاڕ و کافتریا و دوکان و داهاتی ئۆتۆمبیل و داهاتی کارەبا و نەخۆشخانەکان و ئەمانەمان هەمووی باس کرد، داهاتی فڕۆکەخانەکانمان باس کرد، دیارە دەڵێ ئەو ڕەقەمانە ئەوەندە نیە و ئەوەندەیە، ئەمە لە کاتی گفتوگۆدا بە ئیتفاق لەگەڵ هەردوو جیهەتی مەعنی ئەمانە دانراوە و ئیستماراتی مەوجودە و ئیتفاقاتی مەوجودە کە دانراوە، ئیتر دوای ئەوە دێت و لێرە دەڵێت من ئەوەندەم زیاتر هەیە و ئەوەی تر دەڵێت ئەوەندەم زیاتر هەیە و ڕەنگە دوای ئەوە تەحەقوقی کرد بێت و هەبێت، بەڵام ئەمانە هەر هەمووی ئیشی حساباتی ختامیە، ئەمە تەقدیرە و ئێمە ئێستا بە تەقدیر پیشان دراوە، خۆ ئەمە بۆ ئەوە نیە ئەو داهاتە بخورێت یان لابدرێت یان بۆ شتێکی تر لە نەتیجەدا لەناو حساباتی ختامی دا دەیبینیتەوە کە چۆن سەرف کراوە، ئەو وەختە دەتوانێت قسەی لەسەر بکرێتەوە جارێکی تر و بە تەئکید لە مەوزوعی حساباتی ختامیش دا و هەر لەو هۆڵە دیارە موناقەشە دەکرێت، بە نیسبەتی ئەو داهاتانەی کە هەندێك داهات هەیە بڵێن هەر خۆی ئێستاکە مەعفوە حەز دەکەم هەر بۆ مەعلومات باسی دەکەم کە دێتە ناو وڵاتەوە و هەرێمەوە، مەوادی غەزائی و دەرمان و مەوادی پرۆژەکان و ئیستسماری حکومەتی مەرکەزی و هەرێم و مونەزەماتی خەیری و مونەزەماتی دوەلی و UN ئەمانە هەمووی مەعفون کە داخڵ دەبن و بەڵام زۆریش هەیە داخڵ دەبێ و دەبێ پارەی گەمارك بدات و پارەی رسومات بدات، داهاتی خاڵە سنووریەکان ئێمە باسمان کرد کە چەند تەقدیر کراوە و چەندمان ئێستاکە داخڵ نەکردووەو ئیشارەتمان پێیداوە و لە بەرچ سەبەبێك بەو شێوەیەیە، داهاتی کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە وەڵڵاهی سێ، چوار جارمان باس کرد، پارەی فەرمانبەرانی شوەیفات هەر باسم کرد، پرسیار: ئایا چۆن و بۆچی ئەو پارەیە دەدەن بەو کارمەندانەی لە کۆمپانیای ئەهلی کار دەکەن، من ئەو مەوزوعەم باس کرد، کەوا ئێستا هیچ کەسێك نیە بەو ناوە، ئەوەی کە من تەعقیبم کرد و تەحقیقم کرد، نیە ئێستا یەکێك لەوێ، نازانم ئەگەر پێشتر هەبێت، هەر بەو شێوەیەش جارەکەی تر جوابم دایەوە کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە ساڵانە یەك ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە، مووچەی فەرمانبەران لە کاتێك دا ئەو کۆمپانیا فرەنسیانە گرێبەستی لەگەڵ کراوە بۆ خۆی مووچەی فەرمانبەران دەدات لە کاتێك ئەو ملیار دینارە لە بودجەی تەشغیلی دانراوە و لە بودجەی حکومەتی هەرێم، بەڕاستی هەر وەکو وتم ئەمە خۆی پەیوەندی هەیە بە وەزارەتی صناعە و تیجارەوە، ئەمە حساباتی ئەمانە حساباتی موەحەدە، ئەمە دیارە بۆ هاتووە و چۆن چۆنی ئەمە دانراوە؟ و وەکو یەك ملیار دینار ئەبێ لێیان بپرسین و لە خۆشمان بپرسینەوە، چونکە من بەڕاستی ئەوەی کە ئێمە دەیزانین ئەوان حساباتی موەحەد بەکاردێنن، ئیرادی خۆیان بەکاردێنن بۆ خۆیانە، ئینتاجەکانیان 85٪ ی لە ئەخیرە دەدەنە وەزارەتی مالیە و لە حساباتی کۆتایی دا دەردەکەوێت ئەو پارەیە، دیارە ئەمە ڕەبتێکی

هەیە، نازانم دەبێ بپرسین یەعنی ئەم مەوزوعە، چونکە نەك ئەو کارگەیە کارگەی تریش هەیە ئێستاکە بە دەست ئەهلیەوە، بەڵام بۆ نموونە ئێمە لە کارگەی جگەرە شەریکەکە عەقدەکەی ئیلغا کرایەوە و ئێستا حکومەت پارەکەی دەدات، مومکینە ئەمانەش لەناو عەقدەکەدا دەبێ سەیری عەقدەکەشیان بکەین و بزانین مەوزوعەکە لە کوێوە هاتووە، من بەڕاستی ئێستا دەبێ هەر لە خۆیان بپرسم لە وەزارەتی صناعە، لە پرۆژە بودجەی ساڵی 2011 یش ژمارەی فەرمانبەرانی سەرۆکایەتی هەرێم 800 بووەتە 600 ئەمەم باسکرد، یەعنی باسم کرد کە 800 بووە و ئێستا بووەتە 600 کەم بووەتەوە؟، ئێمە کەممان نەکردووەتەوە دیارە خۆیان، مومکینە ئەوان فەوجیان هەیە و حیمایاتیان هەیە و دەبێ لەلای ئەوان نەمابن و ڕۆیشتبێتە شوێنی دی، یان دەبێ شتێکی تر بێت، بەڕاستی دەبێت ئەم مەوزوعانە دەبێ پرسیار لە خۆیان بکەین، ئەوە بۆ کەم بووەتەوە؟ من باسی ئەوانەم کرد، وەختی خۆی ساڵی ڕابردوو ئەوانەی کە خانەنیشین بوونە، هەر کەسێك کە خانەنیشین دەبێ میلاکەکەی بەتاڵ دەمێنێتەوە، ئەو میلاکە ئەگەر پارەیەکی زۆر و عینوانەکەی هەر بە شاغر دەمێنێتەوە و پارەکەشی دەتوانرێ ئیشی تیا بکرێ و حەزف و ئیستحداسی تیا بکرێ و دەتوانرێ ئیزافەی سەر میلاکاتی عام بکرێت ئەگەر هەر کەسێك کە تەقاعود بێت میلاکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شێوەیە، بە نیسبەتی یاسای بودجەی ساڵی 2011 و نابێ هیچ پارەیەك سەرف بکرێت بە بێ ڕەزامەندی پەرلەمان ئایا چۆن پارەی دەستەبەری کۆمەڵایەتی سەرف کراوە؟ وەڵڵاهی وابزانم ئا لەم هۆڵە پرسیارم لێ کرا چۆن سەرف کراوە؟، ئەمە باسکرا و ئەنجومەنی وەزیران ئەو بڕیارەی داو سەرفی کردووە بەو شێوەیە سەرف کراوە، ئێمەش ئەوامرمان جێ بەجێ کردووە لە وەزارەتی دارایی، بەڵام پرسیار ئەوەیە سەرچاوەی ئەو پارەیە لە کوێوە هاتووە، فەرق، وەختی خۆی باسم کرد سەرچاوەی ئەو پارەیە ئەو شتانەیە کە مەسەلەن ئەوە هەر میسالەن شەرت نیە لەناو ئەوە بێت پارەکەی، ئێوە بە من دەڵێن باشە پارەی ئەو 12 مانگەی خوێندکاران و قوتابیان کە تەعین نەبوونە ئەو پارەیەتان چی لێ کرد؟، ئەو بابەتانەی لێ سەرف کراوە، نەك هەر ئەوە شتی تری لەو بابەتەش، پێنج لەسەدا حەوتی مووچەی بنەڕەتی فەرمانبەران دەبڕدرێت و ئەمەشم بە دوورودرێژی باس کرد کە لە کوێیە و چۆن دەبڕدرێت؟، 12٪ ەکەشی لە کوێیە؟، بۆ نموونە ئەمساڵ 330 ملیار دینار موساهەمەی حکومەتە بەرامبەر 12٪ لە مەبلەغی بودجەی ئیسمی، کە 2 ترلیۆن و حەوت سەد و بیست و چوار و دوو سەد و بیست و پێنج ملیۆن دینارە، ئەمە بۆ حسابی خانەنیشنی، 191 ملیار دینار تەقدیراتی ئێمە موساهەمەی فەرمانبەران لە حکومەتی مەدەنی و عەسکەری ئیستقتاع دەکەین لە بودجە بۆ حسابی خانەنیشینی، ئەم پارەیە دەچێتە ناو حساباتەوەو بە تەئکید ئەمە تەقدیراتی ئێمەیە، ئێستا مەوجودیشە و پارەی پێشوو تر لە چ حەقڵێك دا دانراوە؟ وتمان پارەکەی سلێمانی وا لە ناو خەزێنەی سلێمانی دا حسابی بۆ کراوەتەوە و ئەم پارانەی ئەمساڵیش وا لە ناو حساباتەکە دەرکەوتووە کە لە کوێ دانراوەو یەعنی ئەمانە هەمووی شەرح کرا بەڕاستی، بە پێی ماددەی 11 ی بڕگەی 6 باسی پلە تایبەتەکان دەکات، ئەوانەی کە یەکسەر مدیر عامێك دەگۆڕێ و ئەوەی تر دەوام ناکات و ئەو مەعاش وەردەگرێت، ئێمە بە نیسبەتی وەزارەتەکانەوە ئەو پلانەی

كە یەكێك دادەنێن لە شوێنیان، داوا دەكەن لە ئەنجومەنی وەزیران و ئەنجومەنی وەزیرانیش ئیتر ئەگەر بیانەوێ تەقاعودی بكەن، ئەوە بە تەئكید دەنووسن بۆ سەرۆكایەتی هەرێم بۆ ئەو پلە تایبەتانە، ئەگەر بیانەوێ نەقڵی بكەن لە شوێنێكی تر ئیشی بدەنێ و ئەوا ئیشی دەدەنێ و هەموو موتەبەعە و میسالیشم هێنایەوە ئێمە لە وەزارەتی مالیە ئێستا موستەشارمان هەیە لە نەتیجەی یەكگرتنەوەی وەزارەت مستەشارمان زۆرە، ئەو موستەشارانە ئێستا نووسراومان پێی كردووە بۆ ئەنجومەنی وەزیران و چاوەڕوانی جوابین بۆ ئەوەی ئیجرائاتەكان بكەین، بەلأم خۆ ڕەنگ هەیە و فعلەن هەبێت لە وەزارەتێك دا لەو بابەتانە تا ئێستا عیلاج نەكرابێت یان پێویست بكات كە ئەوانە ماونەتەوە، چونكە هەندێ لەو مدیر عامانە كە ماونەتەوە ئێستا ئیشی تر دەكەن لەو وەزارەتانە، هەر چەندێ مدیر عامێكی دیوان هاتووە، ئەوەی تر هەر لە وەزارەتەكە ماوەتەوە و ئیش دەكات، مەسەلەی 25 هەزار میلاكەكەی كە شەش مانگ تەعین بووبێ یان سێ مانگی تەعین بووبێ یان لە نیهایەتی ساڵ دا من ئەوەم باسكردووە، كە دەڵێی پارەكەی چەندە و بۆكوێ چوو پارەكەی ئیعتیادی هەر كەسێك دانەمەزرابێ و موباشەرەی نەكردبێت پارەكەی خۆی سەرف نابێ لە ئەسڵدا ئەو پارەیە هەر لەناو خەزینە دا دەمێنێتەوە، پارەكە لە خەزێنەیە، ئەمان چەند كەس تەعین نەكراوە و ئەو ئیحسائیەی بە نیسبەتی هەموو وەزارەتێكەوە ئێستا ئێمە بێین دەبێ وەڵڵا بۆ هەموو وەزارەتەكان بنووسین كاكە چەند كەس لەوانە چ تاریخێك تەعین بوو، لەسەری ساڵەوە حسابی بۆ بكە چەندە پارەكەی بۆمان بنێرن و دەبێ ئەوە هەمووی كۆبكەینەوە و بیدەین، بەلأم ئەوە خۆی لەناو حسابات دایە، خۆی ئەگەر دەوامی نەكردبێت پارە وەرناگرێ، بە تەئكید پارە وەرناگرێ، مەعاش وەرناگرێ، چ مانگێك تەعین بووە ئەو مانگە مەعاشەكەی تیا وەردەگرێت، بە نیسبەتی حساباتی ختامی 2010 هاتووە و بە نیسبەتی مینەحی جەمعیات ئێمە ئەمساڵ 115 ملیارمان داناوە ئەوەش دەبێت ئێستا بگەڕێینەوە ئەگەر حساباتی ختامیەكە لە تەفەروعاتەكانیان نەبێت لەلای ئەو ئەبێ بگەڕێینەوە سەر مالیە و بزانین بۆ كێیە؟ تەبیعی ئەم پرسیارانە ئەم شەو هاتووە، من بەیانی یەكسەر هاتووم بۆ كۆبوونەوە مەجالی ئەوەش نەدرا بە من كە من بچمەوە لە وەزارەت بزانم فعلەن ئەوە چیە و یا ئەو لیستە چۆنە و یا تەلەفۆنم لەگەڵ دوو، سێ وەزارەت بكردایە و یەعنی بە هیچ شێوەیەك، ئەو پێوەرانە چین دوو ملیارەكەی ساڵی ڕابردووتان پێ تەوزیع كرد...... .

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆكی پەرلەمان):**

بەڕێز وەزیری دارایی ئەگەر پرسیارەكان تازەن دەتوانی دوایی بە نووسراو وەڵامیان بدەیەوە، ئێستا وەڵامی وەزیرەكان تەواو بوو، هەندێ لە بەڕێزان سەرۆكی فراكسیۆنەكان دەیانەوێ هەندێ تێبینی تر بخەنە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان، بۆیە لە سەرۆكایەتی بڕیارماندا كە ئەو سەرۆك فراكسیۆنانەی دەیانەوێ قسە بكەن ماوەیەكی تر مەجالیان پێ بدەین، تكایە ناو بنووسین، سۆزان خان، كاك كاردۆ، كاك عمر عبدالعزیز، كاك ئارام قادر، كاك شێردڵ تحسین، كاك امیر گوگە، كاك احمد وەرتی، كاك فاضل حسن، كاك كاروان صالح،

داوامان کرد بە تەحدید قسە بکەن، ئەگەر بکرێت بەحەدی 5 دەقیقەیەك زۆر سوپاستان دەکەین، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە زیاتر لە حەوت تا هەشت ڕۆژە گفتوگۆ دەکەین، قسە دەکەین لەناو ئەم هۆڵەدا لەسەر ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و لیژنەکانی ناو پەرلەمانی کوردستان، دیارە لەم گفتوگۆیانەدا کۆمەڵێك پێشنیار کۆمەڵێك ڕەخنە و کۆمەڵێك دیدوبۆچوون خراوەتە ئاراوە، دەبێت ئەم ڕاو سەرنج و دید وبۆچوونانە فۆرمەلە بکرێت بۆ سیغەی یاسایی، چونکە ئێمە هەموومان دەزانین مەرحەلەی دوای ڕاپۆرت چوونە سەر یاسای بودجەیە، بۆیە دەبێت لەناو یاسای بودجە دا ئەمە فۆرمەلە بکرێت، ئەم پێشنیارانە و ئەم ڕەخنانە هەمووی سیغەی یاسایی پێ بکرێت و پێموایە من یەکەم ڕۆژیش باسی ئەوەم کرد گرفتمان لەگەڵ بەغدا دا دەبێ بە شێوەیەکی یاسایی بێت، کەوتم بە شێوەیەکی یاسایی بێت مانای ئەوەیە دەبێ بچێتە ناو یاسای بودجەوە، بۆیە من داوا لە بەڕێزتان دەکەم پاش دەنگدان لەسەر چوونە ناو یاسای بودجە بەڕێزتان سەرۆکایەتی پەرلەمان و لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی ڕابسپێرن بۆ ئەو ڕەخنە و ڕاوبۆچوون و سەرنجی هەموو ئەندامانی پەرلەمان و فراکسیۆنە بەڕێزەکان، ئەو سیغە یاساییانە بۆ فۆرمەلە بکرێت، بۆ ئەوەی لە گفتوگۆکانمان کە چووینە سەر گفتوگۆی بودجە ئێمە عەینی کات یاسای بودجە وەکو یاساکانی تر نیە خوێندنەوەی دووەمی بۆ بکەین و دوای ئەوە بیخەینە دەنگدانەوە، چونکە دەبێ مادە بە مادە بیخوێنینەوە و گفتوگۆی لەسەر بکەین و بیخەینە دەنگدانەوە، بۆ ئەوەی سیغەکان ئامادە بێ و سبەینێ لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی بە هاوبەشی کۆ ببنەوە و کۆبوونەوەی خۆیان بکەن، ئەو فۆرملانە هەمووی حازر بکەن، لە دوای ئەوە دەست بکەین بە گفتوگۆ لەسەر یاسای بودجە، چونکە تا ئێستا ئێمە نەچووینەتە سەر یاسای بودجە، ئەو گفتوگۆیانەی ناو پەرلەمانی کوردستان کرا کە دەبووایە هەر تەنها لەسەر ڕاپۆرتەکان بووایە، بەڵام ڕۆچووینە ناو هەموو تەفاسیلی بودجەوە، بۆیە من داوا لە بەڕێزتان دەکەم ئەو ڕاسپاردەیە بکەن و زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماوەی موناقەشە کردنی پرۆژەی بودجە گەلێك سەرنج و تێبینی و ڕەخنەمان ئاڕاستەی وەزیرە بەڕێزەکان کە پەیوەندارن بە بودجەوە وەکو وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان کرد، دوای وەڵامی ئەوان بە بڕوای ئێمە ئەم وەڵامانە بۆ ئێمە موقنع نەبوون، بە دەلیلی ئەوەی کە ئێمە باسمان لە داهات کرد کە داهات سەرچاوەی تری هەیە و بە ڕوونیش وتمان داهاتی کوردستان 476 ملیار نیە، ئەمە هاوپێچەکەیەتی

2 ترلیۆن و 301 ملیار بە هاوپێچ هاتووە، ئەمە داهاتە و دەبێ بچێت و یەکێك بێت لەسەرچاوەکانی دارایی هەرێم، ئینجا ئەوان ڕەنگە بە یەکێك لە پاساوەکانی ئەوەی کە گوایە ئەمانە بۆ دەزگاکانی خۆیان خەرجی دەکەنەوەو لە دامەزراوەکان خەرج دەکرێتەوە، جارێکی تریش تەئیکیدی دەکەمەوە من بەس داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان باس دەکەم کە 1 ترلیۆن و 75 ملیارە، خۆشی 514 ملیاری بۆ تەرخان کراوە بۆ وەزارەتەکەی کە ئەمە شتێکی موستەحیلە کولفەی 6 بەڕێوبەرایەتی وەزارەتێك ئەمەندە بخایەنێ، جگە لەوە ئێمە باسی سەرچاوەکانی داراییمان کرد لە سنووریەکان من ناچمە ناو تەفاسیلێ، چونکە جارێکی دیکە ئەوە ناکەینەوە، بەس سەیارە هێنان و ئۆتۆمبیل هێنان کە بەهەزاران هاتووە و وردەکاریم لایە ملیارێك و نیوە، رەقەم و سەیارەکە هاتووەتە ناو، لە کوێن ئەم پارانە؟؟ ئەمە ئەگەر موقارەنەیەکی بکەین لەگەڵ 2010 لەگەڵ 2011 ، داهاتی 2010 زۆر زۆر زیاترە لە داهاتی 2012 سەیری دۆخی ئابووری کوردستان بکەی، سەیری بزاوتی ئابووری بکەی کە ئەمە مەنتق نیە، کە داهاتی 2010 لە داهاتی 2012 زیاتر بێ، ئێمە باسی کورتهێنانمان کرد، کورتهێنان یەکێکە لە گرفتەکانی بودجەی ئێمە، باسی ئەوەمان کرد کورتهێنانی ڕاستەقینە 1 ترلیۆن و 467 ملیار و 980 ملیۆن دینارە، ئەوەی تر لەسەر بودجەی بەکارخستن داندراوە کە زەرورەتی نیە ئەوەی کە پەیوەندی بە چاکسازی هەیە و بە شمەك هەیە و بە ئەساس هەیە و بە سەیارە و گۆڕین و ئەمانە زەرورەتی ئەولەویاتی خەڵکی کوردستان و بەڕێوەبەری حکومەت نین، چونکە ئەمە دەزانین چۆن ئاڵوگۆڕەکان لە وەزارەتەکان دەکرێت و چۆن ئەشیاکان، یەعنی ئەم زیادەڕۆییە لە سەرف کردن زیادەڕۆیی بۆ تەندروستی نیە، بۆ ئاوەدانکردنەوە نیە، بۆ پەروەردە نیە، بۆ کرێی مۆبایلە... هەندێ شتی سەیر ئەگەر بە وردەکاری بچینە ناوی، ئێمە وتمان زانیاری هەڵە دەدەنە پەرلەمان، ژمێریەی کۆتایی کە بەڕێز وەزیری دارایی زۆر زۆر تەئیکیدی لێ دەکاتەوە، ئێمە دێین موقارەنە دەکەین لە ژمێریەی کۆتایی شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2011 کە تا 6/31 بۆ شمەك و خزمەتگوزاری چاك کردنەوە نووسراوە، یەعنی نموونەیەکی بۆ دێنمەوە زۆرە ئەمانە، 864 ملیارە، بەڵام لە بودجەی ساڵی2012 هاتووە 861 ملیارە، یەعنی ئەمە رەقەمن و هەڵەنە و لە حساباتە و ناکرێ تۆ بڵێی..... ، زۆرن ئەمانە کە دەتوانین قسەی لەسەر بکەین، خاڵێکی تر کە بەلای منەوە گرنگ بوو، ئەویش ئەوە بوو کە پەیوەندی بە وەزیری پلاندانەوە هەیە، ئێمە پار ساڵ لێرە لەلایەن کاك دڵشادەوە یەکێك لەو پێشنیارانەی کە پەیوەندی بە پرۆژەکانی وەبەرهێنانەوە هەبوو ئەو پارەی خەرج دەکرێت بۆ ئەوان ئەوەی دەمێنێتەوە کە زیاتر لە 2 ترلیۆنە مدەوەر دەکرێت لە کوێیە ئەم پارەیە؟ ئەمە بە دەقی قانونی مولزەم کراوە، ئەم پارەیەی کە ماوەتەوە لە کوێیە؟ ئەم ساڵ ئێمە هەتا دەچێتە سەرۆکایەتی هەرێم و ڕەنگە بچێتە مانگی 8 لە 3 مانگ دا یان لە 4 مانگ دا وەزیری پلاندانان چۆن دەتوانێ وەڵامم بداتەوە چەند پرۆژەی پێشنیار کراوی پێ جێ بەجێ دەکرێت؟؟ پار ساڵ 1564 پرۆژە نەچۆتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، ئەمانە هەمووی پارەی بۆ تەرخان کراوە، ئەم پارانە لە کوێن؟ ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەگەر بمەوێ کورتی بکەمەوە قسە زۆر لە حسابی ختامی دەکرێت، حسابی ختامی

هاتۆتە پەرلەمان و موناقەشەمان نەکردووە، حسابی $6$ مانگە هاتووە و ئەوە موقارەنە بەوە دەکەین دەڵێین بۆ کۆتایی، دەبوایە لە $4/15$ بیکەین، نەهاتووە، قسە لەسەر دواخستن دەکەین، بە ئومێدم ئەو ساڵ ئێمە بڕیار بدەین مانگی $10$ پرۆژەی یاسای بودجە بێتە پەرلەمان، بۆ ئەوەی ئەم هۆکارە دەرکەوێ و ئەم پاساوە دەرکەوێ کە پاساوێکی دروست نیە، بۆ ئەوەی دەڵێین حکومەتی عیراق هۆکاری دواخستنە، دەکرێ تەقدیریە و داشی نێین و بشرِوات و هیوادارم ئەمە بکەین، سەرەڕای ئەوەی پێموایە بودجەی ئێمە بەهۆی ئەم زەمەن کورت کردنەوەی بۆ چوار مانگی ساڵ نە کاریگەری دەبێت لەسەر دۆزینەوەی هەلی کار، نە لەسەر خزمەتگوزاریەکان، نە لە جێ بەجێ کردنی ئەو پرۆژانەی کە دانراون، بۆ پرۆژەی ستراتیجی کە کاك دکتۆر باسی کرد گوتی ئێمە ئێستا بە تۆرێکی پەیوەندی دەمانەوێ هەموو کوردستان پێکەوە ببەسیتینەوە و بەشێکیشمان تەواو کردووە و دیزاینمان بۆ کردووە و هەوڵمان داوە و پارەمان بۆ تەرح کردووە، بەڵام لە هیچ شوێنێکی پرۆژەی بودجە دیار نیە و ناچمە تەفاسیلی ئەوەی کە برادەران مولاحەزەیان بۆ ناردووم کە چەند پرسیاریان وەڵام نەدراوەتەوە و ئەوەی کە پەیوەندی بە ڕێگە و بانە و بە پرۆژەی جیا و بە ئەرزەوە هەیە و سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلاهی من ئەگەر بمەوێ بابەتیانە قسە بکەم پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە وەڵامی بەڕێزان هەردوو وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان بۆ ئەوەی بە ئینسافەوە بیلێین دەبێ بلێین پۆلێنی وەڵامەکانیان کرد، یان من پۆلینی وەڵامەکانیان بکەم لە بەینی ئەوە کە زۆرێك لە وەڵامەکان ناڕوونیان پێوە دیارە ئیتر یان ئێمە تێ ناگەین لە وەڵامەکان یان وەڵامەکان لەو ئاستە زانستیە نین کە مەتڵوبە بۆ موئەسەسەیەکی وەکو وەزارەت، هەندێ لە وەڵامەکان بە قەتعی قەناعەتیان بۆ ئێمە دروست نەکرد، چونکە سیغەی پرسیارەکان نەوعێکە، بۆ نموونە باسی بڕێك داهات دەکەی ئەو دەڵێ سندوقی هەیە، پرسیارەکە باس لە بڕی سندوقەکە دەکات چۆنیەتی سندوقە و لە کوێیە و چی لێ دێت، نەوتراوە پارە و سندوقی هەیە یان نیە تا ئەوە بکرێ بە پرسیار، هەندێ لە وەڵامەکانیش دیارە وەڵامی پرسیارە شکلیەکانن وەڵام دراونەتەوە، بۆیە بەو سێ دابەش کردنە من وەڵامەکانم دابەش کردووە، بۆیە ئەگەر تێبینی بدەینەوە لەسەر وەڵامی وەزیرە بەڕێزەکان من پێموایە دەچینە بازنەیەکی داخراوەوە و هەر دەسوڕێینەوە، چونکە نەوعەن ما جەدەلیەتێکی لێ دروست دەبێت، بەڵام من لێرە تێبینیەکی جەوهەری عەرزی بەڕێزان و لە سەرۆکایەتی و وەزیران و خوشك و برایانی پەرلەمانتار دەکەم، ئەویش ئەوەیە کە ئەم دوو وەزیرە بەڕێزە ساڵانە بە دوو ئیعتبار دائەنیشن لێرە، من وای تێ گەیشتووم و لەوانەیە هەڵە بم، ئیعتیباری یەکەمیان وەزیری تایبەتمەندی موئەسەسەیەك و وەزارەتێکی پسپۆرن یەکیان داراییە و ئەوەی تریان پلاندانانە و

ئیعتبارێکی تریان نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانن، بە پێی ئەو ڕێژەیەی کە لەبەردەستم دایە و وەڵامی بەڕێزان بە تایبەتی بەڕێز وەزیری دارایی زۆرێك لە وەڵامەکان ئیحالە دەکاتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، کەواتە لێرە حەلقەیەکی ون هەیە لە بەینی ئێمە و ئەنجومەنی وەزیران دا کە دەبوایە دوای موناقەشەی ڕاپۆرتەکان و وەرگرتنی ڕاو سەرنجی خوشك و برایانی پەرلەمانتار ئەو دوو وەزیرە بەڕێزە بیانوتایە بەڕێزان لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و یان ستافی ئەنجومەنی وەزیران دوو جۆر پرسیار ئاڕاستەی ئێمە کراوە، پرسیارگەلێك کە تایبەتە بە خۆمان و وەڵامی دەدەینەوە و بەعزێك پرسیار پەیوەندی بە بەڕێزتانەوە هەیە وەکو ئەو بەڕێزانە، مەسەلەی سیاسەتی دارایی هەرێم، منیش دەڵێم کاك شێخ بایز نازانێ چی وەڵام بداتەوە، سیاسەتی دارایی گشتی هەرێم، لە بەغدا چی کراوە بۆ ئەو پارە کەڵەکە بووەی کە بۆی قۆرخ کراوەو نادرێتەوە؟، موستەحەقاتی هەرێم، فعلەن ئەمە ناتوانن وەڵام بدەنەوە، بۆچی ئەم چەق بەستویە لە بەینی بڕی تەشغیلی و ئیستیسماری و فعلەن ئەمە پەیوەندی بە کۆی وەزعی ئابووری هەرێمەوە هەیە و ناتوانن وەڵام بدەنەوە، ئەولەویەتی پارێزگاکان و ئەولەویەتی وەزارەتەکان خۆ بۆ ئەم دوو وەزارەتە دانەنراون، دەبێ ڕاوێژێك کرابێ هەتا لێرە جەنابیان ئیشارە دەکەن ئەو وەڵامەی کە داویانە بە لیژنە وانیە و لای ئێمە شتی تریان گوتووە، واتە لێرە حەلقەیەك ونە کە وەزیرێك دوو قسەی لێرە دەرچووە، لێرە بزانین کامیان دروستە و کامیان نادروستە، کەواتە من پێموایە ئەم خەلەلە دەبێ بۆ ساڵانی تر چارەسەر بکەین و نابێ هەردوو وەزیری بەڕێز غەیری پرسیاری خۆیان جواب بدەنەوە و دەبێ ئەو حەلقەیە چارەسەر بکەین  کە وەڵامی ئەنجومەنی وەزیران بۆ ئەو پرسیارانەی پەیوەندی بە سیاسەتی گشتی دارایی و حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە،  من لەسەر بەڕێز کە بەداخەوە لێرە نیە وەزیری پلاندانان پرسیاری ئەوە هەیە کە زۆرێك لەم داتاو ژمارانەی عەرز کرد هەمووی ڕەقەمن و ژمارەن و داتان باسی ئامارە، ئێمە ئەوەی بزانین ئامارێك لە کوردستان نیە ئایا پشت بەستوو بە چ سیستمێکی علمی و زانستی ئەم ئامارانە دەدات، ئەوە پرسیارێکی جەدەلیە لە کوێی ڕاپۆرتەکەیان لە کوێی وەڵامەکانیش کە دەیدەنەوە ئایا موعتەمەدی ئێمە موستەنەدی ئێمە تەنها پسولەی بایعیە بۆ ئامار لە کوردستان، کە ئەوە ئەگەر وابێ خەلەلێکی گەورەیە، چونکە خۆمان دەزانین دروست نیە، لەگەڵ ئەوەش کە من ئەو تێبینە دەدەم نامەوێ بچینەوە مورەبەعی یەکەم، ئیجازەم بدەن دوو، سێ مولاحەزەی ئەساسی لەسەر وەڵامی بەڕێزان عەرز بکەم، جەنابیان باسی داهاتی سنووریان کرد کە دەچێت بۆ عیراق، من پرسیارەکەم ئەوەیە مەعقولە کارمەندانی وەزارەتی دارایی بەغدا ئاگاداربن لە تەفاسیلی داهاتی سنووری هەرێمی کوردستان، بەڵام نوێنەرانی خەڵکی کوردستان ئاگادار نەبن لەو بڕانە؟ ئەمە پرسیارێکی جدیە، بە جەدوەل بە مەزبوت خۆیان دەڵێن مەعقولە ئێمە نەزانین، بە نیسبەت تێبینیەکی ترم ئەوەیە ئەو داشکاندنەی لە 10٪ ی ئیستیقتاع ئێمە نەمان وتووە ئەو پارەیە ونە یان چی، دەڵێن کراوە و بۆ بەعزێك سەرف کراوە، بەڵام من بیری بەڕێزتانی دەخەمەوە کە لەم پەرلەمانە یاسامان بۆ دەرکرد، بڕیارمان دا بۆ پرۆژە بێت، نەمان وت بە سەڵاحیاتێکی کراوەی ڕەها لە وەزارەتەکە تەوزیع بکرێت

که دەیان حاڵەتی غوبن و نا عەدالەتی و حەیف و مەیل کراوە بەڕاستی، بڕیار بوو بۆ پرۆژە بێ بۆ ئەوەی خزمەتێ بێ بۆ شەهیدان، بۆیە من دوا خاڵم ئەمە عەرز دەکەم کە ئەگەر هەموومان پەرۆشین بۆ خەڵکی کوردستان و ئەزموونی سیاسی کوردستان، ئەگەر دەمانەوێ چاکسازیەك لەم بودجەیە بکەین و کەلێن و کەموکورتیەکانی پڕ بکەینەوە، دەبێ ڕاوسەرنج و پێشنیار و ڕەخنەی ئەم چەند ڕۆژەی فراکسیۆنەکان و پەرلەمانتارانی بەڕێز بەهەند وەربگرین و بگەینە سیغەیەکی هاوبەش بۆ ئەوەی ئەم یاسایە چاکسازی تیا بکەین بۆ ئەوەی لەمە زیاتر بژێوی خەڵکی کوردستان و پرۆژەکانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ڕانەوەستن، چونکە هەموو لا چاوەڕێی ئێمەن و دەزانم ئاسانە بگەین بەم سیغە هاوبەشەش و زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من ئەوە دەڵێم ئەوەی سۆزان خان باسی کرد بۆ ئەوەی کە ڕەخنە و تێبینیەکانی ئەمساڵ هەمووی تێکڕای فراکسیۆنەکان وئەندام پەرلەمانەکان بەهەند وەربگیرێ و بە دەردی بودجەی ساڵی 2010 و 2011 نەڕوات بەڕاستی، ئەو لیژنە هاوبەشەی یاسایی و دارایی کۆببێتەوە و لە چوارچێوەیەکی یاسایی دا جێگەیان بکرێتەوە بۆ ئەوەی حکومەتی پێوە مولزەم بکرێت، خاڵی دووەمم سەبارەت بە مەسەلەی وەڵامی پرسیارەکان، بەڕاستی زۆرێك لە وەڵامی پرسیارەکان وەرنەگیرا، بەڵام من ئەوە تێبینی دەکەم، هەندێك پرسیاری جەدەلی نیە، بەڵکو پرسیارێکی یاساییە یاخود پرسیارێکی ڕەقەمیە، ئێستا بۆ نموونە سەبارەت بە داهات، بەڕێز وەزیری دارایی مەسەلەن بڵێ داهاتی فرۆکەخانەکان ئەوەندەیە، بەڵام ئەوەتا ئیمزای خۆیان هەیە کە دەڵێ ئەوەندە نیە، یەعنی ئەمە بەڕاستی ئەگەر چارەسەر نەکرێت هەم پەرلەمانتاران دەکەونە گومانەوە و هەم بودجەکەش بەڕاستی ناتوانرێ ڕێژەی داهاتەکەی دیاری بکەین و ئەو کاتە نازانین چۆن ئێمە موعالەجەی نەفەقات بکەین و هەم عەجزیش بکرێت، باس لە مەسەلەی بودجەی حیزبەکان کرا، ئێمە دەزانین چ حیزبێك کێ و کێ بودجە وەردەگرێ، بەڵام کێشەکەمان لەوەیە هەر حیزبێك چەندە بڕەکەی و ڕێکخراوەکان چەندێکە؟ ئێمە داوای ئەوەمان کرد کە مەسەلەن لیستەکە بزانین، سەبارەت بە مەسەلەی داهاتی نەوت، من پرۆتۆکۆڵی ژمارە 62 و 63 م ورد خوێندەوە، یەعنی فەقەرەیە یان بڕگەیەکی تێدا نەبوو کە حکومەت مخەوەل بکات بۆ ئەوەی ئەو داهاتە سەرف بکات، ئەوەتا بودجەی 2011 بە پێی ماددەی 17 یەك خاڵی تێدا نیە بڵێ وەڵلا حکومەت تەخویل دەکات بۆ ئەوەی کە سەرفی بکات، من دەڵێم ئێمە پرسیارەکانمان لەڕووی یاساییەوە بووە و دەقێکی یاسایی بووە کە بۆچی حکومەت ئەمەی نەکردووە؟ بەڕاستی بۆ پێشێلکاری یاسایی ناکرێت پاساوی جۆراوجۆر بهێندرێتەوە، پرسیارەکانیشمان وازح بووە، بەڵام بەداخەوە من دەڵێم وەڵامەکان نەیانتوانی بە تەواوەتی ئەو ڕوونکردنەوەیە بدەن، بۆیە من ئەوە دووپات دەکەمەوە کە پێویستە بۆ ئەوەی کە ڕەخنەو تێبینیەکان بۆ

ئەوەی کە ئەو کەلێنانە پڕبکاتەوە پێویستە هەردوو لیژنەی هاوبەش کۆببنەوە و بۆ ئەوەی کە بتوانرێ بودجەی ئەم ساڵ بە شێوەیەکی ڕێك و پێك تێ پەڕێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لەسەر بوارێکی جودایە ئەویش وەرزشە، تەبیعی لە وەرزش من هەندەك تێبینیم کرد لەسەر قسەکانی بەڕێز جەنابی وەزیری دارایی لە بودجەی 2012 بەشی بەخشین کە بۆ ڕێکخراوە زانیستیەکان وڕۆشنبیریەکان وڕێکخراوی تر لیژنەی ئۆلۆمپی و پارا ئۆلۆمپی و یەکێتی وەرزشیەکان 115 ملیار دینار تەرخان کراوە، من لێرەدا حەزم لێیە کە تەحدید بکرێت پارەکان بۆ ڕێکخراوەکان، چونکە یەکێتیەکان سەر بە لیژنەی ئۆلۆمپیە، هەر لە ناو لیژنە ئۆلۆمپیەکان لیژنەکان پارەکان وەردەگرن و سەر بە لیژنەی ئۆلۆمپیە و جوزئەك 33 یەکێتینە، ئەوە یەك، دووەمین شت باسی یانەکانی کرد، یانەکان کە مینحە وەردەگرن لە وەزارەتی ڕۆشنبیری وەردەگرن، سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیرینە، عیلاقەی بە بەخشین نیە و سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیرینە، من لێرەدا حەز دەکەم لە بەشی ئەو پارە 115 ملیارە تەحدید بکرێت پارەی وەرزش، دووەم لە سوودە کۆمەڵایەتیەکان هاتووە فەقەرەی (ج) وەزارەتی ڕۆشنبیری 11 ملیار بۆ مووچەی ڕێزلێنانی ڕۆژنامەنووسی و هونەری و وەرزشی تەحەدا دەکەم ئەگەر یەك وەرزشوان ڕێزلێنانی وەرگرت بێت، تەحەدا دەکەم دوو ساڵ ئەگەر یەك وەرزشوان ڕێزلێنانی وەرگرتبیت، لێرەشە تەحدید بکرێت بۆ وەرزشوانە دێرینەکان، نەك ئەگەر دانرابێت و موناقەلە بکرێت بۆ شوێنێکی تر، فەقەرەیەکی تر هەیە لە خەرجیەکان چالاکی دیدەوانی و وەرزشی هەموو ساڵێك ئێمە بۆ دیدەوانی و وەرزشی زیارەتیان دەکەین هەر پێمان دەڵێن لە نەشاتات پارەمان نیە، ئەلعابەکان کەم دەکەنەوە لە شوێنێك تۆپی پێ دەکرێت و لە شوێنێك لادەدەن، بۆیە لێرە کە پارە دانراوە 159 ملیار دینار ئەویش تەحدید بکرێت یان بێتەوە سەر بەخشینەکە یان ئەوەتا پارەکان تەحدید بکرێت، تەبیعی وەزارەتی ڕۆشنبیری کە موناقەلەی پارەکان دەکات حەز دەکەم پار 10 بنکەی وەرزشی مەلەوانگەیانی بۆ دروست کرد، ئەو مەلەوانگانە هەتا ئێستا بیریان بۆ لێ نەدراوە، هەتا ئێستا مەلەوانگەکان یەك درهەمیان بۆ سەرف نەکراوە و بیرە ئاویان نیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك امیر فەرموو.

**بەڕێز امیر گوگە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی دەست خۆشیا ل سەرۆکاتیا پەرلەمانێ دکەم، ڕاستی بۆ ماوەی 9 ڕۆژا پتر چل و ئەوەندە سەعاتا تەحەمولا هەمی ئەندام پەرلەمانا کر، هەر یەك بۆ ڕاوبۆچونێت خۆ دیار کر، هەروەسا سوپاسیا هەردوو وەزیرێت بەڕێز دکەین کو زۆر ژ وان خالێت مە دڤیان و خەلکێ مە بزانێت ئاند ئەندام پەرلەمانا بزانن زۆر ژ وان خالا و بەرسڤێت وان خالا بۆ مە هاتن دان، دەست خۆشیێ لوان دکەین، هەروەسا سوپاسیا بەڕێز ئەندامێت پەرلەمانێ دکەم کو زۆربەی وان خالێت یەت کو خەلکێ دڤیا بەحس کرن، ئەو خالێت هاتینە بەحس کرن و گوتن لڤێرێ وەکو ئەم دزانین بودجا هەرێما و بودجا ڤی خەلکێیە و خەلکێ کوردستانێیە، ئەو گەنگەشا هاتیە سەر کرن مانای وەکی ئەم دشێین بێژین ڤی خەلکێ هەندێ ئان ڤان ئەندام پەرلەمانا حەز دکەم کو ئەڤ بودجەها بشێوەیەکی باش و جوان بێتە ڕێکخستن، لەورا ئەز گەلەك درێژ ناکەم، چونکە هەمی خالێ هاتنە بەحس کرنێ، هەمی تشت هاتنە گوتن، ئەز پشتگیریا پێشنیارا خوشکا سۆزان خانێ دکەم کو بۆ هەردوو لیژنا یاسایی و لیژنا دارایی پێکڤە وان پێشنیار و وان بۆچوونێت یەت ئەندامێت پەرلەمانا کو بشێوەیەکی ڕاست و دروست بێخن، چونکە ئەکید ئەو ژی دێ هەر بۆ خزمەتا خەلکێ کوردستانێ بیێ، چونکە خەلکێ کوردستانێ چاڤەڕێی ڤی بودجەیێ بێتە پەسەند کرن، چەند بلەز بێتە پەسەند کرن هەر دێ چەند ڤی خەلکێ کوردستانێ سوود لێ وەرگرن و سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە وەڵامەکانی هەر دوو بەڕێزان وەزیری دارایی و وەزیری پلاندانان، وەزیری دارایی لەسەرەتا لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان باسی لە وەڵامی داهاتەکانی ناوخۆ و هەروەها خاڵە سنوورییەکان وتی ئەوانەم جواب داوەتەوە، لە شوێنی تر باسی کرد، بەڵام هێشتا پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر هەیە، سەبارەت بە جیاوازی مووچەی فەرمانبەران و خانەنیشینان بەڕێز وەزیری دارایی وتی ئەوە ئەبێ لە خودی وەزارەتەکان ئەنجام بدرێن نەك لە وەزارەتی دارایی، بەڵام ئێمە قسەمان لەسەر کردنەکەیە کە چۆن چارەسەری بکرێ، چونکە جەنابتان وەکو نوێنەری حکومەت لێرەن دەبێ ئەو جیاوازیەی کە ماوە بە پێی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی پاریش کە دەبێ کۆتایی پێ بێت و چارەسەر بکرێت، سەبارەت بەمە بەو 200 ملیارە و 115 ی بۆ بەخشین و حیزب و ڕێکخراوەکان و کۆمەڵە و سەنتەرەکان بەڕاستی وەڵامەکە زۆر وازح نەبوو، لاپەڕە 11 سەبارەت بە پرسیارەکانی ئێمە هاتبوو سەبارەت بە ڕێنماییەکانی وەزارەتی دارایی، سەبارەت بە وەرگرتنی سولفەی عەقار، بەتایبەتی لە بارەی وەرگرتنی گوند و ناحیەکان کە گوتمان جۆرە ڕێنماییەك هەیە لە هەندێ گوند و ناحیەکاندا بۆ هاووڵاتیان و فۆرمیشمان پێ پڕ دەکەنەوە و لە حاڵەتی

زەرەمەنـد بـوون دا نـابێ داوای قـەرەبوو کردنـەوە بکـەن، ئەمانـەوێ مـەوقفی وەزارەتـی دارایـی بـە روونـی بزانین ئایا ئەم ڕێنماییـە موەحـەدە لـە وەزارەتـی دارایـی دەرچـووە یـان نـا؟ هـەروەها سـەبارەت بـەو 300 هەزارەی کە وەردەگیرێت لـە هاووڵاتیـان لـە کـاتی موعامەلـە کردنـی وەرگرتنـی سـولفەی عـەقاردا، ئێمـەش دەمانەوێ مەوقفی وەزارەت بـە وازحـی بـزانین ئـەو 300 هـەزارەی کـە وەردەگیرێـت گوتمـان کـە بەڕاسـتی زۆرە، چ بـەناوی رسـومات وەربگـیرێ یـان چ لـە نـاوی خـەرجی ئیـداری وەردەگیرێـت کـە وابـزانم بڕێکـی دەگەڕێتەوە بـۆ وەزارەتـی دارایـی ئەمـە زۆر زۆرە کـە وەردەگـیرێ، دەمانـەوێ کـە مـەوقفی وازحـی وەزارەت بزانین لەو بارەیەوە، سوپاسی وەزیری دارایی دەکەم کە پشتیوانی لە زیاد کردنی میلاکی وەزارەتی ئـەوقاف و هەروەها دەرماڵە بۆ مامۆسـتایانی ئـایینی کـرد، هیـوادارم کـە لـە پـرۆژە یاسـای بودجـەدا جـێگیر بکـرێن، سەبارەت بە میلاکی وەزارەتی ئەوقاف و دەرماڵە بۆ مامۆستایانی ئایینی، سەبارەت بـەو پارەیـەی کـە دراوە بـەو قەزایانـەی کـە زەرەرمەنـد بوونـە، کـە بـە شـێوەیەکی نـا هاوسـەنگ بـووە زۆر وەڵامەکـە وازح نـەبوو بەلامەوە کە بۆچی بەو شێوەیە بووە و هەروەها پارەی ئەو 10 ملیارەی کـە بـۆ ئاوارەکـان دانـدرابوو سـاڵی پار چۆن خـەرج کـراوە و چـەند خێـزان لێـی سـوودمەند بوونـە؟ هـەروەها بـۆ ئەمسـاڵیش کـە 100 ملیـار دانــدراوە لەســەر چ بنەمایەکــە؟ بۆچــی ئەمــە رێژەکــەی ئەوەنــدە زۆر بــووە؟ دەتانــەوێ چــەندی دیکــە سـوودمەند بـن؟، سـەبارەت بـەو 7500 دۆلارەی کـە بـۆ هاووڵاتیـان دیـاری کرابـوو بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی گوندەکان، جەنابتان گوتتان ئەوە ماددەیەکی یاسایی جێگیر نەکراوە، بڕیاریش لای پەرلەمانـە، کـاتی خـۆی حکومەت بڕیاری داوە، یەعنی ئێستا چۆن ئەو بڕیارە کە حکومەت بڕیاری دابـوو یـەعنی موعامەلـە کـردن لەگەڵ ئەو بڕیارە دەبێ چۆن بێت بۆ ئەوەی کە بە پەرلەمان و حکومەت ئەم مەسـەلەیە یـەکلا بکەینـەوە، سـەبارەت بـە بـەڕێز وەزیـری پلانـدانان، ئێمـە پرسـیارمان کردبـوو بـۆ کـەم کردنـەوەی بـواری تەشـغیلی لەبەرامبـەر بـواری وەبـەرهێنان و ڕاگرتنـی هاوسـەنگی پـلان چـیە؟ نـازانم وابـزانم وەڵامەکـەم یـا ئاگـام لێ نـەبووە یـان زۆر بـە وازحـی وەڵامەکـەم وەرنەگرتـەوە، هـەروەها پـلان بـۆ مەسـەلەی چارەسـەر کردنـی کورتهێنان، هەروەها شوێنەوار کە هیچ گرنگیەکی پێ نەدراوە جەنابت باست کرد لە وەڵامی کـاك نـەژاد دا، لە لاپـەڕە 8 ی پرسـیارەکانی ئێمـە دەربـارەی ڕووخانـدن و دووبـارە دروسـت کردنـەوەی مزگـەوتی گونـدی ڕکاوە یان ڕکارە، ئەوە جەنابتان ئاماژەتان پێی نەدا، لە کۆتایی دا داوا دەکەم بۆ گواستنەوە و بۆ موناقەشـە کردنی پرۆژە یاسای بودجە بە پێی پـەیڕەوی نـاوخۆ هـەردوو لیژنـەی کاروبـاری یاسـایی و لیژنـەی دارایـی کۆببنەوە و بۆ تاوتوێ کردنی ئەو خاڵانەی کە باسکراون و گواستنەوە بۆ موناقەشە کردنی پرۆژە یاسایەکە بە شێوەیەکی گشتی و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره لە چەند ڕۆژی ڕابردوو گفتوگۆیەکی تێروتەسەل کرا لەسەر بودجە، لە کۆی گفتوگۆکانی ئەندامانی پەرلەمان دەرکەوت کە ئەم بودجەیە کەموکوڕیەکی یەکجار زۆری هەیە، سەبارەت بە وەڵامی هەر دوو وەزیری بەڕێزیش وەڵامەکان بۆ من بەڕاستی جێگای موقنع نەبوون، جگە لەوەی کە بەشێکی زۆر زۆر بە کورتی و بەشێکیشی بە خراپی وەڵام درانەوە، بوونی ئەو هەموو پێشنیارانە و بوونی ئەو هەموو کەموکوڕیانە، بە تایبەتی وەك بەشی زۆری کە باسکرا لە دواکەوتنی بودجە لەو هەموو کەموکوڕیە حسابیانەی کە لە بودجە هەیە، لە خراپی سیاسەتی دارایی حکومەتی هەرێم، لە ناڕوونی داهاتەکان، لە ناعەدالەتی لە دابەش کردنی پرۆژەکان بەسەر ناوچەکان، هەموو ئەمانە قەناعەتێکی بۆ دروست کردم پێشنیار دەکەم کە ئەم بودجەیە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت، چونکە تەنها حکومەت دەتوانێ ئەم کەموکوڕیانە چارەسەر بکات، پێشنیار دەکەم کە ئەم بودجەیە بگەڕێتەوە تەنها حکومەتە دەتوانی، ئەگەر ئەم پاساوەی کە چەندین مانگە باس لەوەی دەکرێت خەڵك چاوەڕێ دەکات، خەڵك ئەگەر 8 مانگ توانی چاوەڕێ بکات دەتوانی مانگێکی تریش چاوەڕێ بکات، من پێشنیاریش دەکەم ئەو سەرفیاتانەی کە ڕاگیراون و کە بە ناحەق ڕاگیراون دەکرێ لە ئێستادا حکومەت بەوەی کە چونکە پارەکە بەردوام بێت، دەکرێ حکومەت بەردەوام ئەو پارەی کە تا ئێستا ڕای گرتووە سەرفی بکات و ئەمە نەبێتە پاساو بۆ ئەوەی کە ئێمە هەموو ساڵێ بودجە بەم شێوەیە بە خراپی بەڕێ بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاروان فەرموو.

**بەڕێز کاروان صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووبارە دەست خۆشی لە ماندوونەبوون و ئەزیەت و ئازاری ئەو لیژنە بەڕێزە دەکەم بەڕاستی کۆمەڵێك ئەرکی زۆر گەورەیان لە کۆڵ ئێمە کردەوە، هەوڵێکی زۆر بێ وچانیان دا بۆ ئەوەی کە بتوانن بەرچاوی ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان ڕوون بکەنەوە، هەروەها کار ئاسانیەکی باشیان بۆ کردین، من لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئێمە پاش ئەو هەموو ڕۆژە و مشتومڕەی لەسەر بودجە و لەسەر قوتی خەڵك لە تەلاری پەرلەمان و لەو شوێنە شەرعیە درێژەمان بە گفتوگۆکان دا بە هەموو جیاوازیەکانەوە، توانیمان ئەوە بڵێین کە هەموومان ئەگەر بەڕاشکاویش بێت شەڕمان لەسەر قوتی هاووڵاتیانە، بۆیە من هەست بەوە دەکەم کاتێ کە ئەندامی پەرلەمان نوێنەرایەتی شەقام دەکات و شەڕی لەسەر برسی بووان و بێ کاران و ماف خوراوانە، کاتێ کە بە سیاسی کردنی مشتومڕەکان و ململانێکان دەگاتە ئاستێکی ئەوها هەرکەسێك بۆ خۆی ڕاکێشێ بەڕاستی لێرەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە هەموو پێکهات و لە هەموو ڕێککەوتنێك لە بەینی قەوارە جیا جیاکانی ئەو پەرلەمانە، دەست خۆشی لێ دەکەین ئەگەر لە پێناوی نان و ئازادی و هەلی کار بێت بۆ هاووڵاتیان، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی چەوساوەکان بێت، بۆ گێڕانەوەی عەدالەتی کۆمەلایەتی بێ دەستی هەموو لایەك دەگوشین، بەلام ئەگەر لە پێناوی بە لایەن کردن و ڕاکێشانی ئەو لاو ئەو لا بۆ

ئەو، بەڕاستی نایشارینەوە ئێمە ڕای خۆمان هەیە و دەشمانەوێ بە ڕاشکاوی بڵێین ئێمە نوێنـەری شـەقام و نوێنەری هاووڵاتیان و نوێنەری خەڵکین و نوێنەری لایەنە سیاسیەکان نین لەو پەرلەمانی کوردسـتانە، مـن بۆیە داوا لە بەڕێز لیژنەی دارایی دەکەم باری سەرنجی ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان بە هەند وەربگـرن لـە سیاغە کردنەوەی پرۆژە یاسایەکە و هەروەها دەنگیشم بە زوڵاڵانە و بـە بوێرانـە بـە نوێنـەرانی حکومـەت دەڵێم هەوڵی ئەوە بدەن لە بودجەی ساڵی داهاتوو لە کات و شوێنی دیاری کـراوی خـۆی بودجـە بهێـنن بـۆ پەرلـەمانی کوردسـتان و هـەوڵی ئـەوەش چـڕ بکەنـەوە بـۆ نـەهێنانی کورتهێنـای ئاشـکرا و نەهێشـتنی کورتهێنـانی شـاراوە، نەهێشـتنی بەهـەدەردانی پـارە، هـەروەها گەڕاندنـەوەی هاوسـەنگی نێـوان بودجـەی وەگەڕخستن و وەبەرهێنان و زیاد کردنی پرۆژەکانی وەبەرهێنان کە ئەمـەش مانـای پـێش خسـتنی وڵات و زیاد کردنی هەلی کار و جووڵاندنی بازاڕە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی؟ د.ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا ئـەوەی تێبینیمـان کـرد لـە ڕاپـۆرتی ئـابووری ئێمـە ئاماژەمـان دا بـە نیشـاندەرە سـەرەکیەکان، هەروەکو عورف لە ئامادە کردنی ڕاپۆرت خۆشبەختانە ئەو نیشاندەرە سەرەکیانە لەلایەن گشت ئەنـدامانی پەرلەمانەوە دەوڵەمەند کرا، چوونە ناو وردەکاریەکانیەوە و لەسەر ئاستی ئەو حساباتانە و لەسـەر ئاسـتی ژمارەکان و لەسەر ئاستی پرۆژەکانیش تاکو لە شارەکانەوە گەیشتە گوندەکان.

لەڕاستی دا ئـەوە ئەماژەیـەکی بـاش بـوو و ڕاپۆرتەکـەی دەوڵەمەنـد کـرد، ئـەوەی تێبینیمـان کـرد لێـرە دا هەموو بابەتەکان گفتوگۆی لەسەر کرا، داهـات لەگـەڵ تێچـوو کـە لـە ڕاپۆرتەکـە دا هـاتووە و دوایـی ئاسـتی دابەش کردنی بەسەر دامودەزگاکانی دەوڵەت خـۆی لـە 31 دامودەزگـا دەبینێتـەوە، دواتـر ئامـاژەش درا بـە چۆنیەتی و بڕی داهات لە هەرێمی کوردستان، کەوا لە موازەنەکـە داهـاتبوو، ئـەوەی تێبینمـان کـرد لەسـەر ئەو بابەتانە هەمووی پێشنیار هەبوو بەڕاستی.

لێرەدا ئێمە وەکو لیژنەی دارایی پێشنیارەکان ئەوەی تێبینیمان هەیە لەسەری هەندێ لەو پێشـنیارانە بـە هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی یاسایی کە هاوکارمان دەبێ لە دوای ئەم کۆبوونەوەیـە، دەتـوانرێ بـە پێـی توانـا ئەوە ڕێك بخرێت بۆ ئەوەی بخرێتە ناو مادده یاساییەکان وبڕگەکانی پرۆژە یاسایەکەوە، ئەوەی کـە دەکـرێ هەندێکی و هەندێکیشی دەتوانرێ بەرز بکرێـتەوە وەکو پێشـنیار بـۆ حکومـەت تـاوەکو بەدواداچوونی بـۆ بکات و ئەگەری جێ بەجێ کردنی لەڕاستی دا کۆمەڵی 3 لە پێشنیارەکان ئەوەیە کە لەوانەیە کە نـەگونجێ لەگەڵ کاری پەرلەمان و لە نێوان دەسەڵاتی و جێ بەجێ کردن و دەسەڵاتی تەشـریع، لەوانەیـە نەشـگونجێ لەگەڵ ئەو سیستمە حسابیەی کە پەیڕەوی کراوە لە ئامـادە کردنـی بودجـە دا و قـابیلی جـێ بـەجێ کـردن نەبێت.

لەڕاستی دا هەر لە پرۆژە یاسایەکە لە فۆرمەکان دا کە هاتووە هەندێ لەو ڕێژانەی کە هەمانە تەقریب کراوە و نزیك کراوەتەوە لە دەرئەنجامی ئەو نزیك بوونەوەیە لەوانەیە بڕەکان وەکو خۆی نەبن و لەبەرئەوە ڕاست بوو هەندێ ئەندام پەرلەمانی بەڕێز ئاماژەی بە نیسبەتەکان و بڕەکانیش دا، ئەگەر جیاوازیەك هەبێ لەگەڵ واقع دا بە بڕێکی کەم لە دەرئەنجامی ئەو تەقریبی ڕەقەمەیە کە تەعامول دەکەی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ئەرقام بۆ نموونە ئەگەر ئترۆ دۆلار یەعنی بڕی پترۆ دۆلار لە42,2 لەوانەی کە کۆکرابێتەوە لەگەڵ بڕی داهاتەکانی دیکە ئەو لە دەیا 4 ئیزافە نەکرابێ ئەوە یەکێکە لەو هۆیانەی کە بە پێی بۆچوونی ئێمە کە بڕی داهاتەکەی 476 ەوە بووە 472 ئەوە کە پێویستە لە ماددە یاساییەکەی یەکەمی پرۆژەکەدا چارەسەر بکرێ و بگۆڕدرێ.

لێرەدا ئەگەر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ڕێمان پێ بدات دەربارەی عجز چەند ئەندامێکی بەڕێز قسەی لەسەر عجز کرد، ئایا بمێنێتەوە یان نەمێنێتەوە، ئایا چارەسەر بکرێت من لێرەدا دەمەوێ ڕوون کردنەوەیەك بدەم بە ئەندامانی بەڕێز و دواییش بڕیار بۆ ئەوانە، بە پێی بۆچوونی سەرۆکایەتی لیژنەی دارایی ئێمە پێمان باشە ئەو عجزە وەکو ژمارە ئاماژەی پێ بدەین، چونکە بە پێی هەر یاسای ئەو بودجەی عیراقی فیدراڵیش ماددەیەکی یاساییمان هەیە کە هێزی پێشمەرگە بەشێکە لە مەنزومەی دیفاعی عیراق و پێویستە هەموو ساڵێك ئاماژە بەو بڕە بدرێت، وەك تاك و ئیلتزامێکی قانونی دروست بکات لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵ بۆ جێ بەجێ کردنی.

بەڕای ئێمە پێویستە دابندرێت، لە ڕاستی دا ئەو پارەیەی کە بۆ ئێمە دێت، یەعنی من بەس ئەم خاڵە ڕوون دەکەمەوە و هیچی تر، ئەو پێشنیارانەی کە هەیە بڕی داهات یاخود بڕی کورتهێنان کەم بکەینەوە، یاخود چۆن لای بەرین، ئەو پارەیەی کە ئێمە بۆمان نیە لەسەر ئەساسی ژمارەی دانیشتوان بۆمان نیە، دانیشتوانی هەرێمی کوردستان 4 ملیۆن و 189 هەزار کە ڕێژەکەی 12,6 ە و بۆ نموونە داهاتی عیراق کە ئەو بەشەی کە بۆ ئێمە دێت، لە 70 ترلیۆن نزیکەی 12 ترلیۆنە، ئەگەر ساڵێکی دیکە ئەو 70 ترلیۆنە ببێ بە 140 ترلیۆن ئەو کاتە داهاتەکەی لە 12 باز دەدات بۆ 24، ئەگەر بشبێ بە 35 لە 12 ترلیۆنەوە دەبێ بە 6 کەواتە ئەو مەبلەغە هەروەکو خۆیەتی، ئەو مەبلەغە هەر وەکو خۆی دەبێت، بە پێی ئەو ڕاپۆرتە ئەو ڕێژەیەیە، ئێمە ئەگەر بمانەوێ دابەشی بکەین بەسەر دامودەزگاکاندا بە حەقیقەت بەو شێوەیە بێت، بەڵام چیە ئەبێ ئاماژە بەوە بدەین بڕێ لەو پارەیە کە بە چی پیشانی دەدەی بە کورتهێنان پیشانی دەدەی کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ مەسروفاتی هێزی پێشمەرگە کە بۆچوونێك هەبوو کە نیسبەتێك لەمە لا بەری و نیسبەتێ لە حسابێکی دیکە وکورتهێنانەکەی پێ پڕبکەیتەوە، پڕ ناکرێتەوە، چونکە مەبلەغەکە سابتە، ئەو مەبلەغەی بۆمان هاتووە سابتە، لە هەر جێگەیەکەوە نەقڵی بکەی بۆ شوێنێکی دیکە، هەر 12,6 ترلیۆنە.

لەبەرئەوە بەڕای ئێمە و دواین ڕاش بۆ ئێوەی بەڕێزە، ئەکرێ ئەو حاڵەتە دەکرێ، بە نیسبەت عجزی داخلی لەڕووی زانستیەوە لەڕاستی دا لەڕێگەی چەند ڕێگەیەکی زانستیمان هەیە بە پڕکردنەوەی ئەو

عجزه ئەگەر بە عجز ناوببرێت، یان لەڕێگەی تـەقریری نەفەقاتەوەیـە، یـان لەڕێگـەی زیـادەی ئیراداتەوەیـە یان لەڕێگەی ئیسداراتی نەقدیەوەیە کە پێی دەڵێن (سیاسة التمویل عن طریق العجز النقدی) یان لەڕێگەی دەرکردنی سەنەداتەوە، لەو چوار ڕێگەیەوە ئێمە هیچی ناتوانین بکەین، چونکە بـانکی مەرکـەزیمان نیـە و سولتەی نەقدی لای ئێمە نیە.

لەبەرئەوە مەجبورین پەنا بەرینە بەر ئسلوبی تەقلیدی نەفەقات، ئەوەی کە وەزارەتی دارایی کردوویـەتی نەفەقاتەکەش چیە؟، یەعنی لە هەندێ وەزارەت دا دەبڕدرێت، کەم دەکرێتەوە و دەڕوات بۆ ئەو وەزارەتەی کـە ئـەو بـڕە پارەیـەی بـۆ تـەرخان کـراوە، بـەڵام لەلایـەن حکومەتـەوە نایـەت، لەبەرئـەوە بـە حەقیقـەت پێویستە ئاماژەی پێ بدرێت وەکو ئیلتزامێکی قانونی بەسەر حکومـەتی فیدراڵـەوە کـە لـە کـاتی گفتوگۆ و مفاوەزات چارەسەر بکرێت، ئەوە تەنها بۆچوونی منە و، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید فەرموو.

**بەڕێز خورشید احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی تێبینمان کرد پارساڵ و دوای 2010 و 2011 پێشنیارەکان بەڕاستی بە هەند وەرنەگیران، یـەعنی ڕاستە ئیحتماله برادەران تۆزەك تەخەوفیان هەبێ لەسەر پێشنیار، بە ڕەئی من ئەو سـاڵ بـێین بڕیـارە کـە ئەم شتەك دەرکەین لە پەرلەمان، حکومەت ئیلزام بکەین و لیجان دروست بکەین بـۆ بەدواداچوون لەسـەر ئەو پێشنیارانە و بەهەند وەرگـرتن و سـوود وەرگـرتن بـۆ ئـەوەی پێشـنیارەکانیش ببنـە بەشـێك لـە کـاری حکومەت و ئیستفادەی لێ وەرگرت بێت، وەکو ئـەو هەڵـە و کـەم و کورتیانـە دووبـارە نەبنـەوە جارێکی تـر ئەمەش دەبێتە هاوکاریەك و پشتیوانیەك بۆ ڕاست کردنی کاری حکومەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ماندوو نەبن، دیارە قسەی زۆر باش کراو هەموومان کوڕی ئەو میللەتەین و نوێنەری هەموو چین و توێژەکان و ئایینە جیاوازەکانی خەڵکی کوردستانین، بـێ گومـان بیروبۆچـوونی جیـاواز دەبـێ و سـەرنجی جیاواز دەبـێ و جار جارە لـەناو پەرلـەمان قسـەی بـەرزونزمیش دەبـێ لـە پێنـاوی مەسـڵەحەتی میللەتـە، چونکە هەر یەکێك لە ڕوانگەیەکەوە تەماشای مەسڵەحەتی میللەت دەکات، هەر کەسێك لـە ڕوانگـەی خـۆی تەماشای دەکات و بۆ مەسڵەحەتی میللەتەکەیەتی، بۆیە هـەر یـەکێ لـە پەرلـەمانتارە بـەڕێزەکان قسـەکانی خۆی کرد، ڕاوبۆچوونەکانی خۆی گوت، ئازادیشە لە پەرلەمان بۆچوونەکانی خۆی بڵێت.

ئێستا دوای چەندین سـەعات لـە موناقەشـە و گفتوگۆ داوا دەکـەین لـە لیژنـەی دارایـی و یاسـایی ڕەچـاوی هـەموو پێشـنیار و بۆچـوونی پەرلـەمانتارە بـەڕێزەکان بکـەن، یـان خۆیـان هـەر دوو لیژنەکـە دەتـوانن لیژنەیەکی موسەغەر لەنێوانی خۆیان دابنێـن، بۆ یەك خستنی ڕایـەکان، بۆئـەوەی تێبینـی و مولاحـەزاتی

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (33)
## چوار شەممە ڕێکەوتی 2012/6/20

کاتژمێر (5)ی ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2012/6/20 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان, دانیشتنی ژمارە (33)ی خولی سێیەم, سالّی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی سالّی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (33)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (5)ی ئێوارەی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2012/6/20 دا بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەو یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ سالّی 2012.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان خولی سێیەمی هەڵبژاردن، سالّی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن 33، ڕۆژی دانیشتن 2012/6/20

بەرنامەی کار:

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددەی 20 لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموار کراوی سالّی 1992 ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (33)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (5)ی ئێوارەی ڕۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2012/6/20 بەم شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە ڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەو یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ سالّی 2012.

ئێستاش بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە دەخوێنێتەوە کە موڵەت بوون، یان ئامادە نەبوون با بفەرموێ.

**بەڕێز حسن محمد سورە (جێگری سەرۆکی پەرلەمان):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەو ئەندامانەی لە دانیشتنی ژمارە 32ی ئاسایی لە 19/6/ 2012 مۆڵەت بوون یان ئامادە نەبوون:

**دانیشتنی بەیانی**

1- پەیام احمد محمد/ مۆڵەت.
2- بەیان احمد حسن/ ئامادە نەبوو.
3- حازم تحسین/ مۆڵەت.
4- پەیمان عبدالکریم/ مۆڵەت.
5- سمیر سلیم امین بەگ/ مۆڵەت.
6- د.صباح محمد نجیب/ مۆڵەت.
7- عبدالسلام مصطفی صدیق/ مۆڵەت.
8- یاووز خورشید عثمان/ مۆڵەت.
9- ئاشتی عزیز صالح/ مۆڵەت.
10- رازاو محمود فرج/ مۆڵەت.
11- سالار محمود مراد/ ئامادە نەبوو.
12- سەرگوڵ رضا حسن/ ئامادە نەبوو.
13- عبداللە محمد نوری/ مۆڵەت.
14- عمر صدیق محمد/ ئامادە نەبوو.

**دانیشتنی ئێوارە**

1- پەیام احمد محمد/ مۆڵەت.
2- رازاو محمود فرج/ مۆڵەت.
3- حازم تحسین سعید/ مۆڵەت.
4- عبداللە محمد نوری/ مۆڵەت.
5- عدنان عثمان محمد/ مۆڵەت.
6- د.صباح محمد نجیب/ مۆڵەت.
7- عبدالسلام مصطفی صدیق/ مۆڵەت.

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (34)

## پێنج شەممە ڕێکەوتی 2012/6/21

کاتژمێر (5)ی ئێوارە رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی 2012/6/21 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبدالله سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (34)ی خولی سێیەم، سالّی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی کار:**

بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی سالّی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (34)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (5)ی ئێوارە رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی 2012/6/21 دا بەم شێوەیە بێت:

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنەکەی ئەمڕۆمان دەست پێدەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن سالّی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن 34 ، ڕۆژی دانیشتن 21-6-2012، بەرامەی کار:

بە پێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی مادده 20 پەیڕەوی ناوەخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی سالّی 1992ی پەرلەمانی کوردستانی عیراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی 34ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات 5ی ئێوارە رۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی 21-6-2012 بەو شێوەیە بێت:

1-بەردەوام بوون لەسەر خستنە روو و گفتوگۆکردنی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستانی عیراق بۆ سالّی 2012 ، ئێستاش بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە دەخوێنێتەوە کە ئامادە نەبوون یان مۆڵەتیان هەیە، با بفەرمووێ.

**بەڕێز حسن محمد سوورە/جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ناوی ئەو ئەندام پەرلەمانانەی کە لە دانیشتنی ژمارە 33ی ئاسایی لە 6/20 مۆڵەت بوون یان ئامادە نەبوون،

پەیام احمد محمد-مۆڵەت، ئاهەنگ عارف-مۆڵەت، حازم تحسین-مۆڵەت، حەمە سعید حەمە علی- ئامادە نەبوو، پێشەوا توفیق –مۆڵەت، د.صباح محمد نجیب-مۆڵەت، رازاو محمود-مۆلەت، یاووز خورشید-مۆڵەت، سمیر سلیم-ئامادە نەبوو، عبدالله محمدامین-مۆڵەت، عمر عبدالعزیز- مۆڵەت، عظیمة نجم الدین-مۆڵەت

هەروەها لە دانیشتنی پێشوو کاك سالار محمود ناوی بە ئامادە نەبوو هاتبوو، داوای لێبوردن دەکەین کە ناوەکەی تەسجیل کرابوو، مۆڵەت بوو.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە هەمان شێوە ناوی من و ناوی گەشە خانیش وا بزانم بە ئامادە نەبوون هاتبوو، ئێمە لێرە بووین و مۆڵەتیش بووین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

دیارە تەوقیعتان نەکردیە دوێنێ؟، ئەبێ تەوقیعتان نەکردبێ، بۆیە ناوتان بە غائیب نووسراوە، دوایی برادەران تەماشای دەکەنەوە، بەسەرچاو، بەخێرهاتنی بەڕێز وەزیری دارایی و مونەسیقی نێوان پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، زۆر بەخێر بێن، بەڕێزان لەسەر ئەساسی ئەوەی کە دوو رۆژ بەر لە ئێستا ئێوەی بەڕێز رەزامەندیتان دەربڕی لەسەر ئەوەی کە هەردوو لێژنەی دارایی و یاسایی کە کۆببنەوە بۆ فۆرمۆڵە کردنی پێشنیار و بۆچوونی ئەندامانی پەرلەمان لە بارەی پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2012، ئەوە بوو ئەم دوو لێژنەیە لە ماوەی ئەم دوو رۆژە دەست بەکاربوون، ئێستاش ئێمە دەمانەوێ ئەم دوو لێژنەیە یاسایی و دارایی بێنە ئێرە با بزانین کۆبوونەوەکانیان بە چ ئەنجامێك گەیشتووە، فەرموون لێژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە هەردوو لێژنەی یاسایی و دارایی لە پەرلەمانی کوردستان لەسەر راسپاردەی پەرلەمانی کوردستان لە کۆبوونەوەی ژمارە 32 ی رۆژی 19-6-2012، هەردوو لێژنە کۆبوونەوەمان ئەنجامدا لە رۆژانی 20 و 21-6-2012 سەر لە بەیانی تا کاتژمێر 5ی ئێوارە بە شێوەیەکی بەردەوام، کۆبوونەوەکە بە ئامادەبوونی بەڕێز رەشید تاهیر برپکاری وەزیری دارایی هەرێمی کوردستان بوو، بۆ فۆرمولە کردنی پێشنیار و بۆچوونی ئەندامانی پەرلەمانی لە بارەی پرۆژە یاسای

بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی دارایی 2012، دوای گفتوگۆکردن لیژنە گەیشتە ئەم خاڵانەی خوارەوە:

یەکەم/دەربارەی ماددەی یەکەم لە پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی 2012، دوو ڕا هەیە لەو بارەیەوە:

ڕای یەکەم/جێگیر کردنی داهات بە وردەکارییەوە.

ڕای دووەم/پشتیوانی لە ماددەکە دەکات وەك خۆی و چۆن لە پرۆژە یاسایەکەدا هاتووە.

چونکە هەر یەکە لە وەزارەتەکانی کارەبا، تەندروستی، ناوەخۆ، سامانە سروشتیەکان، فرۆکەخانەکان، ڕێگا پێدراوە بە پێی یاسای داهاتەکانی خەرج بکات، وەزارەتی دارایی و ئابووری تەمویلی ئەو خەرجیانە دەکات کە زیاترە لە داهاتەکانیان، سەبارەت بە پێشنیارەکانی تر وە بۆچوونەکانی تری ئەندامانی پەرلەمان، کە خرانە ڕوو سەبارەت بە بودجە، هەردوو لیژنەی دارایی و ئابووری گەیشتن بەوەی کە ژمارەیەکیان وەك ماددە پێك هاتن لەسەر ئەوەی کە ژمارەیەك لەو پێشنیارانە وەك ماددەیەکی یاسایی بخرێنە ناو یاسایەکە، سەبارەت هەندێك لە پێشنیار و بۆچوونەکان، تێبینی ئەوەمان کرد کە جێگای نابێت لە یاسایەکەدا، بۆیە بڕیاردرا لە نێو هەردوو لیژنە کە وەك ڕاسپاردە ئاراستەی حکومەت بکرێ بۆ ئەوەی حکومەت جێبەجێی بکات، ئێستا دەست پێدەکەین بە خوێندنەوەی ماددەی یەکەمی قانونەکە، ئینجا گفتوگۆی لەسەر بکرێت سەبارەت بە ڕای ئەندامانی بەڕێز، زۆر سوپاس، ببورن تەنها تێبینیەکم هەیە کە هەڵەی چاپی تێدایە، کشتوکاڵ زیادکرایە لە ڕاپۆرتەکە، شارەوانیە، کشتوکاڵ نیە، ببورن، لە جیاتی کشتوکاڵ واتا دەیکەینەوە شارەوانی.

ماددەی یەکەمی یاسایەکە:

المادە الاولى:

تقدر ايرادات الموازنة للسنة المالية 2012 لاقليم كوردستان-العراق بمبلغ 13200 مليار و 950 مليون دينار و حسب ما هو مبين في الجدول الاتي:

| تسلسل | العنوان | المبلغ |
|---|---|---|
| -1 | حصة الاقليم حسب الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنة المالية 2012 و بضمنها البترودولار. | 12604950000000دينار |
| -2 | الايرادات العامة المخمنة و بضمنها ايرادات المنافذ الحدودية لسنة 2012. | 476 مليار دينار |
| -3 | عن المنتوج و المستهلك محليا النفط و الغاز البترودولار. | 120 مليار دينار |

**بەڕێز محمد دلێر محمود :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی یەکەم:**

**داهاتەکانی بودجەی ساڵی دارایی 2012ی هەرێمی کوردستان-عیراق، بە بڕی 13 ترلیون و 200 ملیار و 250 ملیۆن دەخەملێنرێت و بە گوێرەی ئەمەی لەم خشتەی خوارەوە روون کراوەتەوە:**

| ناونیشان | بڕ | گۆژمە |
|---|---|---|
| -1 | بەشی هەرێم بە گوێرەی یاسای گشتی ئیتیحادی کۆماری عیراق بۆ ساڵی دارایی 2012 کە بترودۆلاریشی لەگەڵدایە. | 12604950000000 دینار |
| -2 | داهاتی گشتی خەملێنراو کە داهاتی ساڵی 2012 و سنوورەکانیشی لەگەڵدایە . | 476 ملیار دینار |
| -3 | ئەوەی لە دەرهێنان و بەکاهێنانی ناوەخۆ (نەوت و غاز و بترۆل) بێت. | 120 ملیار دینار |

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە ماددەی یەکەم، وەکو لە سەرەتای قسەکانم ئاماژەم پێدا، کەوا دوو ڕا هەیە لەسەر ئەو ماددەیە، رەئی یەکەم دەڵێ جێگیر کردنی داهات بە وردەکارییەوە، رای دووەم، پشتیوانی لە ماددەکە دەکات کە وەکو خۆی چۆن لە پرۆژە یاسایەکەدا هاتووە، چونکە هەر یەکە لە وەزارەتەکانی کارەبا و تەندروستی و شارەوانی و ناوەخۆ و سامانە سروشتیەکان و فرۆکەخانەکان، رێگا پێدراوە بە پێی یاساکە داهاتەکانی خۆی خەرج بکات، وە وەزارەتی دارایی و ئابووری تەمویلی ئەو خەرجیانە دەکات کە زیاترە لە داهاتەکانیان.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو د.ئەحمەد.**

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بە پێی ماددەی 85 لە دوای موناقەشەی راپۆرتەکە، دەبێ پەرلەمان دەنگ بدات لەسەر داخیل بوون بۆ گفتوگۆی پرۆژە یاسایەکە، پەرلەمان دەنگی نەداوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەی ئێمە ئەوی ڕۆژێ دەنگمان بۆ دا، بەڕێزان ئێستا ماددەی یەکەم خوێندرایەوە و دوو بۆچوون هەیە، ئێمە دیارە لە دانیشتنەکانی ڕابردوو هەر یەکێ لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان بە تەفصیل زۆر قسەیان کرد، ئێستا پێمان باشە چەند پەرلەمانتارێك بۆ ماوەی 3 دەقیقە ڕەئی خۆیان بدەن، مەجموعەیەك دەستنیشان دەکەین بە لایەنی ڕەئی یەکەم، ئەوەی تر بە لایەنی ڕەئی دووەم، بۆ ماوەی 3 دەقیقە قسە بکەن، فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پێی پەیڕەوی ناوەخۆی پەرلەمان، ڕاستە ئێمە قسەمان لەسەر پرۆژەی بودجەکە کردووە، بەڵام پرۆژە یاسایەکە ماددە بە ماددە ئەبێ بخوێندرێتەوە و هەر ئەندامێکی پەرلەمان قسەی لەسەری هەیە، قسەی لەسەر بکات، نەك بەس چەند ئەندامێکی پەرلەمان قسە لەسەر ئەو ڕایە بکەن کە لیژنەکە پێی گەیشتووە و، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە وتمان قسە بکەن و موراعاتی وەقت بکەن، هەر یەکە 3 دەقە قسە بکەن، چونکە هەموومان قسەمان کرد، ئێستا کێ دەیەوێ قسە بکات با ناوی بنووسین، بەڵام تکایە موراعاتی وەقت بکەن، لەو سەرەوە دەست پێ دەکەین، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسیوە:

(ناسك خان، حاجی بیلال، هاژە خان، کاك ئارام، د.سەروەر، کاك عبدالسلام، کاك گۆران، سۆزان خان، کاك نەریمان، مامۆستا فەرمان، پەیمان خان، کاك عبدالله ملا نوری، کاك بورهان، کاك کاردۆ، عظیمة خان، کاك دڵشاد حسین، کوێستان خان، کاك عبداللە محمد امین، ئاشتی خان، کاك جمال، کاك شڤان، د.ڕێباز، ڤیان خان، کاك خورشید، کاك عدنان عثمان، کاك پێشەوا، د.عومەر، عومەر هەورامی)، تکایە موراعاتی وەقت بکەن، 3 دەقیقە، فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك توفیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە سەبارەت بە داهات ئەمەی کە دوو ڕای لەسەر دروست بووە، دیارە ڕای دووهەم هەتا ئەگەر بڵێین هەمووشیان کە بە یاسایی بڕیارمان دابێ داهاتیان بۆخۆیان بێ، چۆن ئەبێ داهات تەدریج نەکرێ و نەنووسرێ لەناو داهاتدا؟، بۆ چی ؟، چونکە ئەصڵی بودجەکە یەعنی داهات و خەرجی، ئەو بڕە زۆرەی کە لە عیجز یان لە کورت هێنان هەموو ساڵێك دروست ئەبێ بۆ ئێمە لە نەتیجەی دەرکردنی خەرجیەکانە لە داهات، ئێستا ئێمە ئەگەر بێت و بۆ نموونە بۆ ئەوەی ئاسانتر لێی تێبگەین، ئەگەر داهاتی کارەبا نەنووسین، دوایی ئەم داهاتە خەرج ئەکرێ، قابیلە بۆ کوێی ئەبات وەزارەتی کارەبا؟، بە پرۆژە خەرجی ئەکات، پرۆژە وەبەرهێنەرەکان،بە بەکاربەر خەرجی ئەکات ئەچێتە بڕی بەکاربەر، کەواتە لە خەرجیەکاندا بڕی پارە دروست ئەبێ، کە داهاتەکەی نەنووسراوە، دوایی ئەبێتە قەبارەیەکی تر و ئەچێتە

سەر كورت هێنانەكە، كەواتە ئێمە چۆن ڕێگا ئەدەین بەوەی كە داهاتێك هەبێ، خەرج كرابێ، بەڵام داهاتەكە نەنووسرێ، لەبەر ئەوە بەراستی زۆر غەڵەتێكی رەقمی و حیسابیە، پەیوەندی بە هیچ شتێكی ترەوە نیە، تۆ چۆن داهاتێكت هەیە، دواتر خەرجی ئەكەی، بەڵام لە خەرجیدا داخیلی ئەكەی، بەڵام لە داهاتدا داخیلی ناكەی؟، ئەمە یەك، دوو، ئەگەر ئەڵێی لە خەرجیشدا داخیلی ناكات، ئەمە خراپتر، ئەی ئێمە چۆن ئەمە بە جێ بێڵین بۆ میزاجی وەزارەتێك؟، نازانین لە كوێدا خەرجی ئەكات؟، بۆیە لەبەر ئەمە بەراستی ئەگەر هەمووشی، ناڵێم ئەوانەی بە یاسا تەدوین كراوە، هەموو ئەوەی كە وتمان بە فیعلی و بە یاسا وتوومانە بۆ خۆیان، ئەبێ بە وردی لە داهاتدا بنووسرێ، ئەمە خاڵی یەكەم، خاڵی دووەم، شتێك لە مەسەلەی نەوتدا زۆر باس ئەكرێ، لەبڕی داهاتی نەوتەكە نووسرابوو لەناو لێژنەكاندا، ئەو دوو لێژنەیەی كە كۆبوونەوەیان هەبوو، ئەوترا ئەمە نابێ ئیعلانی بكەین لەبەر خاتری بەغدا، بەڕێزان، وەزیری سامانە سروشتیەكان خۆی لەم پەرلەمانە وتی، لە لێژنەش ئەڵێ، شیرینی گرێبەستەكان، عیراق بە ناوەند ئەڵێ عافییەتان بێ، چونكە بەشی خۆمانە، لەبەر ئەوەی ئیعلان كردنی هەر داهاتێك كە لەسەر بۆنسەكە بێت، ئەمە بەشی خۆمانە، بۆیە ئەبێت داهاتی بۆنسی نەوتەكە، داهاتی فرۆشی بەرهەمە نەوتیە ناوخۆییەكان، ئەم دوو شتە هیچ سرپاتێكی تێدا نیە بۆ مەركەز، لەبەر ئەوە ناكرێ داهاتێكی زۆر هەبێ نەنووسرێ بە بیانووی ئەوەی كە ئەمە بۆ بەغدا خەتەرە، چونكە ئەوەی بۆنسەكان لەگەڵ ئەوەی تر هیچ پەیوەندییەكی بە مەركەزەوە نیە و، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عەونی چیت هەبوو؟ ببوورە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تێبینیم ئەوەندە بوو، ئێمە ئێستا لەسەر ماددەی یەك قسە دەكەین، داخوازم لە ئەندامانی پەرلەمان كە قسەكانیان چڕ بكەنەوە لەسەر ماددەی یەك، هەتا بتوانین بەردەوام بین لەسەر گفتوگۆ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك حاجی بیلال.

**بەڕێز احمد سلیمان (بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕای یەكەمدام هەڵبەت، چونكە وەكو خوشكی بەڕێزم ناسك خانیش باسی كرد، ئێمە بودجە دوو شتە، یەكەم، داهاتە و دوایی صەرفە، ناكرێ ئێمە بەشێك لە داهاتەكان جیا بكەینەوە بە ناوی ئەوەی كە دەدرێ بە وەزارەتەكان نەخرێتە ناو داهاتەوە، داهات هەر داهاتە، ئینجا ئەگەر خۆی سەرفی بكات یان بیبات وەزارەتی دارایی سەرفی بكات جارێكی دیكە، لەبەر ئەوەی داهات هەر داهاتە ئەبێ لە لیستی داهاتەكان دیاری بكرێ، چەند كراوە و داهات چەند بووە و سەرفیاتیش چەند بووە؟، هەم داهاتی دیار بێ وەزارەتەكە

و هەم سەرفیاتی دیار بێ، ناکرێ داهاتەکە حیساب نەکرێ لە بودجەدا، چونکە ئەمە لە ئەصڵدا بودجەیە، یەعنی بەشێك لە بودجە داهاتە، جا لەبەر ئەوە من پێموایە بەراستی هەموو داهاتەکان بە شێوەیەکی ورد دەستنیشان بکرێن وەکو پێشتریش جەماعەت زۆر باسیان کرد هەموو لایەك، باسی هەموو داهاتەکانی نەوت بە هەموو بەشەکانیەوە، شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و خاڵە سنووریەکان و هەر شوێنێکی تریش کە داهاتیان هەیە، بەراستی پێویستە داهاتەکان دیار بن و روون بن و شەفاف بن و داخیل بکرێن لە بودجەدا و هیچ بەهانەیە نیە بۆ ئەوەی داهاتەکان دیا نەبن، سەبارەت بە چەند تێبینیەکی تریشم هەیە لەسەر ماددەی یەکەم، من پێموایە لە ماددەی یەکەم پێویستە بڕگەیەك زیاد بکرێ بەناوی مینەحی خاریجی، ئەو مینەحانەی کە دێن بۆ حکومەت، مینەحی خارجین، بە بڕگەیەك دابندرێ وەکو داهات حیسابیان بۆ بکرێ لە ماددەی یەکەم دابندرێ، وەکو پێشتریش بۆ نموونە رێکخراوێکی ئەڵمانی مینەحی داوە، ئەمە دیاری بکرێ لە بودجەدا دیار بێ و بە بڕگەیەکیش دیاری بکرێ لە ماددەکەدا، ماددەی پێنجیش لە پرۆژەکەدا، ئەویش دیسان پێموایە بێتەوە سەر ماددەی یەکەم، لەبەر ئەوەی ئەویش هەر باسی تەبەروعاتە و تەبەروعاتیش هەر بەشێکە لە داهات، بۆیە ماددەی پێنجیش ببێت بە بڕگەیەك لە ماددەی یەکەم، ماددەی چواریش دیسان بکرێتە بڕگەیەك لە ماددەی یەك، چونکە لەوێش دیسان هەر باس لە ئیراداتی حکومەتە، پێویستە ئەمیش بێتەوە و بکرێت بە بڕگەی یەکەم، ئیستیسنائەکانیش، من پێموایە نابێ ئیستیسنا هەبێ، پێشتریش باسم کرد هەموو ئیستیسنائەکان پێویستە هەموو ئیراداتەکانی دیار بێ و صەرفیاتی دیار بێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك ئارام فەرموو.**

**بەڕێز ایوب نعت (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لەو قسانەی کاك حاجی بیلال دەکەم، داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم، ئەوە قانونی بودجەی عیراقیە کە بە شێوەیەکی وازیح ئیراداتی تەوزیع کردووە، مینەح، تەبەروعات، چونکە لە پرۆژە یاسایەکەی خۆمان زۆر بە پەرت و بڵاوی باسی کردووە، تەنانەت ماددەکان لە ئیرادات لە بڕگەی یەکەم هەمووی نیە، کۆمەڵێك ماددەی تری تێدایە یەك بخرێتەوە، سەبارەت بە مەسەلەی داهاتیش، ئەوەی ناسك خان باسی کرد منیش پشتیوانی لێ دەکەم، چونکە ئێمە هیچ کێشەیەکمان نیە، ئەمە داهاتە، چونکە تەنها باسی دوو وەزارەتمان کردووە، بە پێی یاساکە، تەنها وەزارەتی تەندروستی و کارەبایە کە بۆ خۆیەتی، ئەوانی تر لەیاسا نەهاتووە کە بۆخۆیان بێت، لە داهاتدا باس بکرێ کە ئەمەندەیە و خەرجیەکەش بە هەمان شێوە، بۆ ئەوەی پێچەوانەی یاسا نەبێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**د.سەروەر فەرموو.**

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی من پێشنیاری ئەوە دەكەم كە ماددەكە وەكو خۆی بێت، ئەو پێشنیارانەی كەوا دەیكەین ئاخۆ لە پێناو دەركردنی یاسایەكە بێت، كە یاسایەكە بێ كەم و كوڕی بێت، یاسایەك بێت لە خزمەتی خەڵك دا بێت، ببێتە مایەی بووژانەوە، داهاتەكان دیار بن، یان هەر مەبەستێكی تر هەبێ، بەلای منەوە گرنگ نیە ئەو وردەكارییانە لە یاسایەكەدا هەبێت یاخود نەبێت، گرنگ ئەوەیە دەتوانم بڵێم لە روانگەیەكی تردا تێ بڕوانین، ئایا ئەوەی ئەو ڕایەی دووەم كەوا باسی لێوە دەكرێ بۆ ئەوەی جێگیر بێت، تا چەند لە بەرژەوەندی خەڵكدایە؟، یان ڕای یەكەمیان ئەوەی كە ئەڵێ بگۆڕێت، تا چەند لە بەرژەوەندی خەڵكدایە؟، ئایا ئەگەر لێرەدا بنووسرێت، چی ئیزافەیە ئەخاتە سەر باش گوزەرانی خەڵك؟، ئایا لە نووسینی ژمارەیەكی موجەرەد زیاتر، یەك دینار، یەك سەنت دەهێنێتە سەر ئەوەی كە باری گوزەرانی خەڵك باش بێت؟، مووچە و دەرماڵەی پێ زیاد بكرێت، پرۆژەیەكی پێ زیاد بكرێت؟، یاخود هەر وەكو خۆی دەمێنێتەوە؟، بۆیە من لەگەڵ ئەوەدام، بەڵكو بە پێچەوانەوە ئەم ماددەیە وەكو خۆی بمینێتەوە، بە ماددەیەكی تر زیاد بكرێت، ساڵانە وەزارەتی دارایی لەگەڵ ئەوە داین كە خشتەیەك بنێرێت بۆ پەرلەمانی كوردستان و سەرجەم داهاتەكانی تێدا دەستنیشان كرابێت، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، من لێرەدا كاتێك ئەو قسەیە دەكەم، كاتێك ئێمە دەڵێین مەبەستم ئەوە نیە كە داهاتەكان نادیار بن، بەڵكو لەگەڵ ئەوەدام كەوا دینار بە دیناری داهاتی كوردستان بنێردرێتە پەرلەمان و لە حیسابی خیتامیدا بەدوایدا بچین، ئەگەر هاتو وەكو خۆی بە پێی یاسا ئەوەی هەیە سەرف نەكرا، ئەو كاتە ئێمە حكومەت بانگ بكەین و لێپێچینەوەی لەگەڵ بكەین لە پێناو ئەوەی كەوا وەكو خۆی جێبەجێ بكرێت و، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم بابەتە دوو لایەنی هەیە، لایەنێكی حیسابی و زانستی میزانییەیە و لایەنێكیش لایەنی پەرلەمانی و رەقابیە، ئەگەر هی دووەمیان وەربگرم، ئەگەر یەكێك لە ئێمە خوا نەكا لە گریمانێك دەست پێ بكات كە شكی هەیە داهات ئەشێردرێتەوە، بە تەصەوەری من لە لایەكەوە ئەوە وەزارەت تەخمینی داهاتەكانی دیار كردووە، ئەوەی خستووەتە بەردەستی ئێمەی ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە 11 مانگ، ئەگەر گریمان مانگێك گفتوگۆی میزانیە ئەكەین، 11 مانگ كاتمان لەبەر دەستە بچینە ئەو وەزارەت و ئەو لایەنانەی كە دیاركراوە داهاتی خۆیان دەبێت، وە بزانین ئەو پارە چەند بوو ئەوەی هاتووە، چی لێ هاتووە؟، كۆی ئەو پارەی كە بە دەستی نەگەیشتووە كە لە لای حكومەت تەرخان كراوە یان لەوێ؟، تەدقیقی بكەین و ئیجرائات وەربگرێن، ئەمە ئەو لایەنەیە، دێمە سەر لایەنی زانستی، بودجەی نیشتمانی، باسی ئەو ژمارە و ئەو بڕە پارە دەكات كە ئەوەی دێت داخیلی قاصەی حكومەت دەبێ، میزانیەی حكومەت، ئێمە لە پەسند كردنی یاسای وەزارەتەكان بڕیارمان

دا پارەکە هی ئەم لایەنە بمێنێت لە وەزارەت، واتا لە ئاستێکی خوارەوەی حیسابی ماوە، نادرێتە سەر ئاستی داخیلی میزانیەی حکومەتی هەرێم ببێت، بۆیە ناکرێ، لە رووی ئەو ویجهەت نـەزەرە حیسابیەوە داخیلـی میزانیە ببێت، چونکە ئەصڵەن داخیلی میزانیە نەبووە، ئەگەر پێمان خۆشـە داخیلـی میزانیـە ببێـت، مـن پێشـنیار دەکـەم زۆر بـە هـدوء پـرۆژە یاسـایەك پێشـنیار بکـەن، پارەکـان و هـەموو داهاتـەکان تـەحویلی خەزینـەی هـەرێم بکرێـت، ئـەو کاتـە بمانـەوێ و نەمانـەوێ میزانیـە بێـت، بۆیـە مـن ئـەڵێم لـە رووی مەبدەئیەوە راست نیە داخیلی میزانیە بکەین، چونکە داخیلی میزانیەی حکومەت نابێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، دەربارەی چۆنیەتی داخیلی کردنی داهات لەناو بودجە یان نا؟، بەراستی مـن پێموایە کە ئێمە، هەرچەندە ئەو وەزارەتانەی کـە وەکـو وەزارەتـی کارەبایـە، تەندروسـتیە، هەرچـەندە کـە خۆیـان داهاتـەکانی خۆیـان بـۆ وەزارەتـەکانیان سـەرف دەکەنـەوە، بـەڵام پێموایـە دەبێـت خـۆ داهاتـەکانیان ئاشکرا بێت، چونکە لە رووی عیلمیـەوە وەکـو هاوکـارانم باسـیان کـرد، موازەنـە پێـك هـاتووە لـە ئـیرادات و نەفەقات، ئەگەر وەکو یەك بوون ئەوە موتابیق دەبێت، ئەگەر وەکو یەك نەبوون ئەوە موتـابیق نـابن، واتـا ئەگەر ئێمە نەزانین داهاتەکان بـە چ شـێوەیەك، یـەعنی داهـاتی هـەموو وەزارەتـەکان، ئەگـەر هـات و ئێمـە لەناو یاساکەشدا تەسبیتی نەکەین، بەس زۆر پێویستە بە ئیستیمارەیەکی مورفەق لەناو پـرۆژە یاسـایەکەدا بێت تا بزانین داهاتەکان چۆنن؟، چونکە بەراستی خەڵکێکی زۆر هەیە داوا ئەکات کە سەرچـاوەکانی داهـات لە هەرێمدا دیار نیە، بۆیە بەراستی زۆر گرنگە کە داوای داهاتەکان زۆر بە روون و ئاشکەرا دیار بێت هـەتا بتوانین موازەنەیەك پەسند بکەین لە هەرێمی کوردستان کە سەرچاوەکانی داهات زۆر روون و شەفاف بێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو فراکسیۆنی کوردستانی پێمان وایە، پەیڕەو کردنـی لامەرکەزیـەت کارێکـە بـۆ ئاسـانکردنی کـاری وەزارەتـەکان و ئـەو لایەنانـەی کـە پـەیڕەوی دەکـەن، لەگـەڵ کـاری حکومەتـدا، شـۆرکردنەوەی دەسـەڵات و پـەیڕەو کردنـی لامەرکەزییـەت، بەشـێکە لـە دەرکردنـی هـاووڵاتی لـە مەسـەلەی رۆتـین و دەرکردنـی بەڕێوەبەرایەتیەکان لە مەسەلەی رۆتین، بۆیە لێرەدا ئەگەر هـات و ئێمـە سـەیر بکـەین بـزانین حکومـەتی

هەرێمی کوردستان کە باس لە داهاتەکان ئەکات، کە لەناو یاسایەکەدا دیاری کردووە، ئەوەیە کە ئەڵێ: بضمنها ایرادات المنافذ الحدودیة لسنة 2012، کەواتە لەو خشتەی کە هێناویەتی، حکومەت زۆر بە شەفافانە و بە روونی دیاری کردووە، ئەڵێ: ئەو داهاتانە لە جیاوازی نەفەقات و داهات و عیجز داخیلی بودجە دەکرێت، یەعنی لەناو ئەو 22500 ژمارەیە کە هاتووە بەردەستی ئێمەی پەرلەمانتار، لە باسی داهاتی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کارەبا، داهاتەکان دەخرێتەوە سەر بودجەی خۆیان، چەندێکیان سەرف کردووە، چەندێکیان داهات هەیە؟، چەنێکیش پێداویستیان هەیە؟، ئەگەر داهاتەکەیان لە و پێداویستیانەی کە ئەوان باسیان کردووە زیاترە، حکومەت مەجبوورە تەمویلیان بکات، ئەگەر کەمترە، حکومەت دەبێت پارەی زیادیان بداتێ، بۆیە، من لەگەڵ ئەوەدام کەوا چۆن هاتووە لەناو پرۆژە یاسایەکەدا، وەك فراکسیۆنی کوردستانی پشتگیری لەو رایە دەکەین و، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو

**بەڕێز نەریمان عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی من ئەمەوێ چەند هەڵەیەکی قانونی کە نووسراوە، لێرە چاکی بکەمەوە و باسی بکەم و داوای روونکردنەوەش بکەم لە لێژنەی یاسایی و لێژنەی دارایی، بەراستی لێرە لە رای دووەمدا بەتایبەتی نووسیویانە پشتیوانی لە ماددەکە دەکات و خۆی و چۆن لە پرۆژەکەدا هاتووە، چونکە لێرەدا ئەچێتە قالبی موخالەفەی قانونی کە نووسراوە، هەر یەك لە وەزارەتەکانی کارەبا و تەندروستی و کشتوکاڵ و ناوەخۆ و سامانە سروشتیەکان و فرۆکەخانە.. رێگە پێدران بە پێی یاسا کە داهاتەکانیان خەرج بکەن، من دەپرسم ئەمە یاسایەکە لەبەردەستی هەمووومان هەیە، غەیری کارەبا و تەندروستی کوا ئەوانی تر؟، نە کشتوکاڵ و نە ناوەخۆ و نە سامانە سروشتیەکان و نە فرۆکەخانە تێدا نیە کە دەسەڵاتیان هەر وەکو خۆیان بودجەکانی خۆیان سەرف بکەن، ئەمە دەقی ماددەکەیە، ماددەی 4، ئەمە ئیستیسنائاتەکە تەنها ئەو دووانەیە: یەکەم لە ماددەی چوار برِگەی یەك: اضافة مبالغ الایرادات الشهریة التي تحققها وزارة الصحة، تەواوی ناکەم، ئەوەی وەزارەتی صیحە دیاری کردووە کە بۆ خۆی سەرفی دەکات، دووەم، مبالغ الایرادات الشهریة التي تحققها وزارة الکهرباء، غەیری ئەم دووانە کوا لە پرۆژە یاسایەکەدا شتی وا هاتووە کە بۆ خۆیان سەرفی بکەنەوە؟، ئەمە جارێ بۆ خۆی موخالەفەیەکی قانونیە کە نووسراوە بەراستی من ئیعتیرازم لەسەر هەیە، دێمەوە سەر ئەوەی رای یەکەم و رای دووەم دەربارەی داهاتی هەرێمی کوردستان بە وردەکارییەوە بخرێتە ناو بودجەکە، یەعنی کەواتە رەئیەکەی تر ئەوەیە داهاتەکە بە وردەکارییەوە نەخرێتە ناو بودجەکە، لە کوێی وڵاتێکی دونیا هەیە کە داهاتی وڵاتێك کە ئەرقامە نەیەتە وەزارەتەکە و وەزارەتەکە نەیداتە پەرلەمان بۆ ئەوەی ئاگادار بێت لە شێوەی سەرفی بەکارهێنانی، بۆ چی سەرف دەکرێ و چەندێکە؟ تا پەرلەمان بتوانێ موراقەبەی بکات و داراییش موراقەبەی بکات، مەسەلەیەکی تریش هەیە

که باسی لامەرکەزیەت کرا، من ئەگەر لامەرکەزیەتیش بێ من پێم وا نیە کە سوودی لێ ببینێ، لەبەر چی؟، وەزارەتەکە ڕێگای پێدراوە کە ئەو پارەی هەیەتی سەرفی بکاتەوە بۆ خۆی، لێرە دەڵێین لێی دەبڕێ لەو بودجەیەی کە بۆ داندراوە، دەکاتە بە هەمان شێوە لە وەزارەت لێی ببڕێ یان لە وەزارەتەکەی خۆی لێ ببڕێ، بۆیە من پێموایە هیچ سوودێکی نیە، دەبێ هەموو داهاتەکان روون و ئاشکەرا بێ، بخرێتە بەردەستی پەرلەمانتاران و وەزارەتی دارایی و ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە کە باس لە داهات دەکەین، ئەو داهاتانەی کە خەملێندراوە و لە وەزارەتەکانەوە هاتووە و لەبەر دەستی پەرلەمانتارانی بەڕێزە، بەراستی ئەوەی جێگای زیاتر سەرنجەو جێگای قسە کردن لەسەرە، بەراستی ئێمە پێمان وایە ئەو داهاتە داهاتی راستەقینە نین، کە داهاتی راستەقینە نین و دێتە ناو بودجەکە، بەراستی ئەوە ئیشکالەکەمان بۆ دروست دەکا هەتا بە دواداچوونی ئەو کەسانەش کە پەرلەمانتارەکان ناتوانن (تخمینی) ئەو داهاتە بکەن وەکو پێویست لەبەرئەوەی ئەگەر بەنموونە وەزارەتی ناوخۆ وەربگرین وەزارەتی ناوخۆ بە پێی ئەو کاروبارانەی کەرۆژانە لە وەزارەتەکانی ناوخۆ دەکرێت و ئەو پارە زۆرە وەردەگیرێت، بەڵام ئەو بڕە پارەیەکە دەست نیشان کراوە هاتووتە ناو بودجە وەکو ناو خەزێنەی گشتی وەکو بودجەی هەرێم بەراستی زۆر کەمترە لەوەی کە هاتیە جا گرنگ لێرە ئەوەیە بەراستی ئەو داهاتانە بە راست و دروستی دەست نیشان بکرێن، پاشان بێتە ناو بودجە لێرە گرینگیەکە ئەوەیە دەست نیشانی راست ودروستی ئەوەکان ناکرێن، پاشان بەراستی خاڵی تر، ئەگەر هاتو ئەو داهاتە بەراست و دروستی ئاشکرا بکرێتن و، ئێمە دەتوانین لەو رێگایانەوە خزمەت گوزاری و ژێرخانی ئابووری زیادبکرێتن لە کوردستان و ببووژێتەوە بەڕاستی ئەوەشیان زۆر گرنگە کە لایەنێکی شاراوەیە لە بودجەدا، وە زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیمە لەچەند رۆژی رابردوودا زۆرترین قسەی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر داهات بوو و، پێم وابوو یەکێك لە گرنگترین خاڵەکانی ئەو لیژنە بەڕێزانەش کە دوو رۆژە قسەی لەسەر دەکەن و زۆر هیلاك بوون روون

کردنەوەی داهاتە نەك ئەوەی بەو ڕایەی دەربچێ کە دوو ڕایە کە پێشتریش قسەی لەسەر بکرێ  و لە ناو هۆڵی پەرلەمان یەکلایی بکرێتەوە، من پێموابێ داهات یەکێکە وەکو ئەوەی هاوڕێیانم باسی کرد، یەکێکە لە گرنگترین خاڵەکان کە لەسەر ئەساسیەوە هەم ئەتوانین نەفەقاتەکان بە تەواوی قسەی لەسەر بکەین و هەم ئەتوانین بەدواداچوون و ڕەقابەش کە هەندێ لە هاوکاران باسیان کرد ئەنجامی بدەین، بەڵام داهاتەکە بەو شێوەی کە ئێستا هەیە، حیکمەتی بەدواداچوون و ڕەقابە بەتاڵ دەکاتەوە، چونکە ئەو کاتەی کە تۆ نەزانی لە ئەساسدا داهاتەکە چەندە؟، گومانت لەسەر داهات هەبێ و تەم و مژ لەسەر داهات هەبێ، چۆن ئەتوانێ بەدواداچوون بکەی بۆ شتێك کە ئیقراری بۆ نەکراوە لە ناو قانونەکەدا؟ حاڵەتێکی دیکە کە ڕای دووەم لە ڕاپۆرتەکەدا ئەیڵێ ئەویش ئەوەیە کە داهاتی ئەو وەزارەتانەی ئیقرار کراوە کە بۆخۆیان سەرف بکرێتەوە و پێویست ناکات بخرێتە بودجەوە، ئەمە من یەکەم پرسیاری ئەوە دەکەم، خستنە ناو بودجەوە چ ئیشکالێك دروست دەکات، جگە لەوەی کە مەبدەئی شەفافیەت ئەدات بە بودجەکەوە زائیدەن ئەوەی کە لەسەر ئەساسی ئەو داهاتەوە حکومەت تەکمیلەی خەرجیەکانی ئەو وەزارەتانە ئەکات، ئەگەر ئێمە نەزانین چەندە داهاتەکەی، چۆن ئەزانین تەکمیلەی خەرجیەکانی چۆنە بۆ بەدواداچوونی، جگە لەوەی کە ئەصڵی ئەو ئیرادانەی کە هاتووە لە خشتەی هاوپێچداو کە لێرە بە 476 ملیار دانرایتەوە، ئێمە کۆمەڵێك ئەندام پەرلەمان گومانمان تەنانەت لە 476 ملیارەکەش هەبوو نەك ئەوەی کە ئەوانی تریشی بۆ زیاد بکرێ یان نەکرێ، بەسەیرترین نموونەمان بە داهاتی وەزارەتی پیشەسازی هێناوەتەوە، کە بەتەنیا داهاتی کارگەی چیمەنتۆیەك لە ساڵی پاردا 18 ملیۆن بووە، چۆن لە ساڵ 2012 حەوت ملیاری بۆ دائەنرێ؟، مەفروزە ئەمانە یەکلایی بکرێتەوەو، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبداللە فەرموو.

**بەڕێز عبداللە محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کران، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێموایە هەردوو بۆچوون کە لەسەر مەسەلەی داهات هەیە لە ناوەرۆکەوە یەك بۆچوون دەگرێتەوە، تەنها لە ڕووی شکلیەوە دەتوانم بڵێم جیاوازیەکی هەیە، ئێمە کە قسە لەسەر زیادکردنی ئەم داهاتە دەکەین، کە بیخەینە سەر داهاتی عام، بەڵام لە بەرامبەردا دەبێ قسە لەسەر نەفەقاتیش بکەین، کەوا نەفەقاتە گشتیەکەش زیاد دکات، واتا دەتوانین بەو نموونەیە بچوێنین کە ئەگەر کەسێك داهاتی خۆی 25

هەزار دینار بێت و پێویستی بە 50 هەزار دینار بێت، کاتێك لە حکومەت داوا دەکات 25 هەزاری پێ بدرێ، تۆ دەڵێی 25 هەزارەکەی خۆت بدە بە من و من 50 هەزارت دەدەمێ، لە نەتیجەوە هەر یەك خاڵ دەکاتەوە، بۆیە بە من داخیل بکرێ، ئیشکالە قانونیەکان وەکو وەزارەتی مالیە باسی دەکات رێگرە، یاخود داخیل نەکرێ ئیشکالێك دروست نابێت، سەبارەت بە بە دواداچوونی ئێمە ئەگەر وردەکارییەکانی ناو میزانیەکە سەیر بکەین ئەم وردەکارییەی تیایە داخل کراوەو، ئێمە ئەگەر ئەم مییزانییە بەم شێوەیە داخل بکەین دەبێ پێداچوونەوە جگە لەوە بۆ نەفەقاتیش بکەین، واتە نەفەقات کە ئیستا 15ترلیۆنە دەبێ زیادی بکەین بۆ 17 ترلیۆن، واتە ئەگەر نەفەقات یا ئیرادەکی زیاد نیە بۆ ئەوەی ئێمە عیجزی پێ پڕ بکەینەوەو دەستکاری مادده چواریش بکەین، چونکە ماددەی چوار لە چەند بڕگەیەکدا ئێمە باسی وەزارەتی تەندروستیمان کردووە باسی وەزارەتی کارەبامان کردووە باسی وەزارەتەکانی دیکەمان کردووە کە ئەمانە سیستمی لامەرکەزی پەیڕەو دەکەن بەپێی ئەو خشتەیەی کە لە وەزارەتی مالیە ئەوە داهاتی خۆیەتی، بۆ نموونە ئەوەی وەزارەتی تەندروستی گوتراوە بۆ کڕینی دەرمان بەکار دەهێنرێ ئەو کاتە دەبێ ئەو ماددانەش بگۆڕێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ محمد فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماوەی رابردوو زۆر تاوتۆیی ئەو پرسەمان کرد پێمان وایە یەکێك لە پرسە گرنگەکانی یاسای بودجە پرسی داهاتە، بە دڵنیاییەوە لە کوردستاندا پرسی بودجە بۆتە تایبەت بە داهات رۆشنایی نیەو، ئەرکی یاساکەیە کە رۆشنایی بخاتە سەر داهات بە گشتی وە بە تایبەت ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئێمە ئەو خاڵانەمان ژمارد، کە رۆشنایە کە لەسەرچ نییە هەتا بە دانپێنانی وەزیرەکان کە خۆیان دەڵێن ئەم ژمارانە نایەتەوە لەگەڵ ئەو داهاتە گشتیەی کە هەیە لە وەزارەتەکان، ئەمە بە گشتی، سەرەڕای ئەو ترلیۆن و 331 ملیارەی کە هاوپێچەو وەکو داهات بە رەسمی پێویستە تەسجیل بکرێ لەبەر ئەوەی هیچ رێگرێکی یاسایی نیە، لامەرکزیەتیش بە مانای ئەوە نیە کە تۆ داهات تۆمار نەکەی، خەرجی دیاری نەکەی، چونکە ئەمە پێشێلکارییەکی زەقی یاسایە لە کوردستان، لە یاسای بودجە، ئێمە لە کاتێکدا بۆ سەرجەم وەزارەتەکان، بۆ قەرەبووی موەزەفین، بۆ شەش دەروازەکەی تر پارە تەرخان کرابێ بە چ حەقێك وەزارەتەکان جارێکی تر 2 ترلیۆنی دیکەیان بۆ تەرخان دەکرێ لە م خەرجیە؟ لەبەر ئەوە ئەگەر سەیری بزاوتی ئابووری لە کوردستان بکەین هەربۆ بازرگانی کە 30ملیارە قەت لەگەڵ ئەم داهاتە نایەتەوە، بۆیە پێشنیار دەکەم سەرەڕای دەرحستنی ئەو راستیانە لیژنەیەك بۆ تەحقیق و بە دواداچوون دروست بکا بۆ ئەو داهاتانەی لە کوردستاندا دیارنین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

عظيمه خان فەرمووو.

**بەڕێز عظيمة نجم الدين حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕای یەكەمم جێگیر كردنی داهات بە وردەكارییەوە لەبەر ئەوەی تۆ ڕاپۆرتێكت لەبەر دەستا نیە، لە چاودێری دارایی تا بزانی داهاتەكە چەند خەرج كراوە وە چۆنە؟ تا لەسەر ئەوەی بەشێكی تری بە نایاسایی لە برگەی دووەمی هاتووە، چونكە ئەڵێ ئەم كارەباو تەندروستی و كشتوكاڵ و ئەم وەزارەتانە ناوخۆ و سامانە سروشتیەكان و فڕۆكە خانەكان ئەمانە بە پێی یاسا داهاتەكەیان خەرج دەكەن، نەخێر بە پێی یاسانیە، ئەمە بەپێی یاسا تەنها تەندروستی و كارەبا و شارەوانیەكان بوون، بەڵام بە چ حەقێك؟ وە بە چ یاسایەك؟ ڕێكخراوەكان بۆیان هەبێ، ئەمانە داهاتی خۆیان خەرج بكەن لەگەڵ ئەوە ئێمە داهاتی فرۆشتنی نەوتیش لەناو یاساكەیە لەبەر حكومەتی عێراقی بشارینەوە، بەڵام خۆ داهاتی سێ پاڵاوگەكە، خۆ داهاتی عەقدی لە(25٪)لە(30٪) وە داهاتی شرینی نەوتەكان ئەمانە دەكرێت بە ئاشكرا لە ناو داهات جێی بۆ بكرێتەوە.سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشادحسين قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە ڕاستی هەروەكو هاوڕیانم باسیان كرد دووبارەی ناكەمەوە، داهات بەپێی یاسا ئەبێ هەموو داهاتێ داخل بكرێ، ئەوە هیچ دەعمی لامەركەزیەت ناكات، لامەركەزیەت بەو مانایە بێت، ئەبێ خەرجی لەسەر خۆی بێ و داهاتیش، من یەكێك لەوانە كە جێ گومانە ئەو ڕەقەمەی، دوو تریلون و سێ سەد و سی ویەك، هەرخۆی ژمارەكە جێی گومانە بە ژمارە هاتووە، لە هەمان كاتدا هەر بە ژمارە جێی كراوەتەوە، لە چ یاسایەك ڕێگە دراوە بەو وەزارەتە لە داهاتەكەی خۆی تەعویزاتی موەزەفین بدات، وەزارەتی شارەوانی و گەشت وگوزار، دووسەدو سی و حەوت ملیاری داناوە بۆ تەعویزاتی موەزەفین لەو داهاتە، بە ڕاستی ئەگەر بەپێی یاسای بودجەش دیاری بكەی، بەپێی مادده چوار بڕگە یەك و دوو داهاتەكانی وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی كارەبایە، ئەوانی تر كە خەرج ئەكرێتەوە بۆ بواری چی خەرج ئەكرێتەوە؟ لەبەر ئەوە گومانمان لەسەرفەكەشی هەیە، نەك لە داهاتەكە، ئێمە گومانمان لە چۆنیەتی ئەم سەرفەش هەیە، بەڕاستی ئەم سەرفانە تەنها جێ كردنەوەی ئەم سەرفەیە، چونكە هەروەكو سەیر دەكەین داهاتی سامانە سروشتیەكان، تریلۆنەك و حەفتا وپێنجە كەچی خەرجیەكەی ڕێك، تریلۆنەك و حەفتاو پێنجە، نەبووە تریلونەك و حەفتاو شەش و حەفتا و چوار، یەعنی كەواتە جێكردنەوە بە ژمارە بۆ ئەوەی ئەم گومانە نەمێنێ، پێشنیار ئەكەم وەكو هاوكارم كاك كاردۆ وتی لیژنەیەكی لێكۆڵینەوە دروست بكرێ، ئەم داهاتە تەخمینیەی ڕاستە لەسەر تەخمینی لیژنەی لێكۆڵینەوە دروست ناكرێ، بەڵام شەش مانگی یەكەمی 2012

تەخمین بکرێ، بۆیە ئێمە با هەستی ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستانمان بۆ دەربکەوێ، ئەمە دەعمی مەبدەئی شەفافیەت ئەکا لە بودجە وەکارێکی زۆر یاسایشە. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کویستان خان.

**بەڕێزکویستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش دیارە لەگەڵ ڕەئی یەکەمم وە جێگیرکردنی داهاتەکان، هەمووی لە یاساکەیە، بەڵام ئەم داهاتە نا دووتریلون وسێ سەدو سی ویەك ملیار، چونکە منیش پێم وایە ئەوە داهاتە ڕاستیەکە نیە، وە بەڵگە هەیە کە داهات زۆر لەوە زیاترە، بۆیە داواکارم وەك هاوڕیانم کاك کاردۆ و کاك دڵشاد کە لیژنەیەك دروست بکرێت داهاتە ڕاستیەکە ئاشکرا بکات، وە لە بودجەکەیە بنووسرێت. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووکاك عبداللە.

**بەڕێزعبداللە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش خاڵی یەکەم تەئیدی قسەکانی کاك کاردۆ و هاورێیان دەکەم بۆ ئەوەی کە داهاتی هەرێمی کوردستان بە روونی جێگیر بکرێ، لە پڕۆژە یاسای بودجەدا، لەبەر ئەوەی داهات یەکێکە لە ڕەگەزە هەرە گرنگەکانی پڕۆژەی بودجەی هەرێمی کوردستان و پڕۆژە یاساکە، بۆیە ناکرێ ئێمە لەسەر ئەو مەسەلەیە هەر وا بەئاسانی تێیپەڕێنین، خاڵی دووەمیشم قسەیە لەسەر لامەرکەزیەت، ئەگەربڕیار بێ لامەرکەزی ئێمە بە گرنگی بزانین بۆچی بۆ پێنج شوێن بە گرنگی بزانین، باشترِ وایە داهاتی هەموو شوێنەکان نەچێتە ناو بودجەوە، بەڵام من پێم وایە ئەمە لە هیچ فەرهەنگی لامەرکەزیدا جێگای نابێتەوە، دەبینین لە وڵاتانی دونیا جێگای دەکرێتەوە و لامەرکەزییشە. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووئاشتی خان.

**بەڕێز ئاشتی عزیزصالح:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە داهات لەم پڕۆژە یاسایە وەکو ئەندام پەرلەمان، وە پێشووتریش کۆمەڵێك ژمارە لەلایەن هاوکارانمانەوە خرایەروو، ئێمە جەوابێکی ڕاستەوخۆمان لەسەر ئەو ژمارەیە دژ بەیەکانە وە پێچەوانانە وەرنەگرتۆتەوە و تەبریری مەنتقیشمان وەرنەگرتەوە، بۆیە من ڕام وایە نە خاڵە سنووریەکانی هەرێمی کوردستان، نە داهاتی نەوت، نە وەزارەتەکانی ناو هەرێمی کوردستان بە هیچ مقیاسێك ناگاتە ئەوداهاتەی کە خراوەتە بەردەممان بۆ ئێمە کێشەیەکی گەورەی دروست کردووە کە گومانێکی گەورە لەسەر داهات

هەیە ئێمە ناتوانین قیاسی قوەی ئیقتصادی هەرێمی کوردستان بکەێن، کەواتە چۆن دەتوانین موتابەعەی ئەدای جێ بەجێ کردن و سەرفکردنی ئەو پارانە بکەێن؟ بۆیە داهات مەسەلەیەکی نیشتیمانیە بەرپرسیاریەتێکی گەورەیە بۆ هەمووومان، ئەگەر ئەم بەرپرسیارێتیە هەمووومان ڕووبەڕووی نەبینەوە دواتر زۆر زەحمەتە سەر لە ئێمە بشێوێنن کە ئەدای جێ بەجێ کردن و موراقەبەکردن لەسەر داهاتێك کە ڕاستەقینە نیەو ڕاست نیە.سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووکاك جمال.

**بەڕێزجمال طاهرابراهیم:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

ئێمە وەك پەرلەمانتار لەو هۆڵە هەمووومان داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەین پەیڕەو کردنی یاسا و جێ بەجێ کردنی ئەم یاسایانە ئێمە وەك بەشێك لە عێراق، سیستەمی دارایی، قەوانینی دارایی، تەقریبەن بەشێکە لە سستەمی دارایی عێراق، بۆیە من بە پێچەوانەی دەزانم ئەگەر بێتوداهاتی ئەم وەزارەتانە  کە صەلاحیاتیان پێ دراوە، داهاتی خۆیان بۆ خۆیان خۆش بکەن حکومەتیش تەمویل بکات، ئەو کاتە ئێمە تووشی ئەوە دەبین یان گرفتارێکی حیسابی چۆن تەحەمل کردن لەگەڵ ئەو ڕەقەمانە دەکات؟ ئەگەر بێین  سەیری عێراق بکەین، عێراق قەت باسی شیرینی نەوتی نەکردیە لەناو ئەو داهاتە لە ناو ئەو بودجەیە، دووەمیش ئەگەر بێین سەیری هەموو قەوانینی وەزارەتەکانی هەرێمی کوردستان بکەین، هەموو شتێکمان نووسراوە، ئەگەر بێتو هەر ئیرادێك یان تەبەروعێك بۆئەو وەزارەتە دەبێ لەڕێگەی ئەنجومەنی وەزیران بێت و وە بکرێت بە داهات بۆ ناو بودجەی هەرێمی کوردستان یان بۆ خەزێنەی هەرێمی کوردستان. زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شڤان.

**بەڕێزشڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

لە دوو، سێ، جەلسەی بەردەوام من وەکو ئەندام پەرلەمانێك گوێم لە هەموو پرسیاری ئەو خوشك و برای بەڕێزانەی پەرلەمانتار بوو، کە ئاڕاستەی جەنابی وەزیر کران، وە جەنابی وەزیر زۆر بە شەفافیەت پیشانی دان کە ئەم حیسابە ئەم حاڵەتانە حیساباتی خاصن، وە ئەو داهاتانە سەرچاوەکان لە فلان شۆێنە یان لە فلان شۆێنیش پڕ کرایتەوە، زۆر بە دیقەت زۆر بە وازحی نیشان دراوە، ئێستا ئەگەر بێین ئەو داهاتانە بەو شێوەش داخل بکەین من تەصەور دەکەم ئەو گومانە ناڕەوێتەوە کە تیکرار دەکرێت ئەو گومانە هەر دەمینێتن، وە لەگەڵ هەموو داهاتی کوردستان بە شەفافیەت هەموو ئەندامانی پەرلەمان لێی

ئاگادار بن، بەڵام تا ئەو سنوورەی زەرەر بۆ خەڵکی کوردستان و بۆ بودجەی کوردستان و بۆ پاشەڕۆژی کوردستان نەبێتن وە دەبێ قەت لەگەڵ زەرەری کوردستان نەبێتن. زۆرسوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕێباز.

**بەڕێزد. ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

من بەشێکی یەکەمی قسەکانم لەسەر دانانەوەی داهاتی هەندێك لە وەزارەتەکانە بۆ خۆیان، یەعنی تکایە بەدەر لەحەساسیەت، بەڵام ئەمە زیانی ئەم وەزارەتانەیە نەك قازانج، ئەگەر ئێمە بڵێین ئەم داهاتانە مەسەلەن وەزارەتی تەندروستی سەرەڕای ئەوەی کە (4.9)بۆ دانراوە، ئەگەر داهاتەکەشی بۆ خۆی بێ ئەمە لە قازانجی ئەم وەزارەتەیە، بەڵام ئێمە پانزە تریلون، نەفەقاتمان حیساب کردووە لەولاوە ناوی وەزارەتی تەندروستیش هاتووە کەچی ئەڵێن لەم(4.9)یە ئێمە بە بڕی داهاتەکە پارەی لێ دەبڕین، کەواتە ئەو پانزە تریلۆنەی دامانناوە هەڵەیە، کەواتە سەرجەم مەوازەنەکە هەڵە دەردەچێ، چونکە ئەبێت یان ئەم داهاتە بچێتەوە سەر داهات، دیسانەوە تەوزیع بکرێت یاخود ئەبێ ئەم داهاتە بە ئیزافەی ئەو پارەی کە بۆی دانراوە بۆ وەزارەتەکە سەرف بکرێت، نەك ئەوەی کە ئێمە بڵێین نەخێر بە بڕی داهاتەکەی پارەی لێ ئەبڕین، کەواتە (4.9)یەکە هەر هەڵەیە، یەعنی ئەو کاتە ئەو بڕە پارەیەی کە بۆ ئەو وەزارەتانە دانراوە لەو بڕەی کە دیاریکراوە کەمتر ئەکات، چونکە من بۆخۆم زۆر بە زەحمەت لێی تێگەیشتم، یەعنی من پێشنیارەکەم ئەوەیە کە ئەو داهاتە بە ئیزافەی ئەو پارەیەی کە لە پانزە تریلۆنەکە بۆی دانراوە، سەرف بکرێ، نەك تەنها بە بڕی داهاتەکە لێی ببڕی، چونکە دواتر بە بڕی ئەو داهاتە پارە نامێنێ، یەعنی ئەوە چون سەرف بکرێ بە بڕی ئەو داهاتە؟ داهاتی وەزارەتی کارەباو تەندروستی ئێمە لەپانزە تریلونەکە پارە ئەبڕین، ئەی ئەوە دوایی چی لێ دیت؟ کەواتە کورت هێنانەکەش هەڵە دەردەچێت، بەشێکی تری قسەکانم ئەوەیە کە لەگەڵ ڕای یەکەمم، لەبەرئەوەی کۆمەڵێ نموونەی تریش باس کرا وە تەنانەت لە وەزارەتی ناوخۆ بەس تەنها نموونەی ژمارەی ئۆتۆمبێلەکان هێنرایەوە کە بەس ئەو پارەیەی کە لە بەرامبەر ئەو ژمارە ئۆتۆمبێلە وەردەگیرێ زیاترە لە داهاتی وەزارەتی ناوخۆ، وە ئەمە ئەوەی کە تەئخیری بکەین بۆ چاودیری کردنی پەرلەمانتارە و بۆ دیوانی چاودێری بە ڕاستی قسەیەکە تەنها بۆ کوشتنی کاتە ، چونکە نەك یانزە مانگ، بیست و دوو مانگە، وە نەك سەدو یانزە پەرلەمانتارە، دووسەدوو بیست و دوو پەرلەمانتار، لە گومرگی ئیبراهیم خلیل دانیشین یەك دینارمان بۆ کەشف نابێ، ئیتر با خۆشمان نەخەڵتێنین. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ڤیان خان.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

دیارە داهات بەپێی ئەوەی کە هاوکارانم باسیان کرد، داهات بەپێی سیاسەتی ئابووری بریتیە لەو داهاتەی کە کۆ دەکرێتەوەو دواتریش بەپێی گەشە پێدانی ئابووری یاخود بەپێی پێداویستی وڵات بە پێی خەرجیەکانی ئەم وڵاتە دواتر دابەش دەکرێتەوە، بەڵام ئەوەی کە ئێمە لە هەرێمی کوردستاندا دەیبینین تا ئێستا ئەندامانی پەرلەمان ئەو بەرچاو روونیەیان نیە کە ئەو داهاتەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە بە داهاتە ناوخۆییەکانیشەوە نازانرێ چەندە؟ بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین لەسەر ئەو ئاستە ئەو خەرجیانەی کە پێویستە لە هەرێمی کوردستاندا دابەشی بکەینەوە ئەمەش دیارە من پشتگیری لە ڕای یەکەم دەکەم بە داهات بە سەرجەم وردە کاریەکانەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان روون بکرێتەوە، چونکە هەموو ئەندامانی پەرلەمان ئەو ئامانجەیان هەیە کە پێویستە خزمەت بە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بکرێ، من ئەگەر سێ نموونە بهێنمەوە یەکێك لەوانە ئەو داهاتە خەملێنراوەی، کە چوار سەدو حەفتاو شەش ملیار خەملێنراوە کە ئەمە بەپێی هەموو پێوەرەکان دوورە لە داهاتی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەمە نزیکەی لە(10٪)ی داهاتی فەرمیە کە لە(3٪)ی بودجەی گشتی دەکات، ئەمە وەبزانم بەپێی هەموو ئەو پێوەرانەی کە هەیە یاخود بەپێی هەموو ئەو زانیاریانەی کە هەیە، ئەمە زۆرزۆر دوورە لە داهاتی فەرمی هەرێمی کوردستانەوە، ئەگەر بەراوردیکیش بکەم ساڵی 2010 لەگەڵ ساڵی 2012 دا، لە ساڵی 2010 داهاتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەپێی ژمێری کۆتایی حەوسەدوچل ودوو ملیارو چوارسەدو شەست وشەش ملیون بووە، واتە داهاتی 2012 بڕی دووسەدو حەفتا ملیاری کەمترە لەوەی 2010، پاشان من یەك تێبینی ترم هەیە، کە بە پێی ئەو ئیستیمارەیەی موازەنە کە لە حکومەتەوە نێردراوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بۆ ساڵی 2012 بەپێی ڕەقەمی بەیانی ژمارە پێنج کە تەقدیری ئیراداتی سەرجەم وەزارەتەکانی کردووە، یەکێك لەو شتانەی کە بەڕاستی جێگای پرسیارە، ئەوەیە کە داهاتی وەزارەتی شارەوانی خەملێندراوە بە لەسەدە سفرو پۆینت لەسەدە حەوت، بەڵام وەزارەتی پێشمەرگە داهاتەکەی بە لەسەدە سفرو پۆینت یانزە خەملێندراوە، یەعنی ئەمانە کۆمەڵێك گومان بۆ ئەندامانی پەرلەمان دروست دەکات، کە پێوستمان بە روونکردنەوە هەیە، یاخود پێویستمان بە وردەکاری زۆر هەیە، کە ئەمە پێویستی بە داتاو ئەرقامە بخرێتە بەرچاوی ئەندامانی پەرلەمان دوا جاریش پشتگیری لە ڕەئیەکانی کاك کاردۆ دەکەم بۆ پێکهێنانی ئەم لیژنەیە بۆلێکۆڵینەوە لە سەرجەم داهاتەکان. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

پێش هەمووشتێك من لەوە تێ دەگەم کە داهاتی بانکەکان ومەتارو بەلەدیات و فەرمانگەی نەوت و کارەبا و داخلیە و صحە ئەچێتەوە زمنی وەزارەتەکەیان، لە قسەکەشیان وەزارەتەکەیان دارایی بۆیان سەرف

ئەکات، ئەگەر ئەوە حیساب کرێ چوارده تریلون و هەشت سەد و چل و پێنج ملیار داهاتی هەرێمە لە چاو مەسروفاتمان کە پێویستمان بە شازده تریلون و هەشت سەد و نەوەت ملیارە، وەنەقسەکەشی دوو تریلون و چل و چوار ملیارە، بەڵام من لێرە لەسەر مەوزوعی داهات چەند خاڵێکم هەیە، خاڵی یەکەمیان داهاتی ئەم ساڵ تەقدیرکراوە بە چوار سەدو حەفتاو شەش ملیار کە لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسا گوێیان بگرن سوپاسیان دەکەم،(کاک ئاراس) بەڕێز سەروکی پەرلەمان. پێویستە ئەوان ئاگایان لە مولاحەزەی ئەندامانی پەرلەمان بێ، لەبەر ئەوەی لیژنەی دارایی موختەصە، ئەگەر دیقەت بدەین داهاتی تەخمینکراو بۆ ساڵی 2012 تەقدیرکراوە بە چوار سەد و حەفتا و شەش ملیار، بەڵام داهاتی شەش مانگی یەکەمی 2011 دووسەد و نەوەت وحەوت ملیار بووە، ئەگەر زەڕبی دووی بکەین، کە پێویستە وا بکرێ، بە تەقدیر بکرێ، ئەکاتە پێنج سەدو نەوەت و چوار ملیار دینار، نەك چوار سەد و حەفتا و شەش ملیار، دووەم: لە لاپەڕە سێی تەقدیری لیژنەی دارایی هاتووە باس لە چل و دوو ملیون دۆلار پترۆ دۆلار دەکات لە کاتێکدا لەلاپەڕە(10)ی تەقدیری لیژنەی دارایی دیسانەوە باسی پترۆ دۆلار ئەکات تەقدیرکراوە، باسی سەد و بیست ملیار دینار ئەکات، کە ئەویش هەر باسی پترۆ دۆلارە من نازانم ئەم جیاوازیە لە بەینی چل و دوو لاپەڕە سێیە کە باسی پترۆ دۆلارە، سەدو بیست ملیاری لاپەڕە دەی پترۆ دۆلارە جییە؟ سێیەم خاڵ: دەربارەی کارەبا بەڕاستی ئەوەنەی من زانیومە تا بدایەتی ساڵی پار 2011 (826) هەزار موشتەریکی کارەبا هەبووە بە مەعامیلیشەوە ئەم (826) هەزارە ئەگەر تەقدیر کرێ ئەو پارەیەی دەیدەن (علی سبیل المثال)لە بەینی هاووڵاتی و مەعامیلە ئەو پارەیە زۆر لەوە زیاترە بە داهاتی کارەبا تەخسیس کراوە پێنجەم: دەربارەی داهاتی وەزارەتی سامانە سروشتی یەکان ئەو داهاتەی بە ئێمە گوتراوە زۆرزۆر کەمە، وە من تا ئێستا چەند بەرپرسێکم بینیوە هیچ لاری لەوە نیە کە لە بانقی(h-h-b-c)پارەیەکی باش ئەدا کە تا ئێستا حیساب نەکراوە دەچێتە سەر داهات تاوەکو نەقصەکانی پێ پڕبکرێتەوە، وە ئەوە لەلام سەیرە لە چەند شەوی ڕابردوو لە یەکێك لە تەلەفزیۆنەکانەوە یەکێك لە بەر پرسانی دارایی هەرێمی کوردستان باسی لەوە کرد کە داهات لەوە زیاترە، باسی ناکەن لەبەر بەغداد، بەڵام ئێمە پەرلەمانی کوردستانین ئەگەر بە ئێمەش نالێین پێویستە بە سەرۆکی فراکسیۆنەکان بلێین ئەو داهاتە زیادە لەکوێیە چۆن سەرفی دەکەن؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

بەڕاستی من حەز دەکەم لە ئەوەلەوە بڵێم ئەم داهاتە، داهاتێکی موخەممەنە، یەعنی داهاتێکی موتەحەقیق نیە، ئەمە پێشبینی دەکرێت لە ساڵی (2012) ئەم داهاتە بەدەستمان بێت ئیحتماله ئەم داهاتە کەم کات یان زیاد کات، داهاتێکی پێشبینی کراوە، یەعنی بە ئیرادات موتەوەقیعە ئەمە یەك. دووەم:

من تەئكید لەوە دەكەم كە ئەم شێوەیەی كە ئێستا كار پێ دەكرێت، وەكو شێویەكە لامەركەزی بۆ دانی دەسەلآت و ئاسانكاری چەند وەزارەتێكی گرنگ خزمەت بەخش وەكو وەزارەتی كارەبا و بەلەدیە و تەندروستی وەزارەتەكانی تر ئەوەی كە مەشمولە بەم جۆرە ئاسانكاریە. سێ: ئەم داهاتە ئەوە نیە داهاتێكی بێ ساحیب بێ، ئەم داهاتە كە دێتە ناو هەر دەزگایەك، بەریوبەرایەتیەك وە خەرج دەكرێت خاوەنی سێ ڕەقابەیە، ڕەقابەی ناوخۆ، دەورەكە، ڕەقابەی وەزارەت، ڕەقابەی مالی، یەعنی تەصەوری ئەوە نەكرێت كە ئەم داهاتە هاتە وەزارەت، یەعنی وەزارەت ئەم داهاتە سەرف دەكرێت بەپێی تەعلیمات و ڕێنمایی بۆ چ شوێنێك تەرخان كراوە، بۆ چ مەبەستێك تەرخان كراوە؟ وە ئەم ڕەقابەی ناوخۆ و وەزارەت وە ڕەقابەی مالی بەپێی ئەو مەعلوماتەی كە لەناو خشتەكانی لەگەڵ هاوپێچ لەگەڵ یاسا ئەم داهاتە، داهاتی موتەوەقیع دووبارە دەكەم، داهاتی موتەوەقیع دیارە بۆ نموونە(476) ملیار داهاتە لەسەر ئاستی وەزارەتەكان، یەعنی هەر بۆ نموونە (پەنجاو شەش) داهاتی بانقەكان، (37)ملیار، ئەمە ملیارە داهاتی فرۆكەخانەكان، تریلۆنەك و حەفتاو پێنچ داهاتی سامانە سروشتیەكان، (67) ملیار داهاتی شارەوانیەكان، (10) ملیار وەزارەتی تەندروستی، (182) ملیار وەزارەتی كارەبا، (128) ملیار داهاتی وەزارەتی ناوخۆ، ئەم داهاتە هەیە، هاتووە لەناو خشتەكان هاوپێچە لەگەڵ یاسا ئەوە نیە نەهاتبێ، یەعنی بۆ بەرچاو ڕۆنی برادەران داهاتەكە مەوجودە وە هاتووە، بەلآم شێوەی حیساب كردن ئەگەر بێتو ئێمە بەتەفصیل ئیرادەكە حیساب بكەین زیاد دەكات، بەرامبەر نەفەقاتیش زیاد دەكات، خولآسەی بابەتەكە هەر حیساب وەكو یەك دەردەچی، وەكو برادەران باسی بكەین، وەكو ئێمەش باسی دەكەین حیسابی بكەین، نەتیجەكە وەكو خۆی دەردەچێ، یەعنی خیلافەكە خیلافێكی شكلیە، خیلافێكی جەوهەری نیە.سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عدنان عثمان.

**بەڕێز عدنان  عثمان محمد:**

**بەڕێز سەروكی پەرلەمان.**

من پێم وابێت جارێ ئەصڵی مەوزوعەكە  گومانێكی زۆر لە داهات هەیە، وە بەمە ئیتر كە ئێستا هاتووە قسەی لەسەر دەكەم نابێ داپۆشین، ئەوەی كە پەیمان خان باسی كرد، ڕێك ئێمە هەر لەسەرەتاوە گومانێكی زۆرمان لەو ڕێژەیە هەیە كە دانراوە بۆ داهات وە من پشتگیری لە ڕایەكەی كاك كاردۆ دەكەم كە ئەصڵەن ئەو مەوزوعە دەبێ لیژنەیەكی پەرلەمانی بەهاوكاری لەدەرەوەی پەرلەمان، دیوانی چاودێری ئەوە دەبێ تەحقیقێكی ورد لەگەڵ ئەو مەوزوعە بكەین، ئیزافەتەن بۆ ئەوەی تر، جارێ پێش هەموو شتێ دەبێ ئەو قسانەی كاك نەریمان ساغ بكرێتەوە لەسەر ئەو مەوزوعەی كە لەساڵی 2011، ئەمەش باس لەدوو وەزارەت دەكرێت ئەو ڕاپۆرتەیە یان با بڵێین پێشنیاز چییە؟ باس لە هەموو ئەو مەوزوعانە دەكات، ئینجا بێینە سەر ئەو خاڵە تازەیە، پێم وایە ئەمە خاڵێكی زۆر جەوهەریە، ئەصڵەن خاڵە جەوهەریە ئەساسیەكە لە ڕاستیدا كە ئێمە قسەی لەسەر ناكەین، ئەوەیە كە دەبێت موحاسەبە، نەك لیژنەی تەحقیق

موحاسەبەی وەزارەتی دارایی بکرێت لەسەر ئیدخال نەکردنی ئەم زانیاریانە، ئەمە دەبێت قسەی پەرلەمانی کوردستان بێ، چونکە ئەمە ئەلف و بێیە کاری بودجەیە، بودجە سازیە لە وڵاتاندا کە دەبێت واریدات بە هەموویەوە، وە خەرجیەکان بە هەموویەوە لە وەسیقەیەکدا کە پێی دەوترێت بودجە وە لە جیگایەکدا کە پێی دەوترێت پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەموو وردەکاریەکانی، یەعنی بەڕێزان باس لەوە دەکەن کە کێشەی ڕەقەممان بۆ دروست دەکات چ کێشەیەك دروست دەکات؟ تۆ دەڵێی، تەبعەن من سەرەتاپا گومانم هەیە، لەوەش گومانم هەیە، لەوەی تریش هەیە، بەڵام با هەر فەرز کەین هەر ئەمە ژمارەکەیە، تۆ ئەو ژمارە تازەیە هەر لە یاساکە دادەنێی، یەعنی فەقەرەیەکی تر باسی ئەکەی لەبەینی قەوسێك ئەنووسی ئەمە ئیستیقتاع دەکرێ، یان ئەمە تەرح ئەکرێ، لە داهاتی نیهایەکانی هەرێم، لەبەر ئەوە بۆ خۆیان سەرف دەکرێ، تەواو مەوزوعەکە، ئیشکالەتێکە بەمە حەل دەبێ، بەڵام جەوهەریەکە لەوەیە کە تۆ نە لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی هاتووە، نە لە قسەو باسەکان هاتووە، دێی لەدوای ئەوەی لیژنەی پەرلەمان و لە دوای ئەوەی هەموو ئەندامانی پەرلەمان و قسە لەسەر داهات دەکەن و ونبوونی داهات و نەبوونی داهات و نا شەفافی لە داهات لیژنەیەك تەشکیل دەکرێ دواتر وەرەقەیەکمان پێ ئەدرێ دەڵێ ئەمە داهاتە هینەکانە، ئیستیناد دەکاتە سەر چی؟ چ دەزگایەکی تەحقیقی ڕەقابی ئەمانەی ساغ کردووتەوە؟ جارێ ئەصلەن تاکو 2011 کە بە نایاسایی لەبەردەستمان نیە حیساباتی خیتامی چۆن دەتوانین قسە لەسەر داهاتێکی تەخمینی بکەین، لە ڕاستیدا پەرلەمان بتوانێ ئەم وەزیفەیە ببینێ کە ئەمە تەسبیت بکات.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەروکی پەرلەمان.**

وەڵلا من شتێك لام روون نیە بەڕاستی کە لە قانوونی موازەنە بەزمانی عەرەبی هاتووە لە بەشی ئیرادات (472)ملیار نووسراوە، بەڵام کاك محمد دلێر بەکوردی خوێندیەوە بە(476) ملیار دینار ئەوەی حکومەتیش ناردوویەتی (476) ملیار دینارە، نازانم کامەیان ڕاستە؟ بەڕاستی بۆ ئێمە جێگای روونکردنەوەیە لە عەرەبیەکە (472) نووسراوە

2. خشتەیەك هاتووە ساڵی 2012 دوو ترلیۆن و سێ سەدو سی و یەك ملیار دینارە کە ئەگەر (476)ملیار دینارەکەی لێ تەرك بکەی یەك تریلون وهەشت سەد پەنجاو پێنج ملیار دینارەکەی لە دەمینێتەوە من دەپرسم وە حەزیش دەکەم روونکردنەوەم بدەنێ، حیکمەت چییە لەوەی کە ئێمە لە ناو قانوونەکە (476)ملیار بنووسین؟ بەڵام تریلۆنیك و هەشت سەدو پەنجاو پێنچ ملیار دینار نەنووسین.یاخود دەتوانم بڵێم ترس لەوە چیە؟ ئەو ترسە لە ڕوانگەی چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ کە ئێمە ئەوە ئەگەرچی

ڕوونکردنەوەی زیاتری لەسەر نەدراوە، بەڵام تەنها 476 ملیارەکە تەسبیت کراوە، دوو تریلیۆن و 331 ملیارەکە بە تەواوی تەسبیت نەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر نورەدینی، فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی دەرخستنی داهات لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕاستی بە وردەکارییەوە بەڕوونی خراوەتە ڕوو، بە دوو شێوە، یەکێکیان لە ناو پرۆژە یاساکەدا هەیە، ئەوی تریشیان بە لیستێك نێردراوە کە 31 وەزارەت و موئەسەساتی تەواوی وەزارەت حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵی دا ڕوون کراوەتەوە، بۆیە مەسەلەی بودجە و داهات لە ناو بودجەدا نێردراوە و ڕوون و ڕەوانیشە، حکومەت لە ناو لیستەکەدا کە ناردوویەتی لە ناو یاساکەش دا ئەوە دەری خستووە، چۆن ئەوە کراوە؟ حکومەت کە ئەوەی کردووە لەسەر بنەمایەکی یاسایی کردوویەتی، ئەویش دەسەڵات دراوە بە کۆمەڵێك یان بە ژمارەیەك لە وەزارەتەکان بۆ ئەوەی بتوانن ئەو داهاتەی ساڵانە وەدەستی دەهێنن دەسەڵاتیان پێ بدرێ تا بیکەنەوە بە خەرجی بۆ بەڕێوەچوونی کاروباری خۆیان و بۆ ئەنجامدانی پرۆژە، ئەوەش تەواو کۆکە لەگەڵ ئەو مەبدەئەی کە 40 ئەندامی پەرلەمانی بەڕێز لە فراکسیۆنە جیاوازەکان، لە چەند ڕۆژی رابردوودا داوایان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە بۆ جێبەجێ کردنی مەبدەئی لامەرکەزییەتی ئیداری، دەسەڵات بدرێ با وەزارەتەکان تا تەصەروف بە داهات و سەرمایەی خۆیانەوە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخر ئەویش قسەی خۆی کرد و ئێوەش قسەی خۆتان کرد، فەرموو نیو دەقە بزانم چت دەوێ؟ یەك دەقە.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ وەڵامی ئەو نادەم، بۆ ئێمە نیە ڕوونکردنەوە بدەین لەسەر قسەی پەرلەمانتاران، من گوێم لە ڕوونکردنەوەیەك بوو لەسەر قسەی پەرلەمانتارانیدا، هەندێ شت هەیە ڕوونکردنەوە بدا، ئیشی حکومەت و لیژنەی دارایی یە نەك ئەندام پەرلەمان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو لیستە هاوپێچەی کە باس دەکرێ گوایە دارایی داهاتی 31 دەزگا و موئەسەسەی حکومەت و وەزارەتەکانی هەبێ، ئێمە وەکو پەرلەمانتاران نە بیستوومانە، نەبینیومانە، هەر بۆ تێبینی.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر هەورامی، بەڵام فەرموو بۆ ئەوێ کاك عمر.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەگەر تەماشای یاسای بودجەی ساڵی 2010 و حیساباتی خیتامی 2010 بکەین کە هاتووە پەرلەمانی کوردستان، ئەوەی کە ئێمە وەکو پەرلەمانتار تێبینی دەکەین جیاوازی هەیە لە نێوان داهاتەکە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئەصڵەن بودجە هەمووی موخەمەنە، هەمووی تەقدیرە، حکومەت دەڵێ تەقدیری من بۆ ئەمساڵ ئەوەندە داهاتە، ئەوەندەش خەرجی یە، بەڵام ئەوەی کە پێویستە ئێمە وەکو پەرلەمانتار بیکەین زیاتر قسە کردنە لەسەر حیسابی خیتامی، کە چەندی دروستە؟ چەندی دروست نیە؟ چونکە ئێمە ئەوەی حیسابی خیتامی یە بە فیعل گەیشتووە، بە کۆتا هاتووە، بۆیە ئەگەر تەماشای رەقەمی داهات بکەین، ئەوەی کە لە موازەنەی 2010 هاتووە، تەماشای حیسابی خیتامی 2010 بکەین، جیاوازی هەیە، ئەو داهاتەی کە تەحقیق بووە زیاترە لەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ 2010 تەخمینی کردووە، بە هەمان شێوە، بۆیە بۆ ئەمساڵیش بۆ ساڵی 2012 کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تەقدیری داهاتی کردووە خۆ مەرج نیە ئەو تەقدیرە هەمووی لە 100٪ وەکو ئەوە بێتەوە، ئیمکانە کەمتر یان زیاتر بێ، منیش وەکو هاوکارانم لە پەرلەمانتارەکان خستیانە ڕوو، مافی ئێمەیە، حەقی ئێمەیە بەدواداچوونی ئەم حەقیقەتە بکەین، بەڵام کەی و چۆن؟ ئەم بابەتە لە حیسابی خیتامی یەکلا دەبێتەوە، ڕێگەی یاسایی خۆی هەیە، بۆیە منیش پشتیوانی لەوە دەکەم، ئەوەی پەیوەندیدارە بەوەی کە من پشتیوانی ڕای کامیان بکەم؟ من پشتیوانی ڕای ئەوە دەکەم چۆن لە یاساکە هاتووە ئا بەو شێوەیە بێت، لەبەر ئەوەی تەبیعەتی هەندێك داهات و هەندێك خەرجی هەیە کە لەسەر حیسابی مینەح حیساب کراوە، ناچێتە ناو خەرجییەکان، ناچێتە ناو داهاتەکان، هەر لەوێ مەقاصە دەکرێ، لێك دەبڕێن، بۆیە من ئەو ڕایەی کاك گۆران دووبارە دەکەمەوە، ئەگەر ئێمە داهات زیاد بکەین لە بەرامبەریش دا خەرجی زیاد دەبێت، لەبەر ئەوە، ئەوە تەحصیل حاصلە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر ئەگەر تێبینییەکت هەیە، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەتی داهاتەوە ئێمە داهات ئەمساڵیش وەکو ساڵانی تر بە هەمان شێوە هاتۆتە ناو پەرلەمان، ئەو داهاتانەی کە لە ناو بودجەکەدا دەرکەوتووە، ئەوە تەقدیراتە، بە تەقدیرە، تەخمینە، ئەوە لە حیساباتی کۆتایی دا ئەوە خەتی ڕاستەقینەی خۆی وەردەگرێ، ئەو وەختە زیاد دەکات، کەم دەکات، چونکە جارێکی تر تەئکید دەکەمەوە ئەوە تەقدیرە، بە تەقدیر دانراوە، باس لەوە دەکرێت ئێمە گوایە لیستێکمان ناردووە و ئەو لیستە لەم ئەخیرانەدا هاتووە، ئەو لیستە لە ئەوەلەوە لە ناو حیسابی مینەحدایە، مینەح تەبیعەتی ئەو حیسابی ئەو دەوائیرانەی کە باسمان کردووە وەکو شارەوانییەکان، وەکو فرۆکەخانە، وەکو ئەو شوێنە، وەکو ئەوانەی تر کە باسمان کردووە، هەر هەمووی وەکو بانقەکان، ئەوانە لە ناو ئەو جۆرە حیساباتانەیە، ئەوە ئەگەر بێت و نەقصیان هەبێت پارەیان لە داهاتەکەیان، خەرجییەکانیان زیاتر بێت، دەبێ حکومەت دەعمی بکات، بۆیە لە ناو حیساباتی مینەح دا عەجز دەردەکەوێت، ئەوانە هەمووی لە ناو ئیستیمارەکان دا شی کراوەتەوە و دیارە چۆنە و بۆ چی یە؟ بەڕاستی یەعنی ئەگەر بێت و ئێمە ئەوە بێنین مەعنای ئەوەیە وەکو حیساباتی عامی موازەنە خەلەلی تێ دەکەوێت بەو شێوەیە، ئەوە شوێنی خۆی هەیە، ئەویش شوێنی خۆی هەیە، تەبیعەتی ئەو حیسابە بەو شێوەیەیە، هەر چەندێك برای بەڕێزم کاك ئارام باسی ئەوەی کرد گوایە یەکێك لە فەقەرەکانی داهات مینەحە، ئەوە مینەحی خاریجی یە کە دەدرێت، ئەو مینەحی خاریجییانە ئێمە وەکو هەرێم هەر بۆمان نیە وەری بگرین، بەڵام کە دێیتە سەر حیسابی ئەوانەی کە زیاتر ریبح و خەسارەیان هەیە، دەچێتە ناو ئەم حیسابانەوە، ئەوەی کە هاتووە، ئەو تەقدیرەی کە هاتووە هەر وەکو ساڵانی پێشووتر، وەکو وەزارەتی مالیەی عیراقی و حکومەتی عیراقی هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان 28 کەس قسەی کرد ئەمڕۆ لە ماددەی یەکەم، بۆیە ئێمە داوا دەکەین لە لیژنەی یاسایی هەردوو صیاغەکە بخوێنێتەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێکهێنانی لیژنەیەکیش تەرح کرا لەلایەن چەند ئەندام پەرلەمانێکەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد مەسەلەی ڕەقابە، ڕەقابەی مالی ئیختیصاصی ئەوەیە کە بەدواداچوون بکات بۆ ئەو مەسەلانە، ئێوە دەتوانن دوایی چەند پەرلەمانتارێك ئەو داوایە بکەن، ئێمە داواکەی ئێوە تەحویلی چاودێری دارایی دەکەین، چاودێری دارایی ئەوە بکات، فەرموو کاك عدنان.

**بەڕێز عدنان عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ بۆچوونی جەنابت، ئێمە وەکو فراکسیۆنی گۆڕان داوای پێکهێنانی ئەو لیژنەیەمان کرد، لە بابی داهاتەکان دا، ئەوە داوایەکی یاسایی یە، مەفرووز وایە پەرلەمانی کوردستان دوای ئەو گومانانەی کە قسە کرا و دوای ئەو مەوزووعە تازەیەی هاتۆتە پێشەوە، لیژنەیەکی پەرلەمانی بۆ تەحقیق کردن لەو مەوزووعە پێك بهێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستاش بەڕێز سکرتێری پەرلەمان ڕوونکردنەوی هەیە با بفەرموێ.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من باسی ئەوە ناکەم کە ئیختیصاصی پەرلەمانە بە وردکاری بچێتە ناو حیسابات یان نا؟ چونکە تەبیعەتی ئەندامانی پەرلەمان موختەص نینە بەو شتە، تەبیعەتی ئەندام پەرلەمان قەصدم، نە تەبیعەتی پەرلەمان، موختەص نینە بە تەدقیق، بە ڕەئی من زیاتر ئیشی ڕەقابەی مالی یە، ئەوە نوقتەیەك، نوقتەی دووەم تەحقیق لەسەر شتێك دێتە کرن مەوجود بێت، ئەوە تەخمینی داهاتی ساڵی، ئەگەر مەخصەد پێی ئەوە بێت داهاتی 2012 بێت، نە 2011، 2012، تەحقیق لەو شتە دێتە کرن ئەوی لەبەر دەستمان بێت، تەحقیق کرابێت، داهاتی 2012 هێشتا هەموو تەحقیق نەبووینە، 2012 لە 2012/1/1 هەتا ئەمڕۆ ئەگەر هاتبێت جوزئەك لەو فەترەیە هاتووە، هی هەمووی نەهاتووە، هەمووی ساڵی 2012، دوو/ حکومەت تەخمینی کردووە بە مەبلەغەك، سبەی دیار دەبێتن، دوایی پاش ئەوەی ساڵەکە تەواو دەبێت یان تەخمینی حکومەت دەقیقە و ڕاستە، یان دەقیق نەبوویە، بە ڕەئی من ئەگەر خیلافەك دەرچوو لەو حاڵەتە مەسئولیەتی حکومەت تەحقیق نابێت، کەنگی مەسئولیەتی حکومەت تەحقیق دەبێت؟ ئەگەر هاتو با فەرز بکەین 50 ملیار داهات بوو دوایی ساڵەکە، لە حیسابی خیتامی دەرچوو حکومەت 40 ملیاری نووسییە، یەعنی 10 ملیار لەلایەکی دانایە، ئیعلانی نەکردیە، ئەو وەختە مەسئولیەتی حکومەت دیار دەبێت، (بإعتبار) داهاتی حەقیقی عەرزی نەکرد، پیشانی کەسی نەدا، بەس حالیەن داهاتی 2012 لە 2012/1/1 دەست بە تەحقیقی، بە کۆنکردنەکەی دەکەن، هەتاکە 12/31، کەنگی ئیعلان دەبێت؟ لە حیسابی خیتامی ئیعلان دەبێت داهاتەکە چەند بوون، ئەو وەختە ئەگەر فەرقێك هەبوو ناو بەینی داهات و تەقدیر، ئەو وەختە مەسئولیەتی حکومەت تەحقیق نابێت، چونکە ئەصڵەن داهات تەخمینە، بەڵام ئەگەر دیار بوو، نەتیجەی تەحقیقە ئەگەر شتەك لەسەر بوو، داهاتەکە 50 ملیار بوو، بەڵام حکومەت 40 ملیاری نووسیبوو، ئەو وەختە ڕاستە حکومەت، وەزارەی مالی مەسئولە (بإعتبار) 10 ملیار بزرن، یان ئیعلانی نەکردیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ قسەی نەکردووە، با بفەرمێ.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك ئەوەی موتەبەع بووە تا ئێستا، ئەو پێشنیازە چەند ئەندامێکی بەڕێز پشتیوانیان لێ کردووە، مەفرووزە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەوە یەك، دووەم لەسەر مەسەلەی تەخمین کە جەنابی سکرتێر باسی کرد، ئێمە لە کۆتایی مانگی شەشداین، شەشی 2012، ئێمە ئەگەر ئەو لیژنەیە پێك بێنین بۆ ئەو شەش مانگە لەسەر ئەو حەصیلەیەی کە لەو شەش مانگە دەست دەکەوێ، شەش مانگی داهاتووش دەتوانرێ تەخمین بکرێ، دیاری بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام، فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام بەرواری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەنگدان لەسەر چەند شێوەی داڕشتنی مادده دەدرێت، لە ناو موناقەشە کردن و دەنگدان لەسەر یەك مادده، دەنگدان لەسەر پێشنیارێکی تر ناکرێت، ئینجا ئیزافەتەن بۆ ئەوە پێشنیارەکە هیچ بنەمایەکی مەنتیقی و قانونی نیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو پێشنیارە ڕەت بکرێت، دەنگدان تەنها دەدرێت چەند حاڵەت هەیە بۆ صیاغەی ماددەی یەك زیاتر، پێشنیار وەرناگیرێ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە جەنابی کاك فرست وتی ئەوە تەخمینە، ڕاستە، بەڵام ئێمە هەمووومان دانیشتووین لێرە تەخمین پەسند دەکەین، یەعنی شتێکی واقیع پەسند ناکەین کە پێشتر بەسەر چووبێ، ئێمە بۆ ئەوەی دڵنیابین لەوەی ئەو تەخمینە واقیعە، ئەو تەخمینە نزیکە لە ڕاستییەوە کە پەسندمان کردووە، چۆن دڵنیا دەبین لەو هەموو گومانەی لە یەکەم ڕۆژی قسە کردنەوە ئێمە هەمان بووە لەسەر داهات؟ جگە لەوەی کە وەکو کاك سەرهەنگ وتی موتەبەع هەتاکو ئێستا ئەوە بووە، هەر چ پێشنیازێك، سێ ئەندامی پەرلەمان کە ئەصڵ وایە ئەگەر یەك ئەندامی پەرلەمانیش پێشنیاز بکات، بخرێتە دەنگدانەوە، موتەبەعی وا نەبووە پێشنیازێك هەبێ بۆ ڕەت کردنەوەی پێشنیاز، پێشنیاز خۆی دەبێ بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک گۆران، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا قسەکان کرا، بەڵام حەزم لێ یە تەوزیحێکی وردتر بدەم، ئەگەر ئەم بۆچوونەی پێکهێنانی لیژنە لەسەر داهاتی ساڵی 2011 دا دەکرێ، بە ڕەئی خۆم ڕێزی لێ بگیرێ، قسەکەیەکی لەسەر بکرێ، بەڵام ئەگەر لەسەر ساڵی 2012یە من پێموایە ئەگەر ئەو لیژنەیە پێکیش بێ لە فازانجی حکومەتدایە، بۆ؟ لەبەر ئەوەی ئێمە بگەینە هەر نەتیجەیەك بە حکومەت دەڵێین ئەو داهاتەی تۆ نزیك نیە لەوە، لە نەتیجەدا حکومەت ئەو قسەی کاك فرست گوتی دەڵێ ئەوە تەخمینە، کێ دەڵێ ئەو داهاتی گومرگەی کە تۆ چووی لێکۆڵینەوەت لێی کردووە، بۆ نموونە لە سنووردا، لە ماوەی شەش مانگ دا هیچی تر ئەو داهاتە کورت ناکات، کەم ناکات، واتا حکومەت ناکەوێتە ژێر مەسئولیەت و لێپرسینەوە ئەگەر ئێمە لەسەر ئەم تەخمینەی ئێستامان کرد، بەڵام ئەوەی بە دەست هاتووەو حەقیقی یە لە رابردوو، ئەوە قسەیەکی ترە، دەکرێ گوێی لێ بگیرێ لە ڕووی مەنتیقییەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاجی بیلال، فەرموو.

**بەڕێز أحمد سلیمان (بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە موتەبەع ئەوەیە کاتێك چەند ئەندام پەرلەمانێك پێشنیارێك دەکەن، با پێشنیارەکە دەنگ نەهێنێ، پێشنیارەکە جەنابتان بیخەنە دەنگدانەوە، با دەنگ نەهێنێ، ڕەفز بکرێ، ئەوە خۆ مەعنای ئەوە نیە ئیلا کە پێشنیار کرا، پێشنیارەکە دەبێ قبوڵ بکرێ، لەلایەك، لەلایەکی تر ئەم لیژنەیە دەکرێ ئێمە ساڵی ڕابردووش ئێمە ئەو داهاتانە باس دەکەین بەشێکیان پەیوەندییان بە ساڵی 2011 هەیە، دەکرێ ئەم لیژنەیە تەدقیق لە داهاتەکانی ساڵی 2011ش بکات، چونکە ئێمە بەڕاستی گومانمان لە ساڵی 2011ش هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو باسە لە لیژنەی هاوبەشی یاسایی و داراییش کرا، تەنانەت پێشنیاری ئەوە کرا لیژنە هاوبەشەکە لە لیژنەی دارایی، یاسایی، نەزاهە پێك بهێنرێ، زۆربەی برا و خوشکانیش هاودەنگ بوون لەگەڵی، من کێشەم کاتەکە نیە ئێستا بێ یان کاتێکی تر، تەنانەت لەسەر ناوەکەی تۆزێ مشت و مڕمان بوو، ئایا ناوی لێکۆڵینەوە بێ؟ یان بەدواداچوون؟ بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، پەرلەمان بۆی هەیە لیژنەی بەدواداچوون بۆ هەر بابەتێك کە بیەوێ پێك بهێنێ، چ ئیشکالێك هەیە لەسەر ئەم بابەتە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە قسە لەسەر تەخمین دەکەین، ئەو تەخمینە لەسەر ئەساسی حیسابی ساڵی ڕابردووە، ئەوە خاڵێکە کە هەر لیژنەیەك بێت دەتوانێ بەدواداچوونی بۆ بکات، لەسەر ئەو ئەساسە ئەو تەخمینە هەڵسەنگێنێ کە چەند لە ڕاستییەوە نزیکە؟ خاڵێکی تر بە پێی پەیڕەو پێشنیار کراوە، قانونی یە، بۆ هیچ پەرلەمانتارێك نیە پێشنیاری پەرلەمانتارانی تر ڕەت بکاتەوە، بۆیە حەقە بخرێتە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد شارەزووری، فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە هەمووومان بە دەنگدان دوو ڕۆژ لەمەو پێش ئیختیاری هەردوو لیژنەی دارایی و یاساییمان کرد بۆ ئەوەی دەرجی هەموو قسەکان، ڕا و پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمان بێنێتەوە، ئەم لێژنە بەڕێزە کە هێناویانەتە بەردەم پەرلەمان، دوو ڕایان هێناوەتەوە، یەعنی وازحە لەوە ڕای سێیەمی تیا نیە، یەعنی بۆیە ئەگەر من ڕێزم هەیە بۆ ڕەئی ئەندام پەرلەمان کە ڕاستە لە ناو پەرلەمان دا ڕەئیەکی وا بێ و خراوەتە دەنگدان، بەڵام ئێستا ئەوە لە قسە کردنە لەسەر موقتەرەحێك کە ئەو لیژنانە دوو ڕۆژە هێنایەتەوە، بۆ دوو ڕایان هێناوەتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان ئێمە دەتوانین لیژنە دروست بکەین، لەو کاتەی کە دەمانەوێ، ئەوە ئێمە ئێستا موناقەشەی یاسای بودجە دەکەین، دوای ئەوە یەعنی لە ناو یاسای بودجەدا تۆ چۆن شتێك تەسبیت دەکەی کە کاری خودی خۆمانی پەرلەمانەکەیە؟ من دەڵێم ئەگەر هاتو ئێمە بمانەوێ تەحقیق لەو واریداتانە بکەین، دەبێ لە جەلسەیەکی پەرلەمان دا، بە نەصێکی ڕەسمی، بە ئیمزا کردنی ئەندامانی پەرلەمان، داواکار بین لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کە لیژنەیەك پێك بێت بۆ بەدواداچوون بۆ واریدات، بەڵام ئێستا ئێمە یاساکەمان یاسای بودجەیە، عیلاقەی بەسەر حکومەتەوەیە، کێ جێبەجێکاری ئەم یاسایەیە؟ حکومەت؟ خۆ ئێمە نین، پەرلەمان نیە، پەرلەمان تەشریعی دەکات، حکومەت جێبەجێی دەکات، ئەوەی ئەو بەڕێزانە باسی دەکەن لە صوڵبی کاری پەرلەمان خۆیەتی، لە صوڵبی کاری پەرلەمانە، مەفروزە ئێمە لە جەلسەیەکی تایبەت دا ئەم کارە بکەین، نەك ئێستا.........

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەر لەم پەرلەمانە چەندین جار لیژنە موختەصەکانمان ڕاسپاردووە کە پوختەی گەڵاڵەی ڕەئی پەرلەمانتاران، یان وەکو ئەو یاسایانەی دەخرێتە بەردەستیان بێنێتەوە ناو پەرلەمان، لە نەتیجەش هەر موناقەشەی لەسەر دەکرێ، هەندێ جار ئارائی تر دێتە ئاراوە، بەڕێزان ئێمە ئەگەر وەکو ئێستا ئەوە بڵێین لە ڕەئیەکان دا هاتووە، کەواتە سابیقەیەکمان دروست کردووە هەر لە ئێستاوە، تەنها ئەو خاڵانەی کە هاتووە بیخە دەنگدانەوە، کەواتە موناقەشەی بۆ چیە؟ ئەگەر هەروەکو ڕەئیەکی زیاتر نەبێت، عەفوم بکەی جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە ئەگەرە وەکو لە ناو یاساکەشدا دانەنرێ یا وەکو ئێستا بکرێ بە ڕەئیەکی پەرلەمانی، بڕیارێکی پەرلەمانی، کە لێژنەکە دابمەزرێ لە داهاتوودا، بۆیە زۆر زەرورە و پێویست دەکات بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دوو ڕەئی هەیە، ڕەئیەکیان دەڵێ با لیژنەیەك پێك بێت، ڕەئی دووەم دەڵێ ئێستا وەختی ئەوە نیە، وەختی موناقەشەی بودجەیە، ئەگەر ئەو ڕەئیەش هەبێ لەلای لیژنەیەکی تری پەرلەمان بکرێ، دەیخەینە دەنگەوە، فەرموو کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لە ڕاستی دا ئەو ڕەئیەی کە بەشێك لە ئەندامانی پەرلەمان لەسەر لیژنە پێکهێنان دەریان بڕیوە، دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ، بەڵام ئێمە لەناو ماددەی یەکەمی یاسای بودجەداین، دوو ڕەئی هاتووە، هەردوو لیژنەی مەعنی ئیشی خۆیان کردووە، ئەوەی پەیوەندی بە لیژنە پێکهێنانەوە هەیە ڕەئی سێیەم نیە، بابێکی ترە، پەیوەندی بە لیژنە پێکهێنانەوە هەیە، بۆ ڕوونکردنەوەی کۆمەڵێك گومان لەسەر داهات، لەوانەیە لەسەر خەرجی، دەکرێ ئەوە لە دەرەوەی ئەم ماددە، لە کۆتایی ماددەکان دا دەبێ، لە تەوصیاتەکان دا دەبێ، لە بابەتێکی تر دەبێ ڕێزی لێ بگیرێت، بەڵام من تەصەورم وایە پێکهێنانی لیژنە لەناو ئەم ماددەیە لە جێگەی خۆیدا نیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

خۆی ئەگەر لیژنە پێك بێ لە زیمنی ئەو ماددەیە پێك نایێ، دەبێ لە کۆتایی تەواوکردنی ئەم یاسایە ئینجا ئەوە بکرێ، چونکە ئەوە نابێتە بەشێك لە ماددەکە، نابێتە بەشێك لە یاساکە ئەوە بەڕاستی، دەکەوێتە دەرەوەی ئەوە، ئەگەر پێیان خۆشە ئەو خوشك و برایانەی ئەوەیان تەرح کرد، کە یاساکەمان تەواو کرد، دوایی ئەوە تەرح بکەنەوە سەر لە نوێ، ئێمە دەیخەینە دەنگەوە دوایی، بەڵام با یاساکە تەواو بکەین، من هەر لە ئێستاوە پێتان دەڵێم کە یاساکەمان تەواو کرد ئەو پێشنیارەی ئێوە دەخەینە دەنگەوە، هەردوو ڕەئی دەخەینە دەنگەوە، یەکێ دەڵێ لیژنەیەك پێك بێ، ئەوی تریش دەڵێ ئێستا وەختی ئەوە نیە، هەر کامیان دەنگی هێنا، ئیقرار لەسەر ئەوە دەکەین، کاکە وەڵڵا بەو حیسابە بێ تەواو نابێ برای من، ئاخیر کەس کاك کاردۆ سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە، چونکە پەیوەندی بەم ماددەیەوە هەیە، شەرت نیە لە ماددەکە تەسبیت بکرێ، با مولزەم بێ یاساکە بە مولحەقێك، ئاخر ئێستا بۆ دروست کردنی لیژنەکە بیخەینە دەنگدان، کە قبوڵ کرا ئەو کاتە....

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەی هاوبەش پێشنیارێکیان هەیە، با بفەرموون.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا هەروەکو لە ڕووی یاساییەوە تەحقیق لە شتێك دەکرێت کە فیعلەن ڕوویدابێ، ئەو داهاتانە موخەمەنە، بەڵام ئەگەر هەر بۆ دوای ئەوە ئەوەندەی بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ڕێ لە هیچ ئەندام پەرلەمانێك نەگیراوە بەدواچوون بکات بۆ هەر شتێك، دەتوانێ بەدواچوون بکات، ئەوە حاڵەتێك،

حاڵەتێکی تریش ئەگەر بمانەوێ لە حەقیقەتی ئەو مەوزووعە بزانین، دەبێ حیساباتی خیتامیمان لەبەر دەست دا بێ، (على الأقل) گەیشتبینە 2012/12/31 تاکو حەقیقەتی مەوزووعەکە ڕوون بێ لەبەر چاومان، ئەگینا ئێمە بچین تەحقیق لەسەر شتێ بکەین کە نەتوانین تەحقیقی لەسەر بکەین، بەردەوام بێت، ناگەینە نەتیجە، سوپاس.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وا دیارە لە ئەنجامی گفتوگۆکردن دا ئێمە لە لیژنەی هاوبەش کە کۆبوونەوەمان کرد، ئیتیفاقمان کرد لەسەر ئەوەی کە دیوانی ڕەقابەی دارایی لە هەرێمی کوردستان بەو ئیشە هەڵبستێت، مادەکمان صیاغە کردەوە، لە ڕاپۆرتەکمان وا دیارە پێشنیار کرا کە دیوانی ڕەقابەی دارایی لە ماوەی سێ مانگ دا سەرۆکەکەی دابمەزرێ، بەدواداچوونی ئەو بابەتە بکات، هەر بابەتێکی تر، جگە لەوەش یاسای بودجە لە پەیڕەوی ناوخۆ و لە یاسای پەرلەمان بە شێوەیەکی تایبەتی موعامەلەی لەگەڵ کراوە، لە ماددەکانی 76 تا ماددە 79، واتا هیچ مەعقول و قانونی نیە بڵێین ئێمە ئێستا لیژنەیەکی تەحقیقی دابمەزرێنین بۆ ئەو بابەتە، چونکە تەحقیق کەی دەکرێ؟ کەی دادەمەزرێ لێژنەی تەحقیقی؟ ئەو کاتەی ئەگەر جەریمەك ڕوویداوە، ئایا ئێستا هیچ جەریمەیەك ڕوویداوە؟ بابەتێکی وابێت بڵێین ئیتیهامی کەس بکەین، یان حکومەت فەرموو حالە موخەمەنە، بودجە تەخمینە، لە حیساباتی خیتامی دیار دەکرێ، کەی حیساباتی خیتامی پێشکەش کرا، ئەو لیژنەیە یان هەر لیژنەیەکی تر کە دەتوانی بەدواداچوونی بابەتەکان بکاتەوە، دیاری بکات کە ئایا خەلەل هەیە لە بودجە؟ داهات و خەرجییات چۆن صەرف کراوە؟ یان صەرف نەکراوە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە لە سەرۆکایەتی قەرارمان دا، ئەوەمان پێ باشە، هەردوو ڕەئیەکە دەخەینە دەنگەوە، یەکێکیان دەڵێ لیژنەیەك پێك بێ لە پەرلەمان بۆ بەدواداچوونی داهات و خەرجییەکان، یەکێکی تریش دەڵێ ئەوە کاری ڕەقابەی مالیە، با ڕەقابەی مالی بیکات، بۆ ماوەی نیو سەعات دانیشتنەکەمان تەئجیل دەکەین، سەعات حەوت و نیو دێینەوە.

## دانیشتنی دووەم

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆیەکان، لیژنەی هاوبەش فەرموون بۆ شوێنی خۆتان، بەڕێزان پێشتر باس لەوە کرا کە لیژنەیەك پێك بێت، هەندێك لە پەرلەمانتارەکان داوایان کرد کە لیژنەیەك پێك بێت بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی داهات و خەرج، دیارە سەرجەم پەرلەمانتارەکان ئەوەیان پێ باشە، کە هەمیشە لیژنەکان، لیژنەی موختەس، لیژنەی دارایی و نەزاهە بەدواداچوون بکەن بۆ داهاتی هەرێمی کوردستان و خەرجیەکانی، کەواتە هیچ خیلافێك نییە بۆ بەدواداچوون و تەدقیق کردن لە داهات و خەرجیات، بەڵام دوو رەئی هەیە، یەکیان دەڵێت: لیژنەیەکی تازە پێك بێت، یەکێکیشیان دەڵێت: نەخێر، ئەوە ئەرکی هەیئەتی چاودێری و دەستەی چاودێری و پەرلەمانی کوردستانە، حەق نییە ئێمە موصادەرەی مافەکان و سەلاحیاتەکانی دیوانی چاودێری پەرلەمانی کوردستان بکەین، بۆ ئەوەی کارەکانی خۆی بکات، چونکە ئەگەر لیژنەیەك پێك بێت، کەواتە ناوەڕۆکی کارەکانی دیوانی چاودێری دارایی پەرلەمان بەتاڵ دەبێتەوە، دیارە هەردوولا ئەم پەرلەمانتارە بەڕێزانە حەقی خۆیانە رەئیان هەبێت، بیروبۆچوونیان هەبێت لەو بارەیەوە، هەردوولاش لە قازانجی میللەتەکەمان و لە قازانجی ئەوەیە سەرچاوەکان بزانرێت و، چۆنیەتی سەرف کردنەکە بزانرێت، ئێمە بۆ ئەو مەسەلەیە هەردوو رەئیەکە دەخەینە دەنگدانەوە، بەڵام ئەوە دەکەوێتە ئەحکامی خیتامی، چونکە نابێتە بەشێك لە ماددەیەکیش لەم بابەتانە، ئێستا یەکەم ئەو رەئیە دەخەینە دەنگدانەوە کە دەڵێن دیوانی چاودێری دارایی کاری خۆیەتی بەدواداچوون بکات بۆ هەموو

داهات و خەرجیەکانی کوردستان، بەتایبەتی کە ئێوەی بەڕێز لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەی ڕابردوودا ئیقراری ئەوەتان کردووە، کە دیوانی چاودێری دارایی تەفعیل بکرێت و، لە ماوەیەکی کورت کارەکانیان ئەنجام بدرێت و تەفعیل بکرێت، فەرموو کاك عەدنان.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا لە حیکمەتی خستنە دەنگی ئەم نوقتەیە تێناگەم، چونکە دیوانی چاودێری دارایی یاسای هەیە، ئەوەی کە باست کرد بەشێکە لەیاسای دیوانەکە، یەعنی کێیەك هەبێت لەم کوردستانە دژ بەوە بێت کە دیوانی چاودێری بە ئەرکی خۆی لە چاودێری کردن و تەدقیق کردندا نەبێت؟ قسەمان لەسەر ئەوە کردووە کە ئایا لیژنەیەکی پەرلەمانی لەم ساتە وەختە، کە قسە لەسەر بودجە دەکەین، لیژنەیەکی پەرلەمانی تەشکیل بکرێت بۆ بەدواداچوونی ئەو مەوزوعانەی کە ئەندامانی بەڕێز قسەیان لەسەر بوو، یانیش تەشکیل نەکرێت؟ یەعنی ئەمە ئەسڵی مەوزوعە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

هەردوو ڕەئیەکان پێیان باشە بەدواداچوون و موتابەعە بکرێت، تەحقیق و تەدقیق بکرێت لە هەموو واریدات و هەموو خەرجیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەردوولا داواشتان کردووە کە تەفعیل بکرێت، داواتان کردووە دیوانی چاودێری دارایی تەفعیل بکرێت، زۆر موناقەشە کرا بەڕاستی، دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ گرفتمان نییە لەوەی کە دیوانی چاودێری هەرچەند ئێستا کارا نییە، وجودی نییە، نە هەیئەتەکەی، نە سەرۆکەکەی، ئەمە لەلایەکیان، لەلایەکی تر ئەوەیە پێشنیاری لیژنەکە دەبێت پێشتر بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە بەقانون هەیەو هیچ کێشەمان لەسەر نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر عومەر.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.

لەڕاسیتدا ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەشی دارایی و قانونی ئەم چەند ڕۆژە هەردوولامان موتەفیق بووین لەسەر ئەوەی کە بەدواداچوون بکرێت بۆ داهات و خەرجی، ماددەیەکی موزافیشمان داخیل کردووە، کە

هەردوولامان و پێشنیاری هەموومان بووە، فراکسیۆنە بەشدارەکان و هەموو ئەندامانی لیژنەش، کەس تەحەفوزی لەسەر نەبووە، بۆ ئەوەی دیوانی چاودێری دارایی لە ماوەی سێ مانگدا سەرۆکەکەی دابنرێت، ئەنجومەنەکەی دابندرێت بەگوێرەی یاسا، ئێمەش تەئکیدمان کردۆتەوە کە ئەرکی دیوانی چاودێری دارایی بە دواداچوون و لێکۆڵینەوە لە داهات و خەرجی و کۆی گشتی بودجە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك کەسی تر قسە دەکات، ئەویش کاك گۆرانە، تەواو، چونکە دوو کەس لە برادەرانی موعارەزە قسەیان کرد، دوو کەسیش با لە کوردستانی قسە بکات، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆشبەختانە هەردوو بابەت لە یەك نزیکە، کە هەردوولا موتەفیقین کەوا بەدواداچوون بکرێت، ئەو تەرحەی کە کراوە، بۆ ئەوەی لیژنەیەك پێك بێت، قسە قانونیەکە ئەوە بوو کەوا لەو ماددەیە شوێنی نییە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەم تەرحەی بەڕێزانە هەڵبگیرێت بۆ ئەحکام خیتامی، ئەو کاتەش ڕێ بە ئەندامانی پەرلەمان بدرێت جارێکی تر قسە بکەنەوە، لیژنەکە چۆن بێت؟ بۆ ساڵی 2010 بێت؟ بۆ ساڵی 2011 بێت؟ دەستەی نەزاهەکە چۆن بێت؟ لەوێ هەم موناقەشەی لەسەر دەکەین، هەم دەنگی لەسەر دەدەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عومەر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە، بەڕاستی دوو بابەتی جیاوازن، ئێمە هەموومان موتەفیقین کە دەستەی دیوانی چاودێری دارایی بەزووترین کات پێك بهێنرێت، ڕاستە ئێمە موتەفیقین و لەو مەحزەرەش نووسراوە، بەلام لە هەمان کۆبوونەوە وەکو جاری پێشووش ئاماژەم پێ کرد باسی لیژنە کراوە، من تەسنیەی ئەو پێشنیارەی کاك گۆران دەکەم، پێم باشە ئێستا جەنابتان وەکو سەرۆکایەتی بەڵێنی ئەوە بدەن لە ئەحکامی خیتامی بخرێتەوە دەنگدان، ئەوەی کە موحەدەد تەرح کراوە پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەشی تایبەتمەندە لەپەرلەمان، بۆ بەدواداچوونی داهاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمە وا لە ئەحکام خیتامیەکە تەرح بکرێتەوە، ئێستا بەڵێنی ئەوەمان پێ بدەن موشکیلەمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ ئەو تەرحەی پێشتر کردتان لەگەڵ ئەوەی مامۆستا عومەر موتەفیقن؟

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرادود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ، لەگەڵ ئەو تەرحەی بەڕێزین، بەس بەو مەرجەی بڵێین ئەو لیژنەیە، ئەو ماددەیە بخرێتە ئەحكامی خیتامی و دروست بكرێت، ئەم بەڵێنە وەرگرین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەو شەرتە نییە، قەرارمان لێداوە، ئەو كاتە تەرح دەكرێتەوەو موناقەشە دەكرێتەوە، دەخرێتە دەنگدانەوە، خۆ ئێستا قەراری لێ نەدراوە لیژنەیەك دروست بكرێت، فەرموو.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرادود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیارێكمان هەبووە سەبارەت بە دروست كردنی لیژنەكە، كە پەیوەندی بەماددەی یەكە، كە داهاتە، ئەگەر پێشنیارێكی تر هەیە كە ئەمە لێرە شوێنی نییە، كە خۆی پەیوەندی بە ماددەكە هەیە بچێتە ئەحكامی خیتامی، زۆر پێمان ئاساییە دەنگی لەسەر بدرێت، بەنیسبەت ئێمە تەبیعیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو پێشنیارەی ئەو برادەرانە تەرحیان كرد بوو تەئجیلی دەكەین، بۆ ئەوەی هەموو یاساكە تەواو بێت و بیخەینە ئەحكامی خیتامی لەوێ دەنگی لەسەر دەدەین، هەر كام دەنگی هێنا دەیخەینە ئەحكامی خیتامیەوە، لیژنەی هاوبەش بڕۆنەوە سەر ماددەی یەكەم، هەردوو بۆچوونەكە بخوێنەوە، دەیخەینە دەنگدانەوە، فەرموون.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یەكەم لە سەرەتا باس كرا كەوا دوو را لەسەر بابەتەكە هەیە، جێگیر كردنی داهات بە وردەكارییەوە، ئەگەر قسە لەسەر ئەو بابەتە بكەین واتا ماددەی یەكەم وەكو خۆی دەمێنێتەوە، تەنها ئەوە ئیزافە دەكرێت لەسەری داهاتەكانی بەلەدیە، بانك، مەتار، نەوت، كارەبا، داخلیە، كە لە لیستێكی جیاواز پێشكەشی پەرلەمان كراوە، ئەندامانی پەرلەمان ئاگایان لێیە، ئەمە رەئی یەكەم، بۆیە داوا دەكەم لە سەرۆكایەتی پەرلەمان رای یەكەم بخاتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بیخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

روونم كردەوە ماددەی یەكەم وەكو خۆی، تەنها ئەوانە ئیزافە بكرێت.

**الفصل الاول**

**(الايرادات)**

المادة الاولى:

تقدر ايرادات الموازنة للسنة المالية 2012 لاقليم كوردستان – العراق بمبلغ (13,200,950) ثلاثة عشر ألف ومائتي مليار وتسعمائة وخمسون مليون دينار وحسب ما هو مبين في الجدول الاتي:

1- حصة الاقليم حسب قانون الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنة المالية 2012 وبضمنها البترودولار، (12,604,950) اثنا عشر ألف وستمائة واربعة مليار وتسعمائة وخمسون مليون دينار.

2- الايرادات العامة المخمنة وبضمنها ايرادات المنافذ الحدودية لسنة 2012، (476) اربعمائة وستة وسبعون مليار دينار.

3- عن المنتوج والمستهلك محلياً (النفط والغاز) (البترودولار)، (120) مائة وعشرون مليار دينار.

فەقەرەیەك زیاد دەكرێت، ئەگەر رەئی یەكەم پەسند كرا.

ايرادات البلدية (67) سبعة وستين مليار دينار.

البنوك (56) ستة وخمسين مليار دينار.

النفط (1075) ألف وخمسة وسبعين مليار دينار.

الكهرباء (182) مائة واثنان وثمانين مليار دينار.

الداخلية (128) مائة وثمانية وعشرين مليار دينار.

الصحة (10) عشرة مليار دينار.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆرە بە كوردی بخوێنەوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە رەئی دووەمە دەیخوێنمەوە، تا بدرێتە دەنگدان، ئەو رەئیەی كە داوای كردووە هەموو وردەكارییەكانی داهات لەناو یاساكە باس بكرێت، ئەو رەئیەیە، سەرەتا دەیخوێنینەوە بۆ دەنگدان.

**بەشی یەكەم**

**داهاتەكان**

ماددەی یەكەم:

داهاتەكانی بودجەی ساڵی دارایی 2012ی هەرێمی كوردستان – عێراق بە بڕی (13,200,950) سێزدە تریلیۆن و دوو سەد ملیارو نۆ سەدو پەنجا ملیۆن دینار دەخەملێنرێت و بەپێی ئەوەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا روون كراوەتەوە:

1- بەشی هەرێم بەپێی یاسای بودجەی گشتی ئیتیحادی كۆماری عێراق بۆ ساڵی دارایی 2012، كە پترۆدۆلاریشی لەگەڵدایە (12,604,950) دوازدە تریلیۆن و شەش سەدو چوار ملیارو نۆ سەدو پەنجا ملیۆن دینار.

2- داهاتی گشتی خەملێنراو کە داهاتی ساڵی 2012ی دەروازە سنووریەکانیشی لەگەڵدایە (476) چوار سەدو حەفتاو شەش ملیار دینار.

3- ئەوەی لە دەرهێنان و بەکارهێنانی ناوخۆ (نەوت و گاز) و (پترۆدۆلار)ەوە دێ (120) سەدو بیست ملیار دینارە.

داهاتەکانی شارەوانی (67) ملیار.

بانك (56) ملیار دینار.

فڕۆکەخانە (37) ملیار دینار.

نەوت (1،75) ملیارێك و حەفتاو پێنج.

کارەبا (182) سەدو هەشتاو دوو ملیار دینار.

ناوخۆ (128) سەدو بیست و هەشت ملیار دینار.

تەندروستی (10) دە ملیار دینار.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئێستا خوێندرایەوە ڕەئی یەکەمە، ئەوەی ئیزافە کرا لە ماددەی یەکەم کە گوتیان وردەکارییەکان زیاد بکرێت لەسەر ماددەکە ئەوە ڕەئی یەکەمە، دووبارەی دەکەمەوە، ئەو ماددەیەی کە پێشنیار کراوە وردەکارییەکان ئیزافە بکرێتە سەر ماددەی یەکەم ئەوە ڕەئی یەکەمی ڕاپۆرتی هاوبەشی لیژنەی دارایی و یاساییە. ڕەئی دووەم وەکو خۆیەتی، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ڕەئی یەکەم بخاتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عەونی وازیح نییە، پەرلەمانتارە بەڕێزەکان لەلایان وازیح نییە، جارێك ڕەئی یەکەم، جارێك ڕەئی دووەم، تکایە بۆیان شەرح بکەنەوە، ڕەئی یەکەم و ڕەئی دووەم، بۆ ئەوەی لەبەر چاویان وازیح بێت، چونکە ئەوە دەنگدانە، فەرموو دکتۆرە ڕۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ئەو لیژنەیەی کە ڕاپۆرتێکی هاوبەشی ئامادە کرد بوو دوو ڕەئی هەیە، ڕەئی یەکەم ئەوەیە کە داهاتەکان بە هەموو وردەکارییەکان بێتە ناو ماددەی یەکەمی یاساکە، ئەو ڕەئیەی کە ئێستا خوێندمانەوە بەو داهاتەی کەوا حکومەت، وەزارەتی دارایی وەکو هاوپێچ فۆڕمێکی پێشکەش کردووە، کە وردەکارییەکانی داهاتەکەی تێدا هەبوو، ئەو ڕەئیە پێشنیاری ئەوە دەکات کە هەموو وردەکاریی داهات لەناو ماددەی یەکەمی یاساکە تایبەتە بە داهات باس بکرێت.

رەئی دووەم ئەوەیە ماددەی یەك وەك لە پرۆژە یاسای بودجەدا هاتووە، وەكو خۆی بێت، ئەوە رەئی دووەمە، رەئی یەكەم وردەكاری داهاتە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا رەئی یەكەم كە دەیەوێت هەموو وردەكارییەكانی ئیرادات بە تەفاسیل بخرێتە ناو ماددەكە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (33) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، فەرموو رەئی دووەم بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الاول**

**(الايرادات)**

المادة الاولى:

تقدر ايرادات الموازنة للسنة المالية 2012 لاقليم كوردستان – العراق بمبلغ (13,200,950) ثلاثة عشر ألف ومائتي مليار وتسعمائة وخمسون مليون دينار وحسب ما هو مبين في الجدول الاتي:

1- حصة الاقليم حسب قانون الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنة المالية 2012 وبضمنها البترودولار.........

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عەونی بزانین نوقتەی نیزامی چیە؟ فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جەنابت ئەوەت خستە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدا نییە، بەڵام تۆ دژەكەت نەخستە دەنگدانەوە، هەتا بزانین كێ لەگەڵدا نییە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاكە دوو رەئیە، رەئیەكیان بەنەوعێكە، رەئیەكەی تر بە نەوعێكی ترە، رەئی یەكەممان خستە دەنگدانەوە، ئێستا رەئی دووەم دەخەینە دەنگدانەوە، فەرموو رەئی دووەم بخوێنەوە كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الاول**

**(الايرادات)**

المادة الاولى: تقدر ايرادات الموازنة للسنة المالية 2012 لاقليم كوردستان – العراق بمبلغ (13,200,950) ثلاثة عشر ألف ومائتي مليار وتسعمائة وخمسون مليون دينار وحسب ما هو مبين في الجدول الاتي:

1- حصة الاقليم حسب قانون الموازنة العامة الاتحادية لجمهورية العراق للسنة المالية 2012 وبضمنها البترودولار، (12,604,950) اثنا عشر ألف وستمائة واربعة مليار وتسعمائة وخمسون مليون دينار.
2- الايرادات العامة المخمنة وبضمنها جزء من ايرادات المنافذ الحدودية لسنة 2012، (476) اربعمائة وستة وسبعون مليار دينار.
3- عن المنتوج والمستهلك محلياً (النفط والغاز) (البترودولار)، (120) مائة وعشرون مليار دينار.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، داوا دەکەم ڕەئی دووەم بخرێتە دەنگدانەوە، وەکو خۆی دەمێنێتەوە، کە ئێستا چۆن خوێندرایەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە ڕۆژان نییە بە کوردییەکەی؟

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

## بەشی یەکەم

## داهاتەکان

**ماددەی یەکەم:**

داهاتەکانی بودجەی ساڵی دارایی 2012ی هەرێمی کوردستان – عێراق بە بڕی (13,200,950) سێزدە تریلیۆن و دوو سەد ملیارو نۆ سەدو پەنجا ملیۆن دینار دەخەملێنرێت و بەپێی ئەوەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا روون کراوەتەوە:

1- بەشی هەرێم بەپێی یاسای بودجەی گشتی ئیتیحادی کۆماری عێراق بۆ ساڵی دارایی 2012، کە پترۆدۆلاریشی لەگەڵدایە (12,604,950) دوازدە تریلیۆن و شەش سەدو چوار ملیارو نۆ سەدو پەنجا ملیۆن دینار.

2- داهاتی گشتی خەملێنراو کە داهاتی ساڵی 2012ی بەشێك لە داهاتی دەروازە سنووریەکانیشی لەگەڵدایە، (476) چوار سەدو حەفتاو شەش ملیار دینار.

3- ئەوەی لە دەرهێنان و بەکارهێنانی ناوخۆ (نەوت و گاز) و (پترۆدۆلار)ەوە دێ (120) سەدو بیست ملیار دینارە.

ئەوە ئەسڵی یاساکەیە وەکو خۆی کە لە پرۆژەکە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕەئی دووەم کە ئەسڵی یاساکەیە دەڵێ وەکو خۆی چۆن لە پرۆژەکەدا هاتووە وا بمێنێتەوە، دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (62) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (26) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو کاک کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرادود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نەریتی ناو پەرلەمان بۆ دەنگدان دژەکەش دراوە، ئەوە یەکەم جارە ئێمە دەڵێین کێ لەگەڵ نییە نایخەینە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک کاردۆ دوو ڕەئیە، کە دوو ڕەئی موخالیف بوون، دەنگتاندا بە یەکێك، کەواتە دەنگ نادەیت بە ڕەئی دووەم، خۆی دوو ڕەئیە، یەك مەسەلە نییە، دوو ڕەئیە، لەبەر ئەوەی دوو ڕەئیە، فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە زۆر جار عورف موتەبەع بینیومانە لە حاڵەتێکی وادا کەخیلاف لەسەر پەیڕەو کردنی نەریتێك، یان پەیڕەوی ناوخۆ دەبێت، کاك فرسەت وەکو مەرجع دەگەڕێینەوە بۆی دەڵێین کاك فرسەت لەمەدا قسەی هەیە، من یەکەم داوا دەکەم کە کاك فرسەت لەمەدا قسە بکات.

دووەم/ ئێمە بە پرۆتۆکۆلەکاندا بگەڕێینەوە، ئەو ڕەئیانەی کە سێ ڕەئی جیاوازیشی لەگەڵدا بووە، هەمووی جەنابت گوتووتە کێ لەگەڵە، کێ لەگەڵ نییە؟ بۆ ئەم جارە وایە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك نەریمان.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە تازەترین یاسا کە دەرمانکرد یاسای لێبووردنی گشتی بوو، لە هەندێك مادده سێ ڕەئی هەبوو، بۆیە شەش جار خرایە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە، کێ لەگەڵدا نییە؟ بۆچی ئەو مەوزوعانە گۆڕا؟ منیش داوا دەکەم کاك فرسەت ڕوون کردنەوە بدات لەسەر ئەمە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حاجی بلال.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پێموایە ئەوە شتێکی تازە بوو، دەکرێت لەمەودوا هەروا ئیشی لەسەر بکەین، بەڵام لەمڕۆوە، چونکە تا ئەمڕۆ وا نەبوو، ئەوە یەکەم جارە تەنها یەك ڕەئی بخرێتە دەنگدانەوە، هەر جارێك دەنگدان کرا بێت تەئیدو دژ دەنگی داوە، لەبەر ئەوە ئەوە یەکەم جارە، داوا دەکەم لەمەودوا هەر ڕۆژێك بە نەوعێك نەبێت، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بۆ ئەوەی ئەو برادەرانە، خوشك و برایانە گلەییان نەمێنێت، ڕەئی یەکەم ئەوەی کە دەڵێت هەموو وردەکارییەکانی تێدا بێت، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (49) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، ئێستا گلەییتان ما؟**

**ڕەئی دووەم کە دەڵێت وەکو خۆی چۆن لە پرۆژە یاساکەدا هاتووە وا بمێنێتەوە، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (26) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ ڕەئی دووەم تەسبیت بوو، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**الفصل الثاني**

**(النفقات والعجز)**

**المادة الثانية:**

**اولاً: يرصد لنفقات السنة المالية 2012 مبلغ قدره (15,245,797) خمسة عشر ألف ومائتان وخمسة واربعون مليار وسبعمائة وسبعة وتسعون مليون دينار ويوزع وفق الجداول المرفقة:**

**1- مبلغ قدره (10,745,797) عشرة الآف وسبعمائة وخمسة واربعون مليار وسبعمائة وسبعة وتسعون مليون دينار للنفقات التشغيلية ويوزع كالآتي:**

**أ- مبلغ قدره (10,624,518) عشرة الآف وستمائة واربعة وعشرون مليار وخمسمائة وثمانية عشر مليون دينار للنفقات التشغيلية لحكومة اقليم كوردستان.**

**ب- مبلغ قدره (68,280) ثمانية وستون مليار ومائتان وثمانون مليون دينار لنفقات برلمان اقليم كوردستان.**

**ج- مبلغ قدره (52,999) اثنان وخمسون مليار وتسعمائة وتسعة وتسعون مليون دينار لنفقات مجلس القضاء.**

**2- مبلغ قدره (4500) اربعة الآف وخمسمائة مليار دينار للنفقات الاستثمارية ويوزع كالآتي:**

أ- مبلغ قدره (3,678,437) ثلاثة ألف وستمائة وثمانية وسبعون مليار واربعمائة وسبعة وثلاثون مليون دينار لنفقات المشاريع الاستثمارية.

ب- مبلغ قدره (821,563) ثمانمائة وواحد وعشرون مليار وخمسمائة وثلاثة وستون مليون دينار لاعمار وتنمية مشاريع الاقليم والمحافظات، وعلى المحافظ تقديم خطة اعمار المحافظة والاقضية والنواحي التابعة لها المصادق عليها من قبل مجلس المحافظة الى وزارة التخطيط لغرض دراستها والمصادقة عليها على ان تراعى المناطق الاكثر تضرراً داخل المحافظة وعدد سكانها ومن ضمنها مبلغ (42,400) اثنان واربعون مليار واربعمائة مليون دينار (بترودولار).

ثانياً: العجز المخطط يقدر بـ(2,044,847) الفان واربعة واربعون مليار وثمانمائة وسبعة واربعون مليون دينار، ويغطى هذا العجز من المبالغ المخصصة لوزارة البيشمركة من الموازنة التشغيلية الاتحادية لحرس الاقليم ضمن تخصيصات وزارة الدفاع العراقي الاتحادي حسب قوانين الموازنة الاتحادية للسنوات المالية (2007 الى 2012).

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیەكەش تكایە.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**خەرجیەكان و كورتهێنان**

ماددەی دووەم:

یەكەم: بۆ خەرجیەكانی ساڵی دارایی 2012 گوژمەیەك كە بڕەكەی (15,245,797) پازدە هەزارو دوو سەدو چل و پێنج ملیارو حەوت سەدو نەوەدو حەوت ملیۆن دینار دادەنرێت و بەپێی ئەم خشتە هاوپێچە دابەش دەكرێت:

1- گوژمەیەك بە بڕی (10,745,797) دە هەزارو حەوت سەدو چل و پێنج ملیارو حەوت سەدو نەوەدو حەوت ملیۆن دینار بۆ خەرجیەكانی بە كاربردن و بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەكرێت:

أ- گوژمەیەك بە بڕی (10,624,518) دە تریلیۆن و شەش سەدو بیست و چوار ملیارو پێنج سەدو هەژدە ملیۆن دینار بۆ خەرجیەكانی بەكاربردن بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان.

ب- گوژمەیەك بە بڕی (68,280) شەست و هەشت ملیارو دووسەدو هەشتا ملیۆن دینار بۆ خەرجیەكانی پەرلەمانی كوردستان.

ج- گوژمەیەك بە بڕی (52,999) پەنجاو دوو ملیارو نۆسەدو نەوەدو نۆ ملیۆن دینار بۆ خەرجیەكانی ئەنجومەنی دادوەری.

2- گوژمەیەك بە بڕی (4,500,000) چوار تریلیۆن و پێنج سەد ملیار دینار بۆ خەرجیەکانی وەبەرهێنان و بەم جۆرە دابەش دەکرێت:

أ- گوژمەیەك بە بڕی (3,678,437) سێ تریلیۆن و شەش سەدو حەفتاو هەشت ملیارو چوار سەدو سی و حەوت ملیۆن دینار بۆ خەرجیەکانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان.

ب- گوژمەیەك بە بڕی (821,563) هەشت سەدو بیست و یەك ملیارو پێنج سەدو شەست و سێ ملیۆن دینار بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشە پێدانی پرۆژەکانی هەرێم و پارێزگاکان و، دەبێ پارێزگار بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکەی و قەزاو ناحیەکانی، کە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە پەسند کراوە پێشکەش بە وەزارەتی پلاندانان بکات، بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە بکرێ و پەسند بکرێ و، دەبێ رەچاوی ئەو ناوچانە بکرێن کە زیاتر زەرەرمەند بوون لەناو پارێزگاکەداو، هەروەها ژمارەی دانیشتوانیش لەناو ئەمەشدا بڕی (42,400) چل و دوو ملیارو چوار سەد ملیۆن دینار پترۆدۆلار هەیە.

دووەم: کورتهێنانی نەخشە بۆ کێشراو کە بەبڕی (2,044,847) دوو تریلیۆن و چل و چوار ملیارو هەشت سەدو چل و حەوت ملیۆن دینار دەخەملێنرێت و ئەم کورتهێنانە بەو گوژمەیە دادەپۆشرێ کە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە دیاریکراوە لە بودجەی بە کاربردنی ئیتیحادی بۆ پاسەوانانی هەرێم لەناو تەرخان کراوی وەزارەتی بەرگری عێراقی ئیتیحادیدا، بەگوێرەی بودجەی ئیتیحادی بۆ ساڵەکانی دارایی (2007 تا 2012).

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی پشتگیری لە ماددەکە دەکەین، بەس تێبینیەکمان هەیە لەسەر بڕگەی یەکەم/ج، کە باس لە خەرجیەکانی ئەنجومەنی دادوەری دەکات، ئێمە پێشنیار دەکەین رستەیەك بۆ کۆتایی ئەو رستەیە زیاد بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەنجومەنی دادوەری دەسەڵاتێکی سەربەخۆیە، پێویستە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری دەسەڵاتی خەرج کردنی راستەوخۆی هەبێت لەچوارچێوەی ئەو بودجەیەی کە بۆی تەرخان کراوە، بۆیە پێشنیار دەکەین رستەیەك بۆ کۆتایی بڕگەی (ج) زیاد بکرێت بەم شێوەیە (خەرج کردنی بەڕێگای پارە پێدان تەمویلەوە دەبێت، دەسەڵاتی خەرج کردن راستەخۆ بە سەرۆکی ئەنجومەنی دادوەری دەدرێت لە چوارچێوەی ئیعتیمادات کە بۆ ئەنجومەنی دادوەری تەرخان کراوە)، واتا ئەو تەخصیصاتەی کە بۆی تەرخان کراوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کوێستان خان تێبینیەکەت چیە؟

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لیژنەی هاوبەش گەیشتوونەتە ئەو رایەی کە هەندێك بڕین بکرێت، چ لە بودجەی عام، چ لە سەرۆکایەتی هەرێم، چ لە پەرلەمان، ئەم رەقەمانە هەمووی دەگۆڕێت، بۆیە پێویستە لە پێشدا ئەو بڕینانە پێش بخەین، چونکە ئەم رەقەمانە هەمووی دەگۆڕێت، دوایی دێینە سەر ئەم ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، مامۆستا عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ، بەپێی ئەو نەریتەش بوونمانە، بۆ تەئکیدی قسەکەی کوێستان خان مەفروز وایە لیژنەی هاوبەش صیاغەیەکی تریان کرد بوایە بۆ بەشێکی زۆر لە ماددەی دوو، کە هەمووی بڕینی تیایە، بۆ هەرسێ سەرۆکایەتیەکە، بۆ حکومەت، دەبوایە ئەو ماددەیە بخوێندرایەتەوە پاشان گفتوگۆ لەسەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی هاوبەش گەیشتینە ئەوەی کە هەندێك بڕین لە بەشی سەرۆکایەتیەکان و، وەزارەتەکانیش لەسەر ئەساسی چەند فەسڵێك بکرێت، بەلاَم پێویستە ئێمە لە پێشدا وەکو پارساڵ یەکەم جار نەفەقات جێگیر بکەین، پاش ئەوە بە ماددەیەکی ئیزافی ئەو بڕینانەی لەسەری رێککەوتووین بەو شێوەیە دەنگدانی لەسەر دەکەین، ئێستا لەپێشدا ئەم ماددەیە تەسبیت بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە ئێمە لە لیژنە لەسەر نیسبەیەك ئیتیفاقمان کردووە، بەلاَم دەبێت ئەم نیسبەیە لە هۆڵی پەرلەمان ئەندامان قسەی لەسەر بکەن و، دواجار بخرێتە دەنگدانەوە، نیسبەکە چەندی هێنا، یەعنی بەچەند کەم کرایەوە، ئینجا دوایی دەبێت لیژنەی مەعنی راسپێرین وەکو ساڵی پار ئەرقامەکان دابەزێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەكەی كاك عومەر دەكەم، ئێمە لە پێش هەموو شتێكدا دەبێت لەسەر ماددەكە قسە بكەین و جێگیری بكەین، دوایی وەكو پارساڵ، چونكە پاریش هەروا بوو ئیستیقتاعاتەكان لە دوای ئیقراری ئەو ماددەیە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دكتۆر ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ئەمساڵ وا پێمان باش بوو، ئەمە ماددەیەكی ئیزافیە ئیزافەی دەكەین، تەحدیدی نیسبەتەكانمان كردووە، یەعنی ڕێژەكانمان كردووە كە دەبڕێت، دوایی ئیتر ئەوە بەجێ دەهێڵین بۆ ماددەیەكی یاسایی، وەزارەتی دارایی پەیڕەوی دەكات، بەڕاستی پاش ئەوەی كە ئەو نیسبەتە دەنگ دەدەن بە بڕینی، بە ڕەئی ئێمە بۆچوونەكە وا باشترە، نەك ئێمە ئەوە بكەین، چونكە تەحدیدی نیسبەتەكەمان كردووە كە بڕینەكە چەندە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

دیارە ئەوەی كە ئیتیفاقتان لەسەر كردووە حەتمەن هەمووی دەڕوا، لێرە دەیخەینە ناو قانونەكەوە، یان جێ بەجێی دەكەین بەپێی ماددە بە ماددە، بەڵام لەوانەیە لە ڕووی فەنیاتەوە چۆن تەعامولی لەگەڵ بكرێت؟ فەرموو دكتۆر عومەر نورەدینی.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە تەئكید ئێمە هەموومان موتەفیقین لەسەر ئەو ماددە موزافانەو ئەم بڕینانە، پاشان چۆنیەتی تەخصیص كردنی، بەڵام پێویستە نەفەقات و عیجز وەكو خۆی هاتووە تەسبیت بكرێت، دوایی دەسەڵاتەكە هی بڕین و دابەزینەكە حكومەت خۆی جێ بەجێی دەكات، وەكو چۆن پارساڵ كردمان، بۆیە ئێستا پێویستە ئێمە نەفەقات و عیجز تەسبیت بكەین، دوای ئەوە ماددەی سێیەم دەبێتە ماددەیەكی زیادە، دەڵێین ئەوەندە نیسبەتەمان دابەزاند بەو شێوەیەی كە لەسەری ڕێككەوتووین، دەبێتە ماددەی سێیەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ هیچ کام لە رەئیەکاندا نیم، قانونیەن وایە لە بیدایەتی ماددەی دووەم کە دەڵێت (یرصد لنفقات السنة المالیة 2012 مبلغ قدره (15,245,797) خمسة عشر ألف ومائتان وخمسة واربعون ملیار وسبعمائة وسبعة وتسعون ملیون دینار ویوزع وفق الجداول المرفقة) لەویٚ یەك ئیزافەی بۆ بکرێت، ئەو موشکیلە قانونیە عیلاج دەبێت (مع الاخذ بالنظر الاعتبار الاستقطاعات الواردة في المواد) ماددەکە بەجیٚ دەهێڵێت و تەواو.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە هەمووومان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان تەئیدی رەئیەکەی کاك برهان دەکەین، لیژنەی هاوبەش ئیزافەی بکەن، کاك برهان صیاغەی بکە، جەنابی وەزیر فەرموو قسە بکە.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە داواکارین ماددەکە هەروەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا تۆفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی دەنگ لەسەر ئەو ماددەیە بدرێت، من تێبینیەکم هەیە نەفەقاتی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی تێدا نییە، ئایا جائیزە ئێمە دەنگ لەسەر ئەوە بدەین بەبیٚ نەفاقەتی سەرۆکایەتی هەرێم؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بۆ خەصمی نەفەقاتەکە؟ بەڵیٚ، فەرموو کاك جەمال.

**بەڕێز جەمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بێتو بودجەی ئێمە تەحدید بکەن، دوو لایەنی سەرەکییە، ئەوە ئیرادات، ئەوە نەفەقات، ئەگەر بێتو وەك کاك برهان گوتی ئێستا ئەو مولحەقە بخەینە ناوی، هێشتا پەرلەمان بڕیاری نەداوە، بۆیە پێم باشە وەك خۆی بمێنێت، دوایی دێتن ئایا نیسبە بیست بێت، بیست و پێنج دەبێت، پازدە دەبێت، چەند بێتن؟ دوایی بێین ئەو نیسبەیە تەسبیت بکەین وەك هاتیە دابەشی بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

راستە بەڕێز نوێنەری حکومەت رەئی وا بوو کە ژمارەکان وەکو خۆی بمێنێتەوە، بەلأم لە کۆتاییدا بڕیار بۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانە، لێرە پار تووشی ئیشکالات بووین کە ئێمە دەستکاری ژمارەکانمان کرد، ژمارەکان وەکو خۆی بمێنێتەوە، دوایی بە ماددەیەکی یاسایی ئیلزامی حکومەت دەکەین ئەو رێژانە دابەزێنێت، هیوادارم پەرلەمان نەچێتە ناو وردکارییانەوە، ئەوە ئیشێکی فەنیە، حکومەت لێی بەرپرسە، ئەو بەڕێزانەی پسپۆریان هەیە لە بواری حیسابات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عومەر هەورامی فەرموو.

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تەرحەی کە لیژنەکە پێی گەیشتووە، ئەوەی کە برهان عەرزی کرد هەر یەك نەتیجەیە، بەس یەك فەرق هەیە، ئێمە لە پێشدا دەبێت رەقەمەکان تەحدید بکەین کە بۆ خەرجیە، پاشان دەگوترێت لە خەرجیەکانی، ئەوەی کە کاك برهان دەڵێت لە سەرۆکایەتیەکان لە سەدا ئەوەندە بەوەی کە پێگەیشتووین لە لیژنەکە، ئێمە دەبێت لە پێشدا خەرجیەکان تەحدید بکەین چەندە، پاش ئەوە لە خەرجیەکان دەبڕین، وەکو ئەوەی کە لە لیژنە پێی گەیشتووین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر ئەحمەد وەرتی فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بێ متمانەییەك دەبێت، مادام ئێمە لە لیژنەکان رێککەوتووین لەسەر ئەو ئیستیقتاعاتانەی کە دەکرێت، پێموایە ماددەکە وەکو خۆی بڕوات، ئێمە لە ماددەیەکی تردا ئیستیقتاعاتەکان تەسبیت دەکەین، لەبەر ئەوە رێککەوتنی لەسەر کراوە، قابیلە ئێمە تەڕاجوع بکەین لەوەی کە رێککەوتنی لەسەر کراوە، لە پرۆژە یاسای بودجەی پاریشدا بە هەمان شێوە وامان کرد، دوایی ئیستیقتاعاتەکانمان کرد لە ماددەیەکدا تەسبیتمان کردو ماددەکە وەکو خۆی رۆیشتووە، من پێموایە ماددەکە وەکو خۆی بڕوات، چونکە ئێمە ئیتیفاقمان لەسەر کردووە، کێشە نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر سەباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەندە تەئیدی ئەو رەئیە دەکەم، کە ئێمە لەپێشدا تەسبیتی نەفەقات بکەین، ئەوسا لە ماددەیەکی تر باسی ئیستیقتاعات بکەین، چونکە قاعیدەیەکمان دەبێت لە پێشدا نەفەقات تەسبیت ببێت، ئینجا ئیستیسنای لێ

بکەین، یان لێی جیا بکرێتەوە، بەپێی ئەو قاعیدەیەی کە دەڵێت (ثبت العرش ثم انقش)، لە پێشدا عەرشەکە تەسبیت بکە، ئینجا نەخشی لەسەر بکە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاک شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆ تەئکید لەسەر ڕەئیەکەی خۆمم، نموونەیەکی سادە دەهێنمەوە، یەعنی ئاسان، ئێمە ئێستا ئەگەر بڵێین دە دینار، یەکێك لە فەقەرەکان دە دینارە، مەفروزە لە 2%ی لێ ببڕین بنووسین هەشت دینار، دواییش دێین لە ماددەکانی دواییدا دەڵێین بڕینی لە 20% لە هەشتەکە، جارێکی تر لێی دەبڕدرێتەوە، ئەمە لە ڕووی تەکنیکی و حیسابیەوە ڕاست نییە، دەبێت لە پێشەوە ئەو ڕەقەمانە تەسبیت بکرێت، دوایی ماددە بە ماددە بڕینەکان دیاری بکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە کاک پێشەوا باسی کرد نەفەقاتی با بڵێین سەرۆکایەتی هەرێم دیار نییە، بەڵام ئەگەر ئێمە ئەو نەفەقاتانە ئێستا دە تریلیۆن و حەوت سەدو چل و پێنج ملیۆن دینارە، دابەش کراوەتە سەر سێ، ئەو سێیەی کۆ بکەینەوە دە تریلیۆنەکە دەردەچێت، ئەی هی سەرۆکایەتی هەرێم لە کوێیەو چەند دەکاتن؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاک کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرادود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە موناقەشەی ئەم ماددەیە بکەین و ئەم پێشنیارەی کاک برهان بە نەزەری ئیعتیبار وەرنەگرین، ئێمە دەنگی لەسەر دەدەین، یەعنی دەنگ لەسەر ماددەیەك دەدەین بە ژمارەی تەواو، بەوەی کە ڕەئی حکومەتە، ئینجا دوایی دەچینە موناقەشەی ئایا ببڕین، یان نەیبڕین؟ لەبەر ئەوە ئێمە گەیشتینە ئەو ئیتیفاقەکە ببڕین، ئەم پێشنیارەی کاک برهان کردی لە ماددەی خەرجیەکان بێتن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر ئاراس فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر بۆ چاو روونی ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان خاڵی ئەوەی کەوا سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی تیا نییە، ئەو با من وەڵام نەدەمەوە، ئەو بەڕێزانە خۆیان وەڵام بدەنەوە، واتا نوێنەرانی حکومەت، ئاشکرایە لەکوێیە، بەڵام لە تەفاسیلی ئیستیمارەکاندا هەیە کە دابەش کراوە، لەناو یاساکەدا نییە، ئەوەش مەسەلەیەکی فەنییە، پەیوەندی بە نوێنەری حکومەت خۆی هەیە وەڵام بداتەوە، بەڵام ئەگەر بەڕێز رێم پێ بدەیت بەنیسبەت ماددەی دوو، ئێمە ماددەیەکی ترمان هێناوە، ئەگەر ئەو مسوەدەیەی لەلاتانە لە لاپەڕە دوو ئەو تەعدیلاتانەی کە دەمانەوێت بیکەین، یان ئەو پێشنیارانەی کەوا هەیە لەسەر ماددەی دوو لە ئەسڵی ماددەکە، ئەمانەی خوارەوەن، تەنها ئەگەر بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان رێم پێ بدات بە خوێندنەوەی، ئەو کاتە زیاتر بەرچاو روونیەك دروست دەبێت بۆ ئەندامانی بەڕێز.

بچنە سەر لاپەڕە دوو دەربارەی ئەو پێشنیارانە، ئەو مەلزەمەی کە دابەش کراوە دەربارەی ئەو پێشنیارانەی کە پێشنیاری ماددە یاساییەکانە لاپەڕە دوو ماددەی ئەخیر کە هێشتا ژمارەمان بۆ دانەناوە، چونکە بڕیاری لەسەر دانەنراوەو ریزبەندی وەرنەگرتووە بەم شێوەی خوارەوە:

مادة مضافة:

اولا: تخفيض نسبة (20٪) من الموازنة التشغيلية للرئاسات الثلاث عدا تعويضات الموظفين:

أ- رئاسة اقليم كوردستان.

ب- برلمان كوردستان.

ج- مجلس القضاء.

ثانيا: تخصص المبالغ المستقطعة من الفقرة (اولاً) من هذه المادة لوزارتي الصحة والبلديات و السياحة لتنفيذ مشاريع خدمية ودعم الرياضة حسب اختصاص كل منها ويراعى في توزيعها النسب السكانية للمحافظات.

ثالثا: تخفيض نسبة (15٪) من الموازنة التشغيلية لمجلس الوزراء عدا تعويضات الموظفين والمنافع الاجتماعية والاعانات بعد استبعاد المبالغ المخصصة لصندوق مشروع تنمية وتطوير القدرات البشرية وبلدية عينكاوة.

رابعا: تخفيض نسبة (15٪) من الموازنة التشغيلية للوزارات والدوائر غير المرتبطة بوزارة عدا تعويضات الموظفين والمنافع الاجتماعية والاعانات.

ئەمە ئەو گۆڕانکارییەیە کە پێشنیار کراوە لە ماددەی دووەمدا بکرێت، من لە رێگای جەنابتەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان داوا دەکەم لە نوێنەری حکومەت تەوزیحێك بدات دەربارەی بودجەی سەرۆکایەتی هەرێم، وەکو گوتمان لە تەفاسیلی بودجەکەدا هاتووە، بەڵام لە پرۆژە یاساکەدا نەهاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەو مەبلەغەی كە دانراوە بۆ سەرۆكایەتی هەرێم لەناو حكومەتدایە، تەخصیصاتی پارەی حكومەت لە جەدوەلەكاندا هەیە، چونكە ئێمە وەكو پارو پێرارو هەموو ساڵێك پەرلەمان بە جیا هاتووە، قەزاش بە جیا هاتووە، ئەوەی كە جیهەتی تەنفیزین، ئەوانە دەوائیری تەنفیزین هەمووی لە سەرۆكایەتی هەرێم و مەجلیسی وزەڕاوە لەناو جەدوەلەكاندا هاتووە، لێرە لەم جەدەوەلانە بگەڕێن هەیە، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، فەرموو كاك عەونی.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پاش ئەو تەوزیحەی كە لەلایەن بەڕێز دكتۆر ئاراس تەقدیم كرا، من پێشنیار دەكەم ئەو ئیتیفاقیەی كە كرا لەنێوان هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی وەكو ماددەیەك كە ئیزافە كرا رێژەكەی دیاری كرا ببێتە ژمارەی سێ لە ماددەكە، ئەگەر پەرلەمان موافەقەتی كرد دەنگی لەسەر بدەن، ریزبەندی ماددەكان دوایی چاك بكرێتەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، ئاخیر كەس قسە دەكات كاك پێشەوایە فەرموو.**

**بەڕێز پێشەوان تۆفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من پێشنیار دەكەم جەنابی وەزیر ئەو مەبلەغەی بۆ سەرۆكایەتی هەرێم دانراوە دیاری بكات، بكەینە بڕگەیەك وەكو سەرۆكایەتی پەرلەمانیش، چونكە ئێمە نازانین بەڕاستی، كە نەزانین مەسەلە چۆن بتوانین رێژەیەك كە نەزانین كەم بكرێتەوە، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، فەرموو جەنابی وەزیر.**

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**مەبلەغەكە لەوێ هاتووە شەست و چوار سەدو هەشتاو هەشتە.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرمووو كاك حاجی بلال.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم بەڕێزانەی كە قسەیان كرد تەنها لەسەر شكلیاتی ماددەكە بوو، بەس ئێستا ئێمە قسەی ترمان هەیە، مەسەلەن لەسەر عیجز، لەسەر مەسەلەی سەرۆكایەتی هەرێم، من پێموایە لەسەر ماددەكە قسەمان نەكردووە، دەبێت ئەو حەقە هەبێت، كە یەكێك بیەوێت لەسەر ماددەكە قسە بكات، قسە بكات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا لەسەر ماددەی دووەم كێ دەیەوێت قسەی لەسەر بكات؟ ڕێزداران (كاك عبدالرحمن، مامۆستا فرمان، شێرزاد حافز، كاك گۆران ئازاد، دكتۆر صباح، كاك بلال، كاك خەلیل، پەیمان خان، ئاشتی خان، عبدالله محمد، كوێستان خان، كاردۆ محمد، سۆزان شهاب، دكتۆر احمد وەرتی، ناسك تۆفیق، كاك ئارام، كاك عبدالله مەلا نوری).

**دانیشتنی سێیەم**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێوە خۆتان دەزانن ئەو لیژنەیەی یاسایی ودارایی كەدوو ڕۆژ دانیشتن، تەمسیلی هەموو لایەكیان دەكرد، زیاتر لە 14 سەعات دانیشتن، بەڕاستی زۆریش هیلاك بوون، كەچی ئێستا نزیكی 20 كەس ناوی خۆی نووسیوە بۆ ئەوەی قسە بكات، باشە بەهەرحاڵ هەر پەرلەمانتارێك و2 دەقەی دەدەمێ بۆ ئەوی قسەی خۆی بكات، كاك عبدالرحمن، فەرموو.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین ابابكر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەراستی من سەبارەت بە ماددەی دووەم بڕگەی یەكەم، عەجزی موخەتەت، یەعنی كورتهێنان، من پێم وایە سال بەسال زیاد دەكات، ئەگەر ئەم كورتهێنانە لەبەر ئەوەیە كە پێشمەرگەیە،

بلێین ئێمە دەمانەوێت ئەو کورتهێنانە وەکو سیاسەت بکەین، بێنین لە ناو یاسا نەکو حکومەت پێی بزانێ ئەو کورتهێنانە پێمان بدات کە دەینێکمانە، قەرزێکمانە لەلای ئەوانە، ئەوا ئەتوانین لەناوبودجەش نەیهێڵین هەر ئەو قەرزەمان لای خۆمان هە بێت، ساڵ بەساڵی بیکەینە سەر یەك و بڵێین هەر کاتێکی ئێمە، لەگەڵ ئەوە رێککەوتین ئەوە قەرزی ئێمەیە، ئەوە پارەی ئێمەیە، هی پێشمەرگەیە لێمان بڕیوە پێمان بدەن، بەڵام ئێمە هەموو ساڵێك لەناو بودجە بێنین لەناویاسای بودجە بێنین بۆمان موشکیلەو ئیشکال دروست دەبێ ئەم کورتهێنانە پێم وایە ئەبێ چارەسەر بکرێ، حکومەت بەهەر شێوەیەك بێت نەهێڵێت، بەڵام لەلای خۆیەوە ملاحەزەی هەبێ کەهەر کاتێك ئێمە، لەگەڵ حوکمەت رێککەوتین، ئەوا پارەی ئێمە یە لەلای ئەوانە حجزی کردووە تا 6ملیار دینارە کە ئێمە دەبێ لێی خۆشنەبین، بەڵام لێرە من پێم وایە ئەبێ چارەسەربکرێ. ساڵ بەساڵ زیاد دەکات، بۆیە دەبێت چارەسەر بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموٚستا فەرمان، فەرموو.

**بەڕێز فەرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ماوەی 10ڕۆژە ئێمە زیاتر لەدەیان سەعاتە ئیمە قسە لەسەر بودجە دەکەین، بەڕاستی لەکاتێکدا کە بودجە پەسەند دەکرێت، ئەگەر بودجە وەکو پار وپێرار پەسەندکرا، ئیلتیزام بەیاسای بودجە نەکرا، سەرۆکایەتی پەرلەمان چ ئیجرائەتێکی هەیە بەرامبەر بەحکومەت؟، چونکە بەڕاستی ئەوە دەگەینە قۆناغی پەسند کردنەکە، بەڵام ئەگەر لێرە ئیلتیزامی پێوە نەکرا بەبڕگەکانی، ئەوە خاڵی یەکەم. خاڵی دووەم: وەبەرهێنان دیارە بەڕاستی پێڕاناگەین ئەوە بڕە بودجەی داندراوە بۆ وەبەرهێنان، ئێمە لەماوەی ئەو 5 مانگە سەرفی بکەین،.بەهیچ شێوەیەك وەکو لە یەك لەماددەکانیشدا هاتووە، لەپاریش و لەساڵانی تریش بەڕاستی موناقەلەی پێنەکرێ بۆ بابێکی تر، بەڵکو بەشێوەی مدەوەر بمینێتەوە لەبودجەی ئیستیسماری نەك موناقەلەی پێبکرێ، لەبۆ هەر لایەنێکی تر کە بودجەی تەشغیلی یاخود بیگوازنەوە، چونکە ئەگەر موناقەلەی پێکرا بەراستی ئێمە لەبودجەی ئیستیسماریمان کەم کردۆتەوە، دەکرێ دوو ساڵ، سێ ساڵ مدەوەر بێت و ئێمە دەتوانین پڕۆژەی چاکتری پێبکەین لەلایەنی ئیستیسماری، بەڵام ئەگەر موناقەلەمان پێکرد ئەمە بەردەوام لەپرۆژەی ئیستیسماری لەخانەی سفردایە، زۆر سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك شێرزاد، فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی دووەم کەباسی ئەوە دەکات، هەندێکیان وەکو ڕاسپاردە بنێرن بۆ حکومەت، تەبعەن ڕاسپاردە شتێکە موتەبەعەو کراوە، بەڵام ئێمە نموونەی زۆر زیندوومان هەیە، پار تەوصیەکمان نارد بۆ حکومەت،

59 ئەندام پەرلەمان لەم هۆڵەدا بوو هەموویان ئیمزایان کرد، 59 زۆرە بۆ دەنگدانیش بێت، ئەصڵەن نەنێردرا بۆ حکومەت تا جێبەجێی بکات، بۆیە بەڕاستی دەبێت قسە لەسەر ئەوە بکەین، ئەوە زۆر گرنگە ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم: زۆرباسی ئەوەمان کرد کە هەندێ ناوچە هەیە لەسنووری ناوچە دابڕاوەکانن، لەوانە چەمچەماڵ، کەلار، کفری، ئەمانە ئێستا کاتیەتی لەم ماددەیەدا جێگایەکی بۆ بکەینەوە، کە لە 50 ملیار کەمتر نەبێت بۆیان دابندرێت، تا قەرەبووی ئەو چەند ساڵەیان بۆ بکرێتەوە کە ئەو وەزعەیان بەسەر هاتووە، کەبودجەیان کەمە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئێمە وەعدتان دەدەینێ کە تەوصیاتەکانمان نارد، هەر ئەندام پەرلەمانێك نوسخەیەکی دەدەینێ کە تەوصیاتەکانمان ناردووە لە فلان تەئریخ، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا پشتگیری ئەو ڕاپۆرتە دەکەم کە لیژنەی هاوبەش پێی گەشتوون، ئەوەی کەئێمەش پێی گەیشتووین بریتی بوو لە بەشێك لەو ڕەخنانەی کە لەبودجە گیرا، بریتی بوو لەو 10 تریلیۆنەی حکومەت بۆی تەخصیص کراوە، جگە لەو 7 تریلیۆنەی کەبۆ بابی مینەح و تەعویزات و بابلێین بۆ مووچە دەڕوات، 3 تریلیۆنەکەی کەباسی بۆنەو ئاهەنگ وکۆمەڵێك شت دەکرا، ئەوە زیادە ڕۆیی تێدا دەکرا, بۆیە ئەم کەم کردنەوەیە بۆ لە 20٪ وابزانم بۆ وەلامدانەوەی ئەو ڕەخنەیەیەو بۆ چارەسەرکردنیەتی، لەبەرامبەردا پشتگیری کەمکردنەوەی بودجەی سەرۆکایەتیەکان دەکەم بەڕێژەی لە 20٪ کەئەمەش یەکێك بوو لەو خاڵانەی لەکاتی هاتنی بودجەدا قسە لەسەر ئەوە کرا، کە ڕێژەیەك زیاتر دانراوە بۆ سەرۆکایەتیەکان، کە پێم وایە ئەمەش خاڵێکی باشە، هەر ئەوەی دەمەوێت لێرە تەوزیحی بکەم، بودجەی سەرۆکایەتی هەرێم کەپێشتر باس لەوە کرا، کە بەجیا نەهاتووە، سەرۆکایەتی هەرێم بەپێی یاسا، ئێمە نیزامی سەرۆکایەتیمان نیە، سەرۆکایەتی هەرێم خۆی دەکاتە دەسەڵاتی جێبەجێکردن، بۆیە بودجەکەی دەبێت لەناو دەسەڵاتی جێبەجێکردنندا بێت، دوایی لە ئیستیقتاعەکان باس بکرێت کەچەند لەسەرۆکایەتی هەرێم دەبڕدرێت، نەك جیای بکەینەوە، چونکە ئەمە لەگەڵ سیستەمە سیاسیەکەی ناگونجێت، ئێمە نووسراوێکمان بۆ هاتبوو لەسەر زیادکردنی بودجەی ئەنجومەنی ئاسایش، حەزم لێیە کەوەزارەت جوابمان بداتەوە، پێم وایە کەئێرە شوێنیەتی کەقسە لەسەر ئەوە بکرێت کە ئایا زیاد بکرێت یان زیاد نەکرێت؟، واتە دەبێت لێرەدا بخرێتە دەنگدان، لەگەڵ پشتگیری کردنی هەموو ئەو تەخصیصاتانەی کەکراوە بۆ بوارەکە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر صباح، فەرموو.

**بەڕێز د. صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەماددەی دووەم من هەندێ تێبینیم هەیە، یەکەم: دیارە هەر دەقێك پاساوی خۆی هەیە، ئایا دەقەکە بە گوشراوی بێت یان بەوردەکاری زیاترەوە بێت؟ هەردوو سیستمەکە پەیڕەو دەکرێت، لەنووسینی بودجەی وڵاتاندا، بەس ئەوەی کە من لێرەدا مولاحەزەی دەکەم، دەبوایە وردەکاری زیاتر سەبارەت بەنەفەقاتی بودجەی هەرێمی کوردستان لەم ماددەیەدا ببوایە، بەپەیڕەوی لەوەی کە بۆ نموونە لە موازەنەی حکومەتی عێراقی ئیتیحادیدا باس دەکرێت، زۆر بەوردەکاری زیاترەوە باسی کەرتە تایبەتمەندەکان کراوە، چونکە ئەمە متمانەو شەفافیەت زیاتر دەکات، متمانە لەنێوان حکومەت و پەرلەمان لەلایەك و حکومەت و هاووڵاتی لەلایەکی ترەوە، سەبارەت بە بڕگەی (ب) دیارە ئەمە بەشێوەیەك لە شێوەکان ئیقتیباسە لەوەی کە لەیاسای بودجەی حکومەتی ناوەندیدا هاتووە، وشەی(الاقالیم) دەبێت لابرێت، ئەو تێبینیەم هەیە، چونکە ئێمە یەك ئیقلیممان هەیە، ئەمە دیارە لەوەی حکومەتی عێراقی وەرگیراوە، کە دەڵێت(مبلغ قدره ثمان مائة و واحد وعشرین مليار وخمس مائة وثلاثة وستون مليون دينار للاعمار وتنمية مشاريع الاقاليم والمحافظات) ئەو ئەقالیمە زیادەیە، سەبارەت مەسەلەی عەجز، ئێمە ساڵانە ئەمە دەبینین کە دووبارە دەبێتەوە، یەعنی لەیاسای بودجەی هەرێمی کوردستاندا کە ئێمە موعالەجەی ئەو کورتهێنانە دەکەین، حەواڵەی دەکەین بەوەی گوایە لەحکومەتی عێراقەوە، لەڕێگای تەخصیصاتی وەزارەتی دیفاعی عێراقیەوە چارەسەری دەکەین، بەڕاستی ئەمە دەبێت بە قسەیەك کە کۆتایی نایەت، من پێشنیار دەکەم کە خۆمان لەوە نەجات بدەین، بڕگەیەکی زۆر موحەدەدمان هەبێت، بەپێی ئەوەی کە ڕێکاری زانستی ڕێنمایمان دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك حاجی بیلال، فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا من دەمەوێت لەسەر دوو فەقەرە قسە بکەم، ئەویش یەکەمیان: مەسەلەی بودجەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانە، ساڵی ڕابردوو بودجەی ئەنجومەنی وەزیران تەنها 148 ملیار بووە، ئەمساڵ بووە بە 221 ملیار دینار، ئەم ڕێژەیە زۆر زیادی کردووە، بۆ؟، بەڕاستی من پێم وایە ئەمساڵیش وەکو ساڵی ڕابردووی لێ بکەینەوە، خۆ هیچ گۆڕانکارییەك دروست نەبووە تا ئێمە پێویست بکات ئەم بودجەیە ئەوەندەی بۆ زیاد بکەین، بودجەی سەرۆکایەتی هەرێمیش ساڵی ڕابردوو 36 ملیار بووە، لەکاتێکدا 800 فەرمانبەریشی هەبووە، ئەمساڵ فەرمانبەرەکانی بووە بە 600 فەرمانبەر، 200 فەرمانبەر کەمی کردووە، بەڵام بودجەکەی بووە بە 60 ملیار، من پێم وایە گەر لە 20٪ یش کەم بکەینەوە هەر دەکاتە نزیکەی 48

ملیار وقسور، بۆیە من پێم وایە وەك ساڵی ڕابردوو گەر کەمتری نەکەینەوە نابێت زیاتری بکەین، چونکە پار 800 فەمانبەری هەبووە ئەمساڵ بووە بە 600 یەعنی هیچ گۆڕانکارییەك نەبووە، بۆیە پێم باشە بکرێت بە 38 ملیار نەك لە 20٪ چونکە بەوە نزیکەی 10 ملیاری فەرقە، بۆیە پێشنیارەکەی من ئەوەیە سەرۆکایەتی هەرێم 38 ملیار بێت، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانیش 148 ملیار بێت، وەکو ساڵی ڕابردوو، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمە امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینی یەکەمم هەر لەسەر نەفەقاتی سەرۆکایەتی هەرێمە، ڕاستە لەڕووی فەنیەوە، بەس مادام ئەو هەر نەفەقاتە، دەبێت تەسبیت بکرێت، تێبینی دووەمم، لەسەر ئەو تێبینییەیە کە دکتۆرە ڕۆژان خستیە سەر بڕگەی (ج) لە ماددەی دوودا، من پێم وایە ئەو زیادەیەی کە ئەو باسی کرد، لەماددەی حەوت لە خاڵی دووەم هاتووە، دەڵێت( رئیس مجلس القضاء في الاقلیم ) سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەم ماددەیەدا بەتایبەتی کە پێشنیازەکان وەك دکتۆر ئاراس باسی کرد، کەمکردنەوەیە لەمەدا، من پێم وایە لەهەندێ لە نەفەقاتەکان بەتایبەتی نەفەقاتی تەشغیلی، لێرەدا هەردوو سەرۆکایەتی پەرلەمان و مەجلسی قەزا کەدانراوە، پێم وایە دەکەوینەوە هەمان هەڵەی ساڵی پار، کەئێمە بەمەزەنەی عەقڵ قەرار دەدەین لەوەی کەچەندی بوێت، چونکە ئەگەر تۆ پێشتر نزیکترینیان لەئێمەوە پەرلەمانە، ئێمە کە ئەندامی پەرلەمانین نازانین سەرفیاتی پەرلەمان چۆنە؟، وە نازانین ئەو بودجەیەی کەپار بۆی دانرا چۆن سەرفی کردووە، لەبەر ئەوە من پشتیوانی کاك بیلال دەکەم، لەوەی کە لەسەر چ ئەساسێك ئێمە لە 20٪ی لێ کەم دەکەینەوە، ئایا پێشتر چەند بووە؟، کە بەڕاستی من تەسەور دەکەم یەکێك لە خراپەکان، یەکێك لە خەلەلەکان ئەوەیە کەئەندامی پەرلەمان سەرۆکایەتیەکەی خۆیان نازانن پارەی سەرفیاتی چۆن بووە؟، لیژنەی مالی کە دەبوایە لیژنەی تایبەت بووایە بەوەی کە حساباتی خیتامی بهێنایەتە بەردەمی ئێمە تا بزانین بەلانی کەم ئێستا ئەو لە 20٪ کە دەیبڕین مونسفین یان مونسف نین، خاڵێکی تر کەمن دەمەوێت باسی لێ بکەم، ئەو مەبلەغەیە کە بە 10 تریلیۆن بۆ نەفەقاتی تەشغیلی و ئەوەی تریش 4 تریلیۆن و ئەوەندە بۆ ئیستیسماری حساب کراوە، دیسانەوە ئەمەش گەر ئێمە ئەمساڵ موحاسەبەی لەسەر دانەنێین وەك ساڵی پار دەبێت، موناقەلەکەش دەکرێت لەنێوانیان وئەوکاتە بەڕێز وەزیری دارایی و بریکاری

وەزارەتی دارایی پێمان دەڵێن ئێوە خۆتان شتتان زیاد کردووە بۆیە موناقەلەمان کردووە، کەواتە ئەمساڵ من پێشنیاز دەکەم لەگەڵ ئەو ماددەیەی کەمەنعی موناقەلە ئەکات، شەرتی موحاسەبە کردنیشی لەگەڵ بێت، خاڵی ئەخیرم لەسەر عەجزە، ئێمە ئەم عەجزە هەموو ساڵێك بە موخەتەتی دێتەوە بەردەممان، موخەتەتیش هەمووومان دەزانین ڕەنگە وابێت یان وا نەبێت؟، ئەگەر لەحکومەتی عێراق وەربگیرێتەوە، بە $2$ تریلیۆن و ئەوەندە مەزەندە کراوە، ئەگەر هی پێشمەرگە بێت حسابی ئەو پارەیە بکەین کە ئێمە داومانە زیاتر لە $3$ تریلیۆن دەر ئەچێت، بۆ لێرەدا بووەتەوە بە $2$ تریلیۆن، لەکوێ؟ لەکام ساڵەدا ئێمە ئیرادمان لە نەفەقاتمان زیاتر بووە؟، وە تەختیەی ئەو تریلیۆنە زیادەی کردووە؟، بۆیە من داوا دەکەم کە لەم ماددەیەدا جێگای ئەوە بکەینەوە کە پەرلەمانی کوردستان سکاڵای یاسایی لەسەر عێراق تۆمار بکات، چونکە ناکرێت ئێمە بەبەردەوامی تەصدیقی عەجزێکی موخەتەت بکەین، لەوەی کە ئەم عەجزە بەبەردەوامی بێتەوە هی ئەوەش بێت کە لەلای عێراقە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، ئاشتی خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم بڕگەیە، من بڕوام وایە نەفەقات پەیوەستە بە داهاتەوە، لەبەر ئەوە ئێمە داهاتمان یەکلا نەبووەتەوە، نیسبەتی نەفەقاتیش عەجز ئەگۆڕێت، بۆیە ئەو عجزەی کە لێرەدا دانراوە بەعجزێکی تەواوی دانانێم، چونکە پەیوەستە بەداهاتەوە، نیسبەتی عجزەکە ئەگۆڕێت، ئەگەر داهاتی هەرێمی کوردستان گۆڕانکاری بەسەردا بێت نیسبەتی عجزەکەش کەم دەبێتەوە، هەروەها بەلای منەوە عجزێکی ڕاست نیە، عجزێکی وەهمیە، سەبارەت بەنەفەقاتیش بەبڕوای من ئەو ئیستیقتاعانەی کەدانراوە، ئەمە هەنگاوێکی باشە، بەڵام ئەم ئیستیقتاعانە دەلالەت لەوە نیە کە کۆمەڵێك ئەبواب لەناو ئەم بودجەیە هەیە کە زیادە ڕۆیی تێدا کراوە، بەڵام بەهۆی ئەو تەشکیلە موازەنەیە کە لەعێراقەوە ئێمە بەکاری دەهێنین، بۆ نموونە بابێك ئەمانەوێت لێی کەم بکەینەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی تەعویزاتی فەرمانبەر و ڕەواتبی فەرمانبەرانی تێدایە، ئێمە ناتوانین لەزیادە ڕۆییەکە کەم بکەینەوە، بۆیە بە بڕوای من ئەم ژمارانەی کەدەڕوات ژمارەیەکی تەواو نیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك عبداللە، فەرموو.

**بەڕێز عبداللە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بابی نەفەقات زۆر شت دەگرێتەوە، من یەك نموونەم دیاری کردووە کە قسەی لەسەر بکەم، دیارە پێشتر وەزیری پلاندانان ئاماژەی بە سێ سێکتەر کرد کە لەپلانی حکومەتی هەرێمدایە، ئەویش سێکتەری

پەرەپێدانی ئابووری، سێکتەری کۆمەڵایەتی، سێکتەری کارگێڕی گشتی وئاسایش، ئەوەی کەمن تێبینیم کرد سێکتەری کارگێڕی گشتی وئاسایشە، کە لە 31٪ی نەفەقاتی هەرێمی کوردستان لەخۆ دەگرێت، کەئەمە زۆر زۆرە بەڕەئی من، لەناویشیاندا ئەنجومەنی ئاسایش کە پێشتر ئەو داتایانەی کە وەزارەتی دارایی بۆ ئێمە ناردووە، 134 ملیار موتەفق بووە لەسەری، بەڵام دوای ئەوە بەکیتابێکی ئەنجومەنی وەزیران کە لەڕاپۆرتی لیژنەی دارایی ئاماژەی پێکردووە، ئەمە زیاد بووە بۆ 318 ملیار، من ئەمە پێشنیار دەکەم، ئەو بەشەی کەبۆی زیاد کراوە لێی بشکێندرێتەوە، لەبەر ئەوەی ماوەیەکی کەمی لەبەردەست ماوە، ناتوانێت ئەم پارەیە سەرف بکات، ئەم بەشە پارەیەی کەزیاد کراوە بخرێتە سەر سێ سێکتەری تر، لەوانە ئەو پێشنیارانەی کە لیژنەی هاوبەشی یاسایی ودارایی ئامادەی کردووە، 100 ملیار بۆ ناوچە زیان لێکەوتوو ڕاگوێزراوەکان تەخصیص کراوە، بەحوکمی ئەوەی کە ئێستا ئێمە لەم مانگەدا لەبەردەم یادی ڕاگواستنی قەڵادزەین کە 6/6 یادی دەکرێتەوە، لەساڵی 1989 ڕاگوێزراوە، بەشێك لەو پارەیە بۆ ئەم ناوچانە تەرخان بکرێت، لەبەر ئەوەی ئەم ناوچانە لەو پارەی کەساڵانی ڕابردوو تەخصیص کرا بوو بۆیان کەم بووە، بۆی نیگەران بوون و گلەییان کردووە، دوای ئەوە بەشێکیشی دابندرێت بۆ قەرزی خوێندنی باڵاو دەرماڵەی خوێندکاران کە ئەمە زۆر پێویستە لەهەرێمی کوردستان لە کاتی ئێستادا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبداللە:**

**بەڕێز د.ارسلان بایز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر قسە لەسەر کورتهێنان دەکەمەوە، کە پێشتر قسەم لەسەر کردبوو، ئەوەیە کە کورتهێنانی وەزارەتی پێشمەرگە 952 ملیارو 980 ملیۆنە، بەڵام بۆچی وەزارەتی دارایی کردوویەتی بە تریلیۆنێك و 200 ملیار و320، کە ئەمە وادەکات دواجار عجزەکە هەڵە دەربچێت، ئەصڵ ئەگەر ئەوەی وەزارەتی پێشمەرگە ئەوە بێت کەلەناو ئیستیمارەکانی خۆیان هاتووە، کە 952 ملیار و980 ملیۆنە، ئەکاتە تریلیۆنێك و 467 ملیارو 980 ملیۆن، بەڵام ئەمەیان من پێم وایە هەڵەیە، کردوویانە بە 2 تریلیۆن و44 ملیار و847 ملیۆن، بۆ وەزارەتی پێشمەرگە کەخۆیان بۆ ئێمەیان ناردووە، 952 ملیارە، بۆ لە تەفاصیلدا کراوە بە تریلیۆنێك و 200 ملیار، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جارێکی تر تەئکید لەوە دەکەمەوە، کە ئەم عجزەی حکومەت باسی دەکات ڕاستەقینە نیە، جگە لەوەی کە پەیوەندی بە پێشمەرگەوە هەیە، بەوەشی کە پەیوەندی بە پترۆ دۆلارەوە هەیە، ئەوەی پەیوەندی بە

پەرەپێدانی پارێزگاکانەوە هەیە، ئەوەی سەر بودجەی بەکارخستن ڕاستەقینەیە کەزیاتر لە 500 ملیارە، خاڵێکی تر کەمن تەئکیدی لێ دەکەمەوە، هەرچەندە دەکەوێتە ماددەکانی تر، بەڵام ئێمە لە 5 مانگدا دڵنیام ناتوانین ئەم 4 تریلیۆن و500 هەزارەی بودجەی ئیستیسماری جێبەجێ بکەین لەم 4 مانگەدا، وەکو ساڵی پار 2 تریلیۆنی مایەوە ئێستا وەکو مودەوەرە دیار نیە، بۆیە لەماددەی تر تەئکید دەکەمەوە کە ئێمە چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەم کێشەیە بکەین، کە پارەیەکە کاریگەری زۆری هەیە لەسەر پەرەپێدان وپرۆژەکانی خەڵکی کوردستان، خاڵێکی پشتیوانی پێشنیارەکانی کاك عبدالله دەکەم، هەرچەندە لە تەخصیصات لەوانەیە بێتە سەری، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لەماددەکە دەکەم وەك خۆی، ئەو تەوزیحەی کە لیژنەی دارایی داویەتی بەوەی کە بودجەی سەرۆکایەتی هەرێم لەناو خودی بودجەی تەشغیلیدایە، بۆیە من پشتیوانی ماددەکە دەکەم وەك خۆی، وە عەجزەکەش دەبێت تەسبیت بکرێت وەك خۆی، چونکە ئێمە خۆمان دەزانین ئەو عەجزە هی ئەو بڕە پارانەیە کەتا ئێستا لەلای عێراقە، ماوەتەوە دەبێت لە بودجەی هەرێمی کوردستاندا تەسبیت ببێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، دکتۆر احمد، فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دووەم، چەند تێبینیەکم هەیە، ئەو بڕەی کە بۆ سەرۆکایەتی هەرێم تەخصیص کراوە دەرج بکرێت لەناو ماددەکەدا، لەگەڵ ئەو ڕایەی لیژنەی یاسایم کە ئەو بڕەی بۆ ئەنجومەنی دادوەری دانراوە لەدوای ئەوە ڕاستەو خۆ بدرێتە ئەنجومەنەکە، بۆ ئەوەی خۆی سەرفی بکات، ئەو ڕایەی کاك دکتۆر صباح پەسەند دەکەم کە وشەی ئەقالیم لێرەدا لابرێت، چونکە پەیوەندی نیە بەهەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەوەشدام کە ئەو پلانەی پارێزگار پێشکەشی دەکات بۆ ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان و پێشکەشی وەزارەتی پلاندانانی دەکات، بەتەنسیق و هەماهەنگی بێت، لەگەڵ ئەنجومەنی شارەوانیەکانی قەزاو ناحیەکان، چونکە ئێمە لەپارێزگاکاندا ئەنجومەنی پارێزگاکانمان هەیە، بەڵام لەقەزاو ناحیەکان

ئەنجومەنی شارەوانیەکانمان هەیە، کە هەڵبژێردراون تا ئێستا هەڵبژاردن نەکراوەتەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم لەدوای وەزارەتی پلاندانان بنووسرێت بەهەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی شارەوانیەکانی قەزاو ناحیەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ناسك خان، فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بەهەمان شێوە قسەم لەسەر ئەوە هەیە کە، ئەگەر داهات گومانمان هەبوو لەسەری ئەوکات کورتهێنانەکە حەقیقی دەرناچێت، هەر بەپێی ئەم ئیستیمارەش بێت کەبۆمان هاتووە، 2 تریلیۆن و331 ملیارەکە، 31 ی لێ لابەرە، یەعنی تریلیۆن و نیوێکی دەمێنێتەوە، ئەگەر هەر لەمەی کەوەزارەت خۆی ناردوویەتی، ئیتر بەگومان لەسەر شتی تر، نزیکەی 1 تریلیۆن لە عجزەکە دەمێنێتەوە، یەعنی ئەم عجزەو ئەم داهاتە حەقە موراجەعەیەکی بکرێتەوە، هەر بەپێی ئەوەی کەوەزارەت ناردوویەتی، خاڵێکی تر بەڕاستی منیش هەر لەگەڵ ئەوەدام کە بەچ پێوەرێك لە 20٪ی سەرۆکایەتی پەرلەمان دەبڕین بەس لە 15٪ی شوێنێکی تر دەبڕین، ئەو پێوەرە چیە؟، ئێمە چۆن بزانین کە ئەمە غوبن نیە بەرامبەر بە سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام کەممان لەشوێنێکی تر بڕیوە، یەعنی چۆن دەبێت ئاوا بەبێ ئەوەی بەرچاو ڕوون بین لەسەر شتێکی پێشوو هەر ئاوا ئیستیقتاع بکەین بەبێ ئەوەی پێوەرێك لەبەرچاومان بێت، ئەو پترۆ دۆلارە، 42 ملیارەکەی کەدانراوە، تێکەڵاو بە پارەی پارێزگاکان کراوە، پێم وایە ئەو 42 ملیارە، لەگەڵ 120 ملیارەکەش ئەوە دەبێت تەنها بۆ ئەو ناوچانە سەرف بکرێت کەنەوتی لێ دەردەهێندرێت یان پاڵاوگەیان تێدایە، چونکە ئەمە بەپێی دەستوور ئەم حەقە بۆ ئەو شوێنانەیە کەنەوتیان لێ دەردەهێندرێت، یان پاڵاوگەیان تیایە، بەپێی دەستوور ئەو هەقە هی ئەو شوێنانەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك ئارام، فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا بە پرسیارێك بۆ لیژنەی هاوبەش دەست پێ دەکەم، ئەویش ئەوەیە بۆچی دروست نەبوو کە لە وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی کارەباو وەزارەتەکانی تر، لە داهات باس نەکەین و لە نەفەقاتیش باس نەکەین، بەڵام ئێستا ئەو مەبلەغە فەرعی (ب) لە مادده دوو، باس لە تەنمیەی موحافەزات و پترۆ دۆلار دەکات، لە ئیرادات باسمان کردووە لە نەفەقاتیش باسمان کردووە، یەعنی ئەگەر ئەوان دروست نەبوونایە، ئەبوایە ئەوانیشمان باس نەکردایە، چونکە لە ئیرادات هاتووەو لە نەفەقاتیش هاتووە، خاڵی دووەم

سەبارەت بە مەسەلەی عجز، ئێمە زۆرێك لە ئەنـدامانی پەرلەمانـەكان باسمـان كـرد، لـە مەسـەلەی بـەناوی پێشمەرگەوە، كە علی ئەساس ئەوە پڕ دەكرێتەوە، بەڵام دوو، سێ ساڵە ئێمە نـەمانتوانیوە ئـەو عجـزە بـەو داهاتـەی پێشـمەرگە پـڕ بكەینـەوە، بەڕاسـتی عجـز بـە دەقێـك دەستنیشـان دەكرێـت، چـونكە ئەگـەر بـەوە پڕنەكرێتەوە پێچەوانەی یاسایە، چۆن لە بودجەی عیراقدا هـاتووە، كـەباس لـە مـودەوەر ئـەكات، بـاس لـە بودجەی تەكمیلی ئەكات، بـەو پـڕ ئەكرێتـەوە، بـەڵام ئێمـە باسـی پێشـمەرگە دەكـەین، ئەگـەر مەسـەلە بـۆ ئەوەیە كە بتوانین مافی پێشمەرگە بێنینەوە، مـاددەی (13) بڕگـەی پێـنج بـە سـەراحەت بـاس دەكـات لـە بودجەی عیراق، كە ئەڵێت سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەگـەڵ حكومـەتی ناوەنـدی دانیشـتن تەسـفیە بكەن بۆ ئەوەی استیحقاقاتی هێزی پێشمەرگە بگەڕێتەوە، لەبەر ئـەوە پێویسـت ناكـات لێـرەدا بـاس بكـرێ عجز، هەروەها ئەگەر بێتو بۆ ئەوە بێ ئێمە ئیستیحقاقاتی كوردستان وەرگرین، ماددەی (14) بڕگـەی (ب) باسـی تەسـویەی حیسـاباتی حكومـەتی ئیقلـیم لەگـەڵ حكومـەتی ناوەنـدی ئـەكات، یـەعنی ئـەوە ئـەبێ حكومەتی هەرێم ئەوە بكات، نـەوەك ئێمـە باسـی پێشـمەرگە بكـەین، چـونكە سـاڵی داهـاتوو بەدڵنیاییـەوە بەناوی پێشمەرگە ناتواندرێت عجزەكە پڕ بكرێتەوە، بەڵكو كۆمەڵێك شتی تـر عجـزی پـێ پـڕ ئەكرێتـەوە، هەر لە ئێستاوە خۆمان ئەخەینە سەر پێشێلكاری یاسایی.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالله مەلا نوری فەرموو.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی من لە ماددەكەی داهاتوو داوای تەخسیسات دەكەم، بۆیە پێویستە داوای داشكان بكـەم، لەبـەر ئەوەی لە ماددەكانی داهاتوو تەخسیساتە، من پێشنیارم هەیە لەو ماددانەی داهاتوو، لە ئێستا داوای داشكان دەكەم، واتە پارەی بۆ پەیدا بكەم، من لەگەڵ ئەوەم هەر چوار سەرۆكایەتیەكە لەگـەڵ وەزارەتـەكان، لەگـەڵ موئەسەسە سەر بەخۆكان لە بڕی 15٪، 20٪، 25٪ لێ دابشكێندرێت، ئـەوەش زیـادە لێیـان بـە بـڕوای مـن زۆر زیـادە لێیـان، ئـەو پارەیـەش كـە پاشـەكەوت ئـەبێ، پێشـنیار دەكـەم تـەرخان بكـرێ بـۆ دوو، سـێ شـت، ئەمسـاڵ دەیـان هـەزار دۆنم زەوی لـە هـەرێمی كوردسـتان ڕووبـەڕووی وشـكە سـاڵی بۆتـەوە، خـەڵكێكی زۆر زەرەرمەند بوون، قەرەبووی ئەو خەڵكانە بكرێتـەوە، كـە جوتیـارن و حەیوانـدارن، بەشـێكی تـری تـەرخان بكرێت بۆ ئەوەی كاك شێرزاد باسی كـرد، لـە سـنووری كـەلار و چەمچـەماڵ و كفـری دەیـان هـەزار خێـزان، هـەزاران خێـزان بـابڵێین فـۆرمی خۆراكیـان گواسـتۆتەوە بـۆ جەلـەولا، خانـەقین، كـەركووك، بـەڵام هێشـتا نیشتەجێی ئەو شوێنانەن، نیشتەجێی چەمچەماڵن، نیشتەجێی كەلارن، نیشتەجێی كفرین، دیارە ئەمە بـە درێـژایی سـنووری ناوچـە دابڕاوەكـان هـەر وایـە، بـەڵام خزمـەتگوزاریان لـەو شـوێنانە ئـەوێت كـە تیایـدا نیشتەجێن، بۆیە قەرەبووی ئەم بابەتـە بكرێتـەوە، واتـە داواكـارم پـەنجا ملیـار دینـاریش بـۆ ئـەو بابەتانـە دابندرێت، ئاخر شتم ئەوەیە ئەمساڵ پەنجا پەرلەمانتار پرۆژەیەكمان پێشكەش كرد بـۆ قـەرزی خوێنـدنی

باڵاْ، كە پرۆژەیەكی ستراتیژی گرنگە، داواكارم لەو پارەیەی كە ئەمێنێتەوە سەد ملیار دیناریان بۆ قەرزی خوێندنی باڵاْ تەرخان بكرێت، بەو كەسانەی كە ئەڕۆنە دەرەوە ماستەر ئەخوێنن، بە كالۆریۆس ئەخوێنن، دكتۆرا ئەخوێنن، ئێمە ئەزانین بەمە كۆتایی پێ بێنین، لە تواناسازی بابڵێین عەدالەت نیە، تەلەبەیەك هەشتای هەیە، بیست دەفتەر دۆلاری ئەدرێتێ، یەكێكی تر حەفتاو نۆی هەیە، یەك دیناری پێ نادرێ، بۆ ئەوەی ئەو عەدالەتە بەدی بێ، داواكارم ئەو سەد ملیۆن دۆلارە یاخود ئەو سەد ملیار دینارە تەرخان بكرێ بۆ ئەو پرۆژەی قەرزی باڵاْ، لەگەڵ ڕێزم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك محمد شارەزووری فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە پشتگیری ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش دەكەم بۆ ئەو بڕینەی لە هەرسێ سەرۆكایەتیەكە، لەهەمان كاتدا لە ماددەیەك تەخسیساتیان داوە بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، لە تەخسیساتەكە ئێمە كۆمەڵێك پێشنیارمان هەیە جێگەی نەبۆتەوە، مەسەلەی بودجەی پێشمەرگە، وەزارەتی پێشمەرگە داوای پەنجا ملیۆنی نەكردووە، وەزارەتی پێشمەرگە داوای ترلیۆنێك و شتێكی كردووە، بۆ یەكگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەو باش كردنی بودجەكەیان، بەڵام لە ئیستیقتاعات و لە پێشنیاری لیژنەكەی ئێمە چەند ئەندام پەرلەمانێك قسەی لەسەر كردووە نەهاتووە، دوو، ئێمە پێشنیارێكمان كردووە، چەند ئەندام پەرلەمانێكیش بە نەزەری ئیعتیبار، داوای پێشینەی هاوسەرگیریمان كردووە بۆ منداڵی كەم ئەندامی سەنگەر، وەكو منداڵی شەهید و ئەنفال و جینۆساید كە بەبێ موقابیل هێنا بدرێتێ، داواكارم لەو تەخسیساتانە ڕەچاوی ئەو خاڵە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر تێبینیەكانت.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەر لە پێشیشەوە داوام لەجەنابت كرد، كە ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە، ئەگەر لە یەك، دوو شوێن وابزانم غەڵەتێك هەیە د.صباح باسی كرد، ئەوەی تیا چاك بكرێتەوە، بەنیسبەتی عجزەوە، عجز دیارە، مەعلومە چۆن ئەوە ئەكرێت، باسم كرد، جارێكی تریش ئەیڵێم، لە میزانیەی تەكمیلەش ئەگەر بێت، دەسەڵات لەدەست ئێمە نیە، حكومەتی مەركەزی ئەگەر میزانیە تەكمیلەی هەبێ، د.ئاراس هەمووی باس كرد، ئەو عجزە خۆی هاتووە لە پارو پێرارەوە هاتووە، ئێستا گەیشتۆتە ئەوەندە، هی عجز هاتووە و ئیزافاتی لەسەر بووە، ئەو عجزە ئێستاكە لە لای ئێمە موسەبەتە، مەوجودە ئەو عجزە، ئەوە نیە كە

ئەوترێ ئەو عجزە نیە، ئەو عجزە مەوجودە، لە نەتیجەی فەرقی داهات و نەفەقات هاتووە عجزەکە، ئێستاکە بەو شێوەیە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.ئاراس.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە وتەکانی بەڕێز وەزیری دارایی هات کە وا هەڵە هەیە، وەکو جەنابی د.صباح باسی کرد، بەهەقیقەت هەڵە نیە، تەعدیلە لە فەقەرەیەك لە فەقەرەی (ب) لە ماددەی دوو، ئەوەندەی من ئاگام لێی بێ لیژنەی یاسایی وەریان گرتووە بە نەزەری ئیعتیبار، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش تێبینیتان.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو تێبینیانەی کە هات بەشێوەیەکی خێرا، دەربارەی ئەوەی ئەگەر ئیلتیزام بە قانونی ئیستیسمارەوە نەکرا چی بکەین؟، هەروەها موناقەلە نەکرێت لە تەخسیساتی ئیستیسماری، چەند جارێك ئەم پرسیارە لە جەنابی وەزیر کراوە، وەلامی داینەتەوە کەوا هێشتا هیچ سولفەیەکی پرۆژەیەك نەوەستاوە، گرنگ ئەوەیە تا 12/31 بۆ دوای 12/31، دوانزەش ئەوە دەلیلی ئەوە دەکات کەوا ئێمە موشکیلەی ئەوەمان نیە کە صندوقێك دانین، بۆ دانانی ئەو ڕەصیدەی کەوا جێبەجێ ناکرێ، چونکە صەرف بەردوامە لە سەر پرۆژەکان، بەڕێزێکی دیکە ئیشارەی بەوە دا کەوا پێویستە موازەنەی ریئاسەی ئیقلیم دەرکەوێ لە یاساکە، بەڵام ئەوە لە تەفاصیلەکە دەرکەوتووە وەکە پێشتریش ئاماژەمان پێدا بەشێکە لە دەسەڵاتی تەنفیزی خۆ ئەگەر بکرێ بە پێشنیار لە کاتی ئامادەکردنی بودجە بۆ ساڵی 2013، وەکو برگەیەك ئاماژەی پێ بدەن خراپ نییە، بەڵام هەر بۆ بەرچاوروونی بەڕێزتان یەکێك لەو برگانەی کە باسم کرد لە 31 برگەکە، ئەو برگەیە کە تایبەتە بە سەرۆکایەتی هەرێم کە تەفاصیلی هەموو بودجەکانی تێدایە، داوای ئەوە کرا کە ئەو پارانەی ئەنجومەنی وەزیران یان ئەو بڕە پارەیەی تەرخان کرا بۆ ئەنجومەنی وەزیران زۆرە، بەڵام ئێمە لە ماددەیەکی ئاسایی، ئێمە ئیشارەتمان بەوە داوە کە بەڕێژەیەك دادەبەزێت، لە ڕاستیدا پێشنیارەکی دیکە هەیە ئەگەر هاتو لەمەو دوا موناقەلە کرا شەرحێك هەبێ لەگەڵ ئەو موناقەلەیە، شەرحێکی تەفصیلی حیسابی، بەڵام ئایا ئەوامری موناقەلە دێ بۆ لای ئێمە، خۆ ئەوامری موناقەلە نایێ بۆ لای ئێمە، ئەگەر شەرحی حیسابی لەگەڵ دابێ، دەربارەی عیجز چەند ئەندام پەرلەمانێکی بەڕێز تێبینیان هەبوو، بەڕێز جەنابی وەزیر وەڵامی ئەو تێبینیانەی دایەوە، میعیاری ئەو تەخفیزە چیە؟ کەوا ئەو ڕێژەیەی، ئەو موازەنەی هەندی لە تەرخانکراوەکانی پێ دادەبەزینین، لە ڕاستیدا ئێمە لیژنەیەکی هاوبەش بووین،

وا دیارە هەموو بۆچوونەکان یەکیان گرت کە بەو شێوەیە بێت، لە نیوان (15٪)و لە(20٪)بێ، پاش ئەوەی دیراسەیان کرد کە ئەوە ڕەئی یەك کەس نەبووە، ڕەئی ئەندامانی ئەو لیژنەیە بووە، بەتێکڕا دوای گفتوگۆیەکی زۆر، پێشنیاری دیکە هەبوو کە ئەو بڕینانەی کە هەیە تەوجیە کرێت، ئەو مەبلەغەی کە دەبڕێت و ئەمێنێتەوە لای وەزارەتی مالیە توجیە کرێ، یان ئاڕاستە کرێ بەرەو هەندێ سێکتەر، لە ڕاستیدا من پێم باشە ئەوە زیاتر بەجێ بێڵێن بۆ حکومەت بەرەو کوێی ئاڕاستە دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا، چونکە چەندین پێشنیار هەیە، هەندێك پێی باشە تەوجیە کرێ بۆ کشتوکاڵ، هەندێکی تر پێیان باشە تەوجیە کرێ بۆ پەروەردە، هەندێك پێی باشە تەوجیە کرێ بۆ بوارەکانی دیکە، بەحەقیقەت ئەگەر ئیتیفاقێکی وا هەبێ لە ناو هەموو ئەندام پەرلەمانەکان بەرەو چی تەوجیە کرێ؟ ئەوکات دەتوانی بیکەین بە پێشنیار بۆ حکومەت، سوپاس. ببورن پێشنیارەکانی بەڕێز کاك د. صباح پێشنیاری یەکەم بۆ تەعدیل کردنی بڕگەکە وەکو ئاماژەم پێ دا لیژنەی یاسایی وەریگرتووە بەنەزەری ئیعتیبار، بەڵام جەنابی ئیشارەیەکی دیکەی داوە، دەڵی پێی باشە تەوزیعی بودجە بە تەوزیعێکی (قطاعی)بێت، یەعنی (قطاع)ەکان کە دەست پێ دەکات بە کەرتی پیشەسازی، دوایی کشتوکاڵی، تا دەگاتە کەرتی خەدەمات و کەرتی ڕۆشنبیری، لە ڕاستیدا کردوویەتی بە سیانزە بەشەوە، وا تیدەگەم ئەو سیستەمە تا ئێستا پەیڕەوی ناکرێ، چونکە دابەشکردنی بودجە بەپێی سیستەمی موحاسیبی دەبێت، بەڵام ئەوە مومکینە لەناو ئەو سیستەمە موحاسیبیە ڕێژەی ئەو کەرتانە دەربێ وەکو دیراسەیەك هەر کەسێ هەستی پێی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك بورهان فەرموو،

**بەڕێز بورهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ماددە(329)ی لە قانونی عقوباتی (111)ی ساڵی 1969 موخالەفەکردنی تەنفیزی قەوانین بە تاوان هەژمارکراوە، من لە وەڵامەکانی لیژنەی دارایی شتێکی سەیرم گوێ لێ بوو، ئەوەیە کە باسی مەشاریع کرا میزانیەی ئیستیسماری و مدەوەرە، وەڵامی بەڕێزیان وابوو لە جیاتی حکومەت کە هیچ مەشروعیك تەمویلی ڕانەگیراوە قانونێکمان هەیە، قانونی بودجەی ژمارە 17ی ساڵی 2011 کە تیایدا هاتووە لە یەکێك لە ماددەکان یان صندوقێك هەیە، بە ناوی صندوقی ئیستیسماریەوە ناکرێ، ئەبێ ئەو صندوقە هەرچی پارەیە لەوی کۆببێتەوە، ناکرێ کە ئەندامانی پەرلەمان، دوو کەس پرسیاری کرد کە من قسەم نەکرد لە نەفەقات  دوو کەس پرسیاری ئەو پارەی ئیستیسماریەی کردو میزانیە مدەوەرەی ئەو پارە ئیستیسمارییەی کرد کە بەپێی قانونی بودجەی 2011 پێویستە لەو صندوقە بێ، بەڕێزی وەڵامی دایەوە کە پارەی هیچ مەشروعێك ڕانەگیراوە، بەڕاستی ئەمە وەڵامێکە موخالفی نەصی قانونی بودجەی 2011 و نەصی قانونی ماددەی (329)ی قانونی عقوباتی (111)ی  ساڵی (69)یە، سوپاس،

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیزافەیەك هەیە دەبێ ئێستا بكرێت بۆ ئەوەی بەسەرمان دا تێپەڕ نەبێت، چۆن ئێستا ئێمە كەمی دەكەینەوە، دەبێ ئەو ئیزافەیەش بكرێت، لەبەر ئەوە ئێمە كە لەگەڵ برادەرانی ئەنجومەنی ئاسایش كۆبووینەوە پێشنیارێكیان هەبوو، لەبەر ئەوەی هاتن دانیشتن لەگەڵمان پێشنیاریان كرد ئەو پارەیەی كە بۆیان دانراوە پارەیەكی كەمەو بەشیان ناكات، دوای ئەوەی كە گەڕانەوە بۆ وەزارەتی دارایی، لەگەڵ وەزارەتی دارایی كۆبوونەوە، داوای ئێمەشیان كرد، ئێمەش دوو كەسمان لە لیژنەی ناوخۆ چووین بەشداری ئەو كۆبوونەوەمان كرد، وەزارەتی دارایی و لیژنەی دارایی بڕیاریان دا كە بودجەكەیان بۆ زیاد بكەن ئەوە بوو بە مولحەقەك لە 2012/5/27 دا هاوپێچ بۆ لیژنەكەمان هات بەسەر ئەندامانیش دابەش كرا، كە وەزارەتی دارایی بەرزی كردبووە داوا ئەكات كە (183) ملیار زیاد بكرێتە سەر بودجەی گشتی، ئەگەر ئێستا زیادی نەكەین، بودجەكە كورت دێنێ، بۆیە پێشنیار دەكەم جەنابی وەزیر روونی بكاتەوە بۆ ئەوەی بتوانین دەنگی بۆ بدەین، زیادی بكەین، ئەگەر زیادی نەكەین، ئەوا ناتوانین دوایی ئەو وەختی بیكەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز كاك ئارام فەرموو،

**بەڕێز أیوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پرسیارێكم ئاڕاستەی لیژنەی هاوبەش كردبوو، وەڵامیان نەبوو، داوا ئەكەم وەڵامەكە بدەنەوە،

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دووبارەی بكەنەوە.

**كاك عونی كمال سعید:**

پرسیارەكەت دووبارە بكەوە ئەگەر زەحمەت نەبی.

**بەڕێز أیوب نعمەت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵلا یەكەم تێبینیم ئەوەیە كە پرسیارەكەم كردووە، یەعنی چۆن تۆماریان نەكردووە، پرسیارەكەم ئەوە بوو ئایا بۆچی دروست بوو كە وەزارەتی تەندروستی و كارەباو وەزارەتەكانی تر لە ئیرادات باس نەكرێ و لە نەفەقاتیش باس ناكرێ بە حوجەی لامەركەزی وە بەحوجەی ئەوەیە كە نەفسی نەتیجەیە تەنمییەی

موحافەزات و پترۆ دۆلاریش بە هەمان شێوەیە، ئێستا لە ئیرادات باس دەکرێ لە نەفەقات باس کراوە، بۆ ئەوە دروست نەبووە بۆچی ئەم درووست بووە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز ئاراس محمود حسین:**

وەڵلا ئەگەر بکرێ لە ڕێگەی جەنابتەوە ئەوە بەجێ ئەهێڵین بۆ نوێنەری حکومەت زیاتر لە وردەکاریەکان، بەڵام هاوکارمان کاك ئارام خۆی ئەندام بووە لە لیژنەی هاوبەشدا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی / وەزیری دارایی و ئابووری.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت دەزگای ئاسایشەوە بەڕاستی ئێمە بەنووسراو داوامان کردووە، وە لەحکومەتیشەوە هاتووە، دیارە ئەمە پێویست بوو، بۆیە داوامان کردووە، تکایە موافەقەتی لە سەر بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عدنان.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببورە وەڵلا من ئەگەر مەوزوعی ئەنجومەنی ئاسایشەکە بێ دەمەوێ قسەی لەسەر بکەم، جا نازانم ئەوە قسەی لە سەر دەکرێ یان نا، چونکە کاك اسماعیل باسی کرد وەزیریش باسی کرد، ئەنجومەنی ئاسایشەکە باس لە زیاد کردنی بودجەکەی کرا، ئەگەر دەرفەتی ئەوە هەیە قسە لە سەر ئەوە بکەین، یەعنی قسە لە سەر ئەوە ئیدخال بکرێ، زیاد بکرێ؟ ئەمەوی قسەی لە سەر بکەم،

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە قسەی لە سەر کراوە خۆ.

لیژنەی هاوبەش دوا صیاغەتان فەرموو د. ئاراس.

**بەڕێز د. ئاراس محمود حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم من پێشنیارێکم هەیە، تاکو چەند ئەم پێشنیارە لە شوێن خۆیەتی زۆر مەسائیلی ڕاپۆرتەکەی ئێستا دێت جارێکی دیکە دووبارە دەبێتەوە، من پێم باشە ئەگەر بکرێت، ئەگەر یاسایی بێت، بەداوای روخسەت لە بەڕێزت پێویستە لەسەر دەقی مادده یاسایەکە و بڕگەکان زیاتر قسە بکرێت بەڕاستی، چۆن دابڕێژرێتەوە؟ کەم وکوڕیەکەی لە چ دایە؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەوە چەند جار لەسەر ئەو عیجزە پرسیار لە بەڕێز وەزیری دارایی بکەم، جوابم ناداتەوە، جوابەکەم بدەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

پرسیارەکە چییە؟ توخوا کوێستان خان لێی بکەرەوە.

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز وەزیری دارایی، لە ئیستیمارەکانی خۆتان دا عیجزی وەزارەتی پێشمەرگە (952,980) نۆ سەد و هەشتا و دوو ملیار و نۆ سەد و هەشتا ملیۆنە، دوایی بۆ کردووتانە بە هەمووی بە تەشغیلیەکەشی بەو پرۆژانەش کە بۆتان داناوە، کردووتانە بە (1,200.320) یەك تریلیۆن و دوو سەد ملیار و سێ سەد و بیست ملیۆن؟ ئەمە لە دوا جارا عیجزەکەشی گۆڕیوە، یەعنی عیجزە ڕاستیەکە (1,467,980) یەك تریلیۆن و چوار سەدو شەست و حەوت ملیارو نۆ سەد و هەشتا ملیۆن دەکات، نەك (2,044,847) دوو تریلیۆن و چل و چوار ملیۆن و هەشت سەد و چل و حەوت ملیۆن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی / وەزیری دارایی و ئابووری.**

بەڕاستی من مەسەلەی عیجزم چەند جار شەرح کردووە، ئێستا جارێکی تر دەیڵێم، پار ساڵ جەنابتان (1,564) یەك تریلیۆن و پێنج سەدو شەست و چوار ملیارتان موسادەقە کردووە لەم پەرلەمانە، یەعنی هەر بۆ ئەوەی هەموو شتێك مەعلوم بێ ئێستاکە وایە ئەمە و، دوای ئەوە (305) داهاتی گومرگی 2010 نەهاتووە، (400) داهاتی گومرگی 2011 نەهاتووە، (350) پترۆ دۆلار نەهاتووە، خۆی لەمەوە عیجزەکان هاتووە، ئیتر لە نەتیجەی عیجزەکان کە هاتووە و هاتووە تائێستاکە تەراکوماتی ئەسبابی رەئیسی کە ئەم عیجزانە بۆ وای لێهاتووە؟ هاتووە گەیشتووتە ئەم مەبلەغە، ئەوەیە کە تا ئێستاکە ئێمە پارەمان بۆ وەزارەتی پێشمەرگە سەرف کردووە، هەموو ساڵێك بەتەمای ئەوە بووینە کە ئەو قانونەی حکومەتی عێراقی خۆی دەری کردووە، هەموو ساڵێك بە جۆرێك هاتووە لەمیزانیەی حکومەتی عێراقی دا بۆ ئەوەی کە پارەکە تەسدید بکا بۆ ئێمە، تەسدیدی نەکردووە، عیجز لێرە ئەوە هاتووە ئیتر خۆ مەسەلە ئەوە نییە ئەوەندەمان بۆ پێشمەرگە داناوە، ئێستا بۆ ئەوەندەیە عیجزەکە؟ عیجزەکە لە 2007 وا هاتووە، هاتووە هەموو ساڵێك ئەو پارانە نەدراوەتە ئێمە و، ئێمەش کە عیجزی موخەتەت بووە، کە عیجزی فعلی دەستی

پێکردووە ئێستا بۆتە عیجزی فیعلیی، چونکە (1,564) نەهاتووە، (305) نەهاتووە، (400) نەهاتووە، (350) نەهاتووە، ئەگەر لەو مەبلەغە کەکەمی کردبێ، مەعنای ئەوەیە وفورات بووە بۆ ئەوەی کە عیجزەکە کەم بێتەوە، ئەگەر نا عیجزەکە خۆ زیاتریش دەردەچێ بەو شێوەیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسەلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش دوا صیاغەتان:

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك لە ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش دا هاتبوو, لیژنەی دارایی کاتی خۆی ئاماژەی بەوە کردبوو کە ئیقتیراحی زیادکردنی بڕێك پارە بۆ ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان, لێرەدا ئێستا ئێمە ماددەکەی دەخوێنینەوە ئەو ئیقتراحە ئێمە بەباشی دەزانین کە پێشنیار کرا ماددەك ئیضافة بکرێت, لە ماددە ئیضافة کراوەکان هەر لەوێدا جێگای بکەینەوە, کە ماددەی سێیەمە پێشنیارمان کرد کە ڕەقەمەکە بگۆڕێتەوە, ئێستا ماددەی دووەم وەك خۆی دەیخوێنمەوە, کە لە پرۆژەکەدا هاتووە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بزانین کاك کاردۆ قسەی چیە فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە پەیوەندی بە پێشنیارەکەی زیادکردن بۆ ئاساییشەوە هەیە ئەوە دەچێتە عجزەوە, هەر پێشنیارێکیش لە بودجەدا ئەگەر پشتیوانی نەبێت ناتوانن بیکەنە پێشنیار و زیادی بکەن.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لێرەدا باسی نەفەقات دەکەین, وە لیژنە و بەشێك لە پەرلەمانتارانیش پێشنیاری ئەوەیان کردووە کە بەشێك لە نەفەقات ببڕێت, ئێمە دەتوانین چارەسەری ئەو بابەتە بکەین بەوەی کە کاتێك ئەو بەشەی لەکۆی نەفەقاتی تەشغیلی یان سەرۆکایەتیەکاندا ببڕێت, ئەو کەموکوڕیانەی یان ئەوەی ئێمە بە کەموکوڕی دەزانین بەو بابەتە پڕی بکەینەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەوە فیعلەن, بەیارمەتی لەڕاستیدا ئەوە فعلەن, یەکێك لەو دوو حالەتەیە, ئەوەی کە کاك کاردۆ باسی کرد لەگەڵ ئەوەی کاك عمر صدیق باسیکرد, دەبێت هەر زیادکردنێك لە تەشغیلیا یاخود بخرێتە سەر عیجز,عیجزی پێ زیاد بێت یاخود ئەوەی کە ئێمە دەیبڕین کە قەرار دراوە لیژنە پێشنیازی کردووە بە 15٪ بخرێتەوە سەر ئەوە, ئینجا ئەگەر عیجزی پێ زیادبکرێت ئەو کارەساتەکە دووقاتە لەجیاتی ئەوەی ئێمە عیجزی پڕبکەینەوە بۆ دوو ساڵ لەسەر یەك عیجز زیاد دەکەین خۆ ئەگەر لە 15٪ەکە پڕی بکەینەوە, کە وەکو کاك عمر صدیق وتی ئەوە کارەساتەکە گەورەترە, لەبەرئەوەی ئێمە پێمانوایە بودجەی تەشغیلی ئەوەندە زۆرە کە پێویست بەبڕین دەکات وە خستنەسەر کۆمەڵێك لایەن کە لە بەرژەوەندی گشتیدایە, بەڵام دێین بودجەی تەشغیلی بەوە زیادەکە پڕدەکەینەوە, دەیخەینە سەر لایەنەکانی کە, کە دەزگایەك کە ئێمە ئەصڵ وایە هەموو ئەو پەرلەمانە لە یەکێك لەبڕیارەکان, کە دوایی دەریدەکەین و ببێتە بڕیار ئەوەیە کە بودجەی حزب دەربهێنرێت, وە ئەنجومەنی ئاسایش ئەگەر چی لە پەرلەماندا قەراری بۆ دەرچووە, کە دەزگایەکی وطنیة, بەڵام ئێمە دەزانین, بە یارمەتی با قسەکەم تەواو بکەم, ئێمە دەزانین ئەو دەزگایانەی لکێنراوە بەو ئەنجومەنەوە, دەزگای حزبین, ئەوە حەقیقەتە, وە جگە لەوە, بەیارمەتی من باقسەکەم تەواو بکەم, ئێوە ئیجا هەستن بڵێن وانیە, لەبەرئەوە مەفروزە ئێستا حاڵەتێکی تر دێتە بەردەممان ئەگەر ئەو دوو حاڵەتە نەکەین, لە ئێستاوە ئیقراربکەین وەزیری مالیە موناقەلە بکات لە بودجەی تەشغیلیەوە بۆ لە ئیستیثماریەوە بۆ تەشغیلی, بۆئەوەی ئەنجومەنی نیشتیمانی پێ هێن بکەین.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ڕەجاتان لێدەکەم تۆزێك ئەگەر قسەیەکی نا ئەوەم کرد, باشە ئێمە نیو سەعاتە ڕاوەستاوین لەسەر شتێك کردن نابێت بیکەین, لە ماددەی دوو ئێمە بڕێك مەبلەغ ئەڵێین بۆ حکومەت چەند تەخسیس کراوە؟ بۆمان نیە لەو ماددە باسی تەفاسیل بکەین, ئێمە چۆن مامەڵەمان کرد لەگەڵ میزانیەی سەرۆکایەتی هەرێم, چونکە بەشێکە لە حکومەت, هەروەها ئەنجومەنی ئاسایش بەشێکە لە حکومەت

بۆمان هەیە باسی حکومەت جودا, قەزا جودا, پەرلەمان جودا بکەین, ئەوە کێشەکە ئەگەر دەتانـەوێ حـەلی کەن ئیشەکە یـەکێکی تـر حـەلی بکەن, لەماددەی دوو بـۆت نیـە غـەیری بلێـی بـۆ حکومـەت ئەوەنـدە, بـۆ تەشغیلی ئەوەندە, بۆ پەرلەمان ئەوەندە, بۆ دادوەری ئەوەندە, بۆ پرۆژە, من نـازانم ئـەو تـاخیرە لەسـەر چ بوو؟ پرەنسیپەکی زۆر بەسیتە تکاتان لێدەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی ڕەئیتان لەسەر ڕەئی کاک عبدالسلام چیە؟

**بەڕێز د.ئاراس محمود حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە حەقیقەت من ڕوونکردنەوەیـەکی تـرم هەیـە ڕوونکردنەوەیـەك کـە زووتـر ئاماژەمـان پێـدا, واتێدەگـەم قسەش لەگەڵ بەڕێزان نوێنەرانی حکومەتیش کراوە لەو بارەیەوە, ئەگەر بگەڕێینـەوە بـۆ لیژنـەی دارایـی, کە هەمانـە لـە بەشـی یەکـەم لاپـەرە(16), بـەڕێزان یـەعنی دیباجەکـەمان نووسـیوە دوایـی ڕەئـی لیژنـەی داراییشمان نووسیوە, ڕەئی لیژنەی دارایی دوای وەرگرتنی ڕای حکومەت بووە, بەڕاستی کە وتومانـە لیژنـە لاری نیە لەسەر ئەو داوایە بەهۆی هەستیاری بابەتەکەوە, بەلام بەڕای لیژنەی دارایی دەتوانێت بڕی پارەی پێویست بۆ ئەنجومەنی نـاوبراو, لـەڕێی دەسـەلاتی موناقەلـەوە دابـین بکرێـت, بـەڕای لیژنەکـەمان لـەدوای پەسـەندکردنی بودجـە بـە فـەرمی, ماوەیـەکی کـەم دەمێنێتـەوە بـۆ کۆتـایی سـاڵی 2012, وە وەزارەت و دەستەکان و دەزگاکان لەتوانایان دانیە پارەی تەرخانکراو بۆیان بەتەواوی خەرج بکەن, وە پێویست ناکات ئەو پارەیە بخرێتە سەر کورتهێنان. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی 83 دا هاتووە ئەمەوێت ئیسپاتی بکـەم, کـە ئـەو ڕەییـەی لیژنـەی قـانوونی, لیژنـەی دارایـی کـە لەلاپەڕە 16 دا هاتووە, کە دەڵێت بەداخەوە بۆ موستەشفاکانی هەولێر کە ئیحترامان بۆ جەنابتان جـرج و مشك و سیسرك خواردوویەتی, ئەڵێم موافیق نیم, پەسەند نیـە, بـەلام لێـرەدا دەڵـێ لاریـم نیـە و لـەدواوە لەڕێی دەسەلاتی موناقەلەوە, پارەی بۆ تەخسیس کراوە 134ملیار, بەلام ماددەی 83 دەڵێت کە ئەمە دەڵێ لاریـم لێینیـە بـۆی بکرێـت بـە 318 ملیـار مـاددەی 83 لـە پـەیڕەوی نـاوخۆیی پەرلـەمان دەڵێـت چـی؟ پێشنیازی زیادکردنی خەرجی یان هێنانەکایەی خەرجی نوێ یان دابەزاندنی داهات, قبـول ناکرێـت ئەگـەر پێشـنیار کراوەکـە ڕێگـای ئەنجامـدانی پێشـنیارەکە ڕوون نەکاتـەوە, یـەعنی بۆمـان نیـە مەصـادری داهـاتی ئیضافیمان لە خاریجی ئەو داهاتەی لە مـاددەی یەکـدا تەسـبیتمان کـردووە دەسـت بکـەوێت بۆمـان هـەبێت

نەقلی ئەوەی کەین, بەڕاستی من سەیرە لەلام ئەگەر دەڵێن لەئەبوابی ترەوە بۆی موناقەلە بکرێت, ئێمە خۆمان یەعنی لە سێکتەری ترێك کوژی دەیەین بەوێ 134 ملیاری بۆ تەسفیت, کراوە کیفایەت نیە. سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د. عمر نورەدینی فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەنجومەنی ئاسایش بەپێی یاسایەك دادەمەزرێت کە لەو پەرلەمانە دەرچووە, بۆیە لەڕاستیدا یاساکەش نیشتیمانیە, ئەنجومەنی ئاسایشیش نیشتیمانیە تەشکیل کردنیشی لەبەرئەوەی بۆ یەکەمجارە, ئا پێویستی بەوە هەیە بڕی پێویستی بۆ تەرخان بکرێت, فعلەن وەك کاك عبدالسلامیش وتی ئەنجومەنی ئاسایش بەشێکە لەسوڵتەی تەنفیزی, بۆیە ئەو موضوعة لەڕێگای دەسەڵاتی موناقەلەوە کە دەدرێت بە حکومەت و وەزارەتە پەیوەنیدارەکان چارەسەر دەبێت؟

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەو زیادکردنەی کە کراوە لەو زیادکردنانە نیە کە لەحکومەتەوە بۆ ئێمە هاتووە, عیجزەکەی تێدادەستنیشان کراوە, بەڵکو ئەوە ئیستثناء بووە و دوو قات زیادکراوەتەوە, کەواتە ئەو دووقاتە کە زیادکراوەتەوە عیجزمان زیاد دەکات, بۆیە ئەوەی کە دەوترێت کە جێگای خۆی نیە, حەقمان نیە موناقەشەی بکەین, بەڵکو ئەوە زیادەیەکە بەناقانوونی دەخرێتە سەری, من لەگەڵ ئەوەشدا کە باسدەکرێت باشە ئەوە لەکوێ دەنگی لەسەر دەدرێت ئەگەر ئەوە شوێنی نیە ئەوە چوویتە سەر عیجزەکە, من باسی تەشکیلەی ئەو هەیئەتە دەکەم ئەو ئەنجومەنە دەکەم, ئەو ئەنجومەنە ئەنجومەنێکی ڕاوێژکارییە, بەڕێزان ئەوە هەیکەلەکەیەتی پێکدێت لە بەڕێوەبەری گشتی ئیستخباراتی سەربازی کە لە وەزارەتی پێشمەرگە بودجەی خۆی هەیە, پێکدێت لە دەزگای ئاسایش کە بودجەمان بۆ داناوە, پێکدێت لە دەزگای زانیاری و پاراستن کێ هەیە لەو وڵاتە نەڵێ دەزگای زانیاری وپاراستن سەر بە حیزب نیە؟ بۆیە کێ هەیە بەڵێ یەکێکە لە هەیکەلەکان کە دەزگای پاراستن و زانیاری بە نەص هاتووە پاشان ئێمە پرسیارمان کرد لە لیژنەی ناوخۆ, ئێمە پرسیارمان کرد, بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئەو 6 هەزار میلاکە چیە؟ وتیان ئەوە دەزگای زانیاری و پاراستنە نەچۆتە سەری, بەڵام ئەگەر بێت و ژمارەی میلاك حیساب بکەی لەگەڵ دەزگایەکی وەکو ئاسایش 6 ئەوەندەی بۆ دانراوە بۆیە بەڕاستی ئەوە زیادەیەکە پێویست دەکات ببڕێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (35)

## هەینی ڕێکەوتی 2012/6/22

**کاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 2012/6/22 پەرلەمانی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆکی پەرلەمان و، بە ئامادەبوونی بەڕێز د. حسن محمد سورە جێگری سەرۆك و، بەڕێز فرست أحمد عبداللە سکرتێری پەرلەمان، دانیشتنی ژمارە (35)ی خولی سێیەم، ساڵی (2012) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددە (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاری درا دانیشتنی ژمارەی (35)ی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کات (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 2012/6/22 دا بەم شێوەیە بێت:**

**1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆ کردنی پرۆژەو یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ ساڵی 2012.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

**بەناوی گەلی کوردستان، دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، پەرلەمانی کوردستان، خولی سێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سێیەم، خولی گرێدانی دووەم، ژمارەی دانیشتن (35) ڕۆژی دانیشتن (2012/6/22) بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگەی (1)ی ماددەی (20) لە پەیڕەوی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی پەرلەمانی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (35)ی ئاسایی خولی سێیەمی هەڵبژاردن لە کاتژمێر (10)ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی 2012/6/22 بەم شێوەیە بێت:**

**1-بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆ کردنی پرۆژەو یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان - عێراق بۆ ساڵی 2012.**

**ئێستاش بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ناوی ئەو پەرلەمانتارە بەڕێزانە دەخوێنێتەوە کەمۆڵەتبوون یان ئامادەنەبوون بابفەرموێ.**

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**ناوی ئەو ئەندامانەی لەدانیشتنی (34)ی ئاسایی لە 2012/6/21 ئامادە نەبوون ئەمانەن (8) ئەندام ئامادە نەبووە کە هەموویان مۆڵەت بوونەو ئەوەش ناوەکانیانە.**

**1- پەیام أحمد محمد**

**2- حازم تحسین سعید**

**3- ئاهەنگ عارف ڕەوف**

4- حەمە سعيد حەمە على

5- ياووز خورشيد

6- سمير سليم

7- بەيان أحمد

8- شلێر محمد.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان. ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆكانمان لیژنەی هاوبەش فەرموو بۆشوێنی خۆتان. بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و مونەسیقی نێوانی حكومەتی هەرێمی كوردستان و پەرلەمان دەكەین بەخێربێن. ئێمە دوێنێ زۆر موناقەشەمان لەسەر بودجەكرد، فەرموو كاك نەریمان.

**بەڕێز نەریمان عبدللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە كۆتایی كۆبوونەوەی ئەمشەوا بەڕێز كاك ئیسماعیل ناوی منی هێنا كە نەدەبوو وەڵامی منی بداباوە، بەڵام من حەز ئەكەم چەند راستییەك بخەمە روو لەسەر قسەكانی كە ناقانونی بوو. یەكەم

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تەواو، كاك نەریمان تەواو.

**بەڕێز نەریمان عبدللە قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئاخر ناوی منی هێنا لەبەر ئەوە وانەبوو من حوزورم هەبوو لەكۆبوونەوەكە بایكۆتم كرد خۆكاك ئیسماعیل خۆشی پرسیاری كرد لەبەر ئەوە وتم ئەو دەزگا هەوالگریانە بەدەزگای حیزبیان دەزانم، بۆیە بایكۆتمكرد.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە، كاكە باشە، ئێمە دوێنێ ماددەی دوو زۆر موناقەشەمان كرد هەموو خوشك و برایان ڕەیی خۆیان دا فەرموون لیژنەی هاوبەش لیژنەی یاسایی دوا داڕشتنی خۆتان بخوێننەوە فەرموون.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الثانية:

أولاً: يرصد لنفقات السنة المالية/ 2012 مبلغ قدره (15,245,797) خمسة عشر ألف ومائتان وخمسة وأربعون مليار وسبعمائة وسبعة وتسعون مليون دينار ويوزع وفق الجداول المرفقة:-

1/ مبلغ قدره (10,745,797) عشرة ألف وسبعمائة وخمسة وأربعون مليار وسبعمائة وسبة وتسعون مليون دينار للنفقات التشغيلية ويوزع كالاتي:-

أ/ مبلغ قدره (10,624,518) عشرة ألف وسستمائة وأربعة وعشرون مليار وخمسمائة وثمانية عشر مليون دينار للنفقات التشغيلية لحكومة اقليم كوردستان.

ب/ مبلغ قدره (68,280) ثمانية وستون مليار ومائتان وثمانون مليون دينار لنفقات برلمان اقليم كوردستان.

ج/ مبلغ قدره (52,999) اثنان وخمسون مليار وتسعمائة وتسعة وتسعون مليون دينار لنفقات مجلس القضاء.

2/ مبلغ قدره (4500000) اربعة ألف وخمسمائة مليار دينار للنفقات الاستثمارية ويوزع كالاتي: أ/ مبلغ قدره (3,678,437) ثلاثة ألف وستمائة وثمانية وسبعون مليار واربعمائة وسبعة وثلاثون مليون دينار لنفقات المشاريع الاستثمارية.

ب/ مبلغ قدره (821,563) ثمانمائة وواحد وعشرون مليار وخمسمائة و ثلاثة وستون مليون دينار لاعمار وتنمية مشاريع الاقاليم والمحافظات, وعلى المحافظ تقديم خطة اعمار المحافظة والاقضية والنواحي التابعة لها المصادق عليها من قبل مجلس المحافظة الى وزارة التخطيط لغرض دراستها والمصادقة عليها على ان تراعى المناطق الاكثر تضررأ داخل المحافظة وعدد سكانها ومن ضمنها مبلغ (42,400) اثنان واربعون مليار واربعمائة مليون دينار(بترودولار).

ثانياً: العجز المخطط يقدر ب (2,044,847) ألفان وأربعة وأربعون مليار وثمانمائة وسبعة وأربعون مليون دينار, ويغطي هذا العجر من المبالغ المخصصة لوزارة البيشمركه من الموازنة التشغيلية الاتحادية لحرس الاقليم ضمن تخصيصات وزارة الدفاع العراقى الاتحادي حسب قوانين الموازنة الاتحادية للسنوات المالية (2007 الى 2012).

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لانە خان.

**بەڕێز لانا أحمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی دووەم**

**خەرجییەكان و كورتهێنان**

**ماددەی دووەم:**

**یەكەم:** بۆ خەرجییەكانی ساڵی دارایی 2012 گوژمەیەك كە بڕەكەی (15,245,797) پازدە هەزار و دوسەد و چل و پێنج ملیار و حەوت سەد و نەوەد و حەوت ملیۆن دینار دادەندرێت و بەپێی ئەم خشتە هاوپێچە دابەش دكرێت:-

1- گوژمەیەك بە بڕی (10,745,797) دە هەزار و حەوت سەدو چل و پێنج ملیار و حەوت سەدو نەوەد و حەوت ملیۆن دینار بۆخەرجییەكانی بەكاربردن وە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەكرێت:-

أ/ گوژمەیەك بە بڕی (10,624,518) دەهەزار و شەشسەد و بیست و چوار ملیارو پێنج سەد و هەژدە ملیۆن دینار بۆخەرجییەکانی بەکاربردن بۆحکومەتی هەرێمی کوردستان.

ب/ گوژمەیەك بەبڕی (68,280) شەست و هەشت ملیار و دوسەد و هەشتا ملیۆن دینار بۆخەرجییەکانی پەرلەمانی کوردستان.

ج/ گوژمەیەك بە بڕی (52,999) پەنجا و دوو ملیار و نۆسەدو نەوەد و نۆ ملیۆن دینار بۆخەرجییەکانی ئەنجوومەنی دادوەری.

2- گوژمەیەك بە بڕی (4,500,000) چوار تریلیۆن و پێنج سەد ملیار)دینار بۆخەرجییەکانی وەبەرهێنان وەبەم شێوەیە دابەش دەکرێت:-

أ/ گوژمەیەك بە بڕی (3,678,437) سێ تریلیۆن و شەسەت و حەفتا و هەشت ملیار و چوار سەد و سی و حەوت ملیۆن دینار بۆخەرجییەکانی پرۆژەکانی وەبەرهێنان.

ب/ گوژمەیەك بە بڕی (821,563) هەشت سەد و بیست و یەك ملیار و پێنج سەد و شەست و سێ ملیۆن دینار بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانی پرۆژەکانی هەرێم و پارێزگاکان و، دەبێ پارێزگار بەرنامەی ئاوەدانکردنەوەی پارێزگاکەی و قەزا و نەحیەکانی کە لەلایەن ئەنجومەنی پارێزگاوە پەسەندکراوە پێشکەش بە وەزارەتی پیلاندانان بکات بۆئەوەی لێکۆڵینەوە لەو بارەیەوە بکرێ و پەسەند بکرێ و، دەبێ رەچاوی ئەو ناوچانە بکرێ کە زیاتر زەرەرمەندبوونە لەناو پارێزگاکەدا و، هەروەها ژمارەی دانیشتوانیش لەناو ئەمەشدا بڕی (42,400) چل و دوو ملیار و چوارسەد ملیۆن دیناری پترۆدۆلار هەیە.

دووەم: کورتهێنانی نەخشە بۆکێشراو کەبڕی (2,044,847) دوو تریلیۆن و چل و چوار ملیارو هەشت سەد و چل و حەوت ملیۆن دینار دەخەملێنرێت و ئەم کورتهێنانەش بەو گوژمەیە دادەپۆشرێت کە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە دیاری کراوە لە بودجەی بەکاربردنی ئیتیحادی بۆ پاسەوانانی هەرێم لەناو تەرخانکراوی وەزارەتی بەرگری عێراقی ئیتیحادیدا بەگوێرەی بودجەی ئیتیحادی بۆساڵەکانی دارایی (2007 تا 2012).

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموو کاك کادۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە موناقەشەمان کرد بۆ ئەوەی بگەینە نەتیجەیەك، وایە؟ ئەمە یەکییان.

دووش ئێمە پێشتر پێشنیارێکمان هەبوو کە ئیستیقتاعەکە بە نەزەر وەربگیرێ، وابوو؟ کوا وەرگیرا؟ نەخێر وتمان پێشنیارەکەی کاك برهان، وتمان دەبێ لەسەرەوە بنووسرێ، دوایی لە ماددەکە ئیزافەی ئەکەین ئەمە پێشنیارکرا یان نا؟

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەینە نەفەقاتی ئەنجومەنی ئاسایش.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

ئاخر ئێستا کاکە دەنگت بۆدا، ئاخر چی ئەکەی؟

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. ڕۆژان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە زۆر لەئەندامان پێشنیاری ئەوەیان کرد کە بڕێك پارە ببڕێ لە هەرسێ سەرۆکایەتیەکە، بەلاَم ئێمە دوێنێش هەردوو لێژنە ئەو دوو ڕۆژەی کە کۆبووینەوە ماددەیەکمان داڕشتییە ئێستا کە دەنگدانەکە تەواو بێ هەردوو لیژنەکە بە تەمابووین کە پێشنیار بکرێ ئەو ماددەیە بکرێتە ماددە سێ دوایی ئەوەی ئیرادات و نەفەقات پەسەندکرا ئیستقتاعە پەسەند بکرێ، ماددەکە ئامادەکرایە هەردوو لیژنە ئیمزایان لەسەر کردیە.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

موهیم ئەوەیە ئەو پارەیە ببڕدرێ، لە ماددەی سێ دەبڕدرێ، تەواو تازە دەنگمان بۆداو (25) بیست و پێنج کەس لەگەڵدا نییە، بە زۆرینەی دەنگ پەسندکرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددە نوێیەی کە ژمارەکەی دەبیتەوە ماددەی سێ بە ئیتیفاق لەنێوان هەردوو لیژنەکە کە چەند رۆژێك لەمەوبەر هەردوو لیژنە موناقەشەیان کرد بەو سیاغەی ئیتیفاقمان کرد دابڕێژێتەوە.

المادة الثالثة:

أولاً: تخفيض نسبة20٪ من الموازنة التشغيلية لرئاسات الثلاثة عدا تعويضات الموظفين:-

أ/ رئاسة أقليم كوردستان.

ب/ برلمان كوردستان.

ج/ مجلس القضاء.

ثانياً: تخصص المبالغ المستقطعة مِن الفقرة الاولى من هذه المادة لوزارتي الصحة والبلديات والسياحة لتنفيذ مشاريع خدمية ودعم الرياضة حسب اختصاص كل منها ويراعى في توزيعها النسب السكانية للمحافظات.

ثالثاً:

تخفيض نسبة 15٪ من الموازنة التشغيلية لمجلس الوزراء عدا تعويضات الموظفين والمنافع الاجتماعية والاعانات بعد أستبعاد المبالغ المخصصة لصندوق مشروع تنمية وتطوير القدرات البشرية وبلدية عنكاوه.

رابعاً:

تخفيض نسبة 15٪ من الموازنة التشغيلية للوزارات والدوائر غير المرتبطة بوزارة عدا تعويضات الموظفين والمنافع الاجتماعية والاعانات.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بە كوردییەكەی.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

كوردیەكەی ئامادە نەكرایە ئەو ماددەیە.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د.ڕۆژان بە كوردییەكەی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عەرەبییەكەم لەبەر دەستە بەس هەوڵدەدەم دەمودەست بیكەم بە كوردی تاكو روونبێ بۆ هەموو لایەك نەوەك عەرەبییەكە، هەندەك كوردییەكە باشترە.

ماددەی سێیەم كە پێشنیار دەكەین ئەو ماددەیە ببتە ماددەی سێیەم:

یەكەم:

كەمكردنەوەی ڕێژەی 20٪ لە بودجەی وەگەڕ خستنی هەرسێ سەرۆكایەتی جگە لە قەرەبووی فەرمانبەران:-

أ/ سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان. ب/ سەرۆكایەتی پەرلەمانی كوردستان.

ج/ ئەنجومەنی دادوەری.

دووەم:

ئەو بڕە پارەیەی كە كەمكرایتەوە لە بڕگەی یەكەمی ئەو ماددەیە تەرخان دەكرێ بۆ هەردوو وەزارەتی تەندروستی و شارەوانی و گەشت و گوزار بۆ جێبەجێ كردنی خزمەتی پرۆژەی خزمەتگوزاری و پشتیوانی وەرزش بە پێی پسپۆری هەریەك لە وەزارەتەكان و ڕەچاوی ڕێژەی دانیشتوان دەكرێ لە پارێزگاكان.

سێیەم:

كەمكردنەوەی ڕێژەی 20٪ لەبودجەی وەگەڕ خستنی ئەنجومەنی وەزیران جگە لە قەرەبووی فەرمانبەران و سوودە كۆمەلأیەتیەكان و ئیعانات دوای تەرخانكردنی، دوای ئەوەی ئەو بڕە پارەییەی كە تەرخان كرایە

بۆ تواناسازی و پەرەپێدانی، نەخێر. شارەوانی عەنکاوە، دوای ئەوەی ئەو دوو حیسابەی لێ جیا دەکرێتەوە ئینجا بڕی لە 15٪ی لێ دەبڕێت.

چوارەم/ کەمکردنەوەی ڕێژەی 15٪ لە بودجەی وەگەڕ خستنی وەزارەتەکان و فەرمانگاکان کە سەر بە وەزارەت نین جگە لە قەرەبووی فەرمانبەران و سوودە کۆمەلأیەتیەکان و ئیعانات.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ماددەیە لەئەنجامی ئیتیفاقی لیژنە هاوبەشەکان بوو، بۆیە حەقە یەکسەر بیخەینە دەنگەوە بەڕاستی، فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەندێ ئیقتراحاتی تر هەبوو بەڕاستی لەلیستی کوردستانی هەندێ ئیقتراح هەبوو دەرهاتووە، لەبەر ئەوە پێویستی بەوەیە موناقەشە بکرێتەوە.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێ قسە بکات؟ بەلأم بەراستی کە لیژنەی هاوبەش ڕێکەوتن لەسەری حەق نیە ئەو موناقەشەیە بکرێ بەراستی، چونکە نوێنەرایەتی هەموو فراکسیۆنەکانی کردووە، لیژنەی هاوبەش بووە.

بەڕێزان، ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، بەوشێوەیەی کە خوێندرایەوە کێ لەگەڵدایە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە؟ زۆر سوپاس، تەنها (6) کەس لەگەڵدانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان .**

ماددەی سێ لە پڕۆژەکە کە ژمارەکەی بووە ماددەی چوارەم:

على وزارة المالية ولأقتصاد لاقليم كوردستان - العراق تمويل حسابات الوزارات والادارات وفق الموارد المالية المتاحة.

**بەڕێز لانە أحمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

وزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان _ عێراق تەمویلی حساباتی وەزارەتەکان و ئیدارەکان دەکات بە پێی سەرچاوە داراییە ڕێگا پێدراوەکان.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێ قسە بکات؟ یەك کەس! فەرموو کاك پێشەوا، فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێیەم باس لەتەمویلی حیساباتی وەزارەتەکان و ئیدارەکان دەکات. مەبەست لێرە تێبینیەکەی من لەسەر ئیدارەکانە ئەگەر مەبەست لە پارێزگا و بەڕێوەبەرایەتی ناحییە و قایمقامیەتەکانە من هیچ قسەیەکم نیە، خۆمان دەزانین ئێمە کە ئێستا کۆمەڵێك ئیدارەی سەربەخۆ هەیە، بەڵام دوو ئیدارە بەرسمی، بەفەرمی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ ئەویش ئیدارەی گەرمیان و ئیدارەی ڕاپەڕینە، بۆیە پرسیارەکەی من ئەوەیە ئەو ئیدارانە یاسایەکی تایبەتی بە خۆیان نیە کە پێکهاتە و چوارچێوەی کاری ئیدارەکان دیاری بکات، ئایا تەمویلی حیساباتی ئەو ئیدارانە لە چ بابێکە؟ و، چۆن تەمویلی حیساباتیان دەکرێ لەلایەن وەزارەتی داراییەوە؟ داواکارم بەڕێز وەزیری دارایی ئەوەمان بۆ روون بکاتەوە، ئەگەر مەبەست لەو ئیدارنە ئیدارەی سەر بە خۆ بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە راستیدا من ئیزافەیەکم هەیە بۆ ئەو ماددەیە وا ئەزانم کەمە لە ماددەکە ئێمە (والدوائر غير المرتبطة بوزارة) مان تێدا دانەناوە، لەبەر ئەوە تەنها دەڵێ: (تتولى وزارة المالية والأقتصاد لاقليم كوردستان - العراق تمويل حسابات الوزارات والإدارات) من دەڵێم (والإدارات والدوائر غير المرتبطة بوزارات وفق الموارد المالية المتاحة).

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ئیدارانەی کە ئێستاکە دانراون و، ئیش دەکەن هەموو ئەو ئیدارانە عەینی وەکو هەموو پارێزگایەك لە وەزارەتی ناوەخۆوە تەمویل دەکرێت، و، ئێمە میزانیەکانیشمان ئێستاکە بەنسبەتی گەرمیانەوە ئیدارەی گەرمیان و ئەوەی ڕاپەڕینیش ئێستاکە نووسراوە و ئیجرائات ئەکەین بۆ جیاکردنەوەی وە فەعلەن ئیدارەی گەرمیان جیا کراوەتەوەو و، ڕاپەڕینیش جیا ئەکەینەوە.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا سیغەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

تتولى وزارة المالية والاقتصاد لاقليم كوردستان _ العراق تمويل حسابات الوزارات والادارات وفق الموارد المالية المتاحة.

**بەڕێز لانا أحمەد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم:

وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان _ عێراق تەمویلی حیساباتی وزارەتەکان و ئیدارەکان دەکات بەپێی سەرچاوەی دارایی ڕێگا پێدراوەکان.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان.

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسەندکرا، فەرموو بۆماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەمی پڕۆژەکە کە ژمارەکەی بووە ماددەی پێنجەم:

أولاً/ تقيد جميع ايرادات الدوائر الممولة مركزيا ايرادا نهائيا للخزينة العامة ويتم اظهارها فى موازين المراجعة.

ثانياً/ أستثناءا من حكم الفقرة (اولاً) اعلاه على وزير المالية والاقتصاد:

1- أضافة مبالغ الايرادات الشهرية التى تحققها وزارة الصحة بكافة دوائرها إلى ميزانية هذه الوزارة لأغراض شراء الأدوية وتدارك نفقات الصيانة بأنواعها وحسب طلب الوزارة مشفوعاً بجداول الأيرادات المتحققة فعلاً.

2- أضافة مبالغ الايرادات الشهرية التى تحققها وزارة الكهرباء بكافة دوائرها إلى ميزانية هذه الوزارة لأغراض صيانة وتحسين الشبكات الكهربائية وحسب طلب الوزارة مشفوعاً بجداول الايرادات ألمتحققة فعلاً.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە کوردییەکەی.

**بەڕێز لانە أحمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم:

یەکەم/ هەموو داهاتی فەرمانگەکان کە بە مەرکەزی تەمویل دەکرێن بە داهاتی کۆتایی گەنجینەی گشتی تۆماردەکرێن و لەناو بودجەکانی پێداچونەوەدا دیاری دەکرێن.

دووەم/ بەدەر لە حوکمی بڕگەی (1)ی سەرەوە لەسەر وەزیری دارایی و ئابورییە کە:

1- بڕی داهاتی مانگانە کە وەزارەتی تەندروستی بە دەستیان دەهێنێ لە سەرجەم فەرمانگەکانیدا، دەیخاتە سەر بودجەی وەزارەتی ناوبراو بە مەبەستی کڕینی داو و دەرمان و فریاکەوتنی خەرجیەکانی پاراستن (صیانە) بە هەموو جۆرەکانیەوە و، بە گوێرەی داواکاری وەزارەتەکە کە خشتەی داهاتە بە دەست هاتووە فەعلیەکانی پێوە گرێدرابێت.

2- بڕی داهاتی مانگانە کە وەزارەتی کارەبا بە دەستیان دەهێنێ بە هەموو فەرمانگەکانیەوە دەیخاتە سەر بودجەی وەزارەتی ناوبراو بە مەبەستی پاراستنی و چاککردنەوەی تۆڕەکانی کارەبا و، بەگوێرەی داواکاری وەزارەتەکە کە خشتەی داهاتە بەدەست هاتووەکانی پێوە گرێدرابێت.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ناوتان بڵێن: (عبدللە محمد أمین، برهان رشید حسن، بێریڤان أسماعیل سەرهەنگ، ئەڤین عمر أحمد، حمە سعید حمە علی، أحمد سلێمان عبدللە (بلال)، نەریمان عبدللە قادر، پەیمان عبدلکریم عبدلقادر).

فەرموو کاك عبدللە (2) دەقە قسەکردنە، فەرموو.

**بەڕێز عبدللە محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمن ئیستسنادەم بۆ ڕەییەکەم لە ماددەی یەکەم، داوا دەکەم ئیستسناکە نەمینێ، هەموو داهاتەکە لە ئیراد نیهایی تەقید بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی ئیستیسناکان بڕگەی یەکەم کە تەنها باسی (شراء أدویة) دەرمان دەکات لەگەڵ نەفەقاتی سیانەیا، من بڕوام وایە پێویستە هەندێ کەلیمەی ئەجیزەشی بۆ ئیزافە بکرێ، لەبەر ئەوەی هەندێجار ئەجیزەیەکی بەسیتە پەکیان دەکەوێت، بۆنموونە. فەحسی خوێنە، ئەنواع فەحسە ئەجیزە ئەوەشی بۆ ئیزافە بکرێ ئەوەش حەقیان هەبێ بیکڕن لەو پارەیەی دەستیان دەکەوێ، بەڵام بۆ کارەبا بڕوام وایە لەبەر ئەوەی ئەو داهاتەی سامانە سروشتیەکان دیار نییە کە ئەڵێ من ئەمەنەم ماوە کرێی گازوایل و ئەوەندەم کڕیوە و ئەمە بخرێتە سەر ئیرادات ئەو ئیستسنایە لەوەیا لابچێ بۆ ئەوەی ئێمە نەفەقاتی وەزارەتی کارەباو سامانە سروشتیەکانمان بەشێوەیەکی وردتر دەستکەوێ، لەبەر ئەوەی لێرە تێکەڵ بووە لەگەڵ ئەو

داهات و مەسرووفاتەی وەزارەتی سامانە سرووشتییەکان، داواکارم خاڵی سێیەمیش بۆ ئیزافە بکرێ داهاتی شارەوانیەکانیش هەروەك خۆیان بێت لەوێیا تەسبیت بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان أسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی پێنجمدا لە بڕگەی یەکەم دیاری کراوە کە ئەو داهاتەی وەزارەتی تەندروستی ئی خۆی بۆ خۆی بی ئەوە شتێکی زۆر باشە، بەڵام ئەمن داوا دەکەم مەرج لەسەر وەزارەتی تەندروستی بەکار نەهێنرێت، بڵێ بۆ دەرمان یان صیانە بەکاری بێنە، چونکە وەزارەتی توندروستی خۆی دەزانی پێویستی بە چییە؟ خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ نەخۆش تەنها هەر دەرمان و صیانە نییە، جاری وایە ئەو داهاتە وا پێویست دەکات ئەگەر شوێنێك پێویستی بە پرۆژەیەکی بچووکی تەندروستی هەبوو دەتوانێ پێی بکا، دەتوانێ دەورات بکاتەوە بۆ دکتۆرەکان یان بۆ (نێرسەکان) ئەو پارەیە بەکاربێنێتن، یانیش دەتوانێ هەرپێویستیەك خۆی هەیبێتن خۆی بڕیار بدا، بۆ ئەمە بڵێن ئیلا بۆ دەرمان و بۆ ئەوە بێ، باشتر ئەوەیە ئازادبێ لە خەرجکردنی ئەو داهاتە بۆ هەر پێداویستیەکی خۆی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها قسە لەسەر خاڵی دووەم دەکەم کە باسی ئیرادات شەهری وزارەتی کارەبا دەکات. ئێمە لێرەش باسکرا جەنابی وەزیری مالییە و وەزیری پلاندانانیش باسی ئەوەیان کرد کە وزارەتی کارەبا ئێستا لەسەرو بەندی ئەوەدایە کەوا ئەم ئیرادەی خۆی تەخسیس بکات بۆ پرۆژەیەك، کە بۆ پرۆژەی پێوەری زیرەکە بۆ کارەبا و بۆ ئاوە، بەڵام ڕاستە تەحسینی شەبەکات و صیانە و فلتەرەکانیش بۆ گەڕەکەکان پێویستیان بەمە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا ئێمە پرۆژەیەکمان بەساڵێك تەواو نابێت، بەسێ ساڵ تەواو دەبێت، بۆیە ئەگەر بکرێت و پرۆژەی پێوەری زیرەکیشی داخڵ بکرێ لەگەڵ، لەگەڵ ئەوەشا من پێشنیار دەکەم کەوا ئەگەر بکرێت و وەزارەتی دارایی هەوڵی ئەوە بدات حیسابێکی تایبەتییان بۆ بکا, چونکە لە 2012/12/31 ئەم ئیرادە ڕائەگیرێ ناتوانرێ بدرێ بە وزارەتی کارەبا، بەڵێ ئێوە دوایی خۆتان تەمویلیان دەکەنەوە دەکرێت بدرێت بە وەزارەتی کارەبا بۆ ئەوەی بەردەوامیان هەبێ لەسەر پرۆژەکەیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕگەی دووهەمی خاڵی یەك و دوو کە ئێمە ئیراداتی ئەو دوو وەزارەتە بۆ خۆیان بێ، من لەگەڵ ئەوەدام کە هەر سێکتەرێك سێکتەری تەندروستی بێت، کارەبا بێت، کشتوکاڵ بێت، گەشەی پێبدەین، خزمەتێکی زۆری بکەین، بەڵام ئەوەی کە تێبینییە ئێمە لە مەرکەزەوە لەنەفەقاتی حاکیمە تەمویل هەیە بۆ دەرمان، و، هەروەها خۆمان لە نەفەقاتا سەر گوژمەمان دیاری کردووە بۆ کارەباش و بۆ سەحەش. و، دیسان لەو خەسمەی کە کردمان گوژمەمان دیاری کردووە بۆ سەحە، بەڵام ئەوەی کەلێرەدایە زۆر بە مەتاتی و بە عمومی دەڵێ ئیراداتەکان بۆ خۆیان بێ، ئەمە دەبێتە مایەی ئەوەی کە ئیرادات نادیاربێ، وە سەرفەکەشی نادیاربێ، بۆیە ئەم دوو خاڵە یان لابدرێ ئەویش هەر ئیراداتی کارەبا و سەحەش بێتەوە ئیرادەی عام و دواتر لە نەفەقاتا تەخسیسێکی زیاتریان بۆ بکەین بۆ ئەو دوو وەزارەتە، ئەمە تەرحی یەکەم.

تەرحی دووەم/ یان بەڕاستی پێویستە جەدوەلی داهاتەکان و جەدوەلی سەرفەکەشی دیاری بێ یانی بڕگەیەك لێرەیا هەبێ کە جەدوەلی ئیرادات دیاری بێ و، جەدوەلی سەرفیش دیاری بێ بۆ ئەوەی بزانین ئەو دوو وەزارەتە ئیراداتیان چەندە و، سەر فیشیان چۆنە؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حاجی بلال فەرموو.

**بەڕێز أحمد سلیمان عبدلله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا من هاوڕام لەگەڵ پێشنیارەکەی برای بەڕێز کاك برهان، کە وەزارەتی شارەوانیشی بخرێتە سەر ئێمە پاریش داوامان کرد، بەڵام بەرێز جەنابی وەزیر جوابی دایەوە وتی بۆ خۆیانە جا ئەگەر بۆخۆیانە بۆ لەیاساکەدا ناوی نێتن؟ ئەگەر بۆ خۆشیان نییە داوا دەکەین بۆخۆیان بێت، دوایی ئەوەی ئێمە لەگەڵ لیژنەی شارەوانی چووین لەگەڵ وەزارەتی شارەوانی دانیشتین ئەم ساڵ و پاریش تەئکیدیان کردەوە داوایان دەکرد کە ئەم بەدەقێکی یاسایی بێت کەئیرادات بۆخۆیان بێت، وە دیارە داهاتوو سەرفیاتیشان دیار بێت کە کاك حمە سعیدیش باسیکرد وە ئەمنیش پێم وایە ئەم ماددەیە بە شێوەیەکی گشتی مادەم باسی ئیراداتە، ماددەی یەکەمیشمان ئیراداتە، هەڵبگیرێ لەوێ وەکو فەقەرەیەك لە ماددەی (1) دابندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان.

**بەڕێز نەریمان عبدلله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەمە وەکو ئیستسنایەك دێ بۆ یارمەتیدانی ئەم دوو وەزارەتە کە خۆیان ئەو داوەتانەی هەیانە ڕاستەوخۆ بتوانن زەوتی بکەن، بەڵام لەڕاستیدا ئەگەر ئێمە بچینەوە بۆ دوێنێ لەماددەی (1) یەکا بڕگەیەکمان پەسەند کرد، لەبڕگەکەدا دەڵێ: (وەزارەتی دارایی و ئابووری تەمویلی ئەو خەرجیانەیان دەکات کە زیاترە لە داهاتەکەیان) کەواتە ئێمە جارێکی تر وەزارەتی داراییمان تەخویل کردۆتەوە ئەوەی کە هەیانە حیساب دەکرێ و، لەوەی کە بۆیان دانراوە لەیاساکە لێیان دەبڕێتەوە، کەواتە هیچ شتێکمان نەکرد، بۆیە ئێمە ئەگەر ئەمانەوێت لامەرکەزیەت بە قووەت بکەین، بەراستی حەقە دەستەڵاتیان بدەینێ بڵێین کۆی بودجەی دانراو بۆ ئەو وەزارەتانە لە دەستەڵاتی وەزیرەکانیانە بۆ سەرفکردن و، هەروەها ئێمە لەئیستیسنایەکانا ئەو دوو وەزارەتەمان داناوە، بەڵام لەماددەی (1) کەوا دەنگمان لەسەریدا وەزارەتەکانی کارەباو تەندروستی و لەگەڵ کشتوکاڵ و ناوەخۆو سامانە سروشتیەکان و فڕۆکەخانەکانیشمان ئیستیسمار کرد، کەواتە ئەو ماددەیە بەڕاستی تەنافوزێك دروست دەکا لە بەینی ئەو ماددەیەو ماددەی تر، بۆیە ئەبێ ناوی ئەوانی تریش بێ وەکو ئیستسنا ئەگەر وەکو ئیستسنا دامان ناوە، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنسبەت خاڵی یەکەم کە دەڵێت: (اضافة مبالغ  الایرادات الشهریة) وابزانم پێویستە ڕوونی بکاتەوە  کە ئیراداتەکە چییە؟ ئەوەی وەزارەتی سەحەی بەڕێزیان جەنابی وەزیری دارایی، چونکە وەزارەتی تەندروستی بێجگە لە پسوولەی نەخۆشەکان زۆر نەخۆشخانەی حکومی هەیە کە کات دەبێتە دوای نیوەڕۆ نەخۆشخانەکان دەبن بە پارە، دەبنە تایبەت، نرخێکی گرانیشە، یەعنی ئەوانە هەموو ئیدراج دەکرێ، ئەوە گلەیی هاووڵاتیانە کە نەخۆشخانەی حکومییەو دەبێتە تایبەت، مەسەلەن نرخی عەمەلیاتێك دەبێتە (500000) پێنج سەد هەزار دینار، پێویستە ئەو ئیراداتە هەمووی ئیدراج کرێ و، هۆیەکەشمان پێبڵێ کە بۆ وای لێهاتووە؟ کە ئیراداتی هەیەو کە پارەی تەرخانکراوی هەیە بۆ دەبێتە تایبەت دوای نیوەڕۆیان؟ بەنیسبەت وەزارەتی کارەباش دیسان لێرەش پێویستە ئێمە بزانین نرخەکان چەندە کە بۆی داندراوە؟ چونکە یەعنی ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە جیاوازی هەیە لەنێوان ئەو نرخانەی کە داندراوە لە هەر گەڕەکێك بۆ گەڕەکێکی تر بەتایبەتی هەولێر دەڵێم کە ئەوە زیاتر وای کردیە پارەی تێچوونی کارەبا لە ماڵێکەوە

فەرقی هەبێت بۆ ماڵێکی تر، هەر ئەوەشە بۆتە هۆی ئەوەی کە خەڵك دەزانێ جیاوازی هەیە لەو نرخە، ناچێ پارەکە ئەو کاتە بدا چاوەڕێ دەکا دابەزینێ لۆی بکرێ مەسەلەن یەکێك بچێ یەکێك بناسێ بەدوا دابچێ بۆ ئەو نرخە ئەو شتانە پێویستە بۆمانی روون بکاتەوە، هۆیەکەی چیە؟ و داهاتەکەش بەشێوەیەکی ڕاست و تەندروست بە لیستی داهات ئیدراج بکرێ، ئەمە بێجگە لەوە پشتگیری کاك برهان دەکەم لەدیاری کردنی داهاتی شارەوانی کە هەم بۆخۆی خەرج بکرێتەوە، داهاتی وەزارەتی داد بەتایبەتی کاتب عەدلەکان کە خۆیان داوا دەکەن ئەو سەربەخۆییەیان بدرێتێ پارەکەیان ئەوەندە زۆرە کە بەشی تەمویلی زاتی خۆیان دەکا، بێجگە لەوە داهاتی وەزارەتی پەروەردە، بەنیسبەت قوتابخانە ئەهلییەکان، بەنیسبەت ئەو فرۆشگایانەی تێیدایە داهاتێکی چاکی هەیە، ئەوەش دیار نییە، ئەمە ساڵانە پارەی قوتابخانەکان دیار دەکەین (150,000) سەدو پەنجا ملیاری لۆ تەرخان دەکەین، ئایا ئەو داهاتەی تر لەچی سەرف دەکرێ؟ و، هەروەها وەزارەتی خوێندنی باڵا بێجگە لەوەی پارەی تواناسازی بۆ جیا دەکەینەوە دەبێ بزانین ئەویش پارەی کۆلیژە ئەهلیەکان و، بەهەمان شێوە فرۆشگاکان و هەمان شێوە ئیستینساخەکان چی لێدێ ئەوانە؟ یەعنی هیچ ئیدراج نەکرایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم دوو ماددەیە کە ئێستا هاتووە، پارەکەش وابوو، بەڵام ئێستا ئێمە کە باس لەوە ئەکرێ بۆ ئەجیزە کڕین بەنیسبەتی وەزارەتی تەندروستییەوە هیچ لاری نییە حکومەت ئەوانە ئیزافە بکرێت، یاخود حوربن لەتەسەروفات، بەڵام ئێمە لەوە ئەترسین زۆر جار بۆ پاداشت و بۆ حەوافیز و بۆ ئەو جۆرە شتانە کە تۆ بەموتڵەقی موافەقە بکەی بۆ ئەوەی کەوا سەرفی بکەن ئەوانەی تێبکەوێ زۆر خراپ دەبێ وەزعەکە، بەنیسبەتی کارەباوە، بەنیسبەتی پێوەری زیرەکەوە، لیژنەیەك دروست بوو لە حکومەتا کە ئەوترێت پێوەری زیرەك ئیزافە بکرێت، هیچ لاریمان نییە بە ئیزافەکردنی ئەوە، بەڵام بۆ ئەوەی کە باس لە پارەکە لە سندوقێك دابنرێ، ئێمە کۆبوونەوەمان کردووە و، ئەو لیژنەیەی کە دانراوە وەزیری تەختیت بووە، وەزیری کارەبا بووە، وەزیری شارەوانی بووە، وەزیری دارایی بووە، وەزیرێکی تریش لەبرا وەزیرەکان، ئێمە کە دانیشتین کۆ بوونەوەمان کرد لەوێ کۆ نووسەکەمان موسادەقەی لەسەر کراوە، ئەو ئیرادەی کارەبا پێوەری زیرەکیشی تێدا سەرفدەکرێت، و، ئەو پارەیەش کە دەمێنێتەوە ئەگەر باش بوو ئەمینێتەوە بۆ ساڵی داهاتوو، وەزارەتی مالییە مولزەمە نابێ بەهیچ شێوەیەك بیوەستێنێ لەسەر ئەوەی کەوا پارەکە سەری ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە بەس لەو پارەیان ئەداتێ هەتاوەك جارێکی تر تەسبیت دەبێتەوە ئەوا قەراری لەسەر دراوە موسادەقە کراوەو، بەنیسبەتی داهاتی شارەوانییەکانەوە ئێمە باسمان کرد داهاتی شارەوانییەکان نەك داهاتی دیوانی وەزارەتی شارەوانی داهاتی شارەوانییەکان لەناو مینحەدایە کە

باسمانکردو، ئەمە چەند ڕۆژە باسی دەکەین و دەڵێین: (داهات بۆ خۆیانە، خەرجی لەلای خۆیانە، مەقاسیدی پێدەکرێت، فەرقەکەی پێدەدرێت). لەبەر ئەوە پێویست ناکات داهاتی شارەوانییەکان لێرەدا بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەلال.

**بەڕێز جلال علی عبدلله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

له ماددەی (1) یەکەم دوێنێ بەڕێز کاك عەونی ڕاستی کردەوە ئەو کشتوکاڵە، لەتەبعا غەڵەت بوو شارەوانییەکانە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دوا سیاغەتان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ألمادة الرابعة له پرۆژەکه:

أولاً/ تقيد جميع ايرادات الدوائر الممولة مركزيا ايرادا نهائيا للخزينة العامة ويتم اظهارها فى موازين المراجعة.

ثانياً/ أستثناءا من حكم الفقرة (اولاً) اعلاه على وزير المالية والاقتصاد:

1- أضافة مبالغ الايرادات الشهرية التى تحققها وزارة الصحة بكافة دوائرها إلى ميزانية هذه الوزارة لأغراض شراء الأدوية وتدارك نفقات الصيانة بأنواعها وحسب طلب الوزارة مشفوعاً بجداول الأيرادات المتحققة فعلاً.

2- أضافة مبالغ الايرادات الشهرية التى تحققها وزارة الكهرباء بكافة دوائرها إلى ميزانية هذه الوزارة لأغراض صيانة وتحسين الشبكات الكهربائية وحسب طلب الوزارة مشفوعاً بجداول الايرادات ألمتحقِقة فعلاً.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بە کوردیەکەی.

**بەڕێز لانا أحمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی چوارەم کە بووە ماددەی پێنجەم:

یەکەم/ هەموو داهاتی فەرمانگەکانی کە بە................

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵامم وەرنەگرت.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جوابی داوە، خوشکم جوابی داوە، وەزیر ئەوەندە جوابەی پێیە, فەرموو کاک حاجی.

**أحمد سلیمان عبدالله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی پێش ئەوەی ببێتە کاتی دەنگدان ئێمە سێ کەس پێشنیارێکمان کرد بۆ ئەوەی داهاتی وەزارەتی شارەوانییەکان بخرێتە ناو، بە ماددەیەك ئیزافە بکرێ، جا ئەگەر جەنابی وەزیر وایە بابکرێتە فەقەرەیەکی ئاسایی، ئەگەر واش نییە ئەمە لەلێژنەی شارەوانی هەمووومان بەتێکڕایی دەنگی ئەندامانی لیژنەی شارەوانی ئیمزامان کردووە، سەردانی وەزارەتی شارەوانیمان کردووە داوای ئەوە دەکا ئێستاش ئێمە سێ کەس تەئکیدمان لەسەر کردەوە، داوا دەکەم بخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مادام وایە ئەو پێشنیارە با بخرێتە دەنگدان، ئەگەر دەنگی هینا ئیزافەی دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە ئەو پێشنیارانەی دەکرێن سەبارەت بە ماددەکە سیاغەی بۆ بکرێتەوە بۆ ئەوەی موناقشەی ڕەئییە جیاوازەکانی ئیزافەکان بکرێ، نەك هەرماددە کۆنەکە دەخوێندرێتەوەو ئەڵێن بابخرێتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە رووی ئەوەی کە موازەنە چۆن دائەندرێت؟ موازەنەی شارەوانییەکان بەم شێوەیە دائەندرێت کە باسمان کردووە، ئەمە دیوانی وەزارەتی شارەوانی و دائیرەکانی خۆی نییە شارەوانییەکان دوێنێ و پێرێ و هەموو ڕۆژێکش باسمان کردووە لە ناو مینحەدایە داهاتی خۆیان بۆ خۆیانە قەراری رەقەم (6) بخوێننەوە بەنیسبەتی وەزارەتی شارەوانییەوە وەزارەتی شارەوانی خۆی جیایە و، شارەوانیەکان جیایە، لەبەر ئەوەی

کە شارەوانیەکان جیایە وەکو بانقەکان وەکو هەموو ئەوانی تر کە مەشمولن بە مینەح لەویٚ دەرکەوتووە وەکو مەتارەکان پێویست ناکا لێرە بێت و، ئەگەر دەتانەوێ ئێوە قانوونەکە بگۆڕدرێت یەعنی ئەوە ئێوە یەك قەرار دەربکەن بڵێن ئەوەی کە مەشمولە بەو مینەحانە بەو دەعمانە لایدەن و ئینجاکە بییهێنە ئێرە، چونکە ئەوانەی دوانەکەی تر ئێمە ئەگەر بێت و نوقسانیان هەبێت ئەوان نوقسانی خۆیانە نوقسانیەکەیان پێویستی بەوە هەیە موافەقاتی تر وەربگرنەوە، بەڵام ئەوە مەدعووم دەبێت یەکسەر و موباشر لەلایەنی وزارەتی داراییەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێم وایە موقنیعە وەڵامەکەی برادەرینە، چونکە لە مینەح دەردەکەوێ، فەرموو کاك حاجی.

**بەڕێز أحمد سلیمان عبدلله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەی جەنابی وەزیر بۆ ئێمە مولزەم نییە، ئێمە (3) سێ کەس داوامان کردووە، لیژنەی شارەوانی داوامان کردووە، بیخە دەنگدانەوە با دەنگ نەهێنێ موشکیلەمان نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت داهاتی شارەوانییەکان لێك تێگەشتنێك هەیە بەراستی یاسای ژمارە (6)ی ساڵی 1993 پێیدەڵێ، دەڵێ: (چەند واریدات هەیە بۆ خۆتە تا چەندی ویست لەمینەحا). یەعنی پێویست ناکا ئێمە ئەوەندە لەسەری بڕۆین، یەعنی چەند ساڵە لە (بەغدا)ش هەروایە، با ئێمە شتێ نەکەین دوایی بەهەڵە بچین و تەتبیق نەکرێ بەڕاستی زەرەر لە شارەوانی ئەدەین لەوەیا ڕەئی خۆم نییە قانونە ئەوە، ئێمە لێرە کەی قانوونەکە گۆڕا ئەو کاتە وا ئەکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید أحمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕێزم هەیە بۆ پێشنیارەکان بەڵام هەندێك پێشنیار هەیە سیستەمی کارت دەخەنە مەترسی، ناکرێت هەر پێشنیارێك بیخەینە دەنگ، ئاخر خۆ قانوونی تر هەیە پەیوەستە بەو پێشنیارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە وەكو لیژنەی دارایی ئەم روونكردنەوەیەمان هەیە، ئەگەر هاتو هاوكارانمان پەرلەمانتاران هاوكارمان بن لەسەرەوە لە ماددەی (4) هاتووە ئەڵێ: (هەموو ئەو ئیرادانەی كە لەلایەن وەزارەتی مالیەوە تەمویل دەكرێن ئیرادەكانیان لە میزانی موراجعە پێویست دەكا ئیزهار بكرێ) لە خوار ئەوە ئەڵێ: ( ئەم دوو لایەنە ئیستسنا بكرێن كە ئەوانیش وەزارەتی سەحەیە لەگەڵ وەزارەتی كارەبا) ئەوەی پەیوەنداره بە شارەوانییەوە بۆ خۆی بە قانوون ئیستسنا كراوە لەبەر ئەوە پێویست ناكا ئێمە جارێكی تر ئیستسنایان بكەین، دوو جار وترا بە قانوونی شارەوانیەكان كە ژمارە (6) شەشە، بەڕێز وەزیری دارایی باسی كرد و، شلێر خانیش باسی كرد، ئەگەر ئێمە بمانەوێ تەفاسیلی یاساكە بخوێنینەوە دڵنیا ئەبین. وابزانم یاساكە لە پەرلەمانی كوردستان دەستدەكەوێت ئێمە وەكو پەرلەمانتار دەتوانین بیخوێنینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حاجی هەر لەسەر ڕەئی خۆتی؟ فەرموو.

**بەڕێز أحمد سلیمان عبدالله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڵێ من لەسەر ڕەئی خۆمم، لەبەر ئەوەی من لەگەڵ جەنابی وەزیر چەندجار قسەم كردووە، لەگەڵ وەزارەتیش قسەم كردووە، هاتووم بۆ لیژنە قسەمان كردووە، شلێر خان ئەو ڕۆژەی كە وەزارەت هاتووە ئیجازە بووە لە لیژنە نەبووە، بەڵام ئێمە لەسەر ڕەئی خۆمانین بیخە دەنگدانەوە بادەنگ نەهێنێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وادیارە لەئەنجامی ئەو مناقەشەیە دوو ڕا هەیە لەسەر ئەوەی، ڕایەك موسیرە كەوا قانوونەك هەیە، قانوونی ژمارە (6) هی شارەوانییەكان لەوێ بابەتەكە موعارەزە كرایە، جائیز نییە لێرە ئیزافە بكرێ لەوێ ئەحكامەكانی زۆر روون و ئاشكرایە. و، ئەو پێشنیارەی كە ئێستا كرا ئەمە سیاغەكەمان نووسییە بابخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی هێنا ئەوە ئیزافەی لەسەر ماددەكەی دەكەین، واتە كۆی ماددەكەی ناخوێنمەوە تەنها ئەو پێشنیارەی كە تەرحكرا، دەبێتە فەقەرە سێ:

اضافة...........

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قانوونێك هەیە تەزاروب دەکا لەگەڵ ئەوە، ئەگەر  ئێمە ئێستا دەنگی بدەینێ لەبەر ئەوە هەر شتێك کە پێچەوانەی یاسابوو نابێت بخرێتە دەنگدانەوە، یەعنی ئێمە با یاسایی ئیش بکەین موئەسەسات ئیش بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

منیش قەناعەتی کاملم بەوە هەیە، بەڵام دەیخەینە دەنگەوە، فەرموو کاك فرست.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله / سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەناو پەرلەمانەکین لەلایەك موحاسەبەی حکومەت دەکەین، هەوکە دژی قانوون شتێك بکات، لەلایەك بەخۆمان موخالەفەی قانوون دەکەین، چۆن ئەوە میزانیەی هەرێمە تەفاسیلی تێدایە هەر شارەوانییەك نە وزارەتی شارەوانی هەر شارەوانیەك میزانیەکی تایبەتی خۆی هەیە نەمەجموعی داهاتی تێدایە تەفاسیلی داهاتی تێدایە هەر لایەك هەر موئەسەسەیەکی ریقابی حەزی لێبێت تەدقیقی حیساباتی بکات ئەچێت لەوێ بە ئاسانی دەتوانیت تەدقیق بکات، ئیشراف لەسەر بێت ئەمە ناحیەك.

ناحیەی دووەم/ نە هەر ئیقتراحەك و پشنیارەك لازمە بیخەینە دەنگدان، دوور نیە پێشنیارەك (10) کەس تەئیدی بکەن، بەڵام موخالفی قانوونەکی نافیزە، نابیت بیخەینە دەنگدان یان موخالفی دەستوورە، نابیت بێخینە دەنگدان، لەبەر ئەوە من ئەڵێم ئەو پشنیارە موخالفی قانوونە نابیت بیخەینە دەنگدان لەگەڵ ڕێزمدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدلله.

**بەڕێز عبدلله محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دەزانین ئێرە پەرلەمانە و  ئێمە تەشریع دەکەین، بۆیە ئەگەر زۆر جار قانوون دەردەکرێ لە پەرلەمان بۆ ئەوەی نیزامی عامی قانوونی بپارێزرێ لەکۆتاییدا نەسێك دەنووسرێ هەر قانوونەك موخالفی ئەم قانوونە بێ ئیشی پێ ناکرێ، بۆیە ئێمە ئێرە مەحکەمە نییە حکوم بکرێ، ئێرە پەرلەمانە تەشریع دەکەی ئەگەر پێچەوانەی دەستوور بوو دەکرێ بڵێین قانوونی نییە، بەڵام پەرلەمان مخالەفەی

قانوونی پەرلەمان بەم نەسە موعالەجە دەکرێ و کراوە لە رابردوودا زۆر جار هەبووە قانوونەك دەرچووە مخالەفەی قانوونەکی دی بووە، بەڵام بەم نەسە لەکۆتاییدا موعالەجە کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵاهی وابزانم کاك فرسەتی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان هەموو شتی وازح کرد، بەڵام بۆ مەعلومات ئەم یاسایی بودجە نەفازی یەك ساڵە ئێمە ڕاستە (لايعلم بى اى قانون يتعارف) ئەگەر ئێرە ئەوەمان نووسی ئیبتاڵی قانونی (شەش)مان کرد، لە 2013/1/1 بەلەدیات بێ قانون ئەمینێ بۆ مەعلومات، بۆیە مادام ئەوە تەعاروز دەکات لەگەڵ قانونەك کە هەیە مادەم حاجەت نییە بۆ زکری من تەسەور دەکەم داعی نییەو، ئیشکالیەتیشمان دروستکرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان.

**بەڕێز برهان رشيد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دەورەی فەنی تەشریعم خوێندووە، تەشریع لەلای(NDI) فەنی تەشریع ئەبێت:-

1-موخالفی میساقی (امم متحدة) نەبێت قانوونێ دادەنێی.

2-موخالفی مەبادئی علاقاتی قانوونی دەولی عام نەبێ.

3-موخالفی دەستوور نەبێ، ئەگەر موخالفی قانونێکی تر بێت زۆر زۆر تەبیعی یە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك فرسەت.

**بەڕێز فرست احمد عبدلله / سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە نە بەس موخالفی قانونە، موخالفی مەبادیئ و قەواعیدی قانونە نەکو ئێمە بە خۆمان ناتوانین دابنێین، مەبادیئ و قەواعیدی قانون لەمەدای دوور نییە (200) ساڵ بۆ ئێمە هاتبێتن، ئەوە گۆڕینی مبادیئی قانونە، تۆ شەخسیەکی مەعنەویت هەیە، میزانیەکی تایبەتت پێداوە لە میزانیەتی خاسی ئەو موئەسەسەیەی کە شەخسیەی مەعنەوی هەیە وەحدەیەکی لامەرکەزی ئیقلیمییە ئەویش بەلەدیەیە تەفاسیلی داهاتی تێدایە، نە مەجموعی داهات من بێم لێرە نەسەك دابنێم موخالفی قانونی ئیدارەی بەلەدیاتە، موخالفی قانونی میزانییەی بەلەدیاتە، موخالفی قەواعید و مەبادیئی قانونە، من قەسدم

ئەوەیە ئەوە موخالفی مەبائید و قەواعیدی قانونە، نە بەس موخالفی قانونی ئیدارەی بەلەدیاتە، لەگەڵ ڕێزم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حاجی هەر بەردەوامن لەسەر ڕەئی خۆتان؟

**بەڕێز أحمد سلیمان عبدلله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەڵا من هەر بەردەوامم، بەس ئەگەر بزانم هەر كێشەی لەسەر دروست بووە قەینا ئەمن تەنازول دەكەم، لەبەر ئەوەی كێشەی دروست بووە، نەك لەبەر ئەوەی قەناعەتم پێیەتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حاجی حەلی مەسەلەكانی كردو، فەرموو دوا سیاغەی وەكو خۆی بخوێننەوە بیخەینە دەنگەوە.

بەڕێز لانە احمد چەلەبی:

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.

ماددەی چوارەم كە دەبێتە پێنجەم:

یەكەم/ هەموو داهاتی فەرمانگەكان كە بە مەركەزی تەمویل دەكرێن بە داهاتی كۆتایی گەنجینەی گشتی تۆماردەكرێن و لەناو بودجەكانی پێداچوونەوەدا دیاری دەكرێن.

دووەم/ بەدەر لە حوكمی بڕگەی (یەكەم)ی سەرەوە لەسەر وەزیری دارایی و ئابورییە كە:

1- بڕی داهاتی مانگانە كە وەزارەتی تەندروستی بە دەستیان دەهێنێ لە سەرجەم فەرمانگەكانیدا دەیخاتە سەر بودجەی وەزارەتی ناوبراو بە مەبەستی كڕینی داو و دەرمان و فریاكەوتنی خەرجیەكانی پاراستن (صیانە) بە هەموو جۆرەكانیەوە و، بە گوێرەی داواكاری وەزارەتەكە كە خشتەی داهاتە بە دەست هاتووە فەعلیەكانی پێوە گرێدرابێت.

2- بڕی داهاتی مانگانە كە وەزارەتی كارەبا بە دەستیان دەهێنێ بە هەموو فەرمانگەكانیەوە، دەیخاتە سەر بودجەی وەزارەتی ناوبراو بە مەبەستی پاراستنی و چاككردنەوەی تۆڕەكانی كارەباو، بەگوێرەی داواكاری وزارەتەكە كە خشتەی داهاتە بەدەست هاتووەكانی پێوە گرێدرابێت.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە با دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدانییە با دەستی بەرزبكاتەوە؟ زۆر سوپاس، تەنها (2) دوو كەس لەگەڵدانییە، بە زۆرینەی دەنگ پەسند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان، ئێستا دەچینە سەر ماددەی پێنج لەئەسلی پرۆژەکە کە دواتر ڕێز بەندیەکەی دەگۆڕێت.

المادة الخامسة:

تقيد مبالغ التبرعات التي تمنح للوزارات والدوائر غير المرتبطة بوزارة بعد قبولها من قبل وزير المالية والاقتصاد, ايرادا نهائيا للخزينة على أن يقوم الوزير بتخصيصها ضمن أعتمادات الوزارة أو الجهات غير المرتبطة بوزارة لصرفها على الأغراض التي منحت من أجلها.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو بە كوردییەكەی.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم كە بووە ماددەی شەشەم:

بڕی ئەو بەخشینانەی كە دەدرێن بە وەزارەتەكان و بەو فەرمانگانەی كە بە وەزارەتەوە گرێ نەدراون لەدوای پەسەندكردنی لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە وەكو داهاتی كۆتایی گەنجینە تۆمار دەكرێن، بەو مەرجەی كە وەزیر دیاری بكات لەناو متمانەكانی ئیعتماداتی وەزارەتەكەدا یان ئەو لایەنەی كە بە وەزارەتەوە گرێ نەدراون، تا بۆ ئەو مەبەستە خەرج بكرێ كە بۆی بەخشراوە.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ تەنیا (2) دوو كەس، فەرموو كاك احمد وەرتی.

**بەڕێز د. احمد ابراهيم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوە دامە كە (هيئات) بۆ ئێرە زیاد بكرێ (تقيد مبالغ التبرعات التي تمنح للوزارات والهيئات والدوائر)، چونكە ئێمە هەندێ (هيئات)مان هەیە، نەك تەنها وەزارەت و فەرمانگە، هەندەك هەیئات و دەستەی سەربەخۆمان هەیە، لەناو ئەو دەستانەش ئەو تەبەروعاتانەی كە پێیان ئەدرێ ئەوانیش بگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببورە قسەم نییە، نەخێر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بیخوێننەوە جارێكی تر بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگ.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الخامسة من المشروع:**

**تقيد مبالغ التبرعات التي تمنح للوزارات والدوائر غير مرتبطة بوزارة بعد قبولها من قبل وزير المالية والاقتصاد، ايرادا نهائيا للخزينة على أن يقوم الوزير بتخصيصها ضمن أعتمادات الوزارة أو الجهات غير المرتبطة بوزارة لصرفها على الأغراض التي منحت من أجلها.**

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو بە کوردییەکەی.**

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی پێنجەم کە دەبێتە شەشەم:**

**بڕی ئەو بەخشینانەی کە دەدرێن بە وەزارەتەکان و بەو فەرمانگانەی کە بە وەزارەتەوە گرێ نەدراون لەدوای پەسەندکردنی لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە وەکو داهاتی کۆتایی گەنجینە تۆمار دەکرێن، بەو مەرجەی کە وەزیر دیاری بکات لەناو متمانەکانی ئیعتیماداتی وەزارەتەکەدا یان ئەو لایەنەی کە بە وەزارەتەوە گرێ نەدراون، تا بۆ ئەو مەبەستە خەرج بکرێ کە بۆی بەخشراوە.**

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان.**

**ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە با دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە با دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز د. ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێستا دەچینە سەر (الفصل الثالث - الصلاحيات) ماددەی شەش لە ئەسلی پڕۆژەکە.**

**المادة السادسة يان الفصل الثالث - الصلاحيات\المادة السادسة:**

**اولا/**

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو مامۆستا عمر بزانين چی دەوێت، فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالعزيز بهاءالدين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە پێش ئەوەی بچینە سەر ئەو فەسلە ئەبێ لە فەسلی نەفەقاتا ئەو بڕیارە هاوبەشانەی کە لە لێژنەکە دراون ئیقرار بکەین بەماددەیەك، چونکە مەجموعەیەك بڕیار درا لەوێ یەعنی بوون بە تەوسیات، ئەبێ بخوێندرێتەوەو لەناو هۆڵی پەرلەمان بڕیاری لەسەر بدرێ پێش ئەوەی بچینە سەر میلاکات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو بابەتە ئێستا كە ئەمە قسەی لەسەر دەكەین سەراحەتەن پێشنیارەكەی كاك عمر ڕاستە، بەڵام لە تەخسیساتدا باسی لێ دەكرێ، كە ئەمە ئیتفاقمان كردیە لەسەری، بەوازحی چەند ماددەكمان داڕشتیە، دوایی دەیخوێنینەوەو جێ بەجێی دەكەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د.احمد.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم ئەو تەخسیساتەی كە ئیتیفاقمان لەسەری كردییە، لێرە ببێتە ماددەی حەوتەم یەعنی لێرە دەنگی لەسەر بدەین، نەچێتە بابی میلاكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕاستە ئەوەی كە ئێمە لە لیژنە هاوبەشەكە ئیتفاقمان لەسەری كردووە، هەمووومان موتەفیقین لەسەری دەچێتە ئەحكام خیتامیەوە  لە دوای سەلاحیات و میلاكات، ئێمە لە تەخسیساتا كە كاتێ دەگەینە ئەوێ ئەو بابەتانە هەمووی جێگیر دەكەین، بۆ ئێستا بیخەینە بەینی قانوونەكەوە؟ كە تەسەسولی قانوونەكە تیكدەچێت، ئێمە ئێستا داهات و نەفەقات و عیجز و ئەوانەمان باس كردووە، دوایی ئەوە دێینە سەر سەلاحیات، دوای دەچینە سەر میلاكات ئینجا دێینە سەر ئەحكامی تەخسیساتەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دوا ڕەئیتان.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە بە باشی دەزانین لە ئەحكامی خیتامیا ماددەكان لەوێ هەموو تەسبیت بكەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د.ڕۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەيی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار دەكەم ئەو ماددانەی كە هەردوو لێژنە لەسەری رێكەوتینە دەنگدانی لەسەر بكرێ، دوایی دەستەلأت بدرێتە هەردوو لیژنەكە ریز بەندی ماددەكان بگۆڕن، لەكوێ دادەندرێ؟ كێشە نییە ڕەقەم (15 یان 16 یان 10 ) بێ، مهیم لە ناو یاساكە جێی لۆ بكرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ڕۆژان جارێكی تر ڕەئی خۆت بلێوە یان بیخوێنەوە ئینجا دەیخەینە دەنگەوە، چۆن دەكرێ؟

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەيی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددانەی كە هەردوو لێژنە بڕیارمان لەسەر دا، لە دوای ئەو هەموو گفتووگۆیەی كە كرا زیاد بكرێ لەبۆ ناو یاساكە، ماددە ماددە گفتوگۆو دەنگدانی لەسەر بكرێ، گفتوگۆ كرایە هەردوو لێژنە لەسەری رێككەوتینە، دەنگدانی لە بۆ بكرێ لە بۆ ریزبەند هەردوو لیژنە تەخویل بكرێن چ ژمارەكی دەدەینێ، ماددەكە ببتە چەند؟(15،14، ببتە 10) ریزبەندی ماددەكان و ژمارەكان تەخویل بكەین بەس ماددە ماددە دەنگدانی لە بۆ بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

باشە بیخوێنەوە تا دەنگی لەسەر بدەین دكتۆرە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەيی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو مادانەی كەوا هەردوو لێژنە بڕیاریان دا لەبۆ یاساكە زیاد بكرێ و كە دواتر هەردوو لێژنەكە تەخویل كرێ ریزبەندی لەبۆ دانێین، ئایا لە ژێر چ بابەك دانێین؟ چونكە بەشێكی پەیوەندی بە ئەحكامی ختامییە، بەشێك پەیوەندی بە تەخسیسیات و سەلاحیاتە، بەشێك پەیوەندی بە میلاكات و ئەوانەیە، بۆیە ماددە ماددە دەیخوێنمەوە تا سەرۆكایەتی بیداتە دەنگدان، بەڵام دواتر رێز بەندی دەكەین و دابەشی دەكەین لەناو یاساكە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**هەندێك پێشنیاری لێژنەکان نەخراوەتە ئەو موحەزەرەوە، بەڕاستی حەقە بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیرێ با موناقەشەی بکەینەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز، ئەوە پێشنیاری ئیتفاقی هەموو لیژنە موشتەرەکەکانە کە دانیشتن، با ئەوە بخەینە تەصویتەوە دوایی ماددە ماددە لۆ خۆت قسەی خۆت بکە، فەرموو.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەکان جارێ، یەك لەو ماددانەی کە بڕیارمان دا یاخود ڕێکەوتین لەسەر زیاد کردنی:**

**(تعین رئیس دیوان الرقابة المالیة وفق الالیة المنصوص علیها فی القانون رقم (2) سنة 2008 خلال مدة لاتتجاوز ثلاثة اشهر من تاریخ المصادقة علی هذا القانون).**

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە با دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە با دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەیەکی تر:**

**تشکیل هیئة النزاهة فی الاقلیم وفقاً لقانون هیئة النزاهة رقم (3) لسنة 2011 خلال مدة ثلاثة اشهر من تاریخ المصادقة علی هذا القانون.**

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە با دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە با دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەیەکی تر:**

**علی حکومة اقلیم کوردستان اتخاذ مقتضی الدستور والقانون لتحصیل جمیع مستحقات حکومة الاقلیم لدی الحکومة الاتحادیة.**

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە با دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە با دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیەکی تر:

على وزارة المالية والاقتصاد في الاقليم ارسال مشروع موازنة الاقليم للسنة المالية 2013 خلال مدة لاتتجاوز اسبوعين من تصديق قانون موازنة الحكومة الاتحادية.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.احمد.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆ ئەو ماددەیە لەناو لیژنەکان پێشنیارم هەبوو بەو پێیەی کە لە پەیڕەوی ناوخۆ دەبێ لە مانگی تشرینی یەکەم موازەنە بێتە پەرلەمان، ئێمە ئەو فەقەرەیە لێرە زیاد بکەین کە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە مانگی تشرینی یەکەم موازەنە بنێرێت بۆ پەرلەمان (اذا تعذر فعلى وزارة المالية والاقتصاد) ئەم نەسەی ئێرە جێ بکرێتەوە، یەعنی بۆ ئەوەی ئێمە موخالەفەی پەیڕەوی ناوەخۆ نەکەین لەپێشا ئەمە ئیلزام بکەین لەسەر حکومەت (واذا تعذر فعلى وزارة المالية والاقتصاد في الاقليم ارسال مشروع موازنة الاقليم للسنة المالية خلال مدة ثلاثة تتجاوز اسبوعين من تصديق القانون موازنة حكومة العراق الاتحادية)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئەوە ئیتفاقی لەسەر کراوە بۆ جارەکی دی بیخەینەوە موناقەشە؟ ئیتفاقی لەسەر کراوە هەموو لە ئەنجامی کۆبوونەوەکان، دوو ڕۆژ کۆبوونەوەمان کردووە، چواردە، پازدە سەعات کۆبوونەوە کراوە، فەرموو کاك نەریمان.

**بەڕێز نەریمان عبدالله قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئێمە لێرە سلسلەیەکی موراجعەمان پچراندووە بۆ ڕاستکردنەوەی من پێشنیار دەکەم نەڵێ: (على وزارة المالية والاقتصاد)، بەڵکو بڵێ: (على حكومة اقليم كوردستان ارسال مشروع موازنة الاقليم للبرلمان) بۆ کوێش دایناوە نە نووسرایە، بۆیە من داوا دەکەم حکومەت بینێرێ بۆ پەرلەمان کەواتە وەزارەتی مالیە خۆی ئۆتۆماتیکییەن دەینێرێ بۆ حکومەت، بۆیە ئەوە غەڵەتەکی قانوونییە داوا دەکەم ڕاست بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسين قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە لیژنە کە گفتوگۆ کرا ئەو پێشنیارەی د.احمد  ئەو پێشنیارەش وەزارەتی دارایی لاری لێ نەبوو، بەڵام ئەو پێی وابوو کاتێك لەکاتی خۆیا بینێرێ بەس فسولەکان ئەنێرێ بە تەفاسیل ناتوانێ بینێرێ، بۆیە وابوو وابزانم وەڵامی حکومەت وابوو، بۆیە ئەگەر ئەوەی د.احمدیشی بۆ زیاد بکرێ ئەوەش موعاجەلە دەکا یەعنی ئیزافەی بۆ بکرێ، ئەگەر هەر واشبێ ئاسایی یە، بەڵام ئەوەی د.احمدی بۆ زیادبکرێ بۆ ئەوەی لەگەڵ پەیڕەوا بێتەوە بەڕەئی من ئاسایی ترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د. عمر حمدامين خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا بە گوێرەی پەیڕەوی ناوەخۆ مەوعیدەکە دیاری کراوە، بەڵام پەیڕەوی ناوەخۆ کاتێك ئەم دەقە داڕێژراوە لەساڵی 1992 ئێمە هیچ عیلاقەیەکمان لە بەغدا نەبووە و عێراقی فیدڕاڵی نەبووەو تەبیعەتی دەوڵەتی عێراق گۆڕاوەو، ئێمە ئێستا بەشێکین لە عێراق و ئامادە کردنی موازەنە بمانەوێ و نەمانەوێ مەربووتە بە بەغدا، بۆیە لە ڕاستیدا من لەگەڵ ئەوەم وەکو خۆی، بەڵام ئەم تەعدیلەی کاك نەریمان باسی کرد پێویستە ڕاست بکرێتەوەو، ئەمە لە شوێنی خۆیەتی لەگەڵ ڕێزم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کرا، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە دوا سیاغە بخوێننەوە دەیخینە دەنگەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

على حكومة اقليم كوردستان ارسال مشروع موازنة الاقليم للسنة المالية 2012 الى البرلمان خلال مدة لاتتجاوز اسبوعين من تصديق قانون موازنة الحكومة الاتحادية.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە با دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە با دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (3) کەس مەعاریزە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیەکی تر:

تستمر وزارة المالية والاقتصاد بصرف السلف سلفة ومنحة الزواج وقروض المصرف العقاري والزراعي والصناعي والمشاريع الصغيرة لحين تصديق موازنة السنة المالية القادمة.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسين قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم لە لیژنەکەش قسە لەسەر ئەوە کرا نازانم لێرە ئیزافە نەکرا (مشاريع صغيرة) چی یە؟ ئێمە مەبەستمان ئەوە بوو پڕۆژە بەردەوامەکان سلفەی نەوەستێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(المشاريع الصغيرة) قەرزی سندووقی بەقانون دەرچووە، قەرزی بچووك ئەمە بۆ گەنجە، ئەویش بە سولفەیە، بۆیە لە زیمنی سولف ئەو سولفانە با ئەویش نەوەستێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقە سیاحەشی تێدابی لەو پێشنیارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنسبەت پرۆژە بەردەوامەکان پێناوێت زکری بکەین، چونکە ئەوە ئیلتیزامە لەسەر حکومەت، حکومەت مولزمە ئەو پارە بدات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا ئەمن پێشنیارەکەم هەرچەندە ئەوە دەڵێ بەردەوام دەبێت بەس سیغەکە بە شێوازەکی دی دابرێژرێتەوە قەرزی خوێندنیشی تێدا جێ بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزت زووتر وتت ئەمە (متفق علیه) دوو ڕۆژ موناقەشەی کراوە، ئەگەر بەڕاستی بڕیاربێت ڕەئی بدەین لەوانەیە زۆر بەمان ڕەئیمان هەبێ، بەڵام احترامەن بۆ لیژنەی هاوبەش بەڕاستی حەقە ئێمە ڕێزی ئەو ئیتفاقە بگرین و، یەکسەر دەنگی لەسەر بدەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا سیاغە بخوێننەوە، دوا سیاغە بخوێننەوە دەیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

تستمر وزارة المالية والاقتصاد بصرف السلف سلفة ومنحة الزواج وقروض مصرف العقاري والزراعي والصناعي والمشاريع الصغيرة لحين تصديق موازنة السنة المالية القادمة.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە با دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە با دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیەکی تر:

تلتزم حكومة اقليم كوردستان بتخصيص مبلغ مئة وعشرين مليار دينار لحملة انشاء المدارس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من حورمەتم بۆ بەڕێزتان هەیە و بۆ هەموو ئەندامانی پەرلەمان، بەڵام وەكو ڕەئی شەخسی خۆم وەك ئەندام پەرلەمانێك پێم خۆش نییە خۆڵ بكرێتە چاوم زۆر بە سەراحەت، ئەمە موقارەنەیەكە كردوومە لە بەینی میزانیەی 2011و ئەمەی 2012 هاتووە، ئەمەی ئەوان بە حیساب ئیتفاقیان لەسەر كردووە، باسی حەملەی ئینشائی مەداریس دەكرێ، بەڕێز ئەم مەبلەغە لە پاریش نەفسی مەبلەغی بۆ دیاری كراوە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر یەكێك لە ماددەكان، ماددەی (32) میزانیەی پێشوو كە نابێ موازەنەی ئیستسماری بگوێزرێتەوە بۆ تەشغیلی ئەبێ ئەو پارەیە مابێ سەرفیش نەكراوە، تۆ دێی ئەمە دادەنێیەوە بۆ ئەمە كە ئەمەی پێشووت سەرف نەكردووە، لە شوێنێكی تر دانێی باشە، من ئەتوانم موقارەنەیەكی بەسیتت دەمێ لەسەر ئەوائەی ئەمان تەخسیسیان كردووە، بۆ نموونە. (50,000) پەنجا ملیاریان بۆ (تأمين السكن لذوي الدخل المحدود) تەخسیس كردووە، پار تەخسیس كراوە سەرفیش نەكراوە، بۆ ئاوەدانكردنەوەی بودجەی وەبەرهێنانی قەزاو نەحیەكان، ئەگەر بگەڕێینەوە ئەم ساڵ ئەمە لە پارا ماددەی (سێ)بووە ئەم ساڵ ماددەی (16) بڕگەی (8)، دیسان پارەی بۆ تەخسیس كراوە، دیسان جارێكی تر لەم رێككەوتنە دەڵێ (100,000) سەد ملیاری بۆ تەخسیس كراوە، زیان لێكەوتووانی كۆچ ماددەی (3) سێیە لەقانوونی میزانییەی 2011 پارەكەی سەرف نەكراوە كە (100,000) سەد ملیار دینار بووە، ئەم ساڵ دیسانەوە هاتۆتەوە لەمەی ئەم (100,000)سەد ملیار دیناری تری بۆ داندراوە لە كاتێكا (200,000) دوو سەد ملیار دینار لە میزانییەی تەواریئە، (27) بیست و حەوت ملیار لە میزانییەی سەرۆكایەتی هەرێمە، (100,000) سەد ملیار دینارەكەی پاری سەرف نەكراوە دێ سەدیش بۆ ئەمە دادەنێ، دێتە ناوچەی دابڕاو پار (70,000) حەفتا ملیار بووە، ئەبێ لەسندووقابێ وەكو لەماددەی (32) هاتووە, ئەوە وەكو پێویست سەرف نەكراوە دێ پەنجای تری بۆ دادەنێ، من ناڵێم بۆ ئەمانە دابین نەكرێ بەڵام ئەبێ چاوی پێدا بخشێندرێتەوە, سلفەی عەقار ئەمانە هەمووی هەبووە لە ئەسڵی مەشروعەكە ماددەی (16) بڕگەی (1)، قەرزی كشتووكاڵی پیشەسازی لە ئەسڵی مەشروعا ماددەی (16) بڕگەی (2)، بڕگەی (3) یە، سلفەی زەواجی كورە شەهید لە ئەسڵی مەشروعا ماددەی (16) بڕگەی (6) ئەم بودجەیەیە، یەعنی ئەمە تواناسازی لاوانی داناوەتەوە لە میزانییەی 2010 لە 60٪ سەرف نەكراوە (120,000) سەد و بیست ملیار دینار، پاریش هەمووی سەرف نەكراوە، ئەمە هاتۆتەوە لە ماددەی (14) لەمیزانییەی ئەم ساڵ دیاری كراوە، ئێستاش لەم بەناو رێككەوتنە ئەڵێ (120,000) سەد و بیست ملیار دینار دیسانەوە بۆی داندراوەتەوە لە كاتێكا (120,000) سەدو بیست ملیار دینارە لە ئەسڵا لەسەر میزانیەی مەجلیسی

وزەرایا، باسەیری موازەنەی تەخمینی مەجلیسی وزەرا بکەین، لەبەر ئەوە ئەم تەخسیساتانە بەڕەئی من هەڵگیرێ شوێنی ئەساسی خۆی ئەسڵی ئەم پرۆژەی بودجەیە ماددەی (15 و16) یە، تەوزیعی ئەو مەبالیغانە با بەر چاو روونیەك بێ ئێستا تەوزیع نەکرێ بخرێتە ماددەی (15 و 16), هەم عەیبێکی قانوونیشە لە دوو ماددەیا، لە دوو شوێنی جیاوازی دوور لەیەکا باسی تەخسیسات بکرێ لەبەر ئەوە ئەوە ئەو تەخسیساتانە بخەنە (15 و 16) مونتجیش نییە لەبەر ئەوەی پارەی پاریشیان سەرف نەکراوە، ئەمەش خشتەکەیە کە کردوومە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ناو دەنووسین ئەو ماددەیە خوێندرایەوە نازانین کێ دەیەوێ قسە بکات؟ بە نوقتە نیزام زۆر قسە دەکەن بە ڕاستی، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو ماددانە گوتمان ئێستا دەنگی لەسەر دەدەین، بەڵام دواتر بۆ چۆنیەتی دارشتنەوە سەلاحیەت بدرێ بە لیژنەکە بۆ ئەوەی داڕشتنەوەی بۆ بکات ئەمە یەك.

دوو/ کاك برهان ئەمن تەنها دوو نموونەت بۆ دێنمەوە، جەنابت باست لە تەخسیسی (50,000) پەنجا ملیار کرد بۆ ئەو کەسانەی کە کەم درامەتن، ئەگەر هەر یەك لە پەرلەمانتارەکان تەماشای مەشاریعی ئیستیسماری بکەین ئەم تەخسیسە لەسەر هەرسێ محافەزەکە هەیە، کە بەبڕی جیاواز بۆیان دانراوە و، لە مەشاریعی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە، ئەمساڵ کە دایناوەتەوە یەعنی ئیزافەتەن بۆ ئەو مەبلەغە مەبلەغی تریش سەرف دەکرێ ئەوە یەك.

دوو/ ئەو مەبلەغەی کە داندراوە پار ساڵ بۆ (انشاء مدارس نموذجیة) کە (27) بیست و حەوت پۆلی و (18) هەژدە پۆلییە، ئێمە تەماشای مەشاریعەکانی وەزارەتی پەروەردە بکەین زیاد لە (100 تا 200) قوتابخانەمان هەیە کە قوتابخانەی (27) بیست و حەوت پۆلی و و، (18) هەژدە پۆلین، ئەم مەشروعانە هەنێکیان ئیمکانە تەواو ببن یان نزیك ببن لە تەواو بوون، ئەمساڵ ئێمە بەم ڕەقەمە کە دایدەنێین یەعنی حکومەت جارێکی تر بەردەوام بێ لەسەر دانانی ئەم مەبلەغە بۆ هەموو مەبلەغەکانی تریش کە زکری کرد ئەگەر بمانەوێت بچینە ناو وردە کاریەکان، ئەم وردە کارانییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوانەی کە دەیانەوێ قسەی بکەن ئەم بەڕێزانەن: (سۆزان خان، کوێستان خان، کاك خورشید، کاك خلیل، عظیمة خان، د. عمر، کاك کاردۆ)، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەمساڵ لە یاساکەدا نەیناردووە، ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە کۆبوونەوەمان کردووە، لەگەڵ وەزارەتا دانیشتووین بەداخەوە گەر کەسێك لە لێژنەکەیا نەبێت و لەبری ئەو لیژنەیە ڕا بدات لەو پارانەی کە پارو پێرار تەخسیس کراوە (106) سەد و شەش قوتابخانە تەواو بووە بەتەواوەتی، یەعنی ئێستا دەوامی تێدا دەکەن، (100) سەدیشی لەژێر جێ بەجێکردن دایە و, خەریکە تەواو دەبێت ئەوەندەی نەماوە لەبەر ئەوە بەڕاستی ئەوە بەدوا داچوون و ئیختیساسی لیژنە تایبەتمەندەکانە، ئەندام پەرلەمانێك بێتن لێرە لە لیژنەی پەروەردە بپرسێت بزانێ ئایا لەو قوتابخانانە لەو بەدوا داچوونەی ئێوەیا قوتابخانەکان دروست کراوە یان دروست نەکراوە؟ خۆ دروست کراوە (106) سەدو شەشی تەواو بووە، (100) سەدی ماوەتەوە، من لە ئیختیساسی خۆما قسە ئەکەم وەکو لیژنەی پەروەردە، ئەو (120) سەدو بیست ملیارە ئەمساڵ دانەندراوە، قسەمان کردووە لەگەڵ وەزارەت کۆبوونەوەمان کردووە لەکۆبوونەوەی لیژنە، لە تەقریری لیژنەی پەروەردە دا هاتووە پێداگیریمان کردووە لەسەری کە ئەبێ دابنرێ ئەو ساڵ حکومەت بۆ ئەوەی بەردەوام بێ لەهەوڵەکانی خۆیا، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کوێستان خان.**

**بەڕێز کوێستان محمد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دیارە حکومەت ئەم لیستەی ناردووە لەناو ئەو لیستەیا خۆی پایەی تەخسیس کردووە، بۆ سندوقی (اسکان و اعمار) (50,000) پەنجا ملیاری داناوە، لێرە جارێکی دیکە دووبارەیان کردۆتەوە، هەروەها بۆ هاوکاری کردنی ئاوارە گەڕاوەکانی تورکیا و ئێران خۆی (100) سەد ملیاری داناوە، لەو داهاتەی کە هینی وەزارەتەکانە و کە دواتر لە ڕۆژەکانی کۆتاییا ناردوویەتی لێرە جارێکی تر بۆی داندراوەتەوە، بۆ تواناسازی خۆی (120) سەد و بیست ملیاری داناوە، جارێکی دیکەش لێرە دانراوەتەوە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوەی سندوقی (اسکان و اعمار) پەنجاکە بکرێت بە سەد، ئەوەی ئاوارەکان لە بوارێکی ترا دابنرێ، هەروەها ئەوەی تواناسازییەکە (120) سەدو بیست ملیارەکە لەبوارەکی دی دابنرێ، چونکە حکومەت خۆی پایەی بۆ داناوە هەمان پارەیان دووبارە کردۆتەوە کە پێویستە ئەو سێ بڕە لەشوێنێکی دی دابنرێ، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك خورشید فەرموو.**

**بەڕێز خورشید احمد سلیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئەو پارانە لە جەداوڵی تخسیسات هەیە، ئێمە لە لیژنەی هاوبەش کە موناقەشەی ئەو بابەتەمان کرد گەیشتینە ئەو قەناعەتە دارشتنی ئەو گوژمانە لەناو یاسا بۆ تەئکید کردنە بۆ ئەوەی حکومەت پابەند بێت بۆ جێ بەجێکردنی خەرجکردنی ئەو پارانە بۆ مەبەستە دیاری کراوەکە، یەعنی مەبەست ئەمە خۆ ئێمە دەزانین لەخشتەکاندا هەیە, لە جەدوەلدا هەیە، بەڵام لەناو یاسا ئیلزامێکی زیاترە لەسەر حکومەت بۆ پابەند بوونە بەس، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل.

**بەڕێز خلیل عثمان محمدأمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵا من سەبارەت بەو (50,000) پەنجا ملیارە قسە دەکەم کە بۆ یەکەی نیشتەجێ بوون بۆ خەڵکی هەژار و کەم دەرامەت دابینکراوە، تخسیس کراوە, لەسەر ئەو پارەی کە ساڵی پار تەخسیس کرابوو، قسە کرا ئەوە بڕی (49,000) چل و نۆ ملیار دینارە، و، بەپێی نسبە بەسەر هەرسێ محافەزە دابەش کراوە، محافەزەی دهۆك 23٪، هەولێر 34٪، و، سلێمانی و گەرمیان 43٪، و، ئێستا ئەوانە دەست بەکار بوون، کەوتنە بواری جێ بەجێکردنەوە، تەنیا دهۆك نەبێ کە تۆزێك کێشەی زەوی هەبوو، بەڵام ئەویش کێشەکەی تەواو بووە و چۆتە بواری جێ بەجێکردنەوە ئێستاکە، یەعنی حەق نییە بڵێین نەچۆتە بواری جێ بەجێکردن، دوایی ئەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان ئێمە لێرە یاسای ژمارە (7)ی ساڵی (2008) مان هەموار کردەوە، و، بەکۆی دەنگ بڕیارمان لەسەر ئەوە دا، لەیەکێ لەماددەکانا حکومەتی هەرێمی کوردستان مولزەمە ساڵانە گوژمەیەك بۆ یەکەی نیشتەجێ بوون تەرخان بکات، لەبەر ئەوەی کێشەی نیشتەجێ بوون زۆرە لەو هەرێمەی ئێمە، و، بەخۆشتان گوێ بیستن، و، بەچاوی خۆتان بینیتان کە جەنابی وەزیری پلاندانان لێرانە بە داتاشۆ قسەی لەسەر ئەوە کرد کە ئێمە ساڵانە پێویستمان بە (15,000) پانزدە هەزار یەکەی نیشتەجێ بوونە، ئەوە ئێستا لە بەرنامەی حکومەتی هەرێمە کە (5000) پێنج هەزار یەکەی نیشتەجێ بوون دروست بکا، و، ئەم پارەی کە تەخسیس کراوە بڕێکە لەوە، و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو (120) سەد و بیست ملیار دینارەی کە دانراوە بۆ دروست کردنی قوتابخانە بە تەئکید لە هەرێمی کوردستان هەمووومان دەزانین کە کەمی ژمارەی خوێندنگاکان بۆتە کۆسپێکی گەورە لە بەردەم سیستەمی نوێی خوێندنا، بەماوەی (10) ساڵی تر ئەم پارەیە لە بودجەیا دابنرێ ئیجا کێشەی قوتابخانەکان کۆتایی دێ، لەگەڵ ئەوە دام کە (120) سەد و بیست ملیار دینارەکەی بۆ تواناسازی و، (120) سەد و بیست ملیارەکەی بۆ قوتابخانەکان بە بەردەوامی هەبێ، و، پێشنیارێکی تر هەبوو لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا کە سندوقی قەرز بۆ خوێندن بێ لە هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەو پێشنیارەی ئێمە بە هەند وەر نەگیراوە لەناو ئەم تەوسیاتانە دا نییە قەرزی خوێندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. عمر فەرمووو.

**بەڕێز د. عمر محمدأمین خدر (نورەدین):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، لەڕاستی دا ئەمە بەرهەمی دوو ڕۆژ کۆبوونەوە بوو کە هەردوو لیژنەی هاوبەش کە نوێنەری هەموو فراکسۆنەکانی تێدا بوو, لە هەندێك جاریشا سەرۆکی فراکسۆنەکانیش ئامادە دەبوون بۆ ئەوەی کە هاوکارمان بن لەوەی ئەفکارەکان ڕێکخەین، یەکیان خەین ئەمە هەمووشمان ئیمزامان کردووە و دیکۆمێنتەکانیش ماون وا باشە لەڕاستیدا پێیوە پابەند بین، چونکە دەرکەوت ئەو ماددانەی کە ئیتیفاقمان لەسەر کردووە چەند بە ئاسانی دەڕۆن، چەند بەبێ گرفت دەڕۆن، بۆ هەمووشیان کار ئاسانی دەکا. سەبارەت بە (120) سەد و بیست ملیارەکە خوشکانم (سۆزان خان و عظیمة خان) کە هەموومان لە لیژنەی پەروەردەین باسیان کرد لەوە زیاتر قسەی لەسەر ناکەم کە ئەمە چەند زەرورە، ئێمە موتابەعەمان کردووە لە هەموو کوردستان بە کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانیشەوە دەیان نموونەی باش لە قوتابخانە تەواو بوون (27) بیست و حەوت پۆلی و (18) هەژدە پۆلی ئێستا لە ژێر دروست کردن دان، بۆیە پێویستە نەك ئێستا ساڵانی داهاتووش تەرخانکردنی ئەو بڕە پارەیە تەواو بێ، چونکە بە فیعلی دەبێتە بەشێك لە چارەسەرێکی گونجاو بۆکێشەی پەروەردە. سەبارەت بە سندوقی تواناسازی حکومەت خۆی ڕەئی وابووە، بەڵام گرنگە بخرێتە ناو قانوونەکەوە، چونکە زیاتر لە چوار هەزار کەس ئێستا خەریکە بنێرێنە دەرەوە، دوایین قسەم بەڕێز جەنابی سەرۆکی پەرلەمان لەسەر ئەو (100,000) سەد ملیارەیە کە بۆ ناحیە و قەزا تەحریر کراوەکان داندراوە، ئەو سنوورەی من بە تایبەتی قەڵادزێ و ڕانیە کە موتابعەم کردووە ئێستا دەیان پرۆژە لە بواری ئاو و کارەبا و ڕێگاوبان لەژێر جێ بەجێکردن دان، بۆیە زۆر ئامانجی خۆی پێکاوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك پێشەوا.

**بەڕێز پێشەوا تۆفیق مغدید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نازانم یەعنی ئەو ماددەیەی كە لیژنەی هاوبەش باسیان كردووە تەنها باس لە (120) سەد و بیست ملیار دینار دەكا بۆ هەلّمەتی دروست كردنی قوتابخانەكان، بۆچی چوونەتە ناو ئەو هەموو تەفاسیلەوە؟ تەنیا مولزەم بوون بەوەی كە لەسەر ئەوە قسە بكەین نازانم ئەوە تێكەڵیەك دروست بووە لەناو ماددەكانی دیكەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە دوای گفتوگۆ لە لیژنەی هاوبەش گەیشتینە رێكەوتنێك بە نیسبەت داشكاندنی رێژەكان، و، بەكارهێنانی تەخسیسات بۆ ئەو بوارانەی كە ئێمە پێمان وایە پێویستە هەموومان لەسەری موتەفیق بووین، ئێمە پێیەوە پابەندین، هیچ گرفتێكمان نییە، بەلاّم كاتێك دێینە وردەكاری، لە وردەكاری تەخسیساتەكە دەبینی لێرە حكومەت بۆ سندوقی أسكان پەنجای دیاری كردووە، ئێمەش پەنجا، كەواتە دەكاتە سەد ملیار، ئەوانە ئەڵێ بگۆڕێ بەسەد, یەعنی گرفت لەوە دانییە، (مناطق متنازع علیها) پەنجای بۆ داندراوە كەواتە ئێمەش پەنجامان بۆ دانا دەكاتە سەد، نەك حكومەت پەنجای دانابێ ئێمەش بڵێین پەنجا هەر پەنجاكە سەرف بكرێ، یەعنی دەبێ بە قانون هەندێك وردەكاری هەیە تێیدا دیاری بكرێت، مەسەلەن ئیحتیاتی تەواری هەیە كە (200,000) دوو سەد ملیاری داناوە، ئەمە بۆ زیان لێكەوتووەكان، لەبەر ئەوە ئێمە پێمان وایە ئەمانە كە پێویستن ئەوەی تواناسازی داندراوەتەوە پارەكەی پاری سەرف نەكراوە ئێمە بە چاو روونی تەدقیق كردن جگە لە پەروەردە كە جەنابت باست كرد.............

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان حەقت نییە قسە بكەیت، تكام دەكەم، فەرموو .

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بۆ تەئكید گوتم لە بواری قوتابخانەكان بەڵێ هەنگاو نراوە، جێ بەجێكراوە لە بواری تواناسازی بەڵێ خوێنكارێكی زۆر چووەتە دەرەوە، بەلاّم پارەكە تەواو نەبووە، یەعنی هەموو ئەمانە ئەو وردەكارییەی كە قسەكەی كاك عمرم زۆر پێ جوان بوو ئێمە لێرە بڕیار بدەین تەخسیساتەكە بۆ لیژنەكە نەبین كێندەر

پارەی پێویستە بەس مەبلەغەکە دیاری بکرێ کە (486,000) چوار سەد و هەشتا و شەش ملیار دینارە بڕینەکە، ئەمە دیاری بکرێ کە ئەوەندەیە تەخسیساتەکە دوایی رێککەوین لەکوێ پارە نەقوستانە دایبنێین و تەواو، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەك لیژنەی ژنان بۆ ساڵی سێیەم لە موناقەشەی بودجەدا داوا دەکەین وەکو هاوکارانم خۆم سێ جارە داوا ئەکەم وەزیری کار هاتووە سەبارەت بە جێ بەجێکردنی حیساباتێکی خاس کە لە ماددەی (39) فەقەرە (4) قانونی (احوال شخصی معدلة) هەیە، کە بڕێك پارە دابنرێ بۆ ئەو سندوقە بۆ ئەو ژنانەی کە لە هاوسەرەکانیان جیائەبنەوەو هیچ درامەتێکی داراییان نییە، نازانم بۆ بە نەزەری اعتیبار وەر ناگیرێ لەماوەی سێ ساڵە؟ خۆ ئەگەر بڵی ئەمە یاسایە بەدوا داچوونی دەوێ وەڵامی وەزارەتیش ئەوەیە ئەڵێ پارەم نییە بیخەمە ئەو سندوقەوە بەڕاستی پێویستە لەموناقەشەی ئەم بودجەی ئەم ساڵا ئەمەمان بۆ پەسەند بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد شارەزووری.

**بەڕێز محمد احمد علی (شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا دەستخۆشی لە ئەو لیژنە هاوبەشە دەکەم کۆمەڵێ پێشنیارو ئەوانەیان لە مەسەلەی تەخسیسات و ئەو بڕینانەی کە کردوویانە من دەستخۆشیان لێدەکەم، ئێمە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان وەکو لیژنە من نازانم تا چەند ڕەئی لیژنەکان وەردەگیرێ من یەعنی بە قسەکانی کاك کاردۆ دیارە ئەو لیژنەیە ئیتر سەر پەرشتی هەموو لیژنەکان دەکات، ئەڵێ کە بڕەکە دیاری بکەین ئیستقتاعەکە دوایی لیژنەکە دابەشی بکا، جا ئەگەر وابێت بۆچی ناوی لیژنەکانی تر بینین؟ ئێمە وەکو لیژنەی پێشمەرگە داوامان کردووە، پێشنیارمان کردووە، منداڵی کەم ئەندامی سەنگەر وەکو منداڵی شەهید حیسابی بۆ بکرێ لە مینحە بۆ سولفەی زەواج، یەعنی بەڕاستی باوەڕ ناکەم هەزار کەمئەندامی سەنگەر مابێ کە ئێستا منداڵی هەبێ ژنی نەهێنابێ، یەعنی مەبلەغێکی زۆر بەسیتە خزمەتی چینێك دەکا کە ئەندامێکی خۆیان لە دەست داوە ئەمە یەك.

دوو/ ئێمە پێشنیارمان کردووە بەڕاستی بۆ جەنابی وەزیری مالییە و بۆ سەرجەم ئەندامانی پەرلەمان لەو ئیستقتاعانە بودجەی وەزارەتی پێشمەرگە بە موحەلەقی ماوەتەوە ئەوەی کە وەزارەتی مالییە ئیتفاقی

لەسەر کردووە بەڕاستی پێشمەرگە هیچی پێناکرێتەوە و ژیانی پێشمەرگە و گوزەرانی پێشمەرگە باش نابێ، بۆیە من داوا ئەکەم ڕەچاوی ئەو خاڵانە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی بەنسبەتی ئەوەی کە باس دەکرێت پەنجاکە بکرێت بە سەدو، سەد و بیست بکرێ بە دوو سەد و چل، ئێمە ناتوانین بەوشێوەیە میزانیەت تەحەمول ناکات بەو شێوەیە، ئەوە تەئکیدە ئەوە ئێمە نوێنەرەکەم لێرە دانیشتووە ئەڵێ ئێمە تەئکیدمان کردووە بۆ ئەوەی لەناو یاساکەدا بچەسپێت نەك بۆ ئەوە ببێت بەزوعف هەمووی پەنجا ببێ بە سەدو، سەد و بیستەکە ببێت بە دوو سەد و چل، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بەرێز سکرتێری پەرلەمان  هەندێك وردەکاری هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.

ئەوی کاك کاردۆ باسی کرد دەتوانین بە ئاسانی تەلافی بکەین، مثلاً تلتزم حکومة اقلیم کوردستان بالمبلغ المخصص من قبلها لەنێوان دوو قەوس (مبلغ لحملة انشاء المدارس)، ئەوە ئەگەهینین کو ئەو مەبلەغەیە ئەوی حکومەت تەخسیس کردیە، تیکرار نابیتن جارەکی تر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە با مادده مادده, با ئەمە بڕوا بەلاًم بۆ ئەوانی تر ئێمە بەلامانەوە گرنگە تێکەڵاو نەکرێ تەخسیسات و حکومەت و، ئەو بڕینەی کە ئێمە داماننناوە بۆچی دیاری دەکەین ئێمە لەگەڵ ئەوەین با ئەو ماددەیە یەك یەك بڕوا ئەگەر ملاحەزەیەك هەبوو بۆ تێکەڵاو نەکردنەکە ئێمە دەیدەین و تەواو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عدنان ناوی خۆتان نەنووسیبوو ئێوە، چونکە ئێمە ناومان نووسیبوو بەڕاستی، من ناوەکانم نووسیبوو، ناوەکانیشم خوێندەوە، فەرموو کاك عدنان.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ببوره من داوام کرد ئیزافه بکرێت له سکرتێری پەرلەمان، لەڕاستی دا لێمان تێکچوو چ ماددەیەك هین دەکرێت، من جارێ ئەو پێشنیازەی کاك عمر زۆر گرینگە بە هەندی وەربگرین بۆ ئەوەی بە تەرتیب بکرێ، چونکە ئیرتیباتێك دروست دەکا من سەرەتا زۆر تەئیدی قسەکانی محمد شارەزووری دەکەم لەسەر ئەو مەوزوعەی پێشمەرگە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان دوو سێ خاڵ هەیە گرنگە یەعنی ئێمە قسەمان لەسەری کرد له گفتوگۆکانی پەرلەمان دا لەوانەیە بەشێوازێکی بابڵێین شتێکی باش نووسراوە، بەڵام ئەو چەند خاڵە گرنگە، بۆ نموونە مەوزوعی هەندێ ناوچە هەیە کە ناوچەی کەنارن، یەعنی ئێستا ئەمە لە دووەم تخسیسەکان بۆ (الاقضية والنواحي والقرى الحدودية)، هەندێ شوێنمان باسکرد کە لە عومقن یان لە کەلارن مەسەلەن باسی کفریم کرد، کفری بە نموونە یەکێك لەو شارانەیە کە ڕێژەیەکی زۆر ماددەی(140) سەد وچلە، بەڵام وەکو سوکان دانیشتووی کفرین ئەمە دەبێ لە هەموو تەرتیبات و حیساباتا حیسابی بۆ بکرێت، یەعنی ئەمە هەندێ شارمان هەیە خەریکە کۆچ دەکەن بەرەو شارەکانی تر، بۆیە من پێم وایە یان لە دووەم مەعالەجە بکرێت لیژنەی یاسایی و دارایی یان مەعالەجەی بکەن یان لەڕاستی دا درەنگە مەبلەغێکی دیاری کراو بۆ ئەم ناوچانە کە لەعومقن یان ماددەی(140) سەد و چلن کێشەیەکیان هەیە ئەمە خاڵی یەك.

خاڵی دوو/ لە بەڕێوەبەرایەتی دەزگای کشتوکاڵ لە گەرمیانا ئێستا دەزانین چ وشکەساڵێەك هەیە و, دەزگای کشتوکاڵ لەوێ داوایان کردووە لە وەزارەت باسی ڕێژەیەك دەکەن لە هەندێ ناوچەی تریش هەیە تەنها گەرمیان نیە، مەخمورە لەوانەیە هەندێ ناوچەی ترهەبێ لەڕاستیدا زۆر گرنگە لە بودجەی ئەمساڵدا مەبلەغێ تەخسیس بکرێ بۆ مەوزوعی هینەکە، بمبورە ئێمە مەجموعەیەکی زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان ئیمزامان کرد بۆ قەرز بۆخوێنکاران بۆ دەعمکردنی خوێنکاران بۆ ئەوەی بخوێنن سەرباری ئەوەی تواناسازی و ئەوانە، ئەمە لە زۆر وڵاتی ئەوروپیشا هەیە، بۆیە یەعنی ڕێژەیەکی زۆر بەر چاو ئەندامی پەرلەمان ئیمزایان بۆ ئەمە کرد، حەق وایە مەبلەغێ تەخسیس بکرێ بۆ ئەو مەوزوعە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله مەلا نوری، دوو دەقە حەقت هەیە قسەی بکەی، فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جا خەتای من چی یە سیستەمەکەی جەنابت هەڵەیە، یەعنی تۆ سێ ماددەت بەسەر یەکەوە مناقەشە کرد لە کاتێکدا ئەبێ بە پێی سستەمەکە ماددە، ماددە مناقەشە بکرێ.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە ماددە، ماددە مناقەشەمان کردووە، برای خۆم دەنگتان لەسەر داوە، کاکە ناوەکانم نووسی وتم کێ دەیەوێ قسە بکا ناوی خۆت نەنووسی برای من، فەرموو قسەی بکە.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ئەو ڕەئییە دەکەم کە پارەیەك (100) سەد ملیار دینار بۆ قەرزی خوێندنی باڵا تەرخان بکرێ و پشتگیری ئەو ڕەئییەش دەکەم کە بە مەبلەغێك پارە (50) پەنجا ملیار دینار بۆ قەرەبووی ئەو ناوچانە تەرخان بکرێ کە ماددەی سەد و چل دەیان گرێتەوە، ئەوەی کاك عدنان شەرحی کرد، و، هەروەها ئەوەشی کە پەیوەندی بە وشکە ساڵییەوە هەیە، جەنابی سەرۆك من لەگەڵ جەنابتا قسە دەکەم حەز دەکەم گوێم لێبگری، (50) پەنجا ملیاریش دابنێ بۆ قەرەبووی ئەو سنوورانەی کە رووبەرووی وشکە ساڵی بوونەتەوە، و، هەروەها لەبەر ئەوەی ئەم پارە پارەی خەڵکە من پێشنیار دەکەم (50)پەنجا ملیاریش دابنرێ بۆ هاوکاری ئەو ماڵانەی کە کرێ نشینن مانگانە ئەگەر هەبوو (300,000) سێ سەد هەزاری دا با حکومەت (150,000) سەد و پەنجا هەزاری بۆ بدا لەو (300,000) سێ سەد هەزار دینارە، تا ئەو کاتەی حکومەت خانوویەکی بۆ دروست دەکا، هەروەها پشتیوانی کاك حمە شارەزووری دەکەم بۆ ئەوەی، جەنابی سەرۆك من قسەکانم رووی لە جەنابتە، هەروەها پشتیوانی کاك حمە شارەزووری دەکەم کە منداڵانی کەمئەندام لەو ئیمتیازە سوودمەندبن کە جەنابییان ئاماژەیان پێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك ئاسۆ.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ئیستیقتاعەکان بە مەزەندەی من دەوروبەری (450) چوار سەد و پەنجا ملیار دینارمان ئیستیقتاع کردووە لە هەمووی، بەڵام ئێمە ئەو پارانەمان بۆچی تەرخانکردووە؟ (120) سەد و بیست ملیار دینار بۆ هەڵمەتی قوتابخانە، کە نەهاتووە تەخسیسات پێشتر نەکراوە، (100) سەد ملیاری بۆ قەزاو ناحیە زیان لێکەوتووەکان، هەروەها ئێمە دیسان رێکەوتووین کە مووچەی موتەقاعیدین ئەوانەی لە (400,000) هەزار کەمترە دیسان ساڵانە وەکو مینحە بۆ ئەمساڵ (600,000) هەزار دیناریان بۆ ئیزافە بکرێ، هەروەها مۆزەفی پلە (9 و 10) نۆ و دە کە دیسان ئێمە ئیتفاقمان کردووە (480,000) چوار سەد و هەشتا هەزاردیناریان لەمساڵدا دیسان بۆ زیاد بکرێ، هەروەها هاوڵاتی ئەوەی کە شەهید بووە دیسان لە (180,000) هەزارەوە بکرێتە (250,000) هەزار، بەڕاستی ئەوانە هەر هەموویان مەبلەغێکن کە لەم پارەیە بۆی داندراوە، بۆیەناکرێ ئێمە شتی دیکە، نەفەقاتی دیکە ئیزافە بکەین کە دواتر حکومەت بۆی تێهەڵنەیەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵڵا بەو حیسابەی دەبێ هەمووتان دەست بەرزدەکەنەوە، دەبێ هەمووتان قسە بکەن جارەکی دیکە بەڕاستی، ئاخر ئەوە چۆن ئەبێ؟ ئەمە لیژنەی هاوبەش دوو رۆژ دانیشتوون قسەیان کردووە، چۆن دەبێ کاکە ئەوە؟ فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ داوای لێبوردنم بەشێکی پەیوەندی بەڕاستی بەئیدارەی جەنابتانەوە هەیە، ئێمە لە میحوەرێکی وازیحا بووین، هەندێك پێشنیار کرا سێ، چوار ڕەقەم هەیە لیژنەی هاوبەش لەسەری کۆك بوون ئەو لیژنە هاوبەشەی یاسایی و دارایی ئەو (120) ملیار دینارەی قوتابخانەکان، (120) ملیار دیناری تواناسازی،(100) ملیار دیناری قەزاو ناحیە و شوێنە زیان لێکەوتووەکان،(100) ملیار دیناری ئاوارەکانی تورکیا و ئێران، (50) ملیاری خانووی هاووڵاتیان، (50) ملیاری پرۆژەی ناوچە دابڕاوەکان، ئەمە با لەسەری کۆك بین، جارێ بزانین ئەمە یەك.

دووهەم/ هەر پەرلەمانتارێکی بەڕێز لەلیژنەکاندا نەبووە من بەپێی پەیڕەوی ناوەخۆ بە مافی خۆمی دەزانم گلەیم لە بڕەکە هەبێ، بڵێ زیادی بکەن یان کەمی بکەن کاتی بدەیێ بڵێ با پەنجا نەبێ سەدبێ موشکیلەمان نییە، ئەوە خاڵی دوو.

خاڵی سێهەم/ داواکاری تری، تەخسیساتی تری لیژنە بەڕێزەکان نابێ تێکەڵ بەمە بکرێ، با لەمە ببینەوە، ئەمە ئیتیفاقی لەسەر بکەین دوایی ئەمە لیژنەی پێشمەرگەیە، لیژنەی شارەوانی یە، هەموو لیژنەکانی پەرلەمان ئەی کەی قسەبکەن؟ ئەبێ کاتێکی تایبەتیان هەبێ کە قسەی تیا بکەن؟ ئەویش لەماددەی شازدەیە کە تایبەتە بەتەخسیساتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر موناقەشەکرا، فەرموو بیخوێنەوە دەیخەینە دەنگەوە، بەڕاستی زۆر موناقەشەکرا،دەی فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بڕگانە هەموو مادده و بڕگەی لێ پێشنیار کرایە، بڕگە بڕگە یان مادده مادده بدرێتە دەنگدان؟ لەبەر ئەوە ماددەکان دەخوێنینەوە لۆ دەنگدان.

تلتزم حكومة اقليم كوردستان بملغ مخصص والبالغ (120) مليار دينار لحملة انشاءالمدارس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان،ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە با دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە با دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان**

ماددەیەکی تر لەچەند بڕگەیەك پێکدێت، بڕگە، بڕگە بدرێتە دەنگدان:

منح موظفين من الدرجة (التاسعة والعاشره) الذين يتقاضون فقط الراتب الاسمي والمخصصات الزوجية والأولاد والشهادة الدراسية مبلغ قدره (480,000) الف دينار ويدفع له بدفعتين خلال السنة المالية 2012.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە با دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە با دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەیەکی تر:

منح المتقاعدين الذين يتقاضون راتباً تقاعدياً قدره (400) الف دينار شهري فما دون منحة قدرها (600) الف دينار ويدفع لهم بدفعتين خلال سنة المالية 2012.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان.

ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە با دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە با دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەیەکی تر:

تصرف منحة الزوجية والأولاد لورثة الشهداء.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە با دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە با دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بڕگەیەکی تر:

زيادة الراتب التقاعدى لورثة الشهيد المواطن من (180) الف دينار الى (250) الف دينار.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە با دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە با دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تلتزم وزارة المالية والآقتصاد بالاستمرار في تأمين القرض العقاري للمواطنين وحسب الضوابط والتعليمات المرعية وعلى النحو الاتي:

مبلغ (20) مليون دينار لمراكز المحافظات والاقضية والنواحي.

مبلغ (25) مليون دينار لساكني القرى.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە با دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە با دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (2) کەس لەگەڵدانییە، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تامين سلفة الزواج للمواطنين بمبلغ (5) ملاين دينار.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە با دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە با دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، (5) کەس لەگەڵدانییە، بەزۆینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

يعتبر مبلغ السلفة المصروفة لزواج لاولاد.........

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆرە ئینجازە بدە فەرموو کاك حاجی بلال.

**بەڕێز احمد سليمان عبدلله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بڕگە و ماددانە، بەڵێ ئەو لیژنە ڕێزییان هەیە، ڕێزییان سەرسەرمان، بەس ئێمە قسەمان هەیە، بۆمان نییە قسەی تێدابکەین؟ باشە ئیتفاقی لەسەر کراوە، بەس ئەو ئیتیفاقە بەینی دوو لێژنە بووە، خۆ ئیتفاقی سیاسی نییە ئەوە، ئەمن قسەم هەیە ئەندامی پەرلەمانم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، توخوا ئیجازە بدەن، ئێمە بۆیە دوو ڕۆژ دانیشتنەکانی پەرلەمانمان تەئجیل کرد بۆ ئەوەی هەموو فراکسیۆنە بەڕێزەکان، پەرلەمانتارە بەڕێزەکان، لە ڕێگەی سەرۆکی فراکسیۆن و فراکسیۆنی خۆیانەوە بچن دانیشتن بگەنە ئیتفاقێك بەڕاستی، ئەمەی کە ئێستا خوێندرایەوە ئیتیفاقی هەموو لایەنەکانە، ئەگەر ئێمە بێینەوە سەر لەنوێ لەناو قاعە موناقەشەی بکەینەوە ئیتر بۆ دوو ڕۆژ دانیشتین؟ ئاخر خوا قبوڵ ناکا بەڕاستی، بەڕاستی خوا قبوڵ ناکا، فەرموو کاك شێرزاد.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ئەمڕۆ لەقاعەکەدا (3) ئەندامی پەرلەمان زیاتر ئیقتراحی ئەوەیان کرد کە منداڵی کەم ئەندامی سەنگەریش ئەو سولفەیە بیگرێتەوە، ئێ ئەوە سێ کەس بوو حەق وایە ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەسلەن بەسەریدا تێپەڕین و باسنەکرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکە خۆ ناکرێ ئیتر ئێمە دوای دوو ڕۆژ موناقەشە و گەیشتنە ئیتفاق، ئەندامێکی دیکە پێشنیارێکی تر بکاتەوە، ئەو هەموو پێشنیارە دیسان دەبێ بچێتەوە دیراسە بکرێتەوە و ڕەئی لەسەر بدرێتەوەو، ئاخر ئەوە ناکرێ، بەڕاستی ناکرێ، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی و، لیژنەی یاسایی، و، ئەو بەڕێزانەشی کە میوانداریيان کردووە وەکو نوێنەرایيەتی فراکسیۆنەکان پاش ئەوەی کە نزیکی زیاتر لە (30) سەعات لێرە قسەکرا لەناو پەرلەمان، ئێمە ڕێزمان بۆ ئەو قسانە گرت و، بە ئامادەبوونی نوێنەری حکومەت ئەوەی کە ئیمکان بوو ئیتفاقمان کرد لەسەری ئەبەو شێوەیە ماددەکان داڕێژراوە، زۆر سوپاس، هەر ئەوەندەیە.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تكايە با بگەڕێینەوە بۆ پەیڕەوی ناوەخۆ، ئێمە قسە لەسەر هەر زیاد کردنێك دەکەین دەبێ بزانین لەکوێ تەخسیساتی بۆ دەینین، ئەوەی ئێمە لە لێژنەی هاوبەش پێی گەیشتووین خۆ لەوانەیە ئەگەر لە تموحاتی ئەندامانی پەرلەمان و تەنانەت ئەندامانی لیژنەکەش بپرسی تموحاتمان زۆر بووە، زۆر بابی تر زیاد بکەین، زۆر لەو سەقفە بەسەر بکەوین، زۆر بواری دیکە بگرێتەوە، زۆر چین و توێژی دیکە بگرێتەوە، بەڵام سەقفی پارەکە ئەو مەبلەغەیە کە کاك ئاسۆ باسی کرد، هەر لێکی بدەینەوە ئەوانەی حکومەتیش تەخسیسی بۆ کردووە دەریبێنن (220) ملیار بۆ ناوچە سنووریەکان و بۆ مەسەلەی هەڵمەتی دروستکردنی قوتابخانە دەچێت جگە لەوەی ئێمە کۆمەڵێك مووچەی لایەنی دیکەمان زیاد کردووە، وەزارەنی مالییەمان لەلا بووە گوتوویەتی ئەگەر ئەو بڕینە بۆ ئەو پشتیوانیەبێ بەسەر چاو من دەتوانم پێیوە پابەندبم، ئەگەر قسە لەسە تموحات بێ کۆمەڵەك تموحاتمان هەیە، بەڵام دەبێت کامە زیاد نەکرێ و کامە لەکوێش ببڕێ؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرمووو.

**بەڕێز أیوب نعمت قادر (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ تەبعەن ئەو خاڵانە گفتوگۆی لەسەر کراوە، بەڵام من یەکێکم لەو بەشدار بووانە تەحەفوزم نووسیوە، یەکێك لەو خاڵانە بریتییە لە مسەلەی زەواج کە د.أحمەدیش باسی کرد لە لیژنەکە ئێمە داوامان کرد کە (7,500,000) حەوت ملیۆن و پێنج سەد هەزار دیناربێ و، کۆمەڵێك خاڵی تریش بەم شێوەیە، سولفەی عەقاریش (30) ملیۆن دیناربێ، لەبەر ئەوە نییە بلێ وەلا گشتییە لەسەر هەموو ڕەقەمەکان ڕێککەتووین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەیخوێنینەوەو تەواو موناقەشەی لەسەر بکەن، ئەوەی دەنگی لەسەر دراوە تازە ڕۆیی، فەرموو با بخوێننەوە ئەوەی ڕەئی هەیە با موناقەشەی لەسەر بکا، فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یعتبر مبلغ السلفة المصروفة للزواج لأولاد الشهداء والمؤنفلین منحة غیر قابلة للاسترداد.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە با بفەرموێ، بەسەر چاو ناوتان دەنووسم، بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە با دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە با دەستی بەرزبکاتەوە؟ کاکە بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

يخصص مبلغ قدره (100) مليار دينار لدعم المشاريع الخدمية في الاقضية والنواحي والقرى الحدودية المتضررة والمرحلة سابقاً على ان يضاف الى ميزانية تنمية المحافظات حسب النسبة السكانية وبالتنسيق مع وزارة التخطيط.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە با دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدانییە با دەستی بەرزبکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تخصيص مبلغ قدره (50) مليون دينار لدعم المشاريع الخدمية للمناطق المستقطعة والمتنازع عليها وتتولى وزارة التخطيط في ألاقليم متابعة تنفيذها.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك برهان.

**بەڕێز برهان رشيد حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوانەی تر من هەموو دەنگم پێدا، لەگەڵیابووم، بەڵام (3) فەقەرە هەیە موکەرەرە، زیان لێکەوتوانی کۆچ لە ئەمساڵ لە جەدوەلی ئەمساڵا (100) ملیاری بۆ تەرخانکراوە ئەمانیش (100) دیکەیان بۆ تەرخانکردووە، ئەگەر وابێ یان ئەبێ تەسبیتی بکەی بە (200)، یارمەتیم بدە ئەوەتا جەدەولەکەیە برا، دووهەم شت ناوچەی دابڕاو بە جەدوەلەکەی خۆتان (50) ملیار بۆی تەخسیس کراوە، ئەگەر (50) ملیاری تری بۆ تەخسیس دەکەی ئەبێ بیکەی بە (100) ملیار، بەڕاستی هەرنابێ پەنجابێ، نوقتەی سێیەم تواناسازی لاوان لەجەدوەلەکەدا (120) و بیست ملیاری بۆ تەرخانکراوە، ئەگەر (120) ملیاری تری بۆ تەرخان ئەکەی ئەبێ بیکەی بە (240) ملیار، سندوقی ئیسکانیش بەهەمان شێوەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د. عمر.

**بەڕێز د.عمر حمدامين خدر (نورەدین):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەمەی كە هاتووە فیعلەن لە جەدوەلی تەخسیساتادا هەیە، بەڵام بۆ تەسبیتكردن و ئیزهاری قانونی ئایا دەنگی پێدراوە یان نا؟ دەنگی پیێنەدراوە، بۆیە پێویستی هەیە ئێمە لەوێش گفتوگۆمانكرد پێویستە لەناو قانوونەكە تەسبیت بكرێ لەلایەن ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمانیشەوە شەرعیەتی پێ بدرێ بۆ ئەوەی حكومەت بەتەواوەتی ئیلزام بكە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**ناسك خان.**

**بەڕێز ناسك تۆفیق عبدالكریم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئەوەی یەكەمجار كە لەقانوونەكەدا هاتووە ئەوە دەنگی پێدەدەین، بەس ئەوانەی لەئیستیقتاعەكاندا بڕاوە لیژنەكە رێككەوتووە لەسەری ئەمە لەوەیە كە كاك ئاسۆ دەڵێ (450) ملیار دینار بڕاوە سەدی بۆ ئەوە، ئێ یەعنی ئێستا تۆ سەدد بەزیادە بۆ دەمینێتەوە ئەبێ ئەو سەدە تەخسیساتی بۆ بكەین ئەگەر سەدی ناو قانونەكە كە بۆ ئاوارەكانی توركیاو ئێران ئەبێ ئەم سەدەی تر تەخسیساتی تری بۆ بكەین، چونكە ئەمە لە نەتیجەی ئیستیقتاعاتی سێ سەرۆكایەتیەكە ئەم سەد ملیارەمان بۆ دەرچووە یان ئەوەتا ئەبێ بیكەین بە دوو سەد یان ئەو سەدەمان بەزیادە بۆ دەمێنێتەوە ئەبێ تەخسیسی بكەین بۆ شتی تر، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كاك سمیر.**

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە ئەوە دوو ڕۆژە لە لیژنەكە دانیشتووین ئەم تەخسیساتە بەپێی ئەو ئیستقتاعەیە كە كردوومانە لەناو لیژنەكە بەندەیان تەكلیف كرد كە ئیستیقتاعەكەم دەرێنا (486) ملیارە، ئێمە ناكرێ جاریكی تر تەخسیس بۆ حەقلێك، بۆ كەرتێك بكەینەوە كە خۆی حكومەت تەخسیسی بۆ كردووە چ ئەوەی تواناسازیەكە بێ چ ئەوەی (مناطق متنازع علیها ) بێ، مەناتیقی موتنازع لە ئیعاناتا (50) ملیاری بۆ تەخسیس كراوە و، لەڕاستیشا كۆی ماددەكان ئێمە لەوێ یەعنی هەندێ شت هەیە جۆرەك لەزیادەی تێدایە، ئێمە لەسەر ئەمە ئیتفاقمان نەكرد، سوپاس.**

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**سیوەیل خان.**

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنسبەت ئەو خشتەی کە حکومەت ناردیتی لۆی دانایە ئەو ئیستقتاعەتانەش کە لێژنەی هاوبەش پێکیان هێنایە حەق وایە ئەوە ئیستقتاعانە لەگەڵ ئەو داهاتەی ئەوەی حکومەت دایناپە کۆی بکەنەوە ئینجا ئەو تەخسیساتانە سەر لەنوێ لیژنەکە بیکاتەوەو ئەو کاتە موناقەشەی دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شۆرش.

**بەڕێز شۆرش مجيد حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی لە ئیشکالیەتی دووبارە بوونەوەی ئەو ژمارانە خۆمان بە دوور بگرین ئەوەی کە حکومەت لەخشتەی تەرخانکراو ئاماژەی پێ کردییە لێرە بڵێین: بۆ نموونە (تخصيص مبلغ قدره (50) مليون لتأمين السكن) یان ئەوەی ئی دەعمی مەشاریعی (مناطق المتنازع عليها) بڵێین: وەکو لەخشتەی تەرخانکراوی حکومەت دا هاتووە بەوە کۆتایی پێ دێ جارێکی تر دووبارە نابێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ.

**بەڕێز کاردۆ محمد پيرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شتەکە روونە ئێمە ئیستقتاعمان کردووە بۆ تەخسیسات، بۆ بوارێك کە حکومەت کردبێتی، تۆ بۆ دووجار بۆی دەکەیتەوە؟ حکومەت کردوویەتی کاکە، حکومەت با خۆی جواب بداتەوە، حکومەت خۆی تەخسیساتەکەی کردووە لەسێ، چوار خاڵ وایە، لە هەمووی وانییە، لەبەر ئەوە ئێمە جارێکی تر ئیستقتاعەکەمان کردووە بۆ بەشێك کە بڕیارمان لێدا لەو (480) ملیارەی تۆش و حکومەتیش کردوویەتی دەبێتە دوو ئەوەندە، لەبەر ئەوە دەبێ ئەمە ئیزهار بکەی جارێکی تر نەك حکومەت بڵێ ئەوەم دیاری کردووەو هەر ئەوەی خۆی سەرف بکا، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بايز أسماعيل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خورشيد فەرموو.

**بەڕێز خورشيد أحمد سليم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو سیغەی بەڕێز سکرتێری پەرلەمان پێشنیاری کرد سیغەکە بەو شێوە دابڕێژرێت بۆ ئەوەی بزانین ئەمە هەمان پارەیە کە لەناو جەداول هاتووە، ئێمە ئەو سیغەیە باسی لێ دەکەین لەناو یاسا هەر بۆ

تەئکیدە، بەڵام پارەکە هەر هەمان پارەیە. و، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان سیغەیەکی مەعقوڵی ئیقتڕاح کرد حەز دەکەم بەو سیغە دابرێژین بائیشکالییەت دروست نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک حمە سعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوانزدە حەقل لێرە دیاری کراوە، دوانزدە حەقل، ئەم دوانزە حەقلە ئەگەر باس ئەوەیە کە لەماددەکاندا جیایان بکەینەوە ئەی بۆ شەشەکەی تر جیا ناکەینەوە؟ ئەوە خاڵێك، پشتگیری بۆ چوونەکەی کاك سەمیر دەکەم کە خۆی لە لیژنەی دارایشە و لە لیژنە هاوبەشەکەش بووە، ئەمانە با دووبارە نەبنەوە، چونکە ئێمە مەسەلەن کەسندوقی ئیسکان و ئیعمار لە (480) ملیارەکە ئەیبڕین، بۆ لێرە دووبارە بۆتەوە؟ لێرە هەیە با لەوێ نەبێ، یان لەلایەکی دیکەوە هەیئەی ئیستیسمار بۆ ئەوانەی تورکیا و ئێران بۆ ئەوانەی (مناطق متنازع علیها)، تواناسازی هەموو لێرە دووبارەیە ئەوە جەدوەلەکەی حکومەت خۆیەتی ئەم ئیشکالە حەلبێ، پێویستە حەلبکرێ ئەگەر ئەڵی بۆ ئەوەی لەماددەکە هەبێ ئەی شەشەکەی دیکە بۆ ناڵێ؟ سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم محمد (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ئەو ئیستقتاعەتانەی ئێمە کردوومانە ئیستیقتاعاتمان لە هەرسێ سەرۆکایەتیەکە کردییە، کە (21,112) بیست و یەك ملیار و سەد و دوانزدە ملیۆنە، ئەمەمان ترخانکردۆتەوە بۆ وەزارەتی تەندروستی لەگەڵ وەزارەتی شارەوانییەکان بۆ دەعمی ریازە ئەم بیست و یەکە بەم شکلەمان تەخسیس کردووە، لەریئاسەی وزەراء (4,533) چوار ملیار پێنج سەد و سی و سێ ملیۆنمان ئیستقتاع کردووە ئەمەیان یەك، لەوەزارەتەکانی تر (426) چوار سەد و بیست و شەش ملیار و شتێکمان ئیستقتاع کردووە، هەمووی ئەکاتە (430) چوار سەد و سی ملیار دینار، ئەمە جارێکی تر چۆن تەخسیسی دەکەینەوە؟ هەندێك شتمان کردووە بەپێی تەقدیرات بۆ شەهیدان بابڵێین ئەوانەی کە لە(180) سەد و هەشتا هەزارەوە کردوومانەتە (250) دوو سەد و پەنجا هەزار، هەروەها مینحەی منداڵی شەهید بۆ مەسائیلی زەوجی و ئەولاد و شتی وا ئەمەش دیسان پارەیەك ئیزافە دەکرێ بۆ موتەقاعیدین، بۆ فەرمانبەرانی پلە (9 و 10) نۆ و دە، ئەمانە هەموویان بەپێی تەقدیرات دەورووبەری (200) دوو سەد ملیار دەکەن بەپێی تەقدیراتی وەزارەت، حکومەت (200) دوو سەد ملیار دەکەن، هەروەها ئەوپارەییەی دیکە کە دەمینێتەوە (100) سەد ملیار داندراوە بۆ مەناتقی حدودی زیان لێکەوتوو، هەروەها بۆ قوتابخانەکانیش (120) سەد

و بیست ملیار، دەکۆیبکەنەوە هەمووی دەکات (420) چوار سەد و بیست ملیار، (10) دە ملیار دەمینێتەوە بزانن ئەمە دەکرێ چی لێ بکەین؟ سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.احمد.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لەڕاستیدا ئەو گوژمانەی کە دیاری دەکرێت تەنها یەکجار دیاری دەکرێن یەعنی ناکرێ دوو بڕ بۆ یەك بوار، دوو بڕی جیاواز دیاری بکرێ، بەڵام من لەگەڵ ئەوەدام ئەوانەی کە لە جەدوەلی حکومەتا هاتووە ئەوەی کە نەقل نەکراوە بۆ ئێرە ئەمانەش نەقل بکەن بۆ ناو یاساکە بۆ ئەوەی بە ماددەی یاسایی تەسبیت بکرێن و قوەتی قانون وەربگرن ئەگەر نا لەراستیدا ئەوەی کە لێرە دیاری کرا، ناکرێ لەو جدوەلەش هەمان بڕ دیاری بکرێتەوە، یەعنی یەکجار بڕەکە دیاری دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمان، جارەکی تر تەئکید لە یەك شت دەکەینەوە ئەم ئیشکالیەی کە ئێستا لەم هۆڵەیا باس دەکرێ دوو شتە، کە هەردوولایەن دەتوانین بڵێین حەقی خۆیەتی قسەی لەسەر بکا، یەکییان قسە لەسەر ئەوە دەکرێ کەوا توانasازی یاخود ئاوارەکانی ئێران ئەو پارەی کە حکومەت بۆی دانایە ئێمە جارێکی تر بۆی دابنێینەوە، پارەکە زیاد دەکا، بەڵام روونکردنەوەکە بەم شێوەیە بەشێك لەمانە ئێمە مەبلەغێکمان بڕییە، ئەوەی جارێکی دیکە باسمانکردەوە ئەم مەبلەغەمان تەخسیس کردووە بۆ ئەو بوارانە کە هەمووی دەنگمان بۆدا (قەزا و ناحییە، دوستکردنی فوتابخانە، زیاد کردنی مووچەی شەهیدی هاووڵاتی، مینحە بەپلە نۆ و دە، مینحەیەك بەتەقاعود، زیاد کردنی دەرماڵەی منداڵ، زیاد کردنی سولفەی عقاری گوند بۆ (25) بیست و پێنج ملیۆن. ئەوەی دووەمینیان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەوەی کەوا بۆ (ئاوارەکانی ئێران و تواناسازی و (مەنتیقە) ناوچە دابڕێنراوەکان و سندوقی نیشتەجێ بوون) ڕاستە لەناو میزانییەی حکومەتا هاتووە، بەڵام گوتراوە بیهێنینە ناو قانونەکە تەنها بۆ ئیزهار کردن و دانانی بە ماددەیەکی ئاسایی، واتە دووبارە تەخسیس نەکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە ماوەی دوو ڕۆژی ئەو دانوستانە کە دانیشتن بوو لە نێوان هەردوو لیژنەی هاوبەشا، بەڕێزان نوێنەرانی حکومەت لەوێ بوون، بە بڕوای من خیارێکی زۆر زۆر بەسیت بوو ئەگەر بۆ نموونە ئیستقتاع بکرێ بۆ فلان مەجال، نیسبەتەکە ئەوەندەیە، بڕی پارەکەش ئەوەندە دەکات، مەفروز بوو بەڕەقەمەوە بێنە ژوورەوە، چونکە ناکرێ بەم شێوە هەڕەمەکییە بەپێی بڕینی نیسبەتەکان بوار ئەمینێتەوە بۆ پارە بۆ تویژەکانی تریش ئەبوایە ئەو ڕەقەمانە لەگەڵ کۆتایی دانیشتنەکانا ئامادە بکرابایە بۆ ئەوەی ئێمە بمان زانیبایە چەند لە پارە دەمینێتەوە چەند تویژی تر لەو پارە ئیستیفادە دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک سمیر.

**بەڕێز سمیر سلیم امین بەگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەو ڕەقەمانە لە لیژنەکە من دەرمکرد بۆ ئەوەی لەپێش چاوی پەرلەمانتارانی بەڕێز روون بێ لە حکومەت، بودجەی تەشغیلی حکومەت (10,700) دە تریلۆن و حەوت سەد و شتێکە، (3) تریلۆنمان دەرێناوە بۆچی؟ تەعویزاتی مۆزەفین کە ئەکاتە (6) تریلۆن و کەسرێك دەرمانکردووە، زائیدەن مەنافعی ئیجتیماعی لەبەر ئەوەی وەزارتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی (400) ملیاری بۆ دەچێ و کەس و کاری شەهیدان لەوێوە ڕاتبەکانیان تەرتیب دەکرێ، ئەوەشمان دەرکردووە، زائیدەن (120) ملیاری تواناسازی لە سندوقەکە هەیە ئەوەشمان دەرکردووە، ئەوەی ماوەتەوە (3) تریلۆن بووە، (3) سێ تریلۆنەکە کەڕەتی 15٪ مان کردووە (450) ملیار دەکا ئەوە یەك، دوو/ ئەوەی تەخسیس کراوە بۆ پەرلەمان کۆی پەرلەمان (68) ملیارە کەڕەتی لە 20٪ مان کردووە (13) ملیارمان لێ بڕیوە. سێ/ سەرۆکایەتی ئیقلیم (60) ملیارە کەرەتی لە 20٪ مان کردووە (12) ملیار ئەکا. چوار/ مەجلیسی قەزا (52) ملیار و کەسرێکە کەڕەتی لە 20٪ مان کردووە (10) ملیار ئەکا، ئەو سێ ڕەقەمە کۆ ئەکەیتەوە (486,250) چوار سەد و هەشتا و شەش ملیار و دوو سەد و پەنجا ملیۆن دەکا، ڕەقەمەکان بەو شێوەیە هەر ڕەقەمێکی تر خستوومەتە بەردەم لیژنەی بەڕێزیش لەوێش ئیتفاقمان لەسەر ئەو ڕەقەمە کردووە هەر ڕەقەمەکی تر هەڵەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاک عمر هەورامی.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پەیوەندارە بە بڕین و، دووبارە تەرخانکردنەوەی بۆ ئەوخەرجیانەی کە چ پێشنیار کرابوون و، چ لەلیژنەکەش ئیتیفاقی لەسەر کرابوو هەندێکی تەسوییە لەسەر کراوە، بەڵام ئەوەی کە پەیوەندارە بە هاتنی چەند ماددەیەك بە نموونە ماددەیەك بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو ئاوارانەی کە لە ئێران و تورکیا گەڕاونەتەوە یان هاتنی ماددەیەك بۆ توناسازی، یان هاتنی ماددەیەك بەتەخسیس کردنی (50) ملیار بۆ دەعمی ئەو کەسانەی کە کەمدرامەتن بۆ خانوو دروستکردن، ئەمە پەیوەندار نییە بە ئیستقتاعەکەوە ئەمە تەنها بۆ ئەوەیە تەقیدی حکومەت بکەین ئەو مەبالغانەی کە لەناو جەدوەلی خۆیدا هێناویەتی تەجاوزی لەسەر نەکا تەنها بۆ ئەو بابەتانە سەرفی بکات کە بۆی داندراوە ئێستا بەشێکی زۆر لەو ئیستقتاعەی کە هەبوو وەکو مامۆستا سەمیر ئاماژەی پێدا ئێمە دەنگمان لەسەر داوە و، ئەوەی کە پەیوەندارە بە ڕەقەمەوە یەك تکامان هەیە ئێمە وەکو لیژنەی دارایی، وەکو لیژنەی یاسایی و، نوێنەری حکومەتیش کە لەوێ ئامادە بوو ئەوەی کە پەیوەندارە بە ڕەقەمەوە ئێمە نابێت بچینە ناو وردەکاری لەبەر ئەوەی ئێمە توشی هەڵە دەبین، بەس تەنها نیسبەکان دەهێنین و، لەسەر ئەم بابەتەش ڕێککەوتین، چونکە بڕینی مەبالیغ ئێستاکە ئەڵێین لە 20٪ لە بودجەی فلانە شوێن ببڕێ ئەمە ئەبێ تەعویزاتی مۆزەفینی لێدەربکرێت یان هەندێك حیساباتی تر کە پەیوەندارە بە پارەی خەڵکی و، ژیانی خەڵکی یەوە و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا کاوە.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە ئێستا ئێمە موناقەشەی لەسەر دەکەین ئیشکالیەتەکە لەوەیە ئەو ئیستقتاعەتانە کە بڕایە لەوانەی کە لیژنە هاوبەشەکە بڕییەتی پێمان وایە جارێکی تر دەبێتە بەدیل بۆ ئەو خەرجییەی کە داندرایە مەسەلەن بۆ قەرەبوو کردنەوەی قەزاو ناحییە دوورەکان، بۆ توناسازی و ئەوانە، ئێمە لە لیژنەی قانوونی دەپرسین ئایا ئێمە دەتوانین بە قانونێك بڵێین ئەوە ئەگەر ببێتە بەدیل بۆ خەرجییەکانی پێشتر، نابێت ببێتە بەدیل بۆ خەرجییەکانی پێشتر کە لە بودجەکە داندراوە؟ ئەو کاتە پێم وایە مەعالەجەی دەکاتن بەس بەبڕگەیەکی قانونی زیادی بکەین ئەو ئیستقتاعەتانە جارێکی دیکە نەبێتە بەدیل بۆ خەرجییەکانی پێشتر پێم وایە مەعالەجە دەکرێ و پێم وایە کەسیش گوێی لێنە بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەست دەکەم موناقەشەیەك هەیە، و، لێك تێنەگەیشتنێك هەیە، بۆ عیلاجی ئەو موزوعە  من داوا دەکەم سەرۆکایەتی پەرلەمان پێشنیازی دواخستنی جەلسەکە دەکەم بۆ نیو سەعات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز أسماعیل/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەوە بە قسەت دەکەین جەلسەکە هەڵدەگرین تا سەعات (04:30) چوار و نیوی پاش نیوەڕۆ بەخواتان دەسپێرم، سوپاس.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د.أرسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئینشاڵلا کەمێك ئیسراحەتتان کردووە و سەر و دڵتان خۆشتر بووە، بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆکان، لێژنەی هاوبەش فەرموون بۆ شوێنی خۆتان، لیژنەی یاسایی ئەو ماددەیە زۆر موناقەشەمان لەسەر کرد، ماوەیەکی زۆری خایاند، ئێستا ئاخیر صیاغە بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەوەی پەرلەمان ماددەیەکی پەسند کرد بەوەی کە ڕێژەیەك، بڕێك پارە لە هەر سێ سەرۆکایەتی و وەزارەتەکان و ئەنجومەنی وەزیران دوای بەدەرکردنی قەرەبوو کردنەوەی فەرمانبەران ئەو ماددەیە پەسند کرا، بڕە پارەکە تەرخان کرا بۆ چەند بابەتێك، ئەو ماددەیە کۆتایی پێ هات، بەڵام لە ڕاپۆرتە هاوبەشەکە باس لە چەند تەخصیصاتێك کرابوو، کە لەو بڕە پارەیە نەبوو کە کەم کراوەتەوە لە بودجەی ئەنجومەنی وەزیران و هەر سێ سەرۆکایەتی و وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی کە نەلکاون بە وەزارەت، بەڵام پێشنیاری زۆربەی زۆری ئەندامانی پەرلەمان ئەوەبوو، لەبەر ئەوەی لە خشتەیەکی هاوپێچ کە لەلایەن حکومەت

پێشکەش بە پەرلەمان کراوە، کۆمەڵێك پرۆژە تەخصیصاتی بۆ دانراپە، پێویست ناکات دووبارە لە ناو یاساکە باس بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی کە چەند خاڵێکە ئێمە نایدەینە دەنگدان و پێویست ناکات، لەبەر ئەوەی تەخصیصاتی بۆ کراوە، لە خشتەی بودجەدا هاتووە، نایێتە ناو قانونەکە بە دەقی یاسایی، ئێستا ئەو دوو ماددەی کە لە ڕاپۆرتە هاوبەشەکە هاتووە، یەك لەو ماددانە:

(على مجلس الوزراء إصدار الأنظمة و التعليمات التي تسهل تطبيق مبدأ اللامركزية عند تمويل الوزارات وفق الصلاحيات الواردة في هذا القانون)

**بەڕێز د.أرسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە؟ کێ لەگەڵدا نیە؟ بە کۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەیەکی تر:

(على مجلس الوزراء إعداد و إصدار نظام واحد لمخصصات الموظفين العاملين في دوائر الإقليم بهدف تحقيق الموضوعية و التوازن و العدالة).

**بەڕێز د.أرسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان ئەوە ئیتیفاقی لەسەر کراوە، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکەم لەسەر ئەوەیە، یەعنی گرفتم نیە لەوەی کە ئیتیفاق لەسەر ئەوە کراوە، بەڵام لە موخەصەصاتی موەزەفین دا کێشەیەك هەیە کە حەقە ئەگەر ئەم نوقتەیە جێگەی بێ، ئەگەر د.ڕۆژان و کاك عەونی لێرەدا بزانن جێگەی دەبێتەوە یان ئیزافەی بکەین بۆ سەر ئەوانە، ئێمە لە موخەصەصاتی موەزەفین دا بە تایبەتی کە پار لە بودجەی پار دا بڕیارێکمان دەرکرد بە کۆی دەنگ کە موخەصەصات هاوتا بکرێتەوە لەگەڵ ئەو موخەصەصاتەی کە لە عیراق دا هەیە، هەتاکو ئێستاشی پێوە بێ، لەو هاوتا کردنەوەیەدا حکومەت هەندێکی هاوتا نەکردۆتەوە، قەرزاری هەندێکیشە، بە نموونە ئەگەر موەزەفینی فەرمانبەرەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی بێنینەوە، ئەوانەی کە بڵێین موەزەفی چاکسازییەکانن، ڕاستە بۆیان هاوتا کرایەوە، بەڵام کاتێك بۆیان هاوتا کرایەوە کە ساڵەکەی پار هەمووی نەبوو، لەم ساڵەوە بۆیان حیساب کرا، کە ساڵی پار ئەوان لە پارەوە داوایان کردبوو وەزارەت جەوابی نەدابوونەوە، جگە لەوانەی کە ئێمە لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی قسەمان کرد، کۆمەڵێ خەڵك هەبووە بە نموونە لە 2003 هەتاکو 2008

موەزەفێکی ئیعتیادی بووە، دوایی بووە بە بەڕێوەبەری تەنفیزی، ئەوان یەکسەر بە پێی ئەو تەعلیماتەی کە هەیە، چونکە تەوزیحی پێ نەدراوە، موخەصەصاتەکە بلێین تەعدیلەکە نایانگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شڤان، فەرموو.

**بەڕێز شڤان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم باشە ئەو لیژنەیە شتێك بە نەزەر بگرێت، ئێمە خصوصیەتی خۆمان وەکو کوردستان بپارێزین، شەرت نیە ئێمە هەموو موخەصەصاتێك کە لە بەغدا کە ناتوانن هیچ مەشروعێك، خزمەتگوزارییەك بۆ خەڵکی عیراق دابین بکەن، هەموو بکەن موخەصەصات و ڕەواتب و ئیمکانات بخەنە بەردەستی موەزەفین، ئێمە ئیحتیمال دەرحەقی ئەو وەزعە نایێن، ئێمە خصوصیەتی خۆمان وەکو کوردستان بپارێزین، شەرت نیە هەموو موخەصەصاتێك لە بەغدا دەربچێت هاوشان بێت لە کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.أرسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من تێبینیم لەسەر ئەو تەعقیبەی خوشکە ڕۆژان هەیە، بە نیسبەت ئێمە لەو کۆبوونەوە هاوبەشە کە هەردوو لیژنە واژوویان لەسەر کردووە، نوێنەرایەتی فراکسیۆنەکانیش، من دەقەکە دەخوێنمەوە، دووبارە بە ئیجازەی جەنابتانەوە، دەڵێ/ بڕینی ڕێژەیەك لە بودجەی تەشغیلی و تەرخان کردنی بۆ بواری جیا جیای تر، ئەوە بەڕێز کاك د.عمر نورەدینی و جەماعەت دەزانن کە مەبەستمان لەوە ئەو هاوپێچەیە کە بڕیاری لەسەر دراوە، جا ئەگەر هەر بڕیار ئەوە بێ کە لە وەرەقەکەی حکومەت دا هاتووە، کەواتە ئێمە هیچمان نەکردووە، دوو ڕۆژە ئەو هەموو موناقەشەیە کراوە، باس لەوە بوو کە ئەوانە، ئەوە کێ؟ من پرسیار دەکەم ئەگەر 15 کەس ئەوەیان واژوو کردووە، ئەگەر مەبەست هەر ئەوە نەبێ کە لەسەری ڕێککەوتووین، هەر ئەوە بێ کە لە حکومەتەوە هاتووە، مانای ئەوەیە ئێمە هیچمان نەکردووە.

**بەڕێز د.أرسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ پشتگیریم بۆ هاوڕێم پەیمان خان، پێویستە بچینەوە سەر ئەوەی کە هەموو مووچە و دەرماڵەی هەرێم هاوتا بکرێ لەگەڵ مەرکەزدا، چونکە ئێمە بەشێکین لە دەوڵەتی عیراقی، ناکرێ ئەوان موخەصەصاتێ بدەن، ئێمە نەیدەین، بۆ نموونە من چەند جار سەردانی بەڕێز وەزیری داراییم کردووە

لەسەر دەرماڵەی فەرمانبەرانی کارەبا، کە لەوێوە دەرماڵەی مەترسییان هەیە، لێرە نایاندرێتێ، هەروەها دەرماڵەی توێژەری کۆمەڵایەتی، بە مەرجێك هیچ دەرماڵەیەك لێرە نەبڕدرێت، چونکە هەندێ دەرماڵە هەیە من گومانم هەیە ئەم نەصە بۆ ئەوە بێ، هەندێ دەرماڵە ببڕدرێت، بۆیە ئێمە ئەو نەصەی کە پار نووسیومانە، مووچە و دەرماڵەی هەرێم هاوتا بکرێ لەگەڵ مەرکەز، بە مەرجێك هیچ دەرماڵەیەك کەم نەکرێتەوە، ئەوەی کە پێشتر دراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من تەعقیبێك بوو لەسەر قسەکانی کاك عمر، ئێمە ئەو نەسەمان تێپەڕاند زیادەکانمان تەرخان کرد بۆ کۆمەڵێك بوار کە هیچی لە حکومەتدا نەهاتووە، ئەوەی د.ڕۆژان باسی کرد، ئەوانە یەکێکە لە حکومەت خۆی باس کراوە، رەبتی بە بڕینەکانەوە نیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە بڕینەکەو تەخسیس کردنەکەی، ئەو بوارانەی کە کرا لە ڕاستی هیچی لەناو پڕۆژەی بودجەو لەناو  جەداولی تەخسیساتدا نەبوو، کە ئێمە بۆمان تەرخان کردبوون، چ ئەوەی فوتابخانەکان، چ ئەوەی قەزا تەرحیل کراوەکان، چ بەرز کردنەوەی مووچە، چ بەخشینەکە، ئەوە هەمووی هیچی لەوەدا نەبووە کە حکومەت ویستوویەتی پێشنیاری بکات، بۆیە بڕینەکە تەواو بووە و تەرخان کراوە، ئەوەی تریش وەکو بەڕێزان تەوزیحیاندا ئەوەی کە حکومەت وەکو جەدوەل ناردویەتی، ئەوە دیارە مولزەمەو خۆی جێبەجێ دەبێ و پێویست ناکات بە دوو شێوە مەسەلەن تیکرار ببێتەوە، سەبارەت بەم ماددەیەی کە خوێندرایەوە، ئەوەی کە پەیوەندی بە دەرماڵەوە هەیە، لەناو هۆڵی پەرلەمانیش لەکاتی کۆبوونەوەی هەردوو لیژنە، بە تەفاسیل و بە وردی بە فرە لایەنە قسە لەسەر دەرماڵە کرا، کە لێرە لە هەرێمی کوردستان جۆرێك لە ئالۆزی و ئیشکالیەتی تێدا هەیە، مەسەلەن بۆ دەرچوانی یاسا، بە هەندێکی دەدرێت و بە هەندێکی نادرێت، بۆ هەندێکی زیاترە بۆ هەندێکی کەمترە، هەندێ چین و توێژ هەر پێیان نادرێ و داواکاریان هەیە، هەروەها لە نێوان ئێرەو بەغداشدا بۆ ڕێکخستنی ئەم لیژنەیە ئەرکی ئەوەیە، هەموو ئەو ئالۆزیانە هەموو ئەو کێشانە لەناو هەرێم و لەگەڵ بەغدا چارەسەر بکات بە مەبەستی ئەوەی بەشێوەیەکی مەوزوعی و عەدالەت خوازی و تەوازون پێداچوونەوە بکات,

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کەسی تر تکایە داوای قسە کردن نەکات، کاک حەمە سعید، کاک عمر هەورامی، د.احمد، سیوەیل خان، فەرموو کاک حەمە سەعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەم بۆ پشتگیری و هەم بۆ تەوزیحی قسەکەی مامۆستا عمر، ئەمە لەم قائیمەیەی حکومەت وەکو پێش نیوەڕۆ کە یەکلا نەبوویەوە بۆیە دوامان خست، کە ئەو مەسەلەیە یەکلا بکەینەوە، سندوقی ئیسکان، هەیئەی ئیستیسمار، گەڕاوەکانی تورکیاو ئێران، مەناتقی موتەنازع عەلەیها، تواناسازی، لێرە هەیە ئێمە دیسان لەوێش ئەو چوار سەدو هەشتاو شەش ملیار دینارەی کە ئیستیقتاعی دەکەین لەوێش مەبلەغی..، کەواتە دووجار مەبلەغی بۆ تەخسیس دەکرێت، ئەوەتا لێرە هەیە، زەحمەت نەبێ ئەگەر ئەڵێیت ئەوە لەناو قانونەکە بۆ ئەوەی بە قانون ئەو مەبلەغی دابنێین، ئەی خۆی دوانزە خشتەیە بۆ بە شەشەکەی تر نایکەی، با شەشەکەی تریش بخەینە قائیمەوە، ئەوە خاڵێك، خاڵێکی تر، ئێمە لە پڕۆژە یاسای ساڵی 2010 و 2011 بە دوو مادده وتوومانە پێویستە ڕەواتب و موخەسەساتی هەرێم لەگەڵ بەغدا یەکسان بێ، ئیتر چۆن ئێمە لە بودجە دیاریمان کردووە و لە مسوەدەکەی ئەمسالیش تیایەتی، لەبەر ئەوە ئەبێ یەکسان بێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عمر هەورامی فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها بۆ ڕوونکردنەوە، ئێمە دەنگمان لەسەر چی دا؟، دەنگمان لەسەر ئەوەدا کە نسبەی لە 20٪ی موازەنەی تەشغیلی هەرسێ سەرۆکایەتیەکە، بێجگە لە قەرەبووی فەرمانبەران ببڕدرێت، بدرێت بە وەزارەتی سەحە و سیاحەو دەعمی ریازە، ئەمە یەکێك بوو لەو خاڵانەی کە لەسەری ڕێك کەوتبووین لەناوموازەنەکە نیە، ئەمە خاڵی یەکەم، ئەمە تەنها بۆ ڕوونکردنەوە بۆ مامۆستا عمر، ئەمە یەکێکە لەو خاڵانەی کە تەحقیقمان کرد لەناو ئەسلی مەشروعەکە نەبوو، خاڵی دووەم، ئەوەی کە وتمان لە 15٪ی موازەنەی تەشغیلی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان ببڕدرێت، کە نزیکەی چوار سەدو ئەوەندە ملیار دەکات، تەخسیس بکرێ بۆ چی؟، تەخسیس بکرێ بۆ: یەکەم/ 120 ملیار دینار بۆ بەردەوام بوونی حکومەت بۆ دروست کردنی قوتابخانە ئەمە 120 ملیار، ئەمە ڕۆیشت کە لەناو ئەسلی مەشروعی موازەنە نەبوو، ئەمە تەنها بۆ ڕوونکردنەوەیە بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە، خاڵی دووەم/100 ملیار دینار بۆ دەعمی ئەو مەشاریعانەی کە قەزاکانی تووشی کاول کاری و ڕاگواستن بوون، ئەمە 220 ملیار، ئەوەی

که دەنگی لەسەر دراوە، مینەحی چوار سەدو هەشتا هەزار دینار پێدانی 480 هەزار دینار بۆ هەموو ئەو فەرمانبەرانەی، خۆ تەنها یەك فەرمانبەرمان نیە، ئیمکانە 10هەزار و زیاتریش موەزەفین شمولی بکات، لە 1/1، هەتا 12/31حکومەتی هەرێمی کوردستان پێی پابەند دەبێ، چوار سەدو هەشتا هەزار دیناریان بداتێ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم ورتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا من پێموایە ئەوەی ئەو ئیشکالیەتەی دروست کردووە ئێمە لەو ماددەیەی کەوا زیادمان کرد ئەو مادده ئیزافیە، دەستنیشانمان کردووە ئەوەی کە لە فەقەرە یەك ئەبڕێ، لە هەرسێ سەرۆکایەتیەکە بێجگە لە ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکان، وتوومانە تەخسیس ئەکرێت بۆ وەزارەتی سەحەو بەلەدیە، بەڵام فەقەرەی دووەم و سێیەم، ئێمە دەستنیشانمان نەکردووە، ئەوەی کە لە مەجلسی وزەرا ئەبڕدرێت ئەوەی لە وەزارەتەکانی تر ئەبڕدرێت ماعەدا تەعویزاتی موەزەفین، دەستنیشانمان نەکردووە بۆ تەخسیساتەکەی بۆ چ جیهەتێکە، تەحدید نەکراوە، ئێمە لێرە لە ڕاستیدا پێویست بوو وەکو چۆن فەقەرەی یەکەممان تەحدید ئەکرد، لێرە ئەوەشمان تەحدید بکردبایە بۆ ئەوەی دەرکەوێ کە ئەوەی لێرە تەخفیفمان کردووەو دامان شکاندووە، بۆ ئەو جیهەتانەی دیکە دەست نیشانمان کردووە، ئەوە یەك، لیژنەی دارایش بۆ ئاگاداری جەنابتان کاك دکتۆر.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

وەقتت تەواو بوو، کاکی من تۆ موراعاتی وەقت بکە.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم ورتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی دارایی کۆمەڵێك پێشنیاریان لە ڕاپۆرتەکەی خۆیان ئامادە کردبوو، لەکاتی کۆبوونەوەکان بێجگە لە تەوسیات، کۆمەڵێك پێشنیاریش لەڕاستیدا، بۆ ئەوەی ئێمە لێرە موناقەشەی بکەین، دواتر ئەوەی کە ئەتواندرێ بخرێتە ناو یاساکەوە، بیخەینە ناوی بۆ ئەوەی ئەوانە دەست نیشان بکەین، من لەگەڵ ئەوەش بووم ئەوەی ......

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاتەکەت تەواو بوو، فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە منیش هاوڕام لەگەڵ ئەوەی موخەسەسات هاوتا بکرێ لەگەڵ فەرمانبەرانی عیراق، بەس بە مەرجێك پاریش لە پڕۆژە یاسای بودجە موناقەشەمان کرد، بەمەرجێك فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان زەرەرمەند نەبن، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یەك قسەی دیکەم هەیە، لە چاوپێکەوتنەکەی بەڕێز بریکاری وەزیری دارایی ئەو ڕۆژە باسم کرد مەجالتان نەدا، باسی لەوە کرد، پێمان خۆشە هاوتا بکرێ موخەسەساتی فەرمانبەرانی هەرێمی کورستان لەگەڵ هی عیراق، هاوتا بکرێ، تەنها موخەسەساتی زەوجیەو ئەولاد و شەهادە، بەلأم جاری وا هەیە لێرە فەرمانبەران یان مامۆستایانی ئێمە زەرەرمەند دەبن، ئێمە هاوتای بکەین، بەلأم زەرەرمەند دەبن، زەرەرمەند نەبن تێیدا لێیان ببڕێ ئەوە یەك، دوو، هەندێك لەمامۆستاو فەرمانبەرانی ئەوەی کۆلیژی لوبنانی- فەرەنسی، هەر لە هەرێمی کوردستان هەیە، بەشێك موخەسەساتەکەی وەردەگرن، بەشێکی تر بۆیان سەرف ناکات وەزارەتی دارایی، لەوانەیە د.ڕۆژانیش بزانی نموونەکمان هەیە لەسەر ئەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ، سۆزان خان و مامۆستا هەرسێك داوای نوقتەی نیزام دەکەن، دە کەس قسەی کردووە ئێستا، نوقتەی نیزام بدەم بەئێوە، نوقتەی نیزام بدەم بە ئەوانی تریش، دوو ڕەئی هەیە سێ ڕەئی هەیە با سیاغەی بکەینەوە بیخەینە دەنگەوە، خۆ ناکرێ ئێمە دوو ڕۆژ دانیشتووین سیاغە کراوەتەوە، دیسان دە کەس، پانزە کەسی تر قسە بکاتەوە، فەرموو سیاغەکە بکەن دەیخەینە دەنگەوە، لیژنەی قانونی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

على مجلس الوزراء اعداد واصدار نظام واحد لمخصصات الموظفين العاملين في دوائر الاقليم ، بهدف تحقيق الموضوعية و التوازن و العدالة.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تالەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی موخەسەساتەوە، ئێمە هەتاوەکو ئێستا ئەوەی هاتبێ کەوا پێمان زانیبێت و بۆمان هاتووە و داوا کرابێ، وەکو بەغدامان لێی کردووە، ئاخیر موعامەلە کە هاتۆتە وەزارەتی دارایی، کارمەندانی ئیداری وەزارەتی تەندروستی بووە کردوومانە، بەنیسبەتی موخەسەساتەوە، ئەنجومەنی وەزیران لیژنەیەکی پێك هێناوە بۆ یەکسان کردنی موخەسەسات، هەموو کوردستان وەکو یەکی لێ بکرێت، وەکو بەغداشی لێ بکرێت، لیژنەکە هەفتەی داهاتوو بە تەواوی دەست بەکاردەبێ، داواش کراوە پەرلەمانیشی لەگەڵدابێ، بە

نووسراوی ڕەسمی داوا لە پەرلەمانی بەڕێز کراوە، بۆ ئەوەی ئەو نوێنەری خۆی بنێرێ بۆ ئاگاداری لەو مەوزوعە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دوا سیاغە بخوێنەوە تکایە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای وەرگرتنی پێشنیاری ئەندامان، پێشنیار دەکەین کە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، ماددەیەکی نوێیە:

أ-على الحكومه اعداد واصدار نظام واحد لمخصصات الموظفين العاملين في دوائر الاقليم ، بهدف تحقيق الموضوعية و التوازن و العدالة.

ب-تحقيق المساواة بين مخصصات الموظفين العاملين في الاقليم مع اقرانهم من العاملين في الحكومة الاتحادية، على ان لا يؤدي ذلك الى انقاص مخصصاتهم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، بەکۆی دەنگ پەسەند کرا، موبارەکە ئینشائەڵلاّ، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددانەی پێشنیار کرابوون لە ڕاپۆرتی هاوبەش کۆتایی پێهات ئێستا دەگەڕێینەوە ئەسلی پڕۆژە یاساکە کە لە لایەن حکومەت پێشکەش کراوە، گەیشتبووینە ماددەی شەشەم کە لە پڕۆژەکەدا هاتووە، ڕیزبەندی ماددەکان دوایی تەخویل دەکرێن، لیژنەی قانونی و دارایی تەخویل کراین، بەوەی ڕیزبەندی بڕگەو بەندو ماددەکان دواتر ڕێك بخرێن، ئێستا ماددەی شەشەم لە ئەسلی پڕۆژە یاساکە لە لایەن حکومەتەوە پێشکەش کراوە.

المادة السادسة:

اولاً: يتم الصرف من اعتمادات الحسابات الرئيسية المنح، الاعانات، النفقات الرأس مالية ضمن الموازنة اقليم كوردستان-العراق من قبل وزارة المالية والاقتصاد.

ثانياً: لمجلس الوزراء تخويل الوزراء ورؤساء الجهات الغير مرتبطة بالوزارة و وكلاء الوزارات و مدراء العامون، ورؤساء الوحدات الادارية، صلاحيات الصرف مباشرةً في ضوء التخصيصات المعتمدة ضمن الموازنه السنوية ويتم ذلك وفق قرار المجلس الصادرة لهذا الغرض وللمجلس اعادة النظر في الصلاحيات المخولة وفق مقتضيات المصلحة العامة وتطبيق مبدأ اللامركزية.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشی سێیەم: دەسەڵات پێدانەکان (الصلاحيات)

ماددەی شەشەم: کە دەبێتە حەوتەم.

یەکەم: سەرف کردن لە متمانە ئیعتیماداتەکانی حیساباتی سەرەکی بەخشینەکان، کۆمەڵەکان، خەرجیەکانی سەرمایەداری، لەناو بودجەی هەرێمی کوردستان-عیراق لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووریەوە دەبێت.

دووەم: ئەنجومەنی وەزیران دەتوانێ دەسەڵاتی سەرف کردن ڕاستەوخۆ بدات بە وەزیرەکان و سەرۆکی لایەنەکانی گرێ نەدراوە  بە وەزارەتەوە وەکیلی وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرە گشتیەکان و سەرۆکی یەکە ئیداریەکان، لەبەر ڕۆشنایی تەرخانە متمانە پێ کراوەکان لە ناو بودجەی ساڵانەیاندا، ئەمەش بە بڕیارێکی ئەنجومەن دەبێ کە بۆ ئەم مەبەستە دەرچوبێ، ئەنجومەنیش دەتوانێ چاو بەو دەسەڵاتە بەخشینەدا بخشێنێتەوە بەپێی بەرژەوەندی گشتی و پرەنسیپی لامەرکەزی پیادە بکات.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش هیچ تێبینیتان هەیە لەسەر ئەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەردوو لیژنە پشتگیری ماددەکە دەکەین وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ناو دەنووسم کێ..، فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمەی پەیوەندی بە لیژنە هاوبەشەکە بوو تەواو، ئێستا ئێمە ڕاپۆرتی لیژنەی یاساییمان هەیە، ڕەئیمان داوە پێویستە رەئی لیژنەی یاسایی ئیعتیباری بۆ بکرێت، نەخێر ڕاپۆرتمان هەیە، خۆیان ئەزانن.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئێمە لە پێش ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتە هاوبەشە لە لیژنەی کاروباری یاسایی بە حوکمی ئەوەی ئەو پرۆژە یاسایە ئاراستەی لیژنەی یاسایی کرابوو، بەڵام ئەمانە هەموو دەسەڵاتی کارگێڕینە لە ڕاپۆرتە هاوبەشەکە ئاماژەمان پێی نەکردبوو، ئێستا کە ڕاپۆرتی هاوبەش هات، ڕاپۆرتی لیژنەی یاسای دەوری نەما، لەبەر ئەوە ئیشارتمان پێی نەدا، کە ماددەکە وەکو خۆی پشتگیری لێدەکەین، ئەگەر چ پێشنیاریش هەبوو ئەندامان کە پێشنیاریان کرد، دواتر دیراسە دەکەین لە لایەن هەردوو لیژنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا من ڕێگا ئەدەم ئەوەی تێبینی هەیە با قسەی خۆی بکات، احمد وەرتی، جمال طاهر، ڕێباز فتاح، کاردۆ محمد، سەرهەنگ فەرەج، دڵشاد حسین، نەریمان عبدالله، نەسرین جمال، عظیمة نجم الدین، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، فەرموو د.احمد.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا ئەبێ ئەوە بڵێین ئێمە دوای ئەوەی ئەو شتانەی کەهاوبەش بووەو ڕێکەوتنی لەسەر کراوە، کە تەواو بوو ئەوەی تر ڕای هەردوو لیژنەی دارایی و یاسایی بەپێی ڕاپۆرتەکانیان، پار ئێمە بەو شێوەیە تەعامولیمان لەگەڵ پڕۆژە یاسایەکە کرد، بۆیە لێرە لەسەر ئەو ماددەیە دوو ڕەئی هەبوو لە لیژنەی یاسایی، حەز دەکەم ئەگەر لیژنەی یاسایی بە نەزەری ئیعتیبار وەربگرێ، چونکە ئەوە ڕاپۆرتی هاوبەش نیە، من لێرە پشتیوانی لە ڕەئی یەکەم دەکەم، حەز دەکەم ئەگەر لیژنەی یاسایی ڕەئیەکە بخوێنێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک جمال فەرموو.

**بەڕێزجمال طاهر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنیا مولاحەزەم لەخاڵی دووەمە، دەڵێت (لمجلس الوزراء) پێم باشە بکرێت (علی مجلس الوزراء) چونەکە ئەگەر (لە) بکەین ئیحتیمالە ئەیکات، ئیحتیمالە نایکات، بکرێت (علی مجلس الوزراء تخویل الوزراء.....الخ) پاش (الموازنە السنویة ویتم ذلك وفق قرار المجلس الصادر لهذا الغرض) یەعنی چ قەراری مەجلس(لهذا الغرض) نازانم ئەو جوملە لێرە جێگەی نیە، بۆیە باشتر دەبینم (علی مجلس الوزراء تخویل الوزراء ورؤساء الجهات المرتبطة بالوزارة ووكلاء الوزارات والمدراء العامون ورؤساء والوحدات الادارية الی الموازنة السنوية) ئەو جوملە لابدرێت (ویتم ) لابدرێت (وللمجلس اعادة النظر في الصلاحيات المخولة .....الخ) سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فەتاح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی من لەسەر ئەو لامەرکەزیەیە کە هاتووە، لە ڕاستی لێرە کە بڕیارمان داوە بۆ هەر وەزارەتێك کە بودجە دیاری بکەین، دەسەڵاتی سەرف کردنی ئەو بودجەیە وەزیرەکە ئەو وەزیرە خۆی بێ، نەوەك وەزیرەکە بگەڕێتەوە ئەنجومەنی وەزیران دواتر ئەنجومەنی وەزیران داوا لە وەزارەتی دارایی بکات، ئەوە ڕۆتینێکی زۆر دروست دەکات، کێشەیەکی گەورە بۆ وەزیرەکان و وەزارەتەکانیش دروست کردووە، لەبەر

ئەوەی دەبێ ئێمە وەزیرەکان وەکو هەقیقی سەیری بکەین، نەوەك تەنها وەزیری شكلی بن و دەسەڵاتەكان لە لای ئەوان، ئەمە تەنها بەوە چارەسەر نابێ کە بڵێین وەزیر دەسەلاتی سەرف کردنی 20 ملیۆن یان 50 ملیۆنی هەیە، ئەم بودجەیە هی ئەو وەزارەتەیە ئەم وەزارەتە سیاسەتی وەزارەتەکەی خۆی ئەزانێت چۆن سەرفی ئەکات، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەم دەسەلاتە لە لای وەزیر خۆی بێ نەوەك ئەنجومەنی وەزیران ئەو دەسەڵاتەی پێ بدات.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك کاردۆ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هەموومان پێمان وایە موتەفقین لەسەر ئەوەی کە سیستەمی لا مەرکەزی پەیڕەو بکرێ، یەکێك لە موشکیلە گەورەکانی وڵاتی ئێمە، بەڕێوەبردنی وڵاتی ئێمە ئەم سیستەمی مەرکەزیەیە بۆ بچووکترین شت، ڕاستە تەخسیساتەکە دەکرێ، بەس لە دەسەڵاتی وەزارەتەکان نیە هیچ شتێك بکەن بەبێ موافەقەتی وەزارەتی دارایی، لەبەر ئەوە ئێمە لە لیژنەی یاسایی ئەم ڕایە هەبوو کە پێویستە دەسەڵاتەکە بدرێتەوە وەزارەتەکان بۆ تەخسیساتی خۆیان سەرفی بکەن، پێویست ناکات بگەڕێنەوە وەزارەتی دارایی، ڕایەکەشم لایە کەبە چ شێوەیەك بێ، خزمەتی بەڕێوەبردنی ئێمە دەکات، پرەنسیپی لامەرکەزیەت دەکات، چونکە زۆرجار متمانەکانی کە پەیوەندی بە مووچە و کەل و پەل خزمەت گوزاری باربووی بەرژەوەندیە کۆمەلایەتیەکان، بەخشیش و خەرجیەکانی تر، هەمووی گیر دەخوات لە وەزارەتی دارایی و ئەو تەخسیساتەشە لە کۆتایی ساڵ جێبەجێ ناکرێ، بۆیە تەئکید دەکەمەوە بۆ جێبەجێ کردنی لامەرکەزیەت، پێویستە ئەم ڕایە پەسەند بکرێ نەوەك ئەو ڕایەی کە لە ماددەکە هاتووە، ئەگەر پێشتان باشە دەیخوێنمەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماوەی ڕابردوو هەموو ئەندامە بەڕێزەکان کە قسەیان کرد، رەئیەك هەبوو بۆ دیفاع کردن لە لامەرکەزیەت، من دووپاتی ئەو رەئە ئەکەمەوە بەڕاستی، ئێمە ئەبێ بە قانون لە نێو ئەو قانونی موازەنە مەسەلەی لامەرکەزیەتی دارایی بچەسپێنین بەڕاستی، بۆ ئەوەی ئەو وەزارەتانە دەسەڵاتیان هەبێ، من پشتیوانی ئەو ئیقتیراحەی کاك کاردۆ و برادەران دەکەم کە کردیان ئەوەی د.ڕێباز، ئێمە دەسەڵاتی سەرفی ئەو پارانە بدەینەوە بە وەزارەتەکان، بۆ ئەوەی ئەو پارانە خۆیان سەرفی بکەن لە لای خۆیان بێ، لە حاڵەتی سەرنەگرتنی ئەم پێشنیازە من پشتیوانی لەو پێشنیازە دەکەم کە کاك جمال کردی، کە بکرێت

(على مجلس الوزراء) هەتا ئەو بڕگەیەی کە ئەڵێت(فى ضوء التخصيصات المعتمدة ضمن الموازنه السنوية ) لەدوای ئەوە ببڕێ، ئەو بڕگەیەی لێ بکرێتەوە، ئەوە تێبینیەکانی من بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرمووو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا منیش پشتگیری لەو ڕایە دەکەم کە مەبدەئی لامەرکەزی تا پێمان بکرێت و تا مومکین بێ دایبەزێنین، بەڕاستی بەوە نابێ کە چەندی پیا هەڵدەدەین لامەرکەزیەت، ئایا دەتوانین چەنێکی بە فیعلی بدەین، بۆیە من پشتگیری لەو ڕایەی کاك جمال دەکەم، (على مجلس الوزراء) ئەتوانێ بیدات یان نەیدات، ئەمە لەمپەرێکە، دوو لە کۆتایی دا ئەڵێ ( مجلس اعادة النظر في الصلاحيات المخولة) کەواتە ئەمە بەڕاستی دوورکەوتنەوەیە لە لامەرکەزیەت، بۆیە من پشتیگیری لەو ڕایە دەکەم کە بکرێتە (على مجلس) فەرزی بکەین بەسەری ئەو دەسەڵاتە، بۆچی؟، لەبەر ئەوە هەر ئەو وەزارەتە خۆی ئەو پرۆژانەی کە هێناویەتی میزانیەمان بۆ موافەقەت کردووە، پاشان هاتۆتە وەزارەتی تەختیت، وەزارەتی دارایی ڕەزامەندی لەسەر داوە، دێتە پەرلەمان ڕەزامەندی لەسەر دەدرێت بۆ ئەو وەزارەتە، یەعنی چ مانایەك دەگەیەنێ ئێمە دەستی وەزیرەکە ببەستینەوە کە ئەم هەموو موافەقەتانەی وەرگرتووە کە لە دەسەڵاتی وەزارەتەکە ئەبێ، بۆ ئەوەی لە ڕۆتیناتیش ڕزگارمان بێ، هەقە ئەو بودجەیە لە حیسابێکی بانکی خۆیا دایبنێ، خۆشی ڕاستەوخۆ لێی سەرف بکات، ئەوە ڕێگری لەوە ناکات لە ژێر چاودێری دارایی و وەزارەتی دارایی بێ، بۆیە من پشتگیری لەو ڕایە دەکەم کە فەرز بکرێ، ئەو دەسەڵاتە بدرێ بە وەزارەتەکان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

نەسرین خان فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەشی یەکەمی قسەکانی من کاك جمال کردی، بەشی دووەمیش کاك ڕێباز ئاماژەی پێدا، بۆ پشتیوانی قسەکەی کاك ڕێبازو کاك کاردۆ ئێمە نموونەشمان لەبەر دەست دایە بۆ ئەو حاڵەتانەی کە دەسەڵاتێك ئەدرێ بە وەزیرێك بۆ چۆنیەتی سەرف کردن، بەڵام ڕۆتینات کە بگەڕێتەوە بۆ لای وەزارەتی مالیە،

هەندێجار لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی خوارەوە لەوانەیە ڕۆتینات زیاتر بێ، یەعنی کێشەکە نەگەڕێتەوە بۆ وەزیری دارایی، بەڵام لەوانەیە لە ئاستەکانی خوارەوە ڕۆتینات دروست بێ، ئەمە وای لێ ئەکات ئەو گوژمە پارانەی کە بۆ ئیعانات و قەرزەکان بێ دوا بکەوێ، بۆیە من پشتیوانی لە ڕەئیەکانی کاك ڕێباز و كاك کاردۆ دەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە تازە دەنگمان لەسەر مەبدەئی لامەرکەزیەت دا بە ماددەیەکی موستەقیل، دوو، لەکاتی گفتوگۆ کردنی پرۆژەی بودجە وەکو لیژنەی یاسای بە دوو ڕا هاتینە ناو مەوزوعەکە، ڕای زۆینە ئەوە بوو کە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ڕای دووەم، ئەوەبوو کە فەقەرەی یەکەم تەعدیل بکرێتەوە، تەعدیلەکەش بەم شێوەیە بێ:

يحصل الصرف من اعتمادات الحسابات الرئيسية النفقات الرواتب و السلع والخدمات والفوائد و المنافع الاجتماعية، المنح، الاعانات، المصروفات الاخرى ونفقات المشاريع المعتمدة ضمن الموازنة العامة للاقليم من قبل وزير المالية والاقتصاد وللوزير المختص رئيس الجهة غير مرتبطة بالوزارة اوالمحافظ او رئيس مجلس المحافظة صلاحيات الصرف مباشرةً في ضوء الاعتمادات المخصصة ضمن الموازنه السنوية وبالتنسيق مع وزارة المالية والاقتصاد.

ئەوە ڕای دووەم، بەڵام پاش ئەوەی کە هەردوو لیژنەی دارایی و یاسایی کۆبوونەوەیان ئەنجامدا، پێشنیار کرا لامەرکەزیەت بە ماددەیەکی موستەقیل بەو شێوەیە کە ئێستا دیاری کراوە، واتە ڕای دووەم پێویست ناکات زیادە، تەنها ماددەکە بە بۆچوونی ئێمە وەکو خۆی بمێنێتەوە، بە تایبەتی د.احمد لە لیژنەدا بوو، تازە ئەو پێشنیارەی تەئکید کردەوە، پشتگیری لەوەش دەکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان وایە ئەو پڕۆژەیە لە حکومەتەوە پێمان باشە چۆن هاتووە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئێمە ئەمانەوێ بەرەو مەبدەئی لامەرکەزیەت بڕۆین، بەس لە قۆناغی ئێستادا وەزارەتی مالیە یەکێکە لەو وەزارەتانەی کە تەنزیمی سیولە ئەکات، بەپێی ئەوەی کە ئەو دەفعاتی تەمویلەی کە بۆمان دێت لە حکومەتی ئیتیحادیەوە، تەقریبەن لە بەینی 30بۆ 36 بۆمان دێت، هەر وەزیری مالیەش ئێستا دەوری موحاسیبی حکومەت دەبینێ بەڕاستی، بەس لێرە لە دەرئەنجامی ئەو بڵێین کۆبوونەوانەی کە لیژنە بەڕێزەکان کردوویانە لەگەڵ وەزارەتەکان، وا دەرئەکەوێت گرفتی ڕۆتینیان هەیە لەگەڵ وەزارەتی دارایی، بەس تەنها لێرە داواکارین ئەگەر بکرێت، ئەگەر ڕۆتینێك هەبێ، گلیەییەکی ئەو وەزارەتانە هەبێ لە چۆنیەتی تەمویل لەم حساباتەدا، لە وەزارەتی داراییەوە ئەو ڕۆتینەیان بۆ کەم بکەنەوە، بەڵام لەکاتی ئێستا پێویستە جیهەتێك هەبێ تەنزیمی سیولە بکات، لەبەر ئەوەی ئەو سیولەیە بە دەفعات بۆمان دێت، ئەگەری سەرف کردنی لە مانگێك یان دوومانگ، دوایی بە قەد مانگەکانی تر ئەو سیولەیە نەمێنێ لەبەر دەستی ئەم وەزارەتە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر ڕوونکردنەوە.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو پەرلەمانتاران، زۆربەی هاوکارانیشم ئاماژە بەوە کرا کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مەسەلەی بەخشین دەست بە پارەوە بگرێت، وە زیادە ڕۆیی نەکات، ئەگەر تەماشا بکەین ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە بەخشینەوە ئەچێت بۆ کوێ، ئەچێت بۆ بانکەکانی بازرگانی، فرۆکەخانەکان، شارەوانیەکان و ڕێکخراوەکان، هەموو ئەم ئیجرائاتانە بۆ ئەوە ئەکرێت کە پارە بە زێدەڕۆیی نەڕوات، ئەوە یەك کە تایبەتە بە مینەح، وەکو لەناو ڕاپۆرتەکەش هاتووە، لەبەر ئەم ئیجرائاتانە ئەدرێتەوە بە وەزارەتی دارایی بۆ ئەوەی زیادەڕۆیی پێ نەکرێت، خاڵی دووەم، ئەوەی پەیوەندیدارە بە ئیعاناتەوە تەنها بۆ دوو شوێن دەست نیشان کراوە، یەکەمیان بۆ وەزارەتی زراعەیە، دووەمیان، بۆ ناوچە دابڕێنراوەکانە، ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە وەزارەتی زراعەوە، ئەگەر هاوکارانم تێبینی بکەن لە ماددەی نۆیەم، ئەم بابەتە چارەسەر

کراوە، لە بڕگەی چوارەم سەلاحیەت دراوە بە وەزیری زراعە بەتەنسیق لەگەڵ وەزیری دارایی، هەر کاتێك بیەوێ سەرف بکات سەرفی دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

دوا سیاغەتان، ئێستا ڕێگەی تۆ بدەم چوار کەسی تر قسە دەکات، لەبەر ئەوە ببورە ڕێگەی کەس نەدەین باشە، فەرموو یەك دەقە.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم بەڕێزانە زۆر باس لە کۆبوونەوەی لیژنەی هاوبەش دەکەن، ئەوە مەوزوعێك بوو ڕۆیشت، ڕاستە مەوزوعی لامەرکەزیەت وەکو مەبدەئێك چەسپێنراوە، بەڵام ئێمە باسی سەلاحیات دەکەین، ئەگەر ئەو لامەبدەئیە لە مەسەلەی سەلاحیات ئێمە وردی نەکەینەوە، بە قانون ڕێ و شوێنی بۆ دانەنێین، من پێموایە ئەوە نەسێکی مەبدەئیەو هیچ ئەزیەتێکی نابێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون دوا سیاغەتان لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەکە دوو ڕا هەیە، وەکو باسمان کرد، ڕای یەکەم دەڵێ وەکو خۆی بمێنێتەوە، ڕای دووەم ئەو پێشنیارانەیان کردووە، سەبارەت بڕگەی یەکەمی ماددەکە دوورە لە ئەسلی ماددەکە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ڕای دووەم بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ڕای دووەم بخوێنەوە، دەیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای دووەم سەبارەت بە بڕگەی یەکەمی ماددەکە،

يحصل الصرف من اعتمادات الحسابات الرئيسية لنفقات الرواتب و السلع والخدمات والفوائد و المنافع الاجتماعية (المنح، الاعانات، المصروفات الاخرى) ونفقات المشاريع المعتمدة ضمن الموازنة العامة للاقليم) من قبل وزير المالية والاقتصاد وللوزير المختص و رئيس الجهة غير مرتبطة بالوزارة اوالمحافظ او رئيس مجلس المحافظة صلاحيات الصرف مباشرةً في ضوء الاعتمادات المخصصة ضمن الموازنه السنوية وبالتنسيق مع وزارة المالية والاقتصاد.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو ڕەئیەی کاك عەنی خوێندیەوە کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 25 کەس لەگەڵدایە، سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، زۆرینەی لەگەڵدانیە، لەبەر ئەوە ئەو پێشنیارە قبوڵ نەکرا، فەرموو ڕەئیەکەی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای یەکەم وەکو خۆی بمێنێتەوە،

المادة السادسة:

اولاً: يتم الصرف من اعتمادات الحسابات الرئيسية المنح، الاعانات، النفقات الرأس مالية ضمن الموازنة اقليم كوردستان-العراق من قبل وزارة المالية والاقتصاد.

ثانياً: لمجلس الوزراء تخويل الوزراء ورؤساء الجهات الغير مرتبطة بوزارة و وكلاء الوزارات و المدراء العامون، ورؤساء الوحدات الادارية، صلاحيات الصرف مباشرةً في ضوء التخصيصات المعتمدة ضمن الموازنه السنوية ويتم ذلك وفق قرار المجلس الصادرة لهذا الغرض وللمجلس اعادة النظر في الصلاحيات المخولة وفق مقتضيات المصلحة العامة وتطبيق مبدأ اللامركزية.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە تکایە؟، سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 25لەگەڵدانیە، بە کۆی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة:

اولاً: لرئيس برلمان كوردستان-العراق اجراء المناقلة ضمن الاعتمادات الخاصة ببرلمان.

ثانياً: لرئيس مجلس القضاء في الاقليم اجراء المناقلة ضمن الاعتمادات الخاصة بمجلس القضاء.

ثالثاً: لوزير التخطيط وبناء على طلب الوزارة المعنية اجراء المناقلات اللازمة للمشاريع الاستثمارية ضمن الموازنة الاستثمارية لنفس الوزارة وفي حدود المحافظة الواحدة او القضاء الواحد واعلام وزارة المالية والاقتصاد بذلك.

رابعاً: لوزير المالية والاقتصاد وبالتنسيق مع وزارة التخطيط والوزارات المعنية اجراء المناقلات اللازمة للمشاريع الاستثمارية بين الوزارات وفي حدود المحافظة الواحدة او القضاء وضمن الموازنة الاستثمارية المصدقة.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی بیخوێنەوە.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی حەوتەم:**

**یەكەم: سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان بۆی هەیە كە موناقەلە لەناو متمانەكانی تایبەت بە پەرلەمان دا بكات.**

**دووەم: سەرۆكی ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمدا بۆی هەیە كە موناقەلە لەناو متمانەكانی تایبەت بە ئەنجومەنی دادوەریدا بكات.**

**سێیەم: وەزیری پلان دانان بۆی هەیە بە پشت بەستن بەداوای وەزارەتێكی دیاریكراو كە موناقەلەی پێویست لە پڕۆژەكانی وەبەرهێناندا بكات، لەناو بودجەی وەبەرهێنانی هەمان وەزارەت، لە سنووری یەك پارێزگا یان قەزادا لەناو بودجەی پەسەندكراودا.**

**چوارەم: وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پلان دانان و وەزارەتی مەعنی، موناقەلەی پێویست بۆ پڕۆژەكانی وەبەرهێنان بكات، لە نێوان وەزارەتەكاندا لەچوارچێوەی یەك پارێزگا یان قەزادا، لەناو بودجەی پەسەند كراودا.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە پشتگیری لە ماددەكە دەكەین، تەنها یەك تێبینیمان لەسەر بڕگەی سێیەمی ماددەكە هەیە، ئەویش زیاد كردنی لە سنووری یەك قەزا لە دوای (حدود المحافظة الواحدة او القضاء الواحد) واتە لە سنووری یەك پارێزگاش مافی ئەوەی هەبێ كەوا ئەو ڕێكارە یاساییە ئەنجام بدات، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ تێبینی هەیە؟ سەردار رشید، شلێر محمد نجیب، نەسرین جمال، دڵشاد حسین، سەرهەنگ فەرەج، شڤان احمد، پەیمان عبدالكریم، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، كاك سەردار فەرموو.**

**بەڕێز سەردار رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**من پێموایە دەسەڵات تەنها لای وەزیری تەختیت نەبێ،وەزارەتی مەعنی بۆی هەبێ موناقەلە بكات بە مەرجێك وەزارەتی تەختیت ئاگادار بكاتەوە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

**شلێرخان فەرموو.**

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەربەمان.**

بەنیسبەتی ماددەی حەوتەم سێهەم، ئەگەر بتوانین بیگۆڕین بەم شێوەیە بێ، ئەگەر لیژنەی یاسایی و ئەندامانی پەرلەمان بەدڵیان بێ، (لوزیر المختص او رئيس الجهة غير المرتبطة بوزارة صلاحية اجراء المناقلات اللازمة للمشاريع الاستثمارية ومنها ضمن الموازنة الاستثمارية الخاصة بجهة وفي حدود المحافظة الواحدة او القضاء وفق ضوابط المناقلات شريطة ابلاغ وزارة التخطيط و وزارة المالية والاقتصاد) وەزیر ئەو دەسەلأتەی هەبێ دوایی خۆی ئیعلانیان ئەکات، چونکە بەم ڕۆتینەی کە ئێستا هەیە، بەڕاستی وەزارەتەکان ناتوانن لە ماوەیەکی کەم بیکەن، دوای ئەوە ماددەیەکی تر زیاد بکرێت، (خامساً/ لوزير المالية والاقتصاد بالتنسيق مع وزارة التخطيط والمحافظة المعنية اجراء مناقلة المشاريع التى لم يتم المباشرة بها لمدة ستة اشهر او اكثر من تأريخ مصادقة الميزانية من قبل الوزارة المختصة او الجهة غير المرتبطة بوزارة الى المحافظة المعنية لغرض الاسراع بالمباشرة)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

نەسرین خان فەرمووو.

**بەڕێز نەسرین جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەنیسبەت ماددەی هەشتەوە من پێم باشە یەکەم (اولاً: لرئيس برلمان)ببێ بە (رئاسه برلمان کوردستان) چونکە ئەمە لەکاتی موناقەلە پێویست ئەکات، ئەگەر مەبدەئی لامەرکەزیەتیش پەسەند بکەین ئێمە، پێویست ئەکات هەرسێ سەرۆکایەتی ئاگاداری موناقەلەکە بن، لە خاڵی دووەم(ثانياً: لرئيس مجلس القضاء ) من باشە (لمجلس القضاء) بێ، دەکرێ بڕگەی سێ و بڕگەی چوار دەمج بکرێت، ئەگەر زۆر زەروریش نەبێ و زۆر پێویست نەبێ موناقەلە نەکرێت، ئەگەر موناقەلە کرا پەرلەمانی کوردستانی لێ ئاگادار بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەپێی ئەم ماددەیە لە ساڵانی پێشوو تەبعەن قەزاکان زەرەرێکی زۆریان لێ کەوتووە، کە ڕەئیسی وەحدەی ئیداری جاری وا هەبووە ئاگادار نەبووە پرۆژەکەی گوازراوەتەوە بۆ شوێنێکی تر، هەر بۆ نموونە مانگی پێشوو یەك قوتابخانە دەرچوو بەبێ ئەوەی ئاگایان لێی بێ نەقل کرابوو بۆ ناوچەی دوکان، بۆیە ئێمە ئەبێ قەزا لە وەحدەی قەزا ئەو دەسەلأتەی بدرێتێ، دەسەلأتی وەزیری تەختیت کەم بکرێتەوە، هەروەکو هاوکارم شلێرخان بوو وابزانم وتی، بەلأم بە موافەقەی مەجلسی موحافەزە، وە مەجلسی قەزاو، ڕەئیسی

وەحدەی ئیداری، یەعنی ئەبێ ئەوەی بۆ زیاد بکرێ، لە چوارەمیش(ضمن الموازنة الاستثمارية المصدقة.) بە ڕەزامەندی ئەنجومەنی پارێزگاو رەئیسی وەحدەی ئیداری لە چوارچێوەی قەزا، یەعنی بێ ئەوەی هەموو تەکمیلەی لامەرکەزیەتەکە بکرێت لە گواستنەوەی پڕۆژە ئیستیسماریەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیەکانی من لەسەر بڕگەی سێ و چوارە لەو ماددەیە، ئەوەی سێیەم کاك دڵشاد زۆر بەباشی تەرحی کرد، ئەوە رەئی منیشە، من ئیقتیراح ئەکەم چوارەم نەمێنێ، لەبەر یەك شت نەمێنێ، چونکە نووسراوە (رابعاً: لوزير المالية والاقتصاد وبالتنسيق مع وزارة التخطيط والوزارات المعنية اجراء المناقلات اللازمة للمشاريع الاستثمارية بين الوزارات) چونکە مومکینە لە وەزارەتێکی خەدەمیەوە مەشروعێك بگوازرێتەوە بۆ وەزارەتێك کە ئەوەندە زەرورەتی نەبێ، ئەگەر ئەمە بۆ نەفسی پڕۆژەکان بێ، ئەنجومەنی موحافەزە هەیە پارەی هەیە، ئەکرێ هەر خەلەلێك هەبێ لە جێگەیەك، لەوەزارەتێك، پڕۆژەی کەمتر بەرکەوتبێ بەو دوو پارەیە تەمویل بکرێ و پڕ بکرێتەوە، بۆیە من ئیقتیراح دەکەم چوارەم هەر نەمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی ئەو سیغەی کە شلێر خان باسی کرد لەگەڵ کاك سەردار دەکەم، هەقیقەتەن سیغەکە زۆر زۆر بەقوەت ترە، وە حەلی زۆر مەشاکیلمان بۆ دەکات، چونکە ئێمە لەو لیژنەی کە تێداینە لیژنەی ئاوەدانکردنەوە، دەزانین مەشاکیلەکانی ئەو موناقەلەیە چەند رۆتیناتێکی دروست بکات کردووە، بۆیە وەزیری موختەس پێم باشە ئەو دەسەڵاتەی هەبێ تەنسیق لەگەڵ وەزیری تەختیت بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ پشتگیری کردنم لە قسەکانی کاك دڵشاد، پێم باشە کاتێك کە ئەو موناقەلەیە ڕوو بدات بە لیستی هاوپێچ پەرلەمانی کوردستانی پێ ئاگادار بکرێتەوە، چونکە ئەو پڕۆژانە دەنگیان لەسەر دراوەو موناقەشە کراون، دوای ئەوە ڕاسپێردراوە، ئێمە کاتێك کە دەچین پڕۆژەکان بەسەر دەکەینەوە خەڵکی ئەو ناوچانە

گلەیی دەکەن کە ئەو پڕۆژانە بوونیان نیە، وەکو بلێین ئێمەش بەرچاومان ڕوون بێ، پێیان بلێین فلان پێویستی ئەو پڕۆژانە گواستنەوەیان بۆ کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زیاتر ئەم تەشریعە پەیوەندی هەیە بە پرۆسەی جێبەجێ كردنەوە، بەپێی بۆچوونی ئێمە حكومەت زیاتر لەو بابەتە شارەزاترە، ئەگەر جەنابی وەزیر كە ئەڵێ ئەو ماددەیە بمێنێتەوە ئەگەر هەندێ تەفاسیلیش بدات لەسەری، موبەریری مانەوەی، سوپاس.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەمەی كە ئێستا بەم شێوەیە هاتووە، ساڵانی ڕابردووی بەم شێوەیە ئێمە ئیشمان كردووە، زیاتر توانیومانە ئیشەكان بە باشی جێبەجێ بكەین، بە تایبەتی كە لە ماددەی چوار ئەوتری نەمێنێت مەسەلەن، ئەگەر هەر سێ وەزیر بەیەكەوە دابنیشن ئەو مەوازیعانە موناقەشە بكەن، من پێموایە ئەو وەختە زۆر لە سالحی ئیشەكە و خزمەتەكە ئەبێ، بەلام تەنها دەسەلاتی یەكێك بێ و یاخود لادانی ماددەكە ڕەنگ هەیە كەمتر دیراسە بۆ مەسەلەكە بكرێت، لێرە ئەوەیە ئیلا مەوزوع ئەوەنیە مەسئولیەتەكە لە مەسئولیەتی فلان بێ یاخود فلان بێ، ئەمە كە هاتووە لە عیراقیش بە هەمان شێوە تەقریبەن، بۆیە پێمان باشە وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دوا سیاغەتان بخوێننەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی حەوتەمی پڕۆژەكە.

المادة السابعة:

اولاً: لرئيس برلمان كوردستان-العراق اجراء المناقلة ضمن الاعتمادات الخاصة بالبرلمان.

**ثانياً: لرئيس مجلس القضاء في الاقليم اجراء مناقلة ضمن الاعتمادات الخاصة بمجلس القضاء.**

**ثالثاً: لوزير التخطيط وبناء على طلب الوزارة المعنية اجراء المناقلات اللازمة للمشاريع الاستثمارية ضمن الموازنة الاستثمارية لنفس الوزارة وفي حدود المحافظة الواحدة او القضاء الواحد واعلام وزارة المالية والاقتصاد بذلك.**

**رابعاً: لوزير المالية والاقتصاد وبالتنسيق مع وزارة التخطيط والوزارات المعنية اجراء المناقلات اللازمة للمشاريع الاستثمارية بين الوزارات وفي حدود المحافظة الواحدة او القضاء وضمن الموازنة الاستثمارية المصدقة.**

**بەڕێز د. ارسلان بايز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کێ لەگەڵدايە تکايە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 59 کەس لەگەڵدايە، کێ لەگەڵدانيە تکايە دەستی بەرز بکاتەوە؟20 کەس لەگەڵدانيە بە زۆرينەی دەنگ پەسەند کرا.**

**بەڕێز عونی کمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پێشنياری ليژنەی ياسايی زياد کرا.**

**بەڕێز د. ارسلان بايز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو بۆ ماددەيەکی تر.**

**بەڕێز عونی کمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثامنة من المشروع.**

**اولاً: لوزير المالية والاقتصاد صلاحية اجراء المناقلة بين اعتمادات الباب الواحد باستثناء فصل الرواتب، حيث يجوز النقل اليه ولايجوز النقل منه.**

**ثانياً: لوزير المالية والاقتصاد اجراء المناقلة بين اعتمادات ابواب الميزانية لاغراض توفير امكانية الصرف للادارات التى يتقرر ارتباطها من وزارة والحاقها بوزارة اخرى وللوزير المختص اجراء المناقلة ضمن القسم الواحد و وحدة الصرف الواحدة.**

**ثالثاً: لايجوز اجراء اي مناقلة ضمن تخصصات الاعمار وتنمية مشاريع الاقاليم والمحافظات بين المحافظات.**

**رابعاً: لايجوز اجراء المناقلة من نفقات المشاريع الرأس مالية (الموازنة الاستثمارية الى النفقات التشغيلية الموازنة الجارية)**

**خامساً: تستخدم الاعتمادات المصادق عليها في هذا القانون لغاية واحد و ثلاثين كانون الاول من 2012 وتقيد الايرادات المتحققة لغاية 2012/12/31 اما الايرادات المقبوضة بعد نهاية السنة المالية 2012 فتقيد ايراداً للموازنة العامة للسنة المالية 2012.**

**بەڕێز د. ارسلان بايز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون بە کوردیەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی هەشتەم:

یەکەم: وەزیری دارایی و ئابووری دەسەڵاتی هەیە موناقەلە لە نێوان متمانەکانی ئیعتماداتی یەك دەرو باب دا بکات جگە لە بەشی مووچەی نەبێ، دەکرێ بۆی بگوازرێتەوە، بەڵام نابێ لێی بگوازرێتەوە.

دووەم: وەزیری دارایی و ئابووری بۆی هەیە موناقەلە لە نێوان متمانەکانی ئیعتیماداتی دەروەکانی بودجە (ابواب الميزانيه) دا بکات بە مەبەستی دابین کردنی تواناکانی سەرف کردن بۆ ئەو ئیدارانە کە بڕیاری جیا کردنەوەیان دەدرێ لە وەزارەتێك و دەبەسترێتەوە بە وەزارەتێکی ترەوە، وەزیری پەیوەندیدار بۆی هەیە موناقەلە بەناو یەك بەشی یەکەیەکی سەف کردن دا بکات.

سێیەم: نابێ هیچ جۆرە موناقەلەیەك ئەنجام بدرێ لە بوارەکانی ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانی پڕۆژەکانی هەرێم وپارێزگاکان دا لە نێوان پارێزگاکاندا.

چوارەم: نابێ موناقەلە ئەنجام بدرێ لە خەرجی پرۆژە سەرمایەداریەکانی بودجەی وەبەرهێنانەوە بۆ خەرجیەکانی بەکاربردن بودجەی جاری.

پێنجەم: ئەو متمانانەی پەسەند دەکرێن لەم یاسایەدا بەکاردەهێندرێن تا 2012/12/31 وە ئەو داهاتانەی بەدەست دەهێندرێت، تا 2011/1/30 تۆمار دەکرێن، بەڵام داهاتە وەرگیراوەکان دوای کۆتایی ساڵی دارایی 2012 وەکو داهات بۆ بودجەی گشتی ساڵی دارایی 2013 تۆمار دەکرێن.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەین، تکایە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ئەگەر پێشنیاریان هەبوو بە پێی قانون تەعامولی لەگەڵدا دەکەین، ئەگەر سێ کەس پێشنیاری هەبوو دەیخەینە دەنگەوە، پەرلەمانتار هەقی خۆی هەیە قسە بکات، پێشنیارەکەی بخرێتە دەنگەوە، بۆیە تکا دەکەین ئێوە دوایی ورد بن بۆ ئەو مەسەلانە، ئێستا بۆ ئەم ماددەیە کێ دەیەوێ قسە بکات، فەرموو ڕای لیژنە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، ئێمە لە لیژنەی یاسایی دوو ڕامان هەبوو سەبارەت بەو ماددەیە، زۆرینە پشتگیریان لە ماددەکە دەکرد، بەڵام هەندێ ڕاو بۆچوون هەبوو لە ناو لیژنە لەگەڵ ئەوە بووین کە ئەو ماددە لە یاساکە نەمێنێ و ئیلغا بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لاپەڕەی 7ی راپۆرتمان تەماشا بکەن، کە چۆن نووسراوە؟، چونکە دیتم گلەییان کرد کەوا تەفاصیلەکە چۆن نووسراوە، بالنسبة للمادة الثامنة هناك رئيان بشأنها، الرأي الاول الاغلبية، تؤيد المادة، الرأي الثاني، يقترح الغاء المادة.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ناو دەنووسین، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، کوێستان خان، سیوەیل خان، کاك عبدالله مەلا نوری، کاك دڵشاد، سۆزان خان، کاك شوان و د.احمد و کاك عدنان، فەرموو کوێستان خان.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیاری ئەوە دەکەم دوو بڕگە زیاد بکرێ لەسەر ئەم ماددەیە، بڕگەیەکیان بەس لێژنەی یاسایی زەحمەت نەبێ بینووسن نەك تەئیدم هەبێ بۆ ئەوەی بیخەنە دەنگەوە، ئەشیاندەمێ بە نووسراو، بڕگەیەکیان ئەوە بێ کە ماددەی 33 لە بودجەی ساڵی 2011 تەسبیتمان کردووە، لە حاڵەتی خەرج نەکردنی پشتیوانی تەرخان کراو بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان لە کۆتایی ساڵی داراییدا، ئەوەی لێی ماوەتەوە حیسابێکی تایبەتی بە ناوی حیسابی تایبەتی پرۆژە بەردەوامەکان دادەنرێت، تەبعەن پار ئەوەمان تەسبیت کرد لەسەر پێشنیاری کاك دڵشاد شەهاب بوو، هەر چەندە وەزارەت ئیلتیزامی پێوە نەکرد و پارەکەی موناقەلە کرد بۆ بودجەی بەکاربەر، بۆیە من بڕگەی دواترم کە داوای ئەکەم، نازانم لێرە جێی ئەبێتەوە یان لە مادده خیتامیەکان کە ماددەیەکی عیقابی دابنرێت یان بڕگەیەکی عیقابی بۆ وەزیری دارایی کاتێك کە موناقەلە ئەکات لە بەینی بودجەی ئیستیسماری بۆ بودجەی بەکاربەر، ئەمە عقوبەیەك بدرێ، چونکە ئێمە هەموومان ئەزانین کە پار دوو ترلیۆن و دووسەد و نۆ ملیار دینار ماوەتەوە لە بودجەی وەربەرهێنان نەیخستووتە حیسابێکی تایبەتەوە، موناقەلەی پێکردووە بۆ بودجەی بەکاربەر، بۆیەئەگەر ئەم بڕگە سزایە هەبێت دڵنیام ئەبێ کە ردعێك بۆ ئەوەی کە بودجەی وەبەرهێنان بەکار نەییەت بۆ بودجەی بەکاربەر، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە ثالثا یەك پێشنیارم هەیە، ئەگەر صیاغەکەی بگۆڕدرێت، نووسراوە: لا يجوز اجراء اي مناقلة ضمن تخصصيات اعمار و تنمية مشاريع الاقاليم و المحافظات، بين المحافظات، هەندێك ناڕێکە، ئەگەر صیاغە بگۆڕدرێ بکرێتە ئەوەی: لا يجوز اجراء اي مناقلة بين المحافظات ضمن تخصيصات اعمار و

تنمية مشاريع المحافظات، اقاليميش لا ببەین لەبەر ئەوەی ئەمە یەك كەلیمەیە، و پشتیوانی لە ڕایەكەی كوێستان خانیش دەكەم و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

جگە لەوەی كە پشتیوانی لە ڕایەكەی كوێستان خان دەكەم، هاوكات منیش پێشنیار دەكەم لە لا یجوزەكە لا یجوزێكی زۆر ئاسنین و كۆنكرێتی بۆ ئیزافە بكرێ، دوایی ئەینێرم بۆ ئەم برادەرانە، نابێ موناقەلە ئەنجام بدرێ لە خەرجی پرۆژە سەرمایەدارییەكان و خەرجیەكانی بەكاربردن بۆ ئەنجومەنی ئاساییش، چونكە منیش لەگەڵ ئەوەم لێرە من هاوڕام لەگەڵ ئەوەی ئەم ئەنجومەنە ئەنجومەنێكی حیزبیە، پێویست ناكات لە بودجەو مووچەی خەڵكی بۆ تەرخان بكرێت، لەگەڵ ڕێزدا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەروەك بەڕێزتان ئەزانن ئەو ماددەیەی كە موناقەلە لە نێوان بودجەی وەبەرهێنان و بەكاربردن بۆ پڕكردنەوەی زیادە ڕۆیی عجز، وەزارەتی مالیە بەكاری هێناوە، منیش پێشنیار دەكەم ماددەیەك زیاد بكرێ، بۆ ئەوەی بودجەی وەبەرهێنان تەدویر بكرێ لە سندوقێك یان ڕەقەمێكی حیسابی تەدویر بكرێ، ئەبێ ماددەیەك زیاد بكرێ، بۆ ئەوەی حكومەت مولزەم بێ قاتیعەن بۆ ئەوەی ئەو پارەیە موناقەلەی پێ نەكرێت، لەكاتی موناقەلە پێ كردنی عیقابێكی بۆ دابندرێت، بۆ حكومەت و بۆ وەزارەت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شەهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من هاوڕام لەگەڵ ئەوەی وەزارەت ساڵی پار لەگەڵ دانانی ئەو ماددەیە هەرچەندە ئەوان ناڕازی بوون لە دانانی، بەڵام بە دەنگی ئەندامانی پەرلەمان دانرا، بەڵام ئەمساڵ بە شێوازێكی تر نەوەك لە جیاتی سندوق، ئەوان موبەریری خۆیان هەبوو، بەڵام بەڕاستی نابێ وەزارەتی دارایی دەستكاری بودجەی وەبەرهێنان بكات، زیادە ڕۆیی بكات لە بودجەی بەكاربردن ئەو بەكار بێنێ بۆ ئەو تەعویزە، بۆیە من بە توندی پشتیوانی مانەوەی ئەو ماددەیە دەكەم، بە تایبەتی چوارەم، كە گوتت

(لايجوز اجراء المناقلة من نفقات المشاريع الرأس مالية) له ساڵی داهاتوو ئەگەر هاتو حکومەت ئەو کارەی کردبوو، وەزارەتی دارایی ئەو کارەی کردبوو ئەوسا ئیجرائاتی یاسایی خۆی وەردەگرێت، پەرلەمان دەتوانێ بەدوا داچوونی بۆ بکات و موحاسەبەی بکات، ئەمە بۆیە رەدعە، لێرە رەدعە ئەمە، من پشتیوانی توندی مانەوەی ئەو ماددەیە دەکەم، وەکو خۆی بەتایبەتی چوارەم، بۆ ئەوەی ساڵی داهاتوو ئەو نەفەقاتە زیادەیە نەکرێت، لە سەر پارەی وەبەرهێنان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم، من پشتگیری مانەوەی ماددەکە ئەکەم وەکو خۆی، دووەم، پرسیارێکم هەیە تکام وایە بەڕێزان لە لیژنەی قانونی گوێم لێ بگرن بۆ ئەوەی دوای تێبینی تێنەپەڕێ بەسەرمان، چونکە لە خامساً ئەڵێ، (تستخدم الاعتمادات المصادق عليها في هذا القانون لغاية 31كانون الاول من سنة المالية 2013) لە موقتەرەحی موشتەرەکی هەردوو لیژنەی دارایی و ئابووری ماددەیەکمان زیاد کردووە ئەڵێ( تستمر وزارة المالية والاقتصاد بصرف سلفة و منحة الزواج و قروض المصرف العقاري ......) ئێمە کەوامان وت لەویە، یەعنی ئەمە بەتاڵ ئەکاتەوە، دەبێ نیوەی ئەو بڕگەیەی پێنجەم لە ماددەی هەشتەم موعالەجە بکرێت، بۆ ئەوەی تەزاروب نەکات لەگەڵ ئەو موقتەرەحەی کە هەمووشمان دەنگمان لەسەری داوەو بووە بە ماددەیەکی قانونی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.احمد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە ماددەکە ئەکەم، یەك مولاحەزەم هەبوو، ئەوەی سیوەیل خان وتی، وشەی ئەقالیم لابرێت لە فەقەرەی سێهەم لە ماددەکە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عدنان فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری زۆری ئەو قسانەی کوێستان خان و هاوکارانی تر ئەکەم، پار لایجوزەکە بوو بە یجوز، یەعنی تەجاوز کرا، خۆ یەکێ لە قسەکانی ئێمە گوتمان موحاسەبەی حکومەت لەسەر ئەو نوقتەیە بوو، چۆن تەجاوزی بودجەی ئیستیسماری ئەکرێت، ئێمە ئێستا وتمان لایجوز، باشە ئەو لایجوزە تەجاوز کرا، یەعنی ئەمە جوانە، دارشتنێکی زۆر باشە، تەجاوزی کرد، چونکە وەزیر ئەڵێ کاکە من ئەگەر پارەیەك لەم لا هەبێ و عجزم هەبێ لێرە، بە سەراحەت وتوویەتی من ئیشی لەسەر دەکەم، جا ئەمە ئەو کێشەیەیە دەبێ حەلی بکات، نازانم لیژنەی یاسای چی بۆ دائەنێ، دووەم، لەسەر قسەکەی کاك عبدالله من تکام وایە، رەجام وایە پێنج مانگ ماوە، با کەش و هەوای سیاسی لە کوردستان بەو شێوەیەی کە ئێستا دێتە پێشەوە ڕای گرین، تکام وایە ئەو ئەنجومەنە تەخسیس کراوە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش ڕایگرین، لەم چەند مانگە، چونکە مەسەلەیەکی سیاسی، ئەمنی زۆر زۆر گرنگە، ئەو دەزگایە دەبێ تەوافوقێکی نیشتیمانی لەسەر بێ، دەبێ یەك بگرێتەوە، دەبێ ببێتە هەیئەیەکی نیشتیمانی، تەواو سرف لە حیزبیەتیەوە دەربچێ، ئەمە ئیشی زۆری دەوێ، بۆیە لە ڕاستیدا ئەمساڵ دەبێ لە موازەنەکەی ڕاگرێت، یان موازەنەی بۆ سەرف نەکرێت تاوەکو لەم پێنج مانگە حەل و فەسل ئەکرێت، لە ساڵی داهاتوو کە بوو بە ئەنجومەنێکی ئاوا ئیتیفاقی لەسەر بکرێت، هەموو بودجەیەك کە پێویستی پێ بێت و بکرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم، ئێمە پێمان باشە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، دووەم بەڕاستی کە باسی موناقەلە ئەکرێت حەز دەکەم هەموو خوشك و برایان هی هەموو فراکسیۆنەکان با گوێم لێ بگرن تکاتان لێ ئەکەم، کە باسی موناقەلە ئەکەن لە ئیستیسماریەوە بۆ تەشغیلی، ئەمە نەکراوە، چونکە هەموو موناقەلەیەك بە ئەمری رەسمی ئەکرێت، هیچ فەرمانێك لە وەزارەتی داراییەوە، لە هیچ کەسێك دەرنەچووە موناقەلە بکات لە ئیستیسماریەوە بۆ تەشغیلی، هەتاوەکو ئێستاکە هەرچی سلەفێك هاتووە هی ئیستیسماری، هەمووی سەرف بووە، لە عەینی وەختا ئێمە وەکو وەزارەتی مالیە کە عجزمان هەبێ، عجز ببێ بە عجزی فعلی، یەعنی نەقدی نیە، ئەو نەقدییە نیە، ئەمە هەقیقەتە، یەعنی ئێوە بتانەوێ عیقابی بدەن و ئەوەی سەحبی یەدی بکەن، ئەمە نازانم، من هەقیقەتەکەتان بۆ باس دەکەم، ئێمە پارەکە وەکو حکومەت لەگەڵ ئەم مەوزوعە نەبووینە، ئێستاش هەر کەسێك بێتە وەزارەتی مالیە بۆی شەرح بکەین، من لەگەڵ ئەو باوەڕەم ئەو مەوزوعەیان نیە کە ئەم نەوعە ڕەئیانەی ئێستا هەیە، دووەم، کە باسی سلەف و قەرز دەکرێت، سلەف لەناو ئەم مەوزوعانە نیە، سلەف لە دەرەوەی موازەنەیە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر کە لێرە قەرار دەرچوو، پەرلەمان قەراری دا، ئەبێ وەزارەت تەنفیزی بکات، نابێ وەزارەت بە خیلافی قەراری پەرلەمان کارەکان بکات.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە مولزەمین بە تەنفیزی ئەوامری پەرلەمانەوە، بەلآم کە پارە نەبێ، کە من عجزی فیعلیم هەبێ، کە من عجزە فعلیەکەم لێرە موسادەقە کراوە، ساڵی ڕابردوو پێنج سەدو شەست و چوار بووە بە عجزی فعلی، سێ سەدو پێنجم وەرنەگرتووە و نەهاتووە لە داهاتەکەم، چوار سەدم وەرنەگرتووە لە داهاتەکەم نەهاتووە، سێ سەدو پەنجام وەرنەگرتووە، لە داهاتەکەم نەهاتووە، ئێ خۆ ئیجمالیش ئەکاتە دوو و شەش سەدو نۆزدە، رەجاتان لێ ئەکەم ئەم مەوزوعە بە ئینسافەوە تەماشای بکەن، یەعنی بە ئینسافەوە تەماشای ئەم مەوزوعە بکرێت، من پێم وایە هەتا یاسایەکان با لەسەر ئەو مەوزوعە قەرار بدەن، بڕیاری لێ بدەن، خۆ من بە کەیفی خۆم نەبووە، بڵێم ئێستاکە ئەمە نیەو ناکرێ، ئەمە واقعێکە لەم پەرلەمانە دروست بووە، ئەسبابەکانی دروست بوونی ئەو عجزەشم بۆتان باس کردووە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

چوار کەس موداخەلەیان کردووە، شلێر خانیش قسەی کرد پێنج کەس، فەرموو کاك حاجی.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله(بیلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جەنابی وەزیر من کاتی خۆی پرسیارێکم لەسەر ئەو بابەتە بۆ ناردووە، جوابی جەنابیان لە 2012/1/10 جوابەکەی دامەوە، جوابەکەم لەبەر دەستە، پرسیارم لێی کردووە، سەبارەت بەو موناقەلەیە ئایا سندوقێکتان دروست کردووە بۆ پارەی پڕۆژەکان یان نا، ئەویش جوابی داوەتەوە دەڵێ بەڵێ سندوقەکەمان دروست کردووە، پارەکەمان تێی کردووە، ئەڵێ ژمارەی سندوقەکەش لە بانك، ئەو بانکەی ژمارەی حیسابەکەمان لێی کردۆتەوە 212 یە، لە بانکی منارە، ئایا دەتوانێ پێمان بڵێ ئەو سەندوقەمان ئێستا چەندی تێدایە؟، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بە سێ بەڵگە دەیسەلمێنم موناقەلەی کردووە، یەکەم، لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2010 و شەش مانگی یەکەمی 2011 تەمویل بۆ مەشاریعی ئیستسماری فەرقیان یەعنی تەمویلەکە لە 2010 فەرقی پێنج سەدو پەنجاو یەك ملیارە، کە سەرف نەکراوە، لە ساڵی 2011 نۆسەدو پەنجاو سێ ملیارە کە سەرف

نەكراوە، ئەمە هاتووە عجزی تەشغیلی پێ پڕ كردۆتەوە، كەواتە موناقەلەی كردووە، خاڵێكی تر خۆی لە ڕاپۆرتەكەی خۆی دەڵێ مەشاریعی ئیستیسماری لە 53٪ تەنفیز كردووە، لە 47٪ی تەنفیز نەكراوە، واتە لە بڕی چوار ترلیۆن و حەوت سەد دینار كە تەخسیس كراوە بۆ ئیستیسماری لە 53٪ی سەرف كردووە، لە 47٪ی ماوەتەوە، ئەو ماوەیەی چەندەو چی لێهاتووە، خاڵێكی تر وەكو ئەوەی كاك حاجی بیلال گوتی، حیسابەكە كە كراوەتەوە مەبلەغەكە چەندە؟، ئەخیر مولاحەزەم بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان بە سێ، چوار كەس پێشنیاری مەسەلەیەك دەكەن، بەڕاستی گرنگە بخرێتە دەنگدانەوە، ئەو پێشنیارەی كە شلێر خان كردی پێنج كەس تەئیدی كرد، ئەوە پێشنیاری لە وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە ئەمە پێشنیارێكی زۆر جدیەو خزمەت دەكات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەئیدی قسەكەی وەزیر ئەكەم، ئەو سولفانەی كە ئەو لە بەغداوە وەری ئەگرێت، بەناوی ئەوەی پارەیەك بۆ پڕۆژەكان بێ، نیە شتی وا، ئەو دە ترلیۆنەی كە بۆی هاتووە، دێت، چەند موقاول پێویستی پێی بێت ئەو داویەتی بە موقاولەكە، من ئەو ماددەیە كە ویستم ئیزافەی بكەم، قسەكەشم بە هەند وەرنەگیرا، ئەوە موعاناتی وەزارەتەكانە لەسەر مەشاریع ئیش دەكەن، بەڕاستی ئێمە چەند ئەو لایجوزە نەیكردووە، بڕۆن موستەنەدێكی وەزارەتی مالیە بێنن، كە ئەم وەزیرە لەسەر نەفەقاتی مەشاریعی ئیستیسماری نەقلی كردبێ، نیەتی چونكە ئەو خۆی چی بوێت لەسەر مەشاریعی بودجەی تەشغیلی سەرفی ئەكات، موقاویلیش چەنێك سولفەی هەبێ نەی وەستاندووە، ئێمە هەمووومان شایەتین لەسەر ئەوە، بەڵام ئالیەتی موقاوەلاتی ئێمە هەتا سەر ئێسقان سەقەتە، لەبەر ئەوە نابێ بەو شێوەیە سیستەمی موقاوەلات لەم وڵاتە بڕوات، قەت تەسەور مەكەن لە 50٪ زیاتر بێ، نیسبەتی جێبەجێ كردن، ئەبێ ئێمە ئەوە چاك بكەین، نەك دابنیشین باسی سندوق بكەین، كە ئەزانم ناكرێ، چونكە ئەوە پارەیەك نیە، مەشروعەكەت كردووە، ئەو وتوویەتی پارەم نیە، ئینجا بیخاتە سندوقەوە، پاریش من دەنگم بۆ نەداوە، چونكە ماددەیەكی نایاساییە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرموو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو مەخاوەفەی كە بەڕێز وەزیری دارایی كە خۆی ئەڵێت من موناقەلەم كردووە، بە بڕوای من لە ماددەی نۆ ئەگەر تۆزێك سەبر بگرین لەوانەیە ئەمە جۆرێك بێ لە عیلاج، چونكە لە ماددەی نۆ ئەڵێ

(التقيد بالاعتمادات مخصصة في الموازنة العامة ولايجوز الدخول في الالتزامات بالصرف بما يزيد عما هو المخصص في الموازنة) یەعنی لێرەش وەزارەتەکەی بەڕێزی هەر تووشی بەرپرسیارێتی ئەبێتەوە، ئەگەر تەقید بکات بەو ئیعتماداتانەی کە دانراوەو تەخسیس کراوە، زیادە ڕۆیی دروست نەبێ، ئەو کاتە ئەو موخاوفەی کە بەڕێز وەزیری دارایی هەیەتی، عجزەکەی زیاد ئەکات، ناچار ئەبێ عجزەکە پڕ بکاتەوە، موشکیلەکە ئەوەیە کەتەقید نیە بە ئیعتمادات، ئەگەر تەقید بکات موشکیلە دروست نابێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەو تەفاسیلەی کە بەڕێز وەزیری دارایی باسی کرد، تێگەیشتم کە بەڵێ موناقەلەی کردووە ئەمە یەك، دووەم، ئەگەر موناقەلەی نەکردووە، پێمان بڵێ ئەو پارەیە لەکوێیە؟، خۆ ئەبوو بچێتەوە سەر بودجەی ئەمساڵ، لەبەر ئەوەی بە پێی ماددەی (33) وتوومانە ئەو پارەیەی ئەبێ حیسابێکی بۆ بکرێتەوە، لە وەڵامەکەشی بۆ بەڕێز حاجی بیلال وتوویەتی ئێمە حیسابمان بۆ کردۆتەوە لە بانك بۆمان هەڵگرتوون، کەواتە پێویستە ئەو پارەیە، ئەو دوو ترلیۆن و دوو سەدو نۆ ملیارە ئێستا بێتە سەر بودجەو لێرە لە کۆمەڵێك مەشاریع لێرە وردی بکەینەوە، لەم ماددەیە هەیە، واشی بە کاك حاجی بیلال گوتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من جارێکی تریش ئەو مەوزوعە باس ئەکەمەوە، ئەم پارەیە هاتووە پارەی وەزارەتی داراییە، هەر دوو پارەکە لە زمنی بودجە هاتووە، ئێمە ئیشمان تیا کردووە، هەموو ساڵێکیش پێش ئەوەی ئەم سەندوقە دابندرێت ئەوە مەوجودە لە قانونی ئیدارەی مالیا، ئەڵێت ئەوە ئەو پارەیە نامێنێت بە ئینتیهای سەنەی مالی، چی لە قانونی ئسولی موحاسەبات، چی لە قانونی ئیدارەی مالیە، ئەوە جارێکی تر تەخسیسات بۆ ئەوانە دروست ئەبێ، ئەو کاتە وەزارەتی دارایی پارەی هەبێ زیادە تەدویر ئەبێتەوە پارەکە، ئەمە وایە، بەڵام ئەم سەندوقە لێرە کە ناوی لێنراوە سەندوق، سەندوق ئەبێ خۆی لە خۆیدا ئەو سەندوقە ئەبێ قانونی هەبێ، فیعلەن ئێمە حیسابمان بۆی کردۆتەوە، حیسابی تایبەتی خۆی هەیە، جارێکی تر تەئکید ئەکەم ئێمە هیچ سولفەیەکمان ڕانەگرتووە، هیچ موناقەلەیەك، هیچ کتابێکی ڕەسمی بە موناقەلە دەرنەچووە، کە ئیلتیزامان کردووە ئێمە بە قانونەکەی پەرلەمانەوە، بەڵام واقعەکەی ئێمە ئەمەیە، باشە، فەیناکا، ئێستا من ئەچم پارە دێنم بە قەرز پارە دائەنێم لە شوێنێك، مانای ئەوەیە لەخۆمەوە دێم قەرزی

نەقدی زیاد ئەکەم، ئەگەر بتانەوێ لەسەر ئەو مەوزوعە موحاسەبەیە، لەسەر ئەوەی کەوا بەم نەوعە ئەتانەوێ، ئەوا حەزدەکەم بپرسن، بزانن ئەمەو وایە یان نا؟، نازانم علی کولین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە هیچ شتێکمان نیە، بە نیسبەت منەوە هیچ شتێکم نیە، ئەو ڕوونکردنەوەی بەڕێز وەزیر کردی من موتەفەقم لەگەڵیدا، سوپاس.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە موداخەلەکەی کاك د.احمد وەرتی کە باس لە لابردنی وشەی ئەقالیم ئەکات، ئێمە چەند پڕۆژەیەکمان هەیە لەسەر ئاستی هەرێم ئەکرێن، بۆیە مەبەست ئەوەیە، ئەمە بابەتێکیان، ئەوەی پەیوەندیدارە بە موداخەلەکەی بەڕێز کاك شوان کابان، کە باس لە بڕگەی پێنجەم دەکات، ئەو باسی ئیعتیماداتی ئەمساڵ دەکات، ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە سولەفەوە، یەعنی پەیوەندی بەوەوە نیە، باس لە ئیعتیماداتی ئەمساڵ وە ئیراداتی ساڵی داهاتوو ئەکات.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی تێبینیتان هەبوو؟.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارەی کە ئاراستەی لیژنەکەمان کرا، یەکێك لەو پێشنیارانە تایبەت بوو بە داڕشتنەوەی بڕگەی سێیەم، کە وشەی (بین المحافظات) بێتە پێشترو دابڕێژرێتەوە، ئێمەش پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەین، بەڵام پێشنیاری ئەوە کرا کە مەشاریعی ئەقالیم لابدرێت، پێویست ناکات، لەبەرە ئەوەی تەخسیساتەکان بەناوی پڕۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاکان دێت، وادیارە تەخسیسات هەیە بۆ پەرەپێدانی هەرێمەکانیش، بە پێی ماددەی (2) بڕگەی (14) لە یاسای موازەنەی ئیتیحادی ساڵی 2012، بۆیە بەباشمان زانی ئەو بڕگەیە بمێنێتەوە، پێشنیارێکی تر کرابوو، ئەویش تەرخان کردنی سندوقێك بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان، لە حاڵەتێکدا ئەگەر ئەو تەخسیساتەی کە دانراوە خەرج نەکرا بە تەواوەتی، ئەو بڕەی کە دەمێنێتەوە لە نێوان حیسابێکی تایبەتی لە نێو سندوقێکی تایبەت دابندرێت، ئەوە یەکێك لەو پێشنیارانەیە کە بدرێتە دەنگدان، پێشنیارێکی تریش کرابوو، سەبارەت بە موحاسەبە کردنی وەزیر، ئێمە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ ڕێکاری یاسایی خۆمان هەیە، ناکرێ لە قانونی موازەنەکە بۆ یەك ساڵ دادەندرێت، ئەو ئیجرائاتانە لێرە باس بکرێت، شوێنی نیە، ئەوە پێشنیارەکان بوو کە ئاراستەی ئێمە کرابوو، سوپاس،

پێشنیارێك هاتبوو كە ناكرێ موناقەلە بكرێ لە نێوان ئەنجومەنی ئاسایش، كەس باسی ئەو پێشنیارەی نەكردووە، لەدەقەكە نەهاتووە، ئەوە باس نەكراوە، موناقەلە ناكرێ، بۆیە پێشنیارەكە چ بدرێتە دەنگدان، موناقەلەكە ناكرێ، شتەكە خۆی ناكرێ، ئەسلەن شتەكە وجودی نیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالله شتەكە نەبووە، ئەوەی وەكو دوێنێكە مەفروز بوو وەكو ماددەیەك بێت، كە پێتان دەڵێین نوقتەی نیزام پێنج كەس ناوی خۆی نووسیوە، ناكرێ دوایی نوقتە نیزامی تر بدەین بەڕاستی، كاتێكیش گلەییمان بۆ دێت دەڵێت سەرۆكایەتی پەرلەمان جۆرێك لە سەرگەردانی دروست دەكات، جۆرێك لە قەڵەبالغی لەناو قاعە دروست دەكات، جۆرێك لە بێ سەرو بەری دروست دەكات، ئاخر گلەیی ئەوەشمان لەسەرە بەڕاستی، فەرموو كاك بورهان یەك دەقە قسە بكە.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من یەك ڕوون كردنەوەم هەیە، ئێمە ئەگەر بمانەوێ ئەم وڵاتە ئاوەدان بكەینەوە، ئەبێ ژێرخان بنیاد بنێین بەڕاستی، نابێ مەجالی ئەوە بدەین پارەی وەبەرهێنان نەقلی تەشغیلی بێ، شتێكی تریشم، تەعقیبێكی تریش لەسەر قسەكانی بەڕێز وەزیری دارایی و لیژنەی دارایی، بەڕێزیان ئەڵێن سەنەی مالی تەواو بووە، لەبەر ئەوەی ئەو سندوقەی لە ماددەی (32) و (33)ی قانونی (17) ی ساڵی 2011 لە بودجە هاتووە، سەنەی مالی تەواو بووە، بەڕێزینە ئەوە قانونە قانونی (17)ی 2011، قانونیش ئەوە كاك فرست دانیشتووە، قانونی عقوباتی عیراقی زۆر وازحە ماددەی (329) و (330) با سەیر بكات، ئیلتیزام كردن بە قانونەوە فەرزە، ئیلتیزام نەكردن بە هەر قانونێك كە دەردەچێت جەریمەیە، نازانم چۆن بە موبەریری ئەوەی كە سەنەی مالی تەواو بووە، حوكمی ئەو ماددەیە كۆتایی پێ هاتبێ، نەخێر ئەبێ مولتەزم بن پێوەی.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی بەرەچاو كردنی، فەرموو كاكە.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەزیری دارایی بۆی نیە موناقەلە بكات لە خەرجی بەكاربردن؟، بۆی هەیە؟، من داوا دەكەم لە پێشنیارەكەی خۆمان داوام كردووە وەزیری دارایی بۆی نەبێ موناقەلە لە خەرجی بەكاربردنەوە بكات لە ئەنجومەنی ئاسایش، ئەمە شتێكی قانونیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ناو نەهاتووە، ناوی ئەنجومەنی ئاسایش نەهاتووە، کە ناوی هاتووە دەتوانین بڵێین نابێ، ناوی نە هاتووە ئەسلەن لە ماددەکە، ناوی نەهاتووە، کە ناوی هاتبێ ئەو کاتە هەقت هەیە ئەو قسەیە بکەی، فەرموو لیژنەی یاسایی بە ڕەچاو کردنی پێشنیارەکان، یان ئەگەر رەئی جیاواز هەیە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە، فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك هەیە بە پێکهێنانی سندوقێك لە حاڵەتی خەرج نەکردنی بڕە پارەی تەرخانکراو بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان، ئەگەر ئەو پێشنیارە بدرێتە دەنگدان، دەنگی هێنا، ماددەکە دادەڕێژینەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی، بیخوێنەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە حاڵەتی خەرج نەکردنی پشتیوانەی تەرخان کراو بۆ پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە کۆتایی ساڵی داراییدا ئەوەی لێی ماوەتەوە لە حیسابێکی تایبەت بەناوی حیسابی جێبەجێ کردنی پڕۆژە بەردەوامەکان دادەندرێت، ئەو پێشنیارە بدرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 28 کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 50 کەس لەگەڵدانیە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ ڕەفز کرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەکە دەخوێنینەوە دوای ئەوەی بڕگەی سێیەممان داڕشتەوە لەسەر پێشنیاری سیوەیل خان، ماددەی هەشتەم،

المادة الثامنة: ماددەی هەشتەم لە پڕۆژەکە.

اولاً: لوزير المالية والاقتصاد صلاحية اجراء المناقلة بين اعتمادات الباب الواحد بأستثناء فصل الرواتب حيث يجوز النقل اليه ولايجوز النقل منه.

ثانياً: لوزير المالية والاقتصاد اجراء المناقلة بين اعتمادات ابواب الموازنة لاغراض توفير امكانيات الصرف للادارات التى يتقرر فك ارتباطها من الوزارة والحاقها بوزارة اخرى وللوزير المختص اجراء مناقلة ضمن القسم الواحد ووحدة الصرف الواحدة.

ثالثاً: لايجوز اجراء اي مناقلة بين المحافظات ضمن تخصيصات إعمار وتنمية مشاريع الاقاليم والمحافظات.

رابعاً: لايجوز اجراء مناقلة من نفقات المشاريع راسمالية الموازنة الاستثمارية الى النفقات التشغيلية في الموازنة الجارية.

خامساً: تستخدم الاعتمادات المصادق عليها في هذا القانون لغاية واحد وثلاثين كانون الاول من السنة المالية 2012 وتقيد الارادات المتحققة لغاية 2011/12/31، اما الايرادات المقبوضة بعد نهاية السنة 2012 فتقيد ايرادات الموازنة العامة للسنة المالية 2013.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، 15 کەس لەگەڵدانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم لە پڕۆژەکە، چونکە ڕیزبەندی ماددەکان هەمووی دەستکاری کراو گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە،

المادة التاسعة:

اولاً: للوزير المختص صلاحية الصرف بما لايزيد على ثلاث مائة وخمسين مليون دينار عن كل حالة وله تخويل رؤساء الدوائر التابعة لوزارته بصرف ما لايزيد على مائتين وخمسين مليون دينار.

ثانياً: لرؤساء الهيئات غير المرتبطة بوزارة صلاحية الصرف بما لايزيد على ثلاث مائة مليون دينار لكل حالة.

ثالثاً: يراعى في اولاً وثانياً مايلي:

1-ان يتم الصرف وفقاً للاعتمادات المصادق عليها في الموازنة العامة السنوية وللاغراض المحددة لها.

2-التقيد بالاعتمادات المخصصة في الموازنة العامة ولايجوز الدخول في الالتزام بصرف بما يزيد عما هو المخصص في الموازنة.

رابعاً: لوزير الزراعة والموارد المائية صلاحية صرف المبالغ المخصصة للاعانات الزراعية لتدارك الاحتياجات في الوقت المناسب وبالتنسيق مع وزير المالية والاقتصاد.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی نۆیەم:

یەکەم: وەزیری پەیوەندیدار دەسەڵاتی سەرف کردنی بڕێکی هەیە کە لە 350 ملیۆن دینار تێپەڕنەکات، بۆ هەر بارێك دەسەڵات بدات بە سەرۆکی فەرمانگەکانی سەر بە وەزارەت بە سەرف کردنی بڕێك کە لە 250 ملیۆن دینار تێپەڕ نەکات.

دووەم: سەرۆكی دەسەڵاتەكانی كە گرێ نەدراون بە وەزارەتێكەوە دەسەڵاتی سەرف كردنی بڕێكی هەیە لە 300 ملیۆن دینار تێپەڕنەكات بەهەر بارێك.

سێیەم: لە یەكەم و دووەمدا دەبێ ڕەچاوی ئەمەی خوارەوە بكرێت:

1-دەبێ سەرف كردن بەگوێرەی ئەو متمانەیە بێ كە پەسەند كراوە لە بودجەی گشتی ساڵانەو بۆ ئەو مەبەستیش كە دیار كراون بۆیان.

2-خۆبەستنەوە بەو متمانانەی دیاری كراون لە بودجەی گشتیدا و ڕێگە نادرێ بە چوونە ناو ئیلتیزامێكەوە بۆ سەرف كرنی زیاتر لەوەی كە لە بودجەدا دیاری كراوە.

چوارەم: وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو دەسەڵاتی پێدراوە بە سەرف كردنی ئەو بڕانەی كە تەرخان كراون بۆ كۆمەكی كشتوكاڵی بە مەبەرستی فریاكەوتنی پێداویستیەكان لەكاتی گونجاوی خۆیدا، بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووریدا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینی لەسەر ماددەكە نیە، ئێمە هەر هەموومان ئەندامانی لیژنە پشتگیری لە ماددەكە دەكەین وەكو خۆی.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟، تەنیا چوار كەس، ناسك خان، فاضل بەشارەتی، زیادی كرد، فەرموو ناوتان بنووسم، ناسك تۆفیق، فاضل بەشارەتی، ئاشتی عزیز، پەیمان عبدالكریم، پێشەوا توفیق، عظیمە نجم الدین، سەرهەنگ فەرەج، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، فەرموو ناسك خان.

**بەڕێز ناسك توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پرسیارێكم هەیە لە بەڕێز وەزیری دارایی، ئەم 350 ملیۆنە پار 250 ملیۆن بوو، كە ئەڵێ هەموو حاڵەتێك وەزیر بۆی هەیە سەرفی 350 ملیۆن دینار بكات، لەو حاڵەتە پێناسەی بكات، نازانم بۆ چ حاڵەتێك، چونكە بەراستی هەندێك لە وەزیرە بەڕێزەكان كاتێك كەیسێك ئەچێتە بەردەستیان ئەڵێن ئێمە بەهیچ جۆرێك پارەمان لەبەردەستدا نیە، مەیەلەن، كە ئەڵێین ئەم حاڵەتە ئەم كەیسە پار 250 ملیۆن بۆتان هەیە پەلە بكەن بۆ هەر حاڵەتێك، ئەڵێن نا ئێمە ناتوانین تەمەتوع بكەین بەو پارەیە، خۆزگە بمان زانیایە مەخسەدی چیە كە ئەڵێت بۆ هەموو حاڵەتێك، یەعنی بۆ هەر حاڵەتێك 350، بۆ ڕەئیسی دەوائیریش 250 ملیۆن، ئەو حاڵەتە پێناسەیەكمان بۆ بكەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرمووو.

**بەڕێز فاضل بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من تەنها تێبینی یان پێشنیارێکم هەیە لەسەر مەسەلەی بڕگەی 4 ی ئەم ماددەیە، هەرچەند لە ڕابردوو زۆر باسی قەرەبووی کشتوکاڵی جوتیاران کرا، بەڕاستی من پێشنیار دەکەم وەزارەتی کشتوکاڵ، لیژنەیەکی موختەس پێك بێنێت، چونکە بە هەقیقەت ساڵانە وەکو ئەمساڵ دیارە بە تایبەتی لە ناوچەکانی گەرمیان بە هۆی کەم بارانیەوە، تێکڕای جوتیارانی سنووری گەرمیان مەحروم بوون لەو دەغڵەی بابڵێین مەسەلەی دانەوێڵە هیچیان بە بەرهەم نەهێنا، بۆیە پێشنیار دەکەم لیژنەیەکی موختەس دیاری بکرێت بۆ مەسەلەی قەرەبوو کردنی جوتیاران بۆ مەسەلەی دانەوێڵە، یان کەم ئاوی بۆ کشتوکاڵ یان مەسەلەی باغداری، کە ئەمە بەهەقیقەت ساڵانە کۆمەڵێك زەرەرو زیان بۆ جوتیاران دروست دەبێ، ئەگەر لیژنەیەکی موختەس هەبێ بۆ وەرگرتنی پێشنیاری جوتیاران و قەرەبوو کردنەوەیان، شتێکی زۆر باشە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاشتی خان فەرمووو.

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بۆ ئەم ماددەیە دوو ئیزافەم هەیە، لەبەر ئەوەی پێویست بوو لە ئەحکامە خیتامیەکانی ئەم پڕۆژەیە کۆمەڵێك ئەحکامی عیقابی هەبێ، بەڵام کە سەیرم کرد زیاتر ئەحکامی خیتامیەکان باس لە تەخسیسات و باس لە ئیستیمراریەتی پڕۆژەکان دەکات، بۆیە تاکە ماددە کە سیغەیەکی عیقابی هەبێ، یان جۆرێك لە تەقید ببەخشێ لێرەدایە، بۆیە من پێشنیاز دەکەم لە دوای خاڵی سێهەم  دوو بڕگە ئیزافە بکرێ، کە ئەمە بە بڕوای من بڕگەیەکی زۆر باشە لە موازەنەی عیراقیش بەو شێوەیە ئاماژەی پێ دراوە، لە کاتێك کە هەر پڕۆژەیەك لە 25٪ی پارەکەی بۆ سەرف نەکرا، بۆیە پێویستە وەزیری دارایی بە تەنسیق لەگەڵ وەزیری پلان دانان ڕاپۆرت بەرز بکەنەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، لەو ڕاپۆرتەیا ئاماژە بکەن کە هۆکارەکانی چیە ئەو پڕۆژەیە لە 25٪ ی پارەی بۆ سەرف نەکراوە، بەربەستەکان لە بەردەم ئەو پڕۆژەیە چین، ئەمە کار ئاسانیەکی گەورەیە بۆ مەجلسی وزەرا، لە ساڵی ئاینده کە موازەنە ئەکات تووشی ئەو ئیشکالیەتە نابێتەوە کە بڵێ تووشی سەدمە بووم، پڕۆژەکە لە فلان شوێن جێبەجێ نەکراوە، ڕۆژ بەدوای ڕۆژ ئاگادار ئەبێ لە دوای ڕاپۆرتەکەیانەوە، خاڵێکی تر کە ئیزافە ببێ، پێویستە هەر وەزیرێکی مەعنی کە پارە بۆ پڕۆژە سەرف کراوە لە 50٪ی پارەی پڕۆژەکانی سەرف نەکرد، پێویستە بێتە بەردەم پەرلەمان و ڕووبەڕووی ئیستیجواب بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرمووو.

**بەڕێز پەیمان عبدالكريم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری كردنم لە قسەكانی ئاشتی خان و ناسك خان، منیش لەگەڵ ئەوەم كە ئەو حاڵەتەمان بۆ ڕوون بكاتەوە كە هەقی سەرفی 350 ملیۆنی هەیە، بێجگە لەوەش لە چ ماوەیەك؟، یەعنی هەموو ڕۆژێك دەتوانێ 350 ملیۆن سەرف بكات؟، چۆنە ئەوە بە هەمان شێوە ئەو 200 ملیۆن دینارەش كە هەیئەكان دەتوانن چۆن سەرف دەكرێت؟، ئەوەش بابزانین خاڵێكی تریشم هەیە بابڵێین لە ثالثاً، نوقتەی دووەم، زۆربەی وەزارەتەكان گلەیی ئەوە دەكەن مەسەلەن كە ئێمە وەزارەتی خوێندنی باڵاو پەروەردە كە ئەوانە مافی ئەوەیان هەیە لە 12/15 وە یەك لە دوانزەی بودجەكانی خۆیان سەرف بكەن، ساڵی داراییان تەواو نەكردووە بەنیسبەتی ئەوە، بۆیە بابڵێین زۆربەی زۆری پێویستیەكان ڕادەوەستێ، زۆربەی زۆری بەهۆی ئەو یەك لە دوازدەی پارەی تەرخان كراویان پرۆژەكانیان ڕادەوەستێ، یان ئیش و كارەكانیان ڕادەوەستێ، نازانم ئیلتیزام بە سەرف( كما هو مخصص في الموازنە) هەموویان داوای زیاتر كردنی ئەو بڕەدەكەن نەوەك یەك لەسەر دوانزە، زیاد بكرێ، خاڵێكی تریش هەیە كە بەڕاستی لە وەزارەتی پەروەردە ڕوو دەدات، لێرە تەنها وەزیری كشتوكاڵی سەلاحیەتی سەرفی داوەتێ، وەزارەتی پەروەردە هەمان كێشەی هەیە، پەروەردە بابڵێین ساڵی داراییەكەی دەست پێدەكات، پەروەردە چەند ئیلتیزامێكی لەسەرە، كە ساڵی نوێی خوێندن دەست پێ دەكات، بابڵێن كتێب هینانەو گواستنەوەی كتێبە ئەوە چەند ساڵە ئەو كێشانە ڕوو دەداتەوە، وەزیرەكان وەزیری پەروەردەو خوێندنی باڵا پێویستیان بە دەست كردنەوە هەیە، چونكە ساڵی خوێندنی نوێ دەست پێ دەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك پێشەوا فەرمووو.

**بەڕێز پێشەوا توفیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەی من لەسەر ماددەی نۆ خاڵی چوارەمە، دیارە وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو پار ساڵیش ئەو دەسەڵاتەی پێ دراوە كە ئەو بڕەی بەناوی ئیعانات تەرخان كراوە بۆ ئەوە وەزارەتە، سەلاحیەتی سەرفی هەبێ، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە لەسەر كاغەز شتێكی زۆر جوانە، بەڵام بە كاری عەمەلی و كاری فیعلی كاری پێ ناكرێت، دیارە ئیعانات بۆ پاڵپشتی جوتیارانە، بۆ ئەوەی كە ڕووبەڕووی وشكە ساڵی بوونەوە ئێستا ئێمە لەم ساڵ ڕێژەی وشكە ساڵی لە هەرێمی كوردستان لە 40٪ بۆ 50٪یە لەناوچەكانی كفری و كەلار و خانەقین و قەراج و بەڕانەتی و بەشێك لەناوچەی دهۆكیش كە تووشی ئەم گرفتە بوونەتەوە، قسەكەی من لەسەر ئەمەیە ئێمە لەكاتی موناقەشە كردنی بەشە بودجەی وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو، كاتێك كە لەگەڵ وەزیر و ستافی وەزارەت دانیشتین، پار ساڵ مەبلەغی پەنجاو شەش ملیارو سێ سەدو پەنجاو سێ ملیۆن دینار بۆ ئیعانات تەرخان كراوە بۆ وەزارەتی ناوبراو، دەسەڵاتیشی پێ دراوە كە

ڕاستەوخۆ بەبێ گەڕانەوە بۆ وەزارەتی دارایی، بەلاّم لە شەش مانگی یەکەم پێنج ملیارو پێنج سەدو هەشتاو نۆ ملیار دیناری سەرف کردووە، کاتێکیش کە پرسیارمان کرد کە ئێوە شەش مانگی یەکەم ئەوەندەتان سەرف کرد، بەلاّم ئەمساڵ شەش سەدو شەست و پێنج ملیار دینارتان بۆ تەرخان کراوە، دیارە بەڕێزان هەموو لیژنەش ئاگادارن، وەلاّمی وەزیر و ستافی وەزارەت کە ئەوان فەرمانبەرێك لە خەزێنە پارەیان بۆ سەرف ناکات، لەگەڵ ئەوەی کە بەیاسا سەلاحیەتیان دراوەتە دەست بۆ ئەوەی کە ڕاستەوخۆ سەرفی ئەو ئیعاناتانە بکەن کە بۆ وەزارەتی داراییە، بەلاّم فیعلی و لە بواری عەمەلیدا فەرمانبەرێك لە خەزێنە هیچ حیسابێك بۆ دەسەلاّتەکەی ئەوان ناکات، بۆیە بەڕاستی من دەمەوێ جەنابی وەزیر ڕوون کردنەوی زیاتر بدات، بەلاّم ئەوە لەسەر کاغەز هیچ قیمەتێکی نیە، ئەگەر لە بواری عەمەلیدا جێبەجێ نەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمە نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیار دەکەم بڕگەیەکی تر زیاد بکرێ بڕگەی پێنجەم، وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی بالاّ دەسەلاّتی سەرف کردنی ئەو ڕێژە تەرخان کراوەی کە لە میزانیەی خۆیان هەیەتی، دەسەلاّتی خۆی هەبێ سەرف بکرێ، لەبەر ئەوەی ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە گەورەترین ئاستەنگ لەبەردەم کارەکانی ئەو دوو وەزارەتە کە نەیان توانیوە ئیش و کارەکانیان بە باشی بڕوات بەڕێوە، نەبوونی پارەیە، نەبوونی سەلاحیەتی ئەو دوو وەزارەتەیە، لەبەر ئەوە ڕاستە ئەو بڕە پارەیەی کە بۆیان هەیە سەرفی بکەن، 100 ملیۆن دینار بلّێین بۆ زانکۆکان و پەیمانگاکان، پێشتریش لەچەند ڕۆژی پێشوو پرسیارێك بوو لە وەزیری دارایم کرد، وتی ئێمە بەپێی بڕیاری ژمارە (5250) لە بەرواری 2011/5/22بەم بڕیارە ئێمە سەلاحیەتمان داوە بە زانکۆ و پەیمانگاکان، کە سەلاحیەتیان هەبێ بۆ سەرف کردنی پارە، بەلاّم ئەوەی کە ئێمە ئاگادارین تاوەکو ئێستا بەهیچ شێوەیەك ئەو بڕیارە ئیشی پی ٚنەکراوەو نەگەیشتۆتە لای ئەوان، ناتوانن یەك دینار سەرف بکەن، غەیری ئەو پارەیە نەبێ، تەنانەت هەندێ جێگاهەیە پێویستی بە دروست کردنی کەرەڤانەیەکە یان سپلیتێکە یان موبەریدەیەکە، یان پێویستیەکی زۆر زەروریە، بەلاّم سەلاحیەتیان نیە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو بڕگەیە زیاد بکرێ کە وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی بالاّ لە میزانیەی خۆیان بتوانن و سەلاحیەتیان هەبێ بۆ ئەوەی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن پەکی نەکەوێ لەبەر پارە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەتەواوی پشتیوانی ئەو بۆچوونە ئەکەم کە برادەران خستیانەڕوو، کە ئەمساڵ تەرکیز بکرێتە سەر ئەو مەنتیقانەی کە بەروبوومەکانیان جوتیارەکانی ئەو مەنتیقانە زەرەرمەند بوون، لەم برە پارەیە تەعویز بکرێنەوەو هاوکاری جدی بکرێن، لەسەر برگەی (4) ش تەبعەن مەبەستم برگەی چوارەم بوو، هەورەها بەم شێوەیە دابرێژرێتەوە (لوزیر الزراعة والموارد المائية صلاحية صرف المبالغ المخصصه للاعانات الزراعية لتدارك الاحتياجات) واتە: في وقتها المناسب (بالتنسيق مع وزير المالية والاقتصاد) لابرێت، ئەو تەنسیقە بە نەزەری من ئیشکالیەت دروست دەکات بۆ ئیش و کاری وەزارەتی زراعەو ناتوانن ئەو تەخسیساتە سەرف بکەن.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ئەوەوە کە باس دەکرێت و دەڵێن ئایا ئەمە بۆچی سەرف دەکرێت؟، تەنها رەواتبی لێ دەربچێت بۆ هەموو ئەوانی تر پارەی لەسەر سەرف دەکرێت، ئەوەی کە لێرە هاتووە، بۆ هەموو حاڵەتێك، بۆ هەموو حاڵەتێکی تایبەت 350 ملیۆن دینار سەرف دەکرێت، یاخود بەنیسبەتی 250 ملیۆن سەرف دەکرێت، ئەوەی کە ئەو دەسەڵاتانەی یا 200 ملیۆن هاتووە، بەمەرجێك تەخسیسی هەبێ، بەنیسبەتی ئەوەی کە وەزیری زراعە لێی سەرف کردووە، ئەوەندە سەرف ناکرێ، جارێ لێیان سەرف نەکردووە خەزێنە فلتەرێکی تەدقیقیە، یەعنی کە ئەچێتە خەزێنە ئەبێ تەخسیسی هەبێ، ئەگەر تەخسیسی نەبێ وەزیری کشتوکاڵ بشینووسێت نایەڵێ بڕوات، بەڵێ، باسی وەزارەتی کشتوکاڵی کرد جەنابی، بۆیە ئەڵێم هەر وەزیرێك تەخسیسی نەبێ لەو فلتەرە دەرناچێت بە تەئکید، خەزێنە موازەنەکەی لەبەردەست دایە تەخسیساتیشی لەبەردەستدایە، بەنیسبەتی باسی کتێب کڕین و ئەوە، تەقسیم یەك و دوانزە لە کتێب کڕین مەشمول نیە، ئێمە باسمان کرد هەموو ئیشێکی زەرورو تایبەت یەك تەقسیم دوانزە مەشمول نیە، تەنها ئەوانە نەبێ کە ئیشی موستەعجەل نین، چونکە ئەوانە بۆمان ئەنووسن و بۆیان ئەنووسین باشە، کە حاڵەتەکەمان بۆ شەرح دەکەن، لەبەر ئەوانە من پێم باشە وەکو حکومەت پێمان باشە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر ڕوون کردنەوەیەك ئەگەر جەنابی وەزیر موتەفەق بێ لەگەڵمان، وادیار بوو چەند بۆچونێك هەبوو دەربارەی سەرفی ئەو حاڵەتە، ئەو حاڵەتە بۆ نموونە ئەگەر وەزارەتێك تەخسیسی ملیارێ بێ ناتوانێ

بەیەکجار سەرفی بکات، بەڵام ئەگەر مەوزوعێك هاتە پێش پێویستی بێ لەیەك مەرحەلە سەلاحیەتی هەبێ، قەزیەیەك هاتۆتە پێشەوە چارەسەری بکات، تەعمیرە، شت کڕینە، ئەتوانێ 350 ملیۆن لە یەکجار سەرف بکات، تەجاوزی کرد ئەبێ موافەقەتی وەزارەتی مالیە وەربگرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ئەو ڕووکردنەوە یە لە لایەن جەنابی وەزیر، ئێمەش پێشنیاری ئەوە دەکەین ماددەکە بدرێتە دەنگدانەوە و پشتگیری ماددەکە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بیخوێنەوە فەرموو.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة:

اولاً: للوزير المختص صلاحية الصرف بما لايزيد على ثلاث مائة وخمسين مليون دينار عن كل حالة وله تخويل رؤساء الدوائر التابعة لوزارته بصرف ما لايزيد على مائتين و خمسين مليون دينار.

ثانياً: لرؤساء الهيئات غير المرتبطة بوزارة صلاحية الصرف بما لايزيد على ثلاث مائة مليون دينار لكل حالة.

ثالثاً: يراعى في اولاً وثانياً مايلي:

1-ان يتم الصرف وفقاً للاعتمادات المصادق عليها في الموازنة العامة السنوية وللاغراض المحددة لها.

2-التقيد بالاعتمادات المخصصة في الموازنة العامة ولايجوز الدخول في الالتزام بصرف بما يزيد عما هو المخصص في الموازنة.

رابعاً: لوزير الزراعة والموارد المائية صلاحية صرف المبالغ المخصصة للاعانات الزراعية لتدارك الاحتياجات في الوقت المناسب و بالتنسيق مع وزير المالية والاقتصاد.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، سوپاس، کێ لەگەڵدانیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟، چوار کەس لەگەڵدانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم لە پڕۆژەکە.

المادة العاشرة:

لاتزيد المكافأة للموظفين على مليونى دينار سنوياً للشخص الواحد وضمن التخصيصات المقررة بالموازنة المختصة عدا المكافأة الممنوحة للعاملين في المشاريع الاستثمارية بنسبة المتابعة والاشراف وبموجب تعليمات تصدرها الوزارة المالية والاقتصاد.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی دەیەم:

پاداشتی فەرمانبەران نابێ لە دوو ملیۆن دینار زیاتر بێ ساڵانە بۆیەك كەس لەناو تەرخان كراوە بڕیار لێدراوەكان دابێ لە بودجەی تایبەتمەنددا جگە لەو پاداشتانەی دەدرێت بەوانەی لە پڕۆژەكانی وەبەرهێناندا كاردەكەن، ئەو ڕێژەیەی كە بۆ بەدواداچوون و سەرپەرشتی دانراوە بەگوێرەی ڕێنماییەكانی كە لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری دەردەچێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە ماددەكە دەكەین، دوای ئەوەی ئەو كرێكارانەی كەوا لە پڕۆژەكانی وەبەرهێنان كاردەكەن ئەوانە بەدەركراون، ئێمە دەمانەوێ ئەوانیش بگرێتەوە، تا ئەو ڕستەیەی لەدوای (عدا المكافأة الممنوحة للعاملين في المشاريع الاستثمارية بنسبة المتابعة والاشراف) ئەو ڕستەیە لەماددەكە لابدرێت، ئەوەی تر وەكو خۆی بمێنێتەوە، ئەوە پێشنیاری لیژنەی یاساییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە، ئاهەنگ عارف، د.بشیر خلیل، سۆزان شەهاب، بێریڤان سەرهەنگ، شوان كابان، تارا ئەسعەدی، شلێر محمد نجیب، سالم تۆما، گوڵیزار قادر، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پاداشت هەڵبەتە حاڵەت و وەقتی خۆی هەیە، لە زۆر وەزارەت لە ئەسنای ئیشی زۆر زۆر گرنگ، هەندەك موەزەف هەیە ئیشی زۆر گرنگ دەكات بە مەلاین دۆلار تەقدیر ناكرێ، لە حاڵەتی فەیەزان من سایەق شۆفەرم دیتیە شارەكی یان مەنتیقەكی لە فەیەزان ڕزگار كردیە، ئەگەر بێتو زەرەرەكەی تەقدیر بكەی، ئەو زەرەرە لە پێنج ملیۆن و شەش ملیۆن و دە ملیۆنیش ڕاناوەستێ، حەیاتی خۆشی هەندێكجار لەسەر

دادەنێ کە نیوەی جسمی سووتایە، خۆی لە تێلی کارەبای دایە، باشە خێرە ئێمە نەتوانین پێنج ملیۆنی بدەینێ، ئەوە هیچ تەقدیر ناکرێ، ئەو ئیشە کە لە وەقت و فعلی خۆی دەکرێ تەقدیر بکرێ بزانین ئەوە چەند زەرەری دایە، چەند زەرەری گەڕاندیتەوە؟، بە گوێرەی زەرەر گەڕاندنەوەکەی ئەو موەزەفە پاداشت بکرێ، کە مەبدەئی موکافەئە هەبێ، مەبدەئی موکافەئە شتەکی زۆر زۆر موهیمە، ئەو کارمەندە خۆشی بە پێش دێخی، ئالیاتیشی بە پێش دەکەوێ، مێشکیشی بە پێش دەکەوێ، تەکنەلۆژیاشی بە پێش دەکەوێ، بۆیە بە رەئی من وابێ هیچ حدودەکی نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.بشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە دوو بەشە، بەشێکیان موکافەئاتی موەزەفینە، بەشێکیان موکافەئاتە دەدرێتە ئەوانەی کە لە مەشاریعی وەبەرهێنان کاردەکەن، من پرسیارێك ئاراستەی وەزیری مالیە دەکەم، جەنابی وەزیری مالیە ئەویش ئەوەیە لە هەندێك وەزارەت ئەو موکافەئانە دەدرێتە عاملین لە مەشاریعی ئیستیسماری لە میزانیەی وەزارەتەکەیە، بەعزێك وەزارەت لە میزانیەی مەشروعەکە دەیدات، ئەمە بەڕاستی کێشەی دروست کردووە لە مابەینی هەندێك لە وەزارەتەکاندا، بۆیە ئێمە بەتایبەتی لە وەزارەتی ئەوقاف یەکێکمان بۆ هاتووە لە موهەندیسەکان لەوێ، ئەوان دەڵێن بەپێی تەخسیساتی مەشروعەکە دەماندەنێ، جاری واش هەیە ئەو سولفەیە سێ مانگ، چوار مانگ نایەت، تەئخیر دەبێ، بۆیە موکافەئەکەی ئەوانیش تەئخیر دەبێ، بۆیە ئەگەر ئەوە بەپێی نیزام بکرێ لە میزانیەی وەزارەت بدرێت، تا مانگانە ڕانەگیرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی خاتوو ئاهەنگ دەکەم، زۆر زۆر، چونکە بەڕاستی مەبدەئی موکافەئە تەعزیزی ئەو فەرمانبەرانە ئەکات، بۆ ئەوەی باشترین ئەدائیان هەبێ، ناکرێ ئیلا تەحدیدی بکەی بەدوو ملیۆن، ئەگەر وەزیرێك بینی کارمەندەك کە لەلایەتی فەرمانبەرەکە داهێنانی هێناوە لەو بوارەیە، قەیچیەکا، ئەگەر لەجیاتی ئەو دووملیۆنەی کە لەماوەی ساڵێك ئەبێ بیدرێتێ بکرێ بە پێنج ملیۆن و بەیەك وەجبە

بیدرێتێ، ئەمە وائەکات داهێنان ئەهێنێتە ئاراوە، حاڵەتی تەنافوس ئەهێنێتە ئاراوە، ئەمە خاڵی یەکەم، سەبارەت بە خاڵی دووەم، بەڕاستی من لەگەڵ ئەو تەرحەدا نیم کە لیژنەی یاسایی کردوویانە، (عدا المكافأة الممنوحة للعاملين) چونکە ئەوانەی کە لە پرۆسەی ئیستیسماریەکان ئیش دەکەن، تەبیعەتی پڕۆژەی ئیستیسماری وایە بەشێکی دابین ئەکرێت بۆ خەرجیە ئیداریەکان، لەو خەرجیە ئیداریانە موکافەئە ئەدرێت، بەلأم من لەگەڵ ئەوەدام نیزامێك دەربچێت بۆ موکافەئات لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەم حاڵەتە چارەسەر بکات، ئەم ماددەیەش بەم شێوەیە نەمێنێتەوە بەڕاستی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕای من ئەو ماددەیە زیادە، ئەو ماددەیە هەرنابێ هەبێ، لەگەڵ ئەوەنیم پاداشت بدرێ بەهیچ فەرمانبەرێك، فەرمانبەر ئەرکی خۆیەتی کە باش ئیش بکات، بۆیە ئەوەم پێ زیادە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالكريم.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هیوادارم بە هەڵە تێگەیشتبم، ئەو موقتەرەحەی لیژنەی قانونی پێموایە عەکسی مەبەستەکەی خۆیانە، ئەگەر ئەوان پێیان وابێ دەبێ ئەو کارمەندانەی کە ئیش لە پڕۆژە وەبەرهێنەکان دەکەن ئەو موکافەئەیە بیان گرێتەوە دەبێ ئەوە بمێنێتەوە وەکو خۆی، ئەگەر ئەوان مەبەستەکەیان ئەوەبێ، تکام وایە ئەوەمان بۆ ڕوون بکەنەوە، ئەگەر ئەوان مەبەستەکەیان ئەوەبێ شمولیان بکات، دەبێ ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەگەر بیانەوێ شمولیان نەکات دەبێ لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسين ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەو ماددەیە وجودی زۆر زۆر زەروریە، لەبەر ئەوەی هەمووکاتێك ئینسان بەچی لەئەوەی تر جودایە؟، زۆرجار هەیە بە وشەیەکی جوانە، پێویست ئەکا پاداشتی پێوەبێ، لەبەر ئەوە پشتگیری تەواو لە هاوکارانم سۆزان خان و ئاهەنگ خان دەکەم، کە دوو ملیۆن چ پێوەرێکە دانراوە؟، ئایا هەموو حاڵەتێك دووملیۆن دادەندرێت؟ یان سەقفێکی تایبەتی بۆ دابندرێت کە لە پێنج ملیۆن کەمتر نەبێ؟، تاوەکو ئەو

پاداشته جیاواز بێ لەگەڵ مانگانەیەك كە زۆرجار هیچ مانگانەیەك لەوە كەمتر نیە، لەبەر ئەوە بە پاداشت حسێب ناكرێ، دووەم شتیش وابزانم كە د.ڕۆژان شەرحی كرد، من لەگەڵ كاك شوانم، بەپێچەوانەوە ئەبێ لەگەڵ ئەو كەسانەبین كە ئەو كرێكارانە دەبێ پاداشت بكرێن، ئێمە هەموو كاتێك زیاتر جەختی خۆمان هەتا لەكەرتی تایبەتیش، دەرهێنانی یاسای خانەنشینیش و زۆر شتی تریش كە ئێمە هەمووكاتێ پشتگیری لە كرێكاری چاپووك و باش دەكەین، لەبەر ئەوە بوونی ئەو وەكو خۆی بمێنێتەوە لەناویا، ئەو پشتگیریە دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم موكافەئەی دوو ملیۆنە لە عیراق یەك ملیۆنە، نازانم ئێمە لەبەرچی كراوە بە دوو ملیۆن، بەنیسبەتی ئەو ڕەئیەی ئاهەنگ خان و سۆزان خان، ئەگەر وابێ بەڕاستی زۆر بە حەزەرەوە تەعامول لەگەڵ ئەوە بكرێ، چونكە ئێمە خۆمان لە دەوائیر ئیشمان كردووە، ئەسلەن موكافەئە وای لێهاتووە بەڕێز هەموو سەری دوو مانگ جارێكە لە سەلاحیەتی وەزیرەكە، هەموو داوای ئەكەن، دەرگاكە ئەگرن، ئیش بكات و ئیش نەكات، وەكو مەعاشەكەی لێهاتووە، لەبەر ئەوە نابێ بەو شێوە ڕەهایەبێ، بەنیسبەت ئەوە ئەتوانن سیغەیەكی بۆ بدۆزنەوە، ئەو كەسەی موبدیعە، ئەو كەسەی كە ئەڵێن لەكارگوزاری و ئەمانە ئیشی قورس ئەكات و ئەمانە، بەڵام لێرەش هەر ناكرێ ئەبێ خۆی بە تەعلیمات دەری بكات، فعلەن من لەگەڵ ئەو ڕەئیەی كاك شوان دام (عدا المكافأة الممنوحة للعاملین) دوو ملیۆنەكە لەسەر بودجەی تەشغیلیە، بەڵام ئەوەی مەشاریعی ئیستیسماری لە زمنی كولفەی پرۆژەكە لە 7٪ ــە موتابەعەو ئیشرافەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سالم فەرموو.

**بەڕێز سالم توما:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دوو بەشم لە ڕەئیەكا، یەكەمیان بەنیسبەتی دوو ملیۆنەكە ئەگەر ئیمكانیات هەبێ زیاد بكرێ، بەس ئەوە تێكەڵ نەكرێت، ئەوەی لە پرۆژەكان ئیش دەكات، لەگەڵ ئەوانەی كە لە دەوائیرەكان ئیش دەكەن، ئەوەی لە پرۆژەكان ئیش دەكات تایبەتمەندیەكی تری هەیە، پێویستە زیاتر تەكریم بكرێ، بەشەرتێك نەبێتە بارگرانی لەسەر تەخسیساتی پرۆژە، ئیحتیمالی هەیە لە ئەسنای دامەزراندنی كەشفەكە لە حیساب

وەرنەگیرێت، دوایی پڕۆژەكە شكست دێنێ، پێم باشە تێكەڵ نەكرێت، بەشەرتێك نەبێتە بارگرانی لەسەر تەخسیساتی پڕۆژەكە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

گوڵیزار خان فەرموو.

**گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دە لە ئەسڵی یاسایەكە، پشتگیری لە ڕای لیژنەی یاسایی دەكەم، ئەوەی كە پەیوەندی هەیە بەو موكافەئە دەدرێ بەوانەی لە بواری پڕۆژەكانی وەبەرهێناندا كار دەكەن، پرسیارێكیشم لە جەنابی وەزیر هەیە، كە ئایا ناكرێ گرێبەستەكان سوودمەند بن لەوەی كە دەدرێ؟، ئەو موكافەئەیەی كە دەدرێت؟، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە بەنیسبەتی ئەم موكافەئەوە كەوا ئەدرێت، یەكەم، سەقفی بۆ داناوە بەنیسبەت هەموو مونتەسبینی دەوائیری دەوڵەت، لە ساڵێك نابێ لە دوو ملیۆن زیاتر بێ، نابێ هەموو مانگێك ئەو موەزەفە موكافەئەكە وەربگرێت، یەعنی نابێ سیفەتی دەیمومەی هەبێ موكافەئە، ئەمە لە لایەك، بەنیسبەتی ئەوانەی كە لە مەشاریع ئیش دەكەن، ئەوانە جیاوازن، پارەی خۆیان هەیە، نیسبەی موتابەعەو ئیشرافیان هەیە، لەو نیسبەیە ئیستیسنایە لەوەی كە لەسەرەوە باسم كرد، ئەلەوێ ئەتواندرێت وەری بگرن پارەكە بەپێی ئەو ئیشەو لەو نیسبەتەش زیاتر ئەتوانن وەربگرن، ئەوە ئەو هایە، بۆیە ئێمە ئەم مەسەلەیە دیراسەمان كردووە، دیارە ئەو موهەندیسانەی كە موختەسن بە ئیش و كاری پڕۆژەكانەوە، لای ئێمە باسیان كردووە، ئەڵێن یەكێك لە ئەسبابی ئەوەی كە موهەندسین ڕوو ئەكەنە كەرتی تایبەت و لە حكومەت نامێننەوە، ئەو موكافەئە كەمەیە كە ئێستاكە بۆیان سەرف ئەكرێت، بۆیە تكام وایە وەكو خۆی بمێنێتەوە ماددەكە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دوا سیغەتان بیخوێننەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای ڕەچاو كردنی پێشنیاری ئەندامە بەڕێزەكانی پەرلەمانی كوردستان، ڕوون كردنەوەی جەنابی وەزیر، ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی پێشنیارەكەی خۆمان سەحب دەكەینەوە، ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون وەكو خۆی بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة العاشرة:

لاتزيد المكافأة للموظفين على مليونى دينار سنوياً للشخص الواحد وضمن التخصيصات المقررة بالموازنة المختصة عدا المكافأة الممنوحة للعاملين في المشاريع الاستثمارية بنسبة المتابعة والاشراف وبموجب تعليمات تصدرها وزارة المالية والاقتصاد.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵدایە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، 50 كەس لەگەڵدایە، كێ لەگەڵدانیە تكایە دەستی بەرز بكاتەوە؟، 7 كەس لەگەڵدانیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**الفصل الرابع**

**الملاكات**

المادة الحادية عشرة:

اولاً: تتولى وزارة المالية والاقتصاد بالتنسيق مع الوزارات الاخرى اعداد مفردات ملاكات مؤسسات الاقليم للسنة المالية 2012 والمصادقة عليها في ضوء كلف الرواتب المصدقة للاقليم والبالغ (17000) درجة وظيفية مستحدثة لسنة 2012.

ثانياً: على المؤسسات والوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة توزيع عدد الدرجات الوظيفية المستحدثة ضمن الملاك لسنة 2012 على ملاك مؤسسات الاقليم والمحافظات حسب التعليمات الصادرة من مجلس الوزراء لحين صدور قانون مجلس الخدمة العامة للاقليم ونفاذه.

ثالثاً: قيام الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة بالاعلان عن الدرجات الوظيفية المستحدثة ضمن الملاك سنة 2012 في الصحف المحلية وتزويد وزارة المالية والاقتصاد بجداول الوظائف المعلنة قبل اجراء التعين.

رابعاً: تلتزم الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة تزويد وزارة المالية والاقتصاد بجداول تتضمن عدد الموظفين واسمائهم وعناوينهم ودرجاتهم الوظيفية الذين تم تعينهم حسب النسب المشار اليها اعلاه مع الاوامر الخاصة بالتعيين. واذا وجدت وزارة المالية والاقتصاد تجاوزا في تلك النسب المشار اليها اعلاه يتم الغاء الاوامر الصادرة بالتعيين خلافاً لذلك واشعار مجلس الوزراء واتخاذ الاجراءات القانونية بحق المخالفين.

خامساً: تعطى أولوية تثبيت العقود النافذة وعدم التعيين بعقود الا بموافقة وزارة المالية والاقتصاد بأستثناء التعاقد على المشاريع الاستثمارية.

سادساً: عدم التعيين في اية وظيفية قيادية من (مدير عام فما فوق) مالم توجد لها درجة وظيفية في قانون الوزارة او الجهة المرتبطة بالوزارة و في هيكلها التنظيمي.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەش بیخوێننەوە.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەشی چوارەم**

**میلاکات**

**ماددەی یازدەم:**

یەکەم: وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی تردا ئەرکی ئامادەکردنی وردەکاری میلاکاتی دام و دەزگاکانی هەرێم بۆساڵی دارایی 2012 پەسند کردنیشی لە ئەستۆ دایە لەبەر ڕۆشنایی تێچووی مووچە پەسند کراوەکانی هەرێم کە 17000 پلەی وەزیفی نوێ باو لە ساڵی 2012دا.

دووەم: دام و دەزگاکان و وەزارەتەکان و ئەو لایەنانەی کە گرێ نەدراون بە وەزارەتێك کەوا ئەرکی دابەش کردنی ژمارەی ئەو پلە وەزیفیە نوێ باوانەی لەناو میلاکاتی ساڵی 2012 دا بەسەر میلاکاتی دام و دەزگاکانی هەرێم و پارێزگاکان دەگرنە ئەستۆ بەگوێرەی ڕێنماییەکانی کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەردەچێت وە دەکەوێتە بواری جێبەجێ کردنەوە.

سێیەم:وەزارەتکان و ئەو لایەنانەی کە گرێ نەدراون بە وەزارەتێکەوە ئەرکی جیاوازیان لە ئەستۆ دایە بۆ پلەکانی وەزیفەی نوێ باو لە میلاکاتی 2012 دا لە ڕێگەی بلاْوکردنەوەیان لە ڕۆژنامەکانی ناوخۆ و ناردنی خشتەی وەزیفە دراوەکان بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری بەر لەجێبەجێ کردنی دامەزراندن.

چوارەم: وەزارەتەکان و ئەو لایەنانەی کە گرێ نەدراون بە وەزارەتێکەوە ئیلتیزام بەو خشتانەوە دەکەن کە ژمارەی فەرمانبەران و ناونیشانی پلەکانی وەزیفەی ئەوانەی تێدا تۆمار کراون تازە بەگوێرەی ئەو ڕێژەی کە لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا لەگەڵ بڕیارەکانی تایبەت بە دامەزراندیان ئەگەر وەزارەتی دارایی و ئابووری سەرپێچی تێیاندا دۆزیەوە لەئاست ئەو ڕێژەیە کە پێشتر ئاماژەی بۆ کرا ئەوا بڕیارەکانی دەرچوو بە پێچەوانەی ئەوە دامەزراندنەکان ڕەت دەکرێنەوە وە ئەنجومەنی وەزیرانیشی لێی ئاگادار دەکرێتەوە و ئیجرائاتی یاسایی دەرهەق بەسەرپێچیکاران دەکرێت.

پێنجەم: ئەولەویەت دەدرێت بە چەسپاندنی ئەو گرێبەستانەی کە کاریان پێ دەکرێت نابێ بەگرێبەست کەس دابمەزرێت ئەگەر ڕەزامەندنی وەزارەتی دارایی و ئابووری وەرنەگیرێ جگە لە گرێبەستی پرۆژەکانی وەبەرهێنان نەبێ.

شەشەم: هیچ جۆرە دامەزراندێك ئەنجام نادرێ بۆ وەزیفە قیادیەكان لەبەڕێوەبـەری گشـتیەوە بـەرەو ژوور ئەگەر هاتو درەجە وەزیفیەكە نەبوو لە یاسای وەزارەت یان ئەو لایەنانەی كـە گرێـدراون بـە وەزارەتێكـەوە لە پەیكەری ڕێكخستنیدا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا لیژنەی هاوبەش ڕەئی خۆی بدات.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەكە لە شەش بڕگە پێك دێت، سەبارەت بە بڕگەی یەكەم پشتگیری لێ دەكەین و هیچ تێبینیمان نیە، سەبارەت بە بڕگەی دووەم، دەقەكە بەو شێوەیە هاتووە (لحین صدور قانون مجلس الخدمة العامة) ئێمە ئەم یاسایەمان لە ژمارە (7) ساڵی 2011 لە پەرلەمانی كوردستان پەسەند كردووە، بۆیە (لحین صدور قانون) بكرێتە (لحین نفاذ قانون مجلس الخدمة) وشەی نفاذ لە ئەخیری ماددەكە لابدرێت، صدورەكە بكرێتە نفاذ، سەبارەت بە بڕگەی سێیەم، پێشنیاری زیاد كردنی ڕستەیەك دەكەین لە دوای ( في الصحف المحلیە) لەبەر ئەوەی پار ساڵ هەندێك كێشە هەبوو لەسەر میكانیزمی دامەزراندن، بۆیە پێشنیار دەكەین ئەو ڕستەیە زیاد بكرێ( على ان تكون الیة التعیین وشروطها موحدة و موعلنة في وقت واحد) تاوەكو كێشە نەبێ لەنێوان پارێزگاكان لەكاتی دامەزراندن، لەدوای صوحوفی مەحەلی، ئەو ڕستەیە زیاد بكرێ، (على ان تكون الیة التعیین وشروطها موحدة وموعلنة في وقت واحد) بڕگەی چوارەم هیچ تێبینیمان نیە و پشتگیری لێ دەكەین، بڕگەی پێنجەم، بەڕێزان لە هەمان پڕۆژە یاسای پێشكەش كراو لە لایەن حكومەت، ماددەی (20) باسی هەمان بابەت دەكات، بۆیە ئێمە لە لیژنەی یاسایی پێشنیار دەكەین بڕگەی پێنجەمی ماددەی (11) لەگەڵ ماددەی (20) دەمج بكرێ و بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە، (خامساً:لایجوز التعاقد للعمل في دوائر الاقلیم الا بموافقة وزارة المالیة والاقتصاد وتعطى أولویة في تعین العقود النافذة) بەو شێوەی دابڕێژرێتەوە، شەشەم، پشتگیری لێ دەكەین تەنها لەنێوان (او جهة مرتبطة ) (غیر) لەبیر كراوە، (او جهة غیر مرتبطة بوزارة) بەو شێوەی دابڕێژرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لە ئەندامە بەڕێزەكان دەیەوێ قسە لەسەر ئەم ماددەیە بكات؟، گۆران ئازاد، هاوڕاز خۆشناو، فەرمان عزالدین، شێرزاد حافظ، د.صباح بەرزنجی، سەرگوڵ، بەیان احمد، ژیان عمر، سەردار رشید، د.سەروەر عبدالرحمن، شلێر محی الدین، شلێر محمد نجیب، دڵشاد حسین، سەرهەنگ فەرەج، پەیمان عزالدین، عظیمة نجم الدین، سیوەیل عثمان، پەیمان عبدالكریم، پێشەوا تۆفیق، د.ڕێباز فتاح، ڤیان، بێریڤان سەرهەنگ، پەروین عبدالرحمان، تارا ئەسعەدی، خلیل عثمان، د.جیهان، حەمە سعید، بیلال، د.احمد وەرتی، هاژە سلیمان، اسماعیل محمود، سۆزان شەهاب، عمر نورەدینی، كاردۆ محمد، د.بشیر خلیل، بورهان رشید،

گەشەخان دەستت بەرز کردبۆوە یان نا؟، گەشە دارا، شەونم محمد، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا من پشتگیری تێبینیەکانی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەکەم، لەو مولاحەزەوە دەست پێ دەکەم ئەوەی چاوەڕوانی ئێمە بوو لە حکومەت، دامەزراندنی ئەنجومەنی ڕاژە بوو، نەوەك نەبوونی مەعلومات لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران، کە هێشتا ئەنجومەنی ڕاژە دانەمەزراوە، لەبەر ئەوە ئومێدەوارم ئەگەر ئەنجومەنی ڕاژە دابمەزرێ پێویستیمان بەو ماددەیەش نامێنێ، پێویستیمان بەو هەموو وردەکاریە نامێنێ لەناو یاسای بودجە، کە مەسەلەی دامەزراندن چۆن بێ؟، خاڵی دووەم، باسی ئەوە دەکات کە ئەم ڕێژەی میلاکاتە تەوزیع دەکرێت، بە ڕێنمایی لە لایەن وەزارەتی مالیەوە دەردەچێت، ئەوەی ئاگادار بین ئێستا خەریکی پێکهێنانی لیژنەیەکن بۆ ئەوەی وردەکاری مەسەلەی دامەزراندنەکان دیاری بکەن، بەلاّم گرنگە هەر چۆنێك بێ مشاوەرەیەك بە پەرلەمان بکرێت، لەمەسەلەی دیاری کردنی میلاکات و ڕێژەکاندا، چونکە هەندێك ئیختیساس هەیە، وەزارەتەکان ڕێگەیان بۆ ناکەنەوە لە دامەزراندن، دەرچوانی فەلسەفەیە، بابلێین دەرچوانی زانستە سیاسیەکانە، ئەمانە پێویستە بەشێوەیەك لە شێوەکان چارەسەر بکرێ، لە خاڵی چوارەمدا باسی ئەوە دەکات، ئەگەر لەو میلاکەی کە بۆی دانراوە زیاتر بوو بۆ دامەزراندن، ئەوە ئەو لایەنە سزا دەدرێت کە تەجاوزی کردووە، بەلاّم ئەوەی من بینیومە لە ساڵی ڕابردوودا بۆ نموونە، گریمان وەزارەتی ناوخۆ تەجاوزی میلاکاتی خۆی کردووە، وەزارەتی ناوخۆ سزا نەدراوە، ئەو کەسەی کە دامەزراوە دەوامیشیان پێی کردووە، دوای گوتوویانە میلاك تەجاوزە ناردوویانەتەوە ماڵەوە، بۆیە پێویستە لە دامەزراندنی ئەمساڵ ئەو کەسانەی ساڵی پار دامەزراون و دوای میلاك تەجاوز بووە ناردراونەتەوە، ئەوانە یەکەم کەس هەقیان پێ بدرێت لە دامەزراندن، ئەخیر خاڵ لە خاڵی پێنجەمدا سەبارەت بە گرێبەستەکان، من پشتگیری لەوە دەکەم ئەو کەسانە ئەفزەلێەتیان پێ بدرێت بۆ مەسەلەی دامەزراندن، بەلاّم ئەو حاڵەتەش پێویستە پسپۆڕی دائیرەکان لەبەرچاو بگیرێ، لە مەسەلەی ئەوەی کە گرێبەستی بوو بکرێت بە ڕەسمی، سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە بەڕاستی ئێمە ساڵی پاریش کە میلاکی وەزارەتی تەندروستی دوو هەزارو پێنج سەد بوو، لێرە زۆر داوامان کرد لەو قاعەیە کە میلاکەکە کەمە زیاتر داوا بکەن، بەلاّم زیاد نەکرا، بەلاّم من ئەو

قسەیە بۆ ئەوە دەکەم کە حکومەت لە پشتەوە شت دەکات، خۆزگە ئەلێرە لەناو قاعەکە بڕیار لەسەر شت بدات، دواتر کە هەر بە دووهەزارو پێنج سەتەکە مایەوە لێرە، قەرارەکە هەر وابوو، پاشان ئەوەی کە زانیمان و پێمان گەیشت بە نووسراو، سێ هەزارو بیست و نۆ کەس وابزانم میلاکی تەندروستی بوو، قسەکەی من ئەوەیە بۆچی لێرە ئێمە داوای زیاد کردن دەکەین؟، لێرە تەسبیت ناکرێ، بۆچی پاش ئەمە؟، یەعنی بەڕاستی ئەوە بە گوێ نەکردنی پەرلەمانە، گوێ نەگرتنە لە پەرلەمان، ڕێز نەگرتنە لە قەرارەکانی پەرلەمان، لە بڕیارەکانی پەرلەمان، لە قسەکانی پەرلەمان، ئەمساڵ کە لەگەڵ وەزیری تەندروستی دانیشتووین دیسان ئەو کێشەیە هەیە، خەریجاتێکی زۆر هەیە لە بواری تەندروستی، پێداویستیەکی یەکجار زۆر هەیە لە بورای تەندروستی، بەتایبەتی لە دەرەوەی شارەکان، لەشوینە نامیەکان کە خەڵك بە زەحمەت بۆی دەچێت، بەڵام دیسان بە هەمان شێوە میلاکاتی وەزارەتی تەندروستی میلاکێکی کەمە، لەگەڵ ئەوەی کە ئێمە کێشەمان هەیە، بەڕاستی لەو مەنتیقانەی سەرەوە پزیشك و کارمەندی تەندروستی زۆر بەکەمی بۆی دەچێت، نەخۆشخانە هەیە، یان بلێین بنکەی تەندروستی هەیە بە پزیشکێك یان بە کارمەندێك بەڕێوە دەچێ، لەبەر ئەوە ئەمساڵ هەر لێرە داوا دەکەم تەبعەن ئەمساڵ میلاکی تەندروستی کە هاتووە لە میلاکات دوو هەزار و سەدو پەنجایە، داوا دەکەم وەکو وەزیری تەندروستیش تەئکیدی لەسەر بکاتەوە، لەبەر پێداویستی ئەوان بکرێت بە سێ هەزار، خاڵێکی تر بەڕاستی من پێم باشە ئەم دامەزراندنە لە ڕێگای ئەنجومەنی پارێزگاکان بێ، ئەگەر ئەنجومەنی ڕاژە، نازانم لەبەرچی لەبەر ئەوەی یاساکەی دەرچووە بۆچی نافز نیە یاسایەکەی؟، ئەگەر یاسایەکە نافزە زۆر باشە، ئەگەر یاساکە نافز نیە بەڕاستی لە ڕێگەی ئەنجومەنی پارێزگاکانەوە بکرێت، ئاخیر خاڵم لە دامەزراندندا گرنگی بدرێت بە قەزاو ناحیەکان، چونکە ڕێژەی بێکاری لەوێ یەکجار زۆرە تا شارەکان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فەرمان عزالدین**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە وەکو برادەران ئیشارەتیان پێیدا، ساڵی پاریش ئەو فەقەرەی تێدابووە کە ئەولەویەت بدرێت بەوانەی کە گرێبەستیان هەیە، بەڵام لە ئەنجامی بەدواداچوون و گەڕانمان بەتایبەتی لە کەرتی پەروەردە، سەرپێچی ئەو یاسایە کراوە، ئەوانەی کە گرێبەستیان هەبووە، چەندان ساڵە لە فەرمانگەکان ئیش دەکەن، ئەوانەیان دانەمەزراندبوو، خەڵکی لابە بەلایان هێنابوو دایان مەزراندبوو، ئەوان بەشێوەی گرێبەست هاتبوونەوە، بەڕاستی سەرپێچیکارن، لێرە جۆرێك لە سزایان بۆ دابنێین، جا سزایەکە کارگێڕییە هەرچیەکە ئەوە یەکلا بکرێتەوە، پاشان ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە، لیژنەی پەروەدە چوار هەزار مامۆستا بۆ لیژنەی پەروەردە دانراوە، بەڕاستی چوار هەزار مامۆستایەکە کەمە، پێشنیار دەکەین ئەو ژمارەیە زیاد بکرێت، بکرێت بە هەشت هەزار مامۆستا، لەبەر ئەوەی ئەگەر ژمارەی زیاتریش مامۆستا

دابمەزرێ میلاکات هەر کەمە، بۆیە پێشنیار دەکەین ئەو ژمارە زیاد بکرێ، خاڵێکی تر ساڵی پار کۆمەڵێك لە دەرچووان لە گەرمیان دامەزران، بەڵام دامەزراندنەکەیان بەم شێوەیە بوو، هەموو مامەلەیەکیان کرد لەدەوائیری ڕەسمی تا گەیشتە وەزارەتی دارایی، لە وەزارەتی دارایی دیارە تەخسیس نەبوو، لێرەو لەوێ هەندێکیان خۆیان دامەزراند، بەڵام ئێستاش لەوێ ژمارەی دوو سەد کەس ماوەتەوە ، ئەمریان بۆ دەرچووە بۆ دامەزراندن، داوا دەکەین ئەولەویەت بدرێت بەوانەی کە دامەزراون لە تەخسیسی ئەو حەڤدە هەزارەی ئەوانەی کە دمەزراون، بەڕاستی جێگەیان بۆ بکرێتەوە، بەفەقەرەیە بە هەرچیە، بەبێ کێشە ئەوانە دابمەزرێن، ئەوە خاڵی زۆر گرنگە، بەڕاستی ئەوەی کاك گۆران ئیشارەتی پێیدا بەشی فەلسەفە، توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، زانستە سیاسیەکان بەڕاستی ئەوانە زۆر گرنگن دابمەزرێن، یەعنی بۆ نموونە، ئێستا بەشی مەکتەبە، پەیمانگایەکمان هەیە بەشی مەکتەبە، ئێستا دەرچوومان هەیە لەهیچ جێگایەك دایان نامەزرێنن، ئێ باشە لە کۆلیژەکان بەرنامە هەیە کە بکرێتەوە، بەڵام بۆ دانامەزرێ، یەعنی بەڕاستی ئەوانە بە دانەمەزراو حیسابن، پێویستە لە دامەزراندن ئەوانە حیسابیان بۆ بکرێت، خاڵی ترمان هەیە، کەم ئەندامانیش لێرە گرنگیان پێ بدەی لەو دامەزراندنە شوێنیان بۆ بکرێتەوەو بەشێکیان بۆ حیساب بکرێ، زۆر سوپاس.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

کاك شێرزاد فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من بەڕاستی زۆربەیان کران، ئەوەی کەو مابێتەوە ئەو دەرچووانەی ساڵانی پێش ئەمساڵ کە هەبوون، ئەولەویەت بدرێت بەوانەش، ئەوانەش ساڵانێکی زۆرە ماونەتەوە و تەعین نەکراون، کەم ئەندامان نسبەی 5٪مان بۆ دانابوون، ئەمساڵیش ئەگە ر ئەو لە 5٪یە تەسبیت بکەین شتێکی زۆر باشە، قسەکانی دیکەشم کران، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.صباح فەرموو.

**بەڕێز د.صباح محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لە کێشە گەورەکانی هەرێمی کوردستان بریتیە لە مەسەلەی دامەزراندن، خەڵکانێکی زۆر لە دەرچووی پەیمانگاو زانکۆکان بە ئومێدی دامەزراندن کاتی خۆیان بەسەر دەبەن و ڕۆژانی خۆیان بەڕێ

دەکەن، بۆیە من لێرەدا بەلامەوە سەیرە یەعنی ئێمە لە هەرێمی کوردستان خۆمان پابەند بکەین بەو دەرەجە وەزیفیەی کە لەناوەندەوە دیاری دەکرێت، لە حاڵەتێکی سیادی نیە، یەعنی ئەکرێت ئێمە تەجاوزی ئەو ژمارەیە بکەین کە لەلایەن حکومەتی ناوەندی عیراقەوە دیاری کراوە، چونکە بەپێی دەستووری عیراق ئەو مافە هەیە بۆ هەرێمی کوردستان لە کاروباری ئیداری و کارگێڕی خۆی سەربەخۆ بێ، لەو ڕوانگەیەوە وێڕای تەئکید کردن لەسەر قسەکانی خوشکە هاوڕاز و مامۆستا فەرمان و هاوکارانم کاك شێرزاد، ئەمەوێ چەند خاڵێك تەئکیدی لەسەر بکەمەوە، هەر دامەزراندنێك پێویستە بنەمای دادگەری (العداله والشفافیه) لە پرۆسەی دامەزراندن ڕەچاو بکرێ، دوو، ئەوانەی کە گرێبەستن بەڕاستی دابمەزرێن و ئەولەویەتیان پێ بدرێت لە هەموو وەزارەتەکان، سێ، سیستەمێکی مۆدرێرن پێشنیار بکەین، چ لێرەوە وەکو پەرلەمان، چ حکومەتیش بۆ خۆی پێی هەڵبستێ، ئێمە پلە بەندیەك دابنێیین بۆ دامەزاراندنی ئەو کەسانەی کە دەرچووی پەیمانگاو زانکۆو کۆلێژەکانن، یەعنی وەکو لە هەندێ لە وڵاتانی دونیا هەیە، لە پێشا ئەبێ بەشێوەیەکی کاتی، ئەتوانی عەقدێك بکەی ئەو کەسەی کە دەرچووە، بۆ دامەزراندن ئینجا بۆ ماوەیەك تاقی کردنەوە مەسەلەن، بۆ ساڵێك یان دوو ساڵ ئەوانە ئومێدێکیان پێ بدرێت کە هیچ نەبێ لە دوای ساڵێك و دووساڵ و سێ ساڵ دادەمەزرێن، دامەزراندنەکەشیان دەبێتە دامەزراندنێکی حەتمی، ڕێژەیەکیش دابندرێت لە وڵاتانی پێشکەوتوو، یەعنی کە من باسی هەرێم دەکەم، باسی ئەوەمان کردووە هەرێمی کوردستان گرنگی بەوە دەدەین کە خاوەنی پێداویستی تایبەتن، فیعلەن ڕێژەیەك دابندرێت کە خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان ڕێژەکەش لە 5٪ کەمتر نەبێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرگوڵ خان فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی (11) ماددەیەکی گرنگە بەڕای من، ئێمە باس لە میلاکات دەکەین، وەکو د.صباح باسی کرد، ئێمە ئەو مافەمان هەیە بێگومان وەکو هەرێمی کوردستان، ڕاستە ئەو 17 هەزارەی ئیستیحقاقی ئێمە لە بەغداوە دیاری کراوە، بەلاّم ناکرێ ئێمە بیر لەوە بکەینەوە ئەم ڕێژەیە یان بابڵێین ئەم ژمارەیە بەپێی پێداویستی وەزارەتەکان، بەپێی داواکاری دەرچوان دیاری بکرێ، من ئەوە لە وەزارەتی دارایی ئەپرسم ئایا ئەوان پێداویستی دائیرەکان یان وەزارەتەکانیان لایە؟، بەم 17 هەزارە تەکمیلە ئەبێ یان پێویستیمان بەو هەیە ڕێژەکە زیاد بکەین؟، منیش هاوڕام لەگەڵ کاك گۆران، ئەمە ناکرێ، قانونێکمان دەرکردووە بۆ حکومەت جێبەجێی بکات، ئەو ئاگادار نەبێ لەوە، بەڕاستی ئەو جێگەی سەرسوڕمانە، پشتگیری لەو پێشنیارە دەکەم کە حسەیەك دابندرێت یان ڕێژەیەك بۆ ئەوانەی خاوەنی پێداویستی تایبەتن لە تەعینات، موراعاتی ئەوە بکرێ، ئەوانەی کە بە عەقد لە دائیرەکانن، ئێمە پار ساڵ نووسینگەی پەرلەمان کۆمەڵێك لەوانەی کە بەعەقد بوون هاتن لە سلێمانی، زۆربەیان ئیختیساسیان هەبوو، زۆربەیان

خیبرەیان هەبوو، دە ساڵ بوو لەو دائیرە بوون، بەتایبەتی ئەوقاف، دە ساڵ بوو مابوونەوە لەو دائیرە، بەڵام کەسانێکی تر تەعین کرابوون، ئەوان هەر بە عەقد مابوونەوە، یەعنی بەڕاستی خەلەلێکی گەورەیە ئەبێ چارەسەر بکرێ، ئەو خەریجانەی کە لەو بەشانە هەن، بەتایبەتی بەشی فەلسەفە کە زۆر داواکاریان هەبوو، گرفتیان هەبوو، یان بەشی زانستە سیاسیەکان، ئەوانیش موراجەعەی نووسینگەیان کردبوو، داوادەکەین کە بوار بدرێ، ئێمە ئەڵێین ئەم تەعیناتە بەپێی تەعلیماتێکە کە دەرئەچێ، ئێمە ئەوەی کە پار ساڵ بینیمان ئەو لیژنانەی دروست بوون، تەعلیماتەکان موەحەد نەبوو، تەعلیماتەکە یەکگرتوو نەبوو، لە هەولێر بەجۆرێك تەعلیمات هەبوو، لە سلێمانی بەجۆرێکی تر، بۆیە پێویستە ئەمساڵ ئەم تەعیناتە موەحەد بێ و بلاّو بکرێتەوە، خاڵێکی تریش یەکێك لە پەرلەمانتاران باسی ئەوەیان کرد، کاك گۆران بوو پێموابێ، کاتێك کە لەو تەعلیماتە لائەدرێت ئەو کەسە یەکسەر تەعین ئەکرێت، لە ماددەکە، کە ئیلغای ئەو ئەمری تەعینە بکرێ، بەڕاستی ئەمە سزای ئەو شوێنە نەدراوە، ئەبێ سزایەکی کارگێری بۆ ئەو شوێنە بێ، نەوەك بۆ ئەو کەسەی کە تەعین کراوە، بە موخالفی، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەیان خان فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن دگەڵ پشتەڤانی بۆ وان تێبینیێت بەڕێزان هاوڕاز خان و د.صباح، ئەز پێشنیاری دکەم کو خاڵەکا دی بێتە زێدە کرن بۆ ڤی ماددەی، ئەو ژی ئەوێ خاڵێ، (على حكومة الاقليم توزيع الملاكات على المحافظات حسب النسبة السكانية لكل محافظة تحقيقاً للعدالة) ئەوە بێتە ئیزافە کرن و ئیلزامی حکومەت بکرێ، ب ڕەئیا من گەلەك تشتەکی باشە، دگەڵ هندێدا ئەز دووبارە وەختێ ل موداخەلەی خۆ ژی دا ئاماژە ب دهۆکێ کر، ڕێژەیا میلاکاتێ دهۆکێ کو 12٪ ئەز جارەکادی ل ڤێرێ داخازاخۆ دووبارە دکەمەڤە کو موراجەعەیەك دڤێ ڕێژێ بێتە کرنێ، چونکی ب ڕاستی خەلکێ دهۆکێ بەرسڤەك دڤێت بۆ ڤێ خالا هەنێ، هێڤی دکەم بەرچاڤەك بێتە وەرگرتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ژیان خان فەرموو.

**بەڕێز ژیان عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە دانانی میلاکات بۆ وەزارەتەکان، بەپێی پێویستی وەزارەتەکان بێ، هەر بۆ نموونە ئێستا وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کە 300 میلاکی بۆ دانراوە،

بەلاّم ئەمە زۆر کەمە، چونکە ئێمە کاتێ کە یاسای کارو دەستەبەری کۆمەلاّیەتی لەم پەرلەمانە دەرچوو، یەکەم جار پێنج لیژنەیان هەبوو، ئێستا پێویستیان بە 15 لیژنە هەیە، هەروەها کاك علی بڕیاری ئەوەیدا کە سەنتەری ئۆتیزم دروست بکرێ، ئەو سەنتەرەش پێویستی بە ستاف هەیە، ئێستا لە سەید صادق، شوێنی سەنتەری پاراستنی منالّ لە سەید صادق نەستافی هەیە، نە تەجهیزی هەیە، ئەمە بەنیسبەت ئەوەی کە پێویستە ئەو میلاکەی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی زیاتر بکرێ، چونکە بەپێی سەردانی ئێمە، من و کاك سەردار کە سەردانی ئەو شوێنانەمان کردووە، ئەوان ئەو میلاکە زۆر کەمە کە بۆیان دانراوە، پێویستیەکانیان جێبەجێ ناکات، بەنیسبەت تەعینات دەرچووی پیشەییەکان، من پێشنیار دەکەم کە پشکێکیان بۆ دابندرێت، چونکە ئەوانیش هاتن بۆ نووسینگەی سلێمانی، ئێمە نە تەعین ئەکرێین نە بیمەی بێکاری شمولمان ئەکات، ئایا ئەو شوێنانە بۆ هەیە با هەر دایخەن و با نەبێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من پشتگیری ڕاکەی ژیان خان دەکەم، سەبارەت بەم ماددەیەی میلاکات، وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی یەکێکە لەو وەزارەتە گرنگ و چالاکانەی کە ئەرکی زۆر قورس و مەسئولیەتێکی گەورەی بەڕاستی لەسەر شانە، زۆرێك لەو توێژانەی کە پێویستیان بە هاوکاری ژیان هەیە، لە سەنتەرەکانی ئۆتیزم، شەلەل دەماغ، نابینایان، نابیستان، بەڕێوەبەرایەتیەکانی کار، چاودێری کۆمەلاّیەتی، دایەنگەکان، هەموو ئەو پێداویستیە تایبەتانەی کە سەر بەم وەزارەتەن، ئێمە لە زیارەتی مەیدانیمان، وەکو ژیان خان ئاماژەی پێیدا پیویستیان بە ستافی نوێ هەیە، کە هەندێکیان تازە دامەزراون، لەبەر ئەوەی ئێمە پێش چەند ڕۆژێك وەکو ئاماژەم پێیدا، لەم پەرلەمانە یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەلاّیەتیمان دەرکرد، ئەویش پێویستی بە ستافە، بۆیە داوا ئەکەم ئەو میلاکەی وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی زیاد بکرێ، بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر بتوانن ئەرکەکانیان بە مەسئولیەتەوە ڕاپەڕێنن، سەربارەت بە دەرچووانی ئامادەییەکان، بەڕاستی چەند ساڵە ئامادەییەکانی صناعە و زراعە و ئەوانەی میهەنیەکان، بەهیچ شێوەیەك حیسابی تەعیناتیان بۆ نەکراوە، ئەگەر بتوانن ئەمساڵ جەنابی وەزیر حیسابێك بۆ ئەوانیش بکات، چونکە ڕێژەیەکی زۆر لە کوردستان ئێستا لەو دەرچووانە هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وێڕای پشتگیریم لەهاوڕێکانم مامۆستا فەرمان و کاك د.صباح کە باسیان لەوە کرد، ئێمە لە ئەنجامی بەدواداچوونماندا بۆ ئیش و کارەکانی وەزارەتی پەروەردە، بۆمان دەرکەوتووە کە ئەو ژمارەیەی بۆیان داناوە بۆ دامەزراندنی مامۆستایان، چوار هەزار کەمە، بۆیە لە ڕاپۆرتەکەشماندا پشتگیری ئەوەمان کردووە، داوامان کردووە کە ببێت بە هەشت هەزار، ناکرێ لەسەر ئەو پلانەی کە بۆ وەزارەتەکانی تریش دانراوە، هەروەکو هاوڕێیانیش باس دەکەن هی ئەوانیش کەمە، بۆیە ئەو ڕێژە 17 هەزارە زیاد بکرێت، ئەو چوار هەزارەشی بخرێتە سەر، چونکە ئێمە نەقسی مامۆستامان هەیە، خاڵێکی تریشیان بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، شێوازی دامەزراندنە بەڕاستی ئێمە وەکو هاوڕێم مامۆستا گۆران باسی کرد، ئەنجومەنی ڕاژەی یاساکەمان دەرکردووە، کاری پێ نەکراوە، لە ساڵی پاریشدا لە شێوازی دامەزراندن، لە هەولێر بەجۆرێك بووەو لە سلێمانی بەجۆرێك بووە، تەنانەت هەندێك لە دام و دەزگاکانی ئەوانەی کە هەبوون، هەندێکیان تایبەتمەندێتی خۆیان هەیە، هەندێکیان لە زانکۆدا، بەڕاستی ناکرێ زانکۆ کە تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، بەڵام لە ئەنجومەنی موحافەزەوە خەڵکی بۆ دابمەزرێ، بەپێی ئەو پسپۆڕیانەی کەوا ئەسلەن هەر پێویستیشیان نیە، هەندێکیشیان بۆ ناردراوە، خاڵێکی تریان سەربارەت بە ئەولەویەت، خاڵی پێنجەمیان کە گرێبەستەکانە، منیش پشتگیری لەوە دەکەم کە گرێبەستەکان ئەولەویەتیان هەبێ، ئەمە یەك ئەگەر بکرێ، دووەمیان، ئەگەر نەشکرێت لەمەدا داوا لە بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم کەوا هەر هیچ نەبێ جۆری ڕێنماییەکان بگۆڕن، بەوەی کەوا هەندێك ئیمتیازات هەیە، ئەویش بدرێت بەوەی کە ئەو جۆرە جیاوازیە نەمێنێت، ئەو تەزەخومەش نەکەوێتە سەر حکومەت، دوا خاڵم، سەبارەت بە خاڵی شەشەم، ئەمجارە بە برگەیەك هاتووە، لەو ماددەیەدا، ساڵی پار ئێمە بە ماددەیەکی سەربەخۆ دامان نابوو، کە ماددەی (31) بوو لەیاساکەدا، بەڕاستی هەست دەکەم ئێمە کە دەینووسین هەر لەسەر کاغەزە، چونکە ساڵی پاریش هەبووە، پێراریش هەبووە، بەڵام جێبەجێ نەکراوە، ئەوەی کەوا دەڵێت پلە وەزیفیە قیادیەکان لە بەڕێوەبەری گشتی و بەرەو ژوور هەیە، ئەمە پێشێلکاری کراوە لەو یاسایە، دانراوە بەڕێوەبەر هەیە بە پلەی ڕاوێژکار، بەڕێوەبەری گشتی بە پلەی ڕاوێژکاری پێشکەوتوو، ڕاوێژکار بە پلەی وەکیل وەزیر، نازانم هەموو پێشێلکاریەکانی ماددەکانی یاسای خزمەتی شارستانی پێشێل کراوە، شتێکی تر، هیوادارم ئەمە هەر سێ سەرۆکایەتیش بگرێتەوە، چ سەرۆکایەتی پەرلەمان، چ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، چ سەرۆکایەتی هەرێم، چونکە زۆربەی زۆری ئەو حاڵەتانەی دەکرێن ئەویش دام و دەزگایەکی ئەو هەرێمەن، بەڵام ئەوانی نەگرتۆتەوە، لە یاساکەدا بچەسپێندرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرمووو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەو ماددەیە لە دووەم، دوای ( على ملاك مؤسسات الاقليم والمحافظات) پێشنیار دەکەم ئەگەر ئەوە زیاد بکرێ، (والادارات المستقلة والاقضية والنواحى المستحدثة) ئەولەویەت بدرێت بەوان، دوای ئەوە لێرە غەڵەتێکی تیایە دەڵێت( لحين صدور قانون مجلس الخدمة المدنية) ئێ ئەوە قانونەکە دەرچووە، چۆن ئەبێ بنووسی (لحين صدور) ئەبێ بنووسی (لتطبيق قانون الخدمة المدنية) بەنیسبەت ( خامساً:تعطى اولوية) بەڕاستی لە عیراق ئەولەویەتی داوە هەتا خزمەتی لە 2003 وە بۆیان حیساب دەکات، نازانم ئێمە بۆچی بەو شێوەیە ئەوانەی کە عقدیان هەیە دەمێکە، خاسەتەن ئەوانەی کە لە وەزارەتی شارەوانین زۆر موعاناتیان هەیە، زۆر زۆر پانزە ساڵ و شتی واشیان تیایە، بەنیسبەت ( استثناء التعاقد على المشاريع الاستثمارية) ئەگەر زیاد بکرێ لە دوای ئەوەوە(مشاريع تطبيق التصاميم الاساسية لمراكز المحافظات والاقضية والنواحى للاسراع بتنفيذ تسجيل دور السكنية الغير مسجلة و المواطنين) ئەمە خاڵکی موهیمە بەلای منەوە، ئەو ئیشە، بۆیە وا تەئخیر ئەبێ میلاکیان نیە، ناشتوانی بە دائیمی بۆیان دابنێی، بەشێوەی عەقد بێ، تەئیدی قسەکەی کاك سەروەر دەکەم قانونی وەزارەت بۆ هەیکەلی تەنزیمیەکەی هەر(الرئاسات الثلاثة والوزارات) بگرێتەوە کە کەس لە پلەی بەڕێوەبەری گشتی بەرەو ژوور کەس بۆی نەبێ دایمەزرێنێ، ئەگەر لە دەرەوەی هەیکەلی تەنزیمی وەزارەتەکە یان (الرئاسات الثلاثة)بوون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر محی الدین فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە خاڵی یەکەم پشتگیری برایانی بەڕێز کاك د.سەروەر و د.صباح دەکەم، بەلاَم لێرە باس لەوە کرا کە خاوەن پێداویستی تایبەت دەبێ بەشێك لەو پلە وەزیفیانە بۆ ئەوان بە تەنیا دابندرێت، من قەت لەگەڵ ئەوەنیم کە بەچاوی جیاکاری و جیاوازی تەماشای خاوەن پێداویستی تایبەت بکرێ، بەڵکو هەموو وەزارەتەکان لەسەریانە بەپێی موئەهەلات و بەپێی شەهادەیان وەکو هەر مرۆڤێك مافیان هەیە دابمەزرێن لە هەموو وەزارەتەکان، بۆیە پێویست ناکات بە تەنیا لەناو هەیکەلی تەنزیمیش نەبێ، ئەوان مرۆڤن دەبێ دابمەزرێن، ئەگەر دەرچووی زانکۆ بێ یا دابمەزرێ، بەلاَم پێویستیان بە هەندێك ئاسانکاری هەیە، بۆیان بکرێ لە کاتی دامەزراندندا، لەخاڵی دووەمدا، سەبارەت بەوەی کە پابەند بن لەوەی کە دامەزراندن و میلاك ناردن، پابەند بن بەتەعلیماتی مەجلسی وزەرا، بەڵێ، دەبێ ئەوان پابەند بن بە هەموو وەزارەتەکان، بەلاَم مەجلسی وزەرا پێش ئەوەی تەعلیمات دابنێ دەبێ ڕەچاوی ڕێنمایی وەزارەتەکان بکات، پارەکە ئیشکالەکی زۆر دروست بوو بە نیسبەتی وەزارەتی پەروەردە، لە دانانی فۆرم و لە تەعلیمات، لەبەر ئەوەی وەزارەتی پەروەردە خۆیان گلەییان هەبوو، دەیان گوت ئێمە لە دانانی ئەو ڕێنماییانە بەشدار نەبووینە، خاڵی پێنجەم عقود، پشتگیری ئەوە دەکەم کە ئەولەویەت بدرێتە ئەوانەی کە بەعەقد لە مێژە دانەمەزراون، دابمەزرێن، بەلاَم ڕێگاش بدرێ بە عەقدی تازە سەبارەت بە وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی

بالاَ، وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە هەندێك پسپۆر هەیە كە نیە لە كوردستان، سەبارەت بە پەروەردەی تایبەت، لە هەموو ئەو پسپۆرانەی كە هەنە دانەمەزراون یان لە دەرەوە كە بیانین دێن هەر چنە، ڕێگایان پێ بدرێت بە عەقد دابمەزرێن، لە وەزارەتی خوێندنی بالاَش هەروەها بەشی پەروەردەی تایبەت دەكرێتەوە، هەتاوەكو ئێستا پسپۆرێك ......

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

خۆی وەختەكەتان تەنزیم كراوە، ئەوەی دوو دەقە تێپەڕ بكات یەكسەر بەخۆی دەكوژێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دامەزراندنی مودیر عام بەپێی هەیكەلی تەنزیمی، ڕاستە بەپێی هەیكەلی تەنزیمی بێ، هەیكەلی تەنزیمی دەبێ ئێستا چاوی پێدابخشێندرێتەوە، ئیعادەی نەزەری لێ بكرێ، ژمارەیەكی زۆر زۆر لە وەزارەتەكان مودیر عامی زیاد هەیە، هەیكەل تەنزیمیەكە چاك بكرێت، ئینجا مودیر عام دابمەزرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

خۆی پرسیارێكی جدی هەیە، ئێمە ئەم تەعیناتانەی كە ساڵی پار كرا، كۆمەڵێك گلەیی تریشی لەسەر بوو، بەڕاستیەكەی تەعیناتی ساڵی پار نەیتوانی پێداویستی وەزارەتەكان بەپێی ئیختیساسات پڕ بكاتەوە، بۆ نموونە، وەزارەتی ڕۆشنبیری چەند كەسی بۆ دامەزرا نەیتوانی سوود لە ئیختیساسەكان وەربگرێ، بۆیە ئەبێ وەزارەتی تەختیت و مالیە بە وردی سەیری پێداویستی وەزارەتەكان بكەن، دامەزراندن بەپێی یەك ڕێنمایی بێ، لە هەموو كوردستانەوە بەپێی یەك پێوەر بێ، بەلاَم پێشنیار دەكەم لە ژێر چاودێری ئەنجومەنی پارێزگاكان بێ بەپێی پێداویستی: دووەم، ئێمە زۆرینەی ئەو دامەزراوانەی كە دائەمەزرێن لەناوەندی پارێزگاكان دائەمەزرێ، لە ناوەندی پایتەخت، بۆیە زۆرینەی ناحیەو قەزاكان زۆر دائیرە ئیستیحداس كراوە فەرمانبەری نیە، ئێمە چەندەها جار بۆ نموونە، لەناوچەی سیدەكان بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوان دامەزراوە یەك فەرمانبەری نیە، یان لە زۆر شوێنی ناحیەو قەزاكان، بۆیە ئەمە بۆتە سەبەبی ئەوەی دامەزراندن بۆ ناحیەو قەزاكان زۆر كەم بێ، ئەو هەیكەلە ئیداریە لە ناحیەو قەزاكان زۆر لاواز بن، بۆیە پێویستە ڕەچاوی ئەوە بكرێ، سێهەم، من پێشنیار دەكەم ئەو دامەزراندنانەی بۆ پێشمەرگە و وەزارەتی ناوخۆ و ئاسایش كەم بكرێتەوە ئەو ژمارەیە، ئەو ژمارەیە دابەش بكرێ بەپێی ئەو وەزارەتە پێویستانە، تەندروستی، پەروەردە، شارەوانیەكان، ڕەچاوی قەزاو ناحیەكان بكرێ لە دامەزراندن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەوەی بەلای منەوە سەیر بوو، پرۆژەیەکی یاسا لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بهێندرێت بۆ پەرلەمانی کوردستان، بەبێ ئەوەی ئەنجومەن ئاگای لەوە بێ کە لەم پەرلەمانە قانونی ئەنجومەنی ڕاژە پەسەند کراوە، ئەمە کارەساتە، نازانم لیژنەی یاساییان هەیە ئەنجومەنی وەزیران، یان نیانە؟، لەوە کارەسات بارتر ئەوەیە کە لیژنەی قانونی ئیقتیراح ئەکات ئەڵێ ( بعد نفاذ هذا القانون) ئێمە لەناو ئەو قانونەی کە دەرمان کردووە، تەحدیدمان کردووە بڵێین لە مودەی ئەوەندە ئەبێ ئەو قانونە نافز بێ، یان قانونەکە یەکسەر نافزە، ئەوە یەکەم، دووەم، مەسەلەی تەعینات بەڕاستی هەمووومان پشتگیری لێ دەکەین، ئەوانەیساڵی پار گرفتیان هەبووە، ئیقتیراح دەکەین کە ئەولەویەتیان پێ بدرێ، موشکیلەیان هەبووە، بەڕاستی ئەوەی کە برادەران باسیان کرد میلاکات زیاد هەبووە، ئەوانەی خەریجی مەعهەدەکان بەڕاستی، ئەوانەی پار موستەفید نەبوون لە مەسەلەی تەعینات، ئەوانەی ساڵانی پێشوو لەبەرچاو بگیرێ، من پشتیوانی ئەو ڕایە ئەکەم کە مەجلسی موحافەزەکان تەعیناتەکان لەژێر ئیشارەتی مەجلسی موحافەزەکان بێ، ئەوان مەجلسی هەڵبژێردراون، بۆ سەرپەرشتی کردنی ئەم ئیشە من پێموایە هینێکی باشە، مەسەلەی عەقدەکان، من پشتیوانی ئەو ڕەئیە ئەکەم کە لەهی ناوخۆ کەم بکرێتەوە بۆ هەزار کەس ئەوەی کە ئەمێنێتەوە بخرێتە سەر سەحەو شارەوانی، چونکە شارەوانی 13 هەزار و شتێك موەزەفی عقدیان هەیە، هەشت سەد میلاکیان هەیە، هەشت سەد میلاك ئیکتیفای ئەوان ناکات، مەسەلەی عەقدەکانیش خەڵك ئەوەی بخرێتە پێشەوە کە چەند ساڵێك خزمەتیان هەیە، چونکە خۆیان باسیان کرد هەیانە پانزە ساڵ خزمەتیان هەیە بە عەقد، یەعنی پانزە ساڵە عەقدە لەناو شارەوانی، من پشتیوانی ئەو بۆچوونانەی هاوکارم شلێر خانیش دەکەم، لەوەی کە لە ماددەی دووەم، لە دوای موحافەزات ( الاقضية والنواحى المستحدثة) ئەوە ئیزافە بکرێ، بەبێ ئیداراتی موستەقیلە، چونکە ئیداراتی موستەقیلە، ئێمە لەم پەرلەمانە یاسای هەڵبژاردنی مەجلسی موحافەزاتمان تەعدیل کرد، بەهیچ شێوەیەك ناویان نەهاتووە، ماددەی پێنجەمیش ئەو ئیقتیراحانەی کە کردی هەر پشتیوانی ئەکەم، من یەك پرسیارم هەیە ئاخیر شت لە وەزارەتی بەڕێز، ساڵی 2010 ئەگەر بە هەڵە نەچووبم ئێمە نۆ هەزارو شتێك قەزار درا کە تەعین بکرێ، ساڵی 2011، بیست و پێنج هەزار تەجاوز کراوە لەسەر ئەم ڕەقەمانە، من داوا لە وەزارەتی دارایی ئەکەم ئەو تەجاوزانەمان پێ بڵێین هی ساڵی 2010 و 2011 لەسەر چ ئەساسێك تەعین کراون؟، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێشنیار ئەكەم دامەزراندن ئەمساڵ وەكو پرۆژەكان نەبێ بەپێی ژمارەی دانیشتوان دابەش بكرێ، دامەزراندن بەپێی پێویستی بێ، لە كوێ چ وەزارەتێك پێویستی پێی بێ لەوێ دابمەزرێ، بەڵام ئەگەر بەپێی ژمارەی دانیشتوان بێ وەكو ئەوەی كە چەند ساڵ كراوە، لەجێگایەك ژمارەیەكی زۆر خەڵكی زیادە هەیە لەناو دام و دەزگاكانی حكومەت، لەناو دەزگایەكیش وەكو ئەوەی كاك دڵشاد گوتی هیچ موەزەفێكمان نیە، بەڕاستی ئەگەر بەپێی ژمارەی دانیشتوان بێ، پرۆسەكە بەو شێوەیە نابێ كە ئێمە ئەمانەوێ، خاڵێكی تر كە چەند ساڵە ئەم توێژانە فەرامۆش كراون، دەرچووانی فەلسەفەو دەروونناسی تا ڕادەیەك ساڵی پار دامەزران، بەڵام فەلسەفەو زانستە سیاسیەكان ئەمانیش ئەمساڵ ئەولەویەتیان پێ بدرێت، هەروەها خاڵێكی تر گرنگی بدرێت بەدامەزراندنی گەڕاوەكانی هەندەران، ئەوانەی كە ئەگەڕێنەوە زۆربەیان تەلەفۆنمان بۆ دەكەن لە حاڵەتێكی نەفسی زۆر خراپ دان، هەموو ئەوانە خەریجن گەڕاونەتەوە، ئیشێكیان دەست ناكەوێ لە وڵاتی خۆیان كە چەند ساڵە لە غەریبی دان، بەڵام ئێستا فەرامۆشیان بكەین، با ئەولەویەت بدرێت بە ئەوانەی كە لەدەرەوە گەڕاونەتەوە، ئەوانەشی كە لە كفری و كەلار ئەمری دامەزراندنیان هەیە، لە وەزارەتی دارایی ڕاگیراوە، بەپێی ئەوەی كە ئەو ژمارەیەی كەدانرابوو 25 هەزار كەسەكە، تەواو بوو بوو، لەبەر ئەوە ڕاگیراوە، لێرە ئێمە ئەتوانین ئەولەویەت بدرێت بەوانیش كە دابمەزرێت، كە ئەمری دامەزراندنیان هەیە، تەنها هەر لە وەزارەتی دارایی ڕاگیراوە، ئەوانەش خەریجەكانی كفری و كەلارن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی دامەزراندنی ئەنجومەنی ڕاژە، ساڵی پار موناقەشەمان كرد، یاسایەكە دەرچوو، من لێرە باسم كرد گوتم تاوەكو ئێمە ڕادەوەستین ئەنجومەنی ڕاژە دادەمەزرێت، 25 هەزار كەسەكە دانامەزرێ، نوێنەری حكومەت بەڕێز د. كاوە لێرەبوو گوتی نەخێر، 25 هەزار كەسەكە پەیوەندی بەو ئەنجومەنەوە نیە، بەڵام ئەوە ساڵیش داهاتەوە تەعینات هاتەوە، ئەنجومەنەكە دانەمەزرا، خاڵێكی دیكەمان هەیە، بەنیسبەتی ئەوانی تر زۆر لەسەری ناڕۆم، ئەوانەی ساڵانی پێشوو تر دەرچووینە، ئەگەر دابمەزرێن باشترە، ئەوانەی كە بەگرێبەست دامەزراون، بەتایبەت هەمانە ئەندازیاری نەوتە، موهەندیسی نەوت لە حەقلە نەوتیەكان بە گرێبەست تەعین بووینە حیسابی ئەوە دەكەن، دەڵێن لە كۆمپانیایەكە حیسابی كارمەندێكمان بۆ ناكرێ، لەبەر ئەوەی گرێبەستین، ئەوانە ژمارەیان كەمە، هەق وایە بكرێنە ڕەسمی كە حكومەت زۆر پێویستی پێیانە، خاڵێكی ترمان هەیە بەنیسبەتی ئەندازیارانی كشتوكاڵ بەتایبەت لە كۆیەو تەق تەق، یەك كەس دانەمەزرا، وابزانم لە شارەكانی تر هەندێك ئەندازیاری كشتوكاڵ دامەزرا، بەڵام لە كۆیەو تەق تەق یەك

ئەندازیار دانەمەزرا، ئەگەر لە کۆیە پێویستی پێی نیە، با بیهێننە هەولێر، بیهێننە شوێنێکی تر بەس مەغدور نەبن لە تەعیناتەکە، خاڵێکی ترمان هەیە، بەنیسبەتی خاوەن پێداویستی تایبەت، پشتیوانی لە ڕایەکەی کاك شێرزاد دەکەم، شلێر خان و ئەوانیش باسیان کرد، خاوەن پێداویستی تایبەت هەقە ڕەچاو بکرێن بە مەرجێك ئەگەر بڵێین هەمان شروتیان تێدا هەیە، خاڵێکی ترمان هەیە بەنیسبەت دەرچووی ئامادەیی پیشەسازی و بازرگانی، ئەگەر ئەوانە دەردەچن و تەخەروج دەکەن و دایاننامەزرێنن هەقە ئەو ئامادەییانەو ئەو پەیمانگایانە چیتر نەمێنێت و قەپات بێت، تاوەکو ڕێژەیەکی کەم بەدەرەجەیەکی کەم لە کۆلیژەکان وەرگیرێن، ئەوانیش مافی خۆیانە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی ماددەی 11 کە بۆتە 12 ئێستا، منیش پشتگیری لە ڕای پەروەردەو خوێندنی باڵا دەکەم بۆ زیاد کردنی پلەی وەزیفی تەرخان کراو بۆ وەزارەتی پەروەردە لە چوار هەزارەوە بۆ هەشت هەزار، بێگومان وەکو لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی هاتووە، لێرەدا دەبێ ڕەچاوی ناوچە دابڕێنراوەکان بکەین کە خوێندنی کوردیان تێدایە، بەڕاستی ئەوانە پێویستیان زۆر زۆر بە مامۆستایە، ئەولەویەت بدرێت بە گرێبەستەکان، بەتایبەتی لە وەزارەتی خوێندنی باڵا، دەرچووانی ساڵانی پێشوو، لە وەزارەتی پەروەردەش لە موحازرینەکان، ئەو موحازریانە ئیختیساسیان هەیە، بەس چونکە پێوەرەکانی پار ساڵ دانران نەدەبوایە ساڵی دەرچوونیان لە پێنج ساڵ زیاتر بێ، لەبەر ئەوە بە موعەلەقی ماوەتەوە ئیشەکانیان، ئێمە پێویستە ئەولەویەت بدەینە ئەوانە، هەتا کەی دانەمەزرێن، ئەگەر پێنج ساڵە تەواویان کردووەو دانەمەزراون، کەی دابمەزرێن؟ دەبێ ئەولەویەتیان پێ بدرێت، هەروەها پشتگیری لەو ڕایە دەکەم کە خاوەنی پێداویستی تایبەتەکان دەبێ شوێنیان بۆ بکرێتەوە، بەبێ قەید و شەرت، تەنها بەگوێرەی کەم ئەندامیەکەیان ئەگەر ئیعتیباری بۆ بکرێت، واتە ئەو پێوەرانەی کە لە ئەنجومەنی پارێزگاکان دادەندرێت بۆ دامەزراندن، دەبێ بەنیسبەتی وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا پێوەری تایبەت بن، جیا بن لەگەڵ پێوەری وەزارەتەکانی تر، یەعنی پار ساڵ ئیعتبار بۆ ئەوە نەکرا، بەڵام هیوادارم ئەمساڵ ئیعتیباری بۆ بکرێ، بەنیسبەتی ئەو دووسەد مامۆستایەی کە دەریان نەچواندن لەناوچەی کەلار و کفری، دووبارەی دەکەمەوە ئەمجارەش، کە پار ساڵ دەرەجەی وەزیفیان پێ نەدرا، یەعنی ئومێدەوارم لەناو پەرلەمان یەکلایان بکەینەوە، دیسان ئەوراقی تەعین بوونیان پێشکەش بە وەزارەت نەکەنەوە، بەڵکو لێرەدا لەو ژمارەیەی کە دانراوە بۆ دامەزراندن یەکلایان بکەینەوە، دوای ڕاوەستاندنی بودجە یەکسەر ئەوانە تەعین بکرێن، چونکە پار ساڵ لەبەر ئەوەی ڕاکێشانی وەسیقەکانیان بێ بەش بوون لە بیمەی بێکاریش، پێویستە، لەبەر نارێکی وەزع و گوزەرانیان ئەمساڵ ئیعتیبارێکی تریان پێ بدرێت، ئەولەویەتیان پێ بدرێت، یەك خاڵم ماوە، پشتگیری

هاوكارم سيوەيل خان دەكەم، لەدامەزراندنی ئەندازيارانی كشتوكاڵ، چونكە ئێمە ئەوە ناوچانەمان بەسەر كردەوە، ناوچەكانی سێ گرتكان و تەق تەق و ئەوانە، كە ئەوانە موحازەراتيان دەدرێتێ لە وەزارەتی پەروەردە، چونكە وەزارەتی كشتوكاڵ دايانی نەمەزراندووە، جا ئەگەر لە وەزارەتی پەروەردە پێويستی بە پسپۆريەكانيان هەيە، با وەزارەتی پەروەردە دايان بمەزرێنێ، ئەگەرنا بابگەڕێنەوە وەزارەتی كشتوكاڵ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك پێشەوا فەرموو.

**بەڕێز پێشەوا توفيق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من دڵنيام كە دانانی ميلاكات بۆ وەزارەتەكان لەسەر ئەساسی پێويستی وەزارەتەكان نەبووە، هەر لێرە لەناو هۆڵی پەرلەمان لە گفتوگۆكانی پێشوو، باس لەوە كرا كە هەندێ لە وەزارەت باسيان لەوە كردووە كە ئەوان داوای 100كەسيان نەكردووە، بۆيان دابمەزرێ، كەچی وەزارەتی دارايی 100 ميلاكی بۆ داناون، ئەوە بەڵگەيە لەسەر ئەوەی كە لەسەر ئەساسی پێويستی نەبووە، بۆيە من پرسيار دەكەم لە بەڕێز وەزيری دارايی، كە ئەو هەماهەنگی و هاوكاريە لەسەر چ ئەساسێك و چ پێوەرێك كراوە، ئەوە خاڵی يەكەم، بەنيسبەتی خاڵی پێنجەم ئەولەويەت دەدرێت بە چەسپاندنی ئەو گرێبەستانەی كە كاريان پێ دەكرێت، من پشتگيری ئەوە دەكەم، بەڵام هەژدە هەزارو سێ سەدو هەشتاو هەشت پلە هەيە كە گرێبەستە، ئايا پێوەر چيە بۆ ئەوەی كە ئەولەويەت لەسەر چ ئەساسێك دەدرێت بەو هەموو پلەيە؟، خاڵێكی تر هەشت سەدو سی پلەی كاتی هەيە، دەپرسم جياوازی نێوان پلەی كاتی و گرێبەست چيە؟، ئەگەر جەنابی وەزير بۆمان ڕوون بكاتەوە، دواشتم ئەوەيە دامەزراندن هەيە من بەڵگەم پێيە پێش ئەوەی كە بودجە پەسەند بكرێ، خەڵكی دامەزراندووە، كە ئەمەش پێچەوانەی ياسايە، ئايا ئەو دامەزراندنانە لەسەر ئەو حەڤدە هەزار كەسە حيساب دەكرێن، يان بەدەر لەوەيە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

د.ڕێباز فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تێبينی يەكەمم لەسەر خاڵی چوارەم، ئەو دابەش كردنە تەسبيت دەكات كە لەناو خشتەكان هاتبوو، بەڵام لەماوەی ڕابردوو ئەندامانی پەرلەمان، زۆرترين ليژنەكان باسيان لەوە كرد كە ئەو دابەش كردنە لەسەر داوای وەزارەتەكان و بە گوێرەی پێويست نەبووە، تەبعەن ئەوە نزيكەی 10 كەس قسەی كرد، هەر

تێبینی ئەو لیژنەیەم کردووە، پێشنیاری یەك کەسیان نە نووسیوە، ئیتر نازانم قسە بۆ کێ ئەکەم؟، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ڤیان خان فەرمووو.

**بەڕێز ڤیان عبدالرحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە هەموو ئەو موناقەشانەی کە لە ڕۆژانی ڕابردووشدا کرا، بەتایبەتی ئەتوانم بڵێم هەمان ئەو قسانەی کاك پێشەوا کردی کەوا دامەزراندنی میلاکات، یاخود میلاکات لە هەرێمی کوردستاندا لەسەر بنەمانی پێویستی نیە، چونکە ئێمە ئەگەر بەراورد بکەین لەنێوان ژمارەکاندا، لەنێوان ئەو میلاکاتانەی کە هەیە لە هەرێمی کوردستان، ئەوانەی کە ئەشنێردرێت بۆ حکومەتی عیراقی جیاوازیەکی زۆری هەیە، دواجاریش هەر لەناو هەرێمی کوردستاندا، زۆربەی هەرە زۆری وەزارەتەکان پێویستیان بە ڕێژەیەکی زۆر لەو میلاکاتانە نیە، کە وەزارەت موافەقەتی بۆ لەسەر کردوون، هەشمانە ئەسلەن بەپێی یاسا تاوەکو ئێستا ئەو شوێنە لە ڕووی یاساییەوە تاوەکو ئێستا پێك نەهاتووە، ئەرك و مەهامی یاسایی خۆی جێبەجێ نەکردووە، ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەری هەیە کە بێکارن، بەلاّم لەهەمان کاتدا میلاکاتی تری بۆ موافەقەت یان بۆ پەسەند نەکراوە، دیارە ئەگەر من ئەو ژمارانەش جارێکی تر بخەمەوە بەرچاوی وەزیری دارایی، بەڕاستی ڕوونکردنەوەی دروستمان بداتێ بۆ ئەوەی ئێمەش بگەینە ئەو ڕاستیە، ئەمانە دروستن یاخود ئەمانە کە کراون، بۆ کراون؟، خۆ ناکرێ، هەتاکەی نەزانین ژمارەی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستان چەندە؟، بەپێی یاسای بودجەی 2012 ژمارەی فەرمانبەرانی هەرێم کە بۆ حکومەتی عیراقی نێردراوە، شەش سەدو شەست و حەوت هەزار و هەشت سەدو چل و نۆ فەرمانبەر بووە، بەلاّم ئەوەی لە ڕاپۆرتی وەزارەتی دارایی هاتووە، شەش سەدو شەست و دوو هەزارو چوار سەدو چل و دوو فەرمانبەر بووە، واتە ئەگەر جیاوازیەکەی وەرگرین، پێنج هەزار و چوار سەدو پێنج فەرمانبەر یەعنی جیاوازی هەیە لەو ناوە، ئەی ئەمانە لەکوێن؟، ئەمانە یەعنی لەکوێی ئەو وەزارەتانەی تردا جێگایان دەبێتەوە؟، دواتر لە تەعویزاتی موەزەفیندا، کە ئەمە بابێکی سابتە، جێگیرە، ئەمە تایبەتە بە میلاکاتی سەرجەم وەزارەتەکان، ئەوەی سەرجەم وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێم ناردوویانە بۆ وەزارەتی دارایی، دە ترلیۆن و سێ سەدو نەوەت و حەوت ملیارو پەنجا ملیۆن دینار بووە، بەلاّم ئەوەی وەزارەتی دارایی موافەقەتی لەسەر کردووە، شەش ترلیۆن و هەشت سەدو حەفتاو چوار ملیارو پێنج سەدو بیست و هەشت ملیۆن بووە، لەو نێوەندەدا ئەگەر ئێمە جیاوازیەکەی وەربگرین، سێ ترلیۆن و پێنج سەدو بیست و دوو ملیارو پێنج سەدو بیست و سێ ملیۆن جیاوازی هەیە، ئەکرێت لە بابەکانی تردا تۆزێك زیادە ڕەوی بکەی، یان زانیاری نا دروستیش بدەی، بەلاّم ناکرێ تەعویزاتی موەزەفین بە ڕێژەیەك بگاتە سێ ترلیۆن جیاوازی هەبێ، سەبارەت بە دەستەی مافی مرۆڤ، تاوەکو ئێستا ئەم دەستەیە لە ڕووی یاساییەوە پێك نەهێندراوە، سەیر دەکەی سێ

سەدو چل و شەش میلاکی هەیە، سێ سەدو چل و شەش میلاکی بێ کار هەیە لەساڵی 2010 لەم فەرمانگەیە، چونکە تاوەکو ئێستا دەستەکە دروست نەبووە، بەلآم ئەوەی تێبینی دەکرێت بیست کەس داوا کراوە، کە ئەم فەرمانگەیە جارێکی تر دابمەزرێت، من پشتگیری ئەو ڕایەی کاک دڵشاد دەکەم، کە وەزارەتی پێشمەرگەو وەزارەتی ناوخۆ و ئەنجومەنی ئاسایش و جیهازی ئاسایش، بەهەر هەموویان سێ هەزارو هەشت سەد فەرمانبەریان داوا کردووە، داوا دەکەم ئەمە ڕێژەیەکی زۆرە، بەهەر هەموو ئەمانە هەشت سەد کەسیان بۆ دابندرێت، ئەو سێ هەزارەی تر دابەش بکرێتەوە بەسەر ئەو وەزارەتانەی کە زۆر زەرورن کە پێویستیەکی زۆرە، داوا دەکەم کە ئەولەویەتیش بدرێ، لەکاتی دامەزراندندا بە کوڕو کچ و خوشك و برای شەهید بەگرێبەستەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە ماوەیەکی دورو درێژە گرێبەستن لە دامەزراوکانی حکومەتدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك تێبینی کورتم هەیە، یان ڕەخنەم هەیە، لەسەر دامەزراندن لە پەرلەمانی کوردستان، لە ماددەی 11 دیاری کرایە 17 هەزار کەس دادەمەزرێت لە هەرێمی کوردستان، ئەوەش زۆر شتێکی باشە دڵخۆشیە بۆ هاووڵاتیان، لە پارەوە دەستی پێ کردووە بە سیدی و بە فۆرم، خەڵك دادەمەزرێ، لە پەرلەمانی کوردستان بەو شێوەیە نابینم، چونکە ئەوەی دەبینم خزمایەتی و خزم زۆر دادەمەزرێ لە پەرلەمانی کوردستان، وای لێدێت ئەگەر هەر خزم دابمەزرێ دەبێتە دەزگایەکی خزمایەتی، ئەگەر بەو شێوەیە بێ یەعنی کەس دەستی ناگاتە پەرلەمان، من لەگەڵ ئەوەنیم ڕێگا بگرم لە خزمان بێن دابمەزرێن، بەلآم بە پێی توانا بێ نەوەك لەبەر ئەوەی خزم و کەسی یەکترن، زۆر نموونە هەیە، لەو پەرلەمانە چەندین کەس خزمن لێرەدامەزراون، لەبەر ئەوەی یەکێکیان هەیە لێرە، ئەوجا هەر کێیەك بێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە خەڵکانێکمان هەن کە پێشتر لە ناوەڕاست و باشووری عیراق نیشتەجێ بوون، بەلآم ئێستا گەڕاونەتەوە هەرێم، داوا دەکەن کە لە هەرێم تەعین بکرێنەوە، بەلآم ئەوانە نە بە نەقل کردن

خدمەکانیان دەگەڕێتەوە، نە دەتوانن تەعین ببنەوە، بۆیە من داوا دەکەم ڕێگەو شوێنێك بۆ ئەوانە بدۆزرێتەوە، قسەکانی من زیاتر هەڤالاَن کردیان، بەلاَم من هەر پشتگیریان دەکەم بەوەی کە پێویستی وەزارەتەکان میلاکاتەکان پڕ بکرێتەوە، بۆ نموونە، تەندروستی و کارو کاروباری کۆمەلاَیەتی، هەروەها ئەولەویەت زیاتر بدرێت بەوانەی کە بە عقد تەعین بوون، بەتایبەتی شارەوانیەکان، چونکە ئەوەی کە زیاتر تێبینی دەکرێن دیارە ئەوانەی کە بەعقد تەعین بوون، بۆ نموونە، ئەوەی کە سایەق شۆفەلە دەچێ خانووی تەجاوز تێك دەدات، دیارە تووشی تەهدید دەبێتەوە، جا بۆ ئەوەی زەمانەتێك بدرێت بەوە، بکرێت بە ڕەسمی یاخود عەقدەکانیان سەرلەنوێ نوێ بکرێتەوە، ئەولەویەتێکی زیاتریش بەکەم ئەندامان و خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند تێبینیەکم هەیە، لەگەڵ هەندێ پشتگیریش، ئەوەی زیاتر لە دامەزراندنەکان بەڕاستی من وەکو لیژنەی کاروباری کۆمەلاَیەتی، زیاتر جەختم لەسەر ئەو بوارەیە، پشتیگری خۆم لە هاوکارانم دەکەم، کاك سەردار و ژیان خان، ئەوەی کە من خۆشم لە ئەسنای سەردانی لیژنەی کاروباری کۆمەلاَیەتی بۆ زۆربەی ئەو شوێنانەی، کە عاید بەو لیژنەیەن، ئێمە دیومانە بەتایبەتی لە ئەیتام و لەو شوێنانە کە زۆر پێویستیان بە خەڵك هەیە بۆ خزمەت کردن، لەبەر ئەوە ئەو وەزارەتە کە خۆی پڕ ئیش و پڕ خزمەتە، ئەوانەی کە دانراون پێویستیەکانیان زۆر زیاترە لەوەی کەبۆیان دانراوە، دووەم شت، تاوەکو زووە کارکردن لەسەر ئەنجومەنی ڕاژە بکرێ، تاوەکو ئەو عەدالەت و شەفافیەتەی کە هەمووومان هەوڵی بۆ دەدەین زیاتر ڕەچاو بکرێت، پشتگیری هەر کەسێك دەکەم لە هاوکارانم لەناو ئەم قاعەی پەرلەمانە، کە ناوی پێداویستی تایبەت دێت، دەبێ بەتایبەتی زیاتر ئاگامان لێیان بێ، بۆ دانانی نسبەیەك کە ئێمە یاسایەکمان دەرهێنا بۆ لایەنی کەرتی تایبەت کە نسبەیەك دابندرێت، ناتوانین لەسەریان تەتبیق بکەین ئەو شتە ناکرێ، بەلاَم لەناو تەعینات ئەتوانین زۆر بە ئاسانی ڕێژەیەکی تایبەت دابندرێت، کە لە 3٪ بۆ 5٪ دابندرێت، بۆ تەعین کردنی ئەو کەسانەی کە توانای کاریان هەیە، لە کەم ئەندامان و پێداویستی تایبەت، بایەخ بدرێ بەگرێبەستەکان، ئەوانەی کە لە دە، پانزە ساڵ زیاترە کە گرێبەستن بۆ دانان و ئەولەویەتیان پێ بدرێت زیاتر، وا پێشنیاز دەکەم لەو 17 هەزار کەسەی کە دانراوە بۆ دەرەجەی وەزیفی، دوو کێشە هەیە بەڕاستی، لە وەزارەتی پەروەردەش جگە لەو مامۆستایانەی کەدانراوە، ئێمە دەچین زۆربەی قوتابخانەکان بایەخ دەدەن بە پاك کردنەوەی قوتابخانەکان، تەعین کردنی ئەو کەسانە زۆر زۆر گرنگە بایەخی پێ بدرێت، ڕێژەیەکی بۆ دابندرێت، هەروەها لایەنی پیشەیی، بۆ پیشەییەکان کە 20٪ دابندرێت، با ئەمساڵ زیاتر وا بایەخ بدرێت، تاوەکو ئەو کەسانەی کە چەندەها ساڵە ئینتیزار دەکەن تەعین بکرێن، مومکینە خەریجێك

بتوانێ هەندێ کاری تر بکات، لە پرۆژەیەکی تایبەت یان لەکارێك یان ئینتیزار کردنێك، بەڵام ئەوانەی کە پیشەین و یان ئەوانەی کە خەریجی ئامادەین بایەخی زیاتریان پێ بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە دامەزراندنی ئەنجومەنی ڕاژە قسەی لەسەر کرا، من نایەمەوە سەری، بەڵام دووبارە دەبێ ئەوە بڵێم بەڕاستی ئەولەویەت بدرێ بە دەرچووانی ساڵانی پێشوو، بەتایبەتی بەشێکی زۆر لە ساڵی پار کە فۆرمیان پڕ کردەوە من پێم باشە، دەبێ ئەمساڵەکە ئەولەویەتیان پێ بدرێ، خاڵێکی تر، بەڕاستی مەسەلەی عەدالەتە لە دابەش کردن، بەسەر وەزارەتەکان، یەعنی من لە سنوورەکەی خۆم پێویستیم بە 11 کارمەندی کارەبایە، بۆم تەعین نەکراوە، بۆیە لە ئەوقاف 40 کەسم بۆ تەعین کراوە، ئەمە من پێموایە دەبێ بەڕاستی قسەی یەك وەحدەییە،دەبێ لە نێوان ئیداریەکان تەنسیقێك هەبێ، هەماهەنگیەك هەبێ لەنێوان وەحدە ئیداریەکان و ئەو دەستانەی کە بۆ مەسەلەی دامەزراندن دانراون، ئەمە خاڵێکە بەڕاستی پێویستە ڕەچاو بکرێت، خاڵێکی تر، من ئەمەم بۆ تەوزیحاتە بەڕاستی بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکان، یەعنی ئێمە لە سنوورەکە کۆمەڵێك ئیختیساساتمان پێویستە لە دەرچووانی کۆلیژەکان، کیمیایە، فیزیایە، ئەحیایە، خەڵکی سنوورەکەی خۆمان دامەزراوە لەو ئیختیساساتانە، بەڵام بۆ سنووری تر ڕەوانە کراوە، لەکاتێکا لە سنوورەکانی خۆمان ئەو ئیختیساساتەمان نیە، بەڕاستی دەبێ ئەمە موعالەجە بکرێ، خاڵێکی ترم لەسەر گەڕانەوەیە، مەسەلەی گەڕانەوە، لێرەو لەوێ خەڵك دەگەڕێتەوە، ئەمەش هەقە بەپێی پێوەرێك بێ، لەناو ئەمەیا جێگەی بۆ بکرێتەوە ئالیەتێکی بۆ دابندرێت، نەوەك ئیتر هەر وەزارەتێك و هەر هینێك، من لەگەڵ ئەوەدام ڕەچاوی کۆمەڵێك مەرجی تەمەن و هین بکرێ، چ ئەوانەی لە ناوەوەن کۆمەڵێك خەڵکیش گەڕاوەتەوە، من پشتگیری لە قسەکەی عظیمە خان دەکەم دیپۆرت کراوەتەوە، لەوانەیە کەفائاتی موئەهل بن لەوەی لەبەر هەر هۆیەك دابڕابێت، ئێستاکە بیانەوێ بگەڕێنەوەو ڕەچاو بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

د.جهان فەرموو.

**بەڕێز جهان اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چونكو گەلەك ژ ئاخافتنێت من هاتنە كرن، ئەز بەس تەئیدا ئاخافتنێ هاوڕاز خانێ دكەم، بۆ زیاد كرنا میلاكا وەزارەتا تەندروستی، هەروەسا پشتگیری ئاخافتنێ بەیان خان دكەم، بۆ زێدە كرنا حسا دهۆكێ ژ میلاكاتێ گشتی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە تەوزیع كردنی میلاكەكان هەست دەكەین ناهاوسەنگیەك هەیە، بۆ ناچەو پارێزگاكان، هەروەها بەپێی داواكاری وەزارەتەكان دانەنراوە، زۆر وەزارەت سەیر دەكەی داواكاریەكەی زۆرترە كەمی بۆ دانراوە، بۆیە پێویستە ئەولەویەت بدرێ بەو وەزارەتانەی كە گرنگن، كاتێ بەپێی ڕێژەی دانیشتوان تەوزیع بكرێ بۆ محافەزەكان، دوایی لەوێ بە پێی داواكاری دائیرەكان، بۆ ئەوەی هاوسەنگی دروست بێ، خاڵێكی تر منیش لەگەڵ ئەوەدام ئیدارەی سەربەخۆمان دروست كردووە، دوای ئەو موحافەزاتە ئیدارەی سەربەخۆشی تێ بكرێ، خاڵێكی تر بەڕاستی، هەر ئەوە جێگەی گلەییە، زۆرجار حكومەت لەناو میزانیەكەش چەند بەڵگە هەیە كە بێ ئاگایە لەهەندێ شت، بۆ نموونە، قانونی خدمەی عامە دەرچووە، كەچی تازە دەڵێ( لحین صدور قانون الخدمە العامە) خاڵێكی تر، بەڕاستی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەكان، منیش لەگەڵ ئەوەدام حیسابێكیان بۆ بكرێ، بەلایەنی كەمەوە 5٪یان بۆ دابندرێت، هەروەها گرنگی بدرێ بە مەسەلەی خەریجەكان بۆ سالآنی پێش، هەندێ خەریج هەیە ساڵی 2007 و ساڵی 2008 كە هاتن بۆ نووسینگەی پەرلەمان لە سلێمانی، لە سالآنێكی كۆنەوە تەخەروجیان كردووەو دانەمەزراون، خاڵێكی تر، پێنجەم، من پێموایە یان لێرە نەمێنێ یان ئەوەی ماددەی بیست نەمێنێ، چونكە هەردووكیان لە ماددەی بیستیش هەر دەڵێ ( عدم تعین العقود الا بموافقة وزارة المالیة) لێرەش هەر دەڵێ..، كەواتە بیست و ئەمە دەمج بكرێ، یان بیست نەمێنێ بێتە ئێرە، خاڵێكی تر، ئەوەی شەشەم، كە دەڵێ مودیر عام و فما فوق تەعین نەكرێت ئەگەر لە هەیكەلی وەزارەتەكە یان دائیرەكە نەبێ، زەحمەت نەبێ ئەوەی كە ئێستا هەیە زیاترە لە هەیكەلی دائیرەكە چی بكرێ، من پێموایە ئەو فائیز و هەیكەلە لابرێ نەمێنێ، بە عیبارەتێك، لیژنەی قانونی عیبارەتێك زیاد بكات، ئەوەی كە زیادە لە میلاكی یان لە هەیكەلی تەنزیمی..، خاڵێكی تر بەڕاستی حیساب كردن بۆ خەریجی ئیعدادیاتی میهەنی، ئەوانەی كە لە دەرەوە دەگەڕێنەوە، كاتێك كە دەگەڕێنەوە بە زۆر دەیان نێرنەوە، بێ ئیش ئەبن، بەتاڵ ئەبن، حیسابێكیان بۆ بكرێ، خەڵكانێكی زۆر لەدەرچووی ناوەندی بازرگانی و سناعە و ئەوانە هاتن بۆ نووسینگەی پەرلەمان داوایان كرد كە ئەولەویەتیان پێ بدرێت كە سالآنێكی زووە دەرچوون و تاوەكو ئێستا تەعین نەبوون، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حاجی بیلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سليمان (بيلال):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هيوادارم ساڵێكی تر ئەمڕۆ دانەنيشين باسی ميلاكات بكەينەوە، جارێكی تر بەو ڕێژەيەی كە هاتۆتە بەردەستمان، هيوادارم ساڵێكی تر دوای ئەوەی كە قانونەكەمان دەركردووە، قانونی ڕاژە بۆ ساڵێكی تريش دووبارە قسەی لەسەر نەكەينەوە، هيوادارم ساڵێكی تر جێبەجێ بكرێ، دامەزراندنی زياتر، پێموايە گرنگی زياتر بدرێ بە گرێبەستەكان، چونكە بەڕاستی ئەگەر تەماشا بكەين، وەزارەتی شارەوانی زياتر لە دە هەزار گرێبەستی هەيە، بەڵام هەشت سەدو پەنجا نەفەری ميلاكات بۆ دانراوە، من پێموايە ئەگەر بمانەوێ ئێمە ئەو گرێبەستانە كەم بكەينەوە، ئەبوايە ڕێژەيەكی زياتريان بۆ دياری كرابايە، خەڵكانێك هەيە لە وەزارەتی شارەوانی پانزە ساڵە گرێبەستە، بەڕاستی ئينسان بەزەيی پێياندا دێتەوە، هەق وايە حيسابێكی تايبەتيان بۆ بكرێ، بەتايبەتی وەزارەتی شارەوانی، لە هەمان كاتيشدا وەزارەتی ئەوقاف من لە بەدواداچوونێكی خۆمدا، زياتر لە 300مزگەوت لەسنووری موحافەزەی دهۆك نە ئيمام و خەتيبی هەيە، نە هيچ خزمەتگوزاريەكی هەيە، كەواتە ئەم كەم و و كورتيە كەم و كورتيەكی زۆر گەورەيە، پێويستە لەدامەزرانديشدا ديسان حيساب بۆ ڕێژەی دانيشتوان بكرێ، ڕێژەی دانيشتوان گرنگە بەو شێوەيە دابمەزرێ، بەڵام ئيمتيازێكی زياتر بدرێ بە شارە بچووكەكان بەتايبەتی قەزاو ناحيەكان، لەدامەزراندندا، چونكە بەڕاستی مەغدورن، بەشێوەيەكی گشتی شارە بچووكەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

د.احمد فەرمووو.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 11 لە ئەسڵی مەشروعەكە، سەبارەت بە دامەزراندن، ديارە هەندێك نارێكی هەيە، يان تەجاوز هەيە لە ساڵانی ڕابردوودا لەو ڕێژەيەی كە بۆ دامەزراندن دائەندرێت لە هەرێمی كوردستان، وەكو كاك گۆرانيش ئاماژەی پێدا، پێويستە هاوسەنگی و عەدالەت بپارێزرێت، بەڕاستی لەو دووساڵەی ئەخير ئەو ئاليەتەی هەبووە بۆ دامەزراندن باشتر بووە لە ساڵانی ڕابردوو، بەڵام هێشتا پێويستی بە تەنزيمی زياتر هەيە، وەكو ئەو ڕايەی ليژنەی ياسايی تەئكيد دەكەمەوە لە فەقەرەی سێ دەڵێ(على ان تكون الية التعين وشروطها محددةً ومعلنةً في ان واحد) يەعنی هەم ميكانيزمی دامەزراندن هەم ڕاگەياندنەكەی لە ڕۆژنامەكان لە يەك كاتدا دەبێ، بۆ ئەوەی ئەو بێ سەرو بەريە نەبێ، يان هەر يەكە لە فەترەيەكی زەمەنی ڕادەگەيەندرێ، يان وەزارەتی دياری كراو، من پێشتريش باسم كرد ميلاكی وەزارەتی ئەوقاف بەڕاستی زۆر كەمە، چونكە ئەو وەزارەتە وەارەتێكی زۆر بەرفراوانە، بەسەدان مزگەوت تاوەكو ئێستا بێ ئيمام و خەتيبە، بۆيە من داوا دەكەم ئەو ميلاكەی لە شەش سەد كەس دانراوە، بكرێ بە هەشت سەد كەس، لەگەڵ ئەوەشم كە لە عقودەكان بەڕاستی ئەولەويەت بدرێ بەگرێبەستەكان، سەبارەت بەوەی لە ئەسلی قانونەكە

هاتووه له فەقەرەی سێیەم (لحین صدور قانون مجلس الخدمة العامة للاقلیم ونفاذه) ئێمە لە ڕاپۆرتی خۆمان لە لیژنەی یاسایی هەموومان چارەسەر کردووە، وتومانە تا ئەو کاتەی یاسای ئەنجومەنی ڕاژە ئەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، نەوەك دەرئەچێ، ئەوەمان ڕاست کردۆتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان:**

**بەڕێزسەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەگەر باس لە میلاکات بکەین، تەبیعی ئێمە پار ساڵ لە 2011، بیست و پێنج هەزار پلەی وەزیفیمان هەبوو، لەناو بودجەکە پەسەند کرا بە ماددەیەك، ئەمساڵەکە 17 هەزار پلەی وەزیفی هەیە، بەلأم ئەوەی تێبینی دەکرێ لە ڕاستیدا پار لەبەر ئەوەی مانگی شەش بودجە پەسەند کرا، دوای ئەوەی ئەو سیستەمە نوێیەی کە پار ئیشی پێ کرا، خەڵکێکی زۆر لەسەر ئەو سیستەمە فۆرمی پڕ کردەوە، ناویان دەرچووە لە زۆر لە فەرمانگاکان، بەلأم ئەوەی تێبینی دەکرێ تاوەکو ئێستا خەڵکێك هەیە لەمانگی 11ی 2011 ناویان دەرچووە تاوەکو ئێستا موباشەرەیان پێ نەکراوە، بۆیە ئەوە کێشەیەکی گەورەی دروست کردووە، ئیستا ئێمە لێرە 17 هەزار پلەی وەزیفی تر لەناو ماددەکەدا دادەندرێت، ئەوانەش دێتە سەری، بەڕاستی ئەوە کێشەی دروست کردووە، لەبەر ئەوە ئێمە ناتوانین ئایا 25 هەزار پلە وەزیفیەی پار تەسبیت کرابوو لە بودجە، تاوەکو ئێستا موباشەرەیان نەکردووە، یان مووچەیان وەرنەگرتووە، ئەوە لە بودجەی 2011 بۆیان سەرف دەکرێ یان ئێستا لە بودجەی 2012 بۆیان سەرف دەکرێ؟ بەڕاستی ئەو کێشەیە دەبێ چارەسەرێکی بۆ بدۆزرێتەوە لە لایەن وەزارەتی دارایی کە ئەو کێشەیە نەهێڵێت، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو هاوسەنگیە هەبێ لە مابەینی ئەو پلە وەزیفیەی کە پار دانرابوو، لەگەڵ ئەوەی ئەمساڵ دادەندرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، هەموو قسەکانم کران، پێموایە هەرچی دەڵێم دووبارەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**منیش بەهەمان شێوە.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**د.عمر فەرموو.**

**بەڕێز د.عمر حمدامین نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**سەبارەت بە ئەوبەشەی کە بۆ وەزارەتی پەروەردە دانراوە، خوشك و برایانم پێشتر باسیان کرد، بەتایبەتی لیژنەی پەروەردە، من پێشنیار دەکەم ئاوا برگەیەك زیاد بکرێ، کە لیژنەی باڵای دامەزراندن کە لە لایەن حکومەتەوە پێك هێنراوە، یان حکومەت پێداچوونەوە بکات، جارێکی تر بەو شێوە دابەش کردنە پێداچوونەوە بکات، دووبارە دابەش کردن بکات، دابیرێژێتەوە، لە بەرژەوەندی وەزارەتی پەروەردە ئیعادە نەزەرەکە بکات، بەمەبەستی ئەوەی کە زیاد بکرێ، بیرو بۆچوونەکانی تریشم باس کران، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك کاردۆ فەرموو.**

**بەڕێز کاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**دامەزراندن پێموایە یەکێکە لەو پرسە گرنگانەی لە کۆمەڵگای ئێمە، دەتوانم بڵێم پێوەرێکە بۆ دیاری کردنی ئەرکی حکومەت کە چەند دەرفەتی یەکسان دەرەخسێنێ بۆ هاووڵاتیانی کوردستان، بەیەکسانی بەبێ ئینتیمای جیا جیا، لەبەر ئەوە ئەهمیەتێکی گەورەی هەیە، یەکێك لە ئەرکەکانی حکومەت جێبەجێ کردنی یاسایە، نابێ ئێمە بە ئاسانی ئەمە تێبپەڕێنین، یاسا دەردەچێ لە پەرلەمان، حکومەت ئاگادار نیە کە یاسا دەرچووە، ئێستاش لیژنەیەکی دروست کردووە، ئەو ئەنجومەنی ڕاژەی دانەمەزراندووە، نەوەك هەر ئاگای لە یاساکە نیە، هەر ئەنجومەنەکەشی دانەمەزراندووە، لە کاتێك ئێمە قسە لەسەر سەروەری یاسا، لەسەر جێبەجێ کردنی یاسا دەکەین، ئەمە ئەرکی پەرلەمان لە ڕووی رەقابیەوە زۆر زۆر دەرخەری ئەوەیە کە لاوازە، دەنا لەبەرامبەر پێشێلکاری یاسایی چۆن دەبێ بڵێین زۆر باشە، کەی هەیئەتەکەتان دانا ئینجا یاسا جێبەجێ بکەن، ئەمە خاڵێکە من پێموایە ئەهمیەتێکی گەورەی هەیە لە پێداگری ئێمە، لەوەی کە لە کوردستاندا ئایا لەسەر بنەمای هاووڵاتی بوون خەڵك دادەمەزرێ، یان هۆکاری تر دەوری هەیە، ئێمە لە ڕابردوو ئەو هۆکارانەمان دەزانی چیە، کاریگەریشی هەیە لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی و دادی کۆمەڵایەتی، وەبەشێك لە کۆمەڵگای ئێمە کە خوێندن و ژیان و چاوەڕێی ئەوەیە کە دامەزراندنێك بکرێ، کە بەرهەمی ماندووبونی خۆی ببینێ، ئەوەش تەنها بە یەکسانی دەکرێت، کە حکومەت دەتوانێ زەمانەتی ئەوە بکات، ئەمە خاڵێکیان، ئەمە چۆن دەکرێ؟، دەبێ میکانیزمێکمان هەبێ، من لەگەڵ ئەوەمە ئێمە دەبێ تەحدیدی وەقت بکەین بۆ دانانی ئەو میکانیزمەی کە باوەڕمان پێیە بۆ هەیئەتەکە، کە میکانیزمێك بێ مەرجەکانی**

وەكو يەك بێ، لەيەك كاتيشدابێ، پار سلێمانی بەجۆرێك دەيكرد، هەولێر بە جۆرێك دەيكرد، ئەوە يەكێك بوو لە كێشە گەورەكان، كە دەرخەری دوو ئيدارەيی دەسەلمێنێ، سەبارەت بە خەڵك، ئەو خەڵكانەی كە ئەهميەتيان هەيە لە دامەزراندن، من پێموايە سەرەڕای ئەوانە، ساڵی پار تەقديميان كرد نەيان توانی دەرفەتيان بۆ نەرەخسا، ئەمساڵ بخرێنە ئەولەويەت، هەروەها گرێبەستەكان، هەروەها خاوەن پێداويستە تايبەتيەكان، وە ڕەوەندی كورديش ئەوانەی كە دەگەڕێنەوە، خاوەن توانا و خيبرەن، دەتوانن خزمەتی كۆمەڵگا بكەن، ئاراستەيەكی ئاواش هەيە بۆ گەڕانەوەيان، پێموايە كارێكی باش دەبێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/سەرۆكی پەرلەمان:**

د.بشير فەرمووو.

**بەڕێز د.بشير خليل حداد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ديارە مەسەلەی ميلاكات قسەيەكی زۆری لەسەر كرا، بەس من ئەوەندە دەڵێم دوای پەسەند كردنی بودجە، بۆ ئەمساڵ و بۆ ساڵانی ڕابردوو، بە ميلاكات و بەهەموو ئەرقامەكانەوە، مەفروزە لە لايەن حكومەتەوە جێبەجێ بكرێ، بەڵام ديتمان ساڵی پار لە مەسەلەی ميلاكات، لە پاش ئەوەی كە لە پەرلەمانی كوردستان پەسەند كرا، دەست كاری كرا لە ئەنجومەنی وەزيران، نووسراويشمان كرد بۆ سەرۆكايەتی پەرلەمانيش بەناوی ليژنەوە، بەزياد كردن و بە كەم كردنەوە، لەو بيست و پێنج هەزار دەرەجەيە نەوەستا كە دانرابوو، بەڵكو زياتريش تەعين كراوە لە لايەك، لە لايەكی تريشەوە لە حسەی وەزارەتەكانيش لەوەندەی كە لە پەرلەمان قسەی لەسەر كرابوو كەم كرابۆوە، يەك لەوانە وەزارەتی ئەوقاف بوو، كە لە هەشت سەتەوە كرا بە پێنج سەد، سێ سەد دەرەجە بەيەكجار ڕۆيشت، بۆيە من لێرە داوا دەكەم كە ئەمساڵ قەرەبووی پار بۆ وەزارەتی ئەوقاف بكەينەوە كەوا شەش سەتی بۆ دانراوە، بەلای من پێويستە بەلای كەمەوە 150 دەرەجەی بۆ زياد بكرێ، ئەگەر بڵێن لەكوێ بێنين، من دەڵێم 100 لە ميلاكی وەزارەتی دارايی وەربگرين، پەنجای ديكەش لە دەستەی مافی مرۆڤ و دەستەی ژينگە و دەزگای مين وەربگرين، بيكەينە 150 ئيزافەی سەر وەزارەتی ئەوقافی بكەين، لە خاڵێكی تريشدا پێويستە من پشتگيری ڕای ئەو بەڕێزانە دەكەم كە دەڵێن ئەولەويەت بدرێ بەوانەی كە عەقدن، گرێبەستن ئێستا لە فەرمانگەكانن، هەروەها لە وەزارەتی پەروەردە ئەوانەی كە بە وانە بێژ دامەزراون، يەعنی موحازرن، مامۆستای وا هەيە كە چەند ساڵە موحازيرە، بەڵام دانامەزرێ، هەروەها ئەوانەی كە پار دامەزراون، بەڵام بەناوی فائيز و زيادەوە ڕەوانی ماڵەوە كراونەتەوە، پێم باشە ئەمساڵ ئەولەويەتيان بدرێتێ، خاڵێكی ئەخيرم ئەوەيە كە ديارە بەڕێوەبەرايەتی بەڕێوەبەری ياسايی لە ئەنجومەنی وەزيران، هەر هەمان كۆپی ياسای بودجەی پارەكەی كردووە بۆ ئێمەی ناردووە، بۆيە نووسيويەتی ليرە (لحين صدور قانون مجلس الخدمة) ئەمساڵ ئەوەتا قانونی مەجلسی خدمە ژمارە (7) ساڵی 2011 لە 2011/6/15 وە دەرچووە، بۆيە پێويستە ئەمە

ڕەش بکرێتەوە لێرە، نەمێنێت چونکە ئەوە دەرچووە، هەروەها کاریشی پێ بکرێت، بۆ ساڵی داهاتوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر لە قسەکانی من کرا، بەڵام ئەوەی مەبەستە لێرە دووخاڵە، دروست کردنی مەجلسی خدمە کە یاسای هەیە، بەڕاستی لە یاسای ساڵی 1992 ماددەی (56) هەیە، کە ئەو ماددەیە یەکێك لە بڕگەکانی سەلاحیەتی پەرلەمان، موراقەبە کردنی ئەعمالی سولتەی تەنفیزیە، کە پێویست بوو پەرلەمان بەدواداچوون بکات لەسەر سولتەی تەنفیزی کە حکومەت بۆ تەشکیل کردنی مەجلسی خدمەی تاوەکو ئێستا نەکردووە؟، ئەمە یەکەم، دووەم.......

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان کێ ئەو موراقەبەیە دەکات؟ لیجانی پەرلەمان دەیکەن ،بەڵێ فەرموو

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووەم شت، برادەران باسیان لەوە کرد، زۆربەیان لەگەڵ ڕێزم بۆیان چەنی بۆ فلاًنە وەزارەت بێ و چەنی بۆ کوێ بێ، عەدالەت من پشتگیری دەکەم، بەڵام ئەوەی لەلای من موهیمە مەجلسی خدمە دروست بێ لێکۆڵنەوە بکات لەوەی کە ئایا ئێمە چەند خەڵکمان پێویستە تا ئێستا تەعینی بکەین، نەوەك هەموو ساڵ 17 هەزار و 25 هەزار و 30 هەزار کەس تەعین بکەین، ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم، من لەکۆبوونەوەی لیژنەکان کە بەشداریم کردو نوێنەری وەزارەتی دارایم بینی، شتێکی زۆر سەیرم گوێ لێ بوو، کە باس لەوە ئەکات ئەمساڵ بەغدا داوای تەعینی 17 هەزار کەسی کردووە، ئەبێ ئەمە بە لیست بچێت و لەسەر ئەساسی ئەوە بودجەی لە 17٪کە پارە ئەنێرن، ئەگەر بەهەڵە نەچوبێتم بە داوای لێبوردنەوە، من بیر جەنابتان دەخەمەوە لە ماددەی 110ی دەستووری دایمی عیراق هاتووە، سیاسەتی مالی عام موشتەرەکە، سیاسەتی نەقدی عام موشتەرەکە، بەڵام لە ماددەی 114 هاتووە، سیاسەتی تەختیتی عام و سیاسەتی تەنمیە، سیاسەتی موشتەرەکە لە نێوان هەرێم و لەنێوان بەغداد، ئەوان بۆیان نیە فەرز بکەن بەسەر ئێمە، دەبێ ئەمەنە تەعین بکەی یان تەعین نەکەی ئەمساڵ، ئێمە پێویستە بەپێی پێداویستیەکانی خۆمان بیر لە تەعین کردن بکەینەوە، من ڕام وایە لەجیاتی ئەو خەڵکە زۆرەی کە تەعین ئەبێ، ئەو فائیزە زۆرە دەکەی، نیوەی مەعاشەکە بدەی بەو خەڵکە بەناوی بێکار بینووسی، تاوەکو ئەچێت ئیشێك بۆخۆی ئەدۆزێتەو، نیوەکەی تری لە مەشاریعی سناعی و زراعی سەرف بکەی، خەڵك ئیشی بۆ بدۆزیتەوە، نەوەك هەمووی ئەوە بێ، من گومانم هەیە لەوەی کە حکومەتی بەغدا بەشێکە لە سیاسەتی مەنهەج

کێشراو، ئەیەوێ ژمارەی موەزەف لە هەرێم زۆربێ، لەبەر ئەوەی قیاداتی هەرێم ئەگەر سبەی بیر لە سەربەخۆیی بکەنەوە، یەکێك لەو کێشانەی ڕووبەڕوویان ئەبێ ناتوانن لە ماوەی دوومانگیش مووچەی مووچە خۆرانی هەرێم بدەن، بۆیە من داوا لە بەڕێزتان و وەزارەتی دارایی هەرێم دەکەم، پابەند بن بە ماددەی 114 ی دەستوورەوە کە باس لە تەختیتی عامی تەنمیە ئەکات، نەوەك بەغدا فەرزی بکات سالآنە لەسەر ئێمە ئەبێ ئەوەندە کەس تەعین بکەین، لەبەر ئەوەی ئەمە ئەبێتە بارگرانیەك، پێویستە بەپێی پێداویستی خەڵك تەعین بکات، نەوەك بەپێی ئەوەی هەمووسالێك ئەوەندە....

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

گەشە خان فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە سەبارەت بە ئەولەویەت دان بە چەسپاندنی گرێبەستەکان من لەگەڵی دام، بەلآم پێویستە حکومەت ئەو مەرج و ڕێنماییانەی گرێبەستەکان ئاسان بکات، یاخود بڵێین حقوق و ئیمتیازاتیان لە دامەزراوەکان نزیك بکاتەوە، بۆ ئەوەی خەڵکەکان زۆر هەوڵ نەدەن لە گرێبەستەوە هەوڵی دامەزراندن بدەن، بۆ نموونە، ژن لەکاتی منداڵ بوون یەك ڕۆژ مۆڵەتی ئەدرێتێ، کەواتە ئەبێ یان واز بێنێ لە کارەکەی، یان منداڵی نەبێ، یەعنی بەڕاستی ئەوە هیچ هەق نیە بەهەقی ئەو گرێبەستانە، ئەو کەسانەی کەدامەزراون لەساڵی پار، پشتگیری کاك گۆران دەکەم کە خەڵکانێك هەن دامەزراون پار، بەلآم لە میلاك تەجاوزیان کردووە، من خۆم لیستێکم لایە، لیستی خەڵکانێکن لە گەرمیان، کە زۆرینەی کوڕو کچی شەهیدی ئەنفالن، داوا ئەکەم کە ئەولەویەتیان بدرێتێ لە دامەزراندن، دامەزراندنەکانیش هیوادارم یەکسانی ڕێژەیی لەنێوان کوڕو کچا ڕەچاو بکرێت، پشتیوانی قسەکەی شلێر خان و د.سەروەر دەکەم، کە لە بڕگەی 6 ی یاساکە کە ئەڵێت هیچ جۆرە دامەزراندنێك ئەنجام نەدرێت بۆ وەزیفە قیادیەکان، لەهەرسێ سەرۆکایەتیەکەی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێمیش.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی من کەوتمە ئەخیر کەس قسە بکەم، زۆربەی قسەکانم کراوە، بەلآم مەجبورم تێبینیەکانم دووبارە بکەمەوە، بەڕاستی ئەمەوێ تەئکید لەسەر قسەکانی هاوڕێیانم کاك گۆران و کاك کاردۆ بکەمەوە، کە تەفعیل کردنی ئەنجومەنی ڕاژە گرنگیەکی زۆر تەواوی هەیە، چونکە ئەو حاڵەتانەی کە لە ئێستا دروست بووە، چ لە تەعین کردن بەو ژمارەیە، یاخود تەعین نەکردن، یاخود تەسبیت نەکردنی ئەو ملاکاتانەی کەباس دەکرێت، هەمووی لەوەوە هاتووە، ئەگەر ئەنجومەنی ڕاژە نەبێ ئێمە ناتوانین دەست

بخەینە سەر ئەو خاڵانە، چی بکەین؟، چۆن ئەو بەرنامەیە بچێت بەڕێوە، لەبەر ئەوە بەم شێوە عەشوائیە تەعینات دەمێنێتەوە، بەنیسبەتی بڕگەی شەشەوە ( عدم تعين اي وظيفة قيادية فما فوق) من پشتگری هاوڕێکانم ئەکەم لەو خاڵە، دووبارە هەرسێ ریئاسەکەی (الرئاسات الثلاثة) ی بۆ ئیزافە بکرێ، بەپێی ئەو مەرج و ڕێنماییانەی تایبەتە بە تەعین کردنی مودیر عام و سەرووی مودیر عامیشەوە، لە هەمان کاتدا پشتگیری بۆ هاوڕێکانم دووبارە ئەکەمەوە، لەبابەت ئەوەی دانانی ڕێژەیەکی تایبەت لەو تەعیناتە بۆ ژنان، هەروەها کەم ئەندامان، هەروەها بۆ ژینگە، چونکە بەڕاستی ژینگە یەکێکە لەو دائیرانەی کە ئێستا بەدەست ئەوەوە ئەناڵێنن کە کادیریان زۆر زۆر کەمە، پێویستیان پێیە کە ژمارەیەکیان بۆ تەعین بکرێ، هەروەها گرێبەستەکان وەکو هاوڕێکانیشم باسیان کرد، مەفروزە ئەو ڕێنماییانەی کە بۆ تەعینات دائەندرێت بیان گرێتەوە، لەگەڵ سوپاسدا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم وەکو چۆن میلاکی ئیزافی دیاری کراوە، میلاکە شاغیرەکانیش لە حکومەت کە ساڵانە دروست دەبێ، پەرلەمانی لێ ئاگادار بکرێتەوە بە فەرمی، بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەشمان دەست بکەوێ کە ساڵانە زیاتر لەو ڕێژە میلاکەی کە لەبەغداوە تەسدیق دەکرێ، ناردوویانە، ببوورە نەمزانی من کە ناردراوە، خاڵی دووەم ئەوەیە کە ئەولەویەت بدرێ وەکو هاوڕێیان باسیان کرد، دەرچووانی ساڵانی پێشوو لەگەڵ عەقدەکان، بەڵام بۆ عەقدەکان ئەسبەقیەت لەبەرچاو بگیرێ، نەوەکو یەکێك لەیەك هەفتەدا عەقدیشی بۆ بکرێ و تەعینیش ببێ، ئەو کەسانەشی کە لە هەندەرانەوە گەڕاونەتەوە، خەڵك هەیە توانایەکی باشی هەیە، مەهاراتی هەیە لە مەجالێکدا، لەجیاتی ئەوەی ئێمە خەڵك بنێرین بۆ دەرەوە بۆ ئەوەی مەهاراتێك پەیدا بکات، ئیستیفادە لەو توانایانە بکرێت و چانسیان پێ بدرێت، پشکی زیاتر بدرێت بە پەروەردەوەو تەندروستی و شارەوانی، لە بەرامبەرادا لە ئەنجومەنی وەزیران مەجالی هێزە چەکدارەکان کەم بکرێتەوە، من یەك نموونە ئەدەم، ئەنجومەنی وەزیان دوو هەزارو نۆسەدو سی و حەوت میلاکی هەیە، سەدو سی کەشی بۆ زیاد دەکرێ، یەعنی من خەمی ئەوەمە شوێنیان، جێگەیان نەبێ، خاڵی پێنجەم، ئەوەیە بەشی گەورەی داهاتی ئێمە ئەوەیە تەعویزی موەزەفینە، بەڵام تەعویزی موەزەفینە لە دیدی منەوە زۆر ڕوون نیە، داوا دەکەم لەوەزارەتی دارایی داتایەکمان بە سۆفت وێر بداتێ، بۆ بەرچاو ڕوونی پەرلەمانتاران، خاڵی ئەخیرم لە بارەی ڕاوێژکارەکانە، ڕاوێژکارەکان بەپێی ئەو مەعلوماتە فەرمیەی لامانە، ئەوەندە زۆر بوون، وای لێدێت دەبینە حکومەتی ڕاوێژکارەکان، بۆیە ئەگەر تەوزیعێك بکرێ بەپێی پێویست ئیستیفادەی لێ دەکەین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ویستمان دوو تێبینی بۆ جەنابتان بڵێین، كە تەوقیتمان دانابوو بۆ قسە كردن، بەشە زۆرەكەی لە هەقی خۆی زیاتر قسەی كرد، دووەم، بەشێكی زۆر باش ئەگەر نەڵێم نیوەی زیاتر بەشێك لە قسەكانیان دووبارە بوو، فەرمووو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەندێك پرسیار كرا ئەوانەی كە من تەسجیلم كردووە لە لای خۆم وەڵامیان ئەدەمەوە، ئایا تەجاوزی 2010 و 2011، بەڕاستی تەجاوزی 2010 لەكاتی خۆی باس كرا، لە موناقەشەی میزانیەی ساڵی ڕابردوو، بەنیسبەتی ئەوەی ساڵی 2011 وە میزانیەی 2011 ئەمسالەكە هەر تەجاوزێك هەبێ، ئەمرەكەشی دەركرابێ لە ئەنجومەنی وەزیران، ئێمە لە وەزارەتی مالیە ڕامانگرتووە، نەمان هێشتووە ئەو تەجاوزە ببێ، هەر یەكێك لەوانەی كە ئێستاكە بووەتە كێشە، ئەو مەوزوعەی تەعیناتی گەرمیانە، ئەوانە من هەر خۆشم بە زەروری دەزانم عیلاج بكرێ، بەنیسبەی ئەوانەی كە موەقەتن، ئەوانە عەقدن، بەڵێ، ئێستا ئێمە سێ نەوع مونتەسبینی ترمان هەیە، بێجگە لە فەرانبەران، هەمانە بە عەقد، ئەوە بەعەقدێك لە بەینی تەرەفەین ئەكرێت، هەمانە بە موەقەت ئەوانە زیاتر شمول ئەكات كە لەسەر مەشروعێك دائەندرێن، هەتا ئینتیهای مەشروعەكە یان بۆ سێ مانگ دائەندرێن، بە موەقەت، وە ئەوانەی كە بە ئەوامری ئیداری تەعین ئەكرێن، هەشمانە موستەخدەمینمان هەیە زیاتر ئەوانەی كە لە دەرەوە هاتوون، ئیستیخدام كراون بۆ فەترەیەكی موەقەت، بەنیسبەتی ئەوانەی كە دائەمەزرێن تاوەكو ئێستاكە موباشەرەیان نەكردووە، موباشەرەیان پێ ناكەن، بەڕاستی ئەوە ڕاستە عیلاقەی بە وەزارەتەكانەوە هەیە، بەڵام بەپێی قانون ئەوانە ئەگەر مەشاكیلی زەوابتی تەعینیان نەبێ، مەفروزە موباشەرەتیان پێ بكەن، هەروەختێكیش موباشەرە بكەن لە ڕۆژی موباشەرەیانەوە ئەوانە پارەی خۆیان وەرئەگرن بەپێی قانون، بەنیسبەتی ئەوەی كە میلاك شەش سەدو شەست و دووە، ئێستا شەش سەدو شەست و حەوتە، لە موناقەشەی پێشوو تر باسم كرد، وتم شەش سەدو شەست و دوو ئەوەیە كە لە بەغداوە هاتووە، شەش سەدو شەست و حەوتەكە ئەوەیە كە ئەنجومەنی وەزیران بە ئەمری ئەوان كراوە، لێرەیا هەرچیەك كە داوا ئەكرێت بۆ زیادەی میلاك، كە داوا ئەكرێت زیاد بكرێ، فلاَن میلاك وای لێ بكرێ، كەم بكرێ، ئێمە ئەمەی هێناوامانە ئێستاكە بەم شێوەیە، پێمان باشە بەم شێوەیە بێ، ئێوەی پەرلەمانی بەڕێز بۆی هەیە لەكوێ هەڵی ئەگرێت، لەوێ دایئەنێت، ئەگەر لە شوێنێك زیادی ئەكات و كەمی ئەكات، ئەوەی كە لە حكومەت هاتووە ڕەنگە لەدوای ئەو هەموو موناقەشەیا پێی باش بێ لەوێ زیاد بكرێ و كەم بكرێ، بەنیسبەتی ئەوەی كە ئەڵێن تەعین ئێستا لێرە بۆ ئەوەندەیەو بۆ ئەوەندە دانرا؟، بەڕاستی ئەمانە تەڵەباتە، تەماشا ئەكەی یەكجار زۆرە، دێتە سەر ئەوەی كە دائەندرێت، بە ئیتیفاق دائەندرێت لەدوای موناقەشە كردن و حیساب كردنێكی ئەوە ئینجا تەقدیرەكە بەو شێوەیەی لێ دێت، ئەوە ڕاستە خۆ ئەگەر ئێمە ئەوەی كە لە

وەزارەتەکانەوە دێن زۆر زۆر زیاترە لەوەی کە ئێستاکە ئێمە تەقدیری دەکەین و دایئەنێین، چونکە ئێمە کەتەقدیر ئەکەین یەکەم بەنیسبەتی مووچەوە، مووچە موقەنەنە ئەبێ بدرێت ئەوە، بە تەئکید ئەبێ بدرێت، لەبەر ئەوە ئێمە حیساباتی خۆمان لە وەزارەتی مالیە دەقیق ترە لەو حیسابەی کە لەکۆی وەزارەتەکانەوە دێت، بۆیە تەماشا ئەکەین فەرقەکە لەوێ دروست دەبێ، ئەو تەوسیانەی کە کراوە هەتاوەکو ئێستاکە بەڕاستی لەگەڵ هەندێك تەعدیلات کە ئیزافات بکرێتە سەر ئەوەکان، لەلای لیژنەی یاسایی ئەوە بەڕاستی ئێمە بەباشی ئەزانین ئەو تەوسیانەش هەر هەمووی تەوسیەی باشن کە قسەی لەسەر کرا لێرە، بەڵام هەروەکو باسم کرد مەوزوعی هەڵگرتن و دانان لێرە زۆر زیاد کردن لەوێ، ئەبێ خۆتان ڕێ و شوێنی بۆ دابنێن، هەرچەنێ تەئکید دەکەمەوە ئێمە لەگەڵ دەقی ئەوەین کە ئێستاکە هاتۆتە پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا چەندین پێشنیارو ڕوون کردنەوە هاتە بەردەستی لیژنەکەمان، زۆر لەو بابەتانەی کە باس کرا چەند جارێك تکرار بۆتەوە، بەڵام هەندێکی ئەتوانین کۆی پێشنیارەکانیان، کۆی بۆچوونەکان لەچەند خاڵێك ڕوون بکەینەوە، بەس بەڕێزتان ئەگەر ڕێمان پێ بدەن هەندێ ئەندام پەرلەمان گلەیی لێ کردین کەوا تۆمارمان نەکردووە بابەتەکان، زۆر لەو بابەتانەی کە نامانەوێ تۆماری بکەین، تەئکیدی دەکەینەوە، ئێمە دائیمەن ئەبێ جیاوازی بکەین لە بەینی تەشریع و تەنفیز، لەبەینی تەشریع و دەرکردنی ڕێنمایی، هەندێکی پەیوەندی بە یاساکەوە نیە، مەسەلەن بۆ نموونە، کە هەمانە، با یەك دوو نموونە بهێنینەوە کە تەسیبتمان کردووە، مەسەلەن بۆ نموونە بەڕێز کاك دڵشاد داوای کرد، دەوائیرە موستەحدەسەکان میلاکیان نیە، لەشوێنێکی کە میلاکیان زۆرە، مانای ئەوەیە ئەو تێبینیەمان تۆمار کردووە، بەڕێز شلێرخان داوای کرد کە ئیهتیمام بدەین بە ژمارەی تەعینات لە قەزاو ناحیەکان، بەڕێز د.صباح مەسەلەن بۆ نموونە، وتی ئەو ژمارەیەی کە بۆمان دائەنێن بۆ دامەزراندن مەسەلەیەکی سیادی نیە، هەرێمی کوردستان خۆی ئەتوانێ لەگەڵیدا مامەڵە بکات، مامۆستا فەرمان بۆچوونێکی هەبوو کە گرنگی بدەین بە عەقدەکان، دواتر هەتا داوای سزادانی کردبوو بۆ سەر ئەو کەسانەی کە عەقدەکان دانامەزرێنێ، داوای سزای کرد بۆیان، چەندین کەس داوای ئەوەی کرد کە ئەو بەڕێزانەی کاتی خۆی لە گەرمیان دەرچوون و موعامەلەیان بۆ کراوە، ئینجاز نەکراوە، یەکێ لەوانە مامۆستا فەرمان بوو، چەند کەسێکی تریش داوا کرا، بۆ نموونە، دامەزراندنی دەرچووانی بەشی فەلسەفەو کۆمەڵایەتی و خەریجی مەکتەبات، ئەمانە هەمووی چەند پێشنیارێك بوون، بەڵام لێرە پێشنیارەکان کۆی پێشنیارەکان کە هەمان کۆمان کردۆتەوە لە چەند خاڵێك، خاڵی یەکەم زیاتر لەچەند ئەندام پەرلەمان داوای کرد کە موتەعاقدین، ئەوانەی کە عەقدیان هەیە،

گرنگی بدرێت بەوان، بڕگەیەکیش هاتووە لە مادده یاساییەکە ئاماژە بەوە ئەدات ژمارەیەکی تر داوای کرد گرنگی بدەن بە تەعینی سەنەواتی سابیقە، ئایا خاڵێك ئا لەم شێوەیە داوا لە لیژنەی یاسایی دەکەم چۆن جێگای ئەکرێتەوە لە مادده یاساییەکە، یان چۆن ئەچێتە بابی تەوسیاتەوە، یان هەمووی بە جارێك بەچەند بڕگەیەك دایئەنێین؟، دوای ئەوە گرنگی دان بە دامەزراندن، ڕێژەیەك بۆ کەم ئەندامان، ڕێژەیەك بێ، ڕێژەکە وا تێ ئەگەم ئاماژە بە لە 5٪کرا، زیاتر ژمارەی هەندێ ئەندام پەرلەمانی کە داوای کرد، ژمارەی دامەزراندن لە قەزاو ناحیەکان زیاد بکەن، لەبەر ئەوەی کە ڕێژەی بێکاری لەوێ بەرزە، هەندێ بەڕێزی تر داوای کرد کە گرنگی بدرێت بە دەرچووانی قوتابخانە پیشەییەکان، پێشنیاری ئەوەش کرا کە ئەو بەڕێزانەی ئەگەڕێنەوە، دیپۆرت دەکرێنەوە، ژمارەیەکیان لێ دابمەزرێ، زیاتر لەچەند ئەندام پەرلەمانی بەڕێز داوای کرد با میلاك بەپێی پێویستی وەزارەتەکان بێ، هەندێکی تر داوای کرد کە وەزارەتی ئەوقاف وەکو دام و دەزگاکان میلاکی زۆری ئەوێ، بەتایبەتی مزگەوتەکان، ئەو میلاکەی کە پێویستە دابندرێت، هەندێکی تر داوای کرد کە گرنگی بدرێت بە کەس و کاری شەهیدان بۆ دامەزراندن، هەندێکی تر داوای کرد کە تەجاوز نەکرێ لەسەر تەعین، هەندێکی تر داوای کرد کە ئیلتیزام بکرێ بەو ژمارەیەی کە تەرخان کراوە بۆ تەعین بوون، وا تێئەگەم شەونم خان بوو داوای کرد کە کۆتایەك دابنێنن بۆ دامەزراندنی هێزی کار لە ژنان، ئەمە بەشێوەیەکی گشتی پانزە، شانزە خاڵە کۆ بۆتەوە لە بۆچوونەکانی ئێوەی بەڕێز، ئەوەی بکرێ ئایا چەنی ئەتوانێ داخلی مادده یاساییەکە بێ، وەکو بابەتێکی یاسایی، چەنی بکرێ بە تەشریع؟، ئەوکاتە ئێمە بزانین لەڕێگەی بەڕێز سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە، ئەگەر بکرێ ئەندامێکی لیژنەی یاسایی ئەوانەمان بۆ ڕوون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جیا لەوانەی لە هۆڵ کە ئێستا لەسەر ئەم ماددەیە وترا، لەناو لیژنەکانیش پێشنیار کراوە، داوا کراوە بۆ چەند بابەتێکی دیاری کراو، هەر لەوەوە دەست پێ بکەن ئەو کەسانەی کە لە گەرمیان پار ناویان هاتبوو، ئێمە وەکو لیژنەی دارایی بەتایبەت نامەمان بۆ نووسیون بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، ئەو نامەیە ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران بکات، بەهەمان شێوە لە تەوسیاتیش هاتووە، ئێمە هەموو تەوسیەکان ئەوەی کە پەیوەندیدارە بە موازەنە، لەناو موازەنەش ئەوەی پەیوەندیدارە بە میلاکەوە، کۆمان کردۆتەوە، هاوپێچ لەگەڵ یاساکە ڕەوانەی حکومەتی دەکەین، لەگەڵ ئەوەش ئەوەندەی کە ئاگادارین حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا لیژنەیەکی بۆ دامەزراندن دروست کردووە، لەگەڵ جەنابی کاك شێخ ئەوەی کە بەهەڵە نەچووبم ڕەئیسی لیژنەکەیە، ئێمە ئەو داواکاریانەی کە هاتوون هەمووی لەگەڵ بەڕێزیان قسەمان کردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لانە خان.

**بەڕێز لانە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیشارەت بە هەندێك نوقات بدەم و تێبینیەکانی ئەوەی ئەندامانی بەڕێز کە ئیشارەتیان پێیدا، بەنیسبەت دامەزراندن، ئەگەر بزانین لە 2011 ماددەی 12 فەقەرەی دوو (ثانياً: على الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة توزيع عدد الدرجات الوظيفية المستحدثة ملاك والمؤسسات اقليم لسنة 2011 بعدالة على المحافظات والوحدات الادارية وفق عدد سكانها) یەعنی زۆر لە بەڕێزانی ئەندام پەرلەمان، ئیشارەتیان دا کە گوتیان بەنیسبەتی دامەزراندن با لەسەر موحافەزات و ئەقزیەکان وەربگیرێت حەسەبی عەددی سوکانەکان، ئەوە لە یاسای 2011 ئیشارەتی پێدراوە، بە نەزەری ئیعتیبار وەرگیراوە، (حسب الضوابط والتعليمات الصادرة من مجلس الوزراء لحين صدور قانون مجلس الخدمة العامة للاقليم ونفاذه مع اعطاء الاولوية لاولاد الشهداء و المؤنفلين) یەعنی ئەوەش عەینەن لە ساڵی 2011 گرنگی پێ دراوە کە بەنیسبەت منداڵانی شەهیدان و ئەوەی ئەنفال کراوەکان، ئەوساڵیش عەینەن نەوع دەبێ گرنگی پێ بدرێ بەنیسبەتی لە موازەنەی 2012، بەنیسبەت ئەوەی هەندێك ئیشارەتیان پێیدا (حسب الاختصاصات) یەعنی ئەوەی بزانم بەنیسبەتی کە دامەزراندن دەبێ، بەپێی وەزارەتەکان کە ڕاژەکەی و عەدەدەکەیان تەحدید کراوە لە موازەنەکە، بەنیسبەتی ئیختیساساتیش ئەوە هەروەها لە وەزارەتی مەعنی ئەو ئیختیساسەکەی دادەنێ، ئەو ئیحتیاجاتی بەچ ئیختیساسەکی پێویستە لە وەزارەتەکەی خۆی، کە دامەزراندن بێت، لەسەر ئەساسی ئیختیساسەکەی، چ ئیحتیاجەکی پی هەیە بەنیسبەت ئەو ئیختیساساتانەی لەلای نادرە و پێویستیشی هەیە بۆ دامەزراندن، هەروەها بەنیسبەتی ئێمە هەموو لەگەڵ ئەوەین لە لیژنەی داراییش ئیشارەتمان پێی داوە، بەنیسبەتی ئەوانەی کە بە عەقد دامەزراون، ئەولەویەتیان پێ بدرێت، ئەوان کە ئەوەلی دابمەزرێن، ئەوجا داوای دامەزراندنی نوێ بکەن، کە عەقدەکان ببنە دامەزراندنی دائیمی، ئەولەویەت بدرێت بەنیسبەتی ئەوانەی کە خەریجی ساڵانی پێشترن، ئەفزەڵیەت لۆ ئەوان بدرێت، فرسەتی دامەزراندنیان زیاتر لەپێش بێ، نەوەك خەریجی ساڵی 2012، ساڵی 2010 فورسەتیان زیاتر پێ بدرێت هی سەنەواتی سابیقە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەروین خان.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره من یەك لەوانەی كە ئیشارەتم پێیدا، خەڵكانێكی خۆمانن كە كوردن، بەڵام لەناوەڕاست و باشووری عیراق نیشتەجێ بوون، ئێستا گەڕاونەتەوە هەرێم داوای دامەزراندن دەكەن یاخود خۆیان لەوێ تەعین بوون ئێستا داوا دەكەن، بە نەقل تەعینیان دەكەنەوە، یاخود سەرلەنوێ تەعینیان دەكەنەوە، بۆیە داوا دەكەم ڕێ و شوێنێك بۆ ئەوانە دابندرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د.ڕۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، پێشنیاری زۆر و پێشنیاری باشیش كرا، ئەوەی لە یاساكە جێگەی دەبێتەوە، هەوڵ دەدەین جێگەی بۆ بكەینەوە، ئەوەی جێگەی نابێتەوە بە ڕاسپاردە ڕەوانەی حكومەتی دەكەین، لەبەر ئەوەی زۆر وردەكاری هەیە، ناكرێ هەمووی داخلی یاسای بودجە بكەین، بۆ نموونە پێشنیارپی ئەوەتان كرد كە لە 5٪ بۆ كەمئەندامان دابندرێت، وەكو ڕێژەیەك لەو ڕێژەیەی تر نەبێ، بەڕێزان ئێمە یاسای ژمارە (22) ی ساڵی 2011مان پەسند كرد، لەو یاسایە لە ماددەی (10) برگەی (3)م ڕێژەی 5٪ كەمتر نەبێ، تەسبیت كراوە، ئەو یاسایە یاسایەكی تایبەتە بە كەمئەندامان، پێویست ناكات لە یاسای بودجە كە بۆ یەك ساڵ دەردەچێ هەمان دەق بێنین دایبنێینەوە، بۆیە ئەو پێشنیارەی كە كرا لەو یاسایە چارەسەر كراوە، سەبارەت بە ئەنجومەنی ڕاژە، زۆر لەو وردەكاریانەو، ئەو پێشنیارانەی كە كران، ئەگەر ئەو ئەنجومەنی ڕاژە دابمەزرابایە ئەو كێشانە هەمووی چارەسەر دەكرا، منیش پشتگیری لە پێشنیارەكەی كاك كاردۆ دەكەم، بە دامەزراندنی ئەو ئەنجومەنە، بەڵام ناكرێت بە یاسا داوا بكەی، بۆیە وەكو ڕاسپاردە ئاراستەی حكومەتی دەكەین، كە بەزووترین كات ئەو ئەنجومەنە دابمەزرێت، سەبارەت بە دەرچووانی ساڵانی پێشوو، ئێمە لە ڕاسپاردەكان كە لەبەردەستی بەڕێزتانە لە خاڵی دووەم باسمان كردیە (في التعينات لخريج السنوات السابقة والمتعاقدين) ئەوەشمان ڕەچاو كردیە بە ڕاسپاردە، سەبارەت بە گرێبەست (22) ئەندام پەرلەمان لە كۆی ئەوئەندامانەی كە قسەیان كرد، لەوانەیە هەندێكی زیاتریش بێت پێ ڕانەگەیشتبم ژمارەكە بنووسم بەتەواوی، پێشنیاری ئەوەیان كرد كێشەی گرێبەست چارەسەر بكرێت، لە برگەی پێنجەم دامانڕشتەوە ئەوەشمان ڕەچاو كردیە، كە هەتا ئەو ماوەیەی كە بە گرێبەست خزمەتیان هەبووە، خزمەتەكەیان بۆ حیساب بكرێت وەكو خزمەت لە بۆ خانەنشین، ئەوەشمان لەبەر چاو گرتیە، كێشەی نایەكسانی و مەرجەكان وەكو یەك نیە ئەوەشمان لە برگەی سێیەم جێ كردیتەوە، ئەگەر سەرۆكی پەرلەمان دەرفەتم بداتێ دوای ڕەچاو كردنی ئەو پێشنیارانە ماددەكەمان سیاغە كردیتەوەو بیخوێنمەوە، بۆئەوەی بدرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

یەکتان، تۆ دائیم قسە دەکەی، کاك سەرهەنگ کەمتر قسە دەکات، با کاك سەرهەنگ قسە بکات، فەرموو کاك سەرهەنگ.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سوپاس، سێ کەس پێشنیازی کرد بوو، بۆئەوەی ئەو تەعیناتانە لە موحافەزات لەژێر ئیشرافی ئەنجومەنی موحافەزەکان بن ئەوە یەکەم، دووەم: مەسەلەی کەم کردنەوەی میلاکاتەکان ئەوەش 3 کەس ئیقتراحی کرد، کە میلاکات لە شوێنێك کەم بکرێتەوە لە وەزارەتێك بدرێت بەو وەزارەتانەی کە پێویستن، سەبارەت بە وەلأمی بەڕێز وەزیری داراییش ساڵی 2010 لە کوێ باس کراوە؟ ئێمە میلاکەتەکان چەندێك تەجاوزی کردیە لە هیچ شوێنێك باس نەکراوە، ساڵی (2010) مەبەستم ساڵی 2011ش تەجاوز کراوە من قائیمەم لایە، ئەگەر بیەوێت بۆی دەنێرم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد(هەورامی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پەیوەندیدارە بە میلاکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ساڵانە کە موازنەی دێت کە نووسراوە (موازنة حکومة اقلیم کوردستان)، لە کۆتاییەوە کۆی ئەو دەرەجانەی، کۆی ئەو وەزیفانەی لە وەزارەتەکان، لە فەرمانگەکان تەقسیم کراوە، چ پلەیەکیان هەیە، چ پلەیەکیان نیە ئەوە تەقریبەن نزیکەی (40) ڕۆژە لەبەر دەستی ئێمەیە، پار ساڵیش ئەمانە هاتوون، لەبەرئەوە هەر تەجاوزێك ئەگەر هەبووبێت یان نەبووبێت ئاماژەشی پێدراوە، تەقسیمەکەشی هەیە بۆ چ فەرمانگەیەك ڕۆیشتوون، بۆ چ وەزارەتێك ڕۆیشتوون؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە کاك عمر تەوزیحی دا، بەلأم بە تەئکید باس کراو وەلأم درایەوەو زۆر کێشەشی لەسەر دروست کرا، تەجاوز کرایەو وابزانم پەرلەمانتاران لەبیریانە ئێستاکە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەنها ڕوونکردنەوەیەکم هەیە، ئەوەی پەیوەندی بەو ژمارانەوە هەیە کە باسکران، دەرچووەکانی گەرمیان، لە ڕاستیدا ئەوە گرفتێکە کاتی خۆی لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دروست بووەو، ئەوە دەبێت ئێستاکە موعالەجە بکرێت و، نەخرێتە چوارچێوەی ڕاسپاردەکانەوەو، دواجاریش ئەو حاڵەتە حەل کردنی پێویستە ئەو (239) کەسەی کە کاتی خۆی تەرحمان کردو، کۆمەڵێك ئەندام پەرلەمانی بەڕێزی تر جارێکی تر تەئکیدیان لێ کردەوەو، تەثبیت بوونی ئەو (239) کەسە، چونکە گرفتێکە حکومەت کاتی خۆی دروستی کردووە، ئەوان لەسەر ئەساسی پالأوتن و موقابەلەو وەکو هاوشێوەکانی تر چۆن ئێستا مۆزەفن بەو بوارانە تێپەڕی، بەلأم دواتر لە ئیجرائاتی ئیداریە دانەمەزراون ئەوە ئەو گرفتە دەبێت حکومەت چارەسەری بکات، دوو تەثبیت بوونی ئەوە نابێت تەئسیر بکاتە سەر ئیستحقاقی گەرمیان، نیسبەتی گەرمیان بۆ دامەزراندن لەم ساڵەوە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئەو پێشنیارەی کاك سەرهەنگ وتی (3) کەس پێشنیاری کردووە، چۆن موعالەجەی دەکەن؟ فەرموو لیژنەی یاسایی، فەرموو دکتۆرە ڕۆژان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارە پێچەوانەی یاسای ئەنجومەنی ڕاژەیەو، هەر لە یاساکە لە ماددەی (7) بڕگەی یەکەم دەڵێت (موراعات تحقیق التوازن بین المحافظات)، واتە ڕەچاوی ڕێژەی دانیشتوان دەکرێت بە پێی پارێزگاکان، بەلأم دەسەلأتەکە بە یاسایەك دایتە ئەنجومەنێك، ئەنجومەنەکە داوایان کرد بە ڕاسپاردە داوا لە حکومەت بکەین بە زووترین کات لە ماوەیەکی دیاریکراو ئەو ئەنجومەنە تەشکیل بکرێت، ئەو دەسەلأتەی بەو ئەنجومەنە درایە لێی بستێنیەوە، بیدەی بە دەسەلأتی ئەنجومەنێکی تر، نازانم پێچەوانەی یاسایە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر ئێمە ئەنجومەنی ڕاژە تەفعیل بکەین و دایمەزرێنین، ئەنجومەنی ڕاژە سلاحیەتی ئەوەی دەبێت خەڵك تەعین بکات، کەس سەلاحیەتی ئەوەی نابێت خەڵك تەعین بکات، فەرموو کاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها من یەك قسەم هەیە، لەسەر ئەوەی لیژنەی بەرێز دەڵێت بە تەوسیە تەنزیم بکرێت، ئەو شتانە بە تەوسیە تەنزیم بکرێت کە لەدوای بودجە ئەنێرێت، تەوسیە لە قانون حوکمی ئیلزامی نیە، حکومەت دەتوانێت مولزەم نەبێت پێوەی، دەتوانێت مولزەم بێت پێوەی بە ئارەزووی خۆیەتی، لەبەرئەوە ئێمە ئەگەر دەمانەوێت شتێك نەتیجەی هەبێت با لە قانونەکە جێی بکەینەوە نەك بە تەوسیە تاوەکو حوکمی ئیلزامی هەبێت بەسەر حکومەت دا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاخەر ناکرێت بەڕاستی 30 کەس قسەی کرد، ها ئەمە یەك، ئەمە دوو، ئەمە سێ، ئەمەچوار، ئاخەر ناکرێت بەڕاستی ناکرێ، فەرموو لیژنەی قانونی دوا سیاغەتان تاوەکو بیخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**میلاکات**

**ماددەی 11:**

**اولاً: تتولى وزارة المالية والاقتصاد بالتنسيق مع الوزارات الاخرى اعداد مفردات ملاكات مؤسسات الاقليم للسنة المالية 2012 والمصادقة عليها في ضوء كلف الرواتب المصدقة للاقليم والبالغ (17000) درجة وظيفية مستحدثة لسنة2012.**

**ثانياً: على المؤسسات والوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة توزيع عدد الدرجات الوظيفية المستحدثة ضمن الملاك لسنة2012 على ملاك مؤسسات الاقليم والمحافظات حسب التعليمات الصادرة من مجلس الوزراء لحين تطبيق قانون مجلس الخدمة العامة للاقليم رقم 7 لسنة 2011.**

**ثالثاً: قيام الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة بالاعلان عن الدرجات الوظيفية المستحدثة ضمن ملاك سنة 2012 في الصحف المحلية على ان تكون اليه التعين وشروطها موحدة ومعلنة في وقت واحد.**

**رابعاً: تلتزم الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة تزويد وزارة المالية والاقتصاد بجداول تتضمن عدد الموظفين واسمائهم و عناوينهم و درجاتهم الوظفية الذين تم تعينهم حسب النسب المشار اليها اعلاه مع الاوامر الخاصة بالتعيين. واذا وجدت وزارة المالية والاقتصاد تجاوزا في تلك النسب المشار اليها اعلاه يتم الغاء الاوامر الصادرة بالتعيين خلافاً لذلك واشعار مجلس الوزراء واتخاذ الاجراءات القانونية بحق المخالفين.**

**خامساً: لا يجوز التعاقد للعمل في دوائر الاقليم إلا بموافقة وزارة المالية والاقتصاد وتعطى الاولوية في التعيين للعقود النافذة وتحتسب فترة تعاقد الخدمة لاغراض التقاعد.**

**سادساً: عدم التعيين في اية وظيفية قيادية من (مدير عام فما فوق) مالم توجد لها درجة وظيفية في قانون الوزارة او الجهة غير المرتبطة بالوزارة و في هيكلها التنظيمي.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵدا نییە8 کەس لەگەڵ دانیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**المادة الثانية عشر:عند الموافقة على نقل الموظف لخدماته من دائرة من دوائر الاقليم الى القطاع الخاص:**

**1- تتحمل وزارة المالية والاقتصاد نصف راتبه الذى يتقاضاه من الدائرة المنقول منها لمدة (3) ثلاث سنوات اعتبارا من تاريخ نقله، على ان تقطع علاقته مع دائرته نهائياً.**

**2- تقوم الدائرة المنقول منها الموظف بصرف الراتب المنصوص عليه في (1) اعلاه من هذه المادة الى جهة القطاع الخاص المنقول اليها الموظف.**

**3- على وزارة المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذه الفقرة وتحديد ضوابطها وشروطها.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**بە کوردیەکەی بخوێنە.**

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی دوازدەم: ئەوکاتەی کە ڕەزامەندی درا بۆ گواستنەوەی خزمەتەکانی فەرمانبەر لە فەرمانگەیەکی فەرمانگەکانی هەرێمەوە بۆ کەرتی تایبەت:**

**1- وەزارەتی دارایی و ئابووری نیوەی ئەو مووچەیە دەگرێتە ئەستۆ کە وەریدەگرن لەو فەرمانگەیەی کە گواستراوەتەوە تێیدا و بۆماوەی (3) ساڵ لە ڕۆژی گواستنەوەیەوە، بەمەرجێك بە یەکجاری پەیوەندی لەگەڵ فەرمانگەکەی دا بپچڕێنێ.**

**2- ئەو فەرمانگەیەی کە فەرمانبەرەکەی لێ گواستراوەتەوە مووچەی ئاماژە بۆکراو لە بڕگەی (1)ی سەرەوەی ئەو ماددەیە، بۆ ئەو لایەنەی کەرتی تایبەت سەرف دەکات کە فەرمانبەرەکەی بۆ گواستراوەتەوە.**

**3- لەسەر وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاریی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم بڕگەیە دەربکات و سەروکار و مەرجەکانی دیاری بکات.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی فەرموو.**

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لیژنەی یاسایی پشتگیری ماددەکە دەکات، وەکو ئەوەی کە هاتووە.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

**فەرموو کاک عبدالسلام نوقتەی نیزامیت هەیە؟**

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕەجا دەکەم تۆزێك بە سنگێکی فراوان وەریگرن، ئێمە سەعاتێك و نیو قسەمان کرد، یەك گۆڕانکاری نەکرا لەسەر ماددەکە، دەلیلی ئەوەیە قسەکان ئەوەندە باش بوون تەئییدی سێ چارێگیشیان دەکەم عیلاقەتیان بە ماددە نەبوو، بۆیە ڕەجاتان لێ دەکەم نوقتە نیزامیەکەم ماددەی (56) دەڵێت: نابێت قسەکانی خۆی یان هی ئەندامانی خۆی دووبارە بکاتەوە، کە پێش ئەو قسەیان کردووە، نابێت لە بابەتەکە دەرچێت و، لە ئاخیرەوە پاشان نابێت بگەڕێتەوە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر بابەتی ئەو، ڕەجا دەکەم توڕە نەبن لە من ئەمە باشترین نموونە بوو، سەعات و نیوێك من گوێم لێ گرت ، قسەی جوان کرا، پێشنیاری زۆر زۆر جوان کرا، بەڵام ئێمە ئیلتزام بکەین دەقێکمان هەیە، دەمانەوێت ئەو دەقە چۆن بێتە گۆڕین؟ ئەمانەوێت چۆن پەسەند بکرێت؟ ڕەجا لە سەرۆکی پەرلەمان دەکەم با ئێمەش توڕە نەبین، کە دەرچووین کە قسەیەکمان کرد چەند باش بێت، سوودی نەبێت بۆ گۆڕینی دەقەکە، پێش ئەو بڵێت دەرچووین لە بابەتەکە، چونکە ماددەی (56) وا دەڵێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ ئەو بەڕێزانە ناوی خۆیان نووسی بوو( بەیان خان- کاك ئارام- زکیە خان- کاك شڤان- شلێر خان- کاك شۆڕش- کاك ئاسۆ- کاك دڵشاد- ئاهەنگ خان- مامۆستا فەرمان- پەیمان خان- تارا خان) ئێستا بەیان خان فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد کۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەز ب خۆ پشتەڤانێ لڤی ماددەیە دکەم، بەس داخواز دکەم بەڕێز وەزیری دارایی بۆمە ڕوون کردنەوەیەکی بداتن، ئایا د ڤێ ماوەیی دا چەن کەس د کەرتێ گشتی، د کەرتی حکومەتێ چوویە بۆ کەرتێ تایبەت ئیش بکاتن؟ ئەگەر زەحمەت نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوا دەکەم ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێتەوە، چونکە ئەگەر بێت و سەیری موازنەی (2010و2011و2012)ش بکەین یەك مۆزەف لە کەرتی گشتیەوە نەچووەتە کەرتی تایبەت، چونکە بە پێی عەدەدەکەیە، ئەگەر هەیە عەدەدەکەمان پێ بڵێت وەزیری دارایی؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زکیە خان فەرموو.

**بەڕێز زکیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستی پرسیارە من بەیان خانێ بەری نوکە کر، مەد ڤێتن جەنابی وەزیری بۆمە دیارکەتن ئایا چەند کەس ژ ڤی ماددە مە پار دەرخستن، ئەڤ مە پەسەند کری موستەفید بوونە بۆ هەندێك و بزانین ئایا بۆ حافەزەك، بۆ هەندێك و خەڵکەك ژ کەرتی گشتی بچێتە کەرتی تایبەت؟، کو بۆچوونە منە شەخسی ئەوە نەبوویە حافزەك بۆ هەندێك و خەڵکێك ژ کەرتی گشتی بچێتە کەرتێ تایبەت، ژ بەر هەندێ ژ پێت ڤی یە کو لڤێ دەرکێ حکومەت هەندەك ڕێکارێ دی بگریتە بەر، بۆ نموونە ئەو ئیمتیازاتەی دەداتە کەرتی گشتی ئەوان ئیمتیازات کەمتر لێکەتن ئو دیسا ژی ڕێخۆش کرنە، زەمینە خۆش کرنە بۆ کەرتێ تایبەت، هەمی ڤیتاعێت ژ کەرتێ تایبەت هەبێتن بۆ هەندەك خەڵکەك ڕووی بکەتە کەرتێ تایبەت، ئەگەر نا ب ڕایە من هیچ ڕەنگێکی نابێتە حافز بۆ هەندەك خەڵکەك ژ کەرتێ گشتی بچیتە کەرتێ تایبەت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان، تکایە ئیلتزام بە وەقت بکەن لەکاتی قسە کردن، فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەوە ماددەیەکی مردیە، یەعنی هیچ ئەسەرێکی نیە، ئێمە دەتوانین ئیستفادە لێ بکەین کە زیندوو بکەینەوە، تەنیا موختەس بکەین بە ئەوانەی کە دەرچوون موستەفیدن لەو ماددەیە، کە تەنیا شەریحەی موهەندسین بگرێتەوەو، شەرحەکە لای شلێر خانە ئەو زیاتر شەرح دەکاتن کە ئەهمیەتەکەی چیە؟ تەنیا ئەو ماددەیە بۆ موهەندسین ئیستفادەیە هیچ حاڵەتێکی تر ڕووی نەداوە، بۆیە ماددەیەکی مردووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی ئەو ماددەیە دەکەم، لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆر موهەندسین ئیتصاڵمان پێوە دەکەن، ئەو ماددەیە نازانم بۆچی شمولی ئەوان ناکات؟ لەبەرئەوە موهەندسین وایان لێ هاتووە لەگەڵ مەقاولیش ئیش دەکات و لە دائیرەیە، نیزامی مەکاتبی هەندەسی دەرچووە لە حکومەتی هەرێم، ئەوەندە شروتەکەی قاسیە دەڵێت ئەو موهەندیسە ئەو مەقاولە دەبێت موهەندیسێك بێنێت (20) ساڵ زیاتر خزمەتی هەبێت، (15) ساڵ زیاتر خزمەتی هەبێت، سەیر دەکەی ئەوانە زۆربەی لە دەوائیرن، لەبەرئەوە ناتوانین ئێستا ئەوە شکستی مەقاولاتیش زۆری لەو بابەتە هاتووە، بە ڕەئی من موهەندیس چونکە قەوانینی زۆر هەیە، ئەگەر بێت و شروتی بە جوانی تەتبیق نەکات، یان سەرپێچی بکات هەتا ئەگەر لە کەرتی تایبەتیش بێت شەهادەکەی لێ سەحب دەکرێتەوە، لە نەقابەی موهەندسین، یەکیەتی ئەندازیاران دەردەکرێت، لەبەرئەوە ئەوە با موهەندسین ڕەجائەن بگرێتەوە، چونکە ئیتصاڵێکی زۆرمان پێوە دەکەن و، تکا دەکەم لە وەزیی

مالیه پێش ئەوە وتی (2) ملیۆنەکە موهەندیس، توخوا موهەندیس قەت 2 ملیۆنی ساڵانەی ناوێت، چونکە ئەو باوەڕ بکەن موهەندیسی وا هەیە کە 20 ساڵ خزمەتی هەبێت داوای 10 هەزار دۆلار دەکات ئێستا لە مەقاول، بەڵام ئەگەر تۆ مەجالێکت بۆ کردەوە با ئەو نیو مەعاشە وەرگرێت خۆ هەر لەبەر تەقاعودیەکەیەتی و، مودەکەش بکرێت بە 5 ساڵ ئەوکاتە خۆی خیبرە پەیا دەکات، لە کۆنفراسێك دا کە لە کابینەی پێنجەم بە سەرۆکایەتی کاك نێچیر زۆر تەئکید کرایەوە سەر ئەم خاڵە، بەڵام بەداخەوە نەچووە بواری جێبەجێ کردنەوە، کە من خۆم لەو کۆنفراسە بووم، دەست خۆشیشم لەو کەسانە کرد کە ئەو شتەیان کرد، بەڵام نازانم بۆچی نەکرا؟ کە ئەوە خزمەتێکی زۆری مەشاریع دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شۆڕش فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش سید مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەو ماددەیە دەکەم، هەروەکو چۆن ساڵی پاریش حکومەت لە پرۆژە یاسای بودجە دا نارد بووی، وەکو هەنگاوێکی سەرەتایی بۆ کەم کردنەوەی تەزەخومی مۆزەفین بوو، ئەگەر چی ڕەنگە کۆمەڵێك هەنگاوی تر پێویست بێت بۆ کەم کردنەوەی تەزەخومی مۆزەفین، بەڵام ئەوە یەکێکە لەو هەنگاوانەوە، هەنگاوێکی سەرەتاییش بێت، بەڵام ئەوەی ئەمن قسەی برادەران دووبارە ناکەمەوە، چونکە تا ئێستاکە ئامارێکمان لەبەر دەست نیە چەند کەس لە ساڵی ڕابردوو لە کەرتی گشتیەوە خزمەتەکەی گواستەوە بۆ کەرتی تایبەت، ئەوەی ئەمن گوێ بیستی بەڕێز وەزیری پلاندانان بووم ئەو ڕۆژە وتی ئیشکالەکە لە تەعلیماتەکان و ئیجرائەتەکانەوەیە، بۆیە ئەگەر ڕوونکردنەوەیەك لەلایەن بەڕێز وەزیری داراییەوە بدرێت لەسەر ئەو بابەتە، وا باشترە بۆئەوەی ئەگەر پێویست بکات ئیجرائات و ئالیەتەکان و میکانیزمەکان گۆڕانی بەسەر دابێت، بۆئەوەی بتوانرێت کاریگەری خۆی هەبێت لەسەر کەمکردنەوەی تەزەخومی مۆزەفین نەقل بوونیان لە کەرتی گشتیەوە بۆ کەرتی تایبەت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئاسۆ فەرموو.

**بەڕێز بکر کریم (ئاسۆ):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ڕایەکەی کاك شۆڕشی سید مجیدم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دڵشاد فەرموو.

**بەڕێز دڵشاد حسین قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە کە دانراوە، حکومەتی هەرێم پێمان بڵێت چەند کەس توانیویەتی سوود لەو ماددەیە ببینێت؟ ئەگەر نەیبینیوە کەواتە دەبێت ئیقرار بکات بەوەی کە حکومەتی هەرێم لەم تەختیتەی فەشەلی هێناوە، لەوەی بتوانێت تەزەخوم لە کەرتی گشتی بکات بۆ کەرتی خاص، یان ئەگەر ماددەکە نەبووەتە هۆی ئەوەی خەڵکێك بڕوات بۆ کەرتی تایبەت لەبەر دوو هۆ، لەبەر ئەو ئیمتیازاتانەی لە کەرتی گشتی دا هەیە وەك زەوی وەرگرتن، وەك تەقاعودی، وەك کۆمەڵێك شت هەیە، لەبەرئەوە پێم وایە خەڵك ناڕواتە ئەوێ، دوو: لەبەرئەوەی ئەوە تەنها بۆ قیتاعی خاصە، یەعنی کەسێك بۆ کاری (حر) ئەگەر واز لە دەوائیری دەوڵەت بێنێت ئەوە شمولی ناکات بەپێی ئەو یاسایە تەنها قیتاعی خاص و خاوەن کار دەبێت، یەعنی یەکێك کرێکاری سەربەخۆ بێت شمولی ناکات بڕواتە ئەوە، سێ: ئەو نیسبەتەی بۆ دانراوە لە 50٪ لە ڕاتبی ئەصڵیەکەی، پێ دەچێت نیسبەتەکەی کەم بێت و، مودەکەشی سێ ساڵە، پێ دەچێت کەم بێت، بۆیە خەڵکێك ناتوانێت سوود لەو ماددەیە ببینێت، ئەگەر وابێت ماددەکە تەنها بار قوڕسیەکە بە بڕوای من یان ئەوەتا دەبێت تەعدیل بکرێت ئەو ماددەیە، وا بکرێت خەڵك سوودی لێ ببینێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیر تەواوی 100٪ی کاك دڵشاد دەکەم، ئەگەر بێت و ئەوە بە ئیعتیقادی من ماددەکی زۆر زۆر موهیمە، موهیمەکەی لەوەیە ئەوە موشکیلەکی حەل دەکات پێی دەوترێت (کەپەستی بیلدینگ)، ئەو مۆزەفانەی کە ئێمە پێی دەڵێین ئێستا بەتاڵ موقەنیعە کە لە دەوائیری دەوڵەتن، کە ئێستا خۆمان دەڵێین ڕێژەیان زیادەو تەعین دەکرێن و تەعین ناکرێن، لە هەموو وڵاتانی دونیا زۆر زۆر ئیمتیازات هەیە دەدرێتەوە، تەشجیع دەکرێت، کە مۆزەف لە کەرتی حکومی بچێتە کەرتی تایبەت، بۆئەوەی نیزامی موئەسەساتی تەثبیت بکرێت، بۆئەوەی سیستەمی وڵات بەپێش بکەوێت، ئێمە کە دێین فعلەن ئەوەی کاك دڵشاد باسی کرد ئەو (3) ساڵە زۆر زۆر کەمە، چونکە وا پێدەچێت ئەمە مردنی بە مۆزەفی پیشان بدەین، وە بکەین بە لەرزو تای ڕازی بێت، ئەوە لای کەمی دەبێت ببێتە (5) ساڵ بە ڕاتبی تامیش، بۆچی ببێتە (5) ساڵ؟ هەتا سیقەی هەبێت کە لەلایەکی مەعاشی نابڕێت یان بە نیوە مەعاش کە دەیدرێتێ، لەلایەکی بتوانێت خۆی بچەسپێنێت لەو جێگایەی، ئەو بە (3) ساڵی چی پێ دەکرێت؟ نیوە دەچێت نیوە ناچێت لەو دڵە ڕاوکێیە کە ئایا ئەمن تەقاعودی وەردەگرم یان وەرناگرم؟، ئەو حاڵە وەزعی حەل کردنی دەبێت زۆر تەعلیماتی چاکی لۆ دابنرێت، بە پێی پێوەری عومری ئەو مۆزەفەی دەچی، بەپێی پێوەری ئەو خیبرەی کە دەڕوات، بەپێی گەنجە چەند ساڵە تەعین بووە؟، چەند ساڵە تەعین نیە؟ بە ئیعتیقادی من ئەگەر ئەو ماددەیە دابڕێژرێتەوە، یەعنی سیاغەکی نوێی لۆ بکرێتەوە ئەو (3) ساڵە ڕەچاوی زیاتری لۆ بکرێت، پارەکەی زیاتر بکرێت، تەشجیع بکرێت، باوەڕتان پێ بێت موشکیلەکی زۆر زۆر گەورە لەسەر بودجەی حەل دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا فەرمان فەرموو.

**بەڕێز فەرمان عزالدین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە تەئیدی کاك دڵشاد دەکەم بەڕاستی لە ڕەئیەکەی، بەلاّم دیارە ئەو هاندانەی کە درایە لە بۆئەوەی کە لە کەرتی گشتیەوە بچێت بۆ کەرتی تایبەتی، پێم وایە کەموکوڕی تێدا هەیە، دەبێت زیاتر هاندانی تێدا هەبێت، دەست خۆشانەی تێدا هەبێت، تاکو مۆزەفەکە بچێت ئەوە خاڵی یەکەم، خاڵی دووەم هەر کاتێك ئەو کەسە لە کەرتی گشتیەوە دەچێت بۆ کەرتی تایبەتی مەجالی ئەوەی پێ بدرێت بگەڕێتەوە، ڕەنگە ئەوەیان یەك لە سلبیاتەکان بێت کە کەس جورئەتی ئەوە نەکاتن بچێتە کەرتی تایبەتی، لەبەرئەوەی ئێمە هەموومان دەزانین کەرتی گشتی مەزموونترە لە بۆ موستەقبەلی ئینسان لەکەرتی تایبەتی، بەتایبەتی کە لەبەر خانەنشینەکەی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی قسەکانی شلێر خان و کاك دڵشاد دەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەوەی لە ئاخیر دەمێنێتەوە قسەکانی دەکرێت، بەس ئەوەندەیە وەکو پرەنسیپ شتێکی زۆر باشە، ئەو تەشجیع کردن و هاندانەکەی زیاتر بێت، کە ئەگەر بێت و هەموو ڕاتبەکەی بێت وەری بگرێت نەك نیوەی ئەو مەعاشەی، بە تەصەوری من ئەو تەئیدکردنە بۆ ئەو لایەنە باشە، بەتایبەتی لە پەرلەمانی کورستان دا ئێمە ئێستا تەئیدی ئەوە دەکەین، کە یاسای خانەنشینی و دەستەبەری کۆمەلاّیەتی، کە یەکەم شت بۆ کرێکارانمان دەست پێ کرد بە هیوای لە کەرتی تایبەت دا چ وەختێك خانەنشین بە تەواوی دانراو، تەشجیعی تەواوی بۆی هەبوو، ئۆتۆماتیکیەن خەڵك لە کەرتی گشتی دەچێت بۆ تایبەت، لەبەرئەوە ڕەچاوکردنی ئەو بابەتە نەك ئێمە لاییبەین یان بڵێین سوودی نەبوو، چونکە ئێمە دەزانین دوای بەدواچوونم لەگەڵ وەزارەت و ئەوانە لەوە دەچێت بەس (13) کەس چووەتە ئەو کەرتە لە ساڵی ڕابردوو، بەلاّم هەموو شتێك کە نوێ دەبێت دەردەکەوێت خەلەلەکان چیە؟ با ئێمە هەوڵ بدەین زیاتری بکەین، بۆئەوەی خەڵك زیاتر تەشجیع بکەین بچێت بۆ کەرتی تایبەت و، لە کەرتی گشتی زۆر زۆر فائیز نەبێت مەجبور ببین تەقاعودیان بکەین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو، دوا سیاغەتان.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە مادده 40 پێشنیار کرا، یەك لەو پێشنیارانە پێویست بەو مادده ناکات، لەبەرئەوەی ئەوانەی کە سوودمەند بووینە لەو مادده، سوودیان لێ وەرگرتیە ژمارەیان کەم بووە لە ساڵی 2011، بۆیە پێویست ناکات ئەو مادده هەبێت ئەوە یەك لە پێشنیارەکان، پێشنیاری دووەم ماوەکە کەمە لە سێ ساڵ بکرێتە پێنج ساڵ، پێشنیارێك کرا نیوەی مووچە نەبێت حکومەت تەحەمولی هەموو مووچەی بکاتن، پێشنیارەکیش کرا کەوا ئەندازیار زیاد بکرێت، بەڕێزان، بەلاّم موهەندیس کە وشەی فەرمانبەر هاتیە هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لەسەر کەرتی گشتینە، ئەگەر خەلەلەك لە ڕێنمایی هەیە پێویستە ڕێنماییەکان هەموار بکرێت پێچەوانەی یاساکە نەبێت، ناکرێت ئێمە هەندێك تویژ باس بکەین، هەندێك بڕوانامە باس بکەین، کە وشەی فەرمانبەرت بەکارهێنا، بەڕێزان هەموو ئەوانە دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر قسەت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو پڕۆژە یاسای بودجە کە هاتووەتە پەرلەمان، پێش ئەوە هەروەکو باسم کرد لەلایەن دوو حکومەتەوە ئەوە موناقەشە کراوەو، تەئکیدیش لەسەر ئەمە کراوە کە ئەم خاڵە کە ئێستاکە ئەم ماددەیە کە هاتووەتە ئێرە زۆر باسی لەسەرکرا، بە نیسبەتی موهەندسینەوە کە شەریحەیەکی پێویستن لەناو حکومەت و، لە عەینی وەقت ئەمانە عەدەدیشیان ئەوەندە زۆر نیە، دیارە وەزیرە تایبەتمەندەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە زیاتر موهەندسیان لەلایە ئەوان ئیقتراحیان ئەوە بوو، کە ئێمە ناتوانین ئەو موهەندیسانە ئیستغنایان لێ بکەین و، لە هیچ ئەوەیەکە نەهاتووە ماددەیەکە بڵێم موهەندسی تێدا نیە، موهەندیس فعلەن مۆزەفە و قانونی خدمەی مەدەنی لەسەر تەتبیق دەبێت، بەلاّم ئەوەش شەرتی ڕۆیشتن بۆ کەرتی تایبەتی ئەوەیە وەزیرەکەی موافەقەت ناکات، دەبێ وەزیرەکە موافەقەت بکات ئەو بڕوات ، ئەو نەڕوات، یەعنی مەوزوعەکە لە وەزارەتەکانە، بۆیە من حەز دەکەم جەنابتان ئەو مەعلوماتەتان هەبێت و، بەنیسبەتی ئەوەی کەوا مودەکە کەمە سێ ساڵ ئێمە لاریمان نیە ئەگەر وەکو حکومەت بکرێتە پێنج ساڵیش هیچ موشکیلەیەکمان نیە، ئەگەر دەزانن ئەوە کێشەکە حەل دەکات، بەلاّم بۆ مەعلوماتی جەنابتان هەتاکو ئێستاکە ئەو عەدەدەی کە چوونەتە کەرتی تایبەت ئەوەندە کەمن، ڕەنگە من ئیحصایەکەشم لە لانەبێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی تێبینیەکتان هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی بۆچوونی ئێمە وایە كە ئەصڵی ماددەكە بمێنێتەوە، وەكو بنەمایەك پشتی پێببەسترێت نەك مەرج نیە لەم ساڵ و ساڵی داهاتوو، ئەوە مەسەلەیەكی موستەقبەلیە لەسەر ئەو مەبدەئەی بەردەوام بێت لە یاسای بودجەدا، چونكە مەسەلەیەكی مەبدەئیە، كە بۆچوونێك هەیە كە ژمارەی فەرمانبەران ئەگەر بكرێت لە كەرتی گشتی كەم بكرێتەوە بچێتە كەرتی تایبەت، لەوانەیە ساڵی یەكەم، ساڵی دووەم، ژمارەكە كەم بێت لە داهاتوودا زیاتر بێت، بەس تەنها بۆچوونێكمان هەیە ئەگەر بكرێت لە بڕگەی سێ ئەصڵی ماددەكە (على وزارة المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذه الفقره وتحديد ضوابطها وشروطها)، ئەگەر بكرێت ئەو تەعلیماتانە ئەوە وا تێدەگەم گەڕانەوەشی ناوێت بۆ پەرلەمان، بە شێوەیەك بێت لە بەرژەوەندی ئەو فەرمانبەرانە بێت كە دەیانەوێت بچنە كەرتی گشتی و، ئەگەر بكرێت ئەو سێ ساڵە بكرێت بە پێنج ساڵ، لەو بڕوایەدام مەفعولی یان دەرئەنجامی تەنفیزی بڕگەكە لە بەرژەوەندی هەردوو كەرتی تایبەت و گشتی دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان تێبینیەكت هەبوو؟

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زیاتر لە 3 كەس باسی لەوە كرد وتی كێشەی موهەندیس، بەتایبەتی هی موهەندیس بە چاككردنی ئەو بڕگەیە چاك دەبێت، مەوزوعی كاركردن لە كەرتی تایبەت كلتورە ئەوە وردە وردە خەڵك پێویستە ڕابێت لەگەڵی، بەلاَم لەگەڵ ڕاهاتنەكە دەبێت وەزارەت حكومەت تەسهیلاتیان بۆ بكات، لە ڕێنماییەكاندا ئەو ڕێگرییەی دەهێنرێتە بەردەمی موهەندیسەكان، بێگومان وایان لێدێت ناچنە ناو كەرتی تایبەت، بۆیە من پێداگیری لەسەرئەوە دەكەم، ئەو سێیە بكرێتەوە بە پێنج و، كە دەڵێی فەرمانبەر ڕاستە موهەندیسیش دەچێتە خانەی فەرمانبەران، بەلاَم لە ڕێنماییەكانی ئەوانە ڕێگا نادەن موهەندیسەكان بڕۆن، بۆیە ئێمە نەك بە تەوسیە بكرێتە ناو دەقی یاساكەوە، هەموو چین و توێژی فەرمانبەران ئەگەر وانەبێت نابێت ئەو ماددەیەو سوودی نابێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف ڕؤوف:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من بۆیە وتم مردنیان پێ پیشان دەدەن بە لەرزو تای ڕازی بن.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئێمە بۆ موهەندیس ئەو ئیشە نەکەین، باوەڕبکەن ئەو ڕێنماییەی کە دەری کردووە بۆ مەکاتیبی هەندەسی ناچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە، چونکە هیچ ئەو هەموو شروتەی بۆ داناوە دەبێت وابێت بۆ مەقاول، ئیتر بۆیە ئێمە کەرتی مەقاولاتمان پەکی کەوتووە، ئەگەر من موهەندیسێکی بە توانا لەگەڵ مەقاول بێت و، من نیو مەعاشی بدەمێ موتەئکید بە مەقاولاتەکە وای لێدێت، ئەصڵەن پێویستی بە ئیشرافی دەوڵەت نابێت، چونکە موهەندیسەکە لەوێ فێری ئیبداع دەبێت زیاتر هیلاك دەبێت، باوەڕ بکەن نیوەی موهەندیس بەیانیان کە دەچێتە سەر مەشروع بەدەم مۆبایلەوە، ئەو ئسلوبە تازانەشەوە کە چەند زەرەری داوە، سێ چوار ئیشی مەقاولات بەخۆی دەکات، ئێ باشە من بۆ نەیخەمە سیغەیەکی قانوونیەوە، با هەر بۆخۆی لەگەڵ مەقاول ئیش بکات.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر فەرمو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە وەزارەتی دارایی هیچ تەعلیماتێکمان دەرنەکردووە، کە بڵێین نابێت موهەندیس بڕوات بۆ کەرتی تایبەت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی بە ڕەچاوکردنی ڕای پەرلەمانتارەکان، چونکە دوو سێ ڕەئی هەیە، یەکێکیان دەڵێ هەر ماددەکە لەغو بکرێت، یەکێکی تریش دەڵێ موهەندسین بچێتە ناو هینەکە، بزانین چۆن سیاغەی دەکەنەوە؟، تکایە فەرموون.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: پێشنیاری ئیلغا کردنی ماددەکە، داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەکەم ئەوەی بخاتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا بەڕێز سکرتێری پەرلەمان هەندێك تێبینی هەیە، با بفەرموێت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەصڵی ئەو ماددەیە بۆئەوە دانراوە، حکومەت نەجات بێت لە مەجموعەیەك مۆزەفین کە ئیشیان پێ نیە، کو زەختە لەسەر دەوائیر، فائیزن لە حاجەت، هەکا ئێمە بێین وای لێبکەین شەلەل بخەینە ناو دەوائیری حکومی مەجال بەوانەش بدەین، ئەوانەی کە دەوائیری حکومی ئیشیان پێ بیتن و، زەروری بێت بۆ ئیشی حکومی، بە ڕەئی من ئەوە نەتیجەیەکی سلبیە قەت هەدەفی ئەو نەصە بەجێ ناهێنێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیلغاكە بدرێتە تەصویت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ڕەئیەك هەیە دەڵێت ئەصڵی ماددەكە بەكاملی ئیلغا بكرێت، كێ لەگەڵ دایە؟ 3 كەس داوا دەكا، كێ دەڵێت بمێنێتەوە؟ ئەوەیان موافەقەت نەكرا، فەرموون هی دووەم.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماوەكە بكرێتە پێنج ساڵ لەجیاتی سێ ساڵ (تتحمل وزارة المالية والاقتصاد نصف راتبه الذی يتقاضاه من الدوائر المنقول منها لمدة (5) خمس سنوات اعتبارا من تاريخ نقله، على ان تقطع علاقته مع دائرته نهائياً).

**بەڕێز د.ئەرسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەوەی كە كاك عونی خوێندیەوە كێ لەگەڵ دایە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ تەنیا 3 كەس لەگەڵ دانیە، بە زۆرینەی دەنگ ئەوە تەسبیت بوو، فەرموو ئەوی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری دوایی ئیضافەی موهەندیس، سەبارەت بە تەفسیرەكەی كاك فرسەت زۆر لە جێی خۆیتی فعلەن ئەو تەغیرەشی كە دا، ئەوەلەن مۆزەف، موهەندیسیش هەر مۆزەفەو، ناكرێت ئەو تەفسیرەكەی كاك فرسەت دای زۆر تەواوە، بەتایبەتی دائیرەكان چۆڵ دەبنەوە، موهەندیس شەریحەكی گرنگە، مەبەستی ماددەكەش لێرەدا ئەوەیە كە تەنها ئەو مۆزەفە فائیزانەیە حكومەت سوودیان لێ وەرناگری و ئیستفادەیان لێناكات، دەرفەت بدرێتە ئەوان لەكەرتی تایبەت ئیش بكەن، بەتایبەتی هەتا ئێستاش سێ كەس سوودی لەو ماددەیە وەرگرتیە، كە لە ساڵی ڕابردوو دەنگی لەسەر درا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

ئاخیر سیاغەتان، ئاخیر ڕەئیتان، بۆئەوەی بخەینە دەنگەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

المادة الثانية عشر: عند الموافقة على نقل الموظف لخدماته من دائرة من دوائر الاقليم الى القطاع الخاص:

1- تتحمل وزارة المالية والاقتصاد نصف راتبه الذی يتقاضاه من الدائرة المنقول منها لمدة (5) خمس سنوات اعتبارا من تاريخ نقله، على ان تقطع علاقته مع دائرته نهائيا.

2- تقوم الدائرة المنقول منها الموظف بصرف الراتب المنصوص عليه في (1) اعلاه من هذه المادة الى جهة القطاع الخاص المنقول اليها الموظف.

3- على وزارة المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذه الفقرة وتحديد ضوابطها وشروطها.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ 2 دەنگ موعارەزەیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثالثة عشر: للوزير المختص او رئيس الجهة الغير مرتبطة بوزارة احالة الموظفين الفائضين عن الحاجة ممن لديهم خدمة تقاعدية لا تقل عن 15 سنة ولا تقل اعمارهم عن الخمسين سنة الى التقاعد.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیەکەی فەرموو.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەزیری پەیوەندیدار یان سەرۆکی ئەو لایەنەی کە گرێ نەدراوە بە وەزارەتێکەوە بۆی هەیە ئەو فەرمانبەرانە ئیحالەی خانەنشینی بکات کە زێدەن لە پێویستی، ئەوانەی کە خزمەتی خانەنشینیان کەمتر نیە لە (15) ساڵ و تەمەنیشیان لەخوار پەنجاساڵییەوە نییە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کاک عونی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی پێشنیاری کردیە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، لەبەرئەوەی پێچەوانەی یاساکانی بەرکارە، لە هەرێمی کوردستان سەبارەت بە خدمەو.......

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێت قسە بکات؟ ئەو بەڕێزانە ناویان نووسراوە( کاک دلێر- ئاهەنگ خان- ناسك خان- بەیان خان- سمیرە خان- شەونم خان- کاک سەردار- شلێر خان- سیوەیل خان- عظیمة خان- پەیمان خان- بێریڤان خان- تارا خان- حاجی بلال)، تکایە ئیلتیزام بە وەقت بکەن، کاک دلێر فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ڕایەکەی لیژنەی یاساییم، یاخود لابرێت، یاخود ئەگەر لاش نەبردرێت، ئەو فەرمانبەرانەی کە زیادەن لە پێویستی کە دەڵێت بۆ (15) ساڵ خزمەتی هەبێت و، تەمەنیشیان لەخوار (50) ساڵی نەبێت،

مەسەلەی تەمەن حیساب نەکرێت، ئەگەر (15) ساڵ خزمەتی هەبوو لەسەر داواکاری خۆی بوو، هەر کەسێك لەسەر داواکاری خۆی یاخود زیادە بوو کە تەمەنی (50) ساڵ بوو، تەمەنی (15) ساڵ خزمەتی هەبوو، بۆئەوەی بتوانێت داوای تەقاعودی بکات، چونکە (15) ساڵ خزمەتی هەبێت، لەوانەیە بە (35) ساڵی دەرچێت، دەچێتە دەرەوە دەتوانێت هەلی کار بۆخۆی بدۆزێتەوەو، چالاکیەکانی خۆی بخاتە گەڕ، بەلأم لەدوای (50) ساڵیەوە وەختێك کە تەقاعود دەبێت بە پارەیەکی کەم، هەم دیسان دەبێت بە بار بەسەر حکومەتەوە، داوای ئەوە دەکات کە تەقاعودیەکەی بەشی ژیان وگوزەران و مەعیشەتی بکات، لەبەرئەوە لەگەڵ ئەوەم مەسەلەی تەمەن لابرێت، تەنها (15) ساڵ ئەوەی کە زیادەن لە پێویست، یاخود ئەوەی کە خۆی لەسەر داوای تەقاعودی دەکات (15) ساڵ زیاتری هەبێت بەس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف رؤوف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەو ماددەیەم کە لەغو ببێتەوە، بۆ لەغو ببێتەوە؟ چونکە ئەوە دەبێتە مەزاجی وەزیری، ئەو مۆزەفە (15) ساڵە ئیشی کردیە، ڕاستە ئیحتیمالی هەیە ئێستا ئیشەکیان پێنەبی، بەس موحتەمەلە دوایی ئیشەکیان پێ بێت، مەملەکەت دائیرەی، یەعنی نیزامی بگۆڕێت ئەو دائیرەیە، بۆیە ئەوە مەزاجی وەزیریە، مادەم مەزاجی وەزیری تەحەکوم بە مەسیری مۆزەفەکی بکات بۆ (15) ساڵی، دەبێت لەغو ببێتەوە ئەساسەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

ناسك خان فەرموو.

**بەڕێز ناسك توفیق عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەدەر لەوەی کە لیژنەی یاسایی دەڵێت پێچەوانەی یاسایە، بەس نەوەك بوترێت لەبەرئەوەی ئێمە جیهەیەکی تەشریعین دەتوانین شتێکی وا بڵێین، بەڕاستی ئەوە کە دەڵێت ئیحالەی مۆزەفی فائیز دەکات دەمێنێتە سەر مەزاجی ئەو بەرپرسە، کێ بە فائیز دادەنێی؟ کێن ئەوانەی لەلای ئەو وەزیرە، یاخود ئەو بەڕێوەبەرە عامە بە فائیز دادەنرێت ئەوە یەك؟ دوو: بە چ پێوەرێك تۆ (50) ساڵ بە تەمەنێك دادەنێی بۆ خانەنشینی کە خۆی لە وڵاتان (67) تازە دەست دەکات بە ئیش لە بوارە لە بوارەکانە، لەبەرئەوە بەڕاستی ئەوە پێچەوانەی یاسایە لەغو بکرێت، من پشتگیری لەغوەکە دەکەم، بەلأم ئەگەر دانرا دەبێت تەعدیلی تیا بکرێت بگوترێت بەپێی تەڵەبی کەسەکە خۆی.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بەیان خان فەرموو.

**بەڕێز بەیان احمد كۆچەری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبعەن كێشەی فائیزی، یەعنی میلاكات فائیز گەلەكن واقیعەكە، وەكو لیژنەی تایبەتمەند مەسەلە دانان سەرانسەریە كری بۆ دامودەزگایێ، یەعنی گرێ دایە لیژنەیا ئەمە ڤە، ڕاستی گەلەك نافێ حیزبیە یتەبعەن هاتینە فەرز كرن لسەر وانە، هەتا جێیەكیش نەبوونە لۆمە، ئەز بێژم ڤێتن ئەڤ بابەتە بابەتەكی گەلەكی ئالۆزە، ڤێ چارەسەری بۆ بێتە كرنێ بەڕاستی، ئەزیش دگەل هەندێ دامە ئەڤ ماددە بێت لەغو كرن، بەس كێشە ئەڤە فائیزە ئەڤ كێشانە نایێتە حەل كرن، لبەر هەندێ پرسیاردكەم ڤێتن چارەسەریە ڤی كێشە ژی بێتە كرنێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر پشتگیری لیژنەی یاسایی دەكەم، لەگەڵ لەغو كردن دامە، بەلاّم ئەگەر لەغو نەكرا پێویستە ئەو تەمەنە لابچێت تەمەنێكی سروشتی دابنرێت، لەگەڵ مەرجی ئەو تەمەنەی نیمە داندرایە، بەلاّم خەباتی ئەوەش لەبیرنەكەین پێشمەرگەو شاخ و زیندانیانی سیاسی ئەوانەش ئیضافە بكرێتە سەری، وەكو ڕێزلێنانێك لێیان بنرێت،سوپاست دەكەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕوونكردنەوە لەسەر ئەو بابەتە لەلایەن هاوڕێكانمەوە كرا، منیش لەگەڵ ئیلغا كردنەوەی ئەو ماددەیەم، بۆئەوەی زیاتر بەكارنەهێنن بۆ مەزاجی شەخسی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕاستی من پێچەوانەی هاوكارانمم، چونكە ئەو مەبدەئە كە دانراوە، بۆئەوە بووە بەڕاستی باڵانسێك ڕاگیر بكات لە دامەزراندنی ئەو هەموو مونتەسیبەی كە ئێستا لە دامودەزگاكان دا هەیە، ئێمە هەموومان لەم هۆڵە دانمان بەوەنا كە هەڵئاوسانێك هەیە لە دامودەزگاكانی حكومەت دا، باشە كە تۆ تەشجیعی ئەوەی نەكەی خەڵكێك ئیحالەی تەقاعود بكەی، ئەو حاڵەتە كەم بكەیتەوە ئەی چ ڕێگایەك دەبینیتەوە؟

مەسەلەن پرس لەوە هەیە دەڵێت وەزیر لەوانەیە بە میزاجی خۆی بیکات، باشە (علی الوزیر) با ئالیەتەکە بگۆڕێت، بەڕاستی کارێك بکرێت (15) ساڵ زۆر زۆر شتێکی باشەو، شروتی تەمەنی لێ دەربهێنرێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

من لەگەڵ ئەو ڕایەم کە ئەو ماددەیە لەغو بکرێتەوە، بەڵام لە حاڵەتی لەغو نەکرنەوەی، پێم باشە کە ئەوە لەسەر داوای خۆی بێت فەرمانبەرەکە نەك بە ئیجباری لە وەزارەتەکە تەقاعود بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانم کراو، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ مانەوەی ئەوە ماددەیەم، لەبەرئەوەی تۆ کۆمەڵێك فائیزت هەیە لەناو دامودەزگاکانی حکومەت دا، بۆ چارەسەری ئەوەش، بەڵام یەك خاڵی تیایە وەزیری پەیوەندیدار یان سەرۆکی ئەو لایانەی کە گرێ نەدراوە بە وەزارەتێکەوە، یەعنی با بە رەغبەت بێت، با ئەو کەسە بە ئارەزومەندانە خۆی داوای تەقاعودی بکات، ئەو کەسانەی، ئەو فەرمانگەی کە فائیزی هەیە، نەك تەنیا وەزیری پەیوەندیدار یان ئەو لایانە گوڵ بژێری بکات بە ئارەزووی خۆی ئەو کەسانە تەقاعود بکات، بۆیە من بۆ چارەسەری ئەو فائیزانەی کە هەن لەناو دامودەزگاکانی حکومەت دا، بە پێویستی دەزانم کە بمێنێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش دانیم کە وەزیری پەیوەندیدار تەعامول بکات لەگەڵ ئەوەیە، با ئەوە ئارەزوومەندانە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە بڕوای من ئەگەر لە ماددەی پێشتر، ئامانجمان لە دانانی ئەو ماددەیە، تەشجیع کردنی فەرمانبەر بوو بێت بۆ چوونە ناو کەرتی تایبەتەوەو، کەمکردنەوەی تەزەخوم لەسەر کەرتی گشتی ئێمە لەو ماددەیە و،

مانەوەی ئەو ماددەیە زیاتر تەحقیقی ئەو مەوزوعە دەکەین، بەلأم بە هەندێك گۆڕانکاریەوە یەکەم: وەکو هاوکارانم وتیان بە ڕەزامەندی وەزیر نەبێت بە ڕەزامەندی مۆزەفەکە خۆی بێت، لەسەر داواکاری خۆی بێت و، مەسەلەی (15) ساڵەکە و، تەمەنەکە ئەوی بخرێتە بەین، چونکە هەیە (15) ساڵ خزمەتی هەیە، بەلأم (50) ساڵ تەمەنی نیە و، هەشە (50) ساڵ تەمەنی هەیە و، بەلأم (15) ساڵ خزمەتی نیە وئارەزوومەندە لەوەی خانەنشین بکرێت، ئەوە ڕاستە وەکو کاك عونی وتی ئەوە موخالفە لەگەڵ یاسا بەرکارەکان دا، بەلأم ئەو یاسای خانەنشینیەی کە کاری پێ دەکرێت بەقەدەر ئەو یاسای خانەنشینەی هێزەکانی ناوخۆ کە ئینفازمان کرد، چەندە زەرەری لە خانەنشینانی هەرێمی کوردستان دا، ئەوەش ئەوەندە زەرەر لە مۆزەف دەدات مانەوەی یاسا بەرکارەکان، کە ئەوە فرسەتێکە ئێمە بتوانین ئەو فرسەتە بخەینە بەردەمی مۆزەفەکان، کە ئەگەر خزمەتی (15) ساڵ بێت یان تەمەنی (50) ساڵ بێت و، ئارەزوومەند بێت لە خانەنشینی داوای خانەنشینی بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها پشتگیری لیژنەی یاسایی دەکەم، کە ئەو ماددەیە نەمێنێت، ئیلغا بکرێت، چونکە یاسایەك هەیە بەناوی (خدمە التقاعد الموحد)ی ساڵی 2007 ئەوە کاری پێکراوە، بەلأم ئەگەر هاتو ماوە تەمەنی (50) ساڵی هەڵبگیرێت، چونکە تەمەنی (50) ساڵی تەواو نەکردیە، دەتوانی کار بکاتن دواییش ئەگەر هاتو خۆشی ئارەزوومەند بێتن نابێت تەقاعودی بکەیت، چونکە جاری وا هەیە بەرژەوەندی کۆمەڵگا یان بەرژەوەندی ئەو شوێنەی کە کاری لێ دەکات پێویستی پێیەتی بۆ تەقاعودی بکات؟ هەتا خۆشی ڕازی لەسەر نەبێتن با بمێنێتەوە سوودی لێوەردەگرن.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی خاڵی ئەوەی ئارەزوومەندیانەکەی کە برادەران و هاوکاران دەست نیشانیان کرد لەگەڵیم، بەلأم لەگەڵ ئەوەنیم کە لە زانکۆو ئەساتیزەی جامیعە، بڵێین مامۆستا کە تەعلیماتی تایبەتیان ڕاستە هەیە، بەلأم هیچ کاتێك (50) ساڵ نیشانەی وەستاندن لە ئیش کردن نیە، بە پێچەوانەوە پسپۆری مامۆستای زانکۆ لەوکاتە دەست پێدەکات لەدوای (50) ساڵ کە زیاتر بێت، لەبەرئەوە ڕەچاوکردنی ئارەزوومەندیەکە زۆر گرینگە بۆ ئەو تەقاعودیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

حاجی بلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من لەگەڵ لەغو کردنی ماددەکەم، بەڵام من پێم وایە ئەوەی بۆ من پرسیارە ئایا تا ئێستا بەو ڕێکارە یاساییە یان بەو ڕێکارە تا ئێستا کەس تەقاعود کراوە یان نا؟ چونکە بەپێی ئەو مەعلوماتەی من پێم گەیشتووە کەسانێك تەقاعود کراون، هیوادارم جەنابی وەزیر جوابمان داتەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەش هەر وەختی خۆی عیبادێك بووە بۆ حاڵەتی تەزەخوم و، ئەوە پارەکەش هەر هەبووە ئەو قانونە، ئەو ساڵێش کە ئێستاکە هاتووەتەوە، بەڵام پێم وایە ئەمیش هەر زۆر کەس، خەڵك، فەرمانبەر ئیحالەی تەقاعود کراوە بەو شێوەیە، باوەڕناکەم هیچ وەزیرێك تەنانەت یەك فەرمانبەریش ئیحالەی تەقاعود کردبێت و پێی وت بێت تۆ فائیزی، ئێمە مولاحەزەمان نەکردووە وەکو وەزارەتی دارایی، پێمان باشیشە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو ڕا هەیە سەبارەت بەو ماددەیە، ڕای یەکەم داوا دەکات ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت و، ئیلغا کردنەکە دوورە لە ئەصڵی ماددەکە، بۆیە دەبێت یەکەمجار ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرگوڵ خان.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرێمی کوردستان - عێراق
پەرلەمانی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 81

سالی/ 2012 – بەرگی هەشتاو یەك

چاپی یەکەم/ سالی 2013

# پێرِیست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (36) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – شەممە 2012/6/23 ل 5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (37) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2012/6/24 ل 139

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (38) خولی سێیەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2012/6/27 ل 211

**ناوی ئەو ئەندامانەی لە دانیشتنی ژمارە (35)ی ئاسایی لە 2012/6/22 ئامادە نەبوون، (8) کەس ئامادە نەبووە، هەر (8) یان مۆڵەت بوون، بۆیە تەنیا ناوەکانیان دەخوێنینەوە:**

**1-پەیام احمد محمد.**

**2-حازم تحسین سعید**

**3-ئاهەنگ عارف رؤوف**

**4-یاووز خورشید عثمان**

**5-بەفرین حسین محمد**

**6-سۆزان یوسف خوشابە**

**7-شیلان عبدالجبار**

**8-عمر عبدالرحمن علی**

**ئەمە بەیانیەکە بوو، دوای نیوەڕۆ، هەمان شت (8) کەس ئامادە نەبوو، هەر (8)یان مۆڵەت بوون، بەس ناوەکانیان دەخوێنینەوە**

**1-پەیام احمد محمد.**

**2-حازم تحسین سعید**

**3-ئاهەنگ عارف رؤوف**

**4-یاووز خورشید عثمان**

**5-بەفرین حسین محمد**

**6-سۆزان یوسف خوشابە**

**7-شیلان عبدالجبار**

**8-عمر عبدالرحمن علی**

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێستاش بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆکان، لیژنەی هاوبەش فەرموون بۆ شوێنی خۆتان، بەخێرهاتنی جەنابی وەزیر و جێگری وەزیر ئەکەین، بەخێربێن.**

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**پەرلەمانی کوردستان دوای پەسند کردنی چەند ماددەیەك لە پرۆژە یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2012 گەیشتینە ماددەی (14) لە پرۆژەکە:**

**الفصل الخامس**

**(احکام ختامیه)**

**المادة الرابعة عشر:**

الاستمرار في تنفيذ مشروع تنمية و تطوير قدرات كوردستان البشرية لاجل اعداد الكوادر المتخصصة في المجالات المختلفة التي يحتاجها الاقليم عن طريق الزمالات والبعثات والابحاث والدورات التدريبية تحت اشراف الهيئة العليا المشكلة برئاسة رئيس مجلس الوزراء ونائبه و وزراء (التربية والتعليم العالي والبحث العلمي والتخطيط)وفق النظام المصادق عليه من قبل مجلس الوزراء.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو لانە خان.

**لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**بەشی پێنجەم**

**(حوكمەكانی ئەنجام گیری خیتامی)**

ماددەی (14):

بەردەوام بوون لە جێ بەجێ كردنی پرۆژەی پەرەپێدان و پێشخستنی توانای بەشەری كوردستان، لە پێناو ئامادە كردنی كادیری پسپۆر لە بوارە جیاجیاكانی كە هەرێم پێویستی پێیان هەیە لە ڕێی زەمالە و نێردە و توێژینەوە و خولی مەشق كردن لە ژێر سەرپەرشتی دەستەیەكی بالاّ كە بە سەرۆكایەتی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەكەی لە وەزیرەكانی پەروەردە و خوێندنی بالاّ و توێژینەوەی زانستی و پلاندانان پێك دێت و بە گوێرەی پەیڕەوی پەسند كراو لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عەونی.

**بەڕێز عونی كمال سعید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە ڕاپۆرتی خۆمان كاتی خۆی كە پێشكەشمان كردووە بۆ پەرلەمان لە نێو ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی پەرلەماندا ئاماژەی پێكرابوو، بە جیاوازی ئێمە داوامان كردبوو كە ئەو بڕە پارەیە (120) ملیار تەحدید بكرێ لەناو ماددەی یاساكەدا، دوو، قەرز بدرێتە ئەو كەسانەی كە مەشمول نینە بەو پرۆژەیە، ئێستا بەو شێوەیە دەیخوێنمەوە:

(تقترح لجنه تحديد المبلغ المحدد لتنفيذ مشروع تنيمة وتطوير قدرات كوردستان البشرية الواردة في الموازنة ضمن هذه المادة مع اعطاء القروض لغير المشمولين بالمشروع ضمن المبلغ الذي يحدد للذين يقبلون في الدراسات العليا، الدبلوم والماجستير و الدكتورا ونقترح اعادة صياغة المادة بالشكل الاتي:

المادة الرابعة عشرة:

1-يحدد مبلغ قدره() دينار لتنفيذ مشروع تنيمة وتطوير قدرات كوردستان البشرية لاجل اعداد الكوادر المتخصصة في المجالات المختلفة التي يحتاجها الاقليم عن طريق الزمالات والبعثات والابحاث والدورات

التدريبية تحت اشراف الهيئة العليا المشكلة برئاسة رئيس مجلس الوزراء ونائبه و وزراء (التربية والتعليم العالي والبحث العلمي والتخطيط)وفق النظام المصادق عليه من قبل مجلس الوزراء.

2-منح قرض قدره () لغير المشمولين باحكام الفقرة (الاول)اعلى...

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمانی كوردستان، مەبەستمان لە دانانی ئەو (120) ملیارە بۆ ناو ماددەكە ئەوەیە هەمان ئەو ماددەی كە تەرخان كرایە و لەناو جەدوەلەكە دیاری كرایە، و دەكرێ ئەو ماددەیە ئیشارەتی پێ نەدەین، لای بدەین، بەو ئیعتیبارەی پەسندمان كردیە كە ماددەكە مەوجودە لە جەدوەلەكە، پێی ناوێ لێرە ئیشارەتی پێ بدەین، و ڕای كۆتایی بۆ ئەندامانی پەرلەمانی بەڕێزە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ (بەفرین حسین، حمە سعید، بلال سلیمان، عمر عبدالعزیز، احمد وەرتی، بەشیر خلیل، پەیمان عزالدین، فەرمان عزالدین، عدنان عثمان، عبداللە نوری، هاوراز خۆشناو، عمر عبدالرحمن، گۆران ئازاد، ئاهەنگ عارف، عظیمة نجم الدین، جلال علی، سەروەر عبدالرحمن، شلێر محمد نجیب، سمیرە عبداللە، دانا سعید صۆفی، سۆزان شهاب، عمر)

فەرموو بەفرین خان.

**بەڕێز بەفرین حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ماددەی (14) یەكێكە لە ماددە گرنگ و جەوهەریەكانی بودجە، مایەی دەست خۆشیە، من نالێم لێرەوە پشتگیری لێ دەكەم، لەبەر ئەوەی هەموو ئەندامان بێگومان پشتگیری لێ ئەكەن، لەبەر ئەوەی خاڵێكی گرنگی پرۆژەكەیە و سەرمایەیەكی گرنگی زانستی و مەعریفیە بۆ كۆمەڵگاكەمان، دیارە ئەوەی جێگەی ڕەخنەیە لای زۆربەی زۆرمان ئەوەی زیاتر گرنگی بەم ماددە ئەدرێت زیاتر بوارەكانی ناردنە دەرەوە و زەمالەیە، بەڵام بوارەكانی توێژینەوەی زانستی و خولی مەشق و ڕاهێنان ئەتوانم بڵێم جۆرێك لە ئیهمالی پێوە دیارە، بۆیە من لێرەوە داوا ئەكەم ئەگەر بكرێت، ئەگەر نایاسایی نەبێت ئەو ڕێژەی كە دانراوە (120) ملیارەكە، جیا بكرێتەوە بە ڕێژە، بۆ ئەوەی هەریەك لەو بوارانە حەقی خۆی پێ بدرێت، مەسەلەن ڕێژەی سەدی بۆ ئەوە ئەوەنەیە، هەر چوار، پێنج بوارەكە جیا بكرێتەوە بۆ ئەوەی حەقی خۆیان وەرگرن، پرسیارەكەم لە بەڕێز وەزیر ئەوەیە، ئایا خوازیاران كەمن بۆ ئەو بوارەی كە گرنگی پێ نادرێ؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك حەمە سەعید

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بێگومان کاتێك کە ئەو مەبلەغەمان دانا (120) ملیارەکە، فەقەرەی دووەم نەبوو، ئێستا فەقەرەی دوو کە هەیە پێموایە ئەبێ موراجەعە بەو مەبلەغە بکەین، هەرچەند وەزارەتی دارایی تەعلیماتەکەی ئێمە نازانین ئەو قوتابیانەی کە دەچن بۆ تواناسازی کە وەزارەتی دارایی دەعمیان ئەکات بڕەکەی چۆنە و چەندە؟ ئەوە خۆی ئەزانێ، بەڵام کاتێ کە فەقەرەی دوومان زیاد کرد قەرز بدەین بەو قوتابیانە، شتێکی باشە قەرز بدەین بەو خوێندکارانەی کە هەم ڕەغبەتیان هەیە، هەم توانایان هەیە بۆ خوێندن، بەڵام مەشمول نین بەو تواناسازیە، بۆیە ئەوە بۆ وەزیری دارایی بەجێ ئەهێڵم، ئایا بەش ئەکات بۆ ئەو دوو خاڵە؟ یان زیاد بکرێ؟ خاڵێکی تر لە لیژنەی هەیئەی عولیاکە وەزارەتی دارایی پێموایە پێویستە، خاڵێکی تر ئەو قەرزە دیسان ئەگەر بە قیاس و بە میعیار بێت بە پێی بڕگەی یەکەمی ئەویش هاوسەنگیەك هەبێت، چونکە ئەوەی کە مینحەی ئەدەینێ لەگەڵ ئەوەی کە قەرزە لەسەری هاوسەنگیەك هەبێت، من پێم باشە لە (30) هەزار دۆلار کەمتر نەبێت، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حاجی بیلال

**بەڕێز احمد سلیمان(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بوونی ئەو ماددەیە بە باش ئەزانم، و پشتگیری لە لیژنەی یاسایش ئەکەم کە ئەو فەقەرەی دووەمیان بۆ زیاد کردووە، و داواکارم لە پەرلەمانتاران پشتگیری لەو فەقەرەی دووەمە بکەن، چونکە پێشتر زیاتر لە (50) پەرلەمانتار داوامان کردبوو کە قەرز بدرێ بەو قوتابیانەی کە خۆیان چوون بۆ دەرەوە بۆ خوێندن، بڕێك پارەیان بدرێتێ دوایی لێیان وەرگیرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لیژنەی یاسایی ئەکەم بۆ ئەم بڕگەیە کە بکرێتە دوو بڕگە، بەڵام بڕگەی دووەم بەو شێوەیە نەبێت کە (غیر مشمولین) بەڵکو دیاری بکەین مەبەستمان لە (غیر مشمولین) کێیە؟ بۆ ئەوەی وازیح بێت، دووەم، تەبعەن ئێمە بڕیاری (120) ملیارەکەمان داوە، یان ئەبێ زیادەی بخەینە سەر، یان تەوزیعەکە وەزایح بێت، یەعنی بڕەکان جیابکرێتەوە، سێیەم داواکارم جێی ئەو خوێندکارانە بکەینەوە لێرە کە لەسەر حیسابی خۆیان لە دەرەوەی وڵات ئەخوێنن، بۆ ئەوەی هاندەرێك بێت بۆ ئەوەی ئەوانیش دیراساتیان تەواو بکەن، پشتیوانیش ئەکەم لەو پێشنیارەی (بەفرین) خان کە بە تەحدید باسی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی زانستیشی بخرێتە ناوی، بۆ ئەوەی هاندانێك بێت بۆ ئەو بوارەش،سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.احمد.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (14)ە لە ئەسلی پرۆژەكە من پشتیوانی لەوە ئەكەم كە لە ڕاپۆرتی لیژنی یاسایی دا هاتووە، بەلام پێشنیار ئەكەم فەقەرەیەكی تری بۆ زیاد بكرێت، ئەم فەقەرەی دووەم كە پێشنیار كراوە لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی ببێتە فەقەرەی سێیەم، فەقەرەی دووەمی ئەوەبێت، (یستمر الصرف على المبلغ المخصص لصندوق المشروع وتقوم وزارة المالية والاقتصاد بتأمين المبالغ اللازمة الاضافية لدعم المشروع عند الحاجة)، ئەگەر هاتو ئەو بڕە بەشی نەكرد دەستەلات بدرێتە وەزارەتی مالیە كەوا مەبلەغی تر تەرخان بكات بۆ مەشروعەكە بۆ بەردەوام بوونی، ئینجا فەقەرەی سێیەم، (منح قروض قدره () دینار لغير المشمولين باحكام الفقرة اولا اعلا..)، بۆ ئەوەی كە وازیحیش بێت دەكرێ لەناو كەوانەیەك (ئەوانەی كە لە دیراساتی عولیا ئەخوێنن (دبلۆم، ماجستێر، دكتۆرا) بۆ ئەوەی وازیح بێت كە ئەم قەرزە بۆ كێیە؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، بێگومان سندوقی تواناسازی سندوقێكە لەسەر نیزامێك دەرچووە كە لە ئەنجومەنی وەزیران دەرچووە، و بۆردێك سەرپەرشتی ئەكات، دیارە ئەو تەعلیماتە و ئەو نیزامەی كە دانرایە كۆمەڵێك مەرجی تێدایە، لەسەر ئەساسی مونافەسەیە، كۆمەڵێك خاڵیان داناوە كە حاڵەتی مونافەسە و عەدالەت دروست دەكات، لەو ئیختیصاصانەشە كە حكومەت پێویستی پێی هەیە، ئەزانێ نەقص هەیە لەو بوارانە، لەبەر ئەوە دیاری كردنی (120) ملیارەكە بۆ مەوزوعی پرۆژەی تواناسازی و بەو شەرت و مەرجانەی كە حكومەت دایناوە توێژینەوەی زانستیشی لەسەر بێت، وەكو ئێمە لە لیژنەی پەروەردە باسمان لێوە كردووە، دێینە سەر بابەتی خاڵی دووەم كە لیژنەی یاسایی پێشنیاری كردووە، دروست كردنی سندوقێك بۆ قەرزی قوتابی، من 100٪ لەگەڵیم، نەك تەنها ئەوانەی كە لەدەرەوە ئەخوێنن، بەڵكو بۆ ئەو خوێندكارنەش كە لەناو ئەم وڵاتەدا خوێنكاری زانكۆن، درماڵە بەشیان ناكات، بەڵام كاتێك كە سندوقێكت دانا پێی بوترێ سندوقی قەرزی قوتابی، ئەم قوتابیە حكومەت مەبلەغێك پارەی ئەداتێ، سەقفێكی بۆ دیاری ئەكات، ئەگەر هاتو لەو سەقفە زیاتری پێویست بوو، ئەو باقیە قەرزە، ئەمە حاڵەتێكی جیاوازە، من داواكارم ئەوە بكرێ بە توصیە، بەرز بكرێتەوە بۆ حكومەت و وەزارەتی

خوێندنی باڵا، بۆ ئەوەی بە پرۆژە یاسایەك ، چونکە ئەمە ناکرێ تۆ هەر بڵێی پارەکەی بۆ تەخصیص ئەکەم، ئەبێ بە پرۆژە یاسایەك بێت، و نەك تەنها ئەوانەی چوونەتە دەرەوە و لەسەر حیسابی خۆیان ئەخوێنن، بەڵکو خودی ئەو خوێدنکارانەش، لەسەر ئەم بابەتە حەقمە وەکو لیژنەی پەرەوەردە قسە بکەم، ئەو خوێندکارەی کە لە کۆلێژی پزیشکیە، لە کۆلێژەکانی ترە، کۆمەڵێك پێداویستی خوێندنی هەیە، بەو (60) هەزار دینارەی کە حکومەت ئەیداتێ وەکو دەرماڵە بەشی ناکات، ئەمە ئەبێ چارەسەر بکرێ لە ڕێگەی سندوقێکەوە، بۆیە من داوا ئەکەم خاڵی دووەم بە تەوصیە، و ئێمە لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا دائەنیشن بۆ دارشتنی یاسایەك بۆ سندوقی قەرزی قوتابی هەر هەمووی، ئەوەی تواناسازی ئەبێ وەکو خۆی بمێنێ، چونکە تا ئێستا (2200) قوتابیمان لە دەرەوەیە، (4000) قوتابی ناوی دەرچووە، یەعنی (2000) ئەوەندەش ماوە بڕوات، ئەو بڕە پارەیە تەصەور ئەکەم بەش نەکات، لەبەر ئەوە حکومەت لەسەریەتی بۆیان تەواو بکات، ئەو مەوزوعی قەرزە بابەتێکی جیاوازە، بە تەوصیە بەرز بکرێتەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.بەشیر.

**بەڕێز د.بشیر خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەی باس لە کارێکی گرنگ ئەکات، ئەویش تەرخان کردنی بڕێك پارە بۆ تواناسازی، هەنگاوێکی گەورە و گرنگە بۆ بنیاتنانی ژێرخانی زانستی لە هەرێمدا، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم پرۆژەیە باشتر سوودی لێ وەربگیرێ و بەردەوام بێت، من بە باشی دەزانم کە ئەم خاڵانەی تێدا ڕەچاو بکرێ:

1-ڕەچاو کردنی شوێنی زانکۆکە و وڵاتەکە، چونکە هەموو وڵاتێك نەفسی بڕە پارەی نەدرێتێ، لە وانەیە هەندێ وڵات هەبێ پارەی کەمتری بوێ، هەندێکی تر زیاتری بوێ.

2-ئەمە بە مینحە نەبێ بەڵکو قەرز بێ، پاش تەواو کردنی کە دەگەڕێتەوە ئەوکات مانگانە بە ڕێژەیەك لێیان وەربگیرێتەوە، یەکەمەکان، یان سێی یەکەم، یان دەی یەکەم، لە بواری خۆی ئەوانە با مینحە بێت، بۆ تەشجیع کردنیان، بەڵام ئەوانی تر با لێیان وەربگیرێتەوە.

خاڵی کۆتاییم ئەوەیە پشتگیری لە ڕای لیژنەی یاسایی ئەکەم ، بەڵام ئەوە مەسئەلەیەکی داراییە، پێویستە ڕای حکومەت وەربگیرێ، بۆیە پێویستە ئەمە وەکو تەوصیە بەرز بکەینەوە بۆ حکومەت، ئەگەر توانی با جێ بەجێی بکا، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری له ڕای لیژنەی یاسایی ئەکەم کە ئەبێ شوێنی ئەو سندوقە بکرێتەوە بە بڕگەیەکی تر، چونکە ئەو پارەیە کە بۆ سێیەم ساڵە تەرخانی ئەکەین بۆ پرۆژەی تواناسازی، ئێمە تەنیا پرۆژەی تواناسازیمان دانەنایە کە لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا قسەمان کردووە، بەڵکو (زەمالە، دەورە، بەحسی عیلمیە)، تا ئێستا دەورە و بەحسی عیلمی شتێکی وای بۆ تەرخان نەکراوە، حەسیلەی کۆتاییمان نیە کە چەندی بۆ تەرخان کراوە، لە ماوەی دوو ساڵ 120 ملیاری بۆ دانراوە، بۆیە داهات و خەرج کردنەکەی ئەوەندە ڕۆشن نیە لێرە، لەبەر ئەوە ئەگەر بێ و ئەو پێوەرەی کە مەرجی تەمەنی کەوتۆتە ناو لێرە ڕێگریەکی کردیە لەو کەسانەی کە هەموو مەرجێکی خوێندنی تێدایە بەڵام لەبەر تەمەن ناتوانێ بچێ خوێندنی خۆی تەواو بکات، وەزارەتی تەختیت هەستا بە دابەزاندنی ئەو مەرجە، بەڵام زۆر گلەیی کەوتە سەر، کە داوای سندوق ئەکەین بۆ ئەوانەیە کە تەمەنیان بەسەر چووە، و پشتگیری ڕەئیەکانی (د.بەشیر) ئەکەم کە دەتوانرێ هەمووی بەخشین نەبێ، برێکی بەخشین بێ، بڕێکیشی قەرز بێ، پاش بەدەست هێنانی بڕوانامە لێی وەربگیرێتەوە،سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عدنان.

**بەڕێز عدنان عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری پێشنیارەکەی لیژنەی یاسایی ئەکەم، تەنها دوو تێبینیم لەسەر ئەو مەبلەغەیە کە دانراوە بۆ تواناسازیەکە، لە ڕاستی دا ئەبێ حکومەت قسەیەکی هەبێ لەسەر ئەو مەبلەغەی کە پار تەرخان کرا 2011 مەبلەغێکی تەواو بوو؟ کێشەی هەبوو؟ کەم بوو؟ بۆ ئەوەی ئێستا پەرلەمان قسەی لەسەر بکات، ئەگەر باش بوو ئەگەرنا دەکرێ زیاد بکرێ ئەگەر پێداویستیەکانی پڕ نەکردۆتەوە، ئەوەی دووەم، لە ڕاستی دا ئەوە دەبێ بەشێك بێت لە بودجە، بە شێکە لە ئیستیحقاقی گەنجەکان، دەبێ وەکو بەندێك بێت، مەبلەغەکەشی تەحید بکەین، مەبلەغێکی گونجاو بێ بۆ حەزی گەنجەکانمان، و لە ڕاستی دا پرۆژەی پێشکەش کرا، ئیمزای بۆ کۆکراوە، ئەو پرۆژەیە پرۆژەیەکی زۆر تەواوە، وەزارەت دەتوانێ سوودی لێ ببینێ وەکو تەعلیمات، چونکە نابێ بە تەوصیە بێ، وەزارەت ئەتوانێ سوود لەو پرۆژەیەی ئێمە وەرگرێ، وردەکاریەکانی، شێوازی پێدانی قەرزەکە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا فەرمان.

**بەڕێز فەرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەکانم کران، بەڵام تەئکید لە شتێك ئەکەمەوە، دیارە تواناسازی بریتیە لە چوار خانە (زەمالە، نێردە، توێژینەوەی زانسیتی، خولی مەشق)، ئێمە تەنها بەشی یەکەممان جێ بەجێ کردووە کە زەمالەیە،

ڕەنگە نێردەشمان هەبێ، بەڵام ئەوانەی کە لەلایەن وەزارەتی پلاندنانەوە ڕەوانە کراینەوە بە پێی ئەو پێوەرە نیە کە لە لایەن وەزارەتی خوێندین باڵاوە کرایە، ئەوەی وەزارەتی خوێندنی باڵا تا ڕادەیەك زۆر باش بەڕێوە چووە، لەبەر ئەوەی هەمووی بە تاقی کردنەوە تێپەڕییە کە بۆیان دانراوە، بەڵام ئەوەی لە وەزارەتەکانی تر کە نێردراینە بە ڕاستی هەمان پێوەری زانستی نیە، ڕەنگە زۆرجار واستە و واستەکاری تێدا هەبووبێ، خاڵی دووەم، ئەو 120 ملیۆنەی کە دانراوە، بەراستی بە ئیعتیرافی وەزارەت ئەو 120 ملیۆنە سەرف نەکرایە، لەبەر ئەوەی بەشێکی وتمان زەمالەیە، ئەویتر سەرف نەکرایە، ئەوەی لەو 120 ملیۆنە مایتەوە مدەوەرەکەی ئەگەر هەموو ساڵ 120 ملیۆنی بۆ تەرخان بکەین، سەرەنجام کۆمەڵێك پارەی زۆر مدەوەر بە ناوی تواناسازی کۆ ئەبێتەوە و ناتوانین سەرفی بکەین، لەبەر ئەوەی 4800 کەس ناوی دەرچووە و 2000 کەس چووە و تەنها 18 یان 19 کەس ناوی گەڕایتەوە، کەواتە نەیانتوانی ئەو پارەی کە تەخصیص کراوە بۆیان سەرف بکەین، و پێشنیارەکەی کاك (عدنان)یش ئەوەی بەرامبەر خوێندکاران و قەرزەکانی، ئێمە لە سەرو بەندی بودجەین، نە پێویست بە تەوصیە ئەکات نە بە یاسا، ئێستا ئیقراری لێ بکەین ئەو بڕە پارە وەکو قەرزی بچووك پێشکەشی خوێندکاران بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدالله.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من خۆشحاڵم کە ماوەیەك پێش ئێستا 50 پەرلەمانتار ئەو پێشنیارەمان کرد ئێستا هەست ئەکەم وردە وردە هەنگاوێك خەریکە ئەچێتە پێشەوە، من قسەم لەسەر خاڵی دووەمی ئەم ماددەیە، پێدانی قەرز ئەمە سیستەمێکە لە زۆر وڵات جێ بەجێ ئەکرێ، ئەمڕۆ ئێمە لە پەرلەمان کە قسەی لەسەر ئەکەین و پێشتریش پرۆژەمان بۆ پێشکەش کردووە، پرۆژەیەکی تێر و تەسەل، و میکانیزمی پێدانی قەرزەکەی تێدایە، زۆر خاڵی باشی تێدایە، ئەکرێ حکومەت سوودی لێ ببینێ، بە بڕوای من پێویست ئەکات مەبلەغەکە، بڕەکە دیاری بکرێ، ئەو کاتە داوای 100 ملیارمان کرد، لە ڕاستیشدا کاتێ کە پرۆژەکەمان دانا بە پرس و ڕاوێژ لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکی پسپۆری بوارەکە، و جۆرێك لە تەوازنمان دروست کردووە لەگەڵ ڕێنماییەکانی تواناسازی، و لەگەڵ ئەم پرۆژەی ئێمە، ئەوەی جیاوازی هەیە لە نێوان پرۆژەی ئێمە و تواناسازی، لە سیستەمی تواناسازی تەمەن دەور ئەبینێ، لەوێ تەمەن دەوری نیە، لە سیستەمی تواناسازی کۆ نمرە دەوری هەیە، لەوێ دەوری کەمترە، دیارە لە وڵاتانیش وایە، تەمەن و نمرە ڕێگر نیە لە خوێندن، مافێکە لە تەمەنی سەرەتاییەوە تا گەورەترین تەمەن حەقی خوێندنی هەیە، و بەشێکیشە لە پلانی حکومەت کە ئەیەوێ خەڵك بخوێنێ و پشتیوانی لە پرۆسەی خوێندن ئەکات، و خاڵێکی تری ئیجابی تری ئەم پرۆژەیە ئەوەیە، کەسێك لە ناوخۆدا ئەخوێنێ، لە زانکۆکانی هەرێم، ئەتوانێ ئەویش قەرز وەرگرێ و جۆرێك لە بار قورسیش لەسەر زانکۆکانی حکومی کەم ئەکاتەوە، ماستەر و دکتۆرا و بەکەلۆریۆسیش بۆ

ئەو کەسانەی کە کۆ نمرەیان کەمە بیکەن بە پارە، واتە جارێکی تر پارەکە ئەگەڕێتەوە بۆ حکومەت، بۆیە سیستەمەکە زۆر تێر و تەسەلە، زۆر شتێکی ئیجابیە، ئەوەی ئەمێنێتەوە بە راستی ئەزموونێکی زۆر باشمان لەگەڵ تەوصیە هەیە، تەوصیە لە حکومەتی هەرێم یەعنی جێ بەجێ نەکردن، بۆیە ئەگەر ئیرادەیەکی جدیمان هەیە، کە خۆشبەختانە هەشە، با لەناو پرۆژە یاسای بودجە جێگای بکرێتەوە، و لایەنی کەم 75 ملیار دیناری بۆ تەرخان بکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاوڕاز خان.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە من پشتگیری لە قسەکانی کاك (عبدالله ملا نوری،حەمە سعید) دەکەم ئەوانەی کە بەدەر لە تواناسازین پێویستە حکومەت قەرزێکیان بداتێ بۆ ئەوەی بتوانن بەو ئیمکانیەتە خوێندن تەواو بکەن، من پرسیارێکم هەیە پار ئەو 120 ملیارەی تەرخان کرا ئەوەی زانیاریمان هەبێ 60 ملیاری لێ ماوەتەوە، ئەو 60 ملیارە ئایا مایتەوە؟ ئەگەر ئەوە بخەینە سەر 120 ملیارەکە وابزانم شتێکی باش دەردەچێ بۆ قەرزەکەش.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرۆژەی تواناسازی گرنگە و تا حەدێك سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، ئاشکرایە ئەو بڕە پارەیە لە زمنی میزانیەی مەجلیسی وزەرا تەحدید کراوە، و بە گوێرەی نیزامێك دەر ئەچێ لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران، پێم وایە دەست کاری کردنی ئەوە، و دانی قەرز بەو شێوەی کە لە ڕاپۆرتەکەی لیژنەی یاسایی دا هاتووە ئیحساییەکی پێوە دیارە، چونکە پێویستە ئیحسایەك هەبێ، ئایا ئەم کەسانەی کە داوای ماستەر و دکتۆرا و دبلۆم ئەکەن و ئەیانەوێ قەرزیان پێ بدرێ ئیحسا کراوە ئەمانە چەند کەسن؟ ئایا توانای حکومەت هەیە بتوانێ خاریجی ئەو پارەی بۆ تواناسازی دانراوە ئەوەش بدرێ؟ ئایا ئەو کەسانە کێن کە شمولیان ئەکات؟ ئەو کەسانەن کە چوونەتە دەرەوە؟ یان ئەوانەی کە ئەیانەوێ بچنە دەرەوە؟ پێویستی بە ئیحسایەکی تەواو هەیە، ئەو کەسانە چەند وەردەگرن؟ و ئایا حکومەت دەتوانێ ئەوە ئیستیعاب بکات؟ لەبەر ئەوە پێم وایە بۆ بەردەوام بوونی تواناسازی و زیاتر سوود وەرگرتنی خوێندکارانمان لێیەوە، ئەو ماددەیە پێوست ناکات هەڵبگیرێت، پێویستە ڕێگە بدرێ بە حکومەت ئیعازیەتی خۆی ببینێ لەسەرف کردنی ئەو بڕە پارەیە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی قسەکانی کاك (عبدالله) دەکەم، و ئەم سندوقە بە هاوکاری کەسانی پسپۆڕ و مەعنی بە تواناسازی ئامادە کرایە، بۆیە پێویستە وەزارەت هەنگاوی بۆ بنێ، و پرسیارێکیشم هەیە داواکارم وەزارەتی دارایی بۆم ڕوون بکاتەوە، ماوەکانی تر ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا کە ئەو پارەیەی بۆ تواناسازی دانراوە بچێتە سەر وەزارەتی خوێندنی بالاً، لەکاتێکدا ئێمە بۆردێکمان دروست کردووە، ئایا ئەمە هەڵوەشاندنەوەی ئەو بۆردەیە؟ و ئەمە موخالەفەی ئەم ماددەیە نیە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ئاهەنگ خان.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە فەقەرە دوو دەکەم، کە دەبێ سندوقێك هەبێ بۆ قەرز، بەلاّم لە فەقەرە یەك ئەو بۆردەی کە دامەزرایە، برئاسة رئیس مجلس الوزراء ونائبە و وزراء (التربیة والتعلیم العالي والبحث العلمي والتخطیط)وفق النظام المصادق علیە من قبل مجلس الوزراء. ئەدی یەك لە وەزارتە مونەفیزەکان، یان وەزیری ئەعمار، ئەگەر سەیری تاریخی عێراق بکەین لە پێشدا تەسمیمی حەصر کردبوو لە بەغدان هیچ موهەندیسەکی کوردستان لە بورای تەسمیم زۆر شارەزا بوون بەس ئەوان ڕێیان پێ نەدەدا، ئێستا موهەندیس هەڵکەوتووە کە لەناو وەزارەتەکان دەست دەدەنە تەسمیم و ناشترسێن، تەسمیمی باشیش دەکەین، بۆ بواریان پێ نەدرێ بچن خوێندن تەواو بکەن و بێنەوە لێرە بۆردەکی زۆر باش دروست بکەن؟ ئەگەر لەو بۆردە یەك لە وەزیری ئەعمار یان شارەوانی لە ناوبێ، زۆر باش دەبێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو عەزیمە خان.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە پێشنیاری لیژنەی یاسایی ئەکەم، دیارە بەردەوام بوون لەسەر پێشخستنی پرۆژەی توانای مرۆیی لە هەرێمی کوردستان، ئێمە وەکو لیژنەی پەروەردە زۆر بە گرنگی ئەزانین، دیارە ئەو 120 ملیار دینارەی ساڵی پار و 2010 و 2011 کە بۆ تواناسازی دانرابوو، لەو بڕوایەدام کە ئەو بۆردەی دروست کراوە لە وەزارەتی خوێندنی بالاّن ئەوانەی کە لە چوارەچێوەی وەزارەتی خوێندنی بالاّدا بوون، ئەوەی کە

تێبینی ئێمە بێ لەسەر ناردنە دەرەوە بۆ ئەو خوێنکارانە، لە جێی خویدا بووە، ئەو پێوەرانەش کاری لەسەر کراوە، بەلاَم ئەوەی وەزارەتی پلاندانان کە من ئەو ڕەخنەم ئاراستەی وەزیری پلاندانان کرد ئەو ڕۆژە، بە هۆی ئەوەی کە پێش هاتنی بودجە ئەو دوو وەزارەتە بانگ ئەکەی لەسەر ئەوەی کە پشتگیری دانانی داهات بکەی بۆ پەروەردە و خوێندنی بالاَن بەلاَم هیچ شەفافیەتێکت لەبەر دەست دا نیە بۆ ئەو وەزارەتە تا من پشتگیری بکەم یان زیادی بکەم، لەبەر ئەو پارەی کە دانراوە نازانین چەند ماوە؟ بەلاَم ئەوەی کە گرنگە لێرە ئەمسالێ جارێکی تر ئەو لیژنەی دروست کراوە پێویستە ئەو بۆردە وەکو خۆی بمێنێ کە وەزارەتی خوێندنی بالاَ، بەلاَم سالێ پار ئەو کەسانەی کە وەزارەتی پلاندانان ناردبوویە دەرەوە پێم وایە بە پێی پێوەر نەبوو، زیاتر ئەوەی کە ئێمە موتابەعەمان کردبوو بە بەلگە لامە کە وەزارەتی خوێندنی بالاَ ئەو کەسانەی ناردوویەتی لە پێناو دروست کردنی کادیری شارەزا دروست بکەی لە دامودەزگاکانی حکومەت، بەس ئەوانەی کە ناردوویەتی هیچیان لە پسپۆری خۆیان نەبوو، یەعنی ئەوەی کە لە پێشوودا هەبووە هیوادارم لە داهاتوودا نەبێ، ئەوانەی دەرفەتی تەواو کردنی خوێندنیان نەبووە با ئێمە دەرفەتێکیان بدەینێ، سندوقێك دابنێین بۆ قەرز بۆیان، لەبەر ئەوە سندوقەکە زۆر زەرووره دابنرێ لەم بڕگەیەی کە لیژنەی یاسایی پێشنیاری کردووە، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جلال.

**بەرێز جلال علی عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە یەکێك لە دەست کەوتەکانی ئەم چەند سالەی ڕابردوو مەسەلەی تواناسازی بووە، ئەو کەسانەی کە بۆ ئەم مەسەلە هەلبژێردراون ئەو کەسانەن کە یەکەمی کولیەکان بووە، و ئەوانەن کە کۆی نمرەکانیان لەگەلێ تاقی کردنەوەی (تۆفل) کە زمانە، و یەکێ لە بنەما سەرەکیەکانی تریش ئەو کۆلێژانەی هەلبژاردووە کە موعتەبەرن و لە سیستەمی جیهانیشدا حیسابیان بۆ ئەکرێ، مەسەلەی پێدانی قەرز بە قوتابیان براواناکەم کەس دژی بێت، بەلاَم دانەوەی ئەوێت، ئەوەش بڕە پارەیەکی زۆرە، دانەوەی هەندێك کێشەیە، مەرج نیە ئەو کەسانەی کە ئەچن بۆ خوێندن ئەو کۆلێژانە هەلبژێرن کە خوێندنی بالاَ بۆیان دیاری ئەکات، پێم باشە ئەو پرۆژە یاسایەی کە پێش کەش کراوە بۆ پەرلەمان دیراسە بکرێ و یاسایەکی پێ دربچێ، بۆ ئەو کەسانەی کە ئیمکانیەتی عیلمیان هەیە، یاسایەك دەربچێ کە چۆن قەرزیان پێ بدرێ؟ چۆن بگەڕێتەوە؟ بەچەند سالێ بێ؟ ئەو مەسەلەیە بکرێ بە تەوصیە تا تووشی کێشە نەبین وەکو سالاَنی پێشوو تر کە خەلکێك ماستەر و دکتۆرایان هێناوە و هیچ کەلکێکیان نەبوو، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.سەروەر.

**بەرێز د.سەرومر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە سەرەتا پشتگیری لەوە دەكەم ئەو 120 ملیارە جێگیر بكرێ، لەبەر ئەوەی هەم بۆ ئەوەی تەمویلەكە بەردەوام بێ، هەم بۆ ئەوەی پرۆسەكەش بەردەوام بێ، خاڵێكی تر، سەبارەت بە قەرزدان بە قوتابی هەموومان لەگەڵین، بەڵام پێویستە بە پلان بێ، پشتگیری ئەو ڕایەی كاك (عمر عبدالرحمن) دەكەم كە بەڕاستی ئەمە حكومەت دەینێرێت ئێمە دوو جۆر پسپۆڕیمان هەیە، یەكێكیان كەوادیرمان كەمە و كەس نیە كاری تێدا بكات، یەكێكی تر كەوادیرمان زۆرە تیایدا، زۆرن، بۆیە پێویستە قەرز هەبێ، بەڵام بە پلان بێت، پێویستی بە پێداچوونەوەی زیاتر هەیە، خاڵێكی تر، ئێمە سێ ساڵە لەو پەرلەمانە باس لەوە ئەكەین كە دەقی یاسایی ئەنووسین، ئەمە سێ بوار دەگرێتەوە (زەماله و نێردە، توێژینەوە و مەشق كردن) بەڕاستی تا ئێستا یەك دانەی لێ جێ بەجێ كراوە، لە كاتێكدا ئێمە زۆر پێویستیمان بە كەوادیری وەسەتی هەیە، بەتایبەت كەوتت سێ كۆمەڵگەی پیشەییمان كردۆتەوە كەوا كەوادیری وەسەتی پێ دەگەیەنن، سەردانی خولە پێشەیەكانمان كردووە، مامۆستاكان لەو ئاستەدا نین، پێویستە بنێردرێنە دەرەوە، خول ببینن، دوا خاڵم ئەوەیە كەوا ئەمە پێویستە وەكو خۆی جێ بەجێ بكرێ، ئەمە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆردێكی هەیە، من دوو نموونەتان بۆ دێنمەوە كەوا لە دوو سێكتەردا كار ئەكرێ، یەكێكیان لە ڕێگەی وەزارەتی پلاندانانەوە، یەكێكیان لە ڕیگەی خوێندنی باڵاوە، لە ڕێگەی پلاندانانەوە بۆخۆشیان پەیوەست نەبوون بە سیستەمەكەوە، لە بەشی یەكەم ئەبوا 300 كەس بچووبانە دەرەوە كەچی 406 كەسیان نارد، 106 كەس لە دەرەوەی سیستەمەكە نێردرا، لە بەشی دووەم دەبوا 1000 كەس بنێردرێن 1150 كەس نێردرا، 150 كەس زیاتر، ئەمە گلەییمان دەهێنێتە سەر، هەم بە ڕەسمی پرسیارم بۆ بەڕێز وەزیر ناردووە، هەم لێرەش وەڵامم نەدرایەوە، وەڵامەكە باسێكی تر بوو، لە ساڵی 2010 ەوە نزیكەی 24 ملیۆن دۆلار ترخان كراوە بۆ ئەوانەی كە پێشتر دەناردران، ئەوانەی كە تا ئێستاشی لەگەڵ دابێ سەرو سۆراغی ئەو 24 ملیۆن دۆلارە دیار نیە، ئەمە ناوی ئەو كەسانەشە كە بە ناقانونی نێردراون، تاكو ئێستاش نەدراوە بە ئەنجومەنی وەزیران، و نە ئێمەش وەڵاممان نەدراوەتەوە، هێوادارم بە سیستەم كار بكرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەسەر قسەكانی بەڕێز د. سەروەر، بە نیسبەت دەوراتی تەدریبی منیش هەمان ڕام هەیە، ئەگەر لیژنەی یاسایی پێی باش بێ تەئكید بكرێتەوە لەسەر فەتحی دەوراتی تەدریبی، بۆ كەوادیری صیانە لە وەزارەت، بە تایبەت ئەكەر خەریجی مەعاهیدی فەنی بێت یان صەناعە، لە سلێمانی باس لە حادیسەیەك ئەكەم كە لەبەر نەشارەزایی كادیری صیانەكە بوو لەناو مەسعەدێك موەزەفەیەك بەربوویەوە تا ئێستاش شەلەلە، هەر لە سەرۆكایەتی پەرلەمان ئەپرسم كە ساڵانە چەند پارە ئەدرێ بۆ ئەم مەسەلە و كەسیش لێی

نازانیٚ؟ با یەكێك بێنە ناوەوە كە شارەزا بێت بـا ئـەو خەڵكـە فێـر بكـات، بەڕاسـتی بـەو شـێوەیە بەتاڵـەش نامێنیٚ، چونكە ئەو كەسە فێری ئیشێك ئەبیٚ هەتا ماوە كەسی تریش فێر ئەبیٚ لێیەوە، بەیانی مەشاریعی ئاو تەواو ئەبیٚ كەس نیـە لێـی بزانـیٚ، لـە نەخۆشـخانەكان كـە (ئێمـەرای) ئەشـكیٚ كـەس نیـە چاكی بكـات، مەجموعەیەك سدود هەیە بەرێوەیە ئایا كیٚ ئەمانە ئیش پیٚ ئەكات؟ چونكە ئـەو زەمـالات و بەعسـات بـە تایبەت بۆ دكتۆرا موستەحیلە دكتۆرێكی جامیعە لە دەرەوەی جامیعە ئیش بكات، تۆ ئەینێری بۆ دەرەوەی جامیعـە، بـەلاٚم هـەر ئەیـەویٚ بچێتەوە جامیعـە ئـیش بكـات، چـونكە خـۆی بـە كـەم ئـەزانیٚ ئەگـەر لـە وەزارەتێكی تر خزمەت بكات، با دەوراتی تەدریبی بۆ پێگەیاندنی كەوادیری وەسەتی بكەینەوە، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو سەمیرە خان.

**بەرێز سمیرە عبدالله:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری د.سەروە و شلێر خان ئەكەم، پێویستە كەوادیری وەسەتی ئیهتیمامی پـیٚ بـدریٚ، لـەم بـڕە پارەیـە بڕێـك تەحدیـد بكـریٚ بـۆ ڕاهێنـانی مامۆسـتایان و فەرمانبـەران، بـۆ نموونـە پـاریش باسـم كـرد مـودیری موجەمەعی فاخیر مێرگەسۆری كە نێودوڵەتیە، نیزامی سایبس بەكاردێنیٚ، لە هەمان كاتیشدا بە نیازن لـە سولەیمانی و دهۆكیش دروستی بكەن، مامۆستایان و فەرمانبـەران ئـەو ئەجهیزانـەی كـە هاتیـە بـۆ فیزیـا و ئەحیا و كیمیـا نەیانـدەتوانی بـەكاری بێـنن، مـن لەگـەڵ ئـەوەدام بڕێـك پـارە تەحدیـد بكـریٚ بـۆ ڕاهێنـان، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك دانا.

**بەرێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو تێبینیەی لیژنیە یاسایی گوایە ئێمە دەنگمان لەسەر لیسـتی تەخصیصـاتەكە دا، ڕاسـتە ئێمـە دەنگمان لەسەر دا، بەلاٚم ئەو تەفاصیلەی كـە لـە ماددەكـە دا هەیـە پـێم وایـە زەروریـە لـەناو قانونەكـە دا بێتەوە، لەبەر ئەوەی تەفاصیلەكە لەوێدا نیە ئەوەی عیلاقەی بە بۆردەكەوە هەیە و كیٚ ئیشـراق ئـەكات و ئەم شتانە، وەكو ئەوەی كە لیژنـەی یاسـایی پێشـنیاری كـردووە كـە سـندوقێك هـەبیٚ بـۆ پێـدانی قـەرز بـە قوتابیان، دیارە منیش لەگەڵ ئەوەم كە سیستەمێك دروست بكەین كە پەیڕەوی لە پێدانی قەرز بكەین بـە شێوەیەكی گشتی بە قوتابیان، بەلاٚم هەست دەكەم ئێستا باس لە سیٚ شتی جیـاواز ئەكـەین، ئـەوەی كـە لـەو ماددەیە باس ئەكریٚ تـەنیا پەیوەنـدی بـە مەسـەلەی تەخصـیص كردنـی بـڕی 120 ملیارەكـەوە هەیـە بـۆ پرۆگرامی تواناسازی، ئەوە لایەنێكی ئەو قسە و باسانەیە كە ئێستا باسی ئەكەین، مەسەلەكە پێدانی قەرزە بەو خوێندكارنەی كە لە دەرەوەی پرۆسەی تواناسازیەوە بۆ خۆیان لـە دەرەوە ئـەخوێنن، و لایـەنی سـێیەم

پێدانی قەرزە بە قوتابیانی زانكۆكانی هەرێم بە شێوەیەكی گشتی، ئایا 120 ملیار دینار بەشی ئەوە ئكات هەرسێ بواری پێ تەختیە بكرێ؟ خالی سێیەم، بە شێوەیەكی گشتی بۆ قوتابیان ئایا ئێمە دەتوانین بەو 120 ملیارە هەمووی ئەو خەرجیانە بكەین؟ بێگومان ناتوانین، بەلاّم حەقیقەتێك هەیە، ئەو 120 ملیارەی كە تەخصیص كراوە تا ئێستا هەمووی سەرف نەكراوە بۆ پرۆگرامی تواناسازی، ئایا چی لە پارەكەی تر ئەكرێ؟ بە تەصەوری من دەتوانین حەلی موشكیلەی ئەو قوتابیانەی پێ بكەین كە چوونەتە دەرەوە، وەزارەت مولزەم بكەین كە تەعلیماتێك دەربكات كە قەرز بدات بەو قوتابیانەی كە لە دەرەوەی پرۆگرامی تواناسازی چوونەتە دەرەوە، پێویست بە سندوق ناكا، تەنها بە تەعلیماتێك پێویستە قەرز بدرێ بەو قوتابیانە، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو د.عمر.

**بەرێز د.عمر نورەدینی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەمە ڕاستە كە یەكێ لە هەنگاوە گرنگەكانی تەنمیەی بەشەری بریتیە لە پشتیوانی كردن لە گەنجەكانمان كە لە بوارە جیاجیاكاندا بنێردرێنە دەرەوە بۆ خوێندن، ئەم بەرنامەش توانیویەتی بەو ئاراستەیە دا هەندێ هەنگاوی باش بنێت، سەبارەت بەو بەرنامەیە لە ڕاستی دا لە یاسای بودجەی پار و پێراریشدا جەخت لەوە كراوەتەوە كە تویژینەوە و ڕاهێنانیش بگرێتەوە، بەرێزان لە لیژنەی پەروەردە و خوێندنی بالاّ ئەزانن كە ئێمە لەگەڵ لیژنەكە كۆ بووینەتەوە و پێمان وتوون كە بۆ ئەم بوارانەش ئەبێ یاساكە جێ بەجێ بكەن، تا ئەو ڕادەی كە بە ئێمەیان وتووە هەم بۆ ڕاهێنان بەرنامەیان حازر كردووە، هەمیش بۆ تویژینەوەی زانستی كە چۆن سوود لەو سندوقە وەرگرن كە ئەم پارەیەی تێدایە، سەبارەت بە هەندێ مولاحەزات، كە لە هەندێ بواردا ڕەچاوی سیستەم نەكرایە، لە مەسەلەی پاسۆرد و هەندێ حالّەتی تردا قسە هەیە كە بازرگانی پێوە كرابێ، بەلاّم بە جدی هەموو ئەو مولاحەزانەمان بە وەزیرە بەرێزەكان وتووە، لە هەوڵی ئیعادە نەزەرپیشدان، بۆ نموونە لەسەر مەرجی تەمەن ئێمە پێمان وتوونە و وەزارەتی خوێندنی بالاّ پرۆژەیەكی تازەی حازر كردووە، بۆ ئەوەی پێداچوونەوە بكات بە مەرجی تەمەن، هەروەها لە مەسەلەی وەرگرتنی ڕەزامەندی، ئەوەی كە ئۆفەری وەردەگرت جاران هەندێ پۆینتی وەردەگرت، بەس ئێستا نەمایە، بۆیە لە پرۆسەی پێداچوونەوە بە ڕێنماییەكاندا ئێمە هەماهەنگیمان هەیە، سەبارەت بە مەسەلەی قەرز ئێمە لەگەڵ قەرزین، بەلاّم ئێستا بۆچوونێك هەیە دەڵێ ئەوەی كە لە ڕێگەی تواناسازیەوە ئەكرێ لە مینحەوە بكرێ بە قەرز، بۆچوونێكی تر هەیە دەڵێ ئەم پارەیەی كە دادەنرێ بە شێوەی قەرزیش بێ، واتە قەرز و مینحەش بێ، بەلاّم ئەگەر سەیری ژمارەكان بكەین ڕاستیەكی ترمان بۆ دەردەكەوێ، 4700 كەس ناوی دەرچووە، 2300 كەس ڕۆیشتووە، بەشێك لەوانە تەواویان كردووە و گەڕاونەتەوە، ئەگەر پرۆسەی ناردن بوەستێنرێت كەسی تر وەرنەگیرێ، تەواو كردنی ئەم 4700 كەسە لە

ولآتە جیا جیاكان پێویستی بە 415 ملیارە، ئەوەی ئێمە خستوومانەتە سندوقەكەوە، ساڵی 2010، 120 ملیار بووە، ئەمساڵیش 120 ملیار، چونكە لە یاسای بودجەی ساڵی 2011 دا مەبلەغمان دیاری نەكردووە، تەنها دەڵێین بەرنامەكە بەردەوام دەبێ و لە كاتی پێویستیشدا حكومەت پارە دەخاتە ناو سندوقەكە بۆ ئەوەی بەرنامەكە نەوەستێ، بۆیە ئەم بڕە پارەی لەم سێ ساڵە دانراوە و ئەگەر پاریش دانرابێ ئەوا هێشتان سندوقەكە 360 ملیاری بۆ سەرف كردووە، واتە ئەبێ پارەی تریشی بخەینە سەر، تەنها بۆ تواناسازی كە بەشیش ناكا، بۆیە دوا پێشنیارم ئەوەیە كە بۆ قەرز پێویستە داتا هەبێ، بوعدی مالی هەیە، وەك مەبدەئەكە لەگەڵین، بەلآم با دیراسەی بكا، لە بێریشمان نەچێ پرۆژەیەك لە بەردەمی پەرلەمانە كە هێشتان تەواو نەبووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز سكرتێری پەرلەمان هەندێ تێبینی هەیە با بفەرمووێ.

**بەڕێز فرست احمد-سكرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئیستیحداسی ئەو سندوقە من وەكو مەبدەئەكە لەگەڵیمە، بەلآم ئەو ئیشە بە دێڕەكی قانونی بەتەنها ناكرێ بۆ لەبەر هەندێ ئەسباب:

1-ئەو سندوقە مەفروزە شەخصیەتێكی مەعنەوی هەبێ، ئەو شەخصیەتەش بە بڕیاری مەجلیسی وەزیران ناكرێ، لازمە نەصێكی قانونی هەبێ پێی بدات.

2-ڕێك خستنی ئەو سندوقە مەوادی قانونی پێ ئەوێت، ڕەئیسەكە تەحدیدی بكات، مەجلس ئیدارەی هەبێت، مەرجەكانی ئیش كردنی ئەو سندوقە چۆنە؟

وەكی تر ناحیەی مەبدەئی ئەتوانین تەوصیەك تەقدیمی حكومەت بكەین كە قانونەك تەقدیم بكات، بەلآم ناتوانین بە قانون ئیلزامی حكومەت بكەی كە قانونەك تەقدیم بكات، لازمە بە تەوصیە بێت، بە ڕەئی من نیوەی ئەو ئەركە ئەكەوێتە سەر شانی پەرلەمان بۆ موتابەعە كردنی ئەو ئیشە، نیوەی تریش شەرت نیە هەر تەوصیە بێت، چونكە نابێ بۆ هەموو ئیشەك بە چاوی مەشكوك سەیری دەزگاكانی حكومەت بكەین، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو كاك عبدالله

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم، ئەشێ سندوقی ناو نەبێت، بۆ ئەوەی پێویستی بەو یاسا و ئیجرائاتانە نەبێت كە كاك فرست ئاماژەی پێ دا، چۆن ئیستا قەرزی كشتوكاڵی هەیە یاسای بۆ دەرنەچووە، قەرزی بچووك هەیە، ئەنواعی

قەرز هەیە هیچی یاسای نیە، هەمووشی لە ناو یاسای بودجە جێگای کراوەتەوە و هیچیش ئیشکال نیە، بەس چونکە قە بارەی قەرزەکە تۆزێك گەورەیە؟

**بەڕێز بایز تاڵەبانی-وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە حکومەت بە نیسبەتی تواناسازیەوە پارەی داناوە، 120 ملیاری داناوە، و 850 ی بۆ بەعسات داناوە، بە نیسبەتی ئەم هەیئەتەی کە ئیشراف مەسەلەی تواناسازی ئەکات، بەڕاستی خۆیان هەیئەتێکی مەستەقیلن، و لە ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکەی و وەزیری پلاندانان و وەزیری خوێندنی بالاَ و بە هیچ شێوەیەك وەزارەتی دارایی نوێنەریشی تێدا نیە، ئەو پارەی تەخصیص کراوە بۆیان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە دراوە پێیان، و پارەکەش لای خۆیانە، و ئەوان وەك هەیئەت لێیان سەرف کردووە، بە نیسبەت ئەوەی کە ئەگوێزرێتەوە بۆ وەزارەتی خوێندنی بالاَ، بەڵێ ئەنجومەنی وەزیران باسی لەوە کردووە، لەبەر ئەوەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە خوێندنی بالاَوە هەیە، بەلاَم هەیئەتەکە وەکو خۆی ماوە و هەڵنەوەشاوەتەوە، ئەو پارەیە عیلاقەی بە وەزارەتی خوێندین بالاَوە نیە، بەڵکە هەر تابیعە بەو هەیئەتەی کە دانراوە، بەلاَم لەسەر تەوصیەی هەندێ لە برادەران لە پەرلەمان وتمان ئەو مەوزوعە ئەگەیەنینە حکومەت و پێیان ئەڵێن پەرلەمانتاران داوای ئەوە ئەکەن کە ئەو پارەیە نەگوێزرێتەوە بۆ خوێندنی بالاَ، لەبەر ئەوە تکام وایە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە کە هاتووە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ڕۆژان خان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادردزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە تەرخان کردنی بڕە پارەکە لە خشتەی هاوپێچی بودجەش دانرابوو، بەلاَم دیارە زۆربەی ئەندام پەرلەمانتاران پێیان باشە لە ناو دەقی یاساکە بمێنێتەوە بڕە پارەکە، وەکو ئەو پرۆژانە نەبی کە لە خشتەکە هاتبوو، وا ڕێك کەوتین کە لە دانیشتنی پێشووتر باس نەکرێ، بەلاَم دیارە زۆرینەی ڕایەکان کۆکن کە هەبێ بە ماددەیەکی قانونی، پێشنیاری سلفەکە کرا کە ئەوە بخرێتە دەنگدان، ئەگەر بە دەنگدانیش نەکرا ئەوە ماددەکە داڕێژینەوە، پێدانی قەرز بەوانەی کە لە دەرەوەی پرۆسەی تواناسازی قەرزیان پێ بدرێت، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

یەك یەك پێشنیارەکان بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگەوە.

**بەرێز د.ڕۆژان دزەیی:**

پێدانی قەرز بۆ ئەو قوتابیانەی لە دەرەوەی پرۆژەی تواناسازین.

**بەرێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.عمر.

**بەرێز د.عمر نورەدینی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەمەسەلەی قەرز دوو ڕەئی هەیە، یەکێ دەڵێ لە ناو قانونەکە بێ، یەکێ ئەڵێ بکرێتە تەوصیە.

**بەرێز د.ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك کاردۆ.

**بەرێز کاردۆ محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەوصیە مولزەم نابێ بۆ حکومەت، و هیچ کاریگەریشی نیە، پیشنیارە و ئەبێ بیخەینە دەنگ، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.عمر.

**بەرێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی پەیوەندیدارە بە قەرزەکە بە سێ جۆر هات، بەشێکی ئەوەیە کە لەناو یاساکە جێی بکرێتەوە، بەشێکی ئەوەیە بە توصیە بێ، بەشێکی ئەوەیە هەر لەگەڵ نەبوون، وابزانم زیاتر لەدوو پەرلەمانتاریش باسی ئەوەیان کرد ئەو بڕە پارەیەی تەخصیص کراوە بۆ تواناسازی هەر بەشەو بۆی جیا بکرێتەوە، باوەڕی ئێمە وەکو لیژنەی دارایی، ئەم پارەیە لە ئیشی حکەمەت و بۆردەکەیە، ناکرێ ئێمە لەناو یاساکەدا بڕۆینە ناوی تەنها چوارچێوە گشتیەکی بۆ دەکێشرێ لەناو یاساکەدا، و تەعلیماتیشی پێ دەرچووە، و ئەتوانین وەك پەرلەمانتار لە ڕێگەی لیژنەکانەوە موتابەعەی ئەوە بکەین کە مەبەستمانە، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك شوان.

**بەرێز شوان کریم کابان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی ئەو پەرلەمانتارانەی کە قسەیان کرد لەگەڵ مەبدەئی قەرزەکە بوون، بە ڕەئی من ئەبێ جارێ ئەصلی مەبدەئەکە بخرێتە دەنگدان دوای دەنگدانی دووەم ئەوەبێ لە یاساکە جێی بکرێتەوە یان بە تەوصیە بێ.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو كاك شێرزاد

**بەرێز شێرزاد حافظ:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی كردی دوو بەشە، یەكێ بۆ ئەوانەی ئەچنە دەرەوە، یەكێ بۆ ئەوانەی ناوەوە، جا ئەوەی ناوەوە باس نەكرا.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو د.دانا

**بەرێز د. دانا سعید صۆفی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێم وایە هێشتان ئەوە هەیە، چونكە ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ئایا فەرز بۆ هەر هەموو قوتابیەك كە لە هەرێم ئەخوێنێ؟ یان بۆ ئەوانەی كە لە دەرەوەی پرۆگرامی تواناسازی چوونەتە دەرەوە؟ دەبێ ئەو مەسەلەیە یەكلا بكرێتەوە، ئەگەر بۆ هەموو كوردستانە ئەوە لەو 120 ملیارە جێگەی ناكرێتەوە، ئەگەر بۆ ئەوانەی لە دەرەوەی تواناسازیەوە چوونەتە دەرەوە بۆخۆیان ئەخوێنن پێم وایە بۆردەكە ئەتوانێ بە تەعلیمات موعالەجەی ئەو كێشە بكات، جا چ ناوی لێ دەنێن سندوق، چونكە ئەوە بۆخۆی سندوقە ئێستا، دەتوانرێ بۆردەكە خۆی موعالەجەی ئەو كێشەیە بكا.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا ئەو ڕەئیانە یەك، یەك بخەینە دنگەوە كامیان زۆرتری هێنا با ئەو بڕوا، موناقەشەمان زۆر كرد، فەرموو شلێر خان.

**بەرێز شلێر محمد نجیب:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە سێ ئەندام پەرلەمان باسی دەوراتی تەدریبیمان كرد بۆ خەریجی مەعاهید و صەناعە، ئەم بۆردە بەس خەریجی كۆلێژەكان وەرئەگرێ، ئەگەر وەكو پەرلەمان بە دوا داچوونیشی بۆ بكەی ئەڵێ نیە ئەم شتە لە قانوندا.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو كاك حەمە سعید

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری ڕاکەی کاك (دانا) ئەکەم، بە ڕاستی ئێمە ئەوەی لیژنەکە دایڕشتووە با بیخەینە دەنگدانەوە، دواتر وەزارەتی دارایی یان بۆردەکە تەعلیمات دەرئەکات، بۆ ئەوەی لە ناو ماددەکە تەسبیت بێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستی دا پێویستە مەبدەئی قەرزەکە تەسبیت بیێ، حەتمەن ئاراستەی قسەکانیش بۆ ئەوانەی دەرەوەی تواناسازیە، لە دەرەوەی وڵات بێ یا لە ناوەوە، گرنگ قەرز وەرگرێ، دووەم، بە ڕاستی ئاراستەیەکی سەیر هەیە بۆ شێوازی ئاراستە کردنی دەنگدانەکان وەکو مەسەلەی (لە بەینی خورما و مێوژدا خورمژی ئەوێ)، یەعنی ئەیەوێ دەنگ لەسەر مەبدەئەکەش بدات بە بێ ئەوەی پرەنسیپەکەی جێگیر بکا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەو ڕایەی لیژنەی یاساییم کە پارە بدات بە خوێندکار بۆ چوونی بۆ دەرەوە بە قەرز، چونکە خەڵکەکی هەیە  ڕێنمایی تواناساوی نایگرێتەوە، بەڵام ئەیەوێ بخوێنێ و بچێتە دەرەوە، ئەویش بەشدارە لەو بودجە، ئەیەوێ بچێ بخوێنێ و دوایش هەر بۆ خۆمان ئەگەڕێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ڕەخنەم لە نوقتە نیزامیەکانە کە جەنابت دەدەی، ئەوە ئەصلەن نوقتەی نیزام نیە تۆ تەعلیقی لەسەر بدەیت و قسەی لەسەر بکەی، نوقتە نیزام ئەوەیە ئەگەر هاتو ئەو قسانە خاریجی قانون بوو تۆ نوقتەی نیزام ئەگری، بەڵام نوقتەی نیزام لەم پەرلەمانە بووە بە شەرح و ڕەئی دەربڕین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی پێشنیارەکان بخەنە دەنگەوە تکایە.

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو پێشنیارانەی كرا هەمووی لەگەڵ ئەوە بوون قەرز بدرێ، بەڵام لە ناو یاساكە جێی بكرێتەوە یان بە ڕاسپاردە بێ؟ سەرەتا ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە، پێدانی قەرز بە قوتابیان پێویستی بە دەقێك هەیە لە ناو یاساكە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عمر هەورامی.

**بەڕێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە خۆ ڕوونمان كردەووە، بەشێك ئەڵێن ئەبێ لەناو یاساكەدا بە دەقێكی یاسایی بێ، بەشێك ئەڵێ بە تەوصیە بێ، ئەمە ختوەی یەكەم، ختوەی دووەم، بەشێك لەگەڵ ئەوەن كە قەرز تەنها بەو قوتابیانە بدرێ كە لە دەرەوە ئەخوێنن، بە شێك ئەڵێ بە هەموو قوتابیان بدرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی لەگەڵ لیژنەی دارایی صیغەیەك بدۆزنەوە كە چۆن بیخەینە دەنگەوە؟

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە قەرز ئەبێ بە یاسا بێ، بەڵام ئەو پێشنیارەی كە ئەیخەینە دەنگدان ئایا قەرزەكە لە ناو قانونی موازەنە باس بكرێ؟ یان بە ڕاسپاردە داوا لە حكومەت بكرێ پرۆژە یاسایەك پێشكەش بكات و وردە كاریەكانی تێدابێ بۆ پێدانی قەرز، لەبەر ئەوەی قەرز ئەبێ بە یاسا بێ، بەو شێوەیە صیاغەكەی (منح القرض للطلبة الغیر مشمولین باحكام الفقرة (اولا)اعلاە)، چونكە ئەوەلەكە باسی تواناسازیەكە ئەكا بە پێی دەقی یاسایەكە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دایە؟ بە كوردیەكە بخوێنەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

پێدانی قەرز بە قوتابیان بەدەر لە بڕگە یەكی ئەو ماددەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دایە؟ 32 كەس لەگەڵ دایە، كێ لەگەڵ دا نیە؟ 42 كەس لەگەڵ دا نیە، كەواتە هی یەكەم لەغو بوو، فەرموو بۆ پێشنیاری دووەم.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

پێشنیاری دووەم ئەوە بوو کە بە ڕاسپاردە ئاراستەی حکومەت بکرێ کەوا پرۆژە یاسایەك پێشکەش بکات بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشەی پێدانی قەرزە بەو قوتابیانەی لە دەرەوەی پرۆسەی تواناسازی.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان.**

کێ لەگەڵ دایە؟ 55 کەس لەگەڵ دایە، کێ لەگەڵ دا نیە؟ 27 کەس لەگەڵ دا نیە، کەواتە ڕای دووەم پەسند کرا بە زۆرینەی دەنگ، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك شڤان

**بەرێز شڤان احمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوێنێش موقتەرەحەکی ئێمە نەخرا دەنگدان، باش نیە موقتەرەحی چەند ئەندام پەرلەمانێك ئیهمال بکرێتن، ئەو موقتەرەحەی کە (شلێر) خانیش تەقدیمی کرد سێ ئەندام پشتگیریان کرد، و من یەك لەوان بووم، ئەو موقتەرەحە زۆر موهیمە، فەتحی دەوراتی تەدریبی لە داخیل و خاریج زۆر موهیمە، ئەو حکومەتە زۆر پێویستی پێ هەیە، دەبێتە خالێك لە خاڵەکانی ئەم ماددەیە.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەرێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەرێز سەرکی پەرلەمان.**

ئەو وردە کاریە ئەرکی حکومەتە خۆی جێ بەجێ ئەکات، پێی ناوێ لە ناو یاسا ئەم هەموو وردە کاریە هەبێ.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر هەورامی.

**بەرێز عمر هەورامی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامم ئەوەیە هەرجارە و بە شێوەیەك ڕێچکەی نوقتە نیزامیەکان ئەگۆڕین، ئەصل وایە دەنگی دوور ئەخرێتە دەنگدان، دوایی ئەصلەن موقتەرەحەکەی لیژنەی یاسایی ئەبێ بخرێتە دەنگدان نەتان خستە دەنگدان.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

بەرێز سکرتێری پەرلەمان تێبینی هەیە، فەرموو.

**بەرێز فرست احمد-سکرتێری پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی هێخستیە دەنگدان پێشنیازی لیژنەی قانونی بوو، بە دوو شێوە هاتبوو، ماددەی ئەصلی هێشتا نە هێخستیە دەنگدان.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو رۆژان خان.

**بەرێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی لە ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی هاتبوو دوو بڕگە بوو، پێشنیاری دووەم تایبەت بوو بە قەرزەکە کە خرایە دەنگدان، پێشنیاری یەکەممەمان دەقی ماددەکەیە کە لە پرۆژەی حکومەت هاتووە، بەلاَم لە پرۆژەی حکومەت بڕی پارەکەی دیاری نەکردووە، ئێمە دووبارە خوێندمانەوە و بڕەکەمان دیاری کرد کە 120 ملیارەکەیە.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حەمە سەعید.

**بەرێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو خیار هەیە، یەکێکیان ئەوەی لە پرۆژە یاساکە هاتووە، ئەوەی حکومەت، ئەویتر ئیزافەی بڕگەی دوو، ئەم دووانە بخرابایە دەنگدان، تەوصیە یەعنی نەکردن لە لایەن حکومەت، یەعنی یارمەتی نەدانی قوتابی.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.سەروەر.

**بەرێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی (شلێرخان) و کاك (شڤان)یش بە ڕاستی حەقە لیژنەی یاسایی شتی وا ئەبێ بیخەنە دەنگدانەوە نەوەك بە میزاج بێ، دوێنێ کۆمەڵێك بابەتی وا هەبوو، ڕاستە داواکاریە، بەلاَم چی بکەین سێ ساڵە داوای شتێك ئەکەین بۆمان ناکرێ، حەقە مولزەم بکرێ بە بڕگەیەك،سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.رۆژان.

**بەرێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە هەرچەندە دەنگمان بۆ دا، بەلاًم ئـەوەی لـە ڕاپـۆرتی لیژنـەی یاسـایی هـاتبوو دوو بڕگـە بـوو، بڕگەیەك تایبەت بوو بە قەرز کە دەنگی نەهێنا، بڕگەی دووەم لەسـەر دیـاری کردنـی بڕەکـە بـوو ئـەویش لەسەر داواکاری بەرێزتان بوو، سەبارەت بەو پێشنیارەی د.سەروەر ڕاستە دوو ئەندام پێشنیاریان کرد نەك سێ، ئـەو وردەکاریانـە لـە نـاو بودجـە بـاس نـاکرێ، بـە ڕێنمـایی چارەسـەر دەکـرێ لـە لایـەن حکومـەت، دەستەیەك هەیە بۆ خرج کردنی ئەو پارەیە، لە دەقی یاساکەش هاتووە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو د.دانا

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وابزانم نوقتەی نیزامیە، ئێمە کە ڕاپۆرتی هاوبەشی هەردوو لیژنەمان هەیە، و ڕاپۆرتی لیژنەی دارایشمان هەیە، بۆ کار بە ڕاپۆرتە کۆنەکەی لیژنەی یاسایی بکەین؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

صیاغە کردنی یاساکە تەنها ئیحالەی لیژنەی یاسایی کرایە.

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (14) لە پرۆژە یاساکە چونکە ڕیزبەندیەکە گۆڕا (تلتزم حکومە أقلیم کوردسـتان بـالمبلغ المخصـص والبالغ 120 ملیار دینار للاستمرار في تنفیذ مشروع تنمیة و تطویر قدرات کوردستان البشریة لاجل اعداد الکوادر المتخصصة في المجالات المختلفة التي یحتاجها الاقلیم عن طریق الزمالات والبعثـات والابحـاث والـدورات التدریبیة تحت اشراف الهیئة العلیا المشکلة برئاسة رئـیس مجلس الـوزراء ونائبـه و وزراء (التربیـة والتعلـیم العالي والبحث العلمي والتخطیط)وفق النظام المصادق علیه من قبل مجلس الوزراء.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ (9) کەس لەگەڵ دا نیـە، بـە زۆرینـەی دەنـگ پەسـند کـرا، فـەرموو بـۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة (15):

تخصص مبلغ 200 مليار دينار لدعم الاحزاب ومشاريع المنظمات غير الحكومية، ويتم الصرف من هذا التخصيص باجراءات مؤقتة من قبل وزارة المالية والاقتصاد على ان يتم تسوية المبالغ المستلمة من قبل الاحزاب والمنظمات غير الحكومية في سنة 2011 والتي تستلم في سنة 2012 وفق قانون المنظمات غير الحكومية رقم(1) لسنة 2011 وقانون دعم الاحزاب حال اقراره من قبل برلمان اقليم كوردستان.

**بەڕێز لانە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (15):

بڕی 200 ملیار دینار تەرخان دەکرێ بۆ پشتگیری حزبەکان و پرۆژەی ڕیکخراوە نا حکومیەکان، و ئەم تەرخانکراوە بە ئیجرائاتی کاتی سەرف دەکرێ لە لایەن وەزارەتی دارایی و ئابووریەوە و دەبێ ئەو بڕەی وەریدەگرێت لە لایەن حیزبەکان وڕێکخراوە نا حکومیەکان تەسویە بکرێ ئەوەی لە ساڵی 2011 وەرگیراوە و ئەوەی لە ساڵی 2012 دا وەردەگیرێ بە گوێرەی یاسای ڕێکخراوەکانی نا حکومیەکان ژمارە (1)ی ساڵی 2011 و یاسای پشتگیری حیزبەکان ئەگەر هات و لە لایەن پەرلەمانەوە پەسند کرا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز: سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ڕۆژان خان.

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە لە نێو ئەندامانی لیژنەی یاسایی دوو ڕا هەبوو، ڕای زۆرینە پشتگیری ماددەکەی ئەکرد، ڕایەکیش هەبوو لە لێژنە کە ڕێکخراوە ناحکومیەکان لە ماددەکە لابدرێ و تەنها ئەحزاب بمێنێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە لەسەرئەم ماددەیە؟ (ئاشتی عزیز، کوێستان محمد، برهان رشید، شێردڵ تحسین، عمر عبدالعزیز، احمد سلیمان(بلال)، حمە سعید حمە علی، گوڵیزار قادر، د.دانا سعید صوفی، خلیل عثمان، سۆزان شهاب، سالار محمود، بێریڤان سەرهەنگ، دڵشاد حسین، عبداللە مەلا نوری، پەیمان عزالدین، سەرهەنگ فرج، سیوەیل عثمان، عمر نورەدینی، فەرمان عزالدین، سمیرە عبداللە، کاروان صالح، زکیە صالح، سەرگوڵ رضا، هاوڕاز خۆشناو، صباح بەرزنجی، یاووز خورشید، رازاو محمود، فاضل بەشارەتی، صبیحە احمد، نەسرین جمال، عدنان عثمان، شێرزاد حافظ، عظیمة نجم الدین، عبدالرحمن حسین، تارا ئەسعەدی، کاردۆ محمد).

**بەڕێز ئاشتی عزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەم ماددەیە زۆر دەگمەنە کە حیزبێك هەبێ لەزۆر وڵاتی پێشکەوتوو دا کە لەسەر داهاتی گشتی خۆی بەخێو بکات، پێویستە هەر پارتێکی سیاسی پرۆژەی خۆی هەبێ، ئەگەر لەسەر کۆمەکی ئەندامانی

خۆیەتی، ئەگەر لەسەر پرۆژەیەك كە سەر بە حیزبییەتی، بەڵام زۆرجار پرۆژەی حیزبەكانیش لەسەر داهاتی گشتیە، یان خودی داهاتی بەخێوكردنی حیزب لەسەر داهاتی خەڵكە، بەڵام ساڵی پێشووتر بۆیە ئەمە دەنگی بۆ درا لەبەر ئەوەی بە بێ قانون كۆمەڵێك پارە دەدرێ بە ئەحزابەكان كە وامان پێ باشتر بوو تەنزیم بكرێ بە یاسا، سەقفێكی دیاری كراو بۆ پارەكە هەبێ باشترە وەك لەوەی كراوە بێ، ئەمە حاڵەتێك، ئەمە گرفتێكی تری دروست كردووە، ئێمە تا ئێستا نازانین بڕی وەرگرتنی حیزبەكان بۆ پارەكانیان چەندە؟ ئەمە جێگیر كراوە لێرە و تەسویەی حیساباتی حیزبەكان نەكراوە، كەواتە مەسئولیەتێكی زۆر گەورەیە بۆ ئەندام پەرلەمان كە جارێكی تر دەنگداتەوە بەم بڕگانە كە نەزانێ فلان حیزب چەند وەرئەگرێ و چۆن سەرفی ئەكات؟ و خاڵێكی تر، لە ڕاستیدا ئەو بەڕێوەبەرایەتیەی كاری ڕێكخراوەكان كە دروست بووە پێ ئەچێ گرفتی سیاسیان هەبێ، چونكە تا ئێستا نە هەیكەلیەتی دروست بووە، نە پارەدان بە پێی ئەو ڕێنمایانەیە كە لەناو بەڕێوەبەرایەتی كاری ڕێكخراوەكان هەیە، و ئێستاش بە شێوەیەكی هەڕەمەكی هاوكاری هەندێ ڕێكخارو ئەكرێ و هەندێكیش ناتوانێ داهات وەرگرێ، بۆیە لەگەڵ ئەوەم ئەو بڕگەیە سەقفێكی زەمەنی بۆ دیاری بكرێ، واتە سەقفێك دیاری بكرێ كە لە 6 مانگ تێپەڕ نەكات، دەبێ یاسای ئەحزاب لە خولی ئاییندە دەربچێ ئەگەرنا دەبێ كۆمەكەكان بوەستێنرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كوێستان خان.

**بەڕێز كوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەكەم لە ناو ئەم ماددەیە وشەی پێوەر حیساب بكرێ، پێدانی ئەم پارەیە بە حیزب و ڕێكخراوەكان بە پێوەر بێ، هۆكاری ئەم قسەیەم ئەوەیە كە پەرلەمان ناتوانێ ئەم یاسایە دەر بكات، سێ ساڵە خوێندنەوەی یەكەمی بۆ كراوە، ڕاپۆرت نووسراوە، هاتۆتە پەرلەمان، پەرلەمان نایەوێ ئەم یاسایە دەربكات، خاڵی دووەمم ئەوەیە كە لە بودجەی 2010، 90 ملیارمان دانا بۆ حیزب و ڕێكخراوەكان، بە تەنها یەكێتی و پارتی 115 ملیاریان برد بە پێی ئەوەی چوومەتە لای وەزیری دارایی و ڕەقەمەكەی پێ وتووم، كەواتە یەكێتی و پارتی 25 ملیاریان زیاتر دانا لەوەی پەرلەمان دیاری كرد، ساڵی پار 200 ملیارمان دانا، یەكێتی و پارتی بە تەنها 115 ملیاریان بردووە، واتە نیوەی زیاتری، بەهەموو حیزب و ڕێكخراوەكانی تر نیوەی ماوەتەوە، بۆ ئەوەی كۆتایی بەم نا عەدالەتیە بهێنرێت، و هەموو ساڵێكیش تەسویە بكرێ، پێویستە وشەی تەسویە دابنرێت، بۆ ئەم مەسەلەی پێوەرە وەزارەت خۆی تەعلیماتێك دەربكات، پێوەرەكە جا كورسی بێت، یا ڕێژەی دەنگادانە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك كاردۆ.

**بەڕێز كاردۆ محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا ئێمە لەبەردەم دەقێكی یاساییین كە دوو ساڵە دادەڕێژین بەبێ ئەوەی حكومەت جێ بەجێی بكات، دوو ساڵە ئەڵێین ئەبێ تەسویە بكرێ و تەسویەی ناكەین، ئایا ئێمە هەر مەبەستمانە دەقەكە بنووسینەوە و چاوەڕێ بین ساڵێكی تر بێینەوە بڵێین ئەرێ بۆ یاساكە دەرنەچوو؟ لەبەر ئەوە ئەمساڵ ئەبێ دەقەكە وا دابڕێژین، زەمەنی بدەینێ، پێوەری بدەینێ، بۆ ئەوەی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكرێ، چونكە ئێمە تێگەیشتین پەرلەمان ناتوانێ یاساكە دەربكات، ئەمە پەیوەندی بە ئیرادەی ئەحزابەكانەوە هەیە، ئەحزابەكانیش لە بەرژەوەندیان نیە یاسا دەربچێ، بۆیە دەبێ پەرلەمان بڕیار بدا، پەرلەمان بڕیار لەسەر پێوەرەكە بدات، بە كورسی ئەیدەی؟ بە دەنگ ئەیدەی؟ دەبێ دیاری بكرێن ئەوجا دوایی بە تەعلیمات، و لە ماوەیەكی دیاری كراویش ئەمە بكرێ، بۆ ئەوەی ئەگەر نەكرا وەزیری دارایی بێتە بەر دەمی پەرلەمان و وەڵامی ئەم پرسیارەمان بداتەوە كە بۆ یاسا جێ بەجێ ناكرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆكی پەرلەمان.**

فەرموو كاك برهان.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من حەزئەكەم ئەوە بیری هاوڕێیانم بخەمەوە كە لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسا كۆبوونەوەیان كرد و یەكێك لە تەوصیاتەكانیان كە ژمارە 10 یە نووسراوە (یمنح الدعم المالی للاحزاب وفق القانون)، واتە باسی ئەوە ئەكا كە پێویستە بە قانون تەنزیم بكرێ، من دڵنیام ناكرێ، لە مانگی 11 ی 2009 ەوە ئەوە مەشروعە لە پەرلەمان، بەلاّم هەمووجار بە هەندێك بیانووە (ڕەئی حكومەت و ئەمانە) تەئجیل ئەكرێ، بەلاّم وەكو ویژدان ئەمەوێ هەندێ قسە بكەم، ئێمە ماوەی سێ ساڵە لە بودجەی 2012/2011/2010 نەفسی نەص ئەهێنرێتەوە و باسی ئیجرائاتی موئەقەت ئەكات، من داواكارم كە یاسا دەرناچێ مادام ناوی وەزارەتی مالیە هێنراوە و كاك شێخیش تەصریحاتی داوە و ئەڵێ كەی قانون دەرچوو تەعلیمات لەسەر ئێمە بێ دەرمان كردووە، من داواكارم مادام یاسا دەرناچێ، یا بنووسرێ بە تەعلیمات، یا بنووسرێ بە زەوابت ئەگەر لیژنەی یاسایی مولاحەزەی قسەكانم بكات، یان بە مەعایر، ئەگەر خەڵكێك گلەیی هەیە كە حیزب هەیە تازەیە و هەیە كۆنە، با ئەوانەش بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ، بەلاّم ئەمە لە هەر ولاّتێكی تر دا بێ ئەچێتە بابی بەهەدەر دانەوە، بۆیە داواكارم وەكو ویژدانی پەرلەمانتاران كە ئەوە بەسەرمان دا تێپەر نەبێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان**

فەرموو كاك شێردڵ

**بەڕێز شێردڵ تحسین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە چەند کۆبوونەوەیەکمان کرد لەگەڵ سەرۆکایەتی حکومەت و لەگەڵ لیژنەکانی پەرلەمان، بەس بۆ ئەحزابەکان بوو، بۆ مونەزەماتی غیر حکومیش هاتە گۆڕێ ئەو وەختی نەبوو، داوا دەکەم غیر حکومی هەڵبستی، دووەم، پاریش داوامان کرد تەسویەکە بکرێ هەتا ئێستا نەکرایە، سێیەم، بۆ ڕێکخراوەکان وابزانم لە بەشی بەخشین ڕێکخراوەکان جێی کراوەتەوە، 115 ملیار دانراوە بۆ ڕێکخراوەکان، بۆیە بۆ ئەحزابەکان پێویستە بە گوێرەی کورسی بێ، یان پێوەرێك دابنرێت جا بە گوێرەی مەقاعیدی پەرلەمانی بێ، یان بە گوێرەی ئەحزابە با سەنەوات سابیقەش ڕەچاو بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تێبینیم لەسەر ئەم ماددەیە ئەوەیە هەرچەند ئەمە دووبارەی ڕازەکانی پار و پێرارە، ئەتوانم لەچەند ڕستەیەك دا ئەمەتان عەرز بکەم کە نموونەی نا عەدالەتی و نا شەفافی، و لە کۆتاییدا گەندەڵی لەم مەسەلەی پارەی تەخصیص کراوەیە بۆ ئەحزابن و بەڵگەی دروستیشتان عەرز ئەکەم، فەرموو ئێستا لە ماددەیەك دا باس لە بڕێك پارە ئەکەین کە پەرلەمان دوو ساڵە بڕیاری لەسەر ئەدات، با بەڕێزان لیستی ئەو حیزبانەو پارەکانمان لێرە بۆ ئیعلان بکەن کە چۆن دابەش کراوە؟ ئەگەر نایکەن، بەڵگەیە لەسەر ناڕوونی و نا شەفافی، و نەتیجەی نا شەفافی و نا ڕوونیش گەندەڵیە بە هەموو پێوەرێکی زانستی، دوو ساڵە باسی پێوەر ئەکرێ بۆ ئەمە، ئەهێنرێ و ئەبرێ، ئێمە هەموومان موتەفیقین کە پێوەر کورسی بێ، پێوەر ژمارەی دەنگ بێ، تا یاسای ئەحزاب دەردەچێ با ئەمساڵ هەر چ نەبێ لەسەر پێوەرێك بێ، پێوەرەکەش کورسی پەرلەمان بێ، یان ژمارەی دەنگەکان بێ، نەك بە ئیجتیهادی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران یان حکومەت نازانم ئالیەتەکی چۆنە، کە هیچ پێوەرێك بەکار ناهێنرێت، بە ئارەزووی خۆیان مەبلەغ دابەش ئەکەن، ئەمەش نموونەی نا عەدالەتی و نا شەفافیە، من داوام ئەوەیە کە 115 ملیار دانراوە بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان، لێرەش نووسراوە 200 ملیار بۆ حیزبەکان و ڕێکخراوەکان، مەعقول نیە لە چل و ئەوەندە حیزبی کوردستانی 200 ملیار وەرگرن، لەو لاشەوە 115 ملیار دانراروە کە لە ڕاپۆرتی لیژنەش هاتووە، کەس نازانێ ئەم ڕێکخراوانە چینە و چۆنن؟ لەبەر ئەوە داوا ئەکەم ئەم بڕەش یان بخرێتە سەر ئەحزاب ئەوە پێشنیاری یەکەمم، یان....

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر صدیق(هەورامی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ورد بینەوە لەو جەداولانەی کە بۆمان هاتووە بۆ بودجەی ساڵی 2012، دوو بڕی جیاواز هەیە بۆ دەعمی ژینگەی سیاسی و برەودان بە کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستاندا، بڕێکیان کە 200 ملیارە، و بڕێکیشیان کە 115 ملیارە بە ناوی سەنتەر و سەندیکاکان، وەکو مامۆستا (عمر)یش ئیشارەتی پێدا هەرچەندە بۆمن لەوانەیە ڕوون بێ، چونکە چەند جارێکیش لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی ئەم بابەتە باس کراوە و لای من ڕوونە، بەلاّم جێی خۆیەتی ئێستا بۆ جارێکی تر ئەم بابەتە ڕوون بکرێتەوە، هەریەك لەو دوو مەبلەغە لەسەر چ ئەساسێك دانراون؟ لەسەر مینەحن؟ یان لەسەر هەر بابەتێکی تر، و ئەوەی کە دەست نیشان کراوە بۆ ئەحزابی سیاسی کە ئێستا لەناو ماددەکەدا هاتووە بە بڕی 200 ملیار دینار، دیارە لای حکومەت ئیکمانە کۆمەڵێك پێوەر هەبن، دەست نیشانیش کرابن، ئەگەر مێژووی سیاسی حیزبەکە بێ، و بەشداری ئەو حیزبە بێ لە پرۆسەی شۆڕشگێری، یان بەدەست هێنانی ژمارەی دەنگ بێ لە کۆی ئەو هەڵبژارنانەی لە هەرێمدا کراوە، بە ڕەئی من پێویستە هەم وەکو پەرلەمان، هەم وەکو ئەندام پەرلەمان ئاگامان لێی بێ، و دانوستان لەسەر ئەم بابەتە بکرێ بۆ ئەوەی ئەگەر خەلەلێك بینرا جۆرێك لە ئیتیفاق هەبێ بۆ ئەوەی هەردوولا لەسەری ڕێك بکەون بۆ ئەوەی دەعمی ئەحزاب بە داد پەروەرانە بێت، دوا نوقتەشم ئەوەیە، ئێمە بۆ دەعمی ڕێکخراوە ناحکومیەکان ڕوون کردنەوەی زیاترمان ئەوێ، و تەحدیدی ئەو مەبلەغەش بکات، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان**

فەرموو کاك احمد

**بەڕێز احمد سلیمان(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە من پێم وایە زوڵمێکی زۆر گەورە چەند ساڵیکە دەکرێ، ئەو زوڵمەش پێم وایە بەشی سەرەکی سەرۆکایەتی پەرلەمانە ئەیکات، خۆزگە ئاگای لێ بایە، بە بەڵگە دەیسەلمێنم کە سەرۆکی پەرلەمان بە تایبەتی بەڕێزیان بە نووسراوێك جوابی منی داوەتەوە بەشی سەرەکی ئەم زوڵمەیە کە دەکرێ، ئەم بڕە پارەیەی کە دیاری ئەکرێ چەند ساڵە ئەگوترێ و پێشتریش لە خولی دووی پەرلەمان فراکسۆنی کۆمەڵ ئەوکاتەش پرۆژە یاسایەکی ئامادە کردبوو و 56 کەسیش ئیمزایان کردبوو کە هاوکاری ئەحزاب بە یاسا ڕێکبخرێ، بەلاّم ئەوکاتەش ڕێگری لێکرا لە لایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانی ئەوکاتەوە، ئێستاش لەگەڵ دابێ دیسان هەر سەرۆکایەتی پەرلەمانە ڕێگری لێ ئەکات کە ئەم زوڵمە لا بچێت، بۆ نموونە چەندجار نامەم ناردووە بۆ وەزیری دارایی جوابی داومەتەوە، جوابەکانی هەرچی بێ موشکیلە نیە، بەلاّم دواجار کە جوابی داومەتەوە ئەڵێ دەستەلاّتی من نیە کە ئەمەت پێ بڵێم، تکایە پرسیارەکەت ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران بکە، پرسیارەکانی من ئەوەیە، بۆتان بخوێنمەوە، دوایش جوابی بەڕێز سەرۆکی پەرلەمانیشتان بۆ ئەخوێنمەوە:

1-ئايا پاكتا و تەسويەی ئەو پارانەتان كردووە كە لە ساڵی 2011 دا دراوە بە حیـزب و ڕێكخـراوە نا حكومیەكان؟ ئەگەر كراوە چۆنە؟

2-ئایا ئەو پێوەرانە چی بوون كە ئەو بڕە پارەتان پێ دابەشی سەر حیزب و لایەنە پەیوەندیدارەكان كرد؟

3-لیستی ئەو حیزب و ڕێكخراوانە كامەن كە سوود مەند بوون؟ لەگەڵ بـڕی پـارەی تـەرخان كـراو بـۆ هـەر حیزب و ڕێكخراوێك لە ماوەی ساڵێ 2011 تا ئێستا؟

ئەوان دەڵێن جوابەكە لای ئێمە نیە، نووسیویەتی، بەڕێز فلاّن، پرسیارتان لەمەڕ پشتیوانی بـۆ حیـزب و ڕێكخراوە نا حكومیەكان ئاراستەی سەرۆكی ئەنجومـەنی وەزیـران كردبـوو، دەكـرێ پرسـیاری بـەڕێزتان بـە شێوەیەكی تر ئاراستەی ئەنجومەنی وەزیران بكەن و لێكۆڵینەوەش كاری لیژنـەی تایبەتـە، مـن كـەی داوای لیژنەم كردووە؟ ئەی ئەگەر پەرلەمان حـەقی ئـەوەی نـەبێ پرسـیار ئاراسـتەی ئەنجومـەنی وەزیـران بكـات پەرلەمان ئیشی چیە؟ پێم وایە ئەمە هۆكاری سیاسیە، هۆكارە سیاسیەكەش ئەوەیە سەرۆكایەتی پەرلەمان ئەیەوێ ئەم زوڵمە بەردەوام بێ، نایەوێ ئەم ڕاستیانە ئاشكرا بكرێـت، داوا ئەكـەم ئـەوە كۆتـایی پـێ بـێ، و پشتیوانیش لە هەردوو بڕای بەڕێزم هەردوو كاك (عمر) ئەكەم، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك حەمە سعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەم نـەصە ئەوە سێ ساڵە دووبارە ئەبێتەوە، بەداخەوە پەرلەمانیش بەدوا داچوونی بۆ ناكا، ئـەو تەصـویە نانێردرێ، بۆیە وێڕای پشتگیریم بۆ برادەران كاك (عمـر و حـاجی بـلال ) و جەماعـەت، بەراسـتی دەمـەوێ ئەم ماددەیە تۆزێك تەفصیلی پێ بـدرێت، یەكـەم، ئـەو نەصـەی كـە هـاتووە بكـرێ بـە بڕگـەی (1)، دووەم، بڕگەی دوو باسی دەعمی ئەحزاب بكا، جارێ ئەوە گلەیەكە لە خۆمان بكەین كە یاسـای دەعمـی ئـەحزابمان چەند ساڵە دەرمان نەچوواندووە، بۆ؟ بڕگەی دووەم، میعیـار دابنرێـت، داوا لـە لیژنـەی یاسـایی ئەكـەم كـە میعیار دابنێ، ئەو میعیارەش نـابێ حكومـەت دایـنێ، ئـەبێ پەرلـەمان دانـێ، وازح بـێ، جـا بـە پێـی دەنگـە، ژمارەی كورسیە، هەر میعیارێـك، بـەلاّم بـە پێـی سـتانداردی نێـو دەوڵـەتی، خـاڵێكی تـر، بەراسـتی مـن داوا ئەكەم بڕگەیەكی تر زیاد بكرێ كە وەزارەتی دارایی یان حكومەت قائیمەی ناوی حیزبەكان و ئەو بڕەی كە پێیان دەدرێ بینێرێ بۆ پەرلەمان شەش مانگ جارێك، بۆ ئەوەی شەفافیەتی تێـدابێ، گەنـدەڵی تێدانـەبێ، بە هەدەر دانی سەروەت نەبێ، خاڵێكی تر لەگەڵ ئەوەم كە لێرە 115 ملیار دانراوە بۆ مونەزەمات، لێرەش مونـەزەماتی تێدایـە، یـان دەمجـی هـەردوو بڕەكـە بكـرێ، یـان مونـەزامات لێـرە نـەمێنێ، بـۆ ئـەوەی لـەوێ مونەزەمەكان دیار بێ، خاڵێكی تر........

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو گوڵێزار خان.

**بەڕێز گوڵێزار قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 15 کە 200 ملیار بۆ پاڵپشتی ڕێکخراوە ناحکومی و حکومی و 115 ملیار بۆ ڕێکخراوە زانستی و ئەوانی تر، بەراستی لێرەدا تێکەڵ و پێکەڵیەك هەیە، پارەی ئەحزاب لەوانی تر جیا بکرێتەوە کە لەمەو پێشیش لیژنەکان داوایان کرد، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر دانا.

**بەڕێز د.دانا سعید صۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حیزبەکان و ڕێکخراوەکان ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە گەمەی سیاسی، بۆیە بە ڕەئی من پێویستە پشتیوانیان بکرێ، بەلاَم دەبێ ئەمە چوارچێوەیەکی یاسایی هەبێ کە کۆمەڵێك میعیار لە خۆی بگرێ، بەلاَم بەداخەوە لە کوردستان ژیانی سیاسی یان ژیانی حیزبی بۆتە جۆرێك لە ژیانی بازرگانی دەتوانم بڵێم دوکانداری و کۆمپانیا کردنەوە، بۆیە دەبێ پەلە بکەین لە دەرکردنی یاسایەك کە کۆمەڵێك ڕێنمایی دادپەروەرانەی تێدابێ بۆ هەموو حیزبەکان، لە لایەکی ترەوە ئەو بەشەی کە پەیوەندی بە ڕێکخراوە نا حکومیەکانەوە هەیە پێم وایە ئەو پێشنیارەی لیژنەی یاسایی دروست نیە لەبەر ئەوەی ئەو مەبلەغەی کە تەخصیص کراوە تەنیا بۆ ڕێکخراوە ناحومیەکانە کە لێرە ناوی هاتووە لە 2011، ئەوەی لە 15 ملیارەکە هاتووە پەیوەندی بە ڕێکخراوە ناحکومیەکانەوە نیە، بەڵکو سەنتەر و جەمعیات و سەنتەرە ڕۆشنبیریەکان، بۆیە ئەگەر ئەمە ببڕێن ناتوانین تەمویلی مەشاریعی ڕێکخراوە نا مەدەنیەکان بکەین، ئێمە لە لیژنەی کۆمەڵی مەدەنی داوامان کردبوو ئەو ئەوەیە جیا بکرێتەوە، مەبلەغێك جیا بکرێتەووە کە 15 ملیار بوو دوای ئەوەی ڕاوێژ لەگەڵ ڕێکخراوە نا حکومیەکان و ئەنجومەنی وەزیران کرا، بۆیە ئێمە داوا ئەکەین ئەو یاسایە کە هاتووە بۆ ئەوەی جێ بەجێ بکرێ پێویستە مەبلەغێك دیاری بکرێ کە 15 ملیار بوو، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك خلیل.

**بەڕێز خلیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش وەکو هاوڕێکانم هاوڕام لەگەڵ ئەوەی یاسایەك دەرچێ بۆ دەعمی ئەحزاب، بەلاَم ناکرێ ئێستا بە بێ یاسا پێوەر دیاری بکەین، چونکە پێوەر بە یاسا دیاری ئەکرێ و ئەم یاسایە ئیلتیزاماتی هەموو لایەکی

**تێدابێ، و بگونجێ لەگەڵ قانونی ئەحزاب بە شێوەیەگی گشتی لە هەرێمی کوردستان، خاڵێکی ترم پشتگیری لە بۆچوونی کاك دانا ئەکەم بەوەی کە ئەو پارە بکرێ بە دوو بەش، ئێمە ڕێکخراوەکانمان هەیە، و من لەگەڵ ئەو برگەیەش نیم کە ئەوە بۆ ڕێکخراوەکان بێ، چونکە نووسراوە بە ئیجرائاتێکی کاتی، فەرمانگەی ڕێکخراوەکانمان هەیە و دامەزراوە، و ئەمە ئەگەر بۆ ئەحزاب راست بێ ئیجرائاتی موئەقەت، بەلاَم بۆ فەرمانگەی ڕێکخراو و ڕێکخراوە ناحکومیەکان پێم وایە ناگونجێ، چونکە یاسامان هەیە و فەرمانگەکەش پێم وایە کاریشی بۆ کراوە، بۆیە پێم وایە ئەبێ لێك جیا بکرێتەوە هەروەکو ئەو 115 ملیارەش کە بەراستی قسەی لەسەر کرا، ئەمەوێ تەوزیح تری بکەم، ئەمیان بۆ ئەو سەنتەر و ڕێکخراوانەن کە بە پێی یاسای ژمارە 18 ی ساڵی 1993 دەرچووە، یەعنی ئەمە بۆ ئەوەی بۆ هەموو لایەك وازح بێ، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

**فەرموو سۆزان خان.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**من پشتگیری دەقی ماددەکە ئەکەم وەك خۆی لەگەڵ ئەو مولاحەزەیەی کە هەڤاڵم د.دانا باسی کرد، ئێمە فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانمان هەیە، یاسامان بۆ دەرکردووە، مەفروزە بڕە پارەی فەرمانگەکە بودجەیان بۆ دیاری بکرێ و جیا بکرێتەوە، و ئەو 115 ملیارەی کە باس کرا ئەوە هینی جەمعیاتەکانە، هێ سەنتەرەکانە، بۆیە ئەوە شتێکی جیاوازە، ماددەکە وەك خۆی بەلاَم بکرێ بە دوو فەقەرە، بەشی 15 ملیار دانرێ بۆ فەرمانگە ناحکومیەکان، بۆ خەرج کردنی پرۆژەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان، سوپاس**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

**فەرموو بیریڤان خان.**

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لە ماددەی 11 دا دیاری کراوە کە 200 ملیار دەدرێ بە حیزبە سیاسیەکان و پرۆژەی ڕێکخراوە ناحکومیەکان، دەمەوێ بڵێم ئەو پارەی کە دانراوە یاسایەك نیە تاکو بتوانن بودجەیەکی دیاری کراو بۆ هەر حیزبێك دانرێ، ئەو ماددەیە کاریگەری نیە تاکو یاسایەك دەردەچێ، لە هەمان کات کە ئەوترێ 200 ملیار دانراوە بۆ حیزب و ڕێکخراوە ناحکومیەکان، تێناگەم بۆ ئەو دووانەیان بەیەکەوە بەستیتەوە؟ مەعنای ئەوەیە ڕێکخراوە ناحکومیەکانیش حیزبین، بۆیە داوا ئەکەم لەو ماددەیە ناوی نەبێ ڕێکخراوە ناحکومیەکان، حیزبەکان یاساین بە پێی یاسای ژمارە 1993، بەلاَم بە نا یاسایی ئەو ڕێژە بودجە وەردەگرن، ڕێکخراوە ناحکومیەکان یاسایین و بە پێی یاسا ئەو بودجە وەردەگرن، بەلاَم ئەگەر دەنگ**

بـدەین بـەو ماددەیـە و بـە تـەخمینی پەسـەندی بکـەین، نـازانین چـەند دەدرێ، بۆیـە ئـەڵێم تـاکو یاسـای بودجـەی حیزبـەکان دەرنـەچـێ ئـەو ماددەیـە کاریگـەری نیـە، دووبـارە داوا ئەکـەم ئەگـەر ڕێکخـراوە نـا حکومیەکان ئەگەر حیزبی نین لەگەڵ حیزبەکان نەبن، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك دڵشاد.

**بەڕێز دڵشاد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو مەبلەغەی کە دانراوە بۆ پشتگیری پارتە سیاسیەکان، بەراستی بە پێی ئیجرائاتێکی موئەقەت لە لایەن حکومەت ئـەدرێ، بێگومـان ئـەوە میزاجـی تێـدا بـەکار هـاتووە، عەدالـەتی تێـدا نیـە، زۆرجـار بـۆ سـازدانی سیاسیش لەگەڵ پارەتـەکان بـەکاردێ، مـن بـڕوام وایـە لەبـەر ئـەوەی قـانونی ئـەحزاب ئێسـتا لەبـەر دەمـی پەرلەمان ئامادەیە، تەنها لەسەر مەبلەغەکە مایتەوە، حکومەت خێر بە ئەحزاب ناکا ئەگەر دەعمـی بکـات، مـافێکی خۆیـەتی و بەشـدارە لـە پرۆسـەی سیاسـی و یـاری سیاسـی، بۆیـە ڕام وایـە بـۆ ئـەوەی ئـەم قانونـە فشارێك بێ لەسەر پەرلەمان ماددەیەکی تری بۆ زیاد بکرێ، ئەم پارە خـەرج نـەکرێ هـەتا یاسـای ئـەحزاب دەرنـەچـێ لـەماوەی سـێ مـانگ دا، لەگـەڵ ئـەوەش داواکـارین لـە وەزیـری دارایـی قائیمەیـەك بنێـرێ بـۆ پەرلەمان کە چەند جارێك دراوە بە شـەفەهی و بـە نوسـراویش، ناوەکـانی و مەبلەغـەکانی چـۆن دانـراوە؟ چونکە دڵنیاین بە هەدەردان و حیزبایەتی زۆر کـراوە، بۆیـە داواکـارین وەزیـری دارایـی بـە قائیمەیـەك بـۆ پەرلەمانی بنێرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عبدلله.

**بەڕێز عبدالله ملا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم بکرێ بە دوو فەقەرە، حیزبەکان لەگەڵ ڕێکخراوەکـان جیـا بکرێتـەوە، ئـەوەی حیزبـەکان لە ڕاستی دا دوو ڕێگە هەیە بۆ چارەسەر کردنی، یان ئەوەیە فەقەرەیك زیاد بکرێ لەسەر بنـەمای کورسـی، یان ئەوەیە جێ بەجێ نەکرێ لەماوەی سێ مانگ تا یاساکە دەرئەچێ، و لە ڕاستیش دا ئەمە شتێکی ڕوونە کە بەهەدەردان هەیە، نا عەدالەتی هەیە، ئەو حیزبانەی لە دەستەڵاتەوە نزیکن پارەی زیاتریان پێ ئەدرێ، حیزب هەیە پێی نادرێ، ئەصلی ئەم پارەدانە بۆ گەشە دانە بـە دیموکراسـی، بـەڵام لـە ڕێگـەی ئـەم پـارەوە هەموو ساڵێك دیموکراسی ئەکوژرێت، یەعنی ئازادی کپ ئەکرێ، بۆیە ئەم بەرپرسیارەتیە ئەخمـە ئەسـتۆی سەرۆکی پەرلەمان، ئەم بەرپرسیارەتیە پەیوەندی بە ئایندەی ئەم وڵاتەوە هەیە، پەیوەنـدی بـە مـەبادیئی حزبی هەیە، ئومێد ئەکەم لە ماوەی کەمتر لە سێ مانگ ئەم یاسایە بهێنین، هیچ پاساوێکیش نیـە، یـەعنی

ئا لێرەدا ئەترسن بڵێین کاکە با یاسا دەرچێ، کە وتت بایاسا دەرچێ یەعنی با جێ بەجێ نەکرێ، یەکێکی تر لەو شتانە ئەمڕۆ بەداخەوە قەرزی خوێندنی باڵاکە بوو کە درایە دەست چارەنووسێکی نادیار.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو پەیمان خان.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم ماددەیە دوو ساڵە ئێمە بەردەوام دەنگی لەسەر ئەدەینەوە، هەر بۆخۆی ئەمە بەدەر لە یاسایە ، چونکە ئێمە پێشتر لە ماددەیەکی تردا بۆ تەخصیصێك کە بەرژەوەندی گشتی لەسەر بوو وتمان ئەگەر یاسا نەبێ ناکرێ تەخصیص بکرێ، بەڵام لەم ماددەیە دوو ساڵە هەمووومان بەو پەڕی سنگ فراوانیەوە، بەو پەڕی رۆحی ڕیازییەوە ئەڵێین ئەم ماددەیە با وەکو خۆی بمێنیتەوە، لە کاتێکدا ئەمە بە نەصی صەریح هاتووە ئەڵێ (بە ئیجرائێکی موئەقەت هەتاکو یاسا دەرئەچێت)یەعنی ئیعتیرافمان بە نەبوونی یاسا کردووە لە کاتێکدا هەر ماددەیەك پێش ئەم ماددەیە سوور بووین لەسەر ئەوەی کە ئەگەر یاسا نەبێ نابێ تەخصیص بکرێ، و ناکرێ سندوقێك دابنرێ، بۆیە لەگەڵ ئەوەم کە:

1-ئەمە بکرێ بە دوو بڕگە، و هیچ کام لە پارەکانیش نەهی ڕێکخراوەکان، نە هی حیزب سەرف نەکرێت هەتاکو یەکەمیان یاساکە دەرنەچێ، و دووەمیان، یاساکە کاری پێ نەکرێ، چونکە هەردووکی ئەوەی ڕێکخراوە ناحکومیەکانیش تا ئێستا کە یاساکەش دەرچووە، یاساکە جێ بەجێ ناکرێ، فەرمانگەکە نیە، بە هەمان ئالیەتی پێشوو پارە وەرئەگرن، کە نازانین ئەو ڕێکخراوانە کێن؟ ئیزافە بۆ ئەو پێشنیازە، تەئیدی ئەو هاوڕێیانە ئەکەم کە مەفروزە ئەو ماددەیە نەڕوات هەتاکو وەزیری دارایی قائیمە و بڕی ئەو پارەیەمان پێشکەش ئەکات کە ڕێکخراو و ئەحزابەکان وەریئەگرن، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك سەرهەنگ.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی ئەو ڕایە ئەکەم کە پارەی ڕێکخراوەکان و ئەحزاب جیا بکرێتەوە، بەڕێزان ئەم 200 ملیارە لە ماڵی گشتیە تەرخانی ئەکەین بۆیان، بۆیە پێویستە بۆ پەرلەمان زۆر زۆر بە ڕوونی دیاری بکرێ کە چۆن خەرج ئەکرێ؟ چونکە ئەمە موڵکی گشتیە، لە داهاتوودا بەڕێز وەزیری دارایی وەڵامی داینەوە کە ئەمە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ئەکرێ، بەڵام لە یاساکە زۆر زۆر بە وازحی هاتووە ئەڵێ (ویتم الصرف من هذا التخصیص باجراءات مؤقتة من قبل وزیر المالیة والاقتصاد)، واتە وەزارەتی مالیە ئەو ئیجرائاتانە دا ئەنێ و بەرپرسە لە تەوزیع کردنەکە و هەموومان ئەزانین ئەو تەوزیع کردنە لە ڕابردوودا نا عەدالەتی تێدا بووە، پێویستە بڕگەیەك زیاد بکرێ بۆ ئەم ماددەیە ئیجرائێکی موئەقەت دابنرێ تا یاساکە

دەرئەکەین، و دەرکردنی یاساکە ڕۆژێکی ئەوێ، چونکە هەموو ئالیەتەکان دیاری کراوە بەس میعیارەکان ماون، بۆیە پەرلەمان ئەرکی خۆیەتی میعیارەکان دەربکات، بۆ ئەوەی کە هەر پارەیەك دا ئەنرێ بۆ هەر بابێك بە یاسا ڕێکبخرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سیوەیل خان.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە منیش لەگەڵ ئەوەم ئەو ماددەیە جارێ کاری پێ نەکرێ، تاکو یاسای حیزبەکان دەردەچێ و یاسای ڕێکخراوەکانیش کاری پێ ئەکرێ، هۆیەکانیش باس ناکەم، چونکە پشتیوانی لە هاوکارانم ئەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر عمر.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە هەموو ولأتانی دیموکراسی دا بۆ دەعمی حیزبەکان لە ڕاستی دا پشتیوانی جۆراوجۆر هەیە، بۆ هەڵمەتی هەڵبژاردن، بۆ شێوازی تر بێ، بەلأم پێویستی بە ڕێکخستن هەیە، ڕێکخستنەکەی لە هەرێمی کوردستان خاوەن تەبیعەتێکی تەواو سیاسیە، چونکە حیزبی سیاسی شۆڕشگێرمان هەیە لە دەرەوەی پەرلەمانە، هەمانە مۆڵەت پێدراوە دیسان لە دەرەوەی پەرلەمانە، هەمانە لە ناو پەرلەمانە و کورسی هەیە، هەمانە نەتەوەییە، بۆ ڕێکخستنی قانونی پێویستی بە جۆرێك لە گفتوگۆی نێوان ئەم حیزبە سیاسیانە هەیە، بۆیە تا ئەو حیوارە سیاسیە نەکرێ پرۆسەی بە قانونی کردنی هەروا دەمێنێتەوە، قسە کرا کە پارتی و یەکێتی ئەوەندەیان وەرگرتووە، ئاساییە، زۆریش، بەلأم ئەگەر ڕەچتی بکەین بە بڕی پارەکەوە، لە بڕی پارەکە پارتی و یەکێتی چەندیان وەرگرتووە؟ ڕەچتی بکەین بە کورسی هێشتان پارتی و یەکێتی حەقی قانونی خۆیان بە گوێرەی کورسی وەرنەگرتووە، بۆ نموونە لە 200 ملیار دەگوترێ 110 ملیار وەرگیراوە، ئەمە دەکاتە لە 51٪ ی پارەکە، ئەگەر ڕەچتی بکەی بە کورسی ڕەنگە حیسابێکی تر بێتە ئاراوە، لەگەڵ ئەوەشدا من وەکو فراکسیۆنی کوردستانی ئەگەر باسی ئەو پارەیە ئەکەم با هەر باسی گۆڕان و هی یەکێکی تر نەکەم، باسی هەموویان بکەم، هەموویان بزانین چەندیان وەرگرتووە بۆ ئەوەی وەکو چۆن بۆ ئێمە ئاشکرا دەبێ، با هی ئەوانی تریش بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بێ، تا مەوزوعیانە تەعامول لەگەڵ...، ئێمە لەگەڵ ئەوەین تا گفتوگۆیەکی سیاسی ئەکرێ بە مەبەستی تەفەهومێکی سیاسی ئەمە وەکو خۆی بمێنێتەوە، وەك لە ماددەکەدا هاتووە...

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

من بۆ خۆم وەکو شەخصی پێم خۆشە وەقتێك دابنێین بۆ حەسم کردنی ئەو مەسەلەیە، ئەوە ڕەئی خۆمە.

فەرمووو ماموستا فەرمان.

**بەرێز فەرمان عزالدین:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەراستی ئەگەر دەمانەوێ پێمان بڵێن هەرێمەکەتان دیموکراسیە کە بوونی ڕێکخراوە مەدەنیەکان یەکێکە لە دیموکراسیەتەکە، بەراستی لەوە بە هەڵەدا چووینە، لەبەر ئەوەی زۆری ئەو ڕێکخراوە کۆمەڵگا مەدەنیانە بەراستی بەهەدەردانی سەروەت و سامانێکی زۆرە، باوڕکەن ڕێکخراو هەیە ڕۆژی پێنج شەممان تەنها یەك چارەگە سەعات دەرگای بینایەکەی ئەکاتەوە دوو کەس دێ، چاش ناخۆنەوە، یەکسەر دەرگا قەپات ئەکەن، دەڕۆن، لە شوێنێکی وا خانووی گرتیە کە کرێی مانگانەی لە 1000 تا 1500 دۆلار زیاترە، پێویستە پێداچوونەوە بەو ڕێکخراوانە بکرێن لەبەر ئەوەی ئەم ڕێکخراوانە لەسەر وەلا دامەزراینە، ئێستا ڕۆژی ئەوە هاتووە وەلا وەلابنێین، لەبەر ئەوەی پێدانی ئەو پارە سەروەت و سامانی خەڵکە بە هەدەری ئەدەین، خاڵی دووەم، پشتگیری لە ماموستا (عمر) و کاك (کاردۆ و حاجی بلال) و برادەرانی تریش ئەکەم، بۆ ئەوەی کە باسیان کرد.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو سمیرە خان.

**بەرێز سمیرە عبدالله:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەم ئەوە بکرێتە دوو بەش، دەعمی ئەحزاب بە تەنیا، مونەزەماتی غێر حکومیش بە تەنیا، بەلآم ئالیەتێك دابنرێ تا بزانین چۆن بۆ مونەزەماتی غێر حکومی دەدرێت، لەسەر چالاکیەکانی تر، سوپاس

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو کاك کاروان.

**بەرێز کاروان صالح:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەزئەکەم ئەوە بڵێم کە لە هەموو دونیا پێوەر هەیە بۆ پشتیوانی دارایی بۆ هەر حیزب و ڕێکخراوێك، زۆر ڕوون و شەفافن، ئەو ڕێکخراوانەی کە چالاکیان نەبێ پشتیوانی وەرناگرن، ئەو حیزبەی مولتەزەم نەبێ بە پەیڕەوی ناوخۆ یان بە یاسای ئەحزاب، وەری ناگرێت، ئێمە بگەڕێینەوە بۆ یاسای حیزب و ڕێکخراوەکان کە پەیوەندیدارە بەو ماددەیە، پێوەری دانایە کە کێ ئەو پشتیوانییە وەر ئەگرێ؟ حیزب و لایەنمان هەیە لەو کوردستانە سوود مەندە لەو بودجەیە، نە چالاکی هەیە، نە جەماوەری هەیە، بۆیە پێم

وایە بە زووترین کات یاسای پشتیوانی ئەحزاب دەرچێ، و بە پێی یاسا مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسە بکرێ، چونکە کەس نیە پارە وەرنەگرێ، ئەوانەی کە باس لە شەفافیەت ئەکەن بیاندەنێ بزانن وەری ئەگرن یا نا؟ کۆمەڵێك حیزب هەن هەموویان لەسەر پارە شەڕ ئەکەن، با ئەو 200 ملیارە ئەمساڵ بۆ پرۆژەیەك بێت، هەمووتان بی بەخشن، با ئەو 200 ملیارە بکرێتە مەشروعێکی خەیری، یان بکرێتە مەشروعێکی ستراتیجی بۆ هەرێمی کوردستان، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو زکیە خان.

**بەڕێز زکیە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو بڕە پارە داهاتی دوو فەقەرەیە، فەقەرەك هاتیە وەکو خشتەی داهاتی 115 ملیارە بەس دیڤ ڕوون کردنێ جەنابێ وەزیرێ دارایی کو ڤێ حەفتێ چووی دا ئەڤ ڕوون کرنێ، بژیت ئەڤ پارە بۆ سەندیکا و کۆمەڵە و سەنتەرانە، ئەڤ پارەیێن ل ڤێرێدا هاتیە تەرخان کرن بۆ ئەحزاب و ڕێکخراوێت (ئین ج ئۆ)، ئەگەر ئەحزابا بۆ هاریکاریێ حەتا ڤێ گاڤێ قانونەك نەبی کو هاریکاریا وان بهێتە کرن ئەڤە ڕێکخراوێت (ئین، جی، ئۆ) ل پەرلەمانێ قانونەکا ڕێکوپێکی هەبوو کو ل دیڤ ڤێ قانونێ فەرمانگەهەك بهێتە تەشکیل کرن بۆ هەندێ کو بگورەی پرۆژەیەت دەعمێ مونەزاماتێ (ئێن جی ئۆ) بهێتە کرن، ژبەر هەندێ ئەز دگەل هەندێ دامە کو بمینێتن ب دوو فەقەرا بهێتە کرن، ئێك فەقەرا بۆ ئەحزابا بیتن، فەقەرا دی ل دیڤ پێشنیارا لیژنا کۆمەڵێ مەدەنی دا هاتی کو 15 ملیار بهێتە تەرخان کرن بۆ ڕێکخراوێت (ئین، جی، ئۆ) بۆ هەندێ کو ئەوژی بکەونە سەر سکەی و ل دیڤ ڤێ فەرمانگەهای هەی بشێتن یارمەتیە ڕێکخراوێت (ئێن، جی، ئۆ) بداتن، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرگوڵ خان.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی 15 کە تایبەتە بە تەخصیصی پارەیەك بۆ حیزبەکان، من پشتگیری قسەکانی پەیمان خان ئەکەم، بە ڕاستی ناکرێ ئێمە بە ئیجرائاتێکی موئەقەت ئەمە سێ ساڵە ئەو پاریە تەخصیص ئەکەین بۆ حیزبەکان، لە هەرێمی کوردستان چەند ساڵە حکومڕانیمان هەیە و موئەسەسەمان هەیە، ناکرێ کارێکی وا گرنگ بسپێرین لە ڕێی گۆترەوە حیزبەکان بسپێرین، هیچ ئەساس و بنەمایەکت نەبێ، بۆیە داوا لە وەزیری دارایی ئەکەین ئەو بنەمایەی کە ئەوان پارەی حیزبەکانی پێ تەخصیص ئەکەن بۆمانی دیاری بکەن، و پشتگیری ئەو پێشنیارەی مامۆستا عمر و هەندێ لە هاورێیانم ئەکەم کە باسیان لەوە کرد کە وەزیری دارایی لەبەردەم پەرلەمان ئەو ڕێژە و مەبلەغەی ئەو حیزبانەمان بۆ دیاری بکات کە لە هەرێمی

کوردستان، بە هەموو حیزبەکانەوە، نالێین تەنها دەستەلات، بەڵکو هەموو حیزبەکان چەند وەرئەگرن لە ناو پەرلەمان ئاشکرا بکرێ بۆ پەرلەمانتاران، و پشتگیری ئەو پێشنیارەش ئەکەم کە ئەم ماددەیە بکرێ بە دوو برگەوە، بۆ ئەوەی پرۆژەی رێکخراوەکان کە بە پێی یاسای مونەزەمات تەمویل ئەکرێ لە داهاتودا، هەرچەندە فەرمانگەکە هێشتان دەست بەکار نەبووە، بۆ ئەوەی تەخصیصی ئەوان جیابێ لە تەخصیصی حیزبەکان، کە ئەوەی لەگەڵیان دانیشتووین وەکو لیژنە ئەوان داوای 15 ملیار ئەکەن، ئەویتری کە ئەمێنێتەوە تەخصیص بکرێ بۆ حیزبەکان، بەلأم بە پێی پێوەر و بنەما، و من پشتگیری لەو پێشنیارەی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش ئەکەم کە ئێمە سەقفێکی زەمەنی دابنێین بۆ دەرچوونی ئەم یاسایە، چونکە ئێستا لەوە ئەچێ زۆربەی پەرلەمانتاران گەیشتبنە ئەو قەناعەتە کە ئیرادەیەکی سیاسی نیە بۆ دەرکردنی ئەم یاسایە، بەلأم ئێمە لەو خولەدا کە تەمەنی ساڵێك زیاتر ماوە هەوڵی ئەوە بدەین سەقفێکی زەمەنی دابنێین بۆ دەرکردنی ئەم یاسایە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو هاوڕاز خان.

**بەڕێز هاوڕاز خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە بەرێزت ئەکەم بۆ دانانی سەقفێکی زەمەنی بۆ دەرکردنی یاسای دەعمی ئەحزاب، ئەوە شتێ باشە لێرەدا بیبڕێنینەوە سەقفێکی زەمەنی بۆ دیار بکەین و لەوە زیاتر نەڕوا، دیارە ئەوەی ئێمە لە بودجە بینیمان کە کۆمەڵێك رێکخراوی زانستی و ڕۆشنبیری هەن کە وەزیری دارایش ئاماژەی پێکرد ئەمانە زۆر وازح نین لای ئێمە، ئەگەر بەسەر یەکێتی و سەندیکاکانیش دابەشی بکەی ئەو ژمارە زۆرەی کە ئەو باسی کرد ئەو ژمارە زۆرە، ئەو بڕە پارەی کە بۆی دیاری کراوە بڕە پارەیەکی یەکجار زۆرە، بۆیە جێگەی گومانە، خاڵێکی تر، ئێمە ڕێکخراوەی خێرخوازی و دینیمان هەیە، دیسان لەناو بودجەدا هاتووە، ئەمیش بڕێك پارەی زۆری بۆ دیاری کراوە، ئەوەش هەر دیار نیە لای ئێمە، ئەو 200 ملیارەی کە لە ماددەی 15 دا هاتووە کە تێکەڵی کردووە، جیای نەکردۆتەوە، باس ئەکرێ 15 ملیاری بۆ ڕێکخراوە نا حکومیەکان دێ، ئەوەش بەڕاستی بە دوو برگەی جیا جیا بکرێتەوە، ئێستا پێوەرێك نیە بۆ دابەش کردنی ئەو پارەیە، ئەو پارەیە کە بدرێ بە ئەحزاب، و بە ریکخراوەکانیش، من 100٪ لەگەڵ قسەکەی مامۆستا عمر دام کە نەك هەر ئەو 115 ملیارە، بەڵکو ئەوەی ڕێکخراوە دینی و حێرخوازەکانیش کە نازانین چین و کێن؟ ئەویش بخرێتە سەر ئەم بڕە پارەیە، و بە دوو برگە جیا بکرێتەوە کە بۆ ڕێکخراوە ناحکومیەکان و بۆ ئەحزاب، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر صباح.

**بەڕێز د.صباح بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا لەو خاڵەوە دەست پێ ئەکەم کە (الاحکام لا تطلق جزافا)، هەر حوکمێکی یاسایی کە دەردەچێ نابێ بێ پاساو بێ، مەسەلەی حەیاتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە پشتگیری حیزبەکان هەیە، لە ڕووی ماددی و مەعنەویەوە، هەندێ لە حیزبەکان فیعلەن کەوتوونەتە سەر سکەی خۆیان، ڕەنگە ئەگەر هیچ بودجەشیان بۆ تەرخان نەکرێ کێشە نەبێ، بەلاّم زۆرێك لە حیزبەکان ئەگەر پشتگیری ماددی نەبێ ڕوو بە ڕووی گێروگرفت ئەبنەوە، واتە ژمارەیەکی زۆر لە هاوولاّتیانی هەرێمی کوردستان بژێویان لەسەر ئەو بودجەیە کە ئەدرێ بە حیزبەکان، بۆیە بەڕاستی ڕەوا نیە کە بە ئاسانی بڵێین با ئەم ماددەیە ئیلغا بکرێ یان نەبێ یان بودجەی حیزبەکان ببڕین، بە پێچەوانەوە ئێمە ئەو کەسەین کە لە هاوکێشەکەدا تەرەفێ لاوازە ئەبێ پشتگیری بکەین، (واذا قلتم فاعدلوا ولو کان ذا قربى)، عەدل و ئینساف وا ئەخوازێ کێ حەقی چەندە بیدەینێ، نە زیاتر نە کەمتر، با ئەو قاعیدەمان بەسەردا نەچەسپێ کە ئەڵێ (یهبها من لا یملك ویأخذها من لا یستحقها)، یەعنی ئێمە وەکو پەرلەمانی کوردستان حەقی تەصەروف ئەدەین بە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی کە پارەیەك تەخصیص بکا بۆ دەعمی حیزبە سیاسیەکان، بەلاّم ئەبێ ئەو دەقە دەقێکی ڕوون و ئاشکرا بێ، نابێ بەو شێوەیە بێ کە ئەڵێ بە ئیجرائاتێکی کاتی، چونکە صیغەیەکی زۆر ناڕوونە، ئەبێ بوترێ بە زەوابتی موعتەمەد، کە دیارە وەزارەتی دارایی و ئابووری ئەتوانێ ئەو مەعایرانەمان پێ بڵێ، و بۆمان ئاشکرا بکا بۆ ئەوەی هیچ کەسێك لە حەقی خۆی زیاتر وەرنەگرێ، و هیچ کەسێك لە حەقی خۆی کەمتر وەرنەگرێ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو کاك یاووز.

**بەڕێز یاووز خورشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاك کاردۆ و کاك شێردڵ ئەکەم، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ڕازاو خان.

**بەڕێز ڕازاو محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە قسە زۆر لەسەر ئەوە ئەکرێ ئەحزاب لەسەر بودجەی گشتی پارەی بۆ تەرخان نەکرێ، کە ئەمەش وایە و هەموو حیزبەکان کە لەسەر ئاستی هەرێم کار ئەکەن و ژمارەیان 42 ئەحزابە، هەموویان پارە لەسەر بودجەی گشتی وەرئەگرن، ئەوەی تێبینی منە لەسەر ئەم ماددەیە پشتیوانی ئەو ڕایە ئەکەم کە جیا بکرێتەوە، واتە پارەی ئەحزاب جیا بکرێتەوە لە ڕێکخاروە ناحکومیەکان، بەشی یەکەمم قسە کردن لەسەر

ڕێکخراوە نا حکومیەکان، دیارە بە پێی یاسای ساڵی 2011 ئەمە یاسای هەیە، یەعنی جیاوازە لەوەی یەکەم کە یاسای نیە، بۆیە ئەکرێ ئەم بەشە جیا بکرێتەوە، و ئەم پارەی بۆی تەخصیص ئەکرێ، چونکە هەرچەندە زانیاریمان لەسەر ئەوە هەیە کە هێشتان هەیکەلیەتی ئەو فەرمانگەیە دانەمەزراوە، شێوازی مینحە دانیش پێیان جیاوازە و لە چەند لایەنێکیش وەرئەگیرێت، واتە ئەو ڕێکخراوە ناحکومیانە ئەو مینحەی کە لەلایەن حکومەتەوە پێیان ئەدرێ، هەندێکیان سەربە وەزارەتی داراییین، هەندێکیان سەربە وەزارەتی ڕۆشنبیرین، هەندێکیان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە پارەیان بۆ تەرخان ئەکرێ، کە ئەمەش بەڕاستی ئەرکی سەرەکی ئێمەیە کە بەدوا داچوونی بۆ بکەین، چونکە بە یاسا ڕێکخراوە، بەشی دووەمم، پشتیوانی قسەکانی پەیمان خان ئەکەم کە تۆ هێشتان یاسایەکەت نەبێ کە ئەحزاب بە پێی یاسا ڕێك نەخرابێ چۆن پارەی بۆ تەرخان ئەکەی؟چۆن پشت ئەبەستی بە ئیجرائاتێکی کاتی؟ و پشتیوانی لە ڕای بەرێزت ئەکەم کە ئەم بڕە جیا بکرێتەوە، و ئەم پارەی کە بۆی تەرخان ئەکرێ، ئەکرێ سەقفێکی زەمەنی کە لە......

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك فازڵ.

**بەڕێز فاضل بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لە ماددەی 15 مەبلەغی 200 ملیار دینار کە دیاری کراوە بۆ کۆمەکی ئەحزاب، پێم وایە ئەزانین کە مەسەلەی ئەحزاب دیاردەیەکی تازە و نامۆ نیە لە هەرێمی کوردستان و نە لە هیچ شوێنێکی دونیا، و بوونی ئەو ئەحزابانەش یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی دیموکراتیەت کە دڵمان پێی خۆشە، منیش تەئیدی ئەو قسەیە ئەکەم کە مەسسەلەی کۆمەکی ئەحزاب با بەیاسایەك بێت، هەموو ئەحزابێك با حەقی خۆی وەرگرێ، هەرچەند هەندێ لە هاوەڵانم باسیان لەوە کرد کە بە پێی ڕێژەی کورسی پەرلەمان بێ، من لەگەڵ ئەو ڕایە نیم، چونکە بە حەقیقەت هەندێ لە حیزبە شۆرشگێڕەکانی سەردەمی شاخ مەغدوور ئەکات کە هەیانە کە کوورسیان کەمە، یان هەر نیانە، بۆیە لەگەڵ ئەو ڕایە نیم، پێشنیاریش ئەکەم ئەو مەبلەغە کە دیاری کراوە بە یەك ماددە جیا بکرێتەوە، ڕێکخراوە نا حکومیەکان لەگەڵ هاوکاری ئەحزاب بە دوو بڕگەی جیاواز بێ بۆ ئەوەی هەریەکەیان مافی خۆیان پێ بدرێ، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو صبیحە خان.

**بەڕێز صبیحە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی 15 کە مەبلەغی 200 ملیار بۆ حیزب و ڕێکخراوە نا حکومیەکان تەرخان کراوە، پێم باشە ئەو 200 ملیارە لە دوو فەقەرە جێگای بۆ بکرێتەوە، پارەی ئەحزاب و پارەی ڕێکخراوەکان لە یەکتر جیا بکرێتەوە، بڕگەی یەکەم بڕی 185 ملیار دینار بۆ حیزبەکان تەرخان بکرێ، بڕگەی دووەم، 15 ملیار بۆ ڕێکخراوەکانی نا حکومی تەرخان بکرێ، چونکە ڕێکخراوە نا حکومیەکان خاوەنی یاسای تایبەت بە خۆیانن بە ژمارە (1) لە ساڵی 2011ن هەرچەند ئێستاکە فەرمانگەی تایبەت بە ڕێکخراوە ناحکومیەکان دامەزراوە، بۆیە پێشنیار ئەکەم کە ئەم 15 ملیارە لێرە جێگای بکرێتەوە بۆیان، بەڵام بە نیسبەتی 115 ملیارە، کە لە فەقەرەیەکی تر لەناو ڕاپۆرتی حکومەت ئیشارەتی پێدراوە، ئەمە تایبەتە بە هاوکاری ڕێکخراوەکان و سەنتەرەکان کە خاوەن یاسای تایبەت بە خۆیانن، چونکە لێرە نابێ سەنتەرەکان و جەمعیات و ئەوانە تێکەڵ بە ڕێکخراوە ناحکومیەکان بکەین، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو نەسرین خان.

**بەڕێز نەسرین جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە زۆر لە هاوکارانم ئاماژەیاندا بە ناعەدالەتی دابەش کردنی ئەو 200 ملیار دینارە، ئەمەش هۆکارەکەی ئەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پێوەر، ئەگەر پێوەرێك هەبێ عەدالەتێکی تێدا بەدیٔ ئەکرێ، خاڵێك کە ئەمەویٚ پرسیار لە بەڕێز وەزیری دارایی بکەم کە ئێمە ئەزانین ئەم تەخصیصاتە لەسەر بودجەی گشتیە، بەڵام ئایا لە چ بابێکی بودجەی گشتیدا ئەم پارەیە تەخصیص کراوە؟ ئایا ئەم پارەیە کە لە یەکێ لە بابەکان تەخصیص نەکرابێ لەسەر عیزجەکە دانراوە؟ ئەگەر لەسەر عیجزەکە دانەنراوە ئەگەر ئێستا تەخصیصی بۆ ئەکەین ئەمە نابێتەوە بە عیجزێکی تر بۆمان؟ سەبارەت بە دابەش کردنی بڕی 200 ملیارەکەی ساڵی 2011 و 2012، بەڕێز وەزیری دارایی ئایا تا ئێستا تەسویە کراوە لەگەڵ حیزبەکان سەبارەت بە بودجەی ساڵی 2010 و 2011؟ ئەگەر تەسویە کراوە لەسەر چ پێوەرێك؟ هەرچەندە پار لە کۆبوونەوەیەك ئاماژەت پێدا کە بڕی دابین کردنی ئەو پارانەی کە بۆ پارتی و یەکێتی و حیزبەکانی تر، بەڵام ئەوە بە پێی پێوەر نەبوو، ئایا ساڵی 2011 ەش بە چ پێوەرێکە؟ ئەگەر تەسویە کراوە بۆ تا ئێستا نەهاتۆتە پەرلەمان بۆ ئەوەی هەموو ئەندام پەرلەمانتاران ئاگایان لێ بێ، لە کۆتایدا پشتیوانی هاوکارانم ئەکەم کە ئەبێ حکومەت مولزەم بکرێ بە پێوەر بۆ دابەش کردنی ئەم 200 ملیارە، ئەم پێوەرەش جارێ ئێمە یاسای بودجەی ئەحزابمان هەیە کە لە لیژنەکان دا و بە پرس و ڕاش لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا، شتێکی ئەوتۆی نەماوە، بۆیە داواکارین کە ئەو پرۆژە یاسایە بێتە ناو هۆڵی پەرلەمان و دەنگی لەسەر بدرێ، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عەدنان.

**بەڕێز عدنان عثمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەوڵ ئەدەم بە كورتی هەر ئەوەندە بڵێم لە ئەخیری قانونەكە (دعم الاحزاب حالة اقراره)، بەس تەنها ئەمەی بۆ ئیزافە بكەین، بەو حوكمەی كە ڕاپۆرتەكە حازرە، لیژنەكان قسەیان لەسەر كردووە، و بەڕێزیشت ئەتوانی ئێستا بیخەیتە بەرنامەی كارەوە، هەر موباشەرەتەن دوای پەسەند كردنی بودجە گفتوگۆ لەسەر ئەوە بكەین، دەكرێ لیژنە هاوبەشەكان (ناوخۆ و یاسا و دارایی) دانیشتنێكی لەسەر بكەن، ئەبێ ئەم دەقەی بۆ ئیزافە بكرێ، و (وقانون دعم الاحزاب الذي یجب اقراره خلال مدة لا تتجاوز الشهر السادس)، واتە پێش كۆتایی مانگی شەش پەرلەمان ئیقراری لەسەر بكات، و پێم وایە دوو ڕۆژ زیاتر نابات، یەعنی خاترم گرتوون 10 ڕۆژم پێداون.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شێرزاد.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كرا،سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو عظیمة خان.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئەوەی جێی سەرسوڕمانە ئەمڕۆ لەناو جەلسەی پەرلەماندا ئێمە داواكردنی بڕێك قەرز كە ئەگەڕێتەوە بۆ حكومەت قەرزی خوێندن، لەبەر ئەوەی بەیاسایی نەكراوە، یاسای نیە ڕەفز كرێ، بەڵام بڕێك پارە كە 200 ملیۆن دینارە بۆ حیزبە، باڵام ئەوە كە بەرژەوەندی خەڵكە لێرە ئەو حەقەی بدەینێ كە ئەو بڕە پارەیە دیاری بكرێ، هەتا یاساكە دەرئەچێ، یاسای بودجەی ئەحزاب، مینحەی ئەحزابەكان، ئەم بڕە پارەیە ڕاگیرێت، و سەرۆكایەتی پەرلەمانیش بە بەرپرسی یەكەم ئەزانم لە جێ بەجێ نەكردنی ئەم پرۆژە یاسایە، بەڕاستی حەقی ئەوەیە كە لە ماوەیەكی كورتدا مانگێگ بێ ئەو پرۆژە یاسایە بهێنرێتە ناو پەرلەمان و گفتوگۆی لەسەر بكرێ ئینجا ئەو پارەیە بچێتە بواری جێ بەجێ كردنەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن حسين:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەم ماددەیە بە گرنگترین مادده ئـەزانم لـەناو ئـەم یاسـایە، چونکە ئەمـە ئیشارەتە کـە دیموکراتیەتـە، پەرەپێدانی کۆمەڵگای مەدەنیە، بەردەوام بوونی حیزبە سیاسیەکان لە ناو هەرێمی کوردستان فرە حیزبـی پەیدا ئەکات، بەڵام لێرە پرسیارێکم دێتە پێش کە پێش ئێستا گوتمان ئەوەی بە یاسا نـەبێ نـابێ سـولفەی بۆ دابنێین یان بودجەی بۆ دابنێین، بەڵام ئەمەش یاسای نیە و ئەو هەموو پارەیەی پێ ئەدەن، ئەمە چۆن لێك ئەدرێتەوە؟ چونکە ئەویتر بۆ فەقیر بوو، بەڵام ئەوە بۆ حیزبـە لەبـەر ئـەوە لێـی دەترسـین، مـن لێـرە پشتگیری قسەکانی کاك شێردڵ ئەکەم کە ڕێکخراوە ناحکومیەکان لێرە دەربکەین، چونکە لە جێگایەکی تـر 115 ملیاری بۆ دانراوە، بـۆ سـەنتەری ڕۆشـنبیری و ئەوانـە سـەربە وەزارەتـی ڕۆشـنبیرینە، ئەگـەر سـەربە وەزارەتی ڕۆشنبیرین بودجەی خۆیان هەیە، بۆ لێرە ئەم 115 هەزارە بۆ ڕێکخراوە نا حکومیەکانیش لەوێ دەعم دەکرێ؟ سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو تارا خان.

**بەڕێز تارا ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاسـتی دانـانی ئـەو بـڕە پارەیـە و تێبینـیم لەسـەر ئەوەیـە کـە بـە دوو بڕگـە بێتـە خـوارەوە، بڕگـەی مونەزەماتی غیر حکومی جیـا بـێ، هـی ئـەحزابیش جیـا، لەبـەر ئـەوەی لـە ژێـر موبـەڕیری حیزبەکانـەوە دروست کردنی ئەو مونەزەماتـە بـەو شـێوەیە نـەبێ، بـا بـە پێـی ئـیش کردنیـان و بـە پێـی چالاکیەکانیان پێشکەش بکرێ، لەبەر ئەوەی دوو ئیشی جیاوازە، وا بە باشی ئەزانم کە هەوڵ بدرێ یاسای حیزبەکان بێتە کایەوە تاکو وەکو مونەزاماتی غیر حکومی ئیشی لەسەر بکرێ، و بزانـدرێت کـە بـە چ پێوەرێـك یـان بـە چ شێوەیەك تەقسیمی ئەو پارەیە بۆ حیزبەکان ئەکرێ؟ ئێمە سـەیر ئەکـەین هـەر حیزبێـك چـەند مەقـەڕی هەیە تاکو بتوانین زیاتر ئەو لایەنانەی کە ڕەچاو بکرێ، کەم کردنـەوە لـە مەقـەڕەکان بکـرێ تـا دروسـت بوونی ئەم یاسایە، دووەم شت، لە زۆر وڵات هەیە بەڕاستی تەقسیمی پارەی حیزبەکان بـە پێـی مەقاعیـدی حیزبەکانە، لە جنوبی ئەفریقا بۆ نموونە ئەگەر یەکێ 20 کورسی هەبێ ئینجا لێرەدا ئـەتوانێ وەزیرێکـی هەبێ، حیزبەکان ئەگەر مەقعەدی نەبێ لەناو پەرلەماندا پارەی بۆ تەخصیص نـەکرێ تـەنها ئەگـەر خـۆی پرۆژەی تایبەتی خۆی هـەبێ خـۆی تـەمویلی خـۆی بکات، لەبـەر ئـەوە زۆر حیـزب هەیـە کـە بـە پێـوەری نێودەوڵەتی ئەوەی ئەزانم 38 دۆلارێك ئەکەوێ هەر یەکێ لەناو حیزبەکاندا، بەڵام لای ئێمە حیزب هەیـە زۆر بچووکە 550 دۆلاری بەر ئەکەوێ نەفەری، لەبەر ئەوە حیساباتی تایبەت هەیە، ئـەم قسانە ئـەتوانین

لە یاسای ئەحزاب دا دەستە بەری بکەین و بە شێوەیەکی ڕێکوپێك پشتگیری لە ماددەکە ئەکەم وەکو خۆی، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی-وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەنیسبەتی پێوەر و مەبالیغ کە زوتریش باسم کرد و پێش ئێستاش وەڵامم دایەوە، ئەوە هەمووی لای ئەنجومەنی وەزیرانە، و لە ئیختیصاصی ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەتوانن ئەو پرسیارە ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بکەن بۆ وەلأم دانەوە، بەڕاستی من زۆرجار ئەم مەسەلەیەم باس کردووە، بە نیسبەتی ئەوەی کە ئەم پارەیە لە کوێ هاتووە؟ لە کوێ دانراوە؟ دیارە ئەشکالێك پەیا بووە کە ئەڵێن ئەو 115 ملیارە لەکوێیە؟ ئەمە لە کوێیە؟ 115 ملیارەکە لە ناو مینەح دایە، ئەمە لەناو مەصروفات ئوخرەیە، باس لە تەسویە کردن ئەکرێ، یەکەم، خۆی ئەم قرارە لە یەکەمەوە کە دەرچووە وا ئیتیفاق کراوە ئەم سلفانە زیاد و کەمی تەسدید ئەکرێ، و سلەفی ئەحزاب، بە پێی قانون، یەعنی بۆ تەدقیق کردنی ئەم قانونە ئەڵێم، خازیعە بۆ ئەوەی تەدقیق بکرێ لە لایەن دیوانی ڕەقابەی مالیەوە، و ئەوان ئەو پارانەی کە پێیان ئەدرێ وەکو تەمویل لە شوێنی خۆیدا تەدقیقی ئەکەن و مولاحەزات ئەنێرن، بەلأم تەسدیدی ئەمە بەوەی کە قانونی ئەحزاب دەرچوو زیاد وەرئەگرێ یان کەم، ئەو وەختە کە قانونەکە دەرئەچێ، ئەگەر زیادی وەرگرتبێ ئەوە لێی وەرئەگرینەوە لەو پارانەی کە لەدوایدا ئەیدەینێ، و ئەگەر کەمیشی وەرگرتبێ، ئەوە بۆی تەعویز ئەکەین و ئەیدەینێ، ئەمە بەم شێوەیەیە، ئەم ئیجرائاتە موئەقەتە واتە پارەیان پێ ئەدرێ هەتاکو قانونی ئەحزاب دەرئەچێ، و کە قانونی ئەحزاب دەرچوو زیاد و کەمەکەیان بۆ حیساب ئەکرێ، و پێمان باشە ئەگەر جیا کردنەوەش بۆ پارەی حیزب و بۆ ڕێکخراوەکان، ئێمە لاریمان نیە، بیکەن بە دوو فەقەرە، حیزب بە جیا، 15 بە 185، هیچ مانعیك نیە، پێشم باشە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز جێگری سەرۆکی پەرلەمان ڕوون کردنەوەی هەیە با بفەرموێ.

**بەڕێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەست خۆشی لە ئەندامانی پەرلەمان ئەکەم کە زۆر پێوەریان باس کرد بۆ مەسەلەی ئەم بابەتە، بۆیە منیش پێشنیاری ئەوە ئەکەم کە ئەم بابەتە لە خولی ئایندە ڕێکبخرێ، زۆر سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کەواتە دەنگمان زۆر بوو بۆ ئەوەی سەقفێك دابنێین بۆ قانونی ئەحزاب، فەرموو دکتۆر یەك دەقە.

**بەرێز د.عمر نورەدینی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەنها ویستم ئەوە بڵێم ئێمە بە گوێرەی یاسای ئەحزابی سیاسی ساڵی 1993 ی هەموار کراو، پێدانی دەعمی مالی وەکو مەبدەئێك چەسپاوە، بەڵام چۆنیەتی پێدانەکەی نەبۆتە قانون، بۆیە تا دەرکردنی قانونی ئەحزاب نا، تا دەرکردنی قانونی تەمویلی ئەحزابی سیاسی.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەرێز عونی کمال سعید بەزار:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری جۆراو جۆر پێشکەش کرا، لەو پێشنیارانە قەتع کردنی مینحەی حیزبەکان، پێشنیاری تر دانانی پێوەرێك لەناو یاسا یان یاسایەکی تایبەت، ماددەکە بکرێتە دوو برگە، رێکخراو و حیزب جیا بکرێتەوە، مینەح سەرف نەکرێ، پێشنیار هەبوو، پێشنیاری هەندەك ئەندام پەرلەمان ئەوە بوو پارەکە سەرف نەکرێ هەتا یاساکە دەردەچێ، لەناو ماددەکە سەقفێکی زەمەنی دابنرێت بۆ دەرکردنی یاساکە، پێشنیار کرا کە ئەنجومەنی وەزیران بە قائیمەیەك ئیلزام بکرێ کە ناوی حیزبەکان و ئەو پارانەی کە بۆیان سەرف ئەکرێ بنێرێتە پەرلەمان ماوەی شەش مانگ جارێك، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان، مەعلومە لە کوردستان یاسایەکمان هەیە کە یاسای حیزبەکانە، ژمارە 17 ی ساڵی 93، لەماددەی 14 یاساکە بە یاسا مەبدەئی سەرف کردنی مینحە بۆ حیزبەکان دیاری کراوە، واتە ئەو مەبدەئە تەسبیتە، بەڵام چۆنیەتی سەرف کردنی و ئالیەتی و جۆراو جۆری سەرف کردنەکە کاری پەرلەمانە، و ئێستا پرۆژەیەك لەبەر دەممانە، دەبێ کار لەسەر ئەوە بکەین کە ئەو پرۆژەیە زوو پەسەند بکرێ، و بە پێی ماددەیەکی یاسایی چۆنیەتی خەرج کردنی مینحەی حیزبەکان بە چ شێوەیەك بێ؟ بە مەقعەدی پەرلەمان، یان بەو وەزعەی راپۆرتی لیژنەکانیش پێشکەشیان کرد کە ئێستا لەبەردەم پەرلەمانە بۆ گفتوگۆ کردن لەسەری، سەبارەت بە یاسای رێکخراوە ناحکومیەکان کە پەرلەمانی کوردستان بە ژمارە (1)ی ساڵی 2011 پەسەندی کردووە، لەوێش ماددەی 13 ی یاساکە بە یاسا رێکخراوە کە پشکی رێکخراوەکان لە پارەی بودجە تەرخان ئەکرێ لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە، واتە ئەویش مەبدەئی یاسایی هەیە کە پشتگیری ئەکات، لێرە پێشنیاری یەکەم، ئایا سەقفی زەمەنیەکە چەند بێ کە پێشنیار کراوە؟ شەش مانگ و سێ مانگ؟ زۆرینە شەش مانگیان باس کرد، یان لەدەورەی ئینعیقادی پرلەمان بێ....

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

من خۆم ساحێبی پێشنیارەکەم، دەڵێم لە دەورەی ئینعیقادی داهاتووی پەرلەمان حەسمی قانونی ئەحزاب بکرێ، ئێوەش خۆتان ئازادن، فەرموو.

**بەرێز عونی بەزاز:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری تر ماددەكە ببێتە دوو فەقەرە، ئەصڵی ماددەكە ببێتە فەقەرەی یەكەم، فەقەرەی دووەم تەحدیدی پارەكە بكات، 15 ملیار دینار لە فەقەرەی دووەم بۆ ڕێكخراوە ناحكومیەكان، 185 ملیار بۆ حیزبەكان، ئەم پێشنیارانە پێشكەش كرا، و ئەوەی لەبیرمە.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر.

**بەرێز عمر عبدالعزیز:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

زیاتر لە 10 پەرلەمانتار باسیان لەوە كرد یەك پێوەر بێ بۆ دابەش كردن یاسا دەرئەكەین، دەرناكەین، پێشی ئەخەین، تا ئەو ڕۆژەی یاسای تەمویلی ئەحزاب دەرەئەچێ ئەبێ بە یەك پێوەر ئەو بڕە هەرچەندەیە دیاری بكرێ، من ئەو پێشنیارەم كرد، 10، 15 پەرلەمانتار لەگەڵی دابوون، بە یەك پێشنیار پێوەرەكان دیاری بكرێن.

**بەرێز بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی ئەو پێشنیارانە یەك، یەك لە ڕووی قانونیەوە ببیخەنە دەنگەوە، كامیان دەنگی هێنا ئەوە بڕوێنن.

**بەرێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیار سەبارەت بە ئەو پەیڕەوەی كە ئێستا كاری لەسەر ئەكرێ و حكومەت مینحەكان دەدات، بەلاّم ئەڵێن مەعایرێكی ڕوونی تێدا نیە، وازح نیە، ئایا چاوەڕێی ئەوە بكەین لە قانونەكە حەتمەن كە پرۆژە لەبەر دەممانە لە كاتی پەسەند كردنی یاساكە ئەو پەیڕەوە لەوێ جیا بكرێتەوە.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عەونی تكایە شەرح مەكە، پێشنیارەكان وەك خۆی بخوێنەوە بێ شەرح تكایە.

**بەرێز عونی كمال سعید:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

با ئەندامانی پەرلەمان بۆیان ڕوون بێتەوە چۆنیەتی تەعامول كردن لەگەڵ مینحە، واتە لەگەڵ ڕێزم بۆیان وتیان ئەوە بەهەدەردانی ماڵی میللەتە، بە پێی یاسا بە هەدەردان نیە.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆرە ڕۆژان.

**بەرێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەرێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی پێشنیارەکان ڕێکبخەین و یەکە، یەکە بیخەینە دەنگدان، پێویستە یەکەم پێشنیار باسی لەوە کرد کە ماددەکە بکرێتە دوو بڕگە، لەبەر ئەوەی هەندێ لە بەرێزان پێشنیاری ئەوەیان کردووە کە سەقفێکی زەمەنی دیاری بکرێ، ئەو سەقفە تەنها بۆ حیزبەکانە و بۆ ڕێکخراوەکان نیە، بۆیە سەرەتا ئەو ماددەیە بکرێتە دوو بڕگە، حوکمی حیزبەکان جیا بکرێتەوە لە ڕێکخراوەکان، پاشان ئەگەر پێوەرەکە دەنگی هێنا، سەقفەکە دەنگی هێنا، تایبەت بێ بە کاروباری حیزب، لە بڕگەی یەکەم بۆ حیزبەکان دادەنرێت، یەك لە پێشنیارەکان بە ڕیزبەند باس ناکەم، یەك لە پێشنیارەکان ئەو ماددەیە کە ماددەی 15 یە لە پرۆژە یاساکە بکرێتە دوو بڕگە، بڕگەی یەکەم تایبەت بێ بە حیزب، بڕگەی دووەم بە ڕێکخراوەکان، ماددەکە بەو شێوەیە دابڕێژرێتەوە:

ماددەی 15:

1-يخصص مبلغ قدره 185 مليار دينار لدعم الاحزاب، ويتم الصرف من هذا التخصيص باجراءات مؤقتة من قبل وزارة المالية والاقتصاد.

ئەوە هێشتان پێشنیارەکە دەنگی نەدایە، تەنها دوو بڕگەکە ئەوەی دەدەینە دەنگدان بەرێزان، ئەیکەینە دوو بڕگە، بڕگەیەك 185 ملیار دینار بۆ حیزبەکان، بڕگەیەکیش 15 ملیار دینار بۆ ڕێکخراوەکان، پاشان ئەگەر ئەوانی تر دەنگی هێنا صیاغەی ئەکەینەوە، ماددەکە بۆیە هەمووی ناخوێنمەوە با بدرێتە دەنگدان بەو صیغەیەی ئەیخوێنمەوە ماددەکە تەسبیت ئەبێ، هێشتان پێشنیارەکانی تر دەنگدانی لەسەر نەکرایە.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەرێز بایز تاڵەبانی-وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە نووسیومانە بۆ لیژنەی یاسایی (و لحين صدور قانون تمويل الاحزاب).

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عمر.

**بەرێز عمر صدیق هەورامی:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەمجار با مەبدەئەکە بخرێتە دەنگدان بۆ ئەوەی ئەو دوو بڕ پارەیە لێك جیا بکرێتەوە، بۆ صیاغەکەی با بەرێزان لیژنەی یاسایی تەرتیبی بکەن.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو بیخوێنەوە.

**بەرێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەرێز سەورۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکە ئەوەیە ماددەکە بکرێتە دوو بڕگە، بڕگەی یەکەمی تایبەت بێ بە مینحەی حیزبەکان کە 185 ملیار دینارە، بڕگەی دووەم 15 ملیار بۆ ڕێکخراوە نا حکومیەکان، ئەوە بدرێتە دەنگدان، ئایا ماددەکە بکرێتە دوو بڕگە؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ ئەو مەبدەئەی قبوڵە تکایە دەست بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ 2 کەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو بۆ بڕگەی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیا رێکی تریش کە لەلایەن ئاشتی خان بە نووسراوێك پێشکەشمان کرا، کە سەقفێکی زەمەنی دیاری بکرێ بۆ پەسەند کردنی یاسای بودجەی ئەحزاب کە ماوەکە لە شەش مانگ تێپەڕ نەکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

بڵێ دەورەی ئینعیقادی داهاتوو، وای لێبکە دکتۆرە.

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەسەند کردنی یاسای پشتیوانی حیزبەکان لە خولی گرێدانی داهاتوو.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵدایە وەکو مەبدەئەکە؟ کێ لەگەڵ دا نیە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموو بۆ بڕگەیەکی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە دیاری کردنی پێوەرەکان، پێشنیاری ئەوە کرابوو کە لەیاسای بودجە دیاری بکرێ، پێشنیارێکیش لەو یاسایەی کە ئێستا دەنگی هێنا لەماوەی خولی گرێدان دیاری بکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە ناتوانین ئێستا پێوەر دابنێین، ئێمە بۆیە ئەڵێین لە داهاتوو، چونکە پێوەرەکە لە قانونەکە دایە بەڕاستی ناکرێ ئێستا پێوەر دابنێین، دوو ساڵە ناتوانین ئیتیفاقی لەسەر بکەین چۆن ئەتوانین بە دوو دەقە ئیتیفاقی لەسەر بکەین، فەرموو کاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو مولاحەزەم هەیە، نوقتەی نیزامیشە، یەکەم، ئێمە ئێستا مەبدەئمان خستە دەنگدانەوە، ئەبێ صیاغە یاساییەکەی بنووسرێ، نەصەکەی بنووسرێتەوە و بەو صیاغەیە دەنگ وەرگرێ، دوو، پێوەر دانان

له یاسای ڕێکخراوه نا حکومیەکان یاسایەکە موصادەقەی لەسەر کراوە، تازە ناکرێ ئێمە هیچ پێوەرێك دابنێین، دووەم، بۆ حیزبەکانیش پێویستە پێوەرەکان لەسەر ئەو یاسایە بێ کە بۆ دەعمی مالی ئەحزابەکان لەم یاسایە باسی لەسەر بکەین کە کەی دەردەچێ و ئالیەتەکانی چۆنن؟

**بەرێز د.ارسلان بایز- سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێمە یاسایی نین، بەلآم وامان وت کاك عمر گیان، فەرمووو کوێستان خان.

**بەرێز کوێستان محمد:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەم پێوەرە بۆ بڕگەی یەکەمە، بۆ ئەحزابە، بۆ ڕێکخراو نیە، دووەم، هەتاکو دەرچوونی یاساکە پێوەر هەبێ، چونکە ئیحتیمال هەیە ئەم یاسایە لە سێ مانگ بۆ شەش مانگ بخایەنێ، بۆیە لە ماوەی ئەم سێ مانگە هەتاکو یاساکە دەرئەچێ ئەبێ پێوەر هەبێ، و ئەم پێشنیارە زیاتر لە 10 کەس پشتیوانی لێکردووە، ناکرێ نەخرێتە دەنگدانەوە.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئەیخەینە دەنگدانەوە، بەلآم کوێستان خان، ئێمە دوو ساڵە، سێ ساڵە نەمانتوانیوە ئەو پێوەرە ئیتیفاقی لەسەر بکەین، ئێستا چۆن ئەتوانین لە ماوەی ڕۆژێك ئیتیفاقی لەسەر بکەین، فەرموو جێگری سەرۆکی پەرلەمان.

**بەرێز حسن محمد سورە-جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی ئێمە لە قسەی بەرێز وەزیری دارایی تێگەیشتین ئەو پارەی کە ئێستا ئەدرێ سولفەیە، ئەو سولفەیە ئەم پارە نیە کە موستەحەقی هەر حیزبێکە، بۆیە کە پێوەر دادەنرێ هەر حیزبێك کەمی وەرگرتووە بۆی تەعویز ئەکرێ، ئەوەی زیادیشی وەرگرتووە لێی وەرئەگیرێت.

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا عمر.

**بەرێز عمر عبدالعزیز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نازانم ئێمە لەگەڵ داوای لێبوردن بۆ ماوەی یەك مانگیش بێت ئەم قسەیە بە هەند وەربگیرێ، من ناڵێم پێوەرێك تا بەرێزت بترسی لەوەی بکەوینە موناقەشەی کورسی و مێژوو و مەقەڕ و ئەم شتانە، زۆر وازیحە لێرە بنووسرێ کە پێوەرەکە یەك پێوەر بێ، پێوەرێکی عادیلانە بێن یەعنی بە هەمان پێوەر حیساب بۆ فلآن حیزب ئەکەی با عەینی پێوەر بێ، سولفەیە، قەرزە، مینحیە، هەرچی هەیە بە پێوەرێکی عادیلانە دابەش بکرێ، ئەمە چ ئیشکالیەتێکی تێدایە؟

**بەرێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو سەرگوڵ خان.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی باسی ئەکەین قانونی بودجەیە، هەتاکو 1/1 ی ساڵێکی تر ئیشی پێ ئەکرێ، ئێمەش دامانناوە لە خولێ ئینعیقادی داهاتوودا دەنگی لەسەر بدەین، ئەگەر لە مانگی 9، 10، 11 بێ تا بڵاو ئەبێتەوە لە وەقایە ئەم قانونە ئیتر ئیشی پێ ناکرێ، بۆیە ئەبێ لەم قانونە ئەوە سابت بکەین کە زەوابت چیە بۆ ئەم ماوەی کە شەش مانگ ماوە؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو مامۆستا کاوە.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیمامی عەلی قسەیەکی هەیە ئەڵێ (لا خیر فی حکم الا نفاذه)، ئەزانین سێ ساڵە دانیشتووین ناگەینە زەوابت و مەعایر، ڕەنگە پارتی بڵێ 50 ساڵ خەباتم هەیە، یەکێتی بڵێ 30 ساڵ، گۆڕان بڵێ 3 ساڵ، ئەمە نابێ یەك بێ، ڕەنگە من بڵێم کورسیم زۆرترە لەو، لەبەر ئەوە مەعایر و زەوابت بە ئاسانی پێی ناگەین، من لە یەکەم نوقتەوە وتم ئەو دەستەڵاتە بدەنە وەزارەتی دارایی تەعلیمات دەربکا، کە ناوی وەزارەتی دارایی هاتووە ئەو وەختە چەندەها خەبیری ئیقتیصادیان هەیە ئەتوانن بگەنە شتێك لەو مەزوعەیە، بۆیە یەکەم ئیقتیراحی من بوو بیدات بە تەعلیماتێك ئەو پارەیە کە وەزارەتی دارایی خۆی دەری بکات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

من پێشنیارێك ئەکەم، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بۆخۆی پێوەرێك دابنێ بۆ چۆنیەتی تەمویلی ئەحزاب هەتا قانونەکە تەصدیق ئەکرێ، باشە ئەوە؟ ئێمە ناتوانین لێرە پێوەر دابنێین، فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هیوادارم من هەڵە تێگەیشتبم لەگەڵ ڕێز و حورمەتی زۆرم بۆ برای گەورە و خۆشەویستم مامۆستا عمر، لە باسی پێوەرەکاندا باسی خەبات و ماندوو بوون، بەڕاستی حەق نیە بێ حورمەتی بە خەبات بکرێ بەو صیغەیە..

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر پیاوێکی موحتەرەمە، پیاوێکە قەت قسەی وا ناکا، قسەی واشی نەکردووە، هەمووشمان تەقدیرمان بۆی هەیە، خۆشت ئەڵێ مامۆستا عمر وەکو برا گەورەیەك، واش تەصەروف ئەکا. فەرموو حاجی بیلال.

**بەڕێز احمد سلیمان(بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی ئەوەی بەڕێزت ئەکەم، بەلاّم ئەو پێوەرانەشمان پێ بلێن، سوپاس

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك کرا کە پێوەرەکان بۆ پێدانی ئەو پشتیوانیە بۆ حیزبەکان وەکو ڕێکارەکی یاسایی کاتی لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە دیاری بکرێ.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا دەعمی سلفەی ئەحزاب هەتا ئیقراری قانونی دەعمی ئەحزاب ئەنجومەنی وەزیران پێوەرێك دابنێ، پێشتان باشە وەکو مەبدەئی؟

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك حەمە سەعید.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتە نیزامیەکم هەیە لەسەر سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڕێزت بە لیژنەی یاسایی ئەڵێی بیخە دەنگەوە، دوایی کەسێك نوقتەی نیزامی هەیە، تێك ئەچێ، 10 جار وامان لێهاتووە، بۆیە داوا ئەکەم کە بەڕێزت داوا لە لیژنەی یاسایی ئەکەی ڕێگە نەدەی بە کەس بۆ نوقتەی نیزام، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

کورە کاکە گیان هەمووتان ئەڵێن نوقتەی نیزاممان ئەوێ، هەمووتان ئەتانەوێ قسە بکەن، دوایی ئەڵێن ئارامی قاعە نەماوە، خۆ ئێمە قسە ناکەین، ئێوە قسە ئەکەن، دە فەرموون ئێستا 3 کەس، 4 کەس دەستی بەرز کردۆتەوە، ناکرێ، بیخوێنەوە و تەواو، تەبعەن ئەوە سێ سەعاتە دوو ماددەمان موناقەشە تەواو نەبووین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆرە ڕۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

داڕشتنەوەی ماددەی 15 کە وا پەسەند کرا بکرێتە دوو بڕگە.

ماددەی 15:

1-يخصص مبلغ قدره 185 مليار دينار لدعم الاحزاب ويتم الصرف من هذا التخصيص باجراءات مؤقتة من قبل مجلس الوزراء وفق المعاير العادلة على ان يتم تسوية مبالغ السلف المستلمة من قبل الاحزاب في سنة 2011 والتي تستلم في سنة 2012 لحين اصدار قانون الدعم المالي للاحزاب على ان يصدر خلال دورة الانعقاد المقبلة.

2-يخصص مبلغ قدره 15 مليار دينار للمنظمات الغير الحكومية وفق قانون رقم (1) لسنة 2011 .

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دایە؟ دووبارە بیخوێنەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

عەرەبیەكەی دەخوێنمەوە و هەوڵ ئەدەم بیكەمە كوردی لە هەمان كاتدا.

ماددەی :15

1-يخصص مبلغ قدره 185 مليار دينار لدعم الاحزاب ويتم الصرف من هذا التخصيص باجراءات مؤقتة من قبل مجلس الوزراء وفق المعايير العادلة على ان يتم تسوية مبالغ السلف المستلمة من قبل الاحزاب في سنة 2011 والتي تستلم في سنة 2012 لحين اصدار قانون الدعم المالي للاحزاب على ان يصدر خلال دورة الانعقاد المقبلة.

2-يخصص مبلغ قدره 15 مليار دينار للمنظمات غير الحكومية وفق قانون رقم (1) لسنة 2011

ئەگەر دەتانەوێ بە كوردیەكەی هەوڵ ئەدەم بەس بە كوردیەكەی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ لەگەڵ دایە؟ كێ لەگەڵ دا نیە؟ 10 كەس لەگەڵ دا نیە، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند كرا، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا خەلەل هەیە، لە وەرگرتنی پێشنیارەكان، چۆنیەتی تەرح كردنی پێشنیارەكان بۆ دەنگ دان و یەكلایی كردنەوەی، پێشتر لە شێوەی جیا جیا دەنگمان لەسەر دا، ئێستا لە شێوەی پەكێجێك پێشكەشمان كرایە، بۆیە من لە ڕابردوودا دەنگم لەسەر بڕگەیەك نەدا، ئێستا پێكەوە ناچار بووم دوو بڕگەی تێدابوو، بۆ یەكێكی دەنگ ئەدەم، بۆ یەكێكی دەنگ نادەم، من چی بكەم لەم حاڵەتەدا؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆكی پەرلەمان:**

بڕادەرانی ئۆپۆزۆسیۆن هەستان و هاواریان كرد ئەڵێن ئێمە كە قانونێك ئیقرار دەكەین لەگەڵ هەندێكین، لەگەڵ هەندێكی نیم، بەلاَم كە ئەیخەینە دەنگ ئاخر جار ئەڵێن ئەو یاسایە بە عام لەگەڵی دان یان نا؟ ئەوە قانونەكە وایە چی بكەین، فەرموو بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة 16:

تلتزم وزارة المالية والاقتصاد بتأمين المبالغ للاستمرار في:

1-تأمين القرض العقاري للمواطنين في المحافظات والاقضية والنواحي والقرى حسب التعليمات والظوابط المرعية وتعزيز حسابه عند الحاجة، مع اعفاء المقترض من شرط التامين على الحياة.

2-دعم مشاريع القطاع الزراعي عن طريق المصرف الزراعي.

3- دعم مشاريع القطاع الصناعي عن طريق المصرف الصناعي.

4-دعم المشاريع السياحيه.

5-الاستمرار في صندوق دعم المشاريع الصغيره بموجب قرار رقم (11) من قانون صندوق دعم المشاريع الصغيره للشباب رقم (2) لسنه 2011.

7-الاستمرار في دعم المشاريع الخدميه للمناطق المتنازع عليها (ماده 140).

8-الاستمرار في دعم هيئه الاستثمار مع اعطاء الاولوية للمشاريع السكنية المشمولة في النواحي والقرى.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لانە خان.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 16: وەزارەتی دارایی و ئابووری ئیلتیزام دەکات بە دابین کردنی گوژمەکان بۆ بەردەوام بوون لە:

1-دابین کردنی قەرزی عەقاری بۆ هاوولاٌتیان لە پارێزگا و قەزا و ناحیە و لادێکان بە گوێرەی ڕێنماییەکان و پرەنسیپە کارپێکراوەکان و پاڵپشتی کردنی حیسابی لەکاتی پێویست دا لەگەڵ بەخشینی قەرز پێدراو بەمەرجی دابین کردنی ژیان.

2-پشتگیری کردنی پرۆژەکانی کەرتی کشتوکاڵ لە ڕێی بانکی کشتوکاڵیەوە.

3-پشتگیری کردنی پرۆژەکانی کەرتی پیشەسازی لە ڕێی بانکی پیشەسازیەوە.

4-پشتگیری کردنی پرۆژەکانی گەشت و گۆزار.

5-بەردەوام بوون لە سندوقی پشتگیری پرۆژە بچووکەکان بە گوێرەی بڕیاری ژمارە (11) لە یاسای سندوقی پرۆژەی بچووك بۆ گەنجان ژمارە (2)ی ساڵی 2011.

6-پێشینەی هاوسەرگیری بەردەوام دەبێ و بەخشینی هاوسەرگیری بۆ ڕۆڵەی شەهید و ئەنفال کراوەکان.

7-بەردەوام بوون لە پشتگیری پرۆژەکانی خزمەت گوزاری بۆ ناوچە جێ ناکۆکەکان (ماددەی 140).

8-بەردەوام بوون لە پشتگیری دەستەی وەبەرهێنان لەگەڵ ئەولەویەت بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێ بوون ئەوانەی دەیان گرێتەوە لە ناحیەکان و دێیەکاندا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.ڕۆژان دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئـەوەی تێبینیـەکانی کـە لـە ڕاپـۆرتی لیژنـەی یاسـایی دا هاتیـە پـێم باشـە ڕوون کردنەوەیـەك بـدەم سەبارەت بەو ماددەیە، لەبەر ئەوەی ئێمـە چـەند ماددەیـەکمان پەسـەند کـرد لـە دانیشـتنەکانی پێشـووتر، پێویستە هەندێك بڕگە لێرە هەڵگیرێ و گفتوگۆی لەسەر نەکرێ لەبەر ئـەوەی بـە مـاددەی قـانونی لـە نـاو قانونەکە تەسبیت کرایە، بۆ نموونە بڕگەی یەکەم کە قەرزی عەقاریە تەسبیتمان کرد و بڕەکەشمان دیاری کرد، بڕگەی شەشەم ئەویش بوویتە ماددەکی قانونی پێویست ناکا، بڕگەی حەوتەمیش پێویست ناکا، ئـەو سێ بڕگەیە هەرسێك بوویتە سێ ماددەی قانونی لەناو یاساکە هاتیـە، سـەبارەت بـە پێشـنیارەکانی لیژنـەی یاسایی، لە بڕگەی پێنجەم تێبـینی ئـەوەمان هەیـە (بموجب قـرار رقـم (11)، ئـەو ڕسـتەیە پێویست ناکـا، لەبەر ئەوە ئاماژەیان بەو بڕیارە کردیە کە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێم پەسەند کرایـە، ئێمـە عادەتـەن لـە ناو یاساکە ژمارەی یاساکە و ساڵی پەسەند کردنی تەنها ئاماژە بەوە دەکەین، بۆیە پێویستە بڕگەی پێنجەم دارشـتنەوەی بـۆ بکـرێ (بموجـب قـرار رقـم (11) ئەوەنـدە لادرێ، بڕگـەی هەشـتەمیش پێویسـتە دووبـارە دابڕێژرێتەوە بەو شێوەیە (الاستمرار في دعم هيئـە الاسـتثمار وصـندوق الاسكان في وزارة الاعمـار والاسـكان لديمومة بناء الوحدات السكنية للمواطنين لذوي الدخل المحدود مع اعطاء الاولوية للمشاريع السكنية مشمولة في النواحي والقرى)، واتە تەنها ڕستەیەکمان بـۆ ناوەڕاسـتی بڕگـەی هەشـتەم زیـاد کردیـە، ئـەوە پێشـنیاری لیژنەی یاسایە، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز-سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو دکتۆر ئاراس.

**بەڕێز د.ئاراس حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ دەقی بۆچوونی لیژنەی یاساییین، کاتی خۆشی ئاماژەمان پێداوە لە ڕاپۆرتەکەدا.

**بەڕێز حسن محمد سوورە/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئەوەی کە دەیەوێ قسە لەسەر ئەم ماددەیە بکات؟ با ناوەکان بخوێنینەوە: د.أحمد وەرتی، کاك حەمە سعید، سۆزان شهاب، کوێستان محمد، د.ڕێباز، پەیمان عبدالکریم، بێریڤان سەرهەنگ، پەروین عبدالرحمن، د.سەروەر عبدالرحمن، شلێر محمد نجیب، کاوە محمد أمین، سیوەیل عثمان، پەیمان عزالدین، عبدالله ملا نوری، عەزیمە نجم الدین، فەرمان عزالدین، شێرزاد حافظ، عدنان عثمان، نەسرین جمال، نەریمان عبدالله، هاوڕاز خۆشناو، سەرگوڵ خان، محمد شارەزووری، گۆران ئازاد، نیشتمان مرشد، گەشە دارا، فازل بەشارەتی، عمر عبدالرحمن، شەونم محمد، عمر عبدالعزیز، د.عمر نورەدینی، ئەڤین عمر، تارا ئەسعەدی، شڤان أحمد، ئاهەنگ عارف، برهان رشید، کاك شوان نوقتەی نیزامی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز شوان کریم کابان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوساش هەر وتم هیوادارم بە هەڵە لە قسەكانی كاك عمر تێنەگەیشتبم، ئەگەر كاك عمر وای نەوتبێ من داوای لێبووردن لەبرای بەڕێزم كاك عمر دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز حسن محمد سوورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڵێ كاك عمر.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بۆ دڵنیایی جەماعەت كە لێرەن من وتم كورسی یە، خەباتە، مەقەراتە، وا دیارە ئەو بەو خەباتە تێگەیشتووە، لەبەر ئەوە وشەكە بزانن ئاوا بووە، مەقەراتم وتووە نەك خەبات، نا نا بە تەئكید سەیری پرۆتۆكۆلیش.........

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا وازحە، زۆر سوپاس، د.أحمد، فەرموو، تكایە وەقت تەحدیدە، ئەوەی زیاد قسەی بكات دەیكوژێنینەوە، كۆنتڕۆڵ مەجال مەدەنە هیچ پەرلەمانتارێك لە وەختی خۆی زیاتر قسەی بكات، دوو دەقە، فەرموو.

**بەڕێز د.أحمد وەرتی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەك ئەوەی ئێمە پێشتر خاڵێكمان كە ڕێككەوتنی لەسەر كرابو لە نێوان هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی، بۆ دیاری كردنی بڕی ئەو گوژمانەی كە بۆ ئەو بوارانە دیاری كرابوو، من پێم باش بوو ئەو ماددەیە بمانگواستبایەوە بۆ ئێرە، نەك ئەو جەدوەلەی كە حكومەت ناردبێتی، یەعنی ئەوەی كە لە جەدوەلی حكومەت دا هاتووە، ئێمە نەقلمان كردووە بۆ ئەو ماددەیە و بڕەكانمان دیاری كردبا، پرۆژە یاسای بودجەی پاریش ئێمە وامان كرد، دیاریمان كرد، بە نیسبەت تەئمینی قەرزی عەقاری، ڕاستە پێشتر ئێمە ماددەیەكمان دیاری كرد، بەڵام ئەوەی ئەخیری تێدا نیە (مع إعفاء المقترض من شرط التأمين على الحياة)، كە ئێمە پاریش بڕیارمان لەسەر دا، بۆیە من پێشنیار دەكەم كە ئەوە لێرە بمێنێتەوە، سەبارەت بە دەعمی مەشاریعی سیاحی من پێشنیار دەكەم (والمواقع الأثرية)ی بۆی زیاد بكرێ، چونكە پێشتریش ئێمە لە لیژنەكان دا پێشنیارمان كرد زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان باسیان لەوە كرد كە بواری شوێنەوار گرنگی پێ نەدراوە، بۆیە لە فەقەرەی 4 خاڵی 4 (دعم المشاريع السياحية و المواقع الأثرية)ی بۆ زیاد بكرێ، ئەوانی تریش بەڕاستی من دووبارەی دەكەمەوە، پێم باشە كە ئەو ماددەیەی پێشوو كە ئیتیفاقمان لەسەری كرد بە بڕەكانیانەوە نەقل بكەین بۆ ئێرە، ئەوەی كە زیادە لای بەرین، ئەوی دیكە بگونجێنین، وەكو لە پرۆژە یاسای بودجەی پار دا تەسبیتمان كرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حەمە سعید، فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاستە ئەوەی کە د.ڕۆژان باسی کرد کە تەئمینی قەرزی عەقاری و لەگەڵ ئیستیمرار دەعمی مەشاریعی خەدەمی (للمناطق المتنازع علیها)، ئەوەمان باس کردووە، لەگەڵ سولفەی زەواج، بەڵام بڕی کولیمان بۆ ئەو فەقەرانە دیاری نەکردووە، پێویست بە دیاری کردنی بڕی کوللی دەکات، بۆ ئەوەی ئیلتیزام لەسەر حکومەت دروست ببێ، نە لەوە زیاتر خەرج بکات نە لەوە کەمتر، بۆ نمونە بڵێین 100 ملیار بۆ قەرزی عەقاری، یان بە پێی جەدوەلەکە بێ، مەشاریعی زراعی مەسەلەن بڵێ 50 ملیار، مەشاریعی سناعی 50 ملیار، سیاحی بڵێین 30 ملیار، ئەو بڕانە بە پێی جەدوەلەکە بێ و بە پێی ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی کە خۆی لێرەیە و نوێنەری حکومەتە، ئەو بڕە کوللییەکان، گوژمە کولییەکان دیاری بکرێ بۆ ئەو فەقەرانە و سوپاس، لەگەڵ فەقەرەی ئەو ماددەیەی تر بە ماددەیەکی ئیزافی دا یەك بخرێ، چونکە ئەوانە هەمووی ئەوانیش بڕ دیاری کراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان، فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەرچەندە هۆڵەکەش چۆڵ بووە، من ئیقتیراح دەکەم ڕێك بخرێت ئەوە، لەبەر ئەوەی (تأمین القرض العقاري) ئێمە دوێنێ دەنگمان دا بۆ ئەوەی کە گوندەکان ببێتە 25 ملیۆن، ئەوانی تر وەك خۆی بمێنێتەوە، کاتێ کە دێیتە شەشەم (تستمر سلفة الزواج) ئێمە دوێنێش دەنگمان دا بۆ ئەوەی (تستمر وزارة المالیة و الإقتصاد) ئەوەش بە شێوازێك لە شێوازەکان لەگەڵ مولحەقی ئەو ماددەیەیە، (وتستمر)، یەعنی وای لێ بێ (وتستمر وزارة المالیة و الإقتصاد بصرف السلف سلفة و منحة الزواج، قرض المصرف العقاري و الصناعي و الزارعي و المشاریع الصغیرة لحین تصدیق موازنة السنة المالیة) بکرێتە پاشکۆی ئەمانە، ئەوە هەشتەکە ئەو بکرێتە نۆیەم، یاخود یەکسەر بکرێتە ماددەیەك یەکسەر لە دوای ئەوانەوە، پشتیوانی ڕای لیژنەی یاسایی دەکەم، کە سندووقی ئیسکانی بۆ زیاد بکرێ، چونکە خۆشی حکومەت هەر خۆی باسی کردووە کە من 50 ملیار دادەنێم، یەعنی من بەس قسەم لەسەر ڕێك خستنەکەی هەیە، ئەگینا وەکو مەبدەء وەکو خۆیەتی، بمێنێتەوە...

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کوێستان خان، فەرموو.

**بەڕێز کوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەو ڕێکخستنەوەیەم کە د.ڕۆژان باسی کرد، ئەو سێ فەقەرەیە لابرێت، چونکە پێشتر باس کراوە، بەڵام پێویستە سندووقی ئیسکان و ئیعمار زیاد بکرێ، بە جیا بێ لە سندووقی ئیستیسماردا نەبێ، چونکە وەك 49 ملیارەکەی پاری لێ دێت، لەگەڵ ئەوەدا ئیزافەیەك بکرێت کە ماوەی 49 ملیارەکەی ساڵی پار کە تەرخان کراوە تەمویل بکرێ بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، چونکە ئەوە ئێستا کێشەیەکە لەبەینی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و دارایی بۆی تەمویل ناکەن، لە 20٪ی پرۆژەکەی تەواو کردووە، پارەکەی نادەنێ، بۆیە سندووقی ئیسکان و ئیعمار بەجیا بێ، ئیزافەیەکیش هەبێ کە ماوەی 49 ملیارەکەی پاریشی بۆ تەمویل بکرێ، هەروەها شەبەکەی حیمایەی ئیجتیماعی زیاد بکرێت، چونکە لێرە نیە، هەروەها زیندانی سیاسی زیاد بکرێ بە زیندانیانی شەڕی ناوخۆشەوە، د.ڕۆژان پێشنیارەکانم نانووسی، سندووقی ئیسکان و ئیعمار 49 ملیارەکەشی بۆ ئیزافە بکرێ، هەروەها شەبەکەی حیمایەی ئیجتیماعی خاڵێکی تر بێ، زیندانی سیاسی بە زیندانیانی شەڕی ناوخۆشەوە، هەروەها دامەزراندنی حاکم، بە تایبەتی حاکم بۆ شاری سلێمانی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د.ڕێباز، فەرموو.

**بەڕێز ڕێباز فتاح محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر ئەو ماددەیە بەو شێوەیە بێ کە ئێستا نووسراوە، من تەصەور دەکەم هەم لە موازەنەکە، هەم لە پرۆژە یاساکە ئەو خاڵانەی کە ناوی هاتووە هەمووی پارەی بۆ دانراوە، لەبەر ئەوە ئەو ماددەیە هەر زیادەیە، یەعنی ئەگەر یەکێك بیەوێ ئەو پرۆژە یاسایە جێبەجێ بکات، ئەصڵەن ئەو ماددەیەش نەخوێنێتەوە بۆ خۆی جێبەجێ دەبێ ئەو خاڵانە، ئیتر چ پێویست دەکات تیکراری کەیتەوە؟ .

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عبدالکریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هاوڕام لەگەڵ هاوکارانم کوێستان خان و د.ڕێباز، بێجگە لەوە وا پێشنیار دەکەم ئەو سندووقەی کە بۆ قەرز دانراوە، ئەو سندووقە با بڵێین ئێمە تا چەند ساڵی تر تەمویلی ئەو سندووقە دەکەین؟ ئەو سندووقە بۆ خۆی تەبیعەتێکی هەیە پارەکە وەردەگیرێتەوە دێتەوە ناوی، یەعنی حەقە دیاری بکەین سەقفە زەمەنییەکە تا چەند ساڵ؟ بۆ پێنج ساڵ ئەوە دیاری دەکەین بۆ دوو ساڵە، سێ ساڵە، ئەوە زۆر زۆر لێرە زەرووری یە لێرە دیاری بکەین، خاڵێکی ترم هەیە بە نیسبەت ئەو پارانەی دیار دەخرێ، ئەو دەعمی

مەشاریعی زراعی و صناعی و ئەوە، ئەوەندەی ڕێنمایی زۆرە، ئەوەندە ڕێنمایی زۆرە، یەعنی ئەوخەڵکەی کە تەقدیمی ئەو سولفەیە دەکەن نازانم حەقە جەنابی شێخ بایز وەزیری دارایی بۆمانی ڕوون بکاتەوە ئەو هەموو ڕێنماییەیە چی یە؟ ئەرزەکەی بۆ لە ڕەهن دادەنێم و ئیتر سولفەکەی پێ دەدەم، یەعنی خەڵك زۆر زۆر کە سوودمەندە لەو با بڵێین دەعمانە، خاڵێکی تریش هەیە کە تەئکیدی لەسەر دەکەمەوە، لێرانە تازە ڕۆژان خان خوێندیەوە، کە دەیمومە بە کاری هەیئەی ئیستیسمار بدرێ، ئێمە لەسەرچی دەیمومەی پێ دەدەین کە نەتائیجی پێشوومان لەلابێ، هێشتا ئێمە نەتائیجەکەی تر نازانین کە لە (قری و أریاف) چی کردووە هەیئەی ئیستیمرار؟ کە بێم دیسان پارەی بۆ تەرخان بکەمەوە؟ خاڵێکی تریش کە بەڕاستی لە گفتوگۆکانیش باسمان کردووە، موخەصەصاتی خوێندکاران، هی قۆناغی زانکۆیی، بە مەعاهد و ناوەوەی شار و دەرەوەی شار، دەبێ زیادی بکەین لێرە، دەبێ شوێنی بکەینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بێریڤان خان، فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەم ئەو خاڵانەی کە تێیدایە لە ماددەی 16دا، خۆی لە بواری جێبەجێ بوون دایە، بەڵام خاڵێك هەیە تێیدا نیە، من حەز دەکەم بچێتە ناوی، چونکە چەند ئەندامێکی پەرلەمان پێشتر باسیان لەوە کرد بودجەی ژینگە بۆ فەرمانبەرانی زۆر کەمە، ناتوانن هەستن بە کارەکانیان، چالاکییەکانیان ناتوانن جێبەجێ بکەن، بۆیە دەڵێم بەردەوام هاوکاری دەستەی ژینگە بکرێت، چونکە لای من هاوکاری ژینگە زۆر گرنگترە لە سولفەی زەواج بۆ گەنجان، ڕاستە گەنجان پێویستییانە ژن بێنن، بەڵام ئەگەر ژینگەیەکی تەندروستییان نەبێت، ئەوە چۆن دەکرێ؟ بۆیە ئەگەر یارمەتی دەستەی ژینگە بدرێت بۆ پرۆژەکان و کارەکانیان هەر وەکو چۆن یارمەتی دەستەی وەبەرهێنان دەدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەروین خان، فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە دیارە وەك لیژنەی پێشمەرگە و شەهیدان چەند پێشنیارێکمان خستە بەردەم لیژنەی پەیوەندیدار، بۆ ئەوەی دەرج بکرێ لەگەڵ یاساکەدا، چونکە ئەگەر ئەو پێشنیارانە بە تەعلیمات بێ، لە وەزارەت دەربچێ جێبەجێ کردنیان ئەستەمە، بەڕێز وەزیری داراییش ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر ئەو پێشنیارانە، وتی ئێمە هیچ مانعاتێکمان نیە سەبارەت بە کەس و کاری شەهیدان، بۆیە من سەر لە نوێ دیسان ئەو پێشنیارانە دەخەمە ڕوو، یەکەم شت صەرف کردنی تێچووی تەواوی ساڵانی خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن، ئەو بڕە پارەی کە دەدرێت بۆ بەخێوکردنی دایکی شەهید دیارە 75 هەزارە، من داوا دەکەم بکرێت بە

200 هەزار، هەروەها زیاد كردنی ئەو بڕە پارەی كە تەرخان دەكرێت بۆ هاوكاری كەس و كاری شەهیدان لە 75 ملیۆنەوە بكرێت بە 150 ملیۆن، ئەو پارەی كە دەدرێت بۆ دروست كردنی خانی و خۆكڕ 27 ملیۆنە ببێتە 36 ملیۆن، هەروەها دابین كردنی بودجەیەك بۆ هەڵدانەوەی گۆڕە بە كۆمەڵەكان، هەروەها ئێمە دیارە منداڵانی شەهیدمان هەیە لە جامیعە ئەهلیەكان دەخوێنن، بەڵام بە هۆی تەعلیماتەوە دیارە ئەوەی كە لە جامیعەی ئەهلی دەخوێنێ موخەصەصاتی مانگانەی نیە، وەكو ئەوەی كە لە جامیعە حكومییەكان هەیە، بۆیە من داوا دەكەم ئێمە ئەگەر سەرژمێرییەك بكەین بۆ منداڵانی شەهید كە لە جامیعە ئەهلییەكان دەخوێنن ڕێژەیان بەو دەرەجە نیە، حكومەت دەتوانێ موخەصەصاتێكی مانگانەیان بۆ ببڕێتەوە، بۆیە من داواش دەكەم كە موخەصەصاتێكی مانگانە بۆ ئەو منداڵانە لە جامیعە ئەهلیەكان دەربڕێ، هەروەها سولفەی زەواجیش بدرێت بە منداڵانی پێشمەرگەی كەم ئەندام، وەكو ئەو پێشمەرگانەی كە كۆن بوونە، بەڵام ئێستا كەم ئەندام بوون، ئەوانیش منداڵەكانیش شمولی ئەو سلفەی زەواجە بكرێن، بە نیسبەت سولفەی عەقاری، دیارە ئێمە خەڵكانێكمان هەبوو لە نیزامی پێشوو پێش 91، پێش ڕاپەڕین، سولفەی عەقاریان وەرگرتووە و موستەفید بوون، بەڵام ئەوانە ئێستا كە لە حكومەتەكەی خۆمان سولفەی عەقاری بە هۆی ئەوەی كە پێشتر موستەفید بوون ناتوانن ئێستاكە وەریگرن، من پێشنیارێك دەكەم كە ڕێنماییەك دەركرێ بۆ ئەوەی بتوانن ئەوان موستەفید بن لەو سولفە عەقاری یە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د.سەروەر، فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە هەر مادده و بڕگەیەك لە یاسا دادەندرێت بەڵام مەبەست لێی ئەوەیە كە حكومەت ناچار بكرێ مولزەم بێ بە جێبەجێ كردنی، بەڵام هەست دەكەین هەندێك لەوانە زیاتر ئینشائین كە داندراون، بۆ نموونە خاڵی چوارەم كاتێك دەڵێ پشتگیری كردنی پرۆژەكانی گەشت و گوزار، نازانم ئەگەر بێت و بڕی پارەكەی بۆ تەرخان نەكرێ لێرە ئەوە حكومەت هەر خۆی لەسەریەتی پشتگیری ئەو پرۆژانە بكات، بۆ نموونە لە بەڕێز وەزیری دارایی دەپرسم ساڵی پاریش ئەوە هەبووە، چەندی پارە بۆ داندراوە؟ چی لێكراوە؟ كێ سوودی لێ بینیوە؟ پێمونیە ئەوە سوودی لێ بینرابێت وەكە ئەوەی كە ئێمە ئاگادارین، بۆیە یان بڕی پارەكەی بۆ دەستنیشان بكرێ، یان ئەوە بەڕاستی لێرە هەڵبگیرێت، خاڵێكی تریان سەبارەت بە خاڵی هەشتەم كە باسیشیان كرد، ئەوەش هەقە دەستكاری بكرێ، كە هەم ببێ بە بەردەوام بوون لە پشتگیری سندووقی نیشتەجێبوون بۆ وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێبوون و دەستەی وەبەرهێنان بە مەبەستی جێبەجێ كردنی یاسای ژمارە 7ی ساڵی 2008ی هەمواركراو كە بۆ خەڵكانی كەم دەرامەتە، بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، خاڵێكی تر ئێمە پێشتر پێشنیار دەكەین كە زیاد بكرێ، باسی ئەوەمان كرد كە

شوێنەوار بەداخەوە پارەی بۆ تەرخان نەکراوە وەکو پێویست، لێرەدا پێویستە کە بڕێك پارە تەرخان بکرێ کە هیچ نا لە 10 ملیار کەمتر نەبێ، چونکە ئەو پارە هەیە لەو برەی کەوا بڕدراوە تیایدا، ئێمە کۆمەڵێك ژمارەیەکی زۆر خانووی کلتووریمان هەیە، کۆنمان هەیە لە شار و شارۆچکەکان بەردەوام تێکدەدرێن و بەرەو لە ناوچوون دەچن، هیچ نا بۆ ئەوەی حکومەت بتوانێ تەملیکیان بکات و بیانکرێتەوە وەزارەتی شارەوانی، خاڵێکی تریش یەکێك لەو کێشانەی کە هەمانە ئێمە مەسەلەی خانووە بێ تاپۆکانە ئەوەی لە شار و شارۆچکەکانن، ئەو کێشەیە چارەسەر ناکرێ ئەگەر بێت و نەخشەی بنەڕەتی شار و شارۆچکەکان دانەنرێ، لێرەدا پێویستە بەوەی کەوا برێك پارە دەستنیشان بکرێ بۆ هەمان مەبەست، بۆ ئەوەی کە نەخشەی بنەڕەتی شار و شارۆچکەکان بە زووترین کات جێبەجێ بکرێ، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان، فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من د.سەروەر کردی، بەڵام ئەگەر بە عەرەبی بۆ ئەوەی لیژنەی یاسایی بەڕاستی بە هەند وەری بگرێ، لە چوارەم دا (دعم المشاريع السياحية للقطاع الخاص) ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێ، ژمارە (8) (الإستمرار في دعم صندوق الإسكان لوزارة الإسكان والتعمير وهيئة الإستثمار مع إعطاء الأولوية للمشاريع السكنية لذوي الدخل المحدود حسب القانون رقم 7 لسنة 2008 المعدل)، خاڵێکی تر زیاد بکرێ یەعنی ئەو مەشاریعی سەکەنیە بۆیە دەڵێم لایبەرن، چونکە ئەوە پاریش بە هەمان شێوە هات، نیە، یەعنی هەیئەی ئیستیسمار هیچ مەشروعێکی نیە بۆ ناحیەکان و لادێکان، دەبێ بزانین کە ئەوە لە ناو شارە، لەبەر ئەوەی ئەو ئیشە دەکات وەزارەتی ئیسکان و تەعمیر، بەڵام هەیئەی ئیستیسماری لەگەڵ بێ، بۆ ئەوەی بۆ هەردووکیان بۆ خەڵکی کەم دەرامەت ئیش بکەن، خاڵێك زیاد بکرێ (تخصيص مبلغ 20 مليار لهيئة الآثار لتمليك الدور التراثية في المحافظات و الأقضية)، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، موشکیلەیەکی زۆر هەیە لێرە لە گەڕکی تەعجیل لە هەولێر، لە گەڕەکە کۆنەکانی سلێمانی، لە دهۆك، کە بەڕاستی خانوویەکە دەستی بەسەردا گیراوە، نە دەتوانێ ئەو کەسە بیفرۆشێ، نە دەتوانێ چاکی بکات، لەبەر ئەوە ئەوانیش دەڵێن ئێمە پارەمان نیە تەملیکی بکەین، با پارەیەك دابنرێ چونکە ئەوان دەڵێن ئەو بودجەیەمان نیە، دەیەم (تخصيص مبلغ 20 مليار لتطبيق التصاميم الأساسية للأقضية و النواحي) ئەگەر ئێمە ئەوە نەکەین باوەڕ بکەن ئەو 100 ملیارەی دامانناوە بۆ ئەو شوێنانە هیچی تەتبیق ناکرێ، چونکە هیچ بستێ ئەرز نیە بە ناوی حکومەتەوە ئەگەر تەصمیمی ئەساسی پارەی هەبێ، دەتوانێ زۆر شوێن چاك بکات بە شێوەی خۆی، ئیتر لەو کێشانە زۆری ڕزگارمان دەبێ، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو د.ڕۆژان.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بابەتانەی کەوا پێشتر لە ماددەکانی تر پەسند کراوە پێویست ناکات ئێستا گفتوگۆی لەسەر بکرێ، ماددەیەك بە دەنگدان یەکلایی کراوەتەوە پێشنیاری نوێ ئێستا ناتوانین قبول بکەین، ئەوە یەك، دوو/ نەفەقات هەمووی پەسند کراوە، ئێستا لە کوێ پارە دەینی بۆ ئەو بوارانەی کە هەموو پێشنیاری نوێ دەکرێ و زیاد بکرێ؟ کە پێشتر ئەوەی تەخصیصاتیە تەخصیصاتی بۆ کراوە، ئەوەی نیە ئێستا لە دوای پەسند کردنی ئەو هەموو ماددەی بودجە ئەو پێشنیارە نوێیانە لە کوێ جێی بۆ بکەینەوە؟ تکایە ڕەچاوی ئەو خاڵانە بکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قسەی خۆت کرد د. سەروەر، مامۆستا کاوە، فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد أمین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشەکی پشتگیری لیژنەی یاسایی دەکەم بۆ ئەوەی کە ئەو بڕگانەی دووبارە بوونەتەوە لەو ماددەیەدا، کە پێشتر ئیشارەتیان پێدا لە بڕگە و ماددەکانی پێشتر، لاببردرێن، هەروەها بە نیسبەت بڕگەی شەشەم کە باسی سولفەی زەواج دەکات بۆ منداڵانی شەهید، من پێم باشە لێرە ئەگەر بتواندرێت ئیشارەت بە منداڵانی شەهیدی ناوچە دابڕاوەکانیش بدرێت، لەبەر ئەوەی بەڕاستی با ئەوانیش دڵخۆش و دڵنیا بن لەو سولفەی زەواجەی کە دەیاندرێتێ، هەروەها پشتگیری ئەو ڕایەش دەکەم کە سندووقی ئیسکان و تەعمیر کە 49 ملیاری بۆ تەرخان کراوە تێکەڵی بە هەیئەی ئیستیسمار نەکرێ بە پرۆژە هەیئەی ئیستیسمار، چونکە ئەوە بە تەحدید بۆ ئەو کەسانەی کە کرێچی و کەم دەرامەتن، بەڵام ئەگەر تێکەڵ بکرێ بزر دەبێت، بۆ ئەوەی ئەوە وەکو خۆی بمێنێتەوە، با مەشروعی هەیئەی ئیستیسمار بەجیا بێت، ئەو پارەی کە دانراوە بۆ سندووقی ئیعمار و تەعمیر، ئیسکان و تەعمیر، کە بۆ خانووی کەم دەرامەت پرۆژەی ئیسکانی خەڵکی کەم دەرامەت و کرێچی دەکرا، بە جیا بمێنێتەوە، هەروەها ئەو گوندانەی کە کاتی خۆی بە زۆرە ملێ تێکدران و هاتن لە ئۆردوگای زۆرە ملێ خانوویان درایێ، هەتا تەعویزیشیان درایێ کە ئێستاکە سولفەی عەقار نایانگرێتەوە، ئێمە پێمانوایە ئەوە ماوەیەکی زۆر دوور و درێژی بەسەردا تێپەڕیوە، هەروەها ئەو خەڵکانە کە بە زۆر لە جێگە و ڕێگەی خۆیان هەڵکەندراون، هاتوونەتە ئۆردوگا زۆرە ملێییەکان، حەق نیە ئێستاکە سولفەی عەقار نەیانگرێتەوە، حەقە لێرە داوا بکرێ کە سولفەی عەقار ئەوانیش بگرێتەوە، چ لە ئۆردوگاکان، چ دەگەڕێنەوە گوندەکان، سولفەی عەقار بیانگرێتەوە بۆ دابین کردنی قانونی نیشتەجێ بوون خۆیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سیوەیل خان، فەرموو.

**بەڕێز سیوەیل عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە قسەکانی شلێر خان دەکەم، کە بڕە پارەیەك دابنرێ بۆ ئەو لیژنەی تەشکیل دەکرێ، د.ڕۆژان دەڵێ ئەوە پێشنیارە و تەخصیصات تەواو بووە و لە بودجەی دانراوە، ناکرێ ئیزافە بکرێ، بەڵام بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان لە ڕاپۆرتی لیژنەی شارەوانی پێشنیارمان کردووە دەبوایە لیژنەی هاوبەش دیراسەتیان کردبا، بە نیسبەت ئەو خاڵەی، خاڵێکی ترمان هەیە بە نیسبەت ئەوەی پشتیوانی لە کاك کاوەی دەکەم، ئەوانەی بە زۆرە ملێ کاتی خۆی تەرحیل کراین پارە وەزارەت گۆتیان بە موستەفید حیسابیان ناکەین، بەس حەزمان لێ یە وەزارەت جەوابمان بداتەوە، ئایا موستەفیدن یان موستەفید نینە؟ لەبەر ئەوەی ئەوان تەرحیل کران، بە تۆبزی تەرحیل کران، بە ئارەزوومەندانە نەبوو، خاڵێکی تریشمان هەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ڕاستە د.ڕۆژان دەڵێ خاڵی یەکەمم لابرد لەو ماددەیە، من لەگەڵیمە لای برد و سولفەی عەقار، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لێرەدا سولفەی عەقار هەر کەسێك وەری بگرێ پاریش کاك عەونی باسی کرد ئەگەر وەری گرت و ئەو کەسە مرد، کە ئەگەر یەکێك بمرێ شەیتان دەستی لێ هەڵدەگرێ، بەڵام نازانم لەبەرچی وەزارەتی دارایی بەدووی دەکەوێت دەڵێ دەبێت قەرزەکەم بدەیتەوە، نموونەم هەیە لەسەر ئەوەی حەز دەکەم بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، حەز دەکەم وەزارەتی دارایی بۆمان ڕوون بکاتەوە، لەبەر ئەوەی کەسێك هەیە مردووە لەوانەیە چەند کەسانێك بەس تەلەفۆنیان کردووە، مردووە نیوەی سولفەکەی وەرگرتووە، کەم دەرامەتە هەیکەلەکەشی تەواو نەکردووە، کابرا مردووە، کەچی وەزارەتی دارایی دەڵێ لەبەر ئەوەی تەئمینەکە نەماوە دەبێ تۆ پارەکەی لێ بگێڕیتەوە، ئەوانیش نیانە بیدەنەوە، پاریش کاك عەونی گوتی ئەوەی کە بمرێت بە یاسا تەبعەن عەفو دەکرێ، بەڵام بۆ خۆم لە مودیری بەنقم پرسی صەباحەت خان کە ناوی دەینم ئیعتیادی یە، ئەگەر ناوەکەشی ڕەشکەنەوە تەبیعی یە، پێم گوت صەباحەت خان ئەو پارەی لەبەرچی وەردەگرنەوە لەو مردییەی؟ وتی لەبەر ئەوەی ئێوە ئیعفاتان کرد لە تەئمینەکەی، سووی تێدانیە دەبێت ئێمە وەری بگرینەوە، لێرە پێم خۆشە یەك، عەفو تەواو سەرۆکی پەرلەمان، یەکلایی بکرێتەوە، ئایا وەریدەگرنەوە پارەکە لە مردووەکە؟ یان وەریناگرنەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

پەیمان خان، فەرموو.

**بەڕێز پەیمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا پشتیوانی قسەیەکی د.سەروەر دەکەم کە باسی لە ئینشائی بوونی ئەم ماددەیەی کرد، بەڕاستی ئەگەر ئەم ماددەیە لە هەموو ئەو دەعمانەدا ژمارەی لەگەڵ نەبێ، مەبلەغی لەگەڵ نەبێ، بە ماددەیەکی ئینشائی دەمێنێتەوە، باتڵە، وەکو ئەوەیە کە ئێمە هاووڵاتیانی خۆمان بخەڵەتێنین بڵێین لە بودجەدا

دەعمی ئەوەمان کرد، بەڵام هیچ بڕە پارەیەکی بۆ دانەنراوە، بە تایبەتی کە هەندێکی ئیستیمرارە لە دەعم کردندا، هەندێکی ناوی سندووقی تیادا هاتووە، کەواتە جیا لەوەی دەبێ پارەکەی تەحدید بکرێ، دەبێ ئێمە وەکو ئەندامی پەرلەمان بزانین ئەوەی کە ساڵانی پێشووش دەعمی لێ کراوە لەم بوارانەدا، چەندێ دەعم کراوە؟ چەندێ پارەی تیا ماوەتەوە؟ پێویست دەکات ئێمە چەندی تری بۆ دابنێین؟ ئەوە دەبێ بە واقیع، زائیدەن ئەوەی کە پارەکان دابنرێ، من پێشنیاز دەکەم بۆ برگەی شەشەمی مینحەی زەواج بۆ مناڵی شەهیدان و ئەنفالکراوەکان، مناڵانی کەم ئەندامانی سەنگەریشی بۆ ئیزافە بکرێ، کە ئەوانیش بگرێتەوە لە ناو ئەوەدا، جگە لەوەی کە داوا دەکەم لە ناو دەعمەکان دا دەعمی سەنتەری شێرپەنجە کە گرنگترین سەنتەرە و کەمترین پشتیوانی ماددی هەیە لە هەرێمی کوردستان دا بۆی ئیزافە بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبداللە، فەرموو.

**بەڕێز عبداللە مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەو ڕایەم مەبلەغەکان دەستنیشان بکرێ، هەروەها لەبەر ئەوەی شوکر لە خوا بەزیاد بێ داهاتی ناوخۆیی زۆرە، یەعنی پارەی نەوت و ئەوانە زۆرە، من چەند پێشنیارێکی تریش دەخەمە ڕوو پێشنیاری یەکەمم ئەوەیە ئەو دەعمی مەشاریعی بچووکە کە 15 ملیۆن دینارە، لە ڕاستی دا هەندێك پرۆژە هەیە پرۆژەی بچووکیشن بەس بە 15 ملیۆن دینار بەڕێوە ناچن، ئەم مەبلەغە کەمێك زیاتر بکرێ باشترە، داوا دەکەم زیاد بکرێ، نوقتەیەکی تر کە دوێنێ پێشنیارم کرد و ئەمڕۆ تەئکیدی لەسەر دەکەمەوە، هەزاران، سەدان هەزار خێزان هەیە کرێ نشینن، ئیتر 300 هەزار بە کرێ دەدا، 200 هەزار دەدا، 400 هەزار دەدا، ئەرکی حکومەتە خانوویان بۆ دروست بکات، تا ئەو کاتەی خانوویان بۆ دروست دەکات داواکارم مەبلەغێك پارە تەرخان بکرێ بۆ ئەوەی بدرێ بەو کەسانەی کە کرێنشینن پارەی خانووەکەی پێ بدات، کرێ خانووەکەی پێ بدات، نوقتەیەکی تر داواکارم ڕووبەڕێکی گەورەی هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی وشکەساڵی بۆتەوە، زەرەرمەندی گەورەن، پارەی بۆ تەرخان بکرێ قەرەبوو بکرێنەوە، نوقتەیەکی تر ئەوەی کە پەیوەندی بە سولفەی زەواجەوە هەیە من زۆرم پێ باشە کە کوڕان و کچانی شەهید و شەهیدان دەبەخشرێن، بەڵام پێشنیاری ئەوەش دەکەم گەنجێکی تری ئاسایی کە هەژارە، لەبەر ئەوەی هەژارە قەرزی وەرگرتووە، بە میکانیزمێکی تر قەرزەکەی لێ وەربگیرێتەوە، ئەگەر مناڵی یەکەمی بوو با 50٪ لە قەرزەکە لێی خۆش بین، مناڵی دووەمی بوو با 100٪ لە قەرزەکەی لێی خۆش بین، یەعنی ئەرکی حکومەتە نەك قەرزی پێ بدات، خانووی بۆ دروست بکات، کە خانووی بۆ دروست ناکەی 5 ملیۆن دیار چیە حکومەت لە 2 گەنجی داماوی وەرگرێتەوە؟ نوقتەیەکی تر ئەوەیە پشتگیری ئەو ڕایەی پەیمان خان دەکەم بۆ ئەو سەنتەری شێرپەنجەیە، هەروەها ئەو ڕایەی پەیمان عبدالکریم بۆ پشتیوانی خوێندکاران، لە ڕاستیشدا من تکا دەکەم بۆ خاتری خوا ئەگەر دەرفەتێك ماوە قەرزی خوێندنی باڵاکەی ئێستاش ئیزافە

بکەین، بۆ خاتری خوا با خەمێکی ئەو خوێندکارانەمان بێ کە لە ئێستا لە ئەوروپا و لە میسر و لە لوبنان و لە ولاٌتانی.........

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

عظیمة خان، فەرموو.

**بەڕێز عظیمة نجم الدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەم ماددەیە وەزارەتی دارایی و ئابووری ئیلزام دەکات بە دابین کردنی گوژمەکان بۆ بەردەوام بوون، بۆ خۆی ئەم هەشت خاڵەی کە من تێبینیم کردووە بەردەوامبوونی بیمەی بێکاریش یەکێك بووە لەو بڕە پارە بەردەوامانەی کە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلاٌیەتی بەخشیویەتی بە دەرچووانی پەیمانگا و زانکۆکان کە دانەمەزراون، بەلاٌم من لێرە پێشنیار دەکەم ئەو بیمەی بێکاری یە بەردەوام بێت و پیشەییەکانیش بگرێتەوە، ئەوە خاڵێك، خاڵی تر پێشینەی هاوسەرگیری بەردەوام دەبێ بە بەخشینی هاوسەرگیری بۆ ڕۆڵەی شەهید و ئەنفالکراوەکان، بەڕێزان، ئێمە لێرە خاڵێك هەیە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی ڕابردووش دا ڕەچاوی ئەوەی نەکردووە کە تەنها بۆ منداڵی کەس و کاری شەهیدان، ئەی ئەو شەهیدانەی کە سەلٌت بوونە؟ یەعنی خوشك و برا یەکێك لەوانە نیە کە ئەولەویەتی پێ بدرێ حیسابێك بۆ خوشك و برای ئەو شەهیدانەش بکرێ کە کەسێکی سەلٌت بووە، هیچ کەسێ ئیمتیازێکی وەرنەگرتووە لە دوای شەهیدبوونی ئەوان، من پێشنیار دەکەم کە خوشك و برای شەهیدیش ئەو پێشینەی هاوسەرگیرییەی بۆ بکرێ، خاڵێکی تر لە هەشتەم دا بەردەوام بوون لە پشتگیری دەستەی وەبەرهێنان، لەگەڵ پێدانی ئەولەویەت بە پرۆژەکانی نیشتەجێ بوون، ئەوانەی دەیانگرێتەوە لە قەزا و ناحیە و لادێکان، بۆچی لێرە قەزاکان لابراوە؟ تەنها بۆ ئەو دوو بەشە کە ناحیە و لادێکانە، قەزاکانیش پێویستیان بە دەستەی وەبەرهێنان و ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ بوون هەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا فەرمان، فەرموو.

**بەڕێز فەرمان عزالدین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە هاوکارانمان بەڕاستی زۆر باسیان کرد، بەلاٌم من لە خاڵی سێیەمەوە بەڕاستی 6 ملیار تەرخان کراوە بۆ کەرتی پیشەسازی، من دەپرسم ئێمە کۆمەڵە کارەگەیەکمان لە کوردستان هەبوو بەڕاستی، کارگەی جگەرە لە هەولێر و سلێمانی، کارگەی ڕوخام لە هەولێر، ڕستن و چنین لە هەولێر، کارگەی شیرەمەنی و ئەلبان لە هەولێر، دارتاشییەکەی هەولێر، چیمەنتۆی تاسلوجەی سلێمانی، کارگەی لە قوتوودانانی هەریر، کارگەی ئارد، ئەوانە یەکیان نەماون، بەڕاستی یەك کارگە نەماوە سەر بە کەرتی گشتی بێ، کارگەکان هەموو بووینە کەرتی تایبەت، یاخود زەوییەکەی بۆ کارگەی تر بەکار هێندراوە، شەش ملیاری بۆ تەرخان

کراوە، پرسیارەکە لێرە لە جەنابی وەزیر ئەوەیە ئەوەی کە تەرخان کراوە بۆ ئەو کەرتی پیشەسازی یە کامن ئەو کارگانە کە ئەو مەبلەغەیان بۆ تەرخان کراوە؟ بەرهەمەکانیان کامانەن؟ ئەوە بەرهەمی ساڵی ڕابردوویان چەندە تاوەکو ئێمە 6 ملیاری بۆ تەرخان بکەین؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی سکرتێری پەرلەمان نوقتە نیزامییەکی هەیە، فەرموو.

**بەڕێز فرست أحمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر تەماشای ئەو بەندانە بکەین زۆربەیان پێش ئێستا جێگای موناقەشە بوو، حەسم کرابوو، تەخصیصاتی بۆ داناوە لە ناو جەدوەل، بە موجبی فەقەرە 2 لە مادده 56 هەر مەوزوعێك حەسم کرابێ جارێکی تر نابێت ئێمە بێین نیقاشی لەسەر بکەین، ئەگەر بێت و تەخصیصاتی بۆ دانەنابێت، لێرە دانەنێین بۆ هەندێکیان، 100 جار بڵێین دەعم و ئیستیمرار حکومەت ناتوانێت دەعمی بکات، ناتوانێت ئیستیمراریش بکات، چونکە ئەصڵەن مەبلەغ بۆ موخەصەص نیە، بۆیە من لەگەڵ ڕەئی کاك ڕێبازم کو ئەو ماددانەی پێش ئێستا بۆ هاتبێتە تەخصیصات، بۆ هاتبێتە دانان هەی موناقەشە لەسەر نەکرێ، ئەوانەی تەخصیصاتیش بوون نەهاتبێتە دانان یان تەخصیصات تازە بۆ دابنێن، یانیش نیقاشی لەسەر نەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێرزاد، فەرموو.

**بەڕێز شێرزاد عبدالحافظ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دیارە دوو پێشنیارم هەیە، یەکیان لە ژمارە 6 ئەوەی کە سولفەی زەواج بدرێ بە کوڕ و کچی شەهید، داوا دەکەم بدرێ بە کوڕ و کچی کەم ئەندامی سەنگەریش، کە بەڕاستی زۆر کەمە، نیسبەیەکی ئەو پەڕی ناگاتە 500 نەفەرێك کە ئەوانە کەم ئەندامانی سەنگەر خۆتان دەزانن ئێستا هەمووی بوون بە باپیرە، هی ئەوە نیە کوڕیان ژن و ئەوە بێنێ، بۆیە پێویستە ئەوە بخرێتە ئەو هینەوە، لە برگەی شەش دا، یان بە برگەیەکی تر بۆی زیاد بکرێ، بۆ ئەوە پشتیوانی مالیشمان هەیە، تا ئێستا 8 ملیار دینار لەو تەخصیصاتەی کە کراوە ماوە لەوەدا، یەك، دووەمیان هەر لەسەر کەم ئەندامانی سەنگەرەکە، کەم ئەندامانی سەنگەر لە هەموو دونیادا، لە وڵاتە پێشکەوتووەکان دا قەدری ئەو کەسانە دەزانن کە شۆڕشیان کردووە، حیسابی ئەوەیان کردووە کە ئەو خەڵکانە پێویستە یارمەتییەکی جیا لەوەی کە وەکو خەڵکی ئیعتیادی ئیش دەکەن بیاندرێتێ، دوو کارمەند بێننەوە بە نموونە لە ناو دائیرەیەك دا، ئەو دوو کارمەندە یەکیان کەم ئەندامی سەنگەرە، یەکیان ئیعتیادی و هیچ موشکیلەیەکی نیە، کەم ئەندامی سەنگەر چەند پێویستی بە یارمەتی ترە، چ لە ماڵەوە، چ لە دەرەوە، چ ڕۆیشتن، چ ئەم لا، ئەوی تر پێویستی پێ نیە،

لەبەر ئەوە من داوا دەکەم ئەو مووچەی کەم ئەندامانی سەنگەر کە وەری دەگرن، تەئسیر نەکات لە کارێك ئەگەر کردیان لە دەرەوەی ئیشەکەی خۆیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عدنان، فەرموو.

**بەڕێز عدنان عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دیارە پشتیوانییەکی زۆری قسەکانی کاك شێرزاد و پەیمان خان و کاك عبداللە دەکەم، هەمووی، تەنها لەسەر مەوزووعی دەعم کردنی کرێنشین، لە ڕاستی دا پاریش قسەمان لەسەری کرد، ناشزانم یەعنی کە ئەوە پەسند ناکرێ بەڵام هەر بە ویژدانانە بیڵێم، یەعنی زۆر لەو بەڕێزانەی کە لێرەشن لە ئەورووپا ژیاون، یەعنی تۆ لە کارگەیەك دا ئیش دەکەی، یان لە هەر شوێنێك دا ئیش دەکەی، حکومەت ناتوانێت کرێکە زیاد بکات، یەعنی سەقفی کرێ دیارە مەحدودە، دیاری کراوە، لێرەش دا وایە، یەعنی حکومەتە، وەزیفەیە، کەرتی تایبەتە زیادی ناکات، بەڵام کە تۆ کرێیەکی زۆر دەدەی بە خانوویەك، یەعنی کرێچییەکی زۆرمان هەیە، موعاناتێکی زۆر هەیە بە دەستی ئەوەوە، حکومەت دێت وەك ئەوەی کە لە بودجەی گشتی دا حکومەت دێت دەعمێکی ئەو کرێ نشینانە دەکات کە سەقفی مووچەکەیان زۆر کەمە، بە 200 هەزار بێ، بە 300، یەعنی نیسبەیەك 30٪، 40٪ی کرێکە بۆ ئەو کرێ نشینانە دیاری دەکرێ، یەعنی ئەوە شتێکە لە وڵاتانی ئەورووپا زۆر موتەبەعە، کاری لەسەر دەکرێ، لە کوردستان دا زۆر زۆر گرنگە، لەبەر ئەوەی سەقفی مووچە زۆر کەمە، بۆیە ئێمە دەتوانین ڕێژەیەك دانێین، ئالیەتەکەیشی زۆر ئاسانە، یەعنی ئالیەتەکەی دەکرێ ساڵانە حکومەت بە بڕێك یەعنی بە یەك جار بخرێتە سەر مووچەکە پێیانی بدات، یەعنی پێموانیە کارێکی قورس و پێویستی بە زۆر تەعلیمات و زۆر یاسای ئەوانە بێت، بۆ کاسبکاران، بۆ کرێکاران، بۆ فەرمانبەرانی پلە نزمەکان دەکرێت، تەخصیصێك دادەنرێت لەم یاسای بودجەیە، موخەصەصاتێك دادەنرێت بۆ دەعم کردنی کرێ خانووەکانیان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نەسرین خان، فەرموو.

**بەڕێز نەسرین جمال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من چوار خاڵم هەبوو، بەڵام خۆشبەختانە دوو خاڵیان هاوکارم کاك سەروەر کە باسی سیاحەی کرد لەگەڵ شوێنەوارەوە باسی ناکەم ئەوە پشتیوانی دەکەم، خاڵێکی تریان لەم مەسەلەی زیندانیانی شەڕی ناوخۆ پشتیوانی پێشنیارەکەی کوێستان خان دەکەم، خاڵی چوارەم کە دەمەوێ باسی بکەم لەسەر مەسەلەی قەرەبووی جووتیارانە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە لە هەرێمی کوردستان دا بواری کشتوکاڵی بوارێکە کە دەبێ هەموو لایەکمان گرنگی پێ بدەین، یەکێ لەو خاڵانەی کە دەمانەوێ کشتوکاڵ بەرەو پێشەوە بڕوا

مەسەلەی قەرەبووی جووتیارە، قەرەبووی جوتیار وا لە جوتیار دەکات دڵی بە زەوییەکەی، دڵی بە بەرهەمەکەی خۆش بێ، ئەمساڵیش و پاریش دیارە جووتیارانی هەرێمی کوردستان زەرەرمەند بوون، هەروەکو کاك عبداللە ئاماژەی پێدا ئەمساڵ بە هۆی وشکەساڵییەوە، بەڵام ساڵی پار بە هۆی چەند حاڵەتێکی بڵێین سروشتییەوە وەکو ڕەشەبا و هەم لە هەندێ مەنتیقە کەمی باران و ئەوانە تەئسیری کردۆتە سەر بەروبوومی کشتوکاڵی جووتیاران، بۆیە من پێشنیارەکە دووپات دەکەمەوە، ئەگەر بێت و ئێمە بتوانین قەرەبووی جووتیاران بکەین کارێکی زۆر باشە، هەوڵی ئەوەش بدەین دیارە جووتیارانی ساڵی پار کە بە نووسراوی ڕەسمی هینیان بۆ کراوە، پێشنیاریان بۆ کراوە قەرەبوو بکرێتەوە لە وەزارەتی زراعە، لە محافەزەکانی خۆیانەوە گەیشتۆتە وەزارەتی دارایی، بەڵام لە هەندێ کات دا ئەو قەرەبووە دوا دەکەوێت، بۆیە ئێمە داوای ئەوە دەکەین کە هەوڵ بدرێ پەلە بکرێ لە قەرەبوو کردنەوەی جوتیاران بۆ ئەوەی بتوانن لە کاتی خۆی دا سوودمەند بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك نەریمان، فەرموو.

**بەڕێز نەریمان عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە پێشنیارەکانی کوێستان خان دەکەم لەگەڵ کاك عبداللە، هەروەها کاك شێرزاد، کاك عدنان و نەسرین خانیش بەڕاستی باسی ئەوەیان کرد کە قەرەبووی جووتیاران، بەڕێزان گەرمیان هەموو بنەتۆویشیان هەڵنەگرتۆتەوە، ئەوەی کە دانەوێڵەی کردووە، بەڕاستی یەعنی کامل گەرمیانی گرتۆتەوە وشکەساڵی، هەندێ لە ناوچەکانی تری هەولێر و دهۆکیشی گرتۆتەوە، بەڵام من پێشنیار دەکەم ئەگەر قەرارە ئەوە بخەینە ناو قەرەبووەوە، ئەم پێشنیارە بنووسین (قەرەبووی هەموو ئەو جووتیارانە بکرێتەوە بە هۆی وشکەساڵییەوە بەروبوومی دانەوێڵەیان هەڵنەگرتۆتەوە، بە تایبەت گەرمیان، لە ڕاستی دا گەرمیان هیچی هەڵنەگرتۆتەوە، هیچ کەسێکی، بۆیە زەرورە ئەو قەرەبووە هەبێ، من پشتگیری لەو ڕایە دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هاوڕاز خان، فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لە سەرەتای موناقەشە کردنی پرۆژە یاسای بودجە ئیعلانی ئەوەمان کرد کە لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لەسەر داهات پێك بهێندرێ، هیوادارم ئەوە بە هەند وەربگیرێ، دواتر ئەگەر بە ماددەیەك لە

ناو خاڵەکان دا جێگیر بکرێ، من پێشنیاری ئەوە دەکەم مووچەیەك تەرخان بکرێ بۆ شەهیدانی کیمیاباران بەڕاستی، من نازانم ئەم هەموو زەمەنە کە بەسەرچوو شەهیدانی کیمیاباران تا ئێستا مووچەیەکیان نیە، کە ئەوانە بەڕاستی باری تەندروستیان هەم زۆر خراپە، مووچەیەکیشیان بۆ نەبڕاوەتەوە تا ئێستاکە، من لەگەڵ ئەوەدام مووچەیەك دیاری بکرێ بۆ شەهیدانی کیمیاباران لە هەموو کوردستان تەبعەن، بە بالیسان و هەڵەبجە و هەموو مەنتیقەکانی کوردستان ئەوانەی کە کیمیاباران کراون، خاڵێکی تر پێم باشە برێ پارە دیاری بکرێ بۆ هاووڵاتیانی کەم دەرامەت، بەڕاستی لە ڕووی وێکچوون و بەراوردکردنەوە ئێمە هەرێمێکی سێ پارێزگاین، داهاتێکی زۆری نەوتمان هەیە، ناکرێ بە سوریا بەراوردی خۆمان بکەین کە ئەو ڕۆژە وەزیری پلاندانان پێشانی دا لە هەژاری، ئێمە بۆچی با قەتەر بەراوردی خۆمان بکەین، بۆچی بە شوێنێك کە زۆر داهاتەکەی داهاتێکی ئەزعاف ئەزعافی کەمە لە داهاتەکەی ئێمە، لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو ڕێژە هەژارییەی کە هەیە، من پێموایە دەقیقیش نیە، چونکە سەرژمێری نیە، لەوە زۆرترە، برێ پارە تەرخان بکرێ بۆ ئەو هاووڵاتیە کەم دەرامەتانە، دیاری کردنی برێ پارە بۆ ئافرەتی بێ هاوسەر، بۆ ئەوەی کێشەی بۆ دروست نەبێ، لەگەڵ ئەوەش ئەو منداڵانەی کە باوکیان نامێنێ، بۆ ئەوەی سەرگەردان نەبن، بۆ ئەوەی پەراوێز نەخرێن، بۆ ئەوەی بەجوانی بەخێو بکرێن، برێ پارە وەکو هاوکاری پێیان بدرێ تاوەکو ئەو تەمەنەی پێویستە، دوا خاڵم ئەوەیە کە لە تەوصیاتەکان دا هاتووە خەرج کردنی عەقار وەکو ئەوەی بۆ 200 مەتری سەرف دەکرێ بۆ 100 مەتریش سەرف بکرێ، چونکە ئەوە کێشەیەکە بە تایبەتی لە شاری هەولێر.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرگوڵ خان، فەرموو.

**بەڕێز سەرگوڵ رضا حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی پەیمان خان و کاك عبداللە دەکەم، ئیزافەیەکیشم هەیە بۆ فەقەرەی 5، کە ئێمە باسی پرۆژەی سندووقی بچووك دەکەین کە پار 25 ملیاری بۆ تەرخان کرا، ڕاستە پار وەکو یەکەم هەنگاو، یەکەم قۆناغ پێویستی بەوە بوو پارەیەکی بۆ تەرخان بکرێ، بەڵام بە پێی ئەو میکانیزمەی لە قانونەکە دیاری کراوە، ماوەیەکی دەوێ بۆ وەرگرتنی ئەو قەرزە، پێویستە ئێمە برێکی بۆ دیاری بکەین، تەخصیص بکرێ، هەروەها هاوڕام لەگەڵ ئەوەی بۆ مەصرەفی زراعی و صناعیش ئەوانیش دیاری بکرێ بڕەکەیان لە ناو قانونەکە، بە نیسبەت ئەو پارەی کە تەرخان کراوە بۆ هەیئەی ئیستیسمار، من پێموایە تەرخان بکرێ بۆ دروست کردنی یەکەی نیشتەجێ بوون بە پێی ئەو قانونەی کە خۆمان لێرە هەموارمان کرد بۆ کەسانی کەم دەرامەت، چونکە ئێستا ئیسبات بوو ئەو پرۆژانەی کە هەیئەی ئیستیسمار دروستی دەکات زۆربەیان لە خزمەتی کەسانی هەژار و کەم دەرامەت دا نین، بەڵکو لە خزمەتی چینە بەرزەکاندایە، بۆیە پێشنیار

دەکەم ئەو پارەیە بۆ، پارەیەك تەخصیص بکرێ، کە هەرچەندە لێرە دیاری نەکراوە، بۆ پرۆژەی خانووی نیتەجێبوون بۆ کەسانی کەم دەرامەت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد شارەزووری، فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد شارەزووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە خاڵی 3وە دەست پێ دەکەم، بۆ پشتگیری کردنی پرۆژەکانی کەرتی پیشەسازی، من داوا لە وەزیری دارایی دەکەم لە تەوصیاتەکانیش دا، ئێمە باسمان کرد لە تەوصیاتەکان نەنووسراوە، ئەم قەرزەی کە دانراوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، کۆمەڵێ ڕۆتینیات هەیە کەس ئیستیفادەی لێ ناکا، هەر لەوە ناچێ 100 کەس ئیستیفادەی لەو قەرزی پیشەسازییە کردبێ، بۆیە من داواکارم لە تەوصیاتەکان دا بنووسرێت حکومەت ئەو ڕۆتینانە کەم بکاتەوە بۆ پێدانی ئەو قەرزانە، قەرزی کشتوکاڵی و قەرزی پیشەسازی، ئەوە یەك، دوو/ هەرچەندە خوشکی بەڕێزم د.ڕۆژان ئاماژەی بەوەدا کە نابێ قسە لەسەر بکەین، ئێمە لەسەر خاڵی 6 قسە بکەین، ئێمە وەکو لیژنەی پێشمەرگە و دە دەنگیش لەوانەیە 15، 20 کەسیش پشتگیری کردبین بۆ منداڵی کەم ئەندامی سەنگەر بۆ مەسەلەی پێشینەی هاوسەرگیری، نە لە تەوصیاتەکان دا باسی هاتووە، نە لە قانونەکە جێگەی بۆتەوە، عەدەدێکی زۆر کەمیشە بەڕاستی، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، یەعنی بۆیە داواکارم ئەگەر لێرە جێگەی نابێتەوە بەڕاستی لە تەوصیاتەکان دا بنووسرێت ئەوە، سێ/ ئێمە لە مەسەلەی وەبەرهێنان، ئێمە داوامان کردووە بەڕاستی بەتەنیسق لەسەر حکومەت کۆ دەکەینەوە ئەو پرۆژانەی کە بە تایبەت نیشتەجێبوون، ئەو شەهیدانەی کە تا ئێستا سوودمەند نەبوون، داوامان کردووە کە ڕێژەیەك فەرز بکرێ، حکومەت لەسەریان فەرز بکات، لێرە ڕێژەیەك بدەن بە کەس و کاری شەهید، ئەوانەی کە سوودمەند نەبوون، بە بێ قازانج، بە بێ موقابیل بۆ ئەوەی هەم کەس و کاری شەهید شوێنی بۆ بکرێتەوە، ئەوە بەداخەوە نە لە تەوصیەکان دا هاتووە، نە لە پرۆژە یاساکەش، برای بەڕێزم کاك شێرزاد یەك ئەگەر چونکە بۆ پێشمەرگە و کەم ئەندامی سەنگەرە، باسی پێشمەرگە و کەم ئەندامی سەنگەر، ئێمە دوو قانونمان لەم پەرلەمانە ساڵی 2007 ئیقرار کردووە، ژمارە 34 بۆ کەم ئەندامی سەنگەر، ژمارە 38 بۆ پێشمەرگە، ئەمانە خانەنشینن بە پێی هەموو قانونەکی دنیا کە خەڵك خانەنشین دەبێ شەش مانگ مووچەی دەدەنێ، وەکو مینحەیە، وەکو هاوکاری یە بۆ هەموو کەسێك.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك گۆران، فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر مەسەلەی بیمەی بێکاری دیارە من دەستخۆشی دەکەم ساڵی پار بە بڕیارێکی ئەنجومەنی وەزیران ئەم کارە کرا، بەڵام ئەمساڵ خراوەتە ناو میزانییە، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ناو میزانیە لە بابی مینەح پارە بۆ بیمەی بێکاری داندراوە، واتا حکومەت بەردەوام دەبێ لە بیمەی بێکاری، بەڵام زەروورە لێرەدا هەر بۆ ئیزهار کردن ئەوانەی کە هەشە هەر لە دوەلێکی تایبەت دا هەیە، وەك ئیزهار کردنێك، وەك دیاری کردنێك باس بکرێ، پشتیوانی هیچ با بڵێین لەبەر ئەوەی پێشنیار زۆرە، بەڵام لەبەر ئەوەی تەخصیصاتی تازە هەیە باس ناکەین، بەڵام مەسەلەی کەم ئەندامانی با بڵێین کوڕ و کچی ئەندامانی سەنگەر، لەو بڕەی کە لە تەخصیصاتەکان هەبوو شتێك لە پارە ماوەتەوە و ئەو عەدەدەش کە هەیە کەمە، لەبەر ئەوە ئەگەر زیاد بکرێ بۆی منیش پشتیوانی لێ دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نیشتمان خان، فەرموو.

**بەڕێز نیشتمان مرشد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی لە کاك گۆران دەکەم بەوەی کە لەبەر ئەوەی پارەی بیمەی بێکاری داندراوە لە مینەح، کە لێرەدا نەصێکی بۆ دابنرێ و شوێنی بکرێتەوە، لە خاڵی چوارەم دا پشتگیری کردنی پرۆژەکانی گەشت و گوزار، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، لە پاریش دا عەینی شت نووسرابوو کەسیش ئیستیفادەی لێ نەکرد، بۆیە داواکارم ئەو بڕە پارەیە بخرێتە بانقی پیشەسازییەوە، بۆ ئەوەی خەڵك بتوانێ ئیستیفادەی لێ بکات، پێشینەی هاوسەرگیری بۆ شەهیدان و ئەنفال کراوەکان منیش داواکارم کە کوڕ و کچی کەم ئەندامان بگرێتەوە، خۆمان چاك دەزانین کە ئەو کەم ئەندامانە ئەوانە شەهیدی زیندوون، ئایا کە ئێستا چاوێکیان لە دەست داوە، یان ئەندامێکی جەستەیان لە دەست داوە، پێویستە ئەوانەش وەکو شەهیدەکان حیسابیان بۆ بکرێ، لەبەر ئەوەی ئەوانە شەهیدی سەر ئەم ئەرزەن بەڕاستی، شەهیدی زیندوون، شتێکی تریش هەیە کە بە نیسبەت کوڕ و کچی شەهیدان ئەوانەش لە جامیعەکان وایان لێ بکرێ کە هاوکارییەکیان بکرێ مانگانە وەکو ئەوانەی حکومی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گەشە خان، فەرموو.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵڵا کاك گۆران قسەکانی منی کرد سەبارەت بە بیمەی بێکاری، کە پێویستە بە نەصێك لێرە جێگیری بکەین، ئەگەر حکومەت تەخصیصاتی بۆ کردووە لە بابی مینەح دا، بەڵام من داوا لە حکومەت دەکەم کە بەڕاستی پێوەر دانێ بۆ ئەو بیمەی بێکاری یە، یەعنی خۆی پارەکە هەر سنووردارە، هەموو بێکارێك بەری ناکەوێ ئەو پارەیە وەرگرێ، لەبەر ئەوە ناکرێ یەعنی کوڕێك، کچێکی دەوڵەمەند کە ئاستی داهاتی دایك و

باوکی زۆر باشە بەری بکەوێ، کوڕێکی فەقیر و هەژار بەری نەکەوێ، لێرەدا پێویستە کە پێوەر هەبێت، بۆ ئەوەی ئەو عەدالەتییە بەرجەستە بێت، بێ لەوەی کە جیاوازی کراوە لە پێدانی ئەو بیمەی بێکاری یە لە دەرچووی زانکۆکان و دەرچووی خوێندنگا پیشەییەکان، لە کاتێك دا دەبێ ئێمە سیاسەتێکمان هەبێ کە خەڵك تەشجیع بکەین بەرەو خوێندنگا پیشەییەکان بڕۆن، بەڵام لێرەدا لەم سەرەوە حقوق و ئیمتیازاتیان کەمتر دەدەینێ، ئەو کاتە خەڵکیش هەر هەوڵی مەعاهد و زانکۆکان دەدات، پشتگیری لە قسەکەی شلێر خان دەکەم کە پێویستە ئێمە دەعمی صناعەی سیاحی بکەین، ئەویش لە ڕێگەی کەرتی تایبەتەوە و پێدانی سلفە لە بەنکی پیشەسازی حکومەت بۆی بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فازل، فەرموو.

**بەڕێز فاضل بەشارەتی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر دوو خاڵی ئەم ماددەیە تێبینیم هەیە، خاڵی 2، خاڵی 8 کە لە ماددەکەدا هاتووە، بەڕاستی ئەمساڵ و هەر لەم پرۆژەی ئەمساڵ و لە ساڵانی ڕابردوو زۆرمان باس لە گرفتی کەرتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان کە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، هەر بۆ تەئکید بوون من ئیشارەت پێ دەدەم، بەڵام بەڕاستی ئێستا دەیان و سەدان جووتیار لە کوردستان وازی لەکاری جووتیاری کشتوکاڵی هێناوە لەبەر نەبوونی ئاو، ئەوە چەند ساڵە باس لە دروست کردنی کەنداو دەکرێ تا ئێستا بەڕاستی وەکو پێویست نەچۆتە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەوە یەکێکە لە گرفتەکانی جووتیار، گرفتێکی تریان هەموو ساڵێك بڕیار دەردەکرێ لە کاتی پێگەیشتنی بەروبوومی خۆماڵی، ڕێگیری بکرێ لە هێنانی ئەو شتوومەکانەی کە لە هەرێمی کوردستان وەبەرهەمدێن نەیێتە کوردستان، بەڵام ساڵی ڕابردوو پێش ئەوەی مەسەلەن نیوەی هەرێمی کوردستان بکەوێتە بازاڕەوە، بەدەیان تریلە هەناری سووریا و میسر هاتە هەرێمی کوردستان، کە خەڵك هەبوو لە کوردستان هەر لە تەلەفزیۆن نیشان درا لە ناوچەی دهۆك کابرا باخی سێوی هەبوو هەر نەیرنی، یەعنی خەڵك قەرزار دەبێ لەسەر بەروبوومی ئەو جووتیارەی خۆی کە ڕەنجی تێدا دەدا، گرفتێکی تر لە خاڵی 8 کە هاتووە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، مەسەلەی دانی قەرزی خانووبەرە بە هاووڵاتیان، ئەوە مەسەلەی کەفیل وەرگرتن گرفتێکی زۆر گەورەی هاووڵاتیانە، داواکارم کە جەنابی وەزیری دارایی و ئابووریش لێرەدایە ئاسانکارییەك لەم بابەتەوە بۆ هاووڵاتیان بکرێ، چونکە ساڵی ڕابردوو دیاردەیەکی زۆر ناشیرین ڕوویدا لە هەرێمی کوردستان، ئەو کەسانەی کە دەچوون پارەی سولفەی خانووبەرەیان وەردەگرت کەفیلیان دەکرد، یەعنی بەشێك پارەکەیان دەدا بە کڕینی کەفیل، یەعنی ئەوە بەڕاستییەکەی هەم دەکاتە دیاردەیەکی ناشیرین، هەم گرانبوونی ئەو ئیمتیازەی کە بە هاووڵاتیان دراوە، داواکارم ئاسانکارییەك لەم بارەوە بۆ هاووڵاتیان بکرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من مولاحەزەیەکم هەیە بۆ جەنابی وەزیر لەسەر فەقەرە 1، لە باسی سلفەی عەقاری، کە باسی لەسەر کراوە دەڵێین ئیعفا بکرێ لە شەرتی تەئمین، من پێموایە شەرتی تەئمین قەرزدار سوودمەند دەبێ زیاتر لەوەی کە ئیعفا بکرێ، چونکە شەرتی تەئمین قەرزدار وا لێ دەکات ئەگەر خوانەخواستە ئەوەی کە پارەی قەرزەکەی وەرگرتووە، سبەینێ ئەگەر وەفاتی کرد بە حوکمی تەئمینەکە کەس و کارەکەی ئیعفا دەبێ لە قەرز، لەبەر ئەوە پێموایە ئەو شەرتی ئیعفایە لەو فەقەرەیە لابرێ و بۆ ئەوەی ئیعفا بکرێ لەو قەرزە ئەگەر خاوەن قەرز، قەرزدارەکە ئەمری خوای کرد، دووهەم/ بە نیسبەت دەعمی مەشاریعی سیاحی من پێموایە جەنابی سەرۆکی پەرلەمان، ئێستا کێشەیەك هەیە لە کوردستان دا پێویستە وەزارەتی دارایی و ئابووری بڕە پارەیەکی زیاتر دەعمی وەزارەتی ڕۆشنبیری بکات بۆ مەسەلەی کڕینی ئەو بینا ئەسەریانەی کە لە کوردستان دا هەن، ڕاستە ئاسار تەئریخ و مێژوو کلتووری هەموو میللەتێکە، لە هەمان کاتیش دا دەبێتە مەوردێکی سیاحی بۆ ئەو شوێنە، ئێستا زۆر لەو بینا ئەسەریانە هەن لە شارەکان دا، بە تایبەت لە شاری سلێمانی ئەوەی کە لێی بزانم بە تەئکید ڕاستە هەولێر کۆنترە لە سلێمانی، بەڵام کۆمەڵێ خانوو و بینا هەن ساحێبەکانی گیریان خواردووە بە دەست وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە، نە دەیهێڵێ بیفرۆشێ، نە دەیهێڵێ ئیشی تیا بکات، خۆشی لێی ناکڕێ، بە دافعی ئەوەی کەوا ئەو بینانە عومری ئاساریان هەیە، ئەوە زەرەرە بە هاووڵاتیان، جا دافعیان ئەوەیە کەوا تەخصیصاتی مالیان نیە، لەبەر ئەوە من داواکارم وەزارەتی مالیە بە فەرمی بە تەخصیصاتێکی زیاد بۆ ئەو وەزارەتە، بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو شوێنە ئەسەریانە، هەم بکڕێ لە ساحیبەکانیان بە گوێرەی قانونی ئیستیملاك، هەم بتوانێ ئیعادەی تەعمیریان بکات، ببێتە هەم شوێنێکی ئەسەری، هەم سیاحی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شەونم خان، فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستی دا قسەکانی من لەلایەن هاوڕێیانم د.سەروەر و شلێر خانەوە کرا، زۆر زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر، فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

به نیسبەت ماددەی 16، بەرێز سەرۆكی پەرلەمان بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ كە ئەندام پەرلەمان داوای لێبووردن دەكەم ئەندام پەرلەمان لە پەیڕەوی ناوخۆدا ئاماژە بەوە كراوە كە دەبێ قسەكانی ئاراستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بكات، بۆیە حەز دەكەم جەنابتان تەركیزتان لای ئێمەش بێ، ئەم ماددەی 16 بەڕاستی من تێبینیم لەسەر ئەوە هەیە كە هەر وەكو پەرلەمان بیەوێ (نوعاً ما) دیعایەك بۆ خۆی بكات بەم شێوە، منیش هاودەمم لەگەڵ بەڕێز سكرتێری پەرلەمان كە ئەوە دارِشتنەوەیەكی دەوێ، ئەم عمومیاتە (دعم المشاريع السياحية)، (دعم القطاع الزراعي)، (دعم القطاع الصناعي) (دعم هيئة إلاستثمار) ئێ باشە ئەگەر باس هەر لەوەیە بەم عمومیاتە ئەوەلەن ئەو مەبالیغانە چۆن دیاری دەكرێ، پێوەر چیە؟ لە كوێ دەیهێنین؟ دووەم/ ئەی ئەو مەجالانەی كە ئاماژەیان پێ نەكراوە وەكو برایان باسیان كرد، ئاسارە، مەجالی هونەری یە، مەجالی ژینگەیە، نازانم مەجالی سەقافی یە، ئەگەر هەر باس لەوە بێ دەبێ وشەكان هەمووی بنووسین، بۆ ئەوەی حكومەت چەندی پێ دەكرێ بیكات، لەبەر ئەوە بەڕاستی هەم مەتاتیەتی تێدایە، هەم بەعزێكی ئیشارەتم بۆ كردووە پێویست ناكات دووبارەی بكەینەوە، دەبێ یەكلایی بكەینەوە، باسی سولفەی عەقاركراوە، باسی سولفەی زەواج كراوە، ئەوانە لە ماددەكە كە پێشتر بڕیارمان لەسەردا كە نەخراوەتە ناو یاساكە، هەیە دەبێ دووبارە نەكرێنەوە لێرە، ئەوە تێبینی یەكەم، تێبینی دووەمم بەڕاستی لەسەر كەلیمەی (متنازع عليها) دەمەوێ شتێك بڵێم، من زۆرم پێ سەیرە كە موشەریعی كوردستان ئیعتیراف بەم دەستەواژەیە دەكات، مەفرووز وابوو ئەم دەستەواژەیە زۆر بە جورئەتەوە بنووسین (المناطق المستقطعة) ئەگەر ئەوەش ناكەین ریعایەتی بەعزێك زرووفی سیاسی دەكەین، بەلای كەم لە ناو كەوانە بنووسرێ (المناطق المتنازع عليها)، ئەگەر هەر بە ماددەی 140یش بێ كە لێرە نووسراوە، نەدەبوو بەڕاستی یاسا بەڕێزان لە ئەنجومەنی وەزیران كە ئەوەیان ناردووە شتی وا ئەصلەن ئیقرار بكەن كەلیمەی وا، (على الأقل) بیخەنە كەوانەیەكەوە ئەگەر حەسم نەبووە دەڵێین ئێمە دەستوورین و ئەوانە یەكلایی بێتەوە، بە نیسبەت ئەم، مادام بەعزێك لە خاڵەكانمان پێ زیادە، من سێ پێشنیارم هەیە لێرە، بە نیسبەت دەرماڵەی قوتابیان بەڕاستی لێرە ئیزافە بكەین، ئەو 40٪ بكەین بە 75٪ بۆ دەرەوەی شار و ناوشار، چونكە بەڕاستی زۆر زەرووره و هیچ شتێك دادیان نادات، پێشنیاری دووەمم ئەو سولفەی قوتابیانی دەرەوە كە لەوێ بڕیارمان نەدا تواناسازی لێرە سولفەیەكی بۆ هەژاران بە تایبەتی دەكرێ سنووورداری بكەین، پێشنیاری سێیەمیشم ئەوەیە ئەو 160 هەزارەی عەقار بەڕاستی هاووڵاتیان زۆرێك سكاڵایان هەیە، نووسراوی جۆرا و جۆریشمان بۆ هاتووە كە زۆرە، من داواكارم كە پێداچوونەوەیەكی بۆ بكات حكومەت بیكاتە 50 هەزار، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. عمر نورەدینی، فەرموو.

**بەڕێز د.عمر نورەدینی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەم ماددەیەدا وەك بەڕێزان باسیان كرد برگەی (1)، (6)، (7) ئێمە دەنگمان لەسەر دا، یەكلا بۆتەوە، بۆیە پێویستە لە ناو ماددەكەدا نەمێنن، سەبارەت بە پێدانی سلفەی عەقار بەڕێزان لێرەن وەزارەتی دارایی من ئەو تێبینیانەی بەڕێزان بە تایبەتی ئەوەی كاك فاضل باسی كرد، لە راستی دا لە ڕووی ڕۆتین و لە ڕووی كەفالەتەوە موشكیلە هەیە، مەسەلەن بۆ نموونە هەر وەكو نموونە باسی بكەی، بە وەرگرتنی سولفەی عەقار دانیشتووانی شاری قەڵادزێ دێن بۆ ڕانیە، تەنها پێویستی بەوە هەیە تێبینەراتییەكی بانقی خانووبەرە لەوێ بكرێتەوە بۆ ئەوەی ڕۆیشتنی موعامەلەتەكانیان لەوێوە بۆ بگوازرێتەوە بۆ ئەوێ، ئەوان دەتوانن لە رێگای پێداچوونەوە بە ڕێنماییەكان هەوڵ بدەن ئاسانكاری بۆ جێبەجێ كردنی بكرێ، ڕەنگە ئەم نموونەیە لە زۆر قەزاكانی تریش هەبێ، سەبارەت بە مەسەلەی هەندێ داواكاری تر، ئێمە بەڕێزان لە ئەو ڕێككەوتنەی پێی گەیشتین تەنها بۆ داخیل كردنی هەندێ ماددەی زیادە نەبوو، بەڵكە لەسەر چەندین تەوصیەی هاوبەش ئێستا ڕێككەوتووین، بۆ نموونە مەسەلەی بیمەی بێكاری جگە لەوەی كە حكومەت بۆ خۆی رایگەیاندووە كە بەردەوام دەبێ، ئێمە لەوێش تەوصیەمان هەیە كە پێویستە ئەوە دەرچوونی پەیمانگاكانی سەر بە وەزارەتی پەروەردەش بگرێتەوە، هەروەها سەبارەت بە داوكارییەكانی كە ئەندامی سەنگەریش بە هەمان شێوە ڕێككەوتین كە لە زیمنی تەوصیات دا تەوصیاتمان هەبێ، شەرت نیە ئەم داواكارییانە هەموو بەرینە ناو قانونەكەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئەڤین خان، فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من سەرەتا حەز دەكەم پشتگیری لە ڕەئی لیژنەی یاسایی بكەم سەبارەت بەو خاڵانەی كە لای بردووە، ئەوانەی كە دیاری كرا بە دەنگدان، ئەو بڕانەی كە لە ناو یاساكەدایە ئێمە بە دەنگدان یەكلامان كردەوە كە بڕەكانی چەندن و لابرا، پاشان پشتگیری ئەوە دەكەم كەوا ئەو دەعمانەی كەوا بەو شێوەیە هاتووە لە ڕاپۆرتەكەدا دیاری نەكرێ، وەكو خۆی بمێنێتەوە، چونكە ئەوانە سولفەن، مودەوەرن، دەگەڕێتەوە پارەكە بۆ سەری، ناتوانرێ تەحدید بكرێ بڕەكەی، كەوا بڵێین ئەو بڕە چەند بێ و بیدەینە ئەو جێگایە؟ بۆ نموونە ئێمە لە ساڵی 2010 مەصرەفی صناعی بڕێ پارەی بۆ دیاری كرا، بەڵام نەتوانرا ئیستیفادە لەو پارەیە بكرێ، بۆیە گەڕایەوە سەر میزانییەی حكومەت، ئەگەر بێت و بەم شێوەی ئێستا كە هاتووە، بەم شێوە دەعمەی كەوا هاتووە بەو شێوەیە بمێنێتەوە، وابزانم زیاتر سوود دەگەیەنێ، هەروەها پشتگیری بەڕێز كاك عمر دەكەم كەوا وشەی (مناطق متنازع علیها) بەڕاستی نەیێتەوە، ئێمە لە هەرێمی كوردستان با خۆمان وا ڕابێنین كەوا هەمووی بكەینە ناوچە دابڕاوەكان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تارا ئەسعەدی، فەرموو.

**بەڕێز تارا ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی زۆری ڕایەکانم لەلایەن هاوکارانم د.سەروەر و شلێر خان وترا، بەلاَم ئەگەر بێت و ئەوانە زیاد بکرێ، بە تایبەتی لایەنی شوێنەوار و گەشت و گوزار، کە بایەخدان بەوەی کە بڕی پارەکە دیاری بکرێ، کە لە 20 ملیار کەمتر نەبێ، بەلاَم بە گشتی کە تەماشای دەکەین نەبوونی بڕە پارەکان لە تەنیشت هەر یەکێ لەو بڕگانە وا ناکات کە بەڕاستی لایەنێکی یاسایی تەواوی پێوە بێت لە ناو یاسای بودجەدا، لەبەر ئەوە ئەگەر ئیلغا بکرێت من لەگەڵ ئەو ڕایەم کە ئەو بڕگەیە لابرێ، یانیش هەر یەکە لە تەنیشتی چەندی بۆ تەرخان کراوە بە پێی ئەو دەنگدانانەی داومانە، ئەوەی هەیە و ئەوەی دەکرێت دەستنیشان بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان، فەرموو.

**بەڕێز شڤان أحمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من چەند مولاحەزەیەکم هەیە لە سێ نوقتەدا چڕ دەکەمەوە لەسەر ئەو ماددەیە، من پێموایە ئەم ماددەیە لە هەموو بڕگەکانی دا لە شێوەیەك لە شێوەکان لە ماددەکانی پێشتر هاتووە، یەعنی ماددەیەکی ڕووتە لێرە، یەعنی هیچ مەعنایەکی تر نادات، جگە لە مانای ئەصڵی خۆی نەبێ کە لە شوێنی خۆی باس کرایە، بە پێی ئەوەی کە بەرامبەر تەخصیصاتەکە دیار نەکراوە، ئەوە نوقتەی یەکەم، نوقتەی دووەم/ لەگەڵ نەمانی ئەم ماددەمە، ئەگەر ماددەکە بمێنێت من هەندێك تەغیرات لە شکلەکە پێویستە من دەبینم، بە تایبەتی لە بڕگەی چوار دەعمی مەشاریعی سیاحی بۆ ڤیتاعی خاص بۆی ئیزافە بکرێت، چونکە ئەوە حەقەتەن هیچ ئەوەك نەبووە، ئیجابییەتێکی نەبووە تا ئێستا، تەنیا دەتوانی لە ڤیتاعی خاص ئیستیفادەی لێ بکرێت، ئەوەی کاك عمر باسی کرد شەرتی تەئمین حەقەتەن ئێمە لێرە هەڵبگیرێت زۆر زۆر پێویستە، من تەئید دەکەم، بڕگەی شەش ئەگەر منداڵی کەم ئەندامان ئیزافە بکرێت، من هاوڕامە لەگەڵ هەموو ڕەفیقانی خۆم کە باسیان کرد، بڕگەی هەشتەم (الإستمرار في دعم صندوق الإسكان) بۆی ئیزافە بکەین، (صندوق الإسكان لوزارة الإسكان و هيئة الإستثمار مع إعطاء الأولوية للمشاريع السكنية لذوي الدخل المحدود)، بە پێی قانونی ژمارە 7ی 2008ی موعەدەل، ئەگەر پێشنیاری تازە قبوڵ کرا و وەرگیرا، من چەند پێشنیارێکم هەیە هەموو پێشنیاریان کرد، ئەگەر کرا، پرسیارەکا پێشتریش ئێمەدا هەبوو، هەموو پێشنیاریان کردیە، یەعنی بۆئیزافە کرا؟ هی منیش ئیزافە بیتن، 75 هەزار دینار، 75 ملیۆن بە وەزارەتی شەهیدان دەدرێت بۆ بابی تەندروستی لە پێشنیارەکانی ئێمە هەیە، لە ناو ڕاپۆرتیش دا هەیە، ئەوە جوزئی موشکیلەکەی وەزارەتی حەل دەکات، ئێمە داوامان کرد ئەو 75 ملیۆنە بکرێتە 150 ملیۆن، بۆ

ئەوەی چارەسەری زیاتر لە نەخۆشەکان بکات و باری سەر شانی وەزارەتی ئەوە بکات، هەروەها ئەوەی کە شلێر خان باسی کرد، مەسەلەی ئاسار کە موشکیلەیەکی زۆر گەورەیە، هاوولاتیان زەرەرمەندن، حکومەت لەو شوێنانەی کە ئاسار هەیە نە خانووەکان دەکرێتن، نە دەهێڵێ ئەم خانووانە عیلاج بکەن بۆ خۆیان، چارەسەری بکەن، دەبێ چارەسەرێکی بۆ ببیننەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاهەنگ خان، فەرموو.

**بەڕێز ئاهەنگ عارف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من بەشێك لە قسەکانم شلێر خان ئاماژەی پێدا لەگەڵ شەونم خان بە بڕگە ڕەقەم 8، بەڵام بڕگە ڕەقەم 2، 3 یەك ئیقتیراحم هەیە دەعم و تەعویزیشی بۆ ئیزافە بکرێ، بۆ دەڵێم تەعویز؟ (دعم مشاریع القطاع الزراعي) (دعم و تعویض مشاریع القطاع الصناعي)، چونکە بە پێی پێوەری ئێستا لیستەکەش ئەگەر جەنابت بتەوێ دوایی لیستەکەت بۆ ئامادە دەکەم، هەندێك مەشاریعی زراعی و صناعی هەیە، ئەوەی بۆنی لێ دەکات خەڵك نانی لێ بخوا شۆفەری لێ دەدەن بە حیجەتی ئەوەی ئەرزەکانیان دەوێ، هەر ئەوەندە کۆمێنتەم هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان، فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دەربارەی قسەکانی ئاهەنگ خان زۆر ڕاست دەکات، ئێستا موشکیلەی وشکەساڵی هەیە لە ئەلقوش ناوچەی مەسیحییەکان، لە دەشتی مەخمور، لە گەرمیان، ئەوە تەعویزیشی بۆ ئیزافە بکرێ من رام وایە، خاڵێکی تر بەڕێزتان باش دەزانن ئێمە لە موددەی ڕابردوودا چەند یاسایەك دەرچوو، یەکێك لەوانە یاسای تەنزیمی سوڵتەی قەزائی یە، کە پێویست بوو بۆ مودەی چوار ساڵ دەچێ مەحکەمەی ئیداری لە سلێمانی تەشکیل کراوە، مەحکەمەی ئیداری تەشکیل نەکراوە لەبەر ئەوەی کەمی حاکم هەیە، 24 حاکم هەیە سیانیان ئێستا لە سلێمانی لە خەستەخانەدا کەوتوون، من جاری پێشووش داوام کرد لە بەڕێزتان کە مەبلەغێك تەخصیص بکرێ بۆ تەعین کردنی سەد بۆ دوو سەد حاکم، لەبەر ئەوەی ئێمە ئەزمەمان هەیە، ئەزمەی کەمی حاکمیش لە قانونی عەفوی عامەکە بەدەرکەوت کە بەس لە محافەزەی سلێمانی 41 هەزار دەعوای مودەوەرە هەیە، بۆیە داواکارم بڕگەیەکی تر ئیزافە بکرێ، بە تەخصیصی مەبلەغێك کە تەنها 8 ملیار دینار بێ بەشی تەعین کردنی مەعاشی دوو سەد حاکم دەکات لە هەرێمی کوردستان دا بۆ ماوەی ساڵێك، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك إسماعیل، فەرمووو.

**بەڕێز إسماعیل سعید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پەرلەمانتارانی بەڕێز، قەرزی زراعی و قەرزی صناعی و قەرزی بچووك لە ڕاستی دا ئەوە چەند ساڵێکە ئەم شێوازی قەرزە هەیە، ئەم قەرزانە بە ڕەئی من ئەوەندە موتابەعەم کردووە نەك ئامانجەکانی نەپێکاوە، ئامانجەکانی زۆر زۆر پێکاوە، بە پێچەوانەوە بۆتە کێشە بۆ ئەو کەسەی قەرز وەردەگرێ، لە ڕاستی دا قەرز بۆچی قەرز دروست دەکرێ؟ کاتێ کە سیولەی نەقدی نەبێت، لە حەقەت دا وڵاتی ئێمە کێشەی سیولەی نەقدیمان نیە، کێشەمان هەیە لە سیستەمی ئیداری، سیتستەمی ئابووری ئێمەی لەو وڵاتەدا، سیولەی نەقدی زۆر زۆرە، بەس تەماشای سێکتەری عەقار بکەین کە قیمەتەکەی زۆر زۆر فڕیوە، بە بەراورد لەگەڵ لەندەن و زۆر وڵاتانی تر، ئەوە دەسەلمێنێ کە وڵاتی ئێمە لە ڕاستی دا سیستەمی سیولەی نیە، کێشەی نەقدی نیە، یەعنی کێشەی ئیداری هەیە، بۆیە بۆ ئەو سێکتەرە بۆ چارەسەرکردنی ئەوە لە ڕاستی دا دەبێ پەنا بۆ شتێکی تر ببرێ، ئەویش سیستەمی ئیدارەیە کە پەیوەندی بە گومرگەوە هەیە، یەعنی بە مەعنایەکی تر پێویستی بە حیمایەیە، یەعنی پێش ئەوەی باسی دەعم بکەین، پێش ئەوەی باسی قەرز بکەین، دەبێ بیر لە حیمایەی ئەوە بکەین کە هەیە، حیمایە کردنی ئەم سێ سێکتەرە کە دەتوانم نموونەی زۆریشتان بۆ بێنمەوە، پاراستنی، یان پارێزگارکردنی ئەوەی کە ئێستا هەیە، نەك ئەوەی کە دروست دەکرێ لە ڕێگای گومرگەوە دەکرێ، گومرگیش لە حەقەت دا بۆتە، یەعنی حەصر کراوە لە صەلاحیەتی حکومەتی ئیتیحادی دا، کە ئەوە بەڕاستی چارەسەرکردنی ئاسان نیە، ئێمە زۆر قەرزمان دا لە ساڵانی ڕابردوو، یەعنی خەڵك هاتۆتە لێژنەکەی ئێمە قەرزی وەرگرتووە بۆ بیری ئیرتیوازی، ئێستا پارەکەی پێ نادرێتەوە، ئێستا ئەو (بیوت)ی پلاستیکی لە سلێمانی و ناوچەکانی تر کراوە کە پارەیان وەرگرتووە لە حکومەت و سەرکەوتوو نابن، ئێستا ناتوانن قەرزەکانیان بدەنەوە، ئەوە لە قەرزی زراعی دروست دەکات، بەڵام ئینتاجەکەی نافرۆشێت، یەعنی ناتوانێ کێبرکێی وڵاتانی دراوسێ بکات، ئەوە دیسان پێویستی بە حیمایەیە، یەعنی پێش ئەوەی بیر لە دەعم بکەینەوە دەبێ بیر لە حیمایە بکەینەوە، قەرزی بچووك بۆ نموونە، قەرزی بچووك چیە؟ گەنجێك دەچێ مەعمەلێکی خیاتە دادەنێ، یان پارە وەردەگرێت بۆ ئاسنگەری، یان بۆ دارتاشی، ئەگەر تەماشا بکەی ئەو کاڵانەی کە دێتە وڵاتی ئێمە زۆر هەرزانترە لەوەی کە لە ناوخۆدا دروست دەکرێ، ئەوەش تەنها لە ڕێگای پارێزگاری کردنەوە دەتوانێ ئەوانە پێشکەوێ، کە لە ڕاستی دا ئەو کارتەش کە بە دەست حکومەتەوەیە گومرگە، گومرگیش لە صەلاحیەتی حکومەتی ئیتیحادیدایە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەوەی کە هاتووە دەڵێ پشتگیری، پشتگیری و پارێزگاری کردن، یەعنی پارێزگاری کردن، یەعنی حکومەتی ئێمە دەبێ هەوڵ بدات لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادی سیستەمی

گومرگی بگۆڕێ تا سیستەمی گومرگی نەگۆڕێ ئەم قەرزانە نەك سوودیان نابێ، بە پێچەوانەوە دەبنە مایەی سەرئێشە بۆ ئەو کەسەی وەری دەگرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئەم ماددەیە زۆری پەسند کرا لە خاڵەکانی، پێموایە ئەگەر ئەوە ئێستاکە بەو شێوەیە بێت موکەرەر دەبێت، ئەوە دەبێ عیلاج بکرێ و ڕێك بخرێتەوە، بە نیسبەتی ئەوەی کە چەند شتێك داوا کرا، 6 هەزار ملیار دینار بۆ ئەوانەی وەزارەتی پیشەسازی و ئەوانە دانراوە، بەڕاستی ئەوانە ڕەنگ هەیە تەنها یەك، دوو شوێن نەبێت، ئیلا ئەوانی تر هەر هیچ نەبێ مووچەکانیان خۆ ماوە ئێستاکە، باسی ئیعفا کردن کرا، بەڕاستی ئیعفا کردن ئێمە جاران کە تەئمین دەبڕا، تەئمینی لێ دەبڕا و بە پێی یاساکە ئەوەی تەئمینی دەدا ئیعفا دەکرا ئەگەر بمردبایە، بەڵام ئەو یاسایە هەڵگیراوە، ئێستا وابزانم لە یاسای سەکەن دا هاتووە ئەو مەوزووعە، ئیعفا کردن، ئەگەر پەرلەمانی بەڕێز تەئکید بکاتەوە لەسەر ئەو ئیعفایە، تا ئێمە ئەوە بەکار بێنین، ئیعتیباری دەکەین، یەعنی لای خۆمانەوە ئیشی پێ دەکەین، بە نیسبەتی دەعمی مەشاریعی سیاحییەوە کە گوایە ساڵی ڕابردوو چەندمان داناوە، بەڕاستی ساڵی ڕابردوو بۆ دەعمی مەشاریعی سیاحیش دانەنراوە، ئەوە ئەمساڵیش کە نیە ئەوە خۆی قەرزە بۆی تەخصیص ناکرێ، بە نیسبەتی ئەوەی ئەسەرییەوە بە هەمان شێوە هیچ دانەنراوە، ئەویش نەهاتووە، پارەیەکی بۆ تەخصیص نەکراوە، ئەوەکانی تری کە باس دەکرێت ئەوەندە زیاد بکرێ، ئەوەندە زیاد بکرێ، دیارە ئێوە پەرلەمانی بەڕێز زیاد کردنی کرد ئێستا لە هەندێك شوێن، بەڵام لە هەندێك شوێن بۆی هەڵگرت، زیادی کرد، بەس ئێستا ئەو زیاد کردنانەی ئێستا داوا دەکرێت ئەوە لە کوێ هەڵدەگیرێ؟ ئەوە پەرلەمان خۆی دەزانێ، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی لە دەرەنجامی ئەو گفتوگۆ زۆرەی ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان و تەعقیبی بەڕێز جەنابی وەزیر، ئەگەر جەنابتان ڕێمان پێ بدەن و ئەندام پەرلەمانە بەڕێزەکان نازانم دەکرێت بۆ ئەوەی بەرچاوڕوونییەك لای لیژنەی داراییش دروست بێ، هەر هیچ نەبێ بۆ ساڵانی داهاتوو چۆن تەعامول بکەین لەگەڵ بودجە، ئەگەر بکرێت چەند پرسیارێك ئاراستەی بەڕێز جەنابی وەزیر دەکەین، ئەویش بە

کورتی وەڵاممان بداتەوە، پرسیاری یەکەم/ دەربارەی ماددەی 16 هەشت بڕگەکە، تەخصیصی بۆ کراوە یان نا؟ تەخصیص تەحدید کراوە لە موازەنە؟ بەس ئەو وەڵامەم دەوێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو کاك بایز.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەخصیص نەکراوە بۆ ئەو ماددەیە، جگە لە فەقەرەی 8.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو کاك ئاراس.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

جگە لە فەقەرەی 8، ئەی ئەگەر تەخصیص نەکراوە هاتنی ئەو بڕگانە بۆ چ مەبەستێکە؟ ئەگەر لابرا دەرەنجامەکەی چیە؟ ئەگەر مایەوە دەرەنجامەکەی چیە؟.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو کاك بایز.

**بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەم ماددەیەمان هێنا، کەوا بۆ ئەوەی کە لێرەیە تەئکید بکەین کەوا ئێمە ئەو ئیشانە دەکەین، چونکە ئەوە زۆربەی زۆری هەمووی هەر قەرزە، لەبەر ئەوەی تەخصیصی نیە تەئکیدمان کردەوە کەوا ئێمە ئەم ئیستیمرار دەکەین لەو ئیشانەدا یەك بە یەك دەستنیشانمان کردووە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو کاك ئاراس.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

پرسیارێکی ترمان هەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، ئەگەر هاتو ئەو ماددەیە لابرا بە بڕگەکانەوە کێشەیەکی مالی لە تەنفیز دا بۆ ئێوە دروست دەکات؟

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو کاك بایز.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو بڕیارانەی کە بە نیسبەتی صەرفەوەیە پێشووتر خۆتان بڕیارتان لەسەری داوە، هات و ئەوە تەواو بوو مونتەهیە، بەڵام ئەوانە هەمووی تەئکیدی ئەوی ترە، لەبەر ئەوە هیچ کێشەیەکی صەرفمان بۆ دروست ناکات ئەم ماددەیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو کاك ئاراس.

**بەڕێز د.ئاراس حسین محمود:**

سوپاس سەرۆکی پەرلەمان، ئێمە هیچمان نەما.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دوا صیاغەتان بە ڕەچاوکردنی ڕاو بۆچوونی پەرلەمانتارە بەڕێزەکان.

**بەڕێز رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار و تێبینی زۆر باش پێشکەش کرا، یەك لەو پێشنیارانە ئەوە بوو ئیلغا کردنی ماددەکە، ئەو پێشنیارانەی کە گوتم زۆر باش بوو پێشکەش کرا، لە حاڵەتێك ئەگەر ئیلغا کردنی ماددەکە دەنگی هێنا ئەو پێشنیارانە لەگەڵ ڕاسپاردەکان ئاراستەی حکومەت دەکرێ، بۆیە یەکەم پێشنیار کە پێویستە بدرێتە دەنگدان ماددەکە ئیلغا بکرێ، ئیلغا کردنەوەی ماددەکە.ئیلغا کردنەوەی ماددەکە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

فەرموو کاك عبدالله.

**بەڕێز عبدالله مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی ئێمە ژمارەمان کەمە ئەمجارە خاترمان بگرن، پێشنیارەکەی ئێمە بخەنە پێشەوە، تۆ کە ماددەکەت ڕیشەکێش کرد ئەو کاتە پێشنیارەکانی ئێمە واتا...........

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئیلغای ماددە لە پێش هەموو شتێکە، چونکە دوورترین بەقوربان، ئیلغای ماددە، ئەوە دەیانەوێ ئیلغای ماددەکە بکەنەوە، فەرموو دکتۆرە بیخوێنەوە.

**بەڕێز د.ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیاری ئیلغا کردنەوەکەی ئیلغا کردنی ماددەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئیلغا کردنی ماددەکەیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ 53 کەس لەگەڵ ئیلغا کردنی ماددەکەیە، کێ لەگەڵدایە ماددەکە بمێنێتەوە؟ 37 کەس لەگەڵدایە بمێنێتەوە، کەواتە بە زۆرینەی دەنگ ماددەکە ئیلغا کرا، تەواو تازە کاك عبداللە، فەرموو.

**بەڕێز عبداللە مەلا نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا سەرۆکی پەرلەمان من یەك پێشنیار دەکەم، لەمەولا ئەگەر وەکو، یەعنی ئێمە سەعاتێکە قسە دەکەین، تۆ ئیجازەم بدە، پێشنیارەکەم بۆ لێرە بەدوا، باشە، باشە، لەمەولا ئەگەر پێشنیارێکی لەم جۆرە بوو تکایە پێش ئەوەی قسە بکەین بیخەنە دەنگدانەوە بۆ ئەوەی ئیتر قسە نەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دانیشتنی ئێستامان هەڵدەگرین تا سەعات پێنج و نیوی ئێوارە بە خواتان دەسپێرین.

**دانیشتنی دووەم**

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز سەرۆکی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەردەوام دەبین لەسەر دانیشتنەکەمان، لیژنەی دارایی و یاسایی فەرموون بۆ شوێنی خۆتان، فەرموون لیژنەی یاسایی ماددەیەکی تازە بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة السابعة عشرة:**

**يودع في صندوق كوردستان للعائدات النفطية المنصوص عليه في المادة الخامسة عشرة من قانون النفط والغاز لاقليم كوردستان العراق رقم 22 لسنة 2007 العائدات المستحصلة من العمليات النفطية الخاصة بالحقول النفطية وفق احكام الدستور العراقي و قانون النفط والغاز للاقليم.**

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی حەڤدەم**

**داهاتەكانی بەدەست هاتوو لەعەمەلیاتی نەوتی تایبەت بە كێڵگەكانی نەوت بە گوێرەی حكومەكانی دەستووری عێراق و یاسای نەوت و گازی هەرێم, ئیداع دەكرێ لە سندووقی كوردستان بۆ داهاتەكانی نەوت كە لە ماددەی پانزەیەمی یاسای نەوت و گازی هەرێمی كوردستان-عێراق ژمارە (22)ی ساڵی 2007دا هاتووە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی فەرموو.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**لیژنەی یاسایی پشتگیری لە یاساكە دەكات, وەكو خۆی كە هاتووە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی فەرموو.**

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمەش هەمان ڕەئی لیژنەی یاساییمان هەیە.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ تێبینی هەیە؟ (ئاهەنگ عارف – گۆران ئازاد – فرمان عزالدین –دڵشاد حسین – سەرهەنگ فرج - عبدالله مەلا نوری - ڤیان عبدالرحیم - عدنان عثمان - نەریمان عبدالله - سۆزان شهاب - سەروەر عبدالرحمن – سەرگوڵ خان - حمە سعید - بیلال سلیمان - دانا سۆفی - سالار محمود - عمر نورەدینی - ئارام قادر - شێردڵ تحسین - عمر عبدالعزیز - كاوە محمد امین - شڤان احمد)**

**نوقتەی نیزامی, كاك كاردۆ فەرموو.**

**بەڕێز كاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەسەرەتای بودجە بەتایبەت لە ماددەی یەك, باسی داهاتمان كرد یەكێك لە ئیشكالەتەكانمان لەسەر شەفافیەتی داهات بوو, وە لێرە بڕیارمان دا لیژنەیەك پێك بهێنین بیخەینە ئەحكامی خیتامی لەوێ باسی بكەین, جارێكی تر دێینەوە سەر داهات, كە داهاتی نەوت بەشێكە لەداهاتە گشتیەكە, پێم باشە قسە لەسەر لیژنەكە بكەین, یەكێكیان بكەینە بڕگەی یەك، ئەوی تر بڕگەی دوو, یەعنی ئێستا قسە لەسەر موافەقەت كردن لەسەر لیژنەی بەدواداچوون و لێكۆڵینەوە لە داهات, بەتایبەتی داهاتی نەوتیش بكەین, چونكە پاریش ئەو ماددەیەمان هەبوو, پێراریش هەمان بووە, بەبێ نەتیجە بووە تا ئێستا..

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئیشكالەكە نەبووە, وەختی خۆشی ئیتفاقمان كرد هەموومان پێم وایە وتمان، بەلأم دوو ڕەئیمان هەبوو, ڕەئیەكیان وتیان لیژنەیەكی تازە پێك بێت, ڕەئی دووەمیشیان وتیان با دیوانی چاودێری دارایی ئەو موتابەعەیە بكات, دوو ڕەئی وا هەبوو. فەرموو كاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بە فیعلی ڕاستە ئەو تەرحە كرا كە بكەوێتە ئەحكامی خیتامی، بەلأم ئێستا ئێمە لە ئەحكامی خیتامی كە تەواویش دەبین لەو ماددانە، كۆمەڵێك ماددەی ئیضافی هەیە كە هەم لە لیژنەكە هەم ئێمە بۆمان هەیە، بۆیە ئەو پێشنیارەی كاك كاردۆ دەكرێت لەوێ هەم سیاغەكەی بنووسین و هەمیش دەنگیشی لەسەر بدەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاء الدین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش پشتیوانی دەكەم لەوپێشنیارەی كاك كاردۆ، چونكە ئەگەر بچینە ناو تەفاصیلی ئەحكام خیتامی، ئەو مەوضوعە دەبێتە شتێكی لاوەكی، موضوعی ئەساسی مەسەلەی ئەو لیژنەیەیە، وادەزانن دەنگی كۆتایشمان پێنەداوە، بڕیار وابوو دوایی لەو فەقەرەیە باسی بكەین ئەوە خاڵێك، خاڵێكی تر ئێمە ماددەی پێشوومان ئیلغاء كردەوە، هەندێك پێشنیار هەبوو ئەوانەشی لەگەڵ ڕۆیشت، من داوا دەكەم ئەو تەوسیاتەی كە بڕیارمان لەسەر داوە هەموو لەسەری كۆك بووین بە ماددەیەكی ئیلزامی حكومەتی پێ ئیلزام بكەین، كە ئەو ڕاسپاردانە بەهەند وەربگرێت وە بە ماددەیەكی ئاسایی دەرجی بكەین پێش ئەوەی بچینە سەر ئەو خاڵەش، ئەو دوو بابەتە من پشتیوانی لە ڕای یەكەم دەكەم ئەوەشی پێ ئیضافە دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر (ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزتان بەڵێنتان دا کە لە ئەحکام خیتامی هەتا یەکەم خاڵ بریتی بێت لەوە، وە مەسەلەی نەوتیش لەبەرئەوەی کە بریتیە لە داهات و ڕاستەوخۆ پەیوەندیەکی تەواویان بەیەکەوە هەیە، بۆیە پشتگیری لەو ڕایە دەکەم کە هەردووکیان بەیەکەوە باس بکرێت، وە ئەوەی بەڕێز مامۆستا عمر باسی کرد بەهەمان شێوە ئێمە لە لیژنەی هاوبەش باسمان کرد، کە کۆمەڵێك تەوسیاتی پێشنیاری ئەندام پەرلەمانەکان، فراکسیۆنەکانی ترماوە، بەماددەیەکی قانوونی دابنرێت لە ئەحکام خیتامی، کە حکومەتی پێ ئیلزام بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. عمر فەرموو.

**بەڕێز د. عمر حمدامین خدر (نورەدینی):**

ڕاستە ئەو مەوزوعە باسکرا، بەس ئەوەی کە پێکهێنانی ئەو لیژنەیە سەبارەت بە بەدواداچونی بودجەیە بە گشتی نەك تەنها داهات خەرجیەکانیش، بۆیە ئەو ماددەیە تەنها پەیوەستە بە مەسەلەی داهاتی نەوتەوە بۆیە من تەئیدی پێشنیارەکەی کاك گۆران دەکەم، کە لە ئەحکامی خیتامی دەکرێت بڵێین ئەو ئالیەتە بۆ بەدوا داچوونی کۆی بودجە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەیەکی نیزامی بە پێی ماددەی (56)، ئەگەر دەست پێکرا بە گفتوگۆ کردنی بابەتێك، نابێت باسی بابەتێکی تر بکرێت تاکو ئەو بابەتە تەواو ببێت، دەقی ماددەی 17 خوێنرا، پێویستە ماددەی 17 تەواو بکەین، ئەوە هەڵوێست نیە بەرامبەر بە تەشکیل کردنی لیژنە یان نا، ڕەنگە من تەئیدی بکەم، بەلاَم بە پێی پەیڕەوی ناوخۆ، دەستیان پێکرد بە ماددەیەك دەقەکەیان خوێند، وە دەبێت تەواوی بکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سەرهەنگ فەرموو.

**بەڕێز سەرهەنگ فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەسنای موناقەشەکان کە دەستمان پێکرد لەسەرەتادا، وا ڕێککەوتین کە ئەو مەسەلەیە بخرێتە ئەحکامی خیتامی، ئێمە پێمان وایە جێگای ئەو مەوزوعی لیژنەیە لێرەیە، وە بەڕاستی هیچ تەرحێکیش

نەكرا بۆ مەسەلەی ئەوەی كەلیژنەی نەزاهەو ئەوانە، چونكە ئیشی ئەو لیژنانە بەپێی قانوون تەحصیل حاصله ئەوە ئیشی خۆیانە، نابێت ئێمە ئەو دوو مەوزوعە تێكەڵ بكەین وە ئەوەی ئێمە موقتەرح بووە، چەند ئەندامی پەرلەمان كە ئیقتراحی كردووە، بۆیە داواكارین لەگەڵ ئەو مەوزوعە بەیەكەوە بخرێتە ڕوو دەنگی لەسەر بدرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من پشتگیری خاڵە نیزامیەكەی كاك عبدالسلام دەكەم، ئێمە ماددەیەكمان خوێندۆتەوە ئەوەی كە باس دەكرێت، ئێستاش زۆر زۆر باش دەتوانن بچن تەئكید بكەنەوە لە پرۆتۆكۆل، دەڵێت لیژنە دروست بكرێت لەسەر داهات وخەرجیەكان، ئێستا ئیمە لەمەوزوعێكداین و ئەویش مەوزوعێكی ترە، بۆیە ئێستا باجارێ باسی ئەو ماددەیە بكەین وە لەدوای ئەوە لە ئەحكام خیتامیە؟ یاخود لەكوێیە؟ دەتوانرێت ئەو بابەتە بخرێتە دەنگەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك حەمە سعید فەرموو.

**بەڕێز حەمە سعید حەمە علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەكەم جارە ئەو صندوقە ئەوە لە پڕۆژە یاسای 2010و، ئێ باسی صندوقەكە دەكەم، عەفوو پێشنیارەكەش دەڵێم و ئەوەش دەڵێم، یەكەم ئەوە بە موخالەفەی قانوون نەكراوە لە بودجەی ساڵی 2010 و 2011، ئەوە بە ماددە تەثبیت كراوە هەم موخالەفەی پڕۆژە یاسای بودجەیە، هەم موخالەفەی قانوونی ماددەی 15ی قانوونی ڕەقەم 22ی ساڵی 2007، خاڵێكی تر ئێمە ئەوە ئەحكام خیتامیە، لە ئەحكام خیتامی و باسی داهاتی نەوتە، كەواتە ڕەبتیان بەیەكەوە هەیە، بۆیە منیش تەئكید و تەسنیە لەسەر پێشنیاری كاك كاردۆ و مامۆستا عمر و كاك ئارام و برادەران دەكەم، كە پێویستە ئەو لیژنە تەحقیقیە دروست بكەین، بۆ داهاتی نەوت و، بۆ داهاتی گومرگ وسنوورەكان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئیشكال نیە لەوەی لە ئەحكامی خیتامی هەبێت، ئیشكالێك نیە لەوەی، بەلاّم بیخەینە كوێ؟ ئێستا ئێمە ماددەیەكمان خوێندۆتەوە، ئەو مادەیە تەواو بكەین، دوای حەز دەكەی دێینە سەر موناقەشەكەی و لە كوێ دایبنێین؟ فەرموو ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە لێرەدا هاتووە، ماددەیەکی زۆر قانوونیە باس لەوەدەکات کە صندوقێك دروست بکەین، هەڵبەتە هەموومان دەزانین کاتی تەشکیل کردنی صندوقێك، چونکە هەموو صندوقێك مەجلیسێکی هەیە، دەبێت بەپێی یاسا تەشکیل بکرێت، بۆیە ئەو ماددەیە کە هاتووە ئەوە تەسنیە کردنە، یاخود تأکید کردنەوەیە، لەوەیە کەوا صندوقێك دروست بکرێت بۆ داهاتی نەوت، بەتایبەتی فرۆشتنی نەوتی خاو لێرە ئەو صندوقە دەیگرێتەوە کە بەپێی دەستوور و بەپێی ئەو قانوونەی کە هەمانە، بەلاّم تەشکیل کردنی لیژنە وابزانم موناقەشەی زۆریش کرا لەسەر ئەوەی کە ئێمە باسمان کردووە، بە سەراحەت وتومانە دیوانی چاودێری تەفعیل دەکرێت، لەگەڵ دەستەی نەزاهە دروست دەبێت، وابزانم ئەوانە هەمووی بۆ ئەوەیە کەوا بەدواداچوون بۆ هەموو داهات بکرێت نەك بۆ ئەو ماددەیە کە ئێستا لێرەیە، زۆر سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك برهان فەرموو.

**بەڕێز برهان رشید حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من حەز دەکەم شتێك بۆ جەنابتان ڕوون بکەمەوە بەدەر لەوەی ماددەی (17) باسی نەوتە، باسی داهاتە، باسکردنی داهاتیش لە دوو ماددەی جیاوازدا، لە دوو شوێنی جیاوازدا، لەڕووی قانوونیەوە عەیبێکی قانوونیە، کاك فرسەتیش دانیشتووە تأکید لە مەعلومات کەنەوە، لەڕووی قانوونیەوە عەیبی قانوونیە، دوو ماددە لە دوو شوێنی جیاوازدا باسی داهات بێت بەدەر لەوەی ئەوە مەوزوعی نەوتە، مەوزوعی داهاتە، داهاتیش دەکرێ نەوت بێت، دەکرێ باج بێت، دەکرێ کارەبا بێت، دەکرێت شتی تر بێت، بۆیە من ئیقتراح دەکەم بۆئەوەی ئەو پڕۆژە قانوونە لەڕووی قانوونیەوە تووشی عەیبی قانوونی نەبین لەیەك ماددەیە بەدوو فەقەڕەیە جێی بکرێتەوە ئەوە هیچ پێویست بە تەشەنوجات ناکات دوایی بخرێتە ئاخیرەوە یان لەولایە بێت، با دوو فەقەڕە بێت و کێشەکە کۆتای پێ دێت، سوپاس

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ جانبێکی قسەی کاك برهانم بۆ ئەو تەفادیەو عەیبە قانونیەی کە خۆی باسی دەکاتن، من پێم باشە تەسویتی ئەو ماددەیە بکەین، موناقەشە بکەین، تەسویتی لەسەر بکەین، وە لیژنە مخەول بکەین وەکو بڕگەیەك لە بڕگەکانی داهات دابنێتن یان لەگەڵ داهات دابنێتن زۆر زۆر تەبیعییە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد.**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، ئێمە پێش ئەو ماددەیەو، پێش ئەو پڕۆژەیەش، قسەمان لەسەر ڕوونکردنەوەی سەرچاوەکانی داهات هەبووە، وە پەرلەمانتاران بە پەنجا، شەست یاداشتمان داوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان، بۆئەوەی هەموو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندی بە سەرچاوەکانی داهات و، حەقیقەتی داهاتەوە هەیە ڕوون بێتەوە، بەڵام ئەو ماددەیە ماددەیەکە تایبەت بەبەشێك لە داهاتەکان، وە ئەو لیژنەیەی کە ئێمە داوای دەکەین، وە پشتگیریشی دەکەین، دەمانەوێت لێکۆڵینەوەو تەحقیقیشی لەبارەوە بکرێت، لەڕاستیدا گشتگیرترە لەو ماددەیەی کە ئێستاکە ئاماژەی پێ کراوە، وە من قسە لەسەر مەسەلەی خەرجیەکان ناکەم، ئەو داکۆکی کردنەش بۆئەوە نیە لە ماهیەتی ئەو لیژنەیەی کە پێك دەهێنرێت کەم بکەمەوە دواجار سەرجەم پەرلەمانتاران بڕیاری لێدەدەین، بەڵام تەصەورم وایە ئەو مادەیە جێگای ئەوە نیە دەکرێت لە ماددەکانی داهاتوودا قسەی لەسەر بکرێت، بۆئەوەی قەتیس نەبێت لەچوارچێوەی داهاتی نەوتدا، بۆ هەموو داهاتەکان بێت، چونکە پێمان وایە ئەوە قسەی زۆرتر هەڵدەگرێت، وە ئەگەر پیشەیانەش تەعامول بکرێت تەصەورمان وایە دەتوانین هەربگەینە ئەو نەتیجەی کە هەمووومان دەمانەوێت لەچوارچێوەی ئەو لیژنەیەی کەپێك دەهێنرێت، سوپاستان دەکەم.**

**بەڕێز د. ئەرسەلان بایز سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عدنان فەرمووو.

**بەڕێز عدنان عثمان محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئێمە ئێستا قسە لەسەر داهات دەکەین، دەست دەکەین بە داهات، وە ئەو نوقتەیە ئیشکالترین نوقتەیە کە لەلای ئۆپۆزسیۆن جێگای گومانێکی زۆرە، ئەوە کێشەیەکی مردووە ساڵی پاریش داندراوە، لێرەوە دەست پێ دەکات، ئەگەر نیەتێك هەیە بۆپێکهێنانی لیژنە، ئێمە جارێ ئەصڵەن بڕوامان بەوە نیە نە دیوانی چاودێری تەفعیل بکرێت، نەدەستەی نەزاهە، تەفعیل کرا (نور عەلی نور)، ڕۆڵی پەرلەمان، ئەدائی پەرلەمان، وەزیفەی پەرلەمان، چیە لەو مەوزوعە؟ قسە لەسەر بودجە دەکەین، قسە لەسەر داهات دەکەین، چەند ڕۆژێکە باس لە گومانێکی زۆر دەکەین، پێویست بەوە دەکات لیژنەیەکی پەرلەمانی پێك بهێنرێت بۆ ئەو مەوزوعە، ئەگەر نیەت هەیە بۆ پێك هێنانی لیژنەکە دەبێت ئێستا ساغ ببینەوە، لەئاخیر دایدەنێن، لەسەرەتا دایدەنێن، لەناوەڕاست دایدەنێن، خۆتان مخەول بن کێشەیەك نیە، بەڵام دەبێت لە ئێستادا ڕوون بێتەوە ئایا لیژنەیەکی پەرلەمانی، ئەو پەرلەمانە بە وەزیفەی خۆی لە موراقەبە کردن و، لە تەحقیق کردن، هەڵدەستێت یان نا؟، ئەو لیژنەیە پێك دەهێنرێت یان نا؟، ئەگەر لیژنەکە پێك ناهێنرێت لەڕاستیدا ئێمە ناتوانین قسە لەسەر ئەو مەوزوعە بکەین، قسە لەسەر داهات بکەین، دەبێت مەبدەئییەن لەوە یەك لا**

ببینەوە کە لیژنەیەك پێك دێت یان نا؟، کە لیژنەکە پێك هات، لیژنەکە لەکوێ دادەنرێت موشکیلە نیە، بەلاَم ئەگەر لەوکاتەوە ئیتر دەست دەکەی بە قسەکردن لەسەرداهات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. رۆژان فەرموو.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی گفتوگۆ لەسەر ماددەی (17) بکرێت، وادیارە ئەندامان سوورن لەسەر ئەوەی، دوو پێشنیار هەیە بخرێتە دەنگدان، هەردوو پێشنیار ئێستا دەخەمە ڕوو، یەکێکیان ئەوەیە کە کاراکردنی دیوانی چاودێری دارایی بوو لەگەڵ دەستەی نەزاهە، یەك دەقیقە هەردوو پێشنیار، دوو ڕایە، دوو ڕا بەڕێزان......

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێوە بۆ موقاتەعەی دەکەن با ڕەئی خۆی بڵێ، کەس موقاتەعەی ئێوەی نەکرد برای خۆم، با قسەی خۆی بکات  کاکە، فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو ڕا هەیە هەردوو ڕا دەخەمە ڕوو، دوایی جەنابت ئەمر دەفەرمووی کامە ڕا یەکەمجار بدەمە دەنگدان؟ ڕایەك ئەوەیە کاراکردنی دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی نەزاهە بۆئەوەی بە ئەرکەکانیان هەستن، یەك لەوانە ئەو پێشنیارانەی کە کرا بەدواداچوونی داهات و خەرجیەکان، ڕای دووەمیش ئەوەیە پێك هێنانی لیژنەیەك بۆ بەدواداچوونی داهات و خەرجی، ئەو دوو ڕایە هەیە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان.**

کاك حاجی بلال فەرموو.

**بەڕێز احمد سلیمان عبدالله (بلال):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێم وایە ئەو بڕگەیە داهات و خەرجیەکانی تەبعەن ساڵی ڕابردووشە، ئێستا باسی خەرجیەکانی ساڵانی 2009 و 2010شە، عەفوو 2010 و 2011یە ئەوانەشی تێدایە بۆئەوەی کە ڕوون بێت، چۆن بۆ ئەو لیژنەیە بێت؟ دەبێت ئەوەش بکات، پێم وایە یەعنی دەبێت ئێستا ئێمە لەسەرئەوە یەك لا ببینەوە، ئایا ئەو لیژنەیە دادەنێین یان داینانێین؟، ئینجا ئەوکاتە لیژنەی یاسایی مخەوەل بێت لەکوێی دادەنێ؟، لەپێشەوەی دادەنێ، لەدواوەی دادەنێ، موهیم ئەوەنیە موهیم ئەوەیە ئێستا دەنگی لەسەر بدرێت, سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ئەگەر بێین و باسی لیژنە بکەین، برادەران ئەندام پەرلەمان هەموو ئەوان تەقریبەن 40 ڕۆژە بودجە لەبەر دەستی هەمووانە، پێویست بوو پێش بێنە ناو بابەتی موناقەشەی یاسا و بودجە، پێش ئەوە ئەگەر جەماعەت بەدڵیان بوو لیژنەیەك دابمەزرێنن وا بوو ئەوکاتە داوایان کردبایە، ئێستا ئێمە دێین ئەو لیژنە دابمەزرێنین، مانای ئەوەیە ئەو ئیشی ئەوە چەند ڕۆژە؟, ئەوە دەه ڕۆژە ئەوئیشەو ئەو موناقەشەتانە هەموو تەقریبەن نەسف دەبێت، چونکە بۆ؟ تۆ لێکۆڵین یان تەحقیق لە دووبوار بکەی داهات و خەرجی، کە سولبی موازەنەیە مەفروزە ئەو پەرلەمانە ئینتیزار بکات، هەتا ئەو لیژنەیە ئیشی تەواوبکات حەقایق دروست بن دوایی ئێمە بێین بۆ گفتوگۆکردن، لەبەرئەوە ئێمە نابینین ئیشەکی یاساییە، زۆر سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**پەیمان خان فەرموو.**

**بەڕێز پەیمان عزالدین عبدالرحمن:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**لەڕاستیدا ئەو پێشنیازە کە ئێستا بەڕێز دکتۆرە ڕۆژان خوێنیدیەوە، ئەوەی کە تەفعیل کردنی دەزگای چاودێری دارایی بەدیوێك ئەوە مەعنای ئەوەیە کە هەتاکو ئێستا دەزگای چاودێری ئیعترافی حەقیقیە، بۆئەوەی کە ئەو دەزگایە وجودی نیە یاخود کارا نیە، لەکاتێکدا کە ئەوە بۆخۆی ئیشی دەزگایەکەیە، ئیشی پەرلەمانە بەدەرەجەی یەکەم کە تەفعیلی بکردبایە وە ئیشی لەسەر بکردایە، گرینگ ئێمە ئیعترافمان کردووە بەوەی کە ئەو دەزگایە نیە وە تەفعیل نەکراوە وە پێویستی بە تەفعیل کردنە، جگە لەوەی ئێمە پێشتر لەو تەوسیات و موقتەرەحاتانەی کە لە لیژنەی دارایی و مالیە هەبوو، دەنگمان لەسەردا لەسەر تەفعیل کردنی دەزگای چاودێری دارایی کە ئەوە شتێکی ترە کە لەماوەی 3 مانگ، یەعنی ئەوە ڕەبتی بەو لیژنەیەوە نیە، ئێمە شتێکمان هەیە کە گومانە ئەو گومانە حەقی هەموو ئەندام پەرلەمانێکە، سامانی گشتیە، بودجەی گشتیە، کە گومانمان هەیە لەو داهاتەی کە خراوەتە ناو ئەوبودجەیە، بۆئەوەی ئەو گومانانە بڕەوێتەوە یەك حەل هەیە، ئەویش ئەوەیە کە لیژنە دروست بکرێت یان لیژنە دروست نەکرێت، چونکە ئەگەر کاراکردنی دیوانی چاودێری دارایی بخەیتە دەنگدانەوە دەبێت موقابیلەکەشی بخرێتە دەنگەوە ئەی کێ هەیە لەگەڵ کارانەکردنی دەزگای چاودێری دارایی دابێت؟، کە ئەصلْ ئەوەیە یەکێکە لە عەیبە قانوونیەکان، کە ئەو پەرلەمانە هەتاکو ئێستا 3 ساڵە لەو خولەیە بودجە تەصدیق دەکات، بەبێ ئەوەی دەزگای چاودێری دارایی هەبێت، بەبێ ئەوەی ڕاپۆرتی ئەو دەزگایەی هەبێت، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك عمر فەرموو.**

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ کاك عبدالسلام باسی کرد، جارێ ئێمە لەمەوزوعێکداین کە پێی دەوترێت ماددەی 17، لە صندوقی کوردستاندا ئیراداتی نەوت بەگوێرەی یاسای ژمارە 22 دەبێت دابنرێت، بەواتە ئێمە دەبێت موناقەشە جارێ لەسەر ئەو ماددەیە بکەین ئایا دەنگ دەهێنێ یان نا؟ بە نیسبەتی صندوقەکەو، بەنیسبەتی دروست کردنی لیژنەکەشەوە، من بۆخۆم مەناعەتم نیە هەرلیژنەیەك دروست بکرێت، بەلاّم هەرچی لیژنەیەك دروست بکرێت دەبێت لەسەر بنەمایەکی یاسایی دروست بکرێت، بۆئەوەی سبەی بڕیارەکانی یاسایی بێت بتوانێت بەرەنگاری دامودەزگاکانی حکومەت و وەزارەتی نەوت و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بێتەوە، بەنیسبەت ئەو صندوقەوە هێشتا صندوق تەشکیل نەبووە، تازە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران پڕۆژەی دروست کردنی صندوقی نەوت ئیراداتی نەوت و غازی ناردووە، ئەو صندوقە تا دروست نەکرێت ناکرێت هیچ لیژنەیەکی لەسەر دروست بکرێت بەدوایدا بگەڕێت، دەکرێت ئەو صندوقە دروست بکرێت دواتر ئەوە ڕەبتی بە دیوانی چاودێری داراییەوە نیە، ئەگەر دیوانی چاودێری دارایی تەنیا موختەس نەبێت، ئەوە ئیدعای عامت هەیە، ئەوە لیژنەکانی ناو پەرلەمانت هەیە، دواتر تەشکیل کردنی لوجنە بەگوێرەی ماددەکانی 47و 48 لەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان، ئەوە لە سەلاحیەتی سەرۆکایەتی پەرلەماندایە، لەکاتێکدا کە بزانێ موفتەزای حالّ پێویستی بەوەیە کە لوجنەیەك دروست ببێت، کەی؟ ئەگەر هاتو ئەدیلەو موستەمسە کاتێك دروست بوو، وای ئیجابە کە دەبێت تەحقیق لە واقیع بکرێت، ڕوویداوە ئێستا ئەوە دەیخاتە دەنگەوە بە ئەغلەبیەی دەنگ ئەگەر دروستکرا ئەو لوجنەیە، بەلاّم هێشتا ئەوەی صندوقەکەی دروست نەکراوە هەتاکو بزانین ئەو ئیرادانە داخل بوون، داخل نەبوون، کەمن، زۆرن هەتا لیژنەی بۆ دروست بکرێت، دەکرێت دوایی منیش دەڵێم نەك لوجنەیەك چەندەها لوجنەی بۆ دروست بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالله فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا ئەو جیهازە ببێتە کارەبا هیوادارم ئەوە چاك بکرێت، چونکە بەبەردەوام کێشەی بۆمن دروست دەکات، دەترسم دەستێك بێت لەپشتیەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست و مەست لەپشتی نیە، ڕەجا دەکەم، بۆ تۆمەتمان بۆ دروست دەکەی کاکە، تۆمەت دروست مەکە کاکی خۆم، تۆمەت دروست مەکە کاکی خۆم، هیچ تۆمەتێك بە ئاشکرا پێ ناوترێت، کاتی قسە کردن دوو دەقیقە حەقتان هەیە، ئیلا ئەوکاتانەی قەتع دەبێت دەستی چی لەپشتەوە هەیە برای من، باشە فەرموو.

**بەڕێز عبدالله محمد نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو شت هەیە ئەصڵ و فەرع هەیە، ئەصڵ ئەوەیە کە مادام داهات، داهاتی نەوت بەشێکە لە داهات، وە بڕیارێك هەیە کە لیژنەیەك دروست بێت بۆ بەدواداچوون، پێشنیارێك هەیە بۆ بەدواداچوونی خەرجی و داهات، کە لیژنەیەك دروست بێت بۆ بەدواداچوونی خەرجی و داهات، کەوابێ ئەصڵ دروست کردنی لیژنەکەیە، فەرع ئەو ماددەیە کە پەیوەندی بە نەوتەوە هەیە ئەوە یەك، بۆیە دەبێت دروست کردنی لیژنەکە پێش بکەوێت ئەوە یەك، دووش ئەوەی کە بەڕێز کاك عمر باسی دەکات دیارە من ئەندامی لیژنەکەم ڕاستە ئەو صندوقە دروست نەبووە، دەبووایە لە 2007 دروست ببووایە، ئەی بۆ ئێستا من داوای دروست کردنی لیژنە دەکەم، لەبەرئەوەی ئەو صندوقە دروست نەبووە، لەبەرئەوەی نازانم چەند داهاتی نەوت هەیە؟، لەبەرئەوەی نازانم چەند پڕۆژە لەسەر ئەساسی داهاتی نەوت دروست کراوە؟ وە مەبلەغی هەرە گەورە کە ئێمە گومانمان لەسەری هەیە مەسەلەی داهاتی نەوتە، ئینجا دوایش لەبیرتان نەچێت ئەوە 3 ساڵە صندوقی داهاتە نەوتیەکان دروست نەکراوە، وە دڵنیام 3 ساڵی تریش دروست ناکرێت، ئێ بۆیە ئێستا حەقی خۆمانە لە بودجەی 2012 جێگای ئەو بابەتە بکرێتەوە، لەبیریشمان نەچێت وەکو کاك عدنان ئاماژەی پێدا، ساڵی پارو پێراریش ئەو حیکایەتە دووبارە کرایەوە، پەرلەمان هیچ هەڵوێستێکی نیە، بۆیە ئێستاکە ئەگەر بڕیارە بەدواداچوونێکی جدی بکرێت، ئێستا کاتی دروست کردنی لیژنەیەکە کاتی ئەوەیە پەرلەمان هەڵوێستێکی جدی لە حکومەت وەرگرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەحقیق لە گومان ناکرێت، تەحقیق لە شتێك کە ڕووی نەداوە ناکرێ ئەوە یەك، 2- لوجنەی لێکۆڵینەوە کە دروست بکرێت، دەبی بەپێی ڕێژەی فراکسیۆنەکان لەناو پەرلەمان ئەندامانی ئەو لیژنەی تێدابن، ئەو شتە ڕووی داوە ئەوە 3 ساڵە ئێمە لیژنەی داراییمان هەیە کە ئەندامانی بەپێی ڕێژەی فراکسیۆنەکان تێدا نەبووایە، وە ئێمە لیژنەی پیشەسازی و ووزەمان هەیە، ئەرێ ئەو لیژنەی لێکۆڵینەوە چیە کە زیاتر لەو هەردوو لیژنەیە؟ من تێناگەم سیحرەکەی چیە؟ باشە لە کوێ بوون ئەو هەردوو لوجنەیە ئەو 3 ساڵە ئیشی خۆیان نەکرد؟ چ بڕیاری لێدەردەچێت غەیری ئەو هەردوو لوجنەیە؟ من پێم سەیرە فەرموون با دەنگ بدەن لیژنە تەشکیل بکەن، زیاتر لە 50٪ی لەکوردستانی دەبن هەر فراکسیۆنەکیش بەپێی ڕێژەی خۆی تێدا بێت، خۆ لە ئاسمان خەڵك ناهێنین، بەلاًم ئەگەر مەوزوع ئەوە بێت تەنها تەثبیت کردن بێت شتێکە، نە موبەڕر هەیە بۆ لیژنەکە، نە لیژنەکە شتێکی زیاتر دەکات لە ئیشی ئەو هەردوو لیژنە هەمیشەییە، کە ئەگەر تەفسیر هەبێت تەفسیر لە هەردوو لیژنەکەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. دانا فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەست دەکەم هیچ ئیشکالێك نیە ئێمە بتوانین لیژنەیەك دروست بکەین، لەبەرئەوەی پێشتر تەجوربەمان هەیە لەوەی کە لیژنەمان دروست کردووە بۆ زۆر بواری تر، وە بە قەناعەتی من یەعنی بۆخۆم لەگەڵ ئەوەدام لیژنەیەك دروست بکرێت، بەلاْم من پێم وایە ئەگەر 10 لیژنەش دروست بکرێت، یەعنی نەتیجەکە هەرئەوە دەبێت، باوەڕناکەم نەتیجەیەکی تر بەدەست بهێنین، بەلاْم ئەوەی کە قەرارمان دا ئەو لیژنەیە کە دروست بکرێت پێم وایە تا 12/31 هیچ ئیشێکی نابێت ئەو لیژنەیە، لەبەرئەوەی ئەو لیژنەیە ئیشی تەنیا مەسەلەی داهاتی نەوت نیە، قەرار بوو کە لەسەرهەموو داهاتی هەرێمی کوردستان بابڵێین ئەوەی کە خەملێنراوە لەناو بودجەدا ئیش لەسەرئەوە بکات، بەلاْم وەکو پرەنسیپ من لەگەڵ ئەوەدام لیژنەکە دروست بکرێت، گرفتەکە ئەوەیە باس لەوە دەکرێت کە ئێمە ئێستا لەناو ئەوە داین، لەناو بابڵێین ئەوەیەکی تر خوێنراوەتەوە، ماددەیەك خوێنراوەتەوە، ناتوانین لەڕووی پەیڕەوی ناوخۆوە دەبێت چاوەڕێ بکەین، کێشەم لەگەڵ ئەوەشدا نیە، لەبەرئەوەی ئێستا ئێمە بەخۆمان هەموو قسەکانمان شکاندنی پەیڕەوی ناوخۆیە، یەعنی لێرەشدا دەتوانین پەیڕەوی ناوخۆ بشکێنین بەڕاستی، بەلاْم پێشنیار دەکەم بۆئەوەی موناقەشەکە مادەم لەخزمەتی ئەوەیە ئێمە دەمانەوێت بودجەکە دەوڵەمەند بکەین، مادەم لەخزمەتی ئەوەدایە من پێشنیاردەکەم چاوەڕێ بکەین تا ئەو ماددەیە تەواو دەبێت، لەبەرئەوەی تەنها عیلاقەی بە داهاتی نەوتەوە نیە، عیلاقەی بەتەواوی هەموو داهاتی خەملێنراوی بودجەوە هەیە، داوا لە هاوکارانم دەکەم کە چاوەڕێم بکەن تا ماددەکەی تر، با ئەو ماددەیە بڕوات ماددەی داهاتوو دەنگ لەسەر دروست کردنی ئەو لیژنەیە بدەین، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. عمر فەرمو.

**بەڕێز د. عمر حمد امین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوە پرۆتۆکۆل هەیە و تۆمارکراوەو دەتوانین بە ئاسانی بۆی بگەڕێینەوە، لەکاتی تەرح کردنی ئەو پرسەدا دوو ڕەئی هەبوو، یەکێکیان ئەوەیە کە لەگەڵ بەدواداچوون لەڕێگای دیوانی چاودێری دارایی کە بەگوێرەی یاسا، یەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی سەرشانی ئەم دیوانە بریتیە لە بەدواداچوونی بودجەو هەڵسەنگاندن و داهات و خەرجیەکان، هەر بۆئەو مەبەستەش ئێمە ماددەیەکمان هێنا هەمووومان لەسەری ڕێککەوتین، کە ئەم دیوانە لەڕێگای دانانی سەرۆکەکەی لەماوەیەکی زەمەنی چالاك بکرێت، بۆ چوونی دووەم ئەوەبوو وتی ئێمە لەگەڵ بەدواداچوونین لە ڕێگای پێکهێنانی لیژنەیەکەوە، ئەمە تەرحەکانە، ئێستا تەرحەکە هەردووکی وەك خۆی ماوە، لەکاتی خۆیدا هەردوو تەرح بخرێتە دەنگدانەوە بەتایبەتیش ئەوەی کە پەیوەندی بە دیوانی چاودێری دارایی بوو، ئێمە دەنگمان لەسەر داوە، بەکۆی دەنگیش دەنگمان لەسەر

داوە، بۆ ئەو مەبەستەش دەنگمان لەسەر داوە، جگە لەوەی کە من تەئکید لەوە دەکەمەوە کە ئەوە تەنها قسە لەسەر نەوت و داهاتی نەوتە لە ڕووی پەیڕەوییەوە ئێرە جێگای نیە، ئەگەر هەر بەڕێزان بەردەوامیشن لەسەر پێشنیاری خۆیان ئەوە دەبێت بخرێتە دەنگدانەوە بەو سیغەیە، ئێمە لەگەڵ ئەوەین بەدواداچوون بکرێت دەڵێم لەڕێگای دیوانی چاودێری دارایی و ئەو ماددەیەی کە دەنگمان لەسەر داوە، بۆ تەفعیل کردنی دیوانی چاودێری دارایی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا کاکە دوو ڕەئی هەیە، کاك کاردۆ هەمووتان قسەتان کرد بلێ فەرموو.

**بەڕێز کاردۆ محمد پیرداود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەك ڕەئی هەیە، سەرەتا کاتێ ئەو پێشنیارە کرا کە لیژنەیەك هەبێت، بەڵێ یەك ڕەئی هەبوو دوایی لە نەتیجەی گفتوگۆ ڕەئیەك هاتە پێش وتیان با دیوانی چاودێری تەفعیل بکرێت، وتمان کاکە دیوانی چاودێری یاسای خۆی هەیە ئەوە شتێکە تەفعیل بکرێت، نەکرێت، ئەصڵەن نەکردنی پێشێلکاریە ئەوە شتێکە هیچ کێشەیەکمان لەسەری نیە، تۆ قانوون جێبەجێ ناکەی دێی لێرە پێشنیار دەکەی وەڵلا تەفعیل بکرێت ئەوە لەلایەکیان، 2- هاتین کە خستمانەوە پێشنیار وتمان بەڵێ، با ئەم ڕەئیە پێمان خراپ نیە، بەلاّم بکەوێتە ئەحکامی خیتامی ئێمە قسە لەسەر داهات دەکەین، داهات لە ماددەی یەکەم قسەمان لەسەر کرد، ئەگەر قسە لەسەر دەنگدان بێت مەنطق نیە پەرلەمانتاران بڵێن پێویست نیە داهات بە وردەکاری بچێتە ناو یاسای بودجە، ئەوە زۆرینە و کەمینەی دەوێت، تۆ داهات بە وردەکاری بچێتە ماددەی یەك یان نا؟، خۆی یاسای بودجە ئیشی ئەوەیە داهات، خەرجی، تۆ کە داهات داخل ناکەی هاوپێچی لەهەردوو بە 2تریلۆن دەڵێی با داخیل نەکرێت، ئەوە چ دەنگدانێکە؟ لەبەرئەوە بەهیچ شێوەیەك ڕازی نیمە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالعزیز بهاءالدین:**

**بەڕیز سەرۆکی پەرلەمان.**

من موجەڕەد تەسمیەك بوو وام زانی نوقتەی نیزامیە، مادەم لەوە دەرچوو من قسەی خۆمم نەکردووە دوو سێ کەلیمەتان عەرز دەکەم بەروخسەتی خۆتان عەرزبکەم، ئەوەلەن ئەو بابەتە بە ئەعسابی ساردەوە ئەوەندە تەشەنوجی ناوێت، زۆر سادە باسەکە بکەین، جەنابتان بەڵێنتان دا لە ئەحکامی خیتامی ئەو باسە بکرێت، لەبڕگەی یەکی من بۆ خۆم باسی خۆم دەکەم عیلاقەم بەهیچ کەس و هیچ فراکسیۆن و ئەندامێکی پەرلەمانەوە نیە، بەتەمابووم لە خاڵی یەکەمدا باسی بکەم ئیحترامەن وەستاین خاڵی 1،خاڵی 2، خاڵی 3، خاڵی 4، ئێستا ماددەی چوارە، زۆر لەجێی خۆیەتی ئێستا ئەم باسە بکرێت، بابەتیانەو مەوزوعیانەش بچینە ناوی لەولاوە باس لەوە دەکرێت جێی نیەو دوایی باسی دەکەین، لەولاوە نەفەسێك دیارە کە ناخوازرێت ناهێڵێت ئەم لیژنەیە پێك بهێنرێت، ئێستا باس باسی داهاتە لەکۆبوونەوەی لیژنە

هاوبەشەکەشدا لەباسی نەوتدا باسی داهات دێتە ئاراوە، چونکە لە 80٪ تا 90٪ی داهاتی ناوخۆی هەرێم هەر نەوتەکەیە خۆ چیمان هەیە غەیری ئەوە، بەشێکیشی گومرگ و سنوورەکانە، لەبەرئەوە من پرسیار عەرزی جەنابتان دەکەم، ئێوەی سەرۆکایەتی و ئێمەی پەرلەمانتار، ئەگەر لە ناشەفافیەت ناپرسینەوە، ئەگەر لەدواخستنی پڕۆژەکان ناپرسینەوە، ئەگەر لە وردەکاری داهات ناپرسینەوە، ئەگەر موحاسەبەی حکومەت ناکەین کە  هەرشتێك بکات، ئێمە داوا دەکەین ئەو شتە ئەساسیانە ناهێنێت، ئەی باشە ئیشمان چیە لێرە؟، ئێستاش بە موماتەڵە و دواخستن ئێستا ناو تاوێکی تر، ئێستا کاتیەتی باسی صندوقی نەوتە ئەوە یەك، دووهەم: ئێمە چەند جار ئەو پەیڕەوەمان گرتۆتە پێش، چەند جار ئەو ڕێرەوەمان شکاندووە، کە باسی نوقتەی نیزامی دەکرێت وەڵلا ئێمە 2ساڵە، 3ساڵە هەروادەکەین و لەسنوور لادەدەین و دێینەوە سەری، ئێستا وەختێك داواکاریەکی مەعقول دەکرێت بۆچی دوای دەخەن؟ من پرسیارەکەم ئەوەیە حیکمەتی چیە دوای دەخەن؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دوای ناخەین هەرئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، حەز دەکەم بزانن فەرمووو کاك یاووز، کاك یاووز مەسئولی لیژنە.

**بەڕێز یاووز خورشید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمن لەو قسانە بەڕێزەك وابزانم ئیتهامی ئەوەی تێگەیشتم، ئیتهامی دوو لیژنەی کردیە، یەك لەوانە لیژنەی پیشەسازییە کە من لەسەر ئەو قسە دەکەم بەڕاستی، ئەمن 3 ساڵ سەرۆکایەتی ئەو لیژنەیەم کردیە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، سەرۆکایەتی پەرلەمان دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو نووسراوانەی کە ئاراستەی بەڕێزیان کراوە، سەبارەت بە بابەتی نەوت کە هەتا ئێستا زۆربەی پرسیارەکانمان وەڵامی نەدرایتەوە، ئەوە وەکو لیژنەی پیشەسازی ئیشەکانی خۆمان کردیە بەبێ کەم وکوڕی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك ئارام فەرموو.

**بەڕێز ایوب نعمت قادر(ئارام):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە لیژنەی لیکۆڵینەوە بەڕاستی من دەڵێم هیچ پەیوەندیەکی نیە بە دەزگای چاودێری، چونکە دەنگی لەسەر دراوە تەواو بووە, وە مەسەلەی لیژنەی لێکۆڵینەوە بابەتێکی جیاواز بوو بۆ داکۆکی کردن بوو لەداهات لە فەقەڕەی یەکەم، وە من ئەو پرسیارە دەکەم لەکاتێکدا لە بودجەی 2012 حکومەتی عیراق، بەچەند ماددەیەك نوێنەرانی کورد لەبەغدا ئامادەبوون بۆ تەسفیەو بۆ وردبینی لەسەر داهاتەکانی

کوردستان، بۆچی دەیەوێت پەرلەمانی کوردستان سڵ لەوە بکەینەوە کە ئێمە لیژنەیەك هەڵبژێرین لەپەرلەمان بۆ بەدواداچوونی ئەو داهاتانە؟، ئەگەر بێت و داهاتەکانمان بخەینە بەردەم ئەوان، بۆ ئێمە بۆ خۆمان بۆئەوەی ئەندام پەرلەمانەکان، هەروەها هاووڵاتیان دڵنیا ببنەوە لەوەی کە داهاتی نەوت چەندێکەو، وە داهاتەکانی تر چەندێکە؟، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە پشت بەستن بەو بنەمایەی کە هیچ کێشەیەك نیە چارەسەری نەبێت، وە ئەوەش کە دەردەبڕێت هەمووی لە حرسەوەیە بۆ دەرکەوتنی سەرچاوەکانی داهات، لەو ڕووانگەیەوە من تەصەوڕم وایە لە ماددەکانی پێشوودا باسی بەشێك لەداهاتەکان کراوە، باسی خەرجیەکانیش کراوە، وە ئەو ماددەش پەیوەستە بە بەشێك لەداهاتەکانی ترەوە، بۆیە پشتیوانی بۆچوونەکەی برای بەڕێزم کاك دکتۆر دانا دەکەم کە ئێمە ڕاستەوخۆ دوای ئەو ماددەیە بچینە سەر دروست کردنی ئەو لیژنەیە، وە من تەصەوریشم وایە بە حوکمی ئەو تێبینیانەی لەسەر دیوانی چاودێری دارایی هەیە، ئێمە پشت ئەستوور بین بە پەیڕەوی ناوخۆ بۆ پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتی پەرلەمانی و، وە ئەگەر لیژنەی نەزاهەو، لیژنەی دارایی بۆ ئەو بابەتە رابپسپێرێ، کارێکی باشە، بەلأم دوای ئەو ماددەیە، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك حمە شارەزووری فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەکانی کاك عمر دەکەم، دیارە ئێمە پێشتر باسی داهات کراوە، داهاتی کوردستان، بەس داهاتی نەوت نەبووە، داهاتەکانی تریش بووە، ئەندامانی پەرلەمان بە تێکڕای دەنگ قسەیان لەسەر کردووە، دواتر من بەبیر ئەو هاوڕێیانەم دەهێنمەوە کە جەنابت ئەو ڕۆژەی کە ئێمە هەموومان ڕێککەوتین وتت دوو ڕا هەیە، ڕایەکیان تەفعیل کردنی لیژنەی دیوانی چاودێریە، ڕایەکی تریشیان دروست کردنی لیژنەیەك دواتر لە ئەحکامی ختامیە دەیخەینە دەنگ، ئیترنازانم بۆئەوەی کە ئێستا وتی من پشتگیری ئەوە دەکەم کە تا ئێستا ئەو ماددەیە هیچ عیلاقەی بە لیژنەوە نیە، دوای ئەو ماددەیە کە ئەویش دەچێتە پاڵی داهاتەکانی تر، دواتر قسە لەسەر ئەو مەوزوعە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هاوڕاز خان فەرموو.

**بەڕێز هاوڕاز شێخ احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو لیژنەیە بەڕاستی من نازانم پێم سەیرە لەماددەی یەکەمدا اعلان کرا کە ئەوە هەڵدەگیرێ، لەبەرئەوەی کە پرۆژە یاسای بودجە لەوێ بڕوات تا لەوێ بڕیاری لێبدرێت بڵێن بدرێتە دەنگدانەوە، من نازانم بەڕاستی بۆچی کە دێینە سەر ماددەیەکی حەساس کە باسی نەوتە لەوێدا ئیلا بەرگری لەوە دەکەین کە ئەو ماددەیە لەوێ دەنگی لەسەرنەدرێت بەڕاستی؟، حیکمەت نیە لەوە چ حیکمەتێك هەیە لەوەی کە تۆ دێیتە سەر داهات، ئەوە پاشتر دەخەیتە دەنگدان؟ ئەوە قسەیەکە بەڕاستی ئێمە کە لەوێ ڕێزمان لەوە گرت ئەو ماددەیە دوابخرێت بۆ ئەحکامی خیتامی، ئێستاکە بۆچی لێرەدا دەنگی لەسەر نادرێت؟ نازانم یەعنی بەجۆرێك دوادەخرێت خەریکە گومانمان بۆ دروست بێت کە ناتانەوێت ئەو ماددەیە بکەن لە شوێنێکی زۆر حەساسە من پێم وایە جێگای ئێرەیە، دەبی لێرە دەنگی لەسەر بدرێت دواتر لەسەر ئەو ماددەیە موناقەشە بکرێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی بیخوێنەوە دەنگی لەسەر دەدەین, فەرموو بیخوێنەوە لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ئەو بابەتە بۆ بەدواداچوون دوو ڕا هەیە، ڕایەکیان پێکهێنانی لیژنەیە بۆ بەدواداچوون و خەرجیەکانی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2012، ڕایەکیش دیوانی چاودێری دارایی هەستی بە بەدواداچوون و داهات و خەرجیەکانی بودجەی هەرێمی کوردستان ساڵی 2012، یەك لەدوو ڕایەکە پێکهێنانی لیژنەیەك، پێشنیار کرایە بەڕێزان دیوانی چاودێری دارایش پێشنیاری بەبەشێك لە ئەندامان بوو، یەك لە دوو ڕایەکە یەکێکیان پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ بەدواداچوونی داهات و خەرجیەکانی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2012.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوەدایە ئەو لیژنەیە پێك بێت؟ 32 کەس لەگەڵدایە، کێ لەگەڵ دانیە؟ 51 کەس لەگەڵ دانیە, کەواتە ڕەئی یەکەم پەسەند نەکرا، ڕەئی دووەم بخوێنەوە، ڕەئی دووەم بخوێنەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕاسپاردنی دیوانی چاودێری دارایی بۆ بەدواداچوونی داهات و خەرجیەکانی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2012.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ ئەوە دایە دیوانی چاودێری دارایی کارەکانی خۆی بکات بەدواداچوون بکات؟، کێ لەگەڵ دانیە؟، بەکۆی دەنگ لەگەڵ ئەوە دایە دیوانی چاودێری دارایی ئەو کارە بکات، فەرموو ماددەکە بخوێنەوە بۆ ئەوەی موناقەشەی بکەین، ناو نووسراوە ئێستا ئێمە دێینە موناقەشەی ماددەکە (ئاهەنگ عارف – کاک گۆران)

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە لەو ماددەیەدا کە باس لە دروست کردنی صندوقی داهاتەکانی نەوت وگاز کراوە، ئەوە ماددەیەکە 3 ساڵە دووبارە دەبێتەوە، ڕاستە ئێستاکە پرۆژە یاساکە لە پەرلەمانە وە خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کراوە، وە حکومەتیش پرۆژە یاسایەکی تری ناردووە، بەلام ئەو پرۆژە یاسایە تەنها بە خوێندنەوەی یەکەم ودەنگدان لەسەرو دروست کردنی صندوقەکە نابێتە هۆی ئەوەی کەوا دروست بێت داهاتی بچێتە ناو، بەپێی یاسای صندوقەکە دەستەیەکیشی هەیە کە بە کۆی دەنگی ڕەهای ئەندامانی پەرلەمان دەنگی لەسەر دەدرێت، بۆیە لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت کەوا ئەم یاسایە ئەم صندوقە فریای ئەم داهاتە ناکەوێت، بۆیە یان پێویستە لەیاسای بودجە بێتە دەرەوە ئەو ماددەیە یان ئەوەتا بەدیلێك دابنرێت لە حاڵەتی دواکەوتن ودروست نەبوونی صندوقی کوردستان بۆ داهاتە نەوتیەکان، ئەو داهاتە لە حیسابێکی تایبەت دابنرێت، وە پەرلەمانی کوردستان بەپێی یاسای نەوت وگازیش دەبێت ئاگادار بێتن، لەبەرئەوە تەحصیل حاصلە کە ئەو صندوقە فریای یاسای بودجە ناکەوێت، بۆیە بە هەموو ساڵێك خۆمان تووشی ئیحراجی نەکەین یان ماددەکە ئیلغا بکەنەوە یاخود بەدیلێك پێشنیار بکرێت بۆ کردنەوەی حیسابێکی تایبەت لە بانك، بۆئەوەی داهاتەکەی بچێتە ناو, سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

مامۆستا فرمان – کاک دڵشاد – کاک سەرهەنگ – کاک عبدوڵڵای مەلا نوری – ڤیان خان – کاک عدنان – کاک نەریمان – سۆزان خان)، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێز ئەندامانی پەرلەمان، لەبەرئەوەی ئێمە پێویستە ئەو ماددەیە بەشێوازێکی تر سیاغە کەینەوە، ئەگەر بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی یاسایی ودارایی ئەو سیاغەیە ئاگاداربن، هەموومان دەزانین کە حیسابێك هەیە پارەی موشتەقاتی نەوتی تێدەچێت لە بانکی منارەیە، کەواتە حیسابێکی بانکی هەیە بۆیە دەڵێین: (يودع في الحساب البنكى العائدات النفطية، الحساب المصرفى لمشتقات النفط والغاز في اقليم كوردستان، المستحصلة من العمليات النفطية الخاصة بالحقول النفطية في اقليم كوردستان لحين صدور قانون صندوق كوردستان للعائدات النفطية المنصوص عليه في المادة الخامسة عشرة من قانون النفط والغاز في اقليم كوردستان)، کەواتە لەپێشدا حیسابی بانکیەکە باس بکرێت، چونکە خۆی لە بانکی منارە هەیە ئەو

حیسابە کەواتە دەڵێی (یودع العائدات النفط بیع النفط من المشتقات النفطیة في الحساب المصرفی، و لحین صدور قانون صندوق عائدات النفطی)، دەبێت شتێکی وا بکەین بۆئەوەی ڕێك وەکو خۆی لێبێت و، زۆرسوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د. سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وەڵلاهی یەك، دوو پرسیار ئاراستەی بەڕێز وەزیری دارایی دەکەم لێرەوە بەپێی یاسای نەوت وگاز؟ لەماددەیەکی دا هاتووە دەڵێت داهاتەکانی حکومەتی هەرێم کە لەپرۆسەکانی نەوت بەدەست دەکەون، لەوانەش فرۆشتنی نەوت وگاز ومولکانە وپاداشتی ئیمزا کردن وبەرهەم هێنان لەو گرێبەستانەی نەوتی کە لەنێوان کۆمپانیە بیانیەکان وناوخۆیەکان دا بەستراون بەداهات دادەنرێن، ئەوانە دەخرێنە صندوقێکەوە، صندوقەکە وەکو دەیلێن دانەمەزراوە بەڕێزان باسیان کرد، لێرەدا باس لەوە دەکات کرابێت، بەلاَم لەبەرامبەردا کۆمەڵێك ژمارەی حیسابی هەیە، کەوا بەپێی ئەوە نووسراوی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانە هەر لەوەی لەدەرەوەیە لە لەندەن (HHBC) ، هەروەها لە بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی، لە بانکی منارە، لە بانکی فیدڕاڵ، ئایا وەزارەتی دارایی بەڕێز وەزیری دارایی تا چەند ئاگاداری ئەو حیسابانەیە؟ ئەو حیسابانە چەندیان تێدایە؟، چونکە ئەوە ژمارەی حیسابی بانکەکانە کە لەوێ هەیە، وە خاڵی دووەمیش یەکێك لەو حیسابی بانکانەی کە کراوەتەوە بۆ ژینگە، لە بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی دا ئایا ئەو حیسابە چەندی تێدایە؟ ئێمە دەزانین لەئەنجامی پرۆسەی نەوتدا ئەو هەموو زەرەرو زیانەی لە ژینگەی کوردستان کەوتووە، چی کراوە بۆ ژینگە، دەستەی ژینگە تا چەند سوودی لێوەرگرتووە؟، چونکە بێگومان ئەو پارانەی کە بۆ دەستەی ژینگەش دەچێت لەڕێگای وەزارەتی داراییەوەیە چەندی تیایەو، چەندی بۆ ئەوە کراوە سوودیان لێوەرگرتووە؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(سەرگوڵ خان – کاك حمە سعید – کاك حاجی بیلال – د. دانا).

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆربەی قسەکانی من مامۆستا گۆران کردی، بەلاَم ئەوە دەڵێم ئەگەر ئەو ماددەیە بەڕاستی بۆ دیکۆرە هەر لابچێت باشترە، لەبەرئەوەی ئەوەلەساڵی 2007ەوە یاساکە دەرچووە، صندوقەکە تا ئێستا دروست نەبووە وە بەپێی زانیارەکانیش ئەوەی کە لە وەزارەتی دارایی وەرمان گرتووە تا ئێستا هیچ شتێك پارەیەك

نەهاتووە بۆ ناو ئەو ئەوەیە، ئینجا بەڕاستی یان ئەوەتا نازانم چ مانایەکی دەبێت ئەو ماددەیە ئەگەر لەوێ بێت؟، لەکاتێکدا ئێمە یاساشمان هەیە یاساکە جێ بەجێ نەکراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری ئەوە دەکەم ئەو صندوقە لەچوارچێوەی ئەمری یاسای بودجە بچەسپێنرێت، بەلأم پشت بەستن بەوەی کە هەموو ئەو داهاتانەی کە پەیوەستە بە داهاتی نەوتی وئەو گواستنانەوە بچێتە ناو ئەو صندوقە، وە من تەصەورم وایە سیاسەتی نەوتی لەعێراق دا سیاسەتێکی دژوارە، وە سیاسەتێکی ناتەندروستە، بۆیە ئەو قۆرخکاریانەی کە لە عێراقدا ڕوویداوە ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، لەو ڕوانگەیەوە ئیسرارکردنەوە بۆ دروست کردنی ئەو صندوقەوە لەساڵی 2007ەوە تاوەکو ئێستاکە ئیسراری لەسەری دەکرێتەوە، بۆ ئەوەیە کۆمەڵێك پرەنسیپ کە پەیوەندی بە شەفافیەتەوە هەیە بچەسپێت، ئەو بنەما گشتیەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەرنامەی لیستی کوردستانی، لایەنەکانی تری دەرەوەی حکومەت، ئیسراری لەسەر دەکەنەوە، وە بەرنامەی هەموومانە ئەوە یەکێکە لەو پرسە حەقیقیانەی کە پشت ئەستورە بە چاکسازیەکی بنەڕەتی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەگەر ئێمە سیاسەتی نەوتیمان بەتەواوەتی پێچەوانەی ئەو سیاسەتە نەوتیە نەبێت لە عێراق دا، پێم وایە ئەو گەشەکردنەی لە هەرێمی کوردستان دا تا ئەو قۆناغە هاتووە، لەئێستا بەدواوە بەجۆرێکی تر دەکەوێتەوە لەو ڕووانگەیەوە بۆئەوەی هەموو ئەو داهاتانەی کە لە ڕێگای سەرچاوە نەوتیەکان وگواستنەوە دێتە کایەوە، دێتە ئەو صندوقەوە بەتایبەتیش ئەو تەنکەرانەی کە لە خواررووی عێراق و لەناوەڕاستی عێراقەوە لە دەروازە سنووریەکانی هەرێمی کوردستانیشەوە دێن و تەسجیل دەکرێن هەموو بێتە ناو ئەو صندوقە، لەو ڕووانگەیەوە بەرپرسیارەتی گەورەش دەکەوێتە سەر پەرلەمانی کوردستان خۆی چاودێری جێ بەجێ کردنی ئەو یاسایانە بکات کە لە هەرێمی کوردستان دا دەرچوون یاسای ساڵی 2007، وە ئەو صندوقەش ئیلزامێکی قورس وگرینگ وگرانیشە، ئەگەر دەزانین ئێمە ناتوانین بەشێوەیەکی حەقیقی کە پشت بەستێت بەو پرەنسیپانە، ناتوانین ئەوە بەدی بهێنین ئەو ماددەیە ڕەت بکرێتەوە کە لە بنەمایە من لەگەڵ ئەوەم ئەو صندوقە هەبێت، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

(پەیمان خان – د. عمر – کاك ئارام – کاك شێردڵ).

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کراو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

(مامۆستا عمر – مامۆستا كاوە).

**بەڕێز كاوە محمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكانی من كراو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە حەقەتەن خودی ئەو ماددەیە بە یاسایەك هەیە، ئەو یاسایە پێویست ناكاتن ئەو ماددەیە لێرە بەو شێوەیەی كە هاتووە بەو ئیضافەیەی كە لێرە هاتووە هیچ پێویست ناكاتن وجودی ئەو ماددەیە لێرە، بۆیە من ڕەفزی ئەو ماددەیە دەكەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كوێستان خان فەرموو.

**بەڕێز كوێستان محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی جەنابی وەزیر قسەت هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لەكاتی خۆشی هەر ڕوونكردنەوەمان دا بە نیسبەتی ئەو حیساباتانەی كە بەپێی ماددەكانی یاسا هاتووە، ساڵی ڕابردووتریش ئێمە حیسابمان بۆ وەزارەتی سامانە سروشتیەكان كردووەتەوە، وە بیزات لە حیساباتی موشتەقاتی نەوتیە هەتاكو ئێستاكە دووجار 250 ملیۆن دیناری هاتووە، لەڕێگای وەزارەتی داراییەوە، وەزارەتی تەختیت (وەزارەتی پلاندانان)، بۆ مەشاریع دایناوە، وە 135 ملیار دیناریش دراوە بە تەربیەو، بە زانكۆ، وەزارەتی خوێندنی باڵا، وە بەنیسبەتی ئەوحیسابەتەكانی ترەوە كەلە ماددەكاندا هاتووە، ئێمە ئەو حیساباتانەمان كردوەتەوە، بۆیە ئەو حیسابانە هەمووی لە موشتەقاتی نەوتی لە بانكی منارەیە بۆ مەعلوماتی جەنابتان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دوا سیاغەتان بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەرەچاوکردنی پێشنیاری ئەندامە بەڕێزەکانی کوردستان سەبارەت بە ماددەی 17ی پڕۆژەی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2002، سیاغەی ماددەکە بەوشێوەیە دەیخوێنمەوە، ئەگەر ڕەزامەندی لەسەر بوو هەتا بخرێتە دەنگدانەوە،(المادة السابعة عشرة: تودع في حساب مصرفی خاص العائدات النفطية لحين تشريع قانون صندوق للعائدات النفطية المنصوص عليه في المادة الخامسة عشرة من قانون النفط والغاز لاقليم كوردستان-العراق رقم 22 لسنة 2007 العائدات المستحصلة من العمليات النفطية الخاصة بالحقول النفطية وفق احكام الدستور العراقي وقانون النفط والغاز للاقليم).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کە ئێمە هاوار دەکەین دەڵێین تکایە ئاگاتان لێبێت، تکایە هێمنی قاعەکە بپارێزن بۆئەوەمانە، فەرموو بیخوێنەوە جارێکی تر.

**بەڕێز عونی سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووبارە دەیخوێنمەوە ( المادة السابعة عشرة: تودع فی حساب مصرفی خاص العائدات النفطية لحين تشريع قانون صندوق للعائدات النفطية المنصوص عليه في المادة الخامسة عشرة من قانون النفط والغاز لاقليم كوردستان-العراق رقم 22 لسنة 2007 العائدات المستحصلة من العمليات النفطية الخاصة بالحقول النفطية وفق احكام الدستور العراقی وقانون النفط والغاز للاقليم).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 18م لە پڕۆژەکە، المادة الثامنة عشرة:

في حال حصول تغيير فی حصة موازنة حكومة اقليم كوردستان يخول وزير المالية والاقتصاد ب:

اولاً: تخفيض المبلغ الاجمالي للموازنة بنفس النسبة لتغطية العجز.

ثانياً: على مجلس الوزراء اضافة تخصيصات الى الموازنة لسنة2012 عند المصاقة على الموازنة التكميلية (الموازنة الأضافية). وحصة الاقليم توزع كالاتي:

أ- تسديد العجز المخطط بالموازنة لسنة 2012 والعجز الفعلي للسنوات السابقة المدورة.

ب- تخصيص مبالغ للزيادة المتوقعة في الرواتب التقاعدية المدنية والعسكرية.

ج- زيادة رواتب وأعداد المواطنين المشمولين بشبكة الحماية الاجتماعية المصادق عليها من قبل البرلمان على زيادة رواتبهم.

د- تأمين مبالغ للوزارات والجهات غير المرتبطة بالوزارة لتسديد مستحقات أجور الكهرباء غير المدفوعة لوزارةالكهرباء.

هـ- تأمين مبالغ للمشاريع الاستثمارية للوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة في حالة تنفيذ أكثر من 70٪ من تخصيصاتها خلال ستة أشهر ألاولى من السنة.

و- ماتبقى تخصص لتنمية المحافضات وحسب نفوس كل محافظة.

**بەڕێز لانە احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**ماددەی هەژدەم:**

**ئەگەر هات و گۆڕان لە بەشی بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕوویدا وەزیری دارایی و ئابووری دەسەڵاتی پێ دەدرێ بۆ:**

**یەکەم: کەمکردنەوەی گوژمەی ئیجمالی بودجە بە هەمان رێژە بۆ داپۆشینی کورتهێنان.**

**دووەم: لەسەر ئەنجومەنی وەزیران پێویستە کە تەخصیصاتێك بخاتە سەر بودجەی ساڵی 2012 کاتێك کە بودجەی تەکمیلی پەسەند دەکرێت (بودجەی ئیزافی) و بەشی هەرێم بەم شێوەیە دابەش دەبێ:**

**أ- پڕکردنەوەی کورتهێنانی نەخشە بۆکێشراو بە بودجەی ساڵی 2012و کورتهێنانی فیعلی ساڵانی پێشووی خولانەوە.**

**ب- تەرخانکردنی گوژمە بۆ زیادبوونی چاوەڕوانکراو لە مووچەی خانەنشینانی مەدەنی وسەربازی.**

**ج- زیادکردنی مووچە و ئامادەکردنی هاووڵاتیان ئەوانەی تۆڕی پاراستنی کۆمەلایەتی پەسەندکراو لەلایەن پەرلەمانەوە دەیانگرێتەوە، هەروەها زیادکردنی مووچەیان.**

**د- دابینکردنی گوژمە بۆ وەزارەتەکان و ئەو لایانانەی گرێ نەدراون بە وەزارەتێکەوە بۆ دانەوەی ئەوەی لەسەریانە لە کرێی کارەبا کە هێشتا نەدراونەتەوە بە وەزارەتی کارەبا.**

**هـ- دابینکردنی گوژمە بۆ پرۆژەکانی وەبەرهێنان بۆ وەزارەتەکان و ئەو لایانانەی گرێ نەدراون بە وەزارەتێکەوە لەکاتێکدا ئەگەر زیاتر لە 70٪ی تەرخانکراوەکەیان لەماوەی شەش مانگی یەکەمی ساڵ جێبەجێ کردبێ.**

**و- ئەوەی تر کە دەمێنێ تەرخان دەکرێ بۆ پەرەپێدانی پارێزگاکان و بە گوێرەی دانیشتووانی هەر پارێزگایەك.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**جەنابی وەزیر فەرموو.**

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیاره ئێمه كه ئەو ماددەیه وەختی خۆی هاتووەته پێشەوه هی 6 مانگی یەكەم، عەلەئەساس له 6 مانگی یەكەمدا ئێمه ئەو لیجانی تەكمیلیەی ئەگەر هات بەو نەوعه عیلاجی دەكەین، بەلاّم وا (6) مانگی یەكەم تەواو بوو، میزانیەی تەكمیلیش نەهاتووه تا ئێستا، بۆیه ئێمه داوا دەكەین ئیلغا بكرێت ماددەكه.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرمو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری له پێشنیارەكەی جەنابی وەزیری دارایی دەكەین به ئیلغا كردنی ماددەكه، هەرچەند خۆمان له ڕاپۆرتمان پێشنیاری ئەوەمان كردبوو كه 3، 4 برگەی ئیلغا بكرێتەوه، بەلاّم پێشنیارەكەی جەنابی وەزیر پشتگیری لێدەكەین وەكو لیژنەی یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامیت هەیه؟ كاك خلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوه خاڵێكی تێدایه بەڕاستی پرسیاره لای ئێمەو پرسیارەكەشم كردووه، من جوابم وەرنەگرتووه؟، ئەویش ئەوەیه دەوائیری وەزارەتی حكومەت هەمووی میزانیەی هەیه، ئایا ئەو مەبلەغه پارەیه بۆ قەرزداره پارەی كارەبای حكومەت قەرزاره یەعنی بۆ؟ هەمووی میزانیەی هەیه، من له موناقەشه ڕاپۆرتەكەش ئەوپرسیارەم كرد، بەلاّم جوابەكەم وەرنەگرتەوه، یەعنی ئێمه له هەولێر 49 ملیار دەوائیری حكومی پارەی كارەبا قەرزداره، له سلێمانی 7، له دهۆك 11، یەعنی ئەوه سەبەبەكەی چیه؟ من دەمەوێت ئەوه ڕوون بكرێتەوه.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون با لیژنەی یاسایی ڕەئی خۆیان بڵێن.

**د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ڕای لیژنەی یاسایی سەبارەت بەماددەی 18، ئەوەیه كه ئێمه پشتگیریمان له برگەی یەكەمی ماددەكه كردیه، سەبارەت به برگەی دووەم كه له چەند خاڵێك (أ)-(ب)-(ج) پێك دێت، پێشنیاری ئەوەمان كردیه برگەی (أ) لابرێت تسدید العجز، لەبەرئەوەی له ماددەی 14م له یاسای موازنەی ئیتیحادی ماددەی 14م برگەی یەكەم، خاڵی (ب) باس لەوه كرایه كه تەسویه دەكرێت لەنێوان حیساباتی هەرێمی كوردستان- عیراق، بۆیه كه تەسویه كرا عیجزەكه لەوێ تەسدید نەك لەسەر فەرەزیەتەك ئایا ئەو بودجەیه دێتن زیاد دەكات یان نا؟ لەبەرئەوه پێشنیاری ئیلغا كردنی برگەی (أ)مان دابوو، سەبارەت بەبرگەی د- (تأمین مبالغ

للوزارات والجهات غير المرتبطة بالوزارة)، ئەوەش پێشنیارمان کردیە وەکو لیژنەی یاسایی کەوا ئەو بڕگەیەش ئیلغا بکرێتەوە، لەبەرئەوەی خشتەی بودجەی هەر وەزارەتێك باس لەوە کرایە (تسدید الدیون و اطفاء الدیون) و ئەو شتانە، موستەحەقاتی کرێی کارەبا لەو خاڵەی لە خشتەکە دیاری کرایە لەوێ پارەکە بدرێتن، سەبارەت بە خاڵی (هـ) ئەوەش لە لیژنەی یاسای پێشنیارمان کردیە ئیلغا بکرێت، لەبەرئەوەی باس لە 6 مانگی یەکەم دەکات لە ساڵی دارایی، بە حکومی ئەوەی 6 مانگەکە تێپەڕییە ماوەکە تێپەڕیە پێویست بەو خاڵەش ناکات، بۆیە ئێمە لە لیژنەی یاسایی پێشنیاری ئەوەمان کردیە کە ئەو 3 خاڵە ئیلغا بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەگەر نوقتەی نیزامیتان هەیە فەیناکە، بەلاّم ڕەئیەك هەیە دەڵێ لەغو بکرێت ڕەئی حکومەت، حکومەت خۆی دەڵێت لەغو بکرێت، لیژنەی یاسایش هەر پێشنیاری هەیە 3 خاڵ لەو ماددەیە لەغو بکرێت، چ دەڵێن قسەی لەسەر دەکەن یان ئەوە بخەینە دەنگەوە کە لەغو بکرێت یان لەغو نەکرێت؟، لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەڕێگای جەنابتەوە پرسیارێك ئاراستەی نوێنەری حکومەت دەکەین؟ بەڕێز وەزیری دارایی ئایا لە ماوەی داهاتوودا ئەگەری هاتنی موازنەی تەکمیلەی هەیە یان نیە بە لە 100٪؟.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە ناتوانین بڵێین لە 100٪، بەلاّم ئەوەی کەوا پێشبینی دەکەین و هەموو ساڵێك عادەتەن ئەگەر میزانیەی تەکمیلی هەبێت لە پێش ئەودا دەبێت، لە 6 مانگی یەکەمدا دەبێت، تا ئێستاکە نەبووە، بەلاّم من ناتوانم بڵێم لە 100٪ ئەو پێشبینیە دەکەم.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای لیژنەی دارایی مادام ئەگەرێك هەیە کە ئیضافەیەك بێتە سەر موازنە، ئەو ئەگەرە لەوانەیە تەحقیق بێت یان تەحقیق نەبێت، بەڕای من ماددەکە بمێنێتەوە، بەلاّم تەنها بڕگەی (أ) لەدوو نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

قسە دەکەن یان نوقتەی نیزامیتان هەیە؟، چونکە 1-2-3-4-5 هەمووی نوقتەی نیزامە، دەکەواتە جارێ یەك شتی تر هەیە دوو ڕەئیە، ڕەئیەك دەڵێت لەغو بێت، ڕەئیەك دەڵێت بمێنێتەوە، دوایی دەترسین 20 کەس قسە بکات دوایی ئیلغا بکرێتەوە، وەکو ماددەکەی پێشووی لێبێت، هەمووی پرسیارە ئەوە 1 ئەوە 2

ئەوە3 باشە ناوتان دەنووسین، کاکە ناوتان دەنووسین با دوایی ئیلغا بێتەوە موشکیلە نیە (احمد وەرتی - محمد شارەزووری - شوان عبدالکریم - کاوە محمد امین - جلال علی - شلێر محمد - عمر عبدالرحمن - محمد دلێر)، کاك احمد وەرتی دوو دەقیقە فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بەو ماددەیە من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە ماددەکە ئیلغا بکرێتەوە، بەلأم لەگەڵ ئەوەمە کە هەندێك لە فەقەرەکانی بەتایبەتی (د)-(ه)-(و) ئیلغا بکرێن، وە ئەوەلەن وەکو خۆی بمێنیتەوە (تخفیض المبلغ الاجمالی للموازنة بنفس النسبة لتغطیة العجز). ثانیاً بمێنێتەوەوە (أ)-(ب)-(ج) وە فەقەرەی سێیەمیشی بۆ زیاد بکرێت. ثالثاً: في حالة حصول واصل في الموازنة تستحصل موافقة البرلمان على كيفية صرف بناءً على اقتراح من مجلس الوزراء)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك محمد فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی (شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ماددەیە گرینگیەکی تایبەتی خۆی هەیە، بەلأم ئێمە جەنابی وەزیری دارایی باسی دەکات، دەیکات ئەگەر ئەوە داهاتە بودجەی تەکمیلیە، بەلأم کۆمەڵێك شت هەبووە تا ئێستا حکومەتی عیراقی عەرقەلەی تێکردووەو ناینێرێ یان نەیناردووە ئەوە جەنابیان دەیزانن، بەلأم ئەگەر ئێمە ئەو ماددەیەمان ئیلغا کرد وە بەدەنگدان بوو، منیش ئەگەرێك دەخەمە پاڵ ئەو ئەگەرەی ئەگەرنەهات ئیلغامان کرد، ئایا حکومەت لە هاتنی ئەو بودجە تەکمیلیە پەرلەمان ئاگادار دەکاتەوە لە چۆنیەتی تەخصیص کردنی جارێکی تر؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر دانی ماددەکە پرسیارێکم لە بەڕێز وەزیری دارایی هەیە، لە میزانیەی هەموو وەزارەتەکان پارە هەیە بۆ ئاوو کارەباو تەلەفۆن و الی ئاخرە، ئەگەر وەزارەتی دارایی بەتەمای ئەوەبێت ئەو پارەیە ئەگەر

بودجەی تەکمیلیە هات، ئەو پارەی کارەبای دەوائیرەکان کە قەرزدارن بیداتن پێی تەسدید بکات، دائیرەکان ئەو پارەیەی خۆیان چۆن سەرف دەکەن کە بۆ کارەبا تەرخانکراوە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ماموٚستا کاوە فەرموو.

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا منیش هەرهەمان تێبینیم هەیە، ئەو وەزارەتانەی کە میزانیەیان بۆ تەخصیص کرایە، بۆچی لە بودجەی تەکمیلی دەچن پارەی کارەباو ئاو دەدەن، بۆ لە میزانیەکەی کە بۆیان تەخصیص کراوە نایدەن؟ ئەوە یەکێکیان. 2- ئێمە یەك دوو جاری تر لە موناسەباتی تر باسی ئەوەمان کردووە ئەو پارەیەی کە بۆ کەس وکاری شەهیدان داندراوە، ئێمە بە حکومی ئەوەی کە لە لیژنەی شەهیدانین پارەکە کەمە، بەتایبەتی 75 ملیۆن بۆ بواری صەحە داندراوە ئەوە زۆر زۆر کەمە، دائیمەن لەهەر پارەیەك هەبێت زیاد ببێتن لە بودجەی تەکمیلی بێت یان هەرئیستقتاعێکی تر هەبێت، ئەصڵەن بەلای ئەوەوە داناچن تۆزێك هاوکاری کەس وکاری شەهیدان بکاتن، من مەعلوماتم هەیە کەس وکاری شەهیدان هەیە عەمەلیاتێکی کردیە بە 600 هەزار نیوەی پارەکەی دەدەنێ، ئەو نیوە پارەیەش پاش 10 مانگ بە 10 جار موراجعە هەر نایدەنێ، عەلەئەساس پارە نیە، بەڕاستی ئێمە حەقە لێرەدا ئەو ئەگەرەی کە وەزیری دارایی باسی کرد ئەگەر بودجەی تەکمیلی هات، چاوێکیشمان لەوەبێتن ئێمە هەندێك پارە بخەینە سەر ئەو 75 ملیۆنەی کە لە بواری صەحەی کەس وکاری شەهیدان دانرایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە پێشەکی ماددەکە کە دەڵێت: (في حال حصول تغيير في حصة موازنة حكومة اقليم كوردستان), یەعنی ئەوە لە چ حاڵەتێکە؟ ئێمە ژمارەیەکمان بۆ هاتووە، وە ئەوە 3 هەفتە 4 هەفتەیە موناقەشەی لەسەر دەکەین، ئەو حصول تغییرە چیە؟, لەبەڕێز جەنابی وەزیر دەپرسم ئەو تغییرە چیە؟ لە موازنەی ئیقلیمی کوردستان دا ببێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەڵلا من لەگەڵ مانەوەی ئەو ماددەیەم، چونکە ئێمە ئێستا لەگەڵ بەغدا کێشەکە بووە بە دوو شێوە، ئەگەر ئەو ڕەئیسی وزراء بمێنیتەوە، تەبعەن دەبێت کورد لەسەرئەوە پێداگیری بکات کە حقوقی خۆی وەرگرێت لەو پارەیە، لەبەرئەوە میزانیەی تەکمیلیە دەبێت، وە هەر سەردانێکی بۆ هەر محافزەیەك کردبێت لە 2008وە چی پارەی تەکمیلی محافزەکان هەیە داویەتەوە، کوردیش هەر مەفروزە لەسەر ئەوەی ئیش بکات، دوای ئەوە بە نیسبەت ماددەی (هـ) ئەو لە 70٪یە لابەن، چونکە تۆ لە ساڵێکدا لە 50٪ تەنفیز ناکەی، ئەو 70٪یە چۆن دەکرێت؟، بکرێت بە (تأمین مبالغ للمشاریع الاستثمارية للوزارتي الاعمار والاسكان والبلديات)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ثابتە کە ئەو ماددەیە ڕەبتی بە میزانیەی تەکمیلی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، لەبەرئەوە من هاوڕام لەگەڵ ڕایەکەی لیژنەی یاسایی کە لەسەر ڕاپۆرتەکە نووسراوە، نەك ئەوەی لەسەر زەوئی قسەی جەنابی وەزیر هەر داوای ئیلغای هەموو ماددەکەی کرد، تەوەقوع بکرێت ئەگەری ئەوە هەبێت میزانیەی تەکمیلی بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەدام کە فەقەرەی (أ)-(د)-(هـ) لەو ماددەیە نەمێنێت، بە تەئکید لەبەرئەوەی بەنیسبەتی فەقەرەی (د) وەکو برای بەڕێزم کاك شوانیش باسی لەسەر کرد، وەزارەتەکان بڕی ئەو نەفاقات و مەصاریفانە لەهەموو جەدوەلەکان دا تەئشیر کراوە بۆ تەخصیص کراوە، ئەوە پیوێست ناکات جارێکی تر حکومەت لەمیزانیەی تەکمیلی یاخود لە پارەی تر پارەی ئاو یان کارەبایان بۆ سەرف بکات ئەوە یەك. دووش بە نیسبەت فەقەرەی (هـ) خلال ستة أشهرألاولى من السنة، (ستة أشهر) نەما کۆتای پێ هات، لەبەرئەوە تەنیا فەقەرەی (أ)-(د)-(هـ) لەو ماددەیە لا ببرێت، وە ماددەکە دوایی وەکو خۆی بمێنێتەوە، لەبەر تەوەقوعی هاتنی میزانیەی تەکمیلی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دلێر فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم کە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێت، چونکە ئێستا ئێمە باسی بودجە دەکەین، ئەو داهاتەی کە لە بودجەش دا باسی دەکەین تەخمینیە، لەبەرئەوە ئەوەش هەر چاوەڕوانکراوە لەو دەچێت

بێت یان نەیەت، لە ئێستاوە بەرنامەی بۆ دادەنرێت کە ئەو بودجەی تەکمیلیەی کە هات بەم شێوەیە بێت، بەلاّم منیش لەگەڵ ڕای لیژنەی یاسایی دام کە ئیلغای (أ)-(د) بکرێت، چونکە بەتایبەتی کرێی ئەوە لە لایەك، لەلایەکی تر داوادەکەم حکومەت بەهیچ شێوەیەك هاوکاری وەزارەتەکان نەکات، بۆ ئەوەی کرێی کارەبایان بۆ ببات، چونکە هۆکارێك لەو هۆکارانەی کە ئێستا کارەبا زۆر سەرف دەبێت، بریتیە لەوەی کە وەزارەتەکان یاخود دائیرەکان بەردەوام شەوو ڕۆژ کە دەوامیشی تێدا نیە کارەبایەکی زۆر بەکاردێنن، لەبەرئەوەی بەو شێوەیە حیساب دەکەن کە ئەوان کرێ نادەن ئەوەش تأثیر دەکات لەسەر کارەبای هاوولاّتیان و کارەبای خەڵکی تر کە پێویستی پێیەتی، بەلاّم لەگەڵ ئەوەم کە خاڵی تری بۆ زیاد بکرێت، ئەگەر هاتو ئەو بودجەی تەکمیلیە هات، یەکێك لەو خالاّنە زیادکردنی بڕی صندوقی نیشتەجێبوون بۆ هاوولاّتیانی کەم دەرامەت، ئەو بڕەی کە دانراوە زیاتر بکرێت، بۆئەوەی هاوولاّتیانی کەم دەرامەت سوودی لێ ببینن، لەهەمان کاتدا ئەگەر ئەوە هاتو بەشی کرد، خاڵێکی تر بیمەی بێکاری بدرێت بەو دەرچووانی زانکۆو پەیمانگەکانی ناوچە دابڕێنرەوەکانی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی پارەی کارەباوە، ئەوە پارەیەکی زۆری موتەراکیمە هی سالاّنی کۆنە کە نەدراوە، ئێمە هەموو ساڵێك لە موازنەدا بۆ هەموو دائیرەیەك پارەی ئاوو کارەبا تەخصیص دەکەین، بەلاّم نەیان داوە لە زۆربەی زۆری دائیرەکان، وە ئێستا ئەو پارەیە ئەوەندە زۆرە سەرف بکرێت بەیەك وەجبە، تأثیرێکی زۆر دەکات لەسەر میزانیەی حکومەت، وە ئەگەر بێت و سەرفیش نەکرێت ئەو پارەیە بەپێی تەبیعەتی حیساباتی وەزارەتی کارەبا حەقی خۆیانە دەبێت بێت، چونکە ئەوان حیساباتی موەحەدد بەکاردێنن، لەبەرئەوەیە ئێمە ئەو ئیقتراحەمان کرد، هەرچەندێك ئەو ئیقتراحە ئەوە دەلیل لەوە دەکات کەوا ئێمە ئێستاکە کە ئەو یاسایەمان ناردووە، ئەو ڕاپۆرتەمان ناردووە، ئێمە لەسەری ساڵ موازنەکەی خۆمانمان تەواو کرد بوو، بەلاّم ئیشکالات دروست بوو کە تأخیر بێت، بۆیە ئێستا لە 6 مانگەکەشدا حیساباتی خیتامی نەهاتووە، ئەوجار مەوزوعێکی تر کە باسی حیساباتی خیتامی عەفوو بۆیە لە 6 مانگی یەکەمدا حیساباتی تەکمیلی نەهاتووە، موازنەیەکی تەکمیلی بۆمان نەهاتووە، بۆیە ئەگەر بێت و کە ئێستا باس دەکرێت ئایا ئەگەر موازنەی تەکمیلی بێت ئێوە چی دەکەن؟، ئێمە ئەگەر موازنەی تەکمیلی بێت تەبیعی موازنەی تەکمیلی وەکو موازنەیەکی ئیحتیادی دەبێت، ئەویش بێتە ئەنجومەنی وەزیران و بێتەوە پەرلەمان بۆ دابەش کردنی، جارێکی تر و موصادەقە لەسەری، جا لەبەرئەوە هەر وەختێك موازنەی تەکمیلی بێت دەتوانین ئێمە بیهێنینەوە پەرلەمان، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەدەرئەنجامی ئەو گفتوگۆیانەو ڕوون بوونەوەی ڕای حکومەت دەربارەی ئەو مادده یاساییە، مادەم ئەگەری ئەوەش هەیە کە هاتنی میزانیەی تەکمیلی لە بەغداوە پابەندی وەزعی سیاسیەوە ئەو گفتوگۆیانەی کە هەیە، دائیمیش لەوانەیە ئەگەری ئەوە هەبێت بەڕای من وەکو فکرەیەك ماددەیەکی یاسایی کە جێگای بگرێتەوە، بەو شێوەیەی خوارەوە دوایی هاوڕێیانمان لە لیژنەی یاسایی، دەتوانن بە شێوەیەکی توندوتۆڵتر دایبڕێژنەوە، ئەوە بەو شێوەیەی خوارەوە بەو شێوەیە ئێمە لەو مادده یاساییە کۆتاییمان پێدێت (في حال حصول تغيير في حصة موازنة الاقليم لسنة 2012، يعلم برلمان كوردستان بذلك من قبل حكومة الاقليم للمصادقة عليه واقراره)، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دوا سیاغەتان بەڵێ فەرموو، جەنابی وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری ئەو پێشنیازە دەکەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. ڕۆژان فەرموو دوا سیاغەی بخوێنەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای گفتوگۆکردن و وەرگرتنی پێشنیاری ئەندامان لەسەر ماددەی 18 بەو شێوەیە دامان ڕشتەوە: ماددەی 18م لە پرۆژەکە: (على حكومة اقليم كوردستان اعلام برلمان كوردستان، في حال حصول تغيير في حصة موازنة الاقليم لسنة 2012، و عرضها عليه للمصادقة).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ یەك کەس لەگەڵ دانیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (19) :

عدم مفاتحة وزارة المالية بشأن طلب اي تخصيصات اضافية بعد تشريع قانون الموازنة لاقليم كوردستان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی، لیژنەی یاسایی بە کوردیەکەی بخوێنەوە.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (19):

دوای تەشریعی یاسای بودجەی هەرێمی کوردستان نابێ بە هیچ جۆرێك داوایەك رووبەڕووی وەزارەتی دارایی بکرێتەوە بۆ هەر تەرخانکراوێکی زیادە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی پێشنیاری ڕەت کردنەوەی ئەو ماددەیە دەکەین، واتە ئیلغا کردنی، لەبەرئەوەی پێویست ناکرێت تەئکید بکرێت لەسەر زیاد نەکردنی تەرخان کردن بکرێت دوایی پەسەند کردنی بودجە، چونکە ئەوە هەر لە بنەڕەت دا ڕێگای پێنەدراوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو مەبدەئێك ڕاستە، بەلاّم زیاتر بۆ تەئکید کردنەوە بەهۆی ئەو بارودۆخە ئیداریەی لە هەرێمی کوردستان هەیە، ئێمە پێمان باشە بمێنێتەوە وەکو ئامرازێك بەدەست وەزارەتی مالیەو، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ دەیەوێت قسە بکات؟ (سالار محمود - گوڵێزار قادر - سمیرە عبدالله - ئەڤین عمر - سۆزان شهاب - بێریڤان سەرهەنگ - عمر عبدالرحمن - تارا ئەسعەدی)، فەرموو کاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی 19 من پێم وایە ئەوە زیادەیەو تەحصیل حاصلە، لەبەرئەوەی خودی وەزارەتی دارایی ناکرێت تەجاوزی ئەو یاسایە بکات کە دواجار لە پەرلەمان وەکو موازنەی ساڵ پەسەند دەکرێت، لەو

ڕووانگەیەوە من تەصەورم وایە هەموو ئیضافەیەك زیادەیە، چونکە ئەوە جێگایەك پڕ ناکاتەوە، بەڵام دەکرێت ئێمە ئەگەر تەصەورێکی لەو بابەتە هەبێت وەزعی کوردستان یان حاڵەتێکی تر، ئێمە چاودێری حەزافیری جێبەجێ کردنی یاسای موازنە دەکەین، حەتمەن ئەو حاڵەتە هەر نایەتە کایەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

گوڵیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە پێویست ناکات، چونکە نیوەی زیاتری ساڵی دارایی ڕۆیشتووە ئیتر چ پێویست دەکات ئێمە لێرەدا بڵێین نابێت داوا لە وەزارەتی دارایی بکرێت بۆ گوژمەی پارە؟ لەگەڵ ئەوەدام کە لا بچێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش پشتگیری لیژنەی یاسایی دەکەم بۆ حەزف کردنی ئەو ماددەیە، چونکە تەحصیل حاصلە بە پێویستی نازانم لێرەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کراو تەنها پشتگیری لیژنەی یاسایی و برادەرانم دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، من پێم باشە ئەو ماددەیە بمێنێتەوە، خۆی هەر بۆ تەئکید کردن زۆر باشە، چونکە زۆر زۆر جار ئێمەش لە پەرلەمانەوە زەختێکی وەها لەسەر حکومەت دروست دەکەین تەخصیصاتێك دابنرێ کە لە دەرەوەی موازنەیە، ئەوە ڕێگا لە خۆشمان دەگرێت، وەکو پەرلەمان کە ئەو ماددەیەمان دانا ڕێگا لە خۆشمان دەگرین، وەکو پەرلەمان تەخصیصاتی زیادە ئاراستەی حکومەت بکەین، بێ لەئەوەی کە حکومەتیش خۆی هەندێك جار لە دەرەوەی تەخصیصاتەکەی خۆی زیاتر سەرف دەکات،

بۆیه من پێم باشه ئەو ماددەیه وەكو خۆی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی كەس تەجاوزی ئەو تەخصیصاته نەكات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پشتگیری قسەكانی سۆزان خان دەكەم، ڕەئیم وایه ئەو ماددەیه بمێنێتەوە، چونكه ڕووی داوه لەبەرئەوەی هەرچەنده بۆی نیه، بەلاّم خەڵك داوای كردیه چووینه وەزارەتی دارایی داوایان كردیه، چەندین كۆمەڵ داوای دەرماڵەیان كردیه، خۆ پیشاندانیان كردیه، لێرەدا ئەگەر ببڕێتەوە بۆیان نیه له ئەوە باشتره كه بزانن هەر كەس چەندی بۆ تەخصیص كراوە داوای زیاتر نەكات؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عمر فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من پێم وایه وەكو ڕەئی لیژنەی یاسایی، ئەو ماددەیه زیادەیه لێره پێویسته هەڵبگیرێت، لەبەرئەوەی وەزارەتی مالیه ئەگەر خوا نەكات شتێك ڕوویدا، ڕوودانیش بۆ ئەوە بێت، ڕوودانی كارەساتێك، شتێك ڕووی دا وەكو كاك ئاراس باسی كرد ئیحتیاتمان هەبێت، پێم وایه وەزارەتی مالیه ئیحتیاتی خۆی لەوەدا هەیه وە صەلاحیەتیشی هەیه جەنابی وەزیری مالیه، صلاحیەتی موناقەله كردن و ئەوانەی هەیه، لەبەرئەوە ئەو ماددەیه لێرەدا زیادەو پێویسته نەمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

قسەكەی من لەلایەن هاوكارم كاك عمر كرا، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە لە بەغداش هەروایە لە موازەنەی عامەی عیراقی، بۆیە ئێمە پێمان باشە کە بمێنێتەوە ماددەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو ڕا هەیە ڕای یەکەم ئەوە بدرێتە دەنگدان، یەکەم جار ئیلغا کردنی ماددەکە، ئینجا دواتر ماددەکە وەکو خۆی بدرێتە دەنگدان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ڕای یەکەم دەخەینە دەنگدان کێ لەگەڵ ئیلغا کردنی ماددەکەیە؟ تکایە دەست بەرز کاتەوە، 27 کەس لەگەڵ ئیلغا کردنە، کێ لەگەڵ ئەوەدایە بمێنێتەوە؟ 32 کەس لەگەڵ مانەوەیە، کەواتە دەمێنێتەوە، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێویستە ماددەکە بخوێنرێتەوە بخرێتە دەنگدانەوە، چونکە ئەو دەنگدانە تەنها لەسەر.....

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة التاسعة عشرة:

عدم مفاتحة وزارة المالية بشأن طلب اي تخصيصات اضافية بعد تشريع قانون الموازنة لاقليم كوردستان-العراق.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ 8 کەس لەگەڵ دانیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 20 لە پڕۆژەکە دا، المادة العشرون (20):

لا يجوز التعاقد للعمل في دوائر الاقليم الا بموافقة وزارة المالية والاقتصاد.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کوردیەکەی بخوێنە.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نابێ گرێبەست بۆ كاركردن بكرێت لە فەرمانگەكانی هەرێمدا بەبێ ڕەزامەندی وەزارەتی دارایی و ئابووریی.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە دەمج كرا لەگەڵ ماددەی 11 بڕگەی پێنجەم كرا بە یەك ماددە، بۆیە ئەو ماددەیە نەمایە، لەبەرئەوە خوێندمانەوە، لەبەرئەوە لە ئەصڵی پڕۆژەكە دا هات بوو دەبووایە ئەو ڕوونكردنەوەیە بدەین، زۆر سوپاس. بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان. ماددەی (21)م لە پڕۆژەكە، المادة الحادية والعشرون:

تقدم وزارات و دوائر الاقليم كافة حساباتها الشهرية (موازين المراجعة) في موعد لا يتجاوز مدته (10) ايام من نهاية كل شهر الى وزارة المالية و الاقتصاد/ مديرية المحاسبة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بە كوردیەكەی بخوێنەوە.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

وەزارەتەكان و فەرمانگەكانی هەرێم هەموو حیساباتی مانگانە (بودجەی پێداچوونەوە) لەكاتی خۆیدا و لە ماوەیەكدا كە لە (10) ڕۆژ تێپەڕ نەكات لە كۆتایی هەر مانگێكدا پێشكەش بە وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بەڕێوەبەرایەتی موحاسەبە دەكەن.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە ماددەكە دەكەین هیچ تێبینیمان نیە، بەڵام ئێستا جەنابی لە وەزارەت پێشنیاری ئەوەیان كردیە (مديرية المحاسبة العامة)، لەبەرئەوەی ناوی بەڕێوەبەرایەتیەكە بەوشێوەیەیە وشەی گشتی بۆ كۆتایی ماددەكە زیاد بكرێت، ئێمە وەكو لیژنە پشتگیری لە ماددەكە دەكەین و تێبینیمان نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسين محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمەش پشتگیری لە ڕاوو بۆچوونی لیژنەی یاسایی دەكەین، ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە دوای ئەو ئیضافەیەی كە لەلایەن نوێنەری حكومەت بۆمان هات، سوپاس.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ قسەی هەیە؟ كەس قسەی نیە؟ فەرموو بیخوێنەوە سەر لە نوێ بۆئەوەی بخەینە دەنگەوە.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة (21):**

**تقدم وزارات ودوائر الاقليم كافة حساباتها الشهرية (موازين المراجعة) في موعد لا يتجاوز مدته (10) ايام من نهاية كل شهر الى وزارة المالية والاقتصاد/ مديرية المحاسبة العامة.**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**كێ لەگەڵ دایە؟ كێ لەگەڵ دانیە؟ بەكۆی دەنگ پەسەند كرا، فەرموو سۆزان خان.**

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پێشنیارێكم هەیە مادەم ماددەی (21)و (22) عیلاقەی هەیە بەسەر عەینی بابەتەوە، كە باس لە میزانییەی حیساباتی خیتامی، میزانی موراجعە دەكات، ماددەی (22) بكرێت بە دوو، فەقەرە دووی ماددەی (21)، یەعنی هەردووكی بچێتە دەزانم دەنگی داوە، بەڵام خۆ دەكرێت ئێستا ئێمە لەكاتی هاتنە سەر ماددەی (22) ئیقتراح بكەین، كە ئەوە بە ماددەیی نەبێت، بەڵكو بە فەقەڕەیەك بێت ئیضافە بێت بۆ ماددەی (21)، عەینەن شتە 1و 2 هەردووكی عیلاقەی بە عەینی ماددەوە، عەینی بابەتەوە میزانیەی موراجعەو حیسابات.....**

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بڵێن ئیلحاق بكرێت، دكتۆرە بڵێن ئیلحاق بكرێت بە فلاَن ماددەوە دەبێت؟ نابێت؟.**

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**المادة الثانية والعشرون:**

**يحال رئيس الدائرة لوحدة الانفاق الى التحقيق وفق القواعد القانونية والتعليمات النافذة الذى يتخلف عن تقديم الحسابات الختامية لسنة 2011 لدائرته في موعدها المقرر وفق التعليمات.**

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرۆكی فەرمانگەی یەكەی خەرجیەكان ئیحالەی لێكۆڵینەوە دەكرێ بە گوێرەی ڕێساكانی یاسایی و ڕێنماییە كارپێكراوەكان، ئەوەی دوادەكەوێ لە پێشكەشكردنی حیساباتی كۆتایی ساڵی 2011 بۆ فەرمانگەكەی لەكاتی دیاریكراوی خۆیدا بەگوێرەی ڕێنماییەكان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پشتگیری لە ماددەكە دەكەین و هیچ تێبینیەكمان نیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمەش پشتگیری لە ماددەكە دەكەین.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ تەنیا 4 كەس (كاك محمد شارەزووری – كاك عبدالسلام – رازاو خان – د. احمد)، فەرموو كاك محمد شارەزووری.

**بەڕێز محمد احمد علی (شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من تەنیا یەك پرسیارم هەیە؟، ئەوەی لە پێشكەش كردنی حیساباتی كۆتایی ساڵی 2011 ئەوە بو دجەی ساڵی 2012یە، ئایا ئەو 2011 وەكو خۆی دەمێنێتەوە یان دەكرێت بە 2012؟ تەنیا ئەو پرسیارەم هەیە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفی صدیق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئیلغائی هەر ماددەیەكم كە تێیدا هاتبێ بە گوێرەی یاساییەكان و ڕێنماییەكان، واتە ئەگەر یاسایەك و ڕێنماییەك هەبێت هەمان مەبەست دابین بكات، من نازانم ئەو ماددەیە بۆچی هەبێت لە یاسایەكی تر؟، سوپاس، بۆیە لەگەڵ ئەوەمە نەمێنێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

رازاو خان فەرموو.

**بەڕێز رازاو محمود فرج:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەڕێز كاك عبدالسلام قسەكانمی كرد، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

د. احمد فەرموو.

**بەڕێز د. احمد ابراهیم علی (وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە ماددەیەكی زۆر باشە، چونكە باس لە حیساباتی خیتامی ساڵی ڕابردوو دەكات نەك بۆ ئەمساڵ، ئەو ڕەئیسی دائیرەیەی كەوا دوادەكەوێ حیساباتی خۆی پێشكەش ناكات لەكاتی دیاریكراوی خۆی دەدرێتە تەحقیق، بەڵام پرسیارم ئەوەیە ئەگەر وەزارەتی داراییش دواكەوت لە ناردنی حیساباتی خیتامی چۆن مەعامەلەی لەگەڵ دەكرێت؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوە هەموو ساڵێك بەو شێوەیە هاتووەتەوە، تەئكیدە، بۆئەوەی كەوا حیساباتی خیتامی بنێرن لەوەختی خۆی دا، دیارە لەسەر پرسیارەكەی دكتۆر احمدیش دیارە وەزارەتی دارایی ئەگەر حیساباتەكان لە وەزارەتەكان تأخیر نەبێت لە وەزارەتی دارایی تأخیر نابێت بە تەئكید یەعنی، وە لە موستەقبەلیشدا لە واقیع دادەیبینن ئەوە چۆنە، وەزارەتی دارایی كۆیان دەكاتەوە وە تەصویتیان لەسەر دەكات، شروتەكانیان لەسەر جێبەجێ دەكات، وە ئەوجا كە دوای تەوحید دەینێرێت بۆ ئەنجومەنی وەزیران، ئەویش دەبێت بینێرێت بۆ دیوانی چاودێری دارایی تەدقیق بكرێت ئینجا بێت بۆ پەرلەمان بەپێی قانوونەكە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی 22:

یحال رئیس الدائرة لوحدة الانفاق الى التحقیق وفق الاجراءات القانونیة والتعلیمات النافذة الذی یتخلف عن تقدیم الحسابات الختامیة لسنة 2011 لدائرته في موعدها المقرر وفق التعلیمات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

به کوردیەکەی بخوێننەوە.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرۆکی فەرمانگەی یەکەی خەرجییەکان ئیحالەی لێکۆڵینەوە دەکرێ بەگوێرەی رێساکانی یاسایی و رێنماییە کارپێکراوەکان، ئەوەی دوادەکەوێ لە پێشکەشکردنی حیساباتی کۆتایی ساڵی 2011 بۆ فەرمانگەکەی لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا بەگوێرەی رێنماییەکان.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەل دانیە؟ 3 کەس لەگەڵ دانیە، بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارێك ئامادەکرا، بەلاَم دەنگی نەهێنا ئێستا دەنگی هێنا، بەلاَم سیاغەکە نەکرا بوو، ئێستا دەیخوێنمەوە هەتا بیخەینە دەنگدانەوە، بە ماددەکی تایبەت ( على ديوان الرقابة المالية لاقليم كوردستان الشروع حال استكمال ملاكات مجلس الديوان بتدقيق حسابات الواردات والنفقات لموازنة الاقليم لسنة 2012 والحساب الختامى لسنة 2011 وتقديم تقريره النهائى الى البرلمان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیوانی ریقابەی مالی تەدقیقی ئیرادات دەکات، وە تەدقیقی نەفەقات دەکات، وە تەدقیقی حیساباتی خیتامی دەکات، بەلاَم موازنە خۆی تەخمینە چۆن تەدقیق دەکرێت؟.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سیاغەی ماددەکە بەوشێوەیە دەبێت: (على ديوان الرقابة المالية لاقليم كوردستان الشروع حال استكمال ملاكات المجلس الديوان بتدقيق حسابات الواردات والنفقات لحكومة الاقليم والحساب الختامى لسنة 2011 وتقديم تقريره النهائى الى البرلمان).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟ 4 کەس موعاریزن، بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر، کاك اسماعیل فەرموو.

**بەڕێز اسماعیل محمود عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ڕۆژانی پێشوودا خەلی ئەوەم کرد کە هەڵەیەکی حیسابی هەیە لە وەزارەتی دارایی، سەبارەت بە بودجەی تەرخانکراو بۆ ئەنجومەنی ئاسایش، دیارە کاتی خۆی کە ئیتیفاقیان کردووە لە موفتەرحی برادەرانی ئەنجومەن 685یان پێشکەش کردیە، 322یان پێشکەش کردیە، وەزارەت موافەقەی لەسەر 318ی کردیە، بەلاّم بەهەڵە 134 هاتووە، داوایان کرد کە جارێکی تر موراجعە بکەنەوە، وتیان ئێمە کە لەگەڵ ستافی وەزارەت دانیشتووین و لەگەڵ حکومەت دانیشتووین، حکومەت ڕازی بووە بەوەی کە 318 بۆ ئێمە بێت، بەلاّم ئێستا 134 هاتووە ئێمەش داوامان لێکردوون کە موراجعەی حکومەت بکەنەوە، جارێکی تر ئەوان چوون موراجعەی حکومەتیان کرد، حکومەت بە مولحەقێك بۆ لیژنەکانی نارد، بۆ لیژنەی دارایی و لیژنەی ناوەخۆ کە لە حکومەتەوە هاتووە، لە ئەنجومەنی وەزیران بە ژمارە 1244 بە ڕسمی هاتووە، وە لە پەرلەمانیش بە ژمارە 1801 کە بۆ لیژنەی دارایی و ئابووری هاتووە، ئێمە ئەوەمان دەرج کرد لە ڕاپۆرتەکەی خۆمان، دواجاریش لیژنەی دارایی و ئابووری دەرجی کردووە وە لەلای ئەوانیشەوە پەسەند کرا، ئێستا داواکارم جەنابی وەزیری دارایی ڕوونکردنەوە لەسەر ئەو مەسەلەیە بدات، وە بخرێتە بەردەمی ئەندامانی پەرلەمان، بۆئەوەی بتوانین ئەو بڕە بودجەیەی کە زیادکراوە، موافەقەی لەسەرکرایە لەلایەن وەزارەتی داراییەوە، ئەوە موناقەشە بکرێت نەك ئەو 134ی کە بۆ ئەنجومەن موافقەی لەسەرکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لەو ڕایە دەکەین، وە ئێمە سیاغەی ماددەکمان ئامادە کردووە، ئێستا دەیخوێنمەوە ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان قبولیان کرد داوادەکەم بخرێتە دەنگدانەوە، ماددەیەکی نوێ: (لغرض توحید تشکیلات أسایش اقلیم کوردستان-العراق و دمجها و تنفیذاَ لاحکام القانون رقم 4 لسنة 2011، تکون تخصیصات مجلس امن الاقلیم 328 ملیار 150 ملیون دینار علی ان لا تؤدی التخصیصات المذکورة الی تخفیض تعویضات الموظفین والمنافع الاجتماعیه لبقیة تشکیلات ومؤسسات حکومة اقلیم).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش لاریمان نیە لەسەر.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی هەیە؟ ئەو بەڕێزانە ناویان نووسراوە (کاک گۆران – کاك قادر- د. دانا- ئاواز خان- کاك فاضل- کاك جلال- صبیحە خان- کاك شڤان- کاك شوان- مامۆستا کاوە- کاك سالار- کاك شێردڵ- کاك صباح- امینە خان- تارا حان)، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە تەرخان کردنی بڕی 118 ملیار دینار بۆ ئەنجومەنی ئاسایش لەسەر ئەو بنەمایەوە، ئێستاش کە داوای زیادکردنی کرایە دیارە ئەوە ئەنجومەنێکی نوێیەو بەپێی یاسا تازە دامەزراوە، بەڵام ئێمە وا لە 6 مانگی یەکەمین، یەعنی من دەپرسم ئەو ئەنجومەنی ئاسایشە ساڵ تەواو، یەعنی 6 مانگ ڕووی دا بەپێی قانوون دەتوانێت ا لەسەر 12ی میزانیەکە سەرف بکات؟، دەتوانێت ئەو مەبلەغە زۆرە سەرف بکات ئەوە یەك؟، 2- تێبینیەکم هەیە لەسەر ئەو سیاغەیەی کە لیژنەی یاسایی کردوویەتی کە دەڵێت لە تەعویزاتی مۆزەفی و یا بڵێین منح نەڕوات، من پێشنیاری ئەوە دەکەم لە بودجەی ئیستسماریش ئەو موناقەلەیە نەکرێت، ئەگەر وایە با عیجزی زیادبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك قادر فەرموو.

**بەڕێز قادر حسن قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، هەمووومان هەمیشە پەسەندی ڕۆڵی ئیجابی دام ودەزگا ئەمنیەکانمان کردووە، لە پاراستنی هێمنی و ئاسایش لە هەرێمی کوردستان، هەروەها دانمان بەوەش داناوە کە سەرجەم پێشکەوتنەکانمان لەم هەرێمەدا لە سایەی بەرقەراری ئەمن و ئاسایشە، وە هەمووشمان ئەوە دەزانین کە دام و دەزگا ئەمنیەکان هیچ سەرچاوەیەکی داهاتیان نیە، بێجگە لەو بڕە بودجەیەی کە حکومەتی هەرێم بۆیان تەرخان دەکات، لەهەمان کاتیشدا خواستێکی هەموو لایەکمان بوو، بەتایبەتی ئۆپۆزسیۆن کە دام ودەزگا ئەمنیەکان یەك بگرنەوە، ئێستا خۆش بەختانە یەکیان گرتۆتەوە لەم پەرلەمانە بەڕێزەش یاسامان بۆ دەرکردووە، وە دەبێت حەقیقەتێکیش هەیە بیزانین ئەو ئەنجومەنی ئاسایشە بودجەکەی تەنها بۆ ڕاتبی کارمەندەکانی نیە، بەڵکو هەمووومان دەزانین ئەوان بەشێوەیەکی بەردەوام ڕووبەڕووی ئەو هەموو تەهدید و ئەو هەموو مەترسیە ناوەکی ودەرەکیانە دەبنەوە، کە لەسەر هەرێمی هەرێمەکەمان مەترسیدارن، بۆیە ئەرك و کارو بەرنامەی خۆیان هەیە، بێگومان ئەوەش هەموو بە مادده نەبێت چارەسەر نابێت، بۆیە من تەصەور دەکەم هاوکاری ماددی و مەعنەوی هەموو لایەکمان بۆ ئەوانە پێویستە،

وە خوانەخواستە هەر ئیشکالێك، خەلەلێك بۆ دام و دەزگا ئەمنیەکان دروست بێت لە هەرێمی کوردستان، وە کارەساتێکی دڵتەزێن ڕووبدات، کێ ئوباڵی ئەستۆی ئەو کارەساتە دەگرێتە ئەستۆ؟ بۆیە لەبەر هەموو ئەو ڕاستیانە پێم باشە ئەو بودجەیەی کە داوایان کردووە، بەتایبەتی ئەوەی کە حکومەت وەزارەتی دارایی موافەقەتی بۆ کردوون دەنگی لەسەر بدرێت بۆیان پەسەند بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

د. دانا فەرموو.

**بەڕێز د. دانا سعید سۆفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە لەگەڵ ئەوەداین دەزگا ئەمنیەکان بتوانن سەقامگیری و ئەمن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان بپارێزن، بەڵام وەزارەتی دارایی وەڵامی ئەوەی نەداوەتەوە، کە ئایا ئەوان ئەو تەخصیصە ئەو زیادکردنە لە کوێوە پەیدای دەکەن؟، لەکاتێکدا زۆر لە وەزارەتەکانی تر داوای بڕە بودجەی زیاتریان کردووە، ئایا بۆ بۆئەوانیش تەرخان ناکرێت؟ ئەگەر پارەی تر هەیە، ئەگەر ئیحتیاتاتی تر هەیە، پێویستە بۆ وەزارەتەکانی تریش بەهەمان شێوە زیاد بکرێت کە داوایان کردووە پێشتر، وە مەسەلەیەکی تر هەیە ئایا ئەو مەسەلەیە ئەو خەلەلە کە پێشتر بە 118 ملیار هاتووە ئێستا سێ سەدو شتێکە، ئایا ئەوە تەنیا خەلەلێکی فەنی بچووکە؟ ڕاستی ئەوە پرسیار دروست دەکات، بۆیە پێویستە وەزارەتی دارایی وەڵامی هەبێت بۆ ئەو پرسیارانە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئاواز خان فەرموو.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەکو دەزانین ساڵی پاریش هەوڵی هەموو لایەکمان بەهەموو فراکسیۆنەکانەوە، هەم بە فراکسیۆنی کوردستانی و موعارەزە و هەموو فراکسیۆنەکانی تر، هەوڵی ئەوەمان ئەوە بوو کە ئەو دەزگاو وەزارەتانەی کە یەکیان نەگرتۆتەوە یەك بگرنەوە، خۆش بەختانە دەزگای ئاسایش یاخود وەزارەتەکانی تر کە بە خۆشحالیەوە وەزارەتی دارایی و پێشمەرگە ئەوانە هەنگاویان ناوە بۆ یەك گرتنەوە، دەزگای ئاسایش یەکی گرتەوە یەك لەو ئەنجومەنە گرینگانەش کە لە سەرەتای پێکهاتن و یەکگرتنەوە دایە ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، وە لەبەر گرینگی ڕۆڵی ئەو ئەنجومەنە وە لەبەرئەوەی ئەو ئەنجومەنە هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی تری نیە، وەکو وەزارەتەکان یاخود ئیستسماری نیە کە سەرچاوەی داهات و دارایی هەبێت، وە کارەکان تەنها بریتیە لە کاری ئەمنیەوە، بۆیە پێویستە بە هەموو لایەکمان پاڵپشت بین بۆ دابین کردنی ئەو ئەنجومەنە، وە وەڵامی منیش بۆ ئەو پرسیارەی کە ئایا ئەو ئەنجومەنە دەتوانێت لە کۆتایی ئەو مانگەدا ئەو میزانیەیە سەرف بکات، بۆ وەزارەتەکانی تریش هەر هەمان شێوەیە، چونکە بۆ

هەموو وەزارەتەکان دەزگای ئاسایش و دەزگاگانی تریش هەر لەو مانگەوە بودجەیان بۆ تەرخان کراوە، بۆیە ئەنجومەنی ئاسایشیش وەکو دەزگاکان و وەکو وەزارەتەکانی تر پێویستی بەو بودجەیە هەیە، چ لە کاتی درەنگ دابی یاخود زوو؟ بەڵکو هەرچی زووتر بتوانین ئێمە هەموومان بەیەکەوە پاڵپشت بین ئەو بودجەیان بۆ تەرخان بکەین، بۆیە پاڵپشتی لەو میزانیە دەکەم کە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش داندراوە، وە لەبەر گرینگی ئەو هەستیاریە ڕۆڵی ئەو ئامانجەمانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك فاضل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر (بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە بڕوای من دابین کردنی هەر مەبلەغێك بۆ ئەو دەزگایە کە دەزگای ئەنجومەنی ئاسایشی گشتی هەرێمی کوردستانە، وە باری ئەمنی هەرێمی کوردستان لەخۆ دەگرێت، بە بڕوای من ئەوە نەبێتە قیاس باشە، چونکە ئێمە ئەگەر سەیر کەین هەرێمی کوردستان بەچەند دەزگای زەبەلاح خاوەنی ئیمکانیەتی بێ سنوور وە مەخابەراتی وە دەزگای ئەمنی دەورگیراوە، بۆیە بەڕاستیەکەی نابێت ئێمە تێبینیمان لەسەر شێوەی مەبلەغ بۆ ئەو دەزگایە هەبێت، چونکە بە حەقیقەت ئەگەر سەیر بکەین پارێزگاری کردنی ئەمنیەتی هەرێمی کوردستان لە دەیان ملیار دینارو دۆلار بۆ ئێمەی هەرێمی کوردستان گرینگترە یان ڕۆحی هەر فەردێك لە هەرێمی کوردستان، وە پارێزگاری کردنەکەو وە ئەمنیەتەکەشی لە ئەستۆی ئەم دەزگایەیە، پێم وایە بەیانی ئەگەر حاڵەتێك کە لەوەی لە ناوەڕاست و خوارووی عیراق هەفتانەو ڕۆژانە ڕوودەدات، ئەگەر دووجار لە هەرێمی کوردستان ڕووبدات هەمووومان پەنجە بۆ دەزگا ئەمنیەکانی خۆمان درێژ دەکەین، بۆیە من پێشنیاردەکەم مەسایلی مەبلەغ یان ئەوەی کە ئەنجومەنی ئاسایش خۆی پێشنیاری کردووە، ئەو داوایەیان لەبەر چاو بگیرێت بۆئەوەی ئەو مەسئولیەتە کەوتووەتە ئەستۆیان، پێم وایە هەموو بۆنەکانی تری ئێمە لە هەرێمی کوردستان لەژێر چەتری ئەو ئەمنیەتەیە کە ئەنجومەنی ئاسایش لە ئەستۆی گرتووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك جلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەوە بابەتێکی هەستیارە، منیش وەکو ئەندامی لیژنەی دارایی و ئابووری، کە کاتی خۆی ئەو نووسراوە هاتووەتە لیژنەکەی ئێمە پشتگیری ڕای لیژنەی دارایی و ئابووری دەکەم، کە لەبەردەم هەموو بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان و بەڕێز وەزیری دارایی، تکا دەکەم ئەوە پەیڕەو بکرێت کە لیژنەی دارایی دەری بڕیوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

صبیحە خان فەرموو.

**بەڕێز صبیحە احمد مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێش هەموو شتێك پشتگیری لە ڕەئی لیژنەی یاسایی دەکەم، وە هەروەها پشتگیری لە دانانی ئەو بودجەیە دەکەم کە بۆ ئەنجومەنی ئاسایش دانراوە، چونکە ئەوە دەزگایەکی گرینگە کە بەڕاستی تایبەتە بە پاراستنی ئەمن و ئاسایشی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی هەموو تاکێکی ئەو هاوولاتیەی کە لەو کوردستانەدا دەژی، وە هەمووومان دەزانین کە ئەو ساڵ بەپێی ئەو یاسایەی کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، ئەو ئەنجومەنی ئاسایشە دامەزراوە بۆیە هەموو دەزگایەك لەسەرەتای دامەزراندنیەوە پێویستی بە بودجەو پاڵپشتی هەیە بە هەموو شێوەیەك، هەم پاڵپشتی مەعنەوی، هەم پاڵپشتی ماددی، بۆیە لێرە داواکارم کە ئەو میزانیەیان بۆ پەسەند بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من وێڕای ئەوەی پشتگیری لە داواکاری ئەنجومەنی ئاسایش دەکەم بۆ بودجەی خۆیان، بەلاٌم پرسیارێك لە جەنابی وەزیر دەکەم پرسیارەکە هەرچەندە تیکراریە، بەلاٌم پرسیارەکەی من ئەوەیە ئەو ئیضافەیە مەسەلەن تەغییر لە نەفەقات ناکاتن؟، چۆن نەفاقەتەکان وەکو خۆی کە چۆن تەخصیصات کراوە هەتاکو ئێستا تەغیر ناکاتن؟ جەنابی وەزیر جواب بدات.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەرەتا پشتگیری لە ڕایەکەی هاوکارم کاك گۆران دەکەم، کە وەك چۆن ئەو تەخصیصاتە نەبێتە هۆی کەم کردنەوەی تەعویزاتی مۆزەفین و مەنافعی ئیجتماعی، هەوڵیش بدرێت لە بودجەی ئیستسماری نەبێت ئەوە یەکەمیان، دووەم: من پرسیارێکم هەیە لە دووەمدا ئەویش ئەوەیە ئەو ماددەی دووەم کە ئێمە ئیقرارمان کردو دەنگمان لەسەر دا ئیضافەکردنی ئەو پارەیە نابێتە هۆی گۆڕینی یەکەم، ئەوەلەن 1- مبلغ قدره عشرة الاف و سبع مائة وخمسةو اربعون مليار وسبع مائة و سبعة و تسعون مليون دينار للنفقات التشغلية) لەوە گۆڕانکاری تیانابێت ئەوە پرسیارە؟ سێیەم: مولاحەزەیەکم هەیە لەسەر ئەو دەقەی کە بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی دایان ڕشتووە، پێم وایە دەبێت ئیضافەیەکی بۆ بکرێت، چونکە ئێمە بڕوامان

وایە هەرواشە بە عەمەلی دەزگاکانی ئاسایش هەرێمی کوردستان دا هەیە یەکیان گرتۆتەوە، ئەوەلەن (لغرض توحید) بەمەبەستی یەکگرتنەوەی من پێم باشە بڵێ (لغرض تسهیل عملیة توحید تشکیلات اسایش الاقلیم)، یەعنی ئەو تەسهیل عەمەلیە توحید تەشکیلاتەی بۆ ئیضافە بکرێت، چونکە بەعەمەلی ئێستا دەبێت پرۆسەی یەکگرتنەوەکە بووبێت وە خەریکن تەشکیلاتەکە سەر لە نوێ بکەنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**مامۆستا کاوە فەرموو.**

**بەڕێز کاوە محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر هەمان تێبینیم هەبوو، ئەوەی کە لیژنەی یاسایی خوێندیانەوە، لەبەرئەوەی لەبەر دەستی ئێمە نیە سیاغەکە وتی (لغرض توحید)، ئەوە گومانێك لەسەر یەکگرتنەوەکە دروست دەکات، بۆئەوەی ئەگەر بەدیقەت زیاتر چونکە لەبەر دەستمان نیە، ئەگەر پێداچوونەوەیەك بکرێت باشە، لەبەرئەوەی گومان لەسەر یەکگرتنەوەکە دروست دەکاتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

**کاك سالار فەرموو.**

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ڕاستیدا مەسەلەیەکی دڵخۆش کەرە کە ئێمە دام و دەزگاکانمان هەنگاو بە هەنگاو بەرەو دامەزراوەیی دەڕۆن، وە لە قۆناغی ئیتیهام کردن بە حیزبایەتی و وە مەرجەعیەتی حیزبی دەگوازینەوە بۆ قۆناغێکی تر، لە هەرێمی کوردستان دا حەقیقەتێکی حاشا هەڵنەگرە لە شۆڕش و لەسەردەمی شاخەوە کە دەسەلاَت گوازرایەوە بۆ حکومڕانی و دوای دروست بوونی پەرلەمان و حکومەت، هەردوو حیزبی پێکهێنەری حکومەت و پەرلەمان و دام ودەزگاکانی پێشمەرگایەتی و ئەمنیەت و هەموو ئەو دامەزراوەیان بە پێشمەرگەو هێزەکانیش شاخ و شۆڕش پڕکردەوە، ئەوەش بەدیلێکی تر نەبوو جگە لەو بەدیلە هەم پڕکردنەوەی ئەو فەراغە ئەمنیە و ئیداریەی کە لە کوردستان دا هەبوو، هەم بۆ تێپەڕاندنی قۆناغێك کە لە قۆناغی شەرعیەتی شۆڕشگێری و شەرعیەتی شاخەوە بۆ موئەسەساتی و دەسەلاَتی مەدەنی بۆ؟ بە حکومی هەر بارودۆخێك کە هەبووە ئەو دامەزراوە ئەمنیەی کە تا دەرەنگ وەختانێك یەکی نەگرتۆتەوە، ئێستا بەپێی یاساکە کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، ئەو دامەزراوانە هەنگاو بەرەو موئەسەساتی دەنێن، بەرەو دامەزراوەیی دەنێن، بۆیە ئەوە لەڕووە مەبدەئیەکەوە کارێکی باشە، بەلاَم ئەوەی پەیوەندی بە زیادکردنی میزانیەوە هەیە بۆ دەزگای ئاسایش، من ڕام وایە ئەو بابەتە نابێت تأسیری لەسەر تەعویزاتی مۆزەفین، وە نابێت تأسیری لەسەر پڕۆژە ئیستسماریەکان هەبێت، بۆیە لەو ڕووانگەیەوە

پرسیار له وەزیری دارایی بەڕێز دەکەم، ئایا ئەو دابین کردنە لە چ بابێك وە لەکوێدا پڕی دەکەنەوە؟، چونکە هەموومان واقیعی کوردستان دەزانین، بەڵێ ئەمنیەت هەیە دەزگاکانی ئەمنی رووبەڕووی کۆمەڵێك مەخاتر بوونەتەوە، نەك هەر ئەمنیەتی هەرێمی کوردستان دەزانین دەزگا ئەمنیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ناوچە کێشە لەسەرەکانیش کۆمەڵێك ئیلتیزاماتی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئینسانیان لە ئەستۆدایە، دیارە بەرپرسیارەتی دام ودەزگاکانی ئەمنی لە هەرێمی کوردستان تەنها هەرێمی کوردستانی نەگرتۆتەوە، بەڵکو ئیلزامێك بۆ پڕکردنەوەی ئەو فەراغە ئەمنیەی لە مەناتقی موتەنازع و ناوچە دابڕاوەکان هەیە ئەوەشیان لە ئەستۆدایە، کە ئەوە ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەییە، وە ئەرکێکی ئینسانیشە لەڕاستیدا، چونکە خەڵکی ئەو مەنتیقانە رووبەڕووی مەخاتری گەورە دەبنەوە، بەلاّم واقیعێکی تر هەیە لەکوردستان ئێمە لە بەدواداچوونمان دا هەست دەکەین دام و دەزگا ئەمنیەکان، وە بەتایبەتی ئاسایش لە بنکەکان، لە مەعاونیەتەکان، لە کۆمەڵێك موئەسەساتی تر، بەڕاستی ئەوەندە ئیمکانیەتیان لەبەر دەست دانیە بتوانن ئەرك و کاروبارەکانی ڕۆژانەی خۆیان ڕایی بکەن، ئەگەر بیرکردنەوەیەك هەیە بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو دەزگایانە بە پرەنسیپی لا مەرکەزیەت بگرێتە بەر وە بۆ ئەو بنکانە پڕبکرێتەوە، وە من ڕەئم وایە ئەوە ئەگەر پەسەند دەکرێت بەشی باشی تەرخان بکرێت بۆ پاراستنی ئەمنیەتی خەڵکی ناوچە دابڕاوەکان، چونکە ئەوانەش خەڵکی کوردستانن، وە ناوچەکەش کوردستانە ڕۆژانە لە مەندەلیەوە تا دەگاتە شێخان و سنجار رووبەڕووی مەترسی ئیرهاب دەبنەوە، وە لە ئایندەشدا بە حکومی ئەو بارودۆخەی لە عێراق دا هەیە مەترسی زیاتر هەڕەشە لەسەر ئەمنیەتی خەڵك هەیە، ئەگەر دەبێت بۆ ئەوانە تەرخان بکرێت وە تەحدیدیش بکرێت لەڕاستیدا.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبیعی من لە یەکەمین ڕۆژی موناقەشەی بودجە یەکەمین کەس بووم کە پشتگیریم لە پارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش کرد، چونکە خۆم لەناوی دابووم، تەبیعی ئێمە موناقەشەی زۆرمان کرد لەسەر بودجەی دەزگای ئاسایش و ئەنجومەنی ئاسایش و لەگەڵ وەزارەتی داخلیەی، ئێمە ئەوەل جار لەگەڵ وەزارەتی داخلیە دانیشتین دوایی دەزگای ئاسایش، سێیەمین جار کە لەگەڵ ئەنجومەن دانیشتین کەهاتن لەگەڵ ئێمە دانیشتن لەو پەرلەمانی کوردستانەدا، برای بەڕێزم سمیر ئیستمارەکی بۆمان ئامادە کرد بوو، لە ئیستمارەکە کە دەزگای ئەنجومەنی ئاسایش چەند پارەی ویست بوو چەندی بۆ تەرخان کرا بوو؟، کە ئێمە لەگەڵیان دانیشتین قسەمان لەگەڵیان کرد وتمان 134 ملیارتان بۆ دانراوە تووشی شۆك بوون ئەوان، وتیان ئێمە 362 ملیارمان تەڵەب کرد، چۆن 134 ملیار هاتووە؟ وتیان ئەگەر مەجالمان بدەنێ ئەوە هەڵەی تێدایە، ئەو رەقەمە هەڵەی تێدایە، ئەگەر مەجالمان بدەنێ ئێمە موراجەعاتی وەزارەتی دارایی دەکەین،

فعلەن موراجەعاتی وەزارەتی داراییان کرد هەڵەکە چاك بووەوە، کە چاك بووەوە لێشیان کەم کرابووەوە، هاتن ئێمە عەینەن نووسراوی خۆمان نووسراوی لیژنەی ناوخۆ بۆ دارایی ڕەوانمان کرد، تەبیعی ئێمە ئەگەر بێینە سەر واقیعی ئەوەی من نازانم پرسیارەك دەکەم؟ وەزارەتی ئەمنی قەومی یان ئاسایشەکان لە دەوڵەتەکان دێتە ناو بودجەی پارەکەیان؟ یەعنی بودجەکە دێت، من لە ئەوەی دەپرسم ئەگەر ناهێت بۆ ئێمە بێینە ناو بودجەی هەرێمی کوردستان؟ هەر بەخۆیان لەوێ ڕا کار لەگەڵ وەزارەتی داخلیەو ئەنجومەنی ئاسایش و ئەوانە بۆ خۆیان دانیشتنیان لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێم دانیشن با ئەو بودجەیە بۆ خۆیان دابین بکەن، نەیێتە ناو پەرلەمانی کوردستان کێشەی لەسەر دروست نەکرێت، ئێمە دەزانین کە ئەمن ئێستا ئیستقرار هەیە لە کوردستان، ئێمە بە واستەی ئەو پارەیە کە ئێستا تەرخان دەکرێت یان تەرخان کراوە بۆیان ئەو ئیستقرارەتە هەیە ئێمە پێی دەژین، حکومەتی عیراقی فیدرالی چەند پارەی تەرخان کردووە بۆ ئەو دام و دەزگایانە هەتاکو لەوێندەر ئیستقراریەت نیە؟ دە ئەوەندە پارە تەرخان دەکات، بۆ ئەوەی ئیستقراریەت لەوێندەر هەبێت.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك صباح فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

جێگای دڵخۆشیە کە دەبنین ئەمڕۆ دام و دەزگای ئەمنیەت کوردستان یەکدەگرنەوە، ئەم هەمی شانازی ب ئەمنا ئاسایشە هەرێمێ کوردستانێ دکەین، دزانین چەندین پلان دژی ئەزمونێ مە دێنە داڕشتن، ئەزیش پشتگیری لەوێ پێشنیارێ دکەم، کو ئەو میزانیە هاتیە داخازی کرن ل ئەنجومەنێ ئاسایش بێتە پەسەند کرن، سوپاس.

**بەڕێز ئامینە زکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەلبەت مە بەحسی دەزگەهێ دکەین کو ئاسایشا نەتەوەیێ گەلێ مە پێوە دیارە، ئەم زانین هەرێما کوردستانێ ب سەدان دوژمنێ بچیك و مەزنێت هەی، کو هەردەم پیلان بۆ هندێ داڕشتین چەوا تێکدانا یا ناڤخوە هەرێمێ بکەن، کەناڵێ ڕاگەهاندێ بەردەوامە دێتیتە گۆ ڤێ دەزگەهێ ئەمنی ب چ شێواز شیاینە پلانێت وان و دوژمناکریێ وان پوچەل بکەن، دەست ب سەر گەلەك چەك و تەقە مەنیا بگرن، هەلبەت مسۆگەر کرنا ئاسایش و ئارامیا هەرێمێ، پاراستنا ئاسایشا خۆراکێ و دەرمانا، پاراستنا ئاسایشا ئابووریا کوردستانێ بەرەنگاری کرنا تیرۆرێ و سیخوری، یان گۆمبە کرن و شرۆڤە کرنا زانیاری وهەلسەنگاندنا ئەو زانیارێ دگەنە وان، هەمی پێدڤی پارەکێیە، کو ئەڤ پارە یان ژی ئەڤ شۆلە هەمی ب دروشمان ناهێنە کرن، ب ئاخافتنێ ناهێنە کرن، بەلکو پێتڤی پارەیەکێ خەیالیە، ئەم زانین کو دەزگەهێت موخابەراتی هەندێ کو بشێن خۆ ناڤ گروپێ تیرۆرستا چێ بکەن، پێتڤی کو وان ناو تیرۆرستا چێ کەن، هەمی موحتاجێ

پارەیێ خەیالیە بۆ وەرگرتنا خەبەرەکێ دەفتەرێ دۆلارا بۆوێ دێتە مەزاختن، دێ پێتڤی چەوا لە هەمی ولاتا دەزگەهێت ئەمنی سەنگا خۆ یا هەی، تایبەتمەندیەك د بوارێ بودجەدا دێتەدانان، ڤێتن حکومەتا هەرێمێ ژی دێ بەرچاڤ کرن بۆ کردبا، ب ڕاستی جهێ پرسیارە پارێ وان داخاز کری ل چ ئەساس ئەو پارە هاتیە کرن، نوکە ژی ئەگەر وی پارەیێ دیسا وەکی وان داخاز کری و بزڤرینی، وی مەبلەغێ کیژ دەرگەهێ بودجەیێ دێ نەقل کەین، ئەگەر ئەم سەح کەینە یاسایا ئەنجومەنێ ئاسایشێ، کو یاسای ژمارە (4) ماددەی 4 خالا 3، بەحسێ هندێ کا کو قانون هاتیە ڕێکخستن بۆ تەرخان کرانا ئەنجومەنێ ئاسایشێ ناڤ بوجا گشتیا هەرێمێدا دبیتن، پێویست ناکا ئەم بەحسێ هەندێ بکەین کو مەرامان ئێك گرتنا وێ، ئێك گرتنا وێ ب یاساژی مە ڕێکخستی، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی یەکێ لە مایەی خۆشحالی و ئازادی دەربڕینمان لەناو هەرێمی کوردستان، بوونی ئەو ئەمن و ئاسایشەیە کە ئێستا هەموومان شانازی پێوە دەکەین، یەکگرتنەوەیان دووەم شتە کە بەڕاستی بە هەوڵ و خەباتی هەموو لایەك هاتە کردن، بەلاَم ئێستا ئەوەی هەیە کە بۆ دروست کردنی ئەو ئەنجومەنەو دانی بودجەیەکی تایبەت، کە لەناو یاسای بودجەدا جێگای خۆیەتی تاکو بتوانرێت پاڵپشتی لێ بکرێت، بەلاَم من لێرە دا دەڵێم ئەو پرسیارەم بۆ جەنابی وەزیری دارایی، لەدوای ئەو تەفصیلی داواکردنی وەزارەت خۆی، وە تەرخان کردنی بڕە پارەیەکی تایبەت بۆ ئەو ئەنجومەنە کە لە 362وە بۆچی بەهەڵە هات؟، ئەو بڕە پارەیە وا پێویستە زیاتر بەڕاستی وردبینیەکی زیاتر هەبێت بۆ ئەو کارانە، حەزدەکەم وەلاَمم بداتەوە بەڕێزی کە لە دواییدا وەکو مولحەقێك ناردرایەوە، چونکە کاری ئەوان کارێکی حیسابیە لە زۆر شتان دائیمەن دەقیقن، بەلاَم نازانم لەوەدا کە زۆر زۆر گرینگە بایەخ پێدان بەڕاستی بەو ئەنجومەنە هەر ئەوە نیە بودجەیەکەو ناوێکە وەکو هەر وەزارەتێك، بەلاَم ئەوە دەبێت بە دانانی زۆر لایەنی تر، کە چۆن بە مۆدێرن کردنی ئەو ئەمنیەتە کە پێشان باسی ئەمن دەکرا زۆرجار هەیە شێوەیەك لە تەماشەکردن هەبوو بۆی، بەلاَم ئێستا موئەسەسات کردنی ئەنجومەنە وە خزمەت کردنی ئەو وڵاتە، بەڕاستی نەبوونی تەقینەوەو نەبوونی تیرۆریست، نەبوونی شتی ناخۆش لەناو وڵاتی ئێمە دا ئەوەیە کە وامانی لێکردووە بیر لە پڕۆژەو بیر لە پێشکەوتن و بیر لە یەکگرتنەوەی زیاتر وبیر لەوە بکەینەوە کە چۆن گوێ لە بەرامبەرەکەمان بگرین و چۆن تەقەبولی ئاخیرەمان هەبێت؟ کە لەناو ئەو پەرلەمانەی کوردستانە زۆر بە ئازادانە هەموو لایەك دەربڕینی ئەوانەیان کردووە، کە بۆ خزمەت کردنی زیاتری ئەمن و ئاسایشی ئەو وڵاتەیە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لە پێشەوە وەکو ڕای حکومەت، لاریمان نیە، تەفاصیلی وردم باس نەکرد، بەس ئێستا دەمەوێت تەفاصیلەکەی باس بکەم، ئەگەر ڕێگا بدرێت ئەوەی کە کاك ئیسماعیل وتی من تەئیدی قسەکانی دەکەم، خۆی لەکاتی خۆیدا ئەو بودجەیە کە هاتووە362 ملیاریان داواکردووە، لە نەتیجەی موناقەشەدا گەیشتوونەتە 318و 150، بەڵام بە 134و 864 نووسراوە لەکەیش دا دەرکەوت؟ لەدواییدا ئەوەی کە بۆمان دەرکەوت کە دەزگای ئاسایش دەست بەکار بوون، نازانم ڕەقەمەکەیان لە کوێوە بیست بوو؟ هاتن بە ئێمە یان وت، وتیان بابە ئێمە لەسەر 318ی ئیتیفاقمان کرد، کە تەماشاکرا تەماشە دەکەین مۆزەفەکان ئەو فەرمانبەرە، ئەو ڕەقەمەی بە غەڵەت داناوە لە بودجەکەدا، وە کەمی کردووەتەوە بۆ ئەوەندە؟ بۆیە ئێمە یەکسەر نووسراوێکمان نووسی بۆحکومەت وە مەسەلەکەمان تێدا ڕوون کردەوە، حکومەتیش لەدوای ئەوەی کە تأکیدی کرد ئەوە هەڵەیەکە کراوە ناردی بۆ پەرلەمان، من لێرەدا دەمەوێت ئەوەش باس بکەم ئەو خوشك و برایانەی کە باس دەکەن ئەوە لە تەعویزی مۆزەفین و لە پڕۆژەکان، وە من شتێکی تریش ئیضافە دەکەم لە ئیعانات و مەنافعی ئیجتیماعیش ئەوە لەو بابەتانە دانابەزێت لە بابەتەکانی تر تأسیر دەکاتە سەر بابەتەکانی تر، کە ئێوە دایمەن داوای کەم کردنەوەی دەکەن، سوپاستان دەکەم.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتەی نیزامە؟ کاك د. عمر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەسەر سیاغەکەی کە خوێنرایەوە لەلای لیژنەی یاسایی، بە ڕەئی من ئێمە بڵێین بۆ جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە 4ی ساڵی 2011ی ئەنجومەنی ئاسایش کە لەوێدا میزانیەی سەربەخۆیان هەیە، بەم شێوەیە دەقیق ترەو یاسایی ترە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دوا سیاغەتان بخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای ڕەچاوکردنی پێشنیارەکانی ئەندامانی پەرلەمان، سیاغەکەمان بەو شێوەیە داڕشت: (تنفیذاً لاحکام القانون رقم (4) لسنة 2011، قانون مجلس امن اقلیم کوردستان-العراق، و بغیة توحید و تنسیق الاجهزة الامنیة یرصد مبلغ قدره 318 ملیار و 150 ملیون دینار لموازنة المجلس علی ان لا یؤدی التخصیصات المرصدة الی تخفیض تعویضات الموظفین والمنافع الاجتماعیه لبقیة تشکیلات و مؤسسات حکومة الاقلیم والمشاریع).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ فەرمووو جارێکی تر بیخوێنەوە، چونکە گوێیان لێنەبووە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(تنفیذاً لاحکام القانون رقم (4) لسنة 2011، قانون مجلس امن اقليم كوردستان-العراق، و بغية توحيد و تنسيق الاجهزة الامنية يرصد مبلغ قدره 318 مليار و 150 مليون دينار لموازنة المجلس على ان لا تؤدي التخصيصات المرصدة الى تخفيض تعويضات الموظفين والمنافع الاجتماعيه والاعانات والمشاريع لبقية تشكيلات و مؤسسات حكومة الاقليم).

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ لەگەڵ دایە؟ کێ لەگەڵ دانیە؟، 6 کەس لەگەڵ دانیە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز د. رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 23:

1- تتولى جميع الوزارات والدوائر غير المرتبطة بوزارة بتوزيع النفقات التشغيلية والاستثمارية على محافظات الاقليم بمراعاة الكثافة السكانية لكل محافظة والمناطق الاكثر تضررا بعد استبعاد مصاريف مركز الوزارة.

2- على المحافظات كافة التنسيق مع الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة للتأكد من تنفيذ الفقرة اعلاه من اقرار الموازنة العامة والمصادقة عليها وعند التنفيذ الفعلي للموازنة.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیەکەی بخوێنە.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی 23: 1- هەموو وەزارەتەکان و ئەو فەرمانگانەی سەر بە وەزارەت نین ئەرکی دابەشکردنی نەفەقاتی بەکاربردن و وەبەرهێنانیان دەکەوێتە ئەستۆ بۆ سەر پارێزگاکانی هەرێم بە ڕەچاوکردنی چڕی دانیشتووانی هەر پارێزگایەك و ئەو ناوچانەی کە زیانی زیاتریان بەرکەوتووە پاش جیاکردنەوەی خەرجیەکانی مەرکەزی وەزارەت.

2- پارێزگاکان گشتیان دەبێ هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکان و ئەو لایانانە بکەن کە گرێ نەدراون بە وەزارەتێکەوە بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێ کردنی بڕگەی سەرەوە لە بڕیاری بودجەی گشتی و پەسەند کردنی و لەکاتێکدا کە بودجە دەکەوێتە بواری جێبەجێ کردنی فیعلیەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوو ڕا هەیە ڕای یەکەم پشتگیری لە ماددەکە دەکات، ڕای دووەم پێشنیاز دەکات ئەو ماددەیە ڕەت بکرێتەوە، لەبەرئەوەی پڕۆژەکان پەسەند کران و لەلایەن پەرلەمانەوە نابێت سەر لە نوێ دابەش بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ڕای لیژنەی دارایی وا بوو کە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ تەنیا دوو کەس، سێ کەس، ناوتان دەنووسم چوارکەس ناوی خۆی نووسیوە (شلێر خان- رازاو خان- صبیحە خان- ئەڤین خان)، فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نیسبەت ئەو ماددەیە کە دەڵێت: (مراعاة الكثافة السكانية لكل محافظة) بە نیسبەت وەزارەتەکان زۆربەی مەشاریعەکانیان ستراتیجیە، بەتایبەتی هەندێك مەشروع هەیە لە بەینی دوو شوێنە مەسەلەن ئیستفادەی لێ دەکرێت، لەبەرئەوە ئەوەی پەرەپێدانی پارێزگاکان فیعلەن ئەوە موراعاتێکە کەثافەی سوکانی، بەس ئێمە ئەوەی کە بۆمان هاتووە زۆر بەشێوەیەکی باش هاتووە، ئەو کەثافەی سوکانیەی تێدا نەبێت تەصەور دەکەم باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رازاو خان فەرموو.

**بەڕێز رازاو محمود فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتیوانی لە ڕای دووەم دەکەم، کە پێویست ناکات ئەو دوو برگەیە لەو ماددەیە بێت، چونکە ئەوە سەر لەنوێ دابەش کردنەوەو پەسەند کردنەوەی پرۆژەکانە کە لەم بودجەی ئەو ساڵ دا ئەو پرۆژانە جێگیرکران، لەبەرئەوە پێویست ناکات ئەو ماددەیە هەبێت، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

صبیحە خان فەرموو.

**بەڕێز صبیحە احمد مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە ڕەئی لیژنەی یاسایی دەکەم، کە ئەو ماددەیە ڕەت بکرێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لەوە دەکەم کەوا ئەو ماددەیە بمێنێتەوە، ڕاستە ئێمە بودجەکەمان دابەش کردیە لەسەر بودجەی تەشغیلی و بودجەی ئیستسماری، بەڵام لەوێدا ئێمە دیاریمان نەکرد ئایا ئەو میعیارە یاخود بە چ شێوەیەك دابەش دەکرێتە سەر وەزارەتەکان و یاخود پارێزگاکان؟، بۆیە گرینگە لێرە ئاماژەی پێ بکەین کەوا ئەو دابەش کردنە چۆنەو چۆن نیە؟، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز وەزیر فەرموو.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی وئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز د. ئاراس حسین محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پێمان باشە، کە وەکو مەبدەئێك پەیڕەوی دەکرێت بەڕاستی ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە مەبدەئێکە بۆ دام ودەزگاکان کە چۆن بەو کارە هەڵدەستن؟، سوپاس.

**بەڕێز د.ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی، یەك دەقیقە فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر هەر دەمێنێت با وەکو ئەوەی بەغدا بێت، کە دەڵێت (لضمان العدالة توضع بأستثناء المشاريع الاستراتيجية التی تستفيد منها اكثر من محافظة).

**بەڕێز د.ارسلان بايز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

وەڵامتان چی بوو لیژنەی یاسایی بۆ شلێر خان؟.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

شلێر خان داوای کرد وەکو سیاغەی بەغدای لێبێت، قانوونەکەی موازنەی ئیتحادی بەس نەمزانی سیاغەکە چۆنە؟ ببورە بڕگەی یەك یان دوو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڵێ لە بڕگەی یەکدا کە دەڵێت ( بمراعاة بحسب النسب السكانية المقررة لكل محافظة لضمان عدالة التوضيع بأستثناء المشاريع الاستراتجية التی تستفيد منها اكثر من محافظة).

**بەڕێز د.ارسلان بايز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

چی بوو وەڵامەکەتان یان تەوزیحەکەتان بۆ شلێر خان؟.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەو پڕۆژانەی کە پەسەند کرایە هەتا ئێستا لەسەر ڕێژەی دانیشتووانی پارێزگاکان بووە، وە لە چەند دەقی یاساکەش ئەو پرەنسیپەمان چەسپاندیە، بۆیە ئێستا ئەو مەبدەئی زیاد بکەین پێچەوانەی ماددەکانی ترە کە پەسەندمان کرد، دەنا پێشنیارەکە خۆی پێشنیارێکی باشە، ئێستا دوو ڕا هەیە ڕایەك بە ئیلغا کردنی ماددەکە، ڕایەکیش ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەگەر ئیلغایەکە سەرەتا بیدە دەنگدان، دواتر ئەصڵی ماددەکە بدرێتە دەنگدان.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو ڕای یەکەم بخوێنەوە.

**بەڕێز د. ڕۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیلغا کردنی ماددەکە.

**بەڕێز د.ارسلان بايز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

## یەك شەممە ڕێكەوتی 2012/6/24

كاتـژمێر (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی یـەك شـەممە ڕێكـەوتی 2012/6/24  پەرلـەمانی كوردسـتان - عێراق بە سەرۆكایەتی د.ارسلان بایز اسماعیل سەرۆكی پەرلەمان و، بـە ئامـادەبوونی بـەڕێز د. حسـن محمـد سورە جێگری سەرۆك و، بـەڕێز فرسـت أحمـد عبـدالله سـكرتێری پەرلـەمان, دانیشـتنی ژمـارە (37)ی خـولی سێیەم, ساڵی (2012) ی خۆی بەست.

**بەرنامەی كار:**

بەپێی حوكمەكانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق, دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیـاری درا دانیشـتنی ژمـارەی (37)ی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كـات (11)ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی یـەك شـەممە ڕێكـەوتی 2012/6/24 دا بـەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆ كردنی پرۆژەو یاسای بودجەی هەرێمی كوردسـتان - عێـراق بـۆ ساڵی 2012.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان.**

بەناوی گەلی كوردستان، دانیشـتنی ئـەمڕۆمان دەسـت پـێ دەكـەین، پەرلـەمانی كوردسـتان، خـولی سـێیەمی هەڵبژاردن، ساڵی سـێیەم، خـولی گرێـدانی دووەم، ژمـارەی دانیشـتن (37) ڕۆژی دانیشـتن (2012/6/24) بەرنامەی كار:

بـەپێی حوكمـەكانی بڕگـەی (1)ی مـاددەی (20) لـە پـەیڕەوی نـاوخۆی ژمـارە (1)ی هـەمواركراوی سـاڵی 1992ی پەرلەمانی كوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆكایەتی پەرلەمان بڕیاریدا بەرنامەی كاری دانیشتنی ژمـارە (37)ی ئاسـایی خـولی سـێیەمی هەڵبـژاردن لـە كاتـژمێر 11ی پـێش نیـوەڕۆی ڕۆژی یـەك شـەممە ڕێكەوتی 2012/6/24 بەم شێوەیە بێت:

1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆ كردنی پرۆژەو یاسای بودجەی هەرێمی كوردستان - عێراق بۆ ساڵی 2012.

ئێستاش بەڕێز جێگری سەرۆكی پەرلـەمان نـاوی ئـەو پەرلـەمانتارە بەڕێزانـە دەخوێنێتـەوە كـە مۆڵـەتیان هەیە، یان ئامادە نەبوون، فەرموو.

**بەڕێز حسن محمد سورە/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو ئەندامانەی كە لەدانیشتنی ژمارە (36)ی ئاسایی لە 2012/6/23 مۆڵەت بوون، یان ئامادە نەبوون. دانیشتنی بەیانی:

1- پەیام احمد محمد مۆڵەت

2- بەيان احمد حسن مۆڵەت

3- حازم تحسين سعيد مۆڵەت

4- ايوب نعمت قادر(ئارام) مۆڵەت

5- خورشيد احمد سليم مۆڵەت

6- سمير سليم امين بەگ مۆڵەت

7- سۆزان يوسف خۆشابە مۆڵەت

8-ناسك تۆفيق عبدالكريم مۆڵەت

**دانیشتنی ئێوارە:**

1- پەيام احمد محمد مۆڵەت

2- بەيان احمد حسن مۆڵەت

3- حازم تحسين سعيد مۆڵەت

4- اسماعيل سعيد محمد ئامادە نەبووە

5- خورشيد احمد سليم مۆڵەت

6- سمير سليم امين بەگ مۆڵەت

7- سۆزان يوسف خۆشابە مۆڵەت

8- ناسك تۆفيق عبدالكريم مۆڵەت

9- د.صباح محمد نجيب ئامادە نەبووە

10- عمر عبدالعزيز بهاءالدين ئامادە نەبووە

11- قادر احمد سمايل ئامادە نەبووە

12- نيشتمان مرشد صالح مۆڵەت

13- هاژە سليمان مصطفى مۆڵەت

14- فاضل حسن اسماعيل ئامادە نەبووە

**بەڕێز د. ارسلان بايز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستاش بەردەوام دەبين لەسەر گفتوگۆيەكان، ليژنـەی هاوبـەش فـەرموو بـۆ شـوێنی خۆتـان، بـەخێرهاتنی بەڕێز وەزيری دارايی و ڕێكخەری نێوان پەرلـەمان و حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان و وەفـدە ياوەرەكـەيان دەكەين بەخێر بێن، فەرموون ليژنەی ياسايی ماددەی (24).

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**پەرلـەمانی كوردسـتان دوای گفتوگـۆ كردنـی پـرۆژەی یاسـای بودجـەی هـەرێم بـۆ سـاڵی 2012، دوێـنێ گەیشتینە ماددەی (24) لە پرۆژەكە.**

**المادة الرابعة والعشرون:**

**تعمل وزارة الثروات الطبيعية مع الجهات المستفيدة في الحكومة الاتحادية لضمان دفـع مسـتحقات الـبترودولار للسنوات 2010 و 2011، (1) دولار عـن كـل برميـل نفـط خـام منـتج في المحافظـة او (1) دولار عـن كـل برميل نفط خام مكرر في مصافي المحافظة و (1) دولار عـن كـل (150) مـتر مكعـب مـن الغـاز الطبيعـي في المحافظة.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**بەكوردیەكەی تكایە.**

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ماددەی بیست و چوار:**

**وەزارەتی سامانە سروشتیەكان كار دەكات لەگەڵ لایەنە سوودمەندەكان لـە حكومـەتی ئیتیحـادی بـۆ دابـین كردنی پێـدانی ئـەوەی لـە ئەسـتۆیانە لـە پـترۆدۆلار بـۆ سـاڵانی 2010 و 2011، (1) یـەك دۆلار بـۆ هـەر بـەرمیلێك نـەوتی خـاوی دەرهێنـراو لـە پارێزگـادا، یـان (1) یـەك دۆلار بـۆ هـەر بـەرمیلێك نـەوتی خـاوی تەكریر كراو لە پاڵاوگەكانی پارێزگاداو (1) یەك دۆلار بۆ هەر (150) سەدو پەنجا مەتر سێ جا لـە گـازی سروشتی لە پارێزگادا.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە وەكو لیژنەی یاسایی پشتگیری لـە ماددەكـە دەكـەین، تـەنها گـۆڕینی كەلیمـەی (المسـتفیدە) بـۆ (الجهـە المعنیە)، واتا (تعمل وزارة الثروات الطبیعیة مع الجهات المعنیة في الحكومة الاتحادیة) لە جیاتی (مـع الجهـات المستفیدة)، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی دارایی.**

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش وەکو لیژنەی دارایی پشتگیری لە ماددەکە دەکەین، بەلاّم لەگەڵ تێبینیەکانی خۆماندا، ئەوەمان ئیشارەت پێداوە کە لیژنەیەك لە لایەنی پەیوەندیدار دابنرێت لە هەرێمی کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانێت بەدواداچوون بۆ پترۆدۆلاری ساڵی 2010 و 2011 بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، ڕێزداران (کاك گۆران، گەشە خان، کاك فازل بەشارەتی، شەونم خان، کاك جەلال، کاك عبدالسلام، کاك جەمال، کاك خەلیل)، فەرموو کاك گۆران.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێمۆایە ئەو ماددەیە کە دەڵێت وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بەو کارە هەڵدەستێت تەحصیل حاصلە، ئەرکی وەزارەتی سامانە سروشتیەکانە کە ئەم کارە بکات، واتە ماددەکە بە بۆچوونی من هەبێت، نەبێت زۆر زەرور نییە، بەلاّم ئەگەر ماددەکە دەمێنێتەوە ئەوەی بۆ ئیزافە بکرێت کە ئێمە بەپێی قانونی بودجەی عێراقیش وشەی پترۆدۆلار تەرخان دەکرێت بۆ ئەو مەنتیقانەی کە ئینتاجی عەمەلیەی نەفتیەکە دەکەن، یاخود گازەکە دەکەن، لەبەر ئەوەی لە رووی ژینگە، لە رووی با بڵێین بینایە، لە رووی هەموو لایەنێکەوە ئەو سنوورە زەرەرمەند دەبێت، جا ئەگەر ئێمە هاتین وەك ئەوەی لە نەفەقاتدا تەرخانمان کرد بوو لە خاڵی (ب)دا جارێکی تر ئەم پارەیەمان تەوزیع کردەوە بەپێی عەدەدی سوکانی، بۆ نموونە ئەو مەنتیقانە هیچ سوودێکی وا ناکات، ئێستا با بڵێین سنووری کۆیەو تەق تەق کە عەمەلیەی نەفتی لێ دەکرێت، یاخود بازیان، ئەگەر هاتو ئەم داهاتە جارێکی تر بە ڕێژەی دانیشتوان وەکو قەزایەکانی سەر سنووری هەولێر دابەش کرایەوە، پێمۆایە ئەو پارەی پترۆدۆلارە هەدەفی خۆی ناپێکێت، هەروەك پارەیەکی ئیزافیە، وەك پەرەپێدانی پارێزگاکان، بەلاّم حیکمەتی پترۆدۆلار لە ئەسڵدا بۆ کەمکردنەوەی ئەو زیانانەیە لەو سنوورانە کەوتووە، کە زەرەرمەند بوونە، بۆیە پێشنیاری ئەوە دەکەم ئیزافەی ئەوە بکرێت کە ئەم پارەیە تەرخان بکرێت بۆ ئەو سنوورانەی کە عەمەلیەی نەفت و گازەکەی لێ بەرهەم دەهێنرێت و، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو گەشە خان.

**بەڕێز گەشە دارا جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کاك گۆران کردی سەبارەت بەوەیە کە پترۆدۆلار بۆ ئەو ناوچانەی کە نەوتی تیا بەرهەم دەهێنرێت، دەبێت لە پرۆژەکانی ئەواندا سەرف بکرێتەوە، بەلاّم وەکو دەبینین تاکو ئێستا لەسەر ئەساسی

دانیشتوان ئەو عەمەلیە کراوە، ناوچە هەیە ئێمە سەردانمان کردووە مەوقیعی دەرهێنانی نەوتی لێ بەرهەم دەهێنرێت، تاکو ئێستا پرۆژەیان پێشکەش نەکراوە، وەکو کاك گۆران باسی کرد، لەبەر ئەوە بەو شێوەیە جێگیر بکرێت کە لە قانونی عێراقیشدا تەشریعی بۆ کراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك فازل.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

باس لە مەسەلەی داهات دەکرێت لەو سنوورانەی کە داهاتی نەوتیان هەیە، من پێشنیار دەکەم ئەم داهاتە تەنیا لەسەر مەسەلەی نەوت نەبێت، چونکە ئێمە بەڕاستی داهاتی ترمان هەیە لە ناوچە سنوورییەکان وەکو مەرزەکان داهاتێکی زۆر باشیان هەیەو، ئەرك و ئەزیەتێکی زۆر لەو ناوچانە هەیە، کە سنوورەکەی تێدایە، مەسەلەن وەکو سنووری حاجی ئۆمەران و باشماغ و تەوێڵە، لە سنووری هەورامان ناوچەی بەمۆ، پەرویز خان، ئەمانە هەمووی داهاتێکی باشیان هەیە، داواکارم ئەم تەعلیماتی نەوتە بۆ داهاتەکانی سنووریش ببێت، بۆ خزمەتی خەڵکی ئەو ناوچانە، چونکە بە حەقیقەت ئەوانیش زەرەرێکی زۆر دەکەن هەم لە رووی ژینگە، هەم لە رووی رێگاوبانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو شەونم خان.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا وەك هاوڕێیەکانیشم باسیان کرد بوونی ئەم برگەیە لێرەدا، ئەگەر چەند خاڵێکی تری نەخرێتە تەنیشتەوە بوونی زیادەیە، چونکە ئیشی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بە تەبیعی بریتیە لە موتابەعە کردنی ئەو داهات و ئەو موستەحاقاتانەی کە حکومەتی کوردستان هەیەتی لەلای حکومەتی ئیتیحادی کە کۆی بکاتەوە، هەروەها ئەو پارەیەی لێرەیە پارەی پترۆدۆلار دەست نیشان کراوە، بەڕاستی ژینگەی کوردستان، بەتایبەتی لەو ناوچانەی کە نەوتی لێ دەردەهێنرێت و وێران کراوە، لەبەر ئەوە ئەو پارەیە بەتایبەتی نابێت بەبێ هیچ دەستکارییەك بەکار بهێنرێت، یان دەبێت رووبەڕووی دەستەی ژینگە بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەو مەنتیقانەدا، یاخود بکرێتە ئەو سندووقە تایبەتەی کە بۆ ژینگە دروست کراوە لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بە ئاگاداری وەزارەتی دارایی، یان بخرێتە ئەو حیسابانەی کە لە بانکی منارە دوو ساڵە کە وەزارەتی دارایی ئاگاداریەتی غەیری ئەو حیساباتانەی وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، پێویستە وەزارەتی دارایی ئاگای لەو پارەیە بێت کە چۆن سەرف دەکرێت، بۆ ئەوەی هەم رەقابەش بکرێت لە هەمان کاتدا، لەبەر ئەوە بەباشی دەزانم لێرەدا دەست نیشانی ئەو جێگایەش بکرێت، یان ئەو سندووقە بکرێت، کە پارەکەی تێ دەکرێت، ئایا دەست نیشان بکرێت و بکرێتەوە بە پرۆژە بۆ ئەو ناوچانەی کە

زەرەرمەند بوون؟ چونكە حەقى خۆيانە، وابزانم لە بەرنامەكەشدا بە ئەسڵ وا هاتووە، كە ئەو زيانانەی لەو ناوچانە دەكرێت بەم پارەيە تەعويز دەكرێتەوە، ياخود بكرێتە يەكێك لەو دوو سندووقەی كە وەزارەتی دارايی ئاگادارە، بۆ ئەوەی بە ئاگاداری وەزارەتی دارايی ئەو پارەيە سەرف بكرێت و، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو كاك عبدالسلام.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوو پرسيارم هەيە، لەگەڵ پێشنيارێك، پرسيارەكەم ئەوەيە بۆ وەزارەتی سامانە سروشتيەكان بە تێگەيشتنی من لە دەستوور دەڵێت غازو نەوت موڵكی ميللەتە دەچێتە قاصەی حكومەت، واتا من تەسەور دەكەم وەزارەتی داراييە لە بەغدا، بۆيە پرسيارە، لەلای من، غموزە، يەعنی ئەگەر وەڵامم بدەنەوە.
دوو/ ئايا ئێمە ئاماری دروستمان هەيە كە چەند فيعلەن نەوت ئينتاج كراوە لە هەرێمی كوردستان؟ تاكو بزانين حصەمان چەندە، ئايا ئەو پترۆدۆلارەی لە داهاتی ئەمساڵ دانراوە رەچاوی ئەوە كراوە كە پارو پێراريش دراوە، يان نا؟ حەز دەكەم جەنابی وەزيريش ئەگەر وەڵامی هەبێت.
پاشان پێشنيارێكم هەيە، لە سەرەتای ئەم ماددەيە باش بوو ماڵی دكتۆرە رۆژان ئاوەدان بێت، وابزانم كاك عەونی بوو موستەقيدەكە كرا بە مەعنی، بەلام هێشتا ماناكەی وازيح نييە، من پێشنيار دەكەم ئەگەر بينووسن بەو شێوەيە صياغە بكرێتەوە (تعمل على ضمان قيام الجهات المعنية في الحكومة الاتحادية بدفع)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو كاك جەلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ج وەزارەتێكە بە موتابەعەش دەبێت، بە تەعمليش دەبێت، بەلام نەتيجەكەی ئەگەر ئەم ماددەيە وەكو خۆی مايەوە، لە پێشنيارەكانيشدا ماددەيەك هەيە كە داوا دەكات داهاتەكان لە بەغدا بەس رەقەمی نەدراوەتێ، ئەگەر مايەوە چەند كەليمەيەكی بۆ ئيزافە بكرێت (واعلام برلمان كوردستان بنتائج العمل او المتابعة)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو كاك جەمال.

**بەڕێز جمال طاهر ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێش ئێستا چەند پێشنیارێك هەبوو ماددەیەك لەو ماددانە (علی حکومة اقلیم کوردستان اتخاذ المقتضی الدستوري والقانوني لتحصیل جمیع مستحقات حکومة الاقلیم لدی الحکومة الاتحادیة)، پرسیارم ئەوەیە ئەو موستەحەقاتە دەکەوێتە ناو ئەو موستەحەقاتانەی پترۆدۆلار، یان نا؟ ئەگەر ئەو پترۆدۆلارە لێرەش بێتن مانای ئەوەیە ئەم ماددەیە زیاد دەبێت، چونکە پێش ئێستا ماددەیەکمان پەسند کرد کە بێتە ناو یاسای بودجە، ئەگەر هاتو وەکو خۆی مایەوە، من پشتیوانی دەکەم کە کەلیمەی موستەفیدە ببێتە کەلیمەی مەعنیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك خەلیل.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەمان ئەو پرسیارەی کاك جەمالم هەیە، بەڕاستی ئەگەر ئەمە دەچێتە زیمنی ئەو موستەحەقاتانەی حکومەت، ئەوە ئێمە ماددەیەکمان بۆ داناوە، بەڕاستی پێموایە زیادەیە.

خاڵێکی تر، هاوکارانم باسیان کرد، ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، ئەمە وەکو باس کرا بەڕاستی بۆ ئەو مەنتیقانەیە کە نەوتی لێ دەردەهێنرێت، بەڵام بەداخەوە تاوەکو ئێستا ئەو پارەیە وەکو پێویست لەو ناوچانە سەرف نەکراوە، تەنانەت ئەو ناوچانەی دەوروبەری پاڵاوگەو ئەو شوێنانەی کە نەوتیان لێ دەردەهێنرێت، سەرەتاییترین پێداویستیان بۆ دابین نەکراوە، بەڕاستی کە مەسەلەی ئاوە، مەسەلەی یەکەی بنکەی تەندروستییە، ڕێگاوبانە، زۆر کێشەی تریان هەیە، جگە لەوەی کە بەڕاستی ڕووبەڕووی کێشەی پیس بوونی ژینگە دەبنەوە، یەعنی من هیوادارم وەکو پشتگیری لە داوای هاوکارانم دەکەم کە باسی ئەوەیان کردووە، یەعنی بەڕاستی بە تەحدیدی با قانونەکە وەکو خۆی جێ بەجێ بکرێت، موستەحەقاتی ئەو ناوچانەیە کە نەوتیان لێ بەرهەم دەهێنرێت، یەعنی ناکرێت ئێمە ئەوە چەند ساڵە ئەم پارەی پترۆدۆلارە، یاخود داهاتی نەوت لە موشتەقاتی نەوتیشدا، بەڵام ئێمە ناوچەکانمان کاولن، ڕۆژانە لە ڕێگاوباندا بە دەیان حادیسەی نادروست ڕوو دەدات، هاووڵاتیانی دەوروبەری ئەو شوێنە ڕووبەڕووی دەیەها مەترسی ترسناك دەبنەوەو، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئەو ماددەیە لە نەتیجەی ئەوە داڕێژراوە کە (350) ملیار دیناری ساڵی پار ئێمە لە ئیرادات داخیلیمان کرد بوو و، بۆمان نەهاتووە، ئێستا ئەوە بووە سەبەبی زیاد کردنی عیجزی پارەکە.

بەنیسبەت ئەو پارەی تەقدیری ئەمساڵ وەزیری سامانە سروشتیەکان هەوڵ بدات بۆ ئێمەی وەربگرێتەوە، (120 ) ملیار دینارە لە ئەسڵی ئیراداتە کە بەیان کراوە، ئێستا وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، جەنابی وەزیر وەعدی بە ئێمە داوە کە هەوڵ بدات ئەو پارانە وەربگرێتەوە بە چەند وەجبەش بێت، بەلاّم بەنیسبەتی ئەوەی کە بۆ ئەو شوێنانەی زەرەرمەند دەبێت، وەکو کاک گۆران، کاك خەلیل گوتیان، بەڵێ ئەمە وایە، فیعلەن بۆ ئەوەی کە پارەکە بێتەوە، مەفروزە بەو شێوەیە سەرف بکرێت، چونکە ئەمساڵیش دەبینین پترۆدۆلار لەناو تەنمیەی ئیقلیم دانراوە، مەفروزە ئەو پترۆدۆلارە لەناو تەنمیەی ئەقالیم بۆ ئەو ناوچانە سەرف بکرێت، کە زەرەرمەندن لەو مەوزوعەو ئیشیان تیا کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێز سکرتێری پەرلەمان هەندێك تێبینی هەیە با بفەرمووێت.

**بەڕێز فرست احمد عبدالله/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە رەئی من ئەو کارە لە ئیش و کاری وەزارەتێك زیاترو قورسترە، من پێشنیاری ئەوە دەکەم کە ئەو کارە لەنێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ئیتیحادی بێت، نەك لەنێوان وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و جیهاتی مەعنی بێت لە حکومەتی ئیتیحادی، چونکە ئەگەر ئیشی ئەوان بوایە ئێستا حەل کرا بوو پێش دوو ساڵ نەدەماو تەراکومی نەدەکرد، سێ ساڵ لەسەر یەك بێت و نەتیجە دیار نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مەعلومە بەپێی ماددەی (111)ی دەستووری هەمیشەیی عێراق، نەوت و گاز موڵکی هەموو خەڵکی عێراقە، بەپێی ئەو ماددانەی کە لە یاسای بودجەی حکومەتی عێراقی فیدراڵدا ئاماژەی پێ کراوە، کە ئیستیحقاقاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو نەوتانەی لەو شوێنانەی کە دەردەچێت، پێشنیاری وا کرا کە بەڕاستی بۆ خزمەت کردنی ئەو مەنتیقانە بێت، ئێمەش پشتگیری لەوە دەکەین، بەتایبەتی زۆر تەئسیر لە ژینگە دەکات و ژینگە پیس دەبێت، بەلاّم وەکو بەرادەران ئاماژەیان پێدا ئیحصائیەکی وردمان لەبەردەستدا نییە، کە ئایا چەند پارە هەیە لەوێ؟ پارەکە چەندە؟ ئەگەر هاتو پارەکە وەرگیراو سەرف بکرێت بۆ ئەو شوێنانەی کە بۆی تەرخان کراوە، بەتایبەتی ئێمە لە ماددەکانی پێشوودا حکومەتمان ئیلزام

کردووەو دەنگی لەسەر دراوە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵدەستێت بەئیجرائاتی دەستووری یاسایی بۆ وەرگرتنی ئەم پارانە، هەرچەندە ئەم ماددەیە دەنگی لەسەر درا، بەلاَم لێرە تەئکیدە، بۆیە ئێمە بە باشی دەزانین پاش رەچاو کردنی ئەو پێشنیارانەی ئێستا پێشکەش کرا صیاغەکەی بەو شێوەیە بێت، ئەگەر رەزامەندیتان کرد بیخەینە دەنگدانەوە.

(تعمل حكومة اقليم كوردستان على ضمان قيام الجهات المعنية في الحكومة الاتحادية لضمان دفع مستحقات البترودولار للسنوات 2010 و 2011، (1) دولار عن كل برميل نفط خام منتج في المحافظة او (1) دولار عن كل برميل نفط خام مكرر في مصافي المحافظة و (1) دولار عن كل (150) متر مكعب من الغاز الطبيعي منتج في المحافظة على ان يأخذ بنظر الاعتبار صرف ما يستوفى مستقبلاً لخدمة المحافظة التي تنتج فيها النفط او الغاز).

بەو شێوەیە دەخوێنمەوە:

(على حكومة اقليم كوردستان العمل على استيفاء مستحقاتها لدى الحكومة الاتحادية من البترودولار للسنوات 2010 و 2011، (1) دولار عن كل برميل نفط خام منتج في المحافظة او (1) دولار عن كل برميل نفط خام مكرر في مصافي المحافظة و (1) دولار عن كل (150) متر مكعب من الغاز الطبيعي المنتج في المحافظة على ان تصرف المبالغ المستحصلة مستقبلاً للمناطق المنتجة).

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة والعشرون:

للمحافظة تكليف اي وزارة من الوزارات او حسب الاختصاص تنفيذ المشاريع في كل محافظة على حساب التخصيصات (اعمار وتنمية الاقاليم والمحافظات) المخصصة لها.

اولاً: تعفى من الرسوم الكمركية كافة البضائع والسلع المستوردة من قبل دوائر الاقليم والقطاع العام باسمها ولاستخدامها ولغاية اكمال العمل.

ثانياً: يشمل الاعفاء اعلاه البضائع والسلع المستوردة لدوائر الاقليم والقطاع العام من حكومات او مؤسسات مانحة.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیش تکایە.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و پێنجەم:

پارێزگا بۆی هەیە هەر وەزارەتێك، یان بەگوێرەی پسپۆری رایان بسپێرێ بۆ جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان لە هەر پارێزگایەکدا لەسەر حیسابی تەرخان کراوەکانی (ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانی هەرێم و پارێزگاکان) کە دیاریکراوە بۆیان.

یەکەم: دەبەخشرێ لە رەسمی گومرگی هەموو جۆرە کەل وپەلێك و سلعەیەکی هاوردە لەلایەن فەرمانگەکانی هەرێم و لەلایەن کەرتی گشتی کە بەناوی خۆیەوە بێ و بۆ بەکارهێنانی بێ، هەتا کارەکەی کۆتایی پێ دێ.

دووەم: ئەو بەخشینەی سەرەوە ئەو کەل و پەل و هاوردانە دەگرێتەوە، کە دەبەخشرێن بۆ فەرمانگەکانی هەرێم و کەرتی گشتییەوە لەلایەن حکومەتەکان و دەزگاکانی بەخشندەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی بیست و پێنج دوو رەئی هەیە، رەئیەکیان/ ئیلغا کردنی ماددەکەیە، پێویست ناکات، لەبەر ئەوەی ئەوانەی کە ئیستیرادی ئەو مەوادانە دەکەن تەنها کەرتی تایبەتن، ئەوان سوودمەندن، ئەوە رەئیەکە.

رەئی زۆرینەش ئەوە بوو، کە پشتگیری ماددەکە دەکات، تەنها ریزبەندی ماددەکە بکرێت (للمحافظة) ئەوە بکرێتە خاڵی یەکەم، ئەوانی تریش دووەم و سێیەم، واتا برگەیەك ریزبەندی بۆ دانەنراوە، بکرێتە یەکەم خاڵ لە ماددەکە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لەگەڵ ئەوەداین ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، چونکە بەڕاستی خۆی لەخۆیدا ئاسانکاری و کاری ئیداری و ژمێریارییە بۆ حکومەت و دامودەزگاکانی و کەم کردنەوەی رۆتیناتیشە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ ئەو بەڕێزانە ناویان نووسراوە، ڕێزداران (دکتۆر ئەحمەد وەرتی، سۆزان خان، کاك شوان، شلێر خان، سمیرە خان، کاك قادر ئەحمەد، کاك عومەر عبدالرحمن، ئەڤین خان)، فەرموو دکتۆر ئەحمەد.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ماددەی (25) موقەدیمەی ماددەکە بە ڕەئی من پەیوەندی بە فەقەرەی یەکەم و دووەمەوە نییە، چونکە باس لەوە دەکات کە موحافەزە بۆی هەیە تەکلیف لە وەزارەتەکان بکات، بۆ جێ بەجێ کردنی مەشاریعەکان کە پەیوەندی بە ئیعماری تەنمیەی ئەقالیم و موحافەزاتەوە هەیە، ئەوەی تر باسی ئیعفای رسوم دەکات، هیچ ڕەبتیان بە یەکەوە نییە، من لەگەڵ ئەوەدامە کە یەکەم و دووەم حەزف بکرێت، تەنها موقەدیمەی ماددەکە بمێنێتەوە، ئەوەی تر حەزف بکرێت، چونکە پێموایە کەرتی گشتی مەواد داخیل ناکات، ئەگەر وایە داوا لە وەزیری دارایی دەکەم ڕوون کردنەوەمان بداتێ، ئایا کەرتی گشتی شمەك و مەواد داخیل دەکات، یان تەنها شەریکاتە؟ ئەگەر وا نەبێت ئەو دوو فەقەرەیە حەزف بکرێت، تەنها موقەدیمەکەی بمێنێتەوە، منیش لەگەڵ ئەوەدامە کە موقەدیمەکەش بەو شێوەیە بێت (للمحافظة الطلب وزارة من الوزارات)، نەك تەکلیف، یەعنی داوا کردن بێت، نەك تەکلیف بێت، پێموایە داوا کردن باشترە، نەك موحافەزە بۆ وەزارەتەکەی بکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەشێك لەو لامەرکەزیتە ئیداریەی لە بەڕێوەبردنی کارەکان زۆر لەو کارانەو مەشاریعانە چۆتە لای پارێزگاکان، بێگومان لەوانەیە پارێزگاکان بتوانن ئەو کارە جێ بەجێ بکەن، هەندێ جاریش پێویستی بەوەیە تەکلیف بکات لە یەکێك لە وەزارەتەکان بۆ جێ بەجێ کردنی، نموونەشمان زۆرە، تەنانەت ئێمە لە لیژنەی پەروەردەو خوێندنی بالاّ، کاتێك کە کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی بالاّ کرد بۆ بودجە باسیان لەو خاڵە کرد، دروست کردنی زانکۆ لەسەر موحافزە ناتوانێت ئەو کارە بکات، ڕاستە لە حدودی موحافزەیە، داوا دەکات لە وەزارەتی تایبەت کە کارەکەی بۆ بکات، نموونەیەکی تریشمان هەیە، ئێمە لێرە یاسای ژمارە (7)ی ساڵی 2008مان هەموار کرد، حکومەتی هەرێمی کوردستان دای بە پارێزگاکان، کە خانوو بۆ خەڵکی کەمدەرامەت دروست بکات، بەلاّم خۆی ئەو شوێنەی کە موکەلەفە ئیشەکە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەیە، یەعنی من وای دەبینم موقدیمەکەی لێی نووسراوە (للمحافظة) بکرێت بە (اولاً)، چونکە ئەوە خۆی بۆ خودی خۆی بابەتێکە عیلاقەی نییە بە (اولاً) و (ثانیاً)، ئەوەی کە کاك دکتۆر ئەحمەد باسی کرد، بەلاّم (اولاً) و (ثانیاً)یش خۆی بۆ خۆی مانەوەی زۆر گرنگە، بەڕێزان، ئێستا وەزارەتەکانی حکومەت،

دائیرەکان، نەخۆشخانەکان، جیهازێکی توبی کە دەکرێت بۆ یەکێك لە نەخۆشخانەکان لێرە دروست ناکرێت، تا بڵێیت ئیستیراد ناکرێت، تەنانەت دەرمانیش ئیستیراد دەکرێت، تەنانەت ئەو مەوادانەی بەکار دێت بۆ فەحصێکیش ئیستیراد دەکرێت، هیچی لە وڵاتەکەی خۆمان دروست ناکرێت، نە جیهاز دروست دەکرێت، نە دەرمان دروست دەکرێت، نە مەواد توبی دروست دەکرێت، بۆیە مادام ئەوانە بۆ خزمەتی خەڵکن، ئەوانە دێنە ناو هەرێمەوە، جیهازە بۆ نەخۆشخانەکان دێت خەڵك سوودمەند دەبێت لێی، دەرمانە خەڵك لێی سوودمەند دەبێت، لەبەر ئەوە نابێت رسومی گومرگی لێ وەربگیرێت، بۆیە مانەوەی یەکەم و دووەم وەکو خۆی، ئەو پێشەکیەی دانراوە ئەو بکرێت بە یەکەم، یەعنی بکرێت بە (اولاً، ثانیاً، ثالثاً)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبینیم هەیە، یەکیان/ زمانەوانی ئیدارییە، هیوادارم بەڕێزان لە لیژنەی یاسایی مولاحەزەی ئەوە بکەن، وەکو ئەوەی بەڕێز هاوکارم دکتۆر ئەحمەدیش ئاماژەی پێدا، موحافەزە ئەگەر بە پلەی ئیداری حیسابی بکەیت لە وەزارەت پلەیەك لە خوارترە، راستە موحافز بە سیفەت وەزیرە، بەڵام تەکلیف عادەتەن دەسەڵاتێکی باڵاترە بۆ دەسەڵاتێکی خوارتر دەبێت، لەبەر ئەوە لە رووی زمانەوانیەوە دەبێت بڵێیت (للمحافظة الطلب من الوزارات)، بۆ؟ چونکە تەکلیف عادەتەن وەکو گوتم بەو شێوەیە، لەبەر ئەوە بکرێت بە تەلەب، ئەوە یەك.

دوو/ من لەگەڵ ئەوەم بەڕاستی یەکەم و دووەم لە ماددەی بیست و پێنج، یەکەم و دووەم لاببرێت، بۆ؟ چونکە بەڕاستی ئێستا دەزگاکانی حکومەت کە پارە تەخسیس دەکەن بۆ ئەجهیزە، خۆیان ناچن بکڕن، کەس نانێرێت بە ئیفاد بچێت بیکڕێت، هەتا هەرچیەك بێت، دەچێتە موناقەصەوە، کە چووە موناقەصەوە شەریکات دەیهێنێت، کۆمپانیا هەڵدەستێت بە ئیستیرادی ئەو ماددانە، ئەو کۆمپانیایە پارە وەردەگرێت لە بڕی هێنانی ئەو کەلوپەلانە، مەنتیقی تیا نییە هێنانی ئەو کەلو پەلە لە رێی ئەو کۆمپانیایە، ئەو کۆمپانیایەش ببوردرێت لەو پارەی گومرگ و ئەوەی کە پێویستە بیدات بۆ هێنانی کەلوپەل بۆ ناو هەرێم، ئەمە ئەگەر موئەسەسە حکومیەکە، یان وەزارەتەکە خۆی ئەو کارە دەکات لە رێی ئیفادەوە، ئەوە راستە قسەیەکی واریدە، بەڵام ئەگەر ئەم ئەرکە دەسپێردرێت بەو کۆمپانیایانەی داخیلی ئەو موناقەصانە دەبن بۆ کڕینی ئەو کەلوپەلانە، بەڕاستی من بە ناحەقی دەزانم، بۆیە داواکارم لاببرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ناحیەی زمانەوانیەوە، فیعلەن وەزارەت گەورەترە، بەس ئێمە لە ماددەی بیست و سێدا دەمانتوانی بیکەین، بەڵام تازە ڕۆیی، بەنیسبەت ئیعمارو تەنمیەی ئەقالیم خۆی هەر حاصل تەحصیلە، ئێستا ئەمە شتێکی زۆر باشە کە خۆی موحافەزە لەگەڵ جیهاتی وەزارەتەکاندا ئەو تەنیسقەی هەیە، بۆیە دەبینین دووبارە بوونەوەی مەشروع شتی تر نابێت، یەعنی ئاگایان لە یەکترە، بەنیسبەت ئیعفایەکە، من لەگەڵیدام بمێنێتەوە، چونکە لە مەشاریعی گەورە بینیومە، چونکە مقاول بۆ مەشاریع بچووك قەت ناچێت ئیستیراد بکات، یەعنی لەناو بازاڕەکانی هەرێمدا هەیە، بەس بۆ مەشاریعی زۆر گەورە، کە هەندێك ئەجیهزە دەهێنێت، ئەوە ئیعفا بکرێت و کەمیاتی زۆریشە، یەعنی کەمیاتی مەواد زۆر مەسەلەن کە دەیهێنێت بۆ مەشاریعی زۆر گەورە، ستیراتیجیەکان، لەبەر ئەوە ئەو دوو بڕگەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەگەڵ ئەوەدامە کە ئەو ماددەیە بمێنێت و بەگرنگیشی دەزانم، هەر لەگەڵ ئەوەشدامە کۆلیژە ئەهلیەکان لەم رسوماتانە عەفو بن، چونکە کۆلیژی ئەهلیش ئەقسامی علمی زۆری هەیە، موختەبەراتی هەیە، کیمیا، فیزیا، ئەحیا، جیۆلۆجی، هەموو ئەجهیزەکان زۆربەی لە دەرەوە دێت، مەوادی موختەبەریش، مەوادەکان هەموو زۆربەی لە دەرەوە دێت، مودەکەشی بەسەر بڕوات ئێکسپایەر دەبێت لە تەجاروبەکان ئیستیفادەی لێ ناکەن، پێویستە کۆلیژە ئەهلیەکانیش لە رسومات عەفو بکرێن، چونکە تاکو ئێستاش یاسایەکیان بۆ ڕێك نەخراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك قادر ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خوشکی بەڕێز شلێر خان تەوزیحێکی باشیدا لەسەر ماددەکە، من بەش بەحاڵی خۆم لەگەڵ داڕشتنەوەی باشم وەکو ئەوەی هاوکارانم باسیان کرد، بەڵام ئەو بەخشینەی کە دانراوە لە ماددەکەدا بمێنێتەوە، کە ئەمە هۆکارێکی باشە بۆ خزمەت کردن و ئاوەدانکردنەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عومەر عبدالرحمن فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت بەشی یەكەمیەوە، كاك شوان تەوزیحێكیدا، بەلأم خۆی دەكرێت بگوترێت (للمحافظة مفاتحة اي وزارة من الوزارات)، نەك تەكلیف، تەكلیف كەلیمەیەكی ئیلزامیە، موحافز ناتوانێت ئیلزامەن ئیلزامی وەزیرو وەزارەت بكات، دەتوانێت موفاتەحەی بكات بۆ جێ بەجێ كردنی كارێك، بەلأم بەنیسبەت فەقەرەی دووەم و سێیەمەوە، ئیعفای رسومی گومرگی، من پێموایە ئەگەر رسومی گومرگی لە مەسائیلە سیادیەكان بێت، ئیقلیم ناتوانێت ئیعفای رسومی گومرگی بكات ئەمە لە لایەك، لەلایەكی دیكە شەرت نییە ئەم بەزائیعانە لە سنوورەكانی خۆمانەوە داخیل بێت، جائیزە لە سنوورەكانی جنوبەوە داخیل بێت، لە مینای ئوم قەسرەوە جائیزە بێت، ئەم یاسایەی كە ئێمە لێرە دەریدەكەین واتا یاسای میزانیە بۆ ئەمساڵ، ئەمە جێ بەجێ دەكرێت لە مینای ئوم قەسر لەو بەزائیعانەی كە دێن بۆ ئێرە، هەروەها لەلایەكی دیكە، زۆرینەی ئەو شتومەكانەی كە دێن، ئێستا وەكو برام كاك شوان باسی لەسەر كرد، ئێستا دامودەزگاكانی دەوڵەت ئەمانە دەداتەوە بە كۆمپانیا تایبەتەكان، كە دای بە كۆمپانیای تایبەت، دەبێتە ماڵی كۆمپانیا تایبەتەكە، واتا ئەگەر هەموو ئیعفایەكی بۆ كرا كۆمپانیا تایبەتەكە سوودمەند دەبێت، نەك دامودەزگاكانی دەوڵەت، لەبەر ئەوە من پێموایە ئەو فەقەرەی یەك و دووەی هەر تێدا نەمێنێت و، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من لەسەرەتاوە لەگەڵ ئەوەم كەوا ئەم ماددەیە ببێت بە دوو بەشەوە، بەشی ئەوەی كە باسی موحافەزە دەكات دوای ئەوەی كە وشەی تەكلیف ببێتە تەلەب، یان موفاتەحە، ببێتە ماددەیەكی تایبەتی، بەلأم ئیعفایەكان ببێتە ماددەیەكی سەربەخۆ، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لێرە دەست نیشان بكەین، هەروەك بەڕێزان كاك شوان و كاك عومەر باسیان كرد، كاتێك هاتو وەزارەت، یاخود حكومەت خۆی هەڵستا بەو كارە، خۆی هەڵستا بە كڕینی ئەو شتومەكانە لە دەرەوە هێنایە ژوورەوە بۆ ناو هەرێمی كوردستان، بەو شێوەیە واریدە كە ئیعفا بكرێت، بەلأم ئەگەر هاتو لە ڕێگای یەكێك لە كۆمپانیاكانی كەرتی تایبەتەوە ئەم كارە بكات، بۆ ئەوەی ئێمە ئیعفا بدەینە ئەو كۆمپانیایە، بەڕاستی ئەمە كارێكی زۆر ناقانونی دەبێت، چونكە كۆمپانیا ئیستیسمار دەكات، كۆمپانیای تایبەت بۆ خۆی كار دەكات، ئەگەر بێتو ئیستیسماری خۆی، یان عەقدی خۆی لەگەڵ كەرتێكی حكومی ئێمە كرد بوو، ئێمە ئیعفای بكەین لەگەڵ ئەوەی كەوا ئیستیفادەو قازانجی خۆی دەكات، ئەمە بەڕاستی دەبێتە كارێكی نا تەندروست، بۆیە دەبێت ئێمە بە شێوەیەك لە شێوەكان وا بكەین ئەو كۆمپانیایانەی ئەوان پێی هەڵدەستن بەو ئیستیرادە ئەوان موستەفید نەبن لەو بڕگە ئیعفایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە لە ماددەكە كەلیمەی تەكلیف لا بدرێت و بگۆڕێت، وەكو خۆی بمێنێتەوە، بەلأم ئەگەر ببێت بە دوو بەشەوە، یان یەك بەش بەم شێوەیەش بێت، بەنیسبەتی ئێمەوە هیچ مانیع نییە ئەگەر ببێت بە دوو بەشەوە.

بەنیسبەتی ئەوەی باسی ئیستیسمارو ئیستیراد دەكرێت، تەبیعی موستەسمیر خۆی بۆ دە ساڵ مەعفیە لە هێنانی شتومەك بەپێ یاسای ئیستیسمار ئەوە حەل بووە، ئەو شتانەی كە بۆ حكومەت دێت مەعفیە، بەلأم هەندێك كەرتی تایبەت هەیە ئیشی حكومەت دەكات دەیهێنێت، خۆی ڕەنگە لەنەصی عەقدەكەدا وا هاتبێت، ئەوە ئیعفا دەكرێت لە رسوماتی گومرگی، ئەگەر لە عەقدەكەدا هاتبێت، لێرە قەصد ئەوەیە، ئەگەر لە عەقدەكە نەهاتبێت، ئەوە جیاوازە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دوای تێبینی ئەندامانی پەرلەمان لەسەر ماددەكەو روون كردنەوەی جەنابی وەزیری دارایی و ئابووریی هەرێم، ئێمە صیاغەیەكمان ئامادە كردووە، دەیخوێنینەوە، ئەگەر ئەندامان رەزامەندیان لەسەردا، داوا دەكەین بخرێتە دەنگدانەوە.

المادة الخامسة والعشرون:

اولاً: للمحافظة الطلب من اي وزارة حسب الاختصاص بتنفيذ المشاريع المخصصة لها على حساب التخصيصات (اعمار وتنمية الاقاليم والمحافظات).

ثانياً: تعفى من الرسوم الكمركية كافة البضائع والسلع المستوردة من قبل دوائر الاقليم والقطاع العام باسمها ولاستخدامها ولغاية اكمال العمل.

ثالثاً: يشمل الاعفاء اعلاه البضائع والسلع المستوردة لدوائر الاقليم والقطاع العام من حكومات او مؤسسات مانحة.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالكريم جلال:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ببوورن، دوو، سێ كەس داوای ئەوەی كرد (اولاً، ثانیاً) لا بدرێت لە ئەسڵی ماددەكە، یەعنی حەقە ئەوە پێشتر بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر دەنگی نەهێنا، ئینجا صیاغەكە موعالەجە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دكتۆر ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(ومرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر ئەو قسەی كاك شوانم هەبوو بە ئیزافەی ئەوەی بەڕێز وەزیر روونی كردەوە، كەوا كەرتی گشتی خۆی شت ئیستیراد ناكات، هەتا ئەگەر بشمێنێتەوە نەصەكەی بگۆڕێت (المستوردة لصالح القطاع العام)، نەك (المستوردة لدوائر الاقلیم والقطاع العام)، چونكە ئەو گوتی هەندێك شەریكات هەیە بۆ حكومەت سیلەع و مەواد ئیستیراد دەكەن، یەعنی دەبێت نەصەكە بگۆڕین، هەتا ئەگەر بشمێنێتەوە، بەلاَم لە پێشدا بخرێتە دەنگدانەوە، چونكە داوا كرا لابرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مادام داوا دەكرێت دوو فەقەرەكە ئیلغا بكرێت، داوا دەكەین بخرێتە دەنگدانەوە، ئەگەر ئیلغا كرا تەنها فەقەرەی یەكەم دەمێنێت، واتا موقەدیمەی ماددەكە، ئێستا هەردوو فەقەرە دەخوێنمەوە كە داوا دەكرێت ئیلغا بكرێت:

اولاً: تعفى من الرسوم الكمركية كافة البضائع والسلع المستوردة من قبل دوائر الاقليم والقطاع العام باسمها ولاستخدامها ولغاية اكمال العمل.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە ئەو دوو بڕگەیە لەغو بكرێت دەستی بەرز بكاتەوە؟ (6) كەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدایە بمێنێتەوە، بەزۆرینەی دەنگ مایەوە، زۆر سوپاس، فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

فەقەرەی تر:

ثانياً: يشمل الاعفاء اعلاه البضائع والسلع المستوردة لدوائر الاقليم والقطاع العام من حكومات او مؤسسات مانحة.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە ئەو دوو بڕگەیە لەغو بکرێت دەستی بەرز بکاتەوە؟ (3) کەس لەگەڵدایە، زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدایە بمێنێتەوە، بەزۆرینەی دەنگ مایەوە، زۆر سوپاس، فەرموو ماددەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الخامسة والعشرون:

اولاً: للمحافظة الطلب من اي وزارة حسب الاختصاص تنفيذ المشاريع المخصص لها على حساب التخصيصات (اعمار وتنمية الاقاليم والمحافظات).

ثانياً: تعفى من الرسوم الكمركية كافة البضائع والسلع المستوردة من قبل دوائر الاقليم والقطاع العام باسمها ولاستخدامها ولغاية اكمال العمل.

ثالثاً: يشمل الاعفاء اعلاه البضائع والسلع المستوردة لدوائر الاقليم والقطاع العام من حكومات او مؤسسات مانحة.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (4) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، زۆر سوپاس، فەرموو بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (26)ی پرۆژەکە پەیوەستە بە ئیستیقتاعات، ئێمە لە ماددەی سێ رەفەمیشمان دایێ، دەنگمان لەسەر ئەوەدا کە تەخفیزی 20٪ لە موازنەی تەشغیلی هەرسێ سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمان و ئەنجومەنی دادوەری، بۆیە پێشنیاریش هەیە لە لیژنەی یاسایی ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، داوا دەکەم ئەو ماددەیە بخرێتە دەنگدانەوە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

جارێ ماددەکە بخوێنەوە، چونکە ئیعتیراز هەیە لەسەری، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السادسة والعشرون:

الاستمرار باستقطاع 10٪ من رواتب رئيس الاقليم ونائبه ورئيس البرلمان ونائبه وسكرتير واعضاء البرلمان ورئيس مجلس الوزراء ونائبه والوزراء ومن هم بدرجتهم ومن يتقاضى راتب وزير ووكلاء وزارات ومن بدرجتهم ومن يتقاضى راتب وكيل وزارة والمستشارين لمنفعة صندوق الشهداء في وزارة الشهداء والمؤنفلين.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردی بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز محمد دلێر محمود:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و شەشەم:

بەردەوامبوون لە بڕینی (10٪)ی مووچەی سەرۆكی هەرێم و جێگرەكەی و سەرۆكی پەرلەمان و جێگرەكەی و سكرتێرو ئەندامانی پەرلەمان و سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەكەی و وەزیرەكان و ئەوانەی بە پلەی ئەوانن و ئەوانەی مووچەی وەزیرو وەكیلی وەزارەت، یان ئەوانەی بە پلەی ئەوانن وەردەگرن و، ئەوانەی مووچەی وەكیلی وەزارەت و راوێژكار وەردەگرن، بۆ سوودی سندووقی شەهیدان لە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوەكان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

دەڵێن دوو رەئی هەیە بۆ ئەو مەسەلەیە، یەك/ دەڵێت ئیلغا بكرێت، جارێ ئەوە بخەینە دەنگدانەوە، تكایە ئیجازە بدەن، چونكە ئێمە سەعاتێك موناقەشەی بكەین، دواییش ئیلغای بكەن، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە لیژنەی یاسایی لە راپۆرتی خۆمان داوامان كردووە ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كاكە رەئیەك هەیە دەڵێت ئیلغا، با ئەوەی بخەینە دەنگدانەوە، دوایی موناقەشەی بكەن، ئەوەتان پێ باشە؟ باشە، فەرموو كاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ئیلغا كردن و ئیلغا نەكردنی ماددەیەك، من رەئیم وایە لە ئێستاوە بخرێتە دەنگدانەوە كارێكی باش نییە، وەكو عورف لەم پەرلەمانە كاتی خۆی زۆر لەسەر ئەو پرەنسیپە ئیشمان كرد، دوو كەس لەگەڵی، دوو كەسیش لە دژی قسە دەكات و دیفاع لەو مەبدەئە بكەن، ئینجا بخرێتە دەنگدانەوە، ئەوانەی كە ئیدیعا دەكەن لا بچێت مقەوەمات و موبەریراتیان چیە؟ ئەوانەی داواش دەكەن بمێنێتەوە داواكارییەكانیان چیە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صديق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

نوقتەی نیزامیە، ئەو موبەریرەی لیژنەی قانونی هێناویەتی بۆ ئیلغای ئەم ماددەیە، هیچ عیلاقەی بە ماددەکەوە نییە، ئێمە بڕیارمانداوە لە 20٪ لە بودجەی دەزگاکان بێتە خوارەوە، ئەوە چ عیلاقەی بە راتبەوە هەیە، ئێمە دەمانەوێت لێرە ئیشارەتێك بنێرین بە ئیتیجاهی عەدالەتی ئیجتیماعی، بۆیە من رجاتان لێ دەکەم خستنەوەی ئەو پێشنیارەی ئیلغای ئەو ماددەیە، من دەبینم موبەریرێکی قانونی نییە، چونکە هیچ رەبت لەنێوان ئەو ماددەیەو ئەو ماددەیەی تر نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی دارایی.

**بەڕێز عمر صديق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماوەی موناقەشاتی چەند رۆژی رابردوو، پەرلەمانتاران قسەیان لەسەر ئەوە کرد ئەو تەخصیصەی پار کراوە ئیمکانە لە شوێنی خۆی سەرف نەکرا بێت، یەعنی قسە لەسەر ئەوە نییە کە ئەمە ئیلغا بکرێت، قسە لەسەر ئەوەیە کە ئەم پارەیە بۆچی سەرف بکرێت؟ لەبەر ئەوە ئەگەر قسە هەبێت تەسەور دەکەم بەو ئاراستەیە بێت، ئەم پارەیە بۆچی سەرف بکرێت؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ئێمە داوا دەکەین دوو کەس دیفاعی لێ بکات، دوو کەسیس لە دژی قسە بکات، کاك عومەر نوقتەی نیزامت هەیە؟ فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامين خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەسەور دەکەم هێشتا ئەندامانی پەرلەمان رەئیان لەسەر نەدا بێت، تا پێشنیار بکرێت ئیلغا بکرێتەوە، بۆیە من پێموایە رەنگە کەس لەگەڵ ئەوە نەبێت ئیلغا بکرێتەوە، بەلاَم رەئی هەیە لەسەر ئەوەی کە چۆن بەکار بهێنرێت، رەنگە موناقەشە زیاتر لەسەر ئەوە بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئێستا ناوتان دەنووسین قسە بکەن، کێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بکات؟ ناوت بنووسرێت، یان نوقتەی نیزامیت هەیە؟ فەرموو نوقتە نیزامیەکەت بڵێ.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی روون بێت لەسەر راپۆرتی لیژنەی یاسایی، دوو رەئی هەبوو، حەزم دەکرد لیژنەی یاسایی رەئیەکەی تەواو بخوێندبایەوە، هۆکارەکەی ئەوە نەبووە کە رەئیەك هاتووە لێرە ئیلغای ماددەکە بکرێت، لەبەر ئەوەی لە ریئاسات بڕاوە، بەڵکو دوو رەئی هەبووە، رەئی یەکەم/ دەڵێت ئیلغا بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو مەبالیغەی کە ئیتستیقتاع کراوە لە ساڵی رابردوو بۆ قەزانجی سندووقی شەهیدان دانەنراوە، هەروەکو لە ماددەی (26)ی قانونی موازەنەی ساڵی 2011 هاتووە، هەروەها لەبەر ئەوەی عەدالەت لەو ئیتستیقتاعە نەبووە، کەوا مەشمول بوونە بە ئەحکامی ئەو قانونە.

رەئی دووەم/ دەڵێت ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە، حەزم دەکرد نەصەکەیان بخوێندبایەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو بەڕێزانەی ناویان نووسراوە، رێزداران (کاك محمد شارەزووری، کاك گۆران ئازاد، کاك فازل بەشارەتی، شەونم خان، کاك قادر ئەحمەد، رازاو خان، کاك صباح بیت الله، کاك شوان کابان، کاك شۆڕش، دکتۆر سەروەر، شلێر خان، کاك شڤان، خاتوو شلێر محمد، کاك سەردار، سمیرە خان، کاك سالار، زکیە خان، بەفرین خان، گوڵێزار خان، کاك خەلیل، کاك جەلال، تارا خان، پەروین خان، بێریڤان خان، ئامینە خان، ئەڤین خان، دکتۆر بەشیر، هاژە خان، کاك شێردڵ، کاك عومەر هەورامی، کاك عبدالسلام)، کاك محمد شارەزووری فەرموو.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من سەرەتا لەگەڵ ئەوەدامە کە ئەم ماددەیە بمێنێتەوە، واتا ئیلغا نەبێت، پێموا نییە کەسیش لەم قاعەیە نارازی بێ نەك لە 10٪ی مووچەکەی، بەڵکو هەموو مووچەکەی بدات بە کەسوکاری شەهیدان، بەڵام من قسەکانم لە رووی یاساییەوە چۆنیەتی سەرف کردن و ئیقتیراحی قانونی ئەوەی کە ساڵی پار بڕا.

یەکەم/ ئەگەر ئەم ماددەیە لە رووی یاساییەوە ئێمە ئیلزام بکات، ئێمە دوو دەسەڵاتی جیاوازین، حکومەت ئێمە ئیلزام بکات بڵێت لە 10٪ی مووچەکەتان دەبڕم، ئەوە ئیرادەی پەرلەمانە، کە دەسەڵاتێکی جیاوازە لە حکومەت دەڵێت من پارەکە دەبڕم، ئەمە لە رووی یاساییەوە.

دوو/ ئەگەر سەیری بکەیت، یەعنی بۆ حکومەت دەسەڵاتی دادوەری بیر چووە لە 10٪ی مووچەکانیان ببڕێت؟ یەعنی ئەوانیش دەسەڵاتێکی دادوەرین و مووچەیان هەیە، بۆ ئەم یاسایە ئەگەر لە 10٪ بۆ دەسەڵاتی دادوەری تیا نییە؟

سێ/ دێینە سەر خەرجی، ئێمە پار ئەوەندەی مەعلوماتی لیژنەکەی ئێمە هەبێت، حکومەت لە یەك کەسی خۆی نەبڕیوە، چونکە پارەکە لەلای ئێمە مەعلومە، بەس لە ئەندامانی پەرلەمان بڕاوە.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، چونکە پارەکە (750) ملیۆن دینارە بە حیسابێکی خاص دراوە، حکومەت نە لە وەزیری بڕیوە، نـە لـە وەکیـل وەزیـری بڕیـوە، نـە لـە موستەشـاری بڕیـوە، پارەکـەش دیـارە (750) ملیـۆن دینـارە لـە حیسـاباتی وەزارەتـی شـەهیدان، ئێمـە پـار لێـرە بڕیارمانـدا ئـەو حیسـاباتە بچـێتە سـندووقی شەهیدان، نەمانگوت وەزارەتی شەهیدان حیسابێکی خاصی بۆ بکرێتـەوەو بێـت هـەموو ڕۆژێـك کەسـوکاری شەهید لەسەر تەلەفزیۆن کۆ دەکاتـەوە، کەسـوکارێکی شـەهید چـوار ملیـۆن دینـاری دابێـت، بـۆ نەخۆشـی، وەزیـری شـەهیدان بڵـێ (600) هـەزار دینـاری بیـدەنێ، بیـدات بـە تەلـەفزیۆنیش، بـەڵام ئـەوەش نـەدراوە بەهەموو کەسوکاری شەهید، ئەگەر ئێمە بێین خزمەت بە کەسـوکاری شـەهید بکـەین، بەڕاسـتی حکومـەت مولزەمە خزمەتی کەسوکاری شەهید بکات، حکومەت پارەی لەبەردەست دایـە، بـەڵام ئێمـە ئـەو پارەیـەمان بـڕی تـا بچـێتە سـندووقی شـەهیدان و بکرێـت بـە دوو پـڕۆژە، دوو پـڕۆژەی بچـووك، پارەکـەش خزمـەتی کەسوکاری شەهیدان بکات، من لەگەڵ ئەوەدام ببڕێت، بەڵام لە هەمووی ببڕێت و، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تکایە ئیلتیزام بە وەقتەوە بکەن، کاك گۆران فەرموو.

**بەڕێز گۆران ئازاد محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێموایە ئەو ماددەیە ئەوەنـدە ماددەیـەکی ئیعلامیـە، ئەوەنـدەی ماددەیەکـە بـە لا ڕێ بردنـی هەنـدێك مـەوزوع، ئەوەنـدە ئـەو ماددەیـە نییـە کـە لەناوەڕۆکـەوە مەبەسـتمانە، ئەگـەر قسـە لەسـەر مەبلەغـە ئـەو ماددەیە ناکاتە ملیارێك دینار، ئەگـەر بیـبڕین بـەکۆی پارەکـە، شـوکر حکومـەت وەزعـی بـاش بـووە (185) ملیارمان زیاد کرد، پێموایە دەتوانێت ملیارێك بخەینە هەر سندووقێك ئەگەر مەبەستمان بێت، ئەوە یەك. دوو/ لـە ڕووی خـراپ بـەکارهێنان، کاکـە حەمـە قسـەی کـردو بـرادەرانیش قسـەیان کـردو خـراپ بـەکار دەهێنـرێت، مەیدە وەزارەتی شەهیدان، بیدە هـەر موئەسەسـەیەکی دیکـە، لەبـەر ئـەوەی سیسـتەمێك نییـە ئیشەکان خراپ بەکار دەهێنرێن، ساڵێکی تر دێین قسەی لەسـەر دەکەینـەوە، لـە ڕووی عەدالەتـەوە، ئەگـەر قسە لەسەر عەدالەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی مووچە دەکەین، پێموایە بە لە 10٪ عەدالەت نایەتە دی بـە پـڕۆژە یاسایەك کە پلەی باڵاکان دابەزێنێت و پلە نزمەکان بەرز بکرێتەوە، بەو عەدالـەت دێتـە دی، ئەگـەر هەر مایەوەش بۆ دیکۆر دەنگمان لەسەرداوە، پێم باشە هەم حاکمەکان ئیزافـە بکرێـت، حاکمـەکان ئەمسـاڵ بە بڕیار ئەگەر بڵێین لە 10٪یان لێ ببڕدرێت، شوکر حکومەت ساڵی پار بڕیاریدا لە 50٪یان بۆ زیاد بـوو، لەبەر ئەوە با لێرەوە جارێکی تر ئیزافەی 10٪ بکرێتەوەو، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك فازل فەرموو.

**بەڕێز فاضل محمد قادر(بەشارەتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من هەر بۆ ئاگاداری هەموو لایەك ساڵی رابردووش دەنگم بەم ماددەیە نەدا، ئێستاش لەگەڵدا نیمە. بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، بە بڕوای من ئەو ماددەی، یان ئەو بڕیارەی کە ساڵی رابردوو درا، وەکو خاڵێك کە لە حکومەتەوە هات، بەحەقیقەت ئەوەی من تێبینیم کردووە جگە لە موزایەداتی سیاسی هیچی تری تێدا نەبوو، تێدا بەدی نەکرا، بۆیە من دەڵێم کاتێك دەبێت ئێمە پەنا بەرین بۆ ئەم جۆرە بڕیارانە، ئەگەر ئەزمەیەکی مالی لە ولأتدا دروست ببێت، ئێستا بەبێ هیچ ئەزمەیەکی مالی، ئێمە هاتووین بەم جۆرە قەراراتانە دەبەین، ئەگەر سبەینێ ئەزمەیەکی مالی وەکو خوا نەکردە ئەو بوومەلەزە لە سلێمانی، یان لە هەولێر، یان لە دهۆك بێت، بەمە پینە دەکرێت؟ یان بەمە چارەسەرو عیلاج دەکرێت؟ لەبەر ئەوە ئەم جۆرە حاڵەتانە حەقە بهێڵدرێتەوە، نەك ئەوەی من، یان هیچ کام لەو بەڕێزانە مەبەستمان ئەوە بێت، مەبەستمان مەسەلە مادیەکە بێت، چونکە ئیرادەو شەخصیەت و نەفسیەت و کەسایەتی هەر کام لەو ئەندام پەرلەمانانەو ئەوانەی رابردووش زۆر لەوە گەورەترە پەنا بۆ مەسائیلی ماددی ببەین، چونکە ئێمە لە رابردوو روح و حەیات و خۆمانمان کردووە بە قوربانی ئەم ئەزموونەو ئەم هەرێمە، بەلأم ئەمە موزایەدەکی سیاسیە، بەحقیقەت حەق نییە ئەمە پەیڕەو بکرێت و، من پێشنیار دەکەم ئەم مەسەلەیە ئیلغا بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە نەدرا بە شتێك کە دیار بێت بۆ کەسوکاری شەهیدان، من زۆر لەگەڵ ئەوەم ئەمە ببڕێت، بەلأم ئینتاجەکەی کوا؟ درا بەو پێشمەرگانەی کە مووچەیان نییە، درا بە پرۆژەیەك بۆ کەسوکاری شەهیدان و کەمئەندامانی سەنگەر، نەخێر، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم ئەم ماددەیە ئیلغا بکرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شەونم خان فەرمووو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە 100٪ پشتگیری لەو ماددەیە دەکەم وەك خۆی بمێنێتەوە، ئەو پارەیە ببڕێت، بەلأم لە هەمان کاتدا پشتگیری لە قسەکانی کاکە حەمە دەکەم، بەڕاستی بەکارهێنانی ئەو پارەیە، ئالیەتی بەکار هێنانەکەی مەفروزە پەرلەمان بەلای کەمەوە ئاگای لێ بێت، کە چۆن بەکار دەهێنرێت و بۆچ مەبەستێك بەکار دێت؟ منیش پێم باشە ئەو پارەیەی کە دەبڕدرێت لە پلە بالأکان بکرێت بە پرۆژە بۆ کەسوکاری شەهیدان، بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەیە هەموو کەسوکاری شەهیدان سوودی لێ وەربگرێت، نەك بەو ئالیەتەی کە ئێستا دابەش دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك قادر ئەحمەد فەرمووو.

**بەڕێز قادر احمد سمایل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن سـەرەتا دەمـەوێت ئـەوە بڵـێم پشـتگیری لـە مانـەوەی ماددەكـە دەكـەم وەكـو خـۆی، بـەڵام چـەند مولاحەزەیەك و یەك، دوو پێشنیاریش دەكەم، یەكێكیان/ دادوەركان كە مووچەیان بـەرزە لـە پلـە وەزیفـە بـەرزەكانن، منـیش پێشـنیار دەكـەم ئـەویش بـە ڕێـژەی لـە 10٪ مووچـەكەیان ببڕێـت و بچـێتە ئـەو سندووقەوە.

هـی دووەمیـان/ لام سـەیرە، حكومـەتێك خـۆی پێشـنیاری كـردو شانازیشـی بـەوە كـرد كـە ساڵی رابـردوو توانیویەتی بۆ نزیك بوونەوەی عەدالەت لە 10٪ی مووچەی پلە بەرزەكان ببڕدرێت، زۆر جێی داخـە ئـەم حكومەتە نەیتوانی بێت ساڵی رابردوو ئەو لە 10٪یە لە وەزیرو پلە تایبەتـەكانی خۆی ببڕێت، بۆیـە مـن پێشنیار دەكەم و داواش دەكەم ئەم پەرلەمانە قەرار بدات ئەمـەی ساڵی رابـردووش ئەگـەر لـە حكومـەت و وەزارەتـەكان نـەبڕدراوە، ئەمساڵ هـەردوو سـاڵی لـێ ببڕێت، چونكە بەڕاسـتی ئـەو وەزیرانـەی لـەنێو ئـەو ژوورانەدا دانیشتوون لەسەر خوێنی شەهیدەكان چوونەتە ئەوێ، ئەمە پێشنیارێكە.

دووەم/ پێشنیارێكی ترم هەیە، ئەویش ئەوەیە لەگەڵ خراپ بەكارهێنانی ئەو پارەیـە نـیم كـە دەبڕدرێت، لە سندووقی شەهیدان، بۆیە پێشنیارێكم هەیە ئەویش ئەوەیـە وەزارەتـی شـەهیدو ئەنفالـەكان لـە هـەموو قەزاو ناحیەكان، لە پارێزگاكان، تەنانەت لە هەندێك گوندیش دەتوانێت چاودێری بكات، ساڵانە چەند ماڵە شەهیدێك دیاری بكات، كە مووچەی شەهیدانەكەی وەك پێویست ناتوانێت پێـی بـژێت، هاوكاری مـاددی و دەستی ماددی بۆ درێژ بكات.

سێیەم/ پێشنیارێكی تریش ئەوەیە ئەو پارەیە تەنها و تەنها بـۆ كەسوكاری شـەهید بـەكار بهێنرێـت، نـەك ببەخشرێت لە وەزارەت بۆ فلان شت و بـۆ فـلان شـت لـە ڕێـی دامودەزگاكانـەوە، بۆیـە پێشـنیار دەكـەم بـۆ چارەسـەری نەخۆشـی كەسـوكاری شـەهیدانیش بـەكار بهێنرێـت، بـۆ دەعمـی كەسـوكاری شـەهیدان بـەكار بهێنرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێستا بەس ئەوەندە قسە دەكەم بـاس لـەوە دەكرێـت كـە لـە وەزیرەكـان نـەبڕاوە، سـاڵی پـار لـە وەزیرەكـان بـڕاوەو پارەكەشـی ئیـداع كـراوە لـە وەزیـر، لـە وەكیـل وەزیـر، لـە مـودیر عـام، لـە موستەشـار، ئـەوەی بـەو دەرەجانەیە، ئەوەی لە یاساكەدا هاتووە هی پارەكە، بەڵام یاساكە بۆ یەك ساڵە، ساڵی پار تـەواو بـوو، ئێسـتا جارێكی تر ئەمە موصادەقەی لەسەر بكرێت، بڵێین لە 1/1ـەوە هـەمووی دەبڕینـەوە، خـۆ بـە دەسـت ئێمـە

نییە، بۆ مەعلوماتی جەنابتان، ئەوەی هەر  بڕاوە تەنها ئەنجومەنی وەزیران ڕەنگە ئەو مولاحەزەیەی کرد بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، رازاو خان فەرموو.

**بەڕێز رازاو محمود فرج:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە مانەوەی ئەو ماددەیە دەکەم، زۆری ئەو تێبینی و سەرنجانەی کە منیش هەم بـوو بـەڕێز کاکـە حەمە باسی کرد، بۆیە پشتگیری لـە قسەکانی بـەڕێزی دەکـەم، هـەمووانیش قسـەمان لەسـەر ئالیـەتی جـێ بەجێ کردنی ئەم ماددەیە هەیە، کە دەکرێت لەمسالّدا کە بڕیار لـە مانـەوەی ئـەو ماددەیـە دەکـەین و ئـەو بڕە پارەیە دەبڕدرێت، پرۆژەی دیارو شێوازی جێ بەجێ کردنی ماددەکە لەبەرچاوی ئەنـدامانی پەرلـەمان روون بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك صباح بیت الله فەرموو.

**بەڕێز صباح بیت الله شکری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەژی پشتگیری لە مانەوەی ماددەکە دکـەم، پشـتەڤانیە لـە ئاخـافتنێ بـرای بـەڕێز کـاك محمـد شـارەزووری دکەم، کە مە بڕیاردا ئەڤ بڕە پارە بێتە بڕین بۆ هەندێك یان دبێتە پرۆژە، یان خەستەخانە بۆ کەسوکاری شەهیدان، لێ مخابن ئەوە کو بڕیار سەر هاتیە دان وەکو پێویست نەهاتیتـە جـێ بـەجێ کـرن، بـۆ هەنـدەك کاری دی هاتیتە سەرف کرن، لەوە ئەژی داخوازی دکەم ئەگەر ئەڤ پارەی بێتە بڕین، یان ببێتە پرۆژە، یان ببێتە دروست کرنا خەستەخانە بۆ کەسوکاری شەهیدان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم/ پشتگیری لە ماددەکە دەکەم، بەتایبەتی لە بڕینی نیسبەکە دەکەم.

دووەم/ پێموایە ئێمە کارێکی خراپمان نەکردووە، کە لەسالّی رابـردوودا داوامـان کـردووە ئـەوە رووبـەڕووی وەزارەتی شەهیدان بکرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو بەشێوەیەکی مەعقول و مەنتیقی سەرف بکات بـۆ کەسـوکاری شەهیدان، بەلاّم دیارە ئەو برادەرانەی کە لەلیژنە پەیوەندیـدارەکانن گلـەییان هەیـە لـەو مەسـەلەیە، بۆیـە من پێشـنیار دەکـەم بەڕاسـتی لەمسالّەوە، یـان هـەر هـیچ نـەبێت ئەمسالّ ئـەو ئیسـتیقتاعاتانە بـدرێت بـە

وەزارەتی تەندروستی، بە مەرجێك وەزارەتی تەندروستی بیدات بەو نەخۆشخانانەی کە نەخۆشەکانی شێرپەنجە چارەسەر دەکەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شۆڕش فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش سید مجید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشەکی پشتگیری لە مانەوەی ئەم ماددەیە دەکەم، سەبارەت بەو لە 10٪یە ئەگەر بێتو بێین حیسابێکی ورد بکەین لە 10٪ نییە، دێتە 5٪ کەمتریش، چونکە ئەوە ئێستا مانگی شەشە، ئەگەر لەمانگی حەوتەوە ئەو یاسایە بکەوێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە تا کۆتایی ساڵی دارایی کە 12/31یە، بۆیە دەبێت ئەوە یەکلا بکەینەوە، ئێمە ئەو 10٪یە ئەگەر بیکەینە 20٪، ئەو کاتە دەکاتە لە 10٪، وایە، چونکە مانگی یەك و دوو و سێ و چوارو پێنج و شەشیش نەبڕاوە، ساڵی پاریش وا بوو، هەمووشمان پێی دەزانین، بۆیە ئەو ڕێژەیە دیاری بکەین، یان ئەوەتا دەبێت بڵێین لە 1/1ـەوە دەبڕدرێت، یان ئەوەتا دەبێت ڕێژەکەی زیاد بکەین، ئەگەر مەبەستمانە بێتەوە ئاستی لە 10٪یەکە.

دووەم/ من لەگەڵ ئەوەمە ئەو بڕە پارەیەی کە کۆ دەکرێتەوە، کە لە هەموو پلە باڵاکان تا ئەو کاتەی پرۆژە یاسای دەستکاری کردنی مووچەی پلە باڵاکان دەکرێت، هەموو پلە باڵاکان بگرێتەوە، وەکو ئەوەی برادەران باسیان کرد لە هی دادوەرییەکانیش، ناکرێت ئەوان بەدەر بکرێن لەو یاسایە، من لەگەڵ ئەوەمەو پشتگیری لە قسەکانی کاکە حەمە دەکەم، کە بۆ مەبەستی خۆی بەکار بهێنرێت، بۆ ئەوەی بە ڕێك و پێکی بۆ مەبەستی خۆی بەکار بهێنرێت، مەبەستەکە دیاری بکەین، با ئەمساڵ بۆ دروست کردنی قوتابخانە بێت، یان بۆ دروست کردنی خەستەخانە بێت، یان بۆ هاوکاری کردنی کچ و کوڕی شەهیدان بێت لە زانکۆ ئەهلیەکان و پەیمانگا ئەهلیەکان دەخوێنن، یەعنی بابەتەکە دیاری بکرێت، نەك وەکو برادەران ئاماژەیان پێ کرد بە هاوکاری بچووك، بچووك، کە هیچ شوێنی خۆی ناگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاك محمد شارەزووری دەکەم، بەڕاستی ئێمە بۆ شەهیدان و کەسوکاری شەهیدان هیچمان لەبەرچاو نییە، بەڵام لێرەدا ئەگەر ئەو مەسەلەیە بۆ شتێکی تر بەکار هاتووە وەکو ئەوەی جێ و شوێنی خۆی نەگرتووە، هەم حەق نییە بیبڕین، هەم پێویستیشە پێداچوون بۆ ئیش و کارەکانی ئەو

وەزیرە بەڕێزە بكرێت، چونكە ناكرێت ئەو بەناوی خۆیەوە بۆ كەسوكاری شەهیدان و بۆ مەبەستی تر دابەشی بكات.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان، حكومەت بەپێی ئەو یاسایانەی كەوا دەریكردووە مولزەمە لەسەریەتی خزمەتی كەسوكاری شەهیدان بكات، ئیمتیازاتەكانیشیان دیاری كراون، وەكو برای بەڕێزم مامۆستا گۆران باسی كرد ئەمە هەمووی ملیارێك ناكات، بە ملیارێكیش هیچ ناكرێت بۆ ئەوان، حكومەت دەكرێت پارەی زیاتر دابنێت، بۆیە بەبێ لێكدانەوەی هیچ مەبەستێكی تر، من پێشنیاری ئەوە دەكەم ئەگەر بێتو ئێمە ئەو پارەیەی لێرە دەبڕین و پشتگیری بڕینی دەكەم بۆ سەنتەرەكانی شێرپەنجە دابنرێت، كەوا هیچ پارەیەكیان بۆ دابین نەكراوە، خەڵكانێكن كەوا حاڵەتیان زۆر خراپە، تەندروستیان زۆر خراپە، ئیمكانیەتیان زۆر كەمە، هیچ دەستگیرۆیەكیان نییە، دەكرێت ئەمە لێرە بێت، بەڵام بە مەرجێك سندووقێك رێك بخرێت، حیسابێك بێت و چاودێری بكرێت لەلایەن پەرلەمانی كوردستانیشەوە ئەو بڕە پارەیە بۆ سەنتەرەكانی شێرپەنجە تەرخان بكرێت، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محی الدین صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

منیش هەر لەگەڵ ئەوەدامە ئەو ماددەیە بمێنێتەوە، هەروەكو پارساڵیش پشتگیریم لێ كرد بە مانەوەی، بەڵام ئاگاداریشن لە هەموو پلە بەرزەكان ئەو پارەیە بڕاوە، بەڵام میكانیزمی بەكارهێنان و جێ بەجێ كردنی تەواو نەبووە هەروەكو هەموو هاوكارانم باسیان كرد، بۆیە پێشنیار دەكەم كە ئەمساڵ هیوادارم بەشێوازێكی باش بەكار بێت بۆ شەهیدان و ئەنفالكراوەكان، هەروەها برای بەڕێزم كاك سەروەر پێشی منی گرتەوە، منیش هەر لەو رەئیەدامە بۆ نەخۆشخانەی شێرپەنجە ئەو پارەیە دابین بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك ڤان فەرموو.

**بەڕێز ڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەپێی موتابەعەی لیژنەی ئێمە، لیژنەی شەهیدان و پێشمەرگەو جینۆساید، چۆنیەتی سەرف كردنی ئەم بڕە پارەیەی كە بڕاوە لە پلە تایبەتەكان، حەقیقەتن ئێمە زۆر گلەییمان هەبوو، بە وەزیریشمان گوت، بە هەر حاڵ ئەو تەسروفەی بەو بڕە پارەیە كراوە عەكسی ئەوە بوو، كە هەدەڤ ئێمەو هەدەڤی ئەو یاسایەی كە سندووقێك دروست كراوە، یاسای ژمارە (4)ی ساڵی 2008، سندووقی شەهیدان، ئەهداف و ئامانجی بە عەكسی ئەوە تەسروف كراوە، بۆیە من لەگەڵ مانەوەی ماددەكەم، بەڵام بە مەرجێك ئێمە حیسابێك لە خودی پەرلەمان بكەینەوە بە رەئی من، ئەوە سێ ساڵە من داوا لە پەرلەمان دەكەم لەگەڵ هەڤالانی تری

خۆم، کە گەورەترین موشکلیەی شەهیدان هەیە لەبواری تەندروستی، نە لە پرۆژە تایبەتەکان، نە لە پرۆژە بەردەوامەکان، نە لە پرۆژە بەردەوامە تازەکان، ئەم پرۆژەیە پێویستە بۆ شەهیدان دروست بکرێت، کە دوو نەخۆشخانەی تایبەت بە شەهیدان، هەتا ئەگەر دەکرێت بۆ پێشمەرگەش بێتن لە دهۆك و لە هەولێر، من پێم باشە ئەمە ببێتە نەواتێك بۆ ئەم دوو نەخۆشخانەیە، لە ساڵی دابێت حکومەتیش هیمەتی زیاتر بکات و لەو ماوەیە بناغە دابنرێت بۆ بواری تەندروستی شەهیدان، چونکە گەورەترین موعاناتی وەزارەتی شەهیدان، موعاناتی تەندروستیە کە عیلاج نەبووە، من لەگەڵ بڕینم بەو شێوەیە، بەلاًم بەو ئالیەتەی کە کرا ئالیەتێکی دروست نەبووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەر لە جیاتی مەنفەعەی سندووقی شەهیدان بنووسرێت (المنفعة المستشفیات الخاصة بالامراض السرطانیة)، دوای ئەوە پەرلەمانیش هینێکی جیا بنووسێت، چونکە حکومەت ناتوانێت ئەمر بەسەر پەرلەماندا بکات، هەر بنووسرێت رئیسی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان لە 10٪یەکەیان ببڕێت بۆ ئەو غەرەزەش بەکار بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە منیش لەگەڵ مانەوەی ماددەکەم و پشتگیری لێ دەکەم، بەلاًم ئەوەی کە هەیە ئیشکالیەت لە بەکارهێنانی ئەو پارەیە وەکو ئەوەی باس دەکرێت، کاکە حەمەش باسی کردو باشتر شارەزایە بە حوکمی ئەوەی کە سەرۆکی لیژنەی شەهیدان و پێشمەرگەیە، یەعنی باس لەوە دەکرێت بۆتە ئیمتیازێك بۆ وەزیر، یەعنی لە هەندێك مونەسابات بەکاری دەهێنێت بەناوی خۆی و ئەوانەوە، نەك ئەوانەی کە لێیان دەبڕێت، دیارە منیش هەر پشتگیری دەکەم وەکو شلێر خان گوتی هەندێکی بۆ نەخۆشخانەی شێرپەنجەو ئەوانە بەکار بهێنرێت شتێکی زۆر باشە، جەنابی وەزیر گوتی مودیر عامەکانیش، من پێموا نییە مودیر عامەکان لێی ببڕێت، ئەگەر بکرێت لێی ببڕێت با ئەمساڵ ئەوانیشی تیا بکرێت، یان لە 5٪یان لێ ببڕێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من داوای لێبوردن دەکەم بە نیسبەت مودیر عامەکانەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سوپاس، دیارە من گوتم مودیر عامەکانیش، بەڵام ئەوە جەنابی وەزیر وەڵامی دایەوە، داوا دەکەم دادوەرەکانیشی تێدا بێت و پشتگیری ئەوەش دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سەمیرە خان فەرموو.

**بەڕێز سمیرە عبدالله اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش بەهەمان شێوە، قسەکانم کاك سەردار کردی، چونکە مودیر عامیش دەرەجە خاصەیە، پێویستە لەوانیش ببڕدرێت، هەروەها دادوەرەکانیش، داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام پێویستە میکانیزمی ئەو پارەیە چۆن بەکار دەهێنن، من لەگەڵ ئەوەدامە بۆ سەنتەری سەرەتان بێت، چونکە ئێستا بۆ خۆمان دەزانین سەرەتانی مەمك لە کوردستان زۆر باوە، هەتا ئەوانەی لە ئیعدادیەکانن زۆربەی کچەکانمان هەر لەو کێشەیە دەناڵێنن، من پشتگیری ئەوە دەکەم بۆ نەخۆشخانەکان بێت، بۆ پرۆژەی سەنتەری سەرەتانی مەمك، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك سالار فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە لە سەرەتای گفتوگۆیەکانمانەوە تاوەکو ئێستا بە ئاراستەیەك کارمان کردووە، کە بودجەی تەشغیلی کەم بکرێتەوەو هەوڵ بدەین ئیستیسماری زیاد بکرێت، هەر لەسەر ئەو بنەمایە ئیمکان نەبوو بۆ هەموو چین و توێژەکانی خوارەوە لە کەسوکاری شەهید، لە کەمئەندامان، لە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان، لە کرێنشین، لە چین و توێژەکانی تر، بتوانین مووچەی هەمووان زیاد بکەین، یان دەرماڵەی هەمووان زیاد بکەین، بەڵام بۆ ئەم بابەتە ئیمکانیەتێکی باش هەیە، ئەوانەی پلەی تایبەتن بەشێك لە مووچەکانیان بهێندرێتە خوارەوە، تا ئەو کاتەی ئیمکان دەبێت مووچە نزمەکان تێکڕا بەرز دەکرێتەوە، بۆیە ئەمە وەکو بەشێك، ئەگەر زۆر زۆر کەمیش بێت لە هەوڵدان بۆ مەسەلەی بەرزکردنەوەی ئاستی پرۆژەی نیسبە ئیستیسماریەکان رۆڵی خۆی دەبینێت، بەتایبەتیش ئەم بابەتە ناکرێت لەم جۆرە ساڵ بەساڵ لەناو یاسای

بودجەدا بەماددەیەك بچەسپێت، من ڕەئیم وایە بۆ داهاتوویەكی نزیك ئێمە هەوڵ بدەین لە چوارچێوەی یاسایەكدا ئەم مەسەلەیە بە لەبەرچاو گرتنی پرنسیپی عەدالەت لەنێوان بەرزترین مووچەو نزمترین مووچە قسەی لەسەر بكەین، من ڕەئیم وایە مادام لە بودجەی ئەمساڵدا كەرتی تەندروستی بەو ئاستە ستانداردەی كە پێویست بوو و نەتوانراوە بودجەی بۆ تەرخان بكرێت، ئەم كەم كردنەوەیە بچێتە بابی دەعم كردنی سێكتەری تەندروستی، بەتایبەتیش بۆ نەخۆشیەكانی تالاسیمیاو هەروەها شێرپەنجە، كە دوو نەخۆشی زۆر بەربڵاون و، ئێستاكە بتوانین چارەسەری بكەین، ئەوەی پەیوەندی بە مەسەلەی پێدان و نەدانەوە هەیە بە وەزارەتی شەهیدان و دەعمی شەهیدان، هەمووومان لەگەڵ ئەوەین وەكو كاكە حەمە شارەزووری ئاماژەی پێكرد، هەموو ئیمكانیەتەكان بۆ خزمەت كردنی كەسوكاری شەهیدو ئەنفال وخاوەن قوربانیان بەدی بهێنرێت و لە دەرەوەی ماددەی ئیعلام و ریكلام و لەلایەن هەر جیهەتێكەوە بەكار بهێنرێت، بەلآم من تەسەورم وایە ئێمە لەوە دەتوانین موەفەق بین ئەو یاسایەی، ئەو بانگەشەیەی بۆ ناردنی یاسای ماف و ئیمتیازاتی شەهیدان و كەسوكاری ئەنفال لەلایەن حكومەتەوە دەكرێت كە نێردراوە، داوا بكەین ئەوە لە ئەنجومەنی وەزیران بێتە پەرلەمانی كوردستان، چونكە تاكو ئێستا نەهاتووە، بۆ ئەوەی بتوانین ئەوەی مەتلەبی كەسوكاری شەهیدو ئەنفالە ئەوە چارەسەر بكرێت و بەپێی ئەو یاسایە، سوپاستان دەكەم.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، زەكیە خان فەرموو.

**بەڕێز زكیە سید صالح:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەز مەبدەئیەن گەل ناڤی ماددەیمە، بەس ڤێ دركێ پرسیارێ دێتە پێش، مە دڤێتن بۆ رایا گشتی بۆ مە ژی روون بیتن، ئەرێ بەڕێز وەزیرێ دارایی چێتن بێژی مە كو ئەڤ مەبلەغەی پار هاتیتە ئیستیقتاع كرن چەندە؟ لە چ بوارەكدا هاتیتە سەرف كرن؟ چونكو دیارە میكانیزما بەكارهێنانێ ئیشكالیەتەك تێدا هەبووە، ژ بەر هەندێ ئەڤێ میكانیزما بەكار هێنانێ ب رەئیا من پێتەڤیا بێتە گۆڕین، دڤێ بهێتە دیار كرن، ئەگەر هەر بۆ وەزارەتا شەهیدانا بێت ڤیا بۆ پرۆژا بێتە بەكارهێنان، ئەگەر بۆ وەزارەتا شەهیدان نینا چ تێدایە ئەڤ ساڵە گۆڕینا دی بخەین كو بۆ هەندێ وەزارەتا دی بچێتن، بۆ نموونە بۆ نەخۆشی شێرپەنجە، كو ئەم بینین لە كوردستانێ، لە هەمی جیهانێ ژی كوردستانێ رێژا وی ئەڤ زێدە بوونێ چیتن و وەكو دەعمەك ژی هەمی جیهانێ ژی كو دەعما ژی لایە خەڵكی بێتە كرن، ئەم ژی وەكو ئەو كەسەی یێت پلە بەرز ناڤ هەرێما كوردستانێ ڤیار پێ را بێن بۆ هەندێ كو هاریكاریا وان بكەین و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەفرین خان فەرموو.

**بەڕێز بەفرین حسین خەلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

دیارە هەر شتێك بۆ خانەوادەو کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بکرێت هێشتا حەقی تەواوی خۆیان پێ نەدراوە، بەلاَم پێموایە بڕینی لە 10٪ی مووچەی پارساڵ هی پلە تایبەتەکان هیچ مەبەست و ئەهدافێکی خۆی نەپێکاوەو نەتوانراوە هەمووان وەکو یەك لێی سوودمەند بن، بەڕێزان، کۆکردنەوەی کۆمەڵێك لە کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال لە قاعەیەك و پێدانیان بە مەبلەغێکی کەم وابزانم هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت و هیچ سوودێکی ئەوتۆ بە ئەوان ناگەیەنێت، بەڵکو دەبێت بخرێتە خزمەت پرۆژەیەکی گەورە، هەر لێرەوە پێشنیار دەکەم و داوا دەکەم کە مەبەستی سەرف کردنی ئەو پارەیە بۆچ پرۆژەیەکە دیاری بکرێت، من تکام وایە نەڵێن ئەوە وردەکارییەو لەم یاسایە جێی نابێتەوە، لەبەر ئەوە ئەهدافی خۆی ناپێکێت، پارەکە پەرت و بلاَو دەبێت و کەس نازانێت چی بەسەر هاتووە.

ئینجا ئەو پرۆژانە، بۆ نموونە دروست کردنی نەخۆشخانەی شۆڕش بێت لە سلێمانی، لە دهۆك و لە هەولێرو لە گەرمیان بکرێت بە پرۆژە، مەسەلەن هەر جارێ لە ناوچەیەك ئەو نەخۆشخانەیانە دروست بکرێت و بخرێتە خزمەتی کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی ئەنفال و پێشمەرگەی دێرین و کەمئەندامی سەنگەر، من پێموایە پێشمەرگەی دێرین و کەمئەندامی سەنگەر هیچیان لەشەهیدان کەمتر نییە، ئەوانیش شەهیدی زیندوون، یانیش بکرێت بە کۆمەڵگایەکی نیشتەجێ بوون بۆ کەسوکاری شەهیدان و قوربانیانی، کە خاوەن پێداویستین بەیەکەی نیشتەجێ بوون، هەر جارێ لە ناوچەیەك، من جارێکی تر دووبارەی دەکەمەوە کە لەنێو دەقی یاساکەدا، لەنێو دەقی ماددەکەدا دەست نیشان بکرێت ئەم بڕە پارەیە بۆچ مەبەستێکەو مەبەستەکەی دیاری بکرێت، لەیادم نەچێت وابزانم بەڕێز وەزیری دارایی لە دانیشتنەکانی سەرەتا گوتی نزیکەی (1380) کەس سوودمەند بوون لە بڕی ئەو پارەیە، ئەم پارەیە هەمووی سەرف نەکراوە، ئێمە دەپرسین ئەو مەبلەغەی کە ماوەتەوە چی لێ بەسەر هاتووە؟ نەك دابەش کردنی لە زەرفێکداو بۆ کەسوکاری شەهیدان و تووشی ئیحراج بوونیان بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، گوڵیزار خان فەرموو.

**بەڕێز گوڵیزار قادر اسماعیل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبارەی بڕینی ئەو پارەی پلە بالاَکان کە پار بڕیار بوو بخرێتە سندووقی شەهیدان، بەلاَم بەداخەوە کەسێکی زۆر کەم نەبێت سوودی لەو پارەیە وەرنەگرتووە، من پرسیارێکم لە جەنابی وەزیر هەیە، کە ئەو پارەیە چی لێهات و چۆن سەرف کراوەو هۆی بڕینی ئەمساڵ سوودی چیە کە دەبڕدرێت؟ ئەگەر ئەم ماددەیە مایەوە من پێشنیار دەکەم حیسابێکی لە پەرلەمان بۆ بکرێتەوەو بخرێتە ئەو حیسابەوەو، پێشنیار

دەکەم ئەو پارەیە بدرێت بەو فەقیرو هەژارانەی کە لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆندا سواڵ دەکەن بۆ نەخۆشیەکانیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك خەلیل فەرموو.

**بەڕێز خلیل عثمان حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری لە مانەوەی ماددەکە دەکەم و، پشتگیری لەقسەکانی برای بەڕێزم کاك حەمە شارەزووری دەکەم، من پرسیارێکیشم هەیە بەڕاستی، ئەویش ئەوەیە ئایا ئەو ماددەیە وەکو کۆی ماددەکانی ناو پرۆژە یاسای بودجە، یاخود یاسای بودجە ئەسەری رەجعی هەیە؟ واتا ئایا لە 2012/1/1ـەوە ئەم ماددەیە جێ بەجێ دەکرێت؟ ئەگەر وایە ئەوە قسەیەکم نییە، بەڵام ئەگەر لە دوای دەرچوون و بڵاو کردنەوەی ئەو یاسایە لە وەقائیعی رەسمی، ئەوە من دوێنێ سکاڵام پێ گەیشتووە لە هەندێك وەزارەت ئەم پارەیە پێش وەخت بڕاوە، واتا لە مانگەکانی رابردوو بڕاوە، قسەی ئەوەشیان کرد بۆ ئەو مەبەستە سەرۆکایەتی پەرلەمانیشیان بینیوە، بۆیە داواکارم وەزیری دارایی روون کردنەوە لەسەر ئەوەمان بداتێ، ئەو بەهەڵە حاڵی بوونە لەم شتە روون بکاتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك جەلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەرچەندە ئەو بڕە پارەیە کەمە، هاوبەشی و هاوکارییەکی کەمە، بەڵام سوودمەند دەبێت لە کەم کردنەوەی ئازارو مەینەتەکانی نەخۆشیەکانی تالاسیمیاو شێرپەنجە، بۆیە من وێڕای دەستخۆشیم لە خوشك و برایان پێشنیار دەکەم سندووقێکی تایبەت لە وەزارەتی تەندروستی بکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەو بوارە سەرف بکرێت کە باسمان کرد.

دوو/ بڕگەیەك زیاد بکرێت، چونکە ئەمە لە رووی یاساییەوە وا دەبێت، کە ئەو بڕگەی یەك لە 2012/7/1ـەوە جێ بەجێ دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، تارا خان فەرموو.

**بەڕێز تارا تحسین ئەسعەدی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەڕاستی ئێمە کە باسی ئەم بابەتە دەکەین، هەروەکو چۆن هاریکاری و تەبەروع لە زۆر شوێن دەکرێت، مەبەستەکەی ئەوەیە بۆ خزمەت گەیاندنێکە، بۆ تەشەنوج و نیگەرانی و بۆ گومانی و چی لێهات و چۆن

بوو، وابزانم روون کردنەوە لەلای جەنابی وەزیری داراییەوە ئەمە زیاتر پیشان دەدات، پارساڵ ئێمە ئەمەمان دەست نیشان کرد کە لە 10٪ دێتە خوارەوە، وابزانم چووە ناو شوێنێك پێی دەڵێن وەزارەتی شەهیدان و، بە راژە لەلای وەزیری دارایی هەیە، کە چەند موستەفید بووە لەو هاریکاریەی کە کراوە، ئەگەر تەوزیح بکرێت زیاتر ئەو نیگەرانیە کەم دەکرێتەوە لەلایەن ئەو کەسانەی کە لە 10٪ی مووچەکانی خۆیان داناوە بۆ ئەو هاوکارییە، لەبەر ئەوە من بەباشی دەزانم و دوو پێشنیارم هەیە، ئەگەر ئەندامان، خوشك و برایان لەسەری کۆك بین، کە ئێمە ئەو پارەیە بۆچی دەست نیشان بکەین؟

یەکەمیان/ بۆ دانانی وەکو ئیحتیاتیەکی هەرێم دابنرێت، چۆن لە هەر وڵاتێك ئیحتیاتیەك دەکرێت، دەتوانێت هاریکارییەك ساڵانە چوار ملیار خراپ نییە بە بچووکی خۆی سەیر نەکەین، شوێنەکەی دیار بێت، ساڵ بە ساڵ زیاد دەبێت، کە شتێك دەقەومێت ئیحتیاتیەك هەبێت، من وا پێشنیار دەکەم ئەسڵەن لە نەوتیشدا ئەوە هەبێت، ئەگەر ئەوە هەبوایە ئەو هەموو نیگارانیە نەدەبوو، کە ئیحتیاتیەك بۆ هەرێم هەموو کاتێك لە بانکێکی نێودەوڵەتی هەبێت، ئەگەرنا لەناو هی خۆشمان بۆ هاریکاری ئەو منداڵە بێ دایك و باوکانە، من جارێکی تریش هەر ئەوەم ئیقتیراح کرد، کە لە دوای (18) ساڵ تەواو دەبن سندووقێکی ئیحتیات هەبێت، ئەگەر سندووقیش نەبێت حیسابێکی جاری لە ریعایەی قاصرین هەبێت، بۆ ئەو کەسانەی بێ دایك و باوکن، بۆ پرۆژەی تایبەت بۆ ئەو کەسانە بێت.

دووەم/ لەگەڵ هاوکارانم کۆکم بۆ دانانی سەنتەرێکی هاوبەش بۆ دانانی هاریکاری نەخۆشی شێرپەنجە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من لەگەڵ مانەوەی ماددەکەم و دەقاو دەق پشتگیری قسەکانی کاکە حەمە دەکەم، داواش دەکەم ئەم بڕە پارەیە دەسەلاتی دادوەریش بگرێتەوە، من وەکو خێزانی شەهیدو ئەندامێك لە لیژنەی پێشمەرگەو شەهیدان لەگەڵ ئەوەم هەرچی بکرێت بۆ خزمەتی کەسوکاری شەهیدان بکرێت هەر کەمە، لەبەر ئەوە ئێمە هەرچی بکەین بۆیان کەمەو ناتوانین قەرەبووی هیچیان بۆ بکەینەوە، بەڵام دیارە ئەم بڕە پارەیەی دامانناوە بۆ سندووقی شەهیدان ئەو ئامانجەی نەپێکاوە، کە ئێمە مەبەستمان بووە، بۆیە من داوا دەکەم ئەو بڕە پارەیەی دادەنرێت لەو سندووقە دابنرێت لە وەزارەتی شەهیدان بۆ خزمەت کردنی نەخۆشی شێرپەنجە، چونکە ئەم نەخۆشیە ئێستا لە هەرێمەکەمان زۆر بلاوەو مەسروفاتێکی زۆری دەوێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو سندووقەی لە وەزارەتی تەندروستیە لەو سندووقە دابنرێت، بۆ هاریکاری و خزمەت کردنی ئەم نەخۆشیەو، ئێمە پرۆژەیەکیشمان لەبەردەستە بۆ نەخۆشیە درێژخایەنەکان وەکو شێرپەنجە، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەو پارەیە لەو سندووقە دابنرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم ماددەیە من بە ئەرکی حکومەتی دەزانم، کە باشترین ژیان بۆ کەسوکاری شەهیدان و خێزانی ئەنفالەکان دابین بکات وەکو هاوولاتیەکی ئاسایی، چۆن بۆ من ژیانێکی باشی دابین کردووە، پێویستە ئەوانیش وەکو ئێمە بژین، دەبێت حکومەت ماڵ بە ماڵ بزانێت کێ شەهیدی هەیە؟ لە چی کەمە، ئەگەر هاتو پێویستی کرد یارمەتی بدات، مانای ئەوە نییە من لەگەڵ ماددەکە نیم، بەڵام بەو پارەیە هیچیان پێ ناکرێت، گرنگ ئەوەیە کەسوکاری شەهید گلەیی نەبێت و ژیانی باش بێت، ئەوەش ئەرکی حکومەتە، دووبارە دەیڵێم ئامانج لە دانانی ئەو پارەیە بۆ شەهیدان دانراوە، بەڵام زۆربەی ئەوەی گوێم لێ بوو داوا دەکەن بۆ نەخۆشی شێرپەنجە بچێت، ئەگەر هاتو ئەوە دەنگی هێنا، ئێمە لیژنەی تەندروستی و ژینگە پرۆژەیەکمان پێشکەش کردووە بەناوی سندووقێك بۆ نەخۆشی سەرەتان، من خۆم لەگەڵ ئەوەمە ئەو پرۆژەیە بچێتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، واتا ئەو سندووقە زوو دابمەزرێت تاکو ئەو خەڵکانەی کە داوای هاوکاری دەکەن لە ڕێگای ئەو سندووقەوە یارمەتی بدرێن، ئەگەر هاتو دەنگی هێنا بۆ ئەو پارەیە بچێت بۆ نەخۆشی شێرپەنجە ببڕێتەوە لە پەرلەمانتارەکان، داوا دەکەم ئەو پارەیە لەناو پەرلەمان بمێنێتەوە لە سندووقێك بۆ ئەو کەسانەی کە نەخۆشیان هەیە، لیژنەیەك لە پەرلەمان هەر خۆمان سەرپەرشتی دەکەین، چونکە من ڕۆژانە کە دێمە دەوام بەدوام دەکەون، دەزانن من لە تەندروستیمە راپۆرتێکیان هێناوە کە نەخۆشی سەرەتانیان هەیەو پارەیان نییە، دەبێت یان پشتگیریان بکەین، یان بیانێرین بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمان، یان بیانێرین بۆ وەزارەتی تەندروستی، ئەگەر هاتو ئەو پارەیە بڕا هەر لە پەرلەمان بمێنێتەوە، مەبەستم تەنها هی پەرلەمانتارانە، حکومەتیش بۆ خۆی چی لێ دەکات و بۆ کێ سەرفی دەکات سەربەخۆیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئامینە خان فەرموو.

**بەڕێز ئامینە ذکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئاخافتنێ من هاتنە کرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەڤین خان فەرموو.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پشتگیری هەڤاڵانی پێشی خۆم دەکەم، کەوا باسی ئەوەیان کرد ئەم پارەیە لە جێی خۆی سەرف نەکراوە، یاخود ئەم پارەیەی پارساڵ ئیستیقتاع کرا بەو مەبەستە ئیستیقتاع نەکرا، کە ئێمە مەبەستمان بوو لە دانانی، ئەوەی گوێ بیستی دەبم کەوا ئیقتیراحات زۆر هەیە، هەر چەند کەسێك پێشنیاری ئەوە دەکەن لە بوارێکدا سەرف بکرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم ئەگەر بکرێت لە پەرلەمانی کوردستان ئێمە حیسابێکی بۆ بکەینەوە و پارەکە دابنێین تا سەری ساڵ لەوانەیە زۆر زۆر نەبێت تا دوو ملیۆن دۆلار بڕوات، بەلاّم سەری ساڵ لە پەرلەمان پارەکە کۆ بۆوە بە بڕیارێك بۆ پرۆژەیەك کە بزانیت زۆر پێویستە پەرلەمان و هەموو لیژنەکان بتوانن کۆبوونەوەیەکی لەسەر بکەن بۆ پرۆژەیەکی زۆر پێویست لەو بوارە خەرج بکرێت، وابزانم بە مەبەستێکی زیاتر خەرج دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر بەشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل حداد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەگەڵ ئەوەی من پشتگیری لە مانەوەی ماددەکە دەکەم و، ئەو بڕە پارەیە، بەڵێ بڕە پارەیەکی ڕەمزیەو کەمە، بەلاّم من دڵنیام لەگەڵ ئەوەش زۆربەی ئەندام پەرلەمانەکان جگە لەوەش لە مووچەی خۆیان زۆر جار هەر بەردەوام هاوکاری و دەستگرتن دەکەن بۆ لێقەوماوان و ئەوانەی پێویستیان پێیە، بۆیە من لێرە داوا دەکەم کە ناوی پەرلەمان لە ماددەکە دەربچێت، چونکە حکومەت ناتوانێت ئیلزامی پەرلەمان بکات بە شتێك، ئێمە بۆ خۆمان لە پەرلەمان بڕیارێك دەربکەین بۆ ئەو مەبەستە، هەروەها لە جیاتی ناوی پەرلەمان، ناوی ئەنجومەنی دادوەری بچێتە شوێنەکانی و گشت پلە بالاّکان لە حکومەتدا بگرێتەوە، جگە لە مودیر عامەکان، چونکە مودیر عامەکان مووچەکەیان ئەوەندە نییە کە شتیان لێ ببڕدرێت، ئەمە خاڵێك.

خاڵێکی تر، وەکو باس کرا، وەکو ساڵی پار نەمانزانی ئەمە چۆن سەرف کرا، بۆیە من پێم باشە لە حیسابێکی تایبەتدا بەناوی پەرلەمان بکرێتەوە، ئێمە بۆ خۆمان لە پەرلەمان بڕیار بدەین کە چ لەو پارەیە بکەین و چۆن سەرف بکرێت؟ ئەو بڕیارەش جێ بەجێ نەکرێت تا تەسویەمان بۆ دێت لە وەزارەتی داراییەوە، یان لە وەزارەتی شەهیدان، بزانین ئەو بڕە پارەیە چۆن سەرف کراوە؟ ئینجا دەست بە جێ بەجێ کردنی بکەین، لە کۆتاییشدا داوا دەکەم ئێمە چۆن بتوانین بەشێوازێکی یاسایی ئەگەر بکرێت ڕێگایەك بدۆزینەوە، بۆ ئەوەی ئەم بڕیارە، یان بڕیارێکی هاوشێوە شمولی ئەوانەی بەغداش بکات، ئەندام پەرلەمانەکانی کورد، یان وەزیرەکانی کورد لە بەغدا ئەوانیش بتوانن بەشێوەیەکی وا بەشدار بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، هاژە خان فەرموو.

**بەڕێز هاژە سلیمان مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبیعی منیش پشتگیری مانەوەی ئەو ماددەیە دەكەم، بەلاَم وەكو باس كرا دیارە چۆنیەتی بەكارهێنانی ئەو بڕە پارەیەی بڕدراوە لە ساڵی رابردوودا بەو شێوەیە نەبووە كە ئێمە لەسەر ئەو ئەساسە داماننا بوو، بۆیە من پێشنیار دەكەم هەر ماددەكەش بكرێت بە دوو بڕگە، بڕگەی یەكەمیان/ هەر ئەوە بێت، بڕگەی دووەمیان/ تەخصیص كردنەكە بێت، بەلاَم لە بڕگەی یەكەم (القضاة واعضاء الادعاء العام)ی بۆ زیاد بكرێت، بڕگەی دووەمیش، لەڕاستیدا ئێمە لەسەر ئەو ئەساسە ئەوەمان داناوە، چونكە سیستەمی مووچە لە هەرێمی كوردستان دەزانین عادیلانە نییە، بۆیە لەسەر ئەو ئەساسە دانراوە، ئێمە لێرە بڕیارماندا كە مینحە بدرێت (480) هەزار دینار بۆ ئەوانەی لە پلەی (9، 10)، هەروەها (600) شەش سەد هەزار مینحە بە خانەنشینان بدرێت، بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەو ئیستیقتاعەی دەبڕدرێت بدرێت بەو دوو جیهەتە، بۆ ئەوەی ئەوانیش لێی سوودمەند بن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من قسەكانی خۆم لەوە دەست پێ دەكەم، وەختی خۆی ئێمە ئەو پارەیەمان داناوە لە 10٪ ببڕێت بۆ سندووقی شەهیدان، بەلاَم ئێستا شتێكی تر هاتە گۆڕێ، ئێمە بۆ شەهیدانمان داناوە، هاتەوە سەر نەخۆشخانە، نەخۆشخانە لەسەر حكومەتە دروست بكات، من لێرە خاڵێك بەبیر بڕادەران دەهێنمەوە كە ئەو لە 10٪یە پشتگیری لە كاك گۆران دەكەم كە پارەكە هیچی پێ ناكرێت، ئەو وەختەی ئێمە 15٪ لە ئیستیقتاعاتی ئەنجومەنی وەزیران لەوێ لەبیریان نەبوو بڵێن پێنج ملیار دینار، دە ملیار دینار بۆ سندووقی شەهیدان دابنێن، بۆیە من پێم باشە لەو پارانەی كە دانراوە لە بەخشین و ئەوە پارە زیاد بكرێت بۆ سندووقی شەهیدان، ئینجا بە دە ملیار دینار بێت، یان پازدە ملیار دینار بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك عومەر هەورامی فەرموو.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

مـن پشـتگیری لـە مانــەوەی ماددەکـە دەکـەم، بـە هـەمان بـڕیش، بـەس تـەنها وەکـو هاوکـارانم گوتیـان دادوەرەکانیش ئیزافە بکرێت، بەڵام ئەم بڕە پارەیە چی لێ بکرێت؟ بـە بـاوەڕی مـن لەبـەر ئـەوەی پارسـاڵ وەزارەتی مەعنی سەرکەوتوو نەبوو لەم بابەتە، من پێشنیار دەکەم ئەو پارەیە بخرێتە حیسابی تایبـەت بـۆ دروست کردنی چەند بنکەیەکی تەندروستی لەناوچە دابڕێنراوەکان.

بەڕێزان، پەرلەمانتاران، ئەگەر تەماشای کۆی پرۆژەی بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی 2012 بکـەین و ئەو خزمەتگوزاریەی بۆ ناوچـە دابڕێنراوەکـان تێدایـەتی، راسـتە خزمـەتگوزاری زۆری تێدایـە هـەر لـەو پەنجا ملیارەی کە وەکو مینحە دەڕوات، هەر لە پێشکەش کردنی چەند پرۆژەیەکی تر، بەڵام بە باوەڕی من لەبـەر ئـەوەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان دەسـتی هـەبووە لـە ئاوەدانکردنـەوەی هەنـدێك گونـد، یـان هەندێك ناحیە لەو شوێنانە، ئیمکانـە دروسـت کردنـی چـەند پرۆژەیـەکی تەندروسـتی وا بکات ئیشـەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوێ تەواو بکات، ئەم پرۆژەیە دەمێنێتەوە، یەعنی ئەوە نییە تەنها بۆ یـەك کەس سەرف بکرێت، ئەم پرۆژەیە دەمێنێتەوەو پێشنیارەکەی من ئەوەندەیە، سوپاس

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عبدالسلام فەرموو.

**بەڕێز عبدالسلام مصطفى صدیق:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشـتگیری ئـەوە دەکـەم کـە بـەردەوام بـین لـە بـڕینی 10٪ لـەو بەڕێزانـەی کـە ناویـان هـاتووە، هـەروەها ئەنجومـەنی دادوەری و دادوەرەکـان و هـەموو ئەوانـەی پلـەی موستەشـارو سـەرەوەیان هەیـە لـە مـەدەنی و عەسکەری، ئەوە یەك.

دوو/ من پێموایە ئەمە دەرفەتێکە لە لیژنە تایبەتەکان وریای ئەوە بین رێگا بگرین لـەو عەقلیەتـەی پـارە بە زەرف دەدات بە تاکەکان، چونکە ئەوە بە هەدەر بردنی پارەیەو هیچ کەس سوودیش لێرە وەرناگرێت لە سی، چل هەزار پێشمەرگەی خێزانی شەهید دە، بیستێك لە تەزاهوری ئیعلامی سوود وەرگرن، ئێمە دەبێت رێگا لەوە بگرین.

ئـاخیر تێبینـیم، داوا دەکـەم لـەوەزارەتی دارایـی و ئێمـەش لـە پەرلـەمان و لیژنـە تایبەتمەنـدەکان بـیر لـە سیستەمێکی داهاتی مووچە بکەین، یەعنی زەریبەی دەخل، ئێستا 5٪ وەردەگیرێت لەوانـەی کـە سـنوورێك دانـراوە وابـزانم چـەند ملیـۆن و سـەرەوە، بـەڵام ئـەوەش عەدالـەتی تێـدا نییـە، دەبێـت زەریبـەی دەخـل تەصاعودی بێت، ئەو کاتە رەنگـە ئەوانـەی بـەو پلانـەی بـاس کـراوە 15٪ لـە ئـەوان وەربگیرێـت، لـە 10٪ لەوانەی کەمتر تا دەگاتە 5٪ لە کەمترینیان، کە ئەوەی دوو ملیۆن، یان سێ ملیۆنی مانگانە هەیە، ئەو کاتە داعی نییە هەموو ساڵ ئێمە بێین داوای ئیستیقتاع بکەین، لە روویەکەوە راتب حەقێکی موکتەسـەبە، ئـەم ئیستقتاعە بۆیە بە رێگایەکی ئیستیسنائیەو حەلی نیهائی ئەوەیـە سیسـتەمێکی زەریبـەی تەصاعودی هـی دەخل هەر دەبێتە داهات بۆ حکومەت ساڵانە، ئەو کاتە چۆن بەکار هێنراوەش نابێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەتی حوکام و ئەوانیش پارەکەیان لێ دەبڕدرێت هەروەکو پێشتر گوتیان نابڕدرێت، دەتوانن لێرەشدا ئیزافە بکرێت وەکو عینوانێك لەسەر عینوانەکانی ترەوە، دیارە ئێمە پێشتریش باسمان کرد لە پارساڵەوە تاکو ئێستا، واتا لە 2011/7/1 تاکو 2012/6/10 مەبلەغی دوو ملیارو سێ سەدو سی و یەك و نۆسەدو حەفتاو سێ و نۆسەدو حەفتا دینار کۆ بۆتەوە، لەو مەبلەغە یەك ملیارو پێنج سەدو بیست و چوارو سێ سەدو سێزدەو پێنج سەدو پەنجای لێ سەرف کراوەو حەوت سەدو حەوت ملیۆن و شەش سەدو شەست و یەك هەزارو چوارسەدو بیست دیناری لێ ماوەتەوە، ئەمە هەمووی تەبیعی لەلای وەزارەتی شەهیدان بووە، ئەوان هەزارو سێ سەدو هەشتا کەس لەلای ئەوان موستەفید بووە بەو شێوەیەی کە خۆیان دایانناوەو چۆن سەرفیان کردووە بۆ کەسوکاری شەهیدان، ئێمە پێمان باشە ماددەکە وەکو خۆی بمێنێتەوەو مەوزوعی پەرلەمان ئەوەی کە هاتووە ببڕێت، ئەوە بۆ جەنابتان دەگەڕێتەوە، ئایا لێرەدا داخیل بکرێت؟ هەر خۆتان موصادەقەی دەکەن وەکو پەرلەمان، خۆتان ئەمر دەکەن، لەبەر ئەوە پێموایە ئەگەر بمێنێتەوە شتێکی ئیعتیادیەو، حوکامیش لە قائیمەکە ئیزافە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی دارایی ژمارەیەکی زۆر لە پەرلەمانتارە بەڕێزەکان داوایان کرد بۆ دەعمی نەخۆشی شێرپەنجە بێت، بۆ کڕینی داو و دەرمان و موتابەعە کردنی نەخۆشیەکان، فەرموو کاکە حەمە.

**بەڕێز محمد احمد علی(شارەزووری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئکیدێکم لەسەر بەڕێز جەنابی وەزیر ئەو بە بەرەقم قسە دەکات، منیش بە رەقم قسە دەکەم، دیارە ئێمە بەدواداچوونمان کردووە، وەزارەتی شەهیدان تا ئێستا ئەو حیسابەی حەوت سەدو پەنجا ملیۆن دینار چۆتە سەر حیسابەکەیان، سێ سەدو پەنجاو شەش ملیۆنیان لێ سەرف کردووە، یەعنی یان وەزارەتی شەهیدان لەگەڵ ئێمە راست ناکات، یان بەڕاستی رەقمی غەڵەت دەدات بە ئێمە.

دوو/ جەنابی شێخ بایز دەڵێت لە حاکمیش بڕاوە، ئەوە یاساکە شاهێدە، ئەو یاسایەی کە ناردوویانە، پاریش نەبڕاوە، حاکم خۆی دەڵێت لێم نەبڕاوە، داواکاری گشتی دەڵێت لێم نەبڕاوە، ئیتر نازانم خۆیان دەڵێن لێمان نەبڕاوە، ئێمە لەگەڵ وەزارەتی شەهیدان بەدواداچوونمان کردووە، پرسیارمان کردووە ئەو پارەیە چی لێ دەکرێت؟ ئەوان دەڵێن سێ سەدو پەنجاو شەش ملیۆن دینارمان سەرف کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە ئەم مەعلوماتەمان لە حیساباتی وەزارەتی شەهیدان وەرگرتووەو بە رەقەم لەوێ لە مودیری حیساباتی وەزارەتمان وەرگرتووە لەسەر داوای خۆتان کە پرسیارتان کرد، بەنیسبەت حوکامیشەوە بە هەمان شێوە ئێستاکە کاك رەشید کە چۆتە دەرەوە تەلەفۆنی بۆیان کردووە، ئایا دەیبڕن، یان نا؟ وەڵامیان داوەتەوە گوتیان دەیبڕین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، لیژنەی یاسایی دوا صیاغەتان تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە له لیژنەی یاسایی ئەم صیاغەمان داڕشتووە، ئێستا دەیخوێنمەوە، ئەگەر ئەندامان تێبینیان هەبوو لەسەری، دووبارە تێبینیەکانیان وەردەگرین.

المادة السادسة والعشرون:

الاستمرار باستقطاع 10٪ من رواتب رئيس الاقليم ونائبه ورئيس البرلمان ونائبه والسكرتير واعضاء البرلمان ورئيس مجلس الوزراء ونائبه والوزراء ومن هم بدرجتهم ومن يتقاضى راتب وزير ووكلاء وزارات ومن بدرجتهم ومن يتقاضى راتب وكيل وزارة والمستشارين واصحاب الدرجات الخاصة والقضاة واعضاء الادعاء العام لمنفعة تأمين الادوية و وسائل العلاج لمرضى السرطان واعتباراً من 2012/7/1.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (4) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة السابعة والعشرون من المشروع:

تراعي جميع الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة التي لديها بعثات او زمالات او اجازات دراسية خارج العراق الالتزام بتوزيع حصص المقاعد المخصصة لها حسب النسب السكانية لكل محافظة.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیش تکایە.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و حەوتەم:

هەموو وەزارەتەکان و ئەو لایەنانەی کە گرێ نەدراون بە وەزارەتێکەوە، ئەوانەی کە نێردراو و زەمالە، یان مۆڵەتی خوێندنیان هەیە لە دەرەوەی عێراقدا رەچاوی ئیلتیزام کردن بکەن لەو بەشەی کە بۆیان دانراوە لەو کورسیانە، بەگوێرەی رێژەی دانیشتوانی هەر پارێزگایەك دابەش بکرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پشتگیری لە ماددەکە دەکەین وەکو خۆی کە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ قسەی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە؟ تەنیا سێ کەس، ئامینە خان، کاك جەلال، شلێر خان، تکایە دەستتان بەرز بکەنەوە، دوایی لە ئەخیری دەست بەرز مەکەنەوە، ناوەکانتان دەنووسین، ئەم بەڕێزانە ناویان نووسراوە، رێزداران (ئامینە خان، دکتۆر سەروەر، دکتۆر عومەر نورەدینی، کاك جلال، شلێر خان، شەونم خان)، فەرموو ئامینە خان.

**بەڕێز ئامینە ذکری سعید:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ب تنێ من مولاحەزات سەر هەنێ هەیە ئەڤێ بێژیتن کو لە دەرەوەی عێراق رەچاوی ئیلتیزام کردن بکەن، وسا بێتە راست کرن دڤێت ئیلتیزام بکات، چونکی ئەڤ موشکیلە مە پارێزگا دهۆکێ هەبوو، یەعنی ئەو کەسە کو بۆ ناردنا یا زەمالات و تواناسازیێ دیڤ رێژا جیا نەبوو، پێشی موتابەعە ورد سەر مەوزوع گەل وەزارەتا ئاخافت، ئەمەش هەتا وێ رێژێ یا درێژ بدەین، ژی بەر هەندێ بلا ئیلتیزاما پتر تێدا هەبی، بێژین لە دەرەوەی عێراق دەبێت ئیلتیزام بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر سەروەر فەرموو.

**بەڕێز د.سەروەر عبدالرحمن عمر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کە هاتووە دەڵێت ڕێژەی دانیشتوانی هەر پارێزگایەك لەبەرچاو بگیرێت، جارێ من پرسیارێك لێرە دەکەم مەبەست لەوە کام نێردراو لەو زەمالەیە؟ چونکە ئێمە چەند جۆرێك نێردراو و زەمالەمان هەیە سەبارەت بەمە، ئەوەی پێشتر بە جۆرێك بووە تواناسازیش ئێستا وەزارەتەکان کە دابەشی دەکات، من بۆیە داواکارم ئەمەشیان لەبەرچاو بگیرێت، ئەوەی کەوا تواناسازی بۆ وەزارەتەکان تەرخان دەکات، وەزارەتەکانیش بە هەمان شێوە بەسەر بەڕێوەبەرایەتیەکان دابەش دەکەن، ئێمە کێشەیەکمان هەیە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، کاتێك سەردانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پارێزگاکان دەکەین کێشەی ئەوە باس دەکەن کە کاتێك نێردەیەك دەبێت، وەفدێك دەبێت، ئیفادێك دەبێت ئەوانەی بۆ دەرەوەن لە ڕۆژێکدا نووسراوەکەیان دەنێرن دەڵێن لەو کاتەدا نوێنەرتان دەست نیشان بکەن، کاتەکەیان لەسەرچووە، مەبەستیش لێی ئەوەیە کە نوێنەری ئەوانە بێت، بۆیە هەموو لەناو وەزارەتدا دادەنرێت و ئەمە کێشەیە ڕووبەڕووی بەڕێوەبەرایەتیەکان دەبێتەوە، بۆیە هیوادارم کەمێك وازیحتر روون بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عومەر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەو موشکیلەیە هەیە، ئەگەر حیصەیەك بۆ خوێندن بە هەر ڕێگایەك بێت دەدرێت بە وەزارەتەکان، هەوڵ دەدەن زیاتر لەناو وەزارەتەکاندا چڕی بکەنەوە، بەڵام حیساب کردن بۆ ژمارەی دانیشتوان نەبێتە مایەی ئەوەی کە تەئسیری سلبی لەسەر مەسەلەی ئیختیصاصات هەبێت، چونکە رەنگە مەسەلەن وەزارەتێك پێویستی بەوە هەبێت لە هەندێك ئیختیصاصی تایبەتدا کە پێویستیەتی بینێرێت، لە موحافەزەکە ئەم جۆرە ئیختیصاصە نەبێت، ناچارە وەزارەتەکەی ئەم جۆرە ئیختیصاصە بنێرێت، بۆیە جۆرێك هاوسەنگی هەبێت لەسەر ئەوەی کە هەم رەچاوی ئیختیصاص و پسپۆریەتی بکرێت، هەم رەچاوی ژمارەی دانیشتوان بکرێت، بۆ ئەوەی ئەم گلەییەش نەمێنێت کە لە رابردوودا هەبووە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك جەلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من کران، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەم ماددەیـە، ماددەیـەکی باشـە، بـەس وەکـو بـەرێزان گوتیـان بـا ئەمـە دابـەزێت بـۆ بەرێوەبەرایەتیـە گشتیەکان، باشە بەعسات و زەمالات و ئیمتیازاتی دیراسی نەبێت بە تەنیا، چونکە بەڕاستی دوێنـێش گوتم ئەوەی کە دەچێت بۆ بەعساتی دکتۆرا نایەتەوە لەو وەزارەتانە کار ناکات، هەموو هەوڵ و واستەیەك دەکات بۆ ئەوەی بچێتەوە خوێندنی بالاَ، بـەلاَم ئێمـە لێـرە بـۆ دەوراتـی تیـا نییـە بـۆ کـەوادیری وەسـەتی، ناحیـە علمیەکە زۆر بە نەزەری ئیعتیبار وەربگیرێت، خۆ ئەمـە مەشـاریع نییـە نیسـبەی سـوکانی، یـەعنی قەیـدی ناکات بلێت بۆ (جميع الوزارات والجهات المرتبطة بوزارة التي لديها بعثات او زمالات او اجازات دراسية خـارج العراق) یەعنی پێش ئەوە دەوراتی تەدریبی بێت (للكوادر الوسطية)، یەعنی سێ شوێن هەیـە بەڕاسـتی زۆر خەلەل هەیە لە دەوائیردا بەشی یاساییەکانیان پێویستیان بەوەیـە کـە دەرەوە ببیـنن و دەورات ببیـنن، یـان شەهادە وەربگرن، چـونکە زۆر زەعیفـە لەناحیـەی عقـودی حکومـەت، بەشـی هەندەسـیەکانیان کـە دیـزاین دەکـەن زۆر شـت نـازانن پێویسـتیان پێیـەتی، زۆری بەشـی موحاسبیەکەشـیان خاصـەتەن لـە بنوکـدا ئێمـە خەلەلێکی گەورەمان هەیە کە ناحیە علیمیەکەیان، بانکەکانمان ئەو توانا بەرزەیان نییە، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شەونم خان فەرموو.

**بەرێز شەونم محمد غریب:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکانی من لەلایەن هاورێکانمەوە کران، زۆر سوپاس.

**بەرێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر.

**بەرێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە بەلامانەوە باشە، ئەگەر تواناسازی بە هەمان شـێوە کەسـافەی سـوکانی لەگەڵـدا بێـت، بـەلاَم هـەروەکو دکتۆر عومەر گوتی مەسەلەی ئیختیصاصیش دەبێت رەچاو بکرێت، سوپاس.

**بەرێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەرێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دوای رەچاو کردنی پێشنیاری ئەندامانی پەرلەمان، صیاغەکە بەم شێوەیە دادەرێژینەوە:

المادة السابعة والعشرون:

على الوزارات والجهات غير المرتبطة بوزارة التي لديها بعثات او زمالات او اجازات دراسية خارج العراق الالتزام بتوزيع حصص المقاعد المخصصة لها حسب النسب السكانية والاختصاص لكل محافظة.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەکۆی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثامنة والعشرون:

تلتزم حكومة الاقليم بتنفيذ المشاريع وفق الخطة المعلنة في الموازنة الاستثمارية من قبل الوزارات وحسب اختصاصها، ولا يجوز لاي وزارة تنفيذ مشاريع خارج اختصاصها.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەکوردیش تکایە.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و هەشتەم:

حکومەتی هەرێم پابەند دەبێ بە جێ بەجێ کردنی پرۆژەکان بەگوێرەی نەخشەی راگەیێنراو لە بودجەی وەبەرهێناندا لەلایەن وەزارەتەکانەوەو، هەریەکەو بەپێی پسپۆری خۆی، نابێ هیچ وەزارەتێك پرۆژە لە دەرەوەی پسپۆری خۆی جێ بەجێ بکات.

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی پشتگیری لە ماددەکە دەکات کە وەکو خۆی هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ چوار کەس، دکتۆر ئەحمەد، شەونم خان، شلێر خان، کاك شڤان، فەرموو دکتۆر ئەحمەد.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیە، ماددەیەکی زۆر زۆر باشە، بەلاّم لەڕاستیدا لە سالانی رابردوو، جگە لەوەی تێکەڵ و پێکەڵی لە جێ بەجێ کردنی پرۆژەکاندا هەبووە لەکاتی موناقەشە کردنی رۆژانی گفتوگۆی بودجەشدا باس کراوە، ئەو پرسیارە ئاراستەی وەزیرە بەڕێزەکانیش کرا، بەتایبەتی وەزیری پلاندانان، ئەو پرۆژانە لە بودجەی

ئیستیسماریدا بۆ وەزارەتەکان داوە، هەندێك وەزارەت جێ بەجێی کردووە، بەتایبەتیش ئەوەی لەکاتی خۆیدا جێ بەجێ نەکراوە، یەعنی ئێمە تێبینی ئەوەمان کردووە لە هەندێك ناوچەدا لە 85٪ تا 90٪ی پرۆژەکان نەکەوتوونەتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، لەکاتی خۆیدا دوا دەکەون، هەندێك لە پرۆژەکانیش کە ئێمە تێبینیمان کرد لەکاتی گفتوگۆیەکانیشدا رۆژانی یەکەم باسمان کرد، بۆ نموونە پرۆژە لە زیمنی پرۆژەکانی وەزارەتی شارەوانی دانراوە، بەلاَم پارێزگا جێ بەجێی کردووە، یەعنی ئەمە بێ ئاگاییەکە لە یەکتری کە پرۆژەیەك لەناو پرۆژەکانی وەزارەتێك دادەنرێت، دەبێت ئەو وەزارەتە جێ بەجێی بکات، بەلاَم بۆچی پارێزگا جێ بەجێی دەکات؟ لەکاتێکدا پارێزگا دەتوانێت پرۆژەیەکی تر جێ بەجێ بکات، لەبەر ئەوە بەڕاستی پێویستە ئەم مەسەلەیە موعالەجە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غریب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا ئەو خاڵە جێی خۆیەتی ئەگەر لێرە باسی لێوە بکرێت، بەلاَم تا ئێستا تێبینی دەکرێت هەندێك لە پرۆژەکان لەلایەن وەزارەتەکانی ترەوە جێ بەجێ دەکرێت، کە وەزارەتی مەعنی موختەص نییە، لە هەمان کاتدا بەشێکی زۆر لە وەزارەتەکان، رەنگە هەندێك پرۆژە بۆ ئەوە دەدرێت کە وەزارەتێکی تر جێ بەجێی بکات، رەنگە ئەو وەزارەتە ئەو ئیمکانیەتە هەندەسی و ئەو ستافەی نەبێت، کە بتوانێت هەموو ئەو پرۆژانە جێ بەجێ بکات، بۆ نموونە هەندێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجومەنی وەزیران، هەندێکی لەلایەن وەزارەتەکانی ترەوە جێ بەجێ دەکرێت، جا هیوادارم ئەم حاڵەتە تەسبیت بکرێت، بەلاَم کاری پێ بکرێت لە داهاتوودا، بۆ ئەوەی بەپێی ئیختیصاص هەر وەزارەتێك ئیش و کاری خۆی بکات، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئەم ماددەیە من لەگەڵ ئەو وەزارەتانەی موختەصن بە بودجەی ئیستیسمارییەوە، زۆر پێیان باشە ماددەی بیست و هەشت بکرێت بە چوار خاڵ، لیژنەی یاسایی دوایی بۆیان دەنێرم ئەگەر پێیان باش بێت.

یەکەم/ کە دەڵێیت (تلتزم حکومة الاقلیم) ئەمە شتێکی باشە، بەلاَم موشکیلەکە لەوەدایە، ئەو وەزارەتانەی بەشی هەندەسەکەیان لەناو هەیکەلی وەزارەتەکە بریتییە لە وەحدەی صیانە، هەستاون مەجموعەیەك موهەندیسی زۆر، وەحدەکە بەسی صیانەی ئەو مەشروعانە دەکات، کە عایدی وەزارەتەکەیە، بۆ دەچیت ئیشراف ئیشەکانی خۆت دەکەیت، زۆری فەشەلەکە لەوانەیە، هیوادارم ئەوەی کە بینومانە ئەمساڵ و ساڵی

داهاتوو بەرەو باشتر بڕوات، چونکە لەوە دەچێت وای لێ بێت، زۆربەی شتەکان دەچێتەوە لای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو شارەوانی لەگەڵ ئیدارەی مەحەلی کە عایدی پارێزگایە، ئەوەش دائیرەیەکی هەندەسیە، ئەوە دەبێت بە یەکەم.

دووەم/ بنووسین (تلتزم کل وزارة مختصة او اية جهة غير مرتبطة بوزارة بتنفيذ المشاريع والانشطة المدرجة ضمن الموازنة وخططها الاستثمارية ومن الممكن جراء التغير ضمن الخطة الاستثمارية فقط عن طريق المناقلات المسموح به وفق ضوابط معمول بها شريطة عدم التجاوز عن الموازنة الاستثمارية والتخصيص السنوي.

ثالثاً: لايقبل اية زيادة في الموازنة الاستثمارية المخصصة للسنة المالية وكذلك اجمالي كلف المشاريع بسبب التغيرات الحاصلة في المشاريع وانما تتم تغطية تلك الزيادات المسموحة من التخصيص السنوي وضمن الكلف الاجمالية لاجراء المناقلات المطلوبة وفق الضوابط.

رابعاً: تلتزم حكومة الاقليم بتزويد برلمان كوردستان بتقارير متابعة فصلية او كل اربعة اشهر من قبل وزارة التخطيط)، بەداخەوە ئەمەیان تیا دەرج نەکراوە، بۆیە بۆیان نەنووسین، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەئیدی قسەکانی شلێر خان دەکەم و پشتگیری دەکەم لەو صیغەیەی کە ئێستا باسی کرد، حەقیقەتەن ئەوە موعاناتی حکومەت و ئەو مەشاریعانەیە کە گرفتیان تێ دەکەوێت، ئەگەر ئەو صیغەیە بێتە ناو قانونەکە، من پێموایە خزمەتێکی باش بەبواری پرۆژەکان دەکات و بە ئیختصاصی خۆی بە تەواوەتی جێی خۆی دەگرێت، من پێم باشە لە ئەخیری ئەو ماددەیە وێڕای ئەوەی کە شلێر خان باسی کرد هەر پرۆژەیەك ئیختیصاصی ئەو وەزارەتە نەبێتن پرۆژەکە ئیلغا بێتن، وەکو ماددەیەکی عەمەلی بێت، یەعنی قاتع بێت بۆ ئەو حاڵەتانە، دەبێت ئیختیصاص جێی خۆی بگرێتن، هەر پرۆژەیەك کە زیمنی ئیختیصاصی ئەو وەزارەتە نەبێتن ئیلغا بکرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە وەکو حکومەت زۆر بە زەروورمان زانی ئەو ماددەیە ئێستا بەم شێوەیە بێت، چونکە بەڕاستی لە هەندێك وزارەتدا پرۆژە جێ بەجێ دەکەن و ئیختیصاصی خۆیان نییە، ئینشائەڵڵا ئەوانەی تاکو ئێستا

کردوویانە حکومەت تەوجیهی داوە کە نەمێنێت، بۆیە لە هەمان کاتدا ئەو ماددەیەمان هێناوتە ناو یاساکەوە، تکامان وایە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی هاوبەش.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەندامانی پەرلەمان تێبینی ئەوە بکەن، کە ئێمە لە ماددەی حەوت، هەروەها لە ماددەی بیست و پێنج، هەروەها لە ماددەیەکی تایبەت دەنگمان لەسەردا بۆ شۆڕ کردنی دەسەڵات، واتا جێ بەجێ کردنی مەبدەئی لامەرکەزیەت، لە ماددەی حەوتدا (لوزير التخطيط وبناءاً على طلب الوزارة المعنية اجراء المناقلات اللازمة للمشاريع الاستثمارية ضمن الموازنة الاستثمارية لنفس الوزارة، وفي حدود المحافظة الواحدة او القضاء الواحد واعلام وزارة المالية والاقتصاد بذلك)، هەروەها لە بڕگەی چوارەمی ماددەکەدا (لوزير المالية والاقتصاد وبالتنسيق مع وزارة التخطيط والوزارات المعنية اجراء المناقلات اللازمة للمشاريع الاستثمارية بين الوزارات وفي حدود المحافظة الواحدة او القضاء وضمن الموازنة الاستثمارية المصدقة)، واتا ماددەکە بەو شێوەیە هاتووەو زۆر ڕێك و پێکە، بەتایبەتی حکومەتیش سوورە لەسەر ئەوەی وەکو خۆی هاتووە دەنگی لەسەر بدرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو شلێر خان.

**بەڕێز شلێر محمد نجيب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر دوو ماددە وەرناگرێت، بەس تەقاریری فەسلیەکان دوایی لەکوێ دەرجی دەکەن؟ تیای نییە، هەموو میزانیەکە باسی تەقاریری فەسلیەکە ناکات، کە ئێمە پار بەو هەموو بەدواداچوونەوەیە یەك جار ئەو تەقریرەمان بۆ هاتووە کە لە قانونەکەشدا هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

صیاغەی ماددەی بیست و هەشت بەو شێوەیە دەبێت:

المادة الثامنة والعشرون:

1- تلتزم حكومة الاقليم بتنفيذ المشاريع وفق الخطة المعلنة في الموازنة الاستثمارية من قبل الوزارات وحسب اختصاصها، ولا يجوز لاي وزارة تنفيذ مشاريع خارج اختصاصها.

2- تلتزم حكومة الاقليم بتزويد برلمان كوردستان بتقارير متابعة فصلية او كل اربعة اشهر من قبل وزارة التخطيط.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی بیست و نۆی پرۆژەكە بەم شێوەیە:

المادة التاسعة والعشرون:

تقدم مشروعات القوانين التي يترتب عليها تبعات مالية من قبل مجلس الوزراء الى البرلمان ولا تنفذ بأثر رجعي.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەكوردیش تكایە.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی بیست و نۆیەم:

ئەو پرۆژە یاسایانەی كە تەبەعاتی دارایی دەكەوێتە سەر لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشكەشی پەرلەمان دەكرێ و بە كاریگەری رەجعی كاری پێ ناكرێ.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لیژنەی یاسایی هیچ تێبینی لەسەر ماددەكە نییە، سوپاس.

بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان:

كێ دەیەوێت لەسەر ئەو ماددەیە قسە بكات؟ ئەم چوار بەڕێزە دەیانەوێت قسە بكەن، رێزداران (ئەڤین خان، دكتۆر عومەر نورەدینی، سۆزان خان، دكتۆر ئەحمەد وەرتی) فەرموو ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەدامە ئەسڵەن ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێتەوە، لەبەر ئەوەی هەمووومان دەزانین پەرلەمان جێگای تەشریع کردنە، تەنها ئەو یاسایانە نین حکومەت بتوانێت تەبەعاتی مالی هەبێت و پێشکەشی بکات، حکومەتیش دەتوانێت بە هەموو شێوەیەك پرۆژە یاسا پێشکەش بکات، پەرلەمانیش دەتوانێت، بەڵام ئەوەی کە لێرە باس دەکرێت دەڵێت (تقدم مشروعات القوانین)، یەعنی لێرە وا حەصری دەکات، کە پەرلەمان نەتوانێت ئەو پرۆژە یاسایانە تەقدیم بکات تەبەعاتی مالی هەیە، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم ئەم ماددەیە ئیلغا بکرێتەوە، راستە ئێمە هەر پرژەی یاسای تەبەعاتی مالی هەبێت، دەبوایە بڵێت رەئی حکومەتی پێ وەردەگیرێت، نەك بەم شێوەیە وەکو ئەوەی کەوا پەرلەمان نەتوانێت ئەو پرۆژانە تەقدیم بکات کە تەبەعاتی مالی هەیە، بۆیە من لەگەڵ هەڵگرتنی ئەو ماددەیەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر عومەر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حەقیقەتێك هەیە لەمبارەیەوە، ئەویش ئەوەیە کە دوای پەسند کردنی بودجە، ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان چەندین یاسا پەسند دەکەین کە هەموو تەبەعاتی مالی هەیە، ئەرکی سەرشانی حکومەت قورس دەکات، هەندێك جار بە ئەسەری رەجعیشە، بۆیە گرفتێك هەیە لەو بارەیەوە، بەڵام من لەگەڵ ئەوەم کە دووبارە ماددەکە دابڕێژرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

(دوای پەسند کردنی بودجەی ساڵانە، بەبێ رەزامەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان یاسایەك دەرنەکات، ئەگەر تەبەعاتی مالی هەبێت)، یەعنی بەم شێوەیە دووبارە دارێشتنەوەی بۆ بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

خۆی بێگومان ئەمە دوو لایەنەیە، لایەنی یەکەم/ حکومەت مافی خۆیەتی لە کار نامەی خۆیدا ئەگەر پرۆژەیەك، یان یاسایەك بنێرێت بۆ پەرلەمان تەبەعیاتی مالیەی هەبێت، خۆی دیراسەی کردووە، ئینجا دەینێرێتە پەرلەمان، بەڵام لێرە باس لە ئەسەری رەجعی دەکات، یەعنی لە رۆژی دەرچوونی یاساکەوە، ئەو یاسایە جێ بەجێ دەکرێت، زۆر جاریش هەیە ئێمەی ئەندام پەرلەمان پێداگیری دەکەین کە دەبێت بە

ئەسەر رەجعی بێت، هەر یەکەمان بەشێوازێك سەیری دەکەین، بەلاٚم زۆر جاریش هەیە ئێمە وەکو ئەندام پەرلەمان کاتێك کە یاسایەك پێشکەش دەکەین تەبەعیاتی مالیەی هەیە بەبێ ئەوەی رەئی حکومەت وەربگرین ئەو یاسایە پێشکەش دەکەین، دەمانەوێت حکومەت بخەینە ئەمری واقیعەوە، کە ئەو یاسایە جێ بەجێ بکات، حکومەت لاری لەوە نییە کە یاساکە جێ بەجێ بکات وەك خۆی، بەلاٚم مەسەلەن بۆ نموونە دەڵێت من لەم ماوەیەوە، تاریخێك دادەنێت دەڵێت لەو کاتەوە دەتوانم، چونکە ئەمە تەبەعیاتی مالیەی لەسەرە.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

**بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان.**

لەخولی یەکەم و خولی دووەمی پەرلەمانیش، کە خۆم ئەندامی خولی دووەم بووم، هەرچ یاسایەك تەبەعیاتی دارایی هەبوو بێت پێیان گوتراوە بە ئەندامانی پەرلەمان زەحمەت نەبێت ئەو تەبەعاتە مالیە دەبێت پرس و را بە حکومەت بکرێت، بۆ ئەوەی بزانن حکومەت کە ئەم یاسایەمان دەرکردووە جێ بەجێی دەکات، یان جێ بەجێی ناکات؟

بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، من یەك نموونەت بۆ دەهێنمەوە، ئێمە لەیاسای باری کەسێتیدا باس دەکات سندووقێك دابنرێت بۆ ئەو ژنانەی کە بێ هاوسەرن، حکومەتیش رەزامەند بووە، تاکو ئێستا جێ بەجێ نەکراوە، لە ساڵی $2008$ـەوە تاکو ئێستا جێ بەجێ نەکراوە، باشە خۆ حکومەت خۆی ئەو پارەیە دەخاتە سندووقەوەو پرس و راشی پێ کراوە لەو بابەتە، بۆیە من پێم باشە ئەو ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوەو، ئەگەر بشکرێت، یەعنی برادەرانی ئەندامانی پەرلەمان بە حەساسیەتەوە وەرنەگرن لەسەر پەرلەمانی کوردستانیشە ئەگەر یاسایەك دەربکات تەبەعیاتی دارایی هەبێت پرس بە حکومەت بکات، یەعنی پرس و را بکات، لیژنەی پەیوەندیدار پرس و را بکات لەگەڵ حکومەتدا زۆریش ئاساییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لەگەڵ ئەوەم ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێتەوە، چونکە ئەوە موصادەرەی حەقی پەرلەمانە، پشتیوانی لە قسەکانی ئەڤین خان دەکەم، ماددەی $(71)$ دەڵێت (ئەنجومەنی وەزیران، یان ژمارەیەك لە ئەندامانی ئەنجومەن کە لە دە کەس کەمتر نەبن بۆیان هەیە پێشنیاری پرۆژە یاساو بڕیارەکان بکەن)، باس لەوە نەکراوە کە تەبیعاتی مالی هەبێت، یان نەیبێت، لەڕاستیدا ئێمە کەم پرۆژە هەیە کە تەبیعاتی مالی نەبێت، کەوا بوو تۆ دەستی پەرلەمان دەگریت کە نابێت هەر پرۆژەیەك تەبیعاتی مالی هەبێت لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێت، بەڕاستی ئەمە تەقلیدی بەغدایە لەوێ کە موصادەرەی حەقی پەرلەمانیان کردووە، کە دەبێت پرۆژەکان لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە بێت، ئەمە یەکێك لە رەخنەکان لە بەغدا هەیە

لەسەر ئەوەیە ئەویش پەیوەندی بەو موحەصەصەو دابەش بوونەوە هەیە، کە لەنێوان پێکهاتەکان و لایەنەکاندا هەیە، ئێمە هەموو ساڵێك بودجە پەسند دەکەین بۆ هەر ساڵێك کە بودجەمان پەسند کردووە تا مانگی (12) نابێت هیچ پرۆژەیەك تەبیعاتی مالی هەبێت پەسندی بکەین، ئەمە سەبارەت بە بڕگەی یەکەم.

سەبارەت بە ئەسەری رەجعی، ئێمە لە زۆر یاسادا هەیە کە لە هەرێمی کوردستان، لە عێراقیشدا کە دەرکراون ئەسەری رەجعی هەبووە، ئەوەی کە پەیوەندی بە زیندانی سیاسیەوە هەیە، ئەوەی پەیوەندی بە قەرەبوو کردنەوەی زیان لێکەوتووانی سەردەمی بەعس هەیە، لە عێراق تا (68) ئەسەری رەجعیان بۆ داناوە، لەبەر ئەوە ئیلزام کردنی پەرلەمان بە ماددەیەك لەناو پرۆژە یاساکەدا، چونکە ئەو مەوزوعە هیچ پەیوەندی بە پرۆژە یاسای بودجەوە نییە، ئەمە پێویستە لەناو پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا ببێت، لەبەر ئەوە لەگەڵ ئەوەدامە ئەو ماددەیە ئیلغا بکرێت، بە هیچ شێوەیەك لە ناو پرۆژە یاسای بودجەدا نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك عومەر نوقتەی نیزامت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز عمر عبدالرحمن علی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

خۆی لەڕاستیدا هەموو مەشروعەکان کە دێت، ئەوە تەحصیل حاصلە ئەنجومەنی وەزیران حەقی یەکەمی هەیە مەشروعاتی قانونی بنێرێت بۆ پەرلەمان بۆ موصادەقە کردن، بەڵام من لێرە پرسیارێکم هەیە دەڵێت (ولا تنفذ بأثر رجعي)، ئەسەری رەجعیەکە بەنیسبەت حقوقی حکومەتە لەناحیەی مالیەکە، یان بەنیسبەت ئیلتیزاماتی حکومەتەوەیە لەم حاڵەتە؟ وەکو ئەوەی کە کاك ئەحمەد باسی لەسەر کرد، ئەگەر بەنیسبەت حقوقی دەوڵەتەوە بێت، ناکرێت تەنازول لە حقوقەکانی دەوڵەت بکرێت، کە مەبلەغێك پارە، یان شتێك لەسەر کەسێك مابێت وەرنەگیرێتەوە، ئەمە تەنازولی لێ ناکرێت، ئەگەر مەسەلە لەوەش بێت ئیلتیزاماتەکانی حکومەت بێت، چەند نموونەیەك، دواتر ئێمە یاساکمان جێ بەجێ کرد کە ئینفازی یاسای تەقاعودی هێزەکانی ناوخۆ، دیار بوو کێشەیەکمان هەبوو کاتی خۆی ئایا بە ئەسەری رەجعی دەگەڕێتەوە، ئەوانەی مەشمولن، یان مەشمول نینە؟ من لێرە دەمەوێت جەنابی وەزیر تەوزیحێك بداتێ،ئەم ئەسەر رەجعیە بەنیسبەت حقوقی دەوڵەتەوە، یاخود بەنیسبەت ئیلتیزاماتەکانیەتی؟ سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بەڕێز سکرتێری پەرلەمان فەرموو.

**بەڕێز فرست احمد عبداللە/ سکرتێری پەرلەمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

حوكم بەو شێوەیە بەشێوەیەکی موتڵەق بە رەئی من موخالیفی مەبادئی قانونە، چونکە لازمە حاڵەت بە حاڵەت تەماشا بکەین، ئەو نەصە هەر موخالەفەی قانونی میزانیەیە ئەسڵەن، چونکە ئەو میزانیە بە ئەسەر رەجعی هەموو تەبیعاتی مالینەو، بە ئەسەر رەجعی تەنفیز دەبێت لە 2012/1/1، بۆیە بە رەئی من بۆ حکومەتیش خراپە ئەو نەصە بەو شێوەیە بێت، چونکە موخالیفی قانونی میزانیەیە، تەبیعی حەقیقەت مەفروزە ئێمە ئەو قانونە لە 7/1 تەنفیزی بکەین، لە 2012/1/1 تەنفیز نەکرێت ئیستینادەن لەسەر ئەو نەصە، بەلأم حاڵەت بە حاڵەت بێتە پێش دیراسەت دەکرێت، لەوانەیە حەق بێتن بە ئەسەری رەجعی، لەوانەیە بە ئەسەری رەجعی نەبێت، میسالیش لەسەر ئەوە هەر لەناو ئەو قانونەدا هاتووە ئیستیقتاعات لە 7/1 دەست پێ دەکات هی ئەندامانی پەرلەمان، بەلأم میزانیە لە 2012/1/1 دەست پێ دەکات بە ئەسەرێکی رەجعی بۆ شەش مانگی پێشتر، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەروەکو دکتۆر ئەحمەد گوتی وەکو یاسایەك هاتووە لە یاسای عێراقیدا، موازنەی عێراقیدا هەر بەو شێوەیەش هاتووە، ئێمە وەکو حکومەت پێمان باش بوو ئەوەمان لەوێ دانا، چونکە ئێمە لەهەردوو رووەوە بەتایبەتی لە مەوزوعی ئیستیحقاقی دەوڵەتدا ئەوە زیاتر دەردەکەوێت وەك کاك عەمەر گوتی، بۆیە پێمان باش بوو و ئەم ماددەیەمان هێناوە، ئەگەر موخالەفەی قانونە، فیعلەن ئێمەش نامانەوێ موخالەفەی قانون بکەین، بەلأم ئەوە لە یاسای بودجەی عێراقیدا هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی دوو رەئی هەبوو، کاك عەونی موراعاتتان کردووە، فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ئەنجامی گفتوگۆ لەسەر ئەو ماددەیەدا، وا دیارە دوو رەئی هەیە، را دوورەکە ئەوەیە کە ئیلغا بکرێت، داوا دەکەم لە سەرۆکایەتی پەرلەمان ئیلغا کردنی ئەو ماددەیە بخاتە دەنگدانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

رەئی لیژنەی یاسایی چیە لەو مەسەلەیە؟

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

رەئی لیژنەی یاسایی ئەوەیە ئەو ماددەیە بمێنێتەوە وەکو خۆی، لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێ کرد، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا ڕەئیەك هەیە دەڵێت ئەو ماددەیە ئیلغا بكرێتەوە دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (8) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كراو ماددەكە ئیلغا كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی بچینە سەر ماددەی (30) لە پرۆژەكە، پێشنیاری ماددەیەك كراوە بەو شێوەیەی ئێستا دەیخوێنمەوە، ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان تێبینیان هەبوو لەسەری، گفتوگۆی لەسەر دەكەین.

المادة المقترحة:

على حكومة الاقليم دراسة جدول التوصيات الملحق بهذا القانون وإتخاذ ما يلزم لتنفيذ ما ينسجم مع سياستها وضمن امكانياتها المالية الحالية والمستقبلية.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی با جارێ جەنابی وەزیر وەربگرین لەسەر ئەو ماددەیە، فەرموو جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

بەنیسبەت ئێمەوە ماددەكە ئیزافە بكرێت هیچ موشكیلە نییە، بەڵام من نازانم تەوصیاتەكان چیە؟ حەزم كرد تەوصیاتەكانیش بخوێنێتەوە، ئینجا قسەی لەسەر دەكەم، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو كاك شڤان.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو صیغەیە بەو شێوەیە نابێت، ئێمە ئیختیار بدەینە حكومەت، دەكرێتن تەوصیاتەكان هەمووی بە مولحەق بەس بە ماددەیەك بڵێین تەوصیاتەكان مولحەقن بەوە، ئەو شەرحەی ناوێت، حكومەت بۆ خۆی ئەوەی كە مونسەجیمە، ئەوەی كە تواناى هەیە، ئەوەی مومكینە دەكرێتن، بەڕاستی ئەو شەرحەی ناوێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك سالار فەرمووو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من ڕەئیموایە ئەو شێوازە وەكو پێشەكی داڕێژراوەتەوە بە نەصێكی سەریحتر بە حكومەت دەڵێت ئەو تەوصیاتانە جێ بەجێ مەكەن، من تەسەورم وایە حكومەت لە ئەسڵدا دەبێت دیراسەی هەموو ئەو

پێداویستیانە بکات کە لە کۆمەڵگادا هەیە، بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکات، دەبێت تۆ تەوصیەکی بکەیت، ئەگەر بە صیاغەیەك دانەڕێژرێتەوە زیمنیەن ئیلزامی حکومەت بکات، کە دواجار ئێمە دەنگی لەسەر دەدەین، ئەو دەنگدانە ئەگەر شکلیش بێت جۆرێك لە ئیلتیزام لەسەر حکومەت دروست دەکات، نەکرێت باشترە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سالار یان تەوصیاتە، یان قانونە دەبێت دەنگی لەسەر بدرێت، کە تەوصیات بوو ئیلزامی نییە، کە ئیلزامی بوو یەعنی قانونە، یەعنی یەکێکە لە ماددەکانی قانونەکە، چۆن دەبێت؟ بەڵێ فەرموو.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من تەعلیقم لەسەر صیاغەکە هەیە، ئەسڵەن صیاغەکە بە حکومەت دەڵێت وەکو لائیحەیەك تەماشای بکەن و کاری پێ مەکەن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك جەلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە تەوصیاتەکان خۆی سێ، چوار دێری زۆر مەعقول نووسراوە، ئەگەر ڕێم پێ بدەن بیخوێنمەوە، (نظراً لاهمیة المقترحات والتوصیات الواردة في التقریر العام للجنة المالیة والمقترحات والتوصیات الاخرى المقدمة من برلمان کوردستان، على حکومة الاقلیم دراسة ومتابعة هذه المقترحات والتوصیات والاخذ بما یمکن العمل بها وتنفیذها والاستفادة منها حسب القوانین والامکانیات الفنیة والمالیة المتاحة)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

عەینەن ئەو مەزموونەیە، بەڵام بە صیاغەیەکی تر، فەرموو سۆزان خان.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من ئەو مەزموونەی کە بەڕێز کاك جەلال خوێندیەوە خۆمان صیاغەمان کردووەو، ئەو صیاغەمان دەوێت، لەبەر ئەوەی ئەوە بۆتە تەجروبە ئەوە لە خولی دووەمیشدا بووە، یەعنی تەوصیات وەکو خۆی تەوصیات سوڵبی ئیشی لیژنەکانی پەرلەمانییە، کاتێك کە بودجە دەنێردرێتە پەرلەمان موتابەعەی کارەکان دەکات لە مەداری ساڵەکەدا کەموکورتیەکان دەبینێت و کۆمەڵێك تەوصیات تەقدیم دەکات، ناکرێت ئەم تەوصیاتانە بە ئەهمیەت وەرنەگیرێت، وەکو مولحەقێکی هاکەزایی بنێردرێت، بۆیە ئێمە داوا دەکەین ئەو نەصەی کە کاك جەلال خوێندیەوە، ئەوە بخرێتە ناو مادده یاساییەکەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرمووو لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

صیاغەی ماددەکە بەم شێوەیە:

المادة المقترحة:

على حكومة الاقليم دراسة ومتابعة المقترحات والتوصيات الملحقة بهذا القانون وألاخذ بما يمكن العمل بها وتنفيذها والاستفادة منها حسب القوانين والامكانيات الفنية والمالية المتاحة.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز د.احمد ابراهیم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەوەی کاك عەونی خوێندیەوە، ئەگەر ماددەکە بەو شێوەیە بێت، موقەدیمەی تەوصیاتەکانیش هەر ئەوەیە، بەڕاستی وەکو کاك سالاریش گوتی، ئەمە زۆر زۆر زەعیفەو هیچ ئیلزامی حکومەت ناکات بە جێ بەجێ کردنی، پێشتریش ئێمە لە هەردوو لیژنەی یاسایی و دارایی کە قسە کراوە لەو تەوصیاتانە، وابزانم ئیتیفاقیەکیش لەنێوان فراکسیۆنەکان هەیە کەوا بە ماددەیەك ئیلزامی حکومەت بکرێت، چونکە ئەو تەوصیاتانە ئەگەر دواتر بخوێندرێنەوە، یەعنی شتێکی وایان تێدا نییە، ئەگەر حکومەت جێ بەجێی بکات و ئیلزامیشی بکەین کارێکی وا بێت، مەسەلەن باسی ئەوە دەکرێت ئەولەویەت بدرێت بە وەزارەتی صحەو مەواردی مائی، ئەولەویەت بدرێت بە تەعیناتی خەریجینی ساڵانی رابردوو و گرێبەستەکان، ئەمە زۆری ئەوانەمان هەر چەسپاندووە لەناو یاساکە، لەبەر ئەوە کێشەیەك نییە، بە رەئی من ئێمە بە ماددەیەك ئیلزامی حکومەت بکەین، نەك بەو لاوازییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی دارایی.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە وەکو لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی بە ئامادە بوونی نوێنەری حکومەت و چەند پەرلەمانتارێکی تر کۆی ئەو پێشنیارانەی کە صیغەی ئیلزامی پێویست بوو کردمان بە ماددە لەناو قانونەکەو دەنگیشمان لەسەر داوە، ئەوەی کە پێشنیاری لیژنەکان بوو، ئەوەی کە بەڕێزان لیژنەکانی پەرلەمان لەناو هۆڵ لەچوارچێوەی قسەکانی خۆیاندا وەکو پێشنیار خستیانە روو، ئێمە ئامادەمان کردووەو داڕێژراوەتەوە وەکو پێشنیار هاوپێچی یاساکە بکرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو لیژنەی یاسایی بیخوێننەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکان:

**التوصيات**

1- اعطاء الاولوية عند تنظيم موازنة حكومة الاقليم لعام 2013 لوزارتي الصحة والزراعة والموارد المائية وتوزيع المشاريع الخاصة بهما على المحافظات حسب نسبة السكان.

2- اعطاء الاولوية في التعيينات لخريجي السنوات السابقة والمتعاقدين.

3- توفير العلاج اللازم للمصابين جراء استخدام النظام البائد للاسلحة الكيميائية ضد شعب كوردستان.

4- صرف مبلغ سلفة العقار لقطعة الارض التي تبلغ (100)م2 واجراء مايلزم لصرف السلفة لمساحة (200)م2 في الملك المشاع بين شريكين وفق القوانين والانظمة واعادة النظر في التعليمات المرعية.

5- اعانة البێشمەرگه المعوق (پێشمەرگەی کەم ئەندام و سەنگەر) وعدم قطع رواتبهم في حالة حصوله على فرص عمل اخرى.

6- على اللجنة المشكلة للنظر في المخصصات الاخذ بنظر الاعتبار دراسة منحة لعلماء الدين تحقيقاً للعدالة والمحاسبين.

7- على حكومة اقليم كوردستان تخصيص مبالغ في ميزانيتها لانجاز مشاريع قومية للكورد الفيليين.

8- على حكومة اقليم كوردستان زيادة الاهتمام بالمناطق الاثرية والسياحية.

9- لا يجوز دعم الحكومة لمشاريع القطاع الخاص خارج اطر القوانين النافذة في الاقليم.

10- يمنح الدعم المالي للاحزاب وفق القانون.

11- شمول منح ضمان البطالة لخريجي معاهد وزارة التربية.

12- منح قرض للطلبة غير المشمولين ببرنامج تنمية وتطوير قدرات كوردستان البشرية.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك جەلال.

**بەڕێز جلال علی عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو ماددەیەی کە دیاری کرا بکرێتە ماددەیەکی موزاف پێش ماددەی (30)، ئەو ماددەیە بە جیا بخرێتە دەنگدانەوە، تەوصیاتەکان خوێندرایەوە، دوایی تەوصیاتەکان ئیلحاق دەکرێت بەو ماددەیەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عەونی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیاری تر ماوە، نەمانتوانی داخیلی بكەین، ئێستا دەیخوێنینەوە بۆ ئاگاداری.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموون بیخوێننەوە.

**بەڕێز د.رۆژان عبدالقادر دزەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

لەو كاتەی دەستمان بە گفتوگۆی بودجە كردووە، ئێمە لەلایەن فراكسیۆنەكان و لەلایەن پەرلەمانتارانی بەڕێز پێشنیاری زۆرمان بۆ هاتووە، بەشێكمان داڕشتووە لەو لیستەی ئێستا كە پێشكەش بە بەڕێزتان كرا، بەشێكی تر ماوە هێشتا دانەڕێژراوەتەوە، ئەگەر تەخویلمان بكەن لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دواتر هەموو پێشنیارەكان كۆ بكەینەوەو ببێتە هاوپێچی یاساكەو ئاراستەی حكومەت بكرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو ئەڤین خان.

**بەڕێز ئەڤین عمر احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە چۆن دەتوانین دوو لیژنە تەخویل بكەین لێرەدا، كە ئەوان دوای ئەو جارێكی تر دابنیشنەوە ئەو تەوصیاتانە بكەن، ئەو تەوصیاتانە دەبێت ئێستا هەمووی بخوێندرێتەوەو دەنگدانی لەسەر بكرێت، چونكە ئەوە دەبێتە كۆنكریت، خۆ نابێت هەر سەعاتێك و تەوصیاتی تر ئیزافات بكرێت و شتی تری ئیزافە بكرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سۆزان خان فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یەعنی شتەكە زۆر بەسیتەو لەوە بەسیترە، كە ئێمە وا بەو شێوەیە باسی دەكەین، ئێمە راپۆرتی لیژنەی دارایی و راپۆرتی لیژنەكان باس كراوەو كۆمەڵێك پێشنیاریان پێشكەش كردووە، بەڕێز لیژنەی دارایی هەر لەناو ئەو راپۆرتەدا دەڵێت بكرێت بە پێشنیارو ئاراستەی حكومەت بكرێت، ئەوەتا ئێمە هەموومان جیا كردۆتەوە لە چەند لاپەڕەیەكدا، با ئەو بەڕێزانە ئەوە بخوێننەوەو، ئەندامان بزانن ئەو داواكارییانە چی بوون كە لیژنەكان پێشنیاریان كردووەو دەچێتە حكومەت بێ لەوەی كە گفتوگۆی لەسەر كراوە لەم

پەرلەمانە، من لەگەڵ هەموو ڕێزێکمدا لەو تەوصیاتانەی کە خوێندرایەوە، بۆ نموونە، ئەوەی کە باس لەوە دەکات سولفەی ئەحزابەکان، سولفەی ئەحزابەکانمان بە ماددەی یاسایی دانا، پێشنیاری چی دەکەینەوە جارێکی تر بۆ حکومەت، بۆیە باشترین شێوە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و لیژنەکانی ترتان لەبەردەمدایە، ئێمە ئەمەمان لێ جیا کردۆتەوە، ئەوەی کە لەسەری نووسراوە لەو بڕگەیە پێشنیار بکرێت بۆ حکومەت، فەرموون ئەوە بخوێننەوە، بۆ ئەوەی ئەندامانیش ئاگادار بن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شوان فەرموو.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم/ ئەو نەصە قانونیەی لەسەر تەوصیاتەکان خوێندرایەوەو بڕیارە بخرێتە دەقی یاسای بودجە، دەبوو ئەوە بڕوات و بەردەوام بووینایە هەتا هەموو یاسای بودجەمان تەواو کردبا، دوایی تەوصیاتەکان ئەگەر بخوێندرێتەوەش تەبیعیە، بۆ؟ چونکە ناکرێت تەوصیات بخرێتە دەنگدانەوە، کە خرایە دەنگدانەوە دەبێت قوەی قانونی هەبێت، کە لە ماددە قانونیەکە هات ئیتر پێویست ناکات جارێکی تر بخرێتەوە دەنگدان، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، فەرموو کاك عومەر.

**بەڕێز عمر صدیق محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ئەوەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی ئامادەکاری بکات بۆ تەوصیاتەکان، ئەو ماددانەی کە ماون موناقەشەی بکرێت، دواتر دێینەوە سەر تەوصیاتەکان، بۆ ئەندامانی پەرلەمانی دەخوێنینەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دکتۆر عومەر قسەت هەبوو؟ فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامین خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەڕاستیدا من تەئیدی پێشنیارەکەی کاك شوان دەکەم، ئەو ماددەیەی کە ئێمە بۆ چۆنیەتی تەعامول لەگەڵ تەوصیات داخیلی ماددەکەی دەکەین و دەنگی لەسەر بدەین، پاشان تەوصیاتەکان صیاغە بکرێتەوەو ئامادە بکرێت، چونکە پێویستی بە وردبینیەك و بەراوردێك هەیە، دوای تەواو بوونی یاساکە ئینجا تەوصیاتەکانیش بخوێندرێتەوە، ئێستا بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، پێشنیارەکانی پەرلەمانتاران کە هاتووە، جگە لە ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی و لیژنەکانی تر، ئەوەی لەلای ئێمە گەلاڵە بووە نزیکی (27) پێشنیارە، من

بەراوردێکم کردووە لەوەیان لە 90٪ی چۆتە ناو یاساکەوە، ژمارەیەکی زۆر کەمی ماوە، بۆیە سەرەتا ماددەکە پەسند بکەین، ئەوەی کە تەعامول لەگەڵ تەوصیات، پاشان تەوصیاتەکان لە کۆتایی یاساکەدا بخوێندرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

باشە ئێستا ئەو پێشنیارە لە سەرۆکایەتی قەبوڵە، ماددەکە بخوێندرێتەوەو قەبوڵی بکەین، دوایی ئەو سێ، چوار ماددەیەی کە ماوەتەوە تەواو بێت، پاشان تەوصیاتەکان تەواو دەکەین و صیاغەی بکەنەوە، لیژنەی یاسایی بیخوێننەوە تکایە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة المقترحة:

على حكومة الاقليم دراسة ومتابعة المقترحات والتوصيات المحلقة بهذا القانون وألاخذ بما يمكن العمل بها وتنفيذها والاستفادة منها حسب القوانين والامكانيات الفنية والمالية المتاحة.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاکی من خۆ تەوصیات ئیلزامی نییە، تەوصیات تەوصیاتە، کە ئیلزامی بوو یەعنی تەوصیات نییە، دەبێت حکومەت ئیستیفادە لەوانە بکات، بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (2) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

المادة الثلاثون من المشروع:

على وزير المالية والاقتصاد اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون ولتحديد صلاحية الصرف للادارات الحكومية خلال فترة لا تتجاوز (15) خمسة عشر يوماً من تاريخ نشر هذا القانون في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیش تکایە.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سییەم لە ئەسڵی پرۆژەکە:

وەزیـری دارایـی دەبـێ ڕێنمـایی پێویست دەربکات بـۆ ئاسـان کردنـی جـێ بـەجێ کردنـی حوکمـەکانی ئـەم یاسایەو، دیاری کردنی دەسەڵاتەکانی سەرف کردن بۆ ئیدارەکانی حکومەت لە ماوەیەکدا کە لە (15) پانزە ڕۆژ تێپەڕ نەکات لە ڕۆژی بڵاو بوونەوەی ئەم یاسایە لە ڕۆژنامەی فەرمیدا.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمە پێمان باشە صیاغەی ماددەکە بەم شێوەیە بێت کە ئێستا دەیخوێنمەوە:

(علی وزیر المالیة والاقتصاد بالتنسیق مع وزیر التخطیط اصدار التعلیمات اللازمة لتسهیل تنفیذ احکام هذا القانون ولتحدید صلاحیات الصرف للادارات الحکومیة خلال فترة لا تتجاوز (15) خمسة عشر یوماً من تاریخ نشر هذا القانون في الجریدة الرسمیة).

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کێ تێبینی هەیە؟ تەنیا سێ کەس (کاك شڤان و شلێر خان و کاك جەلال)، فەرموو کاك شڤان.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئـەم (15) ڕۆژە بـۆ تـەعلیماتی موازەنـەی تەشـغیلی زۆر زۆر بـە جێیـە، بـەڵام بـۆ تـەعلیماتی موازەنـەی ئیستیسماری حەقیقەتن گرفتێکە لەبەرامبەری، من دەڵێم (ماعدا الموازنة الاستثماریة)، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شلێر خان فەرموو.

**بەڕێز شلێر محمد نجیب:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

هەمان مەبەستم هەیە (علـی وزیـر المالیـة والاقتصاد اصدار التعلیمات اللازمـة لتسهیل تنفیـذ احکام هـذا القـانون للمیزانیـة التشـغیلیة فقـط)، چـونکە بەڕاسـتی وەکـو گوتمـان هـەموو دائیرەکـان کـە پێـی دەڵـێن مەشاریعەکان تاخیر بووە، ئینتیزاری ئەمە دەکات، جارێ سەرۆکی هەرێم ماوە موافەقەت بکات، دوای ئـەوە وەزارەتی مالیەش (15) ڕۆژەکە، وەزارەتی وا هەیە هەتا مانگی هەشت و نۆ دەڵێت من ئەم تەعلیماتەم پـێ نەگەیشتووە، باشە بودجەی ئیستیسماری بۆ لەسەر ئەوە بوەستێت، هـەموو سـاڵێکیش دەڵـێن بۆچـی تـاخیر بوو، لەبەر ئەوە با هەر بۆ میزانیە ئیعتیادیەکە بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك جەلال فەرموو.

**بەڕێز جلال علی عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**قسەكانی من كران، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر.**

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**ئێمە پێمان باشە ماددەكە وەكو خۆی بمێنێتەوە (بالتنسيق مع وزير التخطيط)، تەبیعی ئێمە هەموو ساڵێكیش هەروامان كردووە، بە هیچ شێوەیەك تەعلیماتمان نەكردووە، ئەگەر وەزیری تەختیت دەریبهێنێت، ئەمساڵ بۆ مەعلوماتی جەنابتان ئێمە بە تەماین بینێرین بۆ مەجلیسی شوراش پێش ئەوەی تەعلیماتەكە صادر بكەین، ئەگەر هەڵەی تیا هەبێت نەیهێڵین و ئیتیفاقیشمان لەگەڵیاندا كردووە، سوپاس.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**لیژنەی یاسایی.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**دوای تێبینی و روون كردنەوەی جەنابی وەزیری دارایی، پێم باشە ماددەكە بخرێتە دەنگدانەوە.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

**فەرموو بیخوێنەوە.**

**بەڕێز عونی كمال سعيد بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

**المادة الثلاثون:**

**على وزير المالية والاقتصاد بالتنسيق مع وزير التخطيط اصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون ولتحديد صلاحيات الصرف للادارات الحكومية خلال فترة لا تتجاوز (15) خمسة عشر يوماً من تاريخ نشر هذا القانون في الجريدة الرسمية.**

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بکاتەوە؟ زۆر سوپاس، کێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بکاتەوە؟ (2) کەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند کرا، فەرموون بۆ ماددەیەکی تر.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سی و یەکەمی پرۆژەکە:

المادة الحادية والثلاثون:

لايعمل بأي قرار مخالف لهذا القانون ولا تتحمل الخزينة اية اعباء مالية لهذا القرار مالم يكتسب الشرعية القانونية ويصادق عليه من قبل البرلمان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بە کوردیش تکایە.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سی و یەك:

کار بە هیچ بڕیارێك ناکرێت کە پێچەوانەی ئەم یاسایە بێت و، گەنجینە هیچ بارگرانییەکی دارایی ئەم بڕیارە ناگرێتە ئەستۆ، تاکو شەرعیەتی یاسایی وەرنەگرێ و، لەلایەن پەرلەمانەوە پەسند نەکرێت.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی کمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

(لهذا القرار) دەیکەینە (لذلك القرار)، واتا بەو شێوەیە دەبێت:

المادة الحادية والثلاثون:

لايعمل بأي قرار مخالف لهذا القانون ولا تتحمل الخزينة اية اعباء مالية لذلك القرار مالم يكتسب الشرعية القانونية ويصادق عليه من قبل البرلمان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێمەش پێمان باشە.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

كێ تێبینی هەیە؟ جارێكی تر بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

المادة الحادية والثلاثون من المشروع:

لايعمل بأي قرار مخالف لهذا القانون ولا تتحمل الخزينة اية اعباء مالية لذلك القرار مالم يكتسب الشرعية القانونية ويصادق عليه من قبل البرلمان.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سی و دووەم لە پرۆژەكە.

المادة الثانية والثلاثون:

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بە كوردیش تكایە.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سی و دوو:

لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان پێویستە حوكمەكانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بكەن.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموون بۆ ماددەیەكی تر.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سی سێیەمی پرۆژەكە.

المادة الثالثة والثلاثون من المشروع:

ينشر هذا القانون في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) ويعتبر نافذاً من 2012/1/1.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

به كورديش تكايه.

**بەڕێز لانا احمد چەلەبی:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ماددەی سی و سێ:

ئەم یاسایە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائع كوردستان)دا بڵاو دەكرێتەوە لە (2012/1/1)ەوە جێ بەجێ دەكرێ.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموون لیژنەی یاسایی.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

یاساكە ئەسبابی موجیبەی لەگەڵدا نییە، پێشنیار دەكەم ئەسبابی موجیبەی بۆ زیاد بكرێت بەو شێوەیە

**الاسباب الموجبة**

بغية اقرار موازنة اقليم كوردستان للسنة المالية 2012 شرع هذا القانون.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

بەڕێزان، ئێستا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ (1) كەس لەگەڵدا نییە، زۆر سوپاس، بەزۆرینەی دەنگ پەسند كرا، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێش ئەوەی تێبینی و مولاحەزاتەكانمان لەسەر تەوصیات وەربگرین، داوا دەكەم لە سەرۆكایەتی پەرلەمان تەخویلمان بكات لەگەڵ سكرتاریەتی پەرلەمان بۆ رێكخستنی ماددەكان و داڕشتنی هەندێك لە ماددەكان لە مەزموونەكە دەرنەچیتن، چونكە تێبینیمان كردووە هەندێك خەلەلی یاسایی تێدایە لە داڕشتنەكاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

پێشتری ئێوەمان تەخویل كردووە، ئێستا جارێكی تر پێویستیان بەوە هەیە، ئێمە پێشنیار دەكەین كە تەخویلیان بكرێت بۆ داڕشتنەوەی هەندێك لە ماددەكان و چۆنیەتی پاش و پێش كردنی ماددەكان، دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، كێ لەگەڵدا نییە دەستی بەرز بكاتەوە؟ زۆر سوپاس، بەكۆی دەنگ پەسند كرا، فەرموون تەوصیاتەكان، فەرموو كاك سالار.

**بەڕێز سالار محمود مراد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەگەر وەکو نوقتەی نیـزامیش وەرنـەگیرێت، یـەك خـاڵ هـەبوو زۆر مەبەسـت بـوو، وابـزانم دکتـۆرە رۆژان تەرحی کردووە وەکو تەوصیات ئاماژەی پێ بکرێت، ئـەو (239) تەڵەبـەی لـە گـەرمیان، کـە پارسـاڵ لـەناو میلاکاتەکاندا جێیان بکرابایەوە، بەلاّم لەنێوان وەزارەتی دارایـی، یـان ئەنجومـەنی وەزیـران نـەتوانرا وەکـو هاوڕێیــەکانیان دامــەرزا بــن، ئەمــە نەخرێتــە چوارچــێوەی تەوصــیاتەوە، چــونکە ئــەوان ســاڵێکە لــە ئیســتیحقاقاتیان دەبڕدرێـت، بـا وەکـو هاوشـێوەکانیان بـن، جـەنابی وەزیـری دارایـی، جـەنابی وەزیـری پلاندانانیش هاودەنگ بن لەگەڵمان نەخرێتە ناو تەوصیاتەوە، بەڵکو کـاری پـێ بکرێـت، یـەعنی ئـەوە جـێ بەجێ بوو بێت وەکو کارێك جێ بەجێ بوو بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك شوان.

**بەڕێز شوان عبدالکریم جلال:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وەك موتەبەعە کە دەگەیتە ئاخر ماددەی قانونەکە، یان هەر قانونێك پەسند دەکرێت، دەبێت کۆی یاساکە بخرێتە دەنگدانەوە، بە رەئی مـن پـێش تەوصیاتەکان بێـت، دواتـر تەوصیاتەکانی بخوێندرێتـەوە، چونکە رەپتی ئەوەندە نییە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

تەوصیاتەکان مولحەقن بە قانونەکەوە، هەموو تەوصیاتەکان ماددەیەکی قانونەکەن، کاك عەلی فەرموو.

**بەڕێز علی حسین محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من پێشنیارێکم هەبوو، تەسەور دەکەم وەکو جەنابیشتان ئاگادار بوون دەنگی هێنا لەناو قاعە، سەبارەت بە پرۆژە نەتەوەییەکان، مەشاریعی قەومی، ئەوە وەکو فەرمووتان تەوصیات ئیلزامی نییە، یەعنی ئەو شـتەی کە لێرە باس کرا لەگەڵ ئەو شتەی کە ئێمە داوامان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، جەنابی وەزیر.

**بەڕێز بایز تاڵەبانی/ وەزیری دارایی و ئابووری:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە بەنیسبەتی ئەوەی کاك سالار تەوصیەی کرد، زۆر ئیلحاح دەکرێت کە باس بکرێت، مـن هەرچـەندێك کاتی خۆی گوتم ئەم مەوزوعە لەلیژنەکەی ئێمـەدا، لیژنـەی دامەزرانـدن باسـی دەکـەین و ئینشائەڵلاّ جـێ بەجێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

مالْت ئاوەدان بێت، فەرموو.

**بەڕێز عونی كمال سعید بەزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پێشنیارەكان:

داوای لێبووردن دەكەم، چونكە بە عەرەبی دەیخوێنمەوە، دوایی تەرجومەی دەكەین.

**التوصيات**

1- اعطاء الاولوية عند تنظيم موازنة حكومة الاقليم لعام 2013 لوزارتي الصحة والزراعة والموارد المائية وتوزيع المشاريع الخاصة بهما على المحافظات حسب نسبة السكان.

2- اعطاء الاولوية في التعيينات لخريجي السنوات السابقة والمتعاقدين.

3- توفير العلاج اللازم للمصابين جراء استخدام النظام البائد للاسلحة الكيميائية ضد شعب كوردستان.

4- صرف مبلغ سلفة العقار لقطعة الارض التي تبلغ (100)م2 واجراء مايلزم لصرف السلفة لمساحة (200)م2 في الملك المشاع بين شريكين وفق القوانين والانظمة واعادة النظر في التعليمات المرعية.

5- اعانة البيشمەرگە المعوق (پێشمەرگەی كەمئەندامی سەنگەر) وعدم قطع رواتبهم في حالة حصوله على فرص عمل اخرى.

6- على اللجنة المشكلة للنظر في المخصصات الاخذ بنظر الاعتبار دراسة منحة لعلماء الدين تحقيقاً للعدالة وكذلك للمحاسبين.

7- على حكومة اقليم كوردستان تخصيص مبالغ في ميزانيتها لانجاز مشاريع قومية للكورد الفيليين.

8- على حكومة اقليم كوردستان زيادة الاهتمام بالمناطق الاثرية والسياحية.

9- لا يجوز دعم الحكومة لمشاريع القطاع الخاص خارج اطر القوانين النافذة في الاقليم.

10- شمول منح ضمان البطالة لخريجي معاهد وزارة التربية.

11- منح قرض للطلبة غير المشمولين ببرنامج تنمية وتطوير قدرات كوردستان البشرية.

12- وضع اسس وضوابط خاصة بالطلبة الذين يرغبون باكمال دراستهم خارج الاقليم على نفقتهم الخاصة.

13- صرف رواتب الموظفين المسيحيين الذين تم تنسيبهم من وزارات ومؤسسات الحكومة الفدرالية الى وزارات حكومة الاقليم.

14- صرف منحة الزواج لاولاد (پێشمەرگەی كەمئەندامی سەنگەر).

15- تأمين شقق سكنية لورثة الشهداء والمؤنفلين الذين لم يستفيدوا في السابق.

16- منح مكافأة تقاعدية تعادل راتب ستة اشهر للمتقاعدين المشمولين باحكام المادتين القانونين (34 و 38) قانون البيشمرگە.

17- الاسراع بتشكيل مجلس الخدمة العامة في الاقليم.

18- عند توزيع عدد الدرجات الوظيفية ضمن ملاك سنة 2012 يراعى خريجي ادارة گەرميان الذين قدموا طلبات التعيين عام 2011.

19- تشكيل صندوق رعاية المطلقات وفق القانون رقم (15) لسنة 2008.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

فەرموو دكتۆر ئەحمەد.

**بەڕێز د.احمد ابراهيم علی(وەرتی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەوەی پەیوەندی بە دەرچووانی پەیمانگاكانەوە هەبوو، وابزانم تەنیا پەیمانگای وەزارەتی تەربیە نەبوو، پەیمانگاكانی تریش بوو، بۆیە داوا دەكەم كە دەرچووانی پەیمانگاكان هەمووی بگرێتەوە، نەك تەنها وەزارەتی تەربیە، ئەمە یەك.

دەربارەی خاڵی شەش، (و) پەڕێندراوە (على اللجنة المشكلة للنظر في المخصصات الاخذ بنظر الاعتبار ودراسة منح) نەك مینحە، (ودراسة منح مخصصات لعلماء الدين تحقيقاً للعدالة)، یەعنی داڕشتنەوەی دەوێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دكتۆر ثائر فەرموو.

**بەڕێز د.ثائر عبدالاحد اوغسطين:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە پێشنیارمان كرد وەكو لیژنەی وەرزش و لاوان، كە شارێكی ئۆلۆمپی دروست بكرێت، گوتیان پێشنیار دەكەین و لیژنەی داراییش پەسندی كردووە، لە تەوصیات نەنووسراوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، شەونم خان فەرموو.

**بەڕێز شەونم محمد غريب:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ژمارەیەك لە ئەندام پەرلەمانەكان داوام كرد لە تەوصیاتەكاندا وەك چۆن ئەو فەقەراتانەی كە تەوصیاتە، تەوصیات بكرێت بۆ ژینگەو كۆلیتی كۆنترۆڵ، كۆلیتی كۆنترۆڵ بكرێت بە دەستەیەكی جیاواز، ئەگەر خەڵك صحەتی باش نەبێت و ژینگەكەی پاك نەبێت، بەڕاستی ئەو تەوصیات و ئیشانە هەمووی زیاد دەبێت، چونكە هەموو خەڵكێكی ناتەندروست دەردەچن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بايز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئاواز خان فەرموو.

**بەڕێز ئاواز عبدالواحد خضر:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە لە سەرەتای موناقەشەی میزانیە چوار، پێنج هەڤاڵ پشتگیریمان كرد لە مەسەلەی قەزای مەخمور، لەبەر ئەوە ئەو قەزایە لەپاش راپەڕین بەپێی بڕیارێك چۆتە سەر پارێزگای مووسڵ لە هەموو سولفەكانی ئەم حكومەتە بێ بەشن، هەموو فەرمانگەكانی ئەم قەزایە بە بەڕێوەبەرایەتی كشتوكاڵ و بە خانووبەرە، بە تاپۆ سەر بە بەڕێوەبەرایەتی هەولێرن، بۆیە هیچ رێگرییەكی یاساییان لەبەردەم نییە، كە بێ بەش كراون، بۆیە داوا دەكەم لێرە لە تەوصیاتەكان بە ئیستیسنا لەسەر ناوچە كێشە لەسەرەكان قەزای مەخمور بەتایبەت باس بكرێت، چونكە بەڕاستی وابزانم سكرتێری پەرلەمان و جەنابی جێگری سەرۆكی پەرلەمان ئاگادارن وەفدێك هاتە سەردانمان، یەعنی هیچ رێگرییەكیان نییە لەبەردەم ئەوەی كە مەشمول بن بەم سولفانەی حكومەتی هەرێم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك سەردار فەرموو.

**بەڕێز سەردار رشید محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە چەند ئەندام پەرلەمانێك داوامان كرد بوو كە دەرچووانی پیشەییەكان، چونكە چەند ساڵێكە دانەمەزراون وەكو دەرچووانی ئیعدادیە سیناعە، زراعە، نازانم ئەگەر لەلای دكتۆرە رۆژان بە هەند وەرگیرا بێت، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك شۆڕش فەرموو.

**بەڕێز شۆڕش سید مجید:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئێمە ساڵی پار لە بودجەی ساڵی 2011دا چەند ئەندام پەرلەمانێك و ئەمساڵیش ئەوە دووبارە كرایەوە، لەكاتی خۆی لە ئەنفالەكاندا حكومەتی بەعس خەڵكی ئەو دێهاتانەی راگواست بۆوەو گوندەكانی وێران كردن، بەزۆری زۆرداری بردنی لە ئۆردوگا زۆرە ملیەكان داینان لەوێ پارچە زەویەكی دانێ و شتێك پارەشی دانێ، ئێستا لە دەوائیری حكومی ئەوانە بە موستەفید حیسابن، بە سوودمەند حیسابن، پاریش ئەوەمان كرد لە راسپاردەكانیش هەبوو، بەڵام جێ بەجێ نەكرا، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، پەروین خان فەرموو.

**بەڕێز پەروین عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە ئێمە وەکو لیژنەی شەهیدان پێشنیارێکمان خستەڕوو، پێش ئەوەی پرۆژە یاساکەش بخرێتە دەنگدان و گفتوگۆ کردن، دیارە وەزیری دارایی موافەقەی لەسەر ئەو پێشنیارانە کرد، گوتی ئێمە مانیعاتمان نییە بۆ خزمەت کردنی کەسوکاری شەهیدان، ئێستاش من پێشنیارەکانم خستۆتە بەردەمی لیژنەی پەیوەندیدار، بەڵام هێشتا بە هەندیان وەرنەگرتووە، هیوادارم بە هەندی وەربگرن، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، بێریڤان خان فەرموو.

**بەڕێز بێریڤان اسماعیل سەرهەنگ:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکێك لە پێشنیارەکان کە لە فراکسیۆنی کوردستانی پێشکەشمان کردبوو، چەند ئەندامێکیش قسەمان لەسەر کرد، بەنیسبەتی هاوکاری بۆ دایکی بێ هاوسەر، بەڵام لێرە نووسراوە (مطلقات)، ئەم وشەیەم پێ خۆش نییە، حەز دەکەم بنووسرێت بێ هاوسەر، تاکو پیاویش بگرێتەوە، واتا ژن و پیاو بگرێتەوە، چونکە زۆر باب هەیە منداڵ لەسەری بەجێ ماوەو ژنەکەی ئەمری خوای کردووەو ئیشیشی نییە، ئەی ئەو منداڵانە چۆن بەخێو بکات؟ بۆیە وشەی (مطلقات) هەڵبگیرێت بنووسرێت بۆ دایك و باوکی بێ هاوسەر، دایك و باوك یەعنی منداڵیان هەیە، بۆیە ئەوە زۆر زەرورییە ئەوانە یارمەتی بدرێن، چەندین جار پەیوەندیمان پێ دەکەن دەڵێن ئێمە هیچ دەرامەتێکمان نییە پێی بژین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، کاك شڤان فەرموو.

**بەڕێز شڤان احمد عبدالقادر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە موناقەشەکانی بودجەش باسم کردو خوشك و برایانی پەرلەمانتار پشتگیریشیان کرد لەسەر ئەو ئاوارانەی کە لە بەحرکە نیشتەجێ بوونە لە ساڵی 1991 تا ساڵی 1992 و 1993، ئەمانە زەرەرمەند بوون وەکو ئاوارەکانی ئێران و تورکیا، ئەوانە هەر یەك پارچە زەویەکیان پێ دراوە، لە حکومەتی پێشتر، حکومەتی نیزامی بەعس، هەر یەکە پارچە زەوی خۆی پێدراوەو لەسەر ناوی خۆیانە، بەڵام تاپۆ نەکراون، لە بابی تەعویزاتیش هیچ حیسابیان بۆ نەکردوون، ئەمانە هیچ فەرقێکیان نییە لەگەڵ ئەو ئاوارانەی لە تورکیاو لە ئێران گەڕاونەتەوە بەحەقیقەت، بۆیە من داوا دەکەم وەکو تەوصیە حکومەت ئەم تەعویزەیان بۆ بکاتەوە، هیچ نەبێت زەویەکانیان بۆ بگەڕێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دکتۆر بەشیر فەرموو.

**بەڕێز د.بشیر خلیل توفیق حداد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

نەقصێك هەیە لەداڕشتنی ئەو تەوصیاتانەوە، منیش پشتگیری لە كاك دكتۆر ئەحمەد وەرتی دەكەم، كە (شمول منح ضمان البطالة لخريجي معاهد وزارة التربية والوزارات الاخرى)، چونكە وا گوتراوە، تەوصیەكە هەر لەبەر ئەوە بوو، یەعنی ئەوانەی لە خاریجی وەزارەتی خوێندنی باڵاو وەزارەتەكانی تریش وەكو ئەوقاف و صحەو تەربیەو ئەوانە هەمووی بگرێتەوە، نەك بەس تەربیە (شمول منح ضمان البطالة لخريجي معاهد وزارة التربية والوزارات الاخرى)، ئەوە یەك.

دوو/ ئەوەی جەنابی وەزیر باسی كرد موحاسیبەكان مەشمول بن لەگەڵ عولەمای دین، قەصدیان مینحە نەبوو، قەصدیان موخەصەصات بوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، دكتۆر عومەر فەرموو.

**بەڕێز د.عمر حمدامين خدر(نورەدینی):**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

ئەو پێشنیارەی برای بەڕێزم كاك شۆڕش كردی، من جگە لەوەی كە پشتیوانی دەكەم حەقیقەتەكەش بەو شێوەیە، كاتی خۆی بەهۆی سیاسەتی زۆرەملێ، بەتایبەتی سیاسەتی بەزۆر راگوراستن خەڵكێك لە گوندەكانی خۆیان هاتۆتە موجەمەعاتی قەصری لەوێ حكومەت پارچە زەویەكی پێداون، ئێستا لە مەسەلەی موستەفید حیساب دەكرێن، ئەمە لەڕاستیدا هەرچییەكی بۆیان كرا بێت لەرابردوودا وەكو قەرەبوو بووە، نەك بۆ ئەوەی ئەوانە موستەفید بوون، بۆیە لەڕاستیدا من تەئیدی ئەوە دەكەم ئەم پێشنیارە بە صیاغەیەكی جوان بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، كاك شێردڵ فەرموو.

**بەڕێز شێردڵ تحسين محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

تەبیعی پشتگیری دكتۆر سائر دەكەم، من نووسراویشم بۆ دكتۆرە رۆژان نووسی و زەویشی بۆ تەخصیص كراوە، ناوێرم بڵێم زەویەكە لەكوێیە، سوپاس.

**بەڕێز د. ارسلان بایز/ سەرۆكی پەرلەمان:**

ئێستا دوای ئەو هەموو موناقەشاتانە خۆتان دەزانن لە (11)ی مانگەوە، ئەمڕۆ (24)ی مانگە، رۆژانە سێ جار دانیشتووین، هەر جارێك لە جارەكان بە دوو سەعات و سێ سەعاتیش، جاری وا هەبووە چوار سەعاتیش دانیشتووین، هەر ماددەیەك چەندین سەعات قسەی لەسەر كراوە، ئێمە قانونەكە بە تێكڕا كە یەكێكیان، ماددەیەكیان تەوصیاتە خوێندرایەوە هەمووی بە تێكڕا دەیخەمە دەنگدانەوە، كێ لەگەڵدایە